کتێبی زوهد

ئەحمەد بن محمد بن حنبل

١٦٤ - ٢٤١ ک

وەرگێڕانی

ئازاد عباس گلیجالی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

کتێبی زوهد

کتێبی
زوهد

ئەحمەد بن محمد بن حنبل

١٦٤ - ٢٤١ هـ

وەرگێڕانی

ئازاد عباس گلێجالی

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

(بسم الله الرحمن الرحيم)

سوپاس و ستاییش بۆ پەروەردگار، درود و سۆز و میهرەبانی پەروەردگار بۆ سەر ڕۆحی پێغەمبەری مەزن (ﷺ) و بۆ سەر کەسوکار و شوێنکەوتووانی، هەتا ڕۆژی دوایی.

پاشان:

برای بەڕێزا خوشکی ئازیزا

سڵاو و ڕەحمەت و سۆزی خوای گەورە بڕژێت بەسەرتدا.

وەک دەزانت ئێمەی موسوڵمان لە سەردەمێکدا دەژیین کە دڵی زۆرێک لە خەڵکی پڕ بووە لە دونیاویستی و بیری لای ڕۆژی دوایی تەواو کرچ و کاڵ بووەتەوە و کەمن ئەوانەی کە وەک باوەڕدارە پێشینەکان خەریکی خواپەرستی بن و لە ژەنگ و ژیواڵی دونیاپەرستی بە دوور بن. خۆ ئەوە نییە ئەم نەخۆشییە تازە بێت! ئەم نەخۆشییە کۆنە و خوای گەورە لە قورئاندا ئاماژەی پێداوە کە هەزاران ساڵ پێش هاتنی ئایینی ئیسلامیش هەر بووە، ئەوەتا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ قَٰرُونَ كَانَ مِن قَوْمِ مُوسَىٰ فَبَغَىٰ عَلَيْهِمْ ۖ وَءَاتَيْنَٰهُ مِنَ ٱلْكُنُوزِ مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ
بِٱلْعُصْبَةِ أُو۟لِى ٱلْقُوَّةِ إِذْ قَالَ لَهُۥ قَوْمُهُۥ لَا تَفْرَحْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْفَرِحِينَ ﴿٧٦﴾ وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ
ٱلْءَاخِرَةَ ۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا ۖ وَأَحْسِن كَمَآ أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ ۖ وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ إِنَّ
ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٧٧﴾ قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِىٓ ۚ أَوَلَمْ يَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ قَدْ أَهْلَكَ مِن قَبْلِهِۦ مِنَ
ٱلْقُرُونِ مَنْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُ قُوَّةً وَأَكْثَرُ جَمْعًا ۚ وَلَا يُسْـَٔلُ عَن ذُنُوبِهِمُ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٧٨﴾ فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ فِى
زِينَتِهِۦ ۖ قَالَ ٱلَّذِينَ يُرِيدُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا يَٰلَيْتَ لَنَا مِثْلَ مَآ أُوتِىَ قَٰرُونُ إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴿٧٩﴾
وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ وَيْلَكُمْ ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيْرٌ لِّمَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَلَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا

ٱلصَّـٰبِرُونَ ﴿٨٠﴾ فَخَسَفۡنَا بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلۡأَرۡضَ فَمَا كَانَ لَهُۥ مِن فِئَةٖ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ
ٱلۡمُنتَصِرِينَ ﴿٨١﴾ وَأَصۡبَحَ ٱلَّذِينَ تَمَنَّوۡاْ مَكَانَهُۥ بِٱلۡأَمۡسِ يَقُولُونَ وَيۡكَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ مِنۡ
عِبَادِهِۦ وَيَقۡدِرُۖ لَوۡلَآ أَن مَّنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَا لَخَسَفَ بِنَاۖ وَيۡكَأَنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٨٢﴾﴾ القصص: ٧٦ - ٨٢.

واتە: بێگومـان قـاروون لە قـەوم و خوێشـانی مووسـا بـوو، کـەچی (بـە هـۆی مـاڵ و سامانییەوە) خۆی گیف دەکردەوە بە سەریاندا و فیزی بەسەردا دەکردن، ئەوەندە ماڵ و سامان و دارایییان پێ بەخشیبوو کە بەڕاستی کلیلی گەنجینە و قاسەکانی بە چەند کەسێکی بەهێز بە قورسی هەڵدەگیران، (لە کاتی لووتبەرزییەکەیدا) هەندێک ئیماندراری خزمی خۆی پێیان وت: کەشخە مەکە و لە خۆت بایی مەبە بەم سامانە، چونکە بێگومان خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە کەشخە دەکەن بە سەروەت و سامانیانەوە و لە خۆیان بایی دەبن. هەوڵ بدە بەو مـاڵ و سامانەی خوا پێی بەخشیویت مـاڵی قیامـەت و بەهەشتی بـەرین بکڕە و بەشـی خۆشت لە دنیادا بە حەلاڵی فەرامۆش مەکە، چاکە لەگەڵ بەندەکانی خوادا بکە هەر وەک خوا چاکەی هێناوەتە ڕێت؛ نەکەیت هەوڵی فەساد و گوناه و تاوان بدەیت لە زەویدا، چونکە بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت تۆوی خراپە دەچێنن. قاروون وتی: بێگومان ئەم سامان و دارایییەم هەر بە هۆی زانست و زانیاریی نەخشەی خۆمەوە پێ دراوە. باشە مەگەر قاروون نەیدەزانی بەڕاستی خوا پێش ئەم، چەندان قەوم و هۆز و گەلانی لەناو بردووە کە لەو زیـاتر بەدەسـەڵاتر و سـەروەتمەندتر بـوون؟ تاوانبـاران پرسـیاریان لـێ ناکرێـت دەربـارەی گوناهەکانیان (چونکە تۆمارە و لای خوا ئاشکرایە). ئینجا ڕۆژێک قاروون خۆی ساز دا و بە ڕازاوەیی چووە دەرەوە بۆ ناو قەومەکەی بۆ کەشخەکردن و خۆنواندن، ئەوانەی کە ئاواتیان ژیـانی دنیـایە، وتیـان: ئـای خۆزگـە ئێمـەش وەکـوو قـاروون، سـامان و دەسـەڵاتمان ببوایـە، بەڕاستی خاوەنی بەختێکی گەورەیە! (بەڵام) ئەوانەی کە زانست و زانیـاریی ڕاستیان پێ بەخشراوە (دەربارەی حەڵاڵ و حەرام و نرخی قیامـەت دەزانن) وتیان: هاوار بۆ ئێوە، بۆ تێ نـاگەن پاداشـتی خـوایی زۆر چـاکترە بـۆ ئـەو کەسـەی بـاوەڕی دامـەزراوی هێنـاوە و کـار و کردەوەی چاکی ئەنجام داوە، ئەو زانست و باوەڕ و کردەوەیە بە کەس نادرێت، تەنیا بە خۆگر و ئارامگران نەبێت. ئەوسا (کە بینییان قاروون بەتەواوی لە سنوور دەرچووە) کوتوپڕ خۆی و ماڵ و سامانییان برد بە ناخی زەویدا، هیچ دەستە و گرۆیەکی نەبوو فریای بکەوێت و لەدەست خەشم و قینی خوا دەربازی بکات، بێگومان لەو کەسانەش نەبوو کە بتوانێت خۆی ڕزگار بێت. ئینجا ئەوانەی دوێنێ ئاواتیان بە قاروون دەخواست، دەیانوت: ئەی هاوار، بەس نەبوو

وەکوو ئەو تیانەچووین! دیارە کە خوا ڕزق و ڕۆزیی زۆر دەبەخشێت بە هەر کەس بیەوێت، یاخود کەمی دەکاتەوە (بێ حیکمەت نییە)، ئەگەر فەزڵ و بەهرەی خوایی نەبوایە لە سەرمان، ئێمەش بە ناخی زەویدا ڕۆدەچووین. ئای کە ڕوون و ئاشکرایە، کافر و خوانەناسان سەرفراز نابن.

کەواتە وەک پێشتر گوتمان ئەم نەخۆشییە کۆنە و سەدان ساڵ پێش ئایینی ئیسلام بوونی هەبووە و مێژووەکەی نادیارە. شتێکی ڕوون و دیارە لە هەموو ئایین و نەتەوە و سەردەمێکیشدا کەسانێک هەبوون کە قارون ئاسا دڵیان بە خۆشی و چێژەکانی دونیاوە گرێ داوە و لە ڕاستەڕێ دوور کەوتوونەتەوە و وایان زانیوە دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانییەکەیان بەرهەمی ئازایەتی و لێزانینی خۆیانە، بۆیە هەر لە سەردەمی زێرینی ئیسلامەوە چەندین هاوەڵ و شوێنکەوتە و چینی دوای ئەوانیش بە یەکجاری خۆیان لە خۆشییەکانی دونیا دابڕی و ڕێگای زوهد و پارساییان گرتە بەر، کۆمەڵێکیش لە زانایان بەسەرهات و چیرۆکی ئەو زاهید و پارسانەیان نووسیوەتەوە و کۆیان کردووەتەوە؛ بۆ ئەوەی لە هەموو سەردەمێکدا خەڵکی بیزانن و چاو نەبڕنە خۆشییەکانی دونیا و خوای گەورەیان لە بیر نەچێتەوە. یەکێک لەو زانایانە زانای گەورە و مەزن، پێشەوا «ئەحمەدی کوڕی حەنبەل»ە کە کتێبێکی بە ناوی (الزهد)ەوە کۆکردووەتەوە و یەکێکە لە کتێبە هەرە بەناوبانگەکان، سەدان ساڵە کاریگەریی خۆی لەناو کۆمەڵگادا هەبووە و کەسانێکی زۆری پەروەردە کردووە. خۆشبەختانە نووسینگەی تەفسیر بیریان لەوە کردەوە کە ئەم کتێبە نایابە وەربگێڕنە سەر زمانی شیرینی کوردی، بۆ ئەوەی موسوڵمانی کورد زمانیش لەو گەوهەرە نایابە بێبەش نەبن. لە هەمووی خۆشتر (بۆ من) ئەوەیە کە وەرگێڕانی ئەم کتێبە پڕ سوودە بەر من کەوت و قەزا و قەدەری خوای گەورە وا بوو ئەو شانازییەم پێ ببڕێت، ولله الحمد. منیش قۆڵم لێ هەڵماڵی و وەرمگێڕایە سەر زمانی شیرینی کوردی، بەو هیوایەی خوێنەری ئازیز سوودی لێ وەربگرێت و ئەگەر خوانەخواستە دڵی گرێ داوە بە ژەنگی پیسی دونیاپەرستییەوە، دەرمانی دڵی خۆی لەنێو ئەم دەرمانخانە گەورەیەدا بدۆزێتەوە و چاو لە ژیان و بەرسەهاتی گەورە زانایان و گەورە زاهیدەکانی ئەم ئوممەتە بکات کە خودی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەرۆک و سەرکردەی زاهیدانە..

جا سەرت نەیەشێنم بە کورتی یەک دوو خاڵت پێ دەڵێم:

یەکەم: لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا، کەمتر بە لای وەرگێڕانی وشە بە وشە (حەرفی)دا ڕۆیشتووم و جارو بار مانا و مەبەست و کاکڵەم وەرگرتووە و دامڕشتووە.

دووەم: وەرگێڕانی ئەم کتێبە زۆر لە وەرگێڕانی کتێبێکی فەرموودەی وەک «صەحیحی بوخاری»، یان «صەحیحی موسلیم»، یان هەر کتێبێکی تری فەرموودە، قورستر و گرانتر بوو؛ چونکە مرۆڤ کاتێک دەیەوێت دەست بۆ وەرگێڕانی فەرموودەیەک ببات، ئەگەر شتێکی لێ گیر بوو ئەوا دەیان شەرح و ڕاڤەی زانایانی دەست دەکەوێت کە فەرموودەکەیان بە جوانی شی کردووەتەوە و هیچ گرێیەکی تێدا نەماوە، بەڵام ئەم کتێبە لەو بەختەوەرییە بە دوورە؛ چونکە زۆر جار ئەسەر و بەسەرهاتی وای تێدایە تەنیا لەم کتێبەدا هەیە و ئەم کتێبەش وەک پێویست خزمەت نەکراوە و لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی بۆ نەکراوە و وشە گرانەکانی لێک نەدراونەتەوە. بڕوا بفەرموون لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا تووشی وشەی وا هاتووم کە لە هیچ فەرهەنگێکدا نەبووە، یان ئەو مەبەستەی نەداوە بە دەستەوە کە لەگەڵ پێش و پاشی خۆی و لەگەڵ بابەتی زوهددا گونجاو بێت.

جا من داوام لە خوێنەری بەرز و بەڕێز ئەوەیە کە بە چاوی ئینسافەوە سەیری بکات و ئەگەر کەموکوڕییەکی هەبوو (کە دڵنیام هیچ کارێک بێ کەموکوڕی نابێت، بە تایبەت کارێکی ئاوا گەورە کە گرانە و تا بڵێی سەرچاوەی کەمەو بگرە هەر نییە)، ئاگادارمان بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر خوای گەورە دەرفەتی بەخشی لە چاپەکانی داهاتوودا چاکیان بکەین.

قسەی کۆتاییم ئەوەیە کە بڵێم: دکتۆر «موحەممەدی موعین» لە پێشەکی فەرهەنگە نایابەکەی خۆیدا دەفەرموێت: «ئەمە ئەو کارە نییە کە ویستوومە، بەڵکوو ئەو کارەیە کە توانیومە». منیش دەڵێم: ئەمە ئەو وەرگێڕانە نییە کە ویستوومە، بەلکوو ئەوەیە کە توانیومە.

براتان

ئازاد عەبباس عەبدولقادر گڵێجاڵی

هەڵەبجەی تازە

بسم الله الرحمن الرحيم

زوهدی پێغەمبەرﷺ

١ - أَخْبَرَنَا الشَّيْخُ الْجَلِيلُ الْعَدْلُ نَاصِرُ الدِّين أَبو عَبْد الله مُحَمَّدُ بْنُ يُوسُفَ بْن مُحَمَّد بْن عَبْد الله الدِّمَشْقيُّ الشَّافعيُّ عُرفَ بابْن الْمنْهَار قرَاءَةً عَلَيْه وَنَحْنُ نَسْمَعُ في شُهُور سَنَة ثمَان وَسَبْعمائَة قيلَ له: أَخْبَرَكُمُ الشَّيْخُ الْإِمَامُ الثِّقَةُ تَقيُّ الدِّين أَبو مُحَمَّد عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ أَبي الْفَهْم بْن عَبْد الرَّحْمَن الْبُلْدَانيُّ الْعَبَّاسيُّ، أَنْبَأَنَا أَبو الْقَاسم يَحْيَى بْنُ أَسْعَدَ بْن يَحْيَى بْن بُولَش التَّاجرُ، عَنْ أَبي طَالب عَبْد الْقَادر بْن مُحَمَّد بْن يُوسُفَ الْيُوسفيِّ، أَنْبَأَنَا أَبو عَليٍّ الْحَسَنُ بْنُ عَليِّ بْن مُحَمَّد بْن عَليِّ بْن الْمُذَهَّب قرَاءَةً عَلَيْه في شَهْر رَبيع الْأَوَّل سَنَةَ ثَلَاث وَأَرْبَعينَ وَأَرْبَعمائَة، أَنْبَأَنَا أَبو بَكر أَحْمَدُ بْنُ جَعْفَر بْن حَمْدَانَ بْن مَالك الْقَطيعيُّ....

٢ - حَدَّثَنَا أَبو عَبْد الرَّحْمَن عَبْدُ الله بْنُ أَحْمَدَ بْن مُحَمَّد بْن حَنْبَل رَضيَ الله عَنْهُ قَالَ: حَدَّثَني أَبي أَحْمَدُ بْنُ محمد بْن حَنْبَل بْنُ هلَال بْن أَسَد بْن كنَانَةَ، حَدَّثَنَا يَزيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مُطَرِّف، عَنْ زَيْد بْن أَسْلَمَ، عَنْ عَطَاء بْن يَسَار، عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ عَن النَّبيِّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ، قَالَ: «مَنْ غَدَا إلَى الْمَسْجد أَوْ رَاحَ أَعَدَّ الله عَزَّ وَجَلَّ له في الْجَنَّة نُزُلًا كُلَّمَا غَدَا أَوْ رَاحَ».

واتە: ئەبوهورەیرە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ هەر جارێ کە دەڕوا بۆ مزگەوت یان لە مزگەوت دەگەڕێتەوە (لە پاداشتی ئەو ڕۆیشتن و گەڕانەوەدا) خوای گەورە لە بەهەشتدا شوێنێکی تایبەت و شیاوی بۆ ئامادە دەکات.

٣ - حَدَّثَنَا جَريرٌ، عَنْ مَنْصُور، عَنْ أَبي وَائل، عَنْ عَبْد الله قَالَ: ذُكرَ لرَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ رَجُلٌ نَامَ لَيْلَةً حَتَّى أَصْبَحَ قَالَ: «ذَاكَ رَجُلٌ بَالَ الشَّيْطَانُ في أُذُنه» ، أَوْ «أُذُنَيْه»

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی پیاوێک کرا کە شەوان هەتا

بەیانی دەنوێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەو ئەو پیاوە شەیتان میزی کردووەتە ناو گوێیەوە. یان فەرمووی: میزی کردووەتە ناو گوێیەکانییەوە.

٤ - حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ، عَنْ عَلْقَمَةَ قَالَ: " سَأَلْتُ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا: «كَيْفَ كَانَتْ صَلَاةُ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟» قَالَتْ: «وَأَيُّكُمْ يَسْتَطِيعُ مَا كَانَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَسْتَطِيعُ؟ كَانَ عَمَلُهُ دِيمَةً»

عەلقەمە دەفەرموێت: پرسیارم لە (دایە) عائیشە کرد گوتم: نوێژی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن چۆنی بووە؟ فەرمووی: دەی کام لە ئێوە توانای ئەوەی هەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردوویەتی؟ ئەو کار و کردەوەکانی بەردەوام و نەپچڕوا بوو.

٥ - حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنْ أَبِي الضُّحَى، عَنْ مَسْرُوقٍ، عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُكْثِرُ أَنْ يَقُولَ فِي رُكُوعِهِ وَسُجُودِهِ: «سُبْحَانَكَ اللهُمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ، اللهُمَّ اغْفِرْ لِي» ، يَتَأَوَّلُ الْقُرْآنَ.

واتە: مەسروق لە (دایە) عائیشەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) عادەتی وا بوو کە لە کاتی کڕنوش بردن و سەجدە بردنا زۆر دەیفەرموو: «سُبْحَانَكَ اللهُمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ، اللهُمَّ اغْفِرْ لِي». پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاری بەو شتانە دەکرد کە لە قورئاندا فرمانی پێکرابوو.

٦ - حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ، عَنِ الْأَسْوَدِ، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا قَالَتْ: «اشْتَرَى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْ يَهُودِيٍّ طَعَامًا بِنَسِيئَةٍ، وَأَعْطَاهُ دِرْعًا لَهُ رَهْنًا»

واتە: ئەسوەد لە دایە عائیشەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەندێ خواردنی لە پیاوێکی جولەکە کڕی بە قەرز، لە بری قەرزەکە زرێیەکی خۆی لای پیاوە جولەکەکە بە بارمتە دانا.

٧ - حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا زَكَرِيَّا بْنُ أَبِي زَائِدَةَ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ أَبِي عَبْدِ اللهِ الْجَدَلِيِّ قَالَ: قُلْتُ لِعَائِشَةَ رَحِمَهَا اللهُ: " كَيْفَ كَانَ خُلُقُ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي أَهْلِهِ؟ قَالَتْ: «كَانَ أَحْسَنَ النَّاسِ خُلُقًا؛ لَمْ يَكُنْ فَاحِشًا، وَلَا مُتَفَحِّشًا، وَلَا صَخَّابًا بِالْأَسْوَاقِ، وَلَا يَجْزِي بِالسَّيِّئَةِ السَّيِّئَةَ، وَلَكِنْ يَعْفُو وَيَصْفَحُ»

واتە: ئەبوو عەبدوڵڵای جەدەلی دەفەرموێت: بە دایە عائیشەم گوت: پێغەمبەری خوا (ﷺ)

لەناو ماڵ و منداڵی خۆیدا ئاکار و ڕەفتاری چۆن بو؟ فەرمووی: ئاکار و ڕەوشتی لە ئاکار و ڕەوشتی هەمووان جوانتر بوو؛ قسەی ناشیرن نەبوو؛ هەرزەگۆ نەبوو، لە ناو بازاڕا دەنگی هەڵنەدەبڕی و بە دەنگی بەرز قسەی نەدەکرد؛ وەڵامی خراپەی بە خراپە نەدەدایەوە؛ بەڵکوو لێبوردە بوو؛ چاوپۆشیی دەکرد.

٨ - حَدَّثَنَا عَبْدَةُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ عُرْوَةَ، عَنْ رَجُلٍ قَالَ: سُئِلَتْ عَائِشَةُ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا: مَا كَانَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَصْنَعُ فِي بَيْتِهِ؟ قَالَتْ: «كَانَ يَرْقَعُ الثَّوْبَ، وَيَخْصِفُ النَّعْلَ» وَنَحْوَ هَذَا "

واتە: لە پیاوێکەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: پرسیارم لە دایە عائیشە کرد گوتم: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ماڵەوە چیی دەکرد؟ فەرمووی: عادەتی وا بوو خۆی پۆشاك و جل و بەرگی خۆی پینە دەکردو دەیدووریەوە، نەعل و پێڵاوەکانی خۆی پینە دەکرد و ئالەم جۆرە کارانەی دەکرد.

٩ - حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنِ الْحَكَمِ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ، عَنِ الْأَسْوَدِ قَالَ: " قُلْتُ لِعَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا: أَيُّ شَيْءٍ كَانَ يَصْنَعُ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا دَخَلَ بَيْتَهُ؟ قَالَتْ: «كَانَ يَكُونُ فِي مِهْنَةِ أَهْلِهِ، فَإِذَا حَضَرَتِ الصَّلَاةُ خَرَجَ فَصَلَّى»

واتە: ئەسوەد دەفەرموێت: بە دایە عائیشەم گوت: کاتێ کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەهاتەوە بۆ ماڵەوە، لە ماڵەوە چیی دەکرد؟ فەرمووی: خەریکی ڕاپەڕاندنی کاروباری ناوماڵ دەبوو؛ جا کە کاتی نوێژ دەهاتە پێشەوە یەکسەر لەماڵ دەردەچو بۆ مزگەوت بۆ نوێژ کردن.

١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ شَقِيقٍ، عَنْ مَسْرُوقٍ، عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: «مَا تَرَكَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دِينَارًا، وَلَا دِرْهَمًا، وَلَا شَاةً، وَلَا بَعِيرًا، وَلَا أَوْصَى بِشَيْءٍ»

واتە: مەسروق لە دایە عائیشەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نە دینارو درهەمی بە میرات بەجێهێشت؛ نە بزن و مەڕ؛ نە وشترو ماڵات؛ لەو بارەشەوە هیچ وەسیەتێکی نەفەرموو.

١١ - حَدَّثَنَا أَبُو سَعِيدٍ مَوْلَى بَنِي هَاشِمٍ، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ، حَدَّثَنَا هِلَالٌ يَعْنِي ابْنَ خَبَّابٍ عَنْ عِكْرِمَةَ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: «وَمَاتَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَمَا تَرَكَ دِينَارًا، وَلَا دِرْهَمًا، وَلَا عَبْدًا، وَلَا وَلِيدَةً، وَتَرَكَ دِرْعَهُ رَهْنًا عِنْدَ يَهُودِيٍّ بِثَلَاثِينَ صَاعًا مِنْ طَعَامٍ»

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەفەرموێت: کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دونیا دەرچو

نە دیناری لە دوای خۆی بەجێهێشت؛ نە دیرهەم و نە کۆیلەو نە کەنیزەو جاریە؛ بەڵکوو کاتێ لە دونیا دەرچو زرێکەی خۆی لە لای پیاوێکی جولەکە بە بارمتە لە بری سی صاع خواردن بەجێهێشت (هەر صاعێک بریتیە لە نزیکەی ۲۱۵۷ گرام، کۆی هەمووی دەکاتە: ٦٤.٧١٠ کیلۆگرام).

١٢ - حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيد، عَنْ سُفْيَانَ، حَدَّثَنِي سُلَيْمَانُ، عَنْ أَبِي حَازِم، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: «مَا عَابَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ طَعَامًا قَطُّ، كَانَ إِذَا اشْتَهَاهُ أَكَلَه، وَإِذَا لَمْ يَشْتَهِه تَرَكَهُ»

واتە: ئەبوهورەیرە دەفەرموێت: هەرگیزاو هەرگیز پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕەخنەی لە خواردن نەدەگرت؛ ئەگەر حەزی لێ بوایە لێی دەخوارد و ئەگەر حەزی لێ نەبوایە وازی لێ دەهێناو نەیدەخوارد.

١٣ - حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ مُحَمَّد بْنِ الْمُنْكَدِرِ، عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ الله قَالَ: " مَا سُئِلَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شَيْئًا قَطُّ فَقَالَ: لَا .

واتە: جابری کوڕی عەبدوڵڵا دەفەرموێت: هەرگیز داوای شتێک لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەکراوە و بفەرموێ: نا (واتە: داوای هەر شتێکی لێ کرابا یەکسەر دەیبەخشی بەو کەسەی کە داوای کردووە).

١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا أَبَانُ، حَدَّثَنَا قَتَادَةُ، عَنْ أَنَس قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ذَاتَ يَوْم: «وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّد بِيَدِه مَا أَمْسَى فِي آلِ مُحَمَّد صَاعٌ مِنْ حَبٍّ، وَلَا صَاعٌ مِنْ تَمْر» وَإِنَّهُمْ يَوْمَئذ لَتِسْعَةُ أَبْيَات، لَه يَوْمَئذ تِسْعُ نِسْوَة

واتە: ئەنەس دەفەرموێت: ڕۆژێک پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: سوێند بەو کەسەی کە گیانی موحەممەدی (ﷺ) بەدەستە! بەیانییەك هەتا ئێوارە صاعێک گەنم لە ماڵی خاو خێزانەکانی موحەممەددا نەبووە، صاعێک خورما لە ماڵی خاو خێزانەکانی موحەممەددا نەبووە. ئەنەس دەفەرموێت: ئەو کاتەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو سوێندەی خوارد نۆ ماڵی هەبوو، واتە: نۆ ژنی هەبوو.

١٥ - حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ أَبِي يَحْيَى مَوْلَى جَعْدَةَ بْنِ هُبَيْرَةَ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: «مَا رَأَيْتُ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَابَ طَعَامًا قَطُّ؛ كَانَ إِذَا اشْتَهَاهُ أَكَلَه، وَإِذَا لَمْ يَشْتَهِه سَكَتَ»

لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: هەرگیز نەمدیوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕەخنە لە خواردنێـک بگـرێ؛ ئەگەر حەزی لـێ بـوایە دەیخـوارد و ئەگەر حەزی لـێ نەبـوایە بێـدەنگ دەبوو.

١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا أَبَانُ، حَدَّثَنَا قَتَادَةُ، عَنْ أَنَسٍ أَنَّ يَهُودِيًّا دَعَا رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى خُبْزِ شَعِيرٍ، وَإِهَالَةٍ سَنِخَةٍ فَأَجَابَهُ.

واتە: ئەنەس دەفەرموێت: بەڕاستی پیاوێکی جولەکە پێغەمبەری خوای (ﷺ) داوەت کرد بۆ خواردنی نان و ڕۆنێک کە نانەکە نانی جۆ بوو؛ ڕۆنەکەش بۆنی کردبوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەڵامی دایەوە و تەشریفی ڕۆیشت بۆ داوەتیەکە.

١٧ - حَدَّثَنَا رَوْحُ بْنُ عُبَادَةَ مِنْ كِتَابِه، حَدَّثَنَا بِسْطَامُ بْنُ مُسْلِم قَالَ: سَمِعْتُ مُعَاوِيَةَ بْنَ قُرَّةَ قَالَ: قَالَ لِي أَبِي: «لَقَدْ عَمَّرْنَا كَذَا مَعَ نَبِيِّنَا صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَمَا لَنَا طَعَامٌ إِلَّا الْأَسْوَدَانِ» فَقَالَ: وَهَلْ تَدْرِي مَا الْأَسْوَدَانِ؟ قَالَ: لَا، قَالَ: التَّمْرُ وَالْمَاءُ ".

واتە: موعاویەی کوڕی قوڕڕە دەفەرموێت: باوکم پێی گوتم: ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) تەمەنێک جگە لە دوو ڕەشەکە نەبێ هیچ نەبوو بیخۆین، دەزانی مەبەستم لە دوو ڕەشەکە چییە؟ موعاویە گوتی: نەخێر! باوکی فەرمووی: خورما و ئاو!

١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو عَلِيٍّ بِشْرُ بْنُ سَيْحَانَ الْبَصْرِيُّ، حَدَّثَنَا حَرْبُ بْنُ مَيْمُون، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ حَسَّانَ، عَنْ هِشَامِ بْنِ عُرْوَةَ، عَنْ أَبِيه، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ الله عَنْهَا قَالَتْ: «وَا بِأَبِي تَعْنِي النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - خَرَجَ مِنَ الدُّنْيَا وَلَمْ يَشْبَعْ مِنْ خُبْزِ الْبُرِّ».

واتە: عوروە لە دایە عائیشەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئای خۆم و باوکم بە قوربانی بین! - مەبەستی ئەوەبوو خۆم و باوکم بە قوربانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بین. وەفاتی کرد و لە دونیا تێر نانی گەنمی نەخوارد!

١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ يَعْنِي: ابْنَ حَسَّانَ، عَنْ هِشَامِ بْنِ عُرْوَةَ، عَنْ أَبِيه، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ الله عَنْهَا قَالَتْ: " وَاللَّه لَقَدْ كَانَ يَأْتِي عَلَى آلِ مُحَمَّدٍ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الشَّهْرُ مَا يُخْتَبَزُ فِيه قَالَ: قُلْتُ: «يَا أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ، فَمَا كَانَ يَأْكُلُ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟» ، فَقَالَتْ: «كَانَ لَنَا جِيرَانٌ مِنَ الْأَنْصَارِ جَزَاهُمُ الله خَيْرًا كَانَ لَهُمْ شَيْءٌ مِنْ لَبَنٍ يُهْدُونَ مِنْهُ إِلَى رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ».

واتە: دیسـان عـوروە لە دایە عائیشـەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: سـوێند بەخـوا جـاری وا

هەبوو مانگێک بەسەر ماڵ و خێزانەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) تێدەپەڕی؛ لە هیچ ماڵێکیا نان نەدەکرا! عوروە دەفەرموێت: من گوتم: ئەی دایکی باوەڕداران! ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چیی دەخوارد؟ فەرمووی: هەندێ دراوسێی ئەنصاریمان هەبوو خوای گەورە پاداشتی خێریان بداتەوە ئەوان هەندێ شیریان هەبوو هەندێکیان لێ بە دیاری بۆ پێغەمبەری خوایان (ﷺ) دەهێنا.

٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ يَزِيدَ الْوَاسِطِيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدَةُ بْنُ أَيْمَنَ، عَنْ عَطَاءِ بْنِ أَبِي رَبَاحٍ قَالَ: " دَخَلَ رَجُلٌ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَهُوَ مُتَّكِئٌ عَلَى وِسَادَةٍ، وَبَيْنَ يَدَيْهِ طَبَقٌ عَلَيْهِ رَغِيفٌ قَالَ: فَوَضَعَ الرَّغِيفَ عَلَى الْأَرْضِ وَنَحَّى الْوِسَادَةَ، فَقَالَ: «إِنَّمَا أَنَا عَبْدٌ، آكُلُ كَمَا يَأْكُلُ الْعَبْدُ، وَأَجْلِسُ كَمَا يَجْلِسُ الْعَبْدُ».

واتە: عەتای کوڕی باوکی ڕەباح دەفەرموێت: پیاوێک ڕۆیشتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) لەو کاتەدا پاڵی دابوو بە سەرینێک؛ خوانچەیەکی لەبەردەستا بوو نانێکی لەسەر بوو. عەتا دەفەرموێت: نانەکەی خستە سەر زەوی و سەرینەکەی لابردو فەرمووی: بەڕاستی من بەندەی خوای گەورەم! بەندەو کۆیلەکان چۆن نان دەخۆن منیش ئاوا دەیخۆم! ئەوان چۆن دادەنیشن منیش وا دادەنیشم!

٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ أَبِي صَالِحٍ قَالَ: دُعِيَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى طَعَامٍ، فَلَمَّا فَرَغَ - وَقَالَ مَرَّةً: فَلَمَّا أَكَلَ - حَمِدَ اللهَ، ثُمَّ قَالَ: «مَا مَلَأْتُ بَطْنِي بِطَعَامٍ سَخِنٍ مُنْذُ كَذَا وَكَذَا».

واتە: ئەبوو صاڵح دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوەت کرا بۆ خواردنێک؛ دوای ئەوەی کە لێبوویەوە -جارێکیتر هەر ئەم فەرموودەیەی گێڕایەوە و گوتی: دوای ئەوەی نانەکەی خوارد- سوپاسی خوای گەورەی کرد و پاشان فەرمووی: ئەوەندەو ئەوەندە ڕۆژە تێرم لە خواردنێکی گەرم و تازە نەخواردووە!

٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، عَنْ جَرِيرِ بْنِ حَازِمٍ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ يَقُولُ: " كَانَ رَسُولُ الله صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا أُتِيَ بِطَعَامٍ أَمَرَ بِهِ فَأُلْقِيَ عَلَى الْأَرْضِ، وَقَالَ: «إِنَّمَا أَنَا عَبْدٌ، آكُلُ كَمَا يَأْكُلُ الْعَبْدُ، وَأَجْلِسُ كَمَا يَجْلِسُ الْعَبْدُ».

جەریری کوڕی حازم دەفەرموێت: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: پێغەمبەری خوا (ﷺ) عادەتی وا بوو هەر کاتێ خواردنیان بۆ هێنابا لەسەر زەویی دادەناو دەیفەرموو: بەڕاستی من بەندەی خوای گەورەم! بەندەو کۆیلەکان چۆن نان دەخۆن منیش ئاوا دەیخۆم! ئەوان چۆن

دادەنیشن منیش وا دادەنیشم!

٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يَزِيدَ، حَدَّثَنَا حَيْوَةُ، أَنْبَأَنَا عُمَرُ بْنُ مَالِكٍ الشَّرْعَبِيُّ، أَنَّ أَبَا صَخْرٍ حَدَّثَهُ، عَنْ يَزِيدَ بْنِ عَبْدِ الله بْنِ قُسَيْطٍ قَالَ: أُتِيَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِسَوِيقٍ مِنْ سَوِيقِ اللَّوْزِ، فَلَمَّا خِيضَ قَالَ: «مَا هَذَا؟» قَالُوا: سَوِيقُ اللَّوْزِ قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «أَخِّرُوهُ عَنِّي، هَذَا شَرَابُ الْمُتْرَفِينَ».

واتە: یەزیدی کوڕی عەبدوڵڵا دەفەرموێت: هەندێ قاووت هێنرایە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) قاووتی بادەم بوو؛ دوای ئەوەی قاووتەکە تێکەڵ کرا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەمە چییە؟ گوتیان: قاووتی بادەمە! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دووری بخەنەوە لێم! ئەمە خواردنەوەی ئەو کەسانەیە کە خەریکی عەیش و نۆشن!

٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يُونُسُ، حَدَّثَنَا بَقِيَّةُ، عَنِ السَّرِيِّ بْنِ يَنْعُمَ، عَنْ مَرِيحِ بْنِ مَسْرُوقٍ، عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ، " أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ له لَمَّا بَعَثَهُ إِلَى الْيَمَنِ: «إِيَّاكَ وَالتَّنَعُّمَ فَإِنَّ عِبَادَ الله لَيْسُوا بِالْمُتَنَعِّمِينَ»

واتە: لە موعازی کوڕی جەبەل دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێ ناردی بۆ یەمەن پێی فەرموو: نەکەی خەریکی عەیش و نۆش و خۆش ڕابواردن بیت! چونکە بەڕاستی بەندە (ڕاستەقینەکانی) خوای گەورە خەریکی عەیش و نۆش و ڕابواردن نابن!

٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا مُوسَى الْمُعَلِّمُ، عَنْ بُدَيْلٍ الْعُقَيْلِيِّ قَالَ: «كَانَ كُمُّ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى الرُّسْغِ»

واتە: بودەیلی عوقەیلی دەفەرموێت: سەرقۆڵی (جوبەو کراسەکانی) پێغەمبەر (ﷺ) تا مەچەکی دەهات (واتە: شۆڕ نەبوون).

٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو كَامِلٍ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ زَيْدٍ أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَأَى عَلَى الْعَلَاءِ بْنِ الْحَضْرَمِيِّ قَمِيصًا قِطْرِيًّا طَوِيلَ الْكُمَّيْنِ، فَدَعَا بِشَفْرَةٍ، فَقَطَعَهُ مِنْ أَطْرَافِ

واتە: عەلیی کوڕی زەید دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) کراسێکی قەتەریی لە بەری عەلای کوڕی حەزرەمیدا بینی سەرقۆڵەکانی شۆڕ بوون، پێغەمبەر (ﷺ) داوای چەقۆیەکی کرد و سەرقۆڵەکانی بڕی و کورتی کردنەوە.

٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا سَعِيدٌ، عَنْ قَتَادَةَ، عَنِ الْحَسَنِ، عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: " لَا أَرْكَبُ الْأُرْجُوَانَ، وَلَا أَلْبَسُ الْمُعَصْفَرَ، وَلَا أَلْبَسُ الْقَمِيصَ الْمُكَفَّفَ بِالْحَرِيرِ قَالَ: وَأَوْمَأَ الْحَسَنُ إِلَى جَيْبِ قَمِيصِهِ، قَالَ: وَقَالَ: «أَلَا وَطِيبُ الرِّجَالِ رِيحٌ لَا لَوْنَ لَهُ، أَلَا وَطِيبُ النِّسَاءِ لَوْنٌ لَا رِيحَ لَهُ»

واتە: عیمرانی کوڕی حوصەین دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: من نە ئورجوان[١] دەخەمە ژێرم نە پۆشاکی بۆیاخ کراوی بە ئاوریشم لێوگیراو لەبەر دەکەم. قەتادە دەفەرموێت: حەسەن ئاماژەی بە ملیوان و سەر قۆڵەکانی کراسەکەی خۆی کرد.. جا عیمران فەرمووی: دوایی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئاگاداربن! بۆنی (عەتر) پیاوان ئەوەیە کە بۆنی هەبێت و ڕەنگی نەبێت، بۆنی ژنانیش دەبێ ڕەنگی هەبێت و بۆنی نەبێت!

٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ سَعِيدٍ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مُهَاجِرٍ، حَدَّثَنِي أَخِي عَمْرُو بْنُ مُهَاجِرٍ قَالَ: كَانَ لِعُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ بَيْتٌ يَخْلُو فِيهِ، فِي ذَلِكَ الْبَيْتِ مَا تَرَكَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؛ فَإِذَا سَرِيرٌ مَرْمُولٌ بِشَرِيطٍ، وَقَعْبٌ يُشْرَبُ فِيهِ الْمَاءُ، وَجَرَّةٌ مَكْسُورَةُ الرَّأْسِ يُجْعَلُ فِيهَا الشَّيْءُ، وَوِسَادَةٌ مِنْ أَدَمٍ مَحْشُوَّةٌ بِلِيفٍ، وَقَطِيفَةٌ غَبْرَاءُ كَأَنَّهَا مِنْ هَذِهِ الْقُطُفِ الْجُرْمُقَانِيَّةِ؛ فِيهَا مِنْ وَسَخِ شَعْرِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ثُمَّ يَقُولُ: «يَا قُرَيْشُ، هَذَا تُرَاثُ مَنْ أَكْرَمَكُمُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ بِهِ وَأَعَزَّكُمْ، يَخْرُجُ مِنَ الدُّنْيَا عَلَى مَا تَرَوْنَ»

واتە: عەمری کوڕی موهاجیر دەفەرموێت: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ژوورێکی هەبوو کە بە تەنیا تێیدا دەمایەوە (خەڵوەی تێدا دەکرد) لەو ژوورەدا هەموو ئەو شتانە هەبوون کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەدوای خۆی بەجێی هێشتبوون؛ ڕایەخێک بوو کە بە بەنی جۆراو جۆر چنرابو[٢]؛ هەروەها گۆزەیەک کە ئاوی پێ دەخورایەوە، کوپەڵەیەکیش کە دەمەکەی شکابوو شتی تێ دەکرا؛ هەروەها سەرینێک لە چەرم کە ناواخنەکەی لیفی پەلی دار خورما بوو، هەروەها چەرچەفێک بوو بە ڕەنگی بێجی؛ وەک بڵێی ئا لەم چەرچەفەی جورموقانییەکان؛ جا شوێنەواری ئارەقی سەری پێغەمبەری (ﷺ) پێوە بوو؛ دوایی عومەر دەیفەرموو: هۆ قورەیشییەکان! ئەمە میراتیی ئەو کەسەیە کە خوای گەورە بە هۆی ئەو ئێوەی بەهێز کرد و ڕێزی لێ گرتن! ئا بەو جۆرە لە دونیا دەرچوە کە دەیبینن.

---

[١] ئورجوان بە سەرزین دەگوترێ، جاران خەڵکی کە سواری ئەسپ دەبوو جگە لە زین سەرزینیشیان دروست دەکرد بۆ ئەوەی جێگەکەیان نەرم بێت، ئورجوان ئەو سەرزینەیەو ڕەنگی سور بووە و ناواخنەکەیشی لۆکە یان خوری بووەو. و.
[٢] لەوانەیە مەبەست گڵێم بێت.و.

٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ جُمْهَانَ، عَنْ سَفِينَةَ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ أَنَّ رَجُلًا ضَافَ عَلِيًّا، فَصَنَعَ له طَعَامًا، فَقَالَتْ فَاطِمَةُ رِضْوَانُ اللهِ عَلَيْهَا: لَوْ دَعَوْنَا رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأَكَلَ مَعَنَا، فَدَعَوْهُ، فَجَاءَ فَوَضَعَ يَدَيْهِ عَلَى عِضَادَتَيِ الْبَابِ، فَرَأَى قِرَامًا فِي نَاحِيَةِ الْبَيْتِ عَلَيْهِ صُورَةٌ، فَرَجَعَ، فَقَالَتْ أَلْحَقُهُ فَأَسْأَلُه، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِنَّهُ لَيْسَ لِي، أَوْ لِنَبِيٍّ، أَنْ يَدْخُلَ بَيْتًا مُزَوَّقًا»

واتە: لە بـاوکی عەبـدولڕەحمان واتە: سـەفینە دەگێـڕنەوە فەرمـوویەتی: پیاوێـک عەلیـی داوەت کرد؛ خواردنێکی بۆ دروست کرد؛ فاتیمە (خوای لێ ڕازی بێت) گوتی: ئای ئەگەر پێغەمبەری خوامـان (ﷺ) بانـگ بکردایەو ئەویـش لەم خواردنەی بخواردایە! دوایـی بـانگی پێغەمبەریـان (ﷺ) کـرد؛ پێغەمـبەر (ﷺ) تەشـریفی هـات و هەردو دەسـتی خسـتە سـەر ئەملاولای دەرگاکەو لەو کاتەدا پەردەیەکی بینی لە سوچی ماڵەکەدا بوو؛ شکڵ و شێوەی (گیانـدارێکی) لێ چنرابـوو؛ پێغەمـبەری خوا (ﷺ) گەڕایەوە؛ فـاتیمە فەرمـووی: دەچم پێـی دەگەمەوە بزانم بۆچی نەهاتووەتە ماڵەوە (ڕۆیشت و پێـی گەیشت و لێی پرسی) پێغەمـبەر (ﷺ) فەرمووی: چونکە نە بۆ مـن و نە بۆ هـیچ پێغەمبەرێکیتر ڕەوا نییەو نەبووە کە بچینە ژوورێکەوە نەخش و نیگاری تیابێ.

٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا زُهَيْرٌ يَعْنِي ابْنَ مُحَمَّدٍ، عَنْ صَالِحٍ يَعْنِي: ابْنَ كَيْسَانَ أَنَّ عَبْدَ اللهِ بْنَ أَبِي أُمَامَةَ أَخْبَرَهُ، أَنَّ أَبَا أُمَامَةَ أَخْبَرَهُ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «الْبَذَاذَةُ مِنَ الْإِيمَانِ، الْبَذَاذَةُ مِنَ الْإِيمَانِ، الْبَذَاذَةُ مِنَ الْإِيمَانِ» قَالَ: عَبْدُ اللهِ هَذَا أَبو أُمَامَةَ الْحَارِثِيُّ قَالَ عَبْدُ اللهِ: سَأَلْتُ أَبِي قُلْتُ: مَا الْبَذَاذَةُ؟ قَالَ: التَّوَاضُعُ فِي اللِّبَاسِ ".

واتە: ئەبـوو ئومـامە دەفەرموێت: پێغەمـبەری خـوا (ﷺ) فەرمـوویەتی: بەزازە بەشێکە لە ئیمان؛ بەزازە بەشێکە لە ئیمان؛ بەزازەیی بەشێکە لە ئیمان. عەبدوڵڵا دەفەرموێت: پرسیارم لە باوکم کرد گوتم: بەزازە چییە؟ فەرمووی: ملکەچی و خۆبەکەمزانین کە کاتی پۆشاك پۆشینا.

٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا كَثِيرُ بْنُ هِشَامٍ، أَنْبَأَنَا جَعْفَرٌ يَعْنِي ابْنَ بُرْقَانَ، حَدَّثَنَا الزُّهْرِيُّ، عَنْ عُرْوَةَ بْنِ الزُّبَيْرِ، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا قَالَتْ: «قَدْ كَانَ يَرَاهُ فِي مِرْطِ إِحْدَانَا ثُمَّ يَفْرُكُهُ، وَمُرُوطُهُنَّ يَوْمَئِذٍ الصُّوفُ»

واتە: عوروەی کوڕی زوبەیر لە دایە عائیشەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا

(ﷺ) ئـاوی خـۆی بە پۆشـاکی ئـێمەوە دەبینـی و دەیپروانـد.. پۆشـاکی ئەو سـەردەمەی خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لە خوری دروست کرابوو.

٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنِي فُضَيْلٌ يَعْنِي ابْنَ غَزْوَانَ، عَنْ أَبِي حَازِمٍ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: «رَأَيْتُ سَبْعِينَ مِنْ أَهْلِ الصُّفَّةِ يُصَلُّونَ فِي ثَوْبٍ، فَمِنْهُمْ مَنْ يَبْلُغُ رُكْبَتَيْهِ، وَمِنْهُمْ مَنْ هُوَ أَسْفَلُ مِنْ ذَلِكَ، فَإِذَا رَكَعَ أَحَدُهُمْ قَبَضَ عَلَيْهِ مَخَافَةَ أَنْ تَبْدُوَ عَوْرَتُهُ»

واتە: ئەبوهورەیرە دەفەرموێت: حەفتا هاوەڵم لە هاوەڵانی ئەهلی صوففە دیوە کە لە توێی یەک دەست پۆشاکا نوێژیان دەکرد؛ ئی وایان هەبوو پۆشاکەکەی تا ئەژنۆی دەهات؛ ئی وایان هەبوو لە ئەژنۆ بەرەوخوارتر دەهات؛ جا کاتێ یەکێک لەوانە کڕنوشی دەبرد دەستی دەگرت بە دامێنی پۆشاکەکەی لە ترسی ئەوەی نەکا شەرمگا (عەورەتی) دەربکەوێت.

٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا عَاصِمٌ الْأَحْوَلُ، عَنْ مُوَرِّقٍ الْعِجْلِيِّ، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي سَفَرٍ، فَمِنَّا الصَّائِمُ، وَمِنَّا الْمُفْطِرُ قَالَ: فَنَزَلْنَا فِي يَوْمٍ شَدِيدِ الْحَرِّ، وَكَانَ أَكْثَرُنَا ظِلًّا صَاحِبَ الْكِسَاءِ، وَمِنَّا مَنْ يَتَّقِي الشَّمْسَ بِيَدِهِ قَالَ: فَسَقَطَ الصُّوَّامُ، وَقَامَ الْمُفْطِرُونَ: فَضَرَبُوا الْأَبْنِيَةَ، وَسَقَوْا الرِّكَابَ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «ذَهَبَ الْمُفْطِرُونَ الْيَوْمَ بِالْأَجْرِ»

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرموێت: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) چوین بۆ سەفەرێک؛ هەندێک لە ئێمە بەڕۆژ بوین؛ هەندێکیشمان ڕۆژومان نەگرت؛ جا ڕۆژێکی زۆر گەرمان بەسەرا هات؛ ئەو کەسەی کە پۆشاکی زۆرتری لەبەرا بوو ئەوە سێبەری زیاتری دەست دەکەوت (واتە: پۆشاکەکانی دەکردە سێبەر بۆ خۆی) ئی وامان هەبوو بە دەستی خۆی سێبەری بۆ سەروچاوی خۆی دەکرد؛ ئەوێ ڕۆژێ ئەوانەی کە بە ڕۆژو بوون هەموویان (لە تینـواو لە برسـا) کەون؛ ئەوانەش کە بە ڕۆژو نەبـوون هەسـتان و چەنـد چادرێکیـان هەڵـدا؛ وڵاخەکانیان ئاودا؛ جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەوانەی کە بە ڕۆژو نەبوون ئەمڕۆ هەموو پاداشتەکانیان بۆ خۆیان چنییەوە.

٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ زِيَادٍ سَبَلَانُ، حَدَّثَنَا عَبَّادٌ يَعْنِي ابْنَ عَبَّادٍ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَمْرٍو، عَنْ أَبِي سَلَمَةَ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِنِّي لَأَسْتَغْفِرُ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ وَأَتُوبُ إِلَيْهِ كُلَّ يَوْمٍ مِائَةَ مَرَّةٍ»

واتە: لە ئەبـوو هـورەیرەوە دەگێـڕنەوە فەرمـوویەتی: پێغەمـبەری خـوا (ﷺ) فەرمـووی: بەڕاستی مـن لە هەمـوو ڕۆژێکـا سـەد جـار. أستغفر الله. دەکەم و داوای لێبـوردن لە خـوای گەورە دەکەم.

٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا الْمَسْعُودِيُّ، عَنْ عَمْرِو بْنِ مُرَّةَ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ، عَنْ عَلْقَمَةَ، عَنْ عَبْدِ الله رَضِيَ الله عَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «مَا لِي وَلِلدُّنْيَا؟ إِنَّمَا مَثَلِي وَمَثَلُ الدُّنْيَا كَمَثَلِ رَاكِبٍ قَالَ فِي ظِلِّ شَجَرَةٍ، فِي يَوْمٍ صَائِفٍ، ثُمَّ رَاحَ وَتَرَكَهَا»

واتە: عەبدوڵڵا (ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لەسەر بێ) لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من چمداوە بە سەر دونیاوە؟ بەڕاستی نەزیلەی من و نەزیلەی دونیا وەکوو سوارێکە کە لە ڕۆژێکی ساماڵ و گەرما لە بەر سێبەری درەختێکا پشو بدات و دوایی بەجێی بهێڵێ و بڕوا.

٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ عُمَارَةَ بْنِ الْقَعْقَاعِ، عَنْ أَبِي زُرْعَةَ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «اللهمَّ اجْعَلْ رِزْقَ آلِ مُحَمَّدٍ قُوتًا»

واتە: ئەبوهورەیرە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: پەروەردگارا! ڕۆزیی ماڵ و منالی موحەممەد بکە بە یارمەتیدەر بۆ خواپەرستی و بۆ ژیان.

٣٧ - وَحَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ زِيَادٍ سَبَلَانُ، حَدَّثَنَا عَبَّادٌ يَعْنِي ابْنَ عَبَّادٍ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَمْرٍو، عَنْ أَبِي سَلَمَةَ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلاً وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيراً»

واتە: ئەبوهورەیرە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە! ئەگەر ئێوە ئەوە شتانەتان زانیبا کە من دەیزانم؛ ئەوا زۆر بە کەمیی پێدەکەنین و زۆر دەگریان.

٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مَرْوَانُ بْنُ مُعَاوِيَةَ الْفَزَارِيُّ، أَنْبَأَنَا هِلَالُ بْنُ سُوَيْدٍ أَبُو الْمُعَلَّى قَالَ: سَمِعْتُ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ وَهُوَ يَقُولُ: أُهْدِيَتْ لِلنَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ثَلَاثَةُ طَوَائِرَ، فَأَطْعَمَ خَادِمَهُ طَائِرًا، فَلَمَّا كَانَ مِنَ الْغَدِ أَتَتْهُ بِهِ، فَقَالَ لها رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «أَلَمْ أَنْهَكِ أَنْ تَرْفَعِي شَيْئًا لِغَدٍ؟ فَإِنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ يَأْتِي بِرِزْقِ كُلِّ غَدٍ»

واتە: هیلال دەفەرموێت: گوێم لە ئەنەسی کوڕی مالیك بوو دەیفەرموو: سێ باڵندە وەک دیاری بەخشاریە پێغەمبەری خوا (ﷺ)؛ ئەویش یەکێکیانی دا بە خزمەتکارەکەی بۆ ئەوەی بیخوا؛ جا بۆ ڕۆژی دوایی خزمەتکارەکە باڵندەکەی هێنا؛ پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو:

مەگەر من نەهیم نەکرد لە تۆ بۆ ئەوەی هیچ شتێک هەڵنەگری بۆ بەیانی؟! بە ڕاستی خوای گەورە هەموو بەیانییەك ڕزق و ڕۆزیی ئەو ڕۆژە دابین دەکات و دەینێرێ.

٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُعَاذُ بْنُ هِشَام، حَدَّثَنَا أَبِي، عَنْ يُونُسَ، عَنْ قَتَادَةَ، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِك قَالَ: «مَا أَكَلَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ عَلَى خُوَانٍ، وَلَا فِي سُكُرُّجَة، وَلَا خُبِزَ لَه مُرَقَّقٌ» قَالَ: قُلْتُ لِقَتَادَةَ: «فَعَلَامَ كَانُوا يَأْكُلُونَ؟» قَالَ: «عَلَى السُّفَرِ»

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەرگیز لەسەر خوان و لە ناو لەنگانا نانی نەخولرد و نانی تەنگ و ناسکیشی بۆ نەکرا. یونس دەفەرموێت: لە قەتادەم پرسی: ئەی لەسەر چی نانیان دەخولرد؟ فەرمووی: لەسەر سفرە.

٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يَزِيدَ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ أَبِي أَيُّوبَ، حَدَّثَنَا شُرَحْبِيلُ بْنُ شَرِيك، عَنْ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ الْحُبُلِيِّ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: «قَدْ أَفْلَحَ مَنْ أَسْلَمَ وَرُزِقَ كَفَافًا، وَقَنَّعَهُ الله بِمَا آتَاهُ»

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: هەر کەسێ باوەڕ بهێنێت و خوای گەورە بە ئەندازەی پێویست ڕزق و ڕۆزیی بدات و قەناعەتی پێ بدات بەو بەشەی کە پێی بەخشیوە؛ ئەوە بەڕاستی ئەو کەسە ڕزگارە.

٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يَزِيدَ وَهُوَ الْمُقْرِئُ، حَدَّثَنَا حَيْوَةُ، أَخْبَرَنِي أَبو هَانِئٍ أَنَّ أَبَا عَلِيٍّ يَعْنِي الْجَنْبِيَّ أَخْبَرَهُ أَنَّهُ سَمِعَ فَضَالَةَ بْنَ عُبَيْد يَقُولُ إِنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ يَقُولُ: «طُوبَى لِمَنْ هُدِيَ إِلَى الْإِسْلَام، وَكَانَ عَيْشُهُ كَفَافًا، وَقَنِعَ»

واتە: فوزالەی کوڕی عوبەید ئەوەی گێڕاوەتەوە کە گوێی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووە فەرموویەتی: خۆشبەختی (یان: توبا کە دارێکە لە بەهەشتا) بۆ ئەو کەسەی کە ڕێنوێنی کراوە بۆ سەر ئیسلام و ڕزق و ڕۆزیەکەی بەشی دەکات و قەناعەتی هەیە بەوەی کە هەیەتی.

٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هُشَيْمٌ، عَنْ يُونُسَ، عَنِ الْحَسَنِ رَضِيَ الله عَنْهُ قَالَ: «مَا رُفِعَتْ مَائِدَةُ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ وَعَلَيْهَا طَعَامٌ قَطُّ»

واتە: حەسەن دەفەرموێت: هەرگیزاو هەرگیز سفرەی بەردەم پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەڵنەگیراوە و خواردنی لەسەر مابێتەوە (واتە: بەردەوام خواردنی ئەوەندە کەم بووە کە پاشماوەی لێ نەماوەتەوە).

٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا لَيْثٌ، عَنْ مُجَاهِد، عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ: " أَخَذَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِثَوْبِي أَوْ بِبَعْضِ جَسَدِي فَقَالَ: «يَا عَبْدَ الله، كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيل، وَعُدَّ نَفْسَكَ مِنْ أَهْلِ الْقُبُورِ»

واته: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دەست پۆشاکەکەم یان شانی منی گرت و فەرمووی: ئەی عەبدوڵڵا! لە دونیادا وەکوو کەسێکی غەریب ڕەفتار بکە؛ یان وەکوو کەسێکی ڕێبوار ڕەفتار بکە؛ هەروەها خۆت بە یەکێک لە مردووەکانی ناو گۆڕستان هەژمار بکە.

٤٣ - قَالَ مُجَاهِدٌ: وَقَالَ لِي عَبْدُ الله: «يَا مُجَاهِدُ، إِذَا أَصْبَحْتَ فَلَا تُحَدِّثْ نَفْسَكَ بِالْمَسَاءِ، وَإِذَا أَمْسَيْتَ فَلَا تُحَدِّثْ نَفْسَكَ بِالصَّبَاحِ، وَخُذْ مِنْ حَيَاتِكَ قَبْلَ مَوْتِكَ، وَمِنْ صِحَّتِكَ قَبْلَ سَقَمِكَ؛ فَإِنَّكَ لَا تَدْرِي يَا عَبْدَ الله مَا اسْمُكَ غَدًا؟»

واته: موجاهید دەفەرموێت: عەبدوڵڵا پێی گوتم: ئەی موجاهید! هەر کاتێ ڕۆژت لێ بوویەوە چاوەڕێی ئەوە مەبە کە بکەویتە ئێوارە؛ هەر کاتێکیش ئێوارەت بەسەرا هات؛ چاوەڕێی ئەوە مەکە بکەویتە بەیانی! پێش ئەوەی بمری ژیان بە دەرفەت بزانە، پێش ئەوەی نەخۆش بکەوی لەشساغی بە دەرفەت بزانە، عەبدوڵڵا تۆ سبەی نازانی ناووت چییە (واتە: نازانی سبەی پێت دەڵێن: زیندو، یان پێت دەڵێن: مردوو؟!).

٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو مَعْمَرٍ يَعْنِي الْقَطِيعِيَّ، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ يَعْنِي ابْنَ عَبْدِ الْحَمِيدِ، وَوَكِيعٌ يَعْنِي ابْنَ الْجَرَّاحِ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ الْمُنْكَدِرِ قَالَ: قِيلَ: يَا رَسُولَ الله أَيَنَامُ أَهْلُ الْجَنَّةِ؟ قَالَ: «النَّوْمُ أَخُو الْمَوْتِ، وَأَهْلُ الْجَنَّةِ لَا يَمُوتُونَ»

واته: موحەممەدی کوڕی ئەلمونکەدیر دەفەرموێت: پرسیار لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرا: ئایا مرۆڤی بەهەشتی لە بەهەشتدا دەخەوێت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: خەوتن برای مردنە؛ بەهەشتییەکانیش هەرگیز نامرن.

٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو عَبْدِ الصَّمَدِ الْعَمِّيُّ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ دِينَارٍ، عَنِ الْحَسَنِ، «أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَمْ يَشْبَعْ مِنَ الْخُبْزِ وَاللَّحْمِ إِلَّا عَلَى ضَفَفٍ» قَالَ مَالِكٌ: لَمْ أَدْرِ مَا «الضَّفَفُ» ، فَسَأَلْتُ أَعْرَابِيًّا فَقَالَ: عَرَبِيَّةٌ وَالْإِلَه؛ يَجْتَمِعُ الْقَوْمُ عَلَى الطَّعَامِ فَيَتَنَاوَلُونَهُ تَنَاوُلًا ".

واته: حەسەن دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەرگیز تێری لە نان و گۆشت نەخوارد لە کاتی (ضفف) دا نەبێت! مالیك دەفەرموێت: من نەمزانی وشەی (ضفف) چییە؟ بۆیە پرسیارم

لە پیاوێکی دەشتەکی کرد؛ پیاوەکە گوتی: سوێند بە خوا وشەیەکی عەرەبیە! (ضفف) بەوە دەڵێن کە کۆمەڵێک کەس لە خواردنێک کۆ دەبنەوە و لێی دەخۆن.

٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا إِسْرَائِيلُ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ مَسْرُوق قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «أَنْفِقْ بِلَالُ وَلَا تَخْشَ مِنْ ذِي الْعَرْشِ إِقْلَالًا» قَالَ أَبو عَبْدِ الرَّحْمَنِ مَرَّةً أُخْرَى: «وَلَا تَخَفْ مِنْ ذِي الْعَرْشِ»

واتە: مەسروق دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بیلال! ببەخشەو مەترسە لەوەی کە خوای خاوەن عەرش لێت بگرێتەوە و کەمت پێ ببەخشێت! جارێکیتر ئەبوو عەبدولڕەحمان ئەم فەرموودەیەی گێڕایەوە و جیاتی (ولا تخش من...) گوتی: ولا تخف من... (کە هەردوکی هەر یەک مانای هەیە).

٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ أَيُّوبَ، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرِ بْنُ عَيَّاش، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ عِكْرِمَةَ قَالَ: قَالَ أَبو بَكْرٍ رَضِيَ الله عَنْهُ لِرَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: شِبْتَ يَا رَسُولَ الله، قَالَ: «شَيَّبَتْنِي هُودٌ، وَالْوَاقِعَةُ، وَعَمَّ يَتَسَاءَلُونَ، وَإِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ»

عیکریمە دەفەرموێت: ئەبوبەکر بە پێغەمبەری (ﷺ) گوت: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پیر بوی! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: سورەتەکانی «هود، والواقعة، وعم يتساءلون، وإذا الشمس كورت»پیریان کردم.

٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ أَبو سَلَمَةَ الدَّوْسِيُّ، عَنْ سَالِم بْنِ عَبْدِ الله قَالَ: " كَانَ مِنْ دُعَاءِ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «اللهمَّ ارْزُقْنِي عَيْنَيْنِ هَطَّالَتَيْنِ، يَبْكِيَانِ بِذُرُوفِ الدُّمُوعِ، وَيَشْفِيَانِ مِنْ خَشْيَتِكَ قَبْلَ أَنْ تَكُونَ الدُّمُوعُ دَمًا، وَالْأَضْرَاسُ جَمْرًا»

واتە: سالمی کوڕی عەبدوڵڵا دەفەرموێت: یەکێک لە نزا و پاڕانەوەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمەبوو **دەیفەرموو: پەروەردگارا! دوو چاوی پڕ فرمێسکم پێ ببەخشی بە تاو فرمێسک** دابارێنن؛ ببنە **شیفا و دەرمان پێش ئەوەی (لە قیامەتا) فرمێسکەکانیان ببن بە خوێن و دانەکانی خڕێ ببن بە پشکۆ.**

٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ قَالَ: سَمِعْتُ ثَابِتًا يَقُولُ: كَانَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا أَصَابَتْ أَهْلَه خَصَاصَةٌ نَادَى أَهْلَه: «يَا أَهْلَاهْ صَلُّوا صَلُّوا»

واتە: جەعفەری کوڕی سولەیمان دەفەرموێت: گوێم لە سابیت بوو دەیفەرموو: پێغەمبەری خوا (ﷺ) عادەتی وا بوو کاتێک لە ماڵەوە تووشی ئاتاجی و هەژاری دەهاتن بانگی خێزانەکانی دەکردو دەیفەرموو: ئادەی خاو خێزانەکەم! نوێژ بکەن نوێژ!

٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاق، أَنْبَأَنَا الثَّوْرِيُّ، عَنْ رَجُلٍ مِنْ أَهْلِ الْمَدِينَة، عَنْ سَالِم، عَنِ ابْنِ عُمَرَ أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى اللَه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَقُولُ فِي دُعَائِه: «اللهمَّ وَاقِيَةً كَوَاقِيَةِ الْوَلِيد» يَعْنِي: الْمَوْلُودَ

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ناو نزا و پاڕانەوەکانیا دەیفەرموو: پەروەردگارا! پارێزەرکم پێ ببەخشی وەک پارێزەری منداڵی تازە لەدایکبوو.

٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الهيْثَمُ بْنُ جَمِيل، حَدَّثَنَا مُحَمَّدٌ يَعْنِي ابْنَ مُسْلِم، عَنْ إِبْرَاهِيمَ يَعْنِي ابْنَ مَيْسَرَةَ، عَنْ طَاوُس قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِنَّ الزُّهْدَ فِي الدُّنْيَا يُرِيحُ الْقَلْبَ وَالْبَدَنَ، وَإِنَّ الرَّغْبَةَ فِي الدُّنْيَا تُطِيلُ الهمَّ وَالْحَزَنَ»

واتە: تاووس دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: بەڕاستی زوهد و پارسایی لە دونیادا دڵ و لاشەی مرۆڤ ئاسودە دەکات؛ خۆشەویستی و شوێنکەوتنی دونیاش درێژە بە خەم و خەفەت دەدات.

٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا الهيْثَمُ بْنُ جَمِيل، حَدَّثَنَا مُحَمَّدٌ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ بْن مَيْسَرَةَ، عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْب، عَنْ عَبْدِ الله بْن عَمْرٍو قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى اللَه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «صَلَاحُ أَوَّلِ هَذِهِ الْأُمَّةِ بِالزُّهْد، وَالْيَقِين، وَيَهْلَكُ آخِرُهَا بِالْبُخْلِ وَالْأَمَل»

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەمر دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: چاکسازیی سەرەتای ئەم گەل و ئوممەتەی من بە زوهد و پارسایی و یەقین و دڵنیاییەوە بوو؛ کۆتاییەکەیشی بە هۆی ڕژدی و ئاوات و هیوای دوورو درێژ لەناو دەچێ.

٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا بَيَانُ بْنُ الْحَكَم، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ حَاتِم أَبو جَعْفَر، عَنْ بِشْرِ بْن الْحَارِث، أَنْبَأَنَا أَبو بَكْرِ بْنُ عَيَّاش، عَنْ لَيْث، عَنِ الْحَكَم قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِذَا قَصَّرَ الْعَبْدُ فِي الْعَمَلِ ابْتَلَاهُ الله بِالهمِّ»

واتە: لەیث لە حەکەمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: هەر کاتێ مرۆڤ لە کار و کردەوەدا کەمتەرخەمی نواند؛ خوای گەورە تووشی خەم و خەفەتی دەکات.

٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي بَيَانُ بْنُ الْحَكَمِ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ حَاتِمٍ، حَدَّثَنِي بِشْرُ بْنُ الْحَارِثِ، أَنْبَأَنَا عَبَّادُ بْنُ الْعَوَّامِ، عَنْ هِشَامٍ، عَنِ الْحَسَنِ " أَنَّ رَجُلًا أَتَى النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ: أَيُّ الْإِيمَانِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: «الصَّبْرُ وَالسَّمَاحَةُ»

واتە: هیشام لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە کە پیاوێک هاتووەتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) گوتویەتی: کام (لقە لە لقەکانی) بیرو باوەڕە لە هەمووان هێژاترو باشترە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: سەبرو خۆڕاگر لەگەڵ لێبوردەیی و چاوپۆشی.

٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا أُسَامَةُ بْنُ زَيْدٍ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي لَبِيبَةَ، عَنْ سَعْدِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «خَيْرُ الرِّزْقِ مَا يَكْفِي، وَخَيْرُ الذِّكْرِ الْخَفِيُّ»

واتە: سەعدی کوڕی مالیك دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: باشترین ڕزق و ڕۆزی ئەوەیە کە بەش بکات و باشترین زیکرو یادی خوداش ئەوەیە کە بە نهێنی بکرێت.

٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ صَالِحٍ، عَنْ أَبِي الْمُهَلَّبِ، عَنْ عُبَيْدِ اللهِ بْنِ زَحْرٍ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ يَزِيدَ، عَنِ الْقَاسِمِ، عَنْ أَبِي أُمَامَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، يَعْنِي قَالَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: «إِنَّ أَغْبَطَ أَوْلِيَائِي عِنْدِي مُؤْمِنٌ خَفِيفُ الْحَاذِ، ذُو حَظٍّ مِنْ صَلَاةٍ، أَحْسَنَ عِبَادَةَ رَبِّهِ، وَكَانَ غَامِضًا فِي النَّاسِ؛ لَا يُشَارُ إِلَيْهِ بِالْأَصَابِعِ، فَعُجِّلَتْ مَنِيَّتُهُ، وَقَلَّ تُرَاثُهُ، وَقَلَّتْ بَوَاكِيهِ» قَالَ أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ عَبْدُ اللهِ: سَأَلْتُ أَبِي: مَا تُرَاثُهُ؟ قَالَ: مِيرَاثُهُ ".

باوکی ئومامە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: خوای گەورە فەرموویەتی: بە لای منەوە ئەو کەسە هەمیشە دۆستمە کە باوەڕدار بێت و سەروەت و سامانی کەم بێت و بەشی هەبێ لە نوێژکردن و جوان خوای خۆی بپەرستێت و لەناو خەڵکدا نادیار بێت و ئەوەندە ناسراو نەبێ کە پەنجەی بۆ ڕاکێشن و بەخێرایی بمرێت (واتە: زۆر خەم بۆ ژیان نەخوات و هەڵپە بۆ دونیا نەکات) و مردەڵاو میراتی کەم بێت و کەم کەس بۆی بگرین.

ئەبوو عەبدولڕەحمان دەفەرموێت: لە باوکی خۆمم پرسی: مەبەست لە (ما تراثه) چییە؟ فەرمووی: مەبەست مردەڵاو میراتە.

٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو سَعِيد، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ يَعْنِي ابْنَ بِلَال، عَنْ عَمْرِو بْنِ أَبِي عَمْرٍو، عَنْ عَاصِم بْنِ عُمَرَ بْنِ قَتَادَةَ، عَنْ مَحْمُود بْنِ لَبِيد أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: «إِنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ لَيَحْمِي عَبْدَهُ الْمُؤْمِنَ مِنَ الدُّنْيَا، وَهُوَ يُحِبُّهُ، كَمَا تَحْمُونَ مَرِيضَكُمُ الطَّعَامَ وَالشَّرَابَ تَخَافُونَ عَلَيْه»

واتە: لە مەحمودی کوڕی لەبیدەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی خوای گەورە سەبارەت بە دونیا پارێزگاری لە بەندە باوەڕدلەرەکانی خۆی دەکات و دونیایان پێ نابەخشێ؛ خوای گەورە ئەو بەندانەی خۆی خۆش دەوێ بۆیە دونیایان پێ نابەخشێت؛ وەک چۆن هەر کەسێک لە ئێوە پارێزگاری لە کەسی نەخۆشی نزیک لە خۆتان دەکەن و ئاوو خواردنی لێ دەگرنەوە و دەترسن بە هۆی خواردن و خواردنەوە نەخۆشییەکەی زیاد بکات.

٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ الْمُثَنَّى أَبو مُوسَى، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَهْضَم، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ جَعْفَر، عَنْ عُمَارَةَ بْنِ غَزِيَّةَ، عَنْ عَاصِم بْنِ عُمَرَ بْنِ قَتَادَةَ، عَنْ مَحْمُود بْنِ لَبِيد، عَنْ قَتَادَةَ بْنِ النُّعْمَانِ أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: «إِنَّ الله إِذَا أَحَبَّ عَبْدًا حَمَاهُ الدُّنْيَا، كَمَا يَظَلُّ أَحَدُكُمْ يَحْمِي سَقِيمَهُ الْمَاءَ»

واتە: قەتادەی کوڕی نوعمان دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: بەڕاستی خوای گەورە و میهرەبان هەر کاتێ بەندەیەکی خۆی خۆش ویست ئەوا دونیای لێ دەگرێتەوە، وەک چۆن هەر یەکێک لە ئێوە کاتێ پارێزگاری لە نەخۆشی خۆتان دەکەن ئاوی لێ دەگرنەوە و ناهێڵن ئاو بخواتەوە.

٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَر، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ قَالَ: سَمِعْتُ قَتَادَةَ، يُحَدِّثُ، عَنْ مُطَرِّف، عَنْ أَبِيه قَالَ: انْتَهَيْتُ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ وَهُوَ يَقُولُ: «أَلْهَاكُمُ التَّكَاثُرُ» قَالَ: يَقُولُ ابْنُ آدَمَ: مَالِي وَمَا لَكَ مِنْ مَالِكَ إِلَّا مَا أَكَلْتَ فَأَفْنَيْتَ، أَوْ لَبِسْتَ فَأَبْلَيْتَ، أَوْ تَصَدَّقْتَ فَأَمْضَيْتَ ".

واتە: موتەڕیف لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گەیشتمە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لەو کاتەدا دەیفەرموو: ﴿أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ۝١﴾ التكاثر: ١. واتە: شانازیتان بە زۆریی ماڵ و منالّ؛ ئێوەی بە خۆیەوە خافڵاند. جا فەرمووی: نەوەکانی ئادەم دەڵێن: سەروەت و سامانەکەم! جا تۆ چیت هەیە جگە لەوەی کە دەیخۆیت و لەناوی دەبەیت یان لەبەری دەکەیت و دەیڕزێنی یان ئەوەی کە دەیکەی بە خێرو دەیڕەوێنی؟

٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يَزِيدَ، حَدَّثَنَا حَيْوَةُ، أَخْبَرَنِي أَبُو هَانِئٍ أَنَّهُ سَمِعَ أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ الْحُبُلِيَّ يَقُولُ إِنَّهُ سَمِعَ عَبْدَ الله بْنَ عَمْرٍو، وَسَأَله رَجُلٌ فَقَالَ: " أَلَسْنَا مِنْ فُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ؟ فَقَالَ له عَبْدُ الله: «أَلَكَ امْرَأَةٌ تَأْوِي إِلَيْهَا؟» قَالَ: نَعَمْ قَالَ: «أَلَكَ مَسْكَنٌ تَسْكُنُهُ؟» قَالَ: نَعَمْ قَالَ: «فَلَسْتَ مِنْ فُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ»

باوكی عەبدولڕەحمانی حوبولی دەگێڕێتەوە كە گوێی لێبوو پیاوێك پرسیاری لە عەبدوڵلای كوڕی عەمر كرد و گوتی: مەگەر ئێمە بەشێك نین لە هەژارە كۆچەرییەكان؟ عەبدوڵلا فەرمووی: مەگەر تۆ ژنت نییەو بچیتەوە پەنای ژنەكەت؟ پیاوەكە گوتی: با! عەبدوڵلا فەرمووی: ئەی مەگەر خانویەكت نییە تێیدا نیشتەجێ بیت؟ پیاوەكە گوتی: با! عەبدوڵلا فەرمووی: دەی كەواتە تۆ یەكێك نیت لە كۆچەریە هەژارەكان.

٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارُ بْنُ حَاتِمٍ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا أَيُّوبُ، عَنْ عَبْدِ رَبِّهِ بْنِ سَعِيدٍ الْمَدَنِيِّ أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دَخَلَ عَلَى عُثْمَانَ بْنِ مَظْعُونٍ، وَهُوَ فِي الْمَوْتِ، فَأَكَبَّ عَلَيْهِ يُقَبِّله، وَيَقُولُ: «رَحِمَكَ الله يَا عُثْمَانُ، مَا أَصَبْتَ مِنَ الدُّنْيَا وَلَا أَصَابَتْ مِنْكَ»

واتە: عەبدڕەبیهی كوڕی سەعیدی مەدەنی دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەشریفی ڕۆیشت بۆ لای عوسمانی كوڕی مەزعون؛ عوسمان لە سەرەمەرگدا بوو؛ پێغەمبەر (ﷺ) نیشت بە ڕوی عوسمانەوە و ماچی دەكردو دەیفەرموو: عوسمان خوا ڕەحمت پێ بكات؛ نە تۆ پشكێكت لە دونیا بەركەوت و نە دونیا پشكێكی لە تۆ بەركەوت!

٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا زَيْدُ بْنُ الْحُبَابِ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ سَعِيدٍ، عَنِ الزُّبَيْرِ بْنِ عَدِيٍّ، عَنْ مُصْعَبِ بْنِ سَعْدٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «احْذَرُوا الدُّنْيَا فَإِنَّهَا خَضِرَةٌ حُلْوَةٌ»

واتە: موصعەبی كوڕی سەعد دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: وریا بن و خۆتان لە دونیا بپارێزن؛ چونكە بەڕاستی دونیا سەوزەڵانەو شیرین و خۆشە (وەكوو تەپكەو داو وایەو مرۆڤ تووش دەكات).

٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ غَيْلَانَ، حَدَّثَنَا رِشْدِينُ بْنُ سَعْدٍ، عَنْ حَرْمَلَةَ بْنِ عِمْرَانَ التُّجِيبِيِّ، عَنْ عُقْبَةَ بْنِ مُسْلِمٍ، عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: " إِذَا رَأَيْتَ الله عَزَّ وَجَلَّ يُعْطِي الْعَبْدَ مِنَ الدُّنْيَا، عَلَى مَعَاصِيهِ مَا يُحِبُّ فَإِنَّهُ اسْتِدْرَاجٌ ثُمَّ تَلَا قَوْلَ الله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّىٰ إِذَا فَرِحُوا بِمَا أُوتُوا أَخَذْنَاهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ﴾ الأنعام: ٤٤.

واتە: عوقبەی کوڕی عامر لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەر کاتێک بینیت خوای گەورە ئەو بەشە دونیایەی کە بەندەکەی پێیخۆشە؛ بە بەندەکەی بەخشی؛ بەندەکەیشی خەریکی تاوان بوو؛ ئەوە دڵنیا بن کە ئیستیدراجە[1]. دوایی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە (مانای ئایەتەکە): ئینجا کاتێک ئەو بەرنامە و ڕێبازەی کە یادیان خرابۆوە فەرامۆشیان کرد، ئێمەش دەروازەکانی هەموو شتێکمان بۆ والا کردنەوە و (نازو نیعمەتمان بەسەردا ڕژاندن) هەتا کاتێک دڵخۆش و شادمان بوون بەوەی کە پێیان درا، ئیتر لەناکاو گرتمانن و هەموویانمان سەرگەردان و ڕیسواکرد ئینجا ئەوان بێ ئومێد بوون و بە غەم و پەژارەیەکی زۆرەوە تیاچوون.

٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا الْمَسْعُودِيُّ، عَنْ عَمْرِو بْنِ مُرَّةَ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ، عَنْ عَلْقَمَةَ، عَنْ عَبْدِ اللهِ قَالَ: " نَامَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى حَصِيرٍ أَثَّرَ فِي جَنْبِهِ، فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللهِ، أَلَا آذَنْتَنَا فَنَبْسُطَ تَحْتَكَ أَلْيَنَ مِنْهُ؟ فَقَالَ: «مَا لِي وَلِلدُّنْيَا؟ إِنَّمَا مَثَلِي وَمَثَلُ الدُّنْيَا كَرَاكِبٍ سَارَ فِي يَوْمٍ صَائِفٍ، فَقَالَ تَحْتَ شَجَرَةٍ ثُمَّ رَاحَ وَتَرَكَهَا»

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر چیخ (حەسیر)ێک خەوت و ئاسەواری شوڵی چیخەکە لەسەر لاتەنیشتەکان دەرکەوتبوون؛ ئێمەیش گوتمان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! ئەوە بۆ مۆڵەتمان پێنادەی شتێکی لەوە نەرمترت بۆ ڕابخەین؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەموی: من چیم داوە بەسەر دونیاوە؟ بەڕاستی نەزیلەی من و دونیا وەکوو سوارێک وایە کە لە ڕۆژێکی ساماڵ و گەرمدا سەفەر بکات و لە بن سێبەری دارێکا سەرخەوێک بشکێنێت و پشویەک بدات و دوایی بەجێی بهێڵێت و بڕوا.

٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا بَيَانُ بْنُ الْحَكَمِ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ حَاتِمٍ، حَدَّثَنِي بِشْرُ بْنُ الْحَارِثِ، حَدَّثَنَا عِيسَى بْنُ يُونُسَ، عَنْ هِشَامٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " ثَلَاثٌ لَا يُحَاسَبُ بِهِنَّ الْعَبْدُ: ظِلُّ خُصٍّ يَسْتَظِلُّ بِهِ، وَكِسْرَةٌ يَشُدُّ بِهَا صُلْبَهُ، وَثَوْبٌ يُوَارِي عَوْرَتَهُ.

واتە: حەسەن دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: سێ شت هەن کە لەسەر ئەو

[1] ئیستیدراج جۆرێکە لە بەخشش و پێدانێکە کە بە ڕواڵەت لە ڕێزگرتن دەچێ؛ بەڵام لە ڕاستیدا ڕێزگرتن نییە؛ بەڵکوو بەرز کردنەوە و ڕێزگرتنێکی بە مەبەستی مل شکاندن و لەناو بردن، وەک چۆن کەسێک بیەوێ چۆلەکەیەک بگرێت و سەری ببڕێ؛ تەپکەی بۆ دەنێتەوە و هەندێ دانی بۆ دەڕێژێ بۆ ئەوەی بێ بە تەپکەکەوە؛ زانای مەزنی کورد مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کتێبی (دووڕشتە)دا دەفەرموێت: ئیستیدراج واتە بەرزەوە کردن نەك بۆ ڕێز گرتن بۆ مل شکاندن).

سێ شتە لێپرسینەوە لەگەڵ مرۆڤا ناکرێت؛ سێبەرێکی تایبەت بە خۆی(واتە: کەپر یان خانو) کە لە ژێریا پشو بدات؛ پارچە نانێک کە بیخواو هێزو گوڕی پێ بگرێت؛ دەستە پۆشاکێکیش کە شەرمگای خۆی پێ داپۆشێت.

٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا بَيَانُ بْنُ الْحَكَم، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ حَاتِم، حَدَّثَنِي بِشْرُ بْنُ الْحَارِث، حَدَّثَنَا خَالِدٌ الْوَاسِطِيُّ، عَنْ بَيَانٍ قَالَ: بَلَغَنِي أَنَّ فِي التَّوْرَاةِ، مَكْتُوبًا: «ابْنَ آدَمَ كِسْرَةٌ تَكْفِيكَ، وَخِرْقَةٌ تُوَارِيكَ، وَجُحْرٌ يُؤْوِيكَ».

واتە: خالیدی واسیتی لە بەیانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بیستوومە لەناو تەوراتا نووسراوە: ئەی نەوەی ئادەم! پارچە نانێکت بەسە بۆ خواردن؛ پۆشاکێک کە داتبپۆشێت و خانوویەک کە پەنات بدات.

٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ سَالِمِ بْنِ أَبِي الْجَعْدِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «إِنَّ مِنْ أُمَّتِي مَنْ لَوْ أَتَى بَابَ أَحَدِكُمْ فَسَأَله دِينَارًا لَمْ يُعْطِه إِيَّاهُ، وَلَوْ سَأَله دِرْهَمًا لَمْ يُعْطِه إِيَّاه، وَلَوْ سَأَله فَلْسًا لَمْ يُعْطِه إِيَّاه، وَلَوْ سَأَلَ الله الْجَنَّةَ لَأَعْطَاهَا إِيَّاهُ، وَلَوْ سَأَله الدُّنْيَا لَمْ يُعْطِهَا إِيَّاه، وَمَا يَمْنَعُهَا إِيَّاهُ لِهَوَانِه عَلَيْه؛ ذُو طِمْرَيْن، لَا يُؤْبَهُ له، لَوْ يُقْسِمُ عَلَى الله عَزَّ وَجَلَّ لَأَبَرَّهُ».

واتە: سالمی کوڕی باوکی جەعد دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی لەناو ئوممەتەکەی منا کەسی وا هەیە ئەگەر بێتە بەردەرگای یەکێک لە ئێوە و داوای دینارێکتان لێ بکات پێی نابەخشن؛ ئەگەر داوای دیرهەمێک بکات پێی نابەخشن؛ ئەگەر داوای فلسێکیش بکات پێی نابەخشن؛ بەڵام ئەگەر داوای بەهەشت لە خوای گەورە بکات؛ خوای گەورە پێی دەبەخشێت؛ خۆ ئەگەر داوای دونیا لە خوا بکات پێی نابەخشێت؛ کاتێک دونیای پێ نابەخشێت لەبەر ئەوە نییە بەلایەوە گران و سەخت و نارەحەت بێت؛ جا ئەو جۆرە کەسانە پۆشاکێکی شڕو ڕزیویان لەبەرایە؛ گرنگییان پێ نادرێت؛ ئەگەر ئەوانە سوێند بخۆن لەسەر خوای گەورە؛ ئەوا خوای گەورە سوێندەکەیان ناشکێنێت و کارەکەیان بۆ جێبەجێ دەکات.

٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ الْأَشْعَث بْنِ سَوَّار، عَنْ مُحَارِبِ بْنِ دِثَار قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «إِنَّ مِنْ أُمَّتِي مَنْ لَا يَسْتَطِيعُ أَنْ يَأْتِيَ مَسْجِدَهُ أَوْ مُصَلَّاهُ مِنَ الْعُرْيِ يَحْجُزُهُ إِيمَانُهُ أَنْ يَسْأَلَ النَّاسَ؛ مِنْهُمْ أُوَيْسٌ الْقَرَنِيُّ، وَفُرَاتُ بْنُ حَيَّانَ الْعِجْلِيُّ».

واته: موحاریبی کوڕی دیثار دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: لەناو ئوممەتەکەی منا کەسی وا هەیە کە لەبەر ڕوت و قووتی ناتوانێ بڕوا بۆ مزگەوت یان شوێنی نوێژ کردن؛ بەڵام بیرو باوەڕو ئیمانەکەی ناهێڵێ داوای شت لە خەڵکی بکات؛ یەک لەوانە: ئووەیسی قەڕەنییە؛ هەروەها فوراتی کوڕی حەییانی عیجلی یەکێکە لەو کەسانە.

٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُعَاوِيَةُ بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا زَائِدَةُ، عَنِ الْأَعْمَشِ قَالَ: سَمِعْتُهُمْ يَذْكُرُونَهُ، عَنْ أَنَسٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِأَهْلِ الْجَنَّةِ؟ كُلُّ ضَعِيفٍ مُتَضَاعِفٍ ذِي طِمْرَيْنِ، لَوْ يُقْسِمُ عَلَى الله لَأَبَرَّهُ».

واته: ئەنەس دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ئاگادارتان بکەمەوە کە ئەهلی بەهەشت چ کەسانێکن؟ هەموو ئەو کەسە لاوازو خاکی و سادانەن کە پۆشاکیان کۆن و شڕە؛ ئەگەر سوێند لەسەر خوای گەورە بخوات؛ خوای گەورە سوێندەکەی ناشکێنێت و داواکاریەکەی بۆ جێبەجێ دەکات.

٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا أَبُو هِلَالٍ، حَدَّثَنَا عُقْبَةُ بْنُ أَبِي ثُبَيْتٍ، عَنْ أَبِي الْجَوْزَاءِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِأَهْلِ الْجَنَّةِ وَالنَّارِ: أَهْلُ الْجَنَّةِ مَنْ مُلِئَتْ مَسَامِعُهُ مِنَ الثَّنَاءِ الْحَسَنِ، وَأَهْلُ النَّارِ مَنْ مُلِئَتْ مَسَامِعُهُ مِنَ الثَّنَاءِ السَّيِّئِ وَهُوَ يَسْمَعُ ".

باوکی جەوزا دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەوە ئاگادارتان نەکەمەوە کە کێ بەهەشتیەو کێ دۆزەخیە؟ بەهەشتییەکان ئەو کەسانەن کە گوێچکەکانی پڕن لە سوپاس و ستاییشی جوان؛ دۆزەخیش ئەوانەن کە گوێچکەکانیان پڕبوون لە داشۆرین و باسکردن بە خراپە و گوێی لێیەتی.

٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو سَعِيدٍ، حَدَّثَنَا زَائِدَةُ، حَدَّثَنَا عَطَاءٌ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ عَلِيٍّ رَضِيَ الله عَنْهُ قَالَ: «جَهَّزَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَاطِمَةَ رِضْوَانُ الله عَلَيْهَا فِي خَمِيلٍ، وَقِرْبَةٍ، وَوِسَادَةٍ مِنْ أَدَمٍ، وَحَشْوُهَا لِيفٌ».

عەلیی دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەرچەفێکی ڕیشوودارو کوندەیەک و بالیفێ کە لە چەرم دروست کرابوو ناواخنەکەی لیفی پەلی دارخورما بوو؛ کردە پێتەکی[1] بۆ فاتیمەی کچی.

[1] پێتەکی بەو کەلوپەلە دەگوترێ کە ماڵە باوانی بوک لە کاتی بوک گواستنەوەدا بە دیاری دەینێرن بۆ ماڵی زاوا.

٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ اللهِ بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ زَيْدٍ، عَنْ هِشَامٍ، عَنِ الْحَسَنِ «أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ فِرَاشُهُ عَبَاءَةً، وَوِسَادَةً مُرَقَّعَةً حَشْوُهَا لِيفٌ».

واتە: هیشام لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕایەخی پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەبایەک بوو؛ هەروەها سەرینێک بوو کە پینەکرابوو؛ هەروها ناواخنەکەی لیفی گەڵای دارخورما بوو.

٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، وَا بوو سَعِيدٍ، الْمَعْنَى وَاحِدٌ قَالَا: حَدَّثَنَا ثَابِتٌ، حَدَّثَنَا هِلَالٌ، عَنْ عِكْرِمَةَ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دَخَلَ عَلَيْهِ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ وَهُوَ عَلَى حَصِيرٍ قَدْ أَثَّرَ فِي جَنْبِهِ، فَقَالَ: يَا نَبِيَّ اللهِ، لَوِ اتَّخَذْتَ فِرَاشًا أَوْثَرَ مِنْ هَذَا، فَقَالَ: «مَا لِي وَلِلدُّنْيَا؟ مَا مَثَلِي وَمَثَلُ الدُّنْيَا إِلَّا كَرَاكِبٍ سَارَ فِي يَوْمٍ صَائِفٍ، فَاسْتَظَلَّ تَحْتَ شَجَرَةٍ سَاعَةً مِنْ نَهَارٍ، ثُمَّ رَاحَ وَتَرَكَهَا».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەگێڕێتەوە کە عومەری کوڕی خەتتاب ڕۆیشتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؛ لەو کاتەدا پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر چیخێک ڕاکشابوو؛ شوێنی چیخەکە ئاسەواری لەسەر لاتەنگەی پێغەمبەر (ﷺ) دانابوو؛ عومەر فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! ئەوە بۆ ڕایەخێکی لەمە باشتر و شیاوتر ڕاناخەی؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: من چیم داوە بەسەر دونیادا؟! نموونەی من لەگەڵ دونیا وەکوو سوارێکە لە ڕۆژێکی گەرم و سامالدا سەفەر بکات و تاوێک بە مەبەستی پشوودان بچێتە ژێر سێبەری دارێک و دوایی بڕواو بەجێی بهێڵێ.

٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، حَدَّثَنَا شَرِيكٌ، عَنْ عَبْدِ الْمَلِكِ بْنِ عُمَيْرٍ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ شَدَّادٍ، رَفَعَ الْحَدِيثَ قَالَ: «مَنْ لَبِسَ الصُّوفَ، وَاعْتَقَلَ الشَّاةَ، وَرَكِبَ الْحِمَارَ، وَأَجَابَ دَعْوَةَ الرَّجُلِ الدُّونِ، أَوِ الْعَبْدِ لَمْ يُكْتَبْ عَلَيْهِ مِنَ الْكِبْرِ شَيْءٌ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی شەدداد فەرموودەیەکی گێڕایەوە و بە فەرموودەی پێغەمبەری (ﷺ) ناساند کە تێیدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: هەر کەسێ پۆشاکی خوری لەبەر بکات و لاقی بزن و مەڕ بگرێ بۆ ئەوەی بیدۆشێت و سواری گوێدرێژ ببێت و وەڵامی داوەتی پیاوی خوار خۆی بداتەوە؛ یان وەڵامی داوەتی کۆیلە بداتەوە؛ ئەوە ئیتر هیچ جۆرە خۆبەزلزانین و فیسێکی لەسەر نانووسرێت.

٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا هِشَامُ بْنُ حَسَّانَ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «كَانَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُصَلِّي فِي مُرُوطِ نِسَائِهِ، وَكَانَ مُرُطُهُنَّ أَكْسِيَةً مِنْ صُوفٍ لها أَعْلَامٌ مِنْ صُوفٍ أَثْمَانُ سِتَّةِ دَرَاهِمَ أَوْ سَبْعَةٍ».

واتە: حەسەن دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) جوببەی خێزانەکانی خۆی لەبەر دەکرد و نوێژی پێوە دەکرد؛ جوببەی خێزانەکانی لە خوری دروست کرابوو؛ ڕاڕا بوو؛ واتە: هەر لە خوری خەتی ڕەنگاوڕەنگی تێدا بوو؛ نرخیان شەش یان حەوت دیرهەم بوو.

٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، عَنِ ابْنِ جُرَيْجٍ، أَخْبَرَنِي إِسْمَاعِيلُ بْنُ أُمَيَّةَ، أَنَّ عَائِشَةَ رَضِيَ الله عَنْهَا «صَنَعَتْ لِلنَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِرَاشَيْنِ فَأَبَى أَنْ يَضْطَجِعَ إِلَّا عَلَى وَاحِدٍ».

واتە: ئیسماعیلی کوڕی ئومەیە دەفەرموێت: دایە عائیشە دوو ڕایەخی بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دروست کرد؛ پێغەمبەر (ﷺ) تەنیا یەکێکیانی بەکارهێناو لەسەری دانیشت و هەردوکی بەکار نەهێنا.

٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ مُحَمَّدٍ، حَدَّثَنَا عَبَّادٌ يَعْنِي ابْنَ عَبَّادٍ، حَدَّثَنَا مُجَالِدُ بْنُ سَعِيدٍ، عَنِ الشَّعْبِيِّ، عَنْ مَسْرُوقٍ، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ الله عَنْهَا قَالَتْ: " دَخَلَتْ عَلَيَّ امْرَأَةٌ مِنَ الْأَنْصَارِ، فَرَأَتْ فِرَاشَ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَبَاءَةً مَثْنِيَّةً، فَرَجَعَتْ إِلَى مَنْزِلِها، فَبَعَثَتْ إِلَيَّ بِفِرَاشٍ حَشْوُهُ الصُّوفُ، فَدَخَلَ عَلَيَّ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ: «مَا هَذَا؟» فَقُلْتُ: فُلَانَةُ الْأَنْصَارِيَّةُ دَخَلَتْ عَلَيَّ فَرَأَتْ فِرَاشَكَ، فَبَعَثَتْ إِلَيَّ بِهَذَا فَقَالَ: «رُدِّيهِ» فَلَمْ أَرُدَّهُ، وَأَعْجَبَنِي أَنْ يَكُونَ فِي بَيْتِي، حَتَّى قَالَ لِي ذَلِكَ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، فَقَالَ: «يَا عَائِشَةُ، رُدِّيهِ، فَوَالله لَوْ شِئْتُ لَأَجْرَى الله مَعِيَ جِبَالَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ» ، «فَرَدَدْتُهُ».

مەسروق دەگێڕێتەوە کە دایە عائیشە فەرموویەتی: ژنێکی ئەنصاری هات بۆ لای من؛ چاوی بە ڕایەخەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەوت کە عەبایەکی دوو دەق کراوبوو؛ ژنەکە گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان و ڕایەخێکی بۆ ناردم کە ناواخنەکەی بە خوری ئاخنرابوو؛ پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەشریفی هاتەوە و فەرمووی: ئەمە چییە؟ منیش گوتم: ئەوە فلانە ژنی ئەنصاری هات بۆ لای من و ڕایەخەکەی تۆی بینی و ئەمەی بۆ ناردم! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بۆی بنێرەوە! دایە عائیشە دەفەرموێت: نەمناردەوە؛ پێم خۆشبوو ئەو ڕایەخە لە ماڵی منا بێ؛ تا پێغەمبەر (ﷺ) سێ جار پێی گوتم بینێرمەوە؛ دوایی فەرمووی: عائیشە! بینێرەوە؛ بەخوا ئەگەر خۆم بمەوێ ئەوا خوای گەورە کێوێک زێڕو کێوێک زیووم لەگەڵدا دەنێرێ. ئیتر منیش ناردمەوە.

٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو عَامر عَبْدُ الْمَلك بْنُ عَمْرو، حَدَّثَنَا سَعيدُ بْنُ مُسْلم بْن بَانَك قَالَ: سَمعْتُ عَامرَ بْنَ عَبْد الله بْن الزُّبَيْر، حَدَّثَني عَوْفُ بْنُ الْحَارث بْن الطُّفَيْل أَنَّ عَائشَةَ، أَخْبَرَتْهُ أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ كَانَ يَقُولُ: «يَا عَائشَةُ، إِيَّاك وَمُحَقَّرَات الذُّنُوب، فَإِنَّ لها منَ الله طَالبًا».

واتە: عەوفی کوڕی حارث ئەوەی گێڕاوەتەوە کە دایە عائیشە پێی فەرموە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: ئەی عائیشە! نەکەی نزیکی تاوانە بچکۆلەکان ببیتەوە؛ چونکە بەڕاستی ئەو تاوانە بچووکانە لای خوای گەورە سزای تایبەتی بۆ دیاری کراوە.

٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعيلُ بْنُ مُحَمَّد أَبو إِبْرَاهيمَ الْمُعَقِّبُ، حَدَّثَنَا يُوسُفُ بْنُ الْمَاجشُون، أَخْبَرَني مُحَمَّدُ بْنُ الْمُنْكَدر قَالَ: " دَخَلْتُ عَلَى جَابر بْن عَبْد الله وَهُوَ يَمُوتُ، فَقُلْتُ له: «أَقْرئْ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ منِّي السَّلَامَ».

واتە: موحەممەدی کوڕی مونکەدیر دەفەرموێت: جابری کوڕی عەبدوڵڵا لە سەرەمەرگدا بوو ڕۆیشتمە خزمەتی؛ پێم گوت: سڵاوی من بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بگەیەنە.

٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا أَبو دَاوُدَ، حَدَّثَنَا عمْرَانُ، عَنْ قَتَادَةَ، عَنْ عَبْد رَبِّه، عَنْ أَبي عيَاض، عَنْ عَبْد الله بْن مَسْعُود أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: «إِيَّاكُمْ وَمُحَقَّرَات الذُّنُوب، فَإِنَّهُنَّ تَجْتَمعْنَ عَلَى الرَّجُل حَتَّى يُهْلكْنَهُ» وَإِنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ ضَرَبَ لهنَّ مَثَلًا كَمَثَل قَوْم نَزَلُوا أَرْضَ فَلَاة، فَحَضَرَ صَنيعُ الْقَوْم، فَجَعَلَ الرَّجُلُ يَنْطَلقُ فَيَجيءُ بالْعُود، وَالرَّجُلُ يَجيءُ بالْعُود، حَتَّى جَمَعُوا سَوَادًا، وَأَجَّجُوا نَارًا، وَأَنْضَجُوا مَا قَذَفُوا فيهَا ".

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: خۆتان بپارێزن لە وردە تاوان؛ وردە تاوان لەسەرشانی مرۆڤ کۆ دەبنەوە و (هێندە گەورە دەبن) تا لە ناوی دەبەن. جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) نموونەی ئەو کەسانەی کە وردە تاوانی زۆر دەکەن وەک گەلێک هێنایەوە کە لە زەوییەکا لادەدەن بۆ پشودان؛ جا چێشت لێنەری ئەو کەسانە دێت و پیاوێک دەڕوا هەندێک چیلکەی بۆ دێنێت و پیاوێکیتریش هەندێکیتر چیلکە تا کۆمەڵێک چیلکە خڕ دەکەنەوە و ئاگری پێوە دەنێن و خواردنەکەیانی پێ چاک دەکەن.

٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ مَهْديٍّ، حَدَّثَنَا جَريرُ بْنُ حَازم قَالَ: سَمعْتُ الْحَسَنَ يُحَدِّثُ عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ عَن النَّبيِّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: «إِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَتَكَلَّمُ بالْكَلمَة، وَمَا يَرَى أَنَّهَا تَبْلُغُ حَيْثُ بَلَغَتْ، يَهْوي بهَا في النَّار سَبْعينَ خَريفًا».

واتە: حەســـەن لە ئەبوهـــورەیرەوە دەگێـــڕێتەوە ئەویـــش لە پێغەمـــبەری خـــوداوە (ﷺ) فەرمووویەتی: بەڕاستی یەکێک لە ئێوە وشەی وا دێت بە دەمیا چاوەڕێی ئەوە ناکات ئەو وشەیە بگاتە ئەو شوێنەی کە پێی دەگات؛ بە هۆی گوتنی ئەو وشەیە حەفتا پاییز (واتە: حەفتا ساڵ) بەرەو ئاگری دۆزەخ خش دەکرێتەوە.

٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَمْرِو بْنِ عَلْقَمَةَ اللَّيْثِيُّ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ جَدِّهِ عَلْقَمَةَ، عَنْ بِلَالِ بْنِ الْحَارِثِ الْمُزَنِيِّ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِنَّ الرَّجُلَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ رِضْوَانِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ، مَا يَظُنُّ أَنَّهَا تَبْلُغُ مَا بَلَغَتْ، يَكْتُبُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ لَهُ بِهَا رِضْوَانَهُ إِلَى يَوْمِ يَلْقَاهُ، وَإِنَّ الرَّجُلَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللهِ، مَا يَظُنُّ أَنْ تَبْلُغَ مَا بَلَغَتْ، يَكْتُبُ اللهُ بِهَا عَلَيْهِ سَخَطَهُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ» قَالَ: فَكَانَ عَلْقَمَةُ يَقُولُ: كَمْ مِنْ كَلَامٍ قَدْ مَنَعَنِيهِ حَدِيثُ بِلَالِ بْنِ الْحَارِثِ ".

واتە: بیلالی کوڕی حارثی موزەنی دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: بەڕاستی پیاوی وا هەیە لە ڕەزامەندی خوای گەورەدا یەک وشەی لەدەم دێتە دەرەوە؛ گومان وا نابات کە ئەو وشەیە بگاتە ئەو شوێنەی کە پێی دەگات؛ بەڵام خوای گەورە بە هۆی ئەو وشەیە هەر ڕەزامەندی خۆی بۆ دەنووسێت هەتا (لە ڕۆژی قیامەت ئەو کەسە) دەگاتە خزمەت خوای گەورە (بە پێچەوانەوەش) پیاوی وا هەیە کە وشەیەکی لە دەم دێتە دەرەوە و خوای گەورە پێی ناخۆشە؛ کابرا خۆی گومان وا نابات کە ئەو وشەیە بگاتە ئەو شوێنەی کە پێی دەگات؛ خوای گەورە بە هۆی ئەو وشەیە تووڕەبوون و ناڕەزایی خۆی لەسەر ئەو کەسە دەنووسێ. جا عەلقەمە دەیفەرموو: ئەم فەرموودەیە کە بیلال بۆ منی گێڕایەوە زۆر جار بووەتە ڕێگر لە کردنی زۆر قسەدا.

٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، قَالَ: حَدَّثَنِي أَبُو كُرَيْبٍ مُحَمَّدُ بْنُ الْعَلَاءِ، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَكِ، عَنْ يَحْيَى بْنِ أَيُّوبَ، عَنْ عُبَيْدِ اللهِ بْنِ زَحْرٍ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ يَزِيدَ، عَنِ الْقَاسِمِ، عَنْ أَبِي أُمَامَةَ قَالَ: قَالَ عُقْبَةُ بْنُ عَامِرٍ: يَا رَسُولَ اللهِ، مَا النَّجَاةُ؟ قَالَ: «أَمْسِكْ عَلَيْكَ لِسَانَكَ، وَلْيَسَعْكَ بَيْتُكَ، وَابْكِ مِنْ ذِكْرِ خَطِيئَتِكَ».

واتە: باوکی ئومامە دەفەرموێت: عوقبەی کوڕی عامر فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! ڕزگاری لە چیدایە؟ فەرمووی: زمانی خۆت بگرە؛ بۆ کاروباری گرنگ نەبێ لە ماڵ مەچۆ دەرەوە؛ تاوانەکانی خۆت وەبیر خۆت بێنەوە و بگری.

٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا أَبو الْأَحْوَص، عَنْ سِمَاك، عَنْ جَابِر بْن سَمُرَةَ قَالَ: «كَانَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ إِذَا صَلَّى الْفَجْرَ قَعَدَ في مُصَلَّاهُ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ».

واته: جابری کوڕی سەموره دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر کاتێ نوێژی بەیانی کردبا؛ تا خۆر کەوتن لە شوێنی خۆی دەمایەوە.

٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنَا أَبي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَش، عَنْ سُلَيْمَانَ بْن مَيْسَرَةَ، عَنْ طَارِق بْن شهَاب، عَنْ سُلَيْمَانَ قَالَ: «دَخَلَ رَجُلٌ الْجَنَّةَ في ذُبَاب، وَدَخَلَ النَّارَ رَجُلٌ في ذُبَاب» قَالُوا: وَكَيْفَ ذَلكَ؟ قَالَ: " مَرَّ رَجُلَان عَلَى قَوْم لهمْ صَنَمٌ لَا يَجُوزُهُ أَحَدٌ حَتَّى يُقَرِّبَ له شَيْئًا، فَقَالُوا لأَحَدهمَا: قَرِّبْ قَالَ: لَيْسَ عنْدي شَيْءٌ فَقَالُوا له: قَرِّبْ وَلَوْ ذُبَابًا فَقَرَّبَ ذُبَابًا، فَخَلَّوْا سَبيله " قَالَ: " فَدَخَلَ النَّارَ، وَقَالُوا للْآخَر: قَرِّبْ وَلَوْ ذُبَابًا قَالَ: مَا كُنْتُ لأُقَرِّبَ لأَحَد شَيْئًا دُونَ الله عَزَّ وَجَلَّ " قَالَ: «فَضَرَبُوا عُنُقَهُ» قَالَ: «فَدَخَلَ الْجَنَّةَ».

واته: سولەیمان دەفەرموێت: پیاوێک بە هۆی مێشێکەوە ڕۆیشتە بەهەشت و پیاوێکیش بە هۆی مێشێکیەوە ڕۆیشتە دۆزەخەوە! گتیان: چۆن شتی وا دەبێت؟ فەرمووی: جارێک دوو پیاو دایان بە لای هۆزێکدا؛ ئەو هۆزە بتێکیان هەبوو؛ هەر کەسێک لەوێوە ڕۆیشتبا نەیاندەهێشت بڕوا هەتا شتێک نەکاتە قوربانی بۆ بتەکەیان؛ بە یەکێک لەو دوو پیاوەیان گوت: شتێک بکە بە قوربانی! پیاوەکە گوتی: هیچم نییە بیکەم بە قوربانی! پێیان گوت: شتێک بکە بە قوربانی ئەگەرچی مێشێکیش بێت! ئەویش مێشێکی کردە قوربانی بۆ بتەکە! ئیتر وازیان لێ هێناو ڕۆیشت.. سولەیمان فەرمووی: ئەو پیاوە ڕۆیشتە دۆزەخەوە. جا هەر ئەوانە بە پیاوەکەیتریان گوت: دەی قوربانییەك بکە بۆ ئەم بتە ئەگەرچی مێشێکیش بێت! پیاوی دووەم گوتی: من قوربانی بۆ هیچ کەسێک ناکەم جگە لە خوای گەوە! سولەیمان دەفەرموێت: دایان لە ملی و سەریان لە لاشەی جیا کردەوە. سولەیمان فەرمووی: ئەو پیاوە ڕۆیشتە بەهەشتەوە.

٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبَّاد الْمَكيُّ، أَخْبَرَنَا حَاتمٌ يَعْني ابْنَ إِسْمَاعيلَ، عَن ابْن عَجْلَانَ، عَنْ حُسَيْنْ بْن عَبْد الله، عَنْ عكْرِمَةَ، عَن ابْن عَبَّاس أَنَّ النَّبيَّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: «عَلَيْكُمْ بِصَلَاةِ اللَّيْل وَلَوْ رَكْعَةً وَاحدَةً».

واته: عیکریمە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: شەونوێژتان لە بیر نەچێت و بیکەن ئەگەرچی یەک ڕکاتیش بێت.

٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو كَامِل مُظَفَّرُ بْنُ مُدْرِك، حَدَّثَنا حَمَّادُ بْنُ زَيْد، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ الْبُنَانِيُّ، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِك قَالَ: قَالَتْ فَاطِمَةُ رَضِيَ الله عَنْهَا: «يَا أَنَسُ، أَطَابَتْ أَنْفُسُكُمْ أَنْ تَحْثُوا عَلَى رَسُولِ اللهِ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ التُّرَابَ؟».

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرموێت: فاتیمە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: ئەی ئەنەس! ئەوە چۆن دڵتان هات خۆڵتان کرد بەسەر (لاشەی) پێغەمبەری خوادا (ﷺ)؟!

٨٦ - قَالَ: وَقَالَتْ فَاطِمَةُ: يَا أَبَتَاهُ، مِنْ رَبِّهِ مَا أَدْنَاهُ يَا أَبَتَاهُ، جَنَّةُ فِرْدَوْسٍ مَأْوَاهُ يَا أَبَتَاهُ، إِلَى جِبْرِيلَ نَنْعَاهُ، أَوْ قَالَتْ: «أَنْعَاهُ» شَكَّ أَبو كَامِل، يَا أَبَتَاهُ، أَجَابَ رَبًّا دَعَاهُ ".

هەر ئەنەس دەفەرموێت: فاتیمە دەیفەرموو: ئای باوکە! ئەی ئەوەی لە پەروەردگار نزیك بویتەوە! ئەی باوکە ئەی ئەو کەسەی کە فیردەوس جێگایەتی! ئەی باوکە! هەواڵی مەرگت بە جبریل دەدەین! . یان فەرمووی: هەواڵی مەرگت بە جبریل دەدەم.. یەکێک لەوانەی کە فەرموودەکەیان گێڕاوەتەوە و ناوی باوکی کامیلە؛ گومانی پەیدا کردووە کە ئاخۆ فەرمووی: هەواڵی مەرگت بە جبریل دەدەین، یان فەرمووی: دەدەم؟ ئەی باوکە! ئەی ئەو کەسەی وەڵامی پەروەردگاری دایەوە!

٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عُبَيْدُ الله بْنُ عُمَرَ الْقَوَارِيرِيُّ، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ زُرَيْع، حَدَّثَنَا عُمَارَةُ بْنُ أَبِي حَفْصَةَ، حَدَّثَنَا عِكْرِمَةُ، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ الله عَنْهَا أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ عَلَيْهِ بُرْدَانِ قِطْرِيَّانِ خَشِنَانِ غَلِيظَانِ، فَقَالَتْ عَائِشَةُ: يَا رَسُولَ الله، إِنَّ ثَوْبَيْكَ هَذَيْنِ غَلِيظَانِ خَشِنَانِ: تووشح فِيهِمَا فَيَثْقُلَانِ عَلَيْكَ، فَأَرْسِلْ إِلَى فُلَانٍ: فَقَدْ أَتَاهُ بَزٌّ مِنَ الشَّامِ، فَاشْتَرِ مِنْهُ ثَوْبَيْنِ إِلَى مَيْسَرَةٍ، فَأَرْسَلَ إِلَيْهِ، فَأَتَاهُ الرَّسُولُ فَقَالَ: إِنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَرْسَلَ إِلَيْكَ أَنْ تَبِيعَهُ ثَوْبَيْنِ إِلَى مَيْسَرَةٍ فَقَالَ: قَدْ عَلِمْتُ وَالله مَا يُرِيدُ رَسُولُ الله؛ يُرِيدُ أَنْ يَذْهَبَ بِثَوْبِي، أَوْ يَمْطُلَنِي بِثَمَنِهِمَا فَرَجَعَ إِلَى رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَأَخْبَرَهُ، فَقَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «كَذَبَ، قَدْ عَلِمُوا أَنِّي أَتْقَاهُمْ لله وَآدَاهُمْ لِلْأَمَانَةِ».

واتە: عیکریمە لە دایە عائیشەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوو پۆشاکی قەتەری زبرو ئەستوری هەبوو؛ دایە عائیشە فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! ئەم دوو پۆشاکە ئەستورو زبرن؛ تۆش لەبەریان دەکەیت و لەسەرت قورس و گرانن؛ بۆ ناتێری بۆ لای فلانە کەس؛ ئەو هەندێ کوتاڵی لە شامەوە بۆ هاتووە؛ دوو دەست پۆشاکی لێ

بکـڕە (بە قەرز) هەتـا شـتێک دێـتە دەسـتت و (قەرزەکە) دەبژێـری! پێغەمـبەری خـوا (ﷺ) پیاوێکی نارد بۆ لای ئەو کەسە؛ پیاوەکە ڕۆیشت بۆ لای ئەو کەسە و پێی گوت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردومی بۆ لای تۆ دوو دەست پۆشاکی (بە قەرز) پێ بفرۆشی هەتا شتێکی دەست دەکەوێت و قەرزەکەی دەبژێـرێ! ئەو کەسـە گوتبـوی: مـن خـۆم دەزانـم نـایەوێ بیبژێرێـت و دەیەوێ پۆشاکەکانم ببا یان پارەکەم پێ نەدات و زۆر دوای بخات! پیاوەکە گەڕایەوە خزمەت پێغەمـبەری خـوا (ﷺ) و هەواڵەکەی پـێ گەیانـد؛ پێغەمـبەر (ﷺ) فەرمـووی: درۆ دەکـات! خۆیان باش دەزانن کە من لە هەموویان زیاتر لە خوا دەترسم و لە هەموویان باشتر و خێراتر ئەمانەت دەدەمەوە.

٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، أَخْبَرَنَا الرَّبِيعُ بْنُ سَعْدٍ الْجُعْفِيُّ، سَمِعَهُ مِنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ سَابِطٍ، عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ الله قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «حَدِّثُوا عَنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلَا حَرَجَ؛ فَإِنَّهُ كَانَتْ فِيهِمُ الْأَعَاجِيبُ» ثُمَّ أَنْشَأَ يُحَدِّثُ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؛ قَالَ: خَرَجَتْ طَائِفَةٌ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ حَتَّى أَتَوْا مَقْبَرَةً لَهُمْ مِنْ مَقَابِرِهِمْ، فَقَالُوا: لَوْ صَلَّيْنَا رَكْعَتَيْنِ وَدَعَوْنَا الله عَزَّ وَجَلَّ أَنْ يُخْرِجَ لَنَا رَجُلًا مِمَّنْ قَدْ مَاتَ؛ نَسْأَلُه عَنِ الْمَوْتِ؟ قَالَ: فَفَعَلُوا فَبَيْنَمَا هُمْ كَذَلِكَ إِذْ أَطْلَعَ رَجُلٌ رَأْسَهُ مِنْ قَبْرٍ مِنْ تِلْكَ الْمَقَابِرِ، خِلَاسِيٌّ بَيْنَ عَيْنَيْهِ أَثَرُ السُّجُودِ، فَقَالَ: يَا هَؤُلَاءِ، مَا أَرَدْتُمْ إِلَيَّ؟ فَقَدْ مِتُّ مُنْذُ مِائَةِ سَنَةٍ، فَمَا سَكَنَتْ عَنِّي حَرَارَةُ الْمَوْتِ، حَتَّى كَانَ الْآنَ، فَادْعُوا الله عَزَّ وَجَلَّ لِي يُعِيدُنِي كَمَا كُنْتُ ".

واتە: جابری کـوڕی عەبدوڵڵا دەفەرموێت: پێغەمـبەری خـوا (ﷺ) فەرمـووی: قەیناکـا لە بارەی بەنی ئیسرائیلەوە قسە بکەن کێشە نییە؛ چونکە بەڕاستی شتی سەیرو سەمەرە لەوانا ڕویداوە. دوایی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی لە بارەی بەنی ئیسرائیلەی فەرموودەی فەرمو؛ فەرمـــووی: کۆمەڵێـــک لە بەنی ئیســـرایل چـــونە دەرەوە تـــا گەیشـــتنە گۆڕســـتانێک لە گۆڕستانەکانی خۆیان؛ گوتیان: وا باشە دوو ڕکات نوێژ بکەین و داوا بکەین لە خوای گەورە یەکێک لەم مردووانە زیندوو بکاتەوە و بێتە دەرەوە با لە بارەی مردنەوە پرسیاری لێ بکەین! جا دەفەرموێت: وایان کرد؛ لەو کاتەدا کە ئەوان خەریکی پاڕانەوە بوون پیاوێک لە گۆڕێکی ناو ئەو گۆڕستانە سەری دەرهێنا؛ پیاوەکە ڕەنگی ئەسمەر بوو (لە نێوان دایك و باوکێکی ڕەش و سـپی پێسـت لە دایـك ببـو) ئاسـەواری سـەجدە بە نـاوچەوانییەوە دیـاربوو؛ گـوتی: خەڵکینە! چیتـان لە مـن دەوێ؟ ئەوا مـن سـەد ساڵ دەبـێ مـردووم؛ هێشـتا گەرمـایی مـردن لە گیانمـا سـارد نەبـووەتەوە؛ دەڵێـی ئێسـتا مـردووم؛ داوا بـکەن لە خـوای گەورە چـۆن بـووم بمگەڕێنێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی خۆم.

٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ إِبْرَاهِيمَ يَعْنِي وَالِدَ أَبِي بَكْرِ بْنِ أَبِي شَيْبَةَ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَمْرٍو، عَنْ أَبِي سَلَمَةَ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «أَكْثِرُوا مِنْ ذِكْرِ هَاذِمِ اللَّذَّاتِ».

واتە: ئەبوهورەیرە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: زۆر بیر لەو شتە بکەنەوە کە خۆشییەکان دەپچڕێنێ (واتە: مردن).

٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ قَالَ: " أُثْنِيَ عَلَى رَجُلٍ عِنْدَ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ: «كَيْفَ ذِكْرُهُ لِلْمَوْتِ؟» قَالُوا: مَا هُوَ كَذَلِكَ قَالَ: «مَا هُوَ إِذًا كَمَا تَقُولُونَ».

واتە: سوفیان دەفەرموێت: لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) پەسنی پیاوێک درا؛ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی باشە ئەو پیاوە چۆن بیر لە مردن دەکاتەوە؟ گوتیان: هەرگیز بیر لە مردن ناکاتەوە! فەرمووی: دەی وا نییە کە ئێوە باسی دەکەن.

٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا قُدَامَةُ الْعَامِرِيُّ، عَنْ جَسْرَةَ بِنْتِ دَجَاجَةَ، عَنْ أَبِي ذَرٍّ، " عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ رَدَّدَ هَذِهِ الْآيَةَ حَتَّى أَصْبَحَ [إِنْ تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِنْ تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ] المائدة: ١١٨ .

واتە: ئەبوزەڕ لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە هەر لە ئێوارە هەتا بەیانی (لەناو شەونوێژا) ئەم ئایەتەی دووبارە دەکردەوە: (مانای ئایەتەکە): جا ئەگەر ئەشکەنجەیان بدەیت (لەسەر لادان و تاوانیان)، ئەوە بەڕاستی بەندەی خۆتن و ئەگەر لێشیان خۆش ببیت، ئەوە بەڕاستی تۆ خۆت خوایەکی باڵادەست و دانایت (دەزانیت کێ شایستەی لێخۆشبوونە).

٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، أَخْبَرَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ أَبِي صَالِحٍ " أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يُصَلِّي حَتَّى تَرِمَ قَدَمَاهُ، فَقِيلَ لَهُ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ قَدْ غَفَرَ لَكَ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ، قَالَ: «أَفَلَا أَكُونُ عَبْدًا شَكُورًا؟».

واتە: باوکی صاڵەح دەفەرموێت: بەڕاستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێندە نوێژی (سوننەتی دەکردو لەناو نوێژا دەمایەوە) تا قاچەکانی دەئاووسان؛ پێی گوترا: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! خۆ بەڕاستی خوای گەورە لە تاوانی سەرەتاو کۆتاییت خۆش بووە (بۆچی هێندە خۆت ماندوو دەکەیت و ئەوەندە لەناو نوێژا دەمێنیتەوە؟) فەرمووی: ئەی مەگەر بەندەیەکی سوپاسگوزار نەبم؟!

٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا ابْنُ فَضْل، حَدَّثَنَا الْأَعْمَش، عَنْ أَبِي صَالِحٍ قَالَ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ، وَأُمَّ سَلَمَةَ رَضِيَ الله عَنْهُمَا: أَيُّ الْعَمَلِ كَانَ أَحَبَّ إِلَى رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟ قَالَتَا: «مَا دَامَ، وَإِنْ قَلَّ».

واتە: باوکی صاڵح دەفەرموێت: پرسیارم لە دایە عائیشە و ئوممو سەلەمە کرد (خوایان لێ ڕازی بێت) چ کار و کردەوەیەک بە لای پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) زۆر خۆشەویست بو؟ فەرمویان: ئەوەی کە بەردەوام بوایە با کەمیش بایە!

٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو كُرَيْب، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ آدَمَ، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرِ بْنُ عَيَّاش، عَنْ نَصْرِ بْنِ أَبِي الْأَشْعَث، عَنْ شُعْبَةَ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ زَيْد، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِك قَالَ: «إِنْ كَانَتِ الْخَادِمُ لَتَأْخُذُ بِيَدِ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَيَمْشِي مَعَهَا فِي حَوَائِجِهَا، فَلَا يَرْجِعُ حَتَّى يَقْضِيَ حَاجَتَهَا».

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرموێت: جاری وا هەبوو خزمەتکارێک دەستی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەگرت و ئەویش بە مەبەستی جێبەجێ کردنی داواکارییەکانی لەگەڵیا دەڕۆیشت و نەدەگەڕایەوە هەتا داواکارییەکانی بۆ جێبەجێ نەکردایە.

٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيد، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ حَسَّانَ، أَخْبَرَنِي أَبِي، عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دَخَلَ عَلَيْهَا، وَعِنْدَهَا فُلَانَةُ لِامْرَأَةٍ فَذَكَرَتْ مِنْ صَلَاتِهَا قَالَ: «مَهْ عَلَيْكُمْ بِمَا تُطِيقُونَ: فَوَالله لَا يَمَلُّ الله عَزَّ وَجَلَّ حَتَّى تَمَلُّوا، إِنَّ أَحَبَّ الدِّينِ إِلَيْهِ مَا دَامَ عَلَيْهِ صَاحِبُهُ».

واتە: دایە عائیشە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ لای و لەو کاتەدا فڵانە ئافرەت لە لای دایە عائیشە بووە؛ جا باسی نوێژی ئەو ئافرەتەی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) گێڕایەوە (کە چەندە زۆر نوێژ دەکات)؛ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نەخێر! هێندە کار و کردەوە ئەنجام بدەن کە لە تواناو تاقەتتانا بێت؛ سوێند بەخوا! خوای گەورە ماندوو بێزار نابێت هەتا ئێوە ماندوو بێزار نەبن (واتە: خوای گەورە ماندوو نابێت و هەر پاداشت بۆ مرۆڤ دەنووسێ هەتا مرۆڤ خۆی ماندوو بێزار نەبێت و واز لە کارە چاکەکان نەهێنێت) بەڕاستی خۆشەویسترین کار و کردەوە ئەوەیە کە خاوەنەکەی بەردەوام بێت لە سەری.

٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا زَيْدُ بْنُ يَحْيَى الدِّمَشْقِيُّ، حَدَّثَنَا خَالِدُ بْنُ صُبَيْح، حَدَّثَنَا يُونُسُ بْنُ حَلْبَس قَالَ: قَالَ أَبو مُسْلِم الْخَوْلَانِيُّ: «لَيْسَ الزَّهَادَةُ فِي الدُّنْيَا بِتَحْرِيمِ الْحَلَالِ، وَلَا إِضَاعَةِ الْمَالِ، إِنَّمَا الزَّهَادَةُ فِي الدُّنْيَا أَنْ تَكُونَ بِمَا فِي يَدَيِ الله أَوْثَقَ مِمَّا فِي يَدَيْكَ، وَإِذَا أُصِبْتَ بِمُصِيبَةٍ كُنْتَ أَشَدَّ رَجَاءً لِأَجْرِهَا وَذُخْرِهَا مِنْ أَنَّهَا لَوْ بَقِيَتْ لَكَ».

واتــە: یونســی کــوڕی حەلــبەس دەگێــڕێتەوە دەفەرموێــت: بــاوکی موســلیمی خەولانی فەرمووی: زوهد لە دونیادا ئەوە نییە کە مرۆڤ شتی حەڵاڵ و ڕەوا لەسەر خۆی حەرام بکات؛ ئەوەش نییە کە سەروەت و سامان و ماڵ بە فیڕۆ بدات؛ بەڵکوو زوهد لە دونیادا ئەوەیە کە تۆ متمانەت بەو شتە زیاتر هەبێ کە لای خوایە زیاتر لەوەی کە لای خۆتە؛ هەر کاتێکیش تووشی بەڵا و موسیبەتێک بویت ئەوا چاوەڕێی پاداشتەکەی بکەیت و ئەوەت پێخۆشتر بێت لەوەی کە ئەو بەڵا و موسیبەتەت بەسەرا نەهاتایە.

٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يَزِيدَ، حَدَّثَنَا حَيْوَةُ، أَخْبَرَنِي بَكْرُ بْنُ عَمْرٍو، أَنَّهُ سَمِعَ عَبْدَ الله بْنَ هُبَيْرَةَ يَقُولُ إِنَّهُ سَمِعَ أَبَا تَمِيمٍ الْجَيْشَانِيَّ يَقُولُ إِنَّهُ سَمِعَ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ يَقُولُ إِنَّهُ سَمِعَ نَبِيَّ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «لَوْ أَنَّكُمْ تَوَكَّلُونَ عَلَى الله حَقَّ تَوَكُّلِه لَرَزَقَكُمْ كَمَا يَرْزُقُ الطَّيْرَ؛ تَغْدُو خِمَاصًا، وَتَرُوحُ بِطَانًا».

واتە: بەکری کوڕی عەمر دەگێڕێتەوە کە گوێی لە عەبدوڵڵای کوڕی هوبەیرە بووە کە ئەویش گوێی لە باوکی تەمیمی جەیشانی بووە کە ئەویش گوێی لە پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب بووە کە ئەویش گوێی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووە دەیفەرموو: ئەگەر ئێوە هەر بە ڕاستی پشتتان بە خوای گەورە ببەستایە؛ ئەوا خوای گەورە ڕۆزیی ئێوەی دەدا وەک چۆن ڕۆزیی باڵندە دەدات؛ بەیانی بە زگی برسی لە هێلانەکەی دەردەچێت و ئێوارە بە زگی تێرەوە دەگەڕێتەوە.

٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ أَبِي صَالِحٍ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «انْظُرُوا إِلَى مَنْ هُوَ أَسْفَلُ مِنْكُمْ، وَلَا تَنْظُرُوا إِلَى مَنْ هُوَ فَوْقَكُمْ؛ فَإِنَّهُ أَجْدَرُ أَنْ لَا تَزْدَرُوا نِعْمَةَ الله عَلَيْكُمْ».

واتە: لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: هەمیشە سەیری ئەو کەسانە بکەن کە لە خوار خۆتانەون؛ سەیری ئەو کەسانە مەکەن کە لە سەرووی خۆتانن؛ چونکە بەڕاستی ئاوا باشترە بۆ ئەوەی نازو نیمەتەکانی خوای گەورە بە کەم نەزانن.

٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ جَعْفَرِ بْنِ بُرْقَانَ، عَنْ يَزِيدَ الْأَصَمِّ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «لَيْسَ الْغِنَى عَنْ كَثْرَةِ الْعَرَضِ، إِنَّمَا الْغِنَى غِنَى النَّفْسِ».

واتە: ئەبوهورەیرە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: دەوڵەمەندی بە زۆریی سەروەت و سامان نییە؛ بەڵکوو دەوڵەمەندی تەنیا بە دەوڵەمەندی دڵ و دەروونە.

١٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَبَّادُ بْنُ يَعْقُوبَ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ فُضَيْلٍ، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ إِسْحَاقَ، عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ سَعْدٍ، عَنْ عَلِيٍّ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِنَّ فِي الْجَنَّةِ لَغُرَفًا يُرَى بَاطِنُهَا مِنْ ظَاهِرِهَا، وَظَاهِرُهَا مِنْ بَاطِنِهَا» فَقَالَ أَعْرَابِيٌّ: لِمَنْ هِيَ يَا رَسُولَ الله؟ قَالَ: «لِمَنْ أَطَابَ الْكَلَامَ، وَأَطْعَمَ الطَّعَامَ، وَأَدَامَ الصِّيَامَ، وَصَلَّى لِله عَزَّ وَجَلَّ بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ».

واتە: عەلی دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی لە بەهەشتدا ژووری خانوی وا هەیە کە لە دەرەوە ناوەوەی دەبینرێت! لە ناوەوەش دەرەوەی دەبینرێت! پیاوێکی دەشتەکی گوتی: ئەو خانوانە بۆ کێ ئامادە کراوە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ فەرمووی: بۆ ئەو کەسە کە قسەی جوان و پاکە؛ خواردن دەبەخشێت؛ بەردەوام ڕۆژوو دەگرێ؛ شەوانەش کاتێ خەڵکی نووستون؛ نوێژ دەکات بۆ خوای گەورە.

١٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، عَنْ زُهَيْرٍ، عَنِ الْعَلَاءِ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «هَلْ تَدْرُونَ مَنِ الْمُفْلِسُ؟» قَالُوا: الْمُفْلِسُ فِينَا، يَا رَسُولَ الله، مَنْ لَا دِرْهَمَ له وَلَا مَتَاعَ قَالَ: «إِنَّ الْمُفْلِسَ مِنْ أُمَّتِي مَنْ يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِصَلَاةٍ وَزَكَاةٍ وَصِيَامٍ، وَيَأْتِي قَدْ شَتَمَ عِرْضَ هَذَا، وَقَذَفَ هَذَا، وَأَكَلَ مَالَ هَذَا، وَضَرَبَ هَذَا؛ فَيَقْعُدُ فَيَقْتَصُّ هَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ، وَهَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ، فَإِنْ فَنِيَتْ حَسَنَاتُهُ، قَبْلَ أَنْ يَقْضِيَ مَا عَلَيْهِ مِنَ الْخَطَايَا، أُخِذَ مِنْ خَطَايَاهُمْ، فَطُرِحَتْ عَلَيْهِ، ثُمَّ طُرِحَ فِي النَّارِ».

واتە: ئەبوهورەیرە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: دەزانن مافنگی کێیە؟ هاوەڵان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! لای ئێمە مافنگی ئەو کەسەیە کە نە دیرهەمێکی هەبێ؛ نە ماڵ و کەلوپەل! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی لەناو ئوممەتی منا مافنگی ئەو کەسەیە کە ڕۆژی قیامەت بە کۆمەڵێک نوێژ و زەکات و ڕۆژووەوە دێت؛ دێت و جوێنی بەو داوە؛ تۆمەتی نارەوای داوەتە پاڵ ئەو؛ ماڵی ئەوی خواردووە؛ لەوی داوە؛ ئیتر دادەنیشێت و ئەو دێت و (لە تۆڵەی ئەوەی کە لە دونیادا قسەی پێ گوتووە) بڕێک لە چاکەکانی دەبات؛ ئەویتر بڕێکیتر لە چاکەکانی دەبات تا چاکەکانی تەواو دەبن و هیچی بۆ نامێنێتەوە؛ جا ئەگەر پێش ئەوەی تۆڵەکانی بە تەواوی لێ بسێننەوە؛ چاکەکانی تەواو بوو؛ ئەوا مافخوراوەکان خراپەی خۆیان دەدەن بەسەر شانی ئەما و بەو هۆیەوە فڕێ دەدرێتە ناو دۆزەخەوە.

١٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا هَمَّامٌ، عَنْ قَتَادَةَ، عَنْ خُلَيْدٍ الْعَصْرِيِّ، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " مَا طَلَعَتْ شَمْسٌ قَطُّ إِلَّا بِجَنْبَتَيْهَا مَلَكَانِ يُنَادِيَانِ، يُسْمِعَانِ أَهْلَ الْأَرْضِ إِلَّا الثَّقَلَيْنِ: يَا أَيُّهَا النَّاسُ، هَلُمُّوا إِلَى رَبِّكُمْ: فَإِنَّ مَا قَلَّ وَكَفَى خَيْرٌ مِمَّا كَثُرَ وَأَلْهَى، وَلَا آبَتْ شَمْسٌ قَطُّ إِلَّا بُعِثَ بِجَنْبَتَيْهَا مَلَكَانِ يُنَادِيَانِ، يُسْمِعَانِ أَهْلَ الْأَرْضِ إِلَّا الثَّقَلَيْنِ: اللهمَّ أَعْطِ مُنْفِقًا خَلَفًا، وَأَعْطِ مُمْسِكًا تَلَفًا ".

واتـە: ئەبـودەردا دەفەرموێـت: پێغەمـبەری خـوا (ﷺ) فەرمـووی: هـیچ کاتێـک خـۆر هەڵنەهاتووە مەگەر ئەوەی کە دوو فریشتە بەملاو لای خۆرەوەن؛ بانگەواز دەکەن و هەموو کەسێکی سەرزەوی جگە لە مرۆڤ و جنۆکە؛ گوێی لە بانگەوازەکەیانە؛ جا دەڵێن: هۆ خەڵکینە! بەرەو لای پەروەردگار بڕۆن! ئەوەی کە کەمەو بەش دەکات زۆر لەوە باشترە کە زۆرەو مرۆڤ بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات (و خوای گەورەی لە بیر دەباتەوە) هیچ کاتێکیش خۆر ئاوا نابێت مەگەر ئەوەی کە دوو فریشتە دەنێردرێت و لەملاولای خۆرەوە بانگەواز دەکەن و جـار دەدەن و جـگە لە مـرۆڤ و جنـۆکە هەمـوو گیانـدارێکیتر گـوێی لە بانگەوازەکەیانەو دەڵێن: پەروەردگارا! ببەخشـی بەو کەسـەی کە بەخشـندەیەو هەرچیـی بەخشیی شوێنەکەی بۆ پڕ بکەرەوە، ئەوەیشی کە نابەخشێت سەروەت و سامانەکەی لێ بسێنیتەوە.

١٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا مُحَمَّدُ بْنُ فُضَيْلٍ، أَخْبَرَنَا ضِرَارٌ وَهُوَ أَبُو سِنَانٍ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ: «التَّوَكُّلُ عَلَى الله عَزَّ وَجَلَّ جِمَاعُ الْإِيمَانِ».

واتـە: سـەعیدی کـوڕی جوبەیر دەفەرموێت: پشـت بەستن و تەوەکـول بە خـودای گەورە کۆکەرەوەی هەموو لق و پۆپەکانی ئیمانە.

١٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ سُلَيْمَانَ يَعْنِي ابْنَ عَبْدِ الرَّحْمَنِ النَّخَعِيَّ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ أَبِي الهذَيْلِ، حَدَّثَنَا صَاحِبٌ لِي " عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «تَبًّا لِلذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ» قَالَ عُمَرُ: يَا رَسُولَ الله، قَوْلُكَ «تَبًّا لِلذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ» فَمَا تَأْمُرُنَا؛ أَوْ مَا نَصْنَعُ؟ قَالَ: «لِسَانًا ذَاكِرًا، وَقَلْبًا شَاكِرًا، وَزَوْجَةً تُعِينُ عَلَى الْآخِرَةِ».

واتـە: لە عەبـدوڵڵای کـوڕی بـاوکی هـوزەیلەوە دەگێـڕنەوە فەرمـوویەتی: هـاوەڵێکم لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) بۆی گێڕامەوە فەرموویەتی: ئای دەستتان شکێ زێڕو زیو! عومەر فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! تۆ فەرموت: ئای دەستتان شکێ زێڕو زیو! فرمانت بە چییە؟ یان ئێمە چی بکەین؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: فرمانم ئەوەیە کە زمانێکی بە زیکر و دڵێکی پڕ لە شوکرتان هەبێت و ژنێکیشتان هەبێ سەبارەت بە قیامەت یارمەتیدەرتان بێت.

١٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا حَسَنُ بْنُ عِيسَى، أَنْبَأَنَا عَبْدُ الله بْنُ الْمُبَارَك، أَخْبَرَني سَعِيدُ بْنُ يَزِيدَ، عَنْ أَبِي السَّمْح، عَنْ عِيسَى بْن هلَال الصَّدَفيِّ، عَنْ عَبْد الله بْن عَمْرو بْن الْعَاص قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «لَوْ أَنَّ رَصَاصَةً مثْلَ هَذه، وَأَشَارَ إلَى مثْل الْجُمْجُمَة أُرْسلَتْ منَ السَّمَاء إلَى الْأَرْض وَهيَ مَسيرَةُ خَمْسمائَة سَنَة لَبَلَغَت الْأَرْضَ قَبْلَ اللَّيْل، وَلَوْ أَنَّهَا أُرْسلَتْ منْ رَأْس السِّلْسلَة لَسَارَتْ أَرْبَعينَ خَريفًا؛ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ، قَبْلَ أَنْ تَبْلُغَ أَصْلها».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی ئەگەر پارچە قوڕقوشمێک هێندەی ئەمە. جا پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژەی بە جامێکی ئاو خواردنەوە دا. لە ئاسمانەوە بنردرێت بۆ زەوی. کە ئێوانیان پێنجسەد ساڵ ڕێگایە. ئەوا پێش ئێوارە دەگاتە زەوی؛ خۆ ئەگەر لە سەرەتای زنجیرەکەوە بنێردرێت بۆ ئەوسەری زنجیرەکە؛ ئەوا چل سالی پێ دەچێ بە شەوو بە ڕۆژەوە تا دەگاتە ئەوسەری.

(مەبەست لە زنجیر ئەو زنجیرەیە کە لەم ئایەتەدا باسکراوە و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَاسْلُكُوهُ ﴿٣٢﴾ ﴾ الحاقة: ٣٢. واتە: ئینجا بیخەنە ناو زنجیرێکی حەفتا گەزیەوە. بە گەزی فریشتەکان. جەڕەبابەی بدەن، بۆئەوەی پتر ریسوا بێت، ئەگینە خۆتەنیا ئاگرەکەی بەسە).

١٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا حَسَنُ بْنُ عِيسَى، أَنْبَأَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، أَنْبَأَنَا سَعِيدُ بْنُ يَزِيدَ أَبو شُجَاع، عَنْ أَبِي السَّمْح، عَنْ أَبِي الهَيْثَم، عَنْ أَبِي سَعِيد الْخُدْرِيِّ عَنْ رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: ﴿وَهُمْ فِيهَا كَالِحُونَ﴾ المؤمنون: ١٠٤ قَالَ: «تَشْويه النَّارُ؛ فَتَقَلَّصُ شَفَتُهُ الْعُلْيَا حَتَّى تَبْلُغَ وَسَطَ رَأْسه وَتَسْتَرْخي شَفَتُهُ السُّفْلَى حَتَّى تَضْربَ سُرَّتَه».

واتە: باوکی سەعیدی خودری لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە لە بارەی ئایەتی ﴿ وَهُمْ فِيهَا كَالِحُونَ ﴿١٠٤﴾ ﴾ فەرمووی: ئەو ئاگرە ئەوەندە کافر دەسوتێنێ تا لێوی لای سەرەوە دەئاوسێ و کیفکە دەکات تا دەگاتە ناوەڕاستی سەری، لێوی لای خواریشی هێندە شۆڕ دەبێتەوە دەگاتە لای ناوکی.

١٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنَا الْحَسَنُ بْنُ عِيسَى، أَنْبَأَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، أَنْبَأَنَا سَعِيدُ بْنُ يَزِيدَ، عَنْ أَبِي السَّمْح، عَنْ أَبِي حُجَيْرَةَ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَن النَّبيِّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: «إنَّ الْحَميمَ لَيُصَبُّ عَلَى رُءُوسهمْ، فَيَنْفُذُ الْجُمْجُمَةَ حَتَّى يَخْلُصَ إلَى جَوْفه، فَيَسْلُتُ مَا في جَوْفه، حَتَّى يَمْرُقَ منْ قَدَمَيْه، وَهُوَ الصَّهْرُ، ثُمَّ يُعَادُ كَمَا كَانَ».

واتە: لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕنەوە کە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە

فەرموویەتی؛ بەڕاستی ئاوی کوڵاو دەکرێت بەسەریانا؛ جا ئەو ئاوە کوڵاوە کەللە سەریان دادەماڵێت و ئێسکەکەی لەت دەکات تا ئاوە کوڵاوە دەچێتە ناو بۆشاییی کەللەسەریانەوە، جا هەرچییەك لەناو کەللەسەریانا هەبێ ئەو ئاوەکوڵاوە دەیبڕێت و ڕایدەماڵێت هەتا لە لاقیانەوە دەردەچێت و ئەمە مانای (صهر)ـە؛ دوایی وەک خۆیانیان لێ دەکرێتەوە(و دیسان سزا دەدرێنەوە).

(ماناو مەبەستی ئەم فەرموودەیەو مانای وشەی صهر لەم دوو ئایەتەدایە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِّن نَّارٍ يُصَبُّ مِن فَوْقِ رُءُوسِهِمُ الْحَمِيمُ ﴿١٩﴾ يُصْهَرُ بِهِ مَا فِي بُطُونِهِمْ وَالْجُلُودُ ﴿٢٠﴾ ﴾ الحج: ١٩ - ٢٠. واتە: جا ئەوانەیان کە بێ باوەڕ بوون پارچە پۆشاك لە ئاگر بڕڕاوە بەبالآیان، ئاوی زۆر لەکوڵ لەسەرویانەوە دەکرێت بەسەریاندا (لە دەرئەنجامی سەر سەختی و سەرکەشییاندا).. ئەو ئاوە لەکوڵە هەرچی لەناو سکیاندا هەیە بەپێستەکانەوە دەیتوێنێتەوە).

١٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عِيسَى، أَنْبَأَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، أَنْبَأَنَا صَفْوَانُ بْنُ عَمْرو، عَنْ عُبَيْد الله بْن بَشير، عَنْ أَبي أُمَامَةَ عَن النَّبيِّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ في قَوْله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَيُسْقَىٰ مِن مَّاءٍ صَدِيدٍ (١٦) يَتَجَرَّعُهُ﴾ إبراهيم: ١٦ - ١٧ قَالَ: " يُقَرَّبُ إِلَيْه، فَيَتَكَرَّهُهُ، فَإِذَا أُدْنِيَ مِنْهُ شَوَى وَجْهَهُ، وَوَقَعَ فَرْوَةَ رَأْسه، فَإِذَا شَرِبَهُ قَطَّعَ أَمْعَاءَهُ حَتَّى يَخْرُجَ مِنْ دُبُره يَقُولُ الله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَسُقُوا مَاءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَاءَهُمْ﴾ محمد: ١٥ وَيَقُولُ الله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ وَإِن يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ بِئْسَ الشَّرَابُ﴾الكهف: ٢٩ .

واتە: لە باوکی ئومامەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە تەفسیری ئایەتی ﴿وَيُسْقَىٰ مِن مَّاءٍ صَدِيدٍ ﴿١٦﴾ يَتَجَرَّعُهُ ﴾ فەرموویەتی: ئەو ئاوە کوڵاوو کێم و زووخاوەی بۆ دێنن و پێی ناخۆشە؛ جا کاتێک لێی نزیك دەکرێتەوە دەموچاوی دەبرژێنێ؛ پێستی سەری هەموو دادەماڵێ؛ جا کە لێی خوارد هەموو ڕیخۆڵەکانی پارچە پارچە دەکات تا لە پاشیەوە دەردەچن؛ ئەمە ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَسُقُوا مَاءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَاءَهُمْ ﴿١٥﴾ ﴾ محمد: ١٥ واتە: ئاوی بەکوڵ دەکرێت بەگەروویاندا، کە ڕیخۆڵەکانیان پارچە پارچەو توێ توێ دەکات. هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِن يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ بِئْسَ الشَّرَابُ ﴾ الكهف: ٢٩. واتە: خۆ ئەگەر هاوار بکەن لە ئازارو تینویەتیدا، ئەوە ئاو دەدرێن بە ئاوێکی گەرمی پیس و بۆن ناخۆش کە وەکو خڵتەی کانزایی تواوە وایە، ئەوەندەش گەرمە دەم و چاویان هەڵدەکورووزێنێت و دەیبرژێنێت، ئای کە چەند خواردنەوەیەکی تاڵ و ناخۆشە!

١٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو كَامِلٍ الْفُضَيْلُ بْنُ الْحُسَيْنِ الْجَحْدَرِيُّ، حَدَّثَنَا عُمَرُ بْنُ عَلِيٍّ، أَنْبَأَنَا أَبو حَازِمٍ قَالَ: سَمِعْتُ سَهْلَ بْنَ سَعْدٍ السَّاعِدِيَّ يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «لَغَدْوَةٌ فِي سَبِيلِ الله، أَوْ رَوْحَةٌ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا وَلَمَوْضِعُ سَوْطِ أَحَدِكُمْ مِنَ الْجَنَّةِ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا».

واته: باوكی حازم دەفەرموێت: گوێم لە سەهلی كوڕی سەعدی ساعیدی بوو دەیفەرموو: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: تاقێ كۆشچش و تێكۆشان لە پێناوی خوای گەورەدا جا تاقی بەیانی بێت یان تاقی ئێوارە؛ خێری لە هەموو دونیا و ئەو شتانەی كە لە ناو دونیادا هەیە؛ زیاترە، ئەگەر مرۆڤ هێندەی شوێنی قامچییەكی لە بەهەشتدا دەست بكەوێ؛ لە هەموو دونیا و ئەو شتانەی كە لە ناو دونیادا؛ باشترە.

١١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو كَامِلٍ، حَدَّثَنَا أَبو عَوَانَةَ، عَنِ الْأَشْعَثِ بْنِ سُلَيْمٍ، عَنْ مُعَاوِيَةَ بْنِ سُوَيْدِ بْنِ مُقْرِنٍ، عَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ قَالَ: «أَمَرَنَا رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِعِيَادَةِ الْمَرِيضِ وَاتِّبَاعِ الْجَنَائِزِ».

واته: بەرائی كوڕی عازیب دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێكردین كە سەردانی نەخۆش بكەین و تەرمی مردوو بەرێ بكەین بۆ گۆڕستان.

١١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا شَيْبَانُ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ رَاشِدٍ قَالَ: وَحَدَّثَنِي مَكْحُولٌ، عَنْ كَثِيرِ بْنِ مُرَّةَ الْحَضْرَمِيِّ، عَنْ نُعَيْمِ بْنِ حَمَّادٍ عَنْ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ قَالَ: " قَالَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: صَلِّ لِي ابْنَ آدَمَ أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ فِي أَوَّلِ النَّهَارِ أَكْفِكَ آخِرَهُ.

واته: نوعەیمی كوڕی حەمماد لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: خوای گەورە و میهرەبان دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم! لە سەرەتای ڕۆژدا چوار ڕكات نوێژم بۆ بكە؛ ئیتر من خۆم كارە گرنگەكانت بۆ ڕایی دەكەم و لە بەڵا و موسیبەت دەتپارێزم.

(هەندێ لە زانایان دەفەرموون: مەبەست لەو چوار ڕكاتە نوێژە؛ چوار ڕكات نوێژی چێشتەنگایە، هەندێكیش دەفەرموون: مەبەست دوو ڕكاتی بەیانی و دوو ڕكات سوننەتی پێش بەیانییە. خوداش زاناترە.و).

١١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا شَيْبَانُ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ رَاشِدٍ، حَدَّثَنَا عِمْرَانُ الْقَصِيرُ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ سِيرِينَ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: " إِنَّ الْمَلَائِكَةَ تُصَلِّي عَلَى الْعَبْدِ، مَا دَامَ فِي مُصَلَّاهُ، مَا لَمْ يُحْدِثْ تَقُولُ: اللهمَّ اغْفِرْ لَه، اللهمَّ ارْحَمْهُ".

واتە: ئەبوهورەیرە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: بەڕاستی هەتا مرۆڤ لە جێگەی نوێژ کردنی خۆیا بمێنێتەوە و دەستنوێژی مابێت و خۆی بە کاروباری دەرەوەی نوێژ خەریك نەکات؛ ئەوە فریشتەی خودا نزای خێری بۆ دەکات و دەڵێ: پەروەردگارا! لێی خۆشبە، پەروەردگارا! بیخەرە بەر سۆزو بەزەیی خۆتەوە.

١١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عُمَرَ بْنِ أَبَانَ، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَكِ، عَنْ يَحْيَى بْنِ أَيُّوبَ، عَنْ عُبَيْدِ الله بْنِ زَحْرٍ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ يَزِيدَ، عَنِ الْقَاسِمِ، عَنْ أَبِي أُمَامَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «مَنْ مَسَحَ عَلَى رَأْسِ يَتِيمٍ لَا يُرِيدُ بِهِ إِلَّا الله عَزَّ وَجَلَّ كَانَ لَه بِكُلِّ شَعْرَةٍ مَرَّتْ عَلَيْهَا يَدُهُ حَسَنَاتٌ، وَمَنْ أَحْسَنَ إِلَى يَتِيمٍ، أَوْ يَتِيمَةٍ كُنْتُ أَنَا وَهُوَ كَهَاتَيْنِ» وَضَمَّ بَيْنَ الْوُسْطَى وَالسَّبَّابَةِ ".

واتە: باوکی ئومامە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: هەر کەسێ دەست بهێنێ بەسەر سەری مناڵێکی هەتیواو تەنیا مەبەستی ڕەزامەندی خودا نەبێ هیچیتر نەبێت؛ ئەوە دەستی بەر چەند موو کەوتبێ؛ خوای گەورە هێندە چاکەی بۆ دەنووسێت، هەر کەسێکیش چاکە لەگەڵ کوڕێکی هەتیوا یان کچێکی هەتیوا بکات؛ ئەوە من و ئەو لە بەهەشتدا ئاواین. جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەردو پەنجەکانی بالآبەرزەو دۆشاو مژەی پێکەوە نووساند.

١١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا حُرَيْثُ بْنُ السَّائِبِ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ يَقُولُ: حَدَّثَنِي حُمْرَانُ بْنُ أَبَانَ، عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ رَضِيَ الله عَنْهُ أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «كُلُّ شَيْءٍ سِوَى ظِلِّ بَيْتٍ، وَجِلْفِ الْخُبْزِ، وَثَوْبٍ يُوَارِي عَوْرَتَهُ، وَالْمَاءِ، فَمَا فَضَلَ عَنْ هَذَا فَلَيْسَ لِابْنِ آدَمَ فِيهِ حَقٌّ».

واتە: عوسمانی کوڕی عەففان دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: هەموو شتێک جگە لە سێبەری ماڵێک و کەرتە نانێک و دەستە پۆشاکێک کە شەرمگای داپۆشێت و جگە لە ئاویش؛ ئیتر هەمووی زیادەیەو هەرچی لەوە زیاتر بوو مرۆڤی مافی نییە بەسەریەوە.

١١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَبْدُ الله بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا أَبُو الْأَحْوَصِ، عَنْ سِمَاكٍ قَالَ: سَمِعْتُ النُّعْمَانَ بْنَ بَشِيرٍ يَقُولُ: «السَّنَمُ فِي طَعَامٍ وَشَرَابٍ مَا شِئْتُمْ؛ لَقَدْ رَأَيْتُ نَبِيَّكُمْ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَا يَجِدُ مِنَ الدَّقَلِ مَا يَمْلَأُ بَطْنَهُ».

واتە: سیماك دەفەرموێت: گوێم لە نوعمانی کوڕی بەشیر بوو دەیفەرموو: بە ئارەزووی خۆتان

خواردن و خواردنەوە هەڵبدەنەوە! بەخوا من پێغەمبەرەکەتانم بینی هێندە خورمای خراپیشی نەبوو زگی پێ تێر بکات.

١١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ مُحَمَّد بْن أَبي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا أَبو الْأَحْوَص، عَنْ سِماك، عَن النُّعْمان بْن بَشير قَالَ: " سَمعْتُ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ وَهُوَ عَلَى الْمنْبَر يَقُولُ: «أُنْذرُكُمُ النَّارَ» حَتَّى سَقَطَ إحْدَى عطْفَي ردَائه عَنْ مَنْكبه، وَهُوَ يَقُولُ: «أُنْذرُكُمُ النَّارَ» وَلَوْ كَانَ مَكَاني هَذَا لَأَسْمَعَ أَهْلَ السُّوق أَوْ مَنْ شَاءَ الله منْهُمْ وَهُوَ عَلَى منْبَر الْكُوفَة ".

واتە: نوعمانی کوڕی بەشیر دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو لەسەر مینبەر دەیفەرموو: کورە هۆشداریتان دەدەمێ سەبارەت بە ئاگری دۆزەخ! هێندە وای فەرموو تا چەمکێکی کەواکەی لە شانی ترازاو هەر دەیفەرموو: کورە هۆشداریتان دەدەمێ سەبارەت بە ئاگری دۆزەخ! کاتێ نوعمان ئەو فەرموودەیەی گێڕایەوە لە کوفە لەسەر مینبەر بوو، جا گوتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەم شوێنەی منا بوایە ئەوا خەڵکی بازاڕ یان ئەوەندەیان کە خوای گەورە ویستی لەسەر بوایە؛ وتارەکەی پێغەمبەریان (ﷺ) دەبیست (واتە: هێندە دەنگی بەرز دەکردەوە).

١١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا وَكيعٌ، حَدَّثَنَا كَثيرُ بْنُ زَيْد، عَنْ سَلَمَةَ بْن أَبي يَزيدَ قَالَ: سَمعْتُ جَابرًا قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «لَا تَمَنَّوُا الْمَوْتَ؛ فَإنَّ هَوْلَ الْمَطْلَع شَديدٌ وَإنَّ منْ سَعَادَة الْعَبْد أَنْ يَطُولَ عُمْرُهُ، وَيَرْزُقَهُ الله الْإنَابَةَ».

واتە: سەلەمەی کوڕی باوکی یەزید دەفەرموێت: گوێم لە جابر بوو دەیفەرموو: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: هەرگیز ئاواتی مەردن مەخوازن؛ چونکە بەڕاستی ترس و تۆقینی دوای زیندوبوونەوە و وەستان لە گۆڕەپانی مەحشەر؛ زۆر سەختە، بەڕاستی یەکێک لە خۆشبەختییەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە تەمەنی درێژ بێت و خوای گەورە تەوبەو گەڕانەوەی بە نسیب بکات.

١١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ أَبي بَكْر الْمُقَدَّميُّ، حَدَّثَنَا عُمَرُ بْنُ عَليٍّ، عَن الْأَعْمَش، عَنْ أَبي صَالح، عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ عَن النَّبيِّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: «مَوْضعُ سَوْط أَوْ عَصًا في الْجَنَّة خَيْرٌ ممَّا بَيْنَ السَّمَاء وَالْأَرْض».

واتە: ئەبوهورەیرە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: جێگەی قامچییەک یان گۆچانێک لە بەهەشتدا؛ لە هەموو ئەو شتانە باشترە کە لە نێوان زەوی و ئاسماندایە.

١١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الله بْنِ نُمَيْرٍ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ الْبَصْرِيُّ، عَنْ نَهْشَلٍ، عَنِ الضَّحَّاكِ، عَنِ الْأَسْوَدِ بْنِ يَزِيدَ، عَنْ عَبْدِ الله قَالَ: " لَوْ أَنَّ أَهْلَ الْعِلْمِ صَانُوا عِلْمَهُمْ، وَوَضَعُوهُ عِنْدَ أَهْلِهِ، لَسَادُوا بِهِ أَهْلَ زَمَانِهِمْ، وَلَكِنَّهُمْ أَتَوْا بِهِ أَهْلَ الدُّنْيَا؛ فَاسْتَخَفُّوا بِهِمْ، سَمِعْتُ نَبِيَّكُمْ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «مَنْ جَعَلَ هُمُومَهُ هَمًّا وَاحِدًا كَفَاهُ الله عَزَّ وَجَلَّ سَائِرَ هُمُومِهِ، وَمَنْ تَشَعَّبَتْ بِهِ الْهُمُومُ دُونَ أَحْوَالِ الدُّنْيَا، لَمْ يُبَالِ الله عَزَّ وَجَلَّ فِي أَيِّ أَوْدِيَتِهِ هَلَكَ».

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: ئەگەر ئەوانەی کە خاوەن زانستن زانستەکەی خۆیان بپارێزن و لە لای کەسی تایبەتی دایبنێن؛ ئەوە دەبن بە گەورەترین کەسی سەردەمی خۆیان؛ بەڵام لە لای کەسی دونیاییدا دایدەنێن؛ ئەوانیش بە چاکی سوکەوە سەیری دەکەن؛ گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو دەیفەرموو: هەر کەسێ هەموو خەمەکانی کۆ بکاتەوە و بیکات بە یەک خەم؛ ئەوا خوای گەورە ئەو خەمەی دەڕەوێنێتەوە؛ بەڵام هەر کەسێ خەمەکانی پەرشوبڵاو بکاتەوە بەسەر هەموو کاروبارێکی دونیادا (واتە: خەم بۆ هەموو کاروبارێکی دونیا بخوات) ئەوا خوای گەورە گوێی لێ نییە کە ئەو بەندەیەی لە چ شیوو دۆڵێکدا تیادەچێت (واتە: خوای گەورە هەقی نییە بەسەریەوە و بە تایبەتی پارێزگاریی لێ ناکات).

١٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الله بْنِ نُمَيْرٍ، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا بُرَيْدُ بْنُ أَبِي بُرْدَةَ، عَنْ أَبِي بُرْدَةَ، عَنْ أَبِي مُوسَى قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ يُمْلِي لِلظَّالِمِ فَإِذَا أَخَذَهُ لَمْ يُفْلِتْهُ» ثُمَّ قَرَأَ: [وَكَذَلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَى وَهِيَ ظَالِمَةٌ]هود: ١٠٢ ".

واتە: باوکی مووسا دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: بەڕاستی خوای گەورە دەرفەت بە مرۆڤی ستەمکار دەدات؛ بەڵام کاتێ گرتی بەری نادات و دەرفەتی پێ نادات، دوایی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە (مانای ئایەتەکە): ئا بەو شێوەیەش تۆڵەسەندنی پەروەردگاری تۆ، کاتێک تۆڵە دەسێنێت لە خەڵکی شارو دێهاتەکان لەحاڵێکدا کە یاخی و ستەم پیشە بوون.

١٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْوَلِيدُ بْنُ شُجَاعٍ، حَدَّثَنَا عَطَاءُ بْنُ مُسْلِمٍ الْخَفَّافُ قَالَ: سَمِعْتُ مُحَمَّدَ بْنَ عَمْرِو بْنِ عَلْقَمَةَ، يَذْكُرُ عَنْ أَبِي سَلَمَةَ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «يُجَاءُ بِالْجَبَّارِينَ وَالْمُتَكَبِّرِينَ رِجَالًا فِي صُورَةِ الذَّرِّ يَطَؤُهُمُ النَّاسُ مِنْ هَوَانِهِمْ عَلَى الله عَزَّ وَجَلَّ، حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ النَّاسِ» قَالَ: «ثُمَّ يُذْهَبُ بِهِمْ إِلَى نَارِ الْأَنْيَارِ» قَالَ: قِيلَ: يَا رَسُولَ الله، وَمَا نَارُ الْأَنْيَارِ؟ قَالَ: «عُصَارَةُ أَهْلِ النَّارِ».

واتە: ئەبوهورەیرە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە ڕۆژی پەسلاّنا مرۆڤە ستەمکار و خۆبەزلزانەکان دەهێنرێن؛ هێندە بچووکن وەک مێرولەن؛ خوای گەورە ئەوەندە سوک و بێنرخیان دەکات هەمووان پێیان پیا دەنێن؛ تا ئەو کاتەی کە دادوەری لە نێوان هەمووانا دەکرێ (هەر لە ژێر پێی خەڵکدا دەتلیسێنەوە) فەرمووی: جا دەبرێن بۆ نار الأنیار! ئەبوهورەیرە فەرمووی: گوترا: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! نار الأنیار چییە؟ فەرمووی: کێماوو زووخاوی دۆزەخییەکانە (واتە: کێماوو زووخاوی دۆزەخییەکانیان دەرخوارد دەدرێت).

١٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو كَامِلٍ فُضَيْلُ بْنُ الْحَسَنِ الْجَحْدَرِيُّ، حَدَّثَنَا أَبو إِسْمَاعِيلَ الْقَنَّادُ، حَدَّثَنَا قَتَادَةُ، عَنْ أَنَسٍ، " أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَرَّ هُوَ وَأَصْحَابُهُ بِسَخْلَةٍ مَيْتًا، فَقَالَ لهمْ: «هَلْ تَرَوْنَ هَذِه هَانَتْ عَلَى أَهْلِها؟» قَالُوا: نَعَمْ، يَا رَسُولَ الله فَقَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِه، لَلدُّنْيَا أَهْوَنُ عَلَى الله عَزَّ وَجَلَّ مِنْ هَذِه عَلَى أَهْلِها حِينَ أَلْقَوْهَا».

واتە: ئەنەس دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵانی بە لای بەرخ یان کارێکی مردارەوەبودا تێپەڕین؛ پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوڕێکانی فەرموو: ئێوە پێتان وایە ئێستا ئەم فڕێدانی ئەم مردارەوەبووە بە لای خاوەنەکەیەوە کارێکی ئاسان بێت؟ گوتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دەی سوێند بەو کەسەی کە گیانی موحەممەدی بەدەستە؛ دونیا لە لای خوا ئاسانترە تا ئەم مردارەوە بووە بە لای خاوەنەکەیەوە کاتێ کە فڕێیان داوە! (واتە: ئەو مردارە چەندە لای خاوەنەکەی بێنرخ بووە؛ دونیا لەوە زیاتر لای خوای گەورە بێنرخە).

١٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو عَمْرٍو نَصْرُ بْنُ عَلِيٍّ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ يَزِيدَ بْنِ خُنَيْسٍ قَالَ: سَمِعْتُ سُفْيَانَ الثَّوْرِيَّ، وَدَخَلْنَا، نَعُودُهُ، فَقَالَ لِسَعِيدِ بْنِ حَسَّانَ الْمَخْزُومِيِّ: كَيْفَ الْحَدِيثُ الَّذِي حَدَّثْتَنِي؟ قَالَ: حَدَّثَتْنِي أُمُّ صَالِحٍ، عَنْ صَفِيَّةَ بِنْتِ شَيْبَةَ، عَنْ أُمِّ حَبِيبَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «كُلُّ كَلَامِ ابْنِ آدَمَ عَلَيْهِ لَا لَه، إِلَّا أَمْرًا بِمَعْرُوفٍ، أَوْ نَهْيًا عَنْ مُنْكَرٍ، أَوْ ذِكْرًا لله تَعَالَى» فَقَالَ رَجُلٌ لِسُفْيَانَ: مَا أَشَدَّ هَذَا الْحَدِيثَ، قَالَ سُفْيَانُ: وَمَا شِدَّتُهُ؟ قَالَ: قَالَ الله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ﴾ النساء: ١١٤، وَقَالَ الله تَبَارَكَ وَتَعَالَى: ﴿وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ ﴾العصر: ٣ ، وَقَالَ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَىٰ ﴾ الأنبياء: ٢٨ ، وَقَالَ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ الرَّحْمَٰنُ وَقَالَ صَوَابًا﴾ النبأ: ٣٨ وَقَالَ سُفْيَانُ: هَذَا كَلَامُ رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ، الَّذِي جَاءَ بِه جِبْرَائِيلُ عَلَيْهِ السَّلَامُ ".

واتە: موحەممەدی کوڕی یەزیدی کوڕی خونەیس دەفەرموێت: گوێم لە سوفیانی ثەوری بوو. ئێمە چوبوین بۆ سەردانی سوفیان. سوفیان بە سەعیدی کوڕی حەسسانی مەخزومیی گوت: ئەو فەرموودەیە چۆن بوو کە بۆ منت گێڕایەوە؟ سەعید گوتی: ئەوە دایکی صاڵەح بۆ منـی گێـڕایەوە ئەویـش لە صـەفیەی کچـی شـەیبەوە؛ ئەویـش لە ئومموحەبیبەی خێـزانی پێغەمـبەری خـوداوە (ﷺ) ئەویـش لە پێغەمـبەرەوە (ﷺ) فەرمـوویەتی: هەمـوو قسـەیەکی مرۆڤ لەسەریەتی نەك بۆیەتی (واتە: لە دژی تۆمار دەکرێت نەك لە قازانجی) جگە لەوەی کە فرمان بە چاکەیەک بکات یان نەهی لە خراپەیەک بکات؛ یان یاد و زیکرێکی خوای گەورە بکات. جا پیاوێک بە سوفیانی گوت: ئای ئەم فەرموودەیە چەندە سەختە! سوفیان گوتی: بۆچی سەختە؟ پیاوەکە گوتی: ئاخر خوای گەورە دەفەرموێت: لە زۆربەی چپە و سرتە و قسە نهێنییەکانیاندا هیچ خێرێک بەدی ناکرێت و تیایدا نییە، مەگەر چپەی ئەو کەسەی کـە فـەرمان بـدات بەبەخششـێک، یـان چاکەیـەک، یـان ڕێکخسـتن و چاکسـازی و ئاشتبوونەوەیەکی نێوان خەڵکی. دیسان خوای گەورە دەفەرموێت: ئامۆژگاری یەکتریشیان کردووە کە هەمیشە پابەندی حەق بن (پابەندی حەقیش پێویستی بە خۆگری هەیە)، لەبەر ئەوە بەردەوام ئامۆژگاری یەکتریان کردووە تا هەمیشە و بەردەوام، خۆگرو ئارامگریش بن. دیسان فەرموویەتی: فریشتەکانیش تکاکار نابن تەنیا بۆ ئەو کەسانە نەبێت خوا پێی ڕازییە. دیسان فەرموویەتی: مەگەر ئەوەیان کە خوای میهرەبان مۆڵەتی بدات و قسەی جوان و بەجێ پێشکەش بکات. جا سوفیان فەرمووی: ئەوە فەرموودەی پەروەردگارمە؛ ئەوەی کە جبریل (سەلامی خوای لەسەر بێت) هێناویەتی.

١٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبَّاسُ بْنُ الْوَلِيدِ النَّرْسِيُّ، حَدَّثَنَا وَهْبُ بْنُ خَالِد، عَنْ أَيُّوبَ، عَنْ عَمْرِو بْنِ سَعِيد، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ: «كَانَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَرْحَمَ النَّاسِ بِالصِّبْيَانِ، وَكَانَ له ابْنٌ مُسْتَرْضَعٌ فِي نَاحِيَةِ الْمَدِينَةِ، وَكَانَ ظِئْرُهُ قَيْنًا، وَكَانَ يَأْتِيهِ وَنَحْنُ مَعَهُ، قَدْ دَخَّنَ الْبَيْتَ بِالْإِذْخِرِ، فَيَشَمُّهُ وَيُقَبِّلُه، ثُمَّ يَرْجِعُ».

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە هەموو کەسێک زیاتر بەسۆزو بەزەیی بوو بەرامبەر بە منداڵان؛ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کوڕێکی هەبوو لای دایەن بوو شیری پێ دەدا؛ لە سەرەوەی شاری مەدینەدا بوو؛ مێردی دایەنی کوڕەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاسنگەر بوو؛ پێغەمبەر (ﷺ) تەشریفی دەبرد بۆ بینینی کوڕەکەی و ئێمەیش لە خزمەتیا دەچوین؛ ماڵەکە. بە هۆی ئەوەی کە خاوەن ماڵ ئاسنگەر بوو کورەی دەدەماند پڕبوو لە دوکەڵ؛ پێغەمبەر (ﷺ) تێر بۆنی کوڕەکەی خۆی دەکردو ماچی دەکردو دوایی دەگەڕایەوە.

١٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ الْحَسَنِ الْبَاهِلِيُّ الْعَلَّافُ، حَدَّثَنَا أَبو عَوَانَةَ، عَنْ أَبِي بِشْرٍ، عَنْ حُمَيْدِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «أَفْضَلُ الصِّيَامِ بَعْدَ رَمَضَانَ شَهْرُ الله الْمُحَرَّمُ، وَأَفْضَلُ الصَّلَاةِ بَعْدَ الْفَرِيضَةِ صَلَاةُ اللَّيْلِ».

واته: ئەبوهورەیرە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: باشترین و خێردارترین ڕۆژو لە دوای مانگی ڕەمەزان ڕۆژوی مانگی موحەڕڕەمە؛ باشترین و خێردارترین نوێژیش لە دوای نوێژە فەرزەکان؛ بریتیە لە شەونوێژ.

١٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي إِبْرَاهِيمُ بْنُ الْحَسَنِ الْبَاهِلِيُّ، أَخْبَرَنَا أَبو عَوَانَةَ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ أَبِي صَالِحٍ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «مَا مِنْ قَوْمٍ يَجْتَمِعُونَ فِي بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ الله عَزَّ وَجَلَّ؛ يَتَعَلَّمُونَ كِتَابَ الله، وَيَتَدَارَسُونَهُ بَيْنَهُمْ، إِلَّا حَفَّتْ بِهِمُ الْمَلَائِكَةُ، وَغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ، وَذَكَرَهُمُ الله فِيمَنْ عِنْدَهُ، وَمَا مِنْ رَجُلٍ يَسْلُكُ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ فِيهِ الْعِلْمَ إِلَّا سَهَّلَ الله عَزَّ وَجَلَّ لَه بِه طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ».

واته: ئەبوهورەیرە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هیچ کۆمەڵێک نین کە بە مەبەستی یاد و زیکری خوای گەورە لە یەکێک لە ماڵەکانی خوای گەورەدا کۆ ببنەوە و خۆیان فێری قورئان بکەن و لە ناو خۆیانا دەوری بکەنەوە؛ مەگەر ئەوەی کە فریشتەکانی خوا دەورەی ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەگرن و سۆزو بەزەیی خوا دادەبارێت بە سەریاناو دایاندەگرێتەوە و خوای گەورە لە لای فریشتەکانی نزیك لە خۆی باسیان دەکات؛ هیچ کەسێکیش نییە کە ڕێگایەکی زانست بگرێتە بەر و بەو هۆیەوە خوای گەورە ڕێگایەکی چونە بەهەشتی بۆ ئاسان نەکات.

١٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ قَالَ: «أَوَّلُ مَا اتُّخِذَتِ الْمَحَامِلُ زَمَنَ الْحَجَّاجِ» شَيَّعْتُ أُمِّي خَرَجَتْ حَاجَّةً، فَمَا رَأَيْتُ فِي الْقَادِسِيَّةِ مَحْمَلًا، إِنَّمَا النَّاسُ عَلَى الرِّحَالِ " قَالَ سُفْيَانُ: " كَانَ يُقَالُ: «حَجُّ الْأَبْرَارِ عَلَى الرِّحَالِ».

واته: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: باوکم بۆی گێڕامەوە فەرمووی: سوفیان بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: یەکەمجار کە کەژاوە بەکار هات لە سەردەمی حەججاجدا بوو؛ من دایکمم ناردا بۆ حەج و کەژاوەم بۆ ئامادە کرد؛ هەتا ئەوێ ڕۆژێ نەمدیبوو لە قادسیەدا کەژاوە بەکار بهێنرێت؛ بەڵکوو خەڵکی هەر بەسەر ڕەحل و کۆڵ و بارەوە سەفەریان دەکرد. سوفیان دەفەرموێت: تەنانەت دەگوترا: حەجی پیاوچاکان بە کۆڵ و باران.

١٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أبو هَمَّام الْوَلِيدُ بْنُ شُجَاع، أَخْبَرَني ابْنُ وَهْب، أَخْبَرَني عَمْرُو بْنُ الْحَارِث، أَنَّ أَبَا النَّضْر حَدَّثَهُ، عَنْ سُلَيْمَانَ بْن يَسَار، عَنْ عَائشَةَ زَوْج النَّبيِّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ أَنَّهَا قَالَتْ: «مَا رَأَيْتُ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ مُسْتَجْمعًا ضَاحكًا حَتَّى أَرَى لهوَاته؛ إنَّمَا كَانَ يَبْتَسمُ» وَقَالَتْ: وَكَانَ إذَا رَأَى غَيْمًا، أَوْ ريحًا عُرفَ ذَلكَ في وَجْهه، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ الله، النَّاسُ إذَا رَأَوُا الْغَيْمَ فَرحُوا؛ رَجَاءَ أَنْ يَكُونَ فيه الْمَطَرُ، وَأَرَاكَ إذَا رَأَيْتَهُ عُرفَتْ في وَجْهكَ الْكَرَاهيَةُ؟ فَقَالَ: "يَا عَائشَةُ، مَا يُؤْمنُني أَنْ يَكُونَ فيه عَذَابٌ؟ قَدْ عُذِّبَ قَوْمٌ بالرِّيح، وَقَدْ رَأَى قَوْمٌ الْعَذَابَ فَقَالُوا: ﴿هَٰذَا عَارِضٌ مُّمْطِرُنَا﴾الأحقاف: ٢٤".

واتە: سولەیمانی کوڕی یەسار لە دایە عائیشەی خێزانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من هەرگیز پێغەمبەری خودام (ﷺ) نەدیوە ئەوەندە زۆر پێبکەنێت ئاسمانەی دەمی دەربکەوێت؛ بەڵکوو پێکەنینی ئەو هەر زەردەخەنە بوو. هەروەها دایە عائیشە دەیفەرموو: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر کاتێ هەوری ببینیایە یان ڕەشەبای ببینیایە بە دەموچاویا دیار بوو (واتە: ترسی پێوە دیار بوو) گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆ خەڵکی کاتێ هەورێک دەبینن خۆشحاڵ دەبن؛ بەو هیوایەن کە باران ببارێت! بەڵام من هەست دەکەم کاتێک تۆ هەور دەبینی ترس بە دەموچاوتەوە دیارە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: عائیشە! من چۆن بزانم ئەوە سزا نییە؟ گەلێک بە ڕەشەبا سزا دران؛ گەلێکیش بە هەورو هەڵا: (کاتێک هەور دەرکەوت) گوتیان: ئەمە بارانی پێیە بۆمان!

١٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هُدْبَةُ بْنُ خَالد، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ ثَابت، عَنْ أَنَس قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: "يُؤْتَى بأَنْعَم النَّاس في الدُّنْيَا يَوْمَ الْقيَامَة، فَيَقُولُ الله تَبَارَكَ وَتَعَالَى: اصْبُغُوهُ في النَّار صبْغَةً قَالَ: فَيَصْبُغُونَهُ في النَّار صبْغَةً، ثُمَّ يُؤْتَى به، فَيَقُولُ: يَا ابْنَ آدَمَ، هَلْ أَصَبْتَ نَعيمًا قَطُّ؟ هَلْ رَأَيْتَ قُرَّةَ عَيْن قَطُّ؟ هَلْ أَصَبْتَ سُرُورًا؟ فَيَقُولُ: لَا، وَعزَّتكَ، ثُمَّ يَقُولُ: رُدُّوهُ إلَى النَّار، ثُمَّ يُؤْتَى بأَشَدِّ النَّاس كَانَ بَلَاءً في الدُّنْيَا وَأَجْهَدَهُ جَهْدًا، فَيَقُولُ الله عَزَّ وَجَلَّ: اصْبُغُوهُ في الْجَنَّة صَبْغًا فَيُصْبَغُ فيهَا، ثُمَّ يُؤْتَى به، ثُمَّ يُقَالُ: يَا ابْنَ آدَمَ، هَلْ رَأَيْتَ مَا تَكْرَهُ قَطُّ؟ فَيَقُولُ: لَا، وَعزَّتكَ مَا رَأَيْتُ شَيْئًا قَطُّ أَكْرَهُهُ".

واتە: ئەنەس دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو کەسە دێنن کە لە دونیادا لە هەموو کەسێک زیاتر نازونیعمەتی بەسەرا ڕژابوو؛ خوای گەورە دەفەرموێت: ئادەی یەکجار هەڵیکێشن بەناو ئاگرا! فەرمووی: جارێک هەڵیدەکێشن بەناو ئاگرا؛ دوایی دەیهێننەوە و خوای گەورە لێی دەپرسێت و دەفەرموێت: نەوەی ئادەم! ئایا تا ئێستا هیچ نازونیعمەتێکت دیوە؟ ئایا تا ئێستا دڵت بە هیچ خۆش بووە و چاووت بە هیچ ڕوون بووەتەوە؟ ئایا تا ئێستا خۆشیت دیوە؟ ئەو کەسە لە وەڵاما دەڵێت: نا سوێند بە گەورەیی تۆ!

دوایی خوای گەورە دەفەرموێت: ئادەی بیبەنەوە بۆ ناو ئاگر! دوایی داماوترین و قوڕبەسەرترین و بەئازارترین مرۆڤی دونیا دێنن؛ خوای گەورە دەفەرموێت: ئادەی یەکجار بیکێشن بەناو بەهەشتا! یەکجار دەیکێشن بەناو بەهەشتا؛ دوایی لێی دەپرسن: ئەی نەوەی ئادەم! تا ئێستا ناخۆشیت دیوە؟ دەڵێت: نا سوێند بە گەورەییت ئەی خودا! هەرگیز ناخۆشیم نەدیوە.

١٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ اللهِ بْنِ نُمَيْرٍ الهَمْدَانِيُّ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ سَعْدٍ، عَنْ زَيْدِ بْنِ أَسْلَمَ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ عُمَرَ قَالَ: " قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ، أَلَيْسَ قَدْ قُلْتَ لِي: «إِنَّ خَيْرًا لَكَ أَنْ لَا تَسْأَلَ أَحَدًا شَيْئًا؟» قَالَ: «إِنَّمَا ذَاكَ أَنْ تَسْأَلَ النَّاسَ، وَمَا آتَاكَ اللهُ مِنْ غَيْرِ مَسْأَلَةٍ، فَإِنَّمَا هُوَ رِزْقٌ رَزَقَكَهُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: لە عومەرەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! مەگەر تۆ خۆت بە منت نەفەرموو: وا بۆ تۆ باشە کە هیچ کاتێک داوای هیچ شتێک لە کەس نەکەیت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەوە مەبەستم کاتێکە کە داوای شت لە خەڵکی بکەیت؛ ئەوەی کە خوای گەورە بە هۆی داواکارییەوە پێت دەبەخشێت ئەوە ڕزق و ڕۆزییەکە کە خوای گەورە پێی بەخشیوی.

١٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا هُدْبَةُ بْنُ خَالِدٍ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ سُلَيْمَانَ التَّيْمِيِّ، عَنْ أَبِي عُثْمَانَ النَّهْدِيِّ، عَنْ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «نَظَرْتُ إِلَى الْجَنَّةِ فَإِذَا أَكْثَرُ أَهْلِهَا الْمَسَاكِينُ، وَنَظَرْتُ إِلَى النَّارِ فَإِذَا أَكْثَرُ أَهْلِهَا النِّسَاءُ، وَإِذَا أَهْلُ الْجَدِّ مَحْبُوسُونَ، وَإِذَا الْكُفَّارُ قَدْ أُمِرَ بِهِمْ إِلَى النَّارِ».

واتە: لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: تەماشای ناو بەهەشتم کرد بینیم زۆربەی بەهەشتییەکان ئەوانەبوون کە لە دونیادا هەژار و ئاتاج بوون؛ تەماشای ناو دۆزەخیشم کرد زۆربەی دۆزەخییەکان ئافرەت بوون؛ تەماشام کرد دەوڵەمەندو زەنگینەکان گیر درابوون؛ فرمانیش دەرکرابوو کافرەکان ببرێن بۆ ناو دۆزەخ.

١٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا ابْنُ أَبِي زِيَادٍ أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ يَعْنِي ابْنَ حَاتِمٍ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، عَنْ ثَابِتٍ، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ: " دَخَلَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى شَابٍّ وَهُوَ فِي الْمَوْتِ، فَقَالَ: كَيْفَ تَجِدُكَ؟ " قَالَ: أَرْجُو اللهَ عَزَّ وَجَلَّ، وَأَخَافُ ذُنُوبِي فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «لَا يَجْتَمِعَانِ فِي قَلْبِ عَبْدٍ، فِي مِثْلِ هَذَا الْمَوْطِنِ، إِلَّا أَعْطَاهُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ مَا يَرْجُو، وَآمَنَهُ مِمَّا يَخَافُ».

واتە: لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: گەنجێک لە سەرەمەرگدا بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردانی کرد؛ پێی فەرموو: چۆنی؟ گەنجەکە گوتی: هیوام بە سۆزو بەزەیی خوا پتەوە و لە تاوانەکانیشم دەترسم! پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: هەر کاتێ دوو شتی ئاوا لە دڵی هەر کەسێکدا کۆ بویەوە ئەوا خوای گەورە هیوایەتەکەی بۆ بەدی دێنێت و ترسەکەی دەڕەوێنێتەوە.

١٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ أَبِي زِيَاد، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، عَنْ ثَابِت، عَنْ أَنَس قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: إِنِّي أُرِيدُ سَفَرًا، فَزَوِّدْنِي قَالَ: «زَوَّدَكَ اللهُ التَّقْوَى» فَقَالَ: زِدْنِي فَقَالَ: «وَغَفَرَ ذَنْبَكَ» قَالَ: زِدْنِي بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي قَالَ: «وَيَسَّرَ لَكَ الْخَيْرَ حَيْثُمَا كُنْتَ».

واتە: ئەنەس دەفەرموێت: پیاوێک هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! من بە تەمای سەفەرێکم شتێکم پێ بفەرمو با بیکەم بە توێشو بۆ خۆم! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: خوای گەورە تەقوا بکاتە توێشوت. پیاوەکە گوتی: زیاترم دەوێ! فەرمووی: لە تاوانەکانیشت خۆشبێت. دیسان گوتی: بەخۆم و دایك و بابمەوە بە فیدات بین؛ زیاترم دەوێ! فەرمووی: لە هەر شوێنێک بوی هەموو خێرێکت بۆ ئاسان بکات.

١٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا ابْنُ أَبِي زِيَاد، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، عَنْ ثَابِت، وَعَلِيِّ بْنِ زَيْد، عَنْ أَنَس بْنِ مَالِك قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «كَمْ مِنْ أَشْعَثَ أَغْبَرَ، ذِي طِمْرَيْنِ، لَا يُؤْبَهُ لَه، لَوْ أَقْسَمَ عَلَى الله عَزَّ وَجَلَّ لَأَبَرَّهُ» مِنْهُمُ الْبَرَاءُ بْنُ مَعْرُورٍ رَضِيَ الله عَنْهُ".

واتە: کەسی وا هەیە قژ ئاڵۆزکاوو تەپوتۆزاویەو پۆشاکەکانی شڕو وورە؛ گوێی پێ نادرێ و کەس لای لێ ناکاتەوە؛ ئەگەر سوێند بخوا لەسەر خوای گەورە؛ ئەوا خوای گەورە سوێندەکەی ناشکێنێت و کاروبارەکەی بۆ ڕایی دەکات، یەکێک لەوانە بەرائی کوڕی مەعرورە (خوای لێ ڕازی بێت).

١٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبُو عَلِيٍّ الْكُوفِيُّ الْحَسَنُ بْنُ حَمَّاد الْوَرَّاق، حَدَّثَنَا هَمَّامٌ، عَنِ الْأَعْمَش، عَنْ أَبِي خَالِد الْوَالِبِيِّ، عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ قَالَ: " كَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَى أُصْبُعَيِ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَشَارَ بِالْمُسَبِّحَةِ وَالَّتِي تَلِيهَا وَهُوَ يَقُولُ: «بُعِثْتُ أَنَا وَالسَّاعَةُ كَهَذِه مِنْ هَذِه».

واتە: جابری کوڕی سەمورە دەفەرموێت: هێشتا لەبەرچاومەو دەڵێی ئا ئێستایە کە پێغەمبەری خودام (ﷺ) بینی بە پەنجەی دۆشاومژەو پەنجەکەی تەنیشتی دۆشاومژە ئاماژەی دەکردو دەیفەرموو: من نێردراووم و لەگەڵ قیامەتدا وەکوو ئەم دوو پەنجەیەین (واتە: دوای هاتنی من قیامەت زۆر نزیکە).

١٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هُدْبَةُ، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ الْمُغِيرَةِ، عَنْ حُمَيْدِ بْنِ هِلَالٍ، عَنْ أَبِي بُرْدَةَ قَالَ: أَخْرَجَتْ إِلَيْنَا عَائِشَةُ رَضِيَ الله عَنْهَا إِزَارًا غَلِيظًا مِمَّا يُصْنَعُ بِالْيَمَنِ، وَكِسَاءً مِنْ هَذِهِ الَّتِي تَدْعُونَهَا الْمُلَبَّدَةَ فَقَالَتْ: «قُبِضَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي هَذَيْنِ الثَّوْبَيْنِ».

واته: باوکی بورده دەفەرموێت: دایە عائیشە پۆشاکێکی ئەستوری دەرهێناو پیشانی ئێمەی دا؛ لەو پۆشاکانە بوو کە لە یەمەن دروست دەکرێن؛ هەروەها پۆشاکێکیش لەوانەی کە پێیان دەگوترێ مولەبیەدە؛ دوایی فەرمووی: کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) گیانی سپارد ئەم دوو پۆشاکەی لەبەرا بوو.

١٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الله بْنِ نُمَيْرٍ أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ الهَمْدَانِيُّ، حَدَّثَنَا حَفْصُ بْنُ غِيَاثٍ، عَنْ دَاوُدَ بْنِ أَبِي هِنْدَ، عَنْ حَرْبِ بْنِ أَبِي الْأَسْوَدِ، عَنْ طَلْحَةَ وَلَيْسَ طَلْحَةَ بْنَ عُبَيْدِ الله وَهُوَ طَلْحَةُ الْبَصْرِيُّ قَالَ: قَدِمْتُ الْمَدِينَةَ، وَلَمْ يَكُنْ لِي بِهَا مَعْرِفَةٌ، وَرُبَّمَا قَالَ عَرِيفٌ، وَكَانَ يَجْرِي عَلَيْنَا مُدٌّ مِنْ تَمْرٍ بَيْنَ اثْنَيْنِ، فَصَلَّى بِنَا رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ صَلَاةً، فَهَتَفَ بِهِ هَاتِفٌ مِنْ خَلْفِهِ فَقَالَ: يَا رَسُولَ الله، قَدْ أَحْرَقَ بُطُونَنَا التَّمْرُ، وَتَخَرَّقَتْ عَنَّا الْخُنُفُ، فَخَطَبَ، فَحَمِدَ الله، وَأَثْنَى عَلَيْهِ، وَقَالَ: «وَالله لَوْ أَجِدُ لَكُمُ اللَّحْمَ وَالْخُبْزَ لَأَطْعَمْتُكُمُوهُ، وَلَيَأْتِيَنَّ عَلَيْكُمْ زَمَانٌ يُغْدَا عَلَى أَحَدِكُمْ بِالْجِفَانِ، وَيُرَاحُ، وَلَتَلْبَسُنَّ مِثْلَ أَسْتَارِ الْكَعْبَةِ» ، قَالُوا: يَا رَسُولَ الله، نَحْنُ الْيَوْمَ خَيْرٌ مِنَّا، أَوْ يَوْمَئِذٍ، قَالَ: «أَنْتُمُ الْيَوْمَ خَيْرٌ مِنْكُمْ يَوْمَئِذٍ، أَنْتُمُ الْيَوْمَ خَيْرٌ مِنْكُمْ يَوْمَئِذٍ؛ يَضْرِبُ بَعْضُكُمْ رِقَابَ بَعْضٍ».

واته: تەڵحەی بەصری دەفەرموێت: ڕۆیشتم بۆ شاری مەدینەو نە شارەزا بووم و نە کەسم دەناسی؛ جار جار دەیفەرموو: ناسیاوم لەوێ نەبوو؛ هەموو ڕۆژێک گوێلێک خورمامان بۆ دەهات بۆ دوو کەس؛ جارێک پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرنوێژی بۆ کردین یەکێک لە دواوە بانگی کرد و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! خورما ناوزگی سوتاندین؛ خونوف لاشەی دارزاندین (خونوف جۆرە قوماشێکی زبر و نەباش بوو لە کەتان دروست دەکرا).. پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتارێکی دا؛ سوپاسی خوای گەورەی کرد و ستاییشی کرد و فەرمووی: بەخوا ئەگەر نان و گۆشتم دەست بکەوێ پێتان دەدەم؛ با بزانن سەردەمێکتان بەسەرا دێت هەریەکێک لە ئێوە تاقی بەیانی دەورییەک خواردن و ئێوارە دەورییەک خواردنی بۆ دێت؛ پۆشاکی وەک بەرگی کەعبە لەبەر دەکەن (واتە: پۆشاکی نەرم و چاک) گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! ئێمە ئێستا باشترین یان ئەو کاتە؟ فەرمووی: ئێوە ئێستا لەو کاتە باشترن؛ ئێوە ئێستا لەو کاتە باشترن، ئەوێ ڕۆژێ هەندێکتان لە گەردنی هەندێکتان دەدەن.

١٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْد الله بْن نُمَيْر، حَدَّثَنَا عمْرَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ إِسْمَاعِيلَ، عَنْ أَبِي صَالِح، " ﴿وَمِزَاجُهُ مِن تَسْنِيم﴾ المطففين: ٢٧ ، قَالَ: «هُوَ أَشْرَفُ شَرَاب أَهْلِ الْجَنَّة؛ للْمُقَرَّبِينَ صرْفًا، وَللنَّاس مزَاجٌ».

واتە: باوكی صاڵح لە تەفسیری ئایەتی ﴿وَمِزَاجُهُ مِن تَسْنِيم﴾ دەفەرموێت: تەسنیم باشترین خواردنەوەی بەهەشتییەكانە؛ تەسنیم تەنیا بۆ ئەوانەیە كە تایبەتن و زۆر لە خوای گەورەوە نزیكن، خەڵكی تر (میزاج)یان پێ دەدرێت.

١٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا نَصْرُ بْنُ عَليٍّ، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ سُلَيْم، عَنْ جَابر بْن يَزيدَ، حَدَّثَنَا سَنَيَانُ الزَّيَّاتُ، عَن الرَّبِيع بْن أَنَس، عَنْ أَنَس بْن مَالك أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ بَعَثَ إِلَى يَهُوديٍّ؛ يَسْتَسْلِفُهُ شَيْئًا إِلَى الْمَيْسَرَة، فَقَالَ الْيَهُوديُّ: وَهَلْ لمُحَمَّد مَيْسَرَةٌ؟ قَالَ: فَأَتَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ، فَأَخْبَرْتُهُ، فَقَالَ: «كَذَبَ الْيَهُوديُّ» ثَلَاثَ مَرَّات «أَنَا خَيْرُ مَنْ بَايَعَ» ثَلَاثَ مَرَّاتٍ «لَأَنْ يَلْبَسَ الرَّجُلُ ثَوْبًا منْ رقَاع شَتَّى خَيْرٌ له منْ أَنْ يَأْخُذَ في أَمَانَته مَا لَيْسَ عنْدَه».

واتە: ئەنەسی كوڕی مالیك دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردمی بۆ لای پیاوێكی جولەكە داوای قەرزێكی لێ كرد (داوای پۆشاكێكی لێ كرد بە قەرز) تا ئەو كاتەی دەستی دەڕواو پارەكەی پێی دەداتەوە؛ كابرای جولەكە گوتی: دەی موحەممەد هەرگیز دەستی دەڕوا؟ ئەنەس دەفەرموێت: هاتمەوە خزمەت پێغەمبەری خودا (ﷺ) و ڕووداوەكەم بۆ گێڕایەوە؛ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەو جولەكە درۆ دەكات. سێجار وای فەرمو؛ (دوایی فەرمووی) من باشترین كڕیارم! سێجار وای فەرمو؛ (دوایی فەرمووی) ئەگەر مرۆڤ پۆشاكێكی پینە پینەیی لەبەر بكات زۆر باشترە لەوەی كە شتێك لە كەسێك بە ئەمانەت وەربگرێت (واتە: قەرزێك بكات و پۆشاكی پێ بكڕێت).

١٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ مَهْديٍّ، عَنْ إِسْرَائيلَ، عَنْ مَنْصُور، عَنْ سَالم بْن أَبِي الْجَعْد، عَنْ ثَوْبَانَ قَالَ: " لَمَّا أُنْزِلَتْ ﴿وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ التوبة: ٣٤ قَالَ: كُنَّا مَعَ رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ في بَعْض أَسْفَاره، فَقَالَ بَعْضُ أَصْحَابه: قَدْ أُنْزلَ في الذَّهَب وَالْفضَّة مَا أُنْزلَ، فَلَوْ أَنَّا عَلمْنَا أَيُّ الْمَال خَيْرٌ اتَّخَذْنَاهُ؟ قَالَ: قَالَ: «أَفْضَلُه لسَانٌ ذَاكرٌ، وَقَلْبٌ شَاكرٌ، وَزَوْجَةٌ مُؤْمنَةٌ تُعينُهُ عَلَى الْإِيمَان».

واتە: ئەوبان دەفەرموێت: كاتێ ئایەتی ﴿وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾

هاته خوارەوە؛ ئێمە لە سەفەرێکا بوین و لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بوین؛ هەندێک لە هاوەڵان گوتیان: ئەوەتا لە بارەی زێڕو زیوەوە ئەوە دابەزی کە دابەزی! ئەگەر ئێمە بمانزانییایە کام سەروەت و سامانا چاکە ئەوەمان هەڵدەگرت؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: باشترین سەروەت و سامان زمانێکە بەردەوام بە یاد و زیکری خوا تەڕ بێت، دڵێکی پڕ لە سوپاسگوزاری و ژنێکی باوەڕدار کە یارمەتیدەری مێردەکەی بێت بۆ ئیمان و خواپەرستی.

١٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنَا زُهَيْرٌ، عَنْ شَرِيكِ بْنِ عَبْدِ اللهِ، عَنْ عَطَاءِ بْنِ يَسَارٍ، أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَعَثَ مُعَاذًا إِلَى الْيَمَنِ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ، أَوْصِنِي قَالَ: «عَلَيْكَ بِتَقْوَى اللهِ مَا اسْتَطَعْتَ، وَاذْكُرِ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ عِنْدَ كُلِّ حَجَرٍ وَشَجَرٍ، وَإِذَا عَمِلْتَ سَيِّئَةً فَأَحْدِثْ عِنْدَهَا تَوْبَةً، السِّرُّ بِالسِّرِّ، وَالْعَلَانِيَةُ بِالْعَلَانِيَةِ».

واتە: عەتای کوڕی یەسار دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) موعازی کوڕی جەبەلی نارد بۆ یەمەن؛ موعاز فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامۆژگاریم بکە! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: هەتا دەتوانی ترسی خوای گەورەت لە دڵا بێ؛ لە لای هەموو دارو بەردێکا یاد و زیکری خوای گەورە بکە؛ هەر کاتێ خراپەیەکت کرد یەکسەر بە دوایا تەوبە بکە؛ نهێنی بە نهێنی و ئاشکراش بە ئاشکرا (واتە: ئەگەر بە نهێنی تاوانێکت کرد یەکسەر بە نهێنی تەوبە بکەو باسی تاوانەکەت مەکە؛ ئەگەریش بە ئاشکرا تاوانت کرد؛ هەر بە ئاشکراش تەوبە بکە؛ با خەڵکی بزانن تاوانەو لێی نزیک نەبنەوە).

١٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، قَالَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ: عَنْ شُعْبَةَ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ أَبِي صَالِحٍ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «مَا قَعَدَ قَوْمٌ مَقْعَدًا لَا يَذْكُرُونَ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ فِيهِ، وَيُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، إِلَّا كَانَ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَإِنْ دَخَلُوا الْجَنَّةَ لِلثَّوَابِ».

واتە: لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: هەر کۆمەڵکە خەڵکێک لە شوێنێک دابنیشن و یاد و زیکری خوای گەورە نەکەن و سەڵاوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) نەدەن؛ ئەوە لە ڕۆژی قیامەتدا بۆیان دەبێت بە پەشیمانی و داخ و کەسەر؛ ئەگەرچی لە سۆنگەی پاداشتی کاری چاکەوە بشچنە بەهەشتەوە (واتە: هەرچەندە چاکەکاریش بن و بشچنە بەهەشتەوە؛ بەڵام ئەو خەمەیان هەر لە دڵ دەرناچێ).

١٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ شِمْرِ بْنِ عَطِيَّةَ، عَنْ أَشْيَاخِهِ، عَنْ أَبِي ذَرٍّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ، أَوْصِنِي قَالَ: «إِذَا عَمِلْتَ سَيِّئَةً فَأَتْبِعْهَا حَسَنَةً تَمْحُهَا» قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ، أَمِنَ الْحَسَنَاتِ «لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ» قَالَ: «هِيَ أَفْضَلُ الْحَسَنَاتِ».

واتە: ئەبوزەڕ دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! ئامۆژگاریم بکە؛ فەرمووی: هەر کاتێ کارێکی خراپت ئەنجامدا؛ یەکسەر بە دوایا کارێکی چاک ئەنجام بدە ئەوە دەیشواتەوە. ئەبوزەڕ دەفەرموێت: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! ئایا گوتنی لا اله الا الله چاکەیە؟ فەرمووی: باشترین و گەورەترین چاکەیە.

١٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالِدٍ، حَدَّثَنَا رَبَاحُ بْنُ يَزِيدَ، حَدَّثَنِي أَبُو الْجَرَّاحِ، عَنْ رَجُلٍ مِنْ أَصْحَابِهِمْ: يُقَالُ لَهُ خَازِمٌ " أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَزَلَ عَلَيْهِ جِبْرِيلُ عَلَيْهِ السَّلَامُ وَعِنْدَهُ رَجُلٌ يَبْكِي، فَقَالَ: «مَنْ هَذَا؟» قَالَ: «فُلَانٌ» قَالَ جِبْرِيلُ: «إِنَّا نَزِنُ أَعْمَالَ بَنِي آدَمَ كُلَّهَا إِلَّا الْبُكَاءَ؛ فَإِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يُطْفِئُ بِالدَّمْعَةِ بُحُورًا مِنْ نَارِ جَهَنَّمَ».

واتە: باوکی جەڕاح لە یەکێک لە هاوەڵانەوە کە پێی دەگوترا خازم؛ دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: جبریل هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لەو کاتەدا پیاوێک لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو دەگریا؛ گوتی: ئەمە کێیە؟ فەرمووی: فڵانە کەسە! جبریل فەرمووی: ئێمە هەموو کار و کردەوەیەکی مرۆڤ دەکێشین و پێوانەی دەکەین تەنیا گریان نەبێ؛ خوای گەورە بە فرمێسکێکی ئەو گریانە دەریایەک لە ئاگری دۆزەخی لەسەر دەکوژێنێتەوە.

١٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ جَبَلَةَ، حَدَّثَنَا رَبَاحٌ قَالَ: حُدِّثْتُ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ لِجِبْرِيلَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: «لَمْ تَأْتِنِي إِلَّا وَأَنْتَ صَارٌّ بَيْنَ عَيْنَيْكَ» قَالَ: «إِنِّي لَمْ أَضْحَكْ مُنْذُ خُلِقَتِ النَّارُ».

واتە: ڕەباح دەفەرموێت: بۆم منیان گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە جبریلی فەرموو: ئەوە چییە تۆ چەند جار دێیت بۆ لای من ناوچەوانت داوە بە یەکا (و خۆشحاڵ دەرناکەوی)؟ جبریل فەرمووی: بەخوا لەو کاتەوەی ئاگر دروست کراوە من پێنە کەنیووم!

١٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا حَمْزَةُ الزَّيَّاتُ، عَنْ حُمْرَانَ بْنِ أَعْيَنَ، " أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَرَأَ: ﴿إِنَّ لَدَيْنَا أَنكَالًا وَجَحِيمًا ﴿١٢﴾ وَطَعَامًا ذَا غُصَّةٍ وَعَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٣﴾﴾ المزمل: ١٢ - ١٣ فَصَعِقَ ".

واتە: حەمزەی زەییات لە حومرانی کوڕی ئەعیونەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم ئایەتانەی خوێندەوە (مانای ئایەتەکان): بەڕاستی ئێمە کۆت و زنجیرو دۆزەخمان ئامادە کردووە (بۆ ئەو جۆرە تاوانبارانە).. هەروەها خۆراکێک کە لە گەروو دەگیرێت، سەرەڕای سزای بە ئێش و ئازار. ئیتر حومران لە هۆش خۆی چوە.

١٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا أَبو عُمَيْس، عَنْ أَبِي طَلْحَةَ الْأَسَدِيِّ قَالَ: سَمِعْتُ أَنَسَ بْنَ مَالِك يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «لَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلاً وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيراً».

واتە: باوکی تەڵحەی ئەسەدی دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: گوێم لە ئەنەسی کوڕی مالیك بوو دەیفەرموو: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەگەر ئەوەی من دەیزانم ئێوە بتانزانیبایە ئەوا بە دەگمەن پێدەکەنین و زۆر دەگریان.

١٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، وَوَافَقَهُ زَائِدَةُ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ مُسْهِر، عَنْ خَرَشَةَ بْنِ الْحُرِّ، عَنْ أَبِي ذَرٍّ رَضِيَ الله عَنْهُ قَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «يَا أَبَا ذَرٍّ، انْظُرْ أَرْفَعَ رَجُلٍ فِي الْمَسْجِد» قَالَ: فَنَظَرْتُ فَإِذَا رَجُلٌ عَلَيْه حُلَّةٌ قَالَ: قُلْتُ: هَذَا قَالَ: «انْظُرْ أَوْضَعَ رَجُلٍ فِي الْمَسْجِد» قَالَ: فَنَظَرْتُ فَإِذَا رَجُلٌ عَلَيْه أَخْلَاقٌ، قَالَ: فَقُلْتُ: هَذَا فَقَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «لهذَا خَيْرٌ عِنْدَ الله عَزَّ وَجَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَة مِنْ مِلْءِ الْأَرْضِ مِثْلَ هَذَا».

واتە: ئەبوزەڕ دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە منی فەرموو: ئەی ئەبوزەڕ! تەماشای بالآبەرزترین پیاوی ناو مزگەوت بکە! ئەبوزەڕ دەفەرموێت: تەماشام کرد بینیم پیاوێکە خشڵێکی پێوەیە؛ جا دەفەرموێت: گوتم: ئەوەتا قوربان ئەو پیاوە بالآبەرزترینە! جا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئادەی تەماشای کورتترین پیاوی ناو مزگەوت بکە! ئەبوزەڕ دەفەرموێت: پیاوێکیم بینی کورتترین کەسی ناو مزگەوت بوو؛ بینیم هەندێ پۆشاکی شڕو پڕ لە پینەی لەبەرا بوو، گوتم: قوربان ئا ئەو پیاوە کورترین کەسی ناو مزگەوتە! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دەی ئەم پیاوە کورتە پۆشاك شڕە لە ڕۆژی قیامەتدا لە لای خوای گەورە پڕ بەم زەوییە لەو پیاوە بالآ بەرزە (شیك پۆشە) باشترە.

١٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي قَالَ، وَكِيعٌ: عَنِ ابْنِ أَبِي خَالِد، عَنِ الشَّعْبِيِّ قَالَ: قَالَ عَلِيٌّ رَضِيَ الله عَنْهُ: «مَا كَانَ لَنَا إِلَّا إِهَابُ كَبْشٍ نَنَامُ عَلَى نَاحِيَتِه، وَتَعْجِنُ فَاطِمَةُ رَضِيَ الله عَنْهَا عَلَى نَاحِيَتِه».

واتە: لە شەعبییەوە دەگێڕنەوە کە عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: ئێمە جگە لە پێستە مەڕێک نەبێ هیچیترمان نەبوو؛ لە سوچێکەوە لەسەری دەنووستین؛ لەو سەریشەوە فاتیمە لەسەری دادەنیشت و هەویری دەشێلا.

١٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ زَكَرِيَّا، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ أَبِي عَرُوبَةَ، حَدَّثَنَا أَبُو يَزِيدَ الْمَدَنِيُّ، أَنَّ عِكْرِمَةَ، حَدَّثَهُمْ قَالَ: «لَمَّا زَوَّجَ النَّبِيُّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَاطِمَةَ رَضِيَ الله عَنْهَا كَانَ مَا جُهِّزَتْ بِهِ سَرِيرٌ مُشَرَّطٌ، وَوِسَادَةٌ مِنْ أَدَمٍ، حَشْوُهَا لِيفٌ، وَتَوْرٌ مِنْ أَقِطٍ» قَالَ: «وَجَاءُوا بِبَطْحَاءَ، فَنَشَرُوهَا فِي الْبَيْتِ».

واتە: بـاوکی یەزیـدی مەدەنی ئەوەی گێـڕاوەتەوە کە عیکـریمەی بـۆی گێـڕاونەتەوە فەرموویەتی: کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) خاتو فاتیمەی دا بە شوو بە عەلی؛ پێتەکیەکەی ئەم شتانە بوو: ڕایەخێکی بە بەن دروست کراو؛ سەرینێکی چەرم کە ناواخنەکەی لیفی گەلای خورما بوو؛ لەگەڵ هەندێ کەشك. خەڵکی لە بەتحاوە هاتبوون؛ کەشکەکەیان هەڵداو بەناو ماڵەکەدا بڵاو بویەوە (وەک ئەو نوقڵ و چوکلێتەی کە بەسەر بوکدا هەڵیدەدەن).

١٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ أَبِي سِنَانٍ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ الْحَارِثِ " أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَجَّ عَلَى رَحْلٍ قَالَ: فَاهْتَزَّ بِهِ، فَقَالَ: «لَبَّيْكَ، إِنَّ الْعَيْشَ عَيْشُ الْآخِرَةِ».

واتە: لە عەبدوڵلای کوڕی حارثەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەسەر سواری وشتر (یان هەر وولاخێک بێت) حەجی کرد؛ جا ولاخەکە پێغەمبەری (ﷺ) ڕاوەشاند (خەریك بوو بەکەوێت بەلادا)؛ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: خوایە گوێڕایەڵم! ژیانی ڕاستەقینە ژیانی قیامەتە.

١٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ زُهَيْرٍ، عَنِ الْعَلَاءِ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «الدُّنْيَا سِجْنُ الْمُؤْمِنِ وَجَنَّةُ الْكَافِرِ».

واتە: ئەبوهورەیرە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: دونیا زیندانە بۆ مرۆڤی باوەڕدارو بەهەشتە بۆ کافر.

١٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ يَزِيدَ يَعْنِي ابْنَ أَبِي زِيَادٍ، عَنْ زَيْدِ بْنِ وَهْبٍ، عَنْ أَبِي ذَرٍّ قَالَ: " جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ الله، أَكَلَتْنَا الضَّبُعُ فَقَالَ: " غَيْرُ ذَلِكَ أَخْوَفُ عَلَيْكُمْ؛ أَنْ تُصَبَّ عَلَيْكُمُ الدُّنْيَا صَبًّا، فَلَيْتَ أُمَّتِي لَا يَلْبَسُونَ الذَّهَبَ، فَقُلْتُ لِزَيْدِ بْنِ وَهْبٍ: مَا الضَّبُعُ؟ قَالَ: السَّنَةُ ".

واتە: ئەبـوزەڕ دەفەرموێـت: پیاوێـک هـاتە خـزمەت پێغەمـبەری خـوا (ﷺ) گـوتی: ئەی پێغەمـبەری خـوا (ﷺ)! (الضـبع) ئـێمەی خـوارد! پێغەمـبەر (ﷺ) فەرمـووی: مـن بە هـۆی شتێکیتر ترسم لە ئێوە هەیە؛ دەترسم دونیا بڕژێ بەسەرتانا؛ ئای خۆزگە ئوممەتی من زێڕیان بەکار نەهێنایەو نەیانپۆشیایە. یەزید (کە یەکێکە لە ڕاوییەکان) دەفەرموێت: لە زەیدم پرسی (الضبع) چییە؟ گوتی: ووشکە سالّی و قات و قڕییە.

١٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ مُحَمَّد بْنِ الْمُنْكَدِرِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «الدُّنْيَا مَلْعُونَةٌ مَلْعُونٌ مَا فِيهَا إِلَّا مَا كَانَ لله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: موحەممەدی کوڕی مونکەدیر دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: دونیا خۆی نەفرەت لێکراوە و ئەوەیشی کە تێیدا هەر نەفرەتی لێکروە؛ جگە لە ئەو شتەی کە بۆ ڕەزامەندی خوای گەورە و میهرەبان بێت.

١٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا، حَدَّثَنَا هُشَيْمٌ، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنِ الْحَسَنِ، قِيلَ: " لَمَّا احْتُضِرَ سَلْمَانُ رَحِمَهُ الله بَكَى، فَقِيلَ له: مَا يُبْكِيكَ وَأَنْتَ صَاحِبُ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ؟ قَالَ: «مَا أَبْكِي أَسَفًا عَلَى الدُّنْيَا، وَلَا رَغْبَةً فِيهَا، وَلَكِنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ عَهِدَ إِلَيْنَا عَهْدًا فَتَرَكْنَاهُ؛ عَهِدَ إِلَيْنَا أَنْ تَكُونَ بُلْغَةُ أَحَدِنَا كَزَادِ الرَّاكِبِ» قَالَ: ثُمَّ نَظَرَ فِيمَا تَرَكَ، فَإِذَا قِيمَةُ مَا تَرَكَ بِضْعٌ وَعِشْرُونَ دِرْهَمًا، أَوْ: بِضْعٌ وَثَلَاثُونَ دِرْهَمًا ".

واتە: مەنصور لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە گوتراوە: کاتێ سەلمان کەوتە سەرەمەرگەوە گریا؛ پێی گوترا: خۆ تۆ هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوی؛ ئیتر بۆچی دەگریت؟ سەلمان فەرمووی: خۆ من بۆ دونیا ناگریم؛ حەزم لە دونیاش نییە؛ بەڵام بۆ ئەوە دەگریم پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەڵێنێکی لێ سەندین و وازمان لەو بەڵێنە هێنا؛ بەڵێنی ئەوەی لێ سەندین کە کەلوپەلی هەر یەکێک لە ئێمە ئەوپەری بە ئەندازەی کەلوپەلی کەسێکی ڕێبوار بێت. مەنصور دەفەرموێت: دوایی حەسەن سەیرێکی ئەو شتانەی کرد کە سەلمان لە دوای خۆی بەجێیهێشت؛ هەمووی بایی بیست و ئەوەندە دیرهەم یان سی و ئەوەندە دیرهەم بوو.

١٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ شِمْرٍ، عَنْ مُغِيرَةَ بْنِ سَعْدِ بْنِ الْأَخْرَمِ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ عَبْدِ الله أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: «لَا تَتَّخِذُوا الضَّيْعَةَ فَتَرْغَبُوا فِي الدُّنْيَا».

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: خۆتان خەریکی باخ و بێستان مەکەن با دڵتان نەچێتە سەر دونیا.

١٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ أَبِي السَّفَرِ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ: " مَرَّ بِنَا رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَنَحْنُ نُصْلِحُ خُصًّا قَالَ: فَقَالَ: «مَا هَذَا؟» قَالَ: فَقُلْنَا: خُصًّا وَهَا فَنَحْنُ نُصْلِحُهُ قَالَ: فَقَالَ: «مَا أَرَى الْأَمْرَ إِلَّا أَعْجَلَ مِنْ ذَلِكَ».

واته: عەبدوڵڵای کوڕی عەمر دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە لای ئێمەدا تێپەڕی و ئێمە لەو کاتەدا خەریکی چاککردنی ژوورێک بوین بە قامیش و دارو تەختە؛ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەمە چییە؟ عەبدوڵڵا دەفەرموێت: گوتمان: ئەمە خەریکی چاککردنی ئەم ژوورەین بە قامیش و دارو تەختە! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: من بابەتەکە زۆر لەمە خێراتر دەبینم (واتە: قیامەت و کۆتایی دونیا هێندە نزیکە؛ پێویست ناکا مرۆڤ ئاوا خۆی خەریك بکات بە دونیاوە).

١٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ عَمْرِو بْنِ مُرَّةَ، عَنْ أَبِي الْبَخْتَرِيِّ قَالَ: " صَحِبَ سَلْمَانَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ رَجُلٌ مِنْ بَنِي عَبْسٍ لِيَتَعَلَّمَ مِنْهُ قَالَ: وَكَانَ لَا يَسْتَطِيعُ أَنْ يَفْضُلَهُ فِي عَمَلِهِ؛ إِنْ عَجَنَ خَبَزَ، وَإِنْ سَقَى الرِّكَابَ هَيَّأَ الْعَلَفَ لِلدَّوَابِّ قَالَ: حَتَّى انْتَهَى إِلَى دِجْلَةَ، وَهِيَ تَطْفَحُ قَالَ: قَالَ لَهُ سَلْمَانُ: انْزِلْ فَاشْرَبْ قَالَ لَهُ: ازْدَدْ فَازْدَادَ قَالَ: كَمْ تُرَاكَ نَقَصْتَ مِنْهَا قَالَ: فَقَالَ: مَا عَسَى أَنْ يَنْقُصَ مِنْ هَذِهِ، قَالَ: فَقَالَ سَلْمَانُ: فَكَذَلِكَ الْعِلْمُ؛ تَأْخُذُ مِنْهُ وَلَا تُنْقِصُهُ قَالَ مَرَّةً: وَلَا يَنْقُصُ فَعَلَيْكَ بِمَا يَنْفَعُكَ قَالَ: فَعَبَرْنَا إِلَى نَهْرِ دَنٍ، فَإِذَا الْأَكْدَاسُ عَلَيْهِ مِنَ الْحِنْطَةِ، وَالشَّعِيرِ، فَقَالَ: يَا أَخَا بَنِي عَبْسٍ، أَمَا تَرَى الَّذِي فَتَحَ خَزَائِنَ هَذِهِ عَلَيْنَا كَانَ يَرَاهَا وَمُحَمَّدٌ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَيٌّ؟ قَالَ: قُلْتُ: بَلَى قَالَ: فَوَالَّذِي لَا إِلَهَ غَيْرُهُ، لَقَدْ كُنَّا نُمْسِي وَنُصْبِحُ، وَمَا فِينَا قَفِيزٌ مِنْ قَمْحٍ، قَالَ: ثُمَّ سَارَ حَتَّى انْتَهَى إِلَى جَلُولَاءَ، فَذَكَرَ مَا فَتَحَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ عَلَيْهِمْ فِيهَا مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ، فَقَالَ: يَا أَخَا بَنِي عَبْسٍ، أَمَا تَرَى الَّذِي فَتَحَ هَذِهِ عَلَيْنَا كَانَ يَرَاهَا وَمُحَمَّدٌ حَيٌّ؟ قَالَ: قُلْتُ: بَلَى قَالَ: فَوَالَّذِي لَا إِلَهَ غَيْرُهُ، لَقَدْ كَانُوا يُمْسُونَ وَيُصْبِحُونَ وَمَا فِيهِمْ دِينَارٌ وَلَا دِرْهَمٌ ".

واته: ئەعمەش لە عەمری کوڕی مورڕەوە ئەویش لە باوکی بوختەرییەوە فەرموویی: پیاوێکی بەنی عەبسی بوو بە هاوڕێی سەلمان (خوای لێ ڕازی بێت) بۆ ئەوەی شتی لێ فێر بێ.. دەفەرموێت: ئەو پیاوە نەیدەتوانی لە سەلمان زیاتر کار بکات (چونکە سەلمانیش وەکوو ئەو کاری دەکرد) ئەگەر ئەو هەویری شێلابا سەلمان دەیکرد بە نان؛ ئەگەر ئەسپ و وڵاخەکانی ئاو بدایە سەلمان ئالف و ئالیکی بۆ ئامادە دەکردن؛ جا ڕۆژێک گەیشتنە ڕۆخی ڕووباری دیجلە؛ ڕووباری دیجلە پڕاوپڕ بوو لە ئاوو زۆر زیادی کردبوو؛ سەلمان فەرمووی: دابەزەو ئەو ئەسپە ئاو بدە.. پیاوەکە ئەسپەکەی ئاودا؛ سەلمان فەرمووی: دیسان ئاوی بدە!

دوایی فەرمووی: پێت وایە ئەو ئەسپ ئاودانە چەندە لەو ڕووبارەی کەم کردووەتەوە؟ پیاوەکە گوتی: هیچ! سەلمان فەرمووی: دەی زانستیش ئاوایە هەرچەندێکی لێ ببەخشی هێشتا کەم ناکات؛ کەواتە خەریکی ئەو شتانە بە کە سوودیان هەیە بۆ تۆ.. دەفەرموێت: لەوێوە تێپەڕین بۆ لای ڕووباری دن؛ لەوێ کۆمەڵێک خەرمانی گەنم و جۆی لێبوو؛ سەلمان فەرمووی: برای بەنی عەبسی! تۆ پێت وایە ئەو زاتەی دەرگای ئەم گەنجینەیانەی بەسەر ئێمەدا کردووەتەوە کاتی خۆی کە پێغەمبەر (ﷺ) زیندوو بوو ئەم گەنجینانەی دەبینی؟ پیاوەکە دەفەرموێت: گوتم: ئەروەڵڵا دەیبینی! فەرمووی: دەی سوێند بەو کەسەی کە جگە لەو هیچ خوایەکیتر نییە ئێمە (لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ)) بەیانی و ئێوارەمان دەکردەوە و نە گوێلێک گەنم و نە گوێلێک جۆمان نەبوو.. دەفەرموێت: دوایی ڕۆیشتین تا گەیشتینە گولاڵە (جەلەولا) سەلمان باسی ئەوەی کرد کە چۆن خوای گەورە ئەم ناوچەیەی بۆ ئازاد کردوون و چەندێ زێڕو زیویان دەستکەوتووە و فەرمووی: برای بەنی عەبسی! تۆ پێت وایە ئەو کەسەی کە دەست خستنی ئەم گەنجینانەی بۆ ئێمە ئاسان کرد کاتێ کە پێغەمبەر (ﷺ) زیندوو بوو ئەم گەنجینانەی دەبینی؟ گوتم: بێگومان! فەرمووی: دەی بەو کەسەی کە جگە لە خۆی هیچ خوایەکیتر نییە ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) شەوو ڕۆژمان دەکردەوە نە دینارێکمان هەبوو نە دیرهەمێک!

١٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، وا بوو سَعيد؛ قَالَا: أَخْبَرَنَا ثَابِتٌ يَعْنِي ابْنَ يَزِيدَ حَدَّثَنَا هِلَالٌ، عَنْ عِكْرِمَةَ، عَن ابْن عَبَّاس، «أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ كَانَ يَبِيتُ اللَّيَالِيَ الْمُتَتَابِعَةَ طَاوِيًا وَأَهْله لَا يَجِدُونَ عَدَاءً وَلَا عَشَاءً، وَكَانَ عَامَّةُ خُبْزِهِمُ الشَّعِيرَ» قَالَ أَبو سَعِيد: وَكَانَ عَامَّةُ طَعَامِهِمُ الشَّعِيرَ".

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەفەرموێت: جاری وا هەبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند شەوێک بەسەر یەکا بە زگی برسی سەری سەری دەنایەوە؛ خێزان و منداڵەکانیشی نە ژەمی بەیانییان هەبوو نە ژەمی ئێوارە؛ هەموو نانێکیشیان هەر نانی جۆ بوو. باوکی سەعید دەفەرموێت: هەموو خواردنێکیان هەر جۆ بوو.

١٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هُدْبَةُ بْنُ خَالد، حَدَّثَنَا هَمَّامُ بْنُ يَحْيَى، عَنْ قَتَادَةَ، عَنْ أَنَسٍ قَالَ: «مَشَيْتُ إِلَى رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ بِخُبْزِ شَعِير، وَإِهَالَة سَنخَة».

واتە: ئەنەس دەفەرموێت: هەندێ نانی جۆم برد بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ هەندێ ڕۆنیشا کە خەریکبوو بۆنی تێکبچێت.

١٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا بَهْزٌ، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ الْمُغِيرَة، وإِسْمَاعِيلُ ابْنُ عُلَيَّةَ، قَالَ: حَدَّثَنِي سُلَيْمَانُ، عَنْ حُمَيْدِ بْنِ هِلَالٍ قَالَ: قَالَتْ عَائِشَةُ رَضِيَ الله عَنْهَا: «أَرْسَلَ إِلَيْنَا أَبو بَكْرٍ بِقَائِمَةِ شَاةٍ لَيْلًا، فَأَمْسَكْتُ لَه، وَقَطَعَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ» أَوْ قَالَتْ: «أَمْسَكَ رَسُولُ اللَه صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ، وَقَطَعْتُ» قَالَ: يَقُولُ الَّذِي يُحَدِّثُهُ هَذَا: عَلَى غَيْرِ مِصْبَاحٍ، قَالَ: قَالَتْ عَائِشَةُ رَضِيَ الله عَنْهَا: «إِنَّهُ لَيَأْتِي عَلَى آلِ مُحَمَّدٍ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ الشَّهْرُ مَا يَخْتَبِزُونَ خُبْزًا، وَلَا يَطْبُخُونَ قِدْرًا» قَالَ حُمَيْدٌ: فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِصَفْوَانَ بْنِ مُحَمَّدٍ فَقَالَ: لَا بَلْ شَهْرَيْنِ ".

واتە: حومەیدی کوڕی هیلال دەفەرموێت: دایە عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: شەوێک ئەبوبەکر دەستی مەڕێکی بۆ ناردین؛ من گرتم بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش کەرتی دەکرد؛ یان فەرمووی: ئەو گرتی بۆ من و من کەرتم دەکرد؛ جا ئەو کەسەی ئەم فەرموودەیەی گێڕایەوە گوتی: بە تاریکی و لەبەر ڕۆشنایی چرا نەبوو؛ گوتی: دایە عائیشە فەرمووی: بەڕاستی جاری وا هەبووە مانگێکی ڕەبەق بەسەر ماڵ و منداڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تێپەڕیوە و نانیان نەکردووە؛ مەنجەڵیان نەخستووەتە سەر ئاگر. حومەید دەفەرموێت: من ئەم فەرموودەیەم بۆ صەفوانی کوڕی موحەممەد باسکرد گوتی: نەك مانگێک بەڵکوو دوو مانگ.

١٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَر، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ سِمَاكِ بْنِ حَرْبٍ قَالَ: سَمِعْتُ النُّعْمَانَ يَعْنِي ابْنَ بَشِيرٍ، يَخْطُبُ قَالَ: ذَكَرَ عُمَرُ مَا أَصَابَ النَّاسَ مِنَ الدُّنْيَا، فَقَالَ: «لَقَدْ رَأَيْتُ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ يَظَلُّ الْيَوْمَ يَتَلَوَّى، مَا يَجِدُ دَقَلًا يَمْلَأُ بَطْنَهُ».

واتە: سیماکی کوڕی حەرب دەفەرموێت: گوێم لە نوعمان بوو؛ مەبەستی نوعمانی کوڕی بەشیرە؛ نوعمان وتاری دەدا؛ دەیگوت: جارێک عومەر باسی ئەوەی کرد کە خەڵکی چییان دەستکەوتووە لە شتی دونیایی؛ فەرمووی: بەخوا پێغەمبەرم (ﷺ) بینیوە ڕۆژێک تا ئێوارە لە برسا تلاوەتەوە خورمایەکی بێفەڕی دەست نەدەکەوت زگی پێ تێر بکات.

١٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَر، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ يَزِيدَ يُحَدِّثُ عَنِ الْأَسْوَدِ، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ الله عَنْهَا أَنَّهَا قَالَتْ: «مَا شَبِعَ آلُ مُحَمَّدٍ خُبْزَ الشَّعِيرِ يَوْمَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ، حَتَّى قُبِضَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ».

واتە: لە دایکی باوەڕداران عائیشەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: هەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ)

له دونیا دەرچو؛ نەبووە ماڵ و منداڵی پێغەمبەر (ﷺ) دوو ڕۆژ بەسەر یەکا تێر نانی جۆ بخۆن.

١٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا زَيْدُ بْنُ الْحُبَابِ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ عَاصِمٍ، عَنْ شَهْرِ بْنِ حَوْشَبٍ، عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: ﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ ﴾ السجدة: ١٦ قَالَ: «قِيَامُ الْعَبْدِ مِنَ اللَّيْلِ».

واتە: موعـازی کـوڕی جەبەل لەبـارەی تەفسـیری ئـایەتی:﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ ﴾ لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەوە شەونوێژی مرۆڤی مەبەستە.

١٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، أَخْبَرَنَا جَرِيرٌ، حَدَّثَنِي سُلَيْمُ بْنُ عَامِرٍ، عَنْ أَبِي أُمَامَةَ قَالَ: «مَا كَانَ يَفْضُلُ مِنْ أَهْلِ بَيْتِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خُبْزُ الشَّعِيرِ».

واتە: لە باوکی ئومامەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: هەرگیز ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) نانێکی جۆیان لێ نەماوەتەوە.

١٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، أَنْبَأَنَا يُوسُفُ ابْنُ أُخْتِ ابْنِ سِيرِينَ، عَنْ أَبِي قِلَابَةَ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي قَوْلِهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ۝٨ ﴾ التكاثر: ٨ قَالَ: «نَاسٌ مِنْ أُمَّتِي: يُعْقِدُونَ السَّمْنَ وَالْعَسَلَ بِالنَّقِيِّ، فَيَأْكُلُونَهُ».

واتە: باوکی قیلابە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە لە بارەی تەفسیری ئایەتی: ﴿ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ۝٨ ﴾ فەرموویەتی: ئەوە کۆمەڵێکن لە ئوممەتی من؛ هەنگیون و ڕۆن تێکەڵ بە ئارد دەکەن و دەیخۆن (واتە: جۆرە حەڵوایەک بە ئاردی باش و ڕۆن و هەنگوین دروست دەکەن و دەیخۆن و لە بری ئەو نازونیعمەت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت).

١٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ مَعِينٍ، حَدَّثَنَا الْفَضْلُ بْنُ حَبِيبٍ السَّرَّاجُ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ الْعَلَاءِ، عَنِ الضَّحَّاكِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا هُرَيْرَةَ يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ الله صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: " إِنَّ أَوَّلَ مَا يُسْأَلُ عَنْهُ الْعَبْدُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنَ النَّعِيمِ أَنْ يُقَالَ لَهُ: أَلَمْ أُصِحَّ لَكَ الْجِسْمَ، وَأُرْوِكَ مِنَ الْمَاءِ الْبَارِدِ؟ ".

واتە: عەبدوڵڕەحمان دەفەرموێت گوێم لە ئەبوهورەیرە بوو دەیفەرموو: گوێم لە پێغەمبەری خـوا (ﷺ) بـوو دەیفەرمـوو: یەکەم پرسـیار (کە خـوای گەورە) لە قیامەتـدا لە بـارەی نـازونیعمەتەوە لە مرۆڤـی بکـات ئەوەیە لێـی دەپرسـێ: مەگەر لاشـەیەکی تەندروسـتم پـێ نەدای؟ مەگەر تێر ئاوی ساردم دەرخوارد نەدای؟

١٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هُدْبَةُ بْنُ خَالد، حَدَّثَنَا هَمَّامٌ، حَدَّثَنَا قَتَادَةُ، عَنْ مُطَرِّف، عَنْ أَبِيه، أَنَّهُ انْتَهَى إِلَى رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ وَهُوَ يُفَسِّرُ أَلهاكُمُ التَّكَاثُرُ قَالَ: " يَقُولُ ابْنُ آدَمَ: مَالي مَالي، وَهَلْ لَكَ يَا ابْنَ آدَمَ منْ مَالكَ إِلَّا مَا أَكَلْتَ فَأَفْنَيْتَ، أَوْ لَبسْتَ فَأَبْلَيْتَ، أَوْ تَصَدَّقْتَ فَأَمْضَيْتَ ".

واته: موتتەڕیف لە باوكییەوە دەگێڕێتەوە كە ڕۆیشتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لەو كاتەدا سورەتی (التكاثر)ی تەفسیر كردووە بۆ هاوەڵان؛ دەیفەرموو: مرۆڤ دەڵێ: سامانەكەم! ماڵەكەم! باشە مرۆڤ ماڵی تۆ كامەیە؟ مەگەر هەر ئەوە نییە كە خواردوتەو كۆتاییت پێهێناوە؛ یان لەبەرت كردووە و ڕزاندوتە؟ یان كردوتە بە خێرو پاشەكەوتت كردووە بۆ قیامەت؟

١٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا وَكيعٌ، حَدَّثَنَا قُرَّةُ بْنُ خَالد، عَنْ حُمَيْد بْن هلَال الْعَدَوِيِّ، عَنْ خَالد بْن عُمَيْر رَجُلٌ منْهُمْ قَالَ: سَمعْتُ عُتْبَةَ بْنَ غَزْوَانَ يَقُولُ: «لَقَدْ رَأَيْتُني سَابعَ سَبْعَة مَعَ رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ، وَمَا لَنَا طَعَامٌ إِلَّا وَرَقُ الْحُبْلَة، حَتَّى قَرحَتْ أَشْدَاقُنَا».

واته: عوتبەی كوڕی غەزاون دەفەرموێت: ئەگەر دەتانبینام كە من حەوتەم كەس بووم لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ)! ئەوێ ڕۆژێ جگە لە گەڵای مێو هیچیتر نەبوو بیخۆین؛ وامان لێهاتبوو لاكەلاوەمان هەمووی بیوو بە برین.

١٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا وَكيعٌ، عَن ابْن أَبي خَالد، عَنْ قَيْس بْن أَبي حَازم قَالَ: سَمعْتُ سَعْدًا رَضيَ الله عَنْهُ يَقُولُ: «إِنِّي لَأَوَّلُ رَجُل منَ الْعَرَب رَمَى بسَهْم في سَبيل الله، وَلَقَدْ رَأَيْتُنَا مَعَ رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ وَمَا لَنَا طَعَامٌ إِلَّا السَّمُرُ، وَوَرَقُ الْحُبْلَة، حَتَّى إِنْ كَانَ أَحَدُنَا لَيَضَعُ كَمَا تَضَعُ الْعَنْزُ؛ مَا لَه خلْطٌ».

واته: قەیسی كوڕی باوكی حازم دەفەرموێت: گوێم لە سەعد بوو (خوای لێ ڕازی بێت) دەیفەرموو: من لە ناو عەرەبا یەكەم پیاو بووم كە لە پێناو ئایینی خوای گەورەدا تیرم هاویشتبێ؛ ئەوێ ڕۆژێ ئێمە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بوین؛ جگە لە گەڵای دارە كێویلە هیچیتر نەبوو بیخۆین؛ تەنانەت وامان لێهاتبوو كە دەچوینە سەرئاو پیسیەكەمان وەك پشكڵی بزن وابوو؛ هەمووی كلۆ كلۆ بوو.

١٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنْ مُحَمَّدٍ قَالَ: " كُنَّا عِنْدَ أَبِي هُرَيْرَةَ، وَعَلَيْهِ ثَوْبَانِ مُمَشَّقَانِ، فَتَمَخَّطَ فِيهِمَا، وَقَالَ: " بَخٍ بَخٍ أَبُو هُرَيْرَةَ يَتَمَخَّطُ فِي الْكَتَّانِ، لَقَدْ رَأَيْتُنِي فِيمَا بَيْنَ مِنْبَرِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَحُجْرَةِ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا أَخِرُّ مَغْشِيًّا عَلَيَّ، فَيَجِيءُ الْجَائِي فَيَقْعُدُ عَلَى صَدْرِي، فَأَقُولُ: إِنَّهُ لَيْسَ بِي ذَاكَ؛ إِنَّمَا هُوَ الْجُوعُ ".

واتە: هیشام لە موحەممەدەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: ئێمە لە خزمەت ئەبوهورەیرەدا بوین؛ دوو دەست پۆشاكی لەبەر بوو كە پارچەكەی لە كەتانی بوو؛ بە ڕەنگی سوور ڕەنگ كرابوو؛ جا ئەبوهورەیرە مشی كردە ناو یەكێك لەو پۆشاكانەو دوایی گوتی: بەهـ بەهـ! ئەبوهورەیرە مش دەكاتە ناو پارچەی كەتانەوە!! خۆمم بە بیر دێت لە نێوان مینبەری پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ژوورەكەی دایە عائیشە بورامەوە؛ یەكێك هات و لاقی خۆی خستە سەر سینگم (وایزانی شێتم) منیش دەمگوت: كاكە بەخوا شێت نیم؛ ئەوە لە برسا بوراومەتەوە.

١٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَهَّابِ فِي تَفْسِيرِ سَعِيدٍ، عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: «لَقَدْ ذُكِرَ لَنَا أَنَّ الرَّجُلَ كَانَ يَعْصِبُ عَلَى بَطْنِهِ الْحَجَرَ؛ لِيُقِيمَ بِهِ صُلْبَهُ مِنَ الْجُوعِ، وَكَانَ الرَّجُلُ يَتَّخِذُ الْحُفَيْرَةَ فِي الشِّتَاءِ، مَا لَهُ دِثَارٌ غَيْرُهَا».

واتە: لە قەتادەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: بەڕاستی بۆمان باسكرا كە پیاوی وا هەبووە لە برسا بەردی دەبەست بە زگیەوە بۆ ئەوەی بتوانێ هەستێ؛ پیاوی وا هەبوو لە چلەو سەرمای زستانا چاڵێكی هەڵدەكەندو دەچوە ناویەوە؛ لەوە زیاتر هیچ پەناو پەسیوێكی نەبوو.

١٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ فُضَيْلٍ، حَدَّثَنَا عَطَاءُ بْنُ السَّائِبِ، عَنْ عَامِرٍ قَالَ: " أَكَلَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وا بوو بَكْرٍ، وَعُمَرُ رِضْوَانُ اللهِ عَلَيْهِمَا لَحْمًا، وَخُبْزَ شَعِيرٍ، وَرُطَبًا، وَمَاءً بَارِدًا، فَقَالَ: «هَذَا وَرَبِّكُمَا لَمِنَ النَّعِيمِ».

واتە: عامر دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) و ئەبوبەكر و عومەر (خوایان لێ ڕازی بێت) گۆشت و نانی جۆو خورماو ئاوی سارديان دەخواردو دەیانفەرموو: سوێند بەخوا ئەمە بەشێكە لەو نازونیعمەتانە (واتە ئەوانەی كە خوای گەورە لە سورەتی التكاثر لە ئایەتی ﴿ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٨﴾ ﴾ باسیان دەكات).

١٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو أَحْمَدَ، حَدَّثَنَا فِطْرُ بْنُ عَبْدِ اللهِ بْنِ أَبِي الْهُذَيْلِ قَالَ: سَمِعْتُ بَعْضَ، أَصْحَابِ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «لَقَدْ كُنَّا نَبْعَرُ كَمَا تَبْعَرُ الْإِبِلُ مِنَ الْجَهْدِ».

واته: فیتری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی باوکی هوزەیل دەفەرموێت: لە یەکێک لە هاوەڵانی پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: بەڕاستی ئێمە کاتی خۆی ئەوەندە هەژار و نەدار بوین و هیچمان نەدەخوارد کاتێ دەچوینە سەرئاو پیسیەکەمان وەکوو پشقڵ بوو (کڵۆ کڵۆو ڕەق و ووشك بوو).

١٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو سَعِيد، حَدَّثَنَا أَبو عَوَانَةَ، حَدَّثَنَا عُمَرُ يَعْنِي ابْنَ أَبِي سَلَمَةَ، عَنْ أَبِيهِ سَمِعَهُ مِنْهُ يَقُولُ: انْطَلَقَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي نَفَرٍ مِنْ أَصْحَابِهِ إِلَى أَبِي الهَيْثَمِ بْنِ التَّيِّهَانِ وَهُوَ مَالِكُ بْنُ التَّيِّهَانِ فَدَخَلَ عَلَى امْرَأَتِهِ فَقَالَ: «أَيْنَ أَبو الهَيْثَمِ؟» قَالَتْ: ذَهَبَ يَسْتَعْذِبُ لَنَا فَبَيْنَمَا هُمْ كَذَلِكَ إِذْ جَاءَ، فَقَالَ لامْرَأَتِهِ: وَيْحَكِ مَا صَنَعْتِ لِرَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شَيْئًا؟ قَالَتْ: لَا قَالَ: قُومِي، فَعَمَدَتْ إِلَى شَعِيرٍ لها، فَطَحَنَتْهُ، وَقَامَ إِلَى غَنَمٍ له، فَذَبَحَ لهمْ شَاةً، فَقَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «لَا تَذْبَحَنَّ ذَاتَ دَرٍّ» فَطَبَخَ لهمْ، وَقَدَّمَهُ بَيْنَ أَيْدِيهِمْ، فَأَكَلُوا، ثُمَّ تَنَاوَلَ شَنًّا أَوْ دَلْوًا فَشَرِبَ وَمَنْ مَعَهُ، فَقَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «لَتُسْأَلُنَّ عَنْ هَذِهِ الشَّرْبَةِ».

واته: باوکی سەلەمە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە هاوڕێیەتی چەند هاوەڵێک تەشریفی برد بۆ ماڵی باوکی هەیثەمی کوڕی تەییهان؛ واتە: مالیکی کوڕی تەییهان؛ پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەشریفی برد بۆ لای خێزانەکەی مالیك و فەرمووی: کوا باوکی هەیثەم لەکوێیە؟ ژنەکەی باوکی هەیثەم گوتی: قوربان ڕۆیشتووە ئاومان بۆ بێنێت. ئەوان لەو گفتوگۆیەدا بوون باوکی هەیثەم هاتەوە؛ یەکسەر بە ژنەکەی گوت: قوڕت بەسەر نەبێ هیچت بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامادە کردووە؟ ژنەکە گوتی: نەخێر! باوکی هەیثەم گوتی: دەی هەستە! ژنەکەی باوکی هەیثەم ڕۆیی هەندێک جۆی هێناو کردی بە دەساڕاو هاڕدی؛ باوکی هەیثەمیش هەستا ڕۆیی بۆ ناو مەڕەکانی و مەڕێکی هێناو سەری بڕی؛ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: مەڕی شیردەر سەر نەبڕی! جا باوکی هەیثەم خواردنی بۆ ئامادە کردن و خستییە بەردەمیان؛ ئەوانیش خواردنیان خوارد؛ دوایی کوندەیەک ئاو یان دۆڵەچەك ئاو هێنراو پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵەکانی لێیان خواردەوە و پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی لەبارەی ئا ئەم ئاو خواردنەوە پرسیارتان لێ دەکرێت!

١٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ عُمَرَ الْقَوَارِيرِيُّ، حَدَّثَنَا فُضَيْلُ بْنُ عِيَاضٍ، عَنْ مُسْلِمٍ الْبَرَّادِ وَهُوَ الْمُلَائِيُّ، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ: «كَانَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُجِيبُ الْعَبْدَ، وَيَعُودُ الْمَرِيضَ، وَيَرْكَبُ الْحِمَارَ».

واته: ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) عادەتی وا بوو وەڵامی

داوەتی کۆیلەیشی دەدایەوە؛ سەردانی نەخۆشی دەکرد؛ سواری گوێدرێژیش دەبوو.

١٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْعَزِيز بْنُ مُسْلِم، عَن الرَّبِيع بْن أَنَس، عَنْ أَبِي الْعَالِيَة، عَنْ أُبَيِّ بْن كَعْب عَن النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: «بَشِّرْ هَذِه الْأُمَّةَ بِالسَّنَاء، وَالنَّصْر، وَالتَّمْكِين، فَمَنْ عَمِلَ مِنْهُمْ عَمَلَ الْآخرَة لِلدُّنْيَا لَمْ يَكُنْ له في الْآخرَة نَصِيبٌ».

واتە: ئوبەیی کوڕی کەعب لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: مزگێنی بدەن بەم ئوممەتە بەوەی کە پلەو پایەیان بەرز دەبێتەوە و سەردەکەون و دەستیان دەڕوا؛ جا هەر کەسێکیان کاری قیامەتی بۆ دونیا بکات؛ ئەوا لە قیامەتدا هیچ پشکێکیان بۆ نامێنێتەوە.

١٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْعَزِيز بْنُ مُسْلِم، عَن الرَّبِيع بْن أَنَس، عَنْ أَبِي الْعَالِيَة، عَنْ أُبَيِّ بْن كَعْب قَالَ: «مَنْ أَصْبَحَ وَأَكْبَرُ هَمِّه غَيْرُ الله عَزَّ وَجَلَّ فَلَيْسَ مِنَ الله».

واتە: ئوبەی کوڕی کەعب دەفەرموێت: هەر کەسێ ڕۆژ بکاتەوە و خەفەتی هەرە گەورەی غەیری خوای گەورە بێت؛ ئەوە ئەو کەسە لای خوای گەورە هیچ نییە (واتە: هیچ ڕێز و نرخێکی نییە).

١٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا الْعُمَرِيُّ، عَنْ عَبْد الْوَهَّاب بْن بُخْت، عَنْ سُلَيْمَانَ بْن حَبِيب قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «مَنْ كَانَ هَمُّهُ هَمًّا وَاحِدًا كَفَاهُ الله هَمَّهُ، وَمَنْ كَانَ هَمُّهُ بِكُلِّ وَاد لَمْ يُبَال الله عَزَّ وَجَلَّ بِأَيِّهَا هَلَكَ».

واتە: سولەیمانی کوڕی حەبیب دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: هەر کەسێ خەم وُ خەفەتی یەک خەم و خەفەت بێت (واتە: خەمی دینداری و خواناسی بێت) خوای گەورە هەموو خەمەکانی تری لەکۆڵ دەکاتەوە؛ بەڵام هەر کەسێ خەمەکانی زۆرو پەرشوبڵاو بن؛ خوای گەورە گوێی ناداتێ بەدەم چ خەمێکی بتلێتەوە و تیابچێت!

١٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا عَوْفٌ، عَن الْحَسَن قَالَ: بَلَغَني أَنَّ نَبِيَّ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: «إِنَّ الْعَبْدَ إِنْ كَانَ هَمُّهُ الْآخرَةَ كَفَّ الله عَلَيْه ضَيْعَتَهُ، وَجَعَلَ غِنَاهُ في قَلْبه، وَإِنْ كَانَ هَمُّهُ الدُّنْيَا أَفْشَى الله عَلَيْه ضَيْعَتَهُ، وَجَعَلَ فَقْرَهُ بَيْنَ عَيْنَيْه؛ فَلَا يُمْسِي إِلَّا فَقِيرًا، وَلَا يُصْبِحُ إِلَّا فَقِيرًا».

واتە: لە حەسەنەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: بیستوومە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: بەڕاستی مرۆڤ ئەگەر خەمی قیامەت بخوات ئەوا خوای گەورەی کارێکی وای بۆ دەکات کە کار و کاسبی ئەو کەسە بەشی بژێوی ژیانی بکات؛ هەروەها دەوڵەمەندی دەخاتە ناو دڵییەوە (واتە: دڵی ئەو کەسە دەوڵەمەند دەکات) بەڵام هەر کەسێ خەم و خەفەت تەنیا بۆ دونیا بخوات؛ ئەوا خوای گەورە کار و کاسبییەکەی وا لێ دەکات کە پەرشوبڵاوی دەکات و هەژاری دەنووسێنێ بە ناوچەوانییەوە و بە هەژاری ئێوارە دەکاتەوە و هەر بە هەژاریش ڕۆژ دەکاتەوە.

١٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيد، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، حَدَّثَنِي عُمَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ مِنْ وَلَدِ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ رَضِيَ الله عَنْهُ عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبَانَ بْنِ عُثْمَانَ، عَنْ أَبِيهِ أَنَّ زَيْدَ بْنَ ثَابِتٍ خَرَجَ مِنْ عِنْدِ مَرْوَانَ نَحْوًا مِنْ نِصْفِ النَّهَارِ، فَقُلْنَا: مَا بَعَثَ إِلَيْهِ هَذِهِ السَّاعَةَ إِلَّا لِشَيْءٍ سَأَلَهُ عَنْهُ، فَقُمْتُ إِلَيْهِ فَسَأَلْتُهُ، فَقَالَ: أَجَلْ: سَأَلَنَا عَنْ أَشْيَاءَ سَمِعْتُهَا مِنْ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؛ سَمِعْتُ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: " نَضَّرَ الله امْرَأً سَمِعَ مِنَّا حَدِيثًا فَحَفِظَهُ حَتَّى يُبَلِّغَهُ غَيْرَهُ؛ فَإِنَّهُ رُبَّ حَامِلِ فِقْهٍ لَيْسَ بِفَقِيهٍ، وَرُبَّ حَامِلِ فِقْهٍ إِلَى مَنْ هُوَ أَفْقَهُ مِنْهُ، ثَلَاثُ خِصَالٍ لَا يُغِلُّ عَلَيْهِنَّ قَلْبُ مُسْلِمٍ أَبَدًا: إِخْلَاصُ الْعَمَلِ لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ، وَمُنَاصَحَةُ وُلَاةِ الْأَمْرِ، وَلُزُومُ الْجَمَاعَةِ؛ فَإِنَّ دَعْوَتَهُمْ تُحِيطُ مِنْ وَرَائِهِمْ ".

واتە: عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبانی کوڕی عوسمان لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە کە زەیدی کوڕی ثابیت نیوەڕۆیەک لە لای مەڕوان هاتە دەرەوە، گوتمان: ئەوە بێگومان مەڕوان بۆ پرسێکی گرنگ ئالەم کاتەدا ناردوویەتی بە دوای زەیدی کوڕی ثابتدا؛ من هەستام و ڕۆیشتم بۆ لای زەید و لێم پرسی؛ زەید گوتی: بەڵێ وایە! لە بارەی هەندێ شتەوە پرسیاری لێ کردین کە من لە پێغەمبەرم خودام (ﷺ) بیستووە، گوێم لێبوو پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: خوای گەورە ئەوِ کەسە نوورانی بکات کە فەرموودەیەک لە ئێمە دەبیستێت و لەبەری دەکات تا دەیگەیەنێت بە خەڵکی تر؛ چونکە بەڕاستی زۆر کەس هەیە فیقهی هەڵگرتووە و خۆی فەقیهـ و زانا نییە؛ زۆر کەس هەیە فیقهی هەڵگرتووە و دەیدا بە کەسێک کە لە خۆی شارەزاترە، سێ شت هەیە کە هەرگیز دڵی مرۆڤی باوەڕدار سەبارەت بەو سێ شتە خیانەت ناکات: ئەنجامدانی کار و کردەوە تەنیا لەبەر ڕەزامەندیی خوای گەورە؛ ئامۆژگاریکردنی دەسەڵاتداران و پابەندبوون بە کۆمەڵەوە، هەر کەس لەگەڵ کۆمەڵی باوەڕدارانا بێت؛ ئەوا نزا و پاڕانەوەی باوەڕداران ئەو کەسە لە فێڵ و تەڵەکەی شەیتان پارێزراو دەکات.

١٨١ - وَقَالَ: «مَنْ كَانَ هَمُّهُ الْآخِرَةَ جَمَعَ الله له شَمْله، وَجَعَلَ غِنَاهُ في قَلْبه، وَأَتَتْهُ الدُّنْيَا وَهِيَ رَاغِمَةٌ، وَمَنْ كَانَ هَمُّهُ وَنِيَّتُهُ لِلدُّنْيَا فَرَّقَ الله عَلَيْه ضَيْعَتَهُ، وَجَعَلَ فَقْرَهُ بَيْنَ عَيْنَيْه، وَلَمْ يَأْتِه مِنَ الدُّنْيَا إِلَّا مَا كُتِبَ له»، وَسَأَلْنَا عَنِ الصَّلَاةِ الْوُسْطَى؛ وَهِيَ الظُّهْرُ".

واته: دیسان فەرمووی: هەر کەسێ خەم بۆ دوارۆژ بخوات؛ خوای گەورە کاروبارەکانی کۆ دەکاتەوە و دەوڵەمەندی دەخاتە ناو دڵییەوە و دونیا بە دویا دێت و ئەمیش لە دونیا بێ منەتە؛ بەڵام هەر کەسێ خەم و خەفەت و نێتی تەنیا بۆ دونیا بێت؛ ئەوا خوای گەورە کاروباری پەرشوبڵاو دەکاتەوە و هەژاری دەنووسێنێ بەنێوچاوانییەوە و جگە لەوەش کە بۆی نووسراوە؛ هیچ پشکێکی لە دونیا دەست ناکەوێت.

جا دوای ئەوە لە بارەی نوێژی ناوەڕاستەوە (الصلاة الوسطى) وە پرسیارمان لێ کرد فەرمووی: نوێژی ئێوارە (عەسر)ە.

زوهد و پارسایی پێغەمبەر یونس
(سەلامی خوای لەسەر بێت)

١٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، عَنْ أَبِي مُعَاوِيَةَ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ مُجَاهِدٍ قَالَ: «حَجَّ الْبَيْتَ سَبْعُونَ نَبِيًّا؛ مِنْهُمْ مُوسَى بْنُ عِمْرَانَ عَلَيْهِ السَّلَامُ عَلَيْهِ، عَبَاءَتَانِ قَطَوَانِيَّتَانِ» قَالَ: " وَفِيهِمْ يُونُسُ عَلَيْهِ السَّلَامُ؛ يَقُولُ: لَبَّيْكَ كَاشِفَ الْكُرَبِ، لَبَّيْكَ ".

واتە: ئەعمەش لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەفتا هەزار پێغەمبەر حەجیان کردووە؛ یەکێک لەوانە مووسای کوڕی عیمران سەلامی خوای لەسەر بێت؛ (کاتێ حەجی کرد) دوو عەبای قەتەوانیی لەبەرا بوو، یەکێکیتریان یونس بووە (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەیفەرموو: ملکەچی فرمانتم ئەی ئەو کەسەی خەم و خەفەتەکان دەڕەوێنیتەوە؛ ملکەچی فرمانتم!

١٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ، عَنِ ابْنِ أَبِي عَرُوبَةَ، عَنْ قَتَادَةَ فِي قَوْلِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ فَلَوْلَآ أَنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلْمُسَبِّحِينَ ﴿١٤٣﴾ ﴾ الصافات: ١٤٣ قَالَ: «كَانَ طَوِيلَ الصَّلَاةِ فِي الرَّخَاءِ».

واتە: قەتادە لەبارەی تەفسیری ئایەتی ﴿ فَلَوْلَآ أَنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلْمُسَبِّحِينَ ﴿١٤٣﴾ ﴾ الصافات: ١٤٣ فەرمووی: (یونس پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر بێت) لە کاتی خۆشی و فەرحانیدا؛ زۆر لەناو نوێژا دەمایەوە.

١٨٣ - قَالَ: «وَإِنَّ الْعَمَلَ الصَّالِحَ يَرْفَعُ صَاحِبَهُ إِذَا عَثَرَ، وَإِذَا صُرِعَ وَجَدَ مُتَّكَأً».

واتە: هەروەها فەرمووی: کار و کردەوەی چاک لە کاتی دەسەلاتا شان و شکۆی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە و لە کاتی لێقەومانیشا دەبێت پاڵپشت.

١٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ مَهْدِيٍّ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنْ سَالِمِ بْنِ أَبِي الْجَعْدِ، ﴿ فَنَادَىٰ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ ﴾ الأنبياء: ٨٧ قَالَ: " أَوْحَى اللهُ إِلَى الْحُوتِ أَنْ لَا تَضُرِّي لَهُ عَظْمًا وَلَا لَحْمًا، ثُمَّ ابْتَلَعَهُ حُوتٌ آخَرُ ﴿ فَنَادَىٰ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ ﴾ الأنبياء: ٨٧ : ظُلْمَةُ الْحُوتِ، وَحُوتٍ آخَرَ، وَظُلْمَةُ الْبَحْرِ ".

واتە: لە سالمی کوڕی باوکی جەعدەوە دەگێڕنەوە کە سەبارەت بە تەفسیری ئایەتی﴿ فَنَادَىٰ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ ﴾ الأنبياء: ٨٧ فەرموویەتی: خوای گەورە پەیامی بۆ نەهەنگەکە ناردو پێی فەرموو: زیان نە بە ئێسکەکانی بگەیەنە نە بە گۆشتی.. دوایی نەهەنگێکیتر قوتیدا؛ تاریکایی ناوزگی نەهەنگ و نەهەنگێکیترو تاریکایی ناو دەریاش.

١٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا صَالِحٌ، عَنْ أَبِي عِمْرَانَ الْجَوْنِيِّ، عَنْ أَبِي الْمُجَلِّدِ قَالَ: " إِنَّ الْعَذَابَ لَمَّا هَبَطَ عَلَى قَوْمِ يُونُسَ عَلَيْهِ السَّلَامُ فَجَعَلَ يَحُومُ عَلَى رُءُوسِهِمْ مِثْلَ قِطَعِ اللَّيْلِ الْمُظْلِمِ، فَمَشَى ذَوُو الْعُقُولِ مِنْهُمْ إِلَى شَيْخٍ مِنْ بَقِيَّةِ عُلَمَائِهِمْ، فَقَالُوا: إِنَّا قَدْ نَزَلَ بِنَا مَا تَرَى، فَعَلِّمْنَا دُعَاءً نَدْعُو بِهِ، عَسَى اللهُ عَزَّ وَجَلَّ أَنْ يَرْفَعَ عَنَّا عُقُوبَتَهُ قَالَ: فَقُولُوا: يَا حَيُّ حِينَ لَا حَيَّ، وَيَا حَيُّ مُحْيِي الْمَوْتَى، وَيَا حَيُّ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ " قَالَ: «فَكَشَفَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ عَنْهُمْ».

واتە: لە باوکی موجەللەدەوە دەگێڕنەو فەرموویەتی: کاتێ وەختی داباری‌نی سزا هات بۆ سەر گەلی پێغەمبەر یونس (سەلامی خوای لەسەر بێت) پارچە هەور وەکوو شەوی تاریك دەهاتە ئاستی سەریان؛ جا پیاوە ژیرەکانیان ڕۆیشتن بۆ لای پیرەپیاوێکی زانای ناوخۆیان؛ گوتیان: ئەوەتا وەک دەبینی خەریکە تووشی سزا دەبین! نزایەکمان فێر بکە با بیکەین و لە خوا بپارێینەوە! بەڵکوو خوای گەورە سزاکەمان لەسەر هەڵبگرێت، پیرە پیاوە زاناکە گوتی: بڵێن: ئەی ئەو کەسەی کە هەر تۆ زیندوی لە کاتێکا جگە لە تۆ هیچ کەسێکیتر زیندوو نییە! ئەی ئەو کەسەی زیندویت و مردووەکان زیندوو دەکەیتەوە! ئەی زیندو! جگە لە تۆ هیچ خوایەکیتر نییە! دەفەرموێت: ئیتر خوای گەورە سزاکەی لەسەر هەڵگرتن.

١٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ وَكِيعٍ، حَدَّثَنَا جُمَيْعُ بْنُ عُمَيْرٍ، عَنْ مُجَالِدٍ، عَنِ الشَّعْبِيِّ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ عِنْدَهُ: " مَكَثَ عَلَيْهِ السَّلَامُ فِي بَطْنِ الْحُوتِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا فَقَالَ الشَّعْبِيُّ: " مَا مَكَثَ إِلَّا أَقَلَّ مِنْ يَوْمٍ؛ الْتَقَمَهُ ضُحًى، فَلَمَّا كَانَ بَعْدَ الْعَصْرِ، وَقَارَبَتِ الشَّمْسُ الْغُرُوبَ، تَثَاوَبَ الْحُوتُ، فَرَأَى يُونُسُ عَلَيْهِ السَّلَامُ ضَوْءَ الشَّمْسِ، فَقَالَ: ﴿ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبْحَٰنَكَ إِنِّى كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾ الأنبياء: ٨٧ " قَالَ: «فَنَبَذَهُ وَقَدْ صَارَ كَأَنَّهُ فَرْخٌ» فَقَالَ رَجُلٌ لِلشَّعْبِيِّ: أَتُنْكِرُ

قُدْرَةَ الله عَزَّ وَجَلَّ؟ قَالَ: «مَا أُنْكِرُ قُدْرَةَ الله عَزَّ وَجَلَّ، وَلَوْ أَرَادَ الله عَزَّ وَجَلَّ أَنْ يَجْعَلَ فِي بَطْنِهَا سُوقًا لَفَعَلَ».

واتە: لە شەعبیەوە دەگێڕنەوە کە پیاوێک لە لای ئەوا گوتی: پێغەمبەر یونس (سەلامی خوای لەسەر بێت) چل ڕۆژ لەناو زگی نەهەنگەکەدا مایەوە؛ شەعبی گوتی: نەخێر! تەنیا ڕۆژێک یان کەمتر لە ڕۆژێک مایەوە؛ دەمی چێشتەنگا نەهەنگەکە قوتیداو دوای عەسر لە کاتی خۆرئاوابوونا نەهەنگەکە باوێشکیدا؛ یونس سەلامی خوای لەسەر بێت تیشکی خۆی بینی و گوتی: ئەی خوایە! جگە لە تۆ هیچ خوایەکیتر نییە؛ پاك و بێگەردی بۆ تۆ؛ بەڕاستی من یەکێکم لە ستەمکاران! جا فەرمووی: نەهەنگەکە یونسی فڕێدایە دەرەوە و وەکوو جوجەڵەی لێهاتبوو. پیاوێک بە شەعبی گوت: بۆ تۆ ئینکاری لە دەسەڵاتی خوای گەورەدا دەکەی؟ شەعبی گوتی: نەوەڵڵا ئینکاری لە دەسەڵاتی خوادا ناکەم؛ ئەگەر خوای گەورە پیویستایە بۆ ماوەیەکی درێژ یونس لەناو زگی نەهەنگەکەدا بمێنێتەوە؛ ئەوا دەمایەوە.

١٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنِ السُّدِّيِّ، عَنْ أَبِي مَالِكٍ قَالَ: «لَبِثَ يُونُسُ عَلَيْهِ السَّلَامُ فِي بَطْنِ الْحُوتِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا».

واتە: سودی دەفەرموێت: باوکی مالیك فەرمووی: پێغەمبەر یونس (سەلامی خوای لەسەر بێت) چل ڕۆژ لە زگی نەهەنگەکەدا مایەوە.

١٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ سَعِيد بْنِ أَبِي هِنْدَ، عَنْ أَبِيه، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " نِعْمَتَانِ مَغْبُونٌ فِيهِمَا كَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ: الْفَرَاغُ، وَالصِّحَّةُ ".

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: دوو نازونیعمەت هەیە کە زۆرێک لە خەڵکی تێیدا زەرەرمەندن (چونکە بەکاریان ناهێنن و سودیان لێ وەرناگرن)؛ بێکاری و لەشساغی.

١٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، أَخْبَرَنَا مُعَاوِيَةُ يَعْنِي ابْنَ صَالِحٍ، عَنْ عَمْرِو بْنِ قَيْسٍ قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ الله بْنَ بُسْرٍ يَقُولُ: " جَاءَ أَعْرَابِيَّانِ إِلَى رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقَالَ أَحَدُهُمَا: يَا رَسُولَ الله، أَيُّ النَّاسِ خَيْرٌ؟ قَالَ: «مَنْ طَالَ عُمْرُهُ، وَحَسُنَ عَمَلُه» ، وَقَالَ الْآخَرُ: يَا رَسُولَ الله، إِنَّ شَرَائِعَ الْإِسْلَامِ قَدْ كَثُرَتْ عَلَيَّ، فَأْمُرْنِي بِأَمْرٍ أَتَشَبَّثُ بِه فَقَالَ يَعْنِي رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «لَا يَزَالُ لِسَانُكَ رَطْبًا مِنْ ذِكْرِ الله».

واتە: عەمری کوڕی قەیس دەفەرموێت: گوێم لە عەبدوڵڵای کوڕی بوسر بوو دەیفەرموو: دو پیاوی دەشتەکی هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)؛ یەکێکیان گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! کام کەسە لە هەموان باشترە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەوەی کە تەمەنی درێژەو کار و کردەوەی جوانە.. ئەویتریشیان گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! لق و پۆپەکانی ئاینی ئیسلام زۆرن و هەموم بۆ جێبەجێ ناکرێت؛ شتێکم پێ بڵێ با دەستی پێوە بگرم.. جا فەرمووی: مەبەست پێغەمبەری خوایە (ﷺ): با بەردەوام زمانت تەڕ بێت بە یاد و زیکری خوداوە.

١٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، عَنْ مُعَاوِيَةَ، عَنِ الْعَلَاءِ بْنِ الْحَارِثِ، عَنْ زَيْدِ بْنِ أَرْطَاةَ، عَنْ جُبَيْرِ بْنِ نُفَيْرٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِنَّكُمْ لَنْ تَرْجِعُوا إِلَى الله عَزَّ وَجَلَّ بِشَيْءٍ أَفْضَلَ مِمَّا خَرَجَ مِنْهُ» يَعْنِي الْقُرْآنَ ".

واتە: لە جوبەیری کوڕی نوفەیرەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئێوە بە هیچ شتێکەوە ناگەڕێنەوە بۆ خزمەت خوای گەورە کە لەو شتە باشتر بێ کە لە لایەن خودی خوداوە هاتووە. مەبەستی قورئان بوو.

١٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ غَيْلَانَ، حَدَّثَنَا رِشْدِينُ، حَدَّثَنِي يُونُسُ، عَنِ ابْنِ شِهَابٍ، أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ رَضِيَ الله عَنْهُ قَالَ: «إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ كَلَامُ الله عَزَّ وَجَلَّ، فَضَعُوهُ عَلَى مَوَاضِعِهِ، وَلَا تَتَّبِعُوا فِيهِ أَهْوَاءَكُمْ».

واتە: کوڕی شیهاب دەفەرموێت: عومەری کوڕی خەتتاب فەرمووی: بەڕاستی ئەم قورئانە فەرموودەی خوای گەورەیە؛ لە شوێنی خۆیا داینێن و شوێن هەواو ئارەزوی خۆتان مەکەوون.

١٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنْ هِلَالٍ، عَنْ فَرْوَةَ بْنِ نَوْفَلٍ الْأَشْجَعِيِّ قَالَ: " كُنْتُ جَارًا لِخَبَّابٍ، فَخَرَجْتُ يَوْمًا مِنَ الْمَسْجِدِ، وَهُوَ آخِذٌ بِيَدِي، فَقَالَ: يَا هَنَاهُ، تَقَرَّبْ إِلَى الله عَزَّ وَجَلَّ بِمَا اسْتَطَعْتَ؛ فَإِنَّكَ لَنْ تَقَرَّبَ إِلَيْهِ بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ كَلَامِهِ ".

واتە: لە فەروەی کوڕی نەوفەلی ئەشجەعییەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: من دراوسێی خەبباب بوم؛ ڕۆژێک لە مزگەوت هاتمە دەرەوە خەبباب دەستی گرتم؛ فەرمووی: کاکەبرا! هەرچۆنێک دەتوانی و بۆت دەگونجێ؛ خۆت لە خوای گەورە نزیك بکەرەوە، بەڕاستی تۆ ناتوانی بە هۆی هیچ شتێکەوە هێندەی فەرموودەی خوای گەورە خۆت لە خوای گەورە نزیك بکەیتەوە.

١٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنِي عَلِيُّ بْنُ عَلِيٍّ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ يَقُولُ: "بَلَغَنَا أَنَّ فُقَرَاءَ الْمُسْلِمِينَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ قَبْلَ أَغْنِيَائِهِمْ بِأَرْبَعِينَ عَامًا، وَالْآخَرُونَ جُثَاءٌ عَلَى رُكَبِهِمْ، فَيَأْتِيهِمْ رَبُّهُمْ عَزَّ وَجَلَّ فَيَقُولُ: أَنْتُمْ كُنْتُمْ حُكَّامَ النَّاسِ، وَوُلَاةَ أُمُورِهِمْ، فَعِنْدَكُمْ حَاجَتِي وَطِلْبَتِي" قَالَ: فَقَالَ الْحَسَنُ: «فَثَمَّ وَالله حِسَابٌ شَدِيدٌ، إِلَّا مَا يَسَّرَ الله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: عەلی کوڕی عەلی دەفەرموێت: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: بیستومانە کە هەژارە باوەڕدارەکان چل ساڵ پێش دەوڵەمەندەکان دەچنە بەهەشتەوە؛ ئەوانیتر لەسەر ئەژنۆن؛ جا خوای گەورە پێیان دەفەرموێت: ئێوە لە دونیادا بەڕێوەبەرو بەرپرس و کاربەدەستی خەڵك بوون؛ ئەوەی من دەمویست و داوام دەکرد بە دەست ئێوە و لای ئێوە بوو. حەسەن دەفەرموێت: سوێند بەخوا لەوەودوا لێکۆڵینەوەیەکی زۆر قورس دەست پێدەکا؛ مەگەر کەسێک خوای گەورە بۆی ئاسان بکات.

١٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الله بْنِ الزُّبَيْرِ، حَدَّثَنَا عِمْرَانُ، يَعْنِي ابْنَ زَائِدَةَ بْنِ نَشِيطٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ أَبِي خَالِدٍ، يَعْنِي: الْوَالِبِيَّ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: "قَالَ الله عَزَّ وَجَلَّ: ابْنَ آدَمَ، تَفَرَّغْ لِعِبَادَتِي أَمْلَأْ صَدْرَكَ غِنًى، وَأَسُدَّ فَقْرَكَ، وَإِلَّا تَفْعَلْ مَلَأْتُ صَدْرَكَ شُغْلًا، وَلَمْ أَسُدَّ فَقْرَكَ".

واتە: لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕنەوە؛ ئەویش لە پێغەمبەری خوداوە دەگێڕێتەوە؛ خوای گەورە فەرموویەتی: ئەی نەوەی ئادەم! خۆت بۆ پەرستنی من یەکلا بکەرەوە با دڵت پڕ بکەم لە زەنگینی و دەوڵەمەندی؛ با ڕێگای هەژاریت لێ بگرم؛ ئەگینا وا دەکەم دڵت پڕبێ لە سەرقاڵی و ڕێگای هەژاریشت لێ ناگرم.

١٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يَزِيدَ يَعْنِي الْمُقْرِئَ، حَدَّثَنَا حَيْوَةُ، أَخْبَرَنِي أَبُو هَانِئٍ أَنَّ أَبَا عَلِيٍّ، حَدَّثَهُ أَنَّهُ سَمِعَ فَضَالَةَ بْنَ عُبَيْدٍ يَقُولُ: "كَانَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، إِذَا صَلَّى بِالنَّاسِ يَخِرُّ رِجَالٌ مِنْ مَقَامِهِمْ فِي الصَّلَاةِ؛ لِمَا بِهِمْ مِنَ الْخَصَاصَةِ وَهُمْ أَصْحَابُ الصُّفَّةِ حَتَّى يَقُولَ الْأَعْرَابُ: إِنَّ هَؤُلَاءِ مَجَانِينُ فَإِذَا قَضَى رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الصَّلَاةَ انْصَرَفَ إِلَيْهِمْ فَقَالَ: «لَوْ تَعْلَمُونَ مَا لَكُمْ عِنْدَ الله عَزَّ وَجَلَّ لَأَحْبَبْتُمْ لَوْ أَنَّكُمْ تَزْدَادُونَ حَاجَةً، وَفَاقَةً» قَالَ فَضَالَةُ: وَأَنَا مَعَ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَوْمَئِذٍ.

واتە: فوزالەی کوڕی عوبەید دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێ بەرنوێژی بۆ خەڵکی دەکرد؛ هەندێ کەس لەناو نوێژا دەکەوتن؛ چونکە هێندە برسی بوون خۆیان پێ ڕانەدەگیرا؛ ئەوانە هاوەڵانی صوففە بوون؛ بە جۆرێک دەکەوتن دەشتەکییەکان دەیانگوت: ئەمانە شێتن! جا کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نوێژ بویەوە تەشریفی بردە لای ئەو کەسانەو

فەرمووی: ئەگەر بزانن خوای گەورە پ شتێکی بۆ ئامادە کردون؛ ئەوا پێتان خۆش دەبێ هێندەیتر هەژار و نەدار بن. فوزالە دەفەرموێت: ئەو ڕۆژە کە ئەو ڕووداوە ڕویدا من لە خزمەتی پێغەمبەردا (ﷺ) بووم.

١٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، وَجَدْتُ فِي كِتَابِ أَبِي بِخَطِّ يَدِهِ، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ الْغَلَابِيُّ، حَدَّثَنِي رَجُلٌ، عَنْ بِشْرِ بْنِ مَنْصُورٍ قَالَ: «إِنَّ الْإِيمَانَ عَفِيفٌ عَنِ الْمَطَامِعِ، وَالْمَطَاعِمَ عَفِيفٌ عَنِ الْمَحَارِمِ».

واتە: بیشری کوڕی مەنصور دەفەرموێت: بەڕاستی دەبێ بیرو باوەڕ پاك و خاوێن بێت لە تەماع و خواردنیش پاك و خاوێن بێت لە شتی ناڕەواو حەرام.

١٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، قَالَ: فِي كِتَابِ أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنِي رَجُلٌ، عَنْ بِشْرِ بْنِ مَنْصُورٍ قَالَ: قَالَ شُمَيْطٌ رَحِمَهُ اللهُ: «إِنَّ هَذِهِ الدَّنَانِيرَ، وَالدَّرَاهِمَ أَزِمَّةُ الْمُنَافِقِينَ؛ يُقَادُونَ بِهَا إِلَى السَّوْءَاتِ».

واتە: شومەیت دەفەرموێت: بەڕستی ئەم پارەو پوڵ و دینار و دیرهەمانە بوونەتە ڕەشۆ بۆ مرۆڤە دووڕووەکان؛ بە هۆی ئەو دینارو دیرهەمانەوە ڕایاندەکێشن بۆ خراپەو خراپەکاری.

١٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ: «كَانَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَوْفٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ لَا يُعْرَفُ مِنْ بَيْنِ عَبِيدِهِ».

واتە: سەعیدی کوڕی جوبەیر دەفەرموێت: عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف (کاتێ دەچوە ناو کۆیلەکانی) لە ناو کۆیلەکانیا نەدەناسرایەوە (واتە: پۆشاکی تایبەت و شتی تایبەتی وای بەکار نەدەهێنا تا لەوان جیاواز بێت و خۆی جیاواز نەدەکردەوە).

١٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا الْمُعَلَّى بْنُ زِيَادٍ، حَدَّثَنَا الْعَلَاءُ بْنُ بَشِيرٍ الْمُزَنِيُّ، وَكَانَ وَاللهِ مَا عَلِمْتُ شُجَاعًا عِنْدَ اللِّقَاءِ، بَكَّاءً عِنْدَ الذِّكْرِ، عَنْ أَبِي الصِّدِّيقِ النَّاجِيِّ، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ قَالَ: " كُنْتُ فِي حَلْقَةٍ مِنَ الْأَنْصَارِ، وَإِنَّ بَعْضَنَا لَيَسْتَتِرُ بِبَعْضٍ مِنَ الْعُرْيِ، وَقَارِئٌ لَنَا يَقْرَأُ عَلَيْنَا؛ فَنَحْنُ نَسْمَعُ إِلَى كِتَابِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ، إِذْ وَقَفَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَقَعَدَ فِينَا؛ لِيَعُدَّ نَفْسَهُ مَعَهُمْ، فَكَفَّ الْقَارِئُ، فَقَالَ: «مَا كُنْتُمْ تَقُولُونَ؟» قَالَ: قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللهِ، كَانَ قَارِئٌ لَنَا يَقْرَأُ كِتَابَ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِيَدِهِ، وَحَلَّقَ بِهَا؛ يُومِئُ إِلَيْهِمْ أَنْ تَحَلَّقُوا، فَاسْتَدَارَتِ الْحَلْقَةُ قَالَ: فَمَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَرَفَ مِنْهُمْ أَحَدًا غَيْرِي قَالَ: فَقَالَ: «أَبْشِرُوا يَا مَعْشَرَ الصَّعَالِيكِ تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ قَبْلَ الْأَغْنِيَاءِ بِنِصْفِ يَوْمٍ، وَذَلِكَ خَمْسُمِائَةِ عَامٍ».

واتە: لە باوکی سەعیدی خودرییەوە دەگێڕنەوە فەرمویەتی: من لەناو کۆمەڵێکی ئەنصاریدا بووم؛ لەبەر ئەوەی پۆشاکی تێرو تەواومان لەبەر نەبوو؛ هەندێکمان خۆمان دابویە پاڵ هەندێکمان بۆ ئەوەی دەرنەکەوین؛ قورئان خوێنێکمان تێدا بوو قورئانی بەسەرا دەخوێندینەوە و ئێمەیش گوێمان لە فەرموودەی خوای گەورە دەگرت؛ لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەیدا بوو لە لامانا ڕاوەستا؛ دوایی لە لامانا دانیشت بۆ ئەوەی خۆی بە یەکێک لە ئێمە هەژمار بکات؛ جا قورئانخوێنەکە (چاوی بە پێغەمبەر (ﷺ) کەوت) وازی لە قورئانخوێندن هێناو تەواوی کرد؛ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەوە چیتان دەگوت؟ ئێمەیش گوتمان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! ئەوە ئەو قورئانخوێنە قورئانی دەخوێندەوە؛ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی. جا لەو کاتەدا دەستی وەک بازنە لێ کرد وئاماژەی بەوە دا کە ببن بە بازنەیەک. جا بازنەیەک دروست کرا؛ باوکی سەعید دەفەرموێت: پێم وایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) جگە لە من هیچیانی نەدەناسی؛ فەرمووی: جا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: مزگێنیم بدەنێ ئەی هەژارەکان! ئێوە نیو ڕۆژ پێش زەنگین و دەوڵەمەندەکان دەچنە بەهەشتەوە، ئەو نیو ڕۆژە یەکسانە بە پێنجسەد ساڵ!

٢٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا هِشَامُ بْنُ حَسَّانَ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ يَقُولُ: «وَالله مَا أَحَدٌ مِنَ النَّاسِ بَسَطَ الله عَزَّ وَجَلَّ له دُنْيَا، فَلَمْ يَخَفْ أَنْ يَكُونَ قَدْ مُكِرَ به فِيهَا، إِلَّا كَانَ قَدْ نَقَصَ عِلْمُهُ وَعَجَزَ رَأْيُهُ، وَمَا أَمْسَكَهَا الله عَزَّ وَجَلَّ عَنْ عَبْدٍ، فَلَمْ يَظُنَّ أَنَّهُ قَدْ خِيرَ له فِيهَا إِلَّا كَانَ قَدْ نَقَصَ عِلْمُهُ وَعَجَزَ رَأْيُهُ».

واتە: هیشامی کوڕی حەسسان دەفەرموێت: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: سوێند بەخوا خوای گەورە دونیا بدات بە هەر کەسێک و ئەو کەسە ترسی ئەوەی لە دڵا نەبێ کە بە هۆی دونیاوە تاقی دەکرێتەوە و تووش دەبێ؛ ئەوا ئەو کەسە زانیاری کەمە و ژیری و تێگەیشتنی کەمە؛ هەروەها خوای گەورە دونیا لە هەر بەندەیەکی خۆی بگرێتەوە و ئەو کەسە گومان نەبا کە چاکەی لەگەڵدا کراوە؛ ئەوە ئەویش زانیاری کەمەو ژیری و تێگەیشتنی کەمە.

٢٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَخْبَرَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: " وَالله لَقَدْ أَدْرَكْتُ أَقْوَامًا لَوْ شَاءَ أَحَدُهُمْ أَنْ يَأْخُذَ هَذَا الْمَالَ مِنْ حله أَخَذَهُ، فَيُقَالُ لهمْ: أَلَا تَأْتُونَ نَصِيبَكُمْ مِنْ هَذَا الْمَالِ فَتَأْخُذُونَهُ حَلَالًا؟ فَيَقُولُونَ: لَا، إِنَّا نَخْشَى أَنْ يَكُونَ أَخْذُهُ فَسَادًا لِقُلُوبِنَا ".

واتە: هیشام لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: سوێند بەخوا! من کەسانێکم بینیوە ئەگەر هەرکامیان بیویستایە ئەم سەروەت و سامانەی دونیای بە شێوەی ڕەواو حەڵاڵ دەست بکەوێ؛ دەیتوانی بەدەستی بهێنێت؛ پێیان دەگوترا: ئەوە بۆچی هەندێک لەم سەروەت و سامانەی دونیا بە ڕەوایی و حەڵاڵی بەدەست ناهێنن؟ لە وەڵاما دەیانگوت: ئاخر دەترسین

بەدەستهێنانی ئەم سەروەت و سامانەی دونیا ببێتە تێکدەری دڵمان (واتە: دڵمان ببەستێتەوە بە دونیاوە و قیامەتمان لە بیر بباتەوە).

٢٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَهَّاب، عَنْ سَعِيد، عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: ذُكِرَ لَنَا " أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ دَخَلَ عَلَى أَهْلِ الصُّفَّة وَكَانَ يَجْتَمِعُ بِهَا فُقَرَاءُ الْمُسْلِمِينَ وَكَانُوا يَرْقَعُونَ ثِيَابَهُمْ بِأَدَم، وَلَا يَجِدُونَ رِقَاعًا، فَقَالَ: «أَنْتُمُ الْيَوْمَ خَيْرٌ، أَوْ يَوْمَ يَغْدُو أَحَدُكُمْ فِي حُلَّة، وَيَرُوحُ فِي أُخْرَى، وَتَغْدُو عَلَيْه جَفْنَةٌ، وَيُرَاحُ عَلَيْه بِأُخْرَى، وَيَسْتُرُ بَيْتَهُ كَمَا تُسْتَرُ الْكَعْبَةُ؟» قَالُوا: لَا، بَلْ نَحْنُ يَوْمَئذ خَيْرٌ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «لَا، بَلْ أَنْتُمُ الْيَوْمَ خَيْرٌ».

واتە: لە قەتادەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: بۆمان باسکرا کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەشریفی برد بۆ لای ئەهلی صوففە؛ صوففە شوێنێک بوو کە باوەڕدارە هەژارەکان تێیدا کۆ دەبوونەوە؛ پۆشاك و جل و بەرگی خۆیان بە پارچە پێستی خۆشکراو پینە دەکرد بەلام ئەوەشیان دەست نەدەکەوت؛ (پێغەمبەر (ﷺ)) فەرمووی: ئێوە ئەمڕۆ باشترن یان ئەو دەمەی کە دانی بەیانی پۆشاکێکتان لەبەرا بێت و دانی ئێوارە پۆشاکێک و بەیانیان خۆراکێک بخۆن و ئێواران خۆراکێتر و ماڵەکەی داپپۆشێت وەک چۆن ماڵی خوا (کەعبە) دادەپۆشرێت؟ هاوەڵان گوتیان: ئێمە ئەوکاتە باشترین تا ئەمڕۆ! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نەخێر! ئێوە ئا بەم حاڵەوە باشترن تا ئەو کاتە.

٢٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ سَنْدَل، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، عَنْ جُبَيْر، عَنِ الْحَسَن، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ؛ " فِيمَا يَذْكُرُ عَنْ رَبِّه عَزَّ وَجَلَّ: «ابْنَ آدَم، اذْكُرْنِي بَعْدَ الْفَجْر وَبَعْدَ الْعَصْر سَاعَةً أَكْفِيكَ مَا بَيْنَهُمَا».

واتە: حەسن لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە خوای گەورەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەی نەوەی ئادەم! دوای بەیانی یاد و زیکری من بکە؛ هەروەها دوای ئێوارەش هەندێک یاد و زیکری من بکە ئیتر هەموو خەم و خەفەتێکی نێوان بەیانی و ئێوارەت لەکۆڵ دەکەمەوە.

٢٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ أَبِي عَدِيٍّ، عَنْ حُمَيْد، عَنْ أَنَس قَالَ: " كَانَتْ نَاقَةٌ لِرَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ تُسَمَّى الْعَضْبَاءَ، وَكَانَتْ لَا تُسْبَقُ، فَجَاءَ أَعْرَابِيٌّ عَلَى قَعُود فَسَبَقَهَا، فَشَقَّ ذَلِكَ عَلَى الْمُسْلِمِينَ، فَلَمَّا رَأَى مَا فِي وُجُوهِهِمْ قَالُوا: يَا رَسُولَ الله، سُبِقَتِ الْعَضْبَاءُ فَقَالَ: «إِنَّ حَقًّا عَلَى الله عَزَّ وَجَلَّ أَنْ لَا يَرْفَعَ شَيْئًا مِنَ الدُّنْيَا إِلَّا وَضَعَهُ».

واتە: ئەنەس دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) وشترێکی هەبوو پێی دەگوترا: عەزبا (العضباء)؛ ئەو وشترە هێندە خێرابوو هیچ وشترێک لێی پێش نەدەکەوت؛ جارێک پیاوێکی

دەشتەکی بە سواری وشترێکی بەهێزو چاکەوە هات و پێش وشترەکەی پێغەمبەری (ﷺ) دایەوە؛ باوەڕداران پێیان ناخۆشبوو کە ئەو وشترە پێش وشترەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەوتووە؛ جا کە پێغەمبەر (ﷺ) هەستی بە دڵتەنگی باوەڕداران کرد؛ باوەڕداران گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! عەزبا بەزی و ئەو وشترە لێی بردەوە! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەوە خوای گەورە وای داناوە کە هەر شتێک لە دونیادا سەربکەوێ؛ دەبێ ڕۆژێک دایبەزێنێتەوە و بیهێنێتەوە خوار.

٢٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَهْبُ بْنُ جَرِير، حَدَّثَنَا أَبِي قَالَ: سَمِعْتُ يَعْلَى بْنَ حَكِيم يُحَدِّثُ عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ أَبِي عَبْدِ الله قَالَ: كَانَ أَبُو أُمَامَةَ صَاحِبُ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَدْ أَحْقَبَ زَادَهُ خَلْفَهُ عَلَى رَحْله قَالَ: سَمِعْتُ ابْنَ عُمَرَ يَقُولُ: «مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى رَجُلٍ حَاجٍّ فَلْيَنْظُرْ إِلَى أَبِي أُمَامَةَ رَضِيَ الله عَنْهُ» فَقُلْنَا له: «أَوَمَا نَحْنُ حُجَّاجٌ؟» ، فَقَالَ: «إِنَّكُمْ لَتَزْعُمُونَ أَنَّكُمْ حُجَّاجٌ».

واتە: یەعلای کوڕی حەکیم لە سولەیمانی کوڕی باوکی عەبدوڵڵای گێڕایەوە فەرمووی: باوکی ئومامە کە یەکێک بوو لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) جارێک توێشوو کەلوپەلەکەی خۆی لە سەر وشترێک لە دوای خۆیەوە دانابوو؛ جا سولەیمان فەرمووی: گوێم لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بوو دەیفەرموو: هەر کەسێ پێی خۆشە سەیری پیاوێکی حەجکەر بکات ئەوا با سەیری باوکی ئومامە بکات (خوای لێ ڕازی بێت)

٢٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنَا عَبَّاسُ بْنُ الْوَلِيد النَّرْسِيُّ، وَمُحَمَّدُ بْنُ بَكَّار، جَمِيعًا قَالاَ: حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ الْمُبَارَك، عَنْ أَبِي بَكْر بْن أَبِي مَرْيَمَ، عَنْ ضَمْرَةَ بْن حَبِيب، عَنْ شَدَّاد بْن أَوْس قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «الْكَيِّسُ مَنْ دَانَ نَفْسَهُ، وَعَمِلَ لِمَا بَعْدَ الْمَوْتِ، وَالْعَاجِزُ مَنْ أَتْبَعَ نَفْسَهُ هَوَاهَا، وَتَمَنَّى عَلَى الله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: شەددای کوڕی ئەوس دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: مرۆڤی ژیر ئەو کەسەیە کە لێپێچینەوە لە نەفسی خۆی بکات و ملکەچی فرمانەکانی خوای گەورەی بکات و کار بۆ دوای مردن بکات؛ مرۆڤی بێدەسەڵاتیش ئەو کەسەیە کە شوێن هەواو نەفسی خۆی بکەوێت و هەر بڵێ: خوا گەورەیە! (واتە: کاری چاکە نەکات و بڵێ: خوا گەورەیە؛ خوا لێم خۆش دەبێ!).

٢٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، حَدَّثَنَا أَبو الْأَشْهَبِ، حَدَّثَنِي سَعِيدُ بْنُ أَيْمَنَ مَوْلَى كَعْبِ بْنِ سَوَّارٍ قَالَ: " بَيْنَمَا رَسُولُ اللهِ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُحَدِّثُ أَصْحَابَهُ، إِذْ جَاءَ رَجُلٌ مِنَ الْفُقَرَاءِ، فَجَلَسَ إِلَى جَنْبِ رَجُلٍ مِنَ الْأَغْنِيَاءِ، فَكَأَنَّهُ قَبَضَ مِنْ ثِيَابِهِ عَنْهُ، فَتَغَيَّرَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «أَخَشِيتَ يَا فُلَانُ أَنْ يَعْدُوَ غِنَاكَ عَلَيْهِ، وَأَنْ يَعْدُوَ فَقْرُهُ عَلَيْكَ؟» قَالَ: يَا رَسُولَ الله، وَشَرٌّ الْغِنَى؟ قَالَ: «نَعَمْ، إِنَّ غِنَاكَ يَدْعُوكَ إِلَى النَّارِ، وَإِنَّ فَقْرَهُ يَدْعُوهُ إِلَى الْجَنَّةِ» فَقَالَ: فَمَا يُنْجِينِي مِنْهُ؟ قَالَ: «تُوَاسِيهِ» قَالَ: إِذًا أَفْعَلُ، فَقَالَ الْآخَرُ: لَا إِرَبَ لِي فِيهِ قَالَ: «فَاسْتَغْفِرْ، وَادْعُ لِأَخِيكَ».

واته: سەعیدی کوڕی ئەیمەن کە کۆیلەی ئازادکراوی کەعبی کوڕی سەووار بوو فەرمووی: جارێک پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموودەی بۆ هاوەڵانی دەفەرمو؛ لەپڕ یەکێک لە هاوەڵە زۆر هەژارەکان پەیدا بوو؛ پیاوە هەژارەکە لە تەنیشت پیاوێکی دەوڵەمەند دانیشت؛ وەک بڵێی پیاوە دەوڵەمەندەکە پۆشاکەکانی کۆ کردەوە لەبەر ئەوەی نەدا لە پۆشاکی پیاوە هەژارەکە: (پێغەمبەر (ﷺ) ئاگای لەوەبوو) ڕەنگی تێکچوو؛ پێغەمبەر (ﷺ) (بە پیاوە دەوڵەمەندەکەی) فەرمووی: ئەرێ فلانە کەس! دەترسی دەوڵەمەندیەکەت بڕوا بۆ ئەوو هەژاریەکەی ئەو بێت بۆ تۆ؟! پیاوەکە گوتی: بۆ قوربان مەگەر دەوڵەمەندی خراپە؟! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ! دەوڵەمەندیەکەی تۆ بەرەو دۆزەخت ڕادەکێشێت و هەژاریەکەی ئەو بەرەو بەهەشتی ڕادەکێشێت! پیاوەکە گوتی: ئەی جا چیبکەم ڕزگارم بێ؟! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دڵی ئەو پیاوە هەژارە بدەرەوە و ئاشتی بکەرەوە! پیاوەکە گوتی: هەر ئێستا ئەو کارە دەکەم! پیاوە هەژارەکە گوتی: قەیناکە پێویست ناکات داوای لێبوردنم لێ بکات.. پێغەمبەر (ﷺ) بە پیاوە دەوڵەمەندەکەی فەرموو: دەی داوای لێبوردن لە خوای گەورە بکەو نزای خێریش بۆ براکەت بکە.

٢٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا الْمُسْتَمِرُّ بْنُ الرَّيَّانِ الْإِيَادِيُّ، حَدَّثَنَا أَبُو نَضْرَةَ الْعَبْدِيُّ، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ذَكَرَ الدُّنْيَا فَقَالَ: «إِنَّ الدُّنْيَا خَضِرَةٌ حُلْوَةٌ، فَاتَّقُوهَا، وَاتَّقُوا النِّسَاءَ».

واته: لە باوکی سەعیدی خودرییەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی دونیای کرد و فەرمووی: بەڕاستی دونیا سەوزەڵان و شیرین و خۆشە؛ خۆتان لە دونیا بپارێزن؛ هەروەها سەبارەت بە ژنانیش لە خوای گەورە بترسن.

٢٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يَزِيدَ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ أَبِي أَيُّوبَ، حَدَّثَنِي أَبُو مَرْحُوم عَبْدُ الرَّحِيم بْنُ مَيْمُون، عَنْ سَهْل بْن مُعَاذ بْن أَنَس الْجُهَنِيِّ، عَنْ أَبِيه قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «مَنْ تَرَكَ اللِّبَاسَ وَهُوَ يَقْدرُ عَلَيْه تَوَاضُعًا لله عَزَّ وَجَلَّ دَعَاهُ الله عَزَّ وَجَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَة عَلَى رُءُوس الْخَلَائق، حَتَّى يُخَيِّرَهُ منْ حُلَل الْإِيمَان يَلْبَسُ أَيَّهَا شَاءَ».

واته: سەهلی کوڕی موعازی کوڕی ئەنەسی جوهەنی لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: هەر کەسێ توانای پۆشینی پۆشاکی شیك و جوان و ڕێکوپێک و گرانبەهای هەبێ و وەک ملکەچی و خۆبەکەمزانینێک لە ئاست خوای گەورە ئەو جۆرە پۆشاکانە لەبەر نەکات؛ ئەوا خوای گەورە لە قیامەتدا بە بەرچاوی هەموو خەڵکەوە بانگی دەکات و لە نێوان هەموو جۆرەکانی ئیماندا سەرپشکی دەکات خۆی کامەیانی پێ خۆش بێت بۆخۆی هەڵبژێرێت و بیکات بە بەر خۆیا.

٢١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَني أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا عُمَارَةُ بْنُ هشَام صَاحبُ الزَّعْفَرَانيِّ، عَنْ أَنَس بْن مَالك أَنَّ فَاطمَةَ، عَلَيْهَا السَّلَامُ نَاوَلَتْ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ، كسْرَةً منْ خُبْز شَعير، فَقَالَ: «هَذَا أَوَّلُ طَعَام أَكَلَه أَبُوك مُنْذُ ثَلَاثَة أَيَّام».

واته: ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرموێت: فاتیمەی کچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پارچە نانێکی جۆی دا بە پێغەمبەر (ﷺ) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەوە سێ ڕۆژە ئەمە یەکەم پارویە کە باوکت بیخاتە سەر زارو بیخوا.

٢١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا مُحَمَّدُ بْنُ رَاشد، عَنْ مَكْحُول، عَنْ رَجُل، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: «مَا جَلَسْتُ إِلَى أَحَد أَكْثَرَ اسْتغْفَارًا منْ رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ» قَالَ الرَّجُلُ: وَمَا جَلَسْتُ إِلَى أَحَد أَكْثَرَ اسْتغْفَارًا منْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَحِمَهُ الله ".

واته: پیاوێک لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە لای هیچ کەسێکدا دانەنیشتوم هێندەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) أستغفرالله و داوای لێبوردن لە خوای گەورە بکات. پیاوەکەش گوتی: منیش لە لای هیچ کەسێکدا دانەنیشتوم هێندەی ئەبوهورەیرە أستغرالله و داوای لێبوردن لە خوای گەورە بکات.

٢١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ زَيْدٍ، عَنْ أَبِي عُثْمَانَ النَّهْدِيِّ، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ الله عَنْهَا قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «اللهمَّ اجْعَلْنِي مِنَ الَّذِينَ إِذَا أَحْسَنُوا اسْتَبْشَرُوا، وَإِذَا أَسَاءُوا اسْتَغْفَرُوا».

واته: دایه عائیشه دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەموو جارێک دەیفەرموو: پەروەردگارا! بمگێڕی بە یەکێک لەو کەسانەی کە کاتێک چاکەیەک دەکەن دڵیان خۆش و ڕویان گەش دەبێت و کاتێکیش خراپەیەک دەکەن یەکسەر أستغرالله دەکەن و داوا لە خوای گەورە دەکەن لێیان خۆش ببێت.

٢١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى، عَنْ شُعْبَةَ، عَنْ عَمْرِو بْنِ مُرَّةَ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا بُرْدَةَ قَالَ: سَمِعْتُ الْأَغَرَّ، رَجُلًا مِنْ جُهَيْنَةَ، يُحَدِّثُ ابْنَ عُمَرَ، أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «يَا أَيُّهَا النَّاسُ، تُوبُوا إِلَى رَبِّكُمْ، فَإِنِّي أَتُوبُ إِلَيْهِ فِي الْيَوْمِ مِائَةَ مَرَّةٍ».

واته: عومری کوڕی موڕڕە دەفەرموێت: گوێم لە باوکی بوردە بوو دەیفەرموو: گوێم لە ئەغەڕ بوو، ئەغەڕ پیاوێکی جوهەینی بوو؛ لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەروە گێڕایەوە کە عەبدوڵڵا گوێی لە پێغەمبەر (ﷺ) بووە فەرموویەتی: ئەی خەڵکینە! بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگار! بەڕاستی من هەموو ڕۆژێک سەد جار تەوبە دەکەم و دەگەڕێمەوە بۆ لای پەروەردگار!

زوهد و پارسایی پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لەسەر بێت)

٢١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ، عَنِ ابْنِ أَبِي نَجِيحٍ قَالَ: " قَالَ سُلَيْمَانُ بْنُ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: " أُوتِينَا مَا أُوتِيَ النَّاسُ، وَمَا لَمْ يُؤْتَوْا، وَعَلِمْنَا مَا عَلِمَ النَّاسُ، وَمَا لَمْ يَعْلَمُوا، فَلَمْ نَجِدْ شَيْئًا أَفْضَلَ مِنْ ثَلَاثِ كَلِمَاتٍ: الْحِلْمُ فِي الْغَضَبِ وَالرِّضَا، وَالْقَصْدُ فِي الْفَقْرِ وَالْغِنَى، وَخَشْيَةُ اللهِ فِي السِّرِّ وَالْعَلَانِيَةِ ".

واتە: لە کوڕی باوکی نەجیحەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: سولەیمانی کوڕی داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: ئەوەی کە بە خەڵکی دراوە بە ئێمەیش دراوە؛ لەوەش زیاتر هەندێ شت بە ئێمە دراوە کە بە خەڵکی نەدراوە، ئێمە هەموو ئەو شتانە دەزانین کە خەڵکی دەیزانن؛ ئەوەش دەزانین کە خەڵکی نایزانن؛ بەڵام بەو حاڵەش نەمانزانیوە هیچ شتێ لەم سێ وشەیە باشتر بێت: بە حەوسەڵەیی لە کاتی تووڕەبوون و لە کاتی ئارامیدا؛ دادگەری و یەکسانی لە کاتی هەژاری و دەوڵەمەندیدا و ترسان لە خوای گەورە لە ئاشکراو لە پەنهانیدا.

٢١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ خَيْثَمَةَ قَالَ: قَالَ سُلَيْمَانُ بْنُ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: «جَرَّبْنَا الْعَيْشَ: لَيِّنَهُ وَشَدِيدَهُ، فَوَجَدْنَاهُ يَكْفِي مِنْهُ أَدْنَاهُ».

واتە: خەیسەمە دەفەرموێت: سولەیمانی کوڕی داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: ئێمە ژینمان جەرباندو تاقیمان کردەوە؛ هەم ژیانی خۆش و هەم ژیانی ناخۆشمان جەرباند؛ وا تێگەیشتین کە لای خواروی ژیان بەسە بۆ مرۆڤ (واتە: ژیانێکی هەژارانەی بەسە).

٢١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ مُحَمَّد بْن أَيُّوبَ، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر يَعْني ابْنَ عَيَّاش، عَنْ إِدْرِيسَ بْن وَهْب بْن مُنَبِّه، حَدَّثَني أَبي قَالَ: " كَانَ لسُلَيْمَانَ بْن دَاوُدَ عَلَيْه السَّلَامُ أَلْفُ بَيْت؛ أَعْلَاهَا قَوَارِيرُ، وَأَسْفَلها حَديدٌ، فَرَكبَ الرِّيحَ يَوْمًا، فَمَرَّ بحَرَّاث، فَنَظَرَ إِلَيْه الْحَرَّاثُ، فَقَالَ: لَقَدْ أُوتيَ آلُ دَاوُدَ مُلْكًا عَظيمًا، فَحَمَلَت الرِّيحُ كَلَامَهُ، فَأَلْقَتْهُ في أُذُن سُلَيْمَانَ عَلَيْه السَّلَامُ قَالَ: فَنَزَلَ حَتَّى أَتى الْحَرَّاثَ، فَقَالَ: إِنِّي سَمعْتُ قَوْلَكَ، وَإِنَّمَا مَشَيْتُ إِلَيْكَ لئَلَّا تَتَمَنَّى مَا لَا تَقْدرُ عَلَيْه، لَتَسْبيحَةٌ وَاحدَةٌ يَقْبَلها اللهُ عَزَّ وَجَلَّ خَيْرٌ ممَّا أُوتيَ آلُ دَاوُدَ، فَقَالَ الْحَرَّاثُ: أَذْهَبَ اللهُ هَمَّكَ، كَمَا أَذْهَبْتَ هَمِّي ".

واتە: ئیدریسی کوڕی وەهبی کوڕی مونەببیھ دەفەرموێت: باوکم بۆی گێڕامەوە فەرمووی: سولەیمانی کوڕی داوود هەزار ماڵی هەبوو؛ هەرە بەرزو گرانەکەیان بە شوشەی روون و ساف دروست کرابوو؛ هەرە خوارەکەشیان بە ئاسن دروست کرابوو؛ ڕۆژێک فرمانی بە .با. کرد هەڵیبگرێ؛ کاتێ .با. هەڵیگرت دای بە لای جوتیارێکا؛ جوتیارەکە سەیری کرد و گوتی: بەڕاستی خوای گەورە سەروەت و سامان و موڵکێکی گەورەی بە بنەماڵەی داوود بەخشیوە! جا .با. قسەی ئەو جوتیارەی هەڵگرت و دای بە گوێی سولەیمانا (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: سولەیمان دابەزی و ڕۆیشت بۆ لای جوتیارەکە؛ فەرمووی: من گوێم لە قسەکەی تۆ بوو؛ بۆیە هاتووم بۆ لات تا داوای شتێک نەکەی کە لە توانای خۆتا نییەو ناتوانی جێبەجێی بکەیت! چونکە بەڕاستی گوتنی یەک (سبحان الله) بەو مەرجەی خوای گەورە لێت وەربگرێ؛ لە هەموو ئەو سەروەت و سامانە باشترە کە بە بنەماڵەی داوود بەخشراوە! جوتیارەکە گوتی: دەی خوای گەورە خەم و خەفەتت لەدڵ لا ببا وەک چۆن خەم و خەفەتت لە دڵی منا نەهێشت!

٢١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مُصْعَب، عَنِ الْأَوْزَاعيِّ، عَنْ يَحْيَى بْن أَبي كَثير قَالَ: " قَالَ سُلَيْمَانُ بْنُ دَاوُدَ عَلَيْه السَّلَامُ لابْنه: «يَا بُنَيَّ، لَا تُكْثر الْغَيْرَةَ عَلَى أَهْلكَ فَتُرْمَى بالسُّوء منْ أَجْلكَ، وَإِنْ كَانَتْ بَريئَةً، يَا بُنَيَّ، إِنَّ منَ الْحَيَاء ضَعْفًا، وَمنْهُ وَقَارًا لله عَزَّ وَجَلَّ، يَا بُنَيَّ، إِنْ أَحْبَبْتَ أَنْ تَغيظَ عَدُوَّكَ فَلَا تَرْفَع الْعَصَا عَن ابْنكَ، يَا بُنَيَّ كَمَا يَدْخُلُ الْوَتَدُ بَيْنَ الْحَجَرَيْن، وَكَمَا تَدْخُلُ الْحَيَّةُ بَيْنَ الْجُحْرَيْن فَكَذَلكَ تَدْخُلُ الْخَطيئَةُ بَيْنَ الْبَيْعَيْن».

واتە: لە ئەوزاعیەوە دەگێڕنەوە؛ ئەویش لە یەحیای کوڕی باوکی کەثیرەوە فەرموویەتی:

سولەیمانی کوڕی داوود بە کوڕەکەی خۆی فەرموو: کوڕی خۆم! زۆر غیرە مەکە لە خێزانی خۆت با بە هۆی تۆوە تۆمەتی ئاراستە نەکرێت لە کاتێکا بێ تاوانیش بێت؛ کوڕی خۆم! جاری وا هەیە شەرم و حەیا نیشانەی لاوازییە؛ جاری واش هەیە ویقاری تێدایە؛ ئەگەر دەتەوێ دوژمنت خەمبار بکەیت ئەوا هەرگیز گۆچان لە کوڕی خۆت بەرز مەکەرەوە؛ کوڕی خۆم! وەک چۆن مێخ دەڕواتە نێوان دوو بەردەوە و وەک چۆن مار دەڕواتە نێوان کونەوە؛ ئاواش هەڵە دەڕواتە نێوان کڕین و فرۆشتنەوە.

٢١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا هَمَّامٌ، حَدَّثَنَا قَتَادَةُ قَالَ: قَالَ سُلَيْمَانُ النَّبِيُّ عَلَيْهِ السَّلَامُ: «عَجَبًا لِتَاجِرٍ كَيْفَ يَخْلُصُ؟ يَحْلِفُ بِالنَّهَارِ، وَيَنَامُ بِاللَّيْلِ».

واتە: قەتادە دەفەرموێت: پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لەسەر بێتت) دەفەرموێت: پێم سەیرە ئەو بازرگانەی کە بە ڕۆژا سوێند دەخوات و بەشەو دەنوێ؛ چۆن ڕزگاری دەبێت؟!

٢١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا مَالِكٌ قَالَ: بَلَغَنَا " أَنَّ سُلَيْمَانَ بْنَ دَاوُدَ قَالَ لِابْنِهِ: يَا بُنَيَّ، امْشِ وَرَاءَ الْأَسَدِ وَالْأَسْوَدِ، وَلَا تَمْشِ وَرَاءَ امْرَأَةٍ ".

واتە: مالیك دەفەرموێت: بیستومانە کە پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە کوڕەکەی فەرموە: کوڕی خۆم! لە دوای شێرو دڕندە ڕێ بکە؛ بەڵام لە دوای ئافرەتەوە ڕێ مەکە!

٢٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَارِمٌ، حَدَّثَنَا مُعْتَمِرٌ قَالَ: سَمِعْتُ أَبِي يَقُولُ: حَدَّثَنَا بَكْرُ بْنُ عَبْدِ الله أَنَّ دَاوُدَ قَالَ لِسُلَيْمَانَ عَلَيْهِمَا السَّلَامُ: «أَيُّ شَيْءٍ أَبْرَدُ؟ وَأَيُّ شَيْءٍ أَحْلَى؟ وَأَيُّ شَيْءٍ أَقْرَبُ؟ وَأَيُّ شَيْءٍ أَبْعَدُ؟ وَأَيُّ شَيْءٍ أَقَلُّ؟ وَأَيُّ شَيْءٍ أَكْثَرُ؟ وَأَيُّ شَيْءٍ آنَسُ، وَأَيُّ شَيْءٍ أَوْحَشُ؟» قَالَ: «أَحْلَى شَيْءٍ رَوْحُ الله بَيْنَ عِبَادِهِ، وَأَبْرَدُ شَيْءٍ عَفْوُ الله عَزَّ وَجَلَّ عَنْ عِبَادِهِ، وَعَفْوُ الْعِبَادِ بَعْضِهِمْ عَنْ بَعْضٍ، وَآنَسُ شَيْءٍ الرُّوحُ تَكُونُ فِي الْجَسَدِ، وَأَوْحَشُ شَيْءٍ الْجَسَدُ تُنْزَعُ مِنْهُ الرُّوحُ، وَأَقَلُّ شَيْءٍ الْيَقِينُ، وَأَكْثَرُ شَيْءٍ الشَّكُّ، وَأَقْرَبُ شَيْءٍ الْآخِرَةُ مِنَ الدُّنْيَا، وَأَبْعَدُ شَيْءٍ الدُّنْيَا مِنَ الْآخِرَةِ» أَوْ كَمَا قَالَ.

واته: بەکری کوڕی عەبدوڵڵا دەفەرموێت: پێغەمبەر داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە سولەیمانی کوڕی (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەفەرموو: چ شتێک زۆر فێنکە؟ چ شتێک زۆر جوانە؟ چ شتێک زۆر نزیکە؟ چ شتێک زۆر دوورە؟ چ شتێک زۆر کەمە؟ چ شتێک زۆر زۆرە؟ چ شتێک زۆر هۆگرە؟ چ شتێک زۆر نامۆیە؟ سولەیمان فەرمووی: شیرینیترین شت سۆزو بەزەیی خوایە لەناو بەندەکانیا؛ فێنکترین شت لێبوردنی خوایە لە بەندەکانی؛ هەروەها لێبوردنی بەندەکان لە نێوان خۆیانا؛ هۆگرترین شت گیانە لەناو جەستەدا؛ نامۆترین شت جەستەیە کاتێ گیانی لێ دەستێننەوە؛ کەمترین شت دڵنیاییە؛ زۆرترین شت گومانە؛ نزیکترین شت قیامەتە لە دونیاوە؛ دوورترین شتیش دونیایە لە قیامەتەوە. وەڵامەکەی بەمجۆرە یان نزیك لەمجۆرە بوو.

٢٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا دَاوُدُ بْنُ رُشَيْد، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ، عَنِ الْأَوْزَاعِيِّ، عَنْ يَحْيَى قَالَ: " قَالَ سُلَيْمَانُ عَلَيْهِ السَّلَامُ لِابْنِه: «يَا بُنَيَّ، إِنَّ مِنْ سَيِّئِ الْعَيْشِ النُّقْلَةَ مِنْ مَنْزِلٍ إِلَى مَنْزِلٍ».

واته: لە ئەوزاعیەوە دەگێڕنەوە؛ ئەویش لە یەحیاوە فەرموویەتی: سولەیمان (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە کوڕەکەی فەرموو: کوڕی خۆم! یەکێک لە خراپترین شێوەکانی ژیان گواستنەوە و بار کردنە لە خانویەکە بۆ خانویەکیتر.

٢٢١ - قَالَ: وَقَالَ سُلَيْمَانُ عَلَيْهِ السَّلَامُ لِابْنِه: «عَلَيْكَ بِخَشْيَةِ الله عَزَّ وَجَلَّ؛ فَإِنَّهَا غَلَبَتْ كُلَّ شَيْءٍ».

واته: هەروەها فەرمووی: سولەیمان (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە کوڕەکەی فەرموو: کوڕم! لە خوا بترسە! چونکە ترسان لە خوای گەورە زاڵە بەسەر هەموو شتێکا.

٢٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ نُمَيْرٍ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ خَيْثَمَةَ، وَعَنْ حَمْزَةَ، عَنْ شَهْرِ بْنِ حَوْشَبٍ قَالَ: " دَخَلَ مَلَكُ الْمَوْتِ عَلَى سُلَيْمَانَ، فَجَعَلَ يَنْظُرُ إِلَى رَجُلٍ مِنْ جُلَسَائِه؛ يُدِيمُ النَّظَرَ إِلَيْه، فَلَمَّا خَرَجَ قَالَ الرَّجُلُ: مَنْ هَذَا؟ قَالَ: هَذَا مَلَكُ الْمَوْتِ عَلَيْهِ السَّلَامُ قَالَ: لَقَدْ رَأَيْتُهُ يَنْظُرُ إِلَيَّ كَأَنَّهُ يُرِيدُنِي قَالَ: فَمَا تُرِيدُ؟ قَالَ: أُرِيدُ أَنْ تَحْمِلَنِي الرِّيحُ، فَتُلْقِيَنِي بِالهِنْدِ قَالَ: فَدَعَا بِالرِّيحِ، فَحَمَله عَلَيْهَا، فَأَلْقَتْهُ بِالهِنْدِ، ثُمَّ أَتَى مَلَكُ الْمَوْتِ سُلَيْمَانَ عَلَيْهِ السَّلَامُ فَقَالَ: إِنَّكَ كُنْتَ تُدِيمُ النَّظَرَ إِلَى رَجُلٍ مِنْ جُلَسَائِي؟ قَالَ: كُنْتُ أَعْجَبُ مِنْهُ؛ إِنِّي أُمِرْتُ أَنْ أَقْبِضَ رُوحَهُ بِالهِنْدِ، وَهُوَ عِنْدَكَ ".

واتە: لە شـەهری کـوڕی حەوشـەبەوە دەگێـڕنەوە فەرمـوویەتی: فریشـتەی گیانکێشـان ڕۆیشت بۆ لای سولەیمان؛ هەروا سەیری یەڪێک لە دانیشتوانی کۆڕو مەجلیسی سولەیمانی دەکرد؛ بەردەوام سەیری دەکرد؛ دوای ئەوەی فریشتەی گیانکێشان هەستا و ڕۆیی؛ ئەو پیاوە لە سـولەیمانی پرسـی: ئەو پیـاوە کێبـوو (ئـاوا بەردەوام سـەیری منـی دەکـرد)؟ سـولەیمان فەرمووی: ئەوە فریشتەی گیانکێشـان بـوو (سـەلامی خوای لەسـەر بێت)! پیاوەکە گوتی: وا سەیری منی دەکرد دەتگوت نیازی هەیە گیانی من بکێشێت! سولەیمان فەرمووی: ئێستا تۆ چیت دەوێ؟ پیاوەکە گوتی: دەمەوێ (فرمان بکەی بە بـا) با هەڵمبگرێت و بمبات بۆ وڵاتی هیند! دەفەرموێت: سولەیمان بانگی بای کرد و با ئەو پیاوەی هەڵگرت و بردی بۆ هیند؛ دوایی فریشتەی گیانکێشان هاتەوە خزمەت سولەیمان و سولەیمان پێی گوت: تۆ بۆچی بەردەوام سەیری ئەو پیاوەت دەکرد کە لە کۆڕو مەجلیسی منا دانیشتبو؟ فریشتەی گیانکێشان گوتی: ئەوە زۆرم پێ سەیر بوو؛ من فرمانم پێکرابوو لە وڵاتی هیند گیانی بکێشم؛ کەچی ئەو لە لای تۆ بووا!

٢٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ نُمَيْرٍ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ خَيْثَمَةَ قَالَ: " أَتَى مَلَكُ الْمَوْتِ سُلَيْمَانَ عَلَيْهِ السَّلَامُ وَكَانَ له صَدِيقًا، فَقَالَ له سُلَيْمَانُ: " مَا لَكَ تَأْتِي أَهْلَ الْبَيْتِ فَتَقْبِضُهُمْ جَمِيعًا، وَتَدَعُ أَهْلَ الْبَيْتِ إِلَى جَنْبِهِمْ لَا تَقْبِضُ مِنْهُمْ أَحَدًا؟ قَالَ: مَا أَنَا بِأَعْلَمَ بِمَا أَقْبِضُ مِنْكَ: إِنَّمَا أَكُونُ تَحْتَ الْعَرْشِ، فَيُلْقَى إِلَيَّ صِكَاكٌ فِيهَا أَسْمَاءٌ ".

واتە: ئەعمەش لە خەیثەمەوە دەگێڕێتەوە فەرمـوویەتی: جارێـک فریشـتەی گیانکێشـان هاتە خزمەت سولەیمان پێغەمبەر (سـەلامی خوای لەسـەر بێت) جا فریشـتەی گیانکێشـان و سولەیمان برادەر بوون؛ سولەیمان پێی فەرموو: ئەوە چییە جاری وا هەیە گیانی تاك بە تاکی خانەوادەیەک دەکێشـیت و نـزیکی خـانەوادەیەکی دراوسـێی ئەوان نـابیتەوە و گیـانی یەک کەسیان ناکێشی؟ فریشتەی گیانکێشان فەرمووی: سەبارەت بە گیانکێشان من لە تۆ زاناتر نیم و زانیاری زیاترم لا نییە؛ ئەوەندە نەبێ کە من دەچمە ژێر عەرشەوە؛ لەوێ هەندێ کاغەزم بۆ دێت ناوی ئەو کەسانەی تیایە کە دەبێ گیانیان بکێشم!

٢٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مِسْكِينٌ، حَدَّثَنَا الْأَوْزَاعِيُّ، عَنْ يَحْيَى بْنِ أَبِي كَثِيرٍ قَالَ: " قَالَ سُلَيْمَانُ بْنُ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَامُ لابْنِه: «أَيْ بُنَيَّ، مَا أَقْبَحَ الْخَطِيئَةَ مَعَ الْمَسْكَنَةِ، وَأَقْبَحَ الضَّلَالَةَ بَعْدَ الهدَى، وَأَقْبَحَ كَذَا وَكَذَا، وَأَقْبَحُ مِنْ ذَلِكَ رَجُلٌ كَانَ عَابِدًا فَتَرَكَ عِبَادَةَ رَبِّهِ».

واتە: ئەوزاعی لە یەحیای کوڕی باوکی کەثیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: سولەیمانی کوڕی داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە کوڕەکەی خۆی فەرموو: کوڕم! چەند ناشیرینە مرۆڤ هەژار بێت و خەریکی تاوانیش بێت! چەند ناشیرینە مرۆڤ دوای ڕێنوێنی دیسان گومڕا ببێتەوە! چەند ناشیرینە ئەمە و چەند ناشیرینە ئەوە (واتە: چەند شتێکی باسکردو دوایی فەرمووی:) لە هەموو ئەوانە ناشیرینتر ئەوەیە کە پیاوێکی خواپەرست واز لە خواپەرستی بهێنێت!

زوهد و پارسایی پێغەمبەر ئەییوب (سەلامی خوای لەسەر بێت)

٢٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «مَا كَانَ بَقِيَ مِنْ أَيُّوبَ إِلَّا عَيْنَاهُ وَقَلْبُهُ وَلِسَانُهُ؛ فَكَانَتِ الدَّوَابُّ تَخْتَلِفُ فِي جَسَدِهِ» قَالَ: «وَمَكَثَ فِي الْكُنَاسَةِ سَبْعَ سِنِينَ وَأَيَّامًا» أَوْ قَالَ: «وَأَشْهُرًا» قَالَ يَزِيدُ: أَنَا أَشُكُّ.

واتە: هیشام لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەر ئەییوب (سەلامی خوای لەسەر بێت) هیچ شوێنێکی بە ساغی نەمایەوە جگە لە هەردوچاوی و دڵی و زمانی، ئیتر کرم و مێرو بەسەر لاشەیا دەهاتن و دەچوون. جا فەرمووی: لەو سەر زبڵانە حەوت ساڵ و چەند رۆژێک مایەوە. یان فەرمووی: (حەوت ساڵ و)چەند مانگێک. یەزید دەفەرموێت: من گومانم بۆ پەیدا بووە کە ئاخۆ رۆژی فەرمو یان مانگ؟![1].

٢٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَخْبَرَنَا جَرِيرُ بْنُ حَازِمٍ قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ الله بْنَ عُبَيْدِ بْنِ عُمَيْرٍ يَقُولُ: " كَانَ لِأَيُّوبَ عَلَيْهِ السَّلَامُ أَخَوَانِ، فَأَتَيَاهُ ذَاتَ يَوْمٍ، فَوَجَدَا رِيحًا، فَقَالَا: لَوْ كَانَ الله عَزَّ وَجَلَّ عَلِمَ مِنْ أَيُّوبَ خَيْرًا مَا بَلَغَ بِهِ كُلَّ هَذَا قَالَ: فَمَا سَمِعَ شَيْئًا كَانَ أَشَدَّ عَلَيْهِ مِنْ ذَلِكَ، فَقَالَ: اللهمَّ، إِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي لَمْ أَبِتْ لَيْلَةً شَبْعَانَ، وَأَنَا أَعْلَمُ مَكَانَ جَائِعٍ، فَصَدِّقْنِي قَالَ: فَصُدِّقَ، وَهُمَا يَسْمَعَانِ ثُمَّ قَالَ: اللهمَّ، إِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي لَمْ أَلْبَسْ قَمِيصًا قَطُّ، وَأَنَا أَعْلَمُ مَكَانَ عَارٍ، فَصَدِّقْنِي " قَالَ: فَصُدِّقَ، وَهُمَا يَسْمَعَانِ قَالَ: ثُمَّ خَرَّ سَاجِدًا، ثُمَّ قَالَ: اللهمَّ لَا أَرْفَعُ رَأْسِي حَتَّى يُكْشَفَ مَا بِي؛ فَكَشَفَ الله عَزَّ وَجَلَّ مَا بِهِ " وَقَالَ يَزِيدُ مَرَّةً أُخْرَى: «لَوْ كَانَ لِأَيُّوبَ عِنْدَ الله عَزَّ وَجَلَّ خَيْرٌ مَا بَلَغَ بِهِ كُلَّ هَذَا».

---

[1] دەبێت خوێنەری بەڕێز ئەوە بزانێت کە هەندێک لە زانایان دەفەرموون: نەخۆشینەکەی حەزرەتی ئەییوب، نەخۆشییەکی پاك و خاوێن بووە و وەک ژان و با (ڕۆماتیزم)، یان ژانەسەر و شتێکی لەو بابەتانە بووە و ئەو فەرمودە و ئەسەرانەش کە باس لەوە دەکەن هەموو لاشەی گەنیوە و کرم تێی داوە؛ هەر هەمووی بە هەڵبەستراو و ئیسرائیلییات دەزانن، چونکە نابێت پێغەمبەران تووشی نەخۆشییەکی وەها ببن کە بێزراو بن و خەڵکی لێیان دوور بکەوێتەوە. (وەرگێڕ)

واته: جەریری کوڕی حازم دەفەرموێت: گوێم لە عەبدوڵلای کوڕی عوبەیدی کوڕی عومەیر بوو دەیفەرموو: پێغەمبەر ئەییوب (سەلامی خوای لەسەر بێت) دوو برای هەبوو؛ ڕۆژێک هاتن بۆ لای ئەییوب؛ بۆنێکی ناخۆش هات بەسەریانا؛ گوتیان: ئەگەر خوای گەورە - بیزانیبایە ئەییوب باشە ئەوا ئەییوب نەدەگەیشتە ئەم ڕۆژە کە تێیدایە، پێغەمبەر ئەییوب تا ئەو کاتە هیچ قسەیەکی نەبیستبوو هێندە ئازاری بدات؛ بۆیە گوتی: پەروەردگارا! خۆ تۆ خۆت دەزانی شەوێک بە زگی تێرەوە سەرم نەناوەتەوە؛ من خۆم دەزانم مرۆڤی برسی چ پلەو پایەیەکی لای تۆ هەیە؛ دەی خوایە قسەکەم وەڕاست بخەرەوە، قسەکەی وەڕاست خرایەوە و براکانیشی گوێیان لێبوو؛ دوایی فەرمووی: پەروەردگارا! خۆ تۆ خۆت دەزانی هەرگیز کراسم لەبەر نەکردووە؛ من خۆم دەزانم مرۆڤی ڕەش و ڕوت لای تۆ چەندە پلەو پایەی بەرزە! دەی خوایە وەڕاستم بخەرەوە! دەفەرموێت: وەڕاست خرایەوە و براکانیشی گوێیان لێبوو، دوایی ئەییوب سەجدەی برد بۆ خوای گەورە و پاشان فەرمووی: پەروەردگارا! سەرم بەرز ناکەمەوە هەتا ئەم ئێش و ئازارەم لەکۆڵ نەبێتەوە! ئیتر خوای گەورە ئێش و ئازارو نەخۆشییەکانی لەکۆڵ کردەوە. یەزید لە گێڕانەوەیەکیترا دەفەرموێت: (براکانی گوتیان): ئەگەر ئەییوب لای خوای گەورە پیاوێکی چاک بوایە ئەوا ڕۆژی نەدەگەیشت بەم ڕۆژەو ئاوا نەخۆش و کەلەلا نەدەبوو.

٢٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا غَوْثُ بْنُ جَابِرٍ قَالَ: سَمِعْتُ عَقِيلًا، يَذْكُرُ قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّهٍ سُئِلَ: «مَا كَانَ شَرِيعَةُ أَيُّوبَ عَلَيْهِ السَّلَامُ؟» قَالَ: «التَّوْحِيدُ، وَصَلَاحُ ذَاتِ الْبَيْنِ، وَإِذَا أَرَادَ أَحَدُهُمْ حَاجَةً إِلَى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ خَرَّ سَاجِدًا، ثُمَّ طَلَبَ حَاجَتَهُ» قِيلَ: «فَمَا كَانَ مَالُهُ؟» قَالَ: «كَانَ لَهُ ثَلَاثَةُ آلَافِ فَدَّانٍ، مَعَ كُلِّ فَدَّانٍ عَبْدٌ، وَمَعَ كُلِّ عَبْدٍ وَلِيدَةٌ، وَمَعَ كُلِّ وَلِيدَةٍ أَتَانٌ وَأَرْبَعَ عَشْرَةَ أَلْفِ شَاةٍ، وَلَمْ يَبِتْ لَهُ ضَيْفٌ وَرَاءَ بَابِهِ، وَلَمْ يَأْكُلْ طَعَامًا إِلَّا وَمَعَهُ مِسْكِينٌ».

واته: غەوثی کوڕی جابر باسی ئەوە دەکات دەفەرموێت: گوێم لە وەهبی کوڕی مونەببیھ بوو پرسیاری لێکرا گوتیان: پێغەمبەر ئەییوب (سەلامی خوای لەسەر بێت) لەسەر چ ئایینێک بو؟ فەرمووی: ئایینی یەکتا پەرستی و چاکسازی نێوان خەڵك و کۆمەڵگا، ئەگەر یەکێک لەوانە کارێکی بە خوای گەورە هەبا سەجدەیەکی دەبرد و پاشان داواکاریەکەی پێشکەش بە خوای گەورە دەکرد. جا گوترا: ئەی سەبارەت بە سەروەت و سامان چیی هەبو؟ فەرمووی: سێ هەزار جووت گای هەبوو؛ هەر جوتە گایەک کۆیلەیەکی لەگەڵدا بوو؛ هەر کۆیلەیەک کەنیزەیەکی لەگەڵدا بوو؛ هەر کەنیزەیەک گوێدرێژێک و چواردە هەزار مەڕ و بزنی لەگەڵدا بوو؛ هیچ میوانێک لەودیو دەرگای ماڵی ئەییوبەوە نەماوەتەوە (واتە: هەر

میوانێک لە هەر شوێنێکەوە هاتبا دەبوو بە میوانی ماڵی ئەوان) هیچ کاتێکیش خواردنی نەخواردووە و هەژارێکی لەگەڵدا نەبێت.

٢٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَر، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ بْنِ مُهَاجِر، عَنْ عُبَيْدِ الله بْنِ بَابَاهَ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ رَضِيَ الله عَنْهُ قَالَ: «إِذَا لَمْ يَكُنْ لِلرَّجُلِ تِجَارَةٌ إِلَّا الطَّعَامُ طَغَى، وَبَغَى».

واتە: عوبەیدوڵڵای کوڕی بابا لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: ئەگەر پیاو هیچ کار و کاسبیەکی نەبێت و هیچی نەبێت جگە لە خواردنی ئەو ڕۆژە؛ ئەوە زۆرەو لە سنور دەرچوە.

٢٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ، عَنْ عِمْرَانَ قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبًا يَقُولُ: «أَصَابَ أَيُّوبَ الْبَلَاءُ سَبْعَ سِنِينَ».

واتە: عیمران دەفەرموێت: گوێم لە وەهب بوو دەیفەرموو: پێغەمبەر ئەیوب (سەلامی خوای لەسەر بێت) حەوت ساڵ تووشی نەخۆشی و ناخۆشی بوو.

٢٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا سَلَمَةُ بْنُ شَبِيب، أَنْبَأَنَا ابْنُ مُنِيب، حَدَّثَنَا السَّرِيُّ قَالَ: ذَكَرَ سُلَيْمَانُ التَّيْمِيُّ «أَنَّ أَيُّوبَ عَلَيْهِ السَّلَامُ لَبِثَ عَلَى كُنَاسَةِ الْقَرْيَةِ سَبْعَ سِنِينَ».

واتە: سولەیمانی تەیمی دەفەرموێت: پێغەمبەر ئەیوب حەوت ساڵ لەسەر زبڵ و زاڵی گوندەکەی خۆیان مایەوە.

٢٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ آدَمَ، حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرِ بْنُ عَيَّاش، عَنْ إِدْرِيسَ بْنِ وَهْبِ بْنِ مُنَبِّه، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: " كُنَّا مَعَ ابْنِ عَبَّاس، فَأُخْبِرَ أَنَّ قَوْمًا عِنْدَ بَابِ بَنِي سَهْم يَخْتَصِمُونَ قَالَ: أَظُنُّهُ قَالَ: فِي الْقَدَرِ قَالَ: فَنَهَضَ إِلَيْهِمْ، وَأَعْطَى مِحْجَنَهُ عِكْرِمَةَ، وَوَضَعَ إِحْدَى يَدَيْهِ عَلَيْه، وَالْأُخْرَى عَلَى طَاوُس، فَلَمَّا انْتَهَى إِلَيْهِمْ أَوْسَعُوا لَه، وَرَحَّبُوا بِه، فَلَمْ يَجْلِسْ، وَقَالَ: يَا وَهْبُ، كَيْفَ قَالَ الْفَتَى؟ قَالَ: قَالَ: لَقَدْ كَانَ فِي عَظَمَةِ الله وَجَلَالِه، وَذِكْرِ الْمَوْت، مَا يُكِلُّ لِسَانَكَ، وَيَقْطَعُ حُجَّتَكَ، وَيَكْسِرُ قَلْبَكَ، أَلَمْ تَعْلَمْ يَا أَيُّوبُ أَنَّ لله عِبَادًا أَسْكَتَتْهُمْ خَشْيَةُ الله عَزَّ وَجَلَّ مِنْ غَيْرِ عِيٍّ وَلَا بَكَم، وَإِنَّهُمْ لَهُمُ الْفُصَحَاءُ النُّطَقَاءُ، النُّبَلَاءُ الْأَلِبَّاءُ، الْعَالِمُونَ بِالله، وَأَيَّامِه، إِلَّا أَنَّهُمْ إِذَا ذَكَرُوا الله عَزَّ وَجَلَّ طَاشَتْ عُقُولُهُمْ، وَانْكَسَرَتْ قُلُوبُهُمْ، وَتَقَطَّعَتْ أَلْسِنَتُهُمْ؛ إِعْزَازًا لله، وَإِجْلَالًا لَه، وَإِعْظَامًا، فَإِذَا اسْتَفَاقُوا مِنْ ذَلِكَ اسْتَبَقُوا إِلَى الله عَزَّ وَجَلَّ بِالْأَعْمَالِ الزَّاكِيَةِ؛ يَعُدُّونَ أَنْفُسَهُمْ مَعَ الْمُفَرِّطِينَ، وَإِنَّهُمْ لَأَكْيَاسٌ أَقْوِيَاءُ، وَمَعَ الظَّالِمِينَ

وَالْخَاطِئِينَ، وَإِنَّهُمْ لَأَنْزَاهٌ بُرَآءٌ إِلَّا أَنَّهُمْ لَا يَسْتَكْثِرُونَ له الْكَثِيرَ، وَلَا يَرْضَوْنَ له بِالْقَلِيلِ، وَلَا يَعْلُونَ عَلَيْهِ بِالْأَعْمَالِ، هُمْ حَيْثُ مَا لَقِيتَهُمْ مُهِيمُونَ، مُشْفِقُونَ، وَجِلُونَ، خَائِفُونَ قَالَ: ثُمَّ انْصَرَفَ عَنْهُمْ، فَرَجَعَ إِلَى مَجْلِسِهِ ".

واتە: یەحیای کوڕی ئادەم لە ئەبوبەکری عەییاشەوە ئەویش لە ئیدریسی کوڕی وەهبی کوڕی مونەببیهەوە ئەویش لە باوکییەوە فەرموویەتی: ئێمە لە خزمەت عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسا بوین؛ هەواڵیان بە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دا کە کۆمەڵێک لە لای دەروازەی بەنی سەهم دەمەقاڵێیانە.. فەرمووی: وەبزانم لەسەر قەزا و قەدەر دەمەقاڵێیانە! دەفەرموێت: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس هەستا بڕوات بۆ لایان؛ گۆچانەکەی دا بە دەستی عیکریمەوە و دەستێکی لەسەر شانی عیکریمەو ئەویتری لەسەر شانی تاووس داناو هەستا؛ جا کە گەیشتە ئەو کۆمەڵە؛ جێگایان بۆ کدەوە و خێراتنیان کرد؛ بەڵام عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دانەنیشت بەڵکوو فەرمووی: وەهب ئەوە گەنجەکەی لای حەزرەتی ئەییوب چیی گوت؟ وەهب گوتی: ئەو گەنجە گوتی: ئەی ئەییوب! مەگەر گەورەیی و سام و هەیبەتی خوای گەورە و باسی مردن ئەوەندە ناهێنێ کە زمانت لاڵ بکات و بەڵگەو قسەت نەهێڵێت و دڵت بشکێنێ؟ ئەی ئەییوب! ئەگەر نازانی کە خوای گەورە بەندەی وای هەیە کە ترس لەخوای گەورە ئەو بەندانەی بێدەنگ و بێهۆش کردووە و لاڵ نین بەڵام وەکوو لاڵ بێدەنگن کەچی ئەگەر قسە بکەن زۆر قسەزان و زمان پاراوون؛ ژیرن؛ زاناو خواناسن؛ ئاگایان لە سەردەمی ڕابردو هەیە؟ بەڵام کاتێ یاد و زیکری خوای گەورە دەکەن هۆشیان بە خۆیانەوە نامێنێت و دڵیان وەختە بشکێت و زامنیان لاڵ بێت لەبەر هەیبەت و گەورەیی خوای گەورە! جا دوای ئەوەی کە هۆشیان هاتەوە و ئاسایی بوونەوە بە کار و کردەوەی چاک پێشبڕکێ دەکەن بۆ گەیشتن بە خوای گەورە و خۆیان وا هەژمار دەکەن کە تاوانبارن؛ ئەوانە زۆر ژیرن؛ ئەوانە دوورن لە ستەمکاری تاوانباری؛ ئەوانە هەرچەندە خواپەرستی بکەن بە زۆری نازانن و بە کەم ڕازی نابن؛ ئەوانە ئەگەر مرۆڤی نەشارەزا بیانبینێت وادەزانێ نەخۆشن (چونکە ڕەنگیان زەردو بزرکاوە) بەڵام لە ڕاستییشدا نەخۆش نین؛ ئەوانە میهرەبانن؛ لەخواترسن؛ هەموو گیان دەلەرزێ... عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ئەم قسانەی کرد و دوایی گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی[1].

[1] پێم وایە ئەم ڕیوایەتەی پێشەوا ئەحمەد لەم کتێبەدا ناتەواوە و ماناکەی بە باشی نادا بە دەستەوە، بۆیە من ئەم ڕیوایەتەم لەگەڵ ڕیوایەتێکی الفاكهي تێکەڵ کرد کە لە کتێبی (أخبار مكه)دا ڕیوایەتی کردووە و بە هەردو ڕیوایەتەکە ئەوەی سەرەوەم لێ گوڵ بژێر کرد؛ ئەمەش ڕیوایەتەکەی الفاكهي یە: حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ يَحْيَى قَالَ: ثنا أَبُو الْحَكَمِ مَرْوَانُ بْنُ عَبْدِ الْحَمِيدِ قَالَ: ثنا مُوسَى بْنُ أَبِي دَارِمٍ، عَنْ وَهْبِ بْنِ مُنَبِّهٍ قَالَ: بَلَّغَ عَبْدَ اللهِ بْنَ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا عَنْ مَجْلِسٍ كَانَ فِي الْمَسْجِدِ فِي نَاحِيَةِ بَنِي سَهْمٍ يَجْلِسُ فِيهِ نَاسٌ مِنْ قُرَيْشٍ يَخْتَصِمُونَ فَتَرْتَفِعُ أَصْوَاتُهُمْ، فَقَالَ لِيَ ابْنُ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا:

٢٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ حَرْبٍ، أَنْبَأَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ أَبِي عِمْرَانَ الْجَوْنِيِّ، عَنْ نَوْفٍ الْبِكَالِيِّ قَالَ: " مَرَّ نَفَرٌ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ بِأَيُّوبَ عَلَيْهِ السَّلَامُ فَقَالُوا: مَا أَصَابَهُ مَا أَصَابَهُ إِلَّا بِذَنْبٍ عَظِيمٍ أَصَابَهُ قَالَ: فَسَمِعَهَا أَيُّوبُ عَلَيْهِ السَّلَامُ فَعِنْدَ ذَلِكَ قَالَ: ﴿مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ ﴿٨٣﴾﴾ الأنبياء: ٨٣ قَالَ: وَكَانَ قَبْلَ ذَلِكَ لَا يَدْعُو ".

واتە: نەوفی بیکالی دەفەرموێت: چەند کەسێکی بەنی ئیسرائیلی دایان بە لای ئەیوبیا گوتیان: ئەوەی کە تووشی ئەیوب بووە بە هۆی تاوانێکی گەورەوە تووشی بووە.. جا ئەیوب گوێی لەو قسەیە بوو؛ ئا لەو کاتەدا گوتی: بەڕاستی من ئازارو ناخۆشیم تووش بووە، تۆش لە هەموو کەس میهرەبانترو لە هەموو کەس دلۆڤانتریت. نەوف دەفەرموێت: هەتا ئەو قسەیەی نەبیست داوای نەکرد لە خوای گەورە ئەو نەخۆشی و دەرد و بەڵایەی لەکۆڵ بکاتەوە.

٢٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ أَيُّوبَ الْخُرَاسَانِيُّ، عَنِ ابْنِ عُيَيْنَةَ قَالَ: " لَمَّا أَصَابَ أَيُّوبَ عَلَيْهِ السَّلَامُ الَّذِي أَصَابَهُ أَرْسَلَ إِلَى أَصْحَابِهِ، فَقَالَ: تَدْرُونَ لِأَيِّ شَيْءٍ أَصَابَنِي هَذَا؟ قَالُوا: أَمَّا نَحْنُ فَلَمْ يَظْهَرْ لَنَا مِنْكَ شَيْءٌ نَعْرِفُهُ إِلَّا أَنْ تَكُونَ أَسْرَرْتَ شَيْئًا لَيْسَ لَنَا بِهِ عِلْمٌ فَقَامُوا مِنْ عِنْدِهِ، وَذَهَبُوا، فَلَقُوا إِنْسَانًا دُونَهُمْ فِي الْعِلْمِ، فَقَالَ: لِأَيِّ شَيْءٍ دَعَاكُمْ نَبِيُّ اللهِ عَلَيْهِ السَّلَامُ؟ فَأَخْبَرُوهُ قَالَ: فَأَنَا أُخْبِرُهُ بِمَ أَصَابَهُ هَذَا فَأَتَاهُ، فَسَأَلَهُ، فَقَالَ: لِأَنَّكَ شَرِبْتَ شَرْبَةً لَمْ تَحْمَدِ اللهَ عَلَيْهَا، وَلَمْ تَشْكُرِ النِّعْمَةَ، وَلَعَلَّكَ اسْتَظْلَلْتَ فِي ظِلٍّ لَمْ تَشْكُرِ النِّعْمَةَ ".

واتە: کوڕی عویەینییە دەفەرموێت: دوای ئەوەی پێغەمبەر ئەیوب تووشی ئەو نەخۆشی و دەرد و بەڵایەی بوو کە تووشی بوو؛ ناردی بە دوای هاوڕێکانیا و فەرمووی: دەزانن بۆچی تووشی ئەم نەخۆشی و دەرد و بەڵایە بووم؟ هاوڕێکانی گوتیان: ئێمە هیچ شتێکی ئەوتۆمان لە تۆوە بۆ دەرنەکەوتووە مەگەر ئەوەی کە خۆت شتێکت شاردووەتەوە و ئێمەی نایزانین..

انطَلِقْ بِنَا إِلَيْهِمْ، قَالَ: فَانْطَلَقْنَا حَتَّى وَقَفْنَا عَلَيْهِمْ، فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا: أَخْبِرْهُمْ عَنِ الْكَلَامِ الَّذِي كَلَّمَ بِهِ الْفَتَى أَيُّوبَ وَهُوَ فِي بَلَائِهِ، قَالَ: قُلْتُ لَهُ: قَالَ الْفَتَى: يَا أَيُّوبُ، أَمَا كَانَ فِي عَظَمَةِ اللهِ وَذِكْرِ الْمَوْتِ مَا يُكِلُّ لِسَانَكَ وَيَقْطَعُ قَلْبَكَ وَيَكْسِرُ حُجَّتَكَ، يَا أَيُّوبُ، أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ لِلَّهِ عِبَادًا أَسْكَتَتْهُمْ خَشْيَةُ اللهِ مِنْ غَيْرِ عِيٍّ وَلَا بَكَمٍ، وَإِنَّهُمْ لَهُمُ النُّبَلَاءُ الطُّلَقَاءُ الْفُصَحَاءُ الْأَلِبَّاءُ الْعَالِمُونَ بِاللهِ وَأَيَّامِهِ، وَلَكِنَّهُمْ إِذَا ذَكَرُوا عَظَمَةَ اللهِ تَعَالَى تَقَطَّعَتْ قُلُوبُهُمْ، وَكَلَّتْ أَلْسِنَتُهُمْ، وَطَاشَتْ عُقُولُهُمْ وَأَحْلَامُهُمْ: فَرَقًا مِنَ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ وَهَيْبَةً لَهُ، فَإِذَا اسْتَفَاقُوا مِنْ ذَلِكَ اسْتَبَقُوا إِلَى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ بِالْأَعْمَالِ الزَّاكِيَةِ، لَا يَسْتَكْثِرُونَ لِلَّهِ الْكَثِيرَ، وَلَا يَرْضَوْنَ لَهُ بِالْقَلِيلِ، يَعُدُّونَ أَنْفُسَهُمْ مَعَ الظَّالِمِينَ وَالْخَاطِئِينَ وَإِنَّهُمْ لَأَنْزَاهٌ أَبْرَارٌ، وَمَعَ الْمُضَيِّعِينَ وَالْمُفَرِّطِينَ وَإِنَّهُمْ لَأَكْيَاسٌ أَقْوِيَاءُ، نَاحِلُونَ ذَائِبُونَ، يَرَاهُمُ الْجَاهِلُ فَيَقُولُ: مَرْضَى، وَلَيْسُوا بِمَرْضَى، وَقَدْ خُولِطُوا، وَقَدْ خَالَطَ الْقَوْمَ أَمْرٌ عَظِيمٌ.

ئەوەیان گوت و هەستان و ڕۆیشتن؛ جا گەیشتن بە پیاوێ کە هێندەی خۆیان زاناو شارەزا نەبوو؛ پیاوەکە گوتی: ئەوە پێغەمبەری خوا(سەلامی خوای لەسەر بێت) بۆ چ شتێک ئێوەی بانگ کرد؟ ئەوانیش ڕوداوەکەیان بۆ گێڕایەوە؛ پیاوەکە گوتی: دەی من دەڕۆم و پێی دەڵێم کە بۆچی تووشی ئەو نەخۆشییە بووە! پیاوەکە ڕۆیشتە خزمەتی پێغەمبەر ئەییوب و پێغەمبەر ئەییوب لێی پرسی کە بۆچی تووشی ئەم نەخۆشییە بووم؟ پیاوەکە گوتی: ئەوە لەبەر ئەوەیە کە جارێک ئاووت خواردەوە و سوپاسی خوای گەورەت نەکرد؛ سوپاسی ئەو نازونیعمەتەت نەکرد؛ لەوانەش لەژێر سێبەرێک پشوت دابێت و سوپاسی خوای گەورەت لەسەر نەکردبێ!

٢٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا أَبُو هِلَالٍ، حَدَّثَنَا بَكْرٌ قَالَ: " لَمَّا عَفَا اللهُ عَزَّ وَجَلَّ عَنْ أَيُّوبَ عَلَيْهِ السَّلَامُ أَمْطَرَ عَلَيْهِ جَرَادًا مِنْ ذَهَبٍ قَالَ: فَجَعَلَ يَلْتَقِطُ قَالَ: فَنُودِيَ: يَا أَيُّوبُ أَلَمْ أُغْنِكَ؟ أَلَمْ تَشْبَعْ؟ قَالَ: يَا رَبِّ، وَمَنْ يَشْبَعُ مِنْ فَضْلِكَ؟ ".

واتە: بەکر دەفەرموێت: دوای ئەوەی خوای گەورە پێغەمبەر ئەییوبی چاک کردەوە و بەڵا و دەرد و نەخۆشیی لەکۆڵ کردەوە؛ بڕێکی زۆر زێڕی باراند بەسەریا؛ پارچە زێڕەکەان وەکوو کلۆ (کولله) وابوون؛ ئەییوب پەلاماری زێڕەکانی دەداو کۆی دەکردنەوە؛ لە لایەن خوای گەورەوە بانگ کرا: ئەییوب! مەگەر من تۆم دەوڵەمەند نەکردووە؟ (ئیتر بۆچی پەلاماری ئەو زێڕانە دەدەی؟) پێغەمبەر ئەییوب فەرمووی: پەروەردگارا! دەی کێ لە فەزڵ و میهرەبانیی تۆ تێر دەخوات؟!

٢٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا لَيْثٌ، عَنْ عُثْمَانَ، عَنْ أَبِي الْعَالِيَةِ قَالَ: قَالَ لِي أَصْحَابُ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «يَا أَبَا الْعَالِيَةِ، لَا تَعْمَلْ لِغَيْرِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ فَيَكِلَكَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ إِلَى مَنْ عَمِلْتَ لَهُ».

واتە: باوکی عالیە دەفەرموێت: یەکێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) پێی ڕاگەیاندم و گوتی: باوکی عالیە! هیچ کاتێ کار بۆ غەیری خوای گەورە مەکە با خوای گەورە هەواڵەی ئەو کەسەت نەکات کە کارت بۆی کردووە.

٢٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، أَخْبَرَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا وَكِيعٌ، عَنِ الْأَوْزَاعِيِّ، عَنْ حَسَّانَ بْنِ عَطِيَّةَ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ أَبِي زَكَرِيَّا قَالَ: «بَلَغَنِي أَنَّ الرَّجُلَ، إِذَا رَايَا بِشَيْءٍ مِنْ عَمَلِهِ أَحْبَطَ مَا كَانَ قَبْلَ ذَلِكَ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی باوکی زەکەریا دەفەرموێت: بیستوومە هەر کاتێ مرۆڤ کارێکی بە مەبەستی ڕیا و چاوێنەیی کرد؛ ئەوا کارەکانی لەوەوپێشیشی سفر دەبنەوە.

٢٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا مِسْعَرٌ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ سَلَمَةَ بْنِ كُهَيْلٍ قَالَ: سَمِعْتُ جُنْدُبًا يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «مَنْ يُسَمِّعْ يُسَمِّعِ اللهُ بِهِ، وَمَنْ يُرَاءِ يُرَاءِ اللهُ بِهِ».

واتە: هەر کەسێ کارێکی چاک بکات و بیەوێ بە گوێی خەڵکی بگەیەنێت؛ ئەوا خوای گەورە دەیدا بە گوێی خەڵکداو (لە لای خەڵکی رێزو پەلو پایەیەکی دەست دەکەوێ؛ بەڵام لە قیامەتدا هیچی دەست ناکەوێت) هەر کەسێکیش کار و کردەوە بە مەبەستی ریا و چاوێنەیی بکات؛ ئەوا خوای گەورە خەڵکی لەوە ئاگادار دەکات کە ئەم کەسە بە مەبەستی ریا و چاوێنەیی کاری کردووە و رەزامەندی خوای مەبەست نەبووە.

٢٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا مِسْعَرٌ، عَنْ عَمْرِو بْنِ مُرَّةَ، عَنْ رَجُلٍ قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ اللهِ بْنَ عَمْرٍو يُحَدِّثُ عَبْدَ اللهِ بْنَ عُمَرَ قَالَ: «مَنْ سَمَّعَ النَّاسَ بِعَمَلِهِ سَمَّعَ اللهُ بِهِ سَامِعَ خَلْقِهِ، وَحَقَّرَهُ، وَصَغَّرَهُ» قَالَ: فَبَكَى ابْنُ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

واتە: پیاوێک دەفەرموێت: گوێم لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمر بوو ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە دەیگێڕایەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ کار و کردەوە بۆ ئەوە بکات بە گوێی خەڵکی بگاتەوە؛ خوای گەورە دەیگەیەنێت بە گوێی خەلکا؛ چروکی دەکات و بچووکی دەکات.

٢٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنِ ابْنِ أَبِي خَالِدٍ، عَنْ قَيْسٍ قَالَ: قَالَ عُمَرُ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: «مَنْ سَمَّعَ سَمَّعَ اللهُ بِهِ».

واتە: قەیس دەفەرموێت: عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: هەر کەسێ کار بۆ ئەوە بکات کە خەڵکی بیبیستێ؛ ئەوا خوای گەورە ئەو کارە بە گوێی خەڵکدا دەدات (و لە ڕۆژی قیامەتدا ماڵوێران دەبێت و کار و کردەوەکانی پوچەڵ دەبنەوە).

٢٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، قَالَ وَكِيعٌ: حَدَّثَنَا مِسْعَرٌ، عَنْ شَيْخٍ لَمْ يَكُنْ يُسَمِّيهِ قَالَ: سَمِعْتُ جَابِرًا، وَابْنَ عُمَرَ يَقُولَانِ: قَالَ أَحَدُهُمَا: «كَانَ فِي كَلَامِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَرَسُّلٌ أَوْ تَرْسِيلٌ» قَالَ: فَقَالَ الْآخَرُ: «مَا قَامَ رَجُلٌ بِخُطْبَةٍ، يُرَائِي بِهَا، إِلَّا كَانَ فِي سَخَطِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ حَتَّى يَسْكُتَ».

واتە: میسعەر لە پیاوێکەوە گێڕایەوە و ناوی پیاوەکەی نەبرد گوتی: جابرو عەبدوڵڵای کوڕی عومەر یەکێکیان فەرمووی: ووتەی فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێمنی تێدا بوو؛ وشەکانی دەنکە دەنکەو لەسەرخۆ بوون.. ئەویتریان فەرمووی: هەر وتاربێژێک هەستێ

و بۆ ڕیا و بەرچاوی وتار بدات؛ ئەوە هەتا دەم دادەخات و بێدەنگ دەبێت ئەو وتارەی دەبێـە هۆی توورەبوونی خوای گەورە.

٢٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثنَا أَبِي، حَدَّثنَا سُلَيْمَانُ بْنُ حَيَّانَ، عَنْ أُسَامَةَ، عَنْ سَعِيد بْن أَبِي سَعِيد، عَنْ أَبِيه، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «كَمْ مَنْ صَائم لَيْسَ له منْ صيَامه إلَّا الْجُوعُ، وَكَمْ منْ قَائم لَيْسَ له منْ قيَامه إلَّا السَّهَرُ».

واتە: ئەبوهـورەیرە فەرمـووی: پێغەمـبەری خـوا (ﷺ) فەرمـووی: زۆر ڕۆژووەوان هەیە لە ڕۆژووەکەیا تەنیا برسێتی بۆ دەمێنێتەوە؛ زۆر کەسیش هەیە شەونوێژ دەکات و شەو تا سبەی بێدارە؛ کەچی هەر بێدارییەکەی بۆ دەمێنێتەوە (واتە: لەبەر ئەوەی باسی دەکەن و خۆیانی پێ هەڵدەکێشن؛ کارەکانیان پوچەڵ دەبێتەوە).

٢٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثنَا أَبِي، عَنْ حَجَّاج، حَدَّثنَا ابْنُ أَبِي ذئْب، عَنْ سَعِيد، عَنْ أَبِيه، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «مَنْ لَمْ يَدَعْ قَوْلَ الزُّورِ وَالْعَمَلَ بِه، وَالْجَهْلَ، فَلَيْسَ لله حَاجَةٌ بأَنْ يَدَعَ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ».

واتە: ئەبوهورەیرە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: هەر کەسێ واز لە قسەی خراپ نەهێنێت و واز لە کردەوەی خراپ نەهێنێت و واز لە نەفامی نەهێنێت؛ ئەوە خوا ئاتاجی ئەوە نییە کە مرۆڤ واز لە خواردن و خواردنەوە بێنێ.

٢٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثنَا أَبِي، حَدَّثنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَر، حَدَّثنَا شُعْبَةُ قَالَ: سَمعْتُ الْعَلَاءَ يُحَدِّثُ، عَنْ أَبِيه، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنْ رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ، " يَرْوِيه عَنْ رَبِّه عَزَّ وَجَلَّ قَالَ: أَنَا خَيْرُ الشُّرَكَاء، فَمَنْ عَملَ عَمَلًا فَأَشْرَكَ فيه غَيْرِي، فَإنِّي بَرِيءٌ منْهُ، وَهُوَ للَّذي أَشْرَكَ ".

واتە: ئەبوهـورەیرە لە پێغەمـبەری خـوداوە (ﷺ) دەگێـڕێتەوە؛ ئەویـش لە خـوای گەورەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: مـن باشـترین هاوبەشـم؛ هەر کەسێ کـار و کـردەوەیەک بکـات و غەیری من بکاتە هاوبەش؛ ئەوە من لەو کار و کردەوەیە بەریم و با خۆی و کار و کردەوەکانی بۆ ئەو کەسە بن کە کردوویەتی بە هاوبەش.

٢٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثنَا أَبِي، حَدَّثنَا وَكيعٌ، حَدَّثنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ عَليِّ بْن زَيْد بْن جُدْعَانَ، عَنْ أَنَس بْن مَالك قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: " مَرَرْتُ لَيْلَةَ أُسْرِيَ بِي عَلَى قَوْم تُقْرَضُ شفَاهُهُمْ بمَقَارِيضَ منْ نَار، قُلْتُ: مَا هَؤُلَاء؟ قَالَ: هَؤُلَاء خُطَبَاءُ منْ أَهْل الدُّنْيَا الَّذينَ كَانُوا يَأْمُرُونَ النَّاسَ بالْبِرِّ وَيَنْسَوْنَ أَنْفُسَهُمْ، وَهُمْ يَتْلُونَ الْكتَابَ، أَفَلَا يَعْقلُونَ؟ ".

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ئەو شەوەی کە شـەوڕەویم پێکـرا؛ دام بە لای کۆمەڵێکـا بە دوێـردگ و قەیچیـی (مەقەس)ـی ئـاگرین لێوەکانیـان دەبـڕدرا؛ گـوتم: ئەمـانە کـێن؟ گـوتی (واتە: جبریـل گـوتی:) ئەوانە وتاریبێژەکانی ئەهلی دونیـان؛ ئەوانەی کە فرمانیـان بە خەڵك دەکرد کاری چاک بکەن و خۆیان فەرامۆش دەکرد؛ هەرچەندە ئەوانە قورئانیشیان دەخوێندەوە؛ دەی ئیتر تێناگەن و نافامن؟!

٢٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا كَهْمَسُ بْنُ الْحَسَنِ، حَدَّثَنَا أَبُو السَّلِيلِ، عَنْ أَبِي ذَرٍّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ: جَعَلَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَتْلُو هَذِهِ الْآيَةَ: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ۝٢﴾ الطلاق: ٢ حَتَّى فَرَغَ مِنَ الْآيَةِ، ثُمَّ قَالَ: «يَا أَبَا ذَرٍّ، لَوْ أَنَّ النَّاسَ كُلَّهُمْ أَخَذُوا بِهَا لَكَفَتْهُمْ» قَالَ: فَجَعَلَ يَتْلُوهَا عَلَيَّ، وَيُرَدِّدُهَا، حَتَّى نَعَسْتُ ".

واتە: ئەبوزەڕ (خـوای لـێ ڕازی بێـت) دەفەرموێـت: پێغەمـبەری خـوا (ﷺ) ئەم ئـایەتەی دەخوێنـدەوە کە خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ۝٢﴾. تـا کۆتـایی ئـایەتەکەی خوێندەو؛ دوایی فەرمووی: ئەبوزەڕ! ئەگەر هەمـوو خەڵکی کاریـان بەم ئایەتە بکردایە ئەوا بەس بوو.. دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند جارێک ئەو ئایەتەی خوێندەوە بەسەرماو هەمان فەرموودەی دووبارە دەکردەوە؛ تا خەو منی بردەوە و خەوم لێکەوت.

٢٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالِدٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ بَحِيرٍ، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ يَزِيدَ، وَكَانَ مِنْ أَهْلِ صَنْعَاءَ قَالَ: سَمِعْتُ ابْنَ عُمَرَ يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " مَنْ أَحَبَّ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلْيَقْرَأْ: ﴿إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ ۝١﴾ التكوير: ١ ".

واتە: عەبـدولڕەحمانی کـوڕی یەزیـد. کە خەڵـکی صـەنعا بـوو دەفەرموێـت: گـوتم لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بوو دەیفەرموو: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: هەر کەسێ پێی خۆشە تەماشای ڕۆژی قیامەت بکات؛ با سورەتی ﴿إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ ۝١﴾ التكوير: ١ بخوێنێتەوە.

٢٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ، حَدَّثَنَا هِلَالُ بْنُ خَبَّابٍ، عَنْ عِكْرِمَةَ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْتَفَتَ إِلَى أُحُدٍ فَقَالَ: «وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ، مَا يَسُرُّنِي أَنَّ أُحُدًا يُحَوَّلُ لِآلِ مُحَمَّدٍ ذَهَبًا؛ أُنْفِقُهُ فِي سَبِيلِ اللهِ، أَمُوتُ يَوْمَ أَمُوتُ، أَدَعُ مِنْهُ دِينَارَيْنِ؛ إِلَّا دِينَارَيْنِ أُعِدُّهُمَا لِدَيْنٍ إِنْ كَانَ» قَالَ: فَمَاتَ وَمَا تَرَكَ دِينَارًا، وَلَا دِرْهَمًا، وَلَا عَبْدًا، وَلَا وَلِيدَةً، وَتَرَكَ دِرْعَهُ مَرْهُونَةً عِنْدَ يَهُودِيٍّ؛ عَلَى ثَلَاثِينَ صَاعًا مِنْ شَعِيرٍ ".

واتە: لە عیکـریمەوە دەگێـڕنەوە؛ ئەویـش لە عەبـدوڵڵای کـوڕی عەبباسـەوە فەرمـوویەتی:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لای کردەوە بە لای کێوی ئوحوداو فەرمووی: سوێند بەو کەسەی کە گیانی موحەممەدی بەدەستە؛ پێم خۆش نییە کێوی ئوحود ببێتە زێر بۆ خانەوادەی موحەممەد (ﷺ) و ببیەخشم و ئەو ڕۆژەی کە دەمرم دوو دیناری لێ بەجێ بهێڵم؛ مەگەر دوو دینار کە بۆ قەرز بـژاردنم ئامـادە کردبـێ ئەگەر قەرزار بـم. عەبـدوڵڵای کـوڕی عەبیـاس دەفەرموێـت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دونیـا دەرچوو؛ نە دینارێـک و نە دیرهەمێـک و نە کۆیلەیەک و نە کەنیزەیەکی وەکوو میراتی بەجـێ نەهێشـت؛ تەنـانەت زرێ جەنگـیەکەی لە لای پیـاوێکی جولەکەدا لە بری سی مەن جۆ؛ لە بـارمتەدا بوو. (یەک مەن نـزیکەی سێ کیلـۆگرامە، واتە: نـزیکەی نەوەد کیلۆ جۆی بە قەرز هێنـابوو؛ زرێـکەی لە بـارمتەدا لای ئەو پیـاوە جولەکەیە دانابو).

٢٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، حَدَّثَنَا لَيْثٌ، حَدَّثَنِي يَزِيدُ بْنُ أَبِي حَبِيبٍ، عَنْ أَبِي الْجَدِّ عَنْ سَعِيدِ بْنِ يَزِيدَ أَنَّهُ سَمِعَهُ يَقُولُ: إِنَّ رَجُلًا قَالَ لِرَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَوْصِنِي قَالَ: «أُوصِيكَ أَنْ تَسْتَحِيَ الله عَزَّ وَجَلَّ، كَمَا تَسْتَحِي رَجُلًا صَالِحًا مِنْ قَوْمِكَ».

واتە: سـەعیدی کـوڕی یەزیـد ئەوەی بیسـتووە کە پیاوێـک بە پێغەمـبەری خـوای (ﷺ) گـوت: ئامۆژگـاریم بـکە! پێغەمـبەر (ﷺ) فەرمـووی: ئامۆژگاریـت دەکەم بەوەی کە شـەرم لە خوای گەورە بکەیت وەک چۆن شەرم لە پیاوچاکێکی بنەماڵەو کەسوکاری خۆت دەکەی.

٢٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، أَخْبَرَنَا شُعْبَةُ، عَنْ خُبَيْبِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ، عَنْ حَفْصِ بْنِ عَاصِمٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " كَفَى بِالْمَرْءِ كَذِبًا، وَقَالَ غُنْدَرٌ: إِثْمًا أَنْ يُحَدِّثَ بِكُلِّ مَا سَمِعَ ".

واتە: حەفصی کوڕی عاصم دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەسە بۆ مرۆڤ بە درۆزن هەژمار بکرێ. غوندەر دەیفەرمو ئاوایە: بەسە بۆ مرۆڤ بە تاوانبار هەژمار بکرێ؛ بەوەی کە هەر شتێکی بیست بیگێڕێتەوە.

٢٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيدٍ، عَنِ الْأَعْمَشِ، أَخْبَرَنَا أَوْ سَمِعْتُ أَبَا صَالِحٍ، عَنْ رَجُلٍ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ لِلنَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَخْبِرْنِي بِعَمَلٍ يُدْخِلُنِي الْجَنَّةَ، وَأَقْلِلْ لَعَلِّي أَعْقِلُه قَالَ: «لَا تَغْضَبْ».

واتە: ئەعمەش دەفەرموێت: گوێم لە باوکی صاڵەح بوو لە پیاوێکەوە کە هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو دەیگێڕایەوە دەیفەرموو: پیاوێک بە پێغەمبەری (ﷺ) گوت: کار و کردەوەیەکم پێ پیشان بدە ئەگەر بیکەم پێی بچمە بەهەشتەوە؛ جا پیاوەکە ئەویشی گوت: بەس با ئەو کارەی

پێم دەڵێی کەم بێ با لەبیرم نەچێتەوە! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: تووڕە مەبە!

٢٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا أَبو هِلَال، عَنْ قَتَادَةَ، عَنْ أَنَس أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: «لَا يَزَالُ الْعَبْدُ بِخَيْرٍ مَا لَمْ يَسْتَعْجِلْ» قَالُوا: وَكَيْفَ يَسْتَعْجِلُ قَالَ: " يَقُولُ: قَدْ دَعَوْتُ رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ فَلَمْ يَسْتَجِبْ لِي ".

واتە: قەتادە لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: مرۆڤ هەتا پەلە نەکات هەر سەر بەخێرە؛ هاوەڵان گوتیان: ئەو پەلە کردنە چۆنە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەوەیە کە دەڵێ: داوام کرد لە پەروەردگارو وەڵامی نەدامەوە!

٢٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ عُبَيْد بْن حِسَاب، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا الْمُعَلَّى بْنُ زِيَاد، عَنْ مُعَاوِيَةَ بْن قُرَّةَ، عَنْ مَعْقِل بْن يَسَار قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «الْعِبَادَةُ فِي الهرْجِ كَهِجْرَةٍ إِلَيَّ».

واتە: مەعقیلی کوڕی یەسار دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: خواپەرستی لە کاتی پشێوی و بەرەڵاییدا وەکوو کۆچ کردنە بۆ لای من (واتە: هێندەی ئەوە کۆچ کردنە خێری **هەیە کە هاوەڵان لە مەککەوە کۆچیان کرد بۆ مەدینە بۆ ئەوەی لە خزمەت** پێغەمبەردا (ﷺ) **بن).**

٢٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا كَثِيرُ بْنُ هِشَام، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ الْأَصَمِّ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: «إِنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ لَا يَنْظُرُ إِلَى صُوَرِكُمْ وَأَمْوَالِكُمْ، وَلَكِنْ إِنَّمَا يَنْظُرُ إِلَى أَعْمَالِكُمْ وَقُلُوبِكُمْ».

واتە: یەزیدی کوڕی ئەصەم لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: بەڕاستی خوای گەورە تەماشای شێوە و سەروەت و سامانتان ناکات؛ بەڵکوو سەیری کار و کردەوە و دڵ و دەرونتان دەکات.

٢٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ عَمْرِو بْن دِينَار، عَنْ وَهْب بْن مُنَبِّه قَالَ: " كَانَ الرَّجُلُ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ إِذَا تَعَبَّدَ أَرْبَعِينَ سَنَةً أُوحِيَ إِلَيْه، فَعَبَدَ رَجُلٌ لِغَيْرِ رِشْدَة أَرْبَعِينَ سَنَةً فَلَمْ يُوحَ إِلَيْه، فَقَالَ: يَا رَبِّ، مَا ذَنْبِي فِيمَا صَنَعَ أَبَوَايَ؟ فَلَمْ يَزَلْ يَدْعُو حَتَّى أُوحِيَ إِلَيْه ".

واتە: وەهبی کوڕی مونەببیهـ دەفەرموێت: جاران لە ناو بەنی ئیسرائیلا وا بوو هەر کەسێ چل ساڵ خواپەرستی کردبا؛ خوای گەورە دەیکرد بە پێغەمبەر؛ پیاوێک بیژی بوو؛ چل ساڵ خواپەرستی کرد کەچی سروشی بۆ نەهات؛ پیاوەکە گوتی: پەروەردگارا! دەی تاوانی من چییە دایك و باوکم چییان کردبێ؟! ئیتر هەر لەخوا دەپاڕایەوە تا خوای گەورە کردی بە پێغەمبەر![1].

[1] دەبێ خوێنەری بەڕێز لەوە ئاگاداربێت کە ئەم ئەسەر فەرموودەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نییەو زۆر لە ئیسرائیلیات دەچێت؛ چونکە هەر ئەسەرێک کە تاوانبارکردن و ناشیرین کردنی پێغەمبەرێکی تیابوو؛ ئەوە بێگومان ئیسرائیلیاتەو ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە دەبێت بە خیانەتی زانستی؛ ئەم ئەسەرەم دەردەهێناو هەتا دەستم گرتبای فڕێم دەدا. وەرگێڕ.

زوهد و پارسایی پێغەمبەر ئادەم
(سەلامی خوای لەسەر بێت)

٢٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيدٍ، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ يَعْنِي التَّيْمِيَّ عَنْ أَبِي عُثْمَانَ، عَنْ سَلْمَانَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ: لَمَّا خَلَقَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ آدَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ قَالَ: «وَاحِدَةٌ لِي، وَوَاحِدَةٌ لَكَ، وَوَاحِدَةٌ بَيْنِي وَبَيْنَكَ؛ فَأَمَّا الَّتِي لِي تَعْبُدُنِي وَلَا تُشْرِكُ بِي شَيْئًا، وَأَمَّا الَّتِي لَكَ فَمَا عَمِلْتَ مِنْ شَيْءٍ جَزَيْتُكَ بِهِ، وَأَنَا أَغْفِرُ، وَأَنَا غَفُورٌ رَحِيمٌ، وَأَمَّا الَّتِي بَيْنِي وَبَيْنَكَ مِنْكَ الْمَسْأَلَةُ وَالدُّعَاءُ، وَعَلَيَّ الْإِجَابَةُ وَالْعَطَاءُ».

واتە: لە سەلمانەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە فەرموویەتی: کاتێ خوای گەورە ئادەمی (سەلامی خوای لەسەر بێت) دروست کرد فەرمووی: یەکێکیان بۆ من و یەکێکیان بۆ تۆو یەکێکیشیان لە نێوان من و تۆدا بێ؛ ئەوەی کە بۆ منە ئەوەیە کە تۆ من بپەرستی و هاوڕێ و شەریکم بۆ بڕیار نەدەیت؛ ئەوەیشی کە بۆ تۆیە ئەوەیە کە هەر کارێک بکەیت من پاداشتت دەدەمەوە و من لێت خۆش دەبم و من زۆر لێبوردەو بەسۆزم! ئەوەیشی کە لە نێوان من و تۆدا بێ ئەوە داواکاری و پاڕانەوە لە تۆ؛ وەڵامدانەوە و بەخشینیش لە من.

٢٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا أَبُو هِلَالٍ، حَدَّثَنَا بَكْرٌ قَالَ: لَمَّا عُرِضَ عَلَى آدَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ ذُرِّيَّتُهُ فَرَأَى فَضْلَ بَعْضِهِمْ عَلَى بَعْضٍ قَالَ: «يَا رَبِّ، فَهَلَّا سَوَّيْتَ بَيْنَهُمْ؟» قَالَ: «يَا آدَمُ، إِنِّي أَحْبَبْتُ أَنْ أُشْكَرَ».

واتە: باوکی هیلال دەفەرموێت: بەکر بۆی گێڕامەوە کە: کاتێ نەوەکانی ئادەم پیشانی ئادەم درا ئەوەی بینی کە هەندێکیان فەزڵیان هەیە بەسەر هەندێکیانا؛ بۆیە فەرمووی: ئەی پەروەردگارا ئەوە بۆچی هەموویانت وەکوو یەک دروست نەکرد؟ خوای گەورە فەرمووی: ئەی ئادەم! من پێم خۆشبوو سوپاس بکرێم!

٢٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الْأَعْلَى الْبَصْرِيُّ وَيُقَالُ الصَّنْعَانِيُّ حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ ثَوْرٍ، عَنْ مَعْمَرٍ، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ قَالَ: «شُكْرُهُ أَنْ يُسَمِّيَ إِذَا أَكَلَ، وَيَحْمَدَ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ إِذَا فَرَغَ».

واتە: مەنصور لە ئیبراهیمەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: سوپاسەکەی ئەوەیە کە لە کاتی دەستکردن بە خواردن بە ناوی خوداوە دەست پێ بکات و لە کاتی لێبوونەوە لە خواردن سوپاسی خوا بکات.

٢٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَنْبَأَنَا حُسَيْنُ بْنُ مُحَمَّد، حَدَّثَنَا الْمَسْعُودِيُّ، عَنْ عَلْقَمَةَ بْن مَرْثَد قَالَ: «لَوْ بَكَى أَهْلُ الْأَرْض جَميعًا مَا عَدَلَ دُمُوعَ دَاوُدَ عَلَيْه السَّلَامُ حينَ أَصَابَ الْخَطيئَةَ، وَلَوْ أَنَّ دُمُوعَ أَهْل الْأَرْض، وَدُمُوعَ دَاوُدَ عَلَيْه السَّلَامُ جَميعًا مَا عَدَلَ دُمُوعَ آدَمَ عَلَيْه السَّلَامُ حينَ أُهْبطَ منَ الْجَنَّة».

واتە: عەلقەمەی کوڕی مەرثەد دەفەرموێت: ئەگەر هەموو خەڵکی سەرزەوی دەست بە گریان بکەن؛ هێندەی ئەوە ناگرین کە داوود لە کاتی هەڵەکەدا گریا؛ ئەگەر هەموو فرمێسکی سەرزەوی کۆ بکرێتەوە و فرمێسکی داوودیشی لەگەڵ بخرێ؛ بە هەموویانەوە ناگاتە هێندەی ئەو فرمێسکانەی کە ئادەم لە کاتی دابەزینی لە بەهشتا بۆ سەرزەوی ڕێژای!

٢٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، أَخْبَرَنَا هشَامٌ، عَن الْحَسَن قَالَ: «لَبثَ آدَمُ عَلَيْه السَّلَامُ في الْجَنَّة سَاعَةً منْ نَهَار؛ تلْكَ السَّاعَةُ ثَلَاثُونَ وَمائَةُ سَنَة منْ أَيَّام الدُّنْيَا».

واتە: هیشام لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئادەم تاوێک لە بەهەشت مایەوە؛ بەشێک لە ڕۆژێک؛ ئەو تاوە یەکسانە بە سەدو سی ساڵ لە ساڵ و ڕۆژەکانی دونیا.

٢٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، أَخْبَرَنَا عَوْفٌ، عَنْ مَعْبَد الْجُهَنيِّ قَالَ: «مَا حَمَلَ آدَمَ عَلَيْه السَّلَامُ عَلَى أَكْل الشَّجَرَة إلَّا الشُّحُّ».

واتە: مەعبەدی جوهەنی دەفەرموێت: هیچ ئادەمی تاو نەدا بۆ خواردنی دارەکە جگە لە چاوچنۆکی.

٢٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ مُعَاويَةَ بْن إسْحَاقَ، عَنْ سَعيد بْن جُبَيْر قَالَ: «مَا كَانَ آدَمُ عَلَيْه السَّلَامُ في الْجَنَّة إلَّا مقْدَارَ مَا بَيْنَ الظُّهْر وَالْعَصْر».

واتە: سەعیدی کوڕی جوبەیر دەفەرموێت: ئادەم تەنیا هێندەی نێوان نیوەڕۆو عەسر لە بەهشتا مایەوە.

٢٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزيدُ، أَنْبَأَنَا هشَامُ بْنُ حَسَّانَ، عَن الْحَسَن قَالَ: «كَانَ آدَمُ عَلَيْه السَّلَامُ قَبْلَ أَنْ يُصيبَ الْخَطيئَةَ أَجَله بَيْنَ عَيْنَيْه، وَأَمَله خَلْفَ ظَهْره، فَلَمَّا أَصَابَ الْخَطيئَةَ فَحُوِّلَ فَجُعلَ أَمَله بَيْنَ عَيْنَيْه، وَأَجَله خَلْفَ ظَهْره».

واتە: حەسەن دەفەرموێت: ئادەم پێش ئەوەی تووشی تاوانەکە ببێ؛ ئەجەل و ساتی مەرگی لە سەر تەختی تەوێڵیا نووسرابوو؛ هیواو ئاواتەکانیشی لە سەر پشتی نووسرابوو؛ جا دوای ئەوەی تووشی هەڵەو تاوانەکە بوو گۆڕانکاری بەسەر شوێنی نووسینەکانا هات؛ هیواو ئاواتەکانی لەسەر تەختی تەوێڵی و ئەجەل و ساتی مردنی لەسەر پشتی نووسرایەوە.

٢٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالِد، حَدَّثَنَا رَبَاحٌ قَالَ: حُدِّثْتُ، عَنْ شُعَيْبٍ الْجُبَّائِيِّ قَالَ: «كَانَت الشَّجَرَةُ الَّتِي نَهَى الله عَزَّ وَجَلَّ عَنْهَا آدَمَ وَزَوْجَتَهُ عَلَيْهِ السَّلَامُ شِبْهَ الْبُرِّ، تُسَمَّى الدَّعَةَ وَكَانَ لِبَاسُهُمَا النُّورَ».

واتە: شوعەیبی جوببائی دەفەرموێت: ئەو دارەی کە خوای گەورە لە ئادەم و ژنەکەی ئادەمی قەدەغە کرد؛ وەکوو گەنم وابوو؛ بە (الدعە) ناودەبرا؛ ئەو دەمە پۆشاکی ئادەم و ژنەکەی ئادەم ڕوناکی و نوور بوو.

٢٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هُدْبَةُ بْنُ خَالِد، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ ثَابِت، عَنْ أَنَس أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: " لَمَّا صَوَّرَ الله تَبَارَكَ وَتَعَالَى آدَمَ عَلَيْه السَّلَامُ تَرَكَهُ فَجَعَلَ إِبْلِيسُ يَطُوفُ به؛ يَنْظُرُ إِلَيْه، فَلَمَّا رَآهُ أَجْوَفَ قَالَ: ظَفِرْتُ به، خَلْقٌ لَا يَتَمَالَكُ ".

واتە: ئەنەس دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: کاتێ خوای گەورە شکڵ و شێوەی ئادەمی کێشا؛ وازی لێهێناو گیانی نەکرد بە بەریدا؛ ئیبلیس چەند جارێک سەردانی پەیکەری ئادەمی کرد؛ سەیری دەکرد؛ کاتێ زانیی کە ناوی بۆشە گوتی: ئێ! ئەمە ئیتر ناسیم و زەرەفەرم پێبرد! ئەمە دروستکراوێکە کە زاڵ نابێ بەسەر خۆیا!

٢٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يُونُسُ، حَدَّثَنَا شَيْبَانُ، عَنْ قَتَادَةَ، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ، عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: " إِنَّ آدَمَ عَلَيْه السَّلَامُ كَانَ رَجُلًا طُوَالًا؛ كَأَنَّهُ نَخْلَةٌ سَحُوقٌ، كَثِيرَ شَعْرِ الرَّأْسِ، فَلَمَّا وَقَعَ بِمَا وَقَعَ بِهِ بَدَتْ لَهُ عَوْرَتُهُ، وَكَانَ لَا يَرَاهَا قَبْلَ ذَلِكَ فَانْطَلَقَ هَارِبًا، فَأَخَذَتْ بِرَأْسِهِ شَجَرَةٌ مِنْ شَجَرِ الْجَنَّةِ. فَقَالَ لَهَا: أَرْسِلِينِي قَالَتْ: لَسْتُ مُرْسِلَتَكَ قَالَ: فَنَادَاهُ رَبُّهُ عَزَّ وَجَلَّ: أَمِنِّي تَفِرُّ؟ قَالَ: أَيْ رَبِّ لَا؛ أَسْتَحْيِيكَ، قَالَ: فَنَادَاهُ: وَإِنَّ الْمُؤْمِنَ يَسْتَحْيِي رَبَّهُ عَزَّ وَجَلَّ مِنَ الذَّنْبِ إِذَا وَقَعَ بِهِ، ثُمَّ يَعْلَمُ بِحَمْدِ الله أَيْنَ الْمَخْرَجُ؛ يَعْلَمُ أَنَّ الْمَخْرَجَ فِي الِاسْتِغْفَارِ، وَالتَّوْبَةِ إِلَى الله عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: ئوبەیی کوڕی کەعب لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەڕاستی ئادەم پیاوێکی زۆر باڵا بەرز بوو؛ دەتگوت دارخورمای سەحوقە؛ موی سەری زۆر پڕ بوو؛ جا کاتێ تووشی ئەوە بوو کە تووشی بوو؛ شەرمگاری کەوتە دەر؛ تا پێش ئەو کاتە

نەیدەدی؛ بۆیە دەستی بە هەڵاتن و ڕاکردن کرد؛ جا دارێک ئادەمی گرت و ئادەم بە دارەکەی گوت: وازم لێ بێنەو بەرم بدە! دارەکە گوتی: بەرت نادەم! دەفەرموێت: جا خوای گەورە بانگی کرد و فەرمووی: لە دەستی من هەڵدێی؟ ئادەم فەرمووی: نەوەڵڵا ئەی خودا؛ بەڵکوو شەرمت لێ دەکەم! دەفەرموێت: جا خوای گەورە بانگی کرد و فەرمووی: بەڕاستی باوەڕدار دوای ئەو تاوانەی کە تووشی دەبێت؛ شەرم لە خوای خۆی دەکات؛ دواتریش سوپاس بۆ خوا دەزانێ ڕێگەی ڕزگاربوون کامەیە؛ دەزانێ ڕزگاربوون لەوەدایە کە داوای لێبوردن لە خوای خۆی بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای خوای خۆی و تەوبە بکات.

زوهد و پارسایی لوقمان (سەلامی خوای لەسەر بێت)

٢٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أبي، حَدَّثَنَا حَكَّامٌ الرَّازِيُّ، عَنْ سَعيد الزُّبَيْدِيِّ، عَنْ مُجَاهد قَالَ: «كَانَ لُقْمَانُ الْحَكِيمُ عَلَيْهِ السَّلَامُ عَبْدًا حَبَشِيًّا، غَلِيظَ الشَّفَتَيْنِ، مُصَفَّحَ الْقَدَمَيْنِ، فَاضَ عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ».

واتە: موجاهید دەفەرموێت: لوقمانی دانا (سەلامی خوای لەسەر بێت) حەبەشی بوو؛ لێوەکانی ئەستور بوون؛ پێیەمانی پان بوون؛ (بە هۆی زانایی و دانایییەوە) لە هەموو بەنی ئیسرائیل پێشکەوت.

٢٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أبي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ رَجُلٍ، عَنْ مُجَاهد ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا لُقْمَٰنَ ٱلْحِكْمَةَ﴾ لقمان: ١٢ قَالَ: «الْفِقْهُ، وَالْإِصَابَةُ في الْقَوْلِ في غَيْرِ نُبُوَّةٍ».

واتە: پیاوێک لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە کە لە بارەی تەفسیری ئایەتی: ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا لُقْمَٰنَ ٱلْحِكْمَةَ﴾ فەرموویەتی: ئەو حیکمەتە بریتی بووە لە فیقهـ و پێکانی بەرو ڕا؛ لەگەڵ ئەوەشا پێغەمبەر نەبوو.

٢٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أبي، حَدَّثَنَا أَسْوَدُ بْنُ عَامرٍ، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ زَيْدٍ، عَنْ سَعيدِ بْنِ الْمُسَيَّبِ أَنَّ لُقْمَانَ عَلَيْهِ السَّلَامُ كَانَ خَيَّاطًا ".

واتە: سەعیدی کوڕی موسەییب دەفەرموێت: لوقمانی دانا پیشەی بەرگدروو بوو.

٢٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أبي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، عَنْ مَالك يَعْني ابْنَ دِينَارٍ قَالَ: قَالَ لُقْمَانُ لابْنِه: «يَا بُنَيَّ، اتَّخِذْ طَاعَةَ الله تِجَارَةً تَأْتِكَ الْأَرْبَاحُ مِنْ غَيْرِ بِضَاعَةٍ».

واتە: مالیك (مەبەست مالکیی کوڕی دینارە) دەفەرموێت: لوقمان ئامۆژگاری کوڕەکەی

کرد و پێی فەرموو: کوڕی خۆم! خواپەرستی بکە بە بازرگانی بۆ خۆت؛ ئیتر لە هەموو لایەکەوە قازانجی بێ سەرمایە دەڕێژێت بەسەرتا. (مەبەست ئەوەیە خواپەرستی باشترین بازرگانییە؛ چونکە لە بری ئەو خواپەرستیە خوای گەورە بەهەشت بەو کەسە دەبەخشێت و خواپەرستیش سەرمایەو پارەو پولی ناوێت).

٢٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثنَا أَبِي، حَدَّثنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا أَبُو الْأَشْهَبِ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ وَاسِعٍ قَالَ: كَانَ لُقْمَانُ عَلَيْهِ السَّلَامُ يَقُولُ لِابْنِهِ: «يَا بُنَيَّ، اتَّقِ الله، وَلَا تُرِ النَّاسَ أَنَّكَ تَخْشَى الله عَزَّ وَجَلَّ؛ لِيُكْرِمُوكَ بِذَلِكَ، وَقَلْبُكَ فَاجِرٌ».

واتە: موحەممەدی کوڕی واسیع دەفەرموێت: لوقمان هەموو جارێک بە کوڕەکەی خۆی دەفەرموو: کوڕیژگەی خۆم! لەخوا بترسە! وا خۆت پیشانی خەڵکی مەدە کە لە خواترسی بۆ ئەوەی ڕێزت لێ بگرن و کەچی لە دڵا لە خوا نەترسی و لەخوا یاخی بی!

٢٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثنَا أَبِي، حَدَّثنَا وَكِيعٌ، وَيَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا أَبُو الْأَشْهَبِ، عَنْ خَالِدٍ الرَّبَعِيِّ قَالَ: " كَانَ لُقْمَانُ عَبْدًا حَبَشِيًّا نَجَّارًا، فَقَالَ لَهُ سَيِّدُهُ: اذْبَحْ لِي شَاةً، فَذَبَحَ لَهُ شَاةً، فَقَالَ لَهُ: ائْتِنِي بِأَطْيَبِ مُضْغَتَيْنِ فِيهَا، فَأَتَاهُ بِاللِّسَانِ وَالْقَلْبِ، فَقَالَ: أَمَا كَانَ فِيهَا شَيْءٌ أَطْيَبُ مِنْ هَذَيْنِ؟ قَالَ: لَا، فَسَكَتَ عَنْهُ، ثُمَّ قَالَ لَهُ: اذْبَحْ شَاةً؛ فَذَبَحَ لَهُ شَاةً، فَقَالَ لَهُ: أَلْقِ أَخْبَثَهُمَا مُضْغَتَيْنِ، فَرَمَى بِاللِّسَانِ وَالْقَلْبِ، فَقَالَ: أَمَرْتُكَ أَنْ تَأْتِيَنِي بِأَطْيَبِهَا مُضْغَتَيْنِ، فَأَتَيْتَنِي بِاللِّسَانِ وَالْقَلْبِ؟ وَأَمَرْتُكَ أَنْ تُلْقِيَ أَخْبَثَهُمَا مُضْغَتَيْنِ، فَأَلْقَيْتَ اللِّسَانَ وَالْقَلْبَ؟ فَقَالَ: إِنَّهُ لَيْسَ شَيْءٌ بِأَطْيَبَ مِنْهُمَا إِذَا طَابَا، وَلَا أَخْبَثَ مِنْهُمَا إِذَا خَبُثَا ".

واتە: خالیدی ڕیبعی دەفەرموێت: لوقمان کۆیلەیەکی حەبەشی بوو؛ دارتاش بوو؛ گەورەکەی پێی گوت: مەڕێکم بۆ سەر ببڕە! مەڕێکی بۆ سەربڕی؛ جا گەورەکەی پێی گوت: ئادەی پاکترین و خۆشترین شوێنی ئەو مەڕەم بۆ بێنە! لوقمان زمانەکەی و دڵەکەی بۆ برد؛ گەورەکەی گوتی: ئا لەم دووانە پاکترو باشتری تێدا نەبو؟ لوقمان گوتی: نەخێر! ئیتر گەورەکەی هیچی نەگوت، دوای ماوەیەک دیسان گوتی: مەڕێکم بۆ سەر ببڕە! لوقمان مەڕێکی بۆ سەربڕی؛ دوایی گوتی: ئادەی کام دو شوێنەی زۆر پیسە فڕێی بدە! لوقمان دڵەکەی و زمانەکەی فڕێدا؛ گەورەکەی پێی سەیر بوو؛ گوتی: ئەرێ جاری پێشو من فرمانم پێکردی باشترین دوو پارچەی ئەو مەڕەم بۆ بێنی تۆ زمانەکەی و دڵەکەت هێنا؛ ئێستا پێت دەڵێم: پیسترین دوو پارچەی ئەو مەڕە فڕێ بدە؛ کەچی زمانەکەی و دڵەکەی فڕێ دەدەی (ئەمە چەندی بە چەندە)؟ لوقمان گوتی: ئەگەر زمان و دڵ پاك بن؛ هیچ شێوێنێک هێندەی ئەو دووانە پاك نییە، ئەگەریش پیس بن؛ هیچ شوێنێک هێندەی ئەو دووانە پیس نییە!

٢٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي الْحُسَيْنُ بْنُ الْجُنَيْدِ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ قَالَ: قَالَ لُقْمَانُ لابْنِهِ: «يَا بُنَيَّ، مَا نَدِمْتُ عَلَى الصَّمْتِ قَطُّ، وَإِنْ كَانَ الْكَلَامُ مِنْ فِضَّةٍ، فَإِنَّ السُّكُوتَ مِنْ ذَهَبٍ».

واتە: سوفیان دەفەرموێت: لوقمان بە کوڕەکەی خۆی دەفەرموو: کوڕی خۆم! هەرگیز لە بێدەنگی پەشیمان نەبومەتەوە؛ ئەگەر قسە کردن زیو بێ؛ ئەوا نەکردنی زێڕە!

٢٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ جَمِيلٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ الْمُبَارَكِ، أَنْبَأَنَا جَعْفَرُ بْنُ حَيَّانَ، وَهُوَ أَبُو الأَشْهَبِ عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: قَالَ لُقْمَانُ: «إِنَّ الشَّرَّ لِلشَّرِّ خُلِقَ».

واتە: جەعفەری کوڕی حەییان کە بە باوکی ئەشهەب بەناوبانگە لە قەتادەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لقومان فەرموویەتی: شەڕو خراپە؛ بۆ شەڕو خراپە دروستکراوە.

٢٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، أَخْبَرَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، أَخْبَرَنَا هِشَامُ بْنُ عُرْوَةَ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: " مَكْتُوبٌ فِي الْحِكْمَةِ، بُنَيَّ، لِتَكُنْ كَلِمَتُكَ طَيِّبَةً، وَلْيَكُنْ وَجْهُكَ بَسِيطًا، تَكُنْ أَحَبَّ إِلَى النَّاسِ مِمَّنْ يُعْطِيهِمُ الْعَطَاءَ وَقَالَ: مَكْتُوبٌ فِي الْحِكْمَةِ، أَوْ فِي التَّوْرَاةِ: الرِّفْقُ رَأْسُ الْحِكْمَةِ وَقَالَ: مَكْتُوبٌ فِي التَّوْرَاةِ: كَمَا تَرْحَمُونَ تُرْحَمُونَ، وَكَمَا تَزْرَعُونَ تَحْصُدُونَ، وَقَالَ: مَكْتُوبٌ فِي الْحِكْمَةِ: أَحِبَّ خَلِيلَكَ، وَخَلِيلَ أَبِيكَ ".

واتە: هیشامی کوڕی عورووە لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە نێو پەندو ئامۆژگارییەکانا (واتە: پەندو ئامۆژگارییەکانی لوقمانا) ئەمەش نووسراوە و فەرموویەتی: کوڕی خۆم! با قسەو وشەکانت پاك بن، با ڕووت خۆش و دەموچاووت گەش و کراوە بێ؛ لای خەڵکی لەو کەسانە خۆشەویستر بە کە شتیان پێ دەبەخشن! دیسان فەرموویەتی: لە نێو پەندو ئامۆژگارییەکانا یا لە نێو تەوراتا نووسراوە: نەرم و نیانی سەری هەموو داناییەکە.. هەروەها فەرموویەتی: لە تەوراتا نووسراوە: وەک چۆن بەزەییتان بە خەڵکدا دێتەوە؛ ئاو بەزەییتان پیا دێتەوە (واتە: چۆن ڕەحم بە خەڵکی بکەیت ئاوا ڕەحمت پێ دەکرێ) چی بچێنن ئەوە دەدوورنەوە. دیسان فەرموویەتی: لە نێو پەندو ئامۆژگارییەکانا نووسراوە: هاوڕێ و خۆشەویستی خۆت و هاوڕێی و خۆشەویستی باوکی خۆتت خۆش بوێ!

٢٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ قَالَ: " قِيلَ لِلُقْمَانَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: أَيُّ النَّاسِ شَرٌّ؟ قَالَ: الَّذِي لَا يُبَالِي أَنْ يَرَاهُ النَّاسُ مُسِيئًا ".

واته: سوفیان دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە لوقمانیان پرسی: کام کەسە لە هەمووان خراپترە؟ فەرمووی: ئەو کەسەی کە گوێی لەوە نییە کە خەڵکی بە خراپی بزانن!

٢٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو عَبْد الصَّمَد، حَدَّثَنَا مَالكُ بْنُ دينَار قَالَ: " وَجَدْتُ في بَعْض الْحكْمَة: لَا خَيْرَ لَكَ في أَنْ تَعْلَمَ مَا لَمْ تَعْلَمْ، وَلَمَّا تَعْمَلْ بمَا قَدْ عَلمْتَ قَالَ: مَثَلُ ذَلكَ مَثَلُ رَجُل احْتَطَبَ حَطَبًا، فَحَزَمَ حزْمَةً، ثُمَّ ذَهَبَ يَحْملهاا، فَعَجَزَ عَنْهَا، فَضَمَّ إلَيْهَا أُخْرَى ".

واته: مالیکی کوڕی دینار دەفەرموێت: لە نێو هەندێ پەندو ئامۆژگاریدا دیومە: خێرو چاکە لە زانینا نییە هەتا نەزانیت و کار بە زانینەکەت نەکەیت. جا دەفەرموێت: نموونەی ئەوە قسەیە وەکوو ئەوە وایە پیاوێک دارو چیلکە بێنێت؛ کۆمەڵێک دارو چیلکە کۆ بکاتەوە، دوایی بیەوێ دارو چیلکەکان هەڵبگرێت و نەیتوانێ کەچی دیسان دارو چیلکەی بخاتە سەر!!

چیرۆكی پێغەمبەر نوح
(سەلامی خوای لەسەر بێت)

٢٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاق، أَنْبَأَنَا وُهَيْبُ بْنُ الْوَرْدِ الْحَضْرَمِيُّ الْمَكيُّ قَالَ: " لَمَّا عَاتَبَ الله عَزَّ وَجَلَّ نُوحًا في ابْنه، فَأَنْزَلَ عَلَيْه: ﴿إِنِّىٓ أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلْجَـٰهِلِينَ ﴿٤٦﴾﴾ هود: ٤٦ قَالَ: فَبَكَى ثَلاَثمائَة عَام، حَتَّى صَارَ تَحْتَ عَيْنَيْه مثْلُ الْجَدْوَل منَ الْبُكَاء ".

واتە: ووهەیبی كوڕی وەردی حەزرەمی مەككی دەفەرموێت: دوای ئەوەی كە خوای گەورە سەبارەت بە كوڕەكەی پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لەسەر بێت) گلەیی لە پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لەسەر بێت) كرد؛ ئەم ئایەتەی بۆ ناردو فەرمووی: من ئامۆژگاریت دەكەم! كارێ نەكەیت كە خۆت بخەیتە ڕیزی نەفامانەوە! دەفەرموێت: نوح بۆ ماوەی سێسەد ساڵ گریا؛ ئەوەندە گریا بە هۆی فرمێسكە خوار چاوی وەكوو جۆگەلەی لێهاتبوو.

٢٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، عَنْ سُفْيَانَ، عَن الأَعْمَش، عَنْ مُجَاهد، عَنْ عُبَيْد الله بْن عُمَيْرٍ قَالَ: " كَانَ قَوْمُ نُوح يَضْربُونَهُ حَتَّى يُغْشَى عَلَيْه، فَإِذَا أَفَاقَ قَالَ: اللهمَّ اغْفرْ لقَوْمي فَإِنَّهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ ".

واتە: عوبەیدوڵڵای كوڕی عومەیر دەفەرموێت: گەل و خزمەكانی پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لەسەر بێت) ئەوەندەیان لە پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەدا تا لە هۆش خۆی دەچو؛ دوای ئەوەی هۆشی بەبەر خۆیا دەهاتەوە دەیفەرموو: پەروەردگارا! لە گەل و خزمەكانم خۆش ببە؛ چونكە نەزانن!

٢٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ مَعين، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، حَدَّثَنَا جَريرٌ يَعْني ابْنَ حَازم قَالَ: حَدَّثَني وُهَيْبٌ الْمَكيُّ قَالَ: " بَلَغَني أَنَّهُ مَكْتُوبٌ في التَّوْرَاة، أَوْ في بَعْض الْكُتُب: يَا ابْنَ آدَمَ، اذْكُرْني إِذَا غَضبْتَ، أَذْكُرْكَ إِذَا غَضبْتُ؛ فَلاَ أَمْحَقُكَ مَعَ مَنْ أَمْحَقُ، فَإِذَا ظُلمْتَ فَارْضَ بنُصْرَتي لَكَ؛ فَإِنَّ نُصْرَتي لَكَ خَيْرٌ منْ نُصْرَتكَ نَفْسَكَ ".

واتە: ووهەیبی مەککی دەفەرموێت: بیستوومە لە تەوراتا یان لە هەندێ کتێبیترا نووسراوە: ئەی نەوەی ئادەم! هەر کاتێ تووڕە بووی یادی من بکە؛ با هەر کاتێ تووڕە بووم یادت بکەم و نەتخەمە ڕیزی ئەو کەسانەی کە لێیان تووڕە دەبم! هەر کاتێ ستەمت لێ کرا بە یارمەتیی من ڕازی ببە؛ چونکە بەڕاستی یارمەتیی و کۆمەکیی من بۆ تۆ لە یارمەتیی کۆمەکیی خۆت بۆ خۆت باشترە!

٢٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ مُجَاهِدٍ، عَنْ عُبَيْدِ اللهِ بْنِ عُمَيْرٍ قَالَ: إِنْ كَانَ الرَّجُلُ مِنْ قَوْمِ نُوحٍ لَيَلْقَاهُ فَيَخْنُقُهُ حَتَّى يَخِرَّ مَغْشِيًّا عَلَيْهِ قَالَ: فَيَفِيقُ حِينَ يَفِيقُ وَهُوَ يَقُولُ: رَبِّ اغْفِرْ لِقَوْمِي فَإِنَّهُمْ لَا يَعْلَمُونَ.

واتە: عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەیر دەفەرموێت: لە ناو گەلی پێغەمبەر نوحدا (سەلامی خوای لەسەر بێت) پیاوی وا هەبوو کە یەخەی پێغەمبەر نوحی (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەگرت و دەیدا بە زەویداو دەستی دەخستە بینە قاقای تا دەبورایەوە؛ جا دوای ئەوەی هۆشی دەهاتەوە دەیفەرموو: پەروەردگارا! لە گەلەکەم خۆش ببە؛ چونکە ئەمانە نەزانن!

٢٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبَّادٍ، حَدَّثَنَا حَاتِمٌ يَعْنِي ابْنَ إِسْمَاعِيلَ عَنْ هِشَامِ بْنِ سَعْدٍ قَالَ: سَمِعْتُ مُحَمَّدَ بْنَ كَعْبٍ الْقُرَظِيَّ يَقُولُ: " إِنَّ نُوحًا عَلَيْهِ السَّلَامُ كَانَ إِذَا أَكَلَ قَالَ: " الْحَمْدُ للهِ، وَإِذَا شَرِبَ قَالَ: الْحَمْدُ للهِ، وَإِذَا لَبِسَ قَالَ: الْحَمْدُ للهِ، وَإِذَا رَكِبَ قَالَ: الْحَمْدُ للهِ؛ فَسَمَّاهُ اللهُ عَبْدًا شَكُورًا ".

واتە: لە هیشامی کوڕی سەعدەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: گوێم لێبوو موحەممەدی کوڕی کەعبی قورەزی دەیفەرموو: پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لەسەر بێت) هەر کاتێ خواردنی خواردبا دەیفەرموو: هەرچی سوپاس و ستاییشە بۆ زاتی الله.. هەر کاتێکیش ئاوی خواردبایەتەوە دەیفەرموو: هەرچی سوپاس و ستاییشە بۆ زاتی الله.. هەر کاتێکیش پۆشاکی لەبەر کردبا دەیفەرموو: هەرچی سوپاس و ستاییشە بۆ زاتی الله.. کاتێکیش سوار سوارییەک دەبوو دەیفەرموو: هەرچی سوپاس و ستاییشە بۆ زاتی الله؛ ئا لەبەر ئەوەی خوای گەورە ناوی ناوە بە . بەندەی سوپاسگوزار.

٢٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ الْمُجَبَّرِ، عَنْ زَيْدِ بْنِ أَسْلَمَ، عَنْ عَطَاءِ بْنِ يَسَارٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " قَالَ نُوحٌ عَلَيْهِ السَّلَامُ لِابْنِهِ: يَا بُنَيَّ، إِنِّي مُوصِيكَ بِوَصِيَّةٍ وَقَاصِرٌ بِهَا عَلَيْكَ حَتَّى لَا تَنْسَاهَا؛ أُوصِيكَ بِاثْنَتَيْنِ، وَأَنْهَاكَ عَنِ اثْنَتَيْنِ؛ فَأَمَّا اللَّتَانِ أُوصِيكَ بِهِمَا، فَإِنِّي رَأَيْتُهُمَا يُكْثِرَانِ الْوُلُوجَ عَلَى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ،

وَرَأَيْتُ الله عَزَّ وَجَلَّ يَسْتَبْشِرُ بِهِمَا، وَصَالِحُ خَلْقِهِ؛ قَوْلُ: سُبْحَانَ الله وَبِحَمْدِهِ فَإِنَّهَا صَلَاةُ الْخَلْقِ، وَبِهَا يُرْزَقُ الْخَلْقُ، وَقَوْلُ: لَا إِلَهَ إِلَّا الله، وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَه، فَإِنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَوْ كُنَّ حَلْقَةً لَقَصَمَتْهَا، وَلَوْ كُنَّ فِي كِفَّةٍ لَرَجَحَتْ بِهِنَّ، وَأَمَّا اللَّتَانِ أَنْهَاكَ عَنْهُمَا فَالشِّرْكُ وَالْكِبْرُ؛ فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ تَلْقَى الله عَزَّ وَجَلَّ وَلَيْسَ فِي قَلْبِكَ شَيْءٌ مِنْ شِرْكٍ، وَلَا كِبْرٍ فَافْعَلْ ".

واتە: عەتای کوڕی یەسار دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە کوڕەکەی فەرموو: کوڕی خۆم! من یەک ئامۆژگاریت دەکەم و هەر ئەو ئامۆژگاریەت دەکەم و لەوە زیاتر ئامۆژگاریت ناکەم بۆ ئەوەی لەبیرت نەچێتەوە، فرمانت پێدەکەم بە دوو شت و نەهیت لێ دەکەم لە دوو شتیش؛ ئەو دوو شتەی کە فرمانت پێدەکەم؛ ئەوە خۆم وام بینیوون کە زۆر مرۆڤ بەرەو لای خودا دەبەن؛ ئەوەیشم بینیوە کە خوای گەورە ئەو دوو شتەی پێخۆشە؛ هەروەها بەندە چاک و پاکەکانی خوداش ئەو دوو شتەیان پێخۆشە، ئەوەش ئەم زیکرانەیە: سبحان الله و بحمده؛ بەڕساتی ئەم زیکرە نوێژی هەمووانە؛ هەر بەم دوو زیکرەوە ڕزق و ڕۆزی هەمووان فەراهەم دەبێت (ئەمە یەک؛ ئەویتر) ئەم زیکرەیە: لا اله الا الله وحده لا شريك له.. بەڕاستی ئەگەر سەرزەوی و ئاسمانەکان ببنە یەک بازنە؛ ئەو زیکرە ئەو بازنەیە دەپسێنێت و دەیبڕێ و بەرز دەبێتەوە؛ ئەگەر سەرزەوی و ئاسمانەکان لە تای ترازویەک بن و ئەو زیکرەی لە تایەکیتری ترازووەکە بێت؛ ئەوا ئەم زیکرە قورس و سەنگین دەبێت.. ئەو دوو شتەش کە نەهیت لێ دەکەم؛ بریتین لە: هاوەڵدانان بۆ خوداو خۆبەزلزانی؛ ئەگەر دەتوانی بە جۆرێک بە خزمەت خوای گەورە بگەی کە دڵت یەک تۆزیش شیرك و خۆبەزلزانی تێدا نەبێت؛ ئەوا بەو جۆرە بە خزمەت خوای گەورە بگە.

٢٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يَزِيدَ، حَدَّثَنَا مُوسَى يَعْنِي ابْنَ عَلِيٍّ قَالَ: سَمِعْتُ أَبِي يَقُولُ: بَلَغَنِي أَنَّ نُوحًا عَلَيْهِ السَّلَامُ قَالَ لِابْنِهِ سَام: «يَا بُنَيَّ، لَا تَدْخُلَنَّ الْقَبْرَ وَفِي قَلْبِكَ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنَ الشِّرْكِ بِالله؛ فَإِنَّهُ مَنْ يَأْتِ الله مُشْرِكًا فَلَا حُجَّةَ لَه، وَيَا بُنَيَّ، لَا تَدْخُلَنَّ الْقَبْرَ وَفِي قَلْبِكَ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنَ الْكِبْرِ؛ فَإِنَّ الْكِبْرِيَاءَ رِدَاءُ الله عَزَّ وَجَلَّ، فَمَنْ يُنَازِعِ الله رِدَاءَهُ يَغْضَبْ عَلَيْهِ، وَيَا بُنَيَّ، لَا تَدْخُلَنَّ الْقَبْرَ وَفِي قَلْبِكَ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنَ الْقَنَطِ؛ فَإِنَّهُ لَا يَقْنَطُ مِنْ رَحْمَةِ الله إِلَّا ضَالٌّ».

واتە: مووسای کوڕی عەلی دەفەرموێت: گوێم لە باوکم بوو دەیفەرموو: پێیان گەیشتووە کە پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە س(سام)ی کوڕی فەرموە: کوڕی خۆم! هەتا یەک تۆزو مسقاڵێک هاوەڵپەرستی لەناو دڵتا مابێ؛ مەچۆ گۆڕەوە (واتە: ئەگەر هەیە تا نەمردوی لە دڵتا دەریان بکە) چونکە بەڕاستی هەر کەسێ بە هاوەڵپەرستیەوە بڕواتەوە خزمەت خوای گەورە؛ ئەوا هیچ بەڵگەو بیانویەکی بە دەستەوە نییە؛ هەتا یەک تۆزو

مسقاڵێک خۆبەزلزانی لەناو دڵتا مابێ؛ مەچۆ گۆڕەوە؛ چونکە بەڕاستی خۆبەگەورەزانی کەوای خودایە؛ هەر کەسێ بیەوێ ئەو کەوایە لە خوای گەورە بسەنێت؛ خوای گەورە ئەو کەسە بەر تووڕەیی خۆی دەخات.. کوڕی خۆم! هەتا یەک تۆزو مسقاڵێک بێ ئومێدی لەنێو دڵتا مابێ؛ مەچۆرە ناو گۆڕەوە؛ چونکە هەر کەسێ گومڕا نەبێت؛ لە سۆزو بەزەیی خوای گەورە ناهومێد نابێت.

٢٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يُونُسُ بْنُ مُحَمَّدٍ، أَخْبَرَنَا صَالِحٌ يَعْنِي الْمُرِّيَّ عَنِ الْحَسَنِ، أَنَّ نُوحًا عَلَيْهِ السَّلَامُ لَمْ يَدْعُ عَلَى قَوْمِهِ حَتَّى نَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ: ﴿وَأُوحِيَ إِلَىٰ نُوحٍ أَنَّهُۥ لَن يُؤْمِنَ مِن قَوْمِكَ إِلَّا مَن قَدْ ءَامَنَ فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿٣٦﴾﴾ هود: ٣٦ فَانْقَطَعَ رَجَاؤُهُ عِنْدَ ذَلِكَ مِنْهُمْ قَالَ: «فَدَعَا عَلَيْهِمْ عِنْدَ ذَلِكَ».

واتە: لە حەسەنەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لەسەر بێت) نزا و توک و نەفرەتی لە گەل و هۆزەکەی نەکرد هەتا ئەم ئایەتەی بۆ دانەبەزی کە خوای گەورە دەفەرموێت: (مانای ئایەتەکە): (سەرەنجام) وەحی و پەیامی خوا ڕەوانەکرا بۆ نوح کە چاک بزانە بەڕاستی هەرگیز کەسی تر بڕوا ناهێنێت لە قەومەکەت جگە لەوەی کە بەڕاستی بڕوای هێناوە، کوابوو خەفەتبار مەبە بەو کردەوە ناشیرین و ناپەسەندانەی ئەنجامیان دەدا. دوای ئەوەی ئەم ئایەتەی بۆ دابەزی؛ ئیتر هیوا بڕاو بوو لە گەلەکەی. حەسەن دەفەرموێت: ئیتر ئەو کاتە نزا و توك و نەفرەتی لێ کردن.

٢٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ ثَابِتٍ، حَدَّثَنِي هِشَامُ بْنُ سَعْدٍ، عَنْ زَيْدِ بْنِ أَسْلَمَ، عَنْ عَطَاءِ بْنِ يَسَارٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «أَوْصَى نُوحٌ عَلَيْهِ السَّلَامُ ابْنَهُ» فَذَكَرَ نَحْوَ حَدِيثِ يَزِيدَ عَنِ ابْنِ الْمُجَبَّرِ قَالَ: «وَأَمَّا اللَّتَانِ أَنْهَاكَ عَنْهُمَا فَالْكِبْرُ وَالشِّرْكُ» فَقَالَ عَبْدُ اللهِ بْنُ عَمْرٍو: يَا رَسُولَ اللهِ، الْكِبْرُ أَنْ يَكُونَ لِي حُلَّةٌ حَسَنَةٌ أَلْبَسُهَا؟ قَالَ: «لَا إِنَّ اللهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ» قَالَ: فَالْكِبْرُ أَنْ يَكُونَ لِي دَابَّةٌ صَالِحَةٌ أَرْكَبُهَا؟ قَالَ: «لَا» قَالَ: فَالْكِبْرُ أَنْ يَكُونَ لِي أَصْحَابٌ يَتْبَعُونَنِي، وَأُطْعِمُهُمْ؟ قَالَ: «لَا» قَالَ: فَبِمَ الْكِبْرُ، يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: «أَنْ تُسَفِّهَ الْحَقَّ وَتَغْمِصَ» قَالَ عَلِيٌّ: قُلْتُ لِهِشَامٍ: مَا «تَغْمِصَ» ؟ قَالَ: تَعِيبُهُ ".

واتە: عەتای کوڕی یەسار دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لەسەر بێت) ئامۆژگاریی کوڕەکەی کرد. جا عەتاش هەمان ئەو فەرموودەیەی گێڕایەوە کە یەزیدی کوڕی موجەبەر گێڕایەوە؛ فەرمووی: ئەو دوو شتەش کە نەهیت لێ دەکەم؛ بریتین لە خۆبەگەورەزانین و هاوەڵپەرستی. عەبدوڵڵای کوڕی عەمر فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! خۆبەگەورەزانی ئەوەیە کە بۆ نموونە من خشڵ و شتی جوانم هەبێت و

بەکاریان بهێنم؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: نەخێر! خوای گەورە خۆی جوانەو جوانیی خۆش دەوێ.. عەبدوڵڵا فەرمووی: ئەی خۆبەگەورەزانین ئەوەیە کە بۆ نموونە من وڵاخێکی چاکم هەبێت و سواری بېم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نەخێر! عەبدوڵڵا گوتی: ئەی خۆبەگەورەزانین ئەوەیە کە کۆمەڵێ کەس هاوڕێم بن و شوێنم بکەوون و منیش نانیان پێ بدەم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نەخێر! عەبدوڵڵا گوتی: ئەی خۆبەگەورە زانیی چۆنە ئەی پێغەمبەری خوا؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: خۆبەگەورەزانین ئەوەیە کە شتی هەق بە چاوی خوار سەیر بکەیت و غەمصت هەبێ! عەلی دەفەرموێت: لە هیشامم پرسی: غمص یانی چی؟ فەرمووی: ڕەخنەی لێ بگریت و تانەی لێ بدەی!

٢٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عُمَرَ بْنِ مُحَمَّدِ بْنِ أَبَانَ بْنِ صَالِحِ بْنِ عُمَيْرٍ، أَخْبَرَنَا ابْنُ الْمُبَارَكِ، عَنْ بَكَّارِ بْنِ عَبْدِ الله قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّهٍ يَقُولُ: "مَرَّ رَجُلٌ عَابِدٌ عَلَى رَجُلٍ عَابِدٍ، فَقَالَ: مَا لَكَ؟ قَالَ: أَعْجَبُ مِنْ فُلَانٍ؛ إِنَّهُ كَانَ قَدْ بَلَغَ مِنْ عِبَادَتِهِ وَمَالَتْ بِهِ الدُّنْيَا فَقَالَ: لَا تَعْجَبْ مِمَّنْ تَمِيلُ بِهِ، وَلَكِنِ اعْجَبْ مِمَّنِ اسْتَقَامَ".

واتە: وەهبی کوڕی مونەببیهـ دەفەرموێت: پیاوێکی خواپەرست دای بە لای پیاوێکی خواپەرستا؛ پێی گوت: ئەوە چیتە؟ ئەویان گوتی: سەیرم لە فلانە کەس دێت؛ بە خواپەرستیەکەی سەرسامم؛ ئەو گەیشتووە بە خواپەرستی خۆی و دونیاش خۆی بە لای ئەوا دەچەرخێنێت! ئەویتریان گوتی: هەرگیز سەرت لەو شتە سووڕ نەمێنێ کە دەرگاکانی دونیای بەڕودا کراوەتەوە؛ بەڵکوو سەرت لەو کەسە سوڕ بمێنێ کە پابەندە بە خواپەرستی خۆیەوە!

٢٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا أَبُو جَعْفَرٍ، عَنِ الرَّبِيعِ بْنِ أَنَسٍ قَالَ: "أَوْحَى الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَى نَبِيٍّ مِنَ الْأَنْبِيَاءِ عَلَيْهِمُ السَّلَامُ: مَا بَالُ قَوْمِكَ يَلْبَسُونَ مُسُوكَ الضَّأْنِ، وَيَتَشَبَّهُونَ بِالرُّهْبَانِ؟ كَلَامُهُمْ أَحْلَى مِنَ الْعَسَلِ، وَقُلُوبُهُمْ أَمَرُّ مِنَ الصَّبْرِ، أَبِي يَغْتَرُّونَ؟ أَمْ إِيَّايَ يُخَادِعُونَ؟ وَعِزَّتِي لَأَتْرُكَنَّ الْعَالِمَ مِنْهُمْ حَيْرَانَ، لَيْسَ مِنِّي مَنْ تَكَهَّنَ أَوْ تُكُهِّنَ لَه، أَوْ سَحَرَ أَوْ سُحِرَ لَه: مَنْ آمَنَ بِي فَلْيَتَوَكَّلْ عَلَيَّ، وَمَنْ لَمْ يُؤْمِنْ بِي فَلْيَتَّبِعْ غَيْرِي".

واتە: لە ڕەبیعی کوڕی ئەنەسەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: خوای گەورە سروشی بۆ یەکێک لە پێغەمبەران (سەلامی خوای لەسەر بێت) ناردو پێی فەرموو: ئەوە چییە گەلەکەی تۆ پۆشاکی خوری لەبەر دەکەن و خۆیان دەچوێنن بە ڕەبەنەکانەوە؟ قسەیان لە هەنگوێن شیرینترە؛ دڵیان لە تاڵ تاڵترە؛ باشە ئەوانە لە خۆشی منەوە لەخۆیان بایی بوون؛ یان بە خەیاڵی خۆیان دەیانەوێ من بخەڵەتێنن؟ سوێندە بە گەورەیی و دەسەڵاتی خۆم! دەست لە زاناکانیان بەر دەدەم با سەرگەردان بن؛ هەر کەسێ خەریکی فاڵ گرتن بێت؛ یان بڕوات بۆ لای فاڵچی فاڵ بگرێتەوە؛ یان جادو بکات؛ یان جادوی بۆ بکرێت؛ ئەوە شوێنکەوتەی من نییە.. هەر

کەسێ باوەڕی بە من هێناوە با پشت بە من ببەستێ؛ هەر کەسێکیش باوەڕی نەهێناوە با بڕوا شوێن کەسێکی غەیری من بکەوێت.

٢٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ، أَنْبَأَنَا مُنْذِرُ بْنُ النُّعْمَانِ قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّهٍ يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ إِذَا أَحَبَّ قَوْمًا ابْتَلَاهُمْ».

واتە: مونزیری کوڕی نوعمانی دەفەرموێت: گوێم لە وەهبی کوڕی موننەبیهـ بوو دەیفەرموو: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: بەڕاستی خوای گەورە هەر کاتێ گەلێکی خۆشویست؛ ئەوا تووشی دەرد و بەڵایان دەکات!

٢٨٩ - حَدَّثَنَا عبد الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ، حَدَّثَنَا بَكَّارٌ قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبًا يَقُولُ: " إِنَّ الرَّبَّ تَبَارَكَ وَتَعَالَى قَالَ فِي بَعْضِ مَا يَقُولُ لِبَنِي إِسْرَائِيلَ: إِنِّي إِذَا أُطِعْتُ رَضِيتُ، وَإِذَا رَضِيتُ بَارَكْتُ، وَلَيْسَ لِبَرَكَتِي نِهَايَةٌ، وَإِنِّي إِذَا عُصِيتُ غَضِبْتُ، وَإِذَا غَضِبْتُ لَعَنْتُ، وَلَعْنَتِي تَبْلُغُ السَّابِعَ مِنَ الْوَلَدِ ".

واتە: بەککار دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: گوێم لە وەهب بوو دەیفەرموو: خوای گەورە لە هەندێ لەو شتانەدا کە بە نەتەوەی بەنی ئیسرائیلی فەرموە؛ فەرموویەتی: من هەر کاتێ بپەرسترێم ڕازی دەبم؛ ئەگەریش ڕازی ببم ئەوا پیت و بەرەکەت دەتێرم؛ پیت و بەرەکەت و ڕێژنەی من کۆتایی نییەو ئەوسەری دیار نییە؛ هەر کاتێکیش بێفەرمانیم بکرێ تووڕە دەبم؛ هەر کاتێکیش تووڕە ببم ئەوا نەفرەت دەنێرم؛ نەفرەتی من تا حەوت پشت دەگرێتەوە (واتە: ئەگەر نەفرەت لە کەسێک بکات؛ ئاسەواری ئەو نەفرەتە؛ لە حەوت نەوەی ئەو کەسە دەردەکەوێ).

٢٩٠ - حَدَّثَنَا عبد الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ، حَدَّثَنَا بَكَّارٌ قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبًا يُحَدِّثُ أَنَّ بَنِي إِسْرَائِيلَ أَصَابَتْهُمْ عُقُوبَةٌ وَشِدَّةٌ، فَقَالُوا لِنَبِيٍّ لَهُمْ: وَدِدْنَا أَنَّا نَعْلَمُ مَا الَّذِي يُرْضِي رَبَّنَا عَزَّ وَجَلَّ فَنَتَّبِعُهُ فَأَوْحَى الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَيْهِ: إِنَّ قَوْمَكَ يَقُولُونَ: وَدُّوا لَوْ يَعْلَمُونَ مَا الَّذِي يُرْضِينِي فَيَتَّبِعُونَهُ، أَخْبِرْهُمْ إِنْ أَرَادُوا رِضَايَ فَلْيُرْضُوا الْمَسَاكِينَ؛ فَإِنَّهُمْ إِذَا أَرْضَوْهُمْ رَضِيتُ، وَإِذَا أَسْخَطُوهُمْ سَخِطْتُ ".

واتە: عەبدولڕەززاق دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: بەککار بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: گوێم لە وەهب بوو دەیفەرموو: نەتەوەی بەنی ئیسرائیل تووشی تۆڵەو سەختی و سزایەک بوونەوە، بە پێغەمبەری سەردەمی خۆیان گوت: ئێمە پێمان خۆشە بزانین خوای گەورە بە چ شتێک ڕازی دەبێت بۆ ئەوەی ئەو کارە ئەنجام بدەین؛ خوای گەورە نیگای بۆ ئەو پێغەمبەرە ناردو

فەرمووی: گەل و نەتەوەکەی تۆ دەڵێن کە گوایە پێیان خۆشە بزانن من بە چ شتێک ڕازی دەبم ئەنجامی بدەن! پێیان بڵێ: ئەگەر مەبەستیان ڕازی کردنی منە؛ ئەوا با هەژارەکانی ناو خۆیان ڕازی بکەن؛ ئەگەر ئەوان ڕازی بکەن؛ ئەوا منیش لەوان ڕازی دەبم؛ ئەگەر تووڕەشیان بکەن؛ ئەوا منیش تووڕە دەبم!

٢٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا عَبْدُ الرَّزَّاق، أَخْبَرَنَا بَكَّارٌ قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبًا يُحَدِّثُ أَنَّ الرَّبَّ عَزَّ وَجَلَّ قَالَ لِعُلَمَاءِ بَنِي إِسْرَائِيلَ: «تَفَقَّهُونَ لِغَيْرِ الدِّين، وَتَعَلَّمُونَ لِغَيْرِ الْعَمَل، وَتَبْتَغُونَ الدُّنْيَا بِعَمَلِ الْآخِرَة، تَلْبَسُونَ مُسُوكَ الضَّأْن، وَتُخْفُونَ أَنْفُسَ الذِّئَاب، وَتَنَقُّونَ الْقَذَاءَ مِنْ شَرَابِكُمْ، وَتَبْتَلِعُونَ أَمْثَالَ الْجِبَالِ مِنَ الْمَحَارِم، وَتُثْقِلُونَ الدِّينَ عَلَى النَّاسِ أَمْثَالَ الْجِبَال، وَلَا تُعِينُوهُمْ بِرَفْعِ الْخَنَاصِر، تُبَيِّضُونَ الثِّيَابَ، وَتُطِيلُونَ الصَّلَاةَ، تَنْتَقِصُونَ بِذَلِكَ مَالَ الْيَتِيمِ وَالْأَرْمَلَةِ فَبِعِزَّتِي حَلَفْتُ لَأَضْرِبَنَّكُمْ بِفِتْنَةٍ يَضِلُّ فِيهَا رَأْيُ ذِي الرَّأْيِ، وَحِكْمَةُ الْحَكِيم».

واتە: عەبدولڕەززاق دەفەرموێت: بەککار بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: گوێم لە وەهب بوو دەیفەرموو: خوای گەورە بە زانایانی نەتەوەی بەنی ئیسرائیلی فەرموو: ئێوە لەبەر غەیری ئایین فێری زانست دەبن و هەر فێر دەبن و کاری پێ ناکەن و بە کار و کردەوەی قیامەت خەریکی دونیادارین و خوریی مەڕ لەبەر دەکەن و گیانی گورگ سیفەتتان تێدا شاردووەتەوە؛ پوش و پەڵاش لە خواردن و خواردنەوەی خۆتان دەبژێرن و دەری دێنن؛ بەڵام **هێندەی چیاکان حەرام دەخۆن؛ (بە هۆی سود و ڕیبا خواردنەوە) قەرز وەک** کێوەکان لەسەر **خەڵکی قورس دەکەن؛ بە ئاماژەی پەنجە گچکەش بێت یارمەتیی** هەژاران نادەن و پۆشاکی **سپی لەبەر دەکەن و نوێژەکانتان درێژ دەکەنەوە و بەو هۆیەوە** سەروەت و سامانی منداڵی **هەتیوو بێوەژنی هەژار بۆ خۆتان حەڵاڵ دەکەن! سوێند بە گەورەیی و** دەسەڵاتی خۆم؛ سوێندم **خواردووە کە تووشی فیتنەو سەرلێشێواوێنێکی وەهاتان بکەم کە ژیریی** مرۆڤی ژیر تێیدا **سەرگەردان بێت؛ دانایی مرۆڤی دانا تێیدا کوێرەوار بێت.**

٢٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا مُحَمَّدُ بْنُ الْحَسَنِ بْنِ أَنَس، حَدَّثَنَا مُنْذِرٌ، عَنْ وَهْبٍ أَنَّ رَجُلًا سَائِحًا عَبَدَ الله سَبْعِينَ سَنَةً، ثُمَّ خَرَجَ يَوْمًا؛ يُقَلِّلُ عَمَلَه، وَشَكَا إِلَى الله عَزَّ وَجَلَّ بَثَّهُ وَاعْتَرَفَ بِذَنْبِه، فَأَتَاهُ آتٍ مِنَ الله عَزَّ وَجَلَّ، فَقَالَ: «إِنَّ مَجْلِسَكَ هَذَا أَحَبُّ إِلَى الله عَزَّ وَجَلَّ مِنْ عَمَلِكَ فِيمَا مَضَى مِنْ عُمْرِكَ».

واتە: لە وەهبەوە دەگێڕنەوە کە پیاوێکی گەڕۆک حەفتا ساڵی ڕەبەق خەریکی خواپەرستی بوو؛ دوایی ڕۆژێک ڕۆیی (بۆ خواپەرستی؛ یان بۆ سەفەرێک و) کار و کردەوەکانی خۆی پێ کەم و ناچیز بوو؛ جا گلەیی بردە خزمەت خوای گەورە و دانی بە تاوانباریی خۆیا نا؛ دوای ئەوە نوێنەرێک لە لایەن خوای گەورەوە هات و گوتی: خوای گەورە ئەم دانیشتن و

پاڕانەوەی ئەمڕۆی تۆی لەو حەفتا ساڵ خواپەرستیەی تەمەنت کە تێپەڕیوە؛ پێ گەورەترو باشترە.

٢٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ آتش، حَدَّثَنَا مُنْذِرٌ، عَنْ وَهْبٍ قَالَ: " يَقُولُ الرَّبُّ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: إِذَا تَوَكَّلَ عَلَيَّ عَبْدِي، لَوْ كَادَتْهُ السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ، جَعَلْتُ له مِنْ بَيْنِ ذَلِكَ الْمَخْرَجَ ".

واتە: مونزیر دەفەرموێت: وەهب فەرمووی: خوای گەورە فەرموویەتی: هەر کاتێ بەندەکەم پشت بە من ببەستێ؛ ئەگەر ئاسمانەکان و زەوی لێک نزیک ببنەوە و هیچ کون و کەلەبەرێک نەمێنێ؛ ئەوا لەو نێوانەدا من کون و کەلەبەرێکی بۆ دەبینمەوە.

٢٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ عَاصِمِ بْنِ أَبِي النَّجُودِ، عَنْ مُصْعَبِ بْنِ سَعْدٍ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ الله، أَيُّ النَّاسِ أَشَدُّ بَلَاءً؟ قَالَ: «الْأَنْبِيَاءُ، ثُمَّ الصَّالِحُونَ، ثُمَّ الْأَمْثَلُ فَالْأَمْثَلُ مِنَ النَّاسِ؛ يُبْتَلَى الرَّجُلُ عَلَى حَسَبِ دِينِهِ، فَإِنْ كَانَ فِي دِينِهِ صَلَابَةٌ زِيدَ فِي بَلَائِهِ، وَإِنْ كَانَ فِي دِينِهِ رِقَّةٌ؛ خَفَّفْتُ عَنْهُ، وَلَا يَزَالُ الْبَلَاءُ فِي الْعَبْدِ حَتَّى يَمْشِيَ فِي الْأَرْضِ لَيْسَ عَلَيْهِ خَطِيئَةٌ».

واتە: موصعەبی کوڕی سەعید لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! کام جۆرە خەڵکە لە هەمووان زیاتر تووشی ناخۆشی و دەردە بەڵا دەبن؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: پێغەمبەران؛ دوای ئەوا پیاوچاکن و دواتر ئەوانەی کە زۆرترین لێکچوونیان لەگەڵ پێغەمبەران و پیاوچاکانا هەیە؛ هەر کەسێک و بە پێی دینداری و باوەڕداریی خۆی تووشی بەڵا و چۆرتم و موسیبەت دەبێتەوە؛ جا ئەگەر لێقەومانەکەی لە ڕوی ئایینییەوە بوو؛ ئەوا ئەگەر پابەندی و دەست گرتنێک بە ئایینەکەیەوە دیار بێت؛ خۆ ئەگەر سەبارەت بە ئایین و دینداری شل و کرچ و کاڵ بوو؛ ئەوا باری ئازارەکەی سووک دەکەم؛ مرۆڤیش بەردەوام بەڵا و موسیبەتی لێ نزیکە؛ تا ئەو کاتەی ئەو مرۆڤە وای لێدێت؛ بە بێ تاوانی بەسەر خاکا دێت و دەچێت.

٢٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا عَوْفُ بْنُ جَابِرٍ قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ الله، عَنْ صَفْوَانَ يَعْنِي ابْنَ الْكَلْبِيِّ وَابْنَةَ بِنْتِ وَهْبٍ يَذْكُرُ عَنْ أَبِيهِ، عَنْ وَهْبٍ قَالَ: «إِنَّ الْبَلَاءَ لِلْمُؤْمِنِ كَالشِّكَالِ لِلدَّابَّةِ».

واتە: لە صەفوان و کچێکی کوڕەکەی وەهبەوە دەگێڕنەوە فەرمویانە: بەڕاستی بەڵا و موسیبەت و چۆرتم لە مرۆڤی دیندارەوە نزیکە!

هەندێ لە ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەر عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت)

٢٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالِد، حَدَّثَنَا مُنْذِرٌ الْأَفْطَسُ قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّهٍ يَقُولُ: " فِي كُتُبِ الْحَوَارِيِّينَ: إِذَا سُلِكَ بِكَ سَبِيلُ أَهْلِ الْبَلَاءِ، فَاعْلَمْ أَنَّهُ سُلِكَ بِكَ سَبِيلُ الْأَنْبِيَاءِ وَالصَّالِحِينَ، وَإِذَا سُلِكَ بِكَ سَبِيلُ أَهْلِ الرَّخَاءِ، فَاعْلَمْ أَنَّهُ سُلِكَ بِكَ سَبِيلٌ غَيْرُ سَبِيلِهِمْ، وَخُولِفَ بِكَ عَنْ طَرِيقِهِمْ ".

واتە: مونزیری کوڕی ئەفتەس دەفەرموێت: گوێم لە وەهبی کوڕی مونەببیە بوو دەیفەرموو: لە نێو کتێبی حەوارییەکانا نووسراوە: ئەگەر تۆ برایت بۆ ڕێگای ئەوانەی کە بەردەوام تووشی بەڵا و موسیبەتن؛ ئەوە دڵنیابە کە دەرگاکانی پاشایەتی و ڕێگاکانی پێغەمبەران و پیاوچاکانی پێ پیشان دراوە.. ئەگەریش برا بە ڕێگای ئەوانەی کە ژیانیان **خۆشەو دەوڵەمەندو خۆشگوزەرانن؛ ئەوە بزانە کە بۆ ڕێگایەک براوە کە ڕێگای** پێغەمبەران و **پیاوچاکان نییەو لە ڕێگای ئەوان لادراوی!**

٢٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبُو هَاشِمٍ زِيَادُ بْنُ أَيُّوبَ، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مُطَرِّفٍ، عَنْ أَبِي جَرِيرٍ، عَنْ أَبِي عَلِيٍّ قَالَ: «هَلَكَ فِي جَبَلِ الْحُمُرِ سَبْعُونَ نَبِيًّا؛ مَا قَتَلَهُمْ إِلَّا الْجُوعُ وَالْقَمْلُ».

واتە: باوکی جەریر لە باوکی عەلییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە کێوی (الحمر)داحەفتا دانە پێغەمبەر مردوون؛ جگە لە برسێتی و کێچ و ئەسپێ؛ هیچیتر نەیکوشتون.

٢٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ يُونُسَ، عَنِ الْحَسَنِ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «وَاللهِ، لَا يُعَذِّبُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ حَبِيبَهُ، وَلَكِنْ قَدْ يَبْتَلِيهِ فِي الدُّنْيَا».

واتە: لە حەسەنەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: سوێند بەخوا؛ خوای گەورە خۆشەویستی خۆی سزا نادات؛ بەڵام لە دونیادا تاقیی دەکاتەوە و تووشی بەڵا و چۆرتمی دەکات.

٢٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ أَبو غَالب قَالَ: بَلَغَنَا أَنَّ هَذَا الْكَلاَمَ فِي وَصِيَّةِ عِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلاَمُ: «يَا مَعْشَرَ الْحَوَارِيِّينَ، تَحَبَّبُوا إِلَى الله عَزَّ وَجَلَّ بِبُغْضِ أَهْلِ الْمَعَاصِي، وَتَقَرَّبُوا إِلَيْهِ بِالْمَقْتِ لهمْ، وَالْتَمِسُوا رِضَاهُ بِسَخَطِهِمْ» قَالُوا: يَا نَبِيَّ الله، فَمَنْ نُجَالِسُ؟ " قَالَ: «جَالِسُوا مَنْ يَزِيدُ فِي أَعْمَالِكُمْ مَنْطِقُهُ، وَمَنْ تُذَكِّرُكُمْ بِالله رُؤْيَتُهُ، وَيُزَهِّدُكُمْ فِي دُنْيَاكُمْ عَمَلُه».

واتە: سەییار دەفەرموێت: جەعفەر واتە باوکی غالب بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: پێمان گەیشتووە کە ئەم پەندەیە یەکێکە لە ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەر عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت): ئەی حەوارییەکان! بە ڕق بوونەوە لەو کەسانەی کە تاوانبارن؛ خۆتان لە لای خوای گەورە خۆشەویست بکەن؛ بە بوغزاندنی ئەو کەسانە خۆتان لە خوای گەورە نزیک بکەنەوە، بە تووڕە کردنیان ڕەزامەندی خوای گەورە بەدەست بێنن. حەوارییەکان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەی لەگەڵ کێدا دابنیشین؟ فەرمووی: لەگەڵ ئەوانەدا کە قسەو گفتوگۆکانیان دەبنە هۆکاری کار و کردەوە چاکەکانتان؛ ئەوانەی کە بینینیان دەبێتە هۆی زیکرو یادی خوای گەورە؛ ئەوانەی کە کارەکانیان دەبێتە هۆی پارسایی و زوهد و دوور کەوتنەوە لە دونیا.

٣٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ دِينَارٍ قَالَ: «أَوْحَى الله إِلَى عِيسَى عَلَيْهِ السَّلاَمُ أَنْ يَا عِيسَى عِظْ نَفْسَكَ، فَإِنِ اتَّعَظْتَ فَعِظِ النَّاسَ، وَإِلاَّ فَاسْتَحِ مِنِّي».

واتە: مالیکی کوڕی دینار دەفەرموێت: خوای گەورە سروشی بۆ پێغەمبەر عیسا (سەلاکی خوای لەسەر بێ) ناردوو پێی فەرموو: ئەی عیسا! ئامۆژگاری خۆت بکە؛ ئەگەر ئامۆژگاریت وەرگرت دوای ئەوە ئامۆژگاری خەڵکی بکە؛ ئەگینا شەرم لە من بکە!

٣٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالِد، حَدَّثَنَا عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّهٍ يَقُولُ: " إِنَّ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلاَمُ كَانَ وَاقِفًا عَلَى قَبْرٍ وَمَعَهُ الْحَوَارِيُّونَ - أَوْ قَالَ: فِي نَفَرٍ مِنْ أَصْحَابِه - قَالَ: وَصَاحِبُ الْقَبْرِ يُدْلَى فِيهِ قَالَ: فَذَكَرُوا مِنْ ظُلْمَةِ الْقَبْرِ، وَوَحْشَتِه، وَضِيقِه، قَالَ: فَقَالَ عِيسَى عَلَيْهِ السَّلاَمُ: قَدْ كُنْتُمْ فِيمَا هُوَ أَضْيَقُ مِنْهُ فِي أَرْحَامِ أُمَّهَاتِكُمْ فَإِذَا أَحَبَّ الله عَزَّ وَجَلَّ أَنْ يُوَسِّعَ وَسَّعَ ".

واتە: عومەری کوڕی عەبدولڕەحمان دەفەرموێت: گوێم لە وەهبی کوڕی موننەبیهـ بوو دەیفەرموو: بەڕاستی عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) لە لای گۆڕێک

وەستابوو؛ حەوارییەکانیشی لەگەڵدا بوو - یان فەرمووی: لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵانیا بوو فەرمووی: کابرای مردوویان دادەهێڵایە ناو گۆڕەکە.. فەرمووی: هەندێ باسی تاریکی و مەترسی و تەنگیی ناو گۆڕیان کرد.. دەفەرموێت: عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: ئێوە سەرەتا لە شوێنێک بوون کە لەم گۆڕە تەنگتر بووە؛ ئێوە لەناو ڕەحمی دایکتانا بوون؛ ئەگەر خوای گەورە پێی خۆشبێ شوێنێک بۆ کەسێک فراوان بکات؛ ئەوا بۆی فراوان دەکات.

٣٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ عَبْدِ الْكَرِيمِ، حَدَّثَنِي عَبْدُ الصَّمَدِ أَنَّهُ سَمِعَ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّهٍ يَقُولُ: " قَالَ الْمَسِيحُ: " أَكْثِرُوا ذِكْرَ الله عَزَّ وَجَلَّ وَحَمْدَهُ وَتَقْدِيسَهُ، وَأَطِيعُوهُ فَإِنَّمَا يَكْفِي أَحَدَكُمْ مِنَ الدُّعَاءِ، إِذَا كَانَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ رَاضِيًا عَنْهُ أَنْ يَقُولَ: اللهمَّ اغْفِرْ لِي خَطِيئَتِي، وَأَصْلِحْ لِي مَعِيشَتِي، وَعَافِنِي مِنَ الْمَكَارِهِ، يَا إِلَهِي ".

واتە: ئیسماعیلی کوڕی عەبدولکەریم دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدولصەمەد بۆی گێڕامەوە کە لە وەهبی کوڕی مونەبیهی بیستووە دەیفەرموو: مەسیح فەرموویەتی: زۆر یادی خوای گەورە بکەن و زۆر سوپاسی بکەن و زۆر باسی پاك و خاوێنیی خوای گەورە بکەن: هەروەها گوێڕایەڵی خوای گەورە بن؛ نزا و پاڕانەوە بۆ هەریەکێک لە ئێوە بەسە؛ بەو مەرجەی خوای گەورەی لێ ڕازی بێت؛ ئەوەی بەسە کە بڵێ: پەروەردگارا! لە تاوانەکانم خۆشبەو ژیانم بە چاکی بۆ هەڵچەرخێنەو لە خراپە بمپارێزە ئەی پەروەردگارا!

٣٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنْ سَالِمِ بْنِ أَبِي الْجَعْدِ قَالَ: " قَالَ عِيسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ: طُوبَى لِمَنْ خَزَنَ لِسَانَهُ، وَوَسِعَهُ بَيْتُهُ، وَبَكَى مِنْ ذِكْرِ خَطِيئَتِهِ ".

واتە: لە سالمی کوڕی باوکی جەعدەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: خۆشبەخت ئەو کەسەی کە زمانی ڕاگرتووە و ماڵەکەی جێگای دەکاتەوە و کاتێ یادی تاوانەکانی دەکات؛ دەست بە گریان دەکات.

٣٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ خَيْثَمَةَ قَالَ: " قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: طُوبَى لِلْمُؤْمِنِ، ثُمَّ طُوبَى لَه، كَيْفَ يَحْفَظُ الله عَزَّ وَجَلَّ وَلَدَهُ مِنْ بَعْدِهِ ".

واتە: ئەعمەش دەفەرموێت: خەیثەمە فەرمووی: عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: خۆشبەختی بۆ مرۆڤی باوەڕدار؛ دیسان خۆشبەختی بۆ مرۆڤی باوەڕدار؛ چۆن خوای گەورە دوای ئەو ماڵ و منداڵەکەی دەپارێزێ؟!

٣٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْحَاقُ بْنُ يُوسُفَ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنْ سَالِمِ بْنِ أَبِي الْجَعْدِ قَالَ: " قَالَ عِيسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ: طُوبَى لِمَنْ خَزَنَ لِسَانَهُ، وَوَسِعَهُ بَيْتُهُ، وَبَكَى مِنْ ذِكْرِ خَطِيئَتِهِ ".

واتە: سالمی کوڕی باوکی جەعد دەفەرموێت: عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: خۆشبەخت ئەو کەسەی کە زمانی ڕاگرتووە و ماڵەکەی جێگای دەکاتەوە و کاتێ یادی تاوانەکانی دەکات؛ دەست بە گریان دەکات.

٣٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ خَيْثَمَةَ قَالَ: " قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: طُوبَى لِلْمُؤْمِنِ، ثُمَّ طُوبَى لَهُ، كَيْفَ يَحْفَظُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ وَلَدَهُ مِنْ بَعْدِهِ ".

واتە: ئەعمەش دەفەرموێت: خەیثەمە فەرمووی: عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: خۆشبەختی بۆ مرۆڤی باوەڕدار؛ دیسان خۆشبەختی بۆ مرۆڤی باوەڕدار؛ چۆن خوای گەورە دوای ئەو ماڵ و منداڵەکەی دەپارێزێ؟!

٣٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْحَاقُ بْنُ يُوسُفَ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنْ هِلَالِ بْنِ يَسَافٍ قَالَ: " كَانَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ يَقُولُ: إِذَا تَصَدَّقَ أَحَدُكُمْ بِيَمِينِهِ فَلْيُخْفِهَا عَنْ شِمَالِهِ، وَإِذَا صَلَّى فَلْيُدْنِ عَلَيْهِ سِتْرَ بَابِهِ؛ فَإِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يَقْسِمُ الثَّنَاءَ، كَمَا يَقْسِمُ الرِّزْقَ ".

واتە: هیلالی کوڕی یەسار دەفەرموێت: عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەیفەرموو: هەر کەس لە ئێوە ئەگەر بە دەستی ڕاست خێرێکی کرد با لە دەستی چەپی بشارێتەوە؛ ئەگەر نوێژی کرد با لە سترەی دەرگاکەی نزیك بێتەوە (بۆ ئەوەی شەیتان بە بەردەمیا تێنەپەڕێت) بەڕاستی خوای گەورە وەک چۆن ڕزق و ڕۆزی دابەش دەکات؛ ئاواش سوپاس و ستاییش دابەش دەکات.

٣٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ عَبْدِ الْعَزِيزِ بْنِ رُفَيْعٍ، عَنْ أَبِي ثُمَامَةَ الصَّائِدِيِّ قَالَ: " قَالَ الْحَوَارِيُّونَ لِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ: مَا الْمُخْلِصُ لِلهِ عَزَّ وَجَلَّ؟ قَالَ: الَّذِي يَعْمَلُ لِلهِ عَزَّ وَجَلَّ، لَا يُحِبُّ أَنْ يَحْمَدَهُ النَّاسُ عَلَيْهِ قَالُوا: فَمَا النَّاصِحُ لِلهِ؟ قَالَ: الَّذِي يَبْدَأُ بِحَقِّ اللهِ؛ فَيُؤْثِرُ حَقَّ اللهِ عَلَى حَقِّ النَّاسِ، وَإِذَا عَرَضَ لَهُ أَمْرَانِ؛ أَمْرُ دُنْيَا، وَأَمْرُ آخِرَةٍ، يَبْدَأُ بِأَمْرِ الْآخِرَةِ، وَيَتَفَرَّغُ لِأَمْرِ الدُّنْيَا بَعْدُ " قَالَ سُفْيَانُ: حَدَّثَنِي بِهِ مَنْصُورٌ عَنْهُ، ثُمَّ لَقِيتُهُ فَسَأَلْتُهُ ".

واتە: لە باوکی ثومامەی صایەدی دەگێڕنەوە فەرموویەتی: حەوارییەکان بە عیسای کوڕی مەریەمیان گوت: کێ زۆر بەندەی پاك و خاوەن ئیخلاصی خوای گەورەیە؟ فەرمووی: ئەو کەسەی کە کارەکانی تەنیا بۆ خوایە؛ پێی خۆش نییە کە خەڵکی سوپاس و ستاییشی بکەن.. گوتیان: ئەی کێ زۆر دڵسۆزی خوایە؟ فەرمووی: ئەو کەسەی کە مافی خوا جێبەجێ دەکات؛ مافی خودا پێش مافی خەڵکی دەخات؛ ئەگەر دوو کاری بۆ هاتە پێش؛ کارێکی دونیایی و کارێکی قیامەتی؛ ئەوا سەرەتا ئەو کارە ئەنجام دەدات کە پەیوەندی بە قیامەتەوە هەیە و دوای ئەوە کارە دونیاییەکەی جێبەجێ دەکات.

٣٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحُ بْنُ عُبَادَةَ، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ الْمُغِيرَةِ، عَنْ ثَابِتٍ قَالَ: " قِيلَ لِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: يَا رَسُولَ اللهِ، لَوِ اتَّخَذْتَ حِمَارًا تَرْكَبُهُ لِحَاجَتِكَ؟ قَالَ: أَنَا أَكْرَمُ عَلَى اللهِ مِنْ أَنْ يَجْعَلَ لِي شَيْئًا يَشْغَلُنِي بِهِ ".

واتە: سولەیمانی کوڕی موغیرە لە ثابتەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بە عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) گوترا: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەوە بۆ گوێدرێژێک تایبەت ناکەیت بۆ خۆت و کاروباری خۆتی پێ ڕایی بکەیت؟ فەرمووی: من لای خوای گەورە لەوە بەڕێزترم کە شتێکم پێ بدات و بەو شتەوە سەرقاڵم بکات.

٣١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا صَالِحٌ، عَنْ أَبِي عِمْرَانَ الْجَوْنِيِّ، عَنْ أَبِي الْجَلْدِ أَنَّ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ قَالَ لِلْحَوَارِيِّينَ: " الْحَقَّ أَقُولُ لَكُمْ: مَا الدُّنْيَا تُرِيدُونَ، وَلَا الْآخِرَةَ قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ، فَسِّرْ لَنَا هَذَا الْأَمْرَ؛ فَإِنَّا قَدْ كُنَّا نَرَى أَنَّا نُرِيدُ إِحْدَاهُمَا؟ قَالَ: لَوْ أَرَدْتُمُ الدُّنْيَا لَأَطَعْتُمْ رَبَّ الدُّنْيَا؛ الَّذِي مَفَاتِيحُ خَزَائِنِهَا بِيَدِهِ، فَأَعْطَاكُمْ، وَلَوْ أَرَدْتُمُ الْآخِرَةَ أَطَعْتُمْ رَبَّ الْآخِرَةِ الَّذِي يَمْلِكُهَا، فَأَعْطَاكُمُوهَا، وَلَكِنْ لَا هَذِهِ تُرِيدُونَ وَلَا تِلْكَ ".

واتە: باوکی عیمرانی جەونی لە باوکی جەلدەوە دەگێڕێتەوە کە عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە حەوارییەکانی فەرموو: هەق و ڕاستی ئەوەیە کە من پێتان دەڵێم: ئێوە نە ئەم دونیایەتان دەوێ نە ئەو دونیا! گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەم بابەتەمان بۆ ڕوون بکەرەوە؛ ئێمە خۆمان پێمان وایە کە یەکێک لەو دوانەمان دەوێت!! فەرمووی: ئەگەر ئێوە دونیاتان ویستبا ئەوا گوێڕایەڵی خاوەنی دونیا دەبوون؛ ئەوەی کە کلیلی هەموو خەزێنەکانی دونیای بە دەستە؛ جا ئەویش (هەندێک) لەو کلیل و گەنجینانەی پێ دەبەخشین؛ ئەگەریش ئەو دونیاتان ویستبا ئەوا خاوەنی ئەو دونیاتان دەپەرست و ئەویش لە پاداشتا ئەو دونیای پێ دەبەخشین؛ بەڵام ئەوەتا ئێوە نە ئەم دونیاتان دەوێ؛ نە ئەو دونیا!

٣١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، أَخْبَرَنَا صَالِحٌ، عَنْ أَبِي عِمْرَانَ الْجَوْنِيِّ، عَنْ أَبِي الْجَلْدِ أَنَّ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ أَوْصَى الْحَوَارِيِّينَ: " لَا تُكْثِرُوا الْكَلَامَ بِغَيْرِ ذِكْرِ الله عَزَّ وَجَلَّ؛ فَتَقْسُوَ قُلُوبُكُمْ، وَإِنَّ الْقَاسِيَ قَلْبُهُ بَعِيدٌ مِنَ الله عَزَّ وَجَلَّ وَلَكِنْ لَا يَعْلَمُ وَلَا تَنْظُرُوا إِلَى ذُنُوبِ النَّاسِ كَأَنَّكُمْ أَرْبَابٌ وَلَكِنَّكُمُ انْظُرُوا فِي ذُنُوبِكُمْ كَأَنَّكُمْ عَبِيدٌ، وَالنَّاسُ رَجُلَانِ: مُعَافًى وَمُبْتَلًى، فَارْحَمُوا أَهْلَ الْبَلَاءِ فِي بَلِيَّتِهِمْ، وَاحْمَدُوا الله عَلَى الْعَافِيَةِ ".

واتە: باوکی عیمرانی جەونی لە باوکی جەلدەوە دەگێڕێتەوە کە عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) ئامۆژگاریی حەوارییەکانی کرد و فەرمووی: قسە زۆر مەکەن؛ مەگەر یاد و زیکری خوا؛ با بە هۆی قسە کردنەوە دڵتان ڕەق نەبێت؛ ئەو کەسەی کە دڵی ڕەقە؛ لە خوای گەورەوە دوورە بەڵام بەخۆی نازانێ؛ بە جۆرێک سەیری تاوانی خەڵکی مەکەن وەک ئەوەی ئێوە خاوەن و گەورەی ئەو بن! بەڵام بە جۆرێک سەیری تاوانی خۆتان بکەن؛ وەبزانن خۆتان کۆیلەن؛ پیاو لە دونیادا دوو جۆرە؛ پیاوێک لە دەرد و بەڵا دوورە؛ ئەویتر تووشی دەرد و بەڵا و بووە؛ بەزەییتان بەوەدا بێتەوە کە تووشی دەرد و بەڵا بووە و پێوەی گرفتارە؛ سوپاسی خوداش بکەن لە بەرامبەر لەشساغی و دووریی لە دەرد و بەڵا.

٣١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا الْفَرَجُ بْنُ فَضَالَةَ، عَنْ أَبِي رَاشِدٍ، عَنْ يَزِيدَ بْنِ مَيْسَرَةَ قَالَ: " قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: مَا لِي لَا أَرَى فِيكُمْ أَفْضَلَ الْعِبَادَةِ؟ قَالُوا: وَمَا أَفْضَلُ الْعِبَادَةِ يَا رُوحَ الله؟ قَالَ: التَّوَاضُعُ لله عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: یەزیدی کوڕی مەیسەرە دەفەرموێت: عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: ئەوە بۆچی من باشترین خواپەرستی لەناو ئێوەدا نابینم؟ گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! باشترین خواپەرستی کامەیە؟ فەرمووی: ملکەچی و خۆ بەکەم زانین بۆ خوداو لە پێناو خودای گەورە.

٣١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ، أَنْبَأَنَا سُفْيَانُ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيِّ، أَنَّ عِيسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ قَالَ: «اجْعَلُوا كُنُوزَكُمْ فِي السَّمَاءِ؛ فَإِنَّ قَلْبَ الْمَرْءِ عِنْدَ كَنْزِهِ».

واتە: لە ئیبراهیمی تەیمییەوە دەگێڕنەوە کە عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: گەنجینەی خۆتان لە ئاسمانا دابنێن؛ چونکە مرۆڤ دڵی لە لای گەنجینەکەیەتی. (واتە: کار و کردەوەی چاک و خواپەرستی بکەن بە گەنجینەی خۆتان و هەواڵەی ئاسمانی بکەن و دڵتان لای کار و کردەوە چاکەکان و لای خواپەرستی بێت).

٣١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا عَوْفُ بْنُ جَابِرٍ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا الهذَيْلِ يَقُولُ: سَمِعْتُ رَاهِبًا يَقُولُ: " إِنَّ إِبْلِيسَ قَالَ لِعِيسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ حِينَ وَضَعَهُ عَلَى بَيْتِ الْمَقْدِسِ فَقَالَ: زَعَمْتَ أَنَّكَ تُحْيِي الْمَوْتَى فَإِنْ كُنْتَ كَذَلِكَ فَادْعُ الله أَنْ يَرُدَّ هَذَا الْجَبَلَ خُبْزًا فَقَالَ لَه عِيسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ: أَوَكُلُّ النَّاسِ يَعِيشُونَ مِنَ الْخُبْزِ؟ فَقَالَ له إِبْلِيسُ: فَإِنْ كُنْتَ كَمَا تَقُولُ فَثِبْ مِنْ هَذَا الْمَكَانِ، فَإِنَّ الْمَلَائِكَةَ سَتَلْقَاكَ قَالَ: إِنَّ رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ أَمَرَنِي أَنْ لَا أُجَرِّبَ بِنَفْسِي، فَلَا أَدْرِي هَلْ يُسَلِّمُنِي أَمْ لَا ".

واتە: عەوفی کوڕی جابر دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: گوێم لە باوکی هوزەیل بوو دەیفەرموو: گوێم لە ڕاهیبێک بوو دەیفەرموو: بەڕاستی ئیبلیس بە عیسای گوت. ئەو کاتەی کە لەسەر بەیتولمەقدیس داینا. پێی گوت: تۆ پێت وایە مردوو زیندوو دەکەیتەوە؛ ئەگەر توانای ئەوەت هەیە ئەوا داوا بکە لە خوای گەورە ئەم کێوە بکات بە نان! عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: بۆ مەگەر هەموو خەڵکی هەر بە نان دەژین؟ ئیبلیس گوتی: دەی باشە ئەگەر بەو جۆرەی کە خۆت دەیڵێیت (واتە: ئەگەر پێت وایە کە مردوو زیندوو دەکەیتەوە) ئەوا لەم شوێنەوە باز بدە خوارەوە؛ خۆ فریشتەکان پێت دەگەن (و دەتگرنەوە و ناهێڵن هیچت بەسەر بێت) عیسا فەرمووی: بەڕاستی خوای گەورە فەرمانی پێکردوم کە خۆم تاقی نەکەمەوە؛ ئا لەبەر ئەوە دڵنیا نیم کە ڕزگارم دەکات یان نە؟!

٣١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا بَهْزٌ، حَدَّثَنَا أَبو هلَال، حَدَّثَنَا بَكْرُ بْنُ عَبْد الله قَالَ: «فَقَدَ الْحَوَارِيُّونَ نَبِيَّهُمْ عَلَيْهِ السَّلَامُ فَخَرَجُوا يَطْلُبُونَهُ» قَالَ: " فَوَجَدُوهُ يَمْشِي عَلَى الْمَاءِ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ: يَا نَبِيَّ الله، أَنَمْشِي إِلَيْكَ؟ قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: فَوَضَعَ رِجْله، ثُمَّ ذَهَبَ يَضَعُ الْأُخْرَى، فَانْغَمَسَ، فَقَالَ: هَاتِ يَدَكَ يَا قَصِيرَ الْإِيمَانِ، لَوْ أَنَّ لِابْنِ آدَمَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ أَوْ ذَرَّةٍ مِنَ الْيَقِينِ إِذًا لَمَشَى عَلَى الْمَاءِ ".

واتە: باوکی هیلال دەفەرموێت: بەکری کوڕی عەبدوڵڵا فەرموویەتی: حەوارییەکان پێغەمبەرەکەی خۆیان (واتە: حەزرەتی عیسایان) لێ وون بوو؛ هەموویان بە دوایا دەگەڕان. دەفەرموێت: دەبینن بەسەر ئاوا ڕێ دەکات! یەکێکیان گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئێمەیش بەسەر ئاوا بێین بۆ خزمەتت؟ فەرمووی: بەڵێ! یەکێکیان پێیەکی لەسەر ئاوە داناو ئەویتر هەڵگرت بیخاتە سەر ئاوەکە بەڵام کەوتە ناو ئاوەکەوە؛ پێغەمبەر عیسا فەرمووی: ئا بێنە دەستت هەی ئیمان کورت! ئەگەر مرۆڤ بەئەندازەی تۆسقاڵێک ئیمانی هەبێ ئەوا بەسەر ئاوا دەڕوا.

٣١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ، أَنْبَأَنَا سُفْيَانُ، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنْ هِلَالِ بْنِ يَسَافٍ قَالَ: كَانَ عِيسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ يَقُولُ: " إِذَا كَانَ صَوْمُ أَحَدِكُمْ فَلْيَدْهِنْ لِحْيَتَهُ، وَلْيَمْسَحْ شَفَتَيْهِ؛ حَتَّى يَخْرُجَ إِلَى النَّاسِ يَقُولُونَ: لَيْسَ بِصَائِمٍ ".

واتە: هیلالی کوڕی یەساف دەفەرموێت: عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەیفەرموو: هەر کاتێ یەکێکتان ڕۆژوی گرت با ڕیشی چەور بکات؛ هەروەها با پەنجەیەکی چەوریش بێنێ بەسەر لێوەکانیا؛ بۆ ئەوەی کاتێ ڕۆیشتە ناو خەڵکەوە بڵێن: دیارە ئەمڕۆ بەڕۆژو نییە!

٣١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا هُشَيْمٌ، أَنْبَأَنَا مُغِيرَةُ، عَنِ الشَّعْبِيِّ قَالَ: " كَانَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ يَقُولُ: إِنَّ الْإِحْسَانَ لَيْسَ أَنْ تُحْسِنَ إِلَى مَنْ أَحْسَنَ إِلَيْكَ إِنَّمَا تِلْكَ مُكَافَأَةٌ بِالْمَعْرُوفِ وَلَكِنَّ الْإِحْسَانَ أَنْ تُحْسِنَ إِلَى مَنْ أَسَاءَ إِلَيْكَ ".

واتە: موغیرە لە شەعبییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عیسای کوڕی مەریەم دەیفەرموو: چاکە ئەوە نییە کە چاکە لەگەڵ کەسێکدا بکەیت کە پێشتر چاکەی لەگەڵدا کردوی؛ چونکە ئەوە وەڵامدانەوەی چاکەیە نەك چاکە؛ بەڵکوو چاکە ئەوەیە کە چاکە لەگەڵ کەسێکدا بکەیت کە پێشتر خراپەی لەگەڵدا کردویت!

٣١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، قَالَ أَخْبَرَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا سَلَّامٌ قَالَ: سَمِعْتُ يَزِيدَ يَعْنِي الضَّبِّيَّ يَقُولُ: " قَالَتِ امْرَأَةٌ لِعِيسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ وَهُوَ يَصْنَعُ مِمَّا قَدْ أُعْطِيَ وَسُخِّرَ لَهُ: طُوبَى لِبَطْنٍ حَمَلَتْكَ وَطُوبَى لِثَدْيٍ أَرْضَعَتْكَ، فَقَالَ عِيسَى، وَأَقْبَلَ عَلَيْهَا: طُوبَى لِمَنْ قَرَأَ كِتَابَ اللهِ، وَاتَّبَعَ مَا فِيهِ ".

واتە: سەللام دەفەرموێت: گوێم لە یەزید بوو. مەبەست یەزیدی زەببییە. دەیفەرموو: ژنێک لە عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) گوت. عیسا لەو کاتەدا خەریکی دروست کردنی ئەو شتە بوو کە خوای گەورە پێی بەخشیبوو و بۆی ڕام کردبوو (مەبەستی ئەوەیە خەریکی دروست کردنی باڵندە بوو بە قوڕ دروستی دەکرد). ژنەکە گوتی:. خۆش بەحاڵی ئەو زگەی تۆی هەڵگرت و خۆش بەحاڵی ئەو مەمکەی شیری بەتۆدا! عیسا. ڕوی کردە ژنەکەو. فەرمووی: خۆبەخشت ئەو کەسەیە کە کتێبی خودا (واتە: ئینجیل) دەخوێنێتەوە و شوێنی دەکەوێت!

٣١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا مُعَاوِيَةُ بْنُ عَمْرٍو، أَخْبَرَنَا زَائِدَةُ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ خَيْثَمَةَ قَالَ: " مَرَّتِ امْرَأَةٌ عَلَى عِيسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ فَقَالَتْ: طُوبَى لِثَدْيٍ أَرْضَعَكَ، وَحِجْرٍ حَمَلَكَ قَالَ عِيسَى: طُوبَى لِمَنْ قَرَأَ الْقُرْآنَ، ثُمَّ عَمِلَ بِمَا فِيهِ ".

واتە: ئەعـمەش لە خەیـثەمەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: ژنێـک دای بە لای عیسـادا (سەلامی خوای لەسەر بێت) ژنەکە گوتی: خۆشبەخت ئەو مەمکانەیە کە شیریان بەتۆ داوە! ئەو کۆشـەیە کە تۆیـان هەڵگرتـووە! عیسـا فەرمـووی: خۆشـبەخت ئەو کەسـەیە کە قورئـان دەخوێنێتەوە و پاشان کار بە ناوەڕۆکەکەی دەکات.

٣٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا حَبِيبٌ أَبُو مُحَمَّدٍ عَنْ رَجُلٍ، عَنْ وَهْبِ بْنِ مُنَبِّهٍ قَالَ: " أَوْحَى الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَى عِيسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ: يَا عِيسَى، إِنِّي قَدْ وَهَبْتُ لَكَ حُبَّ الْمَسَاكِينِ، وَرَحْمَتَهُمْ؛ تُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَكَ، وَيَرْضَوْنَ بِكَ إِمَامًا وَقَائِدًا، وَتَرْضَى بِهِمْ صَحَابَةً وَتَبَعًا، وَهُمَا خُلُقَانِ، اعْلَمْ أَنَّهُ مَنْ لَقِيَنِي بِهِمَا، لَقِيَنِي بِأَزْكَى الْأَعْمَالِ، وَأَحَبِّهَا إِلَيَّ ".

واتە: حەبیب واتە باوکی موحەممەد لە پیاوێکەوە دەگێڕێتەوە؛ ئەویش لە وەهبی کوڕی مونەببیهەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: خوای گەورە سروشی بۆ عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) نارد و فەرمووی: ئەی عیسا! من خۆشەویستی هەژارانم بەتۆ بەخشیوە؛ هەروەها سۆزو بەزەیی ئەوانم بەتۆ بەخشیوە؛ تۆ ئەوانت خۆش دەوێ و ئەوانیش تۆیان خۆش دەوێ؛ ئەوان بەوە ڕازین کە تۆ پێشەواو ڕێبەریان بی؛ تۆش بە هاوڕێیەتی ئەوان ڕازی ببەو بەوەش ڕازی ببە ئەوان شوێن تۆ بکەوون؛ جا ئەو دووانە (واتە: خۆشەویستی هەژاران و سۆزو بەزەیی بە هەژاران؛ یان: ئەوەی کە تۆ ئەوانت خۆش بوێت و ئەوانیش تۆیان خۆش بوێ؛ یان: ئەوەی کە تۆ پێشەواو ڕێبەریان بیت؛ یان: ئەوەی کە تۆ بەوە ڕازی بیت کە هاوەڵ و شوێنکەوتەی تۆ بن) شیاوی یەکترن و ئەوەش بزانە کە هەر کەسێ بەو دوو کار و کردەوەیە بە من بگاتەوە ئەوا بە باشترین کار و کردەوە بە من گەیشتووە و خۆشەویسترین کار و کردەوەن بە لای منەوە.

٣٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ قَالَ: «كَانَ عِيسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ إِذَا ذُكِرَ السَّاعَةَ صَاحَ؛ كَمَا تَصِيحُ الْمَرْأَةُ».

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: باوکم بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: سوفیان بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) هەر کاتێ باسی قیامەتی لەلا کرابا. وەک چۆن ژنان دەقیژێنن. ئاوا دەیقیژاند!

٣٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ أَبِي شَيْبَانَ، عَنْ أَبِي الهذَيْل، إِنْ شَاءَ الله قَالَ: لَقِيَ عِيسَى يَحْيَى عَلَيْهِمَا السَّلَامُ فَقَالَ: «أَوْصِنِي» قَالَ: «لَا تَغْضَبْ» قَالَ: «لَا أَسْتَطِيعُ» قَالَ: «لَا تَقْتَنِ مَالًا» ، قَالَ: «أَمَّا هَذَا لَعَله».

واتە: لە باوكی شەیبانەوە دەگێڕنەوە؛ ئەویش لە باوكی هوزەیلەوە فەرموویەتی: عیسا گەیشت بە یەحیا (سەلامی خوایان لەسەر بێت) فەرمووی: ئامۆژگاریم بكە! فەرمووی: هەرگیز تووڕە مەبە! فەرمووی: ئاخر ناتوانم! فەرمووی: دەی هیچ سەروەت و سامانێك هەڵمەگرەو پاشەكەوتی مەكە! فەرمووی: ئەمەیان دەتوانم.

٣٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا أَبُو جَعْفَر، عَنْ مُغِيرَةَ، عَنِ الشَّعْبِيِّ قَالَ: " كَانَ عِيسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ إِذَا ذُكِرَتْ عِنْدَهُ السَّاعَةُ صَاحَ، وَقَالَ: لَا يَنْبَغِي لِابْنِ مَرْيَمَ أَنْ تُذْكَرَ عِنْدَهُ السَّاعَةُ فَيَسْكُتَ ".

واتە: لە موغیرەوە دەگێڕنەوە ئەویش لە شەعبییەوە فەرموویەتی: هەر كاتێ لە لای عیسادا (سەلامی خوای لەسەر بێت) باسی قیامەت كرابا دەیقیژاند و دەیفەرموو: نابێ لە لای كوڕی مەریەما باسی قیامەت بكرێت و بێدەنگ بێ!

٣٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنِ ابْنِ جُدْعَانَ، وَأَسْنَدَهُ قَالَ: " مَرَّ عِيسَى مُلَبِّيًا: لَبَّيْكَ عَبْدُكَ، وَابْنُ أَمَتِكَ، وَابْنَةُ عَبْدِكَ، وَمِنْ قَبْلِ ذَلِكَ سَبْعُونَ نَبِيًّا خَاطِمِي إِبِلهِمْ بِاللِّيفِ حَتَّى صَلَّوْا فِي مَسْجِدِ الْخَيْفِ ".

واتە: لە كوڕی جودعانەوە دەگێڕنەوە. كە بە سەنەدەوە ئەوەی گێڕاوەتەوە. فەرموویەتی: عیسا بەدەم لەبەیك گوتنەوە تێپەڕی و دەیفەرموو: لَبَّيْكَ عَبْدُكَ، وَابْنُ أَمَتِكَ، وَابْنَةُ عَبْدِكَ. پێش ئەویش حەفتا پێغەمبەر هاتوون بۆ حەج و ڕەشۆی وشترەكانیان لیف بووە و تەنانەت لە مزگەوتی (خیف)یشدا نوێژیان كردووە.

٣٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ إِسْحَاقَ، أَخْبَرَنِي سَعِيدُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ، عَنْ مَكْحُولٍ قَالَ: " قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ: يَا مَعْشَرَ الْحَوَارِيِّينَ، أَيُّكُمْ يَسْتَطِيعُ أَنْ يَبْنِيَ عَلَى مَوْجِ الْبَحْرِ دَارًا؟ قَالُوا: يَا رُوحُ الله، وَمَنْ يَقْدِرُ عَلَى ذَلِكَ؟ قَالَ: إِيَّاكُمْ وَالدُّنْيَا فَلَا تَتَّخِذُوهَا قَرَارًا ".

واتە: سەعیدی كوڕی عەبدولعەزیز لە مەكحولەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عیسای كوڕی مەریەم فەرمووی: هۆ حەوارییەكان! كامتان دەتوانن لەسەر شەپۆلی دەریادا خانویەك دروست بكەن؟ هەموویان گوتیان: ئەی ڕۆحی خودا! كێ وەها كارێكی لە دەست دێت؟ فەرمووی: دەی خۆتان لە دونیا بپارێزن و ئەو بڕیارە مەدەن (واتە: دونیا وەكوو شەپۆلی دەریا

وایەو زوو دێت و دەڕواو بۆ ئەوە نابێ مرۆڤ بارو بنەی خۆی لە دونیادا بە زەویدا بدات و بیکاتە شوێنی حەسانەوە و شوێنی یەکجاری بۆ خۆی).

٣٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أبي، حَدَّثَنَا هَيْثَمُ بْنُ خَارِجَةَ، أَنْبَأَنَا الْجَرَّاحُ بْنُ مَلِيحٍ مِنْ أَهْلِ حِمْص، عَنِ الْأَحْمُوسِيِّ يَعْنِي عُمَرَ بْنَ عَمْرو، قَالَ الهَيْثَمُ فَقِيلَ مِنَ الْيَمَن، عَن ابْنِ عُمَرَ، وَقَالَ: " بَلَغَنَا أَنَّ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ كَانَ يَقُولُ: بِحَقٍّ أَقُولُ لَكُمْ: إِنَّ أَكْلَ خُبْزِ الْبُرِّ، وَشُرْبَ الْمَاءِ الْعَذْبِ، وَنَوْمًا عَلَى الْمَزَابِلِ مَعَ الْكِلَابِ كَثِيرٌ لِمَنْ يُرِيدُ أَنْ يَرِثَ الْفِرْدَوْسَ ".

واتە: ئەحموسی واتە: عومەری کوڕی عەمر دەفەرموێت: هەیثەم. کە دەگوترێ خەڵکی یەمەن بووە. لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێمان گەیشتووە کە عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەیفەرموو: بەخوا ڕاستیتان پێ دەڵێم؛ خواردنی نانی گەنم و خواردنەوەی ئاوی سازگار و خەوتن لەسەر زبڵ و سەرانگۆلك لەگەڵ سەگاندا ئەوە زۆرە بۆ ئەو کەسانەی کە بە تەمای فیردەوسن.

٣٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أبي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يَزِيدَ قَالَ: سَمِعْتُ زِيَادًا أَبَا عُمَرَ يَقُولُ: " بَلَغَنِي أَنَّ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ قَالَ: إِنَّهُ لَيْسَ بِنَافِعِكَ أَنْ تَعْلَمَ، مَا لَمْ تَعْلَمْ، وَلَمَّا تَعْمَلْ بِمَا قَدْ عَلِمْتَ؛ إِنَّ كَثْرَةَ الْعِلْمِ لَا تَزِيدُ إِلَّا كِبْرًا إِذَا لَمْ تَعْمَلْ بِهِ ".

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی یەزید دەفەرموێت: گوێم لە زیاد واتە: باوکی عومەر بوو دەیفەرموو: پێم گەیشتووە کە عیسای کوڕی مەریەم فەرموویەتی: ئەوە بە قازانجی تۆ نییە کە شتێک فێر ببێ کە نەتزانیبێ؛ ئەگەر کار نەکەیت بەوەی کە زانیوتە.. ئەگەر مرۆڤ کار بە زانستەکەی نەکات ئەوا زێدە زانست تەنیا لەخۆبایبوون زیاتر دەکات.

٣٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أبي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يَزِيدَ، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ الْوَلِيدِ الْعَبْدِيُّ أَبو إِسْحَاقَ قَالَ: " بَلَغَنِي أَنَّ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ قَالَ: الدَّهْرُ يَدوور عَلَى ثَلَاثَةِ أَيَّام: أَمْس خَلَا وُعِظْتَ بِه، وَالْيَوْمَ زَادُكَ فِيه، وَغَدًا لَا تَدْرِي مَا لَكَ فِيه، وَالْأُمُورُ تَدوور عَلَى ثَلَاثَة: أَمْرٌ بَانَ لَكَ رُشْدُهُ، فَاتَّبِعْهُ، وَأَمْرٌ بَانَ لَكَ غَيُّهُ، فَاجْتَنِبْهُ، وَأَمْرٌ أَشْكَلَ عَلَيْكَ، فَكِلْه إِلَى الله ".

واتە: ئیبراهیمی کوڕی وەلیدی عەبدی واتە: باوکی ئیسحاق فەرموویەتی: بیستوومە

عیسای کوڕی مەریەم فەرموویەتی: ڕۆژگار بە سێ جۆر دەچەرخێ؛ دوێنێ ڕۆیشت و پەندم لێ وەرگرت؛ ئەمڕۆش بۆ بارو توێشوو کۆ کردنەوە تێیدا؛ سبەینێش کە نازانێچیی تێدایە بۆ تۆ.. کاروبارەکانیش سێ جۆرن؛ کاروبارێک کە دەرکەوتووە لە قازانجی تۆیە؛ ئەوە شوێنی بکەوە؛ کاروبارێک کە دەرکەوتووە خراپەی تۆی تێدایە؛ ئەوە لێی دوور بکەوە، کاروبارێکیش کە نازانی بە قازانجی تۆیە یان نە؟ ئەوە هەواڵەی خوای گەورەی بکە.

٣٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ مُوسَى، حَدَّثَنَا أَبو هِلَالٍ، حَدَّثَنَا قَتَادَةُ: " قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ: سَلُونِي فَإِنَّ قَلْبِي لَيِّنٌ، وَإِنِّي صَغِيرٌ فِي نَفْسِي ".

واتە: باوکی هیلال بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: قەتادە بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: عیسای کوڕی مەریەم فەرمووی: داوای شتم لێ بکەن؛ بەڕاستی من دڵم نەرمە! من لە لای خۆم زۆر بچووکم.

٣٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ بِشْرِ بْنِ مَنْصُورٍ، عَنْ ثَوْرِ بْنِ يَزِيدَ، وَقَالَ غَيْرُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ: عَنْ عَبْدِ الْعَزِيزِ بْنِ ظَبْيَانَ قَالَ: " قَالَ الْمَسِيحُ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «مَنْ تَعَلَّمَ، وَعَمِلَ، وَعَلَّمَ، فَذَاكَ يُسَمَّى أَوْ يُدْعَى عَظِيماً فِي مَلَكُوتِ السَّمَاءِ».

واتە: ئەوری کوڕی یەزیدو عەبدولعەزیزی کوڕی زەبیان دەفەرموون: مەسیح (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: هەر کەسێ زانست فێر ببێت و کاری پێ بکات و خەڵکیش فێر بکات؛ ئەوە پێی دەگوترێ گەورە؛ یان لە لای فریشتەکانی خوای گەوە؛ بە گەورە ناوی دەهێنرێ.

٣٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَارِمُ بْنُ الْفَضْلِ، حَدَّثَنَا مُعْتَمِرٌ، عَنْ أَبِيهِ، عَنِ الْحَضْرَمِيِّ، أَنَّهُ ذُكِرَ لَه أَنَّ عِيسَى قِيلَ له: «كَيْفَ نَمْشِي عَلَى الْمَاءِ؟» قَالَ: «بِالْيَقِينِ» قَالَ: فَقِيلَ له: «فَإِنَّا نُوقِنُ» قَالَ: «أَرَأَيْتُمُ الْحِجَارَةَ وَالْمَدَرَ وَالذَّهَبَ، سَوَاءٌ عِنْدَكُمْ؟» قَالُوا: «لَا» قَالَ: أَظُنُّهُ قَالَ: «فَإِنَّ ذَلِكَ عِنْدِي سَوَاءٌ».

واتە: لە حەزرەمییەوە دەگێڕنەوە کە بۆیان باسکرد کە عیسا پێی گوتراوە: چۆن بەسەر ئاوا بڕۆین؟ فەرموویەتی: بە هۆی یەقین و دڵنیاییەوە! دوایی پێی گوترا: دەی خۆ ئێمە یەقین و دڵنیاییمان هەیە! فەرمووی: ئێوە بەردو قوڕو زێڕتان بەلاوە یەکسانە؟ گوتیان: نەخێر! فەرمووی: دەی ئەوانە بە لای منەوە یەکسانن.

٣٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، أَخْبَرَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا أَبُو مَعْشَرٍ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ أَبِي سَعِيدٍ الْمَقْبُرِيِّ قَالَ: " جَاءَ رَجُلٌ إِلَى عِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ فَقَالَ: يَا مُعَلِّمَ الْخَيْرِ، عَلِّمْنِي شَيْئًا تَعْلَمُهُ وَأَجْهَلُهُ، وَيَنْفَعُنِي وَلَا يَضُرُّكَ، قَالَ: مَا هُوَ؟ قَالَ: كَيْفَ يَكُونُ الْعَبْدُ تَقِيًّا لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ حَقًّا؟ قَالَ: بِيَسِيرٍ مِنَ الْأَمْرِ؛ تُحِبُّ اللهَ حَقًّا مِنْ قَلْبِكَ، وَتَعْمَلُ لَهُ بِكُدُودِكَ وَقُوَّتِكَ مَا اسْتَطَعْتَ، وَتَرْحَمُ بَنِي جِنْسِكَ بِرَحْمَتِكَ نَفْسَكَ، قَالَ: يَا مُعَلِّمَ الْخَيْرِ، وَمَنْ بَنُو جِنْسِي؟ قَالَ: «وَلَدُ آدَمَ كُلُّهُمْ، وَمَا لَا تُحِبُّ أَنْ يُؤْتَى إِلَيْكَ، فَلَا تَأْتِهِ إِلَى غَيْرِكَ؛ فَأَنْتَ تَقِيٌّ لِلَّهِ حَقًّا».

واتە: لە سەعیدی کوڕی باوکی سەعیدی مەقبورییەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: پیاوێک هاتە خزمەت عیسای کوڕی مەریەم گوتی: ئەی مامۆستاو فێرکاری چاکە! شتێکم پێ بڵێ کە خۆت دەیزانیت و من نایزانم! شتێکی وەها کە سود بە من بگەیەنێت و زیان بە تۆ نەگەیەنێت! فەرمووی: مەبەستت چییە؟ گوتی: مرۆڤ چۆن دەبێ بە کەسێکی خاوەن تەقوای ڕاستەقینە؟ فەرمووی: بە چەند شتێکی زۆر سادە! لە تای دڵەوە و بە ڕاستی خودات خۆش بوێ؛ هەتا دەتوانیت و پێت دەکرێت و بە هەموو هێزێکەوە کار بۆ خودا بکەیت؛ سۆزو بەزەییت بۆ هەموو ئەوانە بجوڵێت کە وەکوو خۆتن؛ وەک چۆن سۆزو بەزەییت بۆ خۆت هەیە. پیاوەکە گوتی: ئەی مامۆستای چاکە! کێن ئەوانەی وەکوو خۆمن؟ فەرمووی: مرۆڤ هەر هەموو؛ ئەگەر شتێکت بۆ خۆت پێ خۆش نەبوو؛ بۆ هیچ مرۆڤێک پێت خۆش نەبێ؛ ئەوکاتە تۆ بەڕاستی دەبیتە کەسێکی خاوەن تەقواو لەخواترس!

٣٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، أَخْبَرَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ خَيْثَمَةَ قَالَ: " كَانَ عِيسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ يَصْنَعُ الطَّعَامَ لِأَصْحَابِهِ، ثُمَّ يَدْعُوهُمْ، فَيَقُومُ عَلَيْهِمْ، ثُمَّ يَقُولُ: هَكَذَا فَاصْنَعُوا بِالْقُرَّاءِ ".

کـوڕی مەریەم کـاتێ ئێردەکـانی خـۆی بەمـلاولادا دەنـارد؛ مردویـان زینـدوو دەکـردەوە. دەفەرموێت: مەسیح پێـی دەفەرموون: ئاوا و ئاوا بڵێن! جا هەر کاتێ بینیتان کەسێک (لە ترسـی خـوای گەورە) مـووی گـرژ بـوو؛ یـان گریـا؛ ئـا لەو کـاتەدا لە خـوا بپـاڕێنەوە (کە مردووەکەتان بۆ زیندوو بکاتەوە).

٣٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا أَبو هِلاَل، حَدَّثَنَا قَتَادَةُ قَالَ: " قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ: سَلُونِي، فَإِنِّي لَيِّنُ الْقَلْب، صَغِيرٌ عِنْدَ نَفْسِي ".

واتە: باوکی هیلال دەفەرموێت: قەتادە بۆی گێراینەوە فەرمووی: عیسای کوڕی مەریەم فەرمووی: داوام لێ بکەن؛ چونکە بەڕاستی من دڵم نەرمە! خۆم بە لای خۆمەوە زۆر بچووکم!

٣٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاق، أَنْبَأَنَا مَعْمَرٌ، عَنْ زَيْد بْن أَسْلَمَ، عَنْ رَجُل، عَنْ أَبِي سَعِيد قَالَ: وَضَعَ رَجُلٌ يَدَهُ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ فَقَالَ: مَا أُطِيقُ أَنْ أَضَعَ يَدِي عَلَيْكَ مِنْ شِدَّة حُمَّاكَ؟ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «إِنَّا مَعْشَرَ الأَنْبِيَاء يُضَاعَفُ لَنَا الْبَلاَءُ، كَمَا يُضَاعَفُ لَنَا الأَجْرُ، إِنْ كَانَ النَّبِيُّ مِنَ الأَنْبِيَاء لَيُبْتَلَى بِالْقَمْل حَتَّى يَقْتُلَه وَإِنْ كَانَ النَّبِيُّ مِنَ الأَنْبِيَاء لَيُبْتَلَى بِالْفَقْر حَتَّى يَأْخُذَ الْعَبَاءَةَ فَيَحْبُو بِهَا، وَإِنْ كَانُوا لَيَفْرَحُونَ بِالْبَلاَء؛ كَمَا تَفْرَحُونَ بِالرَّخَاء».

واتە: لە بـاوکی سـەعیدەوە دەگێـڕنەوە فەرمـوویەتی: پیاوێـک دەسـتی لەسـەر (شـانی) پێغەمـبەر (ﷺ) دانـاو گـوتی: هێنـدە (تـا)ت هەیە نـاتوانم دەسـتم لە سـەر (شـانت) دابنـێم! پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئێمەی پێغەمبەران دوو هێندەی خەڵکی ئاسایی تووشی بەڵا و موسـیبەت و چـۆرتم دەبـین؛ وەک چـۆن پاداشتیشـمان دوو هێنـدەی خەڵکە! پێغەمـبەری وا هەبووە بە ئەسپێ تاقی کراوەتەوە و هێندە ئەسپێ تێیداوە تا مردووە، پێغەمبەری وا هەبووە تووشـی هەژاری بـووە تـا وای لـێ هـاتووە لە بەر برسـێتی نەیتوانیـوە هەسـتێتە سـەر پـێ و گاگۆڵکێی کردووە؛ ئەو پێغەمبەرانە ئێوە چەندە بە نازونیعمەت دڵخۆش دەبن؛ ئەوان ئەوەندە بە دەرد و بەڵا دڵخۆش دەبوون.

٣٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ مَهْدِيٍّ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ أَبِي عُبَيْدَةَ، عَنْ عَبْدِ الله قَالَ: «كَانَت الأَنْبِيَاءُ يَحْلُبُونَ الشَّاةَ، وَيَرْكَبُونَ الْحُمُرَ، وَيَلْبَسُونَ الصُّوفَ».

واتە: لە باوکی عوبەیدەوە دەگێڕنەوە ئەویش لە عەبدوڵڵاوە فەرموویەتی: پێغەمبەران بزن و مەڕیان دەدۆشی؛ سواری گوێدرێژ دەبوون؛ پۆشاکی خورییان لەبەر دەکرد.

٣٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالِد، حَدَّثَنِي عُمَرُ بْنُ عَبْد الرَّحْمَن أَنَّهُ سَمِعَ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّه يَقُولُ: " قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ لِلْحَوَارِيِّينَ: بِحَقٍّ أَقُولُ لَكُمْ، وَكَانَ عِيسَى كَثِيرًا مَا يَقُولُ: بِحَقٍّ أَقُولُ لَكُمْ، إِنَّ أَشَدَّكُمْ حُبًّا لِلدُّنْيَا أَشَدُّكُمْ جَزَعًا عَلَى الْمُصِيبَةِ ".

واتە: عومەر کوڕی عەبدولڕەحمان دەگێڕێتەوە کە گوێی لە وەهبی کوڕی مونەببیهـ بووە فەرموویەتی: عیسای کوڕی مەریەم بە حەوارییەکانی فەرموو: من هەر بەڕاستی پێتان دەڵێم. جا عیسا زۆر جار دەیفەرموو: من هەر بەڕساتی پێتان دەڵێم. هەرکامتان زیاتر دونیای خۆش بوێت؛ ئەوە زیاتر لە بەڵا و موسیبەت سوتی دەبێتەوە و دەناڵێنێت (واتە: ئەو کەسەی کە دونیای زیاتر خۆش بوێ؛ کەمتر بەرگەی بەڵا و موسیبەت دەگرێت و زیاتر دەناڵێنێ).

٣٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا عَوْفُ بْنُ جَابِر قَالَ: سَمِعْتُ مُحَمَّدَ بْنَ دَاوُدَ، عَنْ أَبِيه، عَنْ وَهْب قَالَ: " قَالَ الْحَوَارِيُّونَ: يَا عِيسَى، مَنْ أَوْلِيَاءُ الله عَزَّ وَجَلَّ الَّذِينَ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ؟ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ: الَّذِينَ نَظَرُوا إِلَى بَاطِنِ الدُّنْيَا حِينَ نَظَرَ النَّاسُ إِلَى ظَاهِرِهَا، وَالَّذِينَ نَظَرُوا إِلَى آجِلِ الدُّنْيَا حِينَ نَظَرَ النَّاسُ إِلَى عَاجِلِهَا، فَأَمَاتُوا مِنْهَا مَا يَخْشَوْنَ أَنْ يُمِيتَهُمْ، وَتَرَكُوا مَا عَلِمُوا أَنْ سَيَتْرُكُهُمْ؛ فَصَارَ اسْتِكْثَارُهُمْ مِنْهَا اسْتِقْلَالًا، وَذِكْرُهُمْ إِيَّاهَا فَوَاتًا، وَفَرَحُهُمْ بِمَا أَصَابُوا مِنْهَا حَزَنًا؛ فَمَا عَارَضَهُمْ مِنْ نَائِلِهَا رَفَضُوهُ، وَمَا عَارَضَهُمْ مِنْ رِفْعَتِهَا بِغَيْرِ الْحَقِّ وَضَعُوهُ، وَخَلَقَتِ الدُّنْيَا عِنْدَهُمْ، فَلَيْسُوا يُجَدِّدُونَهَا، وَخَرِبَتْ بَيْنَهُمْ فَلَيْسُوا يَعْمُرُونَهَا، وَمَاتَتْ فِي صُدُورِهِمْ فَلَيْسُوا يُحْيُونَهَا، يَهْدِمُونَهَا فَيَبْنُونَ بِهَا آخِرَتَهُمْ، وَيَبِيعُونَهَا فَيَشْتَرُونَ بِهَا مَا يَبْقَى لَهُمْ، وَرَفَضُوهَا فَكَانُوا فِيهَا هُمُ الْفَرِحِينَ، وَنَظَرُوا إِلَى أَهْلِهَا صَرْعَى قَدْ خَلَتْ فِيهِمُ الْمَثُلَاتُ، وَأَحْيَوْا ذِكْرَ الْمَوْتِ، وَأَمَاتُوا ذِكْرَ الْحَيَاةِ، يُحِبُّونَ اللهَ، وَيُحِبُّونَ ذِكْرَهُ، وَيَسْتَضِيئُونَ بِنُورِه، وَيُضِيئُونَ بِه، لَهُمْ خَبَرٌ عَجِيبٌ، وَعِنْدَهُمُ الْخَبَرُ الْعَجِيبُ، بِهِمْ قَامَ الْكِتَابُ، وَبِه قَامُوا، وَبِهِمْ نَطَقَ الْكِتَابُ، وَبِه نَطَقُوا، وَبِهِمْ عُلِّمَ الْكِتَابُ، وَبِه عَلِمُوا، وَلَيْسُوا يَرَوْنَ نَائِلًا مَعَ مَا نَالُوا، وَلَا أَمَانًا دُونَ مَا يَرْجُونَ، وَلَا خَوْفًا دُونَ مَا يَحْذَرُونَ ".

واتە: موحەممەدی کوڕی داوود لە باوکییەوە ئەویش لە وەهبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەوارییەکان گوتیان: ئەی عیسا! دۆستانی خوای گەورە کێن وا نە دەترسن و نە خەفەت بەرۆکیان دەگرێت؟ عیسای کوڕی مەریەم فەرمووی: ئەو کەسانەن کە کاتێ خەڵکی تەماشای ڕواڵەتی دونیا دەکات؛ ئەوان تەماشای ناوەرۆکی دونیا دەکەن! ئەوانە کە کاتێ خەڵکی تەماشای ئەمڕۆی دونیا دەکەن؛ ئەوان تەماشای پاشەڕۆژی دونیا دەکەن! ئەوانە هەموو ئەو شتانەی دونیا دەمرێنن کە دەترسن ئەو شتانە ئەمان بمرێنێ (واتە: پێش ئەوەی دونیا دڵی ئەمان بمرێنێ؛ ئەوان لە ناو دڵی خۆیانا دونیا دەمرێنن) واز لەو شتانە دێنن کە

... واز لەمان دێنێت! ئەو كاتە زۆری ئەوان كەمە (واتە: بەشێكی كەمی دونیا بە زۆر دەزانن) خۆشیی ئەوان بۆ دەسكەوتی دونیا خەمە؛ (واتە: بەشێكی كەمی دونیا بە زۆر دەزانن) باسكردنی دونیا بە تیاچوون دەزانن؛ خۆشیی ئەوان بۆ دەسكەوتی دونیایی خەمە؛ ئەگەر ئەهلی دونیا؛ پشكێك لە دونیایان پێ بدەن؛ ئەوان وەری ناگرن و نایانەوێ؛ ئەگەر بەبێ هەق پشكێكی بەرزی دونیایان بەر كەوێ نایانەوێ؛ دونیا لە لای ئەوان پواوو ڕزیوە؛ ئەوان دونیا نوێ ناكەنەوە، دونیا لە لای ئەوان كەلاوەیەو ئاوەدانی ناكەنەوە؛ دونیا لە نێو دڵی ئەوانا مردووە و زیندوی ناكەنەوە، دونیا دەڕوخێنن و قیامەتی پێ ئاوەدان دەكەنەوە؛ دەیفرۆشن و ئەوەی پێ دەكڕن كە دەمێنێتەوە؛ ئەوان دونیا ڕەفز دەكەن و پولێكی پێوە دەنێن و لە دونیادا دڵخۆشن؛ ئەوان وا سەیری ئەهلی دونیا دەكەن كە وەك فێدارو بێهۆش بن و تووشی جەزرەبە كرابن؛ ئەوان یادی مردن زیندوو دەكەنەوە؛ یادی ژیان دەمرێنن؛ خوایان خۆش دەوێ؛ یاد و زیكری خوداشیان خۆش دەوێ؛ یاد و زیكری خوا دەكەن بە نورو ڕۆشنایی لێ وەردەگرن؛ دەوروبەری پێ ڕۆشن دەكەنەوە، دەنگوباس و هەواڵی ئەوانە سەرسوڕهێنەرە؛ هەواڵی سەیرو سەمەریان لایە؛ بەرنامەی خودا بەوانەوە ڕاوەستاوە و ئەوانیش بە هۆی بەرنامەی خوداوە ڕاوەستاوون؛ فەرموودەی خودا باس لەوان دەكات و ئەوانیش باسی فەرموودەكانی خودا دەكەن؛ بە هۆی ئەوانەوە فەرموودەی خودا دەناسرێت و مانای دەزانرێت؛ ئەوانیش بە هۆی فەرموودەی خوداوە زانان؛ لەگەڵ ئەو هەموە دەسكەوتەدا خۆیان بە خاوەن دەسكەوت نازان؛ ئەوەی نەبێ كە ڕجایان پێیەتی هیچیتر بە ئەمان نازانن؛ لەوەش نەبێ كە خۆیان لێ دەپارێزن لە هیچیتر ناترسن (واتە: تەنیا لە بێفرمانی خوای گەورە دەترسن).

دەزانن ئەو شتانە واز لەمان دێنێت! ئەو کاتە زۆری ئەوان کەمە (واتە: بەشێکی کەمی دونیا بە زۆر دەزانن) خۆشیی ئەوان بۆ دەسکەوتی دونیا خەمە؛ (واتە: بەشێکی کەمی دونیا بە زۆر دەزانن) باسکردنی دونیا بە تیاچوون دەزانن؛ خۆشیی ئەوان بۆ دەسکەوتی دونیایی خەمە؛ ئەگەر ئەهلی دونیا؛ پشکێک لە دونیایان پێ بدەن؛ ئەوان وەری ناگرن و نایانەوێ؛ ئەگەر بەبێ هەق پشکێکی بەرزی دونیایان بەرکەوێ نایانەوێ؛ دونیا لە لای ئەوان پواوو ڕزیوە؛ ئەوان دونیا نوێ ناکەنەوە، دونیا لە لای ئەوان کەلاوەیەو ئاوەدانی ناکەنەوە؛ دونیا لە نێو دڵی ئەوانا مردووە و زیندوی ناکەنەوە، دونیا دەڕوخێنن و قیامەتی پێ ئاوەدان دەکەنەوە؛ دەیفرۆشن و ئەوەی پێ دەکڕن کە دەمێنێتەوە؛ ئەوان دونیا ڕەفز دەکەن و پولێکی پێوە دەنێن و لە دونیادا دڵخۆشن؛ ئەوان وا سەیری ئەهلی دونیا دەکەن کە وەک فێدارو بێهۆش بن و تووشی جەزرەبە کرابن؛ ئەوان یادی مردن زیندوو دەکەنەوە؛ یادی ژیان دەمرێنن؛ خوایان خۆش دەوێ؛ یاد و زیکری خوداشیان خۆش دەوێ؛ یاد و زیکری خوا دەکەن بە نورو ڕۆشنایی لێ وەردەگرن؛ دەوروبەری پێ ڕۆشن دەکەنەوە، دەنگوباس و هەواڵی ئەوانە سەرسوڕهێنەرە؛ هەواڵی سەیرو سەمەریان لایە؛ بەرنامەی خودا بەوانەوە ڕاوەستاوە و ئەوانیش بە هۆی بەرنامەی خوداوە ڕاوەستاوون؛ فەرموودەی خودا باس لەوان دەکات و ئەوانیش باسی فەرموودەکانی خودا دەکەن؛ بە هۆی ئەوانەوە فەرموودەی خودا دەناسرێت و مانای دەزانرێت؛ ئەوانیش بە هۆی فەرموودەی خوداوە زانان؛ لەگەڵ ئەو هەموو دەسکەوتەدا خۆیان بە خاوەن دەسکەوت نازان؛ ئەوەی نەبێ کە ڕجایان پێیەتی هیچیتر بە ئەمان نازانن؛ لەوەش نەبێ کە خۆیان لێ دەپارێزن لە هیچیتر ناترسن (واتە: تەنیا لە بێفرمانی خوای گەورە دەترسن).

باسی پێغەمبەر مووسا

(سەلامی خوای لەسەر بێت)

٣٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاق قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبًا يَقُولُ: " قَالَ الْخَضِرُ لِمُوسَى حِينَ لَقِيَهُ: يَا مُوسَى بْنَ عِمْرَانَ، انْزِعْ عَنِ اللَّجَاجَةِ، وَلَا تَمْشِ فِي غَيْرِ حَاجَةٍ، وَلَا تَضْحَكْ مِنْ غَيْرِ عَجَبٍ، وَالْزَمْ بَيْتَكَ، وَابْكِ عَلَى خَطِيئَتِكَ ".

واتە: عەبدولڕەزاق فەرمووی: گوێم لە وەهب بوو دەیفەرموو: کاتێ مووسا گەیشت بە خدر؛ خدر پێی فەرموو: مووسای کوڕی عیمران! واز لە سەرپێچی بهێنەو شتێ پێویست نەبێ بو دوایا مەڕۆو بۆ شتێکی گرنگ نەبێ پێمەکەنەو تا دەتوانی لەماڵەوە بەو بگری بۆ ئەو تاوانانەی کە کردوتە.

٣٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ وَكِيعٍ، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ وَرْقَاءَ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: " لَمَّا بَعَثَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ مُوسَى وَهَارُونَ عَلَيْهِمَا السَّلَامُ إِلَى فِرْعَوْنَ قَالَ: لَا يَغُرَّنَّكُمَا لِبَاسُهُ الَّذِي أَلْبَسْتُهُ؛ فَإِنَّ نَاصِيَتَهُ بِيَدِي، وَلَا يَنْطِقُ وَلَا يَطْرِفُ إِلَّا بِإِذْنِي، وَلَا يَغُرَّنَّكُمَا مَا مُتِّعَ بِهِ مِنْ زَهْرَةِ الدُّنْيَا وَزِينَةِ الْمُتْرَفِينَ، وَلَوْ شِئْتُ أَنْ أُزَيِّنَكُمَا مِنْ زِينَةِ الدُّنْيَا بِشَيْءٍ يَعْرِفُ فِرْعَوْنُ أَنَّ قُدْرَتَهُ تَعْجِزُ عَنْ ذَلِكَ لَفَعَلْتُ، وَلَيْسَ ذَلِكَ لِهَوَانٍ بِكُمَا عَلَيَّ، وَلَكِنْ أَلْبَسْتُكُمَا نَصِيبَكُمَا مِنَ الْكَرَامَةِ؛ عَلَى أَنْ لَا تُنْقِصَكُمَا الدُّنْيَا شَيْئًا، وَإِنِّي لَأَذُودُ أَوْلِيَائِي عَنِ الدُّنْيَا كَمَا يَذُودُ الرَّاعِي إِبِلَهُ عَنْ مَبَارِكِ الْغُرَّةِ، وَإِنِّي لَأُجَنِّبُهُمْ؛ كَمَا يُجَنِّبُ الرَّاعِي إِبِلَهُ عَنْ مَرَاتِعِ الهَلَكَةِ؛ أُرِيدُ أَنْ أُنَوِّرَ بِذَلِكَ مَرَاتِبَهُمْ، وَأُطَهِّرَ بِذَلِكَ قُلُوبَهُمْ، فِي سِيمَاهُمُ الَّذِي يُعْرَفُونَ بِهِ، وَأَمْرِهِمُ الَّذِي يَفْتَخِرُونَ بِهِ، وَاعْلَمْ أَنَّ مَنْ أَخَافَ لِي وَلِيًّا فَقَدْ بَارَزَنِي بِالْعَدَاوَةِ، وَأَنَا الثَّائِرُ لِأَوْلِيَائِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ ".

واتە: لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە دەگێرنەوە؛ ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە فەرموویەتی: کاتێ خوای گەورە مووساو هارونی (سەلامی خوایان لەسەر بێت) نارد بۆ لای فیرعەون؛ خوای گەورە فەرمووی: بەو پۆشاکەی بەری فیر نەخۆن کە من پێمداوە؛ نێوچەوانی

بە دەستی منە! بە ئیزنی من نەبێ نە دەتوانێ قسە بکات و نە دەتوانێ چاو بترووکێنێت و بروانێ؛ هەروەها بەو خۆشی و چێژو جوانیانەی دونیاش فریو نەخۆن کە پێی بەخشراوە؛ ئەگەر من بمەوێ شتی جوانی دونیایی وەهاتان پێ ببەخشم کە فیرعەون لە ئاستیا بێدەسەڵات بێ؛ ئەوا پێتان دەبەخشم؛ ئەگەر خۆشی و چێژی دونیاتان پێ نابەخشم لەبەر ئەوە نییە کە ڕێزتان لێ نەگرم؛ بەڵکوو (بە پێچەوانەوە) من دەمەوێ پۆشاکی ڕێزتان لەبەر بکەم؛ دەمەوێ ئەو ڕێزەی پێتان دەبەخشم بە هۆی شتی دونیاییەوە کەم نەکات؛ من بەڕاستی دۆستەکانی خۆمم خۆش دەوێ و داکۆکییان لێ دەکەم وەک چۆن سارەوان وشترەکانی خۆی لە شوێنی پیس و پۆخڵ دەپارێزێ؛ هەروەها دەیانپارێزم وەک چۆن سارەوان وشترەکانی خۆی لە شوێنی خراپ و نەباش دەپارێزێ؛ من دەمەوێ بەو هۆکارەوە پلەو پایەی ئەوان ڕوناك بکەمەوە؛ دڵەکانیان پاك و خاوێن بکەمەوە؛ ئەو شتەی کە پێی دەناسرێنەوە لە ناوچەوانیانڕا دیارە؛ ئەوەی شانازیی پێوە دەکەن پێیانەوە دیارە؛ ئەوەش بزانە کە هەر کەسێک دۆستێکی من بترسێنێت ئەوە من خۆم جەنگی لەگەڵدا دەکەم! من خۆم لە ڕۆژی قیامەتدا دەبنە داکۆکیکار و بەرگریکاری دۆستەکانم.

٣٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ عَبْدِ الْكَرِيمِ بْنِ مَعْقِلِ بْنِ مُنَبِّهٍ، أَخْبَرَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ بْنُ مَعْقِلٍ قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّهٍ قَالَ: " لَمَّا رَأَى مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ النَّارَ، انْطَلَقَ يَسِيرُ حَتَّى وَقَفَ مِنْهَا قَرِيبًا، فَإِذَا هُوَ بِنَارٍ عَظِيمَةٍ، تَفُورُ مِنْ فَرْعِ شَجَرَةٍ خَضْرَاءَ، شَدِيدَةِ الْخُضْرَةِ؛ لَا تَزْدَادُ النَّارُ فِيمَا يَرَى إِلَّا عِظَمًا وَتَضَرُّمًا، وَلَا تَزْدَادُ الشَّجَرَةُ عَلَى شِدَّةِ الْحَرِيقِ إِلَّا خُضْرَةً وَحُسْنًا، فَوَقَفَ يَنْظُرُ؛ لَا يَدْرِي عَلَامَ يَضَعُ أَمْرَهَا؟ إِلَّا أَنَّهُ قَدْ ظَنَّ أَنَّهَا شَجَرَةٌ تَحْتَرِقُ، وَأُوقِدَ إِلَيْهَا مُوقِدٌ فَالها، فَاحْتَرَقَتْ، فَإِنَّهُ إِنَّمَا يَمْنَعُ النَّارَ شِدَّةُ خُضْرَتِهَا، وَكَثْرَةُ مَائِهَا، وَكَثَافَةُ وَرَقِهَا، وَعِظَمُ جِذْعِهَا، فَوَضَعَ أَمْرَهَا عَلَى هَذَا، فَوَقَفَ وَهُوَ يَطْمَعُ أَنْ يَسْقُطَ مِنْهَا شَيْءٌ يَقْتَبِسُهُ، فَلَمَّا طَالَ ذَلِكَ عَلَيْهِ، أَهْوَى إِلَيْهَا بِضِغْثٍ فِي يَدِهِ؛ وَهُوَ يُرِيدُ أَنْ يَقْتَبِسَ مِنْ لَهَبِهَا، فَلَمَّا فَعَلَ ذَلِكَ مُوسَى مَالَتْ نَحْوَهُ؛ كَأَنَّهَا تُرِيدُهُ، فَاسْتَأْخَرَ عَنْهَا وَهَابَ، ثُمَّ عَادَ فَطَافَ بِهَا، فَلَمْ تَزَلْ تُطْمِعُهُ وَيَطْمَعُ فِيهَا، وَلَمْ يَكُنْ شَيْءٌ بِأَوْشَكَ مِنْ خُمُودِهَا، فَاشْتَدَّ عِنْدَ ذَلِكَ عَجَبُهُ، وَفَكَّرَ مُوسَى فِي أَمْرِهَا، وَقَالَ: هِيَ نَارٌ مُمْتَنِعَةٌ، لَا يُقْتَبَسُ مِنْهَا، وَلَكِنَّهَا تَتَضَرَّمُ فِي جَوْفِ شَجَرَةٍ فَلَا تَحْرِقُهَا، ثُمَّ خُمُودُهَا عَلَى قَدْرِ عِظَمِهَا فِي أَوْشَكَ مِنْ طَرْفَةِ عَيْنٍ، فَلَمَّا رَأَى ذَلِكَ مُوسَى قَالَ: إِنَّ لِهَذِهِ النَّارِ لَشَأْنًا، ثُمَّ وَضَعَ أَمْرَهَا عَلَى أَنَّهَا مَأْمُورَةٌ، أَوْ مَصْنُوعَةٌ، لَا يَدْرِي مَنْ أَمَرَهَا، وَلَا بِمَ أُمِرَتْ؟ وَلَا مَنْ صَنَعَهَا، وَلَا لِمَ صُنِعَتْ؟ فَوَقَفَ مُتَحَيِّرًا، لَا يَدْرِي أَيَرْجِعُ أَمْ يُقِيمُ؟ فَبَيْنَمَا هُوَ عَلَى ذَلِكَ إِذْ رَمَى طَرْفَهُ نَحْوَ فَرْعِهَا، فَإِذَا هُوَ أَشَدُّ مَا كَانَ خُضْرَةً، وَإِذَا الْخُضْرَةُ سَاطِعَةٌ فِي السَّمَاءِ، يَنْظُرُ إِلَيْهِ، يَغْشَى الظَّلَامَ، ثُمَّ لَمْ تَزَلِ الْخُضْرَةُ تَنَوَّرُ وَتَصْفَرُّ وَتَبْيَاضُّ، حَتَّى صَارَتْ نُورًا سَاطِعًا،

عَمُودًا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ عَلَيْهِ مِثْلُ شُعَاعِ الشَّمْسِ تَكِلُّ دُونَهُ الأَبْصَارُ؛ كُلَّمَا نَظَرَ إِلَيْهِ يَكَادُ يَخْطَفُ بَصَرُهُ، فَعِنْدَ ذَلِكَ اشْتَدَّ خَوْفُهُ وَحُزْنُهُ، فَرَدَّ يَدَهُ عَلَى عَيْنَيْهِ، وَلَصِقَ بِالأَرْضِ، وَسَمِعَ الْخَفْقَ وَالْوَجْسَ، إِلاَّ أَنَّهُ يَسْمَعُ حِينَئِذٍ شَيْئًا لَمْ يَسْمَعِ السَّامِعُونَ بِمِثْلِهِ عِظَمًا، فَلَمَّا بَلَغَ مُوسَى الْكَرْبُ، وَاشْتَدَّ عَلَيْهِ الهَوْلُ، وَكَادَ أَنْ يُخَالَطَ فِي عَقْلِهِ فِي شِدَّةِ الْخَوْفِ لِمَا يَسْمَعُ وَيَرَى، نُودِيَ مِنَ الشَّجَرَةِ؛ فَقِيلَ: يَا مُوسَى فَأَجَابَ سَرِيعًا، وَمَا يَدْرِي مَنْ دَعَاهُ؟ وَمَا كَانَ سُرْعَةُ إِجَابَتِهِ إِلاَّ اسْتِئْنَاسًا بِالأُنْسِ، فَقَالَ: لَبَّيْكَ، مِرَارًا إِنِّي أَسْمَعُ صَوْتَكَ، وَأُوجِسُ وَجْسَكَ، وَلاَ أَرَى مَكَانَكَ، فَأَيْنَ أَنْتَ؟ فَقَالَ: أَنَا فَوْقَكَ وَمَعَكَ وَأَمَامَكَ وَأَقْرَبَ إِلَيْكَ مِنْكَ فَلَمَّا سَمِعَ هَذَا مُوسَى عَلِمَ أَنَّهُ لاَ يَنْبَغِي ذَلِكَ إِلاَّ لِرَبِّهِ جَلَّ وَعَزَّ، فَأَيْقَنَ بِهِ، فَقَالَ: كَذَلِكَ أَنْتَ يَا إِلهِي، فَكَلاَمَكَ أَسْمَعُ أَمْ رَسُولَكَ؟ قَالَ عَزَّ وَجَلَّ: بَلْ أَنَا الَّذِي أُكَلِّمُكَ، فَادْنُ مِنِّي فَجَمَعَ مُوسَى يَدَيْهِ فِي الْعَصَا، ثُمَّ تَحَامَلَ، حَتَّى اسْتَقَلَّ قَائِمًا، فَرَعَدَتْ فَرَائِصُهُ، حَتَّى اخْتَلَفَتْ وَاضْطَرَبَتْ رِجْلاَهُ، وَانْقَطَعَ لِسَانُهُ، وَانْكَسَرَ قَلْبُهُ، وَلَمْ يَبْقَ مِنْهُ عَظْمٌ يَحْمِلُ آخَرَ، فَهُوَ بِمَنْزِلَةِ الْمَيِّتِ إِلاَّ أَنَّ رُوحَ الْحَيَاةِ تَجْرِي فِيهِ، ثُمَّ زَحَفَ عَلَى ذَلِكَ، وَهُوَ مَرْعُوبٌ، حَتَّى وَقَفَ قَرِيبًا مِنَ الشَّجَرَةِ الَّتِي نُودِيَ مِنْهَا قَالَ لَه الرَّبُّ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: إِلَى مَا تِلْكَ ﴿وَمَا تِلْكَ بِيَمِينِكَ يَٰمُوسَىٰ ١٧﴾ طه: ١٧ ؟ ﴿قَالَ هِىَ عَصَاىَ﴾ طه: ١٨ قَالَ: وَمَا تَصْنَعُ بِهَا؟ وَلاَ أَحَدَ أَعْلَمُ بِذَلِكَ مِنْهُ قَالَ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلاَمُ: ﴿أَتَوَكَّؤُا عَلَيْهَا وَأَهُشُّ بِهَا عَلَىٰ غَنَمِى وَلِىَ فِيهَا مَـَٔارِبُ أُخْرَىٰ ١٨﴾ طه: ١٨ وَكَانَ لِمُوسَى فِي الْعَصَا مَآرِبُ؛ كَانَتْ لها شُعْبَتَانِ وَمِحْجَنٌ تَحْتَ الشُّعْبَتَيْنِ قَالَ لَه الرَّبُّ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: أَلْقِهَا يَا مُوسَى فَظَنَّ مُوسَى أَنَّهُ يَقُولُ: ارْفُضْهَا فَأَلْقَاهَا عَلَى وَجْهِ الرَّفْضِ، ثُمَّ حَانَتْ مِنْهُ نَظْرَةٌ، فَإِذَا بِأَعْظَمِ ثُعْبَانٍ نَظَرَ إِلَيْهِ النَّاظِرُونَ، يَدِبُّ يَلْتَمِسُ؛ كَأَنَّهُ يَبْتَغِي شَيْئًا يُرِيدُ أَخْذَهُ، يَمُرُّ بِالصَّخْرَةِ مِثْلِ الْخَلِفَةِ مِنَ الإِبِلِ، فَيَقْتَلِعُهَا، وَيَطْعَنُ بِأَنْيَابٍ مِنْ أَنْيَابِهِ فِي أَصْلِ الشَّجَرَةِ الْعَظِيمَةِ، فَتَجْتَثُّهَا، عَيْنَاهُ تَوَقَّدَانِ نَارًا، وَقَدْ عَادَ الْمِحْجَنُ عُرْفًا فِيهِ شَعْرٌ مِثْلُ النَّيَازِكِ، وَعَادَ الشُّعْبَتَانِ فَمًا مِثْلَ الْقَلِيبِ الْوَاسِعِ، وَفِيهِ أَضْرَاسٌ وَأَنْيَابٌ لهمَا صَرِيفٌ فَلَمَّا عَايَنَ ذَلِكَ مُوسَى ﴿وَلَّىٰ مُدْبِرًا وَلَمْ يُعَقِّبْ﴾ النمل: ١٠ فَذَهَبَ حَتَّى أَمْعَنَ، فَرَأَى أَنَّهُ قَدْ أَعْجَزَ الْحَيَّةَ، ثُمَّ ذَكَرَ رَبَّهُ، فَوَقَفَ اسْتِحْيَاءً مِنْهُ، ثُمَّ نُودِيَ: يَا مُوسَى، إِلَيَّ ارْجِعْ حَيْثُ كُنْتَ، فَرَجَعَ وَهُوَ شَدِيدُ الْخَوْفِ، فَقَالَ: ﴿خُذْهَا﴾ طه: ٢١ بِيَمِينِكَ ﴿وَلَا تَخَفْ سَنُعِيدُهَا سِيرَتَهَا ٱلْأُولَىٰ﴾ طه: ٢١ وَعَلَى مُوسَى حِينَئِذٍ مِدْرَعَةٌ مِنْ صُوفٍ، قَدْ خَلها بِخَلاَلٍ مِنْ عِيدَانٍ، فَلَمَّا أَمَرَهُ بِأَخْذِهَا، ثَنَى طَرَفَ الْمِدْرَعَةِ عَلَى يَدِهِ، فَقَالَ له مَلَكٌ: أَوَرَأَيْتَ يَا مُوسَى لَوْ أَذِنَ لَنَا اللهُ عَزَّ وَجَلَّ لِمَا تُحَاذِرُ، أَكَانَتِ الْمِدْرَعَةُ تُغْنِي عَنْكَ شَيْئًا؟ قَالَ: لاَ وَلَكِنِّي ضَعِيفٌ، وَمِنْ ضَعْفٍ خُلِقْتُ فَكَشَفَ عَنْ يَدِهِ، ثُمَّ وَضَعَهَا فِي فِي الْحَيَّةِ، حَتَّى سَمِعَ حِسَّ الأَضْرَاسِ وَالأَنْيَابِ، ثُمَّ قَبَضَ، فَإِذَا هِيَ عَصَاهُ الَّتِي عَهِدَهَا، وَإِذَا يَدُهُ فِي الْمَوْضِعِ الَّذِي كَانَ يَضَعُهَا إِذَا تَوَكَّأَ بَيْنَ الشُّعْبَتَيْنِ، فَقَالَ لَه اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: ادْنُ فَلَمْ يَزَلْ يُدْنِيهِ، حَتَّى

أَسْنَدَ ظَهْرَهُ بجِذْعِ الشَّجَرَةِ، فَاسْتَقَرَّ، وَذَهَبَ عَنْهُ الرِّعْدَةُ، وَجَمَعَ يَدَيْه في الْعَصَا، وَخَضَعَ بِرَأْسه وَعُنُقه، ثُمَّ قَالَ له: إِنِي قَدْ أَقَمْتُكَ الْيَوْمَ مَقَامًا لَا يَنْبَغِي لِبَشَرٍ بَعْدَكَ أَنْ يَقُومَ مَقَامَكَ؛ أَدْنَيْتُكَ وَقَرَّبْتُكَ حَتَّى سَمِعْتَ كَلَامِي، وكُنْتَ بِأَقْرَبِ الْأَمْكِنَةِ مِنِّي، فَانْطَلِقْ بِرِسَالَتِي، فَإِنَّكَ بِعَيْنِي وَسَمْعِي، وَإِنَّ مَعَكَ يَدِي وَنَصْرِي، وَإِنِي قَدْ أَلْبَسْتُكَ جُنَّةً مِنْ سُلْطَانِي، تَسْتَكْمِلُ بِهَا الْقُوَّةَ في أَمْرِي، فَأَنْتَ جُنْدٌ عَظِيمٌ مِنْ جُنُودِي، بَعَثْتُكَ إِلَى خَلْقٍ ضَعِيفٍ مِنْ خَلْقِي؛ بَطِرَ نِعْمَتِي، وَأَمِنَ مَكْرِي، وَغَرَّتْهُ الدُّنْيَا عَنِّي، حَتَّى جَحَدَ حَقِّي، وَأَنْكَرَ رُبُوبِيَّتِي، وَعَبَدَ دُونِي، وَزَعَمَ أَنَّهُ لَا يَعْرِفُنِي، وَإِنِي أُقْسِمُ بِعِزَّتِي، لَوْلَا الْعُذْرُ وَالْحُجَّةُ اللَّذَانِ وَضَعْتُ بَيْنِي وَبَيْنَ خَلْقِي لَبَطَشْتُ بِه بَطْشَةَ جَبَّارٍ، يَغْضَبُ لِغَضَبِه السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ وَالْجِبَالُ وَالْبِحَارُ؛ فَإِنْ أَمَرْتُ السَّمَاءَ حَصَبَتْهُ، وَإِنْ أَمَرْتُ الْأَرْضَ ابْتَلَعَتْهُ، وَإِنْ أَمَرْتُ الْجِبَالَ دَمَّرَتْهُ، وَإِنْ أَمَرْتُ الْبِحَارَ غَرَّقَتْهُ، وَلَكِنَّهُ هَانَ عَلَيَّ وَسَقَطَ مِنْ عَيْنِي وَوَسِعَهُ حِلْمِي، وَاسْتَغْنَيْتُ بِمَا عِنْدِي، وَحَقَّ لِي أَنِي أَنَا الْغَنِيُّ؛ لَا غَنِيَّ غَيْرِي، فَبَلِّغْهُ رِسَالَاتِي، وَادْعُهُ إِلَى عِبَادَتِي وَتَوْحِيدِي، وَإِخْلَاصِ اسْمِي، وَذَكِّرْهُ بِأَيَّامِي، وَحَذِّرْهُ نِقْمَتِي وَبَأْسِي، وَأَخْبِرْهُ أَنَّهُ لَا يَقُومُ شَيْءٌ لِغَضَبِي، وَقُلْ له فِيمَا بَيْنَ ذَلِكَ ﴿فَقُولَا لَهُ قَوْلًا لَّيِّنًا لَّعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَىٰ ۝٤٤﴾ طه: ٤٤ وَأَخْبِرْهُ أَنِي إِلَى الْعَفْوِ وَالْمَغْفِرَةِ أَسْرَعُ مِنِّي إِلَى الْغَضَبِ وَالْعُقُوبَةِ، وَلَا يَرُوعَنَّكَ مَا أَلْبَسْتُهُ مِنْ لِبَاسِ الدُّنْيَا؛ فَإِنَّ نَاصِيَتَهُ بِيَدِي، لَيْسَ يَطْرِفُ، وَلَا يَنْطِقُ، وَلَا يَتَنَفَّسُ إِلَّا بِإِذْنِي، قُلْ له: أَجِبْ رَبَّكَ؛ فَإِنَّهُ وَاسِعُ الْمَغْفِرَةِ، وَإِنَّهُ قَدْ أَمْهَلَكَ أَرْبَعَمِائَةِ سَنَةٍ، وَفِي كُلِّهَا أَنْتَ مُبَارِزٌ لِمُحَارَبَتِه، تَشَبَّهُ وَتَمَثَّلُ بِه، وَتَصُدُّ عِبَادَهُ عَنْ سَبِيلِه، وَهُوَ يُمْطِرُ عَلَيْكَ السَّمَاءَ، وَيُنْبِتُ لَكَ الْأَرْضَ، لَمْ تَسْقَمْ، وَلَمْ تَهْرَمْ، وَلَمْ تَفْتَقِرْ، وَلَمْ تُغْلَبْ، وَلَوْ شَاءَ أَنْ يُعَجِّلَ ذَلِكَ لَكَ، أَوْ يَسْلُبَكَهُ فَعَلَ، وَلَكِنَّهُ ذُو أَنَاةٍ وَحِلْمٍ عَظِيمٍ وَجَاهِدْهُ بِنَفْسِكَ وَأَخِيكَ، وَأَنْتُمَا مُحْتَسِبَانِ لِجِهَادِه، فَإِنِي لَوْ شِئْتُ أَنْ آتِيَهُ بِجُنُودٍ لَا قِبَلَ له بِهَا لَفَعَلْتُ، وَلَكِنْ لِيَعْلَمَ هَذَا الْعَبْدُ الضَّعِيفُ، الَّذِي قَدْ أَعْجَبَتْهُ نَفْسُهُ وَجُمُوعُهُ أَنَّ الْفِئَةَ الْقَلِيلَةَ وَلَا قَلِيلَ مِنِّي تَغْلِبُ الْفِئَةَ الْكَثِيرَةَ بِإِذْنِي، وَلَا يُعْجِبُكُمَا زِينَتُهُ، وَلَا مَا مُتِّعَ بِه، وَلَا تَمُدَّانِ إِلَى ذَلِكَ أَعْيُنَكُمَا؛ فَإِنَّهَا زَهْرَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا، وَزِينَةُ الْمُتْرَفِينَ، وَإِنِي لَوْ شِئْتُ أَنْ أُزَيِّنَكُمَا مِنَ الدُّنْيَا بِزِينَةٍ يَعْلَمُ فِرْعَوْنُ حِينَ يَنْظُرُ إِلَيْهَا، أَنَّ مَقْدِرَتَهُ تَعْجِزُ عَنْ مِثْلِ مَا أُوتِيتُمَا، فَعَلْتُ، وَلَكِنِّي أَرْغَبُ بِكُمَا عَنْ ذَلِكَ، وَأَزْوِيهِ عَنْكُمَا، وَكَذَلِكَ أَفْعَلُ بِأَوْلِيَائِي، وَقَدِيمًا مَا خِرْتُ لهمْ فِي ذَلِكَ، فَإِنِي لَأَذُودُهُمْ عَنْ نَعِيمِهَا وَرَخَائِهَا كَمَا يَذُودُ الرَّاعِي الشَّفِيقُ إِبِلَه عَنْ مَرَاتِعِ الهلَكَةِ، وَإِنِي لَأُجَنِّبُهُمْ سُلْوَتَهَا وَعَيْشَهَا كَمَا يُجَنِّبُ الرَّاعِي الشَّفِيقُ إِبِلَه عَنْ مَبَارِكِ الْغِرَّةِ، وَمَا ذَلِكَ لهوَانِهِمْ عَلَيَّ؛ وَلَكِنْ لِيَسْتَكْمِلُوا نَصِيبَهُمْ مِنْ كَرَامَتِي سَالِمًا مَوْفُورًا، لَمْ تَكْلَمْهُ الدُّنْيَا، وَلَمْ يُطْغِه الهوَى، وَاعْلَمْ أَنَّهُ لَمْ يَتَزَيَّنْ لِيَ الْعِبَادُ بِزِينَةٍ هِيَ أَبْلَغُ مِنَ الزُّهْدِ فِي الدُّنْيَا؛ فَإِنَّهَا زِينَةُ الْمُتَّقِينَ عَلَيْهِمْ مِنْهَا لِبَاسٌ، يُعْرَفُونَ بِه مِنَ السَّكِينَةِ وَالْخُشُوعِ، سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِمْ مِنْ أَثَرِ

السُّجُود، أُولَئِكَ أَوْلِيَائِي حَقًّا، فَإِذَا لَقِيتَهُمْ فَاخْفِضْ لهمْ جَنَاحَكَ، وَذَلِّلْ لهمْ قَلْبَكَ وَلِسَانَكَ، وَاعْلَمْ أَنَّهُ مَنْ أَهَانَ لِي وَلِيًّا، أَوْ أَخَافَهُ، فَقَدْ بَارَزَنِي بِالْمُحَارَبَةِ وَبَادَأَنِي، وَعَرَضَ بِنَفْسِهِ، وَدَعَانِي إِلَيْهَا، فَأَنَا أَسْرَعُ شَيْءٍ إِلَى نُصْرَةِ أَوْلِيَائِي، أَيَظُنُّ الَّذِي يُحَارِبُنِي أَنْ يَقُومَ لِي؟ أَوَيَظُنُّ الَّذِي يُغَازِينِي أَنْ يُعْجِزَنِي؟ أَوَيَظُنُّ الَّذِي يُبَارِزُنِي أَنْ يَسْبِقَنِي أَوْ يَفُوتَنِي؟ وَكَيْفَ وَأَنَا الثَّائِرُ لهمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ؛ لَا أَكِلُ نُصْرَتَهُمْ إِلَى غَيْرِي؟ " قَالَ: " فَأَقْبَلَ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ إِلَى فِرْعَوْنَ فِي مَدِينَةٍ قَدْ جَعَلَ حَوْلَها الْأُسْدَ فِي غَيْضَةٍ قَدْ غَرَسَهَا، فَالْأُسْدُ فِيهَا مَعَ سُيَّاسِهَا، إِذَا أَشْلَتْهَا عَلَى أَحَدٍ أَكَلَتْهُ، وَلِلْمَدِينَةِ أَرْبَعَةُ أَبْوَابٍ فِي الْغَيْضَةِ، فَأَقْبَلَ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ مِنَ الطَّرِيقِ الْأَعْظَمِ الَّذِي يَرَاهُ فِرْعَوْنُ، فَلَمَّا رَأَتْهُ الْأُسْدُ صَاحَتْ صِيَاحَ الثَّعَالِبِ فَأَنْكَرَ ذَلِكَ السَّاسَةُ، وَفَرَقُوا مِنْ فِرْعَوْنَ، وَأَقْبَلَ مُوسَى حَتَّى انْتَهَى إِلَى الْبَابِ الَّذِي فِيهِ فِرْعَوْنُ، فَقَرَعَهُ بِعَصَاهُ، وَعَلَيْهِ جُبَّةُ صُوفٍ وَسَرَاوِيلُ، فَلَمَّا رَآهُ الْبَوَّابُ، عَجِبَ مِنْ جُرْأَتِهِ، فَتَرَكَهُ، وَلَمْ يَأْذَنْ لَهُ، وَقَالَ: هَلْ تَدْرِي بَابَ مَنْ أَنْتَ تَضْرِبُ؟ إِنَّمَا تَضْرِبُ بَابَ سَيِّدِكَ قَالَ: أَنَا وَأَنْتَ وَفِرْعَوْنُ عَبِيدٌ لِرَبِّي تَبَارَكَ وَتَعَالَى فَأَنَا نَاصِرُهُ فَأَعْلَمَهُ الْبَوَّابَ السَّابِقَ، فَأَخْبَرَ الْبَوَّابَ الَّذِي يَلِيهِ وَالْبَوَّابِينَ، حَتَّى بَلَغَ ذَلِكَ أَدْنَاهُمْ، وَدُونَهُ سَبْعُونَ حَاجِبًا، كُلُّ حَاجِبٍ مِنْهُمْ تَحْتَ يَدَيْهِ مِنَ الْجُنُودِ مَا شَاءَ اللهُ؛ كَأَعْظَمِ أَمِيرِ الْيَوْمَ إِمَارَةً، حَتَّى خَلَصَ الْخَبَرُ إِلَى فِرْعَوْنَ، فَقَالَ: أَدْخِلُوهُ عَلَيَّ فَأُدْخِلَ، فَلَمَّا أَتَاهُ قَالَ لَهُ فِرْعَوْنُ: أَعْرِفُكَ؟ قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: ﴿ قَالَ أَلَمْ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيدًا ﴾ الشعراء: ١٨ فَرَدَّ عَلَيْهِ مُوسَى الَّذِي ذَكَرَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ، قَالَ فِرْعَوْنُ: خُذُوهُ، فَبَادَأَهُمْ مُوسَى، ﴿ فَأَلْقَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ ﴿١٠٧﴾ ﴾ الأعراف: ١٠٧ فَحَمَلَتْ عَلَى النَّاسِ، فَانْهَزَمُوا مِنْهَا، فَمَاتَ مِنْهُمْ خَمْسَةٌ وَعِشْرُونَ أَلْفًا؛ قَتَلَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا، وَقَامَ فِرْعَوْنُ مُنْهَزِمًا، حَتَّى دَخَلَ الْبَيْتَ، فَقَالَ لِمُوسَى: اجْعَلْ بَيْنَنَا وَبَيْنَكَ أَجَلًا نَنْظُرُ فِيهِ فَقَالَ لَهُ مُوسَى: لَمْ أُومَرْ بِذَلِكَ؛ وَإِنَّمَا أُمِرْتُ بِمُنَاجَزَتِكَ، وَإِنْ أَنْتَ لَمْ تَخْرُجْ إِلَيَّ دَخَلْتُ إِلَيْكَ فَأَوْحَى اللهُ، عَزَّ وَجَلَّ إِلَى مُوسَى أَنِ اجْعَلْ بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ أَجَلًا، وَقُلْ لَهُ أَنْ يَجْعَلَهُ هُوَ، ثُمَّ قَالَ فِرْعَوْنُ: اجْعَلْهُ لِي أَرْبَعِينَ يَوْمًا فَفَعَلَ، وَكَانَ فِرْعَوْنُ لَا يَأْتِي الْخَلَاءَ إِلَّا فِي أَرْبَعِينَ يَوْمًا مَرَّةً، فَاخْتَلَفَ ذَلِكَ الْيَوْمَ أَرْبَعِينَ مَرَّةً " قَالَ: «وَخَرَجَ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ مِنَ الْمَدِينَةِ، فَلَمَّا مَرَّ بِالْأُسْدِ مَصَعَتْ بِأَذْنَابِهَا، وَسَارَتْ مَعَ مُوسَى تُشَيِّعُهُ، وَلَا تُهِيجُهُ، وَلَا أَحَدًا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ».

واتە: عەبدولصەمەدی کوڕی مەعقیل دەفەرموێت: گوێم لە وەهبی کوڕی مونەببیهـ بوو دەیفەرموو: کاتێ پێغەمبەر مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) ئاگرەکەی بینی؛ کەمێک ڕۆیشت و لە نزیك ئاگرەکە ڕاوەستا؛ دەبینێ ئاگرێکی گەورەیە؛ ئاگرەکە لە ناو لقی دارێکی تەڕەوە دەهاتە دەرەوە؛ دارەکە زۆر سەوز بوو؛ ئاگرەکە زیاتر دەبوو و کڵپەی زیادی دەکرد: هەتا ئاگرەکە زیاتر گڵپەی بسەندایە دارەکەش زیاتر سەوزو گەش و جوان دەبوو؛ مووسا

ڕاوەستاو سەیری دەکرد؛ نەیدەزانی کارەکەی خۆی چۆن چۆنی جێبەجێ بکات (واتە: نەیدەزانی چۆن کەمێک لەو ئاگرە بیات) بەڵام ئەوەندە بوو کە ئەو پێی وا بوو ئەو دارە دەسوتێ و کەسێک ئاگری پێوە ناوە و خەریکە دەسوتێ؛ بەڵام خۆ سەوازیی زۆری دارو و تەڕیی دارو گەڵای سەوزو زۆر و قەدی ئەستوری دار ئەمانە وا دەکەن کە دار نەسوتێ؛ بۆیە هەروا وەستابوو لێی دەڕوانی و چاوەڕێ بوو لقێک بە ئاگرەوە بکەوێتە خوارەوە و هەڵیبگرێت؛ جا دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر ڕاوەستا بە چیلکەیەک کە بە دەستیەوە بوو دەستی برد بۆ ئاگرەکە؛ دەیەویست کەمێک لە ئاگرەکە بیات؛ کاتێ مووسا ویستی هەندێک لە ئاگرەکە ببا؛ ئاگرەکە بەرەو لای مووسا هات وەک بیەوێ مووسا بیات؛ بۆیە مووسا خۆی دایە دواوە؛ دوایی دیسان گەڕایەوە بۆ لای ئاگرەکە سوڕایەوە بە دەوریدا هەر بە تەمای ئەوەبوو پشکۆیەکی لێ بکەوێت و ئەم هەلیبگرێت و بیبا؛ هیچ شتێک نەدەبووە هۆی ئەوەی ئاگرەکە خامۆش ببێ؛ بۆیە زۆری پێ سەیر بوو؛ مووسا بیری لەوە دەکردەوە و دەیفەرموو: ئەم ئاگرە ئاگرێکی گەورەیەو ناهێڵێ دەستەچیلکەیەکی لێ ببەم؛ بەڵام خۆ گڕو گڵپەی لە ناخی ئەم دارەوە دێتە دەرەوە و دارەکەش ناسوتێنێ؟ دوایی ئەو ئاگرە هەرچەندە گەورەش بوو لە ماوەی چاوتروکانێکدا دامرکایەوە؛ جا کە مووسا ئەوەی بینی گوتی: ئەم ئاگرە زۆر سەیرە! دوایی پێی وا بوو کە ئەم ئاگرە کەسێک فرمانی پێ دەکات یان لە لایەن کەسێکە هەڵکراوە؛ نەیدەزانی کێ فرمانی پێ دەکات و بەچی فرمانی پێکراوە؟ کێ ئەم ئاگرەی هەڵکردووە و بۆچی هەڵکراوە؟ بۆیە زۆر بە سەرسامیەوە ڕاوەستابوو؛ نەیدەزانی بگەڕێتەوە یان بمێنێتەوە؟ هەر بەدەم ئەو خەیاڵاتەوە بوو کە بە سیلەی چاو چاوی بە لقێک کەوت؛ دەبینێ زۆر زۆر سەوزە؛ ئەو سەوزاییە لە ئاسمانڕا دێت! سەیری دەکرد هەموو تاریکایەکەی داپۆشیبوو؛ دوایی سەوزاییەکە ڕۆشن دەبوو؛ زەرد دەبوو؛ سپی دەبوو؛ تا وای لێهات بوو بە تیشکێکی زۆر ڕۆشن؛ بوو بە کۆڵەکەیەک لە نێوان ئاسمان و زەویدا؛ تیشکی وەک تیشکی خۆری پێوە بوو؛ چاو لە ئاستیا هەڵنەدەهات؛ هەر جارێ سەیری دەکرد خەریکبوو چاوی کوێر ببێ؛ بۆیە لەو کاتەدا خەم و خەفەت و ترس و بیمی زیادی کرد؛ دەستەکانی خستە سەر چاوەکانی و خۆی دا بەسەر زەویدا؛ گوێی لە دەنگێک بوو دەترسا؛ بەڵام هێندە هەبوو کە ئەو لەو کاتەدا شتێکی دەبیست کە هێندە گەورە بوو تا ئەو کاتە هیچ کەسێک دەنگی وەهای نەبیستبوو؛ جا دوای ئەوەی ترس مووسای داگرت و زۆر ترسا و خەریکبوو لە ترسی ئەوەی کە دەیبیست و دەیبینی تێک بچێ؛ لە لایەن دارەکەوە بانگ کراو گوترا: مووسا! مووسا یەکسەر وەڵامی دایەوە و نەیدەزانی کێ بانگی کردووە؟ بۆیەش ئەوەندە بە خێرایی وەڵامی دایەوە بۆ ئەوەی ئەو دەنگە ببێ بە هۆگری؛ بۆیە چەند جارێک گوتی: بەڵێ! من دەنگت دەبیستم؛ گوێم لە دەنگتە بەڵام شوێنەکەت نابینم؛ تۆ لەکوێی؟ گوتی: من لە سەرەوەی تۆم؛ لەگەڵ تۆدام؛ لە پێشەوەی تۆم؛ لە تۆوە نزیکم! جا دوای ئەوەی مووسا ئەوەی بیست ئیتر زانیی کە ئەوە لە لایەن خوداوە بانگ کراوە؛ بۆیە دڵنیا بویەوە؛ گوتی: خودایە! ئەوە هەر تۆی کە بەو جۆرەی؛

من گوێم لە فەرموودەی خۆتە یان لە دەنگی نێردراوێکت؟ خوای گەورە فەرمووی: من خۆم قسەت لەگەڵا دەکەم؛ دەی لێم نزیك ببەوە! ئیتر مووسا گۆچانەکەی گرت بە دەستەوە و خۆی دا بەسەریاو هەستایە سەرپێ و هەموو گیانی دەلەرزی؛ لاقەکانی دەپێچان بە یەکاو زمانی شکا؛ دلی خەریك بوو بپچڕێ؛ هیچ ئێسکێک لە لاشەیا نەما ئێسکێکیتر هەڵبگرێت؛ وەکوو مردوی لێهات بەڵام ئەوەندە بوو کە هێشتا گیانی تێدا مابوو؛ هەرچۆنێک بێ وەکوو مناڵێکی ساوای تازە پێگرتو هەستایە سەرپێ و هەموو گیانی دەلەرزی؛ تا لە دارەکە نزیك بویەوە کە دەنگەکەی لێ دەهاتە دەرەوە؛ خوای گەورە پێی فەرموو: مووسا ئەوە چییە بە دەستەوە؟ مووسا فەرمووی: ئەوە گۆچانەکەمە.. خوای گەورە فەرمووی: چ کارێکی پێ دەکەی؟ هیچ کەسیش هێندەی خوای گەورە شارەزا نەبوو بەوەی کە مووسا ئەو گۆچانەی بۆ چییە (واتە: خوای گەورە خۆی دەیزانی؛ بەڵام هەر لێی پرسی) مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: وەبەر پشتی خۆمی دەنێم و گەڵای پێ دەوەرێنم بۆ ئاژەڵەکانم و چەند ئیشتی دیکەی پێ دەکەم! جا مووسا چەند کارێکیتری بە گۆچانەکەی دەکرد؛ گۆچانەکەی دوفلیقانە بوو (واتە: لە سەرەوە دوو سەری هەبو) لە خوارەوەی دو فلیقانەکە چەمابویەوە؛ خوای گەورە و مەزن فرمانی پێکردو پێی فەرموو: ئادەی مووسا گۆچانەکەت فڕێ بدە! مووسا وای گومان برد کە خوای گەورە پێی دەفەرموێت: گۆچانەکەت واز لێ بێنەو بۆ یەکجاری فڕێی بدە، بۆیە فڕێیدایە سەر زەوی و توڕیدا؛ دوایی سەیرێکی کرد دەبینێ بووە بە مارێکی هێندە گەورە کە هیچ کەسێک ماری هێندەی گەورەی نەبینیبێت؛ بە سەر زەویدا دەڕۆیشت؛ دەتگوت بە دوای شتێکا دەخوشێ بۆ ئەوەی بیگرێ؛ وەکوو بەچکە وشتر بەسەر تاتە بەردا دەڕۆیشت و بەردەکانی هەڵدەکەند؛ بە دانەکانیشی قەپی دەکرد بە قەدی دارە گەورەکەداو هەڵیدەکەند؛ چاوەکانی ئاگریان لێ دەباری؛ دەسکی گۆچانەکە بوو بە پشتە ملی مارەکەو توکی پێوە بوو؛ وەکوو نەیزەك وابوو؛ دوو سەری گۆچانەکە ببوو بە دەمی مارەکەو وەکوو دەمی بیری گەورە وابوو؛ دانی کەڵبەو دانی خڕێی هەبوو؛ دانەکانی سیڕەو جیڕەیان دەهات؛ جا کە مووسا چاوی بەو مارە کەوت: هەڵات و لای نەکردەوە. هەتا دوور کەوتەوە؛ جا دەبینێ توانای هەڵاتنی لە دەست ئەو مارە نییە؛ بۆیە یادی خوای گەورەی کرد؛ مووسا لە شەرما وەستا؛ دوایی بانگکراو گوترا: ئەی مووسا! لە هەر کوێییەک هەی بگەڕێوە بۆ لای من؛ مووسا بە دەم ترس و لەرزەوە گەڕایەوە؛ جا خوای گەورە فەرمووی:. بە دەستی ڕاستت. ئەو مارە بگرەو مەترسە! ئێمە وەکوو پێشوی لێ دەکەینەوە! ئەو کاتە مووسا کەوایەکی خوریی لەبەرا بوو؛ بە چیلکەی عیدان کونی تێ کردبوو؛ جا دوای ئەوەی خوای گەورە فرمانی پێکرد مارەکە بگرێ؛ چەمکی کەواکەی گرت بە دەستەوە؛ فریشتەیەک پێی گوت: مووسا! ئەرێ پێت وایە ئەگەر خوای گەورە ئیزنی ئێمە بدات لەو شتەی کە خۆتی لێ دەپارێزی؛ ئەو کەواو خورییە هیچ سودێکت پێ دەگەیەنێ؟ مووسا فەرمووی: نەخێر! بەڵام من لاوازم؛ بە لاوازی دروستکراوم.. ئیتر چەمکی کەواکەی لەسەر دەستی لابردو دەستی خستە سەر دەمی مارەکەو هەستی بە

دانەکانی و کەڵبەکانی دەکرد؛ دوایی گرتی چی دەبینێ بویەوە بە گۆچانەکەی خۆی؛ دەستیشی ڕێک لەسەر ئەو شوێنە بوو کە جاران دەیگرت؛ واتە: لە نێوان هەردوفلیقانەکەدا. جا خوای گەورە فەرمووی: نزیك بەرەوە! مووسا بەردەوام نزیك دەبویەوە تا پشتی نا بە قەدی دارەکەوە و ئارامی گرت و ئەو ترس و لەرزەی پێشوی ڕەوییەوە و نەما؛ هەردو دەستی گرت بە گۆچانەکەوە؛ سەرو ملی داچەمانوو دوایی خوای گەورە پێی فەرموو: ئەمڕۆ تۆم گەیاندە پلەو پایەیەک کە نابێت هیچ کەسێک دوای تۆ بگاتە ئەو ئاستە! هێندە نزیکم کردیتەوە و تا گوێت لە کەلامی من بوو؛ تۆ لە نزیکترین شوێنی لە منەوە؛ دەی پەیمای من بەرە؛ تۆ لەژێر چاودێری و بیستنی خۆمدای؛ دەستی من و یارمەتیی منت لەگەڵایە؛ ئەوا من پارێزو دەسەڵاتی خۆم دەکەم بە بەرتا؛ بەو هۆیەوە هێزو دەسەڵاتت کامڵ دەبێ؛ تۆ سەربازێکی گەورە و مەزنی منی؛ من تۆ دەنێرم بۆ لای بەندەیەکی لاوازی خۆم کە بە هۆی نازونیعمەتی منەوە لەخۆی بایی بووە و لەخۆی دەرچوە؛ لە من ئەمین بووە و وادەزانێ کەس کاری بە کاریەوە نییە؛ دونیا ئەوی خەڵەتاندووە و ئاگای لە من نەماوە؛ تەنانەت وای لێ هاتووە دان بە مافی منا نانێت؛ ئینکاری خوایەتی من دەکات؛ جگە لە من کەسێکیتر دەپەرستێ؛ پێی وایە من ناناسێت؛ من سوێند بە دەسەڵاتی خۆم دەخۆم ئەگەر بەهۆی ئەو بیانوو بەڵگانە نەبوایە کە خۆم لە نێوان خۆم و بەندەکانما دامناوە ئەوا وەکوو کەسێکی زۆر بەدەسەڵات لێم دەدا؛ کەسێکی وەها کە بە هۆی توورەبوونی ئەوەوە ئاسمانەکان و زەوی و کێوەکان و دەریاکانیش توورە دەبن؛ ئەگەر فرمان بکەم بەسەر ئاسمانا ئەوا بەردەبارانی دەکات؛ ئەگەر فرمان بکەم بەسەر زەویدا؛ ئەوا قووتی دەدا؛ ئەگەر فرمان بکەم بەسەر کێوەکانا؛ ئەوا تێکی دەشکێنن و لەناوی دەبەن؛ ئەگەر فرمان بکەم بەسەر دەریادا؛ ئەوا دەیخنکێنێ؛ بەڵام ئەوانەم بەلاوە گرانەو ئەو کارانەم لەبەرچاو نییەو حەوسەلەم زۆرەو ئەوەی کە لای منە پێی دەوڵەمەندم (واتە: هێندە بە حەوسەڵەم یەکسەر ئەو کارانە ناکەم هەتا کەسێک نەنێرم بۆ لای و بانگی نەکەم) ئەوە شیاوی منە وەها بم؛ چونکە من دەوڵەمەندم؛ جگە لە من هیچ کەسێکستر دەوڵەمەند نییە؛ کەوایە پەیامەکانی منی پێ ڕابگەیەنە؛ بانگی بکە بۆ پەرستنی من و یەکتا پەرستی و ئیخلاص و یادی من و باسی دەسەلات و هێزو تۆڵەی منی بۆ بکە؛ لە توورەبوون و گرتنی من بیترسێنە! ئەوەیشی پێ ڕابگەیەنە کە هیچ شتێک لە بەرامبەر توڕبوونی منا خۆی ڕاناگرێ؛ لەگەل ئەوەشا کاتێ قسەی لەگەڵدا دەکەی بە نەرمی و بە قسەی خۆش لەگەڵیا بدوێ بەڵکوو بیرێک بکاتەوە؛ یان بترسێ؛ ئەوەیشی پێ بڵێ کە لێبوردەیی و لێخۆشبوونی من لە پێش توورەبوون و تۆڵەی منە؛ با ئەو هێزو دەسەلاتەی دونیا کە بە ئەووم بەخشیوە تۆ نەترسێنێ؛ کاروباری ئەو بەدەست منە؛ بە بێ ئیزنی من نە دەتوانێ چاو بتروکێنێ نە قسە بکات و نە هەناسەش بدات؛ پێی بڵێ: وەڵامی بانگەوازی پەروەردگار بدەرەوە؛ لێبوردەیی خوای گەورە فراوانەو ئەمسەرو ئەوسەری نادیارە؛ ئەوەتا چوارسەدساڵە مۆڵەتی پێداوی و لە ماوەی تەواوی ئەم چوارسەساڵەدا تۆ خۆتت ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ خوای گەورەدا

بجەنگی؛ تۆ لەم ماوەیەدا خۆت بە خوا ناساندووە و خۆت بە خوا وێنا کردووە و خەڵکت لە خواپەرستی لاداوە کەچی خوای گەورە بارانی بۆ باراندوی؛ سەوزایی بۆ سەوز کردوی؛ هیچ شوێنێکت ئازاری نەبووە؛ پیر نەبوی؛ هەژار نەبوی؛ کەس بەسەرتا زاڵ نەبووە؛ ئەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر بوایە هەموو ئەوانەی بەسەرا دەهێنای؛ یان ئەگەر ویستبای ئەو هەموە دەسەڵاتەت لێ بسێنێتەوە؛ ئەوا لێی دەسەندیەوە؛ بەڵام خوای گەورە مۆڵەت بەخشەو خاوەن حەوسەڵەیەکی زۆرە.. ئەی مووسا! خۆت و براکەت بڕۆن و تێکۆشن؛ ئێوە بۆ تێکۆشان لە بەرامبەر فیرعەونا ئامادە کراوون؛ خۆ ئەگەر من بمەوێ هێندە سەرباز بنێرمە سەری کە ئەمسەرو ئەوسەری سوپاکە دیار نەبێت؛ ئەوا دەتوانم. بەڵام با ئەو بەندە لاوازە بزانێ .ئەو بەندەیەی کە لەخۆی بایی بووە .ئەوە بزانێ کە دەستەیەکی کەم. کە بە لای منەوە کەم نین. بە ئیزنی من زاڵ دەبن بەسەر دەستەیەکی زۆر زۆرا؛ ئێوەش بە جوانی و خۆشی دونیای ئەو مەخەڵەتێن؛ بەوە شتانە سەرسام مەبن کە ئەو چێژیان لێ وەردەگرێ؛ چاو مەبڕنە ئەو شتانەی کە ئەو هەیەتی؛ ئەو شتانەی ئەو هەمووی جوانی و خۆشی و چێژی دونیایە؛ هەمووی جوانی و خۆشیی ئەو کەسانەیە کە لە دونیادا بە خۆشی دەژین؛ ئەگەر من بمەوێ خۆشی و چێژی دونیا بە ئێوە ببەخشم ئەوا فیرعەون ئەو کاتە دەبینێ کە بەرامبەر خۆشی و چێژەکانی ئێوە زۆر کەمی هەیە و هیچیشی لەدەست نایەت؛ بەڵام من ئەو چێژو خۆشیانەی دونیا بە ئێوە نادەم؛ ئێوە لە شتی دونیایی دوور دەخەمەوە؛ من هەموو دۆستەکانی خۆم وا لێ دەکەم و لە دونیا دوریان دەخەمەوە؛ هەر لە دێرزەمانەوە من دونیام بە دۆستەکانم نەبەخشیوە؛ من دۆستەکانم لە نازونیعمەتەکان و خۆشییەکانی دونیا دەپارێزم وەک چۆن سارەوانێکی دڵسۆز وشترەکانی خۆی لە لەوەڕگەی خراپ دەپارێزێ؛ من دۆستەکانی خۆم لە عەیش و نۆشی دونیا دەپارێزم وەک چۆن سارەوانێکی دلسۆز وشترەکانی لە شوێنی خراپ دەپارێزێ؛ ئەوەش لەبەر ئەوە نییە کە سوکایەتی بە دۆستەکانم بکەم؛ بەڵکوو لەبەر ئەوەیە دوایی بەشە ڕێزی خۆیان بە تێرو تەواوی وەربگرن؛ ئەو بەشەی کە لە دونیادا نەیان بووە؛ ئەو بەشەی کە هەواو ئارەزوی ئەوان شوێنی نەکەوتووە؛ ئەوەش بزانە کە هیچ بەندەیەکی من بە هیچ شتێک خۆی نەڕازاندووەتەوە کە هێندەی زوهد و پارسایی جوان بێت! زوهد و پارسایی جوانیی مرۆڤە لەخواترسەکانە؛ ئەوانە پۆشاکی زوهدیان لەبەرایە؛ بە هۆی هەژاری و ملکەچییەوە دەناسرێنەوە؛ بە هۆی سەجدەوە سیمای بیرو باوەڕ بە دەموچاویانەوە دیارە؛ ئەوا بەڕاستی دۆستی منن؛ ئەگەر بەو کەسانە گەیشتی باڵی سۆزو بەزەییان بۆ ڕابخە؛ با دڵ و زمانت لە ئاست ئەوانەدا ملکەچ بێت؛ ئەوەش بزانە کە هەر کەسێ سوکایەتی بە دۆستێکی من بکات یان بیترسێنێ؛ ئەوە جەنگی لەگەڵ منا ڕاگەیاندووە و ئەو دەست پێشخەر بووە؛ ئەو خۆی هێناوەتەوە ناو گۆڕەپانی جەنگەوە؛ ئەو منی بانگ کردووە بۆ جەنگ! من زۆر بەخێرایی دێم بەدەم دۆستەکانمەوە؛ ئایا گومان دەبرێ ئەو کەسەی کە دژایەتی من دەکات خۆی پێ ڕابگیرێت؟ ئایا گومان دەبرێ کە ئەو کەسەی دەیەوێ لەگەڵ منا جەنگ بکات؛ من بیەزێنێ؟

ئایا گومان دەبرێ کە ئەو کەسەی لەگەڵ منا جەنگ دەکات سەربکەوێت و من بیەزێنێ؟ چۆن شتی وا دەبێت لە کاتێکا من خۆم لە دونیا و قیامەتدا لەبەر دۆستەکانم لە دوژمنەکانم تووڕە دەبم و یارمەتیدانی دۆستەکانم بە کەس ناسپێرم و خۆم یارمەتییان دەدەم؟ دەفەرموێت: جا مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) ڕۆیشت بۆ لای فیرعەون؛ فیرعەون لە شارێکا بوو کە بە دارستانی دەستکرد دەورە درابوو؛ ناو دارستانەکە پڕ کرابوو لە شێرو ڕاهێنەریشیان هەبوو کە لەگەڵیاندا بوون؛ ئەگەر ئەو شێرانە هێرشیان بۆ هەر کەسێک ببردایە پارچە پارچەیان دەکرد؛ شارەکەش چوار دەرگای هەبوو کە لە دارستانەکەوە بۆی دەهات؛ مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) لە دەرگا گەورەکەوە بەرو ناو شار هات؛ ئەو دەرگایەی کە فیرعەون خۆی بەردەوام چاوی لێبوو؛ جا کاتێ شێرەکان مووسایان بینی وەکوو ڕێوی لوراندیان؛ ڕاهێنەرەکان ئەوەیان پێ سەیر بوو؛ بۆیە شێرەکانیان لە فیرعەون دوور خستەوە؛ مووسا هات تا گەیشتە ئەو دەرگای ئەو ژوورەی کە فیرعەونی لێبوو؛ بە گۆچانەکەی لە دەرگای دا؛ ئەو کاتە کەوایەکی خوری و شەرواڵێکی خوری لەبەر بوو؛ کاتێ دەرگاوان چاوی بە مووسا کەوت سەیری لە بوێری مووسا هات! بۆیە مۆڵەتی نەجایە بڕواتە ژوورەوە و گوتی: تۆ دەزانی لە دەرگای کێ دەدەی؟ تۆ لە دەرگای ماڵی گەورەکەت دەدەیت! مووسا فەرمووی: من و تۆو فیرعەونیش هەمومان بەندەی بچکۆلانەی خوای گەورەین؛ من یارمەتیدەرەی بەرنامەی خوای گەورەم! دەرگاوانەکە ئەو قسانەی بە دەرگاوانی دوای خۆی گەیاند؛ ئەویش بەوەی دوای خۆی و هەموو دەرگاوانەکان ئەو قسەیەی مووسایان پێ گەیشت تا یەک بە یەکیان بیستیان؛ فیرعەون حەفتا دەرگاوانی هەبوو؛ هەر دەرگاوانێک هێندە سەربازی لەبەردەستا بوو کە مەگەر خوا بۆ خۆی بزانێ ژمارەیان چەند بوو؛ هەر دەرگاوانێ: هێندەی سەرکردەیەکی گەورەی ئەمڕۆ دەسەڵات و سەربازی هەبوو؛ کار گەیشتە ئەوەی کە قسەکە بەرگوێی خودی فیرعەون کەوت! فیرعەون گوتی: ئادەی بۆم بهێننە ژوورەوە! کاتێ مووسایان بردە لای فیرعەون؛ فیرعەون پێی گوت: ئەرێ من دەتناسم؟ مووسا فەرمووی: بەڵێ! فیرعەون گوتی: مەگەر ئێمە خۆمان تۆمان پەروەردە نەکرد؟ مووسا وەڵامی دایەوە بەو وەڵامەی کە خوای گەورە باسی کردووە (مەبەست ئەم سێ ئایەتەیە کە پێغەمبەر مووسا. سەلامی خوای لەسەربێ. بەمجۆرە وەڵامی دایەوە و خوای گەورە باسی دەکات و دەفەرموێت:﴿ قَالَ فَعَلْتُهَآ إِذًا وَأَنَا۠ مِنَ ٱلضَّآلِّينَ ۝٢٠ فَفَرَرْتُ مِنكُمْ لَمَّا خِفْتُكُمْ فَوَهَبَ لِى رَبِّى حُكْمًا وَجَعَلَنِى مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ۝٢١ وَتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا عَلَىَّ أَنْ عَبَّدتَّ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ۝٢٢ ﴾ الشعراء: ٢٠ - ٢٢.) فیرعەون گوتی: بیگرن! مووسا دەستی پێکردو: گۆچانەکەی فڕێ دایە سەر زەوی و لە کتوپڕا بوو بە مارێکی زەبەلاح و زۆر گەورە؛ مارەکە هێرشی برد بۆ خەڵکەکەو هەموویان هەڵاتن؛ بیست و پێنج هەزار سەرباز (بە هۆی ئەو مارەوە) کوژرا؛ تەنانەت هەندێکیان هەندێکیان کوشت (واتە: ئەوندە هاتن بە یەکا هەندێکیان بە دەستی هەندێکیان کوژران) فیرعەون لەجێی خۆی هەستا و هەڵات و ڕایکردەوە بۆ ماڵە (تایبەتەکەی) خۆی؛ مووسا فەرمووی: فیرعەون بە مووسای گوت: مۆڵەتێکمان بدەرێ و کاتێک دیاری بکە بۆ ڕووبەڕوو

بوونەوە؛ مووسا پێی فەرموو: من فرمانی وەها شتێکم پێ نەکراوە؛ بەڵکوو فرمانی ئەوەم پێکراوە بەرامبەر تۆ بووەستمەوە! ئەگەر تۆ نەیەی بۆ بەرامبەری کردنم؛ ئەوا من دێم بۆ بەرامبەری کردنت؛ جا خوای گەورە سروشی بۆ مووسا نارد کە مۆڵەت و ماوەیەک لە نێوان خۆت و ئەوا دابنێ؛ پێشی فەرمو با فیرعەون خۆی ماوەکە دیاری بکات؛ دوایی فیرعەون گوتی: چل ڕۆژ مۆڵەتم پێ بدە! مووسا چل ڕۆژ مۆڵەتی پێدا؛ جا فیرعەون چل ڕۆژ جارێک دەچو بۆ سەرئاو؛ بەڵام ئەو ڕۆژە چل جار ڕۆیی بۆ سەرئاو (واتە: هێندە ترسا خۆی بۆ ڕاگیر نەدەکرا).. جا دەفەرموێت: جا مووسا لە شار ڕۆیشتە دەرەوە و کاتێ دای بە لای شێرەکانا شێرەکان کلکەسوتەیان بۆ دەکردو مووسایان ڕەوانە دەکردو هیچیان شالاویان بۆ نەدەبرد؛ نە شالاویان بۆ مووسا دەبرد نە بۆ هیچ کەسێکی بەنی ئیسرائیلی.

٣٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عُبَيْد بْن حسَاب، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا أَبو عِمْرَانَ الْجَوْنيُّ، عَنْ نَوْف الْبكَاليِّ قَالَ: «أَوْحَى الله إِلَى الْجِبَال أَنِّي نَازِلٌ عَلَى جَبَل منْكُنَّ» قَالَ: " فَشَمَخَت الْجِبَالُ كُلها إِلَّا جَبَلَ الطُّور؛ فَإِنَّهُ تَوَاضَعَ قَالَ: أَرْضَى بمَا قَسَمَ الله لي " قَالَ: «فَكَانَ الْأَمْرُ عَلَيْه».

واتە: لە نەوفی بیکالییەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: خوای گەورە سروشی بۆ کێوەکان ناردو فەرمووی: من دادەبەزمە سەر یەکێک لە ئێوە (هەڵبەت فرمانی خودا یان نوێنەری خودا مەبەستە) دەفەرموێت: هەموو کێوەکان لوتبەرزییان نواند جگە لە کێ‌ی توور؛ تەنیا کێوی توور ملکەچی نواندو فەرمووی: من ڕازیم بەوەی کە خوا کردوویەتی بە بەشی من! ئیتر ڕوداوەکە لەسەر کێوی توور ڕویدا.

٣٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَني ابْنُ أَتش، أَخْبَرَنَا مُنْذرٌ، عَنْ وَهْب بْن مُنَبِّه، أَنَّ مُوسَى سَأَلَ رَبَّهُ عَزَّ وَجَلَّ فَقَالَ: «يَا رَبِّ، بمَ تَأْمُرُني؟» قَالَ: «بأَنْ لَا تُشْركَ بي شَيْئًا» قَالَ: «وَبمَهْ؟» قَالَ: «وَبرٌّ وَالدَتكَ» قَالَ: «وَبمَهْ؟» قَالَ: «وَبرٌّ وَالدَتكَ» قَالَ: «وَبمَهْ؟» قَالَ: «وَبرٌّ وَالدَتكَ» قَالَ وَهْبٌ: «إِنَّ الْبرَّ بالْوَالد يَزِيدُ في الْعُمُر، وَالْبرُّ بالْوَالدَة يُثْبتُ الْأَجَلَ».

واتە: لە وەهبی کوڕی مونەببیهەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) داوای لە خوای گەورە کرد و فەرمووی: پەروەردگارا! چ فرمانێکم پێ دەکەیت؟ خوای گەورە فەرمووی: فرمانی ئەوەت پێدەکەم کە هیچ شتێک نەکەی بە هاوەڵ و شەریکی من! مووسا فەرمووی: بە چیتر؟ خوای گەورە فەرمووی: بە چاکە کردن لەگەڵ دایکتا.. مووسا فەرمووی: بە چیتر؟ خوای گەورە فەرمووی: بە چاکە کردن لەگەڵ دایکتا! مووسا فەرمووی: بە چیتر؟ خوای گەورە فەرمووی: بە چاکە کردن لەگەڵ دایکتا! وەهب دەفەرموێت: بەڕاستی چاکە کردن لەگەڵ باوکا تەمەن درێژ دەکات؛ بەڵام چاکە کردن لەگەڵ دایکا بەردەوامی

دەکات و نایگۆڕێت و بەهێزی دەکات.

٣٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا ابْنُ أَتَش، حَدَّثَنَا عِمْرَانُ، عَنْ وَهْب قَالَ: " قَالَ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ: يَا رَبِّ، إِنَّهُمْ يَسْأَلُونَنِي كَيْفَ كَانَ بَدْؤُكَ؟ قَالَ: فَأَخْبِرْهُمْ أَنِّي الْكَائِنُ قَبْلَ كُلِّ شَيْءٍ، وَالْمُكَوِّنُ لِكُلِّ شَيْءٍ، وَالْكَائِنُ بَعْدَ كُلِّ شَيْءٍ ".

واتە: لە وەهبەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: پەروەردگارا! ئەو خەڵکە پرسیاری ئەوەم لێدەکەن کە سەرەتای تۆ چۆن بووە؟ خوای گەورە فەرمووی: پێیان بڵێ کەوا من پێش هەموو شتێک بووم؛ من بەدیهێنەری هەموو شتێکم و لە دوای هەموو شتێکیش هەر دەمێنمەوە.

٣٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ قَالَ: سَمِعْتُ عَمْرَو بْنَ مَيْمُون يَقُولُ: " رَأَى مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ رَجُلًا عِنْدَ الْعَرْش، فَغَبَطَهُ بِمَكَانِه، فَسَأَلَ عَنْهُ، فَقَالُوا: نُخْبِرُكَ بِعَمَلِه: لَا يَحْسُدُ النَّاسَ عَلَى مَا آتَاهُمُ الله مِنْ فَضْلِه، وَلَا يَمْشِي بِالنَّمِيمَةِ، وَلَا يَعُقُّ وَالِدَيْه قَالَ: أَيْ رَبِّ، وَمَنْ يَعُقُّ وَالِدَيْه؟ قَالَ: يَسْتَسِبُّ لَهُمَا حَتَّى يُسَبَّا ".

واتە: لە باوکی ئیسحاقەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: گوێم لە عەمری کوڕی مەیمون بوو دەیفەرموو: مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) پیاوێکی بینی لای عەرشایە؛ بۆیە خۆزگەی لێ خواست و پرسیاری ئەو پیاوەی کرد؛ گوتیان: ئێمە پێت دەڵێین کە ئەو پیاوە چیی کردووە؛ ئەو پیاوە هەرگیز ئیرەیی نەبردووە بەو شتانەی کە خوای گەورە بە کەسانیتری بەخشیوە؛ هەرگیزیش دووزمانی نەکردووە و چڵوچۆکەر نەبووە؛ هەرگیزیش دڵی دایک و باوکی نەڕەنجاندووە.. مووسا فەرمووی: پەروەردگارا! کەس هەیە دڵی دایک و باوکی بڕەنجێنێ؟ فەرمووی: کەسێک جوێن بە دایک و باوکی خەڵکی دەدات و بەو هۆیەوە جوێن بۆ دایک و باوکی دێتەوە!

٣٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِم، حَدَّثَنَا صَالِحٌ الْمُرِّيُّ، حَدَّثَنَا أَبُو عِمْرَانَ الْجَوْنِيُّ، عَنْ أَبِي الْجَلْد أَنَّ مُوسَى سَأَلَ رَبَّهُ عَزَّ وَجَلَّ قَالَ: «أَيْ رَبِّ، أَنْزِلْ عَلَيَّ آيَةً مُحْكَمَةً: أَسِيرُ بِهَا فِي عِبَادِكَ» قَالَ: «فَأَوْحَى الله إِلَيْه أَنْ يَا مُوسَى أَنِ اذْهَبْ، فَمَا أَحْبَبْتَ أَنْ يَأْتِيَهُ عِبَادِي إِلَيْكَ فَأْتِه إِلَيْهِمْ».

واتە: باوکی جەلد دەفەرموێت: بەڕاستی مووسا داوای لە خوای گەورە کرد و فەرمووی: پەروەردگارا! نیشانەو ئایەتێکی پتەوو پڕ لە داناییم بەسەرا دابەزێنە با بەو نیشانەو ئایەتەوە بەناو بەندەکانتا بگەڕێم! خوای گەورە سروشی بۆ نارد و فەرمووی: ئەی مووسا! بڕۆ؛ لە هەر شوێنێک پێت خۆش بوو بەندەکانم بێن بۆلات؛ بڕۆ بۆ لایان.

٣٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، أَخْبَرَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا صَالِحٌ الْمُرِّيُّ، عَنْ أَبِي عِمْرَانَ الْجَوْنِيِّ، عَنْ أَبِي الْجَلْدِ أَنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ أَوْحَى إِلَى مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ: «إِذَا ذَكَرْتَنِي فَاذْكُرْنِي وَأَنْتَ تَنْتَفِضُ أَعْضَاؤُكَ، وَكُنْ عِنْدَ ذِكْرِي خَاشِعًا مُطْمَئِنًّا، فَإِذَا ذَكَرْتَنِي فَاجْعَلْ لِسَانَكَ مِنْ وَرَاءِ قَلْبِكَ، وَإِذَا قُمْتَ بَيْنَ يَدَيَّ فَقُمْ مَقَامَ الْعَبْدِ الْحَقِيرِ الذَّلِيلِ، وَذُمَّ نَفْسَكَ؛ فَهِيَ أَوْلَى بِالذَّمِّ، وَنَاجِنِي حِينَ تُنَاجِينِي بِقَلْبٍ وَجِلٍ، وَلِسَانٍ صَادِقٍ».

واته: باوکی عیمرانی جەونی لە باوکی جەلدەوە دەگێڕێتەوە کە خوای گەورە سروشی بۆ پێغەمبەر مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) نارد و فەرمووی: هەر کاتێ یاد و زیکری منت کرد؛ ئەوا یادی من بکەو با هەموو ئەندامانی لاشەت بلەرزێت؛ لە کاتی یاد و زیکری منا ملکەچ و ئارخەیان بە؛ هەر کاتێ یادی منت کرد با زمانت لەگەڵ دڵتا بێ؛ هەر کاتێ هەستای بۆ ئەوەی مـن بپەرستی و عیبادەت بکەیت؛ ئەوا وەکوو بەندەیەکی هەژار و بچکۆلانەو سەرکز هەستەوە بۆ عیبادەت؛ هەمیشە زەمی نەفسی خۆت بکە؛ چونکە نەفسی خۆت لە پێشترە بۆ ئەوەی زەمی بکەیت؛ کاتێ موناجاتم لەگەڵدا دەکەیت؛ ئەوا بە دڵێکی پڕ لە ترسەوە موناجاتم لەگەڵدا بکەو بە زمانێکی ڕاستگۆوە بپەیڤە.

٣٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، أَخْبَرَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا هَاشِمٌ، أَخْبَرَنَا صَالِحٌ، عَنْ أَبِي عِمْرَانَ الْجَوْنِيِّ، عَنْ أَبِي الْجَلْدِ قَالَ: " قَالَ مُوسَى: إِلهِي، كَيْفَ أَشْكُرُكَ وَأَصْغَرُ نِعْمَةٍ وَضَعْتَهَا عِنْدِي مِنْ نِعَمِكَ لَا يُجَازِي بِهَا عَمَلِي كُلُّه؟ قَالَ: فَأَوْحَى اللهُ إِلَيْهِ أَنْ يَا مُوسَى، الْآنَ شَكَرْتَنِي ".

واته: لە باوکی عیمرانی جەونییەوە دەگێڕنەوە ئەویش لە باوکی جەلدەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: خودایا! من چۆن سوپاسی تۆ بکەم لە کاتێکا هەموو کار و کردووەکانم ناتوانن ببنە سوپاسگوزاری بچووکترین نازونیعمەتەکان کە بە من بەخشراوە و تۆ پێت بەخشیوم؟ جا دەفەرموێت: خوای گەورە پەیمای بۆ ناردو فەرمووی: ئەی مووسا! ئا ئێستا سوپاسی منت کرد!

٣٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثنا يَزِيدُ، حَدَّثَنَا الْجُرَيْرِيُّ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ شَقِيقٍ، عَنْ كَعْبِ الْأَحْبَارِ أَنَّ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ كَانَ يَقُولُ فِي دُعَائِه: «اللَّهمَّ لَيِّنْ قَلْبِي بِالتَّوْبَةِ، وَلَا تَجْعَلْ قَلْبِي قَاسِيًا كَالْحَجَرِ».

واته: لە کەعبی ئەحبارەوە دەگێڕنەوە کە مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) لە نزا و پاڕانەوەکانیا دەیفەرموو: پەروەردگارا! دڵم نەرم بکەیتەوە بۆ تەوبەو؛ دڵم وەکوو بەرد ڕەق نەکەیت!

٣٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاق، أَنْبَأَنَا الْمُنْذِرُ أَنَّهُ سَمِعَ وَهْبًا يَقُولُ: " قَالَ الرَّبُّ تَبَارَكَ وَتَعَالَى لِمُوسَى صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: مُرْ قَوْمَكَ أَنْ يُنِيبُوا إِلَيَّ، وَيَدْعُونِي فِي الْعَشْرِ - يَعْنِي عَشْرَ ذِي الْحَجَّةِ - فَإِذَا كَانَ الْيَوْمُ الْعَاشِرُ؛ فَلْيَخْرُجُوا إِلَيَّ أَغْفِرْ لهمْ " قَالَ وَهْبٌ: «وَهُوَ الْيَوْمُ الَّذِي طَلَبَتْهُ الْيَهُودُ فَأَخْطَئُوهُ، وَلَيْسَ أَصْوَبَ مِنْ عَدَدِ الْعَرَبِ».

واتە: مونزیر دەگێڕێتـەوە کە گوێی لە وەهب بووە فەرموویەتی: خوای گەورە بە مووسای (سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت) فەرمـوو: فرمـان بـکە بەسـەر گەلەکەتـا کە تەوبە بـکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای من و لەو دە شەوو ڕۆژەدا. واتە: لە دە شەوو ڕۆژەکەی سەرەتای مانگی ذي الحجةدا- لێم بپاڕێنەوە؛ جا لە ڕۆژی دەیەما با هەموویان بچنە دەرەوە و لێم بپاڕێنەوە تا لێیـان خۆش بـبم. وەهـب دەفەرموێـت: ئەوە ئەو ڕۆژە بـوو کە جـولەکە دەیانویسـت و لێیـان تێکچو؛ ژمارەی ڕاست هەر ئەوەیە کە عەرەب گوتویانە.

٣٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ قَالَ: " كَانَ يَحْيَى وَعِيسَى عَلَيْهِمَا السَّلَامُ يَأْتِيَانِ الْقَرْيَةَ، فَيَسْأَلُ عِيسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ عَنْ شِرَارِ أَهْلها، وَيَسْأَلُ يَحْيَى عَنْ خِيَارِ أَهْلها، فَيُقَالُ لَه: لِمَ تَنْزِلُ عَلَى شِرَارِ النَّاسِ؟ قَالَ: إِنَّمَا أَنَا طَبِيبٌ أُدَاوِي الْمَرْضَى ".

واتە: سوفیانی کوڕی عویەینە دەفەرموێت: یەحیاو عیسا (سەلامی خوایان لەسەر بێت) دەهاتن بۆ گوند؛ عیسا دەبووە میوانی خراپترین کەسی ئەو گوندەو یەحیاش دەبووە میوانی چـاکترین کەسـی ئەو گونـدە؛ بە عیسـا دەگـوترا: بـۆچی دەبیـتە میـوانی خـراپترین کەس؟ دەیفەرموو: من پزیشکم و نەخۆشەکان چارەسەر دەکەم.

٣٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْجَلِيلِ، عَنْ أَبِي عَبْدِ السَّلَامِ، عَنْ كَعْبٍ يَعْنِي كَعْبَ الْأَحْبَارِ قَالَ: أَوْحَى الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَى مُوسَى أَنْ عَلِّمِ الْخَيْرَ وَتَعَلَّمْهُ؛ فَإِنَّهُ مُنَوِّرٌ لِمُعَلِّمِ الْخَيْرِ وَمُتَعَلِّمِهِ فِي قُبُورِهِمْ حَتَّى لَا يَسْتَوْحِشُوا لِمَكَانِهِمْ ".

واتە: لە کەعبی ئەحبارەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: خوای گەورە سروشی بۆ مووسا نارد کە خێرو چاکە فێر ببێت و فێری خەڵکیشی بکات؛ چونکە چاکە لە گۆڕا دەبێتە ڕۆشنایی بۆ مامۆستای چاکەو بۆ ئەو کەسانەی کە فێری چاکە بوون و وا دەکات لە ناو گۆڕا تووشی ترس نەبن.

٣٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ عَطَاءِ بْنِ أَبِي مَرْوَانَ، عَنْ أَبِيه، عَنْ كَعْبٍ قَالَ: " قَالَ مُوسَى صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: يَا رَبِّ، أَقَرِيبٌ أَنْتَ فَأُنَاجِيكَ، أَوْ بَعِيدٌ فَأُنَادِيكَ؟ قَالَ: يَا مُوسَى، أَنَا جَلِيسُ مَنْ ذَكَرَنِي قَالَ: يَا رَبِّ، فَإِنَّا نَكُونُ مِنَ الْحَالِ عَلَى حَالٍ

نُجِلُّكَ وَنُعَظِّمُكَ أَنْ نَذْكُرَكَ قَالَ: وَمَا هِيَ؟ قَالَ: الْجَنَابَةُ وَالْغَائِطُ قَالَ: يَا مُوسَى، اذْكُرْنِي عَلَى كُلِّ حَالٍ ".

واتە: کەعب دەفەرموێت: مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: پەروەردگارا! تۆ لێمەوە نزیکی قسەت لەگەڵدا بکەم؛ یان دووری و دەبێ بانگت بکەم؟ خوای گەورە فەرمووی: ئەی مووسا! من هاونشینی هەموو ئەو کەسانەم کە زیکرم دەکەن! مووسا فەرمووی: خوایە! جاری وا هەیە ئێمە جۆرێکین تۆ لەوە بە گەورەتر دەزانین کە لەو کاتانەدا یادت بکەین! خوای گەورە فەرمووی: چ جۆرێکن؟ مووسا فەرمووی: لە کاتی سەرئاو کردن و لە کاتی لەش گرانیدا! خوای گەورە فەرمووی: ئەی مووسا! هەموو کاتێک یاد و زیکری من بکە!

(دیارە زیکری خوای گەورە لە کاتی چونە سەرئاو بە زمان ناپەسەندە؛ شێوازی زیکرو کاتەکانی هەمووی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلاما دیاری کراوە و چۆنییەتی زیکرو کاتەکانیشی بە درێژی لە کتێبی (الاذکار)ی پێشەوا نەواوی بە دوور درێژی باسکراوە و هەر کەسێ پێی خۆشە بیانزانێ؛ با ئەو کتێبە بەنرخە بخوێنێتەوە).

٣٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَهَّابِ، عَنْ سَعِيدٍ، عَنْ قَتَادَةَ أَنَّ نَبِيَّ اللهِ مُوسَى صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «أَيْ رَبِّ، أَيُّ شَيْءٍ وَضَعْتَ فِي الْأَرْضِ أَقَلَّ؟» قَالَ: «الْعَدْلُ أَقَلُّ مَا وَضَعْتُ فِي الْأَرْضِ».

واتە: لە قەتادەوە دەگێڕنەوە کە مووسا پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: خوایە! چ شتێکت لەسەر زەویدا زۆر بە کەمی داناوە؟ خوای گەورە فەرمووی: دادپەروەری کەمترین شتە کە من لەسەرزەویدا دامنابێت.

٣٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبُو عَبْدِ اللهِ السُّلَمِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ يَحْيَى بْنَ سُلَيْمٍ الطَّائِفِيَّ، عَنْ مَنْ ذَكَرَهُ قَالَ: طَلَبَ مُوسَى صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْ رَبِّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى حَاجَةً، فَأَبْطَأَتْ عَلَيْهِ وَأَكَّدَتْ، فَقَالَ: مَا شَاءَ اللهُ فَإِذَا حَاجَتُهُ بَيْنَ يَدَيْهِ قَالَ: يَا رَبِّ، أَنَا أَطْلُبُ حَاجَتِي مُنْذُ كَذَا وَكَذَا، وَأَعْطَيْتَنِيهَا الْآنَ؟ " قَالَ: " فَأَوْحَى اللهُ إِلَيْهِ: يَا مُوسَى، أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ قَوْلَكَ: مَا شَاءَ اللهُ أَنْجَحُ مَا طُلِبَتْ بِهِ الْحَوَائِجُ ".

واتە: باوکی عەبدوڵڵای سولەمی دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە یەحیای کوڕی سولەیمی تائیفی بوو کە لە کەسێکەوە ئەوەی گێڕایەوە و فەرمووی: پێغەمبەر مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) داوای شتێکی لە خوای گەورە کرد؛ خوای گەورە دێر وەڵامی دایەوە؛ فەرمووی: ماشاء الله! ئیتر داواکەی یەکسەر جێبەجێ کرا؛ فەرمووی: خوایە! من ئەوەندەو ئەوەندەیە داوای ئەم شتە لەتۆ دەکەم تۆ ئێستا پێم دەبەخشیت؟ دەفەرموێت: خوای

گەورە سروشی بۆ ناردو فەرمووی: ئەی مووسا! مەگەر نازانی کە گوتنی ماشاءالله باشترین شتە کە مرۆڤ بە هۆیەوە داوای پێویستیی خۆی لە خوا بکات!

٣٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو عَبْد الله السُّلَمِيُّ، سَمِعْتُ يَحْيَى بْنَ سُلَيْم الطَّائفيَّ، عَنْ مَنْ ذَكَرَهُ قَالَ: " الْكَلِمَةُ الَّتِي تَزْجُرُ بِهَا الْمَلَائِكَةُ الشَّيَاطِينَ حِينَ يَسْتَرِقُونَ السَّمْعَ: مَا شَاءَ الله ".

واتە: باوکی عەبدوڵڵای سولەمی دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە یەحیای کوڕی سولەیمی تائیفی بوو کە لە کەسێکەوە ئەوەی گێڕایەوە و فەرمووی: ئەو وشەی کە فریشتەکانی شەیتانەکانی پێ ئازار دەدەن و ڕاویان دەنێن. لە کاتێکا کە دەیانەوێ کۆڵە بکەن و گوێ لە قسە تایبەتەکان بگرن. بریتیە لە وشەی: ماشاءالله.

٣٥٨ - وَحَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يَزِيدَ، حَدَّثَنَا حَرْمَلَةُ، حَدَّثَنِي كَعْبُ بْنُ عَلْقَمَةَ قَالَ: " إِنَّ مُوسَى نَبِيَّ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ لَمَّا خَرَجَ هَارِبًا مِنْ فِرْعَوْنَ قَالَ: يَا رَبِّ، أَوْصِنِي قَالَ: أُوصِيكَ أَنْ لَا تَعْدِلْ بِي شَيْئًا أَبَدًا إِلَّا اخْتَرْتَنِي عَلَيْه، فَإِنِّي لَا أَرْحَمُ وَلَا أُزَكِّي مَنْ لَمْ يَكُنْ كَذَلِكَ قَالَ: وَبِمَا يَا رَبِّ؟ قَالَ: بِأُمِّكَ؛ فَإِنَّهَا حَمَلَتْكَ وَهْنًا عَلَى وَهْنٍ قَالَ: ثُمَّ مَاذَا يَا رَبِّ؟ قَالَ: ثُمَّ بِأَبِيكَ قَالَ: ثُمَّ بِمَاذَا؟ قَالَ: ثُمَّ أَنْ تُحِبَّ لِلنَّاسِ مَا تُحِبُّ لِنَفْسِكَ، وَتَكْرَهَ لَهُمْ مَا تَكْرَهُ لَهَا قَالَ: ثُمَّ بِمَاذَا، يَا رَبِّ؟ قَالَ: ثُمَّ إِنْ أَوْلَيْتُكَ شَيْئًا مِنْ أَمْرِ عِبَادِي، فَلَا تُعَنِّهِمْ إِلَيْكَ فِي حَوَائِجِهِمْ: فَإِنَّكَ إِنَّمَا تُعَنِّي رُوحِي، فَإِنِّي مُبْصِرٌ وَمُسْتَمِعٌ مُشْهِدٌ وَمُسْتَشْهِدٌ ".

واتە: کەعبی کوڕی حەرمەلە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: کاتێ پێغەمبەر مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) لە ترسی فیرعەون هەڵات فەرمووی: خوایە! ئامۆژگاریم بکە.. خوای گەورە فەرمووی: ئامۆژگاریت دەکەم کە هیچ کاتێک هیچ کەسێک نەکەیت بە هاوبەش و هاوتای من! بەڵکوو من لە هەموو کەسێک بە گەورەتر بزانی؛ من بەزەیم بە کەسێکدا نایەتەوە کە بەو جۆرە نەبێ (واتە: بەزەیی بە کەسێکدا نایەتەوە کە خوای گەورە لە هەموو کەس و لە هەموو شتێک بە گەورەتر نەزانێت) مووسا فەرمووی: چیتر ئەی خوایە؟ خوای گەورە فەرمووی: ئامۆژگاریت دەکەم سەبارەت بە دایکت! چونکە دایکت لە کاتی دوگیان بوونیا بە تۆوە؛ بە هۆی دوگیان بوونەوە کوێرەوەری دیوە.. مووسا فەرمووی: بە چ شتێکیتر ئەی خودا؟ خوای گەورە فەرمووی: دوایی ئەگەر من تۆم کردە کاربەدەست و کاروباری خەڵکم دایە دەستت؛ ئەوا بارگرانییان بۆ دروست نەکەیت؛ چونکە بەڕاستی بە بارگرانی دروست کردن بۆ خەڵکی؛ بارگرانی لەسەر من دروست دەکەیت؛ من خۆم بینەرم؛ بیسەرم؛ شایەتم و داوا دەکەم ببمە شایەت.

زوهدی و پارسایی پێغەمبەر داوود
(سەلامی خوای لەسەر بێت)

٣٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا أَبو الْيَمَانِ، حَدَّثَنَا ابْنُ عَيَّاش، عَنْ عُمَارَةَ بْنِ غَزِيَّةَ الْأَنْصَارِيِّ أَنَّهُ سَمِعَ حُمَيْدَ بْنَ عُبَيْد مَوْلَى بَنِي الْمُعَلَّى يَقُولُ: سَمِعْتُ ثَابِتًا الْبُنَانِيَّ يُحَدِّثُ عَنْ أَنَس بْنِ مَالك، عَنْ رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ أَنَّهُ قَالَ لجبْرِيلَ عَلَيْه السَّلَامُ: «مَا لي لَمْ أَرَ ميكَائيلَ عَلَيْه السَّلَامُ ضَاحكًا قَطُّ؟» قَالَ: «مَا ضَحكَ ميكَائيلُ مُنْذُ خُلقَت النَّارُ».

واتە: لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە؛ ئەویش لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی بە جبریلی فەرموە: ئەوە بۆچی هەرگیز نابینم میکایل بزەی لەسەر لێو بێت؟ جبریل فەرموویەتی: لەو کاتەوەی خوای گەورە ئاگری دۆزەخی دروست کردووە؛ میکاییل بزەی نەهاتووەتە سەر لێو.

٣٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ مُسْلم، حَدَّثَنَا ابْنُ جَابر، عَنْ إِسْمَاعِيلَ بْنِ عَبْد الله بْنِ أَبِي الْمُهَاجرِ أَنَّ دَاوُدَ النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ، كَانَ يُعَاتَبُ فِي كَثْرَة الْبُكَاء، فَيَقُولُ: ذَرُونِي أَبْكي قَبْلَ يَوْم الْبُكَاء؛ قَبْلَ تَحْرِيق الْعظَام، وَاشْتعَال اللِّحَا، قَبْلَ أَنْ يُؤْمَرَ بِي مَلَائكَةٌ غلَاظٌ شدَادٌ، لَا يَعْصُونَ الله مَا أَمَرَهُمْ، وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ".

واتە: لە ئیسماعیلی کوڕی عەبدوڵڵاوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) لەبەر ئەوەی کە زۆر دەگریا؛ سەرکۆنە دەکرا، ئەویش دەیفەرموو: لێمگەڕێن با پێش ئەوەی ڕۆژی گریان بێت من خۆم بگریم؛ با پێش ئەوەی ئێسکەکان بسوتێن بگریم؛ با پێش ئەوەی ڕیش ئاگر بگرێ؛ بگریم، با بگریم پێش ئەوەی فرمان بکرێ بەسەر ئەو فریشتانە سزام بدەن. ئەو فریشتانەی کە توندو دڵڕەقن و بێفرمانی خوا ناکەن و هەر فرمانێکیان پێ بکات یەکسەر جێبەجێی دەکەن.

٣٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنَا الرَّبِيعُ بْنُ صُبَيْحٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: " قَالَ نَبِيُّ الله دَاوُدُ عَلَيْهِ السَّلَامُ: إِلهِي، لَوْ أَنَّ لِكُلِّ شَعْرَةٍ مِنِّي لِسَانَيْنِ، يُسَبِّحَانِ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ، وَالدَّهْرَ كُلَه، مَا قَضَيْتُ حَقَّ نِعْمَةٍ ".

واتە: لە حەسەنەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: پێغەمبەر داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: خوایە! ئەگەر هەموو مویەکی گیانی من دوو زمانی هەباو بە درێژایی تەمەن بە شەوو بە ڕۆژ زیکرو تەسبیحاتی تۆیان کردبا؛ هێشتا وەک ئەوەی کە شیاوە سوپاسی تۆم نەکردووە.

٣٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنَا جَابِرُ بْنُ زَيْدٍ، عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ عُيَيْنَةَ قَالَ: " قَالَ دَاوُدُ عَلَيْهِ السَّلَامُ: يَا رَبِّ، هَلْ بَاتَ أَحَدٌ مِنْ خَلْقِكَ اللَّيْلَةَ أَطْوَلَ ذِكْرًا لَكَ مِنِّي؟ فَأَوْحَى الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَيْهِ: نَعَمْ، الضِّفْدِعُ، وَأَنْزَلَ الله عَلَيْهِ: ﴿ٱعْمَلُوٓا۟ ءَالَ دَاوُۥدَ شُكْرًا ۚ وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِىَ ٱلشَّكُورُ ﴿١٣﴾﴾ سبأ: ١٣ قَالَ: يَا رَبِّ، كَيْفَ أُطِيقُ شُكْرَكَ وَأَنْتَ الَّذِي تُنْعِمُ عَلَيَّ، ثُمَّ تَرْزُقُنِي عَلَى النِّعْمَةِ، ثُمَّ تَزِيدُنِي نِعْمَةً نِعْمَةً؛ فَالنِّعَمُ مِنْكَ يَا رَبِّ، وَالشُّكْرُ مِنْكَ، فَكَيْفَ أُطِيقُ شُكْرَكَ يَا رَبِّ؟ قَالَ: الْآنَ عَرَفْتَنِي يَا دَاوُدُ حَقَّ مَعْرِفَتِي ".

واتە: لە موغیرەی کوڕی عویەینەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: خوایە! ئایا هیچ کەسێک بە شەوا هێندەی من زیکری تۆی کردووە؟ خوای گەورە سروش و پەیامی بۆ ناردو فەرمووی: بەڵێ! بۆق! جا خوای گەورە سروشی بۆ ناردو فەرمووی: ئەی نەوە و شوێنکەوتوانی داوود: ئێوە بە کردارو گوفتار سوپاسگوزاربن، هەرچەندە کەمێک لە بەندەکانم سوپاسگوزارن. داوود فەرمووی: خوایە! من چۆن دەتوانم سوپاسی تۆ بکەم لە کاتێکا تۆ خاوەنی هەموو نازونیعمەتێکی؟ دواتریش جگە لەو هەموو نازونیعمەتە ڕزق و ڕۆزیم دەدەی، دوایش نازونیعمەت لە دوای نازونیعمەت بۆم زیاتر دەکەیت؟ خوایە خۆ هەموو نازونیعمەتەکان هەر هی تۆن! تەنانەت سوپاس کردنیش یەکێکە لە نازونیعمەتەکانی تۆ! ئیتر من چۆن دەتوانم سوپاسی نازونیعمەتەکانت بکەم؟ خوای گەورە فەرمووی: داوود! تا ئێستا بەو جۆرەی کە شیاوە؛ تۆ منت ناسیوە.

٣٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ عُمَرَ الْجُشَمِيُّ، أَخْبَرَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، أَخْبَرَنَا الْجَعْدُ قَالَ: " بَلَغَنَا أَنَّ دَاوُدَ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: إِلهِي، مَا جَزَاءُ مَنْ عَزَّى حَزِينًا لَا يُرِيدُ بِهِ إِلَّا وَجْهَكَ؟ قَالَ: جَزَاؤُهُ أَنْ أُلْبِسَهُ لِبَاسَ التَّقْوَى قَالَ: إِلهِي، مَا جَزَاءُ مَنْ شَيَّعَ جِنَازَةً لَا يُرِيدُ بِهَا إِلَّا وَجْهَكَ؟ قَالَ: جَزَاؤُهُ أَنْ تُشَيِّعَهُ مَلَائِكَتِي إِذَا مَاتَ، وَأَنْ أُصَلِّيَ عَلَى رُوحِهِ فِي الْأَرْوَاحِ قَالَ: إِلهِي، مَا جَزَاءُ مَنْ أَسْنَدَ يَتِيمًا أَوْ أَرْمَلَةً؟ قَالَ جَعْفَرٌ: قُلْتُ لِأَبِي عُثْمَانَ وَهُوَ الْجَعْدُ: مَا

«أَسْنَدَ» ؟ قَالَ: لَا يُرِيدُ بِه إِلَّا وَجْهَكَ " قَالَ: جَزَاؤُهُ أَنْ أُظِله في ظِلِّ عَرْشي، يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِلِّي قَالَ: إِلهي، مَا جَزَاءُ مَنْ فَاضَتْ عَيْنَاهُ مِنْ خَشْيَتِكَ؟ قَالَ: جَزَاؤُهُ أَنْ أُؤَمِّنَهُ يَوْمَ الْفَزَعِ الْأَكْبَرِ، وَأَنْ أَقِيَ وَجْهَهُ فَيْحَ جَهَنَّمَ ".

واتە: جەعـد دەفەرموێـت: پـێیان گەیشـتووە کە داوود (سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت) فەرموویەتی: خوایە! پاداشتی ئەو کەسە چییە کە دڵنەوایی کەسێکی خەمبار دەکات و جگە **لە ڕەزامەندی تۆ هیچیتری مەبەست نییە؟ خوای گەورە** فەرمووی: پاداشتەکەی ئەوەیە کە **پۆشـاکی تەقـوای بەبەرا بـکەم. داوود فەرمـووی: خوایە! ئەی پاداشـتی ئەو** کەسـە چیـیە کە **تەرمـی مـردویەک بەڕێ دەکـات و مەبەستیشـی تەنیـا ڕەزامەنـدی تـۆیە؟** خـوای گەورە **فەرمووی: پاداشتەکەی ئەوەیە کە هەر کاتێ خۆی مرد؛ فریشتەکانم لەگەڵ** تەرمەکەیا دەچنە **سەر گۆڕستان و منیش خۆم لە ناو ڕۆحەکانا سۆزو بەزەیی خۆم دەڕژێنمە سەر** ڕۆحی ئەو **کەسـە. داود فەرمـووی: خـوایە! ئەی پاداشـتی ئەو کەسـە چیـیە کە دەبێـتە پاڵپشـت و پەنـاو پەسـیوی منـاڵێکی هەتیـو یـان بێوەژنێـک؟ جەعـفەر دەفەرموێـت: لە بـاوکی عوسـمانم پرسـی: مەبەست لە (أسند) چییە؟ فەرمووی: واتە: جگە لە ڕەزامەندی خوا هیچ شتێکیتری مەبەست نەبێـت. خـوای گەورە فەرمـووی: پاداشـتەکەی ئەوەیە کە لەو کـاتەدا کە جـگە** لە سـێبەری **عەرشـی مـن هیـچ سێبەرێکیتر بوونی نییە؛ جێگـای بـکەمەوە و بیخەمە** ژێر ئەو سێبەرەوە.. **داود فەرمـووی: خـوایە! ئەی پاداشـتی ئەو کەسـە چییە کە لە ترسی تۆ چاوە**کانی پڕ دەبن لە **فرمێسك؟ فەرمووی: پاداشتەکەی ئەوەیە کە لە ڕۆژی ترسە هەرە گەورەکەدا** ئارخەیانی بکەم **و نەهێڵم بترسێ؛ هەروەها ڕوومەتی لە گڕو گڵپەی ئاگری دۆزەخ بپارێزم.**

٣٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، أَخْبَرَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا مَالِكٌ قَالَ: " قَالَ دَاوُدُ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «اللهمَّ اجْعَلْ حُبَّكَ أَحَبَّ إِلَيَّ مِنْ نَفْسِي وَسَمْعِي وَبَصَرِي وَأَهْلِي، وَمِنَ الْمَاءِ الْبَارِدِ».

واتە: مالیك دەفەرموێت: پێغەمبەر داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: ئەی خوای گەورە! خۆشەویستی خۆت بە لای منەوە خۆشەویستر بکە لە نەفس و گیانی خۆم و لە بیستنم لە دیدەم و لە ماڵ و مناڵ و کەسوکارم و لە ئاوی ساردیش.

٣٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، أَخْبَرَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا الْجُرَيْرِيُّ قَالَ: " بَلَغَنَا أَنَّ دَاوُدَ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ سَأَلَ جِبْرِيلَ فَقَالَ: يَا جِبْرِيلُ، أَيُّ اللَّيْلِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: يَا دَاوُدُ مَا أَدْرِي، إِلَّا أَنَّ الْعَرْشَ يَهْتَزُّ مِنَ السَّحَرِ ".

واتە:

جەعفەر دەفەرموێت: جورەیری فەرموویەتی: پێیان گەیشتووە کە داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) داوای لە جبریل کردووە فەرموویەتی: ئەی جبریل! چ کاتێکی شەو باشترین بەشی شەوە؟ فەرموویەتی: داوود! من نازانم؛ بەڵام ئەوەندە دەزانم لە کاتی دەمەوبەیانا عەرشی خوای گەورە دەهەژێت.

٣٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هُدْبَةُ بْنُ خَالد، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ عَطَاء بْنِ السَّائب، عَنْ عُبَيْد بْن عُمَيْر أَنَّ دَاوُدَ عَلَيْه السَّلَامُ نَبَتَ حَوْله رَوْضَةٌ منْ دُمُوعه، فَأَوْحَى الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَيْه: «يَا دَاوُدُ، تُرِيدُ أَنْ أَزِيدَكَ فِي مُلْكِكَ وَوَلَدكَ؟» قَالَ ": أَيْ رَبِّ، أُرِيدُ أَنْ تَغْفِرَ لِي ".

واتە: لە عەتای کوڕی سائیب دەگێڕنەوە ئەویش لە عوبەیدی کوڕی عومەیرەوە کە داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) هێندە گریابوو بە چواردەوریا گیا شین ببوو؛ خوای گەورە سروشی بۆ نارد و فەرمووی: ئەی داوود! دەتەوێ موڵك و سەروەت و سامان و منداڵەکانت بۆ زیاد بکەم؟ داوود فەرموویەتی: خوایە! من دەمەوێ لێم خۆشبی.

٣٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالد، أَخْبَرَنِي عُمَرُ بْنُ عَبْد الرَّحْمَن قَالَ: سَمعْتُ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّه يَقُولُ: «إِنَّ دَاوُدَ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ لَمَّا أَصَابَ الذَّنْبَ لَمْ يَطْعَمْ طَعَامًا قَطُّ إِلَّا ممَّنْ وُجدَ بِدُمُوعِ عَيْنَيْه، وَلَمْ يَشْرَبْ شَرَابًا إِلَّا مَمْزُوجًا بِدُمُوعِ عَيْنَيْه».

واتە: عومەری کوڕی عەبدولڕەحمان فەرموویەتی: گوێم لە وەهبی کوڕی موننەبیهـ بوو دەیفەرموو: بەڕاستی پێغەمبەر داود (سەلامی خوای لەسەر بێت) کاتێ تووشی تاوانەکەی بوو هیچ خواردنێکی نەخوارد مەگەر ئەوەی کە بەرهەمی فرمێسکی چاوەکانی خۆی بێت؛ هیچ خواردنەوەیەکیشی نەخواردەوە مەگەر ئەوەی کە فرمێسکی چاوی خۆی تێکەڵ بوبێت.

٣٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالد، أَخْبَرَنِي عُمَرُ بْنُ عَبْد الرَّحْمَن قَالَ: سَمعْتُ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّه يَقُولُ: " قَالَ دَاوُدُ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: رَبِّ، لَا صَبْرَ لِي عَلَى حَرِّ شَمْسكَ، فَكَيْفَ صَبْرِي عَلَى حَرِّ نَارِكَ؟ رَبِّ، لَا صَبْرَ لِي عَلَى صَوْتِ رَحْمَتكَ، يَعْنِي الرَّعْدَ، فَكَيْفَ صَبْرِي عَلَى صَوْتِ عَذَابكَ؟ ".

واتە: عومەری کوڕی عەبدولڕەحمان فەرموویەتی: گوێم لە وەهبی کوڕی موننەبیهـ بوو دەیفەرموو: داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: پەروەردگارا! من توانای خۆگرتنم نییە لە ئاست گەرمای خۆرەکەی تۆ دەی چۆن بەرگەی گەرمای ئاگرەکەت دەگرم؟ پەروەردگارا! من بەرگەی دەنگە بەسۆزو میهرەبانەکەت ناگرم. مەبەستی دەنگی هەورە گرمە بوو دەی چۆن بەرگەی دەنگی سزاکانت دەگرم.

٣٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ عُمَرَ الْقَوَارِيرِيُّ، أَخْبَرَنَا عِيسَى بْنُ يُونُسَ، أَخْبَرَنَا عُمَرُ بْنُ سَعِيد، عَنْ عَبْد الله بْن أَبِي مُلَيْكَةَ قَالَ: " قَالَ دَاوُدُ النَّبِيُّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: إلهِي، لاَ تَجْعَلْ لِي أَهْلَ سُوءٍ، فَأَكُونَ رَجُلَ سُوءٍ ".

واته: عەبدوڵلای کوڕی باوکی مولەیکە دەفەرموێت: پێغەمبەر داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: خوایە! ماڵ و منالّی خراپم پێ مەدەو منیش بەهۆی ئەوانەوە ببمە پیاوێکی خراپ!

٣٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالد، أَخْبَرَنِي عُمَرُ بْنُ عَبْد الرَّحْمَن بْن دَرِيَّهْ قَالَ: بَلَغَنِي أَنَّهُ كَانَ مِنْ دُعَاءِ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلاَمُ: «اللهمَّ لاَ تُفْقِرْنِي فَأَنْسَى، وَلاَ تُغْنِنِي فَأَطْغَى».

واته: عومەری کوڕی عەبدولڕەحمان دەفەرموێت: پێمان گەیشتووە کە ئەمە یەکێک بووە لە نزا و پاڕانەوەکانی پێغەمبەر داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت): ئەی خوایە! هەژارم مەکە با بە هۆی هەژارییەوە تۆم لە بیر نەچێتەوە، دەوڵەمەندیشم مەکە با بە هۆی دەوڵەمەندییەوە سەرکێش و یاخی نەبم.

٣٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنِي جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا عِمْرَانَ الْجَوْنِيَّ، وَقَرَأَ هَذه الْآيَةَ: ﴿ وَهَلْ أَتَىٰكَ نَبَؤُا۟ ٱلْخَصْمِ إِذْ تَسَوَّرُوا۟ ٱلْمِحْرَابَ ﴿٢١﴾ إِذْ دَخَلُوا۟ عَلَىٰ دَاوُۥدَ فَفَزِعَ مِنْهُمْ ﴾ص: ٢١ - ٢٢ قَالَ: " تَسَوَّرُوا عَلَى دَاوُدَ فَفَزِعَ منْهُمْ.. ﴿ قَالُوا۟ لَا تَخَفْ خَصْمَانِ بَغَىٰ بَعْضُنَا عَلَىٰ بَعْضٍ فَٱحْكُم بَيْنَنَا بِٱلْحَقِّ وَلَا تُشْطِطْ وَٱهْدِنَآ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلصِّرَٰطِ ﴿٢٢﴾ ﴾ ص: ٢٢ لَفَقَالَ لهمَا: اجْلسَا مَجْلسَ الْخَصْم فَجَلَسَا مَجْلسَ الْخَصْم، فَقَالَ لهمَا: قُصَّا فَقَالَ أَحَدُهُمَا: ﴿ إِنَّ هَٰذَآ أَخِى لَهُۥ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً وَلِىَ نَعْجَةٌ وَٰحِدَةٌ فَقَالَ أَكْفِلْنِيهَا وَعَزَّنِى فِى ٱلْخِطَابِ ﴿٢٣﴾ ﴾ ص: ٢٣ قَالَ: " فَعَجِبَ دَاوُدُ ﴿ قَالَ لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعْجَتِكَ إِلَىٰ نِعَاجِهِۦ ۖ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْخُلَطَآءِ لَيَبْغِى بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ﴾ ص: ٢٤ قَالَ: " فَأَغْلَظَ له أَحَدُهُمَا، وَقَالَ: يَا دَاوُدُ، إِنَّكَ لَأَهْلٌ أَنْ يُقْرَعَ رَأْسُكَ بِالْعَصَا وَارْتَفَعَا، فَعَرَفَ دَاوُدُ أَنمَا وُبِّخَ بِذَنْبِه " قَالَ: «فَسَجَدَ مَكَانَهُ أَرْبَعِينَ يَوْمًا وَلَيْلَةً، لاَ يَرْفَعُ رَأْسَهُ إِلاَّ إِلَى صَلاَة فَرِيضَة» قَالَ: «حَتَّى يَبِسَ، وَقَرِحَتْ جَبْهَتُهُ، وَقَرِحَتْ كَفَّاهُ، وَرُكْبَتَاهُ» قَالَ: " فَأَتَاهُ مَلَكٌ، فَقَالَ: يَا دَاوُدُ، إِنِّي رَسُولُ رَبِّكَ إِلَيْكَ، وَإِنَّهُ يَقُولُ لَكَ: ارْفَعْ رَأْسَكَ؛ فَقَدْ غَفَرْتُ لَكَ، فَقَالَ: فَكَيْفَ يَا رَبِّ، وَأَنْتَ حَكَمٌ عَدْلٌ، وَأَنْتَ دَيَّانُ الدِّين، لاَ يُتَجَوَّزُ عَنْكَ ظُلْمُ ظَالم، كَيْفَ تَغْفرُ لي ظُلاَمَةَ الرَّجُل؟ " قَالَ: " فَتَرَكَ مَا شَاءَ الله، ثُمَّ أَتَاهُ مَلَكٌ آخَرُ، فَقَالَ: يَا دَاوُدُ، إِنِّي رَسُولُ رَبِّكَ إِلَيْكَ، وَإِنَّهُ يَقُولُ لَكَ: إِنَّكَ تَأْتِينِي

يَوْمَ الْقِيَامَة أَنْتَ وَابْنُ صُورِيًا، تَخْتَصِمَان إِلَيَّ، فَأَقْضِي له عَلَيْكَ، ثُمَّ أَسْأَلها إِيَّاهُ، فَيَهَبهَا لي، ثُمَّ أُعْطِيه مِنَ الْجَنَّة حَتَّى يَرْضَى، ثُمَّ أَغْفِرُهَا لَكَ قَالَ: الْآنَ أَعْلَمُ، يَا رَبِّ، أَنَّكَ قَدْ غَفَرْتَ لي ".

واته: جەعفەر دەفەرموێت: گوێم لە باوکی عیمرانی جەونی بوو ئەم ئایەتەی خوێندەوە کە دەفەرموێت: (مانای ئایەتەکە) ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئایا هەواڵی ئەوانەت پێنەگەیشتووە کە کێشەیەکیان هەبوو، بە دیوارا سەرکەوتن و خۆیان گەیاندە میحرابەکەی! کاتێک خۆیانکرد بە ژووورداو چوونە لای داود، ئەویش لێیان ترسا. فەرمووی: هەڵیانکرد بە دیوارەکەداو ڕۆیشتنە خزمەت داوود و ئەویش لێیان ترسا؛ جا. ئەوان وتیان: مەترسە! هەردووکمان ناکۆکیەکمان هەیە و لایەکمان ستەمی لەلایەکمان کردووە، داواکارین کە بە دادپەروەریی لە نێوانماندا بڕیار بدەیت و لایەنی هیچ کەسێکمان نەگریت، ڕێنموویشمان بکە بۆ ڕێگەی ڕاست و دروست. داوود پێی فەرمون: ئادەی وەکوو دوو کەسی دژبەیەک دابنیشن، ئەوانیش وەکوو دوو کەسی دژ بە یەک (کە لە دادگادا داوا لەسەر یەک تۆمار دەکەن) دانیشتن؛ جا داوود پێی فەرمون: ئادەی چیرۆکی خۆتان بگێڕنەوە! یەکێکیان وتی: بەڕاستی ئەم برایەم نەوەد و نۆ مەڕی هەیە بەڵام من تەنیا یەک مەڕم هەیە، کەچی پێم دەڵێت: ئەو مەڕەشم بدەرێ، بەقسەی زل و زۆرزانیی دەیەوێت لێم زەوت بکات. دەفەرموێت: داوود زۆری پێ سەیر بوو، بۆیە. داود وتی: سوێند بە خوا بێگومان ئەو برایەت ستەمی لێ کردوویت بەوەی دەیەوێت تاکە مەڕەکەی تۆ بخاتە سەر مەڕەکانی خۆی، لەڕاستیدا زۆربەی ئەوانەی شەریک و هاوکارن ستەم لە یەکتری دەکەن. جا یەکێکیان بەرامبەر پێغەمبەر داوود قسەی ڕەق و زبری کرد و گوتی: ئەی داوودا تۆ بۆ ئەوە باشی بە گۆچان بێن بەسەرو گوێتا؛ دوای ئەوە هەستان و ڕۆیشتن؛ ئیتر داوود زانیی کە لەسەر تاوانەکەی سەرکۆنە کراوە. دەفەرموێت: هەر لەو شوێنەی خۆیا چل شەوو ڕۆژ بەڕودوا کەوت و سەجدەی برد؛ بۆ نوێژە فەرزەکان نەبێ سەری بەرز نەدەکردەوە. دەفەرموێت: تا وای لێهات تەوێڵی ووشك هەڵگەڕاو ناولەپی دەستەکانی و ئەژنۆکانی بوون بە برین. دەفەرموێت: فریشتەیەک هاتە خزمەتی و فەرمووی: ئەی داوودا من نێردراوی خوای گەورەم بۆ لای تۆ؛ خوای گەورە پێت دەفەرموێت: سەرت بەرز بکەرەوە من لێت خۆشبووم. داوود فەرمووی: خوایە! خۆ تۆ داناو دادپەروەری؛ تۆ قەرزەکان دەبژێری؛ ستەمی هیچ ستەمکارێکت بەسەرا تێناپەڕێ؛ چۆن لە تاوانی مرۆڤ خۆش دەبی؟ دەفەرموێت: ئەوەندەی خوای گەورە ویستی لەسەر هەبوو وازیان لە داوود هێنا؛ دوایی فریشتەیەکیتر هات بۆ خزمەتی و پێی گوت: ئەی داوودا من نێردراوی خوای گەورەم بۆ لای تۆ؛ خوای گەورە پێت دەفەرموێت: لە ڕۆژی قیامەتدا تۆو کوڕی صوریا دێن بۆ لای من و دژ بە یەک سکاڵا دەکەن؛ من بە قازانجی ئەو بڕیار دەدەم و دوایی داوای لێ دەکەم کە ئەو مافەی خۆی بە من ببەخشێت؛ ئەویش مافەکەی خۆی بە من دەبەخشێت؛ لە بری ئەوە منیش ئەوەندە بەهەشتی پێ دەبەخشم تا ڕازی دەبێت؛ دوایی لە تاوانەکەی تۆش خۆش دەبم. داوود فەرمووی: خوایە! ئا ئێستا بۆم ڕوون بویەوە کە تۆ لێم خۆشبووی.

٣٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ إِبْرَاهِيمَ بْن عُمَرَ بْن كَيْسَانَ، أَخْبَرَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ بُوذَرَيْه قَالَ: " فِي زَبُور آل دَاوُدَ ثَلَاثَةُ أَحْرُفٍ: طُوبَى لِمَنْ لَمْ يَسْلُكْ سَبِيلَ الْخَاطِئِينَ، وَطُوبَى لِمَنْ لَمْ يَأْتَمِرْ بِأَمْرِ الظَّالِمِينَ، وَطُوبَى لِمَنْ لَمْ يُجَالِس الْبَطَّالِينَ ".

واتە: عەبدولڕەحمانی کوڕی بوزەرەیهی دەفەرموێت: لە زەبووری پێغەمبەر داوودا (سەلامی خوای لەسەر بێت) سێ ڕستە هەبو: خۆشبەختی بۆ ئەو کەسە کە ڕێگای تاوانبارانی نەگرتووەتەبەر، خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی فرمانی مرۆڤی ستەمکاری جێبەجێ نەکردووە، خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی کە لەگەڵ مرۆڤی دەست بەتاڵا دانەنیشتووە.

٣٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا عَمْرُو بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، عَنِ الْحَسَنِ: " قَالَ دَاوُدُ عَلَيْهِ السَّلَامُ: إِلهِي، أَيُّ رِزْقٍ أَطْيَبُ؟ قَالَ: ثَمْرَةُ يَدِكَ يَا دَاوُدُ ".

واتە: یەزیدی کوڕی ئیبراهیم لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەر داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: خوایە! کام ڕزق و ڕۆزییە لە هەموو ڕزق و ڕۆزییەک پاکترە؟ خوای گەورە فەرموویەتی: بەرهەمی دەستی خۆت ئەی داوود!

٣٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ عَطَاءِ بْنِ السَّائِبِ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا عَبْدِ الله الْجَدَلِيَّ قَالَ: " أَوْحَى الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَى دَاوُدَ: يَا دَاوُدُ، أَحِبَّنِي، وَأَحِبَّ مَنْ يُحِبُّنِي، وَحَبِّبْ إِلَيَّ عِبَادِي (وَحَبِّبْنِي إِلَى عِبَادِي،) قَالَ: يَا رَبِّ، كَيْفَ هَذَا؛ أُحِبُّكَ، وَأُحِبُّ مَنْ يُحِبُّكَ؛ فَكَيْفَ أُحَبِّبُكَ إِلَى عِبَادِكَ؟ قَالَ: تَذْكُرُنِي؛ فَلَا تَذْكُرُ إِلَّا حَسَنًا".

واتە: لە عەتای کوڕی سائیبەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: گوێم لە باوکی عەبدوڵڵای جەدەلی بوو دەیفەرموو: خوای گەورە پەیامی بۆ پێغەمبەر داوود ناردو فەرمووی: ئەی داوود! منت خۆش بوێت و ئەو کەسەشت خۆش بوێ کە منی خۆش دەوێت؛ هەروەها من بە لای بەندەکانمەوە خۆشەویست بکە.. داوود فەرمووی: خوایە تۆم خۆش دەوێت و ئەوەیشم خۆش دەوێ کە تۆی خۆش دەوێ؛ بەڵام چۆن تۆ بە لای بەندەکانتەوە خۆشەویست بکەم؟ فەرمووی: باس و یادی من بکە؛ بەڵام هەمیشە بە جوانی. (تێبینی: ئەو ڕستەیەی کە خراوەتە ناو کەوانەکەوە ئەوە ڕیوایەتی پێشەوا البيهقي يەو پێم وایە ئەوە ڕاستە؛ چونکە ئەو ڕستەیەی کە هێڵی بەژێرا هاتووە و ڕیوایەتی ناو کتێبی الزهـد ـە؛ ماناکەی لەگەڵ مانای تەواوی ڕیوایەتەکە یەك ناگرێتەوە و پێچەوانە دەبێتەوە. خوداش زاناترە).

٣٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِمِ، حَدَّثَنَا صَالِحٌ، عَنْ أَبِي عِمْرَانَ الْجَوْنِيِّ، عَنْ أَبِي الْجَلْدِ، عَنْ مَسْلَمَةَ أَنَّ دَاوُدَ النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «إِلهِي، كَيْفَ

لي أَنْ أَشْكُرَكَ، وَأَنَا لَا أَصِلُ إِلَى شُكْرِكَ إِلَّا بِنِعْمَتِكَ؟» فَأَوْحَى الله إِلَيْهِ: «يَا دَاوُدُ، أَلَسْتَ تَعْلَمُ أَنَّ الَّذِي بِكَ مِنَ النِّعَمِ مِنِّي؟» قَالَ: «بَلَى، أَيْ رَبِّ» قَالَ: «فَإِنِّي أَرْضَى بِذَلِكَ مِنْكَ شُكْرًا».

واتە: باوکی جەلد لە مەسلەمەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: خودایا! من چۆن بتوانم سوپاسی تۆ بکەم کە بە هۆی نازونیعمەتەکانت خۆتەوە نەبێ ناتوانم سوپاست بکەم؟ خوای گەورە سروشی بۆ ناردو فەرمووی: داوود! مەگەر تۆ نازانی هەموو ئەو نازونیعمەتانەی کە هەتە لە منەوەیە؟ داوود فەرمووی: بەڕەوەڵڵا دەزانم، خوای گەورە فەرمووی: دەی من بەوە ڕازیم کە سوپاسگوزاریەک بێت لە لایەن تۆوە.

٣٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا هَاشِمٌ، أَخْبَرَنَا صَالِحٌ، عَنْ أَبِي عِمْرَانَ الْجَوْنِيِّ، عَنْ أَبِي الْجَلْدِ أَنَّ اللهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى، أَوْحَى إِلَى دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: «يَا دَاوُدُ، أَنْذِرْ عِبَادِيَ الصِّدِّيقِينَ؛ فَلَا يُعْجَبُنَّ بِأَنْفُسِهِمْ، وَلَا يَتَّكِلُنَّ عَلَى أَعْمَالِهِمْ؛ فَإِنَّهُ لَيْسَ أَحَدٌ مِنْ عِبَادِي أَنْصِبُهُ لِلْحِسَابِ، وَأُقِيمُ عَلَيْهِ عَدْلِي إِلَّا عَذَّبْتُهُ مِنْ غَيْرِ أَنْ أَظْلِمَهُ، وَبَشِّرِ الْخَطَّائِينَ أَنَّهُ لَا يَتَعَاظَمُنِي ذَنْبٌ أَنْ أَغْفِرَهُ وَأَتَجَاوَزَ عَنْهُ».

واتە: لە باوکی عیمرانی جەونییەوە ئەویش لە باوکی جەلدەوە دەگێڕێتەوە کە خوای گەورە پەیامی بۆ داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) نارد و فەرمووی: ئەی داوود! هشداری بدە بە بەندە ڕاسالەکانی من با لە خۆیان بایی نەبن و بەخۆیان سەرسام نەبن، با پشت بە کار و کردەوەکانی خۆیان نەبەستن؛ چونکە بەڕاستی من هەر بەندەیەکی خۆم ڕابگرم بۆ لێکۆڵینەوە و بە پێی دادگەریی خۆم لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەم؛ بە بێ ئەوەش کە ستەمی لێ بکەم؛ سزای دەدەم، مزگێنیش بدە بە تاوانباران کە ئەگەر بمەوێ لە کەسێک خۆش ببم ئەوا هیچ تاوانێک بە لای منەوە گەورە نییەو چاوپۆشی لە هەموو تاوانێک دەکەم!

٣٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا هَاشِمٌ، أَخْبَرَنَا صَالِحٌ، عَنْ أَبِي عِمْرَانَ الْجَوْنِيِّ، عَنْ أَبِي الْجَلْدِ أَنَّ دَاوُدَ، النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَمَرَ مُنَادِيًا، فَنَادَى: الصَّلَاةُ جَامِعَةٌ فَخَرَجَ النَّاسُ، وَهُمْ يَرَوْنَ أَنَّهُ سَيَكُونُ مِنْهُ يَوْمَئِذٍ مَوْعِظَةٌ وَتَأْدِيبٌ وَدُعَاءٌ، فَلَمَّا وَافَى مَكَانَهُ قَالَ: «اللهمَّ اغْفِرْ لَنَا» وَانْصَرَفَ، فَاسْتَقْبَلَ آخِرُ النَّاسِ أَوَائِلَهُمْ؛ قَالُوا: مَا لَكُمْ؟ قَالُوا: إِنَّ نَبِيَّ الله عَلَيْهِ السَّلَامُ إِنَّمَا دَعَا بِدَعْوَةٍ وَاحِدَةٍ، ثُمَّ انْصَرَفَ قَالُوا: سُبْحَانَ الله كُنَّا نَرْجُو أَنْ يَكُونَ هَذَا الْيَوْمُ يَوْمَ عِبَادَةٍ وَدُعَاءٍ وَمَوْعِظَةٍ وَتَأْدِيبٍ، فَمَا دَعَا إِلَّا بِدَعْوَةٍ وَاحِدَةٍ، قَالُوا: فَأَوْحَى الله إِلَيْهِ أَنْ أَبْلِغْ عَنِّي قَوْمَكَ؛ فَإِنَّهُمْ قَدِ اسْتَقَلُّوا دُعَاءَكَ: إِنِّي مَنْ أَغْفِرْ لَهُ أُصْلِحْ لَهُ أَمْرَ آخِرَتِهِ وَدُنْيَاهُ ".

واتە: باوکی عیمرانی جەونی لە باوکی جەلدەوە دەگێڕێتەوە کە داوود پێغەمبەر (سەلامی

خوای لەسەر بێت) فرمانی بە جارچییەک کرد کە جاڕ بدات؛ ئەویش جاڕی داو گوتی: نوێژ کۆکەرەوەی هەمومانە وەرن! خەڵکی هەموو کۆبوونەوە، ئیتر هەموویان دەیانزانی کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی ئامۆژگاری و پەروەردەکردن و نزا و پاڕانەوەیە؛ جا کاتێ ڕۆیشتە شوێنەکەی خۆیەوە فەرمووی: خوایە لە هەمومان خۆش ببە، ئیتر لێیداو ڕۆیشت! خەڵکی ڕویان لە یەکرتی کرد و گوتیان: ئەوە چییە؟ خۆ پێغەمبەر داود (سەلامی خوای لەسەر بێت) تەنیا یەکجار پاڕایەوە و تەواو! گوتیان: خوای گەورە سروشی بۆ ناردو فەرمووی: لە لایەن منەوە بە گەلەکەت ڕابگەیەنە ئەوانە ئەو نزایەی تۆیان پێ کەم بوو! بەڕاستی من لە هەر کەسێ خۆش ببم کاروباری دونیا و قیامەتی بۆ ڕێک دەخەم.

٣٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، وَمُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَرٍ، حَدَّثَنَا عَوْفٌ، عَنْ خَالِدٍ، قَالَ مُحَمَّدٌ: خَالِدُ بْنُ ثَابِتٍ الرَّبَعِيُّ قَالَ: " وَجَدْتُ فَاتِحَةَ الزَّبُورِ، الَّذِي يُقَالُ لَهُ زَبُورُ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: إِنَّ رَأْسَ الْحِكْمَةِ خَشْيَةُ الرَّبِّ عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: خالیدی کوڕی ثابتی ڕیبعی دەفەرموێت: بینومە لە سەرەتای زەبوردا. ئەو زەبورەی کە دەگوترا زەبوری داوودە؛ نووسرابو: سەری هەموو داناییەک بریتیە لە ترسان لە خوای گەورە.

٣٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا الْجُرَيْرِيُّ، عَنْ أَبِي السَّلِيلِ قَالَ: " كَانَ دَاوُدُ النَّبِيُّ عَلَيْهِ السَّلَامُ يَدْخُلُ الْمَسْجِدَ، فَيَنْظُرُ أَغْمَضَ حَلْقَةٍ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ، فَيَجْلِسُ إِلَيْهِمْ، ثُمَّ يَقُولُ: مِسْكِينٌ بَيْنَ ظَهْرَانَيْ مَسَاكِينَ ".

واتە: لە باوکی سەلیلەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: پێغەمبەر داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەڕۆیشتە ناو مزگەوتەوە؛ سەیری دەکرد بزانێ کام کۆمەڵە خەڵکە لە هەمووان هەژارترن دەچوە ناو ئەوانەوە و لەگەڵ ئەوانەدا دادەنیش و دوایی دەیفەرموو: پیاوێکی هەژار لەناو کۆڕی کەسانێکی هەژار.

٣٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنِ الْأَعْمَشِ قَالَ: قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: " أَوْحَى اللهُ عَزَّ وَجَلَّ إِلَى دَاوُدَ: قُلْ لِلظَّلَمَةِ لَا يَذْكُرُونِي؛ فَإِنِّي حَقًّا عَلَيَّ أَنْ أَذْكُرَ مَنْ ذَكَرَنِي، وَإِنَّ ذِكْرِي إِيَّاهُمْ أَنْ أَلْعَنَهُمْ ".

واتە: ئەعمەش دەفەرموێت: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: خوای گەورە سروشی بۆ داوود ناردو پێی فەرموو: بە ستەمکاران ڕابگەیەنە کە یاد و زیکری

من نەکەن؛ چونکە بەڕاستی کردومە ماف لەسەر خۆم کە هەر کەسێک باسم بکات باسی بکەم؛ جا من بە نەفرەت لێ کردن باسیان دەکەم.

٣٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ مُحَمَّدٍ، حَدَّثَنَا مَرْوَانُ، حَدَّثَنَا أَيُّوبُ الْفِلَسْطِينِيُّ قَالَ: " مَكْتُوبٌ فِي مَزَامِيرِ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: تَدْرِي لِمَنْ أَغْفِرُ مِنْ عِبَادِي؟ قَالَ: لِمَنْ، يَا رَبِّ؟ قَالَ: لِلَّذِي إِذَا أَذْنَبَ ذَنْبًا ارْتَعَدَتْ لِذَلِكَ مَفَاصِلُهُ؛ ذَاكَ الَّذِي آمُرُ مَلَائِكَتِي أَنْ لَا تَكْتُبَ عَلَيْهِ ذَلِكَ الذَّنْبَ ".

واتە: مەڕوان دەگێـڕێتەوە دەفەرموێـت: ئەییـوبی فەلەسـتینی گێـڕایەوە فەرمـووی: لە مەزامیرەکانی دوودا (سەلامی خوای لەسەر بێت) نووسرابو: دەزانی من لە کام لە بەندەکانم خۆش دەبـم؟ داوود فەرمـووی: لە کامـانە ئەی خـودای گەورە؟ فەرمـووی: لەو کەسـانەی کە کاتێـک تـاوان دەکەن هەمـوو جومگەکانیـان دێتە لەرزیـن؛ ئەوە ئەو کەسـانەن کە مـن فرمـان دەکەم بەسەر فریشتەکانما کە ئەو تاوانەی لەسەر نەنووسن.

٣٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ عُرْوَةَ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: «كَانَ دَاوُدُ عَلَيْهِ السَّلَامُ يَصْنَعُ الْقُفَّةَ مِنَ الْخُوصِ، وَهُوَ عَلَى الْمِنْبَرِ، ثُمَّ يَبْعَثُ بِهَا إِلَى السُّوقِ، فَيَبِيعُهَا، ثُمَّ يَأْكُلُ ثَمَنَهَا».

واتە: هیشامی کوڕی عورە لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) لە سەر مینبەر بە پەلی دارخوما سەلەو زەمبیلی دروست دەکردو دوایی دەینارد بۆ بازاڕو دەیفرۆشت و بە پارەکەی دەژیا.

زوهد و پارسایی پێغەمبەر مووسا
(سەلامی خوای لەسەر بێت)

٣٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أبي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالد، حَدَّثَنِي عَبْدُ الله بْنُ أَبِي عَاصم أَنَّهُ سَمِعَ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّه يَقُولُ: " إِنَّ الله تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَوْحَى إِلَى مُوسَى عَلَيْه السَّلَامُ: إِنَّ قَوْمَكَ يَبْنُونَ لِيَ الْبُيُوتَ، وَيُقَرِّبُونَ لِيَ الْقُرْبَانَ، وَإِنِّي لَا أَسْكُنُ الْبُيُوتَ، وَلَا آكُلُ اللَّحْمَ، وَلَكِنَّ آيَةَ بَيْنِي وَبَيْنَهُمْ أَنْ يَعْدلُوا بَيْنَ الْغَنِيِّ وَالْمِسْكِينِ، وَالْآيَةُ بَيْنِي وَبَيْنَهُمْ: إِذَا أَرْضَوُا الْمَسَاكِينَ فَقَدْ رَضِيتُ، وَإِذَا أَسْخَطُوهُمْ سَخِطَ ".

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی باوکی عاصم دەگێڕێتەوە کە گوێی لە وەهبی کوڕی مونەببیهـ بووە فەرموویەتی: خوای گەورە میهرەبان سروشی بۆ مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) نارد و پێی فەرموو: گەلەکەی تۆ خانوو بۆ من دروست دەکەن؛ قوربانی بۆ من دەکەن؛ خۆ من لە خانودا دانانیشم؛ گۆشتی قوربانیش ناخۆم؛ بەڵام ئەوە نیشانەیەکە لە نێوان من و ئەوانا کە دادگەربن لە نێوان دەوڵەمەندو هەژارانا؛ نیشانەی نێوان من و ئەوان ئەوەیە کە: ئەگەر هەژاران ڕازی بکەن ئەوا من لێیان ڕازی دەبم؛ ئەگەر هەژاران بتۆرێنن ئەوا لێیان تووڕە دەبم.

٣٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أبي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالد، حَدَّثَنِي عَبْدُ الله بْنُ بَحِير قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّه يَقُولُ: " إِنَّ مُوسَى قَالَ لِبَنِي إِسْرَائِيلَ: ائْتُونِي بِخَيْرِكُمْ رَجُلًا فَأَتَوْهُ بِرَجُلٍ، فَقَالَ: أَنْتَ خَيْرُ بَنِي إِسْرَائِيلَ؟ قَالَ: كَذَلِكَ يَزْعُمُونَ قَالَ: اذْهَبْ فَأْتِنِي بِشَرِّهِمْ " قَالَ: " فَذَهَبَ، فَجَاءَ وَلَيْسَ مَعَهُ أَحَدٌ، فَقَالَ: جِئْتَنِي بِشَرِّهِمْ؟ قَالَ: أَنَا مَا أَعْلَمُ مِنْ أَحَدٍ مِنْهُمْ مَا أَعْلَمُ مِنْ نَفْسِي قَالَ: أَنْتَ خَيْرُهُمْ ".

واتە: عوبدوڵڵای کوڕی بەحیر دەفەرموێت: گوێم لە وەهبی کوڕی مونەببیهـ بوو دەیفەرموو: پێغەمبەر مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە بەنی ئیسرائیلی فەرموو: باشترین پیاوی ناوخۆتان بێنن بۆ لای من؛ ئەوانیش پیاوێکیان هێنا؛ مووسا فەرمووی: تۆ باشترین پیاوی ناو بەنی ئیسرائیلی؟ پیاوە گوتی: خەڵکە وا گومان دەبەن کە من باشترین پیاو بم! مووسا فەرمووی: دەی بڕۆ خراپترین پیاووم بۆ بێنە! دەفەرموێت: پیاوەکە ڕۆیشت و

هاتەوە و کەسی لەگەڵدا نەبوو؛ مووسا فەرمووی: خراپترین پیاووت هێنا؟ پیاوەکە گوتی: من ئەوەی سەبارەت بە خۆم دەیزانم سەبارەت بە هیچ کەسێکی ناو بەنی ئیسرائیل نایزانم! مووسا فەرمووی: دەی کەواتە تۆ باشترین پیاوی.

٣٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالِدٍ، حَدَّثَنِي عَبْدُ اللهِ بْنُ بَحِيرٍ قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّهٍ يَقُولُ: " قَالَ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ: أَيْ رَبِّ، أَيُّ عِبَادِكَ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: مَنْ أُذْكَرُ بِرُؤْيَتِهِ قَالَ: رَبِّ، أَيُّ عِبَادِكَ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: الَّذِينَ يَعُودُونَ الْمَرْضَى، وَيُعَزُّونَ الثَّكْلَى، وَيُشَيِّعُونَ الهلْكَى ".

واتە: عوبدوڵڵای کوڕی بەحیر دەفەرموێت: گوێم لە وەهبی کوڕی مونەبیھ بوو دەیفەرموو: پێغەمبەر مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: خوایە! کام لە بەندەکانت خۆشەویسترین بەندەیە بە لای تۆوە؟ خوای گەورە فەرمووی: ئەوەیان کە هەر کەس بینای منی بێتەوە یاد. مووسا فەرمووی: خوایە کام لە بەندەکانت لەو خۆشەویسترە؟ فەرمووی: ئەوانەی کە سەردانی نەخۆش دەکەن و دڵنەوایی مرۆڤی تازیەبار دەکەن و تەرمی مردوو بەڕێ دەکەن.

٣٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، أَخْبَرَنَا ثَابِتٌ قَالَ: " لَمَّا مَاتَ مُوسَى بْنُ عِمْرَانَ عَلَيْهِ السَّلَامُ جَالَتِ الْمَلَائِكَةُ فِي السَّمَاوَاتِ يَقُولُونَ: مَاتَ مُوسَى فَأَيُّ نَفْسٍ لَا تَمُوتُ ".

واتە: ثابت دەفەرموێت: کاتێ مووسای کوڕی عیمران لە دونیا دەرچو؛ فریشتەکان لە ئاسمانەکانا دەگەڕان و دەیانگوت: مووسای کوڕی عیمران مردووە؛ ئیتر کێ نامرێ؟!

٣٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا قُرَّانُ بْنُ تَمَّامٍ، عَنْ عُثْمَانَ بْنِ الْأَسْوَدِ، عَنْ عَطَاءٍ قَالَ: " طَافَ مُوسَى بِالْبَيْتِ، وَبَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ، وَهُوَ يَقُولُ: اللهمَّ لَبَّيْكَ فَأَجَابَهُ رَبُّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: لَبَّيْكَ يَا مُوسَى، هَا أَنَا ذَا لَدَيْكَ، وَعَلَيْهِ جُبَّةٌ قَطَوَانِيَّةٌ " وَقَالَ قُرَّانُ مَرَّةً: «وَهُوَ فِي عَبَاءَةٍ قَطَوَانِيَّةٍ».

واتە: لە عوسمانی کوڕی ئەسوەدەوە دەگێڕنەوە؛ ئەویش لە عەتاوە فەرموویەتی: مووسا تەوافی کەعبەی کرد و لە نێوان صەفاو مەروەدا بوو دەیگوت: خوایە بەدەم بانگی تۆوە هاتم و ملکەچی فرمانتم! خوای گەورە و میهرەبان وەڵامی دایەوە و فەرمووی: داوا بکە ئەی مووسا! من لە لاتم. لەو کاتەدا مووسا کەوایەکی قەتەوانیی لەبەرا بوو. قوڕڕان. کە یەکێکە لەو کەسانەی ئەم ئەسەرەیان ڕیوایەت کردووە. دەفەرموێت: مووسا عابایەکی قەتەوانیی لەبەرا بوو.

٣٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هُدْبَةُ بْنُ خَالد، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ ثَابت، وَسُلَيْمَانَ التَّيْميِّ، عَنْ أَنَس بْن مَالك أَنَّ النَّبيَّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: «مَرَرْتُ لَيْلَةَ أُسْرِيَ بي بمُوسَى عَلَيْه السَّلَامُ عنْدَ الْكَثيب الْأَحْمَر، وَهُوَ قَائمٌ يُصَلِّي في قَبْره».

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەو شەوەی کە **شەوڕەویم پێکرا لە لای گردە سورەکەدا دام بە لای مووسادا (سەلامی** خوای لەسەر بێت) وەستابوو **نوێژی دەکرد.**

٣٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، عَنْ هشَام بْن سَعْد، عَنْ زَيْد بْن أَسْلَمَ، عَنْ عَطَاء بْن يَسَار قَالَ: " قَالَ مُوسَى صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: يَا رَبِّ، مَنْ أَهْلُكَ الَّذينَ تُظلهمْ في ظلِّ عَرْشكَ؟ قَالَ: هُمُ الْبَريَّةُ أَيْديهمْ، الطَّاهرَةُ قُلُوبُهُمْ، الَّذينَ يَتَحَابوون بجَلَالي، الَّذينَ إذَا ذُكرْتُ ذُكرُوا بي، وَإذَا ذُكرُوا ذُكرْتُ بذكْرهمْ، الَّذي يُسْبغُونَ الْوُضُوءَ في الْمَكَاره، وَيُنيبوون إلَى ذكْري؛ كَمَا يُنيبُ النُّسُورُ إلَى وُكُورهَا، وَيَكْلَفُونَ بحُبِّي؛ كَمَا يَكْلَفُ الصَّبيُّ بحُبِّ النَّاس، وَيَغْضَبوون لمَحَارمي إذَا اسْتُحلَّتْ؛ كَمَا يَغْضَبُ النَّمرُ إذَا حُربَ ".

واتە: زەیدی کوڕی ئەسلەم لە عەتای کوڕی یەسارەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: پەروەردگارا! ئەو کەسانە کێن کە تۆ بە ئەهلی خۆت ناووت بردوون و لە ژێر سێبەرە تایبەتەکەی خۆتا جێگایان دەکەیتەوە؟ خوای گەورە فەرمووی: ئەوە ئەو کەسانەن کە دەستیان لە هیچ تاوانێکا نییە؛ دڵیان پاك و خاوێنە؛ ئەوانەی کە لەبەر گەورەیی من یەکیان خۆش دەوێ؛ ئەوانەن کە هەر کاتێ یاد و زیکری من کرا بە هۆی ناوبردنی منەوە ناوی ئەوانیش دەبرێت؛ ئەگەر ناوی ئەوان برا ناوی منیش دەبرێت؛ ئەوانەن کە لە کاتی سەرماو گەرمادا دەستنوێژەکانیان بە جوانی و بە پوختی دەگرن؛ پەنا بۆ یاد و زیکری من دەبەن وەک چۆن باز پەنا بۆ هێلانەی خۆی دەبا؛ هۆگری خۆشەویستی من دەبن وەک چۆن منداڵ هۆگری خەڵکە؛ هەر کاتێ حەرامێک حەڵاڵ کرا ئەوان تووڕە دەبن وەک ئەو کاتەی کە پڵنگ تەنگەتاو دەکرێت.

٣٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا شَيْبَانُ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، عَنْ عمْرَانَ أَبي الهذَيْل أَنَّهُ سَمعَ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّه يَقُولُ: " بَلَغَنَا أَنَّ الله، تَبَارَكَ وَتَعَالَى قَالَ لمُوسَى عَلَيْه السَّلَامُ: يَا مُوسَى، وَعزَّتي وَجَلَالي، لَوْ أَنَّ النَّفْسَ الَّتي قَتَلْتَ أَقَرَّتْ لي طَرْفَةَ عَيْنٍ أَنِّي لها خَالقٌ أَوْ رَازقٌ، لَأَذَقْتُكَ فيهَا طَعْمَ الْعَذَاب، وَإنَّمَا عَفَوْتُ عَنْكَ أَمْرَهَا أَنَّهَا لَمْ تُقرَّ لي طَرْفَةَ عَيْنٍ أَنِّي لها خَالقٌ أَوْ رَازقٌ ".

واتە: لە عیمرانی کوڕی باوکی هوزەیلەوە دەگێڕنەوە کە گوێی لە وەهبی کوڕی مونەبیهـ بووە دەیفەرموو: پێیان گەیشتووە کە خوای گەورە بە مووسای (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموە: ئەی مووسا! سوێند بە گەورەیی و دەسەڵاتی خۆم ئەگەر ئەو کەسەی کە تۆ کوشتت بۆ تاوێک دانی بەوەدا نابایە کە من بەدیهێنەرو ڕۆزیدەری ئەووم؛ ئەوا تاڵاوی سزام پێ دەچەشتی؛ بۆیە لێت خۆشبوم چونکە بۆ یەک تاو دانی بەوەدا نەنابوو کە من بەدیهێنەرو ڕۆزیدەری ئەووم.

٣٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، عَنْ عِمْرَانَ الْقَصِيرِ قَالَ: " قَالَ مُوسَى بْنُ عِمْرَانَ: أَيْ رَبِّ، أَيْنَ أَبْغِيكَ؟ قَالَ: ابْغِنِي عِنْدَ الْمُنْكَسِرَةِ قُلُوبُهُمْ؛ إِنِّي أَدْنُو مِنْهُمْ كُلَّ يَوْمٍ بَاعًا، وَلَوْلَا ذَلِكَ لَانْهَدَمُوا ".

واتە: جەعفەر دەگێڕێتەوە لە عیمرانی قەصیرەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: مووسای کوڕی عیمران فەرمووی: پەروەردگارا! لە کوێ بەدواتا بگەڕێم؟ خوای گەورە فەرمووی: لە لای ئەوانەی کە دڵیان شکاوە؛ من هەموو ڕۆژێک بە ئەندازەی باڵێک لەوان نزیک دەبمەوە؛ ئەگەر ئەو نزیکبوونەوەی من نەبوایە تیادەچون.

دانایی پێغەمبەر عیسا
(سەلامی خوای لەسەر بێت)

٣٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ الدَّسْتُوَائِيُّ قَالَ: " إِنَّ فِي حِكْمَةِ عِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: تَعْمَلُونَ لِلدُّنْيَا، وَأَنْتُمْ تُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ عَمَلٍ، وَلَا تَعْمَلُونَ لِلْآخِرَةِ، وَأَنْتُمْ لَا تُرْزَقُونَ فِيهَا إِلَّا بِالْعَمَلِ، وَيْحَكُمْ عُلَمَاءَ السُّوءِ، الْأَجْرَ تَأْخُذُونَ، وَالْعَمَلَ تُضَيِّعُونَ، تووشكُونَ أَنْ تَخْرُجُوا مِنَ الدُّنْيَا إِلَى ظُلْمَةِ الْقُبُورِ وَضِيقِهَا، وَاللهُ عَزَّ وَجَلَّ نَهَاكُمْ عَنِ الْمَعَاصِي، كَمَا أَمَرَكُمْ بِالصَّوْمِ وَالصَّلَاةِ، فَكَيْفَ يَكُونُ مِنْ أَهْلِ الْعِلْمِ مَنْ دُنْيَاهُ آثَرُ عِنْدَهُ مِنْ آخِرَتِهِ، وَهُوَ فِي الدُّنْيَا أَفْضَلُ رَغْبَةً؟ كَيْفَ يَكُونُ مِنْ أَهْلِ الْعِلْمِ مَنْ مَسِيرُهُ إِلَى آخِرَتِهِ، وَهُوَ مُقْبِلٌ عَلَى دُنْيَاهُ؟ وَمَا يَضُرُّهُ أَشْهَى إِلَيْهِ مِمَّا يَنْفَعُهُ؟ كَيْفَ يَكُونُ مِنْ أَهْلِ الْعِلْمِ مَنْ سَخِطَ رِزْقَهُ، وَاحْتَقَرَ مَنْزِلَتَهُ، وَهُوَ يَعْلَمُ أَنَّ ذَلِكَ مِنْ عِلْمِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ وَقُدْرَتِهِ؟ كَيْفَ يَكُونُ مِنْ أَهْلِ الْعِلْمِ مَنِ اتَّهَمَ اللهَ سُبْحَانَهُ فِي إِصَابَتِهِ؟ كَيْفَ يَكُونُ مِنْ أَهْلِ الْعِلْمِ مَنْ طَلَبَ الْكَلَامَ لِيُحَدِّثَ بِهِ، وَلَمْ يَطْلُبْهُ لِيَعْمَلَ بِهِ ".

واتە: جەعفەر دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: هاشمی دەستەوایی گێڕایەوە فەرمووی: یەکێ: لە پەندو حیکمەتەکانی پێغەمبەر عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) ئەمە بو: ئێوە کار بۆ دونیا دەکەن و لە دونیادا بە بێ کار کردن ڕزق و رۆزیتان پێ دەدرێت؛ کار بۆ قیامەت ناکەن و کەچی لە قیامەتدا بە گوێرەی کار و کردەوە نەبێ ڕزق و ڕۆزیتان پێ نادرێ؛ ئای بۆ ئێوە ئەی زانا خراپەکان! کرێ و پاداشت وەردەگرن! کار و کردەوە زایە دەکەن؛ زۆری نەماوە لە دونیا دەربچن و بگەن بە تاریکی و تەنگایی ناو گۆڕ؛ خوای گەورە نەهیی لێ کردون لە تاوان وەک چۆن فرمانی پێکردون بە ڕۆژوو بە نوێژ؛ دەی کەسێک فەزڵی دونیا بدات بەسەر قیامەتاو زیاتر بۆ دونیا هەوڵ بدات؛ چۆن زانایەکە؟ دەی کەسێک ڕێگای بەرەو قیامەت بڕوات و ئەو ڕوی لە دونیا بێت؛ چۆن زانایەکە؟ ئەو کەسەی کە زیاتر حەزی لەو شتانە بێت کە زیانی لێ دەدا تا ئەو شتانەی کە قازانجی پێ دەگەیەنن؛ چۆن زانایەکە؟ ئەوەی ناڕازی بێت لە ڕزق و ڕۆزی خۆی و پلەو پایەی خۆی بە کەم بزانێت و ئەوەش بزانێ کە ئەو بەشە ڕزقەو ئەو پلەو

پایەیە بەشێکە لە بەخششی خوای گەورە و لە زانستی خوای گەورە؛ ئەوە چۆن زانایەکە؟! کەسێک کە لە کاتی زەرەرو زیانا خوای گەورە تۆمەتبار بکات چۆن زانایەکە؟! کەسێک خۆی فێری قسەی گەورە و گرنگ بکات بۆ ئەوەی قسەی پێ بکات نەك بۆ ئەوەی کاری پێ بکات؛ ئەوە چۆن زانایەکە؟

٣٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ الْبُنَانِيُّ قَالَ: " بَلَغَنَا أَنَّ إِبْلِيسَ ظَهَرَ لِيَحْيَى بْنِ زَكَرِيَّا عَلَيْهِمَا السَّلَامُ فَرَأَى عَلَيْهِ مَعَالِيقَ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ، فَقَالَ له: مَا هَذِه الْمَعَالِيقُ الَّتِي أَرَاهَا عَلَيْكَ؟ قَالَ: هَذِه الشَّهَوَاتُ الَّتِي أُصِيبُ بِهَا بَنِي آدَمَ فَقَالَ له يَحْيَى عَلَيْه السَّلَامُ: هَلْ لِي فِيهَا شَيْءٌ؟ قَالَ: لَا قَالَ: فَهَلْ تُصِيبُ مِنِّي شَيْئًا؟ قَالَ: رُبَّمَا شَبِعْتَ فَثَقَّلْنَاكَ عَنِ الصَّلَاةِ وَالذِّكْرِ قَالَ: هَلْ غَيْرُ ذَا؟ قَالَ: لَا قَالَ: لَا جَرَمَ وَالله، لَا أَشْبَعُ أَبَدًا ".

واتە: جەعفەر دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: ثابتی بونانی فەرمووی: پێمان گەیشتووە و بیستومانە کە ئیبلیس خۆی دەرخستووە بۆ پێغەمبەر یەحیای کوڕی زەکەریا (سڵاوی خوایان لەسەربێ) یەحیا دەبینێ لە هەموو جۆرە شتێکی پێوە هەڵواسراوە و پێیەتی؛ پێی فەرموو: ئەوە چییە ئەم شتە هەڵواسراوانەی کە دەیبینم پێتەوە هەڵواسراوە؟ ئیبلیس گوتویەتی: ئەمە ئەو خۆشی و شەهوەت و چێژانەیە کە نەوەکانی ئادەمی پێ لە خشتە دەبەم! حەزرەتی یەحیا (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: ئەی ئەمانە بەشی منیان تێدایە؟ ئیبلیس گوتویەتی: نەخێر! حەزرەتی یەحیا فەرموویەتی: ئەی هیچیان بەر من دەخەی؟ ئیبلیس گوتویەتی: بەڵکوو جارێک لە جاران تێر بخۆیت و لاشەت قورس ببێت و نەتوانی هەستی بۆ نوێژو زیکرو خواپەرستی! حەزرەتی یەحیا فەرموویەتی: جگە لەوە چیترم هەیە؟ ئیبلیس گوتویەتی: هیچ! حەزرەتی یەحیا فەرموویەتی: دەی سوێند بەخوا نابێ هەتا من مابم تێری زگی خۆم بخۆم!

٣٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا سَعِيدٌ، عَنْ قَتَادَةَ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: " إِنَّ يَحْيَى وَعِيسَى عَلَيْهِمَا السَّلَامُ الْتَقَيَا، فَقَالَ له عِيسَى: اسْتَغْفِرْ لِي؛ أَنْتَ خَيْرٌ مِنِّي، فَقَالَ له يَحْيَى: اسْتَغْفِرْ لِي؛ أَنْتَ خَيْرٌ مِنِّي، قَالَ له عِيسَى: أَنْتَ خَيْرٌ مِنِّي؛ سَلَّمْتُ عَلَى نَفْسِي، وَسَلَّمَ الله عَلَيْكَ فَعَرَفَ الله عَزَّ وَجَلَّ فَضْلَهُمَا ".

واتە: ل قەتادەوە دەگێڕنەوە؛ ئەویش لە حوسەینەوە فەرموویەتی: حەزرەتی یەحیاو حەزرەتی عیسا (سەلامی خوایان لەسەر) گەیشتن بە یەکتری؛ حەزرەتی عیسا بە حەزرەتی یەحیای فەرموو: داوای لێخۆشبوونم بۆ بکە لە خوای گەورە، تۆ لە من چاکتری! حەزرەتی یەحیای لە وەڵاما پێی فەرموە: تۆ داوای لێخۆشبوون بکە بۆ من؛ چونکە تۆ لەمن چاکتری!

حەزرەتی عیسا پێی فەرموە: ئەخێر تۆ لە من چاکتری؛ چونکە من خۆم سڵاووم لە خۆم کردووە؛ بەڵام تۆ خوای گەورە سڵاوی لێ کردوی. ئیتر خوای گەورە گەورەیی و فەزڵی بەهەردوکیان بەخشی[1].

٣٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ يَعْقُوبَ، عَنْ جَعْفَر، عَنْ سَعِيد بْنِ جُبَيْر قَالَ: " لَمَّا قُتِلَ يَحْيَى عَلَيْهِ السَّلَامُ قَالَ بَعْضُ أَصْحَابِه لصَاحِب له: ابْعَثْ إِلَيَّ بِقَمِيص نَبِيِّ الله يَحْيَى أَشُمَّهُ؛ فَإِنِّي قَدْ عَرَفْتُ أَنِّي مَقْتُولٌ قَالَ: فَبَعَثَ بِه إِلَيْه، فَإِذَا سَدَاهُ وَلَحْمَتُهُ لِيفٌ ".

واتە: جەعفەر لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: کاتێ حەزرەتی یەحیا شەهید کرا؛ یەکێک لە هاوڕێکانی بە هاوڕێیەکی حەزرەتی یەحیای گوت: کراسەکەی پێغەمبەر یەحیام بۆ بنێرە با تێر بۆنی بکەم! چونکە من زانیومە کە منیش دەکوژرێم! دەفەرموێت: کراسەکەی بۆ نارد؛ دەبینێ لێوارەکانی و پشتەکەی لیفی دارخورمایە.

٣٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ أَبِي سِنَان، عَنْ أَبِي الهذَيْلِ قَالَ: " أُتِيَ عِيسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ بِرَجُل قَدْ زَنَا، فَأَمَرَهُمْ بِرَجْمِه، وَقَالَ لهمْ: لَا يَرْجُمُهُ رَجُلٌ عَمِلَ عَمَلَه، فَأَلْقَوُا الْحِجَارَةَ مِنْ أَيْدِيهِمْ، إِلَّا يَحْيَى بْنَ زَكَرِيَّا عَلَيْهِمَا السَّلَامُ ".

واتە: لە باوکی سینانەوە ئەویش لە باوکی هوزەیلەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پیاوێکیان هێنایە خزمەت حەزرەتی عیسا کە زینای کردبوو؛ حەزرەتی عیسا فەرمانی کرد بەردباران بکرێت؛ بە خەڵکەکەی فەرموو: هەر کەسێ وەکوو ئەو زینای کردووە با بەردی تێ نەگرێت! ئیتر جگە لە یەحیای کوڕی زەکەریا؛ هەموویان بەردەکانی ناو دەستیان فڕێدایە سەر زەوی و کەسیان بەردیان نەگرتە ئەو پیاوە زیناکارە!

٣٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْوَلِيدُ بْنُ شُجَاعِ بْنِ الْوَلِيد، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، عَنْ مَعْمَر قَالَ: " قَالَ الصِّبْيَانُ لِيَحْيَى بْنِ زَكَرِيَّا عَلَيْهِمَا السَّلَامُ: اذْهَبْ بِنَا نَلْعَبْ قَالَ: وَلِلَّعِب خُلِقْنَا؟ ".

---

[1] مەبەستی حەزرەتی عیسا لەوەی کە خۆی سەلامی لە خۆی کردووە؛ ئەوەیە کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزا باسی کردووە و فەرموویەتی: ﴿ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَيَّ يَوۡمَ وُلِدتُّ وَيَوۡمَ أَمُوتُ وَيَوۡمَ أُبۡعَثُ حَيّٗا ﴿٣٣﴾ ذَٰلِكَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ ﴾ مریم: ٣٣ - ٣٤. واتە: سڵاوی پەروەردگارم لەسەرە ئەو ڕۆژەی کە لەدایک بووم و ئە ڕۆژەش کە دەمرم، ئەو ڕۆژەش کە زیندوو دەکرێمەوە.. ئا ئەوەیە عیسای کوڕی مەریەم.

مەبەستیشی لەوەی کە خوای گەورە سەلامی لە حەزرەتی یەحیا کردووە؛ ئەم ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَسَلَٰمٌ عَلَيۡهِ يَوۡمَ وُلِدَ وَيَوۡمَ يَمُوتُ وَيَوۡمَ يُبۡعَثُ حَيّٗا ﴿١٥﴾ ﴾ مریم: ١٥ . واتە: درودو سەلامی خوای لەسەر بێت لە ڕۆژەدا کە لە دایک بوو و لەو ڕۆژەدا کە وەفات دەکات، لەو ڕۆژەشدا کە هەڵدەستێت و زیندوو دەبێتەوە.

واتە: کوڕی موبارەك لە مەعمەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: (کاتێ حەزرەتی یەحیا منداڵ بـو) منداڵەوورده بە حەزرەتی یەحیـای کـوڕی حەزرەتی زەکەریایـان (سـەلامی خوایـان لەسـەر بێت) گوت: وەرە لەگەڵمانا با بچین یاری بکەین! حەزرەتی زەکەریا فەرمووی: بۆ مەگەر بۆ یاری بەدیهێنراوین!

٣٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا عَبْدُ الرَّزَّاق، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد بْنُ مَعْقِل قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّه يَقُولُ: «نَادَى مُنَادٍ منَ السَّمَاء أَنَّ يَحْيَى بْنَ زَكَرِيَّا سَيِّدُ مَنْ وَلَدَتِ النِّسَاءُ، وَأَنَّ جُورْجِيسَ سَيِّدُ الشُّهَدَاء».

واتە: عەبدولصەمەدی کوڕی مەعقیل دەفەرموێت: گوێم لە وەهبی کوڕی موننەبیهـ بـوو دەیفەرموو: جارچییەك لە ئاسمانەوە جاڕی داو گوتی: یەحیای کوڕی زەکەریا سەییدو گەورەیە هەمـوو ئەو کەسـانەیە کە لە ژن هـاتونەتە دونیـا (واتە: گەورەی هەمـوو مرۆڤەکـانە) بەڕاستی جورجیسیش گەورەی هەموو شەهیدەکانە.

٣٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ عَمْرو، عَنْ يَحْيَى بْن جَعْدَةَ عَن النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: «لَمْ يَهُمَّ يَحْيَى بْنُ زَكَرِيَّا بِخَطِيئَةٍ، وَلَا حَاكَ فِي صَدْرِه امْرَأَةٌ».

واتە: لە یەحیـای کـوڕی جەعـدەوە دەگێـڕنەوە؛ ئەویـش لە پێغەمـبەری خـوداوە(ﷺ) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: یەحیای کوڕی زەکەریا هەرگیز تاوان نەهاتووە بە بیرو خەیاڵیشیا؛ هەرگیز هیچ ژنێکیش نەچوە بە دڵیا.

٤٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا الْفَضْلُ، عَنِ الْحَسَن: " قَالَ لُقْمَانُ لابْنه: يَا بُنَيَّ، لَا تَأْكُلْ شِبَعًا فَوْقَ شِبَعٍ؛ فَإِنَّكَ إِنْ تُلْقِه بِنَبْذِه لِلْكَلْبِ خَيْرٌ لَكَ مِنْ ذَلِكَ ".

واتە: فەزڵ لە حەسـەنەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: لـوقمان بە کـوڕەکەی گـوت: ڕۆڵە! لەسەر زگی تێر هیچ مەخۆ؛ چونکە ئەگەر ئەو پاروە فڕێ بدەیت بۆ سەگێک بیخوا ئەوە لەوە باشترە کە خۆت بیخۆی.

٤٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، حَدَّثَنَا أَبُو أُمَيَّةَ بْنُ فَضَالَةَ قَالَ: سَمِعْتُ مُحَمَّدَ بْنَ وَاسِعٍ يَقُولُ: قَالَ أَبُو ذَرٍّ: " أَوْصَانِي خَلِيلِي بِسَبْعٍ: أَنْ أَنْظُرَ إِلَى مَنْ هُوَ أَسْفَلَ مِنِّي، وَلَا أَنْظُرَ إِلَى مَنْ هُوَ فَوْقِي، وَأَنْ أُحِبَّ الْمَسَاكِينَ، وَأَدْنُوَ مِنْهُمْ، وَأَنْ أَقُولَ بِالْحَقِّ، وَإِنْ كَانَ مُرًّا، وَأَنْ لَا أَسْأَلَ أَحَدًا شَيْئًا، وَأَنْ أَصِلَ رَحِمِي وَإِنْ أَدْبَرَتْ، وَأَنْ لَا أَخَافَ فِي الله لَوْمَةَ لَائِمٍ، وَأَنْ أُكْثِرَ مِنْ قَوْلِ: لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِالله ".

واتە: موحەممەدی کوڕی واسیع دەفەرموێت: ئەبوزەڕ فەرمووی: خۆشەویستەکەم (واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ)) حەوت خاڵی بۆ کردم بە ئامۆژگاری (کە بریتی بوون لەمانە): هەمیشە سەیری ئەو کەسانەی بکەم کە لە خوار خۆمەوەن و سەیری ئەو کەسانە نەکەم کە لە سەروی خۆمەوەن؛ هەروەها هەژارانم خۆش بوێت و لێیان نزیك ببمەوە؛ هەروەها قسەی هەق بکەم ئەگەرچی تاڵیش بێت؛ هەروەها داوای هیچ شتێ لە هیچ کەسێک نەکەم؛ هەروەها سیلەی ڕەحم بەجێ بهێنم و هاتوچۆی خزمەکانم بکەم ئەگەرچی ئەوانیش هاتوچۆی من نەکەن؛ هەروەها لەبەر خوای گەورە لە سەرکۆنەی سەرکۆنەکران سڵ نەکەمەوە؛ هەروەها زۆر زیکری لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ بکەم.

٤٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، أَخْبَرَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا أَبُو بَكْرٍ الْحَنَفِيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْحَمِيدِ بْنُ جَعْفَرٍ الْأَنْصَارِيُّ، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ بْنُ الْحَسَنِ بْنِ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ عَلَيْهِمُ السَّلَامُ أَنَّ أَمَةَ اللهِ فَاطِمَةَ بِنْتَ حُسَيْنٍ حَدَّثَتْهُ أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «إِنَّ مِنْ شِرَارِ أُمَّتِي الَّذِينَ غُذُّوا بِالنَّعِيمِ، الَّذِينَ يَطْلُبُونَ أَلْوَانَ الطَّعَامِ، وَأَلْوَانَ الثِّيَابِ، يَتَشَادَقُونَ بِالْكَلَامِ».

واتە: عەبدولحەمیدی کوڕی جەعفەری ئەنصاری دەفەرموێت: حەسەنی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلیی کوڕی ئەبو تالیب (سەلامی خوای لەسەر بێت) بۆی گێڕامەوە و فەرمووی: بەندەی خودا فاتیمەی کچی حوسەین بۆی گێراوەتەوە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: بەڕاستی بەشێک لە خراپترینی گەلەکەی من ئەو کەسانەن کە بە نازونیعمەت پەروەردە کراوون؛ ئەوانەی کە جۆرەها خواردنیان دەوێت و جۆرەها پۆشاك دەپۆشن و لە کاتی قسەکردنیشا هەموو قسەیەک بێت بەدەمیانا (و هیچ قسەیەک نەخۆنەوە و چاک و خراپ بڵێن).

٤٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ، حَدَّثَنَا ابْنُ عَوْنٍ، عَنْ مُحَمَّدٍ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دَخَلَ عَلَى بِلَالٍ رَحِمَهُ اللهُ فَرَأَى عِنْدَهُ صُبْرًا مِنْ تَمْرٍ، فَقَالَ لَه: «مَا هَذَا؟» قَالَ: «هَذَا تَمْرٌ ادَّخَرْتُهُ» قَالَ: «أَفَمَا تَخَافُ أَنْ يَكُونَ لَه بُخَارٌ فِي نَارِ جَهَنَّمَ؟ أَنْفِقْ بِلَالُ، وَلَا تَخْشَ مِنْ ذِي الْعَرْشِ إِقْلَالًا».

واتە: لە موحەممەدەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) تەشریفی برد بۆ لای بیلال دەبینێ کۆیەک خورمای لایە؛ پێی فەرموو: ئەمە چییە؟ بیلال گوتی: ئەمە هەندێ خورمایەو پاشەکەوتم کردووە! پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی تۆ ناترسی ئەمە لە دۆزەخا هەڵمی هەبێ؟ ئەی بیلال بیبەخشەو لە خاوەن عەرش مەترسە کە ڕۆزیت پێ نەدات.

٤٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الهيْثَمُ بْنُ حُمَيْد، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مُسْلِم، أَخْبَرَنَا عُثْمَانُ بْنُ عَبْدِ الله بْنِ أَوْس، عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ هُرْمُزَ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ عَمْرو قَالَ: «إِنَّ أَحَبَّ شَيْءٍ إِلَى الله عَزَّ وَجَلَّ الْغُرَبَاءُ» قَالَ: قِيلَ: وَمَا الْغُرَبَاءُ؟ قَالَ: «الْفَرَّارُونَ بِدِينِهِمْ، يُجْمَعُونَ إِلَى عِيسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ».

واتە: لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: خۆشەویسترین شت بە لای پەروەردگارەوە ئەو کەسانەن کە نامۆو غەریبن.. گوترا: نامۆو غەریب کامانەن؟ فەرمووی: ئەوانەی لەبەر بەرژەوەندی ئایینەکەیان هەڵدێن؛ ئا ئەوانە لە ڕۆژی قیامەتدا لە عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) خڕ دەبنەوە.

٤٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبُو مُوسَى الْأَنْصَارِيُّ، أَخْبَرَنَا الْوَلِيدُ، عَنْ شُعْبَةَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ، أَوْ غَيْرِهِ قَالَ: " كَانَ مِنْ دُعَاءِ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: سُبْحَانَ مُسْتَخْرِجِ الشُّكْرِ بِالْعَطَاءِ، وَمُسْتَخْرِجِ الدُّعَاءِ بِالْبَلَاءِ ".

واتە: وەلید دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: شوعبەی کوڕی عەبدولعەزیز بوو یان کەسێکیتر بوو گوتی: یەکێک لە نزا و پاڕانەوەکانی پێغەمبەر داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) ئەمە بووە فەرموویەتی: پاك و بێگەردی بۆ ئەو کەسەی کە بە هۆی سوپاس و ستاییشەوە دەبەخشێت و بە هۆی نزا و پارانەوە مرۆڤ لە بەڵا و موسیبەت لا دەدات.

٤٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبُو عَبْدِ الله السُّلَمِيُّ، حَدَّثَنَا يَمَانُ بْنُ عَدِيٍّ، حِمْصِيٌّ عَنِ الْأَوْزَاعِيِّ قَالَ: " أَوْحَى الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَى دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: يَا دَاوُدُ أَلَا أُعَلِّمُكَ عَمَلَيْنِ إِذَا عَمِلْتَ بِهِمَا أَلَّفْتَ بِهِمَا وُجُوهَ النَّاسِ إِلَيْكَ، وَبَلَغْتَ بِهِمَا رِضَايَ؟ قَالَ: بَلَى، يَا رَبِّ قَالَ: احْتَجِزْ فِيمَا بَيْنِي وَبَيْنَكَ بِالْوَرَعِ، وَخَالِطِ النَّاسَ بِأَخْلَاقِهِمْ ".

واتە: حیمصی لە ئەوزاعیەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: خوای گەورە سروشی بۆ پێغەمبەر داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) نارد و فەرمووی: ئەی داوود! دەتەوێ دوو کارت فێر بکەم ئەگەر ئەو دوو کارە بکەیت خەڵکی هۆگری خۆت بکەیت و بە هۆی ئەو دوو کارەوە ڕەزامەندی منیش بەدەست بهێنی؟ داوود فەرمووی: ئەرەوەڵڵا.. خوای گەورە فەرمووی: لە نێوان خۆت و منا بە هۆی خۆپارێزی و وەرعەوە پەنام پێ بگرە؛ هەروەها بە شێوازو ئاکاری خەڵکەوە تێکەڵاوی خەڵکی بکە.

٤٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا شُجَاعُ بْنُ الْوَلِيد، عَنْ لَيْث بْن عَرَار عَنْ مُحَمَّد بْن جُحَادَةَ قَالَ: " أَوْحَى الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَى دَاوُدَ عَلَيْه السَّلَامُ: انْهَ الظَّالمينَ عَنْ ذكْرِي، وَعَنْ قُعُود في مَسَاجدي؛ فَإِنِّي جَعَلْتُ عَلَى نَفْسِي - أَوْ آلَيْتُ عَلَى نَفْسِي - أَنَّ مَنْ ذَكَرَني ذَكَرْتُهُ، وَإِنَّ الظَّالمَ إِذَا ذَكَرَني لَعَنْتُهُ ".

واته: لەیشی کوڕی عەرار لە موحەممەدی کوڕی جوحادەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: خوای گەورە سروشی بۆ داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) نارد و فەرمووی: نەهی بکە لە ستەمکاران با یاد و زیکری من نەکەن و لە ناو ماڵەکانی منا (واتە: لەناو مزگەوتەکانا) دانەنیشن؛ چونکە من ئەوەم لەسەر خۆم گێڕاوە کە هەر کەسێ یاد و زیکرم بکات ئادو زیکری بکەم؛ جا من هەر کاتێ یادی مرۆڤی ستەمکار بکەم نەفرەت و نەعلەتی لێ دەکەم!

زوهد و پارسایی پێغەمبەر ئیبراهیمی خەلیل
(سەلامی خوای لەسەر بێت)

٤٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، أَخْبَرَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا أَبُو عِمْرَانَ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ رَبَاحٍ الْأَنْصَارِيِّ، عَنْ كَعْبٍ قَالَ: " إِنَّ إِبْرَاهِيمَ عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ قَالَ: يَا رَبِّ، إِنَّهُ لَيَحْزُنُنِي أَنْ لَا أَرَى أَحَدًا فِي الْأَرْضِ يَعْبُدُكَ غَيْرِي فَأَنْزَلَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ إِلَيْهِ مَلَائِكَةً يُصَلُّونَ مَعَهُ ".

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی ڕەباحی ئەنصاری لە کەعبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەڕاستی حەورەتی ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: پەروەردگارا! من زۆر بەوە خەمبارم کە لەسەرزەویدا جگە لەخۆم کەسێک نابینم کە تۆ بپەرستێ! خوای گەورە کۆمەڵێک فریشتەی نارد تا لەگەڵیا نوێژ بکەن.

٤٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، أَخْبَرَنَا جَعْفَرٌ، أَخْبَرَنَا أَبُو عِمْرَانَ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ رَبَاحٍ، عَنْ كَعْبٍ، ﴿إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّٰهٌ مُّنِيبٌ ۝٧٥﴾ هود: ٧٥ قَالَ: " كَانَ إِذَا ذَكَرَ النَّارَ قَالَ: أَوَاهُ أَوَاهُ مِنَ النَّارِ ".

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی ڕەباح لە کەعبەوە دەگێڕێتەوە کە لە تەفسیری ئایەتی:﴿إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّٰهٌ مُّنِيبٌ ۝٧٥﴾ هود: ٧٥ فەرموویەتی: ئیبراهیم هەر کاتێ ئاگری وەبیر بکەوتایەتەوە دەیفەرموو: ئاه ئاه لە ئاگر!

٤١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، أَخْبَرَنَا الصَّلْتُ بْنُ مَسْعُودٍ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ زَيْدٍ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ الضُّبَعِيُّ، عَنِ ابْنِ أَبِي مُلَيْكَةَ قَالَ: " لَمَّا تُوُفِّيَ إِبْرَاهِيمُ عَلَيْهِ السَّلَامُ لَقِيَ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ، فَقِيلَ لَهُ: يَا إِبْرَاهِيمُ، كَيْفَ وَجَدْتَ الْمَوْتَ؟ قَالَ: يَا رَبِّ، وَجَدْتُ نَفْسِي تَنْزِعُ بِالْبَلَاءِ، فَقِيلَ: فَقَدْ هَوَّنَّا عَلَيْكَ ".

واتە: لە کوڕی باوکی مولەیکەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: کاتێ حەزرەتی ئیبراهیم لە دونیا دەرچو؛ گەیشتە خزمەت خوای گەورە؛ پێی گوترا: ئیبراهیم! مردنت چۆن بینی؟ فەرمووی: ئەی پەروەردگار! وام بینی کە هەموو گیانم تووشی بەلاّ و موسیبەت بووە! پێی گوترا: دەی ئێمە مردنمان لەسەر تۆ زۆر سوك کرد.

٤١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: حَدَّثَنِي أَبو عَبْد الله السُّلَمِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ يَحْيَى بْنَ سَلْم، عَمَّنْ ذَكَرَهُ قَالَ: «كَانَ يَعْقُوبُ أَكْرَمَ أَهْلِ الْأَرْضِ عَلَى مَلَك الْمَوْت» قَالَ: " وَإِنَّ مَلَكَ الْمَوْت عَلَيْه السَّلَامُ اسْتَأْذَنَ رَبَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى فِي أَنْ يَأْتِي يَعْقُوبَ، فَأَذِنَ له، فَجَاءَهُ، فَقَالَ له يَعْقُوبُ: يَا مَلَكَ الْمَوْت، أَسْأَلُكَ بِالَّذِي خَلَقَكَ، أَوْ بِالَّذِي سَأَله: هَلْ قَبَضْتَ نَفْسَ يُوسُفَ فِيمَنْ قَبَضْتَ مِنَ النُّفُوس؟ قَالَ: لاَ، قَالَ له مَلَكُ الْمَوْت: يَا يَعْقُوبُ، أَلَا أُعَلِّمُكَ كَلِمَات؟ - أَوْ قَالَ: شَيْئًا؟ قَالَ: بَلَى قَالَ: قُلْ: يَا ذَا الْمَعْرُوف الَّذِي لاَ يَنْقَطِعُ أَبَدًا، وَلاَ يُحْصِيه غَيْرُكَ " قَالَ: «فَدَعَا بِهَا يَعْقُوبُ، فِي تِلْكَ اللَّيْلَة، فَلَمْ يَطْلُع الْفَجْرُ حَتَّى طُرِحَ الْقَمِيصُ عَلَى وَجْهِه فَارْتَدَّ بَصِيراً».

واتە: باوکی عەبدوڵڵای سولەمی دەفەرموێت: گوێم لە یەحیای کوڕی سەلم بوو ئەویش لە کەسێکی گێڕایەوە و فەرمووی: حەزرەتی یەعقوب خۆشەویسترین کەسی سەرزەوی بوو بە لای فریشتەی گیان کێشانەوە. دەفەرموێت: جا فریشتەی گیانکێشان داوای مۆڵەتی لە خوای گەورە کرد کە بڕوا بۆ خزمەتی یەعقوب؛ خوای گەورە مۆڵەتی پێداو ڕۆیشت بۆ لای؛ یەعقوب پێی فەرموو: ئەی فریشتەی گیانکێشان! سوێندت دەدەم بەو کەسەی کە تۆی دروست کردووە ئایا لەناو ئەو کەسانەدا کە گیانت کێشاوون؛ یوسفی تێدایەو گیانت کێشاوە؟ فەرمووی: نەخێر! دوایی فریشتەی گیانکێشان پێی فەرموو: ئەی یەعقوب! دەتەوێ چەند وشەیەکت فێر بکەم؟. یان فەرمووی: دەتەوێ شتێکت فێر بکەم؟. فەرمووی: بەڵێ! فەرمووی: دە بڵێ: ئەی خاوەن ئەو چاکانەی کە هەرگیز کۆتاییان نایەت و جگە لە خۆت کەس ناتوانێ هەژماریان بکات! دەفەرموێت: جا یەعقوب هەر ئەو شەوە بەو زیکرە لە خوای گەورە پاڕایەوە؛ هەر ئەو شەوە پێش ئەوەی ڕۆژ ببێتەوە و خۆر بکەوێ؛ کراسەکەی یوسفی بۆ هاتەوە و خستیانە سەر چاوەکانی و چاوەکانی چاک بویەوە.

٤١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: حَدَّثَنِي أَبو عَبْد الله السُّلَمِيُّ، أَخْبَرَنَا رَوْحُ بْنُ عبَادَةَ، عَنْ قَزَعَةَ بْن سُوَيْد، عَنْ أَبِي عَبْد الله مُؤَذِّن الطَّائف قَالَ: " جَاءَ جِبْرِيلُ إِلَى يُوسُفَ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ فَقَالَ: «يَا يُوسُفُ، اشْتَدَّ عَلَيْكَ الْحَبْسُ؟» قَالَ: «نَعَمْ» قَالَ: " قُل: اللهمَّ اجْعَلْ لِي مِنْ كُلِّ مَا أَهَمَّنِي، وَكَرَبَنِي مِنْ أَمْر دُنْيَايَ، وَأَمْر آخرتي، فَرَجًا وَمَخْرَجًا، وَارْزُقْنِي مِنْ حَيْثُ لَا أَحْتَسِبُ، وَاغْفِرْ لِي ذَنْبِي، وَثَبِّتْ رَجَائِي، وَاقْطَعْهُ عَمَّنْ سوَاكَ؛ حَتَّى لَا أَرْجُوَ أَحَدًا غَيْرَكَ ".

واتە: لە باوکی عەبدوڵڵا؛ بانگدەری تائیف دەگێڕنەوە فەرموویەتی: جبریل هاتە خزمەت حەزرەتی یوسف (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: ئەی یوسف! لە زیندان بێزار بویت؟ یوسف فەرمووی: ئەرەوەڵڵا! فەرمووی: دەی بڵێ: پەروەردگارا! لە هەموو ئەو شتانە ڕزگارم بکە کە لە کاروباری دونیادا بوونەتە مایەی خەم و خەفەت! هێندە ڕزق و ڕۆزیم پێ ببەخشە کە نەتوانم هەژماریان بکەم و لە تاوانەکانیشم خۆش ببەو هیوا بڕاووم مەکەو هیوام لە غەیری خۆت ببڕە بۆ ئەوەی جگە لەتۆ بە هیوای هیچ کەسێک نەبم!

٤١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيدٍ، عَنْ سُلَيْمَانَ يَعْنِي: التَّيْمِيَّ، عَنْ أَبِي عُثْمَانَ قَالَ: «أُرْسِلَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ أَسَدَانِ قَدْ جُوِّعَا، فَلَحِسَاهُ، وَسَجَدَا لَه».

واتە: لە سولەیمانی تەیمییەوە ئەویش لە باوکی عوسمانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: دوو شێری برسی نێردرانە گیانی حەزرەتی ئیبراهیم؛ شێرەکان ئەویان لستەوە و سەجدەیان بۆ برد!

٤١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ فُلْفُلٍ، رَجُلٌ مِنْ آلِ أَبِي لَيْلَى، عَنْ عَلِيٍّ عَلَيْهِ السَّلَامُ فِي قَوْلِهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: ﴿ قُلْنَا يَٰنَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ ﴿٦٩﴾ ﴾ الأنبياء: ٦٩ قَالَ: لَوْلَا أَنَّهُ قَالَ: ﴿ وَسَلَٰمًا ﴾ لَقَتَلَه بَرْدُهَا.

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی فولفول کە پیاوێک بووە لە بنەماڵەی باوکی لەیلا؛ لە عەلی (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەگێڕێتەوە سەبارەت بە تەفسیری ئایەتی: ﴿ قُلْنَا يَٰنَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ ﴿٦٩﴾ ﴾ الأنبياء: ٦٩. واتە: ئێمە فرمانمان کرد و گوتمان: ئەی ئاگر! ساردو سەلامەت بە لەسەر ئیبراهیم! فەرموویەتی: ئەگەر خوای گەورە نەیفەرمویا ﴿وَسَلَٰمًا﴾. سەلامەت بە! ئەوا سەرمای ئەو ئاگرە ئیبراهیمی دەکوشت.

٤١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ عَمْرِو بْنِ قَيْسٍ، عَنِ الْمِنْهَالِ بْنِ عَمْرٍو، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ الْحَارِثِ، عَنْ عَلِيٍّ عَلَيْهِ السَّلَامُ قَالَ: «أَوَّلُ مَنْ يُكْسَى يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِبْرَاهِيمُ عَلَيْهِ السَّلَامُ قُبْطِيَّةً، ثُمَّ يُكْسَى النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حُلَّةً حِبَرَةً، وَهُوَ عَلَى يَمِينِ الْعَرْشِ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی حارث لە عەلییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: یەکەم کەسێ کە لە ڕۆژی قیامەتدا پۆشتە دەکرێتەوە ئیبراهیمە! پۆشاکێکی ناسکی لەبەر دەکرێت کە لە کەتان دروست کراوە؛ دوای ئەو دوو دەست پۆشاکی هاوێنە لەبەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکرێت؛ پۆشاکەکان لە کەتان یان لۆکە دروست کراون و خەت خەتین.

٤١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ اللهِ الْقَوَارِيرِيُّ، حَدَّثَنَا مُعَاذٌ يَعْنِي ابْنَ هِشَامٍ، حَدَّثَنِي أَبِي، عَنْ عَامِرٍ الْأَحْوَلِ، عَنْ عَبْدِ الْمَلِكِ بْنِ عَامِرٍ، عَنْ نَوْفٍ الْبِكَالِيِّ قَالَ: " قَالَ إِبْرَاهِيمُ عَلَيْهِ السَّلَامُ: يَا رَبِّ، إِنَّهُ لَيْسَ فِي الْأَرْضِ أَحَدٌ يَعْبُدُكَ غَيْرِي، فَأَنْزَلَ اللهُ سُبْحَانَهُ ثَلَاثَةَ آلَافِ مَلَكٍ، فَأَمَّهُمْ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ ".

واتە: لە نەوفی بیکالییەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: پەروەردگارا! لەم سەرزەوییەدا جگە لەمن کەسیتر ناتپەرستێ! ئیتر خوای گەورە سێ هەزار فریشتەی ڕەوانە کرد و حەزرەتی ئیبراهیم سێ ڕۆژ بەرنوێژی بۆ دەکردن.

٤١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، أَخْبَرَنَا أَبُو هِلَالٍ، وَحَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا شَيْبَانُ، أَخْبَرَنَا أَبُو هِلَالٍ، حَدَّثَنَا بَكْرٌ قَالَ: " لَمَّا أُلْقِيَ إِبْرَاهِيمُ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي النَّارِ، جَأَرَتْ عَامَّةُ الْخَلِيقَةِ إِلَى رَبِّهَا؛ فَقَالُوا: يَا رَبِّ، خَلِيلُكَ يُلْقَى فِي النَّارِ، فَأْذَنْ لَنَا نُطْفِئْ عَنْهُ، قَالَ: هُوَ خَلِيلِي، لَيْسَ لِي فِي الْأَرْضِ خَلِيلٌ غَيْرُهُ، وَأَنَا رَبُّهُ، لَيْسَ لَهُ رَبٌّ غَيْرِي، فَإِنِ اسْتَغَاثَ بِكُمْ فَأَغِيثُوهُ، وَإِلَّا فَدَعُوهُ " قَالَ: " فَجَاءَ مَلَكُ الْقَطْرِ، فَقَالَ: يَا رَبِّ، خَلِيلُكَ يُلْقَى فِي النَّارِ، فَأْذَنْ لِي أَنْ أُطْفِئَ عَنْهُ بِالْقَطْرِ فَقَالَ: هُوَ خَلِيلِي؛ لَيْسَ فِي الْأَرْضِ خَلِيلٌ غَيْرُهُ، وَأَنَا رَبُّهُ، لَيْسَ لَهُ رَبٌّ غَيْرِي، فَإِنِ اسْتَغَاثَكَ فَأَغِثْهُ، وَإِلَّا فَدَعْهُ، فَلَمَّا أُلْقِيَ فِي النَّارِ، دَعَا رَبَّهُ بِدُعَاءٍ، نَسِيَهُ أَبُو هِلَالٍ " قَالَ: " فَقَالَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ قُلْنَا يَٰنَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ ﴿٦٩﴾ ﴾ الأنبياء: ٦٩ " قَالَ: «فَبَرَدَتْ يَوْمَئِذٍ عَلَى أَهْلِ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ، فَلَمْ يُنْضَجْ مِنْهَا كُرَاعٌ».

واتە: باوکی هیلال دەفەرموێت: بەکر بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: کاتێ کە حەزرەتی ئیبراهیم فڕێ درایە ناو ئاگرەوە؛ هەموو دروستکراوەکان پەنایان بردە خوای گەورە و گوتیان: پەروەردگارا! دۆستە خۆشەویستەکەت فڕێ دەدرێتە ناو ئاگرەوە! مۆڵەتمان بدە با هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکە بدەین! خوای گەورە فەرمووی: ئیبراهیم تاکە خۆشەویستی منەو لەسەرزەویدا جگە لە ئەو هیچ خۆشەویستێکم نییە؛ منیش پەروەردگاری ئەووم و ئەو جگە لەمن هیچ پەروەردگارێکی نییە؛ ئەگەر هاواری تێکردن ئەوا یارمەتیی بدەن؛ ئەگینا لێیگەڕێن! دەفەرموێت: فریشتەی سەرپەرشتیاری باران هات و فەرمووی: پەروەردگارا! دۆستە خۆشەویستەکەت فڕێ دەدرێتە ناو ئاگرەوە؛ مۆڵەتم بدە با بە باران ئاگرەکە بکوژێنمەوە.. خوای گەورە فەرمووی: ئیبراهیم تاکە خۆشەویستی منەو لەسەرزەویدا جگە لە ئەو هیچ خۆشەویستێکم نییە؛ منیش پەروەردگاری ئەووم و ئەو جگە لەمن هیچ پەروەردگارێکی نییە؛ ئەگەر هاواری تێکردی ئەوا یارمەتیی بدە؛ ئەگینا لێیگەڕێ! جا کاتێ

فڕێ درایە ناو ئاگرەوە ئیبراهیم لە خوا پاڕایەوە و فەرمووی: . باوکی هیلال پاڕانەوەکەی لە بیر چو . فەرمووی: جا خوای گەورە فەرمووی: (مانای ئایەتەکە) ئەی ئاگر! ساردو سەلامەت بە لەسەر ئیبراهیم! دەفەرموێت: ئەوێ ڕۆژێ ئاگر لەسەر هەمووان . هەر لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژ ئاوا . سارد بویەوە و تەنانەت هیچ گۆشتێک بە ئاگر نەکوڵێنرا! (واتە: ئاگر نەیتوانی هیچ خواردنێک بکوڵێنێ) .

٤١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَنْبَأَنَا اللَّيْثُ بْنُ خَالد أَبو بَكْر الْبَلْخيُّ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ ثَابت الْعَبْديُّ، عَنْ مُوسَى بْن أَبِي بَكْر، عَنْ سَعيد بْن جُبَيْرٍ قَالَ: «لَمَّا رَأَى إِبْرَاهِيمُ عَلَيْه السَّلَامُ في الْمَنَام ذَبْحَ إِسْحَاقَ سَارَ بِه منْ مَنْزِله إِلَى الْمَنْحَر مَسيرَةَ شَهْر في غَدَاة وَاحدَة، فَلَمَّا صُرِفَ عَنْهُ الذَّبْحُ، وَأُمرَ بِذَبْح الْكَبْش ذَبَحَهُ، ثُمَّ رَاحَ بِه، رَوَاحًا إِلَى مَنْزِلِه، في عَشيَّة وَاحدَة، مَسيرَةَ شَهْر؛ هُوِّنَتْ لَه الْأَوْدِيَةُ وَالْجِبَالُ».

واتە: لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: کاتێ ئیبراهیم لە خەویا فرمانی پێکرا کە ئیسحاقی کوڕی بکات بە قوربانی؛ ئیسحاقی لە ماڵەوە برد بۆ شوێنی سەربڕینەکە؛ لە ماوەی یەک بەیانیدا هێندەی مانگێک ڕێگا؛ دووری خستەوە؛ جا دوای ئەوەی قوربانیکردنەکەی لەسەر لاچو و فرمانی پێکرا بەرانەکە سەر ببڕێ؛ هەر ئەو ئێوارەیە بەرانەکەی هێنایەوە بۆ ماڵ و بە یەک ئێوارە گەیشتەوە ماڵ؛ ڕێگاکەی ڕێگای یەک مانگ بوو؛ ڕێ کردنی سەر شیوو دۆڵ و چیاکانی بۆ ئاسانکرا.

زوهد و پارسایی پێغەمبەر یوسف
(سەلامی خوای لەسەر بێت)

٤١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أبي، أَخْبَرَنَا إِسْمَاعِيلُ، أَنْبَأَنَا يُونُسُ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ نَبِيُّ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " رَحِمَ الله يُوسُفَ لَوْلَا كَلِمَتُهُ مَا لَبِثَ فِي السِّجْنِ طُولَ مَا لَبِثَ. قَوْلُه: ﴿ٱذْكُرْنِى عِندَ رَبِّكَ﴾ يوسف: ٤٢ " ثُمَّ يَبْكِي الْحَسَنُ، وَيَقُولُ: وَنَحْنُ إِذَا نَزَلَ بِنَا أَمْرٌ فَزِعْنَا إِلَى النَّاسِ.

واتە: حەسەن دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ڕەحمەتی خوای گەورە لەسەر یوسف بێ؛ ئەگەر بەهۆی قسەکەی خۆی نەبوایە ئەو ماوە درێژە لە زیندانا نەدەمایەوە، ئەها (بە هاوڕێکەی) فەرموو: لە لای خودانەکەی خۆت باسی من بکە! دوایی حەسەن دەگریاو دەیفەرموو: ئێمەیش کاتێ شتێکمان لێ دەقەومێ پەنا بۆ ئەم ئەو دەبەین!

٤٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أبي، أَخْبَرَنَا إِسْمَاعِيلُ، أَخْبَرَنَا يُونُسُ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ نَبِيُّ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «رَحِمَ الله يُوسُفَ لَوْ أَنَا جَاءَنِي الرَّسُولُ بَعْدَ طُولِ السِّجْنِ لَأَسْرَعْتُ لِلْإِجَابَةِ».

واتە: حەسەن دفەرموێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ڕەحمەتی خوا لەسەر یوسف بێ: ئەگەر من لەجێی ئەو بومایەو نێردەی پادشا بهاتایە بۆ ئەوەی ئازادم بکات؛ یەکسەر دەمگوت: باشە (مەبەستی ئەوەیە کاتێ نێردەی پاشا هات بۆ ئەوەی حەزرەتی یوسف ئازاد بکات و بیبا بۆ لای پاشا؛ حەزرەتی یوسف یەکسەر لە زیندان نەڕۆیشتە دەرەوە، بەڵکوو فەرمووی: ﴿وَقَالَ ٱلْمَلِكُ ٱئْتُونِى بِهِۦ فَلَمَّا جَآءَهُ ٱلرَّسُولُ قَالَ ٱرْجِعْ إِلَىٰ رَبِّكَ فَسْـَٔلْهُ مَا بَالُ ٱلنِّسْوَةِ ٱلَّـٰتِى قَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ إِنَّ رَبِّى بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ ۝٥٠﴾ یوسف: ٥٠. واتە: ساقی گەڕایەوە بۆ لای پاشا ولێکدانەوەکەی یوسفی بۆ باس کرد، زۆری بەدڵ بوو، بۆیە پاشاش وتی): ئادەی بچن بۆم بهێنن،جا کاتێک کە ڕەوانەکراوەکەی پاشا گەیشتە لای یوسف و (وتی: پاشا داوات دەکات،یوسف) وتی: بگەڕێرەوە بۆ لای پاشا و جا پێی بڵێ: هۆی چی بوو ئەو ئافرەتانە کاتی خۆی دەستی خۆیان بڕی و برینداریان کرد (ئایا من

هیچ تـاوانێکم لەوەدا هەیـە؟!) بەڕاسـتی هـەر پـەروەردگارم بـە ئاگایـە لە فێـڵ و تەڵەکـە و پیلانیان).

٤٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا إِسْمَاعِيلُ، عَنْ يُونُسَ قَالَ: قَالَ الْحَسَنُ: «أُلْقِيَ يُوسُفُ فِي الْجُبِّ، وَهُوَ ابْنُ سَبْعَ عَشْرَةَ سَنَةً، فَكَانَ فِي الْعُبُودِيَّةِ، وَفِي السِّجْنِ، وَفِي الْمُلْكِ ثَمَانِينَ سَنَةً، ثُمَّ جُمِعَ له شَمْله، فَعَاشَ ثَلَاثًا وَخَمْسِينَ سَنَةً».

واتە: لە یونسەوە دەگێڕنەوە؛ ئەویش لە حەسەنەوە فەرموویەتی: حەزرەتی یوسف تەمەنی حەوت سـاڵان بـوو کە فڕێ درایە نـاو بیرەکەوە؛ بە کۆیلایەتی و زیندان و بەرپرسیارێتیەوە هەشـتا سـاڵی تێپەڕانـد؛ دوایـی هەمـوو کاروبارەکـانی بـۆ ڕێکخـرا (واتە: بە دیـداری بـاوك و کەسوکاری شادو شوکور بویەوەو) دوای ئەوە پەنجاو سێ ساڵیتر ژیا.

٤٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا هَيْثَمُ بْنُ خَارِجَةَ، أَخْبَرَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ عَيَّاشٍ، عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ سُلَيْمٍ، عَنْ يَحْيَى بْنِ جَابِرٍ، عَنْ يَزِيدَ بْنِ مَيْسَرَةَ قَالَ: " كَانَ طَعَامُ يَحْيَى بْنِ زَكَرِيَّا عَلَيْهِمَا السَّلَامُ الْجَرَادُ وَقُلُوبُ الشَّجَرِ، وكَانَ يَقُولُ: مَنْ أَنْعَمُ مِنْكَ، يَا يَحْيَى، طَعَامُكَ الْجَرَادُ، وَقُلُوبُ الشَّجَرِ ".

واتە: یەحیـای کـوڕی جـابر لە یەزیـدی کـوڕی مەیسـەرەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: خۆراکی یەحیای کوڕی زەکەریا (سڵاوی خوایـان لەسـەر بێت) کوللەو پیـوی دارو درەخت بـوو؛ زۆر جـار دەیفەرمـوو: یەحیـا! کێ لەتـۆ ژیـانی خۆشـترە؟ خواردنـت کـوللەو پیـوی دارو درەختە!

٤٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالد، حَدَّثَنِي عُمَرُ بْنُ عُبَيْد، أَنَّهُ سَمِعَ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّهٍ يَقُولُ: " إِنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ فَتَحَ السَّمَاوَات لحزْقِيلَ حَتَّى نَظَرَ إِلَى الْعَرْشِ - أَوْ كَمَا قَالَ - فَقَالَ حِزْقِيلُ: سُبْحَانَكَ، مَا أَعْظَمَكَ، يَا رَبِّ، فَقَالَ الله: إِنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَمْ تُطِقْ أَنْ تَحْمِلَنِي، وَضِقْنَ مِنْ أَنْ تَسَعَنِي، وَسِعَنِي قَلْبُ الْمُؤْمِنِ الْوَارِعِ اللَّيِّنِ ".

واتە: عـومەری کـوڕی عوبەیـد دەگێـڕێتەوە کە گـوێی لە وەهبـی کـوڕی موننەبیهـ بـووە فەرموویەتی: خوای گەورە و میهرەبان دەرگاکانی عەرشی کردەوە بۆ حیزقیل تەنانەت سەیری عەرشی کرد. یـان شتێکی ئـاوای فەرمو. جا حیزقیـل فەرمـووی: پـاك و بێگـەردی بـۆ تـۆ ئەی پەروەردگـار چەنـدە گەورە و مەزنی! خـوای گەورە فەرمـووی: بەڕاسـتی ئاسـمانەکان و زەوی نەیانتوانی من هەڵبگرن و هێندە تەنگ بوون جێگای منیان نەکردەوە؛ بەڵام دڵی نەرمی مرۆڤی باوەڕداری خۆپارێز جێگای منی تێدا بویەوە.

٤٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنَا مُحَمَّدُ بْنُ أَبِي بَكْرٍ الْمُقَدَّمِيُّ، حَدَّثَنَا سَلَّامُ بْنُ أَبِي الصَّهْبَاءِ، أَخْبَرَنَا ثَابِتٌ، عَنْ أَنَسٍ قَالَ: " أَوْحَى الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَى يُوسُفَ: مَنِ اسْتَنْقَذَكَ مِنَ الْقَتْلِ، إِذْ هَمَّ إِخْوَتُكَ أَنْ يَقْتُلُوكَ؟ قَالَ: أَنْتَ، يَا رَبِّ، قَالَ: فَمَنِ اسْتَنْقَذَكَ مِنَ الْجُبِّ، إِذْ أَلْقَوْكَ فِيهِ؟ قَالَ: أَنْتَ، يَا رَبِّ، قَالَ: فَمَا لَكَ ذَكَرْتَ آدَمِيًّا وَنَسِيتَنِي؟، قَالَ: كَلِمَةٌ تَكَلَّمَ بِهَا لِسَانِي، قَالَ: فَوَعِزَّتِي، لَأُخْلِدَنَّكَ السِّجْنَ بِضْعَ سِنِينَ ".

واتە: ثابت لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: خوای گەورە سروشی بۆ پێغەمبەر یوسف نارد و فەرمووی: کاتێ کە براکانت ویستیان بتکوژن؛ کێ تۆی لە کوشتن ڕزگار کرد؟ یوسف فەرمووی: تۆ ئەی پەروەردگارا فەرمووی: ئەی دوای ئەوەی تۆیان فڕێ دایە ناو بیرەکەوە؛ کێ تۆی لە بیرەکە ڕزگار کرد؟ فەرمووی: تۆ ئەی پەروەردگارا فەرمووی: ئەی باشە بۆچی باسی مرۆڤێکت کرد و منت لە بیر چویەوە؟ یوسف فەرمووی: پەروەردگارا! ئەوە قسەیەک بوو لە زمانم دەرچو، خوای گەورە فەرمووی: دەی سوێند بە دەسەلات و گەورەیی خۆم دەبێ چەند ساڵێک لە زیندانا بتهێڵمەوە!

٤٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ عَبْدِ السَّلَامِ حَدَّثَنِي عَبْدُ الصَّمَدِ بْنُ مَعْقِلٍ، حَدَّثَنِي وَهْبُ بْنُ مُنَبِّهٍ أَنَّ حِزْقِيلَ، كَانَ فِيمَنْ سَبَا بُخْتَنَصَّرَ مَعَ دَانِيَالَ بِبَيْتِ الْمَقْدِسِ، فَزَعَمَ حِزْقِيلُ أَنَّهُ كَانَ نَائِمًا عَلَى شَاطِئِ الْفُرَاتِ، فَأَتَاهُ مَلَكٌ، وَهُوَ نَائِمٌ، فَأَخَذَ بِرَأْسِهِ، فَاحْتَمَلَهُ حَتَّى وَضَعَهُ فِي خِزَانَةِ بَيْتِ الْمَقْدِسِ، قَالَ: فَرَفَعْتُ رَأْسِي إِلَى السَّمَاءِ، فَإِذَا السَّمَاوَاتُ مُنْفَرِجَاتٌ دُونَ الْعَرْشِ، قَالَ: فَبَدَا لِيَ الْعَرْشُ، وَمَنْ حَوْلَهُ، فَنَظَرْتُ إِلَيْهِمْ مِنْ تِلْكَ الْفُرْجَةِ، فَإِذَا الْعَرْشُ إِذْ نَظَرْتُ إِلَيْهِ مُظِلًّا عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ، وَإِذَا نَظَرْتُ إِلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَأَيْتُهُنَّ مُعَلَّقَاتٍ بِبَطْنِ الْعَرْشِ، وَإِذَا الْحَمَلَةُ أَرْبَعَةٌ مِنَ الْمَلَائِكَةِ، لِكُلِّ مَلَكٍ مِنْهُمْ أَرْبَعَةُ وُجُوهٍ: وَجْهُ إِنْسَانٍ، وَوَجْهُ نَسْرٍ، وَوَجْهُ أَسَدٍ، وَوَجْهُ ثَوْرٍ، فَلَمَّا أَعْجَبَنِي ذَلِكَ مِنْهُمْ، نَظَرْتُ إِلَى أَقْدَامِهِمْ، فَإِذَا هُمْ فِي تُخُومِ الْأَرْضِ، عَلَى عَجَلٍ تدوور لها أَعْيُنٌ، قَالَ: وَإِذَا مَلَكٌ قَائِمٌ بَيْنَ يَدَيِ الْعَرْشِ لَهُ سِتَّةُ أَجْنِحَةٍ، لها لَوْنٌ كَلَوْنِ فَرَعٍ، فَلَمْ يَزَلْ ذَلِكَ مَقَامَهُ، مُنْذُ خَلَقَ الله عَزَّ وَجَلَّ الْخَلْقَ إِلَى أَنْ تَقُومَ السَّاعَةُ، فَإِذَا هُوَ جِبْرِيلُ، قَالَ: وَإِذَا مَلَكٌ أَسْفَلَ مِنْ ذَلِكَ، أَعْظَمَ شَيْءٍ رَأَيْتُهُ مِنَ الْخَلْقِ، قَالَ: فَإِذَا هُوَ مِيكَائِيلُ، وَهُوَ خَلِيفَةٌ عَلَى مَلَائِكَةِ السَّمَاءِ، وَإِذَا مَلَائِكَةٌ يَطُوفُونَ بِالْعَرْشِ، مُنْذُ خَلَقَ الله عَزَّ وَجَلَّ الْخَلْقَ إِلَى أَنْ تَقُومَ السَّاعَةُ؛ يَقُولُونَ: قُدُّوسٌ، قُدُّوسٌ، رَبُّنَا الله، الَّذِي مَلَأَتْ عَظَمَتُهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ، وَإِذَا مَلَائِكَةٌ أَسْفَلَ مِنْ ذَلِكَ، لِكُلِّ مَلَكٍ مِنْهُمْ سِتَّةُ أَجْنِحَةٍ: جَنَاحَانِ

يَسْتُرُ بِهِمَا وَجْهَهُ مِنَ النُّورِ، وَجَنَاحَانِ يُغَطِّي بِهِمَا جَسَدَهُ، وَجَنَاحَانِ يَطِيرُ بِهِمَا، وَإِذَا هُمُ الْمَلَائِكَةُ الْمُقَرَّبُونَ، قَالَ: وَإِذَا مَلَائِكَةٌ أَسْفَلَ مِنْ ذَلِكَ: مِنْهُمُ السَّاجِدُ، وَمِنْهُمُ الْقَائِمُ، لَمْ يَزَالُوا كَذَلِكَ مُنْذُ خَلَقَ اللهُ الْخَلْقَ، إِلَى أَنْ تَقُومَ السَّاعَةُ، قَالَ: وَإِذَا مَلَائِكَةٌ أَسْفَلَ مِنْ ذَلِكَ: سُجُودٌ مُنْذُ خَلَقَ اللهُ الْخَلْقَ، إِلَى أَنْ يُنْفَخَ فِي الصُّورِ، رَفَعُوا رُءُوسَهُمْ، فَإِذَا نَظَرُوا إِلَى الْعَرْشِ، قَالُوا: سُبْحَانَكَ، مَا كُنَّا نَقْدِرُكَ حَقَّ قَدْرِكَ ثُمَّ رَأَيْتُ الْعَرْشَ تَدَلَّى مِنْ تِلْكَ الْفُرْجَةِ، فَكَانَ قَدْرَهَا، ثُمَّ أَفْضَى بِي إِلَى مَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ، وَكَانَ مِلْءَ مَا بَيْنَهُمَا، ثُمَّ دَخَلَ مِنْ بَابِ الرَّحْمَةِ، فَكَانَ قَدْرَهُ، ثُمَّ أَفْضَى بِي إِلَى الْمَسْجِدِ، فَكَانَ قَدْرَهُ، ثُمَّ وَقَعَ عَلَى الصَّخْرَةِ، فَكَانَ قَدْرَهَا، قَالَ: يَا ابْنَ آدَمَ، قَالَ: فَصَعِقْتُ، وَسَمِعْتُ صَوْتًا لَمْ أَسْمَعْ مِثْلَهُ قَطُّ، قَالَ: فَذَهَبْتُ أُقَدِّرُ ذَلِكَ الصَّوْتَ، فَإِذَا قَدْرُهُ كَعَسْكَرِ اجْتَمَعُوا، فَأَجْلَبُوا بِصَوْتٍ وَاحِدٍ، وَكَيْفِيَّةِ اجْتَمَعَتْ، فَتَدَافَعَتْ وَلَقِيَ بَعْضُهَا بَعْضًا، أَوْ هُوَ أَعْظَمُ مِنْ ذَلِكَ، قَالَ حِزْقِيلُ: فَلَمَّا صَعِقْتُ قَالَ: أَنْعِشُوهُ؛ فَإِنَّهُ ضَعِيفٌ، خُلِقَ مِنْ ضَعْفٍ ثُمَّ قَالَ: اذْهَبْ إِلَى قَوْمِكَ، فَأَنْتَ طَلِيعَتِي عَلَيْهِمْ؛ كَطَلِيعَةِ الْجَيْشِ، مَنْ دَعَوْتَهُ مِنْهُمْ، فَأَجَابَكَ، وَاهْتَدَى بِهُدَاكَ، فَلَكَ مِثْلُ أَجْرِهِ، وَمَنْ غَفَلْتَ عَنْهُ، حَتَّى يَمُوتَ ضَلَالًا، فَعَلَيْكَ مِثْلُ وِزْرِهِ، لَا يُخَفِّفُ ذَلِكَ مِنْ أَوْزَارِهِمْ شَيْئًا، قَالَ: ثُمَّ عُرِجَ بِالْعَرْشِ، وَاحْتُمِلْتُ، حَتَّى رُدِدْتُ إِلَى شَاطِئِ الْفُرَاتِ، فَبَيْنَا أَنَا نَائِمٌ عَلَى شَاطِئِ الْفُرَاتِ، إِذْ أَتَانِي مَلَكٌ فَأَخَذَ بِرَأْسِي، فَاحْتَمَلَنِي، حَتَّى أَدْخَلَنِي جَنْبَ بَيْتِ الْمَقْدِسِ، فَإِذَا أَنَا بِحَوْضِ مَاءٍ، لَا يَجُوزُ قَدَمِي، قَالَ: ثُمَّ أَفْضَيْتُ مِنْهُ إِلَى الْجَنَّةِ، فَإِذَا شَجَرُهَا عَلَى شُطُوطِ أَنْهَارِهَا، وَإِذَا هُوَ شَجَرٌ لَا يَتَنَاثَرُ وَرَقُهُ، وَلَا يَفْنَى ثَمَرُهُ، وَإِذَا فِيهِ الطَّلْعُ، وَالْغَضُّ، وَالْيَنِيعُ، وَالْقَطِيفُ، قَالَ: قُلْتُ: فَمَا لِبَاسُهَا؟ قَالَ: هُوَ ثِيَابٌ كَنَبَاتِ الْجَوْزِ؛ يَنْفَلِقُ عَنْ أَيِّ لَوْنٍ شَاءَ صَاحِبُهُ قُلْتُ: مَا أَزْوَاجُهَا؟ قَالَ: فَعُرِضْنَ عَلَيَّ، فَذَهَبْتُ لِأَقِيسَ حُسْنَ وُجُوهِهِنَّ، فَإِذَا هُنَّ لَوْ جُمِعَ الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ، كَانَ وَجْهُ إِحْدَاهُنَّ أَضْوَأَ مِنْهُمَا، وَإِذَا لَحْمُ إِحْدَاهُنَّ لَا يُوَارِي عَظْمَهَا، وَإِذَا عَظْمُهَا لَا يُوَارِي مُخَّهَا، وَإِذَا هِيَ إِذَا نَامَ عَنْهَا صَاحِبُهَا، اسْتَيْقَظَ وَهِيَ بِكْرٌ، قَالَ: فَعَجِبْتُ مِنْ ذَلِكَ، قَالَ حِزْقِيلُ: فَقِيلَ لِي: أَتَعْجَبُ مِنْ هَذَا؟ قَالَ: قُلْتُ: وَمَا لِي لَا أَعْجَبُ؟ قَالَ: فَإِنَّهُ مَنْ أَكَلَ مِنْ هَذِهِ الثِّمَارِ الَّتِي رَأَيْتَ خُلِّدَ، وَمَنْ تَزَوَّجَ مِنْ هَذِهِ الْأَزْوَاجِ انْقَطَعَ عَنْهُ الهَمُّ وَالْحَزَنُ، قَالَ: ثُمَّ أَخَذَ بِرَأْسِي، فَرَدَّنِي إِلَى حَيْثُ كُنْتُ، قَالَ حِزْقِيلُ: فَبَيْنَا أَنَا نَائِمٌ عَلَى شَاطِئِ الْفُرَاتِ، إِذْ أَتَانِي مَلَكٌ، فَأَخَذَ بِرَأْسِي، فَاحْتَمَلَنِي، حَتَّى وَضَعَنِي فِي بِقَاعٍ مِنَ الْأَرْضِ، قَدْ كَانَتْ مَعْرَكَةً، وَإِذَا فِيهِ عَشَرَةُ آلَافِ قَتِيلٍ، قَدْ بَدَّدَتِ الطَّيْرُ وَالسِّبَاعُ لُحُومَهُمْ، وَفَرَّقَتْ بَيْنَ أَوْصَالِهِمْ، ثُمَّ قَالَ لِي: إِنَّ قَوْمًا يَزْعُمُونَ أَنَّهُ مَنْ مَاتَ مِنْهُمْ، أَوْ قُتِلَ فَقَدِ انْفَلَتَ مِنِّي، وَذَهَبَتْ عَنْهُ قُدْرَتِي، فَادْعُهُمْ، قَالَ حِزْقِيلُ: فَدَعَوْتُهُمْ، فَإِذَا كُلُّ عَظْمٍ قَدْ أَقْبَلَ إِلَى مَفْصِلِهِ الَّذِي مِنْهُ انْقَطَعَ؛ مَا الرَّجُلُ بِصَاحِبِهِ بِأَعْرَفَ مِنَ الْعَظْمِ بِمَفْصِلِهِ الَّذِي فَارَقَهُ، حَتَّى أَمَّ بَعْضُهَا بَعْضًا، ثُمَّ نَبَتَ عَلَيْهَا اللَّحْمُ، ثُمَّ

نَبَتَت الْعُرُوقُ، ثُمَّ انْبَسَطَت الْجُلُودُ، وَأَنَا أَنْظُرُ إِلَى ذَلِكَ، ثُمَّ قَالَ: ادْعُ لِي أَرْوَاحَهُمْ، قَالَ حِزْقِيلُ: فَدَعَوْتُهَا، قَالَ: فَإِذَا كُلُّ رُوحٍ قَدْ أَقْبَلَ إِلَى جَسَدِهِ الَّذِي فَارَقَ، قَالَ: فَلَمَّا جَلَسُوا، قَالَ: سَلْهُمْ فِيمَا كُنْتُمْ؟ قَالُوا: إِنَّا لَمَّا مِتْنَا، وَفَارَقَتْنَا الْحَيَاةُ لَقِينَا مَلَكًا يُقَالُ له: مِيكَائِيلُ، فَقَالَ: هَلُمُّوا أَعْمَالَكُمْ، وَخُذُوا أُجُورَكُمْ كَذَلِكَ سُنَّتُنَا فِيكُمْ، وَفِيمَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، وَفِيمَنْ هُوَ كَائِنٌ بَعْدَكُمْ، قَالَ: فَنَظَرَ فِي أَعْمَالِنَا، فَوَجَدُونَا نَعْبُدُ الْأَوْثَانَ، فَسُلِّطَ الدُّودُ عَلَى أَجْسَادِنَا، وَجَعَلَت الْأَرْوَاحُ تَأْلَمُهُ، وَسُلِّطَ الْغَمُّ عَلَى أَرْوَاحِنَا وَجَعَلَتْ أَجْسَادُنَا تَأْلَمُهُ، فَلَمْ نَزَلْ كَذَلِكَ نُعَذَّبُ، حَتَّى دَعَوْتَنَا ثُمَّ احْتَمَلَنِي، فَرَدَّنِي حَيْثُ كُنْتُ".

واته: عەبدولصەمەدی کوڕی مەعقیل دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: وەهبی کوڕی مونەبیهـ بۆی گێڕامەوە فەرمووی: حیزقیل یەکێک بوو لەو کەسانەی کە بەختەنەصر لە بەیتولمەقدەسا یەخسیری کردن؛ دانیالیشی لەگەڵ حیزقیلدا یەخسیر کرد؛ حیزقیل وایزانی خەوتووە و لە لێواری ڕوباری فوراتە؛ فریشتەیەک هات بۆ لای و ئەو خەوتبوو؛ فریشتەکە سەری گرت و هەڵیگرت تا خستیە ناو خەزانەی بەیتولمەقدیسەوە.. دەفەرموێت: سەرم بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە دەبینم ئاسمانەکان هەموویان هەتا عەرش کراونەتەوە؛ دەفەرموێت: عەرشم لێ دیار بوو؛ هەروەها ئەوانەی دەوروبەری عەرشیشم لێ دیار بوو؛ لەو بۆشاییەوە سەیرم دەکردن؛ کاتێ من عەرشم بینی ئەوەم بینی کە سێبەری بۆ ئاسمانەکان و زەوی کردبوو؛ کاتێ سەیری ئاسمانەکان و زەویم دەکرد بینیم ئاسمانەکان و زەوی بە ناوەڕاستی عەرشا هەڵواسراوون؛ ئەوانەی کە هەڵیاندەگرت چوار فریشتە بوون؛ هەر یەک لەو فریشتانە چوار دەموچاویان هەبوو؛ یەکێکیان وەکوو دەموچاوی مرۆڤ؛ یەکێکیان وەکوو دەموچاوی هەڵۆ؛ یەکێکیان وەکوو دەموچاوی شێر و ئەویتر وەکوو دەموچاوی گا بوو؛ جا کە لەو دیمەنە سەرم سوڕما سەیری قاچەکانیانم کرد؛ دەبینم چەقیوە بە ناخی زەویدا؛ لەسەر گوێزەکەیەک بوو کە چەند چاوێکی هەبوو دەسوڕایەوە.. دەفەرموێت: فریشتەیەک لە بەردەم عەرشا وەستابوو شەش باڵی هەبوو؛ ڕەنگێکی هەبوو وەکوو ڕەنگی پێستی دەدا؛ ئیتر لەو کاتەوەی کە خوای گەورە دونیای دروست کردووە هەتا قامی قیامەت هەر لەو شوێنەیە؛ دەبینم جبریل بوو؛ دەفەرموێت: فریشتەیەک لەو خوارتر هەبوو ئەوە گەورەترین دروستکراوە کە من بینیبێتم. فەرمووی: ئەوەش میکاییل بوو؛ ئەو خەلیفە بوو بەسەر فریشتەکانی ئاسمانەوە؛ دەبینم چەند فریشتەیەکیش بەدەور عەرشا تەواف دەکەن؛ لەو کاتەوەی کە خوای گەورە دونیای دروست کردووە هەتا قامی قیامەت هەر خەریکی تەواف دەبن و دەڵێن: پاك و بێگەردە؛ پاك و بێگەردە؛ خودای ئێمە کە زاتی الله یە ئەو خودایەیە کە گەورەیی ئەو ئاسمانەکان و زەوی پڕ کردووە. لە خوار ئەوانەوە چەند فریشتیەکم بینی هەریەک لەو فریشتانە شەش باڵیان هەبوو؛ بە دوو بالیان دەموچاوی خۆیان لەتاو نوری ڕۆشنایی دادەپۆشی؛ بە دوو باڵیش لاشەی خۆیان

دادەپۆشی؛ بە دوو بالیش دەفڕین؛ ئەوانە فریشتە نزیکەکان (المقربوون) بوون.. جا دەفەرموێت: چەند فریشتەیەکم لە خوار ئەوانیشەوە بینی؛ هەیانبوو سەجدەی بردبوو؛ هەیانبوو بە پێوە وەستابوو؛ لەو کاتەوەی کە خوای گەورە دونیای دروست کردووە ئەوان هەر بەو شێوەیەن؛ هەتا قامی قیامەتیش هەروا دەبن.. دەفەرموێت: لە خوار ئەوانیشەوە چەند فریشتیەک هەبوو لە سەجدەدا بوون؛ لەو کاتەوەی کە خوای گەورە دونیای دروست کردووە لە سەجدەدان و هەتا فوو دەکرێ بە کەڕەنا (صور)دا هەر بەو جۆرەن؛ جا لەو کاتەدا سەر بەرز دەکەنەوە و کاتێ دەڕوانن بۆ عەرش دەڵێن: پاك و بێگەردی بۆ تۆ ئەی خوایە! ئێمە وەک ئەوەی کە شیاوی تۆیە، نەمانناسیویت و ناتوانین بەندایەتیت بۆ بکەین! دوایی لەو شەقەوە عەرشم بینی دابەزی و هێندەی ئەو شەقە بوو؛ دوایی منیان برد بۆ نێوان ئاسمان و زەوی؛ عەرش هێندەی نێوان ئاسمان و زەوی بوو؛ دوایی لە دەرگای ڕەحمەتەوە ڕۆیشتە ژوورەوە هێندەی دەرگای ڕەحمەت بوو؛ دوایی منیان برد بۆ مزگەوت هێندەی مزگەوت بوو؛ دوایی کەوتە سەر تاشە بەردێک هێندەی ئەو تاشە بەردە بوو؛ دوایی فەرمووی: ئەی ئەوەی ئادەم! دەفەرموێت: لەهۆش خۆم چووم؛ دوایی دەنگێکم بیست کە هەرگیز دەنگی لەو جۆرەم نەبیستبوو؛ دەفەرموێت: جا ڕۆیشتم و ئەو دەنگەم دەخەملاند هێندەی کۆمەڵێک بوو کە خڕ ببنەوە و هەموویان بە یەک دەنگ هاوار بکەن؛ کۆمەڵێک کە کۆ ببنەوە و یەکتری پاڵ بنێن و هەندێکیان بگەن بە هەندێکیان؛ یان لەوەش گەورەتر بوو؛ حزقیل دەفەرموێت: دوای ئەوە لەهۆش خۆم چووم گوتی: بەهۆشی خۆی بێننەوە؛ چونکە ئەمە زۆر لاوازە؛ لە لاوازی دروست کراوە.. دوایی فەرمووی: برۆ بۆ لای گەلەکەت تۆ نێردەی منی بۆ سەر ئەوان؛ وەک نێردەو پێش قەراوڵی سوپا؛ هەر کەسێکیانت بانگ کرد و وەڵامی دایتەوە و باوەڕی هێنا؛ ئەوە تۆش هێندەی ئەو پاداشتت بۆ دەنووسرێت؛ لە هەر کەسێکیش غافڵ ببی تا بە گومڕایی دەمرێ؛ ئەوە هێندەی ئەو تاوانیش بۆتۆ دەنووسرێ و لە تاوانی ئەوانیش کەم نابێتەوە.. فەرمووی: دوایی بەرز کرامەوە بۆ عەرش؛ هەڵگیرام تا گەڕێنرامەوە بۆ کەناری ڕوباری فورات؛ دەبینم خەوتوم و لەکەنار ڕوباری فوراتم؛ لەو کاتەدا فریشتەیەک هات و سەری منی گرت و هەڵیگرتم و بردمی بۆ کەناری بەیتولمەقدیس؛ دەبینم لە ناو حەوەزە ئاوێکام کە یەک هەنگاوم هەڵنەهێناوە؛ دوایی برام بۆ بەهەشت؛ دارەکانی بەهەشت لە کەنار ڕوبارەکانی بوو؛ دارێکی وا بوو کە گەڵای نەدەوەری؛ بەری تەواو نەدەبوو؛ گوڵ و شکۆفەی پێوە بوو؛ چڵ و بۆڵ و هێشوی پێوە بوو؛ میوەی پێگەیشتوی پێوە بوو؛ میوەی ڕناوی لابوو.. دەفەرموێت: گوتم: ئەی توێکڵەکانی چیبو؟ فەرمووی: توێکڵی وەکوو توێکڵی گوێز بوو؛ لە هەرلایەکەوە بتویستایە دەبوو بە دوو کەرتەوە.. گوتم: ئەی هاوسەر؟ گوتی: ئەوانیشم پیشان درا؛ ڕۆیشتم تا جوانییەکانیان بخەملێنم دەبینم ئەگەر خۆرو مانگ پێکەوە کۆ بکرێنەوە ئەوا دەموچاوی یەکێیان لەو خۆرو مانگە ڕۆشنترە؛ گۆشتی لاشەیان ئێسکەکانیانی دانەدەپۆشت؛

ئێسکەکانیش مۆخی ناو ئێسکی دانەدەپۆشت؛ ئەو ژنانە بەجۆرێک بوون کە ئەگەر مێردەکانیان لەگەڵیانا جوت بیان؛ دوای تەواوبوون دەبوونەوە بە کچ.. دەفەرموێت: زۆر سەرم لەوە سوڕما. حزقیل دەفەرموێت: پێم گوترا: ئەوە سەرت لەمانە سوڕ دەمێنێ؟ گوتم: ئەی چۆن سەرم سوڕ نەمێنێ؟ گوتی: هەر کەسێ لەم میوە هەمیشەییانە بخوات و هاوسەرگیری لەگەڵ ئەم هاوسەرانە بکات؛ ئەوا بۆ هەتا هەتایە خەم و خەفەتی لەکۆڵ دەبێتەوە.. دەفەرموێت: جا دوایی سەری گرتم و گەڕاندمیەوە بۆ ئەو شوێنەی کە تێیدابوم.. حزقیل دەفەرموێت: دوایی لە کەنار ڕوباری فورات خەوتم فریشتەیەک هات و سەری گرتم و هەڵیگرتم تا بردمی بۆ شوێنێکی سەرزەوی جەنگی تیابوو؛ دەبینم دە هەزار جەنگاوەری کوژراوی تێدایە؛ باڵندەو درندە گۆشتەکانیانی خواردووە و لاشەیانی لێک پچڕاندووە؛ دوایی پێی گوتم: گەلێک هەن پێیان وایە هەر کەسکیان لێ بمرێ یان هەر کەسێکیان لێ بکوژرێ ئەوا لە من ڕزگاری دەبێت و من هێزم بەسەریا نامێنێت؛ بانگیان بکە.. حیزقیل دەفەرموێت: بانگم کردن؛ هەموو ئێسکێک دەڕۆیشتەوە بۆ لای ئەو جومگەیەی خۆی کە لێی ترازابوو؛ پیاوەکان وەک ئێسکەکان یەکتریان نەدەناسی؛ ئێسکەکان لکانەوە بە شوێنی خۆیانا؛ دوایی گۆشتیان بە بەرا کرایەوە؛ دوایی ڕەگ و دوایی پێستیان بەبەرا کرایەوە؛ منیش هەروا سەیرم دەکردن؛ دوایی فەرمووی: ئادەی بانگی ڕۆحەکانیان بکە! حیزقیل دەفەرموێت: بانگم کردن.. دەفەرموێت: هەر ڕۆحێک ڕۆیشتەوە ناو ئەو لاشەیەی کە لێی جیا کرابویەوە؛ دوای ئەوەی دانیشتن فەرمووی: ئادەی لێیان بپرسە بزانە لەکوێ بوون؟ گوتیان: ئێمە دوای ئەوەی مردین و ژیانمان بەجێهێشت؛ گەیشتین بە فریشتەیەک پێی دەگوترا: میکاییل؛ فەرمووی: ئادەی بڕۆن بۆ لای کار و کردەوەی خۆتان؛ ئادەی پاداشتی خۆتان وەربگرن؛ ئەمە سوننەتی ئێمەیە هەم بۆ ئێوە و هەم بۆ ئەوانەی پێش ئێوە و بۆ ئەوانەی دوای ئێوەش دێن.. دەفەرموێت: سەیری کار و کردەوەکانی کردین؛ دەبینین هەندێکمان بت پەرست بوین؛ کرم زاڵبوو بەسەر لاشەماناو ڕۆحەکانمان ئێش و ئازاری پێ دەگەیشت؛ خەم ڕۆحمانی داگرت؛ لاشەمان پێی بێزار بوو؛ هەروا بەو شێوەیە سزا دەدراین تا تۆ بانگت کردین! دەفەرموێت: دوایی هەلیگرتم و هێنامیەوە بۆ شوێنەکەی خۆم!

٤٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ إِسْرَائِيلَ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ أَبِي أَبْزَى قَالَ: "قَالَ دَاوُدُ نَبِيُّ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: كَانَ أَيُّوبُ أَصْبَرَ النَّاسِ، وَأَحْلَمَ النَّاسِ، وَأَكْظَمَهُمْ لِلْغَيْظِ".

واتە: لە ئیسحاقەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: باوکی ئەبزا فەرموویەتی: پێغەمبەر داود (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: ئەییوب بە سەبرترین مرۆڤ بوو؛ بە حەوسەڵەترین

ئێسکەکانیش مۆخی ناو ئێسکی دانەدەپۆشت؛ ئەو ژنانە بەجۆرێک بوون کە ئەگەر مێردەکانیان لەگەڵیانا جوت ببان؛ دوای تەواوبوون دەبوونەوە بە کچ.. دەفەرموێت: زۆر سەرم لەوە سوڕما. حزقیل دەفەرموێت: پێم گوترا: ئەوە سەرت لەمانە سوڕ دەمێنێ؟ گوتم: ئەی چۆن سەرم سوڕ نەمێنێ؟ گوتی: هەر کەسێ لەم میوە هەمیشەییانە بخوات و هاوسەرگیری لەگەڵ ئەم هاوسەرانە بکات؛ ئەوا بۆ هەتا هەتایە خەم و خەفەتی لەکۆڵ دەبێتەوە.. دەفەرموێت: جا دوایی سەری گرتم و گەراندمیەوە بۆ ئەو شوێنەی کە تێیدابوم.. حزقیل دەفەرموێت: دوایی لە کەنار ڕوباری فورات خەوتم فریشتەیەک هات و سەری گرتم و هەڵیگرتم تا بردمی بۆ شوێنێکی سەرزەوی جەنگی تیابوو؛ دەبینم دە هەزار جەنگاوەری کوژراوی تێدایە؛ باڵندەو دڕندە گۆشتەکانیانی خواردووە و لاشەیانی لێک پچڕاندووە؛ دوایی پێی گوتم: گەلێک هەن پێیان وایە هەر کەسکیان لێ بمرێ یان هەر کەسێکیان لێ بکوژرێ ئەوا لە من ڕزگاری دەبێت و من هێزم بەسەریا نامێنێت؛ بانگیان بکە.. حیزقیل دەفەرموێت: بانگم کردن؛ هەموو ئێسکێک دەڕۆیشتەوە بۆ لای ئەو جومگەیەی خۆی کە لێی ترازابوو؛ پیاوەکان وەک ئێسکەکان یەکتریان نەدەناسی؛ ئێسکەکان لکانەوە بە شوێنی خۆیانا؛ دوایی گۆشتیان بە بەرا کرایەوە؛ دوایی ڕەگ و دوایی پێستیان بەبەرا کرایەوە؛ منیش هەروا سەیرم دەکردن؛ دوایی فەرمووی: ئادەی بانگی ڕۆحەکانیان بکە! حیزقیل دەفەرموێت: بانگم کردن.. دەفەرموێت: هەر ڕۆحێک ڕۆیشتەوە ناو ئەو لاشەیەی کە لێی جیا کرابویەوە؛ دوای ئەوەی دانیشتن فەرمووی: ئادەی لێیان بپرسە بزانە لەکوێ بوون؟ گوتیان: ئێمە دوای ئەوەی مردین و ژیانمان بەجێهێشت؛ گەیشتین بە فریشتەیەک پێی دەگوترا: میکاییل؛ فەرمووی: ئادەی بڕۆن بۆ لای کار و کردەوەی خۆتان؛ ئادەی پاداشتی خۆتان وەربگرن؛ ئەمە سوننەتی ئێمەیە هەم بۆ ئێوە و هەم بۆ ئەوانەی پێش ئێوە و بۆ ئەوانەی دوای ئێوەش دێن.. دەفەرموێت: سەیری کار و کردەوەکانی کردین؛ دەبینین هەندێکمان بت پەرست بوین؛ کرم زاڵبوو بەسەر لاشەماناو ڕۆحەکانمان ئێش و ئازاری پێ دەگەیشت؛ خەم ڕۆحمانی داگرت؛ لاشەمان پێی بێزار بوو؛ هەروا بەو شێوەیە سزا دەدراین تا تۆ بانگت کردین! دەفەرموێت: دوایی هەڵیگرتم و هێنامیەوە بۆ شوێنەکەی خۆم!

٤٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ إِسْرَائِيلَ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ أَبِي أَبْزَى قَالَ: " قَالَ دَاوُدُ نَبِيُّ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: كَانَ أَيُّوبُ أَصْبَرَ النَّاسِ، وَأَحْلَمَ النَّاسِ، وَأَكْظَمَهُمْ لِلْغَيْظِ ".

واتە: لە ئیسحاقەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: باوکی ئەبزا فەرموویەتی: پێغەمبەر داود (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: ئەیوب بە سەبرترین مرۆڤ بوو؛ بە حەوسەڵەترین

کەس بوو؛ لە هەمووان زیاتر خۆڕاگربوو ڕقی خۆی دەخواردەوە.

٤٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو أَحْمَدَ، عَنْ إِسْرَائِيلَ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبْزَى قَالَ: «كَانَ دَاوُدُ نَبِيُّ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَصْبَرَ النَّاسِ، وَأَحْلَمَهُمْ، وَأَكْظَمَهُمْ لِلْغَيْظِ».

واتە: لە ئیسحاقەوە دەگێڕنەوە ئەویش لە عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبزا دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەر داود (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە سەبرترین مرۆڤ بوو؛ بە حەوسەڵەترین کەس بوو؛ لە هەمووان زیاتر خۆڕاگربوو ڕقی خۆی دەخواردەوە.

٤٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا أَبو الْمُغِيرَةِ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ قَالَ: " قَالَ دَاوُدُ النَّبِيُّ عَلَيْهِ السَّلَامُ: رَبِّ، كَيْفَ أَسْعَى لَكَ فِي الْأَرْضِ بِالنَّصِيحَةِ؟ قَالَ: تُكْثِرُ ذِكْرِي، وَتُحِبُّ مَنْ أَحَبَّنِي مِنْ أَبْيَضَ وَأَسْوَدَ، وَتَحْكُمُ لِلنَّاسِ، كَمَا تَحْكُمُ لِنَفْسِكَ، وَتَجْتَنِبُ فِرَاشَ الْغِيبَةِ".

واتە: باوکی موغیرە دەگێڕێتەوە سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیز فەرموویەتی: پێغەمبەر داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: پەروەردگارا! لە سەرزەویدا چۆن بە دڵسۆزی و بە ئیخلاصەوە و لەبەر ڕەزامەندی تۆ بگەڕێم؟ خوای گەورە فەرمووی: یاد و زیکری من زۆر بکەو ئەو کەسەت خۆش بوێ کە منی خۆش دەوێ؛ ئیتر ڕەنگی سپی بێت یان ڕەش؛ هەروەها بڕیار بۆ خەڵکی بەو جۆرە بدەیت کە بڕیار بۆ خۆت دەدەی؛ هەروەها خۆت لە پاشملەگۆیی بپارێزە.

٤٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُؤَمَّلٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ حَبِيبٍ قَالَ: " مَرَّ رَجُلٌ عَلَى يَعْقُوبَ نَبِيِّ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَقَدْ سَقَطَ حَاجِبَاهُ عَلَى عَيْنَيْهِ، وَقَدْ رَفَعَهُمَا بِخِرْقَةٍ، فَقَالَ: يَا نَبِيَّ الله، مَا بَلَغَ بِكَ مَا أَرَى؟ قَالَ: طُولُ الزَّمَانِ، وَكَثْرَةُ الْأَحْزَانِ فَأَوْحَى الله إِلَيْهِ: يَا يَعْقُوبُ، تَشْكُونِي؟ قَالَ: رَبِّ، خَطِيئَةٌ فَاغْفِرْهَا ".

واتە: سوفیان لە حەبیبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پیاوێک دای بە لای پێغەمبەر یەعقوبدا (سەلامی خوای لەسەر بێت) (لەبەر پیری) برۆکانی ڕژابوونە سەر چاوەکانی و بە پەڕۆیەک برۆکانی بەرز کردبویەوە؛ پیاوەکە گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! ئەوە بۆچی ئەم ڕۆژەت بەسەرا هاتووە کە دەیبینم؟ فەرمووی: لەبەر تەمەنی درێژو خەم و خەفەت.. خوای گەورە سروشی بۆ ناردو فەرمووی: ئەی یەعقوب! ئەوە سکاڵا لە دەستی من دەکەیت؟ یەعقوب فەرمووی: خوایە! ئەوە هەڵەیەک بوو کردم و لەو هەڵەیەم ببورە!

٤٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبَّاد الْمَكِيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ رَجَاء، عَنْ هِشَام، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «بَكَى يَعْقُوبُ، عَلَى يُوسُفَ ثَمَانِينَ سَنَةً، وَكَانَ أَكْرَمَ أَهْلِ الْأَرْضِ يَوْمَئِذٍ عَلَى الله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: هیشام لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: یەعقوب هەشتا ساڵ بۆ یوسف گریا؛ ئەوێ ڕۆژێ یەعقوب بەڕێزترین کەسی سەرزەوی بوو لە لای خوای گەورە.

٤٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبَّاد، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ فُضَيْلٍ يَعْنِي ابْنَ عِيَاضٍ عَنْ هِشَام، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «كَانَ بَيْنَ الرُّؤْيَا وَالتَّأْوِيلِ ثَمَانُونَ سَنَةً».

واتە: فوزەیلی کوڕی عیاز لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: نێوان **خەونەکەو بەدیهاتنی خەونەکە هەشتا ساڵ بوو.**

٤٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: قَرَأْتُ عَلَى أَبِي، إِبْرَاهِيمُ بْنُ عَقِيلِ بْنِ مَعْقِلِ بْنِ مُنَبِّهٍ قَالَ: حَدَّثَنِي أَبِي، عَنْ وَهْبِ بْنِ مُنَبِّهٍ أَنَّ الله سُبْحَانَهُ أَعْطَى مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ نُورًا، فَقَالَ لَهُ هَارُونُ: هَبْهُ لِي، يَا أَخِي فَوَهَبَهُ، ثُمَّ أَعْطَاهُ هَارُونُ ابْنَيْهِ، وَكَانَ فِي بَيْتِ الْمَقْدِسِ آنِيَةٌ يُعَظِّمُهَا الْأَنْبِيَاءُ وَالْمُلُوكُ مِنْ بَعْدِهِمْ، فَكَانَا يَسْقِيَانِ فِي تِلْكَ الْآنِيَةِ الْخَمْرَ، فَنَزَلَتْ نَارٌ مِنَ السَّمَاءِ، فَاخْتَطَفَتِ ابْنَيْ هَارُونَ، فَصَعِدَتْ بِهِمَا، فَفَزِعَ هَارُونُ لِذَلِكَ، فَقَامَ مُسْتَغِيثًا مُوَجِّهًا إِلَى السَّمَاءِ بِالدُّعَاءِ وَالتَّضَرُّعِ، فَأَوْحَى الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَى هَارُونَ: هَكَذَا أَفْعَلُ بِمَنْ عَصَانِي مِنْ أَهْلِ طَاعَتِي، فَكَيْفَ أَفْعَلُ بِمَنْ عَصَانِي مِنْ أَهْلِ مَعْصِيَتِي؟ ".

واتە: ئیبراهیمی کوڕی عەقیل دەفەرموێت: باوکم لە وەهبی کوڕی موننەبیهەوە بۆی گێڕامەوە فەرمووی: خوای گەورە نورو ڕۆشناییەکی بە مووسا بەخشی؛ هارونی برای پێی گوت: برا! ئەو تیشك و نورەم پێ ببەخشە! مووسای نورەکەی بەخشی بە هارون؛ دوایی هارون ئەو نورو تیشکەی بەخشی بە دوو کوڕەکەی خۆی؛ لە ناو بەیتولمەقدیسا دەفرێک هەبوو پێغەمبەران و پادشایانی دوای ئەوان ڕێزیان لەو دەفرە دەگرت و بە موفەڕکیان دەزانی؛ پادشاکان لەو دەفرەدا بادەیان نۆش دەکرد؛ ئاگرێک لە ئاسمانەوە هات و هەردو کوڕەکانی هارونی ڕفاندو بەرزی کردنەوە؛ هارون لە دەست ئەوە هاواری لێ بەرز بویەوە؛ بۆیە هەستا و ڕوی لە ئاسمان کرد و ملکەچی نواندو پاڕایەوە؛ خوای گەورە سروشی بۆ هارون ناردو فەرمووی: من ئاوا دەکەم بەو کەسانەی کە من دەپەرستن و تاوانیش دەکەن! ئەی دەبێ چی بکەم بەو کەسانەی کە ئەهلی تاوانن و تاوان دەکەن؟!

٤٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: قَرَأْتُ عَلَى أَبِي، عَلِيُّ بْنُ ثَابت الْجَزَرِيُّ قَالَ أَبو الْحَسَن، حَدَّثَنِي الْوَلِيدُ بْنُ عَمْرو قَالَ: " بَلَغَنِي أَنَّهُ مَكْتُوبٌ فِي التَّوْرَاة: ابْنَ آدَمَ، حَرِّكْ يَدَيْكَ أَفْتَحْ لَكَ بَابًا مِنَ الرِّزْق، وَأَطِعْنِي فِيمَا أَمَرْتُكَ؛ فَمَا أَعْلَمَنِي بِمَا يُصْلِحُكَ ".

واته: وەلیدی کوڕی عەمر دەفەرموێت: پێمگەیشتووە کە لە تەوراتدا نووسراوە: نەوەی ئادەم! دەستەکانت بجوڵێنە با دەرگایەکی ڕزق و ڕۆزیت بۆ بکەمەوە؛ چ فرمانێکم بەسەرا کردی جێبەجێی بکە؛ تۆ من فێری ئەوە ناکەی کە چ شتێک بۆ تۆ باشە!

٤٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: قَرَأْتُ عَلَى أَبِي: عَلِيُّ بْنُ ثَابت، أَخْبَرَنِي رَجُلٌ سَمَّاهُ، قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، وَقَدمَ عَلَيْنَا مَكَّةَ قَالَ: فَسَمِعْتُهُ، وَهُوَ يَقُولُ: قَالَ الله، عَزَّ وَجَلَّ: بَنِي آدَمَ، خَلَقْتُكَ وَتَعْبُدُ غَيْرِي وَتَدْعُو إِلَيَّ وَتَفرُّ مِنِّي وَتُذَكِّرُ بِي، وَتَنْسَانِي هَذَا أَظْلَمُ ظُلْم فِي الْأَرْضِ " قَالَ: ثُمَّ تَلَا الْحَسَنُ ﴿إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾﴾ لقمان: ١٣ ".

واتە: عەلیی کوڕی ثابت ناوی پیاوێکی برد گوتی: لە حەسەنم بیستووە. ئەو کاتەی کە حەسەن هات بۆ مەککە. گوێم لێبوو دەیفەرموو: خوای گەورە فەرموویەتی: نەوەی ئادەم! من تۆم دروست کردووە کەچی غەیری من دەپەرستی! داوا لە غەیری من دەکەی! لەمن ڕا دەکەیت و باسی من لە لای خەڵکی دەکەیت و خۆت منت لە بیر دەچێت؛ ئەمە گەورەترین ستەمە لەسەر زەویدا.. دوایی حەسەن ئەم ئایەتەی خوێندەوە کە دەفەرموێت: (مانای ئایەتەکە): شیرك و هاوەڵدانان بۆ خوای گەورە بەڕاستی ستەمێکی گەلێک گەورەیە.

٤٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا غَوْثُ بْنُ جَابر قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ الله بْنَ صَفْوَان يَذْكُرُ عَنْ أَبِيه، عَنْ وَهْب بْن مُنَبِّه قَالَ: " إِنِّي وَجَدْتُ فِي التَّوْرَاة أَرْبَعَةَ أَسْطُر مُتَوَالِيَات: إِحْدَاهُنَّ: مَنْ قَرَأَ كِتَابَ الله عَزَّ وَجَلَّ وَظَنَّ أَنْ لَنْ يُغْفَرَ له، فَهُوَ مِنَ الْمُسْتَهْزِئِينَ بِآيَات الله، وَمَنْ شَكَا مُصِيبَتَهُ فَإِنَّمَا شَكَا رَبَّهُ، وَالثَّالثُ: مَنْ حَزِنَ عَلَى مَا فِي يَدَيْ غَيْرِه فَقَدْ سَخطَ قَضَاءَ رَبِّه، الرَّابعُ: مَنْ تَضَعْضَعَ لِغَنِيٍّ ذَهَبَ ثُلُثَا دِينه ".

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی صەفوان لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە ئەویش لە وەهبی کوڕی مونەببیهەوە فەرموویەتی: من لە تەوراتدا چوار رستەم دیوە کە بە دوای یەکدا هاتون: یەکێکیان ئەمەیە: هەر کەسێ نامەی خوای گەورە بخوێنێتەوە و دوایی وا گومان ببات کە لە تاوانەکانی نابوردرێت؛ ئەوە یەکێکە لەو کەسانەی کە گاڵتەیان بە ئایەت و نیشانەکانی خوای گەورە کردووە.. هەر کەسێ سکاڵا لە دەست ئەو بەڵا و موسیبەتە بکات کە لێی

٤٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، قَالَ: قَرَأْتُ عَلَى أَبِي، عَلِيُّ بْنُ ثَابِتٍ الْجَزَرِيُّ قَالَ أَبو الْحَسَنِ، حَدَّثَنِي الْوَلِيدُ بْنُ عَمْرٍو قَالَ: " بَلَغَنِي أَنَّهُ مَكْتُوبٌ فِي التَّوْرَاةِ: ابْنَ آدَمَ، حَرِّكْ يَدَيْكَ أَفْتَحْ لَكَ بَابًا مِنَ الرِّزْقِ، وَأَطِعْنِي فِيمَا أَمَرْتُكَ؛ فَمَا أَعْلَمَنِي بِمَا يُصْلِحُكَ ".

واتە: وەلیدی کوڕی عەمر دەفەرموێت: پێمگەیشتووە کە لە تەوراتـا نووسـراوە: ئەوەی ئادەم! دەستەکانت بجوڵێنە با دەرگایەکی ڕزق و ڕۆزیت بۆ بکەمەوە؛ چ فرمانێکم بەسەرا کردی جێبەجێی بکە؛ تۆ من فێری ئەوە ناکەی کە چ شتێک بۆ تۆ باشە!

٤٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، قَالَ: قَرَأْتُ عَلَى أَبِي: عَلِيُّ بْنُ ثَابِتٍ، أَخْبَرَنِي رَجُلٌ سَمَّاهُ، قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، وَقَدِمَ عَلَيْنَا مَكَّةَ قَالَ: فَسَمِعْتُهُ، وَهُوَ يَقُولُ: قَالَ اللهُ، عَزَّ وَجَلَّ: بَنِي آدَمَ، خَلَقْتُكَ وَتَعْبُدُ غَيْرِي وَتَدْعُو إِلَيَّ وَتَفِرُّ مِنِّي وَتُذَكَّرُ بِي، وَتَنْسَانِي هَذَا أَظْلَمُ ظُلْمٍ فِي الْأَرْضِ " قَالَ: ثُمَّ تَلَا الْحَسَنُ ﴿إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾﴾ لقمان: ١٣ ".

واتە: عەلیی کوڕی ثابت ناوی پیاوێکی برد گوتی: لە حەسەنم بیستووە. ئەو کاتەی کە حەسەن هات بۆ مەککە. گوێم لێبوو دەیفەرموو: خوای گەورە فەرموویەتی: ئەوەی ئادەم! من تـۆم دروست کـردووە کەچـی غەیـری مـن دەپەرستی! داوا لە غەیـری مـن دەکەی! لەمـن ڕا دەکەیت و باسی من لە لای خەڵکی دەکەیت و خۆت منت لە بیر دەچێت؛ ئەمە گەورەترین ستەمە لەسـەر زەویـدا.. دوایـی حەسـەن ئەم ئـایەتەی خوێنـدەوە کە دەفەرموێـت: (مانـای ئایەتەکە): شیرك و هاوەڵدانان بۆ خوای گەورە بەڕاستی ستەمێکی گەلێک گەورەیە.

٤٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا غَوْثُ بْنُ جَابِرٍ قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ اللهِ بْنَ صَفْوَانَ يَذْكُرُ عَنْ أَبِيهِ، عَنْ وَهْبِ بْنِ مُنَبِّهٍ قَالَ: " إِنِّي وَجَدْتُ فِي التَّوْرَاةِ أَرْبَعَةَ أَسْطُرٍ مُتَوَالِيَاتٍ: إِحْدَاهُنَّ: مَنْ قَرَأَ كِتَابَ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ وَظَنَّ أَنْ لَنْ يُغْفَرَ لَه، فَهُوَ مِنَ الْمُسْتَهْزِئِينَ بِآيَاتِ اللهِ، وَمَنْ شَكَا مُصِيبَتَهُ فَإِنَّمَا شَكَا رَبَّهُ، وَالثَّالِثُ: مَنْ حَزِنَ عَلَى مَا فِي يَدَيْ غَيْرِهِ فَقَدْ سَخِطَ قَضَاءَ رَبِّهِ، الرَّابِعُ: مَنْ تَضَعْضَعَ لِغَنِيٍّ ذَهَبَ ثُلُثَا دِينِهِ ".

واتە: عەبـدوڵڵای کـوڕی صـەفوان لە بـاوکییەوە دەگێـڕێتەوە ئەویـش لە وەهبـی کـوڕی مـوننەبیهەوە فەرمـوویەتی: مـن لە تەوراتـا چـوار رسـتەم دیـوە کە بە دوای یەکـا هـاتون: یەکێکیان ئەمەیە: هەر کەسێ نامەی خوای گەورە بخوێنێتەوە و دوایی وا گومان بیات کە لە تاوانەکـانی نابوردرێـت؛ ئەوە یەکـێکە لەو کەسـانەی کە گاڵتەیـان بە ئـایەت و نیشـانەکانی خـوای گەورە کـردووە.. هەر کەسـێ سـکاڵا لە دەسـت ئەو بەڵا و موسـیبەتە بکـات کە لێـی

قەومـاوە؛ ئەوە سـکاڵای لە خـوای گەورە کـردووە.. سـێیەم: هەر کەسـێ خەفەت بـۆ ئەو شـتە بخـوات کە لە ژێـر دەسـتی خەڵکـی تـرایەو مـوڵکی خەڵکـی تـرە؛ ئەوە لە قەزا و قەدەری خـوا توورەیەو پێی ڕازی نییە! چوارەم: هەر کەسێ ملکەچی بۆ کەسێک بنوێنێ لەبەر ئەوەی ئەو کەسە دەوڵەمەندە؛ ئەوا دوو سێیەکی بیروباوەڕەکەی دەڕواو نامێنێت (واتە: لەسەدا شەست و شەشی بیروباوەڕەکەی فەوت و فەنا دەبێت و نامێنێت).

٤٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنِي عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ قَالَ: سَمِعْتُ مُحَمَّدَ بْنَ النَّضْرِ الْحَارِثِيَّ قَالَ: قَالَ رَبِيعُ بْنُ خُثَيْمٍ: «تَفَقَّهْ، ثُمَّ اعْتَزِلْ».

واتە: عەبدولڕەحمانی کـوڕی مەهدی فەرمـوویەتی: گـوێم لە مـوحەممەدی کـوڕی نەزری حارثی بـوو دەیفەرمـوو: ڕەبیعی کـوڕی خوثەیم فەرمـوویەتی: زانسـتی ئـایینی شـارەزا ببەو دوایی گۆشەگیر بە!

٤٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ الرَّبِيعِ، حَدَّثَنِي أَبو الْأَحْوَصِ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ النَّضْرِ الْحَارِثِيِّ قَالَ: " أَوْحَى الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَى مُوسَى بْنِ عِمْرَانَ: كُنْ يَقْظَانًا، مُرْتَادًا لِنَفْسِكَ أَخْدَانًا، فَكُلُّ خِدْنٍ لَا يُوَاتِيكَ عَلَى مَسَرَّتِي، فَهُوَ لَكَ عَدُوٌّ، وَهُوَ يُقَسِّي قَلْبَكَ، وَكُنْ مِنَ الذَّاكِرِينَ؛ لِكَيْ تَسْتَوْجِبَ الْأَجْرَ، وَتَسْتَكْمِلَ الْمَزِيدَ ".

واتە: بـاوکی ئەحوەص لە مـوحەممەدی کـوڕی نەزرەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: خـوای گەورە سروشـی بـۆ مووسـای کـوڕی عیمـران نـاردو فەرمـووی: ووشـیار بەو زۆر بەخۆتـا بچۆرەوە.. هەموو ئەو کەسانەی کە بەناو دۆستن ئەگەر بەرەزامەندی من نەبنە دۆستت ئەوا دەبنە دوژمنت (واتە: دۆستایەتیەک لەبەر ڕەزامەندی خوا نەبێت؛ دەبێ بە دوژمنایەتی) دڵت ڕەق دەکات.. هەروەها یەکێک بە لەو کەسانەی کە زۆر یاد و زیکری من دەکەن؛ بۆ ئەوەی پاداشتت دەست بکەوێ و زیاتریشت پێ بدرێ.

٤٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا الْحَسَنُ بْنُ الرَّبِيعِ قَالَ: سَمِعْتُ ابْنَ الْمُبَارَكِ، يَذْكُرُ أَنَّهُ سَأَلَ مُحَمَّدَ بْنَ النَّضْرِ الْحَارِثِيَّ بِوَاسِطٍ، عَنِ الصَّوْمِ فِي السَّفَرِ، فَقَالَ: «إِنَّمَا هِيَ الْمُبَادَرَةُ».

واتە: حەسەنی کوڕی ڕەبیع دەفەرموێت: گوێم لە کوڕی موبارەك باسی ئەوەی دەکرد کە لە واسیت لە بارەی ڕۆژوی سەفەرەوە لە موحەممەدی کوڕی نەزری حارثیی پرسیوە، ئەویش فەرموویەتی: بەڕاستی ئەوە دەست پێشخەرییەو بڕیار لای خۆیەتی.

٤٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا حَسَنُ بْنُ الرَّبِيعِ، حَدَّثَنِي عَبْثَرٌ أَبو زُبَيْدٍ قَالَ: «اخْتَفَى عِنْدِي مُحَمَّدُ بْنُ النَّضْرِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا، فَمَا رَأَيْتُهُ نَائِمًا: لَيْلًا وَلَا نَهَارًا».

واته: بواكی زوبەید واته: عەبثەر فەرموویەتی: موحەممەدی کوڕی نەزر چل ڕۆژ خۆی لای من شاردەوە؛ لەو چل شەوو ڕۆژەدا نەمدی ساتێک بخەوێ؛ نە بە شەو نە بە ڕۆژ!

٤٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَامِر، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ الْمُبَارَك قَالَ: قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ الْمُنْكَدِر: «بِتُّ أَغْمِزُ رِجْلَ أُمِّي، وَبَاتَ عُمَرُ يُصَلِّي، وَمَا يَسُرُّنِي أَنَّ لَيْلَتِي بِلَيْلَتِه».

واته: عەبدوڵلای کوڕی موبارەك دەفەرموێت: موحەممەدی کوڕی مونکەدیر فەرموویەتی: شەوێک قاچی دایکمم دەشێلا عومەریش شەونوێژی دەکرد؛ من خێرو پاداشتی ئەو شەوەی خۆم نادەم بەو شەوەی ئەو!

٤٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبُو مُوسَى الْأَنْصَارِيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن أَظُنُّهُ الْمُحَارِبِيَّ عَنْ مُحَمَّد بْنِ النَّضْرِ الْحَارِثِيِّ قَالَ: " قَرَأْتُ فِي بَعْضِ الْكُتُبِ: ابْنَ آدَمَ، لَوْ يَعْلَمُ النَّاسُ مِنْكَ مَا أَعْلَمُ، لَنَبَذُوكَ، وَلَكِنْ سَأَغْفِرُ لَكَ؛ مَا لَمْ تُشْرِكْ بِي ".

واته: لە موحەممەدی کوڕی نەزری حارثییەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: لە یەکێک لە کتێبەکانا خوێندومەتەوە نووسرابو: ئەی نەوەی ئادەم! ئەگەر ئەوەی من لەبارەی تۆ دەیزانم؛ ئەگەر خەڵکی بیانزانیبایە ئەوا دەریان دەکردی؛ بەڵام من لێت خۆش دەبم بەو مەرجەی شەرك و هاوەڵم بۆ بڕیار نەدەیت!

٤٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سَابِق، حَدَّثَنَا مَالِكٌ، يَعْنِي: ابْنَ مِغْوَل قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا يُوسُفَ الْحَسَنَ بْنَ يَزِيدَ، عَنْ هَارُونَ قَالَ: حَدَّثَنِي ابْنُ عَمِّ حَنْظَلَةَ أَنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ أَوْحَى إِلَى مُوسَى صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «إِنَّ قَوْمَكَ زَيَّنُوا مَسَاجِدَهُمْ، وَأَخْرَبُوا قُلُوبَهُمْ، وَتَسَمَّنُوا؛ كَمَا تُسَمَّنُ الْخَنَازِيرُ لِيَوْم ذَبْحِهَا، وَإِنِّي نَظَرْتُ إِلَيْهِمْ فَقَلَبْتُهُمْ؛ فَلَا أَسْتَجِيبُ لهمْ، وَلَا أُعْطِيهِمْ مَسْأَلَتَهُمْ».

واته: لە هارونەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: لە پسمامی حەنزەلەم بیست کە خوای گەورە سروشی بۆ حەزرەتی مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) ناردووە فەرموویەتی: بەڕاستی گەلەکەی تۆ مزگەوتەکانیان ڕازاندووەتەوە و دڵی خۆیان وێران کردووە؛ هەروەها خۆیان قەڵەو کردووە وەک چۆن بەراز بۆ سەربڕین قەڵەو دەکەن! منیش سەیرم کردن و کارەکانیانم بەراوەژو کردووە؛ نە وەڵامیان دەدەمەوە؛ نە داواکارییەکانیان جێبەجێ دەکەم!

٤٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سَابِق، حَدَّثَنَا مَالِكٌ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا حَصِين قَالَ: " كَانَ يُقَالُ: إِذَا سَاءَ عَمَلُ أُمَّة، زَيَّنُوا مَسَاجِدَهُمْ ".

واتە: مالیك دەفەرموێت: گوێم لە باوکی حوصەین بوو دەیفەرموو: دەگوترا: هەر کاتێ کار و کردەوەی هەرگەلێک خراپ ببێ؛ دەست دەکەن بە ڕازاندنەوەی مزگەوتەکانیان.

٤٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِمِ، أَخْبَرَنَا الْمُبَارَكُ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: " سَأَلَ مُوسَى صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جِمَاعًا، فَأَوْحَى اللهُ إِلَيْهِ: انْظُرِ الَّذِي تُحِبُّ يُصَاحِبُكَ بِهِ النَّاسُ، فَصَاحِبْ بِهِ النَّاسَ ".

واتە: لە حەسەنەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: مووسا پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەر بێت) داوای کۆکەرەوەی هەموو چاکەو خێرەکانی لە خوای گەورە کرد؛ خوای گەورە پێی فەرموو: بڕوانە بزانە پێت خۆشە خەڵکی بە چ جۆرێک هاوڕێیەتیت بکەن؛ تۆش بەو جۆرە هاوڕێیەتی خەڵکی بکە!

٤٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا صَالِحٌ الْمُرِّيُّ، أَخْبَرَنَا أَبُو عِمْرَانَ الْجَوْنِيُّ، عَنْ أَبِي الْجَلْدِ قَالَ: «أَوْحَى اللهُ عَزَّ وَجَلَّ إِلَى مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ أَنْ يَا مُوسَى إِذَا دَعَوْتَنِي فَاجْعَلْ لِسَانَكَ مِنْ وَرَاءِ قَلْبِكَ، وَكُنْ عِنْدَ ذِكْرِي خَاشِعًا مُطْمَئِنًّا، وَإِذَا قُمْتَ بَيْنَ يَدَيَّ فَقُمْ مَقَامَ الْحَقِيرِ الذَّلِيلِ، وَذُمَّ نَفْسَكَ؛ فَهِيَ أَوْلَى بِالذَّمِّ، وَنَاجِنِي حِينَ تُنَاجِينِي بِقَلْبٍ وَجِلٍ، وَلِسَانٍ صَادِقٍ».

واتە: باوکی جەلد دەفەرموێت: خوای گەورە سروشی بۆ پێغەمبەر مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) ناردو فەرمووی: ئەی مووسا! هەر کاتێ لە من پاڕایتەوە با زمانت لە پشت دڵتەوە بێ (واتە: قسەی زمان و دڵت یەک بێت) کاتێک باس و یادی من دەکەیت ملکەچو ئارخەیان بە؛ هەر کاتێ هەستای بۆ ئەوەی من بپەرستی ئەوا وەکوو کەسێکی داماو بێچارەو بێنەوا بووەستە؛ هەمیشە خراپەی نەفسی خۆت بڵێ؛ چونکە نەفسی خۆت لە هەموو کەسێک شیاوترە بەوەی کە خراپەی بڵێیی! کاتێ بە دڵ و بە گیان و بە ترسەوە موناجات دەکەیت؛ ئەوکاتە موناجاتی من بکە؛ بە زمانێکی ڕاستگۆیانە.

٤٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي صَلْتُ بْنُ مَسْعُودٍ الْجَحْدَرِيُّ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا أَبُو عِمْرَانَ الْجَوْنِيُّ قَالَ: " وَعَظَ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ قَوْمَهُ، فَشَقَّ رَجُلٌ مِنْهُمْ قَمِيصَهُ، فَقِيلَ لِمُوسَى: قُلْ لِصَاحِبِ الْقَمِيصِ لَا يَشُقُّ قَمِيصَهُ لِيَشْرَحَ لِي عَنْ قَلْبِهِ ".

واتە: باوکی عیمرانی جەونی دەفەرموێت: مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) ئامۆژگاری گەلەکەی خۆی دەکرد؛ پیاوێک کراسەکەی لەبەریا تلیشا؛ بە مووسا گوترا (واتە: خوای گەورە سروشی بۆ نارد): بەو پیاوە بڵێ با کراسەکەی نەدڕێنێ بۆ ئەوەی دڵی بۆ من دەربخات!

٤٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ قَابُوسَ، عَنْ أَبِيهِ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا قَالَ: " قَالَ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ: يَا رَبِّ، أَيُّ عِبَادِكَ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: أَكْثَرُهُمْ لِي ذِكْرًا قَالَ: رَبِّ، فَأَيُّ عِبَادِكَ أَغْنَى؟ قَالَ: الرَّاضِي بِمَا أَعْطَيْتُهُ قَالَ: رَبِّ، أَيُّ عِبَادِكَ أَحْكَمُ؟ قَالَ: الَّذِي يَحْكُمُ عَلَى نَفْسِهِ بِمَا يَحْكُمُ عَلَى النَّاسِ ".

واتە: قـابوس لە بـاوکییەوە ئەویـش لە عەبـدوڵڵای کـوڕی عەبباسـەوە دەگێـڕێتەوە فەرموویەتی: مووسا (سەڵامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: خوایە! کام بەندەیەت لە هەمووان خۆشەویسـترە؟ خـوای گەورە فەرمـووی: ئەوەیـان کە لە هەمـووان زیـاتر یـاد و زیکـری مـن دەکات.. مووسا فەرمووی: کام بەندەیەت لە هەمووان دەوڵەمەندترە؟ فەرمووی: ئەوەیان کە بەو بەشە ڕازییە کە من پێم بەخشیوە.. فەرمووی: کام بەندەیەت لە هەمووان زیاتر شیاوی بڕیاردانە؟ فەرمـووی: ئەوەیـان کە بەو جۆرە بڕیـار لەسـەر خۆی دەدات کە لەسـەر خەڵـکی دەدات.

٤٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيدٍ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ مُجَاهِدٍ قَالَ: «حَجَّ الْبَيْتَ سَبْعُونَ نَبِيًّا؛ مِنْهُمْ مُوسَى بْنُ عِمْرَانَ عَلَيْهِ السَّلَامُ عَلَيْهِ عَبَاءَتَانِ قَطَوَانِيَّتَانِ، فَكَانَ يُلَبِّي وَالْجِبَالُ تُجَاوِبُهُ».

واتە: لە موجاهیـدەوە دەگێـڕنەوە فەرمـوویەتی: حەفتـا پێغەمـبەر حەجـی مـاڵی خودایـان کردووە؛ یەکێـک لەوانە مووسای کوڕی عیمران بووە؛ دوو دەست پۆشاکی لە کەتان یان لە لۆکە ڕدوستکراوی لەبەرا بوو؛ کاتێ لەبەیکی دەکرد کێوەکان وەڵامیان دەدایەوە.

٤٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا مِسْعَرٌ، عَنْ زَيْدٍ الْعَمِّيِّ، عَنْ أَبِي الصِّدِّيقِ النَّاجِيِّ قَالَ: " خَرَجَ سُلَيْمَانُ بْنُ دَاوُدَ عَلَيْهِمَا السَّلَامُ بِالنَّاسِ يَسْتَسْقِي، فَمَرَّ عَلَى نَمْلَةٍ مُسْتَلْقِيَةٍ عَلَى قَفَاهَا رَافِعَةٍ قَوَائِمَهَا فِي السَّمَاءِ، وَهِيَ تَقُولُ: اللهمَّ أَنَا خَلْقٌ مِنْ خَلْقِكَ، لَيْسَ بِنَا غِنًى عَنْ رِزْقِكَ؛ فَإِمَّا أَنْ تُسْقِيَنَا، وَإِمَّا أَنْ تُهْلِكَنَا، فَقَالَ سُلَيْمَانُ لِلنَّاسِ: ارْجِعُوا، فَقَدْ سُقِيتُمْ بِدَعْوَةِ غَيْرِكُمْ".

واتە: لە زەیـدی عەمییـەوە دەگێـڕنەوە؛ ئەویـش لە بـاوکی صـدیقی نـاجییەوە دەگێـڕێتەوە فەرموویەتی: سولەیمانی کوڕی داود (سەلامی خوایان لەسەر) خەڵکی بردە دەرەوە بۆ نوێژە بارانە؛ لە ڕێگادا دای بە لای مێرولەیەکا لەسەر پشت کەوتبوو؛ لاقەکانی بەرەو ئاسمان بەرز کردبویەوە و دەیگوت: پەروەردگارا! من یەکێکم لە دروستکراوەکانت؛ ئێمە لە ڕزق و ڕۆزیی تۆ بێ ئتاتج نین و پێویستمان بە ڕزق و ڕۆزیی تۆیە؛ یان بارانمان بۆ بیارێنە یان لەناومان بدە!

سـولەیمان بە خەڵـکەکەی فەرمـوو: بگەڕێـنەوە! بە هـۆی نـزای ئەم مێـرولەیەوە بارانمـان بـۆ دەبارێت!

٤٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجُ بْنُ مُحَمَّدٍ الْيَزِيدِيُّ، أَنْبَأَنَا شَرِيكٌ، عَنْ أَبِي سِنَانٍ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ أَبِي الهذَيْلِ، عَنْ عَمَّارِ بْنِ يَاسِرٍ أَنَّ أَصْحَابَهُ كَانُوا يَنْتَظِرُونَهُ فَلَمَّا خَرَجَ، قَالُوا: مَا أَبْطَأَكَ عَنْهَا، أَيُّهَا الْأَمِيرُ قَالَ: أَمَا إِنِّي سَوْفَ أُحَدِّثُكُمْ أَنَّ أَخًا لَكُمْ مِمَّنْ كَانَ قَبْلَكُمْ: وَهُوَ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ قَالَ: يَا رَبِّ، حَدِّثْنِي بِأَحَبِّ النَّاسِ إِلَيْكَ قَالَ: وَلِمَ؟ قَالَ: لِأُحِبَّهُ بِحُبِّكَ إِيَّاهُ قَالَ: عَبْدٌ فِي أَقْصَى الْأَرْضِ - أَوْ فِي طَرَفِ الْأَرْضِ - سَمِعَ بِهِ عَبْدٌ آخَرُ فِي أَقْصَى الْأَرْضِ - أَوْ فِي طَرَفِ الْأَرْضِ - لَا يَعْرِفُهُ فَإِنْ أَصَابَتْهُ مُصِيبَةٌ فَكَأَنَّمَا أَصَابَتْهُ، وَإِنْ شَاكَتْهُ شَوْكَةٌ فَكَأَنَّمَا شَاكَتْهُ لَا يُحِبُّهُ إِلَّا لِي، فَذَلِكَ أَحَبُّ خَلْقِي إِلَيَّ قَالَ: يَا رَبِّ، خَلَقْتَ خَلْقًا تُدْخِلهمُ النَّارَ، وَتُعَذِّبُهُمْ؟ فَأَوْحَى الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَيْهِ: كُلهمْ خَلْقِي ثُمَّ قَالَ: ازْرَعْ زَرْعًا فَزَرَعَهُ، فَقَالَ: اسْقِهِ فَسَقَاهُ، ثُمَّ قَالَ لَه: قُمْ عَلَيْهِ فَقَامَ عَلَيْهِ أَوْ مَا شَاءَ الله مِنْ ذَلِكَ فَحَصَدَهُ، وَرَفَعَهُ، فَقَالَ: مَا فَعَلَ زَرْعُكَ، يَا مُوسَى؟ قَالَ: فَرَغْتَ مِنْهُ، وَرَفَعْتَهُ؟ قَالَ: مَا تَرَكْتَ مِنْهُ شَيْئًا؟ قَالَ: مَا لَا خَيْرَ فِيهِ أَوْ: مَا لَا حَاجَةَ لِي فِيهِ قَالَ: كَذَلِكَ أَنَا؛ لَا أُعَذِّبُ إِلَّا مَنْ لَا خَيْرَ فِيهِ أَوْ: مَا لَا حَاجَةَ لِي فِيهِ ".

واتە: عەبـدوڵڵای کـوڕی بـاوکی هوزەیـل لە عەمـماری کـوڕی یاسـرەوە دەگێـڕێتەوە کە هاوڕێکـانی چـاوەڕێی بـوون بێـت بـۆ لایـان؛ کاتێـک هـاتە دەرەوە بۆلایـان گوتیـان: جەنـابی سەرکردە! بۆچی دواکەوتی؟ فەرمووی: قسـەتان بـۆ دەکەم؛ ئەوە برایەک لە برایانی پێشـو کە مووسایە (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: پەروەردگارا! پێم بڵێ کێ خۆشەویسترین کەسـە بەلاتەوە؟ خـوای گەورە فەرمـووی: بـۆچی؟ مووسـا فەرمـووی: بـا لەبەر ئەوەی کە تـۆ خۆشت دەوێ؛ منیش خۆشم بوێ! خوای گەورە فەرمووی: بەندەیەکە لەوپەڕی زەویدابێ. یان: لە پەڕێکـی زەویـدابێ. ببیسـتێ بەنـدەیەک لەوپەڕی زەویـدایە. یـان: لە پەڕێکـی زەویـدایە. ناشیناسـێت بەڵام ئەگەر بەڵایەکـی بەسـەرا هـات هێنـدەی پێناخۆشـە وەک ئەوەی ئەو بەڵایە بەسەر خۆیا هاتبێ؛ ئەگەر دڕکێکی پیابچێ یان تووشی ناخۆشیەک ببێ؛ هێندەی بەلاوە گران بـێ وەک ئەوەی کە دڕك بەخۆیـا چوبێـت یـان ناخۆشـیی بەسـەر خۆیـا هـاتبێ! تەنیـا لەبەر ڕەزامەنـدی منـیش ئەو هەسـتەی هەبێـت و هەر لەبەر مـن ئەمیـان ئەوی خـۆش بـوێ! ئەوە ئەوکەسـە خۆشەویسـترین کەسـە بە لای مـنەوە.. مووسـا فەرمـووی: پەروەردارا! تـۆ هەنـدێ دروستکراوت دروست کردووە و دەشیانخەیتە ناو دۆزەخەوە و سزایان دەدەی؛ بۆچی؟ خوای گەورە سروشی بۆناردو فەرمووی: ئەوانە هەموویـان بەنـدەی مـنن؛ دوایی فەرمووی: مووسا کشتوکاڵێک بچێنە! مووسا هەندێ کشتوکاڵی کرد؛ دوایی فەرمووی: ئادەی ئاوی بدە! مووسا ئاوی دا؛ دوایی پێی فەرموو: ئادەی هەستو چاودێری بکە! مووسا چاودێریی کشتوکاڵەکەیشی

کرد هەتا ئەو دەمەی کە خوای گەورە ویستی لەسەر بوو چاودێری کرد؛ دوایی بەرهەمەکەی دروێەوە.. خوای گەورە فەرمووی: مووسا کشتوکاڵەت چیی بەسەرهات؟ مووسا فەرمووی: لێبومەوە و تەواوم کرد و بەرزم کردەوە! خوای گەورە فەرمووی: هیچت لێ تەرك کرد؟ مووسا فەرمووی: مەگەر ئەوەی کە هیچ سودێکی نەبێ! یان فەرمووی: مەگەر ئەوەی کە پێویستیم پێی نەبێت و بەکەڵك نەیەت! خوای گەورە فەرمووی: دەی منیش هەروام؛ من سزای کەس نادەم مەگەر ئەوانەی کە هیچ خێرێکیان تێدا نییە؛ یان ئەوانەی کە هیچ کەڵکێکیان نییە.

٤٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، أَخْبَرَنَا جَرِيرُ بْنُ حَازِم، عَنْ وَهْب قَالَ: " بَلَغَنِي أَنَّ نَبِيَّ الله مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ مَرَّ بِرَجُل يَدْعُو، وَيَتَضَرَّعُ، فَقَالَ: يَا رَبِّ، ارْحَمْهُ فَأَوْحَى الله إِلَيْهِ: لَوْ دَعَانِي حَتَّى تَنْقَطِعَ قُوَاهُ، مَا اسْتَجَبْتُ له؛ حَتَّى يَنْظُرَ فِي حَقِّي عَلَيْه ".

واتە: جەریری کوڕی حازم لە وەهبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێیان گەیشتووە کە پێغەمبەر مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) دای بە لای پیاوێکا پیاوەکە بە ملکەچییەوە لەخوا دەپاڕایەوە و دەیگوت: خوایە! بەزەییت پیا بێتەوە! خوای گەورە سروشی بۆ مووسا نارد فەرمووی: ئەگەر هەتا هەموو ئەندامەکانی دەپسێ هەر بپاڕێتەوە لێی وەرناگرم هەتا چاوێک نەخشێنێتەوە بەو مافانەی کە مافی منەو لەسەریەتی.

٤٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ بْنُ عَبْد الْعَزِيز الْحَرَوِيُّ الْمِصْرِيُّ، أَخْبَرَنَا عَبْدُ الله بْنُ يَحْيَى الْمَعَافِرِيُّ، أَنْبَأَنَا حَيْوَةُ، عَنْ خَالد بْن يَزِيدَ، عَنْ سَعِيد بْن أَبِي هِلَال، أَنَّ دَاوُدَ النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ، كَانَ يَعُودُ(ه) أَصْحَابُهُ، وَمَا يَظُنُّونَ إِلَّا أَنَّهُ مَرِيضٌ، وَمَا كَانَ بِه إِلَّا الْفَرَقُ مِنَ الله عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: لە خالیدی کوڕی یەزیدەوە دەگێڕنەوە؛ ئەویش لە سەعیدی کوڕی باوکی هیلالەوە فەرموویەتی: پێغەمبەر داود (سەلامی خوای لەسەر بێت) هاوڕێکانی سەردانیان دەکرد؛ هاوڕێکانی وایان گومان دەبرد کە داود نەخۆشە؛ بەڵام هیچی نەبوو تەنیا ترسی خوا نەبێ (کە ڕەنگی بزرکاندبوو و ڕەنگی لەڕوو بریبو).

٤٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ يَعْنِي أَبَا يَزِيدَ أَخْبَرَنَا عَاصِمٌ قَالَ: قَالَ أَبو زَيْد أُرَاهُ فُضَيْلَ بْنَ زَيْد، عَنْ قَيْس بْن عَبَّاد: " إِنَّ دَاوُدَ كَانَ يَدْعُو؛ يَقُولُ: يَا مَارَاهُ؛ أَيْ يَا رَبَّاهُ، أَسْأَلُكَ جَلِيسًا إِذَا ذَكَرْتُكَ أَعَانَنِي، وَإِذَا نَسِيتُكَ ذَكَّرَنِي، يَا مَارَاهُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ جَلِيس إِذَا ذَكَرْتُكَ لَمْ يُعِنِّي، وَإِذَا نَسِيتُكَ لَمْ يُذَكِّرْنِي، يَا مَارَاهُ، إِذَا مَرَرْتُ بِقَوْم يَذْكُرُونَكَ، فَأَرَدْتُ أَنْ أُجَاوِزَهُمْ، فَاكْسِرْ رِجْلِي الَّتِي تَلِيهِمْ؛ حَتَّى أَجْلِسَ، فَأَذْكُرَكَ مَعَهُمْ ".

واتە: لە قەیسی کوڕی عەبیادەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: پێغەمبەر داود (سەلامی خوای لەسەر بێت) نزای دەکردو دیفەرموو: ئەی ماراە! واتە: ئەی خوایە! داوای ئەوەت لێدەکەم کە هاوڕێیەکی وام بدەیتێ هەر کاتێ یادی تۆم کرد ئەو یارمەتیدەرم بێت؛ ئەگەر تۆم لە بیر چو تۆم وەبیر بخاتەوە، ئەی ماراە! پەنات پێ دەگرم لە هاوڕێیەک ئەگەر باسی تۆم کرد یارمەتیم نەدات و ئەگەر تۆم لەبیرچویەوە تۆم وەبیر نەهێنێتەوە.. ئەی ماراە! ئەگەر دام بە لای کەسانێکاو یاد و زیکری تۆیان دەکردو دەمەویست تێیانپەڕێنم و لێیان ڕەت ببم؛ لاقەکانم بشکێنە با لەلایانا دابنیشم و لەگەڵیانا یادی تۆ بکەم!

٤٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِمِ، حَدَّثَنَا أَبُو سَعِيدٍ الْمُؤَدِّبُ، عَنْ رَجُلٍ، قَدْ سَمَّاهُ قَالَ: نَسِيتُ اسْمَهُ: " إِنَّ دَاوُدَ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: اللَّهُمَّ لَا تَجْعَلْنِي مُصَحَّحًا فَتَّانًا؛ فَأَبْطَرَ مَعِيشَتِي، وَأَكْفُرَ نِعْمَتَكَ ".

واتە: باوکی سەعیدی موئەددیب لە پیاوێکەوە دەگێڕێتەوە. ناوی پیاوەکەیشی برد بەڵام دوایی دەیفەرموو: ناوەکەیم لە بیر چویەوە. دەیفەرموو: پێغەمبەر داود (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەیفەرموو: پەروەردگارا! با کەسێکی لەشساغ و بەڵا و خراپەکار نەبم؛ با نازونیعمەت وام لێ نەکات کە لەخۆم بایی ببم و سوپسی نازونیعمەتەکانت نەکەم!

٤٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي عَلِيُّ بْنُ مُسْلِمٍ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، أَخْبَرَنَا ثَابِتٌ يَعْنِي أَبَا يَزِيدَ قَالَ: " كَانَ دَاوُدُ نَبِيُّ اللهِ يُطِيلُ الصَّلَاةَ، ثُمَّ يَرْكَعُ، ثُمَّ يَرْفَعُ رَأْسَهُ، ثُمَّ يَقُولُ: إِلَيْكَ رَفَعْتُ رَأْسِي، يَا عَامِرَ السَّمَاءِ، تَنْظُرُ الْعَبِيدُ إِلَى أَرْبَابِهَا، يَا سَاكِنَ السَّمَاءِ ".

واتە: جەعفەر دەفەرموێت: ثابت واتە: باوکی یەزید دەیفەرموو: پێغەمبەر داود (سەلامی خوای لەسەر بێت) نوێژی درێژ دەکردەوە؛ دوایی کڕنوشی دەبرد؛ دوایی سەری بەرز دەکردەوە؛ دوایی دەیفەرموو: خوایە سەرم بۆ لای تۆ بەرز کردەوە؛ ئەی ئەو کەسەی کە ئاسمانەکانت ئاوەدان کردووەتەوە! کۆیلەکان چاویان لە دەستی ئاغاکانیانە؛ ئەی ئەوەی سۆزو بەزەییت لە ئاسمانە.

٤٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ بْنُ فَضَالَةَ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ يَقُولُ: كَانَ دَاوُدُ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «اللهُمَّ لَا مَرَضًا يُضْنِينِي، وَلَا صِحَّةً تُنْسِينِي، وَلَكِنْ بَيْنَ ذَلِكَ».

واتە: موبارەکی کوڕی فوزالە دەفەرموێت: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: پێغەمبەر داود (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەیفەرموو: خوایە! نەخۆشیێکی وا نەبم کە کەلەلام بکات؛ لەشساغێکی وەهاش نەبم کە تۆم لە بیر بچێتەوە؛ بەڵکوو لەو نێوانەدا بم!

٤٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ بْنُ فَضَالَةَ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ يَقُولُ: " كَانَ أَيُّوبُ عَلَيْهِ السَّلَامُ كُلَّمَا أَصَابَتْهُ مُصِيبَةٌ قَالَ: «اللهمَّ أَنْتَ أَخَذْتَ، وَأَنْتَ أَعْطَيْتَ، مَهْمَا تُبْقِي نَفْسِي، أَحْمَدُكَ عَلَى حُسْنِ بَلَائِكَ».

واتە: موبارەکی کوڕی فوزالە دەفەرموێت: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: پێغەمبەر ئەییوب (سەلامی خوای لەسەر بێت) هەر جارێک تووشی بەڵا و موسیبەتێک ببوایە دەیفەرموو: خوایە تۆ خۆت دەیبەیت و تۆ خۆت بەخشەری؛ هەتا من گیانم تیابێ سوپاست دەکەم لەسەر ئەوەی بەڵا و موسیبەتم بەسەرا دێنی!

دەرد و بەڵای پێغەمبەر ئەیوب
(سەلامی خوای لەسەر بێت)

٤٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو الْمُغِيرَة، أَخْبَرَنَا صَفْوَانُ، أَخْبَرَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ جُبَيْرٍ قَالَ: " لَمَّا ابْتُلِيَ أَيُّوبُ النَّبِيُّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ بِمَاله وَوَلَده وَجَسَده طُرِحَ فِي الْمَزْبَلَة، جَعَلَت امْرَأَتُهُ تَخْرُجُ تَكْسَبُ عَلَيْه مَا تُطْعِمُهُ، فَحَسَدَهُ الشَّيْطَانُ ذَلكَ، وَكَانَ يَأْتِي أَصْحَابَ الْخُبْز وَالشِّوَاء، الَّذينَ كَانُوا يَتَصَدَّقُونَ عَلَيْهَا، فَيَقُولُ: اطْرُدُوا هَذه الْمَرْأَةَ الَّتِي تَغْشَاكُمْ؛ فَإِنَّهَا تُعَالِجُ صَاحِبَهَا، وَتَلْمَسُهُ بِيَدهَا، فَالنَّاسُ يَقْتَذِرُونَ طَعَامَكُمْ منْ أَجْلها؛ إِنَّهَا تَأْتِيكُمْ، وَتَغْشَاكُمْ فَجَعَلُوا لَا يُدْنُونَهَا منْهُمْ؛ وَيَقُولُونَ: تَبَاعَدي عَنَا، وَنَحْنُ نُطْعِمُك، وَلَا تَقْرَبِينَا. فَأَخْبَرَتْ أَيُّوبَ بذَلكَ، فَحَمدَ الله عَزَّ وَجَلَّ عَلَى ذَلكَ، فَكَانَ يَلْقَاهَا، إِذَا خَرَجَتْ كَالْمُتَحَزِّن بِمَا لَقِيَ أَيُّوبُ؛ فَيَقُولُ: نَجَّ صَاحبَك، وَأَبَى إِلَّا مَا أَبَى، فَوَالله، لَوْ تَكَلَّمَ بِكَلمَة وَاحدَة، لَكُشفَ عَنْهُ كُلُّ ضُرٍّ، وَلَرَجَعَ إِلَيْه مَاله وَوَلَدُهُ فَتَجِيءُ، فَتُخْبِرُ أَيُّوبَ عَلَيْه السَّلَامُ بِذَلكَ، فَيَقُولُ لهَا: لَقِيَك عَدُوُّ الله؛ فَلَقَّنَك هَذَا الْكَلَامَ، لَمَّا أَعْطَانَا الله عَزَّ وَجَلَّ الْمَالَ وَالْوَلَدَ آمَنَّا بِه، وَإِذَا قَبَضَ الَّذي لَه نَكْفُرُ بِه؟ لَئنْ أَقَامَني الله عَزَّ وَجَلَّ منْ مَرَضي هَذَا، لَأَجْلدَنَّك مائَةَ جَلْدَة " قَالَ: " فَلذَلكَ قَالَ الله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَاضْرِب بِّهِۦ وَلَا تَحْنَثْ ﴾ ص: ٤٤ يَعْني بِالضِّغْث الْقَبْضَةَ منَ الْمَكَانس ".

واتە: صەفوان بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: عەبدولڕەحمانی کوڕی جوبەیر بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: کاتێ پێغەمبەر ئەیوب (سەلامی خوای لەسەر بێت) هەم خۆی تووشی بەڵا و موسیبەت بوو؛ هەم سەروەت و سامان و منداڵەکانی لەدەستداو لاشەی بیمار بوو؛ فڕێ درایە سەر شوێنێکی نەشیاو؛ ژنەکەی دەرۆیشت و کاسبی دەکردو خواردنی بۆ ئەیوب دابین دەکرد؛ شەیتان ئیرەیی پێ بردو دەچو بۆ لای نانەواو خاوەن خواردنگەکان؛ ئەوانەی کە خێریان پێ دەکرد؛ دەیگوت: ئەم ژنە لە خۆتان دوور بخەنەوە! ئەمە خەریکی تیمار کردنی مێردەکەیەتی و دەستی پێوە دەدات و بە هۆی ئەوەوە خەڵکی قیز لە خواردنەکانی ئێوە دەکەنەوە بە هۆی ئەوەی کە ئەم ژنە دێت بۆ لای ئێوە و سەردانی ئێوە دەکات؛ ئیتر ئەوانیش نەیاندەهێشت لێیان نزیک بێتەوە و دەیانگوت: لێمان دوور بکەوە؛ ئێمە خواردنت پێ دەدەین

بەڵام نزیکیان مەبەوە! ژنەکەی پێغەمبەر ئەییوب ئەوەی بۆ حەزرەتی ئەییوب گێڕایەوە؛ پێغەمبەر ئەییوب سوپاسی خوای گەورەی کرد؛ جا کاتێ ژنەکەی ئەییوب دەچوە دەروە؛ شەیتان وەکوو کەسێکی خەمبار خۆی پیشانی ئەییوب دەداو دەیگوت: هاوڕێکەت ڕزگار بکە؛ هیچ نەبووە بەرێگر لەبردەم ئەوەی کە ڕزگار ببێ؛ ئەوەنەبێ کە خۆی کردوویەتی بە ڕێگر! بەخوا ئەگەر یەک وشە بڵێت ئەوا هەموو نەخۆشی و دەرد و بەڵاکانی لەکۆڵ دەبێتەوە و ماڵ و سەروەت و سامان و منداڵەکانیشی بۆ دەگەڕێتەوە.. ژنەکەیشی دەهاتەوە بۆ لای ئەییوب و ئەوەی بۆ دەگێڕایەوە کە شەیتان پێی گوتبوو؛ ئەییوبیش دەیفەرموو: ئەوە دوژمنی خودا بووە پێت گەیشتووە و ئەو قسەیەی بۆ کردوی؛ ئەو دەمەی کە خوای گەورە ماڵ و سەروەت و سامان و منداڵی پێ بەخشین ئێمە باوەڕمان پێ هێنابوو؛ بەڵام کاتێ لێیان بسێنێتەوە کوفر بکەین و پەشیمان ببینەوە؟! ئەگەر خوای گەورە لەم نەخۆشییە ڕزگارم بکات دەبێ سەد دارت لێ بدەم! دەفەرموێت: ئا لەبەر ئەوە خوای گەورە پێی فەرموو: (مانای ئایەتەکە): چەپکێ لاسکی ناسك بگرێت بەدەستەوە (بەقەدەر ئەو ژمارەیەی کە بڕیاری دابوو و بیماڵێت بە هاوسەرەکەیداو فەرمووی) سوێندەکەشت مەشکێنە. مەبەستی خوای گەورە لە وشەی (الضِّغْث) چەپکێ چیلکەیە.

٤٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي بَيَانُ بْنُ الْحَكَم، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ حَاتِم، حَدَّثَنِي بِشْرُ بْنُ الْحَارِث، أَخْبَرَنَا مُعْتَمِرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، عَنْ لَيْث، عَنْ طَلْحَةَ قَالَ: قَالَ إِبْلِيسُ مَا أَصَبْتُ مِنْ أَيُّوبَ شَيْئًا قَطُّ أَفْرَحُ بِهِ؛ إِلَّا أَنِّي كُنْتُ إِذَا سَمِعْتُ أَنِينَهُ عَرَفْتُ أَنِّي قَدْ أَوْجَعْتُهُ ".

واتە: لەیث لە تەڵحەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئیبلیس گوتی: هەرگیز شتێکم لە ئیوب نەدیوە و نەبیستووە پێی دڵخۆش ببم؛ مەگەر ئەوە نەبێ هەر کاتێ دەمیست ناڵەی لێوە دەهات جەمزانی کە کارێکی وەهام کردووە کە ئازارم داوە!

٤٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو عَبْد الله السُّلَمِيُّ، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ مُسْلِم، عَنْ عَبْد الرَّحْمَن بْن يَزِيدَ بْن رَبِيع قَالَ: " نَظَرَ دَاوُدُ إِلَى مِنْجَل مِنْ نَار يَهْوِي بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ، فَقَالَ: يَا رَبِّ، مَا هَذَا؟ قَالَ: هَذَا لَعْنَتِي، أُدْخِلها بَيْتَ كُلِّ ظَلَّامٍ ".

واتە: عەبدولڕەحمانی کوڕی یەزیدی کوڕی ڕەبیع دەفەرموێت: پێغەمبەر داود (سەلامی خوای لەسەر بێت) سەیری کرد تۆپەڵە ئاگرێک کە وەکوو تیانچە وا بوو لە نێوان ئاسمان و زەوی دادەبەزی؛ فەرمووی: خوایە ئمە چییە؟ خوای گەورە فەرمووی: ئەمە نەفرەتی منە! دەیخەمە ناو ماڵی هەموو کەسێکی ستەمکارەوە.

٤٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبُو بَكْرِ بْنُ عَوْنٍ الْمَدِينِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ بَعْضَ أَصْحَابِنَا يَقُولُ: " أَوْحَى اللهُ عَزَّ وَجَلَّ إِلَى دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: «إِنَّمَا أَنْزَلْتُ الشَّهَوَاتِ فِي الْأَرْضِ، عَلَى الضُّعَفَاءِ مِنْ عِبَادِي، مَا لِلْأَبْطَالِ وَلَها؟!».

واتە: ئەبوبەکری کوڕی عەونی مەدینی دەفەرموێت: گوێم لە یەکێک لە هاوەڵانمان بوو دەیفەرموو: خوای گەورە سروشی بۆ پێغەمبەر داود (سەمی خوای لەسەر بێ) هەناردو فەرمووی: من شەهوەت و خۆشی و چێژم ناردووە بۆ سەر زەوی تەنیا بۆ ئەو بەندانەی کە لاوازن؛ پیاوی زیرەك و خۆڕاگر لە کوێ و شەهوەت و خۆشی و چێژ لەکوێ؟!

٤٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، حَدَّثَنَا شَرِيكٌ، عَنْ أَبِي رَوْقٍ، عَنِ الضَّحَّاكِ قَالَ: " السَّيِّدُ: الْحَسَنُ الْخُلُقِ وَالْحَصُورُ: الَّذِي حُصِرَ عَنِ النِّسَاءِ ".

واتە: زەححاك دەفەرموێت: (السيد) واتە: کەسێکی ناکار جوان (الحصور)یش واتە: ئەوەی کە لە ژنان دەبسراوە (واتە: دڵی بۆ هیچ ژنێک لێی نەدەدا).

٤٦٣ - حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيدٍ، عَنْ يَحْيَى بْنِ سَعِيدٍ يَعْنِي الْأَنْصَارِيَّ عَنْ سَعِيدِ بْنِ الْمُسَيِّبِ قَالَ: سَمِعْتُ ابْنَ الْعَاصِ يَقُولُ: " مَا أَحَدٌ لَقِيَ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ إِلَّا بِذَنْبٍ، إِلَّا يَحْيَى بْنَ زَكَرِيَّا، ثُمَّ قَرَأَ سَعِيدٌ: ﴿وَسَيِّدًا وَحَصُورًا﴾ آل عمران: ٣٩ فَرَفَعَ مِنَ الْأَرْضِ شَيْئًا، فَقَالَ: الْحَصُورُ ذَكَرُهُ مِثْلُ هَذَا «وَأَشَارَ يَحْيَى بِطَرْفِ إِصْبَعِهِ».

واتە: لە سەعیدی کوڕی موسەییبەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: گوێم لە کوڕی عاص بوو دەیفەرموو: هیچ کەس نییە کە بگەڕێتەوە خزمەت خوای گەورە و تاوانێکی نەبێ؛ تەنیا یەحیای کوڕی زەکەریا نەبێ؛ پاشان سەعید ئەم ئایەتەی خوێندە:﴿وَسَيِّدًا وَحَصُورًا﴾ آل عمران: ٣٩ . واتە: گەورە و ڕێزدارو خۆپارێزە لە تاوان و گوناه. دوایی هەندێ خۆڵی لە زەوی بەرز کردەوە و فەرمووی: (الحصور) ئەو کەسەیە کە زەکەری وەکوو ئەمە وایە؛ یەحیای کوڕی سەعید کە یەکێکە لەوانەی کە ئەم ئەسەرەیان گێڕاوەتەوە؛ بە پەنجەی ئاماژەی بۆ خۆڵ دەکرد.

٤٦٣ - قَالَ عَبْدُ اللهِ، قَالَ أَبِي، وَقَالَ عَبَّابٌ عَنِ ابْنِ الْمُبَارَكِ: " السَّيِّدُ: الَّذِي يُطِيعُ رَبَّهُ، وَلَا يَعْصِيهِ ".

واتە: عەبباب لە کوڕی موبارەکەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: (السيد) ئەو کەسەیە کە گوێڕایەڵی خوای خۆیەتی و هەرگیز بێفەرمانی ناکات.

٤٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ قَالَ: سَمِعْتُ مَعْمَرًا يَقُولُ: " قَالَ الصِّبْيَانُ لِيَحْيَى بْنِ زَكَرِيَّا: اذْهَبْ بِنَا، فَلْنَلْعَبْ قَالَ: مَا لِلَّعِبِ خُلِقْنَا " قَالَ: " فَأَنْزَلَ اللهُ، عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْحُكْمَ صَبِيًّا ﴿١٢﴾﴾ مريم: ١٢ .

واتە: عەبدولڕەزاق دەفەرموێت: گوێم لە مەعمەر بوو دەیفەرموو: (کاتێ کە پێغەمبەر یەحیا منداڵ بوو) منداڵە وورده بە یەحیای کوڕی زەکەریان دەگوت: وەرە با بچین یاری بکەین؛ یەحیا دەیفەرموو: ئێمە بۆ یاری دروست نەکراوین. دفەرموێ: ئەمە ئەوەیە کە خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردووەتە خوارەوە و دەفەرموێت: (مانای ئایەتەکە): هەر لە تەمەنی نەوجەوانیدا، توانای جیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاستمان پێ بەخشی، بە دادوەرێکی ڕێک و پێک کێشەی خەڵکەکەی چارەسەر دەکرد.

٤٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالِدٍ، أَخْبَرَنَا رَبَاحٌ، أَخْبَرَنَا أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ الْخُرَاسَانِيُّ قَالَ يَعْنِي عَبْدَ اللهِ بْنَ الْمُبَارَكِ، عَنْ مَالِكِ بْنِ أَنَسٍ، عَنْ حُمَيْدٍ الْأَعْرَجِ، عَنْ مُجَاهِدٍ قَالَ: قَالَ: «كَانَ طَعَامُ يَحْيَى بْنِ زَكَرِيَّا عَلَيْهِ السَّلَامُ الْعُشْبَ وَإِنْ كَانَ لَيَبْكِي مِنْ خَشْيَةِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ مَا لَوْ كَانَ الْقَارُ عَلَى عَيْنَيْهِ لَخَرَقَهُ، وَلَقَدْ كَانَتِ الدُّمُوعُ اتَّخَذَتْ مَجْرًى فِي وَجْهِهِ».

واتە: حەمەیدی ئەعرەج لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: خواردنی یەحیای کوڕی زەکەریا هەر گیا بوو؛ هێندە لە ترسی خوای گەورە دەگریاو فرمێسکی هەڵدەوەراند؛ ئەگەر چاوەکانی بە قیر داپۆشرابان ئەو فرمێسکانە قیرەکەیان کون دیوەدەر دەکردو دەهاتنە دەرەوە؛ فرمێسك سەر ڕومەتی چاڵ کردبوو جۆگەلەی بەستبوو.

باسی سولەیمانی کوڕی داوود
(سەلامی خوایان لەسەر بێت)

٤٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ مَعْرُوفٍ، أَخْبَرَنَا ضَمْرَةُ، عَنِ ابْنِ عَطَاءٍ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: «كَانَ سُلَيْمَانُ عَلَيْهِ السَّلَامُ يَعْمَلُ الْخُوصَ بِيَدِهِ، وَيَأْكُلُ خُبْزَ الشَّعِيرِ بِالنَّوَى، وَيُطْعِمُ بَنِي إِسْرَائِيلَ الْجَوْلَذِيَّ».

واتە: کوڕی عەتا لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: سولەیمان (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە دەستی خۆی تەیەکەی دەچنی و نانی جۆی بە ناوکەوە دەخواردو (الجولذي) دەرخواردی بەنی ئیسرائیلییەکان دەدا[1].

٤٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي الْحَكَمُ بْنُ مُوسَى، حَدَّثَنَا هِقْلٌ، عَنِ الْأَوْزَاعِيِّ، عَنْ يَحْيَى قَالَ: " قَالَ سُلَيْمَانُ لِابْنِهِ: يَا بُنَيَّ، إِيَّاكَ وَالنَّمِيمَةَ؛ فَإِنَّهَا كَحَدِّ السَّيْفِ ".

واتە: لە ئەوزاعیەوە دەگێڕنەوە ئەویش لە یەحیاوە فەرموویەتی: سولەیمان بە کوڕەکەی خۆی فەرموو: کوڕی خۆم! خۆت لە دووزمانی بپارێزە؛ چونکە دوو زمانی وەکوو شمشێرە (کە لە هەردولاوە بڕندە بێت و خەڵکی تووشی ئازار بکات).

٤٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي جَعْفَرُ بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ فُضَيْلٍ، مِنْ أَهْلِ رَأْسِ الْعَيْنِ، أَخْبَرَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سُلَيْمَانَ بْنِ أَبِي دَاوُدَ الْحَرَّانِيُّ، حَدَّثَنَا مَعَانُ بْنُ رِفَاعَةَ، عَنْ أَبِي عَبْدِ اللهِ، أَنَّ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ قَالَ: «يَا عَبِيدَ الدُّنْيَا، مَكَانَ مَا تَصَدَّقُونَ، ارْحَمُوا مَنْ تَظْلِمُونَ».

واتە: مەعانی کوڕی ڕیفاعە لە باوکی عەبدوڵلاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەزرەتی عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: ئەی بەندەی دونیا! جیاتی ئەوەی خێرو بکەن؛ بەزەییتان بەوانەدا بێتەوە کە ستەمیان لێ دەکەن.

---

[1] زۆرم هەوڵدا بەڵام مانای وشەی (الجولذي)م لە هیچ شوێنێک نەدۆزیەوە.

واتە: موغیرە لە شەعبییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: چاکە ئەوە نییە کە چاکە لەگەڵ ئەو کەسەدا بکەی کە چاکەی لەگەلا کردوی؛ ئەوە وەلامدانەوەی چاکەیە بە چاکە؛ بەڵکوو چاکە ئەوەیە چاکە لەگەڵ کەسێکدا بکەی کە ئەو خراپەی لەگەڵ تۆدا کردووە.

٤٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا يَحْيَى بْنُ أَبِي بُكَيْرٍ، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ الْمُغِيرَةِ، عَنْ ثَابِتٍ قَالَ: " انْطَلَقَ عِيسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ يَزُورُ أَخًا له، فَاسْتَقْبَلَهُ إِنْسَانٌ، فَقَالَ: إِنَّ أَخَاكَ قَدْ مَاتَ فَرَجَعَ، فَسَمِعَ بَنَاتُ أَخِيهِ بِرُجُوعِهِ عَنْهُنَّ، فَأَتَيْنَهُ، فَقُلْنَ: يَا رَسُولَ الله، رُجُوعُكَ عَنَّا أَشَدُّ عَلَيْنَا مِنْ مَوْتِ أَبِينَا قَالَ: فَانْطَلَقْنَ، فَأَرِينِي قَبْرَهُ، فَانْطَلَقْنَ، حَتَّى أَرَيْنَهُ قَبْرَهُ " قَالَ: " وَصَوَّتَ بِهِ، فَخَرَجَ، وَهُوَ أَشْيَبُ، فَقَالَ: أَلَسْتَ فُلَانًا؟ قَالَ: بَلَى قَالَ: فَمَاذَا الَّذِي أَرَى بِكَ؟ قَالَ: سَمِعْتُ صَوْتَكَ، فَحَسِبْتُهُ الصَّيْحَةَ قَالَ: وَامْرَأَتُهُ تَرَى مَا صَنَعَ، وَتَسْمَعُ قَالَتْ: طُوبَى لِبَطْنٍ لَبِثْتَ فِيهِ، وَثَدْيَيْنِ رَضِعْتَهُمَا قَالَ عِيسَى: طُوبَى لِمَنْ عَلَّمَهُ الله عَزَّ وَجَلَّ كِتَابَهُ، ثُمَّ لَمْ يَمُتْ جَبَّارًا ".

واتە: سولەیمانی کوڕی موغیرە لە ثابتەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) ڕۆیشت بۆ سەرادنیکردنی هاوڕێیەکی؛ مرۆڤێک پێشوازی لێ کرد وگوتی: برادەرەکەت مردووە؛ ئیتر ئەویش گەڕایەوە؛ جا کچەکانی ئەو برادەرەی بیستیان گەڕاوەتەوە هاتن بۆ لای؛ گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! ئەو گەڕانەوەی تۆمان لە مردنی باوکمان پێ گرانتر بوو؛ عیسا فەرمووی: ئادەی وەرن گۆڕی باوکتان پیشانی من بدەن؛ کچەکان ڕۆیشتن و گۆڕی باوکیان پیشانی حەزرەتی عیسا دا؛ فەرمووی: بانگی کرد و مردووەکە (زیندوو بویەوەو) هاتە دەرەوە و پیر ببوو؛ فەرمووی: مەگەر تۆ فلانە کەس نیت؟ گوتی: با! فەرمووی: ئەی بۆچی ئاوات لێ هاتووە؟ گوتی: گوێم لە دەنگت بوو وامزانی هاوارە.. (ڕاوی) دەڵێ: ژنەکەی دەیبینی کە چیی کردووە و گوێی لێ بوو، بۆیە گوتی: خۆزگە بەو زگەی ۆی هەڵگرتووە و بۆ ئەو مەمکانەی شیریان بە تۆ داوە! عیسا فەرمووی: خۆشبەخت ئەو کەسەیە خوای گەورە کتێبەکەی خۆی فێر کردووە و دوایی ئەو کەسە بە ستەمکاری نەمردووە.

٤٧٣ - حَدَّثَنِي عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي سُفْيَانُ بْنُ وَكِيعٍ، أَخْبَرَنَا ابْنُ عُيَيْنَةَ يَعْنِي سُفْيَانَ عَنْ أَبِي مُوسَى، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: " قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: إِنِّي أَكْبَبْتُ الدُّنْيَا عَلَى وَجْهِهَا، وَقَعَدْتُ عَلَى ظَهْرِهَا، وَلَيْسَ لِي وَلَدٌ يَمُوتُ، وَلَا بَيْتٌ فَيَخْرَبُ فَقَالُوا له: أَفَلَا تَتَّخِذُ لَكَ بَيْتًا؟ قَالَ: ابْنُوا لِي عَلَى طَرِيقِ السَّيْلِ بَيْتًا، قَالُوا: لَا يَثْبُتُ، قَالُوا: أَفَلَا تَتَّخِذُ لَكَ زَوْجَةً؟ قَالَ: مَا أَصْنَعُ بِزَوْجَةٍ تَمُوتُ؟ ".

واتە: سوفیانی کوڕی عویەینە لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: من دونیام فڕێداوە و داومە بەسەر یەکاو لەسەر پشتی دونیا دانیشتوم؛ من منالّم نییە بمرێ؛ مالّم نییە وێران بێ.. پێیان گوت: ئەی باشە بۆی خانویەک دروست ناکەیت؟ فەرمووی: ئادەی لەو شوێنەدا کە ڕێگای لافاوە تا لەوێدا ژوورێکم بۆ دروست بکەن! گوتیان: دەی ئەوە شوێنە خانوو نییەو خانو لەوێدا نامێنێتەوە و خۆی ناگرێ! دوایی پێیان فەرموو: ئەی باشە بۆچی ژنێکت بۆ نەهێنین؟ فەرمووی: من چییکەم بە ژنێ کە بمرێ؟!

٤٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، أَخْبَرَنَا عُبَيْدُ اللهِ الْقَوَارِيرِيُّ، حَدَّثَنَا مُعَاذُ بْنُ هِشَامٍ، حَدَّثَنِي أَبِي، عَنْ بُدَيْلِ بْنِ مَيْسَرَةَ، حَدَّثَنِي جَعْفَرُ بْنُ جِرْفَاسٍ أَنَّ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ قَالَ: «رَأْسُ الْخَطِيئَةِ حُبُّ الدُّنْيَا، وَالنِّسَاءُ حِبَالَةُ الشَّيْطَانِ، وَالْخَمْرُ مِفْتَاحُ كُلِّ شَرٍّ».

واتە: بودەیلی کوڕی مەیسەرە دەفەرموێت: جەعفەری کوڕی جیرفاس بۆی گێڕامەوە فەرمووی: عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: سەری هەموو تاوانێک بریتیە لە خۆشویستنی دونیا؛ ژنیش پەتی دەستی شەیتانە؛ بادەو شەرابیش کلیلی هەموو تاوان و خراپەیەکە.

٤٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عُمَرُ بْنُ سَعْدٍ أَبُو دَاوُدَ الْحَفَرِيُّ، عَنْ سُفْيَانَ قَالَ: " كَانَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ يَقُولُ: " حُبُّ الدُّنْيَا أَصْلُ كُلِّ خَطِيئَةٍ، وَالْمَالُ فِيهِ دَاءٌ كَثِيرٌ، قَالُوا: وَمَا دَاؤُهُ؟ قَالَ: لَا يَسْلَمُ صَاحِبُهُ مِنَ الْفَخْرِ وَالْخُيَلَاءِ قَالُوا: فَإِنْ سَلِمَ؟ قَالَ: يَشْغَلُهُ إِصْلَاحُهُ عَنْ ذِكْرِ اللهِ تَعَالَى ".

واتە: عومەری کوڕی سەعد لە سوفیانەوە دەگێڕێتەوە فەرمووی: عیسای کوڕی مەریەم دەیفەرموو: خۆشویستنی دونیا سەری هەموو تاوانێکە؛ مالّ و سامان لە دونیادا دەرد و بەڵایە.. گوتیان: بۆچی دەردە بەڵایە؟ فەرمووی: ئاخر مرۆڤی دەولەمەند خۆی پێ ناگیرێت و شانازیەک هەر دەکات بە سامانەکەیەوە! گوتیان: ئەی ئەگەر خۆی پێ گیرا چی؟ فەرمووی: خەریك بوون بە سەروەت و سامانەکەیەوە لە زیکری خوای دوور دەخاتەوە.

٤٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَجُلٌ هُوَ عَلِيُّ بْنُ عَبْدِ اللهِ حَدَّثَنِي يُونُسُ بْنُ سُلَيْمَانَ الصَّنْعَانِيُّ، حَدَّثَنِي إِبْرَاهِيمُ بْنُ عُمَرَ بْنِ كَيْسَانَ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ عُمَرَ بْنِ أَبِي زَيْدٍ، عَنْ وَهْبِ بْنِ مُنَبِّهٍ، أَنَّهُ قَالَ: إِنَّ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ قَالَ: بِحَقٍّ أَقُولُ لَكُمْ: إِنَّ أَكْنَافَ السَّمَاءِ لَخَالِيَةٌ مِنَ الْأَغْنِيَاءِ، وَلَدُخُولُ جَمَلٍ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ أَيْسَرُ مِنْ دُخُولِ غَنِيٍّ الْجَنَّةَ ".

واتە: عومەری کوڕی باوکی زەید لە وەهبی کوڕی مونەببیهەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: بەڕاستی پێتان دەڵێم: سوچ و پەناو ژوورەکانی ئاسمان خاڵین لە دەوڵەمەندکان؛ بەخوا ئەگەر وشترێک بڕوا بە کونی دەرزیدا لەوە ئاسانترە کە دەوڵەمەندێک بڕواتە بەهەشتەوە.

٤٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني عَبْدُ الله بْنُ مُحَمَّد الْأَذْرَميُّ، أَخْبَرَنَا ثَابتُ بْنُ إسْحَاقَ، أَنْبَأَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، أَنْبَأَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ قَالَ: سَمعْتُ خَالدَ بْنَ حَوْشَب يَقُولُ: " قَالَ عيسَى ابْنُ مَرْيَمَ للْحَوَاريِّينَ: كَمَا تَرَكَ لَكُمُ الْمُلُوكُ الْحكْمَةَ، فَدَعُوا لَهمُ الدُّنْيَا ".

واتە: سوفیانی کوڕی عویەینە دەفەرموێت: گوێم لە خالیدی کوڕی حەوشەب بوو دەیفەرموو: عیسای کوڕی مەریەم بە حەوارییەکانی فەرموو: وەک چۆن پادشاکان دانایی و زانستیان بۆ ئێوە بەجێهێشتووە؛ ئێوەش دونیا و سەروەت و سامان بۆ ئەوان بەجێ بهێڵن.

٤٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، أَخْبَرَنَا مُحَمَّدُ بْنُ الْحَسَن بْن أَتش أَخْبَرَنَا مُنْذرٌ، عَنْ وَهْب بْن مُنَبِّه: «إنَّ الْمَائدَةَ أُنْزلَتْ وَعَلَيْهَا قرَصَةٌ منْ شَعير وَأَحْوَاتٌ».

واتە: مونزیر لە وەهبی کوڕی مونەببیهەوە دەگێڕێتەوە: سفرەکە (ئەوەی کە بۆ حەزرەتی عیساو حەوارییەکان هاتە خوارەوە) دابەزی و چەند پارچە نانێکی جۆو چەند ماسییەکی لەسەر بوو.

٤٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني عَبْدُ الله بْنُ مُحَمَّد بْن إسْحَاقَ الْأَذْرَميُّ، حَدَّثَنَا مُلْبدٌ أَنْبَأَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، أَخْبَرَنَا مَعْمَرٌ، عَنْ عُمَرَ بْن عَبْد الله، عَنْ عكْرمَةَ قَالَ: " قَالَ عيسَى ابْنُ مَرْيَمَ عَلَيْه السَّلَامُ للْحَوَاريِّينَ: يَا مَعْشَرَ الْحَوَاريِّينَ، لَا تُلْقُوا اللُّؤْلُؤَ للْخنْزير؛ فَإنَّهُ لَا يَصْنَعُ به شَيْئًا، وَلَا تُعْطُوا الْحكْمَةَ مَنْ لَا يُريدُهَا؛ فَإنَّ الْحكْمَةَ أَحْسَنُ منَ اللُّؤْلُؤ، وَمَنْ لَا يُريدُهَا أَشَرُّ منَ الْخنْزير".

واتە: عیکریمە دەفەرموێت: عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە حەوارییەکانی فەرموو: ئەی حەوارییەکان! لولو (لوئلوء) مەدەن بە بەراز! بەرزا چی بکا بە لولو؟ داناییش مەبەخشن بەو کەسانەی کە دانایییان ناوێ؛ چونکە دانایی لە لولو بەنرخترەو ئەو کەسەی کە دانایی ناوێت لە بەراز خراپترە.

٤٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ: " قَالَ عيسَى ابْنُ مَرْيَمَ عَلَيْه السَّلَامُ للْقُرَّاء: يَا ملْحَ الْأَرْض، لَا تَفْسُدُوا؛ فَإنَّ الشَّيْءَ إذَا فَسَدَ إنَّمَا يُصْلحُهُ الْملْحُ، وَإنَّ الْملْحَ إذَا فَسَدَ لَمْ يُصْلحْهُ شَيْءٌ ".

واته: سوفیان دەفەرموێت: عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە خوێنەوارەکانی دەفەرموو: ئێوە خوێی سەرزەوین! ئێوە خراپ مەبن؛ هەر شتێ خراپ بێ خوێی پێدا دەکرێ؛ ئەگەر خوێ خۆی خراپ بێ بە هیچ شتێک چاک نابێتەوە.

٤٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَيْثَمُ بْنُ خَارِجَةَ، أَنْبَأَنَا ابْنُ عَلَّاق، عَنْ زُرْعَةَ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ قَالَ: كَانَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ يَقُولُ: لَحَقٌّ أَقُولُ لَكُمْ: كَمَا لَا يَسْتَطِيعُ أَحَدُكُمْ أَنْ يَبْنِيَ عَلَى مَوْجِ الْبَحْرِ دَارًا؛ كَذَلِكُمُ الدُّنْيَا لَا تَتَّخِذُوهَا قَرَارًا ".

واته: زورعە لە ئیبراهیمەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەیفەرموو: هەر بەڕاستی پێتان دەڵێم: وەک چۆن هیچ کەسێک لە ئێوە ناتوانێ لەسەر پێلی (شەپۆلی) دەریا خانوو دروست بکات؛ ئەواش لە دونیا بڕوانن و بە شوێنی مانەوەی خۆتانی مەزانن.

٤٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَيْثَمُ بْنُ خَارِجَةَ، أَخْبَرَنَا ابْنُ عَيَّاش، عَنْ صَفْوَانَ بْنِ عَمْرٍو، عَنْ شُرَيْحِ بْنِ عُبَيْدٍ، عَنْ مَيْسَرَةَ قَالَ: قَالَ الْمَسِيحُ عَلَيْهِ السَّلَامُ: إِنْ أَحْبَبْتُمْ أَنْ تَكُونُوا أَصْفِيَاءَ لله عَزَّ وَجَلَّ، وَنُورَ بَنِي آدَمَ مِنْ خَلْقِهِ، فَاعْفُوا عَمَّنْ ظَلَمَكُمْ، وَعُودُوا مَنْ لَا يَعُودُكُمْ، وَأَحْسِنُوا إِلَى مَنْ لَا يُحْسِنُ إِلَيْكُمْ، وَأَقْرِضُوا مَنْ لَا يُجْزِيكُمْ ".

واته: **شورەیحی کوڕی عوبەید لە مەیسەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: مەسیح (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: ئەگەر پێتان خۆشە ببنە بەندەی هەڵبژێراوو تایبەتی خوای گەورە؛ ئەگەر پێتان خۆشە ببنە نورو تیشك بۆ نەوەکانی ئادەم؛ ئەوا لەو کەسانە ببورن کە ستەمتان لێ دەکەن؛ سەردانی ئەو کەسانە بکەن کە سەردانتان ناکەن؛ چاکە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەن کە چاکەتان لەگەلا ناکەن؛ قەرز بەو کەسانە بدەن کە پێتان نادەنەوە.**

٤٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا هَيْثَمُ بْنُ خَارِجَةَ، أَخْبَرَنَا ابْنُ عَلَّاق، عَنْ سَعِيدِ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ، عَنْ أَشْيَاخِهِ أَنَّ عِيسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ مَرَّ بِعَقَبَةِ أَفِيق، وَمَعَهُ رَجُلٌ مِنْ حَوَارِيِّيهِ، فَاعْتَرَضَهُمْ رَجُلٌ، فَمَنَعَهُمُ الطَّرِيقَ، وَقَالَ: لَا أَتْرُكُكُمَا تَجُوزَانِ حَتَّى أَلْطِمَ كُلَّ وَاحِدٍ مِنْكُمَا لَطْمَةً فَأَدَارَاهُ، فَأَبَى إِلَّا ذَلِكَ، فَقَالَ عِيسَى: أَمَّا خَدِّي فَالْطِمْهُ " قَالَ: " فَلَطَمَهُ، فَخَلَّى سَبِيلَهُ، وَقَالَ لِلْحَوَارِيِّ: لَا أَدَعُكَ تَجُوزُ حَتَّى أَلْطِمَكَ فَتَمَنَّعَ، فَلَمَّا رَأَى عِيسَى ذَلِكَ، أَعْطَاهُ خَدَّهُ الْآخَرَ، فَلَطَمَهُ، فَخَلَّى سَبِيلَهُمَا، فَقَالَ عِيسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ: اللهمَّ إِنْ كَانَ هَذَا لَكَ رِضًى فَبَلِّغْنِي رِضَاكَ، وَإِنْ كَانَ سَخَطًا فَإِنَّكَ أَوْلَى بِالْغَيْرَةِ ".

واته: سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیز لە مامۆستاکانی خۆی دەگێڕێتەوە فەرمویانە: عیسا

(سەلامی خوای لەسەر بێت) بە بەرزاییەکانی (ئەفیق)دا تێدەپەڕی؛ یەکێک لە حەوارییەکانی خۆی لەگەڵدا بوو؛ پیاوێکیان لێ پەیدا بوو ڕێگای لێ گرتن و گوتی: ناهێڵم بڕۆن هەتا بە زللە نەدەم لە هەردوکتان؛ تەنیا بەوە ڕازی دەبوو کە ڕێگای ڕۆیشتنیان بدات؛ عیسا فەرمووی: وەرە زللە لە من بدە.. پیاوەکە زللەی لە پێغەمبەر عیسا داو ڕێگای پێدا تێپەڕێ؛ بە حەوارییەکەی گوت: ناهێڵم بڕۆی هەتا زللەیەکت لێ نەدەم! حەوارییەکە ڕازی نەبوو؛ کاتێ عیسا ئەوەی بینی لا کولمەکەیتری خۆی خستە بەردەستی پیاوە ڕێگرەکەو فەرمووی: لە من بدە! پیاوەکە لێیداو ڕێگای پێدان بڕۆن؛ دوایی عیسا فەرمووی: خوایە! ئەگەر بەمە ڕازیت ئەوا لێم ڕازی بە! ئەگەریش پێت ناخۆشە ئەوا تۆ لە من بەدەسەڵاتترو بە غیرەتری.

٤٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ عَيَّاش إِسْمَاعِيلُ الْحِمْصِيُّ، عَنْ عَبْد الله بْن دينَار الْبَهْرَانيِّ قَالَ: " قَالَ عيسَى ابْنُ مَرْيَمَ عَلَيْه السَّلَامُ للْحَوَاريِّينَ: عَلَيْكُمْ بخُبْز الشَّعير، وَاخْرُجُوا منَ الدُّنْيَا سَالمينَ آمنينَ؛ بحَقٍّ أَقُولُ لَكُمْ: إنَّ حَلَاوَةَ الدُّنْيَا مَرَارَةُ الْآخرَة، وَإنَّ مَرَارَةَ في الدُّنْيَا حَلَاوَةٌ في الْآخرَة، وَإنَّ عبَادَ الله لَيْسُوا بالْمُتَنَعِّمينَ بحَقٍّ أَقُولُ لَكُمْ: إنَّ شَرَّكُمْ عَمَلاً عَالمٌ يُحبُّ الدُّنْيَا، فَيُؤْثرُهَا عَلَى عَمَله إنَّهُ لَوْ يَسْتَطيعُ، جَعَلَ النَّاسَ كُلهمْ في عَمَله مثْله ".

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی دینار دەفەرموێت: عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە حەوارییەکانی فەرموو: نانێکی جۆ بخۆن و بە سەلامەتی لە دونیا دەربچن؛ بەڕاستی پێتان دەڵێم: شیرینایەتی دونیا تاڵیە بۆ قیامەت؛ تاڵییەکانی دونیاش لە قیامەتدا دەبنە شیرینی؛ بەندە ڕاستەقینەکانی خوا لە دونیادا خاوەن عەیش و نۆش نین؛ هەر بەڕاستی پێتان دەڵێم: خراپترین کەستان لە ڕوی کار و کردەوە ئەو کەسەتانە کە زانایەو دونیای خۆش دەوێ؛ هەتا بتوانێ فەزڵی دونیا دەدا بەسەر زانستەکەیا؛ وادەزانێ خەڵکیش هەمووی وەکوو خۆی وان.

٤٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْد الله بْن الزُّبَيْر، وَيَحْيَى بْنُ آدَمَ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ قَالَ: «كَانَ عيسَى ابْنُ مَرْيَمَ عَلَيْه السَّلَامُ يَقُولُ» إنَّمَا أُحَدِّثُكُمْ لتَعْلَمُوا، وَلَمْ أُحَدِّثْكُمْ لتَعْجَبُوا " قَالَ يَحْيَى: «وَلَسْتُ أُحَدِّثُكُمْ».

واتە: یەحیای کوڕی ئادەم دەفەرموێت: سوفیان بۆی گێڕامەوە فەرمووی: حەزرەتی عیسای کوڕی مەریەم دەیفەرموو: من بۆیە قسەتان بۆ دەکەم بۆ ئەوەی فێر ببن؛ بۆ ئەوە قسەتان بۆ ناکەم سەرتان لە شتەکان سوڕ بمێنێ و پێتان سەیر بێت! یەحیا دەیفەرموو: ئاوای دەفەرموو: من قسەتان بۆ ناکەم بۆ ئەوەی...

٤٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا أَبُو الْمُغِيرَةِ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ قَالَ: " قَالَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: لَيْسَ كَمَا أُرِيدُ، وَلَكِنْ كَمَا تُرِيدُ، وَلَيْسَ كَمَا أَشَاءُ، وَلَكِنْ كَمَا تَشَاءُ ".

واتە: سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیز دەفەرموێت: مەسیح سەلامی خوای لەسەر فەرمووی: بەو جۆرە نە کە من دەمەوێ؛ بەڵکوو بەو جۆرەی کە تۆ دەتەوێ؛ بەو جۆرە نە کە من ویستم لەسەر؛ بەو جۆرەی کە تۆ ویستت لەسەریەتی. (مەبەست ئەوەیە کە داوای لە خوا کردووە بەو جۆرەی لەگەڵ بکات کە خۆی دەیەوێت و خۆی ویستی لەسەر؛ نەك بەو جۆرەی کە پێغەمبەر عیسا دەیەوێت و ویستی لەسەریەتی؛ چونکە زانیویەتی ویستی خوای گەورە پڕە لە دانایی و لە هەمووان زیاتر لە هەموو شتێک شارەزایە).

٤٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو الْمُغِيرَةِ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ قَالَ: " بَلَغَنِي أَنَّهُ مَا مِنْ كَلِمَةٍ كَانَتْ تُقَالُ لِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ أَنْ يُقَالَ: كَانَ هَذَا الْمِسْكِينُ ".

واتە: سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیز دەفەرموێت: پێم گەیشتووە کە حەزرەتی عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) هیچی هێندەی ئەوە پێ خۆش نەبووە کە پێی بگوترێ: ئەم پیاوە هەژارە!

٤٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو الْمُغِيرَةِ، حَدَّثَنَا صَفْوَانُ قَالَ: حَدَّثَنِي شُرَيْحُ بْنُ عُبَيْدٍ، عَنْ يَزِيدَ بْنِ مَيْسَرَةَ وَهُوَ ابْنُ حَلْبَسٍ قَالَ: " قَالَ الْحَوَارِيُّونَ: يَا مَسِيحَ اللهِ، انْظُرْ إِلَى بَيْتِ اللهِ، مَا أَحْسَنَهُ قَالَ: آمِينَ آمِينَ بِحَقٍّ أَقُولُ لَكُمْ: لَا يَتْرُكُ اللهُ مِنْ هَذَا الْمَسْجِدِ حَجَرًا قَائِمًا عَلَى حَجَرٍ إِلَّا أَهْلَكَهُ بِذُنُوبِ أَهْلِهِ؛ إِنَّ اللهَ لَا يَصْنَعُ بِالذَّهَبِ وَلَا بِالْفِضَّةِ وَلَا بِهَذِهِ الْحِجَارَةِ شَيْئًا، إِنَّ أَحَبَّ إِلَى اللهِ مِنْهَا الْقُلُوبُ الصَّالِحَةُ، بِهَا يَعْمُرُ اللهُ الْأَرْضَ، وَبِهَا يُخَرِّبُ الْأَرْضَ إِذَا كَانَتْ عَلَى غَيْرِ ذَلِكَ ".

واتە: شورەیح لە یەزیدی کوڕی مەیسەرەوە واتە: کوڕی حەلبەسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەوارییەکان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ)! تەماشای ماڵی خوا بکە چەندە جوانە! مەسیح فەرمووی: ئامین! ئامین! هەر بەڕاستی پێتان دەڵێم: خوای گەورە یەک بەردی ئەم مزگەوتە بەسەر بەردەوە ناهێڵێ مەگەر ئەوەی کە بە هۆی تاوانی بەندەکانییەوە لەناوی بیات؛ خوای گەورە کاری نە بە زێڕە نە بە زیوو نە بە ئەم بەردانە؛ خۆشەویسترین شت

بە لای خـوداوە ئەو دڵانەن کە بـۆ خـوا سـوڵحاوون؛ خـوای گەورە بە بەرەکەتی ئەوانە زەوی ئـاوەدان دەکـاتەوە؛ هەر کـاتێکیش زەوی ئەو دڵە چاکـانەی تێـدا نەمـا خـوای گەورە کـاولی دەکاتن.

٤٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ الْمِصْرِيُّ، وَهُوَ الْجَرَوِيُّ حَدَّثَنَا عَمْرُو بْنُ أَبِي سَلَمَةَ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ، عَنِ ابْنِ حَلْبَسٍ قَالَ: حُدِّثْنَا عَنْ عِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: «إِنَّ الشَّيْطَانَ مَعَ الدُّنْيَا، وَمَكْرُهُ مَعَ الْمَالِ، وَتَزْيِينُهُ عِنْدَ الهوَى، وَاسْتِكْمَاله عِنْدَ الشَّهَوَاتِ».

واتە: سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیز لە کوڕی حەلبەسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بۆمان باسکراوە کە عیسـای کـوڕی مەریەم (سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت) فەرمـوویەتی: بەڕاسـتی شـەیتان لەگەڵ دونیـادایە؛ فـرت و فێڵـی شـەیتان تـێکەڵ بە سـەروەت و سـامانی دونیـایە؛ ڕازانـدنەوە و خەڵەتاندنی تێکەڵـی هەواو ئـارەزویە؛ هەمـوو ئەوانەش پێکەوە بە هۆی حەزو شەهەوەتەوە تێکەڵ دەبن.

٤٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا خَلَفُ بْنُ الْوَلِيدِ، أَخْبَرَنَا ابْنُ عَيَّاشٍ، عَنْ صَدَقَةَ بْنِ عَبْدِ الله الزُّبَيْدِيِّ، وَغَيْرِهِ عَنِ الْمُهَاجِرِ بْنِ حَبِيبٍ: " أَنَّ الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَقُولُ: يَا مَعْشَرَ الْحَوَارِيِّينَ، لَا تَطْلُبُوا الدُّنْيَا بِهَلَكَةِ أَنْفُسِكُمْ، وَاطْلُبُوا أَنْفُسَكُمْ بِتَرْكِ مَا فِيهَا، عُرَاةً جِئْتُمْ، وَعُرَاةً تَذْهَبُونَ، وَلَا تَطْلُبُوا رِزْقَ مَا فِي غَدٍ، كُفِيَ الْيَوْمُ بِمَا فِيهِ، وَغَدًا يَدْخُلُ بِشُغْلِهِ، وَاسْأَلُوا الله أَنْ يَجْعَلَ رِزْقَكُمْ يَوْمًا بِيَوْمٍ ".

واتە: لە موهـاجیری کـوڕی حەبیبەوە دەگێـڕنەوە فەرمـوویەتی: مەسـیحی کـوڕی مەریەم (سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت) دەیفەرمـوو: ئەی حەوارییەکـان! خۆتـان مەفەوتێـنن بـۆ ئەوەی دونیاتـان دەسـت بـکەوێ؛ بەڵکـوو بە وازهێنـان لە دونیـا خۆتـان بەدەسـت بێـنن؛ ئێـوە بە ڕووتـی هـاتونەتە دونیـاوە؛ هەر بە ڕووتـیش دونیـا بەجـێ دەهـێڵن؛ ئەمـڕۆ بـو دوای ڕزق و ڕۆزیـی سەبینێدا مەگەڕێن؛ بەشی ئەمڕۆ بۆ ئەمڕۆ بەسە! سبەینێش بە کاروباری خۆیەوە دێت؛ داوا بکەن لە خوای گەورە ڕزق و ڕۆزیتان بە ڕۆژانە پێ ببەخشێت (ئەو ڕۆژەی کە تێیدان هەمان ڕۆژ ڕزق و ڕۆزی ئەو ڕۆژەتان پێ ببەخشێت).

٤٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَتَّابُ بْنُ زِيَادٍ، أَنْبَأَنَا عَبْدُ اللهِ، وَهُوَ ابْنُ الْمُبَارَكِ أَنْبَأَنَا مَعْمَرٌ، عَنْ جَعْفَرِ بْنِ بُرْقَانَ قَالَ: " كَانَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ يَقُولُ: «اللهمَّ إِنِّي أَصْبَحْتُ لَا أَمْلِكُ مَا أَرْجُو، وَلَا أَسْتَطِيعُ دَفْعَ مَا أُحَاذِرُ، وَأَصْبَحَ الْأَمْرُ بِيَدِ غَيْرِي، وَأَصْبَحْتُ مُرْتَهِنًا بِعَمَلِي، وَلَا فَقِيرَ أَفْقَرُ مِنِّي».

واتە: مەعمەر لە جەعفەری کوڕی بورقانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: خوایە! من ڕۆژم کردەوە و ناتوانم ببمە خاوەنی ئەوەی کە ئاواتمە! ناتوانم ئەو شتانە لەخۆم دوور بخەمەوە کە تەرێزیان لێ دەکەم! کاروبارم بە دەستی غەیری خۆمە؛ من ڕۆژم کردەوە و بارمتەی کار و کردەوەکانی خۆمم؛ هیچ هەژارێک نییە هێندەی من هەژار و ئاتاج بێت.

٤٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ، أَنْبَأَنَا مَعْمَرٌ، عَنْ جَعْفَرٍ الْخُورِيِّ أَنَّ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَقُولُ: اللهمَّ إِنِّي أَصْبَحْتُ لَا أَسْتَطِيعُ دَفْعَ مَا أَكْرَهُ، وَلَا أَمْلِكُ نَفْعَ مَا أَرْجُو، وَأَصْبَحَ الْأَمْرُ بِيَدِ غَيْرِي، وَأَصْبَحْتُ مُرْتَهِنًا بِعَمَلِي، فَلَا فَقِيرَ أَفْقَرُ مِنِّي، لَا تُشْمِتْ بِي عَدُوِّي، وَلَا تَسُؤْ بِي صَدِيقِي، وَلَا تَجْعَلْ مُصِيبَتِي فِي دِينِي، وَلَا تُسَلِّطْ عَلَيَّ مَنْ لَا يَرْحَمُنِي ".

واتە: مەعمەر لە جەعفەری خورییەوە دەگێڕێتەوە کە عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: خوایە! من ڕۆژم کردەوە و توانای ئەوەم نییە ئەو شتانە لەخۆم دوور بخەمەوە کە ڕقم لێیانە؛ توانای بەدەستهێنانی ئەوەیشم نییە کە ئاواتمە؛ کاروبارم بە دەستی غەیری خۆمە؛ من گیرۆدەی کار و کردەوەی خۆمم؛ هیچ هەژارێک نییە هێندەی من هەژار بێت؛ خوایە دوژمنانم شاد نەکەیت و هاوڕێکانم گومانی خراپم پێ نەبەن؛ خوایە مەینەتی و بەلاّ و موسیبەتم نەکەوێتە ناو بیرو باوەڕو ئایینمەوە؛ خوایە کەسێکی وەها زاڵ نەکەی بەسەرما کە خاوەنی سۆزو بەزەیی نەبێت و ڕەحم پێ نەکات!

٤٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، أَخْبَرَنَا أَبُو مَعْمَرٍ، عَنْ سُفْيَانَ قَالَ: " قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: إِنَّمَا أُعَلِّمُكُمْ لِتَعْمَلُوا، لَيْسَ لِتُعْجَبُوا يَا مِلْحَ الْأَرْضِ، وَلَا تَفْسُدُوا فَإِنَّ الشَّيْءَ إِذَا فَسَدَ إِنَّمَا يُصْلَحُ بِالْمِلْحِ، وَإِنَّ الْمِلْحَ إِذَا فَسَدَ لَمْ يُصْلَحْ بِشَيْءٍ، وَلَا تَأْخُذُوا مِمَّنْ تُعَلِّمُونَ مِنَ الْأَجْرِ إِلَّا مِثْلَ الَّذِي أَخَذْتُ مِنْكُمْ ".

واتە: مەعـمەر لە سـوفیانەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: عیسـای کـوڕی مەریەم (درودی خوای لەسـەر بێ) فەرموویەتی: من بۆیە فێرتان دەکەم بۆ ئەوەی کاری پێ بکەن؛ بۆ ئەوەم نییە کە بەو زانیاری و زانستانە سەرسام ببن؛ ئەی خوێییەکانی سەرزەوی! با ئێوە خراپ و بۆگەن نەبن؛ هەر شتێ بگەنێ بە خوێ چارەسەری دەکەن؛ ئەگەر خوێ خۆی بگەنێ بە هیچ شـتێ چارەسـەری نـایەت؛ ئێـوەش هەر هێنـدەی ئەوە کـرێ لەو کەسـانە وەربگـرن کە فێـری زانسـتیان دەکەن؛ بە قەد ئەوەی کە مـن لە ئێـوەم وەرگرتـووە (واتە: هـیچ پـارەو پولێـک لە بەرامبەر فێرکردنـا وەر مەگرن و داوای پارە لە کەس مەکەن وەک چۆن مـن داوای هـیچم لە هیچ کەسێک نەکردووە).

٤٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنِي أَبو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ سَالِم بْن أَبِي الْجَعْد قَالَ: " كَانَ رَجُلٌ مِنْ قَوْم صَالِح عَلَيْه السَّلَامُ قَدْ آذَاهُمْ، فَقَالُوا: يَا نَبِيَّ الله، ادْعُ اللهَ عَلَيْه فَقَالَ: اذْهَبُوا، فَقَدْ كُفِيتُمُوهُ " قَالَ: «وَكَانَ يَخْرُجُ كُلَّ يَوْم يَحْتَطبُ» قَالَ: «فَخَرَجَ يَوْمَئذ وَمَعَهُ رَغيفَان» قَالَ: «فَأَكَلَ أَحَدَهُمَا، وَتَصَدَّقَ بالْآخَر» قَالَ: «وَاحْتَطَبَ، وَجَاءَ بحَطَبه سَالمًا» قَالَ: " فَجَاءُوا إلَى صَالح عَلَيْه السَّلَامُ، قَالُوا: قَدْ جَاءَ بحَطَبه سَالمًا، لَمْ يُصبْهُ شَيْءٌ؟ " قَالَ: " فَدَعَاهُ صَالحٌ عَلَيْه السَّلَامُ فَقَالَ: أَيَّ شَيْء صَنَعْتَ الْيَوْمَ؟ " قَالَ: " فَقَالَ: خَرَجْتُ وَمَعيَ قُرْصَان، فَتَصَدَّقْتُ بأَحدهمَا، وَأَكَلْتُ الْآخَرَ " قَالَ: " فَقَالَ صَالحٌ: حُلَّ حَطَبَكَ فَحَلَّ حَطَبَهُ، فَإذَا فيه أَسْوَدُ مثْلُ الْجذْع، عَاضًا عَلَى جذْل منَ الْحَطَب " قَالَ: " فَقَالَ: بهَا دُفعَ عَنْهُ «يَعْني بالصَّدَقَة».

واتە: لە سـالمی کـوڕی بـاوکی جەعـدەوە دەگێـڕنەوە فەرمـوویەتی: پیاوێـک لە پیاوەکـانی گەلی صـاڵح پێغەمبەر (درودی خوای لەسـەر بێ) ئەزیەتی دەدان؛ گوتیـان: ئەی پێغەمبەری خوا! تـوك و نەفرەتی لـێ بـکەو داوا بـکە لە خـوای گەورە لەنـاوی ببـات! پێغەمـبەر صـاڵح (درودی خـوای لەسـەر) فەرمـووی: بـڕۆن خـوا لەکۆڵتـان دەکـاتەوە.. دەفەرمـوێت: ئەو پیـاوە هەمـوو ڕۆژێـک دەچـو بـۆ دار کـۆ کـردنەوە.. جـا دەفەرمـوێت: ئەو ڕۆژە ڕۆیشـت بـۆ دار کـۆکردنەوە و دوو نـانی لەگەڵ خـۆی بردبـوو.. دەفەرموێـت: یەکێـک لە نانەکـانی خـواردو ئەویـتری کـرد بە خێـر.. دەفەرموێت: داری کـۆ کـردەوە و دارەکـانی هێنـایەوە و بە سـەلامەتی گەڕایەوە و هیچـی لـێ نەهـات.. دەفەرمـوێت: خەڵـکەکە هـاتنەوە بـۆ لای پێغەمـبەر صـاڵح (دروی خـوای لەسـەر) گوتیـان: ئەوەتـا داری هێنـاوە و سەلامەتیشـەو هیچـی لـێ نەهـاتووە و بەسەلامەتی گەڕاوەتەوە! دەفەرموێت: صاڵح بانگی کرد و فەرمووی: ئەمڕۆ چیت کردووە؟ ئەویـش گـوتی: لەمـاڵ ڕۆیشـتم دوو نـانم پێبـوو؛ یەکێکیـانم کـرد بەخێـرو ئەویـترم خـواردا دەفەرموێت: صـاڵح فەرمـووی: ئادەی بـڕۆ گـورزەی دارەکانت بـکەرەوە! پیـاوەکە ڕۆیشـت و

گورزەی دارەکانی کردەوە دەبینێ مارێکی تێدایە هێندەی یەکێک لە دارەکان ئەستورەو قەپی کردووە بە قەدی یەکێک لە دارەکانا.. دەفەرموێت: حەزرەتی صالەح (درودی خوای لەسەر) فەرموی: ئەوە بەهۆی ئەوە ڕزگاری بووە. مەبەستی ئەوەیە کە بە هۆی ئەو خێر کردنە ڕزگاری بووە.

٤٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو الرَّبِيعِ، حَدَّثَنَا أَبُو الْأَشْهَبِ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ وَاسِعٍ قَالَ: " قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ: «لَا تَتَعَلَّمْ مَا لَمْ تَعْلَمْ حَتَّى تَعْمَلَ بِمَا تَعْلَمُ».

واتە: لە موحەممەدی کوڕی واسیعەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: لوقمان بە کوڕەکەی فەرموو: هەرگیز خۆت فێری زانستێکی نوێ مەکە هەتا کار بەو زانستە نەکەی کە هەتە.

٤٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنِي عَبْدُ الله بْنُ بَكْرٍ الْمُزَنِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ أَبِي يُحَدِّثُ، عَنْ لُقْمَانَ قَالَ: «ضَرْبُ الْوَالِدِ لِوَلَدِهِ كَالسَّمَادِ لِلزَّرْعِ».

واتە: عەبدوڵلای کوڕی بەکری موزەنی دەفەرموێت: لە باوکم بیست ئەویش لە لوقمانی دەگێڕایەوە کە فەرموویەتی: لێدانی مناڵ لە لایەن باوکییەوە؛ وەکوو پەین و کوت وایە بۆ کشتوکاڵ (واتە: پێی دەگەیەنێت).

٤٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَهَّابِ الْخَفَّافُ أَنْبَأَنَا سَعْدٌ، عَنْ قَتَادَةَ قَالَ الْخَفَّافُ: وَسَمِعْتُ مُوسَى الْأَسْوَارِيَّ أَيْضًا قَالَ: " أَوْحَى الله تَبَارَكَ وَتَعَالَى إِلَى نَبِيٍّ مِنْ أَنْبِيَاءِ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَيْهِمُ السَّلَامُ: إِنَّ كُلَّ بَنِي آدَمَ خَطَّاءُونَ، وَخَيْرُ الْخَطَّائِينَ التَّوَّابُونَ ".

واتە: لە قەتادەوە دەگێڕنەوە دەفەرموێت: خەففاف دەفەرموێ.. هەروەها فەرموویەتی: گوێم لە مووسای ئەسواری بوو دەیفەرموو: خوای گەورە سروشی بۆ پێغەمبەرێک لە پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل ناردو فەرمووی: بەڕاستی هەموو مرۆڤێک تاوان دەکات؛ بەڵام چاکترین تاوانبار ئەو کەسەیە کە تەوبە دەکات.

٤٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ الْبُنَانِيُّ قَالَ: «تَعَبَّدَ رَجُلٌ سَبْعِينَ سَنَةً» قَالَ: " فَكَانَ فِي دُعَائِهِ: رَبِّ اجْزِنِي بِعَمَلِي " قَالَ: " فَمَاتَ فَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ، فَكَانَ بِهَا سَبْعِينَ عَامًا، فَلَمَّا وَفَتْ، قِيلَ لَهُ: اخْرُجْ فَقَدِ اسْتَوْفَيْتَ عَمَلَكَ فَقَلَّبَ أَمْرَهُ؛ أَيُّ شَيْءٍ كَانَ فِي الدُّنْيَا أَوْثَقَ فِي نَفْسِهِ؟ فَلَمْ يَجِدْ شَيْئًا أَوْثَقَ فِي نَفْسِهِ مِنْ دُعَاءِ الله عَزَّ وَجَلَّ، وَالرَّغْبَةِ إِلَيْهِ، فَأَقْبَلَ يَقُولُ فِي دُعَائِهِ: يَا رَبِّ، سَمِعْتُكَ وَأَنَا فِي الدُّنْيَا وَأَنْتَ تُقِيلُ الْعَثَرَاتِ، فَأَقِلِ الْيَوْمَ عَثْرَتِي فَتَرَكَ فِي الْجَنَّةِ ".

واتە: جەعفەر دەفەرموێت: ثابتی بوونانی بۆی گێراینەوە فەرمووی: پیاوێک حەفتا ساڵ خواپەرستی ئەنجامدا؛ لە نزاکانیا دەیگوت: خوایە! بە گوێرەی کار و کردەوەکانم پاداشتم بدەیتەوە! دەفەرموێت: پیاوەکە مردوو خراپە بەهەشتەوە؛ حەفتا ساڵ لە بەهەشتدا بوو؛ دوای ئەوەی حەفتا ساڵەکەی تەواو کرد پێی گوترا: ئادەی لە بەهەشت بڕۆ دەرەوە؛ مافت بەسەر بەهەشتەوە نەماوە و کرێی کار و کردەوەکانت کۆتایی هاتووە و هەموو شتێک بڕایەوە! جا بە پەلە چاوێکی بە کار و کردەوەکانی دونیای خۆیا خشاندەوە بزانێ چ شتێکی زۆر باشی کردووە و بەلایەوە سەرنج ڕاکێش بێت؟ هیچی دەست نەکەوت هێندەی ئەم نزایە گرنگ بێ کە پارانەوەیە لە خوای گەورە و خۆشویستنی خوای گەورە؛ بۆیە لە خوا پاڕایەوە و گوتی: خوایە! من لە دونیادا بوم بیستوومە تۆ لە هەموو هەڵو کەموو کورتیەک خۆش دەبی! ئەمڕۆش لە کەم و کورتییەکانم خۆش ببە! ئیتر وازیان لێهێناو لەناو بەهەشتدا مایەوە!

٤٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا عِمْرَانُ أَبُو الهذَيْلِ، حَدَّثَنَا وَهْبُ بْنُ مُنَبِّهٍ قَالَ: " بَلَغَنَا أَنَّ اللهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى يَقُولُ: كَفَى بِي لِعَبْدِي مَالاً إِذَا كَانَ عَبْدِي فِي طَاعَتِي، أَعْطَيْتُهُ قَبْلَ أَنْ يَسْأَلَنِي، وَأَسْتَجِيبُ لَه قَبْلَ أَنْ يَدْعُونِي، وَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا يَرْفُقُ بِهِ مِنْهُ ".

واتە: عیمران واتە باوکی هوزەیل دەفەرموێت: وەهبی کوڕی مونەببیە فەرموویەتی: پێمان گەشتووە کە خوای گەورە و میهرەبان فەرموویەتی: ئەگەر بەندەکانم خەریکی پەرستش بن ئەوا من هێندەی ئەوەی بەشیان بکات؛ ڕزق و ڕۆزییان پێ دەبەخشم پێش ئەوەی خۆیان داوای بکەن؛ نزاکانیشیان گیرا دەکەم پێش ئەوەی بپاڕێنەوە؛ من خۆم لەوان باشتر دەزانم چی بۆ ئەوان باشە.

٥٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَارٍ يَقُولُ: " إِنَّ اللهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى يَقُولُ: أُرِيدُ عَذَابَ عِبَادِي، فَإِذَا نَظَرْتُ إِلَى جُلَسَاءِ الْقُرْآنِ، وَعُمَّارِ الْمَسَاجِدِ، وَوِلْدَانِ الإِسْلَامِ، سَكَنَ غَضَبِي: يَقُولُ: صَرَفْتُ عَذَابِي ".

واتە: جەعفەر دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: گوێم لە مالیکی کوڕی دینار بوو دەیفەرموو: بەڕاستی خوای گەورە و میهرەبان دەفەرموێت: من دەمەوێ سزای بەندەکانم بدەم؛ جا کاتێ لەو کەسانە دەڕوانم کە کۆڕیان بەستووە و خەریکی قورئانخوێندنن و مزگەوتەکانیان ئاوەدان کردووەتەوە تەماشای ئەوانە دەکەم کە ڕۆڵەی ئیسلامن؛ ئیتر تووڕەبوونەکەم دادەمرکێتەوە.. دەفەرموێت: ئیتر سزای خۆمیان لەسەر لادەبەم!

گورزەی دارەکانی کردەوە دەبینێ مارێکی تێدایە هێندەی یەکێک لە دارەکان ئەستورەو قەپی کردووە بە قەدی یەکێک لە دارەکانا.. دەفەرموێت: حەزرەتی صالّەح (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: ئەوە بەهۆی ئەوە ڕزگاری بووە. مەبەستی ئەوەیە کە بە هۆی ئەو خێر کردنە ڕزگاری بووە.

٤٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو الرَّبِيعِ، حَدَّثَنَا أَبُو الْأَشْهَبِ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ وَاسِعٍ قَالَ: " قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ: «لَا تَتَعَلَّمْ مَا لَمْ تَعْلَمْ حَتَّى تَعْمَلَ بِمَا تَعْلَمُ».

واتە: لە موحەممەدی کوڕی واسیعەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: لوقمان بە کوڕەکەی فەرموو: هەرگیز خۆت فێری زانستێکی نوێ مەکە هەتا کار بەو زانستە نەکەی کە هەتە.

٤٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنِي عَبْدُ الله بْنُ بَكْرٍ الْمُزَنِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ أَبِي يُحَدِّثُ، عَنْ لُقْمَانَ قَالَ: «ضَرْبُ الْوَالِدِ لِوَلَدِهِ كَالسَّمَادِ لِلزَّرْعِ».

واتە: عەبدوڵلای کوڕی بەکری موزەنی دەفەرموێت: لە باوکمم بیست ئەویش لە لوقمانی دەگێڕایەوە کە فەرموویەتی: لێدانی منالّ لە لایەن باوکییەوە؛ وەکوو پەین و کوت وایە بۆ کشتوکالّ (واتە: پێی دەگەیەنێت).

٤٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَهَّابِ الْخَفَّافُ أَنْبَأَنَا سَعْدٌ، عَنْ قَتَادَةَ قَالَ الْخَفَّافُ: وَسَمِعْتُ مُوسَى الْأَسْوَارِيَّ أَيْضًا قَالَ: " أَوْحَى الله تَبَارَكَ وَتَعَالَى إِلَى نَبِيٍّ مِنْ أَنْبِيَاءِ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَيْهِمُ السَّلَامُ: إِنَّ كُلَّ بَنِي آدَمَ خَطَّاءُونَ، وَخَيْرُ الْخَطَّائِينَ التَّوَابُونَ ".

واتە: لە قەتادەوە دەگێڕنەوە دەفەرموێت: خەففاف دەفەرموێ.. هەروەها فەرموویەتی: گوێم لە مووسای ئەسواری بوو دەیفەرموو: خوای گەورە سروشی بۆ پێغەمبەرێک لە پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل ناردو فەرمووی: بەڕاستی هەموو مرۆڤێک تاوان دەکات؛ بەلام چاکترین تاوانبار ئەو کەسەیە کە تەوبە دەکات.

٤٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ الْبُنَانِيُّ قَالَ: «تَعَبَّدَ رَجُلٌ سَبْعِينَ سَنَةً» قَالَ: " فَكَانَ فِي دُعَائِهِ: رَبِّ اجْزِنِي بِعَمَلِي " قَالَ: " فَمَاتَ فَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ، فَكَانَ بِهَا سَبْعِينَ عَامًا، فَلَمَّا وَفَتْ، قِيلَ لَهُ: اخْرُجْ فَقَدِ اسْتَوْفَيْتَ عَمَلَكَ فَقَلَّبَ أَمْرَهُ؛ أَيُّ شَيْءٍ كَانَ فِي الدُّنْيَا أَوْثَقَ فِي نَفْسِهِ؟ فَلَمْ يَجِدْ شَيْئًا أَوْثَقَ فِي نَفْسِهِ مِنْ دُعَاءِ الله عَزَّ وَجَلَّ، وَالرَّغْبَةِ إِلَيْهِ، فَأَقْبَلَ يَقُولُ فِي دُعَائِهِ: يَا رَبِّ، سَمِعْتُكَ وَأَنَا فِي الدُّنْيَا وَأَنْتَ تُقِيلُ الْعَثَرَاتِ، فَأَقِلِ الْيَوْمَ عَثْرَتِي فَتُرِكَ فِي الْجَنَّةِ ".

واته: جەعفەر دەفەرموێت: ثابتی بوونانی بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: پیاوێک حەفتا ساڵ خواپەرستی ئەنجامدا؛ لە نزاکانیا دەیگوت: خوایە! بە گوێرەی کار و کردەوەکانم پاداشتم بدەیتەوە! دەفەرموێت: پیاوەکە مردوو خراپە بەهەشتەوە؛ حەفتا ساڵ لە بەهەشتدا بوو؛ دوای ئەوەی حەفتا ساڵەکەی تەواو کرد پێی گوترا: ئادەی لە بەهەشت بڕۆ دەرەوە؛ مافت بەسەر بەهەشتەوە نەماوە و کرێی کار و کردەوەکانت کۆتایی هاتووە و هەموو شتێک بڕایەوە! جا بە پەلە چاوێکی بە کار و کردەوەکانی دونیای خۆیا خشاندەوە بزانێ چ شتێکی زۆر باشی کردووە و بەلایەوە سەرنج ڕاکێش بێت؟ هیچی دەست نەکەوت هێندەی ئەم نزایە گرنگ بێ کە پارانەوەیە لە خوای گەورە و خۆشویستنی خوای گەورە؛ بۆیە لە خوا پاڕایەوە و گوتی: خوایە! من لە دونیادا بوم بیستوومە تۆ لە هەموو هەڵو کەموو کورتیەک خۆش دەبی! ئەمڕۆش لە کەم و کورتییەکانم خۆش ببە! ئیتر وازیان لێهێناو لەناو بەهەشتدا مایەوە!

٤٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا عِمْرَانُ أَبُو الهُذَيْلِ، حَدَّثَنَا وَهْبُ بْنُ مُنَبِّهٍ قَالَ: " بَلَغَنَا أَنَّ اللهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى يَقُولُ: كَفَى بِي لِعَبْدِي مَالاً إِذَا كَانَ عَبْدِي فِي طَاعَتِي، أَعْطَيْتُهُ قَبْلَ أَنْ يَسْأَلَنِي، وَأَسْتَجِيبُ لَهُ قَبْلَ أَنْ يَدْعُونِي، وَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا يَرْفُقُ بِهِ مِنْهُ ".

واتە: عیمران واتە باوکی هوزەیل دەفەرموێت: وەهبی کوڕی مونەببیە فەرموویەتی: پێمان گەشتووە کە خوای گەورە و میهرەبان فەرموویەتی: ئەگەر بەندەکانم خەریکی پەرستش بن ئەوا من هێندەی ئەوەی بەشیان بکات؛ ڕزق و ڕۆزییان پێ دەبەخشم پێش ئەوەی خۆیان داوای بکەن؛ نزاکانیشیان گیرا دەکەم پێش ئەوەی بپاڕێنەوە؛ من خۆم لەوان باشتر دەزانم چی بۆ ئەوان باشە.

٥٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَارٍ يَقُولُ: " إِنَّ اللهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى يَقُولُ: أُرِيدُ عَذَابَ عِبَادِي، فَإِذَا نَظَرْتُ إِلَى جُلَسَاءِ الْقُرْآنِ، وَعُمَّارِ الْمَسَاجِدِ، وَوِلْدَانِ الْإِسْلَامِ، سَكَنَ غَضَبِي؛ يَقُولُ: صَرَفْتُ عَذَابِي".

واتە: جەعفەر دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: گوێم لە مالیکی کوڕی دینار بوو دەیفەرموو: بەڕاستی خوای گەورە و میهرەبان دەفەرموێت: من دەمەوێ سزای بەندەکانم بدەم؛ جا کاتێ لەو کەسانە دەڕوانم کە کۆڕیان بەستووە و خەریکی قورئانخوێندنن و مزگەوتەکانیان ئاوەدان کردووەتەوە تەماشای ئەوانە دەکەم کە ڕۆڵەی ئیسلامن؛ ئیتر توورەبوونەکەم دادەمرکێتەوە.. دەفەرموێت: ئیتر سزای خۆمیان لەسەر لادەبەم!

٥٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، أَخْبَرَنَا مَهْدِيٌّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْحَمِيد صَاحِبُ الزِّيَادِيِّ عَن ابْن مُنَبِّه قَالَ: " نُبِّئْتُ أَنَّهُ كَانَ فِيمَنْ قَبْلَكُمْ رَجُلٌ تَعَبَّدَ زَمَانًا، ثُمَّ طَلَبَ إِلَى الله عَزَّ وَجَلَّ حَاجَةً، وَصَامَ لله سَبْعِينَ سَبْتًا؛ يَأْكُلُ كُلَّ سَبْت إِحْدَى عَشْرَةَ ثَمْرَةً يَطْلُبُ حَاجَتَهُ إِلَى الله، فَلَمْ يُعْطِهَا، فَلَمَّا مَضَى ذَلِكَ وَلَمْ يُعْطِهَا أَقْبَلَ عَلَى نَفْسِه، فَقَالَ: منْ قبَلكَ أُتيتَ، لَوْ كَانَ فيكَ خَيْرٌ أُعْطِيتَ حَاجَتَكَ، وَلَكنْ لَيْسَ فِيكَ خَيْرٌ فَنَزَلَ إِلَيْه مَلَكٌ منْ سَاعَته، فَقَالَ: يَا ابْنَ آدَمَ، إِنَّ سَاعَتَكَ هَذه، الَّتِي أَزْرَيْتَ عَلَى نَفْسكَ فيهَا، خَيْرٌ منْ عبَادَتكَ، قَدْ أَعْطَاكَ الله حَاجَتَكَ ".

واته: عەبدولحەمید لە کوڕی مونەببیهەوە (واتە: لە وەهبی کوڕی مونەببیهەوە) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێم گەیشتووە کە لە گەلانی پێش ئێوەدا پیاوێک ماوەیەک خواپەرستی کرد؛ دوایی داوایەکی پێشکەش بە خوای گەورە کرد؛ حەفتا شەممە ڕۆژووی گرت؛ هەموو شەممەیەک یانزە خورمای دەخواردو پاشان داواکەی لە خوای گەورە دەکرد؛ کەچی خوای گەورە وەڵامی نەدایەوە و نزاکەی گیرا نەکرد؛ دوای ئەوەی ئەو حەفتا شەممەیە تێپەڕی و خوای گەورە نزاکەی گیرا نەکرد؛ ڕوی لە نەفسی خۆی کرد و گوتی: تاوانەکە لە لایەن تۆوەیە؛ تۆ کێشەکەیت؛ ئەگەر تۆ خێرو چاکەت تێدا هەبا ئەوا وەڵامی نزاکەت دەدرایەوە! بەڵام دیارە هیچ چاکەیەکت تێدا نییە.. هەر لەو کاتەدا خوای گەورە فریشتەیەکی نارد بۆ لای فەرمووی: ئەی نەوەی ئادەم! ئا ئەم کاتەی کە سەرکۆنەی نەفسی خۆتت تێدا کردووە؛ چاکترە لەو خواپەرستیەی کە پێشتر کردووتە! ئەوا خوای گەورە نزاکەی گیرا کردی!

٥٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مسْكينُ بْنُ بُكَيْر، أَنْبَأَنَا سُفْيَانُ، عَنْ رَجُل منْ أَهْل صَنْعَاءَ، عَنْ وَهْب بْن مُنَبِّه: " أَنَّ رَجُلًا جَاءَ إِلَى رَاهب منَ الرُّهْبَان، فَقَالَ: يَا رَاهبُ، كَيْفَ ذكْرُكَ للْمَوْت؟ قَالَ: مَا أَرْفَعُ قَدَمًا، وَلَا أَضَعُ قَدَمًا، إِلَّا رَأَيْتُ أَنِّي قَدْ متُّ، قَالَ: فَكَيْفَ دَأْبُ نَشَاطكَ في ذَات الله عَزَّ وَجَلَّ؟ قَالَ: مَا كُنْتُ أَرَى أَنَّ أَحَدًا سَمعَ بالْجَنَّة وَالنَّار يَأْتي عَلَيْه سَاعَةٌ لَا يُصَلِّي فيهَا قَالَ الرَّجُلُ: إِنِّي لَأَقُومُ في صَلَاتي، فَأَبْكي حَتَّى يَنْبُتَ الْبَقْلُ منْ دُمُوع عَيْني، أَوْ: كَادَ يَنْبُتُ الْبَقْلُ منْ دُمُوع عَيْني، قَالَ له الرَّاهبُ: إِنَّكَ إِنْ تَضْحَكْ وَأَنْتَ مُعْتَرفٌ لله عَزَّ وَجَلَّ بخَطَئكَ، خَيْرٌ لَكَ منْ أَنْ تَبْكي وَأَنْتَ مُدلٌّ بعَمَلكَ؛ فَإِنَّ صَلَاةَ الْمُدلِّ لَا تَصْعَدُ فَوْقَهُ، قَالَ: أَوْصني قَالَ: أُوصيكَ بالزُّهْد في الدُّنْيَا، وَأَنْ لَا تُنَازعَهَا أَهْلهَا، وَأَنْ تَكُونَ كَالنَّحْلَة؛ إِنْ أَكَلَتْ أَكَلَتْ طَيِّبًا، وَإِنْ وَضَعَتْ وَضَعَتْ طَيِّبًا، وَإِنْ وَقَعَتْ عَلَى عُود لَمْ تَضُرَّهُ وَلَمْ تَكْسرْهُ، أُوصيكَ بالنُّصْح لله عَزَّ وَجَلَّ؛ نُصْحَ الْكَلْب لأَهْله، فَإِنَّهُمْ يُجيعُونَهُ وَيَطْرُدُونَهُ، وَيَأْبَى إِلَّا أَنْ يَحْفَظَهُمْ وَيَنْصَحَهُمْ ".

واتە: سوفیان لە پیاوێکی صەنعاییەوە ئەویش لە وەهبەوە دەگێڕێتەوە فەرمووویەتی: پیاوێک ڕۆیشت بۆ لای یەکێک لە ڕاهیبەکان؛ گوتی: جەنابی ڕاهیب! تۆ چۆن بیر لە مردن دەکەیتەوە؟ گوتی: نە هەنگاو هەڵدێنم و نە هەنگاو دادەنێم مەگەر ئەوەی کە خۆم بە مردوو هەژمار دەکەم! گوتی: ئەی داب و نەریتی تۆ سەبارەت بە چالاکییەکانت لەمەڕ زاتی خوای گەورە چۆنە؟ فەرمووی: نەمبیستووە یەکێک باسی بەهەشت و دۆزەخی بیستبێت و چرکەیەکی بەسەرا تێپەڕێت و تێیدا نوێژی بۆ خوا نەکردبێ؛ پیاوەکە گوتی: دەی من هەڵدەستم بۆ نوێژ کردن؛ هێندە دەگریم بە فرمێسکەکانم گژوگیاو دانەوێڵە شین دەبێ.. یان گوتی: خەریکە فرمێسکەکانم گژوگیاو دانەوێڵە شین بکەن! ڕاهیبەکە پێی گوت: تۆ ئەگەر پێبکەنیت و دان بەوەدا بنێی کە بەرامبەر خوای گەورە تاوانباری؛ ئەوە لەوە باشترە هەر بگریت و دوایی شانازی بە کار و کردەوەکانتەوە بکەیت و خۆت بەو کار و کردەوانەوە هەڵکێشی! چونکە نوێژی ئەوانەی کە خۆهەڵکێشن تا ئاستی سەریان بەرز نابێتەوە.. پیاوەکە گوتی: دەی ئامۆژگاریم بکە! ڕاهیبەکە گوتی: ئامۆژگاریت دەکەم بە زوهد و پارسایی و دوور کەوتنەوە لە دونیا؛ هەرگیز لەسەر دونیا لەگەڵ ئەهلی دونیادا تێ مەگیرێ و لەبەر دونیا جەنگ مەکە؛ هەمیشە وەکوو مێشەنگوێن بە؛ کاتێ شت دەخوات شتی پاك دەخوات؛ کاتێکیش دادەنێ شتی پاك دادەنێ؛ ئەگەر بەسەر چیلکەیەکەوە بنیشێتەوە زیانی پێ ناگەیەنێت و نایشکێنێتەوە؛ ئامۆژگاری ئەوەت دەکەم کە دڵسۆز بە بۆ خوای گەورە؛ وەک چۆن سەگ دڵسۆزە بۆ خاوەنەکەی؛ ئەوەتا خاوەنی سەگ سەگەکەی برسی دەکات و دەری دەکات؛ کەچی ئەو هەر پاسیان دەکات و دڵسۆزە بۆیان.

٥٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، أَنْبَأَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، أَخْبَرَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ مَالِكِ بْنِ الْحَارِثِ قَالَ: "يَقُولُ اللهُ تَعَالَى: «مَنْ شَغَلَه ذِكْرِي عَنْ مَسْأَلَتِي أَعْطَيْتُه فَوْقَ مَا أُعْطِي السَّائِلِينَ».

واتە: ئەعمەش لە مالیکی کوڕی حارثەوە دەگێڕێتەوە فەرمووویەتی: خوای گەورە و میهرەبان دەفەرموێت: هەر کەسێ لەبەر یاد و زیکری من نەیپەرژێتە سەر ئەوەی کە داوای شتم لێ بکات؛ ئەوا لەو شتانە باشتری پێ دەبەخشم کە خەلکیتر داوام لێ دەکەن!

٥٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ سَالِمِ بْنِ أَبِي الْجَعْدِ قَالَ: «خَرَجَت امْرَأَةٌ وَكَانَ مَعَهَا رَغِيفٌ وَصَبِيٌّ لها، فَجَاءَ الذِّئْبُ فَاخْتَلَسَهُ مِنْهَا، فَخَرَجَتْ فِي إِثْرِه، وَكَانَ مَعَهَا الرَّغِيفُ، فَعَرَضَ لها سَائِلٌ فَأَعْطَتْهُ الرَّغِيفَ» قَالَ: «فَجَاءَ الذِّئْبُ بِصَبِيِّهَا، فَرَدَّهُ عَلَيْهَا».

واته: ئەعمەش لە سالمی کوڕی باوکی جەعدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ژنێک ڕۆیشتە دەرەوە و نانێک و منداڵێکی پێبوو؛ لەپڕ گورگێک هاتو منداڵەکەی ڕفاند؛ ژنەکە بو دوایا ڕای کرد و نانەکەیشی بە دەستەوە بوو؛ لەو کاتەدا سواڵکەرێک داوای شتی لێ کرد وئەویش نانەکەی پێبەخشی.. دەفەرموێت: لەو کاتەدا گورگەکە هاتەوە و منداڵەکەی بۆ هێنایەوە و پێیدایەوە.

٥٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ اللهِ بْنِ الزُّبَيْرِ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ أَبِي سِنَانٍ قَالَ: " يَقُولُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: يَا دُنْيَا، مُرِّي عَلَى الْمُؤْمِنِ فَيَصْبِرَ عَلَيْكِ، وَلَا تَحْلَوْلِي لَهُ فَتَفْتِنِيهِ، ابْنَ آدَمَ، تَفَرَّغْ لِعِبَادَتِي أَمْلَأْ قَلْبَكَ غِنًى، وَأَسُدَّ فَاقَتَكَ، وَإِلَّا تَفْعَلْ مَلَأْتُهُ شُغْلًا، وَلَمْ أَسُدَّ فَاقَتَكَ ".

واته: لە سوفیانەوە دەگێڕنەوە ئەویش لە باوکی سینانەوە فەرموویەتی: خوای گەورە دەفەرموێت: ئەی دونیا! فرمان بکە سەر مرۆڤی باوەڕدارا با سەبرت لەسەر بگرێ؛ خۆتی بۆ شیرین مەکەو مەیخەڵەتێنەو فریوی مەدە! ئەی نەوەی ئادەم! خۆت بۆ خواپەرستی یەکلا بکەرەوە منیش دڵت پڕ دەکەم لە دەوڵەمەندی و ڕێگاکانی هەژاریت لەسەر دادەخەم؛ ئەگەر وا نەکەی وا دەکەم هەمیشە خەریکی کار بیت و دەرگای ئاتاجی و هەژاریشت لەسەر داناخەم!

٥٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَرٍ، أَخْبَرَنَا عَوْفٌ، عَنْ خَالِدِ بْنِ ثَابِتٍ الرَّبَعِيِّ، أَنَّهُ قَالَ: " بَلَغَنِي أَنَّهُ كَانَ فِي بَنِي إِسْرَائِيلَ رَجُلٌ شَابٌّ قَدْ قَرَأَ الْكِتَابَ وَعَلِمَهُ عِلْمًا، وَكَانَ مَغْمُوزًا فِيهِمْ، وَأَنَّهُ طَلَبَ بِعِلْمِهِ وَقِرَاءَتِهِ الشَّرَفَ وَالْمَالَ، وَأَنَّهُ ابْتَدَعَ بِدَعًا أَدْرَكَ الشَّرَفَ وَالْمَالَ فِي الدُّنْيَا، وَلَبِثَ كَذَلِكَ حَتَّى بَلَغَ سِنًّا، وَأَنَّهُ بَيْنَمَا هُوَ نَائِمٌ لَيْلَةً عَلَى فِرَاشِهِ، إِذْ تَفَكَّرَ فِي نَفْسِهِ، فَقَالَ: هَبْ هَؤُلَاءِ النَّاسَ لَا يَعْلَمُونَ مَا ابْتَدَعْتُ، أَلَيْسَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ قَدْ عَلِمَ مَا ابْتَدَعْتُ، وَقَدِ اقْتَرَبَ الْأَجَلُ، فَلَوْ أَنِّي تُبْتُ؟ " قَالَ: " فَبَلَغَ فِي اجْتِهَادِهِ فِي التَّوْبَةِ أَنْ عَمَدَ فَخَرَقَ تَرْقُوَتَهُ، وَجَعَلَ فِيهَا سِلْسِلَةً، ثُمَّ أَوْثَقَهَا إِلَى آسِيَةٍ مِنْ أَوَاسِي الْمَسْجِدِ، وَقَالَ: لَا أَبْرَحُ مَكَانِي هَذَا حَتَّى يُنْزِلَ اللهُ فِيَّ تَوْبَةً، أَوْ أَمُوتَ مَوْتَ الدُّنْيَا " قَالَ: " وَكَانَ لَا يُسْتَنْكَرُ الْوَحْيُ فِي بَنِي إِسْرَائِيلَ، فَأَوْحَى اللهُ عَزَّ وَجَلَّ فِي شَأْنِهِ إِلَى نَبِيٍّ مِنْ أَنْبِيَائِهِمْ: إِنَّكَ لَوْ كُنْتَ أَصَبْتَ ذَنْبًا بَيْنِي وَبَيْنَكَ لَتُبْتُ عَلَيْكَ، بَالِغًا مَا بَلَغَ، وَلَكِنْ كَيْفَ مَنْ أَضْلَلْتَ مِنْ عِبَادِي فَمَاتُوا فَأَدْخَلْتَهُمْ جَهَنَّمَ؟ فَلَا أَتُوبُ عَلَيْكَ " قَالَ عَوْفٌ: حَسِبْتُهُ أَنَّهُ يُقَالُ: اسْمُهُ: بَرْبَرِيًّا ".

واتە: عەوف لە خالیدی کوڕی ثابتەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێم گەیشتووە کە کاتی خۆی لەناو بەنی ئیسرائیلدا پیاوێکی گەنج هەبوو کتێبی ئەو سەردەمەی خوێندبویەوە و شارەزای بوو (واتە: کتێبی ئاسمانی ئەو کاتە ئیتر زەبور بوبێ یان تەورات یان...) ئەو پیاوە لەناو خەڵکدا ئاماژەپێکراو بوو؛ ئەو پیاوە بە هۆی زانستەکەیەوە بو دوای سەروەت و سامان و پلەوپایەدا دەگەڕا؛ هەروەها داهێنانێکی کردبوو کە بە هۆیەوە سەروەت و سامانی دونیایی پەیدا دەکرد؛ جا هەروا مایەوە تا تەمەنی هەڵکشا؛ شەوێک لەسەر جێگاکەی نووستبوو بیری لە خۆی کردەوە و خۆی بە خۆی گوت: وای دابنێ ئەو خەڵکە نازانن کە تۆ چیت داهێناو؛ ئەی مەگەر خوا نازانێ چیت داهێناوە؟ ئەوا کاتی مەرگت نزیك بووەتەوە؛ باشە بۆ تەوبە نەکەم؟! دەفەرموێت: ئەو پیاوە لە تەوبەکردنا زۆری هەوڵدا؛ تەنانەت ئێسکی نێوانِ مل و شانی خۆی کون کرد و زنجیرێکی لێ هەڵکێشاو خۆی بەستەوە بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی مزگەوتەوە و گوتی: ئا لێرەدا ناجوڵێم هەتا خوای گەورە سەبارەت بە تەوبەی من سروش نەنێرێت یان دەمرم! دەفەرموێت: ئەو دەمە لەناو بەنی ئیسرائیلدا سروش هەبوو (واتە: پێغەمبەر بوونی هەبو) جا خوای گەورە سەبارەت بە تەوبەی ئەو پیاوە سروشی بۆ یەکێک لە پێغەمبەرانی ناو بەنی ئیسرائیل ناردو فەرمووی: ئەگەر تۆ تاوانێکت ئەنجام دابا کە لە نێوان خۆت و خۆما بوایە (واتە: پەیوەندی بە خەڵکەوە نەبوایەو پێشێلکردنی مافی خەڵکی نەبوایە) ئەوا لێت خۆش دەبوم؛ ئیتر تاوانەکانت هەرچەندێ بوایە؛ بەڵام چۆت لێت خۆش بم و چەندین بەندەی منت گومڕا کردووە و بە گومڕایی مردوون و ئێستا لەناو دۆزەخدان؟ بۆیە لێت خۆش نابم! عەوف دەفەرموێت: وابزانم ئەو پیاوە ناوی بەرِبەرِییا بوو.

٥٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالِد قَالَ: حَدَّثَنِي عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ أَنَّهُ سَمِعَ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّه يَقُولُ: " إِنَّ امْرَأَةً مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ مَرَّتْ بِمَاء فَاغْتَسَلَتْ، ثُمَّ قَامَتْ تُصَلِّي، فَمَكَثَتْ سِتِّينَ سَنَةً أَوْ سَبْعِينَ سَنَةً لَمْ تَنْصَرِفْ، وَلَمْ تَطْعَمْ، وَلَمْ تَشْرَبْ، حَتَّى رَكَتْ، فَانْصَرَفَتْ، فَقِيلَ لَهَا: كَيْفَ كُنْتِ؟ قَالَتْ: كُنْتُ أُصْبِحُ فَأَقُولُ لَا أُمْسِي، وَأُمْسِي فَأَقُولُ لَا أُصْبِحُ ".

واتە: عومەری کوڕی عەبدولڕەحمان دەگێڕێتەوە کە گوێی لە وەهبی کوڕی موننەبیهـ بووە دەیفەرموو: ژنێکی بەنی ئیسرائیلی دای بە لای ئاوێکاو خۆی لێ شۆرد؛ دوایی هەستا بۆ نوێژ کردن؛ شەت یان حەفتا ساڵ لەوێ مایەوە و نەڕۆیشت؛ نە خواردنی خواردو نە ئاویشی خواردەوە تا بە تەواوی پاك بویەوە؛ دوای ئەوە لێیان پرسی: چۆنی؟ گوتی: بەیانیان دەمگوت: ناکەومە ئێوارە! ئێوارانیش دەمگوت: ناکەومە بەیانی!

٥٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالد، حَدَّثَنِي عُمَرُ بْنُ عَبْد الرَّحْمَن، أَنَّهُ سَمعَ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّه يَقُولُ: " إِنَّ عَالمًا منْ عُلَمَاء بَني إِسْرَائيلَ جَاءَ إِلَى عَالم فَوْقَهُ في الْعلْم، فَقَالَ: مَا آكُلُ؟ فَقَالَ: مَا تُطْفئُ به جُوعَكَ قَالَ: فَمَا أَلْبَسُ؟ قَالَ: مَا تُوَاري به سَوْأَتَكَ، أَوْ قَالَ: لبَاسَ الْمَسيح عَلَيْه السَّلَامُ - شَكَّ إِبْرَاهيمُ أَبو مُحَمَّد - قَالَ: فَمَا أَبْني؟ قَالَ: مَا يُكنُّكَ منَ الشَّمْس، وَمَا يَسْتُرُكَ منَ الرِّيح قَالَ: فَكَمْ أَضْحَكُ؟ قَالَ: مَا يَسْفرُ منْهُ وَجْهُكَ قَالَ: فَكَمْ أَبْكي؟ قَالَ: لَا تَملَّ أَنْ تَبْكيَ منْ خَشْيَة الله عَزَّ وَجَلَّ فَقَالَ: فَمَا أُظْهرُ منْ عَمَلي؟ قَالَ: مَا يَقْتَدي به الْحَريصُ، وَلَا يُصْدقُ عَلَيْكَ قَوْلَ النَّاس قَالَ: فَمَا أَسْترُ منْ عَمَلي؟ قَالَ: مَا يُظَنُّ أَنَّكَ لَا تَعْمَلَ حَسَنَةً ".

واتە: عومەری کوڕی عەبدولڕەحمان دەگێڕێتەوە کە گوێی لە وەهبی کوڕی مونەببیە بووە فەرموویەتی: زانایەک لە زاناکانی ناو بەنی ئیسرائیل ڕۆیشت بۆ لای زانایەکی لەخۆی زاناتر و لێی پرسی: چی بخۆم؟ گوتی: ئەوەی کە برسێتیت دەشکێنێ! گوتی: ئەی چی لەبەر بکەم؟ گوتی: شتێک کە شەرمگات داپۆشێ! یان گوتی: پۆشاکێکی وەکوو پۆشاکەکەی مەسیح (سەلامی خوای لەسەر بێت). ئیبرایهم یان موحەممەد (کە دوو کەسی ناو ڕشتەو زنجیرەی ئەم ئەسەرەن) گومانیان پەیدا کردووە لەوەی کە ئاخۆ گوتی: پۆشاکێک کە شەرمگات داپۆشێ یان گوتی: پۆشاکێک وەکوو پۆشاکەکەی مەسیح. زاناکە لە زانا گەورەکەی پرسی: ئەی چ جۆرە خانویەک دروست بکەم؟ گوتی: ئەوەندەی کە لە تیشکی خۆرو لە ڕەشەبا بتپارێزێ.. گوتی: ئەی چەندێ پێبکەنم؟ گوتی: ئەوەندەی کە دەموچاوت پێوەی دیاربێ.. گوتی: ئەی چەندێ بگریم؟ گوتی: لە گریان مانوو مەبە؛ هەتا دەتوانی لە ترسی خوای گەورە بگری.. گوتی: ئەی چەندە لە کار و کردەوەکانم بۆ خەڵکی دەربخەم؟ گوتی: ئەوەندەی کە مرۆڤێک بە تەمای خواپەرستی بێ چاووت لێ بکات و دەست بە خواپەرستی بکات و کارێ نەکەیت کە خەڵکی باست بکات.. گوتی: ئەی چەندە لە کار و کردەوەکانم بشارمەوە؟ گوتی: ئەوەندەی لێ بشارەوە کە خەڵکی گومانی ئەوەت لێ بکەن کە کاری چاکە ناکەیت؟!

٥٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهيمُ بْنُ خَالد، أَخْبَرَنَا عُمَرُ بْنُ عَبْد الرَّحْمَن قَالَ: سَمعْتُ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّه يَقُولُ: " إِنَّ عَابدًا منْ بَني إِسْرَائيلَ تَعَبَّدَ وَسَاحَ، حَتَّى كَانَ مَعَ الْوَحْش، وَحَتَّى عَفَا شَعْرُهُ، فَكَانَ يُغَطي فَرْجَهُ، فَمَاتَ إِنْسَانٌ لَيْسَ له وَارثٌ غَيْرُهُ، فَكَرهُوا أَنْ يَعْرضُوا لمَاله حَتَّى يُعْلمُوهُ، فَجَعَلُوا يَقْعُدُونَ له، فَإذَا نَظَرَ إِلَيْهمْ يَفرُّ منْهُمْ، فَقَالَ إِنْسَانٌ: تَجْعَلُونَ لي

شَيْئًا، آتيكُمْ بخَبَرِه فَجَعَلُوا له شَيْئًا، فَقَعَدَ له، فَلَمَّا رَآهُ اسْتَقْبَله، وَأَلْقَى ثِيَابَهُ، فَلَمَّا نَظَرَ إِلَيْه، وَقَفَ، وَغَضَّ بَصَرَهُ، فَقَالَ له: ائْذَنْ لي أَدْنُ مِنْكَ فَقَالَ: ادْنُهْ قَالَ: فُلَانٌ مَاتَ، وَتَرَكَ مَالًا، وَلَمْ يَتْرُكْ وَارِثًا غَيْرَكَ، فَكَرِهُوا أَنْ يَعْرِضُوا الْمَالَ حَتَّى يُعْلِمُوكَ قَالَ: كَمْ له مُنْذُ مَاتَ؟ قَالَ: كَذَا وَكَذَا قَالَ: فَكَمْ لي مُنْذُ فَارَقْتُكُمْ؟ قَالَ: كَذَا وَكَذَا قَالَ: فَإِنِّي قَدْ مِتُّ قَبْله بكَذَا وَكَذَا فَوَلَّى عَنْهُ وَتَرَكَهُ".

واتە: عومەری كوڕی عەبدولڕەحمان دەفەرموێت: گوێم لە وەهبی كوڕی مونەبیهـ بوو دەیفەرموو: یەكێك لە خواپەرستەكانی ناو بەنی ئیسرائیل دەستی كردبوو بە گەڕان و خواپەرستی تا وای لێهات لەگەڵ ئاژەڵ و باڵندەی كێویدا ببوو بە هۆگرو ناسیاو؛ دەستی لە موی گیانی خۆی هەلگرتبوو موی هەمووی گیانی ئەوەندە درێژ ببوو تەنانەت شەرمگای داپۆشیبوو؛ جا كەسێك مردوو جگە لەم پیاوە هیچ میراتگرێكی نەبوو؛ خەڵكەكە پێیان ناخۆشبوو دەست لە سەروەت و سامانی مردووە بدەن هەتا ئەم ئاگادار نەكەن؛ بۆیە كەمینیان بۆ دانا بۆ ئەوەی بیگرن؛ چونكە پیاوەكە كاتێ كەسێكی دەبینی هەڵدەهات؛ كەسێك گوتی: ئەگەر پاداشتێكم بۆ دیاری بكەن من دەچم و خەبەرێكی دێنمەوە.. خەڵكەكە پاداشتێكیان بۆ دیاری كرد؛ ئەویش كەمینی بۆ دانا؛ جا ڕۆژێك بینی بەرەو ڕوی ئەم دێت؛ ئەمیش ڕوی لەو كرد و پۆشاكەكانی لەبەری خۆی داماڵی؛ كاتێ ئەو ئەمی بینی وەستاو چاوەكانی داخست.. پیاوەكە بە خواپەرستەكەی گوت: مۆڵەتم پێ دەدەی لێت نزیك ببمەوە؟ گوتی: نزیك ببەوە! كاتێ نزیك بویەوە گوتی: فلانە كەس مردووە و سەروەت و سامانێكی زۆری بەجێهێشتووە و جگە لەتۆ هیچ میراتگرێكی نییە! خەڵكیش پێیان ناخۆشە دەست لە سامانەكەی بدەن هەتا تۆ ئاگادار نەكەنەوە! خواپەرستەكە گوتی: چەندێكە مردووە؟ ئەویش گوتی: ئەوەندەو ئەوەندەیە كە مردووە! گوتی: ئەی من چەندێكە لە ئێوە دوور كەوتومەتەوە؟ گوتی: ئەوەندەو ئەوەندە! گوتی: دەی من ئەوەندەو ئەوەندەیە كە پێش خزمەكەی خۆم مردووم! ئیتر پشتی تێكردو ڕۆیی.

٥١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ الْحَسَن، أَخْبَرَنَا جَعْفَرٌ، عَنْ مَالك بْن دينَار قَالَ: " بَلَغَني أَنَّهُ قِيلَ لِبَنِي إِسْرَائِيلَ: تَدْعُونَ بِأَلْسِنَتِكُمْ وَقُلُوبُكُمْ بَعِيدَةٌ مِنِّي، بَاطِلٌ مَا تَرْهَبُونَ".

واتە: جەعفەر لە مالیكی كوڕی دینارەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێم گەیشتووە و بیستوومە كە بە بەنی ئیسرائیل گوتراوە: ئێوە بە زمان لە من دەپاڕێنەوە و دڵتان لە منەوە دوورە؛ ئەو خواپەرستیەی كە خۆتان بۆ دابڕیوە هەمووی پوچەڵە!

٥١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو الْمُغِيرَةِ، أَخْبَرَنَا بَعْضُ الْمَشْيَخَةِ، أَنَّ سُلَيْمَانَ بْنَ عَبْدِ الْمَلِكِ، دَخَلَ مَسْجِدَ دِمَشْقَ، فَرَأَى نَقْشًا فِي حَجَرٍ، فَقَالَ: مَا هَذَا؟ فَقَالُوا: مَا نَعْرِفُهُ فَقِيلَ: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، ابْعَثْ إِلَى وَهْبِ بْنِ مُنَبِّهٍ؛ فَإِنَّهُ يَقْرَأُ الْكُتُبَ كُلها فَبَعَثَ إِلَيْهِ، فَعَرَفَ الْكِتَابَ، وَقَرَأَهُ، فَإِذَا فِيهِ: «ابْنَ آدَمَ، لَوْ رَأَيْتَ مَا بَقِيَ مِنْ أَجَلِكَ، لَزَهِدْتَ فِي طُولِ مَا تَرْجُو مِنْ أَمَلِكَ، وَإِنَّمَا تَلْقَى نَدَمَكَ، وَقَدْ زَلَّتْ قَدَمُكَ؛ فَأَسْلَمَكَ الْحَبِيبُ، وَوَدَّعَكَ الْقَرِيبُ، فَلَا أَنْتَ إِلَى أَهْلِكَ عَائِدٌ، وَلَا فِي عَمَلِكَ زَائِدٌ، فَاعْمَلْ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ، قَبْلَ الْحَسْرَةِ وَالنَّدَامَةِ».

واتە: سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك ڕۆیشتە ناو مزگەوتی دیمەشقەوە؛ لەوێ نەخشێکی بە بەردێکەوە بینی و گوتی: ئەمە چییە؟ گوتیان: نازانین! گوترا: ئەی گەورەی باوەڕداران! بنێرە بۆ دوای وەهبی کوڕی مونەببیها ئەو هەموو نووسینێک دەخوێنێتەوە! سولەیمان ناردی بۆ دوای وەهبدا؛ وەهب توانای خوێندنەوەی نووسینەکەی هەبوو؛ خوێندیەوە و گوتی: نووسراوە: ئەی نەوەی ئادەم! ئەگەر بزانی چەندە ژینت ماوە ئەوا واز لە هەموو ئاواتە دوور درێژەکانت دێنی.. نەوەکوو تۆ دەگەی بە پەشیمانی.. لاقت هەڵخلیسکاوە؛ خۆشەویسانت وازیان لێهێناوی؛ نزیکەکانت ماڵئاواییان لێ کردوی؛ تازە تۆ ناگەڕێیتەوە بۆ لای ماڵ و منالەکانت؛ کار و کردەوەکانیشت زیاد ناکات؛ دەی کار بۆ قیامەتت بکە پێش ئەوەی پەشیمان ببیتەوە و خەم و خەفەت بخۆیت و دادیشت نەدەن!

٥١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا غَسَّانُ بْنُ الرَّبِيعِ، حَدَّثَنَا عَامِرُ بْنُ يَسَافٍ، عَنْ مَالِكِ بْنِ دِينَارٍ قَالَ: " دَخَلَ بَنُو إِسْرَائِيلَ مَسْجِدًا لَهُمْ يَوْمَ عِيدٍ، فَقَامَ فَتًى شَابٌّ عَلَى بَابِ الْمَسْجِدِ مِنْ خَارِجٍ، فَجَعَلَ يَبْكِي، وَيَرْفَعُ صَوْتَهُ بِالْبُكَاءِ وَيُذْرِي عَلَى نَفْسِهِ، وَيَقُولُ: لَيْسَ مِثْلِي يَدْخُلُ مَعَكُمْ؛ أَنَا صَاحِبُ كَذَا، أَنَا صَاحِبُ كَذَا فَأَصْبَحَ مَكْتُوبًا عَلَى لِسَانِ نَبِيٍّ مِنْ أَنْبِيَائِهِمْ: إِنَّ فُلَانًا مِنَ الصِّدِّيقِينَ لِذَلِكَ الْفَتَى ".

واتە: عامری کوڕی یەساف لە مالیکی کوڕی دینارەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: ڕۆژێکی جەژن بەنی ئیسرائیل ڕۆیشتنە ناو مزگەوتێکی خۆیانەوە؛ لە دیوی دەروە گەنجێک لەبەر دەرگای مزگەوتدا وەستاو دەستیکرد بە گریان و دەنگی بەرز دەکردەوە و فرمێسکی هەڵدەوەراند بۆ خۆی و دەیگوت: کەسێ:ی وەکوو من شیاوی ئەوە نییە لەگەڵ ئێوەدا بچێتە ناو مزگەوتەوە، من ئوەم کە ئەو تاوانەو ئەوە و ئەوەم کردووە! جا دوای ئەوە لەسەر زمانی یەکێک لە پێغەمبەرانەوە ئەوە بیسراو نووسرایەوە کە فەرمووی: فلانە کەس یەکێک لە ڕاستگۆیان . مەبەستی ئەو کوڕە گەنجە بووە.

٥١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا غَوْثُ بْنُ جَابِر قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ الله بْنَ صَفْوَانَ بْنِ كَلْبِيٍّ، مِنَ الْأَبْنَاءِ يَذْكُرُ عَنْ أَبِيهِ، عَنْ وَهْبِ بْنِ مُنَبِّهٍ، أَنَّهُ وُجِدَ فِي بَعْضِ كُتُبِ الْأَنْبِيَاءِ عَلَيْهِمُ السَّلَامُ: " إِنَّ اللهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى يَقُولُ: مَنِ اسْتَعَانَ بِأَمْوَالِ الْفُقَرَاءِ، جَعَلْتُ عَاقِبَتَهُ الْفَقْرَ، وَأَيُّمَا دَارٍ بُنِيَتْ بِقُوَّةِ الضُّعَفَاءِ جَعَلْتُ عَاقِبَتَهَا الْخَرَابَ ".

واته: غەوثی کوڕی جابر دەفەرموێت: گوێم لە عەبدوڵڵای کوڕی صەفوانی کەلبی بوو. جا عەبدوڵڵا یەکێک بوو لەو کوڕانەی کە فەرموودەی لە باوکی دەگێڕایەوە. ئەویش لە وەهبی کوڕی مونەببیهی گێڕایەوە کە: لە یەکێک لە کتێبەکانی پێغەمبەرانی پێشوودا نووسرابو: خوای گەورە و میهرەبان دەفەرموێت: هەر کەسێ یارمەتی لە سەروەت و سامانی هەژاران وەربگرێ؛ ئەوا لە کۆتاییدا هەژاری دەکەم؛ هەر خانوو ساختمانێکیش بە هێزو بازووی هەژاران دروست بکرێ؛ لە کۆتاییدا تێکی دەدەم.

٥١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالِد، حَدَّثَنَا أُمَيَّةُ بْنُ شِبْل، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ وَهْب، لَا أَعْلَمُهُ إِلَّا ذَكَرَهُ عَنْ أَبِيهِ - شَكَّ أَبُو مُحَمَّد: " إِنَّ عَابِدًا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ كَانَ فِي صَوْمَعَةٍ يَتَعَبَّدُ، فَإِذَا نَفَرٌ مِنَ الْغُوَاةِ قَالُوا: لَوْ أَنَّا اسْتَنْزَلْنَاهُ بِشَيْءٍ فَذَهَبُوا إِلَى امْرَأَةٍ بَغِيٍّ، فَقَالُوا لها: تَعَرَّضِي له " قَالَ: " فَجَاءَتْهُ فِي لَيْلَةٍ مُظْلِمَةٍ مَطِيرَةٍ، فَقَالَتْ: يَا عَبْدَ الله، آوِنِي إِلَيْكَ وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي، وَمِصْبَاحُهُ ثَاقِبٌ، فَلَمْ يَلْتَفِتْ إِلَيْهَا، فَقَالَتْ: يَا عَبْدَ الله، الظُّلْمَةَ، وَالْغَيْثَ آوِنِي إِلَيْكَ " قَالَ: " فَلَمْ تَزَلْ بِهِ حَتَّى أَدْخَلَهَا إِلَيْهِ، فَاضْطَجَعَتْ، وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي، فَجَعَلَتْ تَتَقَلَّبُ، وَتُرِيهِ مَحَاسِنَ خَلْقِهَا، حَتَّى دَعَتْهُ نَفْسُهُ إِلَيْهَا، فَقَالَ: لَا وَالله، حَتَّى أَنْظُرَ كَيْفَ صَبْرُكَ عَلَى النَّارِ، فَدَنَا مِنَ الْمِصْبَاحِ فَوَضَعَ إِصْبَعًا مِنْ أَصَابِعِهِ فِيهِ، حَتَّى احْتَرَقَتْ " قَالَ: «ثُمَّ رَجَعَ إِلَى مُصَلَّاهُ، فَدَعَتْهُ نَفْسُهُ أَيْضًا، فَعَادَ إِلَى الْمِصْبَاحِ، فَوَضَعَ إِصْبَعَهُ أَيْضًا حَتَّى احْتَرَقَتْ» قَالَ: «ثُمَّ رَجَعَ إِلَى مُصَلَّاهُ، فَدَعَتْهُ نَفْسُهُ أَيْضًا، فَلَمْ يَرْعَهُ وَهُوَ يَعُودُ إِلَى الْمِصْبَاحِ حَتَّى احْتَرَقَتْ أَصَابِعُهُ، وَهِيَ تَنْظُرُ إِلَيْهِ، فَصَعِقَتْ، فَمَاتَتْ» قَالَ: «فَلَمَّا أَصْبَحُوا، غَدَوْا لِيَنْظُرُوا مَا صَنَعَتْ» قَالَ: «فَإِذَا هِيَ مَيْتَةٌ» قَالَ: " فَقَالُوا: يَا عَدُوَّ الله، يَا مُرَائِي، وَقَعْتَ عَلَيْهَا، ثُمَّ قَتَلْتَهَا " قَالَ: " فَذَهَبُوا بِهِ إِلَى مَلِكِهِمْ، وَشَهِدُوا عَلَيْهِ، فَأَمَرَ بِقَتْلِهِ قَالَ: دَعُونِي حَتَّى أُصَلِّيَ رَكْعَتَيْنِ " قَالَ: " فَصَلَّى، ثُمَّ دَعَا، فَقَالَ: أَيْ رَبِّ، إِنِّي أَعْلَمُ أَنَّكَ لَمْ تَكُنْ لِتُؤَاخِذَنِي بِمَا لَمْ أَكُنْ أَفْعَلُ، وَلَكِنْ أَسْأَلُكَ أَنْ لَا أَكُونَ عَارًا عَلَى الْقُرَّاءِ بَعْدِي " قَالَ: " فَرَدَّ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ عَلَيْهَا نَفْسَهَا، فَقَالَتْ: انْظُرُوا إِلَى يَدِهِ، ثُمَّ عَادَتْ مَيْتَةً ".

واته: ئومەیەی کوڕی شیبل لە عەبدوڵڵای کوڕی وەهبەوە دەگێڕێتەوە. وەبزانم ئەویش لە باوکی خۆی گێڕایەوە؛ باوکی موحەممەد ئەم گومانەی بۆ دروست بووە. کە یەکێک لە خواپەرستەکانی ناو بەنی ئیسرائیل لە دێرێکا خواپەرستیی دەکرد؛ چەند کەسێکی گومڕاو

ئاژاوەچی و تێکدەر گوتیان: ئەوە بۆ بە شتێک ئابڕوی ئەمە نەبەین؟ جا ڕۆیشتن بۆ لای ژنێکی داوێنپیس پێیان گوت: خۆت بۆ ئەو پیاوە دەربخە! ژنەکە لە شەوێکی زۆر تاریك و باراناویدا ڕۆیشت بۆ لای دێری پیاوە خواپەرستەکەو گوتی: ئەی بەندەی خوا! جێگام بکەرەوە.. پیاوەکە لەو کاتەدا خەریکی نوێژ کردن بوو؛ چراکەیشی پێبوو (واتە: داگیرسابو) پیاوەکە لای نەکردەوە بە لای ژنەکەدا.. ژنەکە گوتی: ئەی بەندەی خودا! تاریکی و لێقەومان وایان کردووە پەنات پێ بێنم! دەفەرموێت: ژنەکە ئەوەندە دوبارەی کردەوە تا پیاوەکە ڕێگای هاتنەژوورەوەی پێدا؛ جا ژنەکە ڕاکشاو پیاوەکەش هەر نوێژی دەکرد؛ ژنەکە خۆی کردبوو بە خەوتوو خۆی ئەمدیو ئەودیو دەکردو هەموو جوانییەکانی خۆی دەرخست تا پیاوەکە وای لێهات نەفسی داوای کاری خراپی لێ کرد؛ لە دڵی خۆیا گوتی: نا بەخوا نابێ کاری خراپ بکەم هەتا خۆم تاقی نەکەمەوە بزانم چەندە لەبەر ئاگرا خۆم ڕادەگرم؟! جا پیاوەکە لە چراکە نزیك بویەوە و یەکێک لە پەنجەکانی خۆی خستە سەر ئاگرەکە تا سوتا.. دوایی گەڕایەوە بۆ شوێنی نوێژکردنەکەی؛ دیسانەوە نەفسی داوای کاری خراپی لێ کرد؛ دووبارە گەڕایەوە بۆ لای چراکەو پەنجەیەکیتری خستە سەر ئاگرەکە تا سوتا؛ دوایی گەڕایەوە بۆ نوێژ کردن و دیسانەوە نەفسی داوای کاری خراپی لێ کرد وئەویش بەردەوام دەگەڕایەوە بۆ لای چراکەو پەنجەیەکی خۆی دەسوتاند تا هەموو پەنجەکانی سووتاو ژنەکەش هەر (بە دزییەوە) سەیری دەکردو لە کۆتاییدا هاوارێکی کرد و مرد! جا دوای ئەوەی ڕۆژ بویەوە پیاوە گومڕاو ئاژاواچییەکان هاتن بزانن ژنەکە چیی کردووە؟ چی تەماشا دەکەن مردووە! پیاوەکان گوتیان: ئەی دوژمنی خودا! ئەی ڕیاباز! کاری خراپت لەگەڵدا کردووە و پاشان کوشتوتە! پیاوەکان خواپەرستەکەیان گرت و بردیان بۆ لای پاشاو شایەتییان لەسەردا (کە کاری خراپی لەگەڵ ئەو ژنەدا کردووە و پاشان کوشتویەتی) پاشا فرمانی کوشتنی ئەو پیاوە خواناسەی دەرکرد؛ پیاوەکە گوتی: لێمگەڕێن با دوو ڕکات نوێژ بکەم! دوو ڕکات نوێژی کرد و پاشان لەخوا پاڕایەوە و گوتی: خوایە! من چاک دەزانم تۆ لە جیاتیی کارێک من ناگری کە نەمکردووە؛ بەڵام لێت دەپاڕێمەوە نەبمە مایەی شورەیی بۆ خواپەرستەکانی دوای خۆم! دەفەرموێت: خوای گەورە گیانی گەڕاندەوە بۆ ژنەکەو زیندوو بویەوە و گوتی: سەیری دەستەکانی بکەن! دوایی مردەوە.

٥١٥ - حَدَّثَنَا غَوْثُ بْنُ جَابِرٍ قَالَ: سَمِعْتُ عَقِيلًا، يَذْكُرُ قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبًا يَعْنِي ابْنَ مُنَبِّهٍ يَقُولُ: «إِنَّ رَجُلًا مِنَ السَّيَّاحِينَ كَانَ فِي بَيْتٍ لَه قَرِيبًا مِنْ قَرْيَةٍ» فَذَكَرَ نَحْوَهُ، إِلَّا أَنَّهُ قَالَ: " قَالَتْ: فَلَمَّا رَأَيْتُ يَدَيْهِ قَدِ احْتَرَقَتْ، ضَعُفَتْ مَكَانَتِي ثُمَّ قَالَتْ: انْطَلِقُوا، فَلَسْتُ لَكُمْ بِصَاحِبَةٍ مَا بَقِيتُ أَبَدًا، فَسَاحَتْ فِي الْجِبَالِ ".

واتە: عەقیل دەفەرموێت: گوێم لە وەهبی کوڕی مونەببیهـ بوو دەیفەرموو: یەکێک لە عەواڵەکان ژوورێکی هەبوو تێیدا خواپەرستی دەکرد؛ ژوورەکەی لە گوندێکەوە نزیك بوو.. جا چیرۆکێکی وێنەی چیرۆکەکەی پێشو باسکرد، بەڵام لەم چیرۆکەدا دەڵێ: ژنەکە گوتی: کاتێ بینیم دەستەکانی سوتاوون هەر لە شوێنی خۆما بورامەوە.. دوایی ژنەکە بە پیاوە خراپەکانی گوت: بڕۆن وازم لێ بێنن ئیتر هەتا من مابم هاوڕێیەتی ئێوە ناکەم! دوای ئەوە ژنەکەش بوو بە گەریدەی کێوان (واتە: دەستی کرد بە خواپەرستی و وازی لە دونیا هێنا).

٥١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ الْحَسَنِ بْنِ أَتَشٍ حَدَّثَنَا مُنْذِرٌ، عَنْ وَهْبٍ: " إِنَّ سَائِحًا وَرِدْءًا له يَعْنِي تَابِعًا يَتْبَعُهُ مَرَّا بِأَسَدٍ، وَهُوَ رَابِضٌ عَلَى الطَّرِيقِ يَلْتَمِسُ الْفَرِيسَ، فَجَعَلَ الرِّدْءُ يُحَدِّثُ السَّائِحَ يَقُولُ: الْأَسَدَ. الْأَسَدَ وَجَعَلَ السَّائِحُ لَا يَلْتَفِتُ إِلَيْهِ، حَتَّى مَرَّا بِالْأَسَدِ، فَقَامَ الْأَسَدُ فَتَنَحَّى عَنِ الطَّرِيقِ، فَلَمَّا جَاوَزَا قَالَ الرِّدْءُ لِكَبِيرِهِ: أَلَمْ أَكُنْ أُحَذِّرُكَ الْأَسَدَ؟ قَالَ السَّائِحُ: أَوَظَنَنْتَ أَنِّي أَخَافُ شَيْئًا دُونَ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ؟ لَئِنْ تَخْتَلِفُ الْأَسِنَّةُ فِيَّ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ يَعْلَمَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ أَنِّي أَخَافُ شَيْئًا دُونَهُ ".

واتە: مونزیر دەفەرموێت: وەهب فەرمووی: عەواڵێک و خزمەتکارەکەی دایان بە لای شێرێکا؛ شێرەکە لەکەناری ڕێگاکە کەمینی دانابوو چاوەڕێی نێچیرێکی دەکرد؛ خزمەتکارەکە چەند جارێک بە عەبداڵەکەی گوت: شێر! شێر! عەبداڵەکەش لای نەدەکردەوە بەلایاو گوێی نەدەدایەو بە لای شێرەکەدا تێپەڕین! کاتێ گەیشتنە ئاستی شێرەکە؛ شێرەکە هەستا و خۆی لەسەر ڕێگاکە لادا؛ دوای ئەوەی تێپەڕین خزمەتکارەکە بە عەبداڵەکەی گوت: مەگەر پێم نەگوتی: شێر؟! عەبداڵەکە گوتی: بۆ پێت وایە من جگە لە خوا لە هیچ شتێکیتر دەترسم؟! ئەگەر هەموو گیانم بە نوکی ڕم ئاژن ئاژن بکرێ لەوە زیاتر پێم خۆشە کە خوای گەورە بمبینێت لە غەیری ئەو بترسم!

٥١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدٌ، حَدَّثَنَا مُنْذِرٌ، عَنْ وَهْبٍ: " أَنَّ سَائِحًا وَرِدْءًا له، كَانَ يَأْتِيهِمَا طَعَامُهُمَا، فِي كُلِّ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ مَرَّةً، فَإِذَا هُمَا لَمْ يَأْتِهِمَا طَعَامٌ لِأَحَدِهِمَا فَقَالَ الْكَبِيرُ لِرِدْئِهِ: لَقَدْ أَحْدَثَ أَحَدُنَا حَدَثًا مَنَعَ رِزْقَهُ؛ فَتَذَكَّرْ مَا صَنَعْتَ قَالَ الرِّدْءُ: مَا صَنَعْتُ شَيْئًا، ثُمَّ ذَكَرَ الرِّدْءُ فَقَالَ: بَلَى، قَدْ جَاءَ مِسْكِينٌ سَائِلٌ إِلَى الْبَابِ، فَأَجَفْتُ الْبَابَ فِي وَجْهِهِ، فَقَالَ الْكَبِيرُ: مِنْ ثَمَّ أُتِينَا، فَاسْتَغْفَرَ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ فَجَاءَهُمَا رِزْقُهُمَا بَعْدُ كَمَا كَانَ يَأْتِيهِمَا ".

واتە: مونزیر لە وەهبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبداڵێکی و خزمەتکارەکەی هەموو جارێک خواردنیان بۆ دەهات؛ سێ ڕۆژ جارێک ئەو خواردنەیان بۆ دەهات؛ جارێک خواردنی

یەکێکیان نەهات؛ عەبداڵەکە بە خزمەتکارەکەی گوت: یەکێکمان کارێکمان کردووە و بووەتە هۆی نەهاتنی ڕزق و ڕۆزیەکەمان! بیر بکەرەوە بزانە چیت کردووە؟ خزمەتکارەکە گوتی: من هیچم نەکردووە! دوایی خزمەتکار بیری کردەوە و گوتی: بەرەوەڵلا سەواڵکەرێکی هەژار هات و دای لە دەرگا؛ منیش دەرگاکەم بەسەرا داخست! عەبداڵەکە گوتی: ئەوە هۆکاری ئەوەیە کە ڕزق و ڕۆزیی یەکێکمان کەمی کردووە! ئیتر خزمەتکارەکە داوای لێبووردنی لە خوای گەورە کرد و بۆ جاری داهاتو وەکوو جاران ڕزق و ڕۆزییان بۆ هات.

٥١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ أَتَش، أَخْبَرَنَا مُنْذِرٌ، عَنْ وَهْب: " أَنَّ سَائِحًا دَخَلَ قَرْيَةً، فَإِذَا رَجُلٌ مِنْ عُظَمَاءِ تِلْكَ الْقَرْيَةِ قَدْ تُوُفِّيَ، فَخَرَجَ مِنْهَا، فَقَالَ: لَا أَقْبُرُ هَذَا الْجَبَّارَ ثُمَّ نَامَ نَوْمَةً، فَجَاءَهُ رَجُلٌ، فَقَالَ: يَا فُلَانُ، هَلْ تَمْلِكُ مِنْ رَحْمَةِ الله شَيْئًا قَالَ: لَا حَتَّى قَالَ ذَلِكَ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، وَهُوَ يَقُولُ: لَا فَقَالَ: وَمَا يُدْرِيكَ مَا أَحْدَثَ فِي وَجَعِهِ هَذَا ".

واتە: مونزیر لە وەهبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبداڵێک ڕۆیشتە ناو گوندێکەوە؛ دەبینێ پیاوماقوڵێکی ئەو گوندە مردووە؛ عەبداڵەکە گوندەکەی بەجێهێشت و گوتی: من بەشداری ناکەم لە بەخاك سپاردنی ئەم پیاوە ستەمکارە! دوایی خەوی لێکەوت؛ لە خەویا پیاوێک هات بۆ لای و گوتی: فڵانە کەس! تۆ خاوەنی هیچ پاژێک لە سۆزو میهرەبانیی خوای گەورەی هەندێکم پێ بدەی؟ گوتی: نەخێر! سێ جار ئەو پرسیارەی لێ کرد وئەویش هەر دەیگوت: نەخێر! دوایی گوتی: دەی تۆ چوزانی لە کاتی نەخۆشیی ئەو پیاوماقوڵە چیی ڕویداوە؟ (واتە: تۆ چوزانی لەوانەیە خوای گەورە ئێش و ئازاری سەرەمەرگی بۆ کردبێ بە کەفارەت و تاوانی بەسەرەوە نەهێشتبێت و بە پاکی گەڕابێتەوە خزمەت خوای گەورە).

٥١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ أَتَش حَدَّثَنَا مُنْذِرٌ، عَنْ وَهْب قَالَ: " كَانَ سَائِحًا وَرِدْءًا له قَالَ السَّائِحُ لِرِدْئِه: ادْخُل الْقَرْيَةَ فَاشْتَرِ لِي كَفَنًا، فَإِنِّي السَّاعَةَ يَعْنِي مَيْتًا وَعَجِّلْ فَدَخَلَ الرِّدْءُ، فَإِذَا بِعَظِيم مِنْ عُظَمَاءِ الْقَرْيَةِ قَدْ تُوُفِّيَ، فَاحْتَشَدَ النَّاسُ فِي قَبْرَانِه، فَأَغْلَقُوا حَوَانِيتَهُمْ، فَلَمْ يَقْدِر الرِّدْءُ عَلَى مَا يَشْتَرِي، حَتَّى رَجَعَ النَّاسُ فَاشْتَرَى كَفَنًا وَحَنَاطًا، فَرَجَعَ إِلَى صَاحِبِه، فَإِذَا بِه قَدْ تُوُفِّيَ وَأَكَلَ السَّبُعُ وَجْهَهُ، فَجَعَلَ يَتَلَهَّفُ وَيَتَحَسَّرُ؛ قَالَ: أَمَّا فُلَانٌ الْجَبَّارُ فَكُفِّنَ وَحُنِّطَ وَدُفِنَ، وَأَمَّا فُلَانٌ فَأُكِلَ وَجْهُهُ، فَقِيلَ: أَمَّا فُلَانٌ الْجَبَّارُ فَإِنَّهُ لَمْ يَكُنْ له إِلَّا حَسَنَةٌ وَاحِدَةٌ، فَأَحَبَّ الله عَزَّ وَجَلَّ أَنْ يُخْرِجَهُ مِنَ الدُّنْيَا وَلَيْسَ له فِي الْآخِرَةِ نَصِيبٌ، وَأَمَّا فُلَانٌ السَّائِحُ فَإِنَّهُ قَدْ كَانَ عَمِلَ عُمَيْلًا فَأَخْرَجَهُ الله مِنَ الدُّنْيَا وَهُوَ لَا يَجِدُ أَلَمَ ذَلِكَ ".

واتە: مونزیر لە وەهبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کاتی خۆی عەبداڵێک و خزمەتکارێکی

پێکەوە بوون؛ عەبداڵەکە بە خزمەتکارەکەی گوت: برۆ بۆ ئەو گوندەو کفنێکم بۆ بکڕە؛ من و ئەم دەمە، واتە: دەمرم! پەلە بکە.. خزمەتکارەکە ڕۆیشت بۆ گوندەکە دەبینێ گەورەی ئەو گوندە مردووە؛ خەڵکی هەموو کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ تەرمەکەدا بچنە سەر قەبرستان؛ هەموو دوکان و بازاڕیان داخستبوو؛ خزمەتکار نەیتوانی هیچ بکڕێت هەتا خەڵکی گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان و ئەوجا کفنێک و هەندێ بۆنی خۆشی کڕی و گەڕایەوە بۆ لای گەورەکەی (واتە: عەبداڵەکە) دەبینێ مردووە و دڕندە دەموچاویان خواردووە؛ خزمەتکارەکە دەستی کرد بە شیوەن و ڕۆڕۆ.. دەیگوت: فڵانە کەسی ستەمکار کفن کراوە و بۆنی خۆشی لێدراوە؛ کەچی ئەم پیاوە خواناسە دڕندە دەموچاوی خواردووە! پێی گوترا: فڵانە کەسی ستەمکار هیچ چاکەی نەبوو جگە لە یەک چاکە؛ خوای گەورە پێی خۆشبوو هەر لە دونیا پێش ئەوەی بیباتەوە بۆ قیامەت پاداشتی ئەو چاکەیەی بداتەوە و ئیتر لە قیامەتدا هیچ شتێکی باشی پێ نەبەخشێت؛ فڵانەکەسی عەبداڵیش کارێکی نەباشی کردووە و خوای گەورە ویستی بیباتەوە بۆ قیامەت و هیچ تاوانی بەسەرەوە نەمابوبێت و لەوێ ئێش و ئازار نەچێژێ.

٥٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ أَتَش حَدَّثَنَا مُنْذِرٌ، عَنْ وَهْب قَالَ: «كَانَ سَائِحٌ بُعِثَ مَعَهُ مَلَكٌ، وَأُمِرَ الْمَلَكُ أَنْ يَصْنَعَ كَيْفَمَا صَنَعَ السَّائِحُ» قَالَ: " فَدَخَلَا فِي وَادٍ، فَإِذَا بِجِيفَةٍ، فَقَالَ السَّائِحُ عَلَى أَنْفِهِ بِثَوْبِهِ مِنْ رِيحِ الْجِيفَةِ، وَصَنَعَ الْمَلَكُ مِثْلَمَا صَنَعَ السَّائِحُ، فَقَالَ لَه السَّائِحُ: لِمَ فَعَلْتَ هَذَا؟ قَالَ: أُمِرْتُ أَنْ أَصْنَعَ كَمَا تَصْنَعُ فَقَالَ لَه السَّائِحُ: أَمَا وَجَدْتَ رِيحًا كَمَا وَجَدْتُ أَنَا؟ قَالَ الْمَلَكُ: لَا، لَيْسَ يُؤْذِينَا شَيْءٌ إِلَّا رِيحُ الْكَافِرِ ".

واتە: مونزیر لە وەهبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبداڵێک هەبوو فریشتەیەکی لەگەڵدا نێردرابوو؛ فریشتەکە فەرمانی پێکرابوو کە عەبداڵەکە چ شتێکی پێخۆش بوو ئەو ئەوکارە بکات.. دەفەرموێت: هەردوکیان ڕۆیشتنە ناو شیوو دۆڵێکەوە؛ لەوێ کەلاکێکی تۆپیویان بینی؛ عەبداڵەکە لەتاو بۆگەنی ئەو کەلاکە چەمکی پۆشاکەکەی دابەسەر لوتیا؛ فریشتەکەش وەک ئەوی کرد؛ عەبداڵەکە پێی گوت: تۆ بۆچی وا دەکەیت؟ فریشتەکە گوتی: فرمانم پێکراوە تۆ هەر کارێک بکەیت منیش هەمان ئەو کارە بکەم! عەبداڵەکە گوتی: ئەو بۆنەی بەسەر منا هات بەسەر تۆشا هات؟ فریشتەکە گوتی: نەخێر! ئێمە بۆنی کافر نەبێ بۆنی هیچ شتێک ئازارمان نادات.

٥٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ أَتَش حَدَّثَنَا مُنْذِرٌ، عَنْ وَهْب: «أَنَّ رَجُلًا كَانَ عَلَى مَجَامِرِ بَيْتِ الْمَقْدِسِ، وَكَانَ لَه ابْنَانِ، فَبَلَغَا، فَجَعَلَا يَعْبَثَانِ بِالنِّسَاءِ، فَلَمْ يُنْكِرْ عَلَيْهِمَا، فَبِعِزَّتِي، حَلَفْتُ لَأُمِيتَنَّهُمْ ثَلَاثَتَهُمْ فِي يَوْمٍ وَاحِدٍ، وَلَأُسَلِّطَنَّ عَلَى أَهْلِه بَعْدَهُ الْفَقْرَ».

واته: مـونزير لە وەهـبەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوويەتی: پیاوێـک بەرپرسـی ئاگردانەکـان و بخوردانەکانی بەیتولمەقدیس بوو؛ ئەو پیاوە دوو کوڕی هەبوو؛ کوڕەکان پێگەیشتن و باڵغ بـوون و هەردوکیـان گاڵتەیـان بە ژنـان دەکـردو باوکیـان سـەبارەت بەو کارەیـان ئامۆژگـاری نەدەکردن! (خوای گەورە سوێندی خواردو فەرمووی) سوێندم خواردووە کە هەرسێکیان بە یەک ڕۆژ بمرێنم و دوای ئەوان هەژاری و نەداری زاڵ بکەم بەسەر ماڵ و منداڵەکانیا.

٥٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ أَتَش حَدَّثَنَا مُنْذِرٌ، عَنْ وَهْب: " أَنَّ إِبْلِيسَ لَعَنَهُ الله جَاءَ إِلَى سَائِحٍ فَأَرَادَهُ، فَلَمْ يَسْتَطِعْ مِنْهُ شَيْئًا، فَقَالَ له: إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أُصَادِقَكَ قَالَ له السَّائِحُ: لَيْسَ لِي بِصَدَاقَتِكَ حَاجَةٌ قَالَ: بَلَى؛ تَسْأَلُنِي عَمَّا شِئْتَ أُخْبِرْكَ قَالَ: نَعَمْ قَالَ: بِمَ تَفْتِنُونَ النَّاسَ؟ قَالَ: إِنَّنَا نَنْظُرُ إِلَى أَهْلِ الْعَجَلِ مِنْهُمْ وَالْحِدَّةِ، فَنَلْعَبُ بِهِمْ؛ كَمَا تَلْعَبُ الصِّبْيَانُ بِالْأُكْرَةِ ".

واته: مونزیر لە وەهبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئیبلیس نەفرەتی خوای لێ بێت جارێک ویستی بڕوا عەبداڵێک فریو بدات؛ بەڵام نەیتوانی بە هیچ جۆرێک فریوی بدات؛ پێی گوت: من دەمەوێ لەگەڵتا ئاشتەوایی بکەم و ببینە دۆست! عەبداڵەکە پێی گوت: من پێویستیم بە هاوڕێیەتی تۆ نییە! ئیبلیس گوتی: با پێویستتە! لە چ بارەیەکەوە پێت خۆشە پرسیارم لێ بکە تا وەڵامت بدەمەوە! عەبداڵەکە گوتی: باش! ئێوە بەچی خەڵکی بەچی فریو دەدەن؟ ئیبلیس گوتی: ئێمە دەگەڕێین بزانین کامەیان بە پەلەو تووڕەن؛ جا یاری بەو کەسانە دەکەین وەک چۆن منداڵ یاری بە تۆپ دەکات!

٥٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يُونُسُ بْنُ عَبْدِ الصَّمَدِ بْنِ مَعْقِلِ بْنِ وَهْبِ بْنِ مُنَبِّهٍ قَالَ: أَخْبَرَنِي عَبْدُ الله بْنُ بَحِيرٍ الْقَاصُّ قَالَ: قَالَ وَهْبٌ يَعْنِي ابْنَ مُنَبِّهٍ: " قَالَ بَعْضُ أَحْبَارِ بَنِي إِسْرَائِيلَ: أَصْبَحْتُ مِثْلَ الْخُصْلَةِ فِي أَثَرِ الْقَاطِفِ، وَمِثْلَ السُّنْبُلَةِ فِي أَثَرِ الصَّارِمِ؛ فَكَمْ عَسَى أَنْ أَتَّقِيَ ".

واته: عەبدولصـەمەدی کـوڕی مەعقـیلی کـوری وەهـب لە عەبـدوڵڵای کـوڕی بـوحەیری قاصـەوە دەگێڕێتەوە فەرمووی: وەهبی کوڕی موننەبیهـ فەرمووی: یەکێک لە زانایانی بەنی ئیسرائیل گوتی: من وەکوو بۆڵە ترێی دوای باخی ڕنراو و وەکوو گوڵە گەنمی دوای درەوم لێ هاتووە؛ ئای چەندێک دەترسم!

٥٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَهَّابِ، أَنْبَأَنَا الْجُرَيْرِيُّ، عَنْ أَبِي الْوَرْدِ، عَنْ وَهْبِ بْنِ مُنَبِّهٍ قَالَ: «ظَهَرَتْ فِي بَنِي إِسْرَائِيلَ قُرَّاءٌ فَسَقَةٌ، وَسَيَكْثُرُونَ فِيكُمْ».

واتە: لە باوکی وەردەوە ئەویش لە وەهبی کوڕی مونەببیهەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: لەناو بەنی ئیسرائیلا خوێنەراوی خراپەکار پەیدا ببوو؛ لەناو ئێوەدا زیاتر پەیدا دەبێ!

٥٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا الْحَكَمُ بْنُ نَافِعٍ، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ عَيَّاشٍ، عَنْ عَقِيلِ بْنِ مُدْرِكٍ السُّلَمِيِّ قَالَ: " أَوْحَى اللهُ عَزَّ وَجَلَّ إِلَى نَبِيٍّ مِنْ أَنْبِيَاءِ بَنِي إِسْرَائِيلَ: قُلْ لِقَوْمِكَ لَا يَأْكُلُوا طَعَامَ أَعْدَائِي، وَلَا يَشْرَبُوا شَرَابَ أَعْدَائِي، وَلَا يَتَشَكَّلُوا شَكْلَ أَعْدَائِي: فَيَكُونُوا أَعْدَائِي كَمَا هُمْ أَعْدَائِي ".

واتە: ئیسماعیلی کوڕی عەییاش لە عەقیلی کوڕی مودریکی سولەمییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: خوای گەورە سروشی بۆ یەکێک لە پێغەمبەرانی ناو بەنی ئیسرائیل نارد فەرمووی: بە گەلەکەت بڵێ: با نانی دوژمنەکانی من نەخۆن! با ئاوی دوژمنەکانی من نەخۆن! با خۆیان بە دوژمنەکانی من نەچوێنن! با ئەوانیش وەک دوژمنەکانم نەبن بە دوژمن!

٥٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، أَخْبَرَنَا مَالِكُ بْنُ دِينَارٍ قَالَ: " كَانَ حَبْرٌ مِنْ أَحْبَارِ بَنِي إِسْرَائِيلَ يَغْشَى مَنْزِلَهُ الرِّجَالُ وَالنِّسَاءُ؛ يَعِظُهُمْ فَيُذَكِّرُهُمْ بِأَيَّامِ اللهِ، فَرَأَى بَعْضَ بَنِيهِ يَوْمًا غَمَزَ النِّسَاءَ، فَقَالَ: مَهْلًا يَا بُنَيَّ مَهْلًا يَا بُنَيَّ " قَالَ: " فَسَقَطَ مِنْ سَرِيرِهِ، وَانْقَطَعَ نُخَاعُهُ، وَأَسْقَطَتِ امْرَأَتُهُ، وَقُتِلَ بَنِيهُ فِي الْجَيْشِ، فَأَوْحَى اللهُ عَزَّ وَجَلَّ إِلَى نَبِيِّهِمْ أَنْ أَخْبِرْ فُلَانًا الْحَبْرَ أَنِّي لَا أُخْرِجُ مِنْ صُلْبِكَ صِدِّيقًا أَبَدًا، مَا غَضَبُكَ لِي إِلَّا أَنْ قُلْتَ: مَهْلًا يَا بُنَيَّ مَهْلًا يَا بُنَيَّ ".

واتە: جەعفەر دەفەرموێت: مالیکی کوڕی دینار بۆمانی گێڕایەوە فەرمووی: یەکێک لە زاناکانی بەنی ئیسرائیل ژن و پیاو ڕوی دەکردە ماڵیان؛ ئەویش ئامۆژگاریی دەکردن و ڕۆژانی سەختی قیامەتی وەبیر دەهێنانەوە؛ جا ڕۆژێک چاوی لە کوڕێکی خۆی بوو دەستی بۆ ئافرەتێک برد؛ زاناکە بە کوڕەکەی خۆی گوت: کوڕم وامەکە! کوڕم وا مەکە! دەفەرموێت: هەر لەویا زاناکە لە قەرەوێڵەکەی کەوتە خوارەوە و پشتی شکاو مرۆخەی پچڕا؛ دوای ئەو ژنەکەیشی منداڵێکی لەبارچوو؛ کوڕەکانیشی لە سوپادا کوژران؛ خوای گەورە سروشی بۆ پێغەمبەری ئەو سەردەمە ناردو فەرمووی: بە فلانە زانا بڵێ: هەتا هەتایە من لە نەوەی ئەو کەسێکی ڕاستگۆ وەدی ناهێنم! ئەو لەبەر من هیچ تووڕەبوون و کاردانەوەیەکی نەبوو جگە لەوە نەبێ کە بڵێ: کوڕم وامەکە! کوڕم وامەکە!

٥٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ دِينَارٍ قَالَ: " مَكْتُوبٌ فِي التَّوْرَاةِ: مَنْ كَانَ لَه جَارٌ يَعْمَلُ بِالْمَعَاصِي فَلَمْ يَنْهَهُ فَهُوَ شَرِيكُهُ ".

واته: جەعفەر دەفەرموێت: مالیکی کوڕی دینار بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: لە تەوراتدا نووسراوە: هەر کەسێ دراوسێی هەیە و دراوسێکەی تاوان دەکات و ئەمیش نەهیی نەکات؛ ئەوا ئەمیش هاوبەشە لەو تاوانەدا.

٥٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا مُوسَى بْنُ دَاوُدَ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ أَنَسٍ قَالَ: " حُدِّثْتُ أَنَّ نَفَرًا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ يَصُومُونَ النَّهَارَ، فَإِذَا كَانَ اللَّيْلُ، وَوُضِعَ الطَّعَامُ، جَعَلُوا ذَلِكَ نَوَائِبَ بَيْنَهُمْ؛ يَقُومُ رَجُلٌ مِنْهُمْ فَيَقُولُ: لَا تَأْكُلُوا كَثِيرًا، فَتَشْرَبُوا كَثِيرًا، فَتَرْقُدُوا كَثِيرًا ".

واته: مووسای کوڕی داود دەفەرموێت: گوێم لە مالیکی کوڕی ئەنەس بوو دەیفەرموو: بۆ منیان گێڕاوەتەوە کە چەند کەسێکی بەنی ئیسرائیلی بەڕۆژا ڕۆژویان دەگرت؛ جا کە شەو دەهات و خواردنیان بۆ دادەنرا؛ ئەوەیان کردبوو بە سەرە کە کەسێکیان هەڵدەستاو دەیگوت: زۆر مەخۆن! با ئاوی زۆر نەخۆنەوە و زۆر نەخەون.

٥٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبَّادٍ الْمَكِّيُّ، أَخْبَرَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَلِيٍّ السُّلَمِيِّ، أَخْبَرَنِي أَشْرَسُ بْنُ الْحَسَنِ، عَنْ وَهْبِ بْنِ مُنَبِّهٍ قَالَ: " قَالَ - أُرَاهُ أَرْمِيَا: يَا رَبِّ، اخْتَرْتَ عَبْدَكَ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَامُ فَبَنَى لَكَ مَسْجِدًا، وَكَانَ مِنْ شَأْنِهِ وَشَأْنِهِ، حَتَّى إِذَا كَانَ مِثْلَ الْعَرُوسِ، سُلِّطَ عَلَيْهِ مَنْ خَرَّبَهُ قَالَ: فَقِيلَ لَه: أَرَأَيْتَ لَوْ قِيلَ لَكَ: صُرَّ صُرَّةً مِنَ الشَّمْسِ، أَوْ كِلْ مِكْيَالًا مِنَ الرِّيحِ، أَوْ رُدَّ يَوْمَ غَدٍ، أَوْ قِيلَ لَكَ: هَلْ تَدْرِي كَمْ لِلسَّمَاءِ مِنْ بَابٍ؟ وَكَمْ للهِ عَزَّ وَجَلَّ مِنْ خِزَانَةٍ؟ أَوْ كَمْ فِي الْبَحْرِ مِنْ يَنْبُوعٍ؟ أَوْ أَتَاكَ الْبَحْرُ يُخَاصِمُ إِلَيْكَ الْبَرَّ؛ فَقَالَ لَكَ الْبَحْرُ: كَثُرَتْ فِيَّ أَمْوَاجِي، وَكَثُرَتْ يَنَابِيعِي، وَقَدْ أَرَدْتُ أَنْ أَمِيلَ عَلَى الْبَرِّ، وَقَالَ لَكَ الْبَرُّ: كَثُرَتْ فِيَّ أَشْجَارِي، وَكَثُرَتْ فِيَّ جِبَالِي، وَكَثُرَتْ فِيَّ وُحُوشِي، وَكَثُرَتْ فِيَّ أَنْهَارِي، وَقَدْ أَرَدْتُ أَنْ أَمِيلَ عَلَى الْبَحْرِ، لِأَيِّهِمَا كُنْتَ تَقْضِي؟ ".

واته: ئەشرەسی کوڕی حەسەن لە وەهبی کوڕی مونەببیهەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: وابزانم ئەرمیا بوو گوتی: خوایە! تۆ بەندەی خۆت داوودت هەڵبژارد بۆ ئەوەی مزگەوتێک لەبەر ڕەزامەندی تۆ دروست بکات؛ ئەویش دروستی کرد؛ داوود ئاواو ئاوایەو وەکوو زاوا وایە ئەگەر کەسێکی تووش ببێ زاڵ دەبێ بەسەریا.. دەفەرموێت: پێی گوترا: باشە ئەگەر

بەتۆ بگوترێ: کۆڵێک لە خۆر بدە بە کۆڵتا؛ یان بە پێوانەیەک با بپێوە! یان دوێنێ بگێڕەوە! یان پێت بگوترێ: تۆ دەزانی ئاسمان چەند دەرگای هەیە؟ خوای گەورە چەندە خەزێنەی هەیە؟ یان لێت بپرسن: لە دەریاکانا چەند کانی و سەرچاوە هەیە؟ یان ئەگەر دەریا بێت بۆلات و لە لای تۆ سکاڵا لە دەست ووشکانی بکات و دەریا پێت بڵێ: من پیل و شەپۆلم زۆرەو کانی و سەرچاوەم زۆرەو دەمەوێ بدەم بەسەر ووشکانیدا! ووشکانیش پێت بڵێ: من دارو درەختی زۆرم تێدایە؛ کەژو کێوی زۆرم تێدایە! ئاژەڵ و درەندەی کێویی زۆرم تێدایە! ڕووبارو جۆگەلەی زۆرم تێدایە! دەمەوێ بدەم بەسەر دەریادا؛ تۆ ماف بە کامیان دەدەیت و چۆن داوەری لە نێوانیانا دەکەیت؟!

٥٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: سَمِعْتُ مُوسَى الطَّرْطُوسِيَّ يَقُولُ: سَمِعْتُ عَلِيَّ بْنَ خَشْرَمٍ يَقُولُ: سَمِعْتُ بِشْرَ بْنَ الْحَارِثِ، يَقُولُ: دَخَلَ أَحْمَدُ بْنُ حَنْبَلٍ الْكِيرَ، فَخَرَجَ ذَهَبَةً حَمْرَاءَ " قَالَ عَلِيٌّ: فَبَلَغَ أَحْمَدَ بْنَ حَنْبَلٍ قَوْلُ بِشْرٍ، فَقَالَ: «الْحَمْدُ لله الَّذِي أَرْضَى بِشْرًا بِمَا صَنَعْنَا».

واتە: عەلیی کوڕی خەشرەم دەفەرموێت: گوێم لە بیشری کوڕی حارث بوو دەیفەرموو: ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ڕۆیشتە ناو کورەو بوو بە زێڕی سوور ئەوجا هاتە دەرەوە! عەلی دەفەرموێت: ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ئەو قسەیەی بیشری بیستەوە و فەرمووی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بیشری لە کارەکانی ئێمە ڕازی کردووە!

٥٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا شُجَاعُ بْنُ الْوَلِيدِ، عَنْ لَيْثٍ، عَنْ عِذَارٍ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ جُحَادَةَ قَالَ: " قَالَ لُقْمَانُ: يَأْتِي عَلَى النَّاسِ زَمَانٌ لَا تَقَرُّ فِيهِ عَيْنُ حَكِيمٍ ".

واتە: عیزار لە موحەممەدی کوڕی جیدارەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: لوقمان فەرمووی: سەردەمێک دێت بەسەر خەڵکدا کە مرۆڤی زانا ئەو سەردەمەی پێ خۆش نییەو تێیدا ئاسودە نییە.

٥٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مِسْكِينُ بْنُ بُكَيْرٍ، أَنْبَأَنَا سُفْيَانُ، عَمَّنْ أَخْبَرَهُ: " إِنَّ لُقْمَانَ الْحَكِيمَ قَالَ لابْنِهِ: أَيْ بُنَيَّ، إِنَّ الدُّنْيَا بَحْرٌ عَمِيقٌ، قَدْ غَرِقَ فِيهِ نَاسٌ كَثِيرٌ، فَاجْعَلْ سَفِينَتَكَ فِيهَا تَقْوَى الله عَزَّ وَجَلَّ، وَحَشْوُهَا الْإِيمَانُ بِالله عَزَّ وَجَلَّ، وَشِرَاعُهَا التَّوَكُّلُ عَلَى الله لَعَلَّكَ تَنْجُو، وَلَا أَرَاكَ نَاجِيًا ".

واتە: مسکینی کوڕی بوکەیر دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: سوفیان بۆی گێراینەوە ئەویش لە کەسێکەوە کە بۆ ئەوی گێڕابویەوە و فەرمووی: لوقمانی دانا بە کوڕەکەی گوت: کوڕی خۆم! دونیا دەریایەکی قووڵە؛ خەڵکانێکی زۆری تێدا خنکاوە؛ لە خواترسان بکە بە گەمیەو. کەشتی بۆ خۆت؛ بیرو باوەڕ بە خوای گەورە بکە بە کەناری دەریاکە؛ پشت بەستن بە خوداش بکە بە ڕوبارەکان بەڵکوو ڕزگارت ببێت؛ ئەگینا پێم وا نییە ڕزگار ببی!

٥٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا إِسْمَاعِيلُ، عَنْ يُونُسَ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ لُقْمَانُ لابْنِهِ: يَا بُنَيَّ، حَمَلْتُ الْجَنْدَلَ وَالْحَدِيدَ، فَلَمْ أَجِدْ أَثْقَلَ مِنْ جَارِ السُّوءِ ".

واتە: لە یونسەوە دەگێڕنەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لوقمانی دانا بە کوڕەکەی گوت: کوڕی خۆم! من بەردی گەورە و ئاسنم زۆر هەڵگرتووە؛ هیچم هەڵنەگرتووە هێندەی دراوسێی خراپ قورس و گران بێت!

٥٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يُونُسُ، أَخْبَرَنَا صَالِحٌ، عَنْ أَبِي عِمْرَانَ الْجَوْنِيِّ، عَنْ أَبِي الْجَلْدِ قَالَ: " قَرَأْتُ فِي الْحِكْمَةِ: مَنْ كَانَ له مِنْ نَفْسِه وَاعِظٌ، كَانَ له مِنَ الله حَافِظٌ، وَمَنْ أَنْصَفَ النَّاسَ مِنْ نَفْسِه، زَادَهُ الله بِذَلِكَ عِزًّا، وَالذُّلُّ فِي طَاعَةِ الله أَقْرَبُ مِنَ التَّعَزُّزِ بِالْمَعْصِيَةِ ".

واتە: باوکی عیمرانی جەونی لە باوکی جەلدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە پەندنامەدا خوێندومەتەوە دەفەرموێت: هەر کەسێ نەفسی خۆی بکاتە ئامۆژگاریکار بۆ خۆی؛ ئەوا لە لایەن خوداوە دەپارێزرێ؛ هەر کەسێکیش لە لایەن خۆیەوە بە دادگەری و یەکسانی لەگەڵ خەلکا بجوڵێتەوە؛ ئەوە بەو هۆیەوە خوای گەورە ڕێزی بۆ زیاد دەکات.. بێدەسەڵات و خواپەرست بی لەوە باشترە دەسەلاتدارو تاوانبار بی.

٥٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ مُغِيرَةَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يُوسُفَ الدِّمَشْقِيُّ، حَدَّثَنَا خَالِدُ بْنُ يَزِيدَ بْنِ صُبَيْحٍ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: قَالَتِ الْحِكْمَةُ: يَا ابْنَ آدَمَ، تَلْتَمِسُنِي وَأَنْتَ تَجِدُنِي فِي حَرْفَيْنِ: تَعْمَلُ بِخَيْرِ مَا تَعْلَمُ، وَتَدَعُ شَرَّ مَا تَعْلَمُ ".

واتە: خالیدی کوڕی یەزید لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: دانایی دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم! تۆ بە دوای منا دەگەڕێیت و منیش ئەوەتام لەم دوو وشەیەدا: هەتا کاری خێر دەزانی ئەنجامی بدەو دەزانی هەر کارێک خراپە خۆتی لێ دوور بخەرەوە.

٥٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أبي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا أَبو الأَشْهَبِ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ وَاسِعٍ قَالَ: " قَالَ لُقْمَانُ لابْنِه: يَا بُنَيَّ، لَا تُرِي النَّاسَ أَنَّكَ تَخْشَى الله، وَقَلْبُكَ فَاجِرٌ ".

واته: باوکی ئەشهەب لە موحەممەدی کوڕی واسیعەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: لوقمان بە کوڕەکەی خۆی گوت: کوڕی خۆم! وا پیشانی خەڵکی مەدە کە تۆ لەخواترسی کەچی لە ناخیشا خراپەکار و بەد ئاکار بی!

٥٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أبي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا الْمَسْعُودِيُّ، عَنْ عَوْنٍ قَالَ: " قَالَ لُقْمَانُ لابْنِه: يَا بُنَيَّ، إِنَّ الْمُؤْمِنَ لَذُو قَلْبَيْنِ: قَلْبٌ يَرْجُو بِه، وَقَلْبٌ يَخَافُ بِه ".

واته: وەکیع دەفەرموێت: مەسعودی لە عەونەوە بۆی گێڕاینەوە فەرموویەتی: لوقمان بە کوڕەکەی خۆی گوت: کوڕی خۆم! بەڕاستی مرۆڤی باوەڕدار وەک ئەوە وایە کە دوو دڵی هەبێ: بە دڵێک بە تەمای بەخششی خوایەو بەویتر لە سزای خوا دەترسێ!

٥٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أبي، حَدَّثَنَا هُشَيْمٌ، أَخْبَرَنَا ابْنُ عَيَّاشٍ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ دِينَارٍ: " إِنَّ لُقْمَانَ قَالَ لابْنِه: يَا بُنَيَّ، أَنْزِلْ نَفْسَكَ يَعْنِي مِنْ مَوْلَاكَ مَنْزِلَةً لَا حَاجَةَ له بِكَ، وَلَا بُدَّ لَكَ مِنْهُ، يَا بُنَيَّ، كُنْ كَمَنْ لَا يَبْتَغِي مَحْمَدَةَ النَّاسِ (ولا يكتسب) يَكْتُبُ مَذَمَّتَهُمْ؛ فَنَفْسُهُ مِنْهُ فِي عَنَاءٍ، وَالنَّاسُ مِنْهُ فِي رَاحَةٍ ".

واته: عەیياش لە عەبدوڵڵای کوڕی دینارەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لوقمان بە کوڕەکەی خۆی گوت: کوڕی خۆم! نەفسی خۆت لە بەرامبەر گەورەکەت هێندە بهێنە خوارەوە کە لەوە دڵنیا بیت کە ئەو هیچ کارێکی بە تۆ نییەو تۆی پێویست نییەو تۆ زۆر ئاتاجی ئەوی! کوڕی خۆم! وەکوو ئەو کەسە بە کە چاوی لە سوپاسی خەڵک نییەو بە دوای خراپەی خەڵکدا ناگەڕێت.. نەفسی ئەو کەسە لەدەست خەڵکی لە ئازارا بێت و خەڵکیش لەدەست ئەو ئاسودەبن!

٥٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أبي، أَخْبَرَنَا هَارُونُ بْنُ مَعْرُوفٍ، أَخْبَرَنَا ضَمْرَةُ، عَنِ السُّدِّيِّ بْنِ يَحْيَى قَالَ: " قَالَ لُقْمَانُ لابْنِه: أَيْ بُنَيَّ، إِنَّ الْحِكْمَةَ أَجْلَسَتِ الْمَسَاكِينَ مَجَالِسَ الْمُلُوكِ ".

واته: سودی لە یەحیاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لوقمان ئامۆژگاری کوڕەکەی کرد و پێی گوت: کوڕی خۆم! بەڕاستی دانایی کارێکی وا لە مرۆڤی هەژار دەکات کە لەسەر تەختی پادشاکانی دادەنیشێنێت!

٥٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَهَّاب، حَدَّثَنَا أَيُّوبُ، عَنْ كتَاب ابْن قلَابَةَ، عَنْ لُقْمَانَ أَنَّهُ قيلَ له: أَيُّ النَّاس أَعْلَمُ؟ قَالَ: «مَن ازْدَادَ منْ علْم النَّاس إلَى علْمه» قَالَ: فَأَيُّ النَّاس أَغْنَى؟ قَالَ: «الَّذي يَرْضَى بمَا أُوتيَ» قَالَ: فَأَيُّ النَّاس خَيْرٌ؟ قَالَ: «الْمُؤْمنُ الْغَنيُّ» قَالَ الْقَوْمُ: منَ الْمَال؟ قَالَ: «لَا، بَلْ منَ الْعلْم؛ فَإِن احْتَاجُوا إِلَيْه وَجَدُوا عنْدَهُ علْمًا، وَإِنْ لَمْ يُحْتَجْ له أَغْنَى نَفْسَهُ».

واتە: ئەییوب لە کیتابی کوڕی قیلابەوە دەگێڕێتەوە؛ ئەویش لە لوقمانەوە دەگێڕێتەوە کە پرسیاریان لێ کرد: کام کەس لە هەمووان زاناترە؟ فەرمووی: هەر کەسێ لە خەرمانی زانستی خەڵکی بێنێتەوە بۆسەر خەرمانی زانستی خۆی! گوتیان: ئەی کێ دەوڵەمەندترین کەسە؟ فەرمووی: ئەوەی بەو بەشە ڕازییە کە خوای گەورە پێی بەخشیوە.. گوتیان: ئەی کێ لە هەمووان چاکترە؟ فەرمووی: ئەو کەسەی کە باوەڕدارەو دەوڵەمەندە! خەڵکەکە گوتیان: مەبەستت دەولەمەندی سەروەت و سامانە؟ فەرمووی: نەخێر! لە زانستا دەوڵەمەند بێ؛ ئەگەر خەڵکی ئاتاجی بن ئەوا زانستی لابێ؛ ئەگەر خەڵکی ئاتاجی نەبن ئەوا زانستەکەی بۆ خۆی کەلکی هەبێ.

٥٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا هَاشمٌ يَعْني ابْنَ الْقَاسم حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ سَيَّار أَبي الْحَكَم قَالَ: " قيلَ للُقْمَانَ: مَا حكْمَتُكَ؟ قَالَ: لَا أَسْأَلُ عَمَّا كُفيتُ، وَلَا أَتَكَلَّفُ مَا لَا يَعْنيني ".

واتە: شوعبە لە سەییاری باوکی حەکەمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بە لوقمان کوترا: دانایی تۆ لە چیدایە؟ فەرمووی: هەرگیز لەوە زیاترم ناوێ کە بەشم دەکات و خۆم سەرقاڵ ناکەم بەو شتەی کە پەیوەندی بە منەوە نییە!

٥٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، أَخْبَرَنَا إسْحَاقُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا أَبو جَعْفَر، عَن الرَّبيع بْن أَنَس قَالَ: " وَفي الْحكْمَة: أَنَّ الْعَمَلَ الصَّالحَ يَرْفَعُ رَبَّهُ إذَا عَثَرَ ".

واتە: باوکی جەعفەر لە ڕەبیعی کوڕی ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: یەکێک لە پەندو داناییەکان ئەمەیە: کار و کردەوەی چاک خاوەنەکەی خۆیا بەرز دەکەنەوە لەو کاتەی کە تووشی ناڕەحەتی دەبێ!

٥٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، أَخْبَرَنَا بِسْطَامٌ، عَنْ سَلَمَةَ الْعَوْذِيِّ، عَنْ مُعَاوِيَةَ بْنِ قُرَّةَ قَالَ: " قَالَ لُقْمَانُ لابْنِه: يَا بُنَيَّ، جَالِس الصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِ الله؛ فَإِنَّكَ تُصِيبُ مِنْ مَحَاسِنِهِمْ خَيْرًا، وَلَعَله أَنْ يَكُونَ آخِرُ ذَلِكَ أَنْ تَنْزِلَ عَلَيْهِمُ الرَّحْمَةُ، فَتُصِيبَكَ مَعَهُمْ. يَا بُنَيَّ، لَا تُجَالِسِ الْأَشْرَارَ؛ فَإِنَّكَ لَا تُصِيبُ مِنْ مُجَالَسَتِهِمْ خَيْرًا، وَلَعَله أَنْ يَكُونَ فِي آخِرِ ذَلِكَ أَنْ تَنْزِلَ عَلَيْهِمْ عُقُوبَةٌ، فَتُصِيبَكَ مَعَهُمْ ".

واتە: لە سەلەمەی عەوزییەوە دەگێڕنەوە؛ ئەویش لە موعاویەی کوڕی قوڕڕەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لوقمان بە کوڕەکەی خۆی گوت: کوڕی خۆم! هەمیشە لەگەڵ بەدە چاکەکانی خودا دابنیشە؛ چونکە بە هۆی کار و ئاکار و رەوشتی ئەوانەوە تووشی خێر دەبی؛ هەر هیچ نەبێ بەڵکوو پرشێک لەو سۆزو بەزەییەت بەربکەوێ کە بەسەریانا دادەبارێ.. کوڕی خۆم! هەرگیز لەگەڵ مرۆڤی خراپا دامەنیشە؛ چونکە خێر لە دانیشتن لەگەڵ ئەوانەدا نابینی؛ لەوانەشە لە کۆتاییدا کە سزاو تۆڵەیان بۆ دادەبەزێ؛ پرشێکت بەر بکەوێ!

٥٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنِي أَبُو حَبِيبٍ السُّلَمِيُّ قَالَ: " قَرَأْتُ فِي الْحِكْمَةِ: أَنْصِتْ لِلسَّائِلِ حَتَّى يَنْقَضِيَ كَلَامُهُ، ثُمَّ ارْدُدْ عَلَيْهِ بِرَحْمَةٍ، وَكُنْ لِلْيَتِيمِ كَالْأَبِ الرَّحِيمِ، وَكُنْ لِلْمَظْلُومِ نَاصِرًا، لَعَلَّكَ تَكُونُ خَلِيفَةَ الله فِي أَرْضِهِ ".

واتە: جەعفەر دەفەرموێت: باوکی حەبیبی سولەمی بۆمی گێڕایەوە فەرمووی: لە پەندنامەدا ئەوەم خوێندووەتەوە نووسراوە: بێدەنگ بە هەتا ئەو کەسەی شتێکت لێ داوا دەکات؛ قسەکەی بە تەواوی دەکات؛ دوایی بە میهرەبانییەوە وەڵامی بدەرەوە.. بۆ منداڵی سێوی و بێ باوك وەکوو باوکێکی دڵسۆز بە.. یارمەتیدەری مرۆڤی ستەملێکراو بە؛ بەڵکوو بەو کارانەت ببیتە یەکێک لەو کەسانەی کە خەلیفەی خودان لەسەر زەویدا!

٥٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ، عَنِ ابْنِ أَبِي نَجِيحٍ، عَنْ أَبِيهِ " قَالَ: يَعْنِي لُقْمَانَ: «الصَّمْتُ حِكْمَةٌ، وَقَلِيلٌ فَاعِلُه».

واتە: کوڕی باوکی نەجیح لە باوکی خۆیەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: فەرمووی:. مەبەستی لوقمان بووە. بێدەنگی داناییە؛ زۆر کەمن ئەوانەی کە بێدەنگی هەڵدەبژێرن!

٥٤٥ - قَالَ طَاوُسٌ: أَنْبَأَنَا نَجِيحٌ وَكَانَ ضَرِيرَ الْبَصَرِ قَالَ: «مَنْ قَالَ وَاتَّقَى الله عَزَّ وَجَلَّ خَيْرٌ مِمَّنْ صَمَتَ وَاتَّقَى الله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: تـاووس دەفەرموێـت: نەجـیح بـۆی گێـرامەوە. جـا نەجـیح چاوەکـانی نابینـا بـوون. فەرمووی: هەر کەسێ قسە بکات (واتە: ئامۆژگاری خەڵکی بکات) و لەخوا بترسێت؛ لەو کەسە باشترە کە لەخواترسەو بێدەنگە!

٥٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ عُرْوَةَ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: " مَكْتُوبٌ فِي الْحِكْمَةِ: «لَا تَخُنِ الْخَائِنَ؛ خِيَانَتُهُ تَكْفِيهِ».

واتە: هیشـامی کـوڕی عـوروە لە بـاوکییەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: لە پەنـدنامەدا نووسراوە: هەرگیز خیانەت لە مرۆڤی خائین مەکە! چونکە خیانەتەکەی خۆی بەسە!

٥٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَيْثَمٌ هُوَ ابْنُ خَارِجَةَ أَخْبَرَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ عَيَّاش، عَنْ عَبْد الرَّحْمَن بْن عَدِيٍّ الْبَهْرَانِيِّ، عَنْ يَزِيدَ بْن مَيْسَرَةَ قَالَ: " إِنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ يَقُولُ: أَيُّهَا الشَّابُّ التَّارِكُ شَهْوَتَهُ لِي، الْمُبْتَذِلُ شَبَابَهُ مِنْ أَجْلِي، أَنْتَ عِنْدِي كَبَعْضِ مَلَائِكَتِي ".

واتە: عەبدولڕەحمانی کـوڕی عەدیی بەهرانی لە یەزیـدی کـوڕی مەیسـەرەوە دەگێڕێتەوە فەرمـوویەتی: خـوای گەورە و میهرەبـان دەفەرموێت: ئەی ئەو گەنـجەی کە لەبەر ڕەزامەنـدی مـن وازت لە حەزو ئارەزووەکانـت هێنـاوە! ئەی ئەو گەنـجەی کە گەنجیـی خـۆت لە پێنـاو ڕەزامەندی منا داناوە! تۆ لە لای من وەکوو یەکێکی لە فریشتەکان!

٥٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَهَّاب، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: " إِنَّ فِي التَّوْرَاة مَكْتُوبًا: يَا ابْنَ آدَمَ، تَذْكُرُنِي بِلِسَانِكَ، وَتَنْسَانِي، وَتَدْعُو إِلَيَّ، وَتَفِرُّ مِنِّي، وَأَرْزُقُكَ، وَتَعْبُدُ غَيْرِي ".

واتە: عەبدولوەهاب گێڕایەوە شوعبە بۆی گێڕاوەتەوە؛ ئەویش لە قەتادەوە فەرموویەتی: لە نو تەوراتا نووسراوە: ئەی نەوەی ئادەم! تۆ بە زمانت باس و یادی من دەکەیت و منت لە بیر دەچێـتەوە و دوایـی لـێم دەپـاڕێیتەوە و بـۆ لای مـن هەڵـدێیت و منـیش ڕزق و ڕۆزیـت پـێ دەبەخشم؛ کەچی تۆ غەیری من دەپەرستی!!

٥٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عُبَيْد، أَخْبَرَنَا الْمَسْعُودِيُّ، عَنْ عَوْنِ بْنِ عَبْدِ الله قَالَ: " قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِه: ارْجُ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ رَجَاءً لَا تَأْمَنُ فِيهِ مَكْرَهُ، وَخَفِ اللهَ مَخَافَةً لَا تَيْأَسُ فِيهَا مِنْ رَحْمَتِه قَالَ: يَا أَبَتَاهُ، وَكَيْفَ أَسْتَطِيعُ ذَلِكَ؛ وَإِنَّمَا لِي قَلْبٌ وَاحِدٌ؟ قَالَ: يَا بُنَيَّ، إِنَّ الْمُؤْمِنَ لَذُو قَلْبَيْنِ: قَلْبٌ يَرْجُو بِه، وَقَلْبٌ يَخَافُ بِه ".

واته: مەسعودی لە عەونی کوڕی عەبدوڵلاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لوقمان بە کوڕەکەی گوت: هیوات بە خوای گەورە هەبێ؛ بە جۆرێک کە لە مەکری خودا ئەمین و ئارخەیان نەبی؛ هەروەها لە خوا بترسە بە جۆرە ترسێ کە لە سۆزو بەزەیی خوا ناهومێدت نەکات.. کوڕەکەی گوتی: باوکە! من یەک دڵم هەیە چۆن ئەوەم لە دەست دێ؟ فەرمووی: کوڕم! مرۆڤی باوەڕدار وەک ئەوە وایە دوو دڵی هەبێ؛ بە دڵێک بە تەمای سۆزو بەزەیی خوابێ؛ بەویتر لێی بترسێ!

٥٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا عَبْدُ الرَّزَّاق، أَنْبَأَنَا مَعْمَرٌ، عَنْ عَبْدِ الرَّزَّاقِ أَبِي عُثْمَانَ شَيْخٌ مِنْ أَهْلِ الْبَصْرَةِ: أَنَّ لُقْمَانَ قَالَ لِابْنِه: «يَا بُنَيَّ، لَا تَرْغَبْ فِي وُدِّ الْجَاهِلِ؛ فَيَرَى أَنَّكَ تَرْضَى عَمَلَه، وَلَا تَتَهَاوَنْ بِمَقْتِ الْحَكِيمِ فَيَزْهَدَ فِيكَ».

واته: لە عەبدولڕەزاقەوە کە یەکێکە لە پیاوانی شاری بەصرە دەگێڕنەوە کە لوقمان بە کوڕەکەی فەرموە: کوڕی خۆم! حەزت لە هاوڕێیەتی مرۆڤی گومڕا نەبێت؛ با وانەزانێ تۆ لە کار و کردەوەی ڕازییت؛ هەرگیزیش تووڕەبوونی مرۆڤی دانا بە سوک وەرمەگرە؛ با لێت دوور نەکەوێتەوە.

٥٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنَا دَاوُدُ بْنُ عِمْرَانَ، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ عَيَّاش، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ دِينَارٍ قَالَ: " إِنَّ لُقْمَانَ قَدِمَ مِنْ سَفَرٍ، فَلَقِيَ غُلَامَهُ فِي الطَّرِيقِ، فَقَالَ: مَا فَعَلَ أَبِي؟ قَالَ: مَاتَ قَالَ: الْحَمْدُ لله؛ مَلَكْتُ أَمْرِي قَالَ: مَا فَعَلَتْ أُمِّي؟ قَالَ: مَاتَتْ قَالَ: ذَهَبَ غَمِّي قَالَ: مَا فَعَلَتِ امْرَأَتِي؟ قَالَ: مَاتَتْ قَالَ: جُدِّدَ فِرَاشِي قَالَ: مَا فَعَلَتْ أُخْتِي؟ قَالَ: مَاتَتْ قَالَ: سُتِرَتْ عَوْرَتِي قَالَ: مَا فَعَلَ أَخِي؟ قَالَ: مَاتَ قَالَ: انْقَطَعَ ظَهْرِي ".

واته: ئیسماعیلی کوی عەییاش لە عەبدوڵلای کوڕی دینارەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی:

لوقمان لە سەفەرێک گەڕایەوە؛ لە ڕێگادا گەیشت بە خزمەتکارەکەی؛ لێی پرسی: دەنگوباسی باوکم؟ گوتی: مردووە! گوتی: سوپاس بۆ خودا! کاروبارم کەوتە ژێر دەستی خۆمەوە.. دوایی گوتی: ئەی دایکم؟ گوتی: ئەویش مرد! گوتی: خەمم ڕەوییەوە.. گوتی: ئەی ژنەکەم؟ گوتی: ئەویش هەر مرد! گوتی: دەی ماڵ و ژیانم بۆ نوێ بویەوە! گوتی: ئەی خوشکەکەم! گوتی: ئەویش مرد! گوتی: دەی بە تەواوی داپۆشرام و ئیتر عەیبم دەرناکەوێ.. دوایی گوتی: ئەی براکەم؟ گوتی: ئەویش مرد! گوتی: ئاخ پشتم شکا!

٥٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَبْدُ الله بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ إِسْحَاقَ الْأَذْرَمِيُّ، حَدَّثَنَا مُلْبِدُ بْنُ إِسْحَاقَ، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَكِ، عَنْ عُبَيْدِ الله بْنِ عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْوَهَّابِ بْنِ مُحَمَّدٍ الْمَكِّيِّ قَالَ: "قَالَ لُقْمَانُ لابْنِهِ: يَا بُنَيَّ، جَالِسِ الْعُلَمَاءَ، وَزَاحِمْهُمْ بِرُكْبَتَيْكَ؛ فَإِنَّ اللهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى لَيُحْيِي الْقُلُوبَ بِنُورِ الْحِكْمَةِ، كَمَا يُحْيِي الْأَرْضَ الْمَيْتَةَ بِوَابِلِ السَّمَاءِ".

واتە: عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی عەبدولوەهاب دەفەرموێت: لوقمان بە کوڕەکەی گوت: کوڕی خۆم! لەگەڵ زانایانا دابنیشەو ئەژنۆت بنووسێنە بە ئەژنۆیانەوە؛ چونکە بەڕاستی خوای گەورە بە هۆی تیشکی دانایی دڵەکان دەژێنێتەوە وەک چۆن زەوییەکی مردوو بە بارانی ئاسمان دەژێنێتەوە.

پاشماوەی باسی پێغەمبەر داوود
(سەلامی خوای لەسەر بێت)

٥٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ عَبَّادِ الْمَكِّيُّ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، حَدَّثَنَا طُعْمَةُ الْجَعْفَرِيُّ أَنَّ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَامُ سَأَلَ رَبَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَنْ يُرِيَهُ قَرِينَهُ مِنْ أَهْلِ الْأَرْضِ، فَأَوْحَى الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَيْهِ: ائْتِ قَرْيَةَ كَذَا، فَانْظُرِ الَّذِي يَعْمَلُ بِكَذَا وَكَذَا فَإِنَّهُ قَرِينُكَ، فَأَتَى الْقَرْيَةَ فَسَأَلَ عَنْهُ فَدُلَّ عَلَيْهِ، فَإِذَا هُوَ رَجُلٌ يَأْتِي الْغَيْضَةَ وَالْأَجَمَةَ، فَيَقْطَعُهُ قَصَبًا، فَيَحْزِمُ حُزْمَةً، ثُمَّ يَأْتِي السُّوقَ، فَيَقُولُ: مَنْ يَشْتَرِي طَيِّبًا بِطَيِّبٍ، قَطَعْتُهُ بِيَدَيَّ، وَحَمَلْتُهُ عَلَى ظَهْرِي؟ ".

واتە: سوفیان لە توعمەی جەعفەرییەوە دەگێڕتەوە فەرموویەتی: داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) داوای لە خوای گەورە و میهرەبان کرد کە قەرینەکەی سەرزەویی پێ پیشان بدات (قەرین ئەو فریشتەیە یان ئەو شەیتانەیە کە هاوڕێی مرۆڤەو لەگەڵیایەتی) خوای گەورە سروشی بۆ ناردو فەرمووی: برۆ بۆ فلانە گوند؛ سەیری ئەو کەسە بکە کە فلانە کار و فیسارە کار دەکات؛ ئەوە ئەو کەسە قەرینی تۆیە.. داوود رۆیشت بۆ گوندەکەو پرسیاری ئەو کەسەی کرد و کەسەکەیان پێ پیشاندا؛ دەبینێ پیاوێکە دارو درەخت دێنێت و جوان دەیبڕێت و دەستە دەستەی دەکات و دوایی دەیبا بۆ بازاڕو دەڵێ: کێ بە پارەی پاك شتی پاك دەکڕێ؟! خۆم بە دەستی خۆم بڕیومەو بە کۆڵی خۆم هێناومە.

٥٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ أَبِي بَكْرٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ أَبِي الصَّهْبَاءِ، حَدَّثَنَا أَبو غَالِبٍ قَالَ: سَأَلَ الْعَلَاءُ بْنُ زِيَادٍ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ: كَيْفَ يَبْعَثُ الله النَّاسَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟ قَالَ: يُبْعَثُونَ وَالسَّمَاءُ تَطِيشُ عَلَيْهِمْ ".

واتە: باوکی غالب دەفەرموێت: عەلای کوڕی زیاد لە ئەنەسی کوڕی مالیکی پرسی: لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە چۆن چۆنی خەڵکی زیندوو دەکاتەوە؟ فەرمووی: ئاسمان لە سەریانەوە دەلەرزێتەوە و ئەوانیش زیندوو دەبنەوە.

٥٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ أَبِي بَكْرٍ الْمُقَدَّمِيُّ، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ زُرَيْعٍ، حَدَّثَنَا عُذْرَةُ بْنُ ثَابِتٍ، عَنْ رَامَةَ بْنِ عَبْدِ بْنِ أَنَسٍ قَالَ: حَجَّ أَنَسٌ رَضِيَ الله عَنْهُ عَلَى رَحْلٍ - وَلَمْ يَكُنْ شَحِيحًا - وَحَدَّثَ أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَجَّ عَلَى رَحْلٍ، وَكَانَ زَامِلَتَهُ ".

واتە: ڕامەی کوڕی عەبدی کوڕی ئەنەس دەفەرموێت: ئەنەس خوای لێ ڕازی بێ بەسەر کەژاوە ڕۆیشت بۆ حەج. ئەنەس دەست قوچاو نەبوو جا ئەوەی دەگوت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە سواری کەژاوە ڕۆیشتووە بۆ حەج و ئەو هاوتای بووە (کاتێ کەژاوە حدەخەنە سەر وشتر؛ یەکێک لەملاوە سوار دەبێ؛ دەبێ کەسێکیتریش لەولاوە سوار ببێ بۆ ئەوەی هەردولا یەکسان بێت و کەژاوەکە نەکەوێت).

٥٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنَا دَاوُدُ بْنُ عَمْرٍو الضَّبِّيُّ، حَدَّثَنَا مُبَارَكٌ أَبُو عَبْدِ الله الْمَكِّيُّ، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ أَبُو يُونُسَ يَعْنِي الْقَوِيَّ قَالَ: وَكَانَ فَاضِلًا كَثِيرَ الطَّوَافِ، وَكَانَ يَطُوفُ فِي الْيَوْمِ وَاللَّيْلَةِ مِائَتَيْ سَبْعٍ ".

واتە: موبارەك گێڕایەوە فەرمووی: حەسەنی باوکی یونس مەبەستی. یونسی قەوی بوو. فەرمووی: جا حەسەن پیاوێکی زۆر بەڕێزو ئیماندار بوو؛ زۆر تەوافی کەعبەی دەکرد؛ جاری وا هەبووە لە شەوو ڕۆژێکا دووسەد جار حەوت تەوافەکەی کردووە (واتە: حەوت جار سوڕانەوە بە تەوافێکی کاملْ هەژمار دەکرێت و ئەو لە شەوو ڕۆژێکا دووسەد حەوت جاری (واتە: هەزارو چوارسەد جار) بە دەوری کەعبەدا سوڕاوەتەوە).

٥٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنَا دَاوُدُ بْنُ رُشَيْدٍ الْخُوَارِزْمِيُّ، أَخْبَرَنَا ابْنُ الْمُبَارَكِ، أَخْبَرَنِي سَعِيدُ بْنُ زَيْدٍ، عَنْ عَمْرِو بْنِ مَالِكٍ، عَنْ أَبِي الْجَوْزَاءِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " أَكْثِرُوا ذِكْرَ الله عَزَّ وَجَلَّ حَتَّى يَقُولَ الْمُنَافِقُونَ: إِنَّكُمْ مُرَاءُونَ".

واتە: عەمری کوڕی مالیك لە باوکی جەوزاوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: یاد و زیکری خوای گەورە زۆر بکەن؛ ئەوەندە زیکر بکەن تا دووڕووەکان پێتان دەڵێن: ئەمانە بۆ ڕیا و خۆنواندن زیکر دەکەن!

زوهد و پارسایی حەزرەتی ئەبوبەکری ڕاستگۆ (خوای لێ ڕازی بێت)

٥٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، وا بوو مُعَاوِيَةَ - الْمَعْنَى وَاحِدٌ - قَالاَ: حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ مَيْسَرَةَ، عَنْ طَارِقِ بْنِ شِهَابٍ، عَنْ رَافِعِ بْنِ أَبِي رَافِعٍ الطَّائِيِّ قَالَ: «رَافَقْتُ أَبَا بَكْرٍ فِي غَزْوَةِ ذَاتِ السَّلَاسِلِ، وَعَلَيْهِ كِسَاءٌ له فَدَكِيٌّ يُخَلِّه عَلَيْهِ إِذَا رَكِبَ وَنَلْبَسُهُ أَنَا وَهُوَ إِذَا نَزَلْنَا».

واتە: لە تاریقی کوڕی شیهابەوە ئەویش لە ڕافیعی کوڕی باوکی ڕافیعی تائییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە جەنگی (ذات السلاسل) دا هاوڕێی ئەبوبەکر بووم؛ کەوایەکی فەدەکی لەبەرا بوو؛ کاتێ سواری وشتر دەبوو بە نوکی ڕمەکەی پۆشاکەکەی کۆ دەکردەوە و کاتێ دادەبەزین دەیکرد بە سێبەر بۆ خۆی و بۆ من.

٥٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا مِسْعَرٌ، عَنْ أَبِي عَوْنٍ الثَّقَفِيِّ، عَنْ عَرْفَجَةَ السُّلَمِيِّ قَالَ: قَالَ أَبو بَكْرٍ رَضِيَ الله عَنْهُ: «ابْكُوا، فَإِنْ لَمْ تَبْكُوا فَتَبَاكَوْا».

واتە: لە عەرفەجەی سولەمییەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: ئەبوبەکر (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: بگرین! ئەگەر گریانتان نەهات خۆتان بگرێنن!

٥٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا عِمْرَانَ الْجَوْنِيَّ قَالَ أَبو بَكْرٍ الصِّدِّيقُ رَضِيَ الله عَنْهُ: «وَدِدْتُ أَنِّي شَعْرَةٌ فِي جَنْبِ عَبْدٍ مُؤْمِنٍ».

واتە: جەعفەر دەفەرموێت: گوێم لە باوکی عیمرانی جەونی بوو دەیفەرموو: ئەبوبەکری ڕاستگۆ (خوای لێ ڕازی بێت) دەیفەرموو: چەند پێم خۆشبوو موویەک بومایە بە لاشەی پیاوێکی باوەڕدارەوە! (یان: چەندە پێم خۆشبوو موویەک بومایە بەلاشەی کۆیلەیەکی باوەڕدارەوە).

٥٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا مُعَاوِيَةُ بْنُ صَالِحٍ، عَنْ سُلَيْمِ بْنِ عَامِرٍ الْكَلَاعِيِّ، عَنْ أَوْسَطِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ: قَدِمْتُ الْمَدِينَةَ بَعْدَ وَفَاةِ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِسَنَةٍ، فَأَلْفَيْتُ أَبَا بَكْرٍ يَخْطُبُ النَّاسَ عَلَى الْمِنْبَرِ، قَالَ: " قَامَ فِينَا رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَامَ أَوَّلٍ، فَخَنَقَتْهُ الْعَبْرَةُ، ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ قَالَ: يَا أَيُّهَا النَّاسُ، سَلُوا الله الْمُعَافَاةَ فَإِنَّهُ لَمْ يُؤْتَ أَحَدٌ مِثْلَ يَقِينٍ بَعْدَ مُعَافَاةٍ، وَلَا أَشَدَّ مِنْ رِيبَةٍ بَعْدَ كُفْرٍ، وَعَلَيْكُمْ بِالصِّدْقِ؛ فَإِنَّهُ يَهْدِي إِلَى الْبِرِّ وَهُمَا فِي الْجَنَّةِ، وَإِيَّاكُمْ وَالْكَذِبَ؛ فَإِنَّهُ يَهْدِي إِلَى الْفُجُورِ، وَهُمَا فِي النَّارِ ".

واتە: سولەیمی کوڕی عامری کەلاعی لە ئەوسەتی کوڕی عەمرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ساڵێک دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆیشتم بۆ مەدینە؛ ئەو کاتە من گەیشتمە مەدینە ئەبوبەکر لەسەر مینبەر وتاری دەدا؛ دەیفەرموو: یەکەم ساڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە ناومان و. جا لەو کاتەدا فرمێسک لە چاوی قەتیس ماو قوڕگی گیراو سێ جار ئەوەی دووبارە کردەوە، دوایی فەرمووی: خەڵکینە! داوای سەلامەتی لە خوای گەورە بکەن؛ چونکە هیچکەسێک هیچ شتێکی پێ نەبەخشراوە هێندەی ئارخەیانی و دڵنیایی و یەقینی دوای سەلامەتی باش بێ؛ هیچ شتێکیش هێندەی دڕدۆنگی و گومانی دوای کوفر سەخت و بێزاو نییە؛ خەڵکینە! ڕاستگۆ بن! ڕاستگۆیی مرۆڤ بەرەو چاکە دەبات و هەردوکیان (واتە: ڕاستگۆیی و چاکە) لە بەهەشتان؛ خۆتان لە درۆ بپارێزن چونکە درۆ مرۆڤ بەرەو خراپە دەبات و هەردوکیان (واتە: درۆو خراپە) پێکەوە لە دۆزەخدان.

٥٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، أَخْبَرَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ زَيْدِ بْنِ أَسْلَمَ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: رَأَيْتُ أَبَا بَكْرٍ رَضِيَ الله عَنْهُ آخِذًا بِلِسَانِهِ يَقُولُ: «هَذَا أَوْرَدَنِي الْمَوَارِدَ».

واتە: زەیدی کوڕی ئەسلەم لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەبوبەکرم بینی (خوای لێ ڕازی بێت) زمانی خۆی گرت و دوایی فەرمووی: ئا ئەمە من دەبات بۆ شوێنی تۆڵەو سزا.

٥٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ أَبِي خَالِدٍ، عَنْ عَبْدِ الله الْيَمَنِيِّ مَوْلَى الزُّبَيْرِ بْنِ الْعَوَّامِ قَالَ: لَمَّا احْتُضِرَ أَبُو بَكْرٍ رَضِيَ الله عَنْهُ تَمَثَّلَتْ عَائِشَةُ رَضِيَ الله عَنْهَا بِهَذَا الْبَيْتِ:

أَعَاذِلُ مَا يُغْنِي الْحَذَارُ عَنِ الْفَتَى ... إِذَا حَشْرَجَتْ يَوْمًا وَضَاقَ بِهَا الصَّدْرُ

فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ رَضِيَ الله عَنْهُ: " لَيْسَ كَذَلِكَ يَا بُنَيَّةُ وَلَكِنْ قُولِي: ﴿وَجَآءَتْ سَكْرَةُ ٱلْمَوْتِ بِٱلْحَقِّ ذَٰلِكَ مَا كُنتَ مِنْهُ

جِيدُ ۝١٩﴾ ق: ١٩ فَقَالَ: «انْظُرُوا ثَوْبِي هَذَيْنِ فَاغْسِلُوهُمَا، ثُمَّ كَفِّنُونِي فِيهِمَا، فَإِنَّ الْحَيَّ أَحْوَجُ إِلَى الْجَدِيدِ مِنَ الْمَيِّتِ».

واته: له عەبدوڵڵای یەمەنییەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: کاتێ ئەبوبەکر (خوای لێ ڕازی بێت) لە سەرە مەرگدا بوو؛ دایە عائیشە ئەم تاکە شیعرەی خوێندەوە و وەک نموونەو نەزیلە باسی کرد:

سەرکۆنەی ڕەقیب چ سودی هەیە
بۆ ئەو گەنجەی کە کەوتە غەرغەرە
ڕۆژێک سینەی تەنگ؛ ڕۆژێک بێهۆشە
گیان تاوێ لە ژوور تاوێ لە دەرە

ئەبوبەکر فەرمووی: کچی خۆم! وا نییە کە تۆ دەیڵێی؛ جیاتی ئەوە ئەم ئایەتە بخوێنەوە (مانـای ئـایەتەکە): ئـەی ئینسـان، تەنگانـەی مـردن و ئازارەکـانی هـات، هـاورێ لەگـەڵ ڕاستییەکاندا، ئەوسا پێت دەوترێت: ئا ئەوە ئەو بەسەرهات و ڕووداوەیە کەخۆتت لێ لادەداو پەنات لێ دەگرت.

دوایی ئەبوبەکر فەرمووی: ئا ئەم دوو دەستە پۆشاکەم بۆ بشۆن و دوایی بیکەنە کفن بۆم؛ مرۆڤی زیندوو زیاتر ئاتاجی پۆشاکی تازەو نوێیە.

٥٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي عُبَيْدُ اللهِ بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، وَالْحَكَمُ بْنُ حَزْنٍ قَالَا: حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ عُرْوَةَ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ عَائِشَةَ - فِي حَدِيثِ الْحَكَمِ بْنِ حَزْنٍ - قَالَتْ: «وَاللهِ، مَا تَرَكَ أَبُو بَكْرٍ دِينَارًا وَلَا دِرْهَمًا ضُرِبَ للهِ سَكَّتَهُ».

واته: عوبەیدوڵڵای کـوڕی عـومەر دەگێـڕێتەوە دەفەرموێـت: وەکیـع و حەکەمـی کـوڕی حەزن فەرمویـان: هیشـامی کـوڕی عـوروە لە بـاوکییەوە ئەویـش لە دایە عائیشـەوە. لەو فەرمودەیانـا کە حەکەم گێـڕایەوە. فەرمـووی: سـوێند بەخـوا ئەبـوبەکر نە دینارێـک و نە دیرهەمێکی سکە لێدراوی لەپاش خۆی بەجێنەهێشتووە.

٥٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ ثَابِتٍ، عَنْ مُسْلِمِ بْنِ يَسَارٍ، عَنْ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ قَالَ: «إِنَّ الْمُسْلِمَ لَيُؤْجَرُ فِي كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى فِي النَّكْبَةِ، وَانْقِطَاعِ شِسْعِهِ، وَالْبِضَاعَةِ تَكُونُ فِي كُمِّهِ، فَيَفْتَقِدُ بِهَا، فَيَفْزَعُ لَهَا، فَيَجِدُهَا فِي ضَبَّتِهِ».

واته: موسلیمی کوڕی یەسار لە ئەبوبەکری صدیقەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: بەڕاستی مرۆڤـی بـاوەڕدار لە بەرامبەر هەمـوو شتێک پاداشت وەردەگرێتەوە، تەنـانەت لە بەرامبەر ترشـی و تـاڵیی ڕۆژگـارو پچـرانی پەلی نەعـل و پـێڵاوو ئەو شـتەی لە بـاخەڵ و بنقۆڵیـا

هەڵیدەگرێت و لێی وون دەبێت و بۆی خەمبار دەبێ و دوایی دەیدۆزێتەوە دەبینێ ئەوەتا لە بنباخەڵیا.

٥٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا مُحَمَّدُ بْنُ فُضَيْلٍ، عَنْ إِسْمَاعِيلَ، عَنْ قَيْسٍ قَالَ: " كَانَ لأَبِي بَكْرٍ غُلَامٌ، فَكَانَ إِذَا جَاءَ بِغَلَّتِه، لَمْ يَأْكُلْ مِنْ غَلَّتِه حَتَّى يَسْأَلَه , فَإِنْ كَانَ شَيْئًا مِمَّا يُحِبُّ أَكَلَ، وَإِنْ كَانَ شَيْئًا يَكْرَهُ لَمْ يَأْكُلْ قَالَ: فَنَسِيَ لَيْلَةً، فَأَكَلَ وَلَمْ يَسْأَلْه ثُمَّ سَأَلَه فَأَخْبَرَهُ أَنَّهُ مِنْ شَيْءٍ كَرِهَهُ، فَأَدْخَلَ يَدَهُ فَتَقَيَّأَ حَتَّى لَمْ يَتْرُكْ شَيْئًا ".

واتە: موحەممەدی کوڕی فوزەیل لە ئیسماعیلەوە ئەویش لە قەیسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەبوبەکر (خوای لێ ڕازی بێت) کۆیلەیەکی هەبوو؛ هەر جارێ ئەو کۆیلەیە دەچو بۆ کاسبی و خواردنی دەهێنایەوە؛ ئەبوبەکر هەتا لێی نەپرسیبا کە چۆن و لەکوێ ئەمەی دەستکەوتووە؛ لێی نەدەخوارد! جا ئەگەر بە دڵی بوایە ئەوا لێی دەخواردو ئەگەریش بە دڵی نەبوایە لێی نەدەخوارد.. دەفەرموێت: شەوێک لەبیری نەبوو پرسیاری لێ بکات؛ ئەبوبەکر لە خواردنەکەی خواردو لێی نەپرسی؛ دوایی کەوتەوە بیری و لێی پرسی؛ کۆیلەکەی پێی گوت کە چۆن چۆنی ئەو خواردنەی پەیدا کردووە و ئەبوبەکر بە دڵی نەبوو؛ بۆیە دەستی کرد بە قورگی خۆیاو ئەوەندە خۆی ڕشاندەوە تا هیچ لە گەدەیا نەما.

٥٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا خَالِدُ بْنُ حَيَّانَ أَبو يَزِيدَ الرَّقِّيُّ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، عَنْ مَيْمُونِ بْنِ مِهْرَانَ قَالَ: " أُتِيَ أَبو بَكْرٍ بِغُرَابٍ وَافِرِ الْجَنَاحَيْنِ، فَقَلَّبَهُ، ثُمَّ قَالَ: «مَا صِيدَ مِنْ صَيْدٍ، وَلَا عُضِدَتْ مِنْ شَجَرَةٍ إِلَّا بِمَا ضُيِّعَتْ مِنَ التَّسْبِيحِ».

واتە: جەعفەر لە مەیمونی کوڕی میهرانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: قەلەڕەشێکی باڵدرێژیان بۆ ئەبوبەکر هێناو ئەویش ئەمدیو ئەودیوی کرد و دوایی فەرمووی: هیچ ڕاوێک نەکراوە و هیچ دارێکی نەبڕاوە مەگەر ئەوەی کە هەندێک یاد و زیکری خوا (ﷻ) لە بیر کراوە (واتە: ئەو کاتەی کە ڕاوچییەکە خەریکی ڕاوە و ئەویتر خەریکی دارە؛ سەرقاڵ دەبن بە کاری خۆیانەوە و زیکرو یادی خوایان لە بیر دەچێت).

٥٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ بِشْرٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عُمَرَ، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ الْقَاسِمِ، عَنْ أَبِيه، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ الله عَنْهَا قَالَتْ: إِنَّ أَبَا بَكْرٍ رَضِيَ الله عَنْهُ حِينَ حَضَرَتْهُ الْوَفَاةُ قَالَ لِعَائِشَةَ: " إِنِّي لَا أَعْلَمُ فِي آلِ أَبِي بَكْرٍ مِنْ هَذَا الْمَالِ شَيْئًا إِلَّا هَذِه اللِّقْحَةَ وَهَذَا الْغُلَامَ الصَّقِيلَ كَانَ يَعْمَلُ سُيُوفَ الْمُسْلِمِينَ وَيَخْدُمُنَا، فَإِذَا مُتُّ فَادْفَعِيه إِلَى عُمَرَ رَضِيَ الله عَنْهُ، فَلَمَّا بَعَثَتْ بِه إِلَى عُمَرَ قَالَ: يَرْحَمُ الله أَبَا بَكْرٍ لَقَدْ أَتْعَبَ مَنْ بَعْدَهُ ".

واتە: عەبدولڕەحمانی کوڕی قاسم لە باوکییەوە ئەویش لە دایە عائیشەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کاتێ ئەبوبەکر ساتی مردنی هات بە دایە عائیشەی فەرموو: من وانازانم کە هیچ تشێکی بەیتولمالّ لە ماڵی ئەبوبەکرا هەبێ جگە لەم وشترە شیردەرەو لەم کۆیلەیە کە خزمەتی دەکردین و شمشێری باوەڕدارانی هەسان دەداو تیژی دەکردنەوە؛ ئەگەر من مردم ئەوە بیبەنەوە بۆ لای عومەر.. کاتێ دایە عائیشە ناردنییەوە بۆ عومەر؛ عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: خوای گەورە ڕەحم بە ئەبوبەکر بکات؛ بەڕاستی ئەوانەی دوای خۆی خستە سەخڵەتەوە (واتە: ئەوەندە پارێزکار و پارساو زاهید بووە کەسیتر لەدوای ئەو ناتوانێ وەکوو ئەو پارێزکار و پارساو زاهید بێ).

٥٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ عَبْدِ الْمَلك، أَخْبَرَنَا أَبو عَوَانَةَ، عَنْ طَارِق، عَنْ قَيْس بْن أَبِي حَازِم، عَنْ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيق رَضِيَ الله عَنْهُ قَالَ: " إِنِّي لَأَرْجُو لَكُمْ أَنْ يُتَمِّمَ الله لَكُمْ هَذَا الْأَمْرَ يَا مَعْشَرَ الْعُرَيْبِ حَتَّى إِنَّ الرَّجُلَ مِنْكُمْ لَيَدْعُو بِخُبْزَته منَ الْحِنْطَة فَإِنْ شَاءَ قَالَ لأَهْله: أَيْدِمُوا بِسَمْنٍ، وَإِنْ شَاءَ قَالَ: أَيْدِمُوا بِزَيْتٍ ".

واتە: تاریق لە قەیسی کوڕی حازمەوە و ئەویش لە ئەبوبەکرەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەی گەلی عەرەب! من تکامو هیوام وایە کە خوای گەورە ئەم کارەتان بۆ ڕێک و پێک و تەواو بکات تا وای لێ بێت هەر یەک لە پیاوانی ئێوە بانگ بکرێ بۆ سەر نانی گەنم و ئەگەر ویستی بە خێزانی بڵێ: ئادەی ڕۆنیش بێنە با پێوەی بخۆین؛ ئەگەریش ویستی بڵێک ئادەی زەیت بێنە با پێوەی بخۆین!

٥٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْمَلك بْنُ عَمْرٍو، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله يَعْنِي ابْنَ جَعْفَر، عَنْ إِسْمَاعِيلَ بْن مُحَمَّد أَنَّ أَبَا بَكْرٍ رَضِيَ الله عَنْهُ قَسَمَ قَسْمًا سَوَّى فِيه بَيْنَ النَّاس، فَقَالَ له عُمَرُ رَضِيَ الله عَنْهُ: «يَا خَلِيفَةَ رَسُولِ الله، تُسَوِّي بَيْنَ أَصْحَاب وَسِوَاهُمْ مِنَ النَّاس؟» فَقَالَ أَبو بَكْرٍ: «إِنَّمَا الدُّنْيَا بَلَاغٌ، وَخَيْرُ الْبَلَاغِ أَوْسَعُهُ، وَإِنَّمَا فَضْلهمْ في أُجُورِهِمْ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر لە ئیسماعیلی کوڕی موحەممەدەوە دەگێڕێتەوە کە ئەبوبەکر (خوای لێ ڕازی بێت) شتێکی دابەش کرد و بە یەکسانی دای بە خەڵکی؛ عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) پێی گوت: ئەی خەلیفەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! چۆن هاوەلان و غەیری هاوەلان وەکوو یەک هەژمار دەکەیت؟ ئەبوبەکر فەرمووی: دونیا ئەوەندەیە کە بەشی ژیان بکات؛ باشترین بەشیش ئەوەیە کە زۆرو فراوان بێت؛ زێدە فەزڵ لە پاداشتایە (نەك لە بەشی دونیایی).

٥٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا مُوسَى بْنُ هِلَالٍ، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ حَسَّانَ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: " دَخَلَ سَلْمَانُ عَلَى أَبِي بَكْرٍ، وَهُوَ يَكِيدُ بِنَفْسِهِ، فَقَالَ: يَا خَلِيفَةَ رَسُولِ الله، أَوْصِنِي، فَقَالَ لَه أَبو بَكْرٍ: «إِنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ فَاتِحٌ عَلَيْكُمُ الدُّنْيَا، فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهَا إِلَّا بَلَاغَكُمْ، وَإِنَّ مَنْ صَلَّى صَلَاةَ الصُّبْحِ فَهُوَ فِي ذِمَّةِ الله عَزَّ وَجَلَّ فَلَا تَخْفِرَنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ فِي ذِمَّتِهِ، فَيُكِبَّكَ فِي النَّارِ عَلَى وَجْهِكَ».

واتە: هیشامی کوڕی حەسسان لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: سەلمان هات بۆ **لای ئەبوبەکر؛ ئەبوبەکر لەو کاتەدا گیانی دەدا؛ سەلمان گوتی: ئەی خەلیفەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! ئامۆژگارییەکم بکە! ئەبوبەکر پێی فەرموو: خوای گەورە دونیاتان بەڕودا دەکاتەوە و دەست بەسەر دونیادا دەگرن؛ بەڵام لە بەشی بژێوی خۆتان زیاتری لێ مەبەن؛ هەر کەسێ نوێژی بەیانی بکات ئەوە لە ئۆدەی خوای گەورەدایە؛ کارێ مەکە خوای گەورە لە ئۆدەی خۆی نەتگرێت و بە ڕودا بتکێشێ بەناو ئاگرا.**

٥٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا إِسْمَاعِيلُ، عَنْ عَوْفٍ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ سِيرِينَ قَالَ: لَمْ أَعْلَمْ أَحَدًا اسْتَقَاءَ مِنْ طَعَامٍ أَكَلَه غَيْرَ أَبِي بَكْرٍ، فَإِنَّهُ أُتِيَ بِطَعَامٍ فَأَكَلَه، ثُمَّ قِيلَ لَه: جَاءَ بِه ابْنُ النُّعْمَانِ فَقَالَ: «فَأَطْعَمْتُمُونِي كِهَانَةَ ابْنِ النُّعْمَانِ؟ ثُمَّ اسْتَقَاءَ هَذَا أَوْ نَحْوَهُ».

واتە: عەوف لە موحەممەدی کوڕی سیرینەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: نەمبیستووە کەس لەبەر خواردنێ کە خواردویەتی خۆی بڕشێنێتەوە جگە لە ئەبوبەکر؛ جارێک خواردنێکیان پێداو خواردی؛ دوای گوتیان: ئەوە کوڕەکەی نوعمان ئەو خواردنەی هێنا! ئەبوبەکر فەرمووی: ئێوە خواردنێکتان بەمندا کە کوڕەکەی کەنعان لە بری فاڵ لێدان وەری گرتووە؟! دوایی دەستیکرد بە قوڕگی خۆیاو خۆی ڕشاندەوە.

٥٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَخْبَرَنَا دَاوُدُ بْنُ عَمْرٍو الْحِمْصِيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْجَبَّارِ بْنُ الْوَرْدِ، عَنِ ابْنِ أَبِي مُلَيْكَةَ قَالَ: قَالَتْ عَائِشَةُ رَضِيَ الله عَنْهَا: لَمَّا حَضَرَ أَبِي رَحِمَهُ الله دَعَانِي، فَقَالَ: «يَا بُنَيَّةُ، إِنِّي كُنْتُ أَعْطَيْتُكِ تَمْرَ خَيْبَرَ، وَلَمْ تَكُونِي أَخَذْتِيهَا، وَأَنَا أُحِبُّ أَنْ تَرُدِّيهَا عَلَيَّ» قَالَتْ: فَبَكَيْتُ، ثُمَّ قُلْتُ: «غَفَرَ الله لَكَ يَا أَبَتِ، وَالله، لَوْ كَانَ خَيْبَرُ ذَهَبًا جَمِيعًا لَرَدَدْتُهَا عَلَيْكَ» فَقَالَ: «هِيَ عَلَى كِتَابِ الله عَزَّ وَجَلَّ يَا بُنَيَّةُ، إِنِّي كُنْتُ أَتْجَرَ قُرَيْشٍ وَأَكْثَرَهُمْ مَالًا، فَلَمَّا شَغَلَتْنِي الْإِمَارَةُ، رَأَيْتُ أَنْ أُصِيبَ مِنَ الْمَالِ بِقَدْرِ مَا شَغَلَنِي، يَا بُنَيَّةُ هَذِه الْعَبَاءَةُ الْقَطْوَانِيَّةُ وَحِلَابٌ، وَعَبْدٌ، فَإِذَا مُتُّ، فَأَسْرِعِي بِه إِلَى ابْنِ الْخَطَّابِ، يَا بُنَيَّةُ، ثِيَابِي هَذِه، فَكَفِّنُونِي بِهَا» قَالَتْ: فَبَكَيْتُ، وَقُلْتُ: «يَا أَبَتِ، نَحْنُ مِنْ ذَلِكَ» فَقَالَ: «غَفَرَ الله لَكِ، وَهَلْ ذَلِكَ إِلَّا لِلْمُهْلِ؟» قَالَتْ: «فَلَمَّا مَاتَ، بَعَثْتُ بِذَلِكَ إِلَى ابْنِ الْخَطَّابِ» فَقَالَ: «يَرْحَمُ الله أَبَاكَ لَقَدْ أَحَبَّ أَنْ لَا يَتْرُكَ لِقَائِلٍ مَقَالًا».

واتە: عەبدولجەبباری کوڕی وەرد لە کوڕی باوکی مولەیکەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: دایە عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: کاتێ باوکم کەوتە سەرەمەرگەوە بانگی کرد و فەرمووی: کچی خۆم! من کاتی خۆی خورمای خەیبەرم بەتۆ دەبەخشی تۆ وەرت نەدەگرت؛ ئێستا پێم خۆشە ئەو خورمایە بگێڕیتەوە بۆم. دایە عائیشە دەفەرموێت: من دەستم بە گریان کرد و دوایی گوتم: باوکە خوا لێت خۆشبێ: بەخوا ئەگەر خەیبەر هەمووی زێڕ بێ نەك خورما؛ بۆت دەگێڕمەوە.. ئەبوبەکر فەرمووی: کچی خۆم ئەمە بە گوێرەی قورئانە؛ من کاتی خۆی لەناو قوڕەیشدا گەورەترین بازرگان بووم؛ لە هەمووان زیاتر دەوڵەمەند بوم؛ دوای ئەوە کاروباری خەلیفایەتی و بەڕێوەبردنی وولات سەرقاڵی کردم پێم وا بوو کە هێندەی ئەو سەرقاڵییەم سود لە سەروەت و سامانی گشتی ببینم (واتە: ئەوەندە بژێوی لە بەیتولماڵ وەربگرم کە پێی بژیم و خۆم بە بازرگانییەوە سەرقاڵ نەکەم) کچی خۆم! ئەگەر مردم ئەو وشترە شیردەرەو ئەو کۆیلەیەو ئەو کەوا قەتوانییە بگێڕنەوە بۆ خەزێنەی گشتی و بیدەن بە دەست عومەری کوڕی خەتتابەوە.. کچی خۆم ئا ئەم پۆشاکەم بۆ بکەن بە کفن. دایە عائیشە دەفەرموێت: دەستم بە گریان کرد و گوتم: باوکە گیان! بەسەرچاو ئەوە دەکەین کە تۆ دەیفەرمووی. دوایی باوکم فەرمووی: کچی خۆم خوات لێ ڕازی بێ؛ مەگەر ئەو کفنە بۆ خوێ، و کێم زیاتر بۆ چیترە؟ دایە عائیشە دەفەرموێت: دوای ئەوەی باوکم مرد ئەو شتانەم نارد بۆ عومەری کوڕی خەتتاب (بۆ ئەوەی بیخاتەوە ناو دارایی گشتی) عومەر فەرمووی: خوای گەورە لە باوکت خۆش ببێ بەڕاستی پێی خۆشبووە کە قسە بۆ هیچ کەسێک نەهێڵێتەوە.

٥٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ الْبَصْرِيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يَحْيَى الْمَعَافِرِيُّ، حَدَّثَنَا حَيْوَةُ، عَنْ شُرَحْبِيلَ بْنِ شَرِيكٍ، أَنَّهُ سَمِعَ أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ الْحُبُلِيَّ، وَهُوَ عَبْدُ الله بْنُ يَزِيدَ يَقُولُ: حَدَّثَنِي الصُّنَابِحِيّ أَنَّهُ سَمِعَ أَبَا بَكْرٍ الصِّدِّيقَ يَقُولُ: «إِنَّ دُعَاءَ الْأَخِ لِأَخِيهِ فِي الله عَزَّ وَجَلَّ يُسْتَجَابُ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی یەزید دەفەرموێت: صونابیحی بۆی گێڕامەوە کە گوێی لە ئەبوبەکری صدیق بووە فەرموویەتی: ئەو نزا و پاڕانەوەی کە مرۆڤ لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە بۆ کەسکیتری دەکات؛ گیرایەو خوای گەورە وەری دەگرێت.

٥٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عُبَيْدُ الله بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ دَاوُدَ، عَنْ هِشَامِ بْنِ عُرْوَةَ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: «مَاتَ أَبُو بَكْرٍ فَمَا تَرَكَ دِينَارًا وَلَا دِرْهَمًا، وَكَانَ قَدْ أَخَذَ قَبْلَ ذَلِكَ مَالَهُ فَأَلْقَاهُ فِي بَيْتِ الْمَالِ».

واته: هیشـامی کـوڕی عـورووه له بـاوکییەوە ئەویـش لە دایە عائیشـەوە دەگێـڕێتەوە فەرموویەتی: ئەبوبەکر مردوو نە دینارێک و نە دیرهەمێکی وەک میرات لەدوای خۆی بەجێ نەهێشـت؛ پـێش ئەوەش هەمـوو سـەروەت و سـامانەکەی خـۆی دەخسـتە نـاو خەزێـنەو بەیتولماڵەوە.

٥٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ عَبَّادٍ الْمَكِّيُّ، حَدَّثَنَا حَاتِمُ بْنُ إِسْمَاعِيلَ، عَنِ ابْنِ عَجْلَانَ، عَنْ عَامِرِ بْنِ عَبْدِ الله بْنِ الزُّبَيْرِ، عَنْ أَبِيهِ أَنَّ عُمَرَ ذَكَرَ أَبَا بَكْرٍ رَضِيَ الله عَنْهُمَا - وَهُوَ عَلَى الْمِنْبَرِ - فَقَالَ: إِنَّ أَبَا بَكْرٍ كَانَ سَابِقًا مُبْرِزًا ".

واته: عـامی کـوڕی عەبـدوڵڵا لە بـاوکییەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: عـومەری کـوڕی خەتتاب . لەسـەر مینبە ر. باسی ئەبوبەکری دەکردو دەیفەرموو: بەڕاستی ئەبوبەکر کەسێک بوو کە پێش هەمووان باوەڕی هێناو بیروباوەڕی خۆی ئاشکرا کرد و داکۆکیی لێ دەکرد.

٥٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبُو مَعْمَرٍ، حَدَّثَنَا ابْنُ أَبِي حَازِمٍ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى عَلِيِّ بْنِ الْحُسَيْنِ عَلَيْهِ السَّلَامُ فَقَالَ: مَا كَانَ مَنْزِلَةُ أَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ مِنْ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟ قَالَ: «كَمَنْزِلَتِهِمَا مِنْهُ السَّاعَةَ».

واته: کـوڕی بـاوکی حازم دەفەرموێت: پیاوێـک هـات بـۆ لای عەلیـی کـوڕی حوسـەین و گـوتی: پێگەو پلەو پایەی ئەبـوبەکر و عـومەر لای پێغەمبەری خـوا (ﷺ) چۆن بـو؟ عەلیـی فەرمووی: ئێستا چۆنن ئەوکاتیش ئاوابوون (واته: چۆن ئێستا گۆڕەکانیان لە تەنیشت گۆڕی پێغەمـبەرە (ﷺ) و لێـک نـزیکن؛ بە زینـدوییش لە پێغەمـبەری خـوداوە نزیـك بـوون). (ئەم عەلیـیە کـوڕەزای عەلیـی کـوڕی ئەبوتـالیبەو کـوڕی حەزرەتی حوسـەینەو لە بنەمـاڵەو کەسوکاری پێغەمبەری خوایەو بەو جۆرە باسـی پێشـەوایان ئەبـوبەکر و عـومەری کـردووە؛ کەچی ئێسـتا ئەوانەی کە ڕقیـان لەو دوو زاتە بوزورگ و مەزنەیە؛ ئەو ڕقەی خۆیان بە ناوی ئالو بەیت و کەسوکاری پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەردەبڕن و دەیخەنە ئەستۆی ئەوان و گوایە لەبەر ئەوانە کە ئەمـانیش ڕقیـان لە پێشـەوایان ئەبـوبەکر و عـومەرە؛ کە ئەوە درۆیەکی ئاشـکرایەو ئەوانە هەر لەبەر هەواو ئارەزوو فریـوی شـەیتانیان خـواردووە و ڕقیـان لە نـزیکترین کەسـانی دەوروبەری پێغەمبەری خوایە (ﷺ).

٥٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبُو مَعْمَرٍ، حَدَّثَنَا ابْنُ أَبِي حَازِمٍ، عَنْ يَحْيَى بْنِ سَعِيدٍ، عَنِ الْقَاسِمِ قَالَ: «مِنَ النَّاسِ نَاسٌ لَا تُذْكَرُ عُيُوبُهُمْ».

واتە: یەحیای کوڕی سەعید لە قلسمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لەناو خەڵکدا هەندێ کەس هەن کە باسی عەیب و عاریان ناکرێت (واتە: ئەوەندە پاکن کە عەیب و عارێکیان نییە باس بکرێت).

٥٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبُو مَعْمَرٍ، حَدَّثَنَا أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ، عَنْ مُجَالِدٍ، عَنِ الشَّعْبِيِّ قَالَ: قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: " أَوَّلُ مَنْ صَلَّى أَبُو بَكْرٍ، ثُمَّ تَمَثَّلَ بِقَوْلِ حَسَّانَ:

إِذَا تَذَكَّرْتَ شَجْوًا مِنْ أَخِي ثِقَةٍ ... فَاذْكُرْ أَخَاكَ أَبَا بَكْرٍ بِمَا فَعَلَا

خَيْرُ الْبَرِيَّةِ أَتْقَاهَا وَأَعْدَلها ... إِلَّا النَّبِيَّ وَأَوْفَاهَا بِمَا حَمَلَا

الثَّانِي التَّالِي الْمَحْمُودُ مَشْهَدُهُ ... وَأَوَّلُ النَّاسِ حَقًّا صَدَّقَ الرُّسُلَا "

واتە: لە شەعبییەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس فەرموویی: یەکەم کەسێ کە. دوای پێغەمبەری خوا (ﷺ). نوێژی کردبێ: ئەبوبەکری صدیق بوو؛ دوایی ئەم شیعرەی حەسسنی بە نموونە دەهێنایەوە:

گەر ویستت باسی کەسێکی پاك کەی باسی ئەبوبەکر لەسەر باسانە
چاکترین خەڵك و دادگەرترین بوو لە دوای پێغەمبەر (ﷺ) جانی جانانە
دووەم کەسە ئەو؛ لە چاکی و پاکی یەکەم کەسی دوای پێغەمبەرانە

٥٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي عُبَيْدُ اللهِ بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْعَزِيزِ بْنُ مُحَمَّدٍ الدَّرَاوَرْدِيُّ، حَدَّثَنَا زَيْدُ بْنُ أَسْلَمَ، عَنْ أَبِيهِ أَنَّ عُمَرَ رَأَى أَبَا بَكْرٍ وَهُوَ مُدْلٍ لِسَانَهُ، آخِذُهُ بِيَدِهِ، فَقَالَ: «مَا تَصْنَعُ يَا خَلِيفَةَ رَسُولِ اللهِ؟» فَقَالَ: «وَهَلْ أَوْرَدَنِي الْمَوَارِدَ إِلَّا هَذَا».

واتە: زەیدی کوڕی ئەسلەم لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە کە عومەر چاوی کەوت بە ئەبوبەکر دەبینێ زمانی دەرهێناوە و بە دەست گرتویەتی؛ گوتی: ئەی چی دەکەی ئەی خەلیفەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟! فەرمووی: مەگەر ئەمە منی تووشی بەڵا و موسیبەت نەکردووە؟!

٥٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، أَخْبَرَنَا رَوْحٌ، أَخْبَرَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ أَبُو بَكْرٍ: «وَاللهِ لَوَدِدْتُ أَنِّي كُنْتُ هَذِهِ الشَّجَرَةَ تُؤْكَلُ وَتُعْضَدُ».

واتە: هیشام لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەبوبەکر فەرمووی: بەخوا پێم خۆشبوو من ئەم دارە بومایە خورابام و بڕابام.

٥٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا ابْنُ عَوْنٍ، عَنْ عُمَيْرِ بْنِ إِسْحَاقَ قَالَ: رُئِيَ أَبُو بَكْرٍ وَعَلَى مَنْكِبِهِ عَبَاءَةٌ، فَقَالَ رَجُلٌ وَأَوْمَأَ ابْنُ عَوْفٍ بِيَدِهِ، كَأَنَّهُ يَقُولُ: «هَاتِهَا» فَقَالَ: «إِلَيْكَ عَنِّي، لَا تَغُرَّنِي أَنْتَ وَلَا ابْنُ الْخَطَّابِ مِنْ عِيَالِي».

واتە: لە عومەیری کوڕی ئیسحاقەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: ئەبوبەکریان بینی عابایەکی لەسەرشان بوو (لەبەر هەژاری و ئاتاجی دەیفرۆشت)؛ پیاوێک گوتی.جا کوڕی عەوف بە دەست ئاماژەی دا وەک بڵێی دەڵێ: بیدە بە من و من خەرجی و مەسرەفت دابین دەکەم! ئەبوبەکر فەرمووی: لێم دوور بکەوە؛ نە تۆو نە کوڕی خەتتاب ناتوانن لە بارەی خەرجیی و مەسرەفی ماڵ و منداڵەوە فریووم بدەن! (ئەو پیاوە ویستویەتی ژیانی پێشەوا ئەبوبەکر دابین بکات؛ دیارە پێش ئەویش پێشەوا عومەر ویستویەتی دابینی بکات بۆ ئەوەی عاباکەی بەری خۆی نەفرۆشێت؛ پێشەوا ئەبوبەکریش پێی خۆش نەبووە هیچ کەسێک ژیانی دابین بکات و پێی باش بووە عابای بەری خۆی بفرۆشێت و هیچ لە هیچ کەسێک وەرنەگرێت).

٥٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ أَبِي عَبْدِ اللهِ، عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: بَلَغَنِي أَنَّ أَبَا بَكْرٍ قَالَ: وَدِدْتُ أَنِّي خُضْرَةٌ يَأْكُلُنِي الدَّوَابُّ ".

واتە: لە قەتادەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: بیستوومە ئەبوبەکر فەرموویەتی: ئای چەند پێم خۆشبوو گیا بومایەو ئاژەڵ بیخواردمایە!

٥٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي رَوْحٌ، وَمُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَرٍ قَالَا: حَدَّثَنَا عَوْفٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: بَلَغَنِي أَنَّهُ كَانَ مِنْ دُعَاءِ أَبِي بَكْرٍ: «اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الَّذِي هُوَ خَيْرٌ لِي فِي عَاقِبَةِ الْخَيْرِ، اللهمَّ اجْعَلْ آخِرَ مَا تُعْطِينِي مِنَ الْخَيْرِ رِضْوَانَكَ، وَالدَّرَجَاتِ الْعُلَى مِنْ جَنَّاتِ النَّعِيمِ».

واتە: لە حەسەنەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: بیستوومە یەکێک لە نزا و پارانەوەکانی ئەبوبەکر ئەمە بوو دەیفەرموو: خوایە! من داوای ئەو شتەت لێ دەکەم کە بۆ من باشەو خێری لەدوا بێت؛ خوایە! کۆتا خێر کە بە منی دەبەخشی بریتی بێت لە ڕەزامەندی خۆت؛ بریتی بێ لە پلەو پایە باڵاکانی بەهەشت.

٥٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ دَاوُدَ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ أَبِي بَكْرِ بْنِ حَفْصٍ قَالَ: ذُكِرَ لِي أَنَّ أَبَا بَكْرٍ كَانَ يَصُومُ الصَّيْفَ وَيُفْطِرُ الشِّتَاءَ.

واتە: ئەبوبەکری کوڕی حەفص دەفەرموێت: بۆ منیان باسکردووە کە ئەبوبەکر هاوینان ڕۆژوی دەگرت و زستانان نەیدەگرت.

٥٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَرَمِيُّ بْنُ عُمَارَةَ، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ بْنُ أَبِي جَعْفَر، حَدَّثَنَا عُمَارَةُ بْنُ أَبِي حَفْص عَنْ أَبِي مِجْلَز أَنَّ مُعَاوِيَةَ بْنَ أَبِي سُفْيَانَ قَالَ: «إِنَّ الدُّنْيَا لَمْ تُرِدْ أَبَا بَكْر وَلَمْ يُرِدْهَا، وَأَرَادَت ابْنَ الْخَطَّاب وَلَمْ يُرِدْهَا».

واتە: لە بوکای میجلەزەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: موعاویەی کوڕی باوکی سوفیان فەرمووی: نە دونیا ئەبوبەکری ویست و نە ئەبوبەکر دونیای ویست؛ بەڵام دونیا عومەری دەویست بەڵام عومەر دونیای نەدەویست!

٥٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ مَالِك بْنِ مِغْوَل، عَنْ أَبِي السَّفَر قَالَ: مَرِضَ أَبو بَكْر فَعَادُوهُ فَقَالُوا: أَلَا نَدْعُو لَكَ الطَّبِيبَ؟ فَقَالَ: " قَدْ رَآنِي الطَّبِيبُ، قَالُوا: فَأَيُّ شَيْءٍ قَالَ لَكَ؟ قَالَ: قَالَ: إِنِّي فَعَّالٌ لِمَا يُرِيدُ ".

واتە: لە مالیکی کوڕی میغوەلەوە ئەویش لە باوکی سەفەرەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: ئەبوبەکر نەخۆش کەوت و خەڵکی چونە سەردانی و گوتیان: بچین پزیشکێکت بۆ بانگ بکەین؟ فەرمووی: پزیشک منی دیوە! گوتیان: ئەی چیی پێ گوتی؟ ئەبوبەکر فەرمووی: پزیشکەکە فەرمووی: بەرساتی من زۆر بەکارم بۆ هەر شتێ کە بمەوێ!

٥٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ أُسَامَةَ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنْ أَبِيهِ أَنَّ أَبَا بَكْر، حِينَ اسْتُخْلِفَ أَلْقَى كُلَّ دِرْهَم لَه وَدِينَار فِي بَيْت مَالِ الْمُسْلِمِينَ وَقَالَ: «كُنْتُ أَتَّجِرُ فِيهِ، وَأَلْتَمِسُ بِه، فَلَمَّا وُلِّيتُ شَغَلُونِي عَنِ التِّجَارَةِ وَالطَّلَبِ فِيه».

واتە: هیشام لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە کە ئەبوبەکر کاتێ کرا بە خەلیفە هەرچی دینارو دیرهەمی ماڵی خۆی هەبوو هەمووی خستە ناو دارایی و گەنجینەی گشتیەوە و فەرمووی: من پێشتر بازرگانیم بۆ چارە دەکردو بە دوایا دەگەڕام؛ دوای ئەوەی کرام بە کاربەدەست سەرقاڵیان کردم و ماوەیان بۆ نەهێشتمەوە بۆ بازرگانی و گەڕان بو دوای پارەدا.

٥٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو الْمُغِيرَة، حَدَّثَنَا عُتْبَةُ، حَدَّثَنِي أَبو ضَمْرَةَ يَعْنِي ابْنَ حَبِيب بْن صُهَيْب قَالَ: حَضَرَت الْوَفَاةُ ابْنًا لأَبِي بَكْر فَجَعَلَ يَلْحَظُ إِلَى وِسَادَة، فَلَمَّا تُوُفِّيَ قَالُوا لأَبِي بَكْر: رَأَيْنَا ابْنَكَ يَلْحَظُ إِلَى وِسَادَة فَرَفَعُوا عَن الْوِسَادَة فَوَجَدُوا تَحْتَهَا خَمْسَةَ دَنَانِيرَ أَوْ سِتَّةً قَالَ: فَضَرَبَ أَبو بَكْر بِيَدِه عَلَى الأُخْرَى يُرَجِّعُ بِقَوْله: ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ ﴿١٥٦﴾﴾ البقرة: ١٥٦ يَا فُلَانُ مَا أَحْسَبُ جِلْدَكَ يَتَّسِعُ لهَا ".

واته: بـاوكی زەمـرە؛ واتە: كـوڕەكەی حەبیبـی كـوڕی صـوهەیب دەفەرموێـت: كـوڕێكی ئەبوبەكر كەوتە سەرەمەرگەوە و بە سیلەی چاو هەر سەیری ڕایەخێكی دەكرد؛ دوای ئەوەی مرد لە ئەبوبەكریـان پرسـی: ئاگامـان لێبـوو كـوڕەكەت بە سـیلەی چـاو سـەیری ئەو ڕایەخەی دەكرد! ڕایەخەكەیـان بەرز كردەوە دەبیـنن پێـنج یـان شـەش دینـاری لە ژێـرایە؛ ئەبـوبەكر بەم دەستی دەیكێشا بەو دەستیاو دەیفەرموو: ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ ﴿١٥٦﴾﴾ فلاّنە كەس! بڕوا ناكەم پێستت بەرگەی ئەمە بگرێ!

٥٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو الْمُغِيرَة، حَدَّثَنَا عُتْبَةُ، حَدَّثَنِي أَبو ضَمْرَةَ قَالَ: خَطَبَ أَبو بَكْر النَّاسَ فَحَمدَ الله وَأَثْنَى عَلَيْه ثُمَّ قَالَ: «إِنَّهُ سَتُفْتَحُ لَكُمْ الشَّامُ فَتَأْتُونَ أَرْضًا رَفِيعَةً حَيْثُ تَمَتَّعُونَ فِيهَا مِنَ الْخُبْز وَالزَّيْت، وَسَتُبْنَى لَكُمْ بِهَا مَسَاجِدُ فَإِيَّاكُمْ أَنْ يَعْلَمَ الله عَزَّ وَجَلَّ أَنَّكُمْ إِنَّمَا تَأْتُونَهَا تَلهيًا إِنَّمَا بُنِيَتْ للذِّكْر».

واته: عـوتبە دەفەرموێت: بـاوكی زەمـرە بـۆی گێـرامەوە فەرمـووی: ئەبـوبەكر وتـاری دەدا؛ سوپاس و ستاییشی خودای كرد و دوایی فەرمووی: ئێوە شام ڕزگار دەكەن؛ دەچنە شوێنێكی بەرز و لەوێ چێژ لە نـان و زەیت وەردەگرن؛ هەر لەوێ مزگەوتیشـتان بـۆ دروست دەكرێت؛ كـارێ نەكەن كە خـوای گەورە بە جۆرێـک بتـانبینێ كە بـۆ خۆشـی و چێـژ دەچنە ئەو شـوێنە! بەڵكوو ئەو مزگەوتانە بۆ یاد و زیكری خوا دروست دەكرێن.

٥٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، أَنْبَأَنَا ثَابتٌ أَنَّ أَبَا بَكْر، كَانَ يَتَمَثَّلُ بِهَذَا الْبَيْت:
لَا تَزَالُ تَنْعَى مَيِّتًا حَتَّى تَكُونَهُ ... وَقَدْ يَرْجُو الْفَتَى الرَّجَا يَمُوتُ دُونَهُ.

واته: حەممـدا دەفەرموێت: ثابـت بـۆی گێـراینەوە فەرمـووی: ئەبـوبەكر زۆرجـار ئەم بەیـتە شیعرەی بە نموونە دەهێنایەوە:

هەواڵی مەرگی ئەم و ئەو دەدەی تا خۆشت دەبی بە هەواڵ و باس
مرۆڤ پێی وایە خۆی نەبێ هەمووان دەمرن و دەچن؛ دەبنە گیای بەر داس

زوهد و پارساییی عومەری کوڕی خەتتاب
(خوای لێ ڕازی بێت)

٥٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أبي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أبي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا جَرِيرُ بْنُ حَازِم قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ قَالَ: حَضَرَ بَابَ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّاب سُهَيْلُ بْنُ عَمْرو، وَالْحَارِثُ بْنُ هِشَام، وا بوو سُفْيَانَ بْنُ حَرْب، وَنَفَرٌ مِنْ قُرَيْش مِنْ تِلْكَ الرُّءُوس، وَصُهَيْبٌ وَبِلَالٌ، وَتِلْكَ الْمَوَالِي الَّذِينَ شَهِدُوا بَدْرًا، فَخَرَجَ إِذْنُ عُمَرَ فَأَذِنَ لهمْ، وَتَرَكَ هَؤُلَاءِ، فَقَالَ أَبو سُفْيَانَ: لَمْ أَرَ كَالْيَوْمِ قَطُّ، يَأْذَنُ لهؤُلَاءِ الْعَبِيد وَيَتْرُكُنَا عَلَى بَابِه وَلَا يَلْتَفِتُ إِلَيْنَا، " قَالَ: فَقَالَ سُهَيْلُ بْنُ عَمْرو، وَكَانَ رَجُلًا عَاقِلًا: «أَيُّهَا الْقَوْمُ، إِنِّي وَالله لَقَدْ أَرَى الَّذِي فِي وُجُوهِكُمْ إِنْ كُنْتُمْ غِضَابًا فَاغْضَبُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ، دُعِيَ الْقَوْمُ وَدُعِيتُمْ فَأَسْرَعُوا وَأَبْطَأْتُمْ فَكَيْفَ بِكُمْ إِذَا دُعُوا لِيَوْم الْقِيَامَة وَتُرِكْتُمْ، أَمَا وَالله لَمَا سَبَقُوكُمْ إِلَيْه مِنَ الْفَضْل مِمَّا لَا تَرَوْنَ أَشَدَّ عَلَيْكُمْ فَوْتًا مِنْ بَابِكُمْ هَذَا الَّذِي تُنَافِسُهُمْ عَلَيْه»، قَالَ: وَنَفَضَ ثَوْبَهُ وَانْطَلَقَ، قَالَ الْحَسَنُ وَصَدَقَ وَالله سُهَيْلٌ لَا يَجْعَلُ الله عَبْدًا أَسْرَعَ إِلَيْه كَعَبْد أَبْطَأَ عَنْهُ ".

واتە: جەریری کوڕی حازم دەگێڕێتەوە دفەرموێ: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: سوهەیلی کوڕی عەمر و حارثی کوڕی هیشام و ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب و چەند کەسێکیتر لە گرەگرەکانی قورەیش لەبەردەم دەرگای ماڵی عومەری کوڕی خەتتابدا بوون؛ جگە لەو گرەگرانە صوهەیب و بیلال و چەند کۆیلەیەکیتر کە لە جەنگی بەدرا بەشداربیان کردبوو؛ لەوێ بوون؛ ئەو کەسەی کە مۆڵەتی چونە ژوورەوەی دەدا هات و گوتی: عومەر دەفەرموێت: با ئەوانە بێنە ژوورەوە. مەبەستی صوهەیب و بیلال و کۆنە کۆیلەکانیتر بوو. ئەوان ڕۆیشتنە ژوورەوە و گرەگرەکان لە دەرا مانەوە.. ئەبوو سوفیان گوتی: هەرگیز ڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆم نەدیوە! عومەر مۆڵەتی ئەو کۆیلەو مۆیلانە دەدا دەچنە ژوورەوە و پیاوانی وەکوو ئێمەیش دەبێ لە چاوەڕوانیدا بمێنینەوە و گوێیان ناداتێ!! دەفەرموێت: سوهەیلی کوڕی عەمر پیاوێکی ژیر بوو؛ گوتی: برادەرینە! بەخوا من ئەوە دەبینم لە دەموچاوتانا کە زۆر تووڕەن؛ دەی ئەگەر تووڕەن لە خۆتان تووڕە بن؛ ئێمە هەمومان بانگ کراین (واتە: لەلایەن

پێغەمـبەرەوە (ﷺ) بانـگ کـراین بـۆ باوەڕهێنـان) ئەوان (واتە: صـوهەیب و بـیلال و ...) بە خێرایـی وەڵامیـان دایەوە؛ بەڵام ئێـوە خۆتـان دواخسـت؛ ئەی باشـە ئەگەر لە ڕۆژی قیامەتـدا ئەوان بانگ بکرێن و ئێوە پشت گوێ بخرێن چی دەکەن؟ بەخوا ئەو فەزڵ و گەورەییەی کە پێش ئێمە بەدەستیان هێناوە و نـابینن؛ زۆر زیـاترە لەوەی ئێسـتە لەم بەردەرگـایە دەیبیـنن و پێشـبڕکێی لەسـەر دەکەن. دەفەرموێـت: دوایـی سـوهەیل خـۆی تەکانـد و ڕۆیـی. حەسـەن دەیفەرموو: بەخوا سوهەیل ڕاستی گوت؛ هەرگیز خوای گەورە ئەو بەندانە کە دێر وەڵامیان داوەتەوە؛ وەک ئەوانە هەژمار ناکات کە بە خێرایی وەڵامیان داوەتەوە.

٥٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ غَيْلَانَ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنِ ابْنِ جُدْعَانَ قَالَ: سَمِعَ عُمَرُ رَجُلًا يَقُولُ: «اللهمَّ اجْعَلْنِي مِنَ الْأَقَلِّينَ» فَقَالَ: «يَا عَبْدَ الله وَمَا الْأَقَلُّونَ؟» قَالَ: سَمِعْتُ الله يَقُولُ: ﴿وَمَآ ءَامَنَ مَعَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلٌ ۝٤٠﴾ هود: ٤٠ ، ﴿وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ ٱلشَّكُورُ ۝١٣﴾ سبأ: ١٣ وَذَكَرَ آيَاتٍ أُخَرَ، فَقَالَ عُمَرُ: «كُلُّ أَحَدٍ أَفْقَهُ مِنْ عُمَرَ».

واتە: لە کـوڕی جەدعـانەوە دەگێـڕنەوە فەرمـوویەتی: عـومەر گـوێی لە پیاوێـک بـوو دەیگـوت: خـوایە! بمگێـڕە بە یەکێـک لە کەمەکـان! عـومەر فەرمـووی: ئەی بەنـدەی خـودا! کەمەکـان کـێن؟ پیـاوەکە فەرمـووی: ئەوەتـا خـوای گەورە لە قورئانـدا دەفەرموێـت: (مانـای ئایەتەکە) جگە لە کەسانێکی کەم نەبێ باوەڕیان پێ نەهێنا. دیسان فەرموویەتی: کەمێ لە بەنـدەکانم سوپاسـگوزارن. دوایـی چەنـد ئـایەتێکیتری لەم بـابەتەوە خوێنـدەوە.. عـومەر فەرمووی: کورە خۆ هەموو کەسێ لە عومەر زاناترە!

٥٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عُبَيْدُ الله بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا سُلَيْمُ بْنُ جَعْفَرٍ قَالَ: أَنْبَأَنِي الْحَسَنُ قَالَ: أَنْبَأَنَا الْأَحْنَفُ بْنُ قَيْسٍ قَالَ: «كُنَّا نَشْهَدُ طَعَامَ عُمَرَ رَضِيَ الله عَنْهُ فَيَوْمًا لَحْمًا غَرِيضًا وَيَوْمًا قَدِيدًا وَيَوْمًا زَيْتًا».

واتە: حەسەن دەفەرموێت: ئەحنەفی کوڕی قەیس بۆی گێراینەوە فەرمووی: زۆر جار ئێمە لەسەر سفرەو خوانی عومەر ئامادە بوین؛ ڕۆژێک گۆشتی تازەو ڕۆژێک گۆشتە ووشکەو ڕۆژێکیش زەیت بوو.

٥٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي يَعْقُوبُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ الدوورقيُّ، أَنْبَأَنَا ابْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنِي أَبُو عَوَانَةَ، عَنْ أَبِي بَلْجٍ، عَنْ عَمْرِو بْنِ مَيْمُونٍ قَالَ سَمِعَ عُمَرُ رَجُلًا يَقُولُ: «اللهمَّ، إِنَّكَ تَحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ، فَحُلْ بَيْنِي وَبَيْنَ مَعَاصِيكَ أَنْ أَعْمَلَ بِشَيْءٍ مِنْهَا» فَقَالَ: «رَحِمَكَ الله وَدَعَا له بِخَيْرٍ».

واتە: باوکی بەلج لە عەمری کوڕی مەیمونەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەر گوێی لێبوو پیاوێک دەیگوت: خوایە! تۆ خۆت دەتوانی دووری بخەیتە نێوان مرۆڤ و دڵی؛ دەی دوور بخەرە نێوان من و تاوانەکان و هیچ تاوانێک ئەنجام نەدەم! عومەر فەرمووی: ئەی ڕەحمەتی خوات لێ بێتت.. پاشان هەندێ نزای بەخێری بۆ کرد.

٥٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا يَعْقُوبُ، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، أَنْبَأَنَا أَبو خَلْدَةَ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا الْعَالِيَةِ قَالَ: أَكْثَرُ مَا كُنْتُ أَسْمَعُ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ رَضِيَ الله عَنْهُ يَقُولُ: «اللهمَّ عَافِنَا وَاعْفُ عَنَّا».

واتە: ڕەوح دەفەرموێت: باوکی خەلدە فەرمووی: گوێم لە باوکی عالیە بوو دەیفەرموو: زۆرترین شتێ کە من لە عومەری کوڕی خەتتابم دەبیست ئەوەبوو دەیفەرموو: خوایە! لەدەرد و بەلاّ بەدوورمان بگرەو لێمان خۆشبە.

٥٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبَّاد، حَدَّثَنَا حَاتِمٌ يَعْنِي ابْنَ إِسْمَاعِيلَ، عَنْ هِشَام بْن سَعْد، عَن ابْن شِهَاب، عَنْ عُرْوَةَ، عَن الْمِسْوَر بْن مَخْرَمَةَ قَالَ: أُتِيَ عُمَرُ بِمَال فَوُضِعَ في الْمَسْجد فَخَرَجَ إِلَيْه يَتَصَفَّحُهُ وَيَنْظُرُ إِلَيْه، فَهَمَلَتْ عَيْنَاهُ، فَقَالَ له عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ عَوْف: يَا أَميرَ الْمُؤْمنينَ، مَا يُبْكيكَ، فَوَالله، إِنَّ هَذَا لَمِنْ مَوَاطِن الشُّكْر؟ فَقَالَ عُمَرُ: إِنَّ هَذَا وَالله، مَا أُعْطِيَهُ قَوْمٌ قَطُّ إِلاَّ أُلْقِيَ بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ ".

واتە: عوروە لە میسوەری کوڕی مەخرەمەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: هەندێ سەروەت و سامانیان هێنایە خزمەت عومەر؛ لە مزگەوتدا دانرا؛ عومەر تەشریفی بردو ئەمدیوئەودیوی دەکردو سەیری دەکرد.. چاوەکانی پڕبوون لە ئاو؛ عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف فەرمووی: ئەی گەورەی باوەڕداران! ئەوە چ شتێک دەتگرێنێ؟ بەخوا ئەم کاتە کاتی ئەوەیە سوپاسی خوای تێدا بکەین! عومەر فەرمووی: بەخوا ئامە بەهەر گەلێک بدرێ ئەوە ئاژاوە و دوژمنایەتی و ڕق و کینە دەکەوێتە نێوانیانەوە.

٥٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبَّاد، حَدَّثَنَا حَاتِمٌ، عَنْ هِشَام بْن سَعْد، عَنْ زَيْد بْن أَسْلَمَ، عَنْ أَبِيه قَالَ: رَأَيْتُ عَبْدَ الله بْنَ أَرْقَمَ جَاءَ إِلَى عُمَرَ رَضِيَ الله عَنْهُ فَقَالَ: «يَا أَميرَ الْمُؤْمنينَ، عِنْدَنَا حِلْيَةٌ منْ حِلْيَة جَلُولاَءَ آنيَة وَفضَّة، فَانْظُرْ إِنْ تَفْرُغْ يَوْمًا فَتَأْمُرُنَا فيهَا بِأَمْرِكَ» فَقَالَ: «إِذَا رَأَيْتَني فَارغًا فَآذنّي» فَجَاءَهُ يَوْمًا، فَقَالَ: «إِنِّي أَرَاكَ الْيَوْمَ فَارغًا» فَقَالَ: «أَجَلْ، ابْسُطْ

لي نطَعًا» في مَوْضع ذَكَرَهُ فَأَمَرَ بِذَلكَ الْمَالِ فَصُبَّ عَلَيْه ثُمَّ جَاءَ حَتَّى وَقَفَ عَلَيْه، فَقَالَ: " اللهمَّ ذَكَرْتَ هَذَا الْمَالَ فَقُلْتَ: ﴿ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ ﴾ آل عمران: ١٤ حَتَّى فَرَغَ منَ الْآيَة، وَقُلْتَ: ﴿ لِّكَيْلَا تَأْسَوْا عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا تَفْرَحُوا بِمَآ ءَاتَىٰكُمْ ﴾ الحديد: ٢٣ ، فَإِنَّا لَا نَسْتَطِيعُ إِلَّا أَنْ نَفْرَحَ بِمَا زَيَّنْتَ لَنَا، اللهمَّ فَأَنْفِقْهُ في حَقٍّ وَأَعُوذُ بِكَ منْ شَرِّه " قَالَ فَأُتِيَ بِابْنٍ لَه يَحْمله يُقَالُ له عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ بُهَيَّةَ فَقَالَ: «يَا أَبَة، هَبْ لي خَاتَمًا» فَقَالَ: «اذْهَبْ إِلَى أُمِّكَ، فَتَسْقِيَكَ سَوِيقًا» قَالَ: فَوَالله مَا أَعْطَاهُ شَيْئًا.

واته: له زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە ئەویش له باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: چاوم به عەبدوڵڵای کوڕی ئەرقەم کەوت هاته خزمەت عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) گوتی: ئەی گەورەی باوەڕداران! ئێمه کۆمەڵێک له کۆمەڵه زێڕو زیوەکانی گوڵاڵە (جەلەولا)مان لایە؛ بزانه چ ڕۆژێک دەتپەڕژێ پێمان بڵێ بزانین چیی لێ بکەین یا فرمانت جێبەجێ بکەین.. عومەر فەرمووی: ئەگەر بینیت ڕۆژێک بێکار بووم و دەمپەڕژا؛ ئەوا ئاگادارم بکەو وەبیرم بهێنەوە! جا عەبدوڵڵا ڕۆژێک هاته خزمەت عومەر و فەرمووی: وادەزانم ئەمڕۆ دەتپەڕژێ! عومەر فەرمووی: بەڵێ وایە! ئادەی سفرەیەکم بۆ ڕابخەن!. له شوێنێکا که عومەر خۆی فەرمووبوی سفرەیەکیان بۆ ڕاخست و هەموو زێڕو زیوەکانیان هەڵڕژانده سەری؛ عومەر هات و لەسەر کۆمەڵه زێڕو زیوەکه ڕاوەستاو فەرمووی: خوایه خۆت له قورئاندا باسی ئەم سامانەت کردووه و فەرموته: (مانای تەواوی ئایەتەکه) ئارەزووی ئافرەت و بوونی نەوەی نێرینه و خاوەنێتی ئاڵتون و زێڕو زیووی زۆرو زەبەنده و ئەسپی چاک و ڕەسەن و (هۆکارەی هاتووچۆ) هەروەها مالآت و زەوی و زاری کشتوکاڵ بۆ خەڵکی ڕازێنراوەتەوە، ئەواتە هەمووی نازو نیعمەتی ژیانی دنیان، خوایش (بۆ چاکان) شوێنی گەڕانەوەی ڕازاوه و خۆشی لای خۆی ئاماده کردووه (که بەهەشتە). دیسان خۆت فەرموته: ئەمەش بۆ ئەوەی کەخەفەت نەخۆن بۆ ئەوەی لەکیستان چووه و بەوەش دڵخۆش و غەرِرا نەبن کەپێیان بەخشیوون (واته: کەشخه نەکەن)، چونکه خوا کەسانی خۆ بەگەورەزان و فەخرفرۆشی خۆش ناوێت. ئێمەش ناتوانین که دڵمان خۆش نەبێ بەو شته جوانانه که بۆ ئێمەت ڕازاندووەتەوە؛ خوایە! داوات لێ دەکەین له ڕێگەی هەق و به جۆری شیاو بەکاری بهێنین و پەنات پێ دەگرین له خراپەو شەڕی ئەم سامانە. جا دەفەرموێت: کوڕێکی عومەریان هێنا پێیان دەگوت: عەبدولڕەحمانی کوڕی بەهییە؛ عەبدولڕەحمان گوتی: باوکە مستیلەیەکم پێ بدە! عومەر فەرمووی: بڕۆ بۆ لای دایکت با هەنێ قاوتت بۆ دروست بکات (قاووت جۆرە خواردنێکه له گەنم یان جۆی کوتراو دروست دەکرێت).. عەبدوڵڵا دەفەرموێت: سوێند بەخوا عومەر هیچی نەدا به کوڕەکەی!

٥٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبَّاد، حَدَّثَنَا ابْنُ عُيَيْنَةَ، عَنِ ابْنِ جُدْعَانَ قَالَ: «كَانَ عُمَرُ قَدْ اتَّخَذَ دِرَّةً فَلَمَّا كَانَ عُثْمَانُ رَضِيَ الله عَنْهُمَا اتَّخَذَ دِرَّةً أَشَدَّ مِنْهَا».

واتە: موحەممەدی کوڕی عەبباد لە کوڕی عویەینەوە دەگێڕێتەوە؛ ئەویش لە کوڕی **جودعانەوە فەرموویەتی: عەمەر لە سەردەمی خۆیا قامچییەکی** دەگرت بە دەستەوە؛ **جا کە عوسمان دوای عومەر بوو بە خەلیفە قامچییەکی لەوەی عومەر بەهێزتری گرت بە دەستەوە.**

٦٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُصْعَبُ بْنُ عَبْدِ الله الزُّبَيْرِيُّ، حَدَّثَنَا مَالِكٌ يَعْنِي ابْنَ أَنَس، عَنْ إِسْحَاقَ بْنِ عَبْدِ الله بْنِ أَبِي طَلْحَةَ، أَنَّ أَنَسَ بْنَ مَالِك قَالَ: سَمِعْتُ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ يَوْمًا وَخَرَجْتُ مَعَهُ حَتَّى دَخَلَ حَائِطًا، فَسَمِعْتُهُ وَهُوَ يَقُولُ، وَبَيْنِي وَبَيْنَهُ جِدَارٌ وَهُوَ فِي جَوْفِ الْحَائِطِ: «عُمَرُ أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ بَخٍ بَخٍ وَالله بَنِي الْخَطَّابِ لَتَتَّقِيَنَّ الله أَوْ لَيُعَذِّبَنَّكَ».

واتە: لە ئیسحاقی کوڕی عەبدوڵڵاوە دەگێڕنەوە ئەویش لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕۆژێک گوێم لە عومەری کوڕی خەتتاب بوو. جا من لە خزمەتیا ڕۆیشتم تا گەیشتینە ناوباخێک؛ ئەو لەناو باخەکە بوو؛ منیش لەمدیو باخەکەوە؛ تەنیا پەرژینی باخەکەمان کەوتبووە نێوانەوە. گوێم لێبوو فەرمووی: عومەر بووە بە گەورەی باوەڕداران بەهـ بەهـ! کوڕی خەتتاب سوێند بەخوا لە خوا دەترسی ئەوە باشە ئەگینا وەها سزایەکت دەدا کە مەپرسە!

٦٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عُثْمَانُ بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا يُونُسُ، عَنِ الزُّهْرِيِّ، أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ قَالَ وَهُوَ يَخْطُبُ النَّاسَ عَلَى الْمِنْبَرِ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ﴾ فصلت: ٣٠، فَقَالَ: اسْتَقَامُوا وَالله بِطَاعَةِ الله، ثُمَّ لَمْ يَرُوغُوا رَوَغَانَ الثَّعْلَبِ".

واتە: یونس لە زوهرییەوە دەگێڕێتەوە کە عومەری کوڕی خەتتاب لەسەر مینبەر وتاری دەداو ئەم ئایەتەی خوێندەوە: (مانای ئایەتەکە) ئەوانەی بەڕاستی وتیان: پەروەردگارمان (الله)یە، لەوەودوا بەردەوام پابەندی ئەو ڕێبازە ڕاستە بوون، ئەوە لە سەرەمەرگدا دەستە دەستە فریشتە دادەبەزن بۆ لایان، پێیان دەڵێن: هیچ ترس و بیمێکتان نەبێت لە داهاتوو، هیچ غەم و پەژارەیەکتان نەبێت بۆ ڕابردوو، مژدەتان لێ بێت بەو بەهەشتەی کە لە کاتی خۆی بەڵێنتان پێ دەدرا. جا عومەر فەرمووی: بەخوا بە هۆی خواپەرستیەوە پابەندی ئەو ڕێبازە پاکە بوون؛ دواتریش ئەوان وەکوو ڕێوی فرت و فێڵیان نەکرد.

٦٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عَيَّاش، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مُطَرِّف، حَدَّثَنَا زَيْدُ بْنُ أَسْلَمَ، عَنْ أَبِيه قَالَ: كَانَ لِعُمَرَ فَرَسٌ وَاحِدٌ قَالَ: «يَا أَسْلَمُ، كَمْ تَعْلِفُ الْفَرَسَ كُلَّ يَوْم؟» قَالَ: «فَرَقًا مِنْ شَعِير» ، فَقَالَ: «لَوْ صَرَفْنَاهُ إِلَى بَيْتٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ فَبَعَثْنَا بِه إِلَى النَّقِيع، فَبَعَثَ بِه إِلَى النَّقِيعِ وَصَرَفَ عَلَفَهُ إِلَى بَيْتٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ».

واته: زەیدی کوڕی ئەسلەم لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەر یەک ئەسپی هەبوو؛ فەرمووی: ئەسلەم! چۆن هەموو ڕۆژێک ئالیک بە ئەسپەکە دەدەی؟ گوتی: هەموو ڕۆژێک فەرەقێک جۆی دەدەینێ (فەرەقێک جۆ دەکاتە شەش کیلۆ). عومەر فەرمووی: ئەو بڕە جۆیە بگێڕنەوە بۆ بەیتولمالی موسوڵمانان و ئەسپەکە بنێرە بۆ نەقیع (شیوو دۆڵێکە دەکەوێتە خوار شاری مەدینەوە) با لەوێ بلەوەڕێ.

٦٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ أُسَامَةَ، أَنْبَأَنَا هِشَامٌ، عَنْ أَبِيه، عَنْ عَاصِمِ بْنِ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّاب قَالَ: أَرْسَلَ إِلَيَّ عُمَرُ يَرْفَأَ فَأَتَيْتُهُ وَهُوَ فِي مُصَلَّاهُ عِنْدَ الْفَجْرِ أَوْ عِنْدَ الظُّهْرِ فَقَالَ: «مَا كُنْتُ أَرَى أَنَّ هَذَا الْمَالَ يَحِلُّ لِي قَبْلَ أَنْ أَلِيَهُ إِلَّا بِحَقِّه وَمَا كَانَ أَحْرَمَ عَلَيَّ مُنْذُ وُلِّيتُهُ فَعَادَ أَمَانَتِي، وَقَدْ أَنْفَقْتُ عَلَيْكَ شَهْرًا مِنْ مَالِ الله عَزَّ وَجَلَّ وَلَسْتُ بِزَائِدِكَ وَلَكِنِّي مُعِينُكَ بِثَمَنِ مَالِي فِي الْعَالِيَةِ فَاجْرُدْهُ ثُمَّ ائْتِ رَجُلًا مِنْ قَوْمِكَ مِنْ تُجَّارِهِمْ فَقُمْ إِلَى جَنْبِه فَإِذَا اشْتَرَى شَيْئًا فَاسْتَشْرِكْهُ وَأَنْفِقْ عَلَى أَهْلِكَ».

واته: هیشام لە باوکییەوە ئەویش لە عاصمی کوڕی عومەری کوڕی خەتتابەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەر یەرفەئی نارد بە دوامدا؛ منیش ڕۆیشتم و عومەر لە کاتی بەرەبەیانا یان کاتی نیوەڕۆ بوو لە شوێنی نوێژکردنی خۆیا دانیشتبوو؛ فەرمووی: پێش ئەوەی ببمە کاربەدەست پێم وا بوو یەک تۆز لەم سەروەت و سامانەم بۆ حەلاڵ و ڕەوا نییە مەگەر ئەوەی کە مافی خۆم بێت؛ ئێستاش کە بووم بە کاربەدەست هەر وەکوو جاران لێم حەرامەو جگە لوە بووە بە ئەمانەتیش لە لای من؛ من یەک مانگ لەم سەروەت و سامانە خەرجیی تۆم داوە؛ لەوەش زیاترت پێ نابەخشم؛ بەڵام بە جۆرێک یارمەتیت دەدەم؛ بڕۆ باخە خورماکەی خۆم بڕنەو بەرهەمەکی بفرۆشەو دوایی پارەکەی بدە بە بازرگانێکی ناسراو با بازرگانیی پێوە بکات و لە کڕین و فرۆشتنا بتکا بە هاوبەش و بەوە بژێوی ماڵ و منداڵەکانت دابین بکە.

٦٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا سَلَامٌ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ يَقُولُ: جِيءَ إِلَى عُمَرَ رَحِمَهُ الله بِمَال، فَبَلَغَ ذَلِكَ حَفْصَةَ بِنْتَ عُمَرَ أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ فَجَاءَتْ فَقَالَتْ: «يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، حَقُّ أَقْرِبَائِكَ مِنْ هَذَا الْمَال، قَدْ أَوْصَى الله عَزَّ وَجَلَّ بِالْأَقْرَبِينَ مِنْ هَذَا الْمَال» فَقَالَ: «يَا بُنَيَّةُ، حَقُّ أَقْرِبَائِي فِي مَالِي، وَأَمَّا هَذَا فَفِي سَدَدِ الْمُسْلِمِينَ، غَشَشْتِ أَبَاكِ وَنَصَحْتِ أَقْرِبَاءَكِ، قُومِي» فَقَامَتْ وَالله تَجُرُّ ذَيْلَه.

واتە: سەلام دەفەرموێت: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: هەندێ دەسکەوت و سەروەت و سامانیان هێنایە خزمەت عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) دایە حەفصەی (خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) و) کچی عومەر (خوایان لێ ڕازی بێت) ئەوەی بیستەوە و هات و فەرمووی: ئەی گەورەی باوەڕداران! کوا مافی خزمەکانت لەم سەروەت و سامانە؟ خوای گەورە وەسیەتی کردووە کە لەم سەروەت و سامانە بەشی خزمە نزیکەکان بدرێت[1]! عومەر فەرمووی: کچی خۆم! مافی کەسوکارە نزیکەکانم لە سەروەت و سامانی خۆمایە؛ ئەمە بۆ پێویستیی موسوڵمانانە؛ تۆ بەو قسەیەت دەتەوێ باوکت فریو بدەیت و دڵسۆزی بۆ خزمەکانت بکەیت! هەستە لێرە بڕۆ! بەخوا دایە حەفصە هەستا و ڕۆیی.

٦٠٥ - حدثنا عبد الله قال قرأت على أبي هذا الحديث.

واتە: عەبدوڵلا بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: ئەم فەرموودەیەم لە باوکم بیستووە و لە ئەووم وەرگرتووە. (واتە: ئەم فەرموودەی کە دێت نەك ئەوەی پێشو).

٦٠٦ - حَدَّثَنَا رَوْحُ بْنُ عُبَادَةَ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ أَنَسٍ، عَنْ زَيْدِ بْنِ أَسْلَمَ، عَنْ أَبِيهِ، قِيلَ لِعُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: «أَنَّ فِي الظَّهْرِ نَاقَةً عَمْيَاءَ» فَقَالَ عُمَرُ: «نَدْفَعُهَا إِلَى أَهْلِ بَيْتٍ يَنْتَفِعُونَ بِهَا» قَالَ: قُلْتُ: «وَهِيَ عَمْيَاءُ؟» قَالَ: «يَقْطُرُونَهَا بِالإِبِلِ» قُلْتُ: «فَكَيْفَ تَأْكُلُ مِنَ الأَرْضِ؟» قَالَ: «أَمِنْ نَعَمِ الْجِزْيَةِ أَمْ مِنْ نَعَمِ الصَّدَقَةِ؟» قُلْتُ: «لَا بَلْ مِنْ نَعَمِ الْجِزْيَةِ» قَالَ عُمَرُ: «أَرَدْتُمْ وَاللهِ أَكْلَهَا» قُلْتُ: «إِنَّ عَلَيْهَا وَسْمُ الْجِزْيَةِ» قَالَ: " فَأَمَرَ بِهَا عُمَرُ فَأُتِيَ بِهَا فَنُحِرَتْ وَكَانَ عِنْدَهُ صِحَافٌ تِسْعٌ فَلَا تَكُونُ فَاكِهَةٌ وَلَا طَرِيفَةٌ إِلَّا جَعَلَ مِنْهَا فِي تِلْكَ الصِّحَافِ، فَبَعَثَ بِهَا إِلَى أَزْوَاجِ

---

[1] مەبەستی دایە حەفصە ئەم ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِن كُنتُمْ آمَنتُم بِاللَّهِ وَمَا أَنزَلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٤١﴾﴾ الأنفال: ٤١. واتە: (ئەی ئیمانداران) ئاگاداربن و بزانن کە: بەڕاستی هەرچیەکتان دەستکەوت (لە جەنگی بێ باوەڕاندا) ئەوە بێگومان پێنج یەکی بۆ خواو پێغەمبەرو خزمانی نزیکی پێغەمبەرو هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانە، (چوار بەشەکەی تریشی بۆ موجاهیدانە کە لەو غەزایەدا بەشدارییان کردووە) ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بە خواو بەوەی کە دامانبەزاندوە بۆ سەر بەندەمان (محمد(صلى الله عليه وسلم) لە ڕۆژی جیاکردنەوەکەدا (کە غەزای بەدرە) ئەو ڕۆژەی کە هەردوو لەشکر بەرەنگاری یەک بوون، خوایش بەسەر هەموو شتێکدا دەسەڵاتدارە. هەروەها ئەم ئایەتەش کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَآتِ ذَا الْقُرْبَىٰ حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ ذَٰلِكَ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يُرِيدُونَ وَجْهَ اللَّهِ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿٣٨﴾﴾ الروم: ٣٨. واتە: کەواتە ئەی ئیماندار: مافی خزمان بدە، لە هەر ڕوویەکەوە مافیان دەکەوێتە سەرت جێبەجێی بکە، هەروەها مافی هەژاران و ڕێبوارانیش فەرامۆش مەکە، ئەو ڕەفتارانە چاکترو پەسەندترە بۆ ئەو کەسانەی کە مەبەستیان ڕەزامەندی خوایە، بێگومان هەر ئەوانەش سەرفرازو سەرکەوتوون. چەند ئایەتێکیتریش هەن کە هەمان ماناو مەبەست دەگەیەنن.

رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ، وَيَكُونُ الَّذي يُبْعَثُ به إلَى حَفْصَةَ منْ آخر ذَلكَ فَإنْ كَانَ فيه نُقْصَانٌ كَانَ في حَظِّ حَفْصَةَ رَضيَ الله عَنْهَا وَعَنْهُمْ أَجْمَعينَ، قَالَ: فَجَعَلَ في تلْكَ الصِّحَاف منْ لَحْم تلْكَ الْجَزُور فَبَعَثَ بهَا إلَى أَزْوَاج رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ، وَأَمَرَ بمَا بَقيَ منَ اللَّحْم فَصَنَعَ وَدَعَا عَلَيْهَا الْمُهَاجرينَ وَالأَنْصَارَ".

واته: زەیدی کوڕی ئەسلەم لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە کە بە عومەری کوڕی خەتتاب گوترا: لە ناو وشترە بارییەکانا وشترێکی کوێر هەیە! عومەر فەرمووی: دەیدەین بە ماڵێک سودی لێ وەربگرن! من گوتم: وشترەکە کوێرە! فەرمووی: لەگەڵ وشتریترا تێکەڵی دەکەن و دەچێتە دەرەوە بۆ لەوەڕ.. گوتم: ئەی چۆن گژوگیا ببینێت و بلەوەڕێ؟ فەرمووی: ئەو وشترە وشتری سەرانەیە یان وشتری زەکاتە؟ گوتم: لە بری سەرانە وەرگیراوە نەك زەکات! عومەر فەرمووی: بەخوا ئێوە دەتانەوێ بیخۆن! گوتم: بەخوا مۆری ئەوەی پێوەیە کە لە بری سەرانە وەرگیراوە! زەید دەڵێ: عومەر فرمانی کرد وشترەکەی بۆ بهێنن؛ بۆیان هێناو سەری بڕی؛ عومەر سینییەکی لابوو کە نۆ بەش بوو؛ هەر میوەیەک یان شتێکی سوێرکراو هەبوایە دەکرایە سەر ئەو سینییەو عومەر دەینار بۆ خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) (کە نۆ کەس بوون) جا کاتێ کە دەینار بەشی حەفصەی دەخستە کۆتا بەشەوە (چونکە حەفصە کچی خۆی بو) بۆ ئەوەی ئەگەر ناتەواوییەکی تێدابا بەر حەفصە بکەوێت (خوا لە هەموویان ڕازی بێت) زەید دەڵێ: سینییەکەیان لە گۆشتی ئەو وشترە پڕ کرد و ناردیان بۆ خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەیشی کە مایەوە فرمانی کرد بکرێ بە چێشت و موهاجیرەکان و ئەنصارییەکانی پێ دەعوەت کرد.

٦٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْوَليد بْنُ شُجَاع بْن الْوَليد بْن قَيْس السَّكُونيُّ قَالَ: حَدَّثَني أَبي حَدَّثَني زيَادُ بْنُ خَيْثَمَةَ عَنْ مُحَمَّد بْن جُحَادَةَ أَنَّ حَبيبَ بْنَ أَبي ثَابت حَدَّثَهُمْ عَنْ يَحْيَى بْن جَعْدَةَ قَالَ: قَالَ عُمَرُ: «لَوْلَا ثَلَاثٌ لَأَحْبَبْتُ أَنْ أَكُونَ قَدْ لَقيتُ الله عَزَّ وَجَلَّ لَوْلَا أَنْ أَضَعَ جَبْهَتي لله عَزَّ وَجَلَّ وَأَجْلسُ في مَجَالسَ يُنْتَقَى فيهَا طَيِّبُ الْكَلَام كَمَا يُنْتَقَى فيهَا طَيِّبُ الثَّمَر وَأَنْ أَسيرَ في سَبيل الله عَزَّ وَجَلَّ».

واته: حەبیبی کوڕی باوکی ثابت لە یەحیای کوڕی جەعدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەر فەرمووی: ئەگەر لەبەر سێ شت نەبوایە پێمخۆشبوو مردبام و بە خزمەت خوای گەورە گەشتبام! ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە ناوچەوانم دەنێمە سەرزەوی و سەجدە بۆ خوا دەبەم و لەبەر ئەوە نەبوایە کە لە ناو کۆڕو کۆمەڵێکا دادەنیشم کە قسەی چاک و پاکی تێدا هەڵدەبژێردرێ وەک چۆن خورمای باش هەڵدەبژێردرێت و لەبەر ئەوە نەبوایە کە لەبەر ڕەزامەندی خوا شەوان بگەڕێم.

٦٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبو الهيْثَم الزَّبَالِيُّ مُحَمَّدُ بْنُ يَعْقُوبَ الْبَصْرِيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ نُمَيْرٍ، عَنْ عُبَيْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ، عَنْ ثَابِتٍ، عَنْ أَنَسٍ قَالَ: " تَقَرْقَرَ بَطْنُ عُمَرَ قَالَ: وَكَانَ يَأْكُلُ الزَّيْتَ عَامَ الرَّمَادَةِ وَكَانَ قَدْ حَرَّمَ عَلَيْهَا السَّمْنَ، قَالَ: فَنَقَرَ بَطْنَهُ بِإِصْبَعِهِ وَقَالَ: تَقَرْقَرْ إِنَّهُ لَيْسَ لَكَ عِنْدَنَا غَيْرُهُ حَتَّى يَحْيَى النَّاسُ ".

واتە: ثابت لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە کە: زگی عومەر قوڕەقوڕی دەکرد؛ عومەر ئەو ساڵەی کە ووشکەساڵی بوو بە (عام الرمادە) واتە: ساڵی خۆڵەمێشی؛ ناوی دەرکرد؛ هەر زەیتی دەخواردو ڕۆنی لەسەر خۆی حەرام کردبوو؛ جا کاتێ ناوزگی قوڕەی لێ هات بە پەنجە کوتایە ناوزگی و فەرمووی: هەر بۆخۆت بقوڕێنە هەتا ئەم خەڵکە نەبوژێنەوە و لەم گرانییە ڕزگار نەبن؛ جگە لە زەیت هیچیترمان نییە.

٦٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبو حَفْصٍ عَمْرُو بْنُ عَلِيٍّ، حَدَّثَنَا مُعْتَمِرٌ، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ اللهِ بْنُ عُمَرَ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ الْمُنْكَدِرِ، عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " دَخَلْتُ الْجَنَّةَ، فَإِذَا أَنَا بِقَصْرٍ مِنْ ذَهَبٍ فَقُلْتُ: لِمَنْ هَذَا؟ قَالَ: لِرَجُلٍ مِنْ قُرَيْشٍ فَمَا مَنَعَنِي أَنْ أَدْخُلَ يَا ابْنَ الْخَطَّابِ إِلَّا مَا أَعْلَمُ عَنْ غَيْرَتِكَ " قَالَ: وَعَلَيْكَ أَغَارُ يَا رَسُولَ اللهِ ".

واتە: لە موحەممەدی کوڕی مونکەدیرەوە دەگێڕنەوە؛ ئەویش لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ڕۆیشتمە ناو بەهەشتەوە دەبینم لەوێ کۆشکێک لە زێڕ دروست کراوە؛ گوتم: ئەم کۆشکە بۆ کێ دروست کراوە؟ (جبریل) گوتی: بۆ پیاوێکی قورەیشی.. کوڕی خەتتاب! دەمزانی غیرەت هەیە بۆیە تەنیا ئەوە بووە لەمپەر لەبەردەم ئەوەی کە بچمە ناو کۆشکەکەوە! عومەر فەرمووی: غیرە لەتۆش دەکەم ئەی پێغەمبەری خوا؟![1].

---

[1] ئوم فەرموودەیە لە صەحیحی بوخاریدا ئاوایە: حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ أَبِي مَرْيَمَ، حَدَّثَنَا اللَّيْثُ، قَالَ: حَدَّثَنِي عُقَيْلٌ، عَنِ ابْنِ شِهَابٍ، قَالَ: أَخْبَرَنِي سَعِيدُ بْنُ الْمُسَيِّبِ، أَنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: بَيْنَا نَحْنُ عِنْدَ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، إِذْ قَالَ: " بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ رَأَيْتُنِي فِي الْجَنَّةِ، فَإِذَا امْرَأَةٌ تَتَوَضَّأُ إِلَى جَانِبِ قَصْرٍ فَقُلْتُ: لِمَنْ هَذَا الْقَصْرُ؟ فَقَالُوا: لِعُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ فَذَكَرْتُ غَيْرَتَهُ فَوَلَّيْتُ مُدْبِرًا، فَبَكَى عُمَرُ وَقَالَ: أَعَلَيْكَ أَغَارُ يَا رَسُولَ اللهِ ". رواه البخاري: ٣٢٤٢. واتە: ئەبوهورەیرە دەفەرموێت: ئێمە لە خزمەت پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) بووین؛ فەرمووی: من لەخەودا بینیم لە بەهەشتدا بووم؛ بینیم ژنێک لە تەنیشت کۆشکێکدا دەستنوێژ دەگرێ؛ گوتم: ئەم کۆشکە بۆ کێ دروست کراوە؟ گوتیان: بۆ عومەری کوڕی خەتتاب؛ ئیتر منیش غیرەی عومەرەم وەبیر هاتەوە و پۆشتم لە کۆشکەکە کرد (و نەچومە ناویەوە و بەجێم هێشت) عومەر دەستی بە گریان کرد و فەرمووی: غیرە لەتۆش دەکەم ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)؟!

٦١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مَنْصُورُ بْنُ بَشِيرٍ يَعْنِي ابْنَ أَبِي مِزَاحٍ، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرٍ يَعْنِي ابْنَ عَيَّاشٍ، عَنْ عَاصِمٍ، عَنْ حَبِيبِ بْنِ صَهْبَانَ الْكَاهِلِيِّ قَالَ: كُنْتُ أَطُوفُ بِالْبَيْتِ، وَعُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ يَطُوفُ مَا له قَوْلٌ إِلَّا: ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿٢٠١﴾﴾ البقرة: ٢٠١ قَالَ: مَا له هِجِّيرٌ غَيْرُهَا ".

واتە: عاصم لە حەبیبی کوڕی صەهبانی کاهیلییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من بەدەور کەعبەدا دەسوڕامەوە و تەوافم دەکرد؛ عومەری کوڕی خەتتابیش هەر تەوافی دەکردو لەم ئایەتە زیاتر هیچی نەدەگوت: (مانای ئایەتەکە): پەروەردگارا لە دنیادا خێرو چاکەو نازو نیعمەتمان پێ ببەخشەو، لە قیامەتیشدا لە نازو نیعمەتەکانی بەهەشت بەهرەمەندمان بکەو، لە سزای ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە.

٦١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو مَعْمَرٍ، عَنِ ابْنِ عُيَيْنَةَ قَالَ: «الْعِلْمُ إِنْ لَمْ يَنْفَعْكَ يَضُرُّكَ».

واتە: عەبدوڵلا دەفەرموێت: باوکی مەعمەر لە کوڕی عویەینەوە (واتە: لە سوفیانەوە) بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: زانست ئەگەر سودت پێ نەگەیەنێ ئەوا زیانت پێ دەگەیەنێت (واتە: ئەگەر سودی نەبێ؛ هەروا بەسەرتا تێناپەڕێت و زیانت پێ دەگەیەنێت و یان سودی هەیە یان زیان).

٦١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُعَاوِيَةُ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ مُجَاهِدٍ قَالَ: قَالَ عُمَرُ: «وَجَدْنَا خَيْرَ عَيْشِنَا بِالصَّبْرِ».

واتە: ئەعمەش لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەر فەرمووی: ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە باشترین ژیانمان ئەوەیە سەبرو خۆڕاگری لەگەڵدا بێ.

٦١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، وَوَكِيعٌ، عَنْ هِشَامٍ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: قَالَ عُمَرُ فِي خُطْبَتِهِ: «تَعْلَمُنَّ أَنَّ الطَّمَعَ فَقْرٌ، وَأَنَّ الْإِيَاسَ غِنًى وَأَنَّ الرَّجُلَ إِذَا أَيِسَ مِنْ شَيْءٍ اسْتَغْنَى عَنْهُ».

واتە: وەکیع لە هیشامەوە ئەویش لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەر لە وتارەکەیا فەرمووی: بە دڵنیاییەوە ئێوە دەزانن کە تەماع هەژارییە؛ هەروەها ئەوەش دەزانن کە بێهومێدی دەوڵەمەندییە؛ هەر کاتێ مرۆڤ بێهومێد بوو لە شتێک ئەوە ئیتر ئاتاجی ئەو شتە نییە!

٦١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أبي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ نُمَيْرٍ، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله، عَنْ زَيْدِ بْنِ أَسْلَمَ، عَنْ أَبِي، عَنْ عُمَرَ قَالَ: «الْمَدْحُ الذَّبْحُ».

واتە: **زەیدی کوڕی ئەسلەم لە باوکی خۆیەوە** دەگێڕێتەوە ئەویش لە عومەرەوە فەرموویەتی: **پەسندان و پیاهەڵدان سەربڕینە (واتە: ئەگەر کەسێک بەرە**وڕوو بە شان و **پیلی** کەسێکیا **هەڵدا؛ وەک ئەوە وایە سەری بڕیبێت).**

٦١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أبي، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ دَاوُدَ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ سُلَيْمَانَ التَّيْمِيِّ، سَمِعَ أَبَا عُثْمَانَ النَّهْدِيَّ قَالَ: قَالَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ رَضِيَ الله عَنْهُ: «الثَّنَاءُ غَنِيمَةُ الْعَابِدِينَ».

واتە: لە سولەیمانی تەیمییەوە دەگێڕنەوە کە گوێی لە باوکی عوسمانی نەهدی بووە فەرموویەتی: عومەری کوڕی خەتتاب (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: ستاییش کردن دەسکەوتی خواپەرستەکانە.

٦١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أبي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا أَبو الْأَشْهَبِ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: مَرَّ عُمَرُ عَلَى مَزْبَلَةٍ؛ فَاحْتَبَسَ عِنْدَهَا، فَكَأَنَّهُ شَقَّ عَلَى أَصْحَابِهِ وَتَأَذَّوْا بِهَا فَقَالَ لهمْ: «هَذِهِ دُنْيَاكُمُ الَّتِي تَحْرِصُونَ عَلَيْهَا».

واتە: لە حەسەنەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: عومەر بە لای زبڵدانێکا تێپەڕی؛ لەوێ هەندێ گیری خواردو مایەوە؛ وەک بڵێی هاوڕێکانی پێیان گرانبوو و ئەو وەستانەیان پێ ئەزیەت بوو؛ پێشەوا عومەر پێی فەرمون: ئائەمە ئەو دونیایەی ئێوەیە کە لەسەری سوورن (و بە دوایا دەگەڕێن).

٦١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أبي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ حَدَّثَنَا أبو الْأَشْهَبِ عَنِ الْحَسَنِ، أَنَّ عُمَرَ كَانَ يَقُولُ: «اللهمَّ، اجْعَلْ عَمَلِي صَالِحًا، وَاجْعَله لَكَ خَالِصًا، وَلَا تَجْعَلْ لِأَحَدٍ فِيه شَيْئًا».

واتە: لە حەسەنەوە دەگێڕنەوە کە عومەر دەیفەرموو: خوایە! کارەکانم بەچاک بگێڕە! وایان لێ بکە کە تەنیا لەبەر ڕەزامەندی تۆ بن؛ بەشی هیچ کەسێکیان تێ مەخە (واتە: هیچیان لەبەر ڕیا و خۆنواندن نەبێت).

٦١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أبي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا أبو خَلْدَةَ، حَدَّثَنَا أبو الْعَالِيَةِ قَالَ: أَكْثَرَ مَا كُنْتُ أَسْمَعُ مِنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ: «اللهمَّ، عَافِنَا وَاعْفُ عَنَّا».

واتە: باوکی خەلدە دەفەرموێت: باوکی عالیە بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: زۆرترین شتێ کە من لە عومەری کوڕی خەتتابم دەبیست ئەوەبوو دەیفەرموو: خوایە! لەدەرد و بەڵا بەدوورمان بگرەو لێمان خۆشبە.

٦١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ أُسَامَةَ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ عَنْ أَبِيهِ قَالَ: حَدَّثَنِي صَاحِبُ أَيْلَةَ أَوْ أَذْرُعَاتٍ قَالَ: " لَمَّا قَدِمَ عُمَرُ الشَّامَ؛ بَعَثَ إِلَيَّ بِقَمِيصِهِ؛ لِأُرَقِّعَهُ له وَأَغْسِله، وَكَانَ قَدْ تَجَوَّبَ عَنْ مَقْعَدِه قَمِيصٌ شَقَائِقُ فَغَسَلْتُهُ ثُمَّ رَقَّعْتُهُ وَخِطْتُ له قَمِيصًا قَبْطَرِيًّا فَبَعَثْتُ بِهِمَا إِلَيْهِ، فَلَمَّا أُتِيَ بِهِمَا عُمَرُ رَضِيَ الله عَنْهُ مَسَّ الْقَبْطَرِيَّ فَقَالَ: " هَذَا أَلْيَنُ، ثُمَّ رَمَى بِهِ وَأَخَذَ قَمِيصَهُ قَالَ: هَذَا أَنْشَفُهُمَا لِلْعَرَقِ ".

واته: هیشام له باوکییه‌وه ده‌گێڕێته‌وه فه‌رموویه‌تی: خاوه‌نی ئه‌یله یان ئه‌زروعات بۆی گێڕامه‌وه گوتی: کاتێ عومه‌ر هات بۆ شام؛ کراسه‌که‌ی خۆی نارد بۆ من بۆ ئه‌وه‌ی بۆی پینه بکه‌م و بۆی بشۆم؛ کراسه‌که‌ی له دوای (به هۆی دووریی سه‌فه‌ره‌که‌یان) دڕابوو؛ له دواوه له ئاستی که‌مه‌ر به‌ره‌وخوار (هه‌ندێکی لێ ببوبه‌وه) منیش بۆم پینه کرد و کراسێکم له قوماشی قه‌بته‌ری بۆ دووری و هه‌ردوکیانم بۆ ناردەوه؛ کاتێ کراسه‌کان گه‌یشتنه ده‌ستی عومه‌ر ده‌ستی به کراسه قه‌بته‌ریه‌که‌دا هێناو فه‌رمووی: ئه‌مه‌یان نه‌رمتره؛ ئه‌وه‌ی فڕێداو ئه‌وه‌ی خۆی هه‌ڵگرته‌وه و فه‌رمووی: ئه‌مه‌یان باشتر ئاره‌ق هه‌ڵده‌مژێ.

٦٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا الْقَوَارِيرِيُّ، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ مَهْدِيٍّ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ عَبَايَةَ بْنِ رِفَاعَةَ، عَنْ عُمَرَ رَضِيَ الله عَنْهُ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «لَا يَشْبَعُ الرَّجُلُ دُونَ جَارِه».

واته: له سوفیانه‌وه ئه‌ویش له باوکییه‌وه ئه‌ویش له عه‌بایه‌ی کوڕی ڕیفاعه‌وه ئه‌ویش له عومه‌ره‌وه ده‌گێڕێته‌وه فه‌رموویه‌تی: گوێم له پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) بوو ده‌یفه‌رموو: مرۆڤ به بێ دراوسێ تێر ناخوات.

٦٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ الْوَلِيدِ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ قَالَ: حَدَّثَنِي عَاصِمُ بْنُ عَبْدِ الله، عَنْ أَبَانَ بْنِ عُثْمَانَ، عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ رَحِمَهُ الله قَالَ: إِنِّي لَشَاهِدٌ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ رَحِمَهُ الله حِينَ مَاتَ وَهُوَ يَقُولُ: «وَيْلِي وَوَيْلُ أُمِّي، إِنْ لَمْ يُغْفَرْ لِي» ، ثَلَاثًا، ثُمَّ قَضَى وَمَا بَيْنَهُمَا كَلَامٌ.

واته: ئه‌بانی کوڕی عوسمان له عوسمانی کوڕی عه‌ففانه‌وه (واته له باوکی خۆیه‌وه) ده‌گێڕێته‌وه فه‌رموویه‌تی: کاتێ عومه‌ر وه‌فاتی کرد من لایبوم ده‌یفه‌رموو: ئای ئاگر بۆ خۆم و ئای بۆ دایکم ئه‌گه‌ر خوا لێم خۆش نه‌بێت. سێجار وای فه‌رموو ئیتر مرد؛ له نێوان ئه‌و قسه‌یه‌و مردنه‌که‌یا هیچ قسه‌یه‌کیتر نه‌بوو (واته: ئه‌وه کۆتا قسه‌ی بو).

٦٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُوسَى، حَدَّثَنَا حَزْمٌ قَالَ سَمِعْتُ الْحَسَنَ بْنَ أَبِي الْحَسَنِ يَقُولُ: تَزَوَّجَ عُثْمَانُ بْنُ أَبِي الْعَاصِ امْرَأَةً مِنْ نِسَاءِ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ، فَقَالَ: " وَاللهِ، مَا نَكَحْتُهَا رَغْبَةً فِي مَالٍ وَلَا وَلَدٍ، وَلَكِنِّي أَحْبَبْتُ أَنْ تُخْبِرَنِي عَنْ لَيْلِ عُمَرَ فَسَأَلْتُهَا، فَقَالَ: كَيْفَ كَانَ صَلَاةُ عُمَرَ بِاللَّيْلِ؟ قَالَتْ: كَانَ يُصَلِّي صَلَاةَ الْعِشَاءِ، ثُمَّ يَأْمُرُنَا أَنْ نَضَعَ عِنْدَ رَأْسِهِ تَوْرًا فِيهِ مَاءٌ فَيَتَعَارُّ مِنَ اللَّيْلِ فَيَضَعُ يَدَهُ فِي الْمَاءِ فَيَمْسَحُ وَجْهَهُ وَيَدَيْهِ ثُمَّ يَذْكُرُ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ حَتَّى يُغْفِيَ ثُمَّ يَتَعَارُّ حَتَّى تَأْتِيَ السَّاعَةُ الَّتِي يَقُومُ فِيهَا ".

واته: حەزم دەفەرموێت: گوێم لە حەسەنی کوڕی باوکی حەسەن بوو دەیفەرموو: عوسمانی کوڕی باوکی عاص (دوای مردنی پێشەوا عومەر) یەکێک لە ژنەکانی عومەری مارە کرد و هێنای؛ دوایی دەیفەرموو: بەخوا لەبەر دەوڵەمەندی یان لەبەر ماڵ و منداڵ ئەو ژنەم مارە نەکرد؛ بەڵکوو پێم خۆشبوو لە بارەی شەوانی عومەرەوە زانیاریم هەبێ و لێی بپرسم؛ جا لێم پرسی.. گوتبوی: عومەر شەوانە چۆن نوێژی دەکرد؟ ژنەکە گوتبوی: نوێژی عیشای دەکرد؛ دوایی فرمانی پێ دەکردین کە لە لای سەریا کاسەیەکی پڕ لە ئاو دابنێین؛ شەو کە بە ئاگا دەهاتەوە دەستی دەخستە ناو ئاوەکەو دەیهێنا بە دەموچاویاو دوایی ئەوەندی یاد و زیکری خوای دەکرد تا خەو دەیبردەوە؛ دوایی دیسان بێدار دەبویەوە تا ئەو کاتەی کە ئیتر هەڵدەستا بۆ شەونوێژ.

٦٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو سَعِيدٍ مَوْلَى بَنِي هَاشِمٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْعَزِيزِ يَعْنِي ابْنَ أَبِي سَلَمَةَ، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ قَالَ: قَدِمَ عَلَى عُمَرَ مِسْكٌ وَعَنْبَرٌ مِنَ الْبَحْرَيْنِ، فَقَالَ عُمَرُ: " وَاللهِ، لَوَدِدْتُ أَنِّي وَجَدْتُ امْرَأَةً حَسَنَةَ الْوَزْنِ تَزِنُ لِي هَذَا الطِّيبَ حَتَّى أَقْسِمَهُ بَيْنَ الْمُسْلِمِينَ، فَقَالَتْ لَهُ امْرَأَتُهُ عَاتِكَةُ بِنْتُ زَيْدِ بْنِ عَمْرِو بْنِ نُفَيْلٍ: أَنَا جَيِّدَةُ الْوَزْنِ فَهَلُمَّ أَزِنُ لَكَ قَالَ: لَا، قَالَتْ: لِمَ؟ قَالَ: إِنِّي أَخْشَى أَنْ تَأْخُذِيهِ فَتَجْعَلِينَهُ هَكَذَا أَدْخَلَ أَصَابِعَهُ فِي صُدْغَيْهِ وَتَمْسَحِينَ بِهِ عُنُقَكِ فَأُصِيبُ فَضْلًا عَلَى الْمُسْلِمِينَ ".

واته: ئیسماعیلی کوڕی موحەممەد دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: لە بەحرەینەوە هەندێ میسک و عەنبەریان بۆ عومەر هێنا؛ عومەر فەرمووی: بەخوا پێم خۆشە ژنێکی شارەزا لە کێشانەو پێوانەم دەست بکەوێت بۆ ئەوەی ئەم میسک و عەنبەرە لە نێوان خەڵکدا دابەش بکەم! جا عاتیکەی کچی زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیل کە ژنی عومەر خۆی بوو گوتی: من زۆر جوان دەزانم بە یەکسانی دابەشیان بکەم! بمدەرێ با دابەشی بکەم.. عومەر گوتی: نەخێر نایدەم بەتۆ! عاتیکە گوتی: بۆ؟ فەرمووی: ئاخر دەترسم میسک و عەنبەرەکە دابەش بکەیت و دوایی ئاوا. جا پەنجەکانی خستە ناو لاجانگیەوە و دەستی بە لاجانگیا هێنا. لاملی خۆتی پێ بۆنخۆش بکەیت و بەشی من لە بەشی خەڵکی زیاتر دەربچێ!

٦٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو قَطَن، حَدَّثنا شُعْبَةُ، عَنْ أَبِي مَسْلَمَةَ، عَنْ أَبي نَضْرَةَ قَالَ: قَالَ عُمَرُ رَضِيَ الله عَنْهُ لأَبِي مُوسَى الأَشْعَرِيِّ: «شَوِّقْنَا إِلَى رَبِّنَا» قَالَ: فَقَرَأَ، فَقَالُوا: «الصَّلَاةَ» ، فَقَالَ عُمَرُ رَضِيَ الله عَنْهُ: «أَوَلَسْنَا فِي الصَّلَاةِ».

واتە: لە باوکی مەسلەمەوە ئەویش لە باوکی نەزرەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) بە باوکی مووسای ئەشعەریی گوت: ئا شۆقی دیداری خوا بخەرە ناو دڵمانە (واتە: هەندێ قورئان بخوێنە).. دەفەرموێت: باوکی مووسا هەندێ قورئانی خوێند، جا گوتیان: کاتی نوێژ هاتووە! عومەر فەرمووی: ئەی مەگەر ئێمە لەناو نوێژا نین؟! (واتە: گوێگرتن لە قورئانیش وەکوو نوێژ خێری هەیە).

٦٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، وَعَبْدُ الرَّحْمَنِ قَالَا: حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ مَالِك بْنِ الْحَارِث قَالَ: قَالَ عُمَرُ رَضِيَ الله عَنْهُ: «التُّؤَدَةُ فِي كُلِّ شَيْءٍ خَيْرٌ إِلَّا مَا كَانَ مِنْ أَمْرِ الْآخِرَةِ».

واتە: لە ئەعمەشەوە دەگێڕنەوە؛ ئەویش لە مالیکی کوڕی حارثەوە فەرموویەتی: عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: هێمنی و لەسەرخۆیی و هێواشی لە هەموو کارێکا چاکەو خێرە جگە لە کاروباری ئەو دونیا (واتە: هەر شتێ پەیوەندی بە قیامەتەوە هەبێ؛ مرۆڤ خاوەخاوی تێدا نەکات و یەکسەر جێبەجێی بکات).

٦٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيِّ، عَنِ الْحَارِث بْنِ سُوَيْد أَنَّ رَجُلًا مِنْ أَهْلِ الْكُوفَةِ وَشَى بِعَمَّارٍ رَحِمَهُ الله تَعَالَى إِلَى عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ قَالَ: فَقَالَ له عَمَّارٌ: «إِنْ كُنْتَ كَاذِبًا فَأَكْثَرَ الله مَالَكَ وَوَلَدَكَ وَجَعَلَكَ مَوْطِئَ الْعَقِبَيْنِ».

واتە: حارثی کوڕی سووەید دەفەرموێت: پیاوێکی کوفی چڵوچۆکەری کرد و قسەی عەمماری برد بۆ پێشەوا عومەر؛ عەممار پێی فەرموو: ئەگەر درۆ دەکەیت ئەوا خوای گەورە سەروەت و سامان و ماڵ و مناڵ و شوێنکەوتەت زۆر بکات.

٦٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ إِسْمَاعِيلَ بْنِ أُمَيَّةَ قَالَ: قَالَ عُمَرُ رَحْمَةُ الله عَلَيْه: «إِنَّ فِي الْعُزْلَةِ الرَّاحَةَ مِنْ خِلَالِ السُّوءِ».

واتە: ئیسماعیلی کوڕی ئومەییە دەفەرموێت: عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: گۆشەگیری و تەنیایی ئو باشیەی هەیە کە دوور دەکەوێتەوە لە برادەری خراپ.

٦٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا حَوْشَبٌ، عَنِ الْحَسَنِ، أَنَّ عُمَرَ أُتِيَ بِشَرْبَةِ عَسَلٍ فَذَاقَهَا، فَإِذَا مَاءٌ وَعَسَلٌ، فَقَالَ: «اعْزِلُوا عَنِّي حِسَابَهَا اعْزِلُوا عَنِّي مُؤْنَتَهَا».

واتە: حەسەن دەفەرموێت: هەندێک شەربەتی هەنگوینیان بۆ عومەر هێناو تامێکی کرد؛ دەبینێ ئاوو هەنگوینە؛ فەرمووی: حسابی ئەمەم لێ دوور بخەنەوە؛ کرێ و هەقی ئەمەم لێ دوور بخەنەوە!

٦٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ، أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ رَضِيَ الله عَنْهُ كَانَ يَمُرُّ بِالْآيَةِ فِي وِرْدِهِ فَتَخْنُقُهُ فَيَبْقَى فِي الْبَيْتِ أَيَّامًا يُعَادُ يَحْسَبُونَهُ مَرِيضًا.

واتە: حەسەن دەفەرموێت: بەڕاستی عومەری کوڕی خەتتاب (خوای لێ ڕازی بێت) لە بەشە قورئانخوێندنی خۆیا ئایەتی وای بۆ پێشدەهات و دەیخوێندەوە کە خەریك بوو بیخنکێنێ؛ چەند ڕۆژێک لە ماڵ دەمایەوە و نەدەهاتە دەرەوە و خەڵکی وایان گومان دەبرد کە نەخۆشە!

٦٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا الْعَلَاءُ بْنُ عَبْدِ الْكَرِيمِ، عَنْ بَعْضِ أَصْحَابِهِ قَالَ: قَالَ عُمَرُ رَحِمَهُ الله: «تَعَلَّمُوا الْعِلْمَ وَتَعَلَّمُوا لِلْعِلْمِ السَّكِينَةَ وَالْحِلْمَ وَتَوَاضَعُوا لِمَنْ تُعَلِّمُونَ، وَلْيَتَوَاضَعْ لَكُمْ مَنْ تُعَلِّمُونَ وَلَا تَكُونُوا مِنْ جَبَابِرَةِ الْعُلَمَاءِ، وَلَا يَقُمْ عِلْمُكُمْ مَعَ جَهْلِكُمْ».

واتە: عەلای کوڕی عەبدولکەریم لە یەکێک لە برادەرەکانییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: زانست فێر ببن و خەڵکی فێری زانست بکەن.. بەڕاستی زانست ئارامی و حەوسەڵەو ملکەچیی لەگەڵایە بۆ ئەو کەسانەی کە فێری دەبن؛ هەر کەستان فێری زانست کرد با ملکەچی بنوێنێ بۆتان؛ ئێوەش نەبن بە لەو زانایانەی کە وەکوو مرۆڤی ستەمکار و دەسەڵاتدار ڕەفتار دەکەن؛ با زانایی و نەزانیتان پێکەوە هەڵنەستن!

٦٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا مِسْعَرٌ، عَنْ عَوْنِ بْنِ عَبْدِ الله قَالَ: قَالَ عُمَرُ رَحِمَهُ الله: «جَالِسُوا التَّوَّابِينَ فَإِنَّهُمْ أَرَقُّ شَيْءٍ أَفْئِدَةً».

واتە: میسعەر لە عەونی کوڕی عەبدوڵلاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەر (خوای لێ ڕازی بێـت) فەرمـوویەتی: هەمیشـە لەگەڵ ئەوانەدا دابنیشـن کە تۆبەکـارن؛ چـونکە ئەوانە نەرمترین دڵیان هەیە.

٦٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنِ ابْنِ أَبِي خُلْدٍ قَالَ: قَالَ عُمَرُ رَحِمَهُ اللهُ: «كُونُوا أَوْعِيَةَ الْكِتَابِ، وَيَنَابِيعَ الْعِلْمِ، وَسَلُوا اللهَ رِزْقَ يَوْمٍ بِيَوْمٍ، وَلَا يَضُرُّكُمْ أَنْ لَا يُكْثِرَ لَكُمْ».

واتە: کوڕی باوکی خولد دەفەرموێت: عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: ئێوە بینە تورەکەی کتێبیان؛ بینە کانیی زانست؛ ڕۆژانە داوای ڕزق و ڕۆزی ئەو ڕۆژە لە خوا بکەن کە تێیدان؛ خۆ ئەگەر خوای گەورە زۆریی پێ نەبەخشین ئەوە زیانتان لێ نادات.

٦٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ بُرْقَانَ، عَنْ ثَابِتِ بْنِ الْحَجَّاجِ قَالَ: قَالَ عُمَرُ رَحِمَهُ اللهُ: «حَاسِبُوا أَنْفُسَكُمْ قَبْلَ أَنْ تُحَاسَبُوا وَزِنُوا أَنْفُسَكُمْ قَبْلَ أَنْ تُوزَنُوا، فَإِنَّ أَهْوَنَ عَلَيْكُمْ فِي الْحِسَابِ غَدًا أَنْ تُحَاسِبُوا أَنْفُسَكُمْ تَزِنُوا لِلْعَرْضِ الْأَكْبَرِ يَوْمَ تُعْرَضُونَ لَا تَخْفَى مِنْكُمْ خَافِيَةٌ».

واتە: لە ثابتی کوڕی حەججاجەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێش ئەوەی لێتان بپرسنەوە؛ خۆتان لێپرسینەوە لەگەڵ خۆتانا بکەن؛ پێش ئەوەی هەڵبسەنگێندرێن؛ خۆتـان خۆتـان هەڵسـەنگێنن! سـوکترین لێکـۆڵینەوە لە سبەیدا ئەوەیە کە خۆتان لە خۆتان بپرسنەوە؛ خۆتان بۆ لێپرسینەوە گەورە بکێشن؛ ئەو لێپرسینەوەی کە هەموو شتێکتان دەردەکەوێت و کەس ناتوانێ هیچ شتێک بشارێتەوە؛ نە گەورە نە گچکە.

٦٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هُشَيْمٌ، أَنْبَأَنَا مُجَالِدٌ، عَنِ الشَّعْبِيِّ، عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ أَوْصَانِي عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ فَقَالَ: «إِذَا وَضَعْتَنِي فِي لَحْدِي فَأَفْضِ بِخَدِّي إِلَى الْأَرْضِ؛ حَتَّى لَا يَكُونَ بَيْنَ خَدِّي وَبَيْنَ الْأَرْضِ شَيْءٌ».

واتە: شەعبی لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی خەتتاب ئامۆژگاری و وەسیەتی بۆ کردم و فەرمووی: هەر کات منت خستە ناو گۆڕیچەوە ئەوا ڕومەتم بە ڕوتی بخە سەر خۆڵ؛ بۆ ئەوەی هیچ شتێک لە نێوان ڕومەتم و زەویدا نەبێت.

٦٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هُشَيْمٌ، أَنْبَأَنَا مَنْصُورٌ، عَنِ الْحَسَنِ أَنَّ قَوْمًا قَدِمُوا عَلَى عَامِلٍ لِعُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ رَحِمَهُ اللهُ، فَأَجَازَ الْعَرَبَ وَتَرَكَ الْمَوَالِيَ فَبَلَغَ ذَلِكَ عُمَرَ قَالَ: فَكَتَبَ إِلَيْهِ: «بِحَسْبِ الْمُؤْمِنِ مِنَ الشَّرِّ أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ».

واتە: مەنصور لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە کە هەندێ کەس هاتن بۆ لای کاربەدەستێ:ی عومەری کوڕی خەتتاب (خوای لێ ڕازی بێت).. کاربەدەستەکە ئیزنی بە عەرەبەکان دا کە بچنە ژوورەوە بۆ لای و قسەیان لەگەڵدا بکات؛ بەڵام ئیزنی غەیرە عەرەبەکانی نەدا؛ عومەر ئەوەی بیستەوە و نامەیەکی بۆ نووسی و فەرمووی: ئەوەندە تاوان بەسە بۆ مرۆڤی باوەڕدار کە برای باوەڕداری خۆی بەکەم بزانێت!

٦٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثنَا أبي، حَدَّثنَا يزيدُ، حَدَّثنَا مُحَمَّدُ بْنُ مُطَرِّف، عَنْ زَيْد بْن أَسْلَمَ، عَنْ أَبيه قَالَ: أَصَابَ النَّاسَ سَنَةٌ غَلاَ فيهَا السَّمْنُ، وَكَانَ عُمَرُ يَأْكُلُ الزَّيْتَ؛ فَيُقَرْقرُ بَطْنُهُ، فَيَقُولُ: «قَرْقرْ مَا شئْتَ، فَوَالله، لاَ تَأْكُلُ السَّمْنَ حَتَّى يَأْكُله النَّاسُ» ثُمَّ قَالَ: «اكْسرْ عَنِّي حَرَّهُ بِالنَّار فَكُنْتُ أَطْبُخُهُ له فَيَأْكُله».

واتە: زەیدی کوڕی ئەسلەم لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: ساڵێکی گرانی هات بەسەر خەڵکاو ڕۆن و پێخۆرو خۆراك گران بوو؛ عومەر زەیتی زەیتونی دەخولرد؛ ناوزگی دەستی دەکرد بە قۆڕە قۆڕ؛ ئەویش دەیفەرموو: هەتا ئەتوانی قۆڕەقۆڕ بکە! هەتا خەڵکی تێر نەخۆن نابێ چەوری و ڕۆنت تێ بکەم! زەید دەفەرموێت: عومەر پێی دەگوتم: بە ئاگر هەندێ لە گەرمایی ئەو زەیتە بشکێنە! منیش دەمخستە سەر ئاگرو داخم دەکرد بۆ ئەوەی گەرمایی زەیتەکە کەم بێتەوە (مەبەست ئەو گەرماییەیە کە بە لەشی دەدا نەك ئەوەی کە گەرم بوبێت و ئەمیش بە ئاگر گەرمیەکەی لابات).

٦٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أبي، حَدَّثنَا أبو مُعَاويَةَ، حَدَّثنَا أَبو إسْحَاقَ الشَّيْبَانيُّ، عَنْ بَشير بْن عَمْرو قَالَ: لَمَّا قَدمَ عُمَرُ رَحمَهُ الله الشَّامَ قَالَ أُتيَ ببرْذَوْن فَرَكبَهُ قَالَ: فَهزَّه فَنَزَلَ عَنْهُ ثُمَّ قَالَ: «قَبَّحَ الله مَنْ عَلَّمَكَ هَذَا».

واتە: لە بەشیری کوڕی عەمرەوە دەگێڕنەوە کە کاتێ عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) ڕۆیشت بۆ شام؛ قاترێکیان بۆ هێنا سواری بوو؛ فەرمووی: قاترەکە هەڵیجیزکاندو عومەر کەوتە خوارەوە؛ دوایی فەرمووی: خوای گەورە ئەو کەسە ناشیرین بکات کە ئەمەی فێر کردوی!

٦٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أبي، حَدَّثنَا مُطَّلبُ بْنُ زيَاد، عَنْ عَبْد الله بْن عيسَى قَالَ: كَانَ في وَجْه عُمَرَ بْن الْخَطَّاب رَضيَ الله عَنْهُ خَطَّان أَسْوَدَان منَ الْبُكَاء ".

واتە: لە عەبدوڵڵای کوڕی عیساوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی خەتتاب (خوای لێ ڕازی بێت) ئەوەندە گریابوو شوێنی فرمێسکەکان بەسەر دەموچاویەوە ڕەش ببوون (وەکوو جۆگەلە دەرکەوتبوون).

٦٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، عَنْ عَاصِم الْأَحْوَل، عَنْ أَبِي عُثْمَانَ النَّهْدِيِّ قَالَ: لَمَّا قَدمَ عُتْبَةُ أَذْرَبيجَانَ أُتيَ بِالْخَبِيص فَأَمَرَ بِسَفْطَيْنِ عَظِيمَيْنِ فَصُنعَا له منَ الْخَبيص ثُمَّ حُملَ عَلَى بَعير فَسَرَّحَ بهمَا إِلَى عُمَرَ رَضيَ اللهُ عَنْهُ، فَلَمَّا قَدمَ عَلَى عُمَرَ ذَاقَهُ، فَوَجَدَهُ شَيْئًا حُلْوًا، فَقَالَ: " كُلُّ الْمُسْلمينَ يَشْبَعُ منْ هَذَا في رَحْله؟ قَالَ: لَا قَالَ: فَلَا حَاجَةَ لَنَا فيه، فَأَطْبَقَهُمَا وَرَدَّهُمَا عَلَيْه، ثُمَّ كَتَبَ إِلَيْه: أَمَّا بَعْدُ فَلَيْسَ منْ كَدِّ أَبِيكَ وَلَا منْ كَدِّ أُمِّكَ فَأَشْبع الْمُسْلمينَ ممَّا تَشْبَعُ منْهُ في رَحْلكَ قَالَ وَإِيَّاكُمْ وَزِيَّ الْأَعَاجم وَنَعيمَهَا وَعَلَيْكُمْ بِالْمَعْدِيَّة ".

واتە: لە باوکی عوسمانی نەهدییەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: کاتێ عوتبە ڕۆیشت بۆ ئازەربێجان خەبیصیان بۆ هێنا (خەبیص جۆرێک ئاردەواو حەلوای زۆر خۆشە) عوتبە فرمانیکرد پڕی دوو کوپی بۆ دروست بکەن؛ بۆیان دروست کرد و ئەویش بردی بۆ عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) کاتێ کوپەڵەکان گەیشتنە عومەر؛ عومەر کەمێکی لێ خستە سەر زمانی و دەبینێ زۆر شیرین و خۆشە؛ فەرمووی: ئەوە هەموو سەربازەکان لە کاتی ڕۆیشتنا لەم شتە دەخۆن؟ ئەو کەسەی کە هێنابوی گوتی: نەخێر! عومەر فەرمووی: دەی منیش پێویستم بەمە ینە! عومەر هەردو کوپەڵەکەی قەپات کردەوە و پێی دایەوە و ناردیەوە بۆ عوتبەو نامەیەکی بۆ نووسی و فەرمووی: پاش سوپاس و ستایشی خوای گەورە! ئەمە نە ڕەنجەشانی باوکتە؛ نە ڕەنجەشانی دایکتە! خۆت لە کاتی سەفەرا چی دەخۆی هەر لەوەش بە موسوڵمانان بدە! نەکەن وەکوو عەجەم پۆشاکی بە سەنسەنەو تەنتەنە بپۆشن! نەکەن وەک ئەوان لە ناو نازونیعمەتا ڕۆبچن! کەڵەك دروست بکەن و بە کەڵەك لە ئاو بپەڕنەوە.

٦٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو سَعيد، حَدَّثَنَا زَائدَةُ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ زَيْد بْن وَهْب، عَنْ حُذَيْفَةَ قَالَ: أَقْبَلْتُ فَإِذَا النَّاسُ بَيْنَ أَيْديهمُ الْقصَاعُ فَدَعَاني عُمَرُ فَأَتَيْتُهُ فَدَعَا بِخُبْز غَليظ وَزَيْت قَالَ: قُلْتُ له: أَمَنَعْتَني أَنْ آكُلَ منَ الْخُبْز وَاللَّحْم وَدَعَوْتَني عَلَى هَذَا؟ قَالَ: «أَنَا دَعَوْتُكَ عَلَى طَعَام فَأَمَّا هَذَا فَطَعَامُ الْمُسْلمينَ».

واتە: لە زەیدی کوڕی وەهبەوە ئەویش لە حوزەیفەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕۆیشتمە خزمەت عومەر؛ دەبینم خەڵکانێکی زۆر خواردنیان لەبەردەمایەو دەخۆن؛ عومەر بانگی کردم منیش ڕۆیشتمە خزمەتی و بانگی کرد نانێکی ئەستورو زبرو و زەیتیان هێنا؛ منیش گوتم: ئەوە دەڵێی ناهێڵی وەک ئەو خەڵکە نان و گۆشت بۆخم و بانگت کردوم بۆ نان و زەیت

خواردن؟ فەرمووی: من داوەتم کردی لەگەڵما لەم خواردنەی خۆم بخۆیت نەك لە خواردنی موسوڵمانان (دیارە ئەو خواردنە بۆ سوپای موسوڵمانان چاککرابووە و پێشەوا عومەر لێی نەخواردووە و بە مافی خۆی نەزانیوە لێی بخوات).

٦٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا بَهْزُ بْنُ أَسَد، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ زَيْد، عَنْ مُطَرِّف، عَنْ كَعْب قَالَ: قَالَ لِي عُمَرُ بْنُ الْخَطَّاب رَضِيَ الله عَنْهُ يَوْمًا وَأَنَا عِنْدَهُ: «يَا كَعْبُ خَوِّفْنَا» قَالَ: فَقُلْتُ: «يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، أَوَلَيْسَ فِيكُمْ كِتَابُ الله وَحِكْمَةُ رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ؟» قَالَ: «بَلَى، وَلَكِنْ يَا كَعْبُ خَوِّفْنَا» قَالَ: قُلْتُ: «يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ اعْمَلْ عَمَلَ رَجُل لَوْ وَافَيْتَ الْقِيَامَةَ بِعَمَل سَبْعِينَ نَبِيًّا لَازْدَرَأْتَ عَمَلَكَ مِمَّا تَرَى» قَالَ: فَأَطْرَقَ عُمَرُ وَأَنْكَسَ وَنَكَّسَ مَلِيًّا قَالَ: ثُمَّ أَفَاقَ قَالَ: «زِدْنَا يَا كَعْبُ زِدْنَا» قَالَ: قُلْتُ: «يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، لَوْ فُتِحَ مِنْ جَهَنَّمَ قَدْرُ مِنْخَر ثَوْر بِالْمَشْرِق وَرَجُلٌ بِالْمَغْرِب لَغَلَا دِمَاغُهُ حَتَّى يَسِيلَ مِنْ حَرِّهَا» قَالَ: فَأَطْرَقَ عُمَرُ وَنُكِّسَ مَلِيًّا قَالَ: ثُمَّ أَفَاقَ، فَقَالَ: «زِدْنَا يَا كَعْبُ» قَالَ: قُلْتُ: «يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ إِنَّ جَهَنَّمَ لَتَزْفُرُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ زَفْرَةً مَا بَقِيَ مَلَكٌ مُقَرَّبٌ وَلَا نَبِيٌّ مُصْطَفًى إِلَّا خَرَّ جَاثِيًا عَلَى رُكْبَتَيْهِ» قَالَ: " وَيَقُولُ: رَبِّ نَفْسِي نَفْسِي لَا أَسْأَلُكَ الْيَوْمَ إِلَّا نَفْسِي " قَالَ: فَأَطْرَقَ عُمَرُ مَلِيًّا قَالَ: قُلْتُ: «يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، أَوَلَيْسَ تَجِدُونَ هَذَا فِي كِتَابِ الله؟» قَالَ: «كَيْفَ؟» قَالَ: قُلْتُ: " قَوْلُ الله سُبْحَانَهُ: ﴿ يَوْمَ تَأْتِي كُلُّ نَفْسٍ تُجَٰدِلُ عَن نَّفْسِهَا وَتُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿١١١﴾ ﴾ النحل: ١١١ .

واتە: موتتەڕیف لە کەعبەوە دەفەرموێت: ڕۆژێک لە خزمەتی عومەری کوڕی خەتتابدا بووم (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: کەعب! کەمێک بمانترسێنە! کەعب دەفەرموێت: منیش گوتم: ئەی گەورەی باوەڕداران! مەگەر قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (ﷺ) لە ناوا نەماوە؟ فەرمووی: با! بەڵام کەعب بمانترسێنە! دەفەرموێت: گوتم: ئەی گەورەی باوەڕداران! وەکوو کەسێک کار و کردەوە بکە کە ئەگەر هێندەی حەفتا پێغەمبەر خواپەرستیت کردبێ و قیامەت بێت؛ هێشتا بە کەمی بزانیت و بترسی. دەفەرموێت: عومەر سەری داخست و سەری شۆڕ کردەوە و ماوەیەک بەو جۆرە مایەوە؛ دوایی سەری بەرز کردەوە و فەرمووی: ئادەی کەعب زیاتر بمانترسێنە! دەفەرموێت: گوتم: ئەی گەورەی باوەڕداران! ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتەوە هێندەی کونە لوتی گایەک دەرگای دۆزەخ بکرێتەوە و پیاوێک لە ڕۆژاوادا بێ؛ بە هۆی گەرمای دۆزەخەوە مێشکی دێتە کوڵ؛ ئەوەندە دەکوڵێ تا وەکوو ئاو دەڕژێتە خوارەوە؛ عومەر سەری داخست و سەری شۆڕ کردەوە و ماوەیەک بەو جۆرە مایەوە؛ دوایی سەری بەرز کردەوە و فەرمووی: ئادەی کەعب زیاتر بمانترسێنە! گوتم: ئەی گەورەی باوەڕداران! بەڕاستی لە ڕۆژی قیامەتدا دۆزەخ هەناسەیەک دەداتەوە هیچ فریشتەیەکی تایبەت و نزیکی لە خوای گەورە و هیچ پێغەمبەر نامێنێ مەگەر ئەوەی کە

هەموویان دەکەونە سەر چۆک! دەفەرموێت: هەمووان دەڵێن: خوایە خۆم! خوایە خۆم! جگە لە خۆم داوای ڕزگاربوونی هیچ کەسێکي ترت لێ ناکەم! کەعب دەفەرموێت: عومەر تاوێک سەری داخست و منیش گوتم: ئەی گەورەی باوەڕداران مەگەر ئەم قسەیەی من لە قورئاندا بوونی نییە؟ عومەر فەرمووی: چۆن؟ کوا لە کوێدایە؟ منیش گوتم: ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: (مانای ئایەتەکە) ڕۆژێک دێت کە هەموو کەس خەمی خۆیەتی، بەرگری لە خۆی دەکات، پاکانە بۆ خۆی دەکات، (گوێ بەکەسی تر نادات، ئەو ڕۆژە) هەر کەس پاداشتی کردەوەکانی دەدرێتەوە و ئەو خەڵکە ستەمیان لێ ناکرێت.

٦٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُؤَمَّلٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ جَعْفَرِ بْنِ بُرْقَانَ، عَنْ يَزِيدَ بْنِ الْأَصَمِّ قَالَ: سَمِعَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ رَجُلًا يَقُولُ: " أَسْتَغْفِرُ اللهَ وَأَتُوبُ إِلَيْهِ، فَقَالَ عُمَرُ: وَيْحَكَ أَتْبِعْهَا أُخْتَهَا فَاغْفِرْ لِي وَتُبْ عَلَيَّ ".

واتە: جەعفەری کوڕی بورقان لە یەزیدی کوڕی ئەصەممەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی خەتتاب گوێی لە پیاوێک بوو دەیگوت: داوای لێبوردن لە خوای گەورە دەکەم و تەوبە دەکەم.. عومەر فەرمووی: قوڕ بەسەرت! دەی ئەوەکەی تریشی بڵێ: لێم خۆش بە و تەوبەم لێ وەربگرە.

٦٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُؤَمَّلٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنِ الْجُرَيْرِيِّ، عَنْ أَبِي عُثْمَانَ قَالَ: أَخْبَرَنِي مَنْ، رَأَى عُمَرَ رَحِمَهُ اللهُ يَرْمِي الْجَمْرَةَ وَعَلَيْهِ إِزَارٌ مَرْقُوعٌ بِرُقْعَةٍ مِنْ أَدِيمٍ ".

واتە: جورەیری لە باوکی عوسمانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: یەکێک کە عومەری (خوای لێ ڕازی بێت) بینیوە ئەوەی بۆ من گێڕایەوە فەرمووی: عومەر خەریکی بەجێهێنانی شەیتان ڕەجم بوو؛ کراسێکی لەبەرا بوو پینەی پێوە بوو؛ بە پارچە پێستێک پینە کرابوو (واتە: پارچە پێستێکی خۆشە کراو؛ کرابوو بە پینە بۆ کراسەکەی).

٦٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ آدَمَ، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ، عَنِ الْأَعْمَشِ قَالَ: قَالَ عُمَرُ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: «عَلَيْكُمْ بِذِكْرِ اللهِ فَإِنَّهُ شِفَاءٌ وَإِيَّاكُمْ وَذِكْرَ النَّاسِ فَإِنَّهُ دَاءٌ».

واتە: یەزیدی کوڕی عەبدولعەزیز لە ئەعمەشەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: یاد و زیکری خوای گەورە بکەن؛ چونکە شیفایە بۆتان؛ نەکەن باسی خەڵکی بکەن! چونکە دەرد و نەخۆشییە بۆتان.

٦٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يَزِيدَ، حَدَّثَنَا حَيْوَةُ، أَخْبَرَنِي حَجَّاجُ بْنُ شَدَّادٍ، أَنَّ أَبَا صَالِحِ الْغِفَارِيَّ أَخْبَرَهُ، أَنَّ رَجُلًا أَتَى عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ رَحِمَهُ الله فَقَالَ: «إِنَّ قَوْمِي قَدَّمُونِي فَصَلَّيْتُ بِهِمْ ثُمَّ أَمَرُونِي أَنْ أَقُصَّ عَلَيْهِمْ، فَفَعَلْتُ» فَقَالَ لَه عُمَرُ رَحِمَهُ الله: «صَلِّ بِهِمْ وَلَا تَقُصَّ عَلَيْهِمْ» فَتَرَدَّدَ إِلَى عُمَرَ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ أَوْ أَرْبَعًا فَقَالَ لَه عُمَرُ: " لَا تَقُصَّ؛ فَإِنِّي أَخَافُ عَلَيْكَ أَنْ تَرْفَعَ نَفْسَكَ فَيَضَعَكَ الله قَبْضَةً.

واته: حەججاجی کوڕی شەدداد دەگێڕێتەوە کە باوکی صاڵەحی غیفاری بۆی گێڕاوەتەوە کە پیاوێک هاتە خزمەت عومەری کوڕی خەتتاب (خوای لێ ڕازی بێت) گوتی: خزمەکانم منیان پێشت خست و منیان کرد بە پێش نوێژ؛ منیش بەرنوێژیم بۆ کردن؛ دوایی پێیان گوتم: چیرۆك و سەرگوزەشتەیان بۆ بگێڕمەوە؛ منیش هەندێ شتم بۆ گێڕانەوە! عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: بەرنوێژییان بۆ بکە؛ بەڵام هیچیان بۆ مەگێڕەوە.. ئەو پیاوە سێجار یان چوارجار ئەوەی دوپاتە کردەوە و عومەر هەر دەیفەرموو: هیچیان بۆ مەگێڕەوە؛ چونکە من دەترسم کە نەفسی خۆت بەو بۆنەوە بەرز بکەیتەوە (واتە لەخۆت بایی ببی) و خوای گەورە لە پڕا بتگرێ!

٦٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يَزِيدَ، حَدَّثَنَا مُوسَى بْنُ عَلِيٍّ قَالَ: سَمِعْتُ أَبِي يَقُولُ: حَدَّثَنِي مُعَاوِيَةُ بْنُ خَدِيجٍ قَالَ: "بَعَثَنِي عَمْرُو بْنُ الْعَاصِ إِلَى عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ رَضِيَ الله عَنْهُ بِفَتْحِ الْإِسْكَنْدَرِيَّةِ، فَقَدِمْتُ الْمَدِينَةَ فِي الظَّهِيرَةِ فَأَنَخْتُ رَاحِلَتِي بِبَابِ الْمَسْجِدِ ثُمَّ دَخَلْتُ الْمَسْجِدَ إِذْ خَرَجَتْ جَارِيَةٌ مِنْ مَنْزِلِ عُمَرَ فَرَأَتْنِي شَاحِبًا عَلَى ثِيَابِ السَّفَرِ فَانْصَرَفَتْ، فَقَالَتْ: أَجِبْ أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ فَذَكَرَ الْحَدِيثَ قَالَ: يَا جَارِيَةُ هَلْ مِنْ طَعَامٍ؟ فَأَتَتْ بِخُبْزٍ وَزَيْتٍ قَالَ: كُلْ، فَأَكَلْتُ عَلَى حَيَاءٍ قَالَ: كُلْ فَإِنَّ الْمُسَافِرَ يُحِبُّ الطَّعَامَ، ثُمَّ قَالَ: يَا جَارِيَةُ هَلْ مِنْ تَمْرٍ فَأَتَتْنِي بِتَمْرٍ فِي طَبَقٍ قَالَ: كُلْ فَأَكَلْتُ عَلَى حَيَاءٍ ثُمَّ قَالَ: مَاذَا قُلْتَ يَا مُعَاوِيَةُ حِينَ أَتَيْتَ الْمَسْجِدَ؟ قَالَ قُلْتُ: إِنَّ أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ قَائِلٌ قَالَ: بِئْسَ مَا قُلْتَ أَوْ بِئْسَ مَا ظَنَنْتَ لَئِنْ نِمْتُ النَّهَارَ لَأُضَيِّعَنَّ الرَّعِيَّةَ وَلَئِنْ نِمْتُ اللَّيْلَ لَأُضَيِّعَنَّ نَفْسِي، فَكَيْفَ بِالنَّوْمِ مَعَ هَذَيْنِ يَا مُعَاوِيَةُ ".

واته: مووسای کوڕی عەلی دەفەرموێت: گوێم لە باوکم بوو دەیفەرموو: موعاویەی کوڕی خەدیج فەرمووی: عەمری کوڕی عاص منی ناردە خزمەت عومەری کوڕی خەتتاب (خوای لێ ڕازی بێت) بۆ ئەوەی مزگێنی فەتحی ئەسکەندەرییەی پێ بدەم؛ لە کاتێکی نیوەڕۆدا بوو گەیشتمە شاری مەدینە؛ لە بەردەم دەرگای مزگەوتدا ووڵاخەکەم یخ دا؛ دوایی چومە ژوورەوە بۆ مزگەوت؛ لەو کاتەدا کەنیزەیەک لە ماڵی عومەر هاتە دەرەوە و چاوی بە من کەوت کە پۆشاکەکانم تەپوتۆزاوین و پۆشاکی سەفەرم لەبەرایە؛ ئیتر من ڕۆیشتم، کەنیزەکە گوتی:

وەرە گەورەی باوەڕداران بانگت دەکات (هەندێ قسەی گێڕایەوە و دوایی گوتی) عومەر فەرمووی: کەنیزە! ئەوە خواردنمان هەیە؟ کەنزیەکە هەندێ نان و زەیتی هێنا؛ عومەر فەرمووی: فەرمو بخۆ! منیش بە شەرمێکەوە هەندێکم خوارد؛ عومەر فەرمووی: بخۆ مرۆڤی ڕێبوار خواردنی لەلا خۆشەویست و خۆشە! دوایی فەرمووی: کچێ ئەوە خورما هەیە؟ کەنیزەکە لە سەر تەبەکەیەک هەندێ خورمای هێنا؛ عومەر فەرمووی: دەی بخۆ! منیش بە شەرمێکەوە دەستم بە خواردنی خورما کرد؛ دوایی عومەر فەرمووی: موعاویە! ئەوە کاتێک هاتیە بەردەم مزگەوت؛ چیت گوت؟ منیش لە وەلآما گوتم: وەڵڵا گوتم: ئێستا گەورەی باوەڕداران نووستووە! عومەر فەرمووی: بەخوا شتێکی باشت نەگوت؛ یان فەرمووی: گومانێکی خراپت بردووە! ئەگەر من بە ڕۆژا بخەوم ئەوا ڕایەتەکەم لەناو دەچن؛ ئەگەر شەوانە بخەوم خۆم لەناو دەچم.. موعاویە! لەگەڵ ئەم دووانەدا خەو چۆن دەکرێ؟!

٦٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ قَالَ: كَتَبَ عُمَرُ رَحِمَهُ اللهُ إِلَى أَبِي مُوسَى: «إِنَّكَ لَمْ تَنَلْ عَمَلَ الْآخِرَةِ بِشَيْءٍ أَفْضَلَ مِنَ الزُّهْدِ فِي الدُّنْيَا وَإِيَّاكَ وَمَذَاقَ الْأَخْلَاقِ وَدَنَاءَتَهَا».

واتە: وەکیع دەفەرموێت: سوفیان بۆی گێراینەوە فەرمووی: عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) نامەیەکی بۆ باوکی مووسا نووسی و تێیدا فەرمووی: بەڕاستی لە دونیادا بە هۆی هیچ شتێکەوە قیامەت بەدەست ناهێنی لە زوهد باشتر بێت (واتە: بە هۆی زوهدەوە لە هەموو شتێک باشتر قیامەتت دەستگیر دەبێ) نەکەی ئاکاری درۆینەو ئاکاری ناشیرین و سووکت لێ دەربکەوێ.

٦٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُعْتَمِرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، عَنْ عَمَّارٍ الْمَعْوَلِيِّ، عَنِ الْحَسَنِ أَنَّ عُمَرَ رَحِمَهُ اللهُ كَانَ يَذْكُرُ الْأَخَ مِنْ إِخْوَانِهِ بِاللَّيْلِ، فَيَقُولُ: «مَا أَطْوَلَهَا مِنْ لَيْلَةٍ» فَإِذَا صَلَّى الْغَدَاةَ غَدَا إِلَيْهِ، فَإِذَا لَقِيَهُ: الْتَزَمَهُ، أَوِ اعْتَنَقَهُ.

واتە: لە عەمماری مەعوەلییەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: شەوی وا هەبوو عومەر یەکێک لە هاوڕێکانی وەبیر دەهاتەوە؛ دەیفەرموو: ئەمشەو چەند شەوێکی درێژە! جا لە دوای نوێژی بەیانی و دونیا ڕۆشن بوون؛ عومەر کاتێ ئەو کەسەی دەبینی لەگەڵیا دەمایەوە یان دەستی دەکردە ملی.

٦٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو دَاوُدَ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ قَالَ: قَالَ عُمَرُ رَحِمَهُ اللهُ: «لَا يُنْخَلُ لِي دَقِيقٌ، رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَأْكُلُ غَيْرَ مَنْخُولٍ».

واتە: باوکی ئیسحاق دەفەرموێت: عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: با ئاردم بۆ نەبێژرێتەوە! (واتە: ئەو ئاردەی کە دەیکەن بە نان بۆمن مەیبێژنەوە) چونکە من پێغەمبەرم (ﷺ) بینی نانی ئاردێکی دەخوارد کە نەدەبێژرایەوە.

٦٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا دَاوُدُ بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا شَرِيكُ بْنُ عَبْدِ الله، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ أَبِي عُبَيْدٍ قَالَ: " رَكَضَ عُمَرُ فَرَسًا عَلَى عَهْدِ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَانْكَشَفَتْ فَخِذُهُ مِنْ تَحْتِ الْعَبَاءَةِ؛ فَأَبْصَرَ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ نَجْرَانَ شَامَةً فِي فَخِذِهِ، فَقَالَ: «هَذَا الَّذِي نَجِدُهُ فِي كِتَابِنَا يُخْرِجُنَا مِنْ دِيَارِنَا».

واتە: لە باوکی ئیسحاقەوە ئەویش لە باوکی عوەبیدەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) عومەر ئەسپێکی غار دا؛ ڕانی لە بن کەواکەی بەریەوە دەرکەوت؛ پیاوێکی خەڵکی نەجران چاوی بە خاڵێک کەوت لەسەر ڕانی عومەر بوو؛ گوتی: ئەمە ئەو کەسەیە کە ئێمە لە کتێبی خۆمان (واتە: تەورات) بینیومانەو دەڵێ: لە خاکی خۆتان دەتانکاتە دەرەوە.

٦٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا يُونُسُ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: دَخَلَ عُمَرُ عَلَى ابْنِهِ عَبْدِ الله بْنِ عُمَرَ وَإِذَا عِنْدَهُمْ لَحْمٌ فَقَالَ: «مَا هَذَا اللَّحْمُ؟» فَقَالَ: «اشْتَهَيْتُهُ» قَالَ: «أَوَ كُلَّمَا اشْتَهَيْتَ شَيْئًا أَكَلْتَهُ؟ كَفَى بِالْمَرْءِ سَرَفًا أَنْ يَأْكُلَ كُلَّمَا اشْتَهَاهُ».

واتە: یونس لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەر ڕۆیشت بۆ ماڵی عەبدوڵڵای کوڕی؛ دەبینێ گۆشتیان هەیە؛ عومەر فەرمووی: ئەم گۆشتە چییە؟ عەبدوڵڵا گوتی: حەزم لە گۆشت بوو! عومەر فەرمووی: بۆ هەر کاتێ حەز لە هەر شتێ بکەیت دەیخۆیت؟ بەسەر بۆ مرۆڤ کە بە ئیسراف و دەست بڵاوی بۆی هەژمار بکرێ هەر کاتێ حەزی لە هەر شتێک کرد بیخوات!

٦٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَفْصُ بْنُ غِيَاثٍ، عَنْ حَنَشِ بْنِ الْحَارِثِ قَالَ: كَانَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ رَحِمَهُ الله لَا يَكَادُ يَعِيبُ طَعَامًا فَقَالَ غُلَامُهُ يَرْقَا أَوْ أَسْلَمُ: لَأَجْعَلَنَّهُ حَتَّى يَعِيبَهُ فَجَعَلَ لَبَنًا حَامِضًا ثُمَّ قَرَّبَهُ إِلَيْهِ قَالَ: فَأَخَذَ مِنْهُ فَقَطَّبَ ثُمَّ قَالَ: «مَا أَطْيَبَ هَذَا مِنْ رِزْقِ الله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: حەفصی کوڕی غیاث لە حەنەشی کوڕی حارثەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی خەتتاب (خوای لێ ڕازی بێت) ڕەخنەی لە خواردن نەدەگرت؛ یەرفەئی

خزمەتکاری یان ئەسلەمی خزمەتکاری گوتی: دەبێ کارێ بکەم بەو خواردنە ڕەخنەی لێ بگرێ! هەستا هەندێ شیری ترشاوی برد بۆ عومەر؛ عومەر هەندێ لە شیرەکەی خواردەوە و ناوچەوانی دا بە یەکاو فەرمووی: ئای چەندە پاکە؛ ئەمە ڕزق و ڕۆزیە لە لایەن خوداوە.

٦٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَفْصُ بْنُ غِيَاثٍ قَالَ: سَمِعْتُ الْأَعْمَشَ، عَنْ بَعْضِ أَصْحَابِهِ قَالَ: مَرَّ جَابِرُ بْنُ عَبْدِ الله مُعَلِّقًا لَحْمًا عَلَى عُمَرَ رَضِيَ الله عَنْهُ فَقَالَ: «مَا هَذَا يَا جَابِرُ؟» قَالَ: «هَذَا لَحْمٌ اشْتَرَيْتُهُ اشْتَهَيْتُهُ» قَالَ: " أَوَ كُلَّمَا اشْتَهَيْتَ شَيْئًا اشْتَرَيْتَهُ؟ أَمَا تَخْشَى أَنْ تَكُونَ مِنْ أَهْلِ هَذِهِ الْآيَةِ: ﴿ أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَاتِكُمْ فِي حَيَاتِكُمُ الدُّنْيَا ﴾ الأحقاف: ٢٠ ؟

واتە: حەفصی کوڕی غیاث دەفەرموێت: گوێم لە ئەعمەش بوو لە یەکێک لە برادەرەکانییەوە دەیگێڕایەوە فەرموویەتی: جابری کوڕی عەبدوڵڵا هەندێ گۆشتی هەڵگرتبوو دای بە لای عومەرا (خوای لێ ڕازی بێت) عومەر فەرمووی: ئەمە چییە جابر؟ جابر گوتی: ئەمە گۆشتەو حەزم لە گۆشت بوو؛ گۆشتم کڕی! عومەر فەرمووی: بۆ هەر کاتێ حەز لە هەر شتێک بکەی دەیکڕی؟ ئەی ناترسی یەکێک بیت لەو کەسانەی کە ئەم ئایەتە دەیانگرێتەوە و دەفەرموێت: (مانای ئایەتەکە) هەرچی خۆشی و شادیەکتان هەبوو لەژیانی دنیاتاندا بەئارەزووی خۆتان ڕاتانبوارد (کەوابوو ئەمڕۆ ئیتر نۆرەی ئەوەیە کە سزای خەجاڵەتی و ڕیسوایی بدرێنەوە).

٦٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنِي أَبو زَكَرِيَّا بْنُ مَازِنٍ الذُّهْلِيُّ قَالَ: حَدَّثَنِي أَبو مَازِنٍ، أَنَّهُ رَأَى عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ، وَكَانَ أَخِي قُتِلَ مَعَ الْجَارُودِ، فَبَعَثْنَا الْقَتْلَى إِلَى عُمَرَ فَرَأَيْتُ عَلَى عُمَرَ رَضِيَ الله عَنْهُ إِزَارًا مَرْقُوعًا فَعَدَدْتُهَا فَإِذَا فِيهَا اثْنَا عَشَرَ رُقْعَةً ".

واتە: باوکی زەکەریا کە کوڕی مازن بووە دەگێڕێتەوە فەرمووی: باوکی مازن بۆی گێڕامەوە کە عومەری کوڕی خەتتابی دیوە؛ جا دەیفەرموو: براکەی من لەگەڵ جارود دا کوژرا؛ کوژراوەکانمان نارده لای عومەر؛ من بینیم عومەر کراسێکی لەبەرایە کە پینە پینەیین بوو؛ پینەکانم ژمارد دوانزە پینەی پێوە بوو.

٦٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هُشَيْمٌ، أَنْبَأَنَا مَنْصُورٌ، عَنْ قَتَادَةَ، أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ رَضِيَ الله عَنْهُ أَبْطَأَ عَلَى النَّاسِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ ثُمَّ خَرَجَ فَاعْتَذَرَ إِلَيْهِمْ فِي احْتِبَاسِهِ وَقَالَ: «إِنَّمَا حَبَسَنِي غَسْلُ ثَوْبِي هَذَا كَانَ يُغْسَلُ وَلَمْ يَكُنْ لِي ثَوْبٌ غَيْرُهُ».

واتە: مەنصور لە قەتادەوە دەگێڕێتەوە کە عومەری کوڕی خەتتاب ڕۆژێکی هەینی

درەنگ کەوت (واتە: درەنگ هات بۆ خوێندنەوەی وتاری هەینی) و دوایی داوای لێبوردنی کرد بە هۆی دەرکەوتنییەوە و فەرمووی: ئەوە شۆردنی ئەم پۆشاکەم دوایخستم؛ پۆشاکەکەم دەشۆردراو جگە لەمەش پۆشاکیترم نەبوو لەبەری بکەم.

٦٥٦ - حَدَّثَنَا دَاوُدُ بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ أَبِي الزِّنَادِ، حَدَّثَنَا عَنْ أَبِيهِ، عَنْ عُرْوَةَ، وَسُلَيْمَانَ بْنِ يَسَارٍ، عَنِ الْمِسْوَرِ بْنِ مَخْرَمَةَ، أَنَّهُ دَخَلَ هُوَ وَابْنُ عَبَّاسٍ عَلَى عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ فَقَالَا: «الصَّلَاةُ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ» بَعْدَمَا أَسْفَرَ، فَقَالَ: «نَعَمْ، وَلَا حَظَّ فِي الْإِسْلَامِ لِمَنْ تَرَكَ الصَّلَاةَ فَصَلَّى وَالْجُرْحُ يَثْعَبُ دَمًا».

واتە: عوروە و سولەیمانی کوڕی یەسار لە میسوەری کوڕی مەخرەمەوە دەگێڕنەوە کە ئەوو (واتە: میسوەرو) عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس پێکەوە ڕۆیشتوون بۆ لای عومەری کوڕی خەتتاب و فەرمویانە: گەورەی باوەڕداران! کاتی نوێژە.. ئەمە دوای ئەوەی کە دونیا ڕۆشن بووەتەوە؛ عومەریش فەرموویەتی: بەڵێ! هەر کەسێ واز لە نوێژ بهێنێت ئەوە هیچ پشکێکی لە ئیسلاما دەست نەکەوتووە.. جا عومەر نوێژی کرد و خوێن لە برینەکانی دەچۆڕا (دیارە ئەو کاتە بووە کە لێیدراوە و هەر بەو برینە شەهید کراوە).

٦٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنِ الْجُرَيْرِيِّ، عَنْ أَبِي عُثْمَانَ النَّهْدِيِّ، أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ رَأَى عَلَى عُتْبَةَ بْنِ فَرْقَدٍ قَمِيصًا طَوِيلَ الْكُمِّ فَدَعَا بِشَفْرَةٍ لِيَقْطَعَهُ مِنْ أَطْرَافِ أَصَابِعِهِ، فَقَالَ عُتْبَةُ: «يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، إِنِّي أَسْتَحِي أَنْ يُقْطَعَ أَقْطَعُهُ فَتَرَكَهُ».

واتە: جورەیری لە باوکی عوسمانی نەهدییەوە دەگێڕێتەوە کە عومەری کوڕی خەتتاب (خوای لێ ڕازی بێت) کراسێکی لە بەری عوتبەی کوڕی فەرقەدا دیوە کە قۆڵەکانی زۆر درێژ بوون؛ داوای چەقۆیەکی کردووە بۆی بهێنن بۆ ئەوەی سەرقۆڵەکانی ببڕێ! عوتبە فەرموویەتی: ئەی گەورەی باوەڕداران! پێم شەرمە کە قۆڵەکانم ببڕدرێ؛ خۆم دوایی دیانبڕم! ئیتر عومەر وازی لێهێنا.

٦٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا بَهْزٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ دِينَارٍ، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ قَالَ: «خَطَبَ النَّاسَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ رَحِمَهُ اللهُ وَهُوَ خَلِيفَةٌ وَعَلَيْهِ إِزَارٌ فِيهِ ثِنْتَا عَشْرَةَ رُقْعَةً».

واتە: مالیکی کوڕی دینار لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی خەتتاب (خوای لێ ڕازی بێت) خەلیفە بوو؛ وتاری بۆ خەڵکی خوێندەوە؛ لەو کاتەدا کراسێکی لەبەر بوو دوانزە پینەی پێوە بوو.

٦٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْد، عَنْ مِسْعَر، عَنْ سِمَاك الْحَنَفِيِّ قَالَ: سَمِعْتُ ابْنَ عَبَّاس يَقُولُ: قُلْتُ لِعُمَرَ رَحِمَهُ الله: «مَصَّرَ الله بِكَ الْأَمْصَارَ، وَفَتَحَ بِكَ الْفُتُوحَ، وَفَعَلَ بِكَ وَفَعَلَ» قَالَ: «وَدِدْتُ أَنِّي أَنْجُو لَا أَجْرَ وَلَا وِزْرَ».

واتە: لە میسعەرەوە ئەویش لە سەماکی حەنەفییەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: گوێم لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس بوو دەیفەرموو: بە عومەرم (خوای لێ ڕازی بێت) گوت: خوای گەورە بەهۆی تۆوە شارەکانی کردە شارو بە هۆی تۆوە ئەو ئازادیانەی کرد کە ڕویانداوە؛ بەهۆی تۆوە ئەوانەی کرد کە کردی.. عومەر فەرمووی: من پێم خۆشە بەس ڕزگارم ببێت و سزا نەدرێم ئیتر پاداشتم ناوێت!

٦٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ أَبِي خَالِد، عَنْ مُصْعَب بْن سَعْد قَالَ: قَالَتْ حَفْصَةُ بِنْتُ عُمَرَ: «يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، لَوْ لَبِسْتَ ثَوْبًا هُوَ أَلْيَنُ مِنْ ثَوْبِكَ وَأَكَلْتَ طَعَامًا هُوَ أَطْيَبُ مِنْ طَعَامِكَ فَقَدْ وَسَّعَ الله عَزَّ وَجَلَّ مِنَ الرِّزْقِ وَأَكْثَرَ مِنَ الْخَيْرِ» قَالَ: إِنِّي سَأُخْصِمُكِ إِلَى نَفْسِكِ، أَمَا تَذْكُرِينَ مَا كَانَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَلْقَى مِنْ شِدَّةِ الْعَيْشِ " فَمَا زَالَ يُذَكِّرُهَا حَتَّى أَبْكَاهَا، فَقَالَ لها: «إِنْ قُلْتُ لَكِ ذَاكَ إِنِّي وَالله لَئِنِ اسْتَطَعْتُ لَأُشَارِكَنَّهُمَا بِمِثْلِ عَيْشِهِمَا الشَّدِيدِ لَعَلِّي أُدْرِكُ مَعَهُمَا عَيْشَهُمَا الرَّخِيَّ».

واتە: ئیسماعیلی باوکی خالید لە موصعەبی کوڕی سەعدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: دایە حەفصەی کچی عومەر ـ بە عومەری ـ فەرموو: ئەی گەورەی باوەڕداران! تا پۆشاکێکی لەوەی خۆت نەرمتر لەبەر بکە! خواردنێکی لەوەی خۆت باشترو خۆشتر بخۆ! خۆ خوای گەورە ڕزق و ڕۆزی و خێرو بێری بەسەر باوەڕدارانا زۆر کردووە! عومەر فەرمووی: من خۆت دەکەمە داواکار لەسەر خۆت! مەگەر بەبیرت نایەت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەندە ژیانی سەخت و نارەحەت بو؟ عومەر ئەوەندە ئەو قسەیەی دوبارە کردەوە تا دایە حەفصەی هێنایە گریان؛ دوایی پێی گوت: ئەوە من بۆیە ئەوەم پێگوتی بەخوا ئەگەر من بمتوانیبا وەک ئەوان ـ واتە: پێغەمبەری خودا (ﷺ) و پێشەوا ئەبوبەکر (خوای لێ ڕازی بێت)ـ ژیانێکی سەخت بگوزەرێنم ئەوا وەک ئەوان دەژیام بەو هیوایەی دوایی لەگەڵ ئەوانا ـ لە قیامەتدا بە ئاسانی بژیم.

٦٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا دَاوُدُ بْنُ عَمْرو الضَّبِّيُّ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مُسْلم الطَّائفيُّ، عَنْ عَمْرو بْن دينَار قَالَ: سَمعْتُ أَبَانَ بْنَ عُثْمَانَ يَقُولُ: إنَّ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى عُمَرَ بْن الْخَطَّاب حينَ طُعنَ وَرَأَيْتُهُ في التُّرَاب فَذَهَبْتُ أَرْفَعُهُ، فَقَالَ: «دَعْني وَيْلي وَوَيْلُ أُمِّي إنْ لَمْ يُغْفَرْ لي وَوَيْلي وَوَيْلُ أُمِّي إنْ لَمْ يُغْفَرْ لي».

واته: عەمری کوڕی دینار دەفەرموێت: گوێم لە ئەبانی کوڕی عوسمان بوو دەیفەرموو: عوسمانی کوڕی عەففان دەیفەرموو: کاتێ پێشەوا عومەر بریندار کرا ڕۆیشتمە خزمەتی؛ دەبینم کەوتووەتە سەر خۆڵ؛ بەرزم کردەوە و فەرمووی: لێمگەڕێ! ئای قوڕبەسەر خۆم و دایکم ئەگەر خوا لێم خۆش نەبێت! قوڕ بەسەر خۆم و دایکم ئەگەر خوا لێم خۆش نەبێت!

٦٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا جَريرٌ، عَنْ مُغيرَةَ، عَنْ مُجَاهد قَالَ: لَمَّا قَدمَ عُمَرُ الشَّامَ صَنَعَ له دهْقَانُ طَعَامًا وَلأَصْحَابه، ثُمَّ جَاءَ يَدْعُوهُمْ فَقَالَ عُمَرُ للنَّاس: مَنْ شَاءَ منْكُمْ فَلْيُجبْهُ، وَقَالَ له: ابْعَثْ إلَيَّ برَغيفَيْن وَلَوْن وَاحد منْ طَعَامكَ قَالَ: فَفَعَلَ، فَأَتَاهُ الطَّعَامُ وَهُوَ يَمْرُنُ بَعيرًا له ببَعْر وَقَطرَان فَدَلَكَ يَدَهُ بالتُّرَاب، ثُمَّ نَفَضَهَا وَأَكَلَ ".

واته: موغیرە لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کاتێ عومەر هات بۆ شام پیاوێکی ماڵدارو ماقوڵ خواردنی بۆ عومەرەو هاوڕێکانی دروست کردوو هات دەعوەتی کردن؛ عومەر بە خەڵکەکەی فەرموو: هەر کەس لە ئێوە پێی خۆشە با بێت بۆ دەعوەتەکەی؛ دوایی بە پیاوەکەی فەرموو: دوو نان و یەکجۆر لەو خواردنەی کە دروستتان کردووە؛ بۆ من بنێرە.. پیاوەکە وای کرد و دوو نان و یەکجۆر لەو خواردنەی بۆ نارد کە لە ماڵا دروست کرابوو.. کاتێ خواردنەکە گەیشتە عومەر؛ عومەر لەو کاتەدا خەریکی تیمار کردنی وشترێکی بوو قەترانی لێ دەسوی؛ دەستی نەشۆردو هێنای بە خۆڵەکەداو دوایی دەستی تەکاند و دەستی بە خواردن کرد.

٦٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا وَكيعٌ، عَنْ سَعيد بْن عَبْد الْعَزيز، عَنْ إسْمَاعيلَ بْن عَبْد الله، سَمعْتُهُ منْهُ، عَن ابْن غَنْم، عَنْ عُمَرَ قَالَ: «وَيْلٌ لدَيَّان الأَرْض منْ دَيَّان السَّمَاء يَوْمَ يَلْقَوْنَهُ إلَّا مَنْ أَمَّ الْعَدْلَ وَقَضَى بالْحَقّ وَلَمْ يَقْض بهَوَاء وَلَا لقَرَابَة وَلَا لرَغْبَة وَلَا لرَهْبَة وَجَعَلَ كتَابَ الله مرْآتَهُ بَيْنَ عَيْنَيْه».

واته: ئیسماعیلی کوڕی عەبدوڵلا لە کوڕی غەنمەوە ئەویش لە عومەرە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: قوڕبەسەر بەڕێوەبەرو بەرپرسی سەرزەوی لەو کاتەدا کە بە خزمەت بەرپرسی ڕۆژی قیامەت دەگات! تەنیا ئەوانە نەبێ کە بە دادگەرییەوە بەڕێوەبەرایەتیەکەیان کردووە و

بە دادگەرییەوە بڕیاریانداوە و شوێن هەواو ئارەزو نەکەوتون و خزمایەتییان نەخوێندووەتەوە و لەبەر حەزو ویست و ترس هیچیان نەکردووە؛ بەڵکوو قورئانیان کردووە بە ئاوێنەیەک لەبەر چاوەکانیان داناوە.

٦٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله قَالَ وَجَدتُ هَذَا الحَديثَ في كتَاب أَبي بخَطِّ يَده حَدَّثَنَا هَاشمُ بنُ الْقَاسم أَبو النَّضْر، حَدَّثَنَا أَبو عَقيل الثَّقَفيُّ عَبْدُ الله بْنُ عَقيل، عَنْ يَحْيَى بْن سَعيد الأَنْصَاريِّ عَمَّنْ حَدَّثَهُ، عَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّاب رَحِمَهُ الله قَالَ: «إِنَّ الدِّينَ لَيْسَ بِالطَّنْطَنَة منْ آخر اللَّيْل وَلَكنَّ الدِّينَ الْوَرَعُ».

واتە: لە یەحیای کوڕی سەعیدی ئەنصاریەوە ئەویش لە کەسێکەوە کە بۆی گێڕاوەتەوە دەگێڕێتەوە؛ ئەویش لە عومەری کوڕی خەتتابەوە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: دین بەوە نییە کە مرۆڤ لە کۆتایی شەوا دەست بکات بە گینە گین و گرنەگرن و نووزە نووز! بەڵکوو دین بە خۆپارێزییە!

٦٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني شُجَاعُ بْنُ الْوَليد، عَنْ خَلَف بْن حَوْشَب، إنَّ عُمَرَ رَحمَهُ الله قَالَ: «نَظَرْتُ في هَذَا الأَمْر فَجَعَلْتُ إذَا أَرَدْتُ الدُّنْيَا أَضْرَرْتُ بالآخرَة وَإِذَا أَرَدْتُ الآخرَةَ أَضْرَرْتُ بالدُّنْيَا، فَإِذَا كَانَ الأَمْرُ هَكَذَا فَأَضرُّوا بالْفَانيَة».

واتە: لە خەلەفی کوڕی حەوشەبەوە دەگێڕنەوە کە عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: من لەم کاروبارە ڕاماووم؛ ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە ئەگەر دونیام بوێ ئەوا زیان لە قیامەتم دەدات؛ ئەگەریش قیامەتم بوێ ئەوا زیان لە دونیام دەدات؛ جا مادەم وایە ئەوا زیان لەو شتە بدەن کە تا سەر نییەو نامێنێتەوە (واتە: زیان لە دونیا بدەن و لای قیامەت بگرن).

٦٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا عَليُّ بْنُ ثَابت، عَنْ عَبْد الله يَعْني ابْنَ يَزيدَ بْنَ السَّائب قَالَ: رَكبَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّاب دَابَّةً فَرَآهَا تُرَوِّثُ شَعيراً فَقَالَ: «يَأْكُلُ هَكَذَا وَالْمُسْلمُونَ يَمُوتُونَ هَزْلًا لَا أَرْكَبُهَا حَتَّى يَحْيَى النَّاسُ».

واتە: عەبدوڵلای کوڕی یەزیدی کوڕی سائیب دەفەرموێت: عومەری کوڕی خەتتاب سواری وولاخێک بوو؛ دەبینێ ئەم وولاخە ئەوەندە جۆی پێدراوە سەنیرەکەی جۆی تێدایە! عومەر فەرمووی: ئەوە ئەم وولاخە جۆ دەخوات و خەڵکیش وا لە برسا خەریکە دەمرن؟! بەخوا سواری وولاخ نابم هەتا ئەو خەڵکە نەژێنمەوە!

زوهد و پارسایی عوسمانی کوڕی عەففان (خوای لێ ڕازی بێت)

٦٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ حَمَّادِ بْنِ زَيْدٍ، عَنْ عُثْمَانَ رَحْمَةُ اللهِ عَلَيْهِ: «مَا مِنْ عَامِلٍ يَعْمَلُ عَمَلاً إِلَّا كَسَاهُ اللهُ رِدَاءَ عَمَلِه».

واتە: لە حەممادی کوڕی زەیدەوە دەگێڕنەوە؛ ئەویش لە عوسمانەوە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: هیچ کەسێک نییە کە هیچ کارێک بکات مەگەر ئەوەی کە خوای گەورە کراسی ئەو کارەی بەبەرا دەکات.

٦٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا أَبُو جَمِيعٍ، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ قَالَ وَذَكَرَ عُثْمَانَ وَشِدَّةَ حَيَائِه فَقَالَ: «إِنْ كَانَ لَيَكُونُ فِي الْبَيْتِ وَالْبَابُ عَلَيْهِ مُغْلَقٌ فَمَا يَضَعُ عَنْهُ الثَّوْبَ لِيُفِيضَ عَلَيْهِ الْمَاءَ يَمْنَعُهُ الْحَيَاءُ أَنْ يُقِيمَ صُلْبَهُ».

واتە: باوکی جەمیع دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەسەن باسی عوسمان و شەرم و حەیای عوسمانی کرد و بۆی گێڕاینەوە و فەرمووی: ئەوەندە بەشەرم بوو لە ماڵا بوو؛ دەرگای ماڵەکەی داخرابوو؛ کراسی لەبەر خۆی دانەدەکەند بۆ ئەوەی خۆی بشۆرێت؛ ئەوەندە شەرمی دەکرد ڕووی نەبوو خۆی ڕاست بکاتەوە.

٦٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ رَجَاءِ أَبِي الْمِقْدَامِ، عَنْ حُمَيْدِ بْنِ نُعَيْمٍ، أَنَّ عُمَرَ، وَعُثْمَانَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا دُعِيَا إِلَى طَعَامٍ فَلَمَّا خَرَجَا قَالَ عُثْمَانُ لِعُمَرَ: " قَدْ شَهِدْنَا طَعَامًا لَوَدِدْنَا أَنْ لَمْ نَشْهَدْهُ قَالَ: لِمَ، قَالَ إِنِّي أَخَافُ أَنْ يَكُونَ صَنَعَ مِيَاهَاةً " قَالَ أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ رَجَاءٌ هَذَا هُوَ: رَجَاءُ بْنُ أَبِي سَلَمَةَ.

واتە: ڕەجای کوڕی باوکی میقدام لە حومەیدی کوڕی نوعەیمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەر و عوسمان (خوایان لێ ڕازی بێت) دەعوەت کران بۆ نان خواردن؛ کاتی ڕۆیشتن عومەر بە عوسمانی گوت: ئێکە بۆ خواردنی خواردنێک دەچین خۆزگا نەچوینایە!

عوسمان فەرمووی: بۆچی؟ عومەر فەرمووی: دەترسم کابرا بۆ کەشوفش و خۆدەرخستن ئەم دەعوەتەی ساز کردبێ!

باوکی عەبدولڕەحمان دەفەرموێت: ئەو ڕەجایەی کە ئەمەی گێڕاوەتەوە ڕەجای کوڕی باوکی سەلەمەیە نەك ڕەجای کوڕی باوکی میقدام!

٦٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ حَدَّثَنِي عَبْدُ الله بْنُ عُمَرَ بْنِ مُحَمَّدِ بْنِ أَبَانَ بْنِ صَالِحِ بْنِ عُمَيْرٍ، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، عَنِ الزُّبَيْرِ بْنِ عَبْدِ الله، حَدَّثَنَا جَدِّي، «أَنَّ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ، رَحِمَهُ الله مَا كَانَ يُوقِظُ أَحَدًا مِنْ أَهْلِهِ مِنَ اللَّيْلِ إِلاَّ أَنْ يَجِدَهُ يَقْظَانَ فَيَدْعُوهُ فَيُنَاوِلَهُ وَضُوءَهُ وَكَانَ يَصُومُ الدَّهْرَ».

واتە: لە زوبەیری کوڕی عەبدوڵڵاوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: باپیرم بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: عوسمانی کوڕی عەففان هیچکەسێکی لە ژن و منداڵەکانی خۆی بەئاگا نەدەهێنایەوە بۆ شەونوێژ؛ مەگەر ئەوەیان کە بەخەبەر بوایە؛ ئەوە بانگی دەکردو اوی دەستنوێژی بۆ دەهێنا؛ جا عادەتیشی وا بوو کە دوانزە مانگەی ساڵ بەڕۆژوو بوو.

٦٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله حَدَّثَنِي أَبُو عَامِرٍ الْعَقَدِيُّ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ يُونُسَ، عَنِ الْحَسَنِ أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَيَخْرُجُ مِنَ النَّارِ بِشَفَاعَةِ رَجُلٍ مِنْ أُمَّتِي مَا هُوَ مِنْ بَيْتِي أَكْثَرَ مِنْ رَبِيعَةَ وَمُضَرَ»، قَالَ الْحَسَنُ: كَانُوا يَرَوْنَهُ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ رَحِمَهُ الله أَوْ أُوَيْسًا الْقَرَنِيَّ.

واتە: حەممادی کوڕی سەلەمە لە یونسەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: سوێند بەخوا! بەهۆی شەفاعەت و تکای پیاوێکی ئوممەتی من؛ زیاتر لە ژمارەی کەسانی هۆزی ڕەبیعەو موزەر؛ لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری دەبێت، ئەو پیاوە لە ئالو بەیتی منیش نییە (یان: وەک من پێغەمبەر نییە) جا حەسەن دەفەرموێت: خەڵکی پێیان وا بوو ئەو پیاوە یان عوسمانی کوڕی عەففانە یان ئووەیسی قەرەنییە.

٦٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سَلَمَةَ الْحَرَّانِيُّ، عَنْ أَبِي عَبْدِ الله، عَنْ فُرَاتِ بْنِ سُلَيْمَانَ، عَنْ مَيْمُونِ بْنِ مِهْرَانَ قَالَ: أَخْبَرَنِي الهَمْدَانِيُّ أَنَّهُ رَأَى عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ رَحْمَةُ الله عَلَيْهِ عَلَى بَغْلَةٍ وَخَلْفَهُ عَلَيْهَا غُلَامُهُ نَائِلٌ وَهُوَ خَلِيفَةٌ ".

واتە: لە فوراتی کوڕی سولەیمانەوە ئەویش لە مەیمونی کوڕی میهرانەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: هەمدانی بۆی گێڕامەوە کە عوسمانی کوڕی عەففانی (خوای لێ ڕازی بێت) لەسەر ئەسپێک دیوە؛ نائیلی کۆیلەی عوسمانیش بەسەر هەمان ئەسپەوە لە پاشکۆی

عوسمانەوە سوار ببوو (مەبەست ئەوەیە کە هێندە سادە بووە پلەو پۆستی خەلیفایەتی هەبووە و کۆیلەکەی خۆی لەگەڵ خۆیا سوار کردووە).

٦٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا عَاصِمٌ، عَنِ ابْنِ سِيرِينَ قَالَ: قَالَتِ امْرَأَةُ عُثْمَانَ حِينَ قُتِلَ: «لَقَدْ قَتَلْتُمُوهُ وَإِنَّهُ لَيُحْيِي اللَّيْلَ كُلَّهُ بِالْقُرْآنِ فِي رَكْعَةٍ».

واتە: عاصم بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: کوڕی شیرین فەرمووی: کاتێ عوسمان شەهید **کرا ژنەکەی عوسمان فەرمووی: ئەوانە عوسمانیان کوشت؛** عوسمان لە شەوێکا هەموو قورئانی **لەناو یەک ڕکات نوێژا دەخوێندەوە!**

٦٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْحَاقُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا أَبُو جَعْفَرٍ، عَنْ يُونُسَ، عَنِ الْحَسَنِ، وَقَالَ فَيَّاضٌ عَنْ جَعْفَرِ بْنِ بُرْقَانَ، عَنِ الهَمْدَانِيِّ، فِي حَدِيثِهِ قَالَ: «رَأَيْتُ عُثْمَانَ نَائِمًا فِي الْمَسْجِدِ فِي مِلْحَفَةٍ لَيْسَ حَوْلَهُ أَحَدٌ وَهُوَ أَمِيرُ الْمُؤْمِنِينَ».

واتە: یونس لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە و فەییازیش لە جەعفەری کوڕی بورقانەوە، ئەویش لە هەمدانییەوە فەرموویەتی: عوسمانم بینی خەلیفە بوو؛ لەناو مزگەوتدا خەوتبوو؛ لێفێکی بەخۆیا دادابوو؛ کەسیشی بە دەورا نەبوو (واتە: پاسەوان و حیمایەی نەبوو، خۆی بە تاقی تەنیا لە ناو مزگەوتدا خەوتبو).

٦٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ عِيسَى أَبُو خَلَفٍ الْخَزَّازُ، حَدَّثَنَا يُونُسُ بْنُ عُبَيْدٍ، أَنَّ الْحَسَنَ سُئِلَ عَنِ الْقَائِلِينَ، فِي الْمَسْجِدِ قَالَ: «رَأَيْتُ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ يَقِيلُ فِي الْمَسْجِدِ وَهُوَ يَوْمَئِذٍ خَلِيفَةٌ» قَالَ: «وَيَقُومُ وَأَثَرُ الْحَصْبَاءِ فِي جَنْبِهِ» قَالَ: " فَيَقُولُ: هَذَا أَمِيرُ الْمُؤْمِنِينَ، هَذَا أَمِيرُ الْمُؤْمِنِينَ ".

واتە: یونسی کوڕی عوبەید دەگێڕێتەوە کە لەبارەی ئەوانەوە کە لە مزگەوتدا سەرخەو دەشکێنن؛ پرسیار لە حەسەن کرا؛ حەسەن فەرمووی: من خۆم غوسمانی کوڕی عەففانم (خوای لێ ڕازی بێت) بینی خەلیفە بوو؛ لە مزگەوتدا دەنووست. دەفەرموێت: لەخەو هەڵدەستاو شوێنەواری وورده بەردی ناو مزگەوت بەسەر لاشەیەوە دیاربوو.. دەفەرموێت: جا دەیگوت: ئەمە گەورەی باوەڕدارانە! ئەمە گەورەی باوەڕدارانە!

٦٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ بَكْرٍ، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مَسْعَدَةَ قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ اللهِ بْنَ الرُّومِيِّ يَقُولُ: كَانَ عُثْمَانُ رَحِمَهُ اللهُ إِذَا قَامَ مِنَ اللَّيْلِ يَأْخُذُ وَضُوءَهُ قَالَ: فَقَالَ لَهُ أَهْلُهُ: أَلَا تَأْمُرُ الْخَدَمَ يُعْطُونَكَ وَضُوءَكَ؟ قَالَ: «لَا إِنَّ النَّوْمَ لَهُمْ يَسْتَرِيحُونَ فِيهِ».

واتە: عەلیی کوڕی مەسعەدە دەفەرموێت: گوێم لە عەبدوڵڵای کوڕی ڕۆمی بوو

دەیفەرموو: عوسمان (خوای لێ ڕازی بێت) شەوانە کە هەڵدەستا بۆ شەونوێژ خۆی ئاوی دەستنوێژی بۆ خۆی دەهێنا؛ ژنەکەی پێی دەگوت: ئەی بۆ بەو خزمەتکارە ناڵێی ئاووت بۆ بێنێ؟ دەیفەرموو: پێیتان ناڵێم؛ خەوتوون و خەویش ئارامیە بۆ جەستەیان (یانی: ئەو ئارامیەیان لێ تێک نادەم).

٦٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو عَامر الْعَدَوِيُّ حَوْثَرَةُ بْنُ أَشْتَرَ بْن عَوْن بْن يَحْبُش بْن مَحْشرَانَ بْن الرَّبِيع قَالَ: أَخْبَرَنِي جَعْفَرُ بْنُ كَيْسَانَ أَبو مَعْرُوف، عَنْ عَمْرَةَ بِنْتَ قَيْس الْعَدَوِيَّةِ قَالَتْ: " خَرَجْتُ مَعَ عَائشَةَ رَحِمَهَا الله سَنَةَ قُتلَ عُثْمَانُ إِلَى مَكَّةَ فَمَرَرْنَا بِالْمَدِينَةِ فَرَأَيْنَا الْمُصْحَفَ الَّذِي قُتلَ وَهُوَ فِي حِجْره فَكَانَتْ أَوَّلُ قَطْرَةٍ قَطَرَتْ منْ دَمه عَلَى هَذه الْآيَة: ﴿ فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللَّهُ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴿١٣٧﴾ ﴾ البقرة: ١٣٧ قَالَتْ عَمْرَةُ: فَمَا مَاتَ منْهُمْ رَجُلٌ سَوِيًّا ".

واتە: جەعفەری کوڕی کەیسان واتە: باوکی مەعروف لە عەمرەی کچی قەیسی عەدەوییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەو ساڵەی کە عوسمان (خوای لێ ڕازی بێت) شەهید کرا؛ لە خزمەت دایە عائیشەدا (خوای لێ ڕازی بێت) ڕۆیشتم بۆ مەککە؛بەناو شاری مەدینەدا کە تێپەڕین ئەو قورئانەمان بینی کە لە کاتی شەهید کرانی پێشەوا عوسمانا لە کۆشیا بوو دەیخوێندەوە؛ یەکەم تکەی خوێنی تکابویە سەر ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللَّهُ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴿١٣٧﴾ ﴾ البقرة: ١٣٧. عەمرە دەفەرموێت: جا ئەوانەی کە دەستیان لە شەهید کردنی پێشەوا عوسمانا بوو؛ هیچیان بە مردنێکی ئاسایی و ڕێکوپێک نەمردن (بەڵکوو خوای گەورە هەر لەم دونیایەدا بە دەم تۆڵە لێسەندنەوەوە کوشتنی و بردنییەوە بۆ ئەو دونیا).

٦٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو يَعْقُوبَ يُوسُفُ الصَّفَّارُ، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ بْنُ سَعِيد، عَنْ كَامِلِ أَبِي الْعَلَاءِ، عَنْ أَبِي صَالِحٍ قَالَ: «رَحِمَ الله عُثْمَانَ مَا بَلَغَ جُرْمُهُ قَتْلَه».

واتە: عوبەیدی کوڕی سەعید لە کامیلی باوکی عەلا ئەویش لە باوکی صاڵحەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: خوای گەورە ڕەحم بە عوسمان بکات؛ بەخوا ئەوەندە تاوانی نەبوو کە شیاوی کوشتن بێ (واتە: ستەمیان لێکردووە و بەناهەق شەهیدیان کردووە).

٦٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ صُدْرَانَ أَبو جَعْفَر، حَدَّثَنَا يُونُسُ بْنُ قَيْس الطَّاحِيُّ، وَحَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن الْحَنَّاطُ مَوْلَى قَيْس، عَن الْمُعْتَمر الْقُطَعِيِّ، عَنْ هِنْدَ بْن بلَال أَوْ حُمَيْد بْن هِلَال، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَحِمَهُ الله قَالَ: حُصِرَ عُثْمَانُ بْنُ عَفَّانَ فِي دَارِه أَرْبَعِينَ لَيْلَةً، فَقَالَ لِي: أَيْقِظْنِي اللَّيْلَةَ عِنْدَ السَّحَر فَأَتَيْتُهُ فَلَمَّا كَانَ مِنَ السَّحَر قُلْتُ: أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، السَّحُورُ يَرْحَمُكَ الله فَقَالَ هَكَذَا وَمَسَحَ جَبْهَتَهُ فَقَالَ: يَا سُبْحَانَ الله يَا أَبَا هُرَيْرَةَ، قَطَعْتَ عَلَيَّ رُؤْيَا كُنْتُ فِيهَا رَأَيْتُ نَبِيَّ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ فَقَالَ لِي: إِنَّكَ تُفْطِرُ عِنْدَنَا غَدًا، فَقُتلَ رَحِمَهُ الله ".

واتە: موعتەمیری قوتەعی لە هندی کوڕی بیلالەوە یان لە حومەیدی کوڕی هیلالەوە ئەویش لە ئەبوهورەیرەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عوسمانی کوڕی عەففان چل شەو لە ماڵی خۆیا ئابڵوقەدرا؛ بە منی فەرموو: ئەمشەو لە کاتی بەرەبەیانا بەئاگام بێنەوە.. منیش ڕۆیشتم بۆ ئەوەی بەئاگای بێنمەوە؛ جا کاتی بەرەبەیان گوتم: گەورەی باوەڕداران! ئەوا بەرەبەیانە خوای گەورە ڕەحمەت پێ بکات.. فەرمووی: دەستی بەناوچەوانیا هێناو فەرمووی: ئەی پاك و بێگەردی بۆ خوا ئەبوهورەیرە! خەوێکی خۆشت پێ پچڕاندم! لە خەوەکەما پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی بە منی فەرموو: سبەی لای ئێمە بەربانگ دەکەیتەوە! ئیتر بۆ بەیانی شەهید کرا (خوای لێ ڕازی بێت).

٦٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ قَالَ: قَالَ عُثْمَانُ رَحِمَهُ اللهُ: «لَوْ طَهُرَتْ قُلُوبُكُمْ مَا شَبِعْتُمْ مِنْ كَلَامِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: سوفیانی کوڕی عویەینە دەفەرموێت: عوسمان (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: ئەگەر ئێوە دڵتان پاك و بێگەرد با؛ ئەوا هەرگیز لە فەرموودەی خوای گەورە تێر نەدەبوون.

٦٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ قَالَ: قَالَ عُثْمَانُ رَحِمَهُ اللهُ: «وَمَا أُحِبُّ أَنْ يَأْتِيَ عَلَيَّ يَوْمٌ وَلَا لَيْلَةٌ إِلَّا أَنْظُرُ فِي اللهِ» يَعْنِي الْقِرَاءَةَ فِي الْمُصْحَفِ.

واتە: سوفیانی کوڕی عویەینە دەفەرموێت: عوسمان (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێم خۆش نییە ڕۆژێک یان شەوێکم بەسەرا تێپەڕێت و سەیری خوای گەورە نەکەم. مەبەستی سەیر کردنی قورئان و قورئانخوێندنەوە بوو.

٦٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ سَعِيد بْنِ أَبِي عَرُوبَةَ، عَنْ قَتَادَةَ، عَنْ مُطَرِّف قَالَ: لَقِيتُ عَلِيًّا عَلَيْهِ السَّلَامُ فَقَالَ: يَا عَبْدَ اللهِ مَا بَطَّا بِكَ عَنَّا أَحُبُّ عُثْمَانَ؟ أَمَا الْآنَ قُلْتَ ذَاكَ لَقَدْ كَانَ أَوْصَلَنَا لِلرَّحِمِ وَأَتْقَانَا للهِ عَزَّ وَجَلَّ".

واتە: لە قەتادەوە ئەویش لە موتتەڕیفەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: گەیشتم بە عەلی (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: ئەی عەبدوڵڵا! ئەوە چیی تۆی لە ئێمە دواخست؛ ئایا خۆشەویستی عوسمان بو؟ ئێستا کەوا دەڵێی با پێت بڵێم عوسمان لەگەڵ ئێمەدا زۆر بەسۆز بوو؛ پەیوەندی خزمایەتی بەجێ دەهێنا؛ لە هەموشمان زیاتر لە خوای گەورە دەترسا.

٦٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا أَبو عُبَيْدَةَ الْحَدَّادُ، عَنْ عَوْف حَدَّثَنِي خَالِدٌ الرَّبَعِيُّ قَالَ: إِنِّي أَجِدُ فِي الْكُتُبِ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَقُولُ: «رَبِّ أَسْلِمْنِي قَتَلَنِي عِبَادُكَ الْمُؤْمِنُونَ».

واتە: بـاوکی عوبەیـدەی حەدداد لە عەوفەوە ئەویـش لە خالیـدی ڕەبعـیەوە دەگێـڕێتەوە فەرموویەتی: من لە کتێبا (واتە: لە کتێبەکانی پێشودا) بینیومە کە عوسمانی کوڕی عەففان لە ڕۆژی قیامەتدا دەفەرموێت: خوایە! بەدادم بگەی؛ بەندە باوەڕدارەکانی تۆ منیان کوشت.

٦٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي جَعْفَرُ بْنُ مُحَمَّد بْن فُضَيْل، منْ أَهْل رَأْس الْعَيْنِ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ حمْيَر الهلاَلِيُّ، حَدَّثَنَا إِسْمَاعيلُ بْنُ عَيَّاش، عَنْ شُرَحْبِيلَ بْن مُسْلم، «أَنَّ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ رَضِيَ الله عَنْهُ كَانَ يُطْعمُ النَّاسَ طَعَامَ الْإِمَارَةِ وَيَدْخُلُ إِلَى بَيْته فَأَكَلَ الْخَلَّ وَالزَّيْتَ».

واتە: ئیسـماعیلی کـوڕی عەییـاش لە شـورەحبیلی کـوڕی موسـلیمەوە دەگێـڕێتەوە کە عوسمانی کوڕی عەففان (خوای لێ ڕازی بێت) لە خواردنی تایبەتی حکومەت بەشی خەڵکی دەداو خۆی دەڕۆیشتەوە لە ماڵی خۆیا خواردنی دەخوارد؛ خواردنەکەی بریتی بوو لە سرکەو زەیت.

٦٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي يَحْيَى بْنُ مَعِين، حَدَّثَنَا هشَامُ بْنُ يُوسُفَ، عَنْ عَبْد الله بْن بَحِير الْقَاصِّ، عَنْ هَانِئٍ مَوْلَى عُثْمَانَ قَالَ: كَانَ عُثْمَانُ إِذَا وَقَفَ عَلَى قَبْرٍ بَكَى حَتَّى يَبُلَّ لحْيَتَهُ فَقيلَ له: تَذْكُرُ الْجَنَّةَ فَلَا تَبْكي وَتَبْكي منْ هَذَا؟ قَالَ: إِنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: «الْقَبْرُ أَوَّلُ مَنَازِل الْآخرَة فَإِنْ نَجَا مِنْهُ فَمَا بَعْدَهُ أَيْسَرُ مِنْهُ وَإِنْ لَمْ يَنْجُ مِنْهُ فَمَا بَعْدَهُ أَشَدُّ مِنْهُ».

واتە: لە عەبدوڵڵای کوڕی بەحیرەوە ئەویش لە هانیی کۆیلەی عوسمانی کوڕی عەففانەوە دەگێڕێتەوە کە عوسمان کاتێ لەسەر گۆڕی کەسێک دەوەستا ئەوەندە دەگریا ڕیشی دەخوسا؛ پێیان گوت: ئەرێ باسی بەهەشت دەکەین تۆ ناگریت؛ بەڵام باسی قۆڕ دەکرێ یان گۆڕ دەبینی بەکوڵ دەگریت؟ فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: گۆڕ یەکەم ماواو مەنزڵە لە ماواو مەنزڵەکانی قیامەت؛ ئەگەر مرۆڤ لەوێ ڕزگاری ببێ؛ دوای گۆڕ لە گۆڕ ئاسانترە؛ ئەگەریش لە گۆڕ ڕزگاری نەبێ؛ ئەوا دوای گۆڕ لە گۆڕ سەختترە.

قَالَ: وَقَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «مَا رَأَيْتُ مَنْزِلاً إِلَّا وَرَأَيْتُ الْقَبْرَ أَفْظَعَ مِنْهُ».

واتە: هەروەها فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: هیچ ماواو مەزنڵێکم نەدیوە مەگەر ئەوەی کە گۆڕ لەو ماواو مەنزڵە سەختترو ترسێنەرترە.

قَالَ وَكَانَ النَّبِيُّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ إِذَا فَرَغَ مِنْ دَفْنِ الْمَيِّتِ وَقَفَ عَلَيْهِ ثُمَّ قَالَ: «اسْتَغْفِرُوا لِأَخِيكُمْ وَاسْأَلُوا لَه التَّثْبِيتَ فَإِنَّهُ الْآنَ يُسْأَلُ».

واتە: دیسان دەیفەرموو: هەر کاتێ ئەسپەردە کردنی مردویەک کۆتایی هاتبا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر گۆڕەکەی دەوەستاو دەیفەرموو: دەی داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە

بکەن بۆ براکەتان؛ داوا بکەن لە کاتی وەڵامدانەوەدا بتوانێ وەڵامی دروست بداتەوە، ئەو ئێستا پرسیاری لێ دەکرێت.

٦٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ بَكْرٍ، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مَسْعَدَةَ قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ الله الرُّومِيَّ قَالَ: بَلَغَنِي أَنَّ عُثْمَانَ رَضِيَ الله عَنْهُ قَالَ: «لَوْ أَنِّي بَيْنَ الْجَنَّةِ وَالنَّارِ لَا أَدْرِي إِلَى أَيِّهِمَا يُؤْمَرُ بِي لَاخْتَرْتُ أَنْ أَكُونَ رَمَادًا قَبْلَ أَنْ أَعْلَمَ إِلَى أَيِّهِمَا أَصِيرُ».

واتە: عەلیی کوڕی مەسعەدە دەفەرموێت: گوێم لە عەبدوڵڵای ڕۆمی بوو دەیفەرموو: پێم گەیشتووە کە عوسمان (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: ئەگەر من لە نێوان بەهەشت و دۆزەخا بم و نەزانم فرمانم بۆ کامیان پێ دەکرێت؛ پێش ئەوەی کە بزانم بەرەو کامیان دەچم؛ حەز دەکەم ببمە خۆڵەمێش.

٦٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، أَنْبَأَنَا هِشَامٌ، حَدَّثَنِي أَبِي، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ الزُّبَيْرِ قَالَ: قُلْتُ لِعُثْمَانَ رَضِيَ الله عَنْهُ يَوْمَ الدَّارِ: «قَاتِلْهُمْ الله، فَوَالله، لَقَدْ أَحَلَّ اللهَ لَكَ قِتَالَهُمْ» فَقَالَ: «لَا وَالله، لَا أُقَاتِلُهُمْ أَبَدًا فَدَخَلُوا» عَلَيْهِ فَقَتَلُوهُ وَهُوَ صَائِمٌ قَالَ: وَكَانَ عُثْمَانُ أَمَّرَ عَبْدَ الله بْنَ الزُّبَيْرِ عَلَى الدَّارِ، فَقَالَ عُثْمَانُ: «مَنْ كَانَتْ لِي عَلَيْهِ طَاعَةٌ فَلْيُطِعْ عَبْدَ الله بْنَ الزُّبَيْرِ».

واتە: لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە دەفەرموێت: لە کاتی یوم الدار (ئەو جەنگ و هەرایەی کە پێشەوا عوسمانی تێدا شەهید کرا) بە عوسمانم (خوای لێ ڕازی بێت) گوت: ئەی خوا بیانکوژێت! بەخوا خوای گەورە جەنگ کردنی لەگەڵ ئەوانەدا بۆ تۆ حەڵاڵ کردووە (چونکە ستەمیان لێ دەکردو بە ناهەق شەڕیان پێ دەفرۆشت) عوسمان فەرمووی: نا بەخوا هەرگیز دەستیان لێ ناکەمەوە و جەنگیان لەگەڵ ناکەم.. دوای ئەوە داڕژانە سەری پێشەوا عوسمان و شەهیدیان کرد؛ لەو کاتەدا کە شەهید کرا بەڕۆژوو بوو.. دەفەرموێت: عوسمان عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیری کردە کاربەدەست.. عوسمان فەرمووی: هەر کەسێ بە گوێی من دەکات و لەگەڵ منایە ئەوا با گوێڕایەڵی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر بێت.

٦٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ خَالِدٍ، حَدَّثَنَا الزُّبَيْرُ بْنُ عَبْدِ الله، عَنْ جَدَّةٍ، له يُقَالُ لها زُهَيْمَةُ قَالَتْ: «كَانَ عُثْمَانُ رَضِيَ الله عَنْهُ يَصُومُ النَّهَارَ وَيَقُومُ اللَّيْلَ إِلَّا هَجْعَةً مِنْ أَوَّلِهِ».

واتە: زوبەیری کوڕی عەبدوڵڵا لە داپیرێکیەوە کە ناوی زوهەیمە بوو دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عوسمان (خوای لێ ڕازی بێت) ڕۆژانە بەڕۆژوو دەبوو؛ شەوانیش شەونوێژی دەکرد تەنیا کەمێک لە سەرەتای شەو نەبێ کە تێیدا دەنووست.

٦٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا بَكْرُ بْنُ عِيسَى أَبُو بِشْرٍ الرَّاسِبِيُّ، حَدَّثَنَا أَبُو عَوَانَةَ، عَنْ عَاصِمٍ الْأَحْوَلِ، عَنْ أَبِي عُثْمَانَ، أَنَّ غُلَامَ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ، تَزَوَّجَ فَأَرْسَلَ إِلَى عُثْمَانَ وَهُوَ أَمِيرُ الْمُؤْمِنِينَ، فَلَمَّا جَاءَ قَالَ: «أَمَا إِنِّي صَائِمٌ غَيْرَ أَنِّي أَحْبَبْتُ أَنْ أُجِيبَ الدَّعْوَةَ، وَأَدْعُو بِالْبَرَكَةِ».

واته: له عاصمی ئەحەوەلەوە دەگێڕنەوە ئەویش لە باوکی عوسمانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کۆیلەیەکی موغیرەی کوڕی شوعبە ژنی هێناو پێشەوا عوسمانی دەعوەت کرد. پێشەوا عوسمان لەو کاتەدا خەلیفە بوو کاتێ هات بۆ داوەتەکە فەرمووی: من بەڕۆژووم؛ بەڵام هەر پێم خۆشبوو بێم بۆ داوەتەکەو نزای خێرو پیت و بەرەکەتتان بۆ بکەم.

٦٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي شَيْبَانُ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ رَاشِدٍ، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ مُوسَى «أَنَّ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ، دُعِيَ إِلَى قَوْمٍ كَانُوا عَلَى أَمْرٍ قَبِيحٍ، فَخَرَجَ إِلَيْهِمْ فَوَجَدَهُمْ قَدْ تَفَرَّقُوا وَرَأَى أَمْرًا قَبِيحًا فَحَمِدَ اللهَ إِذْ لَمْ يُصَادِفْهُمْ وَأَعْتَقَ رَقَبَةً».

واته: موحەممەدی کوڕی ڕاشید دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: سولەیمانی کوڕی مووسا گێڕایەوە فەرمووی: عوسمانی کوڕی عەففان دەعوەت کرا بۆ لای کۆمەڵێک خەڵکی کە هەڵسوکەوتی ناشیرینیان هەبوو؛ عوسمان ڕۆیشت و کاتێ گەیشتە ئەوێ دەبینێ کۆڕو کۆبوونەوەکە بڵاوەی کردووە و کەس لەوێ نەماوە؛ بەڵام هەندێ ئاسەواری شتی ناشیرینی بینی؛ بۆیە زۆر سوپاسی خوای کرد کە چاوی بەو کەسانە نەکەوتووە و وەک شوکرانەبژێری کۆیلەیەکیشی ئازاد کرد.

زوهد و پارسایی پێشەوای باوەڕداران
عەلیی کوڕی ئەبو تالیب(خوای لێ ڕازی بێت)

٦٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عُبَيْدٍ، حَدَّثَنَا مُخْتَارُ بْنُ نَافِعٍ، عَنْ أَبِي مَطَرٍ قَالَ: رَأَيْتُ عَلِيًّا عَلَيْهِ السَّلَامُ مُتَّزِرًا بِإِزَارٍ مُتَرَدِّيًا بِرِدَاءٍ وَمَعَهُ الدِّرَّةُ كَأَنَّهُ أَعْرَابِيٌّ بَدْوِيٌّ حَتَّى بَلَغَ سُوقَ الْكَرَابِيسِ فَقَالَ فِي قَمِيصٍ بِثَلَاثَةِ دَرَاهِمَ فَلَمَّا عَرَفَهُ لَمْ يَشْتَرِ مِنْهُ شَيْئًا فَأَتَى آخَرَ فَلَمَّا عَرَفَهُ لَمْ يَشْتَرِ مِنْهُ شَيْئًا فَأَتَى غُلَامًا حَدَثًا فَاشْتَرَى مِنْهُ قَمِيصًا بِثَلَاثَةِ دَرَاهِمَ، ثُمَّ جَاءَ أَبُو الْغُلَامِ فَأَخْبَرَهُ فَأَخَذَ أَبُوهُ دِرْهَمًا ثُمَّ جَاءَ بِهِ، فَقَالَ: هَذَا الدِّرْهَمُ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، فَقَالَ: «مَا شَأْنُ هَذَا الدِّرْهَمِ» قَالَ: «كَانَ ثَمَنُ الْقَمِيصِ دِرْهَمَيْنِ» فَقَالَ: «بَاعَنِي رِضَايَ وَأَخَذَ رِضَاهُ».

واتە: موختاری کوڕی نافیع لە باوکی مەتەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەلیم بینی (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەستێ پۆشاك واتە: فۆتەیەکی سەرو خواری پێچابوو بە خۆیەوە؛ قامچەیەکیشی بە دەستەوە بوو؛ دەتگوت عەرەبی دەشتەکییە؛ هات بۆ بازاڕی کەرابیس مامەڵەی کراسێکی کرد داوای سێسەد دیرهەمیان لێ دەکرد؛ جا کە زانیی نرخی سێیسەد دیرهەمە نەیکڕی؛ ڕۆیشت بۆ لای کەسێکیتر؛ کاتێ زانیی ئەویش بە چەندی دەفرۆشێ لێی نەکڕی؛ تا ڕۆیشت بۆ لای کوڕێکی گەنج کراسێکی لێ کڕی بە سێ دیرهەم؛ دوایی باوکی کوڕەکە هاتەوە و کوڕەکە بۆ باوکی گێڕایەوە کە کراسەکەی داوە بە سێ دیرهەم بە عەلی؛ ئەویش دیرهەمێ‌ی لە کوڕەکەی سەندو هێنای و گوتی: ئەمە دیرهەمێکی ئەی گەورەی باوڕداران! عەلی فەرمووی: ئەم دیرهەمە هی چییە؟ گوتی: نرخی کراسەکە دوو دیرهەم بووە نەك سێ دیرهەم! پێشەوا عەلی فەرمووی: ئەو کوڕە بە منی فرۆشت و منیش بەو نرخە ڕازی بووم و ئەویش بەو نرخە کە پێی فرۆشتووە ڕازی بووە (واتە: دیرهەمەکەی وەرنەگرتەوە).

٦٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا عُمَرُ بْنُ السَّعْدِيِّ، عَنْ أَوْفَى بْنِ دَلهم الْعَدَوِيِّ قَالَ: بَلَغَنِي عَنْ عَلِيٍّ رَضِيَ الله عَنْهُ أَنَّهُ قَالَ: «تَعَلَّمُوا الْعِلْمَ؛ تُعْرَفُوا بِه، وَاعْمَلُوا بِه؛ تَكُونُوا مِنْ أَهْلِه، فَإِنَّهُ سَيَأْتِي مِنْ بَعْدِكُمْ زَمَانٌ يُنْكِرُ الْحَقَّ فِيهِ تِسْعَةُ أَعْشَارِهِمْ، لَا يَنْجُو فِيهِ إِلَّا كُلُّ نُوْمَةٍ، أُولَئِكَ أَئِمَّةُ الهدَى وَمَصَابِيحُ الْعِلْمِ».

واتە: لە ئەوفـای کـوڕی دەلەمـی عەدەویـیە دەگێـڕنەوە فەرمـوویەتی: پـێم گەیشـتووە لە عەلیەوە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی‌ەتی: فێرە زانست بین! بە زانستەوە دەناسرێنەوە؛ کار بە زانست بکەن دەبن ئەهلی زانست و زانا؛ بەڕاستی دوای سەردەمی ئێوە سەردەمێک دێت لە دە کەس نـۆ کەس ئینکـاری هەق و ڕاسـتەقینە دەکـات؛ کەس ڕزگـاری نابێـت مەگەر ئەوانەی کە نەناسـن و لەنـاو خەڵکدا دیارو ناسـراو نـین و ئەهلی خراپەو شـەڕ نـین؛ ئەوانە پێشەوای ڕێگای ڕاست و چرای زانستن.

٦٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ قَالَ: قَالَ ابْنُ أَبِي خَالِد، عَنْ زُبَيْدَةَ قَالَ: قَالَ عَلِيٌّ عَلَيْهِ السَّلَامُ، وَقَالَ وَكِيعٌ وَحَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ زِيَاد بْنِ أَبِي الْجَعْدِ، عَنْ مُهَاجِرٍ الْعَامِرِيِّ، عَنْ عَلِيٍّ عَلَيْهِ السَّلَامُ قَالَ: «إِنَّ أَخْوَفَ مَا أَخَافُ عَلَيْكُمُ اثْنَتَيْنِ طُولُ الْأَمَلِ وَاتِّبَاعُ الهوَى، فَأَمَّا طُولُ الْأَمَلِ فَيُنْسِي الْآخِرَةَ وَأَمَّا اتِّبَاعُ الهوَى فَيَصُدُّ عَنِ الْحَقِّ، أَلَا وَإِنَّ الدُّنْيَا قَدْ وَلَّتْ مُدْبِرَةً وَالْآخِرَةُ مُقْبِلَةٌ وَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا بَنُونَ فَكُونُوا مِنْ أَبْنَاءِ الْآخِرَةِ وَلَا تَكُونُوا مِنْ أَبْنَاءِ الدُّنْيَا فَإِنَّ الْيَوْمَ عَمَلٌ وَلَا حِسَابَ وَغَدًا حِسَابٌ وَلَا عَمَلَ».

واتە: کـوڕی بـاوکی خالـد لە زوبەیدەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: عەلی (سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت) فەرمـووی:.. هەروەهـا یەزیـدی کـوڕی زیـادیش لە بـاوکی جەعدەوە ئەویـش لە موهاجیری عامرییەوە ئەویش لە عەلییەوە (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: ئەوەی کە من زۆر لێی دەترسم ئێوە تووشی ببن دوو شتە؛ هیواو ئاواتی زۆرو شوێنکەوتنی هەواو ئـارەزوو؛ هیـواو ئـاواتی زۆر قیـامەت لە بیـر مرۆڤ دەبـاتەوە؛ شـوێنکەوتنی هەواو ئـارەزوش مـرۆڤ لە ڕێگـای ڕاسـت کـل دەکـات؛ وریـابن! دونیـا پشـتی تـێ کـردین و خەریـکە دەڕوا؛ قیـامەتیش خەریـکە بەرەوڕوومـان دێـت؛ هەریەک لە دونیـا و قیـامەتیش کوڕوکـاڵ و شوێنکەوتەی خۆی هەیە؛ ئێوە کوڕوکاڵ و شوێنکەوتەی قیامەت بن و مەبن بە کوڕو کاڵ و شونکەوتەی دونیا؛ چونکە بەڕاستی ئەمڕۆ کات کاتی کار کردنەوە و لێکۆلینەوە نییە؛ سبەی لە قیامەتدا کات کاتی لێکۆڵینەوەیەو کاتی کار کردن بەسەر دەچێ.

٦٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا مِسْعَرٌ، عَنْ أَبِي بَحْرٍ، عَنْ شَيْخٍ، لهمْ قَالَ رَأَيْتُ عَلَى عَلِيٍّ عَلَيْهِ السَّلَامُ إِزَارًا غَلِيظًا قَالَ: «اشْتَرَيْتُهُ بِخَمْسَةِ دَرَاهِمَ فَمَنْ أَرْبَحَنِي دِرْهَمًا بِعْتُهُ» قَالَ: وَرَأَيْتُ مَعَهُ دَرَاهِمَ مَصْرُورَةً، فَقَالَ: «هَذِهِ بَقِيَّةُ نَفَقَتِنَا مِنْ يَنْبُعَ».

واتە: باوکی بەحر لە پیاوێکی لای خۆیانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەلیم بینی (خوای لێ ڕازی بێت) کراسێکی زبری پێبوو؛ فەرمووی: بە پێنج دیرهەم کڕیومە؛ هەر کەسێ دیرهەمێک قازانجم بداتێ پێی دەفرۆشم! دەفەرموێت: بینیم چەند دیرهەمێکی پێبوو لە کیسەیەکا بوو دەمەکەی بەسرابوو؛ فەرمووی: ئەمە پاشماوەی خەرجییەکانمانە لە یەنبوع. (یەنبوع شارۆچکەیەکە بەندەرگاو ئەسکەلەگایە؛ دەکەوێتە کەنار دەریای سورەوە).

٦٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيدٍ، عَنْ أَبِي حَيَّانَ، حَدَّثَنِي مُجَمِّعٌ «أَنَّ عَلِيًّا رَضِيَ الله عَنْهُ كَانَ يَأْمُرُ بِبَيْتِ الْمَالِ فَيُكْنَسُ ثُمَّ يُنْضَحُ ثُمَّ يُصَلِّي فِيهِ رَجَاءَ أَنْ يَشْهَدَ لَه يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَنَّهُ لَمْ يَحْبِسْ فِيهِ الْمَالَ عَنِ الْمُسْلِمِينَ».

واتە: باوکی حەییان گێڕایەوە فەرمووی: موجەممیع بۆی گێڕامەوە فەرمووی: عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) فرمانی دەکرد کە بەیتولماڵ گسک بدرێ؛ گەسکی لێ دەدراو دوایی ئاوپرژێن دەکرا؛ دوایی عەلی نوێژی تێدا دەکرد بەو ئاواتەی کە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو شوێنەی شایەتیی بۆ بدات کە هیچی تێدا گیر نەداوە و هەمووی بەخشیوە بە باوەڕداران.

٦٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو الْمُنْذِرِ إِسْمَاعِيلُ بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ عُبَيْدٍ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ رَبِيعَةَ، «أَنَّ عَلِيًّا عَلَيْهِ السَّلَامُ كَانَ لَه امْرَأَتَانِ كَانَ إِذَا كَانَ يَوْمُ هَذِهِ اشْتَرَى لَحْمًا بِنِصْفِ دِرْهَمٍ وَإِذَا كَانَ يَوْمُ هَذِهِ اشْتَرَى لَحْمًا بِنِصْفِ دِرْهَمٍ».

واتە: لە سەعیدی کوڕی عوبەیدەوە ئەویش لە عەلیی کوڕی ڕەبیعەوە دەگێڕێتەوە کە عەلی (سەلامی خوای لەسەر بێت) دوو ژنی هەبوو؛ هەر کاتێ سەرەی ئەم ژنەکەی بوایە بایی نیو دیرهەم گۆشتی دەکڕی و دەچو بۆ ئەو ماڵەیان؛ کە سەرەی ئەمیتر دەهات بایی نیو دیرهەم گۆشتی دەکڕی و دەچو بۆ لای ئەوەیان.

٦٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو عَمْرٍو الْأَزْدِيُّ نَصْرُ بْنُ عَلِيٍّ، حَدَّثَنَا بِشْرٌ يَعْنِي ابْنَ الْفَضْلِ، عَنْ أَبِي هَارُونَ الْغَنَوِيِّ، عَنْ حِطَّانَ بْنِ عَبْدِ الله قَالَ: قَالَ عَلِيٌّ رَحْمَةُ الله عَلَيْهِ: «أَتَدْرُونَ كَيْفَ أَبْوَابُ جَهَنَّمَ؟» قَالَ: قُلْنَا: «كَنَحْوِ هَذِهِ الْأَبْوَابِ» قَالَ: «لَا، وَلَكِنَّهَا هَكَذَا» وَوَضَعَ يَدَهُ فَوْقَ وَبَسَطَ أَبو عُمَرَ يَدَهُ عَلَى يَدِه ".

واتە: باوکی هارونی غەنەوی لە حیتتانی کوڕی عەبدوڵڵاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: ئێوە دەزانن دەرگاکانی دۆزەخ چۆن؟ دەفەرموێت: گوتمان: هەر وەک ئەم دەرگایانە وایە! عەلی فەرمووی: نەخێر وانییە؛ بەڵکوو ئاوایە. جا دەستی لەسەر داستی داناو باوکی عومەر (کە یەکێکە لە پیاوانی ناو ڕشتەو سەنەدی ئەم ئەسەرەیە) دەستی کردەوە.

٦٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَلِيُّ بْنُ حَكِيمٍ الْأَوْدِيُّ، حَدَّثَنَا شَرِيكٌ، عَنِ الْأَجْلَحِ، عَنْ أَبِي مُلَيْكَةَ قَالَ: «لَمَّا أَرْسَلَ عُثْمَانُ إِلَى عَلِيٍّ رَحْمَةُ الله عَلَيْهِ مَا فِي التَّعَاقُبِ وَجَدَهُ مُتَّزِرًا بِعَبَاءَةٍ مُحْتَجِزًا بِعِقَالٍ وَهُوَ يَهْنَأُ بَعِيرًا لَه».

واتە: شەریك لە ئەجلەحەوە بۆی گێڕاینەوە ئەویش لە باوکی مولەیکەوە فەرمووی: کاتێ عوسمان کەسێکی نارد بو دوای علیدا بۆ ئەوەی بێت و لەکاروباری خەلافەتا یارمەتیی بدات؛ کەسەکە ڕۆیشت بە دوایاو دەبینێ عەلی کراسێکی لەبەرایەو ناوقەدی خۆی بە پشتێنێک پێچاوە و خەریکی تیمار کردنی وشترێکە.

٦٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو عَبْدِ الله السُّلَمِيُّ، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ عُقْبَةَ، عَنْ سُفْيَانَ الثَّوْرِيِّ، عَنْ عُمَرَ بْنِ قَيْسٍ قَالَ: قِيلَ لِعَلِيٍّ عَلَيْهِ السَّلَامُ: «لِمَ تُرَقِّعُ قَمِيصَكَ؟» قَالَ: «يَخْشَعُ الْقَلْبُ وَيَقْتَدِي بِهِ الْمُؤْمِنُ».

واتە: لە سوفیانی ثەورییەوە ئەویش لە عومەری کوڕی قەیسەوە دەفەرموێت: بە عەلی (سەلامی خوای لەسەر بێت) گوترا: بۆچی کراسەکەت پینە دەکەیت؟ فەرمووی: ئاوا دڵ زیاتر ملکەچ دەبێت و باوەڕداریش چاومان لێ دەکات (واتە: چاو بۆ شتی زۆرو سەروەت و سامانی دونیایی نادات و دوای هەواو ئارەزو ناکەوێت).

٧٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ الدوورقيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ عَمْرِو بْنِ قَيْسٍ، عَنْ عَدِيِّ بْنِ ثَابِتٍ أَنَّ عَلِيًّا عَلَيْهِ السَّلَامُ أُتِيَ بِفَالُوذَجٍ فَلَمْ يَأْكُلْه ".

واتە: سوفیان لە عەمری کوڕی قەیسەوە بۆی گێڕاینەوە؛ ئەویش لە عەدیی کوڕی ثابتەوە کە فالودەیان بۆ عەلی هێنا (سەلامی خوای لەسەر بێت) نەیخوارد.

٧٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي عَلِيُّ بْنُ حَكِيمٍ الْأَوْدِيُّ، حَدَّثَنَا شَرِيكٌ، عَنْ مُوسَى الطَّحَّانِ، عَنْ مُجَاهِدٍ، عَنْ عَلِيٍّ، عَلَيْهِ السَّلَامُ قَالَ: جِئْتُ إِلَى حَائِطٍ أَوْ بُسْتَانٍ فَقَالَ لِي صَاحِبُهُ: دَلْوًا وَتَمْرَةً فَدَلَوْتُ دَلْوًا بِتَمْرَةٍ فَمَلَأْتُ كَفِّي ثُمَّ شَرِبْتُ مِنَ الْمَاءِ ثُمَّ جِئْتُ إِلَى رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِمِلْءِ كَفِّي فَأَكَلَ بَعْضَهُ وَأَكَلْتُ بَعْضَهُ ".

واتە: مووسای کوڕی تەححان لە موجاهیدەوە ئەویش لە عەلی (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: ڕۆیشتم بۆ لای باخێک یان بێستانێک خاوەنەکەی پێی گوتم: دۆڵچەیەک ئاووم بۆ هەڵگۆزە بە یەک خورما! منیش هەندێ ئاووم بۆ هەڵگۆزی تا پڕی هەردودەستم کرد لە خورما؛ دوایی هەندێ ئاووم خواردەوە و خورماکەم برد بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو هەندێکی لێ خواردو منیش ئەویتری.

٧٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا زَكَرِيَّا بْنُ يَحْيَى الْكِسَائِيُّ، حَدَّثَنَا ابْنُ فُضَيْلٍ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ مُجَمِّعٍ التَّيْمِيِّ، عَنْ يَزِيدَ بْنِ مِحْجَنٍ قَالَ: كُنَّا مَعَ عَلِيٍّ عَلَيْهِ السَّلَامُ بِالرَّحْبَةِ فَدَعَا بِسَيْفٍ فَسَلَّهُ فَقَالَ: مَنْ يَشْتَرِي هَذَا فَوَاللهِ لَوْ كَانَ عِنْدِي ثَمَنُ إِزَارٍ مَا بِعْتُهُ".

واتە: موجەممیعی تەییمی لە یەزیدی کوڕی میحجەنەوە دەفەرموێت: ئێمە لە ڕەحبە لە خزمەت عەلیدا (سەلامی خوای لەسەر بێت) بووین؛ داوای شمشێرێکی (واتە: یەکێک لە شمشێرەکانی خۆی) کرد و شمشێرەکەی هەڵکێشاو فەرمووی: کێ ئەمە دەکڕێ؟ بەخوا ئەگەر پارەی کراسێکم هەبا نەمدەفرۆشت!

٧٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبُو مَعْمَرٍ، حَدَّثَنَا هُشَيْمٌ، أَنْبَأَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ سَالِمٍ، عَنْ عَمَّارٍ الْحَضْرَمِيِّ، عَنْ زَاذَانَ أَبِي عُمَرَ، أَنَّ رَجُلًا، حَدَّثَهُ أَنَّ عَلِيًّا عَلَيْهِ السَّلَامُ سَأَلَ رَجُلًا عَنْ حَدِيثٍ فِي الرَّحَبَةِ فَكَذَبَهُ فَقَالَ: إِنَّكَ قَدْ كَذَبْتَنِي، فَقَالَ: مَا كَذَبْتُكَ، قَالَ: فَأَدْعُو اللهَ عَلَيْكَ إِنْ كُنْتَ كَذَبْتَنِي أَنْ يُعْمِيَ اللهُ بَصَرَكَ، قَالَ: فَدَعَا اللهَ أَنْ يُعْمِيَهُ فَعَمِيَ ".

واتە: عەممیاری حەزرەمی لە زاذانی باوکی عەمومەرەوە ئەویش لە پیاوێکەوە بۆی گێراوەتەوە کە عەلی (سەلامی خوای لەسەر بێت) لە گۆڕپانەکەدا لە بارەی قسەیەکەوە پرسیاری لە پیاوێک کرد؛ پیاوەکە قسەکەی پێشەوا عەلی بە درۆ زانی؛ عەلی فەرمووی:

ئەرێ تۆ منت بە درۆ خستەوە! پیاوەکە گوتی: نەخێر وا نییە! عەلی فەرمووی: دەی من توکت لێ دەکەم (واتە: دۆعای شەڕت لێ دەکەم) ئەگەر تۆ منت بە درۆ خستەوە خوا چاوەکانت کوێر بکات! دەفەرموێت: عەلی دۆعای لێ کرد خوا کوێری بکات؛ پیاوەکە یەکسەر کوێر بوو.

٧٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ بْنُ مُوسَى، عَنْ عُثْمَانَ بْن ثَابت أَبي عَبْد الرَّحْمَن الهمْدَانيِّ، عَنْ جَدَّته، عَنْ أُمِّهَا، قَالَتْ: أَتَى عَليٌّ عَلَيْه السَّلَامُ دَارَ فُرَات فَقَالَ لخَيَّاط: أَتَبيعُ الْقَميصَ أَتَعْرِفُني؟ قَالَ: نَعَمْ , قَالَ: لَا حَاجَةَ لي فيه فَأَتَى آخَرَ فَقَالَ له: أَتَعْرِفُني؟ قَالَ: لَا قَالَ: بعْني قَميصَ كَرَابيسَ قَالَ: فَبَاعَهُ ثُمَّ قَالَ له: مُدَّ الْقَميصَ فَلَمَّا بَلَغَ أَطْرَافَ أَصَابعه قَالَ: اقْطَعْ مَا فَوْقَ ذَلكَ، وَكَفَّهُ وَلَبسَهُ فَقَالَ: الْحَمْدُ لله الَّذي كَسَاني مَا أَتَوَارَى به وَأَتَجَمَّلُ في خَلْقه ".

واتە: عوثمانی کوڕی ثابت لە داپیری خۆیەوە ئەویش لە دایکیەوە فەرموویەتی: عەلی (سەلامی خوای لەسەر بێت) هات بۆ داری فورات (شوێنێک بووە لە کوفە بەو ناوە و کراسی تێدا فرۆشراوە) بە بەرگدرویەکی گوت: ئەو کراسەم پێ دەفرۆشی؟ خۆ دەمناسی؟ کابرا گوتی: بەڵێ! ئیتر عەلی گوتی: مادەم دەمناسی ئەو کراسەم ناوێ (چونکە پێشەوا عەلی کاربەدەست بوو، گوتی: نەکا لەبەر ئەوەی کاربەدەستم پارەی کەمترم لێ بسێنێ) ڕۆیشت بۆ لای یەکێکیتر پێی فەرموو: دەمناسی؟ گوتی: نەخێر! گوتی: (بەشی) کراسێ قوماشی لۆکەی سپیم پێ بفرۆشە.. دەفەرموێت: کراسەکەی پێ فرۆشت؛ دوایی پێی گوت: قۆڵەکانی با درێژ بن.. کاتێ بەرگدروەکە گەیشتە لای دەست و پەنجەکانی؛ فەرمووی: ئالەمەو سەر ببڕە! دوایی وەری گرت و سەرقۆڵەکانی دانوشتاندەوە لەبەری کرد و فەرمووی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ئەمەی کردە بەری من و خۆمم پێ داپۆشی و لەناو دروستکراوەکانیا خۆمم بەمە ڕازاندەوە.

٧٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني إسْمَاعيلُ أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا زَافرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، عَنْ أَبي سنَان الشَّيْبَانيِّ، حَدَّثَني رَجُلٌ، بهَرَاةَ قَالَ: رَأَيْتُ عَليَّ بْنَ أَبي طَالب رَضيَ الله عَنْهُ يَمْشي إلَى الْعيد ".

واتە: زافری کوڕی سولەیمان لە باوکی سینانی شەیبانی دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە هەرات پیاوێ بۆی گێڕامەوە و گوتی: عەلیی کوڕی ئەبو تالیبم بینی (خوای لێ ڕازی بێت) دەڕۆیشت بۆ نوێژی جەژن.

٧٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، وَحَدَّثَنَا حُسَيْنُ بْنُ مُحَمَّد، حَدَّثَنَا شَرِيكٌ، عَنْ أَبِي الْمُغِيرَةِ، وَهُوَ عُثْمَانُ بْنُ أَبِي زُرْعَةَ، عَنْ زَيْد بْن وَهْب قَالَ: قَدمَ عَلَى عَليٍّ رَحمَهُ الله وَفْدٌ منْ أَهْلِ الْبَصْرَة منْهُمْ رَجُلٌ منْ رُءُوس الْخَوَارِج يُقَالُ له الْجَعْدُ بْنُ بَعْجَةَ فَخَطَبَ النَّاسَ فَحَمدَ الله وَأَثْنَى عَلَيْه وَقَالَ: يَا عَليُّ اتَّق الله فَإِنَّكَ مَيِّتٌ وَقَدْ عَلمْتَ سَبيلَ الْمُحْسن، يَعْني بالْمُحْسنِ عُمَرَ رَضيَ الله عَنْهُ، ثُمَّ قَالَ: إنَّكَ مَيِّتٌ فَقَالَ عَليٌّ عَلَيْه السَّلَامُ: لَا وَالَّذي نَفْسي بيَده بَلْ مَقْتُولًا قَتْلًا، ضَرْبَةٌ عَلَى هَذَا تَخْضبُ هَذه، قَضَاءٌ مَقْضيٌّ وَعَهْدٌ مَعْهُودٌ وَقَدْ خَابَ مَن افْتَرَى، ثُمَّ عَاتَبَهُ في لُبُوسه، فَقَالَ: مَا يَمْنَعُكَ أَنْ تَلْبَسَ؟ قَالَ: مَا لَكَ وَللَّبُوسِي إنَّ لُبُوسِي هَذَا أَبْعَدُ منَ الْكبْرِ وَأَجْدَرُ أَنْ يَقْتَديَ بيَ الْمُسْلمُ ".

واته: عوسمانی کوڕی باوکی زورعە لە زەیدی کوڕی وەهبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: وەفدێک لە بەصرەوە هاتن بۆ لای عەلی؛ پیاوێکیان تێدابوو سەرکردەیەکی خەواریجەکان بوو؛ پێیان دەگوت: جەعدی کوڕی بەعجە، جەعد دەستیکرد بە وتاردان و سوپاس و ستاییشی خوای گەورەی کرد و دوایی گوتی: ئەی عەلی! لەخوا بترسە؛ تۆ دەمری؛ خۆ تۆ خۆت ڕێگای پیاوە چاکەکە دەزانی (مەبەستی لە چاکەکە پێشەوا عومەر بوو. خوای لێ ڕازی بێ.) دوایی گوتی: تۆ دەمری و مردن یەخەت دەگرێ! عەلی (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: نە سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە من دەکوژرێم! ئا لێرەم دەدرێت و ئەمەم خوێناوی دەبێ؛ ئەوە بڕیارێکەو پەیمانێکە و تازە قەزا و قەدەرەو نووسراوە؛ زەرەمەند ئەوەیە کە درۆ دەکات! دوایی پیاوەکە ڕەخنەی لە چل و بەرگی پێشەوا عەلی گرت و گوتی: ئەوە بۆچی پۆشاکی باش لەبەر ناکەی؟ پێشەوا عەلی فەرمووی: تۆ چ کارت بە پۆشاك داوە؟ ئەم جۆرە پۆشاکە باشترە؛ لە خۆبەزلزانی دوورەو وا باشترە بۆ ئەوەی باوەڕدارانیش چاووم لێ بکەن (واتە: پۆشاکی سادە لەبەر بکەن و خۆیان بە گەورە نەزانن و بایی هەوا نەبن).

٧٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي سُفْيَانُ بْنُ وَكيعٌ، وَحَدَّثَنَا أَبو غَسَّانَ، عَنْ أَبِي دَاوُدَ الْمَكْفُوف، عَنْ عَبْد الله بْن شَرِيك، عَنْ حَبَّةَ، عَنْ عَليٍّ، عَلَيْه السَّلَامُ أَنَّهُ أُتيَ بالْفَالَوْذَج فَوُضعَ قُدَّامَهُ فَقَالَ: إنَّكَ لَطَيِّبُ الرِّيحِ حَسَنُ اللَّوْن طَيِّبُ الطَّعْم وَلَكنْ أَكْرَهُ أَنْ أُعَوِّدَ نَفْسي مَا لَمْ تَعْتَدْهُ ".

واتە: لە عەبدوڵڵای کوڕی شەریکەوە؛ ئەویش لە حەببەوە؛ ئەویش لە عەلی (سەلامی خوای لەسەر بێت) جارێک فالودەیان بۆ عەلی هێناوە و لەبەردەمیا دایاننابوە؛ فەرمووی: ئای کە بۆنت خۆشەو ڕەنگت جوانەو تامت خۆشە! بەڵام پێم ناخۆشە نەفسم فێری شتێک بکەم کە پێشتر فێری نەبووە (ئیتر نەیخوارد).

٧٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ يَحْيَى الْأَزْدِيُّ، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ الْقَاسِمِ، وَحَدَّثَنَا مَطِيرُ بْنُ ثَعْلَبَةَ التَّيْمِيُّ، حَدَّثَنَا أَبُو النَّوَّارِ، بَيَّاعُ الْكَرَابِيسِ قَالَ: أَتَانِي عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ وَمَعَهُ غُلَامٌ لَه فَاشْتَرَى مِنِّي قَمِيصَي كَرَابِيسَ ثُمَّ قَالَ لِغُلَامِهِ: اخْتَرْ أَيَّهُمَا شِئْتَ فَأَخَذَ أَحَدَهُمَا وَأَخَذَ عَلِيٌّ عَلَيْهِ السَّلَامُ الْآخَرَ فَلَبِسَهُ ثُمَّ مَدَّ يَدَهُ ثُمَّ قَالَ: اقْطَعِ الَّذِي يَفْضُلُ مِنْ قَدْرِ يَدَيَّ، فَقَطَعَهُ وَكَفَّهُ فَلَبِسَهُ ثُمَّ ذَهَبَ ".

واتە: مەتیری کوڕی ثەعلەبە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: باوکی نەووار. کە قوماشی لۆکەی سپی دەفرۆشت. بۆی گێرامەوە گوتی: عەلیی کوڕی ئەبو تالیب هات بۆ لام و کۆیلەیەکی خۆی لەگەڵدا بوو؛ دوو کراسی لۆکەی لێ کڕیم و بە کۆیلەکەی گوت: کامیانت دەوێ هەڵبژێرە! کۆیلەکە یەکێکیانی هەڵبژاردو عەلی خۆی ئەویتریانی لەبەر کرد و دوایی دەستی ڕاکێشاو دوایی فەرمووی: ئادەی لە سەرقۆڵەکەی هەرچی لە دەستم زیادە بیبڕە؛ ئەویش زیادەکەی بڕی و لێوی سەرقۆڵەکەی گرت (واتە: توشتاندیەوە دووریەوە) و لەبەری کرد و ڕۆیی.

٧٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي سُرَيْجُ بْنُ يُونُسَ قَالَ: حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ هَاشِمٍ، عَنْ صَالِحٍ بَيَّاعِ الْأَكْسِيَةِ، عَنْ أُمِّهِ، أَوْ جَدَّتِه قَالَتْ: رَأَيْتُ عَلِيَّ بْنَ أَبِي طَالِبٍ رَضِيَ الله عَنْهُ اشْتَرَى تَمْرًا بِدِرْهَمٍ فَحَمَلَه فِي مِلْحَفَةٍ فَقَالُوا نَحْمِلُ عَنْكَ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ قَالَ: لَا أَبُو الْعِيَالِ أَحَقُّ أَنْ يَحْمِلَ ".

واتە: لە صالّەح کە فرۆشیاری پۆشاك و چڵ و بەرگ بوو؛ ئەویش لە دایکیەوە یان لە داپیریەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەلیم بینی (سەلامی خوای لەسەر بێت) هەندێ خورمای کڕی بە دیرهەمێک؛ جا کردیە ناو چارۆکەیەک و هەڵیگرت؛ پێیان گوت: ئەی گەورەی باوەڕداران! با ئێمە بۆت هەلبگرین.. فەرمووی: نا! گەورەی ماڵ و بەڕێوەبەری ماڵ دەبێ هەڵییگرێت.

٧١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ إِسْرَائِيلَ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ عَمْرِو بْنِ حَبْشِيٍّ قَالَ: خَطَبَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَلِيٍّ عَلَيْهِمَا السَّلَامُ بَعْدَ قَتْلِ عَلِيٍّ عَلَيْهِ السَّلَامُ فَقَالَ: لَقَدْ فَارَقَكُمْ رَجُلٌ أَمِينٌ مَا سَبَقَهُ الْأَوَّلُونَ بِعِلْمٍ وَلَا أَدْرَكَهُ الْآخِرُونَ، إِنْ كَانَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَيَبْعَثُهُ وَيُعْطِيهِ الرَّايَةَ فَلَا يَنْصَرِفُ حَتَّى يُفْتَحَ له وَمَا تَرَكَ مِنْ صَفْرَاءَ وَلَا بَيْضَاءَ إِلَّا سَبْعَمِائَةِ دِرْهَمٍ مِنْ عَطَائِهِ كَانَ يَرْصُدُهَا لِخَادِمِ أَهْلِه ".

واتە: لە باوكی ئیسحاقەوە ئەویش لە عەمری حەبەشییەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: دوای شەهید بوونی عەلی حەسەنی كوڕی عەلی (سەلامی خوایان لەسەر) وتارێكی بۆ داین؛ فەرمووی: بەڕاستی پیاوێكی ئەمین و دەست پاك ئێمەی بەجێهێشت؛ نە هاوەڵانی پێشو هێندەی ئەو زانا بوون و نە ئەوانەی دوای ئەو دەژین هێندەی ئەو زانان! پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەینارد و ئاڵای دەدایە دەستی؛ ئەویش نەدەگەڕایەوە هەتا ئەو شوێنانەی كە بۆی ڕۆیشتووە و ئازاد دەكرا؛ كاتێكیش لە دونیا دەرچو لە زەردو لە سپی (واتە: لە زێڕو لە زیو) تەنیا حەوسەد دیرهەمی لێ بەجێما؛ ئەو پارەیەش موچەی خۆی بوو؛ چاوەڕێ بوو كۆیلەیەكی پێ بكڕێت بۆ خزمەتی ماڵ و منداڵەكانی.

٧١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، حَدَّثَنَا شَرِيكٌ، عَنْ عَاصِمِ بْنِ كُلَيْبٍ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ كَعْبٍ الْقُرَظِيِّ، عَنْ عَلِيٍّ، عَلَيْهِ السَّلَامُ قَالَ: لَقَدْ رَأَيْتُنِي مَعَ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَإِنِّي لَأَرْبِطُ الْحَجَرَ عَلَى بَطْنِي مِنَ الْجُوعِ وَإِنَّ صَدَقَتِي الْيَوْمَ لَأَرْبَعُونَ أَلْفًا ".

واتە: لە عاصمی كوڕی كەلەیبەوە ئەویش لە موحەممەدی كوڕی كەعبەوە ئەویش لە عەلییەوە (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: من لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بووم؛ لە برسا بەردم بەسەر زگمەوە دەبەستەوە؛ ئێستا زەكاتی دارایییەكەم دەگاتە چل هەزار (بە پێی ڕیوایەتێكیتر مەبەست چل هەزار دینارە).

٧١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، عَنْ مُوسَى، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ أَبُو الدَّرْدَاءِ: يَا بُنَيَّ لَا تُتْبِعْ بَصَرَكَ كُلَّمَا تَرَى فِي النَّاسِ فَإِنَّهُ مَنْ يَتْبَعْ بَصَرَهُ كُلَّمَا يَرَى فِي النَّاسِ يَطُلْ تَحَزُّنُهُ وَلَا يَشْفُ غَيْظَهُ وَمَنْ لَا يَعْرِفْ نِعْمَةَ الله إِلَّا فِي مَطْعَمِهِ أَوْ مَشْرَبِهِ فَقَدْ قَلَّ عِلْمُهُ وَحَضَرَ عَذَابُهُ، وَمَنْ لَا يَكُنْ غَنِيًّا مِنَ الدُّنْيَا فَلَا دُنْيَا له ".

واتە: لە مووسـاوە ئەویـش لە حەسـەنەوە دەفەرموێـت: ئەبـودەردا فەرمـووی: ڕۆڵە! چـاو مەگێڕە بۆ دوای هەر شتێکی خەڵکیدا کە دەیبینی؛ چونکە هەر کەسێ چاوی بۆ دوای هەموو شتێکی خەڵکدا گێڕا خەم و خەفەتی زیاد دەبێ؛ ڕقی دانامرکێتەوە؛ هەر کەسێکیش وابزانێ نـازونیعمەتی خـوای گەورە تەنیـا خـواردن و خـواردنەوەیەو لەو دوانەدا قەتـیس مـاوە؛ ئەوە نەزانەو خۆی تووشی سزا کردووە؛ هەر کەسێ خۆی بە ئاتاجی دونیا بزانێت ئەوە دونیای نییە.

زوهد و پارسایی ئەبودەردا
(ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت)

٧١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ، حَدَّثَنَا أَيُّوبُ، عَنْ أَبِي قِلَابَةَ قَالَ: قَالَ أَبو الدَّرْدَاءِ رَحِمَهُ الله: إِنَّكَ لَا تَفْقَهُ كُلَّ الْفِقْهِ حَتَّى تَرَى لِلْقُرْآنِ وُجُوهًا، وَإِنَّكَ لَا تَفْقَهُ كُلَّ الْفِقْهِ حَتَّى تَمْقُتَ النَّاسَ فِي جَنْبِ الله، ثُمَّ تَرْجِعَ إِلَى نَفْسِكَ فَتَكُونَ لها أَشَدَّ مَقْتًا مِنْكَ لِلنَّاسِ ".

واتە: ئەییوب لە باوکی قیلابەوە گێڕایەوە دەفەرموێت: ئەبودەردا (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: تۆ تەواو نابی بە شەرعزان و زانا هەتا نەبینی کە قورئان چەند مانایەک هەڵدەگرێ؛ هەروەها نابیت بە شەرعزان و زانا تا لەبەر خوای گەورە ڕقت لە خەڵکی نەبێت (واتە: ڕقت لە هەر کەسێک بویەوە؛ لەبەر ڕەزامەندی خوا بێت نەك لەبەر دونیا یان نەفس و هەوا) بە گژ خەڵکیدا نەچیتەوە؛ دوایی لایەک بە لای نەفسی خۆتا بکەیتەوە و ئەوەندە ڕقت لە خەڵکەو بە گژ خەڵکدا دەچیتەوە؛ لەوە زیاتر ڕقت لە نەفسی خۆت بێو بەگژ نەفسی خۆتا بچیتەوە.

٧١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله قَالَ: قَرَأْتُ عَلَى أَبِي هَذَا الْحَدِيثَ، حَدَّثَنَا أَبو الْعَلَاءِ الْحُسَيْنُ بْنُ سَوَّار، حَدَّثَنَا اللَّيْثُ، عَنْ مُعَاوِيَةَ بْنِ صَالِحٍ، عَنْ أَبِي الزَّاهِرِيَّةِ، عَنْ جُبَيْرِ بْنِ نُفَيْرٍ، عَنْ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ، أَنَّهُ رَأَى فِي الْمَنَامِ قُبَّةً مِنْ أَدَمٍ وَمَرْجًا أَخْضَرَ وَحَوْلَ الْقُبَّةِ غَنَمًا رَبُوضًا تَجْتَرُّ وَتَبْعَرُ الْعَجْوَةَ قَالَ: قُلْتُ: لِمَنْ هَذِهِ الْقُبَّةُ؟ قِيلَ: لِعَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ قَالَ: فَانْتَظَرْنَا حَتَّى خَرَجَ قَالَ: فَقَالَ: يَا عَوْفُ هَذَا الَّذِي أَعْطَانَا الله بِالْقُرْآنِ وَلَوْ أَشْرَفْتَ عَلَى هَذَا الْبِنَاءِ لَرَأَيْتَ مَا لَمْ تَرَ عَيْنُكَ وَلَمْ تَسْمَعْ أُذُنُكَ وَلَمْ يَخْطُرْ عَلَى قَلْبِكَ، أَعَدَّهُ الله لِأَبِي الدَّرْدَاءِ لِأَنَّهُ كَانَ يَدْفَعُ الدُّنْيَا بِالرَّاحَتَيْنِ وَالنَّحْرِ ".

واتە: لە جوبەیری کوڕی نوفەیرەوە ئەویش لە عەوفی کوڕی مالیکەوە فەرموویەتی: لە خەوا گومەزییەکی بینیوە لە چەرم دروست کرابوو؛ هەروەها مێرگێکی سەوزو لە لای گومەزییەکەشدا هەندێ مەڕ هەبوون و مەڕەکان لەسەر دوگ دانیشتبوون و دەستەکانیان درێژ کردبویەوە و جیاتی پشقڵ عەجوەیان دەکرد! جا دەفەرموێت: گوتم: ئەم خێمەو گومەزییە

هی کێیە؟ گوترا: ئەوە هی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوفە! دەفەرموێت: چاوەڕوان بوین تا عەبدولڕەحمان هاتە دەرێ؛ جا عەبدولڕەحمان گوتی: عەوفی کوڕی مالیك! ئەوە بەهۆی قورئانەوە خوای گەورە ئەمەی پێ بەخشیوین؛ ئەگەر سەربکەوێتە سەر ئەم خانوە ئەوا شتی وا دەبینی کە هەرگیز بە چاوەکانت نەتبینیوە و بە گوێ نەتبیستووە و بە خەیاڵیشتا نەهاتووە؛ خوای گەورە هەمووی بۆ ئەبودەردا ئامادە کردووە؛ چونکە ئەو بە هەردو ناولەپە دەستی و بە سینگی پاڵی بە دونیاوە دەناو لەخۆی دوور دەخستەوە.

٧١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي هَارُونُ بْنُ عَبْدِ اللهِ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا سَعِيدٌ الْجَرِيرِيُّ، عَنْ بَعْضِ أَشْيَاخِهِ أَنَّ أَبَا الدَّرْدَاءِ، أَبْصَرَ رَجُلًا فِي جِنَازَةٍ وَهُوَ يَقُولُ: مَنْ هَذَا؟ فَقَالَ أَبُو الدَّرْدَاءِ: هَذَا أَنْتَ هَذَا أَنْتَ يَقُولُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴾ الزمر: ٣٠ .

واتە: سەعیدی جەریری لە هەندێ لە مامۆستاکانەوە دەگێڕێتەوە کە ئەبودەردا چاوی بە پیاوێک کەوت لەناو کۆمەڵە کەسێکدا کە تەرمی مردویەکیان بەڕێ دەکرد؛ پیاوەکە دەیگوت: ئەمە تەرمی کێیە؟ ئەبودەردا گوتی: ئەوە تۆی! ئەوە تۆی! ئەوە نییە خوای گەورە دەفەرموێت: (مانای ئایەتەکە) تۆش دەمریت و ئەوانیش دەمرن؟!

٧١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا سَيَّارُ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا أَبُو هِلَالٍ، حَدَّثَنَا مُعَاوِيَةُ، يَعْنِي ابْنَ قُرَّةَ، أَنَّ أَبَا الدَّرْدَاءِ، اشْتَكَى فَدَخَلَ عَلَيْهِ أَصْحَابُهُ فَقَالُوا: مَا تَشْتَكِي يَا أَبَا الدَّرْدَاءِ؟ قَالَ: أَشْتَكِي ذُنُوبِي، قَالُوا: فَمَا تَشْتَهِي؟ قَالَ: أَشْتَهِي الْجَنَّةَ، قَالُوا: أَلَا نَدْعُو لَكَ طَبِيبًا؟ قَالَ: هُوَ الَّذِي أَضْجَعَنِي ".

واتە: باوکی هیلال گێڕایەوە فەرمووی: موعاویەی کوڕی قوڕڕە گێڕایەوە کە ئەبودەردا نەخۆش کەوت و هاوڕێکانی سەردانیان کرد و گوتیان: ئەوە چیتە ئەبودەردا؟ ئەبودەردا گوتی: تاوانەکانم منیان نەخۆش خستووە! گوتیان: ئەی حەزت لە چییە؟ فەرمووی: حەزم لە بەهەشتە! گوتیان: ئەی پزیشکێکت بۆ بانگ نەکەین؟ فەرمووی: پزیشکەکە خۆی منی خستووەتە ناو جێگا (مەبەستی ئەوە بووە کە خوای گەورە لە هەموو پزیشکێک زیاتر شارەزایەو ئەو منی خستووەتە ناو جێگا).

٧١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، وا بوو مُعَاوِيَةَ قَالاَ: حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مُرَّةَ قَالَ: قَالَ أَبُو الدَّرْدَاءِ: اعْبُدُوا اللهَ كَأَنَّكُمْ تَرَوْنَهُ وَعُدُّوا أَنْفُسَكُمْ فِي الْمَوْتَى وَاعْلَمُوا أَنَّ قَلِيلاً يُغْنِيكُمْ خَيْرٌ مِنْ كَثِيرٍ يُلْهِيكُمْ، وَاعْلَمُوا أَنَّ الْبِرَّ لاَ يَبْلَى وَأَنَّ الْإِثْمَ لاَ يُنْسَى ".

واتە: ئەعمەش لە عەبدوڵڵای کوڕی موڕڕەوە گێڕایەوە فەرمووی: ئەبودەردا فەرمووی: بە جۆرێک خوا بپەرستن وەک ئەوەی کە ببینن؛ خۆتان بە یەکێک لە مردووەکان هەژمار بکەن؛ ئەوەش بزانن کە کەمێک بەشتان بکات لە زۆرێک باشترە کە سەرقاڵتان بکات؛ ئەوەش بزانن کە چاکە تیاناچێ و خراپەش لە بیر ناکرێ!

٧١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ هُوَ ابْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ زَيْدٍ، عَنْ أَيُّوبَ، عَنْ أَبِي قِلاَبَةَ، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ، رَحِمَهُ اللهُ قَالَ: ادْعُ اللهَ يَوْمَ سَرَّائِكَ لَعَلَّهُ يَسْتَجِيبُ لَكَ يَوْمَ ضَرَّائِكَ ".

واتە: لە ئەیوبەوە ئەویش لە باوکی قیلابەوە ئەویش لە ئەبودەرداوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: ئەو ڕۆژەی کە لە خۆشیدای لە خوای گەورە بپاڕێوە بەڵکوو لە کاتی تەنگانەو ناخۆشیتا بێت بە هاوارتەوە و وەڵامت بداتەوە.

٧١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ شُعْبَةَ، عَنْ عَمْرِو بْنِ مُرَّةَ، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي لَيْلَى، كَتَبَ أَبُو الدَّرْدَاءِ إِلَى سَلَمَةَ بْنِ مَخْلَدٍ: أَمَّا بَعْدُ فَإِنَّ الْعَبْدَ إِذَا عَمِلَ بِطَاعَةِ اللهِ أَحَبَّهُ اللهُ وَإِذَا أَحَبَّهُ اللهُ حَبَّبَهُ فِي خَلْقِهِ، وَإِذَا عَمِلَ بِمَعْصِيَةِ اللهِ أَبْغَضَهُ اللهُ فَإِذَا أَبْغَضَهُ بَغَّضَهُ إِلَى خَلْقِهِ ".

واتە: لە عەمری کوڕی موڕڕەوە ئەویش لە عەبدولڕەحمانی کوڕی باوکی لەیلاوە دەگێڕنەوە کە ئەبودەردا نامەیەکی بۆ سەلەمەی کوڕی مەخلەد نووسی کە ئەمە بوو: دوای سوپاس و ستایشی خوای گەورە! ئەوە بزانە کە مرۆڤ ئەگەر کارەکانی گوێڕایەڵی کردنی فرمانی خوای گەورە بوو ئەوا خوای گەورە خۆشیی دەوێ؛ هەر کاتێکیش خوای گەورە بەندەی خۆی خۆشویست؛ ئەوا لەبەرچاوی خەڵکیشی خۆشەویست دەکات؛ بەڵام ئەگەر کارەکانی بێفرمانیی خوای گەورە بوو؛ ئەوا خوای گەورە ڕقی لێ هەڵدەگرێت و خوای گەورەش ڕقی لەهەر کەسێ هەڵگرت ئەو کەسە لەبەرچاوی بەندەکانی خۆی ناشیرین دەکات.

٧٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي وَكِيعٌ، عَنْ مَالِكِ بْنِ مِغْوَلٍ، وَالْمَسْعُودِيِّ، عَنْ عَوْنٍ قَالَ: سُئِلَتْ أُمُّ الدَّرْدَاءِ مَا كَانَ أَفْضَلُ عَمَلِ أَبِي الدَّرْدَاءِ؟ قَالَتْ: التَّفَكُّرُ وَالِاعْتِبَارُ ".

واتە: لە مالیکی کوڕی میغوەل و لە مەسعودییەوە ئەوانیش لە عەونەوە دەگێڕنەوە عەون فەرموویەتی: پرسیار لە دایکی دەردا کرا کە باشترین کاری ئەبودەردا چی بووە؟ فەرمووی: بیرکردنەوە و پەند وەرگرتن.

٧٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ ثَوْرٍ، عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ عَامِرٍ، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ قَالَ: نِعْمَ صَوْمَعَةُ الرَّجُلِ بَيْتُهُ يَكُفُّ فِيهَا بَصَرَهُ وَلِسَانَهُ، وَإِيَّاكُمْ وَالسُّوقَ فَإِنَّهَا تُلْهِي وَتُلْغِي ".

واتە: لە سولەیمانی کوڕی عامرەوە ئەویش لە ئەبودەرداوە فەرموویەتی: باشترین پەرستگای مرۆڤ ماڵی خۆیەتی؛ تێیدا چاوی خۆی دەگرێت و دەیپارێزێ؛ زمانی خۆی دەپارێزێ؛ نەکەن بچنە ناو بازاڕەوە و تێکەڵی بازاڕ ببن؛ چونکە بازاڕ مرۆڤ بێئاگا دەکات و قسەی پڕوپوچی تێدا دەکات.

٧٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا يُونُسُ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ أَبُو الدَّرْدَاءِ: لَوْلَا ثَلَاثٌ لَأَحْبَبْتُ أَنْ أَكُونَ فِي بَطْنِ الْأَرْضِ لَا عَلَى ظَهْرِهَا لَوْلَا إِخْوَانٌ لِي يَأْتُونِي يَنْتَقُونَ طَيِّبَ الْكَلَامِ كَمَا يُنْتَقَى طَيِّبُ التَّمْرِ، أَوْ أُعَفِّرُ وَجْهِي سَاجِدًا للهِ عَزَّ وَجَلَّ، أَوْ غَدْوَةٌ أَوْ رَوْحَةٌ فِي سَبِيلِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: یونس گێڕایەوە لە حەسەنەوە فەرمووی: ئەبودەردا فەرمووی: ئەگەر لەبەر سێ شت نەبوایە حەزم دەکرد ئێستا لەناو زەوی و لە گۆڕ بام نەك لەسەر زەوی؛ ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە لە ناو کۆڕو کۆمەڵێکا دادەنیشم کە قسەی چاک و پاکی تێدا هەڵدەبژێردرێ وەک چۆن خورمای باش هەڵدەبژێردرێت و لەبەر ئەوە نەبوایە کە ناوچەوانم دەنێمە سەرزەوی و سەجدە بۆ خوا دەبەم و لەبەر ئەوە نەبوایە کە لەبەر ڕەزامەندی خوا دانی بەیانی یان دانی ئێوارە بگەڕێم و خەریکی جیهاد یان کارێکی خێر بم.

٧٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي الْوَلِيدُ بْنُ مُسْلِمٍ، عَنْ أَبِي جَابِرٍ، أَنَّ أَبَا الدَّرْدَاءِ، كَانَ يَقُولُ إِذَا سَمِعَ الْمُتَهَجِّدِينَ، بِالْقُرْآنِ يَقُولُ: بِأَبِي النَّوَّاحِينَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ قَبْلَ يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَتَنْدَى قُلُوبُهُمْ بِذِكْرِ اللهِ أَوْ لِذِكْرِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: وەلیدی کوڕی موسلیم لە باوکی جابرەوە دەگێڕێتەوە کە ئەبودەردا هەر کاتێ گوێی لە دەنگی ئەوکەسانە با کە خەریکی زیندوو کردنەوەی شەو بوون و قورئانیان دەخوێندەوە؛ دەیفەرموو: خۆم و باوکم بە قوربانیان ئەو کەسانە بین کە پێش ئەوەی قیامەت بێت شینیان بۆ خۆیان داناوە و دڵیان بە یاد و زیکری خوا پاراوە.. یان: دڵیان بە زیکری خوا پاراوە.

○

٧٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ، حَدَّثَنَا رَبِيعَةُ بْنُ زَيْدٍ، أَنَّ أَبَا الدَّرْدَاءِ، كَانَ يَقُولُ: اعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا قَبْلَ الْغَزْوِ فَإِنَّمَا تُقَاتِلُونَ النَّاسَ بِأَعْمَالِكُمْ ".

واتە: ڕەبیعەی کوڕی زەید دەگێڕێتەوە کە ئەبودەردا دەیفەرموو: پێش ئەوەی بچیتە جیهاد کارێکی چاکە ئەنجام بدە؛ چونکە ئێوە بە هۆی کار و کردەوەی خۆتانەوە لەگەڵ دوژمنا دەجەنگن (واتە: ئەگەر ئاکار و ڕەفتارو کردارتان چاک بێ؛ سەردەکەوون؛ ئەگینا دەشکێن و دەبەزن).

٧٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ قَالَ: وَقَالَ الضَّحَّاكُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي حَوْشَبٍ: سَمِعْتُ بِلَالَ بْنَ سَعْدٍ، يَقُولُ: قَالَ أَبُو الدَّرْدَاءِ: وَاللهِ لَوْ كَانَتِ الدُّنْيَا تَزِنُ عِنْدَ اللهِ جَنَاحَ ذُبَابَةٍ مَا سَقَى فِرْعَوْنَ مِنْهَا شَرْبَةَ مَاءٍ ".

واتە: زەححاکی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی حەوشەب دەفەرموێت: گوێم لە بیلالی کوڕی سەعد بوو دەیفەرموو: ئەبودەردا فەرمووی: بەخوا ئەگەر دونیا لای خوای گەورە قابیلەت و ئەرزشی باڵە مێشێکی هەبوایە؛ ئەوا هەرگیزاو هەرگیز فیرعەون چۆڕێ ئاوی بۆ خواردنەوە دەست نەدەکەوت.

٧٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنَا مُعَاوِيَةُ بْنُ صَالِحٍ، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ جُبَيْرِ بْنِ نُفَيْرٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ، رَحِمَهُ اللهُ قَالَ: إِنَّ الَّذِينَ أَلْسِنَتُهُمْ رَطْبَةٌ بِذِكْرِ اللهِ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ وَهُوَ يَضْحَكُ ".

واتە: عەبدولڕەحمانی کوڕی جوبەیری کوڕی نوفەیر لە باوکییەوە ئەویش لە ئەبودەرداوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەو کەسانەی کە زمانیان بە یاد و زیکری خوای گەورە تەڕو پاراوە؛ بەدەم بزەو پێکەنینەوە دەچنە بەهەشتەوە.

٧٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنَا مُعَاوِيَةُ، عَنْ أَبِي الزَّاهِرِيَّةِ، عَنْ جُبَيْرِ بْنِ نُفَيْرٍ، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ قَالَ: الْعَالِمُ وَالْمُتَعَلِّمُ فِي الْأَجْرِ سَوَاءٌ وَلَا خَيْرَ فِيمَا سِوَاهُمَا ".

واتە: جوبەیری کوڕی نوفەیر لە ئەبودەرداوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: مامۆستاو قوتابی لە پاداشتدا وەکوو یەکن؛ جگە لەوە ئیتر هیچ شتێکیتر خێرو سودی تێدا نییە!

٧٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا دَاوُدُ بْنُ عُمَرَ، وَحَدَّثَنَا عَبْثَرٌ، أَنْبَأَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ سَالِمِ بْنِ أَبِي الْجَعْدِ قَالَ: قَالَ أَبُو الدَّرْدَاءِ: مُعَلِّمُ الْخَيْرِ وَالْمُتَعَلِّمُ فِي الْأَجْرِ سَوَاءٌ وَلَيْسَ فِي سَائِرِ النَّاسِ بَعْدُ خَيْرٌ ".

واتە: لە سالمی کوڕی باوکی جەعدەوە دەفەرموێت: ئەبودەردا فەرمووی: مامۆستای چاکەو قوتابی لە پاداشتا وەکوو یەکن؛ ئیتر خەڵکی تر خێرو چاکەیان تێدا نییە (واتە: خێرو چاکە لە هیچ کارێکا نییە جگە لە کاری چاکە).

٧٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ مَهْدِيٍّ، عَنْ مُعَاوِيَةَ، عَنْ أَبِي الزَّاهِرِيَّةِ، عَنْ جُبَيْرِ بْنِ نُفَيْرٍ، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ قَالَ: لَوْلَا ثَلَاثٌ صَلُحَ النَّاسُ شُحٌّ مُطَاعٌ وَهَوًى مُتَّبَعٌ وَإِعْجَابُ كُلِّ ذِي رَأْيٍ بِرَأْيِهِ ".

واتە: لە جوبەیری کوڕی نوفەیرەوە ئەویش لە ئەبودەرداوە فەرموویەتی: ئەگەر سێ شت نەبوایە خەڵکی هەموو چاک دەبوون؛ بەخیلی و ڕژدیەکی وا کە مرۆڤ بکات بە بەندەی خۆی؛ هەواو ئارەزویەکی وا مرۆڤ بکات بە بەندەی خۆی؛ لەگەڵ لەخۆباییبوون و سەرسامبوونی مرۆڤ بە خۆی.

٧٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنْ سَالِمِ بْنِ أَبِي الْجَعْدِ قَالَ: قِيلَ لِأَبِي الدَّرْدَاءِ: إِنَّ أَبَا سَعْدِ بْنَ مُنَبِّهٍ أَعْتَقَ مِائَةَ مُحَرَّرٍ فَقَالَ: إِنَّ مِائَةَ مُحَرَّرٍ مِنْ مَالِ رَجُلٍ لَكَثِيرٌ، وَإِنْ شِئْتَ أَنْبَأْتُكَ بِمَا هُوَ أَفْضَلُ مِنْ ذَلِكَ إِيمَانٌ مَلْزُومٌ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَلَا يَزَالُ لِسَانُكَ رَطْبًا مِنْ ذِكْرِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: لە مەنصورەوە دەگێرنەوە ئەویش لە سالمی کوڕی باوکی جەعدەوە فەرموویەتی: بە ئەبودەردا گوترا: باوکی سەعیدی کوڕی مونەبیهـ سەد کۆیلەی ئازاد کردووە! ئەبودەردا فەرمووی: سەد کۆیلە بە پارەی یەک کەس زۆر زۆرە؛ بەڵام گەر بتەوێ کاری لەوە باشترت پیشان دەدەم! ئیمانێ کە بەشەوو بەڕۆژ لەگەڵ مرۆڤا بێت و بەردەوام زمانت تەڕو پاراو بێت بە یاد و زیکری خوای گەورە.

٧٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ الْمُغِيرَةِ، عَنْ حُمَيْدِ بْنِ هِلَالٍ قَالَ: قَالَ أَبُو الدَّرْدَاءِ: إِنَّ أَخْوَفَ مَا أَخَافُ إِذَا لَقِيتُ رَبِّي تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَنْ يَقُولَ لِي: قَدْ عَلِمْتَ فَمَاذَا عَمِلْتَ فِيمَا عَلِمْتَ ".

واتە: لە حومەیدی کوڕی هیلالەوە دەگێرنەوە فەرموویەتی: ئەبودەردا فەرمووی: ئەو شتەی کە زۆر لێی دەترسم ئەوەیە کە بگەم بە خوای گەورە و پێم بفەرموێ: زانستت دەست کەوت و بوی بە زانا؛ ئادەی بزانم چ کارێک بەو زانستەت کردووە؟!

٧٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبُو عَبْدِ الله السُّلَمِيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ قَالَ: سَمِعْتُ ثَوْرَ بْنَ يَزِيدَ، يُحَدِّثُ عَنْ خَالِدِ بْنِ مَعْدَانَ، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ، رَحِمَهُ الله قَالَ: الدُّنْيَا مَلْعُونَةٌ مَلْعُونٌ مَا

فِيهَا إِلَّا ذِكْرَ الله وَمَا أَدَّى إِلَى ذِكْرِ الله، وَالْعَالِمُ وَالْمُتَعَلِّمُ فِي الْأَجْرِ سَوَاءٌ وَسَائِرُ النَّاسِ هَمَجٌ لَا خَيْرَ فِيهِمْ".

واتە: خالیدی کوڕی مەعدان لە ئەبودەرداوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: دونیا نەفرەت لێکراوە و هەرچیشی تێدا بێ هەر نەفرەت لێکراوە جگە **لە یاد و زیکری خوای گەورە؛ یان ئەو شتەی کە سەردەکێشێ بۆ لای یاد** و زیکری خوای **گەورە؛ مامۆستاو قوتابی لە پاداشتا وەکوو یەکن؛ جگە لەوە ئیتر خەڵکی** هەمووان لە نەزانیدا **دەژین.**

٧٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ عِمْرَانَ الْقَصِير قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا رَجَاءٍ، يَقُولُ: قَالَ أَبو الدَّرْدَاءِ: لَأَنْ أُكَبِّرَ مِائَةَ مَرَّةٍ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَتَصَدَّقَ بِمِائَةِ دِينَارٍ".

واتە: لە عیمرانی قەصیرەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: گوێم لە باوکی ڕەجا بوو دەیفەرموو: ئەبودەردا فەرمووی: ئەگەر سەدجار بڵێم (الله اكبر) لەوە زیاتر پێم خۆشە کە سەد دینار بکەم بەخێر.

٧٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، وَحَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا شُجَاعٌ يَعْنِي صَاحِبَ السَّابِرِيِّ، قَالَ سَمِعْتُ مُعَاوِيَةَ بْنَ قُرَّةَ، يَقُولُ: قَالَ أَبو الدَّرْدَاءِ: اطْلُبُوا الْعِلْمَ فَإِنْ لَمْ تَطْلُبُوهُ فَأَحِبُّوا أَهْلَه، فَإِنْ لَمْ تُحِبُّوهُمْ فَلَا تُبْغِضُوهُمْ".

واتە: شوجاع دەفەرموێت: گوێم لە موعاویەی کوڕی قوڕڕە بوو دەیفەرموو: ئەبودەردا فەرموویەتی: فێری زانست ببن؛ ئەگەر خۆتان فێری زانست نابن ئەوا مرۆڤی زاناتان خۆش بوێت؛ ئەگەر مرۆڤی زاناتان خۆش ناوێ لانیکەم ڕقتان لێ نەبێت.

٧٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ بُجَيْرٍ، حَدَّثَنِي أَبو عَبْد رَبِّه قَالَ: قَالَ أَبو الدَّرْدَاءِ: مَا يَسُرُّنِي أَنْ أَقُومَ، عَلَى الدَّرَجِ مِنْ بَابِ الْمَسْجِد فَأَشْتَرِيَ وَأَبِيعَ فَأُصِيبَ كُلَّ يَوْمٍ ثَلَاثَمِائَةِ دِينَارٍ أَشْهَدُ الصَّلَاةَ كُلها فِي الْمَسْجِد مَا أَقُولُ إِنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ لَمْ يُحِلَّ الْبَيْعَ وَيُحَرِّمِ الرِّبَا وَلَكِنِّي أُحِبُّ أَنْ أَكُونَ مِنَ الَّذِينَ: ﴿رِجَالٌ لَّا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ﴾ النور: ٣٧.

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی بوجەیر دەفەرموێت: باوکی عەبدڕەبیهی بۆی گێڕامەوە فەرمووی: ئەبودەردا فەرمووی: من پێم خۆش نییە لە نزیك مزگەوتدا کڕین و فرۆشتن بکەم و هەموو ڕۆژێک سێسەد دیناریش قازانج بکەم و پێنج فەرزەش لە مزگەوتدا نوێژەکانم بە کۆمەڵ ئەنجام دەم؛ خۆ من ناڵێم خوای گەورە کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ نەکردووە و ڕیبای حەرام

نەکردووە! بەڵکوو پێم خۆشە یەکێک بم لەو کەسانەی کە بەر ئەم ئایەتە دەکەون و خوای لە بارەیانەوە دەفەرموێت: (مانای ئایەتەکە): پیاوانێک ستایشی خوا دەکەن لەو مزگەوتانەداو بازرگانی و کڕین و فرۆشتن سەر گەرمیان ناکات و غافڵ نابن لە یادی خوا.

٧٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، حَدَّثَنِي شُعْبَةُ، وَوَهْبٌ قَالَ: حَدَّثَنَا شُعْبَةُ الْمَعْنَيُّ وَاحِدٌ، عَنْ أَبِي إِيَاسٍ، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ، قَالَ ثَلَاثٌ يَكْرَهُهُنَّ النَّاسُ وَأُحِبُّهُنَّ الْفَقْرُ وَالْمَرَضُ وَالْمَوْتُ ".

واتە: حەجاج دەفەرموێت: شوعبە بۆی گێڕامەوە.. وەهبیش دەفەرموێت: شوعبە بۆی گێڕاینەوە. هەردو ماناکاش هەر یەکن. جا شوعبە لە باوکی ئەیاسەوە ئەویش لە ئەبودەرداوە فەرموویەتی: سێ شت هەیە هەموو خەڵکی ڕقی لەو سێ شتەیە؛ بەڵام من خۆشم دەوێن: هەژاری و نەخۆشی و مردن.

٧٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا الْمَسْعُودِيُّ، عَنْ أَبِي حُصَيْنٍ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ بَابَاه قَالَ: قَالَ أَبو الدَّرْدَاءِ: إِنَّ كَسْبَ الْمَالِ مِنْ سَبِيلِ الْحَلَالِ قَلِيلٌ فَمَنْ كَسَبَ مَالاً مِنْ غَيْرِ حِله فَوَضَعَهُ فِي حَقِّه وَمَنْ كَسَبَ مَالاً مِنْ غَيْرِ حِله فَوَضَعَهُ فِي غَيْرِ حَقِّه فَذَلِكَ الدَّاءُ الْعُضَالُ، وَمَنْ كَسَبَ مَالاً مِنْ حِله فَوَضَعَهُ فِي حَقِّه فَذَلِكَ يَغْسِلُ الذُّنُوبَ كَمَا يَغْسِلُ الْمَاءُ التُّرَابَ عَنِ الصَّفَا ".

واتە: لە عەبدوڵڵای کوڕی باباوە دەفەرموێت: ئەبودەردا فەرمووی: کاسبی کردن و بەدەستهێنانی سەروەت و سامان لە ڕێگەی ڕەواو حەڵاڵەوە کەمە؛ هەر کەسێ سەروەت و سامان لە ڕێگەی حەرامەوە بەدەست بهێنێت و بە باشی خەرجی بکات؛ یان لە ڕێگەی ناڕەواوە بەدەستی بهێنێت و بە خراپی خەرجی بکات؛ ئەوە دەردی کوشندەیە؛ هەر کەسێ سەروەت و سامان لە ڕێگەی ڕەوا بەدەست بهێنێت و بە باشی و بەڕێکوپێکی خەرجی بکات ئەوە تاوانی دەشواتەوە وەک چۆن ئاوی باران گڵ و تەپوتۆزی سەر بەردی ساف و لوس دەشواتەوە.

٧٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا أَبو سَعِيد الْكِنْدِيُّ، عَمَّنْ أَخْبَرَهُ عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ، أَنَّهُ قَالَ: يَا حَبَّذَا نَوْمُ الأَكْيَاسِ وَإِفْطَارُهُمْ، كَيْفَ يَغْبِنُونَ سَهَرَ الْحَمْقَى وَصِيَامَهُمْ، وَلَمِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ صَاحِبِ تَقْوَى وَيَقِينٍ أَعْظَمُ وَأَفْضَلُ وَأَرْجَحُ مِنْ أَمْثَالِ الْجِبَالِ عِبَادَةً مِنَ الْمُغْتَرِّينَ ".

واتە: باوکی سەعیدی کندی لە کەسێکەوە دەگێڕێتەوە کە ئەو کەسە لە ئەبودەرداوە

دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئای خەوی مرۆڤی ژیرو ڕۆژو نەگرتنی مرۆڤ ژیر چەندە چاکە! چۆن ئەو خەوتن و ڕۆژوونەگرتنەی ئەوان لە شەوبێداری و ڕۆژوگرتنی مرۆڤ گەمژە باشترە! یەک سۆزقاڵ کار و کردەوەی مرۆڤی خاوەن تەقواو ئارخەیانی گەورەترو باشترو زۆرترە لە کێوێک لە چاکەی ئەوانەی کە گەمژەو لەخۆباییین!

٧٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي بَيَانُ بْنُ الْحَكَم، حَدَّثَنَا أَبو جَعْفَر مُحَمَّدُ بْنُ حَاتم حَدَّثَنِي بِشْرُ بْنُ الْحَارث، أَنْبَأَنَا عيسَى بْنُ يُونُسَ، عَنِ الْأَعْمَش، عَمَّنْ أَخْبَرَهُ، عَنْ أُمِّ الدَّرْدَاء، أَنَّهَا اشْتَكَتْ إِلَى أَبِي الدَّرْدَاء فَنَاءَ الدَّقيق. فَقَالَ: إِنَّ أَمَامَنَا عَقَبَةً كَئُودًا، الْمُخَفِّفُ فيهَا خَيْرٌ منَ الْمُثْقل ".

واتە: عیسای کوڕی یونس لە ئەعمەشەوە ئەویش لە کەسێکەوە ئەوەی بۆ گێڕاوەتەوە لە دایکی دەرداوە کە جارێک لای ئەبودەردا باسی ئەوەی کرد کە ئاردیان نەماوە؛ ئەبودەردا فەرموویەتی: ئێمە پاشەڕۆژێکی سەخت و پڕخەمان لەبەرە؛ ئەوەی لێرە ژیانی سوکتر بێت و نازونیعمەتی کەمتر بێ؛ لەوە باشترە کە لێرە ژیانی قورس و پڕ لە نازونیعمەت بووە.

٧٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي دَاوُدُ بْنُ عَمْرو قَالَ: حَدَّثَنَا عَبْثَرٌ، أَنْبَأَنَا بُرْدٌ، عَنْ حزَام بْن حَكيم قَالَ: قَالَ أَبو الدَّرْدَاء: لَوْ تَعْلَمُونَ مَا رَاءُونَ بَعْدَ الْمَوْت مَا أَكَلْتُمْ طَعَامًا بِشَهْوَة وَلَا شَرِبْتُمْ شَرَابًا عَلَى شَهْوَة وَلَا دَخَلْتُمْ بَيْتًا تَسْتَظلُّونَ فيه وَلَحَرصْتُمْ عَلَى الصَّعيد تَضْربُونَ صُدُورَكُمْ وَتَبْكُونَ عَلَى أَنْفُسكُمْ وَلَوَددْتُ أَنِّي شَجَرَةٌ تُعْضَدُ ثُمَّ تُؤْكَلُ، قَالَ بُرْدٌ: وَبَلَغَني عَنْ أَبي بَكْر الصِّدِّيق رَضيَ اللهُ عَنْهُ أَنَّهُ مَرَّ به طَائرٌ فَقَالَ: طُوبَاكَ يَا طَائرُ تَأْكُلُ منَ الثَّمَرَات وَتَسْتَظلُّ بِالشَّجَر وَتَرْجعُ إِلَى غَيْر حسَاب ".

واتە: بورد لە حیزامی کوڕی حەکیمەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: ئەبودەردا فەرمووی: ئەگەر بزانن دوای مردن چی دەبینن ئەوا هیچ خواردنێک بە پێی حەزو ئارەزوی خۆتان ناخۆن؛ بە ئارەزوی خۆتان و لەبەر حەزی خۆتان ئاو ناخۆنەوە؛ ناچنە ناو خانویەک سێبەرتان بەسەرەوە بکات؛ بەڵکوو دەدەنە ئەو بەرزاییانەو سینگی خۆتان دەکوتن و بۆ خۆتان دەگرین.. بەخوا من پێمخۆشبوو کە ڕوەکێک بومایەو هەڵکەنرابام و خورابام.. بورد دەفەرموێت: لە ئەبوبەکری صدیقەوە پێم گەیشتووە کە جارێک دای بە لای باڵندەیەکاو فەرمووی: خۆشبەختی بۆخۆت ئەی باڵندەکە! بەری دارو درەخت و گژوگیا دەخۆیت و لە ژێر سێبەری درەختەکانا دەحەسێیەوە و کاتێکیش دەگەڕێیتەوە (واتە: دونیا بەجێ دەهێڵێ) کەس لێت ناپرسێتەوە.

٧٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ وَحَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ بُرْدٍ، عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ مُوسَى قَالَ: قَالَ أَبو الدَّرْدَاءِ: كَفَى بِكَ إِثْمًا أَنْ لَا، تَزَالَ مُحَارِبًا وَكَفَى بِكَ ظَالِمًا أَنْ لَا تَزَالَ مُخَاصِمًا وَكَفَى بِكَ كَاذِبًا أَنْ لَا تَزَالَ مُحَدِّثًا إِلَّا حَدِيثًا فِي ذَاتِ الله عَزَّ وَجَلَّ.

واتە: لە سولەیمانی کوڕی مووساوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: ئەبودەردا فەرمووی: بەسە بۆ تۆی مرۆڤ کە بە تاوانبار هەژمار بکرێ ئەگەر بەردەوام لە تاوانا بێت و دژ بێ.. بەسە بۆ تۆی مرۆڤ کە بە ستەمکار هەژمار بکرێی ئەگەر بەردەوام لە کێشەدا بی.. بەسە بۆ تۆی مرۆڤ کە بە درۆزن هەژمار بکرێی؛ ئەگەر بەردەوام قسە بکەیت؛ مەگەر ئەوەی کە قسەکانت باسی خوای گەورە و زیکری خوای گەورە بێت.

٧٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا فَيَّاضُ بْنُ مُحَمَّدٍ الْيَرْبُوعِيُّ، عَنْ جَعْفَرٍ، يَعْنِي ابْنَ بُرْقَانَ، عَنْ مَيْمُونِ بْنِ أَبِي جَرِيرٍ، عَنْ مَيْمُونِ بْنِ مِهْرَانَ، عَنْ أُمِّ الدَّرْدَاءِ، قَالَتْ: لَقَدْ رَأَيْتُ أَبَا الدَّرْدَاءِ يَنْفُخُ النَّارَ تَحْتَ قِدْرِنَا هَذِهِ حَتَّى تَسِيلَ دُمُوعُ عَيْنَيْهِ ".

واتە: لە مەیمونی کوڕی باوکی جەریرەوە ئەویش لە مەیمونی کوڕی میهرانەوە ئەویش لە دایکی دەرداوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: من خۆم ئەبودەردام بینی فووی لە ئاگری ژێر ئەم تیانچەیە دەکرد؛ ئەوەندە فووی لێ کرد فرمێسک بە چاوەکانیا هاتنە خوارەوە.

٧٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ خَيْثَمَةَ، قَالَ أَبو الدَّرْدَاءِ: كُنْتُ تَاجِرًا فِي الْجَاهِلِيَّةِ فَلَمَّا جَاءَ الْإِسْلَامُ أَخَذْتُ التِّجَارَةَ وَالْعِبَادَةَ فَلَمْ يَجْتَمِعَا لِي فَأَقْبَلْتُ عَلَى الْعِبَادَةِ وَتَرَكْتُ التِّجَارَةَ ".

واتە: لە ئەعمەشەوە ئەویش لە خەیسەمەوە دەگێڕنەوە کە ئەبودەردا فەرموویەتی: من لەسەردەمی نەفامیدا بازرگان بووم؛ کاتێ ئیسلام هات دەستم کرد بە خواپەرستی و بازرگانیش بووم؛ دوایی دەبینم بازرگانی و خواپەرستی پێکەوە نایانکرێ؛ بۆیە ڕووم لە خواپەرستی کرد و وازم لە بازرگانی هێنا.

٧٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ خَازِمٍ أَبو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ سَالِمِ بْنِ أَبِي الْجَعْدِ، عَنْ أُمِّ الدَّرْدَاءِ، قَالَتْ: دَخَلَ عَلَيَّ أَبو الدَّرْدَاءِ يَوْمًا مُغْضَبًا قَالَتْ: فَقُلْتُ: مَا لَكَ؟ فَقَالَ: وَالله مَا أَعْرِفُ فِيهِمْ شَيْئًا مِنْ أَمْرِ مُحَمَّدٍ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَّا أَنَّهُمْ يُصَلُّونَ جَمِيعًا ".

واتە: ئەعمەش لە سالمی کوڕی باوکی جەعدەوە ئەویش لە دایکی دەرداوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕۆژێک ئەبودەردا بە تووڕەییەوە هاتەوە بۆ لام؛ پێم گوت: ئەوە چیتە؟ گوتی:

بەخـوا جـگە لەوە کە هەموویـان نـوێژ دەکەن مـن لە نـاو ئەو خەڵـکەدا هـیچ شـتێک لە خوورەوشتی پێغەمبەر (ﷺ) نابینم! (لەو سەردەمەدا کە سەردەمی زێڕین و سەردەمی هاوەڵان بووە؛ ئەبودەردا وای فەرمووبێ؛ قوڕ بەسـەر من و هاوڕێنەکانی من؛ دەبێ ئێمە چۆن بین و ئەگەر بە پێوانەی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) بمانپێوون؛ چەندە کێش و قورسیمان هەبێ؟!! پەنا بەخوا لەوانەیە وەکوو پوش و پەڵاشی بەربا بچین بە ئاسمانا!).

٧٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ خَازِمٍ أَبو مُعَاوِيَةَ قَالَ: حَدَّثَنِي مَنْ، سَمِعَ الْأَعْمَشَ، يَذْكُرُ عَنْ سَالِمٍ قَالَ: رَأَى أَبو الدَّرْدَاءِ رَحِمَهُ اللهُ رَجُلًا فَعَجِبَ مِنْ جِلْدِهِ، فَقَالَ: أَمَا حُمِمْتَ قَطُّ؟ قَالَ: لَا، فَقَالَ: أَمَا صُدِعْتَ قَطُّ؟ فَقَالَ: لَا، فَقَالَ أَبو الدَّرْدَاءِ: بُؤْسًا لِهَذَا يَمُوتُ بِخَطِيئَتِهِ ".

واتە: مـوحەممەدی کـوڕی حـازم ناسراو بە بـاوکی موعـاویە دەفەرموێت: یەکێـک بـۆی گێڕامەوە کە لە ئەعمەشی بیستووە ئەویش لە سـالمەوە فەرمـوویەتی: ئەبودەردا (خـوای لێ ڕازی بێت) پیاوێکی بینی و بە ڕەنگی پێست و گەشیی دەموچاوی سەرسام بوو؛ پێی گوت: ئەوە تۆ هەرگیز تووشی نەخۆشی (تا) هاتوی؟ گوتی: نەخێر! فەرمووی: ئەی تا ئێستا تووشی سەرئێشـە بـوی؟ گـوتی: نەخێـر! ئەبـودەردا فەرمـووی: ئەی بێـنەواو دامـاو خـۆی! بە تاوانەکـانییەوە دەمـرێ (واتە: تووشـی نەخۆشـییەك نەبـووە گونـاهی پـێ هەڵبووەرێـت و بە تاوانەکانییەوە دەگەڕێتەوە بۆ قیامەت).

٧٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ عَمْرِو بْنِ مُرَّةَ، عَنْ سَالِمِ بْنِ أَبِي الْجَعْدِ، عَنْ أُمِّ الدَّرْدَاءِ، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ قَالَ: تَفَكُّرُ سَاعَةٍ خَيْرٌ مِنْ قِيَامِ لَيْلَةٍ ".

واتە: سالمی کوڕی باوکی جەعد لە دایکی دەرداوە ئەویش لە ئەبودەرداوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: تاوێک ڕامان و بیرکردنەوە؛ لە خواپەرستی و شەوبێداریی شەوێک باشترە.

٧٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبو حَفْصٍ، عَمْرُو بْنُ عَلِيٍّ قَالَ: وَحَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيدٍ، حَدَّثَنَا ثَوْرٌ، حَدَّثَنِي أَبو عَوْنٍ، عَنْ أَبِي إِدْرِيسَ قَالَ: إِنَّ أَبَا الدَّرْدَاءِ رَأَى امْرَأَةً بَيْنَ عَيْنَيْهَا مِثْلُ نُقْشَةِ الشَّاةِ مِنَ السُّجُودِ فَقَالَ: لَوْ لَمْ يَكُنْ هَذَا بَيْنَ عَيْنَيْكِ لَكَانَ خَيْرًا لَكِ ".

واتە: باوکی عەون لە باوکی ئیدریسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەبودەردا ژنێکی بینی بە هـۆی زۆریـی سـەجدە بـردنەوە نـاوچەوانی وەکـوو نـاوچەوانی گێسـکی لێهـاتبوو (واتە: پەڵەیەکی گەورەی پێوە بـوو وەک چۆن نـاوچەوانی گێسـکی ڕەش، سپی بێت و لە دوورەوە دیار بێت) ئەبودەردا فەرمووی: بۆ تۆ وا باشتر بوو کە ئەم پەڵەیە بەناوچەوانتەوە نەبوایە.

٧٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، عَنِ الْأَعْمَش، عَنْ غَيْلَانَ، عَنْ بَشِير، عَنْ يَعْلَى بْنِ الْوَلِيد، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ قَالَ: قِيلَ مَا تُحِبُّ لِمَنْ تُحِبُّ؟ قَالَ: الْمَوْتُ، قَالُوا: فَإِنْ لَمْ يَمُتْ قَالَ: يَقِلُّ مَالُه وَوَلَدُهُ ".

واته: له بەشیرەوە ئەویش له یەعلای کوڕی وەلیدەوە ئەویش له ئەبودەرداوە دەگێڕێتەوە لێیان پرسی: چیت خۆش دەوێ بۆ ئەو کەسەی کە خۆشت دەوێ؟ فەرمووی: مردن! گوتیان: ئەی ئەگەر نەمرێ؟ فەرمووی: ماڵ و منالّی کەم!

٧٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ بِشْر، حَدَّثَنَا مُسْتَغْفِرٌ، عَنِ الْقَاسِمِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ قَالَ: كَانَ أَبو الدَّرْدَاءِ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ.

واته: له قاسمی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: ئەبودەردا یەکێک بوو لەو کەسانەی کە زانستی پێ بەخشرابوو. (واتە: یەکێک بووە لەو کەسانەی کە ئەم ئایەتانە و هاووێنەکانی ئەم ئایەتانە دەیانگرێتەوە: . ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ وَٱلْإِيمَـٰنَ لَقَدْ لَبِثْتُمْ فِى كِتَـٰبِ ٱللَّهِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْبَعْثِ فَهَـٰذَا يَوْمُ ٱلْبَعْثِ وَلَـٰكِنَّكُمْ كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٥٦﴾ ﴾ الـروم: ٥٦ . ﴿ يَرْفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ دَرَجَـٰتٍ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿١١﴾ ﴾ المجادلة: ١١)

٧٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو عَبْدِ الله مُحَمَّدُ بْنُ مُسْلِم الطَّائِفِيُّ مِنْ كِتَابِه، حَدَّثَنَا فَرَجٌ يَعْنِي ابْنَ فَضَالَةَ، عَنْ أَسَدِ بْنِ وَدَاعَةَ، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ قَالَ: مَا فِي الْمُؤْمِنِ مُضْغَةٌ أَحَبُّ إِلَى الله عَزَّ وَجَلَّ مِنْ لِسَانِه بِه يَدْخُلُ الْجَنَّةَ، وَمَا فِي الْكَافِرِ مُضْغَةٌ أَبْغَضُ إِلَى الله عَزَّ وَجَلَّ مِنْ لِسَانِه بِه يَدْخُلُ النَّارَ ".

واته: فەرەجی کوڕی فەزاله له ئەسەدی کوڕی وەداعەوە ئەویش له ئەبودەرداوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: هیچ پارچە گۆشتێکی لەشی مرۆڤی باوەڕدار لە لای خوای گەورە هێندەی زمان خۆشەویست نییە؛ هەر بەو پارچە زمانەیە کە دەچێتە بەهەشتەوە (واتە: یاد و زیکری خوای گەورەی پێ دەکات و قسەی چاک و خێری پێ دەکات و زانستی پێ بڵاو دەکاتەوە) لە ناو لەشی مرۆڤی کافریشدا هیچ پارچە گۆشتێک هێندەی زمان لە لای خوای گەورە بێزراو نییە؛ بە هۆی ئەو زمانەوە کافر دەچێتە دۆزەخەوە (چونکە شایەتیی پێ نەداوە و قسەی خێری پێ نەکردووە و بەو زمانەی یاد و زیکری خوای نەکردووە).

٧٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ بِشْر، وَحَدَّثَنَا مِسْعَرٌ، حَدَّثَنَا أَبو حُصَيْنٍ قَالَ: قَالَ أَبو الدَّرْدَاءِ: إِذَا جَاءَكَ أَمْرٌ لَا كِفَاءَ لَكَ بِه فَاصْبِرْ وَانْتَظِرِ الْفَرَجَ مِنَ الله عَزَّ وَجَلَّ ".

واته: باوکی حوصەین دەفەرموێت: ئەبودەردا فەرموویی: ئەگەر شتێکت بۆ هات و بەشی

نەکردی (یان: ئەگەر تووشی شتێک بویت و شیاوی تۆ نەبو) ئەوە خۆڕاگربەو چاوەڕوانی کرانەوەی دەرگای خێرو خۆشی بە لە لایەن خوای گەورەوە.

٧٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عِيسَى بْنُ سَالِم أَبو سَعِيد الشَّاشِيُّ، حَدَّثَنَا أَبو الْمَلِيحِ، عَنْ مَيْمُونٍ قَالَ: قَالَتْ أُمُّ الدَّرْدَاءِ: أَوْصَانِي حَبِيبِي أَبو الدَّرْدَاءِ قَالَ: إِذَا لَبِسَ النَّاسُ الْكَتَّانَ فَالْبَسِي الْقُطْنَ وَإِذَا لَبِسَ النَّاسُ الْقُطْنَ فَالْبَسِي الصُّوفَ ".

واتە: لە مەیمونەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: دایکی دەردا فەرموی: خۆشەویستەکەم واتە: ئەبودەردا ئامۆژگاریی کردم و فەرمووی: ئەگەر خەڵکی قوماشی کەتانیان کردە پۆشاك و لەبەریان کرد؛ ئەوا تۆ قوماشی لۆکە بکە بە پۆشاك و لەبەری بکە؛ ئەگەر خەڵکی لۆکەیان لەبەر کرد؛ ئەوا تۆ خوری لەبەر بکە (واتە: با هەمیشە پۆشاکەکانت پلەیەک لە خوار پۆشاکی خەڵکەوە بێت).

٧٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، وَحَدَّثَنَا عَبْدُ الْمَلِك بْنُ عَمْرٍو، وَعَبْدُ الصَّمَد الْمَعْنَى وَاحِدٌ، قَالَا: أَخْبَرَنَا عَبْدُ الْجَلِيلِ، عَنْ شَهْرٍ، عَنْ أُمِّ الدَّرْدَاءِ، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ، قَالَتْ: بَاتَ أَبو الدَّرْدَاءِ اللَّيْلَةَ يُصَلِّي فَجَعَلَ يَبْكِي وَيَقُولُ: اللهمَّ أَحْسَنْتَ خَلْقِي فَأَحْسِنْ خُلُقِي، حَتَّى أَصْبَحَ فَقُلْتُ: يَا أَبَا الدَّرْدَاءِ مَا كَانَ دُعَاؤُكَ مُنْذُ اللَّيْلَةِ إِلَّا فِي حُسْنِ الْخُلُقِ قَالَ: يَا أُمَّ الدَّرْدَاءِ إِنَّ الْعَبْدَ الْمُسْلِمَ يَحْسُنُ خُلُقُهُ حَتَّى يُدْخِله حُسْنُ خُلُقه الْجَنَّةَ، وَيَسُوءُ خُلُقُهُ حَتَّى يُدْخِله سُوءُ خُلُقه النَّارَ، وَإِنَّ الْعَبْدَ الْمُسْلِمَ لَيُغْفَرُ له وَهُوَ نَائِمٌ قَالَ: قُلْتُ: وَكَيْفَ ذَاكَ يَا أَبَا الدَّرْدَاءِ؟ قَالَ: يَقُومُ أَخُوهُ مِنَ اللَّيْلِ فَيَتَهَجَّدُ فَيَدْعُو الله فَيَسْتَجِيبُ له وَيَدْعُو لأَبِيه فَيَسْتَجِيبُ له".

واتە: شەهر لە دایکی دەرداوە دەگێڕێتەوە ئەویش لە ئەبودەرداوە: جا دایکی دەردا فەرمووی: ئەمشەو ئەبودەردا هەر نوێژی دەکردو دەگریاو دەیگوت: پەروەردگارا! وەک ئەوەی کە وێنەو شکڵ و شێوەی منت جوان کردووە؛ ئاکار و ڕەفتاریشم جوان بکە! هەتا بەیانی هەر بەو جۆرە لەخوا دەپاڕایەوە؛ منیش گوتم: ئەرێ ئەبودەردا! ئەوە چییە لە ئێوارەوە هەتا ئێستا هەر لەخوا دەپاڕێیتەوە ئاکار و ڕەفتارت جوان بکات و لەو نزایە زیاتر هیچیترت داوا نەکرد؟! ئەبودەردا فەرمووی: دایکی دەردا! بەڕاستی بەندەی باوەڕدار ئاکار و ڕەفتاری جوان دەبێ تا بە هۆی ئاکار و ڕەفتاری جوانەوە دەچێتە بەهەشتەوە؛ یان ئاکار و ڕەفتاری ناشیرین دەبێت و بە هۆی خراپیی ئاکار و ڕەفتاری دەچێتە دۆزەخەوە! جاری وا هەیە خوای گەورە لە مرۆڤێکی باوەڕداری نووستوو خۆش دەبێ! گوتم: چۆن شتی وا دەبێ ئەبودەردا؟ گوتی: براکەی هەڵدەستێ بۆ ئەوەی شەونوێژ بکات؛ داوا لە خوا دەکات و خوای گەورە لێی وەردەگرێ؛ داوا لەخوا دەکات لە باوکی خۆش ببێ؛ خوای گەورە داواکەی گیرا دەکات!

٧٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، قَالَ وَحَدَّثَنَا عَبْدُ الْمَلك بْنُ عَمْرو قَالَ: حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ مُسْلم الْعَبْدِيُّ، عَنْ أَبِي الْمُتَوَكِّل النَّاجِيِّ، أَنَّ أَبَا الدَّرْدَاء كَانَتْ له وَلِيدَةٌ فَلَطَمَهَا ابْنُهُ يَوْمًا لَطْمَةً فَأَقْعَدَهُ لها، فَقَالَ: اقْتَصِّي، فَقَالَتْ: قَدْ عَفَوْتُ، فَقَالَ: إِنْ كُنْت قَدْ عَفَوْت فَاذْهَبِي فَادْعِي مَنْ هَاهُنَا منْ حَرَام فَأَشْهديهمْ أَنَّك قَدْ عَفَوْت، فَذَهَبَتْ فَدَعَتْهُمْ فَأَشْهَدَتْهُمْ أَنَّهَا قَدْ عَفَتْ، فَقَالَ: اذْهَبِي فَأَنْت لله، وَلَيْتَ آلَ أَبِي الدَّرْدَاء يَفْتَلِتُونَ كَفَافًا ".

واته: ئیسماعیلی کوڕی موسلیمی عەبدی لە باوکی موتەوەکیلی ناجییەوە دەگێڕێتەوە کە ئەبـودەردا کەنیزەیەکـی هەبـوو؛ ڕۆژێـک کـوڕێکی ئەبـودەردا زللەیەکـی لەو کەنیـزەیە دا؛ ئەبودەردا کوڕەکەی خۆی دانیشاند بۆ کەنیزەکەو پێی گوت: وەرە تۆڵەی خۆتی لێ بکەرەوە! کەنیزەکە گوتی: لێی خۆشبوم! ئەبودەردا گوتی: ئەگەر لێی خۆشبوی ئەوا بڕۆ بزانە چەند کەسی ئیحرام لەبەر هەیە (واتە: چەند کەس ئیحرامیان بەستووە بۆ حەج یان عەمرە. والله اعلم) بیانهێنەو بیانکە بە شایەت کە لێی خۆشبویت! ئەویش ڕۆیشت و هەموو ئەوانەی کە لەوێ بوون و ئیحرامیان لەبەرا بوو هێنای و کردنی بە شایەت کەوا لێی خۆش بووە؛ دوایی ئەبودەردا فەرمووی: دەی بڕۆ ئەوا لەبەر خوا تۆم ئازاد کرد؛ خۆزگە ماڵ و منداڵی ئەبودەردا تووشی ئەوە ببونایە کە هیچیان لێ زیاد نەبوایەو هەر بەشی خۆیانی کردبا.

٧٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، وا بوو الْمُنْذر، قَالاَ: حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ رَاشد بْن سَعْد، أَنَّ أَبَا الدَّرْدَاء، كَانَ يَقُولُ: مَا أَهْدَى إِلَيَّ أَخِي هَدِيَّةً أَحَبُّ إِلَيَّ منَ السَّلاَم وَلاَ بَلَغَنِي عَنْهُ خَبَرٌ أَعْجَبَ إِلَيَّ منْ مَوْته ".

واتە: جەریـر بـۆی گێـڕاینەوە لە ڕاشـیدی کـوڕی سـەعدەوە ئەویـش لە ئەبـودەرداوە کە دەیفەرموو: هیچ برادەرێکم دیاریی بۆ نەهێناووم هێندەی سەلامێک پێم خۆشبێ؛ لە بارەی هیچ برادەرێکیشـەوە هیـچ هەواڵێـک نەبیسـتووە هێنـدەی هەواڵـی مـردنی بەلامەوە سـەرنجڕاکێش بێت.

٧٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشمٌ، حَدَّثَنَا حَرِيزٌ، عَنْ عَبْد الرَّحْمَن بْن أَبِي عَوْف، عَنْ عَبْد الرَّحْمَن بْـن مَنْصُـور الْفَزَارِيِّ، عَـنْ أَبِي الـدَّرْدَاء، أَنَّهُ قَـالَ: مَـا مـنْ رَجُـل يَغْـدُو إِلَى الْمَسْجد بِخَيْرٍ يَتَعَلَّمُهُ أَوْ يُعَلِّمُهُ إِلاَّ كَتَبَ الله له أَجْرَ الْمُجَاهد وَلاَ يَنْقَلبُ إِلاَّ غَانمًا ".

واتە: لە عەبـدولڕەحمانی کـوڕی مەنصـورەوە ئەویـش لە ئەبـودەرداوە دەگێـڕێتەوە کە فەرموویەتی: هیچ پیاوێـک نییە کە بەیانی زوو بچێتە مزگەوت و لەوێ شت فێری خەڵکی

بکات یان شت فێر ببێ؛ مەگەر ئەوەی کە خوای گەورە خێرو پاداشتی جەنگاوەرێکی موجاهیدی بۆ دەنووسێت و بە سەرکەوتویی و دەسکەوتیشەوە نەبێ ناگەڕێتەوە.

٧٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا حَرِيزٌ، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي عَوْفٍ قَالَ: قَالَ أَبو الدَّرْدَاءِ الرَّيْبُ مِنَ الْكُفْرِ وَالنَّوْحُ عَمَلُ الْجَاهِلِيَّةِ وَالشِّعْرُ مَزَامِيرُ إِبْلِيسَ وَالْغُلُولُ جَمْرٌ مِنْ جَهَنَّمَ وَالْخَمْرُ جِمَاعُ كُلِّ إِثْمٍ، وَالشَّبَابُ شُعْبَةٌ مِنَ الْجُنُونِ وَالنِّسَاءُ حِبَالَةُ الشَّيْطَانِ وَالْكِبْرُ شَرٌّ مِنَ الشَّرِّ وَشَرُّ الْمَآكِلِ مَالُ الْيَتِيمِ وَشَرُّ الْمَكَاسِبِ الرِّبَا وَالسَّعِيدُ مَنْ وُعِظَ بِغَيْرِهِ وَالشَّقِيُّ مَنْ شَقِيَ فِي بَطْنِ أُمِّهِ ".

واتە: لە عەبدولڕەحمانی کوڕی باوکی عەوفەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: ئەبودەردا فەرمووی: دڕدۆنگی و گومان بەشێکە لە کوفرو شین و شەپۆڕیش بۆ مردوو بەشێکە لە کاری سەردەمی نەفامی و شیعریش بەشێکە لە ئاهەنگەکانی شەیتان و خیانەت کردنیش لە دەسکەوتا بەشێکە لە ئاگرو پشکۆکانی دۆزەخ و ئارەق و بادەش کۆکەرەوەی هەموو تاوانەکانەو گەنجێتیش بەشێکە لە شێتی و ژنان تەپکەو داوی شەیتانن و خۆبەزلزانی لە هەموو خراپەیەک خراپترەو خراپترین خواردنیش خواردنی ماڵی هەتیوو سێوییەو خراپترین کاسبی و دەسکەوتیش بریتیە لە ڕیباو مرۆڤی خۆشبەخت ئەو کەسەیە کە لە خەڵکی تر پەندو ئامۆژگاری وەربگرێت و بەدبەخت و چارەڕەشیش ئەو کەسەیە کە لە زگی دایکیا بەدبەخت و چارەڕەش بووە.

٧٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مِسْكِينُ بْنُ بُكَيْرٍ، أَنْبَأَنَا ثَابِتُ بْنُ عَجْلَانَ، عَنِ الْقَاسِمِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ قَالَ: كَانَ لِأَبِي الدَّرْدَاءِ نَوًى مِنْ نَوَى الْعَجْوَةِ حُسِبَتْ عَشْرًا أَوْ نَحْوَهَا فِي كِيسٍ وَكَانَ إِذَا صَلَّى الْغَدَاةَ أَقْعَى عَلَى فِرَاشِهِ، فَأَخَذَ الْكِيسَ فَأَخْرَجَهُنَّ وَاحِدَةً وَاحِدَةً يُسَبِّحُ بِهِنَّ فَإِذَا نَفِدْنَ أَعَادَهُنَّ وَاحِدَةً وَاحِدَةً، كُلُّ ذَلِكَ يُسَبِّحُ بِهِنَّ قَالَ: حَتَّى تَأْتِيَهُ أُمُّ الدَّرْدَاءِ فَتَقُولَ: يَا أَبَا الدَّرْدَاءِ إِنَّ غَدَاءَكَ قَدْ حَضَرَ فَرُبَّمَا قَالَ: ارْفَعُوهُ فَإِنِّي صَائِمٌ ".

واتە: ثابتی کوڕی عەجلان لە قاسمی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە بۆی گێڕاینەوە فەرموویەتی: ئەبودەردا هەندێ ناوکە خورمای خورمای عەجوە هەبوو؛ وەبزانم نزیکەی دە دانە ناوك دەبوو؛ لە تورەکەیەکی بچووکا بوو؛ هەر کاتێ نوێژی بەیانی کردبا لە سەر جێگاکەی دادەنیشت؛ تورەکەکەی دەردەهێناو دانە دانە ناوکەکانی دەردەهێناو تەسبیحاتی پێ دەکردن؛ جا کە تەواو دەبوون دەنکە دەنکە دووبارەی دەکردەوە؛ تەسبیحاتی بە هەرهەموویان دەکرد؛ دەفەرموێت: هەتا دایکی دەردا دەهاتە خزمەتی و دەیفەرموو: ئەبودەردا! خواردنی بەیانی ئامادەیە.. زۆرجار ئەبودەردا دەیفەرموو: لاییەن بەڕۆژووم!

٧٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مِسْكِينٌ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ، عَمَّنْ أَخْبَرَهُ، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ، أَنَّهُ قَالَ لامْرَأَةٍ طَلِيقَةِ اللِّسَانِ: «لَوْ كُنْتِ خَرْسَاءَ كَانَ خَيْرًا لَكِ».

واتە: سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیز لە کەسێکەوە دەگێڕێتەوە کە پێی گوتووە: ئەبودەرْدا جارێک بە ژنێکی زامن درێژی فەرموو: باشتر وا بوو بۆ تۆ کە لاڵ بویتایە!

٧٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا عَمْرُو بْنُ مَيْمُونٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ أُمِّ الدَّرْدَاءِ، قَالَتْ: قَالَ لِي أَبُو الدَّرْدَاءِ: لَا تَسْأَلِي النَّاسَ شَيْئًا، قَالَتْ: فَقُلْتُ: فَإِنِ احْتَجْتُ؟ قَالَ: فَإِنِ احْتَجْتِ فَتَتَبَّعِي الْحَصَّادِينَ فَانْظُرِي مَا سَقَطَ مِنْهُمْ فَاخْبِطِيهِ ثُمَّ اطْحَنِيهِ ثُمَّ كُلِيهِ، وَلَا تَسْأَلِي النَّاسَ شَيْئًا ".

واتە: عەمری کوڕی مەیمون لە باوکییەوە ئەویش لە دایکی دەرداوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەبودەردا بە منی گوت: داوای خواردن (دیارە مەبەست ئاردە) لە هیچ کەسێک مەکە! دەڵێ: منیش گوتم: ئەی ئەگەر پێویستیم بوو چی؟ فەرمووی: ئەگەر پێویستت بوو برۆ لە دوای ئەوانەدا کە درەو دەکەن بڕوانە بزانە لەکوێ شتێکیان (واتە: گوڵە جۆیەک یان گوڵە گەنمێک) کەوتووە؛ هەڵیبگرەوە و دوایی بیهاڕەو دوایی بیخۆو داوای هیچ لە هیچ کەسێک مەکە!

٧٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ قَالَ: خَطَبَ يَزِيدُ بْنُ مُعَاوِيَةَ إِلَى أَبِي الدَّرْدَاءِ ابْنَتَهُ فَرَدَّهُ فَقَالَ رَجُلٌ مِنْ جُلَسَاءِ يَزِيدَ: أَصْلَحَكَ الله تَأْذَنُ لِي أَنْ أَتَزَوَّجَهَا؟ قَالَ: أَعْزِبْ وَيْلَكَ قَالَ: تَأْذَنُ لِي أَصْلَحَكَ الله؟ قَالَ: نَعَمْ، فَخَطَبَهَا فَأَنْكَحَهَا أَبُو الدَّرْدَاءِ الرَّجُلَ قَالَ: فَسَارَ ذَلِكَ فِي النَّاسِ أَنَّ يَزِيدَ خَطَبَ إِلَى أَبِي الدَّرْدَاءِ فَرَدَّهُ وَخَطَبَ إِلَيْهِ رَجُلٌ مِنْ ضُعَفَاءِ الْمُسْلِمِينَ فَأَنْكَحَهُ قَالَ: فَقَالَ أَبُو الدَّرْدَاءِ: إِنِّي نَظَرْتُ لِلدَّرْدَاءِ مَا ظَنُّكُمْ بِالدَّرْدَاءِ إِذَا قَامَتْ عَلَى رَأْسِهَا الْخِصْيَانُ وَنَظَرَتْ إِلَى بُيُوتٍ يَلْتَمِعُ فِيهَا بَصَرُهَا أَيْنَ دِينُهَا مِنْهَا يَوْمَئِذٍ ".

واتە: جەعفەر بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: ثابت بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: یەزیدی کوڕی موعاویە خوازبێنیی دەردای کچی ئەبودەردای کرد؛ ئەبودەردا ڕازی نەبوو دەردا لە یەزید مارە بکات؛ پیاوێک لەوانەی کە لە کۆڕو کۆبوونەوەی یەزیدا بوون بە یەزیدی گوت: خوای گەورە کارت ڕاست بکات؛ مۆڵەت دەفەرمووی من خوازبێنی بکەم و مارەی بکەم؟ یەزید پێی گوت: دوورکەوە داماو! (یان: داماو ئەگەر بەتەمای کچی ئەبودەردای هەر بە بێ ژنی بمێنەوە!) پیاوەکە گوتی: خوا کارت ڕاست بکا تۆ مۆڵەتم دەدەی؟ یەزید گوتی: بەڵێ! پیاوەکە

٧٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ جَعْفَر، عَنْ مَيْمُونِ قَالَ: قَالَ أَبو الدَّرْدَاء: وَيْلٌ لِلَّذِي لَا يَعْلَمُ مَرَّةً وَوَيْلٌ لِلَّذِي يَعْلَمُ ثُمَّ لَا يَعْمَلُ سَبْعَ مَرَّاتٍ ".

واتە: جەعفەر لە مەیمونەوە دەگێڕێتەوە ئەویش لە ئەبودەرداوە فەرموویەتی: جارێک وەیل بۆ ئەو کەسە کە نازانێت؛ بەلام حەوت جار وەیل بۆ ئەو کەسە کە دەزانێت و کار بە زانستەکەی ناکات!

٧٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاق، أَنْبَأَنَا مَعْمَرٌ، عَنْ أَيُّوبَ، عَنْ أَبِي قِلَابَةَ قَالَ: قَالَ أَبو الدَّرْدَاءِ: الْبِرُّ لَا يُبْلَى وَالْإِثْمُ لَا يُنْسَى وَالدَّيَّانُ لَا يَنَامُ فَكُنْ كَمَا شِئْتَ كَمَا تَدِينُ تُدَانُ ".

واتە: لە ئەییوبەوە ئەویش لە باوکی قیلابەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: ئەبودەردا فەرمووی: چاکە هەرگیز لەناو ناچێت؛ خراپەش هەرگیز لە بیر ناکرێت؛ خوای گەورەش هەرگیز نانوێ؛ دەی چی دەکەی بیکە! چۆن بکەی ئاوات لەگەڵ دەکرێت (یان: چی بکەیت پاداشتی ئەوەت پێ دەدرێتەوە).

٧٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد بْنُ عَبْد الْوَارث، حَدَّثَنِي الْمُثَنَّى بْنُ عَوْف، حَدَّثَنِي أَبو عَبْد الله، يَعْنِي الْجَسْرِيَّ، أَنَّ رَجُلًا، انْطَلَقَ إِلَى أَبِي الدَّرْدَاء فَسَلَّمَ عَلَيْه فَقَالَ: أَوْصني فَإِنِّي غَازٍ، فَقَالَ له: اتَّق الله كَأَنَّكَ تَرَاهُ حَتَّى تَلْقَاهُ، وَعُدَّ نَفْسَكَ في الْأَمْوَات وَلَا تَعُدَّهَا في الْأَحْيَاء وَإِيَّاكَ وَدَعْوَةَ الْمَظْلُوم ".

واتە: باوکی عەبدوڵڵا دەگێڕێتەوە کە پیاوێک ڕۆیشت بۆ لای ئەبودەردا؛ سڵاوی لێ کرد و گوتی: ئامۆژگاریم بکە؛ دەمەوێ بچم بۆ غەزا! ئەبودەردا فەرمووی: هەتا دەگەی بە خزمەت خوای گەورە؛ بە جۆرێک بیپەرستە وەک ئەوەی کە بە چاوی خۆت بیبینی، خۆت بە مردوو هەژمار بکەو لە ریزی زیندوانا خۆت هەژمار مەکە؛ خۆت لە ئاهو ناڵەی مرۆڤی ستەملێکراو بپارێزە.

٧٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ قَالَ: قَالَ أَبو الدَّرْدَاء: لِيَحْذَر امْرُؤٌ أَنْ يَمْقُتَهُ، قُلُوبُ الْمُؤْمنينَ منْ حَيْثُ لَا يَعْلَمُ ".

واتە: سوفیان بۆی گێراینەوە فەرمووی: ئەبودەردا فەرمووی: با مرۆڤ لەوە خۆی بپارێزێ کە نەزانێ لە چ شوێنێکەوە دڵی باوەڕدارانی لێ ڕەنجاوە!

٧٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ اللهِ بْنِ الزُّبَيْرِ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ قَالَ: قَالَ أَبُو الدَّرْدَاءِ: إِنَّ مَنْ أَكْثَرَ ذِكْرَ الْمَوْتِ قَلَّ حَسَدُهُ وَبَغْيُهُ ".

واتە: موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا دەفەرموێت: سوفیان بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: ئەبودەردا فەرمووی: هەر کەسێ زۆر یادی مردن بکاتەوە ئەوا ئێرەیی و خراپەکاریی کەم دەبێتەوە.

٧٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مَعْمَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ الرَّقِّيُّ، حَدَّثَنِ فُرَاتُ بْنُ سُلَيْمَانَ أَنَّ أَبَا الدَّرْدَاءِ كَانَ يَقُولُ: وَيْلٌ لِكُلِّ جِمَاعٍ فَاغِرٍ فَاهُ كَأَنَّهُ مَجْنُونٌ يَرَى مَا عِنْدَ النَّاسِ وَلَا يَرَى مَا عِنْدَهُ لَوْ يَسْتَطِيعُ لَوَصَلَ اللَّيْلَ بِالنَّهَارِ وَيْلَهُ مِنْ حِسَابٍ غَلِيظٍ وَعَذَابٍ شَدِيدٍ، قَالَ وَكَانَ يَقُولُ: أَحَبُّ الْمَوْتَ وَيَكْرَهُونَهُ وَأَحَبُّ السَّقَمَ وَيَكْرَهُونَهُ وَأَحَبُّ الْفَقْرَ وَيَكْرَهُونَهُ أَمَّلُوا بَعِيدًا وَجَمَعُوا كَثِيرًا وَبَنَوْا شَدِيدًا، فَأَصْبَحَ أَمَلُهُمْ غُرُورًا وَأَصْبَحَ جَمْعُهُمْ بُورًا وَأَصْبَحَ بُيُوتُهُمْ قُبُورًا ".

واتە: فوراتی کوڕی سولەیمان دەگێڕێتەوە کە ئەبودەردا دەیفەرموو: وەیل بۆ هەموو ئەو کەسەی کە هەر کۆ دەکاتەوە و لە تاو کۆ کردنەوەی سامان وەکوو شێت دەمی داچەقاوە؛ شتی خەڵکی دەبینێت و هیچی خۆی نابینێت؛ ئەگەر دەسەڵاتی هەبێ شەو دەدات بەدەم ڕۆژەوە! ئای وەیل بۆ ئەو کەسە چەندە لێکۆڵینەوەیەکی سەختی لەبەرە! چ سزایەکی قورس چاوەڕێیەتی! هەروەها فورات دەیفەرموو: ئەبودەردا دەیفەرموو: من مردنم خۆش دەوێ و خەڵك ڕقیان لێیەتی؛ من نەخۆشیم خۆش دەوێت و ئەوان ڕقیان لێیەتی؛ من هەژاریم خۆش دەوێت و ئەوان ڕقیان لێیەتی! هیواو ئاواتیان زۆرە؛ زۆریان خڕ کردووەتەوە و زۆریان بوونیات ناوە؛ ئاواتەکانیان بووە بە غرورو لەخۆباییبوون و کۆکردنەوەکانیان بووە بە خراپەو تاوان و ماڵەکانیان بووە بەگۆڕ.

٧٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ، عَنِ الْحَسَنِ، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ إِنْ شِئْتُمْ لَأُحَدِّثَنَّكُمْ مَنْ أَحَبُّ عِبَادِ اللهِ إِلَى اللهِ الَّذِينَ يُحَبِّبُونَ اللهَ إِلَى عِبَادِهِ وَيَعْمَلُونَ فِي الْأَرْضِ نُصْحًا وَإِنْ شِئْتُمْ لَأُقْسِمَنَّ لَكُمْ إِنَّ أَحَبَّ عِبَادِ اللهِ إِلَى اللهِ لَرِعَاءُ الشَّمْسِ وَالْقَمَرِ ".

واتە: لە حەسەنەوە دەگێڕنەوە لە بواکی دەردای گێڕایەوە فەرموویەتی: ئەگەر بتانەوێ باسی ئەوانەتان بۆ دەکەم کە کێ خۆشەویسترین بەندەی خوایە بە لای خوای گەورەوە! ئەوانەن کە خوای گەورە بە لای بەندەکانی خوداوە خۆشەویست دەکەن (واتە: ئەوەندە باسی گەورەیی و لێبوردەیی خوای گەورە دەکەن؛ تا خوای گەورە لە دڵی بەندەکانا خۆشەویست دەکەن) لە سەرزەویدا بە دڵسۆزییەوە کار دەکەن.. ئەگەریش بتانەوێ سوێندتان بۆ دەخۆم کە خۆشەویسترین بەندەکانی خوای گەورە بە لای خوای گەورە ئەو کەسانەن کە چاودێری خۆرو مانگ دەکەن (بۆ ئەوەی بە هۆی خۆرەوە کاتەکانی نوێژو بە هۆی مانگەوە کاتەکانی ڕۆژو

گرتن بزانن و نوێژ بکەن و ڕۆژو بگرن).

٧٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا أَبو الأَشْهَب، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: كَانَ أَبو الدَّرْدَاءِ يَقُولُ: مَنْ يُتْبِعْ نَفْسَهُ كُلَّ مَا يَرَى فِي النَّاسِ يَطُلْ حُزْنُهُ وَلَا يَشْفُ غَيْظُهُ ".

واتە: باوکی ئەشهەب لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەبودەردا دەیفەرموو: هەر کەسێ بە دوای هەموو ئەو شتانەدا بگەڕێ بۆ خۆی کە بە دەست خەڵکەوە دەیبینێت (بە گوتەی ئەمڕۆ: هەر کەسێ شوێن مۆدێل بکەوێت) ئەوا خەم و خەفەتی دووروو درێژ دەبێت و هەرگیز کوڵی دڵیان دانامرکێ.

٧٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا أَبو الأَشْهَب، عَنِ الْحَسَن، عَنْ أَبي الدَّرْدَاءِ قَالَ: إِنَّمَا أَخْشَى عَلَيْكُمْ زَلَّةَ عَالِمٍ وَجِدَالَ الْمُنَافِق بِالْقُرْآنِ، وَالْقُرْآنُ حَقٌّ وَعَلَى الْقُرْآنِ مَنَارٌ كَمَنَارِ الطَّرِيق، وَمَنْ لَمْ يَكُنْ غَنِيًّا مِنَ الدُّنْيَا فَلَا دُنْيَا لَهُ ".

واتە: باوکی ئەشهەب لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە ئەویش لە ئەبودەرداوە فەرموویەتی: من لە هەڵەی زانا دەترسم؛ لە کێشمەکێش و چەلەحانێی ئەوانەی کە دووڕوون لەسەر قورئان چەلەحانێ دەکەن؛ قورئان خۆی هەقەو ڕاستە؛ ڕۆشناییەکی وای تێدایە وەک ئەو ڕۆشناییەی کە لە سەرە ڕێگاکانەیەو مرۆڤ بەهۆیەوە ڕێ دەردەکات و وون نابێت و ڕێگا بزر ناکات؛ هەر کەسێ خۆی بە ئاتاجی دونیا بزانێت؛ ئەوا هەرگیز دەوڵەمەند نابێ.

٧٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يَزِيدَ الْمُقْرِئُ، حَدَّثَنَا كَهْمَسُ، عَنْ عَوْف، عَنْ رَجُلٍ قَالَ: قَالَ أَبو الدَّرْدَاءِ: ثَلَاثٌ مِنْ مِلَاكِ أَمْرِ ابْنِ آدَمَ، أَنْ لَا تَشْكُو مُصِيبَتَكَ وَلَا تُحَدِّثَ بِوَجَعِكَ وَلَا تُزَكِّيَ نَفْسَكَ بِلِسَانِكَ ".

واتە: کەهمەس لە عەوفەوە ئەویش لە پیاوێکەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەبودەردا فەرمووی: سێ شت هەیە کە بناغەو هیمی کاری مرۆڤە؛ هاوار لە دەست بەڵا و موسیبەتەکانت مەکە! باسی ئازاری خۆت مەکە! خۆت بە زمانی خۆت پاکانە بۆ خۆت مەکەو خۆت بە پاك پیشان مەدە!

٧٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا مُصْعَبٌ، حَدَّثَني مَالِكٌ، عَنْ يَحْيَى بْنِ سَعِيد، عَنْ سَعِيدِ بْنِ الْمُسَيِّب، أَنَّهُ قَالَ: لَأَنْ أَنَامَ عَنِ الْعِشَاءِ الْآخِرَة، أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَلْغُوَ بَعْدَهَا ".

واتە: یەحیای کوڕی سەعید لە سەعیدی کوڕی موسەییەبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من هەر دوابو دوای نوێژی خەوتنان بخەوم (و نوێژی سوننەت و شەونوێژ نەکەم)؛ لەوە پێم باشترە کە دوای نوێژی خەوتنان قسەی بێسود بکەم!

زوهد و پارسایی زوبەیری کوڕی عەوام
(خوای لێ ڕازی بێت)

٧٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مَنْ، سَمِعَ الْوَلِيدَ بْنَ مُسْلِم قَالَ: سَمِعْتُ سَعِيدَ بْنَ عَبْدِ الْعَزِيزِ، يَقُولُ: كَانَ لِلزُّبَيْرِ بْنِ الْعَوَّامِ رَحْمَةُ الله عَلَيْه أَلْفُ مَمْلُوك يُؤَدُّونَ إِلَيْه الْخَرَاجَ، وكَانَ يُقَسِّمُهُ كُلَّ لَيْلَة ثُمَّ يَقُومُ إِلَى مَنْزِله لَيْسَ مَعَهُ مِنْهُ شَيْءٌ".

واتە: سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیز دەفەرموێت: زوبەیری کوڕی عەوام (خوای لێ ڕازی بێت) هەزار کیلەی هەبوو کاریان دەکردو بەرهەمەکەیان بۆ زوبەیر دەهێنایەوە؛ ئەویش بە شەوا هەمووی لە نێوان هەژارانا دابەش دەکردو دوایی بە دەستی بەتاڵەوە دەچویەوە بۆ ماڵی خۆیان.

٧٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو عَامر الْعَدَوِيُّ، أَنْبَأَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ هِشَامِ بْنِ عُرْوَةَ، عَنْ عُرْوَةَ، أَنَّ الزُّبَيْرَ، رَحِمَهُ الله بُعِثَ إِلَى مِصْرَ فَقِيلَ له: إِنَّ بِهَا الطَّاعُونَ، فَقَالَ: إِنَّمَا جِئْتُ لِلطَّعْنِ وَالطَّاعُونِ ".

واتە: هیشامی کوڕی عورەوە؛ لە عورووەوە دەگێڕێتەوە کە زوبەیر (خوای لێ ڕازی بێت) نێردرا بۆ میسر؛ پێی گوترا: میسر چاوەقولەی تێدایە! فەرمووی: دەی من بۆ بریندداربوون و بۆ چاوەقوڵە نێرداووم! (واتە: بۆیە نێرداوم لە پێناو خوادا بجەنگم).

٧٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو عَامر، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ زَيْد قَالَ: أَخْبَرَنِي مَنْ، رَأَى الزُّبَيْرَ بْنَ الْعَوَّامِ وَأَنَّ فِي صَدْرِه لأَمْثَالَ الْعُيُونِ مِنَ الطَّعْنِ وَالرَّمْيِ ".

واتە: عەلیی کوڕی زەید دەفەرموێک کەسێک کە زوبەیری کوڕی عەوامی دیبوو پێی گوتم: سینگی زوبەیر ئەوەندە جێگە تیرو ڕمی پێوەبوو سینگی ببووە کانیی جێگە تیرو ڕم.

٧٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعيد، عَنْ إِسْمَاعيلَ، حَدَّثَنَا قَيْسٌ قَالَ: سَمعْتُ الزُّبَيْرَ، يَقُولُ: مَن اسْتَطَاعَ أَنْ تَكُونَ، له خَبيئَةٌ منْ عَمَلٍ صَالحٍ فَلْيَفْعَلْ ".

واتە: ئیسماعیل دەفەرموێت: قەیس بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: گوێم لە زوبەیر بوو دەیفەرموو: هەر کەسێ دەتوانێ کەنزێکی شاراوە کاری چاکەی هەبێ؛ با هەیبێ.

٧٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا عَن ابْن أَبي خَالد، عَن الْبَهيِّ، عَنْ عُرْوَةَ، عَنْ عَائشَةَ، رَحمَهَا الله قَالَ: قَالَتْ: إِنْ كَانَ أَبُوكَ منَ الَّذينَ اسْتَجَابُوا لله وَللرَّسُول منْ بَعْد مَا أَصَابَهُمُ الْقَرْحُ للَّذينَ أَحْسَنُوا منْهُمْ وَاتَّقَوْا أَجْرٌ عَظيمٌ ".

واتە: عوروە لە دایە عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: باو**کت یەکێک بوو لەو کەسانەی کە بەدەم بانگەوازی خواو پێغەمبەرەوە (صلی** الله علیه **وسلم) چوون، دوای ئەوەی کە تووشی ناخۆشی و زام و ئێش بوون، بۆ ئەوانەیان کە چاکەیان کرد و پارێزکار بوون، پاداشتی زۆر گەورە و بێ سنوور ئامادەیە.**

(دایە عائیشە ئاماژەی بەوە داوە کە زوبەیر یەکێک بووە و لەوکەسانەی کە بەر ئەم ئایەتە کەوتن کە خوای گەورە تێیدا دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ ٱسْتَجَابُوا۟ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ مِنۢ بَعْدِ مَآ أَصَابَهُمُ ٱلْقَرْحُ ۚ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ مِنْهُمْ وَٱتَّقَوْا۟ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿١٧٢﴾ ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدْ جَمَعُوا۟ لَكُمْ فَٱخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَٰنًا وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾ ﴾ آل عمران: ١٧٢ - ١٧٣).

٧٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْعَزيز بْنُ مُسْلم، حَدَّثَني الْحُصَيْنُ، عَنْ سَالم بْن أَبي الْجَعْد، عَنْ أَبي الدَّرْدَاء قَالَ: مَالي أَرَى عُلَمَاءَكُمْ يَذْهَبُونَ، وَأَرَى جُهَّالَكُمْ لَا يَتَعَلَّمُونَ؟ تَعَلَّمُوا الْعلْمَ قَبْلَ أَنْ يُرْفَعَ، فَإِنَّ رَفْعَ الْعلْم ذَهَابُ الْعُلَمَاء، مَالي أَرَاكُمْ تَحْرصُونَ عَلَى مَاقَدْ تُكُفِّلَ لَكُمْ به، وَتُضَيِّعُونَ مَاوُكِّلْتُمْ به؟ لَأَنَا أَعْلَمُ بشرَاركُمْ منَ الْبَيْطَار بِالْخَيْل؛ هُمُ الَّذينَ لَا يَأْتُونَ الصَّلَاةَ إِلَّا دَبْرًا، وَلَا يَسْمَعُونَ الْقُرْآنَ إِلَّا هُجْرًا ".

واتە: لە سالمی کوڕی باوکی جەعدەوە ئەویش لە ئەبودەرداوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەوە بۆچی دەبینم زاناکانتان کۆچ دەکەن و دەڕۆن؛ نەفامەکانیش دەبینم خۆیان فێری زانست ناکەن؟ خۆتان فێری زانست بکەن پێش ئەوەی زانست هەڵبگیرێت و نەمێنێت! نەمانی زانست واتە: ڕۆیشتن و مردنی زانایان؛ ئەوە بۆچی دەتانبینم ئەوەندە سوورن لەسەر پەیدا کردنی ئەو شتەی کە بۆتان براوەتەوە و بۆتان دیاری کراوە (واتە: ڕزق و ڕزۆی) ئەوە بۆ ئەوەی کە پێتان سپێردراوە زایەی دەکەن؟ کابرای مەیتەر چەندە شارەزای دەردی ئەسپەکانییەتی منیش

ئەوەنــدەی شــارەزای مــرۆڤە خراپەکانتــانم! مــرۆڤە خراپەکــان ئەوانەن کە بە لە دوادوای نوێژەکاناو لە کۆتایی نوێژەکانا دێن بۆ نوێژ؛ ئەوانەن کە گوێ لە قورئان ناگرن مەگەر بەبێ ئاگایی.

٧٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ، أَنَّ أَبَا الدَّرْدَاءِ، سَمِعَ رَجُلًا، يَقُولُ لِصَاحِبِهِ فِي الْمَسْجِدِ: اشْتَرَيْتُ وَسَقَ حَطَبٍ بِكَذَا، فَقَالَ أَبُو الدَّرْدَاءِ: إِنَّ الْمَسَاجِدَ لَمْ تُعَمَّرْ لِهَذَا ".

واتە: سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیز بۆی گێڕاینەوە کە ئەبودەردا گوێی لە پیاوێک بووە لە مزگەوتــدا بە هــاوڕێکەی گوتــووە: بــارێ دارم کڕیــوە بە ئەوەنــدە.. ئەبــودەردا فەرمــووی: مزگەوتەکان بۆ ئەم جۆرە قسانە ئاوەدان نەکراونەتەوە!

باسی تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا

(خوای لێ ڕازی بێت)

٧٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبَّاد، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ طلحة بن يحيى عَنْ جَدَّته سُعْدَى بِنْت عَوْف الْمُرِّيَّة قَالَتْ: أَصْبَحَ طَلْحَةُ ذَاتَ يَوْم خَاثِرًا، فَقُلْتُ: مَاشَأْنُكَ؟ هَلْ رَابَكَ مِنْ شَيْء فَنَعْتِبُكَ؟ فَقَالَ: لاَ، أَمَا وَالله لَنِعْمَ حَلِيلَةُ الْمَرْء أَنْت وَلَكِن اجْتَمَعَ عِنْدِي مَالٌ، فَقَدْ غَمَّنِي، قَالَتْ: قُلْتُ فَادْعُ له قَوْمَكَ قَالَ: يَا غُلاَمُ عَلَيَّ قَوْمِي، فَقَسَّمَهُ فِيهِمْ، قَالَتْ: قُلْتُ لِلْخازِن: كَم الْمَالُ؟ قَالَ: أَرْبَعُمِائَة أَلْف ".

واتە: سوفیان لە تەڵحەی کوڕی یەحیاوە ئەویش لە داپیریەوە کە ناوی سوعدای کچی عەوفە دەگێڕێتەوە سوعدا فەرموویەتی: ڕۆژێک تەڵحە خەمبارو دۆش دامابوو؛ پێم گوت: ئەوە چیتە؟ سکاڵات لە شتێکە تا لێت دوور بخەمەوە و لایبەم! تەڵحە فەرمووی: نە! بەخوا تۆ ژنێکی باشی بۆمن؛ بەڵام من هەندێ سەروەت و سامانم هەیە ئەوە خەمباری کردووم. سوعدا دەفەرموێت: گوتم: دەی خزمەکانتی بۆ بانگ بکە (واتە: بانگی خزمەکانت بکەو سامانەکەتیان بدەرێ) تەڵحە بانگی خزمەتکارەکەی کرد و فەرمووی: ئا وەرە کورە بڕۆ خزمەکانم بانگ بکە! تەڵحە سامانەکەی لەنێوان خزمەکانا دابەش کرد.. سوعدا دەفەرموێت: منیش بە خەزنەدارەکەی تەڵحەم گوت: سامانەکەی چەند بوو؟ گوتی: چوارسەد هەزار.

٧٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا عَوْفٌ، عَن الْحَسَن، قَالَ: بَاعَ أَرْضًا بِسَبْعِمِائَة أَلْف يَعْنِي طَلْحَةَ بْنَ عُبَيْدِ الله فَبَاتَ ذَلِكَ الْمَالُ عِنْدَهُ لَيْلَةً، فَبَاتَ أَرِقًا مِنْ مَخَافَة ذَلِكَ الْمَال حَتَّى أَصْبَحَ، فَفَرَّقَهُ ".

واتە: عەوف لە حەسەنەوە بۆی گێڕاینەوە فەرموویەتی: تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا زەوییەکی فرۆشت بە حەوسەد هەزار، ئەو پارەیە شەوێک لە ماڵا مایەوە؛ تەڵحە لە ترسی ئەو پارە تا بەیانی خەوی لێ نەکەوت (واتە: پێی ناخۆش بوو ئەوەندە پارەیەی لە ماڵا هەبێ)؛ بۆ بەیانی هەمووی دابەش کرد (بەسەر خەڵکا).

٧٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا نَصْرُ بْنُ عَلِيٍّ، حَدَّثَنَا مُعْتَمِرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ دِرْهَمٍ، عَنْ أَبِي رَجَاءٍ الْعُطَارِدِيِّ قَالَ: رَأَيْتُ ابْنَ عَبَّاسٍ وَأَسْفَلَ مِنْ عَيْنَيْهِ مِثْلُ الشِّرَاكِ الْبَالِي مِنَ الدُّمُوعِ".

واتە: سەعیدی کوڕی دیرهەم لە باوکی ڕەجای عەتاردییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسم بینی؛ فرمێسك ڕەنگی کوڵمەکانی لە ئاستی چاوی بەرەوخوارەوە گۆڕیبوو؛ وەکوو پەلکی کۆنە بوو.

٧٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبُو مَعْمَرٍ، حَدَّثَنَا ابْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ هِشَامِ بْنِ عُرْوَةَ قَالَ: قَالَ لِي مُحَمَّدُ بْنُ الْمُنْكَدِرِ: لَوْ رَأَيْتَ عَبْدَ الله بْنَ الزُّبَيْرِ قَائِمًا يُصَلِّي لَقُلْتَ: شَجَرَةٌ تُصَفِّقُهَا الرِّيَاحُ، وَحِجَارَةُ الْمَنْجَنِيقِ تَقَعُ هَاهُنَا وَهَاهُنَا مَا يَلْتَفِتُ ".

واتە: هیشامی کوڕی عوروە فەرمووی: موحەممەدی کوڕی مونکەدیر فەرمووی: ئەگەر عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرت ببینیایە کە بە پێوە نوێژی دەکرد؛ دەتگوت: دارەو با لێیدەدا؛ کەچی بەردی مەنجەنیق ئالێرەو لەوێ دەیدا بە زەویداو لای نەدەکردەوە.

زوهد و پارسایی ئەبوزەڕ
(خوای لێ ڕازی بێت)

٧٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ بْنِ حَسَّانَ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ يَعْنِي ابْنَ سُلَيْمَانَ عَنْ رَجُلٍ، قَدْ سَمَّاهُ، عَنْ شَهْرِ بْنِ حَوْشَبٍ، عَنْ عَائِذِ اللهِ، عَنْ أَبِي ذَرٍّ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلاً وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيراً، وَمَا اسْتَقْلَلْتُمْ عَلَى الْفُرُشِ، وَلَا تَمَتَّعْتُمْ مِنَ الْأَزْوَاجِ، وَلَا شَبِعْتُمْ مِنَ الطَّعَامِ، وَلَخَرَجْتُمْ إِلَى الصُّعُدَاتِ تَجْأَرُونَ إِلَى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ» فَكَانَ أَبُو ذَرٍّ إِذَا حَدَّثَ هَذَا الْحَدِيثَ يَقُولُ: يَا لَيْتَنِي شَجَرَةٌ تُعْضَدُ".

واتە: شەهری کوڕی حەوشەب لە عائیزوڵڵاوە ئەویش لە ئەبوزەڕەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بە دەستە؛ ئەوەی کە من دەیزانم ئەگەر ئێوە بتانزانییایە ئەوا زۆر دەگریان و کەم پێدەکەنین و لەسەر فەرش خۆتان نەدەگرت و چێژتان لە ژنی خۆتان وەرنەدەگرت و تێر خواردنتان نەدەخواردو دەڕۆیشتنە سەر بەرزاییەکان و پەناتان بە خوای گەورە دەگرت. جا هەر کاتێ ئەبوزەڕ ئەم فەرموودەیەی گێڕابایەوە دەیفەرموو: ئای خۆزگە دارێک بام؛ گیایەک بام و لە ڕیشە کێشرابام.

٧٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ عَمَّارٍ الدُّهْنِيِّ، عَنْ أَبِي شُعْبَةَ قَالَ: مَرَّ قَوْمٌ بِأَبِي ذَرٍّ بِالرَّبَذَةِ، فَعَرَضُوا عَلَيْهِ النَّفَقَةَ، فَقَالَ: عِنْدَنَا أَعْنُزٌ نَحْتَلِبُهَا وَأَحْمِرَةٌ نَنْقُلُ عَلَيْهَا وَمُحَرَّرٌ يَخْدُمُنَا وَفَضْلُ عَبَاءَةٍ، إِنِّي أَخَافُ الْحِسَابَ فِيهَا ".

واتە: عەمماری دوهنی لە باوکی شوعبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە ڕەبزە کۆمەڵێک کەس دایان بە لای ئەبوزەڕدا؛ پێیان گوت: با بژێویت بۆ دابین بکەین! فەرمووی: چەند بزنێکمان هەیە شیرەکەیان دەدۆشین و چەند گوێدرێژێکمان هەیە باری پێ دەهێنین و کۆیلەیەکمان هەیە خزمەتمان دەکات و گڵێمێکیشمان هەیە بۆ ڕایەخ؛ من دەترسم لەسەر ئەوانە لێپرسینەوەی سەختم لەگەڵا بکرێت.

٧٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا أَبِي، عَنْ إِبْرَاهِيمَ بْنِ مُهَاجِرٍ، عَنْ مُجَاهِدٍ، عَنْ أَبِي ذَرٍّ قَالَ: وَدِدْتُ أَنِّي كُنْتُ شَجَرَةً أُعْضَدُ، وَوَدِدْتُ أَنِّي لَمْ أُخْلَقْ ".

واتە: ئیبراهیمی کوڕی موهاجیر لە موجاهیدەوە ئەویش لە ئەبوزەڕەوە دەگێڕێتەوە **فەرموویەتی: پێمخۆشبوو من دارێک بومایەو بڕابامەوە.. پێمخۆشبوو هەر** دروست نەبوبام.

٧٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ هُوَ ابْنُ مَهْدِيٍّ حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ فَضَالَةَ، عَنْ بُكَيْرِ بْنِ عَبْدِ الله، عَنْ أَبِي ذَرٍّ، رَحِمَهُ الله قَالَ: يَكْفِي مِنَ الدُّعَاءِ مَعَ الْبِرِّ مَا يَكْفِي الطَّعَامَ مِنَ الْمِلْحِ ".

واتە: عەبدولڕەحمانی کوڕی فەزالە لە بوکەیری کوڕی عەبدوڵلاوە ئەویش لە ئەبوزەڕەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: نزا و پاڕانەوە پێویستە هێندێک چاکەی لەگەڵدا بێت؛ ئەوەندەی کە خواردن پێویستیی بە خوێ هەیە.

٧٩٠ - حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ أَبِي بَكْرٍ الْمُقَدَّمِيُّ، حَدَّثَنَا مُعْتَمِرٌ، عَنْ كَهْمَسٍ، عَنْ أَبِي السَّلِيلِ، عَنْ أَبِي ذَرٍّ، رَحِمَهُ الله قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِنِّي لَأَعْلَمُ آيَةً لَوْ أَخَذَ النَّاسُ بِهَا لَكَفَتْهُمْ» ﴿وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا ۝ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ﴾ الطلاق: ٢ - ٣ فَمَازَالَ يَقُولها وَيُعِيدُهَا ".

واتە: کەهمەس لە باوکی سەلیلەوە ئەویش لە ئەبوزەڕەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: من ئایەتێک دەزانم ئەگەر خەڵکی کاری پێ بکەن بەسیانە (مانای ئایەتەکە): ئەوەی لە خوا بترسێت و پارێزکار بێت، ئەوە خوا دەرووی لێ دەکاتەوە... لە شوێنێکەوە ڕزق و ڕۆزی پێ دەبەخشێت کە حسابی بۆ نەکردبێت و خۆی پێی نازانێت.

٧٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ بُجَيْرٍ، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ، أَنَّ أَبَا ذَرٍّ، مَرَّ بِأَبِي الدَّرْدَاءِ وَهُوَ يَبْنِي بِنَاءً لَه، فَقَالَ لَه: قَدْ حَمَلْتَ الصَّخْرَ عَلَى عَوَاتِقِ الرِّجَالِ فَقَالَ لَه: إِنَّمَا هُوَ بَيْتٌ أَبْنِيه، فَقَالَ لَه أَبُو ذَرٍّ مِثْلَ ذَلِكَ، فَقَالَ: يَا أَخِي لَعَلَّكَ وَجَدْتَ عَلَيَّ مِنْ ذَلِكَ؟ فَقَالَ: لَوْ مَرَرْتُ بِكَ وَأَنْتَ فِي عُذْرَةِ أَهْلِكَ كَانَ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا رَأَيْتُكَ فِيه ".

واتە:

عەبدوڵلای کوڕی بوجەیر دەگێڕێتەوە کە ثابت بۆی گێڕاوەتەوە فەرموویەتی: ئەبوزەڕ دای بە لای ئەبودەرداداا؛ لەو کاتەدا ئەبودەردا خەریکی دروست کردنی خانو بوو؛ ئەبوزەڕ پێی

گوت: ئەوە بەردت بەسەر پشتی پیاوانا داوە؟ فەرمووی: ئەوە بۆ خانومە دروستی دەکەم! ئەبوزەڕ قسەکەی دوبارە کردەوە و ئەبودەردا فەرمووی: برا! لەوانەیە لەبەر ئەم کارە لێم توورە بوبیت! ئەبوزەڕ فەرمووی: ئەگەر بمدایە بە لای تۆداو تۆ لەگەڵ ژنەکەتا بویتایە هێندەی ئەوە پێم ناخۆش نەبوو کە بەم جۆرە بتبینم.

٧٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ اللهِ بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا ابْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا قُرَّةُ، عَنْ أَبِي عَبْدِ اللهِ، يَعْنِي عَوْنًا قَالَ: قَالَ أَبُو ذَرٍّ: هَلْ تَرَى النَّاسَ؟ مَا أَكْثَرُهُمْ مَا فِيهِمْ خَيْرٌ إِلَّا تَقِيٌّ أَوْ تَائِبٌ ".

واتە: قورڕە لە باوکی عەبدوڵڵاوە واتە: لە عەونەوە بۆی گێڕاینەوە فەرموویەتی: ئەبوزەڕ فەرمووی: تۆ خەڵکی دەبینی؟ چەندێ زۆرن کەچی چاکیان تێدا نابینی؛ مەگەر ئەو کەسەی کە لەخواترس یان تەوبەکار بێت.

٧٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا هَمَّامٌ، عَنْ قَتَادَةَ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ أَبِي الْحَسَنِ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ الصَّامِتِ قَالَ: كُنْتُ مَعَ أَبِي ذَرٍّ رَحِمَهُ اللهُ، وَقَدْ خَرَجَ عَطَاؤُهُ وَمَعَهُ جَارِيَةٌ لَهُ، فَجَعَلَ يَقْضِي حَوَائِجَهُ، قَالَ: فَفَضَلَ مَعَهُ قَالَ: أَحْسَبُهُ قَالَ: سَبْعٌ فَأَمَرَهَا أَنْ تَشْتَرِيَ بِهَا فُلُوسًا، فَقُلْتُ: يَا أَبَا ذَرٍّ لَو ادَّخَرْتَهُ لِحَاجَةٍ تَنُوبُكَ وَلِضَيْفٍ يَأْتِيكَ، فَقَالَ: إِنَّ خَلِيلِيَ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَهِدَ إِلَيَّ أَيُّمَا ذَهَبٍ أَوْ فِضَّةٍ أُوكِيَ عَلَيْهِ فَهُوَ جَمْرٌ عَلَى صَاحِبِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، حَتَّى يُفْرِغَهُ إِفْرَاغًا فِي سَبِيلِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: قەتادە لە سەعیدی کوڕی باوکی حەسەنەوە؛ ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی صامتەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: من لەگەڵ ئەبوزەڕا بوم (خوای لێ ڕازی بێت) موچەکەی وەرگرتبوو؛ کەنیزەیەکی لەگەڵدا بوو؛ ئەبوزەڕ کارە پێویستەکانی خۆی جێبەجێ دەکرد.. جا هەندێ دیناری لێ مایەوە؛ وەبزانم حەوت دینار بوو؛ فرمانی کرد بە کەنیزەکەی کە بە دینارەکان فلس بکڕێ؛ منیش گوتم: ئەبوزەڕ! بۆچی دینارەکان هەڵناگری بۆ پێویستیەک و لێقەومانێک یان بۆ کاتێ کە میوانێکت دێ؟ فەرمووی: بەڕاستی خۆشەویستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەیمانی لێ وەرگرتوم و پێی فەرموم: کە هەر زێڕ یان زیوێک هەڵبگیرێت و بخرێتە ناو تورەکە یان شوێنێکترەوە و سەری بگیرێت؛ ئەوا لە قیامەتدا دەبێتە پشکۆیەکی ئاگرو دەکەوێتە گیانی خاوەنەکەی تا ئەو کاتەی دەری دەهێنێت و لە پێناو خوای گەورەدا خەرجی دەکات.

(دینارو دیرهەمی ئەوکاتە زێڕو زیو بوون؛ بەڵام فلس نە زێڕ بووە نە زیو؛ بەڵکوو مس یان ئاسن یان شتێکیتر بووە، بۆیە ئەبوزەڕ ئەو حەوت دینارەی گۆڕیوەتەوە بە فلس بۆ ئەوەی زێڕ لە ماڵەکەیا نەمێنێت و بەر ئەو هەڕەشەیە نەکەوێت).

٧٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَمْرٍو، عَنْ أَبِي بَكْرِ بْنِ الْمُنْكَدِرِ قَالَ: بَعَثَ حَبِيبُ بْنُ أَبِي سَلَمَةَ إِلَى أَبِي ذَرٍّ وَهُوَ أَمِيرُ الشَّامِ بِثَلَاثِمِائَةِ دِينَارٍ قَالَ: اسْتَعِنْ بِهَا عَلَى حَاجَتِكَ، فَقَالَ أَبُو ذَرٍّ رَحِمَهُ الله: ارْجِعْ بِهَا إِلَيْهِ، أَمَا وَجَدَ أَحَدًا أَغَرَّ بِاللهِ مِنَّا؟ مَا لَنَا إِلَّا ظِلٌّ نَتَوَارَى بِهِ، وَثُلَّةٌ مِنْ غَنَمٍ تَرُوحُ عَلَيْنَا، وَمَوْلَاةٌ لَنَا تَصَدَّقَتْ عَلَيْنَا بِخِدْمَتِهَا، ثُمَّ أَنَا أَتَخَوَّفُ الْفَضْلَ ".

واتە: موحەممەدی کوڕی عەمر لە ئەبوبەکری کوڕی مونکەدیرەوە دەگێڕێتەوە **فەرموویەتی: حەبیبی کوڕی باوکی سەلەمە کاربەدەست و فەر**مانـدەی شام بوو؛ **سێسەد دیناری وەک دیاری بۆ ئەبوزەڕ ناردو بە نوێنەرەکەی گوتبو: بە ئەبوزەڕ بڵێ بەم پارەیە پێویستییەکانی خۆی جێبەجێ بکات! ئەبوزەڕ (خوای لێ ڕازی بێت) بە نوێنەرەکەی گوت: پارەکە ببەوە بۆ حەبیب و پێی بڵێ: لە ئێمە پەستتر و بێ ئەزمونتری نەدۆزیوەتەوە پارەی بۆ بنێرێ؟ ئێمە سێبەرێک هەیە تێیدا بحەسێینەوە و هەندێ مەڕمان هەیە ئێواران دێنەوە و کەنیزەیەکمان هەیە لە پێناو خوای گەورەدا خزمەتمان دەکات و من لەوە زیاترم هەبێ ترسم لێی هەیە!**

٧٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَمْرٍو قَالَ: سَمِعْتُ عِرَاكَ بْنَ مَالِكٍ، يَقُولُ: قَالَ أَبُو ذَرٍّ رَحِمَهُ الله: إِنِّي لَأَقْرَبُكُمْ مَجْلِسًا مِنْ رَسُولِ الله صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَذَلِكَ أَنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ الله صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «إِنَّ أَقْرَبَكُمْ مِنِّي مَجْلِسًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَنْ خَرَجَ مِنَ الدُّنْيَا كَهَيْئَةِ مَا تَرَكْتُهُ فِيهَا، وَأَنَّهُ وَالله مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا وَقَدْ تَشَبَّثَ مِنْهَا بِشَيْءٍ غَيْرِي».

واتە: موحەممەدی کوڕی عەمر دەگێڕێتەوە کە لە عیراکی کوڕی مالیکی بیستووە فەرموویەتی: ئەبوزەڕ (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: لە ڕۆژی قیامەتدا من لە هەموتان لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) نزیکترم؛ چونکە خۆم لە پێغەمبەری خودام (ﷺ) بیست دەیفەرموو: نزیکترین کەستان لە منەوە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو کەسەیە کە وەک من دونیا بەجێ بهێڵێ.. بەخوا ئێستا هیچ کەسێکتان تێدا نییە کە چەمکێکی (دونیای) نەگرتبێ؛ جگە لە من!

٧٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ لَيْثٍ، عَنْ شَهْرٍ قَالَ: قَالَ أَبُو ذَرٍّ رَحِمَهُ الله: مَنْ لَبِسَ مَشْهُورًا مِنَ الثِّيَابِ أَوْ رَكِبَ مَشْهُورًا مِنَ الدَّوَابِّ أَعْرَضَ عَزَّ وَجَلَّ عَنْهُ وَإِنْ كَانَ كَرِيمًا عَلَيْهِ مَادَامَ عَلَيْهِ ".

واتە: لەیث لە شەهرەوە دەگێڕێتەوە فەرمووویەتی: ئەبوزەڕ (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: هەر کەسێ پۆشاکی بەنێوبانگ لەبەر بکات؛ یان سواری ووڵاخی بەناوبانگ ببێ؛ هەتا ئەو پۆشاکە بەنێوبانگە یان ئەو سوارییە بەنێوبانگەی هەبێ؛ خوای گەورە ڕوی لێ وەردەگێڕێ؛ با ئەو کەسە لای خوای گەورەش کەسێکی بەڕێز بێت.

٧٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيد، عَنْ سُفْيَانَ، حَدَّثَنِي سُلَيْمَانُ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيِّ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ أَبِي ذَرٍّ، رَحِمَهُ الله قَالَ: ذُو الدِّرْهَمَيْنِ أَشَدُّ حِسَابًا مِنْ ذِي الدِّرْهَم ".

واتە: ئیبراهیمی تەیمی لە باوکییەوە ئەویش لە ئەبوزەڕەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەو کەسەی کە خاوەنی دوو دیرهەمە؛ لێکۆڵینە لەگەڵیا قورسترە لەو کەسەی کە خاوەنی یەک دیرهەمە.

٧٩٨ - حَدَّثَنَا هُدْبَةُ بْنُ خَالِد، حَدَّثَنَا هَمَّامُ بْنُ يَحْيَى، حَدَّثَنَا قَتَادَةُ، عَنْ شَهْرِ بْنِ حَوْشَبٍ، أَنَّ مُعَاوِيَةَ رَحِمَهُ الله كَتَبَ إِلَى عُثْمَانَ رَضِيَ الله عَنْهُ: إِنْ كَانَ لَكَ فِي الشَّامِ حَاجَةٌ فَارْجِعْ إِلَيْكَ أَبَا ذَرٍّ، فَقَالَ أَبو الدَّرْدَاءِ: لَوْ أَنَّ أَبَا ذَرٍّ ضَرَبَ ظَهْرِي وَقَطَعَ يَدَيَّ مَا وَجَدْتُ عَلَيْهِ، وَقَدْ سَمِعْتُ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «مَا أَظَلَّتِ الْخَضْرَاءُ وَلَا أَقَلَّتِ الْغَبْرَاءُ لِذِي لَهْجَةٍ أَصْدَقَ مِنْ أَبِي ذَرٍّ، وَمَنْ سَرَّهُ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى أَدْنَى النَّاسِ زُهْدًا فِي الدُّنْيَا فَلْيَنْظُرْ إِلَى أَبِي ذَرٍّ» فَقَدِمَ عَلَى عُثْمَانَ، فَقَالَ له عُثْمَانُ رَضِيَ الله عَنْهُ: يَا أَبَا ذَرٍّ أَقِمْ عِنْدَنَا تَغْدُو عَلَيْكُمُ اللِّقَاحُ وَتَرُوحُ، فَقَالَ: لَا حَاجَةَ لِي فِيهَا، وَقَالَ: إِنَّ الرَّبَذَةَ كَانَتْ لِي مَنْزِلًا، فَائْذَنْ لِي أَنْ آتِيَهَا فَأَذِنَ له ".

واتە: قەتادە لە شەهری کوڕی حەوشەبەوە دەگێڕێتەوە کە موعاویە (خوای لێ ڕازی بێت) نامەیەکی بۆ عوسمان (خوای لێ ڕازی بێت) نووسی (ئەمەی تێدابو): ئەگەر دەتەوێ شام ئارام بێت و پێویستت بە منە ئەوێت بۆ بەڕێوە ببەم؛ ئەوا ئەبوزەڕ ببەرەوە بۆ لای خۆت! ئەبودەردا دەفەرموێت: بەخوا ئەگەر ئەبوزەڕ بە قامچی لە پشتم بدات و دەستەکانم ببڕێت لای لێ ناکەمەوە و لێی نارازی نابم؛ چونکە خۆم لە پێغەمبەری خودام (ﷺ) بیست فەرمووی: تا ئێستا ئاسمان سێبەری بەسەر هیچ کەسێکدا نەکردووە و زەوی هیچ کەسێکی هەڵنەگرتووە کە لە ئەبوزەڕ ڕاستگۆترو ڕاشکاوتر بێت و هەر کەسێ پێی خۆشە تەماشای پارساترین و زاهیدترین کەس بکات ئەوا با سەیری ئەبوزەڕ بکات. جا ئەبوزەڕ هاتەوە بۆ لای پێشەوا عوسمان (خوای لێ ڕازی بێت) و پێشەوا عوسمان فەرمووی: ئەبوزەڕ لای خۆمان دانیشە وا

دەکەم بەیانیان و ئێواران نازونیعمەتت پێ بکات! ئەبوزەڕ فەرمووی: من پێویستم بەو نازونیعمەتەیە نییە! ڕەبزە ماڵ و مەنزڵی خۆمە مۆڵەتم بدە بچمەوە بۆ ئەوێ؛ ئیتر پێشەوا عوسمان مۆڵەتی پێداو ئەبوزەڕ ڕۆیشتەوە بۆ ڕەبزە (ڕەبزە شوێنێکە لە نزیك شاری مەدینە).

٧٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَرٍ الْوَرْكَانِيُّ، أَنْبَأَنَا شَرِيكٌ، عَنْ أَبِي حُصَيْنٍ، عَنِ الْمَعْرُورِ، عَنْ أَبِي ذَرٍّ، رَحِمَهُ الله قَالَ: إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يَقُولُ: يَا ابْنَ آدَمَ إِنْ لَقِيتَنِي بِمِلْءِ الْأَرْضِ ذُنُوبًا لَا تُشْرِكُ بِي شَيْئًا لَقِيتُكَ بِمِثْلِهَا هُدًى ".

واتە: لە باوکی حوصەینەوە ئەویش لە مەعرورەوە ئەویش لە ئەبوزەڕەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە فەرموویەتی: خوای گەورە دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم! ئەگەر پڕ بە زەوی تاوانت هەبێت و بگەیتەوە بە من؛ بەڵام هاوەڵت بۆ من بڕیار نەدابێ؛ ئەوا من بە هێندەی ئەو تاوانانەی تۆ؛ بە ڕێنوێنی و هیدایەتەوە پێت دەگەم.

٨٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيِّ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ أَبِي ذَرٍّ، رَحِمَهُ الله قَالَ: قِيلَ: أَلَا تَتَّخِذُ ضَيْعَةً كَمَا اتَّخَذَ فُلَانٌ وَفُلَانٌ؟ قَالَ: مَا أَصْنَعُ بِأَنْ أَكُونَ أَمِيرًا؟ وَإِنَّ مَا يَكْفِينِي فِي كُلِّ يَوْمٍ شَرْبَةُ مَاءٍ أَوْ لَبَنٍ، وَفِي الْجُمُعَةِ قَفِيزٌ مِنْ قَمْحٍ ".

واتە: لە ئیبراهیمی تەیمییەوە ئەویش لە باوکییەوە ئەویش لە ئەبوزەڕەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە فەرموویەتی: گوترا: (واتە: بە ئەبوزەڕ گوترا): ئەوە بۆچی تۆش وەکوو فلان و فلان خەریکی کشتوکاڵ (یان: بازرگانی و کاسبی) نابیت؟ فەرمووی: من چی بکەم بەوەی کە ببم بە فەرمانڕەوا؟ ئەو هێندە ئاوو شیرەی کە ڕۆژانە دەستم دەکەوێت و ئەو هێندە گەنمەی کە حەفتانە دەستم دەکەوێت؛ بەشم دەکات و بەسمە.

٨٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي سُفْيَانُ قَالَ: لَمْ يُعْلَمْ أَحَدٌ أَشَدَّ تَشَبُّهًا بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ مِنْ أَبِي ذَرٍّ ".

واتە: عەبدوڵڵا دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: باوکم بۆی گێڕامەوە فەرمووی: سوفیان بۆی گێڕامەوە فەرمووی: نەزانراوە کە هیچ کەسێک هێندەی ئەبوزەڕ لە پێغەمبەر عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) بچێت. (واتە: وەک ئەو هەژار و زاهیدو پارسا و دونیانەویست بووە)

٨٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا عَوْفٌ قَالَ: بَلَغَنِي أَنَّ أُمَّ ذَرٍّ، عَاتَبَتْ أَبَا ذَرٍّ فِي مَعِيشَتِهَا: فَقَالَ لها: يَا أُمَّ ذَرٍّ، إِنَّ بَيْنَ أَيْدِينَا عَقَبَةً كَئُودًا وَإِنَّ الْمُخِفَّ فِيهَا أَهْوَنُ مِنَ الْمُثْقِلِ ".

واته: ڕەوح دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: عەوف بۆی گێڕامەوە و فەرمووی: پێم گەیشتووە و بیستوومە کە دایکی زەڕ لەسەر بژێوی ژیان سەرکۆنەی ئەبوزەڕی کردووە؛ ئەویش لە وەڵامی دایکی زەڕدا فەرموویەتی: دایکی زەڕ! ئێمە پاشەڕۆژێکی سەختمان لەبەرە؛ ئەو کەسەی باری سوکتر بێ؛ لەو کەسە بێخەمترە کە باری گرانە (واتە: باری دونیایی).

٨٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ مُحَمَّد قَالَ: سَمِعْتُ شَيْخًا، يَقُولُ: إِنَّ أَبَا ذَرٍّ كَانَ يَقُولُ: يَأَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي لَكُمْ نَاصِحٌ، إِنِّي عَلَيْكُمْ شَفِيقٌ، صَلُّوا فِي ظُلْمَةِ اللَّيْلِ لِوَحْشَةِ الْقُبُورِ، وَصُومُوا الدُّنْيَا لِحَرِّ يَوْمِ النُّشُورِ، وَتَصَدَّقُوا مَخَافَةَ يَوْمٍ عَسِيرٍ، يَأَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي لَكُمْ نَاصِحٌ، إِنِّي عَلَيْكُمْ شَفِيقٌ ".

واتە: عوبەیدوڵڵای کوڕی موحەممەد دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: گوێم لە پیاوێک بوو دەیفەرموو: ئەبوزەڕ دەیفەرموو: خەڵکینە! بەخوا من ئامۆژگاریتان دەکەم! من دڵسۆزتانم! شەوان لە جەنگەی شەواو لە کاتی تاریکایی شەوا نوێژ بکەن (واتە: شەونوێژ بکەن) بۆ ئەوەی لە کاتی نامۆیی و تەنیایی ناوگۆڕا بە فریاتان بگات؛ لە دونیادا بەڕۆژوو بن بۆ ئەوەی لە کاتی گەرمای ڕۆژی حەشرا بە فریاتان بگات؛ لە ترسی ڕۆژە ناخۆش و سەختەکە خێرو سەدەقە بکەن؛ هۆ خەڵکینە! بەخوا من ئامۆژگاریتان دەکەم و من دڵسۆزتانم.

زوهد و پارسایی عیمرانی کوڕی حوصەین

(خوای لێ ڕازی بێت)

٨٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنا وَهْبُ بْنُ جَرِير، حَدَّثَنَا أَبي قَالَ: سَمِعْتُ حُمَيْدَ بْنَ هِلَال، يُحَدِّثُ عَنْ مُطَرِّف، قُلْتُ: لعِمْرَانَ بْن الْحُصَيْنْ رَضِيَ الله عَنْهُ: إِنَّهُ لَيَمْنَعُنِي مِنْ عِيَادَتِكَ مَا أَرَى مِنْ حَالِكَ قَالَ: لَا تَفْعَلْ، فَإِنَّ أَحَبَّهُ إِلَيَّ أَحَبُّهُ لله عَزَّ وَجَلَّ".

واتە: وەهبی کوڕی جەریر دەفەرموێت: باوکم بۆی گێرامەوە فەرمووی: گوێم لە حومەیدی کوڕی هیلال بوو لە موتتەڕیفەوە ئەوەی گێڕایەوە فەرموویەتی: بە عیمرانی کوڕی حوصەینم (خوای لێ ڕازی بێت) گوت: تەنیا شتێ کە بووەتە لەمپەر لەبەردەم ئەوەی کە زوو زوو سەردانت بکەم؛ ئەوەیە کە تۆ حاڵت باش نییە! عیمران فەرمووی: نەکەی! زوو زوو وەرە بۆ سەردانم! بەڕاستی ئەوەی کە من زۆرتر خۆشم بوێت؛ خوای گەورەش زیاتر خۆشیی دەوێت. (واتە: من پێم خۆشە بێیت بۆ سەردانم و خوای گەورەش ئەوەی پێخۆشە).

٨٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا وَهْبٌ، حَدَّثَنَا أَبي قَالَ: سَمِعْتُ حُمَيْدَ بْنَ هِلَال، يُحَدِّثُ عَنْ مُطَرِّف قَالَ: قَالَ عِمْرَانُ بْنُ حُصَيْنٍ رَحِمَهُ الله: أُشْعِرْتُ أَنَّهُ كَانَ يُسَلَّمُ عَلَيَّ، فَلَمَّا اكْتَوَيْتُ انْقَطَعَ التَّسْلِيمُ، فَقُلْتُ له: مِنْ قِبَلِ رَأْسِكَ كَانَ يَأْتِيكَ التَّسْلِيمُ أَمْ مِنْ قِبَلِ رِجْلَيْكَ؟ فَقَالَ: لَا بَلْ مِنْ قِبَلِ رَأْسِي، قُلْتُ: فَإِنِّي لَا أَدْرِي أَنْ تَمُوتَ حَتَّى يَعُودَ ذَلِكَ، فَلَمَّا كَانَ بَعْدُ قَالَ: أُشْعِرْتُ أَنَّ التَّسْلِيمَ عَادَ لي، ثُمَّ لَمْ يَلْبَثْ إِلَّا يَسِيراً حَتَّى مَاتَ ".

واتە: موتەڕیف دەفەرموێت: عیمرانی کوڕی حوصەین (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: هەستم بەوە دەکرد کە سەلامم لێ دەکرێت؛ دوای ئەوەی کەوێم کرد ئیتر ئەو سەلامم لێ نەکرا؛ منیش پێم گوت: ئایا سەلامە لە لای سەرتەوە دەنگی دەهات یان لە لای قاچتەوە؟ فەرمووی: لای سەرمەوە. گوتم: من وادەزانم کە پێش مردنت دوبارە ئەو سەلامەت لێ بکرێتەوە! جا دوای ماوەیەک فەرمووی: هەست دەکەم دیسان سلامم لێ دەکرێتەوە! دوای ئەوە زۆری نەخایاند عیمرانی کۆچی دوایی کرد[1].

---

[1] بۆ تێگەیشتن لەم ئەسەرە پێویستە بچینە خزمەت ئەم فەرموودەیە: عَنْ مُطَرِّفٍ، قَالَ: قَالَ لِي عِمْرَانُ بْنُ حُصَيْنٍ

٨٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ أَبِي عَبْدِ اللهِ، عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: قَالَ عِمْرَانُ بْنُ حُصَيْنٍ رَحِمَهُ اللهُ: وَدِدْتُ أَنِّي رَمَادٌ تَذْرُونِي الرِّيَاحُ .

واتە: هیشام لە قەتادەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: عیمرانی کوڕی حوصەین (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: من پێمخۆشبوو هەندێ خۆڵەمێش بومایەو با بیردمایە.

٨٠٧ - حَدَّثَنَا سُفْيَانُ قَالَ: كَانَ الْحَسَنُ يَقُولُ: مَا سَكَنَ الْبَصْرَةَ مِثْلُه يَعْنِي عِمْرَانَ بْنَ حُصَيْنٍ ".

واتە: سوفیان دەفەرموێت: حەسەن دەیفەرموو: هیچ کەسێکی وێنەی ئەوو وەک ئەو؛ لە بەصرەدا نیشتەجێ نەبوو. مەبەستی عیمرانی کوڕی حوصەین بوو.

٨٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا حَاجِبُ بْنُ عَمْرٍو، حَدَّثَنَا الْحَكَمُ بْنُ الْأَعْرَجِ، أَنَّ عِمْرَانَ بْنَ حُصَيْنٍ قَالَ: مَامَسَسْتُ فَرْجِي بِيَمِينِي مُنْذُ بَايَعْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ".

واتە: حاجبی کوڕی عەمر دەگێڕێتەوە کە حەکەمی کوڕی ئەعرەج گێڕایەوە فەرمووی: عیمرانی کوڕی حوصەین فەرمووی: لەو کاتەوەی دەستی ڕاستم خستووەتە ناو دەستی پێغەمبەر (ﷺ) و پەیمان (بەیعەتم) پێداوە؛ دەستی ڕاستم نەداوە لە شەرمگا (عەورەت)م.

أُحَدِّثُكَ حَدِيثًا عَسَى اللهُ أَنْ يَنْفَعَكَ بِهِ: إِنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ «جَمَعَ بَيْنَ حَجَّةٍ وَعُمْرَةٍ، ثُمَّ لَمْ يَنْهَ عَنْهُ حَتَّى مَاتَ، وَلَمْ يَنْزِلْ فِيهِ قُرْآنٌ يُحَرِّمُهُ، وَقَدْ كَانَ يُسَلَّمُ عَلَيَّ، حَتَّى اكْتَوَيْتُ، فَتُرِكْتُ، ثُمَّ تَرَكْتُ الْكَيَّ فَعَادَ». رواه مسلم.

واتە: موتەڕڕیف دەفەرموێت: عیمرانی کوڕی حوصەین بە منی فەرموو: فەرموودەیەکت بۆ دەگێڕمەوە بەڵکوو ئەوە خوای گەورەیە سودێکت پێ بگەیەنێ، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) حەج و عەمرەی پێکەوە کۆ کردەوە و هەتا وەفاتیشی کرد نەهی لە کۆ کردنەوەی حەج و عەمرە نەکرد، قورئانیشی بۆ دانەبەزی کە حەج و عەمرە کردن پێکەوە حەرام بکات.. بەڕاستی من لە لایەن فریشتەکانەوە سڵاووم لێ دەکرا هەتا ئەوکاتەی کەوێم کرد، دوای ئەوە وازیان لە من هێناو سڵاویان لێ نەدەکردم، ئیتر وازم لە کەوێ هێنا ئەوانیش هاتنەوە و سڵاویان لێ دەکردمەوە.

پێشەوا ابن الأثیریش لە کتێبی (أسد الغابە) دا ئاوا باسی عیمران دەکات: عیمران نزای گیرا بوو، بەشداری لە هیچ شەڕو ئاژاوە و پشێویەکی ناوخۆدا نەکرد.. فەرموودەی لە پێغەمبەری خوداوە (صلى الله عليه وسلم) گێڕاوەتەوە.. حەسەن و کوڕی سیرین و خەڵکی تریش فەرموودەیان لێ گێڕاوەتەوە... لە کاتی نەخۆشیدا فریشتەی خوا سڵاویان لێ دەکرد، دەرمانی بەکار هێناو خۆی کەوێ کرد ئیتر فریشتەکان سڵاویان لێ نەدەکرد، دوای وازی لە دەرمان و کەوێ هێنا فریشتەکان هاتنەوە بۆ لای و سڵاویان لێ دەکردەوە.. تووشی نەخۆشی ئاوبەند (استسقا) ببوو، چەند ساڵێک ئەو نەخۆشییەی لەگەڵدا بوو ئەویش خۆڕاگربوو، بە مەبەستی چارەسەر زگیان دڕی و هەندێ گۆشت و بەزیان لێ دەرهێنا، قەرەوێلەیان بۆ دروست کرد و لەسەر جێگا بۆی کەوت و سی ساڵ بەسەر جێگاوە بوو. ساڵی پەنجاودوی کۆچی لە شاری بەسرەدا ماڵئاوایی لە دونیا کرد.. سەرو ڕیشی تەواو سپی بوو.. نەوە و نەتیژەی لە بەسرەدا ماوون.

٨٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي سُفْيَانُ بْنُ وَكِيعٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ رَجَاءٍ، عَنِ ابْنِ جُرَيْجٍ، عَنِ ابْنِ أَبِي مُلَيْكَةَ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «أَحَبُّ شَيْءٍ إِلَى اللهِ الْغُرَبَاءُ» قِيلَ: وَمَنِ الْغُرَبَاءُ؟ قَالَ: الْفَرَّارُونَ بِدِينِهِمْ؛ يَبْعَثُهُمُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَعَ عِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ، قَالَ أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ: سَمِعْتُ سُفْيَانَ بْنَ وَكِيعٍ يَقُولُ: إِنِّي لَأَرْجُو أَنْ يَكُونَ أَحْمَدُ بْنُ حَنْبَلٍ مِنْهُمْ ".

واتە: لە کوڕی جورەیجەوە ئەویش لە کوڕی باوکی مولەیکەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: خۆشەویسترین شت بە لای خوای گەورە غەریبەکانن. گوترا: غەریبەکان کێن؟ فەرمووی: ئەوانەی بە ئایینی خۆیانەوە هەڵدێن (واتە: لەبەر ئەوەی تووشی بێدینی نەبن لە خەڵك دوور دەکەونەوە و لە شوێنێکا بە غەریبی و نامۆیی دەژین) خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوانە لەگەڵ عیسای کوڕی مەریەما (سەلامی خوای لەسەر بێت) زیندوو دەکاتەوە و پێکەوە حەشریان دەکات. باوکی عەبدولڕەحمان دەفەرموێت: گوێم لە سوفیانی کوڕی وەکیع بوو دەیفەرموو: من هیوام وایە کە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل یەکێک بێت لەو کەسانە.

٨١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ فُضَيْلٍ، حَدَّثَنَا حُصَيْنٌ، عَنْ مُجَاهِدٍ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ: مَا اجْتَمَعَ مَلَأٌ يَذْكُرُونَ اللهَ إِلَّا ذَكَرَهُمُ اللهُ فِي مَلَأٍ أَعَزَّ مِنْهُمْ وَأَكْرَمَ، وَمَا تَفَرَّقَ قَوْمٌ لَمْ يَذْكُرُوا اللهَ عَزَّ وَجَلَّ فِي مَجْلِسِهِمْ إِلَّا كَانَ حَسْرَةً عَلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ".

واتە: لە موجاهیدەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە دەگێڕێتەو فەرموویەتی: هەر کۆمەڵێک کۆ ببنەوە و یاد و زیکری خوای گەورە بکەن؛ ئەوا خوای گەورە لەناو کۆمەڵێکی لەوان بەڕێزتر باسی ئەوان دەکات؛ هەر کۆمەڵێکیش بڵاوەی لێ بکەن و پێش بڵاوە کردن یاد و زیکرێکی خوای گەورەیان نەکردبێ؛ ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو کۆبوونەوەیان بۆ دەبێ بە خەم و خەفەت.

٨١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَرٍ، أَنْبَأَنَا شُعْبَةُ، عَنْ عَمْرِو بْنِ مُرَّةَ، عَنْ شَيْخٍ، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ قَالَ: أُحِبُّ الْفَقْرَ تَوَاضُعًا لِرَبِّي عَزَّ وَجَلَّ، وَأُحِبُّ الْمَوْتَ اشْتِيَاقًا إِلَى رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ، وَأُحِبُّ الْمَرَضَ تَكْفِيرًا لِخَطَايَايَ ".

واتە: شوعبە لە عەمری کوڕی موڕڕەوە ئەویش لە پیاوێکەوە ئەویش لە ئەبودەرداوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من لەبەر(ملکەچی نواندن بۆ خوای گەورە؛ هەژاریم خۆش دەوێ..

بە مەبەستی بە خزمەت گەیشتنی خوای گەورەش مردنم خۆش دەوێ.. لەبەر کەفارەت و داشۆرانی تاوانەکانیشم نەخۆشیم خۆش دەوێ!

٨١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي مُصْعَبٌ الزُّبَيْرِيُّ، حَدَّثَنَا مَالِكٌ يَعْنِي ابْنَ أَنَسٍ أَنَّهُ بَلَغَهُ أَنَّ عَبْدَ اللهِ بْنَ مَسْعُودٍ، كَانَ يَقُولُ: عَلَيْكُمْ بِالصِّدْقِ فَإِنَّهُ يَهْدِي إِلَى الْبِرِّ، وَالْبِرُّ يَهْدِي إِلَى الْجَنَّةِ، وَإِيَّاكُمْ وَالْكَذِبَ فَإِنَّ الْكَذِبَ يَهْدِي إِلَى الْفُجُورِ، وَالْفُجُورَ يَهْدِي إِلَى النَّارِ، وَإِنَّهُ كَانَ يَقُولُ صَدَقَ وَبَرَّ وَكَذَبَ وَفَجَرَ ".

واتە: مالیکی کوڕی ئەنەس ئەوەی پێگەیشتووە کە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود دەیفەرموو: ڕاستگۆبن و ڕاستگۆیی بکەنە خوو خدەی خۆتان؛ چونکە ڕاستگۆیی مرۆڤ بەرەو چاکە دەبات؛ چاکەش مرۆڤ بەرەو بەهەشت دەبات! خۆتان لە درۆ بپارێزن؛ چونکە درۆ مرۆڤ بەرەو خراپە دەبات و خراپەش مرۆڤ بەرەو دۆزەخ دەبات. جا لە فەرموودەکەیا ئەم ووشانەی بەکار دەهێنا. صَدَقَ وَبَرَّ وَكَذَبَ وَفَجَرَ..

زوهد و پارسایی سەلمانی فارسی (خوای لێ ڕازی بێت)

٨١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، وا بوو مُعَاوِيَةَ الضَّرِيرُ قَالَ: حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ أَبِي ظَبْيَانَ، قَالَ أَبو مُعَاوِيَةَ: عَنْ جَرِيرٍ، وَقَالَ وَكِيعٌ: حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، - قَالَ: قَالَ لِيَ سَلْمَانُ: يَا جَرِيرُ تَوَاضَعْ لِله؛ فَإِنَّ مَنْ تَوَاضَعَ لِله عَزَّ وَجَلَّ فِي الدُّنْيَا يَرْفَعُهُ اللَه عَزَّ وَجَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَة ".

واتە: وەکیع و باوکی موعاویەی نابینا دەگێڕنەوە؛ باوکی موعاویە دەفەرموێت: ئەعمەش لە باوکی زەبیانەوە دەگێڕێتەوە کە باوکی موعاویە لە جەریرەوە.. وەکیعیش دەفەرموێت: جەریر بۆی گێراینەوە فەرمووی: سەلمان پێی گوتم: جەریر! ملکەچی بۆ خوای گەورە بنوێنە! چونکە هەر کەسێ لە دونیادا ملکەچی بۆ خوای گەورە نواند ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوکەسە سەربەرز دەکات.

٨١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ شِمْرِ بْنِ عَطِيَّةَ، عَنْ سَلْمَانَ، رَحِمَهُ الله قَالَ: أَكْثَرُ النَّاسِ ذُنُوبًا أَكْثَرُهُمْ كَلَامًا فِي مَعْصِيَةِ الله عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: ئەعمەش لە شیمرەوە ئەویش لە سەلمانەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە فەرموویەتی: تاوانبارترین کەس ئەو کەسەیە کە زۆرترین قسەی ناڕەوای کردووە.

٨١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ قَالَ: كَانَ عَطَاءُ سَلْمَانَ رَحِمَهُ الله خَمْسَةَ آلَافِ دِرْهَمٍ، وَكَانَ أَمِيرًا عَلَى زُهَاءِ ثَلَاثِينَ أَلْفًا مِنَ الْمُسْلِمِينَ، وَكَانَ يَخْطُبُ النَّاسَ فِي عَبَاءَةٍ يَفْتَرِشُ بَعْضَهَا وَيَلْبَسُ بَعْضَهَا، فَإِذَا خَرَجَ عَطَاؤُهُ أَمْضَاهُ، وَيَأْكُلُ مِنْ سَفِيفِ يَدَيْه ".

واتە: هیشام لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: موچەی سەلمانی فارسی پێنج هەزار دیرهەم بوو؛ سەلمان بەرپرسی نزیکەی سی هەزار موسوڵمان بوو؛ ئەو کاتێ وتاری دەدا

عابایەکی لەبەر بوو؛ هەندێکی دەدا بەسەر خۆیاو هەندێکیشی دەخستە ژێر خۆیەوە و لەسەری دادەنیشت، جا هەر کاتێ موچەی وەرگرتبا هەمووی دەبەخشیەوە و بە پارەی سەبەتە چنین دەژیا (واتە: لە پەلی دارخورما سەبەتەی دەچنی و دەیفرۆشت و بەو پارەیە دەژیا).

٨١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ حَبِيبٍ، عَنْ نَافِعِ بْنِ جُبَيْرٍ، أَنَّ سَلْمَانَ، رَحِمَهُ اللهُ أَتَى بَيْتَ عِلْجَةٍ أَوْ مُشْرِكَةٍ يَلْتَمِسُ مَكَانًا يُصَلِّي فِيهِ، فَقَالَتْ: ابْتَغِ قَلْبًا طَاهِرًا وَصَلِّ حَيْثُ شِئْتَ. فَقَالَ سَلْمَانُ رَحِمَهُ اللهُ: فَقِهْتِ".

واتە: حەبیب لە نافیعی کوڕی جوبەیرەوە دەگێڕێتەوە کە سەلمان (خوای لێ ڕازی بێت) هاتە ماڵی ژنێکی کافر یان هاوەڵپەرست (موشریك)ـە گەورەکان؛ گەڕا بو دوای شوێنێکی پاکا نوێژی تێدا بکات؛ ژنەکە پێی گوت: بە شوێن دڵێکی پاکا بگەڕێ و لە هەرکوێ ویستت نوێژی خۆت بکە! سەلمان فەرمووی: چاکی لێ دەزانی!

٨١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا سُلَيْمَانُ التَّيْمِيُّ، عَنْ أَبِي عُثْمَانَ النَّهْدِيِّ قَالَ: قَالَ سَلْمَانُ رَحِمَهُ اللهُ: لَا تَكُنْ أَوَّلَ دَاخِلِ السُّوقِ وَآخِرَ خَارِجٍ مِنْهَا، فَإِنَّ بِهَا مَعْرَجَ الشَّيْطَانِ وَمَرْكَزَ رَايَتِهِ: قَالَ يَحْيَى: مَعْرَكَةُ الشَّيْطَانِ ".

واتە: سولەیمانی تەیمی لە باوکی عوسمانی نەهدییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: سەلمان (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: هەرگیز یەکەم کەس مەڕۆ بۆ ناو بازاڕو کۆتا کەسیش لە بازاڕ مەچۆرە دەرەوە! چونکە شوێنی بەرزبوونەوەی شەیتان و شوێنی ئاڵای شەیتان لەناو بازاڕایە. یەحیا جیاتی (معرج) دەیگوت (معرکە) واتە: شوێنی ئاژاوە و جەنگی شەیتان لە بازاڕایە.

٨١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَمْرُو بْنُ أَيُّوبَ، أَنْبَأَنَا جَعْفَرٌ، عَنْ مَيْمُونٍ قَالَ: حُذَيْفَةُ وَسَلْمَانُ نَزَلَا عَلَى نَبَطِيَّةٍ، فَلَمَّا حَضَرَتِ الصَّلَاةُ قَالَا: هَا هُنَا مَكَانٌ طَاهِرٌ نُصَلِّي فِيهِ، قَالَتْ: طَهِّرْ قَلْبَكَ. قَالَ أَحَدُهُمَا لِلْآخَرِ: خُذْهَا كَلِمَةَ حِكَمٍ مِنْ قَلْبِ كَافِرٍ ".

واتە: جەعفەر لە مەیمونەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حوزەیفەو سەلمان بوون بە میوانی ژنێکی نەبەتی؛ کاتی نوێژ گوتیان: لێرە شوێنێکی پاك هەیە بۆ نوێژ کردن تێیدا؟ ژنەکە گوتی: دڵت پاك بکەوە! یەکیان بەویتریانی گوت: ئەو پەندە وەرگرە کە پەندێکی جوان و ژیرانەیەو لەدڵی کافرێک هاتۆتە دەرێ.

٨١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَتْنِي خَدِيجَةُ أُمُّ مُحَمَّد، كَانَتْ تَجِيءُ إِلَى أَبِي تَسْمَعُ مِنْهُ قَبْلَ الثَّلَاثِينَ - قَالَتْ، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، حَدَّثَنَا الْعَوَّامُ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيِّ، عَنْ سَلْمَانَ قَالَ: سَبْعَةٌ فِي ظِلِّ الله يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِله: رَجُلٌ لَقِيَ أَخَاهُ فَقَالَ إِنِّي أُحِبُّكَ فِي الله وَقَالَ الْآخَرُ مِثْلَ ذَلِكَ، وَرَجُلٌ ذَكَرَ الله عَزَّ وَجَلَّ فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ مِنْ مَخَافَةِ الله، وَرَجُلٌ يَتَصَدَّقُ بِيَمِينِهِ يُخْفِيهَا عَنْ شِمَالِه، وَرَجُلٌ دَعَتْهُ امْرَأَةٌ ذَاتُ حُسْنٍ وَجَمَالٍ إِلَى نَفْسِهَا فَقَالَ: إِنِّي أَخَافُ الله عَزَّ وَجَلَّ، وَرَجُلٌ قَلْبُهُ مُعَلَّقٌ بِالْمَسَاجِدِ مِنْ حُبِّهَا، وَرَجُلٌ يُرَاعِي الشَّمْسَ لِمَوَاقِيتِ الصَّلَاةِ، وَرَجُلٌ إِنْ تَكَلَّمَ تَكَلَّمَ بِعِلْمٍ وَإِنْ سَكَتَ سَكَتَ عَنْ حِلْمٍ ".

واته: ئیبراهیمی تەیمی لە سەلمانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەوت چین لە قیامەتدا لەژێر سێبەری (عەرشی) خودان؛ ئەو ڕۆژە کە جگە لەو سێبەرە هیچ سێبەرێکیتر بوونی نییە: پیاوێک کە بە پیاوێکیتر بگات و پێی بڵێ: من لەبەر خوا تۆم خۆش دەوێ؛ ئەویش هەمان قسە بە ئەو بڵێت.. پیاوێ کە یاد و زیکری خوا بکات و لە ترسی خوا چاوەکانی پڕ ببن لە فرمێسك.. پیاوێ کە بە دەستی ڕاستی خێرو سەدەقە بکات و نەهێڵێ دەستی چەپی پێی بزانێ.. پیاوێ کە ژنێکی جوان و خاوەن پلەو پایە بانگی بکات بۆ ئەوەی کاری ناڕەوای لەگەڵدا بکات و پیاوەکە بڵێ: من لەخوای گەورە دەترسم (و کارەکەی لەگەڵدا نەکات).. پیاوێ کە دڵی بەسرابێ بە مزگەوتەوە و مزگەوتی خۆش بوێ.. پیاوێ کە چاودێری خۆر بکات بۆ ئەوەی کاتەکانی بانگ بزانێت و نوێژەکانی لە کاتی خۆیا بکات.. پیاوێکیش کە ئەگەر قسەی کرد قسەی زانستیانە بکات و ئەگەریش بێدەنگ بوو وەکوو کەسێکی بەحەوسەڵە بێدەنگ بێت[1].

٨٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ عَطَاءِ بْنِ السَّائِبِ، عَنْ أَبِي الْبَخْتَرِيِّ، عَنْ سَلْمَانَ رَحِمَهُ الله قَالَ: لَا يَزَالُ النَّاسُ بِخَيْرٍ مَا بَقِيَ الْأَوَّلُ حَتَّى يَتَعَلَّمَ الْآخَرُ، فَإِذَا ذَهَبَ الْأَوَّلُ قَبْلَ أَنْ يَتَعَلَّمَ الْآخَرُ فَذَاكَ حِينَ هَلَكُوا ".

واته: باوکی بەختەری لە سەلمانەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەو

---

[1] شیاوی باسە ئەم ئەسەرە (بە هەندێ جیاوازی کەمەوە) وەک فەرموودەش ڕیوایەت کراوە، دیارە سەلمان فەرموودەکەی پێغەمبەری باس کردووە؛ یان ماناى فەرموودەکەی باس کردووە؛ با پێکەوە فەرموودەکە ببینین: عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: " سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ الله فِي ظِلِّه، يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِله: الإِمَامُ العَادِلُ، وَشَابٌّ نَشَأَ فِي عِبَادَةِ رَبِّه، وَرَجُلٌ قَلْبُهُ مُعَلَّقٌ فِي الْمَسَاجِدِ، وَرَجُلَانِ تَحَابَّا فِي الله اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ، وَرَجُلٌ طَلَبَتْهُ امْرَأَةٌ ذَاتُ مَنْصِبٍ وَجَمَالٍ، فَقَالَ: إِنِّي أَخَافُ الله، وَرَجُلٌ تَصَدَّقَ، أَخْفَى حَتَّى لَا تَعْلَمَ شِمَالُه مَا تُنْفِقُ يَمِينُهُ، وَرَجُلٌ ذَكَرَ الله خَالِيًا فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ ". رواه الشيخان.

خەڵکە هەر لەسەر چاکە دەژین هەتا ئەوانەی سەرەتا (واتە: ئەوانەی کە زووتر فێری ئیسلام و زانست بوون) ئەوانیتر فێر بکەن؛ جا کە ئەوانەی سەرەتا پێش ئەوەی ئەوانیتر فێر بکەن (مردن) و ڕۆیشتن؛ ئەوا هەموویان تێدا دەچن.

٨٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيدٍ، عَنِ التَّيْمِيِّ، عَنْ أَبِي عُثْمَانَ، عَنْ سَلْمَانَ قَالَ: لَوْ يَعْلَمُ النَّاسُ عَوْنَ اللهِ لِلضَّعِيفِ مَا غَالَوْا بِالظَّهْرِ قَالَ: إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يَسْتَحْيِي مِنَ الْعَبْدِ يَبْسُطُ إِلَيْهِ يَدَيْهِ يَسْأَلُهُ فِيهِمَا خَيْرًا؛ فَيَرُدُّهُمَا خَائِبَتَيْنِ، قَالَ لَهُ: لَوْ بَاتَ رَجُلٌ يُطَاعِنُ الْأَقْرَانَ وَبَاتَ آخَرُ يَذْكُرُ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ رَأَيْتُ أَنَّ ذَاكِرَ اللهِ وَذَاكِرَ الْقُرْآنِ أَفْضَلُ، قَالَ: مَا مِنْ رَجُلٍ يَتَوَضَّأُ، فَيُحْسِنُ الْوُضُوءَ، ثُمَّ يَأْتِي الْمَسْجِدَ فَلَا يَأْتِيهِ إِلَّا لِعِبَادَةٍ، إِلَّا كَانَ زَائِرًا لِلهِ عَزَّ وَجَلَّ، وَحَقٌّ عَلَى اللهِ كَرَامَةُ الزَّائِرِ".

واتە: باوکی عوسمان لە سەلمانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەگەر خەڵکی بزانن کە خوای گەورە چۆن یارمەتیی بۆ مرۆڤی لاوازو بێدەسەڵات دەنێرێ؛ ئەوا هەرگیز خیانەتیان لێ نەدەکردن.. دەیفەرموو: خوای گەورە شەرم دەکات لە بەندەی خۆی کاتێ دەستەکانی ڕادەکێشێت و بەرزی دەکاتەوە و داوا دەکات خوای گەورە خێرو بەرەکەتی پێ ببەخشێ؛ هەروا بە بەتاڵی بیگێڕێتەوە.. ئەگەر کەسێک شەو تا بەیانی نان بە تەنورەوە بدات و بیکات بەخێر و کەسێکیش شەو تا بەیانی یاد و زیکری خوای گەورە بکات؛ من پێموایە کە ئەوەیان یاد و زیکری خوا دەکات و قورئان دەخوێنێتەوە؛ باشتر بێ لەویتر.. دەیفەرموو: هەر پیاوێک دەستنوێژێکی جوان و ڕێکوپێک و تەواو بگرێت و دوایی بڕوا بۆ مزگەوت و بۆ خواپەرستی نەبێ بۆ هیچ مەبەستێکیتر نەڕوا بۆ مزگەوت؛ ئەوە بێگومان ئەو کەسە زیارەتی خوای گەورە دەکات؛ خوای گەورەش کردوویەتی بە ماف لەسەر خۆی کە ڕێزی ئەو کەسانە بگرێ کە زیارەتی دەکەن.

٨٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا عَاصِمٌ الْأَحْوَلُ، عَنْ أَبِي عُثْمَانَ، عَنْ سَلْمَانَ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ: الْحَمْدُ لِلهِ كَثِيرًا، قَالَ: فَأَعْظَمَهَا الْمَلَكُ أَنْ يَكْتُبَهَا حَتَّى رَاجَعَ فِيهَا رَبَّهُ عَزَّ وَجَلَّ، قَالَ: اكْتُبْهَا كَمَا قَالَ عَبْدِي كَثِيرًا ".

واتە: عاصمی ئەحوەل لە باوکی عوسمانەوە ئەویش لە سەلمانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پیاوێک گوتی: الحمدلله کثیرا (سوپاس و ستاییشێکی زۆر بۆ خوای گەورە) ئەو فریشتەیەی کە بەرپرسی نووسینەوەی کارە چاکەکان بوو نەیزانی چۆن بۆی بنووسێتەوە؛ بۆیە ڕۆیشتە

خزمەت پەروەردگارو پرسی پێکردو خوای گەورەش فەرمووی: بەندەکەم چۆنی گوتووە هەر ئاوا بۆی بنووسەوە (واتە: پاداشتەکەی هێندە زۆرە تەنیا خوای گەورە دەزانێ چەندە زۆرە).

٨٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا مُصْعَبُ بْنُ سَلَّامٍ، حَدَّثَنَا عُيَيْنَةُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ عُثْمَانَ بْنَ أَبي الْعَاصِ، أَنَّهُ قَالَ: لَوْلَا الْجُمْعَةُ وَالْجَمَاعَةُ لَبَنَيْتُ في أَعْلَى دَارِي هَذِهِ بَيْتًا، فَلَمْ أَخْرُجْ مِنْهُ حَتَّى أَخْرُجَ إِلَى قَبْرِي ".

واتە: عویەینەی کوڕی عەبدولڕەحمان لە باوکییەوە ئەویش لە عوسمانی کوڕی باوکی عاصەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەگەر جومعەو جەماعەت نەبوایە؛ ئەوا لە سەرەوەی ئەم خانوەی خۆم ژوورێکم دروست دەکردو هەتا ئەو ڕۆژەی کە دەمردم نەدەهاتمە دەرەوە.

٨٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبو هَمَّامِ الْوَلِيدُ بْنُ شُجَاعِ السَّكُونيُّ، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ مُسْلِمٍ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ مُهَاجِرِ الْأَنْصَارِيِّ، أَخُو عَمْرِو بْنِ مُهَاجِرٍ، عَنْ عُمَيْرِ بْنِ هَانِئٍ الْعَنْسِيِّ، عَنْ هِنْدَ الْخَوْلَانِيَّةِ، امْرَأَةِ بِلَالٍ قَالَتْ: كُنْتُ أَسْمَعُ بِلَالًا يَقُولُ: اللهمَّ اقْبَلْ حَسَنَاتي وَاغْفِرْ سَيِّئَاتي وَاعْذُرْني في عِلَّاتي ".

واتە: عومەیری کوڕی هانی لە هیندی خەولانییەوە. هیند ژنی بیلال بوو دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لێبوو بیلال دەیگوت: خوایە چاکەکانم لێ وەربگرەو لە خراپەکانم خۆش ببەو لە کارە ناتەواوو نەباشەکانیشم ببورە.

٨٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ أَبي سُفْيَانَ، عَنْ أَشْيَاخِهِ قَالَ: دَخَلَ سَعْدٌ عَلَى سَلْمَانَ يَعُودُهُ قَالَ: فَبَكَى سَلْمَانُ، فَقَالَ له سَعْدٌ: يَا أَبَا عَبْدِ الله مَا يُبْكِيكَ؟ تُوُفِّيَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وهُوَعَنْكَ رَاضٍ، وَتَرِدُ عَلَيْهِ الْحَوْضَ، وتَلْقَى أَصْحَابَكَ، قَالَ: فَقَالَ سَلْمَانُ: أَمَا إِنِّي لَمْ أَبْكِ جَزَعًا مِنَ الْمَوْتِ وَلَا حِرْصًا عَلَى الدُّنْيَا، وَلَكِنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَهِدَ إِلَيْنَا قَالَ: «لِتَكُنْ بُلْغَةُ أَحَدِكُمْ مِنَ الدُّنْيَا مِثْلُ زَادِ الرَّاكِبِ» وحَوْلي هَذِهِ الْأَسَاوِدُ، قَالَ: وَإِنَّ مَاحَوْلَه إِنْجَانَةٌ وَجَفْنَةٌ وَمَطْهَرَةٌ، فَقَالَ سَعْدٌ: يَا أَبَا عَبْدِ الله اعْهَدْ إِلَيْنَا عَهْدًا نَأْخُذُ بِهِ بَعْدَكَ، فَقَالَ: يَا سَعْدُ اذْكُرِ الله عِنْدَ هَمِّكَ إِذَا هَمَمْتَ وعِنْدَ يَدِكَ إِذَا قَسَمْتَ وعِنْدَ حُكْمِكَ إِذَا حَكَمْتَ ".

واتە: باوکی سوفیان لە مامۆستاکانییەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: سەعد ڕۆیشت بۆ سەردانی سەلمان.. دەفەرموێ: سەلمان دەستی بە گریان کرد؛ سەعد پێی گوت: باوکی

عەبدوڵڵا! ئەوە بۆچی دەگریت؟ خۆ کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆچی دوایی کرد؛ لەتۆ ڕازی بوو؛ تۆ دەچیتە سەر حەوزی کەوسەرو دەچیتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)؛ لەوێ بە هاوڕێکانت دەگەیتەوە.. سەلمان فەرمووی: خۆ ئەم گریانەی من لە ترسی مردن نییە؛ بۆ خۆشەویستی دونیاش نییە؛ بەلام پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەڵێنی لێ وەرگرتوین فەرمووی: با کۆڵ و باری هەریەکێک لە ئێوە هێندەی کۆڵ و باری کەسێکی ڕێبوار بێت. ئەوەتا من ئەم هەموو کەلوپەلەم هەیە.. دەفەرموێت: هیچیشی نەبوو جگە لە تەشتێک و تیانچەیەک و دەستشۆرێک! سەعد فەرمووی: باوکی عەبدوڵڵا! تا تۆش بەڵێنێکمان لێ وەربگرە با ئێمەیش دوای تۆ دەستی پێوە بگرین! سەلمان فەرمووی: سەعد! لە کاتی خەم و خەفەتا یادی خوا بکە؛ هەر کاتێ دەستت برد بۆ شتێک دابەشی بکەی یادی خوا بکە؛ هەر کاتێ بوی بە بڕیار بەدەست و ویستت بڕیارێک بدەی؛ ئەوا یادی خوا بکە.

٨٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ عُبَيْد بْن حسَاب، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ عُبَيْد قَالَ: قَالَ عَائِذُ بْنُ عَمْرو: لأَنْ أُصُبَّ طَسْتِي فِي حَجْلَتِي أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَصُبَّ فِي طَرِيقِ الْمُسْلِمِينَ قَالَ: وَكَانَ لاَ يَخْرُجُ مِنْ دَارِه مَاءٌ وَلاَ مَاءُ السَّمَاءِ، قَالَ فَرُئِيَ لَه أَنَّهُ مَنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ ".

واتە: ئیسماعیلی کوڕی عوەبید دەفەرموێت: عائیزی کوڕی عەمر فەرموویەتی: ئەگەر من تەشتە ئاوەکەم بڕێژمە ناو کەلوپەل و نوێنەکانمەوە؛ لەوە پێمخۆشترە کە بیڕژێنمە سەر ڕێگای باوەڕدارانەوە.. دەفەرموێت: عائیز نە ئاوی ئاسایی و نە چۆڕاوگەی باران لە ماڵی نەدەهاتە دەرەوە.. جا لە خوا وا بینرا کە عائیز یەکێکە لە بەهەشتییەکان. (مەبەست ئەوەیە کە نە ئاوی چڵکاوو پاشماوەی ماڵەوە و نە ئاوی چۆڕاوگەی باران؛ لە حەوش و ماڵەکەی نەهاتووەتە دەرەوە و نەڕژاوەتە سەر ڕێگا و کەسی پێ سەخڵەت نەکردووە).

٨٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي هَارُونُ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنِ الشَّيْبَانِيِّ قَالَ: كُنَّا بِالْقُسْطَنْطِنِيَّةِ مَعَ مَسْلَمَةَ، وَالْقَتْلَى يَمُرُّ بِهِمْ مِنْ عِنْدِ الْمَجَانِيقِ، وَمَسْلَمَةُ يَخْتَلِفُ عَلَيْهِ بِالأَلْوَانِ، قَالَ: فَسَمِعْتُ رَجُلاً يُرَجِّعُ، قَالَ: قُلْتُ: لِمَ تُرَجِّعُ رَحِمَكَ اللهُ؟ قَالَ: لَقَدْ رَأَيْتُنَا مَعَ مَالِكِ بْنِ عَبْدِ اللهِ الْخَثْعَمِيِّ، وَأُصِيبَ رَجُلٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ، فَأُتِيَ بِعَشَائِهِ فَلَمْ يَتَعَشَّ، ثُمَّ أَصْبَحَ صَائِمًا، فَمَكَثَ ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ وَثَلاَثَ لَيَالٍ لاَ يَأْكُلُ تَحَزُّنًا عَلَيْهِ؛ حَتَّى لَقَدْ رَأَيْتُ النَّاسَ وَإِنَّهُمْ لَيُعَزُّونَهُ كَمَا يُعَزَّى الرَّجُلُ بِحَمِيمِهِ ".

واتە: هارون دەفەرموێت: زەمرە لە شەیبانییەوە بۆی گێڕاینەوە فەرمووبەتی: ئێمە لە قوستەنتەنییە (ئەستەمبوڵ) بوین لەگەڵ مەسلەمەدا (مەسلەمە یەکێک بووە لە فەرماندە بەتێوانگەکانی سەردەمی بەنی ئومەیە) جا تەرمی کوژراوەکان لە لای مەنجەنیقەکانەوە دەبران؛ مەسلەمە جۆرەها خواردنی بۆ دەهات.. دەفەرموێت: گوێم لە پیاوێک بوو دەیگوت: انا لله وانا الیه راجعون! دفەرموێ: گوتم: خوا ڕەحمت پێ بکا ئەوە بۆچی انا لله دەکەیت؟ گوتی: ئەوە ئێمە لەگەڵ مالیکی کوڕی عەبدوڵلای خەثعەمی بوین؛ پیاوێکی موسوڵمان پێکرا؛ خواردنی ئێوارەیان بۆ مالیك هێنا تامی نەکرد؛ بۆ بەیانیش ڕۆژووی گرت؛ جا لە خەفەتی ئەو پیاوە کوژراوە؛ مالیك سێ شەوو سێ ڕۆژ تامی هیچی نەکرد؛ تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی بینیم خەڵکی سەرەخۆشییان لە مالیك دەکرد وەک چۆن سەرەخۆشی لە کەسێکی نزیکی مردوو دەکرێت. (مەبەستی ئەوە بووە کە مالیك بە هۆی کوژرانی سەربازێکی موسوڵمانەوە سێ شەوو سێ ڕۆژ هیچی نەخواردووە؛ بەڵام تەرمی چەند کەسێکی موسوڵمانیان بە لای مەسلەمەدا تێپەڕاندووە کەچی هەر خەریکی خواردنی ڕەنگاوڕەنگ بووە).

٨٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي هَارُونُ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، قَالَ رَجَاءٌ: حَدَّثَنَا عَنْ حَسَّانَ، مَوْلَى مَالِكِ بْنِ عَبْدِ اللهِ قَالَ: كَانَ فِي سَاقِهِ - يَعْنِي مَالِكًا عِرْقٌ مَكْتُوبٌ فِيهِ «الله» فَجَعَلْتُ أَنْظُرُ إِلَيْهِ وَهُوَ يَتَوَضَّأُ، فَقَالَ: أَيُّ شَيْءٍ تَنْظُرُ؟ أَمَا أَنَّهُ لَمْ يَكْتُبْهُ كَاتِبٌ ".

واتە: دیسان هارون لە زەمرەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: ڕەجا فەرمووی: لە حەسسانی مەولای مالیکی کوڕی عەبدوڵلاوە بۆمان دەگێڕنەوە فەرموویەتی: لە ساقی لاقی مالیك ڕەگێک هەبوو وەک نووسرابێ (الله) وابوو؛ کاتێ دەستنوێژی دەگرت من سەیری ئەوەم دەکرد؛ مالیك فەرمووی: ئەوە سەیری چی دەکەی؟ بەخوا ئەوە کەس نەینووسیوە و هەر خۆی وایە.

٨٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ عُبَيْدِ بْنِ حَسَّانَ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنِي بِسْطَامُ بْنُ مُسْلِمٍ، عَنْ مُعَاوِيَةَ بْنِ قُرَّةَ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: قَالَ لِي: يَا بُنَيَّ إِذَا كُنْتَ فِي قَوْمٍ يَذْكُرُونَ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ، فَبَدَتْ لَكَ حَاجَةٌ، فَسَلِّمْ عَلَيْهِمْ حِينَ تَقُومُ؛ فَإِنَّكَ لَا تَزَالُ لَهُمْ شَرِيكًا مَا دَامُوا جُلُوسًا ".

واتە: موعاویەی کوڕی قوڕڕە لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: باوکم پێی گوتم: کوڕم! ئەگەر لەناو کۆمەڵێکا بویت و یاد و زیکری خوای گەورەیان دەکرد و تۆش پێویستت بە شتێک بوو؛ کاتێ هەڵدەستی و دەڕۆی سەلامیان لێ بکە؛ بەو جۆرە هەتا ئەوان دانیشتبن و

خەریـکی یـاد و زیـرکی خـوای گەورە بـن؛ وەک ئەوە وایە تـۆش لەگەڵیانـا دانیشـتبیت و بەشداری لەو خێرەی ئەوان.

٨٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي هَارُونُ بْنُ مَعْرُوف، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ الْقَاسِم، حَدَّثَنَا ثَوْرٌ، عَنْ خَالِد بْن مَعْدَانَ، عَنْ أَبي أُمَامَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «إِنَّ لله تَبَارَكَ وَتَعَالَى آنيَةً في الْأَرْضِ وَأَحَبُّ الْآنيَة إِلَيْه مَا رَقَّ منْهَا وَصَفَا، وَآنيَةُ الله في الْأَرْضِ قُلُوبُ الْعبَاد الصَّالحينَ».

واتە: خالیدی کوڕی مەعدان لە باوکی ئومامەوە دەگێڕێتەوە فەرمووویەتی: پێغەمبەری خـوا (ﷺ) فەرمـووی: خـوای گەورە و میهرەبـان لە سـەرزەویدا دەفـر (کاسـەو قـاپ)ی هەیە؛ خۆشەویسترین دەفر بە لای خوای گەورەوە ئەوەیە کە نەرم و پاك بێت؛ دەفری خوای گەورە لەسەر زەویدا بریتیە لە دڵی بەندە چاکەکانی.

باسی چاکەی ئەبوهورەیرە
(خوای لێ ڕازی بێت)

٨٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْعَبَّاسُ بْنُ الْوَلِيدِ النَّرْسِيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ الْمُبَارَك، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَهَّابِ بْنُ الْوَرْدِ، عَنْ سَالِم بْنِ حَجَل، أَنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ، رَضِيَ الله عَنْهُ بَكَى فِي مَرَضِه، فَقِيلَ لَه: مَا يُبْكِيكَ؟ قَالَ: أَمَا أَنِّي لَا أَبْكِي عَلَى دُنْيَاكُمْ هَذِه، وَلَكِنِّي أَبْكِي عَلَى بُعْدِ سَفَرِي وَقِلَّةِ زَادِي، وَإِنِّي أَمْسَيْتُ فِي صُعُودٍ وَمَهْبَطَةٍ عَلَى جَنَّةٍ وَنَارٍ، وَلَا أَدْرِي إِلَى أَيِّهِمَا يُؤْخَذُ بِي ".

واتە: لە سالمی کوڕی حەجەلەوە دەگێڕنەوە کە ئەبوهورەیرە لە نەخۆشینی مردنەکەیا گریا؛ پێیان گوت: بۆچی دەگریت؟ فەرمووی: بەخوا من بۆ ئەم دونیایەی ئێوە ناگریم؛ بەڵام لەبەر **ئەو سەفەرە درێژەی کە لەبەرمەو ئەو کۆڵ و بارە کەمەی کە هەمە دەگریم؛ ئەوا** من ئێوارە لە **بەردەم بەرزایی و نزماییەکانی بەهەشت و دۆزەخا دەکەمەوە؛ نازانم** بەرەو لای کامیان **دەبرێم!**

٨٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا خَلِيلُ بْنُ سَالِم حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَارِث حَدَّثَنَا حَبِيبٌ الْمُعَلِّمُ عَنْ أَبِي الْمُهَزِّمِ قَالَ: كُنَّا نَأْتِي أَبَا هُرَيْرَةَ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ، فَيَقْرَأُ عَلَيْنَا الْقُرْآنَ وَيَدْعُو وَيَقُصُّ ".

واتە: حەبیب لە باوکی موهەززیمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئێمە بەیانیان و ئێواران دەچوینە خزمەت ئەبوهورەیرە؛ ئەویش قورئانی بەسەرا دەخوێندینەوە و نزای خێری دەکردو چیرۆکی ڕابردوی بۆ دەگێڕاینەوە.

٨٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَبَلَةَ بْنِ عَمْرِو بْنِ أَبِي رَوَّاد، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مَرْوَانَ، عَنْ هِشَام، عَنْ مُحَمَّد، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ لابْنَتِه: يَا بُنَيَّةُ لَا تَلْبَسِي الْمُذَهَّبَ؛ إِنِّي أَخْشَى عَلَيْكِ اللهَبَ، وَلَا تَلْبَسِي الْحَرِيرَ إِنِّي أَخْشَى عَلَيْكِ الْحَرِيقَ ".

واتە: هیشام لە موحەممەدەوە دەگێڕێتەوە ئەویش لە ئەبوهورەیرەوە کە بە کچەکەی خۆی دەگوت: کچی خۆم خشڵی زێڕ مەپۆشە؛ من دەترسم گڕی دۆزەخت بەربکەوێ؛ ئاورێشم مەپۆشە! چونکە دەترسم لە ئاگری دۆزەخا بسوتێی.

٨٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ حَرْبٍ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ زَيْدٍ، عَنْ كُلْثُومٍ، - إِمَامِ مَسْجِدِ بَنِي قُشَيْرٍ عَنِ الْفَضْلِ الرَّقَاشِيِّ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ الْمُنْكَدِرِ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: كَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَيْنَا صَادِرِينَ عَنِ الْحَوْضِ، لِلْحِسَابِ، فَيَبْلُغُ الرَّجُلُ الرَّجُلَ، فَيَقُولُ: أَشَرِبْتَ يَا فُلَانُ؟ فَيَقُولُ: لَا وَا عَطَشَاهُ ".

واتە: حەمادی کوڕی زەید لە کەلسومەوە دەگێڕێتەوە. جا کەلسوم پێش نوێژو ئیمامی مزگەوتی بنەماڵەی قوشەیر بوو، کەلسومیش لە فەزلی ڕەقاشییەوە ئەویش لە موحەممەدی کوڕی مونکەدیرەوە ئەویش لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من وەک ئەوە بڕوانمە ئەوەی کە لە حەوزەوە دەردەچین بۆ لێکۆڵینەوە؛ جا لە ڕێگادا پیاوێک بە پیاوێک دەگات و لێی دەپرسێ: ئەوە فڵانە کەس! لە ئاوی حەوزەکەت خواردەوە؟ ئەویش لە وەڵاما دەڵێ: نەوەڵڵا! ئای چەندە تینومە!

٨٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ الْغَازِ بْنِ رَبِيعَةَ الْجُرَشِيُّ، عَنْ عُبَادَةَ بْنِ نُسَيٍّ، عَنْ قَيْسِ بْنِ الْحَارِثِ قَالَ: قَالَ سَلْمَانُ: لَأَنْ أَمُوتَ ثُمَّ أُنْشَرَ ثُمَّ أَمُوتَ ثُمَّ أُنْشَرَ ثُمَّ أَمُوتَ ثُمَّ أُنْشَرَ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنَ أَنْ أَرَى عَوْرَةَ مُسْلِمٍ أَوْ يَرَاهَا مِنِّي ".

واتە: قەیسی کوڕی حارث دەفەرموێت: سەلمان فەرمووی: ئەگەر من بمرم و زیندوو بکرێمەوە؛ دوایی بمرم و زیندوو بکرێمەوە؛ دیسان بمرم و زیندوو بکرێمەوە؛ لەوە زیاتر پێمخۆشە کە من شەرمگا (عەورەت)ـی موسوڵمانێک (یان: عەیب و عاری موسوڵمانێک) ببینم؛ یان موسوڵمانێک شەرمگا (یان: عەیب و عاری) من ببینێت.

٨٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ، أَنْبَأَنَا سُفْيَانُ، عَنِ الْعَلَاءِ بْنِ الْمُسَيَّبِ، رَفَعَ الْحَدِيثَ إِلَى سَلْمَانَ قَالَ: إِذَا ظَهَرَ الْعِلْمُ، وَخُزِنَ الْعَمَلُ، وَائْتَلَفَتِ الْأَلْسُنُ، وَاخْتَلَفَتِ الْقُلُوبُ، وَقَطَعَ كُلُّ ذِي رَحِمٍ رَحِمَهُ، فَعِنْدَ ذَلِكَ لَعَنَهُمُ اللهُ؛ فَأَصَمَّهُمْ، وَأَعْمَى أَبْصَارَهُمْ ".

واتە: عەلائی کوڕی موسەییەب ئەم قسەیەی بەرز کردەوە بۆ لای سەلمان کە فەرموویەتی: هەر کاتێ زانست دەرکەوت و کار و کردەوە شاردرایەوە و زمانەکان یەک بوون و دڵەکان جیاواز بوون و هەموو کەسێ پەیوەندی خزمایەتی پچڕاند؛ ئەوە ئا لەو کاتەدا خوای گەورە ئەو کۆمەڵگایە بەر نەفرەت دەخات و کەڕیان دەکات (واتە: هەق نابیستن) و چوایشیان کوێر دەکاتچ(واتە: هەق نابینن).

٨٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا كَثِيرُ بْنُ هِشَامٍ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: بَلَغَنَا أَنَّ سَلْمَانَ الْفَارِسِيَّ، رَحِمَهُ اللهُ كَانَ يَقُولُ: أَضْحَكَنِي ثَلَاثٌ وَأَبْكَانِي ثَلَاثٌ: ضَحِكْتُ مِنْ مُؤَمِّلِ الدُّنْيَا وَالْمَوْتُ يَطْلُبُهُ، وَغَافِلٍ لَا يُغْفَلُ عَنْهُ، وَضَاحِكٍ مِلْءَ فِيهِ لَا يَدْرِي أَمُسْخِطٌ رَبَّهُ أَوْ مُرْضِيهِ، وَأَبْكَانِي ثَلَاثٌ: فِرَاقُ الْأَحِبَّةِ مُحَمَّدٍ وَحِزْبِهِ، وَهَوْلُ الْمُطَّلَعِ عِنْدَ غَمَرَاتِ الْمَوْتِ، وَالْوُقُوفُ بَيْنَ يَدَيْ رَبِّ الْعَالَمِينَ حِينَ لَا أَدْرِي إِلَى النَّارِ أَنْصَرِفُ أَمْ إِلَى الْجَنَّةِ ".

واتە: جەعفەر دەفەرموێت: پێیان گەیشتووە کە سەلمانی فارسی (خوای لێ ڕازی بێت) دەیفەرموو: سێ شت بووەتە مایەی پێکەنینی من و سێ شتیش بووەتە مایەی گریانی من: پێکەنینم بەو کەسە دێت کە هیوای بە دونیایەو پشتی بە دونیا بەستووە و لەولاوەش مردن بو دوایا دەگەڕێ؛ پێکەنینم بە کەسێکی خافڵ دێت کە خۆی خافڵ ناکرێت (واتە: بێ ئاگایە لە کاری چاکەو خواپەرستی؛ کەچی فریشتەکانی خوا بێ ئاگا نین لە کار و کردەوە و ژیانی ئەو) ئەو کەسەش کە پڕ بە زاری خۆی پێدەکەنێت و نازانێ ئایا خوای گەورەی لێ ڕازییە؛ یان لێی تووڕەیە؟ سێ شتیش بوونەتە مایەی گریانم: دوورکەوتنەوە لە خۆشەویستەکانم؛ لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و شوێنکەوتووانی؛ هەروەها لەتاو ئەو فریشتەیەی کە لە سەرەمەرگدا بەرورووم دێت؛ هەروەها لە تاو ڕاوەستان لە خزمەت خوای گەورەدا ئەو دەمەی کە نازانم بەرەو دۆزەخ دەبرێم یان بەرەو بەهەشت؟!

٨٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا مُصْعَبُ بْنُ عَبْدِ اللهِ الزُّبَيْرِيُّ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ أَنَسٍ، عَنْ يَحْيَى بْنِ سَعِيدٍ، أَنَّ أَبَا الدَّرْدَاءِ، كَتَبَ إِلَى سَلْمَانَ الْفَارِسِيِّ: أَنْ هَلُمَّ إِلَى الْأَرْضِ الْمُقَدَّسَةِ، فَكَتَبَ إِلَيْهِ سَلْمَانُ: إِنَّ الْأَرْضَ لَا تُقَدِّسُ أَحَدًا؛ وَإِنَّمَا يُقَدِّسُ الْإِنْسَانَ عَمَلُهُ، وَقَدْ بَلَغَنِي أَنَّكَ جُعِلْتَ طَبِيبًا فَإِنْ كُنْتَ تُبْرِئُ فَنِعِمَّا لَكَ، وَإِنْ كُنْتَ مُتَطَبِّبًا فَاحْذَرْ أَنْ تَقْتُلَ إِنْسَانًا؛ فَيُدْخِلَكَ النَّارَ، وَكَانَ أَبُو الدَّرْدَاءِ إِذَا قَضَى بَيْنَ اثْنَيْنِ ثُمَّ أَدْبَرَا عَنْهُ، نَظَرَ إِلَيْهِمَا وَقَالَ: مُتَطَبِّبٌ وَاللهِ، ارْجِعَا إِلَيَّ، أَعِيدَا عَلَيَّ قِصَّتَكُمَا ".

واتە: مالیکی کوڕی ئەنەس لە یەحیای کوڕی سەعیدەوە دەگێڕێتەوە کە ئەبودەردا نامەیەکی بۆ سەلمانی فارسی نووسی (ئەمەی تێدا بوو): زوو وەرە بۆ سەرزەوی پاك! سەلمان لە وەڵاما بۆی نووسی: سەرزەوی هیچ کەسێک پاك ناکاتەوە؛ بەڵکوو کار و کردەوەی چاکی مرۆڤە کە مرۆڤ پاك دەکاتەوە؛ بیستوومە کە تۆ کراوی بە پزیشك! ئەگەر کەس چارەسەر دەکەیت ئەوە باشەو کارەکەت کارێکی چاکە؛ ئەگەر خۆتت کردووە بە پزیشك ئەوە لەوە بترسە و خەمی ئەوەت هەبێ کە کەسێک بکوژی و بەو هۆیەوە بچیتە دۆزەخەوە! جا ئەبودەردا عادەتی وا بوو کاتێ کە داوەری لە نێوان دووکەسا دەکردو دوای ئەوە دەڕۆیشتن

پشتیان لە ئەبودەردا دەکرد؛ ئەبودەردا سەیری دەکردن و دەیفەرموو: بەخوا **من** خۆمم کردووە بە **پزیشك! ئا وەرنەوە با چاوێک بە داوەریەکەما** بخشێنمەوە و ئێوە کێشەکەتان سەرلەنوێ **باس بکەنەوە!**

٨٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ بْنُ حَسَّانَ، حَدَّثَنَا السَّرِيُّ بْنُ يَحْيَى، عَنْ مَالِكِ بْنِ دِينَارٍ، أَنَّ سَلْمَانَ، كَتَبَ إِلَى أَبِي الدَّرْدَاءِ رَحِمَهُمَا اللهُ أَنَّهُ بَلَغَنِي عَنْكَ أَنَّكَ أُجْلِسْتَ طَبِيبًا تُدَاوِي النَّاسَ، فَانْظُرْ أَنْ تَقْتُلَ مُسْلِمًا؛ فَتَجِبُ لَكَ النَّارُ ".

واتە: مـالیکی کـوڕی دینـار دەگێـڕێتەوە کە سـەلمان نـامەیەکی بـۆ ئەبـودەردا نووسـی و فەرمـووی: بیسـتوومە تۆ دانیشـتویت و بـوی بە پزیشـك و خەڵکی چارەسـەر دەکەی؟ ئاگـات لەوە بێ کەسێک نەکوژی! با بەو هۆیەوە نەچیتە دۆزەخەوە.

٨٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ آدَمَ، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ، عَنِ الْأَعْمَشِ قَالَ: سَمِعْتُهُمْ يَذْكُرُونَ، أَنَّ حُذَيْفَةَ، قَالَ لِسَلْمَانَ: يَا أَبَا عَبْدِ اللهِ، أَلَا تَبْنِي لَكَ بَيْتًا؟ قَالَ: فَكَرِهَ ذَلِكَ قَالَ: فَقَالَ: رُوَيْدَكَ حَتَّى أُخْبِرَكَ أَنِّي أَبْنِي لَكَ بَيْتًا إِذَا اضْطَجَعْتَ فِيهِ كَانَ رَأْسُكَ مِنْ هَذَا الْجَانِبِ وَرِجْلَاكَ مِنَ الْجَانِبِ الْآخَرِ، وَإِذَا قُمْتَ أَصَابَ رَأْسَكَ. فَقَالَ سَلْمَانُ: كَأَنَّكَ فِي نَفْسِي ".

واتە: یەزیـدی کـوڕی عەبـدولعەزیز لە ئەعمەشـەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: بیسـتوومە باسی ئەوەیان دەکرد کە حوزەیفە بە سەلمانی گوتووە: باوکی عەبدوڵلا! ئەوە بۆچی خانویەک دروست ناکەیت؟ دەفەرموێت: سەلمان ئەوەی پێ ناخۆش بوو؛ فەرمووی: حوزەیفە بە سەلمانی گوت: بهێڵە با پێت بڵێم کە من خانویەکت بۆ دروست دەکەم ئەگەر تێیدا ڕابکشێی سەرت ئە لەم ئاستەوە بێت و لاقەکانت لەو ئاستە و ئەگەر هەستایتە سەرپێ؛ سەرت وەبن میچەکەی بکەوێ! سەلمان فەرمووی: دەڵێی لەناو دڵمای! (مەبەستی حوزەیفە ئەوە بووە کە خانویەکی یەکجار بچووکت بۆ دروست دەکەم کە بە ئەستەم جێگات بکاتەوە؛ ئەویش فەرموویەتی: دەڵێی لەناو دڵمای!).

٨٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، وَمُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ الطُّفَاوِيُّ قَالَ: أَنْبَأَنَا أَيُّوبُ، عَنْ أَبِي قِلَابَةَ - هَذَا لَفْظُ إِسْمَاعِيلَ - أَنَّ رَجُلًا دَخَلَ عَلَى سَلْمَانَ وَهُوَ يَعْجِنُ قَالَ: مَا هَذَا؟ قَالَ: بَعَثْنَا الْخَادِمَ فِي عَمَلٍ أَوْ قَالَ فِي صَنْعَةٍ، فَكَرِهْنَا أَنْ نَجْمَعَ عَلَيْهِ عَمَلَيْنِ - أَوْ قَالَ صَنْعَتَيْنِ - ثُمَّ قَالَ: فُلَانٌ يُقْرِئُكَ السَّلَامَ، قَالَ: مَتَى قَدِمْتَ؟ قَالَ: مُنْذُ كَذَا وَكَذَا، قَالَ: أَمَا إِنَّكَ لَوْ لَمْ تُؤَدِّهَا كَانَتْ أَمَانَةً لَمْ تُؤَدِّهَا ".

واتە: ئەییوب لە باوکی قیلابەوە دەگێڕێتەوە کە پیاوێک ڕۆیشتە خزمەت سەلمان و لەو کاتەدا سەلمان خەریکی هەویرشێلان بوو؛ پیاوەکە گوتی: ئەوە چییە (واتە: بۆچی خۆت هەویر **دەشێلیت)؟ سەلمان فەرمووی: خزمەتکارەم** ناردووە بۆ کارێک.. یان فەرمووی: بۆ کردنی کار **و پیشەیەک؛ بۆیە پێم ناخۆش بوو کردنی دوو کاری لەسەر کۆ** بکەینەوە.. دوایی پیاوەکە بە **سەلمانی گوت: فڵانە کەس سەلامی لێ دەکردی.. سەلمان فەرمووی:** کەی دیوتەو **کەی** هاتیەوە؟ **گوتی: ئەوەندەو ئەوەندە ڕۆژە..** سەلمان فەرمووی: ئەوە بزانە کە ئەگەر ئەو سەلامەت **بە من نەگەیاندبا ئەوا ئەمانەتێک بوو لەلات و جێبەجێت نە**کردبوو.

٨٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ الْجَرَوِيُّ قَالَ: كَتَبَ إِلَيْنَا ضَمْرَةُ عَنِ ابْنِ شَوْذَبٍ قَالَ: كَانَ سَلْمَانُ رَحِمَهُ الله يَحْلِقُ رَأْسَهُ رَفِيقُهُ، فَقِيلَ له: مَا هَذَا؟ فَقَالَ: إِنَّمَا الْعَيْشُ عَيْشُ الْآخِرَةِ ".

واتە: حەسەنی **کوڕی عەبدولعەزیز دەفەرموێت: زەمرە بۆی نووسیوین لە شەوزەبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هاوڕێکەی سەلمان (خوای لێ ڕازی بێت) سەری سەلمانی چاک دەکرد؛ پێی گوترا: ئەوە بۆچی سەرت دەتاشی؟ فەرمووی: بەڕاستی ژیان تەنیا ژیانی ئەو دونیایە.**

٨٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنِ الْأَعْمَش، عَنِ الْمُعَلَّى - رَجُلٌ مِنْ كِنْدَةَ عَنْ فُلَانِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ يَزِيدَ قَالَ: قَالَ عَبْدُ الله: إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ شَافِعٌ مُشَفَّعٌ وَمَاحِلٌ مُصَدَّقٌ، فَمَنْ جَعَله أَمَامَهُ قَادَهُ إِلَى الْجَنَّةِ، وَمَنْ جَعَله خَلْفَهُ سَاقَهُ إِلَى النَّارِ ".

واتە: ئەعمەش لە موعەللاوە ئەویش لە فولانی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی یەزیدەوە دەگێڕێتەوە: . عەبدوڵڵا دەفەرموێت: (واتە: عەبدوڵڵا قسەکەی سەلمان دەگێڕێتەوە فەرموویەتی:) بەڕاستی ئەم قورئانە تکاکارەو تکا وەرگیراوە؛ گفتوگۆکەرێکی ڕاستگۆیە؛ هەر کەسێ وەپێش خۆی بخات؛ دەیباتە بەهەشتێ؛ هەر کەسێکیش پشت گوێی بخات ئەوا بەرەو دۆزەخ دەچێ.

٨٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ عَيَّاش، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مُطَرِّف، حَدَّثَنَا أَبو حَازِم، عَنْ عَوْنِ بْنِ عَبْدِ الله، عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ قَالَ: إِنَّمَا مَثَلُ ابْنِ آدَمَ كَالشَّيْءِ الْمُلْقَى بَيْنَ يَدَي الله عَزَّ وَجَلَّ وَبَيْنَ الشَّيْطَانِ، فَإِنْ كَانَ لله فِيهِ حَاجَةٌ حَازَهُ مِنَ الشَّيْطَانِ، وَإِنْ لَمْ يَكُنْ لله فِيهِ حَاجَةٌ خَلَّى بَيْنَهُ وَبَيْنَ الشَّيْطَانِ ".

واتە: لە عەونی کوڕی عەبدوڵڵاوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە فەرموویەتی: بەڕاستی نموونەی مرۆڤ وەکوو شتێکی فڕێدراوە کە فڕێدرابێتە نێوان خوای گەورە و شەیتان؛ جا ئەگەر خوای گەورە ئەو کەسەی بوێ ئەوا لە شەیتانی دەپارێزێ؛ ئەگەریش نەیەوێت ئەوا لێی دەگەڕێ و ئەو دەمێنێتەوە و شەیتان.

(بێگومان خوای گەورە دادگەرەو خیانەت لە هیچ کەسێک ناکات و بەقەد سەرە دەرزییەک نادادپەروەر نییە؛ بەڵکوو ئەوە مرۆڤە کە خۆی بەهۆی کار و کردەوەکانییەوە کارێک دەکات کە خوای گەورە بیەوێت یان نەیەوێت لە شەیتانی بپارێزێ).

٨٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، قال قرأت على أبي هذا الحديث حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَرٍ الْمَدَائِنِيُّ، أَنْبَأَنَا عَبَّادُ بْنُ الْعَوَّامِ، عَنْ سُفْيَانَ بْنِ حُسَيْنٍ، أَخْبَرَنِي أَبُو الْحَكَمِ يَعْنِي سَيَّارًا عَنْ أَبِي وَائِلٍ، عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ قَالَ: مَا مِنْ أَحَدٍ مِنَ النَّاسِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِلَّا وَهُوَ يَتَمَنَّى أَنَّهُ كَانَ يَأْكُلُ فِي الدُّنْيَا قُوتًا، وَمَا يَضُرُّ أَحَدَكُمْ عَلَى أَيِّ حَالٍ أَصْبَحَ وَأَمْسَى مِنَ الدُّنْيَا إِلَّا أَنْ تَكُونَ فِي النَّفْسِ حَزَازَةٌ".

واتە: لە سوفیانی کوڕی حوسەینەوە دەفەرموێت: باوکی حەکەم لە باوکی وائیلەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە بۆی گێڕامەوە فەرموویەتی: لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ کەسێک نییە کە خۆزگە بەوە نەخوازێ کە لە دونیادا ئەوەندەی خواردبا کە بژیاباو هێزو گوڕی خواپەرستی تێدا بوایە؛ جا هەر کەسێک لە ئێوە بە هەر جۆرێک بەیانی و ئێوارە بکاتەوە (هەژار بێ یان دەوڵەمەند) ئەوە زیانی لێ نادات؛ مەگەر کەسێ کە دڵی پڕ لە کینە بێت.

٨٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنِ الْعَلَاءِ بْنِ الْمُسَيَّبِ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ قَالَ: قَالَ عَبْدُ اللهِ: لَا رَاحَةَ لِلْمُؤْمِنِ دُونَ لِقَاءِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ".

واتە: لە عەلای کوڕی موسەییبەوە ئەویش لە ئیبراهیمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵا فەرمووی: مرۆڤی باوەڕدار ئاسودە نابێت هەتا نەگاتە خزمەت خوای گەورە.

٨٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا الْمَسْعُودِيُّ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ بَذِيمَةَ، عَنْ قَيْسِ بْنِ حَبْتَرٍ قَالَ: قَالَ عَبْدُ اللهِ: حَبَّذَا الْمَكْرُوهَانِ: الْمَوْتُ وَالْفَقْرُ وَايْمُ اللهِ إِنْ هُوَ إِلَّا الْغِنَى أَوِ الْفَقْرُ وَمَا أُبَالِي بِأَيِّهِمَا ابْتُلِيتُ؛ إِنْ كَانَ الْغِنَى فِيهِ لِلْعَطْفِ، وَإِنْ كَانَ الْفَقْرُ أَنَّ فِيهِ لِلصَّبْرِ".

واتە: قەیسی کوڕی حەبتەر دەفەرموێت: عەبدوڵڵا فەرمووی: دوو شت هەیە خەڵکی ڕقی لێیانەو دوو شتی زۆرباشن؛ مردن و هەژاری.. سوێند بەخوا لە دونیا هەژاری و دەوڵەمەندی هەیە و مـن گـوێم لـێ نیـیە کە بە کامیـان تـاقی دەکـرێمەوە؛ ئەگەر بە دەوڵەمەنـدی تـاقی بکرێمەوە ئەوە ئەوە لوتفی خوایە؛ ئەگەریش بە هەژاری تاقی بکرێمەوە ئەوە سەبرو ئارامیە.

٨٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا مِسْعَرٌ، عَنْ مَعْنِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ، عَنْ عَوْنِ بْنِ عَبْدِ الله، عَنْ عُبَيْدِ بْنِ عَبْدِ الله بْنِ عُتْبَةَ قَالَ: كَانَ عَبْدُ الله رَحِمَهُ الله إِذَا هَدَأَتِ الْعُيُونُ قَامَ، فَسَمِعْتُ له دَوِيًّا كَدَوِيِّ النَّحْلِ ".

واتە: عەونی کوڕی عەبدوڵڵا لە عوبەیدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عوتبەوە دەگێڕێتەوە فەرمـوویەتی: عەبـدوڵڵای کـوڕی مەسـعود عـادەتی وا بـوو کـاتێ خەڵـکی دەنووسـت ئەو هەڵدەستا؛ جا من گوێم لێی دەبوو وورتە وورتێکی لێ دەهات دەتگوت بقەبقی مێشەنگوێنە. (بقە: دەنگی مێشەنگوێن و زەردەواڵەیە).

٨٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ مِغْوَلٍ، عَنْ أَبِي صَالِحٍ، عَنِ الضَّحَّاكِ بْنِ مُزَاحِمٍ قَالَ: قَالَ عَبْدُ الله: وَدِدْتُ أَنِّي كُنْتُ طَيْرًا فِي مَنْكِبِي رِيشٌ ".

واتە: لە بـاوکی صـاڵحەوە ئەویـش لە زەححـاکی کـوڕی مـوزاحیمەوە دەگێـڕنەوە فەرمـوویەتی: عەبـدوڵڵای کـوڕی مەسـعود فەرمـووی: پێم خۆشبوو کە باڵندەیەک بومـایەو سەرو شانم هەمووی پەڕ بوایە.

حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ مِغْوَلٍ، عَنِ الْقَاسِمِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ عِنْدَ عَبْدِ الله: لَيْتَنِي مِنْ أَصْحَابِ الْيَمِينِ، قَالَ عَبْدُ الله: لَيْتَنِي إِذَا مِتُّ لَمْ أُبْعَثْ ".

واتە: لە قاسـمی کـوڕی عەبـدولڕەحمانەوە دەگێـڕنەوە فەرمـوویەتی: پیاوێـک لە لای عەبـدوڵڵای کـوڕی مەسـعودا گـوتی: خۆزگـار مـن یەکێـک بـوایەم لە هـاوەڵانی لای ڕاسـت (أصحاب اليمين).. عەبدوڵڵا فەرمووی: خۆزگا من دوای مردن زیندوو نەبومایەتەوە.

٨٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو دَاوُدَ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ قَالَ: قَالَ أَبُو مُوسَى: أَتَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَمَا أَرَى ابْنَ مَسْعُودٍ إِلَّا مِنْ أَهْلِهِ مِمَّا رَأَيْتُ مِنْ لُطْفِهِمْ بِهِ ".

٨٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْرَائِيلُ، عَنْ سَعِيد بْن مَسْرُوق، عَن الْمُسَيَّب بْن رَافع، حَدَّثَنِي أَبو إِيَاس الْبَجَليُّ قَالَ: سَمعْتُ عَبْدَ الله بْنَ مَسْعُود، يَقُولُ: مَنْ تَطَاوَلَ تَعْظيمًا خَفَضَهُ الله عَزَّ وَجَلَّ، وَمَنْ تَوَاضَعَ لله تَخَشُّعًا رَفَعَهُ الله عَزَّ وَجَلَّ، وَإِنَّ للْمَلَك لَمَّةً وَللشَّيْطَان لَمَّةً، فَلَمَّةُ الْمَلَك إِيعَادٌ بالْخَيْر وَتَصْديقٌ بالْحَقِّ، فَإِذَا رَأَيْتُمْ ذَلكَ فَاحْمَدُوا اللهَ عَزَّ وَجَلَّ، وَلَمَّةُ الشَّيْطَان إِيعَادٌ بالشَّرِّ وَتَكْذيبٌ بالْحَقِّ، فَإِذَا رَأَيْتُمْ ذَلكَ فَتَعَوَّذُوا بالله عَزَّ وَجَلَ.

واتە: لە موسەیەبی کوڕی ڕافیعەوە دەگێڕنەوە کە باوکی ئەیاسی بەجەلی فەرموویەتی: گوێم لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود بوو دەیفەرموو: هەر کەسێ لوتبەرزی بنوێنێ و خۆی بە گەورە بزانێ؛ خوای گەورە سەرشۆڕی دەکات و هەر کەسێ ملکەچی بۆ خوا بنوێنێت و خۆی بە سەر کز پیشان بدات؛ خوای گەورە سەربەرزی دەکات؛ ئەوەش بزانن کە فریشتەی خودا هیمەت دەخاتە ناو دڵی مرۆڤەوە بۆ کردنی چاکەو شەیتانیش هانی مرۆڤ دەدات بۆ کاری خراپە؛ جا هیممەتی فریشتە بریتیە لە بەڵێندان بە خێرو چاکەو بەڕاست خستنەوەی هەق.. ئەگەر ئەوەتان بینی و هەستتان پێکرد؛ ئەوا سوپاسی خوای لەسەر بکەن.. هاندانی شەیتانیش بریتیە لە گەف و هەڕەشەکردن و ترساندنی مرۆڤ و بەدرۆ خستنەوەی هەق؛ ئەگەر هەستتان بەوە کرد پەنا بگرن بە خوای گەورە.

٨٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، عَنْ حَمَّاد بْن سَلَمَةَ، عَنْ عَطَاء بْن السَّائب، عَنْ عَمْرو بْن مَيْمُون، عَن ابْن مَسْعُود، رَحمَهُ الله قَالَ: إِنَّ الشَّيْطَانَ أَطَافَ بأَهْل مَجْلس ذكْر ليَفْتنَهُمْ، فَلَمْ يَسْتَطعْ أَنْ يُفَرِّقَ بَيْنَهُمْ، فَأَتَى عَلَى حَلَقَة يَذْكُرُونَ الدُّنْيَا، فَأَغْرَى بَيْنَهُمْ حَتَّى اقْتَتَلُوا، فَقَامَ أَهْلُ الذِّكْر فَحَجَزُوا بَيْنَهُمْ فَتَفَرَّقُوا ".

واتە: عەتای کوڕی سائیب لە عەمری کوڕی مەیمونەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: شەیتان بە دەوری کۆڕو بازنەی یاد و زیکری خوای گەورەدا خولایەوە بۆ ئەوەی لە خشتەیان بیات و بڵاوەیان پێ بکات؛ بەڵام نەیتوانی بڵاوەیان پێ بکات؛ جا ڕۆیی بۆ لای کۆڕو بازنەیەک کە باس باسی دونیا بوو؛ وەها ئاژاوەی خستە نێوانیانەوە تا بوو بە شەڕیان؛ جا ئەوانەی کە ئەهلی یاد و زیکر بوون کەوتنە نێوان ئەوانەی ئەهلی دونیا بوون و بڵاوەیان پێکردن.

٨٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ عُمَرَ، قَالَ يَحْيَى بْنُ سَعيد، عَنْ شُعْبَةَ، حَدَّثَني أَبو إسْحَاقَ، عَنْ مُرَّةَ قَالَ: قَالَ عَبْدُ الله بْنُ مَسْعُود: مَنْ أَرَادَ الْعلْمَ فَلْيُثَوِّر الْقُرْآنَ؛ فَإِنَّ فيه علْمَ الْأَوَّلينَ وَالْآخرينَ ".

واته: باوکی ئیسحاق له موڕڕەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود فەرمووی: هەر کەسێ زانستی دەوێ با لێکۆڵینەوە لە ماناو مەبەستی قورئان بکات؛ چونکە قورئان زانستی سەرەتاو کۆتایی تێدایە.

٨٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ شُجَاعٍ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سُلَيْمَانَ بْنِ الْأَصْبَهَانِيِّ، عَنِ ابْنِ أَبِي لَيْلَى، عَنِ الشَّعْبِيِّ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: ﴿ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ۝٨ ﴾ التكاثر: ٨ قَالَ: «الْأَمْنُ وَالصِّحَّةُ».

واتە: لە شەعبییەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە ئەویش لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە مەبەست لەو نازونیعمەتانەی کە لە ئایەتی ﴿ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ۝٨ ﴾ التكاثر: ٨. باسکراوە؛ بریتیە لە ئاسایش و لەشساغی.

٨٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ، حَدَّثَنَا يُونُسُ، عَنْ حُمَيْدِ بْنِ هِلَالٍ قَالَ: قَالَ ابْنُ مَسْعُودٍ: لَوَدِدْتُ أَنِّي تَخَلَّفْتُ عَنْ رَوْثَةِ حِمَارٍ لَا أُنْسَبُ إِلَّا إِلَيْهَا، وَيُقَالُ: عَبْدُ اللهِ بْنُ رَوْثَةَ، وَإِنِّي أَعْلَمُ أَنَّ اللهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى غَفَرَ لِي ذَنْبًا وَاحِدًا ".

واتە: یونس لە حومەیدی کوڕی هیلالەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود فەرمووی: چەندە پێمخۆشبوو بە قەرسەقولی کەر خۆمم بۆندار کردبایەو بەوە نەبێ نەناسرابام و پێیان گوتبام: عەبدوڵڵای کوڕی قەرسەقول؛ بەو مەرجەی لەوە دڵنیا بومایە کە خوای گەورە لە یەک تاوانم خۆشبووە!

٨٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا وَائِلٍ، يَقُولُ: سَمِعْتُ عَبْدَ الله، يَقُولُ: وَدِدْتُ أَنَّ اللهَ، غَفَرَ لِيَ ذَنْبًا مِنْ ذُنُوبِي أَوْ خَطِيئَةً مِنْ خَطَايَايَ، وَإِنِّي لَا أُعْرَفُ لِيَ نَسَبًا ".

واتە: سەییار گێڕایەوە فەرمووی: گوێم لە باوکی وائیل بوو دەیفەرموو: گوێم لە عەبدوڵڵا بوو دەیفەرموو: پێمخۆشبوو کە خوای گەورە لە یەک تاوان یان یەک هەڵە لە هەڵەکانم خۆشبوایەو کەس نەیزانیبایە کوڕی کێم و لە چ تیرەو بنەماڵەیەکم.

٨٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ مُحَمَّدٍ أَبُو بَكْرِ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا مَرْوَانُ الْفَزَارِيُّ، عَنِ الْعَلَاءِ بْنِ خَالِدٍ، عَنْ شَقِيقٍ، عَنْ عَبْدِ الله، فِي قَوْلِهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ وَجِاْيٓءَ يَوْمَئِذِۭ بِجَهَنَّمَ ﴾ الفجر: ٢٣ قَالَ: جِيءَ بِهَا تُقَادُ بِسَبْعِينَ أَلْفَ زِمَامٍ مَعَ كُلِّ زِمَامٍ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ يَجُرُّونَهَا ".

واتە: لە عەلای کوڕی خالیدەوە ئەویش لە شەقیقەوە ئەویش لە عەبدوڵڵاوە لە بارەی تەفسیری ئایەتی ﴿ وَجِايٓءَ يَوۡمَئِذِۭ بِجَهَنَّمَ ﴾الفجر: ٢٣ دەگێڕنەوە عەبدوڵڵا فەرموویەتی: دۆزەخ هێنرا؛ بە حەفتا هەزار ڕەشتۆو گوریس ڕاکێشرا؛ هەر گوریسێک حەفتا هەزار فریشتە ڕایدەکێشا. (مەبەست لە گوریس؛ گوریسی تایبەت بە دۆزەخە کە تەنیا خوای گەورە دەزانێ چەندە ئەستورەو چۆنەو لە چی دروستکراوە)

٨٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هُشَيْمٌ، عَنْ يَزِيدَ بْنِ أَبِي زِيَادٍ، عَنْ أَبِي جُحَيْفَةَ، قَالَ، قَالَ عَبْدُ اللهِ: ذَهَبَ صَفْوُ الدُّنْيَا، وَبَقِيَ كَدَرُهَا، فَالْمَوْتُ الْيَوْمَ جُنَّةٌ لِكُلِّ مُسْلِمٍ ".

واتە: لە یەزیدی کوڕی باوکی زیادەوە ئەویش لە باوکی جوحەیفەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵا فەرمووی: چێژو خۆشیی دونیا ڕۆیی و لیڵی و ناخۆشیەکەی مایەوە؛ ئەمڕۆ مردن قەڵغانە بۆ هەموو تاکێکی موسوڵمان.

٨٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ أَبِي حُصَيْنٍ، عَنْ يَحْيَى، عَنْ مَسْرُوقٍ قَالَ: قَالَ عَبْدُ اللهِ: إِذَا أَصْبَحْتُمْ صِيَامًا فَأَصْبِحُوا مُتَدَهِّنِينَ ".

واتە: باوکی حوصەین لە یەحیاوە ئەویش لە مەسروقەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵا فەرمووی: ئەگەر هەر ڕۆژێک ڕۆژوتان گرت؛ سەرو سمێڵ و ڕیشتان چەور بکەن (بۆ ئەوەی ڕەنگی ڕوخسارتان نەپەڕێت و کەس نەزانێ بە ڕۆژوون).

٨٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، حَدَّثَنَا الْمَسْعُودِيُّ، عَنْ عَوْنِ بْنِ عَبْدِ اللهِ، قَالَ: قَالَ عَبْدُ اللهِ بْنُ مَسْعُودٍ رَحِمَهُ اللهُ: لَا يَبْلُغُ عَبْدٌ حَقِيقَةَ الْإِيمَانِ حَتَّى يَحِلَّ بِذِرْوَتِهِ، وَلَا يَحِلُّ بِذِرْوَتِهِ حَتَّى يَكُونَ الْفَقْرُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنَ الْغِنَى، وَالتَّوَاضُعُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنَ الشَّرَفِ، وَحَتَّى يَكُونَ حَامِدُهُ وَذَامُّهُ عِنْدَهُ سَوَاءً، قَالَ: فَفَسَّرَهَا أَصْحَابُ عَبْدِ اللهِ: قَالُوا: حَتَّى يَكُونَ الْفَقْرُ فِي الْحَلَالِ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنَ الْغِنَى فِي الْحَرَامِ: وَحَتَّى يَكُونَ التَّوَاضُعُ فِي طَاعَةِ اللهِ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنَ الشَّرَفِ فِي مَعْصِيَةِ اللهِ، وَحَتَّى يَكُونَ حَامِدُهُ وَذَامُّهُ فِي الْحَقِّ سَوَاءً ".

واتە: مەسعودی لە عەونی کوڕی عەبدوڵڵاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: هیچ کەسێک ناگا بە کرۆکی بیرو باوەڕو ئیمان هەتا نەگاتە لوتکەی بیرو باوەڕ؛ ناگاتە لوتکەی بیرو باوەڕیش هەتا هەژاریی لە دەوڵەمەندی

خۆشتر نەوێت؛ هەتا ملکەچیی لە ناووناوبانگ خۆشتر نەوێت؛ هەتا ئەو کەسەی کە وەسفی دەکات بەلایەوە وەک ئەو کەسە نەبێ کە خراپەی دەڵێت. جا هاوڕێکانی عەبدوڵڵا ئاوا لێکدانەوەیان بۆ قسەکانی عەبدوڵڵا کرد: هەتا ژیانی هەژارانەی حەلاڵی لە ژیانی دەوڵەمەندانەی حەرام خۆشتر نەوێت: هەتا ملکەچیی لە خواپەرستیدا لە سەربەرزیەک خۆشتر نەویێ کە بە هۆی حەرامەوە دەستی بکەوێت؛ هەتا ئەو کەسەی کە بە هەق باسی خراپەی دەکات وەکوو ئەو کەسە نەبێ کە بە هەق باسی خراپەی دەکات.

٨٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، حَدَّثَنَا الْمَسْعُودِيُّ، عَنِ الْقَاسِمِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ قَالَ: قَالَ عَبْدُ اللهِ: كَفَى بِخَشْيَةِ اللهِ عِلْمًا وَكَفَى بِالاغْتِرَارِ جَهْلًا ".

واتە: مەسعودی لە قاسمی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵا فەرمووی: بەسە بۆ زانستی مرۆڤ ئەوەی کە لە خواترس بێ (واتە: ئەگەر لەخواترس بوو؛ ئەوە ئیتر زانایە) هەروەها بەسە بۆ نەزانیی و نەفامیی مرۆڤ ئەوەی کە لەخۆبایی بێت (واتە: ئەگەر لەخۆبایی بوو ئەوە ئیتر نەفامە).

٨٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ مَنْصُورٍ قَالَ: كَانَ عَبْدُ اللهِ بْنُ مَسْعُودٍ إِذَا قَامَ فِي الصَّلَاةِ كَأَنَّهُ ثَوْبٌ مُلْقًى ".

واتە: جەریر لە مەنصورەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵلای کوڕی مەسعود کاتێ هەڵدەستا بۆ نوێژ؛ دەتگوت پەرۆ کۆنەیەو فڕێ دراوە.

٨٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ مِسْعَرٍ، عَنْ مَعْنٍ قَالَ: قَالَ عَبْدُ اللهِ: إِنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ تَكُونَ أَنْتَ الْمُحَدِّثَ، وَإِذَا سَمِعْتَ اللهَ يَقُولُ ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ﴾ فَارْعَهَا سَمْعَكَ، فَإِنَّهُ خَيْرٌ يَأْمُرُ بِهِ أَوْ شَرٌّ يَنْهَى عَنْهُ ".

واتە: لە میسعەرەوە ئەویش لە مەعنەوە ئەویش لە عەبدوڵڵاوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: ئەگەر دەتەوێ وتار بدەیت و قسە بکەیت؛ ئەوا گوێ لە ئایەتی خوای گەورە بگرەو لە هەر شوێنێکا فەرمووی: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ﴾. ئەوە جوان گوێی بۆ بگرە؛ ئەوە یان فرمان بە چاکەیەکی بەدواودا دێت؛ یان نەهیی کردنێک لە خراپەی بو دوادا دێت.

٨٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، حَدَّثَنَا قُرَّةُ، عَنْ عَوْنِ بْنِ عَبْدِ الله بْنِ عُتْبَةَ قَالَ: قَالَ عَبْدُ الله: لَيْسَ الْعِلْمُ بِكَثْرَةِ الرِّوَايَةِ وَلَكِنَّ الْعِلْمَ الْخَشْيَةُ ".

واته: قوڕڕه له عه‌ونی کوڕی عه‌بدوڵڵای کوڕی عوتبه‌وه ده‌گێڕێته‌وه ده‌فه‌رموێت: عه‌بدوڵڵا فه‌رمووی: زانست به‌وه نییه که فه‌رمووده‌ی زۆر بگێڕیته‌وه؛ به‌ڵکوو زانست بریتیه له له‌خواترسان.

٨٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، حَدَّثَنَا مُعَاوِيَةُ بْنُ صَالِح، عَنْ عَدِيِّ بْن عَدِيٍّ قَالَ: قَالَ عَبْدُ الله بْنُ مَسْعُود: وَيْلٌ لِمَنْ لَا يَعْلَمُ، وَلَوْ شَاءَ الله لَعَلَّمَهُ، وَوَيْلٌ لِمَنْ يَعْلَمُ وَلَا يَعْمَلُ سَبْعَ مَرَّات ".

واته: موعاویه‌ی کوڕی صاڵح له عه‌دیی کوڕی عه‌دییه‌وه ده‌گێڕێته‌وه ده‌فه‌رموێت: عه‌بدوڵڵای کوڕی مه‌سعود فه‌رمووی: وه‌یل بۆ ئه‌و که‌سه‌ی که نه‌زانه؛ ئه‌گه‌ر خوای گه‌وره بیه‌وێت زانای ده‌کات؛ به‌ڵام حه‌وت جار وه‌یل بۆ ئه‌و که‌سه‌ی زانایه‌و کار به زانسته‌که‌ی ناکات.

٨٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيد، عَنْ مُجَالِد، أَخْبَرَنِي عَامِرٌ، عَنْ مَسْرُوق قَالَ: قَالَ رَجُلٌ عِنْدَ عَبْدِ الله: مَا أُحِبُّ أَنْ أَكُونَ مِنْ أَصْحَابِ الْيَمِين، أَكُونُ مِنَ الْمُقَرَّبِينَ أَحَبُّ إِلَيَّ، فَقَالَ: لَكِنْ هَاهُنَا رَجُلٌ وَدَّ أَنَّهُ إِذَا مَاتَ لَمْ يُبْعَثْ يَعْنِي نَفْسَهُ ".

واته: عامر له مه‌سروقه‌وه ده‌گێڕێته‌وه ده‌فه‌رموێت: پیاوێک لای عه‌بدوڵڵادا بوو گوتی: من حه‌ز ناکه‌م یه‌کێک بم له یارانی لای ڕاست (أصحاب اليمين) به‌ڵکوو پێمخۆشه یه‌کێک بم له (المقربين) ئه‌وانه‌ی که نزیکن.. عه‌بدوڵڵا گوتی: به‌ڵام لێره پیاوێک هه‌یه پێی خۆشه ئه‌گه‌ر مرد زیندوو نه‌کرێته‌وه! مه‌به‌ستی خۆی بوو.

(مه‌به‌ستی ئه‌و پیاوه ئه‌وه‌یه که له‌م ئایه‌تانه‌دا خوای گه‌وره باسی أصحاب اليمين و المقربين ده‌کات و ده‌فه‌رموێت: ﴿ فَأَمَّا إِن كَانَ مِنَ الْمُقَرَّبِينَ ﴿٨٨﴾ فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّتُ نَعِيمٍ ﴿٨٩﴾ وَأَمَّا إِن كَانَ مِنْ أَصْحَابِ الْيَمِينِ ﴿٩٠﴾ فَسَلَامٌ لَّكَ مِنْ أَصْحَابِ الْيَمِينِ ﴿٩١﴾ ﴾ الواقعة: ٨٨ - ٩١. واته: جا ئه‌گه‌ر ئه‌و که‌سه‌ی که له‌سه‌ره‌مه‌رگدایه له‌نزیکان و خۆشه‌ویستانی ئێمه بێت... ئه‌وه ئیتر خۆشی و کامه‌رانی و ئاسووده‌یی به‌هه‌شتی پڕ له‌نازو نیعمه‌ت چاوه‌ڕێیه‌تی... خۆ ئه‌گه‌ر له‌ده‌سته‌ی ڕاستانیش بێت... ئه‌وه له‌لایه‌ن ده‌سته‌ی ڕاستانه‌وه سڵاوت پێشکه‌ش ده‌کرێت).

٨٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ أَبِي عَوَانَةَ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ تَمِيمِ بْنِ سَلَمَةَ، عَنْ أَبِي عُبَيْدَةَ، عَنْ عَبْدِ اللهِ قَالَ: مَنْ يُرِدِ اللهُ بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ ".

واتە: ئەعـمەش لە تەمیمـی کـوڕی سـەلەمەوە ئەویـش لە بـاوکی عوبەیـدەوە ئەویـش لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: خوای گەورە ویستی چاکەی لەگەڵ هەر کەسێکدا هەبێ؛ شارەزای دەکات لە ئایینا.

٨٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ مَالِكِ بْنِ الْحَارِثِ، وَعَنْ عِمَارَةَ، كِلَاهُمَا، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ يَزِيدَ قَالَ: قَالَ عَبْدُ اللهِ: الِاقْتِصَادُ فِي السُّنَّةِ خَيْرٌ مِنَ الِاجْتِهَادِ فِي الْبِدْعَةِ ".

واتە: عەبدولڕەحمانی کوڕی یەزید دەفەرموێت: عەبدوڵڵا فەرمووی: میانەڕەوی لە سوننەتا لە تێکۆشان باشترە لە بیدعەدا.

٨٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ مَالِكٍ قَالَ: كَانَ الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْمٍ يَأْتِي عَلْقَمَةَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، فَيَتَحَدَّثُ إِلَيْهِ، فَأَتَاهُ ذَاتَ يَوْمٍ فَقَالَ: أَلَا تَعْجَبُ دَخَلَ عَلَيَّ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ؟ فَقَالَ: أَلَا تَرَى إِلَى كَثْرَةِ دُعَاءِ النَّاسِ وَقِلَّةِ الْإِجَابَةِ لَهُمْ؟ وَهَلْ يَدْرُونَ مِمَّ ذَلِكَ؟ وَمَا ذَاكَ إِلَّا أَنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ لَا يَقْبَلُ إِلَّا الْفَاضِلَ مِنَ الدُّعَاءِ، فَقَالَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ يَزِيدَ - وَكَانَ جَالِسًا مَعَهُمْ -: لَئِنْ قَالَ ذَاكَ لَقَدْ قَالَ عَبْدُ اللهِ: إِنَّ اللهَ لَا يَسْمَعُ مِنْ مُسَمِّعٍ وَلَا مِنْ مُرَاءٍ وَلَا مِنْ لَاعِبٍ وَلَا مِنْ دَاعٍ إِلَّا دَاعٍ دُعَاءً ثَبْتًا مِنْ قَلْبِهِ ".

واتە: لە مالیکەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: ڕەبیعی کوڕی خوثەیم لە ڕۆژی هەینیدا دەهات بۆ لای عەلقەمەو گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرد؛ ڕۆژێک هات و گوتی: ئەوە تۆ پێت سەیرنییە کە پیاوێکی ئەهلی کیتاب هاتبێ بۆ لام؟ فەرمووی: ئەی تۆ نابینی خەڵکی زۆر دەپاڕێنەوە و نزای کەمێکیان گیرا دەبێ؟ ئەزانن ئەوە بۆچی وایە؟ ئەوە لەبەر ئەوەیە کە خوای گەورە و میهرەبان چاکترین نزاکان گیرا دەکات.. عەبدولڕەحمانی کوڕی یەزید . کە لەوێ لەگەڵ ئەوانا دانیشتبوو . گوتی: ئەگەر وابێ ئەوە عەبدوڵڵا فەرموویەتی: خوای گەورە نزای کەسێک گیرا ناکا بە مەبەستی ئەوە نزا بکات خەڵکی گوێیان لێ بێت؛ لە کەسێکیشی وەرناگرێ کە بۆ خۆ دەرخستن بپاڕێتەوە؛ لە کەسێکیشی وەرناگرێ کە بە گاڵتەوە بپاڕێتەوە؛ لە هیچ نزاکارێکیشی وەرناگرێ مەگەر کەسێ کە نزاکەی لە تای دڵەوە هاتبێ.

٨٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ مَالِكِ بْنِ الْحَارِثِ، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ يَزِيدَ، عَنْ عَبْدِ اللهِ قَالَ: مَنْ لَمْ تَأْمُرْهُ الصَّلَاةُ بِالْمَعْرُوفِ، وَتَنْهَاهُ عَنِ الْمُنْكَرِ لَمْ يَزْدَدْ بِهَا إِلَّا بُعْدًا ".

واتە: لە مالیکی کوڕی حارثەوە ئەویش لە عەبدولڕەحمانی کوڕی یەزیدەوە؛ ئەویش **لە عەبدوڵڵاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ نوێژەکانی فرمانی** پێ نەکات بە چاکە **کردن و نەهیی لە نەکات لە خراپە کردن؛ ئەوە بەو نوێژانەی جگە لە دوور** کەوتنەوە لەخوای **گەورە هیچی پێ نەبڕاوە.**

٨٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، وَوَكِيعٌ، - الْمَعْنَى وَاحِدٌ - قَالَا: حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنِ الْمُسَيَّبِ بْنِ رَافِعٍ قَالَ: قَالَ: إِنِّي لَأَبْغَضُ الرَّجُلَ أَنْ أَرَاهُ فَارِغًا لَيْسَ فِي شَيْءٍ مِنْ عَمَلِ الدُّنْيَا وَلَا عَمَلِ الْآخِرَةِ ".

واتە: ئەعمەش لە موسەییبی کوڕی ڕافیعەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من ڕقم لەو هەندە پیاوانەیە کە بەتاڵن؛ نە کار بۆ دونیا دەکەن و نە کار بۆ قیامەت.

٨٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ أَبِي عُبَيْدَةَ قَالَ: قَالَ عَبْدُ اللهِ: ارْحَمْ مَنْ فِي الْأَرْضِ يَرْحَمْكَ مَنْ فِي السَّمَاءِ ".

واتە: باوکی ئیسحاق لە باوکی عوبەیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵا فەرموویەتی: بەوەییت بە دانیشتوانی سەرزەویدا بێتەوە؛ با خوای گەورە بەزەیی بەتۆدا بێتەوە.

٨٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ شِمْرِ بْنِ عَطِيَّةَ، عَنْ مُغِيرَةَ بْنِ سَعْدِ بْنِ الْأَخْرَمِ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ عَبْدِ اللهِ قَالَ: وَاللهِ الَّذِي لَا إِلَهَ غَيْرُهُ مَا يَضُرُّ عَبْدًا يُصْبِحُ عَلَى الْإِسْلَامِ وَيُمْسِي عَلَيْهِ مَا أَصَابَهُ مِنَ الدُّنْيَا ".

واتە: لە موغیرەی کوڕی سەعدی کوڕی ئەخرەمەوە دەگێڕنەوە ئەویش لە باوکییەوە ئەویش لە عەبدوڵڵاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەوخوایەی کە جگە لە ئەو هیچ خوایەکیتر نییە! ئەو کەسەی کە بەیانی و ئێوارە باوەڕدارە؛ ئەگەر هەرچییەکی دونیای دەست بکەوێ زیانی لێ نادا. یان: لە دونیادا تووشی هەرچییەك ببێ. (واتە: بە ماڵی دونیا هەڵناخەڵەتێت و

ئەگەر لە دونیاشا دەوڵەمەند بێ؛ خوای لە بیر ناچێتەوە و دەوڵەمەندیە**کەی زیانی** لێ نادات؛ **یان: ئەگەر لە دونیادا تووشی هەر** بەڵا و موسیبەتێک بێت زیانی لێ نادات).

٨٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، وَوَكِيعٌ، قَالَا: حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ صَالِحِ بْنِ حَيَّانَ قَالَ: أَبو مُعَاوِيَةَ الْكَبْسِيُّ، عَنْ حُصَيْنِ بْنِ عُقْبَةَ، عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ قَالَ: مِنْ أَكْثَرِ النَّاسِ خَطَايَا وَقَالَ وَكِيعٌ: ذُنُوبًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَكْثَرُهُمْ خَوْضًا فِي الْبَاطِلِ ".

واتە: باوکی موعاویەی وەکیع دەفەرموون: ئەعمەش لە صاڵحی کوڕی حەییانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: باوکی موعاویە لە حوصەینی کوڕی عوقبەوە گێڕایەوە؛ ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: هەڵەکارترین کەس. وەکیع دەفەرموێت: تاوانبارترین کەس؛ لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوەیە کە زۆرترین ڕۆچونی هەبووە لە شتی پڕوپوچا.

٨٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ عُمَارَةَ، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ يَزِيدَ، عَنْ عَبْدِ الله قَالَ: مَا مِنْ رَجُلٍ يَنَامُ لَا يَذْكُرُ الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَّا بَالَ الشَّيْطَانُ فِي أُذُنِه، وَايْمُ الله لَقَدْ فَعَلَ بِصَاحِبِكُمُ اللَّيْلَةَ يَعْنِي نَفْسَهُ ".

واتە: عومارە لە عەبدولڕەحمانی کوڕی یەزیدەوە ئەویش لە عەبدوڵڵاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هیچ کەسێک نییە بخەوێت و پێش خەوتن یاد و زیکری خوای گەورە نەکات مەگەر ئەوەی کە شەیتان دەمیزێتەو ناو گوێچکەکانی؛ سوێندەبخوا ئەمشەو وای بەم هاوڕێیەی ئێوە کردووە.. عەبدوڵڵا مەبەستی خۆی بوو. (واتە: ئەو شەوە عەبدوڵڵا لەبیری چوە پێش خەوتن یاد و زیکری خوا بکات و مەبەستی خۆی بووە کە شەیتان میزیوەتە ناو گوێییەکانی؛ مەبەستیش لە میز کردنە ناو گوێ وەک هەندێ لە زانایان فەرمویانە؛ ئەوەیە کە ئەو ڕۆژە تا ئێوارە شەیتان بە ئارەزوی خۆی گلەو بەو کەسە دەکات و بە ئاسانی فریوی دەدات).

٨٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، عَنْ أَبِي مُعَاوِيَةَ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ عَمْرِو بْنِ مُرَّةَ، عَنْ أَبِي عُبَيْدَةَ قَالَ: دَخَلَ عَبْدُ الله عَلَى مُجَمِّعِ بْنِ حَارِثَةَ يَعُودُهُ، فَرَأَى فِي بَيْتِه أَبْنِيَةً وَسَوَادًا يَعْنِي الْمَتَاعَ - فَقَالَ: خَفِّفْ فَإِنَّ النَّاسَ يُوشِكُ أَنْ يَكُونُوا أَهْلًا يَعْنِي يَرْجِعُونَ إِلَى الْإِبِلِ ".

واتە: لە عەمری کوڕی موڕڕەوە ئەویش لە باوکی عوبەیدەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵا سەردانی موجەممیعی کوڕی حارثەی کرد؛ دەبینێ لە ماڵدا هەندێ کەلوپەل هەیە؛

فەرمووی: کۆڵوبارەکەت کەم بکەرەوە؛ زۆری نەماوە خەڵکی بگەڕێنەوە بۆ لای وشتر (واتە: هیچ نەبێ بیخۆن و ناچار بن پەنا بۆ شیری وشتر ببەن. خوداش زاناترە.).

وَعَنِ الْأَعْمَش، عَنْ عَمْرو، عَنِ الْحَارث بْنِ الْأَزْمَع قَالَ: قَالَ الْمُغيرَةُ بْنُ شُعْبَةَ: يَعْجَبُ منْ قَوْل عَبْد الله: أَمْس خَيْرٌ منَ الْيَوْم، وَالْيَوْمُ خَيْرٌ منْ غَد، وَغَدٌ خَيْرٌ منْ بَعْد الْغَد، وَكَذَلكَ إِلَى يَوْم الْقيَامَة، وَنَحْنُ الْعَامَ أَخْصَبُ منَّا عَامَ أَوَّل، فَذُكرَ لمَسْرُوق، فَقَالَ مَسْرُوقٌ: عَبْدُ الله أَعْلَمُ منْهُ، إِنَّ عَبْدَ الله اعْتَبَرَ بالْآخرَة، وَإِنَّ الْمُغيرَةَ اعْتَبَرَ بالدُّنْيَا.

واتە: ئەعمەش لە عەمرەوە ئەویش لە حارثەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: موغیرەی کوڕی شوعبە گوتی: سەیرم لەو قسەیەی عەبدوڵلا دێت کە دەیگوت: دوێنێ لە ئەمڕۆ باشتر بووەوە ئەمڕۆش لە سبەی باشترەو سبەی لە دوسبەی باشترە و هەروا هەتا قیامەت دێ ڕۆژی پێشوتر لە ڕۆژی دواتر باشترە.. ئێستا ئێمە ئەمساڵ زیاتر لە پار خواردن و نازونیعمەتمان هەیە.. جا ئەم قسەیەی عەبدوڵلاو موغیرەیان بۆ مەسروق گێڕایەوە؛ مەسروق گوتی: عەبدوڵلا لە موغیرە زاناترە؛ عەبدوڵلا مەبەستی قیامەت بووە و موغیرەش مەبەستی دونیا بووە.
(واتە: مەبەستی عەبدوڵلا ئەوە بووە کە لە ڕوی دینداریەوە چینی پێشو لە چینی دواتر باشترن؛ موغیرەش لێکدانەوەکەی وا کردووە کە ژیانی ئەمساڵ لە ژیانی پار خۆشترە).

٨٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا الْأَسْوَدُ بْنُ عَامر، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ، عَنْ أَبي حَيَّانَ قَالَ: سَمعْتُ أَنَّ ابْنَ مَسْعُود مَرَّ عَلَى هَؤُلَاء الَّذي يَنْفُخُونَ في الْكير، فَوَقَعَ ".

واتە: حەسەن لە باوکی حەییانەوە گێڕایەوە فەرمووی: بیستوومە کە عەبدوڵلای کوڕی مەسعود تێپەڕیوە بە لای ئەوانەی کە بە هەمانە ئاگریان خۆش دەکرد؛ عەبدوڵلا بورایەوە.
(واتە: عەبدوڵلا بە لای دوکانێکی ئاسنگەریدا تێپەڕیوە و بینویەتی چەند کەسێک کورە دەدەمێنن و ئاگرەکەی خۆش دەکەن؛ ئەویش ئاگرو گەرمای دۆزەخیشی وەبیر هاتووەتەوە و بوراوەتەوە).

٨٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكيعٌ، حَدَّثَنَا إِسْمَاعيلُ بْنُ أَبي خَالد، عَنْ عمْرَانَ بْن أَبي الْجَعْد، وَمسْعَر، عَنْ مَعْن بْن عَبْد الرَّحْمَن قَالَ: قَالَ عَبْدُ الله: إِنَّ النَّاسَ قَدْ أَحْسَنُوا الْقَوْلَ كُلهمْ، فَمَنْ وَافَقَ قَوْله فعْله فَذَاكَ الَّذي أَصَابَ حَظَّهُ، وَمَنْ خَالَفَ قَوْله فعْله فَإِنَّمَا يُوَبِّخُ نَفْسَهُ ".

واتە: لە مەعنی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: عەبدوڵلا فەرمووی:

خەڵکی هەمووان قسەی جوان جوان دەکەن؛ جا هەر کەسێ کارەکانی وەکوو قسەکانی وابێت ئەوە ئەوکەسە بەشی خۆی بردووە (واتە: بەشی خۆی لە بەهەشت بردووە) هەر کەسێکیش کار و کردەوەکانی دژی قسەکانی بێت؛ ئەوە تەنیا سەرکۆنەی خۆی بکات و بەس.

٨٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا الْمَسْعُودِيُّ، عَنْ أَبِي يَحْيَى، عَنْ الْقَاسِم، أَنَّ ابْنَ مَسْعُود، كَانَ يَقُولُ فِي دُعَائِه: خَائِفًا مُسْتَجِيرًا بَائِسًا مُسْتَغْفِرًا رَاغِبًا رَاهِبًا ".

واتە: لە باوکی یەحیاوە ئەویش لە قاسمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود لە نزا و پاڕانەوەکانیا دەیفەرموو: من دەترسم و پەنا بەتۆ دەگرم و هەژار و لێقەوماوم و داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەم و حەزم لە بەهەشتەو لە سزای تۆ دەترسم!

٨٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ نُمَيْرٍ، عَنْ مَالِك بْنِ مِغْوَلٍ قَالَ: قَالَ عَبْدُ الله: الدُّنْيَا دَارُ مَنْ لَا دَارَ له، وَمَالُ مَنْ لَا مَالَ له، وَلها يَجْمَعُ مَنْ لَا عَقْلَ له.

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی نومەیر لە مالیکی کوڕی میغوەلەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵا فەرمووی: دونیا یانەو ماڵی ئەو کەسەیە کە یانەو ماڵی نییە؛ سامانی ئەو کەسەیە کە سامانی نییە؛ هەر کەسێکیش ژیر نەبێت و عەقڵی نەبێت ئەوا شت بۆ دونیا کۆ دەکاتەوە.

٨٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ أَبِي عَبْد الله، عَنْ قَتَادَةَ، قَالَ ابْنُ مَسْعُود: لَوْ أَنِّي بَيْنَ الْجَنَّةِ وَالنَّارِ، فَخُيِّرْتُ بَيْنَ قَبُولِ عَمَلِي وَبَيْنَ أَنْ لَا أَكُونَ شَيْئًا لَاخْتَرْتُ أَنْ لَا أَكُونَ شَيْئًا ".

واتە: هیشامی کوڕی باوکی عەبدوڵڵا لە قەتادەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود فەرمووی: ئەگەر من لە نێوان بەهەشت و دۆزەخا بم؛ جا لە نێوان گیرابوونی کار و کردەوەکانم و فەنابوون و نەمانما سەرپشك بکرێم؛ ئەوا فەنابوون و نەمان هەڵدەبژێرم.

٨٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ مُحَمَّد بْن أَيُّوبَ، حَدَّثَنَا أَبُو بَكْر بْنُ عَيَّاش، عَنِ الْأَعْمَش، عَنْ أَبِي وَائِل، عَنْ عَبْد الله قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: مَنْ يُرِد اللهَ بِه خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ وَيُلهِمْهُ رُشْدَهُ ".

واتە: لە ئەعمەشەوە ئەویش لە باوکی وائیلەوە دەگێڕنەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود

فەرمـوویەتی: پێغەمـبەری خـوا (ﷺ) فەرمـووی: خـوای گەورە ویسـتی چاکەی لەگەڵ هەر کەسێکدا هەبێ؛ ئەوا لە شـەرع و لە ئایینـا شـارەزای دەکـات و هیـدایەت و ڕێنـوێنیی پیشـان دەدات.

٨٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، حَدَّثَنَا الْمَسْعُودِيُّ، عَنِ الْقَاسِمِ، وَغَيْرِهِ، عَنْ عَبْدِ اللهِ، أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ: قُولُوا الْخَيْرَ تُعْرَفُوا بِهِ، وَاعْمَلُوا بِهِ تَكُونُوا مِنْ أَهْلِهِ، وَلَا تَكُونُوا عُجُلًا مَذَايِيعَ بُذُرًا ".

واتە: مەسعودی لە قاسم و خەڵکی تریشەوە دەگێڕێتەوە کە عەبدوڵڵا فەرموویەتی: قسەی خێرو چاکە بکەن با بەو قسە خێرانە بناسرێنەوە، جا کار بە قسەکانیش بکەن با ببەن ئەهلی چاکە؛ پەلەکار و بەلەزکار مەبن و مەبنە کەسێکی وا کە نهێنی نەپارێزێت و قسە فڕێ بدات.

٨٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ دَاوُدَ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ سَيَّارٍ قَالَ: سَمِعْتُ الشَّعْبِيَّ، يَقُولُ: قَالَ عَبْدُ اللهِ فِي خُطْبَتِهِ: وَإِنَّ الْمَحْرُوبَ مَنْ حُرِبَ دِينَهُ ".

واتە: لە سەییارەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: گوێم لە شەعبی بوو دەیفەرموو: عەبدوڵڵا لە وتارا فەرمووی: لێدراو ئەو کەسەیە کە لە دینەکەی درابێ (واتە: برینداروو لێدراو ئەو کەسە کە حەربەو شمشێریان لە لاشەی دابێ؛ بەڵکوو ئەو کەسەی کە لە ئایینەکەی درابێت؛ وەک خەڵکی ئەمڕۆژە کە زۆرێکی لە ئایینەکەی دەدرێت و ئایینەکەی بریندار دەکرێت و خۆیشی بێ ئاگایە یان خۆی لێ بێئاگا دەکات و بەلایەوە گرنگ نییەو تا وای لێدێ ئایینەکەی دەمرێت و هیچی نامێنێت).

٨٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ حُمَيْدٍ، سَمِعَهُ مِنْ، شَيْخٍ مِنْ بَنِي عَبْسٍ، أَبْصَرَ عَبْدَ اللهِ رَجُلًا يَضْحَكُ فِي جِنَازَةٍ، فَقَالَ: تَضْحَكُ فِي جِنَازَةٍ لَا أُكَلِّمُكَ أَبَدًا ".

واتە: عەبـدولڕەحمانی کـوڕی حومەیـد لە پیـاوێکی بەنی عەبسـییەوە دەگێـڕێتەوە کە عەبدوڵڵای چاوی بە پیاوێک کەوت لە لای تەرمێکا پێدەکەنی؛ عەبدوڵڵا فەرمووی: ئەوە ئا لێرەدا پێدەکەنی؟ ئیتر هەتا هەتایە من قسەت لەگەڵدا ناکەم!

٨٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يَزِيدَ، حَدَّثَنَا سَعِيدٌ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنَ الْوَلِيد قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ حُجَيْرَةَ، يُحَدِّثُ عَنْ أَبِيه، عَنِ ابْنِ مَسْعُود، أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ إِذَا قَعَدَ - يَعْنِي - يَقُولُ: إِنَّكُمْ فِي مَمَرِّ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ فِي آجَالٍ مُنْتَقَصَةٍ وَأَعْمَالٍ مَحْفُوظَةٍ، وَالْمَوْتُ يَأْتِي بَغْتَةً فَمَنْ يَزْرَعْ خَيْرًا يُوشِكُ أَنْ يَحْصُدَ رَغْبَةً، وَمَنْ زَرَعَ شَرًّا فَيُوشِكُ أَنْ يَحْصُدَ نَدَامَةً، وَلِكُلِّ زَارِعٍ مِثْلُ الَّذِي زَرَعَ، لَا يَسْبِقُ بَطِيءٌ بِحَظِّه، وَلَا يُدْرِكُ حَرِيصٌ مَا لَمْ يُقَدَّرْ له، فَمَنْ أُعْطِيَ خَيْرًا فَالله أَعْطَاهُ، وَمَنْ وُقِيَ شَرًّا فَالله وَقَاهُ، الْمُتَّقُونَ سَادَةٌ، وَالْفُقَهَاءُ قَادَةٌ، وَمَجَالِسُهُمْ زِيَادَةٌ".

واتە: عەبدولڕەحمانی کوڕی حوجەیرە لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە دەگێڕێتەوە کە لە کاتێکا دادەنیشت دەیفەرموو: ئێوە بەشەوو بەڕۆژ لە بەردەم ئەجەلێکان کە لێی کەم دەبێتەوە (واتە: تەمەنتان کەم دەبێتەوە) کارەکانیشتان پارێزراو دەبێت و هیچی فەرامۆش ناکرێت؛ مردنیش لە کتوپڕا دێت؛ جا هەر کەسێ چاکە بچێنێت؛ چ خێرو خۆشیەکی بوێت ئەوە دەدوورێتەوە؛ هەر کەسێکیش خراپە بچێنێت ئەوا پەشیمانی دەدوورێتەوە، هەر کەسێ هەر شتێک بچێنێت ئەوە دەدوورێتەوە؛ مرۆڤی سست و تەمبەڵ بەئاواتی خۆی ناگات؛ هەر کەسێکیش بە تەماع بێت تەنیا بەوە دەگات کە بۆی دیاری کراوە و لە بەشی خۆی زیاتری دەست ناکەوێ؛ جا هەر کەسێ خێری تووش بوو ئەوە خوا پێی بەخشیوە؛ هەر کەسێ لە خراپەو شەڕ پارێزرا ئەوە خوا پاراستویەتی؛ ئەوانەی کە لەخواترسن گەورە و پێشەوان؛ ئەوانەی زانان گەورە و پێشەوان؛ کۆڕو کۆبوونەوەی ئەوانە بەشێکی زیادە لە چاکە.

٨٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا وَهْبُ بْنُ بَقِيَّةَ الْوَاسِطِيُّ، حَدَّثَنَا خَالِدُ بْنُ عَبْد الله الْوَاسِطِيُّ، عَنْ أَبِي سِنَانٍ يَعْنِي ضِرَارَ بْنَ مُرَّةَ عَنْ أَبِي وَائِل، عَنِ ابْنِ مَسْعُود قَالَ: إِنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ لَيَدْعُو الْعَبْدَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، فَيَسْتُرُهُ بِيَدَيْه؛ يَقُولُ له: أَتَعْرِفُ؟ فَيَقُولُ: نَعَمْ يَا رَبِّ، فَيَقُولُ: إِنِّي قَدْ غَفَرْتُهَا لَكَ".

واتە: لە باوکی سینانەوە واتە: زیرارەی کوڕی موڕڕەوە ئەویش لە باوکی وائیلەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە فەرموویەتی: خوای گەورە و میهرەبان لە ڕۆژی قیامەتدا گازی بەندەی خۆی دەکات و بە هەردو دەستی دایدەپۆشێت و پێی دەفەرموێت: دەیزانی؟ ئەویش دڵێک بەڵێ! ئەی پەروەردگار.. خوای گەورە دەفەرموێت: بەڕاستی من لێت خۆشبووم.

٨٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عُبَيْد، حَدَّثَنَا هَارُونُ، - يَعْنِي ابْنَ عَنْبَرَةَ عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ الْأَسْوَد، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ عَبْدِ الله قَالَ: إِنَّ هَذِهِ الْقُلُوبَ أَوْعِيَةٌ فَاشْغَلُوهَا بِالْقُرْآنِ وَلَا تُشْغِلُوهَا بِغَيْرِهِ ".

واتە: هارون واتە: کوڕی عەنبەرە لە عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەسوەدەوە ئەویش لە باوکییەوە **ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە بۆی گێڕاینەوە.فەر**موویەتی: بەڕاستی ئەم **دڵانە وەکوو دەفرن؛ پڕیان بکەن لە قورئان و جگە لە قورئان هیچیتری تێ مەکەن.**

٨٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مُحَمَّد الْمُحَارِبِيُّ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ مِغْوَل، حَدَّثَنَا أَبُو يَعْفُور، عَنِ الْمُسَيَّبِ بْنِ إِبْرَاهِيمَ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ مَسْعُودٍ قَالَ: يَنْبَغِي لِحَامِلِ الْقُرْآنِ أَنْ يُعْرَفَ بِلَيْلِهِ إِذَا النَّاسُ نَائِمُونَ، وَبِنَهَارِهِ إِذَا النَّاسُ مُفْطِرُونَ، وبِحُزْنِهِ إِذَا النَّاسُ يَفْرَحُونَ، وَبِبُكَائِهِ إِذَا النَّاسُ يَضْحَكُونَ، وبِصَمْتِهِ إِذَا النَّاسُ يُخْطِئُونَ، وَبِخُشُوعِهِ إِذَا النَّاسُ يَخْتَالُونَ، وَيَنْبَغِي لِحَامِلِ الْقُرْآنِ أَنْ يَكُونَ بَاكِيًا مَحْزُونًا حَلِيمًا سَكِينًا، وَلَا يَنْبَغِي لِحَامِلِ الْقُرْآنِ أَنْ يَكُونَ جَافِيًا وَلَا غَافِلًا وَلَا صَخَّابًا وَلَا صَاحِكًا وَلَا حَدِيدًا ".

واتە: باوکی یەعفور لە موسەییەبی کوڕی ئیبراهیمەوە دەگێڕێتەوە؛ ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە فەرموویەتی: دەبێ ئەو کەسەی هەڵگری قورئانە شەوانە کاتێ خەڵکی نووستوون بناسرێتەوە (واتە: شەوان خەریکی قورئانخوێندنەوە بێت لە ناو نوێژ یان غەیری نوێژا)؛ بە ڕۆژەکانیشا کاتێ خەڵکی دەخۆن (واتە: ئەو بە ڕۆژوو بێت) بە خەمباریشیا کاتێ خەڵکی بێخەمن (واتە: ئەو خەمی قیامەتی هەبێ) بە گریانیشیا کاتێ خەڵکی پێدەکەنن؛ بە بێدەنگیەکەیا کاتێ خەڵکی بەهۆی زۆربڵێییەوە تووشی هەڵە دەبن؛ بە ملکەچییەکەیا کاتێ خەڵکی لوتبەرزن و لەخۆباییبن؛ هەروەها پێویستە هەڵگری قورئان بگری؛ خەمبار بێ؛ بەحەوسەڵەو هێمن بێ؛ نابێ هەڵگری قورئان ووشك و خافڵ و بێئاگاو ڕەق بێ؛ نابێ پێکەنینی هەبێ؛ نابێ توندوتیژ بێت.

٨٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ وَكِيع، حَدَّثَنِي أَبِي، عَنْ إِسْرَائِيلَ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ عَمْرِو بْنِ مَيْمُونٍ قَالَ: قَالَ عَبْدُ الله: لَوْ وُعِدَ أَهْلُ النَّارِ أَنْ تُخَفَّفَ عَنْهُمْ يَوْمًا مِنَ الْعَذَابِ لَمَاتُوا فَرَحًا ".

واتە: عەمری کوڕی مەیمون دەفەرموێت: عەبدوڵڵا فەرمووی: ئەگەر بەڵێن بە

دۆزەخییەکان بدرێ و پێیان بگوترێ: ڕۆژێک سزاتان لەسەر کەم دەکرێتەوە؛ هەموویان لە خۆشییا دەمرن!

٨٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ يَزِيدَ بْنِ حَيَّانَ التَّيْمِيِّ، عَنْ عِيسَى بْنِ عُقْبَةَ قَالَ: قَالَ عَبْدُ الله: وَالَّذِي لَا إِله إِلَّا هُوَ مَاعَلَى ظَهْرِ الْأَرْضِ شَيْءٌ أَحَقُّ لِطُولِ سِجْنٍ مِنْ لِسَانٍ ".

واتە: لە عیسای کوڕی عوقبەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵا فەرمووی: سوێند بەوکەسەی کە جگە لەو خوایەکیتر بوونی نییە! هیچ شتێک لەسەر زەویدا نییە هێندەی زمان شیاوی زیندانی کردن بێت.

٨٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثنَا وَكِيعٌ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ قَالَ: قَالَ عَبْدُ الله: الْبَلَاءُ مُوَكَّلٌ بِالْقَوْلِ.

واتە: ئەعمەش لە ئیبراهیمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵا فەرمووی: بەڵا و موسیبەت بەسراوە بە قسەو زمانەوە.

٨٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ حَبِيبٍ، عَنْ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ قَالَ: قَالَ عَبْدُ الله: اتَّبِعُوا وَلَا تَبْتَدِعُوا فَقَدْ كُفِيتُمْ، كُلُّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ ".

واتە: لە ئەعمەشەوە ئەویش لە حەبیبەوە ئەویش لە باوکی عەبدولڕەحمانەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵافەرمووی: شوێن ئایەت و فەرموودە بکەون و لەخۆتانەوە داهێنان مەکەن؛ قورئان و فەرموودەتان بەسە؛ هەموو داهێنراوێکی نابەجێ گومڕاییە.

٨٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَعْنِي وَكِيعًا، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ حَبِيبٍ، عَنْ عَمَّارِ بْنِ عُمَيْرٍ قَالَ: قَالَ عَبْدُ الله: عَلَيْكُمْ بِالسَّمْتِ الْأَوَّلِ ".

واتە: لە حەبیبەوە ئەویش لە عەممارى کوڕی عومەیرەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵا فەرمووی: ڕێگاکەی یەکەم بگرنە بەر (واتە: ڕێگای قورئان و فەرموودەو ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) هێناویەتی).

○

٨٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، وَوَكِيعٌ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ أَبِي الْأَحْوَصِ، عَنْ عَبْدِ اللهِ قَالَ: بِحَسْبِ الْمَرْءِ مِنَ الْكَذِبِ أَنْ يُحَدِّثَ بِكُلِّ مَا سَمِعَ ".

واتە: وەکیع لە سوفیانەوە ئەویش لە باوکی ئیسحاقەوە ئەویش لە باوکی ئەحوەصەوە ئەویش لە عەبدوڵڵاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەسەر بۆ ئەوەی مرۆڤ بە درۆزن بزانێ ئەوەی کە هەر شتێکی بیست بیگێڕێتەوە (واتە: مرۆڤ هەر شتێ‌ی بیست و گێڕایەوە؛ ئەوە بە درۆزن دێتە هەژمار).

٨٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، حَدَّثَنَا عَمْرُو بْنُ عَمْرٍو أَبُو الزَّعْرَاءِ، عَنْ عَمِّهِ أَبِي الْأَحْوَصِ قَالَ: قَالَ عَبْدُ اللهِ: إِنَّ أَحَدًا لَا يُولَدُ عَالِمًا، وَإِنَّمَا الْعِلْمُ بِالتَّعَلُّمِ ".

واتە: عەمری کوڕی عەمر واتە: باوکی زەعرا لە مامی خۆیەوە واتە: لە باوکی ئەحمەصەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵا فەرمووی: هیچ کەسێ بە زانستووە لە دایك نابێت و کەس زانستی لە زگی دایکیەوە نەهێناوە؛ زانست تەنیا بە خوێندن و فێربوون بەدەست دەهێنرێت.

٩٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ حَيَّانَ أَبُو خَالِدٍ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ شِمْرِ بْنِ عَطِيَّةَ، عَنْ مُغِيرَةَ بْنِ سَعْدِ بْنِ الْأَخْرَمِ قَالَ: مَرَّ عَبْدُ اللهِ عَلَى الْحَدَّادِينَ، فَبَصُرَ بِحَدِيدَةٍ قَدْ أُحْمِيَتْ، فَبَكَى.

واتە: شیمری کوڕی عەتیـیە لە موغیرەی کوری سەعدی کوڕی ئەخرەمەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵا بە لای ئاسنگەرەکانا تێپەڕی و چاوی کەوت بە ئاسنێک خرابویە کورەیەکەوە و سوور دەکرایەوە؛ جا عەبدوڵڵا کە ئەوەی بینی (ئاگری دۆزەخی وەبیر هاتەوەو) دەستی بە گریان کرد.

٩٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنِي إِسْرَائِيلُ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ أَبِي الْأَحْوَصِ، عَنْ عَبْدِ اللهِ: مَعَ كُلِّ فَرْحَةٍ تَرْحَةٌ، وَمَا مُلِئَ بَيْتٌ حَبْرَةً إِلَّا مُلِئَ عِبْرَةً ".

واتە: لە باوکی ئیسحاقەوە ئەویش لە باوکی ئەحوەصەوە ئەویش لە عەبدوڵڵاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لەگەڵ هەموو خۆشی و شادومانییەک خەمێک هەیە و هەر ماڵێک پڕبێ لە دڵخۆشی دوایی پڕ دەبێ لە فرمێسک.

٨٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، وَوَكِيعٌ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ أَبِي الْأَحْوَصِ، عَنْ عَبْدِ الله قَالَ: بِحَسْبِ الْمَرْءِ مِنَ الْكَذِبِ أَنْ يُحَدِّثَ بِكُلِّ مَا سَمِعَ ".

واته: وەکیع لە سوفیانەوە ئەویش لە باوکی ئیسحاقەوە ئەویش لە باوکی ئەحوەصەوە ئەویش لە عەبدوڵڵاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەسەر بۆ ئەوەی مرۆڤ بە درۆزن بزانێ ئەوەی کە هەر شتێکی بیست بیگێڕێتەوە (واتە: مرۆڤ هەر شتێ:ی بیست و گێڕایەوە؛ ئەوە بە درۆزن دێتە هەژمار).

٨٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، حَدَّثَنَا عَمْرُو بْنُ عَمْرٍو أَبُو الزَّعْرَاءِ، عَنْ عَمِّهِ أَبِي الْأَحْوَصِ قَالَ: قَالَ عَبْدُ الله: إِنَّ أَحَدًا لَا يُولَدُ عَالِمًا، وَإِنَّمَا الْعِلْمُ بِالتَّعَلُّمِ ".

واته: عەمری کوڕی عەمر واتە: باوکی زەعرا لە مامی خۆیەوە واتە: لە باوکی ئەحمەصەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵا فەرمووی: هیچ کەسێ بە زانستووە لە دایك نابێت و کەس زانستی لە زگی دایکیەوە نەهێناوە؛ زانست تەنیا بە خوێندن و فێربوون بەدەست دەهێنرێت.

٩٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ حَيَّانَ أَبُو خَالِد، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ شِمْرِ بْنِ عَطِيَّةَ، عَنْ مُغِيرَةَ بْنِ سَعْدِ بْنِ الْأَخْرَمِ قَالَ: مَرَّ عَبْدُ الله عَلَى الْحَدَّادِينَ، فَبَصُرَ بِحَدِيدَةٍ قَدْ أُحْمِيَتْ، فَبَكَى.

واته: شیمری کوڕی عەتییە لە موغیرەی کوری سەعدی کوڕی ئەخرەمەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵا بە لای ئاسنگەرەکانا تێپەڕی و چاوی کەوت بە ئاسنێک خرابویە کورەیەکەوە و سوور دەکرایەوە؛ جا عەبدوڵڵا کە ئەوەی بینی (ئاگری دۆزەخی وەبیر هاتەوەو) دەستی بە گریان کرد.

٩٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنِي إِسْرَائِيلُ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ أَبِي الْأَحْوَصِ، عَنْ عَبْدِ الله: مَعَ كُلِّ فَرْحَةٍ تَرْحَةٌ، وَمَا مُلِئَ بَيْتٌ حَبْرَةً إِلَّا مُلِئَ عِبْرَةً ".

واته: لە باوکی ئیسحاقەوە ئەویش لە باوکی ئەحوەصەوە ئەویش لە عەبدوڵڵاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لەگەڵ هەموو خۆشی و شادومانییەک خەمێک هەیە و هەر ماڵێک پڕبێ لە دڵخۆشی دوایی پڕ دەبێ لە فرمێسک.

٩٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ بِشْرٍ، حَدَّثَنَا مِسْعَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَعْنًا قَالَ: قَالَ عَبْدُ الله: إِنَّ كُلَّ مُؤَدِّبٍ يُحِبُّ أَنْ يُوتَى أَدَبُهُ، وَإِنَّ أَدَبَ الله الْقُرْآنُ ".

واتە: میسعەر دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: گوێم لە مەعن بوو دەیفەرموو: عەبدوڵڵا فەرموویەتی: هەموو خاوەن ئەدەبێک پێی خۆشە ئەدەبەکی بهێنرێتەوە بۆ لای؛ ئەدەبی خوای گەورە بریتیە لە قورئان.

٩٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ عَبْدِ الْمَلِكِ، حَدَّثَنَا أَبُو عَوَانَةَ، عَنِ الْأَسْوَدِ بْنِ مَيْسَرَةَ، عَنْ زَحْرِ بْنِ رَبِيعَةَ قَالَ: قَالَ عَبْدُ الله: وَالَّذِي نَفْسُ عَبْدِ الله بِيَدِهِ مَا فِي الْأَرْضِ مِنْ نَفْسٍ تَعْلَمُ جَنْبَ عَذَابِ الله كَيْفَ شِدَّتُهُ تَرْقَى عَيْنٌ تِلْكَ النَّفْسِ الَّتِي قَدْ عَلِمَتْ حَتَّى تَعْلَمَ أَصَابَهَا عَذَابُ الله أَوْ نَجَتْ مِنْهُ، وَمَا فِي الْأَرْضِ نَفْسٌ تَعْلَمُ جَنْبَ رَحْمَةِ الله كَيْفَ سِعَتُهَا إِلَّا اسْتَبْشَرَتْ وَرَجَتْ أَنْ تُصِيبَهَا الرَّحْمَةُ ".

واتە: باوکی عەوانە لە ئەسوەدی کوڕی مەیسەرەوە ئەویش لە زەحری کوڕی ڕەبیعەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵا فەرمووی: بەو کەسەی کە گیانی عەبدوڵڵای بەدەستە! لە سەرزەویدا هیچ کەسێک نییە کە بزانێ سزای خوای گەورە چۆنەو چەندە سەختەو دوایی چاوی ئەو کەسەیە هەڵبێت کە دەزانێ سزای خوا چۆنە؛ هەتا ئەو کاتەی کە دەزانێ ئایا سزای خوای تووش دەبێ یان ڕزگاری دەبێت.. هیچ کەسکیش نییە کە بزانێ سۆزو بەزەیی خوای گەورە چەندە زۆرەو گشتگیرە؛ مەگەر ئەوەی کە مزگێنی بەخۆی دەدات و هیوای ئەوە پەیدا دەکات کە سۆزو میهرەبانیی خوای دەست بکەوێت.

٩٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو عُبَيْدَةَ الْحَدَّادُ، عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ سَلْمٍ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ مَسْرُوقٍ قَالَ: قَدِمَتِ الدَّهَّاقِينُ الْكُوفَةَ عَلَى عَهْدِ ابْنِ مَسْعُودٍ، فَجَعَلُوا يَتَعَجَّبُونَ مِنْ صِحَّتِهِمْ وَحُسْنِ أَلْوَانِهِمْ، فَقَالَ ابْنُ مَسْعُودٍ: وَمَا تَعْجَبُونَ، تَلْقَوْنَ الْمُؤْمِنَ أَصَحَّ شَيْءٍ قَلْبًا وَأَمْرَضَ شَيْءٍ جِسْمًا، وَتَلْقَوْنَ الْفَاجِرَ وَالْمُنَافِقَ أَصَحَّ شَيْءٍ جِسْمًا وَأَمْرَضَهُ قَلْبًا، وَالله لَوْ صَحَّتْ أَجْسَامُكُمْ وَمَرِضَتْ قُلُوبُكُمْ لَكُنْتُمْ أَهْوَنَ عَلَى الله مِنَ الْجُعْلَانِ ".

واتە: لە موغیرەی کوڕی سەلمەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی مەسروقەوە فەرموویەتی: لە سەردەمی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودا کوێخاو ئاغاکان هاتن بۆ کووفە؛ کوێخاکان سەیریان لە سەرو سیماو لەشساغی و جوانیی خۆیان دەهات؛ عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود فەرمووی: ئەوە

سەرتان لەچی سوڕماوە؟ باوەڕداری وا هەیە کە بیمارترین لاشە هەیە و زمانی ساغترین زمانە (واتە: زیکرو یادی خوای لەسەرە) خراپەکاری واش هەیە کە ساغترین لاشەی هەیە و نەخۆشترین دڵی هەیە (واتە: دڵی پڕە لە کینەو خراپەو شتی لەو جۆرانە) بەخوا ئەگەر لەشتان ساغ بێت و دڵتان بیمار بێت؛ ئەوا لە لای خوای گەورە نرخی گازولك (قالۆنچەی ریخ گلێن)تان نییە!

٩٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو عُبَيْدَةَ، حَدَّثَنَا الرَّبِيعُ بْنُ مُسْلِم الْقُرَشِيُّ، عَنْ أَبِي عُثْمَانَ الْعِجْلِيِّ قَالَ: قَالَ ابْنُ مَسْعُود: لَوْ كَانَ الْغَثُّ رَجُلًا لَكَانَ رَجُلَ سُوءٍ قَالَ: وَكَانَ يَقُولُ: كَفَى بِالْمَعْكِ ظُلْمًا الْمَعْكُ الْمَطْلُ ".

واتە: ڕەبیعی کوڕی موسلیمی قورەیشی لە باوکی عوسمانی عیجلییەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود فەرمووی: ئەگەر لەڕی و لەجەری پیاوێک بوایە؛ ئەوا پیاوێکی خراپ دەبوو.. دەیفەرموو: هەروەها عەبدوڵڵا دەیفەرموو: بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ بە ستەمکار بناسرێ ئەگەر دانەوەی قەرز دوابخات.

٩٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو عُبَيْدَةَ، حَدَّثَنَا قُرَّةُ بْنُ خَالد، عَنِ الضَّحَاك قَالَ: قَالَ ابْنُ مَسْعُود: مَا أَحَدٌ أَصْبَحَ فِي الدُّنْيَا إِلَّا وَهُوَ ضَيْفٌ، وَمَا لَه عَارِيَةٌ، وَالضَّيْفُ مُرْتَحِلٌ، وَالْعَارِيَةُ مَرْدُودَةٌ ".

واتە: قوڕڕەی کوڕی خالید لە زەححاکەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود فەرمووی: هیچ کەسێک نییە لە دونیادا مەگەر ئەوەی کە ئەو کەسە میوانە؛ سپاردەیە؛ میوانیش دەبێ بڕوات و سپاردەش بە خاوەنی خۆی بدرێتەوە.

٩٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، حَدَّثَنَا أَبو عَوَانَةَ، عَنْ هِلَال الْوَزَّان، عَنْ عَبْد الله بْن عُكَيْم قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ الله بْنَ مَسْعُود، فِي هَذَا الْمَسْجِد بَدَأَ بِالْيَمِين قَبْلَ أَنْ يُحَدِّثَنَا فَقَالَ: وَالله مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَد إِلَّا سَيَخْلُو بِه رَبُّهُ كَمَا يَخْلُو أَحَدُكُمْ بِالْقَمَر لَيْلَةَ الْبَدْر، فَيَقُولُ ابْنَ آدَمَ: مَاذَا غَرَّكَ يَا ابْنَ آدَمَ؟ مَاذَا أَجَبْتَ الْمُرْسَلِينَ يَا ابْنَ آدَمَ؟ مَاذَا عَمِلْتَ فِيمَا عَلِمْتَ".

واتە: هیلالی کوڕی وەززان لە عەبدوڵڵای کوڕی عوکەیمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود بوو؛ لەم مزگەوتەدا پێش ئەوەی قسەمان لەگەڵدا

بکات لە ڕاستەوە دەستی پێکرد فەرمووی: بەخوا هیچ کەسێکتان نییە مەگەر ئەوەی کە بە تەنیا لە خزمەت خوای گەورەدا خۆی دەبینێتەوە وەک چۆن هەریەک لە ئێوە لە شەوی مانگەشەودا مانگی چواردە دەبینن؛ جا خوای گەورە دەفەرموێت: ئادەی نەوەی ئادەم! ئەی چ شتێکی تۆی لە خۆت بایی کرد نەوەی ئادەم! چۆن وەڵامی پێغەمبەرانت دایەوە ئەی نەوەی ئادەم؟ ئەو زانستەی کە فێری بویت چ کارێکت پێ کردووە؟

زوهد و پارسایی دایە عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت)

٩٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ وكيع، حَدَّثَنَا ابْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ مُجَالد، عَنِ الشَّعْبِيِّ، عَنْ مَسْرُوق، عَنْ عَائشَةَ رَحمَهَا الله قَالَتْ: مَا شَبِعْتُ بَعْدَ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ منْ طَعَام إِلَّا وَلَوْ شئْتُ أَنْ أَبْكي لَبَكَيْتُ، وَمَا شَبِعَ آلُ مُحَمَّد صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ حَتَّى قُبِضَ ".

واتە: شەعبی لە مەسروقەوە دەگێڕێتەوە ئەویش لە دایە عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: دوای پێغەمبەری خوا (ﷺ) تێرم لە خواردن نەخواردووە و ئەگەر بمەوێ ئێستا بگریم ئەوا دەگریم؛ ماڵ و مناڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەتا پێغەمبەر مابوو هیچیان تێریان لە خواردن نەخوارد.

٩٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْديٍّ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنِ الْأَعْمَش، عَنْ أَبِي الضُّحَى قَالَ: حَدَّثَني مَنْ سَمعَ عَائشَةَ رَحمَهَا الله: ﴿ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْنَا وَوَقَىٰنَا عَذَابَ ٱلسَّمُومِ ﴾ الطور: ٢٧ فَتَقُولُ: رَبِّ مُنَّ عَلَيَّ، وَقني عَذَابَ السَّمُوم ".

واتە: لە سوفیانەوە ئەویش لە ئەعمەشەوە ئەویش لە باوکی زوحاوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: لە کەسێکم بیست کە ئەویش لە دایە عائیشەی بیستبوو (دوای خوێندنەوەی ئایەتی (مانای ئایەتەکە) بە هۆی ئەوەوە خوای میهرەبانیش لای ڕەحمەتی لێ کردینەوە و منەتباری کردین و لەسزای دۆزەخی پڕ ئێش پاراستینی.

دوای خوێندنەوەی ئەم ئایەتە دەیفەرموو: خوایە! لای ڕەحمەتم لێ بکەرەوە و منتم بەسەرا بکەو لە سزای پڕ ئێشی دۆزەخ بمپارێزە.

٩١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو دَاوُدَ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ وَاقِد بْنِ مُحَمَّد بْنِ زَيْد، عَنِ ابْنِ أَبِي مُلَيْكَةَ، عَنِ الْقَاسِمِ، عَنْ عَائِشَةَ رَحِمَهَا الله قَالَتْ: مَنْ أَسْخَطَ النَّاسَ بِرِضَا الله كَفَاهُ النَّاسَ، وَمَنْ أَرْضَى النَّاسَ بِسَخَطِ الله وَكَلَهُ الله إِلَى النَّاسِ ".

واتە: لە کوڕی باوکی مولەیکەوە ئەویش لە قاسمەوە ئەویش لە دایە عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێ) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە خەڵکی لەخۆی تووڕە بکات؛ خوای گەورە ئەو کەسە لە خراپەی خەڵکی دەپارێزێت؛ هەر کەسێکیش خەڵکی لەخۆی ڕازی بکات و خوا لە خۆی تووڕە بکات؛ ئەوا خوای گەورە ئەو کەسە هەواڵەی خەڵکیی دەکات.

٩١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ أَبِي الضُّحَى، حَدَّثَنَا مَنْ سَمِعَ عَائِشَةَ تَقْرَأُ: ﴿ وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ ﴾ الأحزاب: ٣٣ فَتَبْكِي حَتَّى تَبُلَّ خِمَارَهَا ".

واتە: سوفیان لە ئەعمەشەوە ئەویش لە باوکی زوحاوە دەگێڕێتەوە کە کەسێک کە لەە دایە عائیشەی بیستووە بۆی گێرامەوە دایە عائیشە ئایەتی ﴿ وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ ﴾ خوێندەوە و ئەوەندە گریا تا بە فرمێسکەکانی سەرپۆشەکەی تەڕ کرد.

٩١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ هِشَامٍ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: قَالَتْ عَائِشَةُ رَحِمَهَا الله: وَدِدْتُ أَنِّي كُنْتُ نَسْيًا مَنْسِيًّا ".

واتە: هیشام لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: دایە عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەیفەرموو: پێمخۆشبوو من هەر نەبوبام و لە بیر کرابام.

٩١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا أُسَامَةُ بْنُ زَيْد، عَنْ إِسْحَاقَ مَوْلَى زَائِدَةَ، عَنْ عَائِشَةَ رَحِمَهَا الله قَالَتْ: وَدِدْتُ أَنِّي شَجَرَةٌ أُعْضَدُ، وَدِدْتُ أَنِّي لَمْ أُخْلَقْ ".

واتە: ئیسحاق لە دایە عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێمخۆشبوو دارێک بوایەم و بڕابام؛ گیایەک بومایەو هەڵکەنرابام؛ پێمخۆشبوو هەر دروست نەکرابام.

٩١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا مِسْعَرٌ، عَنْ شُعْبَةَ، عَنْ أَبِي بُرْدَةَ، عَنْ أُمِّهِ، عَنِ الْأَسْوَدِ بْنِ يَزِيدَ، عَنْ عَائِشَةَ رَحِمَهَا الله قَالَتْ: إِنَّكُمْ تَفْعَلُونَ أَفْضَلَ الْعِبَادَةِ التَّوَاضُعَ ".

واتە: باوکی بوردە لە دایکیەوە ئەویش لە ئەسوەدی کوڕی یەزیدەوە ئەویش لە دایە عائیشەوە (خوای لێ رازی بێ) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئێوە باشترین خواپەرستی جێبەجێ دەکەن کە بریتیە لە ملکەچی.

٩١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ حَمَّادٍ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ، عَنْ عَائِشَةَ رَحِمَهَا اللهُ: أَقِلُّوا الذُّنُوبَ؛ فَإِنَّكُمْ لَنْ تَلْقَوُا اللهَ عَزَّ وَجَلَّ بِشَيْءٍ أَفْضَلَ مِنْ قِلَّةِ الذُّنُوبِ ".

واتە: حەمماد لە ئیبراهیمەوە ئەویش لە دایە عائیشەوە (خوای لێ رازی بێت) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: با تاوانتان کەم بێت و تەوبە بکەن لە تاوانەکانتان و بە تەوبە تاوانەکانتان بسڕنەوە؛ چونکە بەڕاستی ئێوە بە هیچ شتێک بە خزمەت خوای گەورە ناگەن لە کەمیی تاوان باشتر بێ (واتە: هەتا تاوانتان کەمتر بێ باشترە).

٩١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ قَالَ: سَمِعْتُ الْأَعْمَشَ، عَنْ تَمِيمٍ، عَنْ عُرْوَةَ، عَنْ عَائِشَةَ رَحِمَهَا اللهُ قَالَ: رَأَيْتُهَا تُقَسِّمُ سَبْعِينَ أَلْفًا وَهِيَ تُرَقِّعُ دِرْعَهَا ".

واتە: تەمیم لە عوروەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: دایە عائیشەم بینی (خوای لێ ڕازی بێت) حەفتا هەزار (دیرهەم یان دینار)ی دابەش دەکردو دەیدا بە هەژاران کەچی کەواو کراسەکەی خۆی پینە دەکرد.

٩١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا زَكَرِيَّا، عَنْ عَامِرٍ قَالَ: كَتَبَتْ عَائِشَةُ إِلَى مُعَاوِيَةَ: أَمَّا بَعْدُ، فَإِنَّ الْعَبْدَ إِذَا عَمِلَ بِمَعْصِيَةِ اللهِ عَادَ حَامِدُهُ مِنَ النَّاسِ ذَامًّا ".

واتە: زەکەریا لە عامرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: دایە عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) نامەیەکی بۆ موعاویە نووسی (ئەمەی تیابو) پاش سوپاس و ستاییشی خوای گەورە: بەڕاستی ئەگەر مرۆڤ تاوانێکی کرد و سەرپێچیی فرمانەکانی خوای گەورەی کرد؛ ئەوا ئەو خەڵکەکەی کە کاتی خۆی بە چاکە باسیان دەکرد؛ دەکەونە زەم کردن و غەیبەت و خراپە گوتنی.

٩١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ حَمَّادٍ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ، عَنْ عَائِشَةَ أَنَّهَا مَرَّتْ بِشَجَرَةٍ، فَقَالَتْ: يَا لَيْتَنِي كُنْتُ وَرَقَةً مِنْ وَرَقِ هَذِهِ الشَّجَرَةِ ".

واته: حەمماد لە ئیبراهیمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: دایە عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) دای بە لای دارێکاو فەرمووی: ئای خۆزگایە من گەڵایەکی ئەم دارە بوایەم.

٩١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ وَكِيعٍ، حَدَّثَنِي أَبِي، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ مُسْلِمٍ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ بْنِ مَيْسَرَةَ، عَنْ عَبْدِ بْنِ سَعِيدٍ، عَنْ عَائِشَةَ أَنَّهَا سُئِلَتْ عَنْ سَيْرِهَا، فَقَالَتْ: كَانَ قَدَرًا ".

واته: لە موحەممەدی کوڕی موسلیمەوە؛ ئەویش لە ئیبراهیمی مەیسەرەوە؛ ئەویش لە عەبدی کوڕی سەعیدەوە ئەویش لە دایە عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە لە بارەی ڕۆیشتنەکەیەوە پرسیاری لێ کرا؛ فەرمووی: قەزا و قەدەر بوو.

٩٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا شَيْخٌ مِنْ بَنِي تَمِيمٍ يُقَالُ لَهُ: أَبُو هَزَّارٍ قَالَ: قَالَتْ لِيَ أُمُّ الدَّرْدَاءِ: أَبَا هَزَّارٍ، أَلَا أُحَدِّثُكَ مَا يَقُولُ الْمَيِّتُ عَلَى سَرِيرِهِ؟ قَالَ: قُلْتُ: بَلَى، قَالَتْ: فَإِنَّهُ يُنَادِي يَا أَهْلَاهُ وَيَا جِيرَانَاهُ وَيَا حَمَلَةَ سَرِيرَاهُ، لَا تَغُرَّنَّكُمُ الدُّنْيَا كَمَا غَرَّتْنِي، وَلَا تَلْعَبَنَّ بِكُمْ كَمَا لَعِبَتْ بِي، فَإِنَّ أَهْلِي لَمْ يَحْمِلُوا عَنِّي مِنْ وِزْرِي شَيْئًا، وَلَوْ حَاطُّونَ الْيَوْمَ عِنْدَ اللهِ لَحَجُّونِي، قَالَتْ أُمُّ الدَّرْدَاءِ: الدُّنْيَا أَسْحَرُ لِقَلْبِ الْعَبْدِ مِنْ هَارُوتَ وَمَارُوتَ، وَمَا آثَرَهَا عَبْدٌ قَطُّ إِلَّا أَصْرَعَتْ خَدَّهُ".

واته: جەعفەر لە پیاوێکی بەنی تەمیمییەوە کە پێی دەگوترا: باوکی هەززار؛ دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: دایکی دەردا پێی گوتم: باوکی هەززار! دەتەوێ پێت بڵێم مرۆڤی مردوو لەسەر تابوتەکەی چی دەڵێ؟ گوتم: ئەرەوەڵڵا! فەرمووی: ئەو مردووە بانگ دەکات و دەڵێ: ئەی کەسوکار! دەرو دراوس! جیرانەکان! ئەی ئەوانەی کە تابوتەکەم هەڵدەگرن! دونیا ئێوەش نەخاپێنێ وەک چۆن منی خاپاند؛ دونیا گاڵتەتان پێ نەکات وەک چۆن گاڵتەی بەمن کرد؛ ئەوەتا ماڵ و منداڵەکەم تاوانێکی منیان لە ئەستۆی خۆیان نەگرت؛ ئەگەر ئەمڕۆ تاوانێکی منیان لە ئەستۆی خۆیان گرتبا؛ ئەوا لەگەڵما دەهاتنە خزمەت خودا.. دایکی دەردا فەرمووی: دونیا بۆ جادو کردن لە دڵی مرۆڤ لە هاروت و ماروت جادوگەرترە؛ هەر کەسێ دونیا هەڵبژێرێت بەسەر قیامەتا؛ ئەوا دونیا لوتی ئەو کەسە بە خۆڵەوە دەدات.

٩٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، قَالَ: حَدَّثَتْنِي خَدِيجَةُ أُمُّ مُحَمَّدٍ، سَنَةَ سِتٍّ وَعِشْرِينَ وَمِائَتَيْنِ، وَكَانَتْ تَجِيءُ إِلَى أَبِي، فَتَسْمَعُ مِنْهُ وَتُحَدِّثُنَا، قَالَتْ: حَدَّثَنَا إِسْحَاقُ الْأَزْرَقُ، حَدَّثَنِي الْمَسْعُودِيُّ، عَنْ عَوْنِ بْنِ عَبْدِ اللهِ قَالَ: كُنَّا نَجْلِسُ إِلَى أُمِّ الدَّرْدَاءِ، فَنَذْكُرُ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ عِنْدَهَا، فَقَالُوا: لَعَلَّنَا قَدْ أَمْلَلْنَاكِ؟ قَالَتْ: تَزْعُمُونَ أَنَّكُمْ قَدْ أَمْلَلْتُمُونِي، فَقَدْ طَلَبْتُ الْعِبَادَةَ فِي كُلِّ شَيْءٍ، فَمَا وَجَدْتُ شَيْئًا أَشْفَى لِصَدْرِي وَلَا أَحْرَى أَنْ أُصِيبَ بِهِ الدِّينَ مِنْ مَجَالِسِ الذِّكْرِ ".

واتە: مەسعودی لە عەونی کوڕی عەبدوڵڵاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئێمە دەچوینە خزمەت دایکی دەرداو لە خزمەتیا دادەنیشتین؛ لەوێ لە لای ئەوا یادی خوای گەورەمان دەکردەوە؛ جا جارێک پێیان گوت: لەوانەیە ئێمە تووشی بێزاریت بکەین؟ فەرمووی: پێتان وایە ئێوە من تووشی بێزاری دەکەن؛ من لە هەموو شتێک دەکەم بە خواپەرستی؛ بەڵام نەمدیوە هیچ شتێک لە کۆڕو مەجلیسی زیکر زیاتر دەرمان بێت بۆ دڵ و شیاوی ئەوەبێ کە دینارییی پێ بکەم!

زوهد و پارسایی عەلیی کوڕی حوسەین (خوای لێ ڕازی بێت)

٩٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ شَيْبَةَ بْن نَعَامَةَ قَالَ: كَانَ عَلِيُّ بْنُ الْحُسَيْنِ عَلَيْه السَّلَامُ يَبْخَلُ، فَلَمَّا مَاتَ وَجَدُوهُ يَعُولُ مائَةَ أَهْلِ بَيْت بِالْمَدينَة، قَالَ جَرِيرٌ في الْحَديث أَوْ مَنْ قَبْله: إِنَّهُ حينَ مَاتَ وَجَدُوا بِظَهْرِه آثَارًا مِمَّا كَانَ يَحْمِلُ الْجُرُبَ بِاللَّيْلِ لِلْمَسَاكِين ".

واتە: جەریر لە شەیبەی کوڕی نەعامەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەلیی کوڕی حوسەین ڕژدو دەست قوچاو بوو؛ دوای ئەوەی مرد زانییان کە خەرجیی سەد ماڵی مەدینە ئەو دابینی کردووە.. جەریر لە قسەیەکەیا یان پێش لەوە فەرمووی: کاتێ مردووە و شۆردویانە دەبینن شەوانە ئەوەندە کۆڵی هەڵگرتووە و دابەشی کردووە بەسەر ماڵاتا؛ پشتی هەمووی شین و مۆر بووەتەوە.

(بە کورتی عەلیی کوڕی حوسەین بە بەرچاوی هیچ کەسەوە هیچی نەبەخشیوە و خەڵك وایانزانیوە ڕژدو دەست قوچاوە؛ دوای ئەوەی کە مردووە بۆیان دەرکەوتووە خەرجیی سەد ماڵە هەژاری مەدینەی کێشاوە و شەوانە خۆی بە پشتی خۆی شتی هەڵگرتووە و بەسەر ماڵەکانیدابەش کردووە و کاتێ مردووە و ئاسەواری ئەو کۆڵ هەڵگرتنە بەسەر پشتیەوە دیار بووە).

٩٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَمْرُو بْنُ مُحَمَّد النَّاقدُ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ قَالَ: قَالَ الزُّهْرِيُّ: لَمْ أَرَ هَاشِميًّا أَفْضَلَ مِنْ عَلِيِّ بْنِ الْحُسَيْنِ صَلَوَاتُ الله عَلَيْهِمْ أَجْمَعِينَ ".

واتە: سوفیانی کوڕی عویەینە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: زوهری فەرمووی: هیچ کەسێکم نەدیوە لە بنەماڵەی هاشما هێندەی عەلیی کوڕی حوسەین چاک و بەڕێز بێت.

٩٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ أَشْكَابَ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدٌ، حَدَّثَنَا أَبو الْمِنْهَالِ الطَّائِيُّ، أَنَّ عَلِيَّ بْنَ حُسَيْنٍ كَانَ إِذَا نَاوَلَ السَّائِلَ الصَّدَقَةَ قَبَّله، ثُمَّ نَاوَله.

واتە: موحەممەد دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: باوکی مینهالی تائي بۆی گێڕاینەوە کە عەلیی کوڕی حوسەین عادەتی وا بوو کاتێ شتی بە هەژار و دەرۆزەکەرێک دەدا؛ سەرەتا ماچی دەکرد دوایی شتەکەی پێدەدا.

٩٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ حُمَيْد، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنِ الْفُضَيْلِ بْنِ غَزْوَانَ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ الْحُسَيْنِ قَالَ: مَنْ ضَحِكَ ضَحِكَةً مَجَّ مَجَّةً مِنَ الْعِلْمِ ".

واتە: جەریر لە فوزەیلی کوڕی غەزوانەوە ئەویش لە عەلیی کوڕی حوسەینەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ پێبکەنێ بە پێکەنین (واتە: دەنگی لێ بێت و وەک قاقای لێ بێت) ئەوە پڕ بەدەمی خۆی زانستی تفیوەتەوە.

٩٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا أَبو الْمِنْهَالِ الطَّائِيُّ، قَالَ: رَأَيْتُ عَلِيَّ بْنَ الْحُسَيْنِ يُنَاوِلُ الْمِسْكِينَ بِيَدِه ".

واتە: وەکیع لە باوکی مینهالەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەلیی کوڕی حوسەینم بینی خۆی بە دەستی خۆی خێری دەهێناو دەیدا بە هەژاران.

٩٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ أَبي حَمْزَةَ الثُّمَالِيِّ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ الْحُسَيْنِ، أَنَّهُ كَانَ يَحْمِلُ الْجِرَابَ فِيهِ الْخُبْزُ، وَيَقُولُ: إِنَّ صَدَقَةَ اللَّيْلِ تُطْفِئُ غَضَبَ الرَّبِّ عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: سوفیانی کوڕی عویەینە لە باوکی حەمزەی ثومالییەوە ئەویش لە عەلیی کوڕی حوسەینەوە دەگێڕێتەوە کە خۆی کۆڵ هەڵدەگرت و لەناو کۆڵەکەدا نان هەبوو؛ دەیفەرموو: بەڕاستی خێرو سەدەقەی شەوانە تووڕەیی خوای گەورە دادەمرکێنێتەوە.

٩٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مُوسَى الْأَنْصَارِيُّ، حَدَّثَنَا يُونُسُ بْنُ بُكَيْر، عَنْ مُحَمَّد بْنِ إِسْحَاقَ، قَالَ: كَانَ نَاسٌ مِنَ أَهْلِ الْمَدِينَة يَعِيشُونَ مَا يَدْرُونَ مِنْ أَيْنَ كَانَ مَعَاشُهُمْ، فَلَمَّا مَاتَ عَلِيُّ بْنُ الْحُسَيْنِ رَحِمَهُ الله فَقَدُوا مَا كَانُوا يُؤْتَوْنَ بِه بِاللَّيْل ".

واتە: یونسی کوڕی بوکەیر لە موحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کۆمەڵە خەڵکێکی شاری مەدینە بژێوییان بۆ دابین دەکراو کەس نەیدەزانی کێ دابینی دەکات و چۆن دابین دەبێ؛ دوای ئەوەی عەلیی کوڕی حوسەین لە دونیا دەرچو ئیتر ئەو بژێوییە نەما کە شەوانە بۆیان دەهات؛ خەڵکەکە زانییان ئەوە عەلیی کوڕی حوسەین بووە کە شەوانە گەڕاوە بەسەریاناو خواردنی بۆ بەجێ هێشتوون.

٩٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا ابْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ مِسْعَر قَالَ: قَالَ لِيَ عَبْدُ الأَعْلى التَّيْمِيُّ: إِنَّ مَنْ أُوتِيَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لاَ يُبْكِيه لَخَلِيقٌ أَنْ لاَ يَكُونَ أُوتِيَ مِنْهُ عِلْمًا يَنْفَعُهُ ".

واتە: کوڕی عوەیەینە لە میسعەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدولئەعلای تەیمی پێی گوتم: ئەو کەسەی کە زانستی هەیە و نایگرێنێ (واتە: قیامەتی بیر ناخاتەوە و بەو هۆیەوە ناگری) ئەوە باشتر وایە پێی بڵێن: زانستی بەسودی نییە!

٩٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا ابْنُ عُيَيْنَةَ، وا بوو أُسَامَةَ، عَنْ مِسْعَر قَالَ: كَانَ عَبْدُ الأَعْلَى التَّيْمِيُّ يَقُولُ فِي سُجُوده: رَبِّ زِدْنَا لَكَ خُشُوعًا كَمَا زَادَ أَعْدَاؤُكَ نُفُورًا، وَلاَ تَكُبَّنَّ وُجُوهَنَا فِي النَّارِ مِنْ بَعْدِ السُّجُودِ لَكَ ".

واتە: کـوڕی عـوەیەینە و بـاوکی ئوسـامە لە مسـیعەرەوە دەگێـڕنەوە فەرمـوویەتی: عەبدولئەعلای تەییمی لە ناو سەجەکانیا دەیفەرموو: خوایە ملکەچیمان بۆ خۆت؛ بۆ زیاد بکە؛ وەک چۆن دوژمنەکانت ڕق و کینەیان زیاد دەبێ؛ خوایە دوای ئەوەی سەجدەمان بۆ تۆ برد؛ ئیتر دەموچاومان بە ئاگر مەسوتێنە.

٩٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ عُمَرَ الْقَوَارِيرِيُّ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْد الله بْن الزُّبَيْر، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ يَحْيَى بْن هَانِئ قَالَ: إِنَّ الشَّهِيدَ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ وَهُوَ شَاهِرٌ سَيْفَهُ ".

واتە: موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: سوفیان لە یەحیای کوڕی هانییەوە بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: بەڕاستی مرۆڤی شەهید دەچێتە بەهەشتەوە و لەو کاتەدا کە دەچێتە بەهەشتەوە شمێرەکەی هەڵکێشاوە و بەرزی کردووەتەوە.

٩٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا سُرَيْجٌ، حَدَّثَنَا خَلَفٌ، عَنْ مَنْصُور بْن زَاذَانَ قَالَ: الهَمُّ وَالْحَزَنُ يَزِيدُ فِي الْحَسَنَاتِ، وَالإِثْمُ وَالْبَطَرُ يَزِيدُ فِي السَّيِّئَاتِ ".

واتە: سورەیج دەفەرموێت: خەلەف لە مەنصوری کوڕیزازانەوە بۆی گێڕاینەوە فەرموویەتی: خەم و خەفەت چاکە زۆر دەکەن؛ خراپە و سەرکێشیش تاوان زیاد دەکەن.

٩٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا سُرَيْجٌ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ الْفُضَيْلِ بْن غَزْوَانَ، عَنْ أَبِيه قَالَ: دَخَلَتْ عَلَى كُرْز بِنْتُهُ، فَإِذَا عِنْدَهُ مصْلاَةٌ قَدْ مَلأَهَا تِبْنًا، وَبَسَطَ عَلَيْهَا كسَاءً منْ طُول الْقيَام، وكَانَ يَقْرَأُ الْقُرْآنَ فِي الْيَوْم وَاللَّيْل ثَلاَثَ مَرَّات، وَله عُودٌ في الْمحْرَاب يَعْتَمدُ عَلَيْه إِذَا نَعَس، قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ الْفُضَيْلِ عَنْهُ أَوْ عَنْ أَبِيه قَالَ: وَكَانَ كُرْزٌ إِذَا خَرَجَ أَمَرَ بِالْمَعْرُوف؛ فَيَضْرِبوونَه حَتَّى يُغْشَى عَلَيْه ".

واتە: موحەممەدی کوڕی فوزەیل لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کچێکی کورز هات بۆ لای کورزی باوکی؛ دەبینێ داوێکی لایە (داوی ڕاو کردن و نێچیر گرتن) پڕی کردووە لە کا؛ لەسەر ئەوەش پۆشاکێکی ڕاخستووە هێندەی بالآی مرۆڤێک دەبوو؛ هەموو شەوو ڕۆژێک سێجار قورئانی بەسەرا دەخوێند؛ لە میحرابەکەیشا دارێکی هەبوو ئەگەر خەوی هاتبا بە کۆمەکی ئەو دارە هەڵدەستایەوە.. موحەممەدی کوڕی فوزەیل لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کورز عادەتی وا بوو لە ماڵ دەرچوبا بۆ ناو خەڵك؛ فرمانی بە چاکە دەکردو خەڵکەکەش ئەوەندەیان لێدەدا تا دەبورایەوە.

٩٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنِ ابْنِ شُبْرُمَةَ قَالَ: صَحِبْتُ كُرْزًا في سَفَر، فَكَانَ إِذَا مَرَّ بِبُقْعَة نَظِيفَة نَزَلَ فَصَلَّى ".

واتە: سوفیان لە کوڕی شوبرومەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: لە سەفەرێکا بووم بە هاوسەفەرو هاوڕێی کورز؛ بماندایە بە لای هەر شوێنێکی پاکدا؛ کورز دادەبەزی و دەچو نوێژێکی لەو شوێنەدا دەکرد.

٩٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مُوسَى الأَنْصَارِيُّ، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ مُسْلم، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَبْد الْعَزِيز قَالَ: قُلْتُ لمَعْرُوف بْنِ هَانئ: أَرَى لسَانَكَ لاَ يَفْتُرُ منْ ذكْر الله عَزَّ وَجَلَّ، فَكَمْ تُسَبِّحُ فِي كُلِّ يَوْم؟ قَالَ: مائَتَيْ أَلْفَ مَرَّة إِلاَّ أَنْ تُخْطِئَ الأَصَابِعُ ".

واتە: وەلیدی کوڕی موسلیم لە سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیزەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بە مەعروفی کوڕی هانیم گوت: ئوە چییە دەبینم زمانت لە یاد و زیکری خوای

گەورە مانوو نابێت؟ تۆ لە شەوو ڕۆژێکا چەند جار تەسبیحات دەکەیت؟ فەرمووی: دوسەد هەزار جار؛ مەگەر پەنجەکانم لێم تێک بدەن و باش هەژماریان نەکەم.

٩٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مَعْمَر، عَنْ سُفْيَانَ بْن عُيَيْنَةَ قَالَ: لَيْسَ الْعَالِمُ الَّذي يَعْرفُ الْخَيْرَ منَ الشَّرِّ، إنَّمَا الْعَالِمُ الَّذي يَعْرِفُ الْخَيْرَ، فَيَتَّبِعُهُ وَيَعْرِفُ الشَّرَّ فَيَجْتَنِبُهُ ".

واتە: لە سوفیانی کوڕی عویەینەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: زانا ئەوکەسە نییە کە چاکەو خراپە لێک دەکاتەوە؛ بەڵکوو زانا ئەو کەسەیە دەزانێ خێر کامەیەو شوێنی دەکەوێت و دەزانێ خراپەش کامەیە لێی دوور دەکەوێتەوە.

٩٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا سُرَيْجُ بْنُ يُونُسَ، حَدَّثَنَا عُبَيْثَةُ، عَنْ عَبْد الْوَاحد، عَنْ مَالك بْن مغْوَل، عَنْ عَبْد الْعَزيز بْن رَفيع قَالَ: إذَا عُرجَ برُوح الْمُؤْمن إلَى السَّمَاء قَالَت الْمَلائكَةُ عَلَيْهِمُ السَّلَامُ: سُبْحَانَ الَّذي نَجَّى هَذَا الْعَبْدَ منَ الشَّيْطَان، يَا وَيْحَهُ كَيْفَ نَجَا؟ ".

واتە: لە عەبدولواحیدەوە؛ ئەویش لە مالیکی کوڕی میغوەلەوە ئەویش لە عەبدولعەزیزی کوڕی ڕەفیعەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: کاتێ ڕۆحی مرۆڤی باوەڕدار بەرز دەکرێتەوە و بۆ ئاسمان؛ فریشتەکان (سڵاوی خوایان لەسەر بێت) دەفەرموون: پاك و بێگەردی بۆ خوای گەورە کە ئەم بەندەیەی لە دەستی شەیتان ڕزگار کرد؛ ئەی هاوار چۆن ڕزگاری بو؟

٩٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا شُرَيْح، حَدَّثَنَا مُبَارَكُ بْنُ سَعيد، عَنْ مَنْصُور في قَوْل الله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا﴾ القصص: ٧٧، قَالَ: لَيْسَ هُوَ عَرَضٌ منْ عَرَض الدُّنْيَا، وَلَكنْ نَصيبُكَ عُمْرُكَ أَنْ تُقَدِّمَ فيه لآخرَتكَ ".

واتە: موبارەکی کوڕی سەعید لە مەنصورەوە دەگێڕێتەوە کە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا﴾دا فەرموویەتی: ئەوە مەبەست لە (نصیب) شتی دونیایی نییە؛ بەڵکوو مەبەست لە (نصیب) تەمەنە کە تێیدا کار بۆ قیامەت پێشکەش بکەیت.

٩٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا جَريرٌ، عَنْ رَجُل، عَنْ لَيْث، عَنْ مُجَاهد: ﴿وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ﴾ مريم: ٣١ قَالَ: مُعَلِّمَ الْخَيْرِ ".

واتە: پیاوێک لە لەیثەوە ئەویش لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە کە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ﴾دا فەرموویەتی: ئەوە فێرکار و مامۆستای خێرو چاکەیە.

٩٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ قَالَ: حَدَّثَنِي أَبو حَفْص، عَن الأَوْزَاعِيِّ قَالَ: رَأَيْتُ عُبَيْدَ بْنَ أَبِي لُبَابَةَ يَطُوفُ بِالْبَيْتِ وَهُوَ ضَعِيفٌ، فَقُلْتُ له: لَوْ رَفَقْتَ بِنَفْسِكَ، فَقَالَ: إِنَّ الْمُؤْمِنُ بِالتَّحَامُلِ ".

واتە: باوکی حەفص لە ئەوزاعییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عوبەیدی کوڕی باوکی **لوبابەم بینی بەدەورەی کەعبەدا تەوافی دەکرد؛ عوبەید زۆر لاواز بوو؛** منیش گوتم: ئەوە **بۆ بەزەییت بە خۆتا نایەتەوە؟ فەرمووی: بەڕاستی مرۆڤی باوەڕدار بەحەوسەڵەیەو زۆر دەکات لە خۆی بۆ کردنی کاری چاکە.**

٩٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ الْمِصْرِيُّ قَالَ: حَدَّثَنِي أَبو مِسْهَر، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ، عَنْ يُونُسَ بْنِ مَيْسَرَةَ بْنِ حَلْبَس، قَالَ: مَكْتُوبٌ فِي اللَّوْحِ بَيْنَ يَدَيْ الله عَزَّ وَجَلَّ: إِنِّي أَنَا الله لاَ إِله إِلاَّ أَنَا الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ، أَرْحَمُ وَأَتَرَحَّمُ، سَبَقَتْ رَحْمَتِي غَضَبِي وَعَفْوِي عُقُوبَتِي، وَأَذِنْتُ لِمَنْ جَاءَ بِوَاحِدَةٍ مِنْ ثَلاَثِينَ وَثَلاَثِمِائَةٍ أَنْ أُدْخِله الْجَنَّةَ ".

واتە: حەسەنی کوڕی عەبدولعەزیزی میصری گێڕایەوە فەرمووی: باوکی میسهەر لە سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیزەوە گێڕایەوە؛ ئەویش لە یونسی کوڕی مەیسەرەوە فەرموویەتی: لە تەتەڵەیەکا کە لە خزمەت خوای گەورەدایە نووسراوە: بەڕاستی من زاتی الله م جگە لە من هیچ خودایەکیتر نییەو خاوەنی سۆزو بەزەییم؛ بەسۆزم و سۆزو بەزەییم هەیە بۆ بەندەکان؛ سۆزو بەزەیی من پێش تووڕەبوونم کەوتووە؛ لێبوردەیی من پێش تۆڵەسەندنەوەم کەوتووە؛ مۆڵەتی ئەوەم داوە کە هەر کەسێ لەسەر یەکێ: لەو سێسەدو سییە بێت و بگەڕێتەوە بۆ لای من؛ دەیخەمە بەهەشتەوە.

(لەم ڕیوایەتەدا ڕوون نییە کە مەبەست لە سێیسەدوسی چییە؛ بۆیە دوای گەڕانێکی زۆر ئەم ئەسەرەم لە کتێبی (تاریخ دمشق)ی زانای پایەبەرز (ابن عساكر) دەست کەوت؛ ڕیوایەتەکە لەوێدا ئاوایە: (عن یونس بن میسرة بن حلبس قال: مکتوب في اللوح بین یدي الله تعالی: إني أنا الله لا إله إلا أنا الرحمن الرحیم، أرحم وأترحم، سبقت رحمتي غضبي، وعفوي عقوبتي، وأذنت لمن جاء بواحدة من ثلاثین وثلاثمائة <u>شریعة</u> أن أدخله جنتي) ئەو زیادەیە کە لێلادا هەیە و بریتیە لە وشەی (شریعة) ئەوەی لێ دەردەکەوێ کە شەریعەتەکان بە درێژایی مێژوو تا هاتنی ئایینی ئیسلام؛ سێسەدو سی شەریعەت بوون؛ هەر کەسێک باوەڕی بەو شەریعەتانە هێنابێ خوای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە؛ بەڵام بەو مەرجەی ئەو شەریعەتە نەسخ نەبوبێتەوە، ئەگینا پاش نەسخ بوونەوەیان باوەڕهێنان پێیان هیچ سودێکی نییە؛ کەواتە ئەگەر ئێستا کەسێکی کافر ببێ بە مەسیحی یان جولەکە هیچ سودێکی نییە؛ چونکە ئەو دوو ئایینە

نەسخ بوونەتەوە و تەنیا ئایینی ئیسلام ماوەتەوە و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُۗ﴾آل عمران: ١٩. خوداش زاناترە).

٩٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحُسَيْنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ قَالَ: سَمِعْتُ عُثْمَانَ بْنَ عَمْرٍو، أَنْبَأَنَا أَبُو عَفَّانَ قَالَ: سَمِعْتُ يَزِيدَ بْنَ تَمِيمٍ، يَقُولُ: مَنْ لَمْ يَرْدَعْهُ الْقُرْآنُ وَالْمَوْتُ، ثُمَّ تَنَاطَحَتِ الْجِبَالُ بَيْنَ يَدَيْهِ لَمْ يُرْدَعْ ".

واتە: عوسمانی کوڕی عەمر دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: باوکی عەففان فەرمووی: گوێم لە یەزیدی کوڕی تەمیم بوو دەیفەرموو: هەر کەسێ قورئان و مەردن ڕاینەچڵەکێنێت و نەیترسێنێ؛ ئەوا ئەگەر کێوەکانیش بەبەرچاویەوە شەڕە قۆچ بکەن؛ ناترسێ. (واتە: ئەگەر کەسێک پەند لە قورئان و مردن وەرنەگرێت؛ پەند لە شەڕەقۆچی کێوەکانیش وەرناگرێت).

٩٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ، حَدَّثَنَا أَيُّوبُ بْنُ سُوَيْدٍ، عَنْ أَبِي زُرْعَةَ قَالَ: خَطَبَ سُلَيْمَانُ إِلَى هَانِئِ بْنِ كُلْثُومٍ ابْنَتَهُ عَلَى ابْنِهِ أَيُّوبَ، وَهُوَ وَلِيُّ عَهْدٍ، فَأَبَى أَنْ يُزَوِّجَهُ، ثُمَّ انْصَرَفَ إِلَى أَهْلِهِ، فَدَعَا ابْنَ عَمٍّ لَهُ، فَزَوَّجَهُ، فَقَالَ سُلَيْمَانُ: أَمَا لَوْ أَرَادَ الدُّنْيَا لَزَوَّجَنَا ".

واتە: باوکی زورعە دەفەرموێت: سولەیمان داوای کچەکەی هانیی کوڕی کەلسومی کرد بۆ ئەییوبی کوڕی؛ ئەییوب وەلی عەهدی سولەیمان بوو؛ هانی ڕازی نەبوو کچەکەی بدات بە ئەییوب؛ هانی ڕۆیشتەوە و بانگی پسمامێک (ئامۆزایەک)ی خۆی کرد و کچەکەی خۆی لێ مارە کرد؛ دوایی سولەیمان گوتی: ئەوە هانی ئەگەر دونیای ویستبا کچەکەی بە ئەییوبی کوڕی من دەدا.

٩٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ الْمِصْرِيُّ، حَدَّثَنَا عَمْرُو بْنُ أَبِي سَلَمَةَ قَالَ: سَمِعْتُ سَعِيدَ بْنَ عَبْدِ الْعَزِيزِ قَالَ: لَا نَعْلَمُ أَحَدًا رَأَى حُورَ الْعِينِ عِيَانًا إِلَّا فِي الْمَنَامِ، إِلَّا مَا كَانَ مِنْ أَبِي مَخْرَمَةَ، فَإِنَّهُ دَخَلَ يَوْمًا لِحَاجَتِهِ، فَرَأَى حَوْرَاءَ فِي قُبَّتِهَا وَعَلَى سَرِيرِهَا، فَلَمَّا رَآهَا صَرَفَ وَجْهَهُ عَنْهَا، قَالَتْ: إِلَيَّ يَا أَبَا مَخْرَمَةَ؛ فَإِنِّي أَنَا زَوْجَتُكَ، وَهَذِهِ زَوْجَةُ فُلَانٍ، قَالَ: فَانْصَرَفَ إِلَى أَصْحَابِهِ، فَأَخْبَرَهُمْ، فَكَتَبُوا وَصَايَاهُمْ، فَلَمْ يَكْتُبْ أَحَدٌ وَصِيَّتَهُ إِلَّا اسْتُشْهِدَ ".

واتە: عەمری کوڕی باوکی سەلەمە دەفەرموێت: گوێم لە سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیز بوو دەیفەرموو: نەمانبیستووە هیچکەسێک بە چاوی سەر حۆریی دیبێت؛ مەگەر بە خەو؛

تەنیا باوکی مەخرەمە نەبێت؛ باوکی مەخرەمە ڕۆژێک بۆ پێویستیی خۆی ڕۆیشت؛ دەبینێ۔ حۆرییەک لەناو ژوورەکەیەتی لەسەر سەرین و نوێنەکەیەتی؛ کاتێ حۆرییەکە چاوی بە باوکی مەخرەمە کەوت ڕوی لێ وەرگێڕاو گوتی: باوکی مەخرەمە وەرە بۆ لام؛ من لەو دونیا ژنی تۆم؛ ئەمەش ژنی فلانە کەسە.. جا باوکی مەخرەمە ڕۆیشت بۆ لای هاوڕێکانی و ئەوەی بۆ گێڕانەوە؛ ئەوانیش ئامۆژگارییەکانی باوکی مەخرەمەیان نووسییەوە؛ جا هەر کەسێ ئامۆژگارییەکانی نووسییەوە بە شەهیدی ڕۆیشت و شەهید بوو.

٩٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ، حَدَّثَنَا أَيُّوبُ، عَنِ الْأَوْزَاعِيِّ قَالَ: لَمْ يَكُنْ بِالشَّامِ رَجُلٌ يَفْضُلُ عَلَى ابْنِ أَبِي زَكَرِيَّا قَالَ: عَالَجْتُ لِسَانِي عِشْرِينَ سَنَةً قَبْلَ أَنْ يَسْتَقِيمَ لِي ".

واتە: ئەیوب لە ئەوزاعییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە شام هیچ پیاوێک نەبوو کە لە عەلیی کوڕی باوکی زەکەریا باشتر بێت؛ فەرمووی: بیست ساڵ پێش ئەوەی زمانم بێتە سەربارو ڕێک ببێ؛ خەریکی دەرمان کردنی زمانم بووم (واتە: بیست ساڵ ڕاهێنانی کردووە و هەوڵ و کۆششی داوە تا زمانی هاتۆتە سەربارو گەیشتووەتە ئاستێ کە هیچ قسەیەکی وای پێ نەکات بە تاوان لەسەری هەژمار بکرێت).

٩٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي هُدْبَةُ بْنُ خَالِد، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ الْمُغِيرَة، عَنْ حُمَيْد بْن هلَال، عَنْ خَالِد بْن عُمَيْر قَالَ: خَطَبَ عُتْبَةُ بْنُ غَزْوَانَ، فَحَمِدَ الله، ثُمَّ قَالَ: أَمَّا بَعْدُ، فَإِنَّ الدُّنْيَا قَدْ آذَنَتْ بِصَرْمٍ، وَوَلَّتْ حَذَّاءَ، وَإِنَّ مَا بَقِيَ مِنْهَا صَبَابَةٌ كَصَبَابَةِ الْإِنَاءِ يَتَصَابُّهَا أَحَدُكُمْ، وَإِنَّكُمْ مُنْتَقِلُونَ إِلَى دَارٍ لَا زَوَالَ لها، فَانْتَقِلُوا مِنْهَا بِخَيْرِ مَا يَحْضُرُ مِنْكُمْ، وَلَقَدْ بَلَغَنِي أَنَّ الْحَجَرَ يَهْوَى مِنْ شَفِيرِ جَهَنَّمَ فَمَا يَبْلُغُ لها قَعْرًا سَبْعِينَ عَامًا، وَايْمُ الله لَتُمْلَأَنَّ، أَفَعَجِبْتُمْ، وَلَقَدْ ذُكِرَ لِيَ أَنَّ مَا بَيْنَ مَصْرَاعَيِ الْجَنَّةِ مَسِيرَةُ أَرْبَعِينَ سَنَةً، وَلَيَأْتِيَنَّ عَلَيْهِ يَوْمٌ وَهُوَ كَظِيظُ الزِّحَامِ، وَلَقَدْ رَأَيْتُنِي وَأَنَا سَابِعُ سَبْعَةٍ مَعَ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَا لَنَا طَعَامٌ إِلَّا وَرَقُ الشَّجَرِ، حَتَّى قَرِحَتْ مِنْهُ أَشْدَاقُنَا، وَلَقَدْ الْتَقَطْتُ بُرْدَةً فَشَقَقْتُهَا بَيْنِي وَبَيْنَ سَعْدٍ، فَاتَّزَرْتُ بِنِصْفِهَا، وَاتَّزَرَ سَعْدٌ بِنِصْفِهَا، فَمَا مِنَّا الْيَوْمَ حَيٌّ إِلَّا أَصْبَحَ أَمِيرَ مِصْرٍ مِنَ الْأَمْصَارِ، فَأَعُوذُ بِاللهِ أَنْ أَكُونَ عَظِيمًا فِي نَفْسِي صَغِيرًا عِنْدَ الله، وَأَنَّهَا لَمْ تَكُنْ نُبُوَّةٌ إِلَّا تَنَاسَخَتْ حَتَّى تَكُونَ عَاقِبَتُهَا مُلْكًا، وَسَتَبْلُوْنَ وَتُجَرِّبُونَ الْأُمَرَاءَ بَعْدَنَا ".

واتە: حومەیدی کوڕی هیلال لە خالیدی کوڕی عومەیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عوتبەی کوڕی غەزوان وتاری داو سەرەتا سوپاسی خوای گەورەی کرد و دوایی فەرمووی:

پاش سوپاس و ستایشی خودا: بەڕاستی دونیا پچڕاو ڕۆیی؛ ئەوەی کە لە دونیا ماوەتەوە وەکوو ئاوی پاشماوەی ناو مەنجەڵ وایە کاتێ تێیدا دەمێنێتەوە و دەیڕێژن؛ ئێوە لەم دونیایە دەڕۆن بۆ دونیایەک کە هەرگیز کۆتایی نایەت؛ هەرچەندە بۆتان دەکرێت بە چاکەوە بڕۆن؛ من بیستوومە کە بەردێک لە ڕۆخ کەناری دۆزەخەوە دەکەوێتە ناو دۆزەخ (دۆزەخ هێندە قووڵە) ئەو بەردە بە حەفتا ساڵ ناگاتە ناو قولایی دۆزەخەوە؛ سوێند بەخوا بە ئێوە دۆزەخ پڕ دەکرێتەوە؛ پێتان سەیرە؟ من بۆم باسکراوە کە نێوان ئەملاولای دەرگای بەهەشت ماوەی چل ساڵ ڕێگایە؛ ئێوە ڕۆژێک دەچنە بەهەشتەوە و دەبینن زۆر قەرەباڵغە؛ من حەوتەم کەسبوم لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) (باوەڕم هێنا) ئێمە خواردن نەبوو بیخۆین جگە لە گەڵای دار! ئەوەندەمان خواردبوو کە لاکەلاوەمان بڕابوونەوە (واتە: ئەملاولای دەمیان شەق ببوو خوێنی لێ دەهات) من مەوجێکم (چەرچەفێکم) هەبوو کردم بە دوو کەرتەوە و کەرتێکم دا بە سەعد؛ من خۆم نیوەییم پێچا بە لە ناوك بەرەوخوارمەوە و ئەویش نیوەی پێچا بە ناوك بەرەوخوارەوەی.. ئێستا هەر کەسێک لە ئێمە زیندوو بێت و مابێت بووە بە سەرکردەو بەڕێوەبەری یەکێک لە شارەکان؛ بۆیە من پەنا بەخوا دەگرم لەوەی کە بە لای خۆمەوە گەورە بم و بە لای خوای گەورەوە بچووک و بێنرخ بم؛ پێغەمبەرایەتی کۆتایی هات و تەواو بوو؛ دوای پێغەمبەرایەتی ئیتر پادشایی دێت؛ ئێوەش تووشی تاقیکردنەوە و دەبن و دوای ئێمە دەسەلاتداران دەئەزموون.

٩٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا دَاوُدُ بْنُ عَمْرو، حَدَّثَنَا حَسَّانُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، عَنْ سَعِيد يَعْنِي ابْنَ مَسْرُوق عَنْ عَمْرو بْن مُرَّةَ، عَنْ عَدِيِّ بْن حَاتِم قَالَ: إِنَّكُمُ الْيَوْمَ فِي زَمَانٍ مَعْرُوفُهُ مُنْكَرٌ، زَمَانٌ قَدْ مَضَى، وَمُنْكَرُهُ مَعْرُوفٌ زَمَانٌ يَأْتِي ".

واتە: لە عەمری کوڕی موڕڕەوە دەگێڕنەوە ئەویش لە عەدیی کوڕی حاتەمەوە فەرموویەتی: ئێوە ئەمڕۆ لە سەردەمێکدا دەژین کە تێیدا چاکە وەک خراپە سەیر دەکرێت؛ سەردەمێکی تێپەڕیوە؛ (واتە: سەردەمی چاکە تێپەڕیوە) لەم سەردەمەدا خراپەش وەک چاکە سەیر دەکرێت (سەردەمەکەی هاتووە).

٩٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مُوسَى الأَنْصَارِيُّ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ سَعْد بْنِ الْقَعْقَاع قَالَ: قَالَ عَدِيُّ بْنُ حَاتِم: مَا دَخَلَ وَقْتُ صَلاَة إِلاَّ وَأَنَا أَشْتَاقُ إِلَيْهَا ".

واتە: سوفیان لە سەعدی کوڕی قەعقاعەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەدیی کوڕی حاتەم فەرمووی: هیچ کاتێ کاتی نوێژ نەهاتووە و مەگەر ئەوەی کە من بەتاسەم بۆ ئەو نوێژە.

٩٤٩ - حَدَّثنَا عَبْدُ الله، حَدَّثنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبَّاد، حَدَّثنَا سُفْيَانُ، عَنْ سَعِيد بْنِ شَيْبَانَ، عَمَّنْ رَأَى عَدِيَّ بْنَ حَاتم يَفُتُّ الْخُبْزَ الْمُمَلَّ".

واتە: سوفیان لە سەعیدی کوڕی شەیبانەوە دەگێڕێتەوە ئەویش لە کەسێکەوە کە عەدیی کوڕی حاتەمی دیوە؛ عەدیی نانی زۆر ڕەق و کۆنی دەشکاندەوە (واتە: نانەڕەقەو پەلکە نانی دەشکاندەوە و ئەوە خواردنی بوو).

٩٥٠ - حَدَّثنَا عَبْدُ الله، حَدَّثنَا يَحْيَى بْنُ عُثْمَانَ الْحَرْبِيُّ، حَدَّثنَا أَبو الْمُلَيْح، عَنْ مَيْمُون قَالَ: نَظَرَ رَجُلٌ منَ الْمُهَاجرينَ إلَى رَجُل يُصَلِّي أَخَفَّ صَلَاتَهُ، فَعَاتَبَهُ، فَقَالَ: إني ذَكَرْتُ ضَيْعَةً لي، قَالَ: أَكْبَرُ الضَّيْعَة أَضَعْتَ ".

واتە: بـاوکی مـولەیح لە مەیمـونەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: پیـاوێکی کـۆچەری (موهاجیری) سەیری پیاوێکی کرد کە نوێژی دەکردو زۆر بە کورتی و بە خێرایی نوێژەکەی دەکرد؛ ئەویش لەسەر ئەو کارەی سەرکۆنەی کرد؛ پیاوەکە گوتی: ئاخر شێتکم لێ ونبووە لەناو نوێژەکەدا وەبیرم هاتەوە کە لە کوێدایە! پیاوە موهاجیریەکە فەرمووی: دەی گەورەترین شتیشت لەدەستدا!

٩٥١ - حَدَّثنَا عَبْدُ الله، حَدَّثنَا مُحَمَّدُ بْنُ يَزِيدَ الْكُوفيُّ الْعجْليُّ، حَدَّثنَا مُحَمَّدُ بْنُ فُضَيْل، حَدَّثنَا الصَّلْتُ بْنُ مَطَر، عَنْ قُدَامَةَ بْن حَمَاطَةَ ابْنَ أُخْت سَهْم بْن منْجَاب قَالَ: سَمعْتُ سَهْمَ بْنَ منْجَاب قَالَ: غَزَوْنَا مَعَ الْعَلَاء بْن الْحَضْرَميِّ دَارِينَ فَدَعَا بثَلَاث دَعَوَات، فَاسْتُجيبَ له فيهنَّ: نَزَلْنَا مَنْزِلاً، فَطَلَبَ الْمَاءَ أَنْ يَتَوَضَّأَ، فَلَمْ يَجدْهُ، فَقَامَ، فَصَلَّى رَكْعَتَيْن، وَقَالَ: اللهمَّ إنَّا عَبيدُكَ وَفي سَبيلكَ نُقَاتلُ عَدُوَّكَ، اللهمَّ اسْقنَا غَيْثًا نَتَوَضَّأُ منْهُ وَنَشْرَبُ، فَإذَا تَوَضَّأْنَا لَمْ يَكُنْ لأَحَد فيه نَصيبٌ غَيْرَنَا، فَسرْنَا قَليلاً فَإذَا نَحْنُ بمَاء حينَ أَقْلَعَتْ عَنْهُ السَّمَاءُ فَتَوَضَّأْنَا منْهُ، وَتَزَوَّدْنَا وَمَلَأْتُ أَدَوَاتي وَتَرَكْتُهَا مَكَانَهَا، حَتَّى أَنْظُرَ هَلْ اسْتُجيبَ له أَمْ لَا؟ فَسرْنَا قَليلاً ثُمَّ قُلْتُ لأَصْحَابي: نَسيتُ أَدَوَاتي، فَجئْتُ إلَى ذَلكَ الْمَكَان، فَكَأَنَّهُ لَمْ يُصبْ مَاءٌ قَطُّ، ثُمَّ سرْنَا حَتَّى أَتَيْنَا دَارينَ وَالْبَحْرُ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ، فَقَالَ: يَا حَليمُ، يَا عَليُّ، يَا عَظيمُ، إنَّا عَبيدُكَ وَفي سَبيلكَ نُقَاتلُ عَدُوَّكَ، اللهمَّ فَاجْعَلْ لَنَا إلَيْهِمْ سَبيلاً، فَتَقَحَّمَ بنَا الْبَحْرُ، فَخُضْنَا مَا بَلَغَ لَبُودَنَا، فَخَرَجْنَا إلَيْهِمْ، فَلَمَّا رَجعْنَا أَخَذَهُ وَجَعُ الْبَطْن، فَمَاتَ فَطَلَبْنَا مَاءً نُغَسِّله، فَلَمْ نَجدْهُ، فَلَفَفْنَاهُ في ثيَابه، وَدَفَنَّاهُ، فَسرْنَا غَيْرَ

بَعِيد، فَإِذَا نَحْنُ بِمَاءٍ كَثِيرٍ فَقَالَ بَعْضُنَا لِبَعْضٍ: لَوْ رَجَعْنَا فَاسْتَخْرَجْنَاهُ ثُمَّ غَسَّلْنَاهُ، فَرَجَعْنَا فَطَلَبْنَاهُ، فَلَمْ نَجِدْهُ، فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ: إِنِّي سَمِعْتُهُ يَقُولُ: يَا عَلِيُّ، يَا حَكِيمُ، يَا عَظِيمُ، اخْفِ عَلَيْهِمْ مَوْتِي أَوْ كَلِمَةً غَيْرَهَا وَلَا تُطْلِعْ عَلَى عَوْرَتِي أَحَدًا، فَرَجَعْنَاهُ وَتَرَكْنَاهُ".

واته: لەگەڵ عەلای حەزرەمیدا ڕۆیشتین بۆ ڕزگار کردنی دارین. جا دەفەرموێت: عەلا لەو سەفەرەدا سێ جار لە خوا پاڕایەوە و سێ داواکاری لە خوای گەورە هەبوو خوای گەورە هەرسێ داواکاریەکەی بۆ جێبەجێ کرد و نزاکانی گیرا کرد. سەهم دەڵێ: لەگەڵ عەلادا ڕۆیشتین و لە شوێنێک بەزین، داوای ئاوی دەستنوێژمان کرد بەڵام نەبوو، عەلا هەستا و دو ڕکات نوێژی کرد و دوایی لە خوا پاڕایەوە و گوتی: پەروەردگارا! ئێمە بەندەی تۆین، ئەوەتا لە پێناوی تۆدا هاتوین لەگەڵ دوژمنەکانتا بجەنگین، دەی بارانێکی بە پیت و بەرەکەتمان بۆ ببارێنە لێی بخۆینەوە و دەستنوێژی لێ بگرین و ئەگەر ئاوەکەشیان بەجێهێشت بەشی کەسیتری تێدا نەبێ جگە لە ئێمە. سەهم دەفەرموێت: زۆر نەرۆیشتین تەماشا دەکەین جۆگە ئاوێک لە ئاوی ئاسمان لە زەوی هەڵدەقوڵا، ئێمەیش ڕۆیشتینە سەر ئاوەکەو تێرمان لێ خواردەوە و من خۆم کوندەکەم پڕم کرد، دوایی کوندەکەم بەجێهێشت، دوایی لە دڵی خۆما گوتم: تەماشا دەکەم بزانم خوا نزاکەی عەلای گیرا کردووە؟ میلێک یان زیاتر یان کەمتر بوو ڕۆیشتین، من بە هاوڕێکانم گوت: من کوندەکەم لە بیر چوە. جا ڕۆیشتمەوە بۆ ئەو شوێنەی ئاوەکەی لێبوو، ئاوی چی؟ دەتگوت هەرگیز چۆڕێک ئاوی لێ نەبووە، ئیتر منیش کوندەکەم هێنایەوە.. کاتێکیش گەیشتینە دارین. دەریایەک لە نێوان ئێمەو دارینا بوو. دیسان عەلا لە خوا پاڕایەوە و فەرمووی: پەروەردگارا! یا حلیم و یا علي یا عظیم ئێمە بەندەی تۆین، ئەوەتا لە پێناوی تۆدا هاتوین لەگەڵ دوژمنەکانتا بجەنگین، دەی ڕێگایەکمان پیشان بدە با بگەینە دوژمنەکانت و لەگەڵیانا بجەنگین! دوایی عەلا ئێمەی برد بەسەر دەریاکەدا، بەخوا لە دەریاکە تێپەڕین و جل و کۆپانی وشترەکانم تەڕ نەبوو، دوای ئەوەی لە جەنگی دارین گەڕاینەوە عەلا تووشی زگە ئێشە بوو ئیتر مرد، ئێمەش ئاومان دەست نەکەوت بیشۆرین، هەر بە جل و پۆشاکەکانی خۆی کفنمان کرد و ناشتمان، زۆر نەرۆیشتین گەیشتین بە ئاوێکی زۆر، بە خۆمان گوت: با بگەڕێینەوە و تەرمەکەی عەلا دەربێنین و بیشۆین! گەڕاینەوە و زۆر بە دوای گۆڕەکەیا گەڕین، بەڵام لێمان وون بوو نەماندۆزییەوە، پیاوێک گوتی: من خۆم لە عەلام بیست داوای لە خوا دەکردو دەیفەرموو: پەروەردگارا! یا علي، یاحکیم، یا عظیم تەرمی من بشارەوە؛ با کەس (لە کاتی شۆردنی تەرمەکەما) عەورەتم نەبینێ. ئیتر ئێمەیش گەڕاینەوە و وازمان لێ هێنا.

٩٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ الْجَرَوِيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يُوسُفَ الدِّمَشْقِيُّ حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سُلَيْمَانَ عَنْ بِلَالِ بْنِ أَبِي الدَّرْدَاءِ أَنَّ أُمَّهُ عَثَّامَةَ كُفَّ بَصَرُهَا، فَدَخَلَ عَلَيْهَا ابْنُهَا يَوْمًا وَقَدْ صَلَّى، فَقَالَتْ: أَصَلَّيْتُمْ أَيْ بُنَيَّ؟ قَالَ: نَعَمْ، فَقَالَتْ:

عَثَّامُ مَالَكِ لَاهِيَهْ حَلَّتْ بِدَارِكِ دَاهِيَهْ
ابْكِي الصَّلَاةَ لِوَقْتِهَا إِنْ كُنْتِ يَوْمًا بَاكِيَهْ
وَابْكِ الْقُرَانَ إِذَا تُلِي قَدْ كُنْتِ يَوْمًا تَالِيَهْ
تَتْلِينَهُ بِتَفَكُّرٍ وَدُمُوعُ عَيْنِكِ جَارِيَهْ
فَالْيَوْمَ لَا تَتْلِينَهُ إِلَّا وَعِنْدَكَ تَالِيَهْ
لهفِي عَلَيْكِ صَبَابَةً مَا عِشْتُ طُولَ حَيَاتِيَهْ

واتە: موحەممەدی کوڕی سولەیمان لە بیلالی کوڕی ئەبودەرداوە دەگێڕێتەوە کە عەثثامەی دایکی کوێر بوو؛ ڕۆژێک کوڕەکەی ڕۆیشت بۆ لای و نوێژی کرد؛ عەثثامە گوتی: ڕۆڵە نوێژت کرد؟ کوڕەکەی گوتی: بەڵێ! عەثثامە گوتی: (ئەگەر گوێ نەدەینە تاك بە تاکی وشەکان؛ ماناکەی بە هۆنراوەیی ئاوایە):

عەثثامە ئەتۆ خۆشیت نەماوە ناخۆشی هات و ماڵی پڕ کردی
بگری بۆ نوێژت لە کاتی خۆیا ئەگەر تۆ ئەمڕۆ دەتەوێ بگری
گەر قورئان خوێنرا تێر تێر بۆی بگری تۆش ڕۆژێک هەبوو کە دەتکرد دەوری
بە ڕامانەوە قورئانت دەخوێند فرمێسك لە چاووت دەهات وەک هەوری
ئەمڕۆ ناتوانی قورئان بخوێنی مەگەر بخوێنرێ و تۆش هەر گوێ بگری
ئاخ و داخ بۆ تۆ ژینت نەماوە چەندە زوو ڕۆیی؛ نزیکی قەوری

٩٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ قَالَ: سَمِعْتُ عَمْرَو بْنَ أَبِي سَلَمَةَ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ قَالَ: مَا نَعْلَمُ أَحَدًا حَنَثَ فِي مَشْيٍ إِلَى مَكَّةَ فَوَفَى بِهِ إِلَّا عَثَّامَةَ أُمَّ بِلَالِ بْنِ أَبِي الدَّرْدَاءِ، فَإِنَّهَا حَنَثَتْ فَمَشَتْ إِلَى مَكَّةَ، فَأَنْفَقَتْ خَمْسَمِائَةِ دِينَارٍ".

واتە: عەمری کوڕی باوکی سەلەمە لە سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیزەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: نەمانبیستووە هیچ کەسێک سوێند بخوا لەسەر ڕۆیشتن بۆ مەککەو زاڵ بێت بەسەر خۆیاو سوێنەکەی نەشکێنێ؛ جگە لە عەثثامەی دایکی بیلالی کوڕی ئەبودەرداا؛ ئەو

سوێندی خواردو ڕۆیی بۆ مەککە؛ پێنجسەد دیناری کردە خەرجی (یان: لەوێ پێنجسەد دیناری کرد بەخێر).

٩٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا هشَامٌ، وَجَرِيرٌ، عَنْ مُغِيرَةَ، عَنْ سَلَمَةَ بْنِ يَحْيَى، عَنْ عَمَّتِه أُمِّ إِسْحَاقَ بِنْتِ طَلْحَةَ، قَالَتْ: كَانَ الْحَسَنُ بْنُ عَلِيٍّ عَلَيْهِ السَّلَامُ يَأْخُذُ بِنَصِيبِه مِنَ الْقِيَامِ مِنْ أَوَّلِ اللَّيْلِ، وَكَانَ الْحُسَيْنُ عَلَيْهِ السَّلَامُ يَأْخُذُهُ مِنْ آخِرِ اللَّيْلِ ".

واتە: موغیرە لە سەلەمەی کوڕی یەحیاوە ئەویش لە پوریەوە واتە: دایکی ئیسحاق کچی تەڵحە؛ فەرموویەتی: حەسەنی کوڕی عەلی (سەلامی خوای لەسەر بێت) بەشە شەونوێژی خۆی لە سەرەتای شەوا دەکرد؛ بەڵام حوسەینی کوڕی عەلی (سەلامی خوای لەسەر بێت) لە کۆتایی شەوا دەیکرد.

٩٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبو جَعْفَر مُحَمَّدُ بْنُ الْحُسَيْنِ بْنِ إِبْرَاهِيمَ بْنِ أَشْكَابٍ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ عَوْنٍ، قَالَ مِسْعَرٌ أَنْبَأَنَاهُ قَالَ: مَرَّ حُسَيْنُ بْنُ عَلِيٍّ عَلَيْهِ السَّلَامُ عَلَى مَسَاكِينَ، فَجَلَسَ إِلَيْهِمْ، ثُمَّ قَالَ: ﴿إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْتَكْبِرِينَ ۝٢٣﴾ النحل: ٢٣ ".

واتە: جەعفەری کوڕی عەون دەفەرموێت: میسعەر فەرمووی: حوسەینی کوڕی عەلی (سەلامی خوای لەسەر بێت) دای بە لای هەندێ هەژارا؛ ڕۆیشت و لەلایان دانیشت و دوایی ئەم ئایەتەی خوێندەوە (مانای ئایەتەکە) بەڕاستی خوای گەورە ئەوانەی خۆش ناوێ کە خۆیان بە گەورە و زل دەزانن.

٩٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا حَسَنُ بْنُ الصَّبَّاحِ الْبَزَّارُ، حَدَّثَنَا الْحَارِثُ بْنُ عَطِيَّةَ، عَنْ مَخْلَدِ بْنِ الْحُسَيْنِ، عَنِ ابْنِ جُرَيْجٍ قَالَ: كَانَ الْحَسَنُ بْنُ عَلِيٍّ لَا يَزَالُ مُصَلِّيًا مَا بَيْنَ الْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ، فَقِيلَ لَه فِي ذَلِكَ، فَقَالَ: إِنَّهَا نَاشِئَةُ اللَّيْلِ ".

واتە: حارثی کوڕی عەتییە لە مەخلەدی کوڕی حوسەینەوە ئەویش لە کوڕی جورەیجەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەسەنی کوڕی عەلی بەردەوام لە نێوان نوێژی شێوان و نوێژی خەوتنانا نوێژی دەکرد؛ پێیان گوت: ئەم نوێژانە چ نوێژێکن تۆ دەیانخوێنی؟ فەرمووی: ئەمە شەونخونی و خۆپێگەیاندنە لە شەوا.

٩٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا بَيَانُ بْنُ الْحَكَمِ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ حَاتِمٍ، حَدَّثَنِي بِشْرُ بْنُ الْحَارِثِ، حَدَّثَنَا خَالِدٌ الْوَاسِطِيُّ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَمْرٍو، عَنْ يَحْيَى بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ، عَنْ أَبِي وَاقِدٍ اللَّيْثِيِّ قَالَ: تَابَعْنَا الْأَعْمَالَ، فَلَمْ نَجِدْ عَمَلًا أَبْلَغَ فِي طَلَبِ الْآخِرَةِ مِنَ الزَّهَادَةِ فِي الدُّنْيَا ".

واتە: بیشری کوڕی حارث لە خالیدی واسیتییەوە گێڕایەوە؛ ئەویش لە موحەممەدی کوڕی عەمرەوە ئەویش لە یەحیای کوڕی عەبدولڕەحمانەوە ئەویش لە باوکی واقیدەوە فەرموویەتی: چاودێری هەموو کارەکانمان کرد؛ نەماندیوە هیچ کارێک کە بۆ قیامەت بکرێ؛ هێندەی خۆپارێزی لە دونیا باش بێت (واتە: خۆپارێزی لە دونیا و دونیا نەویستی باشترین کارێکە بۆ قیامەت بکرێ).

٩٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ فُضَيْلٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ أَبِي حَازِمٍ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: أَدْرَكْتُ سَبْعِينَ مِنْ أَهْلِ الصُّفَّةِ مَا لأَحَدٍ مِنْهُمْ إِزَارٌ ".

واتە: موحەممەدی کوڕی فوزەیل لە باوکییەوە ئەویش لە باوکی حازمەوە ئەویش لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەفتا کەسم لە ئەهلی صوففە بینی؛ هیچیان پۆشاکی پێویستیان نەبوو لەبەری بکەن.

٩٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ قَالَ: سَمِعْتُ مُحَمَّدَ بْنَ أَبِي عُمَرَ عَنْ فُضَيْلِ بْنِ عِيَاضٍ قَالَ: قُلْتُ لِعَلِيٍّ يَعْنِي ابْنَهُ: لَوْ أَعَنْتَنَا عَلَى دَهْرِنَا، فَأَخَذَ قُفَّةً، وَمَضَى إِلَى السُّوقِ لِيَحْمِلَ، فَأَتَانِي رَجُلٌ فَأَعْلَمَنِي، فَمَضَيْتُ إِلَيْهِ، فَرَدَدْتُهُ وَقُلْتُ: يَا بُنَيَّ لَسْتُ أُرِيدُ هَذَا، أَوْ لَمْ أُرِدْ هَذَا كُلَّه ".

واتە: موحەممەدی کوڕی باوکی عەمر لە فوزەیلی کوڕی عیازەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بە عەلیم گوت. مەبەستی کوڕەکەی خۆی بوو. ئەوە بۆ یارمەتیم نادەی بۆ پەیدا کردنی بژێوی؟ عەلی سەبەتەیەکی هەڵگرت و ڕۆیشت بۆ بازاڕ بۆ ئەوەی پڕی بکات لە خواردن و بیهێنێتەوە؛ پیاوێک هات و ئەوەی بۆمن گێڕایەوە؛ منیش ڕۆیشتم بۆ لای عەلی و گوتم: کوڕی خۆم! من مەبەستم ئەوە نەبوو.. یان: ئەوەندەم نەویست کە ئەو سەبەتەیە پڕ بکەیت!

٩٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ قَالَ: سَمِعْتُ مُحَمَّدَ بْنَ أَبِي عُثْمَانَ، عَنْ فُضَيْلٍ أَنَّ عَلِيًّا كَانَ يَحْمِلُ عَلَى أَبَاعِرَ كَانَتْ لِفُضَيْلٍ، فَنَقَصَ الطَّعَامُ الَّذِي حَمَله، فَجَلَسَ عِنْدَ الْكَرِيِّ، فَأَتَى الْفُضَيْلُ إِلَيْهِمْ، فَقَالَ: تَفْعَلُونَ هَذَا بِعَلِيٍّ، لَقَدْ كَانَتْ لَنَا شَاةٌ بِالْكُوفَةِ، فَأَكَلَتْ شَيْئًا يَسِيرًا مِنْ عَلَفٍ لِبَعْضِ الأُمَرَاءِ أَوِ الْمُلُوكِ أَوْ مَنْ يُشْبِهُهُمْ، فَمَا شَرِبْتُ لها لَبَنًا بَعْدَ ذَلِكَ، فَقَالُوا: لَمْ نَعْلَمْ يَا أَبَا عَلِيٍّ أَنَّهُ إِلَيْكَ ".

واتە: حەسەنی کوڕی عەبدولعەزیز دەفەرموێت: گوێم لە موحەممەدی کوڕی باوکی عوسمان بوو ئەوەی لە فوزەیلەوە گێڕایەوە کە عەلیی کوڕی فوزەیل کاروانچیی کاروانێکی

فوزەیل بوو؛ جا ئەو خواردنەی کە پێی بوو بەشی نەکردو بێ خواردن مایەوە؛ عەلی لە لای ئەو وشوترانە دانیشت کە بە کرێی گرتبوون؛ فوزەیل هات بۆلایان و گوتی: ئەوە بۆ وا بە عەلی دەکەن؟ خۆ ئێمە لە کوفە مەڕێکمان هەیە بەڵام مەڕەکە هەندێ ئاڵفی ماڵی یەکێک لە بەرپرسەکانی خواردووە ئیتر عەلی لەو کاتەوە شیری ئەو مەڕەی نەخواردووە! ئەوانیش گوتیان: باوکی عەلی! ئیشینەمانزانی ئەم کاروانە بۆ تۆ دێت.

٩٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عُمَرَ، عَنْ فُضَيْلٍ أَنَّهُمُ اشْتَرَوْا شَعِيرًا بِدِينَارٍ كَانَ ذَلِكَ فِي غَلَاءٍ مِنَ السِّعْرِ، فَقَالَتْ أُمُّ عَلِيٍّ لِفُضَيْلٍ: قَوِّتْهُ لِكُلِّ إِنْسَانٍ قُرْصَيْنِ، فَكَانَ يَأْخُذُ وَاحِدًا وَيَتَصَدَّقُ بِالْآخَرِ، حَتَّى إِذَا كَادَ أَنْ يُصِيبَهُ الْخَوَاءُ، أَوْ أَصَابَهُ بَعْضُ ذَلِكَ، قَالَ فُضَيْلٌ: فَمَا رَجَعَ، يُرِيدُ مَا ذَهَبَ عِنْدَمَا أَصَابَهُ مِنَ الْجُوعِ حَتَّى اعْتَمَمْنَا ".

واتە: موحەممەدی کوڕی عومەر لە فوزەیلەوە دەگێڕێتەوە کە هەندێ جۆیان کڕی بە دینارێک؛ ئەو کاتە جۆ گران ببوو؛ دایکی عەلی بە فوزەیلی گوت: بیکە بە خواردن و هەر کەسێک دوو نانی پێ بدە؛ فوزەیل خۆی یەکێکیانی دەخواردو یەکێکیانی دەکرد بە خێر؛ تا بە هۆی برسێتیەوە لەهۆش خۆی چوو؛ فوزەیل دەفەرموێت: هەتا درەنگانێکی شەو هۆشی نەهاتەوە بەبەر خۆیا.

٩٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ، قَالَ سَمِعْتُ يَحْيَى بْنَ حَسَّانَ قَالَ: رُبَّمَا رَأَيْتُ فُضَيْلًا فَأَرْحَمُهُ؛ رَأَيْتُهُ يَوْمًا وَأَتَيْتُهُ فَإِذَا مَعَهُ قَدْرُ الْقَبْضَةِ مِنْ نَوًى، وَهُوَ يُرِيدُ بَقَّالًا فَيَشْتَرِي بِهَا شَيْئًا، فَمَا سَأَلْتُهُ عَنْ شَيْءٍ، وَانْصَرَفْتُ عَنْهُ رَحِمَهُ الله ".

واتە: حەسەنی کوڕی عەبدولعەزیز دەفەرموێت: گوێم لە یەحیای کوڕی حەسسان بوو دەیفەرموو: زۆرجار فوزەیلم دەدی و بەزەییم پێدا دەهاتەوە؛ ڕۆژێک فوزەیلم بینی و ڕۆیشتم بۆ لای؛ دەبینم مشتێک ناوکی پێیە؛ لای بەقاڵێک بوو دەیەویست بەو ناوکانە شتێکی لێ بکڕێ؛ منیش پرسیاری هیچم لێ نەکردو ڕۆیشتم.. ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

٩٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ أَبِي عُثْمَانَ قَالَ: كَانَ عَلِيٌّ يَعْنِي ابْنَ فُضَيْلٍ عِنْدَ سُفْيَانَ بْنِ عُيَيْنَةَ فَتَحَدَّثَ سُفْيَانُ بِحَدِيثٍ فِيهِ ذِكْرُ النَّارِ، وَفِي يَدِ عَلِيٍّ قِرْطَاسٌ فِيهِ شَيْءٌ مَرْبُوطٌ، فَشَهَقَ شَهْقَةً وَقَعَ وَرَمَى بِالْقِرْطَاسِ أَوْ وَقَعَ مِنْ يَدِهِ، فَالْتَفَتَ إِلَيْهِ سُفْيَانُ فَقَالَ: لَوْ عَلِمْتُ أَنَّكَ هَاهُنَا مَا حَدَّثْتُ بِهِ، فَمَا أَفَاقَ إِلَّا بَعْدَمَا شَاءَ الله ".

واتە: موحەممەدی کوڕی باوکی عوسمان دەفەرموێت: عەلیی کوڕی فوزەیل لە لای سوفیانی کوڕی عویەینە بوو؛ سوفیان فەرموودەیەکی باسکرد کە باسی ئاگری دۆزەخ بوو؛

عەلی کاغەزێکی بەدەستەوە بوو شتێکی پێوە بەسترابوو؛ ناڵەو قیژەیەکی کرد و بورایەوە و کاغەزەکەی فڕێدا. یان لە دەستی کەوت. سوفیان لای کردەوە بە لای عەلیداو فەرمووی: ئەگەر بمزانیبا کە ئەمە لێرەیە ئەو فەرموودەیەم باس نەدەکرد.. ئیتر ئەوەندەی کە خوای گەورە ویستی عەلی هۆشی نەهاتەوە بە خۆیا.

٩٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا بَيَانُ بْنُ الْحَكَم، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ حَاتِم، حَدَّثَنَا بِشْرُ بْنُ الْحَارِث رَحِمَهُ الله قَالَ: سَمِعْتُ الْمُعَافَى بْنَ عِمْرَانَ، عَنِ الْأَوْزَاعِيِّ قَالَ: كَانَ يُقَالُ: «يَأْتِي عَلَى النَّاسِ زَمَانٌ أَقَلُّ شَيْءٍ فِي ذَلِكَ الزَّمَانِ أَخٌ مُؤْنِسٌ، أَوْ دِرْهَمٌ مِنْ حَلَالٍ، أَوْ عَمَلٌ فِي سُنَّةٍ».

واتە: موحەممەدی کوڕی حاتەم دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: بیشری کوڕی حارث گێڕایەوە فەرمووی: گوێم لە موعافای کوڕی عیمران بوو لە ئەوزاعییەوە ئەوەی گێڕایەوە کە فەرموویەتی: سەردەمێک دێت بەسەر خەڵکدا کە کەمترین شت و نایابترین شت برادەرێکی گیانی بە گیانی بێت؛ یان دیرهەمێکی حەڵاڵ بێت؛ یان کارکردن بێت بە سوننەتێک.

٩٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو شِبْل مُحَمَّدُ بْنُ هَارُونَ حَدَّثَنَا حَسَنُ بْنُ وَاقِع، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي حَمْلَةَ، عَنْ أَبِيهِ، قَالَ: رَأَيْتُ مُعَاوِيَةَ عَلَى الْمِنْبَرِ بِدِمَشْقَ يَخْطُبُ النَّاسَ وَعَلَيْهِ قَمِيصٌ مَرْقُوعٌ ".

واتە: حەسەنی کوڕی واقیع لە زەمرەوە ئەویش لە عەلیی کوڕی باوکی حەملەوە ئەویش لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: چاوم بە موعاویە کەوت لەسەر مینبەر بوو لە دیمەشق؛ وتاری بۆ خەڵکی دەدا؛ کراسێکی لەبەرا بوو پینە کرابوو.

٩٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ عَبْدِ الله، حَدَّثَنَا سَيَّارُ بْنُ جَعْفَر، حَدَّثَنَا أَبو عِمْرَانَ الْجَوْنِيُّ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: يُدْنِي الله الْعَبْدَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، فَيَضَعُ عَلَيْهِ كَنَفَهُ، فَيَسْتُرُهُ مِنَ الْخَلَائِقِ كُلِّهَا، وَيَدْفَعُ إِلَيْهِ كِتَابَهُ فِي ذَلِكَ السِّتْرِ فَيَقُولُ: اقْرَأْ يَا ابْنَ آدَمَ كِتَابَكَ قَالَ: فَيَمُرُّ بِالْحَسَنَةِ فَيَبْيَضُّ وَجْهُهُ وَيُسَرُّ بِهَا قَلْبُهُ قَالَ: فَيَقُولُ الله عَزَّ وَجَلَّ له: تَعْرِفُ يَا عَبْدِي، فَيَقُولُ: نَعَمْ، أَيْ رَبِّ أَعْرِفُ، قَالَ: فَيَقُولُ: فَإِنِّي تَقَبَّلْتُهَا مِنْكَ، قَالَ: فَيَخِرُّ لله سَاجِدًا، قَالَ: فَيَقُولُ: ارْفَعْ رَأْسَكَ يَا ابْنَ آدَمَ وَعُدْ فِي كِتَابِكَ قَالَ: فَيَمُرُّ بِالسَّيِّئَةِ فَيَسْوَدُّ وَجْهُهُ وَيَوْجَلُ مِنْهَا قَلْبُهُ، فَيَقُولُ الله عَزَّ وَجَلَّ: أَتَعْرِفُ يَا عَبْدِي؟ قَالَ: فَيَقُولُ: نَعَمْ، يَا رَبِّ أَعْرِفُ، قَالَ: فَيَقُولُ: إِنِّي قَدْ غَفَرْتُهَا لَكَ قَالَ فَلَا يَزَالُ حَسَنَةٌ تُقْبَلُ فَيَسْجُدُ، وَسَيِّئَةٌ تُغْفَرُ فَيَسْجُدُ، وَلَا يَرَى الْخَلَائِقُ مِنْهُ إِلَّا السُّجُودَ قَالَ: حَتَّى يُنَادِيَ الْخَلَائِقُ بَعْضُهَا بَعْضًا: طُوبَى لِهَذَا الْعَبْدِ لَمْ يَعْصِ الله قَطُّ قَالَ: وَلَا يَدْرُونَ مَا قَدْ لَقِيَ فِيمَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ الله مِمَّا قَدْ وَقَفَهُ عَلَيْهِ ".

واتە: سەییاری کوڕی جەعفەر لە باوکی عیمرانی جەونییەوە ئەویش لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە لە بەندەی خۆی نزیك دەبێتەوە (تەنیا خوای گەورە دەزانێ مەبەست لەو نزیك بوونەوەیە چییەو چۆنە) دەستی لەسەر ناوشانی بەندەکەی دادەنێت (ئەوەش دیسان هەر خوای گەورە خۆی دەزانێ مەبەستی چییەو چۆنە) خوای گەورە ئەو بەندەیەی خۆی لە هەمووان دەشارێتەوە و ناهێڵێ هیچ کەسێک ببینێت؛ جا نامەی کردەوەکانی ئەو بەدەیە دەدات بە دەستیەوە و دەفەرموێت: ئادەی نەوەی ئادەم! نامەی کار و کردەوەکانت بخوێنەوە.. جا کاتێ دەیخوێنێتەوە و باس باسی چاکەیە دەموچاوی بەو کەسەیە گەش دەبێتەوە و دڵی پێی خۆشە؛ جا خوای گەورە دەفەرموێت: بەندەکەم تۆ خۆت ئەو کارەت لەبیرە؟ بەندەکە دەڵێ: بەڵێ ئەی خوای گەورە دەزانم.. خوای گەورە دەفەرموێت: دەی ئەوا من ئەو کارەم لێ وەرگرتی.. ئەو بەندەیە سەجدەیەک بۆ خوای گەورە دەبات.. خوای گەورە پێی دەفەرموێت: نەوەی ئادەم! سەرت بەرز بکەرەوە و دەست بکەروەبە خوێندنەوەی نامەی کارەکانت.. جا بەندەکە دەخوێنێتەوە و باسی خراپە دێتە پێشەوە و دەیخوێنێتەوە؛ لەو کاتەدا دەموچاوی ڕەش دادەگیرسێت دڵی لە ترسا خەریکە دەتۆقێ؛ خوای گەورە دەفەرموێت: ئەم تاوانەت لەبیرە ئەی بەندەی من؟ دەڵێ: بەڵێ ئەی خوای گەورە لەبیرمە! خوای گەورە دەفەرموێت: دەی من لێت خۆشبووم؛ ئیتر هەر چاکەیە لە لایەن خوای گەورە و وەردەگیرێت و بەندەکە سەجدە دەبات و خراپە بەر لێبوردن دەکەوێت و دیسان بەندەکە سەجدە دەبات؛ لەو کاتەدا هیچ کەسێک نابینرێت مەگەر ئەوەی کە سەری لە سەجدەدایە.. دەفەرموێت: تا هەندێ لە بەندەکانی خوای گەورە بانگی هەندێکیتریان دەکەن و دەڵێن: خۆشبەختی بۆ ئەم بەندەیە کە هەرگیز تاوانی نەکردووە، جا ئەوانە نازانن کە چیی لە نێوان ئەوو خودادا ڕویداوە و چییان بینیوە؛ چونکە خوای گەورە هەموو شتەکانی شاردووەتەوە و کەس نەیدووە.

٩٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ زَيْدٍ الْقُرَشِيِّ، عَنْ أَبِي عُثْمَانَ النَّهْدِيِّ قَالَ: بَلَغَنِي عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، حَدِيثٌ: «إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يَكْتُبُ لِلْمُؤْمِنِ الْحَسَنَةَ الْوَاحِدَةَ أَلْفَ أَلْفِ حَسَنَةٍ» قَالَ: فَحَجَجْتُ ذَلِكَ الْعَامَ وَلَمْ أَكُنْ أُرِيدُ الْحَجَّ، فَلَقِيتُ أَبَا هُرَيْرَةَ، فَقُلْتُ: بَلَغَنِي أَنَّكَ قُلْتَ: إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يَكْتُبُ لِلْمُؤْمِنِ بِالْحَسَنَةِ الْوَاحِدَةِ أَلْفَ أَلْفِ حَسَنَةٍ قَالَ: لَيْسَ هَكَذَا قُلْتُ، وَلَمْ يَحْفَظْ الَّذِي حَدَّثَكَ عَنِّي، قَالَ: فَقُلْتُ: فَكَيْفَ قُلْتَ؟ قَالَ: أَلْفَيْ أَلْفِ حَسَنَةٍ، ثُمَّ قَالَ: أَوَ لَسْتُمْ تَجِدُونَ هَذَا فِي كِتَابِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ؟ قُلْتُ: وَأَيْنَ؟ قَالَ: ﴿مَّن ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ أَضْعَافًا كَثِيرَةً﴾ البقرة: ٢٤٥، وَالْكَثِيرُ مِنَ اللهِ أَكْثَرُ مِنْ أَلْفَيْ أَلْفٍ وَأَلْفَيْ أَلْفِ حَسَنَةٍ ".

واتە: عەلیی کوڕی زەیدی قوڕەیشی لە باوکی عوسمانی نەهدییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەم فەرموودەیەم لە ئەبوهورەیرەوە پێ گەیشتووە: بەڕاستی خوای گەورە لە جیاتیی یەک چاکە هەزار هەزار چاکە بۆ مرۆڤی باوەڕدار دەنووسێت. دەفەرموێت: ئەو ساڵە حەجم کرد و لە ڕاستییشدا نیەتم نەبوو حەج بکەم (هەر لەبەر ئەوە ڕۆیشتم بۆ حەج ئەبوهورەیرە ببینم و ئەو فەرموودەیەی لێ ببیستم) لەو چاوم بە ئەبوهورەیرە کەوت و پێمگوت: وام پێگەیشتووە کە تۆ گوتوتە: بەڕاستی خوای گەورە لە جیاتیی یەک چاکە هەزار هەزار چاکە بۆ مرۆڤی باوەڕدار دەنووسێت. ئەبوهورەیرە فەرمووی: من وام نەگوتووە؛ ئەوەی کە ئەو قسەیەی بۆ تۆ گێڕاوەتەوە جوان لەبەری نەکردووە. منیش گوتم: ئەی چۆنت فەرموە؟ فەرمووی: من گوتومە: (خوای گەورە لە جیتی یەک چاکە) دوهەزار هەزار چاکە (بۆ مرۆڤی باوەڕدار دەنووسێت).. دوایی فەرمووی: ئەی بۆ مەگەر ئێوە ئەمەتان لە قورئاندا نەدیوە؟ منیش گوتم: لەکوێی قورئانا؟ فەرمووی: ئەم ئایەتە: (مانای ئایەتەکە): کێیە ئەو کەسە قەرز دەدات بەخوای پەروەردگار بە قەرزێکی چاک (بەخشراوەکە لە ماڵی حەلاڵ و بێ منەت و ئازار بێت)، خوایش بەو هۆیەوە بۆی چەند بەرامبەر دەکات و پاداشتی بێ سنووری پێ دەبەخشێت. جا شتی بێسنور لە لای خوداوە لە دوهەزار هەزارو دوهەزار هەزاریش زیاترە.

٩٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله وَجَدْتُ فِي كِتَابِ أَبِي بِخَطِّ يَدِه حَدَّثَنَا يُونُسُ بْنُ مُحَمَّد قَالَ: كَانَ بِالْبَصْرَةِ قَاضٍ يُكَنَّى أَبَا سَالِم، فَذَكَرَ مِنْ فَضْلِه قَالَ: فَكَانَ فِي مَسْجِدِ بَعْضِ الْأَشْيَاخِ قَالَ يُونُسُ وَقَدْ جَلَسْتُ إِلَيْه قَالَ: فَبَلَغَنِي أَنَّهُ كَانَ يُصَلِّي، فَأَتَى عَلَى هَذِه الْآيَةِ: ﴿ فُرُشٍ بَطَائِنُهَا مِنْ إِسْتَبْرَقٍ ﴾ الرحمن: ٥٤ فَقَالَ: يَا رَبِّ هَذِه الْبَطَائِنُ فَكَيْفَ الظَّوَاهِرُ، فَنُودِيَ وَلَا يَدْرِي مَنْ نَادَاهُ: الظَّوَاهِرُ رِضْوَانُ الله، وَكَانَ يَقُصُّ بِالْفَارِسِيَّة ".

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: لە نووسینێکا کە باوکم بە خەتی خۆی نووسیبوی ئەوەم بینی فەرموویەتی: یونسی کوڕی موحەممەد بۆی گێڕامەوە فەرمووی: لە بەصرە دادوەر (قازی)یەک هەبوو ناسناوی باوکی سالم بوو. دوایی هەندێ باسی چاکەی ئەو دادوەرەی کردووە و دەفەرموێت: جا لە مزگەوتی یەکێک لە پیاوەگەورەکان بوو.. یونس دەفەرموێت: من لە لای دانیشتووم.. دەفەرموێت: بیستوومە جارێک نوێژی کردووە و لەناو نوێژا ئەم ئایەتەی خوێندووەتەوە: (مانای تەواوی ئایەتەکە) لەو بەهەشتە خۆشەدا بەختەوەران لەسەر کورسی و قەنەفەو جێگە و ڕێگە خۆشەکان، شانیان داداوە کە لە ئاوریشمی تایبەت ناواخن کراوە، لێکردنەوەی هەر میوەیەکیش نزیک و ئاسانەو درەختەکان خۆیان سەر فرو دەهێنن بۆ ئەو بەختەوەرانە. جا باوکی سالم فەرموویەتی: خوایە! ئەمە ناواخنەکەیەتی ئاوایە ئەی دەبێ دەرەوەی چۆن بێت؟ جا بانگ کراو نەیشیدەزانی کێیە بانگی دەکات و گوترا: دەرەوەی بریتیە لە ڕەزامەندی پەروەردگار.. ئەو دەنگە نادیارە بە فارسی قسەی دەکرد.

٩٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو عَبْد الله السُّلَمِيُّ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَن ابْن شَوْذَب، عَنْ صَالح بْن خَالد قَالَ: لِمَاذَا يَلْقَى الرَّجُلُ أَخَاهُ بِالانْقبَاض، أَلْقَ أَخَاكَ بِوَجْه طَلْق، فَإِنْ كَانَ عِنْدَكَ خَيْرٌ فَأَنْحِلْ بِه ".

واته: له صاڵەحی کوڕی خالیدەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: باشە بۆ پیاوی **وا هەیە بە ڕویەکی گرژەوە دەگات بە براو برادەرەکانی؟ برا بە ڕویەکی گەشەوە بگە بە برادەرەکانت؛ ئەگەر خێریشت لایە ئەوا بەشداری بکە.**

٩٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي هَارُونُ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا سَعِيدٌ الْجُرَيْرِيُّ، عَنْ أَبي السَّلِيل قَالَ: وَقَفَ عَلَيْنَا شَيْخٌ في مَجْلِسنَا قَالَ: فَقَالَ: حَدَّثَنِي أَبِي - أَوْ عَمِّي - أَنَّهُ شَهِدَ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ بِالْبَقِيع فَقَالَ: «مَنْ يَتَصَدَّقُ الْيَوْمَ بِصَدَقَة أَشْهَدُ له بِهَا عِنْدَ الله يَوْمَ الْقِيَامَة» قَالَ: فَجَاءَ رَجُلٌ لَا وَالله مَا بِالْبَقِيع رَجُلٌ أَشَدُّ سَوَادَ وَجْه مِنْهُ وَلَا أَقْصَرُ قَامَةً وَلَا أَذَمُّ في عَيْنٍ مِنْهُ بِنَاقَة لَا وَالله مَا بِالْبَقِيع شَيْءٌ أَحْسَنَ مِنْهَا، فَقَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «هَذه الصَّدَقَةُ؟» قَالَ: نَعَمْ يَا رَسُولَ الله، قَالَ: فَلَمَزَهُ رَجُلٌ فَقَالَ: لِيَتَصَدَّق بِهَا وَالله لَهِيَ خَيْرٌ مِنْهُ، قَالَ: فَسَمعَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ كَلمَتَهُ فَقَالَ: «كَذَبْتَ بَلْ هُوَ خَيْرٌ مِنْكَ وَمِنْهَا، كَذَبْتَ بَلْ هُوَ خَيْرٌ مِنْكَ وَمِنْهَا» ثَلَاثَ مِرَار، ثُمَّ قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «قَدْ أَفْلَحَ الْمُزْهِدُ الْمُجْهِدُ قَدْ أَفْلَحَ الْمُزْهِدُ الْمُجْهِدُ».

واتە: سەعیدی جورەیری لە باوکی سەلیلەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پیاوێک لە کۆڕو کۆبوونەوەی ئێمە وەستاو گوتی: باوکم. یان: مام. بۆی گێڕامەوە کە لە بەقیعا بە خزمەت پێغەمبەری (ﷺ) گەیشتووە و فەرموویەتی: ئەمڕۆ کێ خێرێک دەکات با من لە خزمەت خوای گەورەدا ببمە شایەت بۆی کە ئەو خێرەی کردووە؟ دەفەرموێت: پیاوێک هاتە خزمەتی؛ بەخوا لە بەقیعا لەو پیاوە دەموچاو ڕەشتر نەبوو؛ لەو پیاوە باڵا کورتتر نەبوو؛ هیچ کەسێک لەو پیاوە ناشیرینتر نەدەهاتە بەرچاو؛ وشترێکی پێبوو بەخوا لە بەقیعا لەو وشترە جوانتری لێ نەبوو؛ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەمە بۆ خێر هێناوتە؟ پیاوەکە گوتی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! دەفەرموێت: پیاوێک سیخورمە کوتایە پیاوێکیترو پێی گوت: دەی با بیکا بەخێر؛ بەخوا ئەو وشترە لەو پیاوە باشترە! دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێی لەو قسەو چپەیە بوو؛ فەرمووی: درۆ دەکەی! ئەو پیاوە زۆر لە تۆو لەو وشترەش چاکترە؛ درۆ دەکەی ئەو پیاوە لە تۆیش و لە وشترەش چاکترە! سێجار وای فەرموو.. دوایی پێغەمبەری

خوا (ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی ئەو زاهیدە تێکۆشەرە سەرفراز بوو، بەڕاستی ئەو زاهیدە تێکۆشەرە سەرفراز بوو (مەبەستی ئەو پیاوە بوو کە وشترەکەی کرد بەخێر.. المجهدُ کەسێکە کە لە خواپەرستیا خۆی ماندوو بکات).

٩٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مَعْمَر، حَدَّثنَا سُفْيَانُ، عَنْ عَبْد الْكَرِيم أَبِي أُمَيَّةَ، عَنْ طَلْق قَالَ: أَحْسَنُ النَّاسِ صَوْتًا بِالْقُرْآنِ الَّذِي إِذَا قَرَأَ رَأَيْتَ أَنَّهُ يَخْشَى الله عَزَّ وَجَلَّ، قَالَ عَبْدُ الْكَرِيم: وَكَانَ طَلْقٌ كَذَلِكَ، قَالَ عَبْدُ الْكَرِيم: قَالَ طَلْقٌ: إِنِّي لأَشْتَهِي أَنْ أَقُومَ حَتَّى يَشْتَكِيَ صُلْبِي، وَكَانَ طَلْقٌ يَفْتَحُ الْبَقَرَةَ فَلاَ يَرْكَعُ حَتَّى يَبْلُغَ الْعَنْكَبُوتَ ".

واتە: سوفیان لە عەبدولکەریمی باوکی ئومەیەوە ئەویش لە تەلقەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: دەنگخۆشترین کەس بۆ خوێندنەوەی قورئان ئەوەیە کە کاتێ قورئان دەخوێنێتەوە ببینی کە لە خوای گەورە دەترسێ.. عەبدولکەریم دەفەرموێت: جا تەڵق خۆی وابوو.. عەبدولکەریم دەفەرموێت: تەڵق فەرمووی: من پێمخۆشە ئەوەندە لەناو نوێژا بمێنمەوە تا پشتم دێتە ژان.. جا تەڵق لە ناو نوێژا دەستی دەکرد بە خوێندنی سورەتی (البقرة) نەدەچو بۆ کڕنوش بردن هەتا دەگەیشتە سورەتی (العنکبوت).

٩٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي هَارُونُ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ بْنُ مَعْقِل بْنِ مُنَبِّه قَالَ: شَهِدْتُ عَمِّي وَهُوَ وَهْبُ بْنُ مُنَبِّه، وَسَأَله رَجُلٌ، فَقَالَ: يَا أَبَا عَبْد الله أَشْتَرِي وَلَدَ زَنْيَة فَأُعْتِقُهُ؟ قَالَ: نَعَمْ، ثُمَّ أَنْشَأَ وَهْبٌ يُحَدِّثُ قَالَ: كَانَ نَفَرٌ مِنَ الْعُبَّاد، وَكَانَ فِيهِمْ غُلاَمٌ يُكْرِمُونَهُ وَيُطْعِمُونَهُ وَيُجِلُّونَهُ، فَحَضَرَ قُرْبَانَهُمْ، فَقَرَّبُوا قُرْبَانَهُمْ وَقَرَّبَ قُرْبَانَهُ، فَقُبِلَ قُرْبَانُهُمْ وَرُدَّ قُرْبَانُهُ قَالَ: فَدَأَبَ فِي الْعِبَادَة، وَقَلَّبَ أَمْرَهُ مِنْ أَيْنَ أُوتِيَ؟ فَلَمْ يَرَ خَلَلاً قَالَ: فَأَتَى أُمَّهُ، فَقَالَ: يَا أُمَّهْ، إِنَّهُ نَزَلَ بِي أَمْرٌ عَظِيمٌ؛ كُنْتُ مَعَ إِخْوَانٍ لِي يُطْعِمُونِي وَيُكْرِمُونِي وَيُجِلُّونِي، فَحَضَرَ قُرْبَانُهُمْ وَحَضَرَ قُرْبَانِي، فَقَرَّبُوا وَقَرَّبْتُ فَقُبِلَ قُرْبَانُهُمْ وَرُدَّ قُرْبَانِي، وَإِنِّي نَظَرْتُ فِي أَمْرِي فَلَمْ أَرَ خَلَلاً يَا أُمِّي، أَنَا لأَبِي الَّذِي أُدْعَى له أَمْ لاَ؟ قَالَتْ: وَمَا تُرِيدُ إِلَى هَذَا يَا بُنَيَّ؟ قَالَ: إِنَّك أُمِّي عَلَى كُلِّ حَالٍ، فَحَدِّثِينِي، قَالَتْ: خَرَجْتُ لَيْلَةً لأَحْتَطِبَ، فَغَلَبَنِي رَجُلٌ عَنْ نَفْسِي، فَأَنْتَ ابْنُ ذَلِكَ الرَّجُل، قَالَ: يَغْفِرُ الله لَكِ يَا أُمَّاهُ، وَخَرَّ سَاجِدًا، فَجَعَلَ يَبْكِي، وَيَقُولُ: يَا رَبِّ، يَأْكُلاَنِ أَبَوَايَ الْحِصْرِمَ وَأَضْرَسُ أَنَا، أَنْتَ أَكْرَمُ مِنْ ذَلِكَ يَا رَبِّ، يُصِيبُ الشَّهْوَةَ غَيْرِي وَأُوخَذُ بِإِثْمِهَا، أَنْتَ أَكْرَمُ مِنْ ذَلِكَ يَا رَبِّ يَا رَبِّ، قَالَ: وَجَعَلَ يَبْكِي، وَيُعَدِّدُ، قَالَ: فَقُبِلَ قُرْبَانُهُ ".

واتە: جەعفەر دەفەرموێت: عەبدولصەمەدی کوڕی مەعقیلی کوڕی مونەببیهـ بۆی

گێرامەوە فەرمووی: مامی خۆم. واتە: وەهبی کوڕی مونەبیهـم بینی پیاوێک لێی پرسی و گوتی: ئەرێ باوکی عەبدوڵڵا! پێت چۆنە من کۆیلەی بیژی بکڕم و ئازادی بکەم؟ وەهب فەرمووی: چاکە! دوایی وەهب قسەی دەکرد و فەرمووی: چەند کەسێک خەریکی خواپەرستی بوون؛ لەناو ئەو کەسانەدا کوڕێک هەبوو ڕێزیان لێ دەگرت و نان و خواردنیان پێ دەداو بە گەورەیان دەزانی؛ جارێک کاتی قوربانی هات؛ قوربانییان ئامادە کرد و هەموو قوربانیی خۆی هێناو کردیان بە قوربانی؛ قوربانیی هەمووان گیرا بوو جگە لە قوربانیی ئەو کوڕە، قوربانییەکەی ئەو ڕەت کرایەوە! دەفەرموێت: جا خواپەرستیەکی زۆری کرد و لەکاروباری خۆی ڕوانیی بزانێ ئەم قوربانییەی لەکوێوە هاتووە؟ هەرچی کردی هیچ ناتەواوییەکی نەبینی؛ بۆیە ڕۆیشت بۆ لای دایکی و گوتی: دایکە! شتێکی خراپم لێ قەوماوە؛ من لەگەڵ چەند برادەرێکا بووم؛ ئەوانە خواردنیان پێ دەدام؛ ڕێزیان دەگرتم و بە چاوێکی گەورە و مەزنەوە سەیریان دەکردم؛ ئەوان قوربانیی خۆیان هێناو منیش قوربانیی خۆمم هێناو ئەوان کردیان بە قوربانی و منیش قوربانییەکەی خۆمم کرد بە قوربانیی؛ قوربانیی ئەوان گیرا بووە و ئەوەی من ڕەت کراوەتەوە! هەرچی سەیریش دەکەم هیچ کەموکوڕییەک نابینم! باشە من لەو باوکەم کە خەڵکی بە کوڕی ئەووم دەزانێ یان نە؟ دایکی گوتی: کوڕم تۆ چیت داوە لەوە؟ کوڕەکە گوتی: هەرچۆنێک بێت تۆ دایکمی؛ دەی قسەم بۆ بکە.. دایکی گوتی: شەوێک چومە دەرەوە بۆ دار کۆکردنەوە؛ پیاوێک هات و کاری خراپی لەگەڵدا کردم و تۆ لەو پیاوەی! کوڕەکە گوتی: دایکە خوا لێت خۆشبێ! دوایی سەجدەی بۆ خوای گەورە بردو دەستی بە گریان کرد و دەیگوت: خوایە! دایك و باوکم نۆك دەخۆن و من دانم دەشکێ! (واتە: ئەوان تاوان دەکەن و من باجەکەی دەدەم!) خوایە! تۆ زۆر لەوە بەڕێزتری کە کەسێکیتر دوای هەواو ئارەزوی بکەوێت و من باجەکەی بدەم! دەفەرموێت: کوڕەکە هەر دەگریاو ئەم قسانەی دووبارە دەکردووە.. دەفەرموێت: ئەوەندەی دووبارە کردووە خوای گەورە قوربانییەکەی ئەویشی گیرا کرد.

٩٧٣- حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبو مُوسَى الْأَنْصَارِيُّ، حَدَّثَنَا عبَايَةُ بْنُ كُلَيْب قَالَ: وَحَدَّثَنَا عَبْدُ الله قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّار: حَدَّثَنَا أَبو عَاصِم الْعَبَادَانِيُّ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ لِدَاوُدَ الطَّائِيِّ: لَوْ أَمَرْتَ بِمَا فِي سَقْفِ الْبَيْتِ مِنْ نَسِيجِ الْعَنْكَبُوتِ فَيُنَظَّفَ؟ فَقَالَ لَه: أَمَا عَلِمْتَ أَنَّهُمْ كَانُوا يَكْرَهُونَ

فُضُولَ النَّظَرِ، ثُمَّ قَالَ دَاوُدُ الطَّائِيُّ: نُبِّئْتُ أَنَّ مُجَاهِدًا كَانَ فِي دَارِهِ عُلِّيَّةٌ ثَلَاثِينَ سَنَةً لَمْ يَشْعُرْ بِهَا[1].

واتە: عەبایەی کوڕی کولەیب و باوکی عاصمی عەبادانی دەفەرموون: پیاوێک بە داوودی تـائیی گـوت: خـۆزگە فرمانـت کردبـا ئەو تـۆڕە جاڵجاڵۆکانەیـان لە میچـی خـانووەکە پـاك کردبایەتەوە! داوود پێی فەرموو: مەگەر تۆ نازانی پیاوچاکان ڕقیان لە ڕوانینی زیادە بووە (واتە: ڕقیان لەوە بووە مرۆڤ سەیری شتێک بکات کە پێویست نەبێ سەیری بکات) دوایی داوودی تـائیی فەرمـووی: بیسـتوومە کە موجاهیـد سـی سـاڵ لە خانوێکـا بـووە کە نهـۆمی دووەمـی بـووە و پێـی نەزانیـوە (واتە: بەردەوام سـەری داخسـتووە و سـەیری بـانی خـانووەکەی نەکردووە و نەیزانیوە لە سەرەوە ژوورێکی تیایە).

٩٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّارٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ شُمَيْطٍ قَالَ: سَمِعْتُ أَبِي إِذَا وَصَفَ أَهْلَ الدُّنْيَا يَقُولُ: دَائِمُ الْبِطْنَةِ قَلِيلُ الْفِطْنَةِ: إِنَّمَا هَمَّتُهُ بَطْنُهُ وَفَرْجُهُ وَجِلْدُهُ يَقُولُ: مَتَى أُصْبِحُ فَآكُلُ وَأَشْرَبُ وَأَلْهُو وَأَلْعَبُ؟ مَتَى أُمْسِي فَأَنَامُ؟ جِيفَةٌ بِاللَّيْلِ بَطَّالٌ بِالنَّهَارِ ".

واتە: لە سـەییارەوە دەگێـڕنەوە فەرمـوویەتی: عەبـدوڵڵای کـوڕی شـومەیت گێـڕایەوە فەرمووی: گوێم لە باوکم بوو ئەگەر وەسفی ئەهلی دونیای کردبا دەیفەرموو: ئەهلی دونیا ئەو کەسەیە کە بەردەوام لە خەمی زگیایەتی و بیرو هۆشی کەمە! هەر خەریکی زگ و عەورەت و پێست و ڕوخساری خۆیەتی و دەڵێ: کەی ڕۆژ بێتەوە و بخۆم و بخۆمەوە و خەریکی یاری و گەپ و گاڵتە بم؟ کەی شەو دابێت و تێر بخەوم؟ دەی ئەو جۆرە کەسانە شەوانە کەلاکێکی تۆپیون و ڕۆژانەش کەسێکی دەستبەتاڵ.

٩٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّارٍ، حَدَّثَنَا يُوسُفُ بْنُ عَطِيَّةَ، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ عِيسَى الْيَشْكُرِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ بَكْرَ بْنَ عَبْدِ اللهِ الْمُزَنِيَّ، يَقُولُ: إِنِّي لَأَخْرُجُ مِنْ بَيْتِي، فَمَا أَلْقَى أَحَدًا إِلَّا رَأَيْتُ لَهُ عَلَيَّ الْفَضْلَ؛ لِأَنِّي مِنْ نَفْسِي عَلَى يَقِينٍ، أَمَّا مِنَ النَّاسِ فِي شَكٍّ ".

واتە: ئیبراهیمی کوڕی عیسای یەشکەری دەفەرموێت: گوێم لە بەکری کوڕی عەبدوڵڵای

---

[1] لە کتێبی (الزهد)دا لەوە کە لە بەردەستی منەو لەوەش کە لە شامیلەدا هەیە ئاوایە: نُبِّئْتُ أَنَّ مُجَاهِدًا كَانَ فِي دَارِهِ عَلَيْهِ ثَلَاثِينَ سَنَةً لَمْ يَشْعُرْ بِهَا. بەڵام وشەی (علیه) هەڵەیەو ڕاستەکەی ئەوەیە کە نووسیمان و لە کتێبی (ذم الهوى)ی زانای مەزن (ابن الجوزي)دا بەو جۆرەی سەرەوە هاتووە. و.

موزەنی بوو دەیفەرموو: من لە ماڵ دەردەچم هەر کەسێک دەبینم لەخۆم چاکترە؛ چونکە من خۆم دڵنیام لە خۆم بەڵام بە گومانم لە خەڵکی (واتە: دڵنیام کە خۆم چ تاوانێکم کردووە؛ بەڵام گومانم هەیە کە خەڵکی تاوان دەکەن یان نە؛ بۆیە هەمووان لە خۆم بە باشتر دەزانم).

٩٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّارٍ، حَدَّثَنَا سَهْلُ بْنُ أَسْلَمَ الْعَدَوِيُّ، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ أَبِي مَنْصُورٍ، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، عَنْ أَبِي طَلْحَةَ قَالَ: شَكَوْنَا إِلَى رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْجُوعَ، فَرَفَعْنَا عَنْ بُطُونِنَا حَجَرًا حَجَرًا، فَرَفَعَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ بَطْنِهِ حَجَرَيْنِ ".

واتە: یەزیدی کوڕی باوکی مەنصور لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ئەویش لە باوکی تەڵحەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: دادی برسێتیمان بردە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەمومان لەتاو برسێتیا بەردێکمان بەسەر زگی خۆمانەوە بەستبوو؛ زگی خۆمان پیشانی پێغەمبەر (ﷺ) دا؛ ئەویش زگی خۆی پیشانی ئێمەدا دوو بەردی بەسەرا بەستبوو (واتە: ئەوان یەک بەردیان بە سەر زگی خۆیانەوە بەستبوو؛ بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبەر ئەوەی زۆر لەوان زیاتر برسی بوو؛ دوو بەردی بەسەر زگی خۆیەوە بەستبو).

٩٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّارٍ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، وَعَبْدُ اللهِ بْنُ شُمَيْطٍ، عَنْ شُمَيْطٍ أَنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ أَوْحَى إِلَى دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: إِنَّكَ إِنْ اسْتَنْقَذْتَ هَالِكًا مِنْ هَلَكَتِهِ سَمَّيْتُكَ جَهْبَذًا ".

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی شومەیت لە شومەیتەوە دەگێڕێتەوە کە خوای گەورە سروشی بۆ داوود پێغەمبەر(سەلامی خوای لەسەر بێت) نارد و پێی فەرموو: بەڕاستی ئەگەر تۆ توانیت کەسێکی داماو لە داماوی ڕزگار بکەیت؛ ئەوا ناوی بلیمەت و تێکۆشەرت لێ دەنێم.

٩٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ شُجَاعٍ السَّكُونِيُّ، حَدَّثَنَا كَعْبٌ أَبُو إِسْحَاقَ الْحَلَبِيُّ، حَدَّثَنَا فُرَاتٌ، عَنْ عَبْدِ الْكَرِيمِ، عَنْ عِكْرِمَةَ قَالَ: سُئِلَتْ أَسْمَاءُ بِنْتُ أَبِي بَكْرٍ هَلْ كَانَ أَحَدٌ مِنَ السَّلَفِ يُغْشَى عَلَيْهِ مِنَ الْخَوْفِ؟ قَالَتْ: لَا لَكِنْ كَانُوا يَبْكُونَ ".

واتە: فورات لە عەبدولکەریمەوە ئەویش لە عیکریمەوە گێڕایەوە فەرمووی: پرسیار لە ئەسمای کچی ئەبوبەکر کرا کە ئایا هیچ کەسێک لە باوەڕدارانی ڕابردو لە ترسی خوای گەورە بوراونەتەوە؟ فەرمووی: نەخێر! بەڵام ئەوان بەکوڵ دەگریان.

٩٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو عَبْدِ الله، حَدَّثَنَا بَقِيَّةُ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ زِيَادٍ الْأَلهانِيِّ قَالَ: كُنْتُ آخِذًا بِيَدِ أَبِي أُمَامَةَ، فَلَا يَمُرُّ بِأَحَدٍ إِلَّا سَلَّمَ عَلَيْهِ، ثُمَّ قَالَ: إِنَّ السَّلَامَ أَمَانٌ لِأَهْلِ ذِمَّتِنَا تَحِيَّةٌ لِأَهْلِ دِينِنَا ".

واتە: بەقییە لە موحەممەدی کوڕی زیادەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من دەستی باوکی ئومامەم گرتبوو؛ باوکی ئومامە بە لای هەر کەسێکدا تێپەڕیبا سەلامی لێدەکرد؛ دوایی فەرمووی: سەلام کردن ئەمانە بۆ ئەوانەی ئەهلی زیممەن و تەحیەو ڕێزگرتنە بۆ باوەڕداران.

٩٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو عَبْدِ الله، حَدَّثَنَا بَقِيَّةُ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ زِيَادٍ قَالَ: مَرَّ أَبو أُمَامَةَ بِرَجُلٍ سَاجِدٍ قَدْ أَطَالَ السُّجُودَ وَهُوَ يَبْكِي قَالَ: فَضَرَبَهُ بِرِجْلِهِ، فَقَالَ: يَا لَهَا سَجْدَةً لَوْ كَانَتْ فِي بَيْتِكَ ".

واتە: بەقییە لە موحەممەدی کوڕی زیادەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: باوکی ئومامە دای بە لای پیاوێکدا سەجدەی بردبوو؛ سەجدەکەی زۆر درێژ کردەوە و دەگریا.. موحەممەد دەفەرموێت: باوکی ئومامە بە نوکی پەنجەی پێی لێیداو فەرمووی: ئای لەو سەجدەیە! با لەماڵ ئاوا سەجدەت ببردایە.

٩٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا مُعَاوِيَةُ يَعْنِي ابْنَ صَالِحٍ، عَنْ سُلَيْمِ بْنِ عَامِرٍ قَالَ: أَرْسَلَتْنِي أُمُّ الدَّرْدَاءِ إِلَى نَوْفٍ الْبِكَالِيِّ وَإِلَى رَجُلٍ آخَرَ كَانَ يَقُصُّ فِي الْمَسْجِدِ قَالَتْ: قُلْ لَهُمَا: اتَّقِيَا الله، وَلْتَكُنْ مَوْعِظَتُكُمَا لِلنَّاسِ لِأَنْفُسِكُمَا ".

واتە: موعاویەی کوڕی صاڵح لە سولەیمی کوڕی عامرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: دایکی دەردا منی نارد بۆ لای نەوفی بیکالی و پیاوێکیتر کە لە مزگەوتدا قسەیان دەکردو چیرۆکیان دەگێڕایەوە و ئامۆژگاری خەڵکیان دەکرد؛ فەرمووی: پێیان بڵێ: لەخوا بترسن و ئەو پەندو ئامۆژگارییانە کە بۆ خەڵکیی دەڵێن؛ بۆ خۆیانی بەکار بهێنن.

٩٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنِي حَجَّاجُ بْنُ مُحَمَّدٍ قَالَ: سَمِعْتُ جَرِيرَ بْنَ حَازِمٍ، عَنْ وَهْبٍ الْمَكِّيِّ أَنَّ رَجُلًا شَابًّا كَانَ سَأَلَ أُمَّ الدَّرْدَاءِ قَالَ فَأَكْثَرَ، قَالَ: فَقَالَتْ لَه أُمُّ الدَّرْدَاءِ: أَتَعْمَلُ بِكُلِّ مَا تَسْأَلُ عَنْهُ؟ قَالَ: فَقَالَ: لَا، قَالَ: فَقَالَتْ: فَمَا ازْدِيَادُكَ مِنْ حُجَّةِ الله عَلَيْكَ ".

واتە: حەججاجی کوڕی موحەممەد دەفەرموێت: گوێم لە جەریری کوڕی حازم بوو لە وەهبی مەکییەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: پیاوێکی گەنج پرسیاری زۆری لە دایکی دەردا کرد؛ دایکی دەردا پێی فەرموو: ئەرێ تۆ کار بەو هەموو شتە دەکەی کە پرسیارت لە بارەوە کردن؟ پیاوەکە گوتی: نەخێر! دایکی دەردا فەرمووی: دەی بۆچی بەڵگەی خوا بەسەر خۆتەوە زیاتر دەکەیت؟

٩٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيِّ، عَنِ الْحَارِثِ بْنِ سُوَيْدٍ أَنَّ رَجُلًا مِنْ أَهْلِ الْكُوفَةِ وَشَى بِعَمَّارٍ إِلَى عُمَرَ، قَالَ: فَقَالَ لَهُ عَمَّارٌ: أَمَا إِنْ كُنْتَ كَاذِبًا، فَأَكْثَرَ اللهُ مَالَكَ وَوَلَدَكَ، وَجَعَلَكَ مُوَطَّأَ الْعَقِبَيْنِ ".

واتە: حارثی کوڕی سووەید دەفەرموێت: پیاوێکی کوفی چڵوچۆکەریی کرد و قسەی عەمماری برد بۆ پێشەوا عومەر؛ عەممار پێی فەرموو: ئەگەر درۆ دەکەیت ئەوا خوای گەورە سەروەت و سامان و ماڵ و منداڵ و شوێنکەوتەت زۆر بکات. (ئەم ئەسەرە دووبارەیەو بە ژمارە ٦٢٦ تێپەڕی).

٩٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنِي سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا يُونُسُ بْنُ عُبَيْدٍ، عَنْ رَجُلٍ، عَنْ عَمَّارِ بْنِ يَاسِرٍ، أَنَّهُ قَالَ: كَفَى بِالْمَوْتِ وَاعِظًا، وَكَفَى بِالْيَقِينِ غِنًى، وَكَفَى بِالْعِبَادَةِ شُغُلًا ".

واتە: یونسی کوڕی عوبەید لە پیاوێکەوە ئەویش لە عەمماری کوڕی یاسرەوە گێڕایەوە کە فەرموویەتی: بەسە بۆ مرۆڤ مردن ببێ بە پەندو ئامۆژگاری بۆی؛ بەسە بۆ مرۆڤ یەقین و دڵنیایی ببێتە دەوڵەمەندی بۆی؛ بەسە بۆ مرۆڤ خواپەرستی بکاتە کار و پیشە بۆ خۆی.

٩٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي دَاوُدُ بْنُ عَمْرٍو، وَأَبُو الْجَهْمِ الْأَزْرَقُ بْنُ عَلِيٍّ، قَالَا: حَدَّثَنَا حَسَّانُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سَلَمَةَ بْنِ كُهَيْلٍ، عَنْ سَلَمَةَ، عَنْ ذَرٍّ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبْزَى، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ عَمَّارِ بْنِ يَاسِرٍ أَنَّهُ قَالَ وَهُوَ يَسِيرُ عَلَى شَطِّ الْفُرَاتِ: اللهمَّ لَوْ أَعْلَمُ أَنَّ أَرْضَى لَكَ عَنِّي أَنْ أَتَرَدَّى فَأَسْقُطَ فَعَلْتُ، وَلَوْ أَعْلَمُ أَنَّ أَرْضَى لَكَ عَنِّي أَنْ أُوقِدَ نَارًا فَأَقَعَ فِيهَا فَعَلْتُ، اللهمَّ وَلَوْ أَعْلَمُ أَنَّ أَرْضَى لَكَ عَنِّي أَنْ أُلْقِيَ نَفْسِي فِي هَذَا الْمَاءِ فَأَغْرَقَ فِيهِ فَعَلْتُ ".

واتە: سەلەمە لە زەڕڕەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە ئەویش لە باوکییەوە ئەویش لە عەممارەوە دەگێڕێتەوە کە عەممار لەسەر ئاوی فورات بوو؛ فەرمووی: خوایە! ئەگەر بزانم بەوە لێم ڕازی دەبیت کە لە بەرزاییەکەوە خۆم فڕێ بدەمە خوارەوە ئەوا خۆم فڕێ دەدەمە خوارەوە؛ ئەگەر بزانم بەوە لێم ڕازی دەبی کە ئاگرێک بکەمەوە و خۆمی تێ فڕێ بدەم؛ ئەوا ئاگرێک دەکەمەوە و خۆمی تێ فڕێ دەدەم.. خوایە! ئەگەر بزانم تۆ بەوە لێم ڕازی دەبی کە خۆم بخەمە ناو ئەم ئاوەوە و خۆم بخنکێنم؛ ئەوا خۆمی تێ فڕێ دەدەم.

زوهد و پارسایی ئەبوهورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت)

٩٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هُدْبَةُ بْنُ خَالد، حَدَّثَنَا هَمَّامٌ، حَدَّثَنَا قَتَادَةُ، عَنْ أَنَسٍ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: أَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى غَنِيمَةٍ بَارِدَةٍ؟ قَالُوا: مَاذَا يَا أَبَا هُرَيْرَةَ؟ قَالَ: الصَّوْمُ فِي الشِّتَاءِ".

واتە: هەمـام لە قەتـادەوە گێـڕایەوە؛ ئەویـش لە ئەنەســەوە ئەویــش لە ئەبوهـورەیرەوە فەرمـوویەتی: دەتـانەوێ دەسـکەوتێکی بـێ کێشـەو ئاسانتان پـێ پیشـان بـدەم؟ گوتیـان: ئەو دەسکەوتەیە چییە ئەبوهورەیرە؟ فەرمووی: ڕۆژو گرتن لە زستانا.

٩٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا عَوْفٌ، عَنْ أَبِي السَّلِيل قَالَ: قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: مَا صَدَّقَتْكُمْ أَنْفُسُكُمْ تَأْمَلُونَ مَا لَا تَبْلُغُونَ، وَتَجْمَعُونَ مَا لَا تَأْكُلُونَ وَتَبْنُونَ مَا لَا تَسْكُنُونَ".

واتە: عەوف لە بـاوکی سـەلیلەوە گێڕایەوە فەرمـوویەتی: ئەبوهورەیرە فەرمـووی: نەفسـی ئێوە لەگەڵ ئێوەدا ڕاست ناکات؛ ئێوە هیوا بۆ شتی وا دەخوازن کە پێی ناگەن؛ شتی وا کۆ دەکەنەوە و ئەوەنـدە کـۆ دەکەنەوە کە نـاتوانن بیخـۆن و بەکـاری بهێـنن؛ بینـاو کۆشـکی وا دروست دەکەن کە تێیدا نیشتەجێ نابن.

٩٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنِ الْعَبَّاسِ بْنِ رَوْحٍ الْجَرِيرِيِّ، عَنْ أَبِي عُثْمَانَ النَّهْدِيِّ، أَنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ، رَحِمَهُ الله كَانَ يَقُومُ ثُلُثَ اللَّيْلِ، وَتَقُومُ امْرَأَتُهُ ثُلُثَ اللَّيْلِ، وَيَقُومُ ابْنَتُهُ ثُلُثَ اللَّيْلِ، إِذَا نَامَ هَذَا قَامَ هَذَا".

واتە: لە عەبباسـی کـوڕی ڕەوحـی جەریـرییەوە ئەویـش لە بـاوکی عوسـمانی نەهـدییەوە دەگێڕنەوە کە ئەبوهورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) سێیەکی شەو خواپەرستی دەکرد؛ دوایی لە سـێیەکی دووەمـا ژنەکەی هەڵدەسـتاو شـەونوێژی دەکـرد؛ دوای ئەو لە سـێیەکی سـێیەما کـوڕەکەی هەڵدەسـتاو شـەونوێژی دەکرد؛ کـاتێ ئەم هەڵدەسـتا ئەویـتر دەخەوتەوە (واتە: بە

هەرسێکیانەوە نەیانهێشتووە ئەو ماڵە شەونوێژی لێ ببڕێت و تا بەیانی کەسێک شەونوێژی تێدا کردووە).

٩٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَني عَبْدُ الرَّزَّاق قَالَ: سَمعْتُ الْأَوْزَاعيَّ، عَنْ يَحْيَى بْن أَبي كَثير قَالَ: قيلَ لأَبي هُرَيْرَةَ: أَلَا تَرْكَبُ فَتَلْقَى فُلَانًا؟ قَالَ: إنِّي أَكْرَهُ أَنْ أَرْكَبَ مَرْكَبًا لَا أَكُونُ فيه ضَامنًا عَلَى الله عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: عەبدولڕەزاق دەفەرموێت: گوێم لە ئەوزاعی بوو لە یەحیای کوڕی باوکی کەسیرەوە گێرایەوە فەرموویەتی: بە ئەبوهورەیرە گوترا: ئەوە تۆش وەکوو ئەو خەڵکە ناچی بە پیریی فلانەوە (مەبەست مواعویە بوو کە لە دیمەشقەوە بە مەبەستی حەج کردن بەرەو مەدینە دەهات) ئەبوهورەیرە گوتی: من سواری ئاژەڵێک نابم و ناچم ئەگەر کارەکەم لای خوا وەرگیراوو پەسەند نەبێ.

٩٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْمَلك بْنُ عَمْرو، حَدَّثَنَا إسْمَاعيلُ يَعْني الْعَبْديَّ عَنْ أَبي الْمُتَوَكِّل، أَنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ كَانَتْ لَه زِنْجيَّةٌ، فَدَعَّمَتْهُمْ بعَمَلها، فَرَفَعَ عَلَيْهَا السَّوْطَ يَوْمًا، فَقَالَ: لَوْلَا الْقصَاصُ لَأَغْشَيْتُك به، وَلَكنْ سَأَبيعُك ممَّنْ يُوَفِّيني ثمَنَك، اذْهَبي فَأَنْت لله عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: ئیسماعیل لە باوکی موتەوەکیلەوە گێڕایەوە کە ئەبوهورەیرە کەنیزەیەکی ڕەشپێیستی هەبوو؛ لە ماڵا یارمەتیی دەدان؛ ڕۆژێک ئەبوهورەیرە قامچییەکی لێ بەرز کردەوە و فەرمووی: ئەگەر تۆڵە سەندنەوە نەبوایە ئێستا بەم قامچییە لێدانم دەکردی؛ بەڵام دەتفرۆشم بە کەسێک کە نرخەکەم بە تەواوی و بە زیادیشەوە پێ بدات؛ دوایی فەرمووی: برۆ لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە ئازاد بە!

٩٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْمَلك بْنُ عَمْرو، حَدَّثَنَا إسْمَاعيلُ، عَنْ أَبي الْمُتَوَكِّل، عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ قَالَ: أَعْطَاني رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ شَيْئًا منْ تَمْر، فَجَعَلْتُهُ في مكْتَل لَنَا، فَعَلَّقْنَاهُ في سَقْف الْبَيْت، فَلَمْ نَزَلْ نَأْكُلُ منْهُ آخرَهُ أَصَابَهُ أَهْلُ الشَّام حَيْثُ أَغَارُوا بالْمَدينَة ".

واتە: ئیسماعیل لە باوکی موتەوەکیلەوە گێڕایەوە کە ئەبوهورەیرە فەرمووی: پێغەمبەری

خوا (ﷺ) هەندێ خورمای پێ بەخشیم؛ منیش خورماکەم کردە ناو سەبەتەیەکی خۆمانەوە و هەڵمانواسی بە میچی خانوەکەمانا؛ بەردەوام لەو خورمایەمان دەخوارد تا ئەو کاتەی خەڵکی شام دایان بەسەر شاری مەدینەدا ئەوکاتە بردیان و تەواو بوو.

٩٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْمَلِك، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ، عَنْ أَبِي الْمُتَوَكِّلِ أَنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ، وَأَصْحَابُهُ كَانُوا إِذَا صَامُوا قَعَدُوا فِي السَّحَرِ؛ قَالُوا نُطَهِّرُ سَيِّآتِنَا ".

واتە: ئیسماعیل لە باوکی موتەوەکیلەوە گێڕایەوە کە ئەبوهورەیرەو هاوڕێکانی کاتێ ڕۆژویان دەگرت لە بەرەبەیانا دادەنیشتن و دەیانگوت: خراپەکانی خۆمان پاك دەکەینەوە.

٩٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو عُبَيْدَةَ الْحَدَّادُ، أَنْبَأَنَا عُثْمَانُ الشَّحَّامُ أَبو سَلَمَةَ، أَنْبَأَنَا فَرْقَدُ السَّبَخِيُّ قَالَ: كَانَ أَبو هُرَيْرَةَ يَطُوفُ بِالْبَيْتِ وَهُوَ يَقُولُ: وَيْلٌ لِي مِنْ بَطْنِي، إِنْ أَشْبَعْتُهُ كَظَّنِي وَإِنْ أَجَعْتُهُ أَتْصَبَنِي ".

واتە: عوسمانی شەحام واتە: باوکی سەلەمە گێڕایەوە فەرمووی: فەرقەدی سەبحی گێرایەوە فەرمووی: ئەبوهورەیرە تەوافی ماڵی خوای دەکردو دەیفەرموو: ئای بۆ من بۆ زگم! ئەگەر تێری بکەم تەمبەڵم دەکات؛ ئەگەر برسیشی بکەم ئازارم دەدا.

٩٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا سَلَّامُ، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: يَقُولُ الله عَزَّ وَجَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ: اسْتَطْعَمَكَ عَبْدِي فَلَمْ تُطْعِمْهُ، أَمَا لَوْ أَنَّكَ كُنْتَ أَطْعَمْتَهُ لَأَطْعَمْتُكَ الْيَوْمَ، وَاسْتَسْقَاكَ عَبْدِي فَلَمْ تَسْقِه، أَمَا لَوْ كُنْتَ أَسْقَيْتَهُ لَأَسْقَيْتُكَ الْيَوْمَ ".

واتە: حەسەن لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە دەفەرموێت: بەندەیەکی من داوای خواردنی لێ کردی خواردنت پێ نەدا؛ ئەگەر تێرت بکردایەو خواردنت پێ بدایە ئەوا ئەو ڕۆژە من تۆم تێر دەکرد؛ داوای ئاوی لێ کردی و ئاووت نەدایە؛ ئەگەر ئاووت پێ بدایەو تینوێتی ئەووت بشکاندایە منیش ئەو ڕۆژە تینوێتی تۆم دەشکاند.

٩٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنِي كَثِيرٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ الْأَصَمِّ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا هُرَيْرَةَ، يَقُولُ: يُبْصِرُ أَحَدُكُمُ الْقَذَاةَ فِي عَيْنِ أَخِيهِ، وَيَنْسَى الْجِذْعَ أَوِ الْجِذْلَ فِي عَيْنِه ".

واته: جەعفەر گێرایەوە فەرمووی: یەزیدی ئەصەم بۆی گێراینەوە فەرمووی: گوێم لە ئەبوهورەیرە بوو دەیفەرموو: هەریەکێک لە ئێوە ڕیپۆق و شتی بچووک لە چاوی برادەرەکەیا دەبینێ و وشتر یان فەرمووی: قۆترە دار لە چاوی خۆیا نابینێت!

٩٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا كَثِيرٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ الْأَصَمِّ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا هُرَيْرَةَ يَقُولُ: الْمُكْثِرُونَ فِي النَّارِ إِلاَّ مَنْ قَالَ هَكَذَا وَهَكَذَا، وَأَشَارَ بِكَفَّيْهِ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ وَعَنْ يَمِينِهِ وَعَنْ شِمَالِهِ، ثُمَّ قَالَ: وَقَلِيلٌ مَا هُمْ. قَالَ يَزِيدُ: إِنْ لَمْ أَكُنْ سَمِعْتُهُ مِنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، وَأَشَارَ بِإِصْبَعَيْهِ إِلَى أُذُنَيْهِ وَإِلاَّ فَصُمَّتَا ".

واته: جەعفەر گێرایەوە فەرمووی: یەزیدی ئەصەم بۆی گێراینەوە فەرمووی: گوێم لە ئەبوهورەیرە بوو دەیفەرموو: ئەوانەی هەر کۆی دەکەنەوە دەچنە دۆزەخەوە؛ مەگەر ئەوانەی کە ئاواو ئاوان.. جا بە دەستەکانی ئاماژەی بە بەردەمی خۆی و لای ڕاست و لای چەپی کرد و دوایی فەرمووی: ئەوانە کەمن! یەزید دەفەرموێت: ئەگەر من خۆم لە ئەبوهورەیرەم نەبیستبێ. دوایی بە پەنجەکانی ئاما١ەی بۆ هەردو گوێچکەی خۆی کرد و فەرمووی: ئا ئەمانە کەڕبن!

٩٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا مِسْعَرٌ، وَالْمَسْعُودِيُّ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ مَوْلَى آلِ طَلْحَةَ، عَنْ عِيسَى بْنِ طَلْحَةَ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: لَنْ يَلِجَ النَّارَ مَنْ بَكَى مِنْ خَشْيَةِ الله عَزَّ وَجَلَّ حَتَّى يَعُودَ اللَّبَنُ فِي الضَّرْعِ ".

واته: لە موحەممەدی کوڕی عەبدولڕەحمانی مەولای ماڵی تەڵحەوە ئەویش لە عیسای کوڕی تەڵحەوە ئەویش لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ لە ترسی خوای گەورە بگری؛ ئەوە ناچێتە دۆزەخەوە هەتا شیری دۆشراو نەچێتەوە ناو گووان. (واتە: وەک چۆن شیری دۆشراو ناگەڕێتەوە بۆ ناو گووان؛ ئاواش ئەو کەسانە ناچنە ناو دۆزەخەوە).

٩٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ مَعْرُوفٍ، عَنْ ضَمْرَةَ، عَنِ ابْنِ شَوْذَبٍ قَالَ: لَمَّا حَضَرَتْهُ الْوَفَاةُ بَكَى فَقِيلَ لَه: يَا أَبَا هُرَيْرَةَ مَا يُبْكِيكَ؟ قَالَ: بُعْدُ الْمَفَازَةِ، وَقِلَّةُ الزَّادِ، وَعَقَبَةٌ كَئُودٌ، الْمَهْبِطُ مِنْهَا إِلَى الْجَنَّةِ أَوِ النَّارِ ".

واته: زەمرە لە کوڕی شەوزەبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەبوهورەیرە لە نەخۆشینی مردنەکەیا گریا؛ پێیان گوت: ئەبوهورەیرە بۆچی دەگریت؟ فەرمووی: بۆ ئەو سارا دووروو درێژو کوشندەیەو ئەو سەفەرە درێژەی کە لەبەرمەو ئەو کۆڵ و بارە کەمەی کە هەمە دەگریم؛

ئەوا من لە بەردەم بەرزایی و نزمایییەکانی بەهەشت و دۆزەخا خۆم دەبینمەوە (و نازانم بەرەو لای کامیان دەبرێم!).

٩٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو سَعيد، حَدَّثَنَا أَبو يَعْقُوبَ، حَدَّثَنَا أَبو أَيُّوبَ عَبْدُ الله بْنُ أَبي سُلَيْمَانَ قَالَ: دَخَلَ أَبو هُرَيْرَةَ الْمَسْجِدَ، فَإِذَا فيه غُلَامٌ، فَقَالَ: يَا غُلَامُ اذْهَبْ إِلَى عَمَلِ أَهْلِكَ، قَالَ: إِنَّمَا جِئْتُ إِلَى الصَّلَاة، قَالَ: فَأَنْتَ السَّابِقُ، وَأَنَا الْمُصَلِّي".

واتە: عەبدوڵڵای باوکی ئەیوب لە باوکی سولەیمانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەبوهورەیرە ڕۆیشتە ناو مزگەوتەوە دەبینێ کوڕێک لەناو مزگەوتە؛ فەرمووی: کاکە بڕۆ بەدەم ئیشوکاری کەسوکارت! کوڕەکە گوتی: هاتوم نوێژ بکەم! ئەبوهورەیرە فەرمووی: دەی تۆ پێشکەوتویت و من نوێژخوێنم.

١٠٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا وَهْبُ بْنُ مُنَبِّه الْوَاسطيُّ، أَنْبَأَنَا خَالدُ بْنُ عَبْد الله، عَنْ أَبي سنَان، عَنْ أَبي صَالح، عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ قَالَ: مَنْ قَالَ منْ قبَل نَفْسه: الْحَمْدُ لله رَبِّ الْعَالَمينَ كَتَبَ الله له ثَلَاثينَ حَسَنَةً، وَمَحَى عَنْهُ ثَلَاثينَ سَيِّئَةً، وَمَنْ قَالَ: الله أَكْبَرُ كَتَبَ الله بهَا عشْرينَ حَسَنَةً، وَمَحَى عَنْهُ عشْرينَ سَيِّئَةً، وَمَنْ قَالَ: سُبْحَانَ الله كَتَبَ الله بهَا عشْرينَ حَسَنَةً وَمَحَى عَنْهُ عشْرينَ سَيِّئَةً ".

واتە: خالیدی کوڕی سینان لە باوکی صالحەوە ئەویش لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ لەبەر خۆیەوە بڵێ: الحمدلله رب العالمین؛ ئەوا خوای گەورە سی چاکەی بۆ دەنووسێت؛ سی خراپەی دەشواتەوە.. هەر کەسێکیش بڵێ: الله اکبر؛ خوای گەورە بە هۆی ئەو زیکرەوە بیست چاکەی بۆ دەنووسێت و بیست تاوانی دەشواتەوە؛ هەر کەسێکیش بڵێ: سبحان الله؛ خوای گەورە بیست چاکەی بۆ دەنووسێت و بیست تاوانی دەشواتەوە.

١٠٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا أَبو سَعيد، حَدَّثَنَا إِسْحَاقُ بْنُ عُثْمَانَ الْكُلَابيُّ قَالَ: سَمعْتُ أَبَا أَيُّوبَ وَهُوَ عَبْدُ الله بْنُ أَبي سُلَيْمَانَ مَوْلَى عُثْمَانَ بْن عَفَّانَ يَقُولُ: كَانَ لأَبي هُرَيْرَةَ في مخْدَعه مَسْجدٌ، وَفي بَيْته مَسْجدٌ، وَفي حُجْرَته مَسْجدٌ، وَفي دَاره مَسْجدٌ، وَعَلَى بَاب دَاره مَسْجدٌ، إِذَا دَخَلَ صَلَّى فيهَا جَميعًا، وَإِذَا خَرَجَ صَلَّى فيهَا جَميعًا ".

واتە: ئیسحاقی کوڕی عوسمانی کیلابی دەفەرموێت: گوێم لە باوکی ئەییوب واتە: عەبدوڵلای کوڕی باوکی سولەیمانی مەولای عوسمانی کوڕی عەففان بوو دەیفەرموو: ئەبوهورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) لە چلەخانەو خەڵوەخانەکەی خۆیا شوێنێکی تایبەتی هەبوو بۆ نوێژ کردن؛ لە ماڵیشا شوێنێکی تایبەتی هەبوو بۆ نوێژ کردن؛ لە ژوورەکەیشا شوێنێکی تایبەتی هەبوو؛ لە هەیوانەکەشا شوێنێکی تایبەتی هەبوو بۆ نوێژ کردن؛ لە لای دەرگای حەوشەشا شوێنێکی تایبەتی هەبوو بۆ نوێژ کردن؛ هەر کات هاتبایەوە بۆ ماڵەوە لە هەموو ئەو شوێنانەدا نوێژی دەکرد؛ کە لە ماڵیش دەردەچو سەرەتا لە هەموو ئەو شوێنانەدا نوێژی دەکرد.

١٠٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، عَنْ لَيْث، عَنْ طَاوُس، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ، فَإِنَّهُ مِنْ أَكْذَبِ الْحَدِيث، وَلَا تَجَسَّسُوا، وَلَا تَحَسَّسُوا، وَلَا تَنَافَسُوا، وَلَا تَدَابَرُوا، وَلَا تَبَاغَضُوا، وَكُونُوا عِبَادَ الله إِخْوَانًا، كَمَا أَمَرَكُمُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: لەیث لە تاووسەوە ئەویش لە ئەبوهورەیرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: خۆتان لە گومان بپارێزن، بەڕاستی گومانبردن درۆترین قسەیە، جاسوسی مەکەن، چاو مەدەن بۆ ئەوەی ئاگاداری کاروباری خەڵک بن، لەسەر دونیا کێبەرکێ مەکەن لەگەڵ یەکا؛ پشت لە یەکتر مەکەن، ڕقتان لە یەکتر نەبێ، بەندەی خوای گەورە بن و برای یەکترین بەو جۆرەی کە خوای گەورە فرمانی پێکردوون[1].

[1] ئەم ئەسەرە فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوایە (صلی الله علیه وسلم) کە لێرە وەک قسەی ئەبوهورەیرە ڕیوایەت کراوە؛ ئەمە دەقی فەرموودەکەی پێغەمبەری خوایە (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الْحَدِيثِ ، وَلَا تَحَسَّسُوا ، وَلَا تَجَسَّسُوا ، وَلَا تَنَاجَشُوا ، وَلَا تَحَاسَدُوا، وَلَا تَبَاغَضُوا ، وَلَا تَدَابَرُوا وَكُونُوا عِبَادَ الله إِخْوَانًا. رواه الشيخان.

باسی حوزەیفەی کوڕی یەمان (خوای لێ ڕازی بێت)

١٠٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا عِكْرِمَةُ بْنُ عَمَّار، حَدَّثَنِي أَبُو عَبْد الله الْفَلَسْطِينِيُّ، عَنْ عَبْد الْعَزِيز أَخِي حُذَيْفَةَ، عَنْ حُذَيْفَةَ قَالَ: أَوَّلُ مَا تَفْقِدُونَ مِنْ دِينِكُمُ الْخُشُوعُ، وَآخِرُ مَا تَفْقِدُونَ مِنْ دِينِكُمُ الصَّلَاةُ ".

واتە: لە عەبدولعەزیزی برای حوزەیفەوە ئەویش لە حوزەیفەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: یەکەم شتێ کە لە ئایینا لە دەستی دەدەن بریتیە لە ملکەچی و خشوع؛ کۆتا شتیش کە لە دەستی دەدەن بریتیە لە نوێژ کردن. (کەواتە با ئەو کەسانەی کە نوێژ ناکەن یان کەمتەرخەمی تێدا دەکەن ئاگادار بن کە نوێژ کۆتا سنورەو ئیتر ئەودیوی نوێژ نەکردن بریتیە لە کوفرو کەسێک نوێژ نەکات زۆر نزیکە لە کافر بوونەوە. پەنا بەخوا).

١٠٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنِي فُضَيْلُ بْنُ غَزْوَانَ، عَنْ أَبِي الْفُرَات، عَنْ مَالك الْأَحْمَر، عَنْ حُذَيْفَةَ، سَمِعْتُهُ مِنْهُ قَالَ: بَائِعُ الْخَمْر كَشَارِبِهَا، أَلَا إِنَّ مُقْتَنِي الْخَنَازِير كَآكِلهَا، تَعَاهَدُوا أَرِقَّاءَكُمْ، فَانْظُرُوا مِنْ أَيْنَ يَجِيئُونَ بِضَرَائِبِهِمْ، فَإِنَّهُ لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ لَحْمٌ نَبَتَ مِنْ سُحْت ".

واتە: لە باوکی فوراتەوە ئەویش لە مالیکی ئەحمەرەوە ئەویش لە حوزەیفەوە دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: گوێم لە حوزەیفە بوو دەیفەرموو: ئەو کەسەی کە ئارەق و بادە دەفرۆشێ وەکوو ئەوە وایە بیخواتەوە؛ ئاگاداربن! ئەو کەسەی کە بەرزا بەخێو دەکات وەکوو ئەو کەسە وایە کە گۆشتەکەی دەخوات؛ لەگەڵ کۆیلەکانتان نەرم و نیان بن! (یان: بەڵێن لە کۆیلەکانتان وەربگرن) بزانن لەکوێ پارەو پوڵتان بۆ پەیدا دەکەن؛ چونکە بەڕاستی ئەو گۆشتەی کە بە خواردنی حەرام گەشەی کردووە و قەڵەو بووە؛ ناچێتە بەهەشتەوە.

١٠٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ أَيُّوبَ، حَدَّثَنَا أَبُو بَكْر بْنُ عَيَّاش، عَنْ عَاصِم، عَنْ أَبِي وَائِل قَالَ: قَالَ حُذَيْفَةُ: مِنْ أَحَبِّ حَال يَحْمَدُ الله عَزَّ وَجَلَّ الْعَبْدَ عَلَيْهَا أَنْ يَجِدَهُ عَافِرًا وَجْهَهُ ".

واتە: لە عاصمەوە ئەویش لە باوکی وائیلەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: حوزەیفە فەرمووی: باشترین حاڵەتێ کە خوای گەورە پێی خۆشبێ بەندەکەی خۆی تێدا ببینێ بریتیە لەوەی کە دەموچاوی لەخۆڵ بسوێ (واتە: بیخاتە سەر زەوی و سەجدە بیات بۆ خوای گەورە).

باسی موعازی کوڕی جەبەل
(خوای لێ ڕازی بێت)

١٠٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ لَيْثٍ، عَنْ طَاوُسٍ قَالَ: قَدِمَ مُعَاذٌ أَرْضَنَا قَالَ: وَقِيلَ لَه: لَوْ أَمَرْتَ فَجُمِعَ مِنْ هَذَا الصَّخْرِ وَالْخَشَبِ، فَبَنَي لَكَ مَسْجِدًا، قَالَ: إِنِّي أَخَافُ أَنْ أُكَلَّفَ حَمْلَه يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى ظَهْرِي ".

واتە: لە لەیثەوە ئەویش لە تاووسەوە دەگێرنەوە فەرموویەتی: موعاز هات بۆ نیشتیمانی ئێمە؛ جا پێی گوترا: ئەوە بۆ فرمان ناکەی تا لەم تاشە بەردو دارانە کۆ بکرێتەوە و مزگەوتێکت بۆ دروست بکەین؟ موعاز فەرمووی: ئاخر دەترسم لە ڕۆژی قیامەتدا زۆری ئەوەم لێ بکرێ کە مزگەوتەکە بەسەر پشتی خۆمەوە هەڵبگرم.

١٠٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ، أَنْبَأَنَا زِيَادٌ مَوْلَى لِقُرَيْشٍ عَنْ مُعَاوِيَةَ بْنِ قُرَّةَ قَالَ: قَالَ مُعَاذٌ رَحِمَهُ اللهُ لابْنِه: يَا بُنَيَّ إِذَا صَلَّيْتَ صَلَاةً فَصَلِّ صَلَاةَ مُوَدِّعٍ: لَا تَظُنُّ أَنَّكَ تَعُودُ إِلَيْهَا أَبَدًا، وَاعْلَمْ يَا بُنَيَّ أَنَّ الْمُؤْمِنَ يَمُوتُ بَيْنَ حَسَنَتَيْنِ: حَسَنَةٍ قَدَّمَهَا، وَحَسَنَةٍ أَخَّرَهَا ".

واتە: لە موعاویەی کوڕی قوڕڕەوە دەگێرنەوە فەرموویەتی: موعازی کوڕی جەبەل (خوای لێ ڕازی بێت) بە کوڕەکەی خۆی گوت: کوڕی خۆم! هەر کاتێ نوێژێکت کرد؛ بە جۆرێک بیکە کە کۆتا نوێژت بێت و ئیتر ماڵئاوایی بکەیت؛ قەت گومان مەبە کە جارێکیتر بگەڕێیتەوە بۆ لای نوێژ و تا نوێژێکیتر زیندوو بمێنیت.. کوڕی خۆم! ئەوەش بزانە کە مرۆڤی باوەڕدار لە نێوان دو چاکەدا دەمرێ؛ چاکەیەک کە پێش خۆی خستووە و چاکەیەک کە داوی خۆی خستووە (واتە: ئەو چاکەو خێراتەی کە کردوویەتی و پێش خۆی کەوتووە؛ لەگەڵ ئەو چاکەو خێراتەی کە دوای خۆیشی هەر ماوە و سەدەقەی جارییەن).

١٠٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ صَنْدَل، حَدَّثَنَا فُضَيْلٌ يَعْنِي ابْنَ عِيَاض عَنْ يَحْيَى بْن سَعِيد، عَنْ أَبِي الزُّبَيْرِ قَالَ: أَخْبَرَنِي مَنْ سَمِعَ مُعَاذًا وَهُوَ يَقُولُ: مَا مِنْ شَيْءٍ أَنْجَى لابْنِ آدَمَ مِنْ عَذَابِ الله مِنْ ذِكْرِ الله، قَالُوا: وَلَا السَّيْفُ فِي سَبِيلِ الله ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، قَالَ: وَلَا أَنْ يَضْرِبَ بِسَيْفِهِ فِي سَبِيلِ الله عَزَّ وَجَلَّ حَتَّى يَنْقَطِعَ ".

واتە: فوزەیلی کوڕی عیاز لە یەحیای کوڕی سەعیدەوە ئەویش لە باوکی زوبەیرەوە **دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: یەکێک کە خۆی لە موعازی بیستبوو بە** منی ڕاگەیاند کە **موعاز فەرموویەتی: هیچ شتێک وەک یاد و زیکری خوای گەورە؛ مرۆڤ لە سزای خوای گەورە ڕزگار ناکات؛ سێجار گوتیان: تەنانەت شمشێر وەشاندنیش لە پێناوی خوا؟ (واتە: تەنانەت جیهاد کردنیش؟) فەرمووی: هەرچەندە لە پێناو خوای گەورەش شمشێر بووەشێنێ؛ تا ئەو کاتەی کە شمشێرەکەی دەشکێ (یان: تا ئەو کاتەی گیانی تێدا نامێنێ).**

١٠٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ الْعَنْبَرِيُّ أَبو عَبْدِ الله، حَدَّثَنَا يُوسُفُ بْنُ كَامِل، حَدَّثَنَا بُكَيْرُ بْنُ أَبِي السَّمِيط، عَنْ قَتَادَةَ، حَدَّثَنَا أَبو الْحَجَّاج قَالَ: قَالَ مُعَاذُ بْنُ جَبَل رَحِمَهُ الله: مَنْ عَلِمَ أَنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ حَقٌّ، وَأَنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ لَا رَيْبَ فِيهَا، وَأَنَّ الله يَبْعَثُ مَنْ فِي الْقُبُورِ دَخَلَ الْجَنَّةَ ".

واتە: لە قەتادەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: باوکی حەججاج پێی گوتم فەرمووی: موعازی کوڕی جەبەل (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: هەر کەسێ بزانێ کە خوای گەورە هەقەو قیامەت دێت و هاتنی قیامەت بێگومانە؛ دانیش بەوەدا بنێ کە خوای گەورە هەموو ئەوانە زینو دەکاتەوە کە لە گۆڕدان (واتە: هەموو مردووان زیندوو دەکاتەوە) ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە.

١٠١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ صَنْدَل، حَدَّثَنَا فُضَيْلُ بْنُ عِيَاض، عَنِ الْأَعْمَش، عَنْ عَمْرو بْن مُرَّةَ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ سَلَمَةَ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ لِمُعَاذ: عَلِّمْنِي، قَالَ: وَهَلْ أَنْتَ مُطِيعِي؟ قَالَ: إِنِّي عَلَى طَاعَتِكَ لَحَرِيصٌ، قَالَ: صُمْ وَأَفْطِرْ، وَصَلِّ وَنَمْ، وَاكْتَسِبْ وَلَا تَأْثَمْ، وَلَا تَمُوتَنَّ إِلَّا وَأَنْتَ مُسْلِمٌ، وَإِيَّاكَ وَدَعْوَةَ الْمَظْلُوم ".

واتە: فوزەیلی کوڕی عیاز لە ئەعمەشەوە ئەویش لە عەمری کوڕی موڕڕەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی سەلەمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پیاوێک بە موعازی گوت: شتێکم فێر بکە! موعاز فەرمووی: دەی بە گوێم دەکەی؟ گوتی: بەڵێ من زۆر سوورم لەسەر ئەوەی کە

بە گوێت بکەم! موعاز فەرمووی: دەی ڕۆژوو بگرەو مەیگرە (واتە: ناوەناوە ڕۆژوو بگرەو ناوە ناوەش مەیگرەو پشو بدە) شەوانە نوێژ بکەو بشخەوە؛ کاسبی بکەو تاوانی تێدا مەکە (واتە: کاسبی حەرام مەکە) با بە موسوڵمانیش نەبێ نەمریت؛ خۆت لە ئاهو ناڵەی مرۆڤی ستەملێکراویش بپارێزە.

١٠١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا شُجَاعُ بْنُ الْوَلِيد، عَنْ عَمْرِو بْنِ قَيْس، عَمَّنْ حَدَّثَهُ عَنْ مُعَاذ رَحِمَهُ الله تَعَالَى لَمَّا أَنْ حَضَرَهُ الْمَوْتُ قَالَ: انْظُرُوا أَصْبَحْنَا؟ فَأُتِيَ فَقِيلَ: لَمْ تُصْبِحْ، قَالَ: انْظُرُوا أَصْبَحْنَا، فَأُتِيَ فَقِيلَ: لَمْ تُصْبِحْ حَتَّى أُتِيَ فِي بَعْضِ ذَلِكَ، فَقِيلَ لَهُ: قَدْ أَصْبَحْتَ، قَالَ: أَعُوذُ بِالله مِنْ لَيْلَةٍ صَبَاحُهَا إِلَى النَّار، مَرْحَبًا بِالْمَوْت، مَرْحَبًا زَائِرًا مُغَيَّبًا حَبِيبًا، جَاءَ عَلَى فَاقَة، اللهمَّ إِنِّي قَدْ كُنْتُ أَخَافُكَ، فَأَنَا الْيَوْمَ أَرْجُوكَ، اللهمَّ إِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي لَمْ أَكُنْ أُحِبُّ الدُّنْيَا وَطُولَ الْبَقَاءِ فِيهَا لِكَرْيِ الْأَنْهَارِ وَلَا لِغَرْسِ الشَّجَرِ، وَلَكِنْ لِظَمَأِ الهوَاجِرِ وَمُكَابَدَةِ السَّاعَاتِ وَمُزَاحَمَةِ الْعُلَمَاءِ بِالرُّكَبِ عِنْدَ حِلَقِ الذِّكْرِ ".

واتە: شوجاعی کوڕی وەلید لە عەمری کوڕی قەیسەوە ئەویش لە کەسێکەوە کە بۆی گێراوەتەوە کە موعاز (خوای لێ ڕازی بێت) کاتێ کەوتە سەرەمەرگەوە فەرمووی: ئا سەیر بکەن بزانن نوێژی بەیانی بووە؟ یەکێک سەیری کرد و هاتەوە بۆ لای و گوتی: هێشتا شەوە و بەینای نەبووە! (دوای تاوێک) فەرمووی: ئا سەیر بکەن بزانن نوێژی بەیانی بووە؟ یەکێک سەیری کرد و هاتەوە بۆ لای و گوتی: هێشتا شەوە و بەینای نەبووە! تا دوایی یەکێک هات و گوتی: ڕۆژ بویەوە و بەیانی داهاتووە؛ موعاز فەرمووی: پەنا دەگرم بە خوا لە شەوێک کە بەیانییەکەی بەرەو ئاگرچون بێت! مردن بەخێربێت؛ بەخێربێت ئەو سەردانیکەرەی کە نادیارەو خۆشەویستە؛ هاتووە بۆ لای کەسێکی هەژار؛ خوایە! من تائێستا هەر لێت ترساووم؛ بەڵام ئەمرۆ ئیتر بەتەمای لێبوردنی تۆم؛ تکام وایە لێم ببوری؛ خوایە! خۆت دەزانی کە من دونیام بۆ ئەوە خۆش نەویستووە کە تێیدا بمێنمەوە و یان جۆگە ئاوی تێدا هەلبکرم و دارو نەمامی تێدا بڕوێنم (واتە: دونیام بۆ ئەوە خۆش نەویستووە خەریکی جوتیاری و باخداری و کاروباری دونیایی بم) بەڵکوو بۆ ئەوەم ویستووە لە پێناو تۆدا لە قرچەی گەرمادا تینووم ببێت و لە کاتە سەختەکانا برسی ببم و بچمە خزمەت زانایان و ناو کۆڕو کۆبوونەوەی یاد و زیکری تۆ!

١٠١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي زَيْدُ بْنُ يَحْيَى، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيز، عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ مُوسَى قَالَ: قَالَ مُعَاذُ بْنُ جَبَلٍ رَحِمَهُ الله: اعْمَلُوا مَا شِئْتُمْ أَنْ تَعْمَلُوهُ، فَلَنْ تُؤْجَرُوا حَتَّى تَعْمَلُوا ".

واتە: سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیز لە سولەیمانی کوڕی مووسا دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: موعازی کوڕی جەبەل (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: چیتان پێخۆشە بیکەن؛ ئێوە پاداشت وەرناگرنەوە هەتا کار نەکەن.

١٠١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هُدْبَةُ بْنُ خَالد، حَدَّثَنَا سَلَّامُ بْنُ مسْكين، عَنْ مُحَمَّد بْن سيرينَ أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّاب رَضيَ الله عَنْهُ كَانَ إِذَا اسْتَعْمَلَ عَاملاً كَتَبَ في عَهْده: وَاسْمَعُوا له وَأَطيعُوا مَا عَدَلَ فيكُمْ، فَاسْتَعْمَلَ حُذَيْفَةَ عَلَى الْمَدَائن، وَكَتَبَ في عَهْده: اسْمَعُوا له وَأَطيعُوا وَأَعْطُوهُ مَا سَأَلَكُمْ، فَاسْتَقْبَلُوهُ فَإِذَا هُوَ عَلَى حِمَار مُؤْكَف، وَفي يَده عَرْقٌ يَأْكُله، فَقَرَأَ عَلَيْهِمْ عَهْدَهُ كتَابَ عُمَرَ رَضيَ الله عَنْهُ، قَالُوا له: مَا حَاجَتُكَ فَإِنَّ أَميرَ الْمُؤْمنينَ لَمْ يَكْتُبْ إِلَيْنَا بمثْل مَا كَتَبَ إِلَيْنَا فيكَ قَالَ: حَاجَتي أَنْ تُطْعمُوني منَ الْخُبْز مَا دُمْتُ فيكُمْ، وَتَعْلفُوا حمَاري، وَتجْمَعُوا خَرَاجَكُمْ، فَلَمَّا انْقَضَى عَمَله دَخَلَ إِلَى الْمَدينَة، فَلَمَّا بَلَغَ عُمَرَ قُدُومُهُ قَعَدَ له في الطَّريق لينْظُرَ كَيْفَ حَاله ممَّا فَارَقَهُ عَلَيْه؟ فَلَمَّا رَآه في تلْكَ الْحَال اعْتَنَقَهُ، وَقَالَ: أَنْتَ أَخي وَأَنَا أَخُوكَ، أَنْتَ أَخي وَأَنَا أَخُوكَ ".

واتە: سەلامی کوڕی مسکین لە موحەممەدی کوڕی سیرینەوە دەگێڕێتەوە کە عومەری کوڕی خەتتاب (خوای لێ ڕازی بێت) کاتێ کەسێکی دەکردە کاربەدەست نامەیەکی بۆ خەڵکەکە دەنووسی و بەو کەسەدا بۆ خەڵکەکەی دەناردو ئەمەی تێدا بو: هەتا دادگەر بێ ئەوا گوێی لێبگرن و بەگوێی بکەن.. جا حوزەیفەی کردە کاربەدەستی مەدائین و ئەم نامەیەی بۆ خەڵکەکە نووسی: گوێی لێ بگرن و بەگوێی بکەن و داوای چ شتێکی لێ کردن پێی ببەخشن.. خەڵکەکە هاتن بەپێشوازیی حوزەیفەوە؛ دەبینن لەسەر گوێدرێژێکی کۆپان کراوە؛ شتێکی بە دەستەو لێی دەخوا؛ جا حوزەیفە نامەکەی پێشەوا عومەری بۆ خەڵکەکە خوێندەوە و خەڵکەکە پێیان گوت: دەی باشە تۆ چ شتێکت لە ئێمە دەوێ؟ چونکە عومەر تا ئێستا نووسینی لەمجۆرەی بۆ کەسیتر نەنووسیوە! (واتە: تۆ کەسێکی تایبەتی و دیارە شتێکی گرنگت لە ئێمە دەوێ!) حوزەیفە فەرمووی: من تەنیا پێویستم بەوەیە هەتا لەناوتانا بم نان بە خۆم بدەن؛ ئاڵف و ئالیکیش بە گوێدرێژەکەم بدەن؛ باج و سەرانە کۆ بکەنەوە.. دوای ئەوەی کاری خۆی تەواو کرد ڕۆیشتەوە بۆ مەدینە؛ جا کە عومەر زانیی حوزەیفە بەرەو مەدینە دێتەوە؛ چوە سەر ڕێگا و چاوەڕێی کرد حوزەیفە بێتەوە تا بزانێ کاتێ دێتەوە و چۆنەو چیی پێیە؟ جا کە چاوی بە حوزەیفە کەوت بەو جۆرەیە (واتە: هیچی پێ نەبوو تەنیا لەسەر گوێدرێژەکەی بوو ئیتر لەوە زیاتر هیچی پێ نەبو) باوەشی پیاکردو دەستی کردە ملی و فەرمووی: تۆ برای منی و منیش برای تۆم! تۆ برای منی و منیش برای تۆم!

١٠١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا لَيْثُ بْنُ خَالد أَبو بَكْر الْبَلْخيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْمُؤْمن بْنُ عَبْد الله السَّدُوسيُّ قَالَ: سَمعْتُ أَبَا يَزيدَ الْمَدينيَّ، يَقُولُ: قَالَ أَبو هُرَيْرَةَ عَلَى منْبَر رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ بالْمَدينَة دُونَ مَقَام رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّم بعَتَبَة، فَقَالَ: الْحَمْدُ لله الَّذي هَدَى أَبَا هُرَيْرَةَ إلَى الْإسْلَام، الْحَمْدُ لله الَّذي عَلَّمَ أَبَا هُرَيْرَةَ الْقُرْآنَ، الْحَمْدُ لله الَّذي مَنَّ عَلَى أَبي هُرَيْرَةَ بمُحَمَّد صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ، الْحَمْدُ لله الَّذي أَطْعَمَني الْخَميرَ وَأَلْبَسَني الْحَبيرَ، الْحَمْدُ لله الَّذي زَوَّجَني بنْتَ غَزْوَانَ بَعْدَمَا كُنْتُ أَجيراً لها بطَعَام بَطْني، فَأَرْجَلَتْني فَأَرْجَلْتُهَا كَمَا أَرْجَلَتْني، ثُمَّ قَالَ: وَيْلٌ للْعَرَب منْ شَرٍّ قَد اقْتَرَبَ، وَيْلٌ لهمْ منْ إمَارَة الصِّبْيَان يَحْكُمُونَ فيهمْ بالهوَى، وَيَقْتُلُونَ بالْغَضَب: أَبْشرُوا يَا بَني فَرُّوخَ أَبْشرُوا يَا بَني فَرُّوخَ وَالَّذي نَفْسي بيَده لَوْ أَنَّ الدِّينَ مُعَلَّقٌ بالثُّرَيَّا لَنَاله منْكُمْ أَقْوَامٌ ".

واتە: عەبدولموئمینی کوڕی عەبدوڵڵای سەدوسی دەفەرموێت: گوێم لە باوکی یەزیدی مەدینی بوو دەیفەرموو: لە شاری مەدینەدا ئەبوهورەیرە لەسەر مینبەرەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەمێک خوارتر لەو جێگایەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەری ڕادەوەستا؛ فەرمووی: سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە ڕێنوێنی ئەبوهورەیرەی کردووە بۆ موسوڵمان بوون؛ سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ئەبوهورەیرەی فێری قورئان کردووە؛ سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە منەتی ئەوەی بەسەر ئەبوهورەیرەدا کردووە ناساندویەتی بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ)؛ سوپاس بۆ ئەو خوایەی نانی دەرخواردم داوە و پۆشاکی لەبەرم کردووە؛ سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە کرێکاری غەوان بوم بە نانەزگی؛ کچەکەی غەزوانی کردووە هاوسەرم، ئەو ژنە منی بەهێز کرد و منی پێگەیاند دوای ئەوەی منیش ئەووم بەهێز کرد و پێمگەیاند.. دوایی فەرمووی: ئەی هاوار بۆ عەرەب بۆ ئەو ئاژاوەیەی کە نزیکە؛ ئەی هاوار بۆ عەرەب ئەو دەمەی منداڵان دەبنە کاربەدەست و بە ئارەزوی خۆیان بڕیار دەردەکەن؛ هەر تووڕە ببن دەست دەکەن بە جەنگ و کوشتار! بنەماڵی فەڕوخ! مزگێنی بێ لێتان! بنەماڵەی فەڕوخ مزگێنی بێ لێتان! بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر ئایین لەسەر ئەستێرەی کۆ بێت؛ ئەوا پیاوانێک لە ئێوەی دەستی پێی دەگات!

١٠١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا خَلَفُ بْنُ هشَام الْبَزَّارُ الْمُقْرئُ، حَدَّثَنَا خَالدٌ، عَنْ حُصَيْن، عَنْ أَبي الضُّحَى، عَنْ تَميم الدَّاريِّ، أَنَّهُ قَرَأَ سُورَةَ الْجَاثيَة، فَلَمَّا أَتَى هَذه الْآيَةَ بَكَى: ﴿ أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ ﴾ الجاثية: ٢١ فَجَعَلَ يُرَدِّدُهَا وَيَبْكي حَتَّى أَصْبَحَ ".

واتە: خالید لە حوصەینەوە ئەویش لە باوکی زوحاوە ئەویش لە تەمیمی داریەوە دەگێڕێتەوە کە تەمیم سورەتی (الجاثیة)ی خوێندەوە؛ جا کە گەیشتە ئایەتی: ﴿ أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ

﴿ٱجۡتَرَحُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجۡعَلَهُمۡ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ﴾. دەستی بە گریان کرد و هەتا بەیانی هەر دووبارەی دەکردەوە و دەگریا.

١٠١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا خَلَفٌ، حَدَّثَنَا خَالِدٌ، عَنْ عَطَاءِ بْنِ السَّائِبِ، عَنْ شَقِيقِ بْنِ سَلَمَةَ قَالَ: أَتَيْنَا أَبَا مَسْعُودٍ عُقْبَةَ بْنَ عَمْرٍو الْأَنْصَارِيَّ، فَقُلْنَا له أَوْصِنَا، قَالَ: اتَّقُوا الله، أَعُوذُ مِنْ صَبَاحِ النَّارِ، إِيَّاكُمْ وَالتَّلَوُّنَ فِي الدِّينِ مَا عَرَفْتُمُ الْيَوْمَ فَلَا تُنْكِرُوهُ غَدًا، وَمَا أَنْكَرْتُمُوهُ الْيَوْمَ فَلَا تَعْرِفُوهُ غَدًا ".

واتە: عەتای کوڕی سائیب لە شەقیقی کوڕی سەلەمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئێمە هاتینە خزمەت باوکی مەسعود؛ واتە: عوقبەی کوڕی عەمری ئەنصاری و پێمان گوت: ئامۆژگاریمان بکە! فەرمووی: لەخوا بترسن؛ من پەنا دەگرم بەخوای گەورە لەو بەیانییەکەی دۆزەخ! خۆتان بپارێزن لەوەی کە لە ئایینا ڕەنگاوڕەنگ بن (واتە: هەرتاوێ لەسەر بەزمێک بن و شتێکی نوێ دابهێنن و بەردەوام نەبن لەسەر ئایینە ڕاستەقینەکە) ئەوەی ئەمڕۆ بە چاکی دەزانن سبەی بە خراپی مەزانن ئەوەیشی کە ئەمڕۆ بە خراپی دەزانن سبەی بە چاکی مەزانن.

١٠١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ أَنَّ حُمَيْدًا الْأَعْرَجَ حَدَّثَهُ عَنْ عِكْرِمَةَ بْنِ خَالِدٍ قَالَ: قَالَ سَعْدٌ لابْنِهِ: يَا بُنَيَّ إِيَّاكَ أَنْ تَلْقَى بَعْدِي أَحَدًا هُوَ أَنْصَحُ لَكَ مِنِّي، إِذَا أَرَدْتَ أَنْ تُصَلِّيَ فَأَحْسِنِ الْوُضُوءَ، وَصَلِّ صَلَاةً تَرَى أَنَّكَ لَا تُصَلِّي بَعْدَهَا أَبَدًا، وَإِيَّاكَ وَالطَّمَعَ؛ فَإِنَّهُ حَاضِرُ الْفَقْرِ، وَعَلَيْكَ بِالْإِيَاسِ فَإِنَّهُ الْغِنَى، وَإِيَّاكَ وَمَا يُعْتَذَرُ مِنْهُ مِنَ الْقَوْلِ وَالْعَمَلِ، وَافْعَلْ مَا بَدَا لَكَ ".

واتە: جەعفەری کوڕی سولەیمان بۆی گێڕاینەوە کە حومەیدی ئەعرەج بۆی باسکردووە لە عیکریمەی کوڕی خالیدەوە فەرموویەتی: سەعد بە کوڕەکەی خۆی فەرموو: کوڕی خۆم! با ئەوەت پێ بڵێم کە دوای من هیچ کەسێک هێندەی من دڵسۆزی تۆ نییە! هەر کاتێ ویستت نوێژ بکەی دەستنوێژێکی جوانی بۆ بگرە؛ بە جۆرێک نوێژ بکە وەبزانە کە ئیتر دوای ئەو نوێژە نوێژ ناکەیت و ئەو کۆتا نوێژە.. خۆت لە تەماعکاری و چاوچنۆکی بپارێزە؛ چونکە چاوچنۆکی هەژارییەکی بەردەوام و ئامادەیە؛ هەرگیز چاوت لە دەستی کەس نەبێت و بە تەمای شتی هیچکەسێک مەبە؛ ئەوە دەوڵەمەندییە.. نەکەی کارێک یان قسەیەک بکەیت کە دوایی ناچار بیت بیانوی بۆ بهێنیتەوە.. ئیتر چی دەکەی بیکە.

١٠١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا صَالِحُ بْنُ عَبْد الله التِّرْمذيُّ، حَدَّثَنَا النَّضْرُ بْنُ شُمَيْل، عَنْ عَوْف، عَنْ أَبِي الْمنْهَال، حَدَّثَني صَفْوَانُ بْنُ مُحْرز، قَالَ: نَزَلَ عَلَيَّ جُنْدُبٌ الْبَجَليُّ، فَسَمعْتُهُ يَقُولُ: مَثَلُ الَّذي يَعظُ النَّاسَ وَيَنْسَى نَفْسَهُ مَثَلُ الْمصْبَاح يُضيءُ لغَيْره وَيَحْرقُ نَفْسَهُ ".

واتە: نەزری کوڕی شـومەیل لە عەوفەوە ئەویش لە باوکی مینهالەوە دەگێڕێتەوە **فەرموویەتی: صەفوانی کوڕی موحریز بۆی** گێڕامەوە **فەرمووی: جوندوبی** بەجەلی بوو بە **میوانم؛ بیستم دەیفەرموو: نموونەی ئەو کەسەی کە ئامۆژگاری خەڵکی دەکات و** خۆی لە بیر **دەچێت؛ وەکوو ئەو چرا و مۆمەیە کە خۆی دەسوتێنێت و ڕۆشنایی بۆ خەڵکی هەیە (واتە: دەبێ مرۆڤ هەم ڕۆشنایی بۆ خۆی هەبێت هەم بۆ خەڵکی).**

١٠١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ أَبِي بَكْر الْمُقَدَّميُّ قَالَ: أَخْبَرَني إِسْمَاعيلُ، عَنْ سنَان يَعْني الْعُصْفُريَّ حَدَّثَنَا عكْرمَةُ بْنُ عَمَّار، عَن الْقَاسم بْن مُحَمَّد قَالَ: زَعَمَ عَبْدُ الله بْنُ حَنْظَلَةَ أَنَّ عَبْدَ الله بْنَ سَلَّام مَرَّ في السُّوق، وَعَلَيْه حزْمَةٌ منْ حَطَب، فَقيلَ له: أَلَيْسَ الله قَدْ أَعْفَاكَ عَنْ هَذَا؟ قَالَ: بَلَى وَلَكنْ أَرَدْتُ أَنْ أَدْفَعَ به الْكبْرَ، سَمعْتُ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ يَقُولُ: «لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ كَانَ في قَلْبه مثْقَالُ حَبَّة منْ خَرْدَل منْ كبْر».

واتە: عیکریمەی کوڕی عەممار لە قاسمی کوڕی موحەممەدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی حەنزەلە وای گومان دەبرد کە عەبدوڵڵای کوڕی سەللام بوو کە لە بازاڕا تێپەڕی و کۆڵێک داری پێبوو؛ پێی گوترا: باشە مەگەر خوای گەورە تۆی لەمجۆرە کارانە بێ ئاتاج نەکردووە؟ فەرمووی: بەڵێ! بەڵام ویستم بەو کارەم خۆبەزلزانی و لەخۆباییبوونی خۆم لابەم؛ گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو دەیفەرموو: هەر کەسێ بەقەد قورسایی دەنکە تۆوێکی خەرتەلە **خۆبەزلزانی لەناو دڵیا هەبێت؛ ناچێتە بەهەشتەوە.**

١٠٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْد الْعَزيز الْجَرَويُّ، حَدَّثَنَا أَيُّوبُ بْنُ سُوَيْد، عَن ابْن جَابر قَالَ: قَالَ أَبو سَعيد بْنُ النُّعْمَان: مَرَّ بي الرَّكْبُ وَأَوْصَوْني، وَإِذَا خَلْفُهُمْ فَتًى شَابٌّ يَنْظُرُ ممَّا بَيْنَ مَقْدم رجْله وَرَأْس رَاحلَته، كَأَنَّهُ يَنْظُرُ إلَى شَيْء وَقَدْ وُكِّلَ به قَالَ: قُلْتُ: وَصِّني يَرْحَمُكَ الله قَالَ: كُلُّ الْقَوْم قَدْ أَوْصَاكَ، قَالَ: قُلْتُ: وَأَنْتَ يَرْحَمُكَ الله أَوْصني، قَالَ: إنَّهُ لَا غنَى بأَحَد عَنْ حَظّه منْ دُنْيَاهُ، وَهُوَ إلَى نَصيبه منْ الْآخرَة أَحْوَجُ، فَإذَا تَنَازَعَكَ أَمْرَان أَمْرٌ للْآخرَة وَأَمْرٌ للدُّنْيَا، فَابْدَأْ بأَمْر الْآخرَة، فَآثرْهُ فَإنَّهُ سَتَأْتي عَلَيْه، فَتَفْطُمُهُ افْتطَامًا، ثُمَّ تَحْتَرمُهُ احْترامًا، ثُمَّ تَزُولُ مَعَهُ حَيْثُمَا زَالَ، قَالَ: فَوَالله لَكَأَنَّ وَصَايَا الْقَوْم نُسخَتْ منْ صَدْري، وَأَوْقَعَ الله عَزَّ وَجَلَّ في صَدْري مَا قَالَ، فَلَمَّا جَاوَزَني، قُلْتُ: مَن الرَّجُلُ؟ فَقيلَ: مُعَاذُ بْنُ جَبَل رَحْمَةُ الله عَلَيْه ".

واتە: ئەیوبی کوڕی سووەید لە کوڕی جابرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: باوکی سەعید کوڕی نوعمان فەرموویەتی: کاروانەکە بە لای منا تێپەڕی و ئامۆژگارییان کردم؛ لە دوای کاروانەکەوە گەنجێک هەبوو سەیری نێوان پێیەکانی خۆی و دوای کەژاوەکەی دەکرد؛ دەتگوت سەیری شتێک دەکات پێیان گوتووە کە ئاگای لەو شتە بێت؛ من پێمگوت: خوای گەورەت لێ ڕازی بێ ئامۆژگاریم بکە.ز فەرمووی: ئەوانە هەموویان ئامۆژگارییان کردی.. منیش گوتم: خوات لێ ڕازی بێت تۆش ئامۆژگاریم بکە! فەرمووی: هیچ کەس نییە کە ئاتاجی دونیا نەبێت؛ بەڵام هەمووان زیاتر ئاتاجی قیامەتین؛ جا هەر کاتێ دوو بابەتت تووش بوو کە یەکێکیان دونیایی بوو ئەویتریان قیامەتی بوو بوو؛ ئەوە سەرەتا دەست بەوەی قیامەت بکەو ئەو پێش بخە چونکە ئەو بەرەو ڕووت دێ؛ کارەکەی جێبەجێ بکەو ڕێزی لێ بگرە؛ دوایی بەرەو هەرلایەک ڕۆیشت تۆش لەگەڵیا بڕۆو هەتا تۆی گەرەك بێ لەگەڵیا بە.. باوکی سەعید دەفەرموێت: بەخوا وەک بڵێی ئەو قسانەی ئەو قسەی هەمووانی لە دڵما شوشتەوە و خوای گەورە ئەو قسانەی ئەوەی لە دڵی منا چەسپاند؛ جا دوای ئەوەی لێم تێپەڕین گوتم: ئەو پیاوە کێیە؟ گوتیان: ئەوە موعازی کوڕی جەبەلە (خوای لێ ڕازی بێت).

١٠٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ نُمَيْرٍ، عَنْ إِسْمَاعِيلَ بْنِ أَبِي خَالِدٍ، عَنْ طَارِقِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ قَالَ: وَقَعَ الطَّاعُونُ بِالشَّامِ، فَاسْتَعَرَ فِيهَا، فَقَالَ النَّاسُ: مَا هَذَا إِلَّا الطُّوفَانُ إِلَّا أَنَّهُ لَيْسَ مَاءً، فَبَلَغَ مُعَاذُ بْنُ جَبَلٍ رَحِمَهُ اللهُ، فَقَامَ خَطِيبًا فَقَالَ: إِنَّهُ قَدْ بَلَغَنِي مَا تَقُولُونَ، إِنَّمَا هَذِهِ رَحْمَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ عَزَّ وَجَلَّ، وَدَعْوَةُ نَبِيِّكُمْ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَكَفْتُ الصَّالِحِينَ قَبْلَكُمْ، وَلَكِنْ خَافُوا مَا هُوَ أَشَدُّ مِنْ ذَلِكَ أَنْ يَغْدُوَ الرَّجُلُ مِنْكُمْ إِلَى مَنْزِلِهِ لَا يَدْرِي أَمُؤْمِنٌ هُوَ أَوْ مُنَافِقٌ، وَخَافُوا إِمَارَةَ الصِّبْيَانِ".

واتە: ئیسماعیلی کوڕی باوکی خالید لە تاریقی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پەتای چاوەقوڵە شامی گرتەوە و تەواو تاوی سەندو هەمولایەکی گرتەوە؛ خەڵکی گوتیان: ئەمە هەر تۆفان و لافاوە بەلام ئاوی لەگەڵدا نییە! ئەو قسەیە بەرگوێی موعازی کوڕی جەبەل کەوت و هەستا و وتارێکی داو فەرمووی: بیستوومە قسەیەکی واتان کردووە! ئەوە سۆزو بەزەییە لە لایەن خوای گەورەوە! ئەوە نزایەکە لە لایەن پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) ئەوە بۆ پیاوچاکانی پێشو بەس بوو (واتە: هەر کەسێ بەو چاوەقوڵەیە بمرێ ئەوە بەر سۆزو بەزەیی خوای گەورە و بەر نزا و پاڕانەوەی خێری پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکەوێت و بەس بووە بۆ پلە بەرزبوونەوەی پیاوچاکان)؛ ئێوە لە شتێک بترسن کە لەم چاوەقوڵەیە سەختترە؛ ئەو دەمەی کە هەر کەسێک لە ئێوە دەچێتەوە بۆ ماڵەوە و نازانێ

مونافیق و دووڕوە یان باوەڕدار؟ لەو دەمە بترسن کە مرۆڤی منداڵ و کاڵفام ببنە کاربەدەست.-

١٠٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْقُدُّوسِ بْنُ بَكْرٍ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ النَّضْرِ الْحَارِثِيِّ، يَرْفَعُهُ إِلَى مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ رَحِمَهُ الله قَالَ: ثَلَاثٌ مَنْ فَعَلَهنَّ فَقَدْ تَعَرَّضَ لِلْمَقْتِ: الضَّحِكُ مِنْ غَيْرِ عَجَبٍ، وَالنَّوْمُ مِنْ غَيْرِ سَهَرٍ، وَالْأَكْلُ مِنْ غَيْرِ جُوعٍ ".

واتە: عەبدولقوددوسی کوڕی بەکر لە موحەممەدی کوڕی نەزری حارثیەوە گێڕایەوە؛ کە موحەممەدیش قسەکەی بەرز کردەوە بۆ لای موعازی کوڕی جەبەل (خوای لێ ڕازی بێت) کە فەرموویەتی: سێ شت هەیە هەر کەسێ ئەو سێ شتە بکات ئەوە خۆی بە تووڕەیی خوای گەورە خستووە: پێکەنین بەبێ هۆکار و خەوتن بەبێ خەو هاتن و خواردن پێش برسی بوون (واتە: خواردن لەسەر تێری).

١٠٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَنْبَأَنَا اللَّيْثُ بْنُ خَالِدٍ الْبَلْخِيُّ أَبو بَكْرٍ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ أَنَسٍ، عَنْ يَحْيَى بْنِ سَعِيدٍ قَالَ: كَانَ تَحْتَ مُعَاذٍ رَحِمَهُ الله امْرَأَتَانِ، فَإِنْ كَانَ عِنْدَ إِحْدَاهُمَا لَمْ يَشْرَبْ مِنْ بَيْتِ الْأُخْرَى مَاءً ".

واتە: مالیکی کوڕی ئەنەس لە یەحیای کوڕی سەعیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: موعازی کوڕی جەبەل دوو ژنی هەبوو؛ لای هەر ژنێکیان بوایە لە ماڵی ئەویتریان ئاویشی نەدەخواردەوە (واتە: سەرەی هەر کام لەو ژنانە بوایە؛ تەنانەت ئاوی ماڵی ئەویتریانی نەدەخواردەوە بۆ ئەوەی بە تاوان لەسەری هەژمار نەکرێت).

١٠٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ مُسْلِمٍ قَالَ: سَمِعْتُ يَزِيدَ بْنَ أَبِي مَرْيَمَ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا إِدْرِيسَ الْخَوْلَانِيَّ، يَقُولُ: قَالَ مُعَاذُ بْنُ جَبَلٍ رَحِمَهُ الله: إِنَّكَ مُجَالِسٌ قَوْمًا لَا مَحَالَةَ يَخُوضُونَ فِي الْحَدِيثِ، فَإِذَا رَأَيْتَهُمْ غَفَلُوا فَارْغَبْ إِلَى رَبِّكَ عَزَّ وَجَلَّ عِنْدَ ذَلِكَ رَغَبَاتٍ، قَالَ الْوَلِيدُ: فَذَكَرْتُ لِعَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ يَزِيدَ بْنِ جَابِرٍ، فَقَالَ: نَعَمْ حَدَّثَنِي أَبو طَلْحَةَ حَكِيمُ بْنُ دِينَارٍ أَنَّهُمْ كَانُوا يَقُولُونَ: آيَةُ الدُّعَاءِ الْمُسْتَجَابِ إِذَا رَأَيْتَ النَّاسَ غَفَلُوا، فَارْغَبْ إِلَى رَبِّكَ عَزَّ وَجَلَّ عِنْدَ ذَلِكَ رَغَبَاتٍ ".

واتە: وەلیدی کوڕی موسلیم دەفەرموێت: گوێم لە یەزیدی کوڕی باوکی مەریەم بوو دەیفەرموو: گوێم لە باوکی ئیدریسی خەولانی بوو دەیفەرموو: موعازی کوڕی جەبەل (خوای لێ ڕازی بێت) دەیفەرموو: تۆ لای کەسانێک دادەنیشی بێگومان دەمیان دەچێ بە قسەدا؛ جا

هەر کاتێ زانیت خافڵ و بێ ئاگان (واتە: لە زیکری خوای گەورە دوور کەوتونەتەوە) ئەو کاتە تۆ با یاد و زیکری خوای گەورەت لەناو دڵ و لەسەر زار بێ.. وەلید دەفەرموێت: ئەوەم بۆ عەبدولڕەحمانی کوڕی یەزید باسکردو فەرمووی: بەڵێ باوکی تەڵحە واتە: حەکیمی کوڕی دینار بۆی گێرامەوە کە ئەوان پێیان وا بوو نیشانەی نزای گیرا بوو ئەوەیە کە کاتێ خەڵکی خافڵ و بێئاگان؛ ئەو کاتە یادی خودات لەدڵا بێ.

١٠٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، حَدَّثَنَا حَرِيزُ بْنُ عُثْمَانَ، عَنِ الْمَشْيَخَةِ، عَنْ أَبِي بَحْرِيَّةَ، عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ قَالَ: مَا عَمِلَ آدَمِيٌّ عَمَلاً أَنْجَى لَه مِنْ عَذَابِ اللَّهِ مِنْ ذِكْرِ الله، قَالُوا: يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ وَلَا الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ، قَالَ: وَلَا إِلَى أَنْ يَضْرِبَ بِسَيْفِهِ حَتَّى يَنْقَطِعَ؛ لأَنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يَقُولُ فِي كِتَابِه: ﴿وَلَذِكْرُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ﴾العنكبوت: ٤٥ ".

واتە: باوکی بەحرییە لە موعازی کوڕی جەبەلەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هیچ کەسێک هیچ کارێکی وا ناکات کە هێ.دەی یاد و زیکری خوای گەورە چاوەڕێی ئەوەی لێ بکرێ مرۆڤ لە سزای خوا ڕزگار بکات! گوتیان: باوکی عەبدولڕەحمان تەنانەت جیهاد کردنیش لە پێناو خودا؟ فەرمووی: نە! مەگەر ئەوەی بە شمشێر لێبدرێ تا گیانی دەردەچێ؛ چونکە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزا دەفەرموێت: یاد و زیکری خوا گەورەترە.

باسی ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕڕاح
(خوای لێ ڕازی بێت)

١٠٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، عَنْ هَاشِم بْنِ الْقَاسِم، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ أَبِي الْحَسَنِ بْنِ خَالِد، عَنْ أَبِي عُبَيْدَةَ بْنِ الْجَرَّاحِ أَنَّهُ كَانَ يَسِيرُ فِي الْعَسْكَرِ وَيَقُولُ: أَلَا رُبَّ مُبَيِّضٍ لِثِيَابِه مُدَنِّسٍ لِدِينِه، أَلَا رُبَّ مُكْرِمٍ لِنَفْسِه وَهُوَ لَهَا مُهِينٌ، أَلَا بَادِرُوا السَّيِّئَاتِ الْقَدِيمَاتِ بِالْحَسَنَاتِ الْحَدِيثَاتِ، فَلَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ أَخْطَأَ مَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ ثُمَّ عَمِلَ حَسَنَةً لَعَلَتْ فَوْقَ سَيِّئَاتِه حَتَّى تَقْهَرَهُنَّ ".

واتە: هاشمی کوڕی قاسم دەفەرموێت: جەریر لە باوکی حەسەنی کوڕی خالیدەوە بۆی گێراینەوە ئەویش لە ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەراحەوە گێرایەوە کە لەگەڵ کۆمەڵێک سەربازا (بۆ جیهاد) دەڕۆیشت و دەیفەرموو: وریابن! زۆر کەس هەیە کە پۆشاکەکانی پاك دەکاتەوە و بیروباوەڕو دینی خۆی پیس و چڵکن دەکات! زۆر کەس هەیە پێی وایە ڕێز لە خۆی دەگرێ؛ کەچی خراپەی لەگەڵدا دەکات! وریابن بە چاکەی تازەو نوێ پێش بکەوون لە تاوانە کۆنەکانتان؛ ئەگەر کەسێک لەئێوە نێوان زەوی و ئاسمان پڕبکات لە تاوان و دوایی چاکەیەک بکات بە هۆی ئەو چاکەوە سەردەکەوێ بەسەر خراپەکانا هەتا زاڵ دەبێ بەسەریانا.

١٠٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا شَيْبَانُ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا أَبُو هِلَال، حَدَّثَنَا قَتَادَةُ أَنَّ أَبَا عُبَيْدَةَ بْنَ الْجَرَّاحِ قَالَ: مَا مِنَ النَّاسِ مِنْ أَحْمَرَ وَلَا أَسْوَدَ حُرٌّ وَلَا عَبْدٍ عَجَمِيٌّ وَلَا حُرٌّ فَصِيحٍ أَعْلَمُ أَنَّهُ أَفْضَلُ مِنِّي بِتَقْوَى إِلَّا أَحْبَبْتُ أَنْ أَكُونَ فِي مِسْلَاخِه ".

واتە: قەتادە دەگێڕێتەوە کە ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح فەرموویەتی: هەر کەسێ هەبێ سوور بێت یان ڕەش؛ کۆیلە بێ یان ئازاد؛ عەرەبێکی زمانپاراو بێ یان عەجەم؛ ئەگەر بزانم بە هۆی تەقواوە لەمن باشترە؛ خۆزگە دەخوازم کە من لە پێستی ئەوابم.

١٠٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ أَبِي عَبْد الله، عَنْ قَتَادَةَ، وَقَالَ أَبو عُبَيْدَةَ: وَدِدْتُ أَنِّي كَبْشٌ، فَذَبَحَنِي أَهْلِي، فَأَكَلُوا لَحْمِي، وَحَسَوْا مَرَقِي ".

واتە: قەتادە دەگێڕێتەوە کە ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح فەرموویەتی: پێمخۆشبوو بەرانێک بومایەو خاوەنەکەم بیکردمایە بە قوربانی و گۆشتەکەمیان بخواردایەو بیانکردایە بە شلە.

١٠٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاق، أَنْبَأَنَا مَعْمَرٌ، عَنْ هِشَام، عَنْ أَبِيه قَالَ: قَدمَ عُمَرُ رَحْمَةُ الله عَلَيْه الشَّامَ، فَتَلَقَّاهُ عُظَمَاءُ أَهْلِ الْأَرْضِ وَأُمَرَاءُ الْأَجْنَاد، فَقَالَ عُمَرُ: أَيْنَ أَخِي؟ قَالُوا: مَنْ؟ قَالَ: أَبو عُبَيْدَةَ، قَالُوا: أَتَاكَ الْآنَ، قَالَ: فَجَاءَ عَلَى نَاقَة مَخْطُومَة بِحَبْل، فَسَلَّمَ عَلَيْه وَسَأَله، ثُمَّ قَالَ للنَّاس: انْصَرِفُوا فَسَارَ حَتَّى أَتَى مَنْزِله، فَنَزَلَ عَلَيْه، فَلَمْ يَرَ فِي بَيْته إِلَّا سَيْفَهُ وَتُرْسَهُ وَرُمْحَهُ، فَقَالَ له عُمَرُ: لَو اتَّخَذْتَ مَتَاعًا أَوْ شَيْئًا فَقَالَ أَبو عُبَيْدَةَ: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ إِنَّ هَذَا سَيُبَلِّغُنَا الْمَقِيلَ ".

واتە: مەعمەر لە هیشام گێرایەوە؛ ئەویش لە باوکییەوە فەرموویەتی: عومەر خوای لێ ڕازی بێ هات بۆ شام؛ پیاو ماقوڵان و سەرکردە سەربازییەکان چونە پێشوازی؛ عومەر فەرمووی: ئەی براکەی من کوا؟ گوتیان: مەبەستت کێیە؟ فەرمووی: باوکی عوبەیدە! گوتیان: ئێستا ئەویش دێتە خزمەتت.. دەفەرموێت: عومەر بەسواری وشترێکی ڕەشۆ کراوەوە هات بۆ لای باوکی عوبەیدە؛ سەلامی لێ کرد وئەحواڵی پرسی؛ دوایی بە خەڵکی فەرموو: بڕۆن بڵاوەی لێ بکەن؛ جا ڕۆیشت بۆ ماڵی باوکی عوبەیدەو ڕۆیشتە ماڵەوە؛ دەبینێ لەماڵا تەنیا شمشێرێک و مەتاڵێک و ڕمێکی هەیە؛ عومەر پێی فەرموو: باشە بۆ هەندێ کەلوپەلت نییە؟ باوکی عوبەیدە گوتی: گەورەی باوەڕداران! ئەمە دەمانگەیەنێتە ئارامگای خۆمان.

زوهد و پارسایی عامری کوڕی جوزەیمەی کوڕی جومەحی (خوای لێ ڕازی بێت)

١٠٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ دِينَار قَالَ: لَمَّا أَتَى عُمَرُ رَضِيَ الله عَنْهُ الشَّامَ طَافَ بِكُورِهَا قَالَ: فَنَزَلَ بِحَضْرَةِ حِمْصَ، فَأَمَرَ أَنْ يَكْتُبُوا لَه فُقَرَاءَهُمْ قَالَ: فَرُفِعَ إِلَيْهِ الْكِتَابُ، فَإِذَا فِيهِ سَعِيدُ بْنُ عَامِر بْنِ جُذَيْمٍ أَمِيرُهَا، فَقَالَ: مَنْ سَعِيدُ بْنُ عَامِر؟ قَالُوا: أَمِيرُنَا، قَالَ: أَمِيرُكُمْ، قَالُوا: نَعَمْ، قَالَ: فَعَجِبَ عُمَرُ، ثُمَّ قَالَ: كَيْفَ يَكُونُ أَمِيرُكُمْ فَقِيرًا؟ أَيْنَ عَطَاؤُهُ؟ فَأَيْنَ رِزْقُهُ؟ فَقَالُوا: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ لَا يُمْسِكُ شَيْئًا، قَالَ: فَبَكَى عُمَرُ رَضِيَ الله عَنْهُ، ثُمَّ عَمَدَ إِلَى أَلْفِ دِينَار، فَصَرَّهَا، ثُمَّ بَعَثَ بِهَا إِلَيْهِ، وَقَالَ: أَقْرِئْهُ مِنِّي السَّلَامَ، وَقُلْ لَه: بَعَثَ بِهَذِهِ إِلَيْكَ أَمِيرُ الْمُؤْمِنِينَ تَسْتَعِينُ بِهَا عَلَى حَاجَتِكَ قَالَ: فَجَاءَ بِهَا إِلَيْهِ الرَّسُولُ، فَنَظَرَ فَإِذَا هِيَ دَنَانِيرُ، فَجَعَلَ يَسْتَرْجِعُ، قَالَ: فَقَالَتْ لَه امْرَأَتُهُ: مَا شَأْنُكَ يَا فُلَانُ؟ أَمَاتَ أَمِيرُ الْمُؤْمِنِينَ؟ قَالَ: بَلْ أَعْظَمُ مِنْ ذَلِكَ، فَقَالَتْ: فَظَهَرَ مِنْ آيَة؟ قَالَ: بَلْ أَعْظَمُ مِنْ ذَلِكَ، قَالَتْ: فَأَمْرٌ مِنْ أَمْرِ السَّاعَةِ؟ قَالَ: بَلْ أَعْظَمُ مِنْ ذَلِكَ، قَالَتْ: فَمَا شَأْنُكَ؟ قَالَ: الدُّنْيَا أَتَتْنِي، الْفِتْنَةُ دَخَلَتْ عَلَيَّ، قَالَتْ: فَاصْنَعْ فِيهَا مَا شِئْتَ قَالَ: عِنْدَكِ عَوْنٌ، قَالَتْ: نَعَمْ، قَالَ: فَأَخَذَ بِعَةً لَه فَصَرَّ الدَّنَانِيرَ فِيهَا صُرًّا، ثُمَّ جَعَلَهَا فِي مِخْلَاةٍ، ثُمَّ اعْتَرَضَ جَيْشًا مِنْ جُيُوشِ الْمُسْلِمِينَ، فَأَمْضَاهَا كُلَّهَا، فَقَالَتْ لَه امْرَأَتُهُ: رَحِمَكَ الله لَوْ كُنْتَ حَبَسْتَ مِنْهَا شَيْئًا نَسْتَعِينُ بِهِ؟ قَالَ: فَقَالَ لَهَا: إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «لَوِ اطَّلَعَتِ امْرَأَةٌ مِنْ نِسَاءِ أَهْلِ الْجَنَّةِ إِلَى أَهْلِ الْأَرْضِ مَلَأَتِ الْأَرْضَ رِيحَ مِسْك» وَإِنِّي وَالله مَا كُنْتُ لِأَخْتَارَكِ عَلَيْهِنَّ، فَسَكَتَتْ".

واتە: جەعفەر لە مالیکی کوڕی دینارەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کاتێ عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) هات بۆ شام؛ گەڕا بەسەر هەموو ناوچەکانی شامدا؛ ڕۆیشت بۆ حیمص؛ فرمانی کرد ناوی هەژارانی حیمصی بۆ بکەن بە لیستێک و بۆی بهێنن؛ ناوی هەموو هەژاران

کرا بە لیستێک و هێنایان بۆ عومەر؛ دەبینێ یەکێک لە ناوەکان سەعیدی کوڕی عامری کوڕی جوزەیمە کە بەرپرس و بەڕێوەبەری حیمص بوو؛ عومەر فەرمووی: سەعیدی کوڕی عامر کێیە؟ گوتیان: سەرکردەو ئەمیرەکەمانە! فەرمووی: سەرکردەکەتان ناوی لە ڕیزی هەژارانایە؟ گوتیان: بەڵێ! عومەر زۆر سەری سوڕماو دوایی فەرمووی: چۆن سەرکردەکەتان هەژارە؟ ئەی موچەکەی؟ ئەی بەشە خۆراك و ڕزق و ڕۆزیەی خۆی؟ گوتیان: قوربان ئەو هیچ بۆ خۆی گل ناداتەوە.. عومەر دەستی بە گریان کرد؛ دوایی هەزار دیناری لابوو خستیە ناو تورەکەیەک و ناردی بۆ سەعید و بە نوێنەرەکەی گوت: سەلامی منی پێ بگەیەنەو پێی بڵێ: گەورەی باوەڕداران ئەم پارەیەی بۆ ناردوی بۆ ئەوەی لە پێویستی خۆتا خەرجی بکەی! نێردەکەی عومەر پارەکەی برد بۆ سەعید.. سەعید سەیری ناو تورەکەکەی کرد دینارەکانی بینی؛ دەستی کرد بە گوتنی: انا لله وانا الیه راجعون.. ژنەکەی پێیگوت: ئەوە چیتە سەعید؟ گەورەی باوەڕداران مردووە؟ عومەر مردووە؟ سەعید گوتی: شتەکە لەوە گەورەترە.. ژنەکەی گوتی: یەکێک لە نیشانەکانی قیامەت دەرکەوتووە؟ سەعید گوتی: لەوەش گەورەترە! ژنەکەی گوتی: قیامەت خۆی دەرکەوتووە؟ سەعید گوتی: لەوەش گەورەترە! گوتی: دەی چیتە قسەم بۆ بکە؟ سەعید گوتی: دونیا هاتووە یەخەی گرتوم! فیتنەو بەڵا و تاقیکردنەوە یەخەیان گرتوم.. ژنەکەی (کاتێ زانیی کە پێشەوا عومەر پارەی بۆ سەعید ناردووە) گوتی: دەی چیی لێ دەمەی بیکە! سەعید گوتی: یارمەتیم دەدەی؟ ژنەکەی گوتی: بەڵێ! سەعید هەندێ کەلوپەلی هێناو پارەکانی تێدا هەڵگرت و دوایی خستیە ناو جانتایەکەوە و دوایی ڕۆیشت سوپایەکی ئیسلامی پێ بەڕێ کرد و هەمووی کردە خەرجیی بۆ ئەو سوپایە.. ژنەکەی پێی گوت: دەی خوات لێ ڕازی بێ با هەندێکیت هەڵبگرتایە بۆ خۆمان بۆ پێویستیەکی ناوماڵ! سەعید پێی گوت: من خۆم لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ئەگەر یەکێک لە ژنەکانی ناو بەهەشت سەر بکێشێتە ناو سەرزەوی؛ سەرزەوی پڕ دەبێ لە بۆنی میسك.. بەخوا من فەڵی تۆ نادەم بەسەر ئەوانا؛ ئیتر ژنەکەی بێدەنگ بوو.

زوهد و پارسایی عومەیری کوڕی حەبیبی کوڕی حەماسە (خوای لێ ڕازی بێت)

١٠٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ جَعْفَرٍ الْخَطْمِيِّ، أَنَّ جَدَّهُ عُمَيْرَ بْنَ حَبِيبٍ أَوْصَى بَنِيهِ وَكَانَتْ له صُحْبَةٌ فَقَالَ: «يَا بَنِيَّ، إِيَّاكُمْ وَمُجَالَسَةَ السُّفَهَاءِ، فَإِنَّ مُجَالَسَتَهُمْ دَاءٌ، إِنَّهُ مَنْ يَحْلُمُ عَنِ السَّفِيهِ لَيْسَ يَنْظُرُ بِحِلْمِهِ، وَمَنْ لَا يَفِرُّ بِقَلِيلِ مَا يَأْتِي بِهِ السَّفِيهُ يَفِرُّ بِالْكَبِيرِ، وَمَنْ يَصْبِرْ عَلَى مَا يَكْرَهُ يُدْرِكْ مَا يُحِبُّ، وَإِذَا أَرَادَ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْمُرَ النَّاسَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ، فَلْيُوَطِّنْ نَفْسَهُ عَلَى الصَّبْرِ عَلَى الْأَذَى، وَلْيُوقِنْ بِالثَّوَابِ مِنَ الله، فَإِنَّهُ مَنْ يَثِقْ بِالثَّوَابِ مِنَ الله لَا يَجِدُ مَسَّ الْأَذَى».

واتە: حەمـادی کـوڕی سـەلەمە لە جەعـفەری خیتمیـیەوە دەگێـڕێتەوە کە بـاپیری واتە: عـومەیری کـوڕی حەبیـب. کە یەکێـک بـووە لە هـاوەڵان. ئامۆژگـاری کوڕەکـانی دەکـردو دەیفەرمـوو: کـوڕی خۆم! نەکەن هەرگیـز لە کـۆڕو کۆبـوونەوەی مرۆڤـی گەوج و بـێ ئـاوەزا دانیشـن؛ چـونکە دانیشـتن لەگەڵ ئەو جـۆرە کەسـانەدا نەخۆشـییە.. چـونکە ئەگەر کەسێک لەگەڵ مرۆڤی بێ ئـاوەزا بەحەوسـەڵە بێت؛ ئەوا ئەو بـێ ئـاوەزە چـاو لە حەوسـەڵەکەی ئەو ناکـات و نایبینێـت؛ هەر کەسـێ لە دەسـت کەمێـک لە گەوجێتـی مرۆڤـی گەوج هەڵ نەیەت بێگومان لە دەستی گەوجێتی زۆر هەڵدێ.. هەر کەسێ خۆی لەسەر ئێش و ئازار ڕابێنێت و سـەبر بگرێ؛ ئەوا بەو شتانە دەگات کە خۆشیی دەوێـن؛ ئەگەر کەسێکتان ویستی فرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە بکات با سەرەتا خۆی لەسەر سەبر و ئێش و ئازار ڕابێنێت؛ با متمانەی بە پاداشتی خوای گەورە هەبێ؛ چونکە هەر کەسێ متمانەی بە پاداشتی خوای گەورە هەبوو ئەوا هەست بە ئازار ناکات.

١٠٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ زَيْدٍ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ الْمُسَيَّبِ قَالَ: كُنَّا عِنْدَ سَعْدٍ فَسَكَتَ سَكْتَةً، فَقَالَ: إِنَّهُ قَدْ قُلْتُ فِي سَكْتَتِي هَذِهِ خَيْرًا مِمَّا يَسْقِي الْفُرَاتُ وَالنِّيلُ، قِيلَ له: وَمَا قُلْتَ؟ قَالَ: قُلْتُ: سُبْحَانَ الله وَالْحَمْدُ لله وَلَا إِلَهَ إِلَّا الله وَالله أَكْبَرُ".

واتە: عەلیی کوڕی زەید لە سەعیدی کوڕی موسەییەبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئێمە لە لای سەعد بوین و امویەك بێدەنگ بوو؛ دوایی فەرمووی: من لەم بێدەنگیەیٚ خۆماو لە دڵی خۆما قسەیەکی وەها چاکم کرد کە لە هەموو ئەو کشتوکاڵ و باخانە باشترە کە بە ئاوی فورات و نیل ئاو دەخۆنەوە! پێی گوترا: چیت گوت؟ فەرمووی: گوتم: سبحان الله والحمدلله ولا اله الا الله و الله اکبر.

١٠٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، حَدَّثَنَا لَيْثٌ، حَدَّثَنِي عَقِيلٌ، عَنِ ابْنِ شِهَابٍ أَنَّ سَعْدَ بْنَ أَبِي وَقَّاصٍ لَمَّا حَضَرَهُ الْمَوْتُ دَعَا بِخَلَقِ جُبَّةٍ له صُوفٍ، فَقَالَ: كَفِّنُونِي فِيهَا، فَإِنِّي كُنْتُ لَقِيتُ الْمُشْرِكِينَ فِيهَا يَوْمَ بَدْرٍ وَهِيَ عَلَيَّ، وَإِنَّمَا كُنْتُ أَخْبَؤُهَا لهذَا ".

واتە: عەقیل لە کوڕی شیهابەوە دەگێڕێتەوە کە سەعدی کوڕی باوکی وەققاص کاتێ کەوتە سەرەمەرگەوە داوای کەوا کۆنەکەی خۆی کرد کە لە خوری دروست کرابوو؛ فەرمووی: ئا ئەمە بکەنە کفن بۆم؛ چونکە لە جەنگی بەدرا کاتێ ڕۆبەڕوی دوژمنان بومەوە ئەم کەوایەم لەبەرا بوو؛ من هەر بۆ ئەم ڕۆژەم هەڵگرتووە.

١٠٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو يَعْقُوبَ يُوسُفُ الصَّفَّارُ، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرِ بْنُ عَيَّاشٍ، عَنْ حُصَيْنِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ، عَنْ أَبِي عَبْدِ الله الْجَدَلِيِّ، عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ، وَكَعْبٍ، قَالَا: إِذَا حُشِرَ النَّاسُ نَادَى مُنَادٍ: هَذَا يَوْمُ الْفَصْلِ، أَيْنَ الَّذِينَ تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ؟ أَيْنَ الَّذِينَ يَذْكُرُونَ الله قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ؟ حَتَّى ذَكَرَ هَؤُلَاءِ الْكَلِمَاتِ، قَالَ: يَخْرُجُ عُنُقٌ مِنَ النَّارِ، فَيَقُولُ: أُمِرْتُ بِثَلَاثَةٍ: بِمَنْ جَعَلَ مَعَ الله إِلها آخَرَ، وَبِكُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ، وَبِكُلِّ مُعْتَدٍ، لَأَنَا أَعْرَفُ بِالرَّجُلِ مِنَ الْوَالِدِ بِوَلَدِهِ وَالْمَوْلُودِ بِوَالِدِهِ قَالَ: وَيُؤْمَرُ بِفُقَرَاءِ الْمُسْلِمِينَ إِلَى الْجَنَّةِ، فَيُحْبَسُونَ، فَيَقُولُونَ: تَحْبِسُونَنَا مَا كَانَ لَنَا أَمْوَالٌ وَلَا كُنَّا أُمَرَاءَ ".

واتە: حوصەینی کوڕی عەبدولڕەحمان لە باوکی عەبدوڵلای جەدەلیەوە ئەویش لە عوبادەی کوڕی صامیت و لە کەعبەوە دەگێڕێتەوە فەرمویانە: کاتێ کە خەڵکی کۆ دەکرێنەوە و حەشر دەکرێت جارچییەک بانگ دەکات و دەڵێ: ئەمە ڕۆژی جوێ بوونەوەیە؛ کوان ئەوانەی کە نێوانیان خۆش نەبوو لەگەڵ جێگاو نوێن و ڕاکشان و خەوتنا؟ هەندێ لەو ووشانەی باسکردو فەرمووی: جا ملێک لە ئاگر سەردەکێشێتە دەرەوە و دەڵێ: فرمانم پێکراوە سێ کەس ببەم؛ ئەوەی کە شەریکی بۆ خوای گەورە بڕیار داوە؛ بۆ هەموو ئەو کەسانەش کە ستەمکار و کەللەڕەق و سەرسەخت بوون؛ هەموو ئەوانەش کە پیلانگێڕو خراپەکار بوون؛

من هەموو کوڕێک لە باوکی باشتر دەناسم؛ هەموو باوکێ: لە کوڕەکەی باشتر دەناسم.. دەفەرموێت: ئەو کاتە فرمان دەردەچێ بۆ موسوڵمانە هەژارەکان کە بچنە بەهەشتەوە؛ ئەوانیش گیر دەدرێن؛ دەڵێن: بۆ گیر دەدرێین ئێمە نە سەروەت و سامانمان هەبووە و نە دەسەڵاتداریش بوین.

١٠٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو يَحْيَى الْحِمَّانِيُّ، حَدَّثَنَا سَلَمَةُ بْنُ نُبَيْط قَالَ: كَانَ أَبِي وَجَدِّي وعَمِّي مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: أَخْبَرَنِي أَبِي قَالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ يَخْطُبُ عَشيَّةَ عَرَفَةَ عَلَى جَمَلٍ أَحْمَرَ ". قَالَ سَلَمَةُ: أَوْصَانِي أَبِي بِصَلَاةِ السَّحَرِ، قُلْتُ: يَا أَبَتِ إِنِّي لَا أُطِيقُهَا، قَالَ: فَانْظُرِ الرَّكْعَتَيْنِ قَبْلَ الْفَجْرِ لَا تَدَعْهُمَا، وَلَا تَشْخَصْ فِي الْفِتْنَةِ".

واتە: باوکی یەحیای حیمانی دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: سەلەمەی کوڕی نوبەیت گێڕایەوە فەرمووی: باوکم و باپیرم و مامم لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بوون: جا فەرمووی: باوکم پێی گوتم: ئێوارەی عەرەفە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی وتاری دەفەرمو؛ لەکاتی وتارەکەدا سواری حوشترێکی سوور بوو. جا سەلەمە دەفەرموێت: باوکم سەبارەت بە شەونوێژی دەمەو بەیانیان ئامۆژگاریی کردم؛ منیش گوتم: باوکە من تاقەت و توانای کردنی شەونوێژی کاتی دەمەو بەیانیم نییە! فەرمووی: دەی بڕوانە کوڕم! هەرگیز دوو ڕکات سوننەتی پێش نوێژی بەیانی مەفەوتێنەو خۆت مەخەرە ناو گێژاوی فیتنەو بەڵا و موسیبەتەوە.

١٠٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو سَعيد الْأَشَجُّ، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيُّ، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ أَبو إِسْحَاقَ الْمَخْزُومِيُّ، عَنِ الْمَقْبُرِيِّ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: كَانَ جَعْفَرُ بْنُ أَبِي طَالِب يُحِبُّ الْمَسَاكِينَ وَيَجْلِسُ إِلَيْهِمْ وَيُحَدِّثُهُمْ وَيُحَدِّثُونَهُ، وكَانَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ يُكَنِّيه أَبَا الْمَسَاكِين ".

واتە: مەقبوری لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب هەژارانی خۆش دەویست و لە لای هەژارانا دادەنیشت؛ قسەی لەگەڵدا دەکردن و ئەوانیش قسەیان لەگەڵ ئەوا دەکرد؛ پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەرناوی (باوکی هەژاران)ی لێنابوو.

١٠٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبَّاد، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ قَالَ: سَمِعْتُ هِشَامَ بْنَ عُرْوَةَ، يَقُولُ: قَالَ لِي ابْنُ الْمُنْكَدِرِ: لَوْ رَأَيْتَ ابْنَ الزُّبَيْرِ وَهُوَ يُصَلِّي لَقُلْتَ: غُصْنُ شَجَرَةٍ تَصْفُقُهَا الرِّيحُ، وَإِنَّ الْمَنْجَنِيقَ لَيَقَعُ هَاهُنَا وَهَاهُنَا مَا يُبَالِي ".

واتە: سوفیان دەفەرموێت: گوێم لە هیشامی کوڕی عوروە بوو دەیفەرموو: موحەممەدی

کوڕی مونکەدیر پێی گوتم: ئای ئەگەر عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرت ببینیایە ئا لێرەدا نوێژی دەکرد، دەتگوت: ئەمە دارەو ڕەشەبا لێی دەدا؛ بەردی مەنجەنیق ئالێرەو لەوێ دەیدا بە زەویداو ئەو لە جێگەی خۆی تەکانی نەدەخوارد.

١٠٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ قَالَ: أَهْلُ مَكَّةَ يَقُولُونَ: أَخَذَ ابْنُ جُرَيْجٍ الصَّلَاةَ مِنْ عَطَاءٍ، وَأَخَذَهَا عَطَاءٌ مِنَ ابْنِ الزُّبَيْرِ، وَأَخَذَهَا ابْنُ الزُّبَيْرِ مِنْ أَبِي بَكْرٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، وَأَخَذَهَا أَبُو بَكْرٍ مِنَ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ عَبْدُ الرَّزَّاقِ: مَا رَأَيْتُ أَحَدًا أَحْسَنَ صَلَاةً مِنَ ابْنِ جُرَيْجٍ ".

واتە: عەبدولڕەزاق بۆی گێراینەوە فەرمووی: خەڵکی مەککە دەیانگوت: کوڕی جورەیج نوێژ لە عەتاوە فێر بووە؛ عەتاش لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە فێری نوێژ بووە؛ عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیریش لە ئەبوبەکرەوە فێر بووە (خوای لێ ڕازی بێت) ئەبوبەکریش لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) فێری نوێژ بووە.. عەبدولڕەزاق دەفەرموێت: هیچ کەسێکم نەدیوە هێندەی کوڕی جورەیج بەجوانی نوێژ بکات.

١٠٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا شَيْبَانُ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا أَبُو هِلَالٍ، حَدَّثَنَا جَابِرُ بْنُ عَمْرٍو أَبُو الْوَزَّاعِ قَالَ: قَالَ أَبُو بُرْدَةَ الْأَسْلَمِيُّ: لَوْ أَنَّ رَجُلًا فِي حِجْرِهِ دَنَانِيرُ يُعْطِيهَا، وَآخَرَ ذَاكِرًا للهِ لَكَانَ الذَّاكِرُ أَفْضَلَ قَالَ أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ عَبْدُ اللهِ بْنُ أَحْمَدَ بْنِ حَنْبَلٍ وَذَكَرَ مَوْتَ أَبِيهِ قَالَ: تَرَكَ أَقَلَّ مِنْ دِرْهَمٍ قِطْعَاتٍ، وَقَالَ: كَفِّرُوا بِهَا عَنِّي يَمِينًا أَظُنُّ أَنِّي قَدْ حَنِثْتُ ".

واتە: جابری کوڕی عەمر واتە: باوکی وەززاع دەفەرموێت: باوکی بوردەی ئەسلەمی فەرمووی: ئەگەر پیاوێک لە ژوورەکەی خۆی دانیشێت و دینار دابەش بکات؛ یەکێکیتر لە ژوورەکەی خۆیا دانیشێت و یاد و زیکری خوا بکات؛ لای خوای گەورە ئەوەیان باشترە کە خەریکی یاد و زیکرە. باوکی عەبدولڕەحمان واتە: عەبدوڵڵای کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل باسی مردنی باوکیی خۆی کرد و فەرمووی: چەند دیرهەمێکی کەمی بەجێهێشت و فەرمووی: سوێندێکم خواردووە پێم وایە کەوتووە؛ ئەو چەند دیرهەمەم بۆ بدەن لە کەفارەتی ئەو سوێندەدا.

١٠٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا شَيْبَانُ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا أَبُو هِلَالٍ، حَدَّثَنَا مُعَاوِيَةُ بْنُ قُرَّةَ أَنَّ أَبَاهُ كَانَ يَقُولُ لِبَنِيهِ إِذَا صَلَّوْا الْعِشَاءَ: يَا بَنِيَّ نَامُوا لَعَلَّ اللهَ أَنْ يَرْزُقَكُمْ مِنَ اللَّيْلِ خَيْرًا ".

واتە: موعاویەی کوڕی قوڕڕە گێڕایەوە کە باوکی لە دوای نوێژی خەوتنان بە کوڕەکانی دەفەرموو: کوڕم! بخەون بەڵکوو خوای گەورە لە شەوا خێرتان تووش بکات.

باسی باوکی مەسعودی ئەنصاری، واتە: عوقبەی کوڕی عەمر (خوای لێ ڕازی بێت)

١٠٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِم، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، يَعْنِي شَيْبَانَ عَنْ هِلَالٍ، يَعْنِي الْوَزَّانَ عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي لَيْلَى، عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ الْأَنْصَارِيِّ أَنَّهُ ذَكَرَ الدُّنْيَا فَقَالَ: أَلْزِقُوهَا بِأَكْبَادِكُمْ فَوَالله مَا تَصِلُونَ إِلَى الْآخِرَةِ مِنْهَا بِدِينَارٍ وَلَا دِرْهَمٍ وَلَتَتْرُكُنَّهَا عَلَى ظَهْرِ الْأَرْضِ وَفِي بَطْنِهَا كَمَا تَرَكَهَا مَنْ قَبْلَكُمْ، تَشَاجَرُوا عَلَيْهَا تَشَاجُرَكُمُ الْآنَ وَتَخَادَعُوا عَلَيْهَا تَخَادُعَكُمْ، وَلَتَهْلِكُ دِينَكُمْ وَدُنْيَاكُمْ ".

واتە: عەبدولڕەحمانی کوڕی باوکی لەیلا لە باوکی مەسعودی ئەنصاریەوە دەگێڕێتەوە کە باسی دونیای کرد و فەرمووی: دونیا بکەن بە بەشێک لە خۆتان! بەو خوایە هیچ یەک لە ئێوە نە دینارێک و نە دیرهەمێک لەگەڵ خۆتانا نابەن بۆ قیامەت؛ هەرهەمووی لەسەر زەوی بەجێ دەهێڵن و لەناو زەوی بەجێی دەهێڵن ڕێک وەکوو ئەوانەی پێش خۆتان! ئەوانی پێشو وەک ئێستای ئێوە شەڕو دەمەقاڵێیان زۆر کرد لەسەر دونیا؛ زۆر یەکتریان فریودا ڕێک وەکوو ئێوە! بەخوا ئێوە ئاوا بکەن دینیشتان و دونیاشتان لەناو دەبەن!

١٠٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، أَنْبَأَنَا ابْنُ عَوْنٍ، عَنْ مُحَمَّدٍ أَنَّ أَبَا مَسْعُودٍ كَلَّمَ لِرَجُلٍ فِي حَاجَةٍ، فَجَاءَ إِلَى أَهْلِهِ فَرَأَى هَدِيَّةً قَالَ ابْنُ عَوْنٍ: أَظُنُّهُ قَالَ: بَطًّا وَدَجَاجًا فَقَالَ: مَا هَذَا؟ فَقَالُوا: أَرْسَلَ بِهِ الرَّجُلُ الَّذِي كَلَّمْتَ لَهُ، فَقَالَ: أَخْرِجُوهُ أَخْرِجُوهُ، آخُذُ أَجْرَ شَفَاعَتِي فِي الدُّنْيَا ".

واتە: ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: کوڕی عەون بۆی گێڕاینەوە لە موحەممەدەوە کە باوکی مەسعود سەبارەت بە پێویستیی پیاوێک قسەی لەگەڵدا کرا؛ ئەویش هاتەوە بۆ لای ماڵەوە و دیارییەکی بینی.. کوڕی عەون دەفەرموێت: وەبزانم مراوییەک یان مریشکێک بوو.. فەرمووی: ئەمە چییە؟ گوتیان: ئەوە ئەو پیاوە ناردویەتی کە سەبارەت بە پێویستیەکەی قسەت لەگەڵدا کراوە! فەرمووی: بیکەنە دەروە! بیکەنە دەرەوە! من لەبەر تکایەکی دونیایی کرێ وەربگرم؟!

باسی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس
(خوایان لێ ڕازی بێت)

١٠٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، عَنِ الْحَسَنِ بْنِ أَبِي جَعْفَرٍ، عَنْ أَبِي الصَّهْبَاءِ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ: رَأَيْتُ ابْنَ عَبَّاسٍ آخِذًا بِلِسَانِهِ وَهُوَ يَقُولُ: بِاللِّسَانِ: قُلْ خَيْرًا تَغْنَمْ أَوِ اصْمُتْ تَسْلَمْ قَبْلَ أَنْ تَنْدَمَ ".

واتە: باوکی صەهبا لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسم بینی زمانی خۆی گرتبوو دەیفەرموو: قسەی خێر بکە دەیبەیتەوە؛ یان بێدەنگ بە سەلامەت دەبی؛ جا پێش ئەوەی پەشیمان بیتەوە یان قسی خێر بکە یان بێدەنگ بە!

١٠٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا جَرِيرُ بْنُ عَبْدِ الْحَمِيدِ، عَنْ قَابُوسَ، عَنْ أَبِيهِ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: لَا تَقُومُ السَّاعَةُ وَوَاحِدٌ يَقُولُ: اللهَ اللهَ ".

واتە: قابوس لە باوکییەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: قیامەت نایەت هەتا کەسێک لە سەرزەویدا بڵێ: الله الله[1].

---

[1] شیاوی باسە ئەم ئەسەرە لە بنەمادا فەرموودەی پێغەمبەری خوایە (صلی الله علیه وسلم) وەک پێشەوا موسلیم لە صەحیحەکەیا ڕیوایەتی کردووە و فەرموویەتی: حَدَّثَنِي زُهَيْرُ بْنُ حَرْبٍ، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، أَخْبَرَنَا ثَابِتٌ، عَنْ أَنَسٍ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: " لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى لَا يُقَالَ فِي الْأَرْضِ: اللهُ، اللهُ ". خودی پێشەوا ئەحمەدیش لە موسنەدەکەیا بە ژمارە ١٢٠٤٣ ئەم فەرموودەیەی بەم ڕشتەو سەنەدەوە ڕیوایەت کردووە و فەرموویەتی: حَدَّثَنَا ابْنُ أَبِي عَدِيٍّ، عَنْ حُمَيْدٍ، عَنْ أَنَسٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى لَا يُقَالَ فِي الْأَرْضِ: اللهُ اللهُ .

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیشە لەسەر ئەوەی کە یاد و زیکری خوای گەورە بە هەموو جۆرێک دروستە؛ چ ناوی خوای گەورە بە تاك ببرێ وەک لەم فەرموودەیەدا دیارە؛ یان بخرێتە ناو ڕستەوە و زیکری بکرێ؛ بۆ نموونە بگوترێ: سبحان الله؛ الحمدلله.

١٠٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ، أَخْبَرَنِي صَالِحُ بْنُ رُسْتُم، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ أَبِي مُلَيْكَةَ قَالَ: صَحِبْتُ ابْنَ عَبَّاسٍ مِنَ الْمَدِينَةِ إِلَى مَكَّةَ وَمِنْ مَكَّةَ إِلَى الْمَدِينَةِ فَكَانَ يُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ، وَكَانَ يَقُومُ شَطْرَ اللَّيْلِ يُكْثِرُ وَالله فِي ذَلِكُمُ التَّسْبِيحَ".

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی باوکی مولەیکە فەرمووی: لە مەدینەوە هەتا مەککەو دواییش لە مەککەوە هەتا مەدینە هاوڕێیەتی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسم کردووە؛ ئەو نوێژی کورت دەکردەوە و دوو ڕکاتی دەکرد؛ نیوەی شەویش هەڵدەستایەوە و بەخوا ئا لەم تەسبیحاتەی زۆر دەکرد.

١٠٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا إِسْرَائِيلُ، عَنْ أَبِي يَحْيَى، عَنْ مُجَاهِدٍ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: إِذَا أَرَدْتَ أَنْ تَذْكُرَ عُيُوبَ صَاحِبِكَ فَاذْكُرْ عُيُوبَ نَفْسِكَ ".

واتە: لە موجاهیدەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەگەر ویستت باسی کەموکوڕی و عەیبەی هاوڕێکەت بکەی؛ ئەوا باسی کەموکوڕییەکان و عەیبەکانی خۆت بکە.

١٠٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَهَّابِ، عَنْ سَعِيدٍ الْجُرَيْرِيِّ، عَنْ رَجُلٍ قَالَ: رَأَيْتُ ابْنَ عَبَّاسٍ آخِذًا بِثَمَرَةِ لِسَانِهِ وَهُوَ يَقُولُ: وَيْحَكَ قُلْ خَيْرًا تَغْنَمْ وَاسْكُتْ عَنْ شَرٍّ تَسْلَمْ قَالَ: فَقَالَ لَه رَجُلٌ: يَا ابْنَ عَبَّاسٍ مَا لِي أَرَاكَ آخِذًا بِثَمَرَةِ لِسَانِكَ تَقُولُ كَذَا وَكَذَا؟ قَالَ: بَلَغَنِي أَنَّ الْعَبْدَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لَيْسَ هُوَ عَلَى شَيْءٍ أَحْنَقَ مِنْهُ عَلَى لِسَانِهِ ".

واتە: عەبدولوەهاب لە سەعیدی جوڕەیرییەوە ئەویش لە پیاوێکەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسم بینی کەناری زمانی خۆی گرتبوو دەیفەرموو: قوڕت بەسەر قسەی خێر بکە دەیبەیتەوە؛ یان بێدەنگ بەو قسەی خراپ مەکە سەلامەت دەبی.. دەفەرموێت: پیاوێک پێی گوت: ئەی کوڕی عەبباس! ئەوە بۆچی کەناری زمانت گرتووە و ئاواو ئاوا دەڵێی؟ فەرمووی: ئاخر پێم گەیشتووە و بیستوومە کە لە ڕۆژی قیامەتدا مرۆڤ هێندە لە زمانی خۆی تووڕەیە هێندە لە هیچ شتێکیتر تووڕە نییە.

١٠٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا بَكْرُ بْنُ عِيسَى الرَّاسِبِيُّ، حَدَّثَنَا أَبو عَوَانَةَ، حَدَّثَنَا أَبو حَمْزَةَ قَالَ: رَأَيْتُ ابْنَ عَبَّاسٍ قَمِيصُهُ مُتَقَلِّصٌ فَوْقَ الْكَعْبِ وَالْكُمُّ يَبْلُغُ أُصُولَ الْأَصَابِعِ يُغَطِّي ظَهْرَ الْكَفِّ ".

واته: باوكی حەمزە بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: عەبدوڵلای كوڕی عەبباسم بینی دەرلینگەكانی لە سەرەوەی قولەقاپەكانییەوە بوو؛ قۆڵەكانیشی تا ناوەڕاستی پەنجەكانی دەهاتن و پشتی دەستی پێ دادەشارد.

باسی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر
(خوایان لێ ڕازی بێت)

١٠٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا اللَّيْثُ بْنُ خَالد الْبَلْخيُّ، عَن الْعَلَاء بْن خَالد الْمُجَاشعيِّ يَعْني ابْنَ وَرْدَانَ عَنْ أَبي بَكْر بْن حَفْص بْن عمْرَانَ، أَنَّ عَبْدَ الله بْنَ عُمَرَ، كَانَ لَا يَأْكُلُ طَعَامًا إِلَّا عَلَى خُوَانه يَتيمٌ ".

واتە: ئەبوبەکری کوڕی حەفصی کوڕی عیمران دەگێڕێتەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر عادەتی وا بوو لەسەر خوان و سفرەی خۆی نانی نەدەخوارد هەتا منداڵێکی هەتیوی لەسەر نەبوایە (واتە: بەبێ میوانداری کردن لە منداڵێکی هەژار و بێ باوك نانی نەخواردووە).

١٠٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا هُشَيْمٌ، أَنْبَأَنَا مَنْصُورٌ، عَنْ ابْن سيرينَ، أَنَّ رَجُلًا، قَالَ لابْن عُمَرَ: أَجْعَلُ لَكَ جَوَارِشَ؟ قَالَ: وَأَيُّ شَيْءٍ الْجَوَارِشُ؟ قَالَ: شَيْءٌ إِذَا كَظَّكَ الطَّعَامُ فَأَصَبْتَ منْهُ سَهُلَ عَيْشُكَ قَالَ: فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ: مَا شَبِعْتُ منْ طَعَام مُنْذُ أَرْبَعَة أَشْهُر وَمَا ذَاكَ أَنْ لَا أَكُونَ لَه وَاجدًا وَلَكنّي عَهدْتُ قَوْمًا يَشْبَعُونَ مَرَّةً وَيَجُوعُونَ مَرَّةً ".

واتە: کوڕی سیرین لە پیاوێکەوە دەگێڕێتەوە کە بە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری گوت: دەتەوێ جەوارێشێکت بۆ دروست بکەم؟ عەبدوڵڵا فەرمووی: جەوارێش چییە؟ پیاوەکە گوتی: شتێکە هەر کاتێ خواردنت زۆر خواردو گەدەت قورس بوو؛ ئەو خواردنە بخۆی ئارامی بە گەدەت دەدات. دەفەرموێت: عەبدوڵڵا فەرمووی: ئەوە چوار ڕۆژە من تێری زگی خۆم خواردنم نەخواردووە؛ ئەوە شتێک نییە من دەستم نەکەوێ؛ بەڵام من کەسانێکم دیوە کە بە زگێک تێر بوون و بە زگێک برسی.

١٠٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا سُفْيَانُ بْنُ حُسَيْنٍ، عَنِ الْحُسَيْنِ، أَنَّ ابْنَ عُمَرَ، كَانَ إِذَا تَغَدَّى أَوْ تَعَشَّى دَعَا مَنْ حَوْلَهُ مِنَ الْيَتَامَى، فَتَغَدَّى ذَاتَ يَوْمٍ فَأَرْسَلَ إِلَى يَتِيمٍ فَلَمْ يَجِدْهُ، وَكَانَتْ لَهُ سَوِيقَةٌ مُحَلَّاةٌ يَشْرَبُهَا بَعْدَ غَدَائِهِ، فَجَاءَ الْيَتِيمُ وَقَدْ فَرَغُوا مِنَ الْغَدَاءِ وَبِيَدِهِ السَّوِيقَةُ لِيَشْرَبَهَا فَنَاوَلَهَا إِيَّاهُ وَقَالَ: خُذْهَا فَمَا أُرَاكَ غُبِنْتَ ".

واتە: سوفیانی کوڕی حوسەین؛ لە حوسەینەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر عادەتی وا بوو کە نانی بەیانی یان ئێوارەی دەخوارد هەموو ئەو منداڵانەی دەوروبەری خۆی بانگ دەکرد کە هەتیو بوون بۆ ئەوەی لەگەڵیا نان بخۆن؛ ڕۆژێک ویستی نانی بەیانی بخوا؛ ناردی بو دوای منداڵێکی هەتیوا منداڵەکە دیار نەبوو؛ جا عەبدوڵڵا قاوتێکی شیرینی هەبوو دەیویست دوای نانخواردن کەمێکی لێ بخواتەوە؛ لەو کاتەدا منداڵە هەتیوەکە هاتەوە و ئەوان خواردنیان تەواو کردبوو؛ عەبدوڵڵا قاوتەکەی بەدەستەوە بوو بۆ ئەوەی بیخواتەوە؛ دەستی لێ هەڵگرت و دای بە منداڵەکەو فەرمووی: ها بیگرە پێم وایە زەرەرت نەکردووە!

١٠٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا مُسْتَلِمُ بْنُ سَعِيدٍ الثَّقَفِيُّ، عَنْ خُبَيْبِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ، عَنْ نَافِعٍ، أَنَّ ابْنَ عُمَرَ، اشْتَهَى عِنَبًا وَهُوَ مَرِيضٌ فَاشْتَرَيْتُ لَهُ عُنْقُودًا بِدِرْهَمٍ فَجِئْتُ بِهِ فَوَضَعْتُهُ فِي يَدِهِ، فَجَاءَ سَائِلٌ فَقَامَ عَلَى الْبَابِ فَسَأَلَ، فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ: ادْفَعْهُ إِلَيْهِ قَالَ: قُلْتُ: كُلْ مِنْهُ ذُقْهُ قَالَ: لَا، ادْفَعْهُ إِلَيْهِ قَالَ: فَدَفَعْتُهُ إِلَيْهِ، ثُمَّ اشْتَرَيْتُهُ مِنْهُ بِدِرْهَمٍ، فَجِئْتُ بِهِ إِلَيْهِ فَوَضَعْتُهُ فِي يَدِهِ، فَعَادَ السَّائِلُ فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ: ادْفَعْهُ إِلَيْهِ، قُلْتُ ذُقْهُ كُلْ مِنْهُ قَالَ: ادْفَعْهُ إِلَيْهِ قَالَ: فَدَفَعْتُهُ إِلَيْهِ ثُمَّ، اشْتَرَيْتُهُ مِنْهُ بِدِرْهَمٍ فَجِئْتُ بِهِ إِلَيْهِ فَوَضَعْتُهُ فِي يَدِهِ فَعَادَ السَّائِلُ، فَقَالَ لِي: ادْفَعْهُ إِلَيْهِ قَالَ: قُلْتُ: كُلْ مِنْهُ ذُقْهُ قَالَ: ادْفَعْهُ إِلَيْهِ قَالَ: فَدَفَعْتُهُ إِلَيْهِ وَقُلْتُ: وَيْحَكَ مَا تَسْتَحِي فِي الثَّالِثَةِ أَوِ الرَّابِعَةِ وَلَا أَعْلَمُهُ قَالَ إِلَّا فِي الرَّابِعَةِ، شَكَّ يَزِيدُ قَالَ: فَاشْتَرَيْتُهُ مِنْهُ بِدِرْهَمٍ فَذَهَبْتُ فَجِئْتُ بِهِ إِلَيْهِ فَأَكَلَهُ ".

واتە: خوبەیبی کوڕی عەبدولڕەحمان لە نافیعەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: جارێک عەبدوڵڵای کوڕی عومەر نەخۆش بوو ئەڵهای ترێی کرد؛ منیش بۆڵە ترێیەکم بۆ کڕی بە دیرهەمێک و بۆم بردو دام بە دەستیەوە؛ لەو کاتەدا سواڵکەرێک هات و لای دەرگاکە وەستاو داوای شتی کرد؛ عەبدوڵڵا فەرمووی: ها ئەو بۆڵە ترێیەی بدەرێ! منیش پێم گوت: دەی خۆت هەندێکی لێ بکەرەوە و بیخۆ فەرمووی: نا بیدەرێ! دەفەرموێت: منیش بۆڵە ترێکەم دا بە سواڵکەرەکەو دوایی لێم کڕییەوە بە دیرهەمێک و هێنامەوە بۆ عەبدوڵڵاو دام بە دەستیەوە..

دیسان سوالّکەرەکە هاتەوە و عەبدوڵڵا فەرمووی: بیدەرێ! منیش گوتم: دەی خۆت کەمێکی لێ بکەرەوە و بیخۆ! فەرمووی: بیدەرێ! دەفەرموێک منیش بۆڵە ترێکەم پێدا دوایی دیسان بە دیرهەمێک لێم کڕییەوە و هێنام و دام بە دەستی عەبدوڵڵاوە.. دیسان سوالّکەرەکە هاتەوە و عەبدوڵڵا پێی گوتم: بیدەرێ! منیش گوتم: دەی کەمێکی لێ بکەرەوە و بیخۆ! فەرمووی: نا بیدەرێ! دەڵێک منیش بۆڵە ترێکەم دا بە سوالّکەرەکەو پێمگوت: . یەزید کە یەکێکە لە ڕاوییەکان گومانی بۆ پەیدا بووە و دەڵێ: سێیەم جار بوو یان چوارم جار وەبزانم چوارەم بوو. نافیع بە سوالّکەرەکەی گوت: قوڕت بەسەر ئەوە تۆ شەرم ناکەی؟! جا دەفەرموێت: دیسان بە دیرهەمێک لێم کڕییەوە و بردم بۆ عەبدوڵڵاو لێی خوارد.

(ئەڵها کردن بەو داواکاریە دەگوترێ کە نەخۆش لە کاتی نەخۆشیدا یان لە سەرەمەرگدا دەیکات؛ کاتێک نەخۆشێک لە گەرمەی نەخۆشیدا داوای خواردنێک یان بینینی کەسێک دەکات دەڵێن: ئەڵهای فلانە خواردن دەکات؛ یان ئەڵهای بینینی فلانە کەس دەکات).

١٠٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا حَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ، عَنْ ضَمْرَةَ، عَنْ رَجَاءٍ، عَنِ ابْنِ أَبِي سَلَمَةَ، عَنْ مَيْمُونِ بْنِ مِهْرَانَ قَالَ: دَخَلْتُ مَنْزِلَ ابْنِ عُمَرَ فَمَا كَانَ فِيهِ مَا يُسَاوِي طَيْلَسَانِي هَذَا ".

واتە: کوڕی باوکی سەلەمە لە مەیمونی کوڕی میهرانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕۆیشتم بۆ ماڵی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر نرخی هەموو شتەکانی ناوماڵەکەی هێندەی نرخی ئەم تەیلەسانەی من نەدەبوو.

١٠٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبُو عَامِرٍ الْعَدَوِيُّ، أَخْبَرَنِي دَاوُدُ بْنُ أَبِي الْفُرَاتِ، عَنْ أَبِي غَالِبٍ، مَوْلَى خَالِدِ بْنِ عَبْدِ الله الْقُرَشِيِّ قَالَ: كَانَ ابْنُ عُمَرَ يَنْزِلُ عَلَيْنَا بِمَكَّةَ، وَكَانَ يَتَهَجَّدُ مِنَ اللَّيْلِ فَقَالَ لِي ذَاتَ لَيْلَةٍ قَبْلَ الصُّبْحِ: يَا أَبَا غَالِبٍ، أَلَا تَقُومُ تُصَلِّي وَلَوْ تَقْرَأُ بِثُلُثِ الْقُرْآنِ؟ فَقُلْتُ: يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ قَدْ دَنَا الصُّبْحُ فَكَيْفَ أَقْرَأُ بِثُلُثِ الْقُرْآنِ؟ قَالَ: إِنَّ سُورَةَ الْإِخْلَاصِ ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ١﴾ الإخلاص: ١ تَعْدِلُ ثُلُثَ الْقُرْآنِ ".

واتە: باوکی غالب دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر لە مەککەدا دەبوو بە میوانی ئێمە؛ سەرەتای شەوانە دەنووست و دوایی هەڵدەستا بۆ شەونوێژ؛ شەوێ: پێش بانگی بەیانی پێی گوتم: باوکی غالب! ئەوە بۆ هەڵناسی نوێژ بکەیت و سێیەکی قورئان لەناو نوێژا بخوێنی؟ منیش گوتم: باوکی عەبدولڕەحمان! کاتی نوێژی بەیانی نزیك بووەتەوە من چۆن فریای خوێندنی سێیەکی قورئان دەکەووم؟ فەرمووی: بەڕاستی سورەتی (الاخلاص) ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ١﴾ یەکسانە بە سێیەکی قورئان.

١٠٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: أُخْبِرْتُ، عَنْ أَبِي بَكْرِ بْنِ أَبِي الْأَسْوَدِ، حَدَّثَنَا بَكَّارُ بْنُ سُفْيَانَ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ عُقَيْلِ بْنِ شُمَيْرٍ الرِّيَاحِيِّ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: شَرِبَ عَبْدُ الله بْنُ عُمَرَ مَاءً بَارِدًا فَبَكَى فَاشْتَدَّ بُكَاؤُهُ فَقِيلَ لَهُ: مَا يُبْكِيكَ؟ قَالَ: ذَكَرْتُ آيَةً فِي كِتَابِ الله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ ﴾ سبأ: ٥٤ ، قَالَ: فَعَرَفْتُ أَنَّ أَهْلَ النَّارِ لَا يَشْتَهُونَ شَيْئًا إِلَّا الْمَاءَ الْبَارِدَ، وَقَدْ قَالَ الله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ أَفِيضُوا عَلَيْنَا مِنَ الْمَاءِ أَوْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ ﴾ الأعراف: ٥٠ ".

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عوقەیلی کوڕی شومەیری ڕیاحی لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ئاوێکی ساردی خواردەوە و دەستی بە گریان کرد؛ بەخوڕ دەگریا؛ پێی گوترا: ئەوە چیی وای لێ کردوویت بگریت؟ فەرمووی: ئایەتێکی ناو قورئانم بیرکەوتەوە، ئەوەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: لەنێوان ئەمان و ئارەزووەکانیاندا بەربەست دانرا.. فەرمووی: ئەوەم بیرکەوتەوە کە دۆزەخییەکان جگە لە قومێک ئاوی سارد؛ ئاوات بۆ هیچیتر ناخوازن؛ ئەوەتا خوای گەورە فەرموویەتی: (دۆزەخییان بەدەم ئاه و ناڵە و غەم و پەژارەوە) هاواریان لە بەهەشتییان کرد و لێیان پاڕانەوە و وتیان: نەختێک ئاومان بەسەردا بڕێژن، یان بەشمان بدەن لەو ڕزق و ڕۆزییانەی کە خوا پێی بەخشیوون.

١٠٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا عَمْرُو بْنُ مَيْمُونٍ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: لَمَّا مَرِضَ عَبْدُ الله بْنُ عَامِرٍ مَرَضَهُ الَّذِي تُوُفِّيَ فِيهِ أَرْسَلَ إِلَى أُنَاسٍ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِيهِمْ عَبْدُ الله بْنُ عُمَرَ فَقَالَ لَهُمْ: قَدْ نَزَلَ بِي مَا قَدْ تَرَوْنَ وَلَا أَرَى إِلَّا أَنِّي لَمَأْتِيٌّ فَمَا ظَنُّكُمْ بِي؟ فَقَالُوا: قَدْ كُنْتَ تُعْطِي السَّائِلَ وَتَصِلُ الرَّحِمَ وَحَفَرْتَ الْآبَارَ بِالْفَلَوَاتِ لِابْنِ السَّبِيلِ وَبَنَيْتَ الْحَوْضَ بِعَرَفَةَ تَشْرَعُ فِيهِ حَاجُّ بَيْتِ الله فَمَا نَشُكُّ لَكَ فِي النَّجَاةِ، وَعَيْنُهُ إِلَى عَبْدِ الله بْنِ عُمَرَ، وَعَبْدُ الله بْنُ عُمَرَ سَاكِتٌ، فَلَمَّا أَبْطَأَ عَلَيْهِ بِالْكَلَامِ، قَالَ لَهُ: يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ مَالَكَ لَا تَتَكَلَّمُ؟ قَالَ: إِذَا طَابَتِ الْمَكْسَبَةُ زَكَتِ النَّفَقَةُ وَسَتَرِدُ فَتَعْلَمَ ".

واتە: عەمری کوڕی مەیمون لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کاتێ عەبدوڵڵای کوڕی عامر نەخۆش کەوت؛ ئەو نەخۆشییەی کە تێیدا لە دونیا دەرچو؛ ناردی بە دوای هەندێ لە هاوەڵانی پێغەمبەردا (ﷺ) عەبدوڵڵای کوڕی عومەر یەکێک بوو لەو هاوەڵانە؛ پێی گوتن: وەک دەبینن ڕۆژم گەیشتووە بەم ڕۆژە؛ من وادەزانم مردن بێت و یەخەی گرتووم؛ ئێوە سەبارەت بە من گومانتان چییە و چۆنە؟ ئەوانیش گوتیان: تۆ دەستت ناناوە بەڕوی کەسداو هەر کەسێک داوای شتی لێ کردبی پێتداوە؛ پەیوەندی خزمایەتیت جێبەجێ کردووە؛ لەو چۆڵە دەشتانەدا بیرت لێداوە بۆ ئەوەی ڕێبواران ئاوی لێ بخۆنەوە؛ لە عەرەفەدا حەوزی

ئاووت دروست کرد بۆ ئەوەی حاجیانی ماڵی خوا لێی بخۆنەوە؛ ئێمە گومانمان لەوەدا نییە کە تۆ ڕزگارت دەبێت! جا چاوی عەبدوڵڵای کوڕی عامر هەر لەسەر عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بوو؛ عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بێدەنگ بوو؛ جا کە عەبدوڵڵای کوڕی عامر زانیی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بێدەنگە پێی گوت: باوکی عەبدولڕەحمان ئەوە تۆ بۆ قسەیەک ناکەیت؟ عەبدوڵڵا فەرمووی: ئەگەر کار و کاسبی و داهاتی مرۆڤ پاك بێ؛ ئەوا خێرو خێراتەکەی هەر لە زیادبووندان و پێت دەگاتەوە و ئەوکاتە دەیزانێ.

١٠٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا عُقْبَةُ الْمُحَبَّرُ، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ عَبَّاد، أَنَّ ابْنَ عُمَرَ، كَانَ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَتَصَدَّقَ قَالَ: ادْخُلُوا عَلَى السُّودَانِ فَإِنَّهُمْ ضُعَفَاءُ النَّاسِ ".

واتە: موحەممەدی کوڕی عەبباد دەگێڕێتەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر هەر جارێ بیویستایە خێرێک بکات؛ دەیفەرموو: ڕەشپێستەکانم بۆ بانگ بکەن؛ ئەوانە هەژار و نەدارن.

١٠٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ نُمَيْرٍ قَالَ: سَمِعْتُ عَاصِمًا الْأَحْوَلَ، عَمَّنْ ذَكَرَهُ، قَالَ: كَانَ ابْنُ عُمَرَ إِذَا رَآهُ إِنْسَانٌ ظَنَّ أَنَّ بِهِ شَيْئًا مِنَ اتِّبَاعِهِ آثَارَ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ".

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی نومەیر دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: گوێم لە عاصمی ئەحوەل بوو ئەویش لە یەکێکەوە گێڕایەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بە جۆرێک بوو کە هەر مرۆڤێک ئەوی ببینیایە دەیزانی کە سوننەتێکی پێغەمبەری (ﷺ) لەلایە.

١٠٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا مَالِكٌ، عَنْ أَبِي حَصِينٍ، عَنْ مُجَاهِدٍ قَالَ: كُنْتُ أَمْشِي مَعَ ابْنِ عُمَرَ فَمَرَّ عَلَى خَرِبَةٍ، فَقَالَ: قُلْ يَا خَرِبَةُ مَا فَعَلَ أَهْلُكِ؟ فَقُلْتُ: يَا خَرِبَةُ مَا فَعَلَ أَهْلُكِ؟ قَالَ ابْنُ عُمَرَ: ذَهَبُوا وَبَقِيَتْ أَعْمَالُهمْ ".

واتە: باوکی حوصەین لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من لە خزمەت عەبدوڵڵای کوڕی عومەرا ڕێم دەکرد؛ دامان بە لای کەلاوەیەکدا؛ عەبدوڵڵا فەرمووی: ئادەی بەو کەلاوە بڵێ: کەلاوەکە پێم بڵێ بزانم ئەوانەی لە تۆدا نیشتەجێ بوون چیانکرد؟ منیش گوتم: کەلاوەکە پێم بڵێ بزانم ئەوانەی لە تۆدا نیشتەجێ بوون چیانکرد؟ عەبدوڵڵای کوڕی عومەر خۆی فەرمووی: هەموویان ڕۆیشتن و کار و کردەوەکانیان مایەوە.

١٠٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا مَالِكٌ، عَنْ نَافِعٍ، عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ: أُوتِيَ بِشَيْءٍ يُقَالُ له الْكَبَلُ، فَقَالَ: مَا نَصْنَعُ بِهَذَا؟ قَالَ: إِنَّهُ يُمَرِيكَ قَالَ: إِنَّهُ يَمُرُّ بِيَ الشَّهْرُ مَا أَشْبَعُ إِلَّا الشَّبْعَةَ وَالشَّبْعَتَيْنِ ".

واتە: نافیع لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە دەگێڕێتەوە فەرمووی: شتێکیان هێنا بۆ عەبدوڵڵا پێی دەگوترا: کەبل؛ عەبدوڵڵا فەرمووی: ئەمە چی لێبکەین؟ کابرا گوتی: زگت نەرم دەکات! عەبدوڵڵا فەرمووی: ئەوە مانگێکم بەسەرا تێپەڕیوە جارێک یان دووجار تێری زگی خۆمم خواردووە!

(کەبل حەڵواو ئاردەوایە کە ڕۆنی خۆماڵی و هەنگوینی تێکەڵ دەکرێت).

١٠٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ شِمْرِ بْنِ عَطِيَّةَ، عَنْ يَحْيَى بْنِ وَثَّابٍ قَالَ: قَالَ ابْنُ عُمَرَ: يَا غُلَامُ، أَنْضِجِ الْعَصِيدَةَ تَذْهَبْ حَرَارَةُ الزَّيْتِ، فَإِنَّ أَقْوَامًا تَعَجَّلُوا طَيِّبَاتِهِمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ".

واتە: لە شیمری کوڕی عەتیەوە ئەویش لە یەحیای کوڕی وەثثابەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر فەرمووی: کاکە! حەڵوا جوان پێبگەیەنە با گەرمایی زەیتەکەی بڕوات؛ کۆمەڵە کەسانێک لە ژیانی دونیادا پەلەیان کرد و شتە پاك و خۆشەکانیان لە دونیادا وەر گرت.

١٠٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا خَالِدُ بْنُ حَيَّانَ، حَدَّثَنَا عِيسَى بْنُ كَثِيرٍ، عَنْ مَيْمُونِ بْنِ مِهْرَانَ قَالَ: أَتَتِ ابْنَ عُمَرَ اثْنَانِ وَعِشْرُونَ أَلْفَ دِينَارٍ فِي مَجْلِسٍ فَلَمْ يَقُمْ حَتَّى فَرَّقَهَا ".

واتە: لە مەیمونی کوڕی میهرانەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: بیست و دوو هەزار دیناریان نارد بۆ عەبدوڵڵا؛ هەر بە یەکجار هەمووی دابەشکرد بەسەر هەژارانا.

١٠٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنْ تَمِيمِ بْنِ سَلَمَةَ، عَنِ ابْنِ عُمَرَ، ذَكَرُوا له مِنْ أَمْرِ ابْنِ عَامِرٍ فَقَالَ: إِنَّ الْخَبِيثَ لَا يُكَفِّرُ الْخَبِيثَ ".

واتە: لە تەمیمی کوڕی سەلەمەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە دەگێڕێتەوە کە باسی ئیشوکارەکانی کوڕی عامریان کرد بۆ عەبدوڵڵا؛ عەبدوڵڵا فەرمووی: شتی پیس نابێتە کەفارەتی شتی پیس!

١٠٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ جَعْفَرٍ، عَنْ مَيْمُونٍ، عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ: إِذَا طَابَ الْمَكْسَبُ زَكَتِ النَّفَقَةُ".

واته: جەعفەر لە مەیمونەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەگەر داهات و کاسبی پاك و پوخت و حەڵاڵ بێت؛ ئەوا خێرکردن و خەرجییەکانیش پاك و باش دەبن.

١٠٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ أُسَامَةَ، عَنْ نَافِعٍ، عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ: وَإِنْفَاقُهُ خَيْرٌ مِنْ إِمْسَاكِه ".

واته: ئوسامە لە نافیعەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە **دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: داەبشکردن و خێرکردن بەو پارە پاکەو** خەرج کردنی لە ڕاگیرکردنی **خێرترو باشترە.**

١٠٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الله بْنِ الزُّبَيْرِ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ لَيْثٍ، عَنْ طَاوُسٍ قَالَ: مَا رَأَيْتُ رَجُلًا أَوْرَعَ مِنَ ابْنِ عُمَرَ وَلَا رَأَيْتُ رَجُلًا أَعْلَمَ مِنَ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: وَكَانَ طَاوُسٌ يَعُدُّ الْحَدِيثَ حَرْفًا حَرْفًا ".

واته: لەیث لە تاووسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هیچ کەسێکم نەدیوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر خۆپارێزتر بێت؛ هیچ کەسێکم نەدیوە هێندەی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس زانا بێت. جا تاووس ئەم قسەیەی وشە وشەو لەسەرخۆ دەکرد.

١٠٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ قَالَ: سَمِعْتُ شُعْبَةَ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا سُفْيَانَ، يَقُولُ: كَانَ عُمَرُ يَقُولُ: دَعْ مَا يَرِيبُكَ إِلَى مَا لَا يَرِيبُكَ ".

واته: شوعبە دەفەرموێت: گوێم لە باوکی سوفیان بوو دەیفەرموو: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر دەیفەرموو: واز لە هەموو ئەو شتانە بێنە کە جێگەی گومانن بۆ ئەو شتانەی کە گومانت لێیان نییە[1].

[1] بێگومان عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ئەم قسەیەی لە پێغەمبەری خوداوە (صلى الله عليه وسلم) وەرگرتووە؛ چونکە بە ڕشتەو سەنەدی صەحیحەوە ئەم قسەیە وەک فەرموودە لە پێغەمبەری خوداوە (صلى الله عليه وسلم) ڕیوایەت کراوە؛ با بچینە خزمەت ڕیوایەتەکە: عن الحسن بن عليّ رضي الله عنهما، قال: حَفِظتُ من رسولِ الله صلى الله عليه وسلم: "دَعْ ما يَرِيبُكَ إلى ما لا يَرِيبُكَ" رواه الترمذي والنسائي، وقال الترمذي: حديث صحيح.

١٠٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْأَعْلَى، عَنْ بُرْد، عَنْ نَافِع، عَنِ ابْنِ عُمَرَ، أَنَّهُ كَانَ لَا يُعْجِبُهُ شَيْءٌ مِنْ مَالِهِ إِلَّا خَرَّجَ عَنْهُ لله عَزَّ وَجَلَّ قَالَ: وَكَانَ زَمَانٌ يَتَصَدَّقُ فِي الْمَجْلِسِ بِثَلَاثِينَ أَلْفًا قَالَ: وَأَعْطَاهُ ابْنُ عَامِرٍ مَرَّتَيْنِ ثَلَاثِينَ أَلْفًا، قَالَ يَا نَافِعُ! إِنِّي أَخَافُ أَنْ تَفْتِنَنِي دَرَاهِمُ ابْنِ عَامِرٍ، اذْهَبْ فَأَنْتَ حُرٌّ قَالَ: وَكَانَ لَا يُدْمِنُ اللَّحْمَ شَهْرًا إِلَّا مُسَافِرًا أَوْ فِي رَمَضَانَ، قَالَ وَكَانَ يَمْكُثُ الشَّهْرَ لَا يَذُوقُ فِيهِ مُزْعَةَ لَحْمٍ ".

واتە: بورد لە نافیعەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە دەگێڕێتەوە کە عەبدوڵڵای **کوڕی عومەر هەر شتێکی نێوماڵەکەی بەلاوە گرنگ بوایە؛ یە**کسەر دەیکرد بەخێر لە پێناوی **خوای گەورەدا.. دەفەرموێت: جاری وا هەبوو لە یەک شوێنا سی** هەزار (دینار یان دیرهەم)ی **دەکرد بەخێر.. دەفەرموێت: دووجار کوڕی عامر سی هەزار سی هەزار (دیرهەمی) بۆ نارد.. فەرمووی: نافیع! من دەترسم دیرهەمەکانی کوڕی عامر تووشی فیتنەو بەڵا و تاقیکردنەوەم بکات؛ جاریێ تۆ بڕۆ ئازاد بە! دەفەرموێت: عەبدوڵڵا بە مانگ گۆشتی نەدەخوارد مەگەر لە سەفەرا بوایە یان ڕەمەزان بوایە.. دەفەرموێت: جاری وا هەبووە یەک مانگی ڕەبەق تامی بەزو چەوریشی نەدەکرد.**

١٠٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ هِشَامٍ الدَّسْتُوَائِيِّ، عَنِ الْقَاسِمِ بْنِ أَبِي بَزَّةَ، حَدَّثَنِي مَنْ، سَمِعَ ابْنَ عُمَرَ، قَرَأَ: ﴿ وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ ۝١ ﴾ المطففين: ١ حَتَّى بَلَغَ : ﴿ يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ ۝٦ ﴾ المطففين: ٦ فَبَكَى حَتَّى خَرَّ وَامْتَنَعَ عَنْ قِرَاءَةِ مَا بَعْدَهُ ".

واتە: قاسمی کوڕی باوکی بەززە لە کەسێکەوە گێڕایەوە کە لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری بیستووە: عەبدوڵڵا سورەتی ﴿ وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ ۝١ ﴾ خوێندەوە تا گەیشتە ئایەتی ﴿ يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ ۝٦ ﴾ دەستی بە گریان کرد؛ ئەوەندە گریا تا کەوت بەلاداو نەیتوانی لەو ئایەتە زیاتر بخوێنێتەوە و تەواوی بکات.

١٠٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو الْمُنْذِرِ إِسْمَاعِيلُ بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا الْبَرَاءُ بْنُ سُلَيْمَانَ قَالَ: سَمِعْتُ نَافِعًا، مَوْلَى ابْنِ عُمَرَ يَقُولُ: مَا قَرَأَ ابْنُ عُمَرَ هَاتَيْنِ الْآيَتَيْنِ قَطُّ مِنْ آخِرِ سُورَةِ الْبَقَرَةِ إِلَّا بَكَى: ﴿ وَإِن تُبْدُوا مَا فِي أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ ﴾ البقرة: ٢٨٤ إِلَى آخِرِ الْآيَةِ ثُمَّ يَقُولُ: إِنَّ هَذَا لَإِحْصَاءٌ شَدِيدٌ ".

واتە: بەرائی کوڕی سولەیمان دەفەرموێت: گوێم لە نافیع بوو دەیفەرموو: عەبدوڵڵای

کـوڕی عـومەر هەرگیـز ئەو ئـایەتەی کۆتـایی سـورەتی بەقەرەی نەخوێنـدووەتەوە و دەسـتی نەکردبێ بە گریـان؛ ئەو ئـایەتە کە دەفەرموێـت: ﴿وَإِن تُبْدُوا۟ مَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ﴾ البقرة: ٢٨٤ هەتـا کۆتایی سورەتەکە.. جا دەیفەرموو: بەخوا ئەمە هەژمارکردن و لێکۆڵینەوەیەکی سەختە.

١٠٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو كَامل الْجَحْدَرِيُّ فُضَيْلُ بْنُ الْحُسَيْن، حَدَّثَنَا أَبو عَوَانَةَ، عَنْ هلَال بْنِ خَبَّاب، عَنْ قَزَعَةَ قَالَ: رَأَيْتُ عَلَى ابْنِ عُمَرَ رَحِمَهُ الله ثيَابًا خَشبَةً فَقيلَ: أَوْ خَشنَةً، فَقُلْتُ: يَا أَبَا عَبْد الرَّحْمَن إني قَدْ أَتَيْتُكَ بثَوْب لَيِّن ممَّا يُصْنَعُ بخُرَاسَانَ، فَتَقَرُّ عَيْني أَنْ أَرَاهُ عَلَيْكَ فَإِنَّ عَلَيْكَ ثيَابًا خَشبَةً أَوْ خَشنَةً قَالَ: أَرنيه حَتَّى أَنْظُرَ إِلَيْه قَالَ: فَلَمَسَهُ بيَده وَقَالَ: أَحَرِيرٌ هُوَ؟ قُلْتُ: لَا إِنَّهُ منْ قُطْنٍ قَالَ: إِني أَخَافُ إِنْ أَنَا لَبِسْتُهُ أَخَافُ أَنْ أَكُونَ مُخْتَالًا فَخُورًا: ﴿وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿٢٣﴾﴾ الحديد: ٢٣ ".

واتە: هـیلالی کـوڕی خەبباب لە قەزەعەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: عەبـدوڵڵای کـوڕی عومەرم بینی پۆشاکێکی ئەستورو خراپ یان زبری لەبەرا بوو؛ گوتم: باوکی عەبدولڕەحمان! پۆشـاکێکی نەرمـم بـۆ هێنـاوی؛ لەوانەی کە لە خۆراسـان چـاک دەکـرێن؛ پـێم خۆشـە لەبەرتـا ببینم؛ ئەوەتا پۆشـاکێکی ئەسـتورو خراپ و زبرت لەبەرایە.. عەبدوڵڵا فەرمووی: ئادەی ئەو پۆشاکەم پیشان بدە با سەیری بکەم! دەستی پیا هێناو فەرمووی: ئەوە ئاوریشمە؟ گوتم: نەخێر لە لۆکە چنراوە! فەرمووی: دەترسم ئەگەر لەبەری بکەم خۆهەڵکێشم و لەخۆم بایی ببم؛ خوای گەورەش ئەوانەی خۆشناوێ کە خۆهەڵکێشن و خۆیان بە گەورە دەزانن.

١٠٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا صَالحُ بْنُ عَبْد الله التِّرْمذيُّ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ فُضَيْلِ بْنِ غَزْوَانَ، عَنْ أَبيه، عَنْ نَافعٍ، أَنَّ ابْنَ عُمَرَ، كَانَ يُحْيِي مَا بَيْنَ الظُّهْرِ إِلَى الْعَصْرِ ".

واتە: مـوحەممەدی کـوڕی فـوزەیلی کـوڕی غەزوان لە بـاوکییەوە ئەویـش لە نـافیعەوە دەگێڕێتەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی عـومەر نێـوان نیـوەڕۆو عەسری زینـدوو دەکـردەوە (واتە: نوێژی سوننەت و یاد و زیکری خوای تێدا دەکرد).

١٠٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ دَاوُدَ، أَنْبَأَنَا شُعْبَةُ، عَنْ عَبْد الله بْن عمْرَانَ الْقُرَيْعيِّ قَالَ: سَمعْتُ مُجَاهدًا، يَقُولُ: صَحبْتُ ابْنَ عُمَرَ رَحمَهُ الله وَأَنَا أُرِيدُ، أَنْ أَخْدُمَهُ، فَكَانَ يَخْدُمُني أَكْثَرَ ".

واتە: شوعبە لە عەبدوڵڵای کوڕی عیمرانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە موجاهید بوو دەیفەرموو: من هاوڕێیەتی عەبدوڵڵای کوڕی عومەرم کردووە و دەمەویست خزمەتی بکەم؛ بەڵام ئەو زیاتر خزمەتی منی دەکرد.

١٠٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي بَهْزٌ، حَدَّثَنِي جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنِي أَسْمَاءُ بْنُ عُبَيْد، عَنْ نَافِع قَالَ: كَانَ ابْنُ عُمَرَ يَقْرَأُ فِي صَلَاتِه فَيَمُرُّ بِالْآيَة فِيهَا ذِكْرُ الْجَنَّة فَيَقِفُ وَيَسْأَلُ اللهَ الْجَنَّةَ قَالَ: وَيَدْعُو وَيَبْكِي قَالَ: وَيَمُرُّ بِالْآيَة فِيهَا ذِكْرُ النَّارِ فَيَقِفُ فَيَدْعُو وَيَسْتَجِيرُ بِالله عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: ئەسمای کوڕی عوبەید لە نافیعەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر لەناو نوێژەکانیا قورئانی دەخوێندەوە و ئەگەر ئایەتێکی خوێندبا کە باسی بەهەشتی تیابا دەوەستاو داوای بەهەشتی لە خوای گەورە دەکرد.. دەفەرموێت: دەشگریاو لە خوا دەپاڕایەوە.. دەفەرموێت: ئەگەر ئایەتێکیشی خوێندبایەوە باسی ئاگری تیابوایە دەوەستاو لە خوا دەپاڕایەوە و پەنای بە خوای گەورە دەگرت لە ئاگر.

١٠٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنِي مُغِيرَةُ بْنُ زِيَاد، عَنْ نَافِع، أَنَّ ابْنَ عُمَرَ، بَاعَ أَرْضًا له بِمِائَتَيْ نَاقَة فَحَمَلَ عَلَى مِائَة مِنْهَا فِي سَبِيلِ الله عَزَّ وَجَلَّ وَاشْتَرَطَ عَلَى أَصْحَابِهَا أَنْ لَا يَبِيعُوا حَتَّى يُجَاوِزُوا وَادِيَ الْقُرَى ".

واتە: موغیرەی کوڕی زیاد لە نافیعەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە دەگێڕێتەوە کە عەبدوڵڵا پارچە زەوییەکی فرۆشت بە دووسەد وشتر؛ سەد وشتریانی لە پێناو خوای گەورە بە بار کرد و دای بە جەنگاوەران و بەڵێنی ئەوەی لێ سەندن کە هەتا لە (وادی القورا) تێنەپەڕن نەیفرۆشن.

١٠٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُؤَمَّلٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ جَعْفَرِ بْنِ بُرْقَانَ قَالَ: أَخْبَرَنِي مَنْ، رَأَى ابْنَ عُمَرَ وَجَاءَ ابْنٌ له فَقَالَ: يَا أَبَت اكْسُنِي إِزَارًا قَالَ: يَا بُنَيَّ نَكِّسْ إِزَارَكَ وَإِيَّاكَ أَنْ تَكُونَ مِنَ الَّذِينَ يَجْعَلُونَ مَا رَزَقَهُمُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ فِي بُطُونِهِمْ وَعَلَى ظُهُورِهِمْ ".

واتە: جەعفەری کوڕی بورقان دەفەرموێت: کەسێک کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری دیوە و لەو کاتەدا کوڕێکی هاتووە بۆ لای و گوتویەتی: باوکە دەرپێیەکم بۆ بکە! عەبدوڵڵا

فەرمووی: کوڕی خۆم! دەرپێکەت وەرگێڕەوە(واتە: هەڵیتەکێنەوە و دیوی ناوەوەی نوێیە بیکە دەرەوە و دوبارە بیدوورەوە) نەکەی یەکێ: بیت لەو کەسانەی کە ڕزق و ڕۆزییەکانی خوای گەورە تەنیا لە زگ و لەسەر پشتیانا بەکار دێنن (واتە: هەر خەریکی خواردن و لەبەر کردنن).

١٠٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا سُرَيْجُ بْنُ يُونُسَ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ الْجُمَحِيُّ، عَنْ أَبِي حَازِمٍ قَالَ: مَرَّ ابْنُ عُمَرَ بِرَجُلٍ سَاقِطٍ مِنْ أَهْلِ الْعِرَاقِ فَقَالَ: مَا شَأْنُهُ؟ قَالُوا: إِنَّهُ إِذَا قُرِئَ عَلَيْهِ الْقُرْآنُ يُصِيبُهُ هَذَا قَالَ: إِنَّا لَنَخْشَى اللهَ وَمَا نَسْقُطُ ".

واتە: سەعیدی کوڕی عەبدولڕەحمانی جومەحی لە باوکی حازمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بە لای پیاوێکا تێپەڕی کەوتبویە سەر زەوی و خەڵکی عێراق بوو؛ پرسیاری کرد: ئەوە ئەو پیاوە چییەتی؟ گوتیان: ئەوە هەر کاتێ قورئانی بەسەرا بخوێنن ئاوای لێدێت.. عەبدوڵڵا فەرمووی: ئێمە لە خوای گەورە دەترسین و ئاواشمان لێ نایەت!

١٠٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سَابِقٍ، حَدَّثَنَا مَالِكٌ، وَعُثْمَانُ بْنُ عُمَرَ، أَنْبَأَنَا مَالِكٌ الْمَعْنِيُّ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ بْنِ مُهَاجِرٍ، عَنْ مُجَاهِدٍ قَالَ: كَانَ ابْنُ عُمَرَ قَائِمًا يُصَلِّي فَأَتَى عَلَى هَذِهِ الْآيَةِ: ﴿لَن تَنَالُواْ ٱلْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَ﴾ آل عمران: ٩٢ فَأَعْتَقَ جَارِيَةً له وَهُوَ يُصَلِّي قَدْ أَرَادَ أَنْ يَتَزَوَّجَهَا ".

واتە: ئیبراهیمی کوڕی موهاجیر لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر لەناو نوێژا وەستابوو؛ قورئانی دەخوێندەوە و گەیشتە بەم ئایەتە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَن تَنَالُواْ ٱلْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَ﴾. واتە: ئێوە هەرگیز ناگەنە پلەی چاکیی و چاکەکاری هەتا لەو شتانەی کە خۆشتان دەوێت نەبەخشن هەر لەناو نوێژەکەدا کەنیزەیەکی خۆی ئازاد کرد بەتەماش بوو مارەی بکات (واتە: کەنیزەکەی ئەوەندە باش و خۆشەویست بووە ویستویەتی مارەی بکات؛ بەڵام ئازادی کردووە).

١٠٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنِي هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا عِصَامٌ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: أَعْطَى ابْنُ جَعْفَرٍ عَبْدَ اللهِ بْنَ عُمَرَ بِنَافِعٍ عَشَرَةَ آلَافٍ أَوْ أَلْفَ دِينَارٍ فَدَخَلَ ابْنُ عُمَرَ عَلَى صَفِيَّةَ امْرَأَتِهِ فَقَالَ لها: إِنَّهُ أَعْطَانِي ابْنُ جَعْفَرٍ بِنَافِعٍ عَشَرَةَ آلَافٍ أَوْ أَلْفَ دِينَارٍ، فَقَالَتْ: يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ فَمَا تَنْتَظِرُ أَنْ تَبِيعَ؟ قَالَ: فَهَلَّا مَا هُوَ خَيْرٌ مِنْ ذَلِكَ هُوَ لِوَجْهِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: عیصام لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کوڕەکەی جەعفەر دەهەزار یا هەزار دینـاری دا بە عەبـدوڵڵای کـوڕی عـومەر بـۆ ئەوەی نـافیعی پـێ بفرۆشـێ (نـافیع کـۆیلەی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بوو) جا عەبدوڵڵا ئەوەی لای صەفیەی ژنی خۆی باسکردو گوتی: کوڕی جەعفەر دەهەزار یان هەزار دیناری داومەتێ نافیعی پێ بفرۆشم! صەفیە گوتی: باوکی عەبدولڕەحمان! دەی چاوەڕێی بە چەندی بفرۆشی (بۆ نایدەیتێ)؟ عەبدوڵڵا فەرمووی: چاوەڕێی لەوە باشترم؛ نافیعم لە بەر ڕەزامەندی خوای گەورە ئازاد کرد!

١٠٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنِي أَبُو مَعْمَرٍ، حَدَّثَنَا يُوسُفُ بْنُ الْمَاجِشُونِ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ عَائِشَةَ، رَحِمَهَا اللهُ قَالَتْ: مَا رَأَيْتُ أَحَدًا أَشْبَهَ بِأَصْحَابِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الَّذِينَ دُفِنُوا فِي النِّمَارِ مِنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ ".

واتە: یوسفی کـوڕی ماجیشـون لە بـاوکییەوە ئەویـش لە دایە عائیشـەوە (خـوای لـێ ڕازی بێـت) دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: هـیچ کەسـم نەدیـوە هێنـدەی عەبـدوڵڵای کـوڕی عـومەر لەو هاوەڵانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بچێ کە لە پۆشاکی خۆیانا نێژران (واتە: عەبدوڵڵا دونیای نەدەویست و وەک ئەو هاوەڵانە وا بوو کە لەبەر هەژاری پۆشاکەکانی بەریان دەکرانە کفن بۆیان).

١٠٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا عَاصِمٌ، عَنْ عُمَرَ بْنِ حَمْزَةَ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ قَالَ: كُنْتُ جَالِسًا مَعَ أَبِي رَحِمَهُ اللهُ فَمَرَّ بِرَجُلٍ فَقَالَ: أَخْبِرْنِي مَا، قُلْتَ لِعَبْدِ اللهِ يَوْمَ رَأَيْتُكَ تُكَلِّمُهُ بِالْجُرُفِ؟ قَالَ: قُلْتُ لَهُ: يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ رَقَّتْ مُضْغَتُكَ وَكَبُرَتْ سِنُّكَ وَجُلَسَاؤُكَ لَا يَعْرِفُونَ حَقَّكَ وَلَا شَرَفَكَ فَلَوْ أَمَرْتَ أَهْلَكَ أَنْ يَجْعَلُوا لَكَ شَيْئًا يُلَطِّفُونَكَ بِهِ إِذَا رَجَعْتَ إِلَيْهِمْ قَالَ: وَيْحَكَ مَا شَبِعْتُ مُنْذُ إِحْدَى عَشْرَةَ سَنَةً أَوِ اثْنَتَيْ عَشْرَةَ سَنَةً وَلَا ثَلَاثَ عَشْرَةَ سَنَةً وَلَا أَرْبَعَ عَشْرَةَ سَنَةً وَلَا مَرَّةً وَاحِدَةً، فَكَيْفَ بِي وَإِنَّمَا بَقِيَ مِنِّي كَظِمَا الْحِمَارِ ".

واتە: عاصـم لە عـومەری کـوڕی حەمـزەوە ئەویـش لە عـومەری کـوڕی حەمـزەی کـوڕی عەبدوڵڵا فەرمووی: من لە خزمەت باوکما بووم پیاوێک تێپەڕی و باوکم فەرمووی: ئا پێم بڵێ بزانم ئەو ڕۆژەی کە مـن تـۆم بینـی لە جـورووف چیـت بە عەبـدوڵڵای کـوڕی عـومەر گـوت؟ پیاوەکە گوتی: پێم گوت: باوکی عەبدولڕەحمان؟ لەڕو لاواز بوی؛ تەمەنت هەڵکشاوە و پیر بویـت؛ ئەوانەی کە دێـن و لەلات دادەنیشـن بە گـوێرەی پێویسـت ڕێـزت نـاگرن و نـازانن چ پیاوێکی گەورەی؛ ئەگەر گەڕایتەوە بۆ ماڵ بە ماڵ و منداڵ بڵێ کە شتێکی نەرم و باشت بۆ

دروست بکەن! فەرمووی: قوڕ بەسەرت! بەخوا من یانزە ساڵە؛ دوانزە ساڵە؛ سیانزەش دەبێت و چواردەش دەبێ یەکجاریش تێرم نەخواردووە! ئێستا چۆن تێر دەخۆم هێندەی کەرێکی تینوم ماوە لە ژیانا![1].

١٠٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُوسَى بْنُ دَاوُدَ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ أَنَسٍ قَالَ: حُدِّثْتُ أَنَّ ابْنَ عُمَرَ نَزَلَ الْجُحْفَةَ فَقَالَ ابْنُ عَامِرٍ لِخَبَّازِهِ: اذْهَبْ بِطَعَامِكَ إِلَى ابْنِ عُمَرَ قَالَ: فَجَاءَ بِصَحْفَةٍ، فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ: ضَعْهَا، ثُمَّ جَاءَ بِأُخْرَى وَأَرَادَ أَنْ يَرْفَعَ الْأُولَى، فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ: مَا لَكَ؟ قَالَ: أُرِيدُ أَنْ أَرْفَعَهَا قَالَ: دَعْهَا، صُبَّ عَلَيْهَا هَذِهِ قَالَ: وَكَانَ كُلَّمَا جَاءَ بِصَحْفَةٍ صَبَّهَا عَلَى الْأُخْرَى، قَالَ: فَذَهَبَ الْعَبْدُ إِلَى ابْنِ عَامِرٍ فَقَالَ: هَذَا كُوفِيٌّ أَعْرَابِيٌّ، قَالَ له ابْنُ عَامِرٍ: هَذَا سَيِّدُكَ ابْنُ عُمَرَ رَضِيَ الله عَنْهُ ".

واتە: مووسای کوڕی داوود دەفەرموێت: گوێم لە مالیکی کوڕی ئەنەس بوو دەیفەرموو: بۆم گێڕدرایەوە کە جارێک عەبدوڵڵای کوڕی عومەر لە جوحفە لایداوە و بووە بە میوان؛ کوڕی عامر بە نانەواکەی خۆی گوت: ئەو خواردنەت ببە بۆ عەبدوڵڵای کوڕی عومەر! نانەواکە بە دەورییەک خواردنەوە هاتە خزمەت عەبدوڵڵا؛ عەبدوڵڵا فەرمووی: داینێ! دوایی دەورییەکیتری هێناو ویستی ئەوەی پێشو هەلبگرێتەوە؛ عەبدوڵڵا فەرمووی: ئەوە چی دەکەی؟ ئەویش گوتی: دەمەوێ ئەم خواردنە لابەم! عەبدوڵڵا فەرمووی: لێیگەڕێو ئەم دەورییەی بکە بە سەرا.. جا هەر جارێ دەورییە خورادنی بۆ دەهات دەیکرد بەسەر ئەویترا؛ کۆیلەکە (واتە: نانەواکە) ڕۆیشتەوە بۆ لای کوڕی عامرو گوتی: ئەمە عەرەبێکی دەشتەکیی لای کوفەیە! کوڕی عامر پێی گوت: نە ئەمە گەورەی تۆیە؛ ئەمە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوای لێ ڕازی بێت).

---

[1] ئەم ڕیوایەتە تەواو نییەو من ڕیوایەتی پێشەوا (ابوو نعیم)م کردە کوردی کە لە کتێبی (حلیە الاولیا)دا ئاوای ڕیوایەت کردووە: حَدَّثَنَا أَبو بَكْرِ بْنُ مَالِك، ثَنَا عَبْدُ الله بْنُ أَحْمَدَ بْن حَنْبَل، حَدَّثَنِي أَبِي، ثَنَا هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِم، ثَنَا عَاصِمُ بْنُ مُحَمَّد، عَنْ عُمَرَ بْن حَمْزَةَ بْن عَبْد الله، قَالَ: كُنْتُ مَعَ أَبِي فَمَرَّ رَجُلٌ، فَقَالَ: أَخْبِرْنِي مَا قُلْتَ لِعَبْد الله بْن عُمَرَ يَوْمَ رَأَيْتُكَ تُكَلِّمُهُ بِالْجُرْف، قَالَ: قُلْتُ: يَا أَبَا عَبْد الرَّحْمَن رَقَّتْ مُضْغَتُكَ، وَكَبِرَ سِنُّكَ، وَجُلَسَاؤُكَ لَا يَعْرِفُونَ حَقَّكَ وَلَا شَرَفَكَ، فَلَوْ أَمَرْتَ أَهْلَكَ أَنْ يَجْعَلُوا لَكَ شَيْئًا يُلْطِفُونَكَ إِذَا رَجَعْتَ إِلَيْهِمْ. قَالَ: وَيْحَكَ، وَاللهِ مَا شَبِعْتُ مُنْذُ إِحْدَى عَشْرَةَ سَنَةً وَلَا ثِنْتَيْ عَشْرَةَ سَنَةً وَلَا ثَلَاثَ عَشْرَةَ سَنَةً وَلَا أَرْبَعَ عَشْرَةَ سَنَةً وَلَا مَرَّةً وَاحِدَةً، فَكَيْفَ بِي وَإِنَّمَا بَقِيَ مِنِّي كَظِمْءِ الْحِمَارِ؟

١٠٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: وَجَدْتُ فِي كِتَابِ مُحَمَّدِ بْنِ حَاتِم بِخَطِّ يَدِهِ، عَنْ بِشْرِ بْنِ الْحَارِثِ أَنَّ ابْنَ عُمَرَ قَالَ: «مَا أُبَالِي لَوْ أَنَّ لِي مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا أَعْرِفُ عَدَدَهُ وَأُؤَدِّي زَكَاتَهُ» قَالَ بِشْرٌ: إِبْرَاهِيمُ بْنُ سَعْدٍ أَخْبَرَنَاهُ ".

واتە: لە بیشری کوڕی حارثەوە دەگێڕنەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر فەرموویەتی: بەلامەوە گرنگ نییە ئەگەر هێندەی کێوی ئوحود زێرم هەبێت و ژمارەی بزانم (واتە: بزانم چەند مسقاڵە) و زەکاتیشی بدەم (واتە: پارەو زێڕوو زیووم بەلاوە گرنگ نییەو هەمبێ و نەمبێ وەکوو یەکن).

١٠٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْمَلِكِ بْنُ عَمْرٍو، حَدَّثَنَا عَبَّادُ بْنُ رَاشِدٍ، عَنْ دَاوُدَ بْنِ أَبِي هِنْدَ، عَنْ أَبِي نَضْرَةَ، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ، رَحِمَهُ الله قَالَ: إِنَّكُمْ لَتَعْمَلُونَ أَعْمَالًا هِيَ أَدَقُّ فِي أَعْيُنِكُمْ مِنَ الشَّعْرِ كُنَّا نَعُدُّهَا عَلَى عَهْدِ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنَ الْمُوبِقَاتِ ".

واتە: لە باوکی نەزرەوە ئەویش لە باوکی سەعیدی خودرییەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە فەرموویەتی: ئێوە کاری وا دەکەن بە لای خۆتانەوە لە موو باریکترو ناسکترە؛ کەچی ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ئەو کارانەمان بە یەکێک لە کارە لەناوبەرەکان (الموبقات) هەژمار دەکرد.

١٠٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ بَكَّارٍ أَبُو عَبْدِ الله، مَوْلَى بَنِي هَاشِمٍ، حَدَّثَنَا فَرَجُ بْنُ فَضَالَةَ، عَنْ أَسَدِ بْنِ وَدَاعَةَ، عَنْ شَدَّادِ بْنِ أَوْسٍ قَالَ: كَانَ إِذَا دَخَلَ فِرَاشَهُ فَكَانَ عَلَى فِرَاشِهِ كَأَنَّهُ حَبَّةُ الْقَمْحِ عَلَى الْمِقْلَى، وَكَانَ يَقُولُ: اللهمَّ إِنَّ النَّارَ مَنَعَتْنِي النَّوْمَ قَالَ: ثُمَّ يَقُومُ إِلَى الصَّلَاةِ ".

واتە: ئەسەدی کوڕی وەداعە لە شەددادی کوڕی ئەوسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کاتێ دەڕۆیشتە سەر جێگا لە سەر جێگاکەی وەکوو دەنکە گەنمێک وا بوو لەناو تاوەداو دەیفەرموو: پەروەردگارا! ئاگری خەوی لێ تاڵ کردووم و خەوم لێ ناکەوێ! دەفەرموێت: دوایی هەڵدەستایەوە بۆ شەونوێژ کردن. (واتە: لە ناو جێگاو نوێنا خۆی ڕا نەدەگرت؛ وەک چۆن دەنکە گەنمێک بخەیتە ناو تاوەیەکی گەرمەوە بۆ ئەوەی بیکەی بە برێشکە؛ ئەو گەنمە خۆی ڕاناگرێت و هەر لە شوێنی خۆیا بەرز دەبێتەوە؛ ئاوا ئەویش خەوی لێ نەدەکەوت و جێگای بە خۆی نەدەگرت)

١٠٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو كَامِلٍ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ زَيْدٍ، عَنْ أَبِي الصَّهْبَاءِ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ قَالَ: إِذَا أَصْبَحَ الرَّجُلُ فَإِنَّ أَعْضَاءَهُ تُكَفِّرُ اللِّسَانَ تَقُولُ: اتَّقِ الله فِينَا فَإِنَّكَ إِن اسْتَقَمْتَ اسْتَقَمْنَا وَإِن اعْوَجَجْتَ اعْوَجَجْنَا ".

واتە: لە سـەعیدی کـوڕی جوبەیرەوە ئەویـش لە بـاوکی سـەعیدی خودریەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەر کاتێ مرۆڤ بەیانییەکی نوێی کردەوە؛ ئەوا هەموو ئەندامەکانی لاشەی لە ئاست زمانا ملکەچ دەبن و بە زمان دەڵێن: سەبارەت بە ئێمە لەخوا بترسە! ئەگەر تۆ ڕێک و باش بیت ئێمەیش هەمومان ڕێک و باش دەبین؛ ئەگەریش تۆ لارو خراپ بیت؛ ئەوا ئێمەیش هەمومان لارو خراپ دەبین.

١٠٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الله بْنِ الزُّبَيْرِ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ رَجُلٍ، عَنْ أَبِي حَازِمٍ، قَالَ: كَانَ سَهْلُ بْنُ سَعْدٍ يَقُولُ: إِنِّي فِيكُمْ غَرِيبٌ، فَيَقُولُ له: لِمَ؟ فَيَقُولُ: ذَهَبَ أَصْحَابِي وَالَّذِي كُنْتُ أَعْرِفُ وَبَقِيتُ فِيكُمْ غَرِيبًا ".

واتە: لە بـاوکی حازمەوە دەگێڕنەوە فەرمـوویەتی: سـەهلی کـوڕی سـەعد دەیفەرمـوو: مـن لەنـاو ئێـوەدا نـامۆو غەریبم.. پێیـان دەگـوت: بـۆچی؟ دەیفەرمـوو: هاوڕێکـانم کـۆچی دواییـان کردووە؛ ئەو شتانەی من دەمزانی و ئاشنایان بووم نەماوون و خۆم بە تەنیا نامۆ ماومەتەوە لەناوتانا.

١٠٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ يَحْيَى بْنِ سَعِيدٍ الْقَطَّانُ، حَدَّثَنِي ابْنُ أَبِي حَازِمٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ قَالَ: كُنَّا نَتَمَنَّى يَوْمَ الْجُمُعَةِ قَالَ: قُلْتُ: وَلِمَ؟ قَالَ: عَجُوزٌ لَنَا كَانَتْ تَأْخُذُ مِنْ هَذَا السِّلْقِ فَتَفْرُكُهُ بِشَعِيرٍ فَنَأْكُلُ مِنْهُ وَمَا كُنَّا نَتَغَدَّى وَلَا نَقِيلُ إِلَّا بَعْدَ الْجُمُعَةِ ".

واتە: کـوڕی بـاوکی حازم لە بـاوکییەوە ئەویـش لە سـەهلی کـوڕی سـەعدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئێمە خوا خوامان بوو کە ڕۆژی هەینی دابێت.. باوکی حازم دەفەرموێت: گوتم: بۆچی؟ فەرمووی: ئەوە پیرەژنێک هەبوو (ڕۆژانی هەینی) هەندێ سلقی دەهێناو لەگەڵ جۆدا دەیکرد بە شلەو ئێمەیش لێیان دەخوارد؛ جا ئێمە هەتا دوای نوێژی هەینی نەنانمان دەخوارد نە سەرخەومان دەشکاند.

١٠٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله قَالَ: هَذَا كِتَابٌ كَتَبَهُ إِلَيَّ أَبِي بِخَطِّهِ لِلْفَزَعِ وَنَسَخْتُهُ أَنَا مِنْهُ: بِسْمِ الله الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ: أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ الله التَّامَّاتِ الَّتِي لَا يُجَاوِزُهُنَّ بَرٌّ وَلَا فَاجِرٌ مِنْ شَرِّ مَا يَنْزِلُ مِنَ

السَّمَاءِ، وَمِنْ شَرِّ مَا يَعْرُجُ فِيهَا، وَمِنْ شَرِّ مَا ذَرَأَ فِي الْأَرْضِ، وَمِنْ شَرِّ مَا يَخْرُجُ مِنْهَا، وَمِنْ شَرِّ فِتَنِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ، وَمِنْ شَرِّ كُلِّ طَارِقٍ إِلَّا طَارِقًا يَطْرُقُ بِخَيْرٍ يَا رَحْمَنُ، ثُمَّ كَتَبَ أَيْضًا بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ: أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللهِ التَّامَّةِ مِنْ غَضَبِهِ وَعِقَابِهِ وَشَرِّ عِبَادِهِ وَمِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ وَأَنْ يَحْضُرُونَ، اللهمَّ رَبَّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَمَا أَظْلَلْنَ وَرَبَّ الْأَرَضِينَ السَّبْعِ وَمَا أَقْلَلْنَ وَرَبَّ الشَّيَاطِينِ وَمَا أَضَلَّتْ، وَذَكَرَ شَيْئًا دَرَسَ مِنَ الرُّقْعَةِ وَسَمِعْتُهُ يَقُولُ: لِلْفَزَعِ تَبَدَّدَ أَعْدَاءُ اللهِ وَعَزَّ جَارُ اللهِ، وَأَظُنُّهُ قَالَ: وَذَلَّ عَدُوُّ اللهِ، قَالَ أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ عَبْدُ اللهِ: قَالَ أَبِي: وَبَعْضُ هَذَا الْكَلَامِ عَنْ أَبِي النَّضْرِ.

واتە: عەبدوڵڵا دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: ئەمە نووسراوێکە باوکم بە خەتی خۆی بۆ منی نووسیوە بۆ ترس (واتە: نوشتەی ترسە) منیش لەبەریم نووسییەوە؛ ئەم نزایەی تیابو: بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان؛ پەنا دەگرم بە وشە پاك و تێرو تەواوەکانی خوای گەورە و میهرەبان؛ ئەو ووشانەی کە زانستی هیچ کەسێک نە چاک و نە خراپ؛ پێی ناگات؛ پەنا دەگرم بەو ووشانە لە هەموو ئەو خراپانەی کە لە ئاسمانەوە دێنە خوارەوە؛ ئەو خراپانەی کە لە ئاسمانەوە بەرز دەبنەوە؛ هەموو ئەو خراپانەی کە لەسەرزەویدا دروست دەبن؛ هەموو ئەو خراپانەی کە لە زەوی دەردەچن؛ هەروەها لە خراپەو فیتنەو لێقەومانی شەوو ڕۆژ؛ هەروەها لە خراپەی هەموو ئەوانەش کە بەشەوا دێن؛ مەگەر کەسێک بە خێرو چاکەوە بێت؛ یا ڕەحمان! دوایی نووسیی: بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان؛ پەنا دەگرم بە فەرمووده تەواوەکانی خوای گەورە لە تووڕەیی خوداو لە تۆڵەی خوداو خراپەی بەندەکانی خوداو لە ختورەو وەسوەسەی شەیتان و لەوەش کە شەیتانەکان نزیکم ببنەوە؛ پەروەردگارا! ئەی خاوەنی حەوت ئاسمانەکان و ئەوەی ئاسمانەکان سێبەریان لەسەر کردووە! ئەی خاوەنی زەوییەکان و ئەوەی زەوییەکان هەڵیانگرتووە! ئەی پەروەردگاری شەیتانەکان ئەوانەش ئەوان گومڕایان کردووە! دوایی باسی شتێکی کرد کە لە نووسینەکە بوتەوە و نەماوە و گوێم لێبوو دەیفەرموو: بۆ ترس؛ دوژمنانی خودا بڵاوەیان لێ کرد وئەوەی پەنای بەخوا گرتووە سەرکەوت و سەربەرز بوو.. وەبزانم فەرمویشی: دوژمنانی خودا سەرشۆڕ بوون.. باوکی عەبدولڕەحمان دەفەرموێت: باوکم فەرمووی: هەندێ لەم قسانە لە نەزرەوە ڕیوایەت کراوە[1].

---

[1] شیاوی باسە کە ئەسەرە فەرموودەیەو چیرۆکێکی تایبەتی هەیە؛ خودی پێشەوا ئەحمەدیش لە موسنەداو چەند کەسێکیتریش ڕیوایەتیان کردووە و ئێمە بۆ بەرچاوڕوونی ڕیوایەتی پێشەوا ئەحمەد باس دەکەین: حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا أَبُو التَّيَّاحِ، قَالَ: سَأَلَ رَجُلٌ عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ خَنْبَشٍ: كَيْفَ صَنَعَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حِينَ كَادَتْهُ الشَّيَاطِينُ؟ قَالَ: جَاءَتِ الشَّيَاطِينُ إِلَى رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنَ الْأَوْدِيَةِ، وَتَحَدَّرَتْ عَلَيْهِ مِنَ الْجِبَالِ، وَفِيهِمْ شَيْطَانٌ مَعَهُ شُعْلَةٌ مِنْ نَارٍ، يُرِيدُ أَنْ يُحْرِقَ بِهَا رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ: فَرُعِبَ - قَالَ جَعْفَرٌ: أَحْسَبُهُ قَالَ: جَعَلَ

١٠٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي هَارُونُ بْنُ مَعْرُوف، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ وَهْب، عَنْ عَمْرو، يَعْنِي ابْنَ الْحَارث عَنْ عُمَارَةَ بْن غَزِيَّةَ، عَنْ سُمَيٍّ، مَوْلَى أَبِي بَكْر أَنَّهُ سَمعَ أَبَا صَالح ذَكْوَانَ يُحَدِّثُ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: «إِنَّ أَقْرَبَ مَا يَكُونُ الْعَبْدُ منْ رَبِّه وَهُوَ سَاجدٌ فَأَكْثرُوا الدُّعَاءَ».

واته: باوکی صاڵحی زەکوان لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: مرۆڤ لە کاتی سەجدە بردنا لە هەموو کاتێک زیاتر لە خوای گەورە نزیکە؛ دەی لەناو سەجدەدا زۆر لەخوا بپاڕێنەوە.

١٠٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي هَارُونُ بْنُ مَعْرُوف، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنِ الْأَعْمَش، عَنْ أَبِي صَالح، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: " قَالَ الله عَزَّ وَجَلَّ: اتَّخَذْتُ لعبَادِيَ الصَّالحينَ مَا لَا عَيْنٌ رَأَتْ وَلَا أُذُنٌ سَمعَتْ وَلَا خَطَرَ عَلَى قَلْب بَشَر " قَالَ أَبو هُرَيْرَةَ: اقْرَءُوا إِنْ شئْتُمْ: ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِىَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ ﴾ السجدة: ١٧ .

واتە: باوکی صاڵح لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: خوای گەورە و میهرەبان دەفەرموێت: من شتی وەهام بۆ بەندە چاکەکانم ئامادە کردووە کە نە هیچ چاوێک دیویەت و نە هیچ گوێیەک بیستویەتی و نەهاتووە بە نێو دڵی هیچ مرۆڤێکدا.. ئەبوهورەیرە فەموی: گەر دەتانەوێ ئەوا ئەم ئایەتە بخوێننەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِىَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ ﴾ السجدة: ١٧.

١٠٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي شُرَيْحُ بْنُ يُونُسَ، حَدَّثَنَا مُسْلمُ بْنُ خَالد، عَن ابْن أَبِي نَجِيح، عَنْ عَبْد الله بْن عُبَيْد بْن عُمَيْر قَالَ: يُحْشَرُ النَّاسُ يَوْمَ الْقِيَامَة أَجْوَعَ مَا كَانُوا وَأَعْطَشَ مَا كَانُوا وَأَعْرَى مَا كَانُوا، فَمَنْ أَطْعَمَ لله عَزَّ وَجَلَّ أَطْعَمَهُ الله عَزَّ وَجَلَّ، وَمَنْ كَسَا لله عَزَّ وَجَلَّ كَسَاهُ الله عَزَّ وَجَلَّ، وَمَنْ سَقَى لله عَزَّ وَجَلَّ سَقَاهُ الله عَزَّ وَجَلَّ، وَمَنْ كَانَ في رضَا الله كَانَ الله عَزَّ وَجَلَّ عَلَى رضَاهُ أَقْدَرَ ".

يَتَأَخَّرُ - قَالَ: وَجَاءَ جبْرِيلُ، فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ قُلْ، قَالَ: " مَا أَقُولُ؟ " قَالَ: " قُلْ: أَعُوذُ بكَلمَات الله التَّامَّات الَّتي لَا يُجَاوِزُهُنَّ بَرٌّ، وَلَا فَاجرٌ منْ شَرِّ مَا خَلَقَ، وَذَرَأَ وَبَرَأَ، وَمنْ شَرِّ مَا يَنْزِلُ منَ السَّمَاء، وَمنْ شَرِّ مَا يَعْرُجُ فيهَا، وَمنْ شَرِّ مَا ذَرَأَ في الْأَرْض، وَمنْ شَرِّ مَا يَخْرُجُ منْهَا، وَمنْ شَرِّ فتَن اللَّيْل وَالنَّهَار، وَمنْ شَرِّ كُلِّ طَارِق إِلَّا طَارِقًا يَطْرُقُ بخَيْر، يَا رَحْمَنُ ". فَطَفِئَتْ نَارُ الشَّيَاطِين، وَهَزَمَهُمُ الله عَزَّ وَجَلَّ. رواه احمد في المسند برقم: ١٥٤٦١.

واتە: کوڕی باوکی نوجەیح لە عەبدوڵڵای کوڕی عوبەیدی کوڕی عومەیر دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە ڕۆژی قیامەتدا خەڵکی بە برسێتی و تینوێتیەکی وا حەشر دەکرێن کە هەتا ئەوکاتە ئەو بەو جۆرە برسیی بوون نە بەو جۆرە تینوو بوون؛ هەروەها بە ڕووت و قووتی حەشر دەرکێن؛ بە جۆرێک هەتا ئەو دەمە هێندە ڕووت و قووت نەبوون؛ جا هەر کەسێ لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە خواردن بە کەسێک بدات؛ ئەو کاتە خوای گەورە خواردنی پێ دەدات؛ هەر کەسێ لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە کەسێکی ڕووت پۆشتە بکاتەوە؛ ئەو کاتە خوای گەورە پۆشتەی دەکاتەوە؛ هەر کەسێ کەسێکی تینو تێراو بکات؛ ئەو دەمە خوای گەورە تێراوی دەکات؛ هەر کەسێ هەوڵ بۆ ڕەزامەندی خوای گەورە بدات؛ ئەوا خوای گەورە زۆر زیاتر لەو بەتوانایە بۆ ئەوەی ڕازیی بکات (واتە: خوای گەورە ئەو ڕازیی دەکات).

١٠٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَبْدُ الله بْنُ عُمَرَ بْن مُحَمَّد بْن أَبَانَ بْن صَالح بْن عُمَيْر، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، أَخْبَرَني الرَّبيعُ بْنُ أَنَس، عَنْ أَبي قَتَادَةَ، عَنْ أُبَيِّ بْن كَعْب، رَحمَهُ الله قَالَ: عَلَيْكُمْ بالسَّبيل وَالسُّنَّة فَإنَّهُ لَيْسَ منْ عَبْد عَلَى سَبيل وَسُنَّة، ذَكَرَ الرَّحْمَنَ عَزَّ وَجَلَّ فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ منْ خَشْيَة الله عَزَّ وَجَلَّ فَتَمَسَّهُ النَّارُ أَبَدًا. وَلَيْسَ منْ عَبْد عَلَى سَبيل وَسُنَّة ذَكَرَ الرَّحْمَنَ عَزَّ وَجَلَّ فَاقْشَعَرَّ جلْدُهُ منْ خَشْيَة الله إلَّا كَانَ مَثَله مَثَلَ الشَّجَرَة يَبسَ وَرَقُهَا فَهيَ كَذَلكَ. إذَا أَصَابَهَا الرِّيحُ فَتَحَاتَّ عَنْهَا وَرَقُهَا فَتَحَاتَّ خَطَايَاهُ عنْدَ ذَلكَ كَمَا يَتَحَاتُّ عَنْهَا وَرَقُهَا، وَإنَّ اقْتصَادًا في سَبيل وَسُنَّة خَيْرٌ من اجْتهَاد في خلَاف سَبيل وَسُنَّة، فَانْظُرُوا أَعْمَالَكُمْ فَإنْ كَانَ اجْتهَادٌ وَاقْتصَادٌ فَلْيَكُنْ عَلَى منْهَاج الْأَنْبيَاء عَلَيْهمُ السَّلَامُ وَسُنَّتهمْ، ".

واتە: باوکی قەتادە لە ئوبەیی کوڕی کەعبەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕێگا و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بگرنە بەر؛ هەر کەسێک بە گوێرەی ڕێگا و سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) یادی خوای گەورە بکات و لە ترسی خوا چاوەکانی پڕ ببێ لە فرمێسك؛ ئەوە ئاگری دۆزەخی بەرناکەوێ.. هەر کەسێ بە گوێرەی ڕێگا و سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) یادی خوای گەورە بکات و لە ترسی خوای گەورە پێستی گرژ ببێ؛ ئەوە بێگومان ئەو کەسە وەکوو دارێک وایە کە گەڵاکانی ووشك بوبێت و وایشە؛ کاتێک بای بەر بکەوێ گەڵاکانی دەکەونە خوارەوە؛ ئەویش ئاوا تاوانەکانی هەڵدەوەرن و دەکەونە خوارەوە؛ جا میانەڕەوییەک کە بە گوێرەی ڕێگا و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بێت؛ لە تێکۆشانێک باشترە کە پێچەوانەی ڕێگا و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بێت؛ دەی سەیری کار و کردەوەی خۆتان بکەن؛ ئەگەر تێکۆشان و میانەڕەوی بوو ئەوا با بە گوێرەو لەسەر ڕێگا و سوننەتی پێغەمبەران (سڵاوی خوایان لەسەر) بێت.

١٠٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، أَنْبَأَنَا أَبُو جَعْفَرٍ الْخَطْمِيُّ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ كَعْبٍ الْقُرَظِيِّ قَالَ: دُعِيَ عَبْدُ الله بْنُ يَزِيدَ الْخَطْمِيُّ إِلَى طَعَامٍ فَلَمَّا جَاءَ رَأَى الْبَيْتَ مُنَجَّدًا فَقَعَدَ خَارِجًا وَبَكَى قَالُوا: مَا يُبْكِيكَ؟ قَالَ: كَانَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا شَيَّعَ جَيْشًا فَبَلَغَ عَقَبَةَ الْوَدَاعِ قَالَ: «أَسْتَوْدِعُ الله دِينَكُمْ وَأَمَانَتَكُمْ وَخَوَاتِيمَ أَعْمَالِكُمْ» ، فَرَأَى رَجُلًا ذَاتَ يَوْمٍ قَدْ رَقَّعَ بُرْدَةً له بِقِطْعَةِ فَرْوٍ قَالَ: فَاسْتَقْبَلَ مَطْلِعَ الشَّمْسِ وَقَالَ بِيَدِهِ وَصَفَ حَمَّادٌ بِبَطْنِ الْكَفَّيْنِ وَمَدَّ بِيَدِهِ «تَطَالَعَتْ عَلَيْكُمُ الدُّنْيَا تَطَالَعَتْ عَلَيْكُمُ الدُّنْيَا» ، أَيْ: أَقْبَلَتْ حَتَّى ظَنَنَّا أَنْ تَقَعَ عَلَيْنَا ثُمَّ قَالَ: «أَنْتُمُ الْيَوْمَ خَيْرٌ أَمَّا إِذَا غَدَتْ عَلَيْكُمْ قَصْعَةٌ وَرَاحَتْ أُخْرَى وَيَغْدُو أَحَدُكُمْ فِي حُلَّةٍ وَيَرُوحُ فِي أُخْرَى وَتُسْتَرُ بُيُوتُكُمْ كَمَا تُسْتَرُ الْكَعْبَةُ» ، قَالَ عَبْدُ الله: أَفَلَا أَبْكِي وَقَدْ بَقِيتُ حَتَّى رَأَيْتُكُمْ تَسْتُرُونَ بُيُوتَكُمْ كَمَا تُسْتَرُ الْكَعْبَةُ؟ ".

واتە: بـاوکی جەعـفەری خەتمـی لە مـوحەممەدی کـوڕی کەعبـی قەرەزیـیەوە گێـڕایەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی یەزیدی خەتمی بانگکرا بۆ خواردنێک؛ کاتێ ڕۆیشت دەبینێ ماڵەکە هەمووی بە پەردەو فەرشی جوان جوان ڕازێنراوەتەوە؛ عەبدوڵڵا لە دەرەوەی ماڵەکە دانیشت و دەستیکرد بە گریان؛ گوتیان: ئەوە بۆچی دەگریت؟ فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) عادەتی وا بوو کاتێ کە سوپایەکی ڕەوانە دەکرد هەتا عەقەبەتولوەداع لەگەڵیانا دەڕۆیشت؛ جا لەوێ دەیفەرموو: خۆتان و بیرو باوەڕەکەتان و دوایین کار و کردەوەکانتان بە خوای گەورە دەسپێرم. جارێک پیاوێکی بینی چەرچەفێکی خۆی بە پارچە پێستێک پینە کردبوو؛ ڕوی لە خۆرهەڵات کرد و فەرمووی: . حەمماد بە ناولەپی دەستەکانی ئاماژەی کرد و هەردو دەستەکانی ڕاکێشا. دونیا ڕوی تێکردن؛ دونیا ڕوی تێکردن! دوایی فەرمووی: ئێوە ئەمڕۆ باشترن تا ئەو ڕۆژەی دانی سبەینێ خواردنێک بخۆن و ئێوارە جۆرێکیتر بخۆن و بەیانی شتێک لەبەر بکەن و ئێـوارە شـتێکیترو ماڵەکانیشـتان پەردەپـۆش بـکەن وەک چـۆن کەعـبە پەردەپـۆش کـراوە. عەبـدوڵڵا فەرمـووی: ئەی ئیـتر چۆن نەگـریم مـن مـاووم تـا بە چـاوی خـۆم ماڵەکانتـان دەبیـنم پەردەپۆش کراوە وەک چۆن کەعبە پەردەپۆش کراوە؟!

١٠٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي حَوْثَرَةُ بْنُ أَشْرَسَ بْنِ عَوْنِ بْنِ مُجَشِّرِ بْنِ حُجَيْرِ بْنِ الرَّبِيعِ الْعَدَوِيِّ، أَخْبَرَنِي عُقْبَةُ بْنُ عَبْدِ الله الْأَصَمُّ الرِّفَاعِيُّ، عَنْ أَبِي تَمِيمَةَ الهُجَيْمِيِّ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا مُوسَى الْأَشْعَرِيَّ، عَلَى مِنْبَرِ الْبَصْرَةِ يَقُولُ: مَنْ صَامَ الدَّهْرَ ضَيَّقَ الله عَلَيْهِمْ جَهَنَّمَ هَكَذَا **وَعَقَدَ** لَنَا عُقْبَةُ بِيَدِهِ تِسْعِينَ ".

واتە: عوقبەی کوڕی عەبدوڵڵای ئەصەم لە باوکی تەمیمەی هوجەیمییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە باوکی مووسای ئەشعەری بوو لە بەصرە لەسەر مینبەر دەیفەرموو: هەر کەسێ ساڵێ دوانزەی مانگ بەڕۆژوو بێت خوای گەورە ئاوا دۆزەخی لەسەر تەنگ دەکات (واتە: ئەو کەسە لە دۆزەخا جێگەی نابێتەوە و ناچێتە دۆزەخەوە) جا عوقبە بە دەستی خۆی وەکوو ئاماژەکردنی ژمارە نەوەد لێ کرد (لە ناو عەرەبا باو بووە بە دەست ئاماژەیان بۆ چەند ژمارەیەک کردووە، ئاماژەی ژمارە نەوەد بەمجۆرە بووە: بەخوار کردنەوەی سەری پەنجەی شادە تا لەناولەپ دەدات لەگەڵ پێوەنووساندنی پەنجەی گەورە پێوەی).

١٠٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا هُدْبَةُ بْنُ خَالِدٍ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ ثَابِتٍ، عَنْ أَنَسٍ أَنَّ أَبَا مُوسَى، كَانَ لَهُ تُبَّانٌ يَنَامُ فِيهِ مَخَافَةَ أَنْ يَتَكَشَّفَ".

واتە: ثابت لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە کە باوکی مووسا شەرواڵێکی هەبوو شەوانە لە کاتی خەوتن لەپێی دەکرد لە ترسی ئەوەی نەکا عەورەتی دەربکەوێ (واتە: جگە لە ئەو پۆشاکەی کە لەبەریا بووە شەرواڵەکەیشی لەپێ دەکرد بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی کە هیچ کوێی دەرناکەوێت).

١٠٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو عَامِرٍ عَبْدُ الْمَلِكِ بْنُ عَمْرٍو، وَأَبُو سَعِيدٍ الْمَعْنَى وَاحِدٌ قَالَا: حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ جَعْفَرٍ، عَنْ أُمِّ بَكْرٍ، أَنَّ عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ عَوْفٍ، رَحِمَهُ اللهُ بَاعَ أَرْضًا مِنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ بِأَرْبَعِينَ أَلْفَ دِينَارٍ فَقَسَمَ فِي فُقَرَاءِ بَنِي زُهْرَةَ وَفِي ذِي الْحَاجَةِ مِنَ النَّاسِ وَفِي أُمَّهَاتِ الْمُؤْمِنِينَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُنَّ، قَالَ الْمِسْوَرُ: فَدَخَلْتُ عَلَى عَائِشَةَ رَحِمَهَا اللهُ بِنَصِيبِهَا مِنْ ذَلِكَ، فَقَالَتْ: مَنْ أَرْسَلَكَ بِهَذَا؟ قُلْتُ: عَبْدُ الرَّحْمَنِ، فَقَالَتْ: إِنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «إِنَّهُ لَا يَحْنُو عَلَيْكُنَّ بَعْدِي إِلَّا الصَّابِرُونَ سَقَى اللهُ ابْنَ عَوْفٍ مِنْ سَلْسَبِيلِ الْجَنَّةِ».

واتە: دایکی بەکر دەگێڕێتەوە کە عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف (خوای لێ ڕازی بێت) پارچە زەوییەکی فرۆشت بە عوسمانی کوڕی عەففان بە چل هەزار دینار؛ هەر چل هەزارەکەی دابەشکرد بەسەر هەژارانی بنەماڵەی زوهرە و خەرجی کرد بۆ پێویستی خەڵکی و بەشی هاوسەرانی پێغەمبەری (ﷺ) لێدا؛ میسوەر دەفەرموێت: من ڕۆیشتم بەشەکەی دایە عائیشەم (خوای لێ ڕازی بێت) بۆ برد؛ فەرمووی: ئەوە کێ ناردویەتی؟ گوتم: عەبدولڕەحمان! فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: دوای من هیچ کەسێک لەگەڵ ئێوەدا بەسۆزو نەرم و نیان

نابێ مەگەر ئەو کەسانەی کە خۆڕاگر و بەسەبرن. خوای گەورە لە تاوەڕاستی بەهەشت و لە جۆگەی سەلسەبیل عەبدولڕەحمان تێراو بکات.

١٠٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو سَعِيد، مَوْلَى بَنِي هَاشِم، حَدَّثَنَا إِسْحَاقُ بْنُ عُثْمَانَ أَبو يَعْقُوبَ، حَدَّثَنَا أَبو أَيُّوبَ قَالَ: كَانَ رَجُلٌ يَقُصُّ فِي هَذَا الْمَسْجِد يُقَالُ له الْأَسْوَدُ بْنَ سَرِيع فَسَمِعَ أَبو مُوسَى أَصْوَاتَهُمْ فَقَامَ لِيَأْتِيَهُمْ فَانْقَطَعَ شِسْعُهُ فَاسْتَرْجَعَ فَقَالَ: مَا انْقَطَعَ شِسْعِي إِلَّا بِذَنْب، فَأَعْطَاهُ رَجُلٌ شِسْعًا فَقَالَ: حَمَلَكَ الله وَوَصَلَكَ كَمَا حَمَلْتَ أَخَاكَ فَأَتَاهُمْ فَقَالَ: ابْكُوا فَإِنَّ أَهْلَ النَّارِ يَبْكُونَ وَلَا يُرْحَمُ بُكَاؤُهُمْ، فَابْكُوا الْيَوْمَ فَإِنَّ بُكَاءَكُمُ الْيَوْمَ يُرْحَمُ ".

واتە: ئیسحاقی کوڕی عوسمان دەفەرموێت: باوکی ئەییوب گێڕایەوە و فەرمووی: ئەوە پیاوێک هەبوو پێیان دەگوت: ئەسوەدی کوڕی سەریع؛ لەم مزگەوتەدا چیرۆکی دەگێڕایەوە؛ باوکی مووسا گوێی لە دەنگیان بوو؛ هەستا بۆ ئەوەی بڕوا بۆ لایان؛ قەیتانی نەعلەکەی پچڕاو گوتی: انا لله وانا الیه راجعون؛ دوایی گوتی: ئەوە قەیتانی نەعلەکەم بەهۆی تاوانێکی منەوە پچڕاوە! پیاوێک قەیتانێکی پێدا باوکی مووسا گوتی: خوای گەورە کارەکانت ڕایی بکات و بتگەیەنێ بە مەرامی خۆت وەک چۆن کاری منت ڕایی کرد. دوایی باوکی مووسا ڕۆیشت بۆ لای ئەو کۆمەڵەو فەرمووی: بگرین! دۆزەخییەکان دەگرین و کەسیش نییە بەزەییی بێتەوە پیایانا؛ ئەمڕۆ هەتا دەتوانن بگرین چونکە گەریانتان بەر بەزەیی دەکەوێ.

١٠٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ ثَابِت الْبُنَانِيِّ، عَنْ أَنَس بْنِ مَالِك قَالَ: كُنَّا مَعَ أَبِي مُوسَى رَحِمَهُ الله فِي مَسِير له فَسَمِعَ النَّاسَ يَتَحَدَّثُونَ فَسَمِعَ فَصَاحَةً فَقَالَ لِي: يَا أَنَسُ هَلُمَّ فَلْنَذْكُرْ رَبَّنَا عَزَّ وَجَلَّ فَإِنَّ هَؤُلَاءِ يَكَادُ أَحَدُهُمْ أَنْ يَفْرِيَ الْأَدِيمَ بِلِسَانِه قَالَ: يَا أَنَسُ مَا بَطَّأَ بِالنَّاسِ عَنِ الْآخِرَةِ وَمَا ثَبَّرَهُمْ عَنْهَا؟ قَالَ: قُلْتُ: الشَّهَوَاتُ وَالشَّيْطَانُ قَالَ: لَا وَالله وَلَكِنْ عُجِّلَتْ لَهمُ الدُّنْيَا وَأُخِّرَتِ الْآخِرَةُ وَلَوْ عَايَنُوا مَا عَدَلُوا وَلَا مَيَّلُوا.

واتە: ثابتی بوونانی لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئێمە لە سەفەرێکا لەگەڵ باوکی مووسادا بوین (خوای لێ ڕازی بێت) باوکی مووسا گوێی لە خەڵکی بوو قسەیان دەکرد؛ گوێی لە قسەی پڕ لە ڕەوانبێژی و قوت قوت بوو؛ بە منی گوت: ئەنەس! وەرە با یاد و زیکری خوای گەورە بکەین؛ ئەوانە وەختە بە زمانی خۆیان چەرم ببڕن (واتە: قسەکانیان هێندە پڕ لە ڕەوانبێژی و فەساحەتە مرۆڤ بەرگەی ناگرێ) فەرمووی: ئەنەس! ئەوە

بۆچی خەڵکی سەبارەت بە کاروباری قیامەت سستی دەنوێنن و دوایش بەرگەی ناگرن؟ ئەنەس دەفەرموێت: منیش گوتم: ئەوە کاری شەهوەت و شەیتانە! فەرمووی: نەبەخوا ئەوە لەبەر ئەوەیە کە دونیایان بۆ پێشخراوە و قیامەتیان بۆ دواخراوە؛ ئەگەر بە چاوی خۆیان قیامەتیان ببینیایە لە ڕێگەی ڕاست کل نەدەبوون و لایان نەدەدا.

١١٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ حَمَّادِ بْنِ سَلَمَةَ، عَنْ قَتَادَةَ، عَنْ أَبِي مِجْلَزٍ قَالَ: قَالَ أَبُو مُوسَى رَحِمَهُ اللهُ: إِنِّي لَأَغْتَسِلُ فِي الْبَيْتِ الْمُظْلِمِ فَمَا أُقِيمُ صُلْبِي آخِذًا ثَوْبِي حَيَاءً مِنْ رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ.

واتە: قەتادە لە باوکی میجلەزەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: باوکی مووسا (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: من لە ژووری تاریکا خۆم دەشۆم؛ لە ڕووم نایەت پشتم ڕاست بکەمەوە؛ شەرم لە خوای گەورە دەکەم؛ لە شەرما پۆشاکێک دەدەم بەسەر عەورەتما.

١١٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا أَبُو هِلَالٍ، حَدَّثَنَا حُمَيْدُ بْنُ هِلَالٍ، عَنْ أَبِي غَالِبٍ، يُونُسَ بْنِ جُبَيْرٍ، عَنْ أَنَسٍ قَالَ: قَالَ لِي أَبُو مُوسَى: جَهِّزْنِي يَا أَنَسُ، وَقَالَ لِلنَّاسِ: إِنِّي خَارِجٌ إِلَى ثَلَاثٍ فَلَمَّا جَاءَ الْوَقْتُ قَالَ: يَا أَنَسُ فَرَغْتَ؟ قَالَ: قُلْتُ: بَقِيَ كَذَا وَكَذَا قَالَ: إِنِّي خَارِجٌ فَقُلْتُ: لَوْ أَقَمْتَ حَتَّى يَفْرُغَ مِنْهُ قَالَ: إِنِّي أَكْرَهُ أَنْ أَكْذِبَ أَهْلِي فَيَكْذِبُونِي وَأَخُونَهُمْ فَيَخُونُونِي ".

واتە: ئەنەس دەفەرموێت: باوکی مووسا پێی گوتم: ئەنەس کەلوپەلم بۆ بپێچەوە! دوایی بە خەڵکی گوت: من بۆ سێ شت دەچم؛ جا کاتێ کاتی ڕۆیشتن هات گوتی: ئەنەس لێبویتەوە؟ گوتم: ئەوە و ئەوە ماوە ڕێکیان بکەم! فەرمووی: من دەچم.. گوتم: پەلە مەکە تا لێ دەبمەوە! فەرمووی: پێمناخۆشە درۆ لەگەڵ ماڵ و مناڵا بکەم دوایی ئەوانیش درۆم لەگەڵا بکەن، خیانەتیان لێ بکەم و ئەوانیش خیانەتم لەگەڵدا بکەن.

١١٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَهْبُ بْنُ جَرِيرٍ، حَدَّثَنَا أَبِي قَالَ: سَمِعْتُ مَنْصُورَ بْنَ زَاذَانَ، يُحَدِّثُ عَنْ سَعِيدِ بْنِ أَبِي بُرْدَةَ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ أَبِي مُوسَى، أَنَّهُ قَالَ: إِنَّ هَذَا الدِّرْهَمَ وَالدِّينَارَ أَهْلَكَا مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ وَإِنِّي مَا أَرَاهُمَا إِلَّا مُهْلِكَيْكُمْ ".

واتە: سەعیدی کوڕی باوکی بوردە لە باوکییەوە ئەویش لە باوکی مووساوە دەگێڕێتەوە

فەرموویەتی: ئەم دینارو دیرهەمە ئەوانەی پێش ئێوەی لەناو بردووە؛ من وای بۆ دەچم ئێوەیش لەناو دەبات.

١١٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَهَّاب، حَدَّثَنَا عَوْفٌ، عَنْ قَسَامَةَ بْنِ زُهَيْرٍ قَالَ: خَطَبَنَا أَبو مُوسَى بِالْبَصْرَةِ فَقَالَ: يَا أَيُّهَا النَّاسُ ابْكُوا فَإِنْ لَمْ تَبْكُوا فَتَبَاكَوْا فَإِنَّ أَهْلَ النَّارِ يَبْكُونَ الدُّمُوعَ حَتَّى تَنْقَطِعَ ثُمَّ يَبْكُونَ الدِّمَاءَ حَتَّى لَوْ أُرْسِلَتْ فِيهَا السُّفُنُ لَجَرَتْ ".

واتە: قەسامەی کوڕی زوهەیر دەفەرموێت: باوکی مووسا لە بەصرە وتاری دەدا فەرمووی: خەڵکینە! بگرین؛ ئەگەر گریانتان نایەت خۆتان بگرێنن؛ دۆزەخییەکان ئەوەندە دەگرین تا فرمێسکیان لێ دەبڕێ؛ دوایی جیاتی فرمێسك خوێن لە چوایان دێت؛ ئەوەندە دەگرین ئەگەر کەشتی بخرێتە ناو فرمێسك و خوێنی چاویانەوە؛ کەشتیەکە دەڕوات.

١١٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ، عَنْ سَعِيد الْجُرَيْرِيِّ، عَنْ غُنَيْمِ بْنِ قَيْسٍ قَالَ: قَالَ أَبو مُوسَى: مَثَلُ هَذَا الْقَلبِ مَثَلُ رِيشَةٍ بِفَلَاةٍ تُقَلِّبُهَا الرِّيَاحُ ظَهْرَهَا لِبَطْنِهَا ".

واتە: غونەیمی کوڕی قەیس دەفەرموێت: باوکی مووسا فەرمووی: ئەم دڵە وەکوو پەڕێک وایە لە دەشتێکا ڕەشەبا ئەمدیودیوی بکات.

١١٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْمَلك بْنُ عُمَيْرٍ، حَدَّثَنَا عَبَّادٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قِيلَ لِسَمُرَةَ: إِنَّ ابْنَكَ لَمْ يَنَمِ اللَّيْلَةَ قَالَ: أَبَشَمًا؟ قِيلَ: بَشَمًا قَالَ: لَوْ مَاتَ لَمْ أُصَلِّ عَلَيْه ".

واتە: لە حەسەنەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: بە سەمورە گوترا: ئەمشەو کوڕەکەت خەوی لێ نەکەوتووە! فەرمووی: گەدەی ناڕەحەت بووە لەبەر زۆر خۆری؟ گوترا: بەڵێ! گەدەی ناڕەحەت بووە.. فەرمووی: ئەگەر بمردایە نوێژم لەسەر نەدەکرد.

١١٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا أَبو عَقِيل، حَدَّثَنَا يَزِيدُ يَعْنِي ابْنَ عَبْد الله بْنِ الشِّخِّير أَنَّ رَجُلًا أَتَى تَمِيمًا الدَّارِيَّ فَقَالَ: كَيْفَ صَلَاتُكَ بِاللَّيْل؟ فَغَضِبَ غَضَبًا شَدِيدًا، فَقَالَ: وَالله لَرَكْعَةٌ أُصَلِّيهَا فِي جَوْفِ اللَّيْلِ فِي السِّرِّ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أُصَلِّيَ اللَّيْلَ كُله ثُمَّ أَقُصَّهُ عَلَى النَّاس، فَغَضِبَ السَّائِلُ عِنْدَ ذَلِكَ فَقَالَ: يَا أَصْحَابَ رَسُول الله الله أَعْلَمُ بِكُمْ إِنْ سَأَلْنَاكُمْ عَنَّفْتُمُونَا، وَإِنْ نَسْأَلْكُمْ جَفَوْتُمُونَا؟ فَأَقْبَلَ تَمِيمٌ عِنْدَ ذَلِكَ عَلَى الرَّجُلِ فَقَالَ: أَرَأَيْتَ إِنْ

كُنْتَ مُؤْمِنًا قَوِيًّا وَأَنَا مُؤْمِنٌ ضَعِيفٌ أَكُنْتَ سَاطِيًا عَلَيَّ بِقُوَّتِكَ فَتَقْطَعَنِي؟ أَرَأَيْتَ إِنْ كُنْتَ مُؤْمِنًا ضَعِيفًا وَأَنَا مُؤْمِنٌ قَوِيٌّ كُنْتُ سَاطِيًا عَلَيْكَ بِقُوَّتِي فَأَقْطَعَكَ؟ وَلَكِنْ خُذْ مِنْ نَفْسِكَ لِدِينِكَ وَمِنْ دِينِكَ لِنَفْسِكَ حَتَّى تَسْتَقِيمَ لَكَ عَلَى عِبَادَةٍ تَرْضَاهَا ".

واتە: یەزیدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی شیخخیر دەگێڕێتەوە کە پیاوێک هاتە خزمەت تەمیمی داری و گوتی: تۆ شەونێوژت چۆنە؟ ئەویش زۆر بە توندی تووڕە بوو؛ فەرمووی: بەخوا بە شەوا یەک ڕکات نوێژ بکەم و کەس پێی نەزانێ؛ ئەوەم بەلاوە خۆشەویسترە لەوەی کە تەواوی شەوەکە شەونوێژ بکەم و دوایی لای خەڵکدا باسی بکەم! کابرای پرسیارکەر تووڕە بوو گوتی: ئەی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! بەس خوا دەزانێ ئێوە چۆنن؛ ئەگەر پرسیارتان لێ بکەین تووڕە دەبن؛ ئەگەر پرسیارتان لێ نەکەین گوێمان نادەنێ! تا لەو کاتەدا تەمیم ڕوی لە پیاوەکە کرد و فەرمووی: باشە ئەگەر تۆ باوەڕدارێکی بەهێز من باوەڕدارێکی لاواز بم؛ تۆ دڵی بە هێزو دەسەلاتی خۆتەوە هێرش بکەیتە سەر من و لێم بدەی؟ یان پێت وایە ئەگەر تۆ باوەڕدارێکی لاواز بیت و من باوەردارێکی بەهێز بم هێرشت بکەمە سەرو لێت بدەم؟-تۆ لە نەفسی خۆت دابپچڕە بۆ دینی خۆت؛ لە دینی خۆتیش بۆ نەفسی خۆت؛ تا ئەوکاتەی کە ڕێک دەبیتەوە و بۆ خواپەرستیەک کە پێی ڕازی دەبیت.

١١٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ الدوورقِيُّ، حَدَّثَنِي عَنْبَسَةُ بْنُ سَعِيدٍ الْقُرَشِيُّ، أَخُو يَحْيَى بْنِ سَعِيدٍ، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَكِ قَالَ: مَا بَلَغَنِي عَنْ أَحَدٍ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنَ الْعِبَادَةِ مَا بَلَغَنِي عَنْ تَمِيمٍ الدَّارِيِّ، قَرَأَ الْقُرْآنَ قَائِمًا وَقَرَأَ الْقُرْآنَ رَاكِعًا وَقَرَأَ الْقُرْآنَ سَاجِدًا وَحَجَّ خَبَبًا ".

واتە: عەنبەسەی برای یەحیای کوڕی سەعید دەفەرموێت: کوڕی موبارەك بۆی گێرامەوە فەرمووی: ئەوەندەی باسی خواپەرستیی تەمیمی داریم بیستووە؛ هێندە باسی خواپەرستی هیچ هاوەڵێکی پێغەمبەرم (ﷺ) نەبیستووە؛ ئەو بەپێوە و لەناو نوێژا قورئانی دەخوێندەوە؛ لە کڕنوشا قورئانی دەخوێندەوە؛ لە سەجدەدا دەیخوێندەوە و بە غاردانیش حەجی کرد.

١١٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ الْجَرَوِيُّ قَالَ: كَتَبَ إِلَيْنَا ضَمْرَةُ عَنْ رَجَاءِ بْنِ أَبِي سَلَمَةَ، عَنِ ابْنِ عَوْنٍ، عَنِ ابْنِ سِيرِينَ قَالَ: اشْتَرَى تَمِيمٌ الدَّارِيُّ حُلَّةً بِأَلْفٍ كَانَ يُصَلِّي فِيهَا ".

واتە: ڕەجای کوڕی باوکی سەلەمە لە کوڕی عەونەوە ئەویش لە کوڕی سیرینەوە

دەگێڕێتــەوە فەرمــوویەتی: تەمیمــی داری قوماشـێکی کــڕی بە هەزار (دیـرهەم) نــوێژی تێـدا دەکرد. (واتە: بۆ نوێژکردنی کڕیبوو نەك بۆ لەبەر کردن).

١١٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِمِ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ رَاشِدٍ، عَنْ جَعْفَرِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ: كُنَّا فِتْيَةً مِنْ أَبْنَاءِ أَصْحَابِ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قُلْنَا: إِنَّ آبَاءَنَا قَدْ سَبَقُونَا بِالْهِجْرَةِ وَصُحْبَةِ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَهَلُمُّوا نَجْتَهِدْ فِي الْعِبَادَةِ لَعَلَّنَا نُدْرِكُ فَضَائِلَهُمْ مِنْهُمْ أَوْ كَمَا قَالَ، قَالَ عَبْدُ الله بْنُ الزُّبَيْرِ، وَمُحَمَّدُ بْنُ أَبِي حُذَيْفَةَ، وَمُحَمَّدُ بْنُ أَبِي بَكْرٍ، وَمُحَمَّدُ بْنُ طَلْحَةَ، وَمُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ الْأَسْوَدِ بْنِ عَبْدِ يَغُوثَ قَالَ: فَاجْتَهَدْنَا فِي الْعِبَادَةِ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَأَدْرَكْنَا تَمِيمًا الدَّارِيَّ شَيْخًا فَمَا قُمْنَا لَه وَلَا قَعَدْنَا فِي طُولِ الصَّلَاةِ ".

واتە: موحەممەدی کوڕی ڕاشید لە جەعفەری کوڕی عەمرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئێمە کۆمەڵێک بوین هەمومان کوڕی هاوەلانی پێغەمبەر (ﷺ) بوین؛ گوتمان: باوك و باپیرانمان بە کۆچ کردن پێش ئێمە کەوتن؛ هەروەها بە اوڕێیەتی پێغەمبەر (ﷺ) پێش ئێمە کەوتن؛ وەرن بـا دەسـت بە خواپەرسـتیەک بکەیـن بەڵکـوو بگەیـنەوە بە ئەوان.. ئـێمە ئەمـانە بـوین: عەبـدوڵڵای کـوڕی زوبەیـر؛ مـوحەممەدی کـوڕی بـاوکی حـوزەیفە؛ مـوحەممەدی کـوڕی ئەبوبەکر؛ موحەممەدی کوڕی تەڵحە؛ موحەممەدی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوری ئەسوەدی کوڕی عەبدیەغوث.. دەفەرموێت: بەشەوو بە ڕۆژ هەولی خواپەرستیمان دەدا؛ کەچی تەمیمی داریمــان بینــی بەو پیریــیەی خــۆی ئەوەنــدە لەنــاو نــوێژا دەمــایەوە ئــێمە نە بە پێــوە و نە بەدانیشتنەوە نەماندەتوانی هێندەی ئەو بمێنینەوە.

١١١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَمْرٍو، عَنْ يَحْيَى بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ حَاطِبٍ قَالَ: قَالَ أَبُو وَاقِدٍ اللَّيْثِيُّ: تَابَعْنَا الْأَعْمَالَ فَلَمْ نَجِدْ شَيْئًا أَبْلَغَ فِي طَلَبِ الْآخِرَةِ مِنْ زَهَادَةٍ فِي الدُّنْيَا ".

واتە: مــوحەممەدی کــوڕی عەمــر لە یەحیــای کــوڕی عەبــدولڕەحمانەوە دەگێــڕێتەوە فەرموویەتی: باوکی واقیدی لەیثی فەرمووی: شوێن هەموو کار و کردەوەیەک کەوتین؛ هیچ کارێکمان نەدی هێندەی دوور کەوتنەوە لە دونیا و دونیا نەویستی مرۆڤ بە قیامەت ویستی بگەیەنێت.

١١١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنِ ابْنِ أَبِي خَالِد، عَنْ قَيْسِ بْنِ أَبِي حَازِم، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ رَوَاحَةَ، أَنَّهُ بَكَى فَبَكَتِ امْرَأَتُهُ فَقَالَ: مَا يُبْكِيكِ؟ قَالَتْ: رَأَيْتُكَ بَكَيْتَ فَبَكَيْتُ لِبُكَائِكَ قَالَ: إِنِّي أُنْبِئْتُ أَنِّي وَارِدٌ، وَلَمْ أُنَبَّأْ أَنِّي صَادِرٌ ".

واتە: قەیسی کوڕی حازم لە عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحەوە دەگێڕێتەوە کە عەبدوڵڵ هێندە گریا ژنەکەیشی دەستی بە گریان کرد؛ عەبدوڵلا بە ژنەکەی گوت: ئەوە بۆچی دەگریت؟ ژنەکەی لەوەڵاما گوتی: تۆم بینی دەگریای منیش گریام! عەبدوڵلا گوتی: ئاخر من ئەوەم پێ گەیشتووە کە دەچمە ناو دۆزەخەوە؛ بەڵام ئەوەم پێ نەگەیشتووە کە لە دۆزەخ دەربچم! (مەبەستی عەبدوڵلا ئەم ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا ﴿٧١﴾ ﴾ مريم: ٧١. واتە: ئێوە ئەی خەڵکینە کەستان نییە نەچنە ناو دۆزەخەوە، ئەم پێشهاتە بڕیاردراوە هەر جێبەجێ دەکرێت. خوای گەورە بڕیاری ئەوەی داوە کە هەمووان بچنە ناو دۆزەخەوە؛ بەڵام بڕیاری نەداوە هەمووان لێی دەربچن).

١١١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ أَبِي عَبْدِ اللهِ، عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: قَالَ سَالِمٌ مَوْلَى أَبِي حُذَيْفَةَ: وَدِدْتُ أَنِّي بِمَنْزِلَةِ أَصْحَابِ الْأَعْرَافِ ".

واتە: قەتادە لە سالمی کۆیلەی باوکی حوزەیفەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێمخۆشبوو کە یەکێک بومایە لە أصحاب الاعراف. (مەبەستی ئەم ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ وَعَلَى الْأَعْرَافِ رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلًّا بِسِيمَاهُمْ وَنَادَوْا أَصْحَابَ الْجَنَّةِ أَن سَلَامٌ عَلَيْكُمْ لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ ﴿٤٦﴾ ﴾ الأعراف: ٤٦. واتە: لەنێوان بەهەشتی و دۆزەخیەکاندا دیوارو پەردەیەک هەیە، بەسەر شوێنە بەرزەکانیشەوە کەسانێکی مەرد هەن هەردوولا بەچاکی دەناسن بە هۆی ناونیشانەکانیانەوە (کاتێک ڕوو دەکەنە بەهەشت) بانگ دەکەن لە نیشتەجێکانی و دەڵێن: سڵاوتان لێ بێت (خۆشی لە خۆتان)، ئەوانە هێشتا نەچوونەتە ناوی بەڵام بەهیوان و ئومێدیان هەیە. جا ئەوانە لە دۆزەخدا نین و هێشتاش نەچونەتە ناو بەهەشتەوە؛ سالم پێی خۆشبووە یەکێک بێت لەوانە؛ چونکە هەرچۆنێک بێت لە دۆزەخ ڕزگاریان بووە).

١١١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا يَزِيدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، وَهُوَ التُّسْتَرِيُّ عَنْ عَمْرِو بْنِ دِينَارٍ قَالَ: رَأَيْتُ ابْنَ الزُّبَيْرِ رَحِمَهُ اللهُ يُصَلِّي فِي الْحِجْرِ خَافِضًا بَصَرَهُ فَجَاءَهُ حَجَرٌ قُدَّامَهُ فَذَهَبَ بِبَعْضِ ثَوْبِهِ فَمَا انْفَتَلَ ".

واتە: یەزیدی کوڕی ئیبراهیمی توستەری لە عەمری کوڕی دینارەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵلای کوڕی زوبەیرم بینی (خوای لێ ڕازی بێ) لە (کەعبەدا لە لای)

حیجردا نوێژی دەکرد؛ چاوەکانی داخستبوو؛ بەردێک هات و لە لایا دای بە زەویدا (مەبەستی بەردی مەنجەنیقە؛ ئەو کاتە کە لە سەردەمی عەبدوڵلای کوڕی زوبەیرا کەعبە بە مەنجەنیق بەرد باران کراو سوتێنرا) بەر هەندێک لە پۆشاکەکانی کەوت؛ عەبدوڵلای لای نەکردەوە.

١١١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا النَّضْرُ بْنُ شُمَيْل، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ الْأَعْمَش، عَنْ يَحْيَى بْن وَثَّاب، أَنَّ ابْنَ الزُّبَيْر، كَانَ يَسْجُدُ حَتَّى تَنْزِلَ الْعَصَافِيرُ عَلَى ظَهْرِهِ لَا تَحْسَبُهُ إِلَّا جِذْمَ حَائِط ".

واتە: نەزری کوڕی شومەیل لە سولەیمانی ئەعمەشەوە دەگێڕێتەوە؛ ئەویش لە یەحیای کوڕی وەثثابەوە کە عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر سەجدەی دەبرد ئەوەندە لە سەجدەدا دەمایەوە چۆلەکەو باڵندە دادەبەزینە سەر پشتی؛ مرۆڤ وایدەزانی عەبدوڵلا بناغەی دیوارە (واتە: لە سەجدە ئەوەندە دەمایەوە و جموجوڵیشی نەبوو؛ مرۆڤ لێی دەبوو بە بناغەی دیوار).

١١١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، حَدَّثَنَا مَالِكٌ، عَنْ عَامِر بْن عَبْد الله بْن الزُّبَيْر، أَنَّ ابْنَ الزُّبَيْرِ، رَضِيَ الله عَنْهُ كَانَ إِذَا سَمِعَ الرَّعْدَ، لَهَى عَنْ حَدِيثِه، ثُمَّ قَالَ: سُبْحَانَ الَّذِي يُسَبِّحُ الرَّعْدُ بِحَمْدِهِ وَالْمَلَائِكَةُ مِنْ خِيفَتِه، ثُمَّ يَقُولُ: إِنَّ هَذَا وَعِيدٌ لِأَهْلِ الْأَرْضِ شَدِيدٌ ".

واتە: لە عامری کوڕی عەبدوڵلای کوڕی زوبەیرەوە دەگێڕنەوە کە عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر (خوای لێ ڕازی بێت) هەر کات گوێی لە دەنگی هەورەگرمە بوایە؛ قسەکانی خۆی دەپچڕاندو دەیفەرموو: سُبْحانَ الَّذي يُسَبِّحُ الرَّعْدُ بِحَمْدِه، وَالمَلائِكَةُ مِنْ خِيفَتِه". واتە: پاك و بێگەری بۆ ئەو زاتەی کە هەورە بروسکە ستاییشی دەکەن و فریشتەکان لە ترسا پەسنی دەدەن. دوایی دەیفەرموو: ئەمە هەڕەشەیەکی سەختە بۆ سەر دانیشتوانی سەرزەوی.

١١١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، عَنِ الْمُثَنَّى بْن سَعِيد، عَنْ طَلْحَةَ بْن نَافِع قَالَ: خَطَبَنَا ابْنُ الزُّبَيْرِ قَالَ: إِنَّا قَد ابْتُلِينَا بِالَّذِي قَد ابْتُلِينَا بِه مِنْ أَمْرِكُمْ فَمَا أَمَرْنَاكُمْ مِنْ أَمْرٍ فِيهِ طَاعَةٌ لله سُبْحَانَهُ، فَلَنَا عَلَيْكُمْ فِيهِ السَّمْعُ وَالطَّاعَةُ، وَمَا أَمَرْنَاكُمْ بِه مِنْ أَمْرٍ لَيْسَ فِيهِ طَاعَةٌ لله عَزَّ وَجَلَّ فَلَا طَاعَةَ لَنَا فِيهِ وَلَا نِعْمَةَ عَيْنٍ ".

واتە: تەڵحەی کوڕی نافیع دەفەرموێت: عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر وتارێکی بۆ خوێندینەوە و فەرمووی: ئێمە تاقی کراوینەتەوە بەوەی کە پێی تاقی کراینەوە؛ جا ئێمە هەر فرمانێکمان

پێکردن و گوێڕایەڵی خوای گەورەی تێدابوو ئەوە دەبێ بە گوێیان بکەن؛ هەر فرمانێکیشیان پێکردن و گوێڕایەڵی خوای گەورەی تێدا نەبوو؛ ئەوە نابێ گوێ بۆ ئێمە بگرن و نابێ ڕێز لەو بڕیار بگرن.

١١١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَفْصُ بْنُ غِيَاث، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: قَالَ حَكِيمُ بْنُ حِزَام: اسْقُونِي مَاءً، قَالُوا: قَدْ شَرِبْتَ قَالَ: فَلَا إِذًا، وَقَالَ ابْنُ الزُّبَيْرِ: أَطْعِمُونِي تَمْرًا، قَالُوا: قَدْ أَكَلْتَ قَالَ: فَلَا إِذًا ".

واتە: هیشام لە باوکییەوە ئەویش لە حەکیمی کوڕی حیزامەوە دەگێڕێتەوە حەکیم فەرموویەتی: هەندێ ئاووم پێ بدەن؛ گوتیان: خۆ ئاووت خواردەوە! فەرمووی: دەی کەواتە ئاووم مەدەنێ! عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیریش دەیفەرموو: خورمایەکم پێ بدەن؛ دەیانگوت: خورمات خوارد! دەیفەرموو: دەی کەواتە پێم مەدەن!

١١١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا حَمَّادٌ، عَنْ ثَابِت، عَنْ أَنَس، أَنَّ أَبَا طَلْحَةَ، سَرَدَ الصَّوْمَ بَعْدَ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَرْبَعِينَ عَامًا ".

واتە: ثابت لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە کە باوکی تەڵحە چل ساڵ دوای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەسەر یەکەوە ڕۆژوی گرت (واتە: ئەو چل ساڵە بەڕۆژو بوو جگە لەو چەندە ڕۆژەی کە ڕۆژوو گرتن تێیاندا دروست نییە؛ کە بریتین لە ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزان و قوربان و سێ ڕۆژ دوای جەژنی قوربان).

١١١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا حُمَيْدٌ، عَنْ ثَابِت، عَنْ أَنَس، أَنَّ أَبَا طَلْحَةَ، كَانَ يُكْثِرُ الصَّوْمَ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَمَا أَفْطَرَ بَعْدَهُ حَتَّى لَقِيَ الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَّا مِنْ مَرَض أَوْ فِي سَفَر ".

واتە: ثابت لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە کە باوکی تەڵحە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ڕۆژووی زۆر دەگرت؛ جا لە دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەتا لە دونیا دەرچوو بەردەوام بەڕۆژوو بوو مەگەر نەخۆش بوایە یان لە سەفەرا بوایە.

١١٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، عَنْ ثَابِت، عَنْ أَنَس، عَنْ أَبِي طَلْحَةَ قَالَ: لَا أَؤُمُّ رَجُلَيْنِ وَلَا أَتَأَمَّرُ عَلَيْهِمَا ".

واتە: حەمماد لە ثابتەوە ئەویش لە ئەنەسەوە ئەویش لە باوکی تەڵحەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من هەرگیز نابمە ئیمامی دوو کەس و نابمە بەرپرسیان.

١١٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، حَدَّثَنَا رَجُلٌ، مِنْ جُعْفِيٍّ عَنْ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ قَالَ: مَا جَاءَ وَقْتُ الصَّلَاةِ إِلَّا وَأَنَا إِلَيْهَا بِالْأَشْوَاقِ وَمَا دَخَلَ وَقْتُ صَلَاةٍ قَطُّ إِلَّا وَأَنَا لها مُسْتَعِدٌّ ".

واتە: سوفیان دەفەرموێت: پیاوێکی جوعفی لە عەدیی کوڕی حاتەمەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: هیچ کاتێ کاتی نوێژ نەهاتووە و من بەتاسە نەبم بۆ نوێژ؛ هیچ کاتێ کاتی نوێژ نەهاتووە و من خۆم بۆ نوێژ ئامادە نەکردبێ.

١١٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، عَنْ مُعَاوِيَةَ، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ جُبَيْرِ بْنِ نُفَيْرٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ: مَا مِنْ ذَنْبٍ إِلَّا وَأَنَا أَعْرِفُ تَوْبَتَهُ قَالَ: قِيلَ يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ وَمَا تَوْبَتُهُ؟ قَالَ: أَنْ تَتْرُكَهُ ثُمَّ لَا تَعُودَ إِلَيْهِ ".

واتە: عەبدولڕەحمانی کوڕی جوبەیری کوڕی نوفەیر لە باوکییەوە ئەویش لە عەوفی کوڕی مالیکەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هیچ تاوانێک نییە کە من نەیناسم و تەوبەکەیشی نەناسم.. دەفەرموێت: گوترا: باوکی عەبدولڕەحمان تەوبەکەی چییەو چۆنە؟ فەرمووی: تەوبەکردن لە هەموو تاوانێک ئەوەیە کە واز لەو تاوانە بهێنیت و جارێکیتر نەچیتەوە سەری.

١١٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنْ هِلَالٍ، عَنْ فَرْوَةَ بْنِ نَوْفَلٍ الْأَشْجَعِيِّ قَالَ: كُنْتُ جَارًا لِخَبَّابٍ فَخَرَجْتُ مَعَهُ يَوْمًا مِنَ الْمَسْجِدِ وَهُوَ آخِذٌ بِيَدِي، فَقَالَ: يَا هَنْتَاهْ تَقَرَّبْ إِلَى الله عَزَّ وَجَلَّ بِمَا اسْتَطَعْتَ فَإِنَّكَ لَنْ تَقَرَّبَ إِلَيْهِ بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ كَلَامِهِ ".

واتە: هیلال لە فەروەی کوڕی نەوفەلی ئەشجەعییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من دراوسێی ماڵی خەبباب بووم؛ ڕۆژێک لەگەڵ خەببابا لە مزگەوت هاتینە دەرەوە و خەبباب دەستی منی گرتبوو فەرمووی: براله! هەتا دەتوانی و بەهەر شێوەیەک دەتوانی خۆت لە خوای گەورە نزیک بکەرەوە؛ ناتوانی بە هیچ شتێکیش هێندەی فەرموودەی خوا خۆت لە خوا نزیک بکەیتەوە.

١١٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، حَدَّثَنَا الْجَرِيرِيُّ، عَنْ أَبِي السَّوَّار، أَنَّهُمْ أَتَوْا جُنْدُبًا فِي قُرَّاء أَهْلِ الْبَصْرَةِ فَقَالَ: أَرَى هَدْيًا حَسَنًا وَسَمْتًا حَسَنًا، فَإِيَّاكُمْ وَهَذِهِ الْأَهْوَاءِ ثُمَّ قَالَ: مَثَلُ الَّذِي يُعَلِّمُ النَّاسَ وَلَا يَعْمَلُ كَمِثَالِ السِّرَاجِ يُضِيءُ لِلنَّاسِ وَيَحْرِقُ نَفْسَهُ ".

واتە: حەمادی کوڕی سەلەمە لە جەریرییەوە دەگێڕێتەوە ئەویش لە باوکی سەوولرەوە کە لەگەڵ قورئانخوێنەکانی بەصرەدا ڕۆیشتنە خزمەت جوندوب؛ جوندوب فەرمووی: دەبینم ڕێگایەکی جوان و ڕێکتان گرتووەتەبەر؛ بەڵام ئامان خۆتان بپارێزن لە لەخۆبایبوون.. دوایی فەرمووی: ئەو کەسەی کە خەڵکی فێر دەکات و خۆی هیچ؛ وەک ئەو چرایە وایە کە ڕۆشناییەکەی بۆ خەڵکەو خۆی هەر سوتانی پێ دەبڕێ!

١١٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الله، حَدَّثَنَا سَالِمٌ الْمُرَادِيُّ، عَنِ الْحَسَنِ، عَنْ جُنْدُبٍ قَالَ: قَالَ لِأَصْحَابِه: اتْلُوا الْقُرْآنَ عَلَى مَا كَانَ بِكُمْ مِنْ جَهْدٍ وَفَاقَةٍ فَإِنْ عَرَضَ يَعْنِي: بَلَاءٌ فَابْذُلْ مَالَكَ دُونَ دِينِكَ فَإِنْ تَخَوَّفْتَ فَابْذُلْ دَمَكَ دُونَ دِينِكَ فَإِنَّ الْمَحْرُوبَ مَنْ حُرِبَ دِينُهُ وَإِنَّ الْمَسْلُوبَ مَنْ سُلِبَ دِينَهُ، فَإِنَّهُ لَا فَقْرَ بَعْدَ الْجَنَّةِ وَلَا غِنَى بَعْدَ النَّارِ، النَّارُ لَا يَسْتَغْنِي فَقِيرُهَا وَلَا يُفَكُّ أَسِيرُهَا ".

واتە: سالمی موورادی لە حەسەنەوە ئەویش لە جوندوبەوە دەگێڕێتەوە بە هاوڕێکانی فەرمووە: هەتا دەتوانن قورئان بخوێننەوە؛ تەنانەت لە کاتی سەختی و ناخۆشیشا؛ جا ئەگەر بەڵا و موسیبەتێک هاتە پێشەوە ئەوە سەروەت و سامانەکەت ببەخشە بەڵام ئاگات لە دینت بێ مەیبەخشە؛ ئەگەر هەر ترسای ئەوا خوێنت ببەخشەو دینت مەبەخشە؛ چونکە جەنگ لەگەڵ کراو ئەو کەسەیە کە جەنگ لەگەڵ دینەکەیا بکرێت؛ تاڵان کراو ئەو کەسەیە کە دینەکەی تاڵان کرابێ؛ دوای چونە بەهەشت ئیتر هەژاری نامێنێت و دوای چونە دۆزەخیش ئیتر دەوڵەمەندی و زەنگینی کۆتایی دێت؛ دۆزەخ هەژار و داماوەکانی خۆی دەوڵەمەند ناکات و دیلەکانیشی ڕزگار ناکات.

١١٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا بَهْزُ بْنُ أَسَد، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، حَدَّثَنَا قَتَادَةُ قَالَ: سَمِعْتُ يُونُسَ بْنَ جُبَيْرٍ قَالَ: شَيَّعْنَا جُنْدُبَ بْنَ عَبْدِ الله فَلَمَّا بَلَغْنَا حِصْنَ الْمُكَاتِبِ قُلْنَا له: أَوْصِنَا قَالَ: أُوصِيكُمْ بِتَقْوَى الله وَالْقُرْآنِ فَإِنَّهُ نُورُ اللَّيْلِ الْمُظْلِمِ وَهُدَى النَّهَارِ فَاعْمَلُوا بِهِ عَلَى مَا كَانَ مِنْ جَهْدٍ وَفَاقَةٍ، وَإِنْ عَرَضَ بَلَاءٌ فَقَدِّمْ مَالَكَ دُونَ نَفْسِكَ، فَإِنْ تَجَاوَزَ الْبَلَاءُ فَقَدِّمْ مَالَكَ وَنَفْسَكَ دُونَ دِينِكَ فَإِنَّ الْمَحْرُوبَ مَنْ حُرِبَ دِينَهُ وَالْمَسْلُوبَ مَنْ سُلِبَ دِينَهُ، إِنَّهُ لَا غِنَى بَعْدَ النَّارِ وَلَا فَاقَةَ بَعْدَ الْجَنَّةِ، وَإِنَّ النَّارَ لَا يُفَكُّ أَسِيرُهَا وَلَا يَسْتَغْنِي فَقِيرُهَا ".

واتە: قەتادە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: گوێم لە یونسی کوڕی جوبەیر بوو دەیفەرموو: ئێمە جونـدوبی کـوڕی عەبـدوڵڵامان ڕەوانە کـرد و ماڵئـاواییمان لـێ کـرد؛ کـاتێ گەیشـتینە (حیصنولموکاتیب) پێمان گوت: ئامۆژگاریەکمان بکە! فەرمووی: ئامۆژگاریتان دەکەم بەوەی کە لە خوا بترسن؛ ئامۆژگاریتـان دەکەم ئاگاتـان لە قورئـان بێت؛ قورئـان نـورو ڕۆشناییە بـۆ شـەوانی تاریـك و ئەنگوسـتەچاو؛ ڕێنـوێنییە بـۆ ڕۆژ؛ کـار بە قورئـان بـکەن ئەگەرچـی لە تەنگانەو نارەحەتیشا بن و بە زەحمەت بتوانن کاری پێ بکەن، جا ئەگەر بەڵا و موسیبەتێک یەخەی گرتن سەرەتا سەروەت و سامانی خۆتان بکەن بە قوربانی نەك گیانی خۆتان؛ ئەگەر بەڵا و موسیبەتەکە بەردەوام بـوو ئەوکـاتە سـەروەت و سـامان و گیـانیش بـکەن بە قوربـانی بەڵام ئاگاتان لە دینی خۆتان بێت نەیدۆڕێنن؛ لێقەوماوو لێدراو ئەو کەسەیە کە لە ئایینەکەی درابێ؛ دارنـاوو تـاڵانکراو ئەو کەسـەیە کە دیـنەکەی تـاڵان کرابێ؛ دوای چـونە دۆزەخ ئیـتر دەوڵەمەندی و زەنگینی کۆتایی دێت؛ دوای چونە بەهەشتیش ئیتر هەژاری نامێنێت و دۆزەخ دیلەکانی خۆی ڕزگار ناکات و هەژار و داماوەکانیشی دەوڵەمەند ناکات.

١١٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ عُمَرَ الْقَوَارِيرِيُّ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ يَعْنِي ابْنَ سُلَيْمَانَ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا عِمْرَانَ الْجَوْنِيَّ، حَدَّثَنَا جُنْدُبُ بْنُ عَبْدِ الله قَالَ: قَالَ رَجُلٌ فِيمَنْ مَضَى: وَالله لَا يَغْفِرُ الله لِفُلَانٍ أَبَدًا، فَأَوْحَى الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَى نَبِيٍّ فِي زَمَانِهِ أَنْ أَخْبِرْهُ أَنِّي قَدْ غَفَرْتُ لَهُ وَأَحْبَطْتُ عَمَلَكَ عَلَى تَأَلِّيكَ ".

واتە: جوندوبی کوڕی عەبدوڵڵا دەفەرموێت: پیاوێـک لەوانەی سەردەمی کۆن گوتویەتی: بەخـوا خـوای گەورە لە فـڵانە کەس خـۆش نـابێ؛ خـوای گەورە سروشـی بـۆ پێغەمـبەری ئەوسەردەمە ناردو فەرمووی: بەو پیاوە بڵێ ئەوا من لەو پیاوە خۆش بووم و کار و کردەوە چاکەکـانی ئەویشـم (واتە: ئەوەی کە گـوتی: خـوا لە فـڵانە کەس خـۆش نـابێ) سـفر کـردەوە هەرچەندە سوێندیشت خواردبێ[1].

---

[1] ئەم ئەسەرە فەرموودەی پێغەمبەری خوایە (صلی الله علیه وسلم) و جوندویە لە پێغەمبەری خوداوە ڕیوایەتی کردووە.

١١٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا الْجَرِيرِيُّ، عَنْ بَعْضِ أَشْيَاخِهِ قَالَ: كَانَ أَصْحَابُ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ غَزَاةً بِسِجِسْتَانَ، فَاشْتَدَّ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ وَالطَّلَبُ بِقَلْعَةِ سِجِسْتَانَ وَفِيهِمْ رَجُلٌ قَالَ: وَكَانَ أَصْحَابُ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَجْلِسُونَ حِلَقًا حِلَقًا فَتَقُومُ طَائِفَةٌ فَيُقَاتِلُونَ ثُمَّ يَجِيئُونَ ثُمَّ تَقُومُ طَائِفَةٌ أُخْرَى فَيُقَاتِلُونَ ثُمَّ يَجِيئُونَ قَالَ: فَقَالَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ: هَلْ تَرَوْنَ فِي هَذَا الرَّجُلِ النَّعْتَ الَّذِي قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟ قَالَ: فَقَالَ هَذَا لِهَذَا: نَعَمْ، وَهَذَا لِهَذَا نَعَمْ، حَتَّى اجْتَمَعُوا عَلَى ذَلِكَ فَقَالُوا: أَيُّهَا الرَّجُلُ إِنَّهُ قَدِ اشْتَدَّ عَلَيْنَا الْقِتَالُ وَالطَّلَبُ لِهَذِهِ الْقَلْعَةِ وَإِنَّا نَرَى فِيكَ النَّعْتَ الَّذِي قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَأَقْسِمْ عَلَى رَبِّكَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَنْ يَفْتَحَ عَلَيْنَا قَالَ: فَخَرَجَ مِنْ قَوْلِهِمْ وَقَالَ: إِنِّي إِنْسَانٌ مِسْكِينٌ ضَعِيفٌ لَيْسَتْ لِي مِنْ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ صُحْبَةٌ، إِنَّمَا صَحِبْتُكُمْ أَرْجُو بَرَكَتَكُمْ وَأَتَعَلَّمُ مِنْكُمْ قَالَ: فَأَعَادُوا عَلَيْهِ فَجَزِعَ مِنْ ذَلِكَ قَالَ: فَقَالُوا لَهُ: إِنَّا نَسْأَلُكَ بِحَقِّ الصُّحْبَةِ لَمَا أَقْسَمْتَ عَلَى رَبِّكَ عَزَّ وَجَلَّ أَنْ يَفْتَحَ عَلَيْنَا قَالَ: أَقْسَمْتُ عَلَيْكَ يَا رَبِّ لَمَا فَتَحْتَ عَلَيْنَا، وَجَعَلْتَنِي أَوَّلَ مَقْتُولٍ قَالَ: فَفَتَحَ اللهُ عَلَيْهِمْ وَكَانَ أَوَّلَ مَقْتُولٍ ".

واتە: جەریری لە یەکێک لە مامۆستاکانییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەجستان لە غەزادا بوون؛ کوشت و کوشتارێکی سەخت و توند رویدا؛ گرتنی قەڵای سەجستان زۆر زەحمەت بوو؛ پیاوێکیان تیابوو گوتی: هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) عادەتیان وا بوو کۆمەڵ کۆمەڵ و بازنە بازنە دادەنیشتن و کۆمەڵێکیان دەجەنگان و دوایی دەهاتنەوە و کۆمەڵێکیتر هەڵدەستان و دەچونە جەنگ؛ دوایی ئەوانیش

پێشەوا موسلیمیش لە صەحیحی موسلیمدا ڕیوایەتی کردووە و دەفەرموێت: حَدَّثَنَا سُوَيْدُ بْنُ سَعِيدٍ، عَنْ مُعْتَمِرِ بْنِ سُلَيْمَانَ، عَنْ أَبِيهِ، حَدَّثَنَا أَبُو عِمْرَانَ الْجَوْنِيُّ، عَنْ جُنْدَبٍ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، حَدَّثَ " أَنَّ رَجُلًا قَالَ: وَاللهِ لَا يَغْفِرُ اللهُ لِفُلَانٍ، وَإِنَّ اللهَ تَعَالَى قَالَ: مَنْ ذَا الَّذِي يَتَأَلَّى عَلَيَّ أَنْ لَا أَغْفِرَ لِفُلَانٍ، فَإِنِّي قَدْ غَفَرْتُ لِفُلَانٍ، وَأَحْبَطْتُ عَمَلَكَ " أَوْ كَمَا قَالَ. تەناەت خودی پێشەوا ئەحمەدیش لە موسنەددا ئەم فەرموودەیەی بە ڕیوایەتێکیتر لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەت کردووە و بەمجۆرەیە: عَنْ ضَمْضَمِ بْنِ جَوْسٍ الْيَمَامِيِّ، قَالَ: قَالَ لِي أَبُو هُرَيْرَةَ: يَا يَمَامِيُّ، لَا تَقُولَنَّ لِرَجُلٍ: وَاللهِ لَا يَغْفِرُ اللهُ لَكَ، أَوْ لَا يُدْخِلُكَ اللهُ الْجَنَّةَ أَبَدًا. قُلْتُ: يَا أَبَا هُرَيْرَةَ، إِنَّ هَذِهِ لَكَلِمَةٌ يَقُولُهَا أَحَدُنَا لِأَخِيهِ وَصَاحِبِهِ إِذَا غَضِبَ. قَالَ: فَلَا تَقُلْهَا، فَإِنِّي سَمِعْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: " كَانَ فِي بَنِي إِسْرَائِيلَ رَجُلَانِ، كَانَ أَحَدُهُمَا مُجْتَهِدًا فِي الْعِبَادَةِ، وَكَانَ الْآخَرُ مُسْرِفًا عَلَى نَفْسِهِ، فَكَانَا مُتَآخِيَيْنِ، فَكَانَ الْمُجْتَهِدُ لَا يَزَالُ يَرَى الْآخَرَ عَلَى ذَنْبٍ، فَيَقُولُ: يَا هَذَا، أَقْصِرْ. فَيَقُولُ: خَلِّنِي وَرَبِّي، أَبُعِثْتَ عَلَيَّ رَقِيبًا؟ " قَالَ: " إِلَى أَنْ رَآهُ يَوْمًا عَلَى ذَنْبٍ اسْتَعْظَمَهُ، فَقَالَ لَهُ: وَيْحَكَ، أَقْصِرْ. قَالَ: خَلِّنِي وَرَبِّي، أَبُعِثْتَ عَلَيَّ رَقِيبًا "، قَالَ: " فَقَالَ: وَاللهِ لَا يَغْفِرُ اللهُ لَكَ، أَوْ لَا يُدْخِلُكَ اللهُ الْجَنَّةَ أَبَدًا. قَالَ أَحَدُهُمَا، قَالَ: فَبَعَثَ اللهُ إِلَيْهِمَا مَلَكًا، فَقَبَضَ أَرْوَاحَهُمَا، وَاجْتَمَعَا عِنْدَهُ، فَقَالَ لِلْمُذْنِبِ: اذْهَبْ فَادْخُلِ الْجَنَّةَ بِرَحْمَتِي. وَقَالَ لِلْآخَرِ: أَكُنْتَ بِي عَالِمًا، أَكُنْتَ عَلَى مَا فِي يَدِي قَادِرًا، اذْهَبُوا بِهِ إِلَى النَّارِ ". قَالَ: " فَوَالَّذِي نَفْسُ أَبِي الْقَاسِمِ بِيَدِهِ، لَتَكَلَّمَ بِكَلِمَةٍ أَوْبَقَتْ دُنْيَاهُ وَآخِرَتَهُ.

دەهاتنەوە و کۆمەڵێکیتر بەو جۆرە.. جا هەندێکیان بە هەندێکیانیان گوت: ئەرێ پێتان وایە کە بە پێی ئەو وەسف و باسکردنەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی کرد ئەم پیاوە ئەوە بێ کە پێغەمبەر (ﷺ) باسی کردووە؟ ئەم بەوی گوت: بەڵێ! ئەویتر بەویتری گوت: بەڵێ! ئەمە ئەوە! هەمووان یەکدەنگ بوون کە ئەو پیاوە ئەو کەسەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی کردووە و ناونیشانی هەڵداوە! جا بە پیاوەکەیان گوت: بەڕاستی ئەم جەنگە قورس بووە لەسەرمان و ئەم قەڵایەمان پێ ئازاد ناکرێت؛ ئێمە پێمان وایە تۆ ئەو کەسەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ئێمەی باس کردووە و ناونیشانی هەڵداوە؛ ناونیشانەکان لەتۆدا هەیە؛ دەی سوێندێک بخۆ لەسەر خوای گەورە با سەرمانبخات! دەفەرموێت: پیاوەکە ملی نەداو بەگوێی نەکردن و گوتی: کورە من مرۆڤێکی هەژار و داماووم؛ خۆ من بەخزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەگەیشتوم و هاوەڵ نیم؛ من بۆیە لەگەڵ ئێوەدا هاتووم بەو هیوایەی هەندێک لە پیت و بەرکەتی ئێوەم بەربکەوێت و شتێکتان لێ فێر ببم.. دەفەرموێت: هاوەڵان قسەکەی خۆیان دوبارە کردەوە و ئەو پیاوە هاوارێکی کرد.. ئەوانیش پێیان گوت: ئێمە لەبەر خاتری ئەوەی کە هاوەڵین داوات لێ دەکەین سوێند بخۆی لەسەر خوای گەورە بۆ ئەوەی سەرکەوتنمان بە نسیب بکات! پیاوەکە گوتی: خوایە! سوێندت لەسەر دەخۆم لەم جەنگەدا سەرکەوتومان بکەیت و منیش یەکەم کوژراو بم! دەفەرموێت: خوای گەورە سوێندەکەی ئەو پیاوەی نەشکاندو سەرکەوتنی بە نسیب کردن و ئەو پیاوەش بوو بە یەکەم شەهید.

١١٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله قَالَ وَجَدْتُ فِي كِتَابِ أَبِي بِخَطِّ يَدِه، حَدَّثَنِي هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِمِ أَبُو النَّضْرِ، أَنْبَأَنَا أَبُو عُقَيْلٍ، يَعْنِي الثَّقَفِيَّ عَنْ عَبْدِ الله بْنِ عُقَيْلٍ، عَنِ ابْنِ أَبِي خَالِدٍ يَعْنِي إِسْمَاعِيلَ عَنْ أَبِي السَّفَرِ، عَنْ عَائِشَةَ، رَحِمَهَا الله قَالَتْ: إِنَّ النَّاسَ قَدْ ضَيَّعُوا أَعْظَمَ دِينِهِمُ الْوَرَعَ ".

واتە: ئیسماعیلی کوڕی باوکی خالید لە دایە عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەڕاستی خەڵکی بەشە گەورەکەی دینی خۆیان لەدەستداوە کە بریتیە لە وەرع و خۆپارێزی.

١١٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: وَجَدْتُ هَذَا الْحَدِيثَ فِي كِتَابِ أَبِي بِخَطِّ يَدِه، حَدَّثَنِي هَاشِمٌ أَبُو النَّضْرِ، حَدَّثَنَا أَبُو سَعِيدٍ الْمُؤَدِّبُ، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ عُرْوَةَ، عَنْ أَبِيهِ ,عَنْ عَائِشَةَ رَحِمَهَا الله قَالَتْ: سَلُوا رَبَّكُمْ حَتَّى الشِّسْعَ فَإِنَّهُ إِنْ لَمْ يُيَسِّرْهُ وَالله لَمْ يُيَسَّرْ ".

واتە: هیشامی کوڕی عوروە لە باوکییەوە ئەویش لە دایە عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: داوا لە خوای گەورە بکەن، تەنانەت داوای پەلکی نەعل لە خوای گەورە بکەن؛ بەخوا ئەگەر خوای گەورە کارێک ئاسان نەکان ئاسان نابێت.

١١٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا أَبو هِلَال، حَدَّثَنَا قَتَادَةُ، عَنْ مُطَرِّف قَالَ: اسْتَأْذَنْتُ عَلَى عُثْمَانَ بْنِ أَبِي الْعَاص فَجَلَسْتُ سَاعَةً ثُمَّ أَذِنَ فَدَخَلْتُ فَقَالَ: سَاعَةٌ لِلدُّنْيَا وَسَاعَةٌ لِلْآخِرَةِ وَالله أَعْلَمُ أَيَّ ذَلِكَ يَغْلِبُ عَلَيْنَا قَالَ: قُلْتُ: ذَهَبْتُمْ بِالدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ فَقَالَ: لَدِرْهَمٌ يُصِيبُهُ أَحَدُكُمْ مِنْ جَهْدٍ فَيَضَعُهُ فِي حَقٍّ أَفْضَلُ مِنْ عَشَرَةِ آلَافٍ يُنْفِقُهَا أَحَدُنَا، فَيْضًا مِنْ فَيْضٍ ".

واته: قەتادە لە موتتریفەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: داوای مۆڵەتی چونە ژوورەم کرد بچمە خزمەت عوسمانی کوڕی باوکی عاص؛ تاوێک دانیشتم و دوایی مۆڵەتم پێدرا؛ فەرمووی: تاوێک بۆ دونیا و تاوێکیش بۆ قیامەت! بەخوا خوا خۆی دەزانێ کام یەک لەم دوو تاوە زاڵ دەبێ بەسەرمانا.. دەڵێ: منیش گوتم: کورە ئێوە دونیایش و قیامەتیشتان دەست کەوت! فەرمووی: بەخوا ئەو دیرهەمەی کە ئێوە بە زەحمەت دەستتان دەکەوێت و بە ڕێکوپێکی و لەجێی خۆیا خەرجی دەکەن؛ باشترە لە دەهەزار دیرهەم کە ئێمەومانان کۆ کۆ بیکەین بەخێر.

١١٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ قَالَ: كَانَ الْحَسَنُ رَحِمَهُ الله يَقُولُ: مَا رَأَيْنَا أَفْضَلَ مِنْهُ يَعْنِي عُثْمَانَ بْنَ أَبِي الْعَاصِ ".

واته: سوفیان دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەسەنی بەصری دەیفەرموو: ئێمە کەسمان نەدیوە لە عوسمانی کوڕی باوکی عاص باشتر بێت.

١١٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا أَبو الْأَشْهَب، عَنِ الْحَسَن، أَنَّ رَجُلًا، قَالَ لِعُثْمَانَ بْنِ أَبِي الْعَاص: يَا أَهْلَ الْأَمْوَالِ تُنْفِقُونَ وَتَتَصَدَّقُونَ وَتَحُجُّونَ وَإِنَّكُمْ لَتَغْبِطُونَا بِهَا، فَقَالَ: وَالله لَدِرْهَمٌ يَأْخُذُهُ أَحَدُكُمْ مِنْ جَهْدٍ فَيَضَعُهُ فِي حَقٍّ خَيْرٌ مِنْ عَشَرَةِ آلَافٍ يَأْخُذُهَا أَحَدُنَا فَيْضًا مِنْ فَيْضٍ ".

واته: باوکی ئەشهەب لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پیاوێک بە عوسمانی کوڕی باوکی عاصی گوت: ئەی دەوڵەمەندەکان! ئێوە خێرو دەکەن، صەدەقە دەکەن؛ حەج دەکەن؛ ئێوە خۆزگەتان لێ دەخوازرێت! عوسمان فەرمووی: بەخوا ئەو دیرهەمەی کە ئێوە بە زەحمەت دەستتان دەکەوێت و بە ڕێکوپێکی و لەجێی خۆیا خەرجی دەکەن؛ باشترە لە دەهەزار دیرهەم کە ئێمەومانان کۆ کۆ بیکەین بەخێر.

١١٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ قَرَأْتُ عَلَى أَبِي هَذَا الحديث، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَر، حَدَّثَنِي أَبْزَى، حَدَّثَنَا مُبَارَكٌ، عَنِ الْحَسَنِ، أَنَّ عُثْمَانَ بْنَ أَبِي الْعَاصِ، كَانَ فِي جِنَازَةٍ فَخَلَصَ إِلَى قَبْرٍ

خَاسف، وَثَمَّ رَجُلٌ منْ أَهْله فَقَالَ: تَعَالَى يَا فُلَانُ، فَلَمَّا جَاءَ قَالَ: اطَّلعْ إلَى بَيْتك قَالَ: أَرَاهُ بَيْتًا ضَيِّقًا يَابسًا مُظْلمًا لَيْسَ فيه طَعَامٌ وَلَا شَرَابٌ وَلَا زَوْجَةٌ قَالَ: فَإنَّهُ وَالله بَيْتُكَ قَالَ: وَالله صَدَقْتَ، أَمَا وَالله لَوْ قَدْ رَجَعْتُ نُقلْتُ منْ ذَاكَ في هَذَا ".

واته: موحەممەدی کوڕی جەعفەر لە ئەبزاوە ئەویش لە موبارەکەوە ئەویش **لە** حەسەنەوە **ئەویش لە عوسمانی کوڕی باوکی عاصی** سەقەفییەوە دەگێڕێتەوە **کە** عوسمان لەگەڵ **کۆمەڵێکا خەریکی بەڕێکردنی تەرمێک بوون؛ لە** لای گۆڕێکی کۆن و داتەپیوا دانیشت؛ **پیاوێکی خزمیشی لەوێ بوو؛ بانگی کرد و فەرمووی:** فلانە کەس وەرە! کاتێ پیاوەکە هات **بۆ لای عوسمان پێی فەرموو: سەیری ئێرە بکە!** پیاوەکە سەیری گۆڕە **داتەپیوەکەی کرد و گوتی: ئای کە ماڵێکی تەنگ و ووشك و تاریکە؛ نە** خواردنی لێیە نە **خواردنەوە و نە خاو خێزان! عوسمان فەرمووی: دەی بەخوا ئەمە ماڵی تۆیە!** پیاوە**کە** گوتی: **ڕاست دەفەرمووی؛ بەڵام بەخوا بشگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە هەر دێمەوە بۆ ئێرە!**

١١٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، أَنْبَأَنَا جَريرٌ، عَنْ سُلَيْمَانَ بْن شُرَحْبيل، عَنْ أَبي أُمَامَةَ، أَنَّهُ قَالَ: اقْرَءُوا الْقُرْآنَ وَلَا يَغُرَّنَّكُمْ الْمَصَاحفُ الْمُعَلَّقَةُ فَإنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ لَا يُعَذّبُ قَلْبًا وعَاءً للْقُرْآن ".

واته: سولەیمانی کوڕی شورەحبیل لە باوکی ئومامەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: قورئان بخوێننەوە و بەوە لەخۆتان بایی مەبن کە لە ماڵا قورئانتان هەلواسیوە؛ خوای گەورە دڵێک سزا نادات کە قورئانی تیابێت و بوبێ بە سندوق بۆ قورئان.

١١٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا يَعْلَى، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ شمْر بْن عَطيَّةَ، عَنْ شَهْر بْن حَوْشَب، عَنْ كَعْب قَالَ: لَوَددْتُ أَنّي كَبْشُ أَهْلي فَأَخَذُوني فَذَبَحُوني فَأَكَلُوا وَأَطْعَمُوا أَضْيفَتَهُمْ ".

واته: لە شەهری کوڕی حەوشەبەوە ئەویش لە کەعبەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: من زۆرم پێخۆشبوو بەرانێک بومایەو خاوەنەکەم بیگرتمایەو سەری ببڕیمایەو بیانخواردمایە و بیانکرمایە بە خواردن و چێشت بۆ میوانەکانیان.

١١٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ آدَمَ، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، عَن الْأَوْزَاعيِّ، عَنْ يَحْيَى بْن أَبي كَثير قَالَ: سَمعَ كَعْبٌ، قرَاءَةَ رَجُلٍ وَدُعَاءَهُ وَنَحْوَ هَذَا فَاسْتَمَعَ إلَيْه ثُمَّ مَضَى وَقَالَ: وَاهًا للنَّوَّاحينَ عَلَى أَنْفُسهمْ قَبْلَ يَوْم الْقيَامَة.

واته: ئەوزاعی لە یەحیای کوڕی باوکی کەسیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کەعب گوێی

له قورئانخوێندنەوە و پارانەوەی پیاوێک بوو؛ گوێی لێگرت و دوایی ڕۆیی و فەرمووی: خۆشبەحاڵی ئەوکەسانەی کە پێش هاتنی ڕۆژی قیامەت دەگرین بۆ خۆیان.

١١٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْمَلك بْنُ عُمَيْر، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، يَعْني ابْنَ جَعْفَر عَنْ أُمِّ بَكْر، أَنَّ مَرْوَانَ، دَعَا الْمسْوَرَ ليُشْهِدَهُ حينَ تَصَدَّقَ بدَاره عَلَى عَبْد الْمَلك قَالَ: فَقَالَ الْمسْوَرُ: وَيَرِبُّ فيهَا الْعَبْسيَّةَ؟ قَالَ: لَا قَالَ: فَلَا أَشْهَدُ قَالَ: وَلَمَ قَالَ: إنَّمَا أُخذَتْ منْ إحْدَى يَدَيْكَ فَجُعلَتْ في الأُخْرَى قَالَ: وَمَا أَنْتَ وَذَلكَ، أَحَكَمٌ أَنْتَ؟ وَإنَّمَا أَنْتَ شَاهدٌ، فَقَالَ: وَكُلَّمَا فَجَرْتُمْ فُجْرَةً شَهدْتُ عَلَيْهَا؟ قَالَ عَبْدُ الله: وَالْعَبْسيَّةُ امْرَأَةُ مَرْوَانَ.

واتە: عەبدولمەلیکی کوڕی عومەیر لە عەبدوڵڵاوە واتە: کوڕی جەعفەر؛ ئەویش لە دایکی بەکرەوە گێڕایەوە: مەڕوان خانوەکەی خۆی بەخشی بە عەبدولمەلیك؛ جا بانگی میسوەری کرد بۆ ئەوەی ببێ بە شایەت؛ میسوەر گوتی: ئەی عەبسیەیشی تێدا دەمێنێتەوە؟ مەڕوان گوتی: نەخێر! میسوەر گوتی: دەی من نابم بە شایەت! مەڕوان گوتی: بۆ؟ میسورە گوتی: تۆ لەم دەستی خۆت خستوتە ئەو دەستەکەتەوە! مەڕوان گوتی: جا تۆ کارت بەوە چییە تۆ دادوەری؟ تۆ تەنیا شایەتی و بڕایەوە! میسوەر گوتی: دەی بۆ ئێوە هەر تاوان و خراپەیەک بکەن من ببم بە شایەت بۆتان؟ عەبدوڵڵا دەفەرموێت: عەبسیە ژنی مەڕوان بوو.

١١٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ مَهْديٍّ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ عَليِّ بْن زَيْد، أَنَّ الْمسْوَرَ بْنَ مَخْرَمَةَ، رَأَى رَجُلًا يُصَلِّي فَلَمْ يُتمَّ رُكُوعًا وَلَا سُجُودًا، قَالَ لَه: أَعدْ فَأَبَى، فَلَمْ يَدَعْهُ حَتَّى أَعَادَ.

واتە: عەلیی کوڕی زەید لە میسوەری کوڕی مەخرەمەوە دەگێڕێتەوە کە پیاوێکی بینی نوێژی دەکردو نە کڕنوش و نە سەجدەکانی تەواو نەبوون؛ میسوەر بە پیاوەکەی گوت: نوێژەکەت دوبارە بکەرەوە! پیاوەکە دەیەویست دوبارەی نەکاتەوە، بەڵام میسوەر وازی لێ نەهێنا هەتا دوبارەی کردەوە.

١١٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو سَعيد، مَوْلَى بَني هَاشم، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ جَعْفَر، حَدَّثَتْنَا أُمُّ بَكْر، قَالَتْ: احْتَكَرَ الْمسْوَرُ طَعَامًا كَثيرًا فَرَأَى سَحَابًا منَ الْخَريف فَكَرِهَهُ فَقَالَ: أَلَا أُرَاني قَدْ كَرِهْتُ مَا يَنْفَعُ الْمُسْلمينَ، مَنْ جَاءَني وَلَّيْتُهُ كَمَا أَخَذْتُهُ، فَبَلَغَ ذَلكَ عُمَرَ رَحمَهُ الله فَقَالَ: أَمَا للْمسْوَر أَخْذٌ فَأَتَى عُمَرَ فَقَالَ: يَا أَميرَ الْمُؤْمنينَ إنِّي احْتَكَرْتُ طَعَامًا كَثيرًا فَرَأَيْتُ سَحَابًا قَدْ نَشَأَ فَكَرِهْتُهُ فَتَأَلَّيْتُ أَنِّي لَا أَرْبَحُ فيه شَيْئًا، فَقَالَ عُمَرُ: جَزَاكَ الله خَيْرًا.

واتە: باوكی سەعید لە عەبدوڵڵای كوڕی جەعفەرەوە ئەویش لە داكی بەكرەوە دایكی بەكر فەرموویەتی: میسوەر خواردنێكی زۆری هەڵگرتبوو بۆ ئەوەی بە قازانج بیفرۆشێتەوە؛ جا لە مانگی پاییزا هەوری بە ئاسمانەوە دی و پێی ناخۆش بوو؛ دوایی لە دڵی خۆیا گوتی: باشە زۆر سەیرە! من شتێكم پێ ناخۆشە كە سودو قازانجی موسوڵمانانی تێدایە! دەی بەخوا هەر كەسێ بێت بۆ لام بۆ خواردن كڕین دەبێ هەر بە مایەكەی خۆی پێی بفرۆشمەوە! پێشەوا عومەر ئەوەی بیستەوە و فەرمووی: دەی بۆ میسوەریش خواردنی هەڵگرتووە؟ میسوەر ڕۆیشت بۆ لای پێشەوا عومەر و گوتی: ئەی گەورەی باوەڕداران! من خواردنێكی زۆرم هەڵگرتبوو دوایی پەڵە هەورێكم بینی پێم ناخۆشبوو؛ بۆیە سوێندم خواردووە نابێ هیچ قازانج بكەم و هەمووی بە مایەكەی خۆی بفرۆشمەوە! پێشەوا عومەر فەرمووی: ئەی خوا پاداشتت بە چاكە بداتەوە.

١١٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ دَاوُدَ، حَدَّثَنَا أَبَانُ، عَنْ قَتَادَةَ، عَنْ رُفَيْعٍ، عَنْ سَهْلِ بْنِ حَنْظَلَةَ الْعَبْشَمِيِّ قَالَ: مَا اجْتَمَعَ قَوْمٌ يَذْكُرُونَ الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَّا نَادَاهُمْ مُنَادٍ: قُومُوا مَغْفُورًا لَكُمْ قَدْ بُدِّلَتْ سَيِّئَاتُكُمْ حَسَنَاتٍ.

واتە: ڕوفەیع لە سەهلی كوڕی حەنزەلەی عەبشەمییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەر كۆمەڵە خەڵێك كۆ ببنەوە و یاد و زیكری خوای گەورە بكەن؛ جارچییەك بانگیان دەكات و دەفەرموێت: هەستن! خوا لێتان خۆش بووە؛ بەڕاستی خراپەكانتان گۆڕاوە و بوو بە چاكە.

١١٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِمِ، حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ، عَنْ بَكْرِ بْنِ عَبْدِ الله الْمُزَنِيِّ، عَنْ عَدِيِّ بْنِ أَرْطَاةَ، عَنْ رَجُلٍ، مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْ صَدْرِ هَذِهِ الْأُمَّةِ، وَكَانَ لَهُ فَضْلٌ أَنَّهُ كَانَ إِذَا أُثْنِيَ عَلَيْهِ أَوْ مُدِحَ فَسَمِعَ قَالَ: اللهمَّ لَا تُؤَاخِذْنِي بِمَا يَقُولُونَ وَاغْفِرْ لِي مَا لَا يَعْلَمُونَ.

واتە: عەدیی كوڕی ئەرتات لە پیاوێكەوە دەگێڕێتەوە كە هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، یەكێك بوو لە پیاوانی سەرەتای ئەم ئوممەتە؛ ڕێزی هەبوو؛ هەر كاتێ ستایشی بكرایە یان كەسێك پەسنی بدایە دەیفەرموو: خوایە! تۆ لەبەر قسەی ئەوانە من نەگری و لێم خۆش بە؛ لەو تاوانانەم خۆش بە كە ئەمانە نایزانن.

١١٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو عُبَيْدَةَ الْحَلَبِيُّ، عَنْ حَيْوَةَ، عَنْ يَزِيدَ بْنِ أَبِي حَبِيبٍ، فِي قَوْلِ الله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا ﴾ الفرقان: ٦٧ قَالَ: أُولَئِكَ أَصْحَابُ مُحَمَّدٍ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانُوا لَا يَأْكُلُونَ طَعَامًا يَلْتَمِسُونَ بِهِ تَنَعُّمًا وَلَا يَلْبَسُونَ ثِيَابًا يَلْتَمِسُونَ جَمَالًا، وَكَانَتْ قُلُوبُهُمْ عَلَى قَلْبٍ وَاحِدٍ.

واتە: حەیوە لە یەزیدی کوڕی باوکی حەبیبەوە دەگێڕێتەوە کە لە تەفسیری ئایەتی ﴿ وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا ﴾فەرموویەتی: ئەوانە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوون؛ ئەوانە لەبەر خۆشی هیچیان نەدەخوارد؛ لەبەر جوانیی هیچیان لەبەر نەدەکرد؛ دڵی هەموویان **لەسەر یەک دڵ بوو (واتە: دڵی هەموویان بەساربوو بە دڵی** پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) **و هەموویان لەسەر یەک ڕێبازو یەک بەرنامە بوون).**

١١٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ عَبْدِ الله، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ حَبِيبٍ الطُّفَاوِيُّ قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى فَتْحٍ الْمُوصِلِيِّ، فَإِذَا هُوَ يُوقِدُ بِالْآجُرِّ، وَكَانَ فَتْحٌ رَجُلًا مِنَ الْعَرَبِ، وَكَانَ شَرِيفًا زَاهِدًا.

واتە: هارونی کوڕی عەبدوڵلا لە سەییار ئەویش لە موحەممەدی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕۆیشتم بۆ لای فەتحی موصڵی؛ بینیم بە خشتی ئاجوڕ ئاگری دەکردەوە؛ جا فەتح پیاوێکی عەرەبی بوو؛ پیاوێکی خانەدان و پارساو زاهید بوو.

١١٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِمِ، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ شَيْبَانُ عَنْ آدَمَ بْنِ عَلِيٍّ قَالَ: سَمِعْتُ أَخَا بِلَالٍ مُؤَذِّنِ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: النَّاسُ ثَلَاثَةٌ: فَسَالِمٌ وَغَانِمٌ وَشَاحِبٌ فَالسَّالِمُ السَّاكِتُ، وَالْغَانِمُ يَأْمُرُ بِالْخَيْرِ وَيَنْهَى عَنِ الْمُنْكَرِ فَذَلِكَ فِي زِيَادَةٍ مِنَ الله عَزَّ وَجَلَّ، وَالشَّاحِبُ النَّاطِقُ بِالْخَنَا وَالْمُعِينُ عَلَى الظُّلْمِ ".

واتە: هاشمی کوڕی قاسم لە باوکی موعاویە واتە: شەیبان؛ ئەویش لە ئادەمی کوڕی عەلی؛ فەرموویەتی: گوێم لە برایەکی بیلالی بانگبێژی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو دەیفەرموو: خەڵکی دەبنە سێ دەستە؛ یان سالمن یان غانمن یان شاحب.. سالم ئەو کەسەیە کە بێدەنگە؛ غانم ئەو کەسەیە کە فرمان بە چاکە دەکات و نەهی لە خراپە دەکات؛ ئەوە ئەو کەسە زێدە پاداشتێکی لای خوای گەورە هەیە؛ (الشاحب)یش ئەو کەسەیە قسەی خراپ دەکات و یارمەتیدەری ستەمکارانە.

١١٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ سَالِم بْن أَبِي حَفْصَةَ قَالَ: كَانَ ابْنُ أَبِي نُعْم يُحْرِمُ مِنَ السَّنَةِ إِلَى السَّنَةِ قَالَ: وَيَقُولُ فِي تَلْبِيَتِهِ: لَبَّيْكَ لَوْ كَانَ رِيَاءً لَاضْمَحَلَّ لَبَّيْكَ".

واتە: سوفیانی کوڕی عویەینە لە سالمی کوڕی باوکی حەصەوە دەفەرموێت: کوڕی باوکی نوعم ئەم ساڵ بۆ ئەو ساڵ ئیحرامی دەبەست و لە کاتی لبیك گوتنا دەیفەرموو: لبیك! ئەگەر بۆ ریاو بەرچاویە ئەوا تیادەچێت، لبیك!

١١٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ حُمَيْد الرَّازِيُّ، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَن ابْن شُبْرُمَةَ قَالَ: كَثُرَ الْقَمْلُ عَلَى عَبْد الرَّحْمَن بْن أَبِي نُعْم فَدَعَا الله عَزَّ وَجَلَّ فَوَقَعَتْ كُبَّةٌ بَيْنَ عَيْنَيْه ".

واتە: جەریر لە کوڕی شوبرومەوە فەرمووی: ئەسپێیەکی زۆر دایانا عەبدولڕەحمانی کوڕی باوکی نوعم و لەخوا پاڕایەوە؛ ئیتر بە بەرچاویەوە بە تۆپەڵ کەوتنە خوارەوە.

وَحَدَّثَنَا أَيْضًا مُحَمَّدُ بْنُ حُمَيْد، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ عَنْ مُغِيرَةَ قَالَ: كَانَ عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ أَبِي نُعْم يُفْطِرُ فِي رَمَضَانَ مَرَّتَيْنِ قَالَ: وَكُنَّا إِذَا قُلْنَا لِعَبْد الرَّحْمَن بْن أَبِي نُعْم: كَيْفَ أَنْتَ يَا أَبَا الْحَكَم قَالَ: إِنْ تَكُنْ أَبْرَارًا فَكِرَامٌ أَتْقِيَاءُ، وَإِنْ تَكُنْ فُجَّارًا فَلِئَامٌ أَشْقِيَاءُ ".

واتە: جەریر لە موغیرەوە دەیفەرموو: عەبدولڕەحمانی کوڕی باوکی نوعەیم بە درێژایی مانگی ڕەمەزان دوو جار شتی دەخوارد؛ کاتێ ئێمە پێیان دەگوت: باوکی حەکەم چۆنی؟ دەیفەرموو: ئەگەر چاکەکار بین ئەوا بەڕێزو لەخواترسین؛ ئەگەریش خراپ بین ئەوا سەرشۆڕو بەدبەختین.

١١٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارُ بْنُ حَاتِم، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا الْمُعَلَّى بْنُ زِيَاد قَالَ: قَالَ غَزْوَانُ: لله تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَلَّا يَرَانِي الله ضَاحِكًا حَتَّى أَعْلَمَ أَيَّ الدَّارَيْنِ دَارِي؟ قَالَ: قَالَ الْحَسَنُ فَعَزَمَ فَفَعَلَ فَمَا رُئِيَ ضَاحِكًا حَتَّى لَحِقَ بِالله عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: موعەللای کوڕی زیاد دەفەرموێت: غەزوان سوێندی خواردو گوتی: سوێند بەخوا نابێ خوای گەورە من ببینێت کە پێبکەنم هەتا نەزانم دەچمە بەهەشتەوە یان دۆزەخ؟ دەفەرموێت: حەسەن فەرمووی: غەزوان ئەو سوێندەی خواردو کاری پێکردو هەتا مردوو گەیشتەوە خزمەت خوای گەورە؛ کەس نەیدی غەزوان پێبکەنێت.

١١٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَهَّابِ، عَنْ سَعِيد، عَنْ قَتَادَةَ، عَنْ خُلَيْد الْعَصَرِيِّ، عَنْ غَزْوَانَ الرَّقَاشِيِّ، قَوْله عَزَّ وَجَلَّ (وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ) [ق: ٣٥] ، قَالَ: مَا يَسُرُّنِي لِحَظِّي مِنَ الْمَزِيدِ الدُّنْيَا جَمِيعًا ".

واتە: قەتادە لە خولەیدی عەصەرییەوە ئەویش لە غەزاونی ڕەقاشیەوە لە بارەی ئایەتی (ولدینا مزید) فەرموویەتی: من پێم خۆش نییە ئەو بەشە زیادەیەی من هەر هەموو دونیا بێت! (واتە: ئەو بەشە زیادەیە کە لە بەهەشتدا بە مرۆڤ دەدرێت لە هەموو دونیا و ئەوەی لەناو دونیادایە گەورەترو پترو باشترەو بەوە ڕازی نەبووە جیاتی ئەو زیادەیە هەموو دونیای پێ بدەن).

١١٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ ثَابِت، عَنْ أَنَس قَالَ: قِيلَ لأَبِي مُوسَى: إِنَّ غَزْوَانَ لاَ يَضْحَكُ قَالَ: فَقَالَ: يَا غَزْوَانُ لِمَ لاَ تَضْحَكُ؟ فَقَالَ: هَهْ هَهْ وَمَا أَصْنَعُ بِهَذَا ".

واتە: ثابت لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بە باوکی مووسا گوترا: غەزاون هەرگیز پێناکەنێ! دەفەرموێت: باوکی مووسا فەرمووی: ئەرێ غەزاون ئەوە تۆ بۆچی هەرگیز پێناکەنی؟ غەزوان فەرمووی: هەه هەه دەی ئەمە بەکەڵکی چی دێت و چیی لێ بکەم؟

١١٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ مُحَمَّد، حَدَّثَنِي يَحْيَى بْنُ أَبِي كَثِير الْعَنْبَرِيُّ عَنْ بَعْض، أَشْيَاخه قَالَ: كَانَتْ أُمُّ غَزْوَانَ تَلْقَى الْجَيْشَ إِذَا أَقْبَلَ فَتَقُولُ: هَلْ لَكُمْ بِغَزْوَانَ مِنْ عِلْم؟ فَيَقُولُونَ: ذَلِكَ سَيِّدُ الْجَيْشِ ".

واتە: یەحیای کوڕی باوکی کەسیری عەنبەری لە یەکێک لە مامۆستاکانییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: دایکی غەزوان دەهاتە پێشوازی سوپاو دەیگوت: ئەرێ کەستان هەواڵێکتان لە غەزوان هەیە؟ دیانگوت: کوڕە غەزاون گەورەی سوپاکەیە!

١١٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ مُحَمَّد قَالَ: سَمِعْتُ ابْنَ عَامِر، يَقُولُ: كَانَتْ لِغَزْوَانَ أُمٌّ، وَكَانَتْ تَرَى شُغْله بِالْقُرْآنِ فَتَقُولُ: يَا هَذَا الَّذِي قَدْ شَغَلَكَ مَا تَرَى فِيه؟ قَالَ: فَيَقُولُ: أَرَى فِيه مَوْعُودًا حَسَنًا وَوَعِيدًا شَدِيدًا قَالَ: فَتَقُولُ لَه: هَلْ تَرَى فِيه أَنِيقًا أَضْلَلْنَاهَا عَامَ كَذَا وَكَذَا؟ قَالَ: فَيَقُولُ أَرَى فِيه مَوْعُودًا حَسَنًا وَوَعِيدًا شَدِيدًا ".

واتە: عوبەیدوڵڵای کوڕی موحەممەد گێڕایەوە فەرمووی: گوێم لە کوڕی عامر بوو

دەیەفەرموو: غەزوان دایکێکی هەبوو هەموو جارێک دەیبینی کە غەزوان خەریکی قورئانخوێندنە دەیگوت: ئەرێ ئەوە تۆ چیت لەم قورئانەدا دۆزیوەتەوە؟ ئەویش دەیگوت: من بەڵێن چاک و هەڕەشەی سەختم تێدا دیوەتەوە! ئێمەیش دەمانگوت: ئا ساڵێک وشترێکمان وون کرد بزانە لە قورئاندا نایدۆزیتەوە؟ دەیفەرموو: من بەڵێنی چاک و هەڕەشەی سەختم تێدا دیوەتەوە.

١١٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ بْنِ عُلَيَّةَ، أَخْبَرَنِي سُلَيْمَانُ بْنُ الْمُغِيرَةِ، عَنْ حُمَيْدِ بْنِ هِلَالٍ قَالَ: كَانَ مِنَّا رَجُلٌ يُقَالُ له الْأَسْوَدُ بْنُ كُلْثُوم، وَكَانَ إِذَا مَشَى لَا يُجَاوِزُ بَصَرُهُ قَدَمَهُ، وَكَانَ يَمُرُّ وَفِي الْجُدُرِ يَوْمَئِذ قَصْرٌ بِالنِّسْوَةِ وَلَعَلَّ إِحْدَاهُنَّ تَكُونُ وَاضِعًا يَعْنِي ثَوْبَهَا أَوْ خِمَارَهَا فَإِذَا رَأَيْنَهُ رَاعَهُنَّ ثُمَّ يَقُلْنَ: كَلَّا إِنَّهُ أَسْوَدُ بْنُ كُلْثُوم فَلَمَّا قَرُبَ غَازِيًا قَالَ: اللهمَّ إِنَّ نَفْسِي هَذِهِ تَزْعُمُ فِي الرَّخَاءِ أَنَّهَا تُحِبُّ لِقَاءَكَ فَإِنْ كَانَتْ صَادِقَةً فَارْزُقْهَا ذَلِكَ وَإِنْ كَانَتْ كَارِهَةً، قَالَ إِسْمَاعِيلُ: فَاحْمِلها عَلَيْهِ، وَقَالَ مَرَّةً: فَارْزُقْهَا ذَلِكَ وَإِنْ كَرِهَتْ، وَأَطْعِمْ لَحْمِي سِبَاعًا وَطَيْرًا فَانْطَلَقَ فِي جَبَلٍ فَدَخَلُوا حَائِطًا فَنَذِرَ بِهِمُ الْعَدُوُّ، فَجَاءُوا فَأَخَذُوا بِثُلْمَةٍ فِي الْحَائِطِ فَنَزَلَ الْأَسْوَدُ عَنْ فَرَسٍ فَضَرَبَهَا حَتَّى غَارَتْ فَخَرَجَتْ وَأَتَى الْمَاءَ ثُمَّ تَوَضَّأَ وَصَلَّى قَالَ: يَقُولُ الْعَجَمُ: هَكَذَا اسْتِسْلَامُ الْعَرَبِ إِذَا اسْتَسْلَمُوا ثُمَّ تَقَدَّمَ فَقَاتَلَ حَتَّى قُتِلَ رَحِمَهُ الله قَالَ: فَمَرَّ عِظَمُ الْجَيْشِ بَعْدَ ذَلِكَ بِذَلِكَ الْحَائِطِ، فَقِيلَ لِأَخِيهِ: لَوْ دَخَلْتَ فَنَظَرْتَ مَا بَقِيَ مِنْ عِظَامِ أَخِيكَ وَلَحْمِهِ قَالَ: لَا دَعَا أَخِي بِدُعَاءٍ فَأَسْتَجِيبَ له فَلَسْتُ أَعْرِضُ فِي شَيْءٍ مِنْ ذَلِكَ ".

واتە: سولەیمانی کوڕی موغیرە لە حومەیدی کوڕی هیلالەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پیاوێکمان لابوو پێیان دەگوت: ئەسوەدی کوڕی کەلسوم؛ کاتێ ڕێی دەکرد چاوی هێندە بەرز نەدەکردەوە لە بەرپێی خۆی زیاتر ببینێ؛ جا بەناو کۆڵانەکانا دەڕۆیشت و ئەو کۆشک و خانوانەی کە هەبوو کچ و ژنی تیابوو ئەگەر شوێنێکیان دیاربا یان سەریان ڕووت باو ئەسوەدیان ببینیایە دەیانگوت: کورە پیاوێک هات بچنە ژوورەوە! دوایی دەیانگوت: ئێ خۆ ئەوە ئەسوەدی کوڕی کەلسومە! (واتە: لەوە دڵنیا دەبوونەوە کە ئەسوەد سەری بەرز ناکاتەوە تا بیانبینێت و ئیتر خۆیان نەدەشاردەوە) جا غەزا هاتە پێشەوە و ویستی بڕوا بۆ غەزاو گوتی: خوایە! ئەم نەفسەی من لە کاتی خۆشی و ئاسایشا پێی وایە گەیشتن بە خزمەتی تۆی لەلا خۆشەویسە؛ ئەگەر نەفسی من ڕاست دەکات ئەوا گەیشتن بە خۆتی بە نسیب بکە، ئەگەر پێیشی ناخۆشە. ئیسماعیل دەیگوت: ئەوا هەر بە خزمەت خۆتی بگەیەنە.. جارێکیش گوتی: گەیشتن بە خۆتی بە نسیب بکە ئەگەرچی پێیشی ناخۆش بێت؛ هەروەها گۆشتی لاشەم دەرخواردی دڕەندەو باڵندەکان بدە.. جا ئەسوەد ڕۆیشت بۆ کێوێک و چونە ناو حەسارێک؛

لەوێ دوژمن ئابڵوقەیدان؛ حەسارەکە کەلێنێکی تێدابوو هاتنە ئەوێ؛ ئەسوەد لە ئەسپەکەی دابەزی و لە ئەسپەکەی داو ئەسپەکەی ڕۆیشت؛ خۆیشی ڕۆیشتە سەر کانی و ئاوێک کە لەوێدابوو دەستنوێژی گرت و نوێژی کرد؛ عەجەم دەڵێن: ملکەچبوون و خۆ تەسلیم کردنی عەرەب ئاوایە! جا ئەسوەد بەرەو پێش چوو دەستی بە جەنگ کرد تا شەهید کرا.. دوای کۆتاییهاتنی ئەو جەنگە گەورەی سوپای موسوڵمانان بەوێدا تێپەڕی؛ بە براکەی ئەسوەد گوترا: ئەوە ئارۆی سەیرێکی ئەو ناوە بکەیت بەڵکوو پێشەو پەلاو پاشماوەی گۆشتی لاشەی براکەت بدۆزیتەوە؟! گوتی: نەخێر! براکەم خۆی لەخوا پاڕایەوە و خوای گەورە پاڕانەوەکەی گیرا کردووە و من ناچم و دەستکاری ئەو کارە ناکەم!

١١٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: مَاتَ أَخٌ لِي فَخَرَجْنَا فِي جِنَازَتِهِ فَلَمَّا مُدَّ الثَّوْبُ عَلَى الْقَبْرِ جَاءَ صِلَةُ بْنُ أَشْيَمَ حَتَّى رَفَعَ الثَّوْبَ ثُمَّ قَالَ: يَا فُلَانُ

فَإِنْ تَنْجُ مِنْهَا تَنْجُ مِنْ ذِي عَظِيمَةٍ ... وَإِلَّا فَإِنِّي لَا أَخَالُكَ نَاجِيًا ".

واتە: هیشام لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: برایەکم مردوو لەگەڵ تەرمەکەیا ڕۆیشتین بۆ گۆڕستان؛ کاتێ پەردە کێشرا بەسەر گۆڕەکەدا صیلەی کوڕی ئەشیەم هات تا پەردەکەی بەرز کردەوە و دوایی گوتی: ئەی فلانە کەس!

ئەگەر لەم گۆڕە ڕزگارت ببێ لە گەورەتریش ڕزگارت دەبێ
ئەگەر لەم گۆڕە ڕزگارت نەبێ ڕزگاربوونی تۆ ئیتر هەیهاتە

١١٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، أَنْبَأَنَا ثَابِتٌ الْبُنَانِيُّ أَنَّ صِلَةَ بْنَ أَشْيَمَ كَانَ فِي مَغْزًى له وَمَعَهُ ابْنٌ له فَقَالَ: أَيْ بُنَيَّ تَقَدَّمْ فَقَاتِلْ حَتَّى أَحْتَسِبَكَ، فَحَمَلَ فَقَاتَلَ حَتَّى قُتِلَ رَحِمَهُ الله، ثُمَّ تَقَدَّمَ فَقُتِلَ فَاجْتَمَعَتِ النِّسَاءُ عِنْدَ امْرَأَتِهِ مُعَاذَةَ الْعَدَوِيَّةِ فَقَالَتْ: مَرْحَبًا إِنْ كُنْتُنَّ لِتُهَنِّئْنَنِي فَمَرْحَبًا، وَإِنْ كُنْتُنَّ جِئْتُنَّ لِغَيْرِ ذَلِكَ فَارْجِعْنَ ".

واتە: ثابتی بوونانی گێڕایەوە کە صیلەی کوڕی ئەشیەم لە غەزایەک بوو؛ کوڕەکەیشی لەگەڵدا بوو؛ بە کوڕەکەی گوت: ئادەی کوڕم! بڕۆ بجەنگە ئەوەندە بجەنگە تا دەبیتە توێشو بۆ قیامەتم! کوڕەی هێرشی بردو ئەوەندە جەنگا هەتا شەهید کرا؛ دوایی خۆی هێرشی کرد و ئەویش شەهید کرا؛ ژنان کۆبوونەوە و ڕۆیشتن بۆ لای ژنەکەی صیلە کە ناوی موعازەی عەدەوی بوو؛ موعازە بە ژنەکانی گوت: ئەگەر بۆ ئەوە هاتون پیرۆزباییم لێ بکەن؛ ئەوە

بەخێربێن؛ ئەگەریش بۆ سەرەخۆشی و دڵنەوایی هاتوون بگەڕێنەوە!

١١٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ فُضَيْلٍ، حَدَّثَنَا أَبِي قَالَ: كَانَتْ مُعَاذَةُ الْعَدَوِيَّةُ إِذَا جَاءَ النَّهَارُ قَالَتْ: هَذَا يَوْمِي الَّذِي أَمُوتُ فِيهِ فَمَا تَنَامُ حَتَّى تُمْسِيَ وَإِذَا جَاءَ اللَّيْلُ قَالَتْ: هَذَا لَيْلِيَ الَّذِي أَمُوتُ فِيهِ فَلَا تَنَامُ حَتَّى تُصْبِحَ وَإِذَا جَاءَ الْبَرْدُ لَبِسَتِ الثِّيَابَ الرِّقَاقَ حَتَّى يَمْنَعَهَا الْبَرْدُ مِنَ النَّوْمِ ".

واتە: موحەممەدی کوڕی فوزەیل دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: باوکم بۆی گێرامەوە فەرمووی: هەر کاتێ ڕۆژ بوایەتەوە موعازەی عەدەوی دەیگوت: ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە من تێیدا دەمرم! .. ئیتر موعازە ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە نەدەنووست! کاتێکیش شەو دادەهات موعازە دەیگوت: ئەمە ئەو شەوەیە کە من تێیدا دەمرم! ئیتر ئەوشەوە تا بەیانی نەدەنووست.. کاتێ کاتی سەرما دەهات پۆشاکی تەنکی لەبەر دەکرد بۆ ئەوەی سەرما نەهێڵێ خەوی لێ بکەوێ.

١١٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ، أَنْبَأَنَا يُونُسُ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ أَبُو الصَّهْبَاءِ صِلَةُ بْنُ أَشْيَمَ: طَلَبْتُ الدُّنْيَا مِنْ مَظَانِّ حَلَالِهَا، فَجَعَلْتُ لَا أُصِيبُ فِيهَا إِلَّا قُوتًا، أَمَّا أَنَا فَلَا أُعِيلُ فِيهِ وَأَمَّا هُوَ فَلَا يُجَاوِزُنِي، فَلَمَّا رَأَيْتُ ذَلِكَ قُلْتُ: أَيْ نَفْسُ، جُعِلَ رِزْقُكِ كَفَافًا فَأَرْبِعِي فَرَبَعَتْ وَلَمْ تَكَدْ ".

واتە: لە حەسەنەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: باوکی صەهبا واتە: صیلەی کوڕی ئەشیەم فەرمووی: من بە حەڵاڵی بو دوای دونیادا گەڕاووم؛ بۆم دەرکەوت کە تەنیا بەشی بژێوی خۆمم دەست دەکەوێ؛ ئیتر نە من بە دوایا دەگەڕێم و نە ئەویش شوێن من دەکەوێت! جا کە ئەوەم بینی بە نەفسی خۆم گوت: هەی نەفسەکەم! ئەوەتا ڕزق و ڕۆزیت هەر ئەوەندەیە کە بەشت بکات! ئیتر بەزەییت بە خۆتا بێتەوە و خۆت مەپڕوکێنە! ئیتر نەفسم ئارام بویەوە و بەزەیی بە خۆیا هاتەوە و خۆی ماندوو نەکرد بە دوای ڕزق و ڕۆزیدا.

١١٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي هَارُونُ بْنُ عَبْدِ الله، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ الْبُنَانِيُّ قَالَ: كَانَ صِلَةُ بْنُ أَشْيَمَ يَخْرُجُ إِلَى الْجَبَّانَةِ فَيَتَعَبَّدُ فِيهَا فَكَانَ يَمُرُّ عَلَيْهِ شُبَّانٌ يَلْهُونَ وَيَلْعَبُونَ قَالَ: فَيَقُولُ لَهُمْ: أَخْبِرُونِي عَنْ قَوْمٍ أَرَادُوا سَفَرًا فَحَادُوا النَّهَارَ عَنِ الطَّرِيقِ وَبَاتُوا بِاللَّيْلِ مَتَى يَقْطَعُونَ سَفَرَهُمْ؟ قَالَ: فَكَانَ كَذَلِكَ يَمُرُّ بِهِمْ فَيَعِظُهُمْ قَالَ: فَمَرَّ بِهِمْ ذَاتَ يَوْمٍ فَقَالَ لَهُمْ هَذِهِ الْمَقَالَةَ، فَقَالَ شَابٌّ مِنْهُمْ: يَا قَوْمُ إِنَّهُ وَالله مَا يَعْنِي بِهَذَا غَيْرَنَا نَحْنُ بِالنَّهَارِ نَلْهُو وَبِاللَّيْلِ نَنَامُ،

ثُمَّ اتَّبَعَ صِلَةَ فَلَمْ يَزَلْ يَخْتَلِفُ مَعَهُ إِلَى الْجَبَّانَةِ وَيَتَعَبَّدُ مَعَهُ حَتَّى مَاتَ ".

واتە: ثابتی بوونانی دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: صیلەی کوڕی ئەشیەم دەڕۆیشت بۆ ئەو دەرو دەشتە لەوێ خواپەرستی دەکرد؛ لەوێ کۆمەڵی گەنج و لاو دەیاندا بەلایاو خەریکی گەپ و گاڵتەو یاری دەبوون؛ صیلە بە گەنجەکانی دەگوت: ئادەی ئێوە باسی کەسانێکم بۆ بکەن کە دەیانەوێ سەفەر بکەن؛ بەڕۆژا لە ڕێگە لادەدەن و بە شەویش دەخەون؛ باشە ئەوانە کەی دەگەن بە جێگای مەبەست؟ جا کاتێ ئەو کوڕوکاڵانە بە لای صیلەدا تێدەپەڕین صیلە ئامۆژگاری دەکردن.. دەفەرموێت: ڕۆژێک بە لای صیلەدا تێپەڕین و هەمان قسەی بۆ دوبارە کردنەوە؛ یەکێک لە گەنجەکان گوتی: کورە کوڕینە بەخوا ئەم پیاوە خۆمانی مەبەستە؛ ئێمە بە ڕۆژا خەریکی گەپ و گاڵتەو یاری کردنین و شەوانیش هەر خەریکی خەوتنین! جا ئەو کوڕە گەنجە (وازی لە هاوڕێکانی هێناو) شوێن صیلە کەوت و هەتا مردن لەگەڵ ئەوا لەو دەرو دەشتە هەر خەریکی خواپەرستی بوو.

١١٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَرٍ، حَدَّثَنَا عَوْفٌ، عَنْ أَبِي السَّلِيلِ قَالَ: حَدَّثَهُ ابْنُ أَشْيَمَ قَالَ: كُنْتُ أَسِيرُ عَلَى دَابَّةٍ بِهَذِهِ الْأَهْوَازِ إِذْ جُعْتُ جُوعًا شَدِيدًا فَلَمْ أَجِدْ أَحَدًا يَبِيعُنِي طَعَامًا وَجَعَلْتُ أَتَحَرَّجُ أَنْ أُصِيبَ مِنْ أَحَدٍ مِنَ الطَّرِيقِ شَيْئًا قَالَ: فَبَيْنَا أَنَا أَسِيرُ قَالَ: حَسِبَ أَنَّهُ قَالَ: أَدْعُو رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ وَأَسْتَطْعِمُهُ إِذْ سَمِعْتُ وَجْبَةً خَلْفِي، فَالْتَفَتُّ فَإِذَا أَنَا بِمِنْدِيلٍ أَبْيَضَ فَنَزَلْتُ عَنْ دَابَّتِي فَأَخَذْتُ الثَّوْبَ فَإِذَا فِيهِ دَوْخَلَةٌ مِنْ رُطَبٍ قَالَ: فَأَخَذْتُهُ وَرَكِبْتُ دَابَّتِي وَأَكَلْتُ مِنْهُ حَتَّى شَبِعْتُ، وَأَدْرَكَنِي الْمَسَاءُ فَنَزَلْتُ إِلَى رَاهِبٍ فِي دَيْرٍ لَهُ فَحَدَّثْتُهُ الْحَدِيثَ فَاسْتَطْعَمَنِي مِنَ الرُّطَبِ فَأَطْعَمْتُهُ رُطَبَاتٍ قَالَ: ثُمَّ إِنِّي مَرَرْتُ عَلَى ذَلِكَ الرَّاهِبِ فَإِذَا نَخَلَاتٌ حِسَانٌ جُهَّالٌ قَالَ: إِنَّهُنَّ لَمِنْ رُطَبَاتِكَ الَّتِي أَطْعَمْتَنِي وَجَاءَ بِالثَّوْبِ إِلَى أَهْلِهِ فَكَانَتِ امْرَأَتُهُ تُرِيهِ النَّاسَ ".

واتە: لە باوکی سەلیلەوە دەگێڕنەوە کە کوڕی ئەشیەم بۆی گێڕایەوە و فەرمووی: من لە ئەهواز سواری وولاخێک بووم؛ دەڕۆیشتم؛ برسیم بوو؛ برسێتی زۆری بۆ هێنام؛ هیچ کەسێکم دەست نەکەوت کەمێک خواردنم پێ بفرۆشێ؛ هەر بو دوای ئەوەدا دەگەڕام کە کەسێ لەو سەرەڕێگایەدا شتێکم پێ بفرۆشێت؛ جا هەروا دەڕۆیشتم لەخوا دەپاڕامەوە و داوای خواردنم لێ دەکرد؛ گوێم لێبوو لە پشتمەوە شتێک کەوت؛ لام کردەوە بینیم چارۆکەیەکی سپییە؛ لە وولاخەکەم دابەزیم چارۆکەکەم هێنا دەبینم بەرچینەیەک خورمای تەڕی تیایە؛ خورماکەم هەلگرت و سواری وولاخەکەم بووم و دەستم بە خورما خواردن کرد تا تێر بووم؛ جا ئێوارەم بەسەرا هات؛ ڕۆیشتم بۆ لای ڕاهیبێک کە لە دێرێکا بوو؛ منیش

ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە؛ ئەویش داوای هەندێک لەو خورمایەی لێ کردم و منیش هەندێکم پێدا.. دوای ماوەیەکی زۆر دیسان بە لای ئەو دێرەدا تێپەڕیم بینیم چەند دارخورمایەکی جوان لە نزیك دێرەکە ڕواوە؛ ڕاهیبەکە گوتی: ئەو ناوکی ئەو چەند خورمایەیە کە تۆ کاتی خۆی بە منت دا.. چارۆکەکەیشی ناردبویەوە بۆ ماڵەوە؛ خەڵکی بینیبویان کە ژنەکەی کردوویەتی بە-کراس و لەبەری کردووە.

١١٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَر، حَدَّثَنِي عَوْفٌ، عَنْ أَبِي السَّلِيل قَالَ: كُنْتُ أَتَّبِعُ صِلَةَ بْنَ أَشْيَمَ فَأَتَعَلَّمُ مِنْهُ قَالَ: قُلْتُ له يَوْمًا عَلِّمْنِي شَيْئًا أَعْهَدُ إِلَيَّ شَيْئًا أَوْصِنِي بِشَيْءٍ قَالَ: افْعَلْ انْتَصِحْ كِتَابَ الله وَانْصَحِ الْمُسْلِمِينَ وَكَثِّرْ فِي دَعْوَةِ الله عَزَّ وَجَلَّ وَإِيَّاكَ لَا تُهْلِكَنَّكَ دَعْوَةُ الْعَامَّةِ وَلَا تَكُونَنَّ قَتِيلَ الْعِصِيِّ وَإِيَّاكَ وَقَوْمًا يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ عَلَى إِيمَانٍ دُونَ الْمُؤْمِنِينَ قَالَ: قُلْتُ: مَنْ هُمْ؟ قَالَ: هُمْ هَذِهِ الْحَرُورِيَّةُ الْخَبِيثَةُ".

واتە: عەوف لە باوکی سەلیلەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من شوێن صیلەی کوڕی ئەشیەم دەکەوتم و شتی لێ فێر دەبوم؛ ڕۆژێک پێمگوت: شتێکم فێر بکەو بەڵێنی شتێکم لێ وەربگرەو ئامۆژگاریەکیشم بکە! فەرمووی: باشە! من قورئانت فێر دەکەم و ئامۆژگاری موسوڵمانانی پێ بکەو لە پێناو خوای گەورەدا بانگەوازێکی زۆر بکەو نەکەی ببیتە لەناوچونی بانگخوازیی خەڵکانێکی زۆر؛ نەکەی ببیتە کوشتەی تاوان.. نەکەی یەکێک بیت لەو کەسانەی کە وادەزان هەر خۆیان باوەڕدارن و ئیتر خەلکیتر هیچ! دەفەرموێت: گوتم: ئەوانە کێن؟ فەرمووی: ئەم حەرورییە پیسانەن!

١١٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ، عَنْ ضَمْرَةَ، عَنِ ابْنِ شَوْذَبٍ قَالَ: قَالَتْ مُعَاذَةُ: مَا كَانَ صِلَةُ يَجِيءُ مِنْ مَسْجِدِ بَيْتِهِ إِلَى فِرَاشِهِ إِلَّا حَبْوًا يَقُومُ حَتَّى يَفْتُرَ فَمَا يَجِيءُ إِلَى فِرَاشِهِ إِلَّا حَبْوًا".

واتە: کوڕی شەوزەب دەفەرموێت: موعازە گوتی: صیلە بە گاگۆڵکێ نەبوایە لە شوێنی نوێژکردنەکەی خۆیەوە نەدەهاتە سەر جێگای نووستن؛ ئەوەندە شەونوێژی دەکرد تا تەواو کفت و مانوو دەبوو؛ ئیتر بە گاگۆڵکێ نەبێ نەیدەتوانی بێتە سەر جێگای پشودان.

١١٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّارٍ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا أَبُو عِمْرَانَ الْجَوْنِيُّ، حَدَّثَنَا جُنْدَبُ بْنُ عَبْدِ الله قَالَ: أَتَيْتُ الْمَدِينَةَ ابْتِغَاءَ الْعِلْمِ فَلَمَّا دَخَلْتُ مَسْجِدَ رَسُولِ الله صَلَّى الله

عَلَيْه وَسَلَّمَ إذَا النَّاسُ حَلَقًا يَتَحَدَّثُونَ فَجَعَلْتُ أَمْضِي الْحلقَ حَتَّى انْتَهَيْتُ إلَى حَلْقَة فيهَا رَجُلٌ شَابٌّ في ثَوْبَيْن كَأَنَّمَا قَدمَ منْ سَفَر فَسَمعْتُهُ يَقُولُ: هَلَكَ أَهْلُ الْعُقْدَة وَرَبِّ الْكَعْبَة وَلَا آسَى عَلَيْهِمْ قَالَ: فَجَلَسْتُ إلَيْه فَحَدَّثَ مَا قُضيَ له ثُمَّ قَامَ فَقُلْتُ: مَنْ هَذَا؟ قَالُوا: سَيِّدُ الْمُسْلمينَ أُبَيُّ بْنُ كَعْب، فَاتَّبَعْتُهُ حَتَّى أَتَى مَنْزله فَإذَا هُوَ رَثُّ الْمَنْزل رَثُّ الهيْئَة رَجُلٌ زَاهدٌ مُنْقَطعٌ يُشْبهُ أَمْرُهُ بَعْضُهُ بَعْضًا، فَسَلَّمْتُ عَلَيْه فَرَدَّ عَلَيَّ السَّلَامَ ثُمَّ سَأَلَني، فَقَالَ: ممَّنْ أَنْتَ؟ قُلْتُ: منْ أَهْل الْعرَاق قَالَ: أَكْثَرُ شَيْء سُؤَالًا قَالَ: فَغَضبْتُ فَاسْتَقْبَلْتُ الْقبْلَةَ وَجَثَوْتُ عَلَى رُكْبَتَيَّ فَرَفَعْتُ يَدَيَّ هَكَذَا ثُمَّ قُلْتُ: اللهمَّ إنَّا نَشْكوو إلَيْكَ أَنَّا نُنْفقُ نَفَقَاتنَا وَنُتْعبُ أَبْدَاننَا وَنُرْحلُ مَطَايَانَا ابْتغَاءَ الْعلْم، فَإذَا لَقينَاهُمْ يَجْهَلُونَا وَقَالُوا لَنَا.. قَالَ: فَبَكَى أُبَيٌّ بُكَاءً كَثيراً وَجَعَلَ يَتَرَضَّاني فَيَقُولُ: وَيْحَكَ لَمْ أَذْهَبْ هُنَاكَ ثُمَّ قَالَ: اللهمَّ إني أُعَاهدُكَ لَئنْ بَقيتُ إلَى يَوْم الْجُمُعَة لَأَتَكَلَّمَنَّ بمَا سَمعْتُ منْ رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ لَا تَأْخُذُني فيه لَوْمَةُ لَائم قَالَ: فَلَمَّا سَمعْنَا الْكَلَامَ منْهُ انْصَرَفْتُ وَجَعَلْتُ أَنْتَظرُ الْجُمُعَةَ فَخَرَجْتُ يَوْمَ الْخَميس وَإذَا السِّكَكُ غَاصَّةٌ منَ النَّاس لَا أَجدُ سكَّةً إلَّا تَلْقَاني منْهَا النَّاسُ قُلْتُ: مَا هَذَا؟ قَالُوا: إنَّا نَرَاكَ رَجُلًا غَريبًا، قُلْتُ: أَجَلْ قَالَ: مَاتَ سَيِّدُ الْمُسْلمينَ أُبَيُّ بْنُ كَعْب رَضيَ الله عَنْهُ قَالَ: فَلَمَّا قَالُوا ذَلكَ حَزنْتُ وَاسْتَرْجَعْتُ، قَالَ جُنْدُبٌ: فَلَقيتُ أَبَا مُوسَى فَحَدَّثْتُهُ بهَذَا، فَقَالَ: وَانَفْسَاهُ أَلَا يَكُونُ حَيًّا يُبَلِّغُنَا مَقَالَتَهُ رَحْمَةُ الله عَلَيْه هُوَ عَبْدٌ أَرَادَ الله عَزَّ وَجَلَّ سَتْرَهُ ".

واته: جوندوبی کوڕی عەبدوڵڵا دەفەرموێت: ڕۆشتم بۆ مەدینە بۆ فێربوونی زانست؛ جا کە ڕۆیشتمە ناو مزگەوتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بینیم خەڵکی بازنەیان بەستووە و قسە دەکەن؛ منیش ڕۆیشتم تا گەیشتمە کۆمەڵێ کە لە دەوری گەنجێکا بازنەدایان بەستبوو؛ گەنجەکە دوو دەست پۆشاکی لەبەر بوو؛ دەتگوت لە سەفەر گەڕاوەتەوە؛ گوێم لێبوو دەیگوت: بەخوای کەعبە ئەوانەی کە کاربەدەستن تیاچوون! خەفەتیشیان بۆ ناخۆم.. جوندوب دەفەرموێت: من لای ئەوا دانیشتم و ئەوەندەی کە خوای گەورە بە نسیبی کرد؛ قسەی کرد و دوایی هەستا، من گوتم: ئەمە کێیە؟ گوتیان: ئەوە گەورە و سەییدی موسوڵمانانە؛ ئوبەیی کوڕی کەعبە! جا شوێنی کەوتم تا گەیشتەوە ماڵی خۆیان؛ دەبینم ماڵێکی زۆر هەژارانەی هەیە؛ پیاوێکی دونیانەویست بوو؛ خۆی لە دونیا دابڕاندبوو؛ کارەکانی وەک یەک دەچون؛ منیش سڵاووم لێ کرد ووەڵامی سەلامەکەی منی دایەوە؛ دوایی لە منی پرسی: تۆ خەڵکی کوێی؟ گوتم: خەڵکی عێراقم! فەرمووی: ئەوانەی کە لە هەمووان زیاتر پرسیار دەکەن! جوندوب دەفەرموێت: بەو قسەیە تووڕە بووم و کەوتمە سەر ئەژنۆو هەردو دەستم ئاوا بەرز کردەوە و گوتم: خوایە! ئێمە سکاڵای خۆمان دێنینە لای تۆ! ئێمە سەروەت و سامانی خۆمان بۆیە خەرج دەکەین و خۆمان ئەزیەت دەدەین و کۆڵ و بار دەپێچینەوە و سەفەر دەکەین؛ بۆ

ئەوەی زانست فێر ببین؛ کاتێکیش دەگەین بە زانایان بە نەزانمان دەزانن و ئاوامان پێ دەڵێن! جوندوب دەڵێ: ئوبەی دەستی بە گریان کرد و زۆر گریاو بەردەوام داوای گەردن ئازایی لێ دەکردم؛ دەیگوت: ئەی هاوار لێر لاناچم (تا گەردنم ئازا نەکەی) دوایی فەرمووی: خوایە من پەیمانت پێ دەدەم ئەگەر هەتا هەینیی داهاتو مام و نەمردم ئەوا ئەو فەرمودانە بۆ ئەم گورە . دەگێڕمەوە کە لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە! با سەرکۆنەی هیچ سەرکۆنەکەرێکم نەیەتە سەر! دەفەرموێت: جا کە ئەو قسەیەم لێ بیست ئیتر ڕۆیشتم و چاوەڕێی ڕۆژی هەینیم دەکرد؛ ڕۆژی پێنج شەممە ڕۆیشتمە دەرەوە و دەبینم هەرچی کۆڵانە جمەی دێ لەگەڵ خەڵکا؛ بەرو هەرکوێ دەڕۆیشم پڕبوو لە خەڵکی؛ گوتم: ئەوە چییە؟ گوتیان: لەوە دەچێ تۆ کەسێکی غەریب بیت! گوتم: بەڵێ! گوتیان: ئەوە گەورەی موسوڵمانان ئوبەیی کوڕی کەعب مردووە! جا کە ئەوەم بیست زۆر خەفەتم خواردو گوتم: انا لله وانا اليه راجعون.. جوندوب دەفەرموێت: جا دوایی گەیشتمە باوکی مووساو ئەم ڕوداوەم بۆ گێرایەوە و گوتی: ئای ئای! خۆزگا زیندوو بوایەو ئەو فەرموودەیەی بۆ باس بکردینایە؛ ئوبەی بەندەی خوا بوو؛ خوای گەورە ویستی ستری بکات.

١١٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرِ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، عَنِ الْأَوْزَاعِيِّ، عَنْ بِلَالِ بْنِ سَعْد قَالَ: أَدْرَكْتُهُمْ يَشْتَدُّونَ بَيْنَ الْأَغْرَاضِ وَيَضْحَكُ بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ فَإِذَا كَانَ اللَّيْلُ كَانُوا رُهْبَانًا ".

واتە: بیلالی کوڕی سەعد دەفەرموێت: من هاوەڵانم بینی خەریکی کاروباری ڕۆژانەی خۆیان دەبوون و بەدەم یەکەوە پێدەکەنین؛ بەڵام کە شەو دادەهات هەموویان دەبوون بە ڕاهیب (واتە: شەوانە دەستیان دەکرد بە خواپەرستی و شەو تا بەیانی هەر خەریکی خواپەرستی بوون و نەتدەگوت ئەوانەن کە بە ڕۆژا خەریکی ارو باری ژیان بوون و بەدەم یەکەوە پێدەکەنین!).

١١٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ بَيَان، عَنِ ابْنِ عَجْلَانَ، عَنْ أَبِي عِيسَى قَالَ: قَالَ عَبْدُ الله رَحِمَهُ الله: إِنَّ مِنْ رَأْسِ التَّوَاضُعِ أَنْ تَرْضَى بِالدُّونِ مِنَ الْمَجْلِسِ، وَأَنْ تَبْدَأَ بِالسَّلَامِ مَنْ لَقِيتَ ".

واتە: لە کوڕی عەجلانەوە ئەویش لە باوکی عیساوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵا (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: سەری ملکەچی و خۆبەکەمزانی ئەوەیە کە بەوە ڕازی بیت لە خوارەوەی مەجلیس و کوڕو کۆبوونەوەدا دابنیشیت و گەیشتی بە هەر کەسێکیش سەلامی لێ بکەیت.

١١٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا حَفْصُ بْنُ غِيَاث، عَن ابْن عَوْن، عَنْ عَطَاء الْوَاسِطِيِّ، قَالَ عَنْ أَنَس قَالَ: لَا يَتَّقِي اللهَ عَبْدٌ حَتَّى يَخْزِنَ مِنْ لِسَانِه ".

واتە: عەتای واسیتی دەفەرموێت: ئەنەس فەرمووی: هیچ مرۆڤێک نابێ بە خاوەن تەقواو لەخواترس هەتا زمانی گیر نەدات (واتە: هەتا واز لە قسەی زیادەو ناپێویست نەهێنێت و جگە لە قسەی گرنگ و پێویست هیچ قسەیەکیتر نەکات).

١١٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، عَنْ هِشَام، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ أَبِيه، عَنْ مُحَارِب بْن دِثَار، عَنْ شُتَيْرِ بْن شَكَل، أَنَّ امْرَأَةً قَالَتْ له: يَا بُنَيَّ، فَقَالَ: وَلَدْتِينِي؟ قَالَتْ: لَا قَالَ: فَأَرْضَعْتِينِي؟ قَالَتْ: لَا قَالَ: فَلِمَ تَكْذِبِينَ ".

واتە: موحاریبی کوڕی دیثار لە شوتەیری کوڕی شەکەلەوە دەگێڕێتەوە کە ژنێک پێی گوتووە: کوڕم! ئەویش لە وەڵاما پێی گوتووە: تۆ منت هێناوەتە دونیا! ژنەکە گوتویەتی: نەخێر! گوتویەتی: ئەی شیرت پێداووم؟ ژنەکە گوتویەتی: نەخێر! گوتویەتی: دەی بۆچی درۆ دەکەی!

١١٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا أَبو أُسَامَةَ، عَنْ خَالِد بْن مَجْدُوع قَالَ: سَمِعْتُ أَنَسًا، يَقُولُ: إِذَا لَقِيتَ امْرَأَةً فَغَمِّضْ عَيْنَيْكَ حَتَّى تَمْضِيَ ".

واتە: لە خالیدی کوڕی مەجدوعەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: گوێم لە ئەنەس بوو دەیفەرموو: هەر کاتێ گەیشتی بە ژنێک چاوەکانت دابخە هەتا لەو ژنە تێدەپەڕی.

١١٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ الْمُبَارَك، عَنْ يُونُسَ، عَن الزُّهْرِيِّ قَالَ: أَخْبَرَنِي عُرْوَةُ، عَنْ أَبِيه، أَنَّ أَبَا بَكْر الصِّدِّيقَ، رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ وَهُوَ يَخْطُبُ النَّاسَ: يَا مَعْشَرَ الْمُسْلِمِينَ اسْتَحْيُوا اللهَ عَزَّ وَجَلَّ فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِه إِنِّي لَأَظَلُّ حِينَ أَذْهَبُ إِلَى الْغَائِط فِي الْفَضَاء مُغَطِّيًا رَأْسِي اسْتِحْيَاءً مِنْ رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: عوروە لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە کە ئەبوبەکری صدیق (خوای لێ ڕازی بێت) وتاری بۆ خەڵکی دەداو دەیفەرموو: ئەی موسوڵمانان! شەرم لە خوای گەورە بکەن؛ بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە من کاتێ دەچمە ئەو دەرو دەشتە بۆ سەرئاو کردن ئەوەندە شەرم لەخوا دەکەم لە شەرما شتێک دەدەم بەسەر سەری خۆما.

١١٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا شَرِيكٌ، عَنْ أَبِي إِسْحَاق، عَن الْبَرَاء، في قَوْله: ﴿قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ ۝٢٣﴾ الحاقة: ٢٣ قَالَ: أَهْلُ الْجَنَّة يَأْكُلُونَ فِيهَا منَ الثِّمَار كَيْفَ شَاءُوا قِيَامًا وَقُعُودًا وَجُلُوسًا وَتُكَاةً عَلَى كُلِّ حَال ".

واتە: بـاوكی ئیسـحاق لە بەرائەوە دەگێـڕێتەوە كە لە تەفسـیری ئـایەتی ﴿قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ ۝٢٣﴾ فەرمـوویەتی: بەهەشـتییەكان هەر جۆرێـک خۆیـان حەز بـكەن ئـاوا لە میـوە و بەروبـومی درەختەكانی بەهەشت دەخۆن، بە پێوە یان بە دانیشتنەوە یان بە پاڵكەوتنەوە؛ بە هەوۆر جۆرێک حەزیان لێبێت دەستیان بە میوەكان دەگات و لێیدەكەنەوە و دەیخۆن.

١١٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا شَرِيكٌ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ عَمْرِو بْنِ مَيْمُون، ﴿لَن تَنَالُوا الْبِرَّ﴾ آل عمران: ٩٢ قَالَ: الْجَنَّةَ ".

واتە: باوكی ئیسحاق لە عەمری كوڕی مەیمونەوە دەگێڕێتەوە كە لە تەفسیری ئایەتی ﴿لَن تَنَالُوا الْبِرَّ﴾ آل عمران: ٩٢. فەرموویەتی: مەبەست لە (البر) بەهەشتە.

١١٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا شَرِيكٌ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَن السَّائب بْن مَالك، عَنْ عَبْد الله بْن عُمَرَ، عَن النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: " دَخَلْتُ الْجَنَّةَ فَرَأَيْتُ أَكْثَرَ أَهْلهَا الْفُقَرَاءَ وَاطَّلَعْتُ في النَّار فَرَأَيْتُ أَكْثَرَ أَهْلهَا الأَغْنيَاءَ وَرَأَيْتُ فيهَا ثَلاثَةً يُعَذَّبُونَ: امْرَأَةٌ منْ حمْيَرَ طُوَالٌ رَبَطَتْ هرَّةً فَلَمْ تُطْعمْهَا وَلَمْ تَسْقهَا وَلَمْ تَدَعْهَا تَأْكُلُ منْ خَشَاش الأَرْض فَهيَ تَنْهَشُ قَلْبَهَا (قبلها) وَدُبُرَهَا، وَرَأَيْتُ أَخَا دُعْدُع الَّذي كَانَ يَسْرقُ الْحَاجَّ بمحْجَنه فَإِذَا فُطنَ له قَالَ: إِنَّمَا تَعَلَّقَ بمحْجَني، وَالَّذي سَرَقَ بَدَنَتَيْ رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ ".

واتە: عەبـدوڵڵای كـوڕی عـومەر لە پێغەمـبەری خـوداوە (ﷺ) دەگێڕێتـەوە فەرمـوویەتی: ڕۆیشتمە ناو بەهەشتەوە بینیم زۆربەی ئەهلی بەهەشت هەژارەكانن؛ ئاگری دۆزەخیشم بینی؛ بـۆم دەركەوت زۆربەی دۆزەخییەكـان دەوڵەمەنـدەكانن؛ سـێ كەسیشـم بینـی لە دۆزەخـا سـزا دەدران: ژنێكی حیمیەری؛ ژنێكی باڵابەرز بوو؛ پشیلەیەكی بەستبویەوە نەخواردنی پێدابوو نە ئـاوی پێـدابوو نە بەرەڵڵایشـی كردبـوو خـۆی شـتێک بخـوات؛ تـا پشـیلەكە تۆپیبـوو؛ جـا پشـیلەكە بە چنگـووڵ لای پێشـەوەی ژنەكەی دەڕنیـیەوە (كـاتێ ژنەكە ڕووی وەردەگێـڕا پشیلەكە) بە چنگـووڵ لای پشـتەوەی ژنەكەی دەڕنییەوە.. هەروەها عەمری كوڕی لوحەییم

بینیی؛ عەمر لە مەککە بە گۆچانەکەی کەلوپەلی حاجییەکانی دەدزی؛ ئەگەر کەسێک پێی بزانیایە دەیگوت: ئەوە سەری گۆچانەکەم خۆی گیراوەتەوە کۆڵ و بارەکەت.. هەر ئەو عەمرە بوو کە دوو وشترەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دزی.

١١٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا شَرِيكٌ، عَنْ أَبي إِسْحَاقَ، عَنْ أَبي سَلَمَةَ قَالَ: أَحَبُّ الأَعْمَالِ إِلَى رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَا دِيمَ عَلَيْهِ وَإِنْ قَلَّ ".

واتە: باوکی ئیسحاق لە باوکی سەلەمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: خۆشەویسترین **کار و کردەوە بە لای پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) ئەوە بوو کە مرۆڤ لەسەری بەردەوام بێت ئەگەرچی کەمیش بێت.**

١١٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا شَرِيكٌ، عَنْ عَاصِم، عَنْ أَبي وَائِل، عَنْ عَلْقَمَةَ قَالَ: قِيلَ له: أَلَا تَقُصُّ عَلَيْنَا قَالَ: إِنِّي لَأَكْرَهُ أَنْ آمُرَكُمْ بِمَا لَا أَفْعَلُ ".

واتە: باوکی وائیل لە عەلقەمەوە ئەوەی گێڕاوەتەوە کە پێی گوتراوە: ئەوە شتێکمان بۆ ناگێڕیتەوە؟ ئەویش فەرموویەتی: من پێم ناخۆشە شتێکتان پێ بڵێم و خۆم نەیکەم.

١١٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا شَرِيكٌ، عَنْ سِمَاك بْنِ حَرْب، عَنْ زَوْج دُرَّةَ، عَنْ دُرَّةَ، قَالَتْ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ الله مَنْ أَتْقَى النَّاسِ لِله عَزَّ وَجَلَّ؟ قَالَ: آمَرُهُمْ بِالْمَعْرُوف وَأَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأَوْصَلهمْ للرَّحِم ".

واتە: مێردەکەی دوڕڕە لە دوڕڕەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: بە پێغەمبەری خودام (ﷺ) گوت: چ کەسێک لە هەمووان زیاتر خاوەن تەقوایەو لە خوای گەورە دەترسێ؟ فەرمووی: ئەوەی کە لە هەمووان زیاتر فرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە دەکات و پەیوەندی خزمایەتی جێبەجێ دەکات.

١١٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، وا بوو بَكْر بْنُ أَبي شَيْبَةَ قَالَا: حَدَّثَنَا أَبو أُسَامَةَ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ وَاصل الأَحْدَب قَالَ: رَأَى إِبْرَاهِيمُ أَمِيرَ حُلْوَانَ يَسِيرُ في رَدْع، فَقَالَ إِبْرَاهِيمُ: الْجَوْرُ في الطَّرِيق خَيْرٌ مِنَ الْجَوْرِ في الدِّين ".

واته: ئوسامە لە سوفیانەوە ئەویش لە واصلی ئەحدەبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئیبراهیم کاربەدەستی حولوانی بینی بە وولاخەکانییەوە بەناو کشتوکاڵێکا دەڕۆیشت؛ ئیبراهیم فەرمووی: ستەمکاری و ڕێگە کردن بە ناوی ڕێگریەوە لەوە باشترە مرۆڤ بە ناوی دینەوە ڕێگری بکات![1].

١١٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرٍ، حَدَّثَنَا أَبو الْأَحْوَصِ، عَنْ أَبِي غَيْلَانَ قَالَ: كَانَ مُطَرِّفُ بْنُ الشِّخِّيرِ يَقُولُ: اللهمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ السُّلْطَانِ وَشَرِّ مَا تَجْرِي بِهِ أَقْلَامُهُمْ.

واتە: باوکی غەیلان دەفەرموێت: موتەڕیفی کوڕی شیخخیر دەیفەرموو: خوایە من پەنات پێ دەگرم لە فیتنەو بەڵا و موسیبەتی دەسەڵاتدارو خراپەی ئەوەی کە بە نوکی پێنووسەکانیانا دێت.

١١٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرٍ، حَدَّثَنَا أَبو أُسَامَةَ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ أَبِي وَائِلٍ قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى عُبَيْدِ اللهِ بْنِ زِيَادٍ الْبَصْرَةَ وَقَدْ أُتِيَ بِجِزْيَةِ أَصْبَهَانَ ثَلَاثَةَ آلَافِ أَلْفٍ فَهِيَ مَوْضُوعَةٌ بَيْنَ يَدَيْهِ فَقَالَ: يَا أَبَا وَائِلٍ مَا تَقُولُ فِيمَنْ مَاتَ وَتَرَكَ مِثْلَ هَذِهِ؟ فَقُلْتُ: أَعْرِضْ بِهِ كَيْفَ إِنْ كَانَتْ مِنْ غُلُولٍ؟ قَالَ: ذَاكَ شَرٌّ عَلَى شَرٍّ ثُمَّ قَالَ: يَا أَبَا وَائِلٍ إِذَا أَنَا قَدِمْتُ الْكُوفَةَ فَائْتِنِي لَعَلِّي أُصِيبُكَ بِخَيْرٍ قَالَ: فَقَدِمَ الْكُوفَةَ فَأَتَيْتُ عَلْقَمَةَ فَأَخْبَرْتُهُ فَقَالَ: أَمَا إِنَّكَ لَوْ أَتَيْتَهُ قَبْلَ أَنْ تَسْتَشِيرَنِي لَمْ أَقُلْ لَكَ شَيْئًا فَإِذًا إِذَا اسْتَشَرْتَنِي فَإِنَّهُ يَحِقُّ عَلَيَّ أَنْ أَنْصَحَكَ مَا أُحِبُّ أَنَّ لِي أَلْفَيْنِ مَعَ أَلْفَيْنِ، وَإِنِّي أَكْرَمُ عَلَيْهِ؛ وَذَاكَ أَنِّي لَمْ أُصِبْ مِنْ دُنْيَاهُمْ شَيْئًا إِلَّا أَصَابُوا مِنْ دِينِي مَا هُوَ أَكْثَرُ مِنْهُ.

واتە: ئەعمەش لە باوکی وائیلەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە بەصرە ڕۆیشتم بۆ لای عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد؛ سێ هەزار هەزار (دینار یان دیرهەمیان) لە ئەصفەهانەوە بۆ هێنابوو کە سەرانە بوو لە خەڵکیان وەرگرتبوو؛ پارەکان لە بەردەمیا بوو؛ گوتی: باوکی وائیل! تۆ چی دەڵێی لە بارەی کەسێکەوە کە بمرێت و ئەمەندە پارەی لێ بەجێ بمێنێت؟ منیش گوتم: تۆ لەوە گەڕێ! ئەی ئەگەر داگیری بکات چۆنە؟ گوتی: ئەوە خراپە لەسەر خراپە! دوایی گوتی: باوکی وائیل! ئەگەر چومەوە کوفە لەوێ وەرە بۆ لام بەڵکوو هەندێ شتت پێ بدەم! دەفەرموێت: ئەو ڕۆیشتەوە بۆ کوفەو دوایی منیش ڕۆیشتم بۆ لای عەلقەمەو ئەو ڕوداوەم بۆ

[1] لە ژێر تیشکی ڕیوایەتی ابن ابي شیبە ئەم ڕیوایەتەمان کردە کوردی کە لەوێدا ئاوایە: عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ وَاصِلٍ قَالَ: رَأَى إِبْرَاهِيمُ أَمِيرَ حُلْوَانَ يَمُرُّ بِدَوَابِّهِ فِي زَرْعٍ فَقَالَ: الْجَوْرُ فِي طَرِيقٍ خَيْرٌ مِنَ الْجَوْرِ فِي الدِّينِ.

گێڕایەوە؛ عەلقەمە فەرمووی: ئەوە ئەگەر پێش ئەوەی ڕاوێژ بەمن بکەی چوبای بۆ لای عوبەیدوڵڵا ئەوا هیچم پێ نەدەگوتی؛ بەڵام ئێستا کە ڕاوێژم پێ دەکەی ئەوە مافی خۆتەو پێویستە لەسەرم کە ئامۆژگاریت بکەم؛ من خۆم پێم خۆش نییە دوو هەزار هەزارم هەبێت و بەرێزترین کەس بم بە لای عوبەیدوڵڵاوە! چونکە دەزانم ئەوانە ئەگەر کەمێک لە دونیام پێ ببەخشن زۆر لەوە زیاتر ئایینم لێ دەسێننەوە!

١١٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ فُضَيْل، عَن السَّلْط بْن مَطَر الْعِجْلِيِّ، عَنْ عَلِيٍّ الْمُرَادِيِّ، عَنْ مُعَاذ قَالَ: يَكُونُ فِي آخِرِ الزَّمَانِ قُرَّاءٌ فَسَقَةٌ وَوُزَرَاءُ فَجَرَةٌ وَأُمَنَاءُ خَوَنَةٌ وَعُرَفَاءُ ظَلَمَةٌ وَأُمَرَاءُ كَذَبَةٌ.

واتە: سەلتی کوڕی مەتەر لە عەلی موورادی ئەویش لە موعازەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە کۆتایی دونیادا قورئان خوێنی خراپەکار و فاسق و وەزیری خراپەکار و دەستپاکی خیانەتکار و پیاوباشی ستەمکار و سەرکردەی درۆزن پەیدا دەبن. (واتە: قورئان دەخوێنن کەچی فاسقن؛ وەزیرن کەچی خراپەکارن؛ خەڵکی بە دەستپاکیان دەزانێ کەچی خیانەتکارن؛ خەڵکی بە پیاوی چاک و دادپەروەریان دەزانن کەچی ستەمکاران؛ سەرکردەن و لەگەڵ خەڵکدا درۆ دەکەن؛ کەواتە قیامەت نزیک بووەتەوە؛ چونکە ئێستا ئەم نیشانانە زۆریان دەرکەوتوون).

١١٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا الْأَحْوَصُ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ أَبِي الْعَالِيَة قَالَ: كُنْتُ عِنْدَ عَائِشَةَ وَعِنْدَهَا نِسْوَة فَأَتَاهَا سَائِلٌ فَأَمَرَتْ له بِحَبَّة مِنْ عِنَب، فَتَعَجَّبْنَ النِّسْوَةُ فَقَالَتْ: إِنَّ فِيهَا ذَرًّا كَثِيراً.

واتە: باوکی عالیە دەفەرموێت: لە خزمەت دایە عائیشە بووم چەند ژنێکی لابوو؛ دەرۆزەکەرێک هات و داوای شتی لێ کرد وفرمانی کرد دەنکە ترێیەکیان بۆ برد؛ ژنەکان سەریان سوڕماو دایە عائیشە فەرمووی: ئەوە مێرولەش تێیداوە (واتە: مرۆڤ ئەگەر کەسێک ڕوی لێ ناو داوای شتێکی لێ کرد؛ هەر شتێکی لەبەردەستا بوو؛ دەرۆزەکەرەکە بێبەش نەکات ئەگەرچی ئەو شتە کەم و بێ نرخیش بێت؛ لەو کاتەدا دایە عائیشە هەر ئەوەی لە ماڵ هەبووە و داویەتی بەو دەرۆزەکەرەو بە دەستی خاڵی نەیگەڕاندووەتەوە).

١١٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ آدَم، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ أَبِيه، عَنْ عِكْرِمَةَ قَالَ: قَالَ لُقْمَانُ رَحِمَهُ الله: إِنَّ ذَا الْوَجْهَيْنِ لَا يَكُونُ عِنْدَ الله أَمِينًا.

واتە: سوفیان لە باوکییەوە ئەویش لە عیکریمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لوقمان (خوای لێ ڕاوی بێت) فەرموویەتی: بەڕاستی مرۆڤی دووڕوو لای خوای گەورە ئەمین نییە.

١١٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْقَاسِمُ بنُ مُحَمَّد الْعَبْسِيُّ، حَدَّثَنَا أَبو دَاوُدَ الطَّيَالسِيُّ، عَنْ عمْرَانَ الْقَطَّان، عَنْ قَتَادَةَ، عَنْ يَزيدَ بْن عَبْد الله بْن الشِّخِّير، عَنْ حَنْظَلَةَ الْأَسَديِّ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «لَوْ كُنْتُمْ تَكُونُونَ كَمَا أَنْتُمْ عِنْدي لَأَظَلَّتْكُمُ الْمَلَائكَةُ بأَجْنحَتهَا» .

واتە: یەویدی کوڕی عەبدوڵڵا لە حەنزەلەی ئەسەدییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: **پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەگەر ئێوە هەموو** کاتێک بەو جۆرە بن **کە** لای منن (واتە: **هەموو کاتێک بیرو باوەڕتان وەک ئەو کاتە بەهێز بێت کە لە لای منن) ئەوا فریشتەکانی خوای گەورە بە باڵەکانیان سێبەریان بۆ دەکردن.**

١١٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْقَاسمُ بْنُ مُحَمَّد، حَدَّثَنَا عَبْدُ السَّلَام بْنُ حَرْب، عَنْ لَيْث، عَنْ مُجَاهد، ﴿ فَإِنَّهُۥ كَانَ لِلْأَوَّٰبِينَ غَفُورٗا ﴾ الإسراء: ٢٥ قَالَ: يُذْنبُ سرًّا وَيَتُوبُ سرًّا.

واتە: عەبدولسەلامی کوڕی حەرب لە لەیثەوە ئەویش لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە کە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ﴿ فَإِنَّهُۥ كَانَ لِلْأَوَّٰبِينَ غَفُورٗا ﴾ الإسراء: ٢٥ فەرموویەتی: بە نهێنی تاوان دەکات و هەر بە نهێنییش تەوبە دەکات.

١١٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو كُرَيْب، حَدَّثَنَا جَابرُ بْنُ نُوح، عَن ابْن أَبي خَالد، عَن الْمنْهَال بْن عَمْرو قَالَ: قَالَ إبْرَاهيمُ عَلَيْه السَّلَامُ: مَا كُنْتُ في أَيَّام أَنْعَمَ منِّي حينَ أُلْقيتُ في النَّار.

واتە: لە مینهالی کوڕی عەمرەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: هیچ ڕۆژانێک هێندەی ئەو ڕۆژانە لە خۆشیدا نەبوم کە فڕێدرابومە ناو ئاگرەکەوە.

١١٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا ابْنُ نُمَيْر، حَدَّثَنَا حَفْصُ بْنُ غيَاث، عَن الْأَعْمَش، أَنَّ شُرَيْحًا، مَرَّ عَلَى قَوْم يَلْعَبون يَوْمَ عيد فَقَالَ: مَا بهَذَا أُمرَ الْفَارغُ، وَقَالَ جَاءَ سَائلٌ إلَى شُرَيْح فَقَالَ: اجْلسْ إنَّمَا أَنْتَ تَاجرٌ.

واتە: ئەعمەش دەگێڕێتەوە کە جەژنێک شورەیح بە لای کەسانێکا تێپەڕی یارییان دەکرد؛ فەرمووی: مرۆڤی بێکار فرمانی ئەم کارانەی پێ نەکراوە! دەفەرموێت: دەرۆزەکەرێک هات بۆ لای شورەیح؛ شورەیح پێی گوت: دانیشە، تۆ بازرگانیت.

١١٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو سَعيد، حَدَّثَنَا أَبو خَالد الأَحْمَرُ، حَدَّثَنَا شَيْخٌ، مُنْذُ أَرْبَعينَ سَنَةً، عَنِ الضَّحَّاكِ قَالَ: يَأْتي عَلَى النَّاسِ زَمَانٌ تَكْثُرُ فيه الأَحَاديثُ حَتَّى يَبْقَى الْمُصْحَفُ عَلَيْه الْغُبَارُ لاَ يُنْظَرُ فيه.

واتە: بـاوکی خالیـدی ئەحـمەر گێڕایەوە کە چـل سـاڵ لەمەوبەر پیاوێـک لە زەححـاکەوە گێرایەوە فەرموویەتی: سەردەمێ: دێت بەسەر خەڵکدا قسە کردن زۆر دەبێت و قورئانەکان تەپوتۆزیان لەسە دەنیشێت و کەس نایانخوێنێتەوە.

١١٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني مُحَمَّدُ بْنُ عَبْد الله بْن نُمَيْر، حَدَّثَنَا حَفْصُ بْنُ غيَاث، عَنْ لَيْث، عَنْ طَاوُس قَالَ: أَحْسَنُ النَّاس صَوْتًا بِالْقُرْآن أَخْشَاهُمْ لله عَزَّ وَجَلَّ.

واتە: لەیـث لە تاووسـەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: دەنگخۆشـترین دەنـگ بـۆ قورئانخوێندنەوە دەنگی ئەو کەسەیە کە لە هەمووان زیاتر لەخواترسە.

١١٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْد الله بْن نُمَيْر، حَدَّثَنَا حَفْصٌ، عَنْ عُبَيْد الله، عَن الْقَاسم قَالَ: كُلُّ شَيْء أَلهى عَنْ ذكْر الله عَزَّ وَجَلَّ وَعَن الصَّلاَة فَهُوَ مَيْسرٌ.

واتە: عوبەیدوڵڵا لە قاسمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەر شـتێک کە مـرۆڤ لە یـاد و زیکـری خـوداو لە نـوێژ کـردن دوور بخـاتەوە؛ ئەوە قومـارە (واتە: هەر شـتێک مـرۆڤ لە خواپەرستی دوور بخاتەوە ئەوە دەچێتە خانەی قومارەوە).

١١٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا أَبو أُسَامَةَ، عَنْ زَكَرِيَّا، عَنْ أَبي إِسْحَاقَ، عَنْ عَبْد الرَّحْمَن بْن عَوْسَجَةَ، عَنْ عَلْقَمَةَ، عَنْ عَبْد الله قَالَ: الْجَنَّةُ سَجْسَجٌ لاَ حَرَّ فيهَا وَلاَ قَرَّ.

واتە: باوکی ئیسحاق لە عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوسەجەوە ئەویش لە عەلقەمەوە ئەویش لە عەبدوڵلاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەهەشت خاکەکەی نە ڕەقە نە ئەوەندە نەرمە مرۆڤ تێیدا بچەقێ؛ نە شەوە نە نیوەڕۆیە؛ نە گەرمای تێدایە نە سەرما.

١١٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا عيسَى بْنُ يُونُسَ، عَنِ الْأَوْزَاعيِّ، عَنْ عُثْمَانَ بْنِ أَبي مُرَّةَ، وَتَلَا هَذه الْآيَةَ: ﴿ وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلسَّٰبِقُونَ ۝١٠ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلْمُقَرَّبُونَ ۝١١ ﴾ الواقعة: ١٠ - ١١ قَالَ: هُمْ أَوَّلُهُمْ رَوَاحًا إِلَى الْمَسْجد وَأَوَّلُهمْ خُرُوجًا في سَبيلِ الله عَزَّ وَجَلَّ.

واتە: ئەوزاعی لە عوسمانی کوڕی باوکی موڕڕەوە گێڕایەوە کە ئەم ئایەتانەی خوێندەوە ﴿ وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلسَّٰبِقُونَ ۝١٠ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلْمُقَرَّبُونَ ۝١١ ﴾ الواقعة: ١٠ - ١١ . دوایی فەرمووی: ئەوانە ئەو کەسانەن کە پێش هەمووان دەچن بۆ مزگەوت و پێش هەمووان لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە دەچن بۆ جەنگ لە دژی کافران.

١١٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا عيسَى، عَنِ الْأَوْزَاعيِّ، عَنْ مُطْعِم بْنِ الْمقْدَام، عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ، رَحِمَهُ الله قَالَ: إِذَا رَابَطْتُ ثَلَاثًا فَلْيَتَعَبَّد الْمُتَعَبِّدُونَ مَا شَاءُوا.

واتە: موتعیمی کوڕی میقدام لە ئەبوهورەیرەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەگەر من سێ شەوو ڕۆژ لە پێناو خوای گەورە کەلێنێک بگرم یان پاسەوان بم لە کاتی جیهادا؛ ئیتر ئەوانەی کە خواپەرستی دەکەن با هەر بۆخۆیان خواپەرستی بکەن (واتە: ئەو سێ شەوو ڕۆژە لە هەموو ئەو خواپەرستیەی ئەوان باشترو خێردارترە).

١١٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا حَاتمُ بْنُ إِسْمَاعيلَ، عَنْ حُمَيْد بْنِ صَخْر، عَنْ يَزِيدَ بْنِ عَبْد الله بْنِ قُسَيْط، وَصَفْوَانَ بْنِ سُلَيْم، قَالَا: مَنْ مَاتَ مُرَابطًا مَاتَ شَهيدًا.

واتە: یەزیدی کوڕی عەبدوڵڵاو صەفوانی کوڕی سولەیم دەفەرموون: هەر کەسێ لە کاتی پاسەوانیدا لە جەنگا یان لە کاتی گرتنی کون و کەلێنێک و سنوری خاکی ئیسلاما بمرێ؛ (یان: هەر کەسێ ئەسپێکی بەستبێتەوە بە نیەتی ئەوەی بەسواری ئەو ئەسپە بڕوا بۆ جیهادو فریای جیهاد نەکەوێت و بمرێ) ئەوە ئەو کەسە بە شەهیدی دەمرێ.

١١٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا أَبو خَالد الْأَحْمَرُ، عَنْ مُهَاجر قَالَ: سَمعْتُ ابْنَ عُمَرَ، يَقُولُ: مَنْ دَخَلَ السُّوقَ فَقَالَ: لَا إِلَه إِلَّا الله وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ له له الْمُلْكُ وَله الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَديرٌ، كَتَبَ الله له أَلْفَ أَلْف حَسَنَة وَمَحَا عَنْهُ أَلْفَ أَلْف سَيِّئَة وَحَطَّ عَنْهُ أَلْفَ أَلْفَ خَطيئَة.

واتە: موهاجیر دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: گوێم لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بوو دەیفەرموو: هەر کەسێ بچێتە ناو بازاڕەوە و بڵێ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ. ئەوا خوای گەورە هەزار هەزار چاکەی بۆ دەنووسێت و هەزار هەزار تاوانی دەشواتەوە و هەزار هەزار هەڵەی لێ هەڵدەوەرێنێ.

١١٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرٍ، حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرِ بْنُ عَيَّاشٍ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ هُبَيْرَةَ، عَنْ عَلِيٍّ، عَلَيْهِ السَّلَامُ قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا دَخَلَ الْعَشْرُ أَيْقَظَ أَهْلَهُ وَرَفَعَ الْمِئْزَرَ، قِيلَ لِأَبِي بَكْرٍ: مَا رَفْعُ الْمِئْزَرِ؟ قَالَ: اعْتَزَلَ النِّسَاءَ.

واتە: هوبەیرە لە عەلیەوە (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) عادەتی وا بوو کە دەشەوەکەی کۆتایی مانگی ڕەمەزان دەستی پێدەکرد؛ خێزان و منداڵەکانی بە ئاگا دەهێنایەوە و خۆی توندو تۆڵ دەکردەوە.. بە ئەبوبەکر (خوای لێ ڕازی بێت) گوترا: یانی چی خۆی توندو تۆڵ دەکردەوە؟ فەرمووی: لە ژنەکانی دوور دەکەوتەوە.

١١٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرٍ، حَدَّثَنَا أَبُو الْأَحْوَصِ، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنْ سَالِمِ بْنِ أَبِي الْجَعْدِ، عَنْ ثَوْبَانَ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «اسْتَقِيمُوا وَلَنْ تُحْصُوا وَاعْلَمُوا أَنَّ مِنْ خَيْرِ أَعْمَالِكُمُ الصَّلَاةَ وَلَنْ يُحَافِظَ عَلَى الْوُضُوءِ إِلَّا مُؤْمِنٌ».

واتە: پابەندبن، ناتوانن بەرهەمە باشەکانی پابەندبوون بژمێرن؛ ئەوەش بزانن کە نوێژ چاکترین کار و کردەوەتانە؛ جگە لە مرۆڤی ئیمانداریش هیچ کەسێک ناتوانێ بەردەوامبێ لەسەر دەستنوێژو هەمیشە دەستی بە دەستنوێژەوە بێت.

١١٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرٍ، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْهِرٍ، عَنِ الشَّيْبَانِيِّ، عَنِ الْوَلِيدِ بْنِ الْعَيْزَارِ، عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي إِيَاسٍ أَبِي عَمْرٍو الشَّيْبَانِيِّ، عَنْ عَبْدِ اللهِ قَالَ: سَأَلْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قُلْتُ: أَيُّ الْعَمَلِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: «الصَّلَاةُ لِوَقْتِهَا» قُلْتُ ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: «بِرُّ الْوَالِدَيْنِ» قُلْتُ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: «الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ» فَمَا تَرَكْتُ أَنْ أَسْتَزِيدَ إِلَّا إِبْقَاءً عَلَيْهِ.

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود دەفەرموێت: پرسیارم لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد گوتم: چ کارێک خۆشەویسترینە لە لای خوای گەورە؟ فەرمووی: نوێژکردن لە کاتی خۆیا. گوتم: ئەی

دوای ئەوە؟ فەرمووی: چاکە کردن لەگەڵ دایك و باوکا. گوتم: ئەی دوای ئەوە؟ فەرمووی: جیهادکردن لە پێناوی خوای گەورەدا. عەبدوڵڵا دەفەرموێت: ئەمانە پێغەمبەر (ﷺ) خۆیَ بۆی باس کردم و ئەگەر زۆرترم لێ پرسیبا زۆرتری پێ دەگوتم.

١١٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا عُمَرُ بْنُ سَعْد، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ يَحْيَى بْنِ هَانِي قَالَ: قَالَ لِي أَبِي: يَا بُنَيَّ هَبْ لِي فِي الْحَدِيث «زَعَمُوا» وَ «سَوْفَ» .

واتە: سوفیان لە یەحیای کوڕی هانییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: باوکم پێی گوتم: کوڕی خۆم! وازبێنە لە پێیان وایەو دوایی دوایی (واتە: واز بێنە لەو قسانەی کە دڵنیا نیت لە ڕاستێتی قسەکەو لەو قسانە نزیك مەبەوە کە دەڵێن: گوتیان و گێڕایانەوەو...).

١١٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا مُعَلَّى بْنُ مَنْصُور، عَنْ مُوسَى بْن أَعْيَنَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ مُحَمَّد بْن عَقيل، عَنْ سُلَيْمَانَ بْن يَسَار، عَنْ عُقَيْل، مَوْلَى ابْن عَبَّاس، عَنْ أَبي مُوسَى قَالَ: كُنْتُ أَنَا وَأَ بوو الدَّرْدَاء، عنْدَ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ فَقَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «مَنْ حَفظَ مَا بَيْنَ فَمَيْه وَلحْيَيْه دَخَلَ الْجَنَّةَ» .

واتە: عوقەیلی مەولای عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس لە باوکی مووساوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من و ئەبودەردا لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بوین؛ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: هەر کەسێ نێوان دەم و شەویلگەکانی بپارێزێت دەچێتە بەهەشتەوە (واتە: شتی حەرامی پێ نەخوات و قسەی حەرام و نارەوای پێ نەکات).

١١٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو أُسَامَةَ، عَنْ سَعِيد بْن بُرْد قَالَ: سَمعْتُ بُرْدًا، عَنْ سُلَيْمَانَ بْن مُوسَى قَالَ: مَا جُمعَ شَيْءٌ إِلَى شَيْءٍ أَزْيَنَ منْ علْم إِلَى حلْم.

واتە: سەعیدی کوڕی بورد لە بوردەوە ئەویش لە سولەیمانی کوڕی مووساوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هیچ شتێک لەگەڵ هیچ شتێکا کۆ نەبووەتەوە هێندەی کۆبوونەوەی زانست لەگەڵ حەوسەڵەدا جوان بێت.

١١٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا عَبْدُ الأَعْلَى، عَنْ بُرْد، عَنْ سُلَيْمَانَ بْن مُوسَى قَالَ: «إِنَّ لكُلِّ مَجْلس شَرَفًا وَأَشْرَفُ الْمَجَالس مُسْتَقْبَلَ الْقبْلَة».

واتە: عەبدولئەعلا لە بوردەوە ئەویش لە سولەیمانی کوڕی مووساوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەڕاستی هەموو کۆڕو کۆبوونەوە و دانیشتنێک تایبەتمەندیی و ڕێزی خۆی هەیە؛ بەڕێزترین و تایبەتمەندترینیان ئەوانەیە کە ڕوە و ڕوگەن.

١٢٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ فُضَيْل، عَنِ الْوَلِيد بْنِ جُمَيْع، عَنْ أَبي سَلَمَةَ قَالَ: لَمْ يَكُنْ أَصْحَابُ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ مُتَحَرِّفِينَ وَلَا كَانُوا يَتَنَاشَدُونَ الشِّعْرَ فِي مَجَالِسِهِمْ وَيَذْكُرُونَ أَمْرَ جَاهِلِيَّتِهِمْ، فَإِذَا أُرِيدَ أَحَدُهُمْ عَلَى شَيْءٍ مِنْ دِينِهِ دَارَتْ حَمَالِيقُ عَيْنَيْهِ كَأَنَّهُ مَجْنُونٌ.

واتە: وەلیدی کوڕی جومەیع لە باوکی سەلەمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە خەشم و بەقین نەبوون؛ لە مزگەوت و دانیشتنەکانیان شیعریان نەدەگوت؛ باسی سەردەمی نەفامییان دەکرد؛ جا ئەگەر داوا لە یەکێکیان بکرایە باسی خواپەرستی و شەونوێژی خۆی بکردایە؛ لە تاوا پێڵوەکانی چاوی وەردەگەڕاندو چاوەکانی دەتگوت چاوی شێتە (دوو خاڵی گرنگ هەیە شیاوی باسە: یەکەم: لە ڕیوایەیتەکانیترا . وەک ڕیوایەتی بوخاری لە الادب المفرد و ڕیوایەتی خودی پێشەوا ئەحمەدیش . دەڵێ: شیعریان دەخوێندەوە... دووەم: هەرگیز ئامادە نەبوون باسی عیبادەتی خۆیان بکەن؛ بۆ ئەوەی نەبێ بە ڕیا بۆیە ئەگەر لە بارەی عیبادەتی خۆیانەوە پرسیاریان لێ کرابا؛ زۆریان پێ ناخۆش بوو).

١٢٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا ابْنُ إِدْرِيس، عَنْ لَيْث، عَنْ طَاوُس، عَنِ ابْنِ عَبَّاس قَالَ: مَنْهُومَانِ لَا تَنْقَضِي نُهْمَتُهُمَا طَالِبُ عِلْم وَطَالِبُ دُنْيَا.

واتە: لەیث لە تاووسەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: دوو شت هەن کە هەوڵ و کۆششی مرۆڤ بۆ ئەو دوو شتە کۆتایی نایەت؛ هەوڵدان بۆ فێربوون و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سەروەت و سامانی دونیا.

١٢٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا أَبو أُسَامَةَ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ بُرْد، عَنْ مَكْحُول قَالَ: مَنْ طَلَبَ الْحَدِيثَ لِيُمَارِيَ بِهِ السُّفَهَاءَ أَوْ لِيُبَاهِيَ بِهِ الْعُلَمَاءَ أَوْ لِيَصْرِفَ بِهِ وُجُوهَ النَّاسِ إِلَيْهِ فَهُوَ فِي النَّارِ.

واتە: سوفیان لە بوردەوە ئەویش لە مەکحولەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ بو

دوای زانستا بگەڕێ بۆ ئەوەی لەگەڵ مرۆڤی نەفامدا چەلەحانێی پێ بکات؛ یان لە لای زانایانا خۆی پێ هەڵبکێشێ؛ یان بەکاری بهێنێت بۆ ئەوەی خەڵکی پێ بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و ڕێزی لێ بگرن؛ ئەوە ئەو کەسە دەچێتە دۆزەخەوە.

١٢٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ مُغِيرَةَ قَالَ: كَانَ الْحَسَنُ يَقُصُّ، وكَانَ سَعِيدُ بْنُ جُبَيْرٍ يَقُصُّ.

واتە: جەریر لە موغیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەسەنی بەصری وتاری **بۆ خەڵکی دەداو چیرۆکی کۆنی دەگێڕایەوە و ئامۆژگاریی دەکردن؛ هەروەها** سەعیدی کوڕی جوبەیریش **وتاری دەداو ئامۆژگاریی دەکردن (لە هەندێ سەرچاوەدا جیاتی وكَانَ سَعِيدُ بْنُ جُبَيْرٍ يَقُصُّ. دەفەرموێت: وَكَانَ سَعِيدُ بْنُ جُبَيْرٍ يَفِصُّ. واتە: سەعیدی خۆی لە وتارو چیرۆك گێڕانەوە بەدوور دەگرت. خوداش زاناترە).**

١٢٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، عَنْ حَجَّاج، عَنْ عَطَاء، عَن ابْنِ عَبَّاس قَالَ: رَأَيْتُ تَمِيمَ الدَّارِيَّ يَقُصُّ فِي زَمَنِ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّاب رَضِيَ الله عَنْهُ يَعْنِي يُذَكِّرُ.

واتە: عەتا لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: تەمیمی داریم بینی لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا (خوای لێ ڕازی بێت) وتاردی دەداو ئامۆژگاریی خەڵکی دەکرد.

١٢٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا عَبْدَةُ بْنُ سُلَيْمَانَ، عَنْ إِسْمَاعِيلَ، عَنْ أُكَيْلٍ قَالَ: قَالَ إِبْرَاهِيمُ: مَا أَحَدٌ مِمَّنْ يُذْكَرُ أَرْجَى فِي نَفْسِي أَنْ يَسْلَمَ مِنْهُ يَعْنِي إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيَّ وَلَوَدِدْتُ أَنَّهُ يَسْلَمُ كَفَافًا لَا عَلَيْهِ وَلَا لَه.

واتە: ئیسماعیل لە ئوکەیلەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئیبراهیم فەرمووی: من پێم وایە لەو وتاردان و قسەکردنا هیچ کەسێک هێندەی ئەو. واتە: ئیبراهیمی تەیمی. مەبەستی ڕەزامەندی خوای گەورە نییە؛ خوا بکا خۆی لێی دەربچێت نە بە قازانجی تەواو بێ نە بە سەریا بشکێتەوە!

١٢٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرٍ، حَدَّثَنَا عِيسَى بْنُ يُونُسَ، عَنِ الْأَوْزَاعِيِّ، عَنْ يَحْيَى بْنِ أَبِي كَثِيرٍ قَالَ: قَالَ سُلَيْمَانُ لِابْنِهِ: يَا بُنَيَّ لَا تَقْطَعْ أَمْرًا حَتَّى تُؤَامِرَ مُرْشِدًا؛ فَإِنَّكَ إِذَا فَعَلْتَ ذَلِكَ لَمْ تَحْزَنْ عَلَيْهِ.

واتە: یەحیای کوڕی باوکی کەسیر دەفەرموێت: سولەیمان (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە کوڕەکەی خۆی فەرمووی: کوڕی خۆم! هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوە مەدە هەتا ڕاوێژ بە کەسێکی ڕێپیشاندەرو دانا نەکەیت؛ ئەگەر پرس و ڕاوێژ بکەیت ئەوا لەو کارە پەشیمان نابیتەوە و نابێتە مایەی خەم و خەفەت بۆت.

١٢٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرٍ، حَدَّثَنَا شَيْبَانُ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنِ الهَيْثَمِ قَالَ: رَأَى عَاصِمُ بْنُ ضَمْرَةَ قَوْمًا يَتَّبِعُونَ رَجُلًا، وَقَالَ غَيْرُ أَبِي بَكْرٍ سَعِيدُ بْنُ جُبَيْرٍ، فَقَالَ: إِنَّهَا فِتْنَةٌ لِلْمَتْبُوعِ مَذَلَّةٌ لِلتَّابِعِ ".

واتە: شوعبە لە هەیثەمەوە دەگێڕێتەوە کە عاصمی کوڕی زەمرە کۆمەڵێک خەڵکی بینی **لە دوای پیاوێکەوە ڕێیان دەکرد؛ فەرمووی: ئەو ئەوکارە تاقی کردنەوەیەکە بۆ ئەو پیاوە و سەرشۆڕییە بۆ ئەوانیتر.**

١٢٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرٍ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ عَاصِمٍ قَالَ: لَمْ يَكُنِ ابْنُ سِيرِينَ يَتْرُكُ أَحَدًا يَمْشِي مَعَهُ ".

واتە: سوفیانی کوڕی عویەینە لە عاصمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کوڕی سیرین هەرگیز ئەو کەسانەی بەجێ نەدەهێشت کە لەگەڵیا ڕێیان دەکرد (واتە: هەمیشە شانبەشانی هاوڕێکانی دەڕۆیشت بۆ ئەوەی پێشنەکەوێ بەسەریانا).

١٢٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرٍ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ عَاصِمٍ قَالَ: كَانَ أَبو الْعَالِيَةِ إِذَا جَلَسَ إِلَيْهِ أَكْثَرُ مِنْ أَرْبَعَةٍ قَامَ ".

واتە: سوفیانی کوڕی عویەینە لە عاصمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: باوکی عالیە عادەتی وا بوو ئەگەر لە چوار کەس زیاتر لە خزمەتیا دانیشتبان؛ ئیتر ئەو هەڵدەسا و دەڕۆیشت.

١٢١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرِ بْنُ أَبي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا شَرِيكُ بْنُ عَبْدِ الله، عَنِ الرُّكَيْنِ بْنِ الرَّبِيعِ، عَنْ نُعَيْمِ بْنِ حَنْظَلَةَ، عَنْ عَمَّارِ بْنِ يَاسِرٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «مَا كَانَ له وَجْهَانِ فِي الدُّنْيَا كَانَ له يَوْمَ الْقِيَامَةِ لِسَانَانِ مِنْ نَارٍ».

واتە: عەممارى کوڕى یاسر دەفەرموێت: پێغەمبەرى خوا (ﷺ) فەرمووی: هەر کەسێ لە دونیادا دوو ڕووى هەبێت (واتە: دووڕوو بێت) لە ڕۆژى قیامەتدا دوو زمانى ئاگرینى هەیە.

١٢١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرٍ، حَدَّثَنَا شَرِيكٌ، عَنْ عُمَارَةَ بْنِ الْقَعْقَاعِ، وَابْنُ شُبْرُمَةَ عَنْ أَبِي زُرْعَةَ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ: يَا رَسُولَ الله نَبِّئْنِي بِأَحَقِّ النَّاسِ مِنِّي بِحُسْنِ الصُّحْبَةِ قَالَ: " نَعَمْ وَأَبِيكَ لَتُنَبَّأَنَّ، أُمُّكَ قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: أُمُّكَ قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: أُمُّكَ قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: أَبُوكَ " قَالَ: فَأَنْبِئْنِي يَا رَسُولَ الله مَا لِي كَيْفَ أَتَصَدَّقُ مِنْهُ؟ قَالَ: " نَعَمْ وَالله لَتُنَبَّأَنَّ تَصَدَّقْ وَأَنْتَ صَحِيحٌ شَحِيحٌ تَأْمُلُ الْبَقَاءَ وَتَخْشَى الْفَقْرَ، وَلَا تَهْمَلْ حَتَّى إِذَا بَلَغَتْ نَفْسُكَ هَا هُنَا قُلْتَ: مَالِي لِفُلَانٍ وَمَالِي لِفُلَانٍ وَهُوَ لَهُمْ وَإِنْ كَرِهْتَ ".

واتە: ئەبوهورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پیاوێک هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێم بڵێ چ کەسێک لە هەمووان شیاوترە بۆ ئەوەی چاکەی لەگەڵدا بکەم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: باشە پێت دەگوترێ کێ لە هەمووان شیاوترە! دایکت لە هەمووان شیاوترە! گوتی: ئەی دوای ئەو؟ فەرمووی: دایکت! گوتی: ئەی دوای ئەو؟ فەرمووی: دایکت! گوتی: ئەی دوای ئەو؟ فەرمووی: باوکت! گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێم بڵێ چۆن چۆنی خێر لە سەروەت و سامانەکەم بکەم؟ فەرمووی: بەڵێ! بەخوا ئەویشت پێ دەگوترێ! باشترین خێر ئەوەیە کە تۆ سەروەت و سامان بکەی بە خێرو لەشت ساغ بێت و حەزیشت لە سەروەت و سامان بێت و چاوەڕێی ژیانی زیاتر بیت و لە هەژاریش بترسی؛ خێر کردن لە سەروەت و سامانەکەت ئەوەندە دوا نەخەیت تا گیانت دەگاتە ئێرەو دوایی بڵێی: ئەو ماڵەم بۆ فلان و ئەوەیتر بۆ فلانە کەس! تۆ پێت خۆش بێ یان نا تازە ئەو سەروەت و سامانە بۆ ئەوانە.

١٢١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرٍ، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ خَلِيفَةَ، عَنْ عُمَرَ، رَحِمَهُ الله أَنَّهُ انْقَطَعَ شِسْعُهُ فَاسْتَرْجَعَ وَقَالَ: كُلُّ مَا سَاءَكَ مُصِيبَةٌ ".

واتە: باوکی ئیسحاق لە عەبدوڵڵای کوڕی خەلیفەوە ئەویش لە عومەرەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کەوا پەلکی نەعلەکەی پچڕاو ئەویش گوتی: انا للە وانا الیە راجعون. دوایی فەرمووی: هەر شتێ بیێتەی مایەی ئازارت ئەوە بەڵا و موسیبەتە.

١٢١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ وَاضِح، عَنْ يَحْيَى بْنِ عَمْرو، عَنْ أَبِيه، عَنْ أَبِي الْجَوْزَاء، ﴿ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴿٨٩﴾ ﴾ الشعراء: ٨٩ قَالَ: لَا إِله إِلَّا الله ".

واته: یەحیای کوڕی عەمر لە باوکییەوە ئەویش لە باوکی جەوزاوە دەگێڕێتەوە کە لە تەفسیری ئایەتی فەرموویەتی:﴿ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴿٨٩﴾ ﴾ مەبەست گوتنی لا اله الا الله یە.

١٢١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا أَبو الْأَحْوَص، عَنْ مَنْصُور، عَنْ مُجَاهِد ﴿ وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلًا ﴿٨﴾ ﴾ المزمل: ٨ قَالَ: أَخْلِص النِّيَّةَ إِخْلَاصًا ".

واته: مەنصور لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە کە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿ وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلًا ﴿٨﴾ ﴾ المزمل: ٨ فەرموویەتی: نیێت خۆت پاك و خاوێن بکەوە بە پاك خاوێنییەکی تەواو.

١٢١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، حَدَّثَنَا أَيُّوبُ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: إِذَا رَأَيْتَ الرَّجُلَ يُنَافِسُ فِي الدُّنْيَا فَنَافِسْهُ فِي الْآخِرَةِ ".

واته: حەمماد دەفەرموێت: ئەییوب بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: هەر کاتێ کەسێکت بینی بۆ دونیا پێشبڕکێی لەگەڵدا دەکردی؛ تۆ بۆ قیامەت پێشبڕکێی لەگەڵدا بکە.

١٢١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا حُسَيْنُ بْنُ عَلِيٍّ، عَنْ سُفْيَانَ بْن عُيَيْنَةَ، عَنْ عَاصِم الْأَحْوَلِ قَالَ: كَانَ عَامَّةُ كَلَام ابْن سِيرِينَ سُبْحَانَ الله الْعَظِيم سُبْحَانَ الله وَبِحَمْدِه ".

واته: سوفیانی کوڕی عویەینە لە عاصمی ئەحوەلەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: زۆربەی هەرە زۆرینەی قسەکانی کوڕی سیرین ئەم زیکرە بوو کە دەیگوت: سُبْحَانَ الله الْعَظِيم سُبْحَانَ الله وَبِحَمْدِه.

١٢١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي هَارُونُ بْنُ عَبْد الله، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، عَنْ عَبْد الله بْن شُمَيْط، حَدَّثَنِي أَبِي شُمَيْطٌ، عَنْ عَجْلَانَ، عَنْ عَبْد الله بْن عُمَرَ، رَحِمَهُ الله أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ لِجُلَسَائِه: سَاعَةٌ لِلدُّنْيَا وَسَاعَةٌ لِلْآخِرَة، قُولُوا فِي خِلَال الْحَدِيث اللهمَّ اغْفِرْ لَنَا".

واته: عەجلان لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (خوای لێ ڕازێ بێت) دەگێڕێتەوە کە بە دانیشتوانی دەوروبەری خۆی دەفەرموو: تاوێک بۆ ئەم دونیا و تاوێکیش بۆ ئەو دونیا؛ لە نێوان قسەکانتانا بڵێن: اللهم اغفر لنا. واتە: خوایە لێمان خۆشبە.

١٢١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبُو بَكْرٍ، حَدَّثَنَا أَبُو خَالِدٍ الْأَحْمَرُ، عَنْ عَمْرِو بْنِ قَيْسٍ يَعْنِي الْمُلَائِيَّ، قَالَ: كَانُوا يَكْرَهُونَ أَنْ يُعْطِيَ الرَّجُلُ صَبِيَّهُ الشَّيْءَ فَيَخْرُجَ بِهِ فَيَرَاهُ الْمِسْكِينُ فَيَبْكِي عَلَى أَهْلِهِ وَيَرَاهُ الْيَتِيمُ فَيَبْكِي عَلَى أَهْلِهِ ".

واتە: بـاوکی خالیـدی ئەحـمەر لە عەمـری کـوڕی قەیسـەوە واتە: قەیسـی مـولائیەوە دەگێڕێتـەوە دەفەرموێت: پێیان ناخۆش بووە کە پیاو شتێک بە مناڵەکانی خۆی ببەخشێت و ئەوانیش بەو شتەوە بچنە دەرەوە و مناڵی هەژاران ببیبنن و بچنەوە لە ماڵەوە **دەست بە گریان بکەن؛ یان منالّی هەتیو ببینێت و بڕواتەوە و لە ماڵا** دەست بە گریان بکات.

١٢١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّارٍ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا أَبُو عِمْرَانَ الْجَوْنِيُّ، عَنْ نَوْفٍ الْبِكَالِيِّ قَالَ: انْطَلَقَ رَجُلٌ مُؤْمِنٌ وَرَجُلٌ كَافِرٌ يَصِيدَانِ السَّمَكَ فَجَعَلَ الْكَافِرُ يُلْقِي شَبَكَتَهُ وَيَذْكُرُ آلِهَتَهُ فَيَجِيءُ مُدَفَّقًا، وَيُلْقِي الْمُؤْمِنُ وَيَذْكُرُ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ فَلَا يَجِيءُ شَيْءٌ قَالَ: فَتَعَاوَدَا ذَلِكَ إِلَى مَغِيبِ الشَّمْسِ ثُمَّ إِنَّ الْمُؤْمِنَ صَادَ سَمَكَةً فَأَخَذَهَا بِيَدِهِ فَاضْطَرَبَتْ فَوَقَعَتْ فِي الْمَاءِ فَرَجَعَ الْمُؤْمِنُ وَلَيْسَ مَعَهُ شَيْءٌ، وَرَجَعَ الْكَافِرُ وَقَدِ امْتَلَأَتْ سَفِينَتُهُ، فَأَسِفَ مَلَكُ الْمُؤْمِنِ فَقَالَ: رَبِّ عَبْدُكَ هَذَا الْمُؤْمِنُ الَّذِي يَدْعُوكَ رَجَعَ وَلَيْسَ مَعَهُ شَيْءٌ، وَعَبْدُكَ الْكَافِرُ رَجَعَ وَقَدِ امْتَلَأَتْ سَفِينَتُهُ، قَالَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ لِمَلَكِ الْمُؤْمِنِ: تَعَالَ فَأَرَاهُ مَسْكَنَ الْمُؤْمِنِ فِي الْجَنَّةِ فَقَالَ: مَا يَضُرُّ عَبْدِيَ الْمُؤْمِنَ مَا أَصَابَهُ بَعْدَ أَنْ يَصِيرَ إِلَى هَذَا، وَأَرَاهُ مَسْكَنَ الْكَافِرِ فِي النَّارِ فَقَالَ: هَلْ يُغْنِي عَنْهُ شَيْءٌ أَصَابَهُ فِي الدُّنْيَا؟ قَالَ: لَا وَاللهِ يَا رَبِّ ".

واتە: بـاوکی عیمـرانی جەونی لە نەوفی بیکـالییەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: پیـاوێکی باوەڕدارو پیاوێ:ی کافر ڕۆیشتن بۆ ڕاوە ماسی؛ کابرای کافر توورەکەی بە ناوی خوداکانی خۆیەوە هەڵدەدایە نـاو ئـاوەکەو بە پڕی دەریـدەهێنایەوە؛ بـاوەڕدارەکەیش تۆڕەکەی بە نـاوی خوداوە هەڵدەدایە ناو ئاوەکە کەچی هیچی پێوە نەدەبوو.. هەتا خۆرئاوابوون ئەوە کاریان بوو؛ دوایی کابرای باوەڕدار ماسییەکی ڕاو کرد بە دەست گرتی و دەریهێناو ماسییەکە لە دەستی دەرپەڕی و کەوتەوە نـاو ئـاوەکە؛ جـا کـابرای بـاوەڕدار بە دەسـتی بەتـاڵ گەڕایەوە؛ کـابرای بێباوەڕیش بەلەمەکەی پڕکردبوو لە ماسی؛ جا فریشـتەی سەرشـانی کابرای بـاوەڕدار خەمبار بـوو فەرمـووی: خوایە! ئەم بەنـدە بـاوەڕدارەی تۆ هاواری لە تۆ دەکردو ئەوا بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە؛ ئەو بەنـدە کافرەیشت بەلەمەکەی پڕ کردووە لە ماسی! خوای گەورە بە فریشـتەی سەرشـانی کـابرای بـاوەڕداری فەرمـوو: وەرە! جا خـوای گەورە شـوێنی کـابرای بـاوەڕداری لە بەهەشـتدا پیشـانی فریشـتەکەداو پێـی فەرمـوو: مـادەم بەنـدە بـاوەڕدارەکەی مـن بـۆ ئێـرە دەگەڕێتەوە ئیتر هیچ شتێک زیانی لێ نادات.. دوایی شوێنی کافرەکەیشی پیشاندا لە ئاگراو

فەرمووی: باشە ئەوە کە ئەم ئاگرەی بۆ ئامادە کراوە؛ ئیتر هیچ شتێکی دونیایی دادی دەدات و فریای دەکەوێت؟ فریشتەکە گوتی: نەوەڵڵا ئەی خوای گەورە!

١٢٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّار، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ شُمَيْط قَالَ: سَمِعْتُ أَبِي يَقُولُ: يَعْمِدُ أَحَدُهُمْ فَيَقْرَأُ الْقُرْآنَ وَيَطْلُبُ الْعِلْمَ حَتَّى إِذَا عَلِمَ أَخَذَ الدُّنْيَا فَضَمَّهَا إِلَى صَدْرِه وَحَمَلها فَوْقَ رَأْسه فَنَظَرَ إِلَيْه ثَلَاثَةٌ ضُعَفَاءُ: امْرَأَةٌ ضَعِيفَةٌ، وَأَعْرَابِيٌّ جَاهِلٌ، وَأَعْجَمِيٌّ، فَقَالُوا: هَذَا أَعْلَمُ بالله مِنَّا لَوْ لَمْ يَرَ فِي الدُّنْيَا ذَخِيرَةً مَا فَعَلَ هَذَا، فَرَغِبُوا فِي الدُّنْيَا وَجَمَعُوهَا فَكَانَ أَبِي يَقُولُ: فَمَثَله كَمَثَلِ الَّذِي قَالَ الله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَمِنْ أَوْزَارِ ٱلَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ النحل: ٢٥ ".

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: لە سەییارەوە پێیان ڕاگەیندرا فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی شومەیت فەرموویەتی: گوێم لە باوکم بوو دەیفەرموو: مرۆڤی وا هەیە کە قورئان دەخوێنێت و بەدوای زانستدا دەگەڕێت تا دەبێ بە زانا؛ دوایی دوای دونیا دەکەوێت و باوەش بە دونیادا دەکات و دەیخاتە سەر سەری؛ جا سێ چینی لاواز تەماشای ئەم (بەناو) زانایە دەکەن؛ ژنانی لاواز؛ عەرەبیی دەشتەکی لاوازو عەجەمی لاواز؛ ئەمانە دەڵێن: ئەم پیاوە لە ئێمە زاناترە؛ ئەگەر ئەو نەزانێ دونیا باشە ئەوە باوەشی بە دونیادا نەدەکرد! ئیتر ئەوانیش حەزیان دەچێتە سەر دونیا و خەریکی کۆکردنەوەی دونیا دەبن.. جا باوکم دەیفەرموو: نموونەی ئەو (بەناو) زانایانە وەکوو ئەو کەسە وایە کە خوای گەورە سەبارەت بەوانە فەرموویەتی: هەروەها لە گوناهی ئەوانەش هەڵدەگرن کە گومڕایان کردوون بێ زانستی و زانیاری.

١٢٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو بَكْر، حَدَّثَنَا حُسَيْنُ بْنُ عَلِيٍّ، عَنْ زَائِدَةَ، عَنْ عَاصِم، عَنْ شَقِيق، عَنْ عَبْدِ الله ﴿وَلَذِكْرُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ﴾ العنكبوت: ٤٥ قَالَ: ذِكْرُ الله الْعَبْدَ أَكْبَرُ مِنْ ذِكْرِ الْعَبْدِ لله عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: عاصم لە شەقیقەوە ئەویش لە عەبدوڵڵاوە لە بارەی تەفسیری ئایەتی: ﴿وَلَذِكْرُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ﴾ گێڕایەوە فەرمووی: یادی خوای گەورە بۆ بەندەکەی گەورەترە لە یادی بەندەکە بۆ خوای گەورە.

١٢٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّار، حَدَّثَنَا بِشْرُ بْنُ مَنْصُور، عَنْ ثَوْر بْن يَزِيدَ، عَنْ خَالِد بْن مَعْدَانَ، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ قَالَ: لَتَرْفَعُنَّ أَيْدِيَكُمْ إِلَى الله عَزَّ وَجَلَّ أَوْ لَيَغُلَّنَّهَا ".

واتە: ئەوری کوڕی یەزید لە خالیدی کوڕی مەعدانەوە ئەویش لە ئەبودەرداوە

دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئێوە دەستان بەرز دەکەنەوە و لە خوای گەورە دەپاڕێنەوە یان دەستان زنجیر بکات؟!

١٢٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّارٍ، حَدَّثَنَا بِشْرُ بْنُ مَنْصُورٍ، عَنْ ثَوْرِ بْنِ يَزِيدَ قَالَ: زَعَمَ أَبُو عَوْنٍ، عَنْ أَبِي إِدْرِيسَ، أَنَّ أَبَا الدَّرْدَاءِ، أَبْصَرَ امْرَأَةً بَيْنَ عَيْنَيْهَا مِثْلُ رُكْبَةِ الشَّاةِ فَقَالَ: أَمَا إِنَّ هَذَا لَوْ لَمْ يَكُنْ بَيْنَ عَيْنَيْكِ كَانَ خَيْرًا لَكِ ".

واتە: باوکی ئیدریس دەگێڕێتەوە کە ئەبودەردا ژنێکی بینی ناوچەوانی وەکوو ئەژنۆی مەڕ وا بوو (واتە: ئەوەندە سەجدەی بردبوو پێستی ناوچەوانی ئەستور ببو) فەرمووی: ئەگەر ئەمە بەناوچەوانتەوە نەبوایە بۆ خۆت باشتر بوو (واتە: با شتێکی نەرمت بخستایەتە ژێر ناوچاوانتەوە و بۆ ئەوەی ناوەچەوانت ئاوای لێ نەیەت و خەڵك پێت نەزانێت و شەیتان فریوت نەدات و چاکەکانت نەبن بە ڕیا).

١٢٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْأَعْلَى، أَنْبَأَنِي الْجَرِيرِيُّ، عَنْ أَبِي السَّلِيلِ قَالَ: سَأَلْتُ صِلَةَ بْنَ أَشْيَمَ، عَنِ الرَّجُلِ يَسْتَأْذِنُ عَلَى وَالِدَيْهِ؟ قَالَ: نَعَمْ ".

واتە: باوکی سەلیل دەفەرموێت: لە صیلەی کوڕی ئەشیەمم پرسی؛ ئایا پیاو داوای مۆڵەت لە دایك و باوکی بکات؟ فەرمووی: بەڵێ! (مەبەست ئەوەیە کاتێک پیاو دەچێتەوە بۆ ماڵی دایك و باوکی لە دەرگا بدات و پرس بکات یان بەبێ دەرگا لێدان و بەبێ پرس بچێتە ژوورەوە؟).

١٢٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مُصْعَبٍ قَالَ: سَمِعْتُ مُخَالِدَ بْنَ حُسَيْنٍ قَالَ: قَالَ هِشَامٌ: قَالَتْ حَفْصَةُ: حَدَّثَتْنِي مُعَاذَةُ، قَالَتْ: مَا زَالَ ذَلِكَ الْمِنْدِيلُ بَيْنَ أَيْدِينَا حَتَّى قُتِلَ صِلَةُ رَحِمَهُ اللهُ فَفَقَدْنَا الْمِنْدِيلَ ".

واتە: موخالیدی کوڕی حوسەین دەفەرموێت: هیشام فەرمووی: حەفصە لە موعازەوە بۆی گێڕامەوە فەرموویەتی: ئەو پارچە دەسڕۆکەیە بەردەوام لای ئێمە بوو تا صیلە (خوای لێ ڕازی بێت) کوژرا؛ دوای کوژرانی ئەو دەسڕۆکەکەمان وون کرد. (مەبەست ئەو دەسڕۆکەیەیە کە لە ئەسەری ژمارە ١١٥٩ دا باسکرا؛ بۆ ئەوەی لەم ئەسەر تێبگەی بگەڕێوە بۆ ئەو ئەسەرە).

١٢٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا مَالِكٌ قَالَ: قَالَتْ فُلَانَةُ لِعَامِرِ بْنِ عَبْدِ قَيْسٍ: مَا لِي أَرَى النَّاسَ يَنَامُونَ وَلَا أَرَاكَ تَنَامُ؟ فَقَالَ: يَا بُنَيَّةُ إِنَّ جَهَنَّمَ لَا تَدَعُ أَبَاكَ يَنَامُ"؟

واته: مالیك گێڕایەوە فەرمووی: فولانە بە عامری کوڕی قەیسی گوت: ئەوەچییە دەبینم خەڵکی دەخەون بەڵام تۆ ناخەوی؟ عامر گوتی: کچم! دۆزەخ ناهێڵێت باوکت بخەوێ!

زوهد و پارسایی عامری کوڕی عەبد قەیس (خوای لێ ڕازی بێت)

١٢٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا حَوْشَبٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ عَامِرُ بْنُ عَبْدِ قَيْسٍ: مَا أُبَالِي شَمَمْتُ مِسْكَكُمْ هَذَا أَوْ شَمَمْتُ رَوْثَةً أَوْ رَأَيْتُ امْرَأَةً، أَوْ رَأَيْتُ جِدَارًا ".

واتە: حەوشەب لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: عامری کوڕی عەبدقەیس فەرمووی: گوێم لێ نییەو بە لامەوە یەکسانە کە بۆنی ئەو میسکەی ئێوە بکەم یان بۆنی تەرسەقول؛ ژن ببینم یان دیوار!

١٢٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا حَوْشَبٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: لَمَّا بَعَثَ مُعَاوِيَةُ إِلَى عَبْدِ الله بْنِ عَامِرٍ أَنِ انْظُرْ عَامِرَ بْنَ عَبْدِ الْقَيْسِ فَأَحْسِنْ إِذْنَهُ وَأَكْرِمْهُ، وَأَمَرَهُ أَنْ يَخْطُبَ إِلَى مَنْ شَاءَ فَأَمْهِرْ عَنْهُ مِنْ بَيْتِ الْمَالِ قَالَ: فَأَرْسَلَ إِلَيْهِ أَنَّ أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ قَدْ كَتَبَ إِلَيَّ أَنْ أُحْسِنَ إِذْنَكَ وَأُكْرِمَكَ قَالَ: يَقُولُ عَامِرٌ: فُلَانٌ أَحْوَجُ إِلَى ذَلِكَ مِنِّي قَالَ: يَعْنِي رَجُلًا كَانَ قَدْ أَطَالَ الِاخْتِلَافَ إِلَيْهِمْ لَا يُؤْذَنُ له وَأَمَرَنِي أَنْ آمُرَكَ أَنْ تَخْطُبَ إِلَى مَنْ شِئْتَ وَأُمْهِرَ عَنْكَ مِنْ بَيْتِ الْمَالِ قَالَ: أَنَا فِي الْخِطْبَةِ دَائِبٌ قَالَ: إِلَى مَنْ؟ قَالَ: إِلَى مَنْ يَقْبَلُ الْفَلْقَةَ وَالتَّمْرَةَ قَالَ: ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَى جُلَسَائِه فَقَالَ: إِنِّي سَائِلُكُمْ فَأَخْبِرُونِي هَلْ مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا لِأَهْلِه مِنْ قَلْبِه شُعْبَةٌ؟ قَالُوا: اللهمَّ لَا، أَيْ بَلَى قَالَ: فَهَلْ مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا لِوَلَدِه مِنْ قَلْبِه شُعْبَةٌ؟ قَالُوا: اللهمَّ لَا أَيْ بَلَى قَالَ: فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِه لَأَنْ تَخْتَلِفَ الْأَسِنَّةُ فِي جَوَانِحِي أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَكُونَ هَكَذَا، أَمَا وَالله لَأَجْعَلَنَّ الهمَّ هَمًّا وَاحِدًا، قَالَ الْحَسَنُ: فَفَعَلَ ".

واتە: حەوشەب لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کاتێ موعاویە ناردی بۆ لای عەبدوڵڵای کوڕی عامر کە چاوی لە عامری کوڕی عەبدقەیس بێت و مۆڵەتی پێ بدرێت (واتە: هەر کاتێ ویستی بێتە ژوورەوە بۆ بینینی بەرپرس ئەوا مۆڵەت بدرێ) و ڕێزی لێ

بگرێت و فرمانیشی پێکرد با عامر بۆ داوای کێ دەڕوا بڕوا بۆ داوایی و تێچوی ژنهێنانەکەی لەسەر بەیتولمال بێت؛ عەبدوڵڵا ناردی بە دوای عامرداو پێی گوت: گەورەی باوەڕداران ئەوەی بۆ نووسیووم کە ڕێزی بگرەو مۆڵەتی بدەا. فەرمووی: عامر فەرمووی: فلانە کەس لەمن زیاتر پێویستی بەوەیە.. دەفەرموێت: مەبەستی پیاوێ: بوو کە ناکۆکییان لەگەڵدا بوو مۆڵەتی پێ نەدرا. جا عەبدوڵڵا گوتی: هەروەها فرمانی پێکردم کە پێت بڵێم بزانم کێت دەوێ بچیتە داوای و من لە پارەی بەیتولمال مارەیەکەت بۆ بدەم، دەفەرموێت: من بۆ خوازبێنی هەوڵی خۆم دەدەم.. گوتی: دوای کێ دەکەی؟ فەرمووی: کەسێ کە بە کەرتە نانێک و بە خورمایەک ڕازی بێت.. دەفەرموێت: دوایی عامر ڕوی لە دانیشتوان کرد و فەرمووی: من پرسیارێک لە ئێوە دەکەم! پێم بڵێن ئایا لەنێو ئێوەدا کەسێک هەیە ماڵ و مناڵەکانی بەشێک لە دلیان داگیر نەکردبێ؟ گوتیان: نەوەڵڵا! فەرمووی: ئەی کەستان هەیە مناڵەکانی بەشێکیان لە دڵی داگیر نەکردبێ؟ گوتیان: نەوەڵڵا! فەرمووی: دەی بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە من لە هەموو لایەکەوە تیرو ڕم بچێ بە گیانما لەوەم پێ باشترە وەکوو ئێوە بم؛ بەخوا من هەموو خەم و خەفەتێکی خۆم دەکەم بە یەک خەم و خەفەت.. حەسەن دەفەرموێت: هەروای کرد کە خۆی گوتی.

١٢٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يُونُسُ، حَدَّثَنَا صَالِحٌ، حَدَّثَنَا سَعِيدٌ الرَّبَعِيُّ، أَنَّ عَامِرَ بْنَ عَبْدِ قَيْسٍ، كَانَ يَقُولُ: لَوْ جَاءَنِي الْيَقِينُ وَأَنَا حَيٌّ فِي الدُّنْيَا بِأَنِّي مِنْ أَهْلِ النَّارِ مَا طَابَتْ نَفْسِي عَنْ نَفْسِي بِهَلَاكِهَا أَبَدًا، لَعَبَدْتُ الله عَزَّ وَجَلَّ عِبَادَةً وَاجْتَهَدْتُ اجْتِهَادًا أَكُونُ قَدْ هَلَكْتُ بَعْدَ اجْتِهَادٍ مِنِّي فَيَكُونُ أَعْذَرَ لِنَفْسِي عِنْدِي ".

واتە: سەعیدی ڕەبەعی دەفەرموێت: عامری کوڕی عەبدقەیس دەیفەرموو: ئەگەر من لە دونیادا زیندوبم و یەقین پەیدا بکەم کە لە قیامەتدا دۆزەخی دەبم و هەتا هەتایە هەر لە دۆزەخا دەمێنمەوە؛ ئەوە هەر خوای گەورە دەپەرستم و هەوڵ و کۆششی خۆم دەدەم با لەو پێناوەشا تیابچم؛ ئەوەم پێ باشترە بۆ نەفسی خۆم.

١٢٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا سَعِيدٌ، عَنْ قَتَادَةَ، أَنَّ عَامِرَ بْنَ عَبْدِ قَيْسٍ، لَمَّا حَضَرَ قَالَ: مَا آسَى عَلَى شَيْءٍ إِلَّا عَلَى قِيَامِ الشِّتَاءِ وَظَمَإِ الْهَوَاجِرِ ".

واتە: قەتادە لە عامری کوڕی عەبدقەیسەوە دەگێڕێتەوە کە کاتێ کەوتە سەرەمەرگەوە فەرمووی: خەفەت بۆ هیچ ناخۆم بۆ شەونوێژی زستانان و تینوێتی نیوەڕوان نەبێ.

١٢٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ فُضَيْلٍ، عَنِ الْعَلَاءِ بْنِ سَالِمٍ، حَدَّثَنِي مَنْ، صَحِبَ عَامِرَ بْنَ عَبْدِ قَيْسٍ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ قَالَ: فَمَا رَأَيْتُهُ نَامَ بِلَيْلٍ وَلَا نَهَارٍ حَتَّى فَارَقْتُهُ، وَكَانَ لَه رَغِيفَانِ قَدْ جَعَلَ عَلَيْهِمَا وَدَكًا فَيَتَسَحَّرُ بِوَاحِدٍ وَيُفْطِرُ بِآخَرَ، وَكَانَ إِذَا أَصْبَحَ عَلَّمَنَا الْقُرْآنَ، حَتَّى إِذَا أَمْكَنَتْهُ الصَّلَاةُ قَامَ فَصَلَّى فَلَا يَزَالُ يُصَلِّي حَتَّى الْعَصْرِ قَالَ: ثُمَّ يُعَلِّمُنَا الْقُرْآنَ فَإِذَا صَلَّى الْمَغْرِبَ قَالَ: فَهِيَ لَيْلَتُهُ حَتَّى يُصْبِحَ.

واتە: عەلای کوڕی سالم لە کەسێکەوە گێڕایەوە کە چوار مانگ هاوڕێیەتی عامری کوڕی عەبدقەیسی کردووە فەرموویەتی: هەتا لێی جیابومەوە نە بە ڕۆژو نە بە شەو نەمدی عامر بخەوێت؛ ڕۆژانە دوو نانی هەبوو هەندێ چەوریی دەکرد بەسەر نانەکانا؛ پارشێو یەکێکیانی دەخواردو بەربانگ ئەویتر؛ جا کە ڕۆژ دەبویەوە قورئانی فێری ئێمە دەکرد تا کاتی نوێژ دەهات هەڵدەستا نوێژی دەکرد؛ ئیتر بەردەوام قورئانی دەخوێند هەتا بانگی عەصر.. دەفەرموێت: دوای ئەوە دیسان ئێمەی فێری قورئان دەکرد؛ جا کە نوێژی مەغریبی دەکرد.. دەفەرموێت: ئیتر شەو شەوی خۆی بوو هەتا بەیانی (واتە: لە هەمووان دوور دەکەوتەوە و خەریکی خواپەرستی دەبو).

١٢٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا عَوْنٌ، عَنْ مُحَمَّدٍ قَالَ: قِيلَ عِنْدَ عَبْدِ الله بْنِ عَامِرٍ: إِنَّ عَامِرَ بْنَ عَبْدِ قَيْسٍ الْعَنْبَرِيَّ لَا يَأْكُلُ اللَّحْمَ وَلَا يَأْكُلُ السَّمْنَ وَلَا يَقْرَبُ النِّسَاءَ وَلَا يَمَسُّ جِلْدُهُ جِلْدَ أَحَدٍ وَلَا يَقْرَبُ الْمَسَاجِدَ، وَيَزْعُمُ أَنَّهُ خَيْرٌ مِنْ إِبْرَاهِيمَ، فَدَخَلَ مَعْقِلُ بْنُ يَسَارٍ عَلَى عَبْدِ الله بْنِ عَامِرٍ وَقَدْ تَحَدَّثُوا عِنْدَهُ بِهَذَا، وَكَانَ مَعْقِلٌ خَلِيلًا لِعَامِرِ بْنِ عَبْدِ قَيْسٍ فَقَالَ عَبْدُ الله بْنُ عَامِرٍ لِمَعْقِلِ بْنِ يَسَارٍ: أَلَا تَرَى مَا يَقُولُ هَؤُلَاءِ لِخَلِيلِكَ؟ قَالَ: وَمَا يَقُولُونَ؟ قَالَ: يَقُولُونَ: كَذَا وَيَقُولُونَ: كَذَا لِلَّذِي قَالُوا، فَمَا كَلَّمَهُمْ مَعْقِلٌ حَتَّى خَرَجَ فَرَكِبَ دَابَّتَهُ فَأَتَى عَامِرًا وَهُوَ فِي دَارِهِ فَإِذَا هُوَ قَاعِدٌ فِي مَسْجِدِهِ وَعَلَيْهِ بُرْنُسٌ، فَجَاءَ فَجَلَسَ إِلَيْهِ فَقَالَ لَه مَعْقِلٌ: أَتَيْتُكَ مِنْ عِنْدِ هَؤُلَاءِ وَإِنَّهُمْ حَدَّثُونِي عَنْكَ حَدِيثًا قَالَ: حَسِبْتُ أَنَّهُ قَالَ: فَأَفْزَعَنِي، فَقَالَ عَامِرٌ: وَمَا حَدَّثُوكَ؟ قَالَ: يَزْعُمُونَ أَنَّكَ تَفْعَلُ كَذَا وَتَفْعَلُ كَذَا لِلَّذِي ذَكَرُوا قَالَ: فَمَا كَلَّمَهُ عَامِرٌ بِكَلِمَةٍ حَتَّى أَخْرَجَ يَدَهُ مِنْ بُرْنُسِهِ فَقَبَضَ عَلَى يَدِهِ ثُمَّ قَالَ: أَمَّا قَوْلُهُمْ: لَا يَأْكُلُ اللَّحْمَ فَإِنَّهُمْ يَشْتَرُونَ الْعِلْجَ مِنَ السَّبْيِ الَّذِي لَا يَفْقَهُ الْإِسْلَامَ فَيَذْبَحُ وَأَنَا إِذَا اشْتَهَيْتُ اللَّحْمَ أَرْسَلْنَا إِلَى شَاةٍ فَذَبَحْنَاهَا، وَأَمَّا قَوْلُهُمْ: لَا يَأْكُلُ السَّمْنَ فَإِنِّي آكُلُ السَّمْنَ الَّذِي يَجِيءُ مِنْ أَرْضِ الْعَرَبِ، وَأَمَّا الَّذِي يَجِيءُ مِنْ أَرْضِ الْعَجَمِ فَإِنِّي لَا أَدْرِي مَا يُخَالِطُهُ فَذَلِكَ الَّذِي يَحْمِلُنِي عَلَى تَرْكِهِ، وَأَمَّا قَوْلُهُمْ: لَا يَقْرَبُ النِّسَاءَ فَوَالله مَا بِي إِلَيْهِنَّ مِنْ نَشَاطٍ وَمَا عِنْدِي مَالٌ فَبِأَيِّ شَيْءٍ أَغُرُّ امْرَأَةً مُسْلِمَةً مَا أَجِيءُ

بِهَا إِلَيَّ، وَأَمَّا قَوْلُهُمْ: لَا يَقْرَبُ الْمَسَاجِدَ فَإِنِّي فِي مَسْجِدِي هَذَا فَإِذَا كَانَ يَوْمُ الْجُمُعَةِ ذَهَبْتُ فَصَلَّيْتُ فِي جَمَاعَةِ الْمُسْلِمِينَ ثُمَّ رَجَعْتُ إِلَى مَسْجِدِي هَذَا، وَقَوْلُهُمْ: يَزْعُمُ أَنَّهُ خَيْرٌ مِنْ إِبْرَاهِيمَ فَإِنِّي لَا أَشْعُرُ أَنَّ أَحَدًا يَتَجَرَّى أَنْ يَقُولَ هَذَا ".

واتە: عەون لە موحەممەدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە لای عەبدوڵڵای کوڕی عامرا گوترا: عامری کوڕی عەبدقەیسی عەنبەری نە گۆشتی دەخواو نە چەوری و نە نزیکی ژنان دەبێتەوە و نە پێستی بەر پێستی هیچ کەسێک دەکەوێت و نە نزیکی مزگەوت دەکەوێتەوە و وای بۆ دەچێ کە لە ئیبراهیم چاکتر بێ؛ جا مەعقیلی کوڕی یەسار ڕۆیشت بۆ لای عەبدوڵڵای کوڕی عامرو لە لای ئەوا ئەم قسەیەیان کرد؛ مەعقیل هاوڕێ و خۆشەویستی عامری کوڕی عەبدقەیس بوو؛ جا عەبدوڵڵای کوڕی عامر بە مەعقیلی کوڕی یەساری گوت: ئەوە گوێت لێیە ئەوانە چی بە هاوڕێ خۆشەویستەکەت دەڵێن؟ گوتی: چی دەڵێن؟ گوتی: ئەوە و ئەوە دەڵێن و ئەوە دەڵێن (واتە: قسەکانی بۆ گێڕایەوە) ئیتر مەعقیل قسەی لەگەڵدا نەکردن هەتا ڕۆیشتە دەرەوە و سواری وولاخەکەی بوو هات بۆ لای عامرو عامر لەو کاتەدا لە مزگەوتەکەی خۆیا دانیشتبوو خاولیەکی لەبەرا بوو؛ هات و لەلایا دانیشت و مەعقیل پێی گوت: من لە لای ئەوانەوە هاتووم و ئەوانە لە بارەی تۆ قسەیەکیان بۆ کردم؛ فەرمووی:.. وەبزانم گوتی: ترساندمی.. دوایی عامر گوتی: چ قسەیەکیان بۆ کردوی؟ گوتی: ئەوانە پێیان وایە کە تۆ ئاواو ئاوا دەکەیت و ئەوەی کە باسیان کرد.. گوتی: عامر یەک وشەی نەگوت؛ تا دەستی لە خاولیەکەوە هێنایە دەرەوە و دەستی لەسەر دەستی داناو دوایی گوتی: ئەوەی کە ئەوان گوتویانە گۆشت ناخوا ئەوە ئەوان گۆشتی کەرەکێوی لە لای ئەوانە دەکرن کە هیچ شارەزاییەکیان لە ئایینی ئیسلاما نییەو لەوێ سەردبڕدرێت؛ من ئەگەر حەز لە گۆشت بکەم دەنێرم مەڕێک سەردەبڕن.. سەبارەت بەوەیش کە گوتویانە: چەوری ناخوات؛ ئەوا من لەو چەورییە دەخۆم کە لە خاکی عەرەبەوە دێت؛ بەڵام ئەو چەورییەی کە لە دەرەوەی خاکی عەرەبەوە دێت ئەوە من نازانم لەوانەیە شتێکی وای تێکەڵ بکرێ کە ببێتە مایەی ئەوەی من نەیخۆم! سەبارەت بەوەیش کە گوتویانە: نزکی ژن نابێتەوە (واتە: ژن ناهێنێت و ئەو سوننەتە جێبەجێ ناکات) بەخوا من حەزم لە ژنهێنان نییەو من هیچم نییە ئەی ژنێکی داماوی موسوڵمان بێنم چیی پێ بدەم و بۆ کوێی بێنم؟ سەبارەت بەوەیش کە گوتویانە: نزیکی مزگەوت نابێتەوە؛ ئەوە من لە مزگەوتی خۆمام؛ کاتێ ڕۆژی هەینی دادێ دەچم لەگەڵ خەڵکدا نوێژی هەینی دەکەم و دوایی دێمەوە بۆ مزگەوتەکەی خۆم.. ئەوەیش کە گوتویانە کە گوایە من خۆم لە ئیبراهیم پێ باشترە؛ ئەوە من شك نابەم هیچ کەسێک زاتی ئەوەی هەبێ قسەیەکی لەوجۆرە بکات.

١٢٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَمْرُو بْنُ عَاصِم الْكُلَابِيُّ، قَالَ الصَّبَّاحُ بْنُ أَبِي عُبَيْدَةَ الْعَنْبَرِيُّ، حَدَّثَنِي شَيْخٌ، مِنَّا قَالَ: صَحِبْتُ عَامِرَ بْنَ عَبْدِ قَيْسٍ فِي سَفَرٍ فَلَمَّا عَرَّسَ الْقَوْمُ قَامَ فَأَصْلَحَ مِنْ مَتَاعِهِ ثُمَّ دَخَلَ غَيْضَةً قَالَ: فَصَلَّى وَجَلَسْتُ خَلْفَهُ فَلَمَّا كَانَ مِنْ آخِرِ اللَّيْلِ أَوْ فِي السَّحَرِ قَالَ: اللهمَّ إِنِّي سَأَلْتُكَ ثَلَاثًا فَأَعْطَيْتَنِي اثْنَتَيْنِ وَمَنَعْتَنِي وَاحِدَةً اللهمَّ فَأَعْطِنِيهَا حَتَّى أَعْبُدَكَ كَمَا أُحِبُّ أَوْ كَمَا أُرِيدُ قَالَ: فَلَمَّا بَرَقَ الْفَجْرُ الْتَفَتَ فَرَآنِي فَقَالَ: فَإِنَّكَ مُنْذُ اللَّيْلَةِ هَا هُنَا وَإِنَّكَ لَتُرَاعِينِي قَالَ: وَأَقْبَلَ عَلَيَّ فَشَقَّقَ لِسَانَهُ قَالَ: قُلْتُ: دَعْ هَذَا فَوَالله لَتُخْبِرَنِّي بِهَذِهِ الثَّلَاثِ أَوْ لَأُخْبِرَنَّ بِمَا صَنَعْتَ قَالَ: فَاكْتُمْ عَلَيَّ قَالَ: فَجَعَلْتُ له عَلَيَّ أَنْ لَا أُخْبِرَ بِهَا أَحَدًا حَتَّى يَمُوتَ قَالَ: سَأَلْتُ الله أَنْ يُذْهِبَ حُبَّ النِّسَاءِ مِنْ قَلْبِي فَوَالله مَا أُبَالِي امْرَأَةً رَأَيْتُ أَوْ حَائِطًا، وَسَأَلْتُ أَنْ لَا أَخَافَ شَيْئًا غَيْرَهُ، وَسَأَلْتُهُ أَنْ يُذْهِبَ عَنِّي النَّوْمَ حَتَّى أَعْبُدَهُ فِي اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ كَمَا أَشَاءُ فَمَنَعَنِيهَا ".

واته: صەبباحی کوڕی باوکی عوبەیدەی عەنبەری لە کەسێکەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: لە سەفەرێکا بووم بە هاوڕێی عامری کوڕی عەبدقەیس؛ کاتێ خەڵکەکە کۆڵ و باریان خست بۆ پشودان و شەو مانەوە؛ عامر هەستا و کەلوپەلەکەی خۆی ڕێک کرد و دوایی ڕۆیشتە ناو دارستانێکی چڕ.. فەرمووی: نوێژی کرد و منیش لەدوایەوە دانیشتم؛ جا لە کۆتایی شەوا یان لە کاتی بەرەبەیانا فەرمووی: خوایە! من داوای سێ شتم لێ کردی دوو شتت پێ بەخشیم و یەکێکیانت پێ نەبەخشیووم؛ خوایە ئەو یەکەیشم پێ ببەخشە تا بەو جۆرەی کە خۆم پێم خۆشە تۆ بپەرستم؛ یان فەرمووی: تا بەو جۆرەی کە خۆم دەمەوێ تۆ بپەرستم.. دەفەرموێت: جا کە دونیا ڕۆشن بویەوە لای کردەوە و منی بینی؛ فەرمووی: ئەوە ناشێ لە ئێوارەوە لێرە بیت و چاووت لەسەر من بێت؟ دەفەرموێت: ڕوی لە من کرد و زمانی... دەفەرموێت: گوتم: دەی لەمە گەڕێ! بەخوا پێم دەڵێی ئەو سێ شتە چییە ئەوە باش؛ ئەگینا لای هەمووان باسی ئەم نوێژو پاڕانەوەیەت دەکەم! فەرمووی: هیچ مەڵێ پێت دەڵێم ئەو سێ شتە چین! جا بەو مەرجە پێی گوتم ئەو شتانە چین هەتا ئەو مابێ لای کەسا باسیان نەکەم؛ دوایی گوتی: داوام لە خوای گەورە کردووە کە خۆشەویستی ژن لە دڵی منا نەهێڵێ؛ خوای گەورە نزاکەی گیرا کردم؛ بەخوا چ ژن ببینم چ دیوار جیاوازییان نییە.. داوام لێ کرد کە جگە لە ئەو لە هیچ شتێکیتر نەترسم! هەروەها داوام لێ کرد کە خەم لە چاوەکانم بتۆرێنێ تا بە شەوو بەڕۆژ وەک ئەوەی کە خۆم دەمەوێ خواپەرستی بکەم؛ بەڵام خوای گەورە ئەم داوایەمی گیرا نەکردووە.

١٢٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَمْرُو بْنُ عَاصِم، حَدَّثَنِي حَبِيبُ بْنُ أَبِي الْعَنْبَرِيِّ، حَدَّثَنِي سَلَمَةُ بْنُ آدَمَ ابْنُ أَخِي عَامِر: صَنَعَتْ ابْنَةُ أَخِي عَامِر له قُرْصًا بِلَبَنٍ قَالَتْ: فَأَتَيْتُهُ بِه لِيُفْطِرَ عَلَيْه قَالَتْ: فَإِذَا سَائِلٌ يَقُولُ: مَنْ يُطْعِمُ الْكَبِدَ الْجَائِعَةَ؟ قَالَ: يَا ابْنَةَ أَخِي أَلَيْسَ هَذَا لِي وَأَصْنَعُ بِه مَا شِئْتُ؟ قَالَتْ: بَلَى فَأَعْطَاهُ لِلسَّائِل قَالَ: فَتَضَرَّرَت الْجَارِيَةُ قَالَ: قَالَ هَاتِي هَاتِي قَالَ: فَجَاءَتْ بِتَمْرٍ وَفَلَق فَأَكَلَ وَشَرِبَ عَلَيْه مِنَ الْمَاء قَالَ: ثُمَّ قَالَ: يَا ابْنَةَ أَخِي إِنَّمَا هَذَا الْبَطْنُ وِعَاءٌ وَمَا حَشَوْتِيه مِنْ شَيْءٍ احْتَشَى وَيَبْقَى لَكِ ذُخْرُ مَا قَدَّمْت ".

واتە: عەمری کوڕی عاصم لە حەبیبەوە گێڕایەوە فەرمووی: سەلەمەی کوڕی ئادەمی برازای عامر بۆ منی گێڕایەوە گوتی: کچێکی برازای عامر نانێکی بە شیر بۆ عامر دروست کرد (واتە: بە شیر هەویرەکەی شێلاوە و شیری پێوەداوە) گوتی: نانەکەم بۆ برد بۆ ئەوەی بەربانگی پێ بکاتەوە.. دەڵێ: لەو کاتەدا دەرۆزەکەرێک هات و گوتی: کێ کەسێکی برسی تێر دەکات؟ عامر گوتی: کچی برام! مەگەر ئەم نانە هی من نییەو من ناتوانم بە ئارەزووی خۆم چیی لێ دەکەم بیکەم؟ منیش گوتم: با! ئیتر نانەکەی دا بە کابرای دەرۆزەکەر.. دەفەرموێ: کچەکەی برازای پێی ناخۆش بوو؛ فەرمووی: عامر بە کچەکەی برازای خۆی گوت: ئادەی چیت پێیە بمدەرێ! ئەویش خورمایەکی ساغ و لەتە خورمایەکی پێدا؛ عامر خورماکەی خواردو دوایی هەندێک ئاوی خواردەوە و دوایی گوتی: کچی برام! ئەم گەدەی مرۆڤە دەفرە؛ هەر شتێکی تێبکەی دەبێ بە پیسی؛ تەنیا ئەوەت بۆ دەمێنێتەوە کە دەیکەی بە خێرو توێشو بۆ خۆت.

١٢٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَمْرُو بْنُ عَاصِم، حَدَّثَنِي عَبْدُ الْمَلِك بْنُ مَعْن النَّهْشَلِيُّ، حَدَّثَنِي نَصْرُ بْنُ حَسَّانَ الْعَنْبَرِيُّ، جَدُّ مُعَاذ بْن حَصِين بْن الْحَسَن جَدُّ عَبْد الله بْن الْحَسَن قَالَ: قَدِمْتُ الشَّامَ فَسَأَلْتُ عَنْ عَامِر، فَقِيلَ لِي إِنَّهُ يَأْوِي إِلَى عَجُوز هَا هُنَا قَالَ: فَسَأَلْتُهَا عَنْهُ قَالَ: فَقَالَتْ: هُوَ فِي سَفْحِ ذَلِكَ الْجَبَلِ لَيْله وَنَهَارَهُ فَإِنْ كَانَ لَكَ بِه حَاجَةٌ فَتَحَرَّهُ عِنْدَ فِطْرِه قَالَ: فَأَتَيْتُهُ فَسَلَّمْتُ عَلَيْه فَرَدَّ عَلَيَّ وَسَأَلَنِي مَسَائِلَ رَجُل عَهِدَهُ بِالْأَمْس وَلَمْ يَسْأَلْنِي عَنْ أَحَد مِنْ أَهْله وَعَشِيرَته وَلَمْ يُسَمِّنِي الْعَشَاءَ قَالَ: قُلْتُ: يَا عَامِرُ رَأَيْتُ مِنْكَ عَجَبًا قَالَ: وَمَا هُوَ؟ قَالَ: قُلْتُ قَدْ غِبْتَ عَنْ أَهْلكَ وَعَشِيرَتكَ مِنْ حَيْثُ تَعْلَم، فَلَمْ تَسْأَلْنِي عَمَّنْ مَاتَ مِنْهُمْ وَمَنْ عَاشَ، وَقَدْ عَلِمْتَ مَكَانِي مِنْهُمْ وَسَأَلْتَنِي مُسَاءَلَةَ رَجُل عَهْدُكَ بِه بِالْأَمْس وَلَمْ تُسَمِّنِي الْعَشَاءَ، أَمَّا قَوْلُكَ فِي مُسَاءَلَتِي إِيَّاكَ فَقَدْ رَأَيْتُكَ صَالِحًا فَعَمَّا أَسْأَلُكَ، وَأَمَّا عَشِيرَتِي وَأَهْلِي فَمَا أَسْأَلُ عَنْهُمْ فَمَنْ مَاتَ مِنْهُمْ فَقَدْ مَاتَ وَمَنْ لَمْ يَمُتْ فَسَيَمُوتُ، وَأَمَّا قَوْلُكَ: فَإِنِّي لَمْ أُسَمِّكَ الْعَشَاءَ فَقَدْ عَهِدْتُكَ تَأْكُلُ طَعَامَ الْأُمَرَاءِ وَطَعَامِي فِيه خُشُونَةٌ وَلَمْ أَظُنَّ أَنَّ بِكَ حَاجَةً إِلَيْه.

واتە: نەصری کوڕی حەسسانی عەنبەری باپیری موعازی کوڕی حەصینی کوڕی حەسەنی باپیری عەبدوڵڵای کوڕی حەسەن گێڕایەوە فەرمووی: ڕۆیشتم بۆ شام و لەوێ هەواڵی عامرم پرسی؛ گوتیان: هاتوچۆی فلانە پیرەژن دەکات؛ ڕۆیشم بۆ لای پیرەژنەکەو پرسیاری عامرم لێ کرد؛ گوتی: عامر بە شەوو بەڕۆژ لەسەر لوتکەی ئەو کێوەیە؛ ئەگەر کارێت پێی هەیە ئەوا لە کاتی بەربانگا لەوێ بو دوایا بگەڕێ.. دەڵێ: منیش ڕۆیشم بۆ لای عامرو سەلامم لێ کرد ووەڵامی سەلامەکەی دامەوە و هەندێ پرسیاری لێ کردم وەک ئەوەی دوێنێ لەگەڵیا بوبم!! ئیتر پرسیاری یەک کەسی خزم و کەسوکاری خۆی لێ نەپرسیم؛ کات عیشاش هیچی پێ نەدام بیخۆم؛ دەڵێ: بە عامرم گوت: ئەرێ عامر من شتی سەیر سەیر لەتۆ دەبینم! گوتی: چی؟ گوتم: لەو کاتەوەی کە خۆت دەیزانی لە کەسوکارت دابڕاوی؛ نەتپرسی بزانی کێ ماوە و کێ مردووە! تۆش دەزانی کە من لەگەڵ کەسوکاری تۆ ناسراوی و هاوڕێیەتیم هەیە؛ جگە لەوەش وەکوو کەسێک پرسیارت لێ کردم وەک ئەوەی دوێنێ پێکەوە بوبین؛ ئێوارەش هیچت پێ نەدام! فەرمووی: سەبارەت بەوەی کە پرسیارم لێ کردی ئەوە تۆ بە کەسێک چاک دەزانم بۆیە ئەو پرسیارانەم لێ کردی؛ سەبارەت بەوەی کە هەواڵی کەسوکارم نەپرسیوە ئەوە هەرگیز پرسیار ناکەم؛ هەرکامیان مردبن ئەوە مردووە و هەرکامیان نەمردبن هەر دەمرن! سەبارەت بەوەیش کە نانی ئێوارەم پێنەداوی ئەوە من دەزانم کە تۆ خواردنی شاهانە دەخۆی؛ خواردنەکانی منیش خواردنێ‌ی هەژارانەیەو بەکەڵکی تۆ نایەت و تۆ نایانخۆی.

١٢٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سَابِقٍ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ مِغْوَلٍ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا صَخْرَةَ، يَقُولُ: قِيلَ لِعَامِرٍ: رَضِيتَ فِي شَرَفِكَ وَحَسَبِكَ بَيْتَكَ هَذَا وَهَذَا لِبَاسُكَ قَالَ: إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ جَعَلَ قُرَّةَ عَيْنِ عَامِرٍ فِي هَذَا ".

واتە: موحەممەدی کوڕی سابق گێڕایەوە فەرمووی: مالیکی کوڕی میغوەل فەرمووی: گوێم لە باوکی صەخرە بوو دەیفەرموو: بە عامر گوترا: ئەرێ تۆ ڕازی دەبی بەو هەموە شەرەف و کەسایەتی و بنەماڵەوە کە هەتانە ئەمە پۆشاک و جل و بەرگت بێ؟ فەرمووی: خوای گەورە ئەمەی کردووە بە بیلبیلەی چاوی عامر (واتە: خوای گەورە ئەم هەژاریەی بە لای منەوە خۆشەویست کردووە).

١٢٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ قَالَ قَرَأْتُ عَلَى أَبِي هَذَا الْحَدِيثَ حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مُصْعَبٍ قَالَ: سَمِعْتُ مَخْلَدًا، ذَكَرَ عَنْ هِشَامٍ، عَنِ الْحَسَنِ، أَنَّ عَامِرًا، دَخَلَ مَسْجِدًا فَسَمِعَ قَوْمًا يَذْكُرُونَ الْغُمُومَ الَّتِي يَلْقَوْنَهَا فِي مَعَاشِهِمْ فَقَالَ عَامِرٌ: صَدَقْتُمُونِي وَاللهِ عَنْ أَنْفُسِكُمْ، أَمَا وَاللهِ لَئِنِ اسْتَطَعْتُ لَأَجْعَلَنَّ الْهَمَّ هَمًّا وَاحِدًا، قَالَ الْحَسَنُ: فَفَعَلَ رَحِمَهُ اللهُ ".

واتە: موحەممەدی کوڕی موصعەب دەفەرموێت: گوێم لە مەخلەد بوو لە هاشمەوە گێڕایەوە؛ ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە کە عامر چوەتە ناو مزگەوت و گوێی لێبووە کۆمەڵێک باسی ئەو خەم و خەفەتانەیان کردووە کە لە ژیانا ڕوویەڕوویان دەبێتەوە؛ عامر فەرموویەتی: بەخوا ئێوە سەبارەت بە خۆتان ڕاستتان گوت؛ بەڵام بەخوا گەر من دەسەڵاتم هەبوایە هەموو ئەو خەمانەم دەکرد بە یەک خەم.. حەسەن دەفەرموێت: خوای لێ ڕازی بێت هەمووی کرد بە یەک خەم (واتە: عامر هیچ خەمێکی بۆ هیچ شتێک نەدەخوارد جگە لە خەم خواردن بۆ ڕۆژی قیامەت).

١٢٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنُ بْنُ مُحَمَّد، حَدَّثَنَا خَلَفُ بْنُ خَلِيفَةَ الْأَشْجَعِيُّ، حَدَّثَنَا إِسْحَاقُ الْبَصْرِيُّ، عَنْ عَنْبَسَةَ الْخَوَّاص قَالَ: لَمَّا قَدِمَ عَبْدُ الله بْنُ عَامر أَمِيرًا عَلَى الْبَصْرَة قَالَ: يَا أَهْلَ الْبَصْرَةَ اكْتُبُوا لي منْ كُلِّ خَمْسَة رَجُلًا منَ الْقُرَّاء أُشَاورُهُمْ في أَمْري وَأُطْلعُهُمْ عَلَى سرِّي وَأَسْتَعينُ بهمْ عَلَى مَا وَلَّاني الله عَزَّ وَجَلَّ، قَالَ: فَكُتبَ له زِيَادُ بْنُ مَطَر الْعَدَوِيُّ، وَكَانَ قَدْ بُلِيَ حَتَّى ذَهَبَ بَصَرُهُ وَكُتبَ له غَزْوَانُ منْ بَني رَقَاش، وَكَانَ قَدْ حَلَفَ أَنْ لَا يَضْحَكَ حَتَّى يَعْلَمَ حَيْثُ يُصَيِّرُهُ الله عَزَّ وَجَلَّ قَالَ: قَالَ الْحَسَنُ: وَالله مَا ضَحكَ حَتَّى لَحقَ بالله، وَكُتبَ له جَابرُ بْنُ أَشْتَرَ منْ غَطَفَانَ، قَالَ عَبْدُ الله: قَالَ أَبي غَيْرَ حُسَيْنٍ قَالَ: أَشْتَرُ بْنُ جَابر، وَكُتبَ له عَامرُ بْنُ عَبْد قَيْس الْعَنْبَرِيُّ، وَكُتبَ له النُّعْمَانُ بْنُ شَوَّال الْعَبْديُّ، فَلَمَّا دَخَلُوا عَلَيْه قَالَ: أَنْتُمُ الْقُرَّاءُ قَدْ أَمَرْتُ لَكُمْ بأَلْفَيْن أَلْفَيْن وَكَذَا وَكَذَا جَريب فَأَجَابَهُ النُّعْمَانُ بْنُ شَوَّال، وَكَانَ منْ أَسَنِّ الْقَوْم وَخَلَّوْهُ وَالْجَوَابَ، وَكَانَ قَدْ وَلَّوْهُ أَمْرَهُمْ فَقَالَ له: أَيُّهَا الْأَميرُ أَلَنَا خَاصَّةً أَمْ لأَهْل الْبَصْرَة عَامَّةً قَالَ: بَلْ لَكُمْ خَاصَّةً وَلَا يَسَعُ هَذَا الْمَالُ أَهْلَ الْبَصْرَة قَالَ: فَتَقُولُ مَا نَقُولُ صَدَقَةً فَإِنْ كَانَ صَدَقَةً فَلَا يَدْخُلُ لَنَا بُطُونَنَا وَلَا يَعْلُو لَنَا جُلُودًا وَإِنَّمَا يَأْخُذُ الْعَاملُ ثَمَنَ عَمَله وَإِنَّمَا نَعْمَلُ لرَبِّنَا عَزَّ وَجَلَّ فَلَا حَاجَةَ لَنَا فيمَا عنْدَكَ، فَقَالَ له ابْنُ عَامر: أَلَا أَرَاكَ طَعَّانًا، اخْرُجْ منْ عنْدي قَالَ: أَمَا إِنَّكَ مَا عَهدْتَني للْأُمَرَاء زَوَّارًا قَالَ: ثُمَّ أَقْبَلَ إلَى عَامر فَقَالَ: قَدْ أَمَرْتُ لَكَ بأَلْفَيْن وَكَذَا وَكَذَا جَريب قَالَ: انْظُرِ الْمُكَاتَبينَ الَّذينَ هُمْ عَلَى أَبْوَاب الْمَسْجد هُمْ أَفْقَرُ إِلَيْهَا منِّي قَالَ: إِنِّي قَدْ أَمَرْتُ أَنْ لَا تُحْجَبَ لي عَنْ بَاب قَالَ: عَلَيْكَ بسَعيد بْن قَرْحَى هُوَ أَغْشَى للْأُمَرَاء منِّي قَالَ: انْظُرْ أَيَّ امْرَأَة شئْتَ بالْبَصْرَة أُزَوِّجْكَهَا، وَلَمْ يَكُنْ تَزَوَّجَ قَطُّ قَالَ: أَيُّهَا الْأَميرُ أَرَأَيْتَ الرَّجُلَ إِذَا كَانَ له امْرَأَةٌ وَوَلَدٌ يَشْغَلُ ذَلكَ قَلْبَهُ؟ قَالَ: نَعَمْ قَالَ: فَلَا حَاجَةَ لي فيه، أَجْعَلُ الهمَّ هَمًّا وَاحدًا حَتَّى أَلْقَى رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: ئیسحاقی بەصری لە عەنبەسەی خەواصەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کاتێ

عەبدوڵڵای کوڕی عامر وەکوو والی و کاربەدەست هات بۆ بەصرە گوتی: ئەی خەڵکی بەصرە! لە هەموو پێنج زانایەکا ناوی زانایەکم پێ بدەن با لە کاتی بەڕێکردنی کاروبارەکانما پرسیان پێ بکەم و لە هەموو نهێنیی و کارێکی خۆم ئاگاداریان بکەم و لە مەڕ ئەو بەرپرسیاریەتیەی کە خوای گەورە پێی سپاردووم پارمەتییان لێ وەربگرم.. دەفەرموێت: ناوی زیادی کوڕی مەتەری عەدەوییان بۆ نووسی؛ زیاد ئەوەندە تووشی بەڵا و موسیبەت کرابوو چاوەکانی کوێر ببوون؛ هەروەها ناوی غەزوانیشیان بۆ نووسی؛ غەزوان لە بنەماڵەی ڕەقاش بوو؛ سوێندی خواردبوو هەتا نەزانێ خوای گەورە بەرەو کوێی دەبات (واتە: بۆ بەهەشتی دەبات یان دۆزەخ) پێنەکەنێ.. حەسەن دەفەرموێت: بەخوا هەتا مردن پێنەکەنی.. هەروەها ناوی جابری کوڕی ئەشتەریان بۆ نووسی، جابر لە بنەماڵەی غەتەفان بوو.. عەبدوڵڵا دەڵێ: باوکم نەك حوسەین؛ دەیگوت: ناوی ئەشتەری کوڕی جابر بوو نەك جابری کوڕی ئەشتەر.. هەروەها ناوی عامری کوڕی عەبدقەیسییان بۆ نووسیبوو؛ هەروەها ناوی نوعمانی کوڕی شەووالی عەبدییان بۆ نووسیبوو؛ جا کە ئەم پیاوانە ڕۆیشتن بۆ لای عەبدوڵڵای کوڕی عامر؛ عەبدوڵڵا گوتی: ئێوە زانان؛ من بڕیارم داوە دوو هەزار هەزار (دیرهەم) دیاری بکەم وەک مووچە بۆ ئێوە؛ ئەوەندەو ئەوەندەش خواردن و پێداویستی.. نوعمانی کوڕی شەووال کە لە هەموویان بە تەمەنتربوو. جا هاوڕێکانیشی ئەویان دیاری کردبوو بۆ وەڵامدانەوە و لێیگەڕان بۆ ئەوەی وەڵامی عەبدوڵڵا بداتەوە. هاتە جواب و گوتی: جەنابی ئەمیر! ئەمە تەنیا بۆ ئێمە وایە یان بۆ هەموو خەڵکی بەصرە؟ عەبدوڵڵا گوتی: نە تەنیا بۆ ئێوەیەو ئەوەندە سەروەت و سامان لەبەردەستا نییە موچە بۆ هەموو خەڵکی ببڕینەوە! نوعمان گوتی: دەی خۆ تۆ دەڵێی: ئەوەی کە ئێمە دەیڵێین خێرو صەدەقەیە! ئەگەر خێرو صەدەقەیە ئەوا باسی زگ نایەتە ناوو با دارمان لەسەر بەرز نەکرێتەوە؛ کرێکار تەنیا لە هەقی کارەکەی شت وەردەگرێ، ئێمە تەنیا لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە کار دەکەین و پێویستیمان بەو پارەو پوڵەی تۆ نییە! عەبدوڵڵای کوڕی عامر پێی گوت: من وادەزانم تۆ تانەم لێ دەدەی! بڕۆ دەروە و لای من مەوەستە! نوعمان گوتی: تۆ هەرگیز من نابینی بچم بۆ لای دەسەلاتداران! دەفەرموێت: دوایی ڕوی لە عامر کرد و گوتی: من بڕیارم داوە دوو هەزار هەزار (دیرهەم) و ئەوەندەو ئەوەندە بار خواردنت بۆ دیاری بکەن! عامر فەرمووی: نا سەیری ئەوانە بکە کە ناویان نووسراوە و لەبەردەم دەرگای مزگەوتەکانان؛ ئەوانە لەمن هەژارترن و ئەوان پێویستییان بە پارەیە.. عەبدوڵڵا گوتی: من فرمانم کردووە کە هیچ دەرگایەکی من لەسەر هیچ کەسێک دانەخرێت.. عامر گوتی: دەی بڕۆ بانگی سەعیدی قەرحی بکە؛ ئەو لەمن زیاتر دێت بۆ لای کاربەدەستان.. عەبدوڵڵا گوتی: دەی بڕۆ بزانە لە بەصرەدا کێت بە دڵە با بۆت داوا بکەم و بیهێنە!. عامر هەرگیز ژنی نەهێنابوو. عامر گوتی: جەنابی ئەمیر! مەگەر تۆ پێت وا نییە پیاو ژن و منداڵی هەبێ سوچێکی دڵی داگیر دەکەن و پێیانەوە سەرقاڵ دەبێ؟ گوتی: با!

امر گوتی: دەی من پێویستیم بە ژن و منالّ نییەو هەموو سەرقاڵییەکی خۆم دەکەم بە یەک سەرقاڵی. واتە: تەنیا خۆم سەرقاڵی خواپەرستی دەکەم. هەتا ئەو کاتەی بە خزمەت خوای گەورە دەگەمەوە.

١٢٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَمْرُو بْنُ عَاصِمٍ، حَدَّثَنِي ابْنُ كَوَا بْنِ جُمَيْعٍ الهِنْدِيُّ، حَدَّثَنِي عُمَارَةُ بْنُ عَبْدِ اللهِ الْعَنْبَرِيُّ، وَابْنُهُ، وَثَابِتٌ أَبُو الْفَضْلِ، قَالُوا: مَا رَأَيْنَا عَامِرَ بْنَ عَبْدِ قَيْسٍ مُتَطَوِّعًا فِي مَسْجِدِهِمْ قَطُّ قَالَ: وَكَانَ آخِرَ مَنْ يَدْخُلُ الْمَسْجِدَ وَأَوَّلَ مَنْ يَخْرُجُ مِنْهُ ".

واتە: عومارەی کوڕی عەبدوڵڵاو کوڕەکەی عومارەو ثابتی باوکی فەزڵ دەگێڕنەوە دەڵێن: هەرگیز عامری کوڕی عەبدقەیسمان نەدیوە لە مزگەوتی ئێمە نوێژی سوننەت بکات.. دەفەرموێت: کۆتا کەس دەهاتە ناو مزگەوت و لە پێش هەموانەوە دەڕۆیشتە دەرەوە.

١٢٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْجَبَّارِ بْنُ مُحَمَّدٍ الْخَطَّابِيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْأَعْلَى عَنْ هِشَامٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: سَمِعَهُمْ عَامِرُ بْنُ عَبْدِ قَيْسٍ، وَمَا يَذْكُرُونَ مِنْ ذِكْرِ الضَّيْعَةِ فِي الصَّلَاةِ قَالَ: تَجِدُونَهُ قَالَ؟ قَالُوا: نَعَمْ قَالَ: وَاللهِ لَئِنْ تَخْتَلِفُ الْأَسِنَّةُ فِي جَوْفِي أَحَبُّ إِلَيَّ أَنْ يَكُونَ هَذَا فِي صَلَاتِي ".

واتە: هیشام لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عامری کوڕی عەبدقەیس گوێی لێبوو چەند کەسێک باسی ئەوەیان دەکرد کە لە ناو نوێژا شتی ونبوو دەدۆزنەوە (واتە: دەکەوێتەوە بیریان کە ئەو شتە لەکوێدایە) عامر گوتی: دەی دوایی دەیدۆزنەوە؟ گوتیان: بەڵێ! عامر فەرمووی: بەخوا من پێم خۆشە تیرو ڕم بچێ بە زگ و لاشەما بەڵام شتی وا لەناو نوێژەکانما ڕوونەدات.

١٢٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا الْجَرِيرِيُّ، عَنْ أَبِي الْعَلَاءِ، أَنَّ رَجُلًا، قَالَ لِعَامِرِ بْنِ عَبْدِ قَيْسٍ: اسْتَغْفِرْ لِي اسْتَغْفِرْ لِي قَالَ: إِنَّكَ لَتَسْأَلُ مَنْ قَدْ عَجَزَ عَنْ نَفْسِهِ وَلَكِنْ أَطِعِ اللهَ ثُمَّ ادْعُهُ يَسْتَجِبْ لَكَ ".

واتە: باوکی عەلا لە پیاوێکەوە دەگێڕێتەوە کە بە عامری گوتووە: داوای لێخۆشبوونم بۆ بکە؛ داوای لێخۆشبوونم بۆ بکە! عامر فەرموویەتی: تۆ داوا دەکەی کەسێک داوای لێخۆشبوونت بۆ بکات کە خۆی داماوە؛ بڕۆ خواپەرستی بکەو دوایی خۆت داوا لە خوا بکە؛ خوای گەورە داواکەت گیرا دەکات.

١٢٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا أَبو عَقيل بَشيرُ بْنُ عُقْبَةَ، حَدَّثَنَا يَزِيدُ يَعْني ابْنَ عَبْد الله بْنَ الشِّخِّير قَالَ: كُنَّا نَأْتي عَامرَ بْنَ عَبْد الله وَهُوَ يُصَلِّي في مَسْجده فَإِذَا رَآنَا تَجَوَّزَ في صَلَاته ثُمَّ انْصَرَفَ فَقَالَ لَنَا: مَا تُريدُونَ؟ وَكَانَ يَكْرَهُ أَنْ يَرَوْنَهُ يُصَلِّي ".

واتە: یەزید واتە: یەزیدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی شیخخیر فەرمووی: ئێمە دەچووینە بۆ لای عامری کوڕی عەبدوڵڵا؛ لە شوێنی تایبەت بە خۆی نوێژی دەکرد؛ جا کە ئێمەی دەبینی نوێژەکانی کورت دەکردەوە و درێژەی پێ نەدەدا؛ دوایی کۆتایی بە نوێژ دەهێناو بە ئێمەی دەگوت: چیتان دەوێ؟ پێی ناخۆشبوو لە کاتی نوێژکردنا خەڵك بیبینن.

١٢٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا هشَامٌ، عَن الْحَسَن، أَنَّ عَامرَ بْنَ عَبْد قَيْس قَالَ: إِنِّي وَجَدْتُ عَيْشَ النَّاس في أَرْبَع في النِّسَاء وَالطَّعَام وَاللِّبَاس وَالنَّوْم فَأَمَّا اللِّبَاسُ فَوَالله مَا أُبَالي مَا وَارَيْتُ به عَوْرَتي، وَأَمَّا النِّسَاءُ فَوَالله مَا أُبَالي امْرَأَةً رَأَيْتُ أَوْ جدَارًا، وَأَمَّا النَّوْمُ وَالطَّعَامُ فَقَدْ غَلَبَاني إِلَّا أَنْ أُصيبَ منْهُمَا فَوَالله لَأُضُرَّنَّ بهمَا جَهْدي، قَالَ الْحَسَنُ: فَأَضَرَّ وَالله بهمَا جَهْدَهُ حَتَّى مَاتَ رَحمَهُ الله ".

واتە: حەسەن دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: عامری کوڕی عەبدقەیس فەرمووی: من وادەزانم عەیش و نۆش و خۆشیی خەڵکی لە چوار شتا بێ: لە ژن و خواردن و پۆشاك و خەوتن! سەبارەت بە پۆشاك بەخوا من گوێم لێ نییە بە چ شتێک خۆم داپۆشم؛ سەبارەت بە ژنیش بەخوا چ ژن ببینم چ دیوار وەکوو یەکن؛ سەبارەت بە خەو خواردنیش ئەوە زاڵ دەبن بەسەرما مەگەر من چاریان بکەم و بیانشکێنم؛ بەخوا ئەو دووانە زیانم پێ دەگەیەنن.. حەسەن دەفەرموێت: بەخوا هەتا مرد هەر ئەو زاڵ دەبوو بەسەر خەو خۆراکاو دەیشکاندن.

١٢٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا أَبو الْوَليد خَلَفُ بْنُ الْوَليد، حَدَّثَنَا عَبَّادُ بْنُ عَبَّاد، عَنْ يُونُسَ بْن عُبَيْد، عَن الْحَسَن قَالَ: كَانَ عَامرُ بْنُ عَبْد قَيْس إِذَا صَلَّى الصُّبْحَ تَنَحَّى في نَاحيَة الْمَسْجد فَقَالَ: مَنْ أُقْرِئُهُ؟ قَالَ: فَيَأْتي قَوْمٌ فَيُقْرِئُهُمْ حَتَّى إِذَا طَلَعَت الشَّمْسُ وَأَمْكَنَت الصَّلَاةُ قَامَ يُصَلِّي إِلَى أَنْ يَنْتَصفَ النَّهَارُ ثُمَّ يَرْجعُ إِلَى مَنْزله فَيَقيلُ ثُمَّ يَرْجعُ إِلَى الْمَسْجد إِذَا زَالَت الشَّمْسُ فَيُصَلِّي حَتَّى يُصَلِّيَ الظُّهْرَ ثُمَّ يُصَلِّي حَتَّى يُصَلِّيَ الْعَصْرَ فَإِذَا صَلَّى الْعَصْرَ تَنَحَّى في نَاحيَة الْمَسْجد ثُمَّ يَقُولُ: مَنْ أُقْرِئُهُ؟ قَالَ: فَيَأْتيه قَوْمٌ فَيُقْرِئُهُمْ حَتَّى إِذَا غَرَبَت الشَّمْسُ صَلَّى الْمَغْربَ ثُمَّ يُصَلِّي حَتَّى يُصَلِّيَ الْعشَاءَ الْآخرَةَ، ثُمَّ يَرْجعُ إِلَى مَنْزله فَيَتَنَاوَلُ أَحَدَ رَغيفَيْه

فَيأْكُلُ، ثُمَّ يَضْطَجِعُ هَجْعَةً خَفِيفَةً ثُمَّ يَقُومُ، فَإِذَا كَانَ السَّحَرُ تَنَاوَلَ رَغِيفَهُ الْآخَرَ فَيأْكُله ثُمَّ يَشْرَبُ عَلَيْه شَرْبَةً مِنْ مَاء ثُمَّ يَخْرُجُ إِلَى الْمَسْجِد، قَالَ خَلَفٌ: وَحَدَّثَنِي بَعْضُ أَصْحَابِنَا قَالَ: كَانَ مَنْصُورُ بْنُ زَاذَانَ يَفْعَلُ هَذَا كُله وَيَفْضُلُ بِخَاصَّةٍ لَا يَبِيتُ كُلَّ لَيْلَةٍ حَتَّى تَبُلَّ عِمَامَتَهُ بِدُمُوعه ثُمَّ يَضَعَهَا ".

واتە: یونسی کوڕی عوبەید لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرمورویەتی: عامری کوڕی عەبدقەیس کاتێ نوێژی بەیانیی دەکرد دەچوە سوچێکی مزگەوتەوە و دەیفەرموو: قورئان یەکێ بلێیمەوە؟ کۆمەڵێک دەهاتنە خزمەتی و هەتا خۆرکەوتن و نزیکبوونەوەی نوێژی چێشتەنگا؛ دوایی هەڵدەستاو دەستی دەکرد بە نوێژ کردن هەتا نیوەڕۆ؛ دوایی دەگەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی و لە ماڵا سەرخەوێکی دەشکاند؛ دوایی دەگەڕایەوە بۆ مزگەوت و کە خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان لایدەدا دەستی دەکرد بە نوێژ کردن هەتا نوێژی نیوەڕۆی دەکرد؛ دوایی نوێژی دەکرد هەتا بانگی عەصر؛ جا کە نوێژی عەصری دەکرد دەچوە سوچێکی مزگەوتەوە و دەیفەرموو: قورئان بەکێ بلێیمەوە؟ جا کۆمەڵێک دەهاتنە خزمەتی و هەتا خۆرئاوابوون دەمانەوە و نوێژی مەغرییان دەکردو دوایی هەتا بانگی عیشا هەر نوێژی دەکرد؛ دوای کردنی نوێژی عیشا دەگەڕایەوە بۆ ماڵەکەی؛ دەستی دەبردو یەکێک لە دوو کولێرەکەی دەخوارد (واتە: لە شەوو ڕۆژێکا دوو کولێرەی خواردووە) دوایی سەرخەوێکە دەشکاندو هەڵدەستایەوە؛ جا لە کاتی پارشێوا ئەو کولێرەکەیتری دەخواردو ئاوی لەگەڵ دەخواردەوە؛ دوایی دەچو بۆ مزگەوت.. خەلەف دەفەرموێت: هەندێ لە هاوڕێیان پێیان گوتم: مەنصوری کوڕی زازانیش بەهەمان شێوە بوو؛ بەڵام ئەو تایبەتمەندیەکی باشتری هەبوو؛ هیچ شەوێک نەدەنووست هەتا ئەوەندە نەگریایەو مێزەرەکەی سەری بە فرمێسکی چاوی تەڕ نەبوایە، دوایی مێزەرەکەی لادەبرد.

١٢٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، عَنْ عَبْد الرَّزَّاق، أَنْبَأَنَا مَعْمَرٌ، عَنْ مُحَمَّد بْن وَاسِع، عَنْ أَبِي الْعَلَاءِ بْن عَبْد الله بْن الشِّخِّير، أَخْبَرَنِي ابْنُ أَخِي عَامر بْن عَبْد قَيْس أَنَّ عَامرًا كَانَ يَأْخُذُ عَطَاءَهُ فَيَجْعَلُه فِي طَرَف رِدَائه فَلَا يَلْقَاهُ أَحَدٌ مِنَ الْمَسَاكِينِ يَسْأَله إِلَّا أَعْطَاهُ، فَإِذَا دَخَلَ عَلَى أَهْله رَمَى بِهِمْ إِلَيْهِمْ فَيَعُدُّونَهَا فَيَجِدُونَهَا سَوَاءً كَمَا أُعْطِيَهَا ".

واتە: عەبدوڵلای کوڕی شیخخیر دەفەرموێت: برازاکەی عامری کوڕی عەبدقەیس پێی گوتم: عامر موچەکەی خۆی وەردەگرت و دەیخستە باخەڵیەوە و بیدایە بە لای هەر هەژارێکاو داوای هەر شتێکی لێ کردبا پێی دەبەخشی؛ جا کاتێ دەڕۆیشتەوە بۆناو کەسوکاری موچەکەی بۆ فڕێ دەدان و ئەوانیش دەیانژمارد؛ جا موچەکە وەکوو خۆی بوو هیچ کەمی نەدەکرد.

١٢٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُعَاذٌ، حَدَّثَنَا ابْنُ عَوْنٍ، عَنْ مُحَمَّد قَالَ: كَتَبَ أَبو مُوسَى الْأَشْعَرِيُّ إِلَى عَامِرِ بْنِ عَبْدِ قَيْسٍ الْعَنْبَرِيِّ: مِنْ عَبْدِ الله إِلَى عَامِرِ بْنِ عَبْدِ الله الَّذِي كَانَ يُدْعَى عَبْدَ قَيْسٍ، أَمَّا بَعْدُ فَإِنِّي عَهِدْتُكَ عَلَى أَمْرٍ وَبَلَغَنِي أَنَّكَ تَغَيَّرْتَ فَإِنْ كُنْتَ عَلَى مَا عَهِدْتُكَ فَاتَّقِ الله وَدُمْ وَإِنْ كُنْتَ تَغَيَّرْتَ فَاتَّقِ الله وَعُدْ ".

واتە: لە موحەممەدەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: باوكی مووسای ئەشعەری نامەیەكی بۆ عامری كوڕی عەبدقەیسی عەنبەری نووسی و فەرمووی: لە عەبدوڵڵاوە بۆ عامری كوڕی ئەو عەبدوڵڵایەی كە بە عەبدقەیس بەنێوبانگە! پاش سوپاس و ستاییشی پەروەردگار: من بەڵێنی كارێكم لە تۆ سەندووە (یان: ئامۆژگاریم كردی بە كردنی كارێك) ئێستا بیستوومە تۆ گۆڕاوی؛ ئەگەر هەر لەسەر ئەو بەڵێنەی كە لە تۆم سەند ئەوا لەخوا بترسەو لەسەر بەڵێنەكەت بەردەوامبە؛ ئەگەریش گۆڕاوی ئەوا لەخوا بترسەو بگەڕێوە سەر بەڵێنەكە.

١٢٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي يَحْيَى بْنُ سَعِيد، عَنْ أَشْعَثَ، عَنِ الْحَسَنِ، بُعِثَ بِعَامِرِ بْنِ عَبْدِ قَيْسٍ إِلَى الشَّامِ فَقَالَ: الْحَمْدُ لله الَّذِي حَشَرَنِي رَاكِبًا ".

واتە: ئەشعەث لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عامری كوڕی عەبدقەیسیان نارد بۆ شام؛ فەرمووی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی كە بە سواری حەشری كردم.

١٢٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَسْوَدُ بْنُ عَامِرٍ، وَعَفَّانُ، قَالَا: حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، قَالَ عَفَّانُ فِي حَدِيثِه: أَنْبَأَنَا ثَابِتٌ، أَنَّ عَامِرَ بْنَ عَبْدِ قَيْسٍ، قَالَ لِابْنَيْ عَمٍّ لَه: فَوِّضَا أَمْرَكُمَا إِلَى الله عَزَّ وَجَلَّ تَسْتَرِيحَا ". قَالَ: عَبْدُ الله، قَالَ أَبِي، فَبَلَغَنِي أَنَّ عَامِرَ بْنَ عَبْدِ قَيْسٍ كَانَ إِذَا أَصْبَحَ قَالَ: اللهمَّ إِنَّ هَؤُلَاءِ يَغْدُونَ وَيَرُوحُونَ وَلِكُلٍّ حَاجَةٌ وَإِنَّ حَاجَةَ عَامِرٍ أَنْ تَغْفِرَ له ".

واتە: عەففان دەفەرموێت: ثابت پێی گوتم: عامری كوڕی عەبدقەیس بە دوو پسمام (كوڕە مام)ی خۆی گوت: كاروباری خۆتان هەواڵەی خوای گەورە بكەن ئیتر ئاسودە دەبن! عەبدوڵڵا دەڵێ: باوكم گوتی: بیستوومە كە عامری كوڕی عەبدقەیس بەیانیان دەیفەرموو: پەروەردگارا! ئەوانە بەیانی و ئێوارە دەكەنەوە و هەر كەسەو پێویستیەكی خۆی هەیە؛ پێویستیی عامر ئەوەیە كە لێی خۆشبی.

١٢٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَارُونُ، عَنْ ضَمْرَةَ، عَنِ ابْنِ شَوْذَبٍ قَالَ: قَالَ عَامِرٌ: مَا آسَى عَلَى شَيْءٍ فَارَقْتُهُ بِالْعِرَاقِ إِلَّا عَلَى ظَمَأِ الهوَاجِرِ وَمُجَالَسَةِ أَقْوَامٍ يَتَحَرَّوْنَ الْحَدِيثَ ".

واتە: زەمرە لە کوڕی شەوزەبەوە دەگێڕێتەوە فەرمووی: عامر فەرمووی: خەفەت بۆ هیچ شتێکی عێراق ناخۆم جگە لە گەرماو تینوێتی دەمەونیوەڕۆو دانیشتن لەگەڵ ئەو کۆمەڵە کەسانەدا کە خەریکی فەرمووده بوون.

١٢٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ أَبِي عَدِيٍّ، عَنْ حُمَيْد، عَنْ مُوَرِّق الْعِجْلِيِّ، عَنْ جَارِيَةَ بْن قُدَامَةَ قَالَ: قَدِمْتُ الشَّامَ قَالَ: فَانْتَهَيْتُ إِلَى عَامِر بْن عَبْد وَهُوَ قَاعِدٌ فِي الْمَسْجِد قَالَ: فَقَعَدْتُ إِلَيْه وَمَعَهُ جَلِيسٌ لاَ أَعْرِفُهُ قَالَ: فَقُلْتُ له: وَدِدْتُ أَنِّي لَقِيتُ كَعْبًا قَالَ: لأَيِّ شَيْءٍ؟ قَالَ: لِشَيْءٍ بَلَغَنِي عَنْهُ أَنَّهُ قَالَ: لاَ يَأْتِي أَحَدٌ هَذَا الْمَسْجِدَ يَعْنِي بَيْتَ الْمَقْدِس لاَ يُرِيدُ إِلاَّ الصَّلاَةَ فِيه رَجَعَ كَيَوْم وَلَدَتْهُ أُمُّهُ مِنَ الذُّنُوب قَالَ: فَقَالَ عَامِرٌ: الرَّجُلُ جَلِيسُكَ يَعْنِي كَعْبًا قَالَ: فَقَالَ كَعْبٌ: مَا اللَّيْلُ بِلَيْل وَلاَ النَّهَارُ بِنَهَار وَإِنَّهُ لَمْ يَكُنْ ذَاكَ كَذَلكَ وَلَعُمْرَةٌ أَفْضَلُ مِنْ تَقْدِيسَتَيْنِ وَحَجَّةٌ أَفْضَلُ مِنْ عُمْرَتَيْن، وَمَا مِنْ عَبْد يَقُومُ مِنَ اللَّيْلِ فَيَتَوَضَّأُ فَيُحْسِنُ الْوُضُوءَ ثُمَّ يُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ وَيَسْتَغْفِرُ الله إِلاَّ غُفِرَ له ".

واتە: حومەید لە مووەڕیقی عیجلییەوە ئەویش لە جاریەی کوڕی قودامەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕۆیشتمە شام.. دەفەرموێت: لەوێ گەیشتم بە عامری کوڕی عەبدقەیس لە مزگەوتدا دانیشتبوو.. جا دەفەرموێت: منیش لە لایا دانیشتم و یەکێک لە لایا دانیشتبوو نەمدەناسی.. دەفەرموێت: پێمگوت: چەند پێمخۆشبوو چاووم بە کەعب بکەوتایە! فەرمووی: بۆچی؟ دەفەرموێت: بۆ شتێک؛ بیستوومە فەرموویەتی: هەر کەسێ بێت بۆ ئەم مزگەوتە. واتە بەیتولمەقدیس؛ جا تەنیا بە مەبەستی نوێژکردنێک بێت؛ ئەوا وەکوو ئەو ڕۆژەی لێدێ کە لە دایك بووە و تاوانی بەسەرەوە نامێنێتەوە.. دەفەرموێت: عامر فەرمووی: دەی ئەم پیاوەی کە لە تەنیشتتا دانیشتووە ئەوە. واتە: ئەمە کەعبە! دەفەرموێت: کەعب فەرمووی: نە ئەمشەو بەشەوێکەو نە ئەمڕۆ بە ڕۆژێکە! ئەوەش وانییە، بەڕاستی یەک عەمرە لەوە باشترەو خێردارترە کە دووجار بێیت بۆ بەیتولمەقدیس و نوێژی تێدا بکەیت؛ یەک حەجیش لە دوو عەمرە باشترە؛ هەر کەسێکیش شەو هەستێ و دەستنوێژێکی جوان بگرێت و دوایی دوو ڕکات نوێژ بکات و داوای لێبوردن لە خوای گەورە بکات؛ بێگومان خوای گەورە لێی خۆشدەبێ.

١٢٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا هَمَّامٌ، حَدَّثَنَا قَتَادَةُ قَالَ: إِنَّ الْمَلاَئكَةَ تَفْرَحُ بِالشِّتَاء لِلْمُؤْمِنِ يَقْصُرُ النَّهَارُ فَيَصُومُهُ وَيَطُولُ اللَّيْلُ فَيَقُومُهُ، وَبَلَغَنَا أَنَّ عَامِرًا لَمَّا حُضِرَ جَعَلَ يَبْكِي فَقَالُوا: مَا يُبْكِيكَ يَا عَامِرُ؟ قَالَ: مَا أَبْكِي جَزَعًا مِنَ الْمَوْتِ وَلاَ حِرْصًا عَلَى الدُّنْيَا وَلَكِنِّي أَبْكِي عَلَى ظَمَأ الهوَاجر وَقِيَام الشِّتَاء "

واتە: هەمام دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: قەتادە بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: بەڕاستی کاتێ

زستان دێت فریشتەکان خۆشحاڵ دەبن بەوەی کە باوەڕدار کەوتووەتە ناو زستانەوە؛ ڕۆژگارەکەی کورتە بەڕۆژوو دەبن و شەوەکانی درێژە شەونوێژی تێدا دەکەن.. بیستومانە کە عامر کاتێ کەوتە سەرەمەرگەوە دەستی بە گریان کرد؛ لێیان پرسی: ئەوە بۆچی دەگریت؟ فەرمووی: لە ترسی مردن ناگریم! بۆ ئەوەش ناگریم کە خەم بۆ دونیا بخۆم! بەڵکوو بۆ گەرمای نیوەڕوان و شەونوێژی شەوانی زستان دەگریم.

١٢٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ اللهِ بْنُ مُحَمَّدٍ التَّيْمِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ عُقْبَةَ بْنَ فَضَالَةَ، يُحَدِّثُ عَنْ شَيْخٍ، أَحْسَبُهُ قَالَ: مِسْكِينٌ الهَجَرِيُّ قَالَ: كَانَ عَامِرُ بْنُ عَبْدِ اللهِ إِذَا مَرَّ بِالْفَوَاكِهِ قَالَ: مَقْطُوعَةٌ مَمْنُوعَةٌ "

واتە: عوبەیدوڵڵای کوڕی موحەممەدی تەیمی دەفەرموێت: گوێم لە عوقبەی کوڕی فوزالە بوو لە کەسێکەوە ئەوەی گێڕایەوە وەبزانم ئەو کەسە مسکینی هەجەری بوو؛ فەرموویەتی: عامری کوڕی عەبدقەیس کاتێ چاوی بە میوە دەکەوت دەیفەرموو: میوەی قەدەغە!

١٢٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ اللهِ بْنُ مُحَمَّدٍ، يَعْنِي التَّيْمِيَّ حَدَّثَنَا عَبْدُ الْعَزِيزِ بْنُ مُسْلِمٍ، عَنْ حَرْبٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: كَانَ لِعَامِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ مَجْلِسٌ فِي الْمَسْجِدِ فَتَرَكَهُ حَتَّى ظَنَنَّا أَنَّهُ قَدْ ضَارَعَ أَصْحَابَ الْأَهْوَاءِ قَالَ: فَأَتَيْنَاهُ فَقُلْنَا لَهُ: كَانَ لَكَ مَجْلِسٌ فِي الْمَسْجِدِ فَتَرَكْتَهُ قَالَ: أَجَلْ إِنَّهُ مَجْلِسٌ كَثِيرُ اللَّغَطِ وَالتَّخْلِيطِ قَالَ: فَأَيْقَنَّا أَنَّهُ قَدْ ضَارَعَ أَصْحَابَ الْأَهْوَاءِ فَقُلْنَا: مَا تَقُولُ فِيهِمْ؟ قَالَ: وَمَا عَسَى أَنْ أَقُولَ فِيهِمْ، رَأَيْتُ نَفَرًا مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَصَحِبْتُهُمْ فَحَدَّثُونَا أَنَّ أَحْسَنَ النَّاسِ إِيمَانًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَكْثَرُهُمْ مُحَاسَبَةً لِنَفْسِهِ فِي الدُّنْيَا وَأَنَّ أَشَدَّهُمْ فَرْحَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَشَدُّهُمْ حُزْنًا فِي الدُّنْيَا وَأَنَّ أَكْثَرَهُمْ ضَحِكًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَكْثَرُهُمْ بُكَاءً فِي الدُّنْيَا، وَحَدَّثُونَا أَنَّ اللهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى فَرَضَ فَرَائِضَ وَسَنَّ سُنَنًا وَحَدَّ حُدُودًا، فَمَنْ عَمِلَ بِفَرَائِضِ اللهِ وَسُنَنِهِ وَاجْتَنَبَ حُدُودَهُ دَخَلَ الْجَنَّةَ بِغَيْرِ حِسَابٍ، وَمَنْ عَمِلَ بِفَرَائِضِهِ وَسُنَنِهِ ثُمَّ رَكِبَ حُدُودَهُ ثُمَّ تَابَ ثُمَّ رَكِبَ ثُمَّ تَابَ اسْتَقْبَلَ الزَّلَازِلَ وَالشَّدَائِدَ وَالْأَهْوَالَ ثُمَّ يُدْخِلُهُ اللهُ الْجَنَّةَ، وَمَنْ عَمِلَ بِفَرَائِضِ اللهِ وَسُنَنِهِ وَرَكِبَ حُدُودَهُ ثُمَّ مَاتَ مُصِرًّا عَلَى ذَلِكَ، لَقِيَ اللهَ مُسْلِمًا إِنْ شَاءَ غَفَرَ لَهُ وَإِنْ شَاءَ عَذَّبَهُ ".

واتە: لە حەربەوە دەگێڕنەوە ئەویش لە حەسەنەوە فەرموویەتی: عامری کوڕی عەبدوڵڵا لە مزگەوتدا خولێکی هەبوو؛ وازی لەو خولە هێناو ئەوەندە نەهاتەوە بەلایا وامان گومانبرد بووە بە دۆست و هاوڕێی مرۆڤگەلی دوور لە مزگەوت و بازاڕی.. جا دەفەرموێت: ڕۆیشتین بۆ

لای عـامرو گوتمـان: ئەوە چیـیە خـۆ تـۆ لە مزگەوتـدا خولێکـت هەبـوو بـۆ وازت لـێ هێنـا؟ فەرمووی: بەڵێ! خولێکی پڕ لە قسەی بێسود و بێسەروبەر بوو! دەفەرموێت: ئیتر لەوە دڵنیا بوینەوە کە عامر بووە بە هاوڕێ و دۆستی کەسانی بازاڕی و ئەهلی دونیا؛ جا گوتمان: ئەی تۆ چی لەبـارەی ئەوانەوە دەڵێی؟ دەتەوێ چۆن بـن؟ فەرمـووی: چی بڵێم؟ مـن چەنـد هـاوەڵێکی پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی و هـاوڕێیەتیم کردن؛ ئەوەیـان بـۆ ئێمە گێڕاوەتەوە کە باشترین کەس لە ڕوی بیروبـاوەڕو ئـیمانەوە لە ڕۆژی قیامەتـدا ئەو کەســەیە کە لە دونیـادا زۆرتـرین لێکـۆڵینەوە لەگەڵ خۆیـا دەکـات؛ دڵخۆشـترین کەسیشـیان لە قیامەتـدا ئەو کەسـەیانە کە لە دونیادا خەمبارترین کەس بووە؛ ئەو کەسەش کە لە دونیادا لەهەمووان زیاتر گریاوە؛ لەوێ لە هەمووان زیاتر پێدەکەنێ.. هەروەها ئەوەیان بۆ ئێمە گێڕاوەتەوە کە خوای گەورە و میهرەبان چەنـد ئەرکێکـی فەرزو پێویسـت کردووە و چەنـد ئەرکێکیشـی کـردووە بە سـوننەت و چەنـد سنورێکی دیاری کردووە؛ جا هەر کەسێ فەرزەکان و سوننەتەکان جێبەجێ بکات و خۆی لەو سـنورانە بەدوور بگـرێ کە خـوای گەورە دیـاریی کـردووە؛ ئەوە بەبـێ لێکـۆڵینەوە دەچێـتە بەهەشـتەوە؛ بەڵام هەر کەسـێ فەرزەکـان و سـوننەتەکان جێبەجـێ بکـات و سـنورەکانیش بەزێنـێ؛ دوایـی تەوبە بکـات دوایـی دیسـان سنور بەزێنێت و دیسـان تەوبە بکـات؛ ئەوە ڕوویەڕووی لەرزەو سـەختی و ناخۆشـییەکانی قیـامەت دەبێـتەوە و دوایـی خـوای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە؛ هەر کەسێکیش فەرزەکان و سوننەتەکان جێبەجێ بکات و سنورەکانیش بەزێنێت و سور بێت لە سەر سنوربەزاندن و بەو جۆرە بمرێ؛ ئەوە بە موسوڵکانی مردووە (واتە: کـافر نەبـووە) ئەگەر خـوای گەورە بـیەوێ سـزای بـدات ئەوە سـزای دەدات و ئەگەر بیەوێ لێی خۆشبێت ئەوا لێی خۆشدەبێت.

١٢٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ اللهِ بْنُ مُحَمَّدٍ، حَدَّثَنِي شَيْخٌ يُكَنَّى أَبَا زَكَرِيَّا مَوْلًى لِلْقُرَشِيِّينَ عَنْ بَعْضِ مَشَايِخِهِ قَالَ: كَانَتْ ابْنَةُ عَمٍّ لِعَامِرٍ يُقَالُ لَهَا عَبْدَةُ تَرَى مَا يَصْنَعُ بِنَفْسِهِ فَتُعَالِجُ لَهُ الثَّرِيدَ فَتَأْتِيهِ بِهِ فَيَخْرُجُ إِلَى أَيْتَامِ الْحَيِّ فَيَدْعُوهُمْ فَتَقُولُ: إِنَّمَا عَمِلْتُهَا لَكَ بِيَدَيَّ لِتَأْكُلَهَا، فَيَقُولُ: أَلَيْسَ إِنَّمَا أَرَدْتِ أَنْ تَنْفَعِينِي؟ قَالَ: وَكَانَ يَقُولُ لَهَا: يَا عُبَيْدَةُ تَعَزِّي بِالْقُرْآنِ عَنِ الدُّنْيَا، فَإِنَّهُ مَنْ لَمْ يَتَعَزَّ بِالْقُرْآنِ عَنِ الدُّنْيَا تَقَطَّعَتْ نَفْسُهُ عَلَى الدُّنْيَا حَسَرَاتٍ".

واتە: عوبەیدوڵڵای کوڕی موحەممەد دەفەرموێت: پیاوێک هەبوو پێیان دەگوت: باوکی زەکەریـا! ئەو لە مامۆسـتاکانی خـۆی گێـڕایەوە کە عـامر دۆتمـام (کـچە مـام)ێکی هەبـوو؛ دۆتمـامەکەی عـامر دەیـزانی عـامر چـی دەکـات بەخـۆی (واتە: دەیـزانی چەنـدێک خەریـکی خواپەرستی دەبێت و گوێ بە دونیا نادات) ئەو دۆتکامەی عامر ناوی عەبدە بوو؛ جا عەبدە

هەموو جارێک دەورییەک تریتی بۆ عامر دروست دەکردو بۆی دەبرد؛ عامریش تریتەکەی دەبرد بۆ ئەو منالّە هەتیوانەی کە لەو گەڕەك و کۆڵانەدا دەژیان؛ بانگی دەکردن و دەیدا بەوان؛ عەبدەش دەیگوت: من خۆم بە دەستی خۆم چاکم کردووە و بۆ تۆم چاک کردووە بۆ ئەوەی بیخۆی! عامر دەیفەرموو: مەگەر تۆ ناتەوێ سودێک بە من بگەیەنیت؟ جا دەفەرموێت: عامر ئەو دۆتمامەی خۆی بە عوبەیدە بانگ دەکردو دەیفەرموو: عوبەیدە! وەرە بە هۆی قورئان سەبارەت بە دونیا سەبووریی خۆت بدە! چونکە هەر کەسێ سەبارەت بە دونیا بە قورئان سەبووریی خۆی نەدات؛ ئەوە لە دونیادا بە داخ و حەسرەتەوە دوا هەناسەکانی دەدات.

١٢٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ مُحَمَّد قَالَ: سَمِعْتُ سَعِيدَ بْنَ عَامِر، يَقُولُ: قِيلَ لِعَامِر: لَو انْحَدَرْتَ إِلَى الْبَصْرَة، فَقَالَ: وَالله إِنَّهُ لَلْبَلَدُ الَّذِي أُحِبُّهُ قَالَ: هَاجَرْتُ إِلَيْه وَتَعَلَّمْتُ بِه الْقُرْآنَ وَلَكِنَّهَا رِحْلَةُ هَوَى وَمَا آسَى مِنَ الْعِرَاقِ إِلَّا عَلَى هَوَاجِرِهَا وَإِخْوَانِي مِنْهُمُ الْأَسْوَدُ بْنُ كُلْثُوم "

واتە: عوبەیدوڵلای کوڕی موحەممەد دەفەرموێت: گوێم لە سەعیدی کوڕی عامر بوو دەیفەرموو: بە عامریان گوت: ئەوە بۆ ناچیت بۆ بەصرە؟ فەرمووی: بەخوا بەصرە ئەو شارەیە کە من خۆشم دەوێ.. فەرمووی: کۆچم کرد بۆ بەصرەو لەوێ قورئان فێر بووم؛ بەڵام کۆچ کردن بۆ ئەوێ لەبەر هەواو ئارەزویە؛ خەم بۆ عێراق ناخۆم جگە لە گەرماکانی و ئەو برادەرانەی کە لەوێ بەجێمهێشتون وەک ئەسوەدی کوڕی کەلسوم.

١٢٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عَيَّاش، مَوْلَى بَنِي جُشَم، عَنْ أَبِيه، عَنْ شَيْخ، قَدْ سَمَّاهُ، وَكَانَ قَدْ أَدْرَكَ ذِكْرَ سَبَبِ تَسْيِيرِ عَامِرِ بْنِ عَبْد الله قَالَ: مَرَّ بِرَجُلٍ مِنْ أَعْوَانِ السُّلْطَانِ وَهُوَ يَجُرُّ ذِمِّيًّا، وَالذِّمِّيُّ يَسْتَغِيثُ بِه قَالَ: فَأَقْبَلَ عَلَى الذِّمِّيِّ وَقَالَ: أَدَّيْتَ جِزْيَتَكَ؟ قَالَ: نَعَمْ، وَأَقْبَلَ عَلَيْه وَقَالَ: مَا تُرِيدُ مِنْهُ؟ قَالَ: أُرِيدُ مِنْهُ يَكْسَحُ دَارَ الْأَمِير، قَالَ: فَأَقْبَلَ عَلَى الذِّمِّيِّ وَقَالَ: تَطِيبُ نَفْسُكَ لَه بِهَذَا؟ قَالَ: يَشْغَلُنِي عَنْ صَنْعَتِي، قَالَ: دَعْهُ، قَالَ: لَا أَدَعُهُ، فَقَالَ لَه: دَعْهُ قَالَ: لَا أَدَعُهُ قَالَ: فَوَضَعَ كِسَاءَهُ ثُمَّ قَالَ: لَا تُخْفَرُ ذِمَّةُ مُحَمَّد صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ وَأَنَا حَيٌّ، قَالَ: ثُمَّ خَلَّصَهُ مِنْهُ قَالَ: فَتَرَقَّى ذَلِكَ حَتَّى كَانَ سَبَبَ تَسْيِيرِه فَجَاءَ أَمِيرُ الْبَصْرَة ابْنُ عَامِر قَالَ: فَقِيلَ لَه: الْأَمِيرُ بِالْبَاب قَالَ: فَأَذِنَ لَه وَإِنَّهُ لَنَائِمٌ عَلَى بَرْدَعَته قَالَ: فَقَالَ: هَذَا كِتَابُ أَمِيرِ الْمُؤْمِنِينَ جَاءَ إِلَيْكَ أَنَّكَ لَا تَأْكُلُ اللَّحْمَ وَلَا تَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ وَلَا تَأْكُلُ السَّمْنَ وَتَطْعَنُ عَلَى الْأَئِمَّة قَالَ: أَمَّا قَوْلُكَ: لَا آكُلُ اللَّحْمَ، فَإِنِّي مَرَرْتُ بِقَصَّابٍ يَقُولُ: النِّفَاقَ النِّفَاقَ حَتَّى ذَبَحَ وَقَدْ

أَكْرَهُ الذَّبِيحَةَ الَّتِي لَا يُذْكَرُ اسْمُ اللهِ عَلَيْهَا فَإِذَا اشْتَهَيْنَا اللَّحْمَ ذَبَحْنَا الشَّاةَ وَقَدْ رَبَّيْنَاهَا فَأَكَلْنَا لَحْمَهَا. وَأَمَّا قَوْلُكَ: لَا آكُلُ السَّمْنَ فَإِنِّي كُنْتُ أَرَاهُمْ فِي مَغَازِينَا يَقْطَعُونَ إِلَيْهِ الشَّاةَ ثُمَّ يَسْلُونَهَا مَعَ السَّمْنِ وَتِلْكَ مَيْتَةٌ وَقَدْ آكُلُ مَا جَاءَ مِنْ بَادِيَتِنَا هَذِهِ. وَأَمَّا قَوْلُكَ: إِنِّي أَطْعَنُ عَلَى الْأَئِمَّةِ فَمَعَاذَ اللهِ أَنْ أَطْعَنَ عَلَى إِمَامٍ. وَأَمَّا قَوْلُكَ: إِنِّي لَا أَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ فَلَقَدْ خَطَبْتُ إِلَى رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ قَبْلَ أَنْ تَلِدَكَ أُمُّكَ، قَالَ: فَقَالَ له حُمْرَانُ: لَا أَكْثَرَ اللهُ فِي الْمُسْلِمِينَ، يَعْنِي مِثْلَكَ، فَقَالَ: لَكِنْ أَكْثَرَ اللهُ فِي الْمُسْلِمِينَ مِثْلَكَ لَا بُدَّ لِلْمُسْلِمِينَ مِنْ مُهَّاتٍ ".

واته: عەبدوڵلای کوڕی عەییاش لە باوکییەوە ئەویش لە پیاوێکەوە کە ناوی برد؛ ئەوەی گێڕاوەتەوە کە دەزانێ هۆکاری دەرکدنی عامری کوڕی عەبدوڵلا چی بووە؛ دەڵێ: عامر دای بە لای یەکێک لە پیاوانی دەسەڵاتا کابرایەکی کافری ئەهلی زیممەی ڕادەکێشا؛ کابرای زیممی هاواری کردە عامر.. دەفەرموێت: عامر ڕوی لە کابرای زیممی کرد و گوتی: سەرانەت داوە؟ گوتی: بەڵێ! جا ڕوی کردە ئەوەی کە ڕایدەکێشاو لێی پرسی: چیت دەوێ لەم پیاوە؟ گوتی: دەمەوێ بێت ماڵی گەورەمان گەسك بدات! جا عامر ڕوی کردە کابرای زیممی و لێی پرسی: تۆ خۆت بەوە ئاسودەی کە ئەو کارە بکەیت؟ کابرا گوتی: گەر بچم بۆ گسکدان ڕێ لە کار و کاسبیم دەگرێت.. عامر بە کابرای پیاوی دەسەلاتداری گوت: لێیگەڕێ! گوتی: لێیناگەڕێم! عامر دیسان پێیگوت: لێیگەڕێ! ئەویش دیسان گوتی: لێیناگەڕێم! عامر کەواکەی لەبەر دامەندو گوتی: نابێ من زیندوو بم و چاووم بەوە بکەوێ کە ئەو بەڵێنەی بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دراوە بشکێندرێ! جا بەدەم کافرە زیممیەکەوە ڕۆیشت و ڕزگاری کرد؛ جا ئەو دەنگوباسە گەیشتە گوێی دەسەلاتدارو ئەوە بووە هۆی دەرکردنی عامر لە بەصرە؛ جا دوایی کاربەدەستی بەصرە هات بۆ لای کوڕی عامر.. دەفەرموێت: پێی گوترا: جەنابی ئەمیر لەبەر دەرگایە! دەفەرموێت: مۆڵەتی هاتنە ژوورەوەی پێداو خۆی لەسەر بەڕەکەیا ڕاکشابوو.. دەفەرموێت: گوتی: ئەمە نامەی گەورەی باوەڕدارانە هاتووە بۆ تۆ بیستویەتی کە تۆ نە گۆشت دەخۆیت و نە ژن دێنی؛ هەروەها چەوریش ناخۆی؛ تانە لە دەسەڵات دەدەیت.. فەرمووی: سەبارەت بەوەی کە گۆشت ناخۆم ئەوە من جارێک بە لای قەسابێکا تێپەڕیم هەڵاڵەی دەکردو بانگەشەی بۆ گۆشتەکەی دەکرد و تا ئاژەڵەکەی سەربڕی و ناوی خوای نەهێنا؛ جا هەر کاتێ ئێمە حەز لە گۆشت بکەین یەکێک لەو مەڕانە سەردەبڕین کە خۆمان گەورەمان کردووە.. سەبارەت بەوەش کە گوایە چەوری ناخۆم؛ ئەوە من لە جەنگەکانا ئەوانەم بینیوە (واتە: کافرەکانی دیوە) مەڕی مردارەوەبویان هێناوە و چەوریەکەیان تواندووەتەوە؛ جا من لەو چەورییانەی بازاڕ ناخۆم و لەوە دەخۆم کە لە گوندەکانی خۆمانەوە دێن.. سەبارەت بەوەش کە گوایە من تانە لە پێشەواکانی خۆمان دەدەم؛ ئەوە دەڵێم: پەنا بەخوا؛ من هەرگیز تانەم لە هیچ پێشەوایەک نەداوە.. سەبارەت بەوەش کە دەڵێی: من ژن ناهێنم ئەوە بەڕاستی

پێش ئەوەی کە تۆ لەدایك بیت من بانگکراووم بۆ لای خوای گەورە! حومران پێی گوت: دەی خوا نموونەت لەناو باوەڕدارانا زۆر نەکات! ئەویش گوتی: بەڵام خوا نموونەی تۆ لە ناو باوەڕدارانا زیاد بکات؛ چونکە باوەڕداران پێویستیان بە فەرمانبەر زۆرە.

١٢٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا بَعْضُ مَشْيَخَتِنَا قَالَ: قَالَ عَامِرُ بْنُ عَبْدِ الله: إِنَّمَا أَجِدُنِي آسَفُ عَلَى الْبَصْرَةِ لأَرْبَعِ خِصَالٍ: تَجَاوُبُ مُؤَذِّنِيهَا وَظَمَأُ الهوَاجِرِ؛ وَلأَنَّ بِهَا إِخْوَانِي؛ وَلأَنَّ بِهَا وَطَنِي "

واتە: جەعفەری کوڕی سولەیمان دەفەرموێت: یەکێک لە مامۆستاکانمان گێڕایەوە فەرمووی: عامری کوڕی عەبدوڵڵا فەرمووی: من بۆ چوار شتی بەصرە خەم دەخۆم؛ وەڵامدانەوەی بانگبێژەکانی و گەرمای نیوەڕۆکانی و لەبەر ئەوەیش کە هاوڕێکانم لەوێن و هەروەها نیشتیمانی من ئەوێیە.

١٢٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ دِينَارٍ قَالَ: حَدَّثَنِي مَنْ، رَأَى عَامِرَ بْنَ عَبْدِ قَيْسٍ دَعَا بِزَيْتٍ فَصَبَّهُ عَلَى يَدِهِ كَذَا وَصَفَ جَعْفَرٌ مَسَحَ إِحْدَاهُمَا عَلَى الأُخْرَى ثُمَّ قَالَ: ﴿ تَخْرُجُ مِن طُورِ سَيْنَاءَ تَنبُتُ بِالدُّهْنِ وَصِبْغٍ لِّلْآكِلِينَ ﴾ المؤمنون: ٢٠ قَالَ: فَدَهَنَ رَأْسَهُ وَلِحْيَتَهُ ".

واتە: جەعفەری کوڕی سولەیمان گێڕایەوە فەرمووی: مالیکی کوڕی دینار فەرمووی: کەسێک بۆی گێڕامەوە کە عامری کوڕی عەبدقەیسی بینیبوو فەرمووی: عامر داوای زەیتی کرد و ئاوا هەندێ زەیتی ڕێژایە ناولەپیەوە. جا جەعفەر شێوزای زەیت ڕژاندنەکەی باسکردو ناولەپی دەستێکی هێنا بەسەر ئەویترا. دوایی فەرمووی: (مانای ئایەتەکە) لە کێوی طور لە بیابانی سینا سەوز دەبێت کە ڕۆن و چەوری لێ دەردەهێنرێت و ئامادەیە بۆ کەسانێک کە دەیخۆن. جا دەفەرموێت: عامر ڕیشی و سەری خۆی پێ چەور کرد.

١٢٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ دِينَارٍ، حَدَّثَنِي فُلَانٌ، أَنَّ عَامِرَ بْنَ عَبْدِ الله، مَرَّ بِالرَّحْبَةِ وَإِذَا ذِمِّيٌّ يُظْلَمُ قَالَ: فَأَلْقَى عَامِرٌ رِدَاءَهُ قَالَ: ثُمَّ قَالَ: لَا أَرَى ذِمَّةَ الله تُخْفَرُ وَأَنَا حَيٌّ، ثُمَّ اسْتَنْقَذَهُ "

واتە: مالیکی کوڕی دینار دەفەرموێت: فلان بۆی گێڕامەوە کە عامری کوڕی عەبدوڵڵا بە ڕەحبەدا تێپەڕی؛ لەوێ بینیی ستەم لە کافرێکی زیمی دەکرێت؛ عامر کەواکەی داکەندو

فەرمووی: نابێ من زیندوو بم و چاووم بەوە بکەوێ کە ئەو بەڵێنەی بەخوا دراوە بشکێندرێ! جا بەدەم کافرە زیمیەکەوە ڕۆیشت و ڕزگاری کرد.

١٢٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا سَعِيدٌ الْجَرِيرِيُّ قَالَ: لَمَّا سُيِّرَ عَامِرُ بْنُ عَبْدِ الله قَالَ: شَيَّعَهُ إِخْوَانُهُ قَالَ: فَكَانَ بِظَهْرِ الْمِرْبَدِ قَالَ: إِنِّي دَاعٍ فَأَمِّنُوا، قَالُوا: هَاتِ فَقَدْ كُنَّا نَسْتَبْطِئُ هَذَا مِنْكَ، قَالَ: اللهمَّ مَنْ وَشَا بِي وَكَذَبَ عَلَيَّ وَأَخْرَجَنِي مِنْ مِصْرِي وَفَرَّقَ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَانِي اللهمَّ فَأَكْثِرْ مَالَهُ وَوَلَدَهُ وَأَصِحَّ جِسْمَهُ وَأَطِلْ عُمُرَهُ "

واتە: سەعیدی جەریری گێڕایەوە فەرمووی: کاتێ عامری کوڕی عەبدوڵلا دەر کرا؛ هاوڕێکانی وەک بەڕێکردن و بەدرەقە لەگەڵیا ڕۆیشتن تا (زەهری میربەد) لەوێ عامر فەرمووی: من دۆعایەک دەکەم و ئێوەش ئامین بکەن! گوتیان: ئادەی فەرمو ئێمە لە مێژە چاوەڕێی شتێکی ئاواین لە تۆ! عامر گوتی: خوایە! هەر کەسێ دووزمانی لەسەر من کردووە و درۆی بە دەمی منەوە کردووە و بووەتە هۆکاری ئەوەی لەم شارە دەربکرێم و من و هاوڕێکانمی لێک جیاکردەوە؛ خوایە سەروەت و سامان و ماڵ و منداڵی زۆری پێ بدەیت و لاشەی هەمیشە ساغ و سەلامەت بکەیت و تەمەنی درێژ بکەیت.

١٢٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ الْغَلَابِيُّ، حَدَّثَنِي رَجُلٌ مِنْ قَوْمِ عَامِرٍ، أَنَّ عَامِرًا، أَتَى امْرَأَةً مِنْ بَلْعَنْبَرَ يُعَزِّيهَا عَلَى أَخٍ لَهَا كَانَ آخِرَ مَنْ بَقِيَ مِنْ أَهْلِهَا فَقَالَ لَهَا: تَعَزِّي بِالْقُرْآنِ؛ فَإِنَّهُ مَنْ لَمْ يَتَعَزَّ بِالْقُرْآنِ تَقَطَّعَتْ نَفْسُهُ عَلَى الدُّنْيَا.

واتە: باوکی موعاویەی غەلابی دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: پیاوێک لە بنەماڵەی عامر بۆی گێڕامەوە فەرمووی: عامر هات بۆ لای ژنێکی بەلعەنبەری سەرە خۆشی لێدەکرد؛ ژنەکە برایەکی مردبوو؛ ئەو برایەی کۆتا کەسی ئەو ژنە بوو ئەویش مردوو نەما؛ عامر بە ژنەکەی گوت: بە هۆی قورئانەوە سەبری بۆ خۆت بێنە؛ هەر کەسێ قورئان بکاتە سەبوری بۆ خۆی ئیتر گیانی لە دونیا دادەبڕێت (واتە: خەم و خەفەت بۆ هیچ شتێکی دونیایی ناخوات).

١٢٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ قَرَأْتُ عَلَى أَبِي هَذَا الحَدِيثَ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مُصْعَبٍ قَالَ: سَمِعْتُ مَخْلَدَ بْنَ حُسَيْنٍ، ذَكَرَ عَنْ هِشَامٍ، أَنَّ عَجُوزًا، كَانَتْ مَوْلَاةً لِعَامِرٍ، وَكَانَتْ تَكُونُ مَعَهُ فِي بَيْتِهِ قَالَتْ: مَا كَانَ يَخْلُو بِأَحَدٍ دُونِي إِلَّا أَنَّهُ دَخَلَ عَلَيْهِ قَوْمٌ مَرَّةً، فَكَلَّمُوهُ بِشَيْءٍ لَمْ أَدْرِ مَا قَالُوا غَيْرَ أَنِّي سَمِعْتُ عَامِرًا وَهُوَ يَقُولُ لَهُمْ: أُذَكِّرُكُمُ الله، أَنْشُدُكُمُ الله أَنْ تَكُونُوا عَارًا عَلَى أَهْلِ الْقُرْآنِ ".

واتە: موحەممەدی کوڕی موصعەب دەفەرموێت: گوێم لە مەخلەدی کوڕی حوسەین بوو لە هیشامەوە ئەوەی گێرایەوە کە پیرەژنێ کۆیلەی عامر بوو؛ ئەو پیرەژنە لەگەڵ عامرا بوو؛ گوتی: عامر جگە لە من نەیدەهێشت هیچ کەسێکیتر بڕواتە ژوورەکەی و لەگەڵیا بێت؛ بەلام جارێک هەندێ خزم و کەسوکار چونە ژوورەکەی و لەبارەی شتێکەوە قسەیان لەگەلا کرد؛ من نەمزانی لە بارەی چ شتێکەوە قسەی لەگەلا دەکەن؛ بەلام ئەوەندەم گوێ لێبوو عامر گوتی: سوێندتان دەدەم بە خوای گەورە و خوای گەورەتان وەبیر دێنمەوە نەبن بە مایەی شەرمەزاری و عەیب و عار بۆ زانایان و قورئان خوێنان.

١٢٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ قَرَأْتُ عَلَى أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مُصْعَبٍ قَالَ: سَمِعْتُ مَخْلَدَ بْنَ حُسَيْنٍ، ذَكَرَ عَنْ هِشَامٍ، أَنَّ جَارِيَةَ بْنَ قُدَامَةَ، جَاءَ إِلَى عَامِرٍ وَهُوَ يُصَلِّي فَاسْتَأْذَنَ عَلَى بَابِ الْبَيْتِ فَسَبَّحَ عَامِرٌ وَدَخَلَ جَارِيَةُ فَجَلَسَ فَلَمْ يَرَ فِي الْبَيْتِ إِلَّا قُلَّةً مِنْ مَاءٍ، وَعَامِرٌ عَلَيْهِ بُرْنُسٌ وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي فَقَضَى عَامِرٌ الصَّلَاةَ فَقَالَ لَه جَارِيَةُ: يَا عَامِرُ أَرَضِيتَ مِنَ الدُّنْيَا بِمَا أَرَى؟ لَقَدْ رَضِيتَ فِيهَا بِالْقَلِيلِ، فَقَالَ: أَنْتَ وَالله وَأَصْحَابُكَ الَّذِينَ رَضِيتُمْ مِنْهَا بِالْقَلِيلِ، ثُمَّ نَهَضَ إِلَى صَلَاتِه "

واتە: موحەممەدی کوڕی موصعەب دەفەرموێت: گوێم لە مەخلەدی کوڕی حوسەین بوو ئەوەی لە هیشامەوە باسکرد کە جاریەی کوڕی قودامە هات بۆ لای عامر؛ عامر لەو کاتەدا نوێژی دەکرد؛ جاریە لەبەر دەرگا داوای مۆڵەتی هاتنەژوورەوەی کرد؛ عامر لەناو نوێژا (سبحان الله)ێکی کرد و جاریە هاتە ژوەوە و دانیشت؛ لە ژوورەکەی عامرا جگە لە گۆزەیەکی ئاو نەبێ هیچیتری نەدی؛ عامر عابایەکی لەسەرشانبوو بە پێوەبوو نوێژی دەکرد؛ دوایی عامر نوێژەکەی تەواو کرد و جاریە پێی گوت: عامر! بەوەندە ماڵی دونیایە ڕازیت کە من دەیبینم؟ بەخوا بە شتێکی کەمی دونیا ڕازی بویت! عامر فەرمووی: بەخوا تۆو هاوڕێکانت بە شتێکی کەمی دونیایی ڕازی بوون.. ئیتر هەستا و دەستی کردەوە بە نوێژ کردن.

باسی مالیکی کوڕی عەبدوڵڵای خەثعەمی (خوای لێ ڕازی بێت)

١٢٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْد الْعَزِيز قَالَ: كَتَبَ إِلَيْنَا ضَمْرَةُ عَنْ رَجَاءِ بْنِ أَبِي سَلَمَةَ قَالَ: حُسِبَ صِيَامُ مَالك بْنِ عَبْدِ الله الْخَثْعَمِيِّ فَوُجِدَ ستِّينَ سَنَةً "

واتە: حەسەنی کوڕی عەبدولعەزیز دەفەرموێت: زەمرە لە بارەی ڕەجای کوڕی باوکی سەلەمە ئەمەی بۆ ئێمە نووسی و فەرمووی: ڕۆژووەکانی مالیکی کوڕی عەبدوڵڵای خەثعەمییان ژماردووە؛ شەست ساڵی ڕەبەق دەرچوە.

١٢٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ بْنُ عَبْد الْعَزِيز الْجَرَوِيُّ، عَنْ ضَمْرَةَ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ بْن عَبْد الله الْكِنَانِيِّ قَالَ: بَلَغَنِي أَنَّ الْبُكَاءَ عَشَرَةُ أَجْزَاء تِسْعَةٌ رِيَاءٌ وَوَاحِدٌ لله عَزَّ وَجَلَّ فَإِذَا جَاءَ الْوَاحِدُ الَّذي لله عَزَّ وَجَلَّ في السَّنَة مَرَّةً فَهُوَ كَثِيرٌ "

واتە: زەمرە لە ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڵڵای کەتانییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بیستوومە کە گریان دە بەشە؛ نۆ بەشیان ڕیایە تەنیا یەک بەشیان بۆ خوای گەورە و میهرەبانە؛ جا ئەو بەشە گریانەی کە لە ساڵێکا ڕوبداوە دەهێنرێ لە هەموو گریانەکانیتر گەورەترو زۆرتر دەردەچێت.

١٢٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ، عَنْ ضَمْرَةَ، عَنْ صَدَقَةَ بْنِ يَزِيدَ، عَنْ صَالح بْنِ خَالد قَالَ: إِذَا أَرَدْتَ أَنْ تَعْمَلَ، بِشَيْءٍ مِنَ الْخَيْرِ فَأَنْزِلِ النَّاسَ بِمَنْزِلَةِ الْبَقَرِ إِلاَّ أَنَّكَ لاَ تَحْقِرُهُمْ "

واتە: صەدەقەی کوڕی یەزید لە صاڵەحی کوڕی خالیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەگەر ویستت کارێکی چاکەو خێر بکەیت؛ ئەوە ئەو خەڵکە وەک مانگا بێنە بەرچاوی خۆت؛

بەڵام نەك بە مەبەستی سوکایەتی بەڵکوو بە مەبەستی ئەوەی چۆن لەبرچاوی مانگادا ڕیا ناکەی ئاواش هیچ کارێکت لەبەرچاوی خەڵکدا بۆ ڕیا نەبێت.

١٢٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ، عَنْ ضَمْرَةَ، عَنْ رَجَاءٍ قَالَ: الْحِلْمُ أَرْفَعُ مِنَ الْعَقْلِ قَالَ: لأَنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ تَسَمَّى بِه".

واتە: زەمرە لە ڕەجا دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەوسەڵە لە ژیری و عەقلیش باشترە؛ چونکە خوای گەورە ناوی (الحلیم)ی لەخۆی ناوە. (حلم واتە: حەوسەڵەو پشو درێژی؛ الحلیم یەکێکە لە ناوە جوانەکانی خوای گەورە، بەڵام العاقل ناوی خوای گەورە نییە).

١٢٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ، عَنْ ضَمْرَةَ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي حَمَلَةَ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ عَبْدِ الْمَلِكِ قَالَ: كُنَّا نَسِيرُ مَعَ أَبِينَا فِي مَوْكِبِه فَيَقُولُ لَنَا: سَبِّحُوا حَتَّى تَأْتُوا تِلْكَ الشَّجَرَةَ فَنُسَبِّحُ حَتَّى نَأْتِيَ تِلْكَ الشَّجَرَةَ، فَإِذَا رُفِعَتْ لَنَا شَجَرَةٌ أُخْرَى قَالَ: كَبِّرُوا حَتَّى تَأْتُوا تِلْكَ الشَّجَرَةَ فَنُكَبِّرُ فَكَانَ يَصْنَعُ ذَلِكَ بِنَا ".

واتە: عەلیی کوڕی باوکی حەمەلە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولمەلیکەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: ئێمە لە خزمەت باوکی خۆمانا دەڕۆیشتین؛ گەلێک خەڵك و پاسەوان و خزمەتکارمان لەگەڵدا بوو؛ باوکم پێی دەگوتین: ئادەی هەتا دەگەینە ئەو دارە تەسبیحات بکەن! ئێمەیش هەتا دەگەیشتینە ئەو دارە هەر تەسبیحاتمان دەکرد؛ جا کە دارێکیترمان لێ دەردەکەوت دەیفەرموو: ئادەی الله اکبر بکەن هەتا دەگەینە ئەو دارە! ئیتر ئێمەش الله اکبرمان دەکرد هەتا دەگەیشتینە ئەو دارەو هەر بەو جۆرە تەسبیحات و زیکری پێ دەکردین.

١٢٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّارٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ شُمَيْطٍ، عَنْ أَبِيه قَالَ: كَانَ يَقُولُ: مَنْ رَضِيَ بِالْفِسْقِ فَهُوَ مِنْ أَهْلِه وَمَنْ رَضِيَ أَنْ يُعْصَى الله لَمْ يُرْفَعْ له عَمَلٌ، قَالَ عَبْدُ الله بْنُ شُمَيْطٍ: سَمِعْتُ أَبِي يَقُولُ: رَأْسُ مَالِ الْمُؤْمِنِ دِينُهُ حَيْثُمَا زَالَ زَالَ مَعَهُ، لَا يُخَلِّفُهُ فِي الرِّحَالِ، وَلَا يَأْمَنُ عَلَيْه الرِّجَالَ ".

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی شومەیت لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ بە فیسق و خراپە ڕازی بێت ئەوە ئەوکەسە ئەهلی فیسق و خراپەیە؛ هەر کەسێکیش بەوە ڕازی بێت کە تاوان ئەنجام بدات و بێفرمانی خوای گەورە بکات؛ ئەوە هیچ کار و کردەوەیەکی بەرز ناکرێتەوە.. عەبدوڵڵای کوڕی شومەیت دەفەرموێت: گوێم لە باوکم بوو دەیفەرموو: سەرمایەی ماڵی مرۆڤی باوەڕدار بریتیە لە دینەکەی؛ هەر کاتێ دینەکەی لەدەستدا ئەوا

ماڵەکەی لەدەست دەچێت؛ لە کۆڵ و بارا بەجێی ناهێڵێت و لای کەسیش بە ئەمانەت دایانانێت (واتە: نابێ مرۆڤ دینی خۆی وەکوو سەروەت و سامانی دونیایی تەماشا بکات و لای ئەم و ئەو بە ئەمانەت دای بنێت یان لە شوێنێکا تاقەتی بکات (بیشارێتەوە) بەڵکوو دەبێ هەمیشە لەگەڵ خۆیا بێت و یەک چرکە لێی دوور نەکەوێتەوە).

١٢٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ عَلِيٍّ الرِّفَاعِيُّ، حَدَّثَنَا أَبو الْمُتَوَكِّل النَّاجِيُّ، حَدَّثَنَا أَبو سَعِيد الْخُدْرِيُّ قَالَ: كَانَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ إِذَا قَامَ منَ اللَّيْل رَفَعَ يَدَيْه وَكَبَّرَ ثُمَّ قَالَ: سُبْحَانَكَ اللهمَّ وَبحَمْدكَ وَتَبَارَكَ اسْمُكَ، وَتَعَالَى جَدُّكَ، وَلَا إِله غَيْرُكَ، الله أَكْبَرُ ثَلَاثًا لَا إِله إِلَّا الله ثَلَاثًا أَعُوذُ بالله السَّميع الْعَليم منَ الشَّيْطَان الرَّجيم منْ هَمْزه وَنَفْثه وَنَفْخه ".

واتە: باوکی موتەوەیکی ناجی دەفەرموێت: باوکی سەعیدی خودری بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) عادەتی وا بوو شەوان کە هەڵدەستا هەردو دەستی بەرز دەکردەوە و الله اکبری دەکردو دوایی دەیفەرموو: پاك و بێگەردی بۆ تۆ ئەی پەروەردگارم! سوپاس بۆ تۆو ناوی تۆ گەلێک پیرۆزە، زۆر گەورە و بڵندی؛ جگە لەتۆ هیچ خودایەکیتر بوونی نییە؛ الله اکبر الله اکبر الله اکبر؛ لا اله الا الله؛ لا اله الا الله؛ لا اله الا الله؛ پەنا دەگرم بە خودای بیسەرو زانا لە شەیتانی بە نەفرەت کراو، لە شێتی شەیتان و لە شیعری شەیتان و لە خۆبەزلزانیی شەیتان.

١٢٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني الْحَسَنُ بْنُ عَبْد الْعَزيز قَالَ: قَالَ كَتَبَ إِلَيْنَا ضَمْرَةُ، عَنْ ثَوْر عَنْ خَالد بْن مَعْدَانَ، عَنْ يَزيدَ بْن مَيْسَرَةَ، قَالَ: اتَّق نَارَ الْمُؤْمن لَا تَحْرقْكَ، فَإِنَّهُ لَوْ عَثَرَ في الْيَوْم سَبْعَ مَرَّات كَانَتْ يَدُهُ بيَد الله عَزَّ وَجَلَّ يُنْعشُهُ إِذَا شَاءَ ".

واتە: یەزیدی کوڕی مەیسەرە دەفەرموێت: وریابەو بترسە با ئاگری باوەڕدار نەتسوتێنێ! چونکە ئەگەر باوەڕدار ڕۆژی حەوت جار هەڵە بکات دەستی بە دەستی خودای گەورەیەو هەر کاتێک بیەوێ دەیبوژێنێتەوە.

١٢٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْد الْعَزيز، عَنْ ضَمْرَةَ، عَن ابْن شَوْذَب قَالَ: كَانَ أَيُّوبُ إِذَا أَخَذَ أَخَذَ نَاقصًا وَإِذَا أَعْطَى أَعْطَى وَازنًا ".

واتە: زەمرە لە کوڕی شەوزەبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەییوب عادەتی وا بوو کاتێ شتی وەردەگرت بە نوقسانی وەری دەگرت بەڵام کاتێ دەیبەخشی بە ڕێکی و بە تێرو تەواوی

دەیبەخشی (واتە: کاتێ کڕین و فرۆشتنی دەکردو شتی کێشانەو پێوانە دەکرد؛ شتی بۆ خۆی سوك دەکێشا؛ بەڵام کاتێ بۆ خەڵکی دەکێشا قورس دەیکێشاو زیادەی بە خەڵکی دەداو خۆی کەمی لە خەڵکی وەردەگرت. خوداش زاناترە).

١٢٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ، عَنْ ضَمْرَةَ، عَنْ يَحْيَى بْنِ رَاشِدٍ الْجَرِيرِيِّ قَالَ: جَاءَنَا مُعَاوِيَةُ بْنُ قُرَّةَ فَوَضَعَ كِسَاءَهُ ثُمَّ اتَّكَأَ عَلَيْهِ ثُمَّ قَامَ عَنْهُمْ فَسَلَّمَ وَقَالَ: بَلَغَنِي أَنَّ مَنْ جَلَسَ إِلَى قَوْمٍ ثُمَّ قَامَ عَنْهُمْ فَسَلَّمَ شَرَكَهُمْ فِيمَا عَمِلُوا بَعْدَهُ مِنْ خَيْرٍ ".

واتە: لە یەحیای کوڕی ڕاشیدی جەریرییەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: موعاویەی کوڕی قورڕە هات بۆ لای ئێمەو کۆڵ و بارەکەی داناو پاڵی پێوەدا؛ دوایی هەستا و سڵاوی لێ کردین و گوتی: بیستوومە هەر کەسێ بڕوا بۆ لای کۆمەڵێک لە لایانا دانیشێت و دوایی لەبەریان هەلبسێت و سڵاویان لێ بکات؛ ئەوە لە هەموو ئەو خێرانەدا بەشدارە کە ئەو کۆمەڵە دەیکەن.

١٢٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، وَقَالَ: وَعَنْ ضَمْرَةَ، عَنِ ابْنِ شَوْذَبٍ، عَنْ مَالِكٍ، عَنْ صَالِحِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ قَالَ: «أَحْصَيْنَا مَنْ فِي سُجُونِ الْحَجَّاجِ فِي وِلَايَةِ سُلَيْمَانَ فَوَجَدْنَاهُمْ ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ أَلْفًا لَمْ يَحِلَّ عَلَى أَحَدٍ مِنْهُمْ قَطْعٌ وَلَا صَلْبٌ».

وَعَنْ ضَمْرَةَ، عَنِ الْأَوْزَاعِيِّ، عَنِ الْقَاسِمِ بْنِ مُخَيْمِرَةَ قَالَ: «لَأَنْ أَطَأَ عَلَى جَمْرَةٍ حَتَّى تُطْفَأَ أَوْ عَلَى سِنَانٍ حَتَّى تَنْفُذَ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَطَأَ عَلَى قَبْرِ مُسْلِمٍ».

وَعَنْ ضَمْرَةَ، عَنْ يَحْيَى بْنِ أَبِي عَمْرٍو السَّيْبَانِيِّ قَالَ: كَانَ رَجَاءُ بْنُ حَيْوَةَ يَرَى تَأْخِيرَ الْعَصْرِ، وَكَانَ يُصَلِّي مَا بَيْنَ الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ ".

وَعَنْ ضَمْرَةَ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي حَمَلَةَ قَالَ: أَرَادَنِي عَبْدُ الله بْنُ عَبْدِ الْمَلِكِ عَلَى صُحْبَتِهِ فَشَاوَرْتُ عَبْدَ الله بْنَ أَبِي زَكَرِيَّا فِي ذَلِكَ فَقَالَ لِي: «أَنْتَ حُرٌّ تُرِيدُ أَنْ تَجْعَلَ نَفْسَكَ عَبْدًا».

واتە: مالیك لە صالّحی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەوانەمان سەرژمێری کرد کە لە سەردەمی دەسەڵاتی سولەیمانا لە زیندانەکانی حەججاجدا بوون؛ ژمارەیان گەیشتە سی و سێ هەزار کەس! هیچکامیان نە شیاوی دەست و قاچ بڕین بوو نە شیاوی لەخاچدان.

هەروەها زەمرە لە ئەوزاعییەوە ئەویش لە قاسمی کوڕی موخەیمیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەگەر پێ بخەمە سەر پشکۆیەک تا دەکوژێتەوە؛ یان لەسەر تیرێک تا دەچێت بەناو ئێسکی قاچما؛ ئەوەم پێ باشترە لەوەی پێ بخەمە سەر گۆڕی کەسێکی باوەڕدار.

دیسان زەمرە لە یەحیای کوڕی باوکی عەمری سەیبانییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕەجای کوڕی حەیوە پێی وا بوو نوێژی عەصر دوابخرێ باشە؛ لە نێوان نیوەڕۆو عەصریشا نوێژی دەکرد.

دیسان زەمرە لە عەلیی کوڕی باوکی حەمەلەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولمەلیك منی دەویست بۆ ڕوێژکاری؛ منیش ڕۆیشتم لەو بارەوە پرسم بە عەبدوڵڵای کوڕی باوکی زەکەریا کرد؛ فەرمووی: تۆ خۆت ئازادی دەتەوێ خۆت خۆت بکەیت بە کۆیلە!

١٢٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ، عَنْ ضَمْرَةَ، عَنِ السَّرِيِّ بْنِ يَحْيَى، عَنْ عَبْدِ الْعَزِيزِ بْنِ أَبِي رَوَّادٍ قَالَ: «إِلْيَاسُ وَالْخَضِرُ عَلَيْهِمَا السَّلَامُ يَصُومَانِ شَهْرَ رَمَضَانَ بِبَيْتِ الْمَقْدِسِ وَيُوَافِيَانِ الْمَوْسِمَ فِي كُلِّ عَامٍ».

وَعَنْ ضَمْرَةَ، عَنْ أَبِي عِنَانٍ اللَّخْمِيِّ، عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ كَيْسَانَ أَبِي عِيسَى الْخُرَاسَانِيِّ قَالَ: «مَنْ صَلَّى الْفَرِيضَةَ فِي بَيْتِ الْمَقْدِسِ فِي جَمَاعَةٍ كَانَتْ له بِخَمْسَةٍ وَعِشْرِينَ أَلْفَ صَلَاةٍ، وَمَنْ صَلَّاهَا وَحْدَهُ كَانَتْ له أَلْفَ صَلَاةٍ».

واتە: زەمرە لە سەریی کوڕی یەحیا ئەویش لە عەبدولعەزیزی کوڕی باوکی ڕەووادەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئیلیس و خزر (سەلای خوایان لەسەر بێت) مانگی ڕەمەزان لە بەیتولمەقدیس ڕۆژوو دەگرن و هەموو ساڵێکیش لە وەرزی حەجدا بەیەک دەگەن (و پێکەوە حەج دەکەن).

دیسان زەمرە لە باوکی عینانی لەخمییەوە ئەویش لە سولەیمانی کوڕی کەیسانەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ لە بەیتولمەقدیسا یەک نوێژی فەرز بە کۆمەڵ (جەماعەت) بکات؛ ئەوە بە بیست و پێنج هەزار نوێژ بۆی هەژمار دەکرێت؛ هەر کەسێکیش بە تەنیا بیکات ئەوە بە هەزار نوێژ بۆی هەژمار دەکرێت.

١٢٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ، عَنْ ضَمْرَةَ، عَنِ السَّرِيِّ بْنِ يَحْيَى، عَنْ عَبْدِ الْكَرِيمِ بْنِ رُشَيْدٍ قَالَ: «يَنْتَهِي أَهْلُ الْجَنَّةِ إِلَى بَابِ الْجَنَّةِ وَإِنَّهُمْ لَيَتَلَاحَظُونَ تَلَاحُظَ الثِّيرَانِ فَإِذَا دَخَلُوهَا نَزَعَ الله مَا فِي صُدُورِهِمْ مِنْ غِلٍّ فَصَارُوا إِخْوَانًا».

واتە: زەمرە لە سەریی کوڕی یەحیاوە ئەویش لە عەبدولکەریمی کوڕی ڕەشیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەهەشتییەکان دەگەنە بەر دەرگای بەهەشت و پێش ئەوەی بچنە بەهەشتەوە لە ڕقا وەکوو گا سەیری یەکتر دەکەن؛ جا کە ڕۆیشتنە بەهەشتەوە خوای گەورە هەموو جۆرە ڕق و کینەیەک لە ناو دڵیانا لادەبات و هەموویان وەک برایان لێ دێت.

باسی هەریمی کوڕی حەییان
(خوای لێ ڕازی بێت)

١٢٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، عَنْ مَطَرٍ الْوَرَّاقِ قَالَ: بَاتَ هَرِمٌ الْعَبْدِيُّ عِنْدَ حُمَمَةَ صَاحِبِ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَبْكِي لَيْلَتَهُ كُلَّهَا حَتَّى أَصْبَحَ فَلَمَّا أَصْبَحَ، قَالَ لَه هَرِمٌ: يَا حُمَمَةُ، مَا أَبْكَاكَ؟ قَالَ: ذَكَرْتُ لَيْلَةً صَبِيحَتُهَا تُبَعْثَرُ الْقُبُورُ فَيَخْرُجُ مَنْ فِيهَا قَالَ: وَبَاتَ حُمَمَةُ عِنْدَ هَرِمٍ فَبَاتَ لَيْلَتَهُ يَبْكِي حَتَّى أَصْبَحَ فَسَأَلَه حِينَ أَصْبَحَ مَا الَّذِي أَبْكَاكَ؟ قَالَ: ذَكَرْتُ لَيْلَةً صَبِيحَتُهَا تَنَاثَرُ نُجُومُ السَّمَاءِ فَأَبْكَانِي ذَلِكَ قَالَ: وَكَانَا يَصْطَحِبَانِ أَحْيَانًا بِالنَّهَارِ فَيَأْتِيَانِ سُوقَ الرَّيْحَانِ فَيَسْأَلَانِ الله الْجَنَّةَ وَيَدْعُوَانِ ثُمَّ يَأْتِيَانِ الْحَدَّادِينَ فَيَتَعَوَّذَانِ مِنَ النَّارِ ثُمَّ يَتَفَرَّقَانِ إِلَى مَنَازِلِهِمَا ".

واتە: جەعفەر لە مەتەری وەڕاقەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەریمی عەبدی شەوێک لە لای حومەمە مایەوە، حومەمە یەکێک بوو لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؛ ئەو شەوە تا بەیانی حومەمە هەر دەگریا؛ دوای ئەوەی ڕۆژ بویەوە هەریم بە حومەمەی گوت: ئەوە بۆچی دەگریای؟ حومەمە فەرمووی: ئەو شەوەم بیر کەوتەوە کە بەیانییەکەی گۆڕەکان تێک وەردەدرێن و ئەوەی لەناو گۆڕایە دێتە دەرەوە.. فەرمووی: حومەمەش شەوێک لای هەریم مایەوە؛ هەریم ئەوشەوە تا بەیانی هەر دەگریا؛ دوای ئەوەی ڕۆژ بویەوە حومەمە لە هەریمی پرسی: ئەوە بۆچی تا بەیانی هەر دەگریای؟ هەریم گوتی: ئەو شەوەم بیرکەوتەوە کە ڕۆژەکەی هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان هەڵدەوەرن و دەکەونە خوارەوە؛ ئەوە گریاندمی! دەفەرموێت: هەریم و حومەمە جار جار بە ڕۆژا پێکەوە دەهاتن بۆ بازاڕی ڕەیحان لەوێ داوای بەهەشتیان لە خوای گەورە دەکرد؛ جا دەچون بۆ لای ئاسنگەرەکان و لەوێ پەنیان دەگرت بە خوای گەورە لە دۆزەخ و ئاگری دۆزەخ؛ دوایی لێک جیا دەبوونەوە و هەر کەسێ بۆ ماڵی خۆی.

١٢٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَلِيُّ بْنُ مُسْلِمٍ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ حَسَّانَ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ هَرِمُ بْنُ حَيَّانَ: «أَعُوذُ بِالله أَنْ يُدْرِكَنِي زَمَانٌ يَأْمُلُ فِيهِ كَبِيرُهُمْ وَيَتَمَرَّدُ فِيهِ صَغِيرُهُمْ وَتَقْتَرِبُ فِيهِ آجَالُهُمْ».

واتە: هیشامی کوڕی حەسسان لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەریمی کوڕی حەییان فەرمووی: پەنا دەگرم بەخوای گەورە لەوەی کە بکەومە سەردەمێکەوە مرۆڤی گەورە و بەتەمەن تێیدا هیواو ئاواتیان درێژ بێت و منداڵیان سەرکێش و یاخی بێت و ئەجەلیان لە یەکەوە نزیك بێت.

١٢٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي نَصْرُ بْنُ عَلِيٍّ قَالَ: أَخْبَرَنِي نُوحُ بْنُ قَيْس، حَدَّثَنَا عَوْنُ بْنُ أَبِي شَدَّاد، عَنْ رَجُل، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: شَهِدْتُ هَرِمَ بْنَ حَيَّانَ وَدُفِنَ فِي يَوْمِ صَائِف فَجَاءَتْ سَحَابَةٌ فَرَشَّتْ قَبْرَهُ وَمَا حَوْله ثُمَّ رَجَعَتْ ".

واتە: عەونی کوڕی باوکی شەدداد لە پیاوێکەوە ئەو پیاوەش لە باوکییەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: من ئاگادارم کە هەریمی کوڕی حەییان لە ڕۆژێکی ساماڵا ئەسپەردە کرا؛ پەڵە هەورێک هات و سێبەری بۆ گۆڕەکەی هەریمی و ئەوانەی کە لەسەر گۆڕەکەی بوون؛ کرد.

١٢٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يُونُسُ، حَدَّثَنَا شَيْبَانُ، عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: ذُكِرَ لَنَا أَنَّ هَرِمَ بْنَ حَيَّانَ قِيلَ له لَمَّا حَضَرَهُ الْمَوْتُ: أَوْصِ. قَالَ: " مَا أَدْرِي مَا أُوصِي وَلَكِنْ بِيعُوا دِرْعِي فَاقْضُوا دَيْنِي عَنِّي فَإِنْ لَمْ يَفِ فَبِيعُوا غُلَامِي وَأُوصِيكُمْ بِخَوَاتِيم سُورَةَ النَّحْلِ: ﴿ ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلْحِكْمَةِ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِ ﴾ النحل: ١٢٥ إِلَى قَوْله: ﴿ وَلَئِن صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِّلصَّٰبِرِينَ ﴿١٢٦﴾ ﴾ النحل: ١٢٦ ".

واتە: شەیبان لە قەتادەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بۆمان باسکراوە کە کاتێ هەریمی کوڕی حەییان کەوتە سەرەمەرگەوە پێیان گوت: وەسیەتێک بکە! فەرمووی: نازانم چ وەسیەتێک بکەم؛ بەڵام زرێ جەنگیەکەم بفرۆشن و قەرزەکەمی پێ بژێرن؛ ئەگەر بەشی نەکرد ئەوە کۆیلەکەم بفرۆشن؛ وەسیەتیشتان بۆ دەکەم ئەو ئایەتانەی کە لە کۆتایی سورەتی (النحل)دان جێبەجێیان بکەن؛ خوای گەورە دەفەرموێت: (مانای ئەو دوو ئایەتە): (ئەی پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم، ئەی ئیماندار) بانگەواز بکە بۆ لای بەرنامەو ڕێبازی پەروەردگارت بەحیکمەت و دانایی (بۆ هەندێک) و ئامۆژگاری جوان و بەجێ، (بۆ هەندێکی تر) و گفتوگۆو موجادەلە بەجوانترین شێوە (لەگەڵ هەندێکی تردا بە تایبەتی خاوەن کتێبەکان)، چونکە بەڕاستی پەروەردگارت هەر خۆی زانایە، کە کێ گومڕایە، هەروەها هەر خۆیشی زانایە بە هیدایەت وەرگران... ئەگەر ویستتان تۆڵە بکەنەوە، دەبێت هەر بە قەدەر ئەو ستەمەی کە لێتان کراوە تۆڵە بکەنەوە، خۆ ئەگەر ئارامگرو خۆگر بن، ئەوە چاکترە بۆ ئارامگرو خۆگران.

١٢٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ هَرِمُ بْنُ حَيَّانَ: «لَمْ أَرَ مِثْلَ النَّارِ نَامَ هَارِبُهَا وَلَمْ أَرَ مِثْلَ الْجَنَّةِ نَامَ طَالِبُهَا».

واته: سەییار لە جەعفەرەوە ئەویش لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەریمی کوڕی حەییان فەرمووی: نەمدیوە هیچ شتێک وەک ئاگر بێت و ئەوانەی لێی بە پەرێزن خەوتبن و نەشمدیوە هیچ شتێکی وەک بەهەشت ئەوانەی کە دەیانەوێ خەوتبن! (واتە: سەیرە! ئەو خەڵکە لە دۆزەخ ڕا دەکات کەچی خەوتوون و داوای بەهەشتیش دەکەن کەچی خەوتوون!).

١٢٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا أَبو الْأَشْهَب، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ أَنَّ هَرِمَ بْنَ حَيَّانَ، كَانَ عَلَى بَعْضِ تِلْكَ الْمَغَازِي فَاسْتَأْذَنَهُ رَجُلٌ وَهُوَ يَرَى أَنَّهُ يَسْتَأْذِنُهُ لِبَعْضِ الْحَوَائِجِ فَلَحِقَ بِأَهْلِهِ فَلَبِثَ مَا لَبِثَ ثُمَّ جَاءَ فَقَالَ لَه: أَيْنَ كُنْتَ؟ قَالَ: كُنْتُ اسْتَأْذَنْتُكَ يَوْمَ كَذَا وَكَذَا فَأَذِنْتَ لِي، قَالَ: فَأَرَدْتَ ذَاكَ لِذَاكَ؟ قَالَ: نَعَمْ، قَالَ أَبو الْأَشْهَب: فَبَلَغَنِي أَنَّهُ قَالَ لِذَلِكَ الرَّجُلِ قَوْلًا شَدِيدًا فَلَمْ يُكَلِّمْهُ أَحَدٌ مِنْ جُلَسَائِهِ حَيْثُ رَآهُ غَضِبَ وَهُوَ يَقُولُ لِأَخِيهِ مَا يَقُولُ، قَالَ: فَقَالَ لهمْ: جَزَاكُمْ مِنْ جُلَسَاءِ شَرًّا أَتُرَوْنِي أَنِّي أَقُولُ لِأَخِي مَا أَقُولُ وَلَمْ يَنْهَنِي مِنْكُمْ أَحَدٌ عَنْ ذَلِكَ، اللهمَّ خَلِّفْ رِجَالَ السَّوْءِ لِزَمَانِ السُّوءِ ".

واتە: حەسەن دەفەرموێت: هەریمی کوڕی حەییان لە یەکێک لە غەزاکانا بەرپرس بوو؛ پیاوێک داوای مۆڵەتی لێ کرد؛ هەریمیش وایزانی کە بۆ پێویستی خۆی داوای مۆڵەتی لێ دەکات؛ پیاوەکە ڕۆیشتەوە بۆ ماڵی خۆیان و ئەوەندەی کە مایەوە مایەوە و دوایی هاتەوە؛ هەریم گوتی: ئەوە لەکوێ بوی؟ پیاوەکە گوتی: ئەوە نەبوو ئەو ڕۆژە داوای مۆڵەتم لێ کردی و تۆش مۆڵەتت پێدام؟! هەریم گوتی: دەی مەبەستت لەو مۆڵەتە ئەوەبوو کە بچیتەوە بۆ ماڵەوە؟ پیاوەکە گوتی: بەڵێ! باوکی ئەشهەب دەفەرموێت: بیستوومە کە هەریم لەسەر ئەوە لەو پیاوە تووڕە بووە و قسەی توندی لەگەڵدا کردووە و هیچ کەسێک لەوانەی کە لەوێ ئامادە بوون هیچیان نەگوتووە و ئەویش ئەوەی کە بەو پیاوەی گوت؛ گوتی.. دوایی هەریم بە خەڵکەکەی گوت: بەڕاستی ئێوە و هاوڕێی و هاونشینی خراپن! ئەوە خۆ ئێوە منتان بینی چیم بەو پیاوە گوت؛ باشە بۆ یەکێکتان نەهیتان لێ نەکردم؟! خوایە! پیاوانی خراپ بخەیتە سەردەمی خراپەوە.

١٢٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنٌ فِي تَفْسِيرِ شَيْبَانَ عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: وَذَكَرَ لَنَا أَنَّ هَرِمَ بْنَ حَيَّانَ كَانَ يَقُولُ: «مَا أَقْبَلَ عَبْدٌ بِقَلْبِهِ إِلَى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ إِلَّا أَقْبَلَ اللهُ بِقُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ إِلَيْهِ حَتَّى يَرْزُقَهُ مَوَدَّتَهُمْ وَرَحْمَتَهُمْ».

واتە: حوسەین لە باسی شەییان لە قەتادەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: باسی ئەوەی بۆ کردین کە هەریمی کوڕی حەییان دەیفەرموو: هەر کەسێ بەدڵ ڕوو لە خوای گەورە بکات؛ بێگومان خوای گەورە دڵی هەموو بەندەکانی ڕوو دەکاتە ئەو کەسە؛ تا وای لێدێ خۆشەویستی و سۆزی ئەو کەسە دەخاتە نێو دڵی هەموویانەوە.

١٢٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ مُوسَى، وَعَبْدُ الصَّمَدِ، قَالاَ: حَدَّثَنَا نُوحُ بْنُ قَيْسٍ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ نَافِعٍ قَالَ: أَقْبَلْنَا مَعَ هَرِمِ بْنِ حَيَّانَ مِنْ خُرَاسَانَ حَتَّى إِذَا كُنَّا فِي بَعْضِ الطَّرِيقِ تَمَثَّلْتُ لَيْلَةَ سَحَرٍ بِبَيْتٍ مِنَ الشِّعْرِ قَالَ: فَرَفَعَ هَرِمٌ عَلَيَّ السَّوْطَ فَجَلَدَنِي جَلْدَةً عَلَى الظَّهْرِ الْتَوَيْتُ مِنْهَا، قَالَ لِي: أَفِي هَذِهِ السَّاعَةِ الَّتِي يَنْزِلُ فِيهَا الرَّحْمَنُ وَيُسْتَجَابُ فِيهَا الدُّعَاءُ تَتَمَثَّلُ بِالشِّعْرِ؟ وَقَالَ عَبْدُ الصَّمَدِ: السَّاعَةُ الَّتِي يُسْتَجَابُ فِيهَا الدُّعَاءُ وَتَنْزِلُ فِيهَا الرَّحْمَةُ ".

واتە: نوحی کوڕی قەیس دەفەرموێت: موحەممەدی کوڕی نافیع فەرمووی: لە خزمەت هەریمی کوڕی حەییانا لە خۆراسانەوە دەگەڕاینەوە؛ لە ڕێگایەکا لە کاتی بەرەبەیانا لە کاتی قسەکردنا بەیتە شیعرێکم وەک نموونە هێنایەوە؛ هەریم قامچییەکەی لێ بەرز کردمەوە و کێشای بە پشتماو لە تاو ئازاری ئەو قامچییە کووڕ بووم؛ هەریم فەرمووی: ئەوە ئالەم کاتە پیرۆزەدا کە سۆزو میهرەبانی خوای گەورە دادەبەزێت و تێیدا نزا و پارانەوە گیرا دەبێت تۆ شیعر دەخوێنیتەوە و وەک نموونە دەیهێنیتەوە؟ عەبدولصەمەد فەرمووی: ئەو کاتەی کە نزای تێدا گیرا دەبێت و بەزەییی تێیدا دێتە خوارەوە.

١٢٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنِي أَبُو السَّرِيِّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْعَزِيزِ الْعَمِّيُّ، عَنْ أَبِي عِمْرَانَ الْجَوْنِيِّ، عَنْ هَرِمِ بْنِ حَيَّانَ قَالَ: إِيَّاكُمْ وَالْعَالِمَ الْفَاسِقَ فَبَلَغَ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ رَضِيَ الله عَنْهُ فَكَتَبَ إِلَيْهِ وَأَشْفَقَ مِنْهَا: مَا الْعَالِمُ الْفَاسِقُ؟ فَكَتَبَ إِلَيْهِ هَرِمٌ: وَالله يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ مَا أَرَدْتُ بِهِ إِلَّا الْخَيْرَ، يَكُونُ إِمَامًا يَتَكَلَّمُ بِالْعِلْمِ وَيَعْمَلُ بِالْفِسْقِ فَيُشَبِّهُ عَلَى النَّاسِ فَيَضِلُّوا ".

واتە: لە باوکی عیمرانی جەونییەوە دەگێڕنەوە ئەویش لە هەریمی کوڕی حەییانەوە فەرموویەتی: خۆتان لە زانای خراپ بەدوور بگرن؛ عومەری کوڕی خەتتاب ئەوەی بیستەوە و نامەیەکی بۆ نووسی و هەڕەشەی لێ کرد وگوتی: زانای خراپ کێیە؟ هەریم وەڵامی نامەکەی بۆ نووسییەوە و فەرمووی: گەورەی باوەڕداران! بەخوا بەو قسەیە جگە لە خێر هیچ نێتێکیترم نەبووە؛ جاری وا هەیە زاناو پێشەوا بە زانستەوە قسە دەکات و کەچی خۆی کاری نابەجێ و خراپ دەکات؛ ئیتر خەڵکیش لێیان دەگۆڕێت (و وادەزانن ئەو کارەی کە ئەو کردوویەتی چاکەو بەو هۆیەوە) گومڕا دەبن.

١٢٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنِي يَحْيَى بْنُ الْمُظَفَّرِ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، عَنْ مَالِكِ بْنِ دِينَارٍ قَالَ: اسْتُعْمِلَ هَرِمُ بْنُ حَيَّانَ قَالَ: فَظَنَّ أَنَّ قَوْمَهُ، سَيَأْتُونَهُ فَأَمَرَ بِنَارٍ فَأُوقِدَتْ بَيْنَهُ وَبَيْنَ مَنْ يَأْتِيهِ مِنَ الْقَوْمِ فَجَاءَ قَوْمُهُ فَسَلَّمُوا عَلَيْهِ مِنْ بَعِيدٍ فَقَالَ: مَرْحَبًا بِقَوْمِي ادْنُوا فَقَالُوا: وَاللهِ مَا نَسْتَطِيعُ أَنْ نَدْنُوَ مِنْكَ لَقَدْ حَالَتِ النَّارُ بَيْنَنَا وَبَيْنَكَ قَالَ: فَأَنْتُمْ تُرِيدُونَ أَنْ تُلْقُونِي فِي نَارٍ أَعْظَمَ مِنْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ؟ قَالَ: فَرَجَعُوا ".

واتە: جەعفەری کوڕی سولەیمان لە مالیکی کوڕی دینارەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەریمی کوڕی حەییان کرا بە بەرپرس؛ جا زانیی کە خزمەکانی دێن بۆ لای؛ بۆیە فرمانی کرد ئاگرێکیان کردەوە؛ ئاگرەکەی خستە نێوان خۆی و ئەو خزمانەی کە دەهاتن بۆ لای (واتە: بەهەر چواردەوری هەریما وەکوو بازنە ئاگریان کردەوە و هەریم لە ناوەڕاستی ئاگرەکەدا بوو) خزمەکانی هاتن و هەر لە دوورەوە سڵاویان لە هەریم کرد؛ ئەویش گوتی: بەخێربێن کەسوکارا ئادەی وەرن نزیك بینەوە! گوتیان: بەخوا ناتوانین لێت نزیك ببینەوە؛ ئەم ئاگرە گەورەیە کەوتووەتە نێوان تۆو ئێمەوە! هەریم فەرمووی: دەی ئێوە دەتانەوێ من بخەنە ناو ئاگرێکی لەمە گەورەتر لە دۆزەخا؟ ئیتر خزمەکانی گەڕانەوە.

١٢٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي يَزِيدُ الطَّائِيُّ أَبُو طَالِبٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ بْنُ عَبْدِ الْوَارِثِ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، حَدَّثَنَا مُوسَى، عَنْ أَبِي قَزَعَةَ أَنَّ هَرِمَ بْنَ حَيَّانَ أَوْصَى عِنْدَ الْمَوْتِ فَقَالَ: " أُوصِيكُمْ بِالْأَوَاخِرِ مِنْ سُورَةِ النَّحْلِ إِلَى: ﴿ ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلْحِكْمَةِ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِ ﴾ النحل: ١٢٥ الْآيَةَ ".

واتە: مووسا لە باوکی قەزەعەوە گێڕایەوە کە هەریمی کوڕی حەییان لە کاتی مردنا وەسیەتی کرد و فەرمووی: وەسیەتتان بۆ دەکەم کۆتایی سورەتی (النحل) بخوێننەوە و کاری پێ بکەن، ئەوەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلْحِكْمَةِ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِ ﴾. هتد.

١٢٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ الْمِقْدَامِ الْعِجْلِيُّ، حَدَّثَنَا الْمُعْتَمِرُ قَالَ: سَمِعْتُ أَبِي يُحَدِّثُ، عَنْ قَتَادَةَ، عَنْ خُلَيْدٍ الْعَصَرِيِّ أَنَّهُ قَالَ: لَقَدْ ذُكِرَ لِي أَنَّ «الْخَيْمَةَ لُؤْلُؤَةٌ مُجَوَّفَةٌ لها سَبْعُونَ مِصْرَاعًا كُلُّ ذَلِكَ مِنَ الدُّرِّ».

واتە: موعتەمیر دەفەرموێت: گوێم لە باوکم بوو لە قەتادەوە ئەویش لە خولەیدی عومەرییەوە ئەوەی گێڕایەوە فەرموویەتی: بۆم باسکراوە کە چادرەکە (واتە: ئەو خێمەی چادرەی کە لە بەهەشتدا بۆ مرۆڤی بەهەشتی هەڵدەدرێ) بریتیە لە لاڵێکی ناوبۆش (لاڵ واتە: لوئلوء) حەفتا کۆڵەکەو پایەی هەیە هەرهەمووی لە دوڕڕو مرواری دروست کراوە.

١٢٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَهْبُ بْنُ جَرِير، حَدَّثَنَا أَبِي قَالَ: سَمِعْتُ حُمَيْدَ بْنَ هِلَالٍ قَالَ: خَرَجَ هَرِمُ بْنُ حَيَّانَ، وَعَبْدُ الله بْنُ عَامِر حَاجَّيْن، فَبَيْنَمَا هُمَا يَسِيرَانِ إِذْ رُفِعَتْ لِرَاحِلَتِهِمَا صِلِّيَانَةٌ فَابْتَدَرَتْهَا رَاحِلَتُهُمَا فَأَكَلَتْهَا إِحْدَاهُمَا فَقَالَ هَرِمٌ لِابْنِ عَامِر: أَيَسُرُّكَ أَنَّكَ هَذِهِ الصِّلِّيَانَةُ أَكَلَتْكَ هَذِهِ الدَّابَّةُ فَذَهَبْتَ؟ قَالَ: لَا وَالله أَرْجُو رَحْمَةَ الله وَأَرْجُو وَأَرْجُو، فَقَالَ هَرِمٌ: لَكِنِّي وَالله لَوَدِدْتُ أَنِّي هَذِهِ الصِّلِّيَانَةُ أَكَلَتْنِي هَذِهِ الدَّابَّةُ فَذَهَبْتُ فَلَمْ أَكُنْ شَيْئًا ".

واته: وەهبی کوڕی جەریر دەفەرموێت: باوکم گێڕایەوە فەرمووی: گوێم لە حومەیدی کوڕی هیلال بوو دەیفەرموو: هەریمی کوڕی حەییان و عەبدوڵڵای کوڕی عامر پێکەوە ڕۆیشتن بۆ حەج؛ کاتێ بەڕێگادا دەڕۆیشتن گیایەکی صیلیانە دەرکەوت و وشترەکانیان چاویان بەو گیایە کەوت و غاریاندا بۆ خواردنی گیاکەو یەکێکیان پێشکەوت و خواردی؛ هەریم بە عامری گوت: ئەوە تۆ پێت خۆشبوو ئەم گیای صیلیانە بویتایەو ئەم وشترە بیخواردیتایەو ڕۆشتبای؟ گوتی: نە بەخوا! من چاوەڕێی سۆزو بەزەیی خوام.. چاوەڕێ و چاوەڕێی ئەوە و ئەوەم... هەریم فەرمووی: بەڵام بەو خوایە من پێمخۆشبوو ئەو گیای صیلیانە بومایەو ئەم وشترە منی بخواردایەو بڕۆیشتمایەو هیچ نەبومایە.

١٢٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: خَرَجَ هَرِمُ بْنُ حَيَّانَ وَعَبْدُ الله بْنُ عَامِر يُرِيدَانِ أَرْضَ الْحِجَازِ قَالَ: فَبَيْنَمَا هُمَا يَسِيرَانِ عَلَى رَاحِلَتَيْهِمَا إِذْ مَرَّا عَلَى مَكَانٍ فِيهِ كَلَأٌ وَخَلِيٌّ وَنَصِيٌّ قَالَ: فَجَعَلَتْ رَاحِلَتَاهُمَا يُخَالِجَانِ ذَلِكَ الشَّجَرَ فَقَالَ ابْنُ حَيَّانَ: يَا ابْنَ عَامِر أَيَسُرُّكَ أَنَّكَ شَجَرَةٌ مِنْ هَذِهِ الشَّجَرِ أَكَلَتْكَ هَذِهِ الرَّاحِلَةُ فَقَذَفَتْكَ بَعْرًا فَاتُّخِذْتَ جُلَّةً؟ قَالَ: لَا وَالله لَمَا أَرْجُو مِنْ رَحْمَةِ الله عَزَّ وَجَلَّ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ ذَلِكَ، فَقَالَ هَرِمُ بْنُ حَيَّانَ: وَلَكِنِّي وَالله لَوَدِدْتُ أَنِّي شَجَرَةٌ مِنْ هَذَا الشَّجَرِ أَكَلَتْنِي هَذِهِ النَّاقَةُ فَقَذَفَتْنِي بَعْرًا فَاتُّخِذْتُ جُلَّةً وَلَمْ أُكَابِدِ الْحِسَابَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ؛ إِمَّا إِلَى جَنَّةٍ وَإِمَّا إِلَى نَارٍ، وَيْحَكَ يَا ابْنَ عَامِر إِنِّي أَخَافُ الدَّاهِيَةَ الْكُبْرَى، قَالَ الْحَسَنُ: كَانَ وَالله أَفْقَهَهُمَا وَأَعْلَمَهُمَا بِالله عَزَّ وَجَلَّ ".

واته: هیشام لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەریمی کوڕی حەییان و عەبدوڵڵای کوڕی عامر بە تەمای خاکی حیجاز بوون (بچن بۆ حەج) جا لە کاتی ڕۆیشتنا کە پێکەوە بوون وشترەکانیان بە شوێنێکا تێپەڕین لەوەڕی هەبوو؛ گژوگیای چاک و باشی هەبوو؛ جا وشترەکانیان ڕۆیشتن بۆ گیایەک و لێیان دەخوارد؛ هەریمی کوڕی حەییان گوتی: کوڕی عامر! پێت خۆشبوو یەکێک بویتایە لەم گژوگیایەو ئەم وشترانە تۆیان خواردباو بیانکردیتایە

بە سەنیرو ببویاتیە بە تەپاڵەو پشقڵ؟ عەبدوڵڵا گوتی: نەوەڵڵا! ئەگەر بە تەمای سۆزو بەزەیی خوای گەورە بم لەوە باشترە کە پێم خۆشبێ ببمە خۆراکی وشترو دوایی ببمە سەنیرو تەپاڵە! هەریم گوتی: بەخوا من پێم خۆشە یەکێک بومایە لەو گژوگیایەو ئەم وشترە منی خواردباو بیکردمایە بە سەنیر و تەپاڵە بەڵام لە قیامەتدا لێپرسینەوەم لەگەڵدا نەکرایە جا بەرەو بەهەشت یان بەرەو دۆزەخ و نەزانم بەرەو کامیان دەبرێم! قوڕ بەسەرم! کوڕی عامر! من لە بەڵا و موسیبەتە گەورەکە دەترسم.. حەسەن فەرمووی: بەخوا هەریم لە عەبدوڵڵا زاناتر بوو؛ ئەو باشتر خوای ناسیبوو.

١٢٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ مَعْرُوف، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنِ ابْنِ شَوْذَب قَالَ: قَالَ هَرِمُ بْنُ حَيَّانَ: " لَوْ قِيلَ لِي إِنِّي مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَدَعِ الْعَمَلَ لِئَلَّا تَلُومَنِي نَفْسِي فَتَقُولَ لِي: أَلَا صَنَعْتَ أَلَا فَعَلْتَ ".

واتە: زەمرە لە کوڕی شەوزەبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەریمی کوڕی حەییان فەرمووی: ئەگەر من پێم بڵێن تۆ دەچیتە ئاگرەوە؛ هێشتا واز لە خواپەرستی ناهێنم؛ با لە قیامەتدا نەفسم سەرکۆنەم نەکات و پێم نەڵێ: ئەگەر خواپەرستیت کردباو ئەوە و ئەوەت کردبا ئێستە ڕزگار دەبویت!

١٢٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ قَرَأْتُ عَلَى أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مُصْعَب قَالَ: سَمِعْتُ مَخْلَدًا، ذَكَرَ عَنْ هِشَام، عَنِ الْحَسَنِ أَنَّ هَرِمًا مَاتَ فِي غَزَاة فِي يَوْم صَائِف فَلَمَّا فُرِغَ مِنْ دَفْنِه جَاءَتْ سَحَابَةٌ حَتَّى كَانَتْ حِيَالَ الْقَبْرِ فَرَشَّتِ الْقَبْرَ حَتَّى تَرَوَّى وَلَمْ يُجَاوِزِ الْقَبْرَ مِنْهَا قَطْرَةٌ ثُمَّ عَادَتْ عَوْدَهَا عَلَى بَدْئِهَا ".

واتە: مەخلەد لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەریم لە غەزایەکاو لە ڕۆژێکی ساماڵا لە دونیا دەرچو؛ کاتێ لە ئەسپەردەکردنی بوونەوە پەڵە هەورێک هات و بارانی باراند بەسەر گۆڕەکەی هەریماو جوان ئاوپرژێنی کرد و خۆڵەکەی تێراو کرد؛ یەک دڵۆپە باران لەودیودیوی گۆڕەکەی هەریم نەباری؛ تەنیا گۆڕەکەی گرتەوە و بەس! دوایی ئاسمان وەکوو خۆی لێهاتەوە (واتە: هەروی پێوە نەماو بویەوە بە ساماڵ).

باسی ئەحنەفی کوڕی قەیس
(خوای لێ ڕازی بێ)

١٢٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَال: قَرَأْتُ عَلَى أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ إِسْحَاقَ الطَّالْقَانِيُّ، حَدَّثَنَا الْحَارِثُ بْنُ عُمَيْرٍ، عَنْ رَجُلٍ مِنْ أَهْلِ الْبَصْرَةِ قَالَ: قِيلَ لِلْأَحْنَفِ: مَالَكَ لَا تَمَسُّ الْحَصَا؟ قَالَ: مَا فِي مَسِّهِ أَجْرٌ وَلَا فِي تَرْكِهِ وِزْرٌ، مَعَ أَنِّي فِيَّ خَلَّتَانِ: لَا أَغْتَابُ جَلِيسِي إِذَا قَامَ مِنْ عِنْدِي، وَلَا أَدْخُلُ فِي أَمْرِ قَوْمٍ لَمْ يُدْخِلُونِي مَعَهُمْ ".

واتە: حارثی کوڕی عومەیر لە پیاوێکی خەلکی بەصرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بە ئەحنەفیان گوت: ئەوە بۆچی تۆ دەست لە بەردە ووردە نادەی (لەوانەیە مەبەست ئەوەبێ کە بۆچی بە ووردە بەرد تەسبیحات ناکەیت؟ خوداش زاناترە)؟ فەرمووی: دەی دەستدان لە بەردە ووردە چ پاداشتێکی تیایە؟ یان دەست لێنەدانی چ تاوانێکە؟ من دوو سیفەتم هەیە؛ یەکەم: ئەگەر کەسێک لەلاما دانیشتبوو دوایی هەستا و ڕۆیی؛ هەرگیز غەیبەتی ناکەم.. دووەم: هەرگیز لە کاروباری کەسانێکا خۆم هەڵناقورتێنم کە پرسم پێ نەکەن.

١٢٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ، أَنْبَأَنَا يُونُسُ، أَخْبَرَنِي مَوْلَى الْأَحْنَفِ بْنِ قَيْسٍ قَالَ: «كَانَ الْأَحْنَفُ قَلَّمَا خَلَا إِلَّا دَعَا بِالْمُصْحَفِ».

واتە: ئیسماعیل لە یونسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کۆیلەکەی ئەحنەفی کوڕی قەیس بۆی گێرامەوە گوتی: ئەحنەف عادەتی وا بوو بە دەگمەن نەبێ ئەگینا بەردەوام دەیفەرموو: قورئانەکەم بۆ بێنە (واتە: زۆربەی کاتەکان خەریکی قورئانخوێندنەوە بووە).

١٢٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا عَرْعَرَةُ بْنُ الْبِرِنْدِ، حَدَّثَنَا ابْنُ عَوْنٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ الْأَحْنَفُ بْنُ قَيْسٍ: «إِنِّي لَسْتُ بِحَلِيمٍ وَلَكِنِّي أَتَحَلَّمُ».

واتە: کوڕی عەون لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەحنەفی کوڕی قەیس فەرمووی: من خۆم بە حەوسەڵە نیم؛ بەڵام بەزۆر خۆم بەحەوسەڵە دەکەم!

١٢٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عُمَرَ مَشْكَدٌ أَنَّهُ قَالَ: حَدَّثَنِي حُسَيْنٌ الْجُعْفِيُّ، عَنْ زَائِدَةَ، عَنْ هِشَام، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: كَثُرَ النَّمْلُ فَآذَيْنَ الْأَحْنَفَ فَأَمَرَ بِكُرْسِيٍّ فَوُضِعَ عَلَى جُحْرِهِنَّ ثُمَّ حَمِدَ الله وَأَثْنَى عَلَيْهِ وَقَالَ: " إِنَّكُنَّ آذَيْتُمُونَا فَاكْفُفْنَ وَإِلَّا آذَيْنَاكُنَّ قَالَ: فَكَفَفْنَ وَذَهَبْنَ ".

واتە: زائیدە لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: مێروولە دایانە ماڵی ئەحنەف و ئەحنەفیان بێزار کرد؛ ئەحنەف فەرمویەی: کورسیەکم بۆ بێنن.. کورسیەکەی خستە سەر شارە مێرولەکەو دوایی سوپاس و ستاییشی خوای گەورەی کرد و فەرمووی: مێرولەکان! ئێوە بوونەتە مایەی ئازاردانی ئێمە؛ واز بێنن؛ ئەگینا ئێمەیش ئازاری ئێوە دەدەین! مێرولەکان وازیان هێناو ڕۆیشتن.

١٢٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، حَدَّثَنَا شَيْخٌ مِنْ بَنِي تَمِيم قَالَ: قَالَ الْأَحْنَفُ بْنُ قَيْس: «إِنَّهُ لَيَمْنَعُنِي كَثِيرًا مِنَ الْكَلَام مَخَافَةُ الْجَوَاب».

واتە: حەمماد لە پیاوێکی بنەماڵەی تەمیمەوە دەگێڕێتەوە گوتویەتی: ئەحنەفی کوری قەیس فەرمووی: من ترسی وەڵامدانەوە وام لێ دەکات واز لە زۆر قسە بێنم.

١٢٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَاحد أَبو عُبَيْدَةَ الْحَدَّادُ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عَوْنٍ، عَنْ جُبَيْرِ بْنِ حَبِيب أَنَّ الْأَحْنَفَ بَلَغَهُ رَجُلَانِ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دَعَا له فَسَجَدَ ".

واتە: عەبدولواحیدی کوڕی باوکی عوبەیدە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەونەوە دەگێڕێتەوە؛ ئەویش لە جوبەیری کوڕی حەبیبەوە ئەوەی گێڕایەوە کە دوو پیاو ئەوەیان بە ئەحنەف گوت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دۆعای خێری بۆ کردووە، ئەحنەف لە خۆشیی ئەو هەواڵە سەجدەی شوکری بۆ خوای گەورە برد.

١٢٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد بْنُ عَبْد الْوَارِث، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ بَكْر الْمُزَنِيُّ، عَنْ مَرْوَانَ الْأَصْفَر قَالَ: كَانَ الْأَحْنَفُ بْنُ قَيْس يَقُولُ: «اللهمَّ إِنْ تُعَذِّبْنِي فَأَنَا أَهْلُ ذَاكَ، وَإِنْ تَغْفِرْ لِي فَأَنْتَ أَهْلُ ذَاكَ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی بەکری موزەنی لە مەڕوانی ئەصفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەحنەفی کوڕی قەیس دەیفەرموو: خوایە! ئەگەر تۆ سزام بدەی ئەوە من شیاوی سزادانم! ئەگەریش لێم خۆشبی ئەوە تۆ لێبوردەیت.

١٣٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مَنْصُورُ بْنُ بَشِيرٍ، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ الْأَشَجُّ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ زَيْدٍ، عَنِ الْحَسَنِ، عَنِ الْأَحْنَفِ بْنِ قَيْسٍ، عَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ رَضِيَ الله عَنْهُ قَالَ: كُنْتُ عِنْدَهُ جَالِسًا فَقَالَ: «إِنَّ هَلَكَةَ هَذِهِ الْأُمَّةِ عَلَى يَدَيْ كُلِّ مُنَافِقٍ عَلِيمٍ وَقَدْ، رَمَقْتُكَ فَلَمْ أَرَ مِنْكَ إِلَّا خَيْرًا فَارْجِعْ إِلَى قَوْمِكَ، فَإِنَّهُمْ لَا يَسْتَغْنُونَ عَنْ رَأْيِكَ».

واتە: عەلیی کوڕی زەید لە حەسەنەوە ئەویش لە ئەحنەفی کوڕی قەیسەوە دەگێڕێتەوە ئەویش لە عومەری کوڕی خەتتابەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە؛ جا ئەحنەف فەرمووی: من لە خزمەت عومەرا بووم؛ عومەر فەرمووی: تیاچونی ئەم ئوممەتە لەسەر دەستی ئەوانەیە کە زاناو دووڕوون! من جوان لەتۆ ڕامام تۆ یەکێک نیت لەو کەسانەو جگە لە خێر هیچم لە تۆدا نەدی؛ بۆیە بگەڕێوە بۆ ناو کەسوکار و خزمەکانت؛ چونکە ئەوان پێویستییان بەوەیە پرس و ڕاوێژت پێ بکەن.

١٣٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ السَّمَرْقَنْدِيُّ، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ يَحْيَى النَّيْسَابُورِيُّ الْخُرَاسَانِيُّ مِنْ كِتَابِهِ، قَالَ أَبِي: وَكَانَ ثِقَةً، وَزِيَادَةً، أَثْنَى عَلَيْهِ أَبِي خَيْرًا، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ زَيْدٍ، عَنْ زُرَيْقِ بْنِ رُدَيْحٍ، عَنْ سَلَمَةَ بْنِ مَنْصُورٍ قَالَ: اشْتَرَى أَبِي غُلَامًا، وَكَانَ لِلْأَحْنَفِ فَأَعْتَقَهُ فَأَدْرَكْتُهُ شَيْخًا، وَكَانَ يُحَدِّثُ أَنَّ عَامَّةَ صَلَاةِ الْأَحْنَفِ بِاللَّيْلِ الدُّعَاءُ، وَكَانَ يَضَعُ الْمِصْبَاحَ قَرِيبًا مِنْهُ فَيَضَعُ إِصْبَعَهُ عَلَيْهِ فَيَقُولُ حُسَّ يَا أُحَيْنِفُ مَا حَمَلَكَ عَلَى مَا صَنَعْتَ يَوْمَ كَذَا وَكَذَا يَعْنِي كَذَا وَكَذَا ".

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولڕەحمانی سەمەرقەندی فەرمووی: یەحیای کوڕی یەحیای نەیشاپوری خۆراسانی بە نامەیەک ئەوەی پێ گوتین. باوکم فەرموویەتی. جا عەبدوڵڵا دەفەرموێت: باوکم فەرمووی: یەحیا پیاوێکی جێ متمانەو باش بوو.. جگە لەوەش زۆر باسی چاکەی یەحیای کرد.. گوتی: حەممادی کوڕی زەید لە زورەیقەوە ئەویش لە سەلەمەوە گێڕایەوە فەرمووی: باوکم کۆیلەیەکی گەنجی کڕی؛ کۆیلەکە کۆیلەی ئەحنەف بوو؛ دوایی باوکم ئازادی کردبوو؛ من ئەو کۆیلەیەم بینی پیر ببوو؛ باسی ئەوەی دەکرد کە زۆربەی شەونوێژەکانی ئەحنەف بریتی بوون لە نزا و پاڕانەوە؛ جا ئەحنەف چرایەکی لە نزیک خۆیا دادەناو پەنجەی دەخستە سەر ئاگری چراکەو دەیگوت: ئاخ! ئۆف لەو ئێش و ئازارە! ئەحنەف ئەوە بۆچی فلانە ڕۆژو فلانە ڕۆژ فلانە کار و فلانە کارت کرد؟ (واتە: لێپرسینەوەی لە خۆی دەکرد).

١٣٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الْمَلِكِ بْنِ زَنْجَوَيْهِ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْمُتَعَالِ بْنُ طَالِبٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ وَهْبٍ، عَنْ يَحْيَى بْنِ أَيُّوبَ، عَنْ عُبَيْدِ اللهِ بْنِ زَحْرٍ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ مَسْعُودٍ قَالَ: قِيلَ لِلْأَحْنَفِ بْنِ قَيْسٍ، وَكَانَ سَيِّدَ قَوْمِهِ: أَلَا نَضْرِبُ عَلَيْكَ سُرَادِقًا أَبَدًا؟ قَالَ: " مَا سَمِعْتُ بِالسُّرَادِقِ إِلَّا فِي النَّارِ وَاللهِ لَا يُضْرَبُ عَلَيَّ سُرَادِقٌ أَبَدًا قَالَ: فَمَا كَانَ بَيْتُهُ إِلَّا خُصًّا مِنْ قَصَبٍ حَتَّى لَقِيَ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ ".

واته: عوبەیدوڵڵای کوڕی زەحر لە سەعیدی کوڕی مەسعودەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بە ئەحنەفی کوڕی قەیس گوترا: جا ئەحنەف گەورە و ڕیش سپی ناو خێڵەکەی خۆیان بوو ئەوە بۆچی سورادقێکت (چادرێکی گەورەت) بۆ هەڵنەدەین؟ ئەحنەف فەرمووی: بەخوا ناوی سورادقم تەنیا بەوە بیستووە کە لە دۆزەخایە: بەخوا نابێ هەتا هەاتیە سورادقم بۆ هەڵبدەن! جا دەفەرموێت: ماڵەکەی ئەحنەف کوخ و زنج بوو؛ بە قامیش دروست کرابوو؛ هەتا مردن هەر ئەو کوخ و زنجە ماڵی بوو.

١٣٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الْمَلِكِ، حَدَّثَنَا عَارِمٌ أَبُو النُّعْمَانِ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ زَيْدٍ قَالَ: سَمِعْتُ أَبِي يَقُولُ: قِيلَ لِلْأَحْنَفِ بْنِ قَيْسٍ: إِنَّكَ شَيْخٌ كَبِيرٌ وَإِنَّ الصِّيَامَ يُضْعِفُكَ قَالَ: «أُعِدُّهُ لِشَرٍّ طَوِيلٍ».

واتە: عارمی باوکی نوعمان لە سەعیدی کوڕی زەیدەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە باوکم بوو دەیفەرموو: بە ئەحنەفی کوڕی قەیسیان گوت: تۆ پیاوێکی پیری و ڕۆژوو گرتن لاوازت دەکات (هێندە ڕۆژو مەگرە) ئەحنەف فەرمووی: بۆ شەڕێکی دووروو درێژی ئامادە دەکەم.

١٣٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ أَبِي حَيَّانَ، عَنْ أَبِي الزِّنْبَاعِ قَالَ: كَانَ شَابٌّ يَمْشِي مَعَ الْأَحْنَفِ بْنِ قَيْسٍ فَمَرَّ بِمَنْزِلِهِ فَعَرَضَ عَلَيْهِ الشَّابُّ فَقَالَ: يَا ابْنَ أَخِي لَعَلَّكَ مِنَ الْعَارِضِينَ قَالَ: يَا أَبَا بَحْرٍ وَمَا الْعَارِضُونَ؟ قَالَ: «الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ يُحْمَدُوا بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا، يَا ابْنَ أَخِي إِذَا عَرَضَ لَكَ الْحَقُّ فَاقْصِدْ وَالْهَ عَمَّا سِوَى ذَلِكَ».

واتە: وەکیع لە سوفیانەوە ئەویش لە باوکی حەییانەوە ئەویش لە باوکی زینباعەوە فەرمووی: گەنجێک لەگەڵ ئەحنەفی کوڕی قەیسا ڕێی دەکرد؛ دایان بە لای ماڵی گەنجەکەداو وەک بڵێی خۆی بۆ ئەحنەف دەرخست! ئەحنەف گوتی: برازا! لەوە دەچێ تۆ خۆت دەرخەی.. گوتی: باوکی بەحر خۆدەرخست چییە؟ فەرمووی: ئەوانەی کە خۆیان دەردەخەن ئەوانەن کە پێیان خۆشە لە سەر شتێک پەسن بدرێن و ستاییش بکرێن کە لە

ڕاستیدا ئەو شتەیان نەکردووە! برازا! هەر کاتێ هەق و ڕاستیت بۆ دەر کەوت ئەوا بۆی بڕۆ! ئیتر واز لە هەموو شتەکانیتر بێنە!

١٣٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ بَكَّار، حَدَّثَنَا عَطَّافُ بْنُ خَالد، حَدَّثَني عَبْدُ الْعَزيز بْنُ قَريب قَالَ: قيلَ للْأَحْنَف بْن قَيْس: يَا أَبَا بَحْر مَا رَأَيْنَا رَجُلًا أَشَدَّ أَنَاةً منْكَ قَالَ: " قَدْ عُرفَتْ منِّي عَجَلَةٌ في أُمُور ثَلَاثَة قَالُوا: مَا هيَ؟ قَالَ: الصَّلَاةُ إذَا حَضَرَتْ حَتَّى أُؤَدِّيَهَا، وَالْأَيِّمُ إذَا خَطَبَهَا كُفْؤُهَا حَتَّى أُزَوِّجَهَا، وَجنَازَةٌ إذَا تُوُفِّيَتْ حَتَّى أُلْحقَهَا بحُفْرَتهَا ".

واتە: عەتتافی کوڕی خالید لە عەبدولعەزیزی کوڕی قەریبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بە ئەحنەفی کوڕی قەیس گوترا: باوکی بەحرا کەسمان نەدیوە هێندەی تۆ بە حەوسەڵە بێت! فەرمووی: سێ جار پەلە پەل بە منەوە بینراوە (واتە: لە سێ شتا پەلە دەکەم).. گوتیان چی و چی؟ کاتێ کاتی نوێژ دێت هەتا نوێژەکەم دەکەم، ئەگەر کچی پێگەیشتووم هەبوو تا کوڕێکی هاوکوفی خۆی دێتە داوای و پێی دەدەم؛ کەسێکیش بمرێ تا دەیگەیەنمە شوێنی خۆی و ئەسپەردەی دەکەم.

١٣٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني عُثْمَانُ بْنُ أَبي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا جَريرٌ، عَنْ مُغيرَةَ قَالَ: شَكَا ابْنُ أَخ للْأَحْنَف بْن قَيْس إلَى الْأَحْنَف بْن قَيْس وَجَعَ ضرْسه فَقَالَ لَه الْأَحْنَفُ بْنُ قَيْس: «لَقَدْ ذَهَبَتْ عَيْني مُنْذُ أَرْبَعينَ سَنَةً مَا ذَكَرْتُهَا لأَحَد».

واتە: عوسمانی کوڕی باوکی شەیبە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: جەریر لە موغیرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: برازایەکی ئەحنەفی کوڕی قەیس؛ سکاڵای دانە ئێشەی بردە لای ئەحنەف؛ ئەحنەف پێی گوت: ئەوە چل ساڵە ئازاری دانە ئێشە چاوی کوێر کردووم و لای کەسیشا باسم نەکردووە.

١٣٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ مَعْرُوف، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَن ابْن شَوْذَب قَالَ: قَالَ الْأَحْنَفُ بْنُ قَيْس: " عَرَضْتُ نَفْسي عَلَى الْقُرْآن فَلَمْ أَجدْ نَفْسي بشَيْءٍ أَشْبَهَ منِّي بهَذه الْآيَة : ﴿ وَءَاخَرُونَ ٱعْتَرَفُواْ بِذُنُوبِهِمْ خَلَطُواْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَءَاخَرَ سَيِّئًا عَسَى ٱللَّهُ أَن يَتُوبَ عَلَيْهِمْ ﴾ التوبة: ١٠٢ ".

واتە: زەمرە لە کوڕی شەوزەبەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئەحنەفی کوڕی قەیس فەرمووی: من خۆمم بە کێشانەی قورئاندا هەڵکێشا هیچ ئایەتێکم نەدی هێندەی ئەم ئایەتە لەگەڵ منا یەک بگرێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێ (مانای ئایەتەکە): کەسانێکی تریش هەن کە دان

بەگوناهو هەڵەکانیاندا دەنێن و کرداری چاک و کرداری خراپیشیان تێکەڵ کردووە، ئەمانە نزیکە خوا تەوبەیان لێ وەربگرێت.

١٣٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عُبَيْدُ الله بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ أَخْضَرَ، حَدَّثَنَا ابْنُ عَوْنٍ، أَنْبَأَنِي الْحَسَنُ قَالَ: تَكَلَّمُوا عِنْدَ مُعَاوِيَةَ، وَالْأَحْنَفُ سَاكِتٌ فَقَالَ له مُعَاوِيَةُ: مَا لَكَ لَا تَتَكَلَّمُ؟ فَقَالَ: «أَخَافُ الله إِنْ كَذَبْتُ، وَأَخَافُكُمْ إِنْ صَدَقْتُ».

واتە: کوڕی عەون گێڕایەوە فەرمووی: حەسەن بۆی منی گێڕایەوە فەرمووی: لە لای موعاویەدا قسە کراو ئەحنەف بێدەنگ بوو؛ موعاویە پێی گوت: ئەوە بۆچی قسەیەک ناکەی؟ ئەحنەف فەرمووی: ئاخر لە خوادەترسم درۆ بکەم! ئەگەر ڕاستیش بکەم لە ئێوە دەترسم (واتە: لە ترسی خوا درۆ ناکەم و لە ترسی ئێوەش ڕاستی ناڵێم).

١٣٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ حَرْبٍ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ يُونُسَ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَدِمَ الْأَحْنَفُ بْنُ قَيْسٍ مِنْ سَفَرٍ، وَقَدْ غَيَّرُوا سَقْفَ بَيْتِه أَوْ قَدْ حَمَّرُوا السَّقَائِفَ وَخَضَّرُوهَا فَقَالُوا له: مَا تَرَى إِلَى سَقْفِ بَيْتِكَ؟ قَالَ: «مَعْذِرَةً إِلَيْكُمْ إِنِّي لَمْ أَرَهُ لَا أَدْخُله حَتَّى تُغَيِّرُوهُ».

واتە: حەمادی کوڕی سەلەمە لە یونسەوە دەگێڕێتەوە ئەویش لە حەسەنەوە فەرموویەتی: ئەحنەفی کوڕی قەیس لە سەفەرێک گەڕایەوە؛ تا ئەو گەڕابوویەوە میچی خانووەکەیان گۆڕیبوو؛ دارو پەردوی میچەکەیان بە بۆیاخ سەوزو سوور کردبوو؛ پێیان گوت: ئەوە بۆ سەیری میچی خانووەکەت ناکەی؟ فەرمووی: ببورن! من نەمدیوە و ناشچمە ماڵەوە هەتا بۆیاخەکەی لێ نەکەنەوە.

١٣١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ الْغَلَابِيُّ، حَدَّثَنِي رَجُلٌ، مِنْ بَنِي تَمِيمٍ، قَالَ الْأَحْنَفُ: «لَا مُرُوءَةَ لِكَذَّابٍ، وَلَا رَاحَةَ لِحَسُودٍ، وَلَا خُلَّةَ لِبَخِيلٍ، وَلَا سُؤْدُدَ لِسَيِّئِ الْخُلُقِ، وَلَا إِخَاءَ لِمَلُولٍ».

واتە: باوکی موعاویەی غەلابی لە پیاوێ‌ی بنەماڵەی تەمیمەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئەحنەف فەرمووی: مرۆڤی درۆزن شەرم و حەیای نییە؛ مرۆڤ ئێرەبەرو حەسود ئاسدەیی لە دڵا نییە؛ مرۆڤی دەست قوچاو هاورێی خۆشەویستی نییە؛ مرۆڤی بەد ئاکار هەرگیز نابێت بە سەییدو گەورە؛ مرۆڤی دۆش داماوو ئاخ و ئۆفکەریش برایەتی لەگەڵدا ناکرێت.

١٣١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِم، حَدَّثَنَا مُحَمَّدٌ، يَعْنِي ابْنَ طَلْحَةَ، عَنِ الهجَنَّع بْنِ قَيْسٍ قَالَ: قَالَ الأَحْنَفُ بْنُ قَيْسٍ: «مَا أُحِبُّ أَنَّ لِي بِنَصِيبِي مِنَ الذُّلِّ حُمُرَ النَّعَم».

واتە: موحەممەدی کوڕی تەڵحە لە هەجەننەعی کوڕی قەیسەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئەحنەفی کوڕی قەیس فەرمووی: پێم خۆش نییە هەرچی وشتری سورە هی من بێت و لەگەل ئوەدا سەرشۆڕ و زەلیل بم!

باسی خولەیدی عەصەری
(خوای لێ ڕازی بێت)

١٣١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ عُبَيْد الله أَبو جَعْفَر بْنُ الْمُنَادي، حَدَّثَنَا يُونُسُ بْنُ مُحَمَّد، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ عَبْد الرَّحْمَن الْعَصَريُّ قَالَ: حَدَّثَتْني صَهْبَاءُ بنْتُ أَوْس امْرَأَةُ خُلَيْد أَنَّ خُلَيْداً، كَانَ يَقُولُ: " مَا منْ عَبْد أَلْحَتْهُ حَاجَتُهُ فَأَخَذَ بِأَمَانَته ثقَةً بالله عَزَّ وَجَلَّ وَتَوكُّلاً عَلَيْه فَأَنْفَقَهُ في غَيْر إسْرَاف، وَنَوَى أَدَاءَ أَمَانَته فَحَالَ بَيْنَهُ وَبَيْنَهُ الْمَوْتُ إلاَّ قَالَ الله عَزَّ وَجَلَّ لمَلاَئكَته: عَبْدي فُلاَنٌ أَلْحَتْهُ حَاجَتُهُ فَأَخَذَ بِأَمَانَته ثقَةً بي وَتَوكُّلاً عَلَيَّ فَأَنْفَقَهُ في غَيْر إسْرَاف وَحَالَ بَيْنَهُ وَبَيْنَهُ الْمَوْتُ أُشْهدُكُمْ مَلاَئكَتي أَنِّي قَدْ أَرْضَيْتُ فُلاَنًا منْ حَقِّه وَعَفَوْتُ عَنْ فُلاَن ".

واتە: یەحیای کوڕی عەبدولڕەحمانی عەصەری فەرمووی: صەهبای کچی ئەوس کە ژنی خولەید بوو بۆ منی گێرایەوە فەرمووی: خولەید دەیفەرموو: هەر کەسێک لەبەر پێویستی و نەداری قەرزی کرد و بە ئەمانەتەوە و بە پێی پێویست و لە ڕێگەی چاکا پارەکەی خەرج کرد و نێتی ئەوەیشی هەبوو قەرزەکەی بژێرێت و متمانەی بە خوای گەورەش هەبوو پشتی بە خوای گەورە بەست و دوایی پێش ئەوەی قەرزەکەی بژێرێ مرد؛ خوای گەورە بە فریشتەکانی دەفەرموێت: فلانە عەبدی من لەبەر ناچاری و بۆ پێویستی قەرزی کرد و متمانەی بە من هەبوو پشتی بە من بەستبوو و کاتێکیش پارەکەی خەرج کرد زێدەڕەویی نەکرد؛ دوایی پێش بژاردن مرد؛ ئەوا من ئێوە دەکەم بە شایەت کە من خاوەن قەرزەکە ڕازی دەکەم و لەو قەرزارە خۆش دەبم.

١٣١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هُدْبَةُ بْنُ خَالد، حَدَّثَنَا هَمَّامٌ، عَنْ قَتَادَةَ، عَنْ خُلَيْد بْن عَبْد الله الْعَصَريِّ قَالَ: " الْمُؤْمنُ لاَ تَلْقَاهُ إلاَّ في ثَلاَث خلاَل: مَسْجد يَعْمُرُهُ، أَوْ بَيْت يَسْتُرُهُ، أَوْ حَاجَة منْ أَمْر دُنْيَاهُ لاَ بَأْسَ بهَا ".

واتە: هەمام لە قەتادەوە ئەویش لە خولەیدی کوڕی عەبدوڵڵای عەصەرییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە سێ شوێنا نەبێت مرۆڤی باوەڕدار نابینیت؛ لە مزگەوتایەو مزگەوتی ئاوەدان کردووەتەوە، لە ماڵایەو خۆی ستر کردووە؛ یان خەریکی کارێکی پێویستی دونیاییە کە ئەوکارە تاوان نییە.

١٣١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا عُمَرُ بْنُ نَبْهَانَ، عَنْ قَتَادَةَ أَنَّ خُلَيْدًا الْعَصَرِيَّ جَاءَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ فَأَخَذَ بِعِضَادَتَيِ الْبَابِ ثُمَّ قَالَ: «يَا إِخْوَتَاهْ، هَلْ مِنْكُمْ أَحَدٌ لَا يُحِبُّ أَنْ يَلْقَى حَبِيبَهُ؟ أَلَا فَأَحِبُّوا رَبَّكُمْ عَزَّ وَجَلَّ وَسِيرُوا إِلَيْهِ سَيْرًا كَرِيمًا».

واتە: عومەری کوڕی نەبهان لە قەتادەوە ئەویش لە خولەیدی عەصەرییەوە گێڕایەوە کە ڕۆژێکی هەینی خولەید هات و دەستی نا بەملاولای دەرگاکەوە و دوایی فەرمووی: براکانم! کەستان تیایە کە پێی خۆش نەبێت بگا بە ئەو کەسەی کە خۆشی دەوێ؟دەی ئاگاداربن و خوای خۆتان خۆش بوێت و بەڕێزەوە بەرەو لای خودا بڕۆنەوە.

١٣١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ قَالَ: كَانَ خُلَيْدٌ الْعَصَرِيُّ يُصَلِّي الْغَدَاةَ فِي نَادِي قَوْمِهِ، ثُمَّ يَذْكُرُ اللهَ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ ثُمَّ يَأْمُرُ بِبَيْتِهِ فَيُقَامُ وَتُلْقَى لَهُ وِسَادَتَانِ ثُمَّ يَغْلِقُ بَابَهُ، فَيَقُولُ: «مَرْحَبًا بِمَلَائِكَةِ رَبِّي أَمَا وَاللهِ لَأُشْهِدَنَّكُمُ الْيَوْمَ مِنْ نَفْسِي خَيْرًا خُذُوا بِسْمِ اللهِ، سُبْحَانَ اللهِ وَالْحَمْدُ لِلهِ، وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَاللهُ أَكْبَرُ، وَلَا يَزَالُ كَذَلِكَ حَتَّى تَغْلِبَهُ عَيْنَاهُ أَوْ يَخْرُجَ إِلَى الصَّلَاةِ».

واتە: جەعفەر دەفەرموێت: ثابت فەرمووی: خولەید لە مزگەوتی بنەماڵەکەی خۆیا نوێژی بەیانیی دەکرد؛ دوایی هەتا خۆرکەوتن یاد و زیکری خوای گەورەی دەکرد؛ دوایی فرمانی دەکرد ماڵیان بۆ ئامادە دەکردو دوو ڕایەخیان بۆ ڕادەخست و دەرۆیشتە ژوورەوە و دەرگای دادەخست و دەیگوت: فریشتەکانی خودا بەخێر بێن! بەخوا من ئێوە بە شایەت دەگرم کە ئەمڕۆ خێر نەبێ هیچ لەمن نەبینن؛ دەی دەست پێ بکەن بە ناوی خوا؛ پاك و بێگەردی بۆ خوا؛ سوپاس و ستاییش بۆ خوا؛ شایەتی دەدەم کە جگە لە زاتی الله نەبێ هیچ خودایەکیتر بوونی نییە؛ خودا لە هەمووان و لە هەموو شتێک گەورەترە.. ئیتر بەردەوام هەر ئەم زیکرانەی دەکرد تا خەو دەیبردەوە یان دەهاتە دەرەوە بۆ نوێژی نیوەڕۆ.

١٣١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ، أَنْبَأَنَا مَعْمَرٌ، عَنْ خُلَيْدٍ فِي قَوْلِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ فَٱطَّلَعَ فَرَءَاهُ فِي سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ ﴾ الصافات: ٥٥ قَالَ: فِي وَسَطِهَا قَالَ: رَأَى جَمَاجِمَهُمْ تَغْلِي، فَقَالَ فُلَانٌ: وَاللهِ لَوْلَا أَنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ عَرَّفَهُ إِيَّاهُ مَا عَرَفَهُ لَقَدْ تَغَيَّرَ خَيْرُهُ وَسَتْرُهُ فَعِنْدَ ذَلِكَ يَقُولُ: ﴿ قَالَ تَٱللَّهِ إِن كِدتَّ لَتُرْدِينِ ﴾ الصافات: ٥٦ قَالَ: بَلَغَنَا أَنَّهُ حِينَ اطَّلَعَ رَأَى جَمَاجِمَهُمْ تَغْلِي ".

واتە: عەبدولڕەزاق لە مەعمەرەوە ئەویش لە خولەیدەوە لە تەفسیری ئایەتی ﴿ فَٱطَّلَعَ فَرَءَاهُ فِي سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ ﴾ گێڕایەوە فەرمووی: مەبەست لە ﴿ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ ﴾ ناوەڕاستەکەیەتی؛ فەرمووی: دەبینی مێشکیان کوڵ دەدات.. فڵان گوتی: بەخوا ئەگەر خوای گەورە خۆی ئەوەی پیشان

نەدایە نەیدەزانی و بەڕاستی خێرەکانی دەگۆڕان؛ ئەمە ئەوەیە کە لەو کاتەدا دەڵێ: (مانای ئایەتەکە): ئەوسا پێی وت: بەخوا خەریکبوو منیش تیا بەریت، خەریک بوو منیش وەکو خۆت هەڵدێریت. دەفەرموێت: بیستومانە کاتێ چاوی پێیان دەکەوێ دەبینێ مێشکیان کوڵ دەدا.

١٣١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، قَالَ: حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ الْفَرَجِ، حَدَّثَنَا يُوسُفُ بْنُ الْقَرْقِ، حَدَّثَنَا سَلَّامُ بْنُ مِسْكِينٍ، عَنْ عُقْبَةَ بْنِ أَبِي شَبِيبٍ، عَنْ خُلَيْدٍ الْعَصَرِيِّ قَالَ: «إِنَّ لِكُلِّ شَيْءٍ زِينَةً وَإِنَّ زِينَةَ الْمَسَاجِدِ الْمُتَعَاوِنُونَ عَلَى ذِكْرِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: سەللامی کوڕی مسکین لە عوقبەی کوڕی باوکی شەبیب ئەویش لە خولەیدی عەصەری گێڕایەوە فەرمووویەتی: هەموو شتێ جوانییەکی هەیە؛ بەڕاستی جوانیی مزگەوتەکانیش ئەوانەن کە یارمەتی یەکتر دەدەن بۆ یاد و زیکری خوای گەورە.

١٣١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يُونُسُ، حَدَّثَنَا شَيْبَانُ، عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: حَدَّثَ خُلَيْدُ بْنُ عَبْدِ اللهِ الْعَصَرِيُّ قَالَ: " تَلْقَى الْمُؤْمِنَ عَفِيفًا سَئُولًا، وَتَلْقَاهُ عَزِيزًا ذَلِيلًا، وَتَلْقَاهُ غَنِيًّا فَقِيرًا قَالَ: تَلْقَاهُ عَفِيفًا عَنِ النَّاسِ، سَئُولًا إِلَى رَبِّهِ، وَتَلْقَاهُ ذَلِيلًا لِرَبِّهِ عَزِيزًا فِي نَفْسِهِ، وَتَلْقَاهُ غَنِيًّا عَنِ النَّاسِ فَقِيرًا إِلَى رَبِّهِ، قَالَ قَتَادَةُ: تِلْكَ أَخْلَاقُ الْمُؤْمِنِينَ وَهُوَ أَحْسَنُ النَّاسِ مَعْرِفَةً وَأَهْوَنُهُ مُؤْنَةً".

واتە: شەیبان لە قەتادەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: خولەیدی عەصەری گێڕایەوە فەرمووی: مرۆڤی باوەڕدار داوا ناکات و زۆریش داوا دەکات؛ سەربەرزەو زەلیلە؛ دەوڵەمەندەو هەژارە.. فەرمووی: داوای هیچ لە هیچ کسێک ناکات؛ بەلام داواکاریەمانی لە خوای گەورە زۆرە.. بەرامبەر خوای گەورە زەلیلە بەڵام لە ئاست نەفسی خۆیا سەربەرزە.. لە ئاست خەڵکدا دەوڵەمەندە؛ بەڵام لە ئاست خوای گەورەدا هەژارە. قەتادە فەرمووی: ئەوە ئاکار و خووڕەوشتی مرۆڤی باوەڕدارە.. مرۆڤی باوەڕدار لە هەمووان خواناسترەو بێ ئەرکترە.

١٣١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ الدوورقِيُّ، حَدَّثَنَا بَهْزٌ، حَدَّثَنَا مَهْدِيٌّ، حَدَّثَنَا غَيْلَانُ، عَنْ رَجُلٍ، إِنْ لَمْ يَكُنْ مُطَرِّفًا فَلَا أَدْرِي مَنْ هُوَ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: كَانَ إِذَا نَعَبَ الْغُرَابُ قَالَ: «اللهمَّ لَا طَيْرَ إِلَّا طَيْرُكَ، وَلَا خَيْرَ إِلَّا خَيْرُكَ، وَلَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ».

واتە: مەهدی گێڕایەوە فەرمووی: غەیلان لە پیاوێکەوە بۆی گێڕاینەوە؛ ئەگەر ئەو پیاوە موتەڕڕیف نەبێ ئیتر نازانم کێ بووە؛ ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە گێڕایەوە کە هەر جارێ قەلەڕەش بیخوێندایە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەیفەرموو: خوایە! هیچ شومییەک نییە جگە لەوەی کە تۆ شومت کردووە، هیچ باشەو خێرێک نییە جگە لەوەی تۆ باشت کردووە و بەخێرت داناوە، جگە لە تۆ هیچ خوایەک نییە.

باسی موتەڕڕیفی کوڕی شیخخیر (خوای لێ ڕازی بێت)

١٣٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا بَهْزٌ، حَدَّثَنَا مَهْدِيٌّ، حَدَّثَنَا غَيْلَانُ، عَنْ مُطَرِّف قَالَ: سَمِعْتُهُ يَقُولُ: «لَوْ أَتَانِي آتٍ مِنْ رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ فَخَيَّرَنِي بَيْنَ أَنْ يُخْبِرَنِي أَنِّي مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ أَنَا أَوْ مِنْ أَهْلِ النَّارِ وَبَيْنَ أَنْ أَصِيرَ تُرَابًا لَاخْتَرْتُ أَنْ أَصِيرَ تُرَابًا».

واتە: مەهدی لە غەیلانەوە گێڕایەوە ئەویش لە موتەڕڕیفەوە فەرمووی گوێم لێبوو دەیفەرموو: ئەگەر کەسێک لە لایەن خوای گەورەوە بێت بۆ لای من و سەرپشکم بکات لە نێوان ئەوەی کە پێم بڵێ من بەهەشتیم یان دۆزەخیم؛ لەگەڵ ئەوەی کە ببمە خۆڵ؛ بێگومان ئەوە هەڵدەبژێرم کە ببمە خۆڵ.

١٣٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا الْمُعَلَّى بْنُ زِيَادٍ الْقُرْدُوسِيُّ قَالَ: كَانَ أَخُو مُطَرِّف بْنِ عَبْدِ الله عِنْدَهُ فَأَفَاضُوا فِي ذِكْرِ الْجَنَّةِ فَقَالَ مُطَرِّفٌ: «لَا أَدْرِي مَا تَقُولُونَ حَالَ ذِكْرُ النَّارِ بَيْنِي وَبَيْنَ الْجَنَّةِ».

واتە: موعەللای کوڕی زیادی قوردووسی فەرمووی: براکەی موتەڕڕیف لای موتەڕڕیف بوو باسی بەهەشتیان کرد؛ موتەڕڕیف فەرمووی: بەخوا من نازانم ئێوە چی دەڵێن؛ ئەوەندە دەزانم باسی دۆزەخ بوتە لەمپەر لە نێوان من و بەهەشتا.

١٣٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ، عَنْ مُطَرِّف بْنِ عَبْدِ الله، كَانَ يَقُولُ: أَفْسَدَ الْمَوْتُ عَلَى أَهْلِ النَّعِيمِ نَعِيمَهُمْ فَاطْلُبُوا نَعِيمًا لَا مَوْتَ فِيهِ قَالَ: وَالله لَئِنْ كَانَ مَجْلِسُنَا هَذَا فِيمَا سَبَقَ لَنَا مِنَ اللهِ فِي الْكِتَابِ السَّابِقِ لَنِعْمَ مَا سُبِقَ لَنَا وَلَئِنْ كَانَ الله أَعْطَانَاهُ فِيمَا قَسَمَ لَنَا لَنِعْمَ مَا قُسِمَ لَنَا ".

واتە: ثابت لە موتەڕڕیفی کوڕی عەبدوڵڵاوە گێڕایەوە دەیفەرموو: مردن خۆشیی لەوانە

تێکـداوە کە ئەهـلی خۆشـیـن؛ دەی بـو دوای خۆشـییەکا بگەڕێـن کە مـردنی تێـدا نەبـێ.. فەرمـووی: بەخـوا ئەگەر ئەم دانیشـتنەمان لە لایەن خـوای گەورەوە لە نووسـینی پێشـودا بە چاکە بۆمان نووسرابێ؛ ئەوا شتێکی چاکە؛ ئەگەریش خوای گەورە پێهانی لە پاداشتی ئەم دانیشتنە شتهان پێ ببەخشێ ئەوا شتێکی باشهان پێ دەبەخشێ!

١٣٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، عَنْ مَهْدِيٍّ، يَعْنِي ابْنَ مَيْمُون عَنْ غَيْلَانَ، يَعْنِي ابْنَ جَرِير عَنْ مُطَرِّف قَالَ: «صَلَاحُ قَلْب بِصَلَاحِ عَمَل وَصَلَاحُ عَمَل بِصَلَاحِ نِيَّة».

واتە: مەهـدی واتە: کـوڕی مەیمـون؛ لە غەیـلانەوە واتە: لە کـوڕی جەریـرەوە ئەویـش لە مـوتەڕڕیفەوە گێـڕایەوە فەرمـوویەتی: چـاکبوونی دڵ بە چـاکبوونی کـار و کـردەوەوە بەسراوەتەوە؛ چاکبوونی کار و کردەوەش بە چاکبوونی نیێتەوە بەسراوەتەوە.

١٣٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ الْمُغِيرَة، عَنْ غَيْلَانَ بْن جَرِير قَالَ: سَمِعْتُ مُطَرِّفًا، يَقُولُ: «مَا تَحَابَّ قَوْمٌ قَطُّ فِي الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَّا كَانَ أَفْضَلهمَا أَشَدُّهُمَا حُبًّا لِصَاحِبِه، فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِلْحَسَن فَقَالَ صَدَقَ».

واتە: لە غەیـلانی کـوڕی جەریـرەوە دەگێـڕنەوە فەرمـوویەتی: گـوێم لە موتەڕڕیـف بـوو دەیفەرموو: ئەگەر کۆمەڵێک لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە یەکتریان خۆش ویست؛ باشترین کەسیان ئەو کەسەیە کە لە هەموان زیاتر ئەوانیتری خۆش دەوێ.. غەیلان دەفەرموێت: من ئەو قسەیەی موتەڕڕیفم بۆ حەسەن گێڕایەوە؛ فەرمووی: ڕاستی گوتووە.

١٣٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، عَنْ حَمَّاد، عَنْ ثَابِت، عَنْ مُطَرِّف قَالَ: «لَوْ وُزِنَ رَجَاءُ الْمُؤْمِن وَخَوْفُهُ مَا رَجَحَ أَحَدُهُمَا صَاحِبَهُ».

واتە: حەمماد لە ثابتەوە ئەویش لە موتەڕڕیفەوە گێڕایەوە فەرمووی: ئەگەر ترس و هیوا (خەوف و ڕەجا)ی مرۆڤی باوەڕدار کێشانە بکرێ؛ هیچیان لەویتر قورستر نییە.

١٣٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ زَيْد، عَنِ الْجَرِيرِيِّ قَالَ: سَمِعَ مُطَرِّفٌ رَجُلًا يَقُولُ: أَسْتَغْفِرُ الله وَأَتُوبُ إِلَيْه قَالَ: «فَلَعَلَّكَ لَا تَفْعَلُ».

واتە: حەممادی کـوڕی زەیـد لە جەریـرییەوە گێڕایەوە فەرمـوویەتی: موتەڕڕیـف گـوێی لە پیاوێـک بـوو دەیگـوت: داوای لێبـوردن لە خـوای گەورە دەکەم و بـۆ لای ئەو دەگەڕێـمەوە! موتەڕڕیـف پێـی گـوت: لەوانەیە ئەوە نەکەیـت! (مەبەسـتی ئەوە بـووە لەوانە ئەو زیکـرەت بەڕاست نەبێت و بۆ ڕیا بیڵێیت).

١٣٢٧ - حَدَّثنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهيمَ، حَدَّثنَا وكيعٌ، حَدَّثنَا الضَّحَّاكُ بْنُ يَسَار، عَنْ أَبي الْعَلَاء، عَنْ أَخيه، يَعْني مُطَرِّفًا قَالَ: إِذَا اسْتَوَتْ سَريرَةُ الْعَبْد وَعَلَانيَتُهُ، قَالَ الله عَزَّ وَجَلَّ: «هَذَا عَبْدي حَقًّا».

واته: لە بـاوكی عەلاوە ئەویــش لە بــراكەی خـۆیەوە واتە: موتەڕڕیـف دەگێـڕنەوە كە فەرموویەتی: هەر كاتێ ڕواڵەت و ناخی مرۆڤ وەكوو یەكی لێهات؛ ئەوكاتە خوای گەورە بەو كەسە دەفەرموێت: ئا ئەمە بەندەی ڕاستەقینەی خۆمە!

١٣٢٨ - حَدَّثنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، حَدَّثنَا أَبو هلَال، عَنْ ثَابت قَالَ: كُنَّا جُلُوسًا عَلَى بَاب أَنَس فَقَالَ لي مُطَرِّفٌ: " لَقَدْ حَالَ خَوْفُ أَوْ ذكْرُ النَّار بَيْني وَبَيْنَ أَنْ أَسْأَلَ الله الْجَنَّةَ قَالَ: وَثَمَّ رَجُلٌ منْ أَهْل الْمَدينَة يُقَالُ له عُتْبَةَ قَالَ: فَقَالَ عُتْبَةُ: مَا ابْتَغَى الله هَذَا منْ عبَاده ".

واتە: لە ثابتەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: ئێمە لە لای ئەنەس دانیشتبوین؛ موتەڕڕیف پێی گوتم: بەڕاستی ترس. یان فەرمووی: باس.ی ئاگر بووەتە لەمپەر لە بەردەم ئەوەدا كە داوای بەهەشت لەخوا بـكەم.. فەرمـووی: پیـاوێكی خەڵـكی مەدیـنە هەیە پێـی دەڵـێن: عـوتبە؛ ئەو عوتبەیە فەرمووی: خوای گەورە ئەوەی لە بەندەكانی ناوێت.

١٣٢٩ - حَدَّثنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثنَا عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ مَهْديٍّ، عَنْ مَهْديِّ بْن مَيْمُون، عَنْ غَيْلَانَ، عَنْ مُطَرِّف قَالَ: " لَوْ شَاءَ الله أَنْ يُميتَنَا منْ خَشْيَته لَكُنَّا أَحَقَّ بذَلكَ، وَقَدْ عَلمْتُ أَنَّ رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ يَرْضَى منِّي بدُون ذَلكَ قَالَ: كَانَ يَلْبَسُ الْمَطَارفَ وَيَرْكَبُ الْخَيْلَ فَإذَا أَفْضَيْتُ إِلَيْه لَقُرَّةُ عَيْنٍ ".

واتە: مەهدی كوڕی مەیمون لە غەیلانەوە ئەویش لە موتەڕڕیفەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئەگەر خـوای گەورە بـیەوێ ئـێمە بە هـۆی ترسـان لەو بمـرین؛ ئەوە ئـێمە شـایەنی ئەوەیـن؛ بەڕاستی من زانیومە كە خوای گەورە بەبێ ئەوەش لەمن ڕازی دەبێت! فەرمووی: موتەڕڕیف پۆشاكی خەززی لەبەر دەكردو سواری ئەسپ دەبوو؛ كاتێ دەگەیشتم پێی چاووم پێی ڕڕون دەبویەوە.

١٣٣٠ - حَدَّثنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَحْمَدُ بْنُ أَحْمَدَ بْن إِبْرَاهيمَ، حَدَّثنَا عَمْرُو بْنُ عَاصم، حَدَّثنَا سُلَيْمَانُ بْنُ الْمُغيرَة، عَنْ حُمَيْد بْن هلَال قَالَ: قَالَ مُطَرِّفٌ: «نَظَرْتُ مَا هُوَ خَيْرٌ لَا شَرَّ فيه فَإِذَا هُوَ أَنْ يُعَافَى الْعَبْدُ فَيَشْكُرَ».

واتە: سولەیمانی کوڕی موغیرە لە حومەیدی کوڕی هیلالەوە ئەوەی بۆ گێڕاینەوە فەرمووی: موتەڕڕیف فەرمووی: بیرم کردەوە بزانم چ شتێک باشەو هیچ خراپەو ناخۆشییەکی تێدا نییە؛ بۆم دەرکەوت کە ئەو شتە ئەوەیە کە مرۆڤ لەشی ساغ بێت و سوپاسی خوای گەورە بکات.

١٣٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنِي عَفَّانُ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ الْمُغِيرَةِ قَالَ: بَلَغَنِي أَنَّ مُطَرِّفًا، كَانَ يَقُولُ: «مَا مِنَ النَّاسِ أَحَدٌ إِلاَّ وَهُوَ أَحْمَقُ فِيمَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ رَبِّهِ عَزَّ وَجَلَّ غَيْرَ أَنَّ بَعْضَ الْحُمْقِ أَهْوَنُ مِنْ بَعْضٍ».

واتە: سولەیمانی کوڕی موغیرە فەرمووی: بیستوومە کە موتەڕڕیف دەیفەرموو: هەرچی خەڵك هەیە لە نێوان خۆی و خوای خۆیا ڕەگێکی گێلی و نەزانیی تێدایە؛ بەڵام کەسی وا هەیە کە زیاتر گێل و نەزانە (مەبەستی ئەوەیە کە هەموان لە ئاست خواپەرستیدا کرچ و کاڵین؛ بەڵام کەسی وا هەیە کە زیاتر کرچ و کاڵە).

١٣٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَمْرُو بْنُ عَاصِم، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ الْمُغِيرَةِ، عَنْ ثَابِت، عَنْ مُطَرِّف قَالَ: بَيْنَمَا أَنَا مَعَ، مَذْعُور إِذَا رَجُلٌ يَقُولُ: هَذَان رَجُلاَن مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَنَظَرَ إِلَيْهِ مَذْعُورٌ فَعَرَفْتُ الْكَرَاهِيَةَ فِي وَجْهِهِ ثُمَّ رَفَعَ بَصَرَهُ إِلَى السَّمَاءِ: «اللهمَّ تَعْلَمُنَا وَلاَ يَعْلَمُنَا اللهمَّ تَعْلَمُنَا وَلاَ يَعْلَمُنَا».

واتە: ثابت لە موتەڕڕیفەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: من لەگەڵ مەزعورا بووم؛ پیاوێ گوتی: ئەم دوو پیاوە بەهەشتین! مەزعور سەیرێکی پیاوەکەی کرد؛ من زانیم مەزعور ئەو قسەیەی پێ ناخۆش بووە؛ دوایی مەزعور سەری بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە و فەرمووی: خوایە تۆ خۆت باشتر ئێمە دەناسی؛ ئەو پیاوە نامانناسێت! خوایە تۆ خۆت باشتر ئێمە دەناسی نەك ئەو پیاوە!

١٣٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مُحَمَّدَ بْنَ وَاسِع، يَقُولُ: كُنْتُ فِي حَلْقَةٍ فِيهَا مُطَرِّفُ بْنُ عَبْدِ الله بْنِ الشِّخِّيرِ، وَسَعِيدُ بْنُ أَبِي الْحَسَنِ وَفُلاَنٌ وَفُلاَنٌ فَقَالَ سَعِيدٌ: اللهمَّ ارْضَ عَنَّا قَالَ: يَقُولُ مُطَرِّفٌ: «اللهمَّ إِنْ لَمْ تَرْضَ عَنَّا فَاعْفُ عَنَّا».

واتە: جەعفەر دەفەرموێت: گوێم لە موحەممەدی کوڕی واسیع بوو دەیفەرموو: من لە ناو کۆڕو بازنەیەکا بووم کە موتەڕڕیفی کوڕی عەبدوڵلایشی تیابوو؛ هەروەها سەعیدی کوڕی باوکی حەسەن و فلان و فلانیشی تیابوو؛ جا سەعید گوتی: خوایە! لە ئێمە ڕازی ببە.. فەرمووی: موتەڕڕیفیش گوتی: خوایە ئەگەر لێمان ڕازی نابی بمانبوورە!

١٣٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، عَنْ سَعِيد، عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: كَانَ مُطَرِّفُ بْنُ عَبْد الله بْنِ الشِّخِّيرِ يَقُولُ: «إِنَّ أَحَبَّ عِبَادِ الله إِلَى الله الشَّكُورُ الصَّابِرُ الَّذِي إِذَا ابْتُلِيَ صَبَرَ وَإِذَا أُعْطِيَ شَكَرَ».

واته: له سەعیدەوە ئەویش له قەتادەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: موتەڕڕیفی **کوڕی عەبدوڵلا دەیفەرموو: خۆشەویسترین بەندەی خودا** بە لای خوداوە ئەو **کەسەیە کە سوپسگوزارو خۆڕاگر و بەسەبرە؛ ئەو کەسەی کە** کاتێ لێیدەقەومێ خۆڕاگرەو **کاتێ خوای گەورە شتێکی پێ دەبەخشێ سوپاسگوزارە.**

١٣٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا سَعِيدٌ، عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: كَانَ مُطَرِّفٌ يَقُولُ: «فَضْلُ الْعِلْمِ أَحَبُّ إِلَى الله مِنْ فَضْلِ الْعِبَادَةِ وَخَيْرُ دِينِكُمُ الْوَرَعُ».

واته: سەعید لە قەتادەوە گێڕایەوە فەرمووی: موتەڕڕیف بەردەوام دەیفەرموو: ڕێزی زانست لە لای خوا زیاترە لە ڕێزی خواپەرستی؛ باشترین لق و پۆپی ئایینیش بریتیە لە خۆپارێزی.

١٣٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا سَعِيدٌ، عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: وَكَانَ مُطَرِّفُ بْنُ عَبْد الله يَقُولُ: " إِنَّكَ لَتَلْقَى الرَّجُلَيْنِ أَحَدُهُمَا أَكْثَرُ صَلَاةً وَصَوْمًا وَصَدَقَةً وَالْآخَرُ أَفْضَلُ مِنْهُ بوونا بَعِيدًا، قِيلَ لَه: كَيْفَ ذَاكَ؟ قَالَ: «يَكُونُ أَحَدُهُمَا أَشَدَّهُمَا وَرَعًا لله عَزَّ وَجَلَّ عَنْ مَحَارِمه».

واته: سەعید لە قەتادەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: موتەڕڕیفی کوڕی عەبدوڵلا بەردەوام دەیفەرموو: جاری وا هەیە تۆ ڕێت لە دوو پیاو دەکەوێ یەکێکیان نوێژوو ڕۆژووی لەویتریان زیاترە؛ کەچی ئەوەیان کە نوێژو ڕۆژووی کەمترە زۆر لای خوا بەڕێزترە! گوتیان: چۆن شتی وا دەبێ؟ فەرمووی: ئاخر ئەوەیان لەبەر ڕەزامەندی خوا زیاتر خۆپارێزەو زیاتر لە حەرام دوور کەوتووەتەوە.

١٣٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ زَيْد، حَدَّثَنِي أَبِي قَالَ: رَأَى مُطَرِّفُ بْنُ عَبْد الله رَجُلًا أَخَذَ قَبْضَةً مِنْ حَائِط قَالَ: «أَرَأَيْتَ لَوْ أَنَّ كُلَّ مَنْ مَرَّ أَخَذَ قَبْضَةً أَلَيْسَ كَانَ يَذْهَبُ حَائِطُ الْقَوْمِ؟».

واته: حەمادی کوڕی زەید دەفەرموێک باوکم بۆی گێڕامەوە فەرمووی: موتەڕڕیفی کوڕی عەبدوڵڵا پیاوێکی بینی چنگێ دارو چیلکەی لە تەیمانی باخێک کردەوە؛ موتەڕڕیف فەرمووی: باشە هەر کەسێ بە ئێرەدا تێپەڕێت و چنگێ دارو چیلکە لەم تەیمان و پەرژینە ببات؛ تەیمان و پەرژینەکە تەواو نابێ؟

١٣٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَتَّابُ بْنُ زِيَادٍ، عَنِ ابْنِ الْمُبَارَكِ، عَنْ جَعْفَرِ بْنِ سُلَيْمَانَ قَالَ: قَالَ مُطَرِّفٌ: «تَفَقَّهُوا وَتَعَبَّدُوا ثُمَّ اعْتَزِلُوا».

واته: لە جەعفەری کوڕی سولەیمانەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: موتەڕڕیف فەرمووی: خۆتان شارەزا بکەن دوایی خواپەرستی بکەن و دوایی گۆشەگیری.

١٣٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبُو يَعْقُوبَ يُوسُفُ الصَّفَّارُ، حَدَّثَنَا إِسْحَاقُ بْنُ سُلَيْمَانَ الرَّازِيُّ، عَنْ أَبِي جَعْفَرٍ الرَّازِيِّ، عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: قَالَ مُطَرِّفُ بْنُ الشِّخِّيرِ: «إِنَّ هَذَا الْمَوْتَ قَدْ أَفْسَدَ عَلَى النَّاسِ نَعِيمَهُمْ فَالْتَمِسُوا نَعِيمًا لَا مَوْتَ فِيهِ».

واته: باوکی جەعفەری ڕازی لە قەتادەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: موتەڕڕیفی کوڕلا شیخخیر فەرمووی: ئەم مردنە چێژو خۆشیی لە خەڵکی تێکداوە؛ دەی بە دوای چێژو خۆشییەکا بگەڕێن کە مردنی تیانەبێ.

١٣٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، أَنْبَأَنَا ثَابِتٌ قَالَ: سَمِعْتُ مُطَرِّفًا، يَقُولُ: " مَرَرْتُ بِأَهْلِ مَجْلِسٍ فَسَمِعْتُ أَحَدًا يُثْنِي عَلَيَّ خَيْرًا قَالَ: إِلَّا، فَأَخَذَ ذَلِكَ فِيَّ ".

واته: حەمادی کوڕی سەلەمە لە ثابتەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە موتەڕڕیف بوو دەیفەرموو: دام بە لای کۆمەڵێکا گوێم لێبوو یەکێکیان بە چاکە باسی منی دەکرد؛ گوتی: مەگەر! ئیتر ئەوە لەوەودا باسی خراپەی من بوو.

١٣٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يُونُسُ، حَدَّثَنَا شَيْبَانُ، عَنْ قَتَادَةَ قَوْلَهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ۝٥﴾ إبراهيم: ٥ قَالَ: كَانَ مُطَرِّفٌ يَقُولُ: «نِعْمَ الْعَبْدُ الصَّبَّارُ الشَّكُورُ الَّذِي إِذَا أُعْطِيَ شَكَرَ وَإِذَا ابْتُلِيَ صَبَرَ».

واتە: یونس لە شـەیبانەوە ئەویـش لە قەتـادەوە دەگێـڕێتەوە لە بـارەی ئـایەتی: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ۝﴾ فەرموویەتی: موتەڕڕیف دەیفەرموو: چەندە چاکە ئەو بەندەیەی کە خۆڕاگر و خاوەن سەبرو سوپاسگوزارە؛ ئەوەی کە ئەگەر بەخششی بدرێتێ سوپاسگوزارەو ئەگەر تووشی بەڵا و موسیبەت بێ خاوەن سەبرەو خۆڕاگرە!

١٣٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا أَبو الْأَشْهَبِ، عَنْ رَجُلٍ، عَنْ مُطَرِّفٍ قَالَ: «لَأَنْ أَبِيتَ نَائِمًا وَأُصْبِحَ نَادِمًا أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَبِيتَ قَائِمًا وَأُصْبِحَ مُعْجَبًا».

واتە: باوکی ئەشهەب لە پیاوێکەوە ئەویش لە موتەڕڕیفەوە گێڕایەوە فەرمووی: ئەگەر شەوانە بە پەشیمانییەوە لە تاوان بخەوم و هەر بەدەم پەشیمانبوونەوەش لە تاوان بەیانی بە ئاگا بێمەوە؛ ئەوەم لەوە پێ باشترە کە شـەو تـا بەیـانی شـەونوێژ بـکەم و بەیـانی سەرسـام بـبم بە خواپەرستییەکانی خۆم.

١٣٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَهَّابِ الثَّقَفِيُّ، عَنْ إِسْحَاقَ، يَعْنِي ابْنَ سُوَيْدٍ، عَنْ مُطَرِّفٍ قَالَ: «لَوْ قَدْ وَقَفْتُ بَيْنَ الْجَنَّةِ وَالنَّارِ وَنُودِيتُ يَا مُطَرِّفُ أَيَسُرُّكَ أَنْ نُخْبِرَكَ فِي أَيَّتِهِمَا أَنْتَ، لَكَانَ أَنْ أَكُونَ رَمَادًا هَامِدًا أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أُخْبَرَ فِي أَيِّهِمَا أَنَا».

واتە: ئیسحاقی کوڕی سوەید لە موتەڕڕیفەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەگەر لە نێوان بەهەشت و دۆزەخا ڕاموەستێنن و بانگ بکرێم و پێم بڵێن: موتەڕڕیف! پێت خۆشە پێت بڵێین کە دەچیتە ناو بەهەشتەوە یان دۆزەخ؟ من پێمخۆشە پێش ئەوەی پێم بڵێن کە دەچمە بەهەشت یان دۆزەخ؛ ببمە خۆڵەمێش.

١٣٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَهَّابِ، عَنْ إِسْحَاقَ، عَنْ مُطَرِّفٍ قَالَ: " تَذَكَّرْتُ مَا جِمَاعُ الْخَيْرِ فَإِذَا الْخَيْرُ كَثِيرٌ: الصَّوْمُ وَالصَّلَاةُ وَإِذَا هُوَ فِي يَدِ الله عَزَّ وَجَلَّ وَإِذَا أَنْتَ لَا تَقْدِرُ عَلَى مَا فِي يَدِ الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَّا أَنْ تَسْأَلَه فَيُعْطِيَكَ، فَإِذَا جِمَاعُ الْخَيْرِ الدُّعَاءُ ".

واتە: عەبدولوەهاب لە ئیسحاقەوە ئەویش لە موتەڕڕیفەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بیرم کـردەوە بـزانم چ شـتێک کـۆکەرەوەی خێـرو چاکەکـانە؛ بـۆم دەرکەوت چاکەکـان زۆرن؛ ڕۆژوویە؛ نوێژە؛ کۆکەرەوەی چاکەکان بەدەست خوای گەورەیە؛ تۆش دەسەڵاتی ئەوەت نییە کە بە دەسـتی خـوای گەورەیە مەگەر لە خـوای گەورە بپـاڕێیتەوە پێـت ببەخشـێت؛ کەواتە: کۆکەرەوەی چاکەکان بریتیە لە پاڕانەوە!

١٣٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَهَّابِ، عَنْ إِسْحَاقَ، عَنْ مُطَرِّفٍ أَنَّهُ كَانَ يَكْرَهُ أَنْ يَقُولَ: " اللهمَّ لَا تُنْسِنِي ذِكْرَكَ وَلَا تُؤَمِّنِّي مَكْرَكَ وَلَكِنْ يَقُولُ: «اللهمَّ لَا تُنْسِنِي ذِكْرَكَ وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ آمَنَ مَكْرَكَ حَتَّى تَكُونَ أَنْتَ تُؤَمِّنِّي».

واتە: لە ئیسحاقەوە ئەویش لە موتەڕڕیفەوە گێڕاپەوە کە موتەڕڕیف پێی ناخۆش بووە بڵێ: خوایە! یاد و زیکری خۆتم لە بیر مەبەرەوە؛ لە مەکری خۆت ئەمینم مەکە.. دەیفەرموو: بڵێین: خوایە! یادی خۆتم لە بیر مەبەرەوە و پەنات پێ دەگرم لەوەی کە لە مەکری تۆ ئەمین ببم تا خۆت ئەمینم دەکەی.

١٣٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَهَّابِ، عَنْ إِسْحَاقَ، عَنْ مُطَرِّفٍ، أَنَّهُ قَالَ: الْمُعَاذِرُ مُفَاجِرٌ وَالْمُعَاتِبُ مُغَاضِبٌ".

واتە: لە ئیسحاقەوە ئەویش لە موتەڕڕیفەوە گێڕاپەوە فەرموویەتی: هەر کارێ کە داوای لێبوردن و بەهانەی بۆ بێننەوە ئەوە خراپە؛ هەر کەسێکیش گلەیی بکات ئەوە تووڕە بووە و تووڕەیە.

١٣٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِمِ، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ الْمُغِيرَةِ قَالَ: كَانَ مُطَرِّفٌ إِذَا دَخَلَ بَيْتَهُ سَبَّحَتْ مَعَهُ آنِيَةُ بَيْتِهِ ".

واتە: سولەیمانی کوڕی موغیرە فەرمووی: موتەڕڕیف هەر جارێ بڕۆشتایەتە ماڵەوە؛ دەفرو دۆڵەی ناوماڵەکەی لەگەڵیا تەسبیحاتیان دەکرد.

١٣٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ مَهْدِيٍّ، عَنْ غَيْلَانَ، عَنْ مُطَرِّفٍ قَالَ: «جَلِيسُ الصَّالِحِ خَيْرٌ مِنَ الْوَحْدَةِ، وَالْوَحْدَةُ خَيْرٌ مِنْ جَلِيسِ السُّوءِ».

واتە: مەهدی لە غەیلانەوە ئەویش لە موتەڕڕیفەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هاونشینی چاک لە تەنیایی باشترە؛ بەڵام تەنیایی لە هاونشین و هاوڕێی خراپ باشترە.

١٣٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا مُوسَى، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ، حَدَّثَتْنَا صَافِيَةُ قَالَتْ: سَمِعْتُ غُلَامَ مُطَرِّفٍ الَّذِي كَانَ مَعَهُ قَالَ: أَقْبَلْتُ مَعَ مُطَرِّفٍ فِي لَيْلَةٍ ظَلْمَاءَ فَقَالَ له الْغُلَامُ: لَا نُبْصِرُ شَيْئًا قَالَ: «فَأَضَاءَ له مِثْلَ السِّرَاجِ عَلَى طَرَفِ سَوْطِهِ».

واتە: ئیسماعیل گێڕاپەوە فەرمووی: صافیە فەرمووی: گوێم لە خزمەتکارەکەی موتەڕڕیف

بوو؛ ئەوەی کە لەگەڵیا بوو؛ دەیگوت: شەوێکی تاریك لەگەڵ موتەڕڕیفا ڕێم دەکرد؛ جا خزمەتکارەکە بە موتەڕڕیفی گوتووە: هیچ نابینین زۆر تاریکە! دەفەرموێت: سەری قامچییەکەی موتەڕڕیف وەکوو چرا داگیرساو ڕێگاکەی ڕۆشن کردەوە.

١٣٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ صَالِحِ بْنِ رُسْتُمَ، عَنْ حُمَيْدِ بْنِ هِلَالٍ قَالَ: قَالَ مُطَرِّفُ بْنُ الشِّخِّيرِ: " تَعْجَبُونَ أَنْتُمْ مِمَّنْ هَلَكَ، وَأَعْجَبُ أَنَا مِمَّنْ، نَجَا إِنَّ ابْنَ آدَمَ أَوَّلُ زَكْمَةٍ خُلِقَ مِنْهَا مِنْ ضَعْفٍ وَجُعِلَتِ الدُّنْيَا شَهَوَاتٍ وَأُحْضِرَتِ الْأَنْفُسُ الشُّحَّ وَابْتُلِيَ بِالسَّرَّاءِ وَالضَّرَّاءِ فَإِنْ كَانَتْ سَرَّاءُ كَانَ بَلَاءً، وَإِنْ كَانَ ضَرَّاءُ كَانَتْ بَلَاءً وَيُوكَلُ بِهِ عَدُوٌّ يَرَاهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَرَاهُ قَالَ: ثُمَّ يُقْبِلُ عَلَى الْقَوْمِ فَيَقُولُ: وَالله لَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ طَلَبَ صَيْدًا فَجَعَلَ يَرَاهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَرَاهُ لَأَوْشَكَ أَنْ يَظْفَرَ بِهِ ".

واتە: ساڵحی کوڕی ڕۆستەم لە حومەیی کوڕی هیلالەوە گێڕایەوە فەرمووی: موتەڕڕیفی کوڕی شیخخیر فەرمووی: ئێوە سەرتان لەوانە سوڕ دەمێنێ کە تیاچوون؛ بەڵام من سەرم لەوە سوڕدەمێنێ کە ڕزگاری بووە؛ ئاخر نەوەی ئادەم یەکەم پشمەیەک کە لێی دروست کرا بریتی بوو لە لاوازی؛ دونیاش هەمووی کراوە بە شەهروەت و چێژو خۆشی؛ نەفسی مرۆڤیش بە سروشت حەزی لە ڕەزیلییە؛ بە خۆشی و ناخۆشی تاقی کراوەتەوە؛ ئەگەر خۆشی بێت ئەوە بەڵایە؛ ئەگەر ناخۆشیش بێت هەر بەڵایە؛ دوژمنێکیش هاتووە بۆی کە ئەو ئەم دەبینێت بەڵام ئەم ئەو نابینێت (واتە: شەیتان مرۆڤ دەبینێت و مرۆڤ شەیتان نابینێ).. دەفەرموێت: جا موتەڕڕیف ڕوی لە خەڵکەکە کرد و فەرمووی: بەخوا ئەگەر یەکێک لە ئێوە بو دوای نێچیرێکا بگەڕێت ئەم نێچیرەکە ببینێت و نێچیرەکە ئەم نەبینێ؛ زۆر نزیکە کە نێچیرەکەی ڕاو بکات و دەستی پێی بگات.

١٣٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو سَعِيدٍ، مَوْلَى بَنِي هَاشِمٍ، حَدَّثَنَا الصَّلْتُ بْنُ طَرِيفٍ الْمَعْوَلِيُّ، حَدَّثَنَا غَيْلَانُ بْنُ جَرِيرٍ، عَنْ مُطَرِّفٍ قَالَ: «وَجَدْتُ هَذَا الْإِنْسَانَ مُلْقًى بَيْنَ الله وَبَيْنَ الشَّيْطَانِ فَإِنْ يَعْلَمِ الله فِي قَلْبِهِ خَيْرًا يَجْبِذْهُ إِلَيْهِ وَإِنْ لَا يَعْلَمْ فِيهِ خَيْرًا وَكَلَهُ إِلَى نَفْسِهِ، وَمَنْ وَكَلَهُ إِلَى نَفْسِهِ فَقَدْ هَلَكَ».

واتە: سەڵتی کوڕی تەریفی مەعوەلی لە غەیلانی کوڕی جەریرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: موتەڕڕیف فەرمووی: من وام مرۆڤم دیوە کە لە نێوان خوای گەورە و شەیتانا فڕە درابێت و کەوتبێ؛ ئەگەر خوای گەورە چاکەیەک لەناو دڵی ئەم مرۆڤەدا ببینێ ئەوا بەرەو

لای خۆی ڕادەکێشێت؛ بەڵام ئەگەر هیچ چاکەیەکی تێدا بەدی نەکات ئەوا ئەو بەندەیە بە خودی بەندەکە دەسپێرێت؛ هەر کەسێکیش بەخۆی بسپێردرێ تیادەچێ.

١٣٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْحَاقُ بْنُ عِيسَى قَالَ: سَمِعْتُ سُلَيْمَانَ بْنَ الْمُغِيرَةِ، يُحَدِّثُ عَنْ ثَابِت، عَنْ مُطَرِّف بْن عَبْد الله قَالَ: " لقَاءُ إِخْوَاني أَحَبُّ إِلَيَّ منْ لِقَاءِ أَهْلِي، أَهْلِي يَقُولُونَ: يَا أَبِيَ يَا أَبِي، وَإِخْوَانِي: يَدْعَوْنَ الله لي بِدَعْوَةِ أَرْجُو فِيهَا الْخَيْرَ ".

واتە: سولەیمانی کوڕی موغیرە لە ثابتەوە ئەویش لە موتەڕڕیفەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: **بینینی هاوڕێکانم و دانیشتن لەگەڵ ئەواندا زیاتر بەلامەوە خۆشە تا** بینینی ماڵ و منداڵ و **دانیشتن لەگەڵ ماڵ و منداڵ؛ منداڵەکانم هەر باوکە باوکەیانە، بەڵام هاوڕێکانم لەخوا دەپاڕێنەوە و نزای خێر دەکەن و تکام وایە منیش بەر ئەو نزاخێرو چاکەی ئەوان بکەووم.**

١٣٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا مَهْدِيٌّ قَالَ: سَمِعْتُ غَيْلَانَ يَذْكُرُ عَنْ مُطَرِّف قَالَ: " لَأَنْ أُعَافَى فَأَشْكُرَ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أُبْتَلَى فَأَصْبِرَ قَالَ: مُطَرِّفٌ نَظَرْتُ فِي الشُّكْرِ وَالْعَافِيَةِ فَإِذَا فِيهِمَا خَيْرُ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ ".

واتە: مەهدی دەفەرموێت: گوێم لە غەیلان بوو لە موتەڕڕیفەوە ئەوەی گێڕایەوە فەرموویەتی: من ئەگەر لەشم ساغبێت و سوپاسی خودای لەسەر بکەم؛ ئەوەم پێ باشترە لەوەی کە نەخۆش بم و سەبر بگرم.. موتەڕڕیف دیسان فەرمووی: لە سوپاسگوزاری و سەلامەتی وورد بومەوە بینیم کە خێری دونیا و قیامەتیان تێدایە.

١٣٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، وَسُرَيْجٌ، قَالَا: حَدَّثَنَا مَهْدِيٌّ، قَالَ سُرَيْجٌ: عَنْ غَيْلَانَ، عَنْ مُطَرِّف، أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ: «احْتَرِسُوا مِنَ النَّاسِ بِسُوءِ الظَّنِّ».

واتە: سورەیج لە غەیلانەوە ئەویش لە موتەڕڕیفەوە دەگێڕێتەوە کە دەیفەرموو: بە گومانی خراپەوە خۆتان لە خەڵکی بپارێزن.

١٣٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا مَهْدِيٌّ قَالَ: سَمِعْتُ غَيْلَانَ يُحَدِّثُ عَنْ مُطَرِّف قَالَ: سَمِعْتُهُ يَقُولُ: «مَنْ أَحَبَّ أَنْ يَعْلَمَ مَا له عِنْدَ الله فَلْيَنْظُرْ مَا لله عِنْدَهُ».

واتە: عەففان لە مەهدییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە غەیلان بوو لە موتەڕڕیفەوە ئەوەی گێڕایەوە فەرمووی: گوێم لێبوو موتەڕڕیف دەیفەرموو: هەر کەسێ پێی خۆشە کە بزانێ چ شتێکی لای خوای گەورە هەیە؛ با سەیری خۆی بکات بزانێ چ شتێکی خوای گەورەی لایە.

١٣٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبَّادٍ الْمَكِّيُّ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ عَمْرِو بْنِ عَامِرٍ قَالَ: قَالَ مُطَرِّفٌ: «اللهمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ السُّلْطَانِ وَشَرِّ مَا تَجْرِي بِهِ أَقْلَامُهُمْ وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ أَقُولَ قَوْلًا مِنْ طَاعَتِكَ فِيهِ رِضَاكَ أَلْتَمِسُ فِيهِ شَيْئًا سِوَى وَجْهِكَ وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ أُدَبِّرَ مِنْ أَمْرِي شَيْئًا يَشِينُنِي عِنْدَكَ وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ يَكُونَ أَحَدٌ سَعِدَ بِمَا عَلَّمْتَنِي مِنِّي، وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ أَكُونَ عِبْرَةً لِغَيْرِي وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْتَعِينَ بِشَيْءٍ مِنْ مَعَاصِيكَ مِنْ ضُرٍّ نَزَلَ بِي».

واتە: سوفیان لە عەمری کوڕی عامرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: موتەڕڕیف فەرمووی: خوایە! من پەنات پێ دەگرم لە شەڕی خاوەن دەسەڵات و شەڕو خراپەی ئەوەی دێت بە نوکی پێنووسیانا؛ پەنات پێ دەگرم لە قسەیەک کە بە ڕواڵەت پەرستش بێت و جێی ڕەزامەندی تۆبێ کەچی مەبەستم غەیری تۆ بێت! پەنات پێ دەگرم لەوەی کە کارێکی خۆم بەڕێوە ببەم و لای تۆ ناشیرینم بکات! پەنات پێ دەگرم لەوەی کە ببمە پەندو خەڵکی وانەم لێ وەربگرێ! پەنات پێ دەگرم لەوەی کە ببمە پەندو عیبرەت بۆ غەیری خۆم! پەنات پێ دەگرم لەوەی کە بە هۆی زیانێک و نەخۆشییەک کە بەرۆکی گرتوم پەنا بۆ شتێک ببەم کە تاوان بێت و تۆ پێت ناخۆش بێت!

١٣٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ دِينَارٍ، حَدَّثَنَا عُمَرُ أَبُو الْفَضْلِ الْكِنْدِيُّ، عَنْ أَبِي الْعَلَاءِ، أَخِي مُطَرِّفٍ عَنْ مُطَرِّفٍ، «لَأَنْ أُعَافَى فَأَشْكُرَ أَحَبُّ إِلَيَّ أَنْ أُبْتَلَى فَأَصْبِرَ وَلَأَنْ أَبِيتَ نَائِمًا وَأُصْبِحَ نَادِمًا أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَبِيتَ قَائِمًا وَأُصْبِحَ مُعْجَبًا».

واتە: باوکی عەلا برای موتەڕڕیف لە موتەڕڕیفی گێڕایەوە فەرموویەتی: من ئەگەر لەشم ساغبێت و سوپاسی خودای لەسەر بکەم؛ ئەوەم پێ باشترە لەوەی کە نەخۆش بم و سەبر بگرم.. ئەگەر شەوانەش بە پەشیمانییەوە لە تاوان بخەوم و هەر بەدەم پەشیمانبوونەوەش لە تاوان بەیانی بە ئاگا بێمەوە؛ ئەوەم لەوە پێ باشترە کە شەو تا بەیانی شەونوێژ بکەم و بەیانی سەرسام بیم بە خواپەرستییەکانی خۆم.

١٣٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ قَالَ: قَالَ مُطَرِّفٌ: «إِنَّ أَقْبَحَ الرَّغْبَةِ أَنْ تَعْمَلَ لِلدُّنْيَا بِعَمَلِ الْآخِرَةِ».

واتە: باوکی مەعمەر لە سوفیان گێڕایەوە فەرموویەتی: موتەڕڕیف فەرمووی: خراپترین حەزو ویست ئەوەیە کە مرۆڤ کاری قیامەتی بۆ دونیا بکات (واتە: بە ناوی ئایینەوە کار بۆ دەست خستنی دونیا بکات).

١٣٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبَّاد، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ قَالَ: أَخْبَرَنِي رَجُلٌ مِنْ وَلَدِ مُطَرِّف بْنِ عَبْدِ الله بْنِ الشِّخِّيرِ أَنَّ مُطَرِّفًا حَفَرَ له قَبْرًا في دَارِهِ ثُمَّ كَانَ يُحْمَلُ حَتَّى قَرَأَ فِيهِ الْقُرْآنَ فَلَمَّا مَاتَ دُفِنَ فِيهِ رَحِمَهُ الله ".

واتە: موحەممەدی کوڕی عەبباد گێڕایەوە فەرمووی: سوفیان پێی گوتم فەرمووی: یەکێک لە کوڕەکانی موتەڕڕیفی کوڕی عەبدوڵڵا پێی گوتم: موتەڕڕیف لە حەوشەکەی ماڵی خۆیانا گۆڕێکی هەڵکەندبوو؛ دواتر ئەویان هەڵدەگرت دەیانبردە لای گۆڕەکە قورئانی بەسەرا دەخوێند؛ جا کاتێ مرد لەو گۆڕەدا نێژرا.

١٣٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا بُكَيْرٌ يَعْنِي ابْنَ أَبِي الشُّمَيْطِ عَنْ قَتَادَةَ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ مُطَرِّف قَالَ: قَالَ لِي: " إِنَّكَ لَتَلْقَى الرَّجُلَيْنِ أَحَدُهُمَا أَكْثَرُ صَوْمًا وَصَلَاةً، وَالْآخَرُ أَكْرَمُهُمَا عَلَى الله عَزَّ وَجَلَّ بوونا بَعِيدًا، قَالُوا: وَكَيْفَ يَكُونُ ذَلكَ يَا أَبَا بَحْر؟ قَالَ: يَكُونُ أَوْرَعَهُمَا في حَرَامه ".

واتە: بوکەیری کوڕی باوکی شومەیت لە قەتادەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی موتەڕڕیفەوە گێڕایەوە و پێی گوتم: جاری وا هەیە تۆ ڕێت لە دوو پیاو دەکەوێ یەکێکیان نوێژوو ڕۆژووی لەویتریان زیاترە؛ کەچی ئەوەیان کە نوێژو ڕۆژووی کەمترە زۆر لای خوا بەڕێزترە! گوتیان: چۆن شتی وا دەبێ باوکی بەحر؟ فەرمووی: ئاخر ئەوەیان زیاتر لە حەرام خۆپارێزەو زیاتر لە حەرام دوور کەوتووەتەوە.

١٣٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو عُمَرَ الْأَزْدِيُّ نَصْرُ بْنُ عَلِيٍّ، حَدَّثَنَا رَوْحُ بْنُ الْمُسَيَّبِ أَبو رَجَاء، يَعْنِي الْكَلْبِيَّ عَنْ ثَابِتٍ الْبُنَانِيِّ قَالَ: قَالَ مُطَرِّفٌ: «إِنَّ هَا هُنَا أَقْوَامًا يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ إِنْ شَاءُوا دَخَلُوا الْجَنَّةَ وَإِنْ شَاءُوا دَخَلُوا النَّارَ، فَأَبْعَدَهُمُ الله إِنْ هُمْ دَخَلُوا النَّارَ، ثُمَّ حَلَفَ مُطَرِّفٌ بِالله ثَلَاثَةَ أَيْمَانٍ يَجْتَهِدُ لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ عَبْدٌ أَبَدًا إِلَّا عَبْدٌ شَاءَ الله أَنْ يُدْخِلَهُ إِيَّاهَا عَمْدًا».

واتە: ڕەوحی کوڕی موسەییەب واتە: باوکی ڕەجا؛ لە ثابتەوە گێڕایەوە فەرمووویەتی: موتەڕڕیف فەرمووی: ئا لەوێ کەسانێک هەن پێیان وایە ئەگەر بیانەوێ بچنە بەهەشتەوە ئەوە دەچنە بەهەشتەوە و ئەگەر بیانەوێ بچنە دۆزەخەوە ئەوە دەچنە دۆزەخەوە.. دوایی موتەڕڕیف سێجار سوێندی خوارد کە هیچ کەسێک ناچێتە بەهەشتەوە مەگەر ئەوەی کە خوای گەورە خۆی بە قەسدی بیەوێ بیخاتە بەهەشتەوە! (ئەمە هەمان مانای ئەم فەرموودەیەیە عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهِ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «مَا مِنْ أَحَدٍ يُدْخِله عَمَله الْجَنَّةَ» فَقِيلَ: وَلَا أَنْتَ؟ يَا رَسُولَ الله قَالَ: «وَلَا أَنَا، إِلَّا أَنْ يَتَغَمَّدَنِي رَبِّي بِرَحْمَةٍ». رواه الشيخان.

١٣٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي نَصْرُ بْنُ عَلِيٍّ، حَدَّثَنَا رَوْحُ بْنُ الْمُسَيَّبِ، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ قَالَ: قَالَ مُطَرِّفٌ: " إِنَّمَا مَثَلُ ابْنِ آدَمَ مَثَلُ هَذَا الْحَجَرِ إِنْ حُرِّكَ بِشَيْءٍ تَحَرَّكَ وَإِلَّا إِنَّمَا هُوَ حَجَرٌ مُلْقًى فِي الْأَرْضِ ثُمَّ قَرَأَ: ﴿وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُورًا فَمَا لَهُ مِن نُّورٍ ۝٤٠﴾ النور: ٤٠ ".

واتە: ڕەوحی کوڕی موسەییەب دەفەرموێت: ثابت بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: موتەڕڕیف فەرمووویەتی: نموونەی بەچکەی ئادەم وەکوو ئەم بەردە وایە؛ ئەگەر بە شتێک بجوڵێندرێ دەجوڵێت؛ ئەگینا ئیتر بەردێکەو لەو سەرزەوییە فڕێ دراوە؛ دوایی ئەم ئایەتەی خوێندەوە (مانای ئایەتەکە): بێگومان ئەوەی خوا نووری پێ نەبەخشێت، هەرگیز نووری دەست ناکەوێت.

١٣٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ مَنْصُورٍ، مِنْ أَهْلِ مَرْوٍ أَبُو صَالِحٍ قَالَ: أَخْبَرَنِي سَلَمَةُ بْنُ سُلَيْمَانَ، عَنْ عَبْدِ الله، يَعْنِي ابْنَ الْمُبَارَكِ قَالَ: كَتَبَ الْحَسَنُ بْنُ أَبِي الْحَسَنِ وَمُطَرِّفُ بْنُ عَبْدِ الله إِلَى عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ فَقَالَ أَحَدُهُمَا: " أَمَّا بَعْدُ كَأَنَّكَ بِالدُّنْيَا لَمْ تَكُنْ، وَأَنْتَ مِنْ أَهْلِ الْآخِرَةِ لَمْ تَزَلْ، وَالسَّلَامُ عَلَيْكَ قَالَ: وَكَتَبَ الْآخَرُ: أَمَّا بَعْدُ، فَإِنَّ آخِرَ مَنْ قُضِيَ عَلَيْهِ الْمَوْتُ كَأَنَّهُ قَدْ مَاتَ وَالسَّلَامُ عَلَيْكَ، قَالَ: وَشَهِدَ مُطَرِّفٌ وَصَاحِبٌ له الْمَوْقِفَ، فَقَالَ أَحَدُهُمَا لِصَاحِبِهِ: نِعْمَ الْمَوْقِفُ هَذَا لَوْلَا أَنِّي فِيهِمْ قَالَ: وَقَالَ الْآخَرُ: اللهمَّ لَا تَرُدَّهُمْ مِنْ أَجْلِي ".

واتە: ئەحمەدی کوڕی مەنصور کە خەڵکی مەروو بوو فەرمووی: سەلەمەی کوڕی سولەیمان لە عەبدوڵڵای کوڕی موبارەکەوە ئەوەی گێڕایەوە و فەرمووی: حەسەنی کوڕی باوکی حەسەن و موتەڕڕیفی کوڕی عەبدوڵڵا نامەیەکیان بۆ عومەری کوڕی عەبدولعەزیز نووسی؛ یەکێکیان فەرمووی: پاش سوپاس و ستاییشی خوای گەورە؛ تۆ دەڵێی لە دونیا نەبوی؛ بەردەوام دەڵێی خەڵکی ئەو دونیای؛ سڵاوی خوات لەسەر! ئەویتریان بۆی نووسیبوو: پاش سوپاس و ستاییشی خوای گەورە: ئەو کەسەی کە کۆتا کەس لە دونیادا کۆچ دەکات و

دەمرێ هەر کەسێک هەیە وەبزانە مردووە و بە مردوی هەژمار بکە! ئیتر سڵاوی خوای گەورەت لەسەر بێ. دەفەرموێت: موتەڕڕیف و هاوڕێیەکی لەوێ بوون (واتە: لە مەیدانی جەنگا بوون) یەکێکیان بە هاوڕێکەی گوت: بەخوا ئەمە شوێنێکی باشە گەر منی تێدا نەبوایە! دەفەرموێت: ئەویتریان گوتی: خوایە! لەبەر من نەیانگێڕیتەوە!

١٣٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا أَبو عِمْرَانَ الْجَوْنِيُّ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ رَبَاحٍ، عَنْ كَعْبٍ قَالَ: «إِنَّ الْكَلَامَ الطَّيِّبَ حَوْلَ الْعَرْشِ له دَوِيٌّ كَدَوِيِّ النَّحْلِ يَذْكُرُ صَاحِبَهُ».

واتە: باوکی عیمرانی جەونی لە عەبدوڵڵای کوڕی ڕەباحەوە ئەویش لە کەعبەوە گێڕایەوە فەرمووی: قسەی پاك و باش و چاک لە دەوروبەری عەرشا وەکوو مێشەنگوین بڤە بڤەیەکی هەیە و باسی خاوەنەکەی دەکات. (بڤە: دەنگی مێشەنگوێن و زەردەواڵەیە).

١٣٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ زَيْد، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ زَيْد، عَنْ مُطَرِّف أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ: إِذَا تُلِيَ عَلَيْهِ هَذه الْآيَةُ: ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ لِّلنَّاسِ عَلَىٰ ظُلْمِهِمْ﴾ الرعد: ٦ قَالَ: «فَلَوْ يَعْلَمُ النَّاسُ قَدْرَ مَغْفِرَةِ الله وَرَحْمَته، وَتَجَاوُز الله لَقَرَّتْ أَعْيُنُهُمْ، وَلَوْ يَعْلَمُ النَّاسُ قَدْرَ عَذَابِ الله وَنَكَالِ الله، وَبَأْسِ الله، وَنِقَمِ الله مَا رَقَأَ لهمْ دَمْعٌ وَلَا انْتَفَعُوا بِطَعَامٍ وَلَا شَرَابٍ».

واتە: حەممادی کوڕی زەید لە عەلیی کوڕی زەید ئەویش لە موتەڕڕیف دەگێڕێتەوە کە دەیفەرموو: هەر کاتێ ئەم ئایەتەی بەسەرا بخوێندرایە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ لِّلنَّاسِ عَلَىٰ ظُلْمِهِمْ﴾. موتەڕڕیف دەیفەرموو: ئەگەر خەڵکی ئەندازەی لێبوردەیی و سۆزو بەزەیی خوای گەورەیان زانیبا و بیانزانیبایە خوای گەورە چەندە چاوپۆشی لە بەندەکانی دەکات؛ ئەوا چاویان گەش دەبویەوە.. ئەگەر خەڵك بیانزانیبایە سزاو تۆڵەی خوای گەورە و ئەو ئێش و ئازارە کە خوای گەورە ئامادەی کردووە چەندە زۆرە؛ ئەوا هەرگیز فرمێسکی چاویان نەدەوەستایەوە و خواردنیان نەدەخواردو ئاویان نەدەخواردەوە.

١٣٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا أَبو أُسَامَةَ، وا بوو دَاوُدَ قَالَا: حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ الْمُغِيرَةِ، عَنْ ثَابِتٍ الْبُنَانِيِّ قَالَ: قَالَ مُطَرِّفٌ: «مَا كُنْتُ لأُؤَمِّنَ عَلَى دُعَاءِ أَحَدٍ حَتَّى أَسْمَعَ مَا يَقُولُ غَيْرَ الْحَسَنِ رَحِمَهُ الله».

واتە: باوکی ئوسامەو باوکی داوود دەفەرموون: سولەیمانی کوڕی موغیرە لە ثابتی بونانییەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: موتەڕڕیف فەرمووی: من هەرگیز ئامینم بۆ نزا و پاڕانەوەی هیچ کەسێک نەکردووە هەتا گوێم لە نزاکانی نەبووبێ بزانم چ نزایەکی کردووە؛ جگە لە نزاکانی حەسەن؛ بێ ئەوەی بزانم چی دەڵێ ئامینم بۆ کردووە.

١٣٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ الْجَرَوِيُّ قَالَ: كَتَبَ إِلَيْنَا ضَمْرَةُ، عَنْ أَبِي عَطَاءٍ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: كَانَ مُطَرِّفٌ يُقْبِلُ مِنْ ضَيْعَتِهِ إِلَى الْبَصْرَةِ " فَيُضِيءُ لَهُ سَوْطُهُ فَيَقُولُ لَهُ أَخُوهُ: إِنَّا لَوْ حَدَّثْنَا النَّاسَ بِكَذَا كَذَّبُونَا قَالَ: الَّذِي يُكَذِّبُ بِهِ أَكْذَبُ ".

واتە: باوکی عەتا لە باوکییەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: موتەڕڕیف لە عەقارەکەی خۆیانەوە بەرەو بەصرە دەڕۆیشت؛ قامچییەکی پێبوو وەکوو چرا ڕۆشنایی بۆ کردبوو؛ براکەی پێی گوت: دەی خۆ ئەگەر ئەمە لای خەڵکدا باس بکەین بە درۆزنمان دەزانن! موتەڕڕیف فەرمووی: ئەوەی بڕوا بەمە ناکات و بە درۆی دەزانێ خۆی درۆزنترینە.

حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِمٍ حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، عَنْ عَلِيٍّ يَعْنِي ابْنَ زَيْدٍ عَنْ مُطَرِّفٍ، عَنْ كَعْبٍ قَالَ: «لَوْ حُبِسَتِ الرِّيحُ عَنِ النَّاسِ ثَلَاثًا لَأَنْتَنَ مَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ».

واتە: عەلیی کوڕی زەید لە موتەڕڕیفەوە گێڕایەوە ئەویش لە کەعبەوە فەرموویەتی: ئەگەر سێ ڕۆژ خوای گەورە (با) لە خەڵکی بگرێتەوە؛ نێوان ئاسمان و زەوی بۆن دەکات و دەگەنێ.

١٣٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِمٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، عَنِ الْجُرَيْرِيِّ عَبَّاسٍ قَالَ: قُلْتُ لِمُطَرِّفٍ: إِنَّ بَيْنِي وَبَيْنَ الْمَسْجِدِ خَرَابَاتٍ فِيهَا عَذِرَاتٌ يَابِسَةٌ وَبَيْنَ يَدَيْهَا أَرْضٌ طَيِّبَةٌ فَقَالَ: «الْأَرْضُ الطَّيِّبَةُ تُطَهِّرُ الْأَرْضَ الْخَبِيثَةَ».

واتە: حەمماد لە جورەیرییەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: بە موتەڕڕیفم گوت: لە نێوانماڵی ئێمەو مزگەوتدا کەلاوە کۆنەی لێیەو پیسایی تیایە؛ لەولاش تا دەگەمە مزگەوت زەوییەکی پاك هەیە (ئایا دامێنی پۆشاکەکانم و نەعلەکانم پاك دەبنەوە یان نە؟) فەرمووی: زەویی پاك دەبێتە پاکێتی بۆ ئەو بەشە زەوییەی کە پیس بووە (واتە: پۆشاك و نەعلەکانت پاك دەبێتەوە).

١٣٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِمٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا بُكَيْرُ بْنُ أَبِي السَّمِيطِ، عَنْ قَتَادَةَ فِي قَوْلِ الله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿كَانُوا قَلِيلًا مِّنَ اللَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ ١٧﴾ الذاريات: ١٧ قَالَ الْحَسَنُ: «مَا يَنَامُونَ حَتَّى يُصَلُّوا الْعَتَمَةَ».

واتە: بوکەیری کوڕی باوکی سەمیت لە قەتادەوە دەگێڕێتەوە کە لە بارەی ئایەتی ﴿ كَانُوا۟ قَلِيلًا مِّنَ ٱلَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ ﴿١٧﴾ ﴾ فەرمـوویەتی: حەسـەن فەرمـوویەتی: نەدەخەوتـن هەتـا نـوێژی عیشـایان نەکردایە (یـان: نەدەخەوتـن هەتـا لە بەشـی یەکەمـی شـەوا شـەونوێژیان نەکردایە. خـوداش زاناترە).

١٣٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَسْوَدُ بْنُ عَامِرٍ، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ صَالِحٍ، قَالَ بَعْضُ أَصْحَابِنَا: يُذْكَرُ عَنْ مُطَرِّفِ بْنِ الشِّخِّيرِ أَنَّهُ قَالَ: «كَانَ مِمَّا مَنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ عَلَى الْعِبَادِ أَنَّهُ جَعَلَ مَعَ هَذَا الْيَقِينِ غَفْلَةً وَلَوْ جَعَلَ مَعَهُ خَشْيَةً لَمْ يَنْتَفِعُوا بِشَيْءٍ».

واتە: حەسـەنی کـوڕی صـاڵح دەفەرموێـت: یەکێـک لە هاوڕێکانمـان دەیفەرمـوو: وا باسکراوە کە موتەڕڕیفی کوڕی شیخخیر فەرموویەتی: یەکێک لەو نازونیعمەتانەی کە خـوای گەورە بە بەنـدەکانی بەخشـیوە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەدا دەزانـن مـردن هەقەو هـیچ گومانی تێدا نییە؛ خوای گەورە غەفڵەت و بێ ئاگاییشی بە بەندەکانی بەخشیوە؛ خۆ ئەگەر ترس و لەرزی مردنی پێ بەخشیبان هیچ کەسێک نە نانی دەخوارد نە ئاو!

١٣٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا بَهْزُ بْنُ أَسَدٍ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ قَالَ: مَاتَ عَبْدُ الله بْنُ مُطَرِّفٍ، وَكَانَ قَدْ زَهِدَ فِي الدُّنْيَا حَتَّى اسْتُعْمِلَ فَخَرَجَ مُطَرِّفٌ عَلَى قَوْمِهِ فِي ثِيَابٍ حَسَنَةٍ وَقَدِ ادَّهَنَ فَغَضِبُوا، قَالُوا: يَمُوتُ عَبْدُ الله ثُمَّ يَخْرُجُ فِي ثِيَابٍ مِثْلِ هَذِهِ مُدَّهِنًا، قَالَ مُطَرِّفٌ: " فَأَسْتَكِينُ لَهَا، وَقَدْ وَعَدَنِي رَبِّي تَبَارَكَ وَتَعَالَى عَلَيْهَا ثَلَاثَ خِصَالٍ كُلُّ خَصْلَةٍ مِنْهَا أَحَبُّ إِلَيَّ مِنَ الدُّنْيَا كُلِّهَا، قَالَ الله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوٓا۟ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴿١٥٦﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَٰتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُهْتَدُونَ ﴿١٥٧﴾ ﴾ البقرة: ١٥٦ - ١٥٧ فَأَسْتَكِينُ لَهَا بَعْدَ هَذَا، قَالَ ثَابِتٌ: وَقَالَ مُطَرِّفٌ: مَا شَيْءٌ أُعْطِيتُهُ فِي الْآخِرَةِ قَدْرَ كُوزٍ مِنْ مَاءٍ إِلَّا وَدِدْتُ أَنَّهُ أُخِذَ مِنِّي فِي الدُّنْيَا ".

واتە: جەعـفەری کـوڕی سـولەیمان گێـڕایەوە فەرمـووی: ثابـت گێـڕایەوە فەرمـووی: عەبدوڵڵای کوڕی موتتەڕڕیف مرد؛ عەبدوڵڵا ئەوەندە پارساو دونیانەویست بوو کرابوو بە کاربەدەست؛ جا موتەڕڕیف بە پۆشاکێکی جوان و ڕێکوپێکەوە هاتە ناو خەڵکەکەو سەرو ڕیشیشی چەور کردبوو؛ خەڵکەکە لێی توورەبوون و گوتیان: ئەوە عەبدوڵڵا مردووە کەچی تۆ (جیاتی ئەوەی شینی بۆ بکەیت و بۆی بگریت کەچی) بە پۆشاکی جوانەوە و بە سەرو ڕیشی چەور کـراوەوە دێـتە دەرەوە؟ موتەڕڕیـف گـوتی: ملکەچـی خـۆم دەنـوێنم بـۆ ئەم بەڵا و

موسیبەتە! بەڕاستی خوای گەورە بەڵێنی پێداووم ئەگەر ملکەچی بنوێنم سێ شتم پێ ببەخشێت کە هەریەک لەو شتانە لە هەموو دونیا خۆشەویسترە؛ خوای گەورە فەرموویەتی: (مانای ئایەتەکان) کە ئەوانەن هەر کاتێک تووشی بەڵاو ناخۆشیەك دەبن دەڵێن: ئێمە موڵکی خواین و هەرچی هەمانە بەخششی خوایە، سەر ئەنجامیش تەنیا هەر بۆ لای ئەو زاتەیە گەڕانەوەمان... ئا ئەوانە چەندەها ستایش و ڕەحمەت و میهرەبانی هەر بەسەر ئەواندا دەبارێت لەلایەن پەروەردگاریانەوە و ئەوانە ئەو کەسانەن ڕێبازی هیدایەتیان وەرگرتووە. جا دوای ئەم بەڵێنانەی خوای گەورە من ملکەچی بۆ بەڵا و موسیبەت دەنوێنم. ثابت دەفەرموێت: موتەڕڕیف گوتی: هەر شتێکم پێ بەخشرابێ لە قیامەتدا؛ ئەگەر گۆزە ئاوێکیش بێ پێم خۆشە لە دونیا لێم بسەنرێتەوە.

١٣٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا بَهْزٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ وَاسِعٍ قَالَ: كُنْتُ فِي حَلْقَةٍ فِيهَا الْحَسَنُ وَمُطَرِّفٌ وَفُلَانٌ وَفُلَانٌ فَتَكَلَّمَ سَعِيدُ بْنُ أَبِي الْحَسَنِ حَتَّى إِذَا قَضَى كَلَامَهُ دَعَا فَقَالَ فِي دُعَائِهِ: اللهمَّ ارْضَ عَنْهَا ثَلَاثًا قَالَ: يَقُولُ مُطَرِّفٌ: " اللهمَّ إِنْ لَمْ تَرْضَ عَنَّا فَاعْفُ عَنَّا قَالَ: فَأَبْكَاهُمْ مُطَرِّفٌ ".

واتە: جەعفەری کوڕی سولەیمان دەفەرموێت: موحەممەدی کوڕی واسیع بۆی گێڕامەوە فەرمووی: من لە ناو کۆڕێکدا بووم کە حەسەنیشی تیابوو؛ هەروەها موتەڕڕیف و فلان و فلانیشی تیابوو؛ جا سەعیدی کوڕی باوکی حەسەن قسەی کرد و دوای ئەوەی قسەکەی تەواو کرد لە خوای گەورە پاڕایەوە و سێ جار گوتی: خوایە! لێیان ڕازی بە.. دەفەرموێت: موتەڕڕیف گوتی: خوایە ئەگەر لێیان ڕازی نابیت ئەوا بمانبەخشە! دەفەرموێت: موتەڕڕیف هەموانی گریاند.

١٣٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ، عَنْ أَيُّوبَ قَالَ: نُبِّئْتُ أَنَّ مُطَرِّفًا كَانَ يَقُولُ: «لَأَنَا أَحْوَجُ إِلَى الْجَمَاعَةِ مِنَ الْأَرْمَلَةِ إِنِّي إِذَا كُنْتُ فِي الْجَمَاعَةِ عَرَفْتُ ذَنْبِي».

واتە: ئیسماعیل لە ئەییوبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بیستوومە کە موتەڕڕیف دەیفەرموو: من لە بێوەژن زیاتر پێویستیم بە کۆڕو کۆمەڵە (واتە: بێوەژن چەندێ پێویستی بە یارمەتییە؛ من لەوە زیاتر پێویستیم بە کۆڕو کۆمەڵە) من دەچمە ناو کۆڕو کۆمەڵ ئەوجا تاوانەکانی خۆم دەناسم و دەزانم چەندێ تاوانبارم.

١٣٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، أَنْبَأَنَا سَلَامُ بْنُ أَبِي مُطِيعٍ، عَنْ ثَابِتٍ قَالَ: كَانَ الْحَسَنُ فِي مَجْلِسٍ فَقِيلَ لِأَبِي الْعَلَاءِ يَزِيدَ بْنِ الشِّخِّيرِ: تَكَلَّمْ، قَالَ: أَوَهُنَاكَ أَنَا؟ ثُمَّ ذَكَرَ الْكَلَامَ وَمُؤْنَتَهُ وَتَبِعَتَهُ، قَالَ ثَابِتٌ: فَأَعْجَبَنِي، قَالَ: ثُمَّ تَكَلَّمَ الْحَسَنُ فَقَالَ: «أَيُّنَا هُنَاكَ؟ لَوَدَّ الشَّيْطَانُ أَنَّكُمْ أَخَذْتُمُوهَا عَنْهُ فَلَمْ يَأْمُرْ أَحَدٌ بِخَيْرٍ وَلَمْ يَنْهَ أَحَدٌ عَنْ شَرٍّ».

واتە: لە ثابتەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: حەسەن لە کۆڕو کۆبوونەوەیەکا بوو؛ لەوێ بە باوکی عەلا واتە: یەزیدی کوڕی موتەڕڕیف گوترا: ئا قسەیەک بکە! فەرمووی: بۆ من لێرەم؟ دوایی باسی قسەکردن و تێچووی قسەکردن و بەرپرسیارێتی و زیانەکانی قسەکردنی کرد؛ ثابت دەفەرموێت: قسەکانی کاریان لێ کردم.. دەفەرموێت: دوایی حەسەن قسەی کرد و فەرمووی: کێمان لێرەین؟ دیارە هەمومان لێرەین! ئەوە شەیتان پێی خۆشە هیچ کەسێک قسە نەکات و فرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە نەکات.

١٣٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا أَبُو الْأَشْهَبِ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا الْعَلَاءِ، يَقُولُ: " إِذَا أَتَى الرَّجُلُ الْقَوْمَ فَرَأَوْهُ فَقَالُوا: مَرْحَبًا فَمَرْحَبًا بِهِ يَوْمَ يُلْقَى مِنْ رَبِّهِ عَزَّ وَجَلَّ، وَإِذَا رَأَوْهُ قَالُوا لَهُ: قَحْطًا فَقَحْطًا لَهُ يَوْمَ يَلْقَى رَبَّهُ عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: باوکی ئەشهەب دەفەرموێت: گوێم لە باوکی عەلا بوو دەیفەرموو: هەر کاتێ پیاوێک هاتە ناو کەسوکار و بینییان و گوتیان: بەخێربێی؛ ئەوە بەخێربێ ئەو ڕۆژەی کە مرۆڤ تێیدا بە خزمەت خوای گەورە دەگاتەوە! هەر کاتێکیش چاویان پێی گەوت و گوتیان: بەخێر نەیەی! ئەوە بەخێر نەیەت ئەو کەسە لەو ڕۆژەدا کە بە خزمەت خوای گەورە دەگاتەوە.

١٣٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا عَمْرُو بْنُ الْفَضْلِ قَالَ: سَأَلْتُ أَبَا الْعَلَاءِ، وَالْحَجَّاجُ فِي عَبَاءَةٍ، فَقُلْتُ: يَا أَبَا الْعَلَاءِ أَسُبُّ الْحَجَّاجَ؟ فَقَالَ: «ادْعُ لَهُ بِالصَّلَاحِ فَإِنَّ صَلَاحَهُ خَيْرٌ لَكَ».

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدییەوە ئەویش لە عەمری کوڕی فەزڵەوە گێڕایەوە فەرمووی: حەججاج لە لوتکەی ستەمکاریدا بوو؛ لە باوکی عەلام پرسی گوتم: باوکی عەلا ئەوە جوێن بە حەججاج بدەم؟ فەرمووی: نەخێر نزای خێری بۆ بکە چاک ببێ؛ چاکبوونەکەی ئەو بۆ تۆ قازانجە!

١٣٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عُبَيْدِ بْنِ حَسَّانَ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا أَبو التَّيَّاحِ قَالَ: كَانَ مُطَرِّفُ بْنُ عَبْدِ اللهِ يَبْدُو فَإِذَا كَانَ لَيْلَةُ الْجُمُعَةِ أَدْلَجَ عَلَى فَرَسِهِ قَالَ: فَرُبَّمَا نُورٌ لَه فِي سَوْطِهِ قَالَ: فَأَدْلَجَ حَتَّى إِذَا كَانَ عِنْدَ الْقُبُورِ هَوَّمَ عَلَى فَرَسِهِ قَالَ: فَرَأَيْتُ أَهْلَ الْقُبُورِ كُلُّ صَاحِبِ قَبْرٍ جَالِسٌ عَلَى قَبْرِهِ قَالَ: فَلَمَّا رَأَوْنِي قَالُوا: هَذَا مُطَرِّفٌ يَأْتِي الْجُمُعَةَ قَالَ: قُلْتُ أَتَعْلَمُونَ عِنْدَكُمْ يَوْمَ الْجُمُعَةِ؟ قَالُوا: نَعَمْ وَنَعْلَمُ مَا يَقُولُ فِيهِ الطَّيْرُ، قُلْتُ: وَمَا يَقُولُ الطَّيْرُ؟ قَالُوا: يَقُولُ: سَلَامٌ سَلَامٌ مِنْ يَوْمٍ صَالِحٍ ".

واته: جەعفەر دەفەرموێت: باوکی تەییاح بۆی گێرامەوە فەرمووی: موتەڕڕیفی کوڕی عەبدوڵڵا دەڕۆیشت بۆ دەشت؛ جا شەوانی هەینی لە کۆتایی شەوا سواری ئەسپەکەی دەبوو؛ زۆر جار تیشکێک لە قامچییەکی دەردەچو بەردەمی ڕۆشن دەکردەوە.. دەفەرموێت: جارێک لە کۆتایی شەوا ڕۆیشت تا گەیشتە گۆڕستان لەوێ لەسەر ئەسپەکەی خەو بردیەوە و کەمێک خەوی لێکەوت.. دەفەرموێت: لەخەوا مردووەکانی ناو گئەو گۆڕستانەم بینی؛ هەموو مردویەک لەسەر گۆڕەکەی خۆی دانیشتبوو؛ جا کە منیان بینی گوتیان: ئەمە موتەڕڕیفە هەموو هەینییەک دێت بۆ ئێرە! منیش گوتم: بۆ ئێوە دەزانن چ ڕۆژێک ڕۆژی هەینییە؟ گوتیان: بەڵێ! تەنانەت دەزانین باڵندە لە ڕۆژی هەینیدا چی دەڵێ! گوتم: چی دەڵێ؟ گوتیان: دەڵێ: سەلام و سەلام لە ڕۆژێکی چاک.

١٣٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ حَبِيبِ بْنِ الشَّهِيدِ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ يَزِيدَ بْنِ أَبِي الْعَلَاءِ قَالَ: كَانَ يَلْبَسُ الْقِطْعَةَ ثَمَنُهَا مِائَةٌ أَوْ أَكْثَرُ ثُمَّ يَجِيءُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ فِي كُمِّهِ كِسَرٌ مِنْ خُبْزٍ يَتَصَدَّقُ بِهَا عَلَى الْمَسَاكِينِ ".

واته: لە یەزیدی کوڕی عەلائەوە فەرموویەتی: پۆشاکێکی لەبەر دەکرد کە نرخەکەی سەد (دیرهەم) یان زیاتر بوو؛ دوایی ڕۆژانی هەینی هەندێ کەرتە نانی دەخستە ناو قۆڵەکەیەوە و دەیکرد بە خێرو دەیدا بە هەژاران.

١٣٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ، أَنْبَأَنَا الْجُرَيْرِيُّ، عَنْ غُنَيْمٍ، عَنْ قَيْسٍ، وَقَالَ مَرَّةً: عَنْ أَبِي السَّلِيلِ قَالَ: قَالَ لِي غُنَيْمُ بْنُ قَيْسٍ: " كُنَّا نَتَوَاعَظُ فِي أَوَّلِ الْإِسْلَامِ بِأَرْبَعَةٍ: اعْمَلْ فِي فَرَاغِكَ لِشُغْلِكَ، وَاعْمَلْ فِي صِحَّتِكَ لِسَقَمِكَ، وَاعْمَلْ فِي شَبَابِكَ لِكِبَرِكَ، وَاعْمَلْ فِي حَيَاتِكَ لِمَوْتِكَ ".

واته: باوكی سەلیل دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: غونەیم پێی گوتم: ئێمە لە سەرەتای ئیسلاما ئامۆژگاری یەكترمان دەكرد بە چوار شت كە ئەمانە بوون: لە كاتی دەست بەتاڵیدا كار بۆ كاتی دەست گیراویت بكە.. لە كاتی لەشساغیدا كار بۆ كاتی نەخۆشیت بكە.. لە كاتی لاوێتیدا كار بۆ كاتی پیریت بكە.. لە ژیانیشا كار بۆ مردنت بكە.

١٣٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبو مُوسَى الْعَنْبَرِيُّ، حَدَّثَنَا أَبو دَاوُدَ، حَدَّثَنَا صَدَقَةُ، يَعْنِي ابْنَ مُوسَى عَنْ مَالِك بْنِ دِينَار، عَنْ عَبْد الله بْنِ غَالب الْحُدَّانِي، عَنْ أَبي سَعِيد الْخُدْرِيِّ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى اللهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ: " خَصْلَتَانِ لاَ يَجْتَمِعَانِ في مُؤْمِن: الْبُخْلُ، وَسُوءُ الْخُلُق ".

واته: لە مالیكی كوڕی دینارەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای كوڕی غالبەوە ئەویش لە باوكی سەعیدی خودرییە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: دوو سیفەت هەن كە لە مرۆڤی باوەڕدارا كۆ نابنەوە: ڕژدی و ئاكاری ناشیرین.

١٣٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ دِينَار قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ الله بْنَ غَالِب الْحَدَّاءَ يَقُولُ فِي دُعَائِه: " اللهمَّ إِنَّا نَشْكُو إِلَيْكَ سَفَهَ أَحْلاَمِنَا وَنَقْصَ علْمِنَا وَاقْتِرَابَ آجَالِنَا وَذَهَابَ الصَّالِحِينَ مِنَّا، قَالَ مَالِكٌ: وَكَانَ يُوجَدُ مِنْ قَبْرِه رِيحُ الْمِسْكِ، فَانْطَلَقْتُ فَأَخَذْتُ مِنْهُ فِي جِرَابِي فَلَمْ أَزَلْ أَشُمُّ مِنْهُ رِيحَ الْمِسْك ".

واته: مالیكی كوڕی دینار دەفەرموێت: گوێم لە عەبدوڵڵای كوڕی غالب بوو لە كاتی پاڕانەوەدا دەیفەرموو: خوایە! ئێمە سكاڵای نەزانیی خۆمان لە لای تۆ دەكەین، سكاڵای نەزانیی خۆمان و نزیكیی ئەجەلمان و ڕۆیشتنی پیاوچاكانمان لە لای تۆ دەكەین.. مالیك دەفەرموێت: عەبدوڵڵا دوای مردنی بۆنی میسك لە گۆڕەكەی دەهات: جا من ڕۆیشتم و هەندێك لە خۆڵی گۆڕەكەی ئەووم نایە ناو تورەكەكەمەوە و بەردەوام بۆنم دەكرد بۆنی میسكی لێ دەهات.

١٣٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا هُدْبَةُ بْنُ خَالِد الْعَنْسِيُّ، حَدَّثَنَا أَبو خَبَّاب الْقَصَّابُ قَالَ: صَلَّى بِنَا زُرَارَةُ بْنُ أَوْفَى صَلاَةَ الصُّبْحِ فَقَرَأَ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ①﴾ المدثر: ١ حَتَّى إِذَا بَلَغَ: ﴿فَإِذَا نُقِرَ فِى ٱلنَّاقُورِ ⑧﴾ المدثر: ٨ خَرَّ مَيِّتًا ".

واته: باوكی خەبابی قەصصاب دەفەرموێت: زورارەی كوڕی ئەوفا بەرنوێژی نوێژی

بەیانیی بۆ کردین (دوای خوێندنی سورەتی فاتیحە) سورەتی (المدثر)ی خوێند تا گەیشتە ئایەتی ﴿فَإِذَا نُقِرَ فِي النَّاقُورِ ۝٨﴾ لەوێ گیانی دەرچوو مرد.

١٣٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا رَوْحُ بْنُ عَبْدِ الْمُؤْمِنِ أَبو الْحَسَنِ الْمُقْرِئُ، حَدَّثَنَا غِيَاثُ بْنُ الْمُثَنَّى الْقُشَيْرِيُّ، حَدَّثَنَا بَهْزُ بْنُ حَكِيمِ بْنِ مُعَاوِيَةَ بْنِ حَيْدَةَ بْنِ مُعَاوِيَةَ بْنِ قُشَيْرٍ قَالَ: صَلَّى بِنَا زُرَارَةُ بْنُ أَوْفَى الْقُرَشِيُّ فِي مَسْجِدِ بَنِي قُشَيْرٍ الْأَعْظَمِ فَقَرَأَ: ﴿فَإِذَا نُقِرَ فِي النَّاقُورِ ۝٨﴾ المدثر: ٨ فَخَرَّ مَيِّتًا، فَحُمِلَ إِلَى دَارِهِ فَكُنْتُ فِيمَنْ حَمَلَهُ إِلَى دَارِهِ قَالَ: فَكَانَ يَقُصُّ فِي دَارِهِ، قَدِمَ الْحَجَّاجُ الْبَصْرَةَ وَهُوَ يَقُصُّ فِي دَارِهِ ".

واتە: بەهزی کوڕی حەکیمی کوڕی موعاویە دەفەرموێت: زورارەی کوڕی ئەوفای قورەیشی لە مزگەوتی (بەنی قورەیش)ی گەورەدا ئەم ئایەتەی خوێندەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا نُقِرَ فِي النَّاقُورِ ۝٨﴾ المدثر: ٨ کە ئەم ئایەتەی خوێندەوە مرد؛ جا تەرمەکەی برایەوە بۆ ماڵی خۆیان؛ من یەکێک بوم لەو کەسانەی کە تەرمەکەمان بردەوە بۆ ماڵی خۆیان.. زورارە لە ماڵی خۆیانا وتاری دەداو ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد؛ کاتێ حەججاج هات بۆ بەصرە ئەو لە ماڵی خۆیا وتاری دەدا.

١٣٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي نَصْرُ بْنُ عَلِيٍّ أَبو عَمْرٍو، حَدَّثَنَا عُمَارَةُ بْنُ أَبِي شُعَيْبٍ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ دِينَارٍ قَالَ: كُنَّا نَأْتِي عَبْدَ الله بْنَ غَالِبٍ فَيَأْتِيهِ الصَّبِيُّ مِنْ وَلَدِهِ فَيَقُولُ: «يَا بُنَيَّ الْحَقْ بِأُمِّكَ لَا تَشْغَلْنَا عَنْ ذِكْرِ الله، ثُمَّ يَأْخُذُ فِي ذِكْرِ الله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: مالیکی کوڕی دینار دەفەرموێت: ئێمە دەچوینە خزمەت عەبدوڵڵای کوڕی غالب؛ مناڵە وردەکانی خۆی دەهاتن بۆ لای؛ ئەویش دەیفەرموو: کوڕم! بڕۆ بۆ لای دایکت لێگەڕێ با یاد و زیکری خوا بکەین.. دوایی دەستی دەکرد بە یاد و زیکری خوای گەورە.

١٣٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مُوسَى مُحَمَّدُ بْنُ الْمُثَنَّى الْعَنَزِيّ، حَدَّثَنِي عَبْدُ الْقُدُّوسِ بْنُ أَبِي الْحَوَارِيِّ، حَدَّثَنِي سَعِيدُ بْنُ يَزِيدَ قَالَ: قُتِلَ عَبْدُ الله بْنُ غَالِبٍ وَوُضِعَ عَلَى قَبْرِهِ وَسُوِّيَ عَلَيْهِ التُّرَابُ قَالَ: فَشَمِمْنَا مِنْ تُرَابِ قَبْرِهِ رَائِحَةً طَيِّبَةً مِنْ جَمِيعِ الطِّيبِ، قَالَ: وَكَانَ ابْنُ غَالِبٍ لَا يَكَادُ أَنْ يَتَكَلَّمَ إِلَّا أَنْ يَقُولَ: سُبْحَانَ الله وَالْحَمْدُ لله وَلَا إِلَهَ إِلَّا الله وَالله أَكْبَرُ وَصَلَّى الله عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ، فَإِنْ سُئِلَ عَنْ شَيْءٍ أَجَابَ ثُمَّ عَادَ إِلَى هَذَا الْكَلَامِ ".

واتە: عەبدولقوددوسی کوڕی باوکی حەواریی گێڕایەوە فەرمووی: سەعیدی کوڕی یەزید بۆی گێڕامەوە فەرمووی: عەبدوڵڵای کوڕی غالب کوژراو خرایە گۆڕەوە و گۆڕەکەی تەخت کرا.. دەفەرموێت: ئێمە بۆنێکی خۆشمان لە گڵی گۆڕەکەیەوە بەسەرا هات؛ ئەو بۆنە خۆشە تێکەڵەیەک بوو لە هەموو بۆنە خۆشەکان.. دەفەرموێت: عەبدوڵڵای کوڕی غالب وەخت بوو قسە هەر نەکات بەردەوام هەر دەیگوت: سبحان الله والحمدلله ولا اله الا الله والله اکبر و صلی الله علی سیدنا محمد.. جا ئەگەر پرسیارێکی لێ کرابا وەڵامی دەدایەوە و دەستی دەکردەوە بەو زیکرە.

١٣٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَارُونُ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنِ السَّرِيِّ بْنِ يَحْيَى قَالَ: قَالَ عَبْدُ الله بْنُ غَالِب: " لَقَدْ ذَهَبَ الطَّاعُونُ الْجَارِفُ بِبَنِيَّ وَمَا شَبِعْتُ مِنْ حَدِيثِهِمْ، أَمَّا النَّهَارَ فَكَمَا تَرَوْنَ قَالَ: وَكَانَ يُصَلِّي فِيمَا بَيْنَ الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ وَمَا بَيْنَ الْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ يُسَبِّحُ تَسْبِيحًا كَثِيرًا دَائِمًا، وَأَمَّا اللَّيْلَ فَأَقُولُ: الْحَقُوا بِأُمِّكُمْ ".

واتە: سەریی کوڕی یەحیا دەفەرموێت: عەبدوڵڵای کوڕی غالب فەرمووی: چاوەقوڵەیەکی زۆر گەورە کوڕەکانی منی کوشت و تێرم قسە لەگەڵ نەکردبوون.. جا ڕۆژانە عەبدوڵڵا ئەوەیە کە دەیبینن.. فەرمووی: بەڕۆژ لە نێوان نیوەڕۆو عەسار هەر خەریکی نوێژ بوو؛ هەروەها نێوان مەغریب و عیشا بەردەوام تەسبیحاتی دەکرد؛ شەوانەش دەیگوت: بچن بۆ لای دایکتان.

١٣٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ حَرْب، حَدَّثَنَا سَلَّامُ بْنُ مِسْكِين قَالَ: لَقِيَ الْحَسَنُ عَبْدَ الله بْنَ غَالِب قَالَ: فَقَالَ له الْحَسَنُ: لَوْ رَفَقْتَ قَالَ: فَقَالَ: ﴿ كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَاسْجُدْ وَاقْتَرِب ﴾ العلق: ١٩ قَامَ ثُمَّ خَرَّ فَسَجَدَ ".

واتە: سولەیمانی کوڕی حەرب لە سەللامی کوڕی مسکین گێڕایەوە فەرموویەتی: حەسەن گەیشت بە عەبدوڵڵای کوڕی غالب.. گوتی: حەسەن بە عەبدوڵڵای گوت: ئەوە تۆزێک بەزەییت بەخۆتا نایەتەوە؟ عەبدوڵڵا گوتی: ﴿ كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَاسْجُدْ وَاقْتَرِب ﴾ العلق: ١٩.هەستا و دوایی سەجدەی برد بۆ خوای گەورە.

١٣٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ، حَدَّثَنَا قُرَيْشُ بْنُ حَيَّانَ الْعِجْلِيُّ، عَنْ مَالِك بْنِ دِينَار قَالَ: مَرَرْنَا بِعَبْدِ الله بْنِ غَالِب فِي يَوْمِ فِطْرٍ فَأَخْرَجَ سُكَّرًا فَأَعْطَى كُلَّ رَجُلٍ مِنَّا سُكَّرَةً سُكَّرَةً فَأَكَلها ثُمَّ غَدَوْنَا ".

واتە: سولەیمان گێڕایەوە فەرمووی: قورەیشی کوڕی حەییان لە مالیکی کوڕی دینار گێڕایەوە فەرموویەتی: ڕۆژێ کە بە ڕۆژوو نەبوین دامان بە لای عەبدوڵڵای کوڕی غالبدا؛ عەبدوڵڵا هەندێ شەکری دەرهێناو هەریەکەو کڵۆیەک شەکری پێداین؛ شەکرەکەی خواردو دوایی نانی بەیانیمان خوارد.

١٣٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مُسْلِمِ بْنِ يَسَارٍ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: «إِذَا لَبِسْتَ ثَوْبًا وَظَنَنْتَ أَنَّكَ فِي ذَلِكَ الثَّوْبِ أَفْضَلُ مِمَّا فِي غَيْرِهِ فَبِئْسَ الثَّوْبُ هُوَ لَكَ».

واتە: موبارەك لە عەبدوڵڵای کوڕی موسلیمەوە گێڕایەوە؛ ئەویش لە باوکییەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: هەر کاتێ پۆشاکێکت پۆشی و زانیت لەو پۆشاکەدا چاکترو بەڕێزترێ ئەو ئەو پۆشاکە پۆشاکێکی خراپە بۆت.

باسی موسلیمی کوڕی یەسار
(خوای لێ ڕازی بێت)

١٣٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مُوسَى الْعَنَزِيُّ، حَدَّثَنَا مُوسَى بْنُ إِسْمَاعِيلَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْحَمِيدِ بْنُ عَبْدِ الله بْنِ مُسْلِمِ بْنِ يَسَارٍ، حَدَّثَنَا أَبِي قَالَ: رَأَيْتُ مُسْلِمًا وَهُوَ سَاجِدٌ وَهُوَ يَقُولُ فِي سُجُودِهِ: " مَتَى أَلْقَاكَ وَأَنْتَ عَنِّي رَاضٍ وَيَذْهَبُ فِي الدُّعَاءِ ثُمَّ يَقُولُ: مَتَى أَلْقَاكَ وَأَنْتَ عَنِّي رَاضٍ ".

واتە: مووسای کوڕی ئیسماعیل گێڕایەوە فەرمووی: عەبدولحەمیدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی موسلیم گێڕایەوە فەرمووی: باوکم گێڕایەوە فەرمووی: من موسلیمم بینی لە سەجدەدا بوو دەیفەرموو: خوایە! من کەی پێت بگەم و تۆ لێم ڕازی بی.. دوایی نزای دەکردو دیسان دەیگوت: خوایە من کەی پێت بگەم و تۆ لێم ڕازی بیت؟!

١٣٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مُوسَى الْعَنَزِيُّ، مُحَمَّدُ بْنُ الْمُثَنَّى، حَدَّثَنَا أَبو دَاوُدَ، حَدَّثَنَا مُبَارَكُ بْنُ فَضَالَةَ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ مُسْلِمِ بْنِ يَسَارٍ، أَنَّ أَبَاهُ، كَانَ يَكْرَهُ أَنْ يَمَسَّ، ذَكَرَهُ بِيَمِينِهِ وَيَقُولُ: «إِنِّي لَأَرْجُو أَنْ آخُذَ كِتَابِي بِيَمِينِي».

واتە: باوکی داوود لە موبارەکی کوڕی فوزالەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی موسلیمەوە دەگێڕێتەوە کە باوکی ڕقی لەوە بوو کە دەستی ڕاستی بەر عەورەتی بکەوێ؛ دەیفەرموو: من تکام وایە بەم دەستە ڕاستەم کارنامەی کارەکانم وەربگرمەوە.

١٣٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو مُوسَى، حَدَّثَنَا أَبو دَاوُدَ، حَدَّثَنَا مُبَارَكٌ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ مُسْلِمٍ، أَنَّ أَبَاهُ، كَانَ إِذَا غَضِبَ عَلَى الرَّجُلِ قَالَ: «فَرَّقَ بَيْنِي وَبَيْنَكَ هَذَا أَشَدُّ مَا يَقُولُ».

واتە: موبارەك لە عەبدوڵڵای کوڕی موسلیمەوە گێڕایەوە کە باوکی هەر جارێ لە

کەسێک تووڕە ببوایە دەیفەرموو: بڕۆ لێم دوور بکەوە.. ئیتر ئەوە ئەوپەڕی تووڕەبوونی بوو.

١٣٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو مُوسَى، حَدَّثَنَا مُوسَى بْنُ إِسْمَاعِيلَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْحَمِيد بْنُ عَبْد الله بْنِ مُسْلِم بْنِ يَسَارٍ قَالَ: سَمِعْتُ أَبِي , وَطَلْحَةَ، رَجُلٌ بَصَرِيٌّ يَقُولَانِ: «كَانَ مُسْلِمٌ لَا يَرُدُّ سَائِلًا».

واتە: عەبدولحەمیدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی موسلیم دەفەرموێت: گوێم لە باوکم و تەڵحە. کە پیاوێکی بەصرەیی بوو بوو دەیانفەرموو: موسلیم هەرگیز دەرۆزەکەر جواب ناکات و شتێکی هەر پێدەدا.

١٣٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو دَاوُدَ، حَدَّثَنَا عِمْرَانُ، عَنْ قَتَادَةَ، عَنْ مُسْلِم بْنِ يَسَارٍ قَالَ: «مَرِضْتُ مَرْضَةً فَلَمْ أَجِدْ شَيْئًا أَوْثَقَ فِي نَفْسِي مِنْ قَوْم كُنْتُ أُحِبُّهُمْ لَا أُحِبُّهُمْ إِلَّا لله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: عیمران لە قەتادەوە گێڕایەوە ئەویش لە موسلیمی کوڕی یەسارەوە فەرمووی: من نەخۆش کەوتم و هیچ شتێکم دەست نەکەوت هێندەی ئەوە متمانەم پێی هەبێ کە متمانەم بەو کەسانە بوو کە تەنیا لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە خۆشم دەویستن (واتە: لە کاتی نەخۆشیدا هێندە متمانەم بە نزای خێری ئەو کەسانە بوو هێندە متمانەن بە دەرمان نەبوو. خوداش زاناترە).

١٣٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُعْتَمِرٌ قَالَ: بَلَغَنِي أَنَّ مُسْلِمًا، كَانَ يَقُولُ: لِأَهْله: «إِذَا كَانَتْ لَكُمْ حَاجَةٌ فَتَكَلَّمُوا وَأَنَا أُصَلِّي».

واتە: موعتەمیر دەفەرموێت: بیستوومە کە موسلیم بە ماڵ و منداڵی خۆی دەگوت: هەر کاتێ شتێکتان پێویست بوو من نوێژم دەکرد؛ قسەی خۆتان بکەن و داواکاریی خۆتان بڵێن.

١٣٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُعْتَمِرٌ، عَنْ مُبَارَك، عَنْ عَبْد الله بْنِ مُسْلِمٍ، عَنْ أَبِيه قَالَ: «إِنِّي لَأُصَلِّي فِي نَعْلِي وَخَلْعُهُمَا أَهْوَنُ عَلَيَّ وَمَا أَطْلُبُ بِذَٰلِكَ إِلَّا السُّنَّةَ».

واتە: موعتەمیر لە موبارەکەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی موسلیمەوە ئەویش لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من بە نەعلەوە نوێژ دەکەم و ئەگەر نەعلەکان داکەنم پێمخۆشترە؛ بەڵام بە نەعلەوە نوێژ دەکەم چونکە دەزانم ئەوە سوننەتە (هەڵبەت نەعلی ئەو

سەردەمە زۆر جیاواز بووە لەگەڵ نەعلی ئەم سەردەمەدا؛ نەعلی ئەوکاتە پێستەو چەرم بووە بە قاچیانەوە پێچاوە و پیسی لەخۆ نەگرتووە بە پێچەوانەی نەعلی ئێستا کە بنەکەی چاڵچاڵەو ئەگەر پیسیی تێ بڕوات بە ئاسانی دەرناچێت و تەنانەت زۆرێکیان ئاو هەڵدەمژن و ئەگەر پێ بخەیتە سەر تەڕاییەکی پیس هەڵدەمژێت).

١٣٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا ابْنُ حَبِيب، يَعْنِي ابْنَ الشَّهِيد حَدَّثَنَا عَبْدُ الْحَمِيد بْنُ عَبْد الله بْن مُسْلِم بْن يَسَار، عَنْ إِسْحَاقَ بْن سُوَيْد قَالَ: صَحِبْتُ مُسْلِمَ بْنَ يَسَار عَامًا إِلَى مَكَّةَ فَلَمْ أَسْمَعْهُ تَكَلَّمَ بِكَلِمَةٍ حَتَّى بَلَغْنَا ذَاتَ عِرْق قَالَ: ثُمَّ تَحَدَّثْنَا فَقَالَ: " بَلَغَنِي أَنَّهُ يُؤْتَى بِالْعَبْد يَوْمَ الْقِيَامَة فَيُوقَفُ بَيْنَ يَدَيْ الله عَزَّ وَجَلَّ فَيَقُولُ: انْظُرُوا فِي حَسَنَاته فَيَنْظُرُوا فِي حَسَنَاته فَلَا يُوجَدُ له حَسَنَةٌ فَيَقُولُ: انْظُرُوا فِي سَيِّئَاته فَيُوجَدُ له سَيِّئَاتٌ كَثِيرَةٌ فَيُؤْمَرُ به إِلَى النَّار وَهُوَ يَلْتَفِتُ فَيَقُولُ: رُدُّوهُ إِلَيَّ مَا تَلْتَفِتُ؟ فَيَقُولُ: أَيْ رَبِّ لَمْ يَكُنْ هَذَا ظَنِّي أَوْ رَجَائِي شَكَّ إِبْرَاهِيمُ فَيَقُولُ: صَدَقْتَ، فَيُؤْمَرُ به إِلَى الْجَنَّة ".

واتە: عەبدولحەمیدی کوڕی عەبدوڵڵا لە ئیسحاقی کوڕی سووەیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ساڵێک هەتا مەککە هاوڕێیەتی موسلیمی کوڕی یەسارم کرد؛ نەمبیست یەک وشە قسە بکات هەتا گەیشتینە (ذات عرق) دەفەرموێت: لەوێ قسەی لەگەڵ کردین و فەرمووی: بیستوومە کە لە ڕۆژی قیامەتدا مرۆڤ دەهێنرێت و لە خزمەت خوای گەورەدا ڕادەوەستێنرێت؛ خوای گەورە دەفەرموێت: سەیری چاکەکانی بکەن بزانن چەندە؟ فریشتەکان سەیری دەفتەری چاکەکانی دەکەن هیچ چاکەیەکی نییە! خوای گەورە دەفەرموێت: دەی سەیری خراپەکانی بکەن! فریشتەکان سەیری دەفتەری خراپەکانی دەکەن دەبینن خراپەی زۆر زۆرە؛ بۆیە فرمان دەکرێ کە ئەو کەسە بخرێتە ناو دۆزەخەوە؛ جا ئەو مرۆڤە لا دەکاتەوە.. خوای گەورە دەفەرموێت: ئا بیهێننەوە! دەیهێننەوە و خوای گەورە دەفەرموێت: بۆچی لات کردەوە؟ مرۆڤەکە دەڵێ: پەروەردگارا! من گومانم . یان ئاواتم ئەوە نەبوو . ئیبراهیم گومانی پەیدا کردووە کە ئاخۆ فەرمووی: من گومانم وا نەبووە یان ئاواتم وا نەبو؟ـ خوای گەورە دەفەرموێت: ڕاست دەکەی! ئیتر فرمان لە لایەن خوداوە دەردەکرێت و دەخرێتە بەهەشتەوە.

١٣٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَفَّانُ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ الْمُغِيرَة، عَنْ ثَابِت قَالَ: " أَتَيْنَا صَاحِبًا لَنَا نَعُودُهُ مَرِيضًا قَالَ: فَتَحَدَّثَ النَّاسُ بَيْنَهُمْ فَقَالُوا: إِنَّ الْإِنْسَانَ إِذَا احْتُبِسَ بِمَرَض رُفِعَ له مَا كَانَ يَعْمَلُ وَهُوَ صَحِيحٌ حَتَّى يُرْفَعَ، فَقَالَ مُسْلِمٌ: لَيْسَ هَكَذَا كُنَّا نَسْمَعُ وَلَكِنْ يُرْفَعُ له أَحْسَنُ مَا كَانَ يَعْمَلُ حَتَّى يُرْفَعَ ".

واتە: سولەیمانی کوڕی موغیرە لە ثابتەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕۆیشتین بۆ لای هاوڕێیەکمان نەخۆش بوو سەردانیمان کرد؛ خەڵکەکە لەناو خۆیانا قسەیان دەکرد؛ گوتیان: کاتێ کە مرۆڤ نەخۆش دەکەوێت وەکوو ئەو کاتەی کە ساغ بووە و خواپەرستی کردووە؛ کار و کردەوەی بۆ دەنووسرێت و بەرز دەکرێتەوە.. موسلیم فەرمووی: نا ئێمە وامان نەبیستووە؛ بەڵکوو بە جۆرێکیتر بیسومانە: لە کاتی لەشساغیدا چ کارێکی لە هەموان باشتر بووە؛ لە کاتی نەخۆشیدا وەکوو ئەو کارەی بۆ دەنووسرێت و بۆی بەرز دەکرێتەوە.

١٣٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ بَكْرٍ، حَدَّثَنَا كَهْمَسٌ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ مُسْلِمٍ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: سَمِعَنِي وَأَنَا أَقُولُ: " أَعُوذُ بِالسَّمِيعِ الْعَلِيمِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ إِنَّ الله هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ، قَالَ عَبْدُ الله: وَعَلَّمَنِي أَبِي قَالَ: هَكَذَا قُلْ ".

واتە: کەهمەس لە عەبدوڵڵای کوڕی موسلیمەوە ئەویش لە باوکییەوە گێڕایەوە گوتی: **باوکم گوێی لەمن بوو دەمگوت: پەنا دەگرم بە خوای بیسەرو زانا لە شەیتانی بە نەفرەت کراو؛ بەڕاستی زاتی اللە بیسەرو زانایاە. عەبدوڵڵا دەفەرموێت: باوکم فێری کردم و فەرمووی: وا بڵێ!**

١٤٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ مَعْرُوف، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنْ خَالِد أَبِي يَزِيدَ، عَنْ مُعَاوِيَةَ بْنِ قُرَّةَ قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى مُسْلِم بْنِ يَسَار وَأَنَا أَدفنُ، بَعْضَ جَسَدِي (جسده) قَالَ مُعَاوِيَةُ: وَكَانَ يُطِيلُ السُّجُودَ أَرَاهُ قَالَ: فَوَقَعَ الدَّمُ فِي ثَنِيَّتِه فَسَقَطَتَا فَدَفَنْتُهُمَا قَالَ: قُلْتُ: مَا عِنْدِي مِنْ كَثِير عَمَلٍ إِلَّا أَنِّي أَرْجُو الله عَزَّ وَجَلَّ وَأَخَافُ مِنْهُ قَالَ: فَرَفَعَ رَأْسَهُ إِلَيَّ كَالْمَذْعُور فَقَالَ لِي: كَيْفَ قُلْتَ؟ قَالَ: قُلْتُ: مَا عِنْدِي مِنْ كَبِير عَمَلٍ إِلَّا أَنِّي أَرْجُو الله عَزَّ وَجَلَّ وَأَخَافُ مِنْهُ قَالَ: فَقَالَ: مَا شَاءَ الله مَا شَاءَ الله مَنْ خَافَ مِنْ شَيْءٍ حَذِرَ مِنْهُ وَمَنْ رَجَا شَيْئًا طَلَبَهُ، وَمَا أَدْرِي مَا حَسْبُ خَوْفِ عَبْدٍ عَرَضَتْ له شَهْوَةٌ فَلَمْ يَدَعْهَا لِمَا يَخَافُ؟ أَو ابْتُلِيَ بِبَلَاءٍ فَلَمْ يَصْبِرْ عَلَيْه لِمَا يَرْجُو؟ قَالَ مُعَاوِيَةُ: فَإِذًا أَنَا قَدْ زَكَّيْتُ نَفْسِي وَأَنَا لَا أَعْلَمُ ".

واتە: خالیدی کوڕی باوکی یەزید لە موعاویەی کوڕی قوڕڕەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هارونی کوڕی مەعروف لە زەمرەوە ئەویش لە خالیدی کوڕی باوکی یەزیدەوە ئەویش لە موعاویەی کوڕی قوڕڕەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕۆیشتمە خزمەت موسلیمی کوڕی

یەسار و هەندێ لە جەستەی موسلیمم دەخستە[1] چاڵەوە موعاویە فەرمووی: موسلیم لە سەجدەدا زۆر دەمایەوە.. وەبزانم فەرمووی: خوێن لە دانەکانی هاتن و دوو دانی کەوتن و منیش دانەکانیم خستە چاڵەوە؛ دەفەرمووێت: گوتم: من کار و کردەوەیەکی هێندە زۆرم نییە ئەوەندە نەبێ کە هیوام هەیە و بە تەمای خوای گەورەم و لێی دەترسم (واتە: خەوفی و ڕەجام هەیە).. دەفەرمووێت: لەو کاتەدا موسلیم وەکوو کەسێکی مەدهۆش و سەراسیمە سەری بەرز کردەوە و بە منی فەرموو: ئەوە چیت گوت؟ دەفەرمووێت: گوتم: من کار و کردەوەیەکی هێندە زۆرم نییە ئەوەندە نەبێ کە هیوام بە خوای گەورە هەیە و لێی دەترسم! موسلیم فەرمووی: ماشەڵڵا! ماشەڵڵا! هەر کەسێ لە شتێک بترسێ خۆی لەو شتە دەپارێزێ و هەر کەسێ بە تەمای شتێک بێ هەوڵی بۆ دەدا! من نازانم ترسی ئەو کەسانە چۆنە شەهوەت و تام چێژی دونیایی بەرۆکیان دەگرێت و خۆیانی لێ ناپارێزن؟! یان تووشی بەڵا و موسیبەتێک دەبن و سەبر ناگرن و بە تەمای پاداشت نین!؟ موعاویە گوتی: دەی کەواتە من پەسنی خۆمم داوە و تەزکیەی خۆمم کردووە و نەمزانیوە!!

١٤٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبو عَامِرٍ الْعَدَوِيُّ حَوْثَرَةُ بْنُ أَشْرَسَ بْنِ عَوْنِ بْنِ مُجَشِّرِ بْنِ حُجَيْرِ بْنِ الرَّبِيعِ قَالَ: أَنْبَأَنَا حَمَّادُ بْنُ مُسْلِمٍ، عَنْ حَبِيبِ بْنِ الشَّهِيدِ، أَنَّ مُسْلِمَ بْنَ يَسَارٍ، كَانَ قَائِمًا يُصَلِّي فَوَقَعَ حَرِيقٌ إِلَى جَنْبِهِ، فَمَا شَعَرَ بِهِ حَتَّى أُطْفِئَتِ النَّارُ".

واتە: حەممادی کوڕی موسلیم لە حەبیبی کوڕی شەهیدەوە دەگێڕێتەوە کە موسلیمی کوڕی یەسار بەپێوە وەستابوو نوێژی دەکرد؛ ئاگرێک لە لایا کەوتەوە؛ موسلیم بەو ئاگرەی نەزانی تا دامرکایەوە و کوژایەوە.

١٤٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَسْوَدُ بْنُ عَامِرٍ، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، عَنْ ثَابِتٍ، عَنْ مُسْلِمِ بْنِ يَسَارٍ قَالَ: «مَا أَدْرِي مَا حَسْبُ إِيمَانِ عَبْدٍ لَا يَدَعُ شَيْئًا يَكْرَهُهُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ؟».

واتە: حەممادی کوڕی ثابت لە موسلیمی کوڕی یەسارەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: نازانم ئیمان و بیرو باوەڕی ئەو کەسانە چۆنە کە واز لە هیچ یەک لەو شتانە ناهێنن کە خوای گەورە ڕقی لێیەتی؟

---

[1] لە ڕیوایەتەکەدا نووسراوە: جسدي. دیارە ئەوە هەڵەیەو من لە پاڵ ئەو وشەیەدا لە نێوان دو کەوانەدا وشەی (جسده)یم بۆ زیاد کردووە و لە جێگایەکیترا ئەوەم دیوە کە موسلیم دانی کەوتووە و موعاویە (جسده) دەڵێت نەك (جسدي) و هەر لە خودی ئەم ڕیوایەتەشا گوتراوە کە موسلیم دانی کەوتووە نەك موعاویە. خوداش زاناترە.

١٤٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَسْوَدُ بْنُ عَامِر، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، عَنْ ثَابِت، عَنْ مُسْلِم بْنِ يَسَار قَالَ: «مَا مِنْ شَيْءٍ مِنْ عَمَلِي إِلاَّ وَأَنَا أَخَافُ أَنْ يَكُونَ قَدْ دَخَلَه شَيْءٌ أَفْسَدَهُ إِلاَّ الْحُبَّ فِي الله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: حەمماد لە ثابتەوە ئەویش لە موسلیمی کوڕی یەسارەوە گێڕایەوە فەرمووی: هیچ کار و کردەوەیەکم نییە مەگەر ئەوەی کە دەترسم شتێکی تێکەڵ بوبێت و خراپ بوبێت جگە لە خۆشەویستی لەبەر خوا نەبێت (واتە: تەنیا خۆشەویستی لە پێناو خوای گەورەدا هیچ شتێکی تێ نەکەوتووە و خراپ نەبووە).

١٤٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي شَيْبَانُ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا أَبو هِلاَل، حَدَّثَنَا قَتَادَةُ قَالَ: قَالَ مُسْلِمُ بْنُ يَسَارٍ: «اعْمَلْ عَمَلَ رَجُلٍ لاَ يُنْجِيهِ إِلاَّ عَمَله وَتَوَكَّلْ تَوَكُّلَ رَجُلٍ لاَ يُصِيبُهُ إِلاَّ مَا كَتَبَ الله له».

واتە: باوکی هیلال دەفەرموێت: قەتادە بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: موسلیمی کوڕی یەسار فەرمووی: بە جۆرێک کار بکە وەک ئەو کەسەی کە بە هۆی کارەکانییەوە نەبێ ڕزگاری نەبێت؛ پشت بە خوداش ببەستە؛ بە جۆرێ پشتی پێ ببەستە وەک کەسێ کە خوای گەورە هیچی بە نسیب نەکات جگە لەوەی کە بۆی نووسیوە.

١٤٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ إِسْحَاقَ بْن مُحَمَّد بْن الْمُثَنَّى قَالَ: حَدَّثَنِي أَنَسُ بْنُ عِيَاض، عَنْ يُونُسَ قَالَ: حَدَّثَنِي ابْنُ شِهَاب قَالَ: قَالَ إِبْلِيسُ لِعِيسَى ابْن مَرْيَمَ عَلَيْه السَّلاَمُ: يَا ابْنَ مَرْيَمَ إِنَّكَ لاَ يُصِيبُكَ إِلاَّ مَا كَتَبَ الله لَكَ قَالَ: أَجَلْ يَا عَدُوَّ الله قَالَ: فَارْقَ هَذَا الْجَبَلَ فَارْمِ بِنَفْسِكَ أَنْظُرُ تَمُوتُ، قَالَ عِيسَى عَلَيْه السَّلاَمُ: يَا عَدُوَّ الله إِنَّ الله تَبَارَكَ وَتَعَالَى يَبْتَلِي عَبْدَهُ وَالْعَبْدُ لاَ يَبْتَلِي رَبَّهُ".

واتە: ئەنەسی کوڕی عیاز لە یونسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کوڕی شیهاب بۆی گێڕامەوە فەرمووی: ئیبلیس بە عیاسی کوڕی مەریەمی (سەلامی خوای لەسەر بێت) گوت: کوڕی مەریەم! تۆ هیچت تووش نابێ ئەوە نەبێ کە خوا لەسەر تۆی نووسیوە! حەزرەتی عیسا فەرمووی: ئەی دوژمنی خوا! خوای گەورە و میهرەبان بەندەکانی تاقی دەکاتەوە و خۆ بەندەکان خوای گەورە تاقی ناکەنەوە!

١٤٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو عَامر الْعَقَدِيُّ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ ثَابِت، يَعْنِي الْبُنَانِيَّ عَنْ أَنَس، أَنَّ أَبَا طَلْحَةَ الْأَنْصَارِيَّ، قَرَأَ سُورَةَ بَرَاءَةَ فَلَمَّا أَتَى عَلَى هَذه الْآيَةَ: ﴿ انفِرُوا خِفَافًا وَثِقَالًا ﴾ التوبة: ٤١ قَالَ: أَرَى رَبَّنَا عَزَّ وَجَلَّ سَيَسْتَنْفِرُنَا شُيُوخًا وَشُبَّانًا جَهِّزُونِي أَيْ بَنِيَّ فَقَالَ بَنُوهُ: يَرْحَمُكَ الله قَدْ غَزَوْتَ مَعَ رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ حَتَّى مَاتَ وَمَعَ أَبِي بَكْر حَتَّى مَاتَ وَمَعَ عُمَرَ رَضِيَ الله عَنْهُمَا فَنَحْنُ نَغْزُو عَنْكَ، فَأَبَى فَجَهَّزُوهُ فَرَكبَ الْبَحْرَ فَمَاتَ فَلَمْ يَجِدُوا له جَزِيرَةً يَدْفِنُوهُ فِيهَا إِلَّا بَعْدَ سَبْعَة أَيَّام فَلَمْ يَتَغَيَّرْ فَدَفَنُوهُ فِيهَا ".

واتە: حەمادی کوڕی سەلەمە لە ثابتەوە ئەویش لە ئەنەسەوە گێڕایەوە کە باوکی تەڵحەی ئەنصاری سورەتی تەوبەی خوێندەوە؛ کاتێ گەیشتە ئایەتی: ﴿ انفِرُوا خِفَافًا وَثِقَالًا ﴾ گوتی: من وای دەبینم کە خوای گەورە داوای ئەوەمان لێ دەکات بچین بۆ جەنگ جا پیر بین یان گەنج؛ ئادەی کوڕەکانم ئامادەکاریم بۆ بکەن و وەڕێم بخەن! کوڕەکانی گوتیان: باوکە خوا ڕەحمت پێ بکات تۆ لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) غەزات کردووە هەتا ئەو کاتەی کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد؛ دوای ئەو لە خزمەت ئەبوبەکرا غەزات کردووە هەتا ئەویش وەفاتی کرد؛ دوای ئەویش لە خزمەت عومەرا غەزات کرد هەتا ئەویش وەفاتی رد؛ ئێستا ئیتر ئێمە لە جیاتیی تۆ دەچینە غەزا! باوکی تەڵحە بەوە ڕازی نەبوو؛ بۆیە بەڕێیانخست بۆ غەزا کردن؛ لە ڕێگای دەریاوە ڕۆیشت بۆ غەزاو لە ڕێگادا گیانی دەرچوو مرد؛ جزیرەو دوورگەیەکیان دەست نەکەوت تەرمەکەی ئەوی تێدا بنێژن؛ دوای حەوت ڕۆژ گەیشتنە ووشکانی؛ تەرمەکەی بۆگەنی نەکرد و هیچ نەگۆڕاو ئەسپەردەی خاکیان کرد.

١٤٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ حَرْب، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ زَيْد، عَنْ مُحَمَّد بْنِ وَاسع قَالَ: قَالَ مُسْلِمُ بْنُ يَسَارٍ: «إِيَّاكُمْ وَالْمِرَاءَ فَإِنَّهَا سَاعَةُ جَهْلِ الْعَالِمِ وَبِهَا يَبْتَغِي الشَّيْطَانُ زَلَّتَهُ».

واتە: حەمادی کوڕی زەید لە موحەممەدی کوڕی واسیعەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: موسلیمی کوڕی یەسار فەرمووی: نەکەن ڕوپامایی و ڕیا بکەن! ئەو کاتە کە ڕوپامایی تێدا دەکرێ کات کاتی نەفامیە؛ ئالەو کاتەدا شەیتان کاری خۆی دەکات و مرۆڤ تووشی هەڵە دەکات.

١٤٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ إِسْحَاقَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ الْمُبَارَكِ، حَدَّثَنَا عَاصِمٌ الْأَحْوَلُ، ذَكَرَهُ عَنْ أَبِي قِلَابَةَ قَالَ: قَالَ مُسْلِمُ بْنُ يَسَارٍ: " إِنَّكَ إِذَا كُنْتَ قَائِمًا بَيْنَ يَدَيْ الله أَحْبَبْتَ أَنْ يَرَاكَ مُتَخَشِّعًا لِتَنْجَحَ لَكَ حَاجَتُكَ قِيلَ فَأَيْنَ مُنْتَهَى الْبَصَرِ فِي الصَّلَاةِ؟ قَالَ: مَوْضِعُ السُّجُودِ حَسْبُ ".

واتە: عەلیی کوڕی ئیسحاق لە عەبدوڵڵای کوڕی موبارەکەوە گێڕایەوە فەرمووی: عاصمی ئەحوەل لە باوکی قیلابەوە ئەوەی گێڕایەوە فەرموویەتی: موسلیمی کوڕی یەسار فەرموویەتی: تۆ کاتێ لە خزمەت خوای گەورەدا ڕادەوەستیت و (نوێژ دەکەیت) خوای گەورە پێی خۆشە ملکەچ بیت و بە ملکەچییەوە بتبینێ؛ بۆ ئەوەی پێویستییەکانت بۆ جێبەجێ بکات.. پرسیاری لێکرا: مرۆڤ لە نوێژا تا کوێ سەیر بکات و لەکوێ زیاتر سەیر نەکات؟ فەرمووی: شوێنی سەجدە بردن بەسە.

١٤٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ إِسْحَاقَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَنْبَأَنَا الْمُبَارَكُ بْنُ فَضَالَةَ، أَخْبَرَنِي مَيْمُونُ بْنُ حَيَّانَ قَالَ: مَا رَأَيْتُ مُسْلِمَ بْنَ يَسَارٍ مُتَلَفِّتًا فِي صَلَاتِهِ قَطُّ خَفِيفَةً وَلَا طَوِيلَةً وَلَقَدِ انْهَدَمَتْ نَاحِيَةُ الْمَسْجِدِ فَفَزِعَ أَهْلُ السُّوقِ لِهَدَّتِهِ وَإِنَّهُ لَفِي الْمَسْجِدِ فِي صَلَاةٍ فَمَا الْتَفَتَ ".

واتە: موبارەکی کوڕی فەزالە فەرمووی: مەیمونی کوڕی حەییان فەرمووی: هەرگیز نەمدیوە موسلیمی کوڕی یەسار چ کەم یان زۆر؛ لە نوێژا لا بکاتەوە؛ جارێک سوچێکی مزگەوت ڕووخاو دەنگی ڕوخانەکەی هێندە گەورە بوو خەڵکی لە بازاڕا ترسیان لێ نیشت؛ کەچی موسلیم لەناو مزگەوتدا بوو هەر لایشی نەکردەوە!

١٤١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ الْمُبَارَكِ، عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ الْمُغِيرَةِ، عَنْ صَاحِبٍ لَهُ، عَنِ ابْنِ مُسْلِمِ بْنِ يَسَارٍ، أَنَّ أَهْلَ الشَّامِ، لَمَّا دَخَلُوا هَزَمُوا أَهْلَ الْبَصْرَةِ زَمَنَ ابْنِ الْأَشْعَثِ فَصَوَّتَ أَهْلُ دَارِ مُسْلِمِ بْنِ يَسَارٍ، فَقَالَتْ لَهُ أُمُّ وَلَدِهِ: " أَمَا سَمِعْتَ الصَّوْتَ؟ قَالَ: مَا سَمِعْتُهُ ".

واتە: لە سولەیمانی کوڕی موغیرەوە ئەویش لە هاوڕێیەکی ئەویش لە کوڕێکی موسلیمی کوڕی یەسارەوە دەگێڕنەوە کە خەڵکی شام کاتێ هێرشیان کرد خەڵکی بەسرەیان شکاند؛ سەردەم سەردەمی کوڕی ئەشعەث بوو؛ (لە کاتی هێرش کردنە ناو شاری بەصرە) ماڵ و مناڵی

موسلیمی کوڕی یەسار هەموویان قیژاندیان؛ دایکی منالّەکان بە موسلیمی گوت: ئەوە گوێت لەو قیژەو هاوارە نەبو؟ موسلیم گوتی: نەخێر گوێم لێ نەبووا (دیارە موسلیم لەو کاتەدا لەناو نوێژا بووە و ئاگای لە قیژەو هاواری منالّەکانی نەبووە. خوداش زاناترە).

١٤١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ إِسْحَاقَ، أَنْبَأَنَا عَبْدُ الله قَالَ: أَنْبَأَنَا جَعْفَرُ بْنُ حَيَّانَ قَالَ: ذُكِرَ لِمُسْلِمِ بْنِ يَسَارٍ قِلَّةُ الْتِفَاتِهِ فِي صَلَاتِهِ قَالَ: «مَا يُدْرِيكُمْ أَيْنَ قَلْبِي».

واتە: عەلیی کوڕی ئیسحاق لە عەبدوڵلاوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: جەعفەری کوڕی حەییان فەرمووی: لای موسلیمی کوڕی یەسارا باسی ئەوە کرا کە هەرگیز لە نوێژا لا ناکاتەوە! موسلیم فەرمووی: جا ئێوە چوزانن دڵم لە کوێیە؟!

١٤١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا أَبُو دَاوُدَ، حَدَّثَنَا الرَّبِيعُ بْنُ صُبَيْحٍ، حَدَّثَنَا مَكْحُولٌ قَالَ: رَأَيْتُ سَيِّدًا مِنْ سَادَتِكُمْ دَخَلَ الْكَعْبَةَ فَقُلْتُ: مَنْ؟ قَالَ: مُسْلِمُ بْنُ يَسَارٍ فَقُلْتُ: لَأَنْظُرَنَّ مَا يَصْنَعُ قَالَ: فَرَأَيْتُهُ قَامَ عِنْدَ الزَّاوِيَةِ ثُمَّ تَقَدَّمَ فَاسْتَقْبَلَ الرُّخَامَةَ فَصَلَّى أَحْسَنَ الصَّلَاةِ ثُمَّ سَجَدَ وَلَمْ أَفْهَمْ مِنْهُ شَيْئًا إِلَّا أَنَّهُ جَعَلَ يَقُولُ فِي سُجُودِهِ: «اغْفِرْ لِي ذَنْبِي وَمَا قَدَّمَتْ يَدَايَ ثُمَّ بَكَى حَتَّى بَلَّ الْمَرْمَرَ».

واتە: باوکی داود لە ڕەبیعی کوڕی صوبەیحەوە ئەویش لە مەکحولەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گەورەیەکم لە گەورەکانی ئێوە بینی ڕۆیشتە ناو کەعبەوە؛ منیش گوتم: ئەوە کێی؟ گوتی: موسلیمی کوڕی یەسارم! جا بە خۆمم گوت: ئێستا سەیری دەکەم بزانم چی دەکات؟ بینیم لە سوچێکا وەستا؛ ڕوی لە دیوارەکەی کرد و دەست بە نوێژ کرد و جوانترین نوێژی دەکرد؛ دوایی سەجدەی بردو من هیچی لێ تێنەگەیشتم بزانم چیی دەڵێ تەنیا ئەوە نەبێ کە بیستم دەیگوت: خوایە لە تاوانم خۆشبە؛ لەوەی پێشتر کردومە. دوایی ئەوەندە گریا تا مەڕمەڕەکەی ژێر پێی تەڕ بوو.

١٤١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا أَبُو الْوَلِيدِ، حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ مُسْلِمٍ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: مَا سَمِعْتُهُ يَلْعَنُ شَيْئًا قَطُّ وَيَقُولُ: لَوْ لَعَنْتُ شَيْئًا مَا تَرَكْتُهُ فِي بَيْتِي وَيَقُولُ: «لَا يَنْبَغِي لِصِدِّيقٍ أَنْ يَكُونَ لَعَّانًا».

واتە: موبارەك لە عەبدوڵڵای کوڕی موسلیمەوە گێڕایەوە؛ ئەویش لە باوکییەوە گێڕایەوە فەرمووی: هەرگیز نەمبیستووە باوکم نەفرەت لە هیچ کەسێک بکات.. دەفەرمووێ: ئەگەر لەعنەت و نەفرەت لە شتێک بکەم نابێ لە ماڵەکەما بمێنێتەوە.. هەروەها دەیفەرموو: نابێ مرۆڤی ڕاستگۆ نەفرەت فرۆش بێت.

١٤١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا ابْنُ مَهْدِيٍّ، عَنْ حَمَّادِ بْنِ سَلَمَةَ، عَنْ ثَابِتٍ، عَنْ مُسْلِمِ بْنِ يَسَارٍ قَالَ: " كَانُوا يَقُولُونَ لِلرَّجُلِ إِذَا بَرِئَ مِنْ مَرَضِهِ: «لِيَهْنِكَ الطُّهْرُ».

واتە: حەمادی کوڕی سەلەمە لە ثابتەوە ئەویش لە موسلیمی کوڕی یەسارەوە گێڕایەوە فەرمووی: پێشو هەر کەسێک لە نەخۆشی ڕزگاری بوایەو چاک بوایەتەوە پێیان دەگوت: پاکبوونەوەت پیرۆز بێ!

١٤١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ مَعْرُوفٍ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي حَمَلَةَ، قَالَ ابْنُ أَبِي إِدْرِيسَ عَائِذُ اللهِ لِأَبِيهِ: يَا أَبَتِ أَمَا يُعْجِبُكَ طُولُ صَمْتِ أَبِي عَبْدِ اللهِ يَعْنِي مُسْلِمَ بْنَ يَسَارٍ؟ قَالَ: أَيْ بُنَيَّ تَكَلُّمٌ بِحَقٍّ خَيْرٌ مِنْ سُكُوتٍ عَنْهُ، فَذَهَبَ ابْنُ أَبِي إِدْرِيسَ إِلَى مُسْلِمٍ فَقَالَ: يَا أَبَا عَبْدِ اللهِ إِنِّي قُلْتُ لِأَبِي: أَمَا يُعْجِبُكَ طُولُ صَمْتِ أَبِي عَبْدِ اللهِ؟ فَقَالَ: يَا بُنَيَّ تَكَلُّمٌ بِحَقٍّ خَيْرٌ مِنْ سُكُوتٍ عَنْهُ، فَقَالَ مُسْلِمٌ: «سُكُوتٌ عَنِ الْبَاطِلِ خَيْرٌ مِنْ تَكَلُّمٍ بِهِ».

واتە: زەمرە لە عەلیی کوڕی باوکی حەمەلەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کوڕی باوکی ئیدریس واتە: عائیزوڵڵا بە باوکی خۆی گوت: باوکە! ئەوە تۆ پێت سەیر نییە کە باوکی عەبدوڵڵا مەبەستم موسلیمی کوڕی یەسارە؛ ئەوەندە بێدەنگە؟ باوکی گوتی: ئای کوڕم! هەق گوتن لە بێدەنگی باشترە! جا کوڕی باوکی ئیدریس ڕۆیشت بۆ لای موسلیم و گوتی: باوکی عەبدوڵڵا! من بە باوکم گوت: باوکە! ئەوە تۆ پێت سەیر نییە کە باوکی عەبدوڵڵا ئەوەندە بێدەنگە؟ باوکم گوتی: ئای کوڕم! هەق گوتن لە بێدەنگی باشترە! موسلیم گوتی: باس نەکردنی شتی پڕو پوچ و بەتاڵ لە باسکردنی باشترە.

١٤١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، قَالَا: حَدَّثَنَا زَيْدُ بْنُ الْحُبَابِ، أَخْبَرَنِي عَبْدُ الْحَمِيدِ بْنُ عَبْدِ اللهِ بْنِ مُسْلِمِ بْنِ يَسَارٍ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: «كَانَ مُسْلِمٌ إِذَا دَخَلَ الْمَنْزِلَ سَكَتَ أَهْلُ الْبَيْتِ فَلَا يُسْمَعُ لَهُمْ كَلَامٌ، وَإِذَا قَامَ يُصَلِّي تَكَلَّمُوا وَضَحِكُوا».

واتە: زەیدی کوڕی حوباب لە عەبدولحەمیدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی موسلیمی کوڕی یەسارەوە ئەویش لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: موسلیم عادەتی وا بوو کاتێ دەهاتە ماڵەوە ئیتر هەر کەسێ لەناوماڵا بوایە بێدەنگ دەبوو هیچ دەنگێک نەدەبیسرا؛ جا کە ئەو هەڵدەستا بۆ نوێژ کردن ئیتر ئەوانیتر بۆخۆیان قسەیان دەکردو پێدەکەنین (مەبەست ئەوەیە موسلیم لە کاتی نوێژا وەها ڕۆدەچو ئاگای لە دەوروبەری خۆی نەدەماو ئەوانیش بۆخۆیان قسەی خۆشیان دەکردو پێدەکەنین).

١٤١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا زَيْدٌ، عَنْ بَعْضِ الْبَصْرِيِّينَ، أَنَّ مُسْلِمًا، كَانَ يُصَلِّي فِي الْمَسْجِدِ قَالَ: فَوَقَعَ بَعْضُ الْمَسْجِدِ فَفَزِعَ بَعْضُ أَهْلِ الْمَسْجِدِ قَالَ: وَمُسْلِمٌ فِي بَعْضِ الْمَسْجِدِ مَا تَحَرَّكَ ".

واتە: زەید لە کەسێکی بەصرییەوە دەگێڕێتەوە گوتویەتی: موسلیم لە مزگەوتدا نوێژی دەکرد.. جا دەفەرموێت: لایەکی مزگەوتەکە ڕووخا؛ ئەوەی لە مزگەوتدا بوو ترسی لێ نیشت.. دەفەرموێت: موسلیم لە سوچێکی مزگەوت بوو نەجوڵا.

١٤١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو قَطَنٍ، وَهَاشِمٌ، حَدَّثَنَا مُبَارَكٌ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مُسْلِمِ بْنِ يَسَارٍ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: «إِنِّي أَكْرَهُ أَنْ يَرَانِيَ اللهُ، عَزَّ وَجَلَّ أُصَلِّي له قَاعِدًا مِنْ غَيْرِ مَرَضٍ».

واتە: موبارەك لە عەبدوڵڵای کوڕی موسلیمی کوڕی یەسارەوە ئەویش لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە؛ فەرموویەتی: من ئەگەر نەخۆش نەبم؛ پێم شەرمە خوای گەورە بمبینێ بە دانیشتنەوە نوێژ بکەم (مەبەست نوێژی سوننەتەوە کە مرۆڤی لەشساغیش دەتوانێ بە دانیشتنەوە بیکات؛ بەڵام نوێژە فەرزەکان مرۆڤی لەشساغ دەبێت بە پێوە و بە ڕاوەستانەوە بیانکات).

باسی عەلای کوڕی زیاد
(خوای لێ ڕازی بێت)

١٤١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَار، يَسْأَلُ هِشَامَ بْنَ زِيَاد الْعَدَوِيَّ عَنْ هَذَا الْحَدِيث، فَحَدَّثَنَا بِهِ يَوْمَئِذ قَالَ: تَجَهَّزَ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الشَّام وَهُوَ يُرِيدُ الْحَجَّ، فَنَامَ فَأَتَاهُ آت فِي مَنَامِهِ فَقَالَ لَه: ائْتِ الْعِرَاقَ ثُمَّ ائْتِ الْبَصْرَةَ ثُمَّ ائْتِ بَنِي عَدِيٍّ فَأْتِ بِهَا الْعَلَاءَ بْنَ زِيَاد فَإِنَّهُ رَجُلٌ أَقْصَمُ الثَّنِيَّة بَسَّامٌ فَبَشِّرْهُ بِالْجَنَّة قَالَ: فَقَالَ: رُؤْيَا لَيْسَتْ بِشَيْء قَالَ: حَتَّى إِذَا كَانَتِ اللَّيْلَةُ الثَّانِيَةُ رَقَدَ فَأَتَاهُ آت فَقَالَ لَه: أَلَا تَأْتِي الْعِرَاقَ ثُمَّ تَأْتِي الْبَصْرَةَ فَذَكَرَ مِثْلَ ذَلِكَ، حَتَّى إِذَا كَانَتِ اللَّيْلَةُ الثَّالِثَةُ جَاءَهُ بِوَعِيد فَقَالَ: أَلَا تَأْتِي الْعِرَاقَ ثُمَّ تَأْتِي الْبَصْرَةَ ثُمَّ تَأْتِي بَنِي عَدِيٍّ فَتَلْقَى الْعَلَاءَ بْنَ زِيَاد رَجُلٌ رَبْعَةٌ أَقْصَمُ الشَّفَة بَسَّامٌ فَبَشِّرْهُ بِالْجَنَّة قَالَ: فَأَصْبَحَ وَأَخَذَ جِهَازَهُ إِلَى الْعِرَاق فَلَمَّا خَرَجَ مِنَ الْبُيُوت إِذَا الَّذِي أَتَاهُ فِي مَنَامِه يَسِيرُ بَيْنَ يَدَيْه يَرَاهُ مَا سَارَ فَإِذَا نَزَلَ فَقَدَهُ فَلَمْ يَرَهُ حَتَّى دَخَلَ الْكُوفَةَ ثُمَّ فَقَدَهُ قَالَ: فَتَجَهَّزَ مِنَ الْكُوفَة فَخَرَجَ فَرَآهُ يَسِيرُ بَيْنَ يَدَيْه حَتَّى قَدِمَ الْبَصْرَةَ فَأَتَى بَنِي عَدِيٍّ فَدَخَلَ دَارَ الْعَلَاء بْن زِيَاد فَوَقَفَ الرَّجُلُ عَلَى بَاب الْعَلَاء فَسَلَّمَ، قَالَ هِشَامٌ: فَخَرَجْتُ إِلَيْه فَقَالَ لِي: أَنْتَ الْعَلَاءُ بْنُ زِيَاد؟ قَالَ: قُلْتُ لَا وَقُلْتُ: انْزِلْ رَحِمَكَ الله فَضَعْ رَحْلَكَ وَضَعْ مَتَاعَكَ قَالَ: لَا، أَيْنَ الْعَلَاءُ بْنُ زِيَاد؟ قَالَ: قُلْتُ: هُوَ فِي الْمَسْجِد قَالَ: وَكَانَ الْعَلَاءُ يَجْلِسُ فِي الْمَسْجِد يَدْعُو بِدَعَوَات وَيَتَحَدَّثُ، قَالَ هِشَامٌ: فَأَتَيْتُ الْعَلَاءَ فَخَفَّفَ مِنْ حَدِيثِه وَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ ثُمَّ جَاءَ فَلَمَّا رَآهُ الْعَلَاءُ تَبَسَّمَ فَبَدَتْ ثَنِيَّتُهُ فَقَالَ: هَذَا وَالله صَاحِبِي قَالَ: فَقَالَ الْعَلَاءُ: هَلَّا حَطَطْتَ رَحْلَ الرَّجُل إِلَّا أَنْزَلْتَهُ؟ قَالَ: قَدْ قُلْتُ لَه فَأَبَى، فَقَالَ الْعَلَاءُ: انْزِلْ رَحِمَكَ الله قَالَ: فَقَالَ: أَخْلِنِي قَالَ: فَدَخَلَ الْعَلَاءُ مَنْزِلَه وَقَالَ: يَا أَسْمَاءُ تَحَوَّلِي إِلَى الْبَيْت الْآخَر فَتَحَوَّلَتْ وَدَخَلَ الرَّجُلُ فَبَشَّرَهُ بِرُؤْيَا ثُمَّ خَرَجَ فَرَكِبَ قَالَ: وَقَامَ الْعَلَاءُ فَأَغْلَقَ بَابَهُ فَبَكَى ثَلَاثَةَ أَيَّام أَوْ قَالَ: سَبْعَةَ أَيَّام لَا يَذُوقُ فِيهَا طَعَامًا وَلَا شَرَابًا وَلَا يَفْتَحُ بَابَهُ، قَالَ هِشَامٌ: فَسَمِعْتُهُ يَقُولُ فِي خِلَال بُكَائِه: أَنَا أَنَا قَالَ: فَكُنَّا نَهَابُهُ أَنْ نَفْتَحَ بَابَهُ وَخَشِيتُ أَنْ يَمُوتَ فَأَتَيْتُ الْحَسَنَ رَحِمَهُ الله فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لَه قُلْتُ: لَا أَرَاهُ إِلَّا مَيِّتًا لَا يَأْكُلُ وَلَا يَشْرَبُ

بَاكِيًا فَجَاءَ الْحَسَنُ حَتَّى ضَرَبَ عَلَيْهِ وَقَالَ: افْتَحْ يَا أَخِي فَلَمَّا سَمِعَ كَلَامَ الْحَسَنِ قَامَ فَفَتَحَ وَبِهِ مِنَ الضُّرِّ شَيْءٌ اللهُ بِهِ عَلِيمٌ، فَكَلَّمَهُ الْحَسَنُ ثُمَّ قَالَ: رَحِمَكَ اللهُ وَمِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ إِنْ شَاءَ اللهُ أَفَقَاتِلٌ نَفْسَكَ أَنْتَ؟ قَالَ هِشَامٌ: حَدَّثَنَا الْعَلَاءُ لِي وَلِلْحَسَنِ بِالرُّؤْيَا وَقَالَ: لَا تُخْبِرُوا بِهَا مَا كُنْتُ حَيًّا".

واته: جەعفەر دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: گوێم لە مالیکی کوڕی دینار بوو پرسیاری ئەم بەسەرهاتەی لە هیشامی کوڕی زیادی عەدەوی دەکرد؛ ئەویش ڕۆژێک بۆی گێڕاینەوە و فەرمووی: پیاوێکی خەڵکی شام خۆی ئامادەکردبوو بڕوا بۆ حەج؛ شەوێک خەوت و لە خەویا چاوی بە کەسێک کەوت پێی گوت: بڕۆ بۆ عێراق و دوایی بڕۆ بۆ بەصرە دوایی بڕۆ بۆ لای بنەماڵەی بەنی عەدیی لەوێ بڕۆ بۆ لای عەلای کوڕی زیاد؛ عەلا پیاوێکە دانێکی پێشەوەی شکاوە و کەلە؛ هەمیشە دەم بە خەندەیە؛ بڕۆ بۆ لای ئەوو مزگێنی بەهەشتی پێ بدە! پیاوەکە دوای ئەوەی بە ئاگا هاتەوە بە خۆی گوت: کوڕە ئەوە خەو بووە و خەویش هیچ نییە! دەفەرموێت: بۆ شەوی دووەم نووستەوە و دوبارە کەسێک هاتە خەوی و پێی گوت: ئەوە ناچی بۆ عێراق؟ و لەوێ ناچی بۆ بەصرەو؟ دوایی وەکوو ئەوەی شەوی ڕابردوی دوبارە کردەوە.. جا بۆ شەوی سێیەم دیسان هاتەوە خەوی و هەڕەشەی لێ کرد وگوتی: بۆ ناڕۆی بۆ عێراق و لەوێ بچی بۆ بەصرەو لەوێش بڕۆی بۆ لای بنەماڵەی عەدی و لەوێ چاووت بە عەلای کوڕی زیاد بکەوێ؟ عەلا پیاوێکی ناوشان پانەو دانێکی پێشەوەی کەلەو بەردەوام دەم بە خەندەو بزەیە؛ بڕۆ مزگێنیی بەهەشتی پێ بدە.. دەفەرموێت: پیاوەکە بۆ بەیانی کۆڵ و باری پێچایەوە و بەرەو عێراق کەوتەڕێ؛ کاتێ لەماڵ دەرچو هەتا سواری وولاخەکەی بوایە ئەو کەسەی کە دەهاتە خەوی لەلایا ئامادە دەبوو؛ بەڵام کاتێ دادەبەزی نەدەماو چاوی پێی نەدەکەوت! هەتا گەیشتە کوفە؛ لەوێ پیاوەکەی لەبەرچاو وون بوو.. دەفەرموێت: لە کوفەش خۆی بەڕێ خست و کۆڵ و باری پێچایەوە و بەرەو بەصرە وەڕێ کەوت؛ جا کە لە کوفە دەرچو دووبارە پیاوەکەی ناو خەوەکەی دەدییەوە هەتا گەیشتە بەصرە؛ لە بەصرە ڕۆیشت بۆ لای بنەماڵەی عەدیی و ڕۆیشت بۆ ماڵی عەلای کوڕی زیاد؛ پیاوەکە لەبەر دەرگای ماڵی عەلا ڕاوەستاو سەلامێکی کرد؛ هیشام دەفەرموێت: من ڕۆیشتمە دەرەوە بۆ لای پیاوەکە؛ پێی گوتم: تۆ عەلای کوڕی زیادی؟ گوتم: نەخێر! دوایی گوتم: دەی دابەزە ڕەحمەتی خوات لێ بێ! کۆڵ و بارەکە بخە! گوتی: نە! کوا عەلا لە کوێیە؟ گوتم: ئەوەتا لە مزگەوتە.. هیشام دەفەرموێت: عەلا عادەتی وا بوو لە مزگەوتدا دادەنیشت و چەند نزا و پارانەوەیەکی هەبوو ئەوانەی دەکردو دوایی قسەی دەکرد.. هیشام دەفەرموێت: ڕۆیشتم بۆ لای عەلاو عەلا قسەکانی کورت کردەوە و دوو ڕکات نوێژی کرد و دوایی هات؛ جا کە عەلا چاوی بەو پیاوە کەوت زەردەخەنەیەکی کرد و دانە شکاوەکەی دەرکەوت، پاوەکە گوتی: بەخوا ئەمە ئەو

کەسـەیە کە مـن دەمەوێـت! دەفەرموێـت: جا عەلا فەرمـووی: ئەوە بـۆچی کـۆڵ و بـاری ئەم پیاوەت نەخستووە؟ منیش گوتم: خۆی نەیهێشت! عەلا فەرمووی: ڕەحمەتی خوات لێ بێت کۆڵ و بارەکەت بخە! دەڵێ: پیاوەکە گوتی: وازم لێ بێنە! دەفەرموێت: عەلا ڕۆیشتە ژوورەوە و فەرمووی: ئەسپا تۆ بڕۆ بۆ ژوورەکەیترا ئەسپا ڕۆیشتە ژوورەکەیترو پیاوەکە هاتە ماڵەوە و مزگێنیی حەوەکەی بە عەلا ڕاگەیانـدو دوایـی ڕۆیشـتە دەرەوە و سـواری وولاخەکەی بـوو؛ دەفەرموێت: دوای ئەوەی پیاوەکە ڕۆیشت عەلا دەرگای لەسەر خۆی داخست و سێ ڕۆژ هەر دەگریـا.. یـان دەفەرموێـت: حەوت ڕۆژ هەر دەگریـا نە تـامی خـواردنی دەکـرد نە تـامی خواردنەوەی دەکردو نە دەرگای لەسەر خۆی دەکردەوە.. هیشام دەفەرموێت: دەمبیست لە کاتی گریانـا دەیفەرمـوو: مـن؟! مـن؟! هیشـام دەفەرموێـت: ئـێمەش هاولرمـان دەکـردو دەپـاڕاینەوە دەرگاکە بکاتەوە؛ دەترسام بمرێ! بۆیە ڕۆیشتم بۆ لای حەسەن و ئەو ڕووداوەم بۆ باسکردو گوتم: مەگەر خوا ئەینا دەمرێ! نە نان دەخوات نە ئاو؛ هەر خەریکی گریانە.. حەسەن هات و دای لە دەرگـاکەی عەلاو فەرمـووی: دەرگـاکە بـکەوە بـراکەم! جـا کە عەلا گـوێی لە دەنگـی حەسەن بـوو هەسـتا و دەرگاکەی کردەوە و خوا دەزانێ چیی لێ هـاتبوو! جا حەسـەن قسـەی لەگەلا کرد و دوایی فەرمووی: ڕەحمەتی خوات لێ بێت و ان شاء الله بەهەشتیت؛ دەی بۆ خۆت دەکـوژی؟ هیشـام دەفەرموێـت: جا عەلا خەونەکەی ئەو پیـاوەی بـۆ مـن و بـۆ حەسـەن گێڕایەوە و فەرمووی: توخوا هەتا من ماووم بۆ هیچ کەسێکی مەگێڕنەوە.

١٤٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي هَارُونُ بْنُ عَبْدِ اللهِ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنِي حَمَّادٌ، حَدَّثَنَا أَبِي قَالَ: سَمِعْتُ أَنَسًا، يَقُولُ: «إِنَّ لِلْخَيْرِ مَفَاتِيحُ وَإِنَّ ثَابِتًا مِفْتَاحٌ مِنْ مَفَاتِيحِ الْخَيْرِ».

واتە: حەمـاد لە بـاوکییەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: گـوێم لە ئەنەس بـوو دەیفەرمـوو: بەڕاستی خێرو چاکە چەندین کلیلی هەیە؛ بەڕاستی ثابت کلیلێکە لە کلیلەکانی چاکە.

١٤٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي هَارُونُ، عَنْ سَيَّارٍ، حَدَّثَنِي عُبَيْدُ اللهِ بْنُ شُمَيْطٍ قَالَ: سَمِعْتُ أَبِي يَقُولُ: «عَجَبًا لِابْنِ آدَمَ فَبَيْنَمَا قَلْبُهُ فِي الْآخِرَةِ وَحَكَّهُ بُرْغُوثٌ فَنَسِيَ الْآخِرَةَ».

واتە: سەییار لە عوبەیدوڵلای کوڕی شومەیتەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە باوکم بوو دەیفەرموو: مرۆڤ زۆر سەیرە! کاتێ دڵی لە قیامەتە لەو کاتەدا ئەگەر کێچێـک پێوەی بدات قیامەتی لە بیر دەچێتەوە!

١٤٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي هَارُونُ، حَدَّثَنِي سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا رِيَاحٌ، وَعُبَيْدُ الله بْنُ شُمَيْط، وَجَعْفَرٌ، قَالُوا: سَمِعْنَا شُمَيْطَ بْنَ عَجْلَانَ، يَقُولُ: " وَالله مَا رَأَيْتُ أَبْدَانَكُمْ إِلَّا مَطَايَاكُمْ إِلَى رَبِّكُمْ عَزَّ وَجَلَّ قَالَ: فَأَنْضُوهَا فِي طَاعَةِ الله عَزَّ وَجَلَّ بَارَكَ الله فِيكُمْ".

واتە: ڕەباح و عوبەیدوڵڵای کوڕی شومەیت و جەعفەر دەفەرموون: شومەیتی کوڕی عەجلان بۆی گێڕاینەوە و فەرمووی: بەخوا من لاشەی ئێوە وەکوو سوارییەک دێتە بەرچاووم کە ئێوە بە خوای گەورە بگەیەنێت؛ دەی هەستن ئەو لاشەیەی خۆتان لە خواپەرستیدا مانوو بکەن؛ خوای گەورە خێرو بەرەکەتخۆی بڕژێنێ بەسەرتانا.

١٤٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ عَبْدِ الله، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا رَوْحُ بْنُ عَطَاءِ بْنِ أَبِي مَيْمُونَةَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْمَلِكِ بْنُ عُمَيْرٍ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا الْأَحْوَصِ، يَقُولُ فِي دُعَائِهِ: «اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الظِّلَّ وَالْمَاءَ الْمُبَارَكَ وَالْأَمْنَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ».

واتە: ڕەوحی کوڕی عەتا گێڕایەوە فەرمووی: عەبدولمەلیکی کوڕی عومەیر لە کاتی پاڕانەوەدا دەیفەرموو: خوایە! من داوای سێبەری عەرش و ئاوی پڕ پیت و بەرکەت و سازگارت و ئاسایشی ڕۆژی قیامەتت لێ دەکەم.

١٤٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ عَبْدِ الله، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ الضُّبَعِيُّ، حَدَّثَنَا أَبُو سِنَانٍ الْقَسْمَلِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّهٍ، وَأَقْبَلَ، عَلَى عَطَاءٍ الْخُرَاسَانِيِّ فَقَالَ لَهُ: وَيْحَكَ يَا عَطَاءُ أَلَمْ أُخْبَرْ أَنَّكَ تَحْمِلُ عِلْمَكَ إِلَى أَبْوَابِ الْمُلُوكِ وَأَبْنَاءِ الدُّنْيَا، يَا عَطَاءُ تَأْتِي مَنْ يُغْلِقُ عَنْكَ بَابَهُ وَيُظْهِرُ لَكَ فَقْرَهُ وَيُوَارِي عَنْكَ غِنَاهُ وَتَدَعُ مَنْ يَفْتَحُ لَكَ بَابَهُ وَيُظْهِرُ لَكَ غِنَاهُ وَيَقُولُ: ﴿ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾ غافر: ٦٠ وَيْحَكَ يَا عَطَاءُ ارْضَ لَكَ بِدُونٍ مِنَ الدُّنْيَا مَعَ الْحِكْمَةِ وَلَا تَرْضَ بِالدُّونِ مِنَ الْحِكْمَةِ مَعَ الدُّنْيَا، وَيْحَكَ يَا عَطَاءُ إِنْ كَانَ لَا يُغْنِيكَ مَا يَكْفِيكَ فَلَيْسَ شَيْءٌ مِنَ الدُّنْيَا يَكْفِيكَ وَيْحَكَ، يَا عَطَاءُ إِنَّمَا بَطْنُكَ بَحْرٌ مِنَ الْبُحُورِ وَوَادٍ مِنَ الْأَوْدِيَةِ لَا يَمْلَؤُهُ شَيْءٌ إِلَّا التُّرَابُ ".

واتە: باوکی سینانی قەسمەلی فەرمووی: گوێم لە وەهبی کوڕی مونەببیهـ بوو ڕوی لە عەاتی خۆراسانی کرد و پێی گوت: ئای بۆ تۆ عەتا! مەگەر پێت نەگوتراوە تۆ زانستەکەت دەبەیتە بەر دەرگای پادشایان و کوڕانی دونیا؟ ئەی عەتا! تۆ دەچیتە لای ئەوانەی کە دەرگات لەسەر دادەخەن؛ داماوی تۆ بۆخیان دەردەخەن؛ دەوڵەمەندی خۆیان لەتۆ دەشارنەوە؛ کەچی

لەو کەسە دوور دەکەویتەوە کە دەرگای لەسەر تۆ دەکاتەوە و دەوڵەمەندی خۆی بۆ تۆ دەردەخات و دەفەرموێت: لێم بپاڕێوە با پاڕانەوەکانت لێ وەربگرم! ئای عەتا! بە کەمێک دونیا و دانایی زۆر ڕازی بەو بە دونیای زۆرو نادانی ڕازی مەبە! ئای عەتا! ئەگەر بەوە تێر نەخۆی کە هەتە ئیتر بە هەموو دونیا تێر ناخۆی! ئای عەتا! زگت دەریایەکە لە دەریاکان و شیوێکە لە شیوەکان گڵ نەبێ هیچ پڕی ناکاتەوە.

١٤٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مُصْعَبٍ، يَعْنِي هَذَا قَالَ: سَمِعْتُ مَخْلَدَ بْنَ الْحُسَيْنِ، ذَكَرَ أَنَّ الْعَلَاءَ بْنَ زِيَادٍ، قَالَ له رَجُلٌ: وَيْحَكَ رَأَيْتُكَ كَأَنَّكَ فِي الْجَنَّةِ قَالَ: «أَمَا وَجَدَ الشَّيْطَانُ أَحَدًا يَسْخَرُ بِه غَيْرِي وَغَيْرَكَ».

واتە: موحەممەدی کوڕی موصعەب دەفەرموێت: گوێم لە مەخلەدی کوڕی حوسەین بوو باسی ئەوەی کرد کە عەلای کوڕی زیاد پیاوێک پێی گوت: ئای! من تۆم بینی لەخەوا وەک بڵێی لە بەهەشتدا بوی! فەرمووی: باشە شەیتان کەسی دەست نەکەوت گاڵتەی پێ بکات من و تۆ نەبێ؟!

١٤٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ قَتَادَةَ، عَنِ الْعَلَاءِ بْنِ زِيَادٍ، أَنَّ رَجُلًا، كَانَ يُرَائِي بِعَمَلِه فَجَعَلَ يُشَمِّرُ ثِيَابَهُ وَيَرْفَعُ صَوْتَهُ إِذَا مَا قَرَأَ فَجَعَلَ لَا يَأْتِي عَلَى أَحَدٍ إِلَّا سَبَّهُ وَلَعَنَهُ، ثُمَّ رَزَقَهُ الله شَيْئًا بَعْدَ ذَلِكَ فَخَفَّضَ مِنْ صَوْتِه وَجَعَلَ صَلَاتَهُ فِيمَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ رَبِّه عَزَّ وَجَلَّ فَجَعَلَ لَا يَأْتِي بَعْدَ ذَلِكَ عَلَى أَحَدٍ إِلَّا دَعَا له بِخَيْرٍ وَسَمَّتَ عَلَيْه ".

واتە: لە قەتادەوە دەگێڕنەوە ئەویش لە عەلای کوڕی زیادەوە دەگێڕێتەوە: پیاوێ کارەکانی بە مەبەستی ڕیا دەردەخست؛ قۆڵ و دەلینگەکانی هەڵدەکردو کاتێ قورئانی دەخوێند دەنگی بەرز دەکردەوە؛ جا بیدایە بە لای هەر کەسێکیشا لەبەر خۆیەوە جوێنی پێ دەداو نەفرەتی لێ دەکرد؛ دوای ئەوە خوای گەورە شتێکی پێ بەخشی و ئیتر دەنگی نزم کردەوە و نوێژەکانی تەنیا لەبەر خوا دەکردو بیدایە بە لای هەر کەسێکدا نزای خێری بۆ دەکردو بۆی دەپاڕایەوە.

١٤٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: دَخَلَ عَلَيْنَا هِشَامُ بْنُ زِيَادٍ الْعَدَوِيُّ أَخُو الْعَلَاءِ بْنِ زِيَادٍ فَقَالَ مَالِكُ بْنُ دِينَارٍ له: حَدِّثْهُمْ حَدِيثَ، أَخِيكَ قَالَ: نَعَمْ كَانَ أَخِي الْعَلَاءُ بْنُ زِيَادٍ يُحْيِي كُلَّ لَيْلَةِ جُمُعَةٍ فَجَاءَ ذَاتَ لَيْلَةٍ فَقَالَ لِامْرَأَتِه أَسْمَاءَ: يَا أَسْمَاءُ إِنِّي أَجِدُ

اللَّيْلَةَ فَتْرَةً فَإِذَا مَضَى كَذَا وَكَذَا مِنَ اللَّيْلِ فَأَيْقِظِينِي قَالَ: فَلَمَّا جَاءَتِ السَّاعَةُ انْتَبَهَ فَزِعًا فَقَالَ: إِنَّهُ أَتَانِي آتٍ فَأَخَذَ بِمُقَدَّمِ رَأْسِي قَالَ: يَا ابْنَ زِيَادٍ قُمْ فَاذْكُرِ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يَذْكُرْكَ، قَالَ هِشَامٌ: فَوَاللهِ مَا زِلْنَ تِلْكَ الشَّعَرَاتِ قِيَامًا فِي مُقَدَّمِ وَجْهِهِ مَا صَحِبَ الدُّنْيَا وَبَعْدَ مَوْتِهِ، وَلَقَدْ غَسَّلْنَاهُ وَأَنَّهُنَّ لَقِيَامٌ وَمَا سَكَنَّ ".

واتە: جەعفەر دەفەرموێت: هیشامی کوڕی زیادی عەدەوی برای عەلای کوڕی زیاد هات بۆ لای ئێمە؛ مالیکی کوڕی دینار پێی گوت: ئادەی باسی براکەی خۆت بۆ ئەمانە بگێرەوە! گوتی: باشە.. عەلای کوڕی زیاد کە برای منە؛ هەموو شەوانی هەینییەکی زیندوو دەکردەوە و تا بەیانی شەونوێژی دەکرد؛ شەوێک هات و بە ئەسپای ژنی فەرموو: ئەسپا! من ئەمشەو ماندووم؛ ئەگەر ئەوەندەو ئەوەندەی شەو تێپەڕی بەئاگام بێنەوە.. دەفەرموێت: کاتێ ئەو کاتە هاتە پێشەوە کە خۆی دیاریی کرد؛ لەخەو ڕاپەڕی و فەرمووی: یەکێک هات و پێشی سەری گرتم و گوتی: کوڕی زیاد هەستە یاد و زیکری خوای گەورە بکە با خوای گەورەش یاد و زیکری تۆ بکات.. هیشام دەفەرموێت: بەخوا هەتا زیاد لە ژیانا مابوو تەنانەت دوای مردنیش ئەو چەند تاڵە موە سیخچەیان کردبوو (واتە: موەکان وەکوو سیخ وەستابوون) تەنانەت دوای ئەوەش کە تەرمەکەی عەلامان شۆری ئەو چەند تاڵە موە هەر بە سیخچەیی وەستابوون و خاو نەبوونەوە.

١٤٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُعْتَمِرٌ، عَنْ إِسْحَاقَ بْنِ سُوَيْدٍ، عَنِ الْعَلَاءِ بْنِ زِيَادٍ قَالَ: «لَا تُتْبِعْ بَصَرَكَ رِدَاءَ الْمَرْأَةِ فَإِنَّ النَّظَرَ يُجْعَلُ شَهْوَةً فِي الْقَلْبِ».

واتە: ئیسحاقی کوڕی سووەید لە عەلای کوڕی زیادەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: چاو مەبڕە پۆشاکی ژنانە؛ ئەو ڕوانینە دەبێتە شەهوەتێک لەناو دڵتا.

١٤٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَهْبُ بْنُ جَرِيرٍ، حَدَّثَنَا أَبِي قَالَ: سَمِعْتُ حُمَيْدَ بْنَ هِلَالٍ، يُحَدِّثُ عَنِ الْعَلَاءِ بْنِ زِيَادٍ قَالَ: رَأَيْتُ النَّاسَ فِي النَّوْمِ يَتَّبِعُونَ شَيْئًا فَتَبِعْتُهُ فَإِذَا عَجُوزٌ كَبِيرَةٌ دَهْمَاءُ عَوْرَاءُ عَلَيْهَا مِنْ كُلِّ حُلَّةٍ وَزِينَةٍ فَقُلْتُ: مَا أَنْتِ؟ فَقَالَتْ: أَنَا الدُّنْيَا. قُلْتُ: " أَسْأَلُ اللهَ أَنْ يُبَغِّضَكِ إِلَيَّ، قَالَتْ: نَعَمْ إِنْ أَبْغَضْتَ الدِّرْهَمَ ".

واتە: حومەیدی کوڕی هیلال لە عەلای کوڕی زیادەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لەخەوما بینیم خەڵکی شوێنی شتێک کەوتبوون؛ منیش شوێنی کەوتم بزانم چییە؛ دەبینم پیرەژنێکی پیری ڕەشی ناشیرینی چاو بچکۆلانەیە بەڵام ئەوەی پێی بڵێی خشڵ و زێڕو زیوو شتی جوان

پێوەیەتی و خۆی پێ ڕازاندووەتەوە، جا من بە پیرەژنەکەم گوت: تۆ کێیی؟ گوتی: من دونیام! گوتم: داوا دەکەم لە خوای گەورە تۆم لەبەرچاو ناشیرین بکات و ڕقم لێت بێ.. گوتی: کاتێ من لەبەرچاووت ناشیرین دەبم ڕقت لە دیرهەم بێتەوە (واتە: ڕقت لە سەروەت و سامان بێت).

١٤٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: كَانَ الْعَلَاءُ بْنُ زِيَادٍ يَقُولُ: «لِيُنْزِلْ أَحَدُكُم نَفْسَهُ أَنَّهُ قَدْ حَضَرَهُ الْمَوْتُ فَاسْتَقَالَ رَبَّهُ فَأَقَالَهُ فَلْيَعْمَلْ بِطَاعَةِ الله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: ڕەوح لە شوعبەوە ئەویش لە قەتادەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەلای کوڕی زیاد دەیفەرموو: هەموتان وەبزانن کاتی مردنتان هاتووە و لەسەر جێگا کەوتون و خەریکە دەمرن و داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەن.. دەی ئیتر کاری چاکە بکەن و گوێڕایەڵی خوا بن!

١٤٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا هَمَّامٌ، عَنْ قَتَادَةَ، عَنِ الْعَلَاءِ بْنِ زِيَادٍ، أَنَّهُ قَالَ: «إِنَّمَا نَحْنُ قَوْمٌ وَضَعْنَا أَنْفُسَنَا فِي النَّارِ فَإِنْ شَاءَ الله أَنْ يُخْرِجَنَا مِنْهَا أَخْرَجَنَا».

واتە: هەممام لە قەتادەوە ئەویش لە عەلای کوڕی زیادەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئێمە گەلێکین خۆمان هاویشتووەتە ناو ئاگری دۆزەخەوە؛ ئەگەر خوای گەورە خۆی بیەوێت لە ئاگرمان دەربێنێ ئەوا دەرماندێنێ.

١٤٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا هَمَّامٌ، عَنْ قَتَادَةَ، عَنِ الْعَلَاءِ بْنِ زِيَادٍ، أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: مَا مِنْ دَعْوَةٍ أَحَبُّ إِلَى الله عَزَّ وَجَلَّ مِنْ عَبْدِهِ أَنْ يَسْأَلَه الْمُعَافَاةَ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ ".

واتە: هەممام لە قەتادەوە ئەویش لە عەلای کوڕی زیادەوە گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: هیچ نزا و پاڕانەوەیەک بە لای خوای گەورەوە هێندەی ئەوە خۆشەویست نییە کە بەندەیەکی لێی بپاڕێتەوە و داوای سەلامەتی و خێرو خۆشیی دونیا و قیامەتی لێ بکات.

١٤٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا جَرِيرُ بْنُ عَبْدِ الله الْعَدَوِيُّ، عَنْ أَبِيه قَالَ: قُلْتُ لِلْعَلَاءِ بْنِ زِيَادٍ: إِذَا صَلَّيْتُ وَحْدِي لَمْ أَعْقِلْ صَلَاتِي؟ قَالَ: أَبْشِرْ، فَإِنَّ ذَلِكَ عِلْمٌ مِنَ الْخَيْرِ، أَمَا رَأَيْتَ اللُّصُوصَ مَرُّوا بِالْبَيْتِ الْخَرِبِ وَلَمْ يَلْوُوا عَلَيْهِ فَإِذَا مَرُّوا بِالْبَيْتِ الَّذِي

يَرَوْا فِيهِ الْمَتَاعَ زَاوَلُوهُ حَتَّى يُصِيبُوا مِنْهُ شَيْئًا، وَقَالَ: إِنَّهُ يَسُوءُنِي قُرْبُ دَارِي مِنَ الْمَسْجِدِ يَعْنِي يُحِبُّ أَنْ يَكُونَ مَنْزِلُهُ بَعِيدًا لِكَثْرَةِ الْخُطَا ".

واتە: عەبدولصـــەمەد گێـــڕایەوە فەرمـــووی: جەریـــری کـــوڕی عەبـــدوڵڵای عەدەوی لە باوکییەوە گێڕایەوە فەرمووییەتی: بە عەلای کوڕی زیادم گوت: من هەر کاتێ بە تەنیا نوێژ بکەم ئاگام لە نوێژەکەم نییەو نازانم چی دەڵێم؟! فەرمووی: دەی مزگێنیت لێ بێ ئەوە بەشێکە لە خێرو چاکە! مەگەر نازانی کاتێ دز دەدەن بە لای کەلاوە و وێرانەیەکا لای لێ ناکەنەوە؛ بەڵام کاتێ دەدەن بە لای خانویەکی پڕ لە کەلوپەلا دەچنە ناوی و دەپپشکنن تا شتێکیان دەست دەکەوێ؟ هەروەها فەرمووی: من پێم ناخۆشە ماڵم لە نزیك مزگەوتدا بێت. مەبەستی ئەوەبوو پێی خۆشە کە ماڵەکەی لە مزگەوتەوە دوور بێت بۆ ئەوەی هەنگاوی زیاتر بنێ بۆ نوێژ کردن.

وَأُخْبِرْتُ عَنِ الْمُبَارَكِ بْنِ فَضَالَةَ، عَنْ حُمَيْدِ بْنِ هِلَالٍ قَالَ: دَخَلْتُ مَعَ الْحَسَنِ عَلَى الْعَلَاءِ بْنِ زِيَادٍ الْعَدَوِيِّ وَقَدْ سَلَهُ الْحُزْنُ وَكَانَتْ لَهُ أُخْتٌ تَنْدُفُ عَلَيْهِ الْقَصَّ غُدْوَةً وَعَشِيَّةً فَقَالَ لَهُ الْحَسَنُ: كَيْفَ أَنْتَ يَا عَلَاءُ؟ قَالَ: وَاحُزْنَاهُ عَلَى الْحُزْنِ فَقَالَ الْحَسَنُ: قُومُوا فَإِلَى هَذَا وَاللهِ انْتِهَاءُ اسْتِقْلَالِ الْحُزْنِ ".

واتە: حومەیدی کوڕی هیلال دەفەرموێت: من و حەسەن ڕۆیشتینە خزمەت عەلای کوڕی زیادی عەدەوی؛ تووشی خەم ببوو؛ خوشکێکی هەبوو جا زیاد خوشکێکی هەبوو بەیانی و ئێوارە لۆکەو خووری بۆ هەلاجی دەکردو شیی دەکردەوە؛ حەسەن بە زیادی گوت: عەلا چۆنی؟ گوتی: ئای خەم و خەفەت لەسەر خەم و خەفەت! حەسەن فەرمووی: هەستن! بەخوا خەم و خەفەت لای ئەمەدا کۆتایی هاتووە و هەمووی بردووە.

١٤٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ عَاصِمِ بْنِ كُلَيْبٍ، عَنْ فُضَيْلِ بْنِ زَيْدٍ الرَّقَاشِيِّ، وَكَانَ غَزَا مَعَ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ سَبْعَ غَزَوَاتٍ قَالَ: لَا يُلْهِيَنَّكَ النَّاسُ عَنْ ذَاتِ نَفْسِكَ فَإِنَّ الْأَمْرَ يَخْلُصُ إِلَيْكَ دُونَهُمْ وَلَا تَقْطَعِ النَّهَارَ بِكَيْتَ وَكَيْتَ فَإِنَّهُ مَحْفُوظٌ عَلَيْكَ مَا قُلْتَ، وَلَمْ تَرَ شَيْئًا أَحْسَنَ طَلَبًا وَلَا أَسْرَعَ إِدْرَاكًا مِنْ حَسَنَةٍ حَدِيثَةٍ لِذَنْبٍ قَدِيمٍ ".

واتە: عاصمی کوڕی کولەیب لە فوزەیلی کوڕی زەیدەوە گێڕایەوە. جا فوزەیل لە خزمەت پێشەوا عومەرا لە حەوت غەزادا بەشداریی کردبوو فەرمووی: نەکەی خەڵکی لەوەت بکەن کە خەریکی نەفسی خۆت بی؛ چونکە تۆ بەرپرسی و شتەکان ڕووبەڕووی تۆ دەبێتەوە نەك

ئەوان (واتە: لێپرسینەوە لە کارەکانت تەنیا بەرۆکی خۆت دەگرێ) ڕۆژانە خەریکی ئەوە و **ئەوە نەبی؛ چونکە ئەو شتەی کە دەیڵێی لەسەرت دەنووسرێ؛ هیچ بو دواداگەڕانێک** هێندەی **ئەوە جوان و خێرا نییە کە بە دوای چاکەو خێرێکی نوێدا بگەڕێی بۆ شۆرینەوەی** تاوانێکی **کۆن.**

١٤٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا عَاصِمُ بْنُ أَبِي قَزَعَةَ، حَدَّثَنَا غَيْلَانُ بْنُ جَرِيرٍ، عَنْ عَسْعَسِ بْنِ سَلَامَةَ، أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ: «عَلَيْكُمْ بِالغُدُوِّ وَالرَّوَاحِ مَعَ حَظٍّ مِنَ الدُّلْجَةِ مَعَ الاسْتِقَامَةِ».

واتە: عاصمی کوڕی باوکی قەزەعە لە غەیلانی کوڕی جەریرەوە ئەویش لە عەسعەسی کوڕی سەلامەوە گێڕایەوە کە دەیگوت: پشت ببەستن بە. خوا پەرستی لە کاتی. بەیانیان و ئێواران و هەندێک لە شەو؛ لەگەڵ پابەندبوونا بەو کاتانەو وازنەهێنان.

١٤٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: بَلَغَنِي عَنْ عَبْدِ الله بْنِ مُحَمَّدٍ التَّيْمِيِّ، حَدَّثَنِي زُهَيْرٌ السَّلُولِيُّ قَالَ: قَالَ عَسْعَسُ بْنُ سَلَامَةَ: «الْمُتَعَفِّفُ تُرْفَعُ له رَايَةُ الْغِنَى يَوْمَ الْقِيَامَةِ تَسِيرُ بَيْنَ يَدَيْهِ حَتَّى تُدْخِله الْجَنَّةَ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی موحەممەدی تەیمی فەرمووی: زوهەیری سەلولی گێڕایەوە فەرمووی: عەسعەسی کوڕی سەلامە فەرمووی: ئەو کەسەی کە خۆپارێزەو خۆی بە هەژاری دەرناخات و داوای هیچ لە کەس ناکات؛ لە ڕۆژی قیامەتدا ئاڵای دەوڵەمەندیی بۆ هەڵدەکرێت و لە دوای ئاڵاکەیەوە دەڕوا هەتا دەچێتە ناو بەهەشتەوە.

١٤٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ قَالَ: أَخَذَ عَبْدُ الله بْنُ زِيَادٍ ابْنَ أَخِي صَفْوَانَ بْنِ مُحْرِزٍ الْمَازِنِيِّ قَالَ: فَتَحَمَّلَ عَلَيْهِ النَّاسُ فَلَمْ يَبْقَ أَحَدٌ إِلَّا كَلَّمَهُ فِيهِ فَلَمْ يَرَ لِحَاجَتِهِ نَجَاحًا قَالَ: فَبَاتَ لَيْلَتَهُ فِي مُصَلَّاهُ وَهُوَ يُصَلِّي فَرَقَدَ فِي صَلَاتِه فَلَمَّا رَقَدَ أَتَاهُ آتٍ فِي مَنَامِه فَقَالَ لَه: يَا صَفْوَانُ قُمْ فَاطْلُبْ حَاجَتَكَ مِنْ قِبَلِ وَجْهِهَا فَقَالَ: أَفْعَلُ فَقَامَ فَتَوَضَّأَ مِنَ الْمَاءِ وَصَلَّى وَدَعَا قَالَ: فَنَبَّهَ ابْنُ زِيَادٍ لِحَاجَةِ صَفْوَانَ قَالَ: فَجَاءَ الْحَرَسُ وَالشُّرْطَةُ بِالنِّيرَانِ وَفُتِّحَتْ أَبْوَابُ السُّجُونِ حَتَّى اسْتُخْرِجَ ابْنُ أَخِي صَفْوَانَ فَجِيءَ بِه إِلَى ابْنِ زِيَادٍ فَقَالَ: أَنْتَ ابْنُ أَخِي صَفْوَانَ؟ قَالَ: نَعَمْ فَأَرْسَله قَالَ: فَمَا شَعَرَ صَفْوَانُ حَتَّى ضَرَبَ عَلَيْهِ الْبَابَ فَقَالَ: مَنْ ذَا؟

قَالَ: أَنَا فُلَانٌ نُبِّهَ الْأَمِيرُ فِي بَعْضِ اللَّيْلِ فَجَاءَتِ الْحَرَسُ وَالشُّرْطَةُ وَجِيءَ بِالنِّيرَانِ وَفُتِحَتْ أَبْوَابُ السُّجُونِ فَجِيءَ فِي فَخُلِّيَ أَعْنِي بَعْدَ كَفَالَةٍ".

واته: جەعفەر گێڕایەوە فەرمووی: ثابت گێڕایەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی زیاد برازای صەفوانی کوڕی موحریزی گرت و خستیە زیندانەوە؛ صەفوان زۆری هەوڵدا بۆ ئەوەی ئازادی بکات و هیچ کەسێکی ماقوڵ نەما دەستەودامانی نەبێت؛ بەڵام هیچ کەسێک کارەکەی پێ نەکراو ئازاد نەکرا؛ جا شەوێک صەفوان لە جێگای نوێژکردنی خۆی مایەوە و نوێژی دەکردو هەر لەوێدا خەوی لێکەوت؛ خەوی بینی و لە خەویا کەسێک هات بۆ لای و گوتی: صەفوان! هەستە داواکاریەکەت ڕووبەڕووی خۆی پێشکەش بکە (واتە: ڕاستەوخۆ لە خوای گەورە جاوا بکە برازاکەت ئازاد بکرێ) دەفەرموێت: صەفوان هەستا و دەستنوێژێکی گرت و نوێژی کرد و دەستی بە پاڕانەوە کرد لە خوای گەورە؛ لەو کاتەدا عوبەیدوڵڵای کوڕی زیادیان ئاگادار کردەوە (واتە: لە خەوا ئاگاداریان کردەوە) کە کارەکەی صەفوان جێبەجێ بکات؛ عوبەیدوڵڵا بەو نیوە شەوە بانگی پاسەوانەکانی کرد و ناردنی بۆ ئازاد کردنی برازاکەی صەفوان؛ ئەوانیش بە چرا و مەشعەلەوە ڕۆیشتن بۆ زیندان و دەرگاکانیان کردەوە و برازاکەی صەفوانیان هێنایە دەرەوە و هێنایان بۆ لای عوبەیدوڵڵا؛ عوبەیدوڵڵا گوتی: تۆ برازای صەفوانی؟ گوتی: بەڵێ! ئیتر ئازادی کرد؛ دەفەرموێت: صەوفان بەمەی نەزانی هەتا لە دەرگای ماڵیان درا؛ صەفوان گوتی: کێی؟ گوتی: منم فلانە کەسی برازات! ئەمشەو عوبەیدوڵڵا خەوی لێ زڕاوە و پاسەوان و پۆلیسی نارد و بە چرا و مەشعەلەوە هاتن بۆ زیندان و دەرگایان کردەوە و منیان ئازاد کرد.

١٤٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُؤَمَّلُ بْنُ إِسْمَاعِيلَ، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ قَالَ: انْطَلَقْتُ أَنَا وَالْحَسَنُ، إِلَى صَفْوَانَ بْنِ مُحْرِزٍ نَعُودُهُ فَإِذَا هُوَ فِي خُصٍّ مِنْ قَصَبٍ مَائِلٍ فَخَرَجَ إِلَيْنَا ابْنُهُ فَقَالَ: إِنَّ بِهِ بَطْنًا شَدِيدًا لَا تَقْدِرُونَ أَنْ تَدْخُلُوا عَلَيْهِ فَقَالَ الْحَسَنُ: " إِنَّ أَبَاكَ إِنْ يُؤْخَذْ مِنْ لَحْمِهِ وَدَمِهِ فَيُكَفَّرْ عَنْهُ خَطَايَاهُ خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَنْ يَمُوتَ جَمِيعًا فَيَأْكُلَهُ التُّرَابُ أَوْ قَالَ: فَتَأْكُلَهُ الْأَرْضُ وَلَا يُؤْجَرُ فِي ذَاكَ".

واته: موئەممیلی کوڕی ئیسماعیل لە ثابتەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من و حەسەن ڕۆیشتین بۆ لای صەفوانی کوڕی موحریز سەردانمان کرد؛ صەفوان لە کوخێکا بوو کە بە قامیش دروستکرابوو؛ کوڕەکەی هاتەدەر بە دەم ئێمەوە و گوتی: صەفوان زگە ئێشەیەکی زۆری هەیە و ناتوانن کەس ببینێ! حەسەن فەرمووی: ئەگەر خوێن و گۆشتی باوکت لێی بگیرێت ئەوە ببێ بە کەفارەتی تاوانەکانی لەوە باشترە کە هیچ ناتەواویەک لە لاشەیا نەبێت و بمرێت و گڵ بیخوات! یان فەرمووی: گڵ بیخوات و پاداشتی نەبێ.

١٤٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، عَنْ صَفْوَانَ بْنِ مُحْرِزٍ، أَنَّهُ كَانَ لَه خُصٌّ فِيهِ جِذْعٌ فَانْكَسَرَ الْجِذْعُ فَقِيلَ لَه: أَلَا تُصْلِحُهُ، فَقَالَ: «دَعُوهُ أَنَا أَمُوتُ غَدًا».

واتە: حەمـاد لە صـەفوانی کـوڕی مـوحریزەوە گێـڕایەوە کە صـەفوان کـوخێکی هەبـوو؛ کۆڵەکەیەی دار خورمای تێدا بوو؛ کۆڵەکەکە شکا؛ بە صەفوانیان گوت: چاکی ناکەیتەوە؟ فەرمووی: لێیگەڕێن من سەبینێ دەمرم!

١٤٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ مُحَمَّد، حَدَّثَنَا عُثْمَانُ بْنُ عَبْد الْحَمِيد بْن لَاحِق قَالَ: سَمِعْتُ أَبِي يُحَدِّثُ، عَنْ مُسْلِم بْنِ يَسَار قَالَ: قَدِمْتُ الْبَحْرَيْنِ فَنَزَلْتُ عَلَى امْرَأَة لَها بَنُونَ وَلَها مَالٌ وَلَها رَقِيقٌ قَالَ: وَكَانَتْ كَثِيرَةَ الْكَآبَة فَلَمَّا أَرَدْنَا الْخُرُوجَ سَلَّمْتُ عَلَيْهَا قَالَ: فَقُلْتُ: هَلْ لَك منْ حَاجَة؟ قَالَتْ: حَاجَتُنَا إنْ قَدمْتَ هَذَا الْبَلَدَ أَنْ تَنْزِلَ عنْدَنَا فَقَالَ: فَغِبْتُ عَنْهَا حِينًا ثُمَّ قَدمْتُ قَالَ: فَانْتَهَيْتُ إِلَى السِّكَّة فَلَمْ أَرَ أَحَدًا وَانْتَهَيْتُ إِلَى بَابهَا فَلَمْ أَرَ أَحَدًا فَاسْتَأْذَنْتُ عَلَيْهَا فَسَمِعْتُ ضَحِكَهَا قَالَ: فَدَخَلْتُ فَإِذَا عِنْدَهَا إِنْسَانَةٌ فَقَالَتْ: إِنِّي أَرَاكَ مُسْتَنْكِرًا مَا تَرَى قُلْتُ: أَجَلْ قَدْ رَأَيْتُ بَابَك وَإِنَّهُ لَاهلٌ، قَالَتْ: لَمَّا تَوَجَّهْتَ منْ عنْدنا جَعَلْنَا لَا نُوَجِّهُ شَيْئًا بَحْرًا إِلَّا غَرِقَ وَلَا بَرًّا إِلَّا عَطِبَ وَمَاتَ بَنُوهَا وَمَاتَ رَقِيقُهَا قَالَ: قُلْتُ: الْكَآبَةُ يَوْمَئذ وَالسُّرُورُ الْيَوْمَ؟ قَالَتْ: كُنْتُ إِذْ ذَاكَ أَرَى أَنَّهُ لَا خَيْرَ لِي عِنْدَ رَبِّي تَبَارَكَ وَتَعَالَى فَلَمَّا رُزِئْتُ فِي مَالِي وَوَلَدِي لِي رَجَوْتُ، قَالَ مُسْلِمٌ: فَلَقِيتُ عَبْدَ الله بْنَ عُمَرَ فَحَدَّثْتُهُ الْحَدِيثَ فَقَالَ: مَا سَبَقَ نَبِيَّ الله أَيُّوبَ عَلَيْهِ السَّلَامُ هَذه إِلَّا حَبْوًا لَقَدْ انْشَقَّتْ خَمِيصَتِي هَذه فَأَرْسَلْتُ بِهَا تُرْفَأُ فَلَمْ يَجِئْ رَفْوُهَا كَمَا أُحِبُّ فَغَمَّنِي ذَلِكَ".

واتە: عوبەیـدوڵڵای کـوڕی مـوحەممەد لە عوسـمانی کـوڕی عەبدولحەمیـدەوە گێـڕایەوە فەرموویەتی: گـوێم لە بـاوکم بـوو ئەوەی لە موسلیمی کوڕی حارث گێڕایەوە فەرموویەتی: ڕۆیشتم بۆ بەحرەین، لەوێ بووم بە میـوانی مـاڵی ژنـێ کۆمەڵێ کـوڕو سـەروەت و سـامان و کۆمەڵێکیش کۆیلەی هەبوو؛ ئەو ژنە تووشی کەئابەو ناڕەحەتی ببوو؛ کاتێ ویستمان لە ماڵ دەربچین سـڵاوێکم لـێ کـرد و گـوتم: هیچت پێویسـتە؟ گـوتی: پێویستیمان ئەوەیە کە ئەگەر هاتیە ئەم شـارە ببی بە میـوانی مـاڵی ئێمەو نەڕۆی بـۆ مـاڵی کەسـیتر! موسلیم دەفەرموێت: مـاوەیەکی زۆری پێچوو؛ دوایی ڕۆیشتمەوە بۆ بەحرەین؛ ڕۆیشتمە لای کۆڵانەکەیـان کەسـم نەدی؛ ڕۆیشتمە لای دەرگای ماڵەکەیان لەوێش کەسم نەدی؛ داوای مۆڵەتم لێ کردن بچمەوە مـاڵەوە؛ گـوێم لە پێکەنینـی ژنەکە بـوو.. دەفەرموێت: ڕۆیشـتمە مـاڵەوە و دبینم ژنێکی لایە؛

گوتی: من پێموایە تۆ شتی نامۆ دەبینی و ئەم دیمەنەت پێ نامۆیە! گوتم: بەڵێ! جاری پێشو هاتمەماڵتان پڕبوو لە خاو خێزان! گوتی: دوای ئەوەی تۆ لێرە رۆیشتی ئێمە لێهان قەوامو رووماں لە دەریا بکردایە دەخنکاین؛ رومان لە ووشکی بکردایە تیادەچوین! کورەکانی هەموو مردبوون؛ کۆیلەکانی هەموو مردبوون؛ دەفەرموێت: پێمگوت: باشە ئەو کاتە لەو خۆشیەدا تووشی خەمۆکی ببوی؛ ئێستا دوای ئەو هەموو بەڵا و موسیبەتە کەچی پێدەکەنی؟ ژنەکە گوتی: من ئەو کاتە بۆیە خەمبار بووم پێموا بوو لای خوا هیچ رێزو قەدرو قیمەتێکم نییە؛ جا دوای ئەوەی ماڵ و منالم تیاچوون ئیتر هیوای ئەوەم بۆ پەیدا بوو کە لای خوا نرخێکم هەبێ! موسلیم دەفەرموێت: دوایی گەیشتم بە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و ئەو رووداوەم بۆ گێڕایەوە فەرمووی: ئەم ژنە ناتوانێ پێش حەزرەتی ئەیوب بکەوێ ئەگەرچی لێی نزیك دەبێتەوە! بەڕاستی من کراسەکەم درابوو ناردم بۆم پینە بکەن بەو جۆرەی کە خۆم دەمویست پینەیان نەکردبوو؛ من بە هۆی ئەوەی کە بە دڵی خۆم پینە نەکرابوو نارەحەت و خەمبار بووم!

١٤٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ أَبِي عَدِيٍّ، عَنِ ابْنِ عَوْنٍ، عَنْ بَكْرٍ، قِيلَ لأَبِي تَمِيمَةَ: كَيْفَ أَنْتَ يَا أَبَا تَمِيمَةَ؟ قَالَ: «أَنَا بَيْنَ نِعْمَتَيْنِ بَيْنَ ذَنْبٍ مَسْتُورٍ وَلَا يَشْعُرُ بِهِ هَؤُلَاءِ النَّاسُ وَبَيْنَ شَيْءٍ قُلْتُ جَرَى عَلَى أَلْسِنَةِ هَؤُلَاءِ النَّاسِ رَفَعُونِي إِلَيْهِ وَاللهِ مَا بَلَغْتُهُ وَلَا قَرِيبًا».

واتە: کوڕی عەون لە بەکرەوە دەگێڕێتەوە بە باوکی تەمیمە گوترا: باوکی تەمیمە چۆنی؟ فەرمووی: من لە نێوان دوو نازونیعمەتام؛ لە نێوان تاوانی شاراوە کە ئەو خەڵکە پێی نازانن و لە نێوان شتێکا کە گوتم و بەسەر زمانی ئەو خەڵکە دێت و منیان بەرز کردەوە بۆ لای و من نەیگەیشتمێ و نزیکیشی نەبومەوە.

١٤٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ اللهِ بْنُ ثَوْرٍ، حَدَّثَتْنِي أُمِّي، عَنْ عَمَّتِهَا الْعَيْنَاءِ، قَالَتْ: كَانَ أَبُو الْخَلَّالِ فَوْقَ غُرْفَةٍ فَيَأْتِي بَعْضَ أَبْوَابِهَا فَيُشْرِفُ عَلَى شِقٍّ مِنْ نَاحِيَةِ الْحَيِّ فَيُنَادِي: يَا فُلَانُ ثُمَّ يُقْبِلُ عَلَى الشِّقِّ الْآخَرِ فَيُنَادِي: يَا فُلَانُ يَا فُلَانُ ثُمَّ يُقْبِلُ عَلَى الشِّقِّ الْآخَرِ فَيَقُولُ مِثْلَهُ حَتَّى يَأْتِيَ عَلَى الْأَرْكَانِ الْأَرْبَعَةِ، قَالَتْ: ثُمَّ يَقُولُ: ﴿هَلْ تُحِسُّ مِنْهُم مِّنْ أَحَدٍ أَوْ تَسْمَعُ لَهُمْ رِكْزًا ﴿٩٨﴾﴾ مريم: ٩٨ ثُمَّ يُقْبِلُ عَلَى صَلَاتِهِ يَوْمَ مَاتَ وَهُوَ ابْنُ عِشْرِينَ وَمِائَةِ سَنَةٍ ".

واتە: عوبەیدوڵڵای کوڕی ئەور لە دایکیەوە ئەویش لە پوریەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: باوکی خەللال لەسەر بانێک بوو؛ دەهاتە لای یەکێک لە دەرگاکانی و ڕوی دەکردە سوچێکی

کۆڵان و هاواری دەکردو دەیفەرموو: هۆ فڵانە کەس! دوایی ڕوی دەکردە لایەکیتری کۆڵان و هاواری دەکرد: هۆ فڵانی کوڕی فڵان! دوایی ڕوی لە لایەکیتری کۆڵان دەکرد هەر بەو جۆرەی پێشو بانگی دەکرد تا هەر چوار لای گەڕەکەکە تەواو دەبوو؛ دوایی ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە و دەیگوت: (مانای ئایەتەکە): ئایا هەست دەکەیت کە یەکێ لەوانە مابێت، یان سرتەیەک، چرپەیەک، مشەیەکیان، لێوە بێت؟! دوایی ڕوی لە نوێژکردن دەکردەوە.. جا باوکی خەللال لە تەمەنی سەدو بیستساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

١٤٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَتَّابُ بْنُ زِيَادٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا وَهْبٌ قَالَ: قِيلَ لِرَجُلٍ: أَلَا تَنَامُ؟ قَالَ: «إِنَّ عَجَائِبَ الْقُرْآنِ أَذْهَبْتُ نَوْمِي».

واتە: عەتتابی کوڕی زیاد لە عەبدوڵلاوە گێڕایەوە ئەویش فەرمووی: وەهب بۆی گێراینەوە فەرمووی: بە پیاوێک گوترا: ئەوە ناخەوی؟ گوتی: شتە سەیرو سەمەرەکانی قورئان خەویان لەمن تۆراندووە.

١٤٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ ثَابِتٍ، حَدَّثَنِي أَبو الْأَشْهَبِ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «كَانُوا يَسْتَحِبونَ أَنْ يَذْكُرُوا، الله عَلَى طَهَارَةٍ».

واتە: عەلیی کوڕی ثابت لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: خەڵکی پێشا پێیان خۆشبوو یاد و زیکری خوای گەورە بە دەستی بە دەستنوێژەوە بکەنەوە.

باسی حەسەنی کوڕی باوکی حەسەن
(خوای لێ ڕازی بێت)

١٤٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سَابِقٍ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ مِغْوَلٍ، عَنْ حُمَيْدٍ قَالَ: بَيْنَمَا الْحَسَنُ فِي يَوْمٍ مِنْ رَجَبٍ فِي الْمَسْجِدِ وَهُوَ يَمُصُّ مَاءً وَيَمُجُّهُ تَنَفَّسَ تَنَفُّسًا شَدِيدًا ثُمَّ بَكَى حَتَّى رُعِدَتْ مَنْكِبَاهُ ثُمَّ قَالَ: «لَوْ أَنَّ بِالْقُلُوبِ حَيَاةً لَوْ أَنَّ بِالْقُلُوبِ صَلَاحًا لَأَبْكَيْتُكُمْ مِنْ لَيْلَةٍ صَبِيحَتُهَا يَوْمُ الْقِيَامَةِ إِنَّ لَيْلَةً تَمْخَضُ عَنْ صَبِيحَةِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَا سَمِعَ الْخَلَائِقُ بِيَوْمٍ قَطُّ أَكْثَرَ، فِيهِ عَوْرَةٌ بَادِيَةٌ وَلَا عَيْنٌ بَاكِيَةٌ مِنْ يَوْمِ الْقِيَامَةِ».

واتە: مالیکی کوڕی میغوەل دەفەرموێت: ڕۆژێکی مانگی ڕەجەب لە مزگەوتدا حەسەنم بینی ئاوی دەکردە دەمیەوە و دوایی تفی دەکردەوە و دوایی دەستی بە گریان کرد؛ ئەوەندە گریا ناوشانی هەمووی هاتە لەرزە، دوایی گوتی: ئای دڵەکان ژیابان! ئای دڵەکان چاک بان! ئەوە من هەموتانم دەهێنایە گریان لە ترسی ئەو شەوەی کە بەیانییەکەی ڕۆژی قیامەت دێ! شەوێک کە بە ژان دێت بۆ بەیانی ڕۆژی قیامەت؛ هەموو دروستکراوەکان نەیانبیستووە ڕۆژێک لەو ڕۆژە زیاتر خەڵکی ڕووت و قووت بن؛ هیچ ڕۆژێک نەبووە هێندەی ئەو ڕۆژە چاوەکان بە فرمێسک بن؛ لەو ڕۆژەی کە ڕۆژی قیامەتە.

١٤٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سَابِقٍ، حَدَّثَنَا مَالِكٌ، عَنْ عَوْنِ بْنِ جُحَادَةَ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «ذَهَبَتِ الْمَعَارِفُ وَبَقِيَتِ الْمَنَاكِرُ وَمَنْ بَقِيَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ فَهُوَ مَغْمُومٌ».

واتە: موحەممەدی کوڕی سابق لە مالیکەوە دەگێڕێتەوە ئەویش لە عەونی کوڕی جوحادەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: شتە باشەکان ڕۆیشتن و شتە خراپەکان ماوون! هەر موسوڵمانێک هەتا ئەو سەردەمە بمێنێت ئەوە ئەو کەسەیە خەمبارە.

١٤٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ شُمَيْط، حَدَّثَنِي أَبِي قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: «إِنَّ الْمُؤْمِنَ يُصْبِحُ حَزِينًا وَيُمْسِي حَزِينًا وَيَنْقَلِبُ بِالْيَقِينِ فِي الْحُزْنِ يَكْفِيهِ مَا يَكْفِي الْعُنَيْزَةَ الْكَفُّ مِنَ التَّمْرِ وَالشَّرْبَةُ مِنَ الْمَاءِ».

واتە: عوبەیدوڵڵای کوڕی شومەیت گێڕایوە فەرمووی: باوکم بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: مرۆڤی باوەڕدار بە خەمبارییەوە بەیانی دەکاتەوە؛ بە خەمبارییەوە ئێوارە دەکاتەوە؛ بە یەقینەوە لەناو خەما تل دەخوا؛ ئەوەند خەم دەخوا هەر بەسیەتی؛ وەک چۆن مشتێ خورما یان پەرداخێک ئاو بەسەر بۆ خواردن و خواردنەوە.

١٤٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ عِيسَى الْيَشْكُرِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: «إِنَّ الْمَوْتَ فَضَحَ الدُّنْيَا فَلَمْ يَتْرُكْ لِذِي لُبٍّ فَرَحًا».

واتە: جەعفەر لە ئیبراهیمی کوڕی عیسای یەشکوری گێڕایەوە فەرمووی: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: مردن دونیای سوك و ڕسوا کردووە و هیچ خۆشیەکی بۆ مرۆڤی ژیر نەهێشتووەتەوە.

١٤٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ عِيسَى الْيَشْكُرِيُّ قَالَ: «مَا رَأَيْتُ أَطْوَلَ حُزْنًا مِنَ الْحَسَنِ وَمَا رَأَيْتُهُ قَطُّ إِلَّا حَسِبْتُهُ حَدِيثَ عَهْدٍ بِمُصِيبَةٍ».

واتە: جەعفەر **لە ئیبراهیمی کوڕی عیسای یەشکوری گێڕایەوە فەرمووی: نەمدیوە** هیچکەسێ **هێندەی حەسەن بەردەوام خەمبار بێ؛ هەر جارێک حەسەنم دیبێت وامزانیوە تازە** بە تازە **بەوڵاو موسیبەتێکی لێ قەوماوە.**

١٤٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا حَسَنٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «ابْنَ آدَمَ كَيْفَ يَرِقُّ قَلْبُكَ وَهَمُّكَ فِي آخَرَ».

واتە: هاشم لە حەسەنەوە ئەویش لە حەسەنی بەصریەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: نەوەی ئادەم! تۆ چۆن دڵت نەرم دەبێت لە کاتێکا خەمی دونیات لە دڵایە؟!

١٤٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سَابِق، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ مِغْوَل قَالَ: قَالَ الْحَسَنُ رَحِمَهُ الله: «غَدَا كُلُّ امْرِئٍ فِيمَا يُهِمُّهُ وَمَنْ هَمَّ بِشَيْءٍ أَكْثَرَ مِنْ ذِكْرِهِ أَنَّهُ لَا عَاجِلَةَ لِمَنْ لَا آخِرَةَ لَه وَمَنْ آثَرَ دُنْيَاهُ عَلَى آخِرَتِهِ فَلَا دُنْيَا له وَلَا آخِرَة، وَمَنْ أَحْسَنَ الْقَوْلَ وَأَسَاءَ الْفِعْلَ كَانَ».

واتە: موحەممەدی کوڕی سابیق دەفەرموێت: مالیکی کوڕی میغوەل فەرمووی: حەسەن فەرموویەتی: هەموو کەسێک بەیانیی کردەوە و خەریکی ئەو کارەیە کە بە لایەوە گرنگە؛ هەر کەسێک هەر شتێکی بەلاوە گرنگ بێ زۆر باسی ئەو شتە دەکات؛ هەر کەسێ ئاخیرەتی نەبێ ئێستاییشی نییە؛ هەر کەسێ فەزڵی دونیا بدات بەسەر قیامەتدا ئەوە نە دونیای هەیە و نە قیامەت؛ هەر کەسێکیش قسەی جوان بێت و کار و کردەوەی خراپ بێ ئەوە... [1].

١٤٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حَسَنُ بْنُ مُوسَى، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ دِينَار، حَدَّثَنَا مُعَاوِيَةُ بْنُ قُرَّةَ قَالَ: أَتَيْنَا الْحَسَنَ فَسَأَلْنَاهُ: أَيُّ الْعِبَادَةِ أَشَدُّ؟ قَالَ: فَقَالَ قَائِلٌ مِنَّا: أَشَدُّ الْعِبَادَةِ الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ الله، وَقَالَ قَائِلٌ: أَشَدُّ الْعِبَادَةِ الصَّلَاةُ، وَقَالَ قَائِلٌ: أَشَدُّ الْعِبَادَةِ الزَّكَاةُ، وَقَالَ قَائِلٌ: الصِّيَامُ قَالَ: فَقُلْتُ بَيْنِي وَبَيْنَ نَفْسِي: لَأُكَلِّمَنَّهُ قَالَ: قُلْتُ: يَا أَبَا سَعِيد إِنِّي لَمْ أَجِدْ مِنَ الْعِبَادَةِ أَشَدَّ مِنَ الْوَرَعِ فَقَالَ: لَا أَبَا لَكَ فَهَلْ يُنْتَفَعُ بِشَيْءٍ مِنْ هَذَا إِلَّا بِالْوَرَعِ قَالَ: فَقَالَ الْحَسَنُ: إِنِّي لَمْ أَجِدْ مِنَ الْعِبَادَةِ شَيْئًا أَشَدَّ مِنَ الصَّلَاةِ فِي جَوْفِ هَذَا اللَّيْل ".

واتە: یەحیای کوڕی دینار لە موعاویەی کوڕی قوڕڕەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئێمە ڕۆیشتینە خزمەت حەسەن و لێمان پرسی: چ خواپەرستییەک زۆر سەختە (یان: کام خواپەرستی لە هەمووان خێردارترە)؟ دەفەرموێت: یەکێک لە ئێمە گوتی: سەخترین خواپەرستی جیهاد کردنە لە پێناو خوای گەورەدا؛ یەکێکیش گوتی: سەخترین خواپەرستی نوێژ کردنە؛ یەکێکیش گوتی: سەخترین خواپەرستی زەکاتە؛ یەکێکیش گوتی: سەخترین خواپەرستی ڕۆژوویە؛ منیش لە دڵی خۆما گوتم: ئێستا منیش قسەیەک دەکەم.. دەفەرموێت: گوتم: باوکی سەعید! من نەمبینیوە هیچ خواپەرستیەک هێندەی خۆپارێزی سەخت بێ! فەرمووی: باوکت مرێ دەی ئەگەر خۆپارێزی نەبێ ئەو خواپەرستیانەی کە ناوبران هیچیان سودی هەیە؟ دەفەرموێت: حەسەن فەرمووی: بە لای منەوە هیچ خواپەرستیەک هێندەی نوێژ

---

[1] ئەم ئەسەرە لێرە کۆتایی دێت و هێشتا ماویەتی؛ لێکۆڵەری کتێبەکەیش دەڵێ: ئیتر لێرە سپییەو هیچی تێدا نییە.

کردن لە نیوەی شەوا سەخت نییە.

١٤٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ حَوْشَبًا قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَحْلِفُ بالله يَقُولُ: «وَالله، يَا ابْنَ آدَمَ لَئِنْ قَرَأْتَ الْقُرْآنَ ثُمَّ آمَنْتَ بِهِ لَيَطُولَنَّ فِي الدُّنْيَا حُزْنُكَ وَلَيَشْتَدَّنَّ فِي الدُّنْيَا خَوْفُكَ، وَلَيَكْثُرَنَّ فِي الدُّنْيَا بُكَاؤُكَ».

واتە: جەعفەر دەفەرموێت: گوێم لە حەوشەب بوو دەیفەرموو: گوێم لە حەسەن بوو سوێندی بەخوا خواردو فەرمووی: بەخوا ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر قورئان بخوێنیت و دوایی باوەڕی پێ بهێنی ئەوا لە دونیادا خەم و خەفەتت زۆر دەبێ؛ لە دونیادا ترست زۆر دەبێ؛ لە دونیادا گریانت زۆر دەبێ.

١٤٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيٌّ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا الْعَلَاءُ بْنُ زِيَاد قَالَ: سَمِعْتُ الْمُغِيرَةَ بْنَ مُحَاوِش، سَأَلَ الْحَسَنَ فَقَالَ: يَا أَبَا سَعِيد، لَقِينَا عُلَمَاءَ يُذَكِّرُونَنَا وَيُخَوِّفُونَنَا يَكَادُ يَجْلِبُونَ قُلُوبَنَا وَآخَرُونَ فِي حَدِيثِهِمْ سُهُولَةٌ قَالَ: قَالَ الْحَسَنُ: يَا عَبْدَ الله، إِنَّهُ مَنْ خَوَّفَكَ حَتَّى تَلْقَى الْأَمْنَ خَيْرٌ مِمَّنْ أَمَّنَكَ حَتَّى تَلْقَى الْمَخَافَةَ ".

واتە: عەلای کوڕی زیاد گێڕایەوە فەرمووی: گوێم لە موغیرەی کوڕی موحاوش بوو پرسیاری لە حەسەن کرد و گوتی: باوکی سەعید! ئێمە بە چەندین زانا گەیشتین هەندێ شتیان وەبیر هێنباینەوە و سەبارەت بە هەندێ شتیش هۆشداریيان پێداین و ئێمەیان ترساند؛ خەریکبوو دڵمان بتۆقێنن؛ هەندێکیشیان لە ئامۆژگاری کردنا زۆر ئاسانکار بوون و سەختگیر نەبوون! حەسەن فەرمووی: ئەی بەندەی خودا! ئەو کەسەی کە بترسێنێ تا دەگەی بە ئاسایش و نەترسان لەو کەسە باشترە ئاسانکاربێت و بتگەیەنێ بە ترسان.

١٤٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيٌّ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا حَوْشَبٌ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: «وَالله لَقَدْ عَبَدَ بَنُو إِسْرَائِيلَ الْأَصْنَامَ بَعْدَ عِبَادَتِهِمُ الرَّحْمَنَ عَزَّ وَجَلَّ بِحُبِّهِمُ الدُّنْيَا».

واتە: جەعفەر دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: حەوشەب فەرمووی: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: بەخوا بەنی ئیسرائیل هەر لەبەر خۆشەویستی دونیا بوو (یانی خۆشەویستی دونیا وای لێ کردن) کە دوای ئەوەی خواپەرست بوون دەستیان کرد بە گوێرەکە پەرستی!

١٤٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا صَفْوَانُ بْنُ عِيسَى، حَدَّثَنَا هِشَامٌ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: وَالله لَقَدْ أَدْرَكْتُ أَقْوَامًا مَا طُوِيَ لأَحَدٍ مِنْهُمْ ثَوْبٌ قَطُّ وَلَا أَمَرَ فِي أَهْلِهِ بِصَنْعَةِ طَعَامٍ قَطُّ، وَلَا جَعَلَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْأَرْضِ شَيْئًا قَطُّ، وَإِنْ كَانَ أَحَدُهُمْ لَيَقُولُ: لَوَدِدْتُ أَنِّي أَكَلْتُ أَكْلَةً فَتَصِيرُ فِي جَوْفِي مِثْلَ الْآجُرَّةِ وَكَانَ يَقُولُ: بَلَغَنَا أَنَّ الْآجُرَّةَ تَبْقَى فِي الْمَاءِ ثَلَاثَمِائَةِ سَنَةٍ ".

واتە: صەفوانی کوڕی عیسا دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: هیشام فەرمووی: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: بەوا من چاوم بە کەسانێ کەوتووە هەرگیز پۆشاکێکیان بۆ دەق نەکراوە؛ هەرگیز فرمانیان بە سەر ژن و مناڵی خۆیانا نەکردووە خواردنێکیان بۆ ئامادە بکەن؛ هەرگیز لە نێوان ئەوان و زەویدا هیچ نەبووە (واتە: ڕایەخیان لە ژێرا نەبووە و هەر لەسەر خۆڵ دانیشتون) ئی وایان بوو دەیفەرموو: پێم خۆشە ئەگەر پارویەک نانم خوارد لە گەدەما وەکوو ئاجوڕی لێ بێت (ئاجوڕ خشتی سورەوە کراوە) حەسەن دەیفەرموو: بیستومانە ئاجوڕ سێسەد ساڵ لە ناو ئاوا دەمێنێتەوە و ناتوێتەوە.

١٤٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيٌّ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا كَعْبٍ الْأَزْدِيَّ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: «إِذَا كُنْتَ آمِرًا بِالْمَعْرُوفِ فَكُنْ مَنْ أَخَذَ النَّاسُ بِهِ وَإِلَّا هَلَكْتَ، وَإِذَا كُنْتَ مِمَّنْ يَنْهَى عَنِ الْمُنْكَرِ فَكُنْ مَنْ أَنْكَرَ النَّاسُ لَهُ وَإِلَّا هَلَكْتَ».

واتە: جەعفەر دەفەرموێت: گوێم لە باوکی کەعبی ئەزدی بوو دەیفەرموو: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: ئەگەر فرمانت بە چاکە کرد؛ ئەوا خۆت لە هەمووان زیاتر کار بەو چاکەیە بکە ئەگینا تیادەچی؛ هەر کاتێکیش نەهیت لە خراپەیەک کرد خۆت لە خەڵکی زیاتر ڕقت لەو خراپەیە بێت و لێی دوور بکەوە؛ ئەگینا تیادەچی.

١٤٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَلِيُّ بْنُ مُسْلِمٍ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ عِيسَى الْيَشْكُرِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، إِذَا ذُكِرَ صَاحِبُ الدُّنْيَا يَقُولُ: «وَالله مَا بَقِيَتِ الدُّنْيَا لَهُ وَلَا بَقِيَ لَهَا وَلَا سَلِمَ مِنْ تَبِعَتِهَا وَشَرِّهَا وَحِسَابِهَا وَلَقَدْ أُخْرِجَ مِنْهَا فِي خِرْقَةٍ».

واتە: جەعفەر دەفەرموێت: ئیبراهیمی کوڕی عیسای یەشکوری بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: گوێم لە حەسەن بوو ئەگەر باسی کەسێ:ی دونیاپەرست کرابا دەیفەرموو: بەخوا نە دونیا بۆ ئەو ماوەتەوە و نە ئەو بۆ دونیا ماوەتەوە، بەخوا ئەو لە ناخۆشی و خراپەی دونیا و لێکۆڵینەوەی دونیا ڕزگاری نەبووە و لە توێی پەڕۆیەکیش لە دونیا دەرچوە.

١٤٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا صَفْوَانُ، عَنْ هِشَام قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: " وَالله، لَقَدْ أَدْرَكْتُ أَقْوَامًا وَإِنْ كَانَ أَحَدُهُمْ لَيَرِثُ الْمَالَ الْعَظِيمَ قَالَ: وَإِنَّهُ وَالله، لَمَجْهُودٌ شَدِيدُ الْجَهْدِ قَالَ: فَيَقُولُ لأَخِيهِ: يَا أَخِي، إِنِّي قَدْ عَلِمْتُ أَنَّ ذَا مِيرَاثٌ وَهُوَ حَلَالٌ وَلَكِنِّي أَخَافُ أَنْ يُفْسِدَ عَلَيَّ قَلْبِي وَعَمَلِي فَهُوَ لَكَ لَا حَاجَةَ لِي فِيهِ قَالَ: فَلَا يَرْزَأُ مِنْهُ شَيْئًا أَبَدًا قَالَ: وَهُوَ وَالله مَجْهُودٌ شَدِيدُ الْجَهْدِ قَالَ: وَسَمِعْتُ الْحَسَنَ يَقُولُ: وَالله أَدْرَكْتُ أَقْوَامًا كَانُوا فِيمَا أَحَلَّ الله لَهُمْ أَزْهَدَ مِنْكُمْ فِيمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ وَلَقَدْ كَانُوا أَشْفَقَ مِنْ حَسَنَاتِهِمْ أَنْ لَا تُقْبَلَ مِنْهُمْ مِنْكُمْ أَنْ تُؤَاخَذُوا بِسَيِّئَاتِكُمْ ".

واته: صەفوان لە هیشامەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: بەخوا من کەسانێکم دیوە ئی وایان تێدا بوو کە سەروەت و سامانێکی زۆری بە میرات بۆ مابویەوە دەیفەرموو: بەخوا زۆریش ئاتاج و هەژار بوو دەیگوت: بە برادەرەکەی دەگوت: برا! من دەزانم ئەمە میراتەو یراتیش حەڵاڵە؛ بەڵام بەخوا دەترسم ئەم میراتە دڵم تێک بدات و کار و کردەوەکانم خراپ بکات؛ با بۆ تۆبێت و من نامەوێ! دەفەرموێت: جا یەک تۆزی لەو میراتە نەدەبرد.. دەفەرموێت: بەخوا خۆیشی زۆر ئاتاج و هەژار بوو.. دەفەرموێت: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: بەخوا کەسانێکم دیوە ئەوەندەی ئێوە خۆتان لە حەرام دەپارێزن؛ ئەوان لەوە زیاتر خۆیان لە حەڵاڵ دەپاراست؛ ئەوەندەی ئێوە دەترسن لەسەر خراپە سزا بدرێن؛ ئەوان لەوە زیاتر دەترسان کە چاکەکانیان گیرا نەبێت.

١٤٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: لَقَدْ أَدْرَكْتُ أَقْوَامًا وَصَحِبْتُ طَوَائِفَ مِنْهُمْ مَا سَأَلُوا الله عَزَّ وَجَلَّ الْجَنَّةَ قَطُّ حَيَاءً مِنَ الله عَزَّ وَجَلَّ ".

واته: جەعفەر لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەڕاستی من کەسانێکم دیوە و هاوڕێیەتی هەندێکیانیشم کردووە؛ ئەوانە لەتاو شەرم کردن لە خوای گەورە؛ هەرگیز داوای بەهەشتیان لەخوا نەدەکرد.

١٤٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: وَالله، لَقَدْ أَدْرَكْتُ أَقْوَامًا مَا كَانُوا يَرُدُّونَ سَائِلًا إِلَّا بِشَيْءٍ وَلَقَدْ كَانَ الرَّجُلُ مِنْهُمْ يَخْرُجُ فَيَأْمُرُ أَهْلَهُ أَنْ لَا يَرُدُّوا سَائِلًا ".

واتە: هیشام لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەخوا من کەسانێکم دیوە هەرگیز دەستیان بە ڕوی دەرۆزەکەرەوە نەدەناو شتێکیان هەر پێ دەدا؛ ئی وایان تێدا بوو کاتێ لەماڵ دەردەچو ئامۆژگاری خێزانەکەی دەکردو دەیگوت: ئەگەر کەسێک هات بۆ داوای شتێک بە دەستی بەتاڵەوە نەینێرنەوە و شتێکی پێ بدەن!

١٤٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَاحِدِ بْنُ زَيْدٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: لَقَدْ أَدْرَكْتُ أَقْوَامًا إِنْ كَانَ الرَّجُلُ مِنْهُمْ لَيَأْتِي عَلَيْهِ سَبْعُونَ سَنَةً مَا اشْتَهَى عَلَى أَهْلِهِ شَهْوَةَ طَعَامٍ وَلَقَدْ أَدْرَكْتُ أَقْوَامًا يَأْتِي عَلَى أَحَدِهِمْ سَبْعُونَ سَنَةً مَا تَوَسَّدَ وِسَادَةً وَإِنْ كَانَ أَحَدُهُمْ لَيَأْكُلُ الْأَكْلَةَ يُرِيدُ أَنَّهَا حَجَرٌ فِي بَطْنِهِ ".

واتە: وەکیع لە عەبدولواحیدی کوڕی زەید دەگێڕێتەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەڕاستی من کەسانێکم بینی پیاوی وایان تێدا بوو کە حەفتا ساڵ دەبوو داوای خواردنی لە خێزانەکەی نەکردبوو؛ کەسانێکیشم بینی حەفتا ساڵ تەمەنیان دەبوو هیچیان نەخستبووە ژێر؛ ئی وایان تێدابوو خواردنێکی دەخوارد دەیەویست لە زگیا بیێ بە بەرد.

١٤٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَدْ كَانَ الرَّجُلُ يَطْلُبُ الْعِلْمَ فَلَا يَلْبَثُ أَنْ يَرَى ذَلِكَ فِي تَخَشُّعِهِ وَهَدْيِهِ وَفِي لِسَانِهِ وَبَصَرِهِ وَبِرِّهِ ".

واتە: هیشام لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پیاوی وا هەبووە بو دوای زانستا گەڕاوە و خوێندویەتی و زۆری پێ نەچوە ئاسەواری زانستی لە ملکەچی و هەڵسوکەوت و زمان و چاوو چاکەکانیا دیوە.

١٤٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عُثْمَانُ بْنُ الْيَمَانِ، عَنْ يَحْيَى بْنِ مُوسَى، عَنِ الْحَسَنِ، فِي قَوْلِهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا﴾ الفرقان: ٦٣ قَالَ: حُلَمَاءَ وَفِي قَوْلِهِ: ﴿فَإِنَّهُۥ كَانَ لِلْأَوَّٰبِينَ غَفُورًا ﴿٢٥﴾﴾ الإسراء: ٢٥ قَالَ: الْمُتَوَجِّهُ بِقَلْبِهِ وَعَمَلِهِ إِلَى الله عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: عوسمان لە یەحیای کوڕی مووساوە گێرایەوە ئەویش لە حەسەنەوە کە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا﴾دا فەرموویەتی: مەبەست ئەوانەیە کە بەحەوسەڵەن. لە تەفسیری ئایەتی ﴿فَإِنَّهُۥ كَانَ لِلْأَوَّٰبِينَ غَفُورًا ﴿٢٥﴾﴾ دا فەرموویەتی: ئەوانەن کە بە دڵ و بە کار و کردەوە ڕویان لە خوای گەورەیە.

١٤٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ هِشَامٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: أَدْرَكْتُ أَقْوَامًا إِنْ كَانَ الرَّجُلُ لَيَخْلُفُ أَخَاهُ فِي أَهْلِهِ أَرْبَعِينَ عَامًا ".

واته: سوفیان له هیشامەوه ئەویش له حەسەنەوه گێڕایەوه فەرموویەتی: پیاوی وام بینیوه كه چل ساڵ براكەی دەكردە سەرپەرشتیاری ماڵ و منداڵەكانی.

١٤٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ يُونُسَ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: لَقَدْ أَدْرَكْتُ أَقْوَامًا إِنْ كَانَ الرَّجُلُ لَيَجْلِسُ مَعَ الْقَوْمِ يَرَوْنَ أَنَّهُ عَيِيٌّ وَمَا بِهِ عِيٌّ إِنَّهُ لَفَقِيهٌ ".

واته: سوفیان له یونسەوه ئەویش له حەسەنەوه دەگێڕێتەوه فەرموویەتی: من كەسانێكی وام دیوه كه پیاوی وایان تێدابوو لەگەڵ خەڵكدا بوو؛ وایان دەزانی كه نەزانەو هیچ نازانێ؛ بەڵام نەك نەزان نەبوو بەڵكوو زۆریش زانا بوو.

١٤٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ: قَدْ كَانَ الرَّجُلُ يَسْمَعُ بِالْبَابِ مِنْ أَبْوَابِ الْعِلْمِ فَيَتَعَلَّمُهُ وَيَعْمَلُ بِهِ فَيَكُونُ خَيْرًا لَهُ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا لَوْ كَانَتْ لَهُ فَوَضَعَهَا فِي آخِرَةٍ ".

واته: هیشام له حەسەنەوه دەگێڕێتەوه فەرموویەتی: پیاوی وا هەبوو لقێكی زانست فێر دەبوو دەچوو كاری پێدەكردو ئەوەی بەلاوه باشتر بوو لەوەی كه هەموو دونیا و ئەوەی له دونیادایه هی ئەو بێت و بیكاته خێر بۆ قیامەتی.

١٤٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: وَاللهِ لَقَدْ أَدْرَكْتُ أَقْوَامًا مَا طُوِيَ لِأَحَدِهِمْ ثَوْبٌ قَطُّ وَلَا جَعَلَ بَيْنَهُمْ وَلَا بَيْنَ الْأَرْضِ شَيْئًا قَطُّ وَلَا أَمَرَ فِي بَيْتِهِ بِصَنْعَةِ طَعَامٍ قَطُّ، إِنْ كَانَ أَحَدُهُمْ لَيَأْكُلُ فَمَا عَدَا أَنْ يُقَارِبَ شِبَعَهُ يُمْسِكُ وَقَالَ الْحَسَنُ: وَاللهِ لَأَنْ يُنْبَذَ طَعَامًا لِلْكَلْبِ خَيْرٌ مِنْ أَنْ يَأْكُلَ فَوْقَ شِبَعِهِ ".

واته: هیشام له حەسەنەوه دەگێڕێتەوه فەرموویەتی: بەخوا من چاووم بە كەسانێ كەوتووه كه هەرگیز پۆشاكێكیان بۆ دەق نەكراوه؛ هەرگیز له نێوان ئەوان و زەویدا هیچ نەبووه (واته: ڕایەخیان له ژێرا نەبووه و هەر لەسەر خۆڵ دانیشتون) هەرگیز فرمانیان بە سەر ژن و منداڵی

خۆیانا نەکردووە خواردنێکیان بۆ ئامادە بکەن؛ ئەوانە کاتێ خواردنیان دەخوارد پێش ئەوەی تێر بین دەستیان لە خواردن هەڵدەگرت.. حەسەن دەیفەرموو: بەخوا ئەگەر خواردن فڕێ بدرێ بۆ سەگ لەوە باشترە کە بکرێ بەسەر خواردنا (واتە: لەسەر تێری بخورێت).

١٤٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْمَلِك بْنُ الصَّبَّاحُ، عَنْ عِمْرَانَ بْن حُدَيْر، عَن الْحَسَن قَالَ: يَقُولُ أَحَدُهُمْ: أَحُجُّ أَحُجُّ قَدْ حَجَجْتَ صِلْ رَحِمًا، نَفِّسْ عَنْ مَغْمُوم، أَحْسِنْ إِلَى جَارٍ ".

واتە: عیمرانی کوڕی حودەیر لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: مرۆڤی وا هەیە هەر دەڵێ: حەج دەکەم حەج دەکەم! برا حەجت کرد ئیتر بەسە! بڕۆ پەیوەندی خزمایەتی بەجێ بێنە؛ بەدەم کەسێکی لێقەوماوەوە بڕۆ؛ لەگەڵ دراوسێکەتا باش بە!

١٤٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو أَحْمَدَ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ يُونُسَ، عَن الْحَسَن قَالَ: إِنْ كَانَ الرَّجُلُ لَيَكُونُ فَقِيهًا جَالِسًا مَعَ الْقَوْمِ فَيَرَى بَعْضُ الْقَوْمِ أَنَّ بِهِ عِيًّا وَمَا بِهِ مِنْ عِيٍّ إِلَّا كَرَاهِيَةَ أَنْ يَشْتَهِرَ ".

واتە: یونس لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: پیاوی وا هەبوو زانا بوو؛ لەگەڵ خەڵکدا دادەنیشت (ئەوەندە بێدەنگ بوو) هەندێک لەو خەڵکە وایاندەزانی کە هیچ شتێک نازانێ؛ کەچی وانەبوو؛ نەزان نەبوو؛ بەڵکوو زۆریش زانا بوو؛ لە ترسی ئەوەی نەکا ناوبانگ دەربکات خۆی کڕو بێدەنگ دەکرد.

١٤٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا أَبو سُفْيَانَ الْحِمْيَرِيُّ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ حُسَيْنٍ قَالَ: كَانَ الْحَسَنُ كَثِيرًا مَا يُرَدِّدُ هَذَيْنِ الْحَرْفَيْنِ: «اللهمَّ لَكَ الْحَمْدُ عَلَى حِلْمِكَ بَعْدَ عِلْمِكَ وَلَكَ الْحَمْدُ عَلَى عَفْوِكَ بَعْدَ قُدْرَتِكَ».

واتە: باوکی سوفیانی حیمیەری لە سوفیانی کوڕی حوسەینەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەسەن زۆرجار ئەم نزایەی دووبارە دەکردەوە: خوایە! سوپاس و ستاییش بۆ تۆ کە بە هەموو شتێک دەزانیت و لەگەڵ ئەوەشا خاوەن حەوسەڵەی؛ سوپاس و ستاییش بۆتۆ کە هەموو هێزو دەسەڵاتێکت هەیە و توانایی و لەگەڵ ئەوەشا لێبوردەی.

١٤٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ، حَدَّثَنَا يُونُسُ قَالَ: قَالَ الْحَسَنُ رَحِمَهُ الله: «أَدْرَكْتُ أَقْوَامًا مَا كَانَ أَحَدُهُمْ يَسْتَطِيعُ أَنْ يُسِرَّ عَمَلًا فَيُعْلِنَهُ، قَدْ عَلِمُوا أَنَّ أَحْرَزَ الْعَمَلَيْنِ مِنَ الشَّيْطَانِ عَمَلُ السِّرِّ، وَأَنَّ أَحَدَهُمْ لَيَكُونُ عِنْدَهُ الزُّورُ وَأَنَّهُ لَيُصَلِّي خَلْفَ الْوَجْهِ مَا يَعْلَمُ بِهِ زُورُهُ».

واتە: ئیسماعیل لە یونسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەسەن فەرمووی: مـن کۆمەڵە **کەسانێکم بینیوە هیچیان نەیاندەتوانی بە نهێنی خواپەرستیەک** بکەن و ئاشکرای **بکەن؛ دەیانزانی پارێزراوترین کار لە شەیتانی بەدفەڕ ئەوەیە کە بە نهێنی دەکرێت؛ جاری وا هەبوو یەکێک لەوانە میوانی هەبوو؛ دوور لە چاوی میوانەکان شەونوێژی دەکردو کەسیان پێیان نەدەزانی.**

١٤٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو عُبَيْدَةَ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: كَانُوا يَقُولُونَ: مَوْتُ الْعَالِمِ ثَلْمَةٌ فِي الْإِسْلَامِ لَا يَسُدُّهَا شَيْءٌ مَا اخْتَلَفَ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ ".

واتە: هیشام لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێشان دەیانگوت: مردنی زانا کەلێنێکە لە ئیسلام هەرچەندە شەوو ڕۆژیش تێپەڕێ هەر پڕ نابێتەوە.

١٤٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مَرْوَانَ الْعِجْلِيُّ، حَدَّثَنَا عَطَاءٌ الْأَزْرَقُ قَالَ: سَمِعْتُ رَجُلًا، سَأَلَ الْحَسَنَ: كَيْفَ أَنْتَ كَيْفَ حَالُكَ؟ قَالَ: «يَا شَرَّ حَالٍ وَمَا حَالُ مَنْ أَصْبَحَ وَأَمْسَى يَنْتَظِرُ الْمَوْتَ لَا يَدْرِي مَا يَفْعَلُ الله بِهِ».

واتە: سەییار لە موحەممەدی کوڕی مەڕوانی عیجلییەوە ئەویش لە عەتای ئەزرەقەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە پیاوێک بوو پرسیاری لە حەسەن دەکرد و گوتی: چۆنی؟ دەنگوباست؟ حەسەن فەرمووی: باش نیم! دەبێ حاڵی ئەوکەسە چۆنبێ کە بەیانی و ئێوارە چاوەڕێی مردن بێت و نەزانێ خوای گەورە چیی پێ دەکات؟!

١٤٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا أَبو كَعْب الْأَزْدِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: «الْمُؤْمِنُ فِي الدُّنْيَا كَالْغَرِيب لَا يَجْزَعُ مِنْ ذُلِها وَلَا يَأْنَسُ فِي عِزِّهَا لِلنَّاسِ حَالٌ وَله حَالٌ، وَجِّهُوا هَذِهِ الْفُضُولَ حَيْثُ وَجَّهَهَا الله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: جەعفەر لە باوکی کەعبی ئەزدیی گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە حەسەن بوو

دەیفەرموو: مرۆڤی باوەڕدار لە دونیادا وەکوو نامۆو غەریب وایە؛ لە دەست زەلیلی هاوار ناکات و گوێ بە عیززەت و خۆشیی دونیا نادات؛ خەڵك جۆرێکن و ئەو جۆرێکیتر؛ لەم دونیایەدا بەرەو ئەو لایە بڕۆن کە خوای گەورە دیاریی کردووە.

١٤٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْمَلِك بْنُ الصَّبَّاحِ، عَنْ عِمْرَانَ بْن حُدَيْرٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «لَيَأْتِيَنَّ أُنَاسٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِحَسَنَاتٍ أَمْثَالِ الْجِبَالِ فَمَا يَزَالُ يُؤْخَذُ مِنْهُمْ لِمَنْ ظَلَمُوا حَتَّى يَبْقَى مُفْلِسًا يُفْتَلَ إِلَى النَّارِ».

واتە: عەبدولمەلیکی کوڕی صەبباح لە عیمرانی کوڕی حودەیرەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: لە ڕۆژی قیامەتدا کۆمەڵێک خەڵك چاکەی زۆر دێنن؛ چاکەکانیان وەکوو کێوە؛ بەڵام بەردەوام لێیان دەبڕێت و دەدرێت بەو کەسانەی کە ئەمان لە دونیادا ستەمیان لێ کردوون تا وای لێدێ مافنگی دەمێنێتەوە و بەرەو ئاگری ڕادەکێشن.

١٤٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ زَيْدٍ، عَنْ يُونُسَ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: سَمِعْتُهُ يَقُولُ: «إِنْ كَانَ الرَّجُلُ لَيَجْلِسُ الْمَجْلِسَ فَتَجِيئُهُ عَبْرَتُهُ فَيَرُدُّهَا فَإِذَا خَشِيَ أَنْ تَسْبِقَهُ قَامَ».

واتە: حەمادی کوڕی زەید لە یونسەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: پیاوی وا هەبوو لە کۆڕو مەجلیسا دادەنیشت؛ فرمێسك لە چاوی دەتزا؛ خۆی قەتیسی دەکردو نەیدەهێشت فرمێسکەکانی بێنە خوارەوە؛ جا ئەگەر ترسی ئەوەی هەبوایە کە نەتوانی بەرگری لە هاتنەخوارەوەی فرمێسکەکانی بکات؛ هەڵدەستاو مەجلیسەکەی بەجێدەهێشت.

١٤٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: وَالله لَقَدْ أَدْرَكْتُ أَقْوَامًا لَوْ شَاءَ أَحَدُهُمْ أَنْ يَأْخُذَ هَذَا الْمَالَ مِنْ حله أَخَذَهُ فَيُقَالُ لهم: أَلَا تَأْتُونَ نُصِيبُكُمْ مِنْ هَذَا الْمَالِ فَتَأْخُذُونَهُ حَلَالًا؟ فَيَقُولُونَ: لَا، إِنَّا لَنَخْشَى أَنْ يَكُونَ أَخْذُهُ فَسَادًا لِقُلُوبِنَا ".

واتە: یەزیدی کوڕی هارون لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەخوا من کەسانێکی وەهام دیوە ئەگەر بیانویستایە ئەم سەروەت و سامانە لە ڕێگەی

حەڵاڵەوە پەیدا بکەن؛ زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی پەیدای بکەن (بەڵام خەریکی کۆ کردنەوەی سەروەت و سامان نەدەبوون) پێیان دەگوترا: ئەوە بۆچی بەشی خۆتان لەم سەروەت و سامانە پاك و حەڵاڵە پەیدا ناکەن؟ لە وەڵاما دەیانگوت: دەترسین پەیدا کردنی سەروەت و سامان بێتە هۆکاری تێکچوونی دڵەکانمان.

١٤٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ عَبْدِ الله، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا أَبو كَعْبٍ الْأَزْدِيُّ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ لِلْحَسَنِ رَحِمَهُ الله: إِنِّي أُرِيدُ سَفَرًا فَزَوِّدْنِي قَالَ: «ابْنَ أَخِي، أَعِزَّ أَمْرَ الله حَيْثُمَا كُنْتَ يُعِزَّكَ الله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: جەعفەر لە باوکی کەعبی ئەزدیەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پیاوێک بە حەسەنی گوت: من دەمەوێ سەفەر بکەم؛ ئامۆژگاریەکم بکە با بیکەم بە توێشو بۆ خۆم! حەسەن فەرمووی: برازا! لەهەرشوێنێک بوی فرمانی خوای گەورە بە گەورە بزانەو ڕێزی بگرە؛ ئیتر خوای گەورە ڕێزت لێ دەگرێت و گەورەت دەکات.

١٤٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «أَدْرَكْتُ أَقْوَامًا كَانُوا لَا يَفْرَحُونَ بِشَيْءٍ مِنَ الدُّنْيَا أَتَوْهُ وَلَا يَأْسَوْنَ عَلَى شَيْءٍ مِنْهَا فَاتَهُمْ».

واتە: حەمادی کوڕی سەلەمە لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من کەسانێکم بینی هەموو دونیایان دەست بکەوتایە پێی خۆشحاڵ نەدەبوون و هەموو ئەو شتێکیشیان لە دەست بدایە بۆی خەمبار نەدەبوون.

١٤٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَامِرٍ، عَنْ حَزْمٍ، عَنْ عَمَّارٍ قَالَ: قُلْتُ لِلْحَسَنِ: يَا أَبَا سَعِيدٍ، مَا الْبِرُّ؟ قَالَ: الْبَذْلُ وَاللُّطْفُ، قُلْتُ: فَمَا الْعُقُوقُ؟ قَالَ: أَنْ تُحْرِمَهُمَا وَتَهْجُرَهُمَا، قَالَ: أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ نَظَرَكَ فِي وَجْهِ وَالِدَيْكَ أَوْ وَالِدَتِكَ عِبَادَةٌ".

واتە: سەعیدی کوڕی عامر لە حەزمەوە ئەویش لە عەممارەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: بە حەسەنم گوت: باوکی سەعید! چاکە چییەو چۆنە؟ فەرمووی: بەخشین و نەرم و نیانییە.. گوتم: ئەی بێ گوێیی چییە؟ فەرمووی: ئەوەیە کە بێبەشیان بکەیت و قسەیان لەگەڵدا نەکەیت! دوایی فەرمووی: مەگەر نەتزانیوە سەیر کردنی دایك و باوکت یان دایکت خواپەرستیە؟!

١٤٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ، حَدَّثَنَا يُوسُفُ بْنُ يَعْقُوبَ الدَّوْسِيُّ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ، فِي هَذِهِ الْآيَةِ: ﴿ كَانُوا قَلِيلًا مِّنَ اللَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ ﴿١٧﴾ ﴾ الذاريات: ١٧ كَانُوا قَلِيلاً مِنَ اللَّيْلِ مَا يَرْقُدُونَ: ﴿ وَبِالْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ ﴿١٨﴾ ﴾ الذاريات: ١٨ قَالَ: مَدُّوا الصَّلَاةَ إِلَى السَّحَرِ ثُمَّ دَعَوْا وَتَضَرَّعُوا ".

واتە: یوسفی کوڕی یەعقوبی دەوسی لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە کە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿ كَانُوا قَلِيلًا مِّنَ اللَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ ﴿١٧﴾ ﴾ دا فەرموویەتی: واتە: ئەوانە کەمێک لە شەو دەنووستن. لە تەفسیری ئایەتی ﴿ وَبِالْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ ﴿١٨﴾ ﴾ شدا فەرمووی: هەتا بەرەبەیان نوێژیان درێژە پێدەداو دوایی دەپاڕانەوە و دەلاڵانەوە.

١٤٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا اللَّيْثُ بْنُ خَالِد أَبُو بَكْرٍ الْبَلْخِيُّ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، عَنْ زَكَرِيَّا، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: " كَانَ يُقَالُ: إِنَّ الْإِيمَانَ لَيْسَ بِالتَّحَلِّي وَلَا بِالتَّمَنِّي وَإِنَّمَا الْإِيمَانُ مَا وَقَرَ فِي الْقَلْبِ وَصَدَّقَهُ الْعَمَلُ ".

واتە: جەعفەری کوڕی سولەیمان لە زەکەریاوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: جاران دەگوترا: بیرو باوەڕ بە خۆڕازاندنەوە و بە ئاوات و ئارەزوو نییە؛ بەڵکوو بیرو باوەڕ ئەوەیە کە لە دڵا جێگیر بوبێت و بە کردەوە بیچەسپێنی.

١٤٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا اللَّيْثُ بْنُ خَالِد، حَدَّثَنَا أَبُو رَوْحٍ، عَوْنُ بْنُ مُوسَى قَالَ: سَمِعْتُ مُعَاوِيَةَ بْنَ قُرَّةَ قَالَ: تَذَاكَرُوا عِنْدَ الْحَسَنِ: أَيُّ الْأَعْمَالِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: فَكَأَنَّهُمْ عَلَى قِيَامِ اللَّيْلِ قَالَ: فَقُلْتُ أَنَا: تَرْكُ الْمَحَارِمِ قَالَ: فَانْتَبَهَ الْحَسَنُ لها فَقَالَ: تَمَّ الْأَمْرُ تَمَّ الْأَمْرُ ".

واتە: باوکی ڕەوح واتە: عەونی کوڕی مووسا فەرمووی: گوێم لە موعاویەی کوڕی قوڕڕە بوو دەیفەرموو: ڕۆژێک لە لای حەسەنا باسی ئەوە کرا کە کام کار و کردەوەیە لە هەمووان هێژاترو باشترە؟ دەفەرموێت: وەک بڵێی هەمووان پێیان وا بوو باشترین کار و کردەوە شەونوێژ بێت! دەفەرموێت: من گوتم: باشترین کار و کردەوە دوور کەوتنەوەیە لە حەرام! دەفەرموێت: حەسەن گوێی لەو قسەیەی من بوو گوتی: بەڵێ تەواوە بڕایەوە؛ بەڵێ تەواوە!

١٤٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا مُوسَى بْنُ إِسْمَاعِيلَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْحَمِيدِ بْنُ عَبْدِ الله بْنِ مُسْلِمِ بْنِ يَسَارٍ، حَدَّثَنِي ثَابِتٌ الْبُنَانِيُّ قَالَ: كُنْتُ عِنْدَ الْحَسَنِ رَحِمَهُ الله فَقَامَ إِلَيْهِ سَائِلٌ ضَرِيرُ الْبَصَرِ فَقَالَ: تَصَدَّقُوا عَلَى مَنْ لَا قَائِدَ له يَقُودُهُ وَلَا بَصَرَ يَهْدِيهِ، فَقَالَ الْحَسَنُ: ذَاكَ صَاحِبُ هَذِهِ الدَّارِ وَأَشَارَ بِهِ إِلَى جَارِهِ خَلْفَهُ يَعْنِي عَبْدَ الله بْنَ زِيَادٍ مَا كَانَ مِنْ جَمِيعِ حَشَمِهِ قَائِدٌ يَقُودُهُ إِلَى خَيْرٍ وَلَا يُشِيرُ عَلَيْهِ بِهِ وَلَا كَانَ مِنْ قِبَلِ نَفْسِهِ له بَصَرٌ يُبْصِرُ بِهِ وَيَنْتَفِعُ بِهِ ".

واته: مووسای کوڕی ئیسماعیل له عەبدولحەمیدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی موسلیمی کوڕی یەسار ئەویش له ثابتی بوونانییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من له لای حەسەن بوم (خوای لێ ڕازی بێت) پیاوێکی سواڵکەری نابینا هات و گوتی: خێرێک بکەن بەو کەسەی کە کەس نییە دەستی ڕابکێشێت و ببێ بە چاوساغی و چاوی دڵیشی نییە ڕێنوێنی بکات! حەسەن فەرمووی: ئەوە خاوەنی ئەو ماڵەیە.. جا ئاماژەی کرد بۆ دراوسێکەی پشەوەیان واتە: عەبدوڵڵای کوڕی زیاد؛ لەناو ئەو هەموو کەسەی کە کاتی خۆی لە دەوریا بوو یەکێک نەبوو دەستی بگرێت و ببێ بە چاوساغی و بەرەو چاکەی ببات و چاکەی پیشان بدات و خۆیشی چاوی سەرو چاوی دڵی نییە پێیان ببینێت و سودیان لێ ببینێت.

١٤٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا مُوسَى، حَدَّثَنَا إِيَاسٌ يَعْنِي ابْنَ أَبِي تَمِيمَةَ عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «أَمَا وَالله لَوْ رُفِعَتْ لَكُمُ الْآخِرَةُ لَمَا عَدَلْتُمْ وَلَا مُيِّلْتُمْ».

واته: مووسا له ئەیاسەوە واتە: ئەیاسی کوڕی باوکی تەمیمەوە ئەویش له حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەخوا ئەگەر قیامەتتان لەسەر هەڵگیرێت هیچتان دادپەروەری ناکەن و ناشچن بەلایا.

١٤٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ، حَدَّثَنَا ابْنُ عُلَيَّةَ، حَدَّثَنَا رَوْحُ بْنُ الْقَاسِمِ، أَنَّ رَجُلًا، مِنْ أَهْلِهِ تَنَسَّكَ قَالَ: لَا آكُلُ الْخَبِيصَ أَوْ قَالَ: الْفَالَوْذَجَ؛ لِأَنِّي لَا أَقُومُ بِشُكْرِهِ، فَلَقِيتُ الْحَسَنَ فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لَهُ فَقَالَ: هَذَا إِنْسَانٌ أَحْمَقُ وَلَا يَقُومُ بِشُكْرِ الْمَاءِ الْبَارِدِ".

واته: ڕەوحی کوڕی قاسم دەگێڕێتەوە کە پیاوێکی خزمی دەستی کرد بە خواپەرستی و گوتی: نابێ خەبیصە (جۆرێک حەڵواو شیرینییە بە خورماو میوە دروست دەکرێ) بخۆم. یان گوتی: نابێ فالودە بخۆم، چونکە ناتوانم لە هەقی ئەوانەدا سوپاسی خوای گەورە بکەم! جا من گەیشتمە حەسەن و ئەوەم بۆ باسکرد؛ حەسەن فەرمووی: ئەوە مرۆڤێکی گەمژەو نەزانە؛ ئەو ناتوانێ لە هەقی ئاوی ساردیشا سوپاسی خوای گەورە بکات.

١٤٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبُو طَالِبٍ زَيْدُ بْنُ أَخْزَمَ الطَّائِيُّ، حَدَّثَنَا مُسْلِمُ بْنُ قُتَيْبَةَ، حَدَّثَنَا مُبَارَكٌ، أَنَّ الْحَسَنَ، قَلَعَ ضِرْسَهُ فَأَعْطَاهُ دِرْهَمًا قَالُوا لَهُ: إِنَّهُ بِنِصْفِ دِرْهَمٍ فَقَالَ: أَعْطُوهُ دِرْهَمًا فَإِنَّ الْمُسْلِمَ لَا يُقَاسَمُ دِرْهَمًا ".

واته: موسلیمی کوڕی قوتەیبە لە موبارەکە گێڕایەوە کە حەسەن دانێکی هەڵکێشاو

دیرهەمێکـی دا بەو کەسـە کە دانەکەی بـۆ هەڵکێشـا؛ پێیـان گـوت: دان هەڵکێشـان بە نیـو دیرهەمە! فەرمووی: دیرهەمێکی بدەنێ مرۆڤی باوەڕدار دیرهەمێک ناکات بە دوو بەشەوە.

١٤٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ مُحَمَّد بْن فُضَيْل، منْ أَهْل رَأْس الْعَيْن حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ مُحَمَّد بْن أَعْيَنَ، حَدَّثَنَا زُهَيْرٌ قَالَ: سَمعْتُ أَبَا إِسْحَاقَ، يَقُولُ: كَانَ الْحَسَنُ الْبَصْريُّ يُشْبهُ أَصْحَابَ مُحَمَّد صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ ".

واتە: جەعـفەری کـوڕی مـوحەممەد کە خەڵـکی ڕەئسـولعەین بـوو گێـرایەوە فەرمـووی: حەسـەنی کـوڕی مـوحەممەدی کـوڕی ئەعـیەن لە زوهەیـرەوە گێـرایەوە فەرمـووی: گـوێم لە بـاوکی ئیسـحاق بـوو فەرمـووی: حەسـەنی بەصـری لە ئاکـار و ڕەفتـارا زۆر لە هـاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەچو.

١٤٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ الصَّبَّاح الْبَزَّارُ، حَدَّثَنَا زَيْدُ بْنُ الْحُبَاب، عَنْ عَبْد الْحَميد بْن عَبْد الله بْن مُسْلم بْن يَسَار، عَنْ كُلْثُوم بْن جَبْر قَالَ: كَانَ التَّيْميُّ بالْبَصْرَة يَقُولُ: «فقْهُ الْحَسَن، وَعلْمُ مُسْلم بْن يَسَار، وَوَرَعُ ابْن سيرينَ، وَعبَادَةُ طَلْق بْن حَبيب».

واتە: زەیـدی کـوڕی حوبـاب لە عەبدولحەمیـدی کـوڕی عەبـدوڵڵای کـوڕی موسـلیمەوە ئەویش لە کەلسومی کوڕی جەبرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: تەیمی لە بەصرە دەیفەرموو: فیقھ لای حەسەنە؛ زانستیش لای موسلیمی کوڕی یەسار و خۆپارێزی و وەرعیش لای کوڕی سیرین و خواپەرستیش خواپەرستیی تەڵقی کوڕی حەبیبە.

١٤٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهيمَ، حَدَّثَنَا ابْنُ عُلَيَّةَ، عَنْ يُونُسَ قَالَ: كَانَ الْحَسَنُ يَقُولُ: «شَرُّ دَاء خَالَطَ قَلْبًا، يَعْني الهوَى».

واتە: کوڕی عولەییە لە یونسەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: خراپترین نەخۆشییەکە کە تووشی دڵ بێت.. مەبەستی هەواو ئارەزو بوو.

١٤٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ، حَدَّثَنَا ابْنُ عُلَيَّةَ، عَنْ يُونُسَ، عَن الْحَسَن قَالَ: «الصَّلَاةُ إِذَا لَمْ تَنْهَ عَن الْفَحْشَاء وَالْمُنْكَر، لَمْ تَزِدْ صَاحبَهَا إِلَّا بُعْدًا».

واتە: کـوڕی عـولەییە لە یونسـەوە ئەویـش لە حەسـەنەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: ئەو

نوێژەی کە نەهی نەکات لە خراپەو لە کاری کرێت؛ ئەوە خاوەنەکەی زیاتر لە خوای گەورە دوور دەخاتەوە.

١٤٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ يُونُسَ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: " نِعْمَتَانِ مَغْبُونٌ فِيهِمَا كَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ: الصِّحَّةُ وَالْفَرَاغُ ".

واتە: وەکیع لە سوفیانەوە ئەویش لە یونسەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: دوو نازو نیعمەت هەن کە زۆربەی خەڵک تێیدا زەرەرمەندن، تەندروستی و کات.

(تێبینی: ئەم قسەیەی حەسەن فەرموودەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) و دیارە پێشەوا حەسەن باسی کردووە و ئیتر خەڵکانێک وایانزانیوە کە قسەی خۆیەتی، بەڵام لە ڕاستیدا وەک گوتمان فەرموودەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) و پێشەوا بوخاریش ڕیوایەتی کردووە و هاوەڵی بەڕێز عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس فەرموودەکەی لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە).

١٤٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ مَعْرُوف، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنِ ابْنِ شَوْذَب قَالَ: كَانَ مَالِكُ بْنُ دِينَار يُكْثِرُ أَنْ يَقُولَ: لَوْ كَانَ طَيْلَسَانُ بَكْر، فَقَالَ الْحَسَنُ: إِنَّكَ قَدْ أَكْثَرْتَ فِي طَيْلَسَانِ بَكْر فَلَأَنَا عَلَيْكَ فِي عَبَاءَتِكَ أَخْوَفُ مِنِّي عَلَى بَكْر فِي طَيْلَسَانِه".

واتە: زەمرە لە کوڕی شەوزەبەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: مالیکی کوڕی دینار زۆرجار دەیگوت: ئای تەیلەسانەکەی بەکر! (تەیلەسان قوماشێکە دەدرێ بە نێو شاناو جارجاریش دەدرێ بەسەر سەرا) حەسەن فەرمووی: ئەوە چییە ئەوەندە دەڵێی: تەیلەسانەکەی بەکر؟! خۆمن کەواکەی تۆ لەبەر بکەم لە بەکر سامم و هەیبەتم زیاتر دەبێ کاتێ تەیلەسانەکەی لەسەر شان و لەسەر سەرایە!

١٤٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ مَعْرُوف، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنِ ابْنِ شَوْذَب قَالَ: اجْتَمَعَ الْحَسَنُ وَفَرْقَدٌ السَّنْجِيُّ فِي وَلِيمَة عَلَى مَائِدَة وَمَعَهُمْ رَجُلٌ أَكُولٌ فَأَمْسَكَ الْقَوْمُ أَيْدِيَهُمْ وَجَعَلَ الرَّجُلُ يَأْكُلُ فَقَالَ له فَرْقَدٌ: يَا فُلَانُ، شَرْطًا شَرْطًا وَلَا عَمَل، فَغَضِبَ الْحَسَنُ فَأَقْبَلَ عَلَيْه فَقَالَ: مَا لَكَ فَعَلَ الله بِكَ وَقِيلَ: أَلَا تَدَعُ الرَّجُلَ يَأْكُلُ، قَدْ بَلَغَنِي أَنَّكَ تَقُولُ: «وَدِدْتُ أَنَّ الرَّمَادَ كَانَ لَنَا قُوتًا جَعَله الله لَكَ قُوتًا».

واتە: زەمرە لە کوڕی شەوزەبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەسەن و فەرقەدی سبنجی لەسەر یەک سفرە لە گوێزەبانەیەکا کۆبوونەوە؛ پیاوێکیان زۆرخۆریان لابوو؛ خەڵکەکە هەمووی تێری خواردو تەکیان دایە دواوە؛ بەڵام ئەو پیاوە هەر خەریکی خواردن بوو؛ فەرقەد پێی گوت: فلانەکەس! کەم بخۆ خۆ کارت بۆ نەکردووە؟! حەسەن تووڕە بوو ڕووی لە فەرقەد کرد و گوتی: لێگەڕێ چیتە بەسەریەوە؟! گوترا: ئەوە بۆ واز لەو پیاوە ناهێنی بۆخۆی بخوا؟ خۆ بیستوومە تۆ دەڵێی: پێم خۆشە خۆڵەمێش ببێ بە قوت و ڕۆزی؛ خوای گەورە دەیکات بە قووت و ڕۆزی!

١٤٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنِ ابْنِ شَوْذَبٍ قَالَ: قَالَ الْحَسَنُ: «وَاللهِ مَا صَدَّقَ عَبْدٌ بِالنَّارِ إِلَّا ضَاقَتْ عَلَيْهِ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ، وَإِنَّ الْمُنَافِقَ لَوْ كَانَتِ النَّارُ خَلْفَ هَذَا الْحَائِطِ لَمْ يُصَدِّقْ بِهَا حَتَّى يَتَجَهَّمَ عَلَيْهَا».

واتە: زەمرە لە کوڕی شەوزەبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەسەن فەرمووی: بەخوا هەر کەسێک باوەڕی بە ئاگری دۆزەخ هەبێ ئەم دونیا گەورەیەی لێ تەنگ دەبێت؛ بەڵام ئەگەر دۆزەخ لەودیو ئەو دیوارەوە بێت مرۆڤی دووڕوو باوەڕی پێ ناهێنێ هەتا ئاگرەکەی هێرش نەکاتە سەری و نەکەوێتە ناو ئاگرەوە.

١٤٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنِ ابْنِ شَوْذَبٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «الرَّجَاءُ وَالْخَوْفُ مَطِيَّتَا الْمُؤْمِنِ».

واتە: زەمرە لە کوڕی شەوزەبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەسەن فەرموویەتی: خەوف و ڕەجا (ترس و ئەڤین) هەردوکیان دوو سوارۆن بۆ باوەڕدار.

١٤٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عُمَرَ بْنِ مُحَمَّدِ بْنِ أَبَانَ بْنِ صَالِحِ بْنِ عُمَيْرٍ، حَدَّثَنَا مُبَارَكٌ، عَنْ أَبِي عَبْدِ الله، شَيْخٌ مِنْ أَهْلِ الْبَصْرَةِ، عَنْ مَالِكِ بْنِ دِينَارٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قُلْتُ لَه: مَا عُقُوبَةُ الْعَالِمِ؟ قَالَ: «مَوْتُ الْقَلْبِ» ، قُلْتُ: وَمَا مَوْتُ الْقَلْبِ؟ قَالَ: «طَلَبُ الدُّنْيَا بِعَمَلِ الْآخِرَةِ».

واتە: موبارەك لە باوكی عەبدوڵلاوە ئەویش لە پیاوێ:ی بەصرییەوە ئەویش لە مالیکی کوڕی دینارەوە ئەویش لە حەسنەوە گێرایەوە فەرموویەتی: بە حەسەنم گوت: سزای مرۆڤی زانا چییە؟ فەرمووی: دڵ مردن! گوتم: دڵ مردن چییە؟ فەرمووی: بە کار و کردەوەی قیامەتی بو دوای دنیادا بگەڕێ (واتە: بە هۆی دینەوە دوینا کۆ بکاتەوە).

١٤٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، عَنْ جَرِير بْن حَازِم، عَن الْحَسَن قَالَ: " لَقَدْ رَأَيْتُ أُنَاسًا تُعْرَضُ لأَحَدِهِمُ الدُّنْيَا حَلاَلاً فَلاَ يَتَّبِعُونَهَا يَقُولُونَ: مَا نَدْري مَا حَالُنَا فِيهَا ".

واتە: لە جەریری کوڕی حازمەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: مـن کەسانێکم بینی دونیایان بە حەڵاڵی پێدەدا کەچی شوێنی نەدەکەوتن؛ دەیانگوت: نازانین حاڵمان چۆن دەبێ!

١٥٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، عَن الرَّبِيع، عَن الْحَسَن: «أَفْضَلُ الْعِلْم الْوَرَعُ وَالتَّوَكُّلُ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر لە کوڕی موبارەکەوە ئەویش لە ڕەبیعەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: باشترین زانست بریتیە لە خۆپارێزی و وەرع و پشت بەستن بە خوای گەورە.

١٥٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ مَعْرُوف، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَن ابْن شَوْذَب، عَن الْحَسَن، في قَوْل الله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ٱئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا﴾ فصلت: ١١ قَالَ الْحَسَنُ: «لَوْ عَصَتَا لَعَذَّبَهُمَا عَذَابًا يَجِدَان أَلَمَهُ».

واتە: زەمرە لە کوڕی شەوزەبەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە کە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿ٱئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا﴾ فەرموویەتی: ئەگەر بێ فرمانییان کردبا ئەوا خوای گەورە سزایەکی وەهای دەدان کە ئازارەکەیان چەشتبا.

١٥٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ شُجَاع، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَن ابْن شَوْذَب، قَالَ الْحَسَنُ: هَذه الآيَةُ: ﴿وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ثُمَّ ٱهْتَدَىٰ ﴿٨٢﴾﴾ طه: ٨٢ قَالَ: قُلْتُ: «يَا لُكَعُ مَا أَجِدُ لَكَ هَاهُنَا شَيْئًا».

واتە: زەمرە لە کوڕی شەوزەبەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە کە حەسەن لە

تەفسیری ئایەتی:﴿ وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ثُمَّ ٱهْتَدَىٰ ﴿٨٢﴾ ﴾ فەرموویەتی: گوتم: گەمژە لێرەدا هیچ دەست ناکەوێ بۆ تۆ.

١٥٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ الصَّبَّاحِ الْبَزَّارُ أَبُو جَعْفَر، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، عَنِ ابْنِ عَوْنٍ قَالَ: كَانَ مُحَمَّدُ بْنُ سِيرِينَ يُؤْتِي بِإِخْوَانِهِ فَيَقُولُ لِلْقَوْمِ: كُلُوا قَالَ الْحَسَنُ بن عَلِيٍّ عَلَيْهِ السَّلَامُ، الطَّعَامُ أَرَقُّ مِنْ أَنْ يُقْسَمَ فِيهِ قَالَ: وَكُنَّا نَدْخُلُ عَلَى الْحَسَنِ وَهُوَ مُسْتَخْفٍ فَيَدْخُلُ قَوْمٌ ثُمَّ يَجِيءُ قَوْمٌ آخَرُونَ فَيَدْعُو بِالطَّعَامِ رَجُل فَيَقُولُ: وَالله لَتَأْكُلَنَّ وَالله لَتَأْكُلَنَّ فَعَسَى أَنْ يَجِيءَ آخَرُ فَيَدْعُو بِالطَّعَامِ فَتَقُولُ الْجَارِيَةُ: لَمْ يَبْقَ عِنْدَنَا شَيْءٌ فَيَقُولُ: هَاتُوا سَوِيقًا ".

واتە: ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم لە کوڕی عەونەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: موحەممەدی کوڕی سیرین دەچوە لای برادەرەکانی و دەیهێنان و دەیفەرموو: گەلی براینە! بخۆن! حەسەنی کوڕی عەلی (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەیفەرموو: خواردنەکە لەوە کەمترە کە دابەش بکرێ! دەفەرموێت: ئێمە دەچوینە خزمەت حەسەن و ئەو خۆی دەشاردەوە (لەبەر ئەوەی میوانەکان شەرم نەکەن و خواردنەکە بخۆن)؛ جا کۆمەڵێک دەهاتنە ژوورەوە و دوایی کۆمەڵێکیتر دەهاتن؛ پیاوێک داوای خواردنی دەکردو دەیهێناو دەیگوت: بەخوا دەبێ بخۆن! بەخوا دەبێ بخۆن! دوایی کەنیزەکەکەیان دەیگوت: هیچمان نەماوە.. ئەویش دەیگوت: بڕۆن قاووت و سەویق بێنن! ؟؟؟!

١٥٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ أَبِي بَكْرٍ الْمُقَدَّمِيُّ، حَدَّثَنَا عَامِرُ بْنُ صَالِحٍ، يَعْنِي ابْنَ رُسْتُمٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنِ الْحَسَنِ: ﴿وَأَحَٰطَتْ بِهِۦ خَطِيٓـَٔتُهُۥ﴾ البقرة: ٨١ قَالَ: «مَاتَ عَلَيْهَا».

واتە: عامری کوڕی صاڵح لە باوکییەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە لە تەفسیری ئایەتی ﴿وَأَحَٰطَتْ بِهِۦ خَطِيٓـَٔتُهُۥ﴾ فەرموویەتی: لەسەری مردبێ.

١٥٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ جَعْفَر، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ الْمُغِيرَةِ، عَنْ يُونُسَ بْنِ عُبَيْدٍ قَالَ: مَا رَأَيْتُ أَطْوَلَ حُزْنًا مِنَ الْحَسَنِ وَكَانَ يَقُولُ: " نَضْحَكُ وَلَعَلَّ الله قَدْ اطَّلَعَ عَلَى أَعْمَالِنَا فَقَالَ: لَا أَقْبَلُ مِنْكُمْ شَيْئًا ".

واتە: عەلیی کوڕی جەعفەر لە سولەیمانی کوڕی موغیرەوە ئەویش لە یونسی کوڕی

عویەیدەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: کەسم نەدیوە هێندەی حەسەن خەمبار بێ؛ هەموو جارێک دەیفەرموو: ئێمە پێدەکەنین و لەوانەیە خوای گەورە ئاگای لە کار و کردەوەکانمان بێت کە چەندە خراپەی زۆرە! جا دەیفەرموو: من هیچ لە ئێوە وەرناگرم.

١٥٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هُدْبَةُ، حَدَّثَنَا سَلَّامُ بْنُ مِسْكِينٍ قَالَ: سُئِلَ الْحَسَنُ: يَا أَبَا سَعِيدٍ، " هَلْ يَنَامُ إِبْلِيسُ؟ قَالَ: لَوْ نَامَ لَوَجَدْنَا لِذَلِكَ رَاحَةً ".

واتە: سەللامی کوڕی مسکین دەفەرموێت: لە حەسەنیان پرسی: باوکی سەعید! ئایا **ئیبلیس دەخەوێ؟ فەرمووی: ئەگەر خەوتبا ئەوە ئێمە ڕزگارمان دەبوو.**

١٥٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هُدْبَةُ، حَدَّثَنَا حَزْمٌ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ أَيْمَنَ، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ الْبُنَانِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: " لَوْ أَنَّ قَوْلَ ابْنِ آدَمَ، كُله حَقٌّ وَفِعْله صَوَابٌ لَجُنَّ، قُلْتُ لِسَعِيدِ بْنِ أَيْمَنَ: مَا يَعْنِي بِقَوْله؟ قَالَ: يُعْجَبُ بِنَفْسِه ".

واتە: سەعیدی کوڕی ئەیمەن لە ثابتی بونانییەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: ئەگەر قسەی مرۆڤ هەمووی ڕاست بوایەو کاری هەموو دروست بوایە ئەوا شێت دەبوو؛ گوتم بە سەعیدی کوڕی ئەیمەن: ئەم قسەیە واتای چییە؟ فەرمووی: یانی بەخۆی سەرسام دەبوو.

١٥٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا نَصْرُ بْنُ عَلِيٍّ أَبو عُمَرَ الأَزْدِيُّ، أَنْبَأَنَا الأَصْمَعِيُّ، عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ الْمُغِيرَةِ، عَنْ ثَابِت قَالَ: قُلْتُ لِلْحَسَنِ: يَا أَبَا سَعِيدٍ، رَأَيْتُكَ فِي الْمَنَامِ تَقُولُ الشِّعْرَ فَقَالَ: وَأَيُّ الرِّجَالِ الْمُهَذَّبُ ".

واتە: سولەیمانی کوڕی موغیرە لە ثابتەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بە حەسەنم گوت: باوکی سەعید! من لە خەوا تۆم بینی شیعرت دەگوت! فەرمووی: دەی برا چ پیاوێ: پاك و پوختەوە و بێ تاوانە؟!

١٥٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا نَصْرُ بْنُ عَلِيٍّ، حَدَّثَنَا مِسْكِينُ بْنُ عَبْدِ اللهِ الطَّاجِيُّ، حَدَّثَنَا أَبو عَبْدَةَ، صَاحِبُ الدَّسْتُوائِيِّ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ فِي قَوْلِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ﴾ النساء: ١٧ قَالَ: «قَبْلَ أَنْ يُغَرْغِرَ بِالْمَوْتِ».

واتە: باوکی عەبدەی هاوڕێی دەستوایی دەفەرموێت: گوێم لە حەسەن بوو لە تەفسیری ئایەتی: ﴿ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ﴾. دەیفەرموو: پێش ئەوەی بکەوێتە حاڵەتی غەرغەرەوە (واتە: پێش ئەوەی بمرن تەوبە دەکەن).

١٥١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يُونُسُ بْنُ مُحَمَّد، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ زَيْد، عَنِ الْمُعَلَّى بْنِ زِيَاد قَالَ: قَالَ رَجُلٌ لِلْحَسَنِ: يَا أَبَا سَعِيد، أَشْكُو إِلَيْكَ قَسْوَةَ قَلْبِي قَالَ: " ادْنُهُ مِنَ الذِّكْرَى، أَيْ: مِمَّنْ يَذْكُرُ ".

واتە: حەمادی کوڕی زەید لە موعەللای کوڕی زیادەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پیاوێک بە حەسەنی گوت: باوکسی سەعید! سکاڵای دڵڕەقی خۆم هێناوەتە لای تۆ! حەسەن فەرمووی: خۆت لەو کەسانە نزیك بکەوە کە یاد و زیکری خوای گەورە دەکەن.

١٥١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا زَكَرِيَّا بْنُ يَحْيَى بْنِ عَبْدِ الله بْنِ أَبِي سَعِيد الرَّقَاشِيُّ الْخَزَّازُ، حَدَّثَنَا جَدِّي عَبْدُ الله بْنُ أَبِي سَعِيد الرَّقَاشِيُّ، حَدَّثَنَا يُونُسُ بْنُ عُبَيْد، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «لَا تَزَالُ كَرِيمًا عَلَى النَّاسِ وَلَا يَزَالُ النَّاسُ يُكْرِمُونَكَ مَا لَمْ تَتَعَاطَ مَا فِي أَيْدِيهِمْ فَإِذَا فَعَلْتَ ذَلِكَ اسْتَخَفُّوا بِكَ وَكَرِهُوا حَدِيثَكَ وَأَبْغَضُوكَ».

واتە: زەکەریای کوڕی یەحیای کوڕی عەبدوڵڵا گێڕایەوە فەرمووی: باپیرم گێڕایەوە فەرمووی: یونسی کوڕی عوبەید لە حەسەنی گێڕایەوە فەرموویەتی: بەردەوام ڕێز لە خەڵکی بگرە و خەڵکی بەردەوام ڕێزت لێ دەگرن هەتا ڕانەپەڕی بۆ ئەوەی شتیان لێ وەربگری؛ هەر کاتێ ڕاپەڕیت بۆ وەرگرتنی شت لە خەڵکی ئیتر لەبەرچاویان سووك دەبی و بێزیان لە قسەکانت دەبێتەوە و ڕقیان لە خۆت دەبێتەوە.

١٥١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ ثَوْر، حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرِ بْنُ الْمُفَضَّلِ بْنِ الْمُؤْتَمَن، حَدَّثَنَا عُقْبَةُ بْنُ خَالِد الْعَبْدِيُّ قَالَ: قَالَ الْحَسَنُ: «إِنَّ الْقُلُوبَ تَمُوتُ وَتَحْيَا فَإِذَا هِيَ مَاتَتْ فَاحْمِلُوهَا عَلَى الْفَرَائِضِ فَإِذَا هِيَ أُحْيِيَتْ فَأَدِّبُوهَا بِالتَّطَوُّعِ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی ثەور لە ئەبوبەکری کوڕی موفەززەلەوە ئەویش لە عوقبەی کوڕی خالیدی عەبدییەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: بەڕاستی دڵەکان دەمرن و زیندوو دەبنەوە؛ ئەگەر دڵەکانتان مردن بە جێبەجێ کردنی فەرزەکان زیندویان بکەنەوە؛ جا کە زیندوو بوونەوە بە سوننەت پەروەردەیان بکەن.

١٥١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو عَبْد الرَّحْمَن الهمْدَانيُّ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْد الله بْن نُمَيْر، حَدَّثَنَا ابْنُ يمَان، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ عمْرَانَ الْقَصير قَالَ: سَمعْتُ الْحَسَنَ، وَسَأَله، رَجُلٌ فَقَالَ: إني سَأَلْتُ فَقيهًا فَقَالَ: «وَهَلْ رَأَيْتَ فَقيهًا لَا أَبَا لَكَ إنَّمَا الْفَقيهُ الزَّاهدُ في الدُّنْيَا الْبَصيرُ بذَنْبه الْمُدَاومُ عَلَى عبَادَة رَبِّه».

واتە: کوڕی یەمان لە سوفیانەوە ئەویش لە عیمرانەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم **لە حەسەن بوو پیاوێک پرسیاری لێدەکردو دەیگوت: من پرسیارم لە زانایەک** کردووە! حەسەن **فەرمووی: دەی باشە تۆ زانات دیوە؟ هەتیو زانا ئەو کەسەیە کە خۆی لە** دونیا بپارێزێت؛ **بەچاوی دڵ تاوانەکانی خۆی ببینێت؛ بەردەوام خەریکی خواپەرستی بێت.**

١٥١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني إبْرَاهيمُ بْنُ الْحَسَن الْبَاهليُّ، حَدَّثَنَا إبْرَاهيمُ بْنُ حَمَّاد، عَن الْحَسَن قَالَ: «كَمْ منْ مُسْتَدْرَجٍ بالْإحْسَان إلَيْه وَكَمْ منْ مَفْتُون بالثَّنَاء عَلَيْه وَكَمْ منْ مَغْرُور بالسَّتْر عَلَيْه».

واتە: ئیبراهیمی باهیلی لە ئیبراهیمی کوڕی حەمادەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: زۆر کەس هەیە بە هۆی چاکەکردن لەگەڵیدا تووشی ئیستیدراج بووە؛ زۆر کەسیش هەیە بەهۆی ئەوەی کە سوپاس و ستاییشی کراوە تاقی کراوەتەوە؛ زۆر کەسیش بە هۆی ئەوەی کە تاوانەکانی ئاشکرا نەبووە و خوا حەیای نەبردووە؛ لەخۆی بایی بووە.

١٥١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا مَهْديٌّ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْد الله بْن أَبي يَعْقُوبَ، عَنْ مَرْزُوق الْعجْليِّ قَالَ: قَالَ لي أَبو قَتَادَةَ الْعَدَويُّ: الْزَمْ هَذَا الشَّيْخَ وَخُذْ عَنْهُ يَعْني الْحَسَنَ فَوَالله مَا رَأَيْتُ رَجُلًا أَشْبَهَ أَدَبًا بعُمَرَ بْن الْخَطَّاب منْهُ".

واتە: مەرزوقی عیجلی دەفەرموێت: باوکی قەتادەی عەدەوی پێی گوتم: داوێنی ئەم پیاوە پیرە بگرەو بەری مەدە! شتی لێ فێربە! مەبەستی حەسەنی بەصری بوو؛ بەخوا تا ئێستا هیچ کەسێکم نەدیوە هێندەی حەسەن لە عومەری کوڕی خەتتاب بچێ!

١٥١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا يُوسُفُ بْنُ يَعْقُوبَ أَبو يَعْقُوبَ الصَّفَّارُ، مَوْلَى بَني أُمَيَّةَ، حَدَّثَنَا أَبو أُسَامَةَ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ عمْرَانَ الْقَصير قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إلَى الْحَسَن فَسَأَله عَنْ مَسَائلَ فَأَجَابَهُ فَقَالَ الرَّجُلُ: يَا أَبَا سَعيد، إنَّ الْفُقَهَاءَ يَقُولُونَ كَذَا وَكَذَا فَقَالَ له الْحَسَنُ: «وَهَلْ رَأَيْتَ بعَيْنكَ فَقيهًا إنَّمَا الْفَقيهُ الزَّاهدُ في الدُّنْيَا الرَّاغبُ في الْآخرَة الْبَصيرُ بذَنْبه الْمُدَاومُ عَلَى عبَادَة رَبِّه».

واتە: باوکی یەعقوبی صەففار لە باوکی ئوسامەی گێڕایەوە؛ ئەویش لە سوفیانەوە ئەویش لە عیمرانی قەصیرەوە فەرموویەتی: پیاوێک هاتە لای حەسەن و لەبارەی چەند شتێکەوە پرسیاری لە حەسەن کرد و حەسەن وەڵامی دایەوە؛ دوایی پیاوەکە گوتی: باوکی سەعید! زانایان ئاواو ئاوا دەڵێن! حەسەن فەرمووی: بۆ تۆ بەچاوەکانی خۆت زاناو فەقیهت دیوە؟ زاناو فەقیهـ ئەو کەسەیە کە خۆپارێز بێت و دونیای نەگەرەك بێت؛ قیامەتی گەرەك بێ؛ چاوی لە تاوانی خۆی بێت و بەردەوام خەریکی خواپەرستی بێ.

١٥١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي رَوْحُ بْنُ عَبْد الْمُؤْمن أَبو الْحَسَن الْمُقْري، حَدَّثَنَا خَالدُ بْنُ شَوْذَب قَالَ: رَأَيْتُ فَرْقَدًا السَّنْجِيَّ وَعَلَيْه جُبَّةٌ صُوفٌ فَأَخَذَ الْحَسَنُ بِجُبَّته ثُمَّ قَالَ: يَا ابْنَ فَرْقَد مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثَةً: «إِنَّ التَّقْوَى لَيْسَ في هَذَا الْكِسَاءِ إِنَّمَا التَّقْوَى مَا وَقَرَ في الْقَلْبِ وَصَدَّقَهُ الْعَمَلُ وَالْفِعْلُ».

واتە: ڕەوحی کوڕی عەبدولموئمین فەرمووی: خالیدی کوڕی شەوزەب بۆی گێراینەوە فەرمووی: فەرقەدی سینجیم بینی کەوایەکی خوریی لەبەر بوو؛ حەسەن کەواکەی گرت و دوو سێ جار فەرمووی: کوڕی فەرقەد! تەقوا بەوە نییە ئەم جۆرە پۆشاکانە بپۆشی؛ تەقوا ئەوەیە کە لەناو دڵا جێگیر بوبێت و کار و کردەوەش پیادەی بکەن.

١٥١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا نَصْرُ بْنُ عَليٍّ الْأَزْديُّ، حَدَّثَنَا نُوحُ بْنُ قَيْسٍ، عَنْ أَبِي رَجَاءٍ، عَنِ الْحَسَنِ: ﴿وَمَا نُرْسِلُ بِالْآيَاتِ إِلَّا تَخْوِيفًا ۝٥٩﴾ الإسراء: ٥٩ قَالَ: «الْمَوْتُ الذَّرِيعُ».

واتە: نوحی کوڕی قەیس لە باوکی ڕەجاوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا نُرْسِلُ بِالْآيَاتِ إِلَّا تَخْوِيفًا ۝٥٩﴾ فەرموویەتی: ئەو ترساندنە مردنی کتوپڕو بەربڵاوە.

١٥١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا نَصْرُ بْنُ عَليٍّ، أَخْبَرَنِي مُسْلِمُ بْنُ قُتَيْبَةَ، حَدَّثَنَا سَهْلٌ السَّرَّاجُ، عَنِ الْحَسَنِ: ﴿وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلًا ۝٨﴾ المزمل: ٨ قَالَ: «أَخْلِصْ إِلَيْهِ إِخْلَاصًا».

واتە: موسلیمی کوڕی قوتەیبە لە سەهلی سەڕڕاجەوە گێڕایەوە؛ ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە کە لە تەفسیری ئایەتی ﴿وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلًا ۝٨﴾ دا فەرموویەتی: بە دڵسۆزی و ملکەچییەوە ڕووی لێ بکە.

١٥٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مُوسَى الأَنْصَارِيُّ، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا شَيْبَانُ، أَنَّهُ سَمِعَ الْحَسَنَ، يَقُولُ لأَحَد بَنِي الشِّخِّيرِ: حَدِّثْنَا يَا، غُلَامُ، فَقَالَ: إِنَّا لَمْ نَبْلُغْ هَذَا يَا أَبَا سَعِيد فَقَالَ الْحَسَنُ رَحِمَهُ الله: «وَأَيُّنَا بَلَغَ هَذَا، وَدَّ الشَّيْطَانُ لَوْ تَمَكَّنَ مِنْ هَذِهِ وَالله لَوْلَا مَا أَعْقَدَ الله عَلَى الْعُلَمَاءِ لَمْ نَنْطِقْ».

واتە: وەلیدی کوڕی موسلیم لە شەیبانەوە دەگێڕێتەوە کە گوێی لە حەسەن بووە کە بە یەکێک لە کوڕەکانی شیخخیری فەرموو: کوڕەکە ئا شتێکمان بۆ بگێڕەوە! ئەویش فەرموویەتی: باوکی سەعید ئێمە نەگەیشتوینەتە ئەو ئاستەی شت بۆ ئێوەومانان بگێڕینەوە! حەسەنی فەرمووی: ئەی کاممنان گەیشتوینەتە ئەو ئاستەی شت بگێڕینەوە؟ بەخوا شەیتان پێی خۆشە زەفەری پێ بردباو بیتوانیایە؛ بەخوا ئەگەر خوای گەورە ئەو کارەی نەخستایەتە ئەستۆی زانایان ئەوا دەمان نەدەکردەوە.

١٥٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ حَكِيم الأَوْدِيُّ، حَدَّثَنَا فُضَيْلُ بْنُ عِيَاض، عَنْ هِشَام، عَن الْحَسَن قَالَ: «لَبَابٌ وَاحِدٌ مِنَ الْعِلْمِ أَتَعَلَّمُهُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا».

واتە: عەلیی کوڕی حەکیمی ئەودی لە فوزەیلی کوڕی عیازەوە ئەویش لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئەگەر یەک بابەتی زانستی فێر ببم ئەوەم پێ خۆشترە لە دەسکەوتنی هەموو دونیا و ئەوەی کە لە ناو دونیادایە.

١٥٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْد الْعَزِيز الْمِصْرِيُّ، حَدَّثَنَا أَيُّوبُ بْنُ سُوَيْد الرَّمْلِيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ يَزِيدَ بْن جَابر، عَنْ أَخِيه، يَزِيدَ قَالَ: لَقِيتُ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّه بِالْمَوْسِم فَقَالَ لِي: أَلَكَ عَهْدٌ بِالْحَسَن بْن أَبِي الْحَسَن؟ فَقُلْتُ لَه: نَعَمْ، فَقَالَ: هَلْ أَنْكَرْتُمْ مِنْ عَقْلِه شَيْئًا؟ فَقَالَ: لَا فَقَالَ وَهْبٌ: إِنَّا لَنُحَدَّثُ أَوْ قَالَ: إِنَّا لَنَجِدُ فِي الْكُتُب: «أَنَّهُ مَا أُوتِيَ عَبْدٌ عِلْمًا فَسَلَكَهُ فِي سَبِيل هُدًى فَيَسْلُبُهُ الله عَقْلَه أَبَدًا».

واتە: عەبدولڕەحمانی کوڕی یەزیدی کوڕی جابر لە براکەی خۆیەوە واتە: یەزید گێڕایەوە فەرموویەتی: لە کاتی حەجدا گەیشتم بە وەهبی کوڕی مونەببیهـ پێی گوتم: ئەوە تۆ سەروکارت لەگەڵ حەسەنی باوکی کوڕی حەسەنا هەیە؟ پێم گوت: بەڵێ! فەرمووی: ئایا تا ئێستا هیچ گومانتان لە ژیری ئەو پیاوە کردووە؟ گوتم: نەخێر! فەرمووی: ئێمە لەناو خۆمانا وا باس دەکەین. یان فەرمووی: ئێمە لە کتێبە کۆنەکانا وامان خوێندووەتەوە کە هەر کەسێ زانستێکی لابێت و ڕێگای زانستەکە بگرێت و لە پێناو خوای گەورەدا کاری پێ بکا؛ خوای گەورە هەرگیز ژیری و عەقڵی لێ ناسێنێتەوە.

١٥٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا الْمِنْهَالُ، يَعْنِي ابْنَ عِيسَى، عَنْ عُقْبَةَ الرَّاسِبِيِّ قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى الْحَسَنِ فَوَافَيْتُهُ يَتَغَذَّى خُبْزًا وَلَحْمًا فَقَالَ: هَلُمَّ إِلَى طَعَامِ الْأَحْرَارِ فَقُلْتُ: أَكَلْتُ لَا أَسْتَطِيعُ أَنْ آكُلَ فَقَالَ: «سُبْحَانَ الله، وَيَأْكُلُ الْمُسْلِمُ حَتَّى لَا يَسْتَطِيعَ أَنْ يَأْكُلَ».

واتە: منهیلی کوڕی عیسا لە عوقبەی ڕاسیبییەوە گێڕایەوە فەرمووویەتی: ڕۆیشتمە **خزمەت حەسەن دەبینم نان و گۆشت دەخوا؛ فەرمووی: وەرە لە** خواردنی مرۆڤە ئازادەکان **بخۆ! منیش گوتم: ناتوانم بخۆم برسیم نییە! فەرمووی: پاك و بێگەردی بۆ خوا! بۆ مرۆڤی باوەڕدارو موسوڵمان ئەوەندە دەخوا کە ئیتر توانای خواردنی نەبێت؟!**

١٥٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ زَيْدٍ، عَنْ أَيُّوبَ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: «إِنَّ الْمُؤْمِنَ أَخَذَ عَنِ الله أَدَبًا حَسَنًا إِذَا وَسَّعَ عَلَيْهِ أَوْسَعَ وَإِذَا أَمْسَكَ عَلَيْهِ أَمْسَكَ».

واتە: حەمادی کوڕی زەید لە ئەیوبەوە گێڕایەوە فەرمووویەتی: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: بەڕاستی مرۆڤی باوەڕدار پەروەردەو ڕەوشتی خۆی لە خوای گەورەوە وەردەگرێ؛ ئەگەر خوای گەورە زۆری پێدا ئەویش زۆر دەبەخشێ؛ ئەگەریش لێی گرتەوە ئەویش دەیگرێتەوە.

١٥٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، عَنْ أَيُّوبَ قَالَ: كَانَ الْحَسَنُ يَقُولُ: «إِذَا رَأَيْتَ الرَّجُلَ يُنَافِسُ فِي الدُّنْيَا فَنَافِسْهُ فِي الْآخِرَةِ».

واتە: عوبەیدوڵلای کوڕی عومەر لە حەمادەوە ئەویش لە ئەیوبەوە دەگێڕێتەوە فەرمووویەتی: حەسەن دەیفەرموو: ئەگەر کەسێکت بینی لە دونیاداریدا کێبەرکێی لەگەلا دەکردی؛ تۆ لە کاروباری قیامەتیدا کێبەرکێی لەگەڵدا بکە!

١٥٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبَّادٍ الْمَكِّيُّ قَالَ: سَمِعْتُ فُضَيْلَ بْنَ عِيَاضٍ، وَسُئِلَ عَنْ قَوْلِهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُم بَدَّلْنَاهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا﴾ النساء: ٥٦ قَالَ هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ: تَأْكُلُه النَّارُ كُلَّ يَوْمٍ سَبْعِينَ أَلْفَ مَرَّةٍ كُلَّمَا أَكَلَتْهُمْ وَأَنْضَجَتْهُمْ قِيلَ لَهُمْ: عُودُوا فَيَعُودُونَ كَمَا كَانُوا ".

واتە: موحەممەدی کوڕی عەبیادی مەککی دەفەرموێت: گوێم لە فوزەیلی کوڕی عیاز بوو لە بارەی ئایەتی ﴿كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُم بَدَّلْنَاهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا﴾ پرسیاری لێکرا فەرمووی: هیشام لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: هەموو ڕۆژێک ئاگر حەفتا هەزار جار پێستیان دەسوتێنێ؛ هەر جارێ کە ئاگر پێستەکەیانی خواردو سوتاندی و کردی بە خۆڵەمێش بە پێستەکە دەگوترێ: ئادەی خۆت وەکوو یەکەمجار نوێ بکەرەوە.

١٥٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبَّاد، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ أَبِي مُوسَى قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: «إِنَّ الْمُؤْمِنَ لَيُذْنِبُ الذَّنْبَ فَمَا يَزَالُ كَئِيبًا حَتَّى يَدْخُلَ الْجَنَّةَ».

واتە: سوفیانی کوڕی باوکی مووسا لە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: بەڕاستی مرۆڤی باوەڕدار تاوان دەکات؛ بەڵام ئەوەندە خەم دەخوات تا خوای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە.

١٥٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو الْوَلِيد بْنُ شُجَاع، حَدَّثَنَا مَخْلَدٌ، يَعْنِي ابْنَ حُسَيْن، عَنْ هَاشِم، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «مَا أَكْثَرَ عَبْدٌ ذِكْرَ الْمَوْتِ إِلَّا رَأَى ذَلِكَ فِي عَمَلِه وَلَا طَالَ أَمَلُ عَبْدٍ قَطُّ إِلَّا أَسَاءَ الْعَمَلَ».

واتە: کوڕی حوسەین لە هاشمەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەر باوەڕدارێک یادی مردن زۆربکاتەوە؛ بێگومان ئەوە لە کار و کردەوەی خۆیا دەبینێتەوە؛ هەر کەسێکیش ئاوات و ئارەزوی زۆرو دوورو درێژی هەبوو بێگومان کاری خراپ و تاوانی کردووە.

١٥٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو عَبْد الله الْأَزْدِيُّ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَامِر، عَنْ جَدِّه أَسْمَاءَ بْن عَبْد، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: " كَانَ رَجُلٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ يَبْلُغُهُ مَوْتُ أَخٍ مِنْ إِخْوَانِه فَيَقُولُ: إِنَّا لله وَإِنَّا إِلَيْه رَاجِعُونَ، كِدْتُ وَالله أَنْ أَكُونَ أَنَا السَّوَادُ الْمُخْتَطَفُ فَيَزِيدُهُ الله بِذَلِكَ جِدًّا وَاجْتِهَادًا فَيَلْبَثُ بِذَلِكَ مَا شَاءَ الله ثُمَّ يَبْلُغُهُ مَوْتُ الْأَخِ مِنْ إِخْوَانِه فَيَقُولُ: إِنَّا لله وَإِنَّا إِلَيْه رَاجِعُونَ، كِدْتُ وَالله أَنْ أَكُونَ أَنَا السَّوَادُ الْمُخْتَطَفُ فَيَزِيدُهُ الله بِذَلِكَ جِدًّا وَاجْتِهَادًا قَالَ: فَرَدَّدَ الْحَسَنُ هَذَا الْكَلَامَ غَيْرَ مَرَّةٍ فَوَالله مَا زَالَ كَذَلِكَ حَتَّى مَاتَ مَوْتًا كَيِّسًا ".

واتە: سەعیدی کوڕی عامر لە باپیری خۆیەوە واتە: ئەسمای کوڕی عەبد؛ ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: جاران پیاوی موسوڵمان هەواڵی مەرگی برادەرێکی خۆی پێ گەیشتبا دەیگوت: انالله وانا الیه راجعون. بەخوا نزیکبوو من ئەو کەسە بم کە لەپڕا دەمرێت و بواری هیچی نابێ! جا بەوهۆیەوە زیاتر دەستی بە خواپەرستی و شەونوێژ دەکرد تا ئەو کاتەی

کە خوای گەورە ویستی لەسەر بوو؛ جا دوای ماوەیەک هەواڵی مەرگی برادەرێکی خۆی پێ دەگەیشت و دەیگوت: انالله وانا الیه راجعون. بەخوا نزیکبوو من ئەو کەسە بم کە لەپڕا دەمرێت و بواری هیچی نابێ! جا بەوهۆیەوە زیاتر دەستی بە خواپەرستی و شەونوێژ دەکرد تا ئەو کاتەی کە خوای گەورە ویستی لەسەر بوو.. دەفەرموێت: جا چەندین جار ئەو ڕووداوە ڕویداوە و حەسەن ئەو قسانەی دووبارە کردووەتەوە تا ئەوکاتەی خۆی مرد؛ بەخوا مردنێکی ژیرانەو چاکی کرد.

١٥٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ عُمَرَ الْقَوَارِيرِيُّ، حَدَّثَنَا أَبو أَحْمَدَ الزُّبَيْرِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ سُفْيَانَ الثَّوْرِيَّ، يَقُولُ: «لاَ يُقْتَدَى بِمَنْ له عِيَالٌ».

واتە: عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەری قەواریری لە باوکی ئەحمەدی زوبەیرییەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە سوفیانی ثەوری بوو دەیفەرموو: نابێ شوێن کەسێک بکەوی کە خاوەن ماڵ و منداڵ بێت.

أَنْبَأَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ، حَدَّثَنَا مُسْلِمٌ، حَدَّثَنَا السَّرِيُّ بْنُ يَحْيَى قَالَ: كَانَ الْحَسَنُ يَصُومُ مِنَ السَّنَةِ أَيَّامَ الْبِيضِ وَأَشْهُرَ الْحُرُمِ وَالاثْنَيْنِ وَالْخَمِيسَ ".

واتە: سەریی کوڕی یەحیا دەفەرموێت: حەسەن هەموو ساڵێک ڕۆژە سپییەکان (واتە: سیانزەو چواردەو پانزەی مانگی عەرەبی) و مانگە حەرامەکان (واتە: مانگی ذوالقعدة و ذوالحجة ومحرم و رجب) و ڕۆژانی دوشەم و پێنجشەم بەڕۆژوو دەبوو.

١٥٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ حُمَيْد، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ الْمُبَارَك، حَدَّثَنَا مَعْمَرٌ، عَنْ يَحْيَى بْنِ الْمُخْتَار، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «أَحِبُّوا هَوْنًا وَأَبْغِضُوا هَوْنًا فَقَدْ أَفْرَطَ أَقْوَامٌ فِي حُبِّ أَقْوَام فَهَلَكُوا وَأَفْرَطَ أَقْوَامٌ فِي بُغْضِ أَقْوَام فَهَلَكُوا لاَ تُفْرِطْ فِي حُبٍّ وَلاَ تُفْرِطْ فِي بُغْضٍ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك لە مەعمەرەوە ئەویش لە یەحیای کوڕی موختارەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: با خۆشەویستی و ڕق لێبوونەوەتان مامناوەند بێت؛ چونکە کەسانێک لە خۆشویستنی کەسانێکدا ڕۆچوون و زێدەڕەوییان کرد و بەو هۆیەوە تیاچوون؛ کەسانێکیش لە ڕق لێبوونەوەی هەندێ کەسدا زێدەڕەوییان کرد و بەو هۆیەوە تیاچوون؛ بۆیە نە لە خۆشەویستی هیچ کەسێکدا زێدەڕەوی بکە نە لە ڕق لێبوون لە کەسدا زێدەڕەوی بکە.

١٥٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا صَالِحُ بْنُ عَبْدِ الله، حَدَّثَنَا أَبُو أُسَامَةَ، عَنِ الرَّبِيعِ بْنِ صُبَيْحٍ قَالَ: كُنَّا عِنْدَ الْحَسَنِ جُلُوسًا فَوَعَظَ فَانْتَحَبَ رَجُلٌ فَقَالَ الْحَسَنُ: «أَمَا وَالله، لَيَسْأَلَنَّكَ الله عَزَّ وَجَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَا أَرَدْتَ بِهَذَا».

واتە: صاڵحی کوڕی عەبدوڵڵا لە باوکی ئوسامەوە ئەویش لە ڕەبیعی کوڕی صوبەیحەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئێمە لە خزمەت حەسەنا دانیشتبوین؛ حەسەن ئامۆژگاریی دەکردین؛ پیاوێک بە گەرمی دەستی بە گریان کرد؛ حەسەن فەرمووی: بەخوا لە قیامەتدا خوای گەورە لەسەر ئەم گریانە لێپرسینەوەت لەگەڵدا دەکات و پێت دەفەرموێت: مەبەستت چیبوو لەو گریانە؟

١٥٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ حُمَيْدٍ، حَدَّثَنَا نُعَيْمُ بْنُ مَيْسَرَةَ، حَدَّثَنَا ابْنُ عُيَيْنَةَ بْنُ الْعَصْرِ قَالَ: قَالَ الْحَسَنُ رَحِمَهُ الله فِي قَوْلِهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ إِذِ ٱلْأَغْلَٰلُ فِىٓ أَعْنَٰقِهِمْ وَٱلسَّلَٰسِلُ يُسْحَبُونَ ﴿٧١﴾ ﴾ غافر: ٧١ قَالَ: أُنْبِئْنَا أَنَّ الْأَغْلَالَ لَمْ تُجْعَلْ فِي أَعْنَاقِ أَهْلِ النَّارِ أَنَّهُمْ أَعْجَزُوا الرَّبَّ تَبَارَكَ وَتَعَالَى وَلَكِنْ كُلَّمَا طَفَا بِهِمُ اللهبُ أَرْسَبَتْهُمُ النَّارُ، ثُمَّ حُمِلَ الْحَسَنُ رَحِمَهُ الله مَغْشِيًّا عَلَيْهِ ".

واتە: موحەممەدی کوڕی حومەید لە نوعەیمی کوڕی مەیسەرەوە ئەویش لە عویەینەی کوڕی عەصرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: حەسەن لە تەفسیری ئایەتی:﴿ إِذِ ٱلْأَغْلَٰلُ فِىٓ أَعْنَٰقِهِمْ وَٱلسَّلَٰسِلُ يُسْحَبُونَ ﴿٧١﴾ ﴾ فەرمووی: پێمان گوتراوە کە ئەو زنجیرەی کە دەکرێتە ملی دۆزەخییەکان بۆ ئەوە نییە کە ئەوان بتوانن خوای گەورە بێ دەسەلات بکەن و بەهۆی ئەو زنجیرانەوە ببەسترێنەوە؛ بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە هەر جارێ گڕو بڵێسەی ئاگر ئەوانی سەرخستە سەرووەوە؛ ئەو زنجیرانەی دەیانهێنێتەوە بۆ بنەوەی ئاگر. دوای ئەوەی حەسەن ئەوەی فەرمو؛ خۆی بواریەوە و لەهۆش خۆی چو.

١٥٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِمٍ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، سَمِعْتُ الْحَسَنَ قَالَ: عَادَ رَجُلٌ أَخًا لَه فَوَافَقَهُ الْمَوْتُ قَالَ: فَرَأَى مِنْ مَرْأَى عَكَرِ الْمَوْتِ وَكَرْبِ الْمَوْتِ قَالَ: فَرَجَعَ إِلَى أَهْلِهِ وَجَاءُوا بِغَدَائِهِ فَقَالَ: يَا أَهْلَاهُ عَلَيْكُمْ بِغَدَائِكُمْ قَالُوا: يَا فُلَانُ، الضَّيْعَةُ قَالَ: يَا أَهْلَاهُ عَلَيْكُمْ ضَيْعَتُكُمْ فَوَاللهِ لَقَدْ رَأَيْتُ مَصْرَعًا لَا أَزَالُ أَعْمَلُ لَه حَتَّى أَقْدَمَ عَلَيْهِ ".

واتە: جەعفەر لە هیشامەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: جارێک پیاوێک ڕۆیشت بۆ سەردانی برادەرێکی؛ برادەرەکەی مرد؛ پیاوەکە لێڵایی و نارەحەتی مردنی بە چاوی خۆی بینی؛ دوایی گەڕایەوە بۆ ناو ماڵ و مناڵی؛ لە ماڵەوە خواردنیان بۆ هێنا؛ گوتی: ئێوە نانی خۆتان بخۆن! گوتیان: ئەرێ دەنگوباسی کارەکانت؟

فەرمووی: ئێوە خەریکی کاری خۆتان بن؛ بەخوا من دیمەنێکم بینیوە دەبێ هەتا ماووم کار بۆ ئەو دیمەنە بکەم تا ئەو ڕۆژەی پێی دەگەم!

١٥٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا أَبو سَعِيد، سَكَنٌ صَاحِبُ الشَّاء قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، وَهُوَ فِي السُّوقِ فَرَأَى لَغَطَ أَهْلِ الأَسْوَاقِ فَقَالَ: «أَمَّا يَقِيلُ هَؤُلَاءِ مَا أَظُنُّ لَيْلَ هَؤُلَاءِ إِلَّا لَيْلَ سُوءٍ».

واتە: عەلیی کوڕی موسلیم گێڕایەوە فەرمووی: سەییار لە باوکی سەعیدەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە حەسەن بوو لە بازاڕا بوو؛ حەسەن گوێی لە ورتە ورتی خەڵکی بازاڕ بوو فەرمووی: باشە ئەوانە بۆ بێدەنگ نابن (یان ئەوانە بۆچی لە یەکتری نابورن؛ یان: ئەوانە بۆچی واز لە کڕین و فرۆشتن ناهێنن)؟ من وادەزانم ئەمانە شوێکی باشیان نەبێت.

١٥٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ يَحْلِفُ بِالله: «مَا أَعَزَّ أَحَدٌ الدِّرْهَمَ إِلَّا أَذَله الله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: سەییار لە حەعفەرەوە ئەویش لە هیشامەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە حەسەن بوو سوێندی بەخوا دەخولردو دەیفەرموو: هەر کەسێ دیرهەم بە گەورە بزانێت؛ خوای گەورە زەلیل و ڕیسوای دەکات.

١٥٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيٌّ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا مِسْمَعُ بْنُ عَاصِم، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ الْمِسْمَعِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: «ابْنَ آدَمَ السِّكِّينُ تُحَدُّ وَالْكَبْشُ يُعْلَفُ وَالتَّنُّورُ يُسْجَرُ».

واتە: سەییار لە میسمەعی کوڕی عاصم ئەویش لە وەلیدی میسمەعییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: نەوەی ئادەم! چەقۆ تیژ دەکرێتەوە و ئاڵف بە بەران دەدرێت و تەنووریش گەرم دەکرێت (واتە: مرۆڤ وەکوو بەرانێک وایە کە ئاڵف دەخوات و بێ ئاگا لەوەی کە چەقۆی بۆ تیژ دەکەنەوە و تەنوری بۆ گەرم دەکەن).

١٥٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا حَوْشَبٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: سَأَلْتُهُ فَقُلْتُ: يَا أَبَا سَعِيد، رَجُلٌ آتَاهُ الله مَالاً فَهُوَ يَحُجُّ مِنْهُ وَيَصِلُ مِنْهُ أَله أَنْ يَتَنَعَّمَ فِيه؟ فَقَالَ الْحَسَنُ: «لَا لَوْ كَانَتِ الدُّنْيَا له مَا كَانَ له إِلَّا الْكَفَافُ وَيُقَدِّمُ فَضْلَ ذَلِكَ لِيَوْمِ فَقْرِه وَفَاقَتِه إِنَّمَا

كَانَ الْمُتَمَسِّكُ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَمَنْ أَخَذَ عَنْهُمْ مِنَ التَّابِعِينَ كَانُوا يَكْرَهُونَ أَنْ يَتَّخِذُوا الْعُقْرَ وَالْأَمْوَالَ فِي الدُّنْيَا لِيَرْكَنُوا إِلَيْهَا وَلِتَشْتَدَّ ظُهُورُهُمْ فَكَانُوا مَا آتَاهُمُ اللهُ مِنْ رِزْقٍ أَخَذُوا مِنْهُ الْكَفَافَ وَقَدَّمُوا فَضْلَ ذَلِكَ لِيَوْمِ فَقْرِهِمْ وَفَاقَتِهِمْ ثُمَّ حَوَائِجِهِمْ بَعْدُ فِي أَمْرِ دِينِهِمْ وَدُنْيَاهُمْ فِيمَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە ئەویش لە حەوشەبەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: لە حەسەنم پرسی و گوتم: باوکی سەعید! پیاوی وا هەیە خوای گەورە سەروەت و سامانی پێداوە و حەجی پێ دەکات و بە هۆی سامانەوە دەگات بە نیازەکانی؛ ئایا بۆی هەیە بیکاتە مایەی خۆشگوزەرانیی؟ حەسەن فەرمووی: نەخێر! ئەگەر دونیا هەمووی هی ئەو بێ تەنیا بۆی هەیە ئەوەندەی بەکار بێنێ کە بەشی بکات؛ ئەویتری بکات بە خێرو بیکاتە توێشو بۆ ئەو ڕۆژەی کە تێیدا داماوو هەژارە؛ هاوەڵانی پێغەمبەری خودا (ﷺ) و تابعینیش کە لەوانەوە وانەیان وەرگرت؛ پێیان ناخۆش بوو کە لە دونیادا زەوی و سەروەت و سامانی زۆریان هەبێت و دڵ و پشتی پێ ببەستن؛ ئەوەندەی کە خوای گەورە پێی دەدان سودیان لێ وەردەگرت و بەشی خۆیان لێ هەڵدەگرت؛ ئەویتریان پێش دەخست (واتە دەیانکردە خێر) و توێشو بۆ ڕۆژی تەنگانەو هەژاری (واتە بۆ ڕۆژی قیامەت) ئیتر پێویستی ئەوان لە بواری دینداری و دونیادا لە نێوان خۆیان و خوای خۆیانا بوو.

١٥٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبُو يَعْقُوبَ الدَّوْرَقِيُّ قَالَ: أَخْبَرَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنِي بَكْرُ بْنُ حُمْرَانَ، عَنْ أَبِي عَامِرٍ الْخَزَّازِ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: «يَرْحَمُ اللهُ رَجُلًا لَمْ يَغُرَّهُ مَا يَرَى مِنْ كَثْرَةِ النَّاسِ، ابْنَ آدَمَ تَمُوتُ وَحْدَكَ وَتَدْخُلُ الْقَبْرَ وَحْدَكَ وَتُبْعَثُ وَحْدَكَ وَتُحَاسَبُ وَحْدَكَ، ابْنَ آدَمَ، أَنْتَ الْمَعْنِيُّ وَإِيَّاكَ يُرَادُ» قَالَ يَعْقُوبُ فِي حَدِيثِهِ، عَنْ صَالِحٍ أَبِي عَامِرٍ الْخَزَّازِ.

واتە: عەبدولڕەحمان لە بەکری کوڕی حومرانەوە ئەویش لە باوکی عامری خەززازەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: ڕەحمەتی خوا لە ئەو کەسە بێت کە دەوڵەمەندیی خەڵکیی نایخەڵەتێنێ؛ مرۆڤ بە تەنیا دەمرێ؛ بە تەنیا دەچێتە گۆڕەوە؛ بە تەنیا زیندوو دەبێتەوە؛ بە تەنیاش لێکۆڵینەوەی لەگەلا دەکرێ.. نەوەی ئادەم! تۆ مەبەستیت و ویستراوی.

١٥٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنَا أَبُو الْأَشْهَبِ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: " كَانُوا يَقُولُونَ: لِسَانُ الْحَكِيمِ وَرَاءَ قَلْبِهِ فَإِذَا أَرَادَ أَنْ يَقُولَ رَجَعَ إِلَى قَلْبِهِ فَإِنْ كَانَ لَهُ قَالَ وَإِنْ كَانَ عَلَيْهِ أَمْسَكَ، وَإِنَّ الْجَاهِلَ قَلْبُهُ فِي طَرَفِ لِسَانِهِ لَا يَرْجِعُ إِلَى قَلْبِهِ مَا جَرَى عَلَى لِسَانِهِ تَكَلَّمَ بِهِ " قَالَ أَبُو الْأَشْهَبِ: كَانُوا يَقُولُونَ: مَا عَقَلَ دِينَهُ مَنْ لَمْ يَحْفَظْ لِسَانَهُ ".

واتە: عەبدولڕەحمان لە باوکی ئەشهەبەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: کۆن دەیانگوت: زمانی مرۆڤی دانا لەودیو دڵیەتی؛ هەر جارێ بیەوێ قسەیەک بکات پرسی دڵی دەکات؛ ئەگەر قسەکە بە قازانجی بێت ئەوا دەیکات؛ ئەگەر بە زەرەریشی بێت ئەوا نایکات.. مرۆڤی نەزان دڵی لە لای زمانییەتی؛ لە کاتی قسەکردنا گوێ بە دلی نادات و پرسی ناکات؛ هەرچی بێت بەسەرزمانیا دەیڵێت و نایگێڕێتەوە.

باوکی ئەشهەب دەفەرموێت: جاران دەیانگوت: هەر کەسێ زمانی نەپارێزێ بیروباوەڕیشی ناپارێزێ.

١٥٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، عَنْ زِيَاد أَبِي عُمَرَ، عَن الْحَسَن قَالَ: «قَدْ عَلِمَ كُلُّ مُؤْمن أَنَّهُ مُوَكَّلٌ بِه مَلَكَان يَحْفَظَان عَلَيْه قَوْله وَعَمَلَه فَهُوَ يَتَعَاهَدُهُمَا لَا يَمْنَعُهُ جَدُّ اللَّيْلِ جَدَّ النَّهَارِ وَلَا جَدُّ النَّهَارِ جَدَّ اللَّيْلِ».

واتە: زیادی کوڕی باوکی عومەر لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەموو کەسێکی باوەڕدار دەزانێ کە دوو فریشتە کراونەتە پاسەوانی و قسەو کار و کردەوەکانی دەنووسنەوە و دەیپارێزن؛ ئەویش سوێندیان بۆ دەخوات کە هەوڵ و تێکۆشانی شەوانە نەبێتە لەمپەر لە بەرامبەر هەوڵ و تێکۆشانی ڕۆژەوە، هەوڵ و تێکۆشانی ڕۆژیش نەبێتە لەمپەر لەبەردەم هەوڵ و تێکۆشانی شەوانە.

١٥٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ مَهْدِيٍّ، عَنْ أَبِي الْأَشْهَب، عَن الْحَسَن قَالَ: ﴿وَلَا يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا ١٤٢﴾ النساء: ١٤٢ قَالَ: «إِنَّمَا قَلَّ؛ لأَنَّهُ لغَيْر الله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: کوڕی مەهدی لە باوکی ئەشهەبەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە کە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿وَلَا يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا ١٤٢﴾ فەرموویەتی: بۆیە کەمە چونکە مەبەستیان غەیری خوا بووە (واتە: ئەگەر مرۆڤ لە کاتی زیکر کردنا مەبەستی خوای گەورە بێت؛ ئەگەرچی یەک زیکریش بێت هەر زۆرە).

١٥٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا نُوحُ بْنُ قَيْس، حَدَّثَنَا الْمُعَلَّى بْنُ زِيَاد الْقُرْدُوسِيُّ قَالَ: قُلْتُ للْحَسَن: رَجُلَان تَفَرَّغَ أَحَدُهُمَا للْعبَادَة وَالْآخَرُ يَسْعَى عَلَى عيَاله أَيُّهُمَا أَفْضَلُ؟ قَالَ: «الَّذي تَفَرَّغَ للْعبَادَة أَفْضَلُ».

واتە: سەییار لە نوحی کوڕی قەیسەوە ئەویش لە موعەللای کوڕی زیادەوە گێڕایەوە

فەرموویەتی: بە حەسەنم گوت: ئەگەر دوو پیاو هەبن و یەکێکیان خۆی تەرخان کردبێ بۆ خواپەرستی و ئەویتر خۆی تەرخان کردبێ بۆ بەخێوکردنی ماڵ و منداڵ؛ کامیان باشترن؟ فەرمووی: ئەوەی کە خۆی تەرخان کردووە بۆ خواپەرستی.

١٥٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ دِينَارٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: " الْإِيمَانُ إِيمَانُ مَنْ خَشِيَ الله عَزَّ وَجَلَّ بِالْغَيْبِ وَرَغِبَ فِيمَا رَغَّبَ الله فِيهِ وَتَرَكَ مَا يَسْخَطُ الله ثُمَّ تَلَا الْحَسَنُ رَحِمَهُ الله: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟﴾فاطر: ٢٨ ".

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە ئەویش لە مالیکی کوڕی دینارەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئیمان ئیمانی ئەو کەسەیە کە لە پەنهانیشدا لەخوای گەورە دەترسێ؛ حەزیشی لەوەیە کە خوای گەورە پێیخۆشە؛ هەروەها لەو شتانە دوور دەکەوێتەوە کە خوای گەورە پێی ناخۆشە.. دوایی حەسەن ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟﴾فاطر: ٢٨.

١٥٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، وَحَدَّثَنِي يَعْنِي ابْنَ مَهْدِيٍّ عَنْ أَبِي الْأَشْهَبِ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ خِلْفَةً لِّمَنْ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُورًا ﴿٦٢﴾﴾ الفرقان: ٦٢ قَالَ: " مَنْ عَجَزَ بِاللَّيْلِ فَإِنَّ له فِي النَّهَارِ مُسْتَعْتَبٌ وَمَنْ عَجَزَ فِي النَّهَارِ كَانَ له فِي اللَّيْلِ مُسْتَعْتَبٌ قَالَ: وَلَا يَزَالُ الْعَبْدُ بِخَيْرٍ مَا إِذَا قَالَ قَالَ لله وَإِذَا عَمِلَ عَمِلَ لله عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: کوڕی مەهدی لە باوکی ئەشهەبەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە لە تەفسیری ئایەتی ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ خِلْفَةً لِّمَنْ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُورًا ﴿٦٢﴾﴾ فەرموویەتی: هەر کەسێ بەشەوا نەتوانێ هەستێ و خواپەرستی بکات؛ ئەوا ڕۆژی هەیە و دەتوانێ بەڕۆژا خوا لەخۆی ڕازی بکات؛ هەر کەسێک بە ڕۆژا نەتوانێ ئەوە شەو هەیە و دەتوانێ بە شەوا خواپەرستی بکات و خوا لەخۆی ڕازی بکات.. فەرمووی: جا مرۆڤ هەتا ئەو دەمەی کە شتێک بڵێ و لەبەر ڕەزامەندی خوا بیڵێت ئەوە چاکە؛ هەتا ئەو کاتەی کە کارێک دەکات و کارەکەی بۆ خوایە هەرچاکە.

١٥٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا فَيَّاضُ بْنُ مُحَمَّدٍ، حَدَّثَنَا بَعْضُ، أَصْحَابِنَا يُكَنَّى أَبَا أَيُّوبَ قَالَ: دَخَلَ الْحَسَنُ الْمَسْجِدَ وَمَعَهُ فَرْقَدٌ فَقَعَدَ إِلَى جَنْبِ حَلْقَةٍ يَتَكَلَّمُونَ فَنَصَتَ لِحَدِيثِهِمْ قَالَ: ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَى فَرْقَدٍ فَقَالَ: يَا فَرْقَدُ، وَالله مَا هَؤُلَاءِ إِلَّا قَوْمٌ مَلُّوا الْعِبَادَةَ وَوَجَدُوا الْكَلَامَ أَهْوَنَ عَلَيْهِمْ مِنَ الْعَمَلِ وَقَلَّ وَرَعُهُمْ فَتَكَلَّمُوا ".

واتە: فەییازی کوڕی موحەممەد لە پیاوێکەوە کە سەناوی باوکی ئەییوبە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەسەن ڕۆیشتە ناو مزگەوتەوە و فەرقەدی لەگەڵدا بوو؛ فەرقەد لە پاڵ کۆمەڵێکدا دانیشت کە قسەیان دەکرد؛ حەسەن قسەکەی پێ برین و ڕوی لە فەرقەد کرد و فەرمووی: فەرقەد! بەخوا ئەمانە لە خواپەرستی بێزار بوون؛ ئەوانە قسەکردنیان بەلاوە ئاسانە تا کلۆکردن بە قسەکان؛ ئەمانە خۆپارێزییان زۆر کەمە بۆیە قسە دەکەن.

١٥٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ فُضَيْلٍ، عَنِ الْعَلَاءِ بْنِ الْمُسَيَّبِ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «تَفَكُّرُ سَاعَةٍ خَيْرٌ مِنْ قِيَامِ لَيْلَةٍ».

واتە: موحەممەدی کوڕی فوزەیل لە عەلای کوڕی موسەییەبەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بیرکردنەوە و ڕامانی تاوێک لە شەوێک شەونوێژ خێردارترە.

١٥٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَهْبُ بْنُ جَرِيرٍ، حَدَّثَنَا أَبِي، سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: «أَبَى قَوْمٌ الْمُدَاوَمَةَ، وَالله، مَا الْمُؤْمِنُ الَّذِي يَعْمَلُ شَهْرًا أَوْ شَهْرَيْنِ أَوْ عَامًا أَوْ عَامَيْنِ لَا وَالله مَا جَعَلَ الله لِعَمَلِ الْمُؤْمِنِ أَجَلًا دُونَ الْمَوْتِ».

واتە: وەهبی کوڕی جەریر لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: کۆمەڵێک لەسەر خواپەرستی بەردەوام نەبوون؛ بەخوا مرۆڤی باوەڕدار ئەوە نییە کە مانگێک یان دوو مانگ یان ساڵێک یان دوو ساڵ خواپەرستی بکات؛ نا بەخوا خوای گەورە ماوە و مۆڵەتی بۆ خواپەرستیی بەندەکانی دیاری نەکردووە جگە لە مردن.

١٥٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ عَبْدِ الله، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، أَنْبَأَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ قَالَ: كَانَ الْحَسَنُ إِذَا أَصْبَحَ وَإِذَا أَمْسَى قَالَ لِأَهْلِهِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ: «يَا أَهْلَاهُ الثَّوِيُّ فِيكُمْ قَلِيلٌ».

واتە: هارونی کوڕی عەبدوڵڵا لە سەییارەوە ئەویش لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەسەن عادەتی وا بوو بەیانیان و ئێواران سێ جار بە ماڵ و منداڵی خۆی دەگوت: خێزانەکەم! ئێوە و کەم لەسەر خواپەرستی پایەدارو بەردەوامن.

١٥٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ مَعْرُوفٍ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنِ ابْنِ شَوْذَبٍ قَالَ، قَالَ الْحَسَنُ: «لَا تَلْقَى الْمُؤْمِنَ إِلَّا شَاحِبًا وَلَا تَلْقَى الْمُنَافِقَ إِلَّا وَابِصًا».

واتە: زەمرە لە کوڕی شەوزەبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەسەن فەرمووی: هەرگیز بە

ڕەنگی زەردەوە نەبێ ڕوویەڕووی مرۆڤی باوەڕدار مەبەوە، بە ڕوی گەشاوە و بریقەداریشەوە نەبێ ڕوویەڕووی مرۆڤی دووڕوو مەبەوە.

١٥٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا عَوْنٌ، عَنِ الْحَسَنِ، أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ: «اتَّهِمُوا رَأْيَكُمْ وَأَهْوَاءَكُمْ عَلَى دِينِ الله وَانْتَصِحُوا كِتَابَ الله عَلَى أَنْفُسِكُمْ وَدِينِكُمْ».

واتە: ڕەوح لە عەونەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە کە دەیفەرموو: هەمیشە ڕاو بۆچونی خۆتان سەبارەت بە ئایینی خوا بە تۆمەتبار بزانن؛ هەمیشە ئامۆژگاری لە قورئان وەربگرن بۆ خۆتان و بۆ ئایینەکەتان.

١٥٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: كَانَ يَقُولُ: «مَطْعَمَانِ طَيِّبَانِ رَجُلٌ يَعْمَلُ بِيَدِهِ وَآخَرُ يَحْمِلُ عَلَى ظَهْرِهِ».

واتە: ڕەوح لە یەزیدی کوڕی ئیبراهیمەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە کە دەیفەرموو: دوو خواردن هەن زۆر پاك و حەڵاڵن؛ خواردنی ئەو کەسەی کە بە دەستی خۆی پەیدای کردووە و خواردنی ئەو کەسەش کە بەکۆڵ کاری کردووە و خواردنی پەیدا کردووە.

١٥٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ مَعْرُوفٍ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنِ ابْنِ شَوْذَبٍ قَالَ، قَالَ الْحَسَنُ: مَنْ بَنَى فَوْقَ مَا يَكْفِيهِ طُوِّقَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ سَبْعِ أَرَضِينَ ".

واتە: هارونی کوڕی مەعروف لە زەمرەوە ئەویش لە کوڕی شەوزەبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەسەن فەرمووی: هەر کەسێ زیاتر لە پێویست لای خۆی گڵ بداتەوە؛ لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو داراییە لە ژێر حەوت چینەکەی زەوییەوە لێی دەبێ بە تۆق و بارگرانی و لەکۆڵی نابێتەوە. ١٥٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، وَرَوْحٌ، قَالَا: حَدَّثَنَا الْأَسْوَدُ بْنُ شَيْبَانَ، حَدَّثَنِي الْفَضْلُ، حَدَّثَنَا رَوْحُ بْنُ ثَوْرٍ قَالَ: قُلْتُ لِلْحَسَنِ: رَجُلَانِ طَلَبَ أَحَدُهُمَا الدُّنْيَا بِحَلَالِهَا فَأَصَابَهَا وَوَصَلَ مِنْهَا الرَّحِمَ وَقَدَّمَ مِنْهَا لِنَفْسِهِ وَجَانَبَ الْآخَرُ الدُّنْيَا قَالَ: أَحَبُّهُمَا إِلَيَّ الَّذِي جَانَبَ الدُّنْيَا قَالَ: قُلْتُ: يَا أَبَا سَعِيدٍ، طَلَبَهَا بِحَلَالِهَا فَأَصَابَهَا فَوَصَلَ مِنْهَا رَحِمَهُ وَقَدَّمَ مِنْهَا لِنَفْسِهِ قَالَ: أَحَبُّهُمَا إِلَيَّ الَّذِي جَانَبَ الدُّنْيَا ".

واتە: عەبدولصەمەدو ڕەوح دەفەرموون: ئەسوەدی کوڕی شەیبان لە فەزلەوە ئەویش لە ڕەوحی کوڕی ئەورەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بە حەسەنم گوت: دوو پیاو هەبن یەکێکیان

بو دوای دونیادا بگەڕێت و کار و کاسبی بکات و بە حەڵاڵی شت پەیدا بکات و بەو پارە حەڵاڵە پەیوەندیی خزمایەتیش بەجێ بهێنێ و شتێکیش پێش بخات بۆ خۆی؛ پیاوێکیش خۆی لە دونیا بەدوور بگرێت؛ کامیانت بەلاوە باشترو خۆشەویسترە؟ فەرمووی: ئەوەیانم بەلاوە خۆشەویسترە کە خۆی لە دونیا دوور خستووەتەوە.. گوتم: باوکی سەعید! ئەویتر بە حەڵاڵی شتی پەیدا کردووە و پەیوەندی خزمایەتیشی پێ جێبەجێ کردووە و بەشی خۆیشی خێری کردووە! فەرمووی: ئەوەیانم بەلاوە خۆشەویسترە کە خۆی لە دونیا دوور خستووەتەوە.

١٥٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا أَبو كَعْب عَبْدُ رَبِّه، صَاحِبُ الْجُرَيْرِيِّ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: «إِنَّ الْمُؤْمِنَ فِي الدُّنْيَا غَرِيبٌ لَا يَجْزَعُ مِنْ ذُلها وَلَا يُنَافِسُ أَهْلها فِي عِزِّهَا النَّاسُ مِنْهُ فِي رَاحَة وَنَفْسُهُ مِنْهُ فِي شُغْل فَطُوبَى لِعَبْد كَسَبَ طَيِّبًا وَقَدَّمَ الْفَضْلَ لِيَوْم فَقْره وَفَاقَته، وَجِّهُوا هَذَا الْفَضْلَ حَيْثُ وَجَّهَهُ الله وَلَا تُلْقُوهَا هَاهُنَا فِيمَا يَضُرُّكُمْ».

واتە: عەبدولصەمەد لە باوکی کەعبەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: بەڕاستی مرۆڤی باوەڕدار لە دونیادا وەکوو نامۆو غەریب وایە؛ لە دەست زەلیلی هاوار ناکات و گوێ بە عیززەت و خۆشیی دونیا نادات و بۆ دونیا پەیداکردنیش لەگەڵ کەسا پێشبڕکێ ناکات؛ خەڵکی لە دەستی ئاسودەن و نەفسی خۆی خەریکی شتێکیترە (واتە: خەریکی خواپەرستیە) خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی کە شتی پاك بەدەست دێنێت و هەرچییەکی لێ زیادە دەیکاتە خێر بۆ ڕۆژی هەژاری و تەنگانە؛ لەم دونیایەدا بەرەو ئەو لایە بڕۆن کە خوای گەورە دیاریی کردووە؛ بەرەو ئەو لایە مەڕۆن کە دەبێتە مایەی زیان بۆتان.

١٥٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، عَنِ الْحَسَن، فِي قَوْله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ ٱلَّذِينَ هُمْ يُرَآءُونَ ۝٦ ﴾ الماعون: ٦ قَالَ: «إِنْ صَلَّاهَا صَلَّاهَا رِيَاءً وَإِنْ لَمْ يُصَلها لَمْ يُبَاله».

واتە: هاشم لە حەسەنەوە گێڕایەوە کە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿ ٱلَّذِينَ هُمْ يُرَآءُونَ ۝٦ ﴾ دا فەرموویەتی: ئەوانە ئەگەر نوێژ بکەن بۆ ڕیا دەیکەن؛ ئەگەر نوێژیش نەکەن گوێیان لێ نییەو بەلایانەوە گرنگ نییە.

١٥٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْمُؤْمن بْنُ أَبِي شُرَاعَةَ، عَنِ الْحَسَن قَالَ: «اعْرِفُوا الْمُهَاجِرِينَ بِفَضْلهمْ وَاتَّبِعُوا آثَارَهُمْ وَإِيَّاكُمْ وَمَا أَحْدَثَ النَّاسُ فِي دِينِهِمْ فَإِنَّ شَرَّ الْأُمُور الْمُحْدَثَاتُ».

واتە: ڕەوح لە عەبدلموئمینەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: کۆچەرییەکان بە ڕێزو فەزڵاّ بناسنەوە و شوێنیان بکەون و چیان کرد ئێوەیش وا بکەن.. نەکەن شوێن ئەو شتانە بکەوون کە خەڵك دایهێناوون؛ چونکە بەڕاستی خراپترین شت ئەوانەیە کە داهێنراون و ڕەگ و ڕیشەو بنەمایەکی شەرعییان نییە.

١٥٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا السَّرِيُّ بْنُ يَحْيَى، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْكَرِيم بْنُ رُشَيْد قَالَ: كُنْتُ فِي حَلْقَةِ الْحَسَنِ فَجَعَلَ رَجُلٌ يَبْكِي وَارْتَفَعَ صَوْتُهُ فَقَالَ الْحَسَنُ: «إِنَّ الشَّيْطَانَ لَيُبْكِي هَذَا الْآنَ».

واتە: ڕەوح لە سەریی کوڕی یەحیاوە ئەویش لە عەبدولکەریمی کوڕی ڕەشیدەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: من لە کۆڕی حەسەنا بووم؛ پیاوێک دەستی کردبوو بە گریا و بۆڕو هووڕ حەسەن فەرمووی: ئا ئێستا شەیتان ئەم پیاوە دەگریەنێ!

١٥٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنِ ابْنِ أَبِي حَمَّادِ بْنِ كَيْسَانَ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «عِظِ النَّاسَ بِفِعْلِكَ وَلَا تَعِظْهُمْ بِقَوْلِكَ».

واتە: زەمرە لە کوڕی باوکی حەمادی کوڕی کەیسانەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: تۆ بە کار و کردەوەکانت ئامۆژگاری خەڵکی بکە نەك بە قسەو وتار.

١٥٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي هَارُونُ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا الْمُعَلَّى بْنُ زِيَادٍ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، «يَحْلِفُ بِاللهِ مَا عَالَ مُقْتَصِدٌ قَطُّ».

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە ئەویش لە موعەللای کوڕی زیادەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە حەسەن بوو سوێندی بەخوا دەخواردو دەیفەرموو: هەر کەسێ زێدەڕەوی نەکات هەرگیز لاناداتو و تووشی لادان نابێت.

١٥٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا الهَيْثَمُ قَالَ: سَمِعْتُ أَبِي يَقُولُ: قَالَ الْحَسَنُ لِأَصْحَابِهِ: «يَا ابْنَ آدَمَ إِلَى مَتَى يَا أَهْلَاهُ غَدُّونِي يَا أَهْلَاهُ عَشُّونِي يُوشِكُ وَالله يُغَدَّى بِكَ يُوشِكُ وَالله يُرَاحُ بِكَ، أَمَا هُوَ إِلَّا أَكْلًا وَبَلْعًا وَشَرْطًا شَرْطًا أَحْمَقُ إِنَّمَا تَجْمَعُ مَالَكَ لِامْرَأَةٍ تَذْهَبُ بِهِ إِلَى زَوْجِهَا، أَوْ رَجُلٍ يَذْهَبُ بِهِ إِلَى زَوْجَتِهِ فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ تَكُونَ أَخْسَرَ الثَّلَاثَةِ نَصِيبًا فَافْعَلْ».

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێک لە باوکمم بیست فەرمووی: لە هەیثەمم بیست دەیفەرموو: گوێم لە حەسەن بوو بە هاوڕێکانی دەفەرموو: براینە! تاکەی دەڵێن: ژنەکە خواردنی بەیانی؟! ژنەکە خواردنی ئێوارە؟! بەخوا زۆری نەماوە بەیانییەک ببردرێ؛ یان ئێوارەیەک ببردرێی.. ئەوە هیچ نییە جگە لە خواردنێک و قوت دانێک.. تۆ سەروەت و سامان بۆ ژنێک کۆ دەکەیتەوە کە دەیبا بۆ مێردەکەی یان بۆ کوڕێکی کۆ دەکەیتەوە دەیبا بۆ ژنەکەی؛ ئەگەر دەتوانی لەو سێکەسەدا لە هەمووان زیانبارتربیت ئەوا وابکە.

قَالَ: وَسَمِعْتُ الْحَسَنَ يَقُولُ: «ابْنَ آدَمَ مَالِي مَالِي هَلْ لَكَ مِنْ مَالِكَ إِلَّا مَا أَكَلْتَ فَأَفْنَيْتَ أَوْ لَبِسْتَ فَأَبْلَيْتَ أَوْ أَعْطَيْتَ فَأَمْضَيْتَ».

واتە: هەروەها دەفەرمویت: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: مرۆڤ هەر دەڵێ: سامانەکەم سامانەکەم! کوا تۆ سامانت هەیە جگە لەوەی کە خواردوتەو لە ناووت بردووە؛ یان ئەوەی پۆشاوتەو کۆنەت کردووە؛ یان ئەوەی کە بەخشیوتەوە پێش خۆتت ختسووە و ناردوتە بۆ قیامەتت؟!

١٥٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عِيسَى، أَنْبَأَنَا عَبْدُ الله بْنُ الْمُبَارَك، أَنْبَأَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مُطَرِّف، أَنْبَأَنَا أبو حَازِم، عَنْ عَبْد الرَّحْمَن بْن سَعِيد بْن يَرْبُوع، عَنْ مَالك الدَّارِيِّ، أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّاب، رَضِيَ الله عَنْهُ أَخَذَ أَرْبَعَمِائَة دينَار فَجَعَلَهَا فِي صُرَّة، فَقَالَ لِلْغُلَامِ: اذْهَبْ بِهَا إِلَى أَبِي عُبَيْدَةَ بْنِ الْجَرَّاحِ ثُمَّ تَلَبَّثْ سَاعَةً فِي الْبَيْت حَتَّى تَنْظُرَ مَا يَصْنَعُ فَذَهَبَ الْغُلَامُ إِلَيْه، وَقَالَ: يَقُولُ لَكَ أَميرُ الْمُؤْمنينَ: اجْعَلْ هَذَا فِي بَعْض حَاجَتكَ قَالَ: وَصَله الله وَرَحمَهُ ثُمَّ قَالَ: تَعَالَيْ يَا جَارِيَةُ اذْهَبِي بِهَذِه السَّبْعَة وَبِهَذِه الْخَمْسَة إِلَى فُلَان وَبِهَذِه الْخَمْسَة إِلَى فُلَان حَتَّى أَنْفَذَهَا فَرَجَعَ الْغُلَامُ إِلَى عُمَرَ فَأَخْبَرَهُ فَوَجَدَهُ قَدْ أَعَدَّ مِثْلَهَا لِمُعَاذ بْن جَبَل فَقَالَ: اذْهَبْ بِهَا إِلَى مُعَاذ بْن جَبَل وَتَلَبَّثْ فِي الْبَيْت حَتَّى تَنْظُرَ مَا يَصْنَعُ فَذَهَبَ بِهَا إِلَى مُعَاذ بْن جَبَل، فَقَالَ: يَقُولُ لَكَ أَميرُ الْمُؤْمنينَ: اجْعَلْ هَذه فِي بَعْض حَاجَتكَ فَقَالَ: رَحمَهُ الله وَوَصَله تَعَالَيْ يَا جَارِيَةُ اذْهَبِي إِلَى بَيْت فُلَان بِكَذَا فَاطَّلَعَتْ امْرَأَةُ مُعَاذ فَقَالَتْ: وَالله نَحْنُ مَسَاكِينُ فَأَعْطنَا وَلَمْ يَبْقَ فِي الْخِرْقَة إِلَّا دِينَارَان فَرَمَى بِهِمَا إِلَيْهَا وَرَجَعَ الْغُلَامُ إِلَى عُمَرَ رَضِيَ الله عَنْهُ فَأَخْبَرَهُ فَسُرَّ بِذَلكَ وَقَالَ: «إِنَّهُمْ أُخْوَةٌ بَعْضُهُمْ مِنْ بَعْض رَضِيَ الله عَنْهُمْ».

واتە: عەبدولڕەحمانی کوڕی سەعید لە مالیکی دارییەوە دەگێڕێتەوە کە عومەری کوڕی خەتتاب (خوای لێ ڕازی بێت) چوارسەد دیناری هێناو خستیە ناو تورەکەیەکەوە و بە خزمەتکارەکەی فەرموو: ئەوە ببە بۆ عوبەیدەی کوڕی جەڕاح و دوایی تاوێک بمێنەوە بزانە چی بەو پارەیە دەکات! خزمەتکارەکە پارەکەی بردو بە عوبەیدەی گوت: گەورەی باوەڕداران

پێت دەفەرموێت: ئەم پارە بۆ پێداویستی خۆت خەرج بکە! عوبەیدە گوتی: خوای گەورە ڕەحم بە گەورەمان بکات ئەو پەیوەندی خزمایەتی و دۆستایەتیی خۆی جێبەجێ کرد! دوایی عوبەیدە بانگی کەنیزەکەکەی خۆی کرد و فەرمووی: ئاوەرە ئەم حەوت دینارە ببە بۆ فلان و ئەم پێنجە ببە بۆ فلان.. بەو جۆرە هەمووی دابەش کرد و هیچی بۆ خۆی نەهێشتەوە؛ خزمەتکارەکە گەڕایەوە خزمەت عومەر و ڕوداوەکەی بۆ گێڕایەوە؛ دوایی پێشەوا عومەر چوارسەد دیناری کردە تورەکەیەکەوە و دای بە دەست خزمەتکارەکەو فەرمووی: ئەمەش ببە بۆ موعازی کوڕی جەبەل و بووەستە بزانە ئەو چیی پێدەکات؟ خزمەتکارەکە پارەکەی برد بۆ موعازو گوتی: گەورەمان ئەم پارەیەی بۆ ناردی و فەرمووی: بۆ خۆتی خەرج بکەیت و پێداویستی خۆتی پێ دابین بکەیت! ئەویش فەرمووی: خوای گەورە ڕەحم بە گەورەمان بکات ئەرکی خۆی و پەیوەندی دۆستایەتی خۆی جێبەجێ کردووە.. دوایی موعازیش بانگی کەنیزەیەکی خۆی کرد و فەرمووی: ئەم پارەیە ببە بۆ ماڵی فلانو ئەوە بۆ ماڵی فلان و ... دوایی ژنەکەی موعاز هاتە دەرو گوتی: بەخوا ئێمەیش هەژارین دەی شتێکیش بە ئێمە بدە! موعاز تورەکەکەی بۆ فڕێداو دوو دیناری تیامابوو.. دوایی خزمەتکارەکەی پێشەوا عومەر گەڕایەوە بۆ لای عومەر و ڕوداوەکەی بۆ گێڕایەوە؛ عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) زۆر خۆشحاڵ بوو فەرمووی: ئەوانە براو هاوپشتی یەکترن و وەکوو یەکن؛ خوایان لێ ڕازی بێت.

١٥٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عُمَرَ بْنِ مُحَمَّد بْن أَبَانَ بْنِ صَالح بْنِ عُمَرَ، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، عَنْ عَاصم الأَحْوَل، عَنْ رَجُل، منْ سَدُوس، عَنْ أَبِي مُوسَى قَالَ: «جَلِيسُ الصِّدْق مثْلُ الْعَطَّار إِنْ لَمْ يُصبْكَ عَبَقَكَ منْ ريحه».

واتە: عاصمی ئەحوەل لە پیاوێکی سەدوسییەوە ئەویش لە باوکی مووساوە گێڕایەوە فەرموویەتی: هاونشینی مرۆڤی ڕاستگۆ وەکوو ئەو کەسە وایە لای کەسێکی بۆنفرۆشا دانیشێت؛ خۆ ئەگەر بۆنیشی پێ نەدا بۆنی خۆش هەر دەچێ بە لوتیا.

١٥٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: وَجَدْتُ في كتَاب بشْر بْنِ الْحَارث بخَطِّ يَده، عَنْ يَحْيَى بْن. . . ،. عَنْ رَبيعَةَ بْنِ زَاذَانَ، عَنْ عيسَى بْنِ زَاذَانَ قَالَ: «يَأْتي عَلَى النَّاسِ زَمَانٌ يَسْكُنُ الشَّيْطَانُ في أَعْيُنِ النَّاسِ فَمَنْ شَاءَ أَنْ يَبْكِيَ بَكَى».

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: نووسینێکی بیشری کوڕی حارثم بینی کە بە خەتی خۆی نووسیبوی لە یەحیای کوڕی..... ئەویش لە ڕەبیعەی کوڕی زازانەوە ئەویش لە عیسای کوڕی زازانەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: سەردەمانێک دێت بەسەر مرۆڤا کە شەیتان لە

ناوچاوی خەڵكدا دادەنیشێت و هەر كەسێ بیەوێ (بۆ ڕیا) بگری؛ یەكسەر دەگری (واتە: گریانی دێت و فرمێسك لە چاوەكانی دێنە خوارەوە)[1].

١٥٦٥ - أَخْبَرَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: وَجَدْتُ فِي كِتَابِ بِشْرِ بْنِ الْحَارِثِ بِخَطِّ يَدِهِ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ الثَّوْرِيُّ، عَنْ مُحَارِبِ بْنِ دِثَارٍ قَالَ: " إِنَّهُ لَيَمْنَعُنِي أَنْ أَلْبَسَ الثَّوْبَ الْجَدِيدَ مَخَافَةَ أَنْ يَحْدُثَ لِجِيرَانِي الْحَسَدُ وَيَقُولُونَ: مِنْ أَيْنَ هُوَ لَه ".

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: نووسینێكی بیشری كوڕی حارثم بینی كە بە خەتی خۆی نووسیبوی: سوفیانی ثەوری لە موحاریبی كوڕی دیثارەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: من پۆشاكی تازە لەبەر ناكەم لە ترسی ئەوەی نەكا دراوسێكانم ئێرەییم پێ ببەن و بڵێن: ئەوە ئەمەی لەكوێ بو؟!

١٥٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: وَجَدْتُ فِي كِتَابِ بِشْرٍ بِخَطِّ يَدِهِ قَالَ: سَأَلْتُ الْمُعَافَى عَنِ الرَّجُلِ يَزُورُهُ إِخْوَانُهُ وَهُوَ صَائِمٌ فَيَكْرَهُ أَنْ يَعْلَمُوا صَوْمَهُ وَهُوَ يُحِبُّ أَنْ يَطْعَمُوا عِنْدَهُ، فِي أَيِّ ذَلِكَ الْفَضْلُ فِي تَرْكِ ذَلِكَ الدُّعَاءِ لَهُمْ بِالطَّعَامِ؟ قَالَ: إِطْعَامُهُمْ أَحَبُّ إِلَيَّ فَإِنْ شَاءَ فَلْيَقُمْ عَلَيْهِمْ وَلْيَقُلْ: قَدْ أَصَبْتُ مِنَ الطَّعَامِ قَالَ: وَقِيلَ لِسُفْيَانَ يَقُولُ: قَدْ تَغَدَّيْتُ يَعْنِي بِقَوْلِهِ أَمْسِ قَبْلَ ذَلِكَ؟ قَالَ: نَعَمْ ".

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: نووسینێكی بیشری كوڕی حارثم بینی كە بە خەتی خۆی نووسیبوی: پرسیارم لە موعافا كرد لە بارەی كەسێكەوە كە بەڕۆژوویەو برادەرەكانی سەردانی دەكەن و پێی ناخۆشە پێی بزانن كە بەڕۆژوویەو پێیشی خۆشە برادەرەكانی لای ئەو بمێننەوە و نان بخۆن؛ كامەیان باشترە؟ (ڕۆژووەكەی بشكێنێ یان) داوەتیان نەكات بۆ خواردن؟ فەرمووی: من پێم خۆشە داوەتیان بكات؛ ئەگەر توانیی خۆی هەستێ و نان نەخوات و بڵێ: من نانم خواردووە.. جا دەفەرموێت: ئەوەش بە سوفیان دەگوترا (واتە: پێیان گوتووە وەرە نان بخۆ) سوفیان دەیفەرموو: من نانم خواردووە.. ئەوە مەبەستی دوێنێ و پێری بوو نەك ئەو ڕۆژە؟ فەرمووی: بەڵێ!

[1] ئەو پۆشاییە هەر خۆی سپییەو هیچی تێدا نییە.

١٥٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: وَجَدْتُ فِي كِتَابِ بِشْرِ بْنِ الْحَارِثِ، عَنْ وَكِيعٍ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ جَعْفَرِ بْنِ إِيَاسٍ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ شَقِيقٍ أَنَّ أَبَا ذَرٍّ دُعِيَ إِلَى طَعَامٍ، فَقَالَ: " إِنِّي صَائِمٌ فَرُؤِيَ مِنْ آخِرِ النَّهَارِ يَأْكُلُ فَقِيلَ لَه فَقَالَ: إِنِّي أَصُومُ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ فَذَلِكَ صِيَامُ الدَّهْرِ .

واته: عەبدوڵلا دەفەرموێت: نووسینێکی بیشری کوڕی حارثم بینی کە بە خەتی خۆی نووسیبوی: وەکیع لە ئەعمەشەوە ئەویش لە جەعفەری کوڕی ئیاسەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی شەقیقەوە دەگێڕێتەوە کە ئەبوزەڕ بانگکرا بۆ نان خواردن؛ فەرمووی: من بەڕۆژووم.. جا بینییان لە کۆتایی ڕۆژا نانی دەخوارد؛ پێی گوترا: خۆ تۆ گوتت بەڕۆژووم! فەرمووی: من هەموو مانگێک سێ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبم؛ ئەوەش وەک ئەوە وایە تەواوی ئەو مانگە بەڕۆژوو بێت (چونکە چاکە یەک بە دەیە؛ کەواتە هەر کەسێ سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بێت ئەوە وەک ئەوە وایە مانگێک بەڕۆژوو بێت).

١٥٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله قَالَ: وَجَدْتُ فِي كِتَابِ بِشْرٍ قَالَ: سَأَلْتُ وَكِيعًا عَنْ ذَلِكَ قَالَ: إِذَا أَرَادَ الْأَثَرَ الَّذِي جَاءَ مِنْ صِيَامِ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ تَرَى ذَلِكَ يُجْزِئُهُ أَنْ يَقُولَ: إِنِّي صَائِمٌ وَلَيْسَ بِصَائِمٍ قَالَ: إِذَا ضَبَطَ النِّيَّةَ فَلَا بَأْسَ، وَسَأَلْتُ الْمُعَافَى عَنِ الرَّجُلِ يَمُرُّ بِمَنْ يَلْعَبُ بِالشِّطْرَنْجِ تَرَى لَه أَنْ يُسَلِّمَ عَلَيْهِمْ؟ قَالَ: لَا إِنَّ سُفْيَانَ يَقُولُ: لِيُسَلِّمْ وَيَأْمُرْ قَالَ الْمُعَافَى: إِنْ لَمْ يَأْمُرْ فَلَا.

واته: عەبدوڵلا دەفەرموێت: نووسینێکی بیشری کوڕی حارثم بینی کە بە خەتی خۆی نووسیبوی: لە بارەی ئەوە پرسیارم لە وەکیع کرد فەرمووی: ئەگەر مەبەستی ئەو فەرموودەیە بێت کە لە بارەی سێ ڕۆژ ڕۆژو هاتووە؛ ئەوە دەکرا بڵێ: من بەڕۆژووم و بە ڕۆژووش نیم.. دەفەرموێت: ئەگەر نێتەکەی ڕێکوپێک کرد ئەوە کێشە نییە.. لە موعافام پرسی لە بارەی کەسێکەوە دەدا بە لای کەسێکاو ئەو کەسە خەریکی شەترەنج کردنە؛ ئایا سەلامی لێ بکات؟ فەرمووی: نەخێر! سوفیان دەیفەرموو: با سەلامی لێ بکات و فرمانی پێ بکات (واتە: پێی بڵێ واز لە ەترەنج بێنێ) موعافا فەرمووی: ئەگەر فرمانی پێ نەکرد بە وازهێنان با سەلامی لێ نەکات.

١٥٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: وَجَدْتُ فِي كِتَابِ بِشْرٍ قَالَ: سَأَلْتُ الْمُعَافَى: أَكَانَ سُفْيَانُ يَقُولُ: " كُلُّ مَنْ تَخَوَّفْتَ مِنْ طَعَامِهِ أَنْ يُفْسِدَ عَلَيْكَ قَلْبَكَ فَلَا تُجِبْهُ؟ قَالَ: نَعَمْ ".

واته: عەبدوڵلا دەفەرموێت: نووسینێکی بیشری کوڕی حارثم بینی کە بە خەتی خۆی نووسیبوی: پرسیارم لە موعافا کرد: ئایا سوفیان فەرموویەتی: دروستە ئەگەر ترسای لە هەر

کەسێ کە خواردنەکەی دڵت خراپ بکات (واتە: خواردنەکەی حەرام بێت) خۆشت نەوێ؟ فەرمووی: بەڵێ!

١٥٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الله بْنِ نُمَيْرٍ، حَدَّثَنَا أَبو خَالِد الْأَحْمَرُ قَالَ: سَمِعْتُ عَمْرَو بْنَ قَيْسٍ الْمُلَائِيَّ، يَقُولُ: «إِذَا سَمِعْتَ شَيْئًا، مِنَ الْخَيْرِ فَاعْمَلْ بِهِ تَكُنْ مِنْ أَهْلِه وَلَوْ مَرَّةً».

واتە: باوکی خالیدی ئەحمەر دەفەرموێت: گوێم لە عەمری کوڕی قەیسی مولائی بوو دەیفەرموو: ئەگەر گوێت لە شتێکی چاک بوو ئەوە کاری پێ بکەو یەکێک بە لەو کەسانەی کە ئەو کارە چاکە دەکەن؛ ئەگەرچی یەکجاریش ئەو کارە بکەیت.

١٥٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي نَصْرُ بْنُ عَلِيٍّ، حَدَّثَنَا نُوحُ بْنُ قَيْس، حَدَّثَنِي عَوْنُ بْنُ أَبِي شَدَّاد قَالَ: «إِنَّ الله تَبَارَكَ وَتَعَالَى خَلَقَ بِمَسْقَطِ الشَّمْسِ أَرْضًا بَيْضَاءَ نُورُهَا بَيَاضُهَا فِيهَا قَوْمٌ لَمْ يَدْرُوا أَنَّ الله تَبَارَكَ وَتَعَالَى عُصِيَ قَطُّ».

واتە: نەصری کوڕی عەلی لە نوحی کوڕی قەیسەوە ئەویش لە عەونی کوڕی باوکی شەددادەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەڕاستی خوای گەورە و میهرەبان لەو شوێنەی کە خۆر ئاوا دەبێت؛ زەوییەکی دروست کردووە تیشکەکەی سپییە؛ گەلێکی تێدایە هەرگیز نەیانزانیوە کە لە شوێنێک تاوان کراوە و بێفرمانی خوای گەورە کراوە.

١٥٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّار، حَدَّثَنَا الْحَرْثُ بْنُ نَبْهَانَ قَالَ: سَمِعْتُ مُحَمَّدَ بْنَ وَاسِع، يَقُولُ: " وَأَصْحَابَاهُ، ذَهَبَ أَصْحَابِي قَالَ: قُلْتُ: يَرْحَمُكَ الله أَلَيْسَ قَدْ نَشَأَ شَبَابٌ يَقْرَءُونَ الْقُرْآنَ وَيَقُومُونَ اللَّيْلَ وَيَصُومُونَ النَّهَارَ وَيَحُجُّونَ وَيَقْرَءُونَ؟ قَالَ: فَبَزَقَ وَقَالَ: «أَفْسَدَهُمْ الْعُجْبُ».

واتە: سەییار لە حەرثی کوڕی نەبهانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە موحەممەدی کوڕی واسیع بوو دەیفەرموو: ئای هاوەڵان! ئای هاوەڵانم ڕۆیشتن! دەفەرموێت: منیش گوتم: خوای گەورە ڕەحمت پێ بکات؛ مەگەر ئێستا گەنجی وا پێ نەگەیشتووە کە قورئان دەخوێنن و شەونوێژ دەکەن و ڕۆژانەش بەڕۆژوو دەبن و حەج دەکەن و دەشخوێنن؟ دەفەرموێت: تفێکی کرد و فەرمووی: لەخۆبایی بوون و سەرسامبوون کارەکانی ئەوانەی تێکداوە.

١٥٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبِي، قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّار، حَدَّثَنَا مُرَجَّى بْنُ وَادِع قَالَ: قَالَ لِي أَيُّوبُ بْنُ وَائِلِ الرَّاسِبِيُّ: يَا مُرَجَّى، لَا تَهْتَمَّ لِلدُّنْيَا وَاهْتَمَّ لِلْآخِرَةِ فَإِنَّ رَجُلًا مِنْ أَصْحَابِكَ أَصَابَتْهُ حَاجَةٌ شَدِيدَةٌ فَخَرَجَ ذَاتَ لَيْلَةٍ فَدُلِّيَ عَلَيْهِ مِنَ السَّمَاءِ كِيسُ دَرَاهِمَ فَسَقَطَ عَلَى كَتِفِهِ فَهُوَ يُنْفِقُ مِنْهُ زَمَانًا وَرُبَّمَا انْقَلَبَ عَلَى الْفِرَاشِ فَيُوجِعُ جَنْبَه."

واته: سەییار لە مورەججای کوڕی وادیعەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەییوبی کوڕی وائیلی ڕاسیبی پێی گوتم: مورەججا! گرنگی بە دونیا مەدە؛ بەڵکوو گرنگی بە قیامەت بدە؛ یەکێک لە هاوەڵەکانت زۆر هەژار بوو؛ پێویستیەکی زۆری بە پارە هەبوو؛ شەوێک ڕۆیشتە دەرەوە لە ئاسمانەوە شتێکی بۆ خرایە خوارەوە؛ تورەکەیەک بوو کەوتە سەرشانی پڕبوو لە دیرهەم؛ ئەویش بۆ ماوەیەک لەو دیرهەمانەی بەکار دەهێنا؛ دوایی ئەوەندە لەسەرجێ ڕاکشابوو لاتەنیشتی ژانی دەکرد (واتە: دوای ئەوەی دیرهەمەکانی دەستکەوت ئیتر وەکوو جاران شەونوێژی نەدەکردو زۆر رادەکشاو لاتەنیشتی هاتبووە ژان).

١٥٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّار، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا غالب، قال رأيت يزيد الضبي يأكل خبزًا وملحًا درشت فقلت له فقال إني أحمد إليك إلهي إذ يأتي على كذا وكذا ما لي طعام غيره.

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە ئەویش لە غالبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: یەزیدی زەبیم بینی نان و خوێی زبری دەخوارد؛ پێم گوت ئەوە چی دەخۆی؟! فەرمووی: من سوپاسی خوای گەورە دەکەم کە ئەوەندەو ئەوەندە ڕۆژ جگە لە نان و خوێ هیچیترم نییە بیخۆم.

١٥٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّار، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا طَالِبٌ قَالَ: فَرَغَ يَزِيدُ الضَّبِّيُّ يَوْمًا مِنْ قَصَصِهِ فَرَآنِي فَقَالَ: كَيْفَ أَصْبَحْتَ يَا عَبْدَ الله مَا لِي أَرَاكَ حَزِينًا قَالَ: قُلْتُ: مِنْ دَيْنٍ عَلَيَّ قَالَ: كَمْ هُوَ؟ قُلْتُ: خَمْسُونَ دِرْهَمًا قَالَ: أَحْمَدُ إِلَيْكَ رَبِّي لَوْ كَانَتْ عِنْدَ أَخِيكَ لَقَضَاهَا عَنْكَ ثُمَّ قَالَ: تَحْزَنُ مِنْ خَمْسِينَ وَعَلَيَّ أَلْفَا دِرْهَم لَيْسَ لها وَجْهٌ قَالَ: فَقِيلَ له: يَا أَبَا مَوْدُود، عَسَى أَنْ يَكُونَ ذَلِكَ خَيْرًا لَكَ قَالَ: وَكَيْفَ؟ قُلْتُ: أَشَدُّ لِحُزْنِكَ وَتَضَرُّعِكَ قَالَ: فَأَنَا أَرْجُو قَالَ: فَمَاتَ يَزِيدُ فَقُضِيَتْ عَنْهُ بَعْدَ مَوْتِه".

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە ئەویش لە تالیبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕۆژێک یەزیدی زەبی لە وتار بوویەوە و منی بینی و فەرمووی: عەبدوڵڵا چۆنی؟ ئەوە چییە خەمباری؟

دەفەرموێت: منیش گوتم: قەرزارم! فەرمووی: چەندە قەرزاری؟ گوتم: پەنجا دیرهەم! فەرمووی: سوپاسی خوای گەورە دەکەم؛ ئەگەر براکەت پارەی هەبوایە بۆی دەبژاردی.. دوایی فەرمووی: تۆ خەم بۆ پەنجا دیرهەم دەخۆی؟ خۆ من هەزار دیرهەم قەرزارم هیچ ڕێگایەکیش نییە بۆ بژاردنی! دەفەرموێت: پێی گوترا: باوکی مەودوود! دەی لەوانەیە ئەوە بۆ تۆ باش بێ! فەرمووی: چۆن؟ من گوتم: ئەوە زیاتر خەمبارت دەکات و ملکەچت دەکات! فەرمووی: منیش هەر دڵم بەوە خۆشە.. دەفەرموێت: جا یەزید لە دونیا دەرچوو دوای مردنی من هەزار دیرهەمەکەم بۆ بژارد.

١٥٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا حَوْشَبٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «سَتُفْتَحُ مَشَارِقُ الْأَرْضِ وَمَغَارِبُهَا عَلَى أُمَّتِي إِلَّا وَعُمَّالُها فِي النَّارِ إِلَّا مَنِ اتَّقَى الله وَأَدَّى الْأَمَانَةَ».

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە ئەویش لە حەوشەبەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: دەرگاکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەسەر ئوممەتی منا دەکرێنەوە (واتە: ئوممەتی من ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئازاد دەکەن و دەکەوێتە ژێر دەستی ئوممەتی من) جا ئاگاداربن! کاربەدەستەکانی هەموویان دەچنە ئاگرەوە ئەوانە نەبێ کە لە خواترسن و ئەمانەت جێبەجێ دەکەن.

١٥٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا عَنْبَسَةُ الْخَوَّاصُ، عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: قَالَ مُوسَى بْنُ عِمْرَانَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: يَا رَبِّ، أَنْتَ فِي السَّمَاءِ وَنَحْنُ فِي الْأَرْضِ فَمَا عَلَامَةُ غَضَبِكَ مِنْ رِضَاكَ؟ قَالَ: «إِذَا اسْتَعْمَلْتُ عَلَيْكُمْ خِيَارَكُمْ فَهُوَ عَلَامَةُ رِضَائِي وَإِذَا اسْتَعْمَلْتُ عَلَيْكُمْ شِرَارَكُمْ فَهُوَ عَلَامَةُ سَخَطِي».

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە ئەویش لە عەنبەسەی خەواصەوە ئەویش لە قەتادەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: مووسای کوڕی عیمران (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: خوایە! تۆ لە ئاسمان و ئێمە لە زەوین؛ نیشانەی تووڕەیی و ڕەزامەندی تۆ چییە؟ فەرمووی: ئەگەر کەسە باشەکانم کردە کاربەدەستتان ئەوە لێتان ڕازیم، ئەگەریش کەسە خراپەکانم کردە کاربەدەست ئەوە لێتان ناڕازیم!

قَالَ أَبو عَبْد الرَّحْمَن: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى عَبْد الله بْن سُلَيْمَانَ فَقِيلَ له فيه: إِنَّهُ وَإِنَّهُ، فَنَظَرَ إِلَيْهِ ثُمَّ سَكَتَ فَمَضَى فَقِيلَ: إِنَّ هَذَا مِن حاله فَقَالَ: «إِنْ كَانَ زَاهِدًا كَمَا تَقُولُونَ فَمَا يَصْنَعُ عِنْدِي».

واتە: باوکی عەبدولڕەحمان فەرمووی: پیاوێک هاتە خزمەت عەبدوڵڵای کوڕی سولەیمان؛ لە بارەی ئەو پیاوە شتێک بە عەبدوڵڵا گوترا؛ عەبدوڵڵا سەیرکی پیاوەکەی کرد و دوایی بێدەنگ بوو؛ دوایی پیاوەکە ڕۆیشت، بە عەبدوڵڵا گوترا: ئەم پیاوە ئاواو ئاوایە (واتە: زۆر پیاوی چاکەو دونیا نەویستە) عەبدوڵڵا گوتی: دەی ئەگەر وەک ئێوە دەیڵێن دونیا نەویستە؛ لای منا چی دەکات؟

١٥٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ بَعْضِ الْبَصْرِيِّينَ، عَنِ الْحَسَنِ، رَحِمَهُ الله قَالَ: «رَحِمَ الله عَبْدًا قَالَ فَغَنِمَ أَوْ سَكَتَ فَسَلِمَ».

واتە: سوفیانی کوڕی عویەینە لە پیاوێکی بەصرییەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە **فەرموویەتی: خوای گەورە ڕەحم بەو بەندەیەی بکات کە ئەگەر قسە بکات قسەی باش بکات ئەگینا بێدەنگ دەبێت.**

١٥٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا نُوحُ بْنُ قَيْسٍ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ سَيْفٍ، عَنِ الْحَسَنِ، فِي قَوْلِه: ﴿وَمَا نُرْسِلُ بِالْآيَاتِ إِلَّا تَخْوِيفًا ۝٥٩﴾ الإسراء: ٥٩ قَالَ: «الْمَوْتُ الذَّرِيعِ».

واتە: نوحی کوڕی قەیس لە موحەممەدی کوڕی سەیفەوە؛ ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا نُرْسِلُ بِالْآيَاتِ إِلَّا تَخْوِيفًا ۝٥٩﴾ فەرموویەتی: ئەو ترساندنە مردنی کتوپڕو بەربڵاوە.

١٥٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، عَنِ الْحَسَنِ، أَنَّهُ ذُكِرَ الْوَجَعُ فَقَالَ: «أَمَا وَالله مَا هِيَ بِأَسَرِّ أَيَّام الْمُسْلِم أَيَّام قُورِبَ له فِيهَا مِنْ أَجَله وَذُكِّرَ فِيهَا مَا نَسِيَ مِنْ مَعَادِه فَكُفِّرَ بِهَا عَنْهُ خَطَايَاهُ».

واتە: یەزیدی کوڕی هارون لە کوڕی موبارەکەوە ئەویش لە حەسەوە گێڕایەوە کە باسی ئێش و ئازار کرا؛ حەسەن فەرمووی: بەخوا ڕۆژانی ئێش و ئازار باشترین ڕۆژی مرۆڤی باوەڕدارن؛ ئەو ڕۆژانە مەرگی نزیک دەبێتەوە و وەبیرهێنەوەیە بۆ مرۆڤ؛ ئەو دونیای بیر دەکەوێتەوە (و خۆی بۆ ئامادە دەکات و تەوبە دەکات؛ جگە لەوانەش) ئەو ئێش و ئازارە دەبێتە مایەی شۆرینەوەی تاوانەکانی.

١٥٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنِي يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا هِشَامُ بْنُ حَسَّانَ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «إِنَّ الرَّجُلَ يُذْنِبُ الذَّنْبَ فَمَا يَنْسَاهُ وَمَا يَزَالُ مُتَخَوِّفًا مِنْهُ حَتَّى يَدْخُلَ الْجَنَّةَ».

واته: یەزید لە هیشامی کوڕی حەسسانەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەڕاستی پیاوی وا هەیە کە تاوانێک دەکات و لەبیری ناچێتەوە و بەردەوام لەسەر کردنی ئەو تاوانە لەخوا دەترسێ تا وای لێدێ خوای گەورە لێی دەبورێت و دەیخاتە بەهەشتەوە.

١٥٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا أَبو الْأَشْهَبِ، عَنِ الْحَسَنِ، فِي قَوْلِهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا ﴾ الفرقان: ٦٣ قَالَ حُلَمَاءُ لَا يَجْهَلُونَ وَإِنْ جُهِلَ عَلَيْهِمْ غَفَرُوا ".

واته: یەزید لە باوکی ئەشهەبەوە گێڕایەوە؛ ئەویش لە حەسەنەوە کە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا ﴾ دا فەرموویەتی: مەبەست ئەوانەیە کە بەحەوسەڵەن و کاری نابەجێ و هەڵە ناکەن و کاتێکیش کارێکی هەڵەیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە خۆڕاگر و بەحەوسەڵەن.

١٥٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: كَانَ إِذَا خَرَجَ عَطَاؤُهُ حَثَا لِآلِ فُلَانٍ وَآلِ فُلَانٍ حَتَّى يَقُولَ لَه ابْنُهُ: «إِنَّ لَكَ عِيَالًا فَيَطْرَحُ إِلَيْهِ مَا بَقِيَ».

واته: باوکی موعاویە لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەر کاتێ حەسەن موچەکەی وەرگرتبا دەیبەخشی بە ماڵی فلاّن و ماڵی فلاّن و ... تا وای لێدەهات کوڕەکەی پێی دەگوت: باوکە! تۆ خۆیشت ماڵ و منداڵت هەیە! ئەوکاتە هەر شتێکی لێ زیاد بوایە فڕێی دەدا بۆ کوڕەکەی.

١٥٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا مَطَرٌ الْوَرَّاقُ قَالَ: أَتَيْتُ الْحَسَنَ فَقُلْتُ: يَا أَبَا سَعِيدٍ، أَتَيْتُكَ وَالله مَا كِدْتُ أَقْطَعُكَ إِلَّا فِي شِدَّةِ الْوَحْلِ تَحْتَ قَدَمَيَّ وَالْمَتَاعِبِ عَلَى رَأْسِي، فَقَالَ الْحَسَنُ: «يَا مَطَرُ، إِنَّ هَذَا الْحَقَّ ثَقِيلٌ وَقَدْ جَهَدَ النَّاسَ وَحَالَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ كَثِيرٍ مِنْ شَهَوَاتِهِمْ وَإِنَّهُ وَالله مَا يَسِيرٌ عَلَى هَذَا الْحَقِّ إِلَّا مَنْ عَرَفَ فَضْلَه وَرَجَا عَاقِبَتَهُ».

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە ئەویش لە مەتەری وەڕڕاقەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هاتمە خزمەت حەسەن گوتم: باوکی سەعید! هاتمە خزمەتت بەخوا خەریکبوو نەتوانم بێم ئەوەندە قوڕوقوڕاو هەبوو کۆڵێکیشم لەسەر سەر بوو.. حەسەن فەرمووی: مەتەر! ئەم حەقە قورسە؛ خەڵکانێکی زۆری خستووەتە تەنگانەوە؛ بووەتە لەمپەر لە نێوان زۆر کەس لەگەڵ حەزو ئارەزووەکانیان؛ بەخوا ئەم حەقە بۆ هیچ کەسێک ئاسان نابێ بۆ ئەوانە نەبێ کە بزانن چەندە گەورەیەو جا هیواشیان بە قیامەت و حەق هەبێ.

١٥٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قِيلَ لَهُ: يَا أَبَا سَعِيدٍ، أَلَا تَغْسِلُ قَمِيصَكَ؟ قَالَ: فَقَالَ: «مَا أَرَى الْأَمْرَ إِلَّا أَعْجَلَ مِنْ ذَلِكَ».

واتە: باوکی موعاویە لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بە حەسەن گوترا: باوکی سەعید! ئەوە کراسەکەت ناشۆی؟ فەرمووی: من بابەتەکە زۆر لەوە خێراتر دەبینم (واتە: مردن لەوە خێراترە من کراس بشۆم و کاتی خۆم بۆ کراس شۆردن تەرخان بکەم).

١٥٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، أَنْبَأَنَا عَلِيُّ بْنُ ثَابِتٍ، حَدَّثَنِي رَجُلٌ، مِنْ أَهْلِ خُرَاسَانَ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «ابْنَ آدَمَ إِنَّمَا أَنْتَ أَيَّامٌ وَكُلَّمَا ذَهَبَ يَوْمٌ ذَهَبَ بَعْضُكَ».

واتە: عەلیی کوڕی ثابت لە پیاوێکەوە کە خەڵکی خۆراسان بوو؛ ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: نەوەی مرۆڤ! تۆ پێکهاتوی لە چەند ڕۆژێک؛ هەر ڕۆژێک کە تەواو دەبێ بەشێک لە تۆ تەواو دەبێ!

١٥٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ ثَابِتٍ، عَنْ رَجُلٍ، عَنِ الْحَسَنِ، فِي قَوْلِهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ﴾النحل: ٩٧ قَالَ: «نَرْزُقُهُ قَنَاعَةً».

واتە: عەلیی کوڕی ثابت لە پیاوێکەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە کە لە تەفسیری ئایەتی ﴿فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ﴾النحل: ٩٧ فەرموویەتی: واتە: قەناعەتی پێ دەبەخشین.

١٥٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبُو مَعْمَرٍ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنْ مَنْصُورٍ قَالَ: كَانَ الْحَسَنُ إِذَا سَافَرَ وَأَخْرَجَ الْقَوْمُ نَفَقَاتِهِمْ أَخْرَجَ مَعَهُمْ مِثْلَ الَّذِي أَنْفَقُوا ثُمَّ يَدُسُّ إِلَى صَاحِبِ النَّفَقَةِ شَيْئًا سِوَى مَا أَعْطَاهُمْ ".

واتە: هیشام بە مەنصورەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەسەن عادەتی وا بوو کاتێ سەفەرێکی دەکردو خەڵکەکە پێکەوە پارەیان کۆ دەکردەوە بۆ خەرجیی ڕێگا و دەیاندا بە

دەست یەکێکیانەوە؛ حەسەنیش وەکوو هەمووان پارەی دەدا؛ دوایی دوور لە چاوی خەڵکەکە دیسان پارەی دەدا بەو کەسەی کە پارەکەی خراوەتە بەردەست.

١٥٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيد، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ الْعَيْزَار، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «الْكَذِبُ جِمَاعُ النِّفَاقِ».

واتە: یەحیـای کـوڕی سـەعید لە عەبـدوڵڵای کـوڕی عەیـزارەوە ئەویـش لە حەسـەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: درۆ کردن کۆکەرەوەی هەموو دووڕوویەکە.

١٥٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي هَارُونُ بْنُ عَبْدِ الله، حَدَّثَنَا أَبُو أُسَامَةَ، عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ الْمُغِيرَةِ، عَنْ يُونُسَ بْنِ عُبَيْدٍ قَالَ: قَالَ الْحَسَنُ: " لَا يَزَالُ الرَّجُلُ بِخَيْرٍ مَا عَلِمَ بِالَّذِي يُفْسِدُ عَلَيْهِ عَمَلَهُ قَالَ: قَالَ يُونُسُ: إِنَّ مِنْهُمْ مَنْ تَغْلِبُهُ شَهْوَتُهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَرَى أَنَّهُ عَلَى الْحَقِّ ".

واتە: باوکی ئوسامە لە سولەیمانی کوڕی موغیرەوە ئەویش لە یونسی کوڕی عوبەیدەوە گێرایەوە فەرموویەتی: حەسەن فەرموویەتی: مرۆڤ هەتا بزانێ چ شتێک خراپە بۆی و زیانی بۆ بیرو باوەڕی هەیە؛ ئەوە هێشتا چاکەو لە چاکەدایە.. دەفەرموێت: یونس فەرمووی: جا مرۆڤی وا هەیە حەزو ئارەزو سواری دەبێت و ئی وا هەیە وادەزانێ کارەکانی هەمووی لەسەر هەقە.

١٥٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي هَارُونُ، حَدَّثَنَا زَيْدُ بْنُ الْحُبَابِ، عَنْ سُفْيَانَ الثَّوْرِيِّ، عَنْ سَلَمَةَ بْنِ كُهَيْلٍ قَالَ: مَا رَأَيْتُ أَحَدًا يَطْلُبُ بِالْعِلْمِ وَجْهَ الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَّا هَؤُلَاءِ الثَّلَاثَةَ يَعْنِي عَطَاءً وَطَاوُسًا وَمُجَاهِدًا ".

واتە: سوفیانی ئەوری لە سەلەمەی کوڕی کوهەیلەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من کەسم نەدیوە وەکوو ئەو سێ کەسە لە پێناو خوای گەورەدا بۆ زانست بگەڕێن؛ واتە: عەتاو تاووس و موجاهید.

١٥٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، أَنْبَأَنَا يُونُسُ قَالَ: قَالَ الْحَسَنُ: " إِنَّ الْمُؤْمِنَ وَالله مَا يُصْبِحُ إِلَّا حَزِينًا، وَلَا يُمْسِي إِلَّا حَزِينًا قَالَ يُونُسُ: فَكَانَ الْحَسَنُ لَا تَكَادُ تَلْقَاهُ إِلَّا وَكَأَنَّهُ رَجُلٌ قَدْ أُصِيبَ بِمُصِيبَةٍ ".

واتە: ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم لە یونسەوە دەگێڕێتەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە

فەرموویەتی: بەخوا مرۆڤی باوەڕدار بە خەمباری نەبێ ڕۆژ ناکاتەوە؛ بە خەمباریش نەبێ ئێوارەی لێ نایەت (واتە: بەردەوام خەمبارە).. یونس دەفەرموێت: هەر جارێک حەسەنێ ببینیایە ئەوەندە خەمبار بوو؛ واتدەزانی تووشی بەڵا و موسیبەتێکی گەورە بووە.

١٥٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَسْوَدُ بْنُ عَامِرٍ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ ثَابِتٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «ضَحِكُ الْمُؤْمِنِ إِنَّمَا هُوَ غَفْلَةٌ مِنْهُ».

واتە: ئەسوەدی کوڕی عامر لە حەمادی کوڕی سەلەمەوە ئەویش لە ثابتەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێکەنینی مرۆڤی باوەڕدار بێ ئاگایی و غەفڵەتێکە لەو کەسە باوەڕدارەوە سەری هەڵداوە.

١٥٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا شُجَاعُ بْنُ الْوَلِيدِ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ سَعِيدٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: " إِنَّ الْمُؤْمِنَ لَا يُصْبِحُ إِلَّا خَائِفًا وَلَا يُصْلِحُهُ إِلَّا ذَاكَ؛ لِأَنَّهُ بَيْنَ ذَنْبَيْنِ: ذَنْبٌ مَضَى لَا يَدْرِي كَيْفَ يَصْنَعُ اللهُ فِيهِ، وَأَجَلٌ، أَوْ قَالَ: آخَرُ لَا يَدْرِي مَا كُتِبَ عَلَيْهِ فِيهِ ".

واتە: شوجاعی کوڕی وەلید لە سوفیانی کوڕی سەعیدەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەڕاستی مرۆڤی باوەڕدار بە ترس و لەرزەوە نەبێ ڕۆژی لێ نابێتەوە و ئەوەش نەبێ هیچیتری بۆ گونجاو نییە؛ چونکە مرۆڤ لە نێوان دوو تاوانایە؛ تاوانێکی ڕابردو کە نازانێت خوای گەورە تۆڵەی لێ دەکاتەوە لەسەر ئەو تاوانە یان لێی خۆش دەبێت؟ لەگەڵ ئاکام و ئەجەلا.. هەروەها فەرمووی: کۆتا شت کە نازانێ چیی لەسەر دەنووسرێ.

١٥٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا شُجَاعُ بْنُ الْوَلِيدِ، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ تَوْبَةَ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «مَنْ عَرَفَ رَبَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَحَبَّهُ وَمَنْ أَبْصَرَ الدُّنْيَا زَهِدَ فِيهَا، وَالْمُؤْمِنُ لَا يَلهو حَتَّى يَغْفَلَ وَإِذَا فَكَّرَ حَزِنَ».

واتە: شوجاعی کوڕی وەلید لە یەزیدی کوڕی تەوبەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ خوای گەورە بناسێت خۆشی دەوێ؛ هەر کەسێکی بە چاوی دڵ دونیا ببینێت لێی دوور دەکەوێتەوە؛ مرۆڤی باوەڕدار قسەی پڕووپوچ و کاری پڕووپوچ ناکات بۆ ئەوەی لە یاد و زیکری خوای گەورە غافڵ و بێ ئاگا نەبێت؛ هەر کاتێکیش بیری کردەوە خەمبار دەبێت.

١٥٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا أَبو عُبَيْدٍ النَّاجِيُّ قَالَ: دَخَلْنَا عَلَى الْحَسَنِ نَعُودُهُ فِي مَرَضِهِ فَقَالَ: «مَرْحَبًا بِكُمْ وَأَهْلًا بِكُمْ حَيَّاكُمُ اللهُ بِالسَّلَامِ وَأَحَلَّنَا وَإِيَّاكُمْ

دَارَ السَّلَامِ، هَذِهِ عَلَانِيَةٌ حَسَنَةٌ، إِنْ صَبَرْتُمْ وَصَدَقْتُمْ، وَأُقْسِمُ لَا يَكُونَنَّ حَظُّكُمْ مِنْ هَذَا الْخَبَرِ، رَحِمَكُمُ اللهُ، أَنْ تَسْمَعُوهُ بِهَذِهِ الْأُذُنِ فَيَخْرُجَ مِنْ هَذِهِ الْأُذُنِ فَإِنَّهُ مَنْ رَأَى مُحَمَّدًا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَدْ رَأَى غَادِيًا رَائِحًا لَمْ يَضَعْ لَبِنَةً عَلَى لَبِنَةٍ وَلَا قَصَبَةً عَلَى قَصَبَةٍ وَلَكِنْ رُفِعَ لَهُ عَلَمٌ فَشَمَّرَ إِلَيْهِ الْوَحَا الْوَحَا ثُمَّ النَّجَا النَّجَا، عَلَامَا تَعْرُجُونَ أَتَيْتُمْ وَرَبِّ الْكَعْبَةِ كَأَنَّكُمْ وَالْأَمْرَ مَعًا».

واتە: یەزیدی کوڕی هارون لە باوکی عوبەیدی ناجییەوە گێرایەوە فەرموویەتی: حەسەن نەخۆش بوو ڕۆیشتین بۆ سەردانی؛ فەرمووی: بەخێربێن! خۆش هاتن! خوای گەورە بەسەلامەتی بتانژێنێ: داروسسەلامیش بە ئێمەو بە ئێوەش ببەخشێت؛ ئەمە ڕواڵەتێک باشە ئەگەر سەبر بگرن و ڕاستگۆ بن؛ سوێند دەخۆم کە بەشی ئێوە لەم قسەیەدا هەر ئەوە نەبێ کە بە گوێیەک ببیستن و لەو گوێیەکەیتر بچێتە دەرەوە! بەڕاستی هەر کەسێ پێغەمبەری (ﷺ) دیبێ ئەوا ئەوە بەیانییەکی پڕ خێرو بەرەکەتی دیوە؛ ئەو خشتێکی دەخستە سەر خشتێک و داری نەخستە سەر دار(واتە: خەریکی دونیاداری نەبو) بەڵام زانستێکی بۆ بڵند کرایەوە و ئەویش قۆڵی لێ هەڵماڵی و بە خێرایی و بە پەلە.. بە چی بەرز دەبنەوە؟ بەخوا دەڵێی ئێوە و مردن پێکەوە هاتون!؟؟؟

١٥٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي عَبْدُ اللهِ بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ مُسْلِمٍ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، وَهُوَ يُحَدِّثُ يَقُولُ: «يَا ابْنَ آدَمَ، تَرْكُ الْخَطِيئَةِ أَيْسَرُ مِنْ طَلَبِ التَّوْبَةِ».

واتە: عەبدوڵلای کوڕی عومەر لە حەسەنی کوڕی موسلیمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە حەسەن بوو قسەی دەکرد دەیفەرموو: ئەی نەوەی ئادەم! وازهێنان لە تاوان لە تەوبەکردن ئاسانترە.

١٥٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُوسَى بْنُ هِلَالٍ، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ حَسَّانَ قَالَ: ذَكَرُوا التَّوَاضُعَ عِنْدَ الْحَسَنِ وَهُوَ سَاكِتٌ حَتَّى إِذَا أَكْثَرُوا عَلَيْهِ، قَالَ لَهُمْ: أَرَاكُمْ قَدْ أَكْثَرْتُمُ الْكَلَامَ فِي التَّوَاضُعِ قَالُوا: أَيُّ شَيْءٍ التَّوَاضُعُ يَا أَبَا سَعِيدٍ؟ قَالَ: «يَخْرُجُ مِنْ بَيْتِهِ فَلَا يَلْقَى مُسْلِمًا إِلَّا ظَنَّ أَنَّهُ خَيْرٌ مِنْهُ».

واتە: مووسای کوڕی هیلال لە هیشامی کوڕی حەسسانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە لای حەسەنا باسی ملکەچی و تەوازوع کرا؛ حەسەن بێدەنگ بوو؛ ئەوەندەیان گوت تا حەسەن هاتە قسەو فەرمووی: وەبزانم زۆرتان لە بارەی ملکەچییەوە گوت! خەڵکەکە گوتیان: ئەی ملکەچی چییە باوکی سەعید؟ فەرمووی: ملکەچی ئەوەیە کە کاتێ لە ماڵ دەچێتە دەرەوە گەیشتی بە هەر کەسێک لە خۆت بە باشتری بزانی.

١٥٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُوسَى بْنُ هِلَالٍ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، صَاحِبُ الدَّسْتُوَائِيِّ، عَنْ رَجُلٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: أَتَاهُ رَجُلٌ فَسَأَلَهُ عَنْ مَسْأَلَةٍ، فَأَفْتَاهُ الْحَسَنُ قَالَ: فَقَالَ الرَّجُلُ: يَا أَبَا سَعِيدٍ، مَنِ الْفَقِيهُ؟ قَالَ: «الزَّاهِدُ فِي الدُّنْيَا الرَّاغِبُ فِي الْآخِرَةِ الْبَصِيرُ بِدِينِهِ الْمُجْتَهِدُ فِي الْعِبَادَةِ، هَذَا الْفَقِيهُ».

واتە: مووسای کوڕی هیلال لە هیشامەوە ئەویش لە پیاوێکەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پیاوێک هات بۆ لای حەسەن و لە بارەی پرسێکەوە پرسیاری لە حەسەن کرد؛ حەسەن فەتوای بۆ دەرکرد؛ پیاوەکە گوتی: باوکی سەعید! کێ زاناو فەقیهە؟ فەرمووی: ئەو کەسەی کە پارسایەو دوورە پەرێزە لە دونیا و بۆ دوای قیامەتدا عەوداڵە ئاگای لە بیرو باوەڕیەتی و تێدەکۆشێ بۆ خواپەرستی.. ئەو ئەو کەسە فەقیهە.

١٦٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا بَيَانُ بْنُ الْحَكَمِ، حَدَّثَنَا أَبُو جَعْفَرٍ مُحَمَّدُ بْنُ حَاتِمٍ، حَدَّثَنَا الْبَشِيرُ بْنُ الْحَارِثِ، أَنْبَأَنَا حَمَّادُ بْنُ زَيْدٍ، عَنْ هِشَامٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «كَانُوا يَرْجُونَ فِي حُمَّى لَيْلَةٍ كَفَّارَةً لِمَا سَلَفَ مِنَ الذُّنُوبِ».

واتە: باوکی جەعفەر واتە موحەممەدی کوڕی حاتەم لە بەشیری کوڕی حارثەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەمادی کوڕی زەید لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەن گێڕایەوە فەرموویەتی: پێشو ئەگەر کەسێک شەوێک تا بەیانی (تا)ی لێهاتبا؛ ئومێدی ئەوەی هەبوو کە خوای گەورە لە تاوانەکانی پێشووی خۆشببێت.

١٦٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ مُوسَى قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا عُبَيْدٍ عَبْدَ الْمُؤْمِنِ بْنَ عُبَيْدِ اللهِ، عَنِ الْحَسَنِ: «رب دَائِبٍ مُطِيعٍ يَمْلَحُ فِي الْبَاطِلِ يَدْأَبُ لِغَيْرِ مَا خُلِقَ لَه، وَرُبَّ مَغْرُورٍ لَه أَصْحَابُ سُوءٍ».

واتە: حەسەنی کوڕی مووسا دەفەرموێت: گوێم لە باوکی عوبەید واتە: عەبدولموئمینی کوڕی عوبەیدوڵڵا بوو لە حەسەنەوە ئەوەی گێڕایەوە فەرموویەتی: زۆر کەسە هەیە کاری ڕێکوپێکەو جوانە؛ کەچی بە خێرایی بەناو شتی پڕوپوچا دەڕوات و خۆی خەریکی ئەو شتانە دەکات کە ئەم بۆ ئەو مەبەستانە دروست نەکراوە؛ زۆر کەسی لەخۆباییش هەیە هاوڕێکانی خراپن.

١٦٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو عَبْدِ الصَّمَدِ الْعَمِّيُّ، حَدَّثَنَا حَوْشَبٌ، عَنِ الْحَسَنِ، أَنَّهُ قَالَ: «وَالله مَا أَصْبَحَ الْيَوْمَ رَجُلٌ يُطِيعُ امْرَأَتَهُ إِلَّا أَكَبَّهُ الله فِي النَّارِ عَلَى وَجْهِه».

واتە: باوكی عەبدولصەمەد لە حەوشەبەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: بەخوا ئەمڕۆ هەرپیاوێ گوێڕایەڵی ژنەكەی بێت؛ خوای گەورە بەڕودا فڕێی دەداتە ناو ئاگرەوە.

١٦٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو عُبَيْدَةَ عَبْدُ الْمُؤْمِنِ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: «النِّيَّةُ أَبْلَغُ مِنَ الْعَمَلِ».

واتە: باوكی عوبەیدە دەفەرموێت: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: نێت (ی مرۆڤی باوەڕدار) لە كار و كردەوەكانی باشترە (واتە: نێتی كردنی كاری زۆر گەورە و چاكی هەیە؛ بەڵام ناتوانێ جێبەجێییان بكات؛ كەواتە نێتەكانی لە كارەكانی گەورەترو باشترن).

١٦٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّارٍ، حَدَّثَنَا الْمُرِّيُّ، حَدَّثَنِي عَلِيُّ بْنُ زَيْدٍ قَالَ: بَاتَ الْحَسَنُ عِنْدَنَا قَالَ: فَبَاتَ بَاكِيًا قَالَ: فَلَمَّا أَصْبَحَ قُلْتُ: يَا أَبَا سَعِيدٍ، لَقَدْ أَبْكَيْتَ اللَّيْلَةَ أَهْلَنَا قَالَ: " يَا عَلِيُّ، إِنِّي قُلْتُ: يَا حَسَنُ يَعْنِي نَفْسَهُ لَعَلَّ الله نَظَرَ إِلَيْكَ عَلَى بَعْضِ هَنَاتِكَ فَقَالَ: اعْمَلْ مَا شِئْتَ فَلَسْتَ أَقْبَلُ مِنْكَ شَيْئًا ".

واتە: سەییار لە موڕڕییەوە ئەویش لە عەلیی كوڕی زەیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: شەوێک حەسەن لەماڵی ئێمە میوان بوو؛ ئەو شەوە تا بەیانی گریا؛ بۆ بەیانی پێم گوت: باوكی سەعید! ئەرێ تۆ ئەمشەو هەموو ماڵ و منداڵەكانی منت گریاند! حەسەن فەرمووی: عەلی! بەخۆمم گوت: ئەرێ حەسەن! لەوانەیە خوای گەورە سەیری تۆی كردبێت و هەندێ هەڵەو تاوانی تۆی دیبێت و پێی فەرمووبێت: برۆ تازە هیچ چاكەیەكت لێ وەرناگرم!

١٦٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو هِلَالٍ، عَنْ خَالِدِ بْنِ رَبَاحٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «إِنَّ الْمُؤْمِنَ إِذَا طَلَبَ حَاجَةً إِنْ تَيَسَّرَتْ قَبِلَهَا بِمَيْسُورِ الله عَزَّ وَجَلَّ عَلَيْهَا وَحَمِدَ الله عَلَيْهَا، وَإِنْ لَمْ تَتَيَسَّرْ تَرَكَهَا وَلَمْ يُتْبِعْهَا نَفْسَهُ».

واته: باوکی هیلال له خالیدی کوڕی ڕەباحەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەڕاستی مرۆڤی باوەڕدار کاتێ بو دوای پێویستیەکا دەگەڕێ؛ ئەگەر بۆی ئاسان بوو ئەوە وەری دەگرێت و دەزانێ خوای گەورە بۆی ئاسان کردووە بۆیە سوپاسی خوای گەورە دەکات.. ئەگەریش بۆی ئاسان نەبوو وازی لێ دێنێت و شوێن نەفس و حەزو ئارەزۆی خۆی ناکەوێت.

١٦٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا سَلَّامٌ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: " إِذَا نَامَ الْعَبْدُ سَاجِدًا بَاهَى الله بِهِ الْمَلَائِكَةَ يَقُولُ: انْظُرُوا إِلَى عَبْدِي يَعْبُدُنِي وَرُوحُهُ عِنْدِي وَهُوَ سَاجِدٌ ".

واته: عەبدولصەمەد لە سەللامەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: ئەگەر مرۆڤ لە کاتی سەجدەبردناو بەدەم سەجدە بردنەوە خەوی لێ بکەوێ خوای گەورە لای فریشتەکان شانازیی پێوە دەکات و دەفەرموێت: تەماشای بەندەکەم بکەن خەریکی پەرستنی منەو ڕۆحی لای منەو خۆی لە سەجدەدایە.

١٦٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ فُضَيْلٍ، عَنْ عَاصِمٍ قَالَ: مَا سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَتَمَثَّلُ بِشِعْرٍ قَبْلَ هَذَا:

لَيْسَ مَنْ مَاتَ فَاسْتَرَاحَ بِمَيِّتٍ ... إِنَّمَا الْمَيِّتُ مَيِّتُ الْأَحْيَاءِ

ثُمَّ يَقُولُ: صَدَقَ وَالله إِنَّهُ يَكُونُ حَيَّ الْجَسَدِ مَيِّتَ الْقَلْبِ.

واته: موحەممەدی کوڕی فوزەیل لە عاصمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە حەسەن بوو بەیتە شیعرێکی بەنموونە دەهێنایەوە دەفەرموێت:

کەسێ بمرێ و لە دونیا ڕزگاری بێ نەمردووە؛ مردوو دڵ مردووانن

دوایی دەیفەرموو: ڕاستە بەخوا مردوو ئەو کەسەیە لاشەی زیندوو بێت و دڵی مردبێ.

١٦٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ دِينَارٍ قَالَ: لَقِيَنِي مَعْبَدٌ الْجُهَنِيُّ وَأَنَا عَلَى ظَهْرٍ وَهُوَ عَلَى ظَهْرٍ قَالَ: فَقَالَ: «يَا مَالِكُ، إِنِّي قَدْ طُفْتُ الْأَمْصَارَ وَرَأَيْتُ النَّاسَ فَلَمْ أَرَ مِثْلَ الْحَسَنِ بْنِ أَبِي الْحَسَنِ، يَا لَيْتَنَا كُنَّا أَطَعْنَاهُ يَا لَيْتَنَا كُنَّا أَطَعْنَاهُ».

واتە: باوکی هیلال لە خالیدی کوڕی ڕەباحەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرمووویەتی: بەڕاستی مرۆڤی باوەڕدار کاتێ بو دوای پێویستیەکا دەگەڕێ؛ ئەگەر بۆی ئاسان بوو ئەوە وەری دەگرێت و دەزانێ خوای گەورە بۆی ئاسان کردووە بۆیە سوپاسی خوای گەورە دەکات.. ئەگەریش بۆی ئاسان نەبوو وازی لێ دێنێت و شوێن نەفس و حەزو ئارەزوی خۆی ناکەوێت.

١٦٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا سَلَّامٌ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: " إِذَا نَامَ الْعَبْدُ سَاجِدًا بَاهَى اللهُ بِهِ الْمَلَائِكَةَ يَقُولُ: انْظُرُوا إِلَى عَبْدِي يَعْبُدُنِي وَرُوحُهُ عِنْدِي وَهُوَ سَاجِدٌ ".

واتە: عەبدولصەمەد لە سەللامەوە دەگێڕێتەوە فەرمووویەتی: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: ئەگەر مرۆڤ لە کاتی سەجدەبردناو بەدەم سەجدە بردنەوە خەوی لێ بکەوێ خوای گەورە لای فریشتەکان شانازیی پێوە دەکات و دەفەرموێت: تەماشای بەندەکەم بکەن خەریکی پەرستنی منەو ڕۆحی لای منەو خۆی لە سەجدەدایە.

١٦٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ فُضَيْلٍ، عَنْ عَاصِمٍ قَالَ: مَا سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَتَمَثَّلُ بِشِعْرٍ قَبْلَ هَذَا:

لَيْسَ مَنْ مَاتَ فَاسْتَرَاحَ بِمَيِّتٍ   إِنَّمَا الْمَيِّتُ مَيِّتُ الْأَحْيَاءِ

ثُمَّ يَقُولُ: صَدَقَ وَاللهِ إِنَّهُ يَكُونُ حَيَّ الْجَسَدِ مَيِّتَ الْقَلْبِ.

واتە: موحەممەدی کوڕی فوزەیل لە عاصمەوە دەگێڕێتەوە فەرمووویەتی: گوێم لە حەسەن بوو بەیتە شیعرێکی بەنموونە دەهێنایەوە دەفەرموێت:

کەسێ بمرێ و لە دونیا ڕزگاری بێ نەمردووە؛ مردوو دڵ مردووانن

دوایی دەیفەرموو: ڕاستە بەخوا مردوو ئەو کەسەیە لاشەی زیندوو بێت و دڵی مردبێ.

١٦٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ دِينَارٍ قَالَ: لَقِيَنِي مَعْبَدٌ الْجُهَنِيُّ وَأَنَا عَلَى، ظَهْرٍ وَهُوَ عَلَى ظَهْرٍ قَالَ: فَقَالَ: «يَا مَالِكُ، إِنِّي قَدْ طُفْتُ الْأَمْصَارَ وَرَأَيْتُ النَّاسَ فَلَمْ أَرَ مِثْلَ الْحَسَنِ بْنِ أَبِي الْحَسَنِ، يَا لَيْتَنَا كُنَّا أَطَعْنَاهُ يَا لَيْتَنَا كُنَّا أَطَعْنَاهُ».

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە ئەویش لە مالیکی کوڕی دینارەوە گێڕایەوە فەرمووویەتی: مەعبەدی جوهەنیم پێ گەیشت و من سواری ووڵاخێک بووم و ئەویش سواری ووڵاخێک؛ دەفەرموێت: گوتی: ئەی مالیك! من بە زۆر شاراتا گەراووم و خەڵکی زۆرم دیوە بەڵام کەسم نەدیوە وەکوو حەسەنی باوکی کوڕی حەسەن بێت؛ ئای خۆزگا ئێمە بەگوێیان کردبا! ئای خۆزگا ئێمە بەگوێیان کردبا!

١٦٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّار، حَدَّثَنَا هِلَالُ بْنُ حَقٍّ، حَدَّثَنَا سَعِيدٌ الْجُرَيْرِيُّ قَالَ: قُلْتُ لِلْحَسَنِ: يَا أَبَا سَعِيد، الرَّجُلُ يُذْنِبُ ثُمَّ يَتُوبُ ثُمَّ يُذْنِبُ ثُمَّ يَتُوبُ ثُمَّ يُذْنِبُ ثُمَّ يَتُوبُ ثُمَّ يُذْنِبُ ثُمَّ يَتُوبُ حَتَّى مَتَى؟ قَالَ: «مَا أَعْلَمُ هَذَا إِلَّا مِنْ أَخْلَاقِ الْمُؤْمِنِينَ».

واتە: سەییار لە هیلالی کوڕی حیققەوە ئەویش لە سەعیدی جورەیرییەوە گێڕایەوە دەفەرموێت: لە حەسەنم پرسی و گوتم: باوکی سەعید! مرۆڤ جاری وا هەیە تاوان دەکات و دوایی تەوبە دەکات، دیسان تاوان دەکات و تەوبە دەکاتەوە، دیسان تاوان دەکات و تەوبە دەکاتەوە، دیسان تاوان دەکات و تەوبە دەکاتەوە، هەتا کەی بۆی هەیە تەوبە بکات؟ حەسەن فەرمووی: ئەوە بەشێکە لە کار و کردەوەی مرۆڤی باوەڕدار[1].

---

[1] واتە: تەوبە کردن لە دوای هەموو تاوانێک بەشێکە لە کار و کردەوەی مرۆڤی باوەڕدارو بو دوای هەموو تاوانێکا تەوبەیەک دەکات و بەو تەوبە کردنە تاوانەکەی دەشواتەوە، وەک لە قورئان و فەرموودەی پیرۆزا ئاماژە بەو بابەتە کراوە، لەم فەرموودەیەدا ئایەتیش سەبارەت بەو باسە باسکراوە، عن عَبْدالله بْنَ مَسْعُودٍ يَقُولُ: الذُّنُوبُ أَرْبَعَةٌ: ذَنْبَانِ مَغْفُورَانِ، وَذَنْبَانِ لَا يُغْفَرَانِ، رَجُلٌ عَمِلَ ذَنْبًا خَطَأً فَالله يَمُنُّ وَلَا يُعَذِّبُهُ عَلَيْهَا، وَقَدْ قَالَ فِيهَا أَنْزَلَ: ﴿وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ﴾ [الأحزاب: ٥] وَرَجُلٌ عَمِلَ ذَنْبًا قَدْ عَلِمَ مَا فِيهِ فَتَابَ إِلَى الله مِنْهُ، وَنَدِمَ عَلَى مَا فَعَلَ، وَقَدْ جَزَى الله أَهْلَ هَذَا الذَّنْبِ أَفْضَلَ الْجَزَاءِ، فَقَالَ فِي كِتَابِه: ﴿وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَىٰ مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿١٣٥﴾﴾ [آل عمران: ١٣٥] وَذَنْبَانِ لَا يَغْفِرُهُمَا لِأَهْلِهِمَا: رَجُلٌ قَدْ عَمِلَ ذَنْبًا قَدْ عَلِمَ مَا فِيهِ، فَأَصَرَّ عَلَيْهِ وَلَمْ يَتُبْ إِلَى الله مِنْهُ، وَلَنْ يَتُوبَ الله عَلَى عَبْدٍ حَتَّى يَتُوبَ، وَلَنْ يَغْفِرَ الله لِمُذْنِبٍ حَتَّى يَسْتَغْفِرَ، وَرَجُلٌ زُيِّنَ لَه سُوءُ عَمَلِه فَرَآهُ حَسَنًا، فَإِنَّ هَذِهِ الَّتِي يَهْلِكُ فِيهَا عَامَّةُ مَنْ يَهْلِكُ مِنْ هَذِهِ الْأُمَّةِ. رواه ابن ابي الدنيا. واتە: عەبدوڵڵای کوری مەسعود دەفەرموێت: تاوانەکان چوار جۆرن، دوو تاوانیان بەر لێبوردن دەکەون و دوانیان بەر لێبوردن ناکەوون، کەسێک بە هەڵە تاوانێک دەکات، خوای گەورە منەت دەخاتە سەری و سزای نادا، لەم بارەوە فەرموویەتی: ﴿وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ﴾ [الأحزاب: ٥] واتە: هیچ تاوانتان لەسەر نییە ئەگەر بە هەڵە ئەنجامتاندا. هەروەها کەسێک تاوانێک دەکات و دوایی دەزانێ کە چەندە گوناهەو لێی پەشیمان بویەوە و داوای لێبوردنی لە خوا کرد، خوای گەورە باشترین پاداشت بەو کەسانە دەداتەوە کە تاوان دەکەن و دوایی لێی پەشیمان دەبنەوە و داوای ←

١٦١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّار، حَدَّثَنَا صَالِحٌ الْمُرِّيُّ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: «كُنَّا نُحَدَّثُ أَنَّهُ مَنْ عَيَّرَ أَخَاهُ بِذَنْبٍ قَدْ تَابَ إِلَى الله مِنْهُ ابْتَلاَهُ الله عَزَّ وَجَلَّ بِه».

واتە: سەییار لە ساڵەحی موڕڕییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: ئێمە جاران لەناو خۆمانا باسی ئەوەمان دەکرد کە ئەگەر کەسێک تاوانێک بکات و دواتر تەوبەی لێ بکات و کەسێکیتر تانەی لێدات و باسی ئەو تاوانەی بکات؛ ئەوا خوای گەورە ئەو کەسە تووشی هەمان تاوان دەکات (واتە: تانەدەرەکە تووشی ئەو تاوانە دەبێت).

١٦١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «إِنَّ الرَّجُلَ لَيَدْخُلُ الْمَدْخَلَ وَيَجْلِسُ الْمَجْلِسَ أَوْ يَأْكُلُ الْأَكْلَةَ فَيُغَيِّرُ قَلْبَهُ فَإِيَّاكُمْ وَالدُّخُولَ عَلَى أَهْلِ الْبَسْطَةِ فَإِنَّ الدُّخُولَ عَلَيْهِمْ يُغَيِّرُ قَلْبَ الرَّجُلِ فَيَتَسَخَّطُ مَا فِي يَدَيْه».

واتە: ڕەوح لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەڕاستی پیاوی وا هەیە کە دەچێتە ناو کۆڕو کۆبوونەوەیەک یان خواردنێک دەخوات و دڵی دەگۆڕێت! نەکەن نزیکی ئەوانە بکەونەوە کە خۆشگوزەران و دەست بڵاوون! چونکە هاوڕێیەتی ئەوانە دڵی مرۆڤ دەگۆڕێت و بەوە ناڕازی دەبێت کە خوا پێیداوە.

لێبوردن لە خوا دەکەن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ آل عمران: ١٣٥ واتە: ئەوانەش کە تاوان یان گوناهێک ئەنجام دەدەن، یاخود ستەم لە خۆیان دەکەن (دوایی بە خۆیاندا دێنەوە و سزای) خوا دێتەوە یادیان، ئەوسا داوای لێخۆشبوون دەکەن، جا کێ هەیە کە لە گوناهان خۆش ببێت جگە لە خوا؟! هەروەها لەسەر گوناەو تاوانیان بەردەوام نابن، لە کاتێکدا دەزانن (ئەوە تاوانە).
دو تاوانیش هەیە کە خوای گەورە لە خاوەنەکانیان خۆش نابێ، پیاوێ تاوانێکی کردبێ و بزانێ کە تاوانە، کەچی هەر سور بێ لەسەری و بەردەوام بیکات و نەگەڕێتەوە بۆ لای خواو تەوبە نەکا، خوای گەورەش لە هیچ بەندەیەکی خۆش نابێ هەتا ئەو بەندەیە تەوبە نەکات، خوای گەورە لە هیچ تاوانبارێک خۆش نابێ هەتا داوای لێخۆشبوون لە خوا نەکات. پیاوێکیش کە کارە خراپەکانی بۆ ڕازێنرابێتەوە و لەبەرچاوی خۆی جوان بوبێ، ئەم جۆرەیانە کە زیاترین کەسانی ئوممەتی من تووش دەکات و تیادەچن.

١٦١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو مَعْمَرٌ، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنِ الأَعْمَشِ قَالَ: قَالَ الْحَسَنُ رَحِمَهُ الله: «الْخَيْرُ عَادَةٌ وَالشَّرُّ لَجَاجَةٌ».

واتە: بـاوکی مەعـمەر لە جەریـرەوە ئەویـش لە ئەعمەشـەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: حەسەن فەرمووی: خێر خۆشەویستەو خراپەش عینادی و سەرکێشییە.

١٦١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَسْوَدُ بْنُ عَامِر، حَدَّثَنَا جَرِيرُ بْنُ حَازِم قَالَ: كُنَّا عِنْدَ الْحَسَنِ، فَقَالَ ابْنُهُ: خَفِّفُوا عَنِ الشَّيْخِ، فَإِنَّهُ لَمْ يَطْعَمْ وَقَد انْتَصَفَ النَّهَارُ، فَانْتَهَرَهُ الْحَسَنُ، وَقَالَ: «مَهْ دَعْهُمْ، فَوَالله إِنْ كَانَ الرَّجُلُ مِنَ الْمُسْلِمينَ لَيَزُورُ أَخَاهُ فَيَتَحَدَّثَانِ وَيَذْكُرَانِ رَبَّهُمَا حَتَّى يَمْنَعَهُ قَائِلَتَهُ».

واتە: ئەسوەدی کوڕی عامر لە جەریری کوڕی حازمەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: ئێمە لە خزمەت حەسەنا بوین؛ کوڕەکەی حەسەن گوتی: ڕەچاوی باوکم بکەن؛ ئەوەتا ڕۆژ نیوە بووە و هیچی نەخواردووە! حەسەن چو بە گژ کوڕەکەیاو فەرمووی: لێیانگەڕێ! بەخوا پیاوی وا هەیە باوەڕدارەو سەردانی برادەرەکەی دەکات و پێکەوە قسەو باس دەکەن و یاد و زیکری خوای گەورە دەکەن تا وای لێدێ بۆی ناکرێ نیوەڕۆخەو بکات و سەرخەوێک بشکێنێ.

١٦١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا ابْنُ عُلَيَّةَ، عَنْ رَبِيعَةَ بْنِ كُلْثُوم بْنِ جَبْرٍ قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى الْحَسَنِ وَهُوَ يَشْتَكِي ضِرْسَهُ وَهُوَ يَقُولُ: ﴿إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّى مَسَّنِىَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ۝٨٣﴾ الأنبياء: ٨٣ ".

واتە: ڕەبـیعەی کـوڕی کەلسـوم دەفەرموێـت: ڕۆیشـتمە خـزمەت حەسـەن و لەو کـاتەدا حەسەن دانێکی ئازاری هەبوو؛ ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە: (مانای ئایەتەکە) هاناو هاواری بۆ پەروەردگاری بردو گوتی: پەروەردگارا، بەڕاستی من ئازارو ناخۆشیم تووش بووە، تۆش لە هەموو کەس میهرەبانترو لە هەموو کەس دڵۆڤانتریت.

١٦١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ أَبِي عَدِيٍّ، عَنِ ابْنِ عَوْنٍ قَالَ: كَانَ الْحَسَنُ يَقُولُ: وَالله لَتَصْبِرَنَّ أَوْ لَتَهْلِكَنَّ هُوَ وَالله الشَّدِيدُ الهلَكَةِ ".

واتە: کوڕی عەدی لە کوڕی عەونەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: حەسـەن دەیفەرموو: بەخوا

یان ئەوەتا سەبر بگرن یان ئەوەتا تیابچن و لەناوبردنێ کە لە لایەن خوای گەورەوە بێت زۆر سەختە.

١٦١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، عَنْ قُرَّةَ بْنِ خَالِد، سَمِعْتُ الْحَسَنَ، فِي قَوْلِه عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ ۝٢ ﴾ القيامة: ٢ قَالَ: " إِنَّ الْمُؤْمِنَ لَا تَرَاهُ إِلَّا يَلُومُ نَفْسَهُ يَقُولُ: مَا أَرَدْتُ بِكَلِمَتِي، يَقُولُ: مَا أَرَدْتُ بِأَكْلَتِي، مَا أَرَدْتُ بِحَدِيثِ نَفْسِي، فَلَا تَرَاهُ إِلَّا يُعَاتِبُهَا، وَإِنَّ الْفَاجِرَ يَمْضِي قُدُمًا فَلَا يُعَاتِبُ نَفْسَهُ ".

واتە: قوڕڕەی کوڕی خالید دەفەرموێت: گوێم لە حەسەن بوو لە تەفسیری ئایەتی ﴿ وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ ۝٢ ﴾ دا دەیفەرموو: هەر باوەڕدارێک قیامەت ببینێ سەرکۆنەی خۆی دەکات و دەڵێ: باشە مەبەستم چیبوو لەو قسەیەی کە کاتی خۆی کردم؟ مەبەستم چیبوو لەو خواردنەی کە خواردم؟ مەبەستم چیبوو لەو خەیاڵەی کە بە خەیاڵما هات؟ ئیتر بەردەوام سەرکۆنەی خۆی دەکات؛ مرۆڤی خراپەکاریش بەرەو پێش دەچێت و سەرکۆنەی نەفسی خۆی ناکات.

١٦١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَسْوَدُ بْنُ عَامِر، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ قَالَ: قَالَ الْحَسَنُ: «صَدَقَ الله وَرَسُولُه بِالْيَقِينِ طُلِبَت الْجَنَّةُ، وَبِالْيَقِينِ هُرِبَ مِنَ النَّارِ، وَبِالْيَقِينِ أُدِّيَت الْفَرَائِضُ، وَبِالْيَقِينِ صُبِرَ عَلَى الْحَقِّ وَفِي مُعَافَاةِ الله خَيْرٌ كَثِيرٌ قَدْ وَالله رَأَيْتُهُمْ يَتَفَاوَتُونَ فِي الْعَافِيَةِ فَإِذَا نَزَلَ الْبَلَاءُ تَسَاوَوْا».

واتە: ئەسوەدی کوڕی عامر لە جەریرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەسەن فەرمووی: بەڕاستی و بێگومان خوای گەورە و پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕاستیان فەرمو؛ بە هۆی یەقین و دڵنیاییەوە داوای بەهەشت کراوە؛ هەر بە هۆی یەقین و دڵنیایەوە مرۆڤ لە دۆزەخ هەڵاتووە؛ هەر بە هۆی یەقین و دڵنیاییەوە فەرزەکان جێبەجێ کراوون؛ هەر بە هۆی یەقین و دڵنیاییەوە سەبر لەسەر هەق گیراوە؛ پارێزگاری و پاراستنێ کە لە لایەن خوداوە بێت؛ خێرو چاکەی زۆر زۆری تێدایە؛ بەخوا دەبینن لە پارێزگاری و پاراستنا جیاوازن؛ بەڵام کاتێ بەڵا و موسیبەتی گشتی دادەبەزێ یەکسانن.

١٦١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا فُضَيْلٌ، عَنِ الْعَلَاءِ بْنِ الْمُسَيَّبِ قَالَ: قَالَ الْحَسَنُ الْبَصْرِيُّ: «يَا حُسْنَ عَيْنٍ بَكَتْ فِي جَوْفِ اللَّيْلِ مِنْ خَشْيَةِ الله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: وەکیع لە فوزەیلەوە ئەویش لە عەلای کوڕی موسەییبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەسەنی بەصری فەرمووی: ئای چەندە جوانە ئەو چاوەی کە لە جەنگەی شەوا لە ترسی خوای گەورە فرمێسکی پیاهاتووەتە خوارەوە.

١٦١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا عَوْفٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «يَا ابْنَ آدَمَ إِنَّ لَكَ قَوْلًا وَعَمَلًا وَسِرًّا وَعَلَانِيَةً، وَعَمَلُكَ أَوْلَى بِكَ مِنْ قَوْلِكَ، وَسِرُّكَ أَوْلَى بِكَ مِنْ عَلَانِيَتِكَ».

واتە: ڕەوح لە عەوفەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئەی نەوەی ئادەم! بەڕاستی تۆ قسەو کار و نهێنی و ئاشکرات هەیە؛ کارەکانت لە قسەکانت لەپێشترن؛ نهێنییەکانیشت لە ئاشکراکانت لەپێشترن.

١٦٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا سَلَّامُ بْنُ مِسْكِينٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «أَهِينُوا هَذِهِ الدُّنْيَا».

واتە: ڕەوح لە سەللامی کوڕی مسکینەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەم دونیایە بە هیچ بزانن.

١٦٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ الدوورقيُّ، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ قَالَ: سَمِعْتُ شُعْبَةَ، يَقُولُ: قَالَ يُونُسُ بْنُ عُبَيْدٍ: كَانَ الْحَسَنُ إِذَا لَمْ يَجِدْ أَحَدًا وَلَمْ يَكُنْ مَشْغُولًا يَقُولُ: «سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ».

واتە: حەججاج دەفەرموێت: گوێم لە شوعبە بوو دەیفەرموو: یونسی کوڕی عوبەید فەرمووی: حەسەن عادەتی وا بوو ئەگەر کەسی لا نەباو تەنیا باو خەریکی هیچ نەبوایە؛ ئەم زیکرەی دەکرد: سبحان الله و بحمده؛ سبحان الله و بحمده.

١٦٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، قَالَ صَالِحٌ الْمُرِّيُّ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ قَالَ: «يَا أَيُّهَا الْمُتَصَدِّقُ عَلَى الْمِسْكِينِ تَرْحَمُهُ، ارْحَمِ الَّذِي ظَلَمْتَ».

واتە: حەججاج لە صاڵحی موڕڕییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە حەسەن بوو دەیفەرموو: ئەی ئەو کەسەی کە خێرت بە هەژاران کردووە و خاوەن بەزەییت! بەزەییت بەو کەسەشا بێتەوە کە ستەمت لێکردووە.

١٦٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ قَالَ: " تَذَاكَرُوا عَقْلَ مُطَرِّف وَوَرَعَ ابْن سيرينَ وَعبَادَةَ مُسْلم بْن يَسَار وَزُهْدَ الْحَسَن قَالَ: وَيُونُسُ بْنُ عُبَيْد يَعْني حَاضرًا فَقَالَ يُونُسُ: قَدْ اجْتَمَعَتْ هَذه الْخصَالُ كُلهاَ في الْحَسَن رَحمَهُ الله ".

واتە: عەبدولصەمەد لە حەمـادی کـوڕی سـەلەمەوە دەگێـڕێتەوە دەفەرموێت: لە کۆڕێکا باسـی ژیریـی موتەڕریـف و خۆپـارێزی و وەرعـی کـوڕی سیرین و خواپەرسـتیی موسـلیمی کوڕی یەسارو دونیانەویستی حەسـەنی بەصری کرا؛ یونسـی کوڕی عوبەیدیش لەو کۆڕەدا بوو؛ یونس فەرمووی: ئەوانەی ئێوە دەیڵێن هەرهەمووی لە حەسەنا هەیە.

١٦٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا أَبو قَطَن، حَدَّثَنَا أَبو الْأَشْهَب، عَن الْحَسَن قَالَ: " إِنَّ الرَّجُلَ كَانَ يُشَاكُ الشَّوْكَةَ يَقُولُ: إِنيِّ لَأَعْلَمُ أَنَّك بذَنْب وَمَا ظَلَمَني رَبيِّ عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: باوکی قەتەن لە باوکی ئەشهەبەوە ئەویش لە حەسـەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پیاوی وا هەیە لە دەست دڕکێـک سکاڵا دەکات و دەڵێ: من دەزانم بە هۆی تـاوانێکەوە ئەو دڕکە چوە بە لاقما؛ ئەگینا خوای گەورە ستەمی لەمن نەکردووە!

١٦٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَر، حَدَّثَنَا عَوْفٌ، عَن الْحَسَن، أَنَّهُ قَالَ: «وُضعَ دينُ الله دُونَ الْغُلُوِّ وَفَوْقَ التَّقْصير».

واتە: جەعفەر لە عەوفەوە ئەویش لە حەسـەنەوە دەگێڕێتەوە فەرمـوویەتی: ئـایینی خـوای گەورە ئاوایە: لە خوار زێدەڕەوییەو لەسەروی کەمتەرخەمییەوە.

١٦٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا عَوْنٌ، عَن الْحَسَن، أَنَّهُ قَالَ في قَوْله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً﴾النحل: ٩٧ قَالَ: «مَا يَطيبُ لأَحَد الْحَيَاةُ إِلَّا في الْجَنَّة».

واتە: ڕەوح لە عەونەوە ئەویـش لە حەسـەنەوە گێڕایەوە کە لە تەفسـیری ئـایەتی ﴿فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً﴾النحل: ٩٧ فەرموویەتی: واتە: لە بەهەشـتدا نەبێ ژیانی هیچ کەسێـک پاك و چـاک و خۆش نابێت.

١٦٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِم، حَدَّثَنَا أَبو سَعِيد، حَدَّثَنَا الْقَاسِمُ بْنُ فَائِد، عَن الْحَسَنِ قَالَ: «ابْنَ آدَمَ دِينُكَ دِينُكَ فَإِنَّمَا هُوَ لَحْمُكَ وَدَمُكَ فَإِنْ يَسْلَمْ لَكَ دِينُكَ يَسْلَمْ لَكَ جِسْمُكَ وَدَمُكَ وَإِنْ تَكُنِ الْأُخْرَى فَنَعُوذُ بِالله فَإِنَّهَا نَارٌ وَلَا تُطْفَأُ، وَجَسَدٌ لَا يَبْلَى وَنَفْسٌ لَا تَمُوتُ».

واتە: هاشمی کوڕی قاسم لە باوکی سەعیدەوە ئەویش لە قاسمی کوڕی فائیدەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئەی نەوەی ئادەم! ئایینەکەت! ئایینەکەت! ئایینەکەت خوێنی و گۆشتی تۆیە، ئەگەر ئایینەکەت بپارێزی خوێن و گۆشتی خۆت پاراستووە، پەنا بەخوا ئەگەر نەیپارێزی ئەوا ئاگرێکە کە کوژانەوەی نییە، برینێکە سارێژ نابێت، سزایەکە کۆتایی نایەت، گیانێکە کە هەرگیز نامرێت و هەر لە سزادا دەمێنێتەوە.

١٦٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا أَبو سَعِيد، عَن الْقَاسِم قَالَ: قَالَ الْحَسَنُ: " لَوْ لَمْ يَكُنْ لَنَا ذُنُوبٌ نَخَافُ عَلَى أَنْفُسِنَا مِنْهَا إِلَّا حُبَّنَا الدُّنْيَا لَخَشِينَا عَلَى أَنْفُسِنَا مِنْهَا إِنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ يَقُولُ: ﴿تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللَّهُ يُرِيدُ الْآخِرَةَ﴾ الأنفال: ٦٧ أَرِيدُوا مَا أَرَادَ الله عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: باوکی سەعید لە قاسمەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئێمە ئەگەر هیچ تاوانێکمان نەبوایە کە لێی بترسین تووشی دۆزەخمان بکات؛ جگە لە خۆشەویستی دونیا؛ ئەوا دەترساین کە تووشی دۆزەخمان بکات؛ خوای گەورە دەفەرموێت: (مانای ئایەتەکە) (مەگەر) کەلوپەل و شتومەکی دنیاتان دەوێت؟! لەکاتێکدا خوا (سەرفرازیی) ئەو جیهانی دەوێت و قیامەتی مەبەستە و خوا باڵادەست و دانایە.

١٦٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ مُحَمَّد، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَامِر، أَنَّ الْحَسَنَ، لَمَّا جَلَسَ يُحَدِّثُ أُهْدِيَ له فَرَدَّهُ وَقَالَ: " إِنَّ مَنْ جَلَسَ هَذَا الْمَجْلِسَ ثُمَّ قَبِلَ فَلَيْسَ له عِنْدَ الله خَلَاقٌ أَوْ قَالَ: «فَلَيْسَ له خَلَاقٌ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی موحەممەد لە سەعیدی کوڕی عامرەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە کە کاتێ حەسەن دانیشتبوو قسەی دەکردو ئامۆژگاریی خەڵکی دەکرد؛ دیاریەکی بۆ هات و حەسەن دیاریەکەی گێڕایەوە و وەری نەگرت و فەرمووی: هەر کەسێ لەوەها شوێنێکا دانیشێت و دوایی شت وەربگرێ ئەوە لە لای خوای گەورە هیچ بەش و بەخششێکی نامێنێت.

١٦٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «ابْنَ آدَمَ، أَيُّ دِينِكَ يَعِزُّ عَلَيْكَ إِذَا هَانَتْ عَلَيْكَ صَلَوَاتُكَ، إِذَا هَانَتْ عَلَيْكَ صَلَوَاتُكَ فَهِيَ عَلَى الله أَهْوَنُ».

واتە: هاشم لە کوڕی موبارەکەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەی نەوەی ئادەم! ئەگەر نوێژەکانت بەلاوە هیچ نەبێ؛ ئەی چ شتێکی ئاینت بەلاوە گرنگە!؟ ئەگەر نوێژەکانت بە لای خۆتەوە گرینگ نەبێ ئەوا بە لای خوای گەورەوە هیچ گرینگ نییە (واتە: خوای گەورە ئاتاجی نوێژی تۆ نییەو تۆ ئاتاجی نوێژی؛ جا ئەگەر تۆ گوێی نەدەیتێ ئەوا خوای گەورە بەهیچ جۆرێک گرینگ نییە بەلایەوە کە واز لە نوێژەکانت بێنیت و لە جیاتیی ئەوە سزات دەدا).

١٦٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، عَنِ الْحَسَنِ، كَانُوا يَقُولُونَ: «ابْنَ آدَمَ، النَّظْرَةُ الْأُولَى تُعْذَرُ فِيهَا فَمَا بَالُ الْآخِرَةِ».

واتە: هاشم لە کوڕی موبارەکەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: جاران دەیانگوت: ئەی نەوەی ئادەم! ڕوانینی یەکەم ئەوە بەهانەو بیانوت هەیە؛ ئەی ڕوانینی دوایی چی؟

١٦٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «رُبَّ نَظْرَةٍ أَوْقَعَتْ فِي قَلْبِ صَاحِبِهَا شَهْوَةً وَرُبَّ شَهْوَةٍ أَوْرَثَتْ صَاحِبَهَا حُزْنًا طَوِيلًا».

واتە: هاشم لە کوڕی موبارەکەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: زۆر جار ڕوانینی ناڕەوا شەهوەت و ئارەزوویەک لە دڵی مرۆڤا دروست دەکات کە دەبێتە مایەی خەم و خەفەتێکی زۆر لە دڵا.

١٦٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي هَارُونُ بْنُ مَعْرُوف، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، قَالَ ابْنُ شَوْذَب: حُدِّثْنَا قَالَ: جَلَسَ الْحَسَنُ مَعَ أَصْحَابِهِ عَلَى مَائِدَةٍ فَقَالَ رَجُلٌ: هَذِهِ الْمَائِدَةُ....... الْآنَ فَقَالَ الْحَسَنُ: «كَلَّا إِنَّمَا ذَلِكَ.......».

واتە: هارونی کوڕی مەعروف لە زەمرەوە ئەویش لە کوڕی شەوزەبەوە گێڕایەوە

فەرموویەتی: حەسەن لەگەڵ هاوڕێکانیا لەسەر سفرەو خوانێک دانیشتن؛ پیاوێک گوتی: ئەم سفرەیە...... ئێستا؛ حەسەن فەرمووی: نەخێر ئەوە........ .[1]

١٦٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «إِذَا رَأَيْتَ النَّاسَ يَتَنَافَسُونَ فِي الدُّنْيَا فَنَافِسْهُمْ فِي الْآخِرَةِ فَإِنَّهَا تَذْهَبُ دُنْيَاهُمْ وَتَبْقَى الْآخِرَةُ».

واتە: هاشم لە کوڕی موبارەکەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: هەر کاتێ خەڵکت بینی لە دونیاداریدا کێبڕکێیان دەکرد؛ تۆ لە بارەی قیامەتەوە کێبڕکێیان لەگەڵدا بکە، ئەوان دونیایان لەکیس دەچێ، بەڵام قیامەت هەتا هەتاییەو دەمێنێتەوە.

١٦٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: كَانَ هَاهُنَا شَيْخٌ قَالَ: " رَأَيْتُ عَلَى يَدِ أَبِي عَبْدِ الله جَرَبًا فَجِئْتُ بِدَوَاءٍ فَقُلْتُ: ضَعْ هَذَا عَلَيْهِ فَأَخَذَهُ فَرَدَّهُ فَقُلْتُ: لِمَ رَدَدْتَهُ؟ فَقَالَ: أَنْتُمْ........ ".

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: ئا لێرە پیاوێکی پیر هەبوو دەیفەرموو: بەسەر دەستی باوکی عەبدوڵڵاو برینێکم بینی؛ دەرمانێکم پێداو گوتم: ئەم دەرمانە بدە لەو برینە.. سەرەتا وەری گرت بەڵام دوایی گەڕاندیەوە، منیش گوتم: بۆچی وەری ناگری؟ گوتی: ئێوە..........[2] .

١٦٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «إِيَّاكُمْ .رَحِمَكُمُ الله .وَهَذِهِ الْأَمَانِيَّ فَإِنَّهُ لَمْ يُعْطَ أَحَدٌ بِالْأُمْنِيَةِ خَيْرًا فِي الدُّنْيَا وَلَا فِي الْآخِرَةِ».

واتە: هاشم لە کوڕی موبارەکەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ڕەحمەتی خواتان لێ بێت خۆتان لە خۆگاو ئاوات بپارێزن! ئەم خۆگەو ئاواتانە هیچی چاکی بە هیچ کەسێک نەبەخشیوە، نە لە دونیاداو نە لە قیامەتا.

١٦٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «نِعْمَتِ الدَّارُ كَانَتْ الدُّنْيَا لِلْمُؤْمِنِ؛ وَذَلِكَ أَنَّهُ عَمِلَ قَلِيلًا وَأَخَذَ زَادَهُ مِنْهَا إِلَى الْجَنَّةِ، وَبِئْسَتِ الدَّارُ كَانَتْ لِلْكَافِرِ وَالْمُنَافِقِ وَذَلِكَ أَنَّهُ تَمَتَّعَ لَيَالِيَ وَكَانَ زَادُهُ مِنْهَا إِلَى النَّارِ».

---

[1] ئەم ئەسەرە ناتەواوە و شوێنی خاڵەکان سپییەو نازانرێ کە چی نووسراوە.

[2] ئێرەش دیسان بۆشاییەو هیچی تێدا نییە.

واته: هاشم لە کوڕی موبارەکەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: دونیا شوێنێکی باشە بۆ ئەو کەسەی خاوەنی بیروباوەڕە؛ چونکە لە دونیادا کارێکی کەم (واتە: خواپەرستیەکی کەم) دەکات و توێشوی خۆی پڕدەکات و بەرەو بەهەشت دەڕوا؛ بەڵام دونیا بۆ مرۆڤی کافر و دووڕوو شوێنێکی زۆر خراپە؛ چونکە چەند شەوێکی کەم چێژ لە دونیا وەردەگرێت و توێشوەکەی بەرەو ئاگری دۆزەخ تێک دەنێ.

١٦٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا أَبُو الْأَشْهَبِ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَقُولُ: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤْتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ ﴾ المؤمنون: ٦٠ قَالَ: «كَانُوا يَعْمَلُونَ مَا يَعْمَلُونَ مِنْ أَعْمَالِ الْبِرِّ وَهُمْ مُشْفِقُونَ أَلَّا يُنْجِيَهُمْ ذَلِكَ مِنْ عَذَابِ الله عَزَّ وَجَلَّ».

واته: وەکیع لە باوکی ئەشهەبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە حەسەن بوو لە تەفسیری ئایەتی﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤْتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ ﴾ دەیفەرموو: ئەوانە ئەو کار و کردەوە چاکانەیان کرد کە کردیان؛ لەگەڵ ئەوەشا دەترسان ئەو کار و کردەوانە لە سزای خوای گەورە ڕزگاریان نەکات.

١٦٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ رَجُلٍ، لَمْ يُسَمِّهِ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «مَا عُبِدَ الله عَزَّ وَجَلَّ بِمِثْلِ الْحُزْنِ».

واته: وەکیع لە سوفیانەوە ئەویش لە پیاوێکەوە کە ناوی نەبراوە؛ ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایانەوە فەرموویەتی: بە هیچ شتێک خواپەرستی نەکراوە هێندەی خەم گەورە بێت (واتە: کاتێ مرۆڤ خەم بۆ ئایین و ڕێبازو بەرنامەی خۆی دەخوات؛ ئەو خەمە دەبێتە پاڵنەر بۆ ئەوەی هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی خۆی بخاتە گەڕ؛ کەواتە ئەو خەمە بنەماو بزوێنەری هەوڵ و تێکۆشانەکانە).

١٦٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يُونُسُ، حَدَّثَنَا صَالِحٌ، عَنْ خُلَيْدٍ، عَنْ صَالِحِ بْنِ حَسَّانَ قَالَ: أَمْسَى الْحَسَنُ صَائِمًا فَجِئْنَاهُ بِطَعَامٍ عِنْدَ إِفْطَارِهِ قَالَ: فَلَمَّا قُرِّبَ إِلَيْهِ قَالَ: عَرَضَتْ لَه هَذِهِ الْآيَةُ: ﴿ إِنَّ لَدَيْنَآ أَنكَالًا وَجَحِيمًا ۝١٢ وَطَعَامًا ذَا غُصَّةٍ وَعَذَابًا أَلِيمًا ۝١٣ ﴾ المزمل: ١٢ - ١٣ قَالَ: فَقَلَصَتْ يَدُهُ عَنْهُ فَقَالَ: ارْفَعُوهُ فَرَفَعْنَاهُ قَالَ: فَأَصْبَحَ صَائِمًا فَلَمَّا أَرَادَ أَنْ يُفْطِرَ ذَكَرَ الْآيَةَ فَفَعَلَ ذَلِكَ أَيْضًا فَلَمَّا كَانَ الْيَوْمَ الثَّالِثَ انْطَلَقَ ابْنُهُ إِلَى ثَابِتٍ الْبُنَانِيِّ وَيَحْيَى الْبَكَّاءِ وَأُنَاسٍ مِنْ أَصْحَابِ الْحَسَنِ فَقَالَ: أَدْرِكُوا أَبِي فَإِنَّهُ لَمْ يَذُقْ طَعَامًا مُنْذُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ كُلَّمَا قَرَّبْنَا إِلَيْهِ ذَكَرَ هَذِهِ الْآيَةَ: ﴿ إِنَّ لَدَيْنَآ أَنكَالًا وَجَحِيمًا ۝١٢ ﴾ المزمل: ١٢ فَقَرَأَهَا قَالَ: فَأَتَوْهُ فَلَمْ يَزَالُوا بِهِ حَتَّى أَسْقَوْهُ شَرْبَةً مِنْ سَوِيقٍ ".

واتە: یونس لە صاڵحەوە ئەویش لە خولەیدەوە ئەویش لە صاڵەحی کوڕی حەسسانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئێوارەیەک حەسەن بەڕۆژوو بوو؛ ئێمە خواردنمان بۆ هێنا بۆ بەربانگ کردنەوە؛ کاتێ خواردنەکەی نزیك خرایەوە ئەم (دوو) ئایەتەی خوێندەوە: (مانای دوو ئایەتەکە): بەڕاستی ئێمە کۆت و زنجیرو دۆزەخمان ئامادە کردووە (بۆ ئەو جۆرە تاوانبارانە)... هەروەها خۆراکێک کە لە گەروو دەگیرێت، سەرەڕای سزای بە ئێش و ئازار. دەفەرموێت: دەستی نەچوە خواردنەکەو فەرمووی: لایبەن! ئێمەش خواردنەکەمان لابرد.. جا بۆ بەیانی بەڕۆژوو بوو؛ کاتێ ئێوارە کە ویستی بەربانگ بکاتەوە دیسان ئەو ئایەتانەی وەبیر هاتەوە و دیسان وەک ڕۆژی پێشوو خواردنەکەی نەخوارد؛ بۆ ڕۆژی سێیەم کوڕەکەی ڕۆیشت بۆ لای ثابتی بووناني و یەحیای بەککا و چەند هاوەڵێکیتری حەسەن و گوتی: فریای باوکم بکەوون ئەوە سێ ڕۆژە تامی خواردنی نەکردووە؛ هەر جارێ خواردنی نزیك دەکەینەوە ئەم ئایەتە دەخوێنێتەوە کە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ لَدَيۡنَآ أَنكَالٗا وَجَحِيمٗا ١٢ ﴾. دەفەرموێت: ئەوانە ڕۆیشتن بۆ لای حەسەن و هەرچۆنێک بێت بە زۆر هەندێ تەڵخان (سەویق)یان دەرخواردی حەسەن دا.

١٦٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يُونُسُ بْنُ عُبَيْدٍ قَالَ: شَهِدْتُ الْحَسَنَ فَسَمِعْتُهُ حِينَ ثَقُلَ وَهُوَ يَقُولُ: إِنَّا للهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ قَالَ: حَتَّى فَرَغَ قَالَ: فَانْكَبَّ عَلَيْهِ ابْنُهُ عَبْدُ اللهِ، وَقَالَ: يَا أَبَتِ، مَا لَكَ تَسْتَرْجِعُ فَقَدْ أَفْزَعْتَنَا فَهَلْ رَأَيْتَ شَيْئًا؟ فَقَالَ: «يَا بُنَيَّ، اسْتَرْجَعْتُ عَلَى نَفْسِي إِنِّي لَمْ أُصَبْ بِمِثْلِهَا قَطُّ».

واتە: یونسی کوڕی عوبەید دەفەرموێت: حەسەنم بینی کاتێ لە سەرەمەرگدا بوو دەیفەرموو: انا لله وانا الیه راجعون.. دەفەموێ: عەبدوڵلای کوڕی کەوت بە ملیاو گوتی: باوکە گیان! ئەوە بۆچی انا لله دەکەی؟ بۆ ئێمە دەترسێنی؟ هیچت بینیوە؟ حەسەن فەرمووی: کوڕم! من انا لله بۆ نەفسی خۆم دەکەم؛ من هەرگیز تووشی هیچ بەلایەک نەبوم هێندەی نەفسم گەورە بێت.

١٦٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ بَعْضِ الْبَصْرِيِّينَ، عَنِ الْحَسَنِ، أَنَّهُمْ مَشَوْا خَلْفَهُ فَالْتَفَتَ إِلَيْهِمْ فَقَالَ: «رَحِمَكُمُ اللهُ، مَا يَنْبَغِي هَذَا مِنْ مُؤْمِنٍ ضَعِيفٍ».

واتە: سوفیان لە هەندێک لە بەصرییەکانەوە ئەوانیش لە حەسەنەوە دەگێڕنەوە کە لە دوای حەسەنەوە ڕێیان دەکرد؛ حەسەن لای کردەوە بەلایاناو فەرمووی: خوا ڕەحمتان پێ بکات! ئەمە لە باوەڕدارێکی لاوازەوە ماقوڵ نییە!

١٦٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «وَالله، لَقَدْ أَدْرَكْتُ أَقْوَامًا وَصَحِبْتُ طَوَائِفَ مِنْهُمْ مَا كَانُوا يَفْرَحُونَ بِشَيْءٍ مِنَ الدُّنْيَا أَقْبَلَ وَلَا يَتَأَسَّفُونَ عَلَى شَيْءٍ مِنْهَا أَدْبَرَ، وَلَهِيَ كَانَتْ أَهْوَنَ فِي أَعْيُنِهِمْ مِنْ هَذَا التُّرَابِ، كَانَ أَحَدُهُمْ يَعِيشُ خَمْسِينَ سَنَةً لَمْ يُطْوَ لَه ثَوْبٌ قَطُّ، وَلَا نُصِبَ لَه قِدْرٌ، وَلَا جَعَلَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْأَرْضِ شَيْئًا وَلَا أَمَرَ فِي بَيْتِهِ بِصَنْعَةِ طَعَامٍ قَطُّ، فَإِذَا كَانَ اللَّيْلُ فَقِيَامٌ عَلَى أَطْرَافِهِمْ يَفْتَرِشُونَ وُجُوهَهُمْ تَجْرِي دُمُوعُهُمْ عَلَى خُدُودِهِمْ يُنَاجُونَ رَبَّهُمْ فِي فِكَاكِ رِقَابِهِمْ كَانُوا إِذَا عَمِلُوا الْحَسَنَةَ دَأَبُوا فِي شُكْرِهَا وَسَأَلُوا الله أَنْ يَقْبَلَها، وَإِذَا عَمِلُوا السَّيِّئَةَ أَحْزَنَتْهُمْ وَسَأَلُوا الله أَنْ يَغْفِرَهَا فَمَا زَالُوا كَذَلِكَ عَلَى ذَلِكَ فَوَالله مَا سَلِمُوا مِنَ الذُّنُوبِ وَلَا نَجَوْا إِلَّا بِالْمَغْفِرَةِ وَإِنَّكُمْ أَصْبَحْتُمْ فِي أَجَلٍ مَنْقُوصٍ، وَالْعَمَلُ مَحْفُوظٌ وَالْمَوْتُ وَالله فِي رِقَابِكُمْ وَالنَّارُ بَيْنَ أَيْدِيكُمْ فَتَوَقَّعُوا قَضَاءَ الله عَزَّ وَجَلَّ فِي كُلِّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ».

واتە: ڕەوح لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەخوا من کۆمەڵێکم بینیوە و هاوڕێیەتیم کردوون (مەبەستی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)) ئەوانە بە هیچ دەسکەوتێکی دونیایی دڵخۆش نەدەبوون؛ خەمیان بۆ لەدەستدانی هیچ شتێکی دونیایی نەدەخوارد؛ دونیا بەلایانەوە لەم تۆزە گڵە بێنرختر بوو؛ ئی وایان هەبوو پەنجا ساڵ تەمەنی بوو دەستە پۆشاکێکی دەق کراوی لە ماڵا نەبوو (واتە: تەنیا یەک دەست پۆشاکی هەبووە و ئەویشی لەبەرا بووە) هەرگیز قابلەمەو تیانچەیان نەخراوەتە سەر ئاگر؛ هیچ نەکەوتووەتە تێوان ئەوان و زەوی (واتە: ڕایەخ و دۆشەکیان نەبووە) هەرگیز فرمانیان نەکردووە لەماڵا خواردنێکیان بۆ ئامادە بکەن؛ کاتی شەوانە خەریکی شەونوێژ بوون؛ ئەگەر ڕاکشابان بەسەر لاتەنیشتی خۆیانا ڕادەکشان؛ فرمێسک بە دەموچاویانا دەهاتە خوارەوە؛ ئەوانە موناجاتیان لە خزمەت خوای گەورەدا دەکرد تا ئازادیان بکات؛ هەر کاتێ چاکەیەکیان کردبا سوپاسی خوایان لەسەر دەکردو داوایان لەخوا دەکرد ئەو چاکەیان لێ وەربگرێ؛ هەر کاتێکیش خراپەیەکیان کردبا خەمبار دەبوون و داوایان لەخوا دەکرد لێیان خۆشبێ؛ ئەوانە بەردەوام وابوون؛ بەخوا هەرگیز خۆیان ڕادەستی تاوان نەدەکرد؛ موناجاتیان هەر داوای لێخۆشبوون بوو لە خوای گەورە؛ ئێستا ئێوە بەیانیتان کردووەتەوە لەنێو ئەجەلێکی کورتا؛ کارەکانتان پارێزراوە و نووسراوە؛ مردن لە لای بناگوێتانە؛ ئاگر لە بەردەمتانە؛ دەی ئێوە هەموو شەوو ڕۆژێک چاوەڕوانی قەزا و قەدەری خوای گەورە بن.

١٦٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، حَدَّثَنَا حَمْزَةُ الزَّيَّاتُ، عَنْ مَنْصُور السُّلَمِيِّ، قَالَ عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «اقْرَأ الْقُرْآنَ مَا نَهَاكَ فَإِذَا لَمْ يَنْهَكَ فَلَسْتَ تَقْرَؤُه، رُبَّ حَامِلِ فِقْهٍ غَيْرُ فَقِيهٍ وَمَنْ لَمْ يَنْفَعْهُ عِلْمُهُ ضَرَّهُ جَهْلُه».

واتە: حەججاج لە حەمزەی زەییاتەوە ئەویش لە مەنصوری سولەمییەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەتا کار بە فرمانەکانی قورئان بکەیت و خۆت لەو شتانە بپارێزی کە قورئان نەهیی لێکردووە؛ ئەوا قورئان بخوێنە، هەر کاتێ خۆت لەو شتانە نەپاراست کە قورئان نەهیی لێکردووە؛ ئەوە تۆ قورئانخوێن نیت، زۆر کەس هەیە کۆگای زانستەو خۆی زانا نییە، هەر کەسێ سود لە زانستەکەی وەرنەگرێ نەزانینەکەی زیانی زۆری لێ دەدات.

١٦٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ الْجَرَوِيُّ قَالَ: كَتَبَ إِلَيْنَا ضَمْرَةُ، عَنْ رَجَاءِ بْنِ أَبِي سَلَمَةَ، عَنِ ابْنِ عَوْنٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «مَنْ كَذَّبَ بِالْقَدَرِ فَقَدْ كَفَرَ».

واتە: حەسەنی کوڕی عەبدولعەزیزی جەرەوی فەرموویەتی: زەمرە بۆی نووسین لە ڕەجای کوڕی باوکی سەلەمەوە ئەویش لە کوڕی عەونەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ باوەڕی بە قەدەر نەبێت ئەوە کافرە.

١٦٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «قَدْ كَانَ الرَّجُلُ يَطْلُبُ الْعِلْمَ فَلَمْ يَلْبَثْ أَنْ يَرَى ذَلِكَ فِي تَخَشُّعِهِ وَهَدْيِهِ وَلِسَانِهِ وَبَصَرِهِ وَبِرِّهِ».

واتە: ڕەوح لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: جاران هەر کەسێ بە دوای زانستا بگەڕایە زۆری پێ نەدەچو زانستەکەی لە خاکەڕایی ئەو کەسە، لە چاویا، لە زمانیا، لە دەستیا، لە نوێژەکانیا، لە قسەکانیا، لە خۆپارێزییا ڕەنگی دەدایەوە.

١٦٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الله، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ رَجُلٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: " إِنَّ الْمُؤْمِنَ أَحْسَنَ الظَّنَّ فَأَحْسَنَ الْعَمَلَ، وَإِنَّ الْمُنَافِقَ أَسَاءَ الظَّنَّ فَأَسَاءَ الْعَمَلَ، وَقَالَ: مَا بَسَطَ الله الدُّنْيَا لِأَحَدٍ إِلَّا اغْتَرَّ وَلَا زُوِيَتْ عَنْهُ إِلَّا نَظَرَ ".

واتە: سوفیان لە پیاوێکەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: بەڕاستی مرۆڤی باوەڕدار گومانی جوانە؛ کار و کردەوەی جوانە.. بەڕاستی مرۆڤی دووڕووو موناففقیش گومانی ناشیرینە؛ کار و کردەوەشی ناشیرینە.. فەرمویشی: خوای گەورە دونیای بۆ هەر کەسێ فراوان کردبێ ئەوە ئەوکەسە فریوی خواردووە؛ لە هەر کەسێکیشی گرتبێتەوە ئەوە بیری لێ کردووەتەوە.

١٦٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا أَبو الْأَشْهَب، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: " ابْنَ آدَمَ تُبْصِرُ الْقَذَى فِي عَيْنِ أَخِيكَ وَتَدَعُ الْجِذْلَ مُعْتَرِضًا فِي عَيْنِكَ، وَقَالَ: إِنَّ لِلْخَيْرِ أَهْلًا وَلِلشَّرِّ أَهْلًا، مَنْ تَرَكَ شَيْئًا كُفِيَهُ قَالَ: أَحَبُّ الْعِبَادِ إِلَى الله الَّذِينَ يُحَبِّبُونَ الله إِلَى عِبَادِهِ وَيَعْمَلُونَ فِي الْأَرْضِ نُصْحًا وَقَالَ: يُحْشَرُ الْأُمَرَاءُ وَالْأَغْنِيَاءُ فَيَقُولُ لهم: إِنَّكُمْ كُنْتُمْ حُكَّامَ الْمُسْلِمِينَ وَأَهْلَ الْغِنَى قَبْلَكُمْ طَلِبَتِي ".

واته: عەبدولصەمەد لە باوکی ئەشهەبەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەی نەوی ئادەم! پوش لە چاوی خەڵکدا دەبینیت و دار بە ڕەگ و ڕیشەوە لە چاوتا کەوتووە نایبینی؟! دیسان دەیفەرموو: چاکە کەسی خۆی هەیە و خراپەش کەسی خۆی هەیە؛ هەر کەسێ واز لە شتێک بێنێ پێویستی بەو شتە نامێنێ.. دیسان دەیفەرموو: خۆشەویسترین بەندە لە لای خوای گەورە ئەو کەسانەن کە خوای گەورە بە لای بەندەکانییەوە خۆشەویست دەکەن و لە سەرزەویدا ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن.. هەروەها دەیفەرموو: کاربەدەستان و دەوڵەمەندەکان حەشر دەکرێن و پێیان دەڵێن: ئێوە کاربەدەست و دەوڵەمەندانی ناو باوەڕداران بوون

١٦٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا أَبو الْأَشْهَب، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: وَلَا أَعْلَمُهُ إِلَّا رَفَعَهُ قَالَ: «إِذَا أَرَادَ الله بِعَبْدٍ خَيْرًا جَعَلَ غِنَاهُ فِي قَلْبِهِ وَكَفَّ عَلَيْهِ ضَيْعَتَهُ وَإِذَا أَرَادَ الله بِعَبْدٍ شَرًّا جَعَلَ فَقْرَهُ بَيْنَ عَيْنَيْهِ وَأَفْشَى عَلَيْهِ ضَيْعَتَهُ».

واته: عەبدولصەمەد لە باوکی ئەشهەبەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە و باوکی ئەشهەب فەرمووی: وابزانم حەسەن فەرموودەکەی بەرز کردەوە و بە فەرموودەی پێغەمبەری (ﷺ) گێڕایەوە و فەرمووی: هەر کاتێ خوای گەورە ویستی خێرو چاکەی لەگەڵ بەندەیەکی خۆیا هەبێ ئەوا دڵی دەوڵەمەند دەکات و کاروبارەکانی ڕێک دەبن و بەشی دەکات؛ ئەگەریش خوای گەورە ویستی سزای کەسێک بدات ئەوا هەژاری دەخاتە ناوچەوانییەوە و کاروبارەکانی لێ پرژو بڵاو دەکات (واتە: وەک کورد دەڵێ: سەری دەبێ بە ئاش و کارەکانی ڕێک نابن).

١٦٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَكَمُ بْنُ مُوسَى، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنِ ابْنِ شَوْذَبٍ قَالَ: اجْتَمَعَ الْحَسَنُ وَمُعَاوِيَةُ بْنُ قُرَّةَ وَأَشْبَاهُهُمَا وَتَذَاكَرُوا: أَيُّ الْأَعْمَالِ أَفْضَلُ؟ قَالَ مُعَاوِيَةُ: فَاجْتَمَعْتُ - عَلَى خِلَافِهِمْ فَقَالَ الْحَسَنُ: مَا عُمِلَ عَمَلٌ بَعْدَ الْجِهَادِ فِي سَبِيلِ الله أَفْضَلُ مِنْ نَاشِئَةِ اللَّيْلِ فَقَالَ مُعَاوِيَةُ: الْوَرَعُ، فَغَضِبَ الْحَسَنُ ثُمَّ قَالَ: «إِنَّهُ لَا يَكُونُ ذَلِكَ إِلَّا فِي الْوَرَعِ».

واتە: حەکەمی کوڕی مووسا لە زەمرەوە ئەویش لە کوڕی شەوزەبەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: حەسەن و موعاویەی کوڕی قوڕڕەو هاوێنەکانی ئەوان کۆبوونەوە و باسی ئەوەیان دەکرد کە چ کار و کردەوەیەک زۆر خێردارەو لە هەمووان باشترە؟ موعاویە فەرمووی: منیش گەیشتم بەو قسەو باسەی ئەوانا؛ حەسەن فەرمووی: لە دوای جیهاد کردن لە پێناوی خوای گەورە هیچ کارێک نەکراوە هێندەی شەونوێژو هەستانەوەی شەو خێردار بێت.. موعاویە گوتی: خۆپارێزی! حەسەن تووڕە بوو فەرمووی: شەو هەستانەوە لە خۆپارێزیدا نەبێ ناکرێ.

١٦٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا أَبُو الْأَشْهَبِ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: " بَيْنَمَا قَوْمٌ يَذْكُرُونَ الله عَزَّ وَجَلَّ إِذْ أَتَاهُمْ رَجُلٌ فَجَلَسَ إِلَيْهِمْ فَنَزَلَتِ الرَّحْمَةُ ثُمَّ ارْتَفَعَتْ فَقَالُوا: يَا رَبُّ، فِيهِمْ عَبْدُكَ فُلَانٌ فَقَالَ: غَشُّوهُمْ رَحْمَتِي، هُمُ الْقَوْمُ لَا يَشْقَى بِهِمْ جَلِيسُهُمْ ".

واتە: عەبدولصەمەد لە باوکی ئەشهەبەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرمووی: جارێک کۆمەڵێک یاد و زیکری خوای گەورەیان دەکرد؛ لەو کاتەدا پیاوێکیتر هات بۆ لای ئەو کۆمەڵەو لای ئەوانا دانیشت؛ جا سۆزو بەزەیی خوای گەورە و فریشتەکانی خوا داباری بەسەریانا؛ دوایی فریشتەکان بەرز بوونەوە و بە خوای گەورەیان گوت: خوایە! فلانە کەس لەناو ئەو کۆمەڵەدایە! خوای گەورە فەرمووی: با سۆزو میهرەبانیم ئەویش دابگرێتەوە! ئەوانە کۆمەڵێکن کە هەر کەسێ لەلایانا دانیشێت تووشی زیان و زەرەر نابێت.

١٦٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا أَبُو الْأَشْهَبِ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «كُنَّا فِي قَوْمٍ يَخْزُنُونَ أَلْسِنَتَهُمْ وَيَنْشُرُونَ أَوْرَاقَهُمْ ثُمَّ بَقِينَا فِي قَوْمٍ يَخْزُنُونَ أَوْرَاقَهُمْ وَيَبْذُلُونَ أَلْسِنَتَهُمْ».

واتە: عەبدولصەمەد لە باوکی ئەشهەبەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئێمە لەناو کۆمەڵێکا بوین کە زمانی خۆیان دیل دەکردو پارەو پولیان دابەش دەکرد!! ئێستا کەوتوینەتە سەردەمێکەوە کە خەڵکی پارەو پولیان دەشارنەوە و زمانیان بەرەڵڵا کردووە!

١٦٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا أَبو الْأَشْهَب، عَن الْحَسَن، في قَوْله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ وَٱسْتَغْنَىٰ ﴿٨﴾ ﴾ الليل: ٨ قَالَ: «بَخلَ بمَا لَمْ يَبْقَ وَاسْتَغْنَى بغَيْر غنًى».

واتە: عەبدولصەمەد لە باوکی ئەشهەبەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿ وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ وَٱسْتَغْنَىٰ ﴿٨﴾ ﴾ فەرموویەتی: سەبارەت بەوەی کە نامێنێتەوە ڕژدە؛ بەبێ ئەوەی دەوڵەمەندیش بێ خۆی بە دەوڵەمەند دەزانێ.

١٦٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا أَبو الْأَشْهَب، عَن الْحَسَن: ﴿ كَانَ لِلْأَوَّٰبِينَ غَفُورًا ﴿٢٥﴾ ﴾ الإسراء: ٢٥ قَالَ: " الْأَوَّابُ إلَى الله بقَلْبه وَعَمَله وَفي هَذه الْآيَة: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤْتُونَ مَآ ءَاتَوا۟ وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ ﴾ المؤمنون: ٦٠ قَالَ: كَانُوا يَعْمَلُونَ مَا عَملُوا منْ أَعْمَال الْبرِّ وَهُمْ يَخَافُونَ أَنْ لَا يُنْجيَهُمْ ذَلكَ منْ عَذَاب الله قَالَ: وَفي هَذه الْآيَة: ﴿ وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلْجَٰهِلُونَ قَالُوا۟ سَلَٰمًا ﴿٦٣﴾ ﴾ الفرقان: ٦٣ قَالَ حُلَمَاءُ وَإِنْ جُهلَ عَلَيْهِمْ لَمْ يَجْهَلُوا، هَذَا نَهَارُهُمْ إذَا انْتَشَرُوا به في النَّاس: ﴿ وَٱلَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَٰمًا ﴿٦٤﴾ ﴾ الفرقان: ٦٤ هَذَا لَيْلُهمْ إذَا خَلَوْا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ رَبِّهِمْ تَبَارَكَ وَتَعَالَى وَفي هَذه الْآيَة: ﴿ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا ﴿٦٥﴾ ﴾ الفرقان: ٦٥ قَالَ: عَلمُوا أَنَّ كُلَّ غَريم مُفَارقٌ غَريمَهُ إلَّا غَريمَ جَهَنَّمَ ".

واتە: عەبدولصەمەد لە باوکی ئەشهەبەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە کە لە تەفسیری ئایەتی ﴿ كَانَ لِلْأَوَّٰبِينَ غَفُورًا ﴿٢٥﴾ ﴾ فەرموویەتی: الأواب ئەوەیە کە بە دڵ و بە کار و کردەوە بۆ لای خوای گەورە گەڕاوەتەوە.. لە تەفسیری ئەم ئایەتەش ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤْتُونَ مَآ ءَاتَوا۟ وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ ﴾ فەرموویەتی: ئەوانە کار و کردەوەی چاکیان دەکردو لەگەڵ ئەوەشا دەترسان کە لە سزای خوای گەورە ڕزگاریان نەبێت.. لە تەفسیری ئەم ئایەتەش: ﴿ وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلْجَٰهِلُونَ قَالُوا۟ سَلَٰمًا ﴿٦٣﴾ ﴾ دەیفەرموو: ئەوانە کەسانی بەحەوسەڵەن ئەگەر بە ڕەفتاری نەفامانەش ڕووبەڕوویان ببنەوە ئەوان ڕەفتاری نەفامانە ناکەن؛ ئەمە کاتێ کە ڕۆژەو لەناو خەڵکان؛ بە شەویشا ﴿ وَٱلَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَٰمًا ﴿٦٤﴾ ﴾ ئەمەش بریتیە لە شەوەکانیان کاتێ کە تەنیان و هیچ کەس لە نێوان ئەوان و خوای ئەوانا نییە؛ هەروەها ئەم ئایەتە کە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا ﴿٦٥﴾ ﴾ فەرمووی: دەزانن کە مرۆڤ هەموو شتێکی لەکۆڵ دەبێتەوە جگە لە سزای دۆزەخ؛ ئەوە زۆر سەختەو لە کۆڵ نابێتەوە.

١٦٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا أَبو الْأَشْهَب، عَن الْحَسَن قَالَ: «الصَّلَاةُ خَيْرُ مَوْضُوع مَنْ شَاءَ اسْتَقَلَّ وَمَنْ شَاءَ اسْتَكْثَرَ».

واته: عەبدولصەمەد لە باوکی ئەشهەبەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: نوێژ باشترین شتە کە بۆ مرۆڤ دیاری کرابێ؛ جا هەر کەسێ دەیەوێ کەم بکات با کەم بکات و هەر کەسێ دەیەوێ نوێژی زۆر بکات با زۆر بکات.

١٦٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو الْأَشْهَبِ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ، يَدْعُو بِهَذَا الدُّعَاءِ: «اللهمَّ آتِ نَفْسِي تَقْوَاهَا وَزَكِّهَا أَنْتَ خَيْرُ مَنْ زَكَّاهَا أَنْتَ وَلِيُّهَا وَمَوْلَاهَا».

واته: باوکی ئەشهەب دەفەرموێت: گوێم لە حەسەن بوو بەمجۆرە لە خوای گەورە دەپاڕایەوە و دەیفەرموو: خوایە! خۆت تەقوا بخەیتە ناودڵمەوە و پاك و پاڵفتەی بکە؛ تۆ باشترین کەسێکی نەفس پاك و پاڵفتە بکەیت؛ تۆ خۆت خاوەنی نەفسی منی و گەورەی منی.

وَقَالَ الْأَشْهَبُ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: " كَانُوا يَقُولُونَ: أَفْضَلُ أَخْلَاقِ الْمُؤْمِنِينَ الْعَفْوُ ".

واته: ئەشهەب دەفەرموێت: حەسەن دەیفەرموو: جاران دەیانگوت: باشترین ئاکاری مرۆڤی باوەڕدار لێبوردەییە.

١٦٥٧ - وَحَدَّثَنَا أَبُو الْأَشْهَبِ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «يَا ابْنَ آدَمَ، كَيْفَ تَتَكَبَّرُ وَأَنْتَ خَرَجْتَ مِنْ سَبِيلِ الْبَوْلِ مَرَّتَيْنِ.

واته: باوکی ئەشهەب لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئەی نەوەی ئادەم! تۆ چۆن خۆت بە گەورە دەزانی لە کاتێکا دووجار لە ڕێڕەوی میزەوە هاتوویە دونیا.

١٦٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله حَدَّثَنَا بِهَذِهِ الْأَحَادِيثَ أَبِي، عَنْ عَبْدِ الصَّمَدِ، عَنْ أَبِي الْأَشْهَبِ.

واته: عەبدوڵلا بەم ڕشتەو سەنەدەوە ئەم ئەسەرانەی لە باوکییەوە ئەویش لە عەبدلصەمەدەوە ئەویش لە باوکی ئەشهەبەوە گێڕایەوە.

١٦٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْقُدُّوسِ بْنُ ثَوْرٍ، حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرِ بْنُ الْفُضَيْلِ بْنِ الْمُؤْتَمَنِ، حَدَّثَنَا عُقْبَةُ بْنُ خَالِدٍ الْعَبْدِيُّ قَالَ: قَالَ الْحَسَنُ: «إِنَّ الْقُلُوبَ تَمُوتُ وَتَحْيَا فَإِذَا هِيَ مَاتَتْ فَاحْمِلُوهَا عَلَى الْفَرَائِضِ فَإِذَا حَيِيَتْ فَأَدِّبُوهَا فِي التَّطَوُّعِ».

واته: عوقبەی کوڕی خالیدی عەبدی دەفەرموێت: حەسەن فەرموویەتی: بەڕاستی دڵ

دەمرێ و دەژی؛ جا ئەگەر دڵ مرد ئەوا فەرزەکان جێبەجێ بکەن بۆ ئەوەی زیندوو بێتەوە؛ ئەگەر زیندوش بویەوە بە سوننەتەکان پەروەردەی بکەن.

١٦٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ بَكْر يَعْني الْمُزَنيّ عَن الْحَسَن قَالَ: «إنَّ هَذَا الْحَقَّ جَهَدَ النَّاسَ وَحَالَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ شَهَوَاتهِمْ وَإنَّمَا صَبَرَ عَلَى هَذَا الْحَقِّ مَنْ عَرَفَ فَضْله وَرَجَا عَاقِبَتَهُ، إنَّ منَ النَّاس نَاسًا قَرَءُوا الْقُرْآنَ لَا يَعْمَلُونَ سَيِّئَةً وَإنَّمَا أَحَقُّ النَّاس بهَذَا الْقُرْآن مَن اتَّبَعَهُ بعَمَله وَإنْ كَانَ لَا يَقْرَؤُهُ، إنَّكَ لَتَعْرفُ النَّاسَ مَا كَانُوا في عَافيَة فَإذَا نَزَلَ بَلَاءٌ صَارَ النَّاسُ إلَى حَقَائقهمْ صَارَ الْمُؤْمنُ إلَى إيمَانه وَالْمُنَافقُ إلَى نفَاقه».

واتە: عەبدولصەمەد لە عەبدوڵلای کوڕی بەکرەوە واتە: بەکری موزەنی؛ ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: بەڕاستی ئەم هەقە خەڵکی خستووەتە تەنگانەوە؛ بووەتە لەمپەر لە نێوان خەڵك و حەزو ئارەزووەکانیان؛ جا هەر کەسێ ئەم هەقە بناسێت و هیوای بە دواڕۆژی هەق بێ؛ ئەوە سەبرو ئارامی دەگرێت.. بەڕاستی لەناو خەڵکدا خەڵکی وا هەیە قورئان دەخوێنن و هیچ تاوانێک ناکەن؛ شیاوترین خەڵك بەم قورئانە ئەوانەن کە بە کار و کردەوە شوێن قورئان دەکەون هەرچەند نەیشیخوێننەوە؛ تۆ خەڵکی وا دەناسی لە سەلامەتیدا نین؛ جا کاتێ بەڵا و موسیبەتێک خەڵکی گرتەوە ئیتر حەقیقەت و ڕاستیی هەموان دەردەکەوێ؛ مرۆڤی باوەڕدار بە لای باوەڕەکەیاو مرۆڤی دووڕووش بە لای دووڕوویەکەیا دەڕوات.

١٦٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عُثْمَانُ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ الْيَمَان، عَنْ شَبيب بْن شَيْبَةَ قَالَ: " أَهْدَى رَجُلٌ للْحَسَن تسْعَ سلَال سُكَّر وَبَدْرَةً فيهَا عَشَرَةُ آلَاف درْهَم فَرَدَّ الْعَشَرَةَ آلَاف وَقَالَ: لَا نُطيقُ مُكَافَأَةَ هَذَا وَقَبلَ التِّسْعَ سلَالَ سُكَّر ".

واتە: عوسمانی کوڕی باوکی شەیبە لە یەحیای یەمانەوە ئەویش لە شەبیبی کوڕی شەیبەوە گێڕایەوە فەرمووی: پیاوێک نۆ سەبەتە شەکرو تورەکەیەکی گەورە کە دەهەزار دیرهەمی تیابوو؛ بە دیاریی ناردی بۆ حەسەن؛ حەسەن دەهەزار دیرهەمەکەی بۆ ناردەوە و فەرمووی: ئێمە ناتوانین پاداشتی ئەمەت بدەینەوە؛ بەڵام نۆ سەبەتە شەکرەکەی وەرگرت.

١٦٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا عَبَّادُ بْنُ رَاشد قَالَ: سَمعْتُ الْحَسَنَ، قَرَأَ: ﴿ وَكُلَّ إِنسَٰنٍ أَلْزَمْنَٰهُ طَٰٓئِرَهُۥ فِى عُنُقِهِۦ ﴾ الإسراء: ١٣ «لَقَدْ عَدَلَ عَلَيْكَ مَنْ جَعَلَكَ حَسيبَ نَفْسكَ».

واتە: عەبدولصەمەد لە عەبیادی کوڕی ڕاشیدەوە فەرموویەتی: گوێم لە حەسەن بوو لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا کە خوای گەورە دەفەرموێت: (مانای ئایەتەکە) نامەی کردەوەی هەر کەسێکیشمان هەڵواسیووە بە گەردنیدا: دەیفەرموو: بەڕاستی خوای گەورە دادگەریی لەگەڵدا کردوی کە خۆتی کردووە بە لێکۆڵەری خۆت!

١٦٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو سَعِيدٍ حَمَّادُ بْنُ مَسْعَدَةَ، عَنِ ابْنِ عَوْنٍ، قَالَ سَعِيدُ بْنُ أَبِي الْحَسَنِ يَتَكَلَّمُ كَذَا يَدْعُو فَكَانَ فِي آخِرِ دُعَائِهِ يَقُولُ: «اللهمَّ اجْعَلْ لَنَا فِي الْمَوْتِ رَاحَةً وَرَوْحًا وَمُعَافَاةً».

واتە: باوکی سەعید واتە: حەممادی کوڕی مەسعەدە لە کوڕی عەونەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: سەعیدی کوڕی باوکی حەسەن ئاوا دەپاڕایەوە و لە کۆتایی پاڕانەوەکانیا دەیفەرموو: خوایە! مردن بکە ئاسودەیی بۆمان و بیکە بە خۆشی و سەلامەتی بۆمان.

١٦٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُعْتَمِرُ بْنُ سُلَيْمَانَ التَّيْمِيُّ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ رَجُلٍ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ أَبِي الْحَسَنِ قَالَ: «الْبَحْرُ طَبَقُ جَهَنَّمَ».

واتە: موعتەمیری کوڕی سولەیمانی تەیمی لە باوکییەوە ئەویش لە پیاوێکەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی باوکی حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: دەریا چینێکە لە دۆزەخ (واتە: لە دۆزەخا دارو بەردو ئاسن دەتوێتەوە و وەکوو ئاوی دەریا شەپۆل دەدات. خوداش زاناترە).

١٦٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، قَالَ وَجَدتُ فِي كِتَابِ أَبِي رَحِمَهُ اللهُ، حَدَّثَنَا أَبُو عُبَيْدٍ الْحَدَّادُ عَبْدُ الْوَاحِدِ بْنُ وَاصِلٍ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنِ الْحَسَنِ فِي هَذِهِ الْآيَةِ: ﴿لَّٰبِثِينَ فِيهَآ أَحۡقَابٗا ٢٣﴾ النبأ: ٢٣ قَالَ: أَمَّا الْأَحْقَابُ فَلَيْسَ لَهَا عِدَّةٌ إِلَّا الْخُلُودَ فِي النَّارِ وَلَكِنْ قَدْ ذَكَرُوا أَنَّ الْحُقْبَ الْوَاحِدَ سَبْعُونَ أَلْفَ سَنَةٍ فِي كُلِّ يَوْمٍ مِنْ ذَلِكَ السَّبْعِينَ أَلْفُ سَنَةٍ مِمَّا تَعُدُّونَ ".

واتە: باوکی عوبەیدی حەدداد واتە: عەبدولواحیدی کوڕی واصل لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە لە تەفسیری ئایەتی ﴿لَّٰبِثِينَ فِيهَآ أَحۡقَابٗا ٢٣﴾ النبأ: ٢٣ فەرموویەتی: سەبارەت بە (أحقاب) ئەوە کەس نازانێ چەندە؛ بەڵام دیارە مانەوەی هەتاهەتاییە لە دۆزەخا؛ بەڵام (أحقاب کۆی وشەی حقب ـە) یەک (حقب) بریتیە لە حەفتا هەزار ساڵ، هەر ڕۆژێکی ئەو حەفتا هەزار ساڵە هێندەی هەزار ساڵی دونیایە.

١٦٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الحَسَنُ بنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ الْجَرَوِيُّ، عَنْ ضَمْرَةَ، عَنِ ابْنِ شَوْذَبٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: " ثَلَاثَةٌ لَا غِيبَةَ لهمْ: الْإِمَامُ الْخَائِنُ، وَصَاحِبُ الهوَى الَّذِي يَدْعُو إِلَى هَوَاهُ، وَالْفَاسِقُ الْمُعْلِنُ فِسْقَهُ ".

واتە: حەسەنی کوڕی عەبدلعەزیزی جەرەوی لە زەمرەوە ئەویش لە کوڕی شەوزەبەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: لە پاشملە باسکردنی سێ کەس ڕەوایەو تاوان نیـیە، پێشـەوای خیانەتکـار، ئەو کەسـەی کە بیـدعەچییەو واز لە بیـدعەکەی ناهێنێـت و بانگەشەیشی بۆ دەکات؛ ئەو تاوانبارەی کە بە ئاشکرا تاوان دەکات.

١٦٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ بْنِ أَبِي سَلَمَةَ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «طَلَبْنَا هَذَا الْأَمْرَ وَنَظَرْنَا فَلَمْ نَجِدْ أَحَدًا عَمِلَ عَمَلًا بِغَيْرِ عِلْمٍ إِلَّا كَانَ مَا يُفْسِدُ أَكْثَرَ مِمَّا يُصْلِحُ».

واتە: حەسەنی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی باوکی سەلەمە لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەو دوای ئەم زانستەدا گەڕاین و بۆمان دەرکەوت کە هەر کەسێ بە بێ زانست و بەرچاوڕوونی کارێک بکات؛ ئەوە خراپەی لە چاکە زۆرترە.

١٦٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ زَيْد، حَدَّثَنَا الزُّبَيْرُ الْحَنْظَلِيُّ قَالَ: قُلْتُ لِلْحَسَنِ: صَلَّيْتَ يَا أَبَا سَعِيد؟ قَالَ: لَا، قُلْتُ: إِنَّ أَهْلَ السُّوقِ قَدْ صَلَّوْا قَالَ: «إِنَّ أَهْلَ السُّوقِ لَا خَيْرَ فِيهِمْ بَلَغَنِي أَنَّ أَحَدَهُمْ يَمْنَعُ أَخَاهُ الدِّرْهَمَ».

واتە: عەلیی کوڕی موسلیم لە سەییارەوە ئەویش لە حەمادی کوڕی زەیدەوە ئەویش لە زوبەیری حەنزەلیەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: بە حەسەنم گوت: باوکی سەعید ئەوە نوێژت کردووە؟ فەرمووی: نەخێر هێشتا نەمکردووە.. گوتم: دەی خۆ بازاڕییەکان نوێژیان کردووە! فەرمووی: بازاڕییەکان خێرو چاکەیان تێدا نییە؛ بیستوومە پارە لە براکانیان قەدەغە دەکەن! (واتە: لەبەر ئەوەی ناهەقی دەکەن و پارە لە یەکتر دەشارنەوە و قەدەغەی دەکەن؛ نوێژەکەیان بێسودە؛ چونکە نوێژی ڕاستەقینە ئەوەیە کە مرۆڤ لە خراپەکاری بگێڕێتەوە).

١٦٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، وَعَلِيُّ بْنُ مُسْلِمٍ، قَالَا: حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا عَبَّادُ بْنُ عُمَرَ الْعَبْدِيُّ قَالَ: قُلْتُ لِلْحَسَنِ: يَا أَبَا سَعِيدٍ، مَا الْحُورُ الْعِينُ قَالَ: هِيَ عَجَائِزُ هَؤُلَاءِ يُنْشِئُهُنَّ اللهُ خَلْقًا آخَرَ قَالَ: فَقَالَ يَزِيدُ بْنُ مَرْيَمَ السَّلُولِيُّ: يَا أَبَا سَعِيدٍ، مَنْ حَدَّثَكَ هَذَا؟ قَالَ: فَحَسَرَ الْحَسَنُ عَنْ كُمِّ قَمِيصِهِ فَقَالَ: حَدَّثَنِي فُلَانُ بْنُ فُلَانٍ الْمُهَاجِرِيُّ وَفُلَانُ بْنُ فُلَانٍ الْأَنْصَارِيُّ حَتَّى عَدَّ خَمْسَةً مِنَ الْأَنْصَارِ وَأَرْبَعَةً مِنَ الْمُهَاجِرِينَ أَوْ أَرْبَعَةً مِنَ الْأَنْصَارِ وَخَمْسَةً مِنَ الْمُهَاجِرِينَ ".

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە ئەویش لە عەببادی کوڕی عومەری عەبدیەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بە حەسەنم گوت: ئەرێ باوکی سەعید حۆری چییە؟ فەرمووی: ئا ئەو پیرەژنانەن خوای گەورە بە جۆرێکیتر دروستیان دەکاتەوە.. دەفەرموێت: یەزیدی کوڕی مەریەمی سەلولی گوتی: باوکی سەعید کێ ئەوەی بە تۆ گوتووە؟ دەفەرموێت: حەسەن قۆڵی هەڵماڵی و فەرمووی: فلانە کەسی کوڕی فلانە کەسی کۆچەری و فلانە کەسی کوڕی فلانە کەسی ئەنصاری! جا ناوی پێنج کەسەی ئەنصاری و چواری کۆچەری؛ یان پێنجی کۆچەری و چواری ئەنصاری هێنا.

١٦٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عُمَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ أَبُو الرَّبِيعِ، عَنْ سُوَيْدِ بْنِ إِبْرَاهِيمَ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: إِذَا دَخَلَتِ الرِّشْوَةُ مِنَ الْبَابِ خَرَجَتِ الْأَمَانَةُ مِنَ الْكَوَّةِ ".

واتە: عومەری کوڕی سولەیمانی واتە: باوکی ڕەبیع؛ لە سوەیدی کوڕی ئیبراهیمەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرمووی: ئەگەر بەرتیل لە دەرگا بێتە ژوورەوە؛ فریشتەکان خوا لە کلاوڕۆژنەوە دەچنە دەرەوە (واتە: هەرشوێنێ بەرتیلی تیابێ فریشتەی خوای گەورەی تێدا نامێنێ).

١٦٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ الْغَلَابِيُّ، حَدَّثَنَا أَبُو عَلِيٍّ الْكِلَابِيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَاحِدِ بْنُ زَيْدٍ قَالَ: قُلْتُ لِلْحَسَنِ: يَا أَبَا سَعِيدٍ، أَخْبِرْنِي عَنْ رَجُلٍ، لَمْ يَشْهَدْ فِتْنَةَ ابْنِ الْمُهَلَّبِ إِلَّا أَنَّهُ سَكَتَ بِلِسَانِهِ وَرَضِيَ بِقَلْبِهِ قَالَ: يَا ابْنَ أَخِي كَمْ يَدًا عَقَرَتِ النَّاقَةَ؟ قَالَ: قُلْتُ: يَدٌ وَاحِدَةٌ قَالَ: أَلَيْسَ قَدْ هَلَكَ الْقَوْمُ جَمِيعًا بِرِضَاهُمْ وَتَمَالِيهِمْ ".

واتە: باوکی عەلی کیلابی لە عەبدولواحیدی کوڕی زەیدەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: بە حەسەنم گوت: باوکی سەعیدا! پێم بڵێ ئەگەر پیاوێک دەستی لە ئاژاوەکەی کوڕی موهەللەبا

نەبێ بەڵام بێدەنگ بێت و بە دڵیش ڕازی بێت؛ ئەوە چۆنە؟ فەرمووی: برازا! چەند کەس وشترەکەی پێغەمبەر صاڵحیان (سەلامی خوای لەسەر بێت) سەربڕی؟ منیش گوتم: یەک کەس بوو! فەرمووی: دەی مەگەر بەهۆی ئەوەی کە هەموویان بەو تاوانە ڕازی بوون؛ تیانەچوون؟

١٦٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا الْحَجَّاجُ بْنُ الْأَسْوَدِ، عَنْ مُعَاوِيَةَ بْنِ قُرَّةَ قَالَ: «مَنْ يَدُلُّنِي عَلَى رَجُلٍ بَكَّاءٍ بِاللَّيْلِ بَسَّامٍ بِالنَّهَارِ».

واتە: ڕەوح لە حەججاجی کوڕی ئەسوەدەوە ئەویش لە موعاویەی کوڕی قوڕڕەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کێ پیاوێکم پیشان دەدا کە بەشەوا هەر بگری و بە ڕۆژا زەردەخەنەی لەسەر لێو بێت؟

١٦٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِمِ، حَدَّثَنَا أَبُو سَعِيدٍ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ مِغْوَلٍ، عَنْ مُعَاوِيَةَ بْنِ قُرَّةَ أَنَّهُ جَلَسَ وَرَجُلٌ مِنَ التَّابِعِينَ فَتَذَاكَرَا قَالَ: فَقَالَ أَحَدُهُمَا: إِنِّي لَا أَرْجُو وَأَخَافُ، فَقَالَ الْآخَرُ: «مَنْ رَجَا شَيْئًا طَلَبَهُ وَإِنَّهُ مَنْ خَافَ مِنْ شَيْءٍ هَرَبَ مِنْهُ وَمَا أَحْسَبُ امْرَأً يَرْجُو شَيْئًا لَا يَطْلُبُهُ، مَا أَحْسَبُ امْرَأً يَخَافُ شَيْئًا لَا يَهْرُبُ مِنْهُ».

واتە: هاشمی کوڕی قاسم لە باوکی سەعیدەوە ئەویش لە مالیکی کوڕی میغوەلەوە ئەویش لە موعاویەی کوڕی قوڕڕەوە گێڕایەوە کە موعاویە لەگەڵ پیاوێکی تابعیدا دانیشتبوو پێکەوە قسەیان دەکرد؛ یەکێکیان گوتی: من هەم هیوادارم هەم دەشترسم (واتە: خەوف و ڕەجام هەیە) ئەویتر فەرمووی: هەر کەسێ هیوای بە شتێک هەبێ بۆی تێدەکۆشێت و لە شتێک بترسێ لێی ڕادەکات؛ وانازانم کەسێک هیوای بە شتێک هەبێت و بۆی تێنەکۆشێت؛ وانازنم کەسێکیش لە شتێک بترسێت و لێی ڕانەکات (واتە: بابەتە تەنیا بە زمان نییە؛ بەڵکوو دەبێ مرۆڤ بە کردەوە هەوڵ بدات).

باسی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (خوای لێ ڕازی بێت)

١٦٧٤ - حَدِيثُ الزُّهْرِيِّ عَنْ عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ عَوْنٍ الطَّائِيُّ، حَدَّثَنَا أَبُو الْيَمَانِ، أَنْبَأَنَا شُعَيْبٌ، عَنِ الزُّهْرِيِّ قَالَ: أَخْبَرَنِي عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ، عَنْ أَبِيهِ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سُئِلَ: أَيُّ الدِّينِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: «الْحَنِيفِيَّةُ السَّمْحَةُ».

واتە: موحەممەدی کوڕی عەونی تائی لە باوکی یەمانەوە ئەویش لە شوعەیبەوە ئەویش لە زوهرییەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە باوکییەوە گێڕایەوە کە پرسیار لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرا: چ ئایینێک باشترینە؟ فەرمووی: ئەوەی کە لەسەر ڕێگای ڕاستەو کل نەبووە و لاینەداوە و ئاسانیشە.

١٦٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرِ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ بِشْرٍ، عَنْ عَبْدِ الْعَزِيزِ بْنِ عُمَرَ، حَدَّثَنِي هِلَالٌ، مَوْلَى عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ، عَنْ عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ جَعْفَرٍ، أَنَّ أُمَّهُ أَسْمَاءَ بِنْتَ عُمَيْسٍ قَالَتْ: عَلَّمَنِي رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَلِمَاتٍ أَقُولُهُنَّ عِنْدَ الْكَرْبِ «اللهُ رَبِّي لَا أُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا».

واتە: موحەممەدی کوڕی بیشر لە عەبدولعەزیزی کوڕی عومەرەوە ئەویش لە هیلالەوە ئەویش لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەرەوە گێڕایەوە کە دایکی واتە: ئەسمای کچی عومەیس فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند وشەکی فێرکردم لە ماتی تەنگانەو ناڕەحەتیدا بیانڵێم کە ئەمانەن: زاتی الله پەروەردگاری منەو هیچ کەس و شتێک ناکەم بە هاوبەشی ئەو.

١٦٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ عَمْرٍو، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَكِ، أَخْبَرَنِي الْأَوْزَاعِيُّ قَالَ: قَالَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ: «إِذَا رَأَيْتَ الْقَوْمَ يَتَنَاجَوْنَ فِي دِينِهِمْ دُونَ الْعَامَّةِ فَاعْلَمْ أَنَّهُمْ عَلَى تَأْسِيسِ ضَلَالَةٍ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەمر لە کوڕی موبارەکەوە گێڕایەوە فەرمووی: ئەزاعی پێی گوتم عومەری کوڕی عەبدولعەزیز فەرمووی: هەر کاتێ بینیت کۆمەڵە کەسێک چپەچپیان بوو لە بارەی دینەوە و خەڵکیان لێ ئاگادار نەکردەوە، ئەوە بزانە خەریکی دانانی بناغەی گومڕایین.

١٦٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ حَرْبٍ، حَدَّثَنَا مُبَارَكُ بْنُ فَضَالَةَ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ، عَنْ نَافِعٍ قَالَ: كُنْتُ أَسْمَعُ ابْنَ عُمَرَ كَثِيرًا يَقُولُ: «لَيْتَ شِعْرِي، مَنْ هَذَا الَّذِي مِنْ وَلَدِ عُمَرَ فِي وَجْهِهِ عَلَامَةٌ يَمْلَأُ الْأَرْضَ عَدْلًا».

واتە: موبارەکی کوڕی فوزالە لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ئەویش لە نافیعەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: زۆر جار گوێم لە عومەر بوو دەیفەرموو: خۆزگە بمزانییا کام یەک لە منداڵەکانی عومەر نیشانەیەک بە دەموچاویەتی و سەرزەوی پڕ دەکا لە دادگەری؟!

١٦٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبُو مَعْمَرٍ، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ حَكِيمِ بْنِ كَثِيرٍ قَالَ: قَالَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ: «وَدِدْتُ أَنَّ مَنْزِلِي، بِقَزْوِينَ حَتَّى أَمُوتَ يَعْنِي بِذَلِكَ الرِّبَاطَ».

واتە: باوکی مەعمەر لە جەریرەوە ئەویش لە حەکیمی کوڕی کەسیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز فەرمووی: پێمخۆشبوو ماڵم لە قەزوین بوایەو هەتا مردن لە جیهادا بومایە.

١٦٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا شَيْبَانُ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ رَاشِدٍ، عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ مُوسَى، أَنَّهُ بَلَغَهُ أَنَّ قَوْمًا، مِنَ الْأَعْرَابِ خَاصَمُوا إِلَى عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ قَوْمًا مِنْ بَنِي مَرْوَانَ فِي أَرْضٍ كَانَتْ لِلْأَعْرَابِ أَحْيَوْهَا فَأَخَذَهَا الْوَلِيدُ بْنُ عَبْدِ الْمَلِكِ فَأَعْطَاهَا بَعْضَ أَهْلِهِ فَقَالَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «الْبِلَادُ بِلَادُ اللهِ وَالْعِبَادُ عِبَادُ اللهِ مَنْ أَحْيَا أَرْضًا مَيِّتَةً فَهِيَ لَهُ» فَرَدَّهَا عَلَى الْأَعْرَابِ ".

واتە: شەیبانی کوڕی باوکی شەیبە لە موحەممەدی کوڕی ڕاشیدەوە ئەویش لە سولەیمانی کوڕی مووسا دەگێڕێتەوە کە بیستویەتی کۆمەڵێک عەرەبی دەشتەکی هاتنە خزمەت عومەری کوڕی عەبدولعەزیز سکاڵایان لە بنەماڵەی مەڕوان هەبوو سەبارەت بە زەوییەک کە هی عەرەبە دەشتەکییەکان بوو خۆیان زیندویان کردبویەوە و وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك

دابوی بە هەندێ لە خزمەکانی؛ عومەری کوڕی عەبدولعەزیز فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: هەموو شوێنێک موڵکی خوایە؛ هەموو کەسێکیش بەندەی خوایە؛ هەر کەسێ زەوییەکی مردوو زیندوو بکاتەوە ئەوە ئەو زەوییە دەبێت بە هی خۆی. جا دوایی زەوییەکەی بۆ عەرەبە دەشتەکییەکان گەڕاندەوە[1].

[1] جارێکیترو لە ڕوداوێکیتری هاوچەشنی ئەم ڕووداوە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز پارچە زەوییەکی کە لەلایەن ئامۆزایەکی خۆی داگیر کرابوو؛ بۆ خاوەنەکەی گەڕاندەوە و بە توندی بەگژ ئامۆزاکانی خۆیا هاتەوە؛ فەرمون با بزانین ڕوداوەکە چۆن بووە: کابرایەکی مەسیحی هات بۆ لای عومەری کوڕی عەبدولعەزیزو سکاڵای ئەوەی لاکرد کە عەبباسی کوڕی وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك (واتە: ئامۆزای عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) پارچە زەوییەکی داگیر کردووە!
عومەر فرمانی دەرکرد پارچە زەویەکەی پێ بدەنەوە.. عومەری کوڕی وەلید کە برای عەبباس بوو (ئامۆزای عومەری کوڕی عەبدولعەزیزیش بوو) ئەوەی بیست و نامەیەکی بۆ عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی ئامۆزای نووسی، لە نامەکەدا نووسیبوی: بەڕاستی ئەم کارانەی کە تۆ دەیکەی ڕەخنە گرتنە لە خەلیفەکانی پێش خۆت (واتە: باب و باپیرانی خۆیان، نەك خەلیفە ڕاشیدینەکان) تۆ کارەکانی ئەوان بە عەیبەو تاوان دەزانی، تۆ ڕێچکەی ئەوانت نەگرتووەتەبەر، هەروەها سوکایەتی بە منداڵ و نەوەکانی ئەوان دەکەیت! پەیوەندی خزمایەتیت پچڕاندووە! پارەو سەروەت و سامانی قوڕەیشییەکانت دەست بەسەرا گرتووە و کردوتە بە بەیتولماڵ! ئەمە ستەمە! با بزانی ئەمانەت بۆ ناچێتە سەر!
دوای ئەوەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز نامەکەی عومەری ئامۆزای خوێندەوە نامەیەکی بۆ نووسی:
بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان
لە بەندەی خودا عومەری کوڕی عەبدولعەزیزەوە گەورەی باوەڕداران بۆ عومەری کوڕی وەلید! سەلامی خوا لەسەر پێغەمبەران و سوپاس و ستاییش بۆ زاتی خودا.. پاشان: نامەکەت گەیشتە دەستم، هەر بەو شێوەیەی خۆت وەڵامت دەدەمەوە!! با سەرەتای خۆتت بۆ باس بکەم، کوڕی وەلید! وەک دەڵێن! دایکت بەنانە کەنیزەی سەکون بوو، لە ناو بازاڕی حیمصا دەگەڕا، سەری دەکرد بەم دوکاناو بەو دوکانا، ئیتر خوا خۆی باشی لێ دەزانێ کە چیی کردووە و چیی نەکردووە، دوایی لە جەنگێکا یەخسیر کراو دابەش کراو کەوتە بەر زیبیان، زیبیان کردی بە دیاری و دای بە باوکت، دوایی بە تۆوە دوگیان بوو، ئای لەو تولە (منداڵی ناو زگی دایك؛ جەنین) خراپەو لەو منداڵە پیسە! دوایی گەورە بویت و بویتە کەسێکی زۆردارو ستەمکار و تووڕەو تۆسن! هەر لەبەر ئەوەی سەروەت و سامان و دارایی گشتی و بەیتولماڵم لە خۆت و کەسوکارت حەرام کردووە و ناهێڵم دەستان پێی بگات و ناهێڵم مافی مرۆڤی هەژار و بێکەس و بێوەژنی داماو بخۆن ئیتر وادەزانی منیش وەک خۆت ستەمکارم؟! ستەمکارتر لە من و بێ ئەمەکترین کەس بەرامبەر بە خوای گەورە ئەو کەسەیە کە تۆی ناکەس بەچەی کردووە بە فەرماندە بەسەر سەربازە هەژارەکانەوە و بە ئارەزووی خۆت بڕیاریان لەسەر دەدەی! هەموو نێتێکیشت خۆشەویستی منداڵە بۆ باوکی! ئای دۆزەخ بۆ خۆت و بۆ باوکیشت! ئای لە قیامەتدا چەندە دوژمنتان زۆرە! باشە باوکت چۆن لە دەستی ئەو هەموە سکاڵاکارە ڕزگار دەبێت؟! لە من ستەمکارترو بێ ئەمەکترین کەس بەرامبەر بە خوای گەورە ئەو کەسەیە حەججاجی کوڕی یوسفی کردە کاربەدەست! خوێنی بە ناهەق دەڕێژا! ماڵی ئەم و ئەوی داگیر دەکرد.. لە من ستەمکارترو بێ ویژدانترو بێ ئەمەکترین کەس بەرامبەر بە خوای گەورە ئەو کەسەیە کە قوڕڕەی کوڕی شەریکی عەرەبی دەشتەکی دڵڕەقی کردە کاربەدەست بەسەر میصرەوە، لەوێ گۆرانی و مۆسیقاو دەهۆڵ و زوڕناو بادە خواردنەوەی حەڵاڵ کرد.. لە من ستەمکارترو بێ ویژدانترو‌بێ ئەمەکترین کەس بەرامبەر بە خوای گەورە ئەو کەسەیە کە لە پێنجیەکی بەشی عەرەبی ڕەسەن؛ بەشی بۆ عالیەی بەربەری دیاری کرد! کوڕی بەنانە! ئەگەر بە تەواوی شەتەکتان بدەم و هەموو ماف و ئیمتیازێکتان لێ بسێنمەوە؛ ئەو کاتە واز لە خۆت و بنەماڵەکەت دەهێنم! ئێوە زۆر لە مێژە لە هەق و ڕاستەقینە دوور کەوتونەتەوە و لە ڕێگەی ڕاست کل بوون و خەریکی ڕێ گرتن! کوڕی بەنانە! تۆ جارێ بڕۆ ئەستۆی خۆت پاك بکەرەوە و خۆت بکڕەوە و پارەکەی خۆت بدەو بەسەر هەژاران و مافخوراوان و منداڵە هەتیوەکانا دابەشی بکە، هەمووان مافیان بەسەر تۆوە هەیە، سەلامی خوامان لەسەر، سەلامی خوا شیاوی ئەو کەسانە نییە کە ستەمکارن!

١٦٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ مَعْرُوف، عَنْ ضَمْرَةَ، عَنِ ابْنِ شَوْذَب قَالَ: دَخَلَت امْرَأَةٌ مِنَ الْمَهَالِبَة عَلَى فَاطِمَةَ امْرَأَة عُمَرَ بْن عَبْد الْعَزيز فَلَمَّا رَأَتْهَا وَرَأَتْ حَالها قَالَتْ لها: أَنْتَ امْرَأَةُ أَمير الْمُؤْمنينَ أَلَا تَتَهَيَّئينَ له؟ قَالَ: فَلَمَّا كَثُرَتْ عَلَيْهَا قَالَتْ: "هَلْ تُهَيَّأُ الْمَرْأَةُ لزَوْجهَا إلَّا بمَا يُحبُّ؟ قَالَتْ: نَعَمْ قَالَتْ: «فَإِنَّهُ يُحبُّ هَذَا منِّي».

واته: هارونی کوڕی مەعروف لە زەمرەوە ئەویش لە کوڕی شەوزەبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ژنێکی مەهالیبی ڕۆیشت بۆ لای فاتیمەی ژنی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز؛ جا کاتێ فاتمەو حاڵی فاتمەی بینی گوتی: تۆ ژنی گەورەی باوەڕدارانی؟ بۆچی خۆتی بۆ ئامادە ناکەی؟ دەفەرموێت: دوای ئەوەی ئەو ژنە زۆری لەسەر ڕۆیی فاتیمە گوتی: باشە مەگەر ژن بەو جۆرە ئامادە ناکرێ بۆ مێردەکەی کە مێردەکەی پێیخۆشە؟ ژنەکە گوتی: با! فاتیمە گوتی: دەی عومەر پێیخۆشە من ئاوەها بم!

١٦٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْوَليدُ بْنُ شُجَاع، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، عَنْ عَبْد الْحَليم بْن أَبي فَرْوَةَ، عَنْ مُحَمَّد بْن كَعْب قَالَ: قَالَ لعُمَرَ بْن عَبْد الْعَزيز: «إن اسْتَطَعْتَ أَنْ لَا يَكُونَ أَحَدٌ أَسْعَدَ بمَا سَمعْتُ منْكَ فَافْعَلْ».

واتە: عەبدولحەلیمی کوڕی باوکی فەروە لە موحەممەدی کوڕی کەعبەوە دەگێڕێتەوە گوتویەتی کە بە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی گوتووە: ئەگەر دەتوانی هیچکەسێک لەوانە کە من بیستوومە لەتۆ بەختەوەرتر نەبێ؛ ئەوا وابکە.

١٦٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ أَبي عَبْد الْمَلك، قَالَ سُفْيَانُ: حَدَّثَني عَنْهُ، حُسَيْنٌ الْجُعْفيُّ فَسَأَلْتُهُ قَالَ: سَمعْتُ عُمَرَ بْنَ عَبْد الْعَزيز، يَقُولُ: «اللهمَّ زدْ في إحْسَان مُحْسنهمْ وَرَاجعْ بمُسيئهمْ إلَى التَّوْبَة وَحُطْ مَنْ وَرَاءَهُمْ بالرَّحْمَة».

واتە: سوفیانی کوڕی عویەینە لە باوکی عەبدولمەلیکەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: سوفیان گوتی: حوسەینی جوعفی بۆی گێڕامەوە و لێم پرسی گوتی: گوێم لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بوو دەیفەرموو: خوایە! چاکەی چاکەکارانیان زیاتر بکەی؛ خراپەکارانیان وا لێ بکەی تەوبە بکەن؛ سۆزو بەزەیی خۆت بنێری بە دوایانا.

١٦٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ مَعْرُوف، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي حَمْلَةَ، عَنْ أَبِي الْعَبَّاس قَالَ: كُنْتُ فِي صَحْنِ بَيْتِ الْمَقْدِس مَعَ خَالِد بْنِ يَزِيدَ بْنِ مُعَاوِيَةَ إِذْ أَقْبَلَ فَتًى شَابٌّ فَسَلَّمَ عَلَى خَالِد فَأَقْبَلَ عَلَيْهِ خَالِدٌ فَقَالَ الْفَتَى لِخَالِد: هَلْ عَلَيْنَا مِنْ عَيْنٍ؟ قَالَ: فَبَدَرْتُ أَنَا خَالِدًا فَقُلْتُ: نَعَمْ عَلَيْكُمَا مِنَ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ عَيْنٌ سَمِيعَةٌ بَصِيرَةٌ فَتَغَوَّرَتْ عَيْنُ الْفَتَى وَنَزَعَ الْفَتَى يَدَهُ مِنْ يَدِ خَالِد ثُمَّ وَلَّى فَقُلْتُ لِخَالِد: مَنْ هَذَا؟ قَالَ: فَقَالَ: هَذَا عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيز ابْنُ أَخِي أَمِيرِ الْمُؤْمِنِينَ، وَلَئِنْ طَالَتْ بِكَ وَبِهِ حَيَاةٌ لَتَرَوُنَّهُ إِمَامَ هُدًى ".

واتە: زەمرە لە عەلیی کوڕی باوکی حەمەلەوە ئەویش لە باوکی عەبباسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من لە بەیتولمەقدیس لەگەڵ خالیدی کوڕی یەزیدی کوڕی موعاویەدا بووم؛ لەوێ گەنجێک هات و سەلامی لە خالید کرد و خالید ڕوی تێکردو گەنجەکە بە خالیدی گوت: کەس هەیە چاودێریمان بکات؟ من پێش خالید کەوتم و گوتم: بەڵێ! خوای گەورە بینەرو بیسەرەو چاوی لێتانە.. چاوی گەنجەکە چوو بە قووتاو دەستی لە دەستی خالید بەرداو ڕۆیی؛ من بە خالیدم گوت: ئەم گەنجە کێیە؟ گوتی: ئەوە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزە برازای گەورەی باوەڕدارانە؛ ئەگەر ژیانی تۆو ئەو درێژ بێ دەبینی دەبێتە گەورە و پێشەوای چاکەکاری و باوەڕداران.

١٦٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبُو مَعْمَر، عَنْ سُفْيَانَ قَالَ: قَالَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيز رَحِمَهُ الله: «مَنْ لَمْ يَعُدَّ كَلَامَهُ ذُنُوبَهُ كَثُرَتْ ذُنُوبُهُ».

واتە: باوکی مەعمەر لە سوفیانەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: هەر کەسێ قسەکردنی خۆی بە تاوان هەژمار نەکات؛ ئەوە تاوانی زۆر زۆر دەبێ.

١٦٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا سُرَيْجُ بْنُ يُونُس، حَدَّثَنَا الْمُطَّلِبُ بْنُ زِيَاد، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عِيسَى قَالَ: كُنَّا عِنْدَ عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيز وَهُوَ يَخْطُبُ النَّاسَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ فَقَامَ إِلَيْهِ نَصْرَانِيٌّ فَقَالَ: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ إِنِّي أَبْرَأُ إِلَى اللهِ مِنَ الْأَعْرَاب، فَضَحِكَ أَهْلُ الْمَسْجِد قَالَ: فَكَأَنِّي رَأَيْتُهُ ".

واتە: سورەیجی کوڕی یونس لە موتەلیبی کوڕی زیادەوە ئەویش لە عەبدوڵلای کوڕی عیسا دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئێمە لە خزمەت عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بووین؛ ڕۆژی

هەینی بوو عومەر وتاری پێشکەش دەکرد؛ پیاوێکی گاور هەستا و گوتی: ئەی گەورەی باوەڕداران! من لە لای خوای گەورە خۆم بەری دەکەم لە عەرەبە دەشتەکییەکان! کە ئەو وای گوت ئەوانەی لە مزگەوتدا بوون هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنین! دەڵێ: وەک ئەوەی خۆم بینیبێتم وایە.

١٦٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي بَيَانُ بْنُ الْحَكَمِ، حَدَّثَنَا أَبو جَعْفَر، مُحَمَّدُ بْنُ حَاتِم، حَدَّثَنِي بِشْرُ بْنُ الْحَارِث، حَدَّثَنِي يَحْيَى بْنُ يَمَانٍ، عَنْ سُفْيَانَ بْنِ عُيَيْنَةَ، حَدَّثَنَا قَالَ: قَالَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيز: «اللهمَّ هَوِّنْ عَلَيَّ الْمَوْتَ».

واتە: یەحیای کوڕی یەمان لە سوفیانی کوڕی عویەینەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز فەرمووی: خوایە! مردنم لەسەر سووک بکەیت.

١٦٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا بَيَانٌ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ حَاتِم، حَدَّثَنَا بِشْرُ بْنُ الْحَارِث قَالَ: سَمِعْتُ عِيسَى بْنَ يُونُس، عَنِ الأَوْزَاعِيِّ، عَمَّنْ حَدَّثَهُ قَالَ: قَالَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيز: «مَا انْتَجَى قَوْمٌ فِي دِينِهِمْ دُونَ جَمَاعَتِهِمْ إِلَّا كَانُوا عَلَى تَأْسِيسِ ضَلَالَة».

واتە: بیشری کوڕی حارث دەفەرموێت: گوێم لە عیسای کوڕی یونس بوو لە ئەوزاعیەوە ئەویش لەو کەسەی کە بۆی گێڕاوەتەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز فەرمووی: هەر کۆمەڵێک دوور لە خەڵکی دەستیان بە چپەچپ کرد ئەوە خەریکی بوونیاتنانی گومڕایین.

١٦٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا عِيسَى بْنُ يُونُس، عَنِ الأَوْزَاعِيِّ، عَنْ نُعَيْمِ بْنِ سَلَامَةَ قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيز فَوَجَدْتُهُ يَأْكُلُ ثُومًا مَسْلُوقًا بِسِلْقٍ وَزَيْت ".

واتە: عیسای کوڕی یونس لە ئەوزاعیەوە ئەویش لە نوعەیمی کوڕی سەلامەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕۆیشتمە خزمەت عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەبینم سیری کوڵاو دەخوا بە سڵق و زەیتەوە.

١٦٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ الْمِصْرِيُّ قَالَ: كَتَبَ ضَمْرَةُ يَذْكُرُ عَنِ الأَوْزَاعِيِّ قَالَ: بَكَى عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيز حَتَّى بَكَى الدَّمَ ".

واتە: حەسەنی کوڕی عەبدولعەزیزی میصری دەفەرموێت: زەمرە نووسیی ئەوەی باسکردووە لە ئەوزاعیەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز هێندە گریا تا فرمێسکی بوو بە خوێن.

١٦٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ الْمِصْرِيُّ، حَدَّثَنِي أَبُو حَفْصٍ عُمَرُ بْنُ أَبِي سَلَمَةَ، حَدَّثَنَا أَبُو عَبْدِ الْحَلِيمِ بْنُ عَبْدَةَ قَالَ: قَالَ الْحَسَنُ وَهُوَ جَدِّي أَبُو أُمِّي قَالَ: كُنْتُ فِي مَجْلِسِ أَيُّوبَ فَقَالَ: رَأَى فُلَانًا فَلَمَّا سَمَّاهُ عَرَفَهُ الْقَوْمُ أَنَّهُ رَأَى النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جَالِسًا بَيْنَ أَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ رَضِيَ الله عَنْهُمَا فَجَاءَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ فَأَوَى إِلَيْهِ عَنْ يَمِينِهِ لِيَجْلِسَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ أَبِي بَكْرٍ فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ: يَا رَسُولَ الله، مَا ظَنَنْتُ أَنَّكَ تُجْلِسُ بَيْنِي وَبَيْنَكَ أَحَدًا فَأَوْمَى إِلَيْهِ نَاحِيَةَ عُمَرَ لِيُجْلِسَهُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهُ فَقَالَ عُمَرُ رَضِيَ الله عَنْهُ كَمَا قَالَ أَبُو بَكْرٍ رَحِمَهُ الله فَأَجْلَسَهُ بَيْنَ يَدَيْهِ ".

واتە: حەسەنی کوڕی عەبدولعەزیزی میصری لە باوکی حەفص واتە: عومەری کوڕی سەلەمەوە دەگێڕێتەوە ئەویش لە باوکی عەبدولحەلیمی کوڕی عەبدەوە فەرموویەتی: حەسەن فەرمووی. جا حەسەن باپیرم بوو؛ باوکی دایکم بوو فەرمووی: من لە کۆڕی ئەیوبدا بووم فەرمووی: فلانە کەسی بینی و کاتێ ناوی برد هەمووان ناسییانەوە کە ئەو پێغەمبەری (ﷺ) بینیوە لە نێوان ئەبوبەکر و عومەرا دانیشتبوو؛ عومەری کوڕی عەبدولعەزیز هات؛ لە لای ڕاستەوە هات بۆ ئەوەی لە نێوان پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبوبەکرا دانیشێت؛ ئەبوبەکر فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وام گومان نەبرد کە تۆ لە نێوان خۆت و منا هیچ کەسێک دانیشێنیت و جێگای بکەیتەوە! پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژەی بۆکرد بەرەو لای عومەر؛ بۆ ئەوەی لە نێوان ئەوو عومەرا دانیشێت؛ عومەریش هەمان قسەکەی ئەبوبەکری دووبارە کردەوە؛ جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بەردەم خۆیا داینیشاند.

١٦٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ، حَدَّثَنَا أَبُو أَيُّوبَ بْنُ سُوَيْدٍ، حَدَّثَنَا مُعَاذُ بْنُ فَضَالَةَ، أَنَّ عَبْدَ الله بْنَ عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ، وَقَفَ بِرَاهِبٍ بِالْجَزِيرَةِ فِي صَوْمَعَةٍ لَه قَدْ أَتَى عَلَيْهِ فِيهَا عُمْرٌ طَوِيلٌ وَكَانَ يُنْسَبُ إِلَيْهِ عِلْمٌ مِنْ عِلْمِ الْكُتُبِ فَهَبَطَ إِلَيْهِ فَلَمْ يُرَ هَابِطًا إِلَى أَحَدٍ قَبْلَه فَقَالَ لَه: أَتَدْرِي لِمَ هَبَطَ إِلَيْكَ؟ قَالَ: لَا قَالَ: لِحَقِّ أَبِيكَ قَالَ: إِنَّا نَجِدُهُ مِنْ أَئِمَّةِ الْعَدْلِ بِمَوْضِعِ رَجَبٍ مِنْ أَشْهُرِ الْحُرُمِ قَالَ: فَفَسَّرَهُ لَه أَيُّوبُ بْنُ سُوَيْدٍ فَقَالَ: ثَلَاثَةٌ مُتَوَالِيَةٌ ذُو الْقَعْدَةِ وَذُو الْحِجَّةِ وَالْمُحَرَّمُ، أَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ وَعُثْمَانُ وَرَجَبٌ مُنْفَرِدٌ ".

واتە: باوکی ئەییوبی کوڕی سوەید لە موعازی کوڕی فوزالەوە دەگێڕێتەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە جەزیرە ڕۆیشت بۆ لای ڕاهیبێ کە لە سەومەعەکەی خۆیا بوو؛ عومەر پێشتر هاتبوو بۆ لای ئەو ڕاهیبە؛ ڕاهیبە پیاوێکی زانا بوو؛ لە کتێبەکانی پێشوی دەزانی؛ ئەو ڕاهیبە هاتە دەرەوە بۆ پێشوازی کردن لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز؛ پێشتر کەس نەیدیبوو بێتە دەرەوە بۆ پێشوازی کردن لە هیچ کەسێک؛ جا ڕاهیبەکە گوتی: دەزانی بۆچی هاتمە پێشوازیت؟ گوتی: نەخێر! گوتی: لەبەر خاتری باوکت! ئێمە ئەوە دەزانین کە باوکت پێشەوایەکی دادگەرە؛ لەناو پێشەوا دادگەرەکانا وەکوو مانگی ڕەجەب وایە لەناو مانگە حەرامەکانا. دەفەرموێت: ئەییوبی کوڕی سوەید ئاوای تەفسیر کردەوە و لێکی دایەوە گوتی: ئەو سێ مانگە حەرامە کە بە دوای یەکا دێن بریتین لە مانگەکانی زولقەعدەو زولحیججەو موحەڕڕەم، ئەوە ئەبوبەکر و عومەر و عوسمانە! ڕەجەبیش لەوان جیایەو تاکە؛ ئەوەش بریتیە لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز!

١٦٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ، حَدَّثَنَا أَيُّوبُ بْنُ سُوَيْد، عَنِ الْأَوْزَاعِيِّ قَالَ: لَمْ يَكُنْ أَحَدٌ من عُمَّالِ عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ يُشْبهُ به إلَّا عَمْرَو بْنَ عُبَيْد بْنِ طَلْحَةَ الْأَنْصَارِيَّ كَانَ عَاملًا له عَلَى عُمَانَ فَبَلَغَ منْ لينه أنَّهُ أُتيَ برَجُلٍ قَدْ أَصَابَ حَدًّا من حُدُود الله عَزَّ وَجَلَّ بَعْدَ الْعشَاء فَقَالَ: «إِنِّي أَكْرَهُ أَنْ أُؤَخِّرَ حُدُودَ الله حَتَّى أُصْبِحَ فَأَقَامَهُ عَلَيْهِ لَيْلًا».

واتە: ئەییوبی کوڕی سوەید لە ئەوزاعیەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هیچ یەک لە کاربەدەستەکانی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز وەکوو عومەر نەبوون جگە لە عەمری کوڕی عوبەیدی کوڕی تەڵحەی ئەنصاری؛ عەمر کاربەدەستی عومەر بوو لە عومان؛ جارێک دوای نوێژی عیشا پیاوێکیان هێنایەلای کوو تاوانێ:ی وای کردبوو دەبوو تۆڵەی لێ سەنرابا؛ عەمر فەرمووی: من پێم ناخۆشە تۆڵە دوابخرێ هەتا بەیانی؛ ئیتر هەر بەو شەوە تۆڵەی لێ سەنرایەوە.

١٦٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مَنْصُورُ بْنُ بَشِير، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ عَيَّاش، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ بْنِ عُقْبَةَ، عَنْ عَطَاء، مَوْلَى أُمِّ بَكْرَةَ الْأَسْلَمِيَّة، عَنْ حَبِيب بْنِ هنْدَ الْأَسْلَمِيِّ قَالَ: قَالَ لِي سَعِيدُ بْنُ الْمُسَيَّبِ وَنَحْنُ عَلَى عَرَفَةَ: " إِنَّمَا الْخُلَفَاءُ ثَلَاثَةٌ قُلْتُ: مَنِ الْخُلَفَاءُ؟ قَالَ: أَبو بَكْر وَعُمَرُ وَعُمَرُ قُلْتُ: أَبو بَكْرٍ وَعُمَرُ قَدْ عَرَفْنَاهُمَا فَمَنْ عُمَرُ؟ قَالَ: إِنْ عِشْتَ أَدْرَكْتَ وَإِنْ مُتَّ كَانَ بَعْدَكَ ".

واتە: ئیسماعیلی کوڕی عەییاش لە باوکی ئیسحاقەوە ئەویش لە ئیبراهیمی کوڕی عوقبەوە ئەویش لە عەتای کۆیلەی دایکی بەکرەی ئەسلەمیەوە ئەویش لە حەبیبی کوڕی هندی ئەلەمیەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئێمە لەسەر کێوی عەرەفە بوین؛ سەعیدی کوڕی موسەییەب پێی گوتم: خەلیفەمان تەنیا سێ دانەن؛ ئەبوبەکر و عومەر و عومەر! من گوتم: ئەبوبەکر و عومەر دەناسین؛ ئەی عومەرەکەیتر کێیە؟ فەرمووی: ئەگەر بژیت ئەوعومەرەش دەبینی؛ ئەگەر مردیشی ئەوا دوای تۆ دێت.

١٦٩٤ - حَدَّثَنِي عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي سُفْيَانُ بْنُ وَكِيعٍ، حَدَّثَنَا ابْنُ جُرَيْجٍ، عَنِ الْمُخْتَارِ بْنِ فُلْفُلٍ قَالَ: ضَرَبْتُ لِعُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ فُلُوسًا فَكَتَبَ عَلَيْهَا: أَمَرَ عُمَرُ بِالْوَفَاءِ وَالْعَدْلِ فَقَالَ: اكْسِرُوهَا وَاكْتُبُوا: «أَمَرَ الله بِالْوَفَاءِ وَالْعَدْلِ».

واتە: کوڕی جورەیج لە موختاری کوڕی فوفولەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: چەند سکەیەکی فلسم دروستکرد و لە سەریم نووسی: عومەر فرمانی کردووە کە ئەمەك و دادگەری جێبەجێ بکرێن! عومەر فەرمووی: بیانشکێنەو بنووسە: خوای گەورە فرمانی کردووە ئەمەك و دادگەری جێبەجێ بکرێن.

١٦٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ وَكِيعٍ، حَدَّثَنَا ابْنُ عُيَيْنَةَ، عَنِ الْمَاجِشُونِ قَالَ: كَلَّمَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ الْوَلِيدَ فِي شَيْءٍ فَقَالَ: كَذَبْتَ، فَقَالَ له عُمَرُ: «مَا كَذَبْتُ مُنْذُ عَلِمْتُ أَنَّ الْكَذِبَ يَضُرُّ أَهْلَه».

واتە: کوڕی عویەینە لە ماجیشونەوە دەگێڕێتەوە کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لەبارەی شتێکەوە قسەی لەگەڵ وەلیدا کرد؛ وەلید گوتی: درۆ دەکەی! عومەر فەرمووی: لەکاتەوەی کە زانیومە درۆ زیان بە درۆزن دەگەیەنێ درۆم نەکردووە!

١٦٩٦ - حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ وَكِيعٍ، حَدَّثَنَا ابْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ عُمَرَ بْنِ ذَرٍّ قَالَ: قَالَ مَوْلًى لِعُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ حِينَ رَجَعَ مِنْ جَنَازَةِ سُلَيْمَانَ: مَا لِي أَرَاكَ مُغْتَمًّا؟ فَقَالَ: «لِمِثْلِ مَا فِيهِ يُغْتَمُّ لَيْسَ مِنْ أُمَّةِ مُحَمَّدٍ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي مَشْرِقِ الْأَرْضِ وَلَا مَغْرِبِهَا إِلَّا وَأَنَا أُرِيدُ أَنْ أُؤَدِّيَ إِلَيْهِ حَقَّهُ غَيْرَ كَاتِبٍ إِلَيَّ فِيهِ وَلَا طَالِبِهِ مِنِّي يَعْنِي عُمَرَ بْنَ عَبْدِ الْعَزِيزِ».

واتە: کوڕی عویەینە لە عومەری کوڕی زەڕەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کاتێ لە ناشتنی تەرمی سولەیمان هاتنەوە؛ کۆیلەیەکی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز گوتی: ئەوە بۆچی

غەمباری؟ فەرمووی: بۆیە خەمبارم چونکە دەمەوێ هەر کەسێکی ئوممەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەبێ لە ڕۆژهەڵاتی دونیادا بێت یان لە ڕۆژئاوا؛ من دەمەوێ مافی خۆیی پێ بدەم بەبێ ئەوەی کەسێک نامەیەکم بۆ بنووسێت یان خۆی داواکاری پێشکەش بکات!

١٦٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي حُسَيْنُ بْنُ الْجُنَيْدِ، حَدَّثَنَا أَبو نُعَيْم، حَدَّثَنَا عُمَرُ بْنُ عُثْمَانَ قَالَ: سَمِعْتُ عُمَرَ بْنَ عَبْدِ الْعَزِيزِ قَالَ: " انْتَهَى عِلْمُ الرَّاسِخِينَ فِي الْعِلْمِ بِتَأْوِيلِ الْقُرْآنِ إِلَى أَنْ قَالُوا: ﴿ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا ﴾ آل عمران: ٧ ".

واتە: باوکی نوعەیم لە عومەری کوڕی عوسمانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بوو دەیفەرموو: زانستی ئەوانەی کە لە زانستا ڕۆژوون لە تەفسیری قورئاندا گەیشتووەتە ئەوەی کە بڵێن: ﴿ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا ﴾ آل عمران: ٧ .

١٦٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو حَفْص عَمْرُو بْنُ عَلِيٍّ، حَدَّثَنَا أَبو قُتَيْبَةَ، حَدَّثَنِي مَوْلَىً لِقُرَيْش قَالَ: سَمِعْتُ رَجَاءَ بْنَ حَيْوَةَ، يَقُولُ: سَهِرْتُ مَعَ عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ لَيْلَةً فَجَفَّ الْقِنْدِيلُ مِنَ الدُّهْنِ فَقُلْتُ: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، لَوْ أَمَرْتَ الْغُلَامَ فَصَبَّ فِي الْقِنْدِيلِ مِنَ الدُّهْنِ، قَالَ لَه: قَدْ دَأَبَ يَوْمَهُ وَإِنَّمَا أَخَذَ فِي نَوْمِهِ السَّاعَةَ قُلْتُ: أَفَلَا أَقُومُ أَنَا فَأَصُبُّ فِي الْقِنْدِيلِ مِنَ الدُّهْنِ؟ قَالَ: لَا فَقَامَ هُوَ فَصَبَّ فِي الْقِنْدِيلِ مِنَ الدُّهْنِ ثُمَّ رَجَعَ ثُمَّ قَالَ: قُمْتُ وَأَنَا عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ وَرَجَعْتُ وَأَنَا عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ يَا رَجَاءُ، إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ مُرُوءَةِ الرَّجُلِ اسْتِخْدَامُ ضَيْفِهِ ".

واتە: باوکی حەفص واتە: عەمری کوڕی عەلی لە باوکی قوتەیبەوە ئەویش لە کۆیلەیەکی قورەیشییەکانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە ڕەجای کوڕی حەیوە بوو دەیفەرموو: شەوێک لەگەڵ عومەری کوڕی عەبدولعەزیزا پێکەوە قسەمان دەکرد؛ چراکە زەیتی تێدا نەما (و کوژایەوە) منیش گوتم: گەورەی باوەڕداران! بانگی خزمەتکارەکەت بکە با بێت و زەیت بکاتە ناو چراکەوە! فەرمووی: ئەو کاری ڕۆژانەی خۆی تەواو کردووە و ئێستا خەوتووە و پشو دەدا.. گوتم: دەی با من هەستم و زەیتی تێ بکەم! فەرمووی: نەخێر! خۆی هەستا و زەیتی کردە ناو چراکەوە و دوایی هاتەوە و فەرمووی: ڕەجا! کاتێ ڕۆیشتم عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بووم؛ ئێستاش کە گەڕاومەتەوە هەر عومەری کوڕی عەبدولعەزیزم! جوان نییە بۆ مرۆڤ کار بە میوانەکانی بکات.

١٦٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو مُوسَى الْأَنْصَارِيُّ إِسْحَاقُ بْنُ مُوسَى قَالَ: سَمِعْتُ سُفْيَانَ بْنَ عُيَيْنَةَ، يَقُولُ: قَالَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ: «الرِّضَاءُ قَلِيلٌ وَلَكِنَّ الصَّبْرَ مَعُولُ الْمُؤْمِنِ».

واتە: بـاوکی مووسـای ئەنصـاری واتە: ئیسـحاقی کـوڕی مووسـا فەرمـووی: گـوێم لە سوفیانی کوڕی عویەینە بوو دەیفەرموو: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز فەرمووی: ڕازیبوون کەمە؛ بەڵام سەبر گرتن پاڵگە (شوێنی پاڵ پێوەدان)ی مرۆڤی باوەڕدارە.

١٧٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا اللَّيْثُ بْنُ خَالد أَبو بَكْر الْبَلْخيُّ، سَمِعْتُهُ يُحَدِّثُ أَبِي، حَدَّثَنَا عُمَرُ بْنُ عَلِيِّ بْنِ مُقَدَّمٍ، عَنْ عَبْدِ رَبِّه بْنِ هِلَالٍ قَالَ: قَالَ عَبْدُ الْمَلِك بْنُ . عمر بن . عَبْد الْعَزِيز لأَبِيه وَقَدْ دَخَلَ فِي الْقَائلَة: يَا أَبَت عَلَى مَا تَقِيلُ وَقَدْ تَدَارَكَتْ عَلَيْكَ الْمَظَالِمُ لَعَلَّ الْمَوْتَ يُدْرِكُكَ فِي مَنَامكَ وَأَنْتَ لَمْ تَقْض دَأْبَ نَفْسكَ ممَّا وَرَدَ عَلَيْكَ قَالَ: فَشَدَّدَ عَلَيْه قَالَ: فَلَمَّا كَانَ الْيَوْمَ الثَّانِيَ فَعَلَ به مثْلَ ذَلكَ قَالَ عُمَرُ: «يَا بُنَيَّ، إِنَّ نَفْسِي مَطِيَّتِي وَإِنْ لَمْ أَرْفُقْ بهَا لَمْ تُبَلِّغْنِي يَا بُنَيَّ، لَوْ شَاءَ الله عَزَّ وَجَلَّ أَنْ يُنْزِلَ الْقُرْآنَ جُمْلَةً وَاحدَةً لَفَعَلَ نَزَّلَ الْآيَةَ بَعْدَ الْآيَة حَتَّى إِبْطَاءِ ذَلكَ فِي قُلُوبِهِمْ، يَا بُنَيَّ إِنِّي لَمْ أَجِد الْحَقْحَقَةَ تَرُدُّ إِلَى خَيْرٍ».

واتە: عـومەری کـوڕی عەلی لە عەبدڕەببیهی کـوڕی هیلالەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: عومەر ویستی قەیلولە بکات و سەرخەوێک بشکێنێ؛ عەبدولمەلیکی کوڕی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بە باوکی گوت: باوکە تۆ چۆن دەچی بۆ خەوتن لە کاتێکا هەندێ بابەتی ستەم و ئەو شتانە هاتووەتە بەردەستت و دەبێ کارەکان بەڕێ بکەی؟ لەوانەیە لە کاتی خەوا مەرگ یەخەت بگرێـت و کارەکانـت جێبەجـێ نەکردبـێ! کـوڕەکەی عـومەر دەیەویسـت عـومەر سەختگیری لەسەر خۆی بکات و هیچ پشو نەدات و هەر خەریکی جێبەجێ کردنی کاروباری خەڵکی بێـت! بـۆ ڕۆژی واتـر دیسـان عـومەر ویسـتی قەیلولە بکـات و کـوڕەکەی هەمـان قسـەکانی ڕۆژی پێشوی دوبارە کردەوە؛ عومەر فەرمووی: کوڕی خۆم! نەفسی من وەکوو سـوارۆیەک وایە مـن بگەیەنەتـێ جـێ؛ ئەگەر لەگەڵیـا نەرم و نیـان نەبـم دەپڕوکێـت و نامگەیەنێتە جێگای مەبەست؛ کوڕی خۆم! ئەگەر خوای گەورە بیویستایە کە قورئان هەموو بە جارێک دابەزێنێ؛ ئەوا بە یەکجار دایدەبەزاند؛ بەڵام ئایەت ئایەت و بەش بەش دایبەزاند بۆ ئەوەی لەسەریان سەخت نەبێ؛ کوڕی خۆم! من وانازانم ڕۆیشتنی بەردەوام و پشو نەدان و خۆ فەوتاندن بەرەو چاکە سەر بکێشێت.

١٧٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله حَدَّثَنَا عُثْمَانُ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا حُسَيْنٌ الْجُعْفِيُّ، عَنْ عُمَرَ بْنِ ذَرٍّ قَالَ: «مَا رَأَيْتُ أَحَدًا كَانَ أَخْوَفَ لله عَزَّ وَجَلَّ مِنْ عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ رَحِمَهُ الله».

واتە: عوسمانی کوڕی شەیبە لە حوسیەنی جوعفییەوە ئەویش لە عومەری کوڕی زەڕڕەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هیچ کەسێکم نەدیوە لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) زیاتر لەخوای گەورە بترسێت.

١٧٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ، عَنْ ضَمْرَةَ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي حَمْلَةَ، عَنِ الْوَلِيدِ بْنِ هِشَامٍ قَالَ: لَقِيَنِي يَهُودِيٌّ فَأَعْلَمَنِي أَنَّ عُمَرَ بْنَ عَبْدِ الْعَزِيزِ سَيَلِي هَذَا الْأَمْرَ وَيَعْدِلُ فِيهِ فَلَقِيتُ عُمَرَ فَأَخْبَرْتُهُ بِقَوْلِ الْيَهُودِيِّ فَلَمَّا وُلِّيَ لَقِيَنِي الْيَهُودِيُّ بَعْدَ ذَلِكَ فَقَالَ لِي: أَلَمْ أُخْبِرْكَ أَنَّ صَاحِبَكَ سَيَلِي هَذَا الْأَمْرَ؟ فَقَالَ لِي: إِنَّ صَاحِبَكَ قَدْ سُقِيَ فَلْيَتَدَارَكْ نَفْسَهُ فَلَقِيتُ عُمَرَ فَقُلْتُ لَهُ: إِنَّ الْيَهُودِيَّ الَّذِي لَقِيَنِي فَأَعْلَمَنِي أَنَّكَ سَتَلِي هَذَا الْأَمْرَ وَتَعْدِلُ فِيهِ قَالَ لِي: إِنَّكَ قَدْ سُقِيتَ وَيَأْمُرُكَ أَنَّكَ تَتَدَارَكُ نَفْسَكَ قَالَ: قَاتَلَه الله مَا أَعْلَمُهُ لَقَدْ عَرَفْتُ السَّاعَةَ الَّتِي سُقِيتُ فِيهَا وَلَوْ كَانَ شِفَائِي أَنْ أَمَسَّ شَحْمَةَ أُذُنِي مَا فَعَلْتُ أَوْ أَنْ أُوتِيَ بِطِيبٍ فَأَرْفَعَهُ إِلَى أَنْفِي فَأَشَمَّهُ مَا فَعَلْتُ ".

واتە: زەمرە لە عەلیی کوڕی باوکی حەمەلەوە ئەویش لە وەلیدی کوڕی هیشامەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: جارێک گەیشتم بە پیاوێکی جولەکەو پێی گوتم کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەبێ بە کاربەدەست و خەلیفەو دادگەریش دەبێ؛ جا گەیشتم بە عومەر و پێمگوت کە ئەو جولەکەیە شتێکی ئاوای پێ گوتم! دوای ئەوەی عومەر بوو بە خەلیفە گەیشتمەوە بە کابرای جولەکەو پێی گوتم: مەگەر من پێم نەگوتی کە هاوڕێکەت دەبێ بە خەلیفە؟ دوایی پێی گوتم: ئەم هاوڕێیەت دەرمانخوارد کراوە با فریای گیانی خۆی بکەوێ! منیش گەیشتم بە عومەر و پێمگوت: ئەو جولەکەیەی کە پێی گوتم کە تۆ دەبی بە خەلیفەو دادگەریش دەبی پێی گوتم کە تۆ دەرمان خوارد کراوی! بڕۆ هەوڵێکی خۆت بزانەو فریی خۆت بکەوە! عومەر فەرمووی: ئەی خوا بیکوژێ! چەندە زانایە! بەڕاستی خۆم دەزانم لە چ کات و ساتێکا دەرمانخوارد کراووم! بەخوا ئەگەر دەرمانی من ئەوەبێ کە دەست بدەم لە نەرمەی گوێی خۆم؛ دەستی لێ نادەم؛ ئەگەر دەرمانی من ئەوە بێ پزیشکێکم بۆ بهێنرێت و دەرمانێک بدا بە لوتما بۆنی بکەم و چاک ببمەوە؛ بۆنی ناکەم و دەرمانم ناوێ!

١٧٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ، عَنْ ضَمْرَةَ، عَنْ رَجَاءِ بْنِ أَبِي سَلَمَةَ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ عَوْنٍ الْقَارِئِ قَالَ: نَزَلَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ بِدَيْرٍ مِنْ دِيَارَاتِ الْعَجَمِ فَأَتَى صَاحِبُ الدَّيْرِ بِفَاكِهَةٍ فِي طَبَقٍ فِي أَوَّلِ الْفَاكِهَةِ فَوَضَعَهُ بَيْنَ يَدَيْهِ وَعِنْدَهُ الْوَلِيدُ بْنُ هِشَامٍ وَالْحُسَيْنُ بْنُ رُسْتُمَ فَقَالَ لَه الْوَلِيدُ بْنُ هِشَامٍ: كُلْه يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ وَاضْعَفْ له الثَّمَنَ، فَقَالَ له الْحُسَيْنُ بْنُ رُسْتُمَ: كُلْهَا يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ فَقَدْ أَكَلَهَا مَنْ هُوَ خَيْرٌ مِنْكَ فَقَالَ: وَيْحَكَ يَا ابْنَ رُسْتُمَ إِنَّهَا كَانَتْ يَوْمَئِذٍ هَدِيَّةً وَهِيَ الْيَوْمَ رِشْوَةٌ فَأَبَى أَنْ يَأْكُلَهَا فَرَدَّهَا ".

واته: حەسەن لە زەمرەوە ئەویش لە ڕەجای کوڕی باوکی سەلەمەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی عەونی قاریئەوە فەرمووویەتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە پەرستگایەک (دێرێک) لە پەرستگاکانی عەجەم لایدا؛ خاوەنی پەرستگاکە هەندێ میوەی هێنا کە نۆبەرە بوو؛ میوەکەی لەبەردەم عومەرا دانا؛ وەلیدی کوڕی هیشام و حوسەینی کوڕی ڕۆستەمیش لە خزمەت عومەرا بوون؛ وەلیدی کوڕی هیشام گوتی: ئەی گەورەی باوەڕداران بیخۆو دوو هێندەی نرخی میوەکەی پێ بدە!! حوسەینی کوڕی ڕۆستەمیش گوتی: ئەی گەورەی باوەڕداران! بیخۆ.. کەسێکی چاکتر لەتۆ دیاریی وەرگرتووە و لێی خواردە (مەبەستی ئەوە بووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دیاریی وەرگرتووە و لێی خواردووە و ئەو لەتۆ باشتریش بووە) عومەر فەرمووی: قوڕت بەسەر ئەی کوڕی ڕۆستەم! ئەوێ ڕۆژێ ئەوە دیاری بوو؛ بەڵام ئێستا بەرتیلە بەرتیل! ئیتر عومەر تامی میوەکەی نەکردو گێڕایەوە بۆ خاوەنەکەی.

١٧٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُصْعَبُ بْنُ عَبْدِ الله الزُّبَيْرِيُّ، حَدَّثَنِي مَالِكٌ، عَنْ إِسْمَاعِيلَ بْنِ أَبِي حَكِيمٍ، أَنَّهُ أَخْبَرَهُ أَنَّهُ، سَمِعَ عُمَرَ بْنَ عَبْدِ الْعَزِيزِ، يَقُولُ: " كَانَ يُقَالُ: إِنَّ الله لَا يُعَذِّبُ الْعَامَّةَ بِذَنْبِ الْخَاصَّةِ وَلَكِنْ إِذَا عُمِلَ الْمُنْكَرُ جِهَارًا اسْتَحَقُّوا الْعُقُوبَةَ كُلُّهُمْ ".

واته: مالیك لە ئیسماعیلی کوڕی باوکی حەکیمەوە ئەوەی گێڕاوەتەوە کە پێی گوتووە: گوێم لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بوو دەیفەرموو: پێشتر دەگوترا: خوای گەورە بەهۆی تاوانێکی تاکێکەوە سزای گشتی نانێرێت؛ بەڵام هەر کاتێ بە ئاشکرا کاری خراپە کرا ئەوە هەمووان شایانی سزان.

١٧٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: أُخْبِرْتُ، عَنْ سَيَّارٍ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ قَالَ: لَمَّا مَاتَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ رَحِمَهُ الله، قَالَ الْحَسَنُ: «مَاتَ خَيْرُ النَّاسِ».

واته: سەییار لە جەعفەری کوڕی سولەیمانەوە ئەویش لە هیشامەوە دەگێڕێتەوە

فەرموویەتی: کاتێ عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) لە دونیا دەرچوو؛. حەسەن فەرمووی: چاکترین کەس لە دونیا دەرچوو.

١٧٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي سُوَيْدُ بْنُ سَعِيد الهَرَوِيُّ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مَرْوَانَ، عَنْ هِشَام بْن حَسَّانَ قَالَ: بَعَثَتْ فَاطِمَةُ بِنْتُ عَبْد الْمَلك إِلَى رَجَاء بْن حَيْوَةَ فَقَالَتْ: إِنَّ أَميرَ الْمُؤْمنينَ يَصْنَعُ شَيْئًا مَا أُرَاهُ يَسَعُهُ في دينه قَالَ: مَا هُوَ؟ قَالَتْ: مَا كَانَ منْ سَبيل مُنْذُ وَليَ فَدَخَلَ عَلَيْه رَجَاءٌ فَقَالَ: يَا أَميرَ الْمُؤْمنينَ إِنَّكَ تَصْنَعُ شَيْئًا مَا أُرَاهُ يَسَعُكَ في دينكَ قَالَ: فَفَزِعَ لذَلكَ وَقَالَ: وَيْحَكَ يَا رَجَاءُ، وَمَا هُوَ؟ قَالَ: يَا أَميرَ الْمُؤْمنينَ، إِنَّ لأَهْلكَ عَلَيْكَ حَقًّا فَأَرْسَلَ عَيْنَيْه تَبْكي فَقَالَ: يَا رَجَاءُ، وَكَيْفَ يَنْشَطُ مَنْ حَلَّ في عُنُقه أَمْرُ الْمُسْلمينَ وَالْمُعَاهَدينَ يَسْأَلُه الله عَزَّ وَجَلَّ عَنْهُمْ يَوْمَ الْقيَامَة ".

واتە: سوەیدی کوڕی سەعیدی هەرەوی لە موحەممەدی کوڕی مەڕوانەوە ئەویش لە هیشامی کوڕی حەسسانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: فاتیمەی کچی عەبدولملیک (واتە: فاتیمەی ژنی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) ناردی بە دوای ڕەجای کوڕی حەیوە و پێی گوت: بەڕاستی گەورەی باوەڕداران (مەبەستی عومەری مێردی بوو) شتێکی وا دەکات پێم وا نییە لە ئایینا جێگەی بێتەوە؟ ڕەجا گوتی: چی دەکات؟ فاتیمە گوتی: لەو کاتەوەی بووە بە خەلیفە گوێ ناداتە ماڵ و مناڵ! ڕەجا ڕۆیی بۆ لای عومەر و پێی گوت: ئەی گەورەی باوەڕداران! بەڕاستی تۆ شتێکی وا دەکەی پێم وانییە لە ئایینا جێگەی بێتەوە؟ عومەر فەرمووی: قوڕ بەسەرت ڕەجا چیم کردووە؟ ڕەجا گوتی: ئەی گەورەی باوەڕداران! ماڵ و مناڵەکانیشت مافیان هەیە بەسەرتەوە! یەکسەر فرمێسك بە چاوەکانی عومەرا هاتنە خوارەوە و فەرمووی: ڕەجا! باشە کەسێ کە کاروباری هەموو موسوڵمانانی لە ئەستۆدا بێ و لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە پرسیاری ئەو هەموو موسوڵمانانەی لێ بکات؛ چۆن گوێی لە ماڵ و مناڵ دەمێنێ؟

١٧٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عُمَرَ بْن مَيْسَرَةَ الْخَثْعَميُّ الْقَوَاريريُّ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا هشَامُ بْنُ أَبي هشَام، عَنْ مُحَمَّد بْن كَعْب الْقُرَظيِّ قَالَ: لَمَّا اسْتُخْلفَ عُمَرُ بْنُ عَبْد الْعَزيز رَحمَهُ الله بَعَثَ إِلَيَّ وَأَنَا بالْمَدينَة، فَقَدمْتُ عَلَيْه فَلَمَّا دَخَلْتُ جَعَلْتُ أَنْظُرُ إِلَيْه نَظَرًا لَا أَصْرفُ بَصَري عَنْهُ مُتَعَجِّبًا فَقَالَ: يَا ابْنَ كَعْب، إِنَّكَ لَتَنْظُرُ إِلَيَّ نَظَرًا مَا كُنْتَ تَنْظُرُهُ قَالَ: قُلْتُ: مُتَعَجِّبًا قَالَ: مَا أَعْجَبَكَ؟ قَالَ: قُلْتُ: يَا أَميرَ الْمُؤْمنينَ أَعْجَبَني مَا حَالَ منْ لَوْنكَ وَنَحلَ منْ

جِسْمِكَ وَنُفِيَ مِنْ شَعْرِكَ فَقَالَ: كَيْفَ لَوْ رَأَيْتَنِي بَعْدَ ثَلَاثَةٍ وَقَدْ دُلِّيتُ فِي حُفْرَتِي أَوْ فِي قَبْرِي وَسَالَتْ حَدَقَتِي عَلَى وَجْنَتِيَّ وَسَالَ مِنْخَرِي صَدِيدًا وَدُودًا كُنْتَ لِي أَشَدَّ نُكْرَةً، حَدِّثْنَا حَدِيثًا نَحْفَظُهُ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: قُلْتُ: أَنْبَأَنَا ابْنُ عَبَّاسٍ، عَنْ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «إِنَّ مِنْ أَشْرَفِ الْمَجَالِسِ مَا اسْتُقْبِلَ بِهِ الْقِبْلَةَ وَلَا تُصَلُّوا خَلْفَ نَائِمٍ وَلَا مُتَحَدِّثٍ وَلَا تَسْتُرُوا الْجُدُرَ بِالثِّيَابِ وَاقْتُلُوا الْحَيَّةَ وَالْعَقْرَبَ وَإِنْ كُنْتُمْ فِي صَلَاتِكُمْ، وَمَنْ نَظَرَ فِي كِتَابِ أَخِيهِ بِغَيْرِ إِذْنِهِ فَإِنَّمَا يَنْظُرُ فِي النَّارِ».

وَقَالَ: " مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَكُونَ أَقْوَى النَّاسِ فَلْيَتَوَكَّلْ عَلَى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ، وَمَنْ سَرَّهُ أَنْ يَكُونَ أَكْرَمَ النَّاسِ فَلْيَتَّقِ اللهَ، وَمَنْ سَرَّهُ أَنْ يَكُونَ أَغْنَى النَّاسِ فَلْيَكْتَفِ بِرِزْقِ اللهِ، ثُمَّ قَالَ: أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِشِرَارِكُمْ؟ قُلْنَا: بَلَى يَا رَسُولَ اللهِ قَالَ: الَّذِي يَنْزِلُ وَحْدَهُ وَيَمْنَعُ رِفْدَهُ وَيَجْلِدُ عَبْدَهُ ثُمَّ قَالَ: أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِشَرٍّ مِنْ هَذَا؟ قُلْنَا: بَلَى يَا رَسُولَ اللهِ قَالَ: «الَّذِي يُبْغِضُ النَّاسَ وَيُبْغِضُونَهُ» ثُمَّ قَالَ: أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِشَرٍّ مِنْ ذَلِكَ؟ قُلْنَا: بَلَى يَا رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْكَ وَسَلَّمَ قَالَ: «الَّذِينَ لَا يُقِيلُونَ عَثْرَةً وَلَا يَغْفِرُونَ ذَنْبًا وَلَا يَقْبَلُونَ مَعْذِرَةً» ثُمَّ قَالَ: " أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِشَرٍّ مِنْ هَذَا قُلْنَا: بَلَى يَا رَسُولَ اللهِ قَالَ: " مَنْ خِيفَ شَرُّهُ وَلَمْ يُرْجَ خَيْرُهُ إِنَّ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ قَامَ فِي بَنِي إِسْرَائِيلَ الَ: يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ ا تَكَلَّمُوا بِالْحِكْمَةِ عِنْدَ الْجُهَّالِ فَتَظْلِمُوهَا وَلَا تَمْنَعُوهَا أَهْلَها فَتَظْلِمُوهُمْ، وَلَا تَظْلِمُوا بَيْنَكُمْ وَلَا تُعَاقِبُوا ظَالِمًا بِظُلْمِهِ فَيَبْطُلَ فَضْلُكُمْ إِنَّمَا الْأُمُورُ ثَلَاثَةٌ: أَمْرٌ بَيِّنٌ لَكَ رُشْدُهُ فَاتَّبِعْهُ، وَأَمْرٌ بَيِّنٌ لَكَ غَيُّهُ فَاجْتَنِبْهُ، وَأَمْرٌ اخْتُلِفَ فِيهِ فَرُدَّهُ إِلَى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: جەعـفەری کـوڕی سـولەیمان لە هیشـامی کـوری بـاوکی هیشـامەوە ئەویـش لە موحەممەدی کوڕی کەعبی قورەزییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کاتێ کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بوو بە خەلیفە ناردی بە دوای منا؛ من لە مەدینە بووم؛ جا من ڕۆیشتم بۆ لای عومەر؛ کاتێ ڕۆیشتمە ژوورەوە بۆ لای سەیرێکم کرد و چاوم لەسەر عومەر لانەدەبرد و زۆر سەرم سوڕمابوو.. عومەر فەرمووی: کوڕی کەعب ئەوە چییە بە جۆرێک سەیرم دەکەی تا ئێستا وەها سەیری منت نەکردووە؟ گوتم: سەرم سوڕماوە! فەرمووی: لە چی سەرت سوڕماوە؟ گوتم: گەورەی باوەڕداران! لەتۆ سەرم سوڕماوە؛ لە ڕەنگ و بۆی تۆ! لەوەی کە لاشەت چەندە لاواز بووە و موی سەرت هەڵوەریوە! عومەر فەرمووی: ئەگەر ئەگەر سێ ڕۆژ دوای مردن و دوای ئەوەی خرامە گۆڕەوە و چاوم دەرپۆقی و کەوتە سەر ڕومەتم و خوێن و کێماوو کرم بە کونە لوتما هاتنە خوارەوە ئەوکاتە زیاتر سەرت سوڕنامێنێ؟ ئادەی ئەو فەرمودەیەمان بۆ بگێرەوە کە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە پێیان گەیشتووە! موحەممەد دەفەرموێت: گوتم: لە عەبـدوڵڵای کـوڕی عەبباسـەوە لە پێغەمـبەری خـوداوە (ﷺ) فەرمـوویەتی: بەڕاسـتی

بەڕێزترین کۆڕو دانیشتن ئەوەیە کە ڕوی لە ڕووگە بێت؛ هەرگیز لە پشتەوەی مرۆڤی خەوتو نوێژ مەکەن؛ نوێژ لە دوای کەسێکەوە مەکەن کە خەریکی قسەکردنە؛ حەریر مەگۆڕنەوە بە پۆشاك؛ مارو دووپشك بکوژن ئەگەرچی لەناو نوێژیشدا بن؛ هەر کەسێ بە بێ پرس و مۆڵەت سەیری نووسراوی برادەرێکی بکات بێگومان سەیری ئاگری کردووە. دیسان فەرمووی: هەر کەسێ پێیخۆشە بەهێزترین کەس بێت ئەوا با پشت بە خوای گەورە ببەستێ؛ هەر کەسێکیش پێیخۆشە کە بەڕێزترین کەس بێت؛ ئەوا با لە هەمووان زیاتر لە خوای گەورە بترسێ؛ هەر کەسێکیش پێیخۆشە دەوڵەمەندترین کەس بێت؛ با بە ڕۆزق و ڕۆزیی خوای گەورە ڕازی بێت (و دەست بۆ شتێک نەبات کە خوای گەورە پێی ڕازی نییە) دوایی فەرمووی: دەتانەوێ پێتان بڵێم کێ خراپترینە کەستانە؟ گوتمان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! فەرمووی: ئەو کەسەی کە بە تەنیا خواردن دەخوات و نابەخشێت و کۆیلەی خۆی لێدان دەکات! دوایی فەرمووی: دەتانەوێ پێتان بڵێم لەو کەسەش خراپترە کێیە؟ گوتمان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ)! فەرمووی: ئەوەی کە ڕقی لە خەڵکەو خەڵکیش ڕقیان لەوە! دوایی فەرمووی: دەتانەوێ پێتان بڵێم لەو خراپتریش کێیە؟ گوتمان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! فەرمووی: ئەوانەی کە هەرگیز چاوپۆشی لە هیچ هەڵەیەک ناکەن؛ لە هیچ تاوانێک خۆش نابن؛ بیانوو بەهانەی هیچ کەسێک وەرناگرن! دوایی فەرمووی: دەتانەوێ پێتان بڵێم لەوەش خراپتر کێیە؟ گوتمان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! فەرمووی: ئەو کەسەی کە لە ئاژاوە و خراپەی بترسن و هەرگیز هیوای چاکەیان پێی نەبێت؛ بەڕاستی عیسای کوڕی مەریەم لەناو بەنی ئیسرائیلییەکانا هەستا و فەرمووی: ئەی بنەی ئیسرائیلییەکان! لە لای نەزانەکانا بە داناییەوە قسە مەکەن (چونکە قسەکردن بە دانایی حیکمەتەوە لە لای نەزانا ستەم کردنە لەو نەزانە) قسەی دانایانە لە کەسی شیاو مەگێڕنەوە و بەو هۆیەوە ستەمیان لێ مەکەن.. خۆتان لە ناو خۆتانا ستەم لە یەکتری مەکەن؛ ئەگەر کەسێک ستەمی کرد تۆڵەی لێ مەسێننەوە با گەورەیی ئێوە پوچەڵ نەبێتەوە.. سەری هەموو کارەکان سێ شتە: کارێ کە بە ئاشکرا چاکەو چاکەی ئێوەی تێدایە؛ ئەوە بچن بە دوایا.. کارێ کە بە ئاشکرا خراپەو زیانی ئێوەی تێدایە؛ ئەوە نزیکی مەبنەوە.. کارێکیش کە لێتانەوە ڕوون نییەو بەرچاوڕونیتان لە بارەیەوە نییە؛ ئەوە هەواڵەی خوای گەورەی بکەن.

١٧٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي عَبْدُ اللهِ بْنُ مَسْلَمَةَ بْنِ عَيَّاشٍ الْعَامِرِيُّ، حَدَّثَنَا أَشْعَثُ بْنُ نِزَارٍ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ زَيْدٍ الْجُدْعَانِيِّ، عَنْ عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ قَالَ: «مَنْ أَكْثَرَ ذِكْرَ الْمَوْتِ رَضِيَ بِالْقَلِيلِ، وَمَنْ عَلِمَ أَنَّ الْكَلَامَ مِنْ عَمَلِهِ أَمْسَكَ عَنِ الْكَلَامِ إِلَّا فِيمَا يَعْنِيهِ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسلەمەی کوڕی عەییاشی عامری لە ئەشعەبی کە...

عەلیی کوڕی زەیدی جەدعانییەوە ئەویش لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ زۆر بیر لە مردن بکاتەوە؛ ئەوە بە شتی کەم ڕازی دەبێت؛ هەر کەسێکیش بزانێ قسەکردنەکانی بەشێکە لە زانستی ئەو؛ ئەوا لە بارەی ئەو شتانەوە قسە ناکات کە پەیوەندی بە ئەوەوە نییە.

١٧٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ حُمَيْدٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ الْمُبَارَكِ، حَدَّثَنِي سُفْيَانُ، أَنَّ عُمَرَ بْنَ عَبْدِ الْعَزِيزِ، كَتَبَ إِلَى بَعْضِ عُمَّالِهِ: «أُوصِيكَ بِتَقْوَى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ وَالاقْتِصَادِ فِي أَمْرِهِ وَاتِّبَاعِ سُنَّةِ رَسُولِهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَتَرْكِ مَا أَحْدَثَ الْمُحْدِثُونَ بَعْدَهُ مِمَّا قَدْ جَرَتْ سُنَّتُهُ وَكُفُوا مُؤْنَتَهُ، وَاعْلَمْ أَنَّهُ لَمْ يَبْتَدِعْ إِنْسَانٌ بِدْعَةً إِلَّا قَدْ مَضَى فِيهَا مَا هُوَ دَلِيلٌ عَلَيْهَا، وَعِبْرَةٌ فِيهَا فَعَلَيْكُمْ بِلُزُومِ السُّنَّةِ فَإِنَّهَا لَكَ بِإِذْنِ اللهِ عِصْمَةٌ، وَاعْلَمْ أَنَّ مَنْ سَنَّ السُّنَنَ قَدْ عَلِمَ مَا فِي خِلَافِهَا مِنَ الْخَطَإِ وَالزَّلَلِ وَالتَّعَمُّقِ وَالْحُمْقِ فَإِنَّ السَّابِقِينَ عَنْ عِلْمٍ وَقَفُوا وَبِبَصَرٍ نَاقِدٍ كَفُّوا وَكَانُوا هُمْ أَقْوَى عَلَى الْبَحْثِ لَوْ بَحَثُوا».

واتە: ئەحمەدی کوڕی حومەید لە عەبدوڵڵای کوڕی موبارەکە ئەویش لە سوفیانەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز نامەیەکی بۆ یەکێک لە کاربەدەستەکانی نووسی فەرمووی: ئامۆژگاریت دەکەم بە تەقواو لەخوا ترسانو میانەڕەوی لە کاروبارەکانتاو شوێنکەوتنی سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و دوور کەوتنەوە لەو شتانەی کە لە دوای پێغەمبەری خوا (ﷺ) داهێنەرەکان دایانهێناوە و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بگرە بەر.. ئەوەش بزانە کە هیچ کەسێک هیچ داهێنراوێکی دانەهێناوە مەگەر ئەوەی کە بەڵگەیەک لە جۆی ئەو داهێنراوە هەیە؛ کەواتە ئەوەتان لەسەرە کە پابەندی سوننەت بن؛ بە یارمەتی خوای گەورە سوننەت پارێزەرتە.. ئەوەش بزانە کە هەر کەسێ سوننەت جێبەجێ بکات دەزانێ جوڵانەوە بە پێچەوانەی سوننەتەوە چەندە هەڵەو پەڵەی تێدایەو چەندە گەمژەیی و ناهەقییە؛ ئەوانەی پێشو لە ڕوی زانستەوە سوننەتیان بەکار دەهێنا؛ چاوکراوە بوون؛ لە ڕوی چاوکراوەیی و ژیرییەوە وازیان لە هەندێ کار هێناوە؛ ئەوانە لە گەڕان و باسکردنا بەهێزبوون ئەگەر گەڕابان.

١٧١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي عُبَيْدُ اللهِ بْنُ عُمَرَ الْقَوَارِيرِيُّ، حَدَّثَنَا زَائِدَةُ بْنُ أَبِي الرُّقَادِ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي ابْنُ الْعَيْزَارِ قَالَ: خَطَبَنَا عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ بِالشَّامِ عَلَى مِنْبَرٍ مِنْ طِينٍ فَحَمِدَ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ وَأَثْنَى عَلَيْهِ ثُمَّ تَكَلَّمَ بِثَلَاثِ كَلِمَاتٍ فَقَالَ: «أَيُّهَا النَّاسُ أَصْلِحُوا سَرَائِرَكُمْ

تَصْلُحْ عَلاَنِيَتُكُمْ وَاعْمَلُوا لآخِرَتِكُمْ تُكْفَوا دُنْيَاكُمْ، وَاعْلَمُوا أَنَّ رَجُلاً لَيْسَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ آدَمَ أَبٌ لَمُعْرَقٌ له فِي الْمَوْتِ وَالسَّلاَمُ عَلَيْكُمْ».

واتە: عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەری قەواریری لە زائیدەی کوڕی باوکی ڕوققادەوە ئەویش لە عەبدوڵڵاوە گێڕایەوە؛ ئەویش لە کوڕی عەیزارەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە شام لەسەر مینبەرێکی لەقوڕ دروستکراو وتاری بۆ داین؛ سەرەتا سوپاسی خوادی کرد و دوایی ستایشی خوای کرد؛ دوایی سێ شتی فەرموو: فەرمووی: خەڵکینە! ئێوە پەنهانییەکانی خۆتان چاک بکەن ئیتر دیوی دەرەوەتان خۆی چاک دەبێت؛ کار بۆ قیامەت بکەن ئیتر ئەوە بەشی دونیاشتان دەکات؛ ئەوەش بزانن کە هەر کەسێ لە نێوان ئەوو باوکە ئادەمیا باوکێک نەمابێ ئەوە ئیتر لە لێواری گۆڕایەو وەختی مردنییەتی! سڵاوی خوای گەورەتان لەسەر.

١٧١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عُبَيْدُ الله بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا مُعْتَمِرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ أَبِي زَائِدَةَ قَالَ: خَطَبَنَا عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ بِخُنَاصِرَةَ فَقَالَ: «اعْلَمُوا أَنَّ الْعِبَادَةَ أَدَاءُ الْفَرَائِضِ وَاجْتِنَابُ الْمَحَارِمِ».

واتە: عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەر لە موعتەمەری کوڕی سولەیمانەوە ئەویش لە عەلیی کوڕی باوکی زائیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە خوناصِیرە وتاری بۆ خوێندینەوە و فەرمووی: بزانن! خواپەرستی بریتیە لە جێبەجێ کردنی فەرزەکان و خۆدوورخستنەوە لەو شتانەی کە حەرام و قەدەغە کراوون.

١٧١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عُبَيْدُ الله بْنُ عُمَرَ الْقَوَارِيرِيُّ، حَدَّثَنَا أَبُو أَحْمَدَ الزُّبَيْرِيُّ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ بْنُ زِيَادَةَ الأُمَوِيُّ قَالَ: رَأَيْتُ عُمَرَ بْنَ عَبْدِ الْعَزِيزِ آخِذًا بِعُكْنَةٍ مِنْ عُكَنِ عَبْدِ الله بْنِ حَسَنٍ فَغَمَزَهَا وَقَالَ: «إِنِّي لأَرْجُو الشَّفَاعَةَ بِهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ».

واتە: عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەری قەواریری لە باوکی ئەحمەدی زوبەیرییەوە ئەویش لە شوعبەی کوڕی زیادی ئەمەوییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: چاوم بە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کەوت و وورگی گرت و دوایی سیخورمەیەکی تێکوتاو فەرمووی: بەڕاستی من تکای شەفاعەت و پاڕانەوەم بەمە هەیە لە ڕۆژی قیامەتا. (عەبدوڵڵا کوڕی حەسەن بوو؛ حەسەن کوڕەزای حەسەنی کوڕی حەزەتی عەلی بوو؛ پێشەوا عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە سەردەمی خۆیا کارێکی زۆر باشی بۆ بنەماڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد و نەیدەهێشت

هیچ کەسێک بە هیچ شێوەیەک ستەمیان لێ بکات و تەنانەت وەک دەردەکەوێ فەرموویەتی: هیوادارم لە ڕۆژی قیامەتدا ئەم عەبدوڵڵایە شەفاعەتم بۆ بکات).

١٧١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عُبَيْدُ الله بْنُ مُعَاذ الْعَنْبَرِيُّ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي مُرَّةُ، عَنْ مُحَمَّد بْنِ الْوَلِيد بْنِ عُتْبَةَ بْنِ أَبِي سُفْيَانَ، حَدَّثَنَا وَلِيدُ بْنُ هِشَامِ بْنِ أَبِي الْوَلِيد بْنِ عُقْبَةَ بْنِ أَبِي مُعَيْطٍ قَالَ: نَزَلْنَا أَرْضَ كَذَا وَكَذَا فَقَالَ رَجُلٌ: أَلَا تَسْمَعُ مَا يَقُولُ هَذَا الرَّاهِبُ زَعَمَ أَنَّ سُلَيْمَانَ أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ تُوُفِّيَ قَالَ: فَمَنِ اسْتُخْلِفَ بَعْدَهُ؟ قَالَ: الْأَشَجُّ عُمَرُ بْنُ عَبْد الْعَزِيز قَالَ: فَلَمَّا قَدِمْنَا الشَّامَ إِذَا هُوَ كَمَا قَالَ فَلَمَّا كَانَ الْعَامَ الرَّابِعَ نَزَلْنَا ذَلِكَ الْمَنْزِلَ فَأَتَاهُ ذَلِكَ الرَّجُلُ فَقَالَ: يَا رَاهِبُ، الْحَدِيثُ الَّذِي حَدَّثْتَنَاهُ وَجَدْنَاهُ كَمَا قُلْتَ قَالَ: فَإِنَّهُ وَالله لَقَدْ سُقِيَ عُمَرُ السُّمَّ قَالَ: فَأَتَيْتُ عُمَرَ فَأَخْبَرْتُهُ قَالَ: وَالله لَوْ شِئْتَ لَخَبَّرْتُكَ بِالسَّاعَةِ الَّتِي سُقِيتُ فِيهَا قُلْتُ: أَفَلَا تَتَدَارَكَ نَفْسَكَ؟ قَالَ: «مَا أُحِبُّ أَنْ يَكُونَ دَوَائِي أَنْ أَحُكَّ أُذُنِي».

واتە: موحەممەدی کوڕی وەلیدی کوڕی عوتبە لە وەلیدی کوڕی هیشامەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕۆیشتین بۆ فڵانە شوێن لەوێ پیاوێک گوتی: گوێتان لێیە ئەم ڕاهیبە چی دەڵێ؟! پێیوایە کە سولەیمان خەلیفەی باوەڕداران کۆچی دوایی کردووە!! پێی گوت: ئەی کێ بووەتە جێگرەوەی؟ دەفەرموێت: ئەشەج گوتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز! دەفەرموێت: کاتێ هاتینەوە بۆ شام ڕێک وا بوو کە ئەو ڕاهیبە گوتوبوی؛ جا بۆ ساڵی چوارەم دیسان ڕۆیشتینەوە بۆ هەمان شوێن؛ دیسان ئەو پیاوە ڕۆیشتەوە بۆ لای ئەو ڕاهیبەو پێی گوت: ئەی ڕاهیب! ئەو قسەیەی کە ئەوساڵە بە ئێمەت گوت ڕێک وابوو! ڕاهیبەکە گوتی: دەی بەخوا ئەوەش بزانن کە عومەر دەرمانخوارد کراوە! منیش بە پەلە ڕۆیشتم بۆ لای عومەر و ئەوەم پێگوت؛ عومەر فەرمووی: بەخوا گەر بتەوێ پێت دەڵێم لە چ کاتێکا دەرمانخوارد کراووم! پێمگوت: ئەی ناڕۆی هەواڵێکی خۆت بزانی؟ فەرمووی: ئەگەر دەرمانی من گوێچکە خوراندنێک بێ پێمخۆش نییە بەکاری بهێنم.

١٧١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحُسَيْنُ بْنُ عَبْد الْعَزِيز قَالَ: كَتَبَ إِلَيْنَا ضَمْرَةُ، عَنْ رَجَاءِ بْنِ أَبِي سَلَمَةَ قَالَ: لَمَّا مَاتَ عَبْدُ الْمَلِك بْنُ عُمَرَ بْنِ عَبْد الْعَزِيز كَتَبَ عُمَرُ بْنُ عَبْد الْعَزِيز إِلَى الْأَمْصَارِ يَنْهَى أَنْ يُنَاحَ عَلَيْهِ وَكَتَبَ أَنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ أَحَبَّ قَبْضَهُ وَأَعُوذُ بِالله أَنْ أُخَالِفَ مَحَبَّتَهُ".

واتە: حوسەینی کوڕی عەبدولعەزیز دەفەرموێت: زەمرە بۆی نووسین لە ڕەجای کوڕی

باوکی سەلەمەوە گێڕایەوە فەرمووویەتی: کاتێ عەبدولمەلیکی کوڕی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز مرد عومەر نامەیەکی بۆ شارەکان نووسی و نەهیی ئەوەی کرد کە کەس شین و شەپۆڕ بۆ مەرگی عەبدولمەلیك بکات؛ ئەوەیشی نووسی و فەرمووی: خوای گەورە خۆی پێی خۆشبووە کە گیانی بکێشێ؛ دەی پەنا دەگرم بە خوای گەورە لە شتێک کە دژی پێخۆشبوونی ئەو بێت.

١٧١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا هَارُونُ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، حَدَّثَنَا ابْنُ شَوْذَبٍ قَالَ: كَتَبَ صَالِحُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ وَصَاحِبٌ لَه قَدْ وَلَّاهُمَا عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ شَيْئًا مِنْ أُمُورِ الْعِرَاقِ قَالَ: فَكَتَبَا إِلَى عُمَرَ يُعْرِضَانِ عَلَيْهِ أَنَّ النَّاسَ لَا يُصْلِحُهُمْ إِلَّا السَّيْفُ قَالَ: فَكَتَبَ إِلَيْهِمَا: خَبِيثَيْنِ مِنَ الْخُبْثِ رَدِيئَيْنِ مِنَ الرَّدِيءِ تُعْرِضَانِ إِلَيَّ بِدِمَاءِ الْمُسْلِمِينَ مَا أَحَدٌ مِنَ النَّاسِ إِلَّا وَدَمُكُمَا أَهْوَنُ عَلَيَّ مِنْ دَمِهِ ".

واتە: زەمرە لە کوڕی شەوزەبەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: صاڵەحی کوڕی عەبدولڕەحمان و هاوڕێیەکی کە عومەر کردوبنی بە کاربەدەست؛ هەندێ دەنگوباسی عێراقیان نووسی و فەرمووی: ئەوەیان بۆ عومەر نووسی داوایان لێ کردبوو کە خەڵکی بە زەبری شمشێر نەبێ چاریان نایەت! دەفەرموێت: عومەر لە وەڵاما بۆی نووسین: دوو پیسی پیس و دوو خراپی خراپ دەیانەوێ خوێنی موسوڵمانان بڕێژم! بەخوا ڕژاندنی خوێنی ئێوەم بەلاوە ئاسانترە لە ڕژاندنی خوێنی هەر موسوڵمانێک.

١٧١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا مَنْصُورُ بْنُ بِشْرٍ، حَدَّثَنَا أَبُو سَعِيدٍ الْمُؤَذِّنُ، يَعْنِي مُحَمَّدَ بْنَ مُسْلِمِ بْنِ أَبِي الْوَضَّاحِ عَنْ عَبْدِ الْكَرِيمِ قَالَ: قِيلَ لِعُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ: جَزَاكَ اللهُ عَنِ الْإِسْلَامِ خَيْرًا قَالَ: «بَلْ جَزَى اللهُ الْإِسْلَامَ عَنِّي خَيْرًا».

واتە: بواکی سەعیدی بانگبێژ واتە: موحەممەدی کوری موسلیم لە عەبدولکەریمەوە دەگێڕێتەوە فەرمووویەتی: بە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز گوترا: خوای گەورە پاداشتی خێرت بداتەوە لەبری ئەوەی کە موسوڵمانان بوونەتە بار بەسەرتەوە! عومەر فەرمووی: نەخێر! خوای گەورە پاداشتی ئیسلام بداتەوە لە بری ئەوەی کە من بومەتە بار بەسەر ئیسلامەوە!

١٧١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ الصَّبَّاحِ الْبَزَّارُ أَبُو جَعْفَرٍ، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ زِيَادٍ، عَنْ طَلْحَةَ بْنِ يَحْيَى قَالَ: كُنْتُ جَالِسًا عِنْدَ عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ فَجَاءَهُ رَجُلٌ فَقَالَ لَه: يَا أَمِيرَ

باوکی سەلەمەوە گێرایەوە فەرمووویەتی: کاتێ عەبدولمەلیکی کوڕی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز مرد عومەر نامەیەکی بۆ شارەکان نووسی و نەهیی ئەوەی کرد کە کەس شینِ و شەپۆڕ بۆ مەرگی عەبدولمەلیك بکات؛ ئەوەیشی نووسی و فەرمووی: خوای گەورە خۆی پێی خۆشبووە کە گیانی بکێشێ؛ دەی پەنا دەگرم بە خوای گەورە لە شتێک کە دژی پێخۆشبوونی ئەو بێت.

١٧١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا هَارُونُ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، حَدَّثَنَا ابْنُ شَوْذَبٍ قَالَ: كَتَبَ صَالِحُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ وَصَاحِبٌ لَه قَدْ وَلَّاهُمَا عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ شَيْئًا مِنْ أُمُورِ الْعِرَاقِ قَالَ: فَكَتَبَا إِلَى عُمَرَ يُعْرِضَانِ عَلَيْهِ أَنَّ النَّاسَ لَا يُصْلِحُهُمْ إِلَّا السَّيْفُ قَالَ: فَكَتَبَ إِلَيْهِمَا: خَبِيثَيْنِ مِنَ الْخُبْثِ رَدِيئَيْنِ مِنَ الرَّدِيءِ تُعْرِضَانِ إِلَيَّ بِدِمَاءِ الْمُسْلِمِينَ مَا أَحَدٌ مِنَ النَّاسِ إِلَّا وَدَمُكُمَا أَهْوَنُ عَلَيَّ مِنْ دَمِه ".

واتە: زەمرە لە کوڕی شەوزەبەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: صاڵەحی کوڕی عەبدولڕەحمان و هاوڕێیەکی کە عومەر کردوبنی بە کاربەدەست؛ هەندێ دەنگوباسی عێراقیان نووسی و فەرمووی: ئەوەیان بۆ عومەر نووسی داوایان لێ کردبوو کە خەڵکی بە زەبری شمشێر نەبێ چاریان نایەت! دەفەرموێت: عومەر لە وەڵاما بۆی نووسین: دوو پیسی پیس و دوو خراپی خراپ دەیانەوێ خوێنی موسوڵمانان بڕێژم! بەخوا ڕژاندنی خوێنی ئێوەم بەلاوە ئاسانترە لە ڕژاندنی خوێنی هەر موسوڵمانێک.

١٧١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا مَنْصُورُ بْنُ بِشْرٍ، حَدَّثَنَا أَبو سَعِيدٍ الْمُؤَذِّنُ، يَعْنِي مُحَمَّدَ بْنَ مُسْلِمِ بْنِ أَبِي الْوَضَّاحِ عَنْ عَبْدِ الْكَرِيمِ قَالَ: قِيلَ لِعُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ: جَزَاكَ اللهُ عَنِ الْإِسْلَامِ خَيْرًا قَالَ: «بَلْ جَزَى اللهُ الْإِسْلَامَ عَنِّي خَيْرًا».

واتە: بواکی سەعیدی بانگبێژ واتە: موحەممەدی کوری موسلیم لە عەبدولکەریمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز گوترا: خوای گەورە پاداشتی خێرت بداتەوە لەبری ئەوەی کە موسوڵمانان بوونەتە بار بەسەرتەوە! عومەر فەرمووی: نەخێر! خوای گەورە پاداشتی ئیسلام بداتەوە لە بری ئەوەی کە من بومەتە بار بەسەر ئیسلامەوە!

١٧١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ الصَّبَّاحِ الْبَزَّارُ أَبو جَعْفَرٍ، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ زِيَادٍ، عَنْ طَلْحَةَ بْنِ يَحْيَى قَالَ: كُنْتُ جَالِسًا عِنْدَ عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ فَجَاءَهُ رَجُلٌ فَقَالَ لَه: يَا أَمِيرَ

الْمُؤْمِنِينَ، أَبْقَاكَ الله مَا كَانَ الْبَقَاءُ خَيْرًا لَكَ فَقَالَ: أَمَّا ذَاكَ فَقَدْ فُرِغَ مِنْهُ وَلَكِنْ قُلْ: «أَحْيَاكَ الله حَيَاةً طَيِّبَةً وَتَوَفَّاكَ مَعَ الْأَبْرَارِ».

واتە: موحەممەدی کوڕی صەبباح لە ئیسماعیلی کوڕی زیادەوە ئەویش لە تەڵحەی کوڕی یەحیاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: مـن لە لای عـومەری کـوڕی عەبـدولعەزیزا دانیشـتبوم؛ پیاوێک هات و گوتی: ئەی گەورەی باوەڕداران! هەتا مانەوە بۆ تۆ چاک بێت خوای گەورە بتهێڵێتەوە.. عـومەر فەرمـووی: دەی ئەوە تەواو بـووە و لێبـووەتەوە؛ مـن کەی چاک بـووم تـا بمێنمەوە؟! وا مەڵێ بەڵکـوو بڵێ: خـوای گەورە بە ژیـانێکی بـاش و پـاك بتژێنـێ؛ لە ڕیـزی پیاوچاکانیشا بتمرێنێ.

١٧١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ مُسْلِم أَبو الْعَبَّاس الدِّمَشْقِيُّ، بِمَكَّةَ، عَنِ الْأَوْزَاعِيِّ، عَنْ عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ قَالَ: «مَا أُحِبُّ أَنْ تُهَوَّنَ عَلَيَّ سَكَرَاتُ الْمَوْتِ إِنَّهُ آخِرُ مَا يُكَفَّرُ بِهِ عَنِ الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ».

واتە: وەلیدی کوڕی موسلیم لە مەککە لە ئەوزاعیەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز فەرمووی: من پێم خۆش نییە کە ئێش و ئازاری سەرەمەرگ و مردنم لەسەر سوك بێ؛ چونکە ئەوە کۆتا شتە کە دەبێتە کەفارەتی تاوانەکانی مرۆڤی موسوڵمان.

١٧١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي الْوَلِيدُ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا الْأَوْزَاعِيُّ، أَنَّ عُمَرَ بْنَ عَبْدِ الْعَزِيزِ، كَانَ يَأْمُرُ نِسَاءَهُ وَبَنَاتَهُ بِالْغُسْلِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ ".

واتە: وەلیدی کوڕی موسلیم لە ئەوزاعیەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عـومەری کـوڕی عەبدولعەزیز هەموو ڕۆژێکی هەینی فرمانی دەکرد بە ژنەکان و کچەکانی خۆیان بشۆن (واتە: خۆشۆرینی سوننەتی هەینی جێبەجێ بکەن).

١٧٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَكَمُ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنِ الْحَكَمِ بْنِ أَبِي غَيْلَانَ، عَنْ مُصْعَبِ بْنِ أَبِي أَيُّوبَ قَالَ: سَمِعْتُ عُمَرَ بْنَ عَبْدِ الْعَزِيزِ، عَلَى الْمِنْبَرِ يَقُولُ: «إِنَّ الله لَوْ أَرَادَ أَنْ لَا يُعْصَى مَا خَلَقَ إِبْلِيسَ، لَعَنَهُ الله».

واتە: زەمـرە لە حەکەمـی کـوڕی بـواکی غەیـلانەوە ئەویـش لە موصعەبی کـوڕی بـاوکی ئەییوبەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بـوو لەسەر مینبەر دەیفەرموو: بەڕاستی خـوای گەورە گەر بـیەوێ لەسـەر زەویـدا تـاوان نەکرێ؛ ئەوا ئیبلیسی

(نەفرەتی خوای لێ بێت) نەدەهێشتەوە (لە فەرموودەدا هاتووە کە خوای گەورە پێی خۆشە لە تاوانی بەندەکانی خۆش ببێ؛ لە فەرموودەیەکیترا هاتووە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر ئێـوە تـاوان نەکەن و داوای لێبـوردن لە خـوای گەورە نەکەن؛ ئەوا خـوای گەورە چینێکیتر مرۆڤ دروست دەکات بۆ ئەوەی تـاوان بکەن و داوای لێبوردن لە خوای گەورە بکەن.. ئەمەش مەبەست ئەوە نییە کە مرۆڤ بەری بۆ شل ببێت و دەست بە تاوان بکات؛ بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە مرۆڤ دوای هەموو تاوانێک داوای لێبوردن بکات و مرۆڤ بۆ داوای لێبوردن هان دەدات نەك بۆ تاوان).

١٧٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبُو صَالِحٍ الْحَكَمُ بْنُ مُوسَى، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنْ عَبْدِ الْعَزِيزِ بْنِ الْخَطَّابِ قَالَ: قَالَ عَبْدُ الْعَزِيزِ بْنُ عُمَرَ، قَالَ لِي رَجَاءُ بْنُ حَيْوَةَ: مَا رَأَيْتُ أَحَدًا أَكْمَلَ عَقْلًا مِنْ أَبِيكَ قَالَ: سَهِرْتُ مَعَهُ ذَاتَ لَيْلَةٍ فَغَشَّى السِّرَاجُ فَقَالَ لِي: يَا رَجَاءُ: إِنَّ السِّرَاجَ قَدْ غَشَّى قَالَ: وَوَصِيفٌ نَائِمٌ إِلَى جَانِبِنَا قَالَ: فَقُلْتُ لَهُ: فَأُنَبِّهُ الْوَصِيفَ؟ قَالَ: قَدْ نَامَ قَالَ: فَقُلْتُ لَهُ: فَأَقُومُ أَنَا فَأُصْلِحُهُ؟ قَالَ: لَيْسَ مِنْ مُرُوءَةِ الرَّجُلِ اسْتِخْدَامُ ضَيْفِهِ قَالَ: وَوَضَعَ تَاجَهُ فَأَتَى السِّرَاجَ فَأَخْرَجَ فَتِيلَتَهُ وَأَخْرَجَ بَطَّةً فَفَتَحَهَا وَصَبَّ فِي السِّرَاجِ مِنْهَا ثُمَّ رَجَعَ فَقَالَ: «قُمْتُ وَأَنَا عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ وَرَجَعْتُ وَأَنَا عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ».

واتە: زەمرە لە عەبدولعەزیزی کوڕی خەتتابەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدولعەزیزی کوڕی عومەر فەرمووی: ڕەجای کوڕی حەیوە پێی گوتم: هیچ کەسێکم نەدیوە هێندەی باوکت ژیرو عاقڵ بێ؛ شەوێک لە خزمەتیا دانیشتبوم قسەمان دەکرد؛ چراکە کوژایەوە؛ فەرمووی: ڕەجا چراکە کـوژایەوە! وەصیفیش لەولاوە لە نزیك ئێمە خەوتبوو؛ گوتم: دەی بـا وەصیف لەخەو هەستێنم پـڕی بکـاتەوە لە زەیـت! فەرمـووی: نـا وەصـیف خەوتـووە.. گـوتم: دەی مـن هەڵدەستم و چـاکی دەکەم! فەرمـووی: دەی ئەوە کەی پیـاوەتیە مرۆڤ کـار بە میـوانی خۆی بکـات؟! جـا خـۆی هەسـتا و تـاجەکەی سـەری لابـردو چـراکەی هێنـاو پلێـتەکەی دەرهێنـاو مەتارەیەکی دەرهێناو کردیەوە و زەیتی ڕشتە ناو چراکەو دوایی گەڕایەوە و فەرمووی: کاتێ هەستام عـومەری کـوڕی عەبـدولعەزیز بـوم؛ ئێسـتاش کە گەڕاومەتەوە هەر عـومەری کـوڕی عەبدولعەزیزم!

١٧٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ الْجَرَوِيُّ قَالَ: كَتَبَ إِلَيْنَا ضَمْرَةُ، عَنْ إِسْمَاعِيلَ بْنِ عَيَّاشٍ، عَنْ عَمْرِو بْنِ الْمُهَاجِرِ قَالَ: كَانَ نَفَقَةُ عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ كُلَّ يَوْمٍ دِرْهَمَيْنِ ".

واتە: حەسەنی کوڕی عەبدولعەزیزی جەرەوی فەرمووی: زەمرە لە ئیسماعیلی کوڕی عەییاشەوە ئەویش لە عەمری کوڕی موهاجیرەوە گێرایەوە فەرموویەتی: خەرجیی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بۆ هەر ڕۆژێک دوو دیرهەم بوو.

١٧٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ سُفْيَانَ قَالَ: قَالَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ: «مَنْ لَمْ يُعِدَّ كَلَامَهُ مِنْ عَمَلِهِ كَثُرَتْ ذُنُوبُهُ».

واتە: عەبدولڕەحمان لە سوفیانەوە گێڕایەوە ئەرمووی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز فەرمووی: هەر کەسێ قسەکانی بەر کار و کردەوەکانی نەکەوێت (واتە: قسەکانی یاد و زیکری خوا نەبێ و قسەی چاک و خێر نەبێ) ئەوە تاوانی زۆر زۆر دەبێ.

١٧٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَهْبٌ، حَدَّثَنَا أَبِي قَالَ: سَمِعْتُ الْمُغِيرَةَ بْنَ حَكِيمٍ قَالَ: قَالَتْ فَاطِمَةُ بِنْتُ عَبْدِ الْمَلِكِ امْرَأَةُ عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ: يَا مُغِيرَةُ، إِنِّي أَعْلَمُ أَنَّهُ قَدْ يَكُونُ مِنَ النَّاسِ مَنْ هُوَ أَكْثَرُ صَلَاةً وَصَوْمًا مِنْ عُمَرَ، فَأَمَّا أَنْ أَكُونَ رَأَيْتُ رَجُلًا أَشَدَّ فَرَقًا مِنْ رَبِّهِ عَزَّ وَجَلَّ مِنْ عُمَرَ فَإِنِّي لَمْ أَرَهُ، كَانَ إِذَا صَلَّى الْعِشَاءَ الْآخِرَةَ أَلْقَى نَفْسَهُ فِي مَسْجِدِهِ فَيَدْعُو وَيَبْكِي حَتَّى تَغْلِبَهُ عَيْنُهُ، ثُمَّ يَنْتَبِهُ فَيَدْعُو وَيَبْكِي حَتَّى تَغْلِبَهُ عَيْنُهُ فَهُوَ كَذَلِكَ حَتَّى يُصْبِحَ".

واتە: وەهب لە باوکی خۆیەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە موغیرەی کوڕی حەکیم بوو دەیفەرموو: فاتیمەی کچی عەبدولمەلیك واتە: فاتیمەی ژنی عومەر گوتی: موغیرە! من دەزانم کە لە ناو خەڵکدا زۆرن ئەوانەی کە نوێژو ڕۆژویان لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز زیاترە؛ بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئایا من کەسم دیوە کە لە عومەر زیاتر لەخواترس بێ؛ ئەوە هەرگیز شتی وام نەدیوە؛ عومەر عادەتی وا بوو کاتێ نوێژی خەوتنانی دەکرد دەچوە شوێنە تایبەتەکەی خۆی کە کردبوی بە مزگەوت بۆ خۆی؛ لەوێ دەستی بە پاڕانەوە دەکردو ئەوەندە دەگریا تا چاوەکانی دەچوە خەو؛ دوایی بە ئاگا دەهاتەوە و دەستی بە پارانەوە و گریان دەکردو ئەوەندە دەگریا تا دیسان چاوەکانی دەچونەوە خەو؛ ئیتر هەتا بەیانی هەروابوو.

١٧٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا جَرِيرُ بْنُ حَازِمٍ، حَدَّثَنَا زِيَادُ بْنُ أَبِي زِيَادٍ قَالَ: أَرْسَلَنِي ابْنُ عَيَّاشِ بْنِ أَبِي رَبِيعَةَ إِلَى عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ فِي حَوَائِجَ لَهُ فَدَخَلْتُ عَلَيْهِ وَعِنْدَهُ كَاتِبٌ يَكْتُبُ فَقُلْتُ: السَّلَامُ عَلَيْكُمْ، فَقَالَ: وَعَلَيْكُمُ السَّلَامُ ثُمَّ انْتَهَيْتُ فَقُلْتُ: السَّلَامُ عَلَيْكَ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ وَرَحْمَةُ الله فَقَالَ: يَا ابْنَ زِيَادٍ إِنَّا لَسْنَا نُنْكِرُ الْأُولَى الَّتِي قُلْتَ،

وَالْكَاتِبُ يَقْرَأُ عَلَيْهِ مَظَالِمَ جَاءَتْ مِنَ الْبَصْرَةِ فَقَالَ لِي: اجْلِسْ فَجَلَسْتُ عَلَى أُسْكُفَّةِ الْبَابِ وَهُوَ يَقْرَأُ عَلَيْهِ وَعُمَرُ يَتَنَفَّسُ الصُّعَدَاءَ فَلَمَّا فَرَغَ أَخْرَجَ مَنْ كَانَ فِي الْبَيْتِ حَتَّى وَصِيفًا كَانَ فِيهِ ثُمَّ قَامَ يَمْشِي إِلَيَّ حَتَّى جَلَسَ بَيْنَ يَدَيَّ وَوَضَعَ يَدَيْهِ عَلَى رُكْبَتِي ثُمَّ قَالَ: يَا ابْنَ أَبِي زِيَادٍ اسْتَدْفَأْتَ فِي مِدْرَعَتِكَ هَذِهِ؟ قَالَ: وَعَلَيَّ مِدْرَعَةٌ مِنْ صُوفٍ وَاسْتَرَحْتَ مِمَّا نَحْنُ فِيهِ؟ ثُمَّ سَأَلَنِي عَنْ صُلَحَاءِ أَهْلِ الْمَدِينَةِ رِجَالِهِمْ وَنِسَائِهِمْ فَمَا تَرَكَ مِنْهُمْ أَحَدًا إِلَّا سَأَلَنِي عَنْهُ وَسَأَلَنِي عَنْ أُمُورٍ كَانَ أَمَرَ بِهَا بِالْمَدِينَةِ فَأَخْبَرْتُهُ ثُمَّ قَالَ: يَا ابْنَ أَبِي زِيَادٍ، أَمَا تَرَى مَا وَقَعْتُ فِيهِ قَالَ: قُلْتُ: أَبْشِرْ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ إِنِّي لَأَرْجُو لَكَ خَيْرًا قَالَ: هَيْهَاتَ هَيْهَاتَ ثُمَّ بَكَى حَتَّى جَعَلْتُ أَرْثِي لَهُ قَالَ: قُلْتُ: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، بَعْضَ مَا تَصْنَعُ فَإِنِّي أَرْجُو لَكَ خَيْرًا قَالَ: هَيْهَاتَ هَيْهَاتَ، " أَشْتُمُ وَلَا أُشْتَمُ وَأَضْرِبُ وَلَا أُضْرَبُ وَأُوذِي وَلَا أُوذَى قَالَ: ثُمَّ بَكَى حَتَّى جَعَلْتُ أَرْثِي لَهُ فَأَقَمْتُ حَتَّى قَضَى حَوَائِجِي وَكَتَبَ إِلَى مَوْلَايَ يَسْأَلُهُ أَنْ يَبِيعَنِي مِنْهُ ثُمَّ أَخْرَجَ مِنْ تَحْتِ فِرَاشِهِ عِشْرِينَ دِينَارًا فَقَالَ: اسْتَعِنْ بِهَذِهِ فَإِنَّهُ لَوْ كَانَ لَكَ فِي الْفَيْءِ حَقٌّ أَعْطَيْنَاكَ إِنَّمَا عَبْدٌ، فَأَبَيْتُ أَنْ آخُذَهَا فَقَالَ: إِنَّمَا هِيَ مِنْ نَفَقَتِي فَلَمْ يَزَلْ بِي حَتَّى أَخَذْتُهَا وَكَتَبَ إِلَى مَوْلَايَ يَسْأَلُهُ أَنْ يَبِيعَنِي مِنْهُ فَأَبَى وَأَعْتَقَنِي ".

واتە: یەزید لە جەریری کوڕی حازمەوە ئەویش لە زیادی کوڕی باوکی زیادەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: کوڕی عەییاشی و کوڕی باوکی ڕەبیعە ناردمی بۆ لای عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بۆ چەند کارێکی پێویستی خۆی؛ منیش ڕۆیشتم بۆ لای عومەر و کاتێ چومە ژوورەوە بۆ لای نووسەرێکی لە خزمەتا بوو؛ سەلامم کرد و گوتم: السلام علیکم.. عومەر فەرمووی: وعلیکم السلام.. دوایی ڕۆیشتە پێشەوە و گوتم: سڵاوو ڕەحمەت و میهرەبانیی خوای گەورەت لەسەر بێ ئەی گەورەی باوەڕداران! فەرمووی: کوڕی زیاد! ئێمە سەلام کردنەکەی یەکەمجارمان پێ ناخۆش نەبوو.. نووسەرەکە سکاڵانامەی ئەو کەسانەی بۆ عومەر دەخوێندەوە کە لە بەصرەوە بۆیان نووسیبوو؛ عومەر بە منی فەرموو: دانیشە! منیش لە لای لاشیپانەی دەرگاکە دانیشتم، نووسەرەکە هەر شتی دەخوێندەوە و عومەر هەناسەی قوڵ و ئاخی هەڵدەکێشا! دوای ئەوەی لێبوویەوە هەرچی لەو ژوورەدابوو دەری کردە دەرەوە، تەنانەت خزمەتکارێکی بچووکیش لەوێ بوو ئەویشی دەر کردە دەرەوە و هات و لە لای منا دانیشت و دەستی خستە سەر ئەژنۆکانم و فەرمووی: کوڕی زیاد! تۆ بەم فەروەی بەرت خۆتت گەرم کردووەتەوە. من فەروەیەکم لەبەرا بوو- لەم سەرەئێشەی کە ئێمەی تێدایە دووری! دوایی هەواڵی مرۆڤە چاکەکانی مەدینەی لێ پرسیم، دانە دانە بە پیاوو بە ژنەوە هەواڵی هەموویانی پرسی، تەنانەت یەکێکی لە بیر نەچو، دوایی پرسیاری کاروباری مەدینەی لێ کردم و منیش وەڵامم دایەوە.. دوایی فەرمووی: کوڕی زیاد! دەبینی کەوتومەتە

تاو چ زەحمەت و کێشەو دەردی سەرییەکەوە؟! منیش گوتم: قوربان مزگێنیت لێ بێت! من پێم وایە خێرو بەرەکەتت تووش بووە! فەرمووی: ئای ئەوە چەندە دوورە! خۆزگە وابا! .. دوایی ئەوەندە گریا من دڵم دەدایەوە.. دوایی گوتم: ئەی گەورەی باوەڕداران! تۆ سەیری کارە گەورەکانی خۆت بکە! من هیوای خێرم بە جەنابت هەیە! فەرمووی: ئای کەوا نییە، من قسەی ڕەق دەکەم قسەی ڕەقم لەڕودا ناکرێ، لە خەڵکی دەدەم لێم نادرێ، ئەزیەتی خەڵکی دەدەم ئەزیەتم نادرێ!

دوایی دەستی بە گریان کردەوە و منیش دڵم دەدایەوە.. دوایی ئەوەندە مامەوە تا کاروبارەکانی بۆ جێبەجێ کردم، دوای ئەوە لە ژێر فەرشەکەیا بیست دیناری دەرهێناو فەرمووی: ئەمە بگرەو بە هاوکاری ئەم پارەیە کارەکانت جێبەجێ بکە! ئەگەر تۆش لە دەسکەوتا بەشێکت هەبێ ئەوا بەشی خۆتت وەرگرتووە، چونکە تۆ کۆیلەی! منیش شینکاریم دەکردو دەمەویست وەری نەگرم.. فەرمووی: وەری بگرە ئەمە پارەی خۆمە (واتە: پەیوەندی بە پارەی بەیتولماڵەوە نییە) ئیتر ئەوەندە زۆری لێ کردم تا وەرمگرت.. دوایی نامەیەکی بۆ گەورەکەی من نووسی و داوای لێ کردبوو کە منی پێ بفرۆشێ! گەورەکەم منی پێ نەفرۆشت و ئازادی کردم.

١٧٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا زَيْدُ بْنُ الْحُبَابِ، حَدَّثَنِي عَيَّاشُ بْنُ عُقْبَةَ قَالَ: بَلَغَنِي أَنَّ عُمَرَ بْنَ عَبْدِ الْعَزِيزِ، كَانَ يُكْثِرُ أَنْ يَقُولَ: «اللهمَّ سَلِّمْ سَلِّمْ».

واتە: زەیدی کوڕی حوباب لە عەییاشی کوڕی عوقبەوە گێڕایەوە فەرمووی: بیستوومە کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز زۆر ئەم پاڕانەوەی دووبارە دەکردەوە و دەیفەرموو: خوایە سەلامەتی سەلامەتی! (یان: خوایە دان دەنێم بە هەموو تاوان و کەموکورییەکی خۆما).

١٧٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ مَالِكٍ قَالَ: قَالَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ لِرَجُلٍ: " مَنْ سَيِّدُ قَوْمِكَ؟ قَالَ: أَنَا قَالَ: «لَوْ كُنْتَ كَذَلِكَ لَمْ تَقُلْه».

واتە: عەبدولڕەحمان لە مالیکەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بە پیاوێکی فەرموو: کێ گەورەی هۆزەکەی ئێوەیە؟ پیاوەکە گوتی: من! عومەر فەرمووی: ئەگەر گەورە بویتایە نەتدەگوت: من!

١٧٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مَرْوَانُ بْنُ شُجَاعٍ أَبُو عَمْرٍو، حَدَّثَنِي إِبْرَاهِيمُ بْنُ أَبِي عَبْلَةَ الْعُقَيْلِيُّ، مِنْ أَهْلِ بَيْتِ الْمَقْدِسِ قَالَ: غَضِبَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ يَوْمًا عَلَى رَجُلٍ غَضَبًا شَدِيدًا فَبَعَثَ إِلَيْهِ فَأُتِيَ بِهِ فَجَرَّدَهُ وَمَدَّهُ فِي الْحِبَالِ ثُمَّ دَعَا بِالسِّيَاطِ حَتَّى إِذَا قُلْنَا هُوَ ضَارِبُهُ قَالَ: خَلُّوا سَبِيلَهُ، أَمَا أَنِّي لَوْلَا أَنِّي غَضْبَانُ لَسُؤْتُهُ. قَالَ: وَتَلَا هَذِهِ الْآيَةَ: ﴿وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ وَٱلْعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٣٤﴾﴾ آل عمران: ١٣٤ ".

واتە: مەڕوانی کوڕی شوجاع لە ئیبراهیمی کوڕی باوکی عەبلەوە کە خەڵکی بەیتولمەقدیس بووە؛ دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕۆژێک عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بە توندی لە پیاوێک تووڕە بوو؛ ناردی پیاوەکەیان هێناو کراسکەیان لەبەر داکەندو بە گوریس بەستیانەوە؛ دوایی داوای قامچیی کرد؛ هەمومان گوتمان ئێستە بە قامچی تێر لێدانی دەکات؛ دوایی فەرمووی: بەری بدەن با بڕوا! بەخوا لەبەر ئەوە نەبوایە کە تووڕەم؛ خراپم بەسەر دەهێنا.. دوایی عومەر ئەم ئایەتەی خوێندەوە (مانای ئایەتەکە): ئەوانەی ڕق و کینەی خۆیان دەخۆنەوە و خۆگرن، لە خەڵکی خۆش دەبن و لێیوووردەن، خوای میهرەبانیش چاکەکارو چاکەخوازانی خۆش دەوێت.

١٧٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مَعْمَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ الرَّقِّيُّ، حَدَّثَنَا فُرَاتُ بْنُ سُلَيْمَانَ، عَنْ مَيْمُونِ بْنِ مِهْرَانَ، أَنَّ عَبْدَ الْمَلِكِ بْنَ عَبْدِ الْعَزِيزِ، قَالَ لَهُ: يَا أَبَةِ، مَا يَمْنَعُكَ أَنْ تَمْضِيَ لِمَا تُرِيدُ مِنَ الْعَدْلِ فَوَاللهِ مَا كُنْتُ أُبَالِي وَلَوْ غَلَتْ بِي وَبِكَ الْقُدُورُ فِي ذَلِكَ قَالَ: «يَا بُنَيَّ إِنَّمَا أَنَا أُرَوِّضُ النَّاسَ رِيَاضَةَ الصَّعْبِ إِنِّي لَا أُرِيدُ أَنْ أُحْيِيَ الْأَمْرَ مِنَ الْعَدْلِ فَأُؤَخِّرُهُ حَتَّى أُخْرِجَ مَعَهُ طَمَعًا مِنْ طَمَعِ الدُّنْيَا فَيَنْفِرُوا مِنْ هَذِهِ وَيَسْكُنُوا لِهَذِهِ».

واتە: مەعمەری کوڕی سولەیمان لە فوراتی کوڕی سولەیمانەوە ئەویش لە مەیمونی کوڕی میهرانەوە دەگێڕێتەوە کە عەبدولمەلیکی کوڕی (عومەری کوڕی) عەبدولعەزیز بە باوکی گوت: باوکە! چ شتێک بووەتە بەربەست لە بەردەمتا بۆ جێبەجێ کردنی دادگەری؟ بەخوا من گوێم لێ نییە ئەگەر لەو پێناوەدا قابلەمە ئاو بۆ من و بۆ تۆش بکوڵێنن! عومەر فەرمووی: ڕۆڵە! من دەمەوێ ڕاهێنانێکی سەخت بەم خەلکە بکەم! من دەمەوێ هەموو دادگەرییەکان زیندوو بکەمەوە، جا هەندێکیان دوا دەخەم بۆ ئەوەی تەماعی دونیا لە گیانی خەڵکدا دەربێنم، بۆ ئەوەی ئەگەر دادگەری و تەماعی دونیا پێکەوە ڕاگیر کران؛ خەڵکی بەرەو لای دادگەری ڕا بکات.

١٧٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مَعْمَرٌ، يَعْنِي ابْنَ سُلَيْمَانَ الرَّقِّيَّ قَالَ: قَالَ مَيْمُونُ بْنُ مِهْرَانَ: «مَا رَأَيْتُ ثَلَاثَةً فِي بَيْتٍ خَيْرًا مِنْ عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ وَابْنِهِ عَبْدِ الْمَلِكِ وَمَوْلَاهُ مُزَاحِمٍ».

واته: مەعمەر واته: مەعمەری کوڕی سولەیمان لە مەیمونی کوڕی میهرانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەخوا هیچ کاتێ نەمدیوە لە ماڵێکا سێ کەس هەبن هێندەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزو عەبدولمەلیکی کوڕی عومەر و موزاحیمی کۆیلەی عومەر چاک بن!

١٧٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ بْنِ زِيَادِ بْنِ أَبِي حَسَّانَ، أَنَّهُ شَهِدَ عُمَرَ بْنَ عَبْدِ الْعَزِيزِ حِينَ دَفَنَ ابْنَهُ عَبْدَ الْمَلِكِ قَالَ: لَمَّا دَفَنَهُ وَسَوَّى عَلَيْهِ التُّرَابَ وَسَوَّوْا قَبْرَهُ بِالْأَرْضِ وَوَضَعُوا عِنْدَهُ خَشَبَتَيْنِ مِنْ زَيْتُونٍ إِحْدَاهُمَا عِنْدَ رَأْسِهِ وَالْأُخْرَى عِنْدَ رِجْلَيْهِ ثُمَّ جُعِلَ قَبْرُهُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْقِبْلَةِ فَاسْتَوَى قَائِمًا وَأَحَاطَ بِهِ النَّاسُ فَقَالَ: «رَحِمَكَ الله يَا بُنَيَّ فَقَدْ كُنْتَ بَرًّا بِأَبِيكَ وَالله مَا زِلْتُ مُنْذُ وَهَبَكَ الله لِي مَسْرُورًا بِكَ وَلَا وَالله مَا كُنْتُ قَطُّ أَشَدَّ بِكَ سرورا وَلَا أَرْجَى لِحَظِّي مِنَ الله تَعَالَى فِيكَ مُنْذُ وَضَعْتُكَ فِي هَذَا الْمَنْزِلِ الَّذِي صَيَّرَكَ الله إِلَيْهِ فَرَحِمَكَ الله وَغَفَرَ لَكَ ذَنْبَكَ وَجَزَاكَ بِأَحْسَنِ عَمَلِكَ وَرَحِمَ كُلَّ شَافِعٍ يَشْفَعُ لَكَ بِخَيْرٍ مِنْ شَاهِدٍ أَوْ غَائِبٍ رَضِينَا بِقَضَاءِ الله وَسَلَّمْنَا لِأَمْرِهِ وَالْحَمْدُ لله رَبِّ الْعَالَمِينَ ثُمَّ انْصَرَفَ».

واته: ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی زیاد گێڕایەوە کە چاوی بە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کەوتووە کاتێ عەبدولمەلیکی کوڕیان ئەسپەردە دەکرد؛ دوای ئەوەی ئەسپەردە کراو خۆڵی سەر گۆڕەکەی تەخت کراو گۆڕەکەی لەگەڵ زەویدا ڕێککراو دوو تەختەیان لە داری زەیتون لەمسەرو ئەوسەری گۆڕەکەی چەقاند؛ یەکێک لە لای سەری و ئەویتر لە لای قاچی؛ جا عومەر لەمدیو گۆڕەکە وەستا؛ گۆڕەکە کەوتبووە نێوان عومەر و ڕوگەوە؛ خەڵکی چواردەوریان گرتبوو عومەر فەرمووی: کوڕم! خوای گەورە بەزەیی خۆی بڕژێنێ بەسەرتا؛ بەڕاستی کوڕێکی چاک بوی بۆ باوکت؛ بەوخوایە لەو کاتەوەی خوا تۆی بەمن بەخشیوە بەردەوام پێت دڵخۆش بووم؛ بەخوا هیچ کاتێ هێندەی ئێستا دڵم بەتۆ خۆش نەبووە و هێندەی ئێستا هیوادار نەبوم کە خوای گەورە دەرهەق بە تۆ پاداشتم بداتەوە... لەو کاتەوەی کە تۆم خستووەتە ناو ئەم مەنزڵەیەوە کە خوای گەورە تۆی بۆ ناردووە.. خوای گەورە ڕەحمت پێ بکات و لە تاوانت خۆش ببێ و بە باشترین کار و کردەوەت پاداشتت بداتەوە و ڕەحم بە هەموو ئەو کەسانەش بکات کە بە چاکە تکات بۆ دەکەن؛ چی ئەوانەی لێرەن و چی ئەوانەش کە لێرە نین؛ ئێمە بە قەزا و قەدەری خوای گەورە ڕازین و خۆمان ڕادەستی فرمانی خوای گەورە کردووە و سوپاس و ستاییش بۆ پەروەردگاری هەموو دونیا. عومەر ئەم قسانەی کرد و دوایی ڕۆیی.

١٧٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ رَجَاءِ أَبِي الْمِقْدَامِ، عَنْ حُمَيْدٍ قَالَ: قَالَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ: «إِنِّي لَأَدَعُ كَثِيرًا مِنَ الْكَلَامِ مَخَافَةَ الْمُبَاهَاةِ».

واتە: حەمـادی کـوڕی سـەلەمە لە ڕەجـای بـاوکی میقـدامەوە ئەویـش لە حومەیـدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز فەرمووی: من زۆرێک لە قسە وازلێ دێنم و نایانکەم لە ترسی ئەوەی نەکا ببێ بە خۆهەڵکێشان و پۆزلێدان.

١٧٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، قَالَ حَفْصُ بْنُ عُمَرَ مَا قَالَ لَمَّا مَاتَ عَبْدُ الْمَلِكِ بْنُ عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ جَعَلَ يُثْنِي عَلَيْهِ قَالَ: فَقَالَ له مَسْلَمَةُ: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ أَرَأَيْتَ لَوْ بَقِيَ تَعْهَدُ إِلَيْهِ؟ قَالَ: لَا قَالَ: وَلِمَ وَأَنْتَ تُثْنِي عَلَيْهِ هَذَا الثَّنَاءَ؟ قَالَ: «إِنِّي أَخَافُ أَنْ يَكُونَ قَدْ زُيِّنَ فِي عَيْنِي مِنْ أَمْرِهِ مَا يُزَيَّنُ فِي عَيْنِ الْوَالِدِ مِنَ الْوَلَدِ».

واتە: هارون لە زەمرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەفصی کوڕی عومەر فەرمووی: کاتێ عەبدولمەلیکی کوڕی غومەری کوڕی عەبدولعەزیز مرد؛ عومەر بەردەوام باسی دەکردو بە باشە ناوی دەبرد؛ مەسلەمە پێگوت: ئەی گەورەی باوەڕداران! ئەگەر عەبدولمەلیك بمایە وەک جێگرەوەی خۆت دەستنیشانت دەکرد؟ عومەری فەرمووی: نەخێر! مەسلمە گوتی: دەی ئیتر بـۆچی ئەوەنـدە بە چـاکە نـاوی دەبەیـت و پەسـنی دەدەی؟ فەرمـووی: ئـاخر مـن دەترسـم کاروبارەکانی لەبەرچاوی من جوان و ڕێکوپێک بوبێ وەک چۆن کاروباری هەموو کوڕێک بە لای باوکییەوە جوانەو ڕێکوپێکە.

١٧٣٤ - حَدَّثَنَا أَبو عَبْدِ الرَّحْمَنِ عَبْدُ الله بْنُ أَحْمَدَ، حَدَّثَنِي أَبِي رَحِمَهُ الله، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ قَالَ: قَالَ مُجَاهِدٌ: " جِئْنَا نُعَلِّمُهُ فَمَا بَرِحْنَا حَتَّى تَعَلَّمْنَا مِنْهُ يَعْنِي عُمَرَ بْنَ عَبْدِ الْعَزِيزِ.

واتە: عەبـدوڵڵای کـوڕی ئەحـمەد لە بـاوکییەوە دەگێـڕێتەوە ئەویـش لە سـوفیانەوە فەرمـوویەتی: موجاهیـد فەرمـووی: هـات بـۆ لای ئێمە فێری بکەیـن؛ زۆری پێنەچو ئێمە لە ئەوەوە شت فێر بوین.. مەبەستی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بوو.

١٧٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو سَعِيدٍ مَوْلَى بَنِي هَاشِمٍ، حَدَّثَنَا أَبو يَعْقُوبَ هُوَ إِسْحَاقُ بْنُ عُثْمَانَ الْكِلَابِيُّ، حَدَّثَنِي رَجَاءُ بْنُ حَيْوَةَ قَالَ: " كَانَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ مِنْ أَعْطَرِ النَّاسِ وَأَلْبَسِ النَّاسِ وَأَخْيَلِهِمْ مِشْيَةً فَلَمَّا اسْتُخْلِفَ قَوَّمُوا ثِيَابَهُ اثْنَيْ عَشَرَ دِرْهَمًا مِنْ ثِيَابِ مِصْرَ: كُمَيْتَهُ وَعِمَامَتَهُ وَقَمِيصَهُ وَقَبَاءَهُ وَقُرْطُقَهُ وَخُفَّيْهِ وَرِدَاءَهُ ".

واتە: بـاوکی یەعقوب واتە: ئیسحاقی کـوڕی عوسـمانی کیلابی لە ڕەجای کـوڕی حەیوە

دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە هەمووان زیاتر بۆنی خۆشی بەکار دەهێناو پۆشاکی گرانبەهاو خاوێنی لەبەر دەکردو ئەسپی خۆشڕەوو ڕەسەنی هەبوو؛ دوای ئەوەی کرا بە خەلیفە پۆشاکەکانیان نرخاند بایی دوانزە دیرهەم بوو؛ پۆشاکی جۆری میصری لەبەر دەکرد (واتە: هەرزانترین پۆشاکی لەبەر دەکرد) پۆشاکەکانی هەمووی جۆری میصری بوو فەقیانەو مێزەرو کراس و کەواو سەڵتەو خووف و پشتەماڵەکەیشی.

١٧٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو كَامِلٍ، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، عَنْ حُمَيْدٍ قَالَ: لَمَّا اسْتُخْلِفَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ بَكَى وَقَالَ: يَا أَبَا قِلَابَةَ هَلْ تَخْشَى عَلَيَّ؟ قُلْتُ: كَيْفَ حُبُّكَ الدِّرْهَمَ؟ قَالَ: «لَا أُحِبُّهُ» قَالَ: «لَا تَخَفْ إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ سَيُعِينُكَ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی ئەحمەد لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە ئەویش لە باوکی کامیلەوە فەرموویەتی: حەمماد لە حومەیدەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: کاتێ عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کرا بە خەلیفە دەستی بە گریان کرد و فەرمووی: باوکی قیلابە تۆ دەترسی لە کاروباری من؟ پێمگوت: تا چەندێ دیرهەمت (مەبەست پارەو سەروەت و سامانە بە گشتی) خۆش دەوێ؟ فەرمووی: خۆشم ناوێ! گوتم: دەی مەترسە خوای گەورە یارمەتیت دەدا.

١٧٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عُبَيْدِ الله، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ قَالَ: «مَنْ عَمِلَ بِغَيْرِ عِلْمٍ كَانَ مَا يُفْسِدُ أَكْثَرَ مِمَّا يُصْلِحُ».

واتە: موحەممەدی کوڕی عوبەیدوڵڵا لە سوفیانەوە دەگێڕێتەوە ئەویش لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ بە بێ زانست و زانیاری بنیشێتە سەر کارێک و بیکات؛ ئەوە خراپەی لە چاکەی زیاتر دەبێت.

١٧٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ ثَابِتٍ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ بُرْقَانَ قَالَ: كَتَبَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ إِلَى سَالِمِ بْنِ عُمَرَ: " أَمَّا بَعْدُ، فَإِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ ابْتَلَانِي بِمَا ابْتَلَانِي بِهِ مِنْ هَذَا الْأَمْرِ، عَنْ غَيْرِ مَشُورَةٍ وَلَا طَلَبٍ لَهُ وَلَكِنْ كَانَ مَا قَدَّرَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ فَأَسْأَلُ اللهَ الَّذِي ابْتَلَانِي بِمَا ابْتَلَانِي أَنْ يُعِينَنِي عَلَيْهِ فَإِذَا جَاءَكَ كِتَابِي هَذَا فَابْعَثْ إِلَيَّ بِكُتُبِ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ وَقَضَائِهِ وَسِيرَتِهِ فِي أَهْلِ الذِّمَّةِ فَإِنِّي مُتَّبِعٌ أَثَرَهُ وَسَائِرٌ بِسِيرَتِهِ إِنْ أَعَانَنِي اللهُ عَلَى ذَلِكَ وَالسَّلَامُ، فَكَتَبَ إِلَيْهِ سَالِمٌ: جَاءَنِي كِتَابُكَ تَذْكُرُ أَنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ ابْتَلَاكَ بِمَا ابْتَلَاكَ بِهِ مِنْ هَذَا الْأَمْرِ مِنْ

غَيْرَ طَلَبٍ وَلاَ مَشُورَةٍ كَانَ مِنْكَ وَلَكِنْ مَا كَانَ قَدَّرَ اللهُ أَنْ يَبْتَلِيَكَ فَأَسْأَلُ اللهَ الَّذِي ابْتَلاَكَ بِمَا ابْتَلاَكَ بِهِ أَنْ يُعِينَكَ عَلَيْهِ فَإِنَّكَ لَسْتَ فِي زَمَانِ عُمَرَ وَلَيْسَ عِنْدَكَ رِجَالُ عُمَرَ فَإِنْ نَوَيْتَ الْحَقَّ وَأَرَدْتَهُ أَعَانَكَ اللهُ عَلَيْهِ وَأَتَاحَ لَكَ عُمَّالاً وَأَتَاكَ بِهِمْ مِنْ حَيْثُ لاَ تَحْتَسِبُ فَإِنَّ عَوْنَ اللهِ عَلَى قَدْرِ النِّيَّةِ فَمَنْ تَمَّتْ نِيَّتُهُ فِي الْخَيْرِ تَمَّ عَوْنُ اللهِ لَهُ وَمَنْ قَصُرَتْ نِيَّتُهُ قَصُرَ مِنَ الْعَوْنِ بِقَدْرِ مَا قَصُرَ مِنْهُ وَالسَّلاَمُ ".

واته: عەلیی کوڕی ثابت لە جەعفەری کوڕی بورقانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز نامەیەکی بۆ سالمی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر نووسی و فەرمووی: لە بەندەی خودا عومەر گەورەی باوەڕداران بۆ سالمی کوڕی عەبدوڵڵا! سڵاوی خوات لەسەربێ! پاشان: بەڕاستی خوای گەورە تووشی ئەوەی کردم کە تووشی کردم؛ مەبەستم کاروباری ئەم خەڵکەیە.. خوای گەورە پرسی پێ نەکردم و منیش هەرگیز داوام لەو نەکردووە بمگەیەنێ بەم پۆست و پلەو پایەیە، بەڵام ئەمە ویستی و قەزا و قەدەری خوای گەورەیە، داوا بکە لەو خوایەی کە منی تووشی ئەوە کردووە کە تووشی کرد؛ یارمەتیم بدات بۆ جێبەجێ کردنی کاروبارەکان و وابکا کە خەڵکی گوێم بۆ بگرن و فرمانەکانم جێبەجێ بکەن و دڵنەرمی و دادگەریش بە نسیبی من بکات.. هەر کات ئەم نامەیەی منت بە دەست گەیشت پێم خۆشە ژینامەو کاروبارەکانی پێشەوا عومەری کوڕی خەتتابم بۆ بنووسیت و بۆم بنێری، بزانم چۆن چۆنی بڕیاری لەسەر ئەهلی زیممە داوە و کاروباری بەڕێوە بردووە؟ چونکە من دەمەوێ شوێن ڕێگا و ڕێچکەی عومەر بکەوم ئەگەر خوای گەورە یارمەتیم بدات. سڵاوی خوات لەسەر بێ.

سالم لە وەڵاما بۆی نووسی: نووسراوەکەی تۆم بە دەست گەیشت و باسی ئەوە کردووە کە خوای گەورە تووشی ئەوەی کردی کە تووشی کردی و بە بێ ئەوەی خۆت داوا بکەی یان ڕاوێژ بە کەس بکەی خوای گەورە ئەم ئەرکەی پێ سپاردوی؛ ئەوە قەزا و قەدەری خوایە کە تووشی ئەم ئەرکەی کردوی؛ دەی منیش داوا لە ئەو خوای گەورە دەکەم کە تووشی ئەم ئەرکەی کردوی کە تووشی کردی؛ یارمەتیت بدات.. با ئەوەشت پێ بڵێم کە تۆ لەسەردەمی عومەرا نیت و پیاوەکانی عومەریش لە لای تۆ نین؛ ئەگەر نێتی هەق و ڕاستیت هێناوە و هەقت دەوێ ئەوا خوای گەورە یارمەتیت دەداو بەڕێوەبەری وەهات بۆ دابین دەکات و بۆت دەنێرێ کە خۆشت نەزانی چۆن هاتون و بوونەتە بەڕێوەبەری کارەکانت؛ چونکە بەڕاستی یارمەتیی خودایی بە ئەندازەو گوێرەی نێتە؛ هەر کەسێ نێتی خێری هەبێ ئەوا یارمەتیی خوای گەورەی بە تەواوی پێ دەگات؛ هەر کەسێکیش لە نێتا کەمتەرخەم بێت و نێتی چاکەی نەبێ؛ ئەوا یارمەتی خودای بە پێی نێتەکەی پێ دەگات. سڵاوی خوات لەسەر.

١٧٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ، عَنْ يُونُسَ قَالَ: نُبِّئْتُ أَنَّ عُمَرَ بْنَ عَبْدِ الْعَزِيزِ، قَالَ: «مَنْ جَعَلَ دِينَهُ غَرَضًا لِلْخُصُومَةِ أَكْثَرَ التَّنَقُّلَ».

واتە: ئیسماعیل لە یونسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێم گەیشتووە و بیستوومە کە عومەری کوری عەبدولعەزیز فەرموویەتی: هەر کەسێ ئایین و بیروباوەڕی خۆی بە مەبەستی کێشمەکێش و چەلەحانێ بەکار بهێنێ؛ ئەوە ئەو کەسە شتی زۆر دەڵێت و ئەملاولای زۆر دەکات.

١٧٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ مَعِينٍ، حَدَّثَنَا عُمَرُ قَالَ: سَمِعْتُ هِشَامًا، يُحَدِّثُ عَنْ خَالِدٍ الرَّبَعِيِّ، قَالَ فِي التَّوْرَاةِ أَوْ فِي بَعْضِ الْكُتُبِ: «السَّمَاءُ تَبْكِي عَلَى عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ رَحِمَهُ اللهُ أَرْبَعِينَ سَنَةً بُكَاءَ حَزِينٍ».

واتە: یەحیای کوڕی مەعین لە عومەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە هیشام بوو لە خالیدی ڕەبعیەوە دەیگێڕایەوە فەرموویەتی: لە تەوراتا یان لە یەکێک لە کتێبە ئاسمانییەکانا ئەوە هاتووە کە: ئاسمان چل ساڵ بە خەمباریەوە بۆ مردنی عومەری کوڕی عەبدلعەزیز دەگری.

باسی ئەبوعالییە
(خوای لێ ڕازی بێت)

١٧٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا هشَامٌ، يَعْنِي الدَّسْتُوَائِيَّ عَنْ جَعْفَر، يَعْنِي صَاحِبَ الْأَنْمَاط عَنْ أَبِي الْعَالِيَة قَالَ: "يَأْتِي عَلَى النَّاس زَمَانٌ تَخْرُبُ صُدوورهُمْ منَ الْقُرْآن وَلَا يَجدُونَ له حَلَاوَةً وَلَا لَذَاذَةً إنْ قَصَّرُوا عَمَّا أُمرُوا به قَالُوا: إنَّ الله غَفُورٌ رَحيمٌ، وَإنْ عَملُوا بمَا نُهُوا عَنْهُ قَالُوا: سَيَغْفرُ لَنَا إنَّا لَمْ نُشْركْ بالله شَيْئًا، أَمْرُهُمْ كُله طَمَعٌ لَيْسَ مَعَهُ صدْقٌ يَلْبَسُونَ جُلُودَ الضَّأْن عَلَى قُلُوب الذِّئَاب، أَفْضَلهمْ في دينه الْمُدَاهنُ".

واتە: هیشامی دەستەوایی لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: سەردەمێک دێت بەسەر خەڵکا کە خەڵکی سینگیان خاڵی دەبێ لە قورئان و شیرینیی قورئان ناچێژن تام لە ئایین نابەن؛ ئەگەر کەمتەرخەمی بکەن لە خواپەرستیدا دەڵێن: خوا گەورەیەو میهرەبان و لێبوردەیە! کاتێکیش کارێکی خراپ دەکەن دەڵێن: هەر شەریك و هاوەڵ بۆ خوا دانەنێین ئیتر خوا لێمان خۆش دەبێ! هەموو شتێکی ئەوانە تەماع و ویستە؛ هیچ ڕاستیەکی لەگەلا نییە؛ ئەوانە گورگن و پێستی مەڕ دەپۆشن؛ دیندارەکانیان چەورەو ماستاوچین.

١٧٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا أَبو كَامل، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ زَيْد، حَدَّثَنَا شُعَيْبُ بْنُ الْحَبْحَاب قَالَ: جَاءَنَا أَبو الْعَاليَة يَوْمًا إلَى مَنْزلنَا فَأَرَدْنَا أَنْ نَتَكَلَّفَ له فَقَالَ: «أَطْعمُونَا منْ طَعَام الْبَيْت وَلَا تَتَكَلَّفُوا».

واتە: حەممادی کوڕی زەید لە شوعەیبی کوڕی حەبحابەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: جارێک باوکی عالیە هات بۆ ماڵی ئێمەو ئێمە ویستمان زۆر لە خۆمان بکەین و خواردنی زۆرو خۆشی بۆ ئامادە بکەین؛ باوکی عالیە فەرمووی: خۆتان چیتان هەیە هەر لەوەش بە من بدەن و زۆر لە خۆتان مەکەن!

١٧٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ مَنْدَلٍ، أَنْبَأَنَا فُضَيْلُ بْنُ عِيَاضٍ، عَنْ هِشَامِ بْنِ حَفْصَةَ، عَنْ أَبِي الْعَالِيَةِ قَالَ: «الصَّائِمُ فِي عِبَادَةٍ مَا لَمْ يَغْتَبْ وَإِنْ كَانَ نَائِمًا عَلَى فِرَاشِهِ».

واتە: هیشامی کوڕی حەفصە لە باوکی عالیەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: مرۆڤی بەڕۆژو بەردەوام وەک ئەوە وایە خەریکی خواپەرستی بێت جا با لەناو جێگاو نوێنیشا خەوتبێ؛ بەو مەرجەی غەیبەت نەکات و لە پاشملە ناوی کەس نەبات.

١٧٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو كَامِلٍ، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، عَنْ شُعَيْبٍ، عَنْ أَبِي الْعَالِيَةِ قَالَ: «إِذَا دَخَلْتَ عَلَى قَوْمٍ فَأَلْقَوْا إِلَيْكَ فَاجْلِسْ بِحَيْثُ أُلْقِيَ لَكَ الْوِسَادَةُ فَإِنَّ الْقَوْمَ أَعْلَمُ بِبَيْتِهِمْ».

واتە: باوکی کامیل لە حەمادەوە ئەویش لە شوعەیبەوە ئەویش لە باوکی عالیەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئەگەر ڕۆیشتی بۆ ماڵێک؛ ئەوا لەو ماڵەدا لە چ شوێنێکا ڕایەخیان بۆ ڕاخستی لەو شوێنەدا دانیشە؛ چونکە ئەوان خۆیان باشتر دەزانن لە کوێدا جێگات بۆ ڕاخەن.

١٧٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِمِ، حَدَّثَنَا أَبُو جَعْفَرٍ، عَنِ الرَّبِيعِ، عَنْ أَبِي الْعَالِيَةِ قَالَ: «اعْمَلْ بِالطَّاعَةِ وَأَحِبَّ عَلَيْهَا مَنْ عَمِلَ بِهَا وَاجْتَنِبِ الْمَعْصِيَةَ وَعَادِ عَلَيْهَا مَنْ عَمِلَ بِهَا فَإِنْ شَاءَ اللهُ عَذَّبَ أَهْلَ مَعْصِيَتِهِ وَإِنْ شَاءَ غَفَرَ لَهُمْ».

واتە: هاشمی کوڕی قاسم لە باوکی جەعفەرەوە ئەویش لە ڕەبیعەوە ئەویش لە باوکی عالیەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: خواپەرستی بکەو ئەو کەسانەت خۆش بوێ کە خواپەرستی دەکەن؛ خۆت لە تاوان بپارێزەو دژایەتی ئەو کەسە بکە کە تاوان دەکات؛ لەبەر ئەوەی کە تاوان دەکات (نەك لەبەر خودی خۆی) جا ئەگەر خوای گەورە ویستی سزای بدات ئەوە سزای تاوانباران دەدات؛ ئەگەریش بیەوێ لێی خۆش دەبێ.

١٧٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا أَبُو خَلْدَةَ، عَنْ أَبِي الْعَالِيَةِ قَالَ: «كُنَّا نَعُدُّ مِنْ أَعْظَمِ الذَّنْبِ أَنْ يَتَعَلَّمَ الرَّجُلُ الْقُرْآنَ ثُمَّ يَنَامَ لَا يَقْرَأُ مِنْهُ شَيْئًا».

واتە: عەبدولصەمەد لە باوکی خەلدەوە ئەویش لە باوکی عالیەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئێمە کاتی خۆی ئەوەمان بە تاوانێکی گەورە هەژمار دەکرد کە مرۆڤ قورئان فێر ببێت و شەو پێش ئەوەی هەندێک قورئان بخوێنێ بخەوێ.

١٧٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا زَيْدُ بْنُ الْحُبَابِ، أَنْبَأَنَا خَالِدُ بْنُ دِينَارٍ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا الْعَالِيَةِ قَالَ: «كُنَّا نَعُدُّ مِنْ أَعْظَمِ الذُّنُوبِ أَنْ يَتَعَلَّمَ الرَّجُلُ الْقُرْآنَ ثُمَّ يَنَامَ عَنْهُ حَتَّى يَنْسَاهُ».

واته: زەیدی کوڕی حوباب لە خالیدی کوڕی دینارەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە باوکی عالیە بوو دەیفەرموو: ئێمە کاتی خۆی ئەوەمان بە گەورەترین تاوان هەژمار دەکرد کە مرۆڤ قورئان فێر ببێت و دوایی بخەوێ (و دەورەی نەکاتەوە) تا لەبیری دەچێتەوە (واتە: قورئان فێر ببێت و لەبەری بکات و دوایی گوێی نەداتێ و شەوانە دەورەی نەکاتەوە و لەبیری بچێتەوە).

١٧٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو عُبَيْدَةَ، عَنْ عُمَرَ بْنِ نَبْهَانَ، عَنْ يَزِيدَ الرِّشْكِ، عَنْ أَبِي قِلَابَةَ قَالَ: يُنَادِي مُنَادٍ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ قِبَلِ الْعَرْشِ: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾﴾ يونس: ٦٢ فَلَا يَبْقَى أَحَدٌ إِلَّا رَفَعَ رَأْسَهُ فَيَقُولُ: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾﴾ يونس: ٦٣ فَلَا يَبْقَى أَحَدٌ مُنَافِقٌ إِلَّا نَكَسَ".

واتە: باوکی عوبەیدە لە عومەری کوڕی نەبهانەوە ئەویش لە یەزیدی ڕیشکەوە ئەویش لە باوکی قیلابەوە فەرموویەتی: لە ڕۆژی قیامەتدا لە لای عەرشەوە جارچییەك بانگ دەکات و (ئەم ئایەتە دەخوێنێتەوە کە) دەفەرموێت: (مانای ئایەتەکە) ئاگادار بن کە بەڕاستی چاکان و خۆشەویستانی خوای میهرەبان نەترس و بیم ڕوویان تێدەکات (لە سەرە مەرگ و لە ڕۆژی لێ پرسینەوەدا)، نەغەم و پەژارە و دڵتەنگیی دایان دەگرێت. جا هیچ کەس نامێنێتەوە کە سەر بەرز نەکاتەوە؛ دوایی جارچییەکە دەفەرموێت: (مانای ئایەتەکە): ئەو بەختەوەرانە ئەو کەسانەن باوەڕی بەتین و دامەزراوو پڕ سۆزیان هێناوە بە پەروەردگاریان و خۆشیان دەپارێزن لە خەشم و قینی خوا (بە هۆی ئەنجامدانی فەرمانەکانی خوا و تەرێز کردنیان لە حەرام). ئیتر هەرچی مونافق و دووڕوو هەیە هەموویان سەریان شۆڕ دەکەن.

١٧٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الْأَسْوَدُ بْنُ عَامِرٍ، حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرٍ، عَنْ عَمْرِو بْنِ مَيْمُونٍ قَالَ: قَدِمَ أَبُو قِلَابَةَ عَلَى عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ فَقَالَ لَه: حَدِّثْ يَا أَبَا قِلَابَةَ قَالَ: «وَاللهِ إِنِّي أَكْرَهُ كَثِيرًا مِنَ الْحَدِيثِ وَكَثِيرًا مِنَ السُّكُوتِ».

واتە: ئەسوەدی کوڕی عامر لە باوکی بەکرەوە ئەویش لە عەمری کوڕی مەیمونەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: باوکی قیلابە هات بۆ لای عومەری کوڕی عەبدولعەزیزو عومەر پێی گوت: باوکی قیلابە! شتێکمان بۆ بڵێ! باوکی قیلابە فەرمووی: بەخوا من ڕقمە لە

زۆرێک لە قسەکان و زۆرێک لە بێدەنگییەکانیش[1].

١٧٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَهَّابِ الثَّقَفِيُّ، عَنْ أَيُّوبَ، عَنْ أَبِي قِلَابَةَ قَالَ: «لَا يُحَدِّثُ الْحَدِيثَ مَنْ لَا يَعْرِفُهُ، يَضُرُّهُ وَلَا يَنْفَعُهُ».

واتە: عەبدولوەهابی سەقەفی لە ئەییوبەوە ئەویش لە باوکی قیلابەوە فەرموویەتی: ئەو کەسەی کە نازانێ قسەکردن زیانی بۆی هەیە یان قازانج؛ با قسە نەکات[2].

١٧٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنِي عُبَيْدُ الله بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، حَدَّثَنَا أَيُّوبُ قَالَ: كُنْتُ مَعَ أَبِي قِلَابَةَ فِي جِنَازَةٍ فَسَمِعْنَا صَوْتَ، قَاصٌّ قَدْ ارْتَفَعَ صَوْتُ أَصْحَابِهِ فَقَالَ أَبو قِلَابَةَ: «إِنْ كَانُوا لَيُعَظِّمُونَ الْمَوْتَ بِالسَّكِينَةِ».

واتە: عوبەیدوڵلای کوڕی عومەر لە حەممادەوە ئەویش لە ئەییوبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من لەخزمەت باوکی قیلابەدا بووم لەگەڵ تەرمێکدا دەڕۆیشتین بۆ گۆڕستان؛ لەوێ دەنگێکمان بیست؛ کەسێک ئامۆژگاریی دەکردو ئەوانەی کە لەگەڵیا بوون دەنگیان بەرز دەکردەوە؛ باوکی قیلابە گوتی: ئەوە ئەگەر بە ئارامیەوە باسی مردنیان بە گەورە ڕاگرتبا باشتر بو[2].

١٧٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ عُمَرَ الْقَوَارِيرِيُّ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ بْنِ عِيسَى قَالَ: قَالَ بَكْرُ بْنُ عَبْدِ الله الْمُزَنِيُّ: «مَنْ مِثْلُكَ يَا ابْنَ آدَمَ خُلِّيَ بَيْنَكَ وَبَيْنَ الْمِحْرَابِ وَالْمَاءِ كُلَّمَا شِئْتَ دَخَلْتَ عَلَى الله لَيْسَ بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ تُرْجُمَانٌ».

واتە: عوبەیدوڵلای کوڕی عومەری قەواریری لە جەعفەرەوە ئەویش لە ئیبراهیمی کوڕی عیساوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەکری کوڕی عەبدوڵلای موزەنی فەرمووی: کێ وەک تۆیە ئەی نەوەی ئادەم؟! ئەوەتا تۆو میحراب و ئاو کەس لەمپەر نییە لە نێوانتانا؛ هەر کاتێ بتەوێ دەتوانی بچییە خزمەت خوای گەورە؛ لە نێوان تۆو خوای گەورەدا هیچ کەسێک وەرگێڕو تەرجومان نییەو پێویست بە کەس ناکات[2].

[1] ئەم ئەسەرانە پەیوەندییان بە باوکی عالیەوە نییە؛ لەوانەیە لە بەشێکیترا بوبن و بە هەڵە کەوتبنە ئەم جێگایانەوە. خوداش زاناترە.

١٧٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ إِدْرِيسَ، أَنْبَأَنَا حَصِينٌ، عَنْ بَكْرِ بْنِ عَبْدِ الله قَالَ: «الْبَذَاءُ مِنَ الْجَفَاءِ وَالْجَفَاءُ فِي النَّارِ، وَالْحَيَاءُ مِنَ الْإِيمَانِ وَالْإِيمَانُ فِي الْجَنَّةِ».

واته: عەبدوڵڵای کوڕی ئیدریس لە حوصەینەوە ئەویش لە بەکری کوڕی عەبدوڵڵاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: قسەی ڕەق و ناخۆش بەشێکە لە تووڕەیی و تۆسنی و ئاکاری ناشیرین؛ ئاکاری ناشیرینیش لە ئاگرایە؛ شەرم و حەیاش بەێکە لە بیرو باوەڕو بیروباوەڕیش لە بەهەشتایە.

١٧٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ إِدْرِيسَ، أَنْبَأَنَا حَصِينٌ، عَنْ بَكْرِ بْنِ عَبْدِ الله الْمُزَنِيِّ قَالَ: «لَا يَكُونَنَّ تَقِيًّا حَتَّى يَكُونَ نَقِيَّ الطَّمَعِ نَقِيَّ الْغَضَبِ».

واته: عەبدوڵڵای کوڕی ئیدریس لە حوصەینەوە ئەویش لە بەکری کوڕی عەبدوڵڵای موزەنییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: مرۆڤ نابێ بە خواپەرست هەتا تەماعی خۆی پاك و پاڵفتە نەکات؛ هەتا تووڕەیی خۆی پاك و پاڵفتە نەکات.

١٧٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ مُحَمَّدٍ، أَنْبَأَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ حُمَيْدٍ، عَنْ بَكْرِ بْنِ عَبْدِ الله قَالَ: " إِنَّ الله لَيُجَرِّعُ عَبْدَهُ الْمَرَارَةَ لِمَا يُرِيدُهُ بِهِ مِنْ صَلَاحِ عَاقِبَتِهِ قَالَ بَكْرٌ: أَمَا رَأَيْتُمُ الْمَرْأَةَ تُوجِرُ وَلَدَهَا الصَّبْرَ أَوْ قَالَ الْحَضَضَ تُرِيدُ بِهِ عَافِيَتَهُ ".

واته: عوبەیدوڵڵای کوڕی موحەممەد لە حەمادی کوڕی سەلەمەوە ئەویش لە حومەیدەوە ئەویش لە بەکری کوڕی عەبدوڵڵاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەڕاستی خوای گەورە جاری وا هەیە تاڵاو بە بەندەکەی خۆی دەچێژێنی چونکە دەیەوێ ئاخرو عاقیبەتی خێر بکات.. بەکر فەرمووی: مەگەر نەتانبینیوە ژنی وا هەیە سەبر (دەرمانێکی تاڵە) دەرخواردی مناڵەکەی دەدا چونکە دەیەوێ لەشی ساغ بێت و لە نەخۆشی چاک بێتەوە؟!

١٧٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا أَبُو الْأَشْهَبِ قَالَ: ذَكَرُوا عَنْ مُوَرِّقٍ الْعِجْلِيِّ قَالَ: " مَا أُدْرِكَ عِنْدِي مَالُ زَكَاةٍ قَطُّ وَقَدْ طَلَبْتُ إِلَى رَبِّي تَبَارَكَ وَتَعَالَى حَاجَةً مُنْذُ عِشْرِينَ سَنَةً فَمَا أَعْطَانِيهَا وَلَا يَئِسْتُ مِنْهَا قَالُوا: وَمَا هِيَ؟ قَالَ: طَلَبْتُ إِلَيْهِ أَنْ لَا أَتَكَلَّمَ إِلَّا فِيمَا يَعْنِينِي ".

واته: ڕەوح لە باوکی ئەشهەبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە موورڕیقی عیجلیەوە

دەگێڕنەوە فەرموویەتی: هەرگیز لای من سەروەت و سامان نەگەیشتووەتە زەکات (واتە: ئەوەندەم نەبووە زکاتم لەسەر واجب بێ) بیست ساڵە داوای شتێک لە خوای گەورە دەکەم هێشتا پێی نەبەخشیوم و منیش ناهومێد نەبووم.. گوتیان: ئەو شتە چییە؟ فەرمووی: داوام لێکردووە کە هەر شتێک پەیوەندی بە منەوە نەبێ قسەی تێدا نەکەم!

١٧٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ وَجَدْتُ فِي كِتَابِ أَبِي، حَدَّثَنَا مُعَاوِيَةُ الْغَلَابِيُّ، حَدَّثَنِي رَجُلٌ، مِنْ قُرَيْشٍ، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ زِيَادٍ، عَنْ أَبِيهِ، أَنَّهُ اشْتَكَى فَكَتَبَ إِلَى بَكْرِ بْنِ عَبْدِ الله وَكَانَ جَارَهُ أن ادْعُ الله لي فَكَتَبَ إِلَيْهِ بَكْرٌ: «إِنَّهُ أَتَانِي كِتَابُكَ تَسْأَلُنِي أَنْ أَدْعُوَ الله لَكَ وَحَقٌّ لِعَبْدٍ عَمِلَ ذَنْبًا لَا عُذْرَ له فِيهِ وَخَافَ مَوْتًا لَا بُدَّ له مِنْهُ أَنْ يَكُونَ مُشْفِقًا وَسَأَدْعُو لَكَ وَلَسْتُ أَرْجُو أَنْ يُسْتَجَابَ لِي بِقُوَّةٍ فِي عَمَلِي وَلَا بَرَاءَةٍ مِنْ ذَنْبٍ».

واتە: موعاویەی غیلابی لە پیاوێکی قورەیشییەوە ئەویش لە عەبدولڕەحمانی کوڕی زیادەوە؛ ئەویش لە باوکییەوە، باوکی عەبدولڕەحمن نەخۆش کەوت؛ نامەی بۆ بەکری کوڕی عەبدوڵڵا نووسی؛ بەکر دراوسێی بوو؛ نووسیبوی: نزای خێرم بۆ بکەو لە خوا بپاڕێوە بۆم.. بەکر وەڵامی بۆ نووسییەوە: نامەکەت گەیشتە دەستم؛ داوات لێ کردووم کە نزای خێرت بۆ بکەم؛ بەڵێ هەق وایە لەسەر ئەو کەسەی کە تاوانێ:ی کردەوە و بیانویشی نەبووە و لە مردنیش دەترسێ؛ ئەوە دەبێ بەزەیی بە خۆیا بێتەوە؛ منیش نزای خێرت بۆ دەکەم؛ بەڵام هیوام وا نییە کە بە هۆی ئیهانداری منەوە نزاکەم گیرا ببێ؛ یان بە هۆی ئەوە کە بێ تاوانم نزاکەم گیرا ببێ.

١٧٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَنْبَأَنَا لَيْثُ بْنُ خَالِدٍ أَبُو بَكْرٍ الْبَلْخِيُّ، حَدَّثَنِي مُعَاوِيَةُ، يَعْنِي ابْنَ عَبْدِ الْكَرِيمِ قَالَ: رَأَيْتُ بَكْرَ بْنَ عَبْدِ الله يَقُصُّ يَوْمَ عَرَفَةَ بَعْدَ الْعَصْرِ رُوَيْدًا يَبْكِي وَيَبْكِي وَلَا يَرْفَعُ صَوْتَهُ ".

واتە: لەیثی کوڕی خالید واتە: ئەبوبەکری بەڵخی؛ لە موعاویەوە واتە: موعاویەی کوڕی عەبدولکەریم دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەکری کوڕی عەبدوڵڵام بینی لە ڕۆژی عەرەفەدا لە دوای نوێژی عەسر وتاری دەداو لەسەرخۆی دەگریاو دەگریاو دەنگی بەرز نەدەکردەوە.

١٧٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ وَجَدْتُ فِي كِتَابِ أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ الْغَلَابِيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ، عَنْ أَبِي خَيْرَةَ قَالَ: دَخَلْنَا عَلَى بَكْرِ بْنِ عَبْدِ الله نَعُودُهُ فَوَافَقْنَاهُ وَقَدْ قَامَ

لِحَاجَتِه قَالَ: فَجَلَسْنَا فِي الْبَيْتِ فَأَقْبَلَ إِلَيْنَا يُهَادَى بَيْنَ رَجُلَيْنِ فَسَلَّمَ ثُمَّ نَظَرَ فِي وُجُوهِنَا فَقَالَ: «رَحِمَ اللهُ عَبْدًا أُعْطِيَ قُوَّةً فَعَمِلَ بِهَا فِي طَاعَةِ اللهِ أَوْ قَصُرَ بِه ضَعْفٌ فَكَفَّ عَنْ مَحَارِمِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ».

واته: باوكی موعاویەی غەلابی لە عەبدوڵلای كوڕی عەبدولڕەحمانەوە ئەویش لە باوكی خەیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕۆیشتین بۆ سەردانی بەكری كوڕی عەبدوڵلا؛ ئەو كاتە ئێمە گەیشینە ئەو؛ ئەو هەستابوو بۆ پێویستیەكی خۆی؛ جا ئێمە لە ماڵ دانیشتین؛ بەكر هاتەوە و دوو كەس چوبوونە بنباڵی؛ سەلامی كرد و دوایی سەیری كردین و گوتی: ڕەحمەتی خوا لەو كەسە بێ كە هێزێ پێ بەخشراوە و كار بەو هێزەی دەكات لە پێناو خواپەرستیدا بەكاری دەهێنێ؛ یان ئەو كەسەی كە لاوازەو دەست بۆ حەرامەكان نابات.

باسی موەڕڕیقی عیجلی
(خوای لێ ڕازی بێت)

١٧٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا هَمَّامٌ، حَدَّثَنَا قَتَادَةُ، أَنَّ مُوَرِّقًا، قَالَ: «مَا وَجَدْتُ لِلْمُؤْمِنِ مَثَلًا إِلَّا رَجُلًا فِي الْبَحْرِ عَلَى خَشَبَةٍ فَهُوَ يَدْعُو يَا رَبُّ يَا رَبُّ لَعَله أَنْ يُنْجِيَهُ».

واتە: عەبدولصەمەد لە هەمامەوە ئەویش لە قەتادەوە دەگێڕێتەوە کە مووەڕڕیق فەرموویەتی: نموونەی مرۆڤی باوەڕدارم نەدیوەتەوە مەگەر کەسێک کە لە دریادا بێت لەسەر تەختەیەک بێ؛ لەوێ هاوار بکات و خودا خودای بێ بەڵکوو ڕزگاری ببێ. (واتە: ڕۆڤی باوەڕدار وەکوو ئەو کەسە وایەو هەمیشە هاوار لە خوای گەورە دەکات).

١٧٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو عُبَيْدَةَ، عَنْ هِشَام، عَنْ مُوَرِّق الْعِجْلِيِّ قَالَ: «مَا تَكَلَّمْتُ بِشَيْءٍ فِي الْغَضَب فَنَدِمْتُ عَلَيْه فِي الرِّضَا».

واتە: باوکی عوبەیدە لە هیشامەوە ئەویش لە مووەڕڕیقی عیجلییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە کاتی تووڕەییدا هیچ شتێکی وەهام نەگوتووە لە کاتی هێمنیدا لێی پەشیمان بم.

١٧٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا حَفْصٌ، عَن الْمُعَلَّى بْن زِيَاد الْقَرْدُوسِيِّ قَالَ: قَالَ مُوَرِّقٌ الْعِجْلِيُّ: أَمْرٌ أَنَا فِي طَلَبه مُنْذُ عِشْرِينَ سَنَةً فَلَمْ أَقْدِرْ عَلَيْه وَلَسْتُ بِتَارِك طَلَبَهُ أَبَدًا قَالُوا: وَمَا هُوَ يَا أَبَا الْمُعْتَمِر؟ قَالَ: «الصَّمْتُ عَمَّا لَا يَعْنِينِي».

واتە: سەییار لە حەفصەوە ئەویش لە موعەللای کوڕی زیادەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: مووڕڕیقی عیجلی فەرمووی: شتێک هەیە ئەوە بیست ساڵە من داوای دەم و بەو دوایا دەگەڕێم و هێشتا تاوانی ئەو شتەم نییەو هەتا مابم وازیشی لێ ناهێنم!گوتیان: ئەو شتە چییە باوکی موعتەمیر؟ فەرمووی: بێدەنگ بوون لەو شتەی کە پەیوەندی بە منەوە نییە.

١٧٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو كَامِل، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، وَحَمَّادُ بْنُ زَيْد، وَأَخُوهُ، سَعِيدُ بْنُ زَيْد كُلهمْ عَنْ أَبِي التَّيَّاح، عَنْ مُوَرِّقٍ الْعِجْلِيِّ قَالَ: الْمُتَمَسِّكُ بِطَاعَةِ الله إِذَا جُنِّبَ النَّاسُ عَنْهَا كَالْكَارِّ بَعْدَ الْفَارِّ ".

واته: حەمادی کوڕی سەلەمەو حەمادی کوڕی زەید و براکەی حەماد واتە: سەعیدی کوڕی زەید هەموویان لە باوکی تیاحەوە ئەویش لە مووەڕریقی عیجلیەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەو کەسەی کە دەستی بە خواپەرستیەوە گرتووە؛ هەر کاتێ خەڵکی لێی دوور کەوتنەوە وەک ئەو کەسە وایە کە لە کاتی جەنگا پشتی هەڵکردووە و ڕۆیشتووە و دوایی لە ناکاوا هێرشی کردووەتەوە.

١٧٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عُبَيْدُ الله الْقَوَارِيرِيُّ، حَدَّثَنَا نُوحُ بْنُ قَيْس، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ الرَّبَعِيُّ قَالَ: كَانَ أَبو الْحَوْرَاءِ يُوَاصِلُ فِي الصَّوْمِ بَيْنَ سَبْعَةٍ ثُمَّ يَقْبِضُ عَلَى ذِرَاعِ الشَّابِّ فَيَكَادُ يُحَطِّمُهَا ".

واته: عوبەیدوڵڵای قەواریری لە نوحی کوڕی قەیسەوە ئەویش لە سولەیمانی ڕیبعییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: باوکی حەورا حەوت ڕۆژ بەدەم یەکەوە ڕۆژووی دەگرت و ئەو حەوت ڕۆژە بە شەوو ڕۆژەوە تامی هیچی نەدەکرد؛ کەچی باڵی کوڕی هەرزەکار و گەنجی دەگرت و دەیگوشی وەخت بوو ئێسکی باڵی بشکێنێ.

١٧٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ عُمَرَ الْقَوَارِيرِيُّ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، يَعْنِي ابْنَ سُلَيْمَانَ -، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنْ حَفْصَةَ بِنْتِ سِيرِينَ، قَالَتْ: كَانَ مُوَرِّقٌ الْعِجْلِيُّ يَزُورُنَا فَسَلَّمَ فَرَدَدْتُ عَلَيْهِ السَّلَامَ قَالَتْ: وَسَأَلْتُهُ فَقُلْتُ: كَيْفَ أَنْتُمْ يَا أَبَا الْمُعْتَمِرِ كَيْفَ أَهْلُكَ وَوَلَدُكَ؟ قَالَ: إِنَّهُمْ لَمُتَوَافِرُونَ قَالَ: قُلْتُ له: فَاحْمَدْ رَبَّكَ قَالَ: «وَالله إِنِّي قَدْ خَشِيتُ أَنَّهُمْ يَحْبِسُونِي عَلَى هَلَكَةٍ».

واته: عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەری قەواریری لە جەعفەرەوە واتە: کوڕی سولەیمان؛ ئەویش لە هیشامەوە ئەویش لە حەفصەی کچی سیرینەوە فەرموویەتی: مووەڕریقی عیجلی دەهات بۆ ماڵی ئێمە؛ جارێک هات و سڵاوی کرد و من وەڵامی سەلامەکەم دایەوە؛ دەفەرموێت: پرسیاریشم لێ کرد وگوتم: باوکی موعتەمیر چۆنی؟ ماڵ و مناڵت چۆنن؟ فەرمووی: باش و زۆرن.. گوتم: دەی سوپاسی خوا بکە.. فەرمووی: بەخوا من دەترسم ئەوان من گیر بدەن و لەناووم بەرن و بمفەوتێنن.

زوهد و پارسایی موحەممەدی کوڕی سیرین (خوای لێ ڕازی بێت)

١٧٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدٌ قَالَ: «لَا بُدَّ مِنْ قِيَامِ اللَّيْلِ وَلَوْ قَدْرَ حَلْبِ شَاةٍ».

واتە: ڕەوح لە هیشامەوە ئەویش لە موحەممەدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێویتە مرۆڤ هەستێ بۆ شەونوێژ کردن؛ ئەگەرچی ئەوەندەی بزن دۆشینێکیش بێت (واتە: بزن دۆشین چەندەی پێ دەچێ؛ پیویستە مرۆڤ هیچ نەبێ بەو ئەندازەیە شەونوێژ بکات).

١٧٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا زَيْدُ بْنُ الْحُبَابِ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، عَنْ هِشَامِ بْنِ حَسَّانَ، عَنْ حَفْصَةَ بِنْتِ سِيرِينَ، قَالَتْ: «كَانَ مُحَمَّدٌ إِذَا دَخَلَ عَلَى أُمِّهِ لَمْ يُكَلِّمْهَا بِلِسَانِهِ كُلِّهِ تَحَشُّمًا لَهَا».

واتە: زەیدی کوڕی حوباب لە جەعفەری کوڕی سولەیمانەوە ئەویش لە هیشامی کوڕی حەسسانەوە ئەویش لە حەفصەی کچی سیرینەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: موحەممەد(ی کوڕی سیرین) هەر جارێ چوبایەتە خزمەت دایکی بە هەموو زمانییەوە قسەی لەگەڵدا نەدەکرد؛ ئەوەندە ڕێز لێ دەگرت (واتە: بە ژێر لێوەوە قسەی دەکردو دەنگی نزم دەکردو مرۆڤ بە جوانی لێی تێ نەدەگەیشت).

١٧٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الْأَسْوَدُ بْنُ عَامِرٍ، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، عَنْ حَبِيبٍ، عَنِ ابْنِ سِيرِينَ قَالَ: «إِذَا أَرَادَ الله بِعَبْدٍ خَيْرًا جَعَلَ لَهُ وَاعِظًا مِنْ قَلْبِهِ يَأْمُرُهُ وَيَنْهَاهُ».

واتە: ئەسوەدی کوڕی عامر لە حەممادەوە ئەویش لە حەبیبەوە ئەویش لە کوڕی سیرینەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەر کاتێ خوای گەورە ویستی خێرو چاکەی لەگەڵ کەسێکدا

هەبێ: ئەوا لە ناوِ دڵی خودی ئەو کەسەوە پەندو ئامۆژگاریی بۆ دێت و فرمانی بە چاکە پێدەکات و نەهیی لە خراپە دەکات.

١٧٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ الدوورقيُّ، حَدَّثَنَا ابْنُ عُلَيَّةَ، عَنِ ابْنِ عَوْنٍ قَالَ: نُبِّئْتُ أَنَّ رَجُلًا دَخَلَ عَلَى مُحَمَّدٍ وَهُوَ عِنْدَ أُمِّهِ فَقَالَ: مَا شَأْنُ مُحَمَّدٍ أَيَشْتَكِي شَيْئًا؟ فَقَالُوا: لَا وَلَكِنَّهُ هَكَذَا يَكُونُ إِذَا كَانَ عِنْدَ أُمِّهِ ".

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیمی دەورەقی لە کوڕی عولەییە ئەویش لە کوڕی عەونەوە دەگێڕێتەوە فەرمـوویەتی: بیستوومە کە پیاوێـک ڕۆیسشـت بـۆ لای مـوحەممەدی کـوڕی سیرین و لەو کاتەدا موحەممەد لای دایکی بوو؛ پیاوەکە گوتی: ئەوە موحەممەد چییەتی؟ نەخۆشە؟ گوتیان: نەوەڵلا! بەڵام هەر کاتێ لای دایکی بێ ئاوایە (واتە: هێمن و لەسەرخۆیەو ملکەچەو جموجوڵی نییەو مرۆڤ وادەزانێ نەخۆشە).

١٧٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَاصِمٌ، حَدَّثَنَا مَخْلَدٌ، عَنْ هِشَامٍ قَالَ: كَانَتْ هِنْدٌ ابْنَةُ الْمُهَلَّبِ تَدْعُو الْحَسَنَ وَابْنَ سِيرِينَ إِلَى الطَّعَامِ فَيُجِيبُهَا الْحَسَنُ وَلَا يُجِيبُهَا ابْنُ سِيرِينَ ".

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە عاصمەوە ئەویش لە مەخلەدەوە ئەویش لە هیشامەوە دەگێڕێتەوە فەرمـوویەتی: هینـدی کچـی مـوهەللەب حەسـەن و مـوحەممەدی کـوڕی سیرینی دەعـوەت دەکـرد بـۆ نـانخواردن؛ حەسـەن دەڕۆیشـت بەڵام مـوحەممەدی کـوڕی سـیرین نەدەڕۆیشت.

١٧٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ، حَدَّثَنَا ابْنُ عُلَيَّةَ، عَنْ أَيُّوبَ قَالَ: كَانَ مُحَمَّدٌ يَقُولُ: «لَا تُكْرِمْ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ».

واتە: ئەحـمەد لە کـوڕی عـولەییەوە ئەویـش لە ئەییـوبەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: موحەممەدی کوڕی سیرین دەیفەرموو: بە جۆرێ ڕێز لە براکەت مەگرە کە پێی ناخۆش بێ.

١٧٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ، حَدَّثَنَا ابْنُ عُلَيَّةَ، عَنِ ابْنِ عَوْنٍ، عَنْ مُحَمَّدٍ قَالَ: كَانُوا يَقُولُونَ: «لَا تُكْرِمْ صَدِيقَكَ بِمَا يَشُقُّ عَلَيْهِ».

واتە: ئەحمەد لە کوڕی عولەییەوە ئەویش لە کوڕی عەونەوە ئەویش لە موحەممەدی کوڕی سیرینەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێشتر دەیانگوت: بەو جۆرە ڕێز لە هاوڕێکەت مەگرە کە پێی سەخڵەت بیێ.

١٧٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ الطَّبَّاعِ، حَدَّثَنَا مَخْلَدٌ، عَنْ وَاصِلٍ، مَوْلَى ابْنِ عُيَيْنَةَ قَالَ: قَالَ ابْنُ سِيرِينَ: مَا تِجَارَتُكَ؟ قُلْتُ: الطَّعَامُ قَالَ: " أَمَا إِنَّ غُبَارَهُ كَثِيرٌ قَالَ: أَبُو جَعْفَرٍ: قُلْتُ لِمَخْلَدٍ: يَعْنِي إِثْمَهُ؟ قَالَ: نَعَمْ ".

واتە: موحەممەدی کوڕی تەبباع لە مەخلەدەوە ئەویش لە واصلی کۆیلەی کوڕی عویەینەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: موحەممەدی کوڕی سیرین فەرمووی: ئەوە تۆ چ جۆرە بازرگانییەك دەکەیت؟ گوتم: خواردن! فەرمووی: خواردن تەپوتۆزی زۆرە! دەفەرموێت: باوکی جەعفەر فەرمووی: بە مەخلەدم گوت: مەبەستی ئەوەیە کە تاوانی زۆرە؟ فەرمووی: بەڵێ!

١٧٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ، حَدَّثَنَا أَبُو إِسْحَاقَ الطَّالْقَانِيُّ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنِ السَّرِيِّ أَبِي يَحْيَى قَالَ: «لَقَدْ تَرَكَ ابْنُ سِيرِينَ أَرْبَعِينَ أَلْفًا فِي شَيْءٍ دَخَلَه».

واتە: ئەحمەد لە باوکی ئیسحاقی تاڵەقانییەوە ئەویش لە زەمرەوە ئەویش لە سەرییەوە ئەویش لە باوکی یەحیاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کوڕی سیرین وازی لە چل هەزار (دیرهەم یان دینار) هێنا هەر لەبەر ئەوەی گومانێکی تێکەوت.

قَالَ السَّرِيُّ: وَسَمِعْتُ سُلَيْمَانَ التَّيْمِيَّ يَقُولُ: «لَقَدْ تَرَكَهُ فِي شَيْءٍ مَا يَخْتَلِفُ فِيهِ أَحَدٌ مِنَ الْعُلَمَاءِ».

واتە: سیریی دەفەرموێت: گوێم لە سولەیمانی تەییمی بوو دەیفەرموو: کوڕی سیرین لەبەر شتێک وازی لەو چل هەزار هێنا کە هیچ یەک لە زانایان بە نارەوای دانەدەنا (واتە: وەک خۆپارێزی و وەرع وازی لێهێناوە ئەگینا حەرام نەبووە).

١٧٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ قَالَ: كَتَبَ إِلَيْنَا ضَمْرَةُ، عَنْ رَجَاءِ بْنِ أَبِي سَلَمَةَ، عَنِ ابْنِ عَوْنٍ قَالَ: سُئِلَ ابْنُ سِيرِينَ عَنِ الرَّجُلَيْنِ الْمُتَوَاخِيَيْنِ، فَفَسَدَ الَّذِي بَيْنَهُمَا قَالَ: «الْمُحْدَثُ الشَّرُّ».

واتە: حەسەنی کوڕی عەبدولعەزیز دەفەرموێت: زەمرە بۆی نووسیین لە ڕەجای کوڕی

باوکی سەلەمەوە ئەویش لە کوڕی باوکی عەونەوە گێڕایەوە فەرمووویەتی: لە بارەی دو پیاوەوە کە برایەتییان هەبووە؛ پرسیار لە موحەممەدی کوڕی سیرین کرا کە چ شتێک وایکرد تێوانیان تێک بچێ و لێک دوور بینەوە؟ فەرمووی: ئەوە شەڕە خراپە تازە پەیدا بووە (مەبەستی دینارو دیرهەم بووە).

١٧٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُعْتَمِرُ بْنُ سُلَيْمَانَ التَّيْمِيُّ، عَنْ هِشَام قَالَ: «كَانَ ابْنُ سِيرِينَ يُحْيِي اللَّيْلَ فِي رَمَضَانَ».

واتە: موعتەمیری کوڕی سولەیمانی تەییمی لە هیشامەوە دەگێڕێتەوە فەرمووویەتی: موحەممەدی کوڕی سیرین عادەتی وا بوو شەوانی مانگی ڕەمەزانی زیندوو دەکردەوە.

١٧٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْد الْعَزِيز قَالَ: كَتَبَ إِلَيْنَا ضَمْرَةُ، عَنْ رَجَاء بْن أَبِي سَلَمَةَ قَالَ: سَمِعْتُ يُونُسَ بْنَ عَبْد يَصِفُ الْحَسَنَ، وَابْنَ سِيرِينَ قَالَ: أَمَّا الْحَسَنُ فَلَمْ أَرَ رَجُلًا أَقْرَبَ قَوْلًا مِنْ فِعْلٍ مِنَ الْحَسَنِ، وَأَمَّا ابْنُ سِيرِينَ فَإِنَّهُ لَمْ يُعْرَضْ له أَمْرَانِ فِي دِينِه إِلَّا أَخَذَ بِأَوْثَقِهِمَا ".

واتە: حەسەنی کوڕی عەبدولعەزیز دەفەرموێت: زەمرە بۆی نووسین لە ڕەجای کوڕی باوکی سەلەمەوە فەرمووویەتی: گوێم لە یونسی کوڕی عەبد بوو پەسنی حەسەن و موحەممەدی کوڕی سیرینی دەدا؛ فەرمووی: سەبارەت بە حەسەن ئەوە هیچ کەسێکم نەبینیوە هێندەی حەسەن کارەکانی وەک قسەکانی بێت (واتە: قسەو کردەوەی وەک یەک بوون).. سەبارەت بە موحەممەدی کوڕی سیرینیش ئەوە هەر کاتێ دوو بابەتی ئایینی هاتبێتە بەردەم ئەوا بێگومان ئەوەیانی هەڵبژاردووە کە زیاتر تۆکمەو پتەوو دوور لە گومان بووە.

١٧٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ قَالَ: كَتَبَ إِلَيْنَا ضَمْرَةُ، عَنْ رَجَاء بْن أَبِي سَلَمَةَ، عَن ابْن عَوْن قَالَ: لَمَّا حَضَرَت ابْنَ سِيرِينَ الْوَفَاةُ قَالَ لابْنه: " أَيْ بُنَيَّ اقْضِ عَنِّي، وَلَا تَقْضِ عَنِّي إِلَّا الْوَفَاءَ قَالَ: يَا أَبَت، أَعْتِقُ عَنْكَ؟ قَالَ: «إِنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ لَقَادِرٌ عَلَى أَنْ يُؤْجِرَنِي وَإِيَّاكَ فِيمَا صَنَعْتَ مِنْ خَيْرٍ».

واتە: حەسەن بۆی گێراینەوە فەرمووی: زەمرە بۆی نووسین لە ڕەجای کوڕی باوکی سەلەمەوە ئەویش لە کوڕی باوکی عەونەوە گێرایەوە فەرمووویەتی: کاتێ موحەممەدی کوڕی

سیرین کەوتە گیاندانەوە بە کوڕەکەی گوت: کوڕی خۆم! لە باتی من کارەکان بکە؛ هیچ کارێک مەکە جگە لە قەرز بژاردن.. گوتی: باوکە! ئەی کۆیلەیەک لە جیاتیی تۆ ئازاد نەکەم؟! فەرمووی: بەڕاستی خوای گەورە توانایە بەسەر ئەوەی کە پاداشتی منیش و تۆش بداتەوە لە پاداشتی ئەو کارە چاکانەی کە دەیکەی.

١٧٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي نَصْرُ بْنُ عَلِيٍّ، حَدَّثَنِي مُوسَى بْنُ الْمُغِيرَةِ قَالَ: رَأَيْتُ مُحَمَّدَ بْنَ سِيرِينَ يَدْخُلُ السُّوقَ نِصْفَ النَّهَارِ يُكَبِّرُ وَيُسَبِّحُ وَيَذْكُرُ الله عَزَّ وَجَلَّ قَالَ: فَقَالَ له رَجُلٌ: يَا أَبَا بَكْرٍ السَّاعَةُ؟ قَالَ: «إِنَّهَا سَاعَةُ غَفْلَةٍ».

واتە: نەصری کوڕی عەلی لە مووسای کوڕی موغیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: چاوم بە موحەممەدی کوڕی سیرین کەوت لە نیوەڕۆدا دەچو بۆ بازاڕو تەسبیحات و یاد و زیکری خوای گەورەی دەکرد؛ پیاوێک پێی گوت: باوکی بەکر ئا لەم کاتەشا زیکری خوا دەکەیت؟ فەرمووی: ئەم کاتە کاتی غەفڵەت و بێ ئاگاییە (واتە: لەو کاتەدا زیکری خوا خێردارترە).

١٧٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ، عَنْ ضَمْرَةَ، عَنِ ابْنِ شَوْذَبٍ قَالَ: «كَانَ ابْنُ سِيرِينَ يَصُومُ يَوْمًا وَيُفْطِرُ يَوْمًا، وَكَانَ الْيَوْمُ الَّذِي يُفْطِرُ فِيهِ يَتَغَدَّى وَلَا يَتَعَشَّى ثُمَّ يَتَسَحَّرُ وَيُصْبِحُ صَائِمًا».

واتە: حەسەن لە زەمرەوە ئەویش لە کوڕی شەوزەبەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: موحەممەدی کوڕی سیرین عادەتی وا بوو ڕۆژێک ڕۆژووی دەگرت و ڕۆژێک بە ڕۆژوو نەدەبوو؛ ئەو ڕۆژەی کە تێیدا بەڕۆژو نەدەبوو نانی بەیانیی دەخوارد بەڵام نانی ئێوارەی نەدەخوارد؛ دوایی پارشیوی دەکردو بۆ بەیانی بەڕۆژوو دەبوو.

١٧٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْوَلِيدُ بْنُ شُجَاعٍ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، قَالَ رَجَاءُ بْنُ أَبِي سَلَمَةَ، حَدَّثَنَاهُ عَنِ ابْنِ عَوْنٍ، عَنِ ابْنِ سِيرِينَ قَالَ: «اتَّقِ الله فِي الْيَقَظَةِ وَلَا تُبَالِ بِمَا رَأَيْتَ فِي الْمَنَامِ».

واتە: شوجاع لە زەمرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕەجای کوڕی باوکی سەلەمە فەرمووی: کوڕی عەون بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: موحەممەدی کوڕی سیرین فەرموویەتی: تۆ لە کاتی بەخەبەریدا لەخوا بترسە ئیتر گوێ مەدە ئەوەی کە لە خەوا دەیبینی.

١٧٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا نَصْرُ بْنُ عَلِيٍّ، حَدَّثَنَا بِشْرُ بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَتْنِي أُمُّ عَبَّاد امْرَأَةُ هِشَام بْن حَسَّانَ، قَالَتْ: " كُنَّا نُزُلًا مَعَ مُحَمَّد بْن سِيرِينَ فِي دَارِهِ وَكُنَّا نَسْمَعُ بُكَاءَهُ فِي اللَّيْلِ يَعْنِي: وَضَحِكَهُ بِالنَّهَار ".

واتە: نەصری کوڕی عەلی لە بیشری کوڕی عومەرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: دایکی عەبباد کە ژنی هیشامی کوڕی حەسسان بوو گێڕایەوە فەرمووی: ئێمە لە ماڵی موحەممەدی کوڕی سیرین میوان بوین؛ شەوانە گوێمان لە دەنگی گریانی موحەممەد دەبوو؛ کەچی بەڕۆژا هەر پێدەکەنی.

١٧٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْد الْعَزِيز، عَنْ ضَمْرَةَ فِيهَا كُتُبَ إِلَيْهِمْ، عَنْ رَجَاء بْن أَبِي سَلَمَةَ، عَن ابْن عَوْن قَالَ: شَهِدْنَا مَعَ جَمَاعَة فَحَضَرَت الصَّلَاةُ فَنَادَى ابْنُ سِيرِينَ: لَا يَأْتِينَا إِلَّا مَنْ قَدْ جَمَعَ الْقُرْآنَ فَإِنَّ هَاهُنَا مَنْ قَدْ جَمَعَ الْقُرْآنَ فَلَمَّا صَلَّيْنَا قُلْتُ لَه: مَا مَنَعَكَ أَنْ تُصَلِّيَ بِنَا؟ قَالَ: " كَرِهْتُ أَنْ يَتَفَرَّقَ النَّاسُ فَيَقُولُونَ: أَمَّنَا ابْنُ سِيرِينَ ".

واتە: حەسەنی کوڕی عەبدولعەزیز لە زەمرەوە بە پێی نووسینێک کە بۆ ئەوانی نووسیبوو لە ڕەجای کوڕی باوکی سەلەمەوە ئەویش لە کوڕی عەونەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێکا بوین؛ کاتی نوێژ هاتە پێشەوە و موحەممەدی کوڕی سیرین فەرمووی: با کەس بەرنوێژی نەکات یەکێک نەبێ کە هەموو قورئانی لەبەر بێ؛ چونکە لێرە یەکێک هەیە هەموو قورئانی لەبەرە.. کاتێ نوێژمان کرد پێمگوت: ئەوە بۆچی خۆت بەرنوێژیت بۆ نەکردین؟ فەرمووی: پێم ناخۆشبوو خەڵکی بڵاوەی لێ بکەن و بڵێن: کوڕی سیرین بەرنوێژی بۆ کردین.

١٧٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي هَارُونُ بْنُ عَبْد الله، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ ثَابِتًا الْبُنَانِيَّ، يَقُولُ: كَانَ شَابٌّ رَهِقَ كَانَتْ أُمُّهُ تَعِظُهُ وَتَقُولُ لَه: " يَا بُنَيَّ إِنَّ لَكَ يَوْمًا فَاذْكُرْ يَوْمَكَ قَالَ: فَلَمَّا نَزَلَ أَمْرُ الله أَكَبَّتْ عَلَيْه أُمُّهُ فَجَعَلَتْ تَقُولُ: يَا بُنَيَّ قَدْ كُنْتُ أُحَذِّرُكَ مَصْرَعَكَ هَذَا وَأَقُولُ: إِنَّ لَكَ يَوْمًا فَاذْكُرْ يَوْمَكَ قَالَ: يَا أُمَّاهُ إِنَّ لِي رَبًّا كَثِيرَ الْمَعْرُوف وَإِنِّي لَأَرْجُو أَلَّا يَعْدِمَنِي الْيَوْمَ بَعْضَ مَعْرُوفِ رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ وَأَنْ يَغْفِرَ لِي قَالَ: فَيَقُولُ: مَاتَ رَحِمَهُ الله يُحْسِنُ ظَنَّهُ بِالله فِي حَالِه تِلْكَ ".

واتە: هارونی کوڕی عەبدوڵلا لە سەییارەوە ئەویش لە جەعفەرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە ثابتی بوونانی بوو دەیفەرموو: گەنجێک هەبوو خراپەکار؛ دایکی ئامۆژگاریی کرد و

پێی گوت: کوڕی خۆم! تۆش ڕۆژی خۆت دێت و ئاگات لەو ڕۆژە بێ! دوای ئەوەی خوای گەورە ڕۆژی ئەو گەنجەی هێنا دایکی کەوت بەسەریاو دەگریاو دەیگوت: کوڕی خۆم چەند جارێک هۆشداریم پێدای سەبارەت بەم ڕۆژەو پێم گوتی: ڕۆژی خۆت دێت و ئاگات لەو ڕۆژە بێ! کوڕەکە گوتی: دایکە! من خوایەکی وام هەیە کە چاکەی زۆر زۆرە؛ من تکام وایە کە ئەمڕۆ لەو چاکانەی خۆی بێبەشم نەکات و لێم خۆشبێت! فەرمووی: ئەو گەنجە ئەو ڕۆژە مردوو لە سەرەمەرگدا گومانی باشی بەخوای گەورە هەبوو؛ خوای گەورە ڕەحمی پێ بکات.

١٧٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُوسَى بْنُ هِلَالٍ قَالَ: سَمِعْتُ هِشَامَ بْنَ حَسَّانَ، يَذْكُرُ قَالَ: كَانَ ابْنُ سِيرِينَ إِذَا دُعِيَ إِلَى وَلِيمَةٍ أَوْ إِلَى عُرْسٍ دَخَلَ مَنْزِله فَيَقُولُ: اسْقُونِي شَرْبَةَ سَوِيقٍ فَيُقَالُ له: يَا أَبَا بَكْرٍ، أَنْتَ تَذْهَبُ إِلَى الْعُرْسِ تَشْرَبُ سَوِيقًا فَكَانَ يَقُولُ: «إِنِّي أَكْرَهُ أَنْ أَجْعَلَ جَدَّ جُوعِي عَلَى طَعَامِ النَّاسِ».

واتە: مووسای کوڕی هیلال دەفەرموێت: گوێم لە هیشامی کوڕی حەسسان بوو باسی ئەوەی دەکرد کە موحەممەدی کوڕی سیرین هەر جارێ بانگ کرابا بۆ گوێزەبانە یان شایی و وەلیمە؛ دەچوە ناو ماڵەکەی خۆی و دەیفەرموو: ئادەی کەمێک سەویقم پێ بدەن با بیخۆمەوە! پێیان دەگوت: باوکی بەکر! دەی خۆ تۆ بۆ شایی دەچی کەچی سەویق دەخۆیەوە؟ دەیفەرموو: من پێم ناخۆشە تەواوی برسێتی خۆم ببەمە سەر خواردنی خەڵکی!

١٧٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنِ ابْنِ زُهَيْرٍ قَالَ: كَانَ ابْنُ سِيرِينَ إِذَا ذُكِرَ الْمَوْتُ مَاتَ كُلُّ عُضْوٍ له عَلَى حِدَته ".

واتە: سوفیان لە کوڕی زوهەیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: موحەممەدی کوڕی سیرین عادەتی وا بوو کە باسی مردن دەکرا هەریەک لە ئەندامەکانی لاشەی سەربەخۆ دەمردن.

١٧٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَسَنُ بْنُ مُوسَى، حَدَّثَنَا أَبو هِلَالٍ، عَنْ غَالِبٍ الْقَطَّانِ، عَنْ بَكْرِ بْنِ عَبْدِ الله قَالَ: «مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى أَعْلَمِ رَجُلٍ أَدْرَكْنَاهُ فِي زَمَانِه فَلْيَنْظُرْ إِلَى الْحَسَنِ فَمَا أَدْرَكْنَا أَعْلَمَ مِنْهُ، وَمَنْ سَرَّهُ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى أَورَعِ رَجُلٍ أَدْرَكْنَاهُ فِي زَمَانِه فَلْيَنْظُرْ إِلَى ابْنِ سِيرِينَ إِنَّهُ لَيَدَعُ بَعْضَ الْحَلَالِ تَأَثُّمًا، وَمَنْ سَرَّهُ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى أَعْبَدِ رَجُلٍ أَدْرَكْنَاهُ فِي زَمَانِه فَلْيَنْظُرْ إِلَى ثَابِتٍ الْبُنَانِيِّ فَمَا أَدْرَكْنَا الَّذِي هُوَ أَعْبَدُ مِنْهُ تَرَاهُ فِي يَوْمٍ إِنَّهُ لَيَظَلُّ الْيَوْمَ

الْمَعْمَعَانِيُّ الطَّوِيلَ مَا بَيْنَ طَرَفَيْهِ صَائِمًا يُرَوِّحُ مَا بَيْنَ جَبْهَتِه وَقَدَمِه وَمَنْ سَرَّهُ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى أَحْفَظِ رَجُلٍ أَدْرَكْنَاهُ فِي زَمَانِه وَأَجْدَرَ أَنْ يُؤَدِّيَ الْحَدِيثَ كَمَا سَمِعَهُ فَلْيَنْظُرْ إِلَى قَتَادَةَ».

واتە: حەسەنی کوڕی مووسا لە باوکی هیلالەوە ئەویش لە غالبی قەتتانەوە ئەویش لە بەکری کوڕی عەبدوڵڵاوە فەرموویەتی: هەر کەسێ پێی خۆشە سەیری زاناترین کەس بکات کە ئێمە لە سەردەمی خۆیا دیومانە؛ ئەوا با سەیری حەسەن بکات؛ ئێمە کەسمان نەدیوە لە حەسەن زاناتر بێ.. هەر کەسێکیش پێی خۆشە سەیری خۆپارێزترین کەسی سەردەمی خۆی بکات کە ئێمە دیومانە؛ ئەوا با سەیری موحەممەدی کوڕی سیرین بکات؛ موحەممەد وازی لە زۆرێک لە شتە حەڵاڵەکان هێنابوو لەبەر ئەوەی لە حەرام نزیك نەبێتەوە.. هەر کەسێکیش پێی خۆشە سەیری کەسێک بکات کە لە سەردەمی خۆیا لە هەمووان زیاتر خواپەرست بووەوە ئێمە دیومانە؛ ئەوا با سەیری ثابتی بونانی بکات؛ ئێمە نەماندیوە هیچ کەسێک هێندەی ئەو خواپەرست بێ؛ دەمانبینی لە ڕۆژی زۆر درێژو زۆر گەرما بەڕۆژوو دەبوو؛ لاشەی هەموو دەلەقاند بۆ ئەوەی کەمێک فێنك ببێتەوە.. هەر کەسێکیش پێی خۆشە سەیری پیاوێک بکات کە لە سەردەمی خۆیا لە هەمووان زیاتر فەرموودەی لەبەرەو ئێمە دیومانەو لە هەموو کەس زیاتر جوانتر فەرموودە وەک چۆن بیستویەتی ئاوا بیگێڕێتەوە؛ ئەوا با سەیری قەتادە بکات.

١٧٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ حَبِيبِ بْنِ الشَّهِيد، عَنْ هِشَام، أَنَّ أَنَسُ بْنُ مَالِك أَوْصَى أَنْ يُغَسِّلَه ابْنُ سِيرِينَ، فَلَمَّا مَاتَ أُتِيَ مُحَمَّدٌ فَقِيلَ له ذَلِكَ فَقَالَ: أَنَا مَحْبُوسٌ فِي السِّجْنِ قَالُوا: فَإِنَّا قَد اسْتَأْذَنَّا الأَمِيرَ فَأَذِنَ لَكَ. قَالَ: إِنَّ الأَمِيرَ لَمْ يَحْبِسْنِي، وَإِنَّمَا حَبَسَنِي الَّذِي له الْحَقُّ عَلَيَّ. قَالَ: فَأُتِيَ الَّذِي له الْحَقُّ فَأَذِنَ له، فَخَرَجَ فَغَسَّلَه وَكَفَّنَهُ بِخَمْسَةِ أَثْوَابٍ إِحْدَاهُنَّ الْعِمَامَةُ، وَطَلَاهُ بِالْمِسْكِ مِنْ قَرْنِه إِلَى قَدَمِه ".

واتە: ئیبراهیمی کوڕی حەبیب لە هیشامەوە ئەویش لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە گێڕایەوە کە ئەنەسە وەسیەتی کرد کە موحەممەدی کوڕی سیرین تەرمەکەی بشوا؛ جا کاتێ ئەنەس مرد کەسێکیان ناردە لای موحەممەد پێی گوترا کە ئەنەس وەسیەتێکی ئاوای کردووە! موحەممەد گوتی: ئاخر من گیراوم و لە زینداانم! گوتیان: دەی ئێمە ئیزنمان لە سەرکردە وەرگرتووە و ئیزنی پێداوین.. گوتی: دەی خۆ سەرکردە خۆی منی نەگرتووە! ئەو کەسە منی گرتووە کە مافی بەسەر منەوە هەیە.. دەفەرموێت: بانگی ئەو پیاوەیان کرد کە مافی بەسەر موحەممەدی کوڕی سیرینەوە هەبوو؛ پیاوەکە ئیزانی موحەممەدی داو موحەممەد لە زیندان هاتە دەرێ و تەرمی ئەنەسەی شۆری و پێنج دەست کفنی لەبەر کرد؛ یەکێک لە پێنج دەستە

کفنە بریتـی بـوو لە مێـزەر؛ هەر لە تەوقە سـەریەوە هەتـا کلاّنووسـی پێـی جـوان بە میسـك بۆنخۆشی کرد. (تەوق بۆ سـەر بەکار دەهێنرێ؛ تەوقی سەر؛ بەلاّم بۆ قاچ کلاّنـووس بەکار دەهێنرێ؛ هەتاکلاّنووسی پێ واتە: هەتا سەری پەنجەکانی پێی).

١٧٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنِ ابْنِ عَوْنٍ، عَنْ مُحَمَّدٍ قَالَ: كَانَ يُقَالُ: «إِنَّ الرَّجُلَ إِذَا أَرَادَ الْخَيْرَ كَانَ له زَاجِرًا مِنَ الله يَأْمُرُهُ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُ عَنِ الْمُنْكَرِ».

واتە: وەکیـع لە کـوڕی عەونەوە ئەویـش لە مـوحەممەدەوە گێـڕایەوە فەرمـوویەتی: جاران دەگوترا: ئەگەر مرۆڤ نیازی ێرو چاکەی هەبێ؛ ئەوا خوای گەورە ویژدانی ئەو کەسە دەخاتە کار؛ ویژدانی فرمانی پێ دەکات بۆ کردنی کاری چاکەو نەهیی لێ دەکات لە کردنی کاری خراپە.

١٧٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ أَبِي بُكَيْرٍ، حَدَّثَنَا مَهْدِيٌّ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ سِيرِينَ قَالَ: " أَعْرَسَ ابْنُ أُخْتٍ لَنَا فَصَنَعَ طَعَامًا فَقَالَ ابْنُ سِيرِينَ: كَانَ الرَّجُلُ مِنْ أَصْحَابِ مُحَمَّدٍ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَمْكُثُ أَيَّامًا لَا يَأْكُلُ فَإِذَا وَجَدَ جِلْدَةً اجْتَزَأَ بِهَا فَإِنْ لَمْ يَجِدْ عَصَبَ عَلَى بَطْنِهِ حَجَرًا.

واتە: یەحیای کوڕی باوکی بوکەیر لە مەهدییەوە ئەویش لە موحەممەدی کوڕی سیرینەوە گێـڕایەوە فەرمـووی: کـوڕێکی خوشـکەزام شـایی کـرد؛ خـواردنێکی بـۆ ئـێمە دروست کـرد؛ موحەممەدی کوڕی سیرین فەرمووی: لە ناو هاوەڵانی پێغەمبەردا (ﷺ) پیاوی وا هەبوو چەند ڕۆژێک خواردنی نەبوو بیخوات؛ ئەگەر پارچە پێستێکی دەست کەوتبا چەند ڕۆژێک پێوەی دەچـارا (واتە: چەنـد ڕۆژێـک ئەوەی جیـاتی خـواردن بەکـار دەهێنـا) ئەگەر هیچـی دەسـت نەکەوتبا بەردی دەبەستە سەر زگی خۆیەوە.

١٧٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ إِسْحَاقَ، أَنْبَأَنَا مَهْدِيٌّ، حَدَّثَنِي الْجُرَيْرِيُّ قَالَ: كُنَّا عِنْدَ مُحَمَّدِ بْنِ سِيرِينَ فَلَمَّا أَرَدْنَا الْقِيَامَ قُلْنَا: دَعْوَةٌ يَا أَبَا بَكْرٍ قَالَ: «اللهمَّ تَقَبَّلْ مِنَّا أَحْسَنَ مَا نَعْمَلُ وَتَجَاوَزْ عَنَّا فِي أَصْحَابِ الْجَنَّةِ وَعْدَ الصِّدْقِ الَّذِي كَانُوا يُوعَدُونَ».

واتە: یەحیـای کـوڕی ئیسـحاق دەفەرموێـت: مەهدی بـۆی گێـڕاینەوە فەرمـووی: جورەیری بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: ئێمە لە خزمەت موحەممەدی کـوڕی سیرینا بـوین؛ کـاتێ ویسـتمان

هەستین گوتمان: باوکی بەکر دەی نزایەکی خێر بکە! فەرمووی: خوایە! چاکترین کارەکانمان لێ وەربگرەو لە خراپکانمان خۆش ببەو چاوپۆشی لێ بکە؛ بمانخە ڕیزی ئەوانەی کە بەهەشتین و بەر ئەو بەڵێنەمان بخە کە پێیان دراوە.

١٧٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُؤَمَّلٌ، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، عَنْ هِشَام قَالَ: كَانَ مُحَمَّدٌ إِذَا مَشَى لَمْ يَلْتَفِتْ خَلْفَهُ قَالَ هِشَامٌ: فَغَدَوْتُ فِي عِيد لِيَخْرُجَ فَأَتَّبِعَهُ فَأَنْظُرَ مَا يَصْنَعُ فِي طَرِيقِه وَفِي مُصَلاَّهُ قَالَ: فَكَأَنَّهُ فَطِنَ فَاحْتَبَسَ عَنِ الْوَقْتِ الَّذِي كَانَ يَخْرُجُ فِيه قَالَ: وَاحْتَبَسْتُ لِيَخْرُجَ فَلَمَّا أَبْطَأْتُ عَلَيْه خَرَجَ قَالَ: فَلَمَّا مَضَى تَبِعْتُهُ قَالَ: فَالْتَفَتَ فَرَآنِي فَقَالَ: «لَوْ كُنْتَ لِصًّا لَكُنْتَ رَجُلَ سُوءٍ إِنِّي لَوْ عَلِمْتُ أَنَّ هَذَا يَصْلُحُ لِي وَلَكَ مَا بَالَيْتُ».

واتە: حەمماد لە هیشامەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: موحەممەد عادەتی وا بوو کاتێ ڕێی دەکرد لای نەدەکردەوە بە لای دواوە؛ هیشام دەفەرموێت: بەیانیی جەژنێک زوو هەستام چاودێری ئەوم کرد کە موحەممەد بەرەو شوێنی نوێژ بڕواو منیش چاودێری بکەم بزانم لە ڕێگادا چی دەکات و چی ناکات؛ لە شوێنی نوێژ کردنا چی دەکات و چی ناکات؟ دەفەرموێت: وەک بڵێی هەستی بەوە کرد؛ خۆی دواخست و لەو کاتەدا نەهاتە دەرێ کە جاران دەهات.. دەفەرموێت: منیش خۆمم گیردا بۆ ئەوەی ئەو بێتە دەرەوە؛ جا کە من زۆر مامەوە ئەو بە ناچاری هاتە دەر؛ کاتێ بەرەو شوێنی نوێژکردن ڕۆیی شوێنی کەوتم؛ دەفەرموێت: لای کردەوە و منی بینی و فەرمووی: ئەگەر تۆ دز بویتایە من پیاوێ‌ی خراپ بووم؛ ئەگەر بمزانیبایە ئەمە بۆ من و بۆ تۆ باشە گوێم نەدەدایێ.

١٧٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ وَجَدْتُ فِي كِتَاب أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ الْغَلاَبِيُّ، حَدَّثَنِي سَهْلُ بْنُ أَسْلَمَ الْعَدَوِيُّ قَالَ: عَزَّانِي عَوْفٌ الأَعْرَابِيُّ فِي أَبِي قَالَ: فَقَالَ لِي: «اعْلَمْ أَنَّ بَعْدَ هَذَا التَّفْرِيق اجْتِمَاعٌ فَإِن اسْتَطَعْتَ أَنْ تَلْقَ أَبَاكَ وَأَنْتَ لاَ تَسْتَحِي مِنْهُ فَافْعَلْ إِنْ كَانَ لَه وَصِيَّةٌ فَأَنْفِذْهَا أَوْ أَمَانَةٌ فَأَدِّهَا أَوْ دَيْنٌ فَاقْضِه أَوْ رَحِمٌ فَصِلْها، وَاعْلَمْ أَنَّ بَعْدَ ذَلِكَ الاجْتِمَاع تَفَرُّقًا ثُمَّ اجْتِمَاعٌ لاَ تَفَرُّقَ بَعْدَهُ أَوْ تَفَرُّقٌ لاَ اجْتِمَاعَ بَعْدَهُ».

واتە: باوکی موعاویەی غەلابی لە سەهلی کوڕی ئەسلەمی عەدەوییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: باوکم مردوو عەوفی ئەعرابی سەرەخۆشیی لێ کردم و پێی گوتم: چاک بزانە دوای ئەم جیابوونەوەیە دیسان پێکگەیشتن هەیە؛ ئەگەر دەتوانی بە جۆرێک بگەی بە باوکت کە شەرمی لێ نەکەیت و تەریق نەبیتەوە؛ ئەوە ئەو کارە بکە، ئەگەر وەسیەتێکی کردووە

جێبەجێ بکە؛ ئەگەر ئەمانەتێکی لایە جیاتی ئەو بیدەرەوە بە دەست خاوەنەکەی؛ ئەگەر قەرزی لایە بۆی بیژێرە؛ ئەگەر خزمی هەیە پەیوەندی خزمایەتی بەجێ بهێنە؛ ئەوەش بزانە کە دوای ئەو پێکگەیشتنە دیسان جیابوونەوە هەیە دوای ئەوەش پێکگەیشتنێک هەیە کە ئیتر هەتا هەتایە جیابوونەوە و لێکدابڕانی تێدا نییە؛ یان لێک دابڕانێک هەیە کە ئیتر هەتا هەتایە پێکگەیشتنی بو دوادا نایەت.

١٧٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قال وَجَدْتُ فِي كِتَابِ أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ الْغَلاَبِيُّ، حَدَّثَنِي سَعِيدُ بْنُ عَامِر، عَنْ عَوْفِ الأَعْرَابِيِّ، أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ لِجُلَسَائِه: «أَمَا وَالله مَا نُعَلِّمُكُمْ مِنْ جَهَالَةِ وَلَكِنَّا نُذَكِّرُكُمْ بَعْضَ مَا تَعْرِفُونَ لَعَلَّ الله أَنْ يَنْفَعَكُمْ بِه».

واتە: باوکی موعایەی غیلابی لە سەعیدی کوڕی عامرەوە ئەویش لە عەوفی ئەعرابییەوە گێڕایەوە کە بەوانەی لای دانیشتبوون فەرموو: بەخوا ئێمە هیچ نەزانییەك لە ئێوە شك نابەین؛ بەڵام هەندێک لەوەتان وەبیر دێنینەوە کە خۆتان دەیزانن؛ بەڵکوو خوای گەورە وەابکا کە سودێکتان پێ بگات.

١٧٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ وَجَدْتُ فِي كِتَابِ أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ الْغَلاَبِيُّ، قَالَ صَالِحٌ الْمُرِّيُّ وَأَتَى عَبْدُ الله بْنُ الْحَسَنِ يُعَزِّيه عَلَى أُمِّه قَالَ: «إِنْ كَانَتْ هَذه الْمُصِيبَةُ قَدْ أَحْدَثَتْ لَكَ عِظَةً فِي نَفْسِكَ فَهِيَ نِعْمَةٌ عَلَيْكَ وَإِلاَّ فَاعْلَمْ أَنَّ مُصِيبَتَكَ فِي نَفْسِكَ أَعْظَمُ».

واتە: باوکی موعاویەی غەلابی بۆمان دەگێڕێتەوە کە صالەحی موڕڕی دایکی مردوو عەبدوڵڵای کوڕی حەسەن هات بۆ سەرەخۆشیکردن لە صالەح و پێی گوت: ئەگەر ئەم بەڵا و موسیبەتە بوبێتە پەندو ئامۆژگاری بۆ تۆ ئەوە بێگومان نازونیعمەتە؛ ئەگینا باش بزانە کە ئەو بەڵا و موسیبەتە کە بە هۆی خۆتەوە بەسەر خۆتا دێت لەمە گەورەترە کە بە هۆی دایکتەوە بەسەرتا هاتووە.

١٧٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَتْنَا أُمُّ عَمْرَةَ بِنْتُ حَسَّانَ بْنِ يَزِيدَ، عَجُوزٌ صِدْقٌ قَالَتْ: وَحَدَّثَنِي سَعِيدُ بْنُ يَحْيَى بْنِ قَيْسِ بْنِ عَبْسٍ، قَالَ أَبِي وَهُوَ زَوْجُهَا عَنْ أَبِيه، أَنَّ عَائِشَةَ رَحِمَهَا الله تَعَالَى قَالَتْ: «لاَ يُبْغِضُنِي إِنْسَانٌ فِي الدُّنْيَا إِلاَّ تَبَرَّأْتُ مِنْهُ فِي الْآخِرَةِ».

واتە: دایکی عەمرەی کچی حەسسانی کوڕی یەزید کە پیرەژنێکی ڕاستگۆ بوو فەرمووی: سەعیدی کوڕی یەحیای کوڕی قەیسی کوڕی عەبس فەرمووی: باوکم فەرمووی: دایە

عائیشه خوای لێ ڕازی بێت فەرمووی: هەر کەسێک لە دونیادا ڕقی لێم بێتەوە بێگومان لە قیامەتدا من خۆمی لێ بەری دەکەم (قوڕ بەسەر ئەوانەی کە لەم دونیادا قسەی نەشیاو بە دایە عائیشەی خێزانی پاك و خۆشەویستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێن و بۆ مەرامی گڵاوی دونیا ئەو خاتونە پاکەو ئەو دایکە گەورە و خۆشەویستە لەخۆیان دەتۆرێنن و بەو هۆیەوە دەبنە خەسم و دژی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و چاویان بە سۆزو میهرەبانیی خوای گەورە ناکەوێ).

١٧٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ قَرَأْتُ عَلَى أَبِي هَذِه الأَحَادِيثَ فَأَقَرَّ بِهَا وَقَالَ ارْوِهَا عَنِّي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عُبَيْد، حَدَّثَنَا هَارُونُ يَعْنِي الْبَرْبَرِيَّ، عَنْ عُبَيْدِ الله بْنِ عَبْد قَالَ: قَدِمَ رَجُلٌ بَعْدَ وَفَاةِ عَائِشَةَ فَسَأَله عُبَيْدُ بْنُ عُمَيْر، كَيْفَ رَأَيْتَ وَجْدَ النَّاسِ عَلَيْهَا؟ قَالَ: وَالله مَا اشْتَدَّ وَجْدُهُمْ كُلَّ ذَلِكَ، قَالَ عُبَيْدُ بْنُ عُمَيْر: «إِنَّمَا يَحْزَنُ عَلَى عَائِشَةَ مَنْ كَانَتْ له أُمًّا».

واتە: موحەممەدی کوڕی عوبەید لە هارونی بەربەرییەوە ئەویش لە عوبەیدوڵڵای کوڕی عەبدەوە فەرموویەتی: دوای کۆچی دوایی دایە عائیشە پیاوێ: هاتە مەدینەو عوبەیدی کوڕی عومەیر لێی پرسی: خەڵکی چۆن بە هۆی کۆچی دوایی دایە عائیشەوە خەمبار بوون؟ فەرمووی: بەخوا هەموویان بۆی خەمبار نەبوون! عوبەیدی کوڕی عومەیر فەرمووی: تەنیا ئەو کەسانە بۆ دایە عائیشە خەمبارن کە دایکیان بووە (واتە: تەنیا ئەو کەسانە بۆی خەمبارن کە بەڕاستی باوەڕدارن و دایە عائیشە بووە بە دایکیان).

١٧٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ قَرَأْتُ عَلَى أَبِي، حَدَّثَنَا خَلَفٌ، حَدَّثَنَا ابْنُ الْوَلِيد قَالَ: حَدَّثَنَا هُشَيْمٌ، أَنْبَأَنَا الْفَضْلُ بْنُ عَطِيَّةَ قَالَ: «جَلَسْتُ إِلَى سَالِمِ بْنِ عَبْدِ الله فَقَوَّمْتُ ثِيَابَهُ وَنَعْلَيْه ثَلاثَةَ عَشَرَ دِرْهَمًا أَوْ خَمْسَةَ عَشَرَ دِرْهَمًا».

واتە: خەلەف لە کوڕی وەلیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هوشەیم بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: فەزڵی کوڕی عەتییە بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: لە لای سالمی کوڕی عەبدوڵڵا دانیشتم؛ پۆشاکەکەی و نەعلەکانیمان نرخاند بایی سیانزە دیرهەم یان پانزە دیرهەم بوو.

١٧٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ قَرَأْتُ عَلَى أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ زَيْد، حَدَّثَنَا مَعْمَرُ بْنُ رَاشِد قَالَ: عَنِ الزُّهْرِيِّ قَالَ: أَخْبَرَنِي عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ، عَنْ أَبِيه، أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ سُئِلَ عَنِ الدِّينِ أَيُّهُ أَفْضَلُ؟ قَالَ: «الْحَنِيفِيَّةُ السَّمْحَةُ».

واتە: سەعیدی کوڕی زەید لە مەعمەری کوڕی ڕاشیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: زوهری فەرمووی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە باوکییەوە گێڕایەوە فەرمووی: پرسیار لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرا چ لق و پۆپێکی ئایین لە هەموو لق و پۆپەکانیتر خێرداترو گەورەترە؟ فەرمووی: ئەوەی کە لەسەر ڕێگای ڕاستەو کل نەبووە و لاینەداوە و ئاسانیشە.

١٨٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ قَرَأْتُ عَلَى أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، قَالَ عَبَّادُ بْنُ مَنْصُور، أَخْبَرَنِي قَالَ: سَمِعْتُ الْقَاسِمَ بْنَ مُحَمَّد، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: " إِنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ يَقْبَلُ الصَّدَقَاتِ وَيَقْبَلها بِيَمِينه وَلَا يَقْبَلُ مِنْهَا إِلَّا الطَّيِّبَ وَإِنَّهُ لَيُرَبِّي اللُّقْمَةَ كَمَا يُرَبِّي أَحَدُكُمْ فَصِيله أَوْ مُهْرَهُ حَتَّى تَصِيرَ اللُّقْمَةُ لِصَاحِبِهَا مِثْلَ أُحُد قَالَ: وَسَأَلْتُ عَنْ ذَلِكَ عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ الْقَاسِم فَقَالَ: مَا كَانَ لِلْقَاسِم بِهَذَا عِلْمٌ.

واتە: عەففان لە شوعبەوە ئەویش لە عەببادی کوڕی مەنصورەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە قاسمی کوڕی موحەممەد بوو لە ئەبوهورەیرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: بەڕاستی خوای گەورە و میهرەبان خێرو سەدەقە وەردەگرێ؛ بە دەستی ڕاستیشی وەری دەگرێ؛ بەڵام هەر ئەوە وەردەگرێ کە پاکە؛ جا خۆی ئەو خێرو سەدەقەیە پەروەردە دەکات وەک چۆن هەریەک لە ئێوە نەمامێک یان کڕولەیەکی خۆی پەروەردە دەکات؛ جا خوای گەورە پارویەک پەروەردە دەکات تا هێندەی کێوی ئوحودی لێدێت.. فەرمووی: هەر لەوبارەوە پرسیارم لە عەبدولڕەحمانی کوڕی قاسم کرد فەرمووی: قاسم لەبارەی ئەمەوە هیچی نەزانیوە و لای نەبووە. (کوڕولە واتە: بێچوە ئەسپی تازە لە دایکبو).

١٨٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ قَرَأْتُ عَلَى أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، أَنْبَأَنَا شُعْبَةُ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ الهَجَرِيِّ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا الْأَحْوَص، عَنْ عَبْد الله، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: «أَتَدْرُونَ أَيُّ الصَّدَقَة أَفْضَلُ» قَالُوا: الله وَرَسُوله أَعْلَمُ قَالَ: «الْمِنْحَةُ أَنْ يَمْنَحَ أَخَاهُ دَرَاهِمَ أَوْ ظَهْرَ الدَّابَّة أَوْ لَبَنَ الشَّاة أَوْ لَبَنَ الْبَقَرَة».

واتە: عەففان لە شوعبەوە ئەویش لە ئیبراهیمی هەجەرییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە باوکی ئەحوەص بوو لە عەبدوڵلاوە ئەویش لە پێغەمبەری خودای (ﷺ) گێڕایەوە فەرموویەتی: دەزانن کام خێرو سەدەقەیە لە هەمووان گەورەترە؟ هاوەڵان گوتیان: خوداو پێغەمبەری خودا دەزانن..فەرمووی: بەخشین؛ ئەوەی کە چەند دیرهەمێک بە براکەی دەبەخشێ؛ یان وڵاخێکی سواری یان شیری بزنێک یان شیری مانگایەک.

١٨٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، قَالَ قَرَأْتُ عَلَى أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ عَطَاءِ بْنِ السَّائِبِ، عَنْ أَبِي الْأَحْوَصِ، وَأَبِي الْبَخْتَرِيِّ أَنَّ ابْنَ مَسْعُودٍ، قَالَ: «تَعَلَّمُوا الْقُرْآنَ وَاتْلُوهُ فَإِنَّكُمْ تُؤْجَرُونَ بِكُلِّ اسْمٍ فِيهِ عَشْرًا أَمَا إِنِّي لَا أَقُولُ بِأَلِفِ لَامِ مِيمِ عَشْرًا وَلَكِنْ بِالْأَلِفِ عَشْرًا وَبِاللَّامِ عَشْرًا وَبِالْمِيمِ عَشْرًا».

واتە: عەففان لە حەمادی کوڕی سەلەمەوە ئەویش لە عەتای کوڕی سائیبەوە ئەویش لە باوکی ئەحوەص و باوکی بەختەرییەوە دەگێڕنەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود فەرمووی: قورئان فێر ببن و بیخوێننەوە؛ چونکە بەڕاستی لە بری قورئانخوێندنەوە پاداشت وەردەگرن؛ لە بری هەر پیتێک دە چاکەتان بۆ دەنووسرێ؛ ئاگاداربن من نالێم الف لام میم دە چاکەی لەسەرە؛ بەڵکوو ئەلف دەچاکەو میم دە چاکەو لامیش دە چاکەی لەسەرە.

١٨٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، قَالَ قَرَأْتُ عَلَيهِ حَدَّثَنَا عَفَّانُ، عَنْ حَمَّادٍ، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ، عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَبْدِ الْغَافِرِ قَالَ: " دَعْوَةٌ سِرًّا أَفْضَلُ مِنْ سَبْعِينَ عَلَانِيَةً وَإِذَا عَمِلَ الْعَبْدُ عَمَلًا حَسَنًا فِي الْعَلَانِيَةِ وَعَمِلَ فِي السِّرِّ مِثْلَهُ قَالَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: «هَذَا عَبْدِي حَقًّا».

واتە: عەففان لە حەمادەوە ئەویش لە ثابتەوە ئەویش لە عوقبەی کوڕی عەبدولغافرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لەخواپاڕانەوەیەک بە نهێنی لە حەفتا پاڕانەوەی ئاشکرا چاکترە؛ هەر کاتێ کەسێک بە ئاشکرا چاکەیەکی کرد و بە پەنهانیش چاکەیەکی وەک ئەوەی پێشوی کرد؛ خوای گەورە دەفەرموێت: بەڕاستی ئا ئەمەیان لەبەر خاتری من بوو.

١٨٠٤ - حَدَّثَنِي عَبْدُ اللهِ قَالَ: وَقَرَأْتُ عَلَيْهِ، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، عَنْ حَمَّادٍ، عَنْ ثَابِتٍ، عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَبْدِ الْغَافِرِ: «الْعِشَاءُ فِي جَمَاعَةٍ كَحَجَّةٍ، وَصَلَاةُ الْفَجْرِ فِي جَمَاعَةٍ كَعُمْرَةٍ».

واتە: عەففان لە حەمادەوە ئەویش لە ثابتەوە ئەویش لە عوقبەی کوڕی عەبدولغافرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: خێرو پاداشتی کردنی نوێژی خەوتنان بە کۆمەڵ وەکوو خێرو پاداشتی حەجێک وایە؛ خێری کردی نوێژی بەیانیش بە کۆمەڵ؛ وەکوو خێری عومرەیەک وایە.

١٨٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مَعْمَر، سَمِعْتُ سُفْيَانَ، يَقُولُ: حَدَّثَنَا ابْنُ أَبِي أَسَد، وَكَانَ مِنْ أَعْبَد أَهْلِ الْمَدِينَة، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مَعْمَر، عَنْ سُفْيَانَ قَالَ: كَانَ رَجُلٌ يَقُولُ: «إِنِّي لَأَكْرَهُ أَنْ أَلْبَسَ ثَوْبًا جَدِيدًا يَرَانِي جِيرَانِي فَيَغْتَابُونِي فَيَأْثَمُونَ».

واته: باوکی مەعمەر دەفەرموێت: گوێم لە سوفیان بوو دەیفەرموو: کوڕی باوکی ئەسەد، کە خواپەرستترین کەسی مەدینە بوو بۆی گێراینەوە عەبدوڵلا فەرموویەتی باوکی مەعمەر لە سوفیانەوە بۆی گێراینەوە فەرموویەتی: پیاوێک هەبوو دەیگوت: من پێم ناخۆشە پۆشاکی تازەو نوێ لەبەر بکەم و دراوسێکەم بمبینێت و غەیبەتم بکات و بەو هۆیەوە تاوانبار بێ.

١٨٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو مَعْمَر، عَنْ سُفْيَانَ، قَالَ أَبو جَعْفَر: «الْيَقِينُ خَطَرَاتٌ وَالْإِيمَانُ ثَابِتٌ فِي الْقَلْب».

واته: باوکی مەعمەر لە سوفیانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: باوکی جەعفەر فەرمووی: یەقین خەتورەیەو دێت و دەچێ؛ بەڵام بیرو باوەڕو ئیمان لەناو دڵا جێگیرە.

١٨٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو الرَّبِيع الزَّهْرَانِيُّ الْعَتَكِيُّ، حَدَّثَنَا أَبو قُدَامَةَ الْإِيَادِيُّ، حَدَّثَنَا الْحَارِثُ بْنُ عُبَيْد، عَنْ عَامِر الْأَحْوَل قَالَ: سُئِلَ نَوْفٌ عَنْ قَوْله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَجَعَلْنَا بَيْنَهُم مَّوْبِقًا ۝٥٢﴾ الكهف: ٥٢ قَالَ: «وَادٍ بَيْنَ أَهْلِ الضَّلَالَة وَأَهْلِ الْإِيمَان».

واته: باوکی ڕەبیعی زەهرانی عەتەکی لە باوکی قودامەی ئییادیەوە ئەویش لە حارثی کوڕی عوبەیدەوە ئەویش لە عامری ئەحوەلەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: لە بارەی ئایەتی: ﴿وَجَعَلْنَا بَيْنَهُم مَّوْبِقًا ۝٥٢﴾ پرسیار لە نەوف کرا فەرمووی: شیوو دۆڵێکە دەکەوێتە نێوان ئەو کەسانەی گومڕان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە باوەڕدارن.

١٨٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي فَضْلُ بْنُ سَهْل، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ عَاصِم، حَدَّثَنَا أَبو الْمُعَلَّى الْعَطَّارُ، عَنْ سَعِيد بْن جُبَيْر: ﴿وَجَعَلْنَا جَهَنَّمَ لِلْكَافِرِينَ حَصِيرًا ۝٨﴾ الإسراء: ٨ قَالَ «مُحْتَبَسًا».

واته: فەزلی کوڕی سەهل لە عەلیی کوڕی عاصمەوە ئەویش لە باوکی موعەللای عەتتارەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە لە بارەی تەفسیری ئایەتی: ﴿وَجَعَلْنَا جَهَنَّمَ لِلْكَافِرِينَ حَصِيرًا ۝٨﴾ فەرمووی: حصیر واتە: شوێنی گلدانەوە و گیردان (زیندان).

١٨٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ زِيَاد، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد بْنُ عَبْد الْوَارِث، حَدَّثَنَا زَيْدُ بْنُ درْهَم أَبو الْعَلَاء قَالَ: سَمعْتُ أَنَسَ بْنَ مَالك سُئلَ عَنْ قَوْله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَجَعَلْنَا بَيْنَهُم مَّوْبِقًا ﴿٥٢﴾﴾ الكهف: ٥٢ قَالَ: «نَهْرٌ فِي جَهَنَّم مِنْ قَيْح وَدَم».

واتە: عەبدولصەمەدی کوڕی عەبدولوارث لە زەیدی کوڕی دیرهەمەوە واتە: باوکی عەلا؛ فەرمـوویەتی: گـوێم لە ئەنەسـی کـوڕی مالیـك بـوو لە بـارەی ئـایەتی: ﴿وَجَعَلْنَا بَيْنَهُم مَّوْبِقًا ﴿٥٢﴾﴾ پرسیاری لێ کرا؛ فەرمووی: ڕوبارێکە لە دۆزەخ کە کێم و زوخاوو خوێنی پیا دەچێ.

١٨١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّار، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمعْتُ أَبَا عمْرَانَ الْجَوْنِيَّ، وَأَبَا هَارُونَ الْعَبْدِيَّ يَقُولَان: سَمعْنَا نَوْفًا يَقُولُ: «إِنَّ الدُّنْيَا مُثِّلَتْ عَلَى طَيْر فَإِذَا انْقَطَعَ جَنَاحُهُ وَقَعَ وَإِنَّ جَنَاحَي الْأَرْض مصْرُ وَالْبَصْرَةُ فَإِذَا خَربَتَا ذَهَبَت الدُّنْيَا».

واتە: جەعفەر دەفەرموێت: گوێم لە باوکی عیمرانی جەونی و باوکی هارونی عەبدی بوو دەیانفەرموو: گوێمان لە نەوف بوو دەیفەرموو: دونیا وەکوو باڵندەیەک وایە ئەگەر باڵەکانی ببڕێن ناتوانێ بفڕێت و دەکەوێ؛ باڵەکانی زەوی بریتیە لە میصرو بەصرە؛ ئەگەر ئەو دوو شوێنە تێک بچن و کاول بین ئیتر دونیا کاول دەبێ.

١٨١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني جَعْفَرُ بْنُ مُحَمَّد، منْ أَهْل رَأْس الْعَيْن، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عيسَى الطَّبَّاعُ، حَدَّثَنَا مَخْلَدُ بْنُ حُسَيْن، عَنْ وَاصل مَوْلَى ابْن عُيَيْنَةَ قَالَ: قَالَ بَعْضُ السَّلَف: «لَوْلَا أَنْ تَكُونَ مدْحَةً لَذَمَمْتُ لَكُمْ نَفْسِي».

واتە: جەعفەری کوڕی موحەممەد کە خەڵکی ڕەئس عەین بوو فەرمووی: موحەممەدی کـوڕی عیسـای تەبباع لە مەخلەدی کـوڕی حوسـەینەوە ئەویـش لە واصـلی مەولای کـوڕی عـویەینەوە گێـڕایەوە فەرمـووی: یەکـێ: لە پێشـینە چاکەکـان فەرمـووی: بەخـوا ئەگەر نەتانگوتایە ئەمە پەسنی خۆی دەدا؛ تێر تێر غەیبەتی نەفسی خۆمم بۆ ئێوە دەکرد.

١٨١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّار، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمعْتُ أَبَا عمْرَانَ الْجَوْنِيَّ، يَقُولُ: بَلَغَنَا أَنَّ الْمَلَكَ منْ خَزَنَة جَهَنَّم مَا بَيْنَ مَنْكبَيْه مَسيرَةُ خَريف فَيَضْربُ الرَّجُلَ منْ أَهْل النَّار فَيَتْرُكُهُ طَحِينًا منْ لَدُنْ قَرْنه إِلَى قَدَمه ".

واتە: جەعفەر دەفەرموێت: گوێم لە باوکی عیمرانی جەونی بوو دەیفەرموو: بیستومانە کە

فریشتەی بەرپرسی دۆزەخ نێوان هەردوشانی بە ئەندازەی پاییزێک ڕێگایە؛ لە پیاوی ناو دۆزەخ دەداو هەر لە سەریەوە هەتا پێی دەکات بە ئارد.

١٨١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّار، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَار، يَقُولُ: " كَتَبَ عَابِدٌ إِلَى عَابِد: أَمَّا بَعْدُ، فَكَيْفَ أَنْتَ وَكَيْفَ حَالُكَ؟ فَكَتَبَ إِلَيْه: «أَمَا كَانَ فِي حَالِكَ مَا يَشْغَلُكَ عَنْ حَالِي.

واتە: جەعفەر دەفەرموێت: گوێم لە مالیکی کوڕی دینار بوو دەیفەرموو: خواناسێک نامەی بۆ خواناسێکیتر نووسی فەرمووی: پاش سوپاس و ستاییشی خوای گەورە! پێم بڵێ چۆنی؟ دەنگوباست؟ ئەویش لە وەڵاما بۆی نووسییەوە: مەگەر تۆ هێندە بەخۆتەوە خەریك نیت کە لە من نەپرسی.

١٨١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله قَالَ: قَرَأْتُ عَلَى أَبِي هَذِه الْأَحَادِيثَ فَأَقَرَّ بِهَا.

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: من ئەم فەرمودانەم لای باوکم خوێندو دانی بە هەموویانا ناو پەسەندی کردن.

١٨١٥ - حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، عَنْ ثَابِت أَنَّ عَسْعَسًا كَانَ يَقُولُ: " تَعَالَ فَلْنَجْعَلْ يَوْمَنَا طِرْسًا: يَعْنِي الطِّرْسَ الَّذِي لَا يَأْكُلُ وَلَا يَشْرَبُ ".

واتە: عەففان لە حەمادەوە ئەویش لە ثابتەوە دەفەرموێت: عەسعەس دەیفەرموو: وەرە با ئەمڕۆمان بکەین بە تیرس! مەبەستی لە تیرس ئەوەبوو کە نە دەخواو نە دەخواتەوە (واتە: با ئەمڕۆ ڕۆژوو بگرین، تیرس بە مانا ئەو کتێبەش هاتووە کە سڕاوەتەوە و دیسان نووسراوەتەوە؛ واتە: خۆمان وەکوو ئەو کتێبە لێ بکەین و هەموو خراپەکانمان بشۆینەوە و سەر لەنوێ شتی تازە بنووسینەوە؛ واتە: کاری چاکە بکەین. خوداش زاناترە).

١٨١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ قَرَأْتُ عَلَى أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانَ، عَنْ سَعِيد، عَنْ حَبِيب بْنِ الشَّهِيد، وَابْنِ عَوْن، عَنِ ابْنِ سِيرِينَ قَالَ: " لَا تَأْبَ أَنْ تَكُونَ مِنَ الْمُتَّقِينَ، لَا تَأْبَ أَنْ تَكُونَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ، حَدَّثْتُ ذَلِكَ أَيُّوبَ قَالَ: سَمِعْتُ سَعِيدَ بْنَ جُبَيْرٍ قَالَ: ﴿ وَلِلْمُطَلَّقَاتِ مَتَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ ﴿٢٤١﴾ ﴾ البقرة: ٢٤١ «مَتَاعًا بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُحْسِنِينَ» قَالَ: لِكُلِّ مُطَلَّقَة مَتَاعٌ ".

واتە: عەففان لە سەعیدەوە ئەویش لە حەبیبی کوڕی شەهیدو کوڕی عەونەوە؛ لە موحەممەدی کوڕی سیرینەوە فەرموویەتی: مەبە بە لەمپەر لەبەردەم ئەوەی کە بیبی بە یەکێک لەوانەی کە خاوەن تەقوان؛ مەبە بە لەمپەر لەبەردەم ئەوەی کە ببی بە یەکێک لە چاکەکاران. ئەوەم بۆ ئەییوب گێڕایەوە فەرمووی: گوێم لە سەعیدی کوڕی جوبەیر بوو لە بارەی تەفسیری ئایەتی ﴿ وَلِلْمُطَلَّقَٰتِ مَتَٰعُۢ بِٱلْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٢٤١﴾ ﴾ دەیفەرموو: مەبەست لە ﴿مَتَٰعُۢ بِٱلْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى ٱلْمُتَّقِينَ﴾ ئەوەیە کە هەموو ژنێکی تەڵاقدراو کەلوپەلی بدرێتێ.

١٨١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ وَجَدْتُ فِي كِتَابِ أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ الْغَلَابِيُّ، حَدَّثَنِي رَجُلٌ مِنْ قُرَيْشٍ قَالَ: أَقْبَلَ يُونُسُ بْنُ عُبَيْدٍ مِنْ جِنَازَةٍ فَنَادَاهُ الْحَسَنُ مِنْ وَرَائِه أَبَا عَبْدِ الله أَبَا عَبْدِ الله فَالْتَفَتَ إِلَيْه فَقَالَ: «إِنْ كُنْتَ تُبَادِرُ إِلَى أَهْلٍ تُحِبُّهُمْ وَيُحِبوونَكَ لَا تَنْزِلْ فِيهِمْ إِلَّا قَلِيلًا».

واتە: باوکی موعاویەی غەلابی لە پیاوێکی قورەیشیەوە گێڕایەوە فەرمووی: یونسی کوڕی عوبەید لەگەڵ تەرمێکدا بوو؛ حەسەن لە دواوە بانگی کرد و گوتی: باوکی عەبدوڵڵا! باوکی عەبدوڵڵا! یونس لای کردەوە؛ حەسەن فەرمووی: ئەگەر دەتەوێ بە پەلەو بە خێرایی بڕۆی بۆ لای کەسانێک کە خۆشت دەوێن و ئەوانیش تۆیان خۆش دەوێ؛ ئەوە بە کەمی نەبێ لەلایان مەمێنەوە.

١٨١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ وَجَدْتُ فِي كِتَابِ أَبِي، حَدَّثَنِي أَبو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنِي رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الْبَصْرَةِ قَالَ: كَانَ لِلْحَسَنِ بَيْتٌ إِذَا فُتِحَ بَابُهُ فَهُوَ إِذْنُهُ فَمَنْ جَاءَهُ مِنْ أَصْحَابِه فَرَأَى الْبَابَ مَفْتُوحًا دَخَلَ قَالَ: فَجَاءَ رَجُلٌ فَرَأَى الْبَابَ مَفْتُوحًا فَدَخَلَ فَنَظَرَ فَلَمْ يَرَ الْحَسَنَ فِي الْبَيْتِ قَالَ: فَنَظَرَ إِلَى سَلٍّ تَحْتَ سَرِيرِه فَجَرَّهُ إِلَيْه فَإِذَا فِيه طَعَامٌ فَأَقْبَلَ يَأْكُلُ مِنْهُ قَالَ: وَأَقْبَلَ الْحَسَنُ مِنْ مَخْرَجٍ له فَلَمَّا رَأَى مَا يَصْنَعُ الرَّجُلُ قَامَ يَنْظُرُ إِلَيْه ثُمَّ جُعِلَتْ عَيْنُهُ تَدْمَعُ وَجَعَلَ يَبْكِي فَقَالَ له الرَّجُلُ: مَا يُبْكِيكَ يَا أَبَا سَعِيدٍ؟ قَالَ: «ذَكَّرْتَنِي أَخْلَاقَ قَوْمٍ مَضَوْا».

واتە: باوکی موعاویە لە پیاوێکی خەڵکی بەصرە گێڕایەوە فەرمووی: حەسەن ژوورێکی هەبوو ئەگەر دەرگای ژوورەکەی کراوەبا ئەوە ئیتر بە مانای ئەوەبوو کە هەموو کەس مۆڵەتی چونەژوورەوەی هەیە؛ جا هەر کەسێ لە هاوڕێکانی بهاتایەو ببینیایە کە دەرگای ژوورەکەی کراوەیە دەچوە ژوورەوە.. دەفەرموێت: جارێک پیاوێک هات و بینیی دەرگاکە کراوەیە؛ ڕۆیشتە ژوورەوە و سەیری کرد حەسەن لەوێ نییە؛ فەرمووی: سەیری کرد بەرچینەیەک لەژێر قەرەوێڵەکەیدایە؛ دەستی بۆ بردو کێشایە دەروە و سەیری کرد هەندێ

خواردنی تێدایە؛ ئەویش دەستی بە خواردن کرد؛ دوایی حەسەن لە دەرگایەکی تایبەت بە خۆیەوە هاتە ژوورەوە؛ کە چاوی کەوت بەو پیاوە خەریکی خواردنە؛ سەیری دەکرد؛ دوایی چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسك و گریا؛ پیاوەکە پێی گوت: باوکی سەعید ئەوە بۆچی دەگریت؟ فەرمووی: ئاکار و ڕەوشتی کەسانێکت وەبیر من هێنایەوە کە هەموویان مردوون و نەماوون (مەبەستی هاوەڵان بووە کە لەناو یەکا زۆر پاك بوون و کەسیان لە ئاست کەسیانا خۆی بە خاوەن ماڵ نەزانیوە و ئەگەر یەکێکیان لە ماڵی ئەویترا شتێکی دیبێ پێی ڕەوا بووە لێی بخوا چونکە دڵنیا بووە کە خاوەنەکەی ڕازییەو پێی ناخۆش نییە).

١٨١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّار، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ، عَنْ أَبِي عُثْمَانَ، عَنْ سَلْمَانَ قَالَ: إِذَا كَانَ الرَّجُلُ دَعَّاءً فِي السَّرَّاءِ ثُمَّ نَزَلَتْ بِهِ ضَرَّاءُ فَدَعَا قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ: صَوْتٌ مَعْرُوفٌ اسْتَغْفِرُوا له، وَإِذَا كَانَ الرَّجُلُ لَيْسَ بِدَعَّاءٍ فِي السَّرَّاءِ فَنَزَلَتْ بِهِ ضَرَّاءُ فَدَعَا قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ: «صَوْتٌ لَيْسَ بِمَعْرُوفٍ وَلَا يَشْفَعُونَ له».

واتە: جەعفەر لە ثابتەوە ئەویش لە باوکی عوسمانەوە ئەویش لە سەلمانەوە فەرموویەتی: ئەگەر مرۆڤ لە کاتی پەناهنیدا زۆر لە خوای گەورە دەپاڕایەوە؛ دوایی بەڵا و موسیبەتێکی هات بەسەراو لە خوای گەورە پاڕایەوە؛ ئەوا فریشتەکان دەڵێن: ئەمە دەنگێکی ناسراوە و نامۆ نییە؛ هەموتان نزای خێری بۆ بکەن! بەڵام ئەگەر مرۆڤ لە پەناهنیدا لەخوا نەپاڕایەوە و دوایی بەڵایەکی هات بەسەراو لەخوا پاڕایەوە؛ فریشتەکان دەڵێن: ئەم دەنگە ناسراو نییەو نامۆیە! جا فریشتەکان تکای بۆ ناکەن و لەخوا ناپاڕێنەوە بۆ ئەو کەسە.

١٨٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّار، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، عَنْ ثَابت قَالَ: كُنَّا نَجْلِسُ إِلَى أَبِي عُثْمَانَ النَّهْدِيِّ فَيُذَكِّرُنَا وَيَدْعُو ثُمَّ يَقُولُ: " قَدِ اسْتُجِيبَ قَدْ غُفِرَ لَنَا ثُمَّ يَسْكُتُ سَكْتَةً ثُمَّ يَقُولُ: «إِنْ كُنَّا صَادِقِينَ».

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە ئەویش لە ثابتەوە فەرموویەتی: ئێمە لە خزمەت باوکی عوسمانی نەهدی دادەنیشتین؛ زیکری پێ دەکردین و نزای خێری بۆ دەکردین؛ دوایی دەیفەرموو: نزاکانمان گیرابوون و خوا لێمان خۆشبوو.. دوایی تاوێ بێدەنگ دەبوو؛ جا دەیفەرموو: ئەگەر خۆمان ڕاستگۆ بین!

١٨٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ سَيَّار، عَنْ جَعْفَر، عَنْ أَبِي عِمْرَانَ الْجَوْنِيِّ قَالَ: كُنَّا فِي الْمَسْجِد فَوَقَفَ عَلَيْنَا شَيْخٌ فَقَالَ: «وَالله يَا أَهْلَ الْمَسْجِد، لَيُكْمِلَنَّ الله بِكُمْ عِدَّةَ أَهْلِ الْجَنَّة أَوْ عِدَّةَ أَهْلِ النَّار، فَأَبْكَانَا».

واتە: جەعفەر لە باوکی عیمرانی جەونییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئێمە لە مزگەوتدا بوین؛ پیاوێک هات و لە لامانا وەستاو فەرمووی: ئەی خەڵکی مزگەوت! بەخوا خوای گەورە بە ئێوە یان ژمارەی بەهەشتییەکان تەواو دەکات؛ یان ژمارەی دۆزەخییەکان! ئەو پیاوە هەمومانی گریاند.

١٨٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ عَبْد الله، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ أَبي شُمَيْط، عَنْ أَبِيه قَالَ: كَانَ أَبو مُسْلم الْخَوْلَانيُّ يَطُوفُ يَنْعَى الْإِسْلَامَ فَأَتَى مُعَاوِيَةُ فَقيلَ له فَأَرْسَلَ إِلَيْه فَدَعَاهُ قَالَ له: مَا اسْمُكَ؟ قَالَ مُعَاوِيَةُ , قَالَ: إِنَّمَا أَنْتَ أُحْدُوثَةٌ، ابْنُ قَبْر عَنْ قَليل إِنْ عَملْتَ خَيْرًا أَوْ شَرًّا جُزِيتَ بِه يَا مُعَاوِيَةُ، لَوْ عَدَلْتَ عَلَى أَهْلِ الدُّنْيَا جَميعًا ثُمَّ جُرْتَ عَلَى رَجُلٍ لَمَالَ جَوْرُكَ بِعَدْلكَ".

واتە: (ئەم ڕیوایەتە لە ناتەواو دەچێ؛ ڕیوایەتێکیتری نزیك لەم ڕیوایەتە هەر لەم کتێبەدا بە ژمارە ٢٣٢٢ دێت کە ئەمە ماناکەیەتی: باوکی موسلیمی خەولانی دەگەڕاو باوکەڕۆی بۆ ئیسلام دەکرد؛ موعاویە هات و پێی گوترا: باوکی موسلیم بەناو (خەڵك و شارو کۆڵانەکانا) دەگەڕێت و باوکەڕۆ بۆ ئیسلام دەکات! موعاویە ناردی بە دوای باوکی موسلیماو پێی گوت: باوکی موسلیم ئەوە چی دەکەی؟ ئەوە باوکەڕۆ بۆ ئیسلام دەکەی؟ باوکی موسلیم ڕوی لە موعاویە کرد و فەرمووی: ئەگەر کاری خێرو چاکە بکەیت ئەوا پاداشتی خێرو چاکە وەردەگریتەوە؛ ئەگەریش کاری خراپ بکەیت سزای ئەو خراپەیە وەردەگریتەوە.. موعاویە! ئەوەش بزانە ئەگەر لەگەڵ هەموو خەڵکی سەرزەویدا دادگەر بیت و ستەم لە یەک کەس بکەیت؛ ئەوا ئەو ستەمە هەموو بارەکەت لار دەکات.

١٨٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مُحَمَّدَ بْنَ وَاسِعٍ، يَقُولُ: «مَا بَقِيَ فِي الدُّنْيَا شَيْءٌ أَلَذُّ بِه إِلَّا الصَّلَاةَ جَمَاعَةً وَلُقِى الْإِخْوَانِ».

واتە: هارون لە سەییارەوە ئەویش لە جەعفەرەوە گێرایەوە فەرموویەتی: گوێم لە موحەممەدی کوڕی واسیع بوو دەیفەرموو: لە دونیادا هیچ نەماوە کە چێژی لێ وەربگرم؛ جگە لە نوێژی بەکۆمەڵ و بینینی هاوڕێیان.

١٨٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَني عَفَّانُ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ قَالَ: حَدَّثَنَا بَعْضُ أَصْحَابِنَا قَالَ: كَانَ مُوَرِّقٌ الْعِجْلِيُّ يَتَّجِرُ فَيُصِيبُ الْمَالَ فَلَا يَأْتِي عَلَيْه جُمُعَةٌ وَعِنْدَهُ مِنْهَا شَيْءٌ

كَانَ يَلْقَى الْأَخَ فَيُعْطِيهِ أَرْبَعَمِائَةٍ، خَمْسَمِائَةٍ، ثَلَاثَمِائَةٍ، فَيَقُولُ: ضَعْهَا لَنَا عِنْدَكَ حَتَّى نَحْتَاجَ إِلَيْهَا ثُمَّ يَلْقَاهُ بَعْدُ فَيَقُولُ: شَأْنَكَ بِهَا وَيَقُولُ الْآخَرُ: لَا حَاجَةَ لِي فِيهَا، فَيَقُولُ: أَمَا وَاللهِ، مَا نَحْنُ بِآخِذِيهَا أَبَدًا فَشَأْنُكَ بِهَا ".

واتە: عەففان لە جەعفەری کوڕی سولەیمانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: یەکێک لە هاوڕێکانمان گوتی: مووەڕڕیقی عیجلیبازرگانیی دەکردو قازانجی باشی دەست دەکەوت؛ جا یەک حەفتەی بەسەرا نەدەچو هیچی لەو قازانجە بەدەستەوە نەدەما؛ برادەری وای هەبوو چوارسەدی بۆ دەناردو پێی دەبەخشی؛ پێنجسەد بەمیترو سێیسەد بەویتر.. دوایی دەیفەرموو: لای خۆت داینێ هەتا ئاتاجی دەبم.. دوایی دوای ئەوە دیدەناو دەیفەرموو: کاری خۆتی پێ بکە! بەویتری دەگوت: من پێویستم پێی نییە! دوایی دەیفەرموو: بەخوا هەرگیزاو هەرگیز وەری ناگرمەوە و پێویستییەکانی خۆی پێ دەربکە.

١٨٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يُونُسُ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ زَيْدٍ، عَنْ يَزِيدَ السُّنِّيِّ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ لِمُوَرِّقٍ: يَا أَبَا الْمُعْتَمِرِ، أَشْكُو إِلَيْكَ نَفْسِي إِنِّي لَا أَسْتَطِيعُ أَنْ أُصَلِّيَ وَلَا أَسْتَطِيعُ أَنْ أَصُومَ قَالَ: «بِئْسَ مَا تُثْنِي عَلَى نَفْسِكَ، أَمَا إِذَا ضَعُفْتَ عَنِ الْخَيْرِ فَاضْعَفْ عَنِ الشَّرِّ فَإِنِّي لَأَفْرَحُ بِالنَّوْمَةِ أَنَامُهَا».

واتە: حەمـادی کوڕی زەید لە یەزیدی سوننییەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: پیاوێک بە مووەڕڕیقی گوت: باوکی موعتەمیر! سکالای نەفسی خۆم هێناوەتە لای تۆ؛ بەڕاستی من ناتوانم نوێژ بکەم و ناتوانم ڕۆژوش بگرم! (مەبەستی نوێژو ڕۆژووی سوننەت بووە).. مووەڕڕیق فەرمووی: بەخوا بە جۆرێکی خراپ باسی نەفسی خۆتت کرد؛ دەی هەر کاتێ توانای خێر کردنت نەبوو سەلارەت بە کردنی خراپەش هەر بێ توانا بە؛ من زۆر جار دڵم بەو خەوە خۆشە کە خەوتووم (واتە: خەوتووە و لە تاوان کردن بەدوور بووە).

١٨٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ حَرْبِ بْنِ سُرَيْجٍ، عَنْ قَتَادَةَ، عَنْ مُوَرِّقٍ الْعِجْلِيِّ أَنَّهُ كَانَ يَتَّجِرُ فَيُصِيبُ الْمَالَ فَيُفَرِّقُهُ عَلَى الْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ يَقُولُ: «لَوْلَاهُمْ مَا اتَّجَرْتُ».

واتە: حەربی کوڕی سورەیج لە قەتادەوە ئەویش لە مووەڕڕیقەوە دەگێڕێتەوە کە بازرگانی دەکرد؛ قازانجێکی باشی دەکردو دابەشی دەکرد بەسەر هەژاران و بێنەوایانـاو دەیفەرموو: ئەگەر لەبەر ئەوانە نەبوایە بازرگانیم نەدەکرد.

١٨٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله قَالَ: بَلَغَني عَنْ زُهَيْرٍ الْبُنَانيِّ قَالَ: بَلَغَني أَنَّ مُوَرِّقًا كَانَ يَصُومُ الدَّهْرَ وَيُفْطرُ عَلَى قُرْصَيْنِ خَفيفَيْنِ وَكَانَ له مَالٌ يَتَّجِرُ فيه عَلَى فَضْله، فَيَتَصَدَّقُ به عَلَى أَهْلِ الْحَاجَة وَيَصِلُ به إِخْوَانَهُ كَانَ يَقُولُ: «لَوْلَا الْفُقَرَاءُ مَا تَعَرَّضْتُ للتِّجَارَة».

واتە: عەبدوڵلا دەفەرموێت: پێم گەیشتووە لە زوهەیری بوونانییەوە فەرموویەتی: پێم گەیشتووە کە مووەڕریق دوانزە مانگەی ساڵ بەڕۆژوو دەبوو؛ ئێوارانیش بە دوو نانی بچووک بەربانگی دەکردەوە و سەروەت و سامانیشی هەبوو بازرگانیی دەکردو خێرو قازانجی بازرگانییەکەی دەدا بە هەژاران و هەروەها بە هۆی قازانجی بازرگانییەکەی پەیوەندی برادەرایەتی پێ جێبەجێ دەکردو دەیفەرموو: ئەگەر ئەم هەژارانە نەبوونایە من هەرگیز بازرگانیم نەدەکرد.

١٨٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبو جَعْفَر مُحَمَّدُ بْنُ عُمَرَ بْن جَبَلَةَ بْن أَبي رَوَّاد، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مَرْوَانَ، عَنْ يُونُسَ بْن عُبَيْد، عَنْ بَكْر بْن عَبْد الله قَالَ: «إِنَّكُمْ تَسْتَكْثرُونَ منَ الذُّنُوب فَاسْتَكْثرُوا منَ الاسْتغْفَار، وَإِنَّ الرَّجُلَ إِذَا أَذْنَبَ ذَنْبًا ثُمَّ رَأَى إِلَى جَنْبه اسْتغْفَارًا سَرَّهُ مَكَانُهُ».

واتە: موحەممەدی کوڕی مەڕوان لە یونسی کوڕی عوبەیدەوە ئەویش لە بەکری کوڕی عەبدوڵلاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئێوە تاوان زۆر دەکەن؛ دەی داوای لێبوردنیش زۆر بکەن و زۆر أستغفر الله بکەن؛ بەڕاستی پیاو ئەگەر تاوانی زۆری کرد و دوایی لەپاڵ تاوانەکەی زۆریش داوای لێبوردنی کرد؛ ئەوە داوای لێبوردنەکە شوێنی تاوانەکە دەگرێتەوە.

١٨٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هُدْبَةُ بْنُ خَالد، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ سَلَمَةَ، عَنْ ثَابت، وَحُمَيْد، عَنْ بَكْر بْن عَبْد الله الْمُزَنيِّ قَالَ: " كَانَ فيمَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ مَلكٌ وَكَانَ مُتَمَرِّدًا عَلَى رَبِّه عَزَّ وَجَلَّ فَغَزَاهُ الْمُسْلمُونَ فَأَخَذُوهُ سَليمًا فَقَالُوا: بأَيِّ قتْلَة نَقْتُله؟ فَأَجْمَعُوا آرَاءَهُمْ عَلَى أَنْ يَجْعَلُوا له قُمْقُمًا عَظيمًا وَيَحْشُوا تَحْتَهُ النَّارَ وَلَا يَقْتُلُوهُ حَتَّى يُذيقُوهُ طَعْمَ الْعَذَاب فَفَعَلُوا ذَلكَ به قَالَ: فَجَعَلَ يَدْعُو آلهَتَهُ وَاحدًا وَاحدًا: يَا فُلَانُ بمَا كُنْتُ أَعْبُدُكَ وَأُصَلِّي لَكَ وَأَمْسَحُ وَجْهَكَ فَأَنْقذْني ممَّا أَنَا فيه، فَلَمَّا رَآهُمْ لَا يُغْنُونَ عَنْهُ شَيْئًا رَفَعَ رَأْسَهُ إِلَى السَّمَاء وَقَالَ: لَا إله إلَّا الله وَدَعَا الله مُخْلصًا، فَصَبَّ الله عَلَيْه مَثْعَبًا منَ السَّمَاء فَأَطْفَأَ تلْكَ النَّارَ، وَجَاءَتْ ريحٌ فَاحْتَمَلَتْ ذَلكَ الْقُمْقُمَ فَجَعَلَ يَدوور بَيْنَ السَّمَاء وَالْأَرْض وَهُوَ يَقُولُ: لَا إله إلَّا الله فَقَذَفَهُ الله إلَى قَوْم لَا يَعْبُدُونَ الله عَزَّ وَجَلَّ وَهُوَ يَقُولُ: لَا إله إلَّا الله، فَاسْتَخْرَجُوهُ فَقَالُوا له: وَيْحَكَ مَا لَكَ؟ قَالَ: أَنَا مَلكُ بَني فُلَان فَقَصَّ عَلَيْهِمُ الْقصَّةَ قَالَ: وَكَانَ منْ أَمْري وَكَانَ منْ أَخْذي فَآمَنُوا ".

واتە: حەمادی کوڕی سەلەمە لە سەلەمەوە ئەویش لە ثابت و حومەیدەوە ئەویش لە بەکری کوڕی عەبدوڵڵای موزەنییەوە فەرموویەتی: لە کۆنا پێش ئێوە پادشایەک هەبوو زۆر یاخی و سەرکێش و نافەرمانی بوو؛ موسوڵمانانی ئەو سەردەمە لە دژی ئەو پادشایە جەنگان و بە ساغی گرتیان؛ گوتیان: بە چ جۆرێک بیکوژین؟ هەموویان هاتنە سەر ئەو ڕایەی کە تیانچەیەکی گەورە بێنن و ئاگری لە ژێرا بکەنەوە و (پادشاکە بخەنە ناو تیانچەکە) بۆ ئەوەی تامی سزای پێ بچێژن؛ جا تیانچەیەکی گەورەیان هێناو ئاگریان لە ژێری کردەوە و پادشاکەیان خستە ناویەوە؛ پادشاکە دانە دانە هاواری لە خودا تاشراوەکانی خۆیان دەکرد؛ ئەی فلانە خودا من تۆم دەپەرست و نوێژم بۆ تۆ دەکردو دەموچاوی تۆم پاك و خاوێن دەکردەوە؛ دەی فریام بکەوە و لەم سزایە ڕزگارم بکە! دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کە هیچ یەک لەو خودایانە هیچ سودێکی پێ ناگەیەنن سەری بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە و گوتی: جگە لە زاتی الله هیچ خودایەکیتر بوونی نییە! دوایی بە دڵێکی پڕ لە ئیخلاصەوە لەخوای گەورە پاڕایەوە؛ خوای گەورە لە ئاسمانەوە بۆی ڕژاندو ئاگرەکەی کوژاندەوە و بایەکی هەڵکرد ئەو بایە ئەو تیانچەیەی هەڵگرت و لە نێوان زەوی و ئاسمانا دەسوڕایەوە و پادشاکەش هەر دەیگوت: لا اله الا الله.. خوای گەورە تیانچەکەی لە ناو هۆزێکا نیشاندەوە کە خوای گەورەیان نەدەپەرست؛ پاداشاکەش هەر دەیگوت: لا اله الا الله! خەڵکی ئەو هۆزە پادشاکەیان لە تیانچەکە دەرهێناو پێیان گوت: قوڕت بەسەر ئەوە تۆ چیی دەڵێی؟ پادشا گوتی: من پادشای فلانە شوێنم.. دوایی پیرۆکی خۆی بۆ هەموان گێڕایەوە و گتی ئاواو ئاوام بەسەرا هاتووە؛ ئیتر ئەو خەڵکە هەموویان باوەڕیان بە خوای گەورە هێنا.

١٨٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا مُسْلِمُ بْنُ حَيَّانَ الْعَتَكِيُّ، حَدَّثَنَا أَبُو سَعِيدٍ الطَّحَّانُ، عَنْ غَالِبٍ الْقَطَّانِ، عَنْ بَكْرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ أَنَّهُ قَالَ لِامْرَأَتِهِ: «لَوْلَا أَنِّي أَخَافُ أَنْ تَقُولِي مَا فِيَّ لَقُلْتُ مَا فِيكِ».

واتە: موسلیمی کوڕی حەییانی عەتەکی لە باوکی سەعیدی تەححانەوە ئەویش لە غالبی قەتتانەوە ئەویش لە بەکری کوڕی عەبدوڵڵاوە دەگێڕنەوە کە بەکر بە ژنەکەی خۆی گوت: لە ترسی ئەوە نەبوایە کە تۆش هەموو خراپەکانی من باس بکەی؛ ئێستا هەموو خراپەکانی تۆم باس دەکرد.

١٨٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حُدِّثْتُ عَنْ سَعِيدِ بْنِ سُلَيْمَانَ، عَنْ مُبَارَكِ بْنِ فَضَالَةَ، عَنْ بَكْرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ قَالَ: "أَعِيشُ عَيْشَ الْأَغْنِيَاءِ وَأَمُوتُ مَوْتَ الْفُقَرَاءِ قَالَ: فَمَاتَ وَإِنَّ عَلَيْهِ لَشَيْئًا مِنْ دَيْنٍ".

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: لە سەعیدی کوڕی سولەیمانەوە ئەوەم بۆ گێڕدراوەتەوە لە

موبارەکی کوڕی فوزالەوە ئەویش لە بەکری کوڕی عەبدوڵڵاوە ئەوەیان گێڕاوەتەوە کە بەکر فەرموویەتی: مـن وەکـوو دەوڵەمەندەکان دەژیـم و وەک هەژاران دەمرم! دەفەرموێت: کاتێ بەکر مرد هەندێک قەرزی بەسەرەوە بوو.

١٨٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حُدِّثْنَا عَنْ عُبَيْدِ الله بْنِ مُحَمَّدٍ الْعَمِّيِّ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، حَدَّثَنَا حُمَيْدٌ، عَنْ بَكْرِ بْنِ عَبْدِ الله الْمُزَنِيِّ قَالَ: " إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ لَيَحْمِي عَبْدَهُ الْمُؤْمِنَ كَمَا يَحْمِي أَحَدُكُمْ مَرِيضَهُ، قَالَ عَبْدُ الله قَالَ: أَحْسَبُهُ قَالَ لِلدُّنْيَا: أَلَمْ تَرَوْا إِلَى الْمَرْأَةِ كَيْفَ تُوجِرُ صَبِيَّهَا الْمَرَارَةَ وَتَفْعَلُ وَتَفْعَلُ تُرِيدُ بِهِ صَلَاحَ عَاقِبَتِهِ، وَكَذَلِكَ يَفْعَلُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ بِعَبْدِهِ الْمُؤْمِنِ ".

واتە: عوبەیدوڵڵای کوڕی موحەممەدی عەممی لە حەمادی کوڕی سەلەمەوە ئەویش لە حومەیدەوە گێڕایەوە ئەویش لە بەکری کوڕی عەبدوڵڵای موزەنییەوە فەرموویەتی: بەڕاستی خوای گەورە و میهرەبان بەدەم بەندەی باوەڕداری خۆیەوە دەچێت و بەسەری دەکاتەوە وەک چۆن هەریەک لە ئێوە نەخۆشێکی خۆتان بەسەر دەکەنەوە.. عەبدوڵڵا فەرمووی: وابزانم بە دونیـای گـوت: مەگەر نەتبینیـوە ژن نەك جارێـک بەڵکـوو چەنـد جارێـک دەرمـانی تـاڵ بە مناڵەکەی دەدا دەیەوێ کە چاک بێتەوە؟ دەی خوای گەورەش ئاوا تاڵاو بە بەندەکەی خۆی دەچێژێنێ بە مەبەستی ئەوەی ئاخر خێری بکات.

١٨٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا دَاوُدُ بْنُ عَمْرٍو الضَّبِّيُّ، حَدَّثَنَا أَسْلَمُ بْنُ عَبْدِ الْمَلِكِ، عَنْ أَبِي حَيْوَةَ قَالَ: دَخَلْنَا عَلَى بَكْرِ بْنِ عَبْدِ الله الْمُزَنِيِّ نَعُودُهُ فِي مَرَضِهِ الَّذِي مَاتَ فِيهِ فَرَفَعَ رَأْسَهُ، فَقَالَ: «رَحِمَ اللهُ عَبْدًا رَزَقَهُ اللهُ قُوَّةً فَأَعْمَلَ لِنَفْسِهِ فِي طَاعَةِ اللهِ أَوْ قَصَّرَ بِهِ ضَعْفٌ فَلَمْ يَعْمَلْ فِي مَعَاصِي اللهِ عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: داوودی کوڕی عەمر لە ئەسلەمی کوڕی عەبدولمەلیکەوە ئەویش لە باوکی حەیوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: ئێمە ڕۆیشتین سەردانی بەکری کوڕی عەبدوڵڵای موزەنیمان کرد؛ لەو نەخۆشییەدا کە پێی مرد.. بەکر سەری بەرز کردەوە و فەرمووی: ڕەحمەتی خوا لەو بەندەیە بێ کە خوای گەورە هێزێکی پێ بەخشیوە و ئەو هێزەی خۆی لە خواپەرستیدا بەکار دێنێ؛ یان لاوازی کردووە و بە هۆی لاوازییەوە هیچ تاوانێک ناکات.

١٨٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مَنْ سَمِعَ حَمَّادًا، عَنْ يَزِيدَ السُّنِّيِّ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ لِمُوَرِّقٍ: يَا أَبَا الْمُعْتَمِرِ أَشْكُو إِلَيْكَ نَفْسِي إِنِّي لَا أَسْتَطِيعُ أَنْ أُصَلِّيَ وَلَا أَصُومَ قَالَ: «بِئْسَ مَا تُثْنِي عَلَى نَفْسِكَ أَمَّا إِذَا ضَعُفْتَ عَنِ الْخَيْرِ فَاضْعُفْ عَنِ الشَّرِّ، فَإِنِّي أَفْرَحُ بِنَوْمَةٍ أَنَامُهَا».

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: لە کەسێکم بیست کە ئەویش لە حەمادی بیستبوو ئەویش لە یەزیدی سوننییەوە فەرموویەتی: پیاوێـک بە مـووەڕڕیقی گـوت: بـاوکی مـوعتەمیر! مـن سکاڵای نەفسی خۆم هێناوەتە لای جەنابت؛ بەڕاستی من ناتوانم نوێژ بکەم و ناتوانم ڕۆژوش بگرم! (مەبەستی نوێژو ڕۆژووی سوننەت بووە).. مووەڕڕیق فەرمووی: بەخوا بە جۆرێکی خراپ باسی نەفسی خۆتت کرد؛ دەی هەر کاتێ توانای خێر کردنت نەبوو سەلارەت بە کردنی خراپەش هەر بێ توانا بە؛ من زۆر جار دڵم بەو خەوە خۆشە کە خەوتووم (واتە: خەوتووە و لە تاوان کردن بەدوور بووە).. (دووبارەیە؛ سەیری ئەسەری ژمارە ١٨٢٥ بکە).

١٨٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مَنْ، سَمِعَ حَمَّادَ بْنَ زَيْد، عَنْ يَزِيدَ السُّنِّيِّ أَنَّ مُوَرِّقًا قَالَ: «إِنِّي لَقَلِيلُ الْغَضَبِ وَإِنَّهُ لَيَأْتِي عَلَيَّ السَّنَةُ مَا أَغْضَبُ ولَقَلَّ مَا قُلْتُ فِي غَضَبِي شَيْئًا أَنْدَمُ عَلَيْهِ إِذَا رَضِيتُ».

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: لە کەسێکم بیست کە ئەویش لە حەمادی بیستبوو ئەویش لە یەزیدی سوننییەوە فەرمووییەتی: مووەڕڕیق فەرموویەتی: بەڕاستی من زۆر کەم تووڕە دەبم؛ جاری وا هەیە بە ساڵ تووڕە نابم! کەم جار ئەوە ڕوویداوە لە کاتی تووڕەییدا شتێک بڵێم و دوایی لە کاتی هێمنیدا لێی پەشیمان ببم!

١٨٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِم، حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ قَالَ: سَمِعْتُ بَكْرَ بْنَ عَبْدِ الله الْمُزَنِيَّ يَدْعُو بِهَذَا الدُّعَاءِ وَلَا يَدَعُهُ: «اللهمَّ افْتَحْ لَنَا مِنْ خَزَائِنِ رَحْمَتِكَ لَا تُعَذِّبْنَا بَعْدَهَا أَبَدًا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَمِنْ فَضْلِكَ الْوَاسِعِ رِزْقًا حَلَالًا طَيِّبًا وَلَا تُفْقِرْنَا بَعْدَهُ إِلَى أَحَدٍ سِوَاكَ أَبَدًا، تَزِيدُنَا لَكَ بِهَا شُكْرًا وَإِلَيْكَ فَاقَةً وفَقْرًا، وَبِكَ عَمَّنْ سِوَاكَ غِنًى وَتَعَفُّفًا».

واتە: هاشمی کوڕی قاسم لە موبارەکەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە بەکری کوڕی عەبدوڵڵای موزەنی بوو بەردەوام ئەم نزایەی دەکردو وازی لێ نەدەهێناو دەیفەرموو: خوایە! دەرگاکـانی خەزێنەی سـۆزو بەزەیـی خـۆت بەسـەرمانا بـکەرەوە؛ خـوایە دوای ئەوە هەرگیـز سزامان مەدە، نە لە دونیا و نە لە قیامەتا.. بە فەزڵە زۆرو مەزنەکەی خۆت ڕزق و ڕۆزیی پاك و ڕەواو حەڵاڵمان پێ ببەخشەو دوای ئەوە هەرگیز ئاتاجی غەیری خۆتمان مەکە! بەو هۆیەوە با زیاتر سوپاسگوزاری تۆ بین؛ زیاتر خۆمان بە ئاتاجی تۆ بزانین؛ زیاتر ئاتاجی غەیری تۆ نەبین و لە خەڵکی بێ نیزا بین.

١٨٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ عُمَرَ مَوْلَى سَلَامِ بْنِ أَبِي مُطِيعٍ قَالَ: سَمِعْتُ بَكْرَ بْنَ عَبْدِ الله الْمُزَنِيَّ فِي مَسْجِدِ الْبَصْرَةِ قَالَ: كَانَ أَصْحَابُ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَلْبَسُونَ لَا يَطْعَنُونَ عَلَى الَّذِينَ لَا يَلْبَسُونَ، وَالَّذِينَ لَا يَلْبَسُونَ لَا يَطْعَنُونَ عَلَى الَّذِينَ يَلْبَسُونَ ".

واتە: عەلیی کوڕی موسلیم لە سەییارەوە ئەویش لە یەزیدی کوڕی عومەری کۆیلەی سەلامی کوڕی باوکی موتیعەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە بەکری کوڕی عەبدوڵڵای موزەنی بوو لە مزگەوتی بەصرەدا دەیفەرموو: هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێ پۆشاکیان دەپۆشی؛ تانەیان لەو کەسانە نەدەدا کە پۆشاکیان نەدەپۆشی؛ ئەوانەشیان کە پۆشاکیان نەدەپۆشی تانەیان لەوانە نەدەدا کە پۆشاکیان دەپۆشی.

١٨٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَزْهَرُ بْنُ سَعْدٍ، أَنْبَأَنَا ابْنُ عَوْفٍ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا رَجَاءٍ قَالَ: «مَا آسَى عَلَى شَيْءٍ أُخَلِّفُهُ بَعْدِي، إِلَّا أَنِّي كُنْتُ أُعَفِّرُ وَجْهِي كُلَّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ فِي التُّرَابِ خَمْسَ مَرَّاتٍ لِرَبِّي عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: ئەزهەری کوڕی سەعد لە کوڕی عەوفەوە دەفەرموێت: گوێم لە باوکی ڕەجا بوو دەیفەرموو: من هەرگیز خەمم بۆ شتێک نەخواردووە کە لە دوای خۆم بەجێی بهێڵم جگە لەوەی کە من لە هەموو شەوو ڕۆژێکا دەموچاوی خۆمم داوە بە خۆڵەوە بۆ خوای گەورە و میهرەبان (واتە: تەنیا خەم بۆ نوێژ دەخۆم و بەس!).

١٨٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا أَبُو الْأَشْهَبِ قَالَ: كَانَ أَبُو رَجَاءٍ يَخْتِمُ بِنَا فِي قِيَامِ رَمَضَانَ فِي كُلِّ عَشَرَةِ أَيَّامٍ ".

واتە: عەبدولصەمەد لە باوکی ئەشهەبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: باوکی ڕەجا عادەتی وا بوو هەموو مانگێکی ڕەمەزان دەشەو جارێک خەتمی قورئانی پێ دەکردین.

١٨٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يُونُسُ هُوَ ابْنُ مُحَمَّدٍ، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ، عَنْ أَيُّوبَ قَالَ: قَالَ أَبُو رَجَاءٍ: «أَذَلُّ مِنْ قُعُودِ إِبِلٍ».

واتە: یونسی کوڕی موحەممەد لە حەممادەوە ئەویش لە ئەییوبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: باوکی ڕەجا فەرمووی: زەلیلتر لە دانیشتنی وشتر[1].

[1] ئەم قسەیەم بەلاوە سەیر بوو؛ چونکە ئاوا هیچ مانایەکی ئەوتۆی نییە؛ بۆیە سەرەتا وامزانی پەندێکی کۆنە عەرەبیە؛ بەڵام بۆ چ مەبەستێک بەکار دێت ئەوەم نەزانی؛ زۆر گەڕام تا تەواوی ئەم ئەسەرەم لە شوێنێکیترا دۆزییەوە کە ئاوایە: ←--

١٨٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا بِسْطَامُ بْنُ مُسْلِم قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا التَّيَّاحِ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا السَّوَّارِ الْعَدَوِيَّ يَقْرَأُ هَذِهِ الْآيَةَ: ﴿ وَكُلَّ إِنسَٰنٍ أَلْزَمْنَٰهُ طَٰٓئِرَهُۥ فِى عُنُقِهِۦ ۖ وَنُخْرِجُ لَهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ كِتَٰبًا يَلْقَىٰهُ مَنشُورًا ﴿١٣﴾ ﴾ الإسراء: ١٣ ثُمَّ قَالَ: نَشْرَتَانِ وَطَيَّةٌ، أَمَّا مَا جَنَيْتَ يَا ابْنَ آدَمَ فَصَحِيفَتُكَ الْمَنْشُورَةُ فَأَمْلِ فِيهَا مَا شِئْتَ، فَإِذَا مِتَّ طُوِيَتْ ثُمَّ إِذَا بُعِثْتَ نُشِرَتْ: ﴿ ٱقْرَأْ كِتَٰبَكَ كَفَىٰ بِنَفْسِكَ ٱلْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا ﴿١٤﴾ ﴾ الإسراء: ١٤ ".

واتە: بیستامی کوڕی موسلیم دەفەرموێت: گوێم لە باوکی تەییاح بوو دەیفەرموو: گوێم لە باوکی سەوواری عەدەوی بوو ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَكُلَّ إِنسَٰنٍ أَلْزَمْنَٰهُ طَٰٓئِرَهُۥ فِى عُنُقِهِۦ ۖ وَنُخْرِجُ لَهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ كِتَٰبًا يَلْقَىٰهُ مَنشُورًا ﴿١٣﴾ ﴾. دوایی فەرمووی: دوو جار دەکرێتەوە و جارێک دەپێچرێتەوە ؛ ئەی نەوەی ئادەم! تاوانت کردووە؛ لاپەڕەکەت کراوەیە چیی تێدا تۆمار دەکەی بیکە؛ سبەی کە مردی ئیتر دەپێچرێتەوە و دوایی زیندوو بویتەوە دیسان دەکرێتەوە: ﴿ ٱقْرَأْ كِتَٰبَكَ كَفَىٰ بِنَفْسِكَ ٱلْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا ﴿١٤﴾ ﴾.

١٨٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مُصْعَبٍ هُوَ الْقُرْقُسَانِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ مَخْلَدَ بْنَ حُسَيْنٍ ذَكَرَ أَنَّ إِنْسَانًا اسْتَسْقَى مِنْ مَنْزِلِ أَبِي السَّوَّارِ الْعَدَوِيِّ فَقَالَتِ امْرَأَتُهُ: مَا فِي الْجُبِّ قَطْرَةٌ أَوْ مَا عِنْدَنَا قَطْرَةٌ قَالَ: فَذَهَبَ فَأَخَذَ عُكَّةَ الْجُبِّ أَوْ مَا فِي أَسْفَلِهِ قَالَ: فَجَاءَ فَصَبَّ عَلَى رَأْسِهَا وَقَالَ: «يَا أُمَّ السَّوْآتِ كَمْ هَاهُنَا مِنْ قَطْرَةٍ».

واتە: موحەممەدی کوڕی موصعەبی قورقوسانی دەفەرموێت: گوێم لە مەخلەدی کوڕی حوسەین بوو باسی ئەوەی دەکرد کە کەسێک لە ماڵی باوکی سەوواردا داوای ئاوی کردووە؛ ژنەکەی گوتویەتی: چاڵاوەکە یەک دڵۆپ ئاوی تێدا نییە؛ یان گوتویەتی: یەک دڵۆپ ئاومان نییە! ئەویش ڕۆیشتووە و لە بنەوەی چاڵاوەکە هەندێ لمی دەرهێناوە و کردوویەتی بە سەری خۆیاو گوتویەتی: ئەی دایکی کارە ناشیرینەکان! ئەها چەند دڵۆپ ئاو لێرە هەیە؟

قال أبوو رجاء العطاردي رحمه الله تعالى: من سره أن يكون متقيا فليكن أذل من قعود إبل؛ كل من أتى عليه أرغاه. رواه ابن أبي الدنيا. واتە: باوکی ڕەجای عەتارودی فەرموویەتی: هەر کەسێ پێیخۆشە کە ببێ بە موتتەقی و خاوەن تەقوا؛ ئەوا دەبێ لە دانیشتنی وشتر زەلیلترو ملکەچتر بێ؛ وشتر (کاتێ دانیشتووە ئەوەندە زەلیلە) هەر کەسێ سواری ببێ هەڵیدەگرێ. مەبەست ئەوەیە مرۆڤ هەر فرمانێکی لە لایەن خوداوە بۆ هاتبوو بە ملکەچییەوە وەری بگرێت و بڵێ: سمعنا و اطعنا.

١٨٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ الْمُثَنَّى الْبَصْرِيُّ، حَدَّثَنَا سَالِمُ بْنُ نُوح قَالَ: مَرَّ عَوْفٌ يَوْمَ الْجُمُعَةِ فَسَأَلَه يُونُسُ فَقَالَ: كَيْفَ أَنْتَ؟ كَيْفَ حَالُكَ؟ فَقَالَ عَوْفٌ: قِيلَ لأَبِي السَّوَّارِ الْعَدَوِيِّ: أَكُلُّ حَالِكَ صَالِحٌ؟ فَقَالَ: «لَيْتَ عُشْرَهُ يَصْلُحُ».

واته: موحەممەدی کوڕی موسەننای بەصری لە سالمی کوڕی نوحەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕۆژی هەینی عەوف تێپەڕی و یونس لێیپرسی: چۆنی؟ گوتی: ئەی تۆ چۆنی؟ عەوف گوتی: بە باوکی سیوواری عەدەوی گوترا: هەموو کاروبارەکانت باشن؟ فەرمووی: خۆزگا دەیەکی کاروبارەکانم باش بوونایە. (مەبەستی ئەوە بووە ئەگەر لە دەکار یەکێکی باش بوایەو نۆی خراپ بوایە؛ ئەوا خوای گەورە لە پاداشتی ئەو کارەدا دە پاداشتی بۆ دەنووسی؛ ئەوکاتە دە کاری باش و نۆی خراپی هەبوو؛ بەو جۆرەش چاکەکانی لە خراپەکانی زیاتر دەبوون).

١٨٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ مَعْرُوف، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ بْنُ رَبِيعَةَ، عَنِ ابْنِ شَوْذَبَ قَالَ: كَانَ أَبو السَّوَّارِ الْعَدَوِيُّ فِي حَلْقَةٍ يَتَذَاكَرُ فِيهَا الْعِلْمَ قَالَ: وَمَعَهُمْ فَتًى شَابٌّ فَقَالَ: قُولُوا: سُبْحَانَ الله وَالْحَمْدُ لِله قَالَ: فَغَضِبَ أَبُو السَّوَّارِ فَقَالَ: "وَيْحَكَ فِي أَيِّ شَيْءٍ كُنَّا إِذًا؟

واته: هارونی کوڕی مەعروف لە زەمرەی کوڕی ڕەبیعەوە ئەویش لە کوڕی شەوزەبەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: باوکی سەوواری عەدەوی لە کۆڕێکا بوو باسی زانستیان تێدا دەکرد؛ فەرمووی: گەنجێکیش لەو کۆڕەدا بوو گوتی: دەی بڵێن: پاك و بێگەردی بۆ خوداو سوپاس و ستاییش بۆ خوا! دەفەرموێت: باوکی سەووار تووڕەبوو فەرمووی: قوڕت بەسەر دەی ئێمە ئێستا خەریکی چ شتێکین؟ (واتە: شەن و کەو کردنی بابەتی زانستی و فیقهیش هەر زیکری خوای گەورەیە).

١٨٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مُصْعَبٍ قَالَ: سَمِعْتُ مَخْلَدًا: أَنَّ أَبَا السَّوَّارِ الْعَدَوِيَّ أَقْبَلَ عَلَيْهِ رَجُلٌ بِالأَذَى فَسَكَتَ حَتَّى إِذَا بَلَغَ مَنْزِله أَوْ دَخَلَ قَالَ: «حَسْبُكَ إِنْ شِئْتَ».

واته: موحەممەدی کوڕی موصعەب دەفەرموێت: گوێم لە مەخلەد بوو کە پیاوێک بە خراپە ڕوی لە باوکی سەوواری عەدەوی کرد؛ سەووار بێدەنگ بوو هەتا گەیشتەوە ماڵی خۆیان و ڕۆیشتە ماڵەوە؛ جا فەرمووی: دەی ئێستا ئیتر چی دەکەی بیکە!

١٨٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا مَالِكٌ قَالَ: رَأَى عَطَاءُ بْنُ يَسَار رَجُلًا يَبِيعُ فِي الْمَسْجِدِ فَدَعَاهُ فَقَالَ: «هَذِهِ سُوقُ الْآخِرَةِ فَإِذَا أَرَدْتَ الْبَيْعَ فَاخْرُجْ إِلَى سُوقِ الدُّنْيَا».

واتە: عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدی لە مالیکەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەتای کوڕی یەسار پیاوێکی بینی لە مزگەوتدا شتی دەفرۆشت؛ بانگی پیاوەکەی کرد و پێی فەرموو: ئەمە بازاڕی قیامەتە؛ ئەگەر کڕین و فرۆشتن دەکەی بڕۆ بۆ بازاڕی دونیا.

١٨٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكًا قَالَ: قَالَ عَطَاءُ بْنُ يَسَار: «دِينَكُمْ دِينَكُمْ لَا أُوصِيكُمْ بِدُنْيَاكُمْ، أَنْتُمْ عَلَيْهَا حُرَّاصٌ وَأَنْتُمْ بِهَا مُسْتَوْصُونَ».

واتە: عەبدولڕەحمان فەرمووی: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: عەتای کوڕی یەسار فەرمووی: ئاگاتان لە ئایینی خۆتان بێ؛ ئاگاتان لە ئایینی خۆتان بێ! من سەبارەت بە دونیا هیچ ئامۆژگاریەکتان ناکەم؛ ئێوە خۆتان سوورن لەسەر دونیا و توند دەستتان پێوە گرتووە؛ ئێوە بە بۆنەی دونیاوە ئامۆژگاری دەکرێن.

١٨٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي جَعْفَرُ بْنُ مُحَمَّد بْن فُضَيْل، أَنْبَأَنَا أَسْوَدُ بْنُ عَامر شَاذَانُ، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ الْمُغِيرَة، عَنْ حُمَيْد بْن هِلَال، عَنْ أَبِي السَّوَّار قَالَ: خَطَبَ الْحَكَمُ بْنُ أَيُّوبَ فَجَعَلَ يَذْكُرُ الزُّهْدَ فَقَالَ أَبُو السَّوَّار: «هَذَا يُزَهِّدُ النَّاسَ وَعِنْدَهُ ثَلَاثُونَ أَلْفًا».

واتە: جەعفەری کوڕی موحەممەدی فوزەیل لە ئەسوەدی کوڕی عامرەوە ئەویش لە سولەیمانی کوڕی موغیرەوە ئەویش لە حومەیدی کوڕی هیلالەوە ئەویش لە باوکی سەووارەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: حەکەمی کوڕی ئەیووب وتاری داو باسی زوهد و پارسایی دەکرد؛ باوکی سەووار فەرمووی: ئەمە باسی پارسایی بۆ خەڵکی دەکات و خۆی سی هەزار (دیرهەم یان دینار)ی هەیە.

١٨٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَمْرُو بْنُ عَلِيٍّ الصَّرَّافُ، حَدَّثَنَا أَبُو دَاوُدَ، حَدَّثَنَا أَبُو خَلْدَةَ قَالَ: سَأَلْتُ أَبَا السَّوَّارِ الْعَدَوِيَّ عَنِ الْقُبْلَةِ لِلصَّائِمِ فَقَالَ: «يُرَخَّصُ فِيهَا لِلشَّيْخِ وَيَكْرَهُونَهُ لِلشَّابِّ مَخَافَةَ أَنْ يُفْرِطَ».

واتە: عەمری کوڕی عەلی صەڕڕاف لە باوکی داوودەوە ئەویش لە باوکی خەلدەوە

گێڕایەوە فەرمووی: لە بارەی ئەوەی کە پیاو بە ڕۆژو بێت و ژنەکەی خۆی ماچ بکات؛ پرسیارم لە باوکی سەوواری عەدەوی کرد؛ فەرمووی: بۆ پیاوی پیر کێشەی نییە؛ بەڵام بۆ گەنج باش نییە؛ نەکا زیادەڕەوی بکات.

١٨٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبُو حَفْص وَهُوَ عَمْرُو بْنُ عَلِيٍّ، حَدَّثَنَا أَبُو دَاوُدَ، حَدَّثَنَا أَبُو خَلْدَةَ قَالَ: سَأَلْتُ أَبَا السَّوَّارِ عَنِ الْقِرَاءَةِ خَلْفَ الْإِمَامِ أَقْرَأُ خَلْفَهُ؟ قَالَ: «سَبِّحْ وَكَبِّرْ».

واتە: باوکی حەفص واتە: عەمری کوڕی عەلی لە باوکی داوودەوە ئەویش لە باوکی خەلدەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: لە باوکی سەووارم پرسی: ئایا مرۆڤ لە دوای ئیمامەوە قورئان بخوێنێ؟ فەرمووی: تەسبیحات و الله اکبر بکە (واتە: لە کاتێکا ئیمام خەریکی خوێندنی قورئانە تۆ هیچ مەخوێنەو هیچ مەڵێ؛ بەڵام لە کاتی کڕنوش بردن و سەجدە بردنا الله اکبر بکەو لەناو کڕنوش و سەجدەدا تەسبیحات بکەو .....).

١٨٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبُو جَعْفَر مُحَمَّدُ بْنُ الْفَرَجِ مَوْلَى بَنِي هَاشِم قَالَ: لَمَّا نَزَلَ بِأَحْمَدَ بْنِ حَنْبَلٍ مِنَ الظُّلْمِ وَالْجَوْرِ - يَعْنِي الْحَبْسَ وَالضَّرْبَ - دَخَلَ عَلَيَّ مِنْ ذَلِكَ مُصِيبَةٌ فَأُتِيتُ فِي مَنَامِي فَقِيلَ لِي: أَمَا تَرْضَى أَنْ يَكُونَ عِنْدَ الله بِمَنْزِلَةِ أَبِي سَوَّارٍ الْعَدَوِيِّ وَلَسْتَ تَرْوِيهِ؟ قُلْتُ: بَلَى قَالَ: فَإِنَّهُ عِنْدَ الله بِتِلْكَ الْمَنْزِلَةِ ".

واتە: باوکی جەعفەر واتە: موحەممەدی کوڕی فەرەج دەفەرموێت: کاتێ ئەو ستەم و زوڵمەیان لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کرد. مەبەستی لێدان و زیندان کردنە. هەندێ لەو بەڵا و موسیبەتانەم هات بەسەرا؛ جا خەوێکم بینی و لە خەوا پێمگوترا: تۆ ڕازی نابی کە ئەحمەد لە لای خوای گەورە وەک باوکی سەووار بێت؟ مەگەر تۆ نازانی باوکی سەووار چۆن بووە؟ گوتم: با! گوتی: دەی ئەحمەد لای خوای گەورە ئەو پلەو پایەی ئەوی هەیە.

١٨٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: قَالَ أَبُو جَعْفَر: حَدَّثَنَا بِهِ عَلِيُّ بْنُ عَاصِم، عَنْ بِسْطَامِ بْنِ مُسْلِم، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: دَعَا بَعْضُ مُتْرَفِي هَذِهِ الْأُمَّةِ أَبَا السَّوَّارِ الْعَدَوِيَّ فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ مِنْ أَمْرِ دِينِهِ، فَأَجَابَهُ بِمَا يَعْلَمُ فَقَالَ لَهُ: وَإِلَّا فَأَنْتَ بَرِيءٌ مِنَ الْإِسْلَامِ قَالَ: قَالَ: إِلَى أَيِّ دِينٍ أَخْرُجُ؟ قَالَ: وَإِلَّا فَامْرَأَتُكَ طَالِقٌ قَالَ: فَإِلَى مَنْ آوِي اللَّيْلَةَ؟ قَالَ: فَضَرَبَهُ أَرْبَعِينَ سَوْطًا، فَقَالَ الْحَسَنُ: وَالله لَا تَذْهَبُ أَسْوَاطُهُ. قَالَ أَبُو جَعْفَر: فَأَتَيْتُ أَبَا عَبْدِ الله أَحْمَدَ بْنَ حَنْبَلٍ فَأَخْبَرْتُهُ بِذَلِكَ فَاسْتَرْجَعَ ".

واتە: باوکی جەعفەر دەفەرموێت: عەلیی کوڕی عاصم لە بیستامی کوڕی موسلیمەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرمووی: یەکێك لە ستەمکارەکانی ئەم ئوممەتە بانگی باوکی سەوواری عەدەویی کرد و لە بارەی شتێکی ئایینییەوە پرسیاری لێ کرد وباوکی سەووار بە پێی زانستی خۆی وەڵامی دایەوە؛ ستەمکارەکە پێی گوت: ئەگەر وەڵامەکەت وانەبێ ئەوا لە ئایین دەرچی.. باوکی سەووار فەرمووی: بۆ چ ئایینێک دەربچم؟ گوتی: دەی ئەگەر وانەبێ تەڵاقت کەوتبێ! باوکی سەووار گوتی: دەی ژنەکەم لە کوێ شەو بمێنێتەوە؟ (واتە: ئەو ستەمکارە باوکی سەوواری سوێند داوە گوتویەتی: دەی بڵێ ئەگەر ئەم وەڵامە وانەبێ لە دین دەربچم؛ دوایی پێی گوتووە: دەی بڵێ تەڵاقم کەوتبێ وەڵامەکەم تەواوە!) دەفەرموێت: ستەمکارەکە چل قامچیی لە باوکی سەووار دا؛ حەسەن فەرمووی: بەوا ئیتر قامچیی لەسەر هەڵناگیرێت! باوکی جەعفەر فەرمووی: ڕۆیشتم بۆ لای باوکی عەبدوڵڵا واتە: ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئەوەم بۆ گێڕایەوە؛ فەرمووی: انا لله وانا الیه راجعون.

١٨٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي عَمْرُو بْنُ عَلِيٍّ، حَدَّثَنَا أَبو دَاوُدَ، حَدَّثَنَا أَبو خَلْدَةَ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا السَّوَّارِ يَقُولُ لِمُعَاذَةَ الْعَدَوِيَّةِ فِي مَسْجِدِ بَنِي عَدِيٍّ: "تَجِيءُ إِحْدَاكُنَّ الْمَسْجِدَ فَتَضَعُ رَأْسَهَا وَتَرْفَعُ اسْتَهَا، قَالَتْ: وَلِمَ تَنْظُرُ؟ اجْعَلْ فِي عَيْنَيْكَ تُرَابًا وَلَا تَنْظُرْ، قَالَ: إِنِّي وَاللهِ مَا أَسْتَطِيعُ إِلَّا أَنْ أَنْظُرَ ثُمَّ إِنِّي اعْتَذَرْتُ، فَقَالَتْ: يَا أَبَا سَوَّارٍ إِذَا كُنْتُ فِي الْبَيْتِ شَغَلَنِي الصِّبْيَانُ وَإِذَا كُنْتُ فِي الْمَسْجِدِ كَانَ أَنْشَطَ لِي قَالَ: النَّشَاطَ أَخَافُ عَلَيْكِ ".

واتە: عەمری کوڕی عەلی لە باوکی داوودەوە ئەویش لە باوکی خەلدەوە گێڕایەوە فەرمووی: گێیوم لە باوکی سەووار بوو لە مزگەوتی (بەنی عەدی) دا بە موعازەی عەدەوی دەگوت: ئێوە دێنە مزگەوت و سەر دەنێنە زەوی و ناوقەدتان بەرز دەکەنەوە! موعازە گوتی: دەی تۆ بە سەیر دەکەی؟ مشتێ خۆڵ بکەرە ناو چاوەکانتەوە و سەیر مەکە! باوکی سەووار گوتی: بەخوا من ناتوانم سەیر نەکەم؛ من مەعزوریشم (مەبەستی ئەوەبووە کە ئەگەر ئەویش سەیر نەکات یەکێکیتر هەر سەیر دەکات).. موعازە گوتی: باوکی سەووار! من ئەگەر لە ماڵ نوێژ بکەم منداڵ سەرم قاڵ دەکەن بەڵام ئەگەر لە مزگەوتدا نوێژ بکەم باشتر و چالاکترم! باوکی سەووار فەرمووی: ئاخر من لەو چالاکیە دەترسم! (واتە: مزگەوت بۆ ژنان باش نییەو هەرچەند لە ماڵەوە منداڵ و کاروباری ناوماڵ سەرقاڵیان دەکات؛ هێشتا لە مزگەوت باشترە).

١٨٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، قَالَ: أُخْبِرْتُ، عَنْ سَيَّارٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ أَبِي شُمَيْطٍ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: كَتَبَ سَعِيدُ بْنُ جُبَيْرٍ إِلَى أَبِي سَوَّارٍ الْعَدَوِيِّ: «أَمَّا بَعْدُ يَا أَخِي، فَاحْذَرِ النَّاسَ وَاكْفِهِمْ نَفْسَكَ

وَلْيَسَعْكَ بَيْتُكَ وَابْكِ عَلَى خَطِيئَتِكَ، وَإِذَا رَأَيْتَ عَاثِرًا فَاحْمَدِ الله الَّذِي عَافَاكَ وَلَا تَأْمَنِ الشَّيْطَانَ يَغُشُّكَ مَا بَقِيتَ».

واتە: سەییار لە عەبدوڵڵای کوڕی باوکی شومەیتەوە ئەویش لە باوکییەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: سەعیدی کوڕی جوبەیر نامەیەکی بۆ باوکی سەوواری عەدەوی نووسی (ئەمەی تێدابو): پاش سوپاس و ستایشی خوای گەورە: برای خۆم! خۆت لە خەڵکی بپارێزەو وازیان لێ بێنەو خۆت بە خۆتەوە سەرقاڵ بکە؛ با ماڵەکەت بەشت بکات و بگری بۆ هەڵەو تاوانەکانت؛ هەر جارێ خراپەیەکت بینی سوپاسی خوای گەورە بکە کە تۆی لەو خراپەیە پاراستووە؛ هەرگیزیش لە شەڕو خراپەی شەیتان دڵنیا مەبە؛ هەتا مابی وازت لێ ناهێنێت و بە هەرجۆرێک بۆی ڕێک بکەوێ دەیەوی فریووت بدات.

١٨٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبُو الْحَسَنِ عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا فَائِدٌ أَبُو الْوَرْقَاءِ، حَدَّثَنَا بِلَالُ بْنُ أَبِي الدَّرْدَاءِ قَالَ: قَالَ أَبِي: «إِذَا رَأَيْتَ الشَّرَّ فَدَعْهُ وَأَهْلَه».

واتە: باوکی حەسەن واتە: عەلیی کوڕی موسلیم لە سەییارەوە ئەویش لە جەعفەرەوە ئەویش لە فائیدی باوکی وەرقاوە ئەویش لە بیلالی کوڕی ئەبودەرداوە گێڕایەوە فەرموویەتی: باوکم فەرمووی: هەر کاتێ شەڕو خراپەت بینی واز لە شەڕو لەو کەسانەش بێنە کە ئەهلی شەڕو خراپەن.

١٨٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَلِيٌّ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا كَثِيرٌ أَبُو الْفَضْل، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ قَالَ: قَالَ عِمْرَانُ بْنُ حُصَيْن: " ذَهَبَ الْمُطْعِمُونَ وَبَقِيَ الْمُسْتَطْعِمُونَ وَذَهَبَ الْمُذَكِّرُونَ وَبَقِيَ الْمُنْسُونَ قَالَ: يَقُولُ الْحَسَنُ: أَمَا وَالله لَوْ كَانَ عِمْرَانُ حَيًّا لَكَانَ لَهَا أَقْوَلَ وَأَقْوَلَ ".

واتە: عەلی لە سەییارەوە ئەویش لە جەعفەرەوە ئەویش لە کەسیری باوکی فەزڵەوە ئەویش لە حەسەنەوە فەرموویەتی: عیمرانی کوڕی حوصەین فەرمووی: ئەوانەی کە نانیان بە خەڵکی دەدا ڕۆیشتن و مردن و ئەوانە ماونەتەوە کە داوای نان و خواردن لە خەڵکی دەکەن؛ ئەوانەی کە یادی خوایان وەبیری خەڵکی دەهێنایەوە مردن و ڕۆیشتن و ئەوانە ماونەتەوە کە یادی خودا لەبیری خەڵکی دەبەنەوە؛ دەفەرموێت: حەسەن دەیفەرموو: بەخوا ئەگەر عیمران زیندوبا ئەوا ئەوە و ئەوەم پێ دەگوت.

١٨٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى فَرْقَدِ السَّبَخِيِّ، وَهُوَ شَيْخٌ كَبِير وَبَيْنَ يَدَيْه خَلٌّ حَامِضٌ وَهُوَ يَقُولُ بِاللُّقْمَةِ فِي جَوْفِهِ ثُمَّ يَأْكُلُ قَالَ: قُلْتُ: لِمَ تَفْعَلُ هَذَا يَا أَبَا يَعْقُوبَ؟ قَالَ: «لِيَقْطَعَ عَنِّي النِّكَاحَ».

واتە: عەلیی کوڕی موسلیم لە سەییارەوە ئەویش لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕۆیشتم بۆ لای فەرقەدی سیبخی؛ فەرقەد پیاوێکی پیر بوو؛ سرکەیەکی ترشی لابوو؛ نانی پیادەژەند و دوایی دەیخوارد؛ من گوتم: باوکی یەعقوب ئەوە بۆ وا دەکەی؟ فەرمووی: بۆ ئەوەی حەزی سەرجێگاییم نەمێنێ.

١٨٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا، حَدَّثَنَا بِشْرُ بْنُ الْمُفَضَّل قَالَ: رَأَيْتُ بِشْرَ بْنَ مَنْصُورٍ فِي الْمَنَامِ فَقُلْتُ: يَا أَبَا مُحَمَّدٍ مَا صَنَعَ الله بِكَ؟ قَالَ: «وَجَدْتُ الْأَمْرَ أَهْوَنَ مِمَّا كُنْتُ أُحَمِّلُ نَفْسِي».

واتە: عەلیی کوڕی موسلیم لە سەییارەوە ئەویش لە بیشری کوڕی موفەزەلەوە فەرموویەتی: لە خەوا بیشری کوڕی مەنصورم بینی گوتم: باوکی موحەممەد! خوای گەورە چیی لەگەڵدا کردی؟ فەرمووی: بابەتەکە لەوە ئاسانتر بوو کە نەفسی خۆمم بۆ ئامادە کرد.

١٨٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارُ بْنُ حَاتِم الْعَنَزِيُّ أَبُو سَلَمَةَ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَار قَرَأَ هَذِه الْآيَةَ: ﴿ لَوْ أَنزَلْنَا هَٰذَا الْقُرْآنَ عَلَىٰ جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُ خَاشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ اللَّهِ وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ الحشر: ٢١ فَبَكَى، وَقَالَ: «أُقْسِمُ لَكُمْ لَا يُؤْمِنُ عَبْدٌ بِهَذَا الْقُرْآنِ إِلَّا صَدَعَ قَلْبُهُ».

واتە: سەییاری کوڕی حاتەمی عەنەزی واتە: باوکی سەلەمە؛ لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیکی کوڕی دینار بوو ئەم ئایەتەی خوێندەوە: (مانای ئایەتەکە): ئەگەر ئەم قورئانەمان دابەزاندایە سەر کەژو کێوێک، دەتبینی ملکەچ دەبوو، وردو و خاش دەبوو، شەق و پەق دەبوو، لە ترسی فەرمانی خوا، لە هەیبەتی گەورەیی و دەسەڵاتی خوا، ئێمە ئەم نموونانە دەهێنینەوە بۆ خەڵکی بۆ ئەوەی بیربکەنەوە و ژیریان بخەنە کار و شوێن قورئانی پیرۆز بکەون. گریاو فەرمووی: سوێندتان بۆ دەخۆم کە هەر کەسێ باوەڕ بەم ئایەتە بهێنێ دڵی ملکەچ و ووردو خاش دەبێ.

١٨٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكًا، يَقُولُ: «إِذَا أَحَسَّ أَهْلُ النَّارِ فِي النَّارِ بِضَرْبِ الْمَقَامِعِ انْغَمَسُوا فِي حِيَاضِ الْجَحِيمِ فَيَذْهَبُونَ سِفَالًا سِفَالًا كَمَا يَغْرَقُ الرَّجُلُ فِي الْمَاءِ فِي الدُّنْيَا يَذْهَبُ سِفَالًا سِفَالًا».

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: کاتێ ئەوانەی ناو دۆزەخ لە دۆزەخدا هەست دەکەن کە وەختی ئەوە هاتووە بە کوتك لێیان بدرێ؛ خۆیان دەکەن بەناو حەوزەکانی دۆزەخدا جا بە زەلیلی و سەرشۆڕییەوە لە بن و قوڵایی حەزەکانا دەچن؛ وەک چۆن مرۆڤ لە دونیادا لە ناو ئاوا دەخنکێت و دەکەوێتە بنی ئاوەکەوە.

١٨٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَارٍ، يَقُولُ: «يَا حَمَلَةَ الْقُرْآنِ مَاذَا زَرَعَ الْقُرْآنُ فِي قُلُوبِكُمْ فَإِنَّ الْقُرْآنَ رَبِيعُ الْمُؤْمِنِينَ كَمَا أَنَّ الْغَيْثَ رَبِيعُ الْأَرْضِ، فَقَدْ يَنْزِلُ الْغَيْثُ مِنَ السَّمَاءِ فَيُصِيبُ الْحُشَّ فِيهِ الْحَبَّةُ وَلَا يَمْنَعُهُ نَتْنُ مَوْضِعِهَا أَنْ تَهْتَزَّ وَتَخْضَرَّ وَتَحْسُنَ فِيهِ، حَمَلَةَ الْقُرْآنِ مَاذَا زَرَعَ الْقُرْآنُ فِي قُلُوبِكُمْ؟ أَيْنَ أَصْحَابُ سُورَةٍ؟ أَيْنَ أَصْحَابُ سُورَتَيْنِ؟ مَاذَا عَمِلْتُمْ فِيهِمَا؟».

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیکی کوڕی دینار بوو دەیفەرموو: ئەی هەڵگرانی قورئان! قورئان چ شتێکی لەناو دڵی ئێوەدا چاندووە؟ بەڕاستی قورئان بەهاری باوەڕدارانەو دڵی باوەڕدار دەژێنێتەوە؛ وەک چۆن باران بەهاری زەوییەو زەوی دەژێنێتەوە؛ بەڕاستی باران لە ئاسمانەوە دادەبارێت و لە پوش و تۆوو دەدات و بۆگەنیی شوێنکەش وای لێ ناکات کە ئەو تۆوە نەجوڵێت و سەوزو جوان نەبێت؛ ئەی هەڵگرانی قورئان! قورئان چ شتێکی لە دڵی ئێوەدا چاندووە؟ کوان ئەوانەی سورەتێکیان لەبەرە؟ کوان ئەوانەی دوو سورەتیان لەبەرە؟ چ شتێک لەو قورئانەوە فێربوون و کارتان پێکردووە؟

١٨٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَارٍ، وَقِيلَ لَهُ: يَا أَبَا يَحْيَى لَوْ لَيَّنْتَ كَلَامَكَ كَثُرَتْ غَاشِيَتُكَ وَأَصْحَابُكَ فَقَالَ: «أَيَنْقَطِعُ مَائِدَتِي؟ أَيَنْكَسِرُ خَرَاجِي؟ أَبْنَاءٌ لَا جَاءَ اللهُ بِهِمْ».

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: گوێم لە مالیکی کوڕی دینار بوو پێیگوترا: باوکی یەحیا ئەگەر تۆزێک قسەکانت سوکترو نەرمتر بکەی خەڵکی زیاترت لێ خڕ دەبێتەوە و هاوڕێکانت زیاتر دەبن! فەرمووی: باشە ئێستا کە نایەن نانی منیان بڕیوە؟ خەراجی من شکاوە؟ دەی خوا ئەوانە قەت نەهێنێ!

١٨٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكًا، يَقُولُ: «اتَّقُوا السَّحَارَةَ؛ فَإِنَّهَا تَسْحَرُ قُلُوبَ الْعُلَمَاءِ».

واته: سەییار لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: خۆتان لەم ئۆینبازە جادوگەرە بپارێزن (مەبەستی دونیایە) چونکە بەڕاستی سیحرو جادو لە دڵی زانایانیش دەکات.

١٨٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكًا، يَقُولُ: «بِقَدْرِ مَا تَحْزَنُ لِلدُّنْيَا كَذَلِكَ يَخْرُجُ هَمُّ الْآخِرَةِ مِنْ قَلْبِكَ، وَبِقَدْرِ مَا تَحْزَنُ لِلْآخِرَةِ كَذَلِكَ يَخْرُجُ هَمُّ الدُّنْيَا مِنْ قَلْبِكَ».

واته: سەییار لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: بە ئەندازەی ئەوەی کە خەم بۆ دونیا دەخۆی؛ خەم خواردن بۆ قیامەتت لە دڵت دەردەچێ؛ بە ئەندازەی ئەوەش کە خەم بۆ قیامەت دەخۆی؛ خەمی دونیات لە دڵ دەردەچێ.

١٨٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنِي سَيَّارٌ، حَدَّثَنِي جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكًا، وَتَلَا، هَذِهِ الْآيَةَ: ﴿ أَمْ نَجْعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلْمُفْسِدِينَ فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ ٱلْمُتَّقِينَ كَٱلْفُجَّارِ ﴿٢٨﴾ ﴾ ص: ٢٨ يَقُولُ مَالِكٌ: تعال ده شتت فهو ربح العشرة ستة ".

واته: سەییار لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیك بوو ئەم ئایەتەی خوێندەوە:(مانای ئایەتەکە): نەخێر، ئەو باوەڕیان هەڵەیە، بەڵکو ئایا ڕەوایە پاداشتی ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کاروکردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە، وەک ئەوانە لێ بکەین کە تۆوی خراپەیان چاندووە لە زەویدا، یاخود ئایا ئەوانەی پارێزگار و لەخواترسن وەک خراپەکاران سەیریان بکەین؟! مالیك دەیفەرموو: (مانای ئەم ڕستەیەم نەزانی: تعال ده شتت. زۆریش گەڕام لە هیچ شوێنێکیتر نەمبینی جگە لەم کتێبەدا نەبێ).

١٨٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، بِإِسْنَادِهِ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكًا، يَقُولُ: وَالله لَو اسْتَطَعْتُ أَلَّا أَنَامَ لَمْ أَنَمْ مَخَافَةَ أَنْ يَنْزِلَ عَذَابٌ وَأَنَا نَائِمٌ، وَالله لَوْ وَجَدْتُ أَعْوَانًا فَرَّقْتُهُمْ فِي مَنَارِ الدُّنْيَا يُنَادُونَ أَيُّهَا النَّاسُ النَّارَ النَّارَ ".

واتە: عەبدوڵڵا بە رشتەو سەنەدی خۆیەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیك بوو فەرمووی: بەخوا ئەگەر بمتوانیایە نەخەوم؛ ئەوا لە ترسی ئەوەی نەکا سزای خوا بێتە خوارەوە و مـن خەوتـبم؛ نەدەخەوتـم.. بەخـوا ئەگەر چەنـد کەسـێک هاوکـاری مـن بوونـایە ئەوا بە سـەرزەویدا پەرشـوبڵاووم دەکـردنەوە بـا جاڕیـان بـدایەو بیانگوتـایە: خەڵکینـە! خۆتـا لە ئـاگر بپارێزن! خۆتان لە ئاگر بپارێزن.

١٨٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكًا، يَقُولُ: «يَا هَؤُلَاءِ فُجَّارُكُمْ كَثِيرٌ صِغَارٌ وَكِبَارٌ فَرَحِمَ الله رَجُلًا لَزِمَ الْقَوْلَ الطَّيِّبَ وَالْعَمَلَ الصَّالِحَ وَالْمُدَاوَمَةَ».

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: هۆ خەڵکینە! خراپەکارتـان زۆرە؛ چ گەورە و چ بچووکتـان تێـدایە؛ خـوای گەورە سـۆزو بەزەیـی خۆی بڕژێنێ بەسەر کەسێکدا کە بەردەوام قسەی جوان و پاك دەبێژێت و کار و کردەوەگانی چاک باشن و بەردەوامیشە لەسەر کارەکانی.

١٨٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا مَالِكٌ، عَنِ الْحَسَنِ، يَرْفَعُهُ قَالَ: " لَمَّا خَلَقَ الله الْعَقْلَ، قَالَ لَه: أَقْبِلْ ثُمَّ قَالَ لَه: أَدْبِرْ فَأَدْبَرَ قَالَ: مَا خَلَقْتُ خَلْقًا أَحَبَّ إِلَيَّ مِنْكَ بِكَ آخُذُ وَبِكَ أُعْطِي ".

واتە: سـەییار لە جەعـفەرەوە ئەویـش لە مـالیکەوە ئەویـش لە حەسـەنەوە دەگێـڕێتەوە و فەرمـوودەکەی بـۆ حەزرەت (ﷺ) بەرز کـردووەتەوە کە فەرمـوویەتی: کـاتێ خـوای گەورە ژیری و عەقڵی دروست کرد؛ پێی فەرموو: ئادەی ڕووت لێرە بکە! دوایی فەرمووی: ئادەی پشتت لێرە بکە! دەفەرموێت: فەرمووی: هیچ دروستکراوێکم دروست نەکردووە کە بە لای منەوە لەوە خۆشەویستر بێ لە ژیری؛ هەر بە هۆی ژیرییەوە شت بەخەڵکی دەبەخشم و لەبەر ژیریشە شتیان لێ مەنع دەکەم.

١٨٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَلِيٌّ، حَدَّثَنِي سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا مَالِكٌ قَالَ: قَالَ أَبو ذَرٍّ لِعُمَرَ: «يَا عُمَرُ، إِنْ سَرَّكَ أَنْ تَلْحَقَ بِصَاحِبِكَ فَانْكُسِ الْإِزَارَ واخْصِفِ النَّعْلَ وَكُلْ دُونَ الشِّبَعِ».

واتە: سـەییار لە جەعـفەرەوە ئەویـش لە مـالیکەوە گێـڕایەوە فەرمـوویەتی: ئەبـوزەڕ بە عومەری گوت: ئەی عومەر! ئەگەر پێت خۆشە بە هاوڕێکەت بگەی؛ ئەوا پشتەماڵ بە دیوی دەروە لەبەر بکەو نەعلی خۆت پینە بکەو ئەوەندە بخۆ کە تێر نەخۆی.

١٨٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، سَمِعْتُ مَالِكًا، يَقُولُ: «الْقَلْبُ إِذَا لَمْ يَكُنْ فِيهِ حُزْنٌ خَرِبَ كَمَا أَنَّ الْبَيْتَ إِذَا لَمْ يُسْكَنْ خَرِبَ».

واتە: عەلیی کوڕی موسلیم لە سەییارەوە ئەویش لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: دڵ ئەگەر خەمی تێدا نەبێ ئەوا دەبێ بە وێرانە؛ وەک چۆن خانو ئەگەر مرۆڤی تێدا نەژی دەبێ بە وێرانە.

١٨٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكًا، يَقُولُ: «مَا ضُرِبَ عَبْدٌ بِعُقُوبَةٍ أَعْظَمَ مِنْ قَسْوَةِ الْقَلْبِ».

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: هیچ کەسێک هیچ تۆڵەیەکی لێ نەکراوەتەوە هێندەی دڵڕەقی گەورە بێت.

وَقَالَ: سَمِعْتُ مَالِكًا يَقُولُ: «لَوْ أَعْلَمُ أَنَّ قَلْبِي يَصْلُحُ عَلَى كُنَاسَةٍ لَذَهَبْتُ حَتَّى أَجْلِسَ عَلَيْهَا».
واتە: هەروەها دەفەرموێت: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: ئەگەر بزانم دڵم بەوە چاک دەبێت کە بچمە سەر زبڵ و زاڵ؛ ئەوا دەچم لەسەر زبڵ و زاڵ دادەنیشم.

قَالَ: وَسَمِعْتُ مَالِكًا يَقُولُ: «إِنَّ لله تَبَارَكَ وَتَعَالَى عُقُوبَاتٍ فِي الْقُلُوبِ وَالْأَبْدَانِ، وَضَنْكًا فِي الْمَعِيشَةِ، وَسَخَطًا فِي الرِّزْقِ، وَوَهْنًا فِي الْعِبَادَةِ».
واتە: هەروەها فەرمووی: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: بەڕاستی خوای گەورە چەندین تۆڵەی هەیە هەم لە دڵ و هەم لە لاشە؛ هەم لە سەختیی و تەنگانەی ژیان؛ هەم لە ناڕەحەت بوونی ڕزق و ڕزیی و هەمیش لە لاوازیی لە خواپەرستیدا.

١٨٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكًا، يَقُولُ: " كَمْ مِنْ رَجُلٍ يُحِبُّ أَنْ يَلْقَى أَخَاهُ وَأَنْ يَزُورَهُ فَيَمْنَعَهُ مِنْ ذَلِكَ الشُّغْلُ أَوِ الْأَمْرُ يَعْرِضُ عَسَى الله أَنْ يَجْمَعَ بَيْنَهُمَا فِي دَارٍ لَا فُرْقَةَ فِيهَا، ثُمَّ يَقُولُ مَالِكٌ: وَأَنَا أَسْأَلُ اللهَ أَنْ يَجْمَعَ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ فِي ظِلِّ طُوبَى وَمُسْتَرَاحِ الْعَابِدِينَ ".

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە گێڕایەوە فەرمووی: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: زۆر پیاو هەیە کە پێی خۆشە بگات بە برادەرەکەی و سەردانی بکات؛ بەڵام سەرقاڵییەک دەبێتە

لەمپەر؛ یان كارێک دێتە پێشەوە و بۆی ناكرێ سەری لێ بدات؛ هیوا وایە خوای گەورە لە شوێنێک كۆیان بكاتەوە كە ئیتر لێک دابڕان و جیابوونەوەی تێدا نەبێ.. دوایی مالیك دەیفەرموو: داوا دەكەم لە خوای گەورە كە ئێمەو ئێوە لە ژێر سێبەری داری توبـاداو لەو شوێنەی كە شوێنی ئارامی و ئاسودەیی خواپەرستانە؛ كۆ بكاتەوە.

١٨٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا مَالِكٌ قَالَ: قَالَ لُقْمَانُ لابْنِهِ: «يَا بُنَيَّ كَيْفَ تَطَاوَلَ عَلَى النَّاسِ مَا يُوعَدُونَ وَهُمْ إِلَى مَا لَا يُوعَدُونَ سِرَاعًا يَذْهَبُونَ؟».

واتە: عەلیی كوڕی موسلیم لە سەییارەوە ئەویش لە جەعفەرەوە گێڕایەوە فەرمووی: مالیك فەرموویەتی: لوقمان بە كوڕەكەی گوت: كوڕی خۆم! ئەو هەڕەشانەی كە لە خەڵكی كراوە كوا درێژەی كێشاوە؛ لە كاتێكا ئەوان خۆیان بەرەو لای ئەو هەڕەشانە بەپەلە وەڕێ كەوتون؟!

(ت: لە ڕیوایەتی پێشەوا البیهقی دا ئاوایە: يَا بُنَيَّ كَيْفَ تَطَاوَلَ عَلَى النَّاسِ مَا يُوعَدُونَ وَهُمْ إِلَى مَا يُوعَدُونَ سِرَاعًا يَذْهَبُونَ. واتە: وشەی .لا. لە .وَهُمْ إِلَى مَا يُوعَدُونَ سِرَاعًا يَذْهَبُونَ .دا نییە؛ كە ئەمەیان مانای دروست دەبەخشێت و وشەی (لا) لە ڕیوایەتەكی پێشەوا ئەحمەدا زیادەیە. خوداش زاناترە).

١٨٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيٌّ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا مَالِكٌ قَالَ: بَعَثَ مُوسَى نَبِيُّ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِلْعَامَ بْنَ بَاعَوْرَاءَ إِلَى مَلِك مَدْيَنَ يَدْعُوهُمْ إِلَى الله عَزَّ وَجَلَّ وَكَانَ مُجَابَ الدَّعْوَةِ وَكَانَ مِنْ عُلَمَاءِ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَكَانَ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ يُقَدِّمُهُ فِي الشَّدَائِدِ إِذَا نَزَلَتْ بِهِ يَدْعُو وَيُؤَمِّنُ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ قَالَ: فَأَقْطَعَهُ وَأَعْطَاهُ وَأَقْطَعَهُ وَأَعْطَاهُ، فَتَرَكَ دِينَهُ وَتَبِعَ دِينَهُ قَالَ: فَأَنْزَلَ الله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ الَّذِي آتَيْنَاهُ آيَاتِنَا فَانْسَلَخَ ﴾ الأعراف: ١٧٥ الْآيَةَ ".

واتە: عەلی لە سەییارەوە ئەویش لە جەعفەرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: مالیك بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: پێغەمبەر مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) بەلعامی نارد بۆ لای پاشای مەدیەن بۆ ئەوەی بانگی بكات بۆ خواپەرستی؛ جا بەلعام یەكێک بوو لە زانایانی ناو بەنی ئیسرائیل و نزایشی گیرا بوو؛ لە كاتی تەنگانەو ناڕەحەتیدا حەزرەتی مووسا ئەوی پێش دەخەست؛ هەر جارێ بەڵا و موسیبەتێک ڕویدابا ئەو نزای دەكردو حەزرەتی مووساش ئامینی

بۆ دەکرد؛ جا دەفەرموێت: پادشای مەدیەن هەر لە بەرەوە زەوی پێ دەبەخشی و شتی پێ دەدا تا وای لێ کرد بەلعام وازی لە ئایینەکەی خۆی هێناو شوێن ئایینی پادشای مەدیەن کەوت؛ جا خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە و فەرمووی: (مانای ئایەتەکە): (ئەی محمد(ﷺ) هەواڵی ئەو کەسەیان بەسەردا بخوێنەرەوە کە فەرمانەکانی خۆمانمان پێ بەخشی بوو، کەچی ئەویش خۆی لێ داماڵی و خۆی لێ دوورە پەرێز گرت، ئەوسا ئیتر شەیتان شوێنی کەوت و دایەپێش و چووە ڕیزی سەر لێشێواوانەوە.

١٨٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيٌّ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكًا، يَقُولُ: «مَا تَنَعَّمَ الْمُتَنَعِّمُونَ بِمِثْلِ ذِكْرِ الله».

واتە: عەلی لە سەییارەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: جەعفەر بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: هیچ نازونیعمەت پێ بەخشراوێک نازونیعمەتی وەک یاد و زیکری خوای گەورەی پێ نەبەخشراوە.

قَالَ: وَسَمِعْتُ مَالِكًا يَقُولُ: " يَنْطَلِقُ أَحَدُهُمْ فَيَتَزَوَّجُ دِيبَاجَةَ الْحَرَمِ قَالَ: وَكَانَ يُقَالُ فِي زَمَانِ مَالِكٍ: دِيبَاجَةُ الْحَرَمِ أَجْمَلُ النَّاسِ، وَخَاتُونُ امْرَأَةُ مَلِكِ الرُّومِ أَوْ يَنْطَلِقُ إِلَى جَارِيَةٍ قَدْ سَمَّنَهَا أَبَوَاهَا وَتَرَّفُوهَا حَتَّى كَأَنَّهَا زُبْدَةٌ فَيَتَزَوَّجُهَا فَتَأْخُذُ بِقَلْبِهِ فَيَقُولُ لَهَا: أَيُّ شَيْءٍ تُرِيدِينَ؟ فَتَقُولُ: خِمَارَ خُسْنَى، وَأَيُّ شَيْءٍ تُرِيدِينَ؟ فَتَقُولُ: كَذَا وَكَذَا، قَالَ مَالِكٌ: فَتَمَرَّطَ وَالله دِينُ ذَلِكَ الْقَارِئِ، وَيَدَعُ أَنْ يَتَزَوَّجَ يَتِيمَةً ضَعِيفَةً فَيَكْسُوهَا فَيُؤْجَرَ ".

واتە: هەروەها دەفەرموێت: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: ئی واتان هەیە دەچێ دیباجەتولحەرەم داخوازی دەکات و دەیهێنێ. جا لە زەمانی مالیکدا دەگوترا: دیباجەتولحەرەم جوانترین کچی ئەو سەردەمە بووە. یان دەچێتە داخوازی خاتونی پادشای ڕۆم! یان دەچێتە داوای کچێک کە باوکی وەکوو بەرخ بەخێوی کردووە و قەڵەوی کردووە و دەڵێی کەرێیە!! دوایی ژنەکەی دڵی داگیر دەکات و ئەم بە ژنەکەی دەڵێ: چیت دەوێ؟ ئەویش دەڵێک لەچکی ئاوریشم! چیترت دەوێ؟ ئەوە و ئەوە!! بەخوا وای لێ دەکات دین و ئایینەکەی وەکوو موو هەڵدەکەنێ و لە بێخی دێنێ! ئەی باشە بۆ ناڕۆن کچێکی بێکەس و هەژار بێنن پۆشتەی بکەنەوە خێرتان دەگات و تێری دەکەن خێرتان دەگات؟!

١٨٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكًا، يَعْنِي ابْنَ دِينَارٍ وَكَانَ مَحْزُونَ الصَّوْتِ يَضَعُ رَأْسَهُ فِي مِحْرَابِهِ ثُمَّ يَقُولُ: «إِلَه مَالِكٍ قَدْ عَلِمْتَ سَاكِنَ النَّارِ مِنْ سَاكِنِ الْجَنَّةِ فَأَيُّ الرَّجُلَيْنِ مَالِكٌ؟ ثُمَّ يَبْكِي».

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیك بوو. مەبەستی مالیکی کوڕی دینارە- دەنگی زۆر کزو لاوازز خەمبار بوو؛ لە میحرابەکەیا سەری دادەناو دەیگوت: ئەی خوای مالیك! تۆ خۆت دەزانی کێ لە ئاگرایەو کێ لە بەهەشتە؛ خۆزگە مالیك لە کامیانە؟! دوایی دەستی بە گریان دەکرد.

قَالَ: وَسَمِعْتُ مَالِكًا يَقُولُ: إِنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ يَقُولُ: " إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أُعَذِّبَ عِبَادِي، فَإِذَا نَظَرْتُ إِلَى جُلَسَاءِ الْقُرْآنِ وَعُمَّارِ الْمَسَاجِدِ وَوِلْدَانِ الْإِسْلَامِ سَكَنَ غَضَبِي، يَقُولُ: صَرَفْتُ عَذَابِي ".

واتە: هەروەها دەفەرموێت: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: خوای گەورە و میهرەبان دەفەرموێت: من دەمەوێ بەندەکانم سزا بدەم؛ جا کە تەماشای ئەوانە دەکەم کۆبوونەتەوە و مزگەوتەکانیان ئاوەدان کردووەتەوە و خەریکی قورئانخوێندنن و هەر بە موسوڵمانیش لە دایکبوون و هاتونەتە دونیاوە؛ ئیتر تووڕەبوونم نامێنێت.. دەیفەرموو: ئیتر تووڕەبوونەکەم دادەمرکێتەوە.

١٨٧٧ - وَسَمِعْتُ مَالِكًا يَقُولُ: «إِنَّ الصِّدِّيقِينَ إِذَا قُرِئَ عَلَيْهِمُ الْقُرْآنُ طَرِبَتْ قُلُوبُهُمْ إِلَى الْآخِرَةِ».

واتە: هەروەها دەیفەرموو: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: مرۆڤە ڕاستگۆکان کاتێ قورئانیان بەسەرا دەخوێنرێت لە خۆشیا دڵیان خەریکە بەرەو قیامەت دەفڕێ.

حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِمٍ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَارٍ، يَقُولُ لِلْمُغِيرَةِ بْنِ حَبِيبٍ: «يَا مُغِيرَةُ انْظُرْ كُلَّ جَلِيسٍ وَصَاحِبٍ، لَا تَسْتَفِيدُ فِي دِينِكَ مِنْهُ خَيْرًا فَانْبِذْ عَنْكَ صُحْبَتَهُ».

واتە: عەلیی کوڕی موسلیم لە سەییارەوە ئەویش لە جەعفەرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیکی کوڕی دینار بوو بە موغیرەی کوڕی حەبیبی دەفەرموو: ئەی موغیرە! سەیری هەموو کۆڕو کۆبوونەوە و هاوڕێیەکت بکە؛ ئەگەر لە بواری ئایینەوە قازانجت لێ وەرنەگرت ئەوا توڕی بدەو لێی دوور بکەوە.

١٨٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيٌّ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، وَالْحَارِثُ بْنُ نَبْهَانَ، قَالَا: سَمِعْنَا مَالِكَ بْنَ دِينَار، يَقُولُ: كُنْتُ أَدْخُلُ عَلَى الْقَاسِم بْنِ مُحَمَّد الثَّقَفِيِّ وَهُوَ أَمِيرُ الْبَصْرَة فِي إطْمَارِي لَا أُحْجَبُ عَنْهُ قَالَ: قَالَ ذَاتَ يَوْم: يَا مَالِكُ، لَا تَدْخُلْ عَلَيْنَا فِي ثِيَابِكَ هَذِه قَالَ: فَقُلْتُ: أَصْلَحَ الله الْأَمِيرَ مَا أَدْرِي مَا غَيَّرَكَ عَلَيَّ؟ قَدْ كُنْتُ أَدْخُلُ فِيهَا عَلَيْكَ قَالَ: فَقَالَ: يَا مَالِكُ أَتَدْرِي مَا يُجَرِّئُكَ عَلَيْنَا؟ إِنَّكَ لَا تُرِيدُ مَا فِي أَيْدِينَا، وَيَحْجُبُنَا عَنْكَ ذَلِكَ قَالَ: قَالَ مَالِكٌ: فَلَوْ كُنْتُ كَاتِبًا شَيْئًا مِنَ الْكَلَامِ فِي دَفَّتَيْ الْمُصْحَفِ لَكَتَبْتُ كَلَامَ الْقَاسِم بْنِ مُحَمَّد الثَّقَفِيِّ ".

واتە: عەلی لە سەییارەوە ئەویش لە جەعفەرو لە حارثی کوڕی نەبهانەوە دەگێڕێتەوە فەرمویانە: گوێیان لە مالیکی کوڕی دینار بوو دەیفەرموو: من دەچومە خزمەت قاسمی کوڕی موحەممەدی سەقەفی؛ ئەو کاتە کاربەدەستی بەصرە بوو؛ منیش پۆشاکێکی هەژارانەو کۆنم لەبەرا بوو؛ کاتێ دەرۆیشتم بۆ لای قاسم هەرگیز ڕێگیریم لێ نەدەکراو یەکسەر دەیانکردمە ژوورەوە؛ جا دەفەرموێت: ڕۆژێک قاسم گوتی: مالیک! ئیتر بەم پۆشاکە شڕانەوە مەیە بۆ لای من! دەفەرموێت: منیش گوتم: خوای گەورە گەورەمان چاک و باش بکات نازانم چ شتێک تۆی گۆڕیوە؟ خۆ پێشتر من هەر بەم پۆشاکە شڕانەوە دەهاتم بۆ لای تۆ!! گوتی: مالیک! ئەزانی چی وای لێ کردوم کە ڕووداری بکەم و ئەم قسەیە بکەم؟ تۆ هیچت لە ئێمە ناوێ؛ ئەوە بووەتە لەمپەر! مالیک فەرمووی: ئەگەر من لە قورئانەکەی خۆما شتێکم نووسیبا ئەو قسەیەی قاسمم دەنووسی.

١٨٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا عُثْمَانُ أَبُو إِبْرَاهِيمَ الْحِمْيَرِيُّ، جَلِيسُ مَالِك بْن دِينَار قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَار يَقُولُ لِرَجُل مِنْ أَصْحَابِه: إِنِّي لَأَشْتَهِي رَغِيفًا لَيِّنًا بِلَبَنٍ رَائِب، فَانْطَلَقَ فَجَاءَ بِه قَالَ: فَجُعِلَ لَه عَلَى الرَّغِيف قَالَ: فَجَعَلَ مَالِكٌ يُقَلِّبُهُ وَيَنْظُرُ إِلَيْه قَالَ: ثُمَّ قَالَ: " أَشْتَهِيكَ مُنْذُ أَرْبَعِينَ سَنَةً فَغَلَبْتُكَ حَتَّى كَانَ الْيَوْمُ تُرِيدُ أَنْ تَغْلِبَنِي، إِلَيْكَ عَنِّي قَالَ: وَأَبَى أَنْ يَأْكُلَ ".

واتە: عەلیی کوڕی موسلیم لە سەییارەوە ئەویش لە عوسمانی باوکی ئیبراهیمی حیمیەرییەوە کە لە خزمەت مالیکی کوڕی دینارا دەبوو؛ دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیکی کوڕی دینار بوو بە یەکێک لە هاوڕێکانی دەگوت: حەزم لە نانێکی نەرمە لەگەڵ هەندێ شیری پاك و خاوێن و گەرمە! عوسمان ڕۆیشت و نانی نەرم و شیری گەرمی هێنا؛ نانەکەی بۆ مالیك دانا؛ مالیك هەر ئەمدیودیوی دەکردوسەیری دەکردو دوایی گوتی: ئەوە چل ساڵە حەزم لە تۆیەو بەسەر نەفسی خۆما زاڵبووم ئێستا ئەمڕۆ تۆ دەتوێ بەسەر منا زاڵ ببی؟! لایبە دووری بخەرەوە لێم.. ئیتر لێی نەخوارد.

١٨٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِمٍ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَارٍ، يَقُولُ: " مَرِضْتُ مَرْضَةً لِي فَأَصَابَنِي بِرْسَامٌ وَأَنَا فِي ذَلِكَ أَعْقِلُ، فَعَادَنِي الْحَسَنُ بْنُ أَبِي الْحَسَنِ فَوَضَعَ رِدَاءَهُ عِنْدَ رَأْسِي ثُمَّ دَخَلَ فَتَوَضَّأَ قَالَ: ثُمَّ جَاءَ فَجَلَسَ عِنْدَ رَأْسِي قَالَ: قُلْتُ: يَا أَبَا سَعِيدٍ لَقَدْ هَمَمْتُ إِنْ مِتُّ مِنْ مَرَضِي هَذَا أَنْ يُشَدَّ كِتَافِي بِشَرِيطٍ وَيُشَدَّ قَدَمِي ثُمَّ يُنْطَلَقَ بِي إِلَى رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ كَمَا يُنْطَلَقُ بِالْعَبْدِ إِلَى سَيِّدِهِ قَالَ: قَالَ الْحَسَنُ: إِنَّ صَاحِبَكُمْ يَهْجُرُ يَعْنِي يَهْذِي قَالَ: فَقُلْتُ: وَاللهِ مَا أَهْجُرُ يَا أَبَا سَعِيدٍ قَالَ: ثُمَّ عُوفِيتُ، فَقَالَ لِي: يَا صَاحِبَ الشَّرِيطِ كُنْتَ فِي ظُلْمَةٍ مِنَ الْأَرْضِ فَأَصْبَحْتَ قَدْ عُوفِيتَ قَالَ: فَأَقْبَلَ عَلَيَّ الْحَسَنُ يَعِظُنِي وَكَانَ مُعَلِّمًا وَمُؤَدِّبًا ".

واتە: عەلیی کوڕی موسلیم لە سەییارەوە ئەویش لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیکی کوڕی دینار بوو دەیفەرموو: جارێک نەخۆش کەوتم؛ تووشی نەخۆشی سەتڵ و جەم بووم بەڵام لە کاتی نەخۆشیدا ئاگام لە خۆم بوو؛ حەسەنی کوڕی باوکی حەسەن هاتە دیدارم و پشتەماڵەکەی خۆی لە لای سەرما داناو ڕۆیشت بۆ دەستنوێژگرتن.. دوایی هاتەوە و لە لای سەرما دانیشت؛ گوتم: باوکی سەعید! وام هاتووە بە خەیاڵا کە ئەگەر بەم نەخۆشییە بمرم ناوشانم بە گوریسێک و لاقەکانم بە گوریسێک ببەسترێنەوە و دوایی ئاوا بمنێرنە خزمەت خوای گەورە وەک چۆن کۆیلەی ڕاکردو دەگرن و بەو جۆرە دەیبەنە خزمەت گەورەکەی! حەسەن فەرمووی: ئەم برادەرە وورێنە دەکات! منیش گوتم: باوکی سەعید بەخوا وورێنە ناکەم.. دەفەرموێت: دوایی چاک بومەوە و حەسەن پێی گوتم: ئادەی کابرای خاوەن گوریس! ئەو کاتە لە تاریکایی سەرزەویدا بووی؛ ئێستا ڕۆژت لێ بووەتەوە و چاک بویتەوە! دەفەرموێت: حەسەن ڕوی تێکردم و ئامۆژگاریی کردم؛ بەڕاستی حەسەن مامۆستاو ئامۆژگارو ڕاهێنەر بوو.

١٨٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا عَلِيٌّ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَارٍ، يَقُولُ: «نِيَّةُ الْمُؤْمِنِ أَبْلَغُ مِنْ عَمَلِهِ».

واتە: عەلیی کوڕی موسلیم لە سەییارەوە ئەویش لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیکی کوڕی دینار بوو دەیفەرموو: نێتی مرۆڤی باوەڕدار لە کار و کردەوەکانی باشترە.

١٨٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكًا، يَقُولُ: " وَدِدْتُ أَنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ أَذِنَ لِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِذَا وَقَفْتُ بَيْنَ يَدَيْهِ أَنْ أَسْجُدَ سَجْدَةً فَأَعْلَمَ أَنَّهُ قَدْ رَضِيَ عَنِّي ثُمَّ يَقُولُ: يَا مَالِكُ بْنَ دِينَارٍ كُنْ تُرَابًا ".

واته: عەلیی کوڕی موسلیم لە سەیيارەوە ئەویش لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیکی کوڕی دینار بوو دەیفەرموو: ئای چەن پێم خۆشە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا مۆڵەتم بدات یەک سەجدەی بۆ ببەم و بزانم کە لێم ڕازیەو دوایی پێم بفەرموێ: مالك ببە بە خۆڵ!

قَالَ: وَسَمِعْتُ مَالِكًا يَقُولُ: «لَوْ كَانَ لِأَحَدٍ أَنْ يَتَمَنَّى لَتَمَنَّيْتُ أَنْ يَكُونَ لِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ خُصٌّ مِنْ قَصَبٍ وَأَنْجُوَ مِنَ النَّارِ وَأُرْوَى مِنَ الْمَاءِ».

واته: دیسان فەموی: ئەگەر هەر کەسێک و خۆزگایەکی بۆ هاتبایەتەدی ئەوا من داوای ئەوەم دەکرد کە لە ڕۆژی قیامەتدا ببمە قامیشی کۆخێک و لە ئاگر ڕزگارم بایەو تێرئاو کرابام.

١٨٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْلِمٍ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكًا يَقُولُ: «وَاللهِ لَقَدْ اخْتَلَفْتُ إِلَى الْخَلَاءِ حَتَّى لَقَدِ اسْتَحَيْتُ وَلَوَدِدْتُ أَنَّ رِزْقِي جُعِلَ فِي حَصَاةٍ فَأَمُصَّهَا حَتَّى أَمُوتَ».

واته: بەخوا ئەوەندە چومەتە سەرئاو شەرم دامدەگرێت؛ پێمخۆشە ڕزق و ڕۆزی من ببوایە بە وورده بەردو هەتا مردن مژیبام (بۆ ئەوەی دەستی سەرئاوم نەبێت و نەچمە سەرئاو). (بێگومان ئەگەر لە شەوو ڕۆژێکا یەکجار چوبێتە سەرئاوو لە یاد و زیکری خوای گەورە دابڕابێ ئەوەی بە زۆر زانیوە و شەرمی لەخوا کردووە بەهۆی چونە سەرئاو نەیتوانیوە یاد و زیکری بکات).

قَالَ: وَسَمِعْتُ مَالِكًا يَقُولُ: «كَفَى بِالْمَرْءِ خِيَانَةً أَنْ يَكُونَ أَمِينًا لِلْخَوَنَةِ».

واته: هەروەها فەرمووی: لە مالیکم بیست دەیفەرموو: بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ بە خیانەتکار هەژمار بکرێ؛ ئەگەر ببوو بە ئەمینداری مرۆڤی خاین!

قَالَ: وَسَمِعْتُ مَالِكًا يَقُولُ: «إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا اسْتَكْمَلَ الْفُجُورَ مَلَكَ عَيْنَيْهِ».

واته: هەروەها دەفەرموێت: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: مرۆڤ کاتێ گەیشتە لوتکەی

خراپەکاری؛ ئیتر دەبێتە خاوەنی چاوەکانی خۆی (واتە: هەر کاتێ بیەوێ بگری؛ دەتوانێ بگری و هەر کاتێ بیەوێ نەگری؛ دەتوانێ نەگری و فرمێسك لە چاوەکانی نەیەتە خوارەوە).

١٨٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكًا، يَقُولُ: «إِنَّ الْعَالِمَ إِذَا لَمْ يَعْمَلْ بِعِلْمِهِ زَلَّتْ مَوْعِظَتُهُ عَنِ الْقُلُوبِ كَمَا يَزِلُّ الْقَطْرُ عَنِ الصَّفَا».

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: مرۆڤی زانا ئەگەر کار بە زانستەکەی نەکات ئەوا ئامۆژگارییەکانی ناچەسپێنە دڵەوە وەک چۆن باران لەسەر بەردی لوس و خزا ناوەستێ.

قَالَ: وَسَمِعْتُ مَالِكًا يَقُولُ: «إِنَّكَ إِذَا طَلَبْتَ الْعِلْمَ لِتَعْمَلَ بِهِ سَرَّكَ الْعِلْمُ، وَإِذَا طَلَبْتَهُ لِغَيْرِ الْعَمَلِ لَمْ يَزِدْكَ إِلَّا فَخْرًا».

واتە: هەروەها فەرمویەی: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: ئەگەر تۆ بو دوای زانستا بگەڕێی بۆ ئەوەی نهێنییەکانی خۆتی پێ پاك بکەیتەوە؛ ئەوە زانست پێت خۆشحاڵ دەبێ؛ بەڵام ئەگەر بۆ شتێکیتر بێ ئەوا هەر خۆهەڵکێشانت زیاد دەبێت.

١٨٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا النَّضْرُ بْنُ شُمَيْلٍ، عَنْ بَعْضِ الْبَصْرِيِّينَ قَالَ: قَالَ مَالِكُ بْنُ دِينَارٍ: «مَنْ طَلَبَ الْعِلْمَ لِنَفْسِهِ فَالْقَلِيلُ مِنْهُ يَكْفِي، وَمَنْ طَلَبَ الْعِلْمَ لِحَوَائِجِ النَّاسِ فَحَوَائِجُ النَّاسِ كَثِيرَةٌ».

واتە: نەزری کوڕی شومەیل لە پیاوێکی بەصرییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: مالیکی کوڕی دینار فەرمووی: هەر کەسێ زانست هەر لەبەر خۆی فێر ببێ؛ ئەوا کەمێکی بەسە؛ هەر کەسێکیش لەبەر پێویستیی خەڵکی زانست فێر ببێ؛ ئەوە پێویستیی خەڵکی زۆر زۆرە (واتە: زانستێکی زۆری پێویستە).

١٨٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، عَنْ جَعْفَرٍ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَارٍ، يَقُولُ: «إِنَّ صُدُوورَ الْمُؤْمِنِينَ تَغْلِي بِأَعْمَالِ الْبِرِّ، وَإِنَّ صُدُوورَ الْفُجَّارِ تَغْلِي بِأَعْمَالِ الْفُجُورِ وَالله تَعَالَى يَرَى هُمُومَكُمْ رَحِمَكُمُ الله».

واتە: عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدی لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیکی کوڕی دینار بوو دەیفەرموو: سینگی مرۆڤی باوەڕدار کوڵی دێت لەگەڵ چاکەدا؛

سینگی مرۆڤی خراپەکاریش کولّی دێت لەگەڵ کاری خراپدا؛ خوای گەورەش ئاگای لە هەموو خەیاڵ و ختورەیەکی ئێوە؛ خوای گەورە بەزەیی خۆی بڕژێنێ بەسەرتانا.

١٨٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ الْحُبَابِ، أَنْبَأَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَارٍ، يَقُولُ: «إِذَا ذُكِرَ الصَّالِحُونَ فَتَفَالَى ثُمَّ تَفَالَى».

واتە: یەزیدی کوڕی حوباب لە جەعفەرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیکی کوڕی دینار بوو دەیفەرموو: هەر کات باسی پیاوچاکان کرا؛ ئەوا جوان گوێبگرن و ڕامێنن و جوان لەو باسە وورد ببنەوە و سودی لێ وەربگرن.

١٨٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ بُكَيْرٍ، حَدَّثَنَا عَبَّادُ بْنُ الْوَلِيدِ الْقُرَشِيُّ الْبَصْرِيُّ قَالَ: قَالَ مَالِكُ بْنُ دِينَارٍ: «لَوْلَا أَنْ يَقُولَ النَّاسُ جُنَّ مَالِكٌ لَلَبِسْتُ الْمُسُوحَ وَوَضَعْتُ الرَّمَادَ عَلَى رَأْسِي أُنَادِي فِي النَّاسِ مَنْ رَآنِي فَلَا يَعْصِيَنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: یەحیای کوڕی بوکەیر لە عەبیادی کوڕی وەلیدی قورەیشیەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: مالیکی کوڕی دینار فەرمووی: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبێ خەڵکی بڵێن: مالیك شێت بووە؛ ئەوا پۆشاکی شڕو کۆنەم لەبەر دەکردو خۆڵەمێشکم دەکرد بە سەری خۆماو دەمقیڕاندو دەمگوت: هەر کەسێ منی بینی ئیتر نافەرمانیی خوای گەورە نەکات!

١٨٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ دِينَارٍ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " مَا مِنْ عَبْدٍ يَخْطُبُ خُطْبَةً إِلَّا الله عَزَّ وَجَلَّ سَائِله عَنْهَا مَا أَرَادَ بِهَا؟ فَقَالَ جَعْفَرٌ: كَانَ مَالِكٌ إِذَا حَدَّثَنَا بِهَذَا الْحَدِيثِ بَكَى حَتَّى يَنْقَطِعَ ثُمَّ يَقُولُ: يَحْسَبُونَ أَنَّ عَيْنِي تَقَرُّ بِكَلَامِي وَأَنَا أَعْلَمُ أَنَّ الله سَائِلِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَا أَرَدْتَ بِهِ؟ ".

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە ئەویش لە مالیکی کوڕی دینارەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: هیچ کەسێک نییە وتارێک بدا مەگەر ئەوەی کە خوای گەورە لە قیامەتدا لێی دەپرسێتەوە و کە مەبەستی چی بووە لەو وتارە؟ جا جەعفەر فەرمووی: هەر کاتێ مالیك ئەم فەرموودەیەی بۆ ئێمە دەگێڕایەوە ئەوەندە دەگریا هەتا تەواو کفت و کەلەلا دەبوو؛ دوایی دەیفەرموو: وادەزانن دڵم بەو قسەیەم خۆشە، من خۆم دەزانم کە خوای گەورە لە قیامەتدا پرسیارم لێ دەکات و دەفەرموێت: مەبەستت چیبوو لەو قسەیە.

١٨٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: أُخْبِرْتُ، عَنْ سَيَّار، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَار، يَقُولُ: بَلَغَنَا أَنَّ فِي، بَعْضِ السَّمَاوَاتِ مَلَائِكَةٌ كُلَّمَا سَبَّحَ مِنْهُمْ مَلَكٌ وَقَعَ مِنْ تَسْبِيحِه مَلَكٌ قَائِمٌ يُسَبِّحُ قَالَ: فِي بَعْضِ السَّمَاوَاتِ مَلَكٌ لَه مِنَ الْعُيُونِ عَدَدُ الْحَصَى وَالثَّرَى وَعَدَدُ نُجُومِ السَّمَاءِ مَا فِيهَا عَيْنٌ إِلَّا تَحْتَهَا عَيْنٌ وَشَفَتَانِ يُسَبِّحُ بِحَمْدِ الله عَزَّ وَجَلَّ بِلُغَةٍ لَا يَفْقَهُهَا صَاحِبُهَا قَالَ: وَإِنَّ حَمَلَةَ الْعَرْشِ لَهُمْ قُرُونٌ بَيْنَ أَطْرَافِ قُرُونِهِمْ مِقْدَارُ خَمْسِ مِائَةِ سَنَةٍ، وَالْعَرْشُ فَوْقَ الْقُرُونِ ".

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیکی کوڕی دینار بوو دەیفەرموو: بیستومانە کە لە یەکێک لە ئاسمانەکانا جۆرە فریشتەیەک هەیە هەرکامێک لەوان تەسبیحاتێک بکات لەو تەسبیحاتەی فریشتەیەکیتر دروست دەکرێت بە پێوە وەستاوە و تەسبیحات دەکات.. فەرمووی: لە یەکێک لە ئاسمانەکانا جۆرە فریشتەیەک هەیە هێندەی وورده بەردو چەوەکان و ئەستێرەکانی ئاسمان چاویان هەیە؛ لە خوار هەر چاوێکیشا چاوێک و (دەبێ . دەم . بێت نەك چاو. خوداش زاناترە) دوو لێو هەیە کە هەریەک لەو دەمانە بە زاراوە و زمانێک تەسبیحاتی خوا دەکات ئەویتر لێی تێناگات.. فەرمووی: ئەو فریشتانەی کە عەرشیان هەڵگرتووە شاخیان هەیە؛ لە نێوان ئەم شاخ تا ئەو شاخ پێنجسەد ساڵ ڕێگەیە؛ عەرش لە سەرەوەی شاخەکانە.

١٨٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: أُخْبِرْتُ، عَنْ سَيَّار، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكًا، سُئِلَ، يَا أَبَا يَحْيَى يَكْفِيكَ رَغِيفَانِ؟ فَقَالَ: " أَتَحْسَبُونَ أُرِيدُ السِّمَنَ؟

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە گێڕایەوە فەرمووی: گوێم لە مالیك بوو پرسیاری لێ کراو گوترا: باوکی یەحیا! تۆ ڕۆژانە دوو نانت بەسە؟ فەرمووی: ئەی وادەزانن کەرەو ڕۆنم دەوێ؟!

قَالَ: وَسَمِعْتُ مَالِكًا يَقُولُ: «يَا هَؤُلَاءِ أَنَا لَا أَخْشَى لَوًى وَلَا تُخْمَةً، خُبْزِي فِي الْفِعَالِ وَمَائِي فِي النَّهَرِ».

دیسان فەرمووی: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: هۆ خەڵکینە! من نە لەوە دەترسم پشتم بچەمێتەوە نە لەوەش دەترسم لەبەر زۆرخۆری تووشی نەخۆشی بم؛ نانم لە دەستمایەو ئاویشم لە ڕووبارایە.

قَالَ: وَسَمِعْتُ مَالِكًا يَقُولُ: " بِحَقٍّ أَقُولُ لَكُمْ: لَوْلَا الْبَوْلُ مَا خَرَجْتُ مِنَ الْمَسْجِدِ ".

دیسان فەرمووی: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: هەر بەڕاستی پێتان دەڵێم؛ ئەگەر لەبەر میز کردن نەبوایە لە مزگەوت نەدەچومە دەرەوە.

قَالَ: وَسَمِعْتُ مَالِكًا يَقُولُ: " مَا يَسُرُّنِي أَنَّ لِي أَحْسَنَ أَهْلِ الْبَصْرَةِ بِنَوَاةٍ، ثُمَّ نَوَاةٌ بِبَصْرَةٍ مَا أَصْنَعُ بِهَا؟

دیسان فەرمووی: گوێم لە مالیك بوو دەیفەرموو: [1].

١٨٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، قَالَ: أُخْبِرْتُ، عَنْ سَيَّارٍ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: قِيلَ لِمَالِكِ بْنِ دِينَارٍ حِينَ مَاتَتْ أُمُّ يَحْيَى: لَوْ تَزَوَّجْتَ يَا أَبَا يَحْيَى قَالَ: «لَوِ اسْتَطَعْتُ طَلَّقْتُ نَفْسِي».

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کاتێ دایکی یەحیا مرد بە مالیکی کوڕی دیناریان گوت: باوکی یەحیا بۆچی ژن ناهێنیتەوە؟ فەرمووی: کورە ئەگەر بتوانم نەفسیی خۆم تەڵاق دەدەم!

١٨٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا رَجُلٌ، مِنْ صَنْعَاءَ قَالَ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي مَنَامِي فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ أَيْنَ بُدَلَاءُ أُمَّتِكَ؟ فَأَوْمَأَ بِيَدِهِ نَحْوَ الشَّامِ فَقُلْتُ: أَوَ مَا بِالْعِرَاقِ مِنْهُمْ أَحَدٌ؟ قَالَ: «بَلَى مُحَمَّدُ بْنُ وَاسِعٍ، وَحَسَّانُ بْنُ أَبِي سِنَانٍ، وَمَالِكُ بْنُ دِينَارٍ الَّذِي يَمْشِي فِي النَّاسِ بِمِثْلِ زُهْدِ أَبِي ذَرٍّ فِي زَمَانِهِ» قَالَ جَعْفَرٌ: وَلَوْ كَانَ مَالِكٌ فِي بَنِي إِسْرَائِيلَ كَانَ يَنْبَغِي أَنْ يُتَحَدَّثَ بِحَدِيثِهِ.

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە ئەویش لە پیاوێکی خەڵکی صەنعاوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە خەوا بە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشتم؛ گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەبدالەکانی ئوممەتی تۆ لەکوێن؟ بە دەست پیرۆزی ئاماژەی بەرەو شام کرد.. گوتم:

---

[1] ئەم ڕستەیە باش مانا نادات بە دەستەوە، لە کتێبی (حلیة الاولیاء)دا پێشەوا (ابوو نعیم) ئاوا ریوایەتی کردووە: «مَا يَسُرُّنِي أَنَّ لِي مِنَ الْجَبَلِ إِلَى الْأُبُلَّةِ بِنَوَاةٍ» ثُمَّ قَالَ: «وَلَا بِبَعْرَةٍ» ثُمَّ قَالَ: «وَلَا يَسُرُّنِي أَنَّ لِيَ مِنَ الْجِسْرِ إِلَى خُرَاسَانَ بِنَوَاةٍ» ثُمَّ قَالَ: «وَلَا بِبَعْرَةٍ». واتە: مالیك فەرموویەتی: لە کێوەوە هەتا ئوبولە ئەگەر هەرهەموم بە یەک ناوکە دەست بکەوێ؛ دڵم خۆش ناکات، دوایی دەیفەرموو: ئەگەر بە یەک پشقڵیش پێم بدەن دڵم پێی خۆش نییە. هەروەها هەر لە جیسرەوە هەتا خۆراسان هەموم بە یەک ناوکە پێ بدەن دڵم خۆش ناکات. دوایی دەیفەرموو: ئەگەر بە یەک پشقڵیش پێم بدەن دڵم پێی خۆش نییە.

ئەی هیچیان لە عێراقدا نین؟ فەرمووی: با! موحەممەدی کوڕی واسیع و حەسسانی کوڕی باوکی سینان و مالیکی کوڕی دینار؛ ئەو مالیکەی کە پارسایییەکەی و خۆپارێزیەکی لەناو خەڵکدا وەکوو زوهد و پارسایییەکەی ئەبوزەڕە لە سەردەمی خۆیا.

جەعـفەر دەفەرموێـت: ئەگەر مالیـك لەنـاو بەنی ئیسـرائیلا بـوایە ئێسـتا پێویسـت بـوو قسەکانی بگێڕنەوە.

١٨٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَارٍ، يَقُولُ فِي دُعَائِهِ: اللهمَّ أَقْبِلْ بِقُلُوبِنَا إِلَيْكَ حَتَّى نَعْرِفَكَ حَسَنًا وَحَتَّى نَرْعَى عَهْدَكَ حَسَنًا وَحَتَّى نَحْفَظَ وَصِيَّتَكَ حَسَنًا، اللهمَّ سَوِّمْنَا سِيمَاءَ الْإِيمَانِ وَأَلْبِسْنَا لِبَاسَ التَّقْوَى، اللهمَّ نَتُوبُ إِلَيْكَ قَبْلَ الْمَمَاتِ وَنُلْقِي بِالسَّلَامِ قَبْلَ اللِّزَامِ، اللهمَّ انْظُرْ إِلَيْنَا مِنْكَ نَظْرَةً تَجْمَعُ لَنَا بِهَا الْخَيْرَ كُله خَيْرَ الدُّنْيَا وَخَيْرَ الْآخِرَةِ، ثُمَّ يَقِفُ مَالِكٌ عَنْ كَلَامِه فَيَقُولُ: أَتَحْسَبُونَ أَنِّي أَعْنِي خَيْرَ الدُّنْيَا الدِّينَارَ وَالدِّرْهَمَ؟ إِنَّمَا أَعْنِي الْعَمَلَ الصَّالِحَ حَتَّى أَلْقَاكَ يَوْمَ أَلْقَاكَ وَأَنْتَ عَنِّي رَاضٍ رَغْبَةً وَرَهْبَةً إِلَيْكَ يَا إِلَهَ السَّمَاءِ وَإِلَهَ الْأَرْضِ قَالَ: ثُمَّ يَبْكِي بُكَاءً خَفِيفًا، فَنَبْكِي مَعَهُ رَحِمَهُ الله ".

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیکی کوڕی دینار بوو لە نزا و پاڕانەوەکانیا دەیفەرموو: خوایە! دڵمان بەرو لای خۆت وەربگێڕی؛ بۆ ئەوەی تۆ بە جوانی بناسین و بە جوانی ڕەچاوی ئەو پەیمانە بکەین کە بە تۆمان داوە و ئامۆژگارییەکانت بە جوانی جێبەجێ بکەین.. خوایە! سیمامان وەک سیمای ئیماندار لێ بکەی؛ پۆشاکی تەقوامان لەبەر بکەی.. خوایە! پێش مردن تەوبە دەکەین و بۆ لای تۆ دەگەڕێینەوە و پێش بڕیاری مردن بە سەلامەتی بەتۆ بگەینەوە.. خوایە! سەیرمان بکە؛ سەیرکردنێکی وا کە هەموو خێرێکمان بۆ کۆ بکاتەوە؛ خێری دونیا و خێری قیامەت.. دوایی مالیـك ڕادەوەستاو نزاکانی کۆتایی پێ دەهات و دەیفەرموو: وا دەزانن مەبەستم لە خێری دونیا دینارو دیرهەمە؟ نەخێر! مەبەستم کار و کردەوەی چاکە تا ئەو دەمەی دەگەمە خزمەت خوای گەورە و لێم ڕازی دەبێ.. خوایە حەزم لەوەیە بگەمە خزمەتت و دەشترسم! ئەی خودای ئاسمان و خودای زەوی! دەفەرموێت: دوایی مالیك بە ئەسپایی و لەسەرخۆی دەگریا؛ ئێمەیش لەگەڵیا دەگریاین.

١٨٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا الْمُعَلَّى بْنُ زِيَادٍ قَالَ: لَمَّا قَدِمَ سَلَمَةُ بْنُ قُتَيْبَةَ الْبَصْرَةَ، قَالَ لِي مَالِكٌ: انْطَلِقْ بِنَا إِلَيْهِ فَانْطَلَقْنَا إِلَيْهِ فَاسْتَأْذَنَّا فَلَمْ نَلْبَثْ أَنْ دَخَلْنَا قَالَ: فَقَالَ سَلَمَةُ: مَرْحَبًا مَرْحَبًا بِكَ يَا أَبَا يَحْيَى، حَاجَتَكَ، وَقَرَّبَ مَجْلِسَهُ، قَالَ أَزَائِرِينَ

جِئْتُمَا أَمْ لَكُمَا حَاجَةٌ؟ قَالَ: فَقَالَ مَالِكٌ: بَلْ لَنَا حَاجَةٌ قَالَ: مَا هِيَ أَبَا يَحْيَى؟ قَالَ: يَا سَلَمَةُ مَا لَكَ وَلِلْمُلُوكِ؟ مَا لَكَ وَلِلسُّلْطَانِ؟ قَالَ: يَا أَبَا يَحْيَى قَدْ عُرِفْنَا عِنْدَهُمْ: قَالَ تَجَّانٌ عَلَيْهِمْ قَالَ: لاَ يَنْفَعُنِي ذَلِكَ قَالَ: وَيْحَكَ يَا سَلَمَةُ إِنِّي أَخَافُ أَنْ يُلْقُوكَ فِي وَرْطَةٍ ثُمَّ لاَ يُخْرِجُوكَ مِنْهَا ".

واته: سەییار لە جەعفەرەوە ئەویش لە موعەللای کوڕی زیادەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کاتێ سەلەمەی کوڕی قوتەیبە هاتە بەصرە مالیك بە منی فەرموو: وەرە با بچین بۆ لای سەلەمە.. جا ئێمە ڕۆیشتین بۆ لای سەلەمەو داوای مۆڵەتی چونە ژوورەوەمان کرد و زۆری پێنەچو مۆڵەت دراین.. دەفەرموێت: سەلەمە گوتی: بەخێربێی بەخێربێی باوکی یەحیا؛ چیت پێویستە! جا هاتە نزیکیەوە دانیشت و گوتی: هەر بۆ سەردان هاتون یان کارێکتان هەبو؟ مالیك فەرمووی: شتێکمان پێویستە! گوتی: باوکی یەحیا چیتان پێویستە؟ مالیك فەرمووی: سەلەمە! تۆو پادشاکان کوجا مەرحەبا؟ تۆو سوڵتانەکان کوجا مەرحەبا؟ گوتی: باوکی یەحیا ئێمە لای ئەوان ناسراوین.. مالیك فەرمووی: بۆ خۆت شێت دەکەی لای ئەوانا! گوتی: ئەوە هیچ سودێکم پێ ناگەیەنێ! مالیك فەرمووی: قوڕبەسەرت سەلەمە! من دەترسم ئەوانە بتخەنە ناو گێژاوو قوڕاوێک و دوایی دەرت نەهێنن.

١٨٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، أُخْبِرْتُ، عَنْ مَالِكِ بْنِ دِينَارٍ قَالَ: مَرَرْتُ بِرَاهِبٍ فِي صَوْمَعَتِهِ، فَنَادَيْتُهُ فَأَشْرَفَ عَلَيَّ فَكَلَّمَنِي وَكَلَّمْتُهُ قَالَ: فَقَالَ لِي: فِيمَا يَقُولُ: إِنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ تَجْعَلَ فِيمَا بَيْنَكَ وَبَيْنَ الشَّهَوَاتِ حَائِطًا مِنْ حَدِيدٍ فَافْعَلْ وَإِيَّاكَ وَكُلَّ جَلِيسٍ لاَ تَسْتَفِيدُ مِنْهُ خَيْرًا فَلاَ تُجَالِسْهُ قَرِيبًا كَانَ أَوْ بَعِيدًا ".

واته: عەبدوڵلا دەفەرموێت: باوکم پێی گوتم: لە مالیکەوە پێم گەیشتووە فەرموویەتی: دام بە لای ڕاهیبێکا لە سەومەعەکەی خۆیا بوو؛ من بانگم کرد و ئەویش سەری کێشایە دەرەوە و هەندێ قسەی لەگەلا کردم و هەندێ قسەم لەگەڵدا کرد؛ پێی گوتم: ئەگەر دەتوانی کە لە نێوان خۆت و حەزو ئارەزوەکانتا دیوارێکی پۆڵایین دروست بکەی؛ ئەوا دروستی بکە؛ نەکەی هەرگیز لە لای کەسێکدا دانیشی کە خێرو چاکەی لێ نەبینی؛ هەرگیز لە کۆڕی ئەو کەسانەدا دامەنیشە جا چ دوور بی لێیەوە یان نزیك.

١٨٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ قَالَ: أُخْبِرْتُ، عَنْ سَيَّارٍ، عَنْ جَعْفَرٍ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَارٍ، وَالْمُعَلَّى بْنَ زِيَادٍ، قَالاَ: سَمِعْنَا الْحَسَنَ، يَقُولُ...... ".

واته: سەییار لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیکی کوڕی دینارو

موعەللای کوڕی زیاد بوو دەیانفەرموو: گوێیان لە حەسەن بوو دەیفەرمو...... (ئەسەرەکە هەر ئەوەندەیەو لەوە زیاتر نییە).

١٨٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: كَانَتِ الْغُيُومُ تَجِيءُ وَتَذْهَبُ وَلَا تُمْطِرُ، فَيَقُولُ مَالِكٌ: «أَنْتُمْ تَسْتَبْطِئُونَ الْمَطَرَ وَأَنَا أَسْتَبْطِئُ الْحِجَارَةَ، إِنْ لَمْ تُمْطِرْ حِجَارَةً فَنَحْنُ بِخَيْرٍ.

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەور دەهات و دەڕۆیشت و هیچی نەدەباراند؛ مالیك دەیفەرموو: ئێوە دەڵێن: ئەوە چییە باران انبارێت (واتە: چاوەڕێی بارانن) منیش دەڵێم: ئەوە چییە بەرد ناباریێ! هەتا بەرد نەباریێ مانای وایە هێشتا باشین.

١٨٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، حَدَّثَنَا الْمُغِيرَةُ بْنُ حَبِيبٍ قَالَ: تَعَاهَدْتُ مَالِكًا ذَاتَ لَيْلَةٍ فَجِئْتُ وَقَدْ لَبِسْتُ وَطِيفَةً فِي لَيَالِي الشِّتَاءِ قَالَ: فَطَرَحْتُ نَفْسِي عَلَى بَابِ الْبَيْتِ قَالَ: فَدَخَلَ مَالِكٌ فَاسْتَقْبَلَ الْقِبْلَةَ وَأَخَذَ بِلِحْيَتِهِ، وَجَعَلَ يَقُولُ: يَا رَبِّ إِذَا جَمَعْتَ الْأَوَّلِينَ وَالْآخِرِينَ فَحَرِّمْ شَيْبَةَ مَالِكٍ عَلَى النَّارِ ".

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە ئەویش لە موغیرەی کوڕی حەبیبەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بڕیارمدا شەوێک لە لای مالیك بمێنمەوە؛ ڕۆیشتم و شەوانی زستان بوو؛ قەتیفەو چادرێک پێچا بە خۆمەوە و لە لای دەرگاکەدا ڕاکشام؛ دوای ئەوە مالیك هاتە ژوورەوە و ڕوی لە ڕووگە کرد و ڕیشی خۆی گرت و هەر دەپاڕایەوە و دەیفەرموو: خوایە! ئەو کاتەی کە هەمووان کۆ دەکەیتەوە ئەم ڕیشە سپیەی مالیك لە ئاگر بپارێزە!

١٩٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَارٍ، يَقُولُ: «مَا سَقَطَتْ أُمَّةٌ مِنْ عَيْنِ الله إِلَّا حَرَّرَ أَكْبَادَهَا بِالْجُوعِ»[1].

---

[1] پێشەوا (ابن ابي الدنيا) ئاوا ڕیوایەتی کردووە: حَدَّثَنَا عَبْدُ الله قَالَ: حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ الْحَارِثِ الْمُقْرِئُ، قَالَ: حَدَّثَنَا سَيَّارُ بْنُ حَاتِمٍ، قَالَ: حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ، قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَارٍ، سَنَةَ الْحَطْمَةِ يَقُولُ: «بَلَغَنِي أَنَّهُ مَا مِنْ أُمَّةٍ سَقَطَتْ مِنْ عَيْنِ الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَّا ضَرَبَ الله عَزَّ وَجَلَّ كِبَارَهَا بِالْجُوعِ». واتە: مالیك فەرموویەتی: بیستوومە هەر گەلێک لەبەر چاوی خوای گەورە بکەوێ (واتە: کارێک بکەن خوایان لێ ناڕازی بێ) بێگومان خوای گەورە گەورەکانیان تووشی برسێتی دەکات.

١٩٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاق، أَنْبَأَنَا ابْنُ سُلَيْمَانَ قَالَ: قَعَدَ مَالِكٌ وَمُحَمَّدُ بْنُ وَاسِع، قَالَ مَالِكٌ: " مَا هُوَ إِلَّا طَاعَةُ الله أَو النَّارُ قَالَ: فَقَالَ له مُحَمَّدُ بْنُ وَاسِع: لَا أَقُولُ مَا قُلْتَ مَا هُوَ إِلَّا رَحْمَةُ الله أَوِ النَّارُ قَالَ: فَقَالَ مَالِكٌ: «أَشْهَدُ أَنَّكَ مِنْ قُرَّاءِ الله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: عەبدولڕەزاق لە کوڕی سولەیمانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: مالیك و موحەممەدی کوڕی واسیع دانیشتن؛ مالیك فەرمووی: هیچ نییە یان ئەوەتا خواپەرستی یان ئاگر! موحەممەدی کوڕی واسیع گوتی: من ئەوە ناڵێم کە تۆ گوتت؛ ئەوە هیچ نییە جگە لە سۆزو بەزەیی خوای گەورە؛ یان ئاگر.. مالیك فەرمووی: شایەتی دەدەم کە تۆ یەکێکی لە قورئانخوێنەکانی خوای گەورە.

١٩٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ مَعْرُوف، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنِ ابْنِ شَوْذَب، عَنْ مَالِكِ بْنِ دِينَار قَالَ: اسْتَعَانَ ابْنُ رَجُلٍ عَلَى الْعَشَّارِينَ قَالَ: فَأَتَاهُمْ فَشَفَّعُوهُ، وَقَالُوا له: يَا أَبَا يَحْيَى لَوْ دَعَوْتَ بِدَعْوَة قَالَ وَلَهمْ كُوزٌ عَلَيْه جِلْدٌ مَخْتُومٌ يَجْعَلُونَ فِيه نَفَقَتَهُمْ قَالَ: فَقَالَ: ارْفَعُوا أَيْدِيَكُمْ قَالَ: ثُمَّ أَخَذَ مَالِكٌ الْكُوزَ تَحْتَ إِبِطِه ثُمَّ قَالَ: «لَا وَالله لَا يَسْتَجِيبُ لَنَا مَا دَامَ هَذَا الْكُوزُ مَعَنَا».

واتە: زەمرە لە کوڕی شەوزەبەوە ئەویش لە مالیکی کوڕی دینارەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کوڕی پیاوێک داوای یارمەتیی لەوانە کرد کە خاوەیان وەردەگرت؛ ئەوانیش هاتن بۆ ئەوەی مالیك بکەن بە تکاکار، گوتیان: باوکی یەحیا! ئەوە بۆ دۆعایەک ناکەیت؟ گوتی: گۆزەیەکیان هەبوو پێستێکە بەسەرە بوو سەری مۆر کرابوو؛ دارایی خۆیانیان تێ دەخست؛ مالیك فەرمووی: دەستان بەرز بکەنەوە.. فەرمووی: دوایی مالیك گۆزەکەی نایە بنهەنگڵی و فەرمووی: نا بەخوا هەتا ئەم گۆزەیەمان لەگەڵدا بێت نزامان گیرا نابێت.
(ئەم گێڕانەوەش هەیە: چەند کەسێکی باجگرو باجسێن ڕێیان بە پیاوێکی بازرگان گرت و کەشتیەکەیان گیردا، پیاوەکە بە پەلە خۆی گەیاندە مالیك و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە و مالیك هەستا لەگەڵیا ڕۆیشت بۆ لای باجگرەکان، کاتێ چاویان بە مالیك کەوت گوتیان: باوکی یەحیا ئەوە بۆچی تۆ ئەزیەتت کێشاوە؟ جوابت بۆ بناردینایە ئێمە دەهاتینە خزمەتی تۆ! فەرمو چ کارێکت بە ئێمەیە؟
مالیك فەرمووی: کاری من ئەوەیە کە کەشتی ئەم پیاوە بەر بدەن و باجی لێ مەستێنن!

گوتیان: ئای بەسەرچاو!

مونەیع دەڵێ: ئەو کۆمەڵە باجگرە گۆزەیەکی گەورەیان لابوو هەر دینارو دیرهەمێکیان لە-خەڵکی بسەندایە دەیانخستە ناو گۆزەکەوە.

باجگرەکان بە مالیکیان گوت: باوکی یەحیا نزای خێرمان بۆ بکە!

مالیك فەرمووی: بە گۆزەکەتان بڵێن نزای خێرتان بۆ بکات، من چۆن نزای خێرتان بۆ بکەم لە کاتێکدا هەزار کەس نزای شەڕتان لێ دەکات؟ ئێوە پێتان وایە خوای گەورە نزای یەک کەس زاڵ دەکات بەسەر نزای هەزار کەسداو گیرای دەکات.).

١٩٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ مُلَاعِبٍ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا مُوسَى بْنُ خَالِدٍ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَارٍ، يَقُولُ فِي بَعْضِ الْكُتُبِ: " يُجَاءُ بِرَاعِي السُّوءِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَيُقَالُ له: يَا رَاعِيَ السُّوءِ أَكَلْتَ اللَّحْمَ وَلَبِسْتَ الصُّوفَ وَشَرِبْتَ اللَّبَنَ لَمْ تَجْبُرِ الْكَسِيرَةَ وَلَمْ تَلْتَمِسِ الضَّالَّةَ وَلَمْ تَرْعَهَا فِي مَرَاعِيهَا، الْيَوْمَ أَنْتَقِمُ لهمْ مِنْكَ ".

واتە: سەعیدی کوڕی سولەیمان لە مووسای کوڕی خالیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیکی کوڕی دینار بوو دەیفەرموو: لە یەکێک لە کتێبەکانا نووسراوە: لە ڕۆژی قیامەتدا شوانی خراپ دەهێنن پێی دەگوترێ: گۆشتت خواردو خوریت کردە پۆشاك و پۆشیت و شیرت خواردەوە و شکستەت نەگرتەوە و بەو دوای وونبووەکەدا نەگەڕایت و لە لەوەڕگەکەدا چاودێریت نەکردن؛ ئەمڕۆ تۆڵەت لێ دەکەمەوە و هەقی ئەوانت لێ دەسێنمەوە.

وَقَالَ حَدَّثَنِي أَبِي قَالَ قَالَ سُفْيَانُ: «كَانَ يُقَالُ عِنْدَ ذِكْرِ الصَّالِحِينَ تَنْزِلُ الرَّحْمَةُ» قِيلَ: مَنْ ذَكَرَهُ؟ قَالَ: بَعْضُ الْعُلَمَاءِ ".

واتە: هەروەها دەفەرموێت: سوفیان پێی فەرموم: دەگوترێ: لە کاتی باسکردنی پیاوچاکانا سۆزو بەزەیی و ڕەحمەتی خوا دادەبارێ. گوترا: کێ وای گوتووە؟ فەرمووی: یەکێک لە زانایان.

قَالَ سُفْيَانُ: «الَّذِي عَلِمَ ثُمَّ عَمِلَ يُدْعَى عَظِيمًا يُدْعَى عَظِيمًا فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ».

واتە: دیسان سوفیان دەفەرموێت: ئەو کەسەی کە زانست فێر دەبێت و دوایی کاری پێ دەکات؛ ئەوە لەکن فریشتەکانی ئاسمانەکانا گەورەیە.

قَالَ سُفْيَانُ: «اهْتِمَامُكَ بِرِزْقِ غَدٍ خَطِيئَةٌ».

واتە: سوفیان دەفەرموێت: گرنگیدان بە ڕزق و ڕۆزیی سبەینێ کارێکی هەڵەیە.

قَالَ سُفْيَانُ: «مَا زَادَ رَجُلٌ عِلْمًا إِلاَّ زَادَهُ الله قُرْبًا».

واتە: دیسان سوفیان دەفەرموێت: هەر کەسێک زانستێکی نوێ فێر ببێ بە هۆیەوە زیاتر لە خوای گەورە نزیك دەبێتەوە.

١٩٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَد، حَدَّثَنَا مَالكُ بْنُ دينَار قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى جَار لي في مَرَضه وَكَانَ عَشَّارًا، فَقَالَ: كَلَّمَني رَاحمُ الْمَسَاكين في الْمَنَام، وَقَالَ: إِنَّ رَاحمَ الْمَسَاكين غَضْبَانٌ عَلَيْكَ قَالَ: إِنَّكَ لَسْتَ منِّي وَلَسْتُ منْكَ. قَالَ: مَا لَكَ؟ فَقُلْتُ: هَذي قَالَ: فَأَعَادَ قَوْلَه مثْلَ مَا كَانَ فَأَفْزَعَني، فَقُلْتُ: عَلَى مَنْ؟ فَأَوْمَأَ بيَده عَلَى صَدْره أَيْ عَلَيْه ".

واتە: عەبدوڵڵا لە باوکییەوە ئەویش لە عەبدولصەمەدەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: مالیکی کوڕی دینار فەرمووی: دراوسێیەکمان نەخۆش بوو؛ ڕۆیشتم بۆ سەردانیکرنی؛ دراوسێکەمان خاوەی لە خەڵکی دەسەند؛ گوتی: ئەوەی کە بەزەیی بە هەژارانا دێتەوە لە خەوا قسەی لەگەڵدا کردم و گوتی: ئەوەی بەزەیی بە هەژارانا دێتەوە لێت تووڕەیە! گوتی: تۆ لە من نیت و منیش لە تۆ نیم! فەرمووی: مالیك فەرمووی: منیش گوتم: ئەمەووڕێنە دەکات.. فەرمووی: قسەکەی پێشوی دوبارە کردەوە و دوایی ترساندمی.. گوتم: لە کێ تووڕەیە؟ ئاماژەی بۆ سینگی کرد واتە: مەبەستی خۆی بوو.

١٩٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَني أَبو عَبْدُ الصَّمَد الْعَمِّيُّ، عَنْ مَالك قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى جَار في مَرَضه فَقَالَ: جَبَلَيْن منْ نَار جَبَلَيْن منْ نَار قَالَ مَالكٌ: حُدِّثْتُ أَنَّهُ كَانَ له قَفِيزَان أَحَدُهُمَا زَائدٌ وَالآخَرُ نَاقصٌ ".

واتە: عەبدوڵڵا لە باوکییەوە ئەویش لە باوکی عەبدولصەمەدەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: مالیکی کوڕی دینار فەرمووی: دراوسێیەکمان بوو نەخۆش بوو ڕۆیشتم بۆ سەردانیی؛ گوتی: دوو کێو ئاگر! دوو کێو ئاگر! مالیك دەفەرموێت: بیستبوم ئەو پیاوە دوو کەویژ (قەفیز)آ هەبووە (بۆ کێشانەو پێوانە) یەکێکیان زۆری گرتووە (بەوە شتی لە خەڵکی کڕیوە) ئەویتریان کەمی گرتووە (بەوە شتی بە خەڵکی فرۆشتووە).

١٩٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ مُحَمَّد بْن فُضَيْل، منْ أَهْل رَأْس الْعَيْن، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ كَثير الصَّنْعَانيُّ، عَنْ إِبْرَاهيمَ بْن أَدْهَمَ قَالَ: كَانَ عَطَاءٌ السُّلَميُّ إِذَا انْتَبَهَ في جَوْف اللَّيْل ضَرَبَ بيَده فَزَعًا إِلَى أَعْضَائه يَجُسُّهَا مَخَافَةَ أَنْ يَكُونَ قَدْ غُيِّرَ خَلْقُهُ".

واتە: جەعفەر لە موحەممەدی کوڕی فوزەیل کە خەڵکی (ڕەئسولعەین) بوو دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: موحەممەدی کوڕی کەسیری صەنعانی لە ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەمەوە . گێڕایەوە فەرموویەتی: عەتای سولەمی هەر کاتێ لە نیوەی شەوا لەخەو هەڵدەستا بە دەستی لە ئەندامانی لاشەی خۆی دەدا لە ترسی ئەوەی نەکا شکڵ و شێوازی گۆڕابێ (واتە: ترساوە لەوەی خوای گەورە بە هۆی تاوانەکیەوە شکڵ و شێوەی گۆڕیبێت و کردبێتی بە پەند).

١٩٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ الْغَلَابِيُّ، حَدَّثَنِي رَجُلٌ، كَانَ مِنْ جُلَسَاءِ مَالِك بْن دِينَار قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكَ بْنَ دِينَار، يَقُولُ لِجُلَسَائه: يَا هَؤُلَاءِ إِنَّ هَاهُنَا أُنَاسًا يُرِيدُونَ أَنْ يَضْرِبُوا مَعَ الْقُرَّاءِ بِسَهْمٍ، وَأَنْ يَضْرِبُوا مَعَ الْأُمَرَاءِ بِسَهْمٍ، فَكُونُوا أَنْتُمْ قُرَّاءَ الرَّحْمَنِ بَارَكَ الله فِيكُمْ ".

واتە: باوکی موعاویەی غەلابی لە پیاوێکەوە گێڕایەوە کە ئەو پیاوە یەکێک بووە لەوانەی کە لە کۆڕی مالیکدا بەشدارییان کردووە؛ جا ئەو پیاوە فەرموویەتی: گوێم لە مالیکی کوڕی دینار بوو بە دانیشتوانی ناو کۆڕەکەی دەفەرموو: خەڵکینە! خەڵکانێکی وا هەن کە دەیانەوێ لەگەڵ قورئانخوێنەکانا هاوبەشك بن؛ دەیانەوێ لەگەڵ کاربەدەست و سەرکردەکانیشا هاوبەشك بن؛ ئێوە لەبەر ڕەزای خوای گەورە قورئان بخوێنن پێت و بەرەکەتی خوای گەورە بڕژێ بەسەرتانا.

١٩٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي مُعَاوِيَةُ الْغَلَابِيُّ قَالَ: ذَكَرَ حَوْشَبٌ عِنْدَ مَالِك بْن دِينَار قَالَ: سَمِعْتُ مُنَادِيًا يُنَادِي أَيُّهَا النَّاسُ الرَّحِيلَ الرَّحِيلَ فَمَا رَأَيْتُ أَحَدًا قَامَ غَيْرَ مُحَمَّدِ بْنِ وَاسِعٍ قَالَ: فَبَكَى مَالِكٌ حَتَّى سَقَطَ أَوْ كَادَ يَسْقُطُ ".

واتە: موعاویەی غەلابی دەفەرموێت: حەوشەب لە لای مالیکی کوڕی دینار باسی ئەوەی کرد و گوتی: گوێم لە کەسێک بوو بانگی دەکردو دەیگوت: ئەی خەڵکینە! وادەی کۆچە! وادەی کۆچە! نەمبینی کەس هەستێ جگە لە موحەممەدی کوڕی واسیع! دەفەرموێت: مالیك دەستی بە گریان کرد؛ ئەوەندە گریا تا کەوت بەلادا؛ یان: ئەوەندە گریا خەریکبوو بکەوێ بەلادا.

١٩٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ الدوورقِيُّ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: سَمِعْتُ فَرْقَدَ السَّنْجِيَّ، يَقُولُ: قَرَأْتُ فِي التَّوْرَاةِ «مَنْ أَصْبَحَ حَزِينًا عَلَى الدُّنْيَا أَصْبَحَ سَاخِطًا عَلَى رَبِّه عَزَّ وَجَلَّ، وَمَنْ جَالَسَ غَنِيًّا فَتَضَعْضَعَ له ذَهَبَ ثُلُثَا دِينِه، وَمَنْ أَصَابَهُ مُصِيبَةٌ فَشَكَاهَا لِلنَّاسِ فَإِنَّمَا يَشْكُو رَبَّهُ عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: ئەحـمەدی کـوڕی ئیبراهیمـی دەورەقـی لە سـەییارەوە ئەویـش لە جەعـفەرەوە دەفەرموێت: گوێم لە فەرقەدی سینجی بوو دەیفەرموو: لە تەوراتا ئەمەم خوێندووەتەوە: هەر کەسێ بە خەمباریەوە بۆ دونیا بەیانیی بکاتەوە؛ ئەوا بە شێوەیەک بەیانیی کردووەتەوە کە لە خـوای گەورە نـاڕازییە؛ هەر کەسـێکیش لەگەڵ دەوڵەمەنـدێکا دابنیشـێت و لەبەر دەوڵەمەندیەکەی ماستاوو کلکەسوتەی بۆ بکات؛ ئەوە دووسێیەکی ئایینەکەی دەڕوات؛ هەر کەسێکیش تووشی موسیبەتێک بێت و لای خەڵك سکاڵا بکات؛ ئەوە سکاڵای لەسەر خوای گەورە تۆمار کردووە!

١٩١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ الدوورقِيُّ قَالَ: حَدَّثَنِي عُثْمَانُ بْنُ الْيَمَانِ بْنِ هَارُونَ الْحوَانِيُّ، حَدَّثَنَا السَّرِيُّ بْنُ يَحْيَى قَالَ: ذَكَرُوا أَنَّ فَرْقَدًا السَّبَخِيَّ، قَدْ دَخَلَ عَلَى ابْنِ سِيرِينَ قَالَ فَجِيءَ بِخَبِيصٍ فَوُضِعَ فَأَبَى أَنْ يَأْكُلَ مِنْهُ فَقَالَ ابْنُ سِيرِينَ: يَا جَارِيَةُ هَاتِ لأَبِي يَعْقُوبَ خُبْزًا وَسَمْنًا قَالَ: فَجَاءَتْ بِهِ فَجَعَلَ يَأْكُلُ وَيَضْحَكُ ابْنُ سِيرِينَ قَالَ: هَلْ هَذَا إِلَّا مِثْلُ هَذِهِ؟".

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیمی دەورەقی دەفەرموێت: عوسمانی کوڕی یەمانی کوڕی هارونی حیوانی لە سەریی کوڕی یەحیاوە گێڕایەوە فەرموویەتی: باسی ئەوە کرا کە فەرقەدی سەبخی ڕۆیشتووە بۆ لای موحەممەدی کوڕی سیرین؛ خورماو ڕۆنیان بۆ هێناوە و بۆیان داناوە؛ بەڵام لێی نەخواردووە؛ جا موحەممەدی کوڕی سیرین بە کەنیزەکەی گوتووە: ئا وەرە نان و ڕۆن بێنە بۆ باوکی یەعقوب! دەفەرموێت: نان و ڕۆنیان هێنا؛ ئەو دەستی بە خواردن کرد و موحەممەدی کوڕی سیرینیش دەستی بە پێکەنین کرد؛ فەرمووی: دەی ئەمەش وەکوو ئەوە نییە؟

١٩١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا وَهْبُ بْنُ جَرِيرِ بْنِ حَازِمٍ، حَدَّثَنِي أَبِي، عَنِ الْحَسَنِ، أَنَّهُ قَالَ لِفَرْقَدٍ يَوْمًا: يَا فُرَيْقِدُ تُحِبُّ الْخَبِيصَ؟ قَالَ: لَا وَالله لَا مَا أُحِبُّهُ وَلَا أُحِبُّ مَنْ يُحِبُّهُ، فَقَالَ الْحَسَنُ: " أَمَجْنُونٌ هُوَ، أَمَجْنُونٌ هُوَ؟

واتە: ئەحـمەدی کـوڕی ئیبراهـیم لە وەهبی کـوڕی جەریـری کـوڕی حـازمەوە ئەویـش لە باوکییەوە ئەویش لە حەسەنەوە؛ ڕۆژێک بە فەرقەدی گوتووە: فەرقەدۆکە ئەوە تۆ حەزت لە خورمـاو ڕۆنە؟ نەبەخـوا نە حەزم لە خورمـاو ڕۆنە نە ئەو کەسەشـم خۆش دەوێ کە حەزی لە خورماو ڕۆنە! حەسەن فەرموویەتی: بۆ تۆ شێتی؟ تۆ شێتی؟

١٩١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَرٍ قَالَ: سَمِعْتُ فَرْقَدًا السَّنْجِيَّ، يَقُولُ: «لَمْ يَكُنْ أَصْحَابُ نَبِيٍّ فِيمَا خَلَا مِنَ الدُّنْيَا أَفْضَلَ مِنْ أَصْحَابِ مُحَمَّدٍ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَشْجَعَ لِقَاءً وَلَا أَسْمَحَ كَفًّا عَلَيْهِمْ أَجْمَعِينَ السَّلَامُ».

واته: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە موحەممەدی کوڕی جەعفەرەوە گێڕایەوە فەرمووی: گوێم لە فەرقەدی سینجی بوو دەیفەرموو: هاوەڵی هیچ پێغەمبەرێک لە دونیادا هێندەی هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەزن نەبوون؛ هێندەی ئەوان دلێر نەبوون؛ هێندەی ئەوان لێبوردەو دڵاوا نەبوون.. سەلامی خوای گەورە لەسەر هەموویان بێت.

١٩١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ الدوورقِيُّ، حَدَّثَنَا الهيْثَمُ بْنُ مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنِي شَيْخٌ، لِي قَالَ: اجْتَمَعَ عِبَادٌ مِنْ أَهْلِ الْكُوفَةِ فَقَالُوا: انْحَدِرُوا بِنَا إِلَى الْبَصْرَةِ، فَنَنْظُرَ إِلَى عِبَادَتِهِمْ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ: انْحَدِرُوا بِنَا إِلَى فَرْقَدِ السَّنْجِيِّ فَدَخَلُوا عَلَيْهِ فَحَدَّثَهُمْ سَاعَةً، فَقَالُوا: يَا أَبَا يَعْقُوبَ الْغَدَاءُ فَقَالَ: " نَعَمْ إِنَّمَا طَوَّلْتُ حَدِيثِي لِتَجُوعُوا فَتَأْكُلُوا مَا عِنْدِي أَنْزِلُوا تِلْكَ الْقُفَّةَ، فَأَخْرَجُوا مِنْهَا كِسَرَ خُبْزِ شَعِيرٍ أَسْوَدَ فَقَالُوا: مِلْحٌ يَا أَبَا يَعْقُوبَ مِلْحٌ، فَقَالَ: قَدْ طَرَحْنَا فِي الْعَجِينِ مِلْحًا مَرَّةً، لَمْ تَعْنُونِي أَنْ أَطْلُبَ لَكُمْ ".

واته: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیمی دەورەقی لە هەیثەمی کوڕی موعاویە ئەویش لە پیاوێکەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: بۆی گێڕامەوە فەرمووی: چەند کەسێکی خەڵکی کوفە کۆبوونەوە و گوتیان: وەرن با بچین بۆ بەصرە! با بڕۆین سەیری خواپەرستی ئەوان بکەین بزانین چۆنە! جا یەکێکیان بە یەکێکیانی گوت: وەرە با بچین سەیری خواپەرستی فەرقەدی سینجی بکەین؛ جا ڕۆیشتن بۆ لای فەرقەد؛ فەرقەد تاوێک قسەی بۆ کردن؛ گوتیان: باوکی یەعقوب کوا خواردنی بەیانی؟ فەرمووی: من بۆیە ئەوەندە قسەکانم درێژ کردەوە بۆ ئەوەی برسی ببن و هەرچییەکمان هەبوو بیخۆن؛ دەی بزانن ئەو زەنبیلە چیی تێدایە بیخۆن! لە زەنبیلەکەدا پارچە نانێکی جۆیان دەرهێنا ڕەش ببویەوە؛ گوتیان: باوکی یەعقوب ئەی کوا خوێ؟ فەرمووی: جارێک خوێ کراوەتە ناو هەویرەکەیەوە داوا مەکەن بچم خوێتان بۆ بێنم.

١٩١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَارُونُ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنِ ابْنِ شَوْذَبٍ قَالَ: سَمِعْتُ فَرْقَدًا، يَقُولُ: «إِنَّكُمْ لَبِسْتُمْ ثِيَابَ الْفَرَاغِ قَبْلَ الْعَمَلِ أَلَمْ تَرَوْا إِلَى الْعَامِلِ إِذَا عَمِلَ كَيْفَ يَلْبَسُ أَدْنَى ثِيَابِهِ فَإِذَا فَرَغَ اغْتَسَلَ وَلَبِسَ ثَوْبَيْنِ نَقِيَّيْنِ، وَأَنْتُمْ لَبِسْتُمْ ثِيَابَ الْفَرَاغِ قَبْلَ الْعَمَلِ».

واتە: زەمرە لە کوڕی شەوزەبەوە دەگێڕێتەوە فەرمووویەتی: گوێم لە فەرقەد بوو دەیفەرموو: ئێوە پێش ئەوەی شان بدەنە بەر کار کردن؛ پۆشاکی لێبوونەوەتان پۆشیوە؛ مەگەر نابینن کرێکار کاتێ دەست بە کارەکەی دەکات کام پۆشاکەی زۆر شڕە ئەوە لەبەر دەکات؟ جا کە لە کارەکەی بویەوە خۆی دەشوات و دوو پۆشاکی پاك و خاوێن لەبەر دەکات؛ بەڵام ئێوە پێش ئەوەی دەست بەکاربن پۆشاکی لێبوونەوەتان کردووەتە بەر.

١٩١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا فَيَّاضُ بْنُ مُحَمَّدٍ، عَنْ جَعْفَرٍ، عَنْ صَالِحِ بْنِ مِسْمَارٍ الْبَصْرِيِّ قَالَ: قُلْتُ لِصَاحِبٍ: انْطَلِقْ بِنَا إِلَى الْحَسَنِ نَسْمَعُ مِنْ حَدِيثِهِ قَالَ: «قَدْ سَمِعْنَا فَانْطَلِقْ بِنَا فَلْنَعْمَلْ».

واتە: فەییازی کوڕی موحەمەد لە جەعفەرەوە ئەویش لە صاڵحی کوڕی میسماری بەصرییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بە هاوڕێیەکی خۆم گوت: وەرە با بچین بۆ لای حەسەنی بەصری و گوێ لە قسەکانی بگرین! فەرمووی: گوێمان لە حەسەن گرتووە؛ وەرە با بچین کار بە فەرموودەکانی بکەین.

١٩١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: أَخَذَ بِيَدَيَّ حَوْشَبٌ يَوْمًا فَقَالَ: «يُوشِكُ إِنْ بَقِيتَ يَا أَبَا سُلَيْمَانَ أَنْ لَا تَلْقَى مُؤْنِسًا يُوشِكُ إِنْ بَقِيتَ أَنْ لَا تَلْقَى مُرْشِدًا».

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ڕۆژێک حەوشەب دەستی گرتم و فەرمووی: باوکی سولەیمان! لەوانەیە بمێنیتەوە و بگەیتە ڕۆژێک کەس دۆست و برادەرت نەبێ؛ لەوانەیە بکەویتە ڕۆژێکەوە کەس نەبێ ڕێنوێنیت بکا.

١٩١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ إِسْحَاقَ قَالَ: أَخْبَرَنِي مَهْدِيُّ بْنُ مَيْمُونٍ، عَنِ الْحَجَّاجِ بْنِ قَرَافِصَةَ، عَنْ حَسَّانَ بْنِ أَبِي سِنَانٍ قَالَ: «ذَاكِرُ اللهِ فِي الْغَافِلِينَ كَالْمُقَاتِلِ مَعَ الْمُدْبِرِينَ».

واتە: یەحیای کوڕی ئیسحاق دەفەرموێت: مەهدیی کوڕی مەیمون لە حەججاجی کوڕی قەرافیصەوە ئەویش لە حەسسانی کوڕی باوکی سینانەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: کەسێ کە لە ناو کۆمەڵێکی بێ ئاگادا یاد و زیکری خوای گەورە بکات؛ وەکوو ئەو جەنگاوەرە وایە کە لە ناو کۆمەڵێکا جەنگ بکات کە کۆمەڵەکە هەموویان لە جەنگ هەڵبێن.

١٩١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا الْحَجَّاجُ بْنُ الْأَسْوَد، عَنْ مُعَاوِيَةَ بْن قُرَّةَ قَالَ: «مَنْ يَدُلُّنِي عَلَى رَجُل بَكَّاء بِاللَّيْل بَسَّام بِالنَّهَار».

واتە: ڕەوح لە حەججاجی کوڕی ئەسوەدەوە ئەویش لە موعاویەی کوڕی قوڕڕەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: کێ پیاوێکم پیشان دەدات کە بە شەوا هەر بگری و بە ڕۆژیشا بەردەوام دەم بە بزەو خەندە بێت؟

١٩١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ حَرْب، حَدَّثَنَا أَبُو الهلَال قَالَ: «مَثَلُ ذَاكِر الله فِي السُّوق كَمَثَل شَجَرَة خَضْرَاءَ بَيْنَ شَجَر مَيِّت».

واتە: سولەیمانی کوڕی حەرب لە باوکی هیلالەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئەو کەسەی کە لە بازاڕا یاد و زیکری خوای گەورە دەکات؛ وەکوو ئەو دارە وایە کە لە ناو دارستانێکی ووشکبودا بە تەنیا مابێتەوە و سەوز بێ.

١٩٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، أَنْبَأَنَا أَبُو الْأَشْهَب، عَنْ أَبِي الْمِنْهَالِ قَالَ: «مَا جَاوَرَ عَبْدٌ فِي قَبْرِه مِنْ جَار خَيْرٍ مِنَ اسْتِغْفَار كَثِير».

واتە: باوکی ئەشهەب لە باوکی مینهالەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: لەناو گۆڕا هیچ شتێک وەکوو استغفرالله زۆر کردنی سەر ڕوی دونیا؛ نابێتە دراوسێی مردو.

١٩٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ، أَنْبَأَنَا أَبُو هِلَال الرَّاسِبِيُّ، عَنْ عَبْد الله بْن بُرَيْدَةَ، عَنْ كَعْب قَالَ: «مَا كَرُمَ عَبْدٌ عَلَى الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَّا ازْدَادَ الْبَلَاءُ عَلَيْه شدَّةً».

واتە: یەزید لە باوکی هیلالی ڕاسیبیەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی بورەیدەوە ئەویش لە کەعبەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ بە لای خوای گەورەوە بەڕێز بێت؛ ئەوا بەڵا و موسیبەتەکانی سەرشانی زیاد دەکات و لەسەری توند دەبن.

١٩٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِم، حَدَّثَنَا الْمُسْتَلِمُ، عَنْ مَرْزُوق أَبِي عَبْد الله الْحِمْصِيِّ، عَنْ يَزِيدَ بْن مَيْسَرَةَ، وَقَدْ أَدْرَكَ أَبَا ذَرٍّ قَالَ: «أَيُّمَا غُلَام نَشَأَ عَلَى عبَادَةِ الله حَتَّى يُقْبَضَ عَلَيْهَا كَانَ لَه أَجْرُ تِسْعَةٍ وَسَبْعِينَ صِدِّيقًا».

واتە: هاشمی کوڕی قاسم لە موستەلیمەوە ئەویش لە مەرزوقەوە واتە: لە باوکی عەبدوڵڵای حیمصیەوە ئەویش لە یەزیدی کوڕی مەیسەرەوە. جا یەزید ئەبوزەڕی دیبوو یەزید فەرموویەتی: هەر گەنجێک لەسەر خواپەرستی ڕاهاتبێ و گەورە ببێت و هەتا مردن هەر بەردەوام بێت لەسەر خواپەرستی؛ ئەوە هێندەی حەفتاو نۆ کەسی ڕاستگۆو ضدیق؛ خێرو پاداشتی بۆ دەنووسرێ.

١٩٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيدٍ الْقَطَّانُ، عَنْ سُفْيَانَ، حَدَّثَنِي أَبِي، عَنْ يَعْلَى، عَنِ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ خَطَّ خَطًّا مُرَبَّعًا وَخَطَّ خُطُوطًا وَسْطَ الْخَطِّ الْمُرَبَّعِ وخُطُوطًا إِلَى الْخَطِّ الَّذِي وَسَطَ الْخَطِّ الْمُرَبَّعِ وَخَطَّ خَطًّا خَارِجًا قَالَ: «أَتَدْرُونَ مَا هَذَا» ؟ قَالُوا: اللهُ وَرَسُولُه أَعْلَمُ قَالَ: «الْإِنْسَانُ الْخَطُّ الْأَوْسَطُ وَهَذِهِ الْخُطُوطُ الَّتِي إِلَى جَنْبِهِ الْأَعْرَاضُ تَنْهَشُهُ مِنْ كُلِّ مَكَانٍ، إِنْ أَخْطَأَهُ هَذَا أَصَابَهُ هَذَا، وَالْخَطُّ الْمُرَبَّعُ الْأَجَلُ الْمُحِيطُ وَالْخَطُّ الْخَارِجُ الْأَمَلُ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) وێنەی چوارگۆشەیەکی کێشا؛ دوایی لەناوەڕاستی چوارگۆشەکەدا چەند خەتێکی کێشا؛ چەند خەتێکیشی بەرەو لای ئەو خەتە کێشا کە لە ناوەڕاستی چوارگۆشەکەدابوو؛ خەتێکیشی بەرەو دەرەوەی چوارگۆشەکە کێشا؛ جا دوایی فەرمووی: دەزانن ئەمە چییە؟ هاوەڵان گوتیان: خوداو پێغەمبەری خودا (ﷺ) زاناترن! فەرمووی: مرۆڤ ئەو خەتەیە کە لە ناوەڕاستایە؛ ئەو خەتانەش کە لەملاولاوەن ئەوە پێشهاتەکانە کە لە هەموو لایەکەوە گازی لێ دەگرن؛ ئەگەر ئەمەیان نەیتوانی گازی لێ بگرێ ئەمەیان لێی دەگرێ؛ ئەو چوارگۆشەیەش کە دەوری مرۆڤی داوە و گرتوویەتی ئەوە ئەجەلە؛ ئەو خەتەش کە لە چوارگۆشەکە ڕۆیشتووەتە دەرەوە؛ ئەوە هیواو ئارەزوی مرۆڤە.

١٩٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبُو هَاشِمٍ زِيَادُ بْنُ أَيُّوبَ، حَدَّثَنَا أَبُو نُعَيْمٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَجْلَانَ، حَدَّثَنِي بَشِيرٌ قَالَ: جَاءَ سَائِلٌ يَسْأَلُ عَلَى بَابِ الرَّبِيعِ فَقَالَ: أَطْعِمُوا هَذَا السَّائِلَ سُكَّرًا، فَقَالَ أَهْلُه: إِنَّمَا يُرِيدُ نُطْعِمُهُ كِسْرَةً قَالَ: «أَطْعِمُوهُ سُكَّرًا فَإِنَّ الرَّبِيعَ يُحِبُّ السُّكَّرَ».

واتە: باوکی هیشام واتە: زیادی کوڕی ئەییوب لە باوکی نوعەیمەوە ئەویش لە عەبدولڕەحمانی کوڕی عەجلانەوە گێڕایەوە فەرمووی: بەشیر بۆی گێڕامەوە فەرمووی: درۆزەکەرێک هاتە بەردەرگای ڕەبیع و داوای شتی کرد؛ ڕەبیع فەرمووی: پارچە شەکرێک بدەن بەم کابرایە! ژنەکەی ڕەبیع گوتی: ئەمە دەیەوێ پارچە نانێکی پێ بدەین! ڕەبیع فەرمووی: شەکری پێ بدەن؛ ڕەبیع خۆی حەزی لە شەکرە!

١٩٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو هَاشِم، حَدَّثَنَا عَليُّ بْنُ يَزِيدَ الصُّدَائيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ عَجْلَانَ، عَنْ بَشِير قَالَ: بِتُّ عِنْدَ الرَّبِيع ذَاتَ لَيْلَة فَقَامَ يُصَلِّي فَمَرَّ بِهَذه الْآيَة: ﴿ أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَوَآءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ ۚ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ الجاثية: ٢١ قَالَ: «فَمَكَثَ لَيْلَتَهُ حَتَّى أَصْبَحَ مَا يَجُوزُ هَذه الْآيَةَ إِلَى غَيْرِهَا بِبُكَاء شَديد».

واتە: عەلیی کوڕی یەزیدی صودائی لە عەبدولڕەحمانی کوڕی عەجلانەوە ئەویش لە بەشیرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: شەوێک لای ڕەبیع مامەوە؛ ڕەبیع هەستا بۆ شەونوێژکردن؛ لە ناو نوێژا ئەم ئایەتەی خوێندەوە: (مانای ئایەتەکە): ئایا ئەوانەی کە گوناهـو تاوانەکانیان ئەنجام داوە، وایان زانیوە هەر وەك ئەوانە حسابیان بۆ دەکەین کە ئیمانیان هێناوە و کاروکردەوە و چاکەکانیان ئەنجام داوە؟! ژیانی دنیاو مردن و دوای مردنیان وەك یەك دەبێت؟! ئای کە بڕیاری خراپ بڕیار دەدەن. دەفەرموێت: ئەو شەوە هەتا بەیانی هەر ئەو ئایەتەی دەخوێندەوە و لەوە تێنەپەڕی بۆ ئایەتێکیترو هەر دەگریا.

١٩٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَنْبَأَنَا نَصْرُ بْنُ عَليٍّ أَبو عُمَرَ الْأَزْديُّ، أَنْبَأَنَا أَبو أَحْمَدَ، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر بْنُ عَيَّاش، عَنْ عَاصم بْن بَهْدَلَةَ، عَنْ أَبي وَائل، عَن الرَّبِيع بْن خُثَيْم قَالَ: «كَانَتْ عَادٌ مَا بَيْنَ الْيَمَن إِلَى الشَّام مثْلَ الذَّرِّ فَمَنْ أَتَاني منْهُمْ بِوَاحد فَلَه كَذَا وَكَذَا».

واتە: باوکی ئەحمەد لە باوکی بەکری کوڕی عەییاشەوە ئەویش لە عاصمی کوڕی بەهدەلەوە ئەویش لە باوکی وائیلەوە ئەویش لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گەلی عاد لە نێوان شام و یەمەنا دەژیان؛ وەکوو مێرولە زۆربوون؛ ئادەی کێ یەک کەسیان بۆ من دێنێ چیی دەوێ پێی دەدەم؟! (مەبەستی ئەوەیە کە کەسیان نەماون و هەموویان مردوون؛ بۆیە دەبێ مرۆڤ پەند وەربگرێ و چاوەڕوانی ئەوە بێت مردن یەخەی بگرێت و کار بۆ دوای مردن بکات).

١٩٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبو هَاشم، حَدَّثَنَا عَليُّ بْنُ يَزِيدَ، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ الْأَصَمُّ الْحِمَّانيُّ، عَمَّنْ حَدَّثَهُ منْ بَعْض أَصْحَاب الرَّبِيع قَالَ: «رُبَّمَا عَلَّمْنَاهُ شَعْرَةً عنْدَ الْمَسَاء وَكَانَ ذَا وَفْرَة، ثُمَّ يُصْبِحُ وَالْعَلَامَةُ كَمَا هيَ فَنَعْرِفُ أَنَّ الرَّبِيعَ لَمْ يَضَعْ جَنْبَهُ لَيْلَه عَلَى فرَاشه».

واتە: عەلیی کوڕی یەزید لە حەمادی ئەصەممی حیمانییەوە ئەویش لە یەکێک لە هاوڕێکانی ڕەبیعەوە کە بۆی گێڕاوەتەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕەبیع قژی زۆربوو تا

سەرشانی بوو؛ زۆرجار ئێواران سەیری قژی ڕەبیعمان دەکردو دەمانکردە نیشانە، بۆ بەیناى دیسان سەیرمان دەکردەوە وەک خۆی بوو تێکنەچووبوو بەوەدا دەمانزانی ڕەبیع ئەو شەوە تا بەیانی سەری نەخستووەتە سەر زەوی و نەخەوتووە.

١٩٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: وَجَدْتُ فِي كِتَابِ بِشْرِ بْنِ الْحَارِثِ بِخَطِّ يَدِهِ قَالَ: ذُكِرَ عِنْدَ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ رَحِمَهُ الله رَجُلٌ، فَقَالَ: «ذِكْرُ الله عَزَّ وَجَلَّ خَيْرٌ مِنْ ذِكْرِ الرِّجَالِ».

واتە: عەبدوڵڵا بۆی گێڕاینەوە فەرموویەتی: لە نووسینێکی بیشردا کە بە خەتی خۆی نووسیبوی ئەوەمان بینی کە: لە لای ڕەبیعی کوڕی خوثەیما (خوای لێ ڕازی بێت) باسی پیاوێ کرا؛ ڕەبیع فەرمووی: باسکردنی خوای گەورە لە باسکردنی ئەم و ئەو باشترە.

١٩٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي يُوسُفُ الصَّفَّارُ، مَوْلَى بَنِي أُمَيَّةَ، حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرٍ، يَعْنِي ابْنَ عَيَّاشٍ عَنْ عَاصِمٍ قَالَ: قِيلَ لِلرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ: أَلَا تَتَمَثَّلُ بِبَيْتِ شِعْرٍ فَقَدْ كَانَ أَصْحَابُكَ يَتَمَثَّلُونَ؟ قَالَ: «مَا مِنْ شَيْءٍ يُتَكَلَّمُ بِهِ إِلَّا كُتِبَ وَأَنَا أَكْرَهُ أَنْ أَقْرَأَ فِي إِمَامِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِبَيْتِ شِعْرٍ».

واتە: یوسفی صەففار لە ئەبوبەکرەوە واتە: ئەبوبەکری کوڕی عەییاش؛ ئەویش لە عاصمەوە فەرموویەتی: بە ڕەبیعی کوڕی خوثەیم گوترا: ئەوە بۆ بەیتە شیعرێک وەک نموونە ناهێنیتەوە و باسی ناکەیت؟ ئەوەتا هاوڕێکانت هەموویان شیعر بە نموونە دەهێننەوە! ڕەبیع فەرمووی: هیچ شتێک نییە مرۆڤ بیڵێت و لەسەری نەنووسرێت؛ من پێمناخۆشە لە ڕۆژی قیامەتدا لە بەردەم منا بەیتە شیعرێک بخوێنرێتەوە.

١٩٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبُو هَمَّامِ بْنُ أَبِي بَدْرٍ الْوَلِيدُ بْنُ شُجَاعِ بْنِ الْوَلِيدِ بْنِ قَيْسٍ السَّكُونِيُّ قَالَ: حَدَّثَنِي سَعِيدُ بْنُ عَبْدِ الله بْنِ الرَّبِيعِ بْنِ خَيْثَمٍ، عَنْ أَبِي طُعْمَةَ نُسَيْرِ بْنِ ذُعْلُوقٍ، عَنْ بَكْرِ بْنِ مَاعِزٍ قَالَ: انْطَلَقَ عَبْدُ الله بْنُ مَسْعُودٍ إِلَى شَاطِئِ الْفُرَاتِ، فَلَمَّا رَأَى الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْمٍ الْحَدَّادِينَ خَرَّ مَغْشِيًّا عَلَيْهِ، فَجَاءَ بِهِ ابْنُ مَسْعُودٍ يَحْمِلُهُ إِلَى دَارِهِ قَالَ: ثُمَّ انْطَلَقَ فَصَلَّى بِالنَّاسِ الظُّهْرَ ثُمَّ رَجَعَ إِلَيْهِ فَقَالَ: يَا رَبِيعُ يَا رَبِيعُ، فَلَمْ يُجِبْهُ فَانْطَلَقَ فَصَلَّى بِالنَّاسِ الْعَصْرَ، ثُمَّ رَجَعَ إِلَيْهِ فَقَالَ: يَا رَبِيعُ يَا رَبِيعُ، فَلَمْ يُجِبْهُ ثُمَّ صَلَّى بِالنَّاسِ الْمَغْرِبَ، ثُمَّ رَجَعَ إِلَيْهِ فَقَالَ: يَا رَبِيعُ يَا رَبِيعُ، فَلَمْ يُجِبْهُ ثُمَّ صَلَّى بِالنَّاسِ الْعِشَاءِ، ثُمَّ رَجَعَ فَقَالَ: يَا رَبِيعُ يَا رَبِيعُ، فَلَمْ يُجِبْهُ حَتَّى ضَرَبَهُ بَرْدُ السَّحَرِ ".

واتە: باوکی هەممام فەرمووی: سەعیدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ڕەبیع لە باوکی توعمەوە واتە: نووسەیری کوڕی زوعلوقەوە: ئەویش لە بەکری کوڕی ماعزەوە فەرموویەتی:

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود ڕۆیشت بۆ کەناری ڕوباری فورات؛ لەوێ ڕەبیع چاوی بە ئاسنگەرەکان کەوت (ئاگری دۆزەخی وەبیر هاتەوەو) بورایەوە؛ عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود هەڵیگرت و هێنایەوە بۆ ماڵەوە؛ فەرمووی: دوایی ڕۆیشت و بەرنوێژی نوێژی نیوەڕۆی بۆ خەڵکی کرد؛ دوایی گەڕایەوە بۆ لای ڕەبیع؛ فەرمووی: ڕەبیع! ڕەبیع! ڕەبیع وەڵامی نەدایەوە؛ ئیتر ڕۆیشت و بەرنوێژی نوێژی عەسری بۆ خەڵکی کرد دوایی گەڕایەوە بۆ لای گوتی: ڕەبیع! ڕەبیع! ڕەبیع وەڵامی نەدایەوە؛ دوایی کاتی مەغریب هات و ڕۆیشت بەرنوێژی نوێژی مەغریبی بۆ خەڵکی کرد؛ دوایی گەڕایەوە بۆ لای ڕەبیع و بانگی کرد و گوتی: ڕەبیع! ڕەبیع! دیسان وەڵامی نەدایەوە؛ دوایی کاتی عیشا هات و ڕۆیشت و بەرنوێژی نوێژی عیشای بۆ خەڵکی کرد؛ دوایی گەڕایەوە بۆ لای ڕەبیع و بانگی کرد و گوتی: ڕەبیع! ڕەبیع! وەڵامی نەدایەوە هەتا فێنکایی بەرەبەیان (ئەوکاتە بەهۆش خۆی هاتەوە).

١٩٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي الْوَلِيدُ بْنُ شُجَاعِ بْنِ قَيْسٍ، حَدَّثَنِي سَعِيدُ بْنُ عَبْدِ اللهِ بْنِ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ، عَنْ أَبِي طُعْمَةَ نُسَيْرِ بْنِ ذُعْلُوقٍ، عَنْ بَكْرِ بْنِ مَاعِزٍ قَالَ: كَانَ الرَّبِيعُ يَقُولُ إِذَا قِيلَ لَهُ: كَيْفَ أَصْبَحْتَ يَا أَبَا يَزِيدَ؟ يَقُولُ: «أَصْبَحْنَا ضُعَفَاءَ مُذْنِبِينَ نَأْكُلُ أَرْزَاقَنَا وَنَنْتَظِرُ آجَالَنَا».

واتە: وەلیدی کوڕی شوجاعی کوڕی قەیس لە سەعیدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە ئەویش لە باوکی توعمە واتە: نووسەیری کوڕی زوعلوقەوە ئەویش لە بەکری کوڕی ماعزەوە فەرموویەتی: هەر جارێ بە ڕەبیع گوترابا: چۆنی؟ بەیانیت چۆن کردەوە؟ ڕەبیع دەیفەرموو: بە لاوازی و تاوانبارییەوە بەیانیمان کردەوە و ڕزق و ڕۆزی خۆمان دەخۆین و چاوەڕێی ئەجەلی خۆمانین.

١٩٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ شُجَاعٍ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَبْدِ اللهِ، عَنْ أَبِي طُعْمَةَ، عَنْ بَكْرِ بْنِ مَاعِزٍ قَالَ: قَالَ الرَّبِيعُ: «النَّاسُ رَجُلَانِ مُؤْمِنٌ وَجَاهِلٌ، فَأَمَّا الْمُؤْمِنُ فَلَا تُؤْذِيهِ، وَأَمَّا الْجَاهِلُ فَلَا تُجَاهِلْهُ».

واتە: وەلیدی کوڕی شوجاع لە سەعیدی کوڕی عەبدوڵڵاوە ئەویش لە باوکی توعمەوە ئەویش لە بەکری کوڕی ماعزەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕەبیع فەرمووی: خەڵکی دوو بەشن؛ یان باوەڕدار یان نەفام؛ ئەوەی کە باوەڕدارە ئەوە هەرگیز ئازاری نادەین؛ ئەوەیشی کە نەفامە ئەوە موجامەلەی لەگەڵدا ناکەین.

١٩٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عُمَرَ بْنِ أَبَانَ بْنِ صَالِح، حَدَّثنَا ابْنُ مُبَارَك، عَنْ سُفْيَانَ قَالَ: أَصَابَ الرَّبِيعَ بْنَ خُثَيْم فَالِجٌ، فَقِيلَ له: لَوْ تَدَاوَيْتَ فَقَالَ: «قَدْ أَرَدْتُ ثُمَّ ذَكَرْتُ عَادًا وثَمُودًا وَأَصْحَابَ الرَّسِّ وَقُرُونًا بَيْنَ ذَلِكَ كَثِيرًا قَدْ كَانَ لهمْ أَطِبَّاءُ ومُدَاوُونَ فَلَمْ يَبْقَ مُدَاوٍ وَلاَ مُتَدَاوٍ».

واته: عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی ئەبان لە کوڕی موبارەکەوە ئەویش لە سوفیانەوە فەرموویەتی: ڕەبیعی کوڕی خوثەیم تووشی شەلەپەتەیی (جۆرێک لە جەڵتە) بوو؛ پێی گوترا: دەرمان وەربگرە! فەرمووی: سەرەتا ویستم دەرمانێ: وەربگرم؛ بەڵام دوایی گەلی عادو ئەمود و خاوەن چاڵ و بیرەکان (أصحاب الرس) و چەندەها گەلو هۆزیترم وەبیر هاتەوە ئەوانە هەموویان پزیشکیان هەبوو؛ دەرمانیان وەردەگرت؛ بەڵام ئێستا نە کەسێکیان ماوە کە خەڵکی دەرمان بکات؛ نە کەسێک لەوانە ماوەتەوە کە دەرمانیان وەردەگرت و بەکاریان دەهێنا.

١٩٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ شُجَاع، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنِي عَبْدُ الله بْنُ زُبَيْد، عَن الرَّبِيع بْن خُثَيْم، أَنَّهُ جَاءَهُ سَائِلٌ يَسْأَلُ قَالَ: فَخَرَجَ إِلَيْه فِي لَيْلَة بَارِدَة قَالَ: فَإِذَا هُوَ كَأَنَّهُ مَقْرُورٌ قَالَ: فَنَزَعَ بُرْنُسًا له فَكَسَاهُ، كَانَ يَزْعُمُ أَنَّهُ مِنْ خَزٍّ قَالَ: فَأَعْطَاهُ إِيَّاهُ، ثُمَّ تَلَا هَذه الآيَةَ: ﴿لَن تَنَالُوا۟ ٱلْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُوا۟ مِمَّا تُحِبُّونَ﴾ آل عمران: ٩٢".

واته: وەلیدی کوڕی شوجاع لە باوکییەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیدەوە ئەویش لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە گێڕایەوە کە دەرۆزەکەرێک هات بۆ لای ڕەبیع و داوای شتی لێ کرد؛ شەوێکی سارد بوو؛ ڕەبیع ڕۆیشتە دەرەوە دەبینێ پیاوێکەو تووشی سەرما بووە؛ ڕەبیع کڵاوێ چەرمیی هەبوو لە سەری خۆی داکەندو دای بەو پیاوە؛ ئەو کڵاوە لە جۆری (خەز) بوو؛ کڵاوەکەی بە پیاوەکە بەخشی و ئەم ئایەتەی خوێندەوە: (مانای ئایەتەکە): ئێوە هەرگیز ناگەنە پلەی چاکیی و چاکەکاری هەتا لەو شتانەی کە خۆشتان دەوێت نەبەخشن.

١٩٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْوَلِيدُ بْنُ شُجَاع بْن الْوَلِيد بْن قَيْس السَّكُونِيُّ، حَدَّثَنَا خَلَفُ بْنُ خَلِيفَةَ، عَنْ سَيَّار أَبِي الْحَكَم، عَنْ أَبِي وَائِل، قَالَ أَيْضًا: أَتَيْنَا الرَّبِيعَ بْنَ خُثَيْم قَالَ: مَا جَاءَ بِكُمْ؟ قَالَ: قُلْنَا: جِئْنَا لِتَحْمَدَ الله، وَنَحْمَدَهُ مَعَكَ، وَتَذْكُرَ الله وَنَذْكُرَهُ مَعَكَ فَقَالَ: " الْحَمْدُ لله الَّذي لَمْ تَأْتُونِي تَقُولُونَ: جِئْنَا لِتَشْرَبَ فَنَشْرَبَ مَعَكَ وتَزْنِيَ فَنَزْنِيَ مَعَكَ ".

واته: وەلیدی کوڕی شوجاعی سەکونی لە خەلەفی کوڕی خەلیفەوە ئەویش لە سەییاری

باوکی حەکەمەوە ئەویش لە باوکی وائیلەوە گێڕایەوە فەرمووی: ڕۆیشتینە خزمەت ڕەبیعی کوڕی خوثەیم؛ ڕەبیع فەرمووی: بۆچی هاوون؟ گوتمان: بۆیە هاتوین سوپاسی خوا بکەیت و ئێمەیش لەگەڵتا سوپاسی خوای گەورە بکەین؛ یاد و زیکری خوا بکەیت و ئێمەیش لەگەڵتا یاد و زیکری خوا بکەین! فەرمووی: سوپاس و ستاییش بۆ ئەو خوایەی کە بۆ ئەوە نەهاتوون بڵێن: بۆیە هاتوین تۆ بادە بخۆیتەوە ئێمەش لەگەڵتا بادە بخۆینەوە و زینا بکەیت ئێمەش زینار بکەین!

١٩٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْوَلِيدُ، حَدَّثَنَا عَطَاءُ بْنُ مُسْلِم الْخَفَّافُ قَالَ: سَمِعْتُ الْعَلَاءَ بْنَ الْمُسَيَّب قَالَ: سُرِقَ لِلرَّبِيعِ فَرَسٌ فَقَالَ أَهْلُ مَجْلِسِه: ادْعُ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ عَلَيْهِ فَقَالَ: بَلْ أَدْعُو اللهَ عَزَّ وَجَلَّ لَه: «اللهُمَّ إِنْ كَانَ غَنِيًّا فَأَقْبِلْ بِقَلْبِهِ وَإِنْ كَانَ فَقِيرًا فَأَغْنِه».

واتە: وەلید لە عەتای کوڕی موسلیمی خەففافەوە دەفەرموێت: گوێم لە عەلای کوڕی موسەییەب بوو دەیفەرموو: ڕەبیع ئەسپێکی هەبوو دزرا؛ هاوڕێکانی گوتیان: توك و نەفرەت بکە لە دزەکە! فەرمووی: نەخێر نزای خێری بۆ دەکەم! دوایی فەرمووی: خوایە! ئەگەر ئەو دزە دەوڵەمەندە ئەوە وای لێ بکە تەوبە بکات؛ ئەگەریش هەژارە ئەوەندە دەوڵەمەندی بکە کە ئیتر ئاتاجی دزی کردن نەبێ!

١٩٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ عَلِيٍّ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَبْد الله، عَنْ نُسَيْر، عَنْ بَكْر قَالَ: كَانَ الرَّبِيعُ يَقُولُ لِخَادِمِه: «عَلَيَّ نِصْفُ الْعَمَلِ وَعَلَيْكَ نِصْفٌ وَعَلَيَّ كَنْسُ الْحُشِّ».

واتە: موحەممەدی کوڕی عەلی لە سەعیدی کوڕی عەبدوڵلاوە ئەویش لە نووسەیرەوە ئەویش لە بەکرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ڕەبیع بە خزمەتکارەکەی دەفەرموو: من نیوەی کارەکان دەکەم و تۆش نیوەی کارەکان و گسك لێدانیش لێگەڕێ بۆ خۆم!

١٩٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَلِيٍّ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سَعِيد، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَبْد الله، عَنْ نُسَيْر، عَنْ بَكْر قَالَ: جَاءَت ابْنَةُ الرَّبِيعِ وَعِنْدَهُ أَصْحَابٌ لَه فَقَالَتْ: يَا أَبَتَاهُ أَذْهَبُ أَلْعَبُ، فَقَالَ: لَا، فَقَالَ الْقَوْمُ: يَا أَبَا يَزِيدَ ائْذَنْ لَهَا تَلْعَبُ قَالَ: «لَا يُوجَدُ ذَلِكَ فِي صَحِيفَتِي أَنِّي قُلْتُ لَهَا اذْهَبِي الْعَبِي وَلَكِنْ اذْهَبِي فَقُولِي خَيْرًا أَوْ افْعَلِي خَيْرًا».

واتە: موحەممەدی کوڕی عەلی لە موحەممەدی کوڕی سەعیدەوە فەرمووی: سەعیدی

کوڕی عەبدوڵڵا لە نووسەیرەوە ئەویش لە بەکرەوە گێڕاپەوە فەرمووی: کچەکەی ڕەبیع هات بۆ لای ڕەبیع و ڕەبیع چەند هاوڕێیەکی خۆی لابوو؛ کچەکەی گوتی: باوکە هاتوم یاری بکەم! باوکی گوتی: ئە ڕۆڵە یاری مەکە! هاوڕێکانی ڕەبیع گوتیان: باوکی یەزید! لێیگەڕێ با یاری بکات! ڕەبیع فەرمووی: نابێ لە لاپەڕەی کار و کردەوەکانی منا ئەوە هەبێ کە بە کەسێک بڵێم: برۆ یاری و گەپ و گاڵتە بکە! بەڵکوو دەبێ بڵێم: برۆ قسەی خێر بکە؛ برۆ کارێکی خێر بکە!

١٩٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي مُحَمَّدٌ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سَعِيدِ بْنِ عَبْدِ اللهِ، عَنْ نُسَيْرٍ، عَنْ بَكْرِ بْنِ مَاعِزٍ قَالَ: قَالَ الرَّبِيعُ: لَمْ أَجِدْ لِلْقَضَاءِ مَثَلًا إِلَّا مَثَلًا عَنْ نُسَيْرٍ، عَنْ بَكْرِ بْنِ مَاعِزٍ قَالَ: أُعْطِيَ الرَّبِيعُ فَرَسًا أَوِ اشْتَرَى فَرَسًا بِثَلَاثِينَ أَلْفًا فَغَزَا عَلَيْهَا قَالَ: ثُمَّ أَرْسَلَ غُلَامَهُ يَحْتَشُّ وَقَامَ يُصَلِّي وَرَبَطَ فَرَسَهُ فَجَاءَ الْغُلَامُ فَقَالَ: يَا رَبِيعُ أَيْنَ فَرَسُكَ؟ قَالَ: سُرِقَتْ يَا يَسَارُ قَالَ: وَأَنْتَ تَنْظُرُ إِلَيْهَا؟ قَالَ: نَعَمْ يَا يَسَارُ، إِنِّي كُنْتُ أُنَاجِي رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ فَلَمْ يَشْغَلْنِي عَنْ مُنَاجَاةِ رَبِّي شَيْءٌ اللهمَّ إِنَّهُ سَرَقَنِي وَلَمْ أَكُنْ أَسْرِقُهُ اللهمَّ إِنْ كَانَ غَنِيًّا فَاهْدِهِ وَإِنْ كَانَ فَقِيرًا فَاغْنِهِ، ثَلَاثَ مَرَّاتٍ ".

واتە: موحەممەدی کوڕی سەعیدی کوڕی عەبدوڵڵا لە نووسەیرەوە ئەویش لە بەکری کوڕی ماعزەوە دەفەرموێت: ڕەبیع فەرمووی: نموونەی قەزام نەدیوە مەگەر یەک نموونە کە لە نووسەیرەوە دیومە.. لە بەکری کوڕی ماعزەوە فەرموویەتی: ئەسپێکیان بە دیاری بە ڕەبیع دا یان خۆی ئەسپەکەی کڕی (یەکێک لەو دووە بوو) بە سی هەزاری کڕیی؛ بەو ئەسپە چوبووە غەزا کردن؛ ڕەبیع خزمەتکارەکەی نارد هەندێ گژوگیا بۆ ئەسپەکەی کۆ بکاتەوە و خۆی دەستیکرد بە نوێژ کردن و ئەسپەکەی بەستبویەوە؛ خزمەتکارەکەی هاتەوە و گوتی: ڕەبیع کوا ئەسپەکە؟ ڕەبیع گوتی: یەسار وەڵا دزرا! یەسار گوتی: دەی تۆش هەر سەیری ئەسپەکەت دەکردو بە بەرچاوتەوە دزرا؟ گوتی: ئەرەوەڵڵا! من لە خزمەت پەروەردگارا موناجاتم دەکرد؛ نابێ هیچ شتێکی دونیایی موناجاتم پێ ببڕێ! خوایە ئەو منی دزیوە و من ئەوو نەدزیوە! خوایە! ئەگەر ئەو دزە دەوڵەمەندە ئەوە هیدایەتی بدەی؛ ئەگەریش هەژارە ئەوە دەوڵەمەندی بکەی! سێجار وای فەرمو.

١٩٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ عَلِيٍّ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سَعِيد، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَبْدِ الله، عَنْ نُسَيْرِ بْنِ ذُعْلُوق، عَنْ بَكْرِ بْنِ مَاعِز قَالَ: كَانَ الرَّبِيعُ يَقُولُ: «لَا خَيْرَ فِي كَلَامٍ إِلَّا فِي تَهْلِيلِ الله وَتَحْمِيدِ الله وَتَكْبِيرِ الله وَتَسْبِيحِ الله وَسُؤَالِكَ مِنَ الْخَيْرِ وَتَعَوُّذِكَ مِنَ الشَّرِّ وَأَمْرِكَ بِالْمَعْرُوفِ وَنَهْيِكَ عَنِ الْمُنْكَرِ وقِرَاءَتِكَ الْقُرْآنَ».

واته: موحەممەدی کوڕی عەلی لە موحەممەدی کوڕی سەعیدەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی عەبدوڵلاوە ئەویش لە نووسەیری کوڕی زوعلوقەوە ئەویش لە بەکری کوڕی ماعزەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ڕەبیع دەیفەرموو: قسە خێری تێدا نییە مەگەر لا الله الا الله کردن؛ یان الحمدلله گوتن؛ یان الله اکبر کردن؛ یان تەسبیحاتی خوای گەورە و پرسیار کردن لە بارەی کاری خێرەوە و پەنا گرتن بە خوای گەورە لە خراپەو فرمان کردن بە چاکەو نەهی کردن لە خراپەو قورئانخوێندنەوە.

١٩٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنَ وَكِيع حَدَّثَنَا جَرِيرٌ عَنِ الأَعْمَشِ عَنْ مُنْذِرٍ الثَّوْرِيِّ عَنِ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ قَالَ: «لَيْسَ كُلَّمَا أَنْزَلَ الله عَزَّ وَجَلَّ عَلَى نَبِيهِ أَدْرَكْتُمْ وَلَا كُلَّمَا تَقْرَؤُنَ تَدْرُونَ مَا هُوَ».

واته: سوفیانی کوڕی وەکیع لە جەریرەوە ئەویش لە ئەعمەشەوە ئەویش لە مونزیرەوە ئەویش لە ڕەبیعەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئێوە لە هەموو ئەو شتانە نەگەیەشتوون کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەری (ﷺ) ناردووە؛ هەموو ئەو شتانەش نازان کە دەیخوێننەوە (واتە: بە تەواوی لە قورئان تێنەگەیشتوون؛ چونکە نێ+نییەکانی قورئان زۆر زۆرن و تەواو نابن).

١٩٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ الدوورقيُّ، حَدَّثَنَا أَبو النَّضْرِ هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِم، حَدَّثَنَا زِيَادُ بْنُ سَلَام، عَنْ بِلَالِ بْنِ الْمُنْذِرِ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ: إِنْ لَمْ أَسْتَخْرِجِ الْيَوْمَ مِنَ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ سَيِّئَةً لأَحَدٍ لَمْ أَسْتَخْرِجْهَا أَبَدًا بِحَالٍ، قُلْتُ: يَا أَبَا يَزِيدَ قُتِلَ ابْنُ فَاطِمَةَ عَلَيْهَا السَّلَامُ قَالَ: فَاسْتَرْجَعَ ثُمَّ تَلَا هَذِهِ الْآيَةَ: ﴿ قُلِ اللَّهُمَّ فَاطِرَ السَّمَٰوَٰتِ وَالْأَرْضِ عَٰلِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَٰدَةِ أَنتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ فِي مَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٤٦﴾ ﴾ الزمر: ٤٦ قَالَ: قُلْتُ: مَا تَقُولُ؟ قَالَ: مَا أَقُولُ؟ إِلَى الله إِيَابُهُمْ وَعَلَى الله حِسَابُهُمْ ".

واته: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیمی دەورەقی لە باوکی نەزر واتە: هاشمی کوڕی قاسمەوە ئەویش لە زیادی کوڕی سەلامەوە لە بیلالی کوڕی مونزیرەوە فەرموویەتی: پیاوێک گوتی: ئەگەر ئەمڕۆ نەتوانم کارێ بکەم کە ڕەبیع قسەیەکی خراپ بە کەسێک بڵێ؛ ئەوە ئیتر هەتا مابم ناتوانم قسەی خراپی پێ بکەم! پیاوەکە دەڵێ: گوتم: باوکی یەزید! کوڕەکەی فاتیمەی

کچی پێغەمبەر (ﷺ) کوژرا! ڕەبیع انا لله وانا الیه راجعون.ی گوت و دوایی ئەم ئایەتەی خوێندەوە: (مانای ئایەتەکە): ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بڵێ: ئەی ئەو خوایەی کە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویت، زانای پەنهان و ئاشکرایت، هەر تۆ دادوەری دەکەیت لە نێوان بەندەکانتدا، لەو شتانەدا کە کێشەیان تیا دەکرد. دەڵێ: گوتم: چی دەڵێی؟ گوتی: چی دەڵێم؟ ئەوانە بۆ لای خوا گەڕانەوە و حەق و حیسابیشیان لای خوایە!

١٩٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنِي خَلَّادُ بْنُ يَحْيَى السُّلَمِيُّ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، أَخْبَرَتْنِي سُرِّيَّةُ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ، قَالَتْ: كَانَ عَمَلُ الرَّبِيعِ كُله سِرًّا إِنْ كَانَ لَيَجِيءُ الرَّجُلُ وَقَدْ نَشَرَ الْمُصْحَفَ فَيُغَطِّيهِ بِثَوْبِهِ".

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە خەلادی کوڕی یەحیای سولەمییەوە ئەویش لە سوفیانەوە دەگێڕێتەوە فەرمووی: کەنیزەکەی ڕەبیعی کوڕی خوثەیم فەرمووی: کاروکردەوەکانی ڕەبیع هەمووی شاراوە و نهێنی بوون؛ جاری وا هەبوو پیاوێک دەهاتە خزمەتی و لەو کاتەدا ئەو قورئانەکەی کردبویەوە و دەیخوێندەوە؛ کە دەیزانی یەکێک دێت دایدجەپۆشی بۆ ئەوەی دیار نەبێ.

١٩٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنِي يَحْيَى بْنُ مَعِين، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ فُضَيْلٍ، حَدَّثَنِي أَبِي، عَنْ سَعِيدِ بْنِ مَسْرُوقٍ، عَنِ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ، أَنَّهُ لَبِسَ قَمِيصًا له سُنْبُلَانِيًّا ثَمَنُهُ ثَلَاثَةُ دَرَاهِمَ أَوْ أَرْبَعَةٌ فَكَانَ إِذَا مَدَّ كُمَّهُ بَلَغَ أَظْفَارَهُ، وَإِذَا أَرْسَله بَلَغَ سَاعِدَهُ فَكَانَ يَقُولُ إِذَا رَأَى بَيَاضَ الْقَمِيصِ: أَيْ عُبَيْدَ الله ضَعْ لِرَبِّكَ عَزَّ وَجَلَّ ثُمَّ يَقُولُ: أَيْ لُحَيْمَةُ أَيْ دُمَيَّةُ، كَيْفَ تَصْنَعَانِ إِذَا سُيِّرَتِ الْجِبَالُ فَكَانَتْ دَكًّا دَكًّا وَجَاءَ رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا وَجِيءَ يَوْمَئِذٍ بِجَهَنَّمَ".

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە یەحیای کوڕی مەعینەوە گێڕایەوە ئەویش لە موحەممەدی کوڕی فوزەیلەوە فەرمووی: باوکم لە سەعیدی کوڕی مەسروقی گێڕایەوە؛ ئەویش لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە کە کراسێکی لەبەر کردووە و لە دواوە لێوارێکی هەبوو نرخەکەی سێ یان چوار دیرهەم بوو؛ جا ئەگەر قۆڵەکەی ڕاکێشابوو دەگەیشتە نینۆکەکانی؛ ئەگەر بری دابایەتەوە دەگەیشتە باسکی؛ جا هەر کاتێ سپیایی کراسەکەی دەبینی دەیفەرموو: ئای بەندە گچکەکەی خوای گەورە! ملکەچی بۆ خوای گەورە بنوێنە! دوایی دەیفەرموو: ئای گۆشتی من! ئای خوێ،ی من! کاتێ کە کێوەکان دەڕۆن و زەوی ووردو خاش دەکرێت و پەروەردگار دێت (ئەو هاتنە خۆی نەبێ کەس نازانێ مەبەست چییەو چۆنە)

فریشتەکانیش پۆل پۆل دێن؛ ئەو ڕۆژەش کە دۆزەخ دەهێنرێت و پیشان دەدرێ؛ ئا لەو ڕۆژەدا ئێوە چی دەکەن.

١٩٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ الدَّوْرَقِيُّ، حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرِ بْنُ عَيَّاشٍ، حَدَّثَنَا عِيسَى، عَنْ سُلَيْمَانَ، عَنْ أَبِي وَائِلٍ قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ رَحِمَهُ اللهُ وَمَعَنَا الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْمٍ فَمَرَرْنَا عَلَى حَدَّادٍ، فَقَامَ عَبْدُ اللهِ يَنْظُرُ حَدِيدَةً فِي النَّارِ فَنَظَرَ الرَّبِيعُ إِلَيْهَا فَتَمَايَلَ لِيَسْقُطَ، فَمَضَى عَبْدُ اللهِ حَتَّى أَتَيْنَا عَلَى أَتُونٍ عَلَى شَاطِئِ الْفُرَاتِ، فَلَمَّا رَآهُ عَبْدُ اللهِ وَالنَّارُ تَلْهَبُ فِي جَوْفِهِ قَرَأَ هَذِهِ الْآيَةَ: ﴿إِذَا رَأَتْهُم مِّن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ سَمِعُوا لَهَا تَغَيُّظًا وَزَفِيرًا ۝١٢ وَإِذَآ أُلْقُوا مِنْهَا مَكَانًا ضَيِّقًا مُّقَرَّنِينَ دَعَوْا هُنَالِكَ ثُبُورًا ۝١٣﴾ الفرقان: ١٢ - ١٣ قَالَ: فَصَعِقَ الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْمٍ فَاحْتَمَلْنَاهُ فَجِئْنَا بِهِ إِلَى أَهْلِهِ ثُمَّ رَابَطَهُ عَبْدُ اللهِ إِلَى الظُّهْرِ فَلَمْ يُفِقْ قَالَ: ثُمَّ إِنَّهُ رَابَطَهُ إِلَى الْعَصْرِ فَلَمْ يُفِقْ ثُمَّ رَابَطَهُ إِلَى الْمَغْرِبِ فَلَمْ يُفِقْ ثُمَّ إِنَّهُ أَفَاقَ فَرَجَعَ عَبْدُ اللهِ إِلَى أَهْلِهِ ".

واتە: ئەبوبەکری کوڕی عەییاش لە عیسا ئەویش لە سولەیمانەوە ئەویش لە باوکی وائیلەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: لە خزمەت عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودا بوین؛ ڕەبیعی کوڕی خوثەیمیشمان لەگەڵدا بوو؛ دامان بە لای ئاسنگەرەکانا؛ عەبدوڵڵا وەستاو سەیری ئاسنێکی دەکرد کە خرابویە کورەوە؛ ڕەبیعیش سەیری کرد و لار بویەوە خەریکبوو بکەوێ؛ ئیتر عەبدوڵڵا ڕۆیشت تا گەیشتینە کورەیەک لە کەنار ڕوباری فوراتا؛ عەبدوڵڵا کە ئەو کورەیەی بینی و چاوی بەوە کەوت کە ئاگر لەناو کورەکەوە بڵێسەی سەندووە؛ ئەم ئایەتەی خوێندەوە: (مانای ئایەتەکە): کاتێک هەر لە دوورەوە ئەو ئاگرە بڵێسەدارە خوانەناسان دەبینێت، دەنگی خەشم و قین و هەناسەی داخ لە دڵی دەبیستن... هەرکاتێک ئەوانە بە کۆت و زنجیرەوە فڕێ دەدرێنە ناو شوێنێکی تەنگەبەرەوە لە دۆزەخدا، داوای مەرگ و تیاچوون دەکەن و مردن بە ئاوات دەخوازن لەوێ. جا ڕەبیع هاوارێکی کرد و بورایەوە؛ ئێمەیش هەڵمانگرت و هێنامانەوە بۆماڵەوە؛ دوایی عەبدوڵڵای تا نیوەڕۆ لای بوو هۆشی نەهاتەوە؛ دوایی تا عەسر لای بوو هۆشی نەهاتەوە، دوایی تا مەغریب لای بوو هۆشی نەهاتەوە؛ دوای ئەوە هۆشی هاتەوە و عەبدوڵڵا گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان.

١٩٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا مَهْدِيٌّ قَالَ: حَدَّثَنِي ابْنُ الْمُبَارَكِ قَالَ: كَتَبَ الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْمٍ إِلَى أَخٍ لَهُ «أَنْ هَيِّئْ جِهَازَكَ وَأَصْلِحْ مِنْ زَادِكَ وَكُنْ وَصِيَّ نَفْسِكَ وَلَا تَجْعَلْ أَوْصِيَاءَكَ الرِّجَالَ».

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم گێڕایەوە مەهدی فەرموویەتی: کوڕی موبارەك بۆی

گێڕامەوە فەرمووی: ڕەبیعی کوڕی خوثەیم نامەی بۆ هاوڕێیەکی خۆی نووسی؛ تێیدا نووسیبوی: کۆڵ و بارت ئامادە بکەو توێشو بپێچەوە؛ خۆت ببە بە وەسیەتکاری خۆت؛ خەڵکی تر مەکە بە وەسیەتکار.

١٩٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا أَبُو جَعْفَرٍ السُّوَيْدِيُّ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ عَدِيٍّ، عَنْ عِيسَى بْنِ فَرُّوخَ قَالَ: كَانَ الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْمٍ إِذَا كَانَ اللَّيْلُ وَوَجَدَ غَفْلَةَ النَّاسِ خَرَجَ إِلَى الْمَقَابِرِ فَجَوَّلَ فِي الْمَقَابِرِ، يَقُولُ: «يَا أَهْلَ الْقُبُورِ كُنْتُمْ وَكُنَّا فَإِذَا أَصْبَحَ كَأَنَّهُ نُشِرَ مِنْ أَهْلِ الْقُبُورِ».

واتە: باوکی جەعفەری سووەیدی لە عەبدوڵڵای کوڕی عەدییەوە ئەویش لە عیسای کوڕی فەڕڕوخەوە فەرموویەتی: شەوانە کاتێ خەڵکی دەنووستن و دونیا کش و مات دەبوو؛ ڕەبیعی کوڕی خوثەیم دەڕۆیشت بۆ گۆڕستان؛ لەوێ بەناو گۆڕەکانا دەگەڕاو دەیفەرموو: ئەی مردوانی ئەم گۆڕستانە! ئێوە کاتی خۆی لە دونیا بوون و ئێستا ئێمە لە دونیاین.. جا بۆ بەیانی ڕەبیع دەتگوت مردووە و لە گۆڕ زیندوو بووەتەوە و سەری دەرهێناوە.

١٩٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ عَلِيٍّ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سَعِيدٍ، حَدَّثَنِي سَعِيدُ بْنُ عَبْدِ الله، عَنْ نُسَيْرِ بْنِ ذُعْلُوقٍ قَالَ: كَانَ ابْنُ مَسْعُودٍ إِذَا رَأَى الرَّبِيعَ بْنَ خُثَيْمٍ مُقْبِلًا قَالَ: «بَشِّرِ الْمُخْبِتِينَ لَوْ رَآكَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَأَحَبَّكَ».

واتە: موحەممەدی کوڕی عەلی لە موحەممەدی کوڕی سەعیدەوە؛ ئەویش لە سەعیدی کوڕی عەبدوڵڵاوە ئەویش لە نووسەیری کوڕی زوعلوقەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود هەر جارێک ڕەبیعی کوڕی خوثەیمی ببینیایە بەرەو لای ئەو بێت دەیفەرموو: مژدە بەو ملکەچ و خاوەن خشوعانە بدەن کە ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆی ببینیایە ئەوا خۆشی دەویستی.

١٩٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي سُرَيْجُ بْنُ يُونُسَ، حَدَّثَنَا مُبَارَكُ بْنُ سَعِيدِ بْنِ مَسْرُوقٍ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ مَسْرُوقٍ، عَنْ بَكْرِ بْنِ مَاعِزٍ قَالَ: كَانَ الرَّبِيعُ يَقُولُ: «يَا بَكْرُ أَخْزِنْ عَلَيْكَ لِسَانَكَ فَإِنِّي اتَّهَمْتُ النَّاسَ عَلَى دِينِي».

واتە: سورەیجی کوڕی یونس لە موبارەکی کوڕی سەیعدەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی مەسروقەوە ئەویش لە بەکری کوڕی ماعزەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕەبیع دەیفەرموو:

بەکر! زمانت بگرەو بەری مەدە؛ چونکە بەڕاستی من گومانم لە خەڵکی هەیە لە سەر ئایین و بیرو بڕوای خۆم!

١٩٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا مُبَارَكُ بْنُ سَعِيد، عَنْ أَبِيه، سَعِيد بْن مَسْرُوق قَالَ: قِيلَ لأَبِي وَائِل: أَنْتَ أَكْبَرُ أَوِ الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْم؟ قَالَ: «أَنَا أَكْبَرُ مِنْهُ سِنًّا وَهُوَ أَكْبَرُ مِنِّي عَقْلًا».

واتە: باوکی مەعمەر لە موبارەکی کوڕی سەعیدەوە ئەویش لە باوکییەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی مەسروقەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بە باوکی وائیل گوترا: تۆ گەورەی یان ڕەبیعی کوڕی خوثەیم؟ فەرمووی: لە تەمەنا من لەو گەورەترم؛ بەڵام لە ژیریدا ئەو لە من گەورەترە.

١٩٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ الْعَلَاءِ الهَمْدَانِيُّ أَبو كُرَيْب، حَدَّثَنِي أَبو عَامِر الْأَسَدِيُّ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ الثَّوْرِيُّ قَالَ: مَاتَ ابْنٌ لِعَبْد الله بْن الرَّبِيع بْن خُثَيْم فَقَالَ شِعْرًا:

أَصْبَحْتُ لَا أَدْعُو طَبِيبًا لِطِبِّهِ ... وَلَكِنَّنِي أَدْعُوكَ يَا مُنْزِلَ الْقَطْرِ

لِتَرْزُقَنِي صَبْرًا عَلَى مَا أَصَابَنِي ... وَتَعْزِمَ لِي فِيهِ عَلَى الرُّشْدِ مِنْ أَمْرِي

وَإِنِّي لَأَرْجُو أَنْ تَكُونَ مُصِيبَتِي ... بَغَيْتُ بِهَا أَجْرًا وَإِنْ كُنْتُ لَا أَدْرِي

واتە: موحەممەدی کوڕی عەلای هەمدانی واتە: باوکی کورەیب لە باوکی عامری ئەسەدی ئەویش لە سوفیانی ئەورییەوە گێڕایەوە کە فەرموویەتی: کوڕێکی عەبدوڵڵای کوڕی خوثەیم مردوو عەبدوڵڵا ئەم شیعرەی خوێندەوە:

پزیشکم نەویست بۆ دەرد و دەرمان، ئەی داوەرێنی فرمێسك و باران
داوات لێ دەکەم سەبرم پێ بدەی، بمخەیتە ڕیزی چاك و خۆگران
من هیوام وایە بەم موسیبەتە، پاداشت وەربگرم، ئەی نووری چاوان!

١٩٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ مُوسَى قَالَ: أَنْبَأَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ مُنْذِر، أَنَّ الرَّبِيعَ بْنَ خُثَيْم قَالَ لأَهْلِه: اصْنَعُوا لِي خَبِيصًا وَكَانَ لَا يَكَادُ يَشْتَهِي عَلَيْهِمْ شَيْئًا فَصَنَعُوهُ قَالَ: فَأَرْسَلَ إِلَى جَار لَه مُصَاب، فَجَعَلَ يَأْكُلُ وَلُعَابُهُ يَسِيلُ فَقَالَ أَهْلُه: مَا يَدْرِي هَذَا مَا أَكَلَ؟ فَقَالَ الرَّبِيعُ: «لَكِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يَدْرِي».

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە عەبدوڵڵای کوڕی مووسا ئەویش لە ئەعمەشەوە ئەویش لە مونزیرەوە دەگێڕێتەوە کە ڕەبیعی کوڕی خوثەیم بە ماڵ و منداڵەکانی خۆی فەرموو: ئا خورما و ڕۆنێکم بۆ دروست بکەن! جا ڕەبیع حەزی لە هەر شتێ بوایە لە ماڵەوە یەکسەر بۆیان ئامادە دەکرد؛ خورماو ڕۆنەکەیان بۆ ئامادە کرد و ئەویش ناردی بو دوای دراوسێیەکیان کە تووشی موسیبەتێک ببوو؛ کابرا دەستی بە خواردن کرد و لیک بە دەمیدا دەهاتە خوارەوە؛ بە ڕەبیعیان گوت: ئەم پیاوە نازانێ چی دەخوات؟ ڕەبیع فەرمووی: بەڵام خوای گەورە دەزانێ چی دەخوات.

١٩٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا سَهْلُ بْنُ مَحْمُود، حَدَّثَنَا مُبَارَكُ بْنُ سَعِيد، عَنْ يَاسِينَ الزَّيَّات قَالَ: جَاءَ ابْنُ الْكَوَّاءِ إِلَى الرَّبِيعِ بْن خُثَيْم قَالَ: دُلَّنِي عَلَى مَنْ هُوَ خَيْرٌ مِنْكَ قَالَ: «نَعَمْ مَنْ كَانَ مَنْطِقُهُ ذِكْرًا وَصَمْتُهُ تَفَكُّرًا وَمَسِيرُهُ تَدَبُّرًا فَهُوَ خَيْرٌ مِنِّي».

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە سەهلی کوڕی مەحمودەوە ئەویش لە موبارەکی کوڕی سەعیدەوە ئەویش لە یاسینی زەییاتەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کوڕی کەووا هات بۆ لای ڕەبیعی کوڕی خوثەیم و گوتی: کەسێکم پێ نیشان بدە لە خۆت چاکتر بێ! ڕەبیع فەرمووی: باشە! هەر کەسێ قسەکردنی یاد و زیکری خوای گەورە بێت و لە کاتی لەشساغیدا ڕامێنێت و لە کاتی ڕۆیشتنا بیر بکاتەوە؛ ئەوە لەمن باشترە.

١٩٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ، حَدَّثَنَا أَبو نُعَيْم الْأَحْوَلُ، حَدَّثَنَا الرَّبِيعُ بْنُ الْمُنْذِر الثَّوْرِيُّ، عَنْ أَبِيه قَالَ: كَانَ الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْم يَقُولُ: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ۝٢﴾ الطلاق: ٢ قَالَ: «مِنْ كُلِّ شَيْءٍ ضَاقَ عَلَى النَّاس».

واتە: ئەحمەد لە باوکی نوعەیمی ئەحوەلەوە ئەویش لە ڕەبیعی کوڕی مونزیری ثەورییەوە ئەویش لە باوکییەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ڕەبیعی کوڕی خوثەیم لە تەفسیری ئایەتی:﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ۝٢﴾ دەیفەرموو: لە هەموو ڕوویەکەوە دەروی لێ دەکاتەوە؛ ئەوانەش کە لەسەر هەموو خەڵکی گران و قورسە.

١٩٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مَنْ، سَمِعَ عَبْدَ الرَّحْمَن بْنَ مَهْدِيٍّ، عَنْ مُحَمَّد بْنِ النَّضْر الْحَارِثِيِّ قَالَ: قَالَ الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْم: «تَفَقَّهْ ثُمَّ اعْتَزِلْ».

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: کەسێک بۆی گێڕامەوە لە لە عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدی بیستووە ئەویش لە موحەممەدی کوڕی نەزری حارثی فەرموویەتی: ڕەبیعی کوڕی خوثەیم فەرموویەتی: سەرەتا زانابەو فێرە فیقهـ و زانست ببە؛ دوایی گۆشەگیری هەڵبژێرە.

١٩٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي ابْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا شَرِيكٌ، عَنْ سَعِيد بْن مَسْرُوق، عَنْ مُنْذِر، عَن الرَّبِيع بْن خُثَيْم: ﴿وَإِذَا ٱلْعِشَارُ عُطِّلَتْ ۝٤﴾ التكوير: ٤ قَالَ: «أَرْبَابُهَا فَلَمْ تُحْلَبْ وَلَمْ تُصَرَّ».

واته: کوڕی باوکی شەیبە لە شەریکەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی مەسروقەوە ئەویش لە مونزیرەوە ئەویش لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە گێڕایەوە کە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿وَإِذَا ٱلْعِشَارُ عُطِّلَتْ ۝٤﴾ فەرموویەتی: خاوەنەکانیان وازیان لێ دەهێنن؛ نە دەیاندۆشن نە تورەکە دەکەنە گوانیانەوە بۆ ئەوەی بێچوەکانیان نەیانمژن.

١٩٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ مُحَمَّد بْن أَيُّوبَ، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر بْنُ عَيَّاش، عَنْ سَعِيد بْن الرَّبِيع بْن خُثَيْم قَالَ: حَدَّثَتْنِي جَدَّتِي، عَن الرَّبِيع بْن خُثَيْم، قَالَتْ: «كَانَ يَخْرُجُ عَطَاؤُهُ وَكَانَ أَلْفَيْن فَيُمْسِكُ أَلْفًا وَمائَتَيْن لِيُنْفِقَهُ وَيَتَصَدَّقُ بِالْبَقِيَّة».

واته: ئەبوبەکری عەییاش لە سەعیدی کوڕی ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: داپیرەم لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە بۆی گێڕامەوە؛ داپیرەم گوتی: ڕەبیع موچەکەی دوو هەزار بوو؛ هەموو جارێک هەزارو دوسەدی گل دەدایەوە بۆ بەخێوکردنی ماڵ و مناڵ و ئەویتری دەکردە خێر.

١٩٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي صَالِحُ بْنُ عَبْد الله الْيَزِيدِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ سَعِيدَ بْنَ عَبْد الله بْن الرَّبِيع بْن خُثَيْم، يَقُولُ إِذَا أَصْبَحَ: " اعْمَلُوا خَيْرًا وَدُومُوا عَلَى صَالِح وَلَا يَطُولَنَّ عَلَيْكُمُ الْأَمَدُ فَتَقْسُوَ قُلُوبُكُمْ: ﴿وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ قَالُوا۟ سَمِعْنَا وَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ ۝٢١﴾ الأنفال: ٢١.

واته: صاڵحی کوڕی عەبدوڵلای یەزیدی دەفەرموێت: گوێم لە سەعیدی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی ڕەبیعی کوڕی خوثەیم بوو بەیانیان دەیفەرموو: کاری خێر بکەن و بەردەوام بن لەسەر کاری خێر؛ با هیواو ئارەزوتان دوورو درێژ نەبێت؛ چونکە بەو هۆیەوە دڵتان ڕەق دەبێت (وەک ئەو کەسانەش مەبن (بەسەر زلەکی) دەیانگوت: تێگەیشتین و بیستمان، گوێڕایەڵین، لەکاتێکدا ئەوان نابیستن و تێناگەن (چونکە دڵ و مێشکی خۆیان داخستووە)).

١٩٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي ابْنُ عَبْدِ الله، حَدَّثَنَا وَهْبُ بْنُ إِسْمَاعِيلَ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ قَيْسٍ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ الْمُنْذِرِ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ النَّخَعِيِّ، عَنِ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ أَنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ يَجْمَعُ فِي قَبْضَتِهِ ثُمَّ يَقُولُ: «أَيْنَ الْجَبَّارُونَ؟ أَيْنَ الْمُتَكَبِّرُونَ؟ أَيْنَ الَّذِينَ يَدْعُونَ مَعَ الله إِلها آخَرَ؟ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ».

واته: وەهبی کوڕی ئیسماعیل لە موحەممەدی کوڕی قەیسەوە ئەویش لە عەلیی کوڕی مونزیرەوە ئەویش لە ئیبراهیمی نەخەعییەوە ئەویش لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: خوای گەورە مشتی کۆ دەکاتەوە و دەفەرموێت: کوان ئەوانەی ستەمکارن؟ کوان ئەوانەی کە خۆبەزلزانن؟ کوان ئەوانەی جگە لە خوا کەسیتریان بەخوا دەزانی؟ جگە لە الله هیچ خودایەکیتر بوونی نییە!

١٩٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِمِ أَبُو النَّضْرِ، حَدَّثَنَا شَيْبَانُ، عَنْ عَاصِمٍ، عَنْ أَبِي وَائِلٍ قَالَ: انْطَلَقْتُ أَنَا وَقَيْسُ بْنُ عُسَيْلٍ، وَحَيَّةُ بْنُ عُسَيْلٍ، وَعَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ سَلَمَةَ، هَذَا أَخُو شَقِيقٍ إِلَى الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ. فَلَمَّا أَتَيْنَا الْمَجْلِسَ قُلْنَا: أَيْنَ مَنْزِلُ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ؟ قَالَ: فَجَهِدْنَاهُ لِمَا رَأَوْا مِنْ شَارَتِنَا. فَقَالُوا: أَمَا إِنَّكُمْ تَأْتُونَ رَجُلًا إِنْ حَدَّثَكُمْ لَا يَكْذِبْكُمْ وَإِنْ تَأْمَنُوهُ لَا يُخُنْكُمْ وَإِنْ يَعِدْكُمْ لَا يُخْلِفْكُمْ، هَذَا مَنْزِلُهُ حَيْثُ تَرَوْنَ قَالَ: فَدَخَلْنَاهُ عَلَيْهِ وَهُوَ فِي مَسْجِدِهِ فَقُلْنَا: جِئْنَاكَ لِتَذْكُرَ فَنَذْكُرَ مَعَكَ قَالَ: فَرَفَعَ يَدَيْهِ وَقَالَ: اللهمَّ إِنَّ هَؤُلَاءِ جَاءُوا لِأَذْكُرَكَ فَيَذْكُرُوكَ مَعِي وَلَمْ يَجِيئُوا لِأَزْنِيَ فَيَزْنُوا مَعِي وَلَا لِأَشْرَبَ فَيَشْرَبُوا مَعِي قَالَ: ثُمَّ طَفِقَ يُحَدِّثُنَا، فَقَالَ: «لَا خَيْرَ فِي الْكَلَامِ إِلَّا فِي تِسْعِ التَّسْبِيحِ وَالتَّحْمِيدِ وَالتَّهْلِيلِ وَالتَّكْبِيرِ وَقِرَاءَةِ الْقُرْآنِ وَالْأَمْرِ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّهْيِ عَنِ الْمُنْكَرِ وَسُؤَالِكَ الْخَيْرَ وَتَعَوُّذِكَ مِنَ الشَّرِّ».

واتە: هاشمی کوڕی قاسم واتە: باوکی نەزر؛ لە شەیبانەوە ئەویش لە عاصمەوە ئەویش لە باوکی ائیلەوە دەفەرموێت: من و قەیسی کوڕی عوسەیل و حەییەی کوڕی عوسەیل و ئا یەم عەبدولڕەحمانی کوڕی سەلەمەیە کە برای شەقیقە؛ پێکەوە ڕۆیشتین بۆ لای ڕەبیعی کوڕی خوثەیم؛ کاتێ گەیشتین گوتمان: کوا ماڵی ڕەبیع لە کوێیە؟ بە ڕەنگ و ڕوخسارمانا زانییان کەوا ماندوین؛ گوتیان: ئێوە هاتون بۆ لای پیاوێ ئەگەر قسەتان لەگەڵدا بکات درۆتان لەگەڵدا ناکات؛ ئەگەر بە ئەمینی بزانن خیانەتتان لێ ناکات؛ ئەگەر بەڵێنی بدەنێ سەرپێچی لە بەڵێنەکەی ناکات؛ ئا ئەوە ماڵەکەیەتی کە دەیبینن! دەفەرموێت: ڕۆیشتینە ماڵیان و دەبینین لەو شوێنەدایە کە نوێژی تێدا دەکات و خەریکی نوێژە.. دوایی گوتمان: ئێمە هاتوین بۆ ئەوەی تۆ هەندێ یادی خودا بکەیت و ئێمەیش لەگەڵتا یادی خودا بکەین! فەرمووی: ڕەبیع

دەستەکانی بەرز کردەوە و فەرمووی: خوایە! ئەم پیاوانە بۆ ئەوە هاتوون من یادی تۆ بکەم و ئەوانیش لەگەڵ منا یادی تۆ بکەن! بۆ ئەوە نەهاتون من زینا بکەم و ئەوانیش چاو لەمن بکەن و زینا بکەن؛ بۆ ئەوەش نەهاتوون من بادە بنۆشم و ئەوانیش چاو لەمن بکەن و بادە بنۆشن! دەفەرموێت: دوایی دەستیکرد بە قسەکردن لەگەڵیاناو ئامۆژگاریی دەکردین و فەرمووی: قسە خێردارو باش نییە جگە لە نۆ جۆری نەبێت: سبحان الله کردن؛ الحمدلله کردن؛ لاالا الا الله کردن؛ الله اکبر کردن؛ قورئانخوێندنەوە؛ فرمان کردن بەچاکە؛ نەهی کردن لە خراپە؛ پاڕانەوە لە خوای گەورە و داوای چاکە کردن لێی؛ پەنا گرتن بە خوای گەورە لە خراپە.

١٩٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ مَسْرُوقٍ، عَنْ مُنْذِرٍ الثَّوْرِيِّ، عَنِ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ، أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ: " السَّرَائِرَ السَّرَائِرَ اللَّاتِي يَخْفَيْنَ عَلَى النَّاسِ وَهِيَ عِنْدَ الله بِوَادٍ قَالَ: وَيَقُولُ: الْتَمِسُوا دَوَاءَهُنَّ قَالَ: ثُمَّ يَقُولُ: وَمَا دَوَاؤُهُنَّ أَنْ تَتُوبَ ثُمَّ لَا تَعُودَ ".

واتە: وەکیع لە باوکییەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی مەسروقەوە ئەویش لە مونزیری ثەورییەوە ئەویش لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە گێڕایەوە کە دەیفەرموو: پەنهانییەکان! پەنهانییەکان! ئەوانەی کە لە خەڵکەوە دیار نین و لە لای خوای گەورە ئەوەندە زۆرو گەورەن وەکوو شیوو دۆڵن! دەفەرموێت: هەروەها دەیفەرموو: بو دوای ئەو تاوانە پەنهانیانەدا بگەڕێن! دەفەرموێت: دوایی دەیفەرموو: دەرمانیشیان نییە جگە لە تەوبە کردن و نەگەڕانەوە بۆ سەریان.

١٩٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ قَالَ: حَدَّثَنِي رَجُلٌ، سَمَّاهُ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ الْمُبَارَكِ، أَنْبَأَنَا سُفْيَانُ قَالَ: كَانَ الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْمٍ يَتْبَعُهُ شَابٌّ مِنَ الْحَيِّ يَوْمَ الْجُمُعَةِ إِذَا رَاحَ فَيَقُولُ بِيَدِهِ: «أَعُوذُ بِالله مِنْ شَرِّكُمْ».

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم دەفەرموێت: پیاوێک بۆی گێڕامەوە. کە خۆی ناوی برد. ئەو پیاوەش لە عەبدوڵڵای کوڕی موبارەکەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: سوفیان پێی گوتم: ڕۆژی هەینی کاتێ ڕەبیع دەچو بۆ مزگەوت لەناو کۆڵانەکانا گەنجێک دوای ڕەبیعی کوڕی خوثەیم کەوت؛ ڕەبیعی کوڕی خوثەیم بە ئاماژەی دەستی فەرمووی: پەنا دەگرم بە خوای گەورە لە شەڕو خراپەی ئێوە!

١٩٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ، حَدَّثَنِي عُثْمَانُ بْنُ زُفَرَ بْن مُزَاحم بْن زُفَرَ قَالَ: حَدَّثَنَا رَبِيعُ بْنُ الْمُنْذر، عَنْ أَبِيه، عَنِ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ قَالَ: «كُلُّ مَا لَا يُبْتَغَى بِهِ وَجْهُ الله يَضْمَحِلُّ».

واتە: عوسمانی کوڕی زوفەری کوڕی موزاحیم دەفەرموێت: ڕەبیعی کوڕی مونزیر لە باوکییەوە ئەویش لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: هەر شتێک کە مرۆڤ مەبەستی پێی ڕەزامەندی خوای گەورە نەبێ؛ ئەو ئەو شتە لاوازەو لەناودەچێت.

١٩٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ أَبِيه، عَنْ مُنْذر الثَّوْرِيِّ، عَن الرَّبِيع بْن خُثَيْم أَنَّهُ أَوْصَى عنْدَ مَوْته فَقَالَ: «هَذَا مَا أَقَرَّ بِه الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْم عَلَى نَفْسه وَأَشْهَدَ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ عَلَى نَفْسه وَكَفَى بِالله شَهِيدًا وَجَازِيًا لعبَاده الصَّالحينَ وَمُثِيبًا بِأَنِّي رَضِيتُ بِالله رَبًّا وَبِمُحَمَّد نَبِيًّا وَبِالْإِسْلَام دِينًا وَرَضِيتُ لنَفْسِي وَمَنْ أَطَاعَنِي بِأَنْ أَعْبُدَهُ فِي الْعَابِدِينَ وَأَحْمَدَهُ فِي الْحَامِدِينَ وَأَنْصَحَ لجَمَاعَة الْمُسْلمينَ».

واتە: وەکیع لە سوفیانەوە ئەویش لە باوکییەوە ئەویش لە مونزیری ئەورییەوە ئەویش لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە گێڕایەوە کە ڕەبیع لە کاتی سەرەمەرگدا وەسیەتی کرد و فەرمووی: ئەمە ئەو شتەیە کە ڕەبیعی کوڕی خوثەیم دانی پیا دەنێت؛ خودا بەسەر شایەت بێت و هەروەها ئەوەم بەسە کە بەندە چاکەکان شایەتیم بۆ بدەن کە من بەڕاستی دەڵێم: ڕازیم بەوەی کە خوای گەورە پەروەردگارمە؛ بەوەی کە حەزرەتی موحەممەد پێغەمبەرمە؛ ئیسلام ئاینمە.. هەروەها ڕازیم بۆ خۆم و ئەوەی کە بە گوێی من دەکات بەوەی کە لە ناو ڕیزی خواپەرستەکانا بین و خواپەرست بین؛ لە ڕیزی ئەوانەشا کە سوپاسی خوا دەکەن؛ منیش سوپاسی خودا دەکەم؛ هەروەها دڵسۆزم بۆ گرۆی باوەڕداران.

١٩٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ فُضَيْل، عَنْ أَبِيه، عَنْ سَعِيد بْن مَسْرُوق قَالَ: قَالَ عَبْدُ الله بْنُ مَسْعُود للرَّبِيع بْنِ خُثَيْم: «وَالله لَوْ رَآكَ رَسُولُ الله صَلَّى اللهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ لَأَحَبَّكَ».

واتە: موحەممەدی کوڕی فوزەیل لە باوکییەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی مەسروقەوە دەفەرموێت: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود بە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمی فەرموو: بەخوا ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆی ببینیایە خۆشی دەویستی!

١٩٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ فُضَيْل، عَنْ عَبْد الرَّحْمَن بْن عَجْلَانَ، عَنْ نُسَيْرٍ أَبِي طُعْمَةَ قَالَ: صَلَّى الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْم فَقَرَأَ بِآيَة حَتَّى أَصْبَحَ: ﴿ أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ اجْتَرَحُوا السَّيِّئَاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ ﴾ الجاثية: ٢١ الْآيَةَ، فَجَعَلَ يَرْكَعُ وَيَسْجُدُ حَتَّى أَصْبَحَ ".

واتە: کوڕی فوزەیل لە عەبدولڕەحمانی کوڕی عەجلانەوە ئەویش لە نووسەیری باوکی توعمەوە فەرموویەتی: ڕەبیعی کوڕی خوثەیم نوێژی کرد و هەتا بەیانی هەر ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە: (مانای ئایەتەکە): ئایا ئەوانەی کە گوناهـ و تاوانەکانیان ئەنجام داوە، وایان زانیووە هەر وەك ئەوانە حسابیان بۆ دەکەین کە ئیمانیان هێناوە و کاروکردەوە و چاکەکانیان ئەنجام داوە؟! ژیانی دنیاو مردن و دوای مردنیان وەك یەك دەبێت؟! ئای کە خراپ بڕیار دەدەن. جا هەتا بەیانی هەر کڕنوش و سەجدەی دەبرد (واتە: هەر خەریکی نوێژ کردن بوو).

١٩٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ فُضَيْل، حَدَّثَنِي أَبِي، عَنْ سَعِيد بْن مَسْرُوق، عَنْ رَبِيع بْن خُثَيْم قَالَ: " كَانَ يَأْتِي عَبْدَ الله بْنَ مَسْعُود فَإِذَا دَخَلَ قَالَ: «بَشِّر الْمُحْسِنِينَ».

واتە: کوڕی فوزەیل لە باوکییەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی مەسروقەوە ئەویش لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە فەرموویەتی: ڕەبیع دەڕۆیشتە خزمەتی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود؛ کاتێ دە دەچویە ژوورەوە عەبدوڵڵا دەیفەرموو: مزگێنی بە چاکەکاران بدەن!

١٩٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ فُضَيْل، حَدَّثَنَا أَبُو حَيَّانَ، عَنْ أَبِيه قَالَ: مَا سَمِعْتُ الرَّبِيعَ بْنَ خُثَيْم، ذَكَرَ شَيْئًا مِنْ أَمْر الدُّنْيَا إِلَّا أَنِّي سَمِعْتُهُ مَرَّةً يَقُولُ: «كَمْ لَكُمْ مَسْجِدًا؟».

واتە: کوڕی فزەیل لە باوکی حەییانەوە ئەویش لە باوکییەوە فەرموویەتی: هەرگیز نەمبیستووە ڕەبیعی کوڕی خوثەیم باسی دونیا بکات؛ تەنیا جارێک نەبێ لێم بیست فەرمووی: ئێوە چەند مزگەوتتان هەیە؟!

١٩٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، حَدَّثَنَا مُفَضَّلُ بْنُ يُونُسَ قَالَ: ذُكِرَ عِنْدَ الرَّبِيع بْن خُثَيْم رَجُلٌ فَقَالَ: «مَا أَنَا عَنْ نَفْسِي بِرَاضٍ فَأَتَفَرَّغَ مِنْ ذَمِّهَا إِلَى ذَمِّ النَّاسِ، إِنَّ النَّاسَ خَافُوا اللهَ فِي ذُنُوبِ الْعِبَاد وَأَمِنُوا عَلَى ذُنُوبِهِمْ».

واتە: عەبدولڕەحمان لە موفەززەلی کوڕی یونسەوە گێڕایەوە دەفەرموێت: لە لای ڕەبیعی

کوڕی خوثەیم باسی پیاوێک کرا؛ ڕەبیع فەرمووی: من خۆم لە نەفسی خۆم ڕازی نیم تا واز لەو بێنم و بچم باسی خەڵکی بکەم! خەڵکی لە تاوانی خەڵکی تر دەترسن و گوێ نادەنە تاوانی خۆیان؟!

١٩٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا قَبِيصَةُ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ قَالَ: كَانَ الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْمٍ إِذَا قَرَأَ: ﴿ بَلْ نَقْذِفُ بِالْحَقِّ عَلَى الْبَاطِلِ فَيَدْمَغُهُ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ ﴾ الأنبياء: ١٨ قَالَ: «شَجَّةٌ لَا يُدَاوِيهَا عَنْكَ غَيْرُكَ».

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە قەبیصەوە گێڕایەوە فەرمووی: سوفیان فەرمووی: ڕەبیعەی کوڕی خوثەیم هەر جارێ ئەم ئایەتەی خوێندبا (مانای ئایەتەکە): (جا ئەوە لە ئێمە ناوەشێتەوە) بەڵکو حەق دەماڵین بەسەر بەتاڵ و ناحەقیداو دەست بەجێ داغانی دەکەین، هاوارو واوەیلا لە ئێوە، بۆ ئەو بوختان و قسە نابەجێیانەی کە دەیکەن. جا ڕەبیع دەیفەرموو: برینێکە خۆت نەبێ کەس ناتوانێ لە جیاتیی تۆ تیماری بکات.

١٩٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ سُرِّيَّةِ الرَّبِيعِ، أَنَّ الرَّبِيعَ، كَانَ يَتَصَدَّقُ بِالرَّغِيفِ وَيَقُولُ: إِنِّي أَسْتَحِي أَنْ يَكُونَ فِي صَدَقَتِي كِسْرًا ".

واتە: عەبدولڕەحمان لە سوفیانەوە ئەویش لە کەنیزەکەکەی ڕەبیعەوە دەگێڕێتەوە ڕەبیع هەموو جارێک نانێکی تەواوی دەکرد بە خێرو دەیفەرموو: من پێم شەرمە لەتە نان بکەم بەخێرو صەدەقەو لەناو خێرو صەدەقەکەمانما کوت و پارچە هەبێ.

١٩٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ أُمِّ عَبْدِ اللهِ، سُرِّيَّةِ الرَّبِيعِ قَالَتْ: لَمَّا حُضِرَ الرَّبِيعُ بَكَتِ ابْنَتُهُ فَقَالَ: " يَا بُنَيَّةُ لَا تَبْكِي وَلَكِنْ قُولِي: يَا بُشْرَايَ الْيَوْمَ يَلْقَى أَبِي الْخَيْرَ ".

واتە: عەبدولڕەحمان لە سوفیانەوە ئەویش لە دایکی عەبدوڵڵاوە واتە: کەنیزەکەکەی ڕەبیع؛ گێڕایەوە فەرموویەتی: کاتێ ڕەبیع کەوتە سەرەمەرگەوە کچەکەی دەستی بە گریان کرد؛ ڕەبیع فەرمووی: کچی خۆم مەگری! بەڵکوو بڵێ: ئای لەو مزگێنییە! ئەمڕۆ باوکم دەگات بە خێرو خۆشیی!

١٩٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمن، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ نُسَيْرٍ قَالَ: مَا رَأَيْتُ الرَّبِيعَ مُتَطَوِّعًا فِي مَسْجِدِ الْحَيِّ قَطُّ إِلَّا مَرَّةً قَالَ: وَقَالَ رَجُلٌ لِلرَّبِيعِ: أَوْصِ لِي بِمُصْحَفٍ فَنَظَرَ إِلَى ابْنٍ لَه صَغِيرٍ فَقَالَ: ﴿وَأُوْلُوا الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ﴾ الأحزاب: ٦ ".

واتە: عەبدولڕەحمان لە سوفیانەوە ئەویش لە نووسەیرەوە فەرموویەتی: یەک جار نەبێ نەمدیوە ڕەبیع لە مزگەوتی گەڕەکا نوێژی سوننەت بکات.. فەرمویشی: پیاوێک بە ڕەبیعی گوت: بە ئایەتێکی قورئان وەسیەت و ئامۆژگاریم بکە! پیاوەکە کوڕێکی بچووکی لەگەلا بوو؛ ڕەبیع سەیری کوڕەکەی کرد و ئەم ئایەتەی خوێندەوە: (مانای ئایەتەکە): خزمانیش هەندێکیان لەهەندێکی تریان لەپێشترن، لە قورئانی خوادا.

١٩٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا قَبِيصَةُ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ سُرِّيَّةِ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ، قَالَتْ: كَانَ الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْمٍ تُعْجِبُهُ الْحَلْوَى فَيَقُولُ: اصْنَعُوا لَنَا طَعَامًا فَنَصْنَعُ لَه طَعَامًا كَثِيرًا فَيَدْعُو فَرْوَخَ وَفُلَانًا فَيُطْعِمُهُمْ بِيَدِه وَيَسْقِيهِمْ وَيَشْرَبُ هُوَ فَضْلَ شَرَابِهِمْ فَيُقَالُ: مَا يَدْرِيَانِ هَذَانِ مَا تُطْعِمُهُمَا فَيَقُولُ: «لَكِنَّ الله يَدْرِي».

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە قەبیصەوە ئەویش لە سوفیانەوە ئەویش لە کەنزیەکەکەی ڕبیعەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: ڕەبیعی کوڕی خوثەیم زۆر حەزی لە حەڵوا بوو؛ دەیفەرموو: ئادەی خواردنێکمان بۆ چاک بکەن! ئێمەیش خواردنێکی زۆرمان بۆ چاک دەکرد؛ بانگی فەڕڕوخ و فلانی دەکرد بە دەستی خۆی خواردنی پێدەدان و ئاویشی پێ دەدان و هەرچییان لە بمایایەتەوە خۆی دەیخواردەوە؛ جا دەگوترا: دەی خۆ ئەم دوانە نازانن چیت پێداوون! دەیفەرموو: دەی خۆ خوای گەورە دەزانێ! (دیارە فەڕڕوخ و ئەو کەسەکەیتر منداڵ بوون و ڕەبیع خۆی خواردنی کردووە بە دەمیانەوە و ئاوی پێداون و پاشماوەی ئاوەکەی ئەوانی خواردووەتەوە).

١٩٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا نَصْرُ بْنُ الْمُغِيرَةِ، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ مُنْذِرٍ الثَّوْرِيِّ قَالَ: قَالَ الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْمٍ: " لَا تَقُلِ: اللهمَّ إِنِّي أَتُوبُ إِلَيْكَ ثُمَّ لَا تَتُوبُ فَتَكُونَ كَذِبَةً وَتَكُونَ ذَنْبًا، وَلَكِنْ قُلِ: اللهمَّ تُبْ عَلَيَّ ".

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە نەصری کوڕی موغیرەوە ئەویش لە جەریرەوە ئەویش لە ئەعمەشەوە ئەویش لە مونزیری ثەورییەوە فەرموویەتی: ڕەبیعی کوڕی خوثەیم فەرمووی: مەڵێ: خوایە! من بۆ لای تۆ دەگەڕێمەوە و کەچی دواییش تەوبە نەکەی! ئەوە دەبێتەو درۆو تاوان لەسەرت؛ بەڵکوو بڵێ: خوایە! لێم خۆش ببە!

١٩٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ مُوسَى، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ نُسَيْرِ بْنِ ذُعْلُوقٍ قَالَ: كَانَ الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْمٍ يَبْكِي حَتَّى يَبُلَّ لِحْيَتَهُ مِنْ دُمُوعِهِ فَيَقُولُ: «أَدْرَكْنَا قَوْمًا كُنَّا فِي جُنُوبِهِمْ لُصُوصًا».

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە عەبدوڵڵای کوڕی مووسا ئەویش لە سوفیانەوە ئەویش **لە نووسەیری کوڕی زوعلوقەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ڕەبیعی کوڕی** خوثەیم ئەوەندە **دەرگیا تا ڕیشی تەڕ دەبوو دەخوسا؛ جا دوایی دەیفەرموو: ئێمە چاومان بە** کەساتێکی وا کەوتووە **کە ئێمە لەچاو ئەوانا دزین! (واتە: ئەوان هێندە باوەڕدارو خواپەرست بوون کە ئێمە هەرچەندە خواپەرست و باوەڕدارین لە چاو ئەوانا وەک دزین).**

١٩٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، وَعَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ نُسَيْرِ بْنِ ذُعْلُوقٍ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيِّ قَالَ: حَدَّثَنِي مَنْ صَحِبَ الرَّبِيعَ بْنَ خُثَيْمٍ عِشْرِينَ سَنَةً قَالَ: فَمَا سَمِعْتُ مِنْهُ كَلِمَةً تُعَابُ ".

واتە: وەکیع و عەبدولڕەحمان لە سوفیانەوە ئەویش لە نووسەیری کوڕی زوعلوقەوە ئەویش لە ئیبراهیمی تەیمییەوە دەفەرموێت: یەکێک کە بیست ساڵ هاوڕێیەتی ڕەبیعی کردبوو بۆ منی گێڕایەوە گوتی: لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا وشەیەکم لە ڕەبیع نەبیست دوایی لەسەر ئەو وشەیە گلەیی لێ بکرێ!

١٩٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ نُسَيْرٍ، أَنَّ الرَّبِيعَ بْنَ خُثَيْمٍ، كَانَ إِذَا أَتَوْهُ يَقُولُ: «أَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شَرِّكُمْ».

واتە: عەبدولڕەحمان لە سوفیانەوە ئەویش لە نووسەیرەوە ئەویش لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە گێڕایەوە: هەر کاتێ دەچونە خزمەت ڕەبیع دەیفەرموو: پەنا دەگرم بە خوای گەورە لە شەڕو خراپەی ئێوە!

١٩٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: قَالَتِ ابْنَةُ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ: يَا أَبَتَاهُ النَّاسُ يَنَامُونَ وَلَا أَرَاكَ تَنَامُ قَالَ: «يَا بُنَيَّةُ إِنَّ أَبَاكِ يَخَافُ السَّيِّئَاتِ».

واتە: سەییار لە جەعفەرەوە ئەویش لە کچەکەی ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: باوکە! خەڵکی هەموو دەخەون؛ بەڵام نابینم تۆ بخەوی! ڕەبیع لە وەڵاما دەیفەرموو: کچی خۆم! باوکت لە خراپە دەترسێ!

١٩٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنَا إِسْرَائِيلُ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ مَسْرُوقٍ، عَنِ الْمُنْذِرِ الثَّوْرِيِّ، عَنِ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ قَالَ: كَانَ إِذَا جَاءَهُ الرَّجُلُ قَالَ: " يَا عَبْدَ الله اتَّقِ الله فِيمَا عُلِّمْتَ وَمَا اسْتُؤْثِرَ بِهِ عَلَيْكَ فَكِلْهُ إِلَى عَالِمِهِ، لَأَنَا فِي الْعَمَلِ أَخْوَفُ مِنِّي عَلَيْكُمْ فِي الْخَطَأِ وَمَا خِيَارُكُمُ الْيَوْمَ بِخَيْرِهِ وَلَكِنَّهُ أَخْيَرُ مِنْ آخَرَ شَرٌّ مِنْهُ، لَا يَتَّبِعُونَ الْخَيْرَ حَقَّ اتِّبَاعِهِ وَلَا يَفِرُّونَ مِنَ الشَّرِّ حَقَّ فِرَارِهِ، مَا كُلُّ مَا نَزَلَ عَلَى مُحَمَّدٍ أَدْرَكْتُمْ وَلَا كُلُّ مَا تَقْرَءُونَ تَدْرُونَ مَا هُوَ، ثُمَّ يَقُولُ: السَّرَائِرَ السَّرَائِرَ الَّتِي تَخْفَى عَلَى النَّاسِ وَهِيَ عِنْدَ الله بَوَادٍ الْتَمِسُوا دَوَاءَهُنَّ ثُمَّ يَقُولُ: وَمَا دَوَاؤُهُنَّ يَتُوبُ ثُمَّ لَا يَعُودُ ".

واتە: عەبدولڕەحمان لە ئیسرائیلەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی مەسروقەوە ئەویش لە مونزیری ثەورییەوە ئەویش لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە گێڕایەوە فەرمووی: هەر جارێ پیاوێک هاتبا بۆ لای ڕەبیع؛ دەیفەرموو: ئەی بەندەی خودا! لە خودا بترسە سەبارەت بەو شتانەی پێت گوتراوە و دەیزانیی و بەوانەش کە شاراونەتەوە؛ هەمووی هەواڵەی زاناکەی بکە؛ من زیاتر لە کارە چاکەکانتان دەترسم تا کارە هەڵەکان (واتە: لەوە ترساوە کە کارە چاکەکان بۆ ڕیا بێت) چاکەکەی ئێوە ئەمڕۆ چاکترین ینە؛ بەڵکوو لە کەسێک چاکترە کە ئەو کەسە هێندەی ئەم چاک نییە؛ وەک پێویست شوێنی حەق ناکەوون؛ وەک پێویست لە خراپە دوور ناکەونەوە؛ خۆ ئێوە هەموو ئەو شتانە نازانن کە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دابەزیوە؛ لە هەموو ئەو شتانەش تێناگەن کە دەیخوێننەوە.. دوایی دەیفەرموو: ئاگاداری نهێنییەکانتان بن! ئاگاداری نهێنییەکانتان بن! ئەوانەی کە لە خەڵکەوە دیار نییە و لای خوا لە شوێنێکیترو شیوێکیترە.. بو دوای دەرمانی ئەوانەدا بگەڕێن.. دوایی دەیفەرموو: دەرمانەکەی هەر ئەوەیە تەوبە بکەن و ئیتر نەچنەوە سەر ئەو تاوانانە!

١٩٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ يُونُسَ، حَدَّثَنَا أَبُو الْأَحْوَصِ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ مَسْرُوقٍ، عَنْ مُنْذِرٍ قَالَ: قَالَ الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْمٍ: " كَانَ يُتَحَاكَمُ إِلَى رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ قَبْلَ الْإِسْلَامِ واخْتُصَّ فِي الْإِسْلَامِ، قَالَ الرَّبِيعُ: وَحَرْفٌ وَحَرْفٌ ﴿ مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ ٱللَّهَ ﴾ النساء: ٨٠ ".

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە ئەحمەدی کوڕی یونسەوە ئەویش لە باوکی ئەحوەصەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی مسەروقەوە ئەویش لە مونزیرەوە دەفەرموێت: ڕەبیعی کوڕی خوثەیم فەرمووی: لە سەردەمێ نەفامیشدا لە پێش ئیسلاما خەڵکی کێشەکانیان دەهێنایە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆیان چارەسەر بکات و پێغەمبەر (ﷺ) دەکرا بە داوەر؛ بەڵام لە دوای ئیسلام ئیتر هەمووان کێشەی خۆیان دەهێنایە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ).. ڕەبیع دەفەرموێت: قسەیەو قسە: هەر کەسێ گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکات ئەوە گوێڕایەڵی خوای گەورەی کردووە.

١٩٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا النَّضْرُ بْنُ إِسْمَاعِيلَ، أَنْبَأَنَا سُلَيْمَانُ الْأَعْمَشُ قَالَ: مَرَّ الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْمٍ فِي الْحَدَّادِينَ قَالَ: فَنَظَرَ إِلَى كِيرٍ قَالَ: وَصَعِقَ، قَالَ الْأَعْمَشُ: «فَمَرَرْتُ بِالْحَدَّادِينَ لِأَتَشَبَّهَ بِهِ فَلَمْ يَكُنْ عِنْدِي خَيْرٌ».

واتە: نەزرەی کوڕی ئیسماعیل لە سولەیمانی کوڕی ئەعمەشەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕەبیعی کوڕی خوثەیم دای بە لای ئاسنگەرەکانا؛ تەماشای کورەکەی کردن و بورایەوە.. ئەعمەش دەفەرموێت: منیش ڕۆیشتم دام بە لای ئاسنگەرەکاناو تەماشای کورەکەیانم کرد بۆ ئەوەی وەک ڕبیع بیمورێمەوە؛ بەڵام من چاکەم نەبوو؛ نەبورامەوە!

١٩٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي النَّضْرُ بْنُ إِسْمَاعِيلَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْمَلِكِ الْأَصْبَهَانِيُّ، عَمَّنْ حَدَّثَهُ، عَنِ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ، أَنَّهُ قَالَ لِأَصْحَابِهِ: مَا الدَّاءُ؟ وَمَا الدَّوَاءُ؟ وَمَا الشِّفَاءُ؟ قَالُوا: لَا قَالَ: «الدَّاءُ الذُّنُوبُ، وَالدَّوَاءُ الِاسْتِغْفَارُ، وَالشِّفَاءُ أَنْ تَتُوبَ فَلَا تَعُودَ».

واتە: نەزرەی کوڕی ئیسماعیل لە عەبدولمەلیکی ئەصبەهانییەوە ئەویش لە کەسێکەوە کە بۆی گێڕابویەوە ئەویش لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە ؛ بە هاوڕێکانی فەرموو: دەزانن دەرد و نەخۆشی چییە؟ دەرمان چییە؟ شیفاو چاکبوونەوە چییە؟ گوتیان: نە! فەرمووی: دەرد و نەخۆشی تاوانە؛ دەرمانەکەی استغفرالله کردنە؛ شیفاکەیشی تەوبەیەکی وایە کە جارێکیتر نەچیتەوە سەر ئەو تاوانە.

١٩٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله قَالَ قَرَأْتُ عَلَى أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ مَهْدِيٍّ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ أَبِي يَعْلَى، عَنِ الرَّبِيعِ قَالَ: " مَا أُحِبُّ مُنَاشَدَةَ الْعَبْدِ رَبَّهُ عَزَّ وَجَلَّ بِقَوْلِهِ: رَبِّ قَضَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ الرَّحْمَةَ، قَضَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ كَذَا يَسْتَبْطِئُ، وَمَا رَأَيْتُ أَحَدًا يَقُولُ: رَبِّ قَدْ أَدَّيْتُ مَا عَلَيَّ فَأَدِّ مَا عَلَيْكَ ".

واتە: کوڕی مەهدی لە سوفیانەوە ئەویش لە باوکییەوە ئەویش لە باوکی یەعلاوە ئەویش لە ڕەبیعەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: من ئەوەم پێ خۆش نییە کە مرۆڤ داوا لە خوای گەورە بکات و بڵێ: خوایە تۆ خۆت سۆزو بەزەییت لەسەر خۆت بڕیارداوە! خوایە تۆ ئەوە-و ئەوەت لەسەر خۆت بڕیار داوە! بەو قسانە ئەوە دەردەخا کە سۆزو بەزەیی خوای پێ نەگەیشتووە! کەسم نەدیوە بڵێ: خوایە! ئەوەم جێبەجێ کرد کە تۆ لە منت جاوا کردووە و تۆش بەڵێنی خۆت جێبەجێ بکە!

١٩٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ أَبِيهِ، عَنِ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ قَالَ: «مَا غَائِبٌ يَنْتَظِرُهُ الْمُؤْمِنُ خَيْرًا له مِنَ الْمَوْتِ».

واتە: عەبدولڕەحمان لە سوفیانەوە ئەویش لە باوکییەوە ئەویش لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە دەفەرموێت: هیچ شتێکی نادیار نییە مرۆڤ چاوەڕێی بێت و لە مردن چاکتر بێ!

١٩٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ أَبِي يَعْلَى، وَبَكْرِ بْنِ مَاعِزٍ، عَنِ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ قَالَ: «إِنَّ لِلْحَدِيثِ ضَوْءًا كَضَوْءِ النَّهَارِ تَعْرِفُهُ، وَظُلْمَةً كَظُلْمَةِ اللَّيْلِ تُنْكِرُهُ».

واتە: عەبدولڕەحمان لە سوفیانەوە ئەویش لە باوکییەوە ئەویش لە باوکی یەعلاو لە بەکری کوڕی ماعزەوە ئەویش لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە فەرموویەتی: بەڕاستی قسەکردن تیشکێکی هەیە وەکوو تیشکی ڕۆژ وایەو پاڵپشتی ئەو قسەیە دەکات؛ یان تاریکاییەکی هەیە وەکوو تاریکایی شەو وایەو ڕقی لەو قسەیە دەبێتەوە.

١٩٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ جَعْفَرٍ الرَّقِّيُّ، حَدَّثَنَا أَبُو الْمَلِيحِ، عَنْ يُوسُفَ بْنِ الْحَجَّاجِ الْأَنْمَاطِيِّ قَالَ: سَمِعْتُ الرَّبِيعَ بْنَ خُثَيْمٍ، يَقُولُ: «لَأَنْ أُقَلِّبَ بِيَدِي شُحُومَ خِنْزِيرٍ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أُقَلِّبَ بِكَفِّي النَّرْدَشِيرَ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر لە باوکی مەلیحەوە ئەویش لە یوسفی کوڕی حەججاجی ئەنماتیەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیم بوو دەیفەرموو: ئەگەر من چنگ بخەمە ناو بەزو پیوی بەرازەوە هێشتا لەوە پێم خۆشترە کە دەست بدەمە تاوڵەوە!

١٩٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا خَالِدُ بْنُ خِدَاش، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ أَبِي عُيَيْنَةَ، عَنْ وَصَّال، مَوْلَى أَبِي عُيَيْنَةَ، عَنْ لَقِيط، أَنَّ رَجُلًا، جَاءَ إِلَى الرَّبِيع بْن خُثَيْم فَقَالَ: إِنَّ آت يَأْتِينِي مُنْذُ ثَلَاث فَيَقُولُ: أَخْبِر الرَّبِيعَ بْنَ خُثَيْم أَنَّهُ مِنْ أَهْل النَّار فَيَتَعَوَّذ وَيَتْفُلَ عَنْ يَسَارِه ثَلَاثًا، فَأَتَاهُ الْغَدَاةَ فَقَالَ: أَتَانِي اللَّيْلَةَ آت بِكَلْب أَسْوَدَ فِي عُنُقِه سِلْسِلَةٌ وَفِي وَجْهِه ثَلَاثُ شَجَّات، فَقَالَ: «هَذَا الَّذِي يُوَسْوِسُ لَكَ الرُّؤْيَا فِي الرَّبِيع».

واتە: خالیدی کوڕی خیداش لە موحەممەدی کوڕی باوکی عویەینەوە ئەوەیش لە وەصصالەوە ئەویش لە لەقیتەوە دەگێڕێتەوە کە پیاوێک هات بۆ لای ڕەبیعی کوڕی خوثەیم و پێی گوت: سێ شەوە یەکێک دێتە خەوم پێم دەڵێ: برۆ بە ڕەبیع بڵێ کە دۆزەخییە! جا ئەو پیاوەش هەموو شەوێک لە خەوەکەی بە ئاگا دەهاتەوە پەنای دەگرت بە خوای گەورە و سێ جار فوی دەکرد بە لای چەپدا؛ جا بەیانییەك هاتە خزمەتی ڕەبیع و گوتی: ئەمشەو یەکێک لەخەوما سەگێکی ڕەشی هێنا؛ زنجیرێک کرابویە ملیەوە و دەموچاوی سێ برینی تیابوو؛ کەسەکە گوتی: ئەمە ئەو کەسەیە کە ئەو سێ شەوە لەسەر یەک سەبارەت بە ڕەبیع تووشی گومان و وەسوەسەی دەکردی.

١٩٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، عَنْ عَبْد الْوَاحِد، يَعْنِي ابْنَ زِيَاد عَنْ عَبْد الله بْن الرَّبِيع بْن خُثَيْم، عَنْ أَبِي عُبَيْدَةَ قَالَ: كَانَ إِذَا أَتَى عَبْدُ الله لَمْ يَكُنْ عَلَيْه إِذْنٌ لِأَحَد حَتَّى يَفْرُغَ كُلُّ وَاحِد مِنْهُمَا مِنْ صَاحِبِه وَكَانَ يَقُولُ: «لَوْ رَآكَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ لَأَحَبَّكَ وَمَا رَأَيْتُكَ إِلَّا ذَكَرْتُ الْمُخْبِتِينَ».

واتە: عەبدولواحید واتە: کوڕی زیاد لە عەبدوڵڵای کوڕی ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە ئەویش لە باوکی عوبەیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود عادەتی وا بوو هەر جارێ ڕەبیعی کوڕی خوثەیم بڕۆشتایەتە خزمەتی مۆڵەتی کەسیتری نەدەدا تا ڕەبیع هەڵتەسایە؛ جا بە ڕەبیعی دەفەرموو: ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆی ببینیایە ئەوا خۆشی دەویستی؛ من هەر جارێ تۆ دەبینم ئەوانەم بیر دەکەوێتەوە کە ملکەچ و فەرمانبەردارن.

١٩٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ مُنْذِر قَالَ: كَانَ الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْم يَكْنُسُ الْحُشَّ بِنَفْسِه، فَقِيلَ له: إِنَّكَ تُكْفَى هَذَا قَالَ: «إِنِّي أُحِبُّ أَنْ آخُذَ بِنَصِيبِي مِنَ الْمِهْنَة».

واتە: وەکیع لە ئەعمەشەوە ئەویش لە مونزیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕەبیعی کوڕی خوثەیم خۆی ناوماڵی گسک دەدا؛ پێی گوترا: دەی تۆ ئەمەت بەسەو کارەکانت بۆ دەکات (مەبەستیان لەوە بووە کە خزمەتکارەکەی دەتوانێ کارەکان بکات) ڕەبیع دەیفەرموو: من پێم خۆشە منیش بەشی خۆم کاری ناوماڵ بکەم.

١٩٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، حَدَّثَنَا مُغِيرَةُ قَالَ: أَصَابَ الرَّبِيعَ بْنَ خُثَيْمٍ الْفَالِجُ، فَكَانَ يُحْمَلُ إِلَى الصَّلَاةِ".

واتە: جەریر لە موغیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕەبیعی کوڕی خوثەیم تووشی شەلەپەتەیی بوو؛ هەڵیاندەگرت بۆ نوێژ.

١٩٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ لَيْثٍ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: «الْفَالِجُ دَاءُ الْأَنْبِيَاءِ عَلَيْهِمُ السَّلَامُ».

واتە: جەریر لە لەیثەوە ئەویش لە ئەبوهورەیرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: شەلەپەتەیی نەخۆشی پێغەمبەرانە (مەبەستی ئەوەیە لە کاتی وەفاتا تووشی شەلەپەتەیی دەبوون).

١٩٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ أَبِي حَيَّانَ، عَنْ أَبِيه قَالَ: أَصَابَ الرَّبِيعَ الْفَالِجُ فَكَانَ يُحْمَلُ إِلَى الصَّلَاةِ، فَقِيلَ له: إِنَّهُ قَدْ رُخِّصَ لَكَ قَالَ: «قَدْ عَلِمْتُ وَلَكِنِّي أَسْمَعُ النِّدَاءَ بِالْفَلَاحِ».

واتە: جەریر لە باوکی حەییانەوە ئەویش لە باوکی خۆیەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕەبیع تووشی شەلەپەتەیی بوو (تووشی جەڵتە ببو) هەڵیاندەگرت بۆ نوێژ؛ پێی گوترا: دەی خۆ مۆڵەتی ئەوەت پێدراوە (بە ڕاکشاوی و لە ماڵەوە) نوێژ بکەی! دەیفەرموو: دەزانم؛ بەڵام بانگم دەکەن بۆ سەرفەرازی.

١٩٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ إِسْحَاقَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ الْمُبَارَك، أَنْبَأَنَا عِيسَى بْنُ عُمَرَ، عَنْ عَمْرِو بْنِ مُرَّةَ قَالَ: جَاءَ الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْمٍ إِلَى أُمِّ وَلَده فَقَالَ: اصْنَعِي لَنَا طَعَامًا، وَأَطْيِبِي فَإِنَّ لِي أَخًا أُحِبُّهُ أُرِيدُ أَنْ أَدْعُوَهُ فَزَيَّنَتْ بَيْتَهَا وَصَنَعَتْ مَجْلِسَهُ وَصَنَعَتْ طَعَامًا وَأَطَابَتْهُ ثُمَّ قَالَتْ: ادْعُ أَخَاكَ، فَذَهَبَ إِلَى سُلَالٍ جَارٍ له قَدْ ذَهَبَ بَصَرُهُ فَجَاءَ بِه حَتَّى أَجْلَسَهُ فِي كَرِيمِ مَجْلِسِه ثُمَّ قَالَ: قَرِّبِي طَعَامَك، فَقَالَتْ: فَمَا صَنَعْتُ هَذَا الطَّعَامَ إِلَّا لِهَذَا قَالَ: وَيْحَك قَدْ صَدَقْتُك هَذَا أَخِي وَأَنَا أُحِبُّهُ فَجَعَلَ يَأْخُذُ مِنْ طَيِّبِ ذَلِكَ الطَّعَامِ فَيُنَاوِله ".

• واته: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە عەلیی کوڕی ئیسحاقەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی موبارەکەوە فەرمووی: عیسای کوڕی عومەر لە عەمری کوڕی موڕڕەوە بۆی گێڕاینەوە فەرموویەتی: ڕەبیعی کوڕی خوثەیم ڕۆیشت بۆ لای خێزانەکەی و پێی گوت: خواردنێکم بۆ چاک بکە؛ با خواردنێکی پاك و خۆش بێ؛ برادەرێکم هەیە زۆرم خۆش دەوێ دەمەوێ دەعوەتی بکەم! ژنەکەی ڕەبیع ماڵی ڕازاندەوە و جێگای بۆ ڕاخستن و خواردنێکی پاك و خۆشی ئامادە کرد؛ دوایی گوتی: دەی بڕۆ برادەرەکەت بانگ بکە! ڕەبیع ڕۆیشت دراوسێیەکیان هەبوو تەیکەچن بوو؛ چاوەکانی کوێر ببوو؛ ڕۆیشت و هێنای بۆ ماڵی خۆیان و لە شوێنێکی باشا دایناو دوایی فەرمووی: حورمێ! خواردنەکە بێنە! ژنەکەی گوتی: ئەوە من ئەم خواردنەم بۆ ئەمە دروست کردووە؟! ڕەبیع فەرمووی: قوڕت بەسەر! من ڕاستم لەگەڵا کردی؛ ئەمە برادەری منەو من زۆرم خۆش دەوێ؛ ئیتر هەروا لە خواردنە خۆشەکەی دەخستە بەردەم پیاوە کوێرەکەوە و ئەویش لێی دەخوارد.

١٩٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيد، حَدَّثَنَا ابْنُ حَيَّانَ، حَدَّثَنِي أَبِي قَالَ: كَانَ الرَّبِيعُ بَعْدَمَا سَقَطَ شِقُّهُ يُهَادَى بَيْنَ رَجُلَيْنِ إِلَى مَسْجِدِ قَوْمِهِ وَكَانَ أَصْحَابُ عَبْدِ الله يَقُولُونَ: يَا أَبَا يَزِيدَ قَدْ رُخِّصَ لَكَ لَوْ صَلَّيْتَ فِي بَيْتِكَ، فَيَقُولُ: إِنَّهُ كَمَا تَقُولُونَ وَلَكِنِّي سَمِعْتُهُ يُنَادِي حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ، فَمَنْ سَمِعَهُ مِنْكُمْ يُنَادِي حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ فَلْيُجِبْهُ وَلَوْ زَحْفًا وَلَوْ حَبْوًا ".

واته: یەحیای کوڕی سەعید لە کوڕی حەییانەوە فەرموویەتی: باوکم بۆی گێڕامەوە فەرمووی: دوای ئەوەی ڕەبیع لایەکی تووشی شەلەپەتەیی بوو (واته: تووشی جەڵتە بوو) دوو پیاو دەچوونە بن دەستەکانی و دەیانبرد بۆ مزگەوتی گەڕەك؛ هاوڕێکانی ڕەبیع (لە ئەسەرەکەدا بە هەڵە نووسراوە: عبدالله.و) دەیانگوت: باوکی یەزید! خۆ تۆ ڕوخسەتی ئەوەت پێدراوە لە ماڵەوە نوێژ بکەیت؛ بۆچی دێی بۆ مزگەوت؟ دەیفەرموو: قسەکەی ئێوە تەواوە؛ بەڵام من گوێم لە بانگبێژ بوو دەیفەرموو: حي على الفلاح واته: وەرن بۆ ڕزگاری دونیا و قیامەت؛ دەی هەر کەسێک لە ئێوە گوێی لە بانگی حي على الفلاح بوو با بچێت بەدەم بانگەکەوە ئەگەرچی بە گاگۆڵکێ و سینگەخشێ بڕوات.

١٩٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى، عَنْ أَبِي حَيَّانَ، حَدَّثَنَا أَبِي، عَنِ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ قَالَ: «لَا تُشْعِرُوا بِمَوْتِي أَحَدًا وَسُلُّونِي إِلَى رَبِّي سَلًّا».

واته: یەحیا لە باوکی حەییانەوە گێڕایەوە فەرمووی: باوکم لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە گێڕایەوە فەرمووی: هەر کاتێ مردم کەس ئاگادار مەکەن و بە پەلە بەرەو بارەگای خوای گەورەم بنێرن.

١٩٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ يَزِيدَ بْنِ خُنَيْسٍ الْمَكِّيُّ، عَنْ سُفْيَانَ قَالَ: بَلَغَنَا عَنْ أُمِّ رَبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ، كَانَتْ تُنَادِي ابْنَهَا رَبِيعًا تَقُولُ: يَا رَبِيعُ أَلَا تَنَامُ، فَيَقُولُ: "يَا أُمَّهْ مَنْ جَنَّ عَلَيْهِ اللَّيْلُ وَهُوَ يَخَافُ السَّيِّئَاتِ حَقَّ له أَلَّا يَنَامَ قَالَ: فَلَمَّا بَلَغَ وَرَأَتْ مَا يَلْقَى مِنَ الْبُكَاءِ وَالسَهَرِ نَادَتْهُ فَقَالَتْ: يَا بُنَيَّ لَعَلَّكَ قَتَلْتَ قَالَ: نَعَمْ يَا وَالِدَةُ قَدْ قَتَلْتُ قَتِيلاً. فَقَالَتْ: وَمَنْ هَذَا الْقَتِيلُ يَا بُنَيَّ حَتَّى نَتَحَمَّلَ إِلَى أَهْلِه فَيُغْتَفَرَ لَكَ، وَالله لَوْ يَعْلَمُونَ مَا تَلْقَى مِنَ السَّهَرِ وَالْبُكَاءِ بَعْدُ، لَقَدْ رَحِمُوكَ فَقَالَ: «يَا وَالِدَةُ هِيَ نَفْسِي».

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە موحەممەدی کوڕی یەزیدی کوڕی خونەیسەوە ئەویش لە سوفیانەوە فەرموویەتی: لە دایکی ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە پێمان گەیشتووە کە بانگی ڕەبیعی کوڕی دەکردو دەیفەرموو: ڕەبیع ئەوە ناخەوی؟ ڕەبیع لە وەڵاما دەیفەرموو: دایکە! هەر کەسێ شەوی بەسەرا هات و لە خراپەو تاوان دەترسا؛ مافی خۆیەتی نەخەوێت.. دەفەرموێت: جا کە زانیی ڕەبیع شەوانە ئەوەندە دەگری و شەونخونی دەکات بانگی ڕەبیعی دەکردو دەیگوت: کوڕی خۆم! دەڵێی کەسێکت کوشتووە! ڕەبیعیش دەیگوت: بەڵێ دایکە بەڕاستی کوژراوێکم کوشت! ئەویش دەیگوت: ئەو کوژراوە کێیە کوڕم با تەرمەکەی ببەین بۆ لای کەسوکاری بەڵکوو لێت خۆش ببن!؟ بەخوا بزانن ئەوەندە دەگریت و ئەوەندە شەونخونی دەکەی بەزەییان دێتەوە بە تۆدا! ڕەبیع دەیفەرموو: دایە گیان! نەفس و حەزو ئارەزووەکانی خۆمم کوشتووە!

١٩٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو أَحْمَدَ، حَدَّثَنَا رِزَامُ بْنُ سَعِيدٍ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: جَاءَ الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْمٍ إِلَى مَسْجِدِنَا فَرَبَطَ بَغْلَتَهُ وَدَخَلَ الْمَسْجِدَ يُصَلِّي فَانْحَلَّتِ الْبَغْلَةُ فَذَهَبَ بِهَا فَخَرَجَ، فَسَأَلْنَا فَقُلْنَا: مَا تَدْرِي فَقُلْنَا له: أَمَا تَدْعُو عَلَيْهِ، فَقَالَ: «ذَرُوهُ لَعَله يَتُوبُ فَيَتُوبَ الله عَلَيْهِ وَيَسْتَقْبِلُ الْعَمَلَ».

واتە: باوکی ئەحمەد لە ڕیزامی کوڕی سەعیدەوە ئەویش لە باوکییەوە دەفەرموێت: ڕەبیعی کوڕی خوثەیم هات بۆ مزگەوتەکەی ئێمە؛ قاترەکەی بەستەوە و هاتە مزگەوتەوە و دەستی بەنوێژ کرد؛ قاترەکەی بەربوو برا؛ ڕەبیع هاتە دەرەوە پرسیارمان لێ کرد گوتمان: ئەی توك و نەفرەت ناکەی لەو کەسەی دزیویەتی؟ فەرمووی: لێیگەڕێن بەڵکوو تەوبە بکات و خوای گەورە لێی خۆش ببێت و ڕوو لە کار و کردەوەی چاکە بکات!

١٩٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنْ أَبِي رَزِينٍ، عَنِ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ: ﴿ فَلْيَضْحَكُوا قَلِيلًا ﴾ التوبة: ٨٢ الدُّنْيَا، ﴿ وَلْيَبْكُوا كَثِيرًا ﴾ التوبة: ٨٢ الْآخِرَةُ ".

واتە: وەکیع لە سوفیانەوە ئەویش لە مەنصورەوە ئەویش لە باوکی ڕەزینەوە ئەویش لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە گێڕایەوە سەبارەت بە تەفسیری ئایەتی ﴿ فَلْيَضْحَكُوا قَلِيلًا ﴾ فەرمووی: مەبەست دونیایە (واتە: لە دونیادا زۆر بە کەمی پێبکەنن) ﴿وَلْيَبْكُوا كَثِيرًا ﴾ ش مەبەست ئەو دونیایە (زۆر بۆ ئەو دونیا بگریین).

٢٠٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ مُنْذِرٍ الثَّوْرِيِّ، عَنِ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْمٍ: ﴿ فَأَمَّا إِن كَانَ مِنَ الْمُقَرَّبِينَ ﴿٨٨﴾ فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ ﴾ الواقعة: ٨٨ - ٨٩ قَالَ: هَذَا لَه عِنْدَ الْمَوْتِ وَيُخَبَّأُ لَه فِي الْآخِرَةِ الْجَنَّةُ: ﴿ وَأَمَّا إِن كَانَ مِنَ الْمُكَذِّبِينَ الضَّالِّينَ ﴿٩٢﴾ فَنُزُلٌ مِّنْ حَمِيمٍ ﴿٩٣﴾ وَتَصْلِيَةُ جَحِيمٍ ﴿٩٤﴾ ﴾ الواقعة: ٩٢ - ٩٤ قَالَ: هَذَا لَه عِنْدَ الْمَوْتِ وَيُخَبَّأُ لَه فِي الْآخِرَةِ النَّارُ ".

واتە: وەکیع لە سوفیانەوە ئەویش لە بواکیەوە ئەویش لە مونزیری ثەورییەوە ئەویش لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە گێڕایەوە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿ فَأَمَّا إِن كَانَ مِنَ الْمُقَرَّبِينَ ﴿٨٨﴾ فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ ﴾ فەرموویەتی: ئەوە لە کاتی سەرەمەرگایە؛ دوای ئەوەش بەهەشت و خۆشیی ناو بەهەشتی بۆ هەڵگیراوە (بۆ دوای قیامەت) مەبەستیش لە ﴿ وَأَمَّا إِن كَانَ مِنَ الْمُكَذِّبِينَ الضَّالِّينَ ﴿٩٢﴾ فَنُزُلٌ مِّنْ حَمِيمٍ ﴿٩٣﴾ وَتَصْلِيَةُ جَحِيمٍ ﴿٩٤﴾ ﴾ کاتی مردنە؛ ئیتر ئاگری دۆزەخی بۆ هەڵگیراوە (بۆ دوای قیامەت).

٢٠٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَسْوَدُ بْنُ عَامِرٍ، أَنْبَأَنَا الرَّبِيعُ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: قَالَ الرَّبِيعُ: «إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا شَاءَ ذَكَرَ رَبَّهُ عَزَّ وَجَلَّ وَهُوَ ضَامٌّ شَفَتَيْهِ».

واتە: ئەسوەدی کوڕی عامر لە ڕەبیعەوە دەگێڕێتەوە ئەویش لە باوکییەوە فەرموویەتی: ڕەبیع فەرمووی: مرۆڤ ئەگەر بیەوێ دەتوانێ لێوەکانی قوچابێت و یاد و زیکری خوای گەورەش بکات (مەبەستی یاد و زیکری دڵ . زیکری قەلبی . ییە).

٢٠٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ الْحُسَيْنِ، حَدَّثَنَا رَبِيعُ بْنُ مُنْذِرٍ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: «رَأَيْتُ الرَّبِيعَ بْنَ خُثَيْمٍ يَقْرَأُ فِي الْمُصْحَفِ وَلَا يُحَرِّكُ شَفَتَيْهِ».

واتە: حەسەنی کوڕی حوسەین لە ڕەبیعی کوڕی مونزیرەوە ئەویش لە بواکیەوە فەرموویەتی: ڕەبیعی کوڕی خوثەیمم بینی قورئانی بە دەستەوەبوو دەیخوێندەوە و لێوەکانیشی نەدەجوڵاند.

٢٠٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا طَلْقُ بْنُ غَنَّام، حَدَّثَنَا كَامِلُ بْنُ الْعَلَاء، عَنْ مُنْذِر الثَّوْرِيِّ، عَنِ الرَّبِيعِ بْنِ خُثَيْم، أَنَّهُ قَالَ لأَهْلِه اصْنَعُوا لِي طَعَامًا، فَإِنِّي أُرِيدُ أَنْ أَدْعُوَ فُقَرَاءَ مِنْ أَصْحَابِي فَصَنَعُوا له طَعَامًا فَأَتَى الْمَسْجِدَ فَجَمَعَ فُقَرَاءَ مِنَ الزَّمْنَى فَأَتَى بِهِمْ فَأَطْعَمَهُمْ ذَلِكَ الطَّعَامَ قَالَ: فَقَالَ له أَهْله: هَؤُلَاءِ أَصْحَابُكَ؟ قَالَ: «نَعَمْ هَؤُلَاءِ أَصْحَابِي».

واتە: تەڵقی کوڕی غەننام لە کامیلی کوڕی عەلا ئەویش لە مونزیری ثەورییە ئەویش لە ڕەبیعی کوڕی خوثەیمەوە گێڕایەوە کە ڕەبیع بە ژنەکەی گوت: خواردنێکمان بۆ ئامادە بکە دەمەوێ هەندێک لە هاوڕێ هەژارەکانم دەعوەت بکەم! لە ماڵەوە خواردنێکیان بۆ ئامادە کرد و ئەویش هاتە مزگەوت و کۆمەڵێک لە هەژارە نەخۆشەکانی کۆ کردەوە و بردنییەوە بۆ ماڵەوە و ئەو خواردنەی پێدان؛ ژنەکەی پێیگوت: ئەمانە هاورێکانی تۆن؟ ڕەبیع فەرمووی: بەڵێ! ئەمانە هاوڕێی منن!

٢٠٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، حَدَّثَنَا إِسْرَائِيلُ، عَنْ سَعِيد بْنِ مَسْرُوق، عَنْ مُنْذِر الثَّوْرِيِّ قَالَ: كَانَ الرَّبِيعُ إِذَا سَجَدَ فِي الرَّعْد قَالَ: «بَلْ طَوْعًا يَا رَبَّاهُ».

واتە: عەبدولڕەحمان لە ئیسرائیلەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی مەسروقەوە ئەویش لە مونزیری ثەورییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕەبیع هەر جارێ لە کاتی خوێندنەوەی سورەتی ڕەعدا سەجدەی ببردایە دەیفەرموو: بە ملکەچییەوە و بە ڕەزامەندییەوە ئەی خوایە! (مەبەست ئەوەیە کە خوای گەورە لە سورەتی الرعد دا دەفەرموێت: ﴿ وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَظِلَالُهُم بِالْغُدُوِّ وَالْآصَالِ ۩ ﴾ الرعد: ١٥. واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، لەسەر ڕەزامەندیی خۆیان بێ یان بە ناچاریی سوژدە بۆ خوای بەدیهێنەر دەبەن هاوڕێ لەگەڵ سێبەرەکانیاندا لە بەرەبەیان و دەمەو ئێواراندا. جا سوننەتە مرۆڤ لە کاتی خوێندنەوەی ئەم ئایەتەدا سەجدەی تیلاوە ببات؛ ڕەبیع سەجدەی دەبردو دەیفەرموو: بە ملکەچییەوە و بە ڕەزامەندییەوە ئەی خوایە!).

٢٠٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنُ بْنُ عَلِيٍّ، عَنْ مُحَمَّد، رَجُلٌ مِنْ أَسْلَمَ مِنَ الْمُبَكِّرِينَ إِلَى الْمَسْجِد قَالَ: كَانَ الرَّبِيعُ بْنُ خُثَيْم إِذَا سَجَدَ فَكَأَنَّهُ ثَوْبٌ مَطْرُوحٌ فَتَجِيءُ الْعَصَافِيرُ فَتَقَعُ عَلَيْه ".

واته: حوسەینی کوڕی عەلی لە موحەممەدەوە. موحەممەد ئەسلەمی بوو؛ یەکێک بوو لەوانەی زوو دەچون بۆ مزگەوت. جا موحەممەد دەفەرموێت: ڕەبیعی کوڕی خوثەیم هەر کاتێ سەجدەی بردبا دەتگوت پارچە پەڕۆیەکەو فڕێ دراوە. واتە: بە هیچ شێوەیەک جوڵەی نەدەما. تەنانەت چۆلەکە دەهاتن و لەسەری دەنیشتنەوە.

زوهد و پارسایی ئووەیسی قەرەنی (خوای لێ ڕازی بێت)

٢٠٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، وَعُبَيْدُ اللهِ بْنُ مَيْسَرَةَ بْنِ الْقَوَارِيرِيِّ قَالاَ: حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ قَيْسِ بْنِ يُسَيْرِ بْنِ عَمْرٍو، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: «كَسَوْتُ أُوَيْسًا الْقَرَنِيَّ ثَوْبَيْنِ مِنَ الْعُرْيِ».

واتە: عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدی لە سوفیانەوە ئەویش لە قەیسی کوڕ یوسەیری کوڕی عەمرەوە ئەویش لە باوکییەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئووەیسی قەرەنی ئەوەندە ڕووت بوو؛ هیچی نەبوو لەبەری بکات من دو دەست پۆشاکی خۆمم پێدا لەبەری بکات.

٢٠٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ الأَشْعَثِ بْنِ سَوَّارٍ، عَنْ مُحَارِبِ بْنِ دِثَارٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِنَّ مِنْ أُمَّتِي مَنْ لاَ يَسْتَطِيعُ أَنْ يَأْتِيَ مَسْجِدَهُ أَوْ مُصَلاَّهُ مِنَ الْعُرْيِ، يَحْجِزُهُ إِيمَانُهُ أَنْ يَسْأَلَ النَّاسَ، مِنْهُمْ أُوَيْسٌ الْقَرَنِيُّ وَفُرَاتُ بْنُ حَيَّانَ الْعِجْلِيُّ».

واتە: عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدی لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەشعەثی کوڕی سەووارەوە ئەویش لە موحاریبی کوڕی دیثارەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی لەناو ئوممەتی منا کەسی وا هەن کە لەبەر ڕوت و قوتی و بێ پۆشاکی ناتوانن بێن بۆ مزگەوت بۆ نوێژ؛ بەڵام ئیمان و بیرو باوەڕەکەیان وایان لێ دەکات داوای هیچ لە هیچ کەسێک ناکەن، یەکێک لەوانە ئووەیسی قەرەنییەو یەکێکیتر لەوانە فوراتی کوڕی حەییانی عیجلییە.

٢٠٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ الْقَاسِمِ، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ، يَعْنِي ابْنَ الْمُغِيرَةِ، حَدَّثَنِي سَعِيدٌ الْجُرَيْرِيُّ، عَنْ أَبِي نَضْرَةَ، عَنْ أُسَيْرِ بْنِ جَابِرٍ قَالَ: كَانَ يُحَدِّثُ بِالْكُوفَةِ فَيُحَدِّثُنَا فَإِذَا فَرَغَ مِنْ حَدِيثِهِ قَالَ: تَفَرَّقُوا وَيَبْقَى رَهْطُهُ فِيهِمْ رَجُلٌ يَتَكَلَّمُ بِكَلَامٍ لَا أَسْمَعُ أَحَدًا يَتَكَلَّمُ كَلَامَهُ فَأَحْبَبْتُهُ فَقَدَّمْتُهُ، فَقُلْتُ لِأَصْحَابِي: هَلْ تَعْرِفُونَ رَجُلًا كَانَ يُجَالِسُنَا كَذَا وَكَذَا؟ فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ: نَعَمْ أَنَا أَعْرِفُهُ ذَاكَ أُوَيْسٌ الْقَرَنِيُّ قَالَ: فَتَعْلَمُ مَنْزِلَهُ؟ قَالَ: نَعَمْ قَالَ: فَانْطَلَقْتُ مَعَهُ حَتَّى ضَرَبْتُ فَخَرَجَ إِلَيَّ قَالَ: قُلْتُ: يَا أَخِي مَا يَحْبِسُكَ عَنَّا؟ قَالَ: الْعُرْيُ وَكَانَ أَصْحَابُهُ يَسْخَرُونَ بِهِ وَيُؤْذُونَهُ قَالَ: قُلْتُ: خُذْ هَذَا الْبُرْدَ فَالْبَسْهُ قَالَ: لَا تَفْعَلْ فَإِنَّهُمْ إِذًا يُؤْذُونَنِي إِنْ رَأَوْهُ عَلَيَّ فَلَمْ أَزَلْ بِهِ حَتَّى لَبِسَهُ فَخَرَجَ عَلَيْهِمْ، فَقَالُوا: مَنْ تَرَوْنَ خُدِعَ عَنْ بُرْدِهِ هَذَا؟ قَالَ فَجَاءَ فَوَضَعَهُ قَالَ: أَتَرَى؟ قَالَ أُسَيْرٌ: فَأَتَيْتُ الْمَجْلِسَ فَقُلْتُ: مَا تُرِيدُونَ مِنْ هَذَا الرَّجُلِ قَدْ آذَيْتُمُوهُ؟ الرَّجُلُ يَعْرَى مَرَّةً وَيُكْسَى مَرَّةً قَالَ: فَأَخَذْتُهُمْ بِلِسَانِي أَخْذًا شَدِيدًا قَالَ: فَقَضَى أَنَّ أَهْلَ الْكُوفَةِ وَفَدُوا إِلَى عُمَرَ رَضِيَ فَوَفَدَ رَجُلٌ مِمَّنْ كَانَ يَسْخَرُ بِهِ قَالَ عُمَرُ: هَلْ هَاهُنَا أَحَدٌ مِنَ الْقَرَنِيِّينَ؟ قَالَ: فَجَاءَ ذَلِكَ الرَّجُلُ قَالَ: فَقَالَ: إِنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَدْ قَالَ: «إِنَّ رَجُلًا يَأْتِيكُمْ مِنَ الْيَمَنِ يُقَالُ لَهُ أُوَيْسٌ لَا يَدَعُ بِالْيَمَنِ غَيْرَ أُمٍّ لَهُ وَقَدْ كَانَ بِهِ بَيَاضٌ فَدَعَا الله فَأَذْهَبَهُ إِلَّا مِثْلَ مَوْضِعِ الدِّينَارِ أَوِ الدِّرْهَمِ، فَمَنْ لَقِيَهُ مِنْكُمْ فَأْمُرُوهُ فَلْيَسْتَغْفِرْ لَكُمْ» قَالَ: فَقَدِمَ عَلَيْنَا قَالَ: قُلْتُ: مِنْ أَيْنَ؟ قَالَ مِنَ الْيَمَنِ قَالَ: قُلْتُ: مَا اسْمُكَ؟ قَالَ: أُوَيْسٌ قَالَ: فَمَنْ تَرَكْتَ بِالْيَمَنِ؟ قَالَ: أُمًّا لِي قَالَ: أَكَانَ بِكَ بَيَاضٌ فَدَعَوْتَ الله فَأَذْهَبَهُ عَنْكَ؟ قَالَ ": نَعَمْ قَالَ: اسْتَغْفِرْ لِي قَالَ: أَوَيَسْتَغْفِرُ مِثْلِي لِمِثْلِكَ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ؟ قَالَ: فَاسْتَغْفَرَ لَهُ قَالَ: قُلْتُ: أَنْتَ يَا أَخِي لَا تُفَارِقُنِي قَالَ: فَأَمْلَسَ مِنِّي قَالَ: فَأُنْبِئْتُ أَنَّهُ قَدِمَ عَلَيْكُمُ الْكُوفَةَ قَالَ: فَجَعَلَ ذَلِكَ الرَّجُلُ الَّذِي يَسْخَرُ بِهِ يُحَقِّرُهُ قَالَ: يَقُولُ: مَا هَذَا فِينَا وَلَا نَعْرِفُهُ، فَقَالَ عُمَرُ: بَلَى: فَقَالَ الرَّجُلُ: إِنَّهُ رَجُلٌ كَأَنَّهُ يَضَعُ شَأْنَهُ فَقَالَ: فِينَا يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ رَجُلٌ يُقَالُ لَهُ أُوَيْسٌ نَسْخَرُ بِهِ قَالَ: أَدْرِكْ وَلَا أَرَاكَ تُدْرِكُ قَالَ: فَأَقْبَلَ ذَلِكَ الرَّجُلُ حَتَّى دَخَلَ عَلَيْهِ قَبْلَ أَنْ يَأْتِيَ أَهْلَهُ فَقَالَ لَهُ أُوَيْسٌ: مَا هَذِهِ بِعَادَتِكَ فَمَا بَدَا لَكَ؟ قَالَ: سَمِعْتُ عُمَرَ يَقُولُ فِيكَ كَذَا فَاسْتَغْفِرْ لِي يَا أُوَيْسُ قَالَ: لَا أَفْعَلُ حَتَّى تَجْعَلَ لِي عَلَيْكَ أَنْ لَا تَسْخَرَ بِي فِيمَا بَعْدُ وَأَنْ لَا تَذْكُرَ الَّذِي سَمِعْتَهُ مِنْ عُمَرَ إِلَى أَحَدٍ قَالَ: فَاسْتَغْفَرَ لَهُ، قَالَ أُسَيْرٌ: فَأَتَيْتُهُ فَدَخَلْتُ عَلَيْهِ لَيْلَةً فَقُلْتُ: يَا أَخِي أَرَاكَ تَغِيبُ وَنَحْنُ لَا نَشْعُرُ قَالَ: مَا كَانَ فِي هَذَا مَا أَتَبَلَّغُ بِهِ فِي النَّاسِ وَمَا يُجْزَى كُلُّ عَبْدٍ إِلَّا بِعَمَلِهِ قَالَ: ثُمَّ أَمْلَسَ مِنْهُمْ فَذَهَبَ ".

واتە: هیشامی کوڕی قاسم لە سولەیمانەوە واتە: کوڕی موغیرە؛ ئەویش لە سەعیدی جورەیرییەوە ئەویش لە باوکی نەزرەوە ئەویش لە ئوسەیری کوڕی جابرەوە دەگێڕێتەوە: ئوسەیر لە کوفە فەرموودەی بۆ ئێمە دەگێڕایەوە؛ جا دوای ئەوەی لێ دەبویەوە دەیفەرموو:

دەی بڵاوەی لێ بکەن! بەڵام کۆمەڵێک دەمانەوە؛ پیاوێکیان تیابوو جۆرێک قسەی دەکرد گوێم لێ نەدەبوو کەس بەو جۆرەی ئەو قسە بکات؛ لە خۆمەوە پیاوەکەو قسەکانیم پێخۆش بوو بۆیە پێش کەوتم و لێی نزیك بومەوە؛ بە هاوڕێکانم گوت: ئەرێ ئێوە ئەو پیاوە دەناسن کە ئا لەوێ و لەوێ دادەنیشت؟ پیاوێک گوتی: بەڵێ من دەیناسم؛ ئەوە ئووەیسی قەرەنییە! دەزانی ئووەیس چ پیاوێ:ی گەورە و مەزنە؟ گوتی: بەڵێ! جا دەفەرموێت: لەگەڵیا ڕۆیشتم و دام لە دەرگا هاتە دەرەوە؛ گوتم: برا ئەوە بۆچی نایەی بۆ لامان؟ فەرمووی: لەبەر ڕووت و قووتی! جا لەبەر ئەوەی پۆشاکەکانی ئەوەندە شڕ بوو؛ هاوڕێکانی گاڵتەیان پێدەکردو ئازاریان دەدا.. دەفەرموێت: گوتم: دەی ئەم پۆشاکە بگرەو لەبەری بکە! فەرمووی: نا برا کاری وا مەکە؛ ئەگەر لەبەری بکەم و بێمە دەرەوە و بمبینن ئازارم دەدەن! بەڵام من وازم نەهێناو سور بووم لەسەر ئەوەی لەبەری بکات؛ جا لەبەری کرد و هاتە دەرەوە بۆ ناو خەڵکەکە، گوتیان: ئەوە کێ دەبینن؟ بزانن ئەم پۆشاکەی بە فرت و فێڵ لە کێ سەندووە؟ دەفەرموێت: هاتەوە و پۆشاکەکەی داناو فەرمووی: دەبینی؟ ئوسەیر دەفەرموێت: من ڕۆیشتم بۆناو کۆڕو مەجلیسەکەو گوتم: ئەوە ئێوە چیتان لەو پیاوە دەوێ؟ بەو قسانە ئازارتان دا! دەی مرۆڤ جاری وا هەیە ڕووتەو جاری وا هەیە پۆشتەیە! دەفەرموێت: بە زمانی خۆم زۆر بە توندی قسەم لەگەلا کردن.. دەفەرموێت: دوایی وا ڕویدا خەڵکی کوفە وەک نوێنەر ڕۆیشتن بۆ لای پێشەوا عومەر؛ یەکێک لەو پیاوانەی تیابوو کە گاڵتەیان بە ئووەیس دەکرد؛ عومەر فەرمووی: ئایا کەستان تێدایە قەرەنی بێت؟ ئەو پیاوە هات.. عومەر فەرمووی: بەڕاستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی پیاوێک لە یەمەنەوە دێت بۆ لاتان پێی دەڵێن: ئووەیس؛ لە یەمەنا جگە لە دایکە پیرەیەک نەبێ کەسیتری نییە؛ سپیاییەک بە دەستیەوە هەیە؛ کاتی خۆی بەڵەکی هەبووە و لەخوا پاڕاوەتەوە و خوای گەورە نەخۆشییەکەی لابردووە جگە بەئەندازەی دینارێک یان دیرهەمێکی ماوە؛ جا هەر کەسێکتان پێی گەیشتن داوای لێ بکەن داوای لێخۆشبوونتان لەخوای گەورە بۆ بکات. دەفەرموێت: جا ئووەیس هات و من پێمگوت: تۆ لە کوێوە دێیت؟ گوتی: لە یەمەنەوە! گوتم: ناووت چییە؟ گوتی: ئووەیس! گوتم: ئەی لە یەمەن کێت بەجێ هێشتووە؟ گوتی: تەنیا دایکم! گوتم: ئایا سپیاییەک بە لاشەتەوە هەبووە و لەخوا بپاڕێیتەوە لای ببات و لایبردبێ؟ گوتی: بەڵێ! گوتم: داوای داوای لێبوردنم بۆ بکە لە خوای گەورە.. گوتی: دەی کەسێکی وەکوو من داوای لێخۆشبوون لە خوا بکات بۆ گەورەی باوەڕداران؟ دەفەرموێت: دوایی داوای لێخۆشبوونی بۆ پێشەوا عومەر کرد.. دەفەرموێت: گوتم: برا تۆ ئێمە بەجێ مەهێڵەو لێرە بمێنەوە! گوتی: زۆر لێم پاڕایەوە بڕوات.. دەفەرموێت: جا بیستوومە هاتووە بەرەو لای ئێوە بۆ کوفە.. جا ئەو پیاوەی کە بەردەوام گاڵتەو سوکایەتی بە ئووەیس دەکرد گوتی: ئەو جۆرە پیاوەمان تێدا نییەو نایناسین! عومەر فەرمووی: با! لای ئێوەیە.. پیاوەکە گوتی: دەی ئەو پیاوە!! وەک بڵێی ئووەیسی پێ پیاوێکی

سوك و هیچ بوو! جا گوتی: ئەی گەورەی باوەڕداران! پیاوێکمان تیایە پێی دەگوترێ ئووەیس؛ ئێمە گاڵتەی پێ دەکەین! فەرمووی: بڕۆ بگە پێی بەڵام وا تێدەگەم پێی نەگەیت و نەیبینیتەوە! دەفەرموێت: ئەو پیاوە هاتەوە بۆکوفەو پێش ئەوەی بڕواتەوە بۆ ماڵی خۆیان ڕۆیشت بۆ لای ئووەیس؛ ئووەیس پێی گوت: تۆ عادەتت نەبووە بێیت بۆ لای من؛ چی ڕویداوە؟ پیاوەکە گوتی: لە عومەرم بیست لەبارەی تۆوە ئاواو ئاوای دەگوت و پەسنی تۆی دەدا؛ توخوا ئووەیس داوای لێخۆشبوونم بۆ بکە! ئووەیس گوتی: داوای لێخۆشبوونت بۆ ناکەم بە دوو مەرج نەبێ: نابێ لەمەولا گاڵتەم پێ بکەیت و نابێ لای کەسیشا باسی ئەو قسانەی پێشەوا عومەر بکەیت! دەفەرموێت: ئووەیس داوای لێخۆشبوونی بۆ ئەو پیاوە کرد.. ئوسەیر دەفەرموێت: شەوێک ڕۆیشتم بۆ لای ئووەیس و گوتم: برا ئەوە چییە شتی سەیرو سەمەرەم بیستووە و پێشتر نەماندەزانی؟ گوتی: لەناو ئەم خەڵکەدا کارێک نەماوەتەو کە پێی بچارێم و هەر کەسێکیش بە کار و کردەوەی خۆی نەبێ پاداشت نادرێتەوە. ئیتر ئووەیس خۆی وون کرد و ڕۆیی.

٢٠٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا حُسَيْنُ بْنُ مُحَمَّدٍ، عَنْ عَرَبِيٍّ، عَنْ رَجُلٍ، لَا أَعْلَمُهُ إِلَّا سَعِيدًا الْأَزْرَقَ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ وَاسِعٍ قَالَ: " رَأَى أُوَيْسٌ رَجُلًا يُصَلِّي يَقُومُ وَيَقْعُدُ قَالَ: مَا لَكَ؟ قَالَ: أَقُومُ فَيَجِيءُ الشَّيْطَانُ فَيَقُولُ: إِنَّكَ تُرَائِي فَاجْلِسْ، ثُمَّ تُنَازِعُنِي نَفْسِي إِلَى الصَّلَاةِ فَأَقُومُ ثُمَّ يَقُولُ: إِنَّكَ تُرَائِي فَاجْلِسْ، فَقَالَ: لَوْ خَلَوْتَ كُنْتَ تُصَلِّي هَذِهِ الصَّلَاةَ؟ قَالَ: نَعَمْ قَالَ: صَلِّ فَلَسْتَ تُرَائِي ".

واتە: عەبدوڵڕەحمانی کوڕی مەهدی لە حوسەینی کوڕی موحەممەدەوە ئەویش لە عەرەبیەوە ئەویش لە پیاوێکەوە وەبزانم ئەو پیاوە سەعیدی ئەزرەق بوو؛ ئەویش لە موحەممەدی کوڕی واسیعەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئووەیس پیاوێکی بینی نوێژی دەکردو ڕادەوەستاو دادەنیشت! ئووەیس فەرمووی: ئەوە چیتە؟ پیاوەکە گوتی: هەڵدەستم شەیتان دێت و دەڵێ: تۆ بۆ ڕیا هەستاوی دانیشە! دوایی نەفسی خۆم لەگەڵما دێتە کێشەو هانم دەدا بۆ نوێژکردن؛ جا هەڵدەستم بۆ نوێژو دووبارە شەیتان دێت و دەڵێ: تۆ بۆ ڕیا هەستاوی دانیشە! ئەوەیس فەرمووی: ئەگەر بە تەنیاش بی هەر بەم جۆرە نوێژ دەکەیت؟ پیاوەکە گوتی: بەڵێ! ئووەیس فەرمووی: دەی گوێ مەدە شەیتان و نوێژی خۆت بکەو تۆ بۆ ڕیا نوێژ ناکەیت.

٢٠١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنٌ، حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ يُونُسَ، عَنِ الْحَسَنِ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «لَيَخْرُجَنَّ مِنَ النَّارِ بِشَفَاعَةِ رَجُلٍ مَا هُوَ نَبِيٌّ أَكْثَرُ مِنْ رَبِيعَةَ وَمُضَرَ» قَالَ الْحَسَنُ: وَكَانُوا يَرَوْنَهُ أَنَّهُ عُثْمَانُ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَوْ أُوَيْسٌ الْقَرَنِيُّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ ".

واته: حەمـــادی کــوڕی ســەلەمە لە یونســەوە ئەویــش لە حەســەنەوە دەگێــڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: بەڕاستی بە شەفاعەت و تکای پیاوێک کە پێغەمبەریش نییە؛ لە هۆزی ڕەبیعەو موزەر زیاتر خەڵکی لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاریان دەبێت. حەسەن دەفەرموێت: هاوەڵان پێیان وا بوو کە ئەو پیاوە یان عوسمانی کوڕی عەففانە یان ئووەیسی قەرەنییە (خوایان لێ ڕازی بێت).

٢٠١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا هُدْبَةُ بْنُ خَالِدٍ، حَدَّثَنَا مُبَارَكُ بْنُ فَضَالَةَ، حَدَّثَنِي أَبُو الْأَصْفَرِ، عَنْ صَعْصَعَةَ بْنِ مُعَاوِيَةَ قَالَ: كَانَ أُوَيْسُ بْنُ عَامِرٍ الْقَرَنِيُّ رَجُلٌ مِنْ قَرْنٍ وَكَانَ مِنَ التَّابِعِينَ وَكَانَ مِنْ أَهْلِ الْكُوفَةِ وَخَرَجَ بِهِ وَضَحٌ، فَدَعَا اللهَ عَزَّ وَجَلَّ أَنْ يُذْهِبَهُ عَنْهُ فَأَذْهَبَهُ فَقَالَ: اللَّهُمَّ دَعْ لِي فِي جَسَدِي مَا أَذْكُرُ بِهِ نِعْمَتَكَ عَلَيَّ، فَتَرَكَ لَهُ فِي جَسَدِهِ مَا يَذْكُرُ بِهِ نِعْمَتَهُ عَلَيْهِ، وَكَانَ رَجُلاً يَلْزَمُ الْمَسْجِدَ الْجَامِعَ فِي نَاسٍ مِنْ أَصْحَابِهِ وَكَانَ لَهُ ابْنُ عَمٍّ لَهُ يَلْزَمُ السُّلْطَانَ يُولَعُ بِهِ فَإِذَا رَآهُ مَعَ نَاسٍ أَغْنِيَاءَ قَالَ: مَا هُوَ إِلَّا يَسْتَأْكِلُهُمْ، فَإِذَا رَآهُ مَعَ نَاسٍ فُقَرَاءَ قَالَ: مَا هُوَ إِلَّا يَخْدَعُهُمْ، وَأُوَيْسٌ لَا يَقُولُ فِي ابْنِ عَمِّهِ إِلَّا خَيْرًا غَيْرَ أَنَّهُ إِذَا مَرَّ بِهِ اسْتَتَرَ مَخَافَةَ أَنْ يَأْثَمَ فِي سَبَبِهِ، وَكَانَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ يَسْأَلُ عَنْهُ الْوَفْدَ قَدِمُوا عَلَيْهِ مِنَ الْكُوفَةِ هَلْ تَعْرِفُونَ أُوَيْسَ بْنَ عَامِرٍ الْقَرَنِيَّ؟ فَيَقُولُونَ: لَا، فَقَدِمَ عَلَيْهِمْ وَفْدٌ مِنَ الْكُوفَةِ فِيهِمُ ابْنُ عَمِّهِ ذَاكَ فَقَالَ: هَلْ تَعْرِفُونَ أُوَيْسَ بْنَ عَامِرٍ الْقَرَنِيَّ؟ فَقَالَ: هُوَ ابْنُ عَمِّي وَهُوَ رَجُلٌ فَاسِدٌ نَذْلٌ لَمْ يَبْلُغْ مَا إِنْ تَعْرِفُهُ أَنْتَ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ. فَقَالَ لَهُ عُمَرُ: وَيْلَكَ هَلَكْتَ إِذَا أَتَيْتَهُ فَأَقْرِئْهُ مِنِّي السَّلَامَ وَمُرْهُ فَلْيَقْدَمْ إِلَيَّ، فَلَمَّا قَدِمَ الْكُوفَةَ لَمْ يَضَعْ عَنْهُ ثِيَابَ سَفَرِهِ حَتَّى أَتَاهُ فَرَآهُ فِي الْمَسْجِدِ فَلَمْ يَأْتَمَّ فَقَالَ لَهُ: اسْتَغْفِرْ لِي يَا ابْنَ عَمِّي، فَقَالَ: غَفَرَ اللهُ لَكَ يَا ابْنَ عَمِّي قَالَ: وَأَنْتَ غَفَرَ اللهُ لَكَ يَا أُوَيْسُ بْنَ عَامِرٍ، أَمِيرُ الْمُؤْمِنِينَ يُقْرِئُكَ السَّلَامَ قَالَ: وَمَنْ ذَكَرَنِي لِأَمِيرِ الْمُؤْمِنِينَ؟ قَالَ: هُوَ ذَكَرَكَ وَأَمَرَنِي أَنْ أُبْلِغَكَ فَلْتَنْفُذْ إِلَيْهِ قَالَ: سَمْعًا وَطَاعَةً لِأَمِيرِ الْمُؤْمِنِينَ قَالَ: فَوَفَدَ إِلَى عُمَرَ فَدَخَلَ عَلَيْهِ فَقَالَ لَهُ عُمَرُ: أَنْتَ أُوَيْسُ بْنُ عَامِرٍ الْقَرَنِيُّ؟ قَالَ: نَعَمْ، قَالَ أَنْتَ الَّذِي خَرَجَ بِكَ وَضَحٌ فَدَعَوْتَ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ

أَنْ يُذْهِبَهُ عَنْكَ فَأَذْهَبَهُ فَقُلْتَ: اللهمَّ دَعْ لِي فِي جَسَدِي مَا أَذْكُرُ بِه نِعْمَتَكَ عَلَيَّ فَتَرَكَ فِي جَسَدِكَ مَا تَذْكُرُ بِه نِعْمَةَ الله عَلَيْكَ؟ قَالَ: وَمَا أَدْرَاكَ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ فَوَالله مَا اطَّلَعَ عَلَى هَذَا بَشَرٌ؟ قَالَ: أَخْبَرَنَا رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ سَيَكُونُ فِي التَّابِعِينَ رَجُلٌ مِنْ قَرْنٍ يُقَالُ لَه أُوَيْسُ بْنُ عَامِرٍ الْقَرَنِيُّ يَخْرُجُ بِه وَضَحٌ فَيَدْعُو الله أَنْ يُذْهِبَهُ عَنْهُ فَيُذْهِبَهُ عَنْهُ فَيَقُولُ: اللهمَّ دَعْ لِي فِي جَسَدِي مَا أَذْكُرُ بِه نِعْمَتَكَ عَلَيَّ فَيَدَعُ لَه فِي جَسَدِه مَا يَذْكُرُ بِه نِعْمَتَهُ عَلَيْهِ فَمَنْ أَدْرَكَهُ مِنْكُمْ واسْتَطَاعَ أَنْ يَسْتَغْفِرَ لَه فَلْيَسْتَغْفِرْ لَه، فَاسْتَغْفِرْ لِي يَا أُوَيْسُ بْنَ عَامِرٍ قَالَ: غَفَرَ الله لَكَ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ قَالَ: وَأَنْتَ يَغْفِرُ الله لَكَ يَا أُوَيْسُ بْنَ عَامِرٍ، فَلَمَّا سَمِعُوا مِنْ عُمَرَ مَا قَالَ عَنْ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ رَجُلٌ: اسْتَغْفِرْ لِي، وَقَالَ آخَرُ: اسْتَغْفِرْ لِي يَا أُوَيْسُ، فَلَمَّا كَثُرُوا عَلَيْهِ انْسَابَ فَذَهَبَ فَمَا رُئِيَ حَتَّى السَّاعَةِ ".

واتە: موبارەكی كوڕی فەزالە لە باوكی ئەصفەرەوە ئەویش لە صەعصەعەی كوڕی موعاویەوە گێڕایەوە فەرمووی: ئووەیسی كوڕی عامری قەرەنی پیاوێك بوو لە بنەماڵەی قەرەن؛ تابعی بوو (واتە: خۆی چاوی بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەكەوت؛ بەڵام چاوی بە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) كەوتووە) خەڵكی كووفە بوو؛ جا سپیاییەمی لێ دەركەوت (واتە: پێستی تووشی نەخۆشی بەڵەكی بوو سپی هەڵگەڕا) لەخوا پاڕایەوە كە لەو نەخۆشییە ڕزگاری بكات خوای گەورەش نزاكەی گیرا كرد و نەخۆشییەكەی لابرد؛ جا ئووەیس لە نزاكەیا گوتبوی: خوایە! تۆزێك لەو نەخۆشییە لە لاشەما بهێڵەوە بۆ ئەوەی نازونیعمەتی تۆم (واتە: نازونیعمەتی شیفای تۆم) لە بیر نەچێتەوە؛ ئیتر خوای گەورە ئەوەندەی لە لاشەی ئووەیسا هێشتەوە كە نازونیعمەتی شیفای وەبیر بێنێتەوە؛ جا ئووەیس پیاوێكی وا بوو كە لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێكانیا خوی گرتبوو بە مزگەوتی گەورەوە؛ جا ئووەیس پسمامێكی (كوڕە مام) هەبوو لەگەڵ سوڵتانا بوو؛ جا كە ئووەیسی دەبینی لەگەڵ دەوڵەمەندانا دەیگوت: ئەوە دەیەوێ نانیان پێوە بخواو شتیان لێ بسەنێ؛ ئەگەر لەگەڵ هەژارانیشدا بیبینیایە دەیگوت: ئەوە دەیەوێ فریویان بدات! بەڵام ئووەیس هەرگیز بە خراپە باسی پسمامەكەی نەدەكردو بەڵكوو بە چاكەش باسی دەكرد؛ جگە لەوەی كە هەر كاتێ ئەو پسمامەی بەلایا تێپەڕیبا ئەو خۆی دەشاردەوە لە ترسی ئەوەی نەك بە بۆنەی ئەوەوە ئەمیش تاوانبار بێ! پێشەوا عومەری كوڕی خەتتابیش هەر جارێ نوێنەر لە كوفەوە ڕۆیشتبان بۆ خزمەتی لێی دەپرسین و دەیفەرموو: ئێوە ئووەیسی كوڕی عامری قەرەنی دەناسن؟! ئەوانیش دەیانگوت: نەخێر! جارێك كۆمەڵێك نوێنەر لە كوفەوە هاتنە خزمەت پێشەوا عومەر و یەكێك لەوانە پسمامەكەی ئووەیس بوو؛ پێشەوا عومەر فەرمووی: ئێوە ئووەیسی كوڕی عامری قەرەنی دەناسن؟ پسمامەكەی ئووەیس گوتی: بەڵێ ئەوە ئامۆزای منە! پیاوێكی خراپەو بەكەڵك نایەت

و نەگەیشتووە بەو پلەو پایەیە کە جەنابت بیناسیت و هەواڵی بپرسی! عومەر فەرمووی: قوڕەبەسەرت! تیاچووی! ئەگەر ڕۆیشتیتەوە بڕۆ بۆ لای و سەلامی منی پێ بگەیەنەو پێی بڵێ با بێت بۆ لای من! جا کە نوێنەرەکان ڕۆیشتنەوە بۆ کوفە کابرا کۆڵ و باری سەفەری دانەناو نەڕۆیشتەوە بۆ ماڵ و بەرەو لای ئوووەیس ڕۆیی؛ دەبینێ ئوووەیس لە مزگەوتە؛ یەمسەر پێی گوت: پسمامی خۆشەویست! تکایە داوای لێخۆشبوونم بۆ بکە لە خوای گەورە! ئوووەیس فەرمووی: خوا لێت خۆشبێ پسمام! ئەویش گوتی: خوا لەتۆش خۆشبێ ئوووەیسی کوڕی عامر! گەورەی باوەڕداران سەلامی لێ دەکردی! ئوووەیس فەرمووی: جا کێ باسی منی لای گەورەی باوەڕداران کردووە؟ گوتی: ئەو خۆی باسی تۆی کرد و فرمانی پێکردم سەلامی ئەو بەتۆ بگەیەنم و پێت بڵێم داوای لێ کردوی بڕۆی بۆ لای ئەو بۆ مەدینە! ئوووەیس فەرمووی: بەسەرچاو؛ دەبێ فرمانی گەورەمان جێبەجێ بکەین! ئوووەیس کۆڵ و باری پێچایەوە و بەرەو مەدینە کەوتەڕێ بۆ خزمەت پێشەوا عومەر؛ جا کاتێ ڕۆیشتە خزمەت پێشەوا عومەر؛ پێشەوا عومەر پێی فەرموو: تۆ ئوووەیسی کوڕی عامری قەرەنیت؟ فەرمووی: بەڵێ! فەرمووی: تۆی کە پێستت تووشی نەخۆشی بەڵەکی بووە و داوات کردووە لە خوای گەورە شیفات بدات و خوای گەورە شیفای داوی و خۆت لە داواکاریەکەتا گوتوتە: خوایە! تۆزێک لەو نەخۆشییە لە لاشەما بهێڵەوە بۆ ئەوەی نازونیعمەتی تۆم (واتە: نازونیعمەتی شیفای تۆم) لە بیر نەچێتەوە و خوای گەورەش تۆزێکی هێشتووەتەوە بۆ ئەوەی نازونیعمەتی شیفات لە بیر نەچێتەوە؟ ئوووەیس فەرمووی: تۆ ئەوانە چۆن دەزانی ئەی گەورەی باوەڕداران؟ بەخوا نەمهێشتووە یەک مرۆڤ بەو کەین و بەینە بزانێ! پێشەوا عومەر فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموین: لەناو تابیعینا پیاوێک لە قەرەنەوە پەیدا دەبێ پێی دەڵێن: ئوووەیسی کوڕی عامری قەرەنی؛ پێستی تووشی سپێتی (بەڵەکی) دەبێت و داوا دەکات لە خوای گەورە شیفای ئەو نەخۆشییەی بدات؛ خوای گەورە شیفای دەدات؛ بەڵام خۆی دەڵێت: خوایە! کەمێک لەو نەخۆشییە لە لاشەما بهێڵەوە بۆ ئەوەی نازونیعمەتی شیفای تۆم لە بیر نەچێتەوە! جا هەرکام لە ئێوە ئەو پیاوەی بینی و توانیی داوای ئەوەی لێ بکات کە لە خوا بپاڕێتەوە بۆ ئەوەی لێی خۆش ببێ؛ با داوای لێ بکات! دەی ئوووەیس گیان داوای لێخۆشبوونم بۆ بکە لە خوای گەورە! ئوووەیس فەرمووی: خوای گەورە لێت خۆشبێ ئەی گەورەی باوەڕداران! پێشەوا عومەر فەرمووی: خوای گەورە لەتۆش خۆشبێ ئەی ئوووەیسی کوڕی عامر! جا کە خەڵکەکە ئەوەیان لە پێشەوا عومەر بیست کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەبارەت بە ئوووەیس چیی فەرمووە؛ پیاوێک گوتی: ئوووەیس داوای لێخۆشبوونیش بۆ من بکە! یەکێکیتر گوتی: ئوووەیس داوای لێخۆشبوون بۆ منیش بکە! جا داواکارییەکان زۆربوون؛ ئیتر ئوووەیس ڕۆیی و سەری خۆی هەڵگرت و هەتا قیامەت کەس نایبینێتەوە.

٢٠١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، أَنْبَأَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ عَيَّاش، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنْ أَصْبَغَ يَعْنِي ابْنَ زَيْد قَالَ: «إِنَّمَا مَنَعَ أُوَيْسًا أَنْ يَقْدَمَ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ بِرُّهُ بِأُمِّه».

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە ئیبراهیمی کوڕی عەییاشەوە ئەویش لە زەمرەوە ئەویش لە ئەصبەغی کوڕی زەیدەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: تەنیا خزمەت کردنی دایك بووە بەربەست و لەمپەر لەوەی کە ئووەیس بێتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و نەبێت بە هاوەڵ.

٢٠١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ عَبْد الله بْن يُونُسَ، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرِ بْنُ عَيَّاش، عَنْ هشَام، عَن الْحَسَن قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «يَدْخُلُ الْجَنَّةَ بِشَفَاعَة رَجُل منْ أُمَّتِي أَكْثَرُ منْ رَبِيعَةَ وَمُضَرَ» ، قَالَ هشَامٌ: فَأَخْبَرَنِي حَوْشَبٌ عَن الْحَسَن قَالَ: هُوَ أُوَيْسٌ الْقَرَنِيُّ قَالَ أَبو بَكْر: قُلْتُ لرَجُل منْ قَوْم أُوَيْس: بِأَيِّ شَيْءٍ بَلَغَ هَذَا؟ قَالَ: فَضْلُ الله يُؤْتِيه مَنْ يَشَاءُ قَالَ أَبو بَكْر: وَمَاتَ أُوَيْسٌ بِسجِسْتَانَ، قَالَ فَوُجِدَ مَعَهُ أَكْفَانٌ لَمْ تَكُنْ مَعَهُ ".

واتە: ئەحمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی یونس لە ئەبوبەکری کوڕی عەییاشەوە ئەویش لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: بە تکاو شەفاعەتی پیاوێک لە پیاوانی ئوممەتی من؛ زیاتر لە بنەماڵەی ڕەبیعەو موزەر دەچنە بەهەشتەوە. هیشام دەفەرموێت: حەوشەب لە حەسەنەوە بۆی گێڕامەوە فەرموویەتی: ئەو پیاوە ئووەیسی قەرەنییە.. ئەبوبەکر دەفەرموێت: بە پیاوێ:ی هۆزەکەی ئووەیسم گوت: ئووەیس بە چی گەیشتووە بەم پلەو پایەیە؟ گوتی: ئەوە فەزڵی خوای گەورەیە بە هەر کەسێکی بدات دەیدا.. ئەبوبەکر دەفەرموێت: ئووەیس لە سەجستان مردووە؛ لەگەڵ تەرمەکەیا کفنێک بینراوە کە پێشتر ئەو کفنەی پێ نەبووە.

٢٠١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مَنْ، سَمعَ سَيْفَ بْنَ هَارُونَ الْبُرْجُمِيَّ، عَنْ مَنْصُور بْن مُسْلم، عَنْ شَيْخ، منْ بَنِي حزَام قَالَ: سَمعْتُ هَرِمَ بْنَ حَيَّانَ الْعَبْدِيَّ، يَقُولُ: خَرَجْتُ منَ الْبَصْرَة فِي طَلَب أُوَيْس الْقَرَنِيِّ فَقَدمْتُ الْكُوفَةَ فَمَكَثْتُ بِهَا أَيَّامًا لَا أُحسُّهُ وَلَا أَرَاهُ قَالَ: فَبَيْنَمَا أَنَا فِي يَوْم شَدِيد الْحَرِّ بِنصْف النَّهَار بِشَاطِئ الْفُرَات إِذَا أَنَا بِرَجُل آدَمَ كَثِّ اللِّحْيَة كَرِيه الْمَنْظَر أَشْعَثَ غَيْرَ مَحْلُوقِ الرَّأْس أَرَاهُ يَعْنِي مَجْزُوزَ الشَّعْر عَلَيْه ثَوْبَان أَظُنُّهُ قَالَ: صُوفٌ أَحَدُهُمَا إِزَارٌ وَالْآخَرُ رِدَاءٌ وَلَا يَغْسلُ أَحَدَ الثَّوْبَيْنِ فِي الْمَاء فَظَنَنْتُ أَنَّهُ هُوَ فَأَقْبَلْتُ فَقُمْتُ عَلَى رَأْسه، فَنَظَرَ إِلَيَّ فَقَالَ: «

﴿سُبۡحَٰنَ رَبِّنَآ إِن كَانَ وَعۡدُ رَبِّنَا لَمَفۡعُولٗا ١٠٨﴾ الإسراء: ١٠٨ فَقَالَ: مَنْ دَلَّكَ عَلَيَّ؟ فَقُلْتُ: الله عَزَّ وَجَلَّ دَلَّنِي عَلَيْكَ،
فَقَالَ: فَمَدَدْتُ إِلَيْه يَدَيَّ فَلَمْ يَمُدَّ يَدَهُ إِلَيَّ فَمَا أَدْرِي مَا حَمَله عَلَى ذَلكَ، فَبَكَيْتُ لِمَا رَأَيْتُ مِنْ
ذَلكَ فَقَالَ لي: كَيْفَ أَنْتَ يَا هَرِمُ بْنَ حَيَّانَ كَيْفَ أَنْتَ يَا أَخِي؟ قَالَ: قُلْتُ: رَحمَكَ الله منْ أَيْنَ
عَلمْتَ أَنِّي هَرِمٌ وَلَمْ نَترَاءَى؟ قَالَ: إِنَّ نَفْسِي عَرَفَتْ نَفْسَكَ ثُمَّ أَخَذَ بِيَدِي ثُمَّ بَكَى فَبَكَيْتُ مَعَهُ ثُمَّ
قَالَ: يَا هَرِمُ بْنَ حَيَّانَ، مَاتَ أَبُوكَ آدَمُ يَا هَرِمُ بْنَ حَيَّانَ مَاتَ نُوحٌ يَا هَرِمُ بْنَ حَيَّانَ، مَاتَ إِبْرَاهِيمُ
خَلِيلُ الرَّحْمَن، يَا هَرِمُ بْنَ حَيَّانَ، مَاتَ مُوسَى نَجِيُّ الرَّحْمَنِ يَا هَرِمُ بْنَ حَيَّانَ، مَاتَ مُحَمَّدٌ صَلَّى
الله عَلَيْه وَسَلَّمَ يَا هَرِمُ بْنَ حَيَّانَ، مَاتَ أَبُو بَكْر خَلِيفَةُ الْمُسْلمِينَ يَا هَرِمُ بْنَ حَيَّانَ، مَاتَ خَلِيلِي
وَصَفِيِّي عُمَرُ بْنُ الْخَطَّاب رَحِمَهُ الله قَالَ: قُلْتُ: رَحمَكَ الله إِنَّ عُمَرَ لَمْ يَمُتْ قَالَ: وَذَلكَ في
آخر خلَافَة عُمَرَ قَالَ: فَقَالَ: وَأَنَا وَأَنْتَ في الْأَمْوَات إِنْ كُنْتَ تَفْقَهُ يَا هَرِمُ، مَاتَ أَبُوكَ فَإِمَّا إِلَى
الْجَنَّة وَإِمَّا إِلَى النَّار، قُلْتُ: حَدِّثْنَا رَحمَكَ الله مَا سَمعْتَ منْ رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّم
قَالَ: لَمْ أَسْمَعْ منْهُ شَيْئًا وَلَكنْ سَمعْتُ ممَّنْ سَمعَ منْهُ قَالَ: قُلْتُ: حَدِّثْني رَحمَكَ الله قَالَ: إِنِّي
أَكْرَهُ أَنْ أَفْتَحَ عَلَى نَفْسِي هَذَا الْبَابَ أَنْ أَكُونَ قَاضِيًا أَوْ مُفْتِيًا أَوْ مُحَدِّثًا، إِنَّ في النَّفْس شَاغلًا
قَالَ: قُلْتُ: اقْرَأْ عَلَيَّ رَحمَكَ الله آيَات منَ الْقُرْآن قَالَ: قَالَ رَبِّي تَبَارَكَ وَتَعَالَى، وَأَصْدَقُ الْقَوْل
قَوْله وَأَفْضَلُ الْكَلَام كَلَامُهُ وَأَصْدَقُ الْحَديث حَديثُهُ، ثُمَّ قَالَ: أَعُوذُ بالله السَّميع الْعَليم منَ
الشَّيْطَان الرَّجيم، بسْم الله الرَّحْمَن الرَّحيم: ﴿حمٓ ١ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ٢﴾ الدخان: ١-٢ حَتَّى انْتَهَى
إِلَى هَذه الْآيَة: ﴿إِلَّا مَن رَّحِمَ ٱللَّهُۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ٤٢﴾ الدخان: ٤٢ قَالَ: فَشَهقَ شَهْقَةً ثُمَّ سَقَطَ مَغْشيًّا
عَلَيْه قَالَ: فَقُلْتُ: مَاتَ أُوَيْسٌ فَلَبثَ مَا شَاءَ الله في غَشْيه ثُمَّ أَفَاقَ فَقَالَ: أَيْ أَخي إِنِّي لَمْ أَزَلْ
في غَمٍّ مَا كُنْتُ مَعَ هَؤُلَاء النَّاس، الْوَحْدَةُ أَحَبُّ إِلَيَّ لَا تَسْأَلْ عَنِّي بَعْدَ يَوْمكَ هَذَا إِنَّكَ منِّي
عَلَى بَال وَإِنْ تَأْت بنَا الدَّارُ فَاذْكُرْني فَإِنِّي سَأَذْكُرُكَ قَالَ: قُلْتُ: ادْعُ لي بدَعَوَات قَالَ: اللهمَّ إِنَّ
أَخي هَذَا زَعَمَ أَنَّهُ زَارَني فيكَ وَأَحَبَّني فيكَ فَاجْمَعْ له أَمْرَهُ وَأَدْخله في دَاركَ دَار السَّلَام قَالَ:
ثُمَّ أَخَذَ في الطَّريق وَهُوَ يَبْكي وَأَنَا أَبْكي قَالَ: ثُمَّ لَمْ نَترَاءَى أَنَا وَهُوَ إِلَّا أَنْ نَترَاءَى في النَّوْم".

واته: مەنصووری کوڕی موسلیم لە پیاوێکی هۆزی بەنی حیزامەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە هەریمی کوڕی حەییانی عەبدی بوو دەیفەرموو: بە مەبەستی گەڕان بو دوای ئووەیسی قەرەنیدا لە بەصرە دەرچووم؛ ڕۆیشتم بۆ کوفەو لەوێ چەند ڕۆژێک مامەوە و نەهەستم کرد لەوێ بێت و نەدۆزیمەوە. دەفەرموێت: ڕۆژێکی زۆر گەرم نیوەڕۆ بوو لە کەناری ڕوباری فورات پیاوێکم بینی گەنم ڕەنگ بوو؛ ڕیشی پڕ بوو؛ شکڵ و شێوەی شپرزو تۆزاوی بوو؛ سەری نەتاشیبوو؛ وەختی ئەوەی هاتبوو سەری چاک بکات یان بیتاشێ؛ وەبزانم دوو دەست پۆشاکی لەبەر بوو؛ یەکێکیان خوری بوو؛ کراس و دەرپێ بوون؛ هیچییەک لە

پۆشاکەکانی لە ئاوەکەدا نەشۆری؛ وام گومان برد ئەوە ئووەیس بێت؛ ڕۆیشتمە ڕاسەری؛ سەیرێکی کردم و گوتی: ﴿ سُبْحَٰنَ رَبِّنَآ إِن كَانَ وَعْدُ رَبِّنَا لَمَفْعُولًا ﴿١٠٨﴾ ﴾واتە: پاك و بێگەری بۆ خودا؛ بەڕاستی بەڵێنەکانی خودا هەر دێنە دی. جا گوتی: کێ منی پیشانی تۆداوە؟ منیش گوتم: هەر خوای گەورە منی ڕێنوێنی کردووە تا تاۆ بدۆزمەوە.. دەفەرموێت: دەستم بۆ ڕاکێشا بەڵام ئەو دەستی نەهێنا و تەوقەی لەگەڵدا نەکردم، نازانم بۆچی تەوقەی لەگەڵدا نەکردم؛ کە ئەوەم بینی دەستم بە گریان کرد؛ پێی گوتم: هەریمی کوڕی حەییان چۆنی؟ چۆنی برا چۆنی؟ منیش گوتم: ڕەحمەتی خوات لێ بێت تۆ چۆنت زانی من هەریمی کوڕی حەییانم؟ خۆ من و تۆ تا ئێستا یەکمان نەدیوە؟! فەرمووی: گیانی من گیانی تۆی ناسیوە؛ دوای دەستی گرتم و دەستی بە گریان کرد؛ منیش لەکەڵیا گریام؛ دوایی فەرمووی: هەریمی کوڕی حەییان! ئادەمی باوکت مردووە هەریمی کوڕی حەییان! نوح مرد ئەی هەریمی کوڕی حەییان! ئیبراهیمی خەلیل مرد ئەی هەریمی کوڕی حەییان! مووسا ئەوەی خوا لە دەست فیرعەون ڕزگاری کرد؛ ئەویش مرد ئەی هەریمی کوڕی حەییان! پێغەمبەری خوا موحەممەدیش (ﷺ) مرد ئەی هەریمی کوڕی حەییان! ئەبوبەکری خەلیفەی باوەڕداران مرد ئەی هەریمی کوڕی حەییان! هاوڕێی خۆشەویستی من عومەری کوڕی خەتتابیش مرد ئەی هەریمی کوڕی حەییان! من گوتم: ڕەحمەتی خوات لێ بێت عومەر نەمردووە و زیندووە! هەریم دەفەرموێت: ئەو کاتە دوادوایی سەردەمی خەلافەتی عومەر بوو (واتە: ڕاستی کرد عومەر مردبوو بەڵام من نەمزانیبو) دوایی فەرمووی: من و تۆش هەر دەمرین؛ هەریم ئەگەر تۆ زانا بی باوکت مردووە یان بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ! جا من گوتم: ڕەحمەتی خوات لێ بێت فەموودەیەکم بۆ بگێڕەوە کە لە پێغەمبەری خودات (ﷺ) بیستبێ! فەرمووی: من هیچم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەبیستووە (چونکە نەمدیوە و بە خزمەتی نەگەیشتووم).. بەڵام فەرموودەم لەو کەسانەوە بیستووە کە لە پێغەمبەری خوایان (ﷺ) بیستووە! گوتم: دەی ڕەحمەتی خوات لەسەربێ یەکێک لەو فەرمودانەم بۆ بگێڕەوە! فەرمووی: من پێم ناخۆشە ئەم دەرگایە لەسەر خۆم بکەمەوە (واتە: دەست بکەم بە فەرمووده گێڕانەوە) پێم ناخۆشە ببمە دادوەر یان موفتی یان فەرموودە گێڕەوە! جارێ خەریکی نەفسی خۆمم.. گوتم: دەی ڕەحمەتی خوات لەسەر بێ چەند ئایەتێکی قورئانم بەسەرا بخوێنەوە! فەرمووی: خوای گەورە و میهرەبان دەفەرموێت: جا فەرموودەی خوای گەورە ڕاستترین و دروستترین فەرموودەیەو ڕاستترین قسەیەو باشترین وتە وتەی خوای گەورەیە.. دوایی فەرمووی: پەنا دەگرم بە خوای گەورە و بیسەرو زانا لە شەیتانی بەنەفرەت کراو؛ بسم الله الرحمن الرحیم: ﴿ حمٓ ﴿١﴾ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴿٢﴾ ﴾ الدخان. تا گەیشتە ئەم ئایەتە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِلَّا مَن رَّحِمَ ٱللَّهُ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٤٢﴾ ﴾. دەفەرموێت: کە گەیشتە ئەم ئایەتە هاوارێکی کرد و بورایەوە و کەوت!

دەفەرموێت: من گوتم: ئووەیس مرد! جا ئەوەندەی خوای گەورە ویستی لەسەربوو ئووەیس هۆشی نەهاتەوە و دوایی هۆشی هاتەوە و گوتی: ئای برا! من ئەگەر لەگەڵ ئەو کەسانەدا بم ئەوا بەردەوام لەناو خەم و خەفەتا دەبم؛ من پێمخۆشە بە تەنیا بم و لەمڕۆ بەو دواوە بەو دوای منا مەگەڕێ؛ تۆ بەلامەوە گرنگی... ئەگەر هاتی بۆ ماڵەوە یادی من بکە منیش یادت دەکەم! من گوتم: دەی چەند نزایەکی خێرم بۆ بکە! فەرمووی: خوایە! ئەم برادەرەی من پێی وایە لەبەر ڕەزامەندی تۆ هاتووە بۆ سەردانی من! لەبەر تۆ منی خۆش دەوێ! کاروبارەکانی بۆ خێر بکەرەوە و دوای مردن بیخە بەهەشتی (دار السلام= یانەی ئاشتبوونەوە و ئاشتیییە) وە.. دەفەرموێت: دوایی ڕێگای گرتە بەرو بە دەم گریانەوە ڕۆیی و منیش هەر دەگریام؛ ئیتر من ئەو یەکمان نەدیییەوە مەگەر بە خەو یەکتر ببینین.

٢٠١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي عُثْمَانُ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرِ بْنُ عَيَّاشٍ، عَنْ مُغِيرَةَ قَالَ: «إِنَّ أُوَيْسًا الْقَرَنِيَّ لَيَتَصَدَّقُ بِثِيَابِهِ حَتَّى يَجْلِسَ عُرْيَانًا لَا يَجِدُ مَا يَرُوحُ فِيهِ إِلَى الْجُمُعَةِ».

واتە: عوسمانی کوڕی باوکی شەیبە لە ئەبوبەکری عەییاشەوە ئەویش لە موغیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەڕاستی ئووەیسی قەرەنی پۆشاکەکانی خۆی دەکرد بە خێر؛ تا وای لێدەهات خۆی ئەوەندە ڕووت و قووت دەبوو لە ماڵەوە دادەنیشت و نەدەهاتە دەرەوە و هیچی نەبوو لەبەری بکات و بڕوا بۆ نوێژی هەینی!

٢٠١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا زَكَرِيَّا بْنُ يَحْيَى بْنِ حَمُّوَيْهِ بِوَاسِطَ، حَدَّثَنَا الهَيْثَمُ بْنُ عَدَسٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ عَمْرِو بْنِ مُرَّةَ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ سَلَمَةَ قَالَ: غَزَوْنَا أَذْرَبِيجَانَ زَمَنَ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ وَمَعَنَا أُوَيْسٌ الْقَرَنِيُّ فَلَمَّا رَجَعْنَا يَعْنِي مَرِضَ عَلَيْنَا فَحَمَلْنَاهُ فَلَمْ يَسْتَمْسِكْ فَمَاتَ فَنَزَلْنَا فَإِذَا قَبْرٌ مَحْفُورٌ وَمَاءٌ مَسْكُوبٌ وَكَفَنٌ وَحَنُوطٌ فَغَسَّلْنَاهُ وَكَفَّنَّاهُ وَصَلَّيْنَا عَلَيْهِ وَدَفَنَّاهُ، فَقَالَ بَعْضُنَا لِبَعْضٍ: لَوْ رَجَعْنَا فَعَلَّمْنَا قَبْرَهُ فَنَسْتَغْفِرَ لَه فَرَجَعْنَا فَإِذَا لَا قَبْرَ وَلَا أَثَرَ له ".

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی موڕڕە لە باوکییەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی سەلەمەوە فەرموویەتی: لە سەردەمی پێشەوا عومەرا ڕۆیشتین بۆ ڕزگارکردنی ئازەربەیجان و ڕزگارمان کرد؛ ئووەیسی قەرەنیشمان لەگەڵدا بوو؛ کاتێ گەڕاینەوە ئووەیس نەخۆش کەوت و هەڵمانگرت؛ زۆری پێ نەچو مرد؛ دابەزین بۆ ئەوەی گۆڕی بۆ هەڵکەنین و بینێژین؛ تەماشا دەکەین گۆڕێک هەڵکەنراوە و ئامادەیە؛ ئاوێکی سازگار ئامادەیەو کفن و بۆنی خۆشیش هەیە؛ ئیتر تەرمەکەمان شۆردو کفنمان کرد و نوێژمان لەسەر کرد و ناشتمان.. دوایی لەناو

خۆمانا گوتمان: با بگەڕێینەوە سەر گۆڕەکەی و نزای خێری بۆ بکەین؛ کاتێ گەڕاینەوە بۆ لای گۆڕەکەی نە گۆڕ دیاربوو نە هیچ ئاسەوارێکی گۆڕ لەو ناوە بوو.

٢٠١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَبْدُ الله بْنُ عُمَرَ بْنِ مَيْسَرَةَ الْقَوَارِيرِيُّ، حَدَّثَنَا مُعَاذُ بْنُ هِشَامٍ، حَدَّثَنِي أَبِي، عَنْ قَتَادَةَ، عَنْ زُرَارَةَ بْنِ أَبِي أَوْفَى، عَنْ أُسَيْرِ بْنِ جَابِرٍ قَالَ: كَانَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ رَحِمَهُ الله إِذَا أَتَتْ عَلَيْهِ أَمْدَادٌ مِنْ أَهْلِ الْيَمَنِ سَأَلَهُمْ فَقَالَ: هَلْ فِيكُمْ أُوَيْسُ بْنُ عَامِرٍ الْقَرَنِيُّ؟ حَتَّى أَتَى عَلَى أُوَيْسٍ فَقَالَ: أَنْتَ أُوَيْسُ بْنُ عَامِرٍ؟ قَالَ: نَعَمْ قَالَ: أَنْتَ مِنْ مُرَادٍ ثُمَّ مِنْ قَرَنٍ؟ قَالَ: نَعَمْ قَالَ: كَانَ بِكَ بَرَصٌ فَبَرَأْتَ مِنْهُ إِلَّا مَوْضِعَ دِرْهَمٍ؟ قَالَ: نَعَمْ قَالَ: أَلَكَ وَالِدَةٌ؟ قَالَ: نَعَمْ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «يَأْتِي عَلَيْكُمْ أُوَيْسُ بْنُ عَامِرٍ مَعَ أَمْدَادِ أَهْلِ الْيَمَنِ مِنْ مُرَادٍ ثُمَّ مِنْ قَرَنٍ كَانَ بِهِ بَرَصٌ فَبَرَأَ مِنْهُ إِلَّا مَوْضِعَ دِرْهَمٍ، لَهُ وَالِدَةٌ هُوَ بِهَا بَرٌّ لَوْ أَقْسَمَ عَلَى الله لَأَبَرَّهُ فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ يَسْتَغْفِرَ لَكَ فَافْعَلْ» فَاسْتَغْفِرْ لِي فَاسْتَغْفَرَ لَهُ فَقَالَ عُمَرُ: أَيْنَ تُرِيدُ؟ قَالَ: الْكُوفَةَ قَالَ: أَلَا أَكْتُبُ لَكَ إِلَى عَامِلِهَا فَيَسْتَوْصِيَ بِكَ؟ قَالَ: لَأَنْ أَكُونَ فِي غَبْرَاءِ النَّاسِ أَحَبُّ إِلَيَّ قَالَ: فَلَمَّا كَانَ مِنَ الْعَامِ الْمُقْبِلِ حَجَّ رَجُلٌ مِنْ أَشْرَافِهِمْ فَوَافَقَ عُمَرَ فَسَأَلَهُ عَنْ أُوَيْسٍ كَيْفَ تَرَكْتَهُ؟ قَالَ: رَثَّ الْبَيْتِ قَلِيلَ الْمَتَاعِ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «يَأْتِي عَلَيْكُمْ أُوَيْسُ بْنُ عَامِرٍ مَعَ أَمْدَادِ أَهْلِ الْيَمَنِ مِنْ مُرَادٍ ثُمَّ مِنْ قَرَنٍ كَانَ بِهِ بَرَصٌ فَبَرَأَ مِنْهُ إِلَّا مَوْضِعَ دِرْهَمٍ، لَهُ وَالِدَةٌ هُوَ بِهَا بَرٌّ لَوْ أَقْسَمَ عَلَى الله لَأَبَرَّهُ فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ يَسْتَغْفِرَ لَكَ فَافْعَلْ» ، فَلَمَّا قَدِمَ الْكُوفَةَ أَتَى أُوَيْسًا فَقَالَ: اسْتَغْفِرْ لِي قَالَ: أَنْتَ أَحْدَثُ عَهْدًا بِسَفَرٍ صَالِحٍ فَاسْتَغْفِرْ لِي قَالَ: لَقِيتَ عُمَرَ؟ قَالَ: نَعَمْ، فَاسْتَغْفَرَ لَهُ فَفَطِنَ لَهُ النَّاسُ فَانْطَلَقَ عَلَى وَجْهِهِ قَالَ أُسَيْرٌ: وَكَسَوْتُهُ بُرْدًا فَكَانَ إِذَا رَآهُ إِنْسَانٌ عَلَيْهِ قَالَ: مِنْ أَيْنَ لِأُوَيْسٍ هَذَا الْبُرْدُ؟ .

واتە: موعازی کوڕی هیشام لە باوکییەوە ئەویش لە قەتادەوە ئەویش لە زورارەی کوڕی باوکی ئەوفاوە ئەویش لە ئوسەیری کوڕی جابرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: حەزرەتی عومەر لە سەردەمی خەلافەتی خۆیا هەر جارێک خەڵکی یەمەن بهاتنایە بۆ مەدینە؛ لێی دەپرسین: وەیسی کوڕی عامری قەرەنیتان تیایە؟ ئەوانیش دەیانگوت: نەخێر! تا (ساڵێک وەیس هات و پێشەوا عومەر ڕێی لێ کەوت و ڕۆیشت بۆ لای وەیس و لێی پرسی: تۆ وەیسی کوڕی عامری؟ فەرمووی: بەڵێ! حەزرەتی عومەر فەرمووی: لە تیرەی مورادی و لە هۆزی قەرەنی؟ فەرمووی: بەڵێ! حەزرەتی عومەر فەرمووی: ئەی تۆ کاتی خۆی تووشی نەخۆشی بەڵەکی بوێت و چاک بوویتەوە و ئێستا تەنیا بە ئەندازەی دیرهەمێک بەڵەکیت پێوە مابێ؟ فەرمووی: بەڵێ! حەزرەتی عومەر فەرمووی: ئەی تۆ دایکت ماوە و کوڕێکی باش و ڕاساڵ بی بۆ

دایکت؟ فەرمووی: بەڵێ.. حەزرەتی عومەر فەرمووی: من گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو دەیفەرموو: ئووەیسی کوڕی عامر لەگەڵ کاروانێکی یەمەنی دێتە لاتان، لە تیرەی مورادەو لە هۆزی قەرەنە، کاتی خۆی تووشی بەڵەکی بووە و دوایی چاک بووەتەوە تەنیا هێندەی دیرهەمێکی پێوە ماوە، دایکی ماوە و زۆر کوڕێکی گوێڕایەڵە بۆ دایکی، ئەگەر وەیس سوێند بخوا لەسەر خوای گەورە، ئەوا خوای گەورە سوێندەکەی ناخات و کارەکەی بۆ جێبەجێ دەکات، جا ئەگەر توانیت وەیس داوای لێخۆشبوونت بۆ بکا، ئەوا با داوای لێبوردنت بۆ بکا لە خوای گەورە. منیش هاتوم و دەبێ داوای لێبوردنم لە خوا بۆ بکەی! وەیس داوای لێبوردنی لە خوای گەورە بۆ حەزرەتی عومەر کرد، دوایی حەزرەتی عومەر لێی پرسی: دەتەوێ بۆ کوێ بچی؟ وەیس فەرمووی: دەچم بۆ کوفە.. حەزرەتی عومەر فەرمووی: دەتەوێ نامەیەک بنووسم بۆ والی کوفە بۆ ئەوەی ئاگای لە تۆ بێ؟ وەیس فەرمووی: نەخێر! من دەمەوێ وەک تاکێکی ئەو خەڵکە بم و نەناسرێم! جا بۆ ساڵی داهاتوو پیاوێک لە پیاوماقوڵانی کوفە هات بۆ حەج و پێشەوا عومەر هەواڵی وەیسی لێ پرسی و فەرمووی: کە تۆ بەجێتهێشت چۆن بوو؟ پیاوەکە گوتی: ماڵێکی شپرزی هەیە و کەلوپەلێکی زۆر کەمی هەیە.. پێشەوا عومەر فەرمووی: من گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو دەیفەرموو: ئووەیسی کوڕی عامر لەگەڵ کاروانێکی یەمەنی دێتە لاتان، لە تیرەی مورادەو لە هۆزی قەرەنە، کاتی خۆی تووشی بەڵەکی بووە و دوایی چاک بووەتەوە تەنیا هێندەی دیرهەمێکی پێوە ماوە، دایکی ماوە و زۆر کوڕێکی گوێڕایەڵە بۆ دایکی، ئەگەر وەیس سوێند بخوا لەسەر خوای گەورە، ئەوا خوای گەورە سوێندەکەی ناخات و کارەکەی بۆ جێبەجێ دەکات، جا ئەگەر توانیت وەیس داوای لێخۆشبوونت بۆ بکا، ئەوا با داوای لێبوردنت بۆ بکا لە خوای گەورە.. دوای ئەوەی ئەو پیاوە گەڕایەوە بۆ کوفە ڕۆیشت بۆ لای وەیس و گوتی: داوای لێخۆشبوونم بۆ بکە لە خوای گەورە! وەیس فەرمووی: تۆ تازە لە سەفەرێکی پیرۆزەوە هاتویتەوە و تۆ داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکە بۆ من! دوایی وەیس پێی گوت: چاوت بە عومەر کەوت؟ پیاوەکە گوتی: بەڵێ! ئیتر وەیس داوای لێخۆشبوونی بۆ پیاوەکە کرد و خەڵکییش بەوەیان زانی؛ ئیتر وەیس لێیداو ڕۆیی! ئوسەیر دەفەرموێت: من کەوایەکم دا بە وەیس لەبەری کرد؛ هەر کەس دەیبینی دەیگوت: ئەرێ وەیش ئەم کەوایەی لەکوێ بوو؟

٢٠١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبُو خَيْثَمَةَ زُهَيْرُ بْنُ حَرْبٍ النَّسَائِيُّ، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ مُسْلِمٍ، عَنْ جَابِرٍ، حَدَّثَنِي عَطَاءٌ الْخُرَاسَانِيُّ قَالَ: " ذَكَرُوا الْحَجَّ فَقَالُوا لأُوَيْسٍ: أَوَمَا حَجَجْتَ؟ قَالَ: لَا، قَالُوا: وَلِمَ؟ قَالَ: فَسَكَتَ، فَقَالَ رَجُلٌ مِنْهُمْ: عِنْدِي رَاحِلَةٌ، وَقَالَ آخَرُ: عِنْدِي نَفَقَةٌ، وَقَالَ آخَرُ: عِنْدِي زَادٌ فَقَبِلَهُ مِنْهُمْ وَحَجَّ بِهِ ".

واته: وەلیدی کوڕی موسلیم لە جابرەوە ئەویش لە عەتای خۆراسانییەوە فەرموویەتی: باسی حەج کراو بە وەیسیان گوت: ئەرێ تۆ حەجت کردووە؟ فەرمووی: نەخێر! گوتیان: ئەی بۆ؟ وەیس بێدەنگ بوو.. پیاوێک گوتی: من وولاخم هەیە سواری ببەو بڕۆ بۆ حەج؛ یەکێکیتر گوتی: من خەرجیی ڕێگا لە ئەستۆ دەگرم! یەکێکیتر گوتی: منیش توێشووم پێیەو هەرچیم هەبوو بەشی دەدەم! ئیتر وەیس ڕازی بوو ڕۆیشت بۆ حەج.

زوهد و پارسایی ئەسوەدی کوڕی یەزیدی جورەشی
(خوای لێ ڕازی بێت)

٢٠١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ شُعْبَةَ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ قَالَ: «حَجَّ الْأَسْوَدُ ثَمَانِينَ مِنْ بَيْنِ حَجَّةٍ وَعُمْرَةٍ».

واتە: عەبدولڕەحمان لە شوعبەوە ئەویش لە باوکی ئیسحاقەوە فەرموویەتی: ئەسوەد نزیکەی هەشتا حەج و عەمرەی کردووە.

٢٠٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، قَالَ: «وَحَجَّ عَمْرُو بْنُ مَيْمُونٍ سِتِّينَ مِنْ بَيْنِ حَجَّةٍ وَعُمْرَةٍ».

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: باوکم پێی گوتم: عەمری کوڕی مەیمونیش نزیکەی شەست حەج و عەمرەی کردووە.

٢٠٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مَعْمَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، وَهُوَ الرَّقِّيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ بِشْرٍ، أَنَّ عَلْقَمَةَ بْنَ قَيْسٍ، وَالْأَسْوَدَ بْنَ يَزِيدَ، حَجَّا فَكَانَ الْأَسْوَدُ صَاحِبَ عِبَادَةٍ فَصَامَ يَوْمًا فَرَاحَ النَّاسُ بِالهجيرِ وَقَدْ تَرَبَّدَ وَجْهُهُ فَأَتَاهُ عَلْقَمَةُ فَضَرَبَ عَلَى فَخِذِهِ فَقَالَ: " أَلَا تَتَّقِي الله يَا أَبَا عَمْرٍو فِي هَذَا الْجَسَدِ عَلَامَ تُعَذِّبُ هَذَا الْجَسَدَ؟ فَقَالَ الْأَسْوَدُ: يَا أَبَا شِبْلٍ، الْجِدَّ الْجِدَّ ".

واتە: مەعمەری کوڕی سولەیمان لە عەبدوڵڵای کوڕی بیشرەوە دەگێڕێتەوە کە عەلقەمەی کوڕی قەیس و ئەسوەدی کوڕی یەزید پێکەوە حەجیان کرد؛ ئەسوەد زۆر خواپەرست بوو؛ ڕۆژێک ڕۆژووی گرت؛ کاروانەکە لە کاتی گەرمادا دەڕۆیشتن؛ ئەسوەد دەموچاوی زەرد داگەڕابوو؛ عەلقەمە هات و دای بەسەر ڕانی خۆیاو گوتی: ئەرێ بواکی عەمر (مەبەست ئەسوەدە) ئەوە لەخوا ناترسی؟ بۆچی مافی لاشەی خۆت نادەی؟ بۆ ئەم جەستەیەی خۆت سزا دەدەی؟ ئەسوەد فەرمووی: باوکی شیبل! ئەوە تێکۆشانە تێکۆشان!

٢٠٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنا أَبو أَحْمَد، حَدَّثَنا حَسَنٌ، عَنْ عَليٍّ بْن مُدْرك قَالَ: قَالَ عَلْقَمَةُ للأَسْوَد: " لمَ تُعَذِّبُ هَذَا الْجَسَدَ وَهُوَ يَصُومُ؟ قَالَ: «الرَّاحَةَ أُريدُ له».

واته: باوکی ئەحمەد لە حەسەنەوە ئەویش لە عەلیی کوڕی مودریکەوە دەفەرموێت: ئەسوەد ڕۆژووی دەگرت و عەلقەمە بە ئەسوەدی گوت: بۆچی ئەوەندە سزای جەستەی خۆت دەدەی؟ ئەسوەد فەرمووی: دەمەوێ دوایی لە ئاسودەیی و ئاسایشا بێ.

٢٠٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، وَحَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ طَلْحَةَ، عَنْ عَبْد الرَّحْمَن بْن ثُرْدَانَ أَبي قَيْس الأَوْديِّ قَالَ: كَانَ الأَسْوَدُ بْنُ يَزيدَ يُجْهدُ نَفْسَهُ في الصَّوْم وَالْعبَادَة حَتَّى يَضْمُرَ جَسَدُهُ وَيَصْفَرَّ قَالَ: وَكَانَ عَلْقَمَةُ يَقُولُ: " وَيْحَكَ لمَ تُعَذِّبُ هَذَا الْجَسَدَ؟ فَيَقُولُ: إنَّ الأَمْرَ جدٌّ إنَّ الأَمْرَ جدٌّ ".

واته: موحەممەدی کوڕی تەڵحە لە عەبدولڕەحمانی کوڕی ثوردان واتە: باوکی قەیسی ئەودیەوە دەفەرموێت: ئەسوەدی کوڕی یەزید ئەوەندە ڕۆژوی دەگرت و ئەوەندە خواپەرستی دەکرد تەواو سزای جەستەی خۆی دەدا تا تەواو لاواز دەبوو ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا.. دەفەرموێت: عەلقەمە پێی دەگوت: ئاخ لە دەست تۆ ئەسوەد؛ ئەوە بۆچی ئەوەندە سزای گیانی خۆت دەدەی؟ ئەسوەد دەیفەرموو: ئاخر کارەکە (واتە: قیامەت) جدییەو گاڵتە نییە! جدییەو گاڵتە نییە!

٢٠٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ مُحَمَّد، منْ أَهْل رَأْس الْعَيْن، حَدَّثَنَا ابْنُ أَعْيَنَ، حَدَّثَنَا زُهَيْرٌ، حَدَّثَنَا أَبو إسْحَاقَ، عَن الأَسْوَد قَالَ: قَالَتْ عَائشَةُ رَضيَ اللهُ عَنْهَا: " مَا بالْعرَاق رَجُلٌ أَكْرَمُ منَ الأَسْوَد تَعْني ابْنَ زَيْد.

واته: جەعفەر کوڕی موحەممەد. کە خەڵکی ڕەئسولعەین بوو لە کوڕی ئەعیەنەوە ئەویش لە زوهەیرەوە گێڕایەوە ئەویش لە باوکی ئیسحاقەوە ئەویش لە ئەسوەدە فەرموویەتی: دایشە عائیشە فەرموویەتی: لە عێراقدا کەس نییە هێندەی ئەسوەد لای خوای گەورە بەڕێز بێت. مەبەستی ئەسوەدی کوڕی یەزید بوو.

٢٠٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ إِدْرِيسَ قَالَ: سَمِعْتُ مَالِكًا، يَعْنِي ابْنَ مِغْوَلٍ قَالَ: سُئِلَ مَرَّةً مَا بَقِيَ مِنْ صَلَاتِكَ؟ وَكَانَ قَدْ كَبِرَ قَالَ: «الشَّطْرُ خَمْسُونَ وَمِائَتَا رَكْعَةٍ».

واته: عەبدوڵڵای کوڕی ئیدریس دەفەرموێت: جارێک گوێم لێبوو لە مالیکیان. مەبەستی مالیکی کوڕی میغوەلە پرسی: چەند ڕکات نوێژت ماوە بیکەی؟ جا مالیك پیر ببوو؛ فەرمووی: نیوەم ماوە؛ سەدو پەنجا ڕکات (واتە: ڕۆژانە یان شەوانە سێیسەد ڕکات نوێژی دەکرد).

٢٠٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ شُجَاعٍ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي الْعَلَاءُ، عَنْ عَبْدِ الْكَرِيمِ الْأَيَامِيِّ قَالَ: " كُنَّا نَأْتِي مُرَّةَ الهَمْدَانِيَّ فَيَخْرُجُ فَنَرَى أَثَرَ السُّجُودِ فِي جَبْهَتِهِ وَكَفَّيْهِ وَرُكْبَتَيْهِ، وَقَدَمَيْهِ قَالَ: فَيَجْلِسُ مَعَنَا هُنَيَّةً ثُمَّ يَقُومُ فَإِنَّمَا هُوَ رُكُوعٌ وَسُجُودٌ".

واته: وەلیدی کوڕی شوجاع لە باوکییەوە ئەویش لە عەلا ئەویش لە عەبدولکەریمی ئەیامییەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئێمە دەڕۆیشتین بۆ لای هەمدانی؛ هەمدانی دەهات بۆ لامان و ئێمە ئاسەواری سەجدە بردنمان بە ناوچەوانییەوە و بە هەردو ناولەپەی دەستیەوە و بە ئەژنۆکانییەوە دەبینی.. دەفەرموێت: کەمێک لەگەڵمان دادەنیشت و دوایی هەڵدەستا؛ ئەو هەر خەریکی کڕنوش بردن و سەجدە بردن دەبوو.

٢٠٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا مِسْعَرٌ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ الْأَقْمَرِ، عَنْ أَبِي الْأَحْوَصِ قَالَ: «إِنْ كَانَ الرَّجُلُ لَيَطْرُقُ الْفُسْطَاطَ طُرُوقًا يَسْمَعُ لِأَهْلِهِ دَوِيًّا كَدَوِيِّ النَّحْلِ، مَا بَالُ هَؤُلَاءِ يَأْمَنُونَ مَا كَانَ أُولَئِكَ يَخَافُونَ؟».

واته: وەکیع لە میسعەرەوە ئەویش لە عەلیی کوڕی ئەقمەرەوە ئەویش لە باوکی ئەحوەصەوە دەفەرموێت: پیاوی وا هەبوو چادرێکی بۆخۆی هەڵدەداو کە گوێی لە ورتەو دەنگی ماڵ و مناڵەکەی دەبوو دەیگوت: ئەرێ ئەوانە بۆ ئەوەندە بێخەمن؟ لەخوا ناترسن؟

٢٠٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سَابِقٌ، حَدَّثَنَا مَالِكٌ، عَنْ طَلْحَةَ قَالَ: " كَانَ لِكُلِّ رَجُلٍ عَثْرَةٌ يَوْمَ قَالَ: فَقَالَ لَهُ غُلَامٌ لَهُ: «لَئِنْ كَانَ هَذَا دَأْبَكَ لَيَذْهَبَنَّ بَصَرُكَ وَلَتَلْتَمِسُ لَكَ قَائِدًا».

واته: سابیق لە مالیکەوە ئەویش لە تەڵحەوە گێڕایەوە فەرمووی: هەموو کەسێک ڕۆژێ هەڵە دەکات! کۆیلەیەکی پێگوت: دەی ئەگەر ئەمە داب و نەریتی تۆ بێت کوێر دەبیت و هەر

لە ئێستاوە بو دوای کەسێکدا بگەڕێ دەستت بگرێ! (مەبەستی ئەوە بووە کە نابێ مرۆڤ خۆی بۆ ئەوە ئامادە بکات کە تووشی هەڵەیەک ببێ).

٢٠٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ مَنْصُور، عَنْ سَالِم، عَنْ مَسْرُوق قَالَ: «مَا دَامَ قَلْبُ الرَّجُلِ يَذْكُرُ الله عَزَّ وَجَلَّ فَهُوَ فِي الصَّلَاةِ وَإِنْ كَانَ فِي السُّوقِ».

واتە: مەنصور لە سالمەوە ئەویش لە مەسروقەوە فەرموویەتی: هەتا دڵی مرۆڤ یاد و زیکری خوای گەورە بکات ئەوە لەناو نوێژایە ئەگەرچی بە جەستەش لە بازاڕا بێ.

٢٠٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ قَالَ: «حَجَّ مَسْرُوقٌ فَمَا نَامَ إِلَّا سَاجِدًا عَلَى وَجْهِه».

واتە: عەبدولڕەحمان لە شوعبەوە ئەویش لە باوکی ئیسحاقەوە فەرموویەتی: مەسروق ڕۆیشت بۆ حەج و لە ڕێگای (چون و هاتنەوەدا) بە دەم سەجدە بردنەوە نەبێ نەخەوت (واتە: خۆی بە ئارەزوی خۆی هیچ نەدەخەوت تەنیا ئەو کاتانا دەخەوت کە خەو تەواو زۆری پێ دەهێناو لەناو سەجدەدا تاوێک خەوی لێ دەکەوت).

٢٠٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ إِسْمَاعِيلَ بْنِ أَبِي خَالِد، عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ، قَالَ مَسْرُوقٌ: «مَا مِنَ الدُّنْيَا شَيْءٌ آسَى عَلَيْهِ إِلَّا السُّجُودَ لله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: شوعبە لە ئیسماعیلی کوڕی باوکی خالیدەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە دەگێڕێتەوە مەسروق فەرموویەتی: هیچ شتێکی دونیا نییە خەمی بۆ بخۆم جگە لە سەجدە بردن بۆ خوای گەورە.

٢٠٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ: لَقِيَنِي مَسْرُوقٌ فَقَالَ: يَا أَبَا سَعِيد «مَا مِنْ شَيْءٍ يُرْغَبُ فِيه إِلَّا أَنْ نُعَفِّرَ وُجُوهَنَا فِي هَذَا التُّرَاب».

واتە: عەبدولڕەحمان لە سوفیانەوە ئەویش لە باوکی ئیسحاقەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی

جوبەیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گەیشتم بە مەسروق گوتی: باوکی سەعیدا هیچ شتێک نییە مرۆڤ حەزی لێ بکا ئەوە نەبێ کە دەموچاومان بدەین بەم گڵ و تەپوتۆزەوە (واتە: نوێژ بکەین و سەجدە ببەین).

٢٠٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، قَالَ سُفْيَانُ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مُرَّةَ، عَنْ مَسْرُوقٍ قَالَ: «بِحَسْبِ الرَّجُلِ مِنَ الْعِلْمِ أَنْ يَخْشَى اللهَ عَزَّ وَجَلَّ وبِحَسْبِ الرَّجُلِ مِنَ الْجَهْلِ أَنْ يُعْجَبَ بِعِلْمِهِ».

واتە: عەبدولڕەحمان لە سوفیانەوە ئەویش لە ئەعمەشەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی موڕڕەوە ئەویش لە مەسروقەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ بە زانا بناسرێ ئەگەر لەخواترس بوو؛ بەسە بۆ مرۆڤیش کە بە نەفام و نەزان بناسرێ ئەگەر سەرسام بوو بە زانستەکەی خۆی.

٢٠٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى، عَنْ سُفْيَانَ، حَدَّثَنِي سُلَيْمَانُ، عَنْ مَسْرُوقٍ قَالَ: «مَا خَطَا رَجُلٌ خُطْوَةً إِلَّا كُتِبَتْ له حَسَنَةٌ أَوْ سَيِّئَةٌ».

واتە: سوفیان لە سولەیمان ئەویش لە مەسروقەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: مرۆڤ هیچ هەنگاوێک هەڵنانێ یان ئەوەتا بەهۆی ئەو هەنگاوە خێری بۆ دەنووسرێ؛ یان ئەوەتا خراپەی بۆ دەنووسرێ.

٢٠٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى، عَنْ سُفْيَانَ، حَدَّثَنِي سُلَيْمَانُ، عَنْ مُسْلِمٍ قَالَ: سُئِلَ مَسْرُوقٌ عَنْ بَيْتِ، شِعْرٍ قَالَ: «مَا أُحِبُّ أَنْ أَجِدَ فِي صَحِيفَتِي شِعْرًا».

واتە: یەحیا لە سوفیانەوە ئەویش لە سولەیمانەوە ئەویش لە موسلیمەوە دەگێڕێتەوە فەمویەتی: سەبارەت بە بەیتە شیعرێک پرسیار لە مەسروق کرا؛ مەسروق فەرمووی: من پێم خۆش نییە لاپەڕەی کردووەکانم شیعری تیابێ!

٢٠٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مُرَّةَ، عَنْ مَسْرُوقٍ قَالَ: " مَا أَكُونُ أَوْثَقَ مِنِّي بِالرِّزْقِ حَتَّى يَقُولَ الْخَادِمُ: لَيْسَ عِنْدَنَا قَفِيزٌ وَلَا دِرْهَمٌ ".

واتە: عەبدولڕەحمان لە سوفیانەوە ئەویش لە ئەعمەشەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی موڕڕەوە ئەویش لە مەسروقەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: من ئەو کاتە زۆر متمانەم بە ڕزق و ڕزۆی هەیە کە خزمەتکارەکەم دێت و دەڵێ: نە گەنم و جۆ ماوە نە یەک دیرهەم!

٢٠٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ مُسْلِم، عَنْ مَسْرُوق، فِي قَوْلِه عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ۝٢﴾ الطلاق: ٢ قَالَ: " مَخْرَجُهُ أَنْ يَعْلَمَ أَنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ هُوَ يَمْنَعُهُ وَهُوَ يُعْطِيه: ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ﴾ الطلاق: ٣ قَالَ: أَلَيْسَ كُلُّ مَنْ تَوَكَّلَ عَلَى الله كَفَاهُ؟ إِلَّا مَنْ تَوَكَّلَ عَلَيْه يُكَفِّرُ عَنْهُ سَيِّئَاته وَيُعْظِمُ لَه أَجْرًا قَالَ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمْرِهِۦ﴾ الطلاق: ٣ وَقَالَ: فَيمَنْ تَوَكَّلَ عَلَى الله وَفِيمَنْ لَمْ يَتَوَكَّلْ عَلَيْه: ﴿قَدْ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَىْءٍ قَدْرًا ۝٣﴾ الطلاق: ٣ : أَجَلًا ".

واتە: باوکی موعاویە لە ئەعمەشەوە ئەویش لە موسلیمەوە ئەویش لە مەسروقەوە دەگێڕێتەوە سەبارەت بە ئایەتی: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ۝٢﴾ الطلاق: ٢ فەرموویەتی: ئەو دەرووەی کە خوای لێی دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەو کەسە بزانێ تەنیا خوای گەورە دەبەخشێت و دەیگرێتەوە. هەروەها سەبارەت بە ئایەتی: ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ﴾ فەرمووی: مەگەر هەر کەسێ پشت بەخوای گەورە ببەستێ خوای گەورەی بەس نییە؟ هەر کەسێ پشت بە خوای گەورە ببەستێ ئەوا خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش دەبێت و پاداشتی گەورەی پێ دەداتەوە. ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمْرِهِۦ﴾. هەروەها فەرمووی: سەبارەت بەو کەسانەش کە پشت بەخوا دەبەستن و ئەوانەش کە پشت بەخوا نابەستن خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَدْ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَىْءٍ قَدْرًا ۝٣﴾ واتە: ئاکام و ئەجەل.

٢٠٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ مُسْلِم، عَنْ مَسْرُوق قَالَ: «إِنَّ الْمَرْءَ لَحَقِيقٌ أَنْ يَكُونَ لَه مَجَالِسُ يَخْلُو فِيهَا فَيَذْكُرَ فِيهَا ذُنُوبَهُ فَيَسْتَغْفِرَ مِنْهَا».

واتە: باوکی موعاویە لە ئەعمەشەوە ئەویش لە موسلیمەوە ئەویش لە مەسروقەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: پێویستە هەموو کەسێک شوێنێکی هەبێ کە بە تەنیا تێیدا دابنیشێت و بیر لە تاوانەکانی بکاتەوە و داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکات.

٢٠٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ بِشْر، حَدَّثَنِي مِسْعَرٌ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ بْن مُحَمَّد بْنِ الْمُنْتَشِر قَالَ: كَانَ مَسْرُوقٌ يَرْكَبُ كُلَّ جُمُعَة بَغْلَةً لَه وَيَحْمِلُنِي خَلْفَهُ ثُمَّ يَأْتِي كُنَاسَةً

بِالْجِيزَةِ قَدِيمَةٍ فَيَجْعَلُ عَلَيْهَا بَغْلَتَهُ ثُمَّ يَقُولُ: «الدُّنْيَا تَحْتَنَا».

واتە: موحەممەدی کوڕی بیشر لە میسعەرەوە ئەویش لە ئیبراهیمی کوڕی موحەممەدی کوڕی مونتەشیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەموو ڕۆژێکی هەینی مەسروق سواری قاترەکەی دەبوو؛ منیشی لەگەڵ خۆیا سوار دەکرد؛ دوایی دەچوە سەر سڕوان و زبڵدانێکی کۆنی جیزە؛ قاترەکەی لەسەر زبڵدانەکە ڕادەوەستاندو دەیفەرموو: ئەمە دونیایە کەلەژێر خۆمانایە! (واتە: دونیا وەکوو ئەو سڕوان و زبڵدانە کۆنە وایە).

٢٠٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيدٍ، عَنْ وَائِلِ بْنِ دَاوُدَ، حَدَّثَنِي خَفَافُ بْنُ أَبِي سَرِيعَةَ، عَنْ مَسْرُوقٍ قَالَ: «مَا أُغْبِطُ شَيْئًا بِشَيْءٍ كَمُؤْمِنٍ فِي لَحْدِهِ قَدْ أَمِنَ الْعَذَابَ وَاسْتَرَاحَ مِنَ الدُّنْيَا».

واتە: یەحیای کوڕی سەعید لە وائیلی کوڕی داوودەوە ئەویش لە خەفافی کوڕی باوکی سەریعەوە ئەویش لە مەسروقەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: خۆزگە لەهیچ شتێک ناخوازم ئەوەندەی کە خۆزگە لە بڕوادارێک دەخوازم کە مردووە و ئەوەندە باوەڕدارە خوای گەورە سزای ناو گۆڕی بەسەرا ناسەپێنێت و لە دونیاش ڕزگاری بووە!

٢٠٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ حَمَّادِ بْنِ زَيْدٍ، عَنْ أَنَسِ بْنِ سِيرِينَ، عَنِ امْرَأَةِ مَسْرُوقٍ أَنَّ مَسْرُوقًا، كَانَ يُصَلِّي حَتَّى تَوَرَّمَ قَدَمَاهُ وَتَجْلِسُ امْرَأَتُهُ فَتَبْكِي مِمَّا يَصْنَعُ بِنَفْسِهِ ".

واتە: حەمادی کوڕی زەید لە ئەنەسی کوڕی سیرینەوە ئەویش لە ژنەکەی مەسروقەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: مەسروق ئەوەندە نوێژی دەکرد تا پێیەکانی دەئاوسان.. ئەنەس دەفەرموێت: ئیتر ژنەکەی دادەنیشت دەستی بە گریان دەکرد بۆ مەسروق.

٢٠٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هُشَيْمٌ، عَنْ مُجَالِدٍ، عَنِ الشَّعْبِيِّ، عَنْ مَسْرُوقٍ قَالَ: «إِذَا بَلَغَ أَحَدُكُمْ أَرْبَعِينَ سَنَةً فَلْيَأْخُذْ حِذْرَهُ مِنَ اللهِ سُبْحَانَهُ».

واتە: هوشەیم لە موجالیدەوە ئەویش لە شەعبییەوە ئەویش لە مەسروقەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: هەرکام لە ئێوە تەمەنی گەیشتە چل ساڵ ئیتر با خۆی بپارێزێ لە خوای گەورە (واتە: ئاگادار بێ چونکە لەوانەیە خوای گەورە لەپڕا گیانی بکێشێت و بمرێت).

٢٠٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ لِمَسْرُوقٍ: إِنِّي أُحِبُّكَ فِي اللهِ

قَالَ: «إِنَّكَ أَحْبَبْتَ الله فَأَحْبَبْتَ مَنْ يُحِبُّ الله عَزَّ وَجَلَّ».

واته: سوفیان دەفەرموێت: پیاوێک بە مەسروقی گوت: من لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە تۆم خۆش دەوێ! مەسورق فەرمووی: دەی تۆ خوای گەورەت خۆش دەوێ بۆیە کەسێکت خۆش دەوێ کە ئەو کەسە خوای گەورەی خۆش دەوێ!

٢٠٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَرٍ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ أَبِي وَائِلٍ قَالَ: «كُنْتُ مَعَ مَسْرُوقٍ وَهُوَ عَلَى السِّلْسِلَةِ أَمِيرًا فَمَا رَأَيْتُ رَجُلًا أَعَفَّ مِنْ مَسْرُوقٍ مَا كَانَ يُصِيبُ إِلَّا الْمَاءَ مِنْ دِجْلَةَ».

واته: موحەممەدی کوڕی جەعفەر لە شوعبەوە ئەویش لە باوکی ئیسحاقەوە ئەویش لە باوکی وائیلەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: من لە خزمەت مەسروقا بووم؛ کرابووە بەرپرسی سیلسیلە؛ جا هیچ کەسێکم نەدیوە هێندەی مەسروق خۆی لە موڵکی گشتی بپارێزێ؛ لە ئاوی دیجلە نەبێ لە هیچ شتێکی گشتی کەڵکی وەرنەدەگرت.

٢٠٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُؤَمَّلٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، وَأَبُو عَوَانَةَ، عَنِ الْمُغِيرَةِ، عَنِ الشَّعْبِيِّ قَالَ: بَعَثَ زِيَادٌ مَسْرُوقًا عَامِلًا عَلَى السِّلْسِلَةِ فَلَمَّا خَرَجَ مَسْرُوقٌ خَرَجَ مَعَهُ قُرَّاءُ أَهْلِ الْكُوفَةِ يُشَيِّعُونَهُ فَكَانَ فِيهِمْ شَابٌّ عَلَى فَرَسٍ، فَلَمَّا رَجَعَ وَبَقِيَ مَسْرُوقٌ فِي نَفَرٍ مِنْ أَصْحَابِهِ دَنَا مِنْهُ الْفَتَى فَقَالَ: إِنَّكَ سَيِّدُ قُرَّاءِ أَهْلِ الْكُوفَةِ وَقَرِيعُهُمْ، إِنْ قِيلَ: مَنْ أَفْضَلُهُمْ؟ قِيلَ: مَسْرُوقٌ، وَإِنْ قِيلَ: مَنْ أَعْلَمُهُمْ؟ قِيلَ: مَسْرُوقٌ، وَإِنْ قِيلَ: مَنْ أَفْقَهُهُمْ؟ قِيلَ: مَسْرُوقٌ، وَإِنَّ زَيْنَكَ لَهُمْ زَيْنٌ، وَإِنَّ شَيْنَكَ لَهُمْ شَيْنٌ، وَإِنِّي أَنْشُدُكَ اللهَ أَوْ قَالَ: "أُعِيذُكَ بِاللهِ أَنْ تُحَدِّثَ نَفْسَكَ بِفَقْرٍ أَوْ بِطُولِ أَمَلٍ، فَقَالَ لَهُ مَسْرُوقٌ: أَلَا تُعِينُنِي عَلَى مَا أَنَا فِيهِ؟ قَالَ: وَاللهِ مَا أَرْضَى لَكَ مَا أَنْتَ فِيهِ، فَكَيْفَ أُعِينُكَ عَلَيْهِ؟ انْصَرِفْ، فَلَمَّا انْصَرَفَ الْفَتَى قَالَ مَسْرُوقٌ: مَا بَلَغَتْ مِنِّي مَوْعِظَةٌ مَا بَلَغَتْ مَوْعِظَةُ هَذَا الْفَتَى، قَالَ سُفْيَانُ: فَلَمَّا رَجَعَ مَسْرُوقٌ مِنْ عَمَلِهِ ذَلِكَ أَتَاهُ أَبُو وَائِلٍ، فَقَالَ لَهُ مَسْرُوقٌ: مَا عَمِلْتُ عَمَلًا أَنَا مِنْهُ أَخْوَفُ أَنْ يُدْخِلَنِي النَّارَ مِنْ عَمَلِي هَذَا، وَمَا ظَلَمْتُ فِيهِ مُسْلِمًا وَلَا مُعَاهَدًا وَلَكِنِّي مَا أَدْرِي مَا هَذَا الْحِمْلُ الَّذِي لَمْ يَسُنَّهُ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَلَا أَبُو بَكْرٍ وَلَا عُمَرُ؟ قَالَ أَبُو وَائِلٍ: فَقُلْتُ لَهُ: مَا حَمَلَكَ عَلَى ذَلِكَ؟ قَالَ: اكْتَنَفَنِي شُرَيْحٌ، وَابْنُ زِيَادٍ وَالشَّيْطَانُ ".

واته: سوفیان و باوکی عەوانە لە موغیرەوە ئەویش لە شەعبییەوە فەرموویەتی: زیاد

مەسروقی وەک بەرپرسی سیلسیلە نارد؛ کاتێ مەسروق ویستی شار بەجێ بهێڵێ هەموو قورئانخوێنەکانی شاری کوفە تا دەرەوەی شار ڕەوانەیان کرد و لەگەڵیا ڕۆیشتن؛ یەکێک لەو کەسانە گەنجێک بوو بەسەر ئەسپێکەوەبوو؛ دوای ئەوە خەڵکەکە گەڕانەوە و تەنیا مەسروق و سێ چوار هاوڕێی مانەوە؛ گەنجەکە لێی نزیك بویەوە و گوتی: مەسروق! تۆ گەورەی قورئانخوێنانی کوفەو پیاوماقوڵی؛ ئەگەر بگوترێ: کێ باشترین پیاوی کوفەیە؟ دەڵێن: مەسروق! ئەگەر بگوترێ: کێ زاناترین کەسی کوفەیە؟ هەر دەڵێن: مەسروق! ئەگەر بڵێن: کێ فەقیهترین و شەرعزانترین کەسی کوفەیە؟ هەر دەڵێن: مەسروق! سەبەرزی تۆ سەبەرزیی خەڵکی کوفەیە؛ خراپی و سەرشۆڕی تۆ مایەی نەنگی و سەرشۆڕی خەڵکی کوفەیە؛ بۆیە سوێندت دەدەم بەخوای گەورە نەکا نەفست لەبەر هەژاری یان هیواو ئاواتی زۆر فریوت بدات! مەسروق بە گەنجەکەی گوت: دەی بۆ یارمەتیم نادەی بۆ بەرێوەبردنی ئەم ئەرکە؟ گەنجەکە گوتی: بەخوا من بەوە ڕازی نیم کە تۆ ببی بە بەرێوبەرو کاربەدەست ئێستا چۆن خۆم دێم و یارمەتیت بدەم؟! برۆ خوات لەگەڵ! دوای ئەوەی گەنجەکە گەڕایەوە مەسروق فەرمووی: هیچ ئامۆژگارییەک هێندەی ئامۆژگاریی ئەو گەنجە کاری تێ نەکردم.. سوفیان دەفەرموێت: دوای ئەوەی مەسروق لە کارەکەی گەڕایەوە باوکی وائیل رۆیشت بۆ لای؛ مەسروق گوتی: هیچ کارێکم نەکردووە هێندەی ئەم کارە ترسی ئاگر بخاتە ناو دڵمەوە و بترسم بەهۆیەوە بچمە ئاگرەوە؛ لەم کارەما نە ستەمم لە باوەڕدارێک کردووە نە لە کافرێکی بەڵێندەرو هاوپەیمان؛ بەلام نازانم ئەم بارە چییە کە نە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نە ئەبوبەکر و نە عومەر نەیانکردووە بە عادەت؟ باوکی وائیل فەرمووی: پێم گوت: دەی چیی وای لێ کردی قەبوڵی بکەی؟ گوتی: شورەیح و کوڕی زیاد و شەیتان دایان بە کوڵما.

٢٠٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ طَلْحَةَ بْنِ مُصَرِّفٍ، عَنِ الْحَارِثِ بْنِ عَمِيرَةَ، عَنْ مَسْرُوقٍ قَالَ: «لَيَوَدَّنَّ أَهْلُ الْبَلَاءِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَنَّ جُلُودَهُمْ قُرِضَتْ بِالْمَقَارِيضِ».

واتە: عەبدولڕەحمان لە سوفیانەوە ئەویش لە ئەعمەشەوە ئەویش لە تەڵحەی کوڕی موصەڕڕیفەوە ئەویش لە حارثی کوڕی عومەیرەوە ئەویش لە مەسروقەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەوانەی لە دونیادا زۆر تووشی بەلا و موسیبەت بوون کاتێ لە ڕۆژی قیامەتدا دەبینن پاداشتیان چەندێ زۆرە؛ خۆزگە دەخوازن و دەڵێن: خۆزگا لە دونیادا پێست و گۆشتمان بە مقەس و چۆقە پارچە پارچە کرابا.

٢٠٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سَابِقٍ، حَدَّثَنَا مَالِكٌ قَالَ: سَمِعْتُ طَلْحَةَ

قَالَ: قَالَ مَسْرُوقٌ: «يَوَدُّ أَهْلُ الْبَلَاءِ فِي الدُّنْيَا إِذَا أُثِيبُوا عَلَى بَلَائِهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حَتَّى إِنَّ أَحَدَهُمْ يَتَمَنَّى لَوْ أَنَّ جِلْدَهُ كَانَ قُرِضَ فِي الدُّنْيَا بِالْمَقَارِيضِ».

واته: موحەممەدی کوڕی سابیق لە مالیکەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە تەڵحە بوو فەرمووی: مەسروق فەرمووی: ئەوانەی لە دونیادا تووشی بەڵا و موسیبەت بوون کاتێ لە قیامەتدا پاداشتیان پێ دەدرێتەوە خۆزگە دەخوازن کە لە دونیادا بە چەقۆ پێست و گۆشتیان کوت کوتو کرابا.

٢٠٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ مِسْعَرٍ، عَنِ الْوَلِيدِ بْنِ الْعَيْزَارِ، عَنْ عَمْرِو بْنِ مَيْمُونٍ قَالَ: «الْمَسَاجِدُ بُيُوتُ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ وَحَقٌّ عَلَى الْمَزُورِ أَنْ يُكْرِمَ زَائِرَهُ».

واته: سوفیان لە میسعەرەوە ئەویش لە وەلیدی کوڕی عەیزارەوە ئەویش لە عەمری کوڕی مەیمونەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: مزگەوتەکان هەموویان ماڵی خوای گەورەن؛ ئێ کەسی خاوەن ماڵیش (ئەوەی کە سەردانیی کراوە) ڕێز لە میوانی خۆی دەگرێ (واتە: ئەوەی سەردانی مزگەوت بکات؛ چونکە بووە بە میوانی خوای گەورە؛ ئەوا خوای گەورە ڕێزی لێ دەگرێ).

٢٠٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ، عَنْ مَيْمُونِ بْنِ أَبِي شَبِيبٍ، أَنَّهُ إِذَا كَانَ الدِّرْهَمُ النُّيُوقُ أَوِ الزَّيْفُ كَسَرَهُ وَقَالَ: «لَا تَغُرَّ أَوْ لَا يُغَرُّ بِكَ مُسْلِمٌ».

واته: عەبدولڕەحمان لە سوفیانەوە ئەویش لە مەنصورەوە ئەویش لە ئیبراهیمەوە ئەویش لە مەیمونی کوڕی باوکی شەبیبەوە دەگێڕێتەوە کە هەر کاتێ دیرهەمێک زۆر جوان و نوێ بوایە یان دیرهەمێک تەزویرو ساختە بوایە؛ دەیشکاندو دەیفەرموو: با ئەمەیان کەس فریو نەدات و ئەویشیان کەسی پێ فریو نەدرێت.

٢٠٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنُ بْنُ عَلِيٍّ، عَنِ الْحَسَنِ بْنِ الْحُرِّ، عَنْ مَيْمُونِ بْنِ أَبِي شَبِيبٍ قَالَ: أَرَدْتُ الْجُمُعَةَ زَمَنَ الْحَجَّاجِ قَالَ: فَتَهَيَّأْتُ لِلذَّهَابِ قَالَ: ثُمَّ قُلْتُ: أَيْنَ أَذْهَبُ أُصَلِّي خَلْفَ هَذَا؟ فَقُلْتُ مَرَّةً: أَذْهَبُ، وَقُلْتُ مَرَّةً: لَا أَذْهَبُ قَالَ: فَأَجْمَعَ رَأْيِي عَلَى الذَّهَابِ قَالَ: فَنَادَانِي مُنَادٍ مِنْ جَانِبِ الْبَيْتِ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ﴾ الجمعة: ٩ قَالَ: فَذَهَبْتُ قَالَ: وَجَلَسْتُ مَرَّةً أَكْتُبُ كِتَابًا قَالَ: فَعَرَضَ لِي شَيْءٌ إِنْ أَنَا كَتَبْتُهُ زَيَّنَ كِتَابِي كُنْتُ قَدْ كَذَبْتُ، وَإِنْ أَنَا تَرَكْتُهُ كَانَ فِي كِتَابِي بَعْضُ الْقُبْحِ وَكُنْتُ قَدْ صَدَقْتُ قَالَ: فَقُلْتُ مَرَّةً:

أَكْتُبُهُ، وَمَرَّةً: لَا أَكْتُبُهُ قَالَ: فَأُجْمِعَ رَأْيِي عَلَى تَرْكِهِ فَتَرَكْتُهُ قَالَ: فَنَادَانِي مِنْ جَانِبِ الْبَيْتِ: ﴿ يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِي ٱلْآخِرَةِ ﴾ إبراهيم: ٢٧ ".

واتە: حوسەینی کوڕی عەلی لە حەسەنی کوڕی حوڕڕەوە ئەویش لە مەیمونی کوڕی باوکی شەبیەوە فەرمووی: لە سەردەمی حەججاجدا ویستم بڕۆم بۆ نوێژی هەینی؛ خۆم بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد و دوایی لە دڵی خۆما گوتم: کورە بۆ کوێ بڕۆم؟ بڕۆم گوێ لە حەججاج بگرم و لەدوای حەججاجەوە نوێژ بکەم؟ جارێک دەمگوت دەچم و جارێک پەشیمان دەبومەوە و دەمگوت: ناچم! دوایی بڕیاری ئەوەمدا بڕۆم؛ جا لە سوچێکی ماڵەکەمانەوە دەنگێک هات و ئەم ئایەتەی خوێندەوە و گوتی: (مانای ئایەتەکە): ئەی ئەوانەی باوڕتان هێناوە کاتێ کە بانگ درا بۆ نوێژ لە ڕۆژی هەینیدا، ئێوە بە پەلە بچن بەدەم یادی خواوە و واز لە کڕین و فرۆشتن بهێنن، چونکە ئەو کارەتان چاکترە بۆتان ئەگەر بزانن و تێبگەن. دەفەرموێت: ئیتر ڕۆیشتم.. دەفەرموێت: جارێکیش دانیشتم ویستم شتێک بنووسم؛ شتێک هات بە خەیاڵما بینووسم؛ دوایی گوتم: ئەگەر ئەم شتە بنووسم ئەوە نووسینەکەم جوان دەردەچێ بەڵام درۆی تیایەو درۆم کردووە؛ ئەگەریش نەینووسم ئەوە نووسینەکەم جوان و ڕەوان نییە! بەڵام قسەکانم هەمووی ڕاستە.. جا لە دڵی خۆما جارێک دەمگوت: دەینووسم و جارێک دەمگوت: نایننووسم! دەفەرموێت: بۆ کۆتاجار بڕیاری ئەوەمدا کە نەینووسم و وازی لێ بێنم؛ جا لە سوچێکی ماڵەکەوە دەنگێک هات و ئەم ئایەتەی خوێندەوە: (مانای ئایەتەکە): خوای گەورە ئەوانەی باوەڕیان هێناوە پایەدار دەکات لەسەر گوفتاری بەجێ و دروستیان لە ژیانی دنیادا، لەسەرەمەرگ و لە قیامەتیشدا، (باوەڕی دامەزراو فریایان دەکەوێت و) گوفتاریان ڕێک و پێک و دامەزراو دەبێت و بەئیمانەوە دەمرن، لەولاشەوە هەر ئەو خوایە ستەمکاران گومڕا دەکات و ئەوەی پەروەردگار بیەوێت هەر ئەوە پێش دێت و دەکرێت.

٢٠٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَهْبُ بْنُ جَرِيرٍ، حَدَّثَنَا أَبِي قَالَ: سَمِعْتُ الْأَعْمَشَ، يُحَدِّثُ عَنْ إِبْرَاهِيمَ، عَنْ عَلْقَمَةَ قَالَ: خَرَجْنَا وَمَعَنَا مَسْرُوقٌ وَعَمْرُو بْنُ عُتْبَةَ، ومِعْضَدٌ، غَازِينَ فَلَمَّا بَلَغْنَا مَاءَ سِيدَانَ وَأَمِيرُنَا عُتْبَةُ بْنُ فَرْقَدٍ، قَالَ لَنَا ابْنُهُ عَمْرُو بْنُ عُتْبَةَ قَالَ: إِنَّكُمْ إِنْ نَزَلْتُمْ عَلَيْهِ صَنَعَ لَكُمْ نُزُلَنَا وَلَعَلَه أَنْ يَظْلِمَ فِيهِ أَحَدًا، وَلَكِنْ إِنْ شِئْتُمْ قِلْنَا فِي ظِلِّ هَذِهِ الشَّجَرَةِ، وَأَكَلْنَا مِنْ كِسَرِنَا ثُمَّ رَجَعْنَا. فَفَعَلْنَا فَلَمَّا قَدِمْنَا الْأَرْضَ قَطَعَ عَمْرُو بْنُ عُتْبَةَ جُبَّةً بَيْضَاءَ فَلَبِسَهَا فَقَالَ: وَالله إِنَّ تَحَدُّرَ الدَّمِ عَلَى هَذِهِ لَحَسَنٌ فَرُمِيَ فَرَأَيْتُ الدَّمَ يَتَحَادَرُ عَلَى الْمَكَانِ الَّذِي وَضَعَ يَدَهُ عَلَيْهِ فَمَاتَ، وَغَدَوْنَا فِي غَدَاةٍ بَارِدَةٍ، فَأَعْطَيْتُ مِعْضَدًا بُرْدِي فَاعْتَجَرَ بِهِ، وَقَالَ ابْنُ الدوورقِيِّ: فَاعْتَمَّ بِهِ فَرُمِيَ فَقَالَ: وَالله إِنَّهَا لَصَغِيرَةٌ وَإِنَّ اللهَ لَيُبَارِكُ فِي الصَّغِيرَةِ، فَمَاتَ مِنْهَا فَكَانَ عَلْقَمَةُ

يَلْبَسُ ذَلِكَ الْبُرْدَ وَيَقُولُ: «إِنَّهُ لَيَزِيدُهُ إِلَيَّ حُبًّا أَنْ أَرَى فِيهِ دَمَ مِعْضَدٍ».

واتە: وەهبی کوڕی جەریر لە باوکییەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە ئەعمەش بوو لە ئیبراهیمەوە گێڕایەوە ئەویش لە عەلقەمەوە فەرمووی: بە مەبەستی غەزا کردن دەرچووین؛ مەسروق و عەمری کوڕی عوتبەو میعزەدیشمان لەگەڵدا بوو؛ عوتبەی کوڕی فەرقەد فەرماندەمان بوو؛ کاتێ گەیشتینە ئاوی سیدان عەمری کوڕی عوتبەی کوڕی فەرقەد بە ئێمەی گوت: ئێوە ئەگەر بڕۆن بۆ لای عوتبە ئەوە نان و خوانتان بۆ دروست دەکات؛ بەڵام لەوانەیە بەشی کەسێک بخۆن؛ ئەگەر دەتانەوێ با لە سێبەری ئەم دارە سەرخەوێک بشکێنین و ئەو پارچە نانەی کە پێمانە بیخۆین و دوایی بگەڕێینەوە! ئێمە بەو جۆرەمان کرد کە عەمر گوتی؛ جا دوای ئەوەی گەڕاینەوە بۆ شوێنەکەی پێشوو عەمری کوڕی عوتبە کەوایەکی سپی ڕەنگی هێناو لەبەری کرد و گوتی: بەخوا ئەگەر (تیرەکێم بەر بکەوتایەو) خوێن ئا بێرەدا هاتبایەتە خوارەوە زۆر باش بوو! زۆری نەبرد تیرێک لێیداو خوێن بەو جێگەدا هاتە خوارەوە کە خۆی دەستی خستوبیە سەری و گوتی: ئەگەر خوێن بێرەدا هاتبایەتە خوارەوە زۆر باشبوو! ئیتر عەمر بەو برینە مرد؛ جا بۆ بەیانی بەیانییەکی زۆر ساردمان بەسەرا هات؛ من کەواکەی خۆم دا بە میعزەد؛ میعزەد سەرو ملی خۆی پێ داپێچا، کوڕی دەورەقی گوتی: کردی بە مێزەرو پێچای بە سەریەوە.. جا ئەویش تیرێکی بەرکەوت؛ بەخوا تیرێکی زۆر بچووک بوو؛ بەڵام خوای گەورە پیت و بەرەکەت دەخاتە شتی بچووکیشەوە و بە هۆی ئەو تیرەوە مرد؛ جا عەلقەمە ئەو کەوایەی لەبەر دەکردو دەیفەرموو: من کە دەبینم خوێنی میعزەدی پێوەیە هێندەیتر بەلامەوە خۆشەویست دەبێ!

٢٠٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الْأَسْوَدُ بْنُ عَامِرٍ، أَنْبَأَنَا أَبُو بَكْرٍ، عَنِ الْأَعْمَشِ قَالَ: خَرَجَ عَلْقَمَةُ بْنُ قَيْسٍ، وَعَمْرُو بْنُ عُتْبَةَ وَمِعْضَدٌ فِي بَعْثٍ بَلَنْجَرَ قَالَ: فَاشْتَرَى عَمْرُو بْنُ عُتْبَةَ فَرَسًا بِأَرْبَعَةِ آلَافٍ قَالَ: فَقَالُوا لَهُ: أَغْلَيْتَ قَالَ: فَقَالَ: «مَا أُحِبُّ أَنَّ لِي بِكُلِّ حَافِرٍ يَرْفَعُهُ وَيَضَعُهُ دِرْهَمًا دِرْهَمًا».

واتە: ئەسوەدی کوڕی عامر لە ئەبوبەکرەوە ئەویش لە ئەعمەشەوە فەرمووی: عەلقەمەی کوڕی قەیس و عەمری کوڕی عوتبەو میعزەد لە مەفرەزەیەکا ڕۆیشتن بەلەنجەر؛ فەرمووی: عەمر ئەسپێکی کڕی بە چوار هەزار؛ دەفەرموێت: پێیان گوت: زۆر بە گران کڕیوتە! دەفەرموێت: عەمر فەرمووی: پێم خۆشە بۆ هەر سمێک کە بەرزی دەکاتەوە و دایدەنێتەوە دیرهەمێک بدەم!

٢٠٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ مَالِكِ بْنِ الْحَارِثِ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ رَبِيعَةَ قَالَ: قَالَ عُتْبَةُ بْنُ فَرْقَدٍ لِعَبْدِ الله بْنِ رَبِيعَةَ: يَا عَبْدَ الله أَلَا تُعِينُنِي عَلَى ابْنِ أَخِيكَ يُعِينُنِي عَلَى مَا أَنَا فِيهِ مِنْ عَمَلِي؟ فَقَالَ عَبْدُ الله: يَا عَمْرُو أَطِعْ أَبَاكَ فَنَظَرَ إِلَى مِعْضَدٍ وَهُوَ جَالِسٌ، مَعَهُمْ فَقَالَ لَه: لَا تُطِعْهُمْ وَاسْجُدْ وَاقْتَرِبْ، وَلَمْ لَمْ يَسْجُدِ الْأَعْمَشُ؟ قَالَ عَمْرٌو: يَا أَبَتِ، إِنَّمَا أَنَا عَبْدٌ أَعْمَلُ فِي فِكَاكِ رَقَبَتِي قَالَ: فَبَكَى عُتْبَةُ ثُمَّ قَالَ: يَا بُنَيَّ، إِنِّي لَأُحِبُّكَ حُبَّيْنِ حُبًّا لله عَزَّ وَجَلَّ وَحُبَّ الْوَالِدِ وَلَدَهُ، قَالَ عَمْرٌو: يَا أَبَتِ إِنَّكَ قَدْ كُنْتَ أَتَيْتَنِي بِمَالٍ قَدْ بَلَغَ سَبْعِينَ أَلْفًا فَإِنْ كُنْتَ سَائِلِي عَنْهُ فَهُوَ ذَا فَخُذْهُ وَإِلَّا فَدَعْنِي فَأُمْضِيَهُ قَالَ: فَأَمْضَاهَا حَتَّى مَا بَقِيَ مِنْهَا دِرْهَمٌ ".

واتە: بـاوکی موعـاویە لە ئەعمەشـەوە ئەویـش لە مـالیکی کـوڕی دینـارەوە ئەویـش لە عەبـدوڵڵای کـوڕی ڕەبـیعەوە دەفەرموێـت: عـوتبەی کـوڕی فەرقەد بە عەبـدوڵڵای کـوڕی ڕەبـیعەی گـوت: عەبـدوڵڵا! ئەوە بـۆ یـامەرتیم نـادەی بـا بـرازاکەت یـارمەتیم بـدات بـۆ کاروبارەکانم! عەبدوڵڵا گوتی: ئەی عەمر! گوێڕایەڵی باوکت بە! جا سەیری میعزەدی کرد؛ میعزەد لەگەڵیانا دانیشتبوو؛ پێی گوت: گوێڕایەڵی ئەوان مەکەو سەجدە ببەو خۆت لە خوای گەورە نزیك بکەوە! ئەی باشە ئەعمەش بۆ سەجدەی نەبرد؟ عەمر دەفەرموێت: باوکە! من کۆیلەم و بۆیە کار دەکەم خۆم ئازاد بکەم.. دەفەرموێت: عوتبە گریاو دوایی گوتی: کوڕم! من دوو خۆشەویستیم خۆش دەوێ؛ خۆشەویستیەک کە بۆ خوای گەورە بێت و خۆشەویستی باوك بۆ کوڕەکەی.. عەمر فەرمووی: باوکە! تۆ پارەو سامانێکت بەمن داوە نزیکەی حەفتا هەزار دەبێ؛ ئەگەر لێم داوا دەکەیتەوە ئەوەتا بیبەوە؛ ئەگینا وازم لێ بێنە با خۆم بەکاری بێنم! ئیتر هەمووی بەکارهێنا تا یەک دیرهەمی لێ نەمایەوە.

٢٠٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هُشَيْمٌ، حَدَّثَنَا مَنْصُورٌ، عَنْ سِيرِينَ، أَنَّ عُتْبَةَ بْنَ فَرْقَدٍ، قَدْ عَرَضَ عَلَى ابْنِهِ عَمْرٍو التَّزْوِيجَ قَالَ: فَأَبَى قَالَ: فَانْطَلَقَ إِلَى عُثْمَانَ فَشَكَا إِلَيْهِ ذَلِكَ فَكَتَبَ عُثْمَانُ إِلَى عَمْرِو بْنِ عُتْبَةَ أَنْ يَقْدَمَ عَلَيْهِ فَقَالَ عُثْمَانُ: مَا يَمْنَعُكَ مِنَ التَّزْوِيجِ وَقَدْ تَزَوَّجَ رَسُولُ الله صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وا بوو بَكْرٍ، وَعُمَرُ وَعِنْدَنَا مِنْهُنَّ مَا عِنْدَنَا؟ قَالَ: فَقَالَ لَه عَمْرٌو: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ وَمَنْ لَه مِثْلُ عَمَلِ رَسُولِ الله صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَمِثْلُ عَمَلِ أَبِي بَكْرٍ، وَعُمَرَ وَمِثْلُ عَمَلِكَ؟ فَلَمَّا قَالَهَا قَالَ: انْطَلِقْ فَإِنْ شِئْتَ فَتَزَوَّجْ وَإِنْ شِئْتَ فَلَا تَتَزَوَّجْ ".

واتە: مەنصور لە سیرینەوە ئەویش لە عوتبەی کوڕی فەرقەدەوە باسی ئەوەی کردووە کە

عوتبە داوای لە عەمری کوڕی کرد کە ژن بێنێ؛ عەمر بەگوێی نەدەکرد؛ جا عوتبە سکاڵای بردە لای عوسمان؛ عوسمان نامەیەکی بۆ عەمر نووسی کە بڕوات بۆ لای.. جا عوسمان فەرمووی: عەمر! تۆ بۆچی ژن ناهێنیت ئەوتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەبوبەکر و عومەریش ژنیان هێناوە و ئەوەتا ئێمەیش ژنمان هەیە! عەمر بە عوسمانی گوت: ئەی گەورەی باوەڕداران! دەی کاری چ کەسێک وەکوو کاری پێغەمبەری خودا (ﷺ) و کاری ئەبوبەکر و کاری عومەر و کاری جەنابتە؟! کە عەمر ئەوەی گوت عوسمان فەرمووی: بڕۆ کەیفی خۆتە ژن دێنی بیهێنە نایهێنی مەیهێنە!

٢٠٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ الدوورقيُّ، حَدَّثَنَا عَنْبَسَةُ بْنُ سَعِيدٍ الْقُرَشِيُّ، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، عَنْ عِيسَى بْنِ عُمَرَ قَالَ: كَانَ عَمْرُو بْنُ عُتْبَةَ بْن فَرْقَد يَخْرُجُ عَلَى فَرَسه لَيْلًا فَيَقِفُ عَلَى الْقُبُورِ فَيَقُولُ: «يَا أَهْلَ الْقُبُورِ لَقَدْ طُوِيَتِ الصُّحُفُ لَقَدْ رُفِعَتِ الْأَعْمَالُ، ثُمَّ يَبْكِي ثُمَّ يَصُفُّ بَيْنَ قَدَمَيْهِ حَتَّى يُصْبِحَ فَيَرْجِعَ فَيَشْهَدَ صَلَاةَ الصُّبْحِ».

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیمی دەورەقی لە عەنبەسەی کوڕی سەعیدەوە ئەویش لە کوڕی موبارەکەوە ئەویش لە عیسای کوڕی عومەرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەمری کوڕی عوتبەی کوڕی فەرقەد شەوانە بە سواری ئەسپەکەی دەڕۆیشت بۆ گۆڕستان و لە لای گۆڕەکانا ڕادەوەستاو دەیفەرموو: ئەی خەڵکی گۆڕستان! لاپەڕەکان پێچرانەوە و کار و کردەوەکان بەرز کرانەوە.. دوایی دەستی بە گریان دەکردو دواتر هەردو قاچی جووت دەکرد هەتا بانگی بەیانی و ئەوکاتە دەگەڕایەوە و دەچو بۆ نوێژی بەیانی.

٢٠٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ الْعَبَّاسِ، صَاحِبُ الشَّامَة، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ دَاوُدَ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ صَالِحٍ قَالَ: كَانَ عَمْرُو بْنُ عُتْبَةَ يَرْعَى رِكَابَ أَصْحَابِه وَغَمَامَةٌ تُظِلُّه ".

واتە: موحەممەدی کوڕی عەبباس لە عەبدوڵڵای کوڕی داوودەوە ئەویش لە عەلیی کوڕی صاڵحەوە گێڕایەوە فەرویەتی: عەمری کوڕی عوتبە ئەسپ و ووڵاخی هاوڕێکانی دەلەوەڕاند؛ لەو کاتانەدا هەورێک سێبەری بۆ دەکرد.

٢٠٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا مُسَدَّدٌ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ دَاوُدَ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ صَالِحٍ قَالَ: «كَانَ عَمْرُو بْنُ عُتْبَةَ يُصَلِّي وَالسَّبُعُ يَحْمِيه».

واته: عەبدوڵڵای کوڕی داوود لە عەلیی کوڕی صاڵحەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەمری کوڕی عوتبە نوێژی دەکردو ئاژەڵە دڕندەکان پاسەوانییان بۆ دەکرد.

٢٠٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ إِسْحَاقَ، أَخْبَرَنِي عَبْدُ الله بْنُ الْمُبَارَك، أَنْبَأَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَمْرو الْقَوَارِيرِيُّ يَعْنِي أَبَا الْمَلِيح قَالَ: حَدَّثَنِي مَوْلًى لِعَمْرو بْن عُتْبَةَ بْنِ فَرْقَد قَالَ: اسْتَيْقَظْنَا يَوْمًا فِي سَاعَةٍ حَارَّةٍ فَطَلَبْنَا عَمْرَو بْنَ عُتْبَةَ فَوَجَدْنَاهُ فِي جَبَلٍ وَهُوَ سَاجِدٌ وَغَمَامَةٌ تُظِله، وَكُنَّا نَخْرُجُ إِلَى الْغَزْو فَلَا نَتَحَارَسُ لِكَثْرَةِ صَلَاته، وَرَأَيْتُهُ لَيْلَةً يُصَلِّي فَسَمِعْنَا زَئِيرَ الْأَسَد فَهَرَبْنَا وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي لَمْ يَنْصَرِفْ فَقُلْنَا له: أَمَا خِفْتَ الْأَسَدَ؟ قَالَ: «إِنِّي لَأَسْتَحِي مِنْ رَبِّي تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَنْ أَخَافَ أَحَدًا سِوَاهُ».

واتە: عەلیی کوڕی ئیسحاق لە عەبدوڵڵای کوڕی موبارەکەوە ئەویش لە حەسەنی کوڕی عەمری قەواریرییەوە گێڕایەوە فەرمووی: کۆیلەیەکی عەمری کوڕی عوتبە گوتی: ڕۆژێک لە کاتێکی گەرما خەبەرمان بویەوە و بە دوای عەمری کوڕی عوتبەدا گەڕاین؛ دەبینین لەسەر لوتکەی گردێکەو نوێژ دەکات و سەجدەی بۆ خوا بردووە و هەورێک سێبەری بۆ کردووە؛ جا ئێمە دەچوین بۆ غەزا؛ ئیتر لەوێ پاسەوانیمان نەدەکێشا چونکە عەمر بەردەوام نوێژی دەکرد؛ شەوێک بینیم نوێژی دەکردو گوێمان لە نەڕەی شێرێک بوو هەڵاتین ئەو هەر وەستابوو نوێژی خۆی دەکردو خۆی تێک نەداو هەڵنەهات؛ دوایی پێمانگوت: ئەوە تۆ لە شێر ناترسی؟ فەرمووی: من شەرم دەکەم لە خوای گەورە کە جگە لەئەو لە هیچ شتێکیتر بترسم!

٢٠٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَنْبَأَنَا فُضَيْلُ بْنُ عِيَاض، عَنِ الْأَعْمَش قَالَ: قَالَ عَمْرُو بْنُ عُتْبَةَ بْن فَرْقَد: «سَأَلْتُ الله عَزَّ وَجَلَّ ثَلَاثًا فَأَعْطَانِي اثْنَتَيْنِ، وَأَنَا أَنْتَظِرُ الثَّالِثَةَ، سَأَلْتُهُ أَنْ يُزَهِّدَنِي فِي الدُّنْيَا فَمَا أُبَالِي مَا أَقْبَلَ مِنْهَا وَمَا أَدْبَرَ، وَسَأَلْتُهُ أَنْ يُقَوِّيَنِي عَلَى الصَّلَاةِ فَرَزَقَنِي مِنْهَا، وَسَأَلْتُهُ الشَّهَادَةَ فَأَنَا أَرْجُوهَا».

واتە: فوزەیلی کوڕی عیاز لە ئەعمەشەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: عەمری کوڕی عوتبەی کوڕی فەرقەد فەرمووی: داوای سێ شتم لە خوای گەورە کردووە دوو دانەیانی پێداووم و چاوەڕێی سێیەمیشم: داوام لێکردووە کە سەبارەت بە دونیا زاهیدو پارسام بکات و گوێم لە دونیا نەبێ: ئێستا دونیا بەرەو ڕووم بێت یان پشتم تێ بکات گوێم لێی نییە! داوام لێکردووە هێزو گوڕی نوێژکردنم پێبدات؛ خوای گەورە ئەوەیشی پێداووم.. داوام لێکردووە شەهیدبوونیشم بە نسیب بکات چاوەڕێی ئەمەیانم!

٢٠٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنِي مُثَنَّى بْنُ مُعَاذٍ، حَدَّثَنَا بِشْرُ بْنُ الْمُفَضَّلِ، حَدَّثَنَا سَلَمَةُ بْنُ عَلْقَمَةَ، عَنْ مُحَمَّدٍ قَالَ: كَانَ عَمْرُو بْنُ عُتْبَةَ لَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَتَشَبَّهُ بِهِ قَدْ صَحِبْتُهُ فَبَيْنَا هُوَ لَيْلَةً فِي فُسْطَاطٍ يُصَلِّي وَصَاحِبُهُ يُصَلِّي خَارِجًا عَنِ الْفُسْطَاطِ إِذْ - جَاءَ أَسَدٌ حَتَّى مَرَّ فِي قِبْلَةِ صَاحِبِ عَمْرٍو فَلَمْ يَنْصَرِفْ ثُمَّ أَتَى الْفُسْطَاطَ فَجَاءَ حَتَّى انْطَوَى عَلَى رِجْلِ عَمْرٍو، فَلَمَّا أَرَادَ أَنْ يَسْجُدَ جَاءَ حَتَّى انْطَوَى فِي مَوْضِعِ سُجُودِهِ فَسَجَدَ عَلَيْهِ أَوْ قَالَ: فَنَحَّاهُ ثُمَّ سَجَدَ بِشْرٌ يَشُكُّ فَلَمَّا أَصْبَحَ صَاحِبُ عَمْرٍو دَخَلَ عَلَيْهِ فَأَخْبَرَهُ بِمَرِّ الْأَسَدِ بَيْنَ يَدَيْهِ وَأَنَّهُ لَمْ يَنْصَرِفْ وَهُوَ يَرَى أَنَّهُ قَدْ صَنَعَ شَيْئًا، فَأَرَاهُ عَمْرٌو أَثَرَهُ عَلَى رِجْلَيْهِ وَأَخْبَرَهُ بِمَا صَنَعَ ".

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە موثەنناى کوڕی موعازەوە ئەویش لە بیشری کوڕی موفەززەلەوە ئەویش لە سەلەمەی کوڕی عەلقەمەوە ئەویش لە موحەممەدەوە گێڕایەوە فەرمووی: عەمری کوڕی عوتبە پیاوێکی وا بوو کە خەڵکی خۆیان بەو دەچواند (واتە: هەوڵیان دەدا وەک ئەو بن) من هاوڕێیەتی عەمرم کردووە؛ شەوێک لە چادرێکا نوێژی دەکردو هاوڕێکەیشی لە دەرەوەی چادرەکە نوێژی دەکرد؛ لە پڕ شێرێک هات و دای بە بەردەم نوێژی هاوڕێکەی عەمرا؛ هاوڕێکەی عەمر خۆی تێک نەداو نەڕۆیشت؛ دوایی شێرەکە هات بەرەو ڕوی چادرەکەو ڕۆیشتە ناوەوە و کەوت بەسەر قاچەکانی عەمرا؛ جا کاتێ عەمر ویستی سەجدە بیات؛ شێرەکە خۆی دا بەسەر شوێنی سەجدەی عەمرا؛ جا عەمر بەسەر شێرەکەدا سەجدەی برد.. یان فەرمووی: پاڵێکی نا بە شێرەکەوە و دوایی سەجدەی برد.. بیشر کە یەکێک لەوانەی ئەم چیرۆکەیان گێڕاوەتەوە گومانی هەیە کە کامیان بوو (بەسەر شێرەکەدا سەجدەی برد یان پاڵی پێوەنا؟) بۆ بەیانی هاوڕێکەی عەمر هات بۆ لای عەمرو باسی ئەوەی بۆ گێڕایەوە کە شەو نوێژی کردووە و شێرێک هاتووە و ئەم خۆی تێک نەداوە و شێرەکەی بینیوە کە شتێکی کردووە! جا عەمر شوێنەواری شێرەکەی بەسەر قاچەکانی خۆیەوە پیشانی هاوڕێکەی داو ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە.

٢٠٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ إِسْحَاقَ، أَخْبَرَنِي عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا عِيسَى بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنِي حَوْطُ بْنُ رَافِعٍ، أَنَّ عَمْرَو بْنَ عُتْبَةَ، كَانَ يَشْتَرِطُ عَلَى أَصْحَابِهِ أَنْ يَكُونَ خَادِمَهُمْ قَالَ: فَخَرَجَ فِي الرَّعْيِ فِي يَوْمٍ حَارٍّ فَأَتَاهُ بَعْضُ أَصْحَابِهِ فَإِذَا هُوَ بِالْغَمَامَةِ تُظِلُّهُ وَهُوَ قَائِمٌ، قَالَ بِشْرٌ: يَا عَمْرُو، فَأَخَذَ عَلَيْهِ عَمْرٌو أَنْ لَا يُخْبِرَ بِهِ ".

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە عەلیی کوڕی ئیسحاقەوە ئەویش لە عەبدوڵلاوە ئەویش

له عیسای کوڕی عەمرەوە ئەوی له حەوتی کوڕی ڕافیعەوە گێڕایەوە کە عەمری کوڕی عوتبە (له کاتی سەفەر کردنا) ئەوەی بەسەر هاوڕێکانییەوە بە مەرج دەگرت کە ببێ بە خزمەتکاریان.. جا دەفەرموێت: ڕۆژێکی زۆر گەرم ئەسپی هاوڕێکانی دەلەوەڕاند؛ لە پڕ هەورێک هات و بەسەر سەری عەمرەوە سێبەری کرد و عەمر بە پێوە وەستابوو؛ بیشر گوتی: عەمر! ئیتر عەمر یەکسەر بەڵێنی لە بیشر وەرگرت کە لای کەسا باسی نەکات!

٢٠٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنِي مُثَنَّى بْنُ مُعَاذ أَبو الْحَسَن، حَدَّثَنَا بِشْرُ بْنُ الْمُفَضَّل، حَدَّثَنَا سَلَمَةُ بْنُ عَلْقَمَةَ، عَنْ مُحَمَّد بْن عَمْرو بْن عُتْبَةَ بْن فَرْقَد، أَنَّهُ أَرَادَهُ أَبَوَاهُ عَلَى أَنْ يُزَوِّجَاهُ، فَأَبَى فَاسْتَعَانَا عَلَيْه بعُثْمَانَ بْن عَفَّانَ رَضيَ الله عَنْهُ، فَقَالَ لَه عُثْمَانُ: " مَا لَكَ لَا تَتَزَوَّجُ فَقَدْ تَزَوَّجَ النَّبِيُّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ وَتَزَوَّجَ أَبو بَكْر وَتَزَوَّجَ عُمَرُ وَتَزَوَّجْتُ أَنَا. فَقَالَ: وَمَنْ لي بِمثْلِ أَعْمَالِكُمْ؟ فَقَالَ عُثْمَانُ: سُبْحَانَ الله سُبْحَانَ الله وَأَعْرَضَ بوَجْهه وَسَتَرَهُ بيَده صُنْعَ الرَّجُلِ الَّذي إِذَا رَأَى شَيْئًا كَرِهَهُ - وَصَفَ صُنْعَ عُثْمَانَ رَضيَ الله عَنْهُ - فَلَمَّا أَكْثَرُوا عَلَيْه قَالَ: فَإِنِّي أَتَزَوَّجُ فَخَطَبَ عَلَيْه ابْنَةَ جَرِير فَقَالَ: إِنِّي لَا أَتَزَوَّجُ امْرَأَةً حَتَّى أُكَلِّمَهَا قَالُوا: نَعَمْ، قَالَ أَبو الْحَسَن: يَعْني مُثَنَّى، فَحَدَّثَنِي فَهْدُ بْنُ عَوْف، عَنْ بِشْر بْن الْمُفَضَّل، عَنْ سَلَمَةَ بْن عَلْقَمَةَ، عَنْ مُحَمَّد في هَذَا الْحَديث قَالَ: فَجَاءُوا بِابْنَة جَرير فَقَالَ لَها: إِنَّهُ لَا حَاجَةَ لي في النِّسَاء وَإِنَّ أَبَوَايَ قَدْ أَبَيَا عَلَيَّ إِلَّا أَنْ يُزَوِّجَاني وَلَك عنْدَهُمْ منَ الطَّعَام وَالْكُسْوَة مَا تُريدينَ قَالَتْ: قَدْ رَضيتُ قَالَ: فَلَمَّا أَتَوْهُ بهَا قَامَ يُصَلِّي منَ اللَّيْل وَقَامَتْ تُصَلِّي خَلْفَهُ حَتَّى أَصْبَحَا وَأَصْبَحَ صَائمًا وَأَصْبَحَتْ صَائمَةً قَالَ: قَالَ عَمْرٌو: فَإِنْ كُنْتُ لَأُفْترُ فَيَمْنَعُني مَكَانُهَا، فَقَالَ له أَبَوَاهُ: إِنَّا إِنَّمَا زَوَّجْنَاكَ نُريدُ وَلَدَكَ وَلَا نَرَى هَذه تَلدُ فَطَلِّقْهَا فَطَلَّقَهَا ثُمَّ خَطَبَ عَلَيْه امْرَأَةً أُخْرَى فَقَالَ: لَا أَتَزَوَّجُ امْرَأَةً حَتَّى أُكَلِّمَهَا فَأَتَيَاهُ بهَا فَقَالَ لها مثْلَ مَا قَالَ لابْنَة جَرير ثُمَّ فَتَرَتْ فَكَانَ يَوْمًا مُضْطَجعًا يُرَى أَنَّهُ نَائمٌ فَقَالَتْ لها امْرَأَةٌ منْ أَهْلها: يَا فُلَانَةُ، مَا لَك لَا تَلدينَ؟ أَعَجزْت؟ قَالَتْ: أَوَ تَلدُ الْمَرْأَةُ منْ غَيْر بَعْل؟ فَلَمَّا سَمعَ بذَلكَ طَلَّقَهَا وَتَرَكَهُ أَبَوَاهُ ".

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە موثەننای کوڕی موعازەوە ئەویش لە بیشری کوڕی موفەززەلەوە ئەویش لە سەلەمەی کوڕی عەلقەمەوە ئەویش لە موحەممەدی کوڕی عەمری کوڕی عوتبەوە گێڕایەوە کە دایك و باوکی ویستویانە داوای ژنی بۆ بکەن؛ ئەویش ڕازی نەبووە و دایك و باوکی ڕۆیشتونەتە خزمەت پێشەوا عوسمانی کوڕی عەففان (خوای لێ ڕازی بێت) بۆ ئەوەی ڕازیی بکات ژن بێنێ! پێشەوا عوسمان پێی فەرموە: بۆچی ژن ناهێنی؟ خۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەبوبەکر و عومەر و منیش هەمومان ژنمان هێناوە! لە وەڵاما

فەرمووی: دەی کوا من کار و کردەوەم وەکوو کار و کردەوەی ئێوەیە؟ عوسمان فەرمووی: پاك و بێگەردی بۆ خودا! دوایی ڕوی وەرگێڕاو وەکوو کەسێک شتێکی پێ ناخۆش بێت و دەستی بدا بەسەر دەموچاویا ئاوا دەستی دا بەسەر دەموچاویا! دوای ئەوەی زۆریان لێ کرد ژن بێنێ گوتی: باشە ژن دێنم! ئیتر داوای کچێکی جەریریان بۆ کرد؛ موحەممەد گوتی: من هیچ ژنێک ناهێنم هەتا خۆم قسەی لەگەڵدا نەکەم! گوتیان: باشە بەم مەرجەت ڕازیین! باوکی حەسەن. واتە: موثەننا۔ دەفەرموێت: فەهدی کوڕی عەوف لە بیشری کوڕی موفەززەلەوە ئەویش لە سەلەمەی کوڕی عەلقەمەوە ئەویش لە موحەممەدەوە سەبارەت بەم باسە بۆی گێرامەوە فەرموویەتی: جا کچێکی جەریریان هێنا؛ موحەممەد پێی گوت: من پێویستم بە ژن نییەو باوك و دایکم زۆریان لێ کردوم ژن بێنم و چ خواردن و پۆشاکێکت بوێ ئەوان بۆت دابین دەکەن.. کچەکە گوتی: بەوە ڕازیم! جا دوای ئەوەی هێنایان و گواستیانەوە بۆ موحەممەد؛ موحەممەد شەو دەستی بە شەونوێژ کرد؛ کچەکەش لە دوای ئەوەوە دەستی بە شەونوێژ کرد و هەتا بەیانی هەر نوێژیان کرد؛ جا بەیانی موحەممەد ڕۆژوی گرت و کچەکەش لەگەڵیا بەڕۆژوو بوو.. عەمر دەفەرموێت: کەسایەتی ئەو کچە نەیدەهێشت کەمتەرخەمی بەرامبەر بکەم (واتە: بەخێوی نەکەم) جا دایك و باوکی موحەممەد بە موحەممەدیان گوت: ئێمە بۆیە ژنمان بۆ تۆ هێناوە منداڵمان لە تۆ دەوێ؛ پێمان وانییە ئەم کچە منداڵی ببێ؛ لێی جیا ببەوە! موحەممەد کچەکەی تەڵاقداو لێی جیا بویەوە؛ دوایی داوای کچێکیتریان بۆ کرد و موحەممەد گوتی: هیچ کەسێک ناهێنم هەتا خۆم پێشتر قسەی لەگەڵدا نەکەم! موحەممەدیان برد بۆ لای کچەکەو موحەممەد چیی بە کچەکەی جەریر گوتبوو بەو کچەیشی گوت (کچەکە ڕازی بوو بۆیان مارە بڕی و گواسرایەوە) دوای ماوەیەک ئەویش هیچی دیار نەبوو (واتە: منداڵی نەبوو) ڕۆژێک موحەممەد ڕاکشابوو وایانزانی خەوتووە: ژنێکی خزمی ژنەکەی موحەممەد بە ژنەکەی موحەممەدی گوت: ئەوە چییە منداڵت نابێ؟ نەزۆکی؟ ژنەکەی موحەممەد گوتی: باشە ژن بەبێ مێرد منداڵی دەبێ؟ کە موحەممەد گوێی لەوەبوو ژنەکەی تەلاقداو ئیتر دایك و باوکی موحەممەد وازیان لە موحەممەد هێنا.

٢٠٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ إِسْحَاقَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَنْبَأَنَا عِيسَى بْنُ عُمَرَ، عَنِ السُّدِّيِّ قَالَ: حَدَّثَنِي ابْنُ عَمٍّ، لِعَمْرِو بْنِ عُتْبَةَ قَالَ: نَزَلْنَا فِي مَرْجِ حَسَنٍ فَقَالَ عَمْرُو بْنُ عُتْبَةَ: مَا أَحْسَنَ هَذَا الْمَرْجِ مَا أَحْسَنَ الْآنَ لَوْ أَنَّ مُنَادِيًا نَادَى يَا خَيْلَ الله ارْكَبِي، فَخَرَجَ فَكَانَ أَوَّلَ مَنْ لُقِيَ فَأُصِيبَ فَجِيءَ بِهِ فَدُفِنَ فِي هَذَا الْمَوْضِعِ قَالَ: فَمَا كَانَ بِأَسْرَعَ أَنْ نَادَى مُنَادٍ يَا خَيْلَ الله ارْكَبِي كَقَرْيَةِ الْمَدِينَةِ لِمَدِينَةٍ كَانُوا عَالَجُوهَا، وَخَرَجَ عَمْرٌو فِي سَرَعَانِ النَّاسِ فِي أَوَّلِ مَنْ خَرَجَ فَأَتَى عُتْبَةَ خَبَرٌ بِذَلِكَ فَقَالَ: عَلَيَّ عَمْرًا عَلَيَّ عَمْرًا فَأَرْسَلَ

فِي طَلَبِه فَمَا أُدْرِكَ حَتَّى أُصِيبَ قَالَ: فَمَا أَرَاهُ دُفِنَ إِلَّا فِي مَرْكَزِ رُمْحِه وَعُتْبَةُ يَوْمَئِذٍ عَلَى النَّاسِ قَالَ: وَقَالَ غَيْرُ السُّدِّيِّ: أَصَابَهُ جُرْحٌ فَقَالَ: " وَاللهِ إِنَّكَ لَصَغِيرٌ وَإِنَّ اللهَ لَيُبَارِكُ فِي الصَّغِيرِ دَعُونِي فِي مَكَانِي هَذَا حَتَّى أُمْسِيَ فَإِنْ أَنَا عِشْتُ فَارْفَعُونِي قَالَ: فَمَاتَ فِي مَكَانِه ذَلِكَ رَحِمَهُ اللهُ ".

واته: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە عەلیی کوڕی ئیسحاقەوە ئەویش لە عەبدوڵڵاوە ئەویش لە عیسای کوڕی عومەرەوە ئەویش لە سودییەوە فەرموویەتی: پسمامێکی عەمری کوڕی عوتبە بۆی گێرامەوە گوتی: لە مێرگێکی زۆر حۆشا دابەزین؛ عەمری کوڕی عوتبە گوتی: ئەم مێرگە چەندە جوانە! چەند خۆشە ئێستا کەسێک بانگ بکات و بڵێ: ئەی سوارچاکەکانی خودا سواری ئەسپەکانتان بین! جا مرۆڤ بۆی دەربچێ بۆ جیهادو یەکەم کەس شەهید ببێت و بیهێنن ئا لێرەدا بینێژن! دەفەرموێت: زۆری پێ نەچوو یەکێک بانگی کرد و گوتی: ئەی هێزەکانی خودا! سواری ئەسپەکانتان ببن بچن بۆ جەنگ و جیهاد! عەمر لە یەکەمینی ئەو کەسانە بوو کە دەرچون بۆ جیهاد؛ جا هەواڵی ئەوەیان بۆ عوتبە برد کە عەمر بۆی دەرچوە بۆ جیهاد؛ عوتبە گوتی: عەمرم بۆ بدۆزنەوە! عەمرم بۆ بدۆزنەوە! جا خەڵکیی نارد بە دوای عەمرا؛ بەڵام پێی نەگەیشتن و عەمر شەهید کرا.. پێموایە هەر لەو شوێنەی کە پێکرا هەر لەو شوێنەدا نێژرا.. ئەو کاتە عوتبە بەرپرسی ئەو خەڵکە بوو.. ئەوانیتر جگە لە سوودی دەڵێن: بریندار بوو.. جا دەفەرموێت: گوتی (واتە: عەمر بە برینەکەی خۆی گوت): بەخوا تۆ بچووکی! بەڵام جاری وا هەیە خوای گەورە پیت و بەرەکەت دەخاتە ناو شتی بچووکەوە و زۆری دەکات! لێمگەڕێن با هەر لەم شوێنەی خۆما بم و بڕۆم؛ ئەگەر ژیام ئەوە بمبەنەوە.. دەفەرموێت: هەر لەو شوێنە مرد (و هەر لەو مێرگە نێژرا) ڕەحمەتی خوای لەسەر بێ.

٢٠٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي عَيَّاشُ بْنُ مُحَمَّدٍ، مَوْلَى بَنِي هَاشِمٍ، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ هِشَامٍ الْقَحْذَمِيُّ، حَدَّثَنِي خَلَفُ بْنُ أَعْيَنَ قَالَ: لَمَّا قَدِمَ وَفْدُ بَكْرِ بْنِ وَائِلٍ عَلَى رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ لَهُمْ: «مَا فَعَلَ قُسُّ بْنُ سَاعِدَةَ الْإِيَادِيُّ؟» قَالُوا: مَاتَ يَا رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: " كَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَيْهِ فِي سُوقِ عُكَاظَ عَلَى جَمَلٍ أَحْمَرَ وَهُوَ يَقُولُ: أَيُّهَا النَّاسُ اجْتَمِعُوا فَاسْمَعُوا مَا أَقُولُ وَعُوا مَنْ عَاشَ مَاتَ، وَمَنْ مَاتَ فَاتَ، كُلُّ مَا هُوَ آتٍ آتٍ مِهَادٌ مَوْضُوعٌ وَسَقْفٌ مَرْفُوعٌ وَنُجُومٌ مَا تَمُورُ وَبِحَارٌ مَا تَغُورُ، أَمَّا بَعْدُ فَإِنَّ فِي السَّمَاوَاتِ خَبَرًا وَفِي الْأَرْضِ عِبَرًا أُقْسِمُ أَنَّ لِلهِ دِينًا هُوَ أَرْضَى لَهُ مِنْ دِينٍ أَصْبَحْتُمْ عَلَيْهِ قَالَ: ثُمَّ يُنْشِدُ شِعْرًا فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ: أَنَا يَا رَسُولَ اللهِ أَرْوِيهِ فَأَنْشَدَنَاهُ فَقَالَ:

فِي الــــــذَّاهِبِينَ الْأَوَّلِـــــينَ   مِـــنَ الْقُـــرُونِ لَنَـــا بَصَـــائِرُ
لَــمَّا رَأَيْــتُ مَــوَارِدًا لِلْمَــوْ   تِ لَــــيْسَ لها مَصَــــادِرُ
لَا يَرْجِـــــعُ الْمَاضِـــــي إِلَيَّ   وَلَا مِـــنَ الْبَـــاقِينَ غَـــابِرُ
أَيْقَنْـــــتُ أَنِّي لَا مَحَالَــــةَ   حَيْـــثُ صَـــارَ الْقَـــوْمُ صَـــائِرُ

واتە: عەییاشی کوڕی موحەممەد لە وەلیدی کوڕی هیشامەوە ئەویش لە خەلەفی کوڕی ئەعیەنەوە دەفەرموێت: کاتێ نوێنەرانی بەکری کوڕی وائیل هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمون: ئەرێ قووسسی کوڕی ساعیدەی ئییادی چیکرد؟ گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! قووس مردووە.. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دەڵێی لەبەرچاومە لە بازاڕی عوکازەدا لەسەر وشترێکی سوور بوو و دەیگوت: هۆ خەڵکینە! کۆ ببنەوە و گوێ بگرن بۆ ئەوەی پێتان دەڵێم و ووشیار و ئاگادار بن! ئەوەی کە دەژی دەمرێ؛ ئەوەی کە مردووە فەوتاوە؛ هەموو ئەوانەی کە لەمەولا دێن بێگومان دێن! زەوییەکی تەخت و ڕاخراوو میچێکی بەرزکراوو ئەستێرەیەو بەیەکا نادەن و ئاوی دەریایەو ڕۆناچێ.. دوای ئەمانە: بەڕاستی لە ئاسمانەکانا هەواڵ هەیە و لە زەویدا پەندو شتی سەیرو سەمەرە.. من سوێند دەخۆم کە خوای گەورە ئایینێکی هەیە کە پێی ڕازییەو لە ئایینە باشترە کە ئێوە کردوتانە بە ئایینی خۆتان.. دوایی شیعرێکی هۆندەوە و پیاوێکی ناو خەڵکەکە گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من دەتوانم شیعرەکەی ئەو بڵێمەوە.. جا پیاوەکە ئەم شیعرانەی گوت:

لەوانەی کەوا هەرو زوو ڕۆیشتوون بۆ ئێمە هەیە پەندو بەسەرهات
کە من دەبینم سەرچاوەی مردن زۆر زۆرەو نێتی چاوگەو کات و سات
ئیتر ڕابردو هەرگیز نایەتۆ ئەوەش کە ماوە هەر مردن دەیبات
من بێگومانم منیش هەر دەمرم وەک خزم و دۆست و براو داك و تات

٢٠٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي عَبَّاسُ بْنُ الْقَاسِمِ الْأَسَدِيُّ، عَنْ غَالِبِ بْنِ عَبْدِ اللهِ، عَنْ مُجَاهِدٍ: ﴿سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ﴾ الفتح: ٢٩ قَالَ: «بَيَاضُ وُجُوهِهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لِكَثْرَةِ سُجُودِهِمْ كَانَ فِي الدُّنْيَا».

واتە: عەبباسی کوڕی قاسمی ئەسەدی لە غالبی کوڕی عەبدوڵلاوە ئەویش لە موجاهیدەوە لە بارەی تەفسیری ئایەتی: . فەرموویەتی: چونکە لە دونیادا سەجدەیان زۆر بردووە؛ لە قیامەتدا دەموچاویان سپییە (واتە: سپی و نورانییە).

٢٠٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ أَبِي عُمَرَ الْعَدَنِيُّ، بِمَكَّةَ قَالَ: حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ قَالَ: لَمَّا مَاتَ ذَرُّ بْنُ عُمَرَ بْنِ ذَرٍّ، قَالَ عُمَرُ بْنُ ذَرٍّ: «شَغَلَنَا يَا ذَرُّ الْحُزْنُ لَكَ عَنِ الْحُزْنِ عَلَيْكَ فَلَيْتَ شِعْرِي مَاذَا قُلْتَ؟ وَمَاذَا قِيلَ لَكَ؟ إِنِّي قَدْ وَهَبْتُ لِذَرٍّ مَا فَرَّطَ فِيهِ مِنْ حَقِّي فَهَبْ لِي مَا قَصَّرَ فِيهِ مِنْ حَقِّكَ».

وَقَالَ سُفْيَانُ: قَرَأَ عُمَرُ بْنُ ذَرٍّ: ﴿ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤ ﴾ الفاتحة: ٤ فَقَالَ: «يَا لَكَ مِنْ يَوْمٍ مَا أَمْلَاكَ لِقُلُوبِ الصَّادِقِينَ»

واتە: موحەممەدی کوڕی باوکی عومەری عەدەنی لە مەککە فەرمووی: سوفیانی کوڕی عویەینە فەرمووی: کاتێ زەڕڕی کوڕی کوڕی عومەر وەفاتی کرد؛ عومەری کوڕی زەڕڕ فەرمووی: ئەی زەڕ! خەم خواردن بۆ تۆ ئەوەی لە بیر بردینەوە خەمت لەسەر بخۆین! خۆزگا دەمزانی چیت گوتووە (واتە: وەڵامی نەکیرو مونکەرت چۆن داوەتەوە) خۆزگە دەمزانی چیت پێ گوتراوە؟ بەڕاستی من شتی وام بە زەڕڕ بەخشی لە لە هەقی. منا زێدەڕەویی کرد؛ تۆش ئەوەم پێ ببەخشە کە لە هەقی تۆدا کەمتەرخەمیی کردووە.

سوفیان فەرمووی: عومەری کوڕی زەڕ ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤ ﴾. دوایی فەرمووی: ئای چ ڕۆژێکی! بە لای دڵی ڕاستگۆیانەوە چەندە درێژی!

٢٠٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَبَّاسُ بْنُ مَحْمُودٍ، مَوْلَى بَنِي هَاشِمٍ، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ الْحَسَنِ بْنِ شَقِيقٍ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ الْمُبَارَكِ، عَنْ عُثْمَانَ بْنِ أَبِي دَهْرَشٍ، أَنَّهُ كَانَ إِذَا رَأَى الْفَجْرَ أَقْبَلَ عَلَيْهِ بَثَّهُ وَقَالَ: أَصِيرُ الْآنَ مَعَ النَّاسِ فَلَا أَدْرِي مَا أَجْنِي عَلَى نَفْسِي ".

وَقَالَ عُثْمَانُ بْنُ أَبِي دَهْرَشٍ: «مَا صَلَّيْتُ صَلَاةً قَطُّ إِلَّا اسْتَغْفَرْتُ الله مِنْ تَقْصِيرِي فِيهَا».

واتە: عەبباسی کوڕی مەحمود لە عەلیی کوڕی حەسەنی کوڕی شەقیقەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی موبارەکەوە ئەویش لە عوسمانی کوڕی باوکی دەهرەشەوە گێڕایەوە کە هەر کاتێ بەرەبەیانیی ببینیایە ڕوی تێ دەکرد و دەیفەرموو: ئێستا من لەگەڵ خەڵکدا دەچم و نازانم چ تاوانێک لەسەر خۆم تۆمار دەکەم!

عوسمانی کوڕی باوکی دەهرەش فەرمووی: تا ئێستا هیچ نوێژێکم نەکردووە کە سەبارەت بە کەموکوڕیی ناو ئەو نوێژە داوای لێبوردنم لە خوای گەورە نەکردبێ!

٢٠٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْعَبَّاسُ بْنُ مُحَمَّد، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ بِشْرِ الْعَبْدِيُّ، قَالَ مُسْلِمُ بْنُ جَعْفَر: سَمِعْتُهُ يَقُولُ: «صُمْ عَنِ الدُّنْيَا وَلْيَكُنْ، فِطْرُكَ الْمَوْتَ وَكُنْ كَالْمُدَاوِي جِرَاحَهُ صَبْرًا عَلَى الدَّوَاءِ خَشْيَةَ طُولِ الْبَلَاءِ احْتِمَالًا لِلْبَلَاءِ يَلْتَمِسُ بِذَلِكَ طُولَ الرَّاحَةِ».

واتە: عەبباسی کوڕی موحەممەد لە موحەممەدی کوڕی بیشری عەبدییەوە فەرمووی: موسلیمی کوڕی جەعفەر دەیفەرموو: سەبارەت بە دونیا ڕۆژوو بگرە (واتە: وەک کەسێکی بەڕۆژوو چۆن گوێ ناداتە خواردن؛ ئاوا گوێ مەدە دونیا) با مردن ببێ بە بەربانگت؛ وەکوو پەرستارێک وابە کە بە سەبر (دەرمانێکی تاڵە) برینی خۆی دەرمان بکات لە ترسی ئەوەی نەکا بەلاو موسیبەتەکەی درێژ بکێشێت و بەو هۆیەوە خۆی تووشی بەڵایەکیتر بکات بە مەبەستی ئەوەی ئاسایش و خۆشگوزەرانیی زیاد بکات. (واتە: لە ترسی بەڵا و موسیبەتی برین بە بەڵا و موسیبەتی دەرمان خۆی چارەسەر بکات بۆ ئەوەی بەڵا و موسیبەتی برینەکەی درێژە نەکێشێت).

٢٠٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ أَبِي الْمُغِيرَةِ النَّضْرِ بْنِ إِسْمَاعِيلَ الْقَاصِّ قَالَ: كُنَّا فِي مَجْلِسِ عُمَرَ بْنِ ذَرٍّ ذَاتَ لَيْلَةٍ فِي شَهْرِ رَمَضَانَ فَتَكَلَّمَ ابْنُ ذَرٍّ فَذَكَرَ الْمَيِّتَ إِذَا احْتُضِرَ، وَمَنْ يَحْضُرُهُ مِنْ مَلَائِكَةِ الرَّحْمَةِ وَالْعَذَابِ فَوَثَبَ شَابٌّ فَلَمْ يَزَلْ يَصْرُخُ وَيَضْطَرِبُ حَتَّى مَاتَ رَحِمَهُ الله ".

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: لە باوکی موغیرەوە پێیان گەیشتووە فەرموویەتی: شەوێکی مانگی ڕەمەزان ئێمە لە کۆڕو مەجلیسی عومەری کوڕی زەڕڕا بوین؛ باسی مردوی کرد پێش ئەوەی بمرێت؛ ئەو کاتەی دەکەوێتە سەرەمەرگەوە؛ باسی ئەوەی کرد کە فریشتەکانی ڕەحمەت و سزا لایا ئامادە دەبن؛ جا لەو کاتەدا گەنجێک باوێشکێکی دا؛ ئیتر بەردەوام هاواری دەکردو هەموو گیانی دەلەرزی هەتا مردوو گیانی دەرچو.

٢٠٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنِ ابْنِ السَّمَّاكِ قَالَ: قَالَ ذَرٌّ لِأَبِيهِ عُمَرَ بْنِ ذَرٍّ: مَا بَالُ الْمُتَكَلِّمِينَ يَتَكَلَّمُونَ فَلَا يَبْكِي أَحَدٌ فَإِذَا تَكَلَّمْتَ أَنْتَ سُمِعَ الْبُكَاءُ مِنْ هَاهُنَا وَهَاهُنَا؟ قَالَ: «يَا بُنَيَّ، لَيْسَ النَّائِحَةُ الْمُسْتَأْجَرَةُ كَالنَّائِحَةِ الثَّكْلَى».

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: لە کوڕی سەمماکەوە پێم گەیشتووە فەرموویەتی: زەڕڕ بە عومەری باوکی خۆی گوت: ئەوەچییە قسەکەران قسەدەکەن و هیچکەس ناگری؟ بەڵام کاتێ تۆ قسە دەکەیت دەنگی گریان لە هەموو لایەکەوە دەبیسترێ؟ عومەر فەرمووی: کوڕی خۆم! ئەو کەسەی کە بە کرێ دەگری وەکوو ئەو کەسە نییە کە کەسێکی مردووە و بۆی دەگری.

٢٠٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ عُمَرَ الْقَوَارِيرِيُّ، حَدَّثَنَا أَبو أَحْمَدَ الزُّبَيْرِيُّ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ أَبِي حَيَّانَ التَّيْمِيِّ قَالَ: سَمِعْتُ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيَّ، يَقُولُ: «مَا عَرَضْتُ قَوْلِي عَلَى عَمَلِي إِلَّا خِفْتُ أَنْ أَكُونَ مُكَذَّبًا».

واتە: عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەری قەواریری لە باوکی ئەحمەدی زوبەیرییەوە ئەویش لە سوفیانەوە ئەویش لە باوکی حەییانی تەیمییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە ئیبراهیمی تەیمی بوو دەیفەرموو: هیچ کاتێ قسەکانم بە ترازوی کار و کردەوەکانم هەڵنەکێشاوە مەگەر ئەوەی کە ترساووم درۆزن بم (واتە: کار و کردەوەکانم وەک قسەکانم نەبوون).

٢٠٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ مُغِيرَةَ قَالَ: كَانَ إِبْرَاهِيمُ التَّيْمِيُّ يُذْكَرُ فِي مَنْزِلِ أَبِي وَائِلٍ فَكَانَ أَبو وَائِلٍ يَنْتَفِضُ انْتِفَاضَ الطَّيْرِ ".

واتە: جەریر لە موغیرەوە دەفەرموێت: لە ماڵی باوکی وائیلدا باسی ئیبراهیمی تەیمی دەکرا؛ باوکی وائیل وەکوو باڵندە کاتێ دەیەوێ لە شەقەی باڵ بدات ئاوای لێدەهات.

٢٠٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَرٍ، غُنْدَرٌ، عَنْ شُعْبَةَ، عَنْ أَبِي مِسْعَرٍ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ قَالَ: «مَا مِنْ قَرْيَةٍ إِلَّا وَفِيهَا مَنْ يَدْفَعُ، عَنْ أَهْلِهَا بِهِ وَإِنِّي لَأَرْجُو أَنْ يَكُونَ أَبو وَائِلٍ مِنْهُمْ».

واتە: موحەممەدی کوڕی جەعفەر لە غوندەرەوە ئەویش لە شوعبەوە ئەویش لە باوکی میسعەرەوە ئەویش لە ئیبراهیمەوە فەرموویەتی: هیچ گوندێک نییە مەگەر ئەوەی کە کەسێکی چاکی وەهای تێدایە کە خوای گەورە لەبەر خاتری ئەو کەسە بەڵا و موسیبەت لەسەر ئەو گوندە کەم دەکاتەوە؛ من هیوادارم کە باوکی وائیل یەکێک بێت لەو کەسانە.

٢٠٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مَعْمَرٍ، حَدَّثَنَا أَبو أُسَامَةَ، عَنْ مَالِكِ بْنِ مِغْوَلٍ، عَنْ أَبِي جَعْفَرٍ قَالَ: قَالَ أَبو وَائِلٍ: «لَأَنْ يَكُونَ لِي وَلَدٌ يُقَاتِلُ فِي سَبِيلِ الله عَزَّ وَجَلَّ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ مِائَةِ أَلْفٍ».

واتە: باوکی مەعمەر لە باوکی ئوسامەوە ئەویش لە مالیکی کوڕی میغوەلەوە ئەویش لە باوکی جەعفەرەوە فەرموویەتی: باوکی وائیل فەرمووی: ئەگەر خوا کوڕێکم پێبدات و لە

پێناو خوای گەورەدا جیهاد بکات؛ ئەوەم لە سەد هەزار پێخۆشترە (دەگونجێ مەبەستی سەد هەزار دینار بێت بیکا بەخێر؛ دەشکرێ مەبەستی سەد هەزار کوڕ بێ کە ئەچن بۆ جیهاد. خوداش زاناترە).

٢٠٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيد، عَنْ أَبِي عَوَانَةَ، عَنْ عَاصِم، أَنَّ أَبَا وَائِل، كَانَ لَه خُصٌّ قَصَبٍ فَكَانَ يَكُونُ فِيهِ هُوَ وَفَرَسُهُ فَإِذَا غَزَا نَقَضَهُ وَتَصَدَّقَ بِهِ، فَإِذَا رَجَعَ أَنْشَأَ بِنَاءَهُ ".

واتە: یەحیای کوڕی سەعید لە باوکی عەوانەوە ئەویش لە عاصمەوە گێڕایەوە کە باوکی وائیل کوخێکی هەبوو بە قامیش دروستکرابوو؛ هەم خۆی و هەم ئەسپەکەی لەو کوخەدا بوون؛ جا هەر کاتێ دەچو بۆ جەنگ و جیهاد کوخەکەی هەڵدەوەشاندەوە و قامیشەکەی دەکرد بەخێر؛ کاتێکیش دەگەڕایەوە سەرلەنوێ قامیشی دەهێناو دروستی دەکردەوە.

٢٠٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ مَنْصُور، عَنْ أَبِي وَائِل: ﴿وَٱبْتَغُوٓا۟ إِلَيْهِ ٱلْوَسِيلَةَ﴾ المائدة: ٣٥ قَالَ: «الْقُرْبَةُ فِي الْأَعْمَالِ».

واتە: ئیبراهیم لە سوفیانەوە ئەویش لە مەنصورەوە ئەویش لە باوکی وائیلەوە لە بارەی تەفسیری ئایەتی: ﴿وَٱبْتَغُوٓا۟ إِلَيْهِ ٱلْوَسِيلَةَ﴾. فەرموویەتی: وەسیلە خۆ نزیك کردنەوەیە لە خوای گەورە بەهۆی کار و کردەوەی چاکەوە.

٢٠٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنِ الْأَعْمَشِ قَالَ: قَالَ لِي شَقِيقٌ: «يَا سُلَيْمَانُ وَالله لَوْ أَطَعْنَا الله عَزَّ وَجَلَّ مَا عَصَانَا».

واتە: وەکیع لە ئەعمەشەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: شەقیق پێی گوتم: ئەی سولەیمان! (ئەعمەش ناوی سولەیمانەو ئەعمەش نازناوەکەیەتی) بەخوا ئەگەر خوای گەورەمان پەرستبا تاوانمان نەدەکرد.

٢٠٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، حَدَّثَنَا الْمَسْعُودِيُّ، عَنْ عَاصِم، عَنْ أَبِي وَائِل، أَنَّهُ كَانَ إِذَا خَرَجَ مِنَ الْعِشَاءِ الْآخِرَةِ وَضَعَ جَبْهَتَهُ سَاجِدًا ثُمَّ قَالَ: «اللهمَّ إِنْ تَعْفُ عَنِّي تَعْفُ عَنِّي طَوْلًا مِنْكَ وَإِنْ تُعَذِّبْنِي تُعَذِّبْنِي غَيْرَ ظَالِم وَلَا مَسْبُوق».

واتە: حەججاج لە مەسعودییەوە ئەویش لە عاصمەوە ئەویش لە باوکی وائیلەوە گێڕایەوە کە کاتێ موێژی عیشا تەواو دەبوو سەری دەخستە سەر زەوی و سەجدەی بۆ خوای گەورە دەبردو دەیفەرموو: خوایە! ئەگەر لێم ببورێ ئەوە بەهۆی فەزڵ و میهرەبانی خۆتەوە لێم دەبوری؛ ئەگەریش سزام بدەی ئەوە ستەمم لێ ناکەیت.

٢٠٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنِي مَعْرُوفُ بْنُ وَاصِلٍ قَالَ: رَأَيْتُ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيَّ يَقُصُّ وَعِنْدَهُ أَبو وَائِلٍ وَهُوَ يَبْكِي ".

واتە: عەبدولڕەحمان لە مەعروفی کوڕی واصیلەوە فەرموویەتی: ئیبراهیمی تەیمیم بینی قسەی بۆ خەڵکی دەکردو باوکی وائیلی لەلا بوو دەستی کردبوو بە گریان.

٢٠٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ آدَمَ، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرٍ، عَنْ عَاصِمٍ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ لأَبِي وَائِلٍ: إِنَّ قَوْمًا يَقُولُونَ: " إِنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ يُدْخِلُ الْمُؤْمِنِينَ النَّارَ قَالَ: لَعَمْرُكَ إِنَّ لها مَحْشَرًا غَيْرَ الْمُؤْمِنِينَ ".

واتە: یەحیای کوڕی ئادەم لە ئەبوبەکرەوە ئەویش لە عاصمەوە فەرموویەتی: پیاوێک بە باوکی وائیلی گوت: کۆمەڵێک هەن دەڵێن: خوای گەورە باوەڕدارانیش دەخاتە ناو ئاگرەوە! باوکی وائیل فەرمووی: سوێند بە گیانی تۆ! ئاگر شوێنێکی تایبەتی هەیە کە باوەڕدار ناچنە ئەو شوێنە.

٢٠٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ فَضْلٍ، عَنْ عَطَاءِ بْنِ السَّائِبِ، عَنْ أَبِي الْبَخْتَرِيِّ قَالَ: أَخْبَرَ رَجُلٌ عَبْدَ الله بْنَ مَسْعُودٍ، رَحِمَهُ الله أَنَّ قَوْمًا، يَجْلِسُونَ فِي الْمَسْجِدِ بَعْدَ الْمَغْرِبِ وَفِيهِمْ رَجُلٌ يَقُولُ: كَبِّرُوا الله كَذَا وَكَذَا وَسَبِّحُوا الله كَذَا وَكَذَا وَاحْمَدُوا الله كَذَا وَكَذَا فَقَالَ عَبْدُ الله: فَيَقُولُونَ؟ قَالَ: نَعَمْ، فَإِذَا رَأَيْتَهُمْ فَعَلُوا ذَلِكَ فَأْتِنِي فَأَخْبِرْنِي بِمَجْلِسِهِمْ، فَأَتَاهُمْ وَعَلَيْهِ بُرْنُسٌ فَجَلَسَ فَلَمَّا سَمِعَ مَا يَقُولُونَ قَامَ وَكَانَ رَجُلًا حَدِيدًا فَقَالَ: أَنَا عَبْدُ الله بْنُ مَسْعُودٍ وَالَّذِي لَا إِلَهَ غَيْرُهُ لَقَدْ جِئْتُمْ بِبِدْعَةٍ ظَلْمَاءَ، أَوَلَقَدْ فَضَلْتُمْ أَصْحَابَ مُحَمَّدٍ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عِلْمًا؟ فَقَالَ مِعْضَدٌ: وَالله مَا جِئْنَا بِبِدْعَةٍ ظَلْمَاءَ وَلَا فَضَلْنَا أَصْحَابَ مُحَمَّدٍ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عِلْمًا، فَقَالَ عَمْرُو بْنُ عُتْبَةَ: يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ نَسْتَغْفِرُ الله قَالَ: «عَلَيْكُمْ بِالطَّرِيقِ فَالْزَمُوهُ فَوَالله لَئِنْ فَعَلْتُمْ لَقَدْ سَبَقْتُمْ سَبْقًا بَعِيدًا وَإِنْ أَخَذْتُمْ يَمِينًا وَشِمَالًا لَتَضِلُّوا ضَلَالًا بَعِيدًا».

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە موحەممەدی کوڕی فەزڵەوە ئەویش لە عەتای کوڕی سائیبەوە ئەویش لە باوکی بەختەرییەوە فەرمووی: پیاوێک بە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودی (خوای لێ ڕازی بێت) گوت: ئێواران دوای مەغریب کۆمەڵێک لە مزگەوتدا دادەنیشن؛ پیاوێکیان تیایە دەڵێ: ئادەی ئەوەندەو ئەوەندە جار الله اکبر بکەن! ئەوەندەو ئەوەندە جار سبحان الله بکەن! هەروەها ئەوەندەو ئەوەندە جار الحمدلله بکەن و... عەبدوڵڵا فەرمووی: دەی خەڵکەکە بەگوێی دەکەن ئەو زیکرانە دەکەن؟ گوتی: بەڵێ! عەبدوڵڵا فەرمووی: ئەمجارە ئەوانەت بینی زیکریان دەکرد ئاگادارم بکەرەوە و بمبە بۆلایان! عەبدوڵڵا ڕۆیشت بۆلایان و کەوایەکی کڵاوداری لەبەر بوو؛ لەوێ دانیشت و کاتێ گوێی لەوەبوو کە ئەوانە دەیانگوت هەستا. جا عەبدوڵڵا پیاوێکی چاوتیژبوو فەرمووی: من عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودم! بەوکەسەی کە جگە لە ئەو هیچ خوایەکیتر نییە ئێوە بیدعەیەکی ناشیرینتان داهێناوە! بۆ مەگەر ئێوە لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زاناترن؟ میعزەد گوتی: بەخوا بیدعەی ناشیرنمان دانەهێناوە! خۆشمان لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە زاناتر نازانین! عەمری کوڕی عوتبەش گوتی: ئەی باوکی عەبدولڕەحمان! ئێمە داوای لێبوردن لەخا دەکەین و أستغفرالله دەکەین! عەبدوڵڵا فەرمووی: ڕێگا ڕاستەکە بگرنە بەرو بەری مەدەن؛ بەخوا ئەگەر وابکەن زۆر بە خێرایی پێش دەکەوون؛ ئەگریش بە لای ڕاست و چەپا لا بدەن ئەوا زۆر بە سەختی گومڕا دەبن.

٢٠٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو كُرَيْبٍ، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرٍ، عَنْ عَاصِمٍ قَالَ: كَانَ أَبو وَائِلٍ يَقُولُ لِجَارِيَتِهِ: «يَا بَرَكَةُ إِذَا جَاءَكِ يَحْيَى يَعْنِي ابْنَهُ بِشَيْءٍ فَلَا تَقْبَلِيهِ وَإِذَا جَاءَكِ أَصْحَابِي بِشَيْءٍ فَخُذِيهِ، وكَانَ يَحْيَى ابْنُهُ قَاضِيًا عَلَى الْكُنَاسَةِ».

واتە: ئەبوبەکر لە عاصمەوە گێرایەوە فەرمووی: باوکی وائیل بە کەنزیەکەی خۆی گوت: بەرەکە! ئەگەر یەحیای کوڕم شتی بۆ هێنای لێی وەرمەگرە؛ بەڵام ئەگەر هاوڕێکانم شتیان بۆ هێنای وەری بگرە؛ یەحیای کوڕی باوکی وائیل دادوەری کوناسە بوو. (باوکی وائیل لەوە دەترسا خەڵك بەرتیل ببەن بۆ یەحیاو ماڵەی حەرام بوبێت؛ بۆیە پارێزی لێ دەکردو شتی ئەوەی نەدەخوارد).

٢٠٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي يُوسُفُ بْنُ يَعْقُوبَ الصَّفَّارُ، مَوْلَى بَنِي أُمَيَّةَ، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرِ بْنُ عَيَّاشٍ، عَنْ عَاصِمٍ قَالَ: كَانَ أَبو وَائِلٍ إِذَا صَلَّى فِي بَيْتِهِ يَنْشِجُ نَشْجًا وَلَوْ جُعِلَتْ لَه الدُّنْيَا عَلَى أَنْ يَفْعَله وَأَحَدٌ يَرَاهُ مَا فَعَله ".

واتە: یوسفی کوڕی یەعقوبی صەففار لە ئەبوبەکری کوڕی عەییاشەوە ئەویش لە عاصمەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: باوکی وائیل ئەگەر لە ماڵا نوێژی بکردایە ئەوا زۆر بە کوڵ دەگریا؛ بەڵام ئەگەر یەکێک ئەوی ببینیایە دونیات پێ بدایە نەدەگریا.

٢٠٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو عَلِيٍّ الْحَسَنُ بْنُ حَمَّادٍ الْوَرَّاقُ الْكُوفِيُّ، حَدَّثَنَا غَنَّامٌ، عَنِ الْأَعْمَشِ قَالَ: سَمِعْتُ شَقِيقًا، يَقُولُ: «اللهمَّ إِنْ كُنْتَ كَتَبْتَنَا عِنْدَكَ مِنَ الْأَشْقِيَاءِ فَامْحُنَا واكْتُبْنَا سُعَدَاءَ وَإِنْ كُنْتَ كَتَبْتَنَا سُعَدَاءَ فَاثْبِتْنَا فَإِنَّكَ تَمْحُو مَا تَشَاءُ وَتُثْبِتُ وَعِنْدَكَ أُمُّ الْكِتَابِ».

واتە: باوکی عەلی واتە: حەسەنی کوڕی حەمادی وەڕڕاقی کوفی لە غەننامەوە ئەویش لە ئەعمەشەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە شەقیق بوو دەیفەرموو: خوایە! ئەگەر تۆ ناوی ئێمەت لە ڕیزی ناوی خراپەکارانا نووسیوە؛ ئەوا ناوەکەمان بکوژێنەوە و لە ڕیزی خۆشبەختەکانا ناومان بنووسە؛ ئەگەریش لە ڕیزی خۆشبەختەکانا ناوی ئێمەت نووسیوە ئەوا جێگیری بکەو مەیگۆڕە؛ چونکە بەڕاستی تۆ ویستت لەسەر نەمانی هەر شتێک هەبێ لەناوی دەبەیت و ویستی مانەوەی هەر شتێکت هەبێ دەیهێڵیتەوە. (ئاماژەیە بەم ئایەتە پیرۆزە کە دەفەرموێت: ﴿يَمْحُوا اللَّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ وَعِندَهُ أُمُّ الْكِتَابِ ﴿٣٩﴾﴾ الرعد: ٣٩: واتە: خوا ویستی نەمانی لەسەر هەرچییەك بێت، لەناوی دەبات و دەیکوژێنێتەوە، یان دەیهێڵێتەوە و پایەداری دەکات، سەرچاوەی تۆمارکراوی هەموو ڕووداوەکان لای ئەو زاتەیە).

٢٠٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ أَبِي حَيَّانَ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: دَخَلُوا عَلَى سُوَيْدِ بْنِ شُعْبَةَ وَقَدْ صَارَ عَلَى فِرَاشِهِ كَأَنَّهُ فَرْخٌ وَامْرَأَتُهُ تُنَادِيهِ أَهْلِي فِدَاؤُكَ مَا نُطْعِمُكَ؟ مَا نَسْقِيكَ؟ قَالَ: فَأَجَابَهَا بِصَوْتٍ يَعْنِي خَفِيٍّ «دَبِرَتِ الْحَرَاقِفُ وَطَالَتِ الضِّجْعَةُ وَمَا أُحِبُّ أَنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ نَقَصَنِي مِنْهُ قُلَامَةَ ظُفْرٍ».

واتە: وەکیع لە سوفیانەوە ئەویش لە باوکی حەییانەوە ئەویش لە باوکی خۆیەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی ڕۆیشتن بۆ لای سووەیدی کوڕی شوعبە: سووەید وەک بێچوە مەلی لێ هاتبوو لەسەر جێگا کەوتبوو؛ ژنەکەی بانگی دەکردو پێی دەگوت: هەمومان بە قوربانت بین چ خواردنێکت بۆ ئامادە بکەم؟ چ خواردنەوەیەکت بۆ ئامادە بکەم؟ دەفەرموێت: سووەید بە دەنگێکی کزۆڵەوە وەڵامی دایەوە و گوتی: لاکەلەکەمان بوو بە زام و پاڵکەوتن درێژەی کێشا؛ بەخوا پێم خۆش نییە خوای گەورە هێندەی سەرە نینۆکێک لەو ئێش و ئازارەم کەم بکاتەوە.

٢٠٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ يَزِيدَ بْنِ حَيَّانَ، عَنِ الْعَنْبَسِ بْنِ عُقْبَةَ قَالَ: " كَانَ يَسْجُدُ حَتَّى تَقَعَ الْعَصَافِيرُ عَلَى ظَهْرِهِ قَالَ: فَكَأَنَّهُ جِذْمُ حَائِطٍ ".

واتە: باوکی موعاویە لە ئەعمەشەوە ئەویش لە یەزیدی کوڕی حەییانەوە ئەویش لە عەنبەسی کوڕی عوقبەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: عەنبەسە سەجدەی دەبرد و هێندە بێ جموجووڵ بوو چۆلەکە دەهاتن لەسەر پشتی دەنیشتنەوە.. دەفەرموێت: دەتگوت بناغەی دیوارە جووڵەی نەبوو.

٢٠٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عُثْمَانُ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا مُعَاوِيَةُ بْنُ هِشَامٍ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ رَجُلٍ، عَنْ خُثَيْمٍ، أَنَّهُ أَوْصَى أَنْ يُدْفَنَ، فِي مَقْبَرَةِ فُقَرَاءِ قَوْمِهِ ".

واتە: عوسمانی کوڕی باوکی شەیبە لە موعاویەی کوڕی هیشامەوە ئەویش لە سوفیانەوە ئەویش لە پیاوێکەوە ئەویش لە خوثەیمەوە گێڕایەوە کە وەسیەتی کردووە هەر کاتێ مرد لە گۆڕستانی هەژارەکانی بنەماڵەکەی خۆیا بینێژن.

٢٠٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي خَلَّادُ بْنُ أَسْلَمَ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ خُثَيْمٍ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ خَالِدٍ الضَّبِّيِّ قَالَ: لَمْ نَكُنْ نَدْرِي كَيْفَ يَقْرَأُ خَيْثَمَةُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي سَبْرَةَ الْقُرْآنَ حَتَّى مَرِضَ فَثَقُلَ فَجَاءَتْهُ امْرَأَتُهُ وَجَلَسَتْ بَيْنَ يَدَيْهِ فَبَكَتْ، فَقَالَ لها: مَا يُبْكِيكِ؟ الْمَوْتُ لَا بُدَّ مِنْهُ فَقَالَتِ الْمَرْأَةُ: الرِّجَالُ بَعْدَكَ عَلَيَّ حَرَامٌ، فَقَالَ لها خَيْثَمَةُ: «مَا كُلَّ هَذَا أَرَدْتُ مِنْكِ إِنَّمَا كُنْتُ أَخَافُ رَجُلًا وَاحِدًا وَهُوَ أَخِي مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ وَهُوَ رَجُلٌ فَاسِقٌ يَتَنَاوَلُ هَذَا الشَّرَابَ فَكَرِهْتُ أَنْ يُشْرَبَ فِي بَيْتِي الشَّرَابُ بَعْدَ إِذِ الْقُرْآنُ يُتْلَى فِيهِ فِي كُلِّ ثَلَاثٍ».

واتە: سەعیدی کوڕی خوثەیم لە موحەممەدی کوڕی خالیدەوە گێڕایەوە فەرمووی: ئێمە نەماندەزانی کە خەیثەمەی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی باوکی سەبرە چۆن قورئان دەخوێنێ (واتە: بە چەند ڕۆژ خەتمێکی قورئان دەکات) هەتا نەخۆش کەوت؛ نەخۆشی زۆری بۆ هێناو ژنەکەی هات و لە بەردەمیا دانیشت و دەستی بە گریان کرد؛ خەیثەمە پێی گوت: ئەوە بۆچی دەگریت؟ دەبێ هەمومان بمرین! ژنەکەی گوتی: دوای تۆ هەموو پیاوێکم لێ حەرام بێ! (واتە: بەڵێنی پێداوە دوای ئەو مێرد بە هیچ کەسێک نەکاتەوە) خەیثەمە پێی گوت: من ئەم شتانەم

لەتۆ ناوێت؛ من تەنیا لە یەک پیاو دەترسام کە ئەویش موحەممەدی برامە؛ موحەممەدی برام پیاوێکی خراپەکارە؛ بادە دەخواتەوە و من پێم ناخۆشە لە ماڵەکەی منا دوای ئەوەی سێ ڕۆژ جارێ خەتمێکی قورئانی تێدا دەکرێ؛ بادە بخورێتەوە.

٢٠٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيِّ، عَنْ أَبِيهِ، يَزِيدَ بْنِ شَرِيكٍ أَنَّهُ اشْتَرَى رَقِيقًا بِأَرْبَعَةِ آلَافٍ مِنَ الْبَصْرَةِ فَبَنَوْا له دَارَهُ قَالَ: ثُمَّ بَاعَهُمْ بِرِبْحِ أَرْبَعَةِ آلَافٍ قَالَ: فَقُلْتُ له: يَا أَبَتِ لَوْ عُدْتَ إِلَى الْبَصْرَةِ فَاشْتَرَيْتَ مِثْلَ هَؤُلَاءِ فَرَبِحْتَ فِيهِمْ قَالَ: «يَا بُنَيَّ لِمَ تَقُولُ لِي هَذَا؟ فَوَالله مَا فَرِحْتُ بِهَا حِينَ أَصَبْتُهَا وَلَا حَدَّثْتُ نَفْسِي أَنْ أَعُودَ فَأُصِيبَ مِثْلَها».

واتە: باوکی موعاویە لە ئەعمەشەوە ئەویش لە ئیبراهیمی تەیمییەوە ئەویش لە باوکییەوە واتە: یەزیدی کوڕی شەریکەوە گێڕایەوە کە لە بەصرە کۆیلەیەکی کڕی بە چوار هەزار؛ جا ژوورێکیان بۆ دروست کرد؛ دەفەرموێت: دوایی فرۆشتی بە چوار هەزار قازانج؛ دەفەرموێت: من پێمگوت: باوکە! وا باشە بچیتەوە بۆ بەصرەو لەوێ کۆیلە بکڕی و لێرە بیفرۆشی قازانجی باشت دەست دەکەوێ! گوتی: کوڕی خۆم! قسەی وا مەکە.. بەخوا من بەوە دڵخۆش نیم کە ئەو قازانجەم کردووە و بە خەیاڵیشما نەهاتووە بچمەوە بۆ بەصرە بە مەبەستی ئەم جۆرە قازانجانە!

٢٠٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مِسْكِينٌ، أَنْبَأَنَا سُفْيَانُ، عَمَّنْ أَخْبَرَهُ، عَنْ أَبِي الْبَخْتَرِيِّ الطَّائِيِّ قَالَ: «لَأَنْ أَكُونَ فِي قَوْمٍ أَتَعَلَّمُ مِنْهُمْ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَكُونَ فِي قَوْمٍ أُعَلِّمُهُمْ».

واتە: مسکین لە سوفیانەوە ئەویش لە کەسێکەوە کە هەواڵی پێداوە ئەویش لە باوکی بەختەری تائییەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: من پێم خۆشە لەناو خەڵکانێکدا بم کە شتیان لێ فێر ببم نەك لەناو خەڵکانێکدا بم شتیان فێر بکەم.

٢٠٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا النَّضْرُ بْنُ إِسْمَاعِيلَ، عَمَّنْ أَخْبَرَهُ قَالَ: كَانَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ الْأَسْوَدِ يُصَلِّي كُلَّ يَوْمٍ سَبْعَمِائَةِ رَكْعَةٍ قَالَ: وَكَانُوا يَقُولُونَ: إِنَّهُ أَقَلُّ أَهْلِ بَيْتِهِ اجْتِهَادًا قَالَ: وَلَقَدْ بَلَغَنِي أَنَّهُ صَارَ عَظْمًا وَجِلْدًا وَقَالَ: كَانُوا يُسَمُّونَ آلَ الْأَسْوَدِ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ ".

واتە: نەزری کوڕی ئیسماعیل لە کەسێکەوە دەگێڕێتەوە کە هەواڵی پێداوە و فەرموویەتی: عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەسوەد عادەتی وا بوو هەموو ڕۆژێک حەوسەد ڕکات نوێژی دەکرد؛ جا دەیانگوت: لەناو ماڵی خۆیا ئەو لە هەموویان کەمتر خەریکی نوێژکردن دەبێت! دەفەرموێک وام بیستووە کە بووە بە پێست و پێشە! هەروەها دەیفەرموو: بە ماڵی ئەسوەدیان دەگوت: ماڵە بەهەشتیەکە.

٢٠٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ خَيْثَمَةَ، عَنِ الْحَارِثِ بْنِ قَيْسٍ الْجُعْفِيِّ قَالَ: " إِذَا كُنْتَ فِي أَمْرِ الْآخِرَةِ فَتَمَكَّثْ وَإِذَا كُنْتَ فِي أَمْرِ الدُّنْيَا فَتَوَخَّ وَإِذَا هَمَمْتَ بِخَيْرٍ فَلَا تُؤَخِّرْهُ وَإِذَا أَتَاكَ الشَّيْطَانُ وَأَنْتَ تُصَلِّي فَقَالَ: إِنَّكَ تُرَائِي فَزِدْهَا طُولًا ".

واتە: ئەعمەش لە خەیثەمەوە ئەویش لە حارثی کوڕی قەیسی جوعفییەوە دەفەرموێت: ئەگەر لە باسی قیامەتدا بووی ئەوە بووەستە؛ ئەگەر لە باسی دونیاشا بووی ئەوە بیپشکنە! هەر کاتێکیش نیێتی خێرو چاکەت هەبوو ئەوە دوای مەخە! هەر کاتێکیش لە ناو نوێژا بویت و شەیتان گوتی: ڕیابازی دەکەی! ئەوە نوێژەکەت درێژ بکەوە.

٢٠٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ آدَمَ، حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرٍ، عَنْ عَاصِمٍ قَالَ: كَانَ ذَرٌّ أَكْبَرَ مِنْ أَبِي وَائِلٍ فَكَانَا إِذَا جَلَسَا جَمِيعًا لَمْ يُحَدِّثْ أَبُو وَائِلٍ مَعَ ذَرٍّ قَالَ: وَكُنْتُ أَسْمَعُ أَبَا وَائِلٍ وَهُوَ خَالٍ فِي بَيْتِهِ يَقُولُ فِي سُجُودِهِ: " رَبِّ اغْفِرْ لِي رَبِّ اعْفُ عَنِّي فَإِنَّكَ إِنْ تَعْفُ عَنِّي تَعْفُ عَنِّي طَوْلًا مِنْ قِبَلِكَ وَإِنْ تُعَذِّبْنِي تُعَذِّبْنِي غَيْرَ ظَالِمٍ وَلَا مَسْبُوقٍ ثُمَّ يَنْشُجُ كَأَشَدِّ نَشِيجِ ثَكْلَى سَمِعْتُهَا وَلَوْ أُعْطِيَ عَلَى أَنْ يَرَاهُ أَحَدٌ يَبْكِي أَيْ: مَا فَعَلَ ".

واتە: یەحیای کوڕی ئادەم لە ئەبوبەکرەوە ئەویش لە عاصمەوە فەرموویەتی: زەڕ لە باوکی وائیل گەورەتر بوو؛ جا کە پێکەوە دادەنیشتن باوکی وائیل لەگەڵ زەڕا قسەی نەدەکرد (واتە: شەرمی لێدەکرد)؛ کاتێ باوکی وائیل لە ماڵا بە تەنیا نوێژی دەکرد من دەچووم گوێم لێدەگرت لە ناو سەجدەدا دەیگوت: خوایە لێم خۆشبە! خوایە لێم ببورە! خوایە ئەگەر لێم خۆشبی ئەوە بە فەزڵ و میهرەبانیی خۆت لێم خۆش دەبی؛ ئەگەریش سزام بدەی ئەوە ستەمت کردووە. پاشان زۆر بە کوڵ دەگریا وەکوو کەسێ کە خۆشەویستێکی مردبێ ئاوا دەگریا؛ جا ئەگەر هەموو دونیایان پێبدایە ڕازی نەدەبوو کەسێک ئەو گریانەی ببینێت.

٢٠٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو عَامر بْنُ بَرَّاد الْأَشْعَرِيُّ، حَدَّثَنَا الْفَضْلُ بْنُ مُوَفَّق، عَنْ شَقِيق، عَنِ الْأَعْمَش، عَنْ أَبِي وَائِل قَالَ: «إِنَّ أَهْلَ بَيْت يَصْنَعُونَ عَلَى مَائِدَتهِمْ رَغِيفًا حَلَالًا لَأَهْلُ بَيْت غُرَبَاءُ».

واتە: باوکی عامری ئەشعەری لە فەزڵی کوڕی مووەففەقەوە ئەویش لە شەقیقەوە ئەویش لە ئەعمەشەوە ئەویش لە باوکی وائیلەوە فەرموویەتی: ئەوماڵەی کە نانێکی حەڵاڵ چاک دەکەن و دەیخەنە سەر خوانەکەیان؛ ئەوە ماڵێکن لەوانەی کە پێیان دەگوترێ: غورەبا.

٢٠٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو سَعِيد الْأَشَجُّ حَدَّثَنَا حَفْصُ بْنَ غِيَاث عَنْ مُحَمَّد بْن إِسْحَاق قَالَ: قَدمَ عَلَيْنَا عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ الْأَسْوَد الْمَدِينَةَ وَهُوَ مُعْتَلُّ الرِّجْل فَقَامَ يُصَلِّي اللَّيْلَ حَتَّى أَصْبَحَ شَاغرًا برجْله قَائمًا عَلَى رجْل وَصَلَّى بنَا الْعشَاءَ وَالْفَجْرَ بوُضُوء وَاحد ".

واتە: حەفصی کوڕی غیاث لە موحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەسوەد هات بۆ مەدینە؛ قاچێکی نەخۆش و بریندار بوو؛ ئەو شەوە هەتا بەیانی لەسەر یەک پێ ڕاوەستاو نوێژی دەکردو ئەو پێیەی کە بریندار بوو نەیخستە سەر زەوی؛ بە یەک دەستنوێژ بەرنوێژی نوێژی عیشاو بەیانیی بۆ ئێمە کرد.

٢٠٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنِي إِبْرَاهِيمُ، حَدَّثَنَا خَالدٌ، عَنْ وَلَد سُلَيْم بْن أَدْيَان قَالَ: ذَكَرَ أَصْحَابُنَا أَنَّ عَبْدَ الرَّحْمَن بْنَ الْأَسْوَد كَانَ يُصَلِّي الْمَكْتُوبَةَ في الْمَسْجد وَيَدْخُلُ بَيْتَهُ فَيُصَلِّي فيه النَّهَارَ أَجْمَعَ ".

واتە: ئیبراهیم لە خالیدەوە ئەویش لە کوڕێکی سولەیمی کوڕی ئەدیانەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: هاوڕێکانمان باسی ئەوەیان دەکرد کە عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەسوەد نوێژی فەرزەکانی لە مزگەوتدا دەکردو دوایی دەچوە ناو ماڵەکەی خۆی و تەواوی ڕۆژ لەوێ نوێژی دەکرد.

٢٠٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا حَفْصُ بْنُ غِيَاث، عَنِ الْحَسَن بْن عَبْد الله قَالَ: «رَأَيْتَ عَبْدَ الرَّحْمَن بْنَ الْأَسْوَد يَنْقَعُ رِجْلَيْه في الْمَاءِ وَهُوَ صَائمٌ».

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە حەفصی کوڕی غیاثەوە ئەویش لە حەسەنی کوڕی عەبدوڵڵاوە گێڕایەوە فەرموویەتی: عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەسوەدم بینی بەڕۆژوو بوو قاچەکانی دەخستە ناو ئاوەوە.

٢٠٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا أَبو نُعَيْم الْأَحْوَلُ، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرِ بْنُ عَامِرِ الْبَجَلِيُّ، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ الْأَسْوَدِ قَالَ: «مَنْ قَرَأَ الْبَقَرَةَ فِي لَيْلَةٍ تُوِّجَ تَاجًا فِي الْجَنَّةِ».

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە باوکی نوعەیمی ئەحوەلەوە ئەویش لە ئەبوبەکری کوڕی عامری بەجەلییەوە ئەویش لە عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەسوەدی گێڕایەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ بە شەوا سورەتی بەقەرە بخوێنێ؛ ئەوا لە بەهەشتدا تاجێکی لەسەر دەکرێت.

٢٠٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا أَبو النَّضْرِ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ طَلْحَةَ، عَنْ زُبَيْدٍ قَالَ: مَا لَقِيتُ عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ الْأَسْوَدِ قَطُّ إِلَّا قَالَ: «تَيَسَّرُوا لِلِقَاءِ رَبِّكُمْ».

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە باوکی نەزرەوە ئەویش لە موحەممەدی کوڕی تەڵحەوە؛ ئەویش لە زوبەیدەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: هیچ کاتێ نەگەیشتوم بە عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەسوەدو نەفەرموێ: ئاسانکاری بکەن بۆ گەیشتن بە خوای گەورە.

٢١٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الله بْنِ الزُّبَيْرِ الْأَسَدِيُّ، حَدَّثَنَا مِسْعَرٌ، عَنْ مُحَارِبِ بْنِ دِثَارٍ، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ الْأَسْوَدِ قَالَ: " مَنْ صَلَّى أَرْبَعًا بَعْدَ الْعِشَاءِ كُنَّ كَمِثْلِهِنَّ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ، قُلْتُ: مِمَّنْ سَمِعْتَهُ؟ قَالَ: إِنْ كُنَّ كَذَا وَإِلَّا فَهُنَّ صَوَالِحُ ".

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیری ئەسەدییەوە ئەویش لە میسعەرەوە ئەویش لە موحاریبی کوڕی دیشارەوە ئەویش لە عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەسوەدەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ دوای نوێژی عیشا چوار ڕکات سوننەت بکات وەکوو ئەوە وایە ئەو چوار ڕکاتەی لە شەوی قەدرا کردبێ.. گوتم: تۆ ئەمەت لێ کێ بیستووە؟ فەرمووی: ئەگەر وابێ ئەوە وایە ئەگینا ئەو چوار ڕکاتە زۆر چاکن.

٢١٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ بْنُ عَبْدِ الْوَارِثِ، حَدَّثَنَا ثَابِتٌ أَبو زَيْدٍ، حَدَّثَنَا هِلَالُ بْنُ خَبَّابٍ قَالَ: كَانَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ الْأَسْوَدِ وَعُقْبَةُ مَوْلَى آدَمَ بْنِ نَاعِمَةَ الْحَضْرَمِيُّ وَسَعِيدٌ أَبو هَاشِمٍ يَحُجُّونَ مِنَ الْكُوفَةِ ثُمَّ يَصُومُونَ وَلَا يُفْطِرُونَ مِنْ حِينِ يَخْرُجُونَ حَتَّى يَرْجِعُوا ".

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە عەبدولصەمەدەوە ئەویش لە ثابتی باوکی زەیدەوە ئەویش لە هیلالی کوڕی خەبیابەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەسوەدو عوقبەی مەولای ئادەمی کوڕ ناعیمەی حەزرەمی و سەعیدی باوکی هاشم لە کوفەوە دەچون بۆ حەج و بەڕۆژوو دەبوون و لەو کاتەوەی تا دەهاتنەوە ڕۆژویان نەدەشکاند (مەبەست ئەوەیە لە ڕێگای چوون و گەڕانەوەدا هەر بەڕۆژوو بوون).

٢١٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ، حَدَّثَنَا هَاشِمُ بْنُ كُلَيْب، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ حَمَّادُ بْنُ أَبِي سُلَيْمَانَ قَالَ: اسْتُودِعَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ الأَسْوَدِ مَالاً فَطَلَبَ الْحَجَّاجُ مَالَ ذَلِكَ الرَّجُلِ فَقِيلَ له: إِنَّ عِنْدَ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ الأَسْوَدِ وَدِيعَةً، فَكَتَبَ إِلَى عَامِلِ الْكُوفَةِ أَنْ يُشْخِصَ عَبْدَ الرَّحْمَنِ فَأَشْخَصَهُ فَلَمَّا دَخَلَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ عَلَى الْحَجَّاجِ قَالَ: أَنْتَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ الأَسْوَدِ قَالَ: لاَ أَخَالُ الأَمِيرَ دَعَانِي إِلاَّ وَقَدْ عَرَفَ اسْمِي قَالَ: أَجَلْ قَالَ: مَا لِفُلاَنٍ عِنْدَكَ؟ قَالَ: عِنْدِي جِرَابَانِ مِنْ وَرِقٍ، قَالَ له: عِنْدَكَ غَيْرُهُمَا؟ قَالَ: لاَ قَالَ: الله الَّذِي لاَ إِله إِلاَّ هُوَ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ، مَا لِفُلاَنٍ عِنْدَكَ إِلاَّ هَذَانِ الْجِرَابَانِ؟ قَالَ: أَحْمَدُ رَبِّي مَا كَذَبْتُ الأَمِيرَ قَالَ: وَكَانَتْ يَمِينُهُ الَّتِي يَحْلِفُ بِهَا إِذَا أَرَادَ أَنْ يَحْلِفَ قَالَ أَحْمَدُ رَبِّي قَالَ: فَهُوَ كَمَا يَقُولُ لِلأَمِيرِ مَا له عِنْدِي غَيْرُهُمَا قَالَ: إِنَّ هَذَا غَيْرُ مَقْبُولٍ مِنْكَ اذْهَبُوا بِه إِلَى السِّجْنِ قَالَ: فَحُبِسَ فِي السِّجْنِ وَعَلَى السِّجْنِ نَاسِكٌ مِنْ نُسَّاكِ أَهْلِ الشَّامِ قَالَ: فَرَأَى شَيْئًا لَمْ يَرَ مِثْلَه إِنْ كَانَ فِي حِينِ يُصَلِّي فِيه فَهُوَ فِيه رَاتِبٌ قَائِمًا يُصَلِّي وَإِنْ كَانَ حِينٌ لاَ يُصَلِّي فِيه فَهُوَ مُنْتَبِذٌ وَحْدَهُ يُسَبِّحُ وَيُكَبِّرُ وَيَذْكُرُ الله عَزَّ وَجَلَّ قَالَ: فَلَمْ يَلْبَثِ الشَّامِيُّ أَنْ مَرِضَ فَقَالَ: مَا أَقُولُ لِرَبِّي عَزَّ وَجَلَّ إِذَا لَقِيتُهُ وَهَذَا الرَّجُلُ الصَّالِحُ فِي هَذَا الْحَبْسِ لاَ أَدْرِي لَعَلَه مَظْلُومٌ فَأَرْسَلَ إِلَى عَبْدِ الرَّحْمَنِ، فَقَالَ: إِنَّ الْحَجَّاجَ مَنْ قَدْ عَلِمْتَ وَأَنَا مُخْلٍ سَبِيلَكَ عَلَى أَنْ تَعِدَنِي مِنْكَ مَوْعِدًا إِن الله عَزَّ وَجَلَّ نَجَّانِي مِنْ مَرَضِي هَذَا أَنْ تَعُودَ إِلَى مَحْبَسِكَ فَتَكُونَ فِيه حَتَّى يَجْعَلَ الله لَكَ فَرَجًا وَإِنْ مِتُّ كُنْتَ قَدْ نَجَوْتَ بِنَفْسِكَ، لَسْتُ أُرِيدُ أَنْ تَحْلِفَ لِي فَقَالَ له عَبْدُ الرَّحْمَنِ: لَكَ ذَلِكَ قَالَ: فَخَرَجَ مُتَنَكِّرًا حَتَّى لَبِسَ ثِيَابَ النِّسَاءِ مُتَنَكِّرًا بَيْنَ امْرَأَتَيْنِ، فَبَيْنَمَا هُوَ يَمْشِي عَرَضَ له رَجُلٌ رَاكِبٌ عَلَى بَغْلَته فَلَمَّا انْتَهَى إِلَيْه قَالَ له: سَلاَمٌ عَلَيْكُمْ ثُمَّ نَزَلَ فَقَالَ: ارْكَبْ رَحِمَكَ الله فَأَجَابَتْهُ إِحْدَى الْمَرْأَتَيْنِ إِنَّمَا نَحْنُ نِسْوَةٌ أَقْبَلْنَا فِي حَاجَةٍ لَنَا، ارْكَبْ دَابَّتَكَ رَحِمَكَ الله قَالَ: لاَ إِله إِلاَّ الله لَيْسَ عَلَيْكَ مِنِّي عَيْنٌ قَالَ: فَلَمَّا ظَنَّ عَبْدُ الرَّحْمَنِ أَنَّهُ قَدْ انْتَبَهَ قَالَ: فَرَكِبَ فَانْطَلَقَ إِلَى مَنْزِله قَالَ: وَمَاتَ الشَّامِيُّ صَاحِبُ السِّجْنِ قَالَ: فَنَشَهَدُهَا حَوْلاً يَعْنِي الْبَغْلَةَ فَلَمْ نَجِدْ أَحَدًا يَعْرِفُهَا ".

واتە: ئەحمەد لە هاشمی کوڕی کولەیبەوە ئەویش لە ئیسماعیلی کوڕی حەمادی کوڕی

باوکی سولەیمانەوە فەرموویەتی: هەندێ پارە لای عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەسوەد بە ئەمانەت دانرا؛ حەججاج داوای پارەی ئەو پیاوەی کرد؛ پێی گوترا: پارەکەی لای عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەسوەد بە ئەمانەت دانراوە! حەججاج نامەیەکی بۆ کاربەدەستی کوفە نووسی کە عەبدولڕەحمانی بۆ بنێرێ؛ ئەویش عەبدولڕەحمانی نارد بۆ لای حەججاج؛ جا کاتێ عەبدولڕەحمان ڕۆیشت بۆ لای حەججاج حەججاج گوتی: تۆ عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەسوەدی؟ عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەسوەد فەرمووی: واناژانم سەرۆك ناوی من نەزانێت و بنێرێ بە دوامدا! حەججاج گوتی: بەڵێ وایە! دوایی گوتی: فڵانەکەس چیی لای تۆ بە ئەمانەت داناوە؟ عەبدولڕەحمان فەرمووی: پڕی دوو تورەکە سکەی زیوو.. حەججاج گوتی: جگە لەوە هیچیتری لای تۆ داناوە؟ عەبدولڕەحمان فەرمووی: نەخێر! حەججاج گوتی: سوێندت دەدەم بەو خوایەی کە جگە لەئەو هیچ خوایەکیتر نییە جگە لەو دوو تورەکە سکەیە هیچیتری لای تۆ دانەناوە؟ عەبدولڕەحمان فەرمووی: سوپاسی خوا دەکەم کە درۆم لەگەڵ سەرۆکا نەکردووە! جا عەبدولڕەحمان عادەتی وا بوو کاتێ سوێندی دەخوارد دەیفەرموو: سوپاسی خوا دەکەم! جا فەرمووی: ئەو قسە هەر ئەوەیە کە بە سەرۆك دەگوترێ و جگە لەو دوو کیسەیە پارەیتری لای من دانەناوە.. حەججاج گوتی: بڕوا بەم قسەیەت ناکەم! دوایی گوتی: ئادەی بیبەن بۆ زیندان! جا عبدولڕەحمان خرایە زیندانەوە؛ پیاوێکی خواپەرستی خەڵکی شام سەرپەرەشتی زیندانی دەکرد؛ جا شتێکی بینی کە هەرگیز شتی وای نەدیبوو؛ عەبدولڕەحمان هەتا نوێژی بکردایە ئەوە بەپێوە نوێژی دەکرد؛ کاتێکیش نوێژی نەدەکرد دادەنیشت و تەسبیحاتی خوای گەورەی دەکرد.. دەفەرموێت: زۆری پێ نەچو کابرای شامی نەخۆش کەوت؛ جا گوتی: باشە ئەگەر من مردم و گەیشتمە خزمەت خوای گەورە و ئەم پیاوە چاکە لە زیندانا بوو؛ چیی بە خوای گەورە بڵێم؟! من چووزانم لەوانەیە ئەم پیاوە بێتاوان بێت! جا پیاوەکە ناردی بە دوای عەبدولڕەحمانا گوتی: حەججاج ئەوەیە کە خۆت دەیناسی؛ من ئازادت دەکەم بەو مەرجەی ئەگەر خوای گەورە منی لەم نەخۆشییە ڕزگار کرد و باش بومەوە تۆش بگەڕێیتەوە بۆ زیندان و لە زیندانا بمێنیتەوە هەتا بزانین خوای گەورە دەرویەک دەکاتەوە؟! ئەگەر مردیشم ئەوە تۆ ڕزگارت بووە و ئازادی.. ئاشمەوێ سوێ،دم بۆ بخۆی.. عەبدولڕەحمان فەرمووی: باشە! جا عەبدولڕەحمان خۆی نەناس کرد و لە زیندان هاتە دەرەوە؛ تەنانەت بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە پۆشاکی ژنانەی لەبەر کرد و لەگەڵ دوو ژنا ڕێی دەکردو ڕۆیی؛ جا لە ڕێگا سوارێک دوای عەبدولڕەحمان کەوت و کاتێ گەیشتە عەبدولڕەحمان گوتی: سڵاوت لێ بێت! دوایی کابرا دابەزی و بە عەبدولڕەحمانی گوت: سواربە ڕەحمەتی خوات لێ بێت! جا یەکێک لە ژنەکان گوتی: کاکە ئێمە ژنین! کارێکی تایبەتمان هەیە و تۆ سواری ئەسپی خۆتبە ڕەحمەتی خوات لێ بێت! کابرا گوتی: لا اله الا الله! من چاوی بینینی تۆم نییە! جا عەبدولڕەحمان گومانی کرد کە ئەو پیاوە دەزانێ ئەم پیاوە و جلی ژنانەی لەبەر کردووە؛ بۆیە سواری ئەسپەکە بوو..

دەفەرموێت: سواری ئەسپەکە بوو ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە.. جا دەفەرموێت: کابرای شامی مردوو لە نەخۆشییەکەی چاک نەبویەوە.. دەفەرموێت: دوای ئەوە یەکساڵ ئێمە هەواڵی خاوەنی ئەو ئەسپەمان دەپرسی کەس خاوەنی نەبوو کەسیش نەیدەزانی ئەسپی کێیە!

٢١٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو بَكْرِ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ مُوسَى، أَخْبَرَنِي أَبو نُعَيْمٍ النَّخَعِيُّ، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ الْأَسْوَدِ قَالَ: «النَّظَرُ إِلَى الْبَيْتِ عِبَادَةٌ».

واتە: ئەبوبەکری کوڕی باوکی شەیبە لە عەبدوڵڵای کوڕی مووساوە گێڕایەوە فەرموویەتی: باوکی نوعەیمی نەخەعی لە عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەسوەدەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: سەیر کردنی کەعبە خواپەرستیە.

زوهد و پارسایی ئیبراهیمی تەیمی
(ڕەحمەتی خوای لەسەر بێ)

٢١٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا إِسْحَاقُ بْنُ مُوسَى أَبو مُوسَى الْأَنْصَارِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ الرَّحْمَن بْنَ مُحَمَّد الْمُحَارِبِيَّ، يَقُولُ: سَمِعْتُ الْأَعْمَشَ، يَقُولُ: قُلْتُ لِإِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيِّ: بَلَغَنِي أَنَّكَ تَمْكُثُ شَهْرًا لَا تَأْكُلُ شَيْئًا قَالَ: نَعَمْ وشَهْرَيْن، مَا أَكَلْتُ مُنْذُ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً إِلَّا حَبَّةَ عنَب نَاوَلَنِيهَا أَهْلِي فَأَكَلْتُهَا ثُمَّ لَفِظْتُهَا، ثُمَّ قُلْتُ لِلْأَعْمَشِ: أَصَدَّقْتَهُ؟ فَقَالَ إِبْرَاهِيمُ بْنُ يَزِيدَ التَّيْمِيُّ: يُرِيدُ أَنَّهُ صَدُوقٌ".

واتە: ئیسحاقی کوڕی مووسا دەفەرموێت: گوێم لە عەبدولڕەحمانی کوڕی موحەممەدی موحاریبی بوو دەیفەرموو: گوێم لە ئەعمەش بوو دەیفەرموو: بە ئیبراهیمی تەیمیم گوت: بیستوومە دەڵێن: جاری وا هەیە تۆ یەک مانگی ڕەبەق هیچ ناخۆی! فەرمووی: بەڵێ! جاری وا هەیە دوو مانگیش هیچ ناخۆم! ئەوە چل شەوە یەک دەنك ترێ نەبێ هیچم نەخواردووە؛ ئەو دەنکە ترێیەش ژنەکەم بۆی هێنام و خستمە دەممەوە و دوایی دەرمهێنایەوە.. دوایی بە ئەعمەشم گوت: دەی تۆ بڕوای پێ دەکەی؟ ئیبراهیمی کوڕی یزیدی تەیمی گوتی: مەبەستی ئەوەبوو کە ڕاستگۆیە.

٢١٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الصَّلْتُ بْنُ مَسْعُود الْجَحْدَرِيُّ، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ عِيسَى الرَّمْلِيُّ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ قَالَ: كَانَ إِبْرَاهِيمُ التَّيْمِيُّ إِذَا سَجَدَ تَجِيءُ الْعَصَافِيرُ تَنْقُرُ عَلَى ظَهْرِهِ كَأَنَّهُ جِذْمُ حَائِط ".

واتە: صەڵتی کوڕی مەسعودی جەحدەری لە یەحیای کوڕی عیسا ڕەملیەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئەعمەش فەرمووی: ئیبراهیمی تەیمی نوێژی دەکردو کاتێ سەجدەی دەبرد هێندە بێ جموجووڵ بوو چۆلەکە دەهاتن لەسەر پشتی دەنیشتنەوە و دەنوکیان لە پشتی دەدا.. دەفەرموێت: دەتگوت بناغەی دیوارە جووڵەی نەبوو.

٢١٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو مُوسَى قَالَ: سَمِعْتُ سُفْيَانَ بْنَ عُيَيْنَةَ، يَقُولُ: قَالَ إِبْرَاهِيمُ التَّيْمِيُّ مَثَّلْتُ نَفْسِي فِي النَّارِ أُعَالِجُ أَغْلَالَها وسَعِيرَهَا آكُلُ مِنْ زَقُّومِهَا وَأَشْرَبُ مِنْ زَمْهَرِيرِهَا فَقُلْتُ: يَا نَفْسُ إِيشْ تَشْتَهِينَ؟ قَالَتْ: أَرْجِعُ إِلَى الدُّنْيَا فَأَعْمَلَ عَمَلاً أَنْجُو بِهِ مِنْ هَذَا الْعِقَابِ، وَمَثَّلْتُ نَفْسِي فِي الْجَنَّةِ مَعَ حُورِهَا وأَلْبَسُ مِنْ سُنْدُسِهَا وإِسْتَبْرَقِهَا وَحَرِيرِهَا قُلْتُ: يَا نَفْسُ إِيشْ تَشْتَهِينَ؟ قَالَ: فَقَالَتْ: أَرْجِعُ إِلَى الدُّنْيَا فَأَعْمَلَ عَمَلاً أَزْدَادُ فِيهِ مِنْ هَذَا الثَّوَابِ، قُلْتُ: فَأَنْتَ فِي الدُّنْيَا وَفِي الأُمْنِيَة ".

واتە: عەبدوڵلآ لە باوکی مووساوە بۆی گێڕاینەوە فەرموویەتی: گوێم لە سوفیانی کوڕی عویەینە بوو دەیفەرموو: ئیبراهیمی تەیمی فەرمووی: وام بە خەیاڵی خۆما هێنا کە لە ناو دۆزەخام؛ خەریکی ئەوەم خۆم لە کۆت و زنجیری ناو دۆزەخ ڕزگار بکەم، وام هێنایە خەیاڵی خۆم لە زەقوم دەخۆم و لە زەمهەریرا گریم کردووە و ساردواوی زەمهەریرم دەکرێ بە قوڕگا.. بە نەفسی خۆم گوت: ئەی نەفس! ئێستا حەزت لە چییەو ئارەزووت چییە؟ گوتی: بگەڕێمەوە بۆ دونیا و دەست بدەمە کار و کردەوەی باشی وەها کە لەم ئاگرەم ڕزگار بکات! هەروەها وام هێنایە خەیاڵی خۆم کە لە ناو بەهەشتام؛ لەگەڵ حۆرییەکانام؛ سوندوس و ئیستەبرەقم پۆشیوە؛ ئاوریشمم لەبەرە؛ بە نەفسی خۆمم گوت: ئەی نەفس حەزت لە چییە؟ گوتی: بگەڕێمەوە بۆ دونیا بۆ ئەوەی کار و کردەوە چاکەکانم زیاتر بکەم و لەم خێرو پاداشتەم زۆرتر پێ بدرێ! ئیتر خۆم بە خۆمم گوت: دەی ئەوەتای لە دونیاداو لەناو ئەو خۆزگەیەدای (کە لە دۆزەخ و بەهەشت خۆزگەت بۆ دەخواست).

٢١٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مَنْ، سَمِعَ عَبْدَ الرَّحْمَن بْنَ مَهْدِيٍّ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ أَبِي حَيَّانَ التَّيْمِيِّ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ قَالَ: «مَا عَرَضْتُ عَمَلِي عَلَى قَوْلِي إِلَّا خَشِيتُ أَنْ أَكُونَ مُكَذَّبًا».

واتە: عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدی لە سوفیانەوە ئەویش لە باوکی حەییانی تەیمییەوە ئەویش لە ئیبراهیمەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: هەر جارێ کار و کردەوەی خۆمم بە کێشانەی قسەکانم کێشابێ؛ ترساووم کە درۆزن دەرچم.

زوهد و پارسایی عاصمی کوڕی هوبەیرە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

٢١٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ فُضَيْل بْن أَبي رُفَيْدَةَ قَالَ: قَالَ لي عَاصمُ بْنُ هُبَيْرَةَ وَكَانَ منْ أَصْحَاب عَبْد الله: " إِذَا فَرَغْتَ منَ الْأَذَان فَقُلْتَ: لَا إِله إِلَّا الله، فَقُلْ: وَأَنَا منَ الْمُسْلمينَ ".

واتە: بـاوکی مەعـمەر لە جەریـرەوە ئەویـش لە فـوزەیلی کـوڕی بـاوکی ڕوفەیـدەوە فەرموویەتی: عاصمی کوڕی هوبەیرە کە یەکێک بوو لە هاوڕێکانی عەبدوڵڵا؛ فەرمووی: هەر کاتێ لە بانگ بویتەوە و گوتت: لا اله الا الله یەکسەر بڵێ: وأنا من المسلین (واتە: منیش یەکێکم لە موسوڵمانان).

٢١٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ مُغيرَةَ قَالَ: رَأَى عَاصمُ بْنُ هُبَيْرَةَ طَبْلًا أَوْ دُفًا فَأَخَذَهُ منْ صَاحبه فَجَعَلَ يَنْقُرُ عَلَيْه فَيَخْرِقُهُ فَلَا يَقْدرُ عَلَيْه وَيَقُولُ: «مَا أَعْيَاني شَيْطَانٌ لمْ مَا أَعْيَاني هَذَا».

واتە: بـاوکی مەعـمەر لە جەریـرەوە ئەویـش لە مـوغیرەوە گێـڕایەوە فەرمـووی: عاصـمی کوڕی هوبەیرە تەپڵێـک یان دەفێکی بینی لە خاوەنەکەی وەرگرت و بە پەنجە هات بەسـەر تەپڵەکەدا (دەیویست کونی بکات و بیدڕێنێ) بەڵام نەیتوانی؛ جا دەیگوت: هیچ شـەیتانێک هێندەی ئەمە منی مانوو نەکردووە.

٢١١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عُمَرُ بْنُ أَبَانَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ الْمُبَارَك، عَنْ مَالك بْن مغْوَل، عَنْ أَبي إِسْحَاقَ، عَنْ أَبي مَيْسَرَةَ قَالَ: كَانَ يَضْطَجعُ عَلَى فرَاشه قَالَ: فَيَقُولُ: «لَيْتَ أُمِّي لَمْ تَلدْني» : فَقَالَتْ له امْرَأَتُهُ: أَلَمْ يَهْدكَ الله عَزَّ وَجَلَّ للْإِسْلَام؟ فَقَالَ: بَلَى وَلَكنْ قَدْ أَخْبَرَنَا أَنَّا وَاردُونَ النَّارَ وَلَمْ يُخْبرْنَا أَنَّا صَادرُونَ عَنْهَا ".

زوهد و پارسایی عاصمی کوڕی هوبەیرە
(ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

٢١٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ فُضَيْلِ بْنِ أَبِي رُفَيْدَةَ قَالَ: قَالَ لِي عَاصِمُ بْنُ هُبَيْرَةَ وَكَانَ مِنْ أَصْحَابِ عَبْدِ الله: " إِذَا فَرَغْتَ مِنَ الْأَذَانِ فَقُلْتَ: لَا إِله إِلَّا الله، فَقُلْ: وَأَنَا مِنَ الْمُسْلِمِينَ ".

واتە: بـاوکی مەعـمەر لە جەریـرەوە ئەویـش لە فـوزەیلی کـوڕی بـاوکی ڕوفەیـدەوە فەرموویەتی: عاصمی کوڕی هوبەیرە کە یەکێک بوو لە هاوڕێکانی عەبدوڵلا؛ فەرمووی: هەر کاتێ لە بانگ بویتەوە-و گوتت: لا اله الا الله یەکسەر بڵێ: وأنا من المسلين (واتە: منیش یەکێکم لە موسوڵمانان).

٢١٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ مُغِيرَةَ قَالَ: رَأَى عَاصِمُ بْنُ هُبَيْرَةَ طَبْلًا أَوْ دُفًّا فَأَخَذَهُ مِنْ صَاحِبِهِ فَجَعَلَ يَنْقُرُ عَلَيْهِ فَيَخْرِقُهُ فَلَا يَقْدِرُ عَلَيْهِ وَيَقُولُ: «مَا أَعْيَانِي شَيْطَانٌ لِهِمْ مَا أَعْيَانِي هَذَا».

واتە: بـاوکی مەعـمەر لە جەریـرەوە ئەویـش لە مـوغیرەوە گێـڕایەوە فەرمـووی: عاصـمی کوڕی هوبەیرە تەپڵێـک یان دەفێکی بینی لە خاوەنەکەی وەرگرت و بە پەنجە هات بەسـەر تەپڵەکەدا (دەیویست کونی بکات و بیدڕێنێ) بەڵام نەیتوانی؛ جا دەیگوت: هیچ شـەیتانێک هێندەی ئەمە منی مانوو نەکردووە.

٢١١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عُمَرُ بْنُ أَبَانَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ الْمُبَارَك، عَنْ مَالك بْن مغْوَل، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ أَبِي مَيْسَرَةَ قَالَ: كَانَ يَضْطَجِعُ عَلَى فِرَاشِهِ قَالَ: فَيَقُولُ: «لَيْتَ أُمِّي لَمْ تَلِدْنِي» : فَقَالَتْ له امْرَأَتُهُ: أَلَمْ يَهْدِكَ الله عَزَّ وَجَلَّ لِلْإِسْلَامِ؟ فَقَالَ: بَلَى وَلَكِنْ قَدْ أَخْبَرَنَا أَنَّا وَارِدُونَ النَّارَ وَلَمْ يُخْبِرْنَا أَنَّا صَادِرُونَ عَنْهَا ".

واتە: عومەری کوڕی ئەبان لە عەبدوڵلای کوڕی موبارەکەوە ئەویش لە مالیکی کوڕی میغوەلەوە ئەویش لە باوکی ئیسحاق ئەویش لە باوکی مەیسەرەوە دەفەرمویت: باوکی مەیسەرە لەسەر جێگاو نوێنەکەی ڕادەکشاو دەیفەرموو: خۆزگا دایکم منی نەبوایە! جا ژنەکەی پێی گوت: ئەی باشە مەگەر خوای گەورە ڕێنیوێنیی تۆی نەکردووە و موسوڵمان نەبوی؟ دەیفەرموو: با! بەڵام ئەوەمان پێ گوتراوە کە ئێمە دەچینە ناو دۆزەخەوە و ئەوەمان پێ نەگوتراوە کە لێی دەردەچین یان نە؟!

٢١١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي عَبْدُ اللهِ بْنُ عُمَرَ، حَدَّثَنَا مُعَاوِيَةُ بْنُ هِشَامٍ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنِ الْأَعْمَشِ قَالَ: كَانَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ أَبِي لَيْلَى يُصَلِّي فَإِذَا دَخَلَ الدَّاخِلُ نَامَ عَلَى فِرَاشِهِ ".

واتە: عەبدوڵلای کوڕی عومەر لە موعاویەی کوڕی هیشامەوە ئەویش لە سوفیانەوە ئەویش لە ئەعمەشەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: عەبدولڕەحمانی کوڕی باوکی لەیلا عادەتی وا بوو شەونوێژی دەکرد؛ جا ئەگەر بیزانیایە کەسێک دێتە ژوورەوە خۆی دەکرد بەناو جێگاو بانەکەیاو خۆی دەکرد بە نووستو.

٢١١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ مُحَمَّدٍ، حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرٍ، عَنْ عَاصِمٍ قَالَ: قَالَ لِي أَبُو وَائِلٍ: «أَتَدْرِي بِمَا أُشَبِّهُ قُرَّاءَ أَهْلِ زَمَانِنَا» ؟ قَالَ: قُلْتُ: وَمَنْ يُشْبِهُهُمْ؟ قَالَ: «أُشَبِّهُهُمْ بِرَجُلٍ أَسْمَنَ غَنَمًا فَلَمَّا ذَبَحَهَا وَجَدَهَا غُثَاءً لَا تَنْقَى أَوْ رَجُلٍ عَمَدَ إِلَى دَرَاهِمَ فَأَلْقَاهَا فِي زِنْبَقٍ ثُمَّ أَخْرَجَهَا فَكَسَرَهَا فَإِذَا هِيَ نُحَاسٌ».

واتە: ئەحمەدی کوڕی موحەممەد لە ئەبوبەکرەوە ئەویش لە عاصمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: باوکی وائیل پێی گوتم: دەزانی من قورئانخوێنەکانی ئەم سەردەمەی خۆمان بە کێ دەچوێنم؟ گوتم: بە کێیان دەچوێنی؟ فەرمووی: بە پیاوێ کە مەڕێک دابەستە بکات و قەڵەوی بکات؛ جا کاتێ سەری دەبڕێ دەبینێ زۆر لەڕو لەجەرە بە کەڵك نایە! یان بە پیاوێ کۆمەڵێک دیرهەمی زیو بخاتە ناو تورەکەیەوە و هەڵیبگرێ دوایی لە کاتی پێویستیا دەریانبێنێ بۆی دەر کەوێ هەموویان ساختەن و زیو نین بەڵکوو مسن!

٢١١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبُو مَعْمَرٍ، حَدَّثَنَا هُشَيْمٌ، عَنِ الْعَوَّامِ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيِّ: ﴿ وَيَأْتِيهِ ٱلْمَوْتُ مِن كُلِّ مَكَانٍ ﴾ إبراهيم: ١٧ قَالَ: «حَتَّى مِنْ مَوْضِعِ الشَّعْرِ».

واتە: باوکی مەعمەر لە هیشامەوە ئەویش لە عەووامەوە ئەویش لە ئیبراهیمی تەیمییەوە

لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا کە دەفەرموێت: مردن لە هەموو لایەکەوە بۆی دێت. فەرموویەتی: تەنانەت لە هەموو بنجە مویەکیشەوە بۆی دێت.

٢١١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ آدَمَ، حَدَّثَنَا مُسَافِرٌ الْجَصَّاصُ قَالَ: كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَدْعُو يَقُولُ: «اللهمَّ اعْصِمْنِي بِكِتَابِكَ وَسُنَّةِ نَبِيِّكَ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنَ اخْتِلَافٍ فِي الْحَقِّ وَمِنِ اتِّبَاعِ الهَوَى بِغَيْرِ هُدًى مِنْكَ وَمِنْ سَبِيلِ الضَّلَالِ وَمِنْ شُبُهَاتِ الْأُمُورِ وَمِنَ الزَّيْغِ وَاللَّبْسِ وَالْخُصُومَاتِ».

واتە: یەحیای کوڕی ئادەم لە مووسافیری جەصصاصەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئیبراهیم زۆر جار لەخوا دەپاڕایەوە و دەیفەرموو: خوایە! بەهۆی قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەتەوە بمپارێزە لەوەی کە لە هەق دوور بکەومەوە و شوێن هەواو ئارەزو بکەووم بەبێ ئەوەی تۆ ڕێنوێنیم بکەیت! خوایە لەوەم بپارێزی گومڕا ببم! خوایە لەو شتانەم بپارێزە گە گوماناوین! خوایە لە خراپەو لەو شتانەی کە بە ڕواڵەت لە چاکە دەچن بەلاّم لە ڕاستیدا خراپەن؛ هەروەها لەو شتانەش کە دژایەتی چاکە دەکەن بمپارێزە.

٢١١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي عُثْمَانُ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا عَبْدَةُ، عَنْ إِسْمَاعِيلَ، يَعْنِي ابْنَ أَبِي خَالِدٍ عَنْ أَكْتَلَ، قَالَ: سَمِعْتُ إِبْرَاهِيمَ النَّخَعِيَّ، يَقُولُ: «مَا أَحَدٌ مِمَّنْ يَتَكَلَّمُ أَحْرَى أَنْ يُطْلَبَ بِهِ وَجْهُ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ مِنْ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيِّ وَلَوَدِدْتُ أَنَّهُ خَرَجَ مِنْهُ كَفَافًا».

واتە: عوسمانی کوڕی باوکی شەیبە لە عەبدە ئەویش لە ئیسماعیلەوە واتە: ئیسماعیلی کوڕی باوکی خالید؛ ئەویش لە ئەکتەلەوە فەرموویەتی: گوێم لە ئیبراهیمی نەخەعی بوو دەیفەرموو: هیچ کەسێک نییە لەو کەسانەی کە قسە دەکەن لە ئیبراهیمی تەیمی شیاوتر بێ بەوەی کە بەو قسانەی دەیکا ڕەزامەندی خوای گەورەی پێ بەدەست بهێنرێ؛ ئای کە پێم خۆشبوو ئیبراهیم هێندەی پێویست قسەی بکردایە.

٢١١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ الدوورقِيُّ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ أَبِي غَالِبٍ، حَدَّثَنَا هُشَيْمٌ، أَنْبَأَنَا الْعَوَّامُ بْنُ حَوْشَبٍ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيِّ قَالَ: " أُرِيتُ فِي الْمَنَامِ كَأَنِّي أَتَيْتُ عَلَى نَهْرٍ فَقِيلَ لِي: اشْرَبْ وَاسْقِ مَنْ شِئْتَ بِمَا صَبَرْتَ وَكُنْتَ مِنَ الْكَاظِمِينَ ".

واتە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیمی دەورەقی لە موحەممەدی کوڕی باوکی غالبەوە ئەویش لە هوشەیمەوە فەرموویەتی: عەووامی کوڕی حەوشەب لە ئیبراهیمی تەیمییەوە گێڕایەوە

فەرموویەتی: من لە خوا بینراووم وەک بڵێی لەسەر ڕووبارێک بووم؛ پێمگوتراوە: ئاو بخۆرەوە و هەرکەیش خۆت پێتخۆشە ئاوی پێ بدە! ئەوەش بەهۆی ئەو سەبرو خۆڕاگریەوە و بەهۆی ئەوەی کە یەکێک بویت لەو کەسانەی کە ڕقی خۆیان خواردووەتەوە.

٢١١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، أَنْبَأَنَا فُضَيْلُ بْنُ مَرْزُوقٍ، قَالَ سَمِعْتُ فِرَاسًا الْمُكْتِبَ، يَقُولُ لِأَبِي إِسْحَاقَ: سَمِعْتُ الشَّعْبِيَّ، يَقُولُ: «وَدِدْتُ أَنِّي نَجَوْتُ كَفَافًا».

واتە: حەججاج لە فوزەیلی کوڕی مەرزوقەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە فیراسی کاتب بوو بە باوکی ئیسحاقی دەفەرموو: گوێم لە شەعبی بوو دەیفەرموو: ئای کە پێمخۆشە ڕزگارم بوێت و لەوە زیاتر هیچم ناوێ!

٢١١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ آدَمَ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ أَبِي فَرْوَةَ قَالَ: كُنَّا نُجَالِسُ عَبْدَ اللهِ بْنَ أَبِي الهذَيْلِ فَإِنْ جَاءَ إِنْسَانٌ فَأَلْقَى حَدِيثًا مِنْ حَدِيثِ النَّاسِ قَالَ: «يَا عَبْدَ اللهِ لَيْسَ لهذَا جَلَسْنَا».

واتە: یەحیای کوڕی ئادەم لە مالیکی کوڕی باوکی فەروەوە دەفەرموێت: ئێمە لە خزمەت عەبدوڵڵای کوڕی باوکی هوزەیلا دادەنیشتین؛ جا ئەگەر کەسێک بهاتایەو قسەیەکی دونیایی کردبا دەیفەرموو: بەندەی خودا! ئێمە بۆ ئەم جۆرە قسانە دانەنیشتوین!

٢١١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا أَبُو عَوَانَةَ، عَنْ أَبِي سِنَانٍ قَالَ: شَكَا عَبْدُ اللهِ بْنُ أَبِي الهذَيْلِ يَوْمًا ذُنُوبَهُ فَقَالَ له رَجُلٌ: يَا أَبَا الْمُغِيرَةِ أَوَلَسْتَ التَّقِيَّ؟ قَالَ: «اللهمَّ إِنَّ عَبْدَكَ هَذَا أَرَادَ أَنْ يَتَقَرَّبَ إِلَيْكَ فَإِنِّي أَشْهَدُ عَلَى مَقْتِه».

واتە: عەففان لە باوکی عەوانەوە ئەویش لە باوکی سینانەوە دەفەرموێت: عەبدوڵڵای کوڕی باوکی هوزەیل ڕۆژێک دادو بێدادی لە دەست تاوانەکانی خۆی بوو؛ پیاوێک پێی گوت: باوکی موغیرە! مەگەر تۆ کەسە لەخواترسەکە نیت؟ فەرمووی: خوایە! ئەم بەندەیەی تۆ (مەبەستی خۆی بووە) دەیەوێ خۆی لەتۆ نزیک بکاتەوە؛ من شایەتی ئەوە دەدەم کە کەسێکی تاوانبارە.

٢١٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ سُوقَةَ، حَدَّثَنِي رَجُلٌ، يُقَالُ لَهُ عِمْرَانُ قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى إِبْرَاهِيمَ أَعُودُهُ فَبَكَى قَالَ: فَقُلْتُ لَهُ: مَا يُبْكِيكَ يَا أَبَا عِمْرَانَ؟ قَالَ: «أَنْتَظِرُ مَلَكَ الْمَوْتِ عَلَيْهِ السَّلَامُ مَا أَدْرِي بِأَيِّ شَيْءٍ يُبَشِّرُنِي بِالْجَنَّةِ أَوْ بِالنَّارِ؟».

واتە: باوکی موعاویە لە موحەممەدی کوڕی سوقەوە دەگێڕێتەوە پیاوێک بۆی گێڕامەوە کە پێیآ دەگوترا: عیمران؛ فەرمووی: ڕۆیشتمە خزمەت ئیبراهیم سەردانم کرد؛ دەستی بە گریان کرد.. پیاوەکە دەڵێ: بە ئیبراهیمم گوت: باوکی عیمران ئەوە بۆچی دەگریت؟ فەرمووی: چاوەڕێی هاتنی فریشتەی گیانکێشانم (سەلامی خوای لەسەر بێت) نازانم بە چی مزگێنیم پێدەدا بە بەهەشت یان بە ئاگر؟!

٢١٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنِ الْأَعْمَشِ قَالَ: كُنْتُ عِنْدَ إِبْرَاهِيمَ وَهُوَ يَقْرَأُ فِي الْمُصْحَفِ فَاسْتَأْذَنَ عَلَيْهِ رَجُلٌ فَغَطَّاهُ وَقَالَ: «لَا يَرَانِي هَذَا أَنِّي أَقْرَأُ فِيهِ كُلَّ سَاعَةٍ».

واتە: وەکیع لە ئەعمەشەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لای ئیبراهیم بووم قورئانی دەخوێندەوە؛ پیاوێک دای لە دەرگا؛ ئیبراهیم بە پەلە قورئانەکەی داپۆشی و فەرمووی: با ئەمە وانەزانێ هەموو کاتێ من قورئان دەخوێنم!

٢١٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ حَسَّانَ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ قَالَ: «لَقَدْ أَدْرَكْتُ أَقْوَامًا لَوْ بَلَغَنِي أَنَّ أَحَدَهُمْ تَوَضَّأَ عَلَى ظُفُرِهِ لَمْ أُعِدْهُ».

واتە: سولەیمانی کوڕی حەسسان لە ئەعمەشەوە ئەویش لە ئیبراهیمەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: من کەسانێکم بینی ئەگەر ببیستم کەسێک لەوانە لەسەر نینۆکی دەستنوێژی گرتووە ڕەخنەی لێ ناگرم!

(ت: لە وەرگێڕانی ئەم ڕیوایەتەدا هەر ئەوەندەم لێزانی و دڵیشم ئاو ناخواتەوە و ماناکەیم پێ تەواو نییە؛ ئیتر نازانم ماناو مەبەستی تێرو تەواو چۆنە. خودا زاناترە).

٢١٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي وَكِيعٌ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ سُوقَةَ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ قَالَ: «كَانَتْ تَكُونُ فِيهِمُ الْجِنَازَةُ فَيَظَلُّونَ الْأَيَّامَ مَحْزُونِينَ يُعْرَفُ ذَلِكَ فِيهِمْ».

واتە: وەکیع لە سوفیانەوە ئەویش لە موحەممەدی کوڕی سوقەوە ئەویش لە ئیبراهیمەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: جاری وا هەبوو کەسێک دەمرد خەڵکی چەند ڕۆژێک خەم دایدەگرتن و خەمباری بە دەموچاویانەوە دیاربوو.

٢١٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ حُسَيْنٍ، عَنِ الْأَعْمَشِ قَالَ: «إِنْ كُنَّا لَنَشْهَدُ الْجِنَازَةَ فَمَا نَدْرِي مَنْ نُعَزِّي مِنْ حُزْنِ الْقَوْمِ».

واتە: وەکیع لە حوسەینەوە ئەویش لە ئەعمەشەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئێمە جاری وا هەبوو کەسێک دەمرد هەمووان ئەوەندە خەمبار دەبوین کەس نەیدەزانی سەرەخۆشی لە کێ بکات!

٢١٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَرٍ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ قَالَ: فِي هَذِهِ الْآيَةِ: ﴿وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ جَنَّتَانِ ﴿٤٦﴾﴾ الرحمن: ٤٦ قَالَ: «إِذَا أَرَادَ أَنْ يُذْنِبَ أَمْسَكَ مَخَافَةَ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: موحەممەدی کوڕی جەعفەر لە شوعبەوە ئەویش لە مەنصورەوە ئەویش لە ئیبراهیمەوە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ جَنَّتَانِ ﴿٤٦﴾﴾ الرحمن: ٤٦ فەرموویەتی: هەر کاتێ ویستی تاوان بکات؛ ئەوا لە ترسی خوای گەورە دەستی لێ دەکێشێتەوە.

٢١٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ الثَّوْرِيُّ، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ قَالَ: " إِنِّي لَأَسْأَلُ عَنِ الشَّيْءِ، مَا أَعْلَمُهُ فَمَا يَمْنَعُنِي أَنْ أَقُولَ: اللهُ أَعْلَمُ إِلَّا مَخَافَةَ أَنْ يَرَوْا أَنِّي أَعْلَمُ ".

واتە: ڕەوح لە سوفیانی ثەورەییەوە ئەویش لە مەنصورەوە ئەویش لە ئیبراهیمەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: جاری وا هەیە من پرسیار لەبارەی شتێکەوە دەکەم و نایزانم بۆیە پرسیار دەکەم؛ جا ناشڵێم: تەنیا خودا دەیزانێ! لە ترسی ئەوەی نەکا منیش بیزانم!

٢١٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنِي حُسَيْنُ بْنُ عَلِيٍّ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ سُوقَةَ قَالَ: زَعَمُوا أَنَّ إِبْرَاهِيمَ النَّخَعِيَّ، كَانَ يَقُولُ: " كُنَّا إِذَا حَضَرْنَا جِنَازَةً أَوْ سَمِعْنَا الْمَيِّتَ عُرِفَ ذَلِكَ فِينَا أَيَّامًا؛ لِأَنَّا قَدْ عَرَفْنَا أَنَّهُ قَدْ نَزَلَ بِهِ أَمْرٌ صَيَّرَهُ إِلَى الْجَنَّةِ أَوْ إِلَى النَّارِ قَالَ: فَإِنَّكُمْ فِي جَنَائِزِكُمْ تَحَدَّثُونَ بِأَحَادِيثِ دُنْيَاكُمْ ".

واتە: حوسەینی کوڕی عەلی لە موحەممەدی کوڕی سوقەوە فەرموویەتی: وایان

گومانبردووه کە ئیبراهیمی نەخەعی دەیفەرموو: ئێمە کاتی خۆی کە دەچوین بۆ بەڕێ کردنی تەرمێک یان بمانبیستایە یەکێ: مردووە؛ چەند ڕۆژێک بەسەرو چاومانەوە دیاربوو کە خەمبارین؛ چونکە دەمانزانی ئەو مردووە گەیشتووە بەو کاتەی کە یان بۆ بەهەشت دەبرێت یان بۆ ئاگر! دەفەرموێت: کەچی ئێستا ئێوە لە کاتی ناشتنی مردودا سەبارەت بە دونیا قسەو باس گەرم دەکەن!

٢١٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ مَعِين، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ فُضَيْلِ بْنِ غَزْوَانَ قَالَ: قِيلَ لِطَلْحَةَ: لَو ابْتَعْتَ طَعَامًا فَرَبِحْتَ فِيهِ قَالَ: «إِنِّي أَكْرَهُ أَنْ يَعْلَمَ الله عَزَّ وَجَلَّ مِنْ قَلْبِي غِلًّا عَلَى الْمُسْلِمِينَ».

واتە: یەحیای کوڕی مەعین لە جەریرەوە ئەویش لە فوزەیلی کوڕی غەزاونەوە فەرموویەتی: بە تەڵحە گوترا: ئەگەر خواردەمەنی بفرشی قازانجی باش دەکەیت! فەرمووی: من پێم ناخۆشە خوای گەورە ئەوە لە دڵما ببینێ کە خەش لە موسوڵمانێک بکەم!

٢١٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَهَّابِ، حَدَّثَنَا الْجُرَيْرِيُّ قَالَ: قِيلَ لِرَجُلٍ مِنْ أَهْلِ الْكُوفَةِ أَصَالِحُونَ أَنْتُمْ؟ قَالَ: «مَا أَدْرِي مَا الصَّالِحُونَ؟ وَلَكِنْ بِخَيْرٍ».

واتە: عەبدولوەهاب لە جورەیرییەوە فەرموویەتی: بە پیاوێکی خەڵکی کوفە گوترا: ئێوە پیاوچاکن؟ فەرمووی: من نازانم پیاوچاک چۆنە؛ بەڵام ئێمە باشین!

٢١٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَنَّهُ قَالَ: سَمِعْتُ عَلِيَّ بْنَ حَكِيمٍ، يَقُولُ: سَمِعْتُ وَكِيعًا، يَقُولُ: قَالَ سُفْيَانُ: «مَا شَيْءٌ أَخْوَفُ عِنْدِي مِنَ الْحَدِيثِ وَمَا شَيْءٌ أَفْضَلُ مِنْهُ لِمَنْ أَرَادَ مَا عِنْدَ الله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: گوێم لە عەلیی کوڕی حەکیم بوو دەیفەرموو: گوێم لە وەکیع بوو دەیفەرموو: سوفیان فەرمووی: من هیچ شتێکم هێندەی قسەکردن بەلاوە ترسناك نییە؛ بەڵام هیچ شتێکیش هێندەی قسەکردن خێردار نییە بەو مەرجەی ئەو کەسەی کە قسە دەکات مەبەستی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت!

٢١٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ آدَمَ، حَدَّثَنِي عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ حُمَيْدٍ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا إِسْحَاقَ، يَقُولُ: «أَقْرَأَ أَبو عَبْدِ الرَّحْمَنِ السَّلَمِيُّ الْقُرْآنَ فِي الْمَسْجِدِ أَرْبَعِينَ سَنَةً».

واتە: یەحیای کوڕی ئادەم لە عەبدولڕەحمانی کوڕی حومەیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گێوم لە باوکی ئیسحاق بوو دەیفەرموو: باوکی عەبدولڕەحمانی سوللەمی چل سالی ڕەبەق لە مزگەوتدا قورئانی دەگوتەوە.

٢١٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَرٍ، وَبَهْزٌ، قَالَا: حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، وَحَجَّاجٌ، حَدَّثَنِي شُعْبَةُ قَالَ: سَمِعْتُ عَلْقَمَةَ بْنَ مَرْثَدٍ، يُحَدِّثُ عَنْ سَعِيدِ بْنِ عُبَيْدَةَ، عَنْ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ، عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «إِنَّ خَيْرَكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ» قَالَ بَهْزٌ فِي حَدِيثِهِ: «خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ»، قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَرٍ وَحَجَّاجٌ فِي حَدِيثِهِمَا: قَالَ أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ السُّلَمِيُّ: فَذَلِكَ الَّذِي أَقْعَدَنِي هَذَا الْمَقْعَدَ ".

واتە: موحەممەدی کوڕی جەعفەر و بەهز دەفەرموون: شوعبە و حەججاج بۆیان گێڕاینەوە... شوعبە فەرمووی: گوێم لە عەلقەمەی کوڕی مەرثەد بووە لە سەعیدی کوڕی عوبەیدەوە ئەویش لە باوکی عەبدولڕەحمانەوە ئەویش لە عوسمانی کوڕی عەففانەوە ئەویش لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) گێڕایەوە فەرموویەتی: بەڕاستی باشترین کەستان ئەو کەسەیە کە قورئان فێر دەبێت و بە خەڵکی دڵێتەوە. بەهز لە گێڕانەوەکەی خۆیا ئاوا دەفەرموێت: باشترینتان ئەو کەسەیە کە قورئان فێر دەبێت و خەڵکیش فێر دەکات. موحەممەدی کوڕی جەعفەرو حەججاجیش لەم فەرموودەیەدا دەفەرموون: باوکی عەبدولڕەحمانی سوللەمی فەرمووی: ئەم فەرموودەیە وای لەمن کردووە کە هێندە لەم مزگەوتەدا دانیشم و بمێنمەوە.

٢١٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو يَحْيَى الْحِمَّانِيُّ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ شِمْرٍ قَالَ: أَخَذَ بِيَدِي أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ فَقَالَ لِي: كَيْفَ قُوَّتُكَ عَلَى الصَّلَاةِ؟ قَالَ: فَذَكَرْتُ مِنَ الضَّعْفِ مَا شَاءَ اللهُ أَنْ أَذْكُرَ، قَالَ أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ: «كُنْتُ أَنَا مِثْلَكَ أُصَلِّي الْعِشَاءَ ثُمَّ أَقُومُ أُصَلِّي فَأَنَا حِينَ أُصَلِّي الْفَجْرَ أَنْشَطُ مِنِّي أَوَّلَ مَا بَدَأْتُ».

واتە: ئەعمەش لە شیمرەوە فەرموویەتی: باوکی عەبدولڕەحمان دەستی گرتم و فەرمووی: هێزت بۆ نوێژکردن چۆنە؟ منیش ئەوەندەی خوای گەورە بیەوێ باسی لاوازیی خۆمم کرد! باوکی عەبدولڕەحمان فەرمووی: منیش وەکوو تۆ وابوم؛ نوێژی عیشام دەکردو دوایی دەستم بە شەونوێژ دەکرد تا بەیانی؛ جا لە کاتی نوێژی بەیانیدا زیاتر گورج و گۆڵ و بە توانا بووم.

٢١٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مَنْ، سَمِعَ جَرِيرًا، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنِ الْحَكَمِ قَالَ: قَالَ ابْنُ عُمَرَ: «وَلَنْ يُصِيبَ رَجُلٌ حَقِيقَةَ الْإِيمَانِ حَتَّى يَتْرُكَ الْمِرَاءَ وَهُوَ يَعْلَمُ أَنَّهُ صَادِقٌ وَيَتْرُكَ الْكَذِبَ فِي الْمُزَاحَةِ».

واتە: جەریر لە مەنصورەوە ئەویش لە حەکەمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: کوڕی عومەر فەرمووی: هیچ کەسێک ناگات بە کرۆکی بیروباوەڕو ئیمان هەتا ڕیابازی واز لێ نەهێنێت و دڵنیا بێت کە ڕاستگۆیەو لە کاتی شۆخی و گەپ و گاڵتەشا واز لە درۆ نەهێنێ!

٢١٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مَنْ، سَمِعَ أَبَا دَاوُدَ الْحَفَرِيَّ قَالَ: سَمِعْتُ سُفْيَانَ، يَقُولُ: «إِذَا عَرَفْتَ نَفْسَكَ لَمْ يَضُرَّكَ مَا قَالَ النَّاسُ».

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: کەسێک بۆی گێڕامەوە کە ئەو کەسە گوێی لە باوکی داوودی حەفەری بووە فەرموویەتی: گوێم لە سوفیان بوو دەیفەرموو: ئەگەر مرۆڤ خۆی خۆیی ناسی ئیتر قسەی خەڵکی هیچ زیانێ:ی پێ ناگەیەنێ.

٢١٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبُو مَعْمَرٍ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ قَالَ: قَالَ عَوْنُ بْنُ عَبْدِ الله لِأَبِي إِسْحَاقَ: مَا بَقِيَ مِنْكَ يَا أَبَا إِسْحَاقَ؟ قَالَ: «بَقِيَ مِنِّي أَنْ أَقْرَأَ الْبَقَرَةَ فِي رَكْعَةٍ، قَالَ بَقِيَ خَيْرُكَ وَذَهَبَ شَرُّكَ».

واتە: باوکی مەعمەر لە سوفیانەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: عەونی کوڕی عەبدوڵڵا بە باوکی ئیسحاقی فەرموو: باوکی ئیسحاق چیت ماوە؟ باوکی ئیسحاق فەرمووی: ئەوەم ماوە کە سورەتی بەقەرە لە یەک ڕکاتا بخوێنم. فەرمووی: چاکەت ماوە و شەڕو خراپەت ڕۆیشتووە.

٢١٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبُو مَعْمَرٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ إِدْرِيسَ قَالَ: سَمِعْتُ عَمِّي، يَذْكُرُ قَالَ: كَانَ كُرْدُوسُ يَقُصُّ عَلَيْنَا فِي زَمَنِ الْحَجَّاجِ، فَيَقُولُ: " إِنَّ الْجَنَّةَ لَا تُنَالُ إِلَّا بِعَمَلٍ لها، أَخْلِصُوا الرَّغْبَةَ بِالرَّهْبَةِ وَدُومُوا عَلَى صَالِحِ الْأَعْمَالِ وَالْقَوْا الله بِقُلُوبٍ سَلِيمَةٍ وَأَعْمَالٍ صَادِقَةٍ، وَيَكْثُرُ أَنْ يَقُولَ: مَنْ خَافَ أَدْلَجَ مَنْ خَافَ أَدْلَجَ ".

واتە: باوکی مەعمەر لە عەبدوڵڵای کوڕی ئیدریسەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە مامم بوو دەیفەرموو: لە سەردەمی حەججاجا کەردوس وتاری بۆ دەداین؛ دەیفەرموو:

هیچکەس بە بەهەشت ناگات مەگەر بە کار و کردەوەی چاکە؛ دەی نێتی خۆتان پاك و ساف بکەن و بەردەوام بن لەسەر کاری چاکەو بە دڵێکی ساغ و پاکەوە و کار و کردەوەی ڕاست و چاکەوە ڕوو لە پەروەردگار بکەن.. زۆرجار دەیفەرموو: هەر کەسێ لەخواترس بێ ئەوە قۆڵ بۆ خواپەرستی هەڵدەماڵێ! هەر کەسێ لەخواترس بێ ئەوە قۆڵ بۆ خواپەرستی هەڵدەماڵێ!

٢١٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: أُخْبِرْتُ عَنْ عَبْد الله بْن مُحَمَّد التَّيْمِيِّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ حَفْص الْقُرَشِيُّ قَالَ: كَانَ عَلِيُّ بْنُ حُسَيْن عَلَيْه السَّلَامُ إِذَا تَوَضَّأَ اصْفَرَّ فَيَقُولُ له أَهْله: مَا هَذَا الَّذي يَعْتَادُكَ؟ فَيَقُولُ: أَتَدْرُونَ بَيْنَ يَدَيْ مَنْ أُرِيدُ أَنْ أَقُومَ ".

واتە: عەبدولڕەحمانی کوڕی حەفصی قوڕەیشی فەرموویەتی: عەلیی کوڕی حوسەین هەر جارێ دەستنوێژی گرتبا ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا؛ لەماڵەوە پێیان دەگوت: ئەمە چییە بۆ وات لێدێ؟ دەیفەرموو: دەزانن دەمەوێ لە خزمەت کێدا ڕاوەستم؟

٢١٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي سُفْيَانُ بْنُ وَكِيع، حَدَّثَنَا ابْنُ عُيَيْنَةَ قَالَ: قِيلَ لمُحَمَّد بْن الْمُنْكَدر: أَيُّ الْعَمَل أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: " إِدْخَالُ السُّرُورِ عَلَى الْمُؤْمن قِيلَ: مَا بَقِيَ منْ لَذَّتكَ؟ قَالَ: «الْإِفْضَالُ عَلَى الْإِخْوَان».

واتە: سوفیانی کوڕی وەکیع لە کوڕی عویەینەوە دەفەرموێت: بە موحەممەدی کوڕی مونکەدیر گوترا: چ کار و کردەوەیەک بە لای تۆوە خۆشەویسترینە؟ فەرمووی: ئەوەی کە خۆشی بخەیتە ناو دڵی باوەڕدارێکەوە.. گوترا: چیتر ماوە؟ (لە زۆربەی ڕیوایەتەکانا دەفەرموێت: چیتر هەیە چێژی لێ وەربگیرێت؟) فەرمووی: چاکەکردن لەگەڵ برادەرەکانا.

٢١٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ وَكِيع، حَدَّثَنَا ابْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ عَمْرو بْن دينَار قَالَ: قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ عَلِيٍّ: «ادْعُ الله فِيمَا تُحِبُّ فَإِذَا وَقَعَ الَّذي تَكْرَهُ لَمْ تُخَالِف الله فِيمَا أَحَبَّ».

واتە: سوفیانی کوڕی وەکیع لە کوڕی عویەینەوە ئەویش لە عەمری کوڕی دینارەوە فەرموویەتی: موحەممەدی کوڕی عەلی فەرمووی: چیت پێخۆشە داوای ئەوە لە خوای گەورە بکە؛ جا ئەگەر شتێکت بەسەرهات کە خۆت پێت ناخۆش بوو ئەوا سەرپێچی خوای گەورە نەکەی لە شتێکا کە ئەو پێی خۆشە.

٢١٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عُمَرَ الْقُرَشِيُّ، حَدَّثَنَا أَبو أُسَامَةَ، عَنْ مُحَمَّد بْن عَمْرو، عَنْ صَفْوَانَ بْن سُلَيْم قَالَ: قَالَ أَبو مُسْلِم الْخَوْلَانيُّ «كَانَ النَّاسُ وَرَقًا لَا شَوْكَ فيه وَإِنَّهُمُ الْيَوْمَ شَوْكٌ لَا وَرَقَ فيه، إِنْ سَابَبْتَهُمْ سَابُّوكَ وَإِنْ نَاقَدْتَهُمْ نَاقَدُوكَ، وَإِنْ تَرَكْتَهُمْ لَمْ يَتْرُكُوكَ».

واتە: بـاوكی ئوسـامە لە مـوحەممەدی كـوڕی عەمـرەوە ئەویـش لە صـەفوانی كـوڕی سولەیمەوە فەرمووی: باوكی موسلیمی خەولانی فەرمووی: جاران خەڵكی هەمووی گوڵی بێ درك بوو؛ ئێستا هەر دڕكیان هەیە و گوڵیان نییە؛ ئەگەر جنێویان پێ بدەی جنێووت پێ دەدەن؛ ئەگەر ڕەخنەیان لێ بگری ڕەخنەت لێ دەگرن؛ ئەگەر وازیان لێ بێنی ئەوان واز لە تۆ ناهێنن!

٢١٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ الدوورقيُّ، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ عُمَارَةَ، عَنْ يَزِيدَ بْنِ مُعَاوِيَةَ النَّخَعِيِّ قَالَ: «إِنَّ الدُّنْيَا جُعِلَتْ قَلِيلًا، فَمَا بَقِيَ مِنْهَا إِلَّا قَلِيلٌ مِنْ قَلِيل».

واتە: ئەحمەدی كوڕی ئیبراهیمی دەورەقی لە باوكی موعاویەوە ئەویش لە ئەعمەشەوە ئەویـش لە عومـارەوە ئەویـش لە یەزیـدی كـوڕی موعـاویەی نەخەعیـیەوە دەگێـڕێتەوە فەرموویەتی: دونیا خۆی كەمە؛ ئێستا لەو كەمەش كەمێكی ماوە.

٢١٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْوَلِيدُ بْنُ شُجَاع، حَدَّثَنِي الْوَلِيدُ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنِي زُهَيْرُ بْنُ مُحَمَّد، عَنْ أَبِي حَازِم، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «الْمُؤْمِنُ مِنَ الْمُؤْمِنِ بِمَنْزِلَةِ الرَّأْسِ مِنَ الْجَسَدِ» كَذَلِكَ الْمُؤْمِنُ يُؤْلِمُهُ مَا يُصِيبُ الْمُؤْمِنِينَ ".

واتە: وەلیدی كوڕی شوجاع لە وەلیدی كوڕی موسلیمەوە ئەویش لە زوهەیری كوڕی مـوحەممەدەوە ئەویـش لە بـاوكی حـازمەوە ئەویـش لە ئەبوهـورەیرەوە گێـڕایەوە فەرمـووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: باوەڕدار بۆ باوەڕدار وەكوو سەر وایە بۆ لاشە. (ئەبوهورەیرە دەفەرموێ) هەروایە باوڕدار بە هەموو ئەو شتانە ئازاری پێ دەگات كە ئازار بە باوەڕداریتر دەگەیەنێت.

٢١٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو سَعِيد الْأَشَجُّ، حَدَّثَنَا أَبو أُسَامَةَ، عَنِ الْأَعْمَشِ قَالَ: " كُنَّا نَأْتِي خَيْثَمَةَ فَيَخْرُجُ إِلَيْنَا اللَّيْلَةَ مِنْ تَحْتِ السَّرِيرِ فِيهَا الْخَبِيصُ وَالْفَالَوْذَجُ فَيَقُولُ: «مَا عَمِلْتُهُ إِلَّا لَكُمْ».

واته: باوکی سەعیدی ئەشەج لە باوکی ئوسامەوە ئەویش لە ئەعمەشەوە دەفەرموێت: ئێمە دەچوینە خزمەت خەیثەمە؛ شەوانە لە ژێر قەزەوێڵەکەی فالودەو حەڵوای دەردەهێناو بە ئێمەی دەداو دەیفەرموو: ئەوەم هەر بۆ ئێوە چاک کردووە!

٢١٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ وَجَدْتُ فِي كِتَاب أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ الْغَلَابِيُّ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَامِر، قَالَ قَدِمَ الْجُرَيْرِيُّ مِنْ سَفَر فَأَتَاهُ إِخْوَانُهُ يُسَلِّمُونَ عَلَيْه فَجَعَلَ يُخْبِرُهُمْ بِمَا أَبْلَاهُ الله فِي سَفَرِه مِمَّا يُحِبُّ وَصَرَفَ عَنْهُ مِمَّا يَكْرَهُ وَتَكَلَّمَ فِي ذَلِكَ وَأَحْسَنَ وَأَبْلَغَ وَقَالَ: إِنَّهُ كَانَ يُقَالُ: «إِنَّ مِنَ الشُّكْرِ تَعْدَادُ النِّعَم».

واته: سەعیدی کوڕی عامر دەفەرموێت: جورەیری لە سەفەرێک گەڕایەوە و برادەرەکانی ڕۆیشتن بۆ لای بەخێرهاتنەوەیان لێ کرد؛ ئەویش باسی هەموو ئەو خۆشییانەی بۆ دەکردن کە لە سەفەرەکەدا تووشی هاتووە؛ ئیتر باسی یەک ناخۆشی و گیروگرفتی نەدەکرد؛ جا پێیان گوت: ئەی ناخۆشی و سەختی چی؟ ئەویش بە جوانی وەڵامی دەدایەوە و دەیفەرموو: بەشێک لە سوپاسگوزاری خوای گەورە ئەوەیە کە نازونیعمەتەکانی باس بکەی!

٢١٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ وَجَدْتُ فِي كِتَاب أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ الْغَلَابِيُّ، حَدَّثَنِي رَجُلٌ، مِنْ أَهْلِ الْجَزِيرَةِ مِنْ قَيْسٍ قَالَ: مَكْتُوبٌ فِي الْحِكْمَةِ «اشْكُرْ لِمَنْ أَنْعَمَ عَلَيْكَ وَأَنْعِمْ عَلَى مَنْ شَكَرَكَ».

واته: باوکی موعاویەی غەلـلابی لە پیاوێکەوە کە خەڵکی جەزیرە بوو فەرمووی: لە دانایـیدا نووسراوە (واتە: یەکێک لە پەندە پڕ لە دانایی و ژیرییەکان ئەمەیە) سوپاسی ئەو کەسە بکە کە چاکەی لەگەڵدا کردویت و نازونیعمەتی پێ بەخشیوی و چاکەش لەگەڵ ئەو کەسە بکە کە سوپاسی کردوی.

٢١٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ وَجَدْتُ فِي كِتَاب أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ الْغَلَابِيُّ، حَدَّثَنِي رَجُلٌ، أَنَّ رَجُلًا، نَادَى سُلَيْمَانَ بْنَ عَبْدِ الْمَلِكِ وَهُوَ جَالِسٌ عَلَى الْمِنْبَرِ، فَقَالَ: يَا سُلَيْمَانُ اتَّقِ الله وَاذْكُرْ يَوْمَ الْأَذَانِ قَالَ: فَنَزَلَ عَنِ الْمِنْبَرِ مُغْضَبًا وَدَعَا بِالرَّجُلِ، فَقَالَ: أَنَا سُلَيْمَانُ فَمَا يَوْمُ الْأَذَانِ، فَقَالَ الرَّجُلُ: ﴿فَأَذَّنَ مُؤَذِّنٌۢ بَيْنَهُمْ أَن لَّعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾﴾ الأعراف: ٤٤ قَالَ: وَمَا مَظْلَمَتُكَ؟ قَالَ: وَكِيلُكَ قَدْ غَلَبَنِي عَلَى أَرْضِي قَالَ: فَأَمَرَ بِالْكِتَابِ إِلَى وَكِيلِه أَنْ أَعْطِه أَرْضَهُ وَأَرْضِي مَعَ أَرْضِه ".

واتە: بـاوکی موعـاویەی غەلـلابی لە پیـاوێکەوە دەگێـڕێتەوە کە سـولەیمانی کـوڕی عەبدولمەلیك لەسەر کورسیەکەی دانیشتبوو؛ پیاوێک بانگی کرد و گوتی: ئەی سولەیمان! لەخوا بترسـە! ئەو ڕۆژە وەبیر خۆت بێـنەوە کە جارچی جاڕ دەدا! سـولەیمان تـووڕە بـوو لە کورسیەکەی دابەزی و بانگی پیاوەکەی کرد و گوتی: مـن سـولەیمانم! ئەی ڕۆژی جارچی کامەیە؟ پیاوەکە (ئەم ئایەتەی خوێندەوە و گوتی: (مانای ئایەتەکە): جارچییەک لە نێوانیانا جاڕی داو گوتی: نەفرەتی خوای گەورە لەو کەسانە بێت کە ستەمکارن. سولەیمان گوتی: چ ستەمێکت لـێ کـراوە؟ پیـاوەکە گـوتی: نـوێنەرەکەی تـۆ زەویـیەکەی منـی داگـیر کـردووە! سولەیمان فرمانیکرد نامەیەکیان بۆ بریکارەکەی نووسی و تێیدا فرمانی کرد کە زەوییەکەی خۆی پێ بدەرەوە و پارچەیەک لە زەوییەکانی منیشی پێ بدە!

٢١٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ وَجَدْتُ فِي كِتَابِ أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ الْغَلَابِيُّ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ لِهشَام أَخِي ذِي الرُّمَّة وَأَرَادَ السَّفَرَ إِلَى مَكَّةَ فَقَالَ له: «وَصيَّتُكَ بِتَقْوَى الله عَزَّ وَجَلَّ وَصَلِّ الصَّلَاةَ لِوَقْتِهَا فَإِنَّكَ مُصَلِّيهَا لَا مَحَالَةَ فَصلها وَهِيَ تَنْفَعُكَ وَإِيَّاكَ أَنْ تَكُونَ كَلْبَ رُفْقَتكَ فَإِنَّ لِكُلِّ رُفْقَة كَلْبًا يَنْبَحُ دُونَهُمْ، فَإِنْ كَانَ خَيْرًا شَكَرُوهُ وَإِنْ كَانَ عَارًا تَقَلَّدَهُ دُونَهُمْ، فَإِيَّاكَ أَنْ تَكُونَ كَلْبَ رُفْقَتِكَ».

واتە: بـاوکی موعـاویەی غەلابی دەفەرموێـت: هیشـامی بـرای زیـڕڕوممە نیـازی بـوو بە سەفەر بڕوا بۆ مەککە؛ پیاوێک پێی گوت: ئامۆژگاریت دەکەم بە تەقوای خوای گەورە و بەوەی کە نوێژەکانت لە کاتی خۆیا بکەیت؛ تۆ دەبێ هەر نوێژەکانت بکەی؛ جا لە کاتی خۆیانا بیانکە با سودت پێ بگەیەنێ؛ نەکەی ببی بە سەگی هاوڕێکانت! چونکە هەموو کۆمەڵێک سەگێکی هەیە دەوەڕێت! ئەگەر وەڕەکەی چاک بوو سوپاسی دەکەن و ئەگینا هەر ئەو سنك دەکەن! دەی وریابە خۆت مەکە بە سەگی هاوڕێکانت!

٢١٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ شُجَاعِ بْنِ قَيْسِ الشُّكُولِيُّ، أَخْبَرَنِي شُعَيْبُ بْنُ اللَّيْثِ بْنِ سَعْدٍ، وَغَيْرُهُ، عَنِ اللَّيْثِ بْنِ سَعْدٍ، عَنْ عُبَيْدِ الله بْنِ أَبِي جَعْفَرٍ قَالَ: «إِنَّ جَهَنَّمَ لَتَزْفُرُ زَفْرَةً تَنْشَقُّ مِنْهَا قُلُوبُ الظَّلَمَةِ، ثُمَّ تَزْفُرُ أُخْرَى فَيَطِيرُوا مِنَ الْأَرْضِ حَتَّى يَقَعُوا فِيهَا عَلَى رُءُوسِهِمْ».

واتە: وەلیدی کوڕی شوجاعی کوڕی قەیس لە شوعەیبی کوڕی لەیثەوە لە لەیثی کوڕی سـەعدەوە ئەویـش لە عوبەیـدوڵڵای کـوڕی بـاوکی جەعـفەرەوە دەگێـڕێتەوە فەرمـوویەتی: بەڕاستی دۆزەخ هەناسـەیەک دەدات و ناڵەیەکی لـێ دێ کە دڵی ستەمکاران لێی دەتۆقێ و

شەق دەبا؛ جا جارێکیتر هەناسەیەک و ناڵەیەکیتری لێ ڕاست دەبێتەوە ستەمکاران لە زەوی دەفڕن و بەسەرا دەکەونە ناو دۆزەخەوە!

٢١٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو الْجَهْم عَبْدُ الْقُدُّوس بْنُ بَكْر، عَنْ مُحَمَّد بْن النَّضْر الْحَارِثِيِّ قَالَ: كَانَ يُقَالُ: «أَوَّلُ الْعِلْم الْإِنْصَاتُ له ثُمَّ الاسْتِمَاعُ له ثُمَّ حِفْظُهُ ثُمَّ الْعَمَلُ بِه ثُمَّ بَثُّهُ».

واتە: باوکی جەهم واتە: عەبدولقوددوسی کوڕی بەکر لە موحەممەدی کوڕی نەزری حارثییەوە فەرمووی: جاران دەگوترا: سەرەتای زانست بریتیە لە بێدەنگی؛ دوایی گوێگرتن؛ دوایی لەبەر کردن دوایی کارپێکردن و دواتر بڵاو کردنەوەی زانستەکە!

٢١٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْقُدُّوس بْنُ بَكْر قَالَ: سَمِعْتُ مُحَمَّدَ بْنَ النَّضْر الْحَارِثِيَّ، يَذْكُرُ فِي قَوْله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿هُوَ أَهْلُ التَّقْوَىٰ وَأَهْلُ الْمَغْفِرَةِ ﴾ المدثر: ٥٦ قَالَ: «إِنَّا أَهْلٌ لأَنْ يَتَّقِينِي عَبْدِي فَإِنْ لَمْ يَفْعَلْ كُنْتُ أَهْلًا لأَنْ أَغْفِرَ له».

واتە: عەبدولقوددوسی کوڕی بەکر دەفەرموێت: گوێم لە موحەممەدی کوڕی نەزرەی حارثی بوو سەبارەت بە ئایەتی: ﴿هُوَ أَهْلُ التَّقْوَىٰ وَأَهْلُ الْمَغْفِرَةِ ﴾ المدثر: ٥٦. دەیفەرموو: مەبەستی خوای گەورە ئەوەیە کە دەفەرموێت: من شایانی ئەوەم کە بەندەکەم لێم بترسێت و بمپەرستێت؛ خۆ ئەگەر ئەو ئەو کارە نەکات ئەوا شایانی ئەوەم کە لێی خۆش بم!

٢١٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْحَاقُ الْأَزْرَقُ، عَنْ شَرِيك، عَن الْأَعْمَش، عَنْ عَبْد الرَّحْمَن بْن مَعْقِل، عَنْ بَعْض، أَصْحَاب النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ أَنَّهُ قَالَ: «الْمَسْجِدُ حِصْنٌ مِنَ الشَّيْطَان شَدِيدٌ».

واتە: ئیسحاقی ئەزرەق لە شەریکەوە ئەویش لە ئەعمەشەوە ئەویش لە عەبدولڕەحانی کوڕی مەعقیلەوە ئەویش لە یەکێک لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: مزگەوت قەڵایەکی سەختە دژ بە شەیتان.

٢١٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي إِبْرَاهِيمُ بْنُ الْحَسَنِ الْبَاهِلِيُّ الْمُقْرِيُّ، حَدَّثَنِي بَعْضُ، أَصْحَاب الْحَدِيث، عَنْ حَمَّاد بْن زَيْد قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى سَلَام أَبِي الْمُنْذِر وَهُوَ فِي النَّزْع فَجَعَلَ يُلَقَّنُ فَأَبْطَأَ عَنْهَا فَغَمَّنِي ذَلكَ فَأَذَّنَ مُؤَذِّنٌ عَلَى مَنَارَة الْمَسْجِد الْجَامع فَقَالَ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِله إِلَّا الله، فَقَالَ سَلَامٌ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِله إِلَّا الله الَّذِي لَا يَكُونُ فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِلَّا مَا شَاءَ ثُمَّ مَاتَ رَحِمَهُ الله ".

واتە: ئیبراهیمی کوڕی حەسەنی باهیلی موقری فەرمووی: یەکێک لە زانایانی فەرموودە لە حەممادی کوڕی زەیدەوە بۆ منی گێڕایەوە فەرموویەتی: ڕۆیشتم بۆ لای سەلامی باوکی مونزیر؛ سەلام لە سەرەمەرگدا بوو؛ هاوڕێکانی تەڵقینیان دەکردو دەیانەویست شایەتومان بێنێ؛ ئەویش دەنگی نەدەکردو وەڵامی نەدەدانەوە؛ من بەوە خەمبار بووم؛ لەو کاتەدا بانگبێژێک لەسەر مەنارەی مزگەوتی گەورە بانگی داو گوتی: أشهد أن لا اله الا الله.. سەلامیش گوتی: أشهد أن لا اله الا الله؛ شایەتی دەدەم کە جگە لە خوا هیچ خوایەکیتر نییە؛ ئەو خوایەی کە بە ویستی ئەو نەبێ هیچ شتێک نە لە زەوی و نە لە ئاسمانەکانا ناکرێت.. دوایی گیانی دەرچوو مرد.. ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

٢١٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا الْأَيْلِيُّ، حَدَّثَنَا أَبو دَاوُدَ، حَدَّثَنَا مُبَارَكُ بْنُ فَضَالَةَ، عَنْ عُبَيْد الله بْن أَبِي بَكْر بْن أَنَس قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: " يَقُولُ الله تَعَالَى: «أَخْرِجُوا مِنَ النَّارِ مَنْ ذَكَرَنِي يَوْمًا أَوْ خَافَنِي فِي مَقَام».

واتە: موحەممەدی کوڕی مەهدی دەفەرموێت: ئەیلی بۆی گێڕامەوە فەرمووی: باوکی داوود لە موبارەکی کوڕی فوزالەوە ئەویش لە عوبەیدوڵڵای کوڕی ئەبوبەکری کوڕی ئەنەسەوە گێڕایەوە فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: خوای گەورە دەفەرموێت: هەر کەسێک ڕۆژێک لە ڕۆژان یاد و زیکرێکی منی کردووە؛ یان لە شوێنێکا لە من ترساوە؛ لە ئاگر دەری بهێنن!

٢١٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجُ بْنُ مُحَمَّد الْأَعْوَرُ، عَن ابْن جُرَيْج قَالَ: قُلْتُ لعَطَاء: هَذَا يُوسُفُ بْنُ مَاهَكَ يَتَمَنَّى الْمَوْتَ، فَقَالَ: فَعَابَ ذَلكَ، وَقَالَ: مَا يُدْرِيه عَلَى مَا هُوَ منْهُ؟

واتە: حەججاجی کوڕی موحەممەدی ئەعوەر لە کوڕی جورەیجەوە فەرمووی: بە عەتام گوت: ئەوە یوسفی کوڕی ماهەکە خۆزگە دەخوازێ بمرێ! دەفەرموێت: لەسەر ئەوە

سەرکۆنەی یوسفی کرد و گوتی: جا یوسف چوزانێ لەسەر چی دەمرێ؟ (واتە: بە موسوڵمانی دەمرێ یان بە کافری؟).

٢١٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا ابْنُ حَفْص، أَنْبَأَنَا سُفْيَانُ الثَّوْرِيُّ، عَن ابْن أَبِي خَالد، عَن الشَّعْبِيِّ قَالَ: " يُشْرِفُ أَهْلُ الْجَنَّة فِي الْجَنَّة عَلَى قَوْم فِي النَّار فَيَقُولُونَ: مَا لَكُمْ فِي النَّار وَإِنَّمَا كُنَّا نَعْمَلُ بِمَا تُعَلِّمُونَا؟ فَيَقُولُونَ: إِنَّا كُنَّا نُعَلِّمُكُمْ وَلَا نَعْمَلُ بِه ".

واتە: کوڕی حەفص لە سوفیانی ئەورییەوە ئەویش لە کوڕی باوکی خالیدەوە ئەویش لە شەعبییەوە دەفەرموێت: کۆمەڵێک لە بەهەشتەوە ئاگاداری کۆمەڵێکن لە دۆزەخدا؛ بەهەشتییەکان بە دۆزەخییەکان دەڵێن: ئەوە چە ئێوە لە دۆزەخەکان؛ خۆ ئێمە بە هۆی ئەو کار و کردەوانە لە بەهەشتاین کە ئێوە فێری ئێمەتان کردووە؟ دۆزەخییەکان دەڵێن: ئاخر ئێمە ئێوەمان فێر دەکرد بەڵام خۆمن کارمان پێ نەدەکرد.

٢١٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ أَحْمَدَ، أُخْبِرْتُ عَن ابْن الْمُبَارَك، أَنَّ امْرَأَةً قَالَتْ لعَائشَةَ رَحمَهَا الله: اكْشفي لي عَنْ قَبْر رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ. فَكَشَفَتْ لها عَنْهُ فَبَكَتْ حَتَّى مَاتَتْ ".

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی ئەحمەد لە کوڕی موبارەکەوە دەگێڕێتەوە کە ژنێک بە دایە عائیشەی (خوای لێ ڕازی بێت) گوتووە: ئارامگای پێغەمبەری خودام (ﷺ) پێ پیشان بدە! دایە عائیشە ئارامگای پێغەمبەری (ﷺ) پێ پیشاندا؛ ژنەکە ئەوەندە گریا تا گیانی دەرچو.

٢١٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو عُتْبَةَ الْحمْصيُّ، حَدَّثَنَا حَمْزَةُ بْنُ رَبيعَةَ، حَدَّثَنَا إِبْرَاهيمُ بْنُ أَبِي عَبْلَةَ قَالَ: سَمعْتُ أُمَّ الْبَنينَ، أُخْتَ عُمَرَ بْن عَبْد الْعَزيز تَقُولُ: «أُفٍّ للْبُخْل وَالله لَوْ كَانَ طَريقًا مَا سَلَكْتُهُ وَلَوْ كَانَ ثَوْبًا مَا لَبسْتُهُ».

واتە: باوکی عوتبەی حیمصی لە حەمزەی کوڕی ڕەبیعەوە ئەویش لە ئیبراهیمی کوڕی باوکی عەبلەوە فەرموویەتی: گوێم لە (ئوممولبەنین)ی خوشکی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بوو دەیفەرموو: ئاخ لە دەست ڕەزیلی و چروکی! بەخوا ئەگەر چروکی ڕێگا بوایە هەرگیز پیایا نەدەچووم و ئەگەر پۆشاک بوایە هەرگیز لەبەرم نەدەکرد.

٢١٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا يَعْقُوبُ بْنُ عَبْدِ الله، عَنْ حَفْصِ بْنِ حُمَيْدٍ، قَالَ لِي زِيَادُ بْنُ حُدَيْرٍ: «خُذْ مِنْ شَعْرِكَ فَإِنَّ فِيهِ فِتْنَةً».

وَكَانَ زِيَادٌ يَقُولُ لَنَا: سَلُوا الله فَإِنَّهُ يَغْضَبُ عَلَى مَنْ لَمْ يَسْأَلْه، وَكَانَ الرَّجُلُ يَأْتِي زِيَادَ بْنَ حُدَيْرٍ فَيَقُولُ: إِنِّي أُرِيدُ رِسْتَاقَ كَذَا وَكَذَا فَيَقُولُ: اقْطَعْ طَرِيقَكَ بِذِكْرِ الله عَزَّ وَجَلَّ ".

واتە: عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدی لە یەعقوبی کوڕی عەبدوڵڵاوە ئەویش لە حەفصی کوڕی حومەیدەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: زیادی کوڕی حودەیر پێی گوتم: کەمێک پرچت کورت بکەرەوە؛ چونکە دەبێتە مایەی فیتنە.

جا زیاد بە ئێمەی دەفەرموێت: داوا لە خوا بکەن و لێی بپاڕێنەوە چونکە خوای گەورە لەوکەسانە تووڕەیە کە لێی ناپاڕێنەوە.. پیاوی وا هەبوو دەهات بۆ لای زیادی کوڕی حودەیرو پێی دەگوت: من دەمەوێ بڕۆم بۆ فلاّنە گوندو فلاّنە گوندا دەیفەرموو: ڕێگاکەت بە یاد و زیکری خوای گەورە ببڕە.

٢١٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سَابِقٍ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ مِغْوَلٍ، عَنْ أَبِي ضَمْرَةَ، عَنْ زِيَادِ بْنِ حُدَيْرٍ قَالَ: «لَوَدِدْتُ أَنِّي فِي حَيْزٍ مِنْ حَدِيدٍ مَعِي فِيهِ مَا يُصْلِحُنِي لَا أُكَلِّمُ النَّاسَ وَلَا يُكَلِّمُونِي حَتَّى أَلْقَى اللهَ عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: موحەممەدی کوڕی سابق لە مالیکی کوڕی میغوەلەوە ئەویش لە باوکی زەمرەوە ئەویش لە زیادی کوڕی حودەیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: من پێم خۆشە هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرم لە حەوشێک (یان ژوورێک)ـی ئاسنینا بم و ئەوەی کە پێویستمە لام بێت و نە قسە لەگەڵ کەسا بکەم و نە کەس قسەم لەگەڵدا بکات.

زوهد و پارسایی سەعیدی کوڕی جوبەیر
(خوای لێ ڕازی بێت)

٢١٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُسْلِمُ بْنُ قُتَيْبَةَ، حَدَّثَنَا الْأَصْبَغُ، عَنِ الْقَاسِمِ: «كَانَ سَعِيدُ بْنُ جُبَيْرٍ يَبْكِي حَتَّى عَمِشَ».

واتە: عەبدوڵڵا لە موسلیمی کوڕی قوتەیبەوە ئەویش لە ئەصبەغەوە ئەویش لە قاسمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: سەعیدی کوڕی جوبەیر ئەوەندە گریا تا چاوەکانی تەواو کزو لاواز بوون.

٢١٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا عَبْدُ الْمَلِكِ بْنُ أَبِي سُلَيْمَانَ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ، أَنَّهُ كَانَ يَخْتِمُ الْقُرْآنَ فِي كُلِّ لَيْلَتَيْنِ ".

واتە: یەزیدی کوڕی هارون لە عەبدولمەلیکی کوڕی باوکی سولەیمانەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە گێرایەوە کە سەعید هەموو دوشەو جارێک خەتمێکی قورئانی دەکرد.

٢١٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبُو كَامِلٍ الْجَحْدَرِيُّ، حَدَّثَنَا أَبُو عَوَانَةَ، عَنْ هِلَالِ بْنِ جَنَابٍ قَالَ: خَرَجْتُ مَعَ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ فِي أَيَّامٍ مَضَيْنَ مِنْ رَجَبٍ، وَأَحْرَمَ مِنَ الْكُوفَةِ بِعُمْرَةٍ ثُمَّ رَجَعَ مِنْ عُمْرَتِهِ، ثُمَّ أَحْرَمَ بِالْحَجِّ فِي النِّصْفِ مِنْ ذِي الْقَعْدَةِ، وَكَانَ يَخْرُجُ كُلَّ سَنَةٍ مَرَّتَيْنِ مَرَّةً لِلْعُمْرَةِ وَمَرَّةً لِلْحَجِّ ".

واتە: باوکی کامیلی جەحدەری لە باوکی عەوانەوە ئەویش لە هیلالی کوڕی جەنابەوە دەفەرموێت: چەند ڕۆژێک لە مانگی ڕەجەب تێپەڕیبوو؛ لەگەڵ سەعیدی کوڕی جوبەیرا وەڕێ کەوتین؛ لە کوفەدا ئیحرامی بۆ عەمرە بەست؛ دوایی لە عەمرە گەڕایەوە؛ دوایی لە نیوەی مانگی زیلقیعدەدا ئیحرامی بۆ حەج بەست؛ جا سەعید عادەتی وا بوو هەموو ساڵێک دووجار دەچو بۆ مەککە؛ جارێک بۆ حەج و جارێک بۆ عەمرە.

٢١٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبُو بَكْرٍ سَعِيدُ بْنُ أَبِي الرَّبِيعِ السَّمَّانُ، حَدَّثَنَا أَبُو عَوَانَةَ، عَنْ إِسْحَاقَ، مَوْلَى عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ عَنْ هِلَالِ بْنِ يَسَافٍ قَالَ: «دَخَلَ سَعِيدُ بْنُ جُبَيْرٍ الْكَعْبَةَ فَقَرَأَ الْقُرْآنَ فِي رَكْعَةٍ».

واتە: بـاوكی بەكـر واتە: سـەعیدی كـوڕی بـاوكی ڕەبیعـی سـەمان لە بـاوكی عەوانەوە ئەویـش لە ئیسـحاقەوە ئەویـش لە هـیلالی كـوڕی یەسـافەوە گێـڕایەوە فەرمـووی: سـەعیدی كوڕی جوبەیر ڕۆیشتە ناو كەعبەوە و هەموو قورئانی لەیەک ڕكاتا خوێند.

٢١٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا أَصْبَغُ بْنُ زَيْدٍ، حَدَّثَنَا الْقَاسِمُ بْنُ أَبِي أَيُّوبَ قَالَ: سَمِعْتُ سَعِيدَ بْنَ جُبَيْرٍ، يُرَدِّدُ هَذِهِ الْآيَةَ فِي الصَّلَاةِ بِضْعًا وَعِشْرِينَ مَرَّةً: ﴿ وَاتَّقُوا يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٨١﴾ ﴾ البقرة: ٢٨١ ".

واتە: یەزیـدی كـوڕی هـارون لە ئەصبەغی كـوڕی زەیـدەوە گێـڕایەوە كە قاسـمی كـوڕی بـاوكی ئەیـوب پێـی ڕاگەیانـدین فەرمـووی: گـوێم لە سـەعیدی كـوڕی جوبەیر بـوو لە نـوێژا بیسـت و ئەوەنـدە جـار ئەم ئـایەتی دووبـارە كـردەوە: ﴿ وَاتَّقُوا يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٨١﴾ ﴾.

٢١٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا أَبِي، وَإِسْرَائِيلُ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ: ﴿ بَلْ يُرِيدُ الْإِنسَانُ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُ ﴿٥﴾ ﴾ القيامة: ٥ قَالَ: «يَقُولُ سَوْفَ أَتُوبُ».

واتە: وەكیع لە باوكی خۆیەوە و لە ئیسرائیلیشەوە ئەوانیش لە باوكی ئیسحاقەوە ئەویش لە سەعیدی كوڕی جوبەیرەوە دەگێڕنەوە كە سەبارەت بە ئایەتی: ﴿ بَلْ يُرِيدُ الْإِنسَانُ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُ ﴿٥﴾ ﴾واتە: نـەخێر، بـا گومـانی وانـەبات، بـەڵكو ئـادەمیزاد دەیـەوێت گوناهـ و تـاوان بكاتـە پیشـەی خۆی بەدرێژایی ژیانی، یاخود دەیەوێت قیامەت لە بەردەمیدا بەرپا ببێت ئینجا باوەڕی پێ بهێنێت! فەرموویەتی: دەڵێ: دوایی تەوبە دەكەم! (واتە: كاتێ مرۆڤ دەڵێ: دوایی تەوبە دەكەم! بەوەدا دەردەكەوێ كە مـرۆڤ دەیەوێ تـاوان بكـاتە پیشـەی خـۆی و دەیەوێ قیـامەت لە بەردەمیـدا بەرپا ببێ جا باوەڕ بهێنێ).

٢١٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا شُعَيْبُ بْنُ حَرْبٍ، أَخْبَرَنِي رَجُلٌ، مِنْ أَهْلِ الْكُوفَةِ عَنْ جَعْفَرِ بْنِ أَبِي الْمُغِيرَةِ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ، فِي قَوْلِهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ وَلَا تَرْكَنُوٓاْ إِلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ﴾ هود: ١١٣ قَالَ: «لَا تَرْضَوْا أَعْمَالَهُمْ».

واتە: شوعەیبی کوڕی حەرب لە پیاوێکەوە کە خەڵکی کوفە بووە؛ ئەویش لە جەعفەری کوڕی باوکی موغیرەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە سەبارەت بە ئایەتی: ﴿ وَلَا تَرْكَنُوٓاْ إِلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ﴾ گێڕایەوە فەرموویەتی: بە کار و کردەوەکانیان ڕازی مەبن.

٢١٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا شُعَيْبُ بْنُ حَرْبٍ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ رَجُلٍ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ: «لَوْ فَارَقَ ذِكْرُ الْمَوْتِ قَلْبِي خَشِيتُ أَنْ يَفْسُدَ عَلَيَّ قَلْبِي».

واتە: شوعەیبی کوڕی حەرب لە سوفیانەوە ئەویش لە پیاوێ:ەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئەگەر بیرکردنەوە لە مردن لە دڵم جیا ببێتەوە؛ دەترسم دڵم خراپ ببێ و کارەکانم لێ تێک بدات.

٢١٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ فُضَيْلٍ، حَدَّثَنَا بُكَيْرُ بْنُ عَتِيقٍ قَالَ: أَتَيْتُ سَعِيدَ بْنَ جُبَيْرٍ بِقَدَحٍ فِيهِ شَرْبَةُ عَسَلٍ، فَشَرِبَهُ، ثُمَّ قَالَ: " وَاللهِ لَا تَسْكُنُ عَنِّي هَذِهِ، قُلْتُ: لِمَهْ؟ قَالَ: «إِنِّي شَرِبْتُهُ وَاسْتَلْذَذْتُ بِهِ».

واتە: موحەممەدی کوڕی فوزەیل لە بوکەیری کوڕی عەتیقەوە دەفەرموێت: هاتمە خزمەت سەعیدی کوڕی جوبەیرو کاسەیەک هەنگوێنم بۆ هێنا؛ فەرمووی: بەخوا نابێ ئەم هەنگوینە لای من بمێنێتەوە! گوتم: بۆچی؟ فەرمووی: کاتێ لێی دەخۆمەوە چێژی لێ دەبینم.

٢١٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنِي هَارُونُ بْنُ مَعْرُوفٍ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنْ هِشَامٍ قَالَ: قَالَ سَعِيدُ بْنُ جُبَيْرٍ: «الدُّنْيَا جُمَعَةٌ مِنْ جُمَعِ الْآخِرَةِ».

واتە: هارونی کوڕی مەعروف لە زەمرەوە ئەویش لە هیشامەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: سەعیدی کوڕی جوبەیر فەرمووی: دونیا هەمووی وەکوو هەینییەکە لە هەینییەکانی ڕۆژی قیامەت.

٢١٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو يَحْيَى الْحِمَّانِيُّ، عَنِ الْأَعْمَشِ، أَنَّ إِبْرَاهِيمَ، بَزَقَ عَنْ يَمِينِه، فَقَالَ: «أَسْتَغْفِرُ الله».

واته: باوكی یەحیای حیمانی لە ئەعمەشەوە گێرایەوە کە ئیبراهیم تفی کرد بە لای ڕاستی خۆیا؛ دوایی گوتی: أستغفر الله! (چونکە پێچەوانەی سوننەتی کردووە، سوننەت وایە کاتێ مرۆڤ دەیەوێ تفێک بکات بە لای چەپا تفەکەی بکات).

٢١٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ عُرْوَةَ، عَنْ أَبِيه قَالَ: كَانَ يَقُولُ: مَا أَحْسَنَ صُنْعَ الله عَزَّ وَجَلَّ إِلَيَّ، أَخَذَ مِنِّي وَاحِدَةً وَتَرَكَ لِي ثَلَاثَةً، وَكَانَ قُطِعَ رِجْلُه مِنْ أَكَلَةٍ خَرَجَتْ مِنَ الرُّكْبَةِ قَالَ: وَكَانَ يَقُولُ: «وأَيْمُنُكَ لَئِنْ كُنْتَ ابْتَلَيْتَ لَقَدْ عَافَيْتَ، وَلَأَنْ أَخَذْتَ لَقَدْ أَبْقَيْتَ».

واته: هیشامی کوڕی عوروە لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە دەیفەرموو: ئای خوای گەورە چەندە چاکەی دەرهەق من کردووە! یەکێکی لە من سەندووەتەوە و سیانی بۆ بەجێ هێشتووم!. چونکە عوروە لاقێکی تووشی نەخۆشی ببوو لە سەروی ئەژنۆیەوە بڕایەوە. (مەبەستیشی لەوەی کە یەکێکی لێ سەندەوە و سیانی بۆ بەجێ هێشتووە ئەوەیە کە لاقێکی لێ سەندووەتەوە و لاقێک و دوو باڵی بۆ بەجێ هێشتووە) هەروەها دەیفەرموو: خوایە بە گەورەیی خۆت سوێند دەخۆم ئەگەر مرۆڤ تووشی بەڵا و موسیبەت بکەیت دوایی سەلامەتی و شیفای بۆ دەنێری و ئەگەر شتێکی لێ بسێنیتەوە لەوە زیاتری بۆ بەجێ دەهێڵی.

٢١٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنْ أَبِيه قَالَ: «إِذَا جَعَلَ أَحَدُكُمْ لله عَزَّ وَجَلَّ شَيْئًا فَلَا يَجْعَلْ له مَا يَسْتَحِي أَنْ يَجْعَلَه لِكَرِيمِه، فَإِنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ أَكْرَمُ الْكُرَمَاءِ وَأَحَقُّ مَنْ اخْتِيرَ له».

واته: باوکی موعاویە بۆی گێراینەوە فەرمووی: هیشام بۆی گێرامەوە ئەویش لە باوکی خۆیەوە فەرموویەتی: ئەگەر یەکێک لە ئێوە شتێکی لە پێناو خوای گەورەدا کرد بە خێر؛ با ئەو شتە شتێکی وەها بێ کە مرۆڤ لەڕوی بێت بیدات بە کەسێکی خۆشەویست و ناسراوو خزمی خۆی؛ چونکە خوای گەورە لە هەموو کەس و خزم و دۆستێک زیاتر خۆشەویسترەو زیاتر شیاوی ئەوەیە شتی باشی بۆ هەڵبژێرین.

٢١٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ مَهْدِيٍّ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ أَنَس قَالَ: رَأَى عُرْوَةُ رَجُلًا يُصَلِّي فَخَفَّفَ، فَدَعَاهُ، فَقَالَ: «أَمَا كَانَ لَكَ إِلَى رَبِّكَ حَاجَةٌ؟ إِنِّي لَأَسْأَلُ الله عَزَّ وَجَلَّ فِي صَلَاتِي حَتَّى أَسْأَله الْمِلْحَ».

واتە: عەبدوڵڵا لە عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدییەوە ئەویش لە مالیکی کوڕی ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عوروە پیاوێکی بینی کە بە پەلە نوێژی دەکرد؛ بانگی کرد و فەرمووی: ئەوە تۆ ئاتاجی خوای گەورە نیت؟ من لەناو نوێژا داوای هەموو شتێک لە خوای گەورە دەکەم، تەنانەت داوای خوێیشی لێ دەکەم!

٢١٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاق، أَنْبَأَنَا مَعْمَرٌ، عَنْ هِشَام بْن عُرْوَةَ قَالَ: «صَامَ أَبِي أَرْبَعِينَ سَنَةً أَوْ ثَلَاثِينَ سَنَةً مَا أَفْطَرَ إِلَّا يَوْمَ فِطْرٍ أَوْ نَحْرٍ، وَلَقَدْ قُبِضَ وَإِنَّهُ لَصَائِمٌ».

واتە: عەبدولڕەززاق لە مەعمەرەوە ئەویش لە هیشامی کوڕی عوروەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: باوکم چل ساڵ یان سی ساڵ ڕۆژی گرت و جگە لە دوو ڕۆژەکەی جەژن و ڕەمەزان و قوربان (و سێ ڕۆژەکەی دوای قوربان) هیچ ڕۆژێکتر نەبووە کە بە ڕۆژوو نەبێت؛ کاتێکیش مرد بەڕۆژوو بوو.

٢١٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عُمَرُ بْنُ أَيُّوبَ، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ بُرْقَانَ، عَن ابْن مُنَبِّه قَالَ: «طُوبَى لِمَنْ نَظَرَ فِي عَيْبِه عَنْ عَيْبِ غَيْرِه، طُوبَى لِمَنْ تَوَاضَعَ لله مِنْ غَيْرِ مَسْكَنَةٍ وَرَحِمَ أَهْلَ الذُّلِّ وَالْمَسْكَنَة وَتَصَدَّقَ بِمَال جُمِعَ مِنْ غَيْرِ مَعْصِيَةٍ وَجَالَسَ أَهْلَ الْعِلْمِ وَالْحِلْمِ وَالْحِكْمَة، وَوَسِعَتْهُ السُّنَّةُ وَلَمْ يَتَعَدَّهَا إِلَى الْبِدْعَة».

واتە: عومەری کوڕی ئەییوب لە جەعفەری کوڕی بورقانەوە ئەویش لە کوڕی مونەببیهەوە فەرموویەتی: خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی کە سەیری عەیب و ناتەواوییەکانی خۆی دەکات و ئاگای لە عەیبی خەڵکی نامێنێت؛ خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی کە داماو لێقەوما نییەو ملکەچی بۆ خوا دەنوێنێت؛ بەزەیی بە مرۆڤی داماوو هەژارا دێتەوە و بەو پارەو پوڵە خێر دەکات کە بە ناڕەوا کۆی نەکردووەتەوە و لەگەڵ زانایانان و دانایان و مرۆڤە بە حەوسەڵەکانا دادەنیشێت و دەست بە سوننەتەوە دەگرێت و بە سوونەت ڕازی دەبێت و ناچێتە ناو بیدعەوە.

٢١٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا خَالِدُ بْنُ حَيَّانَ أَبُو يَزِيدَ، حَدَّثَنَا جَعْفَرٌ قَالَ: بَلَغَنِي عَنْ وَهْبِ بْنِ مُنَبِّهٍ قَالَ: «أَعْوَنُ الْأَخْلَاقِ عَلَى الدِّينِ الزَّهَادَةُ فِي الدُّنْيَا وَأَوْشَكُهَا رَدًّا اتِّبَاعُ الهَوَى وَمِنَ اتِّبَاعِ الهَوَى الرَّغْبَةُ فِي الدُّنْيَا وَمِنَ الرَّغْبَةِ فِي الدُّنْيَا حُبُّ الْمَالِ وَالشَّرَفِ وَمِنْ حُبِّ الْمَالِ وَالشَّرَفِ اسْتِحْلَالُ الْمَحَارِمِ بِغَضَبِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ، وَغَضَبُ اللهِ الدَّاءُ الَّذِي لَا دَوَاءَ لَهُ إِلَّا رِضْوَانُ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ، وَرِضْوَانُ اللهِ لَا يَضُرُّ مَعَهُ دَاءٌ فَمَنْ يُرِدْ أَنْ يُرْضِيَ اللهَ رَبَّهُ يُسْخِطْ نَفْسَهُ وَمَنْ لَا يُسْخِطْ نَفْسَهُ لَا يُرْضِي رَبَّهُ، وَإِنْ كَانَ الْإِنْسَانُ كُلَّمَا كَرِهَ مِنْ دِينِهِ شَيْئًا تَرَكَهُ أَوْشَكَ أَنْ لَا يَبْقَى مَعَهُ مِنْ دِينِهِ شَيْءٌ».

واتە: خالیدی کوڕی حەییان لە جەعفەرەوە دەفەرموێت: لە وەهبی کوڕی مونەببیهەوە پێم گەیشتووە فەرموویەتی: ئەو ئاکارەی کە لە هەموو ئاکارەکان زیاتر یارمەتیدەری ئایینە بریتیە لە خۆپارێزی و پارسایی و دوورکەوتنەوە لە دونیا؛ ئەو ئاکارەش کە لە هەمووان زیاتر لە ئایین دوور دەکەوێتەوە شوێنکەوتنی حەزو ئارەزویە؛ جا جۆرێک لە جۆرەکانی شوێنکەوتنی ئارەزو ئەوەیە کە مرۆڤ حەزی لە دونیا بێت؛ جۆرێک لە حەزەکانی دونیاش ئەوەیە کە مرۆڤ سەروەت و سامان و ناوبانگی خۆش بوێ؛ جۆرێک لە جۆرەکانی خۆشویستنی سەروەت و سامانیش ئەوەیە کە مرۆڤ حەرام بەحەڵاڵ بزانێت و خوای گەورە لەخۆی تووڕە بکات؛ تووڕەبوونی خوای گەورە ئەو دەردەیە کە دەرمانی نییە جگە لە ڕەزامەندی خوای گەورە؛ ڕەزامەندی خوای گەورەش ئەگەر مرۆڤی گرتەوە ئیتر هیچ دەردێکیتر زیان بەو مرۆڤە ناگەیەنێ؛ جا هەر کەسێ دەیەوێ خوای گەورە لەخۆی ڕازی بکات ئەوە دەبێ نەفسی خۆی لەخۆی بتۆرێنێ؛ هەر کەسێ نەفسی خۆی نەتۆرێنێ ناتوانێ خوای گەورە لەخۆی ڕازی بکات؛ مرۆڤیش هەر جارێ ڕقی لە شتێکی ئایینی بوو وازی لەو شتە هێنا زۆری پێناچێ کە فڕی بەسەر ئایینەوە نامێنێت و هیچ بەشێکی ئایینی لەلا نامێنێت.

٢١٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ، أَنْبَأَنَا مَعْمَرٌ، عَنْ سِمَاكِ بْنِ الْفَضْلِ قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبًا، يَقُولُ: «الدَّاعِي بِلَا عَمَلٍ كَالرَّامِي بِلَا وَتَرٍ».

واتە: عەبدولڕەززاق لە مەعمەرەوە ئەویش لە سیماکی کوڕی فەزڵەوە دەفەرموێت: گوێم لە وەهب بوو دەیفەرمووی: ئەو کەسەی کە بانگەشەو دەعوە دەکات و خۆی کاری پێ ناکات؛ وەکوو ئەو کەسە وایە کە بەبێ تیرکەوان تیر بهاوێژێ.

٢١٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالِد، حَدَّثَنَا رَبَاحُ بْنُ يَزِيدَ، عَنْ عَبْدِ الْمَلِكِ بْنِ حُنَيْفٍ قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّه، يَقُولُ: «إِنَّ لِلْعِلْمِ طُغْيَانًا كَطُغْيَانِ الْمَالِ».

واتە: ئیبراهیمی کوڕی خالید لە ڕەباحی کوڕی یەزیدەوە ئەویش لە عەبدولمەلیکی کوڕی حونەیفەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە وەهبی کوڕی مونەبیهـ بوو دەیفەرموو: بەڕاستی زانستیش سەرکێشیی هەیە وەکوو سەرکێشیی سەروەت و سامان! (واتە: چۆن مرۆڤ ئەگەر لێزان نەبێ بەهۆی سەروەت و سامانەوە تێدەکەوێت و قیامەتی لەدەست دەردەچێ؛ ئەگەر زاناش بێت و لێزان نەبێت بەهۆی زانستەکەیەوە تووشی زیان دەبێت و قیامەتی لە دەست دەردەچێت).

٢١٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالِد، أَخْبَرَنِي عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ قَالَ: ذَكَرُوا عِنْدَ وَهْبٍ عِبَادَةَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَسِيَاحَتَهُمْ قَالَ: فَقَالَ وَهْبٌ رَحِمَهُ الله: «مَنْ خَالَطَ النَّاسَ فَوَرِعَ وَصَبَرَ عَلَى أَذَاهُمْ كَانَ أَفْضَلَ عِنْدِي».

واتە: ئیبراهیمی کوڕی خالید لە عومەری کوڕی عەبدولڕەحمانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە لای وەهبا باسی خواپەرستی و گەڕانی بەنی ئیسرائیلییەکان کرا؛ وەهب فەرمووی: من ئەو کەسێکم بەلاوە باشترە کە تێکەڵاوی خەڵکی بکات و خۆپارێزی بکات و ئارام بگرێت و بەرامبەر خراپەی خەڵکی بەسەبر بێت.

٢١٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالِد، حَدَّثَنَا رَبَاحٌ، عَنْ جَعْفَرِ بْنِ مُحَمَّد، عَنِ التَّيْمِيِّ، عَنْ وَهْبِ بْنِ مُنَبِّهٍ قَالَ: «دُخُولُ الْجَمَلِ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ أَيْسَرُ مِنْ دُخُولِ الْأَغْنِيَاءِ الْجَنَّةَ».

واتە: ئیبراهیمی کوڕی خالید لە ڕەباحەوە ئەویش لە جەعفەری کوڕی موحەممەدەوە ئەویش لە تەیمییەوە ئەویش لە وەهبی کوڕی مونەبیهەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئەگەر حوشتر بچێ بە کونی دەرزیدا لەوە ئاسانترە کە دەوڵەمەند بچێتە بەهەشتەوە (هەڵبەت مەبەست ئەو دەوڵەمەندانەیە سەروەت و سامانەکەیان بە حەرام و گزی و فزی پەیدا کردووە؛ یان زەکات نادەن و مافی شەرعی جێبەجێ ناکەن و گوێ لە هەژاران دەقوچن و یارمەتیی لێقەوماوان نادەن، ئەگینا کەسێک کە پارەی حەڵاڵی پەیدا کردبێت و بەو جۆرەی کە خوای گەورە داوای لێکردووە دەوڵەمەندییەکەی بەکار بێنێ؛ ئەوە دەتوانێ بەهەشتی پێ بکڕێ؛ وەک ئەوەی کە پێشەوا عوسمانی کوڕی عەففان بە هۆی دەوڵەمەندییەوە یارمەتیەکی زۆری

جەیشی عوسرەی داو بەهەشتی بۆ خۆی کڕی و پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئیتر لەمەولا هیچ کارێک و تاوانێک زیان لە عوسمان نادات. خوداش زاناترە).

٢١٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو مَعْمَر، عَنْ سُلَيْمَانَ بْن عُيَيْنَةَ قَالَ: سَمعْنَاهُ عَنْ وَهْب بْن مُنَبِّه قَالَ: " مَا عُبدَ الله عَزَّ وَجَلَّ بمثْل الْعَقْل وَيَخْرُجُ منْ بَيْته فَلاَ يَسْتَقْبله أَحَدٌ إِلاَّ رَأَى أَنَّهُ دُونَهُ؛ الْكبْرُ منْهُ مَأْمُونٌ وَالْخَيْرُ منْهُ مَأْمُولٌ وَيَقْتَدي بمَنْ قَبْله وَهُوَ إِمَامٌ لمَنْ بَعْدَهُ حَتَّى يَكُونَ الذُّلُّ أَحَبَّ إِلَيْه منَ الْعزِّ وَحَتَّى يَكُونَ الْفَقْرُ أَحَبَّ إِلَيْه منَ الْغنَى وَحَتَّى يَسْتَقلَّ الْكَثيرَ منْ عَمَله وَيَسْتَكْثرَ الْقَليلَ منْ عَمَل غَيْره، وَحَتَّى يَكُونَ عَيْشُهُ الْقُوتَ وَلاَ يَتَبَرَّمَ في طَلَب الْحَوَائج وَحَتَّى يَكُونَ الْفَقْرُ إِلَيْه في الْحَلاَل أَحَبَّ إِلَيْه منَ الْغنَى في الْحَرَام، وَحَتَّى يَكُونَ الْفَقْرُ في طَاعَة الله أَحَبَّ إِلَيْه منَ الْغنَى في مَعْصيَة الله قَالَ: ثُمَّ الْعَاشرَةُ مَا الْعَاشرَةُ؟ بهَا سَادَ مَجْدُهُ وَعَلاَ ذكْرُهُ أَنْ يَخْرُجَ منْ بَيْته فَلاَ يَسْتَقْبلهُ أَحَدٌ منَ النَّاس إِلاَّ رَأَى أَنَّهُ دُونَهُ ".

واتە: سولەیمانی کوڕی عویەینە فەرمووی: گوێکان لە وەهبی کوڕی مونەببیهـ بوو دەیفەرموو: بە هیچ شتێک خوای گەورە پەرستش نەکراوە هێندەی ژیری و عەقڵ باش بێت؛ کاتێ لەماڵ دەردەچێ دەبینێ هەر شتێکی تووش ببێت و ببینێ ئەوا پێش ئەو شتە خوای گەورە ڕووبەڕوویەتی؛ ئیتر ئەو کاتە ئەو کەسە خۆی بە گەورە نازانێ؛ چاوەڕێی خێرو چاکەی لێ دەکرێ؛ دەبێتە شوێنکەوتەی چاکەکانی پێش خۆی و دەبێتە پێشەوای ئەوانەی دوای خۆی؛ تا وای لێدێ زەلیلیی لە (بەرامبەر خودا لە) عیززەت پێ خۆشترە؛ هەژاریی لە دەولەمەندی پێخۆشترە؛ تا وای لێدێ کار و کردەوە چاکەکانی هەرچەندە زۆریش بن هەر بە کەمی دەزانێ؛ کار و کردەوە خراپەکانی هەرچەندە کەمیش بن هەر بە زۆریان دەزانێ؛ تا وای لێدێ هەر ئەوەندە خواردنی دەوێ کە پێی بژی؛ بۆ گەڕان بە دوای شتی پێویستا خۆی ناپرۆکێنێ؛ ژیانی هەژارانەی بە حەڵاڵی لە ژیانی دەوڵەمەندا بە حەرامی پێخۆشترە؛ تا وای لێدێ ئەو هەژارییەی کە تێیدا خواپەرستی دەکات لەو دەولەمەندییە پێخۆشترە کە تێیدا خواپەرستی ناکات.. دوایی فەرمووی: دوایی ژیان ژیان! هەر بە هۆی ژیانە کە ڕێزی زیاد دەکات و ناوبانگ پەیدا دەکات کە لە ماڵ بچێتە دەرەوە و هەر کەسێکی بینی ئەوە بزانێ کە خوای گەورە پێش ئەو کەسە ڕووبەڕووی ئەم بووەتەوە.

٢١٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي سُفْيَانُ بْنُ وَكيع، حَدَّثَنَا أَبو بَكْر بْنُ عَيَّاش، عَن ابْن وَهْب، عَنْ أَبيه: في التَّوْرَاة مَكْتُوبٌ أَنَّ منَ الْكبْر، أَنْ يَدْعُوَ الرَّجُلُ أَخَاهُ فَلاَ يُجيبَهُ وَيُقْسمَ بحَيَاته فَلاَ يَبَرَّهُ وَيَأْتيَهُ بالطَّعَام فَيَقُولَ لَيْسَ بطَيِّب، وَمَنْ حَمدَ الله عَزَّ وَجَلَّ عَلَى طَعَام فَقَدْ أَدَّى شُكْرَهُ ".

واتە: سوفیانی کوڕی وەکیع لە ئەبوبەکری کوڕی عەییاشەوە ئەویش لە کوڕەکەی وەهبی کوڕی مونەببیهەوە ئەویش لە باوکییەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: لە تەوراتا نووسراوە: جۆرێک لە جۆرەکانی خۆبەگەورەزانین ئەوەیە کە مرۆڤ بانگی کەسێک بکات و وەڵام نەداتەوە و ئەمیش سوێند بە ژیان و گیانی خۆی بخوا کە ئیتر هەتا ماوە چاکەی لەگەڵ ناکات؛ یان ئەگەر خواردنی دەست بکەوێ پێی ڕازی نەبێت و بڵێ: پاك و چاک نییە.. هەر کەسێ سوپاسی خوای گەورە لەسەر خواردن؛ ئەوە سوپاسگوزاریی خۆی بەجێهێناوە.

٢١٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ خَالِدٍ، حَدَّثَنِي أُمَيَّةُ بْنُ شِبْلٍ، عَنْ عُثْمَانَ بْنِ مَرْدَوَيْهِ قَالَ: كُنْتُ مَعَ وَهْبِ بْنِ مُنَبِّهٍ وَسَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ يَوْمَ عَرَفَةَ بِجَبَلِ ابْنِ عَامِرٍ، فَقَالَ وَهْبٌ لِسَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ: أَبَا عَبْدِ اللهِ كَمْ لَكَ مُنْذُ خِفْتَ مِنَ الْحَجَّاجِ؟ قَالَ: خَرَجْتُ عَنِ امْرَأَتِي وَهِيَ حَامِلٌ فَجَاءَنِي الَّذِي فِي بَطْنِهَا وَقَدْ خَرَجَ وَجْهُهُ قَالَ: فَقَالَ لَهُ وَهْبٌ: «إِنَّ مَنْ قَبْلَكُمْ كَانَ إِذَا أَصَابَ أَحَدَهُمُ الْبَلَاءُ عَدَّهُ رَخَاءً وَإِذَا أَصَابَهُ رَخَاءٌ عَدَّهُ بَلَاءً».

واتە: ئیبراهیمی کوڕی خالید لە ئومەیەی کوڕی شیبلەوە ئەویش لە عوسمانی کوڕی مەردەوەیهییەوە فەرموویەتی: ڕۆژی عەرەفە من و سەعیدی کوڕی جوبەیر لەسەر کێوی (ابن عامر) لەگەڵ وەهبی کوڕی مونەببیها بووین؛ وەهب بە سەعیدی گوت: باوکی عەبدوڵڵا! چەندێ لە حەججاج ترسایت و خۆت لێ شاردەوە؟ فەرمووی: کاتێ من لە حەججاج هەڵاتم ژنەکەم دوگیان بوو؛ جا منداڵەکەی بوو؛ منداڵەکەی ئەوەندە گەورە بوو موو لە دەموچاوی هاتبوو. وەهب پێی گوت: ئەوانی پێش ئێمە ئەگەر تووشی بەڵا و موسیبەتێک هاتبان بە خۆشییان دەزانی و ئەگەر تووشی خۆی هاتبان بە ناخۆشییان دەزانی.

٢١٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو النَّضْرِ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ عَوْفٍ الْأَعْرَابِيِّ قَالَ: مِنْ أَخْلَاقِ الْمُنَافِقِ أَنْ يُحِبَّ الْحَمْدَ وَيَكْرَهَ الذَّمَّ ".

واتە: باوکی نەزر لە شوعبەوە ئەویش لە عەوفی ئەعرابییەوە فەرموویەتی: یەکێک لە ناکارەکانی مرۆڤی دووڕوو ئەوەیە کە پیاهەڵدانی خۆش دەوێت و ڕقی لەوەیە کە خوسپی بدەن.

٢١٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو دَاوُدَ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ عَوْفٍ الْأَعْرَابِيِّ قَالَ: قَالَ وَهْبُ بْنُ مُنَبِّهٍ: «آيَةُ الْمُنَافِقِ أَنَّهُ يَكْرَهُ الذَّمَّ وَيُحِبُّ الْحَمْدَ».

واته: باوکی داوود له شوعبەوە ئەویش لە عەوفی ئەعرابییەوە دەفەرموێت: وەهبی کوڕی مونەببیھ فەرمووی: نیشانەی مرۆڤی دووڕوو ئەوەیە کە پیاهەلدانی خۆش بوێت و ڕقی لەوە بێ کە خوسپی بدەن.

٢١٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يُونُسُ بْنُ عَبْد الصَّمَد بْن مَعْقل، أَخْبَرَنِي إبْرَاهيمُ بْنُ حَجَّاجٍ قَالَ: سَمعْتُ وَهْبًا، يَقُولُ: «لَيْسَ منْ بَنِي آدَمَ أَحَبُّ إلَى شَيْطَانه منَ الْأَكُول النَّوَّام».

واته: یونسی کوڕی عەبدولصەمەدی کوڕی مەعقیل لە ئیبراهیمی کوڕی حەججاجەوە فەرمووی: گوێم لە وەهب بوو دەیفەرموو: لەناو مرۆڤا هیچ کەسێک بە لای شەیتانەکەی خۆیەوە هێندەی ئەو کەسە خۆشەویست نییە کە زۆردەخوات و زۆر دەخەوێت.

٢١٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَوْفُ بْنُ جَابر قَالَ: سَمعْتُ عَبْدَ الله بْنَ صَفْوَانَ، وَأُمُّهُ ابْنَةُ وَهْب يَذْكُرُ عَنْ أَبِيه، عَنْ وَهْب قَالَ: «إنَّ الْبَلَاءَ للْمُؤْمن كَالشِّكَال للدَّابَّة».

واته: عەوفی کوڕی جابر دەفەرموێت: گوێم لە عەبدوڵڵای کوڕی صەفوان بوو. جا دایکی عەبدوڵڵا کچی وەهب بوو؛ عەبدوڵڵا لە باوکییەوە گێرایەوە ئەویش لە وەهبەوە فەرموویەتی: بەڕاستی بەڵا و موسیبەت بۆ مرۆڤی باوەڕدار وەکوو ئەو گوریسە وایە بۆ ئەسپ کە پێی دەبەستنەوە.

٢١٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إبْرَاهيمُ بْنُ خَالد، حَدَّثَنَا رَبَاحٌ قَالَ: حُدِّثْتُ عَنْ وَهْب بْن مُنَبِّه قَالَ: «إذَا سُيِّرَت الْجبَالُ فَسَمعَتْ حَسيسَ النَّار وَتَغَيُّظَهَا وَزَفيرَهَا، وَشَهيقَهَا، صَرَخَت الْجبَالُ كَمَا تَصْرُخُ النِّسَاءُ ثُمَّ تَرْجعُ أَوَائلها عَلَى أَوَاخرهَا يَدُقُّ بَعْضُهَا بَعْضًا».

واته: ئیبراهیمی کوڕی خالید لە ڕەباحەوە گێڕایەوە فەرمووی: لە وهبی کوڕی مونەببیهەوە ئەوەم بۆ باسکراوە فەرموویەتی: هەر کاتێ کێوەکان هەڵکەنران و بەملاولادا ڕۆیشتن و گوێیان لە نوزەی ئاگرو کڵپەی ئاگرو هەناسەی ئاگرو ناڵەی ئاگر بوو؛ ئەو کاتە کێوەکان وەکوو ژن دەقیژێنن؛ ئیتر ئەو کێوانە کە لە سەرەتادا ڕۆیشتون دەگەڕێنەوە و لەگەڵ ئەو کێوانەی کە دواتر وەڕێ کەوتون تووشی پێکدادان دەبن و ئەوەندە توند لە یەکتری دەدەن هەندێکیان هەندێکیان ووردو خاش دەکەن.

٢١٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ، حَدَّثَنَا بَكَّارٌ قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّهٍ، يَقُولُ: «تَرْكُ الْمُكَافَآتِ مِنَ التَّطْفِيفِ».

واتە: عەبدولڕەزاق لە بەککارەوە دەفەرموێت: گوێم لە وەهبی کوڕی مونەببیهـ بوو دەیفەرموو: وازهێنان لە بەخشش جۆرێکە لە ڕژدی و کەمتەرخەمی (واتە: سوپاس نەکردنی خەڵکی لە بەرامبەر کاری چاکەدا جۆرێکە لە کەمتەرخەمی ماف نەدان و ڕژدی).

٢١٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، وا بوو النَّضْرِ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ طَلْحَةَ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ جُحَادَةَ، عَنْ وَهْبِ بْنِ مُنَبِّهٍ قَالَ: «مَنْ يَتَعَبَّدْ يَزْدَدْ قُوَّةً وَمَنْ يَكْسَلْ يَزْدَدْ فَتْرَةً».

واتە: حەججاج و باوکی نەزر لە موحەممەدی کوڕی تەڵحەوە دەگێڕنەوە ئەویش لە موحەممەدی کوڕی جوحادەوە ئەویش لە وەهبی کوڕی مونەببیهەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ خواپەرستی بکات هێزو گوڕی زیاد دەکات و هەر کەسێ تەمبەڵی بکات بێزاربوون و ماندوبوونی زیاد دەکات.

٢١٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنُ بْنُ عَلِيٍّ الْجُعْفِيُّ، عَنْ فُضَيْلِ بْنِ عِيَاضٍ قَالَ: مَرَّ سَعِيدُ بْنُ جُبَيْرٍ بِوَهْبِ بْنِ مُنَبِّهٍ قَالَ لِصَاحِبِهِ: لَوْ دَخَلْنَا عَلَيْهِ قَالَ: فَدَخَلَ عَلَيْهِ فَشَكَا إِلَيْهِ مِنَ الشِّدَّةِ مَا لَقِيَ مِنَ الْحَجَّاجِ وَمِنْ تَطْرِيدِهِ إِيَّاهُ قَالَ: فَقَالَ وَهْبُ بْنُ مُنَبِّهٍ: إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللهِ إِذَا سُلِكَ بِهِمْ طَرِيقُ الشِّدَّةِ رَجَوْا وَإِنْ سُلِكَ بِهِمْ طَرِيقُ الرَّخَاءِ خَافُوا ".

واتە: حوسەینی کوڕی عەلی جوعفی لە فوزەیلی کوڕی عیازەوە فەرموویەتی: سەعیدی کوڕی جوبەیر دای بە لای وەهبی کوڕی مونەببیها؛ سەعید بە هاوڕێکەی گوت: ئەوە بۆ لانەدەینە لای وەهب؟ دەفەرموێت: ڕۆیشتن بۆ لای وەهب و لای وەهب سکاڵای لە توندو تیژی حەججاج کرد کە خراپە بۆی و دەری کردووە.. دەفەرموێت: وەهب فەرمووی: ئەوە بزانە ئەگەر دۆستەکانی خوای گەورە بە ڕێگەی سەخت و نارەحەتا بران ئەوە هیواو ڕەجایان زیاد دەکات؛ بەڵام ئەگەر بە ڕێگای خۆش و ئاسانا بران؛ ترسیان لێ دەنیشێ. (واتە: دۆستەکانی خوا هەتا تووشی بەڵا و موسیبەت بن ئەوە لەوە دڵنیان کە خوای گەورە خۆشیی دەوێ؛ هەر کاتێکیش تووشی ژیانی خۆش بوون و هیچ کێشەو دەردی سەرییەکیان تووش نەبوو؛ ئەوکاتە ترسی ئەوەیان لێ دەنیشێ کە نەکا خوانەخواستە خوای گەورە خۆشەویستیەکەی جارانی بۆیان نەمابێ!).

٢١٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ عَبْدِ الْكَرِيمِ، حَدَّثَنِي عَبْدُ الصَّمَدِ بْنُ مَعْقِلٍ، أَنَّهُ سَمِعَ وَهْبَ بْنَ مُنَبِّهٍ، خَطَبَ النَّاسَ عَلَى الْمِنْبَرِ فَقَالَ: " احْفَظُوا مِنِّي ثَلَاثًا: إِيَّاكُمْ وَهَوًى مُتَّبَعًا وَقَرِينَ سُوءٍ وَإِعْجَابَ الْمَرْءِ بِرَأْيِهِ ".

واتە: ئیسماعیلی کوڕی عەبدولکەریم لە عەبدولصەمەدی کوڕی مەعقیلەوە گێڕایەوە کە گوێی لە وەهبی کوڕی مونەببیهـ بووە لەسەر مینبەر وتاری بۆ خەڵکی داوە و فەرموویەتی: سێ شتم لێ وەربگرن: نەکەن شوێن هەواو ئارەزوی خۆتان بکەوون؛ نەکەن هاوڕێیەتی مرۆڤی خراپ بکەن؛ نەکەن بە ڕاو تەگبیری خۆتان سەرسام بن و لەخۆتان بایی بین.

٢١٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي إِسْمَاعِيلُ بْنُ عَبْدِ الْكَرِيمِ، حَدَّثَنِي عَبْدُ الصَّمَدِ، أَنَّهُ سَمِعَ وَهْبًا قَالَ لِرَجُلٍ مِنْ جُلَسَائِهِ: " أَلَا أُعَلِّمُكَ طِبًّا لَا يَتَعَايَا الْأَطِبَّاءُ فِيهِ، وَفِقْهًا لَا يَتَعَايَا الْفُقَهَاءُ فِيهِ وَحِلْمًا لَا يَتَعَايَا الْحُلَمَاءُ فِيهِ؟ قَالُوا: بَلَى يَا أَبَا عَبْدِ الله قَالَ: أَمَّا الطِّبُّ الَّذِي لَا يَتَعَايَا الْأَطِبَّاءُ فِيهِ فَلَا تَأْكُلْ طَعَامًا إِلَّا سَمَّيْتَ الله عَزَّ وَجَلَّ عَلَى أَوَّلِهِ وَحَمِدْتَهُ عَلَى آخِرِهِ، وَأَمَّا الْفِقْهُ الَّذِي لَا يَتَعَايَا الْفُقَهَاءُ فِيهِ فَإِنْ سُئِلْتَ عَنْ شَيْءٍ عِنْدَكَ فِيهِ عِلْمٌ وَإِلَّا فَقُلْ لَا أَدْرِي، وَأَمَّا الْحِلْمُ الَّذِي لَا يَتَعَايَا الْحُلَمَاءُ فِيهِ فَأَكْثِرِ الصَّمْتَ إِلَّا أَنْ تُسْأَلَ عَنْ شَيْءٍ ".

واتە: ئیسماعیلی کوڕی عەبدولکەریم لە عەبدولصەمەدەوە گێڕایەوە کە گوێی لە وەهب بووە بە یەکێک لەو کەسانەی گوتووە کە لە کۆڕو مەجلیسیا ئامادە بووە: ئاگادربە! پزیشکیەکت پیشان بدەم کە هیچ پزیشکێک ڕەخنەت لێ نەگرێ؛ فێری زانستێکت بکەم کە هیچ زانایەک ڕەخنەت لێ نەگرێ؛ فێری حەوسەڵەیەکت بکەم کە هیچ کەسێکی بەحەوسەڵە ڕەخنەت لێ نەگرێ؟ گوتیان: بەڵێ ئەی باوکی عەبدوڵڵا! فەرمووی: ئەو پزیشکیەکی کە هیچ پزیشکێک ناتوانێ ڕەخنەی لێ بگرێت ئەوەیە کە کاتێک خواردنت خوارد لە سەرەتای خواردن ناوی خوا بێنەو لە کۆتاییشدا سوپاسی خوای گەورە بکە؛ سەبارەت بەو زانستەش کە هیچ زانایەک ڕەخنەت لێ نەگرێ ئەوە ئەوەیە کە ئەگەر لە بارەی شتێکەوە پرسیارت لێ کرا کە دەتزانی ئەوە وەڵام بدەوە؛ ئەگینا بڵێ: نازانم! سەبارەت بەو حەوسەڵەیەش کە هیچ کەسێکی بەحەوسەڵە ڕەخنەت لێ نەگرێ ئەوەیە کە بەردەوام بێدەنگ بە مەگەر پرسیارێکت لێ بکرێ ئەوکاتە قسە بکەو وەڵام بدەوە.

٢١٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، عَنْ عَفَّانَ، حَدَّثَنَا مَهْدِيُّ بْنُ مَيْمُون، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْحَمِيد، صَاحِبُ الزِّيَادِيِّ عَنِ ابْنِ مُنَبِّه، قَالَ: " كَانَ قَبْلَكُمْ رَجُلٌ تَعَبَّدَ زَمَانًا ثُمَّ طَلَبَ إِلَى الله عَزَّ وَجَلَّ حَاجَةً وَصَامَ سَبْعِينَ سَبْتًا يَأْكُلُ كُلَّ سَبْت إِحْدَى عَشْرَةَ تَمْرَةً قَالَ: فَطَلَبَ إِلَى الله حَاجَةً فَلَمْ يُعْطِهَا قَالَ: فَأَقْبَلَ عَلَى نَفْسه فَقَالَ: أَيَّتُهَا النَّفْسُ منْ قبلك أُتيتُ، لَوْ كَانَ عنْدَكَ خَيْرٌ لأُعْطيتَ حَاجَتَكَ وَلَكنْ لَيْسَ عنْدَكَ خَيْرٌ، فَنَزَلَ إِلَيْه سَاعَتَئذ مَلَكٌ، فَقَالَ: يَا ابْنَ آدَمَ سَاعَتُكَ هَذه الَّتي أَزْرَيْتَ فِيهَا عَلَى نَفْسِكَ خَيْرٌ مِنْ عِبَادَتِكَ كُلها الَّتِي مَضَتْ وَقَدْ أَعْطَاكَ الله حَاجَتَكَ الَّتِي سَأَلْتَ ".

واتە: عەففان لە مەهدی کوڕی مەیمونەوە ئەویش لە عەبدولحەمیدەوە ئەویش لە وەهبی کوڕی مونەببیهەوە گێرایەوە فەرموویەتی: لە سەردەمی پێش ئێوەدا پیاوێک هەبوو ماوەیەک خواپەرستی کرد؛ جا داوایەکی لە خوای گەورە کرد و سەرەتا حەوت شەممە (واتە: حەوت حەفتە لە ڕۆژانی شەممەدا) ڕۆژوی گرت و هەر ڕۆژێک تەنیا یانزە خورمای دەخوارد، جا دوای ئەوەی حەوت حەفتە تەنیا ڕۆژانی شەممە ڕۆژی گرت داواکەی پێشکەش بە خوای گەورە کرد؛ بەڵام خوای گەورە داواکەی گیرا نەکرد؛ پیاوەکە ڕوی لە خۆی کرد و گوتی: ئەی نەفس! من لە لایەن تۆوە هاتووم! ئەگەر تۆ باش بویتایە ئەوا داواکەت گیرا دەبوو؛ بەڵام دیارە چاک نیت! جا هەر لەو کاتەدا فریشتەیەک دابەزی بۆ لای پیاوەکەو پێی گوت: ئەی نەوەی ئادەم! ئەو چەند خولەکەی کە تێیدا گلەییت لە نەفسی خۆت کرد لە هەموو خواپەرستییەکانی ڕابردوت باشتر بوو؛ ئەوا خوای گەورە داواکەی گیرا کردی!

٢١٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو بَكْر بْنُ زَنْجَوَيْه، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاق، أَنْبَأَنَا عمْرَانُ أَبو الهذَيْلِ قَالَ: سَمِعْتُ وَهْبًا، يَقُولُ فِي قَوْله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ وَإِذَا ٱلْبِحَارُ سُجِّرَتْ ﴿٦﴾ ﴾ التكوير: ٦ قَالَ: «سُجِّرَتْ الْبِحَارُ نَارًا».

واتە: ئەبوبەکری کوڕی زەنجەوەیهی لە عەبدولڕەزاقەوە گێرایەوە عیمرانی کوڕی باوکی هوزەیل پێی گوتین و فەرمووی: گوێم لە وەهبی کوڕی مونەببیهـ بوو سەبارەت بە تەفسیری ئایەتی: ﴿ وَإِذَا ٱلْبِحَارُ سُجِّرَتْ ﴿٦﴾ ﴾ فەرمووی: دەریاکان گڕدەدرێن و دەبنە ئاگر.

زوهد و پارسایی تاووس
(خوای لێ ڕازی بێت)

٢١٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، قَالَ قَرَأْتُ عَلَى أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ، أَنْبَأَنَا النُّعْمَانُ بْنُ الزُّبَيْرِ الصَّنْعَانِيُّ، أَنَّ مُحَمَّدَ بْنَ يُوسُفَ، أَوْ أَيُّوبَ بْنَ يَحْيَى بَعَثَ إِلَى طَاوُسٍ سَبْعَمِائَةَ دِينَارٍ أَوْ خَمْسَمِائَةَ دِينَارٍ، وَقَالَ لِلرَّسُولِ إِنَّهُ إِنْ أَخَذَهَا مِنْكَ فَإِنَّ الْأَمِيرَ سَيَكْسُوكَ وَيُحْسِنُ إِلَيْكَ قَالَ: فَخَرَجَ بِهَا حَتَّى قَدِمَ بِهَا عَلَى طَاوُسٍ، فَقَالَ: يَا طَاوُسُ نَفَقَةٌ بَعَثَ بِهَا إِلَيْكَ الْأَمِيرُ، فَقَالَ: مَا لِي حَاجَةٌ بِهَا، فَأَرَادَهُ عَلَى قَبْضِهَا فَأَبَى أَنْ يَفْعَلَ طَاوُسٌ فَرَمَى بِهَا مِنْ كُوَّةِ الْبَيْتِ ثُمَّ ذَهَبَ فَقَالَ لَهُمْ: قَدْ أَخَذَهَا، فَلَبِثُوا حِينًا ثُمَّ بَلَغَهُمْ عَنْ طَاوُسٍ شَيْئًا يَكْرَهُونَهُ، فَقَالَ: ابْعَثُوا إِلَيْهِ فَلْيَبْعَثْ إِلَيْنَا مَالَنَا، فَجَاءَهُ الرَّسُولُ فَقَالَ: الْمَالُ الَّذِي بَعَثَ بِهِ إِلَيْكَ الْأَمِيرُ، فَقَالَ: مَا قَبَضْتُ مِنْهُ شَيْئًا، فَرَجَعَ الرَّسُولُ فَأَخْبَرَهُمْ فَعَرَفُوا أَنَّهُ صَادِقٌ فَقِيلَ: انْظُرُوا الرَّجُلَ الَّذِي ذَهَبَ بِهَا فَابْعَثُوا إِلَيْهِ فَقَالَ: الَّذِي جِئْتُكَ بِهِ يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ، فَقَالَ: هَلْ قَبَضْتُ مِنْكَ شَيْئًا؟ قَالَ: لَا قَالَ: فَهَلْ تَدْرِي حَيْثُ وَضَعْتَهُ؟ قَالَ: نَعَمْ فِي تِلْكَ الْكُوَّةِ قَالَ: فَانْظُرْ حَيْثُ وَضَعْتَهُ قَالَ: فَمَدَّ يَدَهُ فَإِذَا هُوَ بِالصُّرَّةِ وَقَدْ بَنَتْ عَلَيْهَا الْعَنْكَبُوتُ قَالَ: فَأَخَذَهَا فَذَهَبَ بِهَا إِلَيْهِمْ ".

واتە: عەبدولڕەزاق لە نوعمانی کوڕی زوبەیرەوە گێرایەوە کە موحەممەدی کوڕی یوسف یان ئەییوبی کوڕی یەحیا حەوسەد دینار یان پێنجسەد دیناری نارد بۆ تاووس؛ بە نێردەکەیشی گوت: ئەگەر تاووس ئەم پارەیەت لێ وەربگرێ ئەوا سەرۆک دەستێ پۆشاکی جوانت وەک دیاری پێ دەدات و چاکەیشت لەگەلا دەکات! نێردەکە پارەکەی هێنا بۆ لای تاووس و گوتی: جەنابی تاووس! ئەم بڕە پارەیە سەرۆک وەک خەرجی بۆ تۆی ناردووە بۆ خۆتی خەرج بکەیت و بیدەی بە پێویستی ژیانت! تاووس فەرمووی: پێویستم بە پارە نییە! کابرا دەیەویست بەزۆر بیدا بە ملیاو تاووسیش وەری نەدەگرت؛ دوایی کابرا پارەکەی لە تاقێکی ژوورەکەی تاووس داناو ڕۆیشت و گوتی: تاووس پارەکەی وەرگرت! ماوەیەکی پێچوو؛ دوایی سەرۆک و دەوروبەرەکەی قسەیەکیان لە تاووسەوە بیست کە بە دلیان نەبوو؛ سەرۆک گوتی: ئادەی بچن

بۆ لای تاووس پێی بڵێن پارەکەمان بۆ بنێرێتەوە! نێردەکە هات و گوتی: کوا ئەو پارەیەی کە سەرۆك بۆی ناردوی؟ تاووس فەرمووی: من هیچم وەرنەگرتووە! کابرا گەڕایەوە و قسەکەی تاووسی بۆ گێڕانەوە و ئەوانیش بڕوایان بە تاووس کرد چونکە دەیانزانی تاووس ڕاست دەکات و هەرگیز درۆی نەکردووە! جا گوترا: ئادەی بچن بو دوای ئەو پیاوەی کە کاتی خۆی پارەکەی برد بۆ تاووس و بیهێنن! پیاوەکەیان هێناو ڕۆیشت بۆ لای تاووس و گوتی: باوکی عەبدولڕەحمان! کوا ئەو پارەیەی کە ئەوڕۆژە بۆم هێنای؟ تاووس فەرمووی: دەی من هیچم لەتۆ وەرگرت؟ پیاوەکە گوتی: نەخێر! تاووس گوتی: دەی خۆت دەزانی لە کوێت داناوە؟ گوتی: بەڵێ! خستمە ناو ئەو تاقە! تاووس فەرمووی: دەی بڕۆ هەر لەو شوێنەیە کە داتناوە! پیاوەکە دەستی برد بۆ تاقەکەو تورەکە پارەکەی تیابوو؛ جاڵجاڵۆکە تۆڕی بەسەرا کێشابوو؛ جا دەفەرموێت: ئیتر پارەکەی بردەوە بۆ سەرۆك!

٢١٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي مَعْمَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ الرَّقِّيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ بِشْرٍ، أَنَّ طَاوُسًا الْيَمَانِيَّ، كَانَ له طَرِيقَانِ إِلَى الْمَسْجِدِ طَرِيقٌ فِي السُّوقِ وَطَرِيقٌ آخَرُ فَكَانَ يَأْخُذُ فِي هَذَا يَوْمًا وَفِي هَذَا يَوْمًا فَإِذَا مَرَّ فِي السُّوقِ وَرَأَى تِلْكَ الرُّءُوسَ الْمَشْوِيَّةَ لَمْ يَتَعَشَّ تِلْكَ اللَّيْلَةَ".

واتە: مەعمەری کوڕی سولەیمانی ڕەققی لە عەبدوڵڵای کوڕی بیشرەوە گێڕایەوە گوتی: تاووسی یەمانی دوو ڕێگای هەبوو بۆ چوون بۆ مزگەوت؛ ڕێگایەکیان دەیدا بەناو بازاڕا؛ ئەویتریان لە لایەکیترەوە دەگەیشتە مزگەوت؛ جا تاووس ڕۆژێک لەم ڕێگایەوە دەڕۆیشت و دەیدا بەناو بازاڕا؛ ڕۆژێکیتر لەو ڕێگاکەوە دەڕۆیشت بۆ مزگەوت؛ جا کاتێ بەناو بازاڕا دەڕۆیشت و سەر برژاوی دەبینی (واتە: سەرو پێی برژاوی دەبینی) ئەو شەوە هیچی نەدەخوارد.

٢١٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ الْخَيَّاطُ، عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ سَعِيدٍ، عَنْ طَاوُسٍ، أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ: «اللهمَّ امْنَعْنِي الْمَالَ وَالْوَلَدَ».

واتە: حەمادی خەییات لە سوفیانەوە ئەویش لە سەعیدەوە ئەویش لە تاووسەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: خوایە! نە سەروەت و سامانم پێ بدەی نە مناڵ!

٢٢٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ يَزِيدَ الْكُوفِيُّ، حَدَّثَنَا ابْنُ يَمَانٍ، عَنْ مِسْعَرٍ، عَنْ رَجُلٍ قَالَ: أَتَى طَاوُسٌ رَجُلًا فِي السَّحَرِ، فَقَالُوا: هُوَ نَائِمٌ، فَقَالَ: «مَا كُنْتُ أَرَى أَنَّ أَحَدًا يَنَامُ فِي السَّحَرِ».

واتە: موحەممەدی کوڕی یەزیدی کوفی لە کوڕی یەمانەوە؛ ئەویش لە میسعەرەوە ئەویش لە پیاوێکەوە گێڕایەوە کە تاووس لە بەرەبەیانا ڕۆیشتووە بۆ لای پیاوێک و پێیان گوتووە: خەوتووە! تاووسیش فەرموویەتی: تا ئێستا نەمدیوە هیچ کەسێک لە بەرەبەیانا خەوتبێ!

٢٢٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبُو مَعْمَرٍ، عَنِ ابْنِ عُيَيْنَةَ قَالَ: قَالَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ لِطَاوُسٍ ارْفَعْ حَاجَتَكَ إِلَى أَمِيرِ الْمُؤْمِنِينَ يَعْنِي إِلَى سُلَيْمَانَ بْنَ عَبْدِ الْمَلِكِ، فَقَالَ طَاوُسٌ: مَالِي إِلَيْهِ حَاجَةٌ قَالَ: وَكَأَنَّهُ عَجِبَ مِنْ ذَلِكَ ".

واتە: باوکی مەعمەر لە کوڕی عویەینەوە فەرموویەتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بە تاووسی فەرموو: چیت پێویستە بە گەورەی باوەڕدارانی بڵێ (با بۆت جێبەجێ بکات). مەبەستی سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك بوو (ئەو کاتە ئەو گەورەی باوەڕداران بو) تاووس فەرمووی: من هیچ پێویستیەکم بەو نییە.. وەک بڵێی عومەر ئەو وەڵامەی پێ سەیر بوو.

٢٢٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ رَجُلٍ، عَنْ طَاوُسٍ، أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ فِي دُعَائِهِ: «اللهمَّ ارْزُقْنِي الْإِيمَانَ وَالْعَمَلَ وَامْنَعْنِي الْمَالَ وَالْوَلَدَ».

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: باوکم لە وەکیعەوە ئەویش لە سوفیانەوە ئەویش لە پیاوێکەوە ئەویش لە تاووسەوە گێڕایەوە کە تاووس لە نزاکانیا دەیفەرموو: خوایە! بیرو باوەڕو کار و کردەوەی چاکم پێ ببەخشیت و ماڵ و منالم نەدەیتێ!

٢٢٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ مُحَمَّدٍ التَّيْمِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ شَيْخًا، يُحَدِّثُهُ عَنْ رَجُلٍ قَالَ: قَالَ طَاوُسٌ: بَيْنَا أَنَا فِي الْحِجْرِ، إِذْ دَخَلَ عَلَيَّ الْحَجَّاجُ فَمَرَّ رَجُلٌ فِيهِ أَعْرَابِيَّةٌ فَقَالَ له الْحَجَّاجُ: مِنْ أَيْنَ قَدِمْتَ؟ قَالَ: مِنَ الْيَمَنِ قَالَ فَكَيْفَ خَلَّفْتَ مُحَمَّدَ بْنَ يُوسُفَ قَالَ: عَظِيمًا جَسِيمًا كَمَا يَسُرُّكَ قَالَ: لَسْتُ عَنْ ذَاكَ أَسْأَلُكَ، قَالَ فَعَنْ أَيِّ حَالَةٍ تَسْأَلُ؟ قَالَ إِنَّمَا أَسْأَلُكَ عَنْ سِيرَتِهِ قَالَ: تَرَكْتُهُ غَشُومًا ظَلُومًا قَالَ: أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّهُ أَخِي قَالَ: فَتَرَى أَخَاكَ بِكَ أَعَزَّ مِنِّي بِالله عَزَّ وَجَلَّ قَالَ طَاوُسٌ: «فَمَا شَهِدْتُ مَشْهَدًا كَانَ أَقَرَّ لِعَيْنِي مِنْهُ وَسَلِمَ مِنْهُ فَمَا صَنَعَ بِهِ شَيْئًا».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی موحەممەدی تەیمی دەفەرموێت: گوێم لە پیاوێک بوو کە لە پیاوێکیتری دەگێڕایەوە فەرموویەتی: تاووس فەرموویەتی: جارێک ئێمە لە حیجرا بوین؛ لەو کاتەدا حەججاج هات؛ پیاوێک تێپەڕی و تۆزێک لە عەرەبی دەشتەکی دەچو؛ حەججاج پێیگوت: لە کوێوە هاتوی؟ گوتی: لە یەمەنەوە! گوتی: ئەی موحەممەدی کوڕی یوسف چۆنە؟ گوتی: پیاوێکی گەورە و دەسەڵاتدارە و بە دڵی تۆیە! گوتی: من مەبەستم ئەوە نییەو لەو بارەوە پرسیارم لێ نەکردی.. گوتی: ئەی مەبەستت چییەو لە چیی دەپرسی؟ گوتی: من لە بارەی خووڕەوشتیەوە پرسیار دەکەم.. گوتی: غەشبازو ستەمکارە.. گوتی: دەی تۆ دەزانی ئەوە برای منە؟! گوتی: تۆ پێت وایە براکەی تۆم لە خوای گەورە پێ عەزیزترە؟ تاووس دەفەرموێت: تا ئێستا هیچ دیمەنێکم نەدیوە هێندەی ئەو دیمەنە دڵم پێی خۆشبێ و چاووم پێی ڕوون بێ؛ ئەو پیاوە بە سەلامەتی دەرباز بوو؛ حەججاج هیچی پێ نەکرد.

٢٢٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاق، أَخْبَرَنِي أَبِي قَالَ: كَانَ طَاوُسٌ يُصَلِّي فِي غَدَاةٍ بَارِدَةٍ مُغِيمَةٍ فَمَرَّ بِهِ مُحَمَّدُ بْنُ يُوسُفَ أَو أَبو أَيُّوبَ بْنُ يَحْيَى وَهُوَ سَاجِدٌ فِي مَوْكِبِهِ فَأَمَرَ بِسَاجٍ أَوْ طَيْلَسَانٍ فَطُرِحَ عَلَيْهِ فَلَمْ يَرْفَعْ رَأْسَهُ حَتَّى فَرَغَ مِنْ حَاجَتِهِ فَلَمَّا سَلَّمَ نَظَرَ فَإِذَا السَّاجُ عَلَيْهِ فَانْتَفَضَ وَلَمْ يَنْظُرْ إِلَيْهِ وَمَضَى إِلَى مَنْزِله ".

واتە: عەبدولڕەززاق گێڕایەوە فەرمووی: باوکم پێی گوتم: بەیانییەکی ساردو تەماوی تاووس نوێژی دەکرد؛ موحەممەدی کوڕی یوسف بوو یان باوکی ئەییوب واتە: یەحیا بوو بەوێدا تێپەڕین بینییان کە تاووس لە ناو کاروانەکەدا خەریکی نوێژەو لە سەجدەدایە؛ ئەویش بانگی کرد عابایەکی شێخانە بوو یان کەوایەکی مەلایانە بوو هێنایان و دای بەسەر پشتیا؛ تاووس سەری بەرز نەکردەوە هەتا خۆی سەجدەکەی تەواو کرد (واتە: لەبەر ئەوەی کە شتێک دراوە بە پشتیا سەری بەرز نەکردەوە و ئەوەندەی کە خۆی دەیەویست لە سەجدەدا مایەوە) جا کاتێ سەری بەرز کردەوە و سەلامی دایەوە دەبینێ عابایەک بەسەر شانیا دراوە؛ عاباکەی لەسەرشانی خستە خوارەوە و سەیری نەکردو گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی.

٢٢٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي عَبْدُ الرَّزَّاق، أَنْبَأَنَا مَعْمَرٌ، أَنَّ طَاوُسًا، أَقَامَ عَلَى رَفِيقٍ لَه مَرِضَ حَتَّى فَاتَهُ الْحَجُّ وَقَالَ: مَرَّةً عَنْ رَجُلٍ ".

واتە: عەبدولڕزاق لە مەعمەرەوە ئەویش لە تاووسەوە گێڕایەوە کە تاووس لە لای هاوڕێیەکی نەخۆشی مایەوە و حەجی ئەوساڵەی لە دەست دەرچوو.

٢٢٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو عَبْد الله السُّلَمِيُّ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنْ شَمَّةَ الْعَكِيِّ قَالَ: قَالَ لِي طَاوُسٌ: «إِذَا صَلَّيْتَ الْعِشَاءَ فَصَلِّ بَعْدَهَا ثَلَاثًا وَلَا تَأْكُلْ طَعَامَ امْرِئٍ عَرِيفٍ».

واته: بـاوكی عەبـدوڵڵای سـوللەمی لە زەمـرەوە ئەویـش لە شـەممەی عەككـیەوە فەرموویەتی: تاووس بە منی فەرموو: هەر كاتێ نوێژی عیشات كرد؛ دوابو دوای نوێژی عیشا سێ ڕكات نوێژ بكەو خواردنی هیچ گەورەیەک مەخۆ.

٢٢٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ مَنْدَلٍ، حَدَّثَنَا الْفُضَيْلُ بْنُ عِيَاضٍ، عَنْ لَيْثٍ، عَنْ طَاوُسٍ: «حَجُّ الْأَبْرَارِ عَلَى الرِّحَالِ».

واته: عەبدوڵڵای كوڕی مەندەل لە فوزەیلی كوڕی عیازەوە ئەویش لە لەیثەوە ئەویش لە تاووسەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: پیاوچاكان كاتێ دەچن بۆ حەج ناچنە ناو كەژاوە، بەڵكوو لەسەر پشتی وشتر سوار دەبن.

٢٢٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ، أَنْبَأَنَا دَاوُدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، أَنَّ الْأَسَدَ، حَبَسَ النَّاسَ لَيْلَةً فِي طَرِيقِ فَدَقَّ النَّاسُ بَعْضُهُمْ بَعْضًا فَلَمَّا كَانَ فِي السَّحَرِ ذَهَبَ عَنْهُمْ، فَنَزَلَ النَّاسُ يَمِينًا وَشِمَالًا فَأَلْقَوْا أَنْفُسَهُمْ فَنَامُوا وَقَامَ طَاوُسٌ يُصَلِّي فَقَالَ رَجُلٌ لِطَاوُسٍ: فَإِنَّكَ قَدْ نَصَبْتَ مُنْذُ اللَّيْلَةَ فَقَالَ طَاوُسٌ: «وَمَنْ يَنَامُ فِي السَّحَرِ».

واته: عەبدولڕەززاق لە داوودە كوڕی ئیبراهیمەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: شەوێک شێر ڕێگەی بە خەڵكی گرت و خەڵكی (لە ترسا هەموویان كۆبوونەوەو) كەوتن بەسەر یەكا؛ جا دەمەو بەیانی شێرەكە ڕۆیی؛ ئیتر خەڵكی بە چەپ و ڕاستا بڵاوەیان لێ كرد وخەوتن؛ بەڵام تاووس نەخەوت و هەر نوێژی دەكرد.. پیاوێک پێی گوت: لە ئێوارەوە خۆتت پڕوكاندووە! تاووس فەرمووی: دەی چ كەسێ بەیانیان دەخەوێ؟!

٢٢٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو عَلِيٍّ، تُمَيْلَةُ عَنِ ابْنِ أَبِي رَوَّادٍ قَالَ: كَانَ طَاوُسٌ وَأَصْحَابٌ له إِذَا صَلَّوْا الْعَصْرَ اسْتَقْبَلُوا الْقِبْلَةَ وَلَمْ يُكَلِّمُوا أَحَدًا وَابْتَهَلُوا فِي الدُّعَاءِ ".

واته: باوكی عەلی واتە: ثومەیلەی كوڕی باوكی ڕەوواد دەفەرموێت: تاووس و كۆمەڵێک هاوڕێی تاووس كاتێ نوێژی عەسریان دەكرد ئیتر ڕوویان لە قیبلە دەكردو قسەیان لەگەڵ كەسا نەدەكردو ڕۆدەچون لە نزا و پاڕانەوە.

٢٢١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاق، عَنِ ابْنِ جُرَيْجٍ قَالَ: «كَانَ عَطَاءٌ بَعْدَمَا كَبِرَ وَضَعُفَ يَقُومُ إِلَى الصَّلَاةِ فَيَقْرَأُ مِائَتَيْ آيَةٍ مِنَ الْبَقَرَةِ وَهُوَ قَائِمٌ مَا يَزُولُ مِنْهُ شَيْءٌ وَلَا يَتَحَرَّكُ».

واتە: عەبدولڕەززاق لە کوڕی جورەیجەوە دەفەرموێت: عەتا دوای ئەوەی کە پیرو لاواز بوو هەڵدەستا بۆ نوێژو هەر بە پێوە دووسەد ئایەتی سورەتی بەقەرەی دەخوێند؛ هەتا تەواوی دەکرد ئەوەندە بێ جوڵە بوو هیچ شتێکی لێ نەدەکەوت (واتە: لە کاتی نوێژا ئەوەندە بێ جم و جووڵ بووە ئەگەر شتێک بەسەر سەریەوە با نەدەکەوتە خوارەوە).

٢٢١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو عَبْد الله السُّلَمِيُّ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنْ عُمَرَ بْنِ الْوَرْدِ قَالَ: قَالَ لِي عَطَاءٌ: «إِنْ اسْتَطَعْتَ أَنْ تَخْلُوَ بِنَفْسِكَ عَشِيَّةَ عَرَفَةَ فَافْعَلْ».

واتە: باوکی عەبدوڵڵای سولەمی لە زەمرەوە ئەویش لە عومەری کوڕی وەردەوە گێڕایەوە فەرمووی: عەتا بە منی گوت: ئەگەر توانیت ئێوارەی عەرەفە خۆت بە تەنیا بیت و قسە لەگەڵ کەسا نەکەیت؛ ئەوە تەنیا بە.

٢٢١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَبْدُ الْوَهَّابِ الْخَفَّافُ، أَنْبَأَنَا عُثْمَانُ أَبو سَلَمَةَ الْخَيَّاطُ، وَكَانَ مِنْ أَصْحَابِ ابْنِ عَوْنٍ مِنَ الْكِبَارِ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ وَاسِعٍ قَالَ: بَلَغَنِي أَنَّ بَعْضَ، مَنْ يُلْقَى فِي النَّارِ يَجُرُّ أَقْتَابَهُ - يَعْنِي أَمْعَاءَهُ - تَدوور بِه كَمَا تَدوور الرَّحَا قَالَ: فَيُقَالُ له أَلَمْ تَكُنْ تَأْمُرُ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَى عَنِ الْمُنْكَرِ قَالَ: بَلَى وَلَكِنْ كُنْتُ آمُرُ بِالْمَعْرُوفِ وَأُخَالِفُ إِلَى غَيْرِهِ وَأَنْهَى عَنِ الْمُنْكَرِ وَأَقَعُ فِيهِ ".

واتە: عەبدولوەهابی خەففاف گێڕایەوە فەرمووی: عوسمانی باوکی سەلەمەی خەییات بۆی گێڕاینەوە. جا عوسمان یەکێک بوو لە هاوڕێکانی کوڕی عەون کە ئەویش یەکێک بوو لە گەورە هاوڕێکانی موحەممەدی کوڕی واسیع.. فەرمووی: بیستوومە کە هەندێک لەوانەی کە فڕێ دەدرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە ڕیخۆڵەکانیان ڕادەکێشن و چۆن دەسار بە دەورەی خۆیا دەسوڕێتەوە ئەوا ڕیخۆڵەکانیان بەدەوری خۆیانا دەسوڕێنەوە.. فەرمووی: جا پێیان دەگوترێ: ئەی مەگەر ئێوە لە دونیادا فرمانتان بە چاکەو نەهیتان لە خراپە نەدەکرد؟! دەڵێن: با! بەڵام فرمانمان بە چاکە دەکرد خۆمان چاکەکەمان نەدەکرد؛ نەهیمان لە خراپە دەکرد کەچی خۆمان دەمانکرد.

٢٢١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَعْنِي الْخَفَّافَ، عَنْ عُثْمَانَ أَبِي سَلَمَةَ، عَنْ مَنْصُور بْن زَاذَانَ قَالَ: " نُبِّئْتُ أَنَّ بَعْضَ، مَنْ يُلْقَى فِي النَّار يَتَأَذَّى أَهْلُ النَّار بِرِيحه فَيُقَالُ له وَيْلَكَ مَا كُنْتَ تَعْمَلُ أَمَا يَكْفِينَا مَا نَحْنُ فِيه مِنَ الشَّرِّ حَتَّى ابْتُلِينَا بِكَ وَبِنَتْنِ رِيحِكَ؟ فَيَقُولُ: كُنْتُ عَالِمًا فَلَمْ أَنْتَفِعْ بِعِلْمِي ".

واتە: خەففاف لە عوسمانی کوڕی سەلەمەوە ئەویش لە مەنصوری زازانەوە فەرمووی: پێمگوتراوە کە یەکێک لەوانەی کە فڕێ دەدرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە؛ بۆنی ئەوەندە پیسە خەڵکی ناو دۆزەخ لە بۆنەکەی بێزار دەبن و دەڵێن: قوڕ بەسەرت! ئەوە تۆ چکارە بوی؟ ئێمە خۆمان سزامان کەمە تۆمان تووش بووە و ئەم بۆنە ناخۆشەت تێ بەرداوین؟ ئەو کەسە لە وەڵاما دەڵێ: من زانا بووم بەڵام سودم لە زانستەکەم وەرنەگرت.

٢٢١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الْخَفَّافُ، أَنْبَأَنَا عُثْمَانُ أَبو سَلَمَةَ، عَنْ عِمْرَانَ الْقَصِير قَالَ: بَلَغَنِي أَنَّ فِي جَهَنَّمَ وَادِيًا تَسْتَعِيذُ مِنْهُ جَهَنَّمُ كُلَّ يَوْم أَرْبَعَمِائَةَ مَرَّةٍ مَخَافَةَ أَنْ يُرْسَلَ عَلَيْهَا فَيَأْكُلها أُعِدَّ ذَلِكَ الْوَادِي لِلْمُرَائِينَ مِنَ الْقُرَّاء ".

واتە: خەففاف لە عوسمانی باوکی سەلەمەوە ئەویش لە عیمرانی قەصیرەوە فەرموویەتی: بیستوومە کە لە دۆزەخا شیوو دۆڵێک هەیە کە خودی دۆزەخ ڕۆژانە چوارسەد جار پەنا دەگرێ بەخوا لەو شیوو دۆڵە لە ترسی ئەوەی کەسێکی بۆ نەنێرن و بیخوا! ئەو شیوو دۆڵە بۆ ئەو قورئانخوێنانە ئامادە کراوە کە ڕیاباز بوون.

٢٢١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي يُوسُفُ الصَّفَّارُ، حَدَّثَنِي أَبو بَكْر يَعْنِي ابْنَ عَيَّاش، عَنْ يَحْيَى الْقَتَّات، عَنْ مُجَاهِد قَالَ: " يُؤْمَرُ بِالْعَبْد إِلَى النَّار فَتَنْزَوِي فَيَقُولُ: مَا شَأْنُك مَا شَأْنُك؟ فَتَقُولُ: إِنَّهُ كَانَ يَسْتَجِيرُ مِنِّي، فَيَقُولُ: خَلُّوا سَبِيله ".

واتە: یوسفی صەففار لە ئەبوبەکری کوڕی عەییاشەوە گێڕایەوە؛ ئەویش لە یەحیای قەتتاتەوە ئەویش لە موجاهیدەوە فەرموویەتی: فرمان دەکرێ بەوەی کەسێک بخرێتە ناو دۆزەخەوە؛ ئاگری دۆزەخ خۆی گرژ دەکات و پێی دەڵێن: ئەوە چیتە؟ دەڵێ: ئەم کەسە زۆرجار پەنای دەگرت بە خوای گەورە لەمن! دەگوترێ: دەی واز لەم کەسە بێنن و مەیخەنە ناو ئاگرەوە!

٢٢١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا رَوْحٌ، حَدَّثَنَا شِبْلٌ، عَنِ ابْنِ أَبِي نَجِيحٍ، عَنْ مُجَاهِدٍ: ﴿وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا﴾القصص: ٧٧ قَالَ: «خُذْ مِنْ دُنْيَاكَ لآخِرَتِكَ أَنْ تَعْمَلَ فِيهَا بِطَاعَتِهِ».

واتە: ڕەوح لە شیبلەوە ئەویش لە کوڕی باوکی نوجەیحەوە ئەویش لە موجاهیدەوە گێڕایەوە لە بارەی تەفسیری ئایەتی: ﴿وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا﴾القصص: ٧٧ فەرموویەتی: واتە: لە دونیا بەشی قیامەتی خۆت پاشەکەوت بکە؛ واتە چاکە بکەو خواپەرستیی تێدا بکە.

٢٢١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنُ بْنُ عَلِيٍّ، عَنْ لَيْثِ بْنِ أَبِي سُلَيْمٍ قَالَ: كَانَ مُجَاهِدٌ يَقُولُ: «الْفَقِيهُ مَنْ يَخَافُ الله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: حوسەینی کوڕی عەلی لە لەیثی کوڕی باوکی سولەیمەوە دەفەرموێت: موجاهید دەیفەرموو: زانا ئەو کەسەیە کە لە خوا دەترسێ!

٢٢١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، الْقَاسِمُ بْنُ مَالِكٍ، حَدَّثَنَا لَيْثٌ، عَنْ مُجَاهِدٍ قَالَ: «إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا أَقْبَلَ عَلَى الله عَزَّ وَجَلَّ أَقْبَلَ الله بِقُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ إِلَيْهِ».

واتە: قاسمی کوڕی مالیك لە لەیثەوە ئەویش لە موجاهیدەوە فەرموویەتی: بەڕاستی مرۆڤ کاتێ ڕوو لە خوای گەورە دەکات؛ خوای گەورە دڵی بەندەکانی ڕوو دەکاتە ئەو بەندەیەی!

٢٢١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَمْرُو بْنُ سُلَيْمَانَ أَبُو الرَّبِيعِ، حَدَّثَنَا مُسْلِمٌ أَبُو عَبْدِ الله الدَّيْلَمِيُّ، عَنْ لَيْثٍ، عَنْ مُجَاهِدٍ قَالَ: «مَنْ لَمْ يَسْتَحِ مِنَ الْحَلَالِ خَفَّتْ مُؤْنَتُهُ وَأَرَاحَ نَفْسَهُ وَقَلَّ كِبْرُهُ».

واتە: عەمری کوڕی سولەیمانی باوکی ڕەبیع لە موسلیمی باوکی عەبدوڵڵای دەیلەمیەوە ئەویش لە لەیثەوە ئەویش لە موجاهیدەوە گێڕایەوە: هەر کەسێ شەرم لە حەڵاڵ نەکات (واتە: پێی شەرم نەبێت بە دوای حەڵاڵ بگەڕێ) ئەوە باری سووك دەبێت و نەفسی ئارام دەبێت و خۆبەزلزانینی کەم دەبێتەوە.

٢٢٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُرَيْجٌ، حَدَّثَنَا مَهْدِيٌّ يَعْنِي ابْنَ مَيْمُونٍ، عَنْ يُونُسَ بْنِ خَبَّابٍ قَالَ: قَالَ لِي مُجَاهِدٌ وَكَانَ لِي أَخًا: " أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِالْأَوَّابِ الْحَفِيظِ؟ قُلْتُ: بَلَى قَالَ: هُوَ الرَّجُلُ يَذْكُرُ ذَنْبَهُ إِذَا خَلَا يَسْتَغْفِرُ لِذَنْبِهِ ".

واتە: سورەیج لە مەهدی کوڕی مەیمونەوە ئەویش لە یونسی کوڕی خەبیابەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: موجاهید. برادەرم بوو. پێی گوتم: دەتانەوێ پێتان بڵێم (الأواب الحفيظ) کێیە؟ گوتم: بەڵێ! فەرمووی: ئەوە ئەو کەسەیە کە کاتێ تەنیایە بیر لە تاوانەکانی خۆی دەکاتەوە و داوای لێبوردن لە خوای گەورە دەکات.

٢٢٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي يُوسُفُ الصَّفَّارُ، حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرٍ، عَنْ أَبِي يَحْيَى الْقَتَّاتِ، عَنْ مُجَاهِدٍ قَالَ: " يُؤْمَرُ بِالْعَبْدِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِلَى النَّارِ فَيَقُولُ: مَا كَانَ هَذَا ظَنِّي، فَيَقُولُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: مَا كَانَ ظَنُّكَ؟ فَيَقُولُ: تَغْفِرُ لِي، فَيَقُولُ: «خَلُّوا سَبِيلَه».

واتە: یوسفی صەففار لە ئەبوبەکرەوە ئەویش لە باوکی یەحیای قەتتاتەوە ئەویش لە موجاهیدەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: لە ڕۆژی قیامەتدا فرمان دەکرێ کەسێک ببەنە دۆزەخ! ئەو کەسە دەڵێ: دەی من گومانم وانەبوو بخرێمە دۆزەخەوە! خوای گەورە دفەرموێ: ئەی گومانت چۆن بو؟ دەڵێ: وام گومان برد کە لێم خۆش دەبی! خوای گەورە دەفەرموێت: دەی لێیگەڕێن مەیخەنە دۆزەخەوە.

٢٢٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبَّادُ بْنُ يَعْقُوبَ أَبُو سَعِيدٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عَبْدِ الْقُدُّوسِ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ مُجَاهِدٍ قَالَ: «أَرْبَعُ رَكَعَاتٍ بَعْدَ الْعِشَاءِ الْآخِرَةِ تَعْدِلُهُنَّ بِمِثْلِهِنَّ مِنْ لَيْلَةِ الْقَدْرِ».

واتە: عەبیادی کوڕی یەعقوب لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولقوددوسەوە ئەویش لە ئەعمەشەوە ئەویش لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: چوار ڕکات نوێژی سوننەت لە دوای نوێژی عیشا وەکوو چوار ڕکات سوننەت لە شەوی قەدرا خێری هەیە.

٢٢٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبُو الرَّبِيعِ، حَدَّثَنِي مُسْلِمٌ، عَنْ لَيْثٍ، عَنْ مُجَاهِدٍ قَالَ: «مَنْ أَعَزَّ نَفْسَهُ أَذَلَّ دِينَهُ وَمَنْ أَذَلَّ نَفْسَهُ أَعَزَّ دِينَهُ».

واتە: باوکی ربیع لە موسلیمەوە ئەویش لە لەیثەوە ئەویش لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ هەر خەریکی بایەخدان بە نەفسی خۆی بێت و خۆی بەناوبانگ بکات ئەوە بیرو باوەڕی زەلیل و کز دەبێ؛ هەر کەسێکیش نەفسی خۆی کز بکات ئەوە بیرو باوەڕی بەهێز دەبێت.

زوهد و پارسایی عوبەیدی کوڕی عومەیر
(خوای لێ ڕازی بێت)

٢٢٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، حَدَّثَنَا إِسْرَائِيلُ، عَنْ زِيَادِ بْنِ فَيَّاض قَالَ: حَدَّثَنِي مَنْ، سَمِعَ عُبَيْدَ الله بْنَ عُمَيْرٍ، يَقُولُ: «آثِرُوا الْحَيَاءَ مِنَ الله تَعَالَى عَلَى الْحَيَاءِ مِنَ النَّاسِ».

واتە: عەبدولڕەحمان لە ئیسرائیلەوە ئەویش لە زیادی کوڕی فەییازەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: یەکێک بۆی گێرامەوە کە ئەو یەکە گوێی لە عوبەیدوڵلای کوڕی عومەیر بووە فەرموویەتی: فەزڵی شەرم کردن لە خودای گەورە بدەن بەسەر شەرم کردن لە خەڵکی (واتە: ئەگەر سەبارەت بە شتێک شەرم لە خەڵکی دەکەن و نایکەن؛ ئەوە دەبێ کاتێ بە تەنیان زیاتر لەوەی شەرمتان لە خەڵکی کردووە؛ شەرم لە خوا بکەن و ئەو کارە نەکەن).

٢٢٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن، عَنْ سُفْيَانَ، عَنِ الأَعْمَش، عَنْ أَبِي سُفْيَانَ، عَنْ عُبَيْدِ بْنِ عُمَيْرٍ قَالَ: «مَنْ يُرِدِ الله بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّين وَيُلهِمْهُ رُشْدَهُ».

واتە: عەبدولڕەحمان لە سوفیانەوە ئەویش لە ئەعمەشەوە ئەویش لە باوکی سوفیانەوە ئەویش لە عوبەیدی کوڕی عومەیرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: خوای گەورە ویست و ئیرادەی خێرو چاکەی بەهەر کەسێک هەبێ ئەو کەسە شارەزا دەکات و هیدایەت و ڕێنوێنیی پیشان دەدات.

(ت: سەبارەت بە ئەم بەشەی کە دەفەرموێ (مَنْ يُرِدِ الله بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّين) ئەوە بێگومان فەرموودەی پێغەمبەری خودایە (ﷺ) و پێشەوا بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە، سەبارەت بە بەشی دووەمیشی کە دەفەرموێت: وَيُلهِمْهُ رُشْدَهُ. هەر خودی پێشەوا ئەحمەد لەم کتێبەدا بە ژمارە ٨٨٥ ئەم دەقەی وەک فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕیوایەت کردووە و جگە لەو تەبەرانی و خەتیبی بەغدادی و چەندێکیتریش وەک فەرموودە ڕیوایەتیان کردووە).

٢٢٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ مُجَاهِدٍ، عَنْ عُبَيْدِ بْنِ عُمَيْرٍ قَالَ: «مَا الْمُجْتَهِدُ الْآنَ إِلَّا كَاللَّاعِبِ فِيمَا مَضَى».

واتە: باوکی موعاویە لە ئەعمەشەوە ئەویش لە موجاهیدەوە ئەویش لە عوبەیدی کوڕی عومەیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: تێکۆشەرو هەوڵدەرو کۆڵنەدەری ئێستا هێندەی یاریچییەکانی پێشوو هەوڵ دەدەن و خواپەرستی دەکەن!

٢٢٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الْمَلِكِ بْنُ عَمْرٍو، حَدَّثَنَا الْأَسْوَدُ، عَنْ أَبِي نَوْفَلٍ قَالَ: قَالَ عُبَيْدُ بْنُ عُمَيْرٍ: «إِنْ بَخِلْتُمْ بِالْمَالِ أَنْ تُنْفِقُوهُ، وَجَبُنْتُمْ عَنِ الْعَدُوِّ أَنْ تُقَاتِلُوهُ وَأَعْظَمَكُمُ اللَّيْلُ أَنْ تُسَاهِرُوهُ فَاسْتَكْثِرُوا مِنْ قَوْلِ سُبْحَانَ الله وَبِحَمْدِهِ؛ فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ هَذَا أَوْجَهُ عِنْدَ الله مِنْ جَبَلَيْ ذَهَبٍ وَفِضَّةٍ».

واتە: عەبودولەلیکی کوڕی عەمر لە ئەسوەدەوە ئەویش لە باوکی نەوفەلەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: عوبەیدی کوڕی عومەیر فەرمووی: ئەگەر دەستان نەچوە سەروەت و سامانی خۆتان بیکەن بەخێرو لە دوژمن ترسان و نەتانوێرا بەرامبەر دوژمن بووەستنەوە و پێتان گرانبوو شەوانە بێدار بن و خواپەرستی بکەن؛ ئەوە زۆر زیکری سبحان الله وبحمده بکەن؛ بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەم زیکرە بە لای خوای گەورەوە لە دوو کێو زێڕو زیو گەورەترو باشترە.

حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ عَنْ سُفْيَانَ عَنْ حَبِيبِ بْنِ أَبِي ثَابِتٍ عَنْ عُبَيْدِ بْنِ عُمَيْرٍ قَالَ: «لَا يَزَالُ لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ فِي الْعَبْدِ حَاجَةٌ مَا كَانَتْ لِلْعَبْدِ إِلَيْهِ حَاجَةٌ».

واتە: وەکیع لە سوفیانەوە ئەویش لە حەبیبی کوڕی باوکی ثابتەوە ئەویش لە عوبەیدی کوڕی عومەیرەوە فەرموویەتی: هەتا مرۆڤ پێویستی بە خوای گەورە هەبێ؛ خوای گەورەش پەرستشی لەو بەندەیە دەوێ (دیارە مرۆڤ هەتا هەتایە هەر ئاتاجی خوای گەورەیە؛ کەواتە: دەبێ هەتا هەتایە هەر خواپەرستی بکات).

٢٢٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا دَاوُدُ بْنُ عَمْرو، حَدَّثَنَا عَبْثَرٌ، حَدَّثَنَا أَبو حُصَيْن، عَنْ مُجَاهد، عَنْ عُبَيْد بْن عُمَيْر اللَّيْثيِّ قَالَ: كَانَ يَقُولُ إِذَا جَاءَ الشِّتَاءُ: «يَا أَهْلَ الْقُرْآن قَدْ طَالَ اللَّيْلُ لصَلَاتكُمْ وَقَصُرَ النَّهَارُ لصَوْمكُمْ فَاعْمَلُوا إِنْ أَعْيَاكُمُ اللَّيْلُ أَنْ تُكَابدُوهُ وَخفْتُمُ الْعَدُوَّ أَنْ تُجَاهدُوهُ وَبَخلْتُمْ بِالْمَال أَنْ تُنْفقُوهُ فَأَكْثرُوا منْ ذكْر الله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: داوودی کوڕی عەمر لە عەبثەرەوە ئەویش لە باوکی حوصەینەوە ئەویش لە موجاهیدەوە ئەویش لە عوبەیدی کوڕی عومەیری لەیثییەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: کاتێ زستان دەهات دەیفەرموو: ئەی هۆگرانی قورئان! ئەوەتا شەو درێژ بوو بۆ شەونوێژو ڕۆژ کورت بووە بۆ ڕۆژو گرتن! کاری بکەن؛ بەڕاستی ئەگەر ناتوانن شەوبێداری بکەن و پێی مانوو دەبن و لە دوژمن دەترسن کە جەنگتان لەگەڵدا بکات و دەستان ناچێتە سەروەت و سامانی خۆتانەوە بیکەن بەخێر؛ ئەوا یاد و زیکری خوای گەورە زۆر بکەن.

٢٢٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا صَالحُ بْنُ عَبْد الله الزُّهْريُّ، حَدَّثَنَا عُمَرُ بْنُ هَارُونَ، عَنْ سُفْيَانَ بْن عَاصم، عَنْ عَبْد الْكَريم بْن أُمَيَّةَ، عَنْ عُبَيْد بْن عُمَيْر قَالَ: «إِنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ يُبْغضُ الْقَاريَ إِذَا كَانَ لَبَّاسًا رَكَّابًا وَلَّاجًا خَرَّاجًا».

واتە: صاڵەحی کوڕی عەبدوڵڵای زوهری لە عومەری کوڕی هارونەوە ئەویش لە سوفیانی کوڕی عاصمەوە ئەویش لە عەبدولکەریمی کوڕی ئومەیەوە ئەویش لە عوبەیدی کوڕی عومەیرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: بەڕاستی خوای گەورە ڕقی لەو زاناو قورئانخوێنەیە کە پۆشاکی زۆرەو زۆر سواری وولاخ دەبێت و زۆر دێت و زۆر دەڕواتە دەرەوە.

٢٢٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: وَجَدْتُ في كتَاب مُحَمَّد بْن حَاتم بخَطِّ يَده، حَدَّثَنَا بشْرُ بْنُ الْحَارث رَحمَهُ الله حَدَّثَني يَحْيَى بْنُ يَمَان عَنْ عُثْمَانَ بْن الْأَسْوَد عَنْ مُجَاهد قَالَ: «لَوْ أَنَّ رَجُلًا أَنْفَقَ مثْلَ أُحُد في طَاعَة الله لَمْ يَكُنْ منَ الْمُسْرفينَ».

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: لە نووسینێکی موحەممەدی کوڕی حاتەم کە بە خەتی خۆی نووسیبوی ئەوەم بینی فەرموبوی: بیشری کوڕی حارث بۆی گێرامەوە لە یەحیای کوڕی

یەمانەوە ئەویش لە عوسمانی کوڕی ئەسوەدەوە ئەویش لە موجاهیدەوە فەرموویەتی: ئەگەر کەسێک هێندەی کێوی ئوحود زێڕو زیو لە پێناو خوای گەورە ببەخشێت ئەوە پێی ناگوترێ: ماڵ بە فیرۆدەرەو ئیسرافچی.

٢٢٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ سُفْيَانَ قَالَ: سَمِعَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَجُلًا يَقُولُ بَارَكَ اللهُ لَنَا فِي الْمَوْتِ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «وَفِي الْحَيَاةِ».

واتە: وەکیع لە سوفیانەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێی لە پیاوێک بوو دەیگوت: خوای گەورە پیت و بەرکەت بخاتە ناو مردنمانەوە! پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بیخاتە ناو ژیانیشەوە.

٢٢٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، مُحَمَّدُ بْنُ سَابِقٍ، حَدَّثَنَا مَالِكُ بْنُ مِغْوَلٍ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا يَحْيَى، يَقُولُ: شَكَوْتُ إِلَى مُجَاهِدٍ الذُّنُوبَ قَالَ: «أَيْنَ أَنْتَ مِنَ الْمِمْحَاةِ؟ يَعْنِي مِنَ الاسْتِغْفَارِ».

واتە: موحەممەدی کوڕی سابیق لە مالیکی کوڕی میغوەلەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە باوکی یەحیا بوو دەیفەرموو: لای موجاهید سکاڵام لەدەست تاوانباریی خۆم کرد؛ فەرمووی: ئەی کوا بۆچی نایکوژێنیتەوە؟ مەبەستی ئەوەبوو بۆچی أستغفرالله ناکەیت؟!

٢٢٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مُؤَمَّلٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ أَبِي الْجَحَّافِ، عَنْ أَبِي زُرْعَةَ بْنِ عَمْرِو بْنِ جَرِيرٍ قَالَ: «مَا تَحَابَّ رَجُلَانِ فِي اللهِ عَزَّ وَجَلَّ إِلَّا كَانَ أَفْضَلهمَا أَشَدَّهُمَا حُبًّا لِصَاحِبِهِ».

واتە: موئەممیل لە سوفیانەوە ئەویش لە باوکی جەححافەوە ئەویش لە باوکی زورعەی کوڕی عەمری کوڕی جەریرەوە فەرموویەتی: ئەگەر دوو کەس لە بەر ڕەزامەندی خوای گەورە یەکتریان خۆشویست؛ ئەوا کامەیان زیاتر برادەرەکەی خۆش بوێت؛ ئەوەیان لای خوای گەورە بەڕێزترە.

٢٢٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو نُعَيْم، حَدَّثَنَا إِسْرَائِيلُ، عَنْ مَنْصُور، عَنْ إِبْرَاهِيمَ، عَنِ الْحَارِث بْنِ قَيْسِ الْجُعْفِيِّ قَالَ: «إِذَا كَانَ لأَحَدِكُمْ حَاجَةٌ مِنْ أَمْرِ الدُّنْيَا فَعَلَيْهِ بِالتُّؤَدَةِ فَإِذَا كَانَ لأَحَدِكُمْ حَاجَةٌ مِنْ أَمْرِ الآخِرَةِ فَعَلَيْهِ بِالرَّجَاءِ».

واتە: باوکی نوعەیم لە ئیسرائیلەوە ئەویش لە مەنصورەوە ئەویش لە ئیبراهیمەوە ئەویش لە حارثی کوڕی قەیسی جوعفییەوە فەرموویەتی: ئەگەر هەر کەسێک لە ئێوە شتێکی دونیایی پێویست بوو؛ ئەوە با تەوبە بکات؛ ئەگەر کەسێک لە ئێوەش شتێکی ئاخیرەت و ئەو دونیای پێویست بوو؛ ئەوا با هیوای بە خوای گەورە پتەو بێت.

٢٢٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو الرَّبِيعِ الْوَاسِطِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ حَفْصَ بْنَ غِيَاث قَالَ: دَخَلَ سُفْيَانُ الثَّوْرِيُّ عَلَى مُجَمِّعٍ التَّيْمِيِّ قَالَ: فَإِذَا فِي إِزَارِ سُفْيَانَ خَرْقٌ، قَالَ فَأَخَذَ أَرْبَعَةَ دَرَاهِمَ فَنَاوَلَ سُفْيَانَ فَقَالَ: اشْتَرِ إِزَارًا، قَالَ سُفْيَانُ: لَا أَحْتَاجُ إِلَيْهَا، قَالَ مُجَمِّعٌ: صَدَقْتَ أَنْتَ لَا تَحْتَاجُ وَلَكِنْ أَنَا أَحْتَاجُ قَالَ: فَأَخَذَهَا فَاشْتَرَى بِهَا إِزَارًا قَالَ: فَكَانَ سُفْيَانُ يَقُولُ: كَسَانِي مُجَمِّعٌ جَزَاهُ الله خَيْرًا، وَقَالَ سُفْيَانُ: لَيْسَ شَيْءٌ مِنْ عِلْمِي أَرْجُو أَنْ لَا يَشُوبَهُ شَيْءٌ كَحُبِّي مُجَمِّعًا التَّيْمِيَّ ".

واتە: باوکی ڕەبیعی واسیتی دەفەرموێت: گوێم لە حەفصی کوڕی غیاث بوو فەرمووی: سوفیانی ئەوری ڕۆیشت بۆ لای موجەممیعی تەیمی؛ دەفەرموێت: کەواکەی سوفیان کونێکی تیابوو؛ موجەممیع چوار دیرهەمی دا بە سوفیان و فەرمووی: بڕۆ کەوایەک بۆ خۆت بکڕە! سوفیان گوتی: پێویستیم پێی نییە! موجەممیع فەرمووی: تۆ ڕاست دەکەی ئاتاجی کەوا نیت؛ بەلام من ئاتاجم! دەفەرموێت: سوفیان پارەکەی وەرگرت و کەوایەکی پێ کڕی؛ جا سوفیان دەیفەرموو: خوا پاداشتی موجەممیع بداتەوە کەوایەکی کردە بەرم! هەروەها سوفیان دەیفەرموو: لە هیچ زانست و شتێکا هێندەی خۆشەویستیم بۆ موجەممیع دڵنیا نیم کە بۆنی هیچ شتێکی لێ نەیەت (واتە: ئەوەندەی لەوە دڵنیام کەلەبەر خوا موجەممیعم خۆش دەوێ؛ هێندە لە هیچ زانستێکی خۆم دڵنیا نیم).

٢٢٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجٌ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ، عَنْ رَبِيعَةَ بْنِ يَزِيدَ، عَنْ أَبِي إِدْرِيسَ الْخَوْلَانِيِّ قَالَ: «الْمَسَاجِدُ مَجَالِسُ الْكِرَامِ».

واتە: حەجاج لە سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیزەوە ئەویش لە ڕەبیعەی کوڕی یەزیدەوە ئەویش لە باوکی ئیدریسی خەولانییەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: مزگەوتەکان شوێنی کۆڕو کۆبوونەوەی پیاوە بەڕێزەکانن.

٢٢٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا رَبِيعَةُ بْنُ يَزِيدَ، عَنْ أَبِي إِدْرِيسَ قَالَ: «مَنْ جَعَلَ هُمُومَهُ هَمًّا وَاحِدًا كَفَاهُ الله هُمُومَهُ وَمَنْ كَانَ لَه فِي كُلِّ وَادٍ هَمٌّ لَمْ يُبَالِ الله فِي أَيِّهَا هَلَكَ».

واتە: ڕەبیعەی کوڕی یەزید لە باوکی ئیدریسەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ هەموو خەم و خەفەتەکانی لە یەک خەم و خەفەتا کۆ بکاتەوە (واتە: تەنیا خەم و خەفەتی قیامەتی هەبێ) ئەوە خوای گەورە هەموو خەم و خەفەتەکانی دونیای لەکۆڵ دەکاتەوە؛ بەڵام هەر کەسێ لە هەموو شیوو دۆڵێکا خەم و خەفەتی هەبێ (واتە: خەم بۆ هەموو شتێکی دونیایی بخوات) ئەوا خوای گەورە دەستی لێ بەردەدات و لێیدەگەڕێ لە چ شیوو دۆڵێکا تێدا دەچێ با تیابچێ.

٢٢٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يَزِيدَ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ أَبِي أَيُّوبَ، حَدَّثَنَا عَيَّاشُ بْنُ عَيَّاشٍ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ الدِّمَشْقِيِّ، عَنْ أَبِي إِدْرِيسَ الْخَوْلَانِيِّ قَالَ: «مَنْ تَعَلَّمَ صَرْفَ الْحَدِيثِ لِيَسْتَكْفِئَ بِهِ قُلُوبَ النَّاسِ لَمْ يَرُحْ رَائِحَةَ الْجَنَّةِ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی یەزید لە سەعیدی کوڕی باوکی ئەییوبەوە ئەویش لە عەییاشی کوڕی عەییاشەوە ئەویش لە ئیبراهیمی دیمەشقییەوە ئەویش لە باوکی ئیدریسی خەولانییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ فێری قسەو چۆنییەتی قسەکردن ببێ بۆ ئەوەی دڵی خەڵکی پێ ڕابکێشێ بۆ لای خۆی؛ ئەوا بۆنی بەهەشت ناکات!

٢٢٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو مُعَاوِيَةَ الْغَلَابِيُّ قَالَ: قَالَ إِبْرَاهِيمُ بْنُ أَدْهَمَ: «لَا تَجْعَلَنَّ بَيْنَكَ وَبَيْنَ الله مُنْعِمًا واعْدُدِ النِّعَمَ مِنْهُمْ عَلَيْكَ مَغْرَمًا».

واتە: باوکی موعاویەی غەلابی دەفەرموێت: ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم فەرمووی: نەکەی کەسێکی خاوەن بەخشش و نازونیعمەت بخەیتە نێوان خۆت و خوای گەورەوە؛ بەڵکوو هەموو بەخششێکی خاوەن بەخششەکان بەسەر خۆتەوە وەک قەرز هەژمار بکە.

٢٢٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنِي خَالِدُ بْنُ الْحَارِثِ قَالَ: بَلَغَنِي عَنْ إِبْرَاهِيمَ بْنِ أَدْهَمَ قَالَ: «لَمْ يُصَدِّقِ الله عَزَّ وَجَلَّ مَنْ أَحَبَّ الشُّهْرَةَ».

واتە: باوکی موعاویە لە خالیدی کوڕی حارثەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: لە ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەمەوە پێیان گەیشتووە فەرموویەتی: هەر کەسێ حەزی بە ناوبانگ بێ خوای گەورە پشتگیری لێ ناکات.

٢٢٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ يَزِيدَ، بِحِفْظِه، حَدَّثَنَا عُيَيْنَةُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنِي عَلِيُّ بْنُ زَيْدِ بْنِ جُدْعَانَ قَالَ: حَضَرَ رَجُلًا مِنَ الْأَنْصَارِ الْمَوْتُ فَقَالَ لابْنِه: يَا بُنَيَّ إِنِّي مُوصِيكَ بِوَصِيَّةٍ فَاحْفَظْهَا فَإِنَّكَ إِلَّا تَحْفَظْهَا مِنِّي خَلِيقٌ أَنْ لَا تَحْفَظَهَا مِنْ غَيْرِي اتَّقِ الله عَزَّ وَجَلَّ وَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ تَكُونَ خَيْرًا مِنْكَ أَمْسِ، وَغَدًا خَيْرًا مِنْكَ الْيَوْمَ فَافْعَلْ وَإِيَّاكَ وَالطَّمَعَ فَإِنَّهُ فَقْرٌ حَاضِرٌ وَعَلَيْكَ بِالْإِيَاسِ فَإِنَّكَ لَا تَيْأَسُ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا أَغْنَاكَ الله عَنْهُ وَإِيَّاكَ وَكُلَّ شَيْءٍ يُعْتَذَرُ مِنْهُ فَإِنَّهُ لَا يُعْتَذَرُ مِنْ خَيْرٍ وَإِذَا عَثَرَ عَاثِرٌ مِنْ بَنِي آدَمَ فَاحْمَدِ الله أَنْ لَا تَكُونَهُ فَإِذَا قُمْتَ إِلَى صَلَاتِكَ فَصَلِّ صَلَاةَ الْمُوَدِّعِ وَأَنْتَ تَرَى أَنَّكَ لَا تُصَلِّي بَعْدَهَا أَبَدًا ".

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی یەزید لە عویەینەی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە ئەویش لە عەلیی کوڕی زەیدی کوڕی جودعانەوە فەرموویەتی: پیاوێکی ئەنصاری کەوتە سەرەمەرگەوە؛ بە کوڕەکەی خۆی گوت: کوڕی خۆم! من وەسیەتێکت بۆ دەکەم لەبەری بکەو بەگوێم بکە؛ ئەگەر لە منی وەربگری ئەوا لەوانەیە لە هیچ کەسێکیتری نەبیستی: لە خوا بترسە! ئەگەر دەتوانی ئەمڕۆ لە دوێنێ و سبەی لە ئەمڕۆ چاکتر بیت ئەوا چاکتر بە؛ نەکەی چاووت ڕۆیشتبێ و تەماعباز بیت؛ چونکە چاو ڕۆیشتن و تەماعبازی هەژارییەکی ئامادەو حازرە؛ هەمیشە بێ ئومێد بە لە دەستی خەڵکی و چاوەڕێی شت لە خەڵکی مەکە؛ چونکە هەر کەسێ بێ ئومێد بوو لە دەستی خەڵکی ئەوە خوای گەورە دەوڵەمەندی دەکات و وای لێ دەکات ئاتاجی ئەو شتانە نەبێ کە چاوی نەبڕیوەتە دەستی خەڵکی بۆ ئەو شتانە؛ هەمیشە خۆت بپارێزە لەو شتانەی کە دەبێ دوایی بیانوی بۆ بێنیتەوە و داوای لێبوردنیان لەسەر بکەیت؛ چونکە هەر شتێک باش بێت پێویست بەوە ناکات بیانوی بۆ بێنیتەوە و داوای لێبوردنی لەسەر بکەیت، جا هەر کاتێ کەسێک تاوانێکی کرد سوپاسی خوای گەورە بکە کە ئەو تاوانبارە تۆ نیت؛ هەر کاتێکیش هەستای بۆ نوێژ بە جۆرێک نوێژەکەت بکە وەبزانە ئیتر ماڵئاوایی دەکەیت و ئەوە کۆتا نوێژتەو هەتا هەتایە نوێژیتر ناکەیت و دەمری.

٢٢٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا رَجَاءُ بْنُ أَبِي سَلَمَةَ قَالَ: نُبِّئْتُ أَنَّ ابْنَ مُحَيْرِيزٍ، دَخَلَ عَلَى رَجُلٍ مِنَ الْبَزَّازِينَ يَشْتَرِي شَيْئًا فَقَالَ له رَجُلٌ: أَتَعْرِفُ هَذَا؟ هَذَا ابْنُ مُحَيْرِيزٍ، فَقَامَ فَقَالَ: «إِنَّمَا جِئْنَا لِنَشْتَرِيَ بِدَرَاهِمِنَا لَيْسَ بِدِينِنَا».

واتە: ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم لە ڕەجای کوڕی باوکی سەلەمەوە گێڕایەوە فەرمووی: بیستوومە کە کوڕی موحەیریز ڕۆیشتووە بۆ لای یەکێک لە کوتاڵ فرۆشەکان شتێکی لێ بکڕێ؛ پیاوێک بە کابرای دوکانداری گوتووە: ئەم پیاوە دەناسیت؟ ئەمە کوڕی موحەیریزە! جا کوڕی موحەیریز هەستاوە و گوتویەتی: ئێمە هاتوین بە دیرهەم شت بکڕین نەك بە دین!

٢٢٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ مُسْلِمٍ، عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَبْدِ الله بْنِ أَوْسٍ، عَنْ عَمْرِو بْنِ أَوْسٍ قَالَ: «الْمُخْبِتُونَ الَّذِينَ لَا يَظْلِمُونَ وَإِذَا ظُلِمُوا لَمْ يَنْتَصِرُوا».

واتە: عەبدولڕەحمان لە موحەممەدی کوڕی موسلیمەوە ئەویش لە عوسمانی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئەوسەوە ئەویش لە عەمری کوڕی ئەوسەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: مرۆڤە ملکەچ و فەرمانبەرەکان ئەوانەن کە هەرگیز ستەم لە هیچ کەسێک ناکەن؛ ئەگەریش ستەمیان لێ بکرێ هیچ کەسێک نایەت بە دەمیانەوە و یارمەتییان نادەن.

(خوای گەورە سەبارەت بەو جۆرە کەسانە لە قورئانی پیرۆزا دەفەرموێت: ﴿وَبَشِّرِ ٱلْمُخْبِتِينَ ﴿٣٤﴾ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَٱلصَّٰبِرِينَ عَلَىٰ مَآ أَصَابَهُمْ وَٱلْمُقِيمِى ٱلصَّلَوٰةِ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٣٥﴾﴾ الحـج: ٣٤-٣٥. واتە: مژدەش بدە بەبەندە ملکەچ و فەرمانبەردارو دڵ ئاوەدانەکان... ئەوانەی کاتێک ناوی خوا برا (یا باسی دەسەڵات و ڕەحمەت و زات و سیفاتی کرا) دڵەکانیان دادەچڵەکێت و تەزووی پیا دێت، ئەوانەی خۆگرو ئارامگرن لە بەرامبەر ئەو ناخۆشیانەوە کە تووشیان دەبێت، ئەوانەی کە نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجام دەدەن و لەو ڕزق و ڕۆزیەی کە پێیان بەخشیوون دەبەخشن).

٢٢٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ قَالَ: سُئِلَ الْحَسَنُ عَنِ الْأَبْرَارِ قَالَ: «الَّذِينَ لَا يُؤْذُونَ الذَّرَّ».

واتە: سوفیانی کوڕی عویەینە دەفەرموێت: لە بارەی پیاوچاکانەوە پرسیار لە حەسەن کرا؛ فەرمووی: ئەوانەن کە ئازاری مێروولە ووردەش نادەن!

٢٢٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هُشَيْمٌ، أَنْبَأَنَا مَنْصُورُ بْنُ زَاذَانَ، عَنْ مُجَاهِد - قَالَ: قُلْتُ لأَبِي: سَمِعَهُ مِنْ مُجَاهِد؟ قَالَ: مُرْسَلٌ له - قَالَ: «مَا مِنْ بَنِي آدَمَ أَحَدٌ إِلَّا وَمَلَكٌ آخِذٌ بِنَاصِيَتِه فَإِنْ تَكَبَّرَ وَضَعَهُ الله عَزَّ وَجَلَّ وَمَلَكٌ آخِذٌ بِحَكَمَتِه فَإِنْ تَوَاضَعَ رَفَعَهُ».

واتە: عەبدوڵڵا لە باوکییەوە ئەویش لە هوشەیمەوە ئەویش لە مەنصووری کوڕی زازان لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە. جا عەبدوڵڵا دەفەرموێت: لە باوکم پرسی: مەنصور هیچی لە موجاهیدەوە بیستووە؟ فەرمووی: ئەوانەی کە لە موجاهیدەوە دەیگێڕێتەوە هەموویان مورسەلن! (واتە: لە نێوان ئەوو موجاهیدا کەسێک دیار نییە) جا موجاهید فەرموویەتی: هیچ مرۆڤێک نییە مەگەر ئەوەی کە ناوچەوانی بەدەستی فریشتەیەکەوەیە؛ ئەگەر ئەو کەسە خۆی بە گەورە زانی ئەوا خوای گەورە پۆرتی دەشکێنێت و زەلیلی دەکات؛ فریشتەیەکیش دانایی ئەو مرۆڤە هەژمار دەکات و دەینووسێتەوە؛ ئەگەر ئەو کەسە ملکەچ و فەرمانبەرداری خوای گەورە بوو؛ ئەوا خوای گەورە بەرزو بڵندی دەکاتەوە.

٢٢٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ لَيْث، عَنْ مُجَاهِد، فِي قَوْله عَزَّ وَجَلَّ: [وَاسْأَلُوا اللَّهَ مِن فَضْلِه]النساء: ٣٢ قَالَ: «لَيْسَ الْغَرَضُ الدُّنْيَا».

واتە: جەریر لە لەیسەوە ئەویش لە موجاهیدەوە لە بارەی تەفسیری ئایەتی (مانای ئایەتەکە) هەمیشەو بەردەوام داوای زیادە بەخشش و بەهرە لە خوای گەورە بکەن) فەرموویەتی: ئەوە مەبەستی خوای گەورە شتی دونیایی نییە!

٢٢٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ مَنْصُور، عَنْ هِلَال بْنِ أَبِي عُبَيْدَةَ قَالَ: «مَا دَامَ قَلْبُ الرَّجُلِ يَذْكُرُ الله فَهُوَ فِي صَلَاةٍ وَإِنْ كَانَ فِي السُّوقِ وَإِنْ حَرَّكَ شَفَتَيْه فَهُوَ أَعْظَمُ».

واتە: جەریر لە مەنصورەوە ئەویش لە هیلالی کوڕی باوکی عوبەیدەوە فەرموویەتی: هەتا دڵی مرۆڤ یاد و زیکری خوای گەورە بکات ئەوە لەناو نوێژایە؛ با بە جەستەش لە بازاڕ بێت؛ جا ئەگەر لێوەکانیشی جوڵاند (واتە: زیکرەکەی هەم بە دڵ و هەم بە زمان کرد) ئەوە باشترە.

٢٢٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا شُجَاعُ بْنُ الْوَلِيد بْن عَمْرو بْنِ قَيْس، عَنِ الْوَلِيد بْن قَيْس قَالَ: «مَنْ كَثُرَ مَاله كَثُرَ تَعَبُهُ وَمَنْ كَثُرَ تَعَبُهُ كَثُرَتْ شَيَاطِينُهُ وَمَنْ كَثُرَتْ شَيَاطِينُهُ اشْتَدَّ حِسَابُهُ».

واتە: شوجاعی کوڕی وەلیدی کوڕی عەمر لە وەلیدی کوڕی قەیسەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: هەر کەسێ دارایی زۆربێت ئەرکی سەرشانی قورستر دەبێت؛ هەر کەسێکیش ئەرکی سەرشانی قورستر بێت شەیتانی زۆرتر دێن بەلایاو شەیتانی زیاتری لێ خڕ دەبێتەوە؛ هەر کەسێکیش شەیتانی زۆر لێ خڕ بێتەوە لێکۆڵینەوەی زیاتر و سەختتری لەگەڵدا دەکرێت.

٢٢٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ شُجَاع، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ مَيْمُون الْكِنْدِيُّ، عَنْ أَبِي هَمَّام الْوَلِيدِ بْنِ قَيْسٍ السَّكُونِيِّ، فِي قَوْلِه عَزَّ وَجَلَّ: ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ۝١٠﴾ الزمر: ١٠ قَالَ: «غُرَفًا».

واتە: وەلیدی کوڕی شوجاع لە باوکییەوە ئەویش لە موحەممەدی کوڕی مەیمونی کیندیەوە ئەویش لە باوکی هەمامی کوڕی قەیسی سەکونییەوە لە بارەی تەفسیری ئایەتی (مانای ئایەتەکە) بەڕاستی تەنیا خۆگران پاداشتیان بێ سنوور و بێ ئەندازەیە. فەرموویەتی: بە گوێل پاداشتیان پێ دەدرێتەوە (واتە: ئەو پاداشتەی کە پێیان دەدرێتەوە بە ژمارەو دانە نییە؛ وەک چۆن ئەگەر کەسێ کەسێکی زۆر خۆش بوێ و بیەوێ شتێکی پێ ببەخشێ بە گوێل و بە پڕی ناو دەستەکانی شتەکەی پێ دەبەخشێت و بۆی ناژمێرێ).

٢٢٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي الْوَلِيدُ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا ابْنُ جَابِر، قَالَ كُنَّا نُغَازِي مَعَ عَطَاءِ الْخُرَاسَانِيِّ وَكَانَ يُحْيِي اللَّيْلَ صَلَاةً فَإِذَا ذَهَبَ مِنَ اللَّيْلِ ثُلُثُهُ أَوْ نِصْفُهُ نَادَى وَهُوَ فِي فُسْطَاطِه نِدَاءً يُسْمِعُنَا: يَا عَبْدَ الرَّحْمَن بْنَ يَزِيدَ وَيَا يَزِيدُ بْنَ يَزِيدَ يَا هِشَامُ بْنَ الْغَازِ وَيَا فُلَانُ بْنَ فُلَانٍ قُومُوا فَتَوَضَّؤُوا وَصَلُّوا، قِيَامُ هَذَا اللَّيْلِ وَصِيَامُ هَذَا النَّهَارِ أَيْسَرُ مِنْ شَرَابِ الصَّدِيدِ وَمُقَطَّعَاتِ الْحَدِيدِ، الْوَحَاءَ ثُمَّ الْوَحَاءَ " ثُمَّ يُقْبِلُ عَلَى صَلَاتِه.

واتە: وەلیدی کوڕی موسلیم لە جابرەوە دەفەرموێت: ئێمە لەگەڵ عەتای خۆراسانیدا لە جیهاد بوین؛ عەتا شەوانی بە شەونوێژکردن زیندوو دەکردەوە؛ جا دوای نیوە شەو یان دوای ئەوەی دووسێیەکی شەو تێدەپەڕی هەر لەناو چادرەکەی خۆیەوە بانگی دەکردو ئێمەیش گوێیان لێبوو دەیفەرموو: عەبدولڕحمانی کوڕی یەزید! هیشامی کوڕی غازی! فلانی کوڕی

فلان! هەستن و دەستنوێژ بگرن و نوێژ بکەن! زیندوو کردنەوەی ئەم شەوە و ڕۆژوگرتنی ڕۆژەکەی لە خواردنەوەی کێم و زوخاوو پارچە ئاسنی تواوە ئاسانترە! خێرا کەن! خێراکەن! دواتر خۆی دەستی دەکردەوە بە شەونوێژ.

٢٢٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي الْوَلِيدُ بْنُ مُسْلِم، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَن بْنُ يَزِيدَ، حَدَّثَنَا ابْنُ جَابِر قَالَ: قُلْتُ لِيَزِيدَ بْن مَرْثَد: مَا لِي أَرَى عَيْنَيْكَ لاَ تجفُّ؟ قَالَ: وَمَا مَسْأَلَتُكَ عَنْهُ؟ قُلْتُ: عَسَى الله أَنْ يَنْفَعَنِي بِه قَالَ: يَا أَخِي إِنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ قَدْ تَوَعَّدَنِي إِنْ أَنَا عَصَيْتُهُ أَنْ يَسْجُنَنِي فِي النَّار وَالله لَوْ لَمْ يَتَوَعَّدْنِي أَنْ يَسْجُنَنِي إِلاَّ فِي الْحَمَّام لَكُنْتُ حَرِيًّا أَنْ لاَ تجفَّ لِي عَيْنٌ، قَالَ فَقُلْتُ لَه: فَهَكَذَا أَنْتَ فِي خَلَوَاتِكَ؟ قَالَ: وَمَا مَسْأَلَتُكَ عَنْهُ، قُلْتُ: عَسَى الله أَنْ يَنْفَعَنِي بِه فَقَالَ: وَالله إِنَّ ذَلِكَ لَيَعْرِضُ لِي حِينَ أَسْكُنُ إِلَى أَهْلِي فَيَحُولُ بَيْنِي وَبَيْنَ مَا أُرِيدُ وَإِنَّهُ لَيُوضَعُ الطَّعَامُ بَيْنَ يَدَيَّ فَيَعْرِضُ لِي فَيَحُولُ بَيْنِي وَبَيْنَ أَكْلِه حَتَّى تَبْكِي امْرَأَتِي وَيَبْكِي صِبْيَانُنَا مَا يَدْرُونَ مَا أَبْكَانَا وَرُبَّمَا أَضْجَرَ ذَلِكَ امْرَأَتِي فَتَقُولُ يَا وَيْحَهَا مَا خُصَّتْ بِه مِنْ طُولِ الْحُزْنِ مَعَكَ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا مَا تَقَرُّ لِي مَعَكَ عَيْنٌ".

واتە: وەلیدی کوڕی موسلیم لە عەبدولڕەحمانی کوڕی یەزیدەوە ئەویش لە کوڕی جابرەوە دەفەرموێت: بە یەزیدی کوڕی مەرثەدم گوت: ئەوە چییە نابینم چاوەکانت ووشك ببنەوە؟ فەرمووی: جا بۆچی پرسیار دەکەی؟ گوتم: بەڵکوو سودێکی لێ وەربگرم! فەرمووی: برا! بەڕاستی خوای گەورە هەڕەشەی لێ کردوم کە ئەگەر تاوان بکەم ئەوا لە دۆزەخا زیندانییم دەکات! بەخوا نەك دۆزەخ ئەگەر هەڕەشەی ئەوەیشی کردبا کە لە حەمام و گەرماوێکا زیندانیم بکات ئەوە دەبوو چاوەکانم لێک نەنێم! دەفەرموێت: پێمگوت: تۆ لە کاتێکا تەنیاشی هەر وای؟ فەرمووی: بۆچی پرسیار دەکەی؟ گوتم: بەڵکوو سودێکی لێ وەربگرم! فەرمووی: بەخوا کاتێکیش لەماڵەوە دەمەوێ پشویەک بدەم ئەوە دەبێتە لەمپەر لە نێوان من و پشودانا؛ خواردنم بۆ دادەنێن دەمەوێ دەستی بۆ ببەم کەچی دیسان ئەوە دەبێتە لەمپەر لە نێوان من و خواردنی خواردنەکەدا؛ تا وای لێدێ ژنەکەم دەست بە گریان دەکات و دوای ئەویش منداڵەکانمان دەست بە گریان دەکەن و نازانن ئێمە بۆچی دەگرین! زۆرجار ئەوە ژنەکەیشم ئازار دەدات و دەڵێت ئەی هاوار لە ژیانی دونیادا لەبەر خەمباریی تۆ چێژم نەبینی؛ هیچ چاوێک لەگەڵ تۆدا بە ئاسودەیی نانوێ.

٢٢٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي يَحْيَى بْنُ عُثْمَانَ الْحَرْبِيُّ، حَدَّثَنَا أَبُو الْمَلِيحِ، عَنْ يَزِيدَ بْنِ يَزِيدَ يَعْنِي ابْنَ جَابِرٍ قَالَ: كَانَ أَبُو مُسْلِمٍ الْخَوْلَانِيُّ يُكْثِرُ أَنْ يَرْفَعَ صَوْتَهُ بِالتَّكْبِيرِ حَتَّى مَعَ الصِّبْيَانِ، وَكَانَ يَقُولُ: «اذْكُرْ الله حَتَّى يَرَى الْجَاهِلُ أَنَّكَ مَجْنُونٌ».

واتە: یەحیای کوڕی عوسمانی حەربی لە باوکی مەلیحەوە ئەویش لە یەزیدی کوڕی یەزیدەوە فەرموویەتی: باوکی موسلیمی خەولانی زۆرجار دەنکی بەرز دەکردەوە و اللە اکبری دەکرد؛ تەنانەت لەگەڵ منالّانیشا؛ دەیفەرموو: هێندە یاد و زیکری خوای گەورە بکەن تا مرۆڤی نەفام وا تێدەگەن شێت بوی!

٢٢٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِمِ، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ، عَنْ حُمَيْدِ بْنِ هِلَالٍ، أَوْ غَيْرِهِ أَنَّ أَبَا مُسْلِمٍ الْخَوْلَانِيَّ، مَرَّ بِدِجْلَةَ وَهِيَ تَرْمِي بِالْخَشَبِ مِنْ مَدِّهَا فَمَشَى عَلَى الْمَاءِ ثُمَّ الْتَفَتَ إِلَى أَصْحَابِهِ فَقَالَ: «هَلْ تَفْقِدُونَ مِنْ مَتَاعِكُمْ شَيْئًا فَتَدْعُوا الله عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: هاشمی کوڕی قاسم لە سولەیمانەوە ئەویش لە حومەیدی کوڕی هیلالەوە یان لە یەکێکیترەوە گێڕایەوە کە باوکی موسلیمی خەولانی جارێک تێپەڕی بە لای دیجلەدا؛ ئاوی دیجلە ئەوەندە زیادی کردبوو داری لەگەڵ خۆی هێنابوو؛ باوکی موسلیم بەسەر دیجلەدا تێپەڕی؛ دوایی لای کردەوە بە لای هاوڕێکانیاو فەرمووی: ئێوە هیچ شتێکتان لێ وون بووە داوا لە خوای گەورە بکەن بیدۆزنەوە؟

٢٢٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا شَيْبَانُ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ قَالَ: سَمِعْتُ سَلَّامَ بْنَ مِسْكِينٍ، يَقُولُ: «لَوْ أُعْطِيتُ مِثْلَ هَذِهِ السَّارِيَةِ ذَهَبًا مَا بِعْتُ مُصْحَفًا».

واتە: شەیبانی کوڕی باوکی شەیبە فەرمووی: گوێم لە سەلالامی کوڕی مسکین بوو دەیفەرموو: ئەگەر بە ئەندازەی ئەم کۆڵەکەیە زێڕم پێ بدرێت قورئانێک نافرۆشم!

٢٢٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَبْدُ الصَّمَدِ، حَدَّثَنَا سَلَّامٌ، حَدَّثَنَا عِمْرَانُ، أَنَّ سَعِيدَ بْنَ الْمُسَيَّبِ، لَمْ تَفُتْهُ صَلَاةٌ فِي جَمْعٍ أَرْبَعِينَ سَنَةً، وَلَمْ يَنْظُرْ فِي أَقْفِيَتِهِمْ وَلَمْ يَلْقَوْهُ خَارِجِينَ مِنَ الْمَسْجِدِ ".

واتە: عەبدولصەمەد لە سەللامەوە ئەویش لە عیمرانەوە گێڕایەوە کە سەعیدی کوڕی موسەییب چل ساڵ یەک نوێژی بەکۆمەڵی لەدەست دەرنەچوو؛ سەعید پشت ملی هیچ کەسێکیانی نەبینی (واتە: بەردەوام لە ڕیزی پێشەوەی پێش بوو) ئەوانیش هەرگیز لە کاتی چونەدەروە لە مزگەوتدا سەعیدیان نەبینی (واتە: دادەنیشت دوای هەمووان دەهاتە دەرەوە).

٢٢٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ أَبِي سَهْلٍ، وَهُوَ عُثْمَانُ بْنُ حَكِيمٍ قَالَ: سَمِعْتُ سَعِيدَ بْنَ الْمُسَيِّبِ، يَقُولُ: «مَا أَذَّنَ الْمُؤَذِّنُ مُنْذُ ثَلَاثِينَ سَنَةً إِلَّا وَأَنَا فِي الْمَسْجِدِ».

واتە: وەکیع لە سوفیانەوە ئەویش لە باوکی سەهلەوە دەفەرموێت: گوێم لە سەعیدی کوڕی موسەییب بوو دەیفەرموو: سی ساڵ دەبێ بانگبێژ بانگی نەداوە و من لە مزگەوتدا نەبم! (واتە: پێش ئەوەی بانگ بدرێ ئەو لە مزگەوتدا بووە).

٢٢٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَفَّانُ، حَدَّثَنَا سَلَّامُ بْنُ مِسْكِينٍ، حَدَّثَنَا عِمْرَانُ بْنُ عَبْدِ الله بْنِ طَلْحَةَ قَالَ: «أُرَى نَفْسَ سَعِيدِ بْنِ الْمُسَيِّبِ كَانَتْ أَهْوَنَ عَلَيْهِ فِي ذَاتِ الله مِنْ نَفْسِ ذُبَابَةٍ».

واتە: عەففان لە سەللامی کوڕی مسکینەوە ئەویش لە عیمرانی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی تەڵحەوە دەفەرموێت: من پێم وایە کە لە پێناوی خوای گەورەدا گیانی سەعیدی کوڕی موسەییب بە لای خۆیەوە لە گیانی مێشێک بێ نرختره.

٢٢٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي شَيْبَانُ، حَدَّثَنَا سَلَّامٌ، حَدَّثَنَا عِمْرَانُ بْنُ عَبْدِ الله قَالَ: دُعِيَ سَعِيدُ بْنُ الْمُسَيِّبِ لِلْوَلِيدِ بْنِ سُلَيْمَانَ بَعْدَ عَبْدِ الْمَلِكِ بْنِ مَرْوَانَ فَقَالَ لَا أُبَايِعُ اثْنَيْنِ مَا اخْتَلَفَ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ قَالَ: قِيلَ: ادْخُلْ مِنْ بَابٍ وَاخْرُجْ مِنَ الْبَابِ الْآخَرِ قَالَ: "وَالله لَا يَقْتَدِي بِي أَحَدٌ مِنَ النَّاسِ قَالَ: فَجَلَدُوهُ مِائَةً وَأَلْبَسُوهُ الْمُسُوحَ ".

واتە: سەللام لە عیمرانی کوڕی عەبدوڵڵاوە دەفەرموێت: دوای مردنی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان بانگی سەعیدی کوڕی موسەییب کرا تا بەیعەت و پەیمان بە کوڕەکانی عەبدولمەلیك بدات؛ سەعید فەرمووی: هەتا شەوو ڕۆژ مابێ (واتە: هەتا دونیا دونیابێت و من مابم) پەیمان نادەم بە دوو کەس (واتە: بە جارێک و لە یەک کاتا پەیمان و بەیعەت نادەم بە دوو کەس) پێی گوترا: دەی لە دەرگایەوە بڕۆ ژوورەوە و لەویتر بڕۆ دەرەوە (بۆ ئەوەی خەڵکی وابزانن تۆ چویتە ژوورەوە و بەڵێن و پەیمان و بەیعەتت داوە) سەعید فەرمووی: بەخوا کارێک ناکەم یەک کەس چاووم لێ بکات (و خەڵکی وابزانن پەیمان و بەیعەتم داوە و ئەوانیش بێن و بەیعەت بدەن) دەفەرموێت: لەسەر ئەوە شۆرتێکی لە موو چنراویان لە پێی سەعید کرد و سەد داریان لێدا.

٢٢٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُؤَمَّلٌ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ حدثنا شَيْخٌ مِنْ قُرَيْش يُقَالُ له الْوَلِيدُ بْنُ الْمُغِيرَةِ قَالَ: قَالَ لي سَعِيدُ بْنُ الْمُسَيَّبِ: «عَلَيْكَ بِالْعُزْلَةِ فَإِنَّهَا عِبَادَةٌ وَعَلَيْكَ بِالشَّوَاءِ الْحَرَمِ قَالَ أَبِي يَعْنِي أَطْرَافَهَا فَإِنْ كَانَتْ حَسَنَةٌ كَانَتْ فِي الْحَرَمِ وَإِنْ كَانَتْ سَيِّئَةٌ كَانَتْ فِي الْحِلِّ فَإِنَّهُ بَلَغَنِي أَنَّ أَهْلَ مَكَّةَ أَوْ سَاكِنَ مَكَّةَ لَنْ يَهْلِكُوا حَتَّى يَكُونَ الْحَرَمُ عِنْدَهُمْ بِمَنْزِلَةِ الْحِلِّ».

واتە: موئەممیل لە سوفیانەوە لە پیاوێکی قورەیشیەوە کە پێیان دەگوت: وەلیدی کوڕی موغیرە فەرمووی: سەعیدی کوڕی موسەییب پێی گوتم: گۆشەگیری هەڵبژێرە؛ گۆشەگیری خواپەرستییە.. لە پەڕی حەرەمی مەککەوە گۆشەگیری بکەو دانیشە؛ ئەگەر کاری چاکت کرد لەناو سنوری مەککەدا بیکە؛ ئەگەریش خراپەت کرد برۆ دەرەوەی سنوری مەککە؛ چونکە بیستوومە خەڵکی مەککە تیاناچن هەتا ئەوکاتەی کە سنوری حەرەم و دەرەوەی سنوری حەرەمیان بەلاوە وەک یەک لێدێ و گوێ نادەنە سنوری حەرەم!

٢٢٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا كَثِيرُ بْنُ هِشَام، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ بُرْقَانَ، حَدَّثَنَا مَيْمُونُ بْنُ مِهْرَانَ، أَنَّ عَبْدَ الْمَلِك بْنَ مَرْوَانَ، قَدِمَ الْمَدِينَةَ فَاسْتَيْقَظَ مِنْ قَائِلَتِه فَقَالَ لِحَاجِبِه: انْظُرْ هَلْ فِي الْمَسْجِد أَحَدٌ مِنْ حُدَّاثِي فَخَرَجَ فَلَمْ يَرَ فِيهِ أَحَدًا إِلَّا سَعِيدَ بْنَ الْمُسَيَّبِ فَأَشَارَ إِلَيْه بِأُصْبُعِه فَلَمْ يَتَحَرَّكْ سَعِيدٌ ثُمَّ أَتَاهُ فَقَالَ أَلَمْ تَرَنِي أُشِيرُ إِلَيْكَ قَالَ: وَمَا حَاجَتُكَ قَالَ اسْتَيْقَظَ أَمِيرُ الْمُؤْمِنِينَ فَقَالَ انْظُرْ فِي الْمَسْجِد أَحَدًا مِنْ حُدَّاثِي فَقَالَ سَعِيدُ بْنُ الْمُسَيَّبِ: إِنِّي لَسْتُ مِنْ حُدَّاثِه فَخَرَجَ الْحَاجِبُ فَقَالَ: مَا وَجَدْتُ فِي الْمَسْجِد إِلَّا شَيْخًا أَشَرْتُ إِلَيْه فَلَمْ يَقُمْ ثُمَّ قُلْتُ إِنَّ أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ سَأَلَ قَالَ: انْظُرْ هَلْ تَرَى أَحَدًا مِنْ حُدَّاثِي قَالَ: فَإِنِّي لَسْتُ مِنْ حُدَّاثِ أَمِيرِ الْمُؤْمِنِينَ قَالَ عَبْدُ الْمَلِك: «ذَاكَ سَعِيدُ بْنُ الْمُسَيَّبِ دَعْهُ».

واتە: کەثیری کوڕی هیشام لە جەعفەری کوڕی بورقانەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: مەیمونی کوڕی میهران گێڕایەوە کە عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان هاتە مەدینەو دوای ئەوەی لە چێشتەنگاخەو هەستا بە پاسەوانەکەی گوت: برۆ بۆ مزگەوت بزانە کەسێ لێیە بێت و لەگەڵ منا قسە بکات! پاسەوانەکە ڕۆیشت و کەسی لە مزگەوتدا نەبینی جگە لە سەعیدی کوڕی موسەییب؛ بە پەنجە ئاماژەی بە سەعید دا کە بڕوا بۆ لای؛ سەعید لە جێگای خۆی نەجولا؛ پاسەوانەکە ڕۆیشت بۆ لای سەعیدو گوتی: ئەوە نامبینی بە پەنجە ئاماژەت بۆ دەکەم کە بێی بۆ لام؟ سەعید فەرمووی: چ کارت بە منە؟ پاسەوانەکە گوتی: گەورەمان لەخەو هەستاوە و فەرمووی بزانە کەس لە مزگەوتایە بانگی بکەی پێکەوە دوو قسە بکەین؟! سەعید فەرمووی: من قسە لەگەڵ گەورەتا ناکەم! پاسەوانەکە ڕۆیشتەوە و گوتی: قوربان کەس لە

مزگەوتدا نەبوو جگە لە پیاوێکی پیرو بە پەنجە ئاماژەم بۆ کرد بێت بۆ لام نەهات و من ڕۆیشتم بۆ لای ئەوو پێمگوت: گەورەمان فەرموویەتی بزانە کەس لە مزگەوتدا دەبینی بێت و دوو قسەم لەگەلا بکات؛ بەلام ئەو گوتی: من قسە لەگەڵ گەورەتا ناکەم! عەبدولملیك گوتی: لێیگەڕێ ئەوە سەعیدی کوڕی موسەییبە.

٢٢٦١ - حَدَّثَنِي عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي حَفْصُ بْنُ مُحَمَّد، منْ أَهْلِ رَأْسِ الْعَيْنِ، حَدَّثَنَا ابْنُ أَبِي مَرْيَمَ، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ بِلَالٍ، حَدَّثَنَا ابْنُ حَرْمَلَةَ قَالَ: سَمِعْتُ سَعِيدَ بْنَ الْمُسَيَّبِ، يَقُولُ: «لَقَدْ حَجَجْتُ أَرْبَعِينَ حَجَّةً».

واتە: حەفصی کوڕی موحەممەد کە خەڵکی ڕەئس عەین بوو لە کوڕی باوکی مەریەمەوە ئەویش لە سولەیمانی کوڕی بیلالەوە ئەویش لە کوڕی حەرمەلەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە سەعیدی کوڕی موسەییب بوو دەیفەرموو: چل جار حەجم کردووە.

٢٢٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي حُسَيْنُ بْنُ عَلِيٍّ، عَنْ عُمَرَ بْنِ ذَرٍّ قَالَ: لَقِيَنِي رَبِيعُ بْنُ أَبِي رَاشِدٍ فَأَخَذَ بِيَدِي فَتَنَحَّى بِي، فَقَالَ: يَا أَبَا ذَرٍّ «مَنْ سَأَلَ الله عَزَّ وَجَلَّ رِضَاهُ فَقَدْ سَأَلَه أَمْرًا عَظِيمًا».

واتە: حوسەینی کوڕی عەلی لە عومەری کوڕی زەڕڕەوە فەرموویەتی: ڕەبیعی کوڕی باوکی ڕاشید گەیشت بە من و دەستی گرتم و خۆی بەرەو لای من خەمانوو فەرمووی: ئەبوزەڕڕ! هەر کەسێ داوای ڕەزامەندیی خوای گەورە و میهرەبان بکات؛ ئەوە داوای شتێکی زۆر گەورە و مەزنی کردووە.

٢٢٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ وَاقِدٍ، عَنْ أُمِّ عَبْدِ الله، عَنْ أَبِيهَا خَالِدٍ أَنَّهُ قَالَ: «مِنْ دُعَاءِ الْإِجَابَةِ أَوْ قَالَ مَنْ أَرَادَ دُعَاءَ الْإِجَابَةِ إِذَا سَجَدَ قَلَبَ يَدَيْهِ ثُمَّ دَعَا».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی واقید لە دایکی عەبدوڵڵاوە ئەویش لە باوکی خۆیەوە واتە خالیدەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: یەکێک لەو نزایانەی کە گیرایە.. یان فەرمووی: هەر کەسێ دەیەوێ نزای گیرا بێ؛ کاتێ سەجدەی برد دەستەکانی وەرگەڕێنێتەوە و دوایی بپاڕێتەوە.

٢٢٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي عَبْدُ الله بنُ الْحَارِث، حَدَّثَنِي ثَوْرُ بْنُ يَزِيدَ، عَنْ خَالِدِ بْنِ مَعْدَانَ قَالَ: «إِنَّ لله تَبَارَكَ وَتَعَالَى فِي الْأَرْضِ آنِيَةً وَأَحَبُّ آنِيَةِ الله إِلَيْهِ مَا رَقَّ مِنْهَا وَصَفَا، وَآنِيَةُ الله فِي الْأَرْضِ قُلُوبُ عِبَادِهِ الصَّالِحِينَ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی حارث لە ئەوری کوڕی یەزیدەوە ئەویش لە خالیدی کوڕی مەعدانەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: بەڕاستی خوای گەورە لە سەرزەویدا دەفری هەیە؛ خۆشەویسترین دەفری خوای گەورەش ئەوانەیە کە نەرم و سفن؛ دەفری خوای گەورە لەسەرزەویدا دڵی بەندە چاکەکانییەتی.

٢٢٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو الْمُغِيرَةِ، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ خَالِدِ بْنِ مَعْدَانَ: «إِذَا فُتِحَ لأَحَدِكُمْ بَابُ الْخَيْرِ فَلْيُسْرِعْ إِلَيْهِ فَإِنَّهُ لاَ يَدْرِي مَتَى يُغْلَقُ عَنْهُ».

واتە: باوکی موغیرە لە جەریرەوە ئەویش لە خالیدی کوڕی مەعدانەوە فەرموویەتی: هەر کاتێ دەرگایەکی خێرو چاکە لەسەر یەکێکتان کرایەوە؛ با بە پەلە بەرەوڕوی بڕوات؛ چونکە نازانێ کەی و چ کاتێ لەسەری دادەخرێت.

٢٢٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مِسْكِينُ بْنُ بُكَيْرٍ، حَدَّثَنَا الْأَوْزَاعِيُّ، عَنْ بِلَالِ بْنِ سَعْدٍ قَالَ: «أَدْرَكْتُ النَّاسَ يَتَحَاثُّونَ عَلَى الْأَعْمَالِ الصَّالِحَةِ الصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ وَفِعْلِ الْخَيْرِ وَالْأَمْرِ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّهْيِ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأَنْتُمُ الْيَوْمَ تَحَاثُّونَ عَلَى الرَّأْيِ».

واتە: مسکینی کوڕی بەکر لە ئەوزاعیەوە ئەویش لە بیلالی کوڕی سەعدەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: من خەڵکانێکم بینی هانی یەکتریان دەدا بۆ کردنی کاری چاکەی وەک نوێژو زەکات و کاری خێرو فرمان بە چاکەو نەهیی لە خراپە؛ کەچی ئێوە ئەمڕۆ یەکتری هان دەدەن بۆ ڕا دەربڕین!

٢٢٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ مُطِيعٍ، وَدَاوُدُ بْنُ رُشَيْدٍ قَالَ: حَدَّثَنَا الْأَوْزَاعِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ بِلَالَ بْنَ سَعْدٍ، يَقُولُ: «لَا تَنْظُرْ إِلَى صِغَرِ الْخَطِيئَةِ وَلَكِنْ انْظُرْ مَنْ عَصَيْتَ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی موتیع و داوودی کوڕی ڕەشید دەفەرموون: ئەوزاعی بۆی گێڕاینەوە فەرمووی: گوێم لە بیلالی کوڕی سەعد بوو دەیفەرموو: هەرگیز مەڕواننە بچووکیی تاوان؛ بەڵکوو سەیری ئەوە بکەن بزانن نافەرمانیی کێتان کردووە؟!

٢٢٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبُو مُوسَى الْأَنْصَارِيُّ، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ مُسْلِمٍ، حَدَّثَنَا الْأَوْزَاعِيُّ قَالَ: سَمِعْتُ بِلَالَ بْنَ سَعِيدٍ، يَقُولُ: «إِنَّ ذِكْرَكَ حَسَنَاتِكَ وَنِسْيَانَكَ سَيِّئَاتِكَ غِرَّةٌ».

واتە: باوکی مووسای ئەنصاری لە وەلیدی کوڕی موسلیمەوە ئەویش لە ئەوزاعییەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: گوێم لە بیلالی کوڕی سەعد بوو دەیفەرموو: ئەگەر تۆ باسی چاکەکانی خۆت بکەیت و خراپەکانت لە بیر بکەیت؛ ئەوە لەخۆبایی بوونە.

٢٢٦٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ مُطِيعٍ، وَدَاوُدُ بْنُ رُشَيْدٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ الْمُبَارَكِ، عَنِ الْأَوْزَاعِيِّ، عَنْ بِلَالِ بْنِ سَعْدٍ قَالَ: «كَفَى بِهِ ذَنْبًا أَنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يُزَهِّدُنَا فِي الدُّنْيَا وَنَرْغَبُ فِيهَا».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی موتیع و داوودی کوڕی ڕەشید لە عەبدوڵڵای کوڕی موبارەکەوە ئەویش لە ئەوزاعیەوە ئەویش لە بیلالی کوڕی سەعدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ئەوە بەسە وەک تاوان لەسەرمان هەژمار بکرێ کە خوای گەورە هانمان دەدا پارسا بین و خۆمان لە دونیا دوور بخەینەوە؛ کەچی ئێمە بە پێچەوانەوە هەوڵ بۆ دونیا دەدەین!

٢٢٧٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبُو كُرَيْبٍ، حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ بْنُ يَزِيدَ بْنِ جَابِرٍ، عَنْ بِلَالِ بْنِ سَعْدٍ قَالَ: «بَلَغَنِي أَنَّ الْمُسْلِمَ، مَرْآةُ أَخِيهِ فَهَلْ تَسْتَرِيبُ مِنْ أَمْرِي شَيْئًا».

واتە: باوکی کورەیب لە موبارەکی کوڕی یەزیدی کوڕی جابرەوە ئەویش لە بیلالی کوڕی سەعدەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: بیستوومە موسوڵمان ئاوێنەی موسوڵمانە؛ ئا بزانە گومانت لە چ کارێکی من هەیە خراپ بێ؟!

٢٢٧١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ قَالَ: سَمِعْتُ الْأَوْزَاعِيَّ، يَقُولُ: سَمِعْتُ بِلَالَ بْنَ سَعْدٍ، يَقُولُ: «لَا تَكُنْ وَلِيَّ اللهِ فِي الْعَلَانِيَةِ وَعَدُوَّهُ فِي السِّرِّ».

واتە: وەلید دەفەرموێت: گوێم لە ئەوزاعی بوو دەیفەرموو: گوێم لە بیلالی کوڕی سەعد بوو دەیفەرموو: نەکەی بە ڕواڵەت دۆستی خوای گەورە بیت و لە پەنهانیشا دوژمنی خوای گەورە بی!

٢٢٧٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، سَمِعْتُ الْوَلِيدَ بْنَ مُسْلِمٍ، يَقُولُ: سَمِعْتُ الْأَوْزَاعِيَّ، يَقُولُ: سَمِعْتُ بِلَالَ بْنَ سَعْدٍ، يَقُولُ: «وَاللهِ لَكَفَى بِهِ ذَنْبًا أَنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يُزَهِّدُنَا فِي الدُّنْيَا وَنَحْنُ نَرْغَبُ فِيهَا فَزَاهِدُكُمْ رَاغِبٌ وَعَالِمُكُمْ جَاهِلٌ وَعَابِدُكُمْ مُقَصِّرٌ».

واتە: وەلیدی کوڕی موسلیم دەفەرموێت: گوێم لە ئەوزاعی بوو دەیفەرموو: گوێم لە بیلالی کوڕی سەعد بوو دەیفەرموو: بەخوا ئەوە بەسە وەک تاوان لەسەرمان هەژمار بکرێ کە خوای گەورە هانمان دەدا پارسا بین و خۆمان لە دونیا دوور بخەینەوە؛ کەچی ئێمە بە پێچەوانەوە هەوڵ بۆ دونیا دەدەین؛ ئەوەتا خۆپارێزەکەتان هەوڵ بۆ دونیا دەدا؛ زاناکەتان نەفام و نەزانە؛ خواپەرستەکەتان کەمتەرخەمە!

٢٢٧٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي الْوَلِيدُ قَالَ: سَمِعْتُ الْأَوْزَاعِيَّ، يَقُولُ: سَمِعْتُ بِلَالَ بْنَ سَعْدٍ، يَقُولُ: «أَخٌ لَكَ لَقِيَكَ ذَكَّرَكَ حَظَّكَ مِنَ الله خَيْرٌ لَكَ مِنْ أَخٍ كُلَّمَا لَقِيَكَ وَضَعَ فِي فِيكَ دِينَارًا».

واتە: وەلید بۆی گێرامەوە فەرمووی: گوێم لە ئەزاعی بوو دەیفەرموو: گوێم لە بیلالی کوڕی سەعد بوو دەیفەرموو: برادەرێکت هەبێ و هەر جارێ گەیشتی پێی ئەوەت بۆ باس بکات کە لە لایەن خوای گەورە چیت پێ دەبڕێ؛ لەو برادەرە باشترە کە هەر جارێ بگات پێت دینارێک بخاتە دەمتەوە (واتە: دینارێکت پێ بدا بۆ ئەوەی بیدەی بە خۆراك و بیخۆی).

٢٢٧٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ قَالَ: قَالَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ يَزِيدَ بْنِ تَمِيمٍ سَمِعْتُ بِلَالَ بْنَ سَعْدٍ، يَقُولُ: «يَا أَهْلَ الْخُلُودِ وَيَا أَهْلَ الْبَقَاءِ إِنَّكُمْ لَمْ تُخْلَقُوا لِلْفَنَاءِ وَإِنَّمَا تَنْتَقِلُونَ مِنْ دَارٍ إِلَى دَارٍ كَمَا نُقِلْتُمْ مِنَ الْأَصْلَابِ إِلَى الْأَرْحَامِ وَمِنَ الْأَرْحَامِ إِلَى الدُّنْيَا وَمِنَ الدُّنْيَا إِلَى الْقُبُورِ وَمِنَ الْقُبُورِ إِلَى الْمَوْقِفِ وَمِنَ الْمَوْقِفِ إِلَى الْخُلُودِ».

واتە: وەلید فەرمووی: عەبدولڕەحمانی کوڕی یەزیدی کوڕی تەمیم فەرمووی: گوێم لە بیلالی کوڕی سەعد بوو دەیفەرموو: ئەی ئەوانەی کە نافەوتێن! ئەی ئەوانەی کە هەر دەمێننەوە! ئێوە بۆ گۆڕانی دروست نەکراوون؛ ئێوە لە ژیانێکەوە دەچن بۆ ژیانێکیتر؛ وەک چۆن لە پشتی باوکتانەوە ڕۆیشتون بۆ زگی دایکتان و لە زگی دایکتانەوە هاتوون بۆ دونیا؛ لە دونیاشەوە دەچن بۆ گۆڕو لە گۆڕو دەچن بۆ گۆڕەپانی وەستان و مەحشەر و لەوێشەوە بۆ ژیانی هەتا هەتایی.

٢٢٧٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ جَابِرٍ قَالَ: سَمِعْتُ بِلَالَ بْنَ سَعْدٍ، يَقُولُ: لَمَّا احْتُضِرَ أَبِي سَعْدٌ قَالَ يَا بُنَيَّ أَيْنَ بَنُوكَ؟ قَالَ: فَأَمَرْتُ أَهْلِي فَأَلْبَسْتُهُمْ قُمُصًا بِيضًا ثُمَّ أَدْنَيْتُهُمْ مِنْهُ فَقَبَّلَهُمْ وَشَمَّهُمْ ثُمَّ قَالَ: «اللهمَّ إِنِّي أُعِيذُهُمْ بِكَ مِنَ الْكُفْرِ وَضَلَالَةِ الْعَمَى وَمِنَ النِّسَاءِ وَالْفَقْرِ إِلَى بَنِي آدَمَ».

واتە: وەلیدی کوڕی جابر فەرمووی: گوێم لە بیلالی کوڕی سەعد بوو دەیفەرموو: کاتێ باوکی سەعد کەوتە ئاڵتی سەرەمەرگەوە فەرمووی: کوڕم! کوان کوڕەکانت؟ منیش بە خێزانم گوت کراسی سپیهان کردە بەری هەموویان و هێنامن بۆ لای باوکم و هەموویانی ماچ کرد و دوایی فەرمووی: خوایە! من ئەمانە پەنا دەدەم بە تۆ لە کوفرو لە گومڕایی کوێرانەو لە ژنان (واتە: تووشی داوێن پیسی نەبن) و لە هەژاری و ئاتاج بوونی مرۆڤ!

٢٢٧٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو بَكْرِ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَك، عَنِ الْأَوْزَاعِيِّ، عَنْ بِلَال بْن سَعْد قَالَ: «أَدْرَكْتُهُمْ يَشْتَدُّونَ بَيْنَ الْأَغْرَاضِ وَيَضْحَكُ بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ فَإِذَا كَانَ اللَّيْلُ كَانُوا رُهْبَانًا».

واتە: ئەبوبەکری کوری باوکی شەیبە لە کوڕی موبارەکەوە ئەویش لە ئەزاعییەوە ئەویش لە بیلالی کوڕی سەعدەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: من کەسانێکم دیوە بە ڕۆژا بو دوای شتی خۆیانا دەگەڕان و بەدەم یەکەوە پێدەکەنین؛ کە شەو دادەهات هەموویان دەبوون بە ڕوهبان و پارسا (واتە: بە ڕۆژا ئاسایی بوون و وەکوو هەموو خەڵکی تر بو دوای ژیانوە بوون و بە شەوا تا بەیانی خەریکی خواپەرستی و هەوڵدان بۆ قیامەت بوون).

٢٢٧٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو صَالِح الْحَكَمُ بْنُ مُوسَى، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ الْمُبَارَك، عَنِ الْأَوْزَاعِيِّ قَالَ: سَمِعْتُ بِلَالَ بْنَ سَعْد، يَقُولُ: «رُبَّ مَسْرُورٍ مَغْبُونٌ وَلَا يَشْعُرُ، يَأْكُلُ وَيَشْرَبُ وَيَضْحَكُ وَقَدْ حَقَّ لَه فِي كِتَابِ الله أَنَّهُ مِنْ وَقُودِ النَّارِ».

واتە: بـاوکی صـاڵەح واتە: حەکەمـی کـوڕی مووسـا لە عەبـدوڵڵای کـوڕی موبـارەکەوە ئەویش لە ئەزاعیەوە گێرایەوە فەرموویەتی: گوێم لە بیلالی کوڕی سەعد بوو دەیفەرموو: زۆر کەسی دڵخۆش هەیە زەرەرمەندەو خۆی نازانێ؛ دەخواو دەخواتەوە و پێدەکەنێ؛ یەکێکە لەو کەسانەی کە لە قورئاندا بڕیاری دۆزەخیان بۆ دراوە!

٢٢٧٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، أَنْبَأَنَا حَرِيزُ بْنُ عُثْمَانَ، حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ سُمَيْرٍ قَالَ: سَمِعْتُ كَثِيرَ بْنَ مُرَّةَ، يَقُولُ: «لَا تَحَدَّثِ الْحِكْمَةَ عِنْدَ السُّفَهَاءِ فَيُكَذِّبُوكَ، وَلَا تَحَدَّثِ الْبَاطِلَ عِنْدَ الْحُكَمَاءِ فَيَمْقُتُوكَ، وَلَا تَمْنَعِ الْعِلْمَ أَهْلَه فَتَأْثَمَ وَلَا تُحَدِّثْهُ غَيْرَ أَهْلِه فَتُجَهَّلَ، إِنَّ عَلَيْكَ فِي عِلْمِكَ حَقًّا كَمَا عَلَيْكَ فِي مَالِكَ حَقًّا».

واتە: یەزیدی کوڕی هارون لە حەریزی کوڕی عوسمانەوە ئەویش لە سولەیمانی کوڕی سومەیرەوە فەرموویەتی: گـوێم لە کەثیری کـوڕی مـوڕڕە بـوو دەیفەرمـوو: هەرگیـز لە لای مرۆڤە نەفامەکانا قسەی دانایانە مەکە؛ چونکە باوەڕت پێ ناکەن و بە درۆزنت دەزانن؛ لە لای دانایانیشا قسەی پڕوپوچ مەکە با ڕقت لێ هەڵنەگرن؛ هەرگیز زانست لە کەسی فێرخواز مەنع مەکە با تاوانبار نەبی؛ زانست لە لای کەسی ناکەسا دەرمەخە با بە نەفامت نەزانن؛ بەڕاستی

زانستەکەت مافی بەسەرتەوە هەیە؛ وەک چۆن سەروەت و سامانەکەت مافیان بەسەرتەوە هەیە! (واتە: وەک چۆن سەروەت و سامانت هەبێ دەبێ زەکات بدەی؛ ئاوا ئەگەر زانستیشت هەبوو دەبێ زەکاتی زانستەکەت بدەی؛ زەکاتی زانستیش ئەوەیە کە خەڵکی فێری ئەو زانستە بکەیت).

٢٢٧٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو الْيَمَانِ، حَدَّثَنَا صَفْوَانُ بْنُ عَمْرٍو، عَنِ الضَّحَّاكِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَرْزَمٍ، أَنَّهُ كَانَ إِذَا فَرَغَ مِنْ خُطْبَتِهِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَأَرَادَ أَنْ يَهْبِطَ عَنِ الْمِنْبَرِ قَالَ: «اللهَ اللهَ فِي يَتَامَاكُمْ، اللهَ اللهَ فِي أَرَامِلِكُمْ، اللهَ اللهَ فِيمَنْ لَا أَحَدَ له إِلَّا الله».

واتە: صەفوانی کوڕی عەمر لە زەححاکی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەزرەمەوە فەرموویەتی: کاتێ لە وتاری ڕۆژی هەینی دەبویەوە و دەیەویست لە مینبەرەکەی بێتە خوارەوە دەیفەرموو: الله الله بیکەنە خاتری خوا ئاگاتان لە منالّی هەتیو بێ! بیکەنە خاتری خوا ئاگاتان لە بێوەژن بێ! بیکەنە خاتری خوا ئاگاتان لەو کەسانە بێ کە جگە لە خوای گەورە هیچ کەسێکیتریان نییە!

٢٢٨٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي جَعْفَرُ بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ فُضَيْلٍ، مِنْ أَهْلِ رَأْسِ الْعَيْنِ، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ عَبْدِ رَبِّهِ، حَدَّثَنَا بَقِيَّةُ قَالَ: سَمِعْتُ رَاشِدَ بْنَ أَبِي رَاشِدٍ، يَقُولُ: كَانَ يَزِيدُ بْنُ مَيْسَرَةَ يَقُولُ: «لَا تَضُرُّ نِعْمَةٌ مَعَهَا شُكْرٌ وَلَا بَلَاءٌ مَعَهُ صَبْرٌ وَلَا بَلَاءٌ فِي طَاعَةٍ، طَاعَةُ الله خَيْرٌ مِنْ نِعْمَةٍ فِي مَعْصِيَةِ الله».

واتە: جەعفەری کوڕی موحەممەدی کوڕی فوزەیل کە خەڵکی ڕەئسولعەین بوو لە یەزیدی کوڕی عەبدڕەبیهی ئەویش لە بەقییە گێڕایەوە فەرموویەتی: گوێم لە ڕاشیدی کوڕی باوکی ڕاشید بوو دەیفەرموو: یەزیدی کوڕی مەیسەرە دەیفەرموو: هەر نازونیعمەتێک کە سوپاسگوزاریی لەپاڵدا بێت بێ زیان دەبێت؛ هەر بەلاّ و موسیبەتێک سەبری لەگەڵدا بێت زیانی نابێت؛ هەر بەلاّ و موسیبەتێکیش خواپەرستی لەگەڵدا بێت زیانی نابێت؛ خواپەرستی باشترە لە نازونیعمەتێک کە تاوانی لەگەلا بێت.

٢٢٨١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ حَبِيبِ بْنِ عُبَيْدٍ الرَّحَبِيِّ قَالَ: «تَعَلَّمُوا الْعِلْمَ وَاعْقِلُوهُ وَانْتَفِعُوا بِهِ وَلَا تَعَلَّمُوهُ لِتَجَمَّلُوا بِهِ فَإِنَّهُ يُوشِكُ إِنْ طَالَ بِكُمْ عُمْرٌ أَنْ يَتَجَمَّلَ ذُو الْعِلْمِ بِعِلْمِهِ كَمَا يَتَجَمَّلُ ذُو الْبِزَّةِ بِبِزَّتِهِ».

واتە: هاشم لە جەریرەوە ئەویش لە حەبیبی کوڕی عوبەیدی ڕەحەبییەوە فەرموویەتی: فێری زانست ببن و لێی تێبگەن و سودی لێ وەربگرن و بۆ ئەوە خۆتان فێری زانست نەکەن خۆتانی پێ جوان بکەن! ئەگەر خوا تەمەنتان درێژ بکات خۆتان بە هۆی زانستەوە جوان دەبن؛ وەک چۆن کەسێک بە پۆشاکی نوێ و تازەوە جوان دەبێت!

٢٢٨٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي عُمَرُ بْنُ أَيُّوبَ، حَدَّثَنَا مُغِيرَةُ يَعْنِي ابْنَ زِيَادٍ، عَنْ مَكْحُولٍ قَالَ: " عَيْنَانِ لَا تَمَسُّهُمَا النَّارُ: عَيْنٌ بَكَتْ مِنْ خَشْيَةِ اللهِ وَعَيْنٌ بَاتَتْ مِنْ وَرَاءِ الْمُسْلِمِينَ ".

واتە: عومەری کوڕی ئەییوب لە موغیرەی کوڕی زیادەوە ئەویش لە مەکحولەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: دوو چاو هەن کە ئاگری دۆزەخیان بەر ناکەوێ؛ چاوێ کە لە ترسی خوای گەورە گریابێ؛ چاوێکیش چاوپۆشی لە موسوڵمانان کردبێ (واتە: لە خراپەکانیان ببورێ یان چاوپۆشی لە خراپەکانیان بکات).

٢٢٨٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا مَعْمَرُ بْنُ سُلَيْمَانَ الرَّقِّيُّ، حَدَّثَنَا أَبُو الْمُهَاجِرِ، اسْمُهُ سَالِمٌ عَنْ مَكْحُولٍ الدِّمَشْقِيِّ قَالَ: «أَرَقُّ النَّاسِ قُلُوبًا أَقَلُّهُمْ ذُنُوبًا».

واتە: مەعمەری کوڕی سولەیمانی ڕەققی لە بواکی موهاجیرەوە کە ناوی سالم بوو؛ ئەویش لە مەکحولەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: دڵنەرمترین کەس ئەو کەسەیە کە کەمترین تاوانی هەیە!

٢٢٨٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حَجَّاجُ بْنُ مُحَمَّدٍ الْأَعْوَرُ، حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ، عَنْ مَكْحُولٍ قَالَ: «الْمُؤْمِنُونَ هَيِّنُونَ لَيِّنُونَ مِثْلَ الْجَمَلِ الْأَنِفِ إِنْ قُدْتَهُ انْقَادَ وَإِنْ أَنَخْتَهُ عَلَى صَخْرَةٍ اسْتَنَاخَ».

واتە: حەججاجی کوڕی موحەممەدی ئەعوەر لە سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیزەوە ئەویش لە مەکحولەوە گێڕایەوە فەرمووی: باوەڕداران نەرم و نیان و باوەڕدارن؛ وەک ئەو وشترەن کە ڕەشۆ لە لوتیان بەسراوە؛ ئەگەر بیاندەیتە بەر دەدرێنە بەر؛ ئەگەریش لەسەر تاشە بردێکیش یخیان بدەی یخ دەبن (واتە وەک چۆن وشتر گوێڕایەڵی خاوەنەکەیتی ئاوا ئەوانیش گوێڕایەڵی بەرنامەو فرمانی خوای گەورەن).

٢٢٨٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا كَثِيرُ بْنُ هِشَام، حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ بُرْقَان، قَالَ صَالِحُ بْنُ مِسْمَار: «وَلَنِعْمَةُ الله عَلَيْنَا فِيمَا زَوَى عَنَّا مِنَ الدُّنْيَا أَفْضَلُ مِنْ نِعْمَتِهِ عَلَيْنَا فِيمَا بَسَطَ عَلَيْنَا مِنْهَا».

واتە: کەثیری کوڕی هیشام لە جەعفەری کوڕی بورقانەوە ئەویش لە صالّحی کوڕی میسمارەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: ئەو نازونیعمەتەی خوای گەورە کە بۆی هەڵگرتوین بۆ قیامەت و لە دونیادا پێی نەداوین؛ زۆر لەوانە باشترە کە لە دونیادا پێمان دراوە.

٢٢٨٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ فَضْلٍ قَالَ: سَمِعْتُ ابْنَ شُبْرُمَةَ، يَتَمَثَّلُ بِهَذَا الْبَيْتِ:

حَتَّى مَتَى أَنْتَ فِي دُنْيَاكَ مُشْتَغِلٌ ... وَعَامِلُ الله عَنْ دُنْيَاهُ مَشْغُولُ.

واتە: موحەممەدی کوڕی فەزڵ فەرموویەتی: گوێم لە کوڕی شوبرومە بوو ئەم بەتە شیعرەی بە نموونە دەهێنایەوە:

هەتا کەنگێ بە دونیاوە سەرقاڵی پیاوی خودا ناپەرژێتە سەر دونیا

٢٢٨٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عُثْمَانُ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا أَبُو أُسَامَةَ، عَنْ إِسْمَاعِيلَ بْنِ زَرْبِيٍّ قَالَ: سَمِعْتُ سَعِيدَ بْنَ جُبَيْرٍ، يَقُولُ: «مَا زَالَ الْبَلَاءُ بِأَصْحَابِي حَتَّى رَأَيْتُ أَنْ لَيْسَ لِله عَزَّ وَجَلَّ فِيَّ حَاجَةٌ حَتَّى نَزَلَ فِيَّ الْبَلَاءُ».

واتە: عوسمانی کوڕی باوکی شەیبە لە باوکی ئوسامەوە ئەویش لە ئیسماعیلی کوڕی زەربییەوە فەرموویەتی: گوێم لە سەعیدی کوڕی جوبەیر بوو دەیفەرموو: بەڵا و موسیبەت بەردەوام یەخەی هاوڕێکانمی دەگرت و من لێیەوە دوور بووم؛ تا وام گومان برد کە خوای گەورە منی ناوێت بۆیە بەڵا و موسیبەت یەخەم ناگرێ؛ تا ئەو کاتەی بەڵا و موسیبەت یەخەی منیشی گرت (ئەوجا سوکناییم بۆ هات و دڵنیا بووم کە خوای گەورە منیشی دەوێ).

٢٢٨٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عُثْمَانُ، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ عُمَرَ بْنِ ثَابِتٍ قَالَ: «كَانَ لِأَبِي مُوسَى مُصْحَفٌ وَكَانَ يُسَمِّيهِ لُبَابَ الْفُؤَادِ».

واتە: عوسمان لە جەریرەوە ئەویش لە عومەری کوڕی ثابتەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: باوکی مووسا قورئانێکی هەبوو ناوی نابوو (لباب الفواد) واتە: کرۆکی دڵەکان.

٢٢٨٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عُثْمَانُ، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ لَيْثٍ، عَنْ مُجَاهِدٍ قَالَ: «كَانَ لِعَائِشَةَ رَحْمَةُ الله عَلَيْهَا مُصْحَفٌ وَكَانَتْ تُسَمِّيهِ الْمَجِيدَ».

واته: عوسمان له جەریرەوە ئەویش له لەیسەوە ئەویش له موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: دایە عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) قورئانێکی هەبوو ناوی نابوو (المجید).

٢٢٩٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبُو مَعْمَرٍ، حَدَّثَنِي سَيْفُ بْنُ هَارُونَ، عَنْ ضِرَارٍ، عَنْ مَاهَانَ قَالَ: «إِذَا دَخَلْتَ بَيْتًا لَيْسَ فِيهِ أَحَدٌ فَقُلِ السَّلَامُ عَلَيْنَا مِنْ رَبِّنَا».

واته: باوکی مەعمەر له سەیفی کوڕی هارونەوە ئەویش له زرارەوە ئەویش له ماهانەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: هەر کاتێ چویتە ماڵێکەوە و کەسی تیانەبوو بڵێ: سڵاومان لەسەر بێ؛ لەلایەن خوای گەورەوە بێت.

٢٢٩١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ يَزِيدَ الْكُوفِيُّ، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ يَمَانٍ، عَنْ أَشْعَثَ، عَنْ جَعْفَرٍ قَالَ: قِيلَ لِسَعِيدٍ: مَنْ أَعْبَدُ النَّاسِ؟ قَالَ: رَجُلٌ اجْتَرَحَ مِنَ الذُّنُوبِ فَكُلَّمَا ذَكَرَ ذَنْبَهُ احْتَقَرَ عَمَلَه ".

واته: موحەممەدی کوڕی یەزیدی کوفی له یەحیای یەمانەوە ئەویش له ئەشعەثەوە ئەویش له جەعفەرەوە فەرموویەتی: بە سەعید گوترا: کێ له هەمووان زیاتر خواپەرستە؟ فەرمووی: ئەو کەسەی تاوان دەکات؛ بەڵام هەر جارێ تاوانەکانی خۆی وەبیر هاتەوە هەموو کار و کردەوە و خواپەرستییەکانی خۆی پێ کەمە.

٢٢٩٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبُو مَعْمَرٍ، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ أَشْعَثَ، أَوْ يَعْقُوبَ أَوْ كِلَاهُمَا عَنْ جَعْفَرٍ، يَعْنِي ابْنَ أَبِي وَحْشِيَّةَ عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ: " قَحَطَ الْمَطَرُ عَلَى عَهْدِ مَلِكٍ مِنَ الْمُلُوكِ - يَعْنِي مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ قَالَ: فَخَرَجَ النَّاسُ يَسْتَسْقُونَ، فَقَالَ: لَئِنْ لَمْ يَسْقِنَا لَأُغِيظَنَّهُ، قَالُوا: كَيْفَ تُغِيظُهُ، بِأَيِّ شَيْءٍ تُغِيظُهُ؟ قَالَ: أَقْتُلُ أَوْلِيَاءَهُ قَالَ: فَسُقُوا ".

واته: باوکی مەعمەر له جەریرەوە ئەویش له ئەشعەث یان له یەعقوبەوە یان له هەردوکیانەوە؛ ئەوانیش له جەعفەرەوە یانی: جەعەفەری کوڕی باوکی وەحشییە ئەویش له

سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: لە سەردەمی یەکێک لە پاشاکانی بەنی ئیسرائیلدا ووشکە ساڵی هات و باران نەباری؛ خەڵکی ڕۆیشتنە دەرەوە بۆ نوێژ بارانە؛ پاشاکە گوتی: ئەگەر خوای گەورە بارانمان بۆ نەبارێنێ ئەوا کارێک دەکەم تووڕەی بکەم! گوتیان: چۆن تووڕەی دەکەیت و بە چ شتێک تووڕە دەبێ؟ گوتی: دۆستەکانی خوا دەکوژم! دەفەرموێت: ئیتر باران باری!

٢٢٩٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ حُمَيْد الْأَعْرَج قَالَ: أَقْبَلَ ابْنٌ لِسَعِيد بْنِ جُبَيْرٍ فَقَالَ سَعِيدٌ: " إِنَّ أَحْسَنَ حَالَاته عِنْدي أَنْ يَمُوتَ فَأَحْتَسِبُهُ قَالَ ابْنُ عُيَيْنَةَ وَقَالَ ابْنُ أَيُّوبَ: كَانُوا يَرَوْنَهُ أَفْضَلَ مِنْ سَعِيد بْنِ جُبَيْرٍ.

واتە: باوکی مەعمەر لە سوفیانەوە ئەویش لە حەمیدی ئەعرەجەوە فەرموویەتی: کوڕێکی سەعیدی کوڕی جوبەیر هات و سەعید فەرمووی: باشترین حاڵەتی ئەم کوڕەی من ئەوەیە کە بمرێت و منیش سوپاسی خوای گەورە بکەم! کوڕی عویەینە دەفەرموێت: کوڕی ئەییوب دەیفەرموو: خەڵکی ئەو کوڕەی سەعیدیان لە سەعید پێ باشتر بوو.

٢٢٩٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا عِيسَى بْنُ يُونُسَ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ قَالَ: «كَانُوا يَسْتَحِبُّونَ أَنْ يَكُونَ، لِلشَّابِّ صَبْوَةٌ».

واتە: باوکی مەعمەر لە عیاسی کوڕی یونسەوە ئەویش لە ئەعمەشەوە ئەویش لە ئیبراهیمەوە فەرموویەتی: خەڵکی پێیان خۆشبوو کە گەنج گەپ و گاڵتەی گەنجانەی هەبێ!

٢٢٩٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا شَرِيكٌ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ بْنِ مُهَاجِر، عَنْ إِبْرَاهِيمَ قَالَ: «كَانُوا يَسْتَحِبُّونَ لِلْمَرِيضِ أَنْ يَجْهَدَ عِنْدَ الْمَوْتِ».

واتە: باوکی مەعمەر لە شەریکەوە ئەویش لە ئیبراهیمی کوڕی موهاجیرەوە ئەویش لە ئیبراهیمەوە فەرموویەتی: جاران پێیان خۆشبوو نەخۆش لە کاتی سەرەمەرگدا زۆر تووشی نارەحەتی ببێ (بۆ ئەوەی تاوانەکانی هەڵوەرێت و ئەو نارەحەتی و سەرەمەرگە ببێ بە کەفارەتی تاوانەکانی).

٢٢٩٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبو مَعْمَر، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، عَنْ مَنْصُور، عَنْ إِبْرَاهِيمَ، أَنَّهُ كَانَ يُحِبُّ شِدَّةَ النَّزْعِ ".

واته: باوكی مەعمەر لە وەكیعەوە ئەویش لە مەنصورەوە ئەویش لە ئیبراهیمەوە گێڕایەوە كە پێی خۆشبووە لە كاتی سەرەمەرگدا نارەحەت بێ!

٢٢٩٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو بَكْرِ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، وَحُسَيْنُ بْنُ يَزِيدَ، قَالَا: حَدَّثَنَا عَبْدُ السَّلَامِ بْنُ حَرْب، عَنْ خَلَفِ بْنِ حَوْشَبٍ قَالَ: قَالَ إِبْرَاهِيمُ: " مَا قَرَأْتُ يَعْنِي هَذِهِ الْآيَةَ إِلَّا ذَكَرْتُ بَرْدَ التُّرَاب وَقَرَأَ: ﴿وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ﴾سبأ: ٥٤ ".

واته: ئەبوبەكری كوڕی باوكی شەیبەو حوسەینی كوڕی یەزید دەفەرموون: عەبدولسەلامی كوڕی حەرب لە خەلەفی كوڕی حەوشەبەوە فەرموویەتی: ئیبراهیم فەرموویەتی: هیچ كاتێك ئەم ئایەتەم نەخوێندووەتەوە مەگەر ئەوەی كە ساردیی گڵم وەبیر هاتووەتەوە؛ ئەو ئایەتە كە دەفەرموێت: (مانای ئایەتەكە): لە نێوان ئەمان و ئارەزووەكانیانا بەربەست دانرا.

٢٢٩٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي هَارُونُ بْنُ مَعْرُوف، حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ شُجَاع، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنْ عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْمَلِك قَالَ: صَحِبَ ابْنَ مُحَيْرِيز رَجُلٌ بِالسَّاقَةِ بِأَرْضِ الرُّوم فَلَمَّا أَرَادَ أَنْ يُفَارِقَهُ قَالَ لَه ابْنُ مُحَيْرِيز أَوْصِنِي قَالَ: «إِنْ اسْتَطَعْتَ أَنْ تَعْرِفَ وَلَا تُعْرَفَ فَافْعَلْ وَإِنْ اسْتَطَعْتَ أَنْ تَسْأَلَ وَلَا تُسْأَلَ فَافْعَلْ وَإِنْ اسْتَطَعْتَ أَنْ تَمْشِيَ وَلَا يُمْشَى إِلَيْكَ فَافْعَلْ».

واته: هارونی كوڕی مەعروف لە وەلیدی كوڕی شوجاعەوە ئەویش لە زەمرەوە ئەویش لە عومەری كوڕی عەبدولمەلیكەوە فەرموویەتی: كوڕی موحەیریز لە خاكی ڕۆم بوو بە هاوڕێی پیاوێك؛ كاتێ كاتی لەیەك دابڕان هات كوڕی موحەیریز گوتی: ئامۆژگاریم بكە! پیاوەكە فەرمووی: ئەگەر دەتوانی بناسیت و نەناسرێی ئەوە وا بكە كە بناسیت و نەناسرێی! ئەگەر دەتوانی داوا بكەیت و داوات لێ نەكرێ ئەوا داوا بكەو با داوات لێ نەكرێ! ئەگەر دەتوانی بڕۆیت و نەیەن بۆلات؛ ئەوا بڕۆو با كەس نەیەت بۆلات!

٢٢٩٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ بَكَّار، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ الْمُبَارَك، عَنْ عَلِيِّ بْنِ طَلْق قَالَ: سَمِعْتُ ابْنَ مُحَيْرِيز، يَقُولُ: «مَنْ مَشَى بَيْنَ يَدَيْ أَبِيه فَقَدْ عَقَّهُ إِلَّا أَنْ يَمْشِيَ، فَيُمِيطُ الْأَذَى عَنْ طَرِيقِه وَمَنْ دَعَا أَبَاهُ بِاسْمِه أَوْ بِكُنْيَتِه فَقَدْ عَقَّهُ إِلَّا أَنْ يَقُولَ يَا أَبَت».

واتە: موحەممەدی کوڕی بەککار لە عەبدوڵڵای کوڕی موباڕەکەوە ئەویش لە عەلیی کوڕی تەڵقەوە فەرموویەتی: گوێم لە کوڕی موحەیریز بوو دەیفەرموو: هەر کەسێ پێش باوکی بکەوێ لە ڕێکردنا؛ ئەوە خراپەی لەگەڵ باوکیا کردووە؛ مەگەر بەو مەبەستە لێی پێشکەوێ کە ئەگەر شتێک لەسەر ڕێگای هەبوو لایبا.. هەر کەسێ باوکی بە ناوی خۆیەوە بانگ بکات؛ یان بە نازناوی خۆیەوە بانگی بکات؛ ئەوە خراپەی دەرهەق باوکی کردووە؛ مەگەر ئەوەی پێی بڵێ: باوکە!

٢٣٠٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَكَمُ بْنُ مُوسَى أَبُو صَالِحٍ، حَدَّثَنَا ضَمْرَةُ، عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي حَمَلَةَ، عَنْ مُسْلِمِ بْنِ يَسَارٍ، أَنَّهُ سَمِعَ رَجُلًا يَدْعُو عَلَى رَجُلٍ ظَلَمَهُ فَقَالَ لَهُ: «كِلِ الظَّالِمَ إِلَى ظُلْمِهِ فَإِنَّهُ أَسْرَعُ إِلَيْهِ مِنْ دُعَائِكَ عَلَيْهِ إِلَّا أَنْ يَتَدَارَكَهُ بِعَمَلٍ وَقَمِنٌ أَنْ لَا يَفْعَلَ».

واتە: حەکەمی کوڕی مووسا لە زەمرەوە ئەویش لە عەلیی کوڕی باوکی حەمەلەوە ئەویش لە موسلیمی کوڕی یەسارەوە گوێی لە پیاوێک بووە توك و نەفرەتی لە پیاوێک کردووە کە ستەمی لێ کردبوو؛ ئەمیش پێی گوت: ستەمکار هەواڵەی ستەمەکەی بکە! ستەمەکی لە توك و نەفرەتەکانی تۆ زوتر پێی دەگات؛ مەگەر ئەوەی کە کارێکی چاک بکات و پەشیمان بێتەوە و کەمێکیان هەن کە کاری چاک بکەن و پەشیمان ببنەوە!

٢٣٠١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ الْجَرَوِيُّ قَالَ: كَتَبَ إِلَيْنَا ضَمْرَةُ عَنْ رَجَاءِ بْنِ أَبِي سَلَمَةَ قَالَ: كَانَ ابْنُ مُحَيْرِيزٍ يَجِيءُ بِالْكِتَابِ إِلَى عَبْدِ الْمَلِكِ وَفِيهِ النَّصِيحَةُ فَيَقْرَؤُهُ إِيَّاهُ ثُمَّ لَا يُقِرُّهُ فِي يَدِهِ ".

واتە: حەسەنی کوڕی عەبدولعەزیزی جەرەوی دەفەرموێت: زەمرە بۆی نووسین لە ڕەجای کوڕی باوکی سەلەمەوە فەرموویەتی: کوڕی موحەیریز نامەی دەهێنا بۆ عەبدولمەلیك و ئامۆژگاریی تێدا بوو؛ بۆی دەخوێندەوە و دواییش نامەکەی نەدەدایە دەست عەبدولمەلیك!

٢٣٠٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ قَالَ: كَتَبَ إِلَيْنَا ضَمْرَةُ عَنْ يَحْيَى، عَنْ أَبِي عَمْرٍو الشَّيْبَانِيِّ، قَالَ كَانَ ابْنُ مُحَيْرِيزٍ إِذَا مُدِحَ فِي وَجْهِهِ غَضِبَ يَقُولُ مَا عِلْمُكَ مَا يُدْرِيكَ ".

واتە: حەسەن دەفەرموێت: زەمرە نامەیەکی بۆ ئێمە نووسی تێیدا فەرمووی: یەحیا لە باوکی عەمری شەیبانییەوە گێڕایەوە فەرمووی: کوڕی موحەیریز عادەتی وا بوو بە گژ ئەو کەسەدا دەچووەوە کە پەسنی بدایەو بە چاکە باسی بکردایە؛ دەیفەرموو: تۆ چوزانی؟ تۆ چۆن دەزانی؟ زانیاریت لە کوێ بوو؟

٢٣٠٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ، قَالَ كَتَبَ إِلَيْنَا ضَمْرَةُ عَنْ رَجَاءِ بْنِ أَبِي سَلَمَةَ قَالَ: قَالَ ابْنُ مُحَيْرِيزٍ: «لَأَنْ يَكُونَ فِي جِلْدِي بَرَصٌ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَلْبَسَ ثَوْبَ حَرِيرٍ».

واته: حەسەن دەفەرموێت: زەمرە نامەیەکی بۆ ئێمە نووسی فەرمووی: ڕەجای کوڕی باوکی سەلەمە فەرمووی: کوڕی موحەیریز فەرموویەتی: پێم خۆشە پێستم تووشی بەڵەکی ببێ بەڵام قوماشی ئاورێشم لەبەر نەکەم!

٢٣٠٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ، حَدَّثَنَا أَبُو حَفْصٍ، عَنِ الْأَوْزَاعِيِّ قَالَ: حَدَّثَنِي مَنْ، سَمِعَ ابْنَ مُحَيْرِيزٍ قَالَ: «مَنْ حَرَسَ لَيْلَةً فِي سَبِيلِ الله كَانَ لَهُ مِنْ كُلِّ إِنْسَانٍ وَدَابَّةٍ قِيرَاطٌ قِيرَاطٌ».

واته: حەسەنی کوڕی عەبدولعەزیز لە باوکی حەفصەوە ئەویش لە ئەوزاعیەوە فەرموویەتی: لە کەسێکم بیست کە ئەو کەسە لە کوڕی موحەیریزی بیستبوو فەرمووی: هەر کەسێ شەوێک لە پێناو ڕەزامەندی خوای گەورە پاسەوانی گرتبێ؛ ئەوا بوبێ بە پاسەوانی چەند کەس و چەند ئاژەڵ؛ هێندەی ئەو کەس و ئاژەڵانە قیرات قیرات چاکەی بۆ دەنووسرێت (قیرات پێوانەیەکە کە جۆراو جۆرە؛ ئەوەی کە مەبەستە ١٧٥ مەترە؛ واتە هەر قیراتێک ١٧٥ مەتری چوار گۆشەیە).

٢٣٠٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ، حَدَّثَنَا أَيُّوبُ بْنُ سُوَيْدٍ الرَّمْلِيُّ، حَدَّثَنَا أَبُو زُرْعَةَ، أَنَّ عَبْدَ الْمَلِكِ بَعَثَ إِلَى ابْنِ مُحَيْرِيزٍ بِجَارِيَةٍ فَتَرَكَ مَنْزِلَهُ فَلَمْ يَكُنْ يَدْخُلُهُ فَقِيلَ لَهُ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ نَفَيْتَ ابْنَ مُحَيْرِيزٍ عَنْ مَنْزِلِهِ قَالَ: وَلِمَ؟ قَالُوا: مِنْ أَجْلِ الْجَارِيَةِ الَّتِي بَعَثْتَ بِهَا إِلَيْهِ قَالَ: فَبَعَثَ عَبْدُ الْمَلِكِ فَأَخَذَهَا ".

واته: ئەیوبی کوڕی سوەیدی ڕەملی لە باوکی زورعەوە فەرموویەتی: عەبدولمەلیک کەنیزەیەکی بە دیاری نارد بۆ موحەیریز؛ موحەیریز ماڵی خۆیانی تەرك کرد و نەدەچویەوە بۆ ماڵ؛ دوایی بە عەبدولمەلیك گوترا: ئەی گەورەی باوەڕداران! موحەیریزت لە ماڵی خۆیان تۆراندووە؟ گوتی: بۆچی؟ گوتیان: لەبەر ئەو کەنیزەیەی کە بۆت ناردووە! عەبدولمەلیك ناردی کەنیزەکەیان لێ موحەیریز سەندەوە.

٢٣٠٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ، عَنْ ضَمْرَةَ، عَنْ رَجَاءِ بْنِ أَبِي سَلَمَةَ قَالَ: كَانَ ابْنُ مُحَيْرِيزٍ إِذَا غَزَا كَانَ أَعْجَبُ النَّفَقَةِ إِلَيْهِ فِي عَلَفِ الدَّوَابِّ ".

واتە: حەسەنی کوڕی عەبدولعەزیز لە زەمرەوە ئەویش لە ڕەجای کوڕی باوکی سەلەمەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: موحەیریز لە کاتی جەنگا خۆشەویسترین خێرو نەفەقە بەلایەوە ئەو پارەیە بوو کە دەیدا بە ئاڵف بۆ ئەسپەکەی!

٢٣٠٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ الْجُذَامِيُّ أَبو عَلِيٍّ الْجَرَوِيُّ قَالَ: كَتَبَ إِلَيْنَا ضَمْرَةُ عَنْ رَجَاءِ بْنِ جَمِيلٍ الْأَيْلِيِّ قَالَ: قَالَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَبْدٍ الْقَارِيُّ لِسَعِيدِ بْنِ الْمُسَيَّبِ حِينَ قُدِّمَتِ الْبَيْعَةُ لِلْوَلِيدِ وَسُلَيْمَانَ الْمَدِينَةَ مِنْ بَعْدِ أَبِيهِمَا: " إِنِّي مُشِيرٌ عَلَيْكَ بِخِصَالٍ ثَلَاثٍ قَالَ: وَمَا هِيَ قَالَ: تَعْتَزِلُ مَقَامَكَ فَإِنَّكَ تَقُومُ حَيْثُ يَرَاكَ هِشَامُ بْنُ إِسْمَاعِيلَ، أَوْ تَخْرُجُ مُعْتَمِرًا قَالَ: وَمَا كُنْتُ لِأُنْفِقَ مَالِي وَأُجْهِدَ بَدَنِي فِي شَيْءٍ لَيْسَ فِيهِ نِيَّةٌ قَالَ: فَمَا الثَّالِثَةُ؟ قَالَ: تُبَايِعُ، قَالَ أَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ الله عَزَّ وَجَلَّ أَعْمَى قَلْبَكَ كَمَا أَعْمَى بَصَرَكَ فَمَا عَلَيَّ؟ - قَالَ: وَكَانَ أَعْمَى - قَالَ رَجَاءٌ: فَدَعَاهُ هِشَامٌ إِلَى الْبَيْعَةِ فَأَبَى فَكَتَبَ فِيهَا إِلَى عَبْدِ الْمَلِكِ فَكَتَبَ إِلَيْهِ عَبْدُ الْمَلِكِ مَا لَكَ وَلِسَعِيدٍ مَا كَانَ عَلَيْنَا مِنْهُ شَيْءٌ نَكْرَهُهُ، فَأَمَّا إِذَا فَعَلْتَ فَاضْرِبْهُ ثَلَاثِينَ سَوْطًا وَأَلْبِسْهُ تُبَّانَ شَعْرٍ وَأَوْقِفْهُ لِئَلَّا يَقْتَدِيَ بِهِ النَّاسُ فَدَعَاهُ هِشَامٌ، فَأَبَى فَقَالَ: لَا أُبَايِعُ لِاثْنَيْنِ قَالَ: فَضَرَبَهُ ثَلَاثِينَ سَوْطًا وَأَلْبَسَهُ تُبَّانًا مِنْ شَعْرٍ وَأَوْقَفَهُ لِلنَّاسِ، قَالَ رَجَاءٌ: حَدَّثَنِي الْأَيْلِيُّونَ الَّذِينَ كَانُوا فِي الشُّرَطِ بِالْمَدِينَةِ قَالُوا: عَلِمْنَا أَنَّهُ لَا يَلْبَسُ تُبَّانًا طَائِعًا، فَقُلْنَا لَهُ: يَا أَبَا مُحَمَّدٍ إِنَّهُ الْقَتْلُ، فَاسْتُرْ عَوْرَتَكَ قَالَ: فَلَبِسَهُ قَالَ: فَلَمَّا ضُرِبَ فَتَبَيَّنَ لَهُ أَنَّا خَدَعْنَاهُ فَقَالَ: يَا مُعَجِّلَةَ أَهْلِ أَيْلَةَ لَوْلَا ظَنَنْتُ أَنَّهُ الْقَتْلُ مَا لَبِسْتُهُ ".

واتە: باوکی عەلی جەرەوی دەفەرموێت: زەمرە بۆی نووسیین لە ڕەجای کوڕی جەمیلی ئەیلییەوە فەرموویەتی: کاتێ عەبدولمەلیك ویستی خەڵکی بۆ بەیعەتدان و بەڵێندان بە کوڕانی خۆی واتە: وەلید و سولەیمان بانگ بکات و بەڵێنی ئەوەیان لێ بسێنێ کە دوای خۆی بەیعەت بە کوڕەکانی بدەن؛ عەبدولڕەحمانی کوڕی عەبدولقاری بە سەعیدی کوڕی موسەییبی گوت: من سێ بژاردەت پێ دەدەم! سەعید فەرمووی: چی و چی؟ گوتی: یان ئەوەتا واز لەم پلەو پایەی خۆت بێنی (واتە: نەچیتە مزگەوتەوە و وانە بە کەس نەڵێیتەوە و تەرکی خەڵکی بکەیت) چونکە هیشامی کوڕی ئیسماعیل دەتبینێ (هیشام کاربەدەستی کوڕانی عەبدولمەلیك بوو) یان بڕۆ بۆ عەمرەو خۆت خەریك بکە بە عەمرەوە.. سەعید فەرمووی: (واز

لە پلەو پایەیەک ناهێنم و تەرکی مزگەوت ناکەم لە کاتێکدا چل ساڵە خەریکی ئەو کارەم) سامانی خۆیشم خەرج ناکەم بۆ کارێ کە لە نییەتمدا نەبێت و خۆمی بۆ ماندوو ناکەم! ئەی بژاردەی سێیەم چییە؟ گوتی: بژاردەی سێیەم ئەوەیە کە بەیعەت بدەی! سەعید فەرمووی: ئەرێ تۆ دەزانی خوای گەورە وەک چۆن چاوتی کوێر کردووە ئاوا دڵیشتی کوێر کردووە؟. جا عەبدولڕەحمان نابیناو کوێر بوو. ڕەجا دەڵێ: هیشام بانگی سەعیدی کرد بۆ ئەوەی بڕوات و بەیعەت بە کوڕانی عەبدولمەلیك بدات؛ بەڵام سەعید نەڕۆیشت؛ هیشام سەبارەت بە سەرپێچی کردنی سەعید نامەیەکی بۆ عەبدولمەلیك نووسی؛ عەبدولمەلیك لە وەڵاما بۆ هیشامی نووسی و گوتی: لە سەعید گەڕێ؛ ئێمە هیچمان لە دڵا نییە بۆ سەعیدو ڕقمان لێی نییە؛ بەڵام گەر دەتەوێ ئەوا سی قامچیی لێ بدەو شۆرتێکی لەپێ بکەو بیوەستێنە با خەڵکی ببینن و کەس چاوی لێ نەکات و شوێنی نەکەوێت و سەرپێچی نەکات! هیشام بانگی سەعیدی کرد بۆ ئەوەی بەیعەت بدات؛ بەڵام سەعید فەرمووی: من لە یەک کاتا بەیعەت بە دوو کەس نادەم! دەڵێ: هیشام سی قامچیی لە سەعید داو شۆرتێکی لە موو چنراوی لەپێی سەعید کرد و لە ناوەڕاستی شارا وەستاندی بۆ ئەوەی خەڵکی ببینن (و خەڵکی چاو شکێن بکرێت) ڕەجا دەفەرموێت: ئەیلییەکان ئەوانەی کە لە مەدینەدا شورتەو پۆلیس بوون بۆیان گێرامەوە گوتیان: ئێمە دەمانزانی کە سەعید هەرگیز بە خۆشیی خۆی شۆرت و دەرپێ کورتە لەپێ ناکات؛ بۆیە کارێکمان کرد بە فێڵ لە پێی بکەین و پێمان گوت: باوکی موحەممەد! بۆ کوشتن و لەسێدارەدانت دەبەین! ئەم شۆرتە لەپێ بکە با لە کاتی لە سێدارەدانا عەورەتت دەرنەکەوێ! ئیتر ئەویش شۆرتەکەی لەپێ کرد؛ جا دوای ئەوەی لێیدراو بۆی دەرکەوت لەسێدارەی نادەن و فریویان داوە؛ فەرمووی: ئەی هەتیومچەکانی ئەیلە! گەر بمزانییایە نامکوژن هەرگیز شۆرتم لەپێ نەدەکرد!

٢٣٠٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبُو يُوسُفَ يَعْقُوبُ بْنُ حُمَيْدِ بْنِ كَاسِبٍ بِمَكَّةَ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ عَبْدِ اللهِ الْأُمَوِيُّ، حَدَّثَنَا الْحُسَيْنُ قَالَ: سَمِعْتُ عُتْبَةَ بْنَ الْأَخْنَسِ قَالَ: سَمِعْتُ سَعِيدَ بْنَ الْمُسَيِّبِ قَالَ: سَمِعْتُ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ، يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «مَنِ اعْتَزَّ بِالْعَبْدِ أَذَلَّهُ اللهُ».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵای ئەمەوی لە حوسەینەوە فەرموویەتی: گوێم لە عوتبەی کەڕی ئەخنەسەوە بوو دەیفەرموو: گوێم لە سەعیدی کوڕی موسەییبەوە بوو دەیفەرموو: گوێم لە عومەری کوڕی خەتتاب بوو دەیفەرموو: گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو دەیفەرموو: هەر کەسێ خۆی بە بەندەیەکی خوداوە عەزیز بکات و بە کەسێکەوە بنازێ پشتگیری بکات؛ خوای گەورە زەلیلی دەکات.

٢٣٠٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي حَجَّاجٌ، عَنِ الْمَسْعُودِيِّ، عَنِ ابْنِ عُتْبَةَ، عَنْ رَجَاءِ بْنِ حَيْوَةَ قَالَ: «مَا أَكْثَرَ رَجُلٌ ذِكْرَ الْمَوْتِ إِلَّا تَرَكَ الْفَرَحَ وَالْحَسَدَ».

واتە: حەججاج لە مەسعودییەوە ئەویش لە کوڕی عوتبەوە ئەویش لە ڕەجای کوڕی حەیوە فەرموویەتی: هیچ کەسێک نییە کە زۆر یاد و مردن بکاتەوە ئەگەر ئەوەی کە واز لە خۆشی و ئێرەیی دێنێ!

٢٣١٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو أُسَامَةَ، حَدَّثَنِي بَدْرُ بْنُ جَلِيلٍ الْأَسَدِيُّ، حَدَّثَنِي إِسْمَاعِيلُ بْنُ سَعِيدٍ قَالَ: " دَخَلْتُ عَلَى حَيَّةَ الْعُرَنِيِّ فَقَدَّمَ إِلَيَّ دُقَّةً وَرُطَبَةً يَعْنِي الْقَدَاحَ، فَقَالَ: كُلْ فَلَوْ كَانَ فِي الْبَيْتِ شَيْءٌ أَطْيَبُ مِنْ هَذَا لَأَطْعَمْتُكَ ثُمَّ قَالَ: كَانَ عَلِيٌّ عَلَيْهِ السَّلَامُ يَقُولُ: «إِذَا دَخَلَ عَلَيْكَ أَخُوكَ الْمُسْلِمُ فَأَطْعِمْهُ مِنْ أَطْيَبِ مَا فِي بَيْتِكَ فَإِنْ كَانَ صَائِمًا فَادَّهِنْهُ».

واتە: بەدری کوڕی جەلیلی ئەسەدی لە ئیسماعیلی کوڕی سەعیدەوە فەرموویەتی: ڕۆیشتم بۆ ماڵی حەییەی عورەنی هەندێ خوێی کوتراوو خورمای بۆ هێنام؛ فەرمووی: بخۆ! ئەگەر لە ماڵا لەم خواردنە باشترو پاکترمان هەبوایە ئەوەم بۆ دەهێنای.. دوایی فەرمووی: عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) دەیفەرموو: هەر کاتێ برادەرێکی باوەڕدارت هاتە ماڵەکەت ئەوا باشترین و پاکترین خۆراکی ماڵەکەتی پێ بدە؛ ئەگەر بەڕۆژوو بوو هەندێ چەوریی پێ بدە (با سەرو ڕیشی پێ چەور بکات).

٢٣١١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبُو هَمَّامٍ الْوَلِيدُ بْنُ شُجَاعٍ السَّكُونِيُّ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سُلَيْمَانَ الْأَصْبَهَانِيُّ، عَنِ ابْنِ أَبِي لَيْلَى، عَنِ الشَّعْبِيِّ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ مَسْعُودٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: [ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ] التكاثر: ٨ قَالَ: «الْأَمْنُ الصِّحَّةُ».

واتە: موحەممەدی کوڕی سولەیمانی ئەصفەهانی لە کوڕی باوکی لەیلاوە ئەویش لە شەعبییەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: مەبەست لە ئایەتی: ﴿ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ۝٨ ﴾ ئاسایش و لەشساغییە.

٢٣١٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبُو هَمَّامٍ، حَدَّثَنَا عُثْمَانُ بْنُ سَعْدِ بْنِ كَثِيرِ بْنِ دِينَارٍ، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ رَاشِدِ بْنِ سَعْدٍ قَالَ: قِيلَ له مَا النَّعِيمُ؟ قَالَ: طِيبُ النَّفْسِ، قِيلَ: فَمَا الْغِنَى؟ قَالَ: صِحَّةُ الْجَسَدِ ".

واتە: باوکی هەمام لە عوسمانی کوڕی سەعدی کوڕی کەسیری کوڕی دینارەوە ئەویش لە جەریرەوە ئەویش لە راشدی کوڕی سەعدەوە فەرموویەتی: لێیان پرسی: نەعیم و نازونیعمەت چییە؟ فەرمووی: نەفسێکی پاك.. گوترا: ئەی دەوڵەمەندی چییە؟ فەرمووی: لەشساغی!

٢٣١٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبو عَبْدِ اللهِ، مُحَمَّدُ بْنُ هِشَامٍ جَارُنَا، حَدَّثَنَا مُعْتَمِرُ بْنُ سُلَيْمَانَ، أَنْبَأَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ بِشْرٍ عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ مُجَاهِدٍ، عَنْ عُبَيْدِ بْنِ عُمَيْرٍ قَالَ: «إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يُعْطِي الدُّنْيَا مَنْ يُحِبُّ وَمَنْ لَا يُحِبُّ وَلَا يُعْطِي الدِّينَ إِلَّا مَنْ يُحِبُّ فَإِذَا أَحَبَّ اللهُ عَبْدًا أَعْطَاهُ الْإِيمَانَ فَمَنْ خَافَ الْعَدُوَّ أَنْ يُجَاهِدَهُ وَهَابَ اللَّيْلَ أَنْ يُكَابِدَهُ وَبَخِلَ بِالْمَالِ أَنْ يُنْفِقَهُ فَلْيُكْثِرْ مِنَ التَّسْبِيحِ وَالتَّحْمِيدِ وَالتَّهْلِيلِ».

سُئِلَ أَبو عَبْدِ الرَّحْمَنِ عَنِ الذَّبِيحِ فَقَالَ: «أَكْثَرُ الْحَدِيثِ إِسْمَاعِيلُ عَلَيْهِ السَّلَامُ كَانَ أَبِي رَحِمَهُ اللهُ يَمِيلُ إِلَى هَذَا».

واتە: باوکی عەبدوڵلا لە موحەممەدی کوڕی هیشامەوە ئەویش لە مەعمەری کوڕی سولەیمانەوە ئەویش لە عەبدوڵلای کوڕی بیشرەوە ئەویش لە ئەعمەشەوە ئەویش لە عوبەیدی کوڕی عەمرەوە فەرموویەتی: بەڕاستی خوای گەورە دونیا دەبەخشێ بەو کەسانە کە خۆشی دەوێن و بەوانەش کە ڕقی لێیانە؛ بەڵام بیرو باوەڕو ئیمان تەنیا بەوانە دەبەخشێ کە خۆشی دەوێن؛ جا ئەگەر خوای گەورەی بەندەیەکی خۆشویست و ئیمانی پێ بەخشی؛ بەڵام ئەو کەسە لە دوژمن دەترسا کە جەنگی لەگەڵدا بکات و نەیتوانی شەوبێداری بکات و پێی مانوو دەبوو و دەستی نەدەچوە سەروەت و سامانی خۆی بیکات بەخێر؛ با سبحان الله و الحمدلله و لا اله الا الله زۆر بکات.

جا لە بارەی ئەو کوڕەی پێغەمبەر ئیبراهیمەوە (سەلامی خوای لەسەر بێت) کە ویستی سەری ببڕێت و بیکا بە قوربانی؛ پرسیار لە باوکی عەبدولڕەحمان کرا فەرمووی: زۆربەی فەرموودەکان ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە کە ئەو کوڕەی ئیبراهیم پێغەمبەر(سەلامی خوای لەسەر بێت) ئیسماعیل بووە (سەلامی خوای لەسەر بێت) باوکیشم هەر پێی وا بوو ئیسماعیل بووە.

٢٣١٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو الْمُغِيرَة، حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ الْغَازِ، حَدَّثَنِي يُونُسُ الهرَمُ، عَنْ أَبِي مُسْلِم الْخَوْلَانِيِّ، أَنَّهُ نَادَى مُعَاوِيَةَ رَحِمَهُ الله ابْنَ أَبِي سُفْيَانَ وَهُوَ جَالِسٌ عَلَى مِنْبَرِ دِمَشْقَ فَقَالَ: يَا مُعَاوِيَةُ إِنَّمَا أَنْتَ قَبْرٌ مِنَ الْقُبُورِ إِنْ جِئْتَ بِشَيْءٍ كَانَ لَكَ شَيْءٌ وَإِنْ لَمْ تَجِئْ بِشَيْءٍ فَلَا شَيْءَ لَكَ يَا مُعَاوِيَةُ لَا تَحْسَبَنَّ الْخِلَافَةَ جَمْعَ الْمَالِ، وَتَفْرِقَتَهُ وَلَكِنَّ الْخِلَافَةَ الْعَمَلُ بِالْحَقِّ وَالْقَوْلُ بِالْمَعْدَلَة، وَأَخْذُ النَّاسِ فِي ذَاتِ الله، يَا مُعَاوِيَةُ إِنَّا لَا نُبَالِي بِكَدَرِ الْأَنْهَارِ وَمَا صَفَتْ لَنَا رَأْسُ عَيْنِنَا وَإِنَّكَ رَأْسُ أَعْيُنِنَا، يَا مُعَاوِيَةُ إِنَّكَ إِنْ تَحِفْ عَلَى قَبِيلَةٍ مِنْ قَبَائِلِ الْعَرَبِ يَذْهَبُ حَيْفُكَ بِعَدْلِكَ، فَلَمَّا قَضَى أَبو مُسْلِم مَقَالَتَهُ أَقْبَلَ عَلَيْهِ مُعَاوِيَةُ فَقَالَ: «يَرْحَمُكَ الله يَرْحَمُكَ الله».

واتە: هیشامی کوڕی غاز لە یونسی هەرەمەوە ئەویش لە باوکی موسلیمی خەولانییەوە ئەوەی گێڕایەوە کە باوکی موسلیم بانگی موعاویەی کوڕی باوکی سوفیانی کرد؛ لەو کاتەدا موعاویە لەسەر مینبەر دانیشتبوو؛ لە شاری دیمەشق بوو؛ باوکی موسلیم فەرمووی: هۆ موعاویە! تۆش مردویەکی لە مردووەکان! (واتە: تۆش دەمری و دەرباز بوونت نییە لە مردن) ئەگەر کارێک بکەیت ئەو کارێکت کردووە و بۆت هەژمار دەکرێ؛ خۆی ئەگەر هیچ نەکەیت هیچت بۆ هەژمار ناکرێ؛ موعاویە! وا مەزانە خەلیفایەتی هەر بریتیە لە سەروەت و سامان کۆکردنەوە و سەروەت و سامان دابەش کردن! خەلافەت کار و کردەوەی هەقە؛ قسەی دادگەرانەیە! دەبێ لە پێناو خوای گەورەدا خەڵکی بەڕێوە ببەی.. موعاویە! ئێمە ئەگەر بەرچاومان ڕوون بێ ئیتر گوێمان لێ نییە کە جۆگەو ڕووبار لێڵ بن؛ ئێستا تۆ چاوی خەڵکی! موعاویە! تۆ ئەگەر (لەگەڵ هەموو عەرەبا دادگەر بی بەڵام) لەگەڵ یەک هۆزی عەرەبا دادگەر نەبی ئەوا ئەو ستەمکاریەت سەری دادگەریەکەت دەخوات. دوای ئەوەی باوکی موسلیم قسەکانی تەواو کرد موعاویە ڕوی تێکردو فەرمووی: خوای گەورە ڕەحمەت پێ بکات؛ خوای گەورە ڕەحمەت پێ بکات.

٢٣١٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبو الْمُغِيرَة، حَدَّثَنَا صَفْوَانُ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ جُبَيْرِ بْنِ نُفَيْرٍ وَغَيْرُهُ أَنَّ أَبَا مُسْلِم الْخَوْلَانِيَّ، شَكَا إِلَيْهِ رَجُلٌ مَا يَلْقَى مِنْ تَأَذِّيه بِالنَّاسِ فَقَالَ أَبو مُسْلِم إِنَّكَ إِنْ تُنَاقِدِ النَّاسَ نَاقَدُوكَ وَإِنْ تَتْرُكْهُمْ لَا يَتْرُكُوكَ وَإِنْ تَفِرَّ مِنْهُمْ يُدْرِكُوكَ قَالَ: فَمَا أَصْنَعُ؟ قَالَ: هَبْ عَرَضَكَ لِيَوْمِ فَقْرِكَ وَخُذْ شَيْئًا لَا مِنْ شَيْءٍ ".

واتە: باوکی موغیرە لە صەفوانەوە ئەویش لە عەبدولڕەحمانی کوڕی جوبەیری کوڕی نوفەیرو غەیری ئەویشەوە دەگێڕنەوە کە پیاوێک سکاڵای ئەوەی هێنایە لای باوکی مسولیمی خەولانی کە لە لایەن خەڵکەوە ئەزیەت و ئازاری پێ دەگات؛ باوکی موسلیم پێی فەرموو: تۆ ئەگەر ڕەخنە لە خەڵکی بگری خەڵکی ڕەخنەت لێ دەگرن؛ ئەگەر وازیان لێ بێنی ئەوان واز لە تۆ ناهێنن؛ ئەگەر لە دەستیان هەڵبێی ئەوان بو دواتا دێن و پێت دەگەنەوە! پیاوەکە گوتی: ئەی چی بکەم و چار چییە؟ باوکی موسلیم فەرمووی: تۆ ئەمانەت بەسە بۆ ڕۆژی هەژاری و داماوی؛ لە هیچ شت وەربگرە!

٢٣١٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو الْمُغِيرَةِ، حَدَّثَنَا ابْنُ عَيَّاشٍ، حَدَّثَنِي شُرَحْبِيلُ بْنُ مُسْلِمٍ، عَنْ جُبَيْرِ بْنِ نُفَيْرٍ، عَنْ أَبِي مُسْلِمٍ الْخَوْلَانِيِّ، أَنَّهُ سَمِعَهُ يَقُولُ: إِنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: " مَا أَوْحَى اللهُ إِلَيَّ أَنْ أَجْمَعَ الْمَالَ وَأَكُنْ مِنَ التَّاجِرِينَ وَلَكِنْ أَوْحَى إِلَيَّ أَنْ: [فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ السَّاجِدِينَ (٩٨) وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ (٩٩)] الحجر: ٩٨ - ٩٩ ".

واتە: کوڕی عەییاش لە شورەحبیلی کوڕی موسلیمەوە ئەویش لە جوبەیری کوڕی نوفەیرەوە ئەویش لە باوکی موسلیمی خەولانییەوە گێڕایەوە کە گوێی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووە فەرموویەتی: خوای گەورە سروشی بۆ من نەناردووە سەروەت و سامان کۆ بکەمەوە و ببمە بازرگان؛ بەڵکوو سروشی بۆ من ناردەو فەرموویەتی: (مانای ئایەتەکان) (جا لە هەموو کاتێکدا، بە تایبەت لە کاتی دڵ تەنگیدا) تەسبیحات و سوپاس و ستایشی پەروەردگارت بکەو لە ڕیزی سوژدە بەراندابە... بەردەوامیش پەروەردگارت بپەرستە هەتا مردن یەخەت پێدەگرێت (ئەو کاتە ئیتر بەیەك جاریی ڕزگارت دەبێت لە هەموو ناخۆشیەکان).

٢٣١٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ قَالَ وَجَدْتُ فِي كِتَابِ أَبِي بِخَطِّ يَدِهِ حُدِّثْتُ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ شُعَيْبٍ يَعْنِي ابْنَ شَابُورَ، وَعَمْرِو بْنِ وَاقِدٍ، وَغَيْرِهِمَا، عَنْ بَعْضٍ، مَشْيَخَةِ أَهْلِ دِمَشْقَ أَنَّ أَبَا مُسْلِمٍ الْخَوْلَانِيَّ، كَانَ بِأَرْضِ الرُّومِ قَالَ: فَبَعَثَ الْوَالِي سَرِيَّةً وَوَقَّتَ لَهُمْ وَقْتًا قَالَ: فَأَبْطَئُوا عَنِ الْوَقْتِ فَأَهَمَّ أَبَا مُسْلِمٍ إِبْطَاؤُهُمْ فَبَيْنَا هُوَ يَتَوَضَّأُ عَلَى شَاطِئِ نَهْرٍ وَهُوَ يُحَدِّثُ نَفْسَهُ بِأَمْرِهِمْ إِذْ وَقَعَ غُرَابٌ عَلَى شَجَرَةٍ فَقَالَ يَا أَبَا مُسْلِمٍ أَهَمَّتْكَ بِأَمْرِ السَّرِيَّةِ؟ فَقَالَ: أَجَلْ، فَقَالَ: لَا تَهْتَمَّ فَإِنَّهُمْ قَدْ غَنِمُوا وَسَلِمُوا وَهُمْ عِنْدَكَ فِي وَقْتِ كَذَا وَكَذَا، فَقَالَ لَهُ أَبُو مُسْلِمٍ مَنْ أَنْتَ يَرْحَمُكَ اللهُ؟ فَقَالَ: أَنَا أَرْتِيَائِيلُ مُفَرِّحُ قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ قَالَ: فَجَاءَ الْقَوْمُ فِي الْوَقْتِ الَّذِي ذَكَرَهُ عَلَى مَا ذَكَرَهُ ".

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: لە نووسینێکی باوکم کە بە دەستی خۆی نووسیبووی ئەوەم بینی فەرموویەتی: لە موحەممەدی کوڕی شوعەیبەوە واتە: کوڕی شاپور و لە عەمری کوڕی واقیدەوە و غەیری ئەوانیش بۆیان گێڕامەوە ئەوانیش لە یەکێک لە مامۆستاکانی دیمەشقەوە ئەوەی گێڕاوەتەوە کە باوکی موسلیمی خەولانی لە خاکی ڕۆمدا بوو؛ کاربەدەستی ئەوێ مەفرەزەیەکی ناردو کاتی گەڕانەوەی بۆ دیاری کردن؛ مەفرەزەکە دواکەوتن و لە کاتی دیاری کراوا نەهاتنەوە؛ ئەو دواکەوتنەی ئەوان باوکی موسلیمی زۆر نیگەران و خەمبار کرد؛ جا ڕۆژێک باوکی موسلیم لە کەناری جۆگاو ئاوێکا دەستنوێژی دەگرت و لە دڵی خۆیا ئەوەی لێک دەدایەوە کە بۆچی ئەو مەفرەزەیە دواکەوتن؟ لەو کاتەدا قەلەڕەشێک لەسەر دارێک نیشتەوە و گوتی: باوکی موسلیم! ئەوە نیگەرانی ئەو مەفرەزەیەی؟ ئەویش گوتی: بەڵێ! قەلەڕەشەکە گوتی: نیگەران مەبە مەفرەزەکە سەلامەتن و لە کارەکەیان سەرکەوتوو بوون و لە فلاّنە کاتا دێنەوە و بە دیداریان شاد دەبیتەوە! باوکی موسلیم گوتی: تۆ کێی ڕەحمەتی خوات لێ بێت؟ گوتی: من ئەڕتیائیل (أرتيائيل)ـم دڵخۆشکەری دڵی موسوڵمانانم.. فەرمووی: مەفرەزەکە لەو کاتەدا کە قەلەڕەشەکەی دیاریی کردبوو گەڕانەوە و گەیشتنەوە شوێنی مەبەست.

٢٣١٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ قَالَ وَجَدْتُ فِي كِتَابِ أَبِي بِخَطِّ يَدِهِ حُدِّثْتُ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ شُعَيْبٍ، عَنْ بَعْضِ، مَشْيَخَةِ أَهْلِ دِمَشْقَ قَالَ: أَقْبَلْنَا مِنْ أَرْضِ الرُّومِ قُفَّالاً فَلَمَّا أَنْ خَرَجْنَا مِنْ حِمْصَ مُتَوَجِّهِينَ إِلَى دِمَشْقَ مَرَرْنَا بِالْمَعْبَرِ الَّذِي يَلِي حِمْصَ مِنْهَا عَلَى نَحْوٍ مِنْ أَرْبَعَةِ أَمْيَالٍ فِي آخِرِ اللَّيْلِ فَلَمَّا سَمِعَ الرَّاهِبُ الَّذِي فِي الصَّوْمَعَةِ اطَّلَعَ إِلَيْنَا، فَقَالَ: مَا أَنْتُمْ يَا قَوْمُ؟ فَقُلْنَا أُنَاسٌ مِنْ أَهْلِ دِمَشْقَ أَقْبَلْنَا مِنْ أَرْضِ الرُّومِ، فَقَالَ: هَلْ تَعْرِفُونَ أَبَا مُسْلِمٍ الْخَوْلَانِيَّ؟ فَقُلْنَا: نَعَمْ قَالَ: فَإِذَا رَأَيْتُمُوهُ فَأَقْرِؤُهُ السَّلَامَ وَأَعْلِمُوهُ أَنَّا نَجِدُهُ فِي الْكِتَابِ رَفِيقَ عِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَمَا إِنَّكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْرِفُونَهُ لَا تَجِدُونَهُ حَيًّا قَالَ: فَلَمَّا أَشْرَفْنَا عَلَى الْغُوطَةِ بَلَغَنَا مَوْتُهُ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ ".

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: لە نووسینێکی باوکم کە بە خەتی خۆی نووسیویەتی ئەوەم بینی فەرموویەتی: لە موحەممەدی کوڕی شوعەیبەوە ئەویش لە یەکێک لە مامۆستایانی دیمەشقەوە فەرموویەتی: لە خاکی ڕۆمەوە بە کاروانی هاتینەوە؛ کاتێ لە حیمص دەرچوین و ڕوومان لە دیمەشق کرد بە دەربەندی (یان بەو ڕێگایەدا) تێپەڕین کە چوار میل دەکەوێتە ئەولای حیمصەوە؛ کۆتایی شەو بوو؛ ڕاهیبێک لەوێ سەومەعەیەکی هەبوو کە دەنگی کاروانەکەی بیست هاتە دەرەوە بۆ لامان و گوتی: ئێوە کێن؟ گوتمان: خەڵکی دیمەشقین و لە

خاکی ڕۆمەوە دەگەڕێینەوە! گوتی: ئێوە باوکی موسلیمی خەولانی دەناسن؟ گوتمان: بەڵێ! گوتی: دەی ئەگەر بینیتان سەلامی منی پێ بگەیەنن و پێی بڵێن کە ئێمە لە کتێبەکەیِ خۆماندا (واتە لە ئینجیلا) ئەوەمان دیوە کە باوکی موسلیم (لە قیامەتدا) دەبێتە هاوڕێ و دۆستی عیسای کوڕی مەریەم! هەرچەند پێموایە ئێوە بە زیندوویی نایبیننەوە! دەفەرموێت: کاتێ گەیشتینەوە غوتە لەوێ هەواڵی مەرگی باوکی موسلیمان بیست (خوای لێ ڕازی بێت).

٢٣١٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ قَالَ وَجَدْتُ فِي كِتَابِ أَبِي بِخَطِّ يَدِهِ حَدَّثْتُ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ شُعَيْبٍ، وَسَعِيدِ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ قَالَ: قَحَطَ النَّاسُ عَلَى عَهْدِ مُعَاوِيَةَ رَحِمَهُ اللهُ فَخَرَجَ يَسْتَسْقِي بِهِمْ فَلَمَّا نَظَرُوا إِلَى الْمُصَلَّى، قَالَ مُعَاوِيَةُ لأَبِي مُسْلِمٍ: تَرَى مَا دَاخَلَ النَّاسَ فَادْعُ اللهَ، قَالَ: فَقَالَ: أَفْعَلُ عَلَى تَقْصِيرِي، فَقَامَ وَعَلَيْهِ بُرْنُسٌ فَكَشَفَ الْبُرْنُسَ عَنْ رَأْسِهِ ثُمَّ رَفَعَ يَدَيْهِ فَقَالَ: اللهمَّ إِنَّا بِكَ نَسْتَمْطِرُ وَقَدْ جِئْتُ بِذُنُوبِي إِلَيْكَ فَلَا تُخَيِّبْنِي، قَالَ: فَمَا انْصَرَفُوا حَتَّى سُقُوا. قَالَ: فَقَالَ أَبُو مُسْلِمٍ: "اللهمَّ إِنَّ مُعَاوِيَةَ أَقَامَنِي مَقَامَ سُمْعَةٍ فَإِنْ كَانَ عِنْدَكَ لِي خَيْرٌ فَاقْبِضْنِي إِلَيْكَ. قَالَ: وَكَانَ ذَلِكَ يَوْمَ الْخَمِيسِ فَمَاتَ أَبُو مُسْلِمٍ رَحِمَهُ اللهُ يَوْمَ الْخَمِيسِ الْمُقْبِلِ".

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: لە نووسینێکی باوکم کە بە خەتی خۆی نووسیویەتی ئەوەم بینی فەرموویەتی: لە موحەممەدی کوڕی شوعەیب و سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیزەوە فەرمویانە: لە سەردەمی موعاویە (خوای لێ ڕازی بێت) ووشکەساڵی هات؛ موعاویە خەڵکی برد بۆ نوێژ بارانە، کاتێ سەیری ئەو شوێنەیان کرد کە دەبوو نوێژی تیابکەن موعاویە بە باوکی موسلیمی گوت: دەبینی خەڵکی چەندە پەرۆشن و چۆن هاتون بەناو یەکا؟! دەی لە خوا بپاڕێوە بارانمان بۆ ببارێنێ! باوکی موسلیم فەرمووی: هەرچەندە من خۆم کەمتەرخەم و تاوانبارم بەڵام باشە! جا هەستا و جوبەیەکی کڵاوداری لەبەر بوو؛ کڵاوەکەی لەسەری لابردو دوایی دەستەکانی بەرز کردەوە و فەرمووی: خوایە! ئێمە بە هۆی گەورەیی خۆت لێت دەپاڕێینەوە کە بارانمان بۆ ببارێنی؛ من بە هەموو تاوانەکانمەوە هاتوم ناهومێدم مەکە! دەفەرموێت: خەڵکەکە نەڕۆیشتبوونەوە باران باری.. دەفەرموێت: جا باوکی موسلیم فەرمووی: خوایە موعاویە کارێکی پێکردم لەناو خەڵکدا ناوبانگ پەیدا بکەم و دەربکەووم! خوایە ئەگەر تۆ باشترت لایە بمبەیتەوە بۆ ئەو باشترە! دەفەرموێت: ئەو ڕۆژە ڕۆژی پێنجشەممە بوو؛ بۆ پێنجشەممەی داهاتو باوکی موسلیم کۆچی دوایی کرد.

٢٣٢٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله قَالَ وَجَدْتُ فِي كِتَابِ أَبِي بِخَطِّ يَدِهِ حُدِّثْتُ عَنْ بَعْضِ، وَلَدِ إِسْمَاعِيلَ بْنِ عَبْدِ الله عَنْ أَبِيهِ، وَمُحَمَّدِ بْنِ شُعَيْبٍ، أَيْضًا أَنَّ أَبَا مُسْلِمٍ الْخَوْلَانِيَّ، كَانَ يَدْعُو فِي النَّافِلَةِ: «اللهمَّ ارْزُقْ أَبَا مُسْلِمٍ طَبِيخًا، اللهمَّ ارْزُقْ أَبَا مُسْلِمٍ طَبِيخًا، اللهمَّ ارْزُقْ أَبَا مُسْلِمٍ زَيْتًا، اللهمَّ ارْزُقْ أَبَا مُسْلِمٍ حَطَبًا وَيَسْأَلُ فِيهَا كُلَّمَا يُرِيدُهُ».

واتە: عەبدوڵڵا دەفەرموێت: لە نووسینێکا کە باوکم بە خەتی خۆی نووسیبی ئەوەم بینی فەرموویەتی: لە یەکێک لە کوڕانی ئیسماعیلی کوڕی عەبدوڵڵا بۆم باسکراوە کە ئیسماعیل و موحەممەدی کوڕی شوعەیب دەگێڕنەوە کە باوکی موسلیمی خەولانی لە ناو نوێژە سوننەتەکانیا دەپاڕایەوە و دەیفەرموو: خوایە! خشتێک بە باوکی موسلیم ببەخشە (یان: خوایە کاڵەکێک بە باوکی موسلیم ببەخشە، خەڵکی مەدینە بە کاڵەك دەڵێن تەبیخ؛ بەڵام لە شوێنیتر پێی دەگوترێ: بەتیخ) خوایە کاڵەکێک بە باوکی موسلیم ببەخشە، خوایە زەیت بە باوکی موسلیم ببەخشە؛ خوایە دارو چیلکە بە باوکی موسلیم ببەخشە؛ ئیتر هەر شتێکی گەرك بوایە داوای لەخوا دەکرد پێی ببەخشێت.

٢٣٢١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، قَالَ: حَدَّثَنَا عَبْدُ الله بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ السَّمَرْقَنْدِيُّ، حَدَّثَنَا مَرْوَانُ بْنُ مُحَمَّدٍ الطَّاهِرِيُّ، حَدَّثَنِي سَعِيدُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ قَالَ: قَالَ أَبُو مُسْلِمٍ الْخَوْلَانِيُّ «لَوْ قِيلَ إِنَّ جَهَنَّمَ تُسَعَّرُ مَا اسْتَطَعْتُ أَنْ أَزِيدَ فِي عَمَلِي».

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولڕەحمانی سەمەرقەندی لە مەڕوانی کوڕی موحەممەدی زاهیرییەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیزەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: باوکی موسلیمی خەولانی فەرموویەتی: ئەگەر بگوترێ گڕو کڵپەی دۆزەخ خەریکە پێت دەگات؛ ناتوانم لەوەندە خواپەرستیەی کە دەیکەم زیاتر بکەم!

٢٣٢٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي عَلِيُّ بْنُ مُسْلِمٍ الطُّوسِيُّ، حَدَّثَنَا سَيَّارٌ، حَدَّثَنَا عُبَيْدُ الله بْنُ شُمَيْطٍ، حَدَّثَنِي أَبِي قَالَ: كَانَ أَبُو مُسْلِمٍ الْخَوْلَانِيُّ يَطُوفُ يَنْعَى الْإِسْلَامَ فَأَتَى مُعَاوِيَةُ فَقِيلَ لَه إِنَّ أَبَا مُسْلِمٍ يَطُوفُ يَنْعَى الْإِسْلَامَ فَأَرْسَلَ إِلَيْهِ فَقَالَ مَا تَصْنَعُ يَا أَبَا مُسْلِمٍ أَتَنْعَى الْإِسْلَامَ؟ قَالَ: نَعَمْ، فَأَقْبَلَ أَبُو مُسْلِمٍ عَلَى مُعَاوِيَةَ فَقَالَ: «إِنْ عَمِلْتَ خَيْرًا جُزِيتَ خَيْرًا وَإِنْ عَمِلْتَ سُوءًا جُزِيتَ بِهِ، يَا مُعَاوِيَةُ لَوْ عَدَلْتَ عَلَى أَهْلِ الْأَرْضِ كُلِّهِمْ ثُمَّ جُرْتَ عَلَى رَجُلٍ وَاحِدٍ لَمَالَ جَوْرُكَ بِعَدْلِكَ».

واتە: سەییار لە عوبەیدوڵڵای کوڕی شومەیتەوە گێڕایەوە فەرمووی: باوکم پێی گوتم:

باوکی موسلیمی خەولانی دەگەڕاو باوکەڕۆی بۆ ئیسلام دەکرد؛ موعاویە هات و پێی گوترا: باوکی موسلیم بەناو (خەڵك و شارو کۆڵانەکانا) دەگەڕێت و باوکەڕۆ بۆ ئیسلام دەکات! موعاویە ناردی بە دوای باوکی موسلیماو پێی گوت: باوکی موسلیم ئەوە چی دەکەی؟ ئەوە باوکەڕۆ بۆ ئیسلام دەکەی؟ باوکی موسلیم ڕوی لە موعاویە کرد و فەرمووی: ئەگەر کاری خێرو چاکە بکەیت ئەوا پاداشتی خێرو چاکە وەردەگریتەوە؛ ئەگەریش کاری خراپ بکەیت سزای ئەو خراپەیە وەردەگریتەوە.. موعاویە! ئەوەش بزانە ئەگەر لەگەڵ هەموو خەڵکی سەرزەویدا دادگەر بیت و ستەم لە یەک کەس بکەیت؛ ئەوا ئەو ستەمە هەموو بارەکەت لار دەکات.

٢٣٢٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا وَهْبُ بْنُ بَقِيَّةَ، أَنْبَأَنَا خَالِدٌ، عَنْ أَبِي سِنَانٍ، عَنْ أَبِي عُبَيْدَةَ بْنِ عَبْدِ الله قَالَ: «لَوْ أَنَّ رَجُلًا، جَلَسَ عَلَى ظَهْرِ الطَّرِيقِ وَمَعَهُ خِرْقَةٌ فِيهَا دَنَانِيرُ لَا يَمُرُّ إِنْسَانٌ إِلَّا أَعْطَاهُ دَنَانِيرَ وَآخَرُ إِلَى جَانِبِهِ يُكَبِّرُ لَكَانَ صَاحِبُ التَّكْبِيرِ أَعْظَمَ أَجْرًا».

واتە: وەهبی کوڕی بەقییە لە خالیدەوە ئەویش لە باوکی سینانەوە ئەویش لە باوکی عوبەیدەی کوڕی عەبدوڵلاوە فەرموویەتی: ئەگەر دو کەس لەسەر ڕێگایەک دابنیشن و یەکێکیان تورەکەیەکی پڕ لە دینار پێ بێت و بیکات بە خێرو هەر کەسێ بەوێندا تێپەڕی چەند دینارێکی پێ بدات و ئەویتریان هەر الله اکبر و زیکری خوای گەورە بکات؛ ئەوا ئەوەیان باشترە کە الله اکبر دەکات!

٢٣٢٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الْمُغِيرَةُ، حَدَّثَنَا ابْنُ عَيَّاشٍ، حَدَّثَنِي شُرَحْبِيلُ بْنُ مُسْلِمٍ قَالَ: كَانَ أَبُو مُسْلِمٍ الْخَوْلَانِيُّ إِذَا أَتَى خَرِبَةً وَقَفَ عَلَيْهَا، ثُمَّ قَالَ: يَا خَرِبَةُ أَيْنَ أَهْلُكِ ذَهَبُوا وَبَقِيَتْ أَعْمَالُهُمْ انْقَطَعَتْ الشَّهْوَةُ وَبَقِيَتْ الْخَطِيئَةُ ابْنَ آدَمَ تَرْكُ الْخَطِيئَةِ أَهْوَنُ مِنْ طَلَبِ التَّوْبَةِ ".

واتە: عەییاش لە شورەحبیلی کوڕی موسلیمەوە فەرموویەتی: باوکی موسلیمی خەولانی هەر جارێ بەگەیشتایە بە کەلاوە کۆنێک ڕادەوەستاو دوایی دەیفەرموو: کەلاوەکە! کوان ئەوانەی کە لە تۆدا نیشتەجێ بوون؟ ئەوانە ڕۆیشتن؛ تەنیا کار و کردەوەکانیان مایەوە و حەزو ئارەزوەکانیان نەماو ڕۆیی؛ تەنیا هەڵەکانیان ماوەتەوە! ئەی نەوەی ئادەم! وازهێنان لە تاوان لە گەڕان بۆ دوای تەوبەدا ئاسانترە.

٢٣٢٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا الْحَكَمُ بْنُ نَافِعٍ، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ عَيَّاشٍ، عَنْ شُرَحْبِيلَ بْنِ مُسْلِمٍ الْخَوْلَانِيِّ، أَنَّ رَجُلَيْنِ لَقِيَا أَبَا مُسْلِمٍ الْخَوْلَانِيَّ فِي مَنْزِلِهِ فَقَالَ بَعْضُ أَهْلِهِ: هُوَ فِي الْمَسْجِدِ فَوَجَدَاهُ يَرْكَعُ فَانْتَظَرَا انْصِرَافَهُ وَأَحْصَيَا رُكُوعَهُ فَأَحْصَى أَحَدُهُمَا أَنَّهُ رَكَعَ ثَلَاثَمِائَةٍ وَالْآخَرُ أَرْبَعَمِائَةٍ قَبْلَ أَنْ يَنْصَرِفَ فَقَالَا: يَا أَبَا مُسْلِمٍ كُنَّا قَاعِدَيْنِ خَلْفَكَ نَنْتَظِرُكَ فَقَالَ: أَمَا إِنِّي لَوْ عَلِمْتُ مَكَانَكُمَا لَانْصَرَفْتُ إِلَيْكُمَا مَا كَانَ لَكُمَا أَنْ تُحْصِيَا عَلَيَّ صَلَاتِي وَأُقْسِمُ لَكُمَا أَنَّ كَثْرَةَ السُّجُودِ خَيْرٌ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ ".

واتە: حەکەمی کوڕی نافیع لە ئیسماعیلی عەییاشەوە ئەویش لە شورەحبیلی کوڕی موسلیمی خەولانییەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: دوو پیاو ڕۆیشتن بۆ لای بواکی موسلیم بۆ ماڵەوە، یەکێک لە منداڵەکانی باوکی موسلیم گوتی: باوکی موسلیم لە مزگەوتەکەی خۆیەتی.. دو پیاوەکە ڕۆیشتن دەبین باوکی موسلیم خەریکی نوێژەو لە کڕنوشایە؛ چاوەڕێیان کرد؛ یەکێکیان پێی وایە باوکی موسلیم سێیسەد ڕکات نوێژی کردووە، ئەویتر گوتی: چوارسەدی کرد! دوایی باوکی موسلیم هات و دوو پیاوەکەی بینی و دوو پیاوەکە گوتیان: باوکی موسلیم! ئێمە دەمێکە دانیشتوین و چاوەڕێی تۆین! باوکی موسلیم فەرمووی: بەخوا بمزانییایە دەهاتم بۆلاتان؛ بەڵام نەدەبوو ئێوەش هەروا دانیشن و نوێژەکانی من بژمێرن! سوێندتان بۆ دەخۆم کە سەجدەی زۆر بۆ ڕۆژی قیامەت چاکە (واتە: باشترین توێشویە بۆ ڕۆژی قیامەت).

٢٣٢٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو زَكَرِيَّا يَحْيَى بْنُ إِسْحَاقَ، حَدَّثَنَا ابْنُ لَهِيعَةَ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ هُبَيْرَةَ، عَنْ كَعْبٍ قَالَ: «حَكِيمُ هَذِهِ الْأُمَّةِ أَبُو مُسْلِمٍ الْخَوْلَانِيُّ».

واتە: باوکی زەکەریای کوڕی ئیسحاق لە کوڕی لەهیعەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی هوبەیرەوە ئەویش لە کەعبەوە فەرموویەتی: داناو حەکیمی ئەم ئوممەتە باوکی موسلیمی خەولانییە!

٢٣٢٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هُشَيْمٌ، أَنْبَأَنَا الْعَوَّامُ، عَمَّنْ حَدَّثَهُ عَنْ أَبِي مُسْلِمٍ الْخَوْلَانِيِّ، أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ: «إِيَّاكُمْ وَظُنُونَ الْمُؤْمِنِينَ؛ فَإِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يَجْعَلُ الْحَقَّ فِي قُلُوبِهِمْ وَعَلَى أَلْسِنَتِهِمْ».

واتە: هوشەیم لە عەووامەوە ئەویش لە کەسێکەوە کە لە باوکی موسلیمی خەولانییەوە

بۆی گێڕاوەتەوە فەرموویەتی: باوکی موسلیم دەیفەرموو: خۆتان لە گومانی باوەڕداران بپارێزن! چونکە بەڕاستی خوای گەورە هەق دەخاتە ناو دڵ و سەر زمانیانەوە.

٢٣٢٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَسْوَدُ بْنُ عَامِرٍ، حَدَّثَنِي شَرِيكٌ، عَنْ عُبَيْدِ الله بْنِ الْوَلِيدِ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ عُبَيْدِ بْنِ عُمَيْرٍ، عَنْ أَبِيهِ، قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «تَجِدُ الْمُؤْمِنَ يَجْتَهِدُ فِيمَا يُطِيقُ مُتَلَهِّفًا عَلَى مَا لَا يُطِيقُ».

واتە: ئەسوەدی کوڕی عامر لە شەریکەوە ئەویش لە عوبەیدوڵڵای کوڕی وەلیدەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی عوبەیدی کوڕی عومەیرەوە ئەویش لە باوکییەوە گێڕایەوە فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: مرۆڤی باوەڕدار ئاوا دەبینی کە هەموو هەوڵێکی خۆی بەکار دێنێت و هەر کارێکی لەدەست بێ دەیکات و خەم بۆ ئەو کارانەش دەخوات کە لە تواناو دەسەڵاتیا نییە.

٢٣٢٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، عَنْ أَبِي رَاشِدٍ، عَنْ أَبِي صَالِحٍ الْحَنَفِيِّ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ -: " إِنَّ الله عَزَّ وَجَلَّ رَحِيمٌ لَا يَضَعُ رَحْمَتَهُ إِلَّا عَلَى رَحِيمٍ وَلَا يُدْخِلُ الْجَنَّةَ إِلَّا رَحِيمًا قَالُوا: يَا رَسُولَ الله إِنَّا لَنَرْحَمُ أَمْوَالَنَا وَأَهْلِينَا: قَالَ: لَيْسَ بِذَلِكَ وَلَكِنْ مَا قَالَ الله عَزَّ وَجَلَّ: ﴿حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢٨﴾﴾ التوبة: ١٢٨".

واتە: باوکی موعاویە لە ئەعمەشەوە ئەویش لە باوکی ڕاشیدەوە ئەویش لە باوکی صاڵحی حەنەفییەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی خوای گەورە بەسۆزو میهرەبانەو میهرەبانی بە کەسێک نادات کە خاوەن سۆزو میهرەبان نەبێت: هەر کەسێکیش میهرەبان و بەسۆز نەبێت ناچێتە بەهەشتەوە.. گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە لەگەڵ ماڵ و منداڵ و کەسوکاری خۆمانا بەسۆزو میهرەبانین! فەرمووی: ئەوە مەبەست نییە؛ بەڵکوو ئەوە مەبەستە کە خوای گەورە دەفەرموێت: (مانای ئایەتەکە) زۆر دڵسۆزی ئیماندارانە و میهرەبان و دلۆڤانە بۆیان.

٢٣٣٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ إِسْحَاقَ، أَنْبَأَنَا عَبْدُ الله، وَعَتَّابٌ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، أَنْبَأَنَا يَحْيَى بْنُ أَيُّوبَ، عَنْ عُبَيْدِ الله بْنِ زَحْرٍ، عَنْ بَكْرِ بْنِ سَوَادَةَ، أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «سَيَكُونُ نَشْءٌ مِنْ أُمَّتِي يُولَدُونَ فِي النَّعِيمِ وَيَغْذُونَ بِهِ، هِمَّتُهُمْ أَلْوَانُ الطَّعَامِ وَأَلْوَانُ الثِّيَابِ يَتَشَدَّقُونَ بِالْقَوْلِ أُولَئِكَ شِرَارُ أُمَّتِي».

واتە: عەلیی کوڕی ئیسحاق لە عەبدوڵڵاو لە عەتتابەوە.. عەبدوڵڵا فەرمووی: یەحیای کوڕی ئەییوب لە عوبەیدوڵڵاوە ئەویش لە بەکری کوڕی سەوادەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: لەمەولا کۆمەڵێک لە ئوممەتی من پەیدا دەبن؛ لە سەردەمی خۆشی و فەرحانیدا دێنە دونیا و هەموو هەوڵێکیان هەر خواردنی ڕەنگاوڕەنگ و پۆشینی پۆشاکی جۆراوجۆرە؛ لە کاتی قسەکردنیشا زۆر لەخۆیان دەکەن و قسەی زل و لە ئاستی خۆیان گەورەتر دەکەن؛ ئەوانە خراپترین کەسانی ئوممەتی منن.

٢٣٣١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، أَنْبَأَنَا يُونُسُ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «الْمُؤْمِنُ مَنْ أَمِنَهُ النَّاسُ، أَلَا إِنَّ الْمُهَاجِرَ مَنْ هَجَرَ السُّوءَ، أَلَا إِنَّ الْمُسْلِمَ مَنْ سَلِمَ مِنْهُ جَارُهُ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ رَجُلٌ لَا يَأْمَنُ جَارُهُ بَوَائِقَهُ».

واتە: ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم لە یونسەوە ئەویش لە حەسەنەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: مرۆڤی باوەڕدار ئەو کەسەیە کە خەڵکی لێی ئەمین بن؛ ئاگاداریش بن مرۆڤی موهاجیرو کۆچەری ئەو کەسەیە کە خراپەی لەخۆی کۆچاندووە و لێی دوورکەوتووەتەوە؛ ئاگاداربن! موسوڵمان ئەو کەسەیە کە دراوسێکەی لێی ئەمین بێت و خراپەی لێ نەبینێ؛ سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە هەر کەسێک دراوسێکەی لێی ئەمین و ئارخەیان نەبێت سەر ناکا بە بەهەشتا.

٢٣٣٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا أَسْوَدُ بْنُ عَامِرٍ، حَدَّثَنَا جَرِيرُ بْنُ حَازِمٍ، عَنِ الْحَسَنِ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِنَّ الرَّجُلَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ وَمَا يَدْرِي أَنَّهَا تَبْلُغُ حَيْثُ مَا بَلَغَتْ يَهْوِي بِهَا فِي النَّارِ سَبْعِينَ خَرِيفًا».

واتە: ئەسوەدی کوڕی عامر لە جەریری کوڕی حازمەوە ئەویش لە حەسەنەوە ئەویش لە ئەبوهورەیرەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی پیاوی وا هەیە قسەی وا دەکات و نازانێ ئەو قسەیە بەکوێ دەگات و بەکوێ گەیشتووە و بە هۆی ئەو قسەیە حەفتا پاییز (واتە: حەفتا ساڵ) بەرەو ناو دۆزەخ شۆڕ دەبێتەوە.

٢٣٣٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا يَعْمُرُ بْنُ بِشْرٍ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ بْنُ الْمُبَارَكِ، أَنْبَأَنَا الْحَجَّاجُ بْنُ فُرَافِصَةَ، عَنْ عَقِيلٍ عَنِ ابْنِ شِهَابٍ، أَنَّ عَائِشَةَ، رَحْمَةُ اللهِ عَلَيْهَا قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَعْمَلُ عَمَلَ الْبَيْتِ وَأَكْثَرُ مَا يَعْمَلُ الْخِيَاطَةُ ".

واتە: عەبدوڵلای کوڕی موبارەك لە حەججاجی کوڕی فوراصەوە ئەویش لە عەقیلی کوڕی شیهابەوە ئەویش لە دایە عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) گێڕایەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی لە ماڵ کاری دەکردو زیاتر خەریکی دوورینەوە دەبوو.

٢٣٣٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ إِسْحَاقَ، أَنْبَأَنَا عَبْدُ اللهِ، أَنْبَأَنَا مَعْمَرٌ، عَنْ يَحْيَى، عَنِ الْمُخْتَارِ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: «إِنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لاَ وَاللهِ مَا كَانَ تُغْلَقُ دُونَهُ الأَبْوَابُ وَلاَ يَقُومُ دُونَهُ الْحِجَابُ وَلاَ يُغْدَى عَلَيْهِ بِالْجِفَانِ وَلاَ يُرَاحُ عَلَيْهِ بِهَا وَلَكِنَّهُ كَانَ بَارِزًا مَنْ أَرَادَ أَنْ يَلْقَى نَبِيَّ اللهِ لَقِيَهُ وَكَانَ يَجْلِسُ بِالأَرْضِ وَيُوضَعُ طَعَامُهُ بِالأَرْضِ وَيَلْبَسُ الْغَلِيظَ وَيَرْكَبُ الْحِمَارَ وَيُرْدِفُ عَبْدَهُ وَيَلْعَقُ وَاللهِ يَدَهُ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ».

واتە: عەلیی کوڕی ئیسحاق لە عەبدوڵلاوە ئەویش لە مەعمەرەوە ئەویش لە یەحیاوە ئەویش لە موختارەوە ئەویش لە حەسەنی بەصرییەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خودا بەخوای گەورە نە دەرگای لەسەر کەس دادەخرا لە دەرگاوانی بوو؛ نە ئێولرەو نە بەیانینا مەنجەڵی بۆ دەخرایە سەر ئاگر؛ بەڵکوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرگای کراوە بوو؛ هەر کەسێ بیویستایە بیبینێت دەیتوانی بیبینێت؛ لەسەر زەوی دادەنیشت؛ خواردنەی بۆ لەسەر زەوی دادەنرا؛ پۆشاکی ئەستوری لەبەر دەکرد (واتە: قوماشی ناسك و تەنك و جوانی نەبوو) سواری گوێدرێژ دەبوو؛ کۆیلەکەی خۆی لەگەڵ خۆیا سوار دەکرد؛ بەخوا لە دوای خواردن پەنجەی خۆی دەلستەوە (سەلام و ڕەحمەت و میهرەبانیی خوای لەسەر بێ).

٢٣٣٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا يَعْمُرُ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، أَنْبَأَنَا أَبُو بَكْرِ بْنُ أَبِي مَرْيَمَ الْغَسَّانِيُّ، حَدَّثَنِي حَكِيمُ بْنُ عُمَيْرٍ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «مَنْ فُتِحَ له بَابٌ مِنَ الْخَيْرِ فَلْيَنْتَهِزْهُ فَإِنَّهُ لاَ يَدْرِي مَتَى يُغْلَقُ».

واتە: یەعمور لە عەبدوڵلاوە ئەویش لە ئەبوبەکری کوڕی باوکی مەریەمەوە لە حەکیمی کوڕی عومەیرەوە گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: هەر کەسێ دەرگایەکی خێری لێ کرایەوە با بە هەلی بزانێت و بە پەلە بەرەو ڕوی ئەو دەرگایە بڕوات؛ چونکە نازانێ کەی دەرگاکەی لەسەر دادەخرێت.

٢٣٣٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي إِسْحَاقُ، أَنْبَأَنَا عَبْدُ الله، أَنْبَأَنَا أَبو بَكْرِ بْنُ أَبِي مَرْيَمَ، عَنْ ضَمْرَةَ بْنِ حَبِيبٍ، عَنْ شَدَّادِ بْنِ أَوْسٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «الْكَيِّسُ مَنْ دَانَ نَفْسَهُ وَعَمِلَ لِمَا بَعْدَ الْمَوْتِ، وَالْعَاجِزُ مَنْ أَتْبَعَ نَفْسَهُ هَوَاهَا وَتَمَنَّى عَلَى الله عَزَّ وَجَلَّ».

قَالَ: وأَنْبَأَنَا أَيْضًا عَنْ ضَمْرَةَ بْنِ حَبِيبٍ أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «أَوَّلُ شَيْءٍ يُرْفَعُ مِنْ هَذِهِ الْأُمَّةِ الْأَمَانَةُ وَالْخُشُوعُ حَتَّى لَا تَكَادُ تَرَى خَاشِعًا»

واته: ئیسحاق لە ئەبوبەکری کوڕی باوکی مەریەمەوە ئەویش لە زەمرەی کوڕی حەبیبەوە ئەویش لە شەددادی کوڕی ئەوسەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: مرۆڤی ژیر ئەو کەسەیە کە نەفسی خۆی ملکەچی فرمانەکانی خوا دەکات و کار بۆ دوای مردن دەکات.. مرۆڤی بێدەسەڵاتیش ئەو کەسەیە کە شوێن هەواو ئارەزوی خۆی دەکەوێت و چاوەڕێیە خوداش پاداشتی چاکەی پێ بداتەوە!

دیسانەوە لە زەمرەی کوڕی حەبیبەوە گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: یەکەم شتێ کە لە ناو ئوممەتی منا هەڵدەگیرێ بریتیە لە ئەمانەت و ملکەچی؛ تا وای لێدێ کەسێک نابینی ملکەچ بێت.

٢٣٣٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا عَلِيٌّ، أَنْبَأَنَا عَبْدُ الله، أَنْبَأَنَا مَالِكُ بْنُ مِغْوَلٍ قَالَ: بَلَغَنَا أَنَّ رَجُلًا أُثْنِيَ عَلَيْهِ عِنْدَ رَسُولِ الله فَقَالَ: «كَيْفَ ذِكْرُهُ لِلْمَوْتِ؟» قَالُوا: مَا سَمِعْنَاهُ يَذْكُرُهُ أَوْ يُكْثِرُ ذِكْرَهُ قَالَ: كَيْفَ تَرْكُهُ لِمَا يَشْتَهِي؟ قَالُوا: إِنَّهُ لَيُصِيبُ مِنَ الدُّنْيَا قَالَ: «إِنَّهُ لَيْسَ صَاحِبُكُمْ هُنَاكَ».

وَأَيْضًا قَالَ: قِيلَ لِلرَّبِيعِ بْنِ أَبِي رَاشِدٍ: أَلَا تَجْلِسُ؟ فَقَالَ: إِنَّ ذِكْرَ الْمَوْتِ إِذَا فَارَقَ قَلْبِي سَاعَةً فَسَدَ عَلَيَّ قَلْبِي. قَالَ مَالِكٌ: وَلَمْ أَرَ رَجُلًا أَظْهَرَ حُزْنًا مِنْهُ ".

واته: عەبدوڵڵا لە مالیکی کوڕی میغوەلەوە فەرموویەتی: پێمان گەیشتووە کە لە لای پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بە چاکە باسی پیاوێ کرا؛ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەو پیاوە چۆن چۆنی یادی مردن دەکاتەوە؟ گوتیان: نەمانبیستووە هەرگیز یادی مردن بکاتەوە؛ یان زۆر باسی مردن بکات! فەرمووی: ئەی چۆن لەو شتانە دوور دەکەوێتەوە کە حەزی لێیەتی؟ گوتیان: ئەو پیاوە هەوڵ بۆ دونیا دەدات! فەرمووی: دەی ئەم هاوڕێیەتان لەو پلەو پایەدا نییە کە ئێوە باسی دەکەن!

دیسان فەرمووی: بە رەبیعی کوڕی باوکی ڕاشید گوترا: ئەوە دانانیشی؟ فەرمووی: ئەگەر

تاوێک یادی مردن لە دڵم دوور بکەوێتەوە؛ دڵم خراپ دەبێ! مالیك فەرمووی: نەبینیوە هیچ کەسێک هێندەی ڕەبیع خەمبار بێ!

٢٣٣٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ إِسْحَاقَ، أَنْبَأَنَا الْحَارِثُ بْنُ عُمَيْرٍ، عَنْ حَوْشَبٍ، أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَدْعُو «اللهمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ دُنْيَا تَمْنَعُ خَيْرَ الْعَمَلِ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ حَيَاةٍ تَمْنَعُ خَيْرَ الْمَمَاتِ»

حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الْأَسْوَدُ بْنُ عَامِرٍ عَنْ جَرِيرِ بْنِ حَازِمٍ عَنِ الْحَسَنِ أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: " إِذَا جَلَسَ الْقَوْمُ يَذْكُرُونَ الله عَزَّ وَجَلَّ قَالَ الله لِمَلَائِكَتِه: إِنِّي قَدْ غَفَرْتُ لهمْ فَجَلِّلُوهُمْ بِالرَّحْمَةِ قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ: يَا رَبَّنَا إِنَّ فِيهِمْ فُلَانًا قَالَ: هُمُ الْقَوْمُ لَا يَشْقَى بِهِمْ جَلِيسُهُمْ ".

واتە: حارثی کوڕی عومەیر لە حەوشەبەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەخوا دەپاڕایەوە و دەیفەرموو: خوایە! من پەنات پێ دەگرم لە دونیایەک کە لەبەردەم چاکە بێتە لەمپەر؛ پەنات پێ دەگرم لە ژیانێک کە لە بەردەم چاکەکانی مردن بێتە لەمپەر.

عەبدوڵلا لە باوکییەوە ئەویش لە ئەسوەدی کوڕی عامرەوە ئەویش لە جەریری کوڕی حازمەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: هەر کاتێ کۆمەڵێک دانیشتن و یاد و زیکری خوای گەورەیان کرد خوای گەورە بە فریشتەکانی دەفەرموێت: ئەوا من لێیان خۆشبوم و ئێوەش بە سۆزو بەزەیی و ڕەحمەت دایانپۆشن.. فریشتەکان دەفەرموون: ئەی پەروەردگار! فلاّنە کەسیان تێدایە بۆ یاد و زیکر نەرۆیشتووە؛ بەڵکوو بۆ کارێکیتر ڕۆیشتووە! خوای گەورە دەفەرموێت: ئەوانە کەسانێکن هەر کەسێ لەگەڵیانا دانیشێت تووشی زەرەرو زیان نابێت.

٢٣٣٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا الْحُسَيْنُ بْنُ مُحَمَّدٍ، حَدَّثَنَا ذُوَيْدٌ، عَنْ حُسَيْنٍ، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ، وَالْحَجَّاجِ بْنِ الْأَسْوَدِ قَالَ: «جَاءَ الْحَسَنُ وَالْحُسَيْنُ عَلَيْهِمَا السَّلَامُ فَبَعَثُوا فِي تِسْعَةِ بُيُوتٍ مِنْ أَبْيَاتِ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَمَا وَجَدُوا فِيهِنَّ رَطْبًا وَلَا يَابِسًا».

واتە: دووەید لە حوسەینەوە ئەویش لە عەبدولڕەحمان و لە حەججاجی کوڕی ئەسوەدەوە فەرموویەتی: حەسەن و حوسەینی کوڕانی فاتیمەی کچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) برسییان بوو: ناردیان بۆ هەر نۆ ماڵەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ خواردنێک بیدەن بە حەسەن و حوسەین؛ نە خواردنی تەڕیان دەستکەوت نە خواردنی ووشك!

٢٣٤٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الْحُسَيْنُ بْنُ مُحَمَّد، حَدَّثَنَا عُوَيدٌ، يُقَالُ له الْعَابِدُ عَن ابْن سَهْل، عَنْ سُلَيْمَانَ بْن رُومَانَ، مَوْلَى عُرْوَةَ عَنْ عُرْوَةَ، عَنْ عَائشَةَ، رَحْمَةُ الله عَلَيْهَا أَنَّهَا قَالَتْ وَالَّذي بَعَثَ مُحَمَّدًا بِالْحَقِّ مَا رَأَى مُنْخَلًا وَلاَ أَكَلَ خُبْزًا مَنْخُولًا مُنْذُ بَعَثَهُ الله إِلَى أَنْ قُبضَ، قُلْتُ: كَيْفَ كُنْتُمْ تَأْكُلُونَ الشَّعيرَ؟ قَالَتْ: كُنَّا نَقُولُ أُفْ أُفْ ".

واته: عووەید لە سولەیمانی کوڕی ڕومانەوە ئەویش لە دایە عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: سوێند بەو کەسەی کە پێغەمبەری بەهەق و ڕاستی ناردووە؛ لەو کاتەوەی خوای گەورە پێغەمبەری کرد بە پێغەمبەر هەتا ئەو ڕۆژەی وەفاتی کرد پێغەمبەری خوا (ﷺ) یەڵەکی نەدی (واتە: لەسەردەمی ئەوا هێڵەکی ئاردبێژان نەبوو؛ چونکە ئاردیان نەبو) هەرگیز نانێکیشی نەخوارد کە ئاردەکەی بێژرابێت (واتە: ئەو نانەی کە دەیخوارد پڕ بوو لە سوس).. گوتم: ئەی ئێوە چۆن ئاردی جۆتان دەخوارد؟ فەرمووی: دەمانگوت: ئۆف ئۆف (واتە: ئەوەندە سوسی تێدابوو لە کاتی خواردنا ئازاری دەداین و ئۆف ئۆفمان دەکرد).

٢٣٤١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنٌ، حَدَّثَنَا أَبُو مَعْشَر، عَنْ سَعيد، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّهُ مَرَّ بِدَار ابْن الأَخْنَس وَهُمْ يَأْكُلُونَ الثَّرِيدَ وَالشِّوَاءَ فَقَالُوا: اجْلسْ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ، فَقَالَ: مَا تَأْكُلُونَ؟ قَالُوا: نَأْكُلُ الثَّرِيدَ وَالشِّوَاءَ، فَقَالَ: لَقَدْ طَعمْتُمْ بَعْدَ أَبِي الْقَاسم صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ وَبَكَى ثُمَّ قَالَ: كَانَ يَمُرُّ بِآلِ رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ هلاَلٌ وَهلاَلٌ لاَ يُوقَدُ في شَيْءٍ منْ بُيُوتهمُ النَّارُ وَلاَ يُخْبَزُ وَلاَ يُطْبَخُ، قَالُوا بِأَيِّ شَيْءٍ كَانُوا يَعيشُونَ؟ قَالَ الأَسْوَدَانِ التَّمْرُ وَالْمَاءُ وَكَانَ له جيرَانٌ منَ الأَنْصَار جَزَاهُمْ الله خَيْرًا لهمْ مَنَائحُ يُرْسلُونَ إِلَيْهِمْ بِشَيْءٍ منْ لَبَنهمْ ".

واتە: حوسەین لە باوکی میعشەرەوە ئەویش لە سەعیدەوە ئەویش لە ئەبوهورەیرەوە ئەوەی گێڕایەوە کە ئەبوهورەیرە بە لای ماڵی کوڕی ئەخنەسا تێپەڕیوە و ئەوان خەریکی خواردنی ترێت و گۆشتی برژاو بوون: خوڵکی ئەبوهورەیرەیان کردووە و گوتویانە: وەرە لەگەڵمانا نان بخۆ! ئەبوهورەیرە گوتی: چی دەخۆن؟ گوتیان: ترێت و برژاو دەخۆین.. ئەبوهورەیرە گوتی: دوای باوکی قاسم (واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ)) ئێوە خواردنی ئاوا خۆش دەخۆن؟! دوایی دەستیکرد بە گریان و فەرمووی: جاری وا هەبووە مانگێک و مانگێکیتر تێدەپەڕەی و لە ماڵەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) نە ئاگر دەکرایەوە و نە نان دەکراو نە هیچ شتێک لێدەنرا! گوتیان: ئەی بە چی دەژیان؟ فەرمووی: بە دووو ڕەشەکە واتە: ئاوو خورما؛ دراوسێیەکی

ئەنصاریشیان هەبوو خوای گەورە پاداشتی چاکەیان بداتەوە؛ هەموو جارێ هەندێ شیریان دەنار بۆ ماڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ).

٢٣٤٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنٌ، حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " ثَلَاثٌ لَيْسَ عَلَى ابن آدَمَ فِيهَا حِسَابٌ: ثَوْبٌ يُوَارِي بِهِ عَوْرَتَهُ وَطَعَامٌ يُقِيمُ صُلْبَهُ وَبَيْتٌ يَكِنُّهُ فَمَا كَانَ فَوْقَ ذَلِكَ فَعَلَيْهِ فِيهِ حِسَابٌ ".

واتە: حوسەین لە موبارەکەوە ئەویش لە حەسەنەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: سێ شت هەیە کە لەسەر مرۆڤ هەژمار ناکرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر نییە؛ دەستێک پۆشاك کە خۆی پێ داپۆشێت؛ ئەوەندە خواردن کە بیخوات و پێی بژی؛ ماڵێکیش کە تێیدا وەحسێ (پشو بدات) ئیتر لەوە زیاتر هەر شتێکیتری هەبێت لێکۆڵینەوەی لەسەرە.

٢٣٤٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنٌ، حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِذَا أَرَادَ الله بِعَبْدٍ خَيْرًا كَفَّ عَلَيْهِ ضَيْعَتَهُ وَجَعَلَ غِنَاهُ فِي قَلْبِهِ، وَإِذَا أَرَادَ الله بِعَبْدٍ شَرًّا بَثَّ عَلَيْهِ ضَيْعَتَهُ وَجَعَلَ فَاقَتَهُ بَيْنَ عَيْنَيْهِ».

واتە: حوسەین لە موبارەکەوە ئەویش لە حەسەنەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەگەر خوای گەورە ویستی خێرو چاکەی لەگەڵ بەندەیەکی خۆیا هەبوو ئەوا ماڵی دونیایی لێ دەگرێتەوە و دڵی دەوڵەمەند دەکات؛ ئەگەر خوای گەورە ویستی شەڕی لەگەڵ کەسێکیشا هەبوو ئەوا کەلوپەلی زۆری پێ دەبەخشێت و هەژاری و ئاتاجیەکەی دەخاتە ناوچەوانی ئەو کەسە (واتە: چاوی برسی دەبێت و هەرچەندە دەوڵەمەند بێ هەر خۆی بە هەژار دەزانێت و تێرخواردنی بۆ نییە).

٢٣٤٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ مُحَمَّدٍ، وَهَاشِمُ بْنُ الْقَاسِمِ، قَالَا: حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِأَهْلِ الْجَنَّةِ؟» قَالُوا: بَلَى يَا رَسُولَ الله قَالَ: «كُلُّ ضَعِيفٍ مُسْتَضْعَفٍ ذِي طِمْرَيْنِ لَا يُؤْبَهُ لَهُ لَوْ أَقْسَمَ عَلَى الله لَأَبَرَّهُ».

واتە: حەسەنی کوڕی موحەممەد و هاشمی کوڕی قاسم دەفەرموون: موبارەك لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئاگادارتان بکەمەوە کە

ئەهلی بەهەشت چ کەسانێکن؟ هەموو ئەو کەسێکی لاوازو خاکی و ستەملێکراوە کە پۆشاکی کۆن و شڕە؛ ئەگەر سوێند لەسەر خوای گەورە بخوات؛ خوای گەورە سوێندەکەی ناشکێنێت و داواکاریەکەی بۆ جێبەجێ دەکات.

٢٣٤٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنٌ، حَدَّثَنَا ذُوَيْدٌ، عَنْ سُلَيْم بْن بِشْر، عَنْ عِكْرِمَةَ، عَن ابْن عَبَّاس، قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: " الْتَقَى مُؤْمنَان عَلَى بَاب الْجَنَّة مُؤْمنٌ غَنيٌّ وَمُؤْمنٌ فَقيرٌ كَانَا في الدُّنْيَا فَأُدْخلَ الْفَقيرُ الْجَنَّةَ وَحُبسَ الْغَنيُّ مَا شَاءَ الله أَنْ يُحْبَسَ ثُمَّ أُدْخلَ الْجَنَّةَ فَلَقيَهُ الْفَقيرُ فَقَالَ: يَا أَخي مَاذَا حَبَسَكَ؟ وَالله لَقَدْ احْتُبسْتَ حَتَّى خفْتُ عَلَيْكَ، فَيَقُولُ: أَيْ أَخي إنِّي حُبسْتُ بَعْدَكَ مَحْبسًا قَطيعًا كَريهًا مَا وَصَلْتُ إلَيْكَ حَتَّى سَالَ منِّي الْعَرَقُ مَا لَوْ وَرَدَ أَلْفُ بَعير كُلُّهَا آكلَةُ حَمْض لَصَدَرَتْ عَنْهَا روَاءً ".

واتە: حوسەین لە دووەیدەوە ئەویش لە سولەیمی کوڕی بیشرەوە ئەویش لە عیکریمەوە ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: لە بەردەم دەرگای بەهەشتدا دو بڕوادار گەیشتن بە یەکرتی؛ یەکێکیان لە دونیادا دەوڵەمەندو ئەویتریان هەژار بوو؛ ئەوەی هەژارەکە ڕۆیشتە ناو بەهەشتەوە؛ بەڵام دەوڵەمەندە ئەوەندەی کە خوای گەورە ویستی لەسەربوو گیرا درا؛ دوایی ئەویش خراپە بەهەشتەوە؛ دوایی لە بەهەشتدا هەژارەکە پێی گەیشتەوە و گوتی: برادەر! ئەوە چ شتێک تۆی گیردا؟ بەخوا زۆرم چاوەڕێ کردی تەنانەت گومانی ئەوەم کرد کە نەخرێیتە بەهەشتەوە؟ دەوڵەمەندەکە گوتی: برا! من دوای تۆ گیردرام و خرامە شوێنێکی زۆر کرێتەوە؛ ئەوەندە ئارەقم کرد ئەگەر هەزار وشتری ترشاو خۆر لەو ئارەقەی منیان خواردبا هەموویانی تێراو دەکرد.

٢٣٤٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنُ بْنُ مُحَمَّد، حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ، عَن الْحَسَن قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: " إنَّ الْعَبْدَ لَيُذْنبُ الذَّنْبَ فَيُدْخله الله به الْجَنَّةَ قَالُوا: يَا رَسُولَ الله وَكَيْفَ يُدْخله الْجَنَّةَ؟ قَالَ: يَكُونُ نُصْبَ عَيْنه فَارًّا تَائبًا حَتَّى يُدْخلَهُ ذَنْبُهُ الْجَنَّةَ ".

واتە: حوسەینی کوڕی موحەممەد لە موبارەکەوە ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: بەڕاستی مرۆڤ تاوانێ:ی وەها دەکات خوای گەورە بەهۆی ئەو تاوانەوە دەیخاتە بەهەشتەوە!! گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! چۆن شتی وا دەبێ؟! فەرمووی: ئەو تاوانەی هەر لەبەر چاوە و بە هۆیەوە بەرو لای خوا

ڕایکردووه و تەوبەی کردووە و ئەوەندە لەخوا پاڕاوەتەوە تا خوای گەورە لێیخۆش بووە و بەرو بەهەشتی ڕەوانە کردووە.

٢٣٤٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنٌ، حَدَّثَنَا ابْنُ سُلَيْمَانَ النُّمَيْرِيُّ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ مُطَرِّفٍ، عَنْ أَبِي حَازِمٍ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ الْمُسَيَّبِ قَالَ: مَا سَمِعَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ صَوْتَ السَّمَاءِ إِلَّا رُؤِيَ ذَلِكَ فِي وَجْهِهِ حَتَّى إِذَا أَمْطَرَتْ فُرِّجَ عَنْهُ فَقِيلَ له: مَا هَذَا الَّذِي نَرَى فِي وَجْهِكَ يَا رَسُولَ الله؟ قَالَ: «إِنِّي لَا أَدْرِي أُمِرْتُ بِرَحْمَةٍ أَوْ بِعَذَابٍ».

واتە: حوسەین لە کوڕی سولەیمانی نومەیرییەوە ئەویش لە موحەممەدی کوڕی موتتەریفەوە ئەویش لە باوکی حازمەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی موسەییبەوە فەرموویەتی: هەر کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەنگێکی لە ئاسمانەوە بیستبێ بە دەموچاویا دیار بووە کە دەنگێکی بیستووە؛ جا ئەگەر باران باریبێ ئەوە دڵی خۆش بووە؛ پێی دەگوترا: ئەوە چییە قوربان بە دەموچاوتەوە دیارە ترس و خەمێکت لەدڵایە! دەیفەرموو: ئاخر من نازانم فرمانی سۆزو بەزەیی و ڕەحمەتم پێکراوە یان سزا!

٢٣٤٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنُ بْنُ مُحَمَّدٍ، عَنِ الْفُضَيْلِ بْنِ سُلَيْمَانَ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ مُطَرِّفٍ، عَنْ أَبِي حَازِمٍ، عَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ، أَنَّهُ قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى نَبِيِّ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَهُوَ مَوْعُوكٌ فَوَضَعْتُ يَدِي فَوْقَ ثَوْبِهِ فَوَجَدْتُ حَرَّهَا مِنْ فَوْقِ الثَّوْبِ وَقُلْتُ يَا نَبِيَّ الله مَا رَأَيْتُ أَحَدًا تَأْخُذُهُ الْحُمَّى أَشَدَّ مِنْ أَخْذِهَا إِيَّاكَ؟ قَالَ: «كَذَلِكَ يُضَاعَفُ لَنَا الْأَجْرُ، إِنَّ أَشَدَّ النَّاسِ بَلَاءً الْأَنْبِيَاءُ ثُمَّ الصَّالِحُونَ وَإِنْ كَانَ مِنَ الْأَنْبِيَاءِ لَمَنْ يُبْتَلَى بِالْفَقْرِ حَتَّى يَتَدَرَّعَ بِالْعَبَاءَةِ مِنَ الْفَقْرِ، وَإِنْ كَانَ مِنْهُمْ مَنْ يُسَلَّطُ عَلَيْهِ الْقَمْلُ حَتَّى يَقْتُلَهُ».

واتە: حوسەینی کوڕی موحەممەد لە فوزەیلی کوڕی سولەیمانەوە ئەویش لە موحەممەدی کوڕی موتتەریفەوە ئەویش لە باوکی حازمەوە ئەویش لە عومەری کوڕی خەتتابەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ڕۆیشتمە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) تای لێهاتبوو؛ لە سەرەوەی پۆشاکەکانی دەستم لەسەر لاشەی دانا هەستم بە گەرمایی لاشەی کرد؛ گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! وا نابینم هیچکەسێک تای هێندەی تای جەنابت بەرزو گەرم بێت؟ فەرمووی: ئاخر ئێمە ئاوا پاداشتمان دوچەندانە دەبێتەوە؛ بەڕاستی پێغەمبەران لە هەموو کەسێک زیاتر تووشی بەڵا و موسیبەت دەبن؛ دوای ئەوان پیاوچاکان.. لەناو پێغەمبەرانا کەسی وا هەبووە ئەوەندە هەژار بووە لەبەر هەژاری کەوای لە خۆی پێچاوە (واتە: هیچی نەبووە لەبەری بکات کەوای پێچاوە بە خۆیەوە) ئی وایان هەبووە لە هەژاریا سپێ تێیداوە و کوشتویەتی.

٢٣٤٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنُ بْنُ مُحَمَّد، حَدَّثَنَا فُضَيْلُ بْنُ سُلَيْمَانَ، عَنْ مُحَمَّد بْنِ مُطَرِّف، حَدَّثَنِي الثِّقَةُ، أَنَّ شَابًّا، مِنَ الْأَنْصَارِ دَخَلَ خَوْفُ النَّارِ قَلْبَهُ فَجَلَسَ فِي الْبَيْتِ فَأَتَاهُ النَّبِيُّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ فِي الْبَيْتِ فَقَامَ إِلَيْه فَاعْتَنَقَهُ وَشَهِقَ شَهْقَةً خَرَجَتْ نَفْسُهُ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ «جَهِّزُوا صَاحِبَكُمْ فَلَذَ خَوْفُ النَّارِ كَبِدَهُ».

واته: حوسەینی کوڕی موحەممەد لە فوزەیلی کوڕی سولەیمانەوە ئەویش لە موحەممەدی کوڕی موتتەڕیفەوە فەرموویەتی: کەسێکی بەمتمانە بۆی گێڕامەوە کە گەنجێکی ئەنصاری ترسی ئاگر ڕۆیشتە ناو دڵییەوە و لە ماڵا بۆی کەوت؛ جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەشریفی برد بۆ سەردانیکردنی؛ گەنجەکە هەستا و باوەشی کرد بە پێغەمبەری خوادا (ﷺ) و قیڕەیەکی کرد و گیانی دەرچو.. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: زووبن ئەم برادەرەتان ئامادە بکەن بۆ ئەسپەردە کردن؛ بەڕاستی ترسی ئاگر جەرگی کوت کوت کردووە!

٢٣٥٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنٌ، حَدَّثَنَا الْمَسْعُودِيُّ، عَنْ دَاوُدَ بْنِ يَزِيدَ، عَنْ أَبِيه، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قَالَ: " أَكْثَرَ مَا يَلِجُ بِه الْإِنْسَانُ النَّارَ الْأَجْوَفَانِ: الْفَرْجُ وَالْفَمُ، وَأَكْثَرَ مَا يَلِجُ بِه الْإِنْسَانُ الْجَنَّةَ: تَقْوَى الله وَحُسْنُ الْخُلُقِ ".

واته: حوسەین اە مەسعودیەوە ئەویش لە داوودی کوڕی یەزیدەوە ئەویش لە باوکییەوە ئەویش لە ئەبوهورەیرەوە گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: زۆرترین شتێک کە مرۆڤ بیباتە ناو دۆزەخەوە بریتیە لەو دوو بۆشاییە؛ واتە: دەم و عەورەت! زۆرترین شتێکیش کە مرۆڤ بیباتە ناو بەهەشتەوە بریتیە لە تەقواو ترسان لە خوای گەورە و ئاکاری جوان و باش.

٢٣٥١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنٌ، حَدَّثَنَا فَرَجٌ، عَنْ أَسَد بْنِ وَدَاعَةَ قَالَ: سُئِلَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ أَيُّ الْمُؤْمنِينَ أَفْضَلُ؟ قَالَ: «مُؤْمِنٌ مَغْمُومُ الْقَلْبِ لَيْسَ فِيه غِلٌّ وَلَا حَسَدٌ» قَالُوا يَا نَبِيَّ الله لَا نَعْرِفُ ذَلِكَ فِينَا فَأَيُّ الْمُؤْمنِينَ بَعْدَ هَذَا أَفْضَلُ؟ قَالَ: «الْمُؤْمِنُ الزَّاهِدُ فِي الدُّنْيَا الرَّاغِبُ فِي الْآخِرَةِ» قَالُوا: يَا نَبِيَّ الله لَا نَعْرِفُ ذَلِكَ فِينَا إِلَّا مَا كَانَ مِنْ رَافِعِ بْنِ خَدِيجٍ فَأَيُّ الْمُؤْمِنِينَ بَعْدَ هَذَا أَفْضَلُ؟ قَالَ: «مُؤْمِنٌ حَسَنُ الْخُلُقِ».

واته: حوسەین دەفەرموێت: فەرەج لە ئەسەدی کوڕی وەداعەوە گێڕایەوە فەرموویەتی: پرسیار لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرا: کام باوەڕدارە لە هەمووان باشترە؟ فەرمووی: ئەو باوەڕدارەی کە دڵی خەمبارەو دڵی خاڵییەو کە کینەو ئێرەیی.. گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە کەسی وا شك نابەین؛ ئەی دوای ئەوە چ کەسێکە؟ فەرمووی: ئەو باوەڕدارەی کە

پارساو زاهیدەو دونیای ناوێت و هەوڵ بۆ قیامەت دەدات.. گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەسی وا شك نابەین مەگەر ڕافیعی کوڕی خەدیج! ئەی دوای ئەوە چ کەسێ باشترینە؟ فەرمووی: ئەو باوەڕدارەی کە ئاکاری جوان و باشە.

٢٣٥٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنٌ، حَدَّثَنَا أَبُو مَعْشَرٍ، عَنْ سَعِيدٍ الْمَقْبُرِيِّ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِنَّ أَحَدًا مِنْكُمْ لَا يُنْجِيهُ عَمَلُهُ» قَالُوا: وَلَا أَنْتَ يَا رَسُولَ الله؟ قَالَ: «وَلَا أَنَا إِلَّا أَنْ يَتَغَمَّدَنِي الله بِرَحْمَتِهِ وَلَكِنْ اغْدُوا وَرُوحُوا وَشَيْئًا مِنَ الدُّلْجَةِ، الْقَصْدَ الْقَصْدَ تَبْلُغُونَ».

واتە: حوسەین لە باوکی میعشەرەوە ئەویش لە سەعیدی مەقوبریەوە ئەویش لە ئەبوهورەیرەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: هیچ کەسێک لە ئێوە کار و کردەوەکانی ڕزگاری ناکات.. گوتمان: ئەی تۆ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! فەرمووی: منیش؛ مەگەر خوای گەورە بەر سۆزو بەزەیی خۆییم بخات؛ بەڵام ڕێکاری ڕاست بگرنەبەر، پشت ببەستن بە.خوا پەرستی لە کاتی.بەیانیان و ئێواران و هەندێک لە شەو؛ بە هۆی نێتەوە بەهۆی نێتەوە پی دەگەن!

٢٣٥٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، - يَعْنِي ابْنَ الْقَاسِمِ حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِذَا أَرَادَ الله بِعَبْدٍ خَيْرًا اسْتَعْمَلَهُ» قَالُوا: يَا نَبِيَّ الله وَكَيْفَ يَسْتَعْمِلُهُ؟ قَالَ: «يُوَفِّقُهُ لِعَمَلٍ صَالِحٍ قَبْلَ مَوْتِهِ ثُمَّ يَقْبِضُهُ عَلَيْهِ».

واتە: هاشم واتە: کوڕی قاسم لە موبارەکەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر خوای گەورە ویستی چاکە لەگەڵ کەسێکدا هەبوو بەرکاری دەکات! هاوەڵان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن بەرکاری دەکات؟ فەرمووی: پێش ئەوەی گیانی بکێشێت یارمەتیی دەدات بۆ کردنی کاری چاکە.

٢٣٥٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ، عَنِ الْحَسَنِ، أَنَّ رَجُلًا مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْ أَفَاضِلِهِمْ عَيَّرَ رَجُلًا بِأُمِّهِ وَرَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَسْمَعُ فَقَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ مَا أَنْتَ بِأَفْضَلَ مِمَّنْ تَرَى مِنْ أَحْمَرَ وَلَا أَسْوَدَ إِلَّا أَنْ تَفْضُلَهُمْ بِالتَّقْوَى».

واتە: هاشم لە موبارەکەوە ئەویش لە حەسەنەوە گێڕایەوە: یەکێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) کە پیاوێکی بەناوبانگ بوو تانەی لە پیاوێک دا بە هۆی دایکیەوە (دایکی ڕەشپێست بوو؛ پێی گوتووە: کوڕی ژنە ڕەشپێستەکە! خوداش زاناترە) پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێی لە

قسەکەی بوو فەرمووی: بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە تۆ لە هیچ سورو ڕەشێک باشتر نیت مەگەر ئەوەی کە بە تەقواو لەخواترسان پێشیان بکەوی!

٢٣٥٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنِي هَاشِمٌ، حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ مَا تَعْدِلُ الدُّنْيَا عِنْدَ الله تَبَارَكَ وَتَعَالَى جَدْيًا مِنَ الْغَنَمِ».

واتە: هاشم لە موبارەکەوە ئەویش لە حەسەنەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە دونیا هەرهەمووی لە لای خوای گەورە بەرخۆلە بچکۆلەیەکی مەڕ ناهێنێ و سەنگینیی بەرخۆلەیەکی نییە!

٢٣٥٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ أَبِي الزِّنَادِ، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ الْأَعْرَجِ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، يَبْلُغُ بِهِ النَّبِيَّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «لَيْسَ الْغِنَى عَنْ كَثْرَةِ الْعَرَضِ إِنَّمَا الْغِنَى غِنَى النَّفْسِ».

واتە: سوفیانی کوڕی عویەینە لە بواکی زنادەوە ئەویش لە عەبدولڕەحمانی ئەعرەجەوە ئەویش لە ئەبوهورەیرەوە کە لە پێغەمبەری خوداوە پێی گەیشتبوو فەرموویەتی: دەوڵەمەندی ئەوە نییە کە مرۆڤ سەروەت و سامانی زۆری هەبێ بەڵکوو دەوڵەمەندی ئەوەیە کە مرۆڤ دڵی دەوڵەمەند بێ!

٢٣٥٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا الهَيْثَمُ بْنُ خَارِجَةَ، حَدَّثَنَا الْمُعَافَى بْنُ عِمْرَانَ الْمُوصِلِيُّ الْأَزْدِيُّ، عَنْ أَبِي بَكْرِ بْنِ عَبْدِ الله بْنِ أَبِي مَرْيَمَ، عَنْ ضَمْرَةَ بْنِ حَبِيبٍ، عَنْ أُمِّ عَبْدِ الله، أُخْتِ شَدَّادِ بْنِ أَوْسٍ أَنَّهَا بَعَثَتْ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِقَدَحِ لَبَنٍ عِنْدَ فِطْرِهِ وَذَلِكَ فِي طُولِ النَّهَارِ وَشِدَّةِ الْحَرِّ فَرَدَّ إِلَيْهَا رَسُولَهَا أَنَّى لَكِ هَذَا اللَّبَنُ؟ فَقَالَتْ: لَبَنٌ مِنْ شَاةٍ لِي فَرَدَّ إِلَيْهَا رَسُولَهَا أَنَّى لَكِ هَذِهِ الشَّاةُ؟ قَالَتْ: اشْتَرَيْتُهَا مِنْ مَالِي فَشَرِبَ فَلَمَّا كَانَ مِنَ الْغَدِ أَتَتْ أُمُّ عَبْدِ الله رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ الله بَعَثْتُ إِلَيْكَ بِذَلِكَ اللَّبَنِ مَرْثِيَةً لَكَ مِنْ طُولِ النَّهَارِ وَشِدَّةِ الْحَرِّ فَرَدَدْتَ إِلَيَّ فِيهِ الرَّسُولَ فَقَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «أُمِرَتِ الرُّسُلُ قَبْلِي أَنْ لَا تَأْكُلَ إِلَّا طَيِّبًا وَلَا تَعْمَلَ إِلَّا صَالِحًا».

واتە: ئەبوبەکری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی باوکی مەریەم لە زەمرەوەی کوڕی حەبیبەوە ئەویش لە دایکی عەبدوڵڵاوە کە خوشکی شەددادی کوڕی ئەوس بوو؛ دەگێڕێتەوە کە دایکی

عەبدوڵڵا لە کاتی بەربانگا کاسەیەک شیری ناردە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە بە درێژایی ڕۆژوو بەو گەرمایە پێغەمبەر (ﷺ) بەڕۆژوو بوو؛ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو کەسەی ناردەوە کە دایکی عەبدوڵڵا شێرەکەی پێ ناردبوو؛ پێی فەرموو: بزانە ئەم شیرەی لەکوێ بوو؟ دایکی عەبدوڵڵا گوتی: شیری مەڕێکی خۆمانە! جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دیسان نێردەکەی ناردووە و فەرمووی: مەڕەکەت لەکوێ بوو؟ دایکی عەبدوڵڵا فەرمووی: بە پارەی خۆم کڕیومە! جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە شیرەکەی خواردەوە؛ بۆ بەیانی دایکی عەبدوڵڵا هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من ئەو شیرەم بۆ ناردی چونکە ڕۆژگار درێژو گەرم بوو؛ تۆش بەڕۆژوو بوی بۆیە بۆم ناردی؛ کەچی تۆ نێردەکەی منت ناردەوە! پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئاخر فرمان بە پێغەمبەرانی پێش منیش کراوە کە هەر شتێک پاك نەبێ نەیخۆن! هەر کارێک چاک نەبێت نەیکەن!

٢٣٥٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنُ بْنُ مُحَمَّدٍ، حَدَّثَنَا أَبُو الْمَلِيحِ، عَنْ مَيْمُونٍ قَالَ: «لَمْ يُصِبِ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْ نِعَمِ الدُّنْيَا إِلَّا النِّسَاءَ وَالطِّيبَ».

واتە: حوسەینی کوڕی موحەممەد لە باوکی مەلیحەوە ئەویش لە مەیمونەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە هەموو خۆشییەکانی دونیا بەری بوو جگە لە ژن و بۆنی خۆش (واتە: ژنی هێناو بەردەوامیش بۆنی خۆشی بەکار دەهێنا).

٢٣٥٩ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنُ بْنُ مُحَمَّدٍ، حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ، عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: سُئِلَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَيُّ الْعَمَلِ خَيْرٌ؟ قَالَ: «تَمُوتُ يَوْمَ تَمُوتُ وَلِسَانُكَ رَطْبٌ مِنْ ذِكْرِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ».

واتە: حوسەینی کوڕی موحەممەد لە موبارەکەوە ئەویش لە حەسەنەوە فەرموویەتی: پرسیار لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرا کە چ کارێک لە هەمووان باشترە؟ فەرمووی: ئەوەی کە ئەو ڕۆژەی کە دەمری وەها بمری زمانت بە یاد و زیکری خوای گەورە تەڕو پاراو بێت.

٢٣٦٠ - حَدَّثَنَا عَبْدُ اللهِ، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنٌ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بنُ مُطَرِّفٍ، عَنْ هِلَالِ بْنِ يَسَافٍ الْفَزَارِيِّ، عَنْ عَطَاءِ بْنِ يَسَارٍ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: " أَتَتْنِي الدُّنْيَا خَضِرَةً حُلْوَةً وَرَفَعَتْ رَأْسَهَا وَتَزَيَّنَتْ لِي فَقُلْتُ: «إِنِّي لَا أُرِيدُكِ» فَقَالَتْ: إِنِ انْفَلَتَّ مِنِّي لَمْ يَنْفَلِتْ مِنِّي غَيْرُكَ ".

واتە: حوسەین لە موحەممەدی کوڕی موتتەڕیفەوە ئەویش لە هیلالی کوڕی یەسافی فەزارییەوە ئەویش لە عەتای کوڕی یەسارەوە ئەویش لە پێغەمبەری خودای (ﷺ) گێڕایەوە فەرموویەتی: دونیا هاتەلای من؛ سەوزو شیرین! سەری بەرز کردەوە بۆ لای من و خۆی ڕازاندەوە؛ منیش یەکسەر پێم گوت: بەڕاستی من تۆم ناوێ! دونیا گوتی: بەڕاستی تۆ بە خێرایی لەدەست من دەرباز بویت و کەس وەکوو تۆ ئاوا بەخێرایی لەدەستم دەرباز نەبووە!

٢٣٦١ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنِي هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِم، حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ، عَنِ الْحَسَنِ، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِك قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ وَهُوَ عَلَى سَرِيرٍ مُضْطَجِعٌ مُرْمَلٍ بِشَرِيطٍ وَتَحْتَ رَأْسِه وِسَادَةٌ مِنْ أَدَمٍ حَشْوُهَا لِيفٌ فَدَخَلَ عَلَيْه غَيْرُ وَاحِدٍ مِنْ أَصْحَابِه وَدَخَلَ عُمَرُ رَضِيَ الله عَنْهُ فَانْحَرَفَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ انْحِرَافَةً فَلَمْ يَرَ عُمَرُ بَيْنَ جَنْبَيْه وَبَيْنَ الشَّرِيطِ ثَوْبٌ، قَدْ أَثَّرَ الشَّرِيطُ بِجَنْبِ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ فَبَكَى عُمَرُ رَضِيَ الله عَنْهُ فَقَالَ لَه النَّبِيُّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «مَا يُبْكِيكَ يَا عُمَرُ؟» قَالَ: وَالله مَا أَبْكِي إِلَّا أَكُونُ أَعْلَمُ أَنَّكَ أَكْرَمُ عَلَى الله مِنْ كِسْرَى وَقَيْصَرَ وَهُمَا يَعِيثَانِ فِي الدُّنْيَا فِيمَا يَعِيثَانِ فِيه وَأَنْتَ رَسُولُ الله بِالْمَكَانِ الَّذِي أَرَى، قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «أَمَا تَرْضَى أَنْ تَكُونَ لَهمُ الدُّنْيَا وَلَنَا الْآخِرَةُ» فَقَالَ عُمَرُ: بَلَى قَالَ: «فَإِنَّه كَذَلِكَ».

واتە: هاشمی کوڕی قاسم لە موبارەکەوە ئەوێش لە حەسەنەوە ئەویش لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەفەرموێت: ڕۆیشتمە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر چیخێک ڕاکشابوو کە بە داوی پەلە خورما دووڕابوو، سەرینێکی لە ژێر سەرا بوو کە لە پێست دروست کرابوو، ناواخنی سەرینەکەی پەلی دارخورما بوو، دوایی چەند هاوەڵێک هاتنە خزمەتی، عومەریش هات، پێغەمبەر (ﷺ) ئەمدیودیوێکی کرد، عومەر هیچ نوێنێکی لە ژێر پێغەمبەرو سەر چیخەکەدا نەبینی، شوێنی چیخەکە لەسەر لاشەی پێغەمبەر (ﷺ) کەوتبوو، بۆیە عومەر دەستی بە گریان کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەرێ عومەر ئەوە بۆ دەگریت؟ عومەر فەرمووی: بەخوابۆیە دەگریم چونکە دەزانم تۆ لە لای خوای گەورە لە خوسرەوو قەیسەر بەڕێزتری، ئەوەتا ئەوان بەو جۆرە دەژین کە دەژین. واتە: زۆر بە خۆشی دەژین. تۆش ئەوەتا ئا لەسەر ئەو جێگەدای کە دەیبینین؟! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی تۆ بەوە ڕازی نابی دونیا بۆ ئەوان بێت و قیامەت بۆ ئێمە؟ عومەر فەرمووی: بەڕەوەڵلا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دەی ئیتر ئاوایە!

٢٣٦٢ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبو بَكْر بْنُ أَبِي شَيْبَةَ، حَدَّثَنَا أَبو أُسَامَةَ، عَن الْأَعْمَش، عَنْ أَبي إِسْحَاقَ، عَن النُّعْمَانِ بْن بَشِير قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «إِنَّ أَهْوَنَ أَهْل النَّار عَذَابًا مَنْ لَه نَعْلَان وَشرَاكَان منْ نَار يَغْلي منْهُمَا دمَاغُهُ كَمَا يَغْلي الْمرْجَلُ، مَا يَرَى أَنَّ أَحَدًا أَشَدُّ عَذَابًا منْهُ وَإِنَّهُ لَأَهْوَنُهُمْ عَذَابًا».

واتە: ئەعمەش لە باوكی ئیسحاقەوە ئەویش لە نوعمانی كوڕی بەشیرەوە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: بەڕاستی هێورترین سزای دۆزەخییەكان سزایەكە كە ئەو كەسەی سزا دەدرێ دەیهێنن و جوتێک نەعلی ئاگرینی لەپێ دەكەن و پەلكی نەعلەكانیش هەر ئاگرە؛ كاتێ لەپێی دەكرێ یەكسەر مێشكی دێتە كوڵ وەک چۆن مەنجەڵ دێتە كوڵ.. جا پێی وایە كە هیچ كەسێكی هێندەی ئەو سزای قورس و گران نییە؛ كەچی نازانێ سزاكەی ئەو سوكترین سزایە!

٢٣٦٣ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا أَبي، حَدَّثَنَا هَاشمٌ، حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ، عَن الْحَسَن قَالَ: أَتَى رَجُلٌ عُمَرَ رَضيَ الله عَنْهُ وَهُوَ يَنْهَجُ قَدْ رَكبَهُ اللَّحْمُ قَالَ: مَا هَذَا؟ قَالَ: بَرَكَةُ الله يَا أَميرَ الْمُؤْمنينَ قَالَ: «كَذَبْتَ بَلْ هُوَ عَذَابُ الله وَهُوَ يَقُولُ هَاهْ هَاهْ».

واتە: هاشم لە موبارەكەوە ئەویش لە حەسەنەوە فەرموویەتی: پیاوێک هاتە خزمەت پێشەوا عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) پیاوەكە نیخەی دەهات ئەوەندە قەڵەو بوو؛ عومەر فەرمووی: ئەمە چییە؟ پیاوەكە گوتی: قوربان ئەمە پیت و بەرەكەتی خوایە! عومەر فەرمووی: هەڵەت كرد! ئەوە سزای خوایە.. جا دەیگوت: ها ها.

٢٣٦٤ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَني أَبي، حَدَّثَنَا هَاشمٌ، حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ، عَن الْحَسَن قَالَ: قَالَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّاب «اقْرَءُوا كتَابَ الله عَزَّ وَجَلَّ وَسَلُوا الله عَزَّ وَجَلَّ به قَبْلَ أَنْ يَقْرَأَهُ أَقْوَامٌ يَسْأَلُونَ به النَّاسَ».

واتە: هاشم لە موبارەكەوە ئەویش لە حەسەنەوە فەرموویەتی: عومەری كوڕی خەتتاب فەرمووی: قورئانی خوای گەورە بخوێننەوە و بە هۆی قورئانەوە داوا لە خوای گەورە بكەن پێش ئەوەی كەسانێک پەیدا ببن كە بە هۆی قورئانەوە داوا لە خەڵكیی بكەن (واتە: بە ناوی دینەوە خەریكی خواردنی دونیا بن).

٢٣٦٥ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مُحَمَّدٍ الْمُحَارِبِيُّ، عَنْ عَاصِمٍ، عَنِ الشَّعْبِيِّ، عَنْ مَسْرُوقٍ، فِي قَوْلِ السَّائِلِ أَيْنَ الزَّاهِدُونَ فِي الدُّنْيَا وَالرَّاغِبُونَ فِي الْآخِرَةِ؟ قَالَ: مَا كُنْتُ لِأُعْطِيَ عَلَيْهَا شَيْئًا، قَالَ عَاصِمٌ: وَبَلَغَنِي أَنَّ ابْنَ عُمَرَ سَمِعَ رَجُلًا يَقُولُهَا فَأَخَذَ بِيَدِهِ فَأَقَامَهُ عَلَى قَبْرِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا فَقَالَ: «هَؤُلَاءِ تَسْأَلُ».

واتە: عاصم لە شەعبییەوە ئەویش لە مەسروقەوە لە بارەی ئەو قسەوە کە دەفەرموێت: کوان ئەوانەی کە لە دونیادا پارسا بوون و حەزیان لە قیامەت بو؟ دەڵێ: بەخوا من سەبارەت بەو قسەیە هیچم پێ نابەخشرێت! (واتە: لە دونیادا پارسا نەبوم و هەوڵم بۆ قیامەت نەداوە) عاصم فەرمووی: بیسومە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر گوێی لە پیاوێک بوو ئەو قسەیەی دەکرد؛ عەبدوڵڵا دەستی گرت و بردیە سەر گۆڕی پێغەمبەری خودا (ﷺ) و ئەبوبەکر و عومەر و فەرمووی: ئەمانەن کە لە دونیادا پارسا بوون و هەوڵیان بۆ قیامەت دەدا.

٢٣٦٦ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي أَبِي، حَدَّثَنَا حُسَيْنُ بْنُ مُحَمَّدٍ، حَدَّثَنَا الْمُبَارَكُ، عَنِ الْحَسَنِ، عَنْ عُثْمَانَ بْنِ أَبِي الْعَاصِ الثَّقَفِيِّ، أَنَّهُ كَانَ فِي جِنَازَةٍ فَجَلَسَ إِلَى قَبْرٍ خَاسِفٍ وَثَمَّ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِهِ، فَقَالَ: يَا فُلَانُ، فَلَمَّا جَاءَ قَالَ: اطَّلِعْ إِلَى هُنَا قَالَ: فَفَعَلَ قَالَ: أَرَاهُ بَيْتًا ضَيِّقًا يَابِسًا مُظْلِمًا لَيْسَ فِيهِ طَعَامٌ وَلَا شَرَابٌ وَلَا زَوْجَةٌ قَالَ: فَإِنَّهُ وَاللهِ بَيْتُكَ قَالَ: صَدَقْتَ أَمَا وَاللهِ لَوْ رَجَعْتُ إِلَى الْقَبْرِ لَيَقَلَّبُ مِنْ ذَلِكَ فِي هَذَا فَلَا تَفْعَلْ ".

واتە: حوسەینی کوڕی موحەممەد لە موبارەکەوە ئەویش لە حەسەنەوە ئەویش لە عوسمانی کوڕی باوکی عاصی سەقەفییەوە دەگێڕێتەوە کە عوسمان لەگەڵ کۆمەڵێکا خەریکی بەڕێکردنی تەرمێک بوون؛ لە لای گۆڕێکی کۆن و داتەپیوا دانیشت؛ پیاوێکی خزمیشی لەوێ بوو؛ بانگی کرد و فەرمووی: فڵانە کەس وەرە! کاتێ پیاوەکە هات بۆ لای عوسمان پێی فەرموو: سەیری ئێرە بکە! پیاوەکە سەیری گۆڕە داتەپیوەکەی کرد و گوتی: ئای کە ماڵێکی تەنگ و ووشك و تاریکە؛ نە خواردنی لێیە نە خواردنەوە و نە خاو خێزان! عوسمان فەرمووی: دەی بەخوا ئەمە ماڵی تۆیە! پیاوەکە گوتی: ڕاست دەفەرمووی؛ بەڵام بەخوا کاتێ دەگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە ئەم هەستەی ئێستەمان نامێنێت و لێرەوە دەچینەوە بۆ شوێنێکیتر (واتە: بیری گۆڕو تاریکیی گۆڕمان لەلا نامێنێ).

٢٣٦٧ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنِي الْحَسَنُ، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ إِسْحَاقَ، حَدَّثَنَا ابْنُ لَهِيعَةَ، عَنْ خَالِد، عَنِ الْقَاسِمِ بْنِ مُحَمَّد، عَنْ عَائِشَةَ، رَضِيَ الله عَنْهَا قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «أَتَدْرُونَ مَنِ السَّابِقُونَ إِلَى ظِلِّ الله عَزَّ وَجَلَّ» قَالُوا: الله وَرَسُوله أَعْلَمُ قَالَ: «الَّذِينَ إِذَا أُعْطُوا الْحَقَّ قَبِلُوهُ وَإِذَا سُئِلُوهُ بَذَلُوهُ وَحَكَمُوا لِلنَّاسِ كَحُكْمِهِمْ لِأَنْفُسِهِمْ».

واتە: یەحیای کوڕی ئیسحاق لە کوڕی لەهیعەوە ئەویش لە خالیدەوە ئەویش لە قاسمی کوڕی موحەممەدەوە ئەویش لە دایە عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: دەزانن ئەوانە کێن کە بە خێرایی بەرەو سێبەری تایبەتەکەی خوای گەورە دەچن؟ هاوەڵان گوتیان: خوداو پێغەمبەری خودا زاناترن! فەرمووی: ئەوانەن کە هەر کاتێ هەقیان پێ بگات وەری دەگرن و ئەگەر داوای شتیان لێ بکرێ دەبەخشن و کاتێ بڕیار لەسەر خەڵکی دەدەن وەک ئەوە بڕیار دەدەن کە لە سەر خۆیان بڕیان بدەن (واتە: جیاوازی خۆیان و خەڵکی ناکەن).

٢٣٦٨ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الله، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، حَدَّثَنَا عَاصِمٌ الْأَحْوَلُ، عَنْ أَبِي عُثْمَانَ النَّهْدِيِّ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: «أَهْلُ الْمَعْرُوفِ فِي الدُّنْيَا هُمْ أَهْلُ الْمَعْرُوفِ فِي الْآخِرَةِ وَإِنَّ أَهْلَ الْمُنْكَرِ فِي الدُّنْيَا هُمْ أَهْلُ الْمُنْكَرِ فِي الْآخِرَةِ».

واتە: ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم لە عاصمی ئەحوەلەوە ئەویش لە باوکی عوسمانی نەهدییەوە فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ئەوانەی کە لە دونیادا ئەهلی چاکەن؛ لە قیامەتیشا هەر ئەوانە ئەهلی چاکەن؛ ئەوانەش کە لە دونیادا ئەهلی خراپ و کاری کرێت و ناپەسەندن؛ هەر ئەوانەن کە لە قیامەتیشا ئەهلی خراپەو کرێتن.

الحمدلله على كل حال

زۆر دڵخۆش بووم بە تەواوبوونی وەرگێڕانی ئەم کتێبە پیرۆزە؛ بەڵام دڵخۆشیەکەم پێنج خولەکی نەخایاندو بە هەواڵی شەهیدبوونی سەرکردەی گەورەی ئیسلام (شەهید ئیسماعیل هەنییە) سەرتاپای لەشم موچرکەی پیاهات و خۆشیەکم لێ بوو بە شیوەن.

﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ ۗ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ (١٥٥) الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ (١٥٦) أُولَٰئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ ﴾ البقرة: ١٥٥ – ١٥٧.

﴿ سُبْحَٰنَ رَبِّكَ رَبِّ ٱلْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ ١٨٠ وَسَلَٰمٌ عَلَى ٱلْمُرْسَلِينَ ١٨١ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ١٨٢ ﴾ الصافات: ١٨٠ – ١٨٢.

﴿ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا ﴾ البقرة: ٢٨٦.

چوارشەممە
٢٠٢٤ /٧ /٣١

ناوەرۆک

پێشەکی ٥
زوهدی پێغەمبەر ﷺ ٩
زوهد و پارسایی پێغەمبەر یونس (سەلامی خوای لەسەر بێت) ٧١
زوهد و پارسایی پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لەسەر بێت) ٨٣
زوهد و پارسایی پێغەمبەر ئەییوب (سەلامی خوای لەسەر بێت) ٨٩
زوهد و پارسایی پێغەمبەر ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) ١٠١
زوهد و پارسایی لوقمان (سەلامی خوای لەسەر بێت) ١٠٥
چیرۆکی پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لەسەر بێت) ١٠٩
هەندێ لە ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەر عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) ١١٧
باسی پێغەمبەر مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) ١٣٣
زوهدی و پارسایی پێغەمبەر داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) ١٤٩
زوهد و پارسایی پێغەمبەر مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) ١٥٩
دانایی پێغەمبەر عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) ١٦٣
زوهد و پارسایی پێغەمبەر ئیبراهیمی خەلیل (سەلامی خوای لەسەر بێت) ١٧٠
زوهد و پارسایی پێغەمبەر یوسف (سەلامی خوای لەسەر بێت) ١٧٥

دەرد و بەڵای پێغەمبەر ئەییوب (سەلامی خوای لەسەر بێت)..١٩٣
باسی سولەیمانی کوڕی داوود (سەلامی خوایان لەسەر بێت)..١٩٧
پاشماوەی باسی زوهد و پارسایی پێغەمبەر عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت)..................١٩٨
پاشماوەی باسی پێغەمبەر داوود (سەلامی خوای لەسەر بێت)..٢٣٣
زوهد و پارسایی حەزرەتی ئەبوبەکری ڕاستگۆ (خوای لێ ڕازی بێت)..............................٢٣٥
زوهد و پارسایی عومەری کوڕی خەتتاب (خوای لێ ڕازی بێت)..٢٤٧
زوهد و پارسایی عوسمانی کوڕی عەففان (خوای لێ ڕازی بێت)..٢٧٥
زوهد و پارسایی پێشەوای باوەڕداران عەلیی کوڕی ئەبو تالیب(خوای لێ ڕازی بێت).........٢٨٣
زوهد و پارسایی ئەبودەردا (ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت)..٢٩٣
زوهد و پارسایی زوبەیری کوڕی عەوام (خوای لێ ڕازی بێت)..٣١٣
باسی تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵلا (خوای لێ ڕازی بێت)..٣١٦
زوهد و پارسایی ئەبوزەڕ (خوای لێ ڕازی بێت)..٣١٨
زوهد و پارسایی عیمرانی کوڕی حوصەین (خوای لێ ڕازی بێت)..٣٢٥
زوهد و پارسایی سەلمانی فارسی (خوای لێ ڕازی بێت)..٣٢٩
باسی چاکەی ئەبوهورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت)..٣٣٧
زوهد و پارسایی دایە عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت)..٣٦٣
زوهد و پارسایی عەلیی کوڕی حوسەین (خوای لێ ڕازی بێت)..٣٦٨
زوهد و پارسایی ئەبوهورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت)..٣٩٤
باسی حوزەیفەی کوڕی یەمان (خوای لێ ڕازی بێت)..٤٠٠

باسی موعازی کوڕی جەبەل (خوای لێ ڕازی بێت)....................٤٠٢
باسی ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕڕاح (خوای لێ ڕازی بێت)....................٤١٢
زوهد و پارسایی عامری کوڕی جوزەیمەی کوڕی جومەحی (خوای لێ ڕازی بێت)....................٤١٤
زوهد و پارسایی عومەیری کوڕی حەبیبی کوڕی حەماسە (خوای لێ ڕازی بێت)....................٤١٦
باسی باوکی مەسعودی ئەنصاری، واتە: عوقبەی کوڕی عەمر (خوای لێ ڕازی بێت)....................٤٢٠
باسی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوایان لێ ڕازی بێت)....................٤٢١
باسی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوایان لێ ڕازی بێت)....................٤٢٤
زوهد و پارسایی عامری کوڕی عەبد قەیس (خوای لێ ڕازی بێت)....................٤٩٠
باسی مالیکی کوڕی عەبدوڵڵای خەثعەمی (خوای لێ ڕازی بێت)....................٥١١
باسی هەریمی کوڕی حەییان (خوای لێ ڕازی بێت)....................٥١٦
باسی ئەحنەفی کوڕی قەیس (خوای لێ رازی بێ)....................٥٢٣
باسی خولەیدی عەصەری (خوای لێ ڕازی بێت)....................٥٣٠
باسی موتەڕڕیفی کوڕی شیخخیر (خوای لێ ڕازی بێت)....................٥٣٤
باسی موسلیمی کوڕی یەسار (خوای لێ ڕازی بێت)....................٥٥٧
باسی عەلای کوڕی زیاد (خوای لێ ڕازی بێت)....................٥٦٨
باسی حەسەنی کوڕی باوکی حەسەن (خوای لێ ڕازی بێت)....................٥٨١
باسی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (خوای لێ ڕازی بێت)....................٦٥٥
باسی ئەبوعالییە (خوای لێ ڕازی بێت)....................٦٨٦
باسی موەڕڕیقی عیجلی (خوای لێ ڕازی بێت)....................٦٩٣

زوهد و پارسایی موحەممەدی کوڕی سیرین (خوای لێ ڕازی بێت) ٦٩٥
زوهد و پارسایی ئووەیسی قەرەنی (خوای لێ ڕازی بێت).. ٧٨٤
زوهد و پارسایی ئەسوەدی کوڕی یەزیدی جورەشی (خوای لێ ڕازی بێت) ٧٩٨
زوهد و پارسایی ئیبراهیمی تەییمی (ڕەحمەتی خوای لەسەر بێ) ٨٣٣
زوهد و پارسایی عاصمی کوڕی هوبەیرە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ٨٣٥
زوهد و پارسایی سەعیدی کوڕی جوبەیر (خوای لێ ڕازی بێت)...................................... ٨٥٢
زوهد و پارسایی تاووس (خوای لێ ڕازی بێت) ٨٦٥
زوهد و پارسایی عوبەیدی کوڕی عومەیر (خوای لێ ڕازی بێت)...................................... ٨٧٤
ناوەڕۆک ٩٣٠

کتێبی زوهد

شتێکی ڕوون و دیاره له هەموو ئایین و نەتەوە و سەردەمێکیشدا کەسانێک هەبوون کە قارون ئاسا دڵیان بە خۆشی و چێژەکانی دونیاوە گرێ داوە و لە ڕاستەڕێ دوور کەوتوونەتەوە و وایان زانیوە دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانییەکەیان بەرهەمی ئازایەتی و لێزانینی خۆیانە، بۆیە هەر لە سەردەمی زێڕینی ئیسلامەوە چەندین هاوەڵ و شوێنکەوتە و چینی دوای ئەوانیش بە یەکجاری خۆیان لە خۆشییەکانی دونیا دابڕی و ڕێگای زوهد و پارساییان گرتە بەر، کۆمەڵێکیش لە زانایان بەسەرهات و چیرۆکی ئەو زاهید و پارسانەیان نووسیوەتەوە و کۆیان کردووەتەوە؛ بۆ ئەوەی لە هەموو سەردەمێکدا خەڵکی بیزانن و چاو نەبڕنە خۆشییەکانی دونیا و خوای گەورەیان لە بیر نەچێتەوە.

یەکێک لەو زانایانە زانای گەورە و مەزن، پێشەوا «ئەحمەدی کوڕی حەنبەل»ـە کە کتێبێکی بە ناوی (الزهد)ـەوە کۆکردووەتەوە و یەکێکە لە کتێبە هەرە بەناوبانگەکان، سەدان ساڵە کاریگەریی خۆی لەناو کۆمەڵگادا هەبووە و کەسانێکی زۆری پەروەردە کردووە.

نرخی 18,000 دینار

9 789922 748276

نوسینگەی تەفسیر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
هەولێر ـ شەقامی ٣٠مەتری تەنیشت منارەی چۆلی
/TafseerPublication
+964 750 818 08 65
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@gmail.com